

نشر آوای بوف

بەرخۆدان ژیانە

خۆژیاننامەی کامیل ئەحمەدی

بلاوکراوەی کۆمەڵەی پشتگیری لە پێڕاندنی هەرێمی کوردستان، لەندەن، ٢٠٠٤

بەرخۆدان ژیانە

خۆژیاننامەی کامیل ئەحمەدی

ناوی کتێب	بەرخۆدان ژیانە: خۆژیاننامەی کامیل ئەحمەدی
ناوی نووسەر:	کامیل ئەحمەدی
زانیارییەکانی وەشانخانە:	ئاڤای بووف
ئەندازە و ژمارەی لاپەڕەکان	قەتعی وەزیری (١٧٠ لە ٢٤٠)، ١٣٨٥ لاپەڕە
ناسنامەی کتێب	٩٧٨-٨٧-٩٤٢٩٥-٨٤-٠
بابەتی کتێب:	ژیاننامە
زمانی کتێب:	کوردی
وێنەی ڕووبەرگ:	هەڵمەتی پشتگیری لە ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان، لەندەن، ٢٠٠٤

بەرخۆدان ژیانە
خۆژیاننامەی کامیل ئەحمەدی

وەرگێڕ:	نەسیم غوڵامی
هەڵەچنی:	ناسر عەبدوڵڵاهی
دیزاینەری بەرگ:	سیروان
لاپەڕەبەندی:	سیروان
وێنەی ڕووبەرگ:	ئاکی

چاپی یەکەم:	٢٠٢٥
ژمارەی لاپەڕەکان:	١٣٨٥
ناسنامەی کتێب:	٩٧٨-٨٧-٩٤٢٩٥-٨٤-٠
چاپخانە:	ئاڤای بووف، دانیمارک

بەرخۆدان ژیانە

بەرخۆدان ژیانە، لە فەزای هونەری و سیاسیی کوردستاندا دروشم و پەیامێکی ئاشنایە کە سەرەڕای ئەوەی کارکردێکی هەمەگیر و باوی ئەوپەڕحیزبیی هەیە، ڕەگ و ڕیشەی لە ئەدەبیاتی سیاسیی یەکێک لە گەورەترین حیزبەکانی کوردستاندا داکوتاوە و تا ئاستی فەلسەفەی خەباتکارانەی خۆی زەقی کردۆتەوە. سەرباری ئەمەش، هەڵبژاردنی «بەرخۆدان ژیانە» بۆ ناوی سەرەکیی ئەم کتێبە، دوور لە ڕوانگە و بۆچوونی سیاسی و لایەنگریی حیزبی، بۆ مانا و پەیامە دەروونی و فەلسەفە وجوودییەکەی دەگەڕێتەوە کە زۆر بە جوانی و ڕاشکاوی بۆچیەتی و چۆنیەتیی ژیان لەم نیشتمانەدا پیشان دەدات. لەبەر ئەوەی ژیان لەم جوگرافیایەدا پێویستی بە ڕکابەری و خۆڕاگرییەکە بە بارتەقای ژین‌جیهانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی. واتە خۆڕاگری بە مانای ژیان، چەمکێک نییە کە تەنیا تایبەت بە مەیدانی خەباتی سیاسی و سەربازی بێ، بەڵکوو خۆڕاگری لە هەمبەر هەموو ئەو شتانەیە کە ناهێڵێ تاک مافی هەڵبژاردن و ژیانێکی ئازادی هەبێت. لەم خوێندنەوەدا، شوورای بیروباوەڕ و نەریتە ئایینی و عورفییەکان، سنووردارێتییە کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژیکییەکان و تەنانەت کلیشە زەینی و کۆتوبەندە تاکەکەسییەکانیش پەرژینێکن کە بە پێی شیکاریی «بەرخۆدان ژیانە» دەبێ بەرەنگاریان ببینەوە و لە ڕووبەڕووبوونەوەیاندا مانایەکی نوێ بە پێکهاتەی ژیان ببەخشین. بۆیە «بەرخۆدان ژیانە» سەرەڕای هەموو شیکاری و لێکدانەوەیەکی تایبەت و ناوازە، فەلسەفەی ژیانە.

پێڕست

سەرەتا ٢١
سپاس و پێزانین ٢٥

وەرزی یەکەم: خەباتی بێوچان بۆ ژیان

پێشەکی ٣١
بەشی یەکەم: کۆچەرانی ماڵە باوان ٣٣
لە کوێوە هاتووم؟ ٣٥
دەستپێک و کۆتایی کۆچەکانی کوێخا ٤١
چاوشینە قژکاڵەکان ٥٠
عەلی دابڕاو لە خەلیل ٥٦
لە قاودرانی شووکردنی شاراوەی نەنکم ٦٠
ئەمینی گرداشەوان ٦٤
قازیی نوێژنەکەر و کچەکەی ٦٧
بەسەرهاتی شکستی عیشقیی کەریم ٧٢
ڕاکردنی گەورە! ٧٥
ماڵاوا کوێخا ٨١
بەشی دووەم: ئەویترە گرینگەکانی جیهانی ژیاوی من ٨٩
نەنکێک سەرووتر لە حەقایەتەکان ٩٠
هاوسەرگیریی باپیرە و نەنکم ٩٢
قوربانیی نەریتە کۆنەکان ٩٦
چارەنووسە لێکگرێدراوەکان ١٠٠
زاوای شاری ١٠٥
شکستەبەندی لە گوندی گۆلێ ١٠٨
گەڕەلاوژەی ژنانە و هۆی نازێ گەردن گازێ ١١٠
مەحبووبە، نازداری بابی ١١٦

تەبیبە، قسەخۆشی بە جۆش و خرۆش ١١٨
کامیل، هەڵبژاردنی ناوێکی جیاواز ١٢٣
ڕەسووڵی هاچەربەدەست و تەکووز ١٢٨
کانی و کامیار، دەیە شەستییەکانی ماڵە باوان ١٣٠
ڕێورەسمی ناولێنان ١٣٢
بەشی سێیەم: لەدایکبوون و سەردەمی منداڵی ١٣٥
کاریگەرییەکانی فەرهەنگ و جوگرافیا لە سەر ژیانی مرۆڤ ١٣٦
شێعە و سوننە، تورک و کورد ١٣٧
بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵیم ١٤٠
باخچەی ساوایان، شا و شاژن لە کوردستان ١٤٢
حوکمڕانی بە قوتووی جادوویی ١٤٥
لەو دیو پارچە تۆڕ و پەشمینەکان ١٤٧
حەقایەتەکانی نەنە ١٤٩
ویساڵی فەرۆخلەقا و سەلاحەدین، سوڵتان مەحموود و هەیاسی وەزیری ١٥١
تۆپاندنی مشک و تەشتی ڕۆح ١٥٦
بەزمی حەمامی ژنانە و وەسواسی پووره مریەم ١٥٧
یارییەکانی منداڵی و تەقەکردن ١٦٠
دابونەریت و ماتەمینی موحەرەم، قەمەلێدان و تەوقی سەرە خوێناوییەکان ١٦٣
کابرای پانتۆڵ عەجەمی و تەنووره سووره‌کەم! ١٦٥
کونجکۆڵییە سێکسییەکان ١٦٨
دەرپێکەی نەنەم با دەیشەکێنێ! ١٧٠
دۆست و هاوڕێی خەیاڵی و ڕاستەقینە، خەیاڵپەروەرییە ڕاستەقینەکان ١٧١
حەوشەی کاروانسەرا، مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی نەریت و مۆدێرنیتە ١٧٥
دابونەریت، جلوبەرگ و هەڵپەڕین ١٧٧
کاروانسەرای کوێخا لە دڵی شاردا ١٨٤
چێوداری و سەفەرە پەیتاپەیتاکانی باوکم ١٨٧
قەدەغەکردنێکی دیکە بۆ کچان لە ناو تایفەیەکی سیاسیدا ١٨٩
لادێکان و ماڵاواییکردن لە چرا لەنتەر ١٩٣

وەرزی دووەم: ساڵانی ئینقلاب، جەنگ و ئاوارەیی

پێشەکی ١٩٩

بەشی یەکەم: منداڵی لە ژێر هەوری ڕەشی جەنگدا ٢٠١
نەغەدە؛ کۆنەزامێکی قووڵ ٢٠٢
مێژووی سیاسیی نەغەدە (سندووس یان سڵدووز؟) ٢٠٣
ژیان لە نەغەدەی دوای ئینقلاب ٢١٠
داگیرکردنی ژاندارمەری لە شاری بێ‌پەیکەردا ٢١٤
شارێکی چەکدار! ٢١٧
کەوتنی سەربازخانەکان ٢١٨
شۆڕش لە ئێران و بووژانەوەی حیزبەکان لە کوردستان ٢٢٠
حیزبی دیموکرات؛ خودموختاری بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ ئێران ٢٢١
پێگەی گرینگی دکتۆر قاسملوو لە ناو حیزبە کوردییەکاندا ٢٢٣
«نا»ی توندی کوردستان دژ بە کۆماری ئیسلامی و ناکۆکیی حیزبەکان ٢٢٤
دانوستانە بێئەنجام و خوێناوییەکان! ٢٣٠
چۆن ئاوارە بووین؟ ٢٣١
جۆش و خرۆشی یەکەمین دیداری دکتۆر قاسملوو ٢٣٣
بارانی سوور، یاریگای خوێناوی ٢٣٩
قەناسی دووربیندار و ڕاوچیانی مرۆڤ ٢٤٣
خودموختاری یان جوداییخوازی؟ ٢٤٦
ئاشتینامەیەک بۆ وەستاندنی کۆمەڵکوژی ٢٥١
پێڵاوی منداڵانەی لە قوڕدا چەقیو ٢٥٧
ڕوخساری تری ژیان ٢٦٣
گەڕانەوە بۆ ژیانی شاری ٢٦٦
ئاوارەبوونی دووبارە ٢٧٠
خوێندن بە زمانی کوردی ٢٧١
هێلکەدزە لاکچەرییەکان ٢٧٧
ئەزموونی سەرکەوتووی حیزب لە حکوومەتی خۆجێییدا ٢٨٠
چاکسازیی کۆمەڵایەتی لە سەر دەستی حیزب ٢٨٣
پێکهاتەی فرەڕەهەندی حیزبی دێموکرات ٢٨٧
گاڵتەکردن بە ئاخووند ٢٨٩
میوانی نەخوازراو ٢٩١
گەڵاڵەی هەشت ماددەیی و داخوازیی ڕاشکاوانەی کورد لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ٢٩٤

پەیوەندیی ئالۆزی بارزانییەکان و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ٢٩٧
کرۆنۆلۆژی و ڕەوتی مێژوویی ڕووداوەکانی پەیوەست بە دەرکردنی گەڵاڵەی ٨ بڕگەیی لە ساڵی ١٣٥٧دا ٣٠١
هەڵدانەوەی گۆڕی مەلا مستەفا و یەکگرتنی بارزانییەکان و سپا ٣٠٣
شەڕی پاوە و فەرمانی سەرکوتکردنی کافران! ٣٠٨
تاوانە جەنگییەکان لە کوردستان ٣١٢
کارەساتی کۆمەڵکوژیی قارنێ و گوندەکانی دیکە ٣١٣
کۆمەڵکوژیی گوندەکانی قەڵاتان، سۆفیان و سەروکانی ٣٢١
چرکەساتە کوشندەکانی شەری جەڕان (چیانە)..... ٣٢٦
ئاسەواری خوێنی ئاغاکان لە سەر دەستی بارزانییەکان..... ٣٣٢
قیادە لە خزمەت کۆماری ئیسلامیی ئێراندا..... ٣٣٥
کۆمەڵکوژیی گۆڕخانە، قەرەقەساب و خەلیفەلیان ٣٣٨
پیرانشار، جەنگ، ئاوارەیی ٣٤٢
گیرانی باوکم ٣٤٦
ئەم پفەکە هی منە!..... ٣٤٩
پیاوی ماڵەوە، جاشەکان و خۆسووتاندنی دایکم ٣٥١
زللەیەک بۆ ئاوگۆشت ٣٥٦
دەستوخەتی بارزانی..... ٣٥٧
ئەمەیانم بۆ بکووژە ٣٥٩
بەشی دووەم: ڕێڕەوی مێرمنداڵی و دۆزینەوەی جیهانە نوێکان ٣٦٧
پیشەکانی لانەوازێک ٣٦٧
بەسەرهاتی مرۆڤخۆرەکان و پێتەختی فارس..... ٣٧١
کتێبخانەی کامیلی هۆگری سینەما..... ٣٧٣
بەسەرهاتی چاویلکەکەم ٣٧٦
شوێنێکی مەترسیدار بە ناوی قوتابخانە ٣٨٠
مامۆستایەک کە قەساب بوو ٣٨٤
ئاغا توو خوڵا لە منداڵەکەم بدە ٣٨٦

وەرزی سێیەم: کەشتیی ئاڵۆزی مێرمنـــداڵی

پێشەکی ٣٩١
بەشی یەکەم :ئەو کچەی کە دەستدرێژی کردە سەرم ٣٩٣

تف باران! ٣٩٧
دەستەویەخەبوون لەگەڵ کوڕە ئازاردەرەکەدا ٤٠١
عەشقی ماتۆڕ، بێپارەیی و دەستدرێژیی سێکسی کوڕی سمسار ٤٠٤
تاوانی جەنگی لە بۆردومانی شاری پیرانشاردا ٤٠٩
ناسیۆنالیستە بچکۆلەکان بە شمشێری تەنەکەوە ٤١٤
قوتابخانەی کوردەکان، قوتابخانەی تورکەکان ٤١٧
زبڵگەڕی و دزیکردن بۆ ئاتاری ٤٢٠
هاودەستیی موجاهیدینی خەلق لەگەڵ هێزە بەعسییەکان ٤٢٥
تەماشاکردنی تەلەڤیزیۆن بە زمانێک کە نایزانم! ٤٢٧
ئێرە دەنگی کوردستانی ئێرانە ٤٣١
ڤیدیۆ و شەونشینییە لەبیر نەکراوەکان ٤٣٤
پەرەسەندنی کتێبی قەدەغەکراو ٤٣٧
شەوی چوونەپەردەی قەناد ٤٤٠
تێکهەڵچوونەکانی من و بابم ٤٤٥
عەشقی سەردەمی مێرمنداڵی ٤٤٨
کۆمیتەی ئینقلابی ئیسلامی و پۆلیسی ئەخلاق ناسراو بە گەشتی ئیرشاد، لە سەردەمی ئێمەوە هەتا سەردەمی ژینا ٤٥١
مەحبووبە چی لە ئەبووسێزدە کرد؟ ٤٥٦
وەرە ببە بە بووکم ٤٦٠
قوتابخانەی بیابانی، لەسێدارەدانی بیابانی ٤٦٤
سیستەمی پەروەردەی ئایدۆلۆژیک، ناسیۆنالیزمی کوردی و تامەزرۆیی بۆ وازهێنان لە خوێندن ٤٦٨
بۆن بدە، نمرە وەربگرە ٤٧١
بەشی دووەم: کار دەکەم، بۆ ئەوەی هەبم ٤٧٧
منداڵی کار یا فێربوونی پیشە؟ ٤٧٨
لێدران لە لایەن پاسدار نەقی ٤٨٠
دووربینێک بۆ دوارۆژ! ٤٨٣
سووڕی باوی توندوتیژی ٤٨٨
دووکانەکەی بابم و دەستفرۆشی ٤٩٠
پێکدادان بە ماتۆڕ و گرتنی ڕەزامەندی ٤٩٢

بەشی سێیەم: چالاکییە سیاسییەکان ٤٩٧
دوو مەرگ لە چل ڕۆژدا ٤٩٨
خواردنی نانی نیوەڕۆ لەگەڵ دکتۆر قاسلموو ٤٩٩
لە جلی سپییەوە بۆ جلی ڕەش ٥٠١
دروشمنووسی و بڵاوکردنەوەی شەونامە ٥٠٣
بەشداریی سیاسیی منداڵان ٥٠٦
ئەمشەو لە سنوور تێدەپەڕم ٥٠٩
چەکەکەت دانێ! ٥١٢
کڵاشینکۆفێکم بە چوار خەشابەوە دەوێ ٥١٧
ئەوەتا کاک کامیل ٥٢٠
تەوابی تەنیا ٥٢٣
بنەماڵەی پارادۆکسیکاڵ ٥٢٨
یەکەمین عارەقخواردنەوە و زللەی پوورم ٥٣٠
لە ژێر سەقفی کوورەخانەدا ٥٣٢
هەموو هەڵبەز و دابەزەکانی مامم ٥٤٠
لە سیاسەتەوە بۆ فەرهەنگ ٥٤٤
کوردایەتی لەگەڵ داریووش و ڕەزازی ٥٤٦
خولیای کتێبخانە و سینەمای ئینقلابی ٥٥٠
بەشی چوارەم: ئیجباریی ئیجباری! ٥٥٥
گیران بە یونیفۆرمی سەربازییەوە لەبەر پەروانە ٥٥٦
بەرەو هۆڵەسوو ٥٦٢
لە ئاڕ.پی.جی لێدانەوە بۆ فریاگوزاری و سکرتێری ٥٦٩
گۆرەوێ بەستووەکان ٥٧١
بازاڕکردن لە گوند و دیسانیش حیفازەتی ئیتلاعات ٥٧٤
زۆمبییەکانی دۆڵی شەیتان ٥٧٧
بە کاتی زستان ٥٨٣
گۆڕانکارییەکانی بنەماڵە لە ماوەی دوو ساڵ سەربازیکردنی مندا ٥٨٨
کوێخا حەوڵای مەنگووڕ، خزمایەتیی ئیجباری ٥٩١
داخی تیرۆری خزم و شایی تاڵی خوشکم ٥٩٣
بەشی پێنجەم : بڕیاری تۆکمە بۆ ڕۆیشتن ٥٩٩

هاوسەرگیریی گرێبەستی، تێپەڕین بەرەو قۆناغی دواتر ٦٠٠
شەڕی دەستماڵ سەوزەکان و دەستماڵ زەردەکان ٦٠٢
لە عێراقەوە بۆ عومان ٦١٠
گەشتکردن بۆ ئەستەنبوڵ ٦١٣
بە کاتی ماڵاوایی ٦١٥
شێخ عوسمان نەقشبەندی..... ٦١٧
قاچاخبەرەکان چاوەڕێن ٦٢٠
ئاکرۆپۆلیس و مۆسیۆی هاوڕەگەزخواز ٦٢٢
کەمپی پ.ک.ک ٦٢٥
کرێکاری لە ئەسینا و خانووگەلێک بە گڵۆپی سوورەوە ٦٢٨
لەژێر بارهەڵگردا بەرەو ئیتاڵیا ٦٣١

وەرزی چوارەم: ئێـــرە ئەورووپایە

پێشەکی ٦٣٩
بەشی یەکەم : لە ئیتاڵیاوە تا لەندەن ڕێگایەکی دوور و درێژە ٦٤١
کڵێسای بێ ئایین و باوکە مایکڵی هاوڕەگەزخواز ٦٤٤
من لە وڵاتی ڤاتیکان ٦٤٦
تێپەڕین بە پاریسدا ٦٥٢
لەندەن و دژوارییەکانی دەستپێکێکی نوێ..... ٦٥٨
ڕاهێنانی زمانی ئینگلیزی لە مەیخانە ٦٦٢
کرێکاری لە لەندەن ٦٦٣
ترەنسی سکۆتلەندی، نیشتمانپەروەری ئیرلەندی..... ٦٦٩
وێمبڵدۆن؛ خاڵی دەستپێک ٦٧٢
وەرگرتنی مۆڵەتی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی لە بەریتانیا ٦٧٥
هاوسەرگیریی ڕەسووڵ و ئازاری ویژدانی من ٦٧٩
دیدار لەگەڵ سەرۆک کۆماری عێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەی حیزبە سیاسییەکاندا ٦٨٠
کەمفرۆشی و خوێندنەوەی قورئان لە لەندەندا ٦٨٦
ماڵی پیاو، قەڵایەتی! ٦٨٩
بەرەو زانکۆ ٦٩١
ئەزموونی کار لە هۆتێل، بێکاریی خوێندکاران لە ئێران..... ٦٩٣

قۆناغی فەوقی دیپلۆم و کارناسی و ڕۆژە نوێکان.....٦٩٧
بەشی دووەم : هەوڵدان بۆ ژیانی سپی.....٧٠٣
سەرۆک ئاپۆیان ڕفاند!.....٧٠٤
قەتڵە زنجیرەییەکان و ڕووداوی کووی دانشگا ٧٠٦
چەکێک بە ناوی داری گسک ٧١٠
خەڵکناسی لە هۆتێل و پەیکی ماتۆڕی! ٧١٢
تەختیخەوی یەککەسی و ڕێکخستنی سێکسی ژاپۆنییەکان ٧١٣
هاوماڵەکانی من ٧١٥
بەشی سێیەم: ئەزموونە نوێکان و دووبارە دروستکردنەوە.....٧١٩
ئەزموونی کار لە ئۆکسفام.....٧٢٠
گەڕانەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەکان ٧٢٢
کار و چالاکی لە چەشنی سیاسەت.....٧٣٠
خەڵکناسیی وێنەیی؛ جۆرێکی دیکە بینین.....٧٣٤
لە میدیا و وەرگێڕانەوە بۆ بواری یاسا و سزادان.....٧٣٧
قووە کەبابکراوەکانی شاژنی بەریتانیا ٧٤٠
بکوژە هاوخوێنەکانی کچانی کورد.....٧٤٤
کەی.سی.سی و ئەزموونی سزادان ٧٤٨
بەشی چوارەم: گەشتی دوور و درێژم کردووە ٧٥٥
پراگ بە تامی گازی فرمێسکڕێژ ٧٥٦
سەردانی سامناکترین ڕووداوی سەدەی بیستەم.....٧٦١
سەفەرکردن بۆ عێراق لە گەرمەی جەنگدا ٧٦٤
ڕێگەی قودس و بەنزینی ئاوەکی! ٧٦٨
تەرمە بۆگەنیوەکانی کەربەلا ٧٧٠
دیدار لەگەڵ سەرۆکوەزیر تۆنی بلێر ٧٧٣
کانادا و کێڵگەکانی گەنمەشامی ٧٧٥
بە دۆلاری کانادایی لە ئەمریکای منداڵکوژدا ٧٧٦
هەڵەبجە، برینێک کە تاڵەبانی و سپای پاسداران لە ئەستۆیان نەگرت! ٧٠٨
گەشتێک بەرەو کۆیە، کابول و قەندەهار.....٧٨٢
دامەزراندنی ڕێکخراوی توێژینەوەیی KSSO و کاردانەوەی ناهاودڵانەی حیزبە کوردستانییەکان ٧٨٥

سەفەرکردن بۆ فەلەستین و ئیسرائیل ٧٨٩
برا گیان، وەڵڵا موسڵمانزادەم! ٧٩٥
ژیان بە توندوتیژی و ڕقەوە ٨٠٠
هەموومان خوازیاری تۆڵەکردنەوەین ٨٠١
بەشی پێنجەم : دیسان کوردستان، دیسان ئێران ٨٠٥
ماڵاوایی لە نەنکم ٨٠٥
بۆنی خۆشی دایک و بابم لە لەندەن ٨٠٨
یەکەم گلەیی دایکم لە بابم ٨١٠
کۆچی دوایی دایکم ٨١١
پاسداری ڕیشن و گریانەکانی بابم ٨١٤
دیسان لێپێچینەوە ٨٢٠
کامیل، جێی گومانیت! ٨٢٦
دیسان ئێران؛ هەستی نامۆبوون لەگەڵ باوەژن ٨٢٨
دوو فیلم لە دوو سەفەردا ٨٣٠
نامەی ماستەر لە مەهاباد ٨٣٣
تەڵاق و هاوسەرگیریکردنەوەی بابم ٨٣٦

وەرزی پێنجەم: گەڕانەوە

پێشەکی ٨٤١
بەشی یەکەم : ئامەد گەورەترین شاری کوردستانی لە جیهاندا ٨٤٣
ئەو ئەرمەنییانەی کە پاکتاو کران ٨٥٢
زاڵیم دونیا (Zalim Duniya)، موعجیزەی هاوزمانی ٨٥٦
دیدار لەگەڵ ئێن‌جی‌ئۆ، لەگەڵ ئاتاتورک و زێنەب لە حەلەب و دیمەشق ٨٦٣
دیدارێکی سەرسووڕهێنەر لەگەڵ شارستانییەتێکی کۆنی دیکەدا ٨٦٨
ڕووداوە سەیر و خوێناوییەکانی ئامەد (دیاربەکر) ٨٦٨
چەرمەسەرییەکانی چاپکردنی کتێب ٨٧٠
نەورۆزی کێشەساز! ٨٧٣
بەشی دووەم : گەڕانەوە بۆ ئێران، بە بێ مافی هەڵبژاردن ٨٨١
ماڵاوایی ئەبەدی لەگەڵ کامیاری جوانەمەرگ ٨٨٢
تێکشکانی بابم ٨٨٦
دووکانداری لە قۆناغی ئاڵوزی هەڵبژاردنەکانی ٨٨دا ٨٩١

دەرفەتێک بۆ شینگێڕیی کامیار ٨٩٦
وازهێنان لە دووکانداری و چڕبوونەوە لە سەر توێژینەوە ٨٩٧
بەشی سێیەم : دەستپێکردنی فەرمیی توێژینەوەکان و ئاڵنگارییەکانی ٩٠١
لە ئێرانەوە تا ئەفریقا ٩٠١
تاوتوێکردنی سی و یەک پارێزگا ٩١١
هەوڵی بێئەنجام بۆ چالاکیی یاسایی و دیدار لەگەڵ خانمی وەزیر ٩١٧
باشوور هی منە! ٩٢٣
سەرەتای ئاشنایەتییەک، غافڵگیریی کچێکی لادێیی ٩٢٦
شەوی یەڵدا و شانامەخوێنی لە شاری ئیسفەهان ٩٢٩
دەتهەوێ ئابڕووی ئێران ببەی! ٦٣٥
ژیانکردن لە تاران، ئیشکردن لە باشوور و ڕۆژاوای ئێران..... ٩٣٨
دژوارییەکانی توێژینەوەی سەربەخۆ و جیاوازیی بیروڕاکان سەبارەت بە شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی ژنان..... ٩٤٠
گۆڕینی ڕوانگەی بابم..... ٩٤٤
کۆڵەکەی بنەماڵە ڕووخا ٩٤٧
بەرکەوتنی من لەگەڵ مەرگ ٩٤٩
دەستگیرانداری لەگەڵ شەفەق و دابەشکردنی میرات ٩٥٢
بەسەرهاتی خوازبێنی و مارەبڕین و جیاوازییەکانی ناو فەرهەنگی کوردی ٩٥٧
چاپکردنی کتێبی "بە ناوی نەریت" لە ئەورووپا و ئێران ٩٦٧
خەتەنەکردنی کچان و هاوسەرگیریی منداڵان؛ دوو دیاردەی تێهەڵکێشراو..... ٩٧٨
ئامادەبوونم لە BBC بە کەواوپاتۆڵەوە..... ٩٨٧
وشیارکردنەوەی گشتی ئەم جارە لە "ئاپارات"ـی بی‌بی‌سی ٩٨٩
لەدایکبوونی کاکە ئالان لە ئامەد..... ٩٩٤
کاتژمێر ٢٠ و ١٩ خولەک، ٢٠١٦/٠٦/١٦ ..... ١٠٠٠
بەشی چوارەم : کۆچکردن بۆ پایتەخت..... ١٠٠٧
دەستپێکردنێکی نوێ..... ١٠٠٨
تەڵەیەکی ناجوامێرانە..... ١٠١٣
سیغەی پەروازی، موتعەی لاکچەری ١٠٢٢
توێژینەوەی هاوسەرگیریی سپی و دزینی لە لایەن وەزارەتەوە ١٠٢٥
هەوڵدان بۆ چاپکردنی کتێبی "ماڵێک لە سەر ئاو" ١٠٣٢

سەبارەت بە هاووڵاتییانی پلە سێ! ١٠٣٧
باڵادەستیی فێمینیزمی ڕادیکاڵی چەپ ١٠٤١
بەشی پێنجەم : تێپەڕین لە بواری لێکۆڵینەوەی جێندەرتەوەر ١٠٤٧
تاوتوێی شوناس و ئێتنیک بە ئاراستەیەکی ئاشتیتەوەر ١٠٤٧
تاڵانی منداڵی ١٠٥٧
سیمیناری مەشهەد، سەردێڕی ڕۆژنامەی کەیهان و ڕفاندنی مۆبایل لە لایەن برادەرانەوە ١٠٦٦
مانەوەی کورت لە لەندەن ١٠٧٢
ئەمجارەیان هەککردنی ئیمەیڵ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ١٠٨٦
بانگهێشتکران بۆ مەجلیسی فەرمایشی و ڕووالەتی؛ ڕەتکردنەوەی پرۆژەیاسا لە لایەن کۆمیسیۆنی قەزاییەوە . ١٠٧٢
کۆڕبەندی کتێبخانەی نیشتمانی و تۆمەتی مەزڵوومنوێنی ١٠٨٣
پەراوێزەکانی ڕوونوێنی لە "تاڵانی منداڵی " ١٠٨٦
سەفەر بۆ بەریتانیا، جۆرەکانی کاری منداڵ و مەرجەکانی مارەبڕین ١٠٩٠
دەرفەتەکان، ئەفریقا و ئەو کوللەیەی کە ئەمجارەش خۆی قوتار کرد..... ١٠٩٢

وەرزی شەشەم: ئێــرە زیندانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە

پێشەکی ١١٠٣
بەشی یەکەم : دەستبەسەربوون ١١٠٥
چوونە ناو زیندانی ئێڤین ١١١٣
حاجیی ئینقلابی..... ١١١٧
دەستپێکردنی یاری..... ١١٢٤
لێپێچینەوە (بازجوویی)..... ١١٢٥
هەواخۆری لەگەڵ مێروولەکاندا ١١٣٢
هاوکاریکردنی حکوومەتی دوژمنکاری ئەمریکا ١١٣٧
توێژینەوەی ناهاوسانان (هاوڕەگەزخوازان) و هەستیاریی بازجووەکان ١١٤٥
کامیل تۆ چەندە بەتامی! ١١٤٨
ژیانی سێکسیی ئیسلامیمان لێ مەستێنەوە ١١٥٨
ئەمەش ژووری تاکەکەسیی تازە! ئیتر ڕازی بووی؟ ١١٦٤
بەشی دووەم: چاوبەنەکەت لا ببە..... ١١٧٣
ئەو پیاوەی وا دەیویست قاسم سولەیمانی تیرۆر بکات! ١١٧٤

تەبەری و هاوڕێیانی..... ١١٧٩
شیرینیی تاڵی دیدار و مەلاقات! ١١٨١
دیدار لەگەڵ شادزەکانی حەفتەتەپە! ١١٨٦
لەبەردەم دووربین ١١٨٧
بەشی سێیەم : چوونە نێو مەملەکەتی سەیروسەمەرەکان..... ١١٩٥
ڕۆیشتنە ناو بەندی گشتی ١١٩٦
ژنانی سیغەیی بۆ مەلاقاتی شەرعی ١١٩٩
بابە، باوەش، باوەش ١٢٠٣
خولی ڕاهێنانی بۆرس! ١٢٠٦
زیندانیانی سیاسی لە نێو بەندی زیندانیانی ئابووری ١٢٠٩
سەیرکردنی پۆرنستارەکان و مەلا لە دین هەڵگەڕاوەکە ١٢١٦
لە چاوەڕوانیی ئازادبوون بە بارمتە ١٢١٩
بەشی چوارەم: هاتوچۆکردن لە نێوان دادگا و مەیدانی کاری توێژینەوەدا ١٢٢٥
کۆتاییهاتنی دەستبەسەربوون، زیندانی تاکەکەسی، لێپێچینەوە و زیندان..... ١٢٢٧
ئازادی بێ ئازادی ١٢٣١
بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا بەر لە بەڕێوەچوونی دادگا و دۆزینەوەی بیستۆکی سیخوڕی لە مۆبایلدا ١٢٣٨
هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی دواین توێژینەوە لە ئێران ١٢٥٠
وەرزی حەوتەم: لە مەزلەمەی قـــازی سەڵەواتییەوە تا ماڵاواییەکی جەرگبـــڕ
پێشەکی ١٢٦١
بەشی یەکەم: لە مەزلەمەی قازی سەڵەواتیدا ١٢٦٥
یەکەم دانیشتنی دادگام بە دادوەریی قازییەکی زرت و زیندوو..... ١٢٦٥
کامیل قسە مەکە، بنووسە! ١٢٧٢
ئێرە دادگای لاهە نییە! ١٢٧٤
دواین کار و گەشت و بیرۆکەکانم لە ئێران..... ١٢٧٩
بەشی دووەم: ڕۆیشتن لە ئێران ١٢٨٥
بەشی سێیەم: دەرچوون لە سنوور..... ١٢٩٧
بە کاتی ڕۆیشتن ١٢٩٧
قەندیل، قەندیل، قەندیل ١٣٠١

کامیل، تۆ دەتوانیت ١٣٠٦
وێڵکام بەک کامیل (Welcome Back Kameel) ١٣١٢
لە ئۆتۆمبێلی گوللەنەبڕەوە بۆ فڕۆکەخانە ١٣١٩
لە چینۆکەوە بۆ هێرکۆڵس ١٣٢٥
بەشی چوارەم : شاری هەوریی لەندەن لە سەردەمی پڕئاریشەی کەرەنتینەدا ١٣٣١
دیسان لەندەن ١٣٣٢
ماڵی وجاغزادانەی هامپستید ١٣٣٥
ڕاگەیاندنی بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوە ١٣٤٠
پاتریکی شارەزا ١٣٤٥
کاردانەوەی ڕاگەیاندنەکان و خەڵک ١٣٤٨
کەسانی خۆڕاگر لە ڕۆژگارە سەختەکاندا ١٣٥٥
بەشی پێنجەم : زانایی و مانیفێستێک بۆ داهاتوو ١٣٥٧
خەیاڵپەروەری و زانایی ١٣٥٨
بەرەو داهاتوو ١٣٦١
پێڕستی سەرچاوە و ژێدەرەکان ١٣٦٥
پێڕستی وێنەکان ١٣٧٥

سەرەتا

ڕۆژێکی باراناویی زستانی ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی، باجە مەحسووم، مامانی گەڕەکی مەعرووفیی شاری نەغەدە کە ئێستا ناوی شەقامی شافێعیی دووەمە، منی لە هەناوی ئامینی دایکم هێنایە دنیاوە. کوڕی گەورەی بنەماڵەی کاک کەریم بووم و بە هۆی ئەوەی ڕوانگەی ڕەگەزێتی لە مێشکی خەڵکی ئەوسادا زۆر تۆخ و چەسپاو بوو، لەدایکبوونم دوای دوو کچ، وەک ڕووداوێکی گرینگ لە قەڵەم دەدرا.[1] لە ناسنامەدا ناویان نام محەممەد. ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ کە محەممەدێکی دیکە لە داوێنی ئامینێکی دیکە کەوتبێتەوە، بەڵام بە کامیل بانگیان دەکردم و من بووم بە «کامیل» و هەرگیز محەممەدم بە ناوی خۆم نەزانی، محەممەدێک کە نە وەحی بۆ دابەزیبوو و نە ڕیسالەت و ئەرکێکی لە سەر شان بوو. کامیل، ئەو ناوەی بوو کە لەگەڵی ڕاهاتم و ئاراستەی ژیانی دیاری کردم.[2] ناوێک کە لە زمانی عەرەبی و فارسیدا بە واتای «کامڵ، تەواو و بێ کەموکورتی»ـیە و وای کرد کە بە درێژایی ژیانم سەرەڕای هەموو کەمایەسییەکانم، هەوڵ بدەم بەشێک لە ماناکەی وەدی بێنم. ڕەنگە لەبەر زەقکردنەوەی ناوی کامیل بوو کە هەدام نەدا و لە بەشێکی زۆری ژیانمدا، بە بێوچان و ماندوونەناسانە هەڵوەدای بووم و بۆی گەڕام. منی کامیلی ئەم گێڕانەوە، ڕێگایەکی پڕهەوراز و نشێوم تێپەڕاند

---

١. لەگەڵ ئەوەی کە لایەنگری ئەو ڕوانگە ڕەگەزێتییە نیم کە لە ناو کۆمەڵگا نەریتییەکاندا بەرامبەر بە منداڵەکان دەکرێ و زۆر باش لە خەسارەتەکانی ئاگادارم، بەڵام پێم خۆشە بەر لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ژیانم ئەم خاڵە ڕوون بکەمەوە کە ئەم باوەڕە تا ڕادەیەکی زۆر لە سازوکار و میکانیزمی کۆمەڵگا نەریتییەکاندا ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە. لە وەها کۆمەڵگاگەلێکدا منداڵی کوڕ جیا لەوەی وەک هێزی کار و کۆمەک حاڵ و یارمەتیدەری باری ئابووریی لە خانەوادە سەیری دەکرێ، دەشتوانێ شانبەشانی باوکی یان لە نەمانی باوکیدا پارێزەر و دەستەبەری ئاسایشی بنەماڵە بێت. هەروەها بە هۆی ئەوەی لەم چەشنە فەرهەنگانەدا، کوڕان درێژەپێدەری ناوبانگی بنەماڵەیین و بە ژنهێنانیان پەرە بە بنەماڵەکەیان دەدەن لەدایکبوونی کوڕ بە واتای بەردەوامی و بەرفراوانتربوونی بنەماڵەیە. کە من پێم وایە ئەم پرسانە بۆ خوێنەری کورد شتێکی تازە نییە.

٢. لە زۆرێک لە فەرهەنگەکاندا بە کوردیشەوە، هەڵبژاردنی ناو بۆ کۆڕپە زۆر گرینگە. ناوی کوردان زیاتر وەبیرهێنەرەوەی ئاوات و خۆزگەکانیانە، ناوگەلی وەکوو ژینا. ئازاد، کوردستان و ... لە دیکەی ناوە زۆر باوەکانی کوردستانە ئەو ناوانەن کە ئاماژە بە دیاردە و توخمە سروشتییەکان دەکەن.

کە لـەم کتێبـەدا بۆتـان دەگێڕمەوە.

ئێسـتا، کـە ماویەکـی زۆر نییـە تەمەنـی ٥٠ سـاڵانم تێپەڕانـدووە، بـە نیـازم چیرۆکتـان بـۆ بگێڕمـەوە. نازانـم ئاخـۆ ئـەو ڕۆژەی کـە مـن چـاوم بـە دنیـا پشـکووت، چەنـد منداڵـی دیکـە لـەم جیهانـەدا لەدایـک بوون؟ چەند کەسـیان لە سـەرەتای سـەدەی نوێی هەتاویدا هێشـتا زیندوون و چەنـد کەسـیان بەرگـەی جەنـگ و هـەژاری و بەدبەختیـان نەگـرت و ماڵاواییـان لـەم جیهانـە کـرد؟ ئومێـد و ئاواتـی چەند کەسـیان لە نـاو فەرهەنگـە نەریتییـەکان و چەقبەسـتوویی هزریدا، کـە باڵـی بـە سـەر کۆمەڵـگادا کێشـاوە، بـەدی نەهاتـووە؟ ئاخـۆ توانیویانـە جیهانێکـی گەورەتـر بەئەزمـوون بکـەن یـان خۆشـیان چەقیونەتـە نـاو ئـەم بارودۆخـەوە، قوربانـی کـراون و خەڵکیـان قوربانـی کـردووە؟ وا بـاشترە لێگەڕێیـن، مـن ناتوانـم بیـر لـە چارەنووسـی هەمـوو، یـان وەک سـەبتئەحواڵییەکان دەڵێـن مەوالیـدی مانگی ڕێبەندانی سـاڵی ١٣٥١ی هەتاوی بکەمەوە کە چوونەتـە نـاو تەمەنـی پەنجا سـاڵییەوە.

مـن بەسـەرهاتی خۆمـم هەیـە و ئەوانیش بەسـەرهاتی خۆیـان. کەواتە من بەسـەرهاتی خۆم دەگێڕمـەوە. مـن ڕۆڵەی کوردسـتانم، ئەو نیشـتمانەی هەمیشـە لە هەوڵـی ئـازادی و ڕزگاریدایە، مێژوویەکـی پڕهـەوراز و نشـێوی هەیـە کـە بارتەقای مێـژووی مەشریقزەمینە، پڕ بە بـاڵای بەرزی و نزمییەکانـی ئـەو زاگرۆسـە وا کوردسـتان لـە سـەری نوسـتووە، بـەڵام نـا نەنووسـتووە! بەڵکوو بە شـان و شـکۆوە لـە سـەر بنـار و لووتکەکانـی دانیشـتووە. بێـدارە و نەنوسـتووە، بێداریـیەک کـە تێکەڵـی ئێـش و سرتـەی ئـازادی و ڕزگاریـی بێوچانە.

کاتێـک چـاوم بـە زاگـرۆس پشـکووت، لـە وڵاتەکەمـدا کـەم نەبـوون ئەو کـچ و ژنانـەی کە لە بەریەتیـی خوێنـی پیاوانـی هـۆزەکان، ئاڵوگۆڕیـان پـێ دەکـرا و زۆرێـک لـە پیاوانیـش سـەرباری ئـەوەی ڕەگـەزی باڵادەسـت بـوون و هێـزی پیاوانەیـان هەبـوو، لـە ناسـنامە کـە یەکەمیـن مافـی کۆمەڵایەتـی و ئامـرازی سـەلماندنی شوناسـە، بێبـەش بـوون. ئـەم میکانیزمـی نکۆڵیکردنـە بـە هـۆی پێویسـتییە ناچارییەکانـی وەکـوو سـەربازی بـوو کە دەوڵـەت لـە چوارچێوەی دامـەزراوەی دەسـەڵاتدا دەیسـەپاند. ئـەو ڕۆژەم بـاش لەبیـرە کـە کاک کەریـم – باوکـم – چووە ئیـدارەی باری کەسـێتی و وتـی، سـجیلم دەنـێ بـا منداڵەکانم سـجیلدار بـن. باوکـم زۆری چاوەڕوانیـی کرد بۆ ئـەوەی تەمەنـی سـەربازیی ئیجبـاری تێپەڕێنـێ و بتوانـێ ببێتـە خاونی ناسـنامە.

ئێمـە هەنـدێ جار بـاوەڕ بە حەقایەتەکان دەکەیـن و بە دڵ قبووڵیان دەکەیـن و هەندێ جار دەیاندەینـە دەسـت خەیـاڵ و هـەر وا بـە لایانـدا تێدەپەڕیـن. بـۆ منـی وەگێڕیـش لـە گێڕانەوەی بەسـەرهاتی ژیانمـدا، هەنـدێ شـوێن هەیە کـە باوەڕپێکردنی ئەسـتەمە و لە هەندێ شوێنیشـدا حەقایـەت بـەرەو دنیایەکـم دەبـا کـە لـە واقیعـی پێـش چاومـان ڕوونـاکترە. بەڕاسـتی ئەزموونـی ژیـاوی ئێمـە ئاوێتەیـەک لە ڕاسـتی و خەیاڵە کە هەندێ لە پاژەکانی ئـەم ئەزموونە ژیاوە، بە هۆی دابڕانـی لـە کاتی ئێسـتامان، وەک ئەوپەڕڕاسـتییەک خـۆی دەردەخا کـە باوەڕپێکردنی چەتوونە

و هەندێ لە چرکەساتەکانی وەها لە «من»دا ڕۆچووە کە بەشێکی گرینگی بیر و باوەڕەکانی ئێستام لە خۆ دەگرێ و لە ڕاستیدا لە حەقیقەتەکانی داهاتوو نزیکتر و بەرهەستتر دەبێت.

هەمیشە چیرۆکەکان لە هاتنەوە دەست پێ دەکەن، بەڵام بەسەرهاتی من لە ڕۆشتنەوە دەست پێ دەکات. ئەو ڕۆژەی باجە مەحسووم بە دەستە خاراوەکانی منی هێنایە دنیاوە، بنەماڵەکەم زۆر خۆشحاڵ بوون و بە بێ ئەوەی بزانم ئەو هەموو شادومانی و پیرۆزباییە لەبەر چییە، لە باوەشی دایکمدا دەگریام و شیرم دەخوارد. ئامۆژنە ئەسمەر بە ڕاکە ڕاکە ڕۆشت بۆ ئەوەی بە کاک کەریم بڵێ کوڕت بوو. بۆ مەگەر بە تەما بوون من چی بکەم؟ بۆچی لەدایکبوونی کۆرپەیەکی سێ کیلۆیی لەو ڕۆژە بارانییەدا ئاوا بۆ خێزانەکەم گرینگ بوو؟ من هیچ تێنەگەیشتم، نە ئەو ڕۆژەی وا بە لێدانی باجە مەحسووم قیژاندم و ماڵەوە لە دەنگی گریانەکەم جمەی هات و نە هەتا ساڵانی دواتر و تەنانەت ئێستاش نازانم کە ئایا ئەوەی دەیزانم دروستە یان نا.

ئەو ڕۆژە ساردەی مانگی شوبات یان هەمان ڕێبەندان نەمدەزانی لە هەناوی شاری نەغەدەوە چ ڕووداوگەلێک دەکەونەوە. نەمدەزانی کە لە کووچە و کۆڵانەکانی زێدەکەمدا و لە باغاتی گوندەکاندا خولیای چ شتێک دەبم؟ ئایا ئێستا دەزانم؟ بۆ باسکردنی دەبێ لە بەسەرهاتی هاتنم بۆ ئەم دنیایەوە دەست پێ بکەم یان گێڕانەوەی ڕۆشتنەکانم؟ ئەوەی ڕاستی بێ نازانم و هەر لەبەر ئەوەش نووسیم و نووسیم و ڕەنگە دیسانیش هەر نەزانم!

ڕەنگە بۆ ئەوەی بڵێم کە لە کوێوە هاتووم ...، چاک وایە بەسەرهاتەکەم لە ڕۆشتنەوە دەست پێ بکەم و هەموو ئەم ڕۆشتنانە بەسەرهاتی منە، ئەو ڕۆشتنانەی کە هەمیشە لە دووڕیانی ناچاری و هەڵبژاردندا گیریان خواردبوو، هەندێ جار خوزاراو و هەندێ جاریش نەخوازراو، ئەو ڕۆشتانەی کە هەمیشەیی و بەردەوام بووە، دەڵێی ژیانی من تێهەڵکێشی ڕۆشتن و نەمانەکان بووە و دەربازبوون لێیان حاشاهەڵنەگرە.

کامیل ئەحمەدی
مارسی ٢٠٢٤ی زایینی
خاکەلێوەی ٢٧٢٤ی کوردی
لەندەن_ بەریتانیا

سپاس و پێزانین

مـرۆڤ بوونەوەرێکـی کۆمەڵایەتییـە و هـەر ئەمـەش وای کـردووە کـە ڕەوتـی ژیانـی هـەر کەسـێک بە شـێوەی ناچاری پەیوەندییەکـی دیالێکتیکی لەگەڵ زۆر پێکهاتـەی وەکوو ئابووری، کۆمەڵایەتـی، فەرهەنگـی و هتـد هەبێت؛ منیـش لە گێڕانەوەی گەشـتێک بە ڕابـردووی ژیانمدا، نـەک هـەر مێـژووی ڕۆژگاری خـۆم بـاس دەکـەم بەڵکـوو ناچـارم ئـەو بابەتانـە هەڵکڕێنـم کـە لـە مێـژووی سیاسـی، ئابـووری و فەرهەنگـی و کۆمەڵایەتیـی شـار و وڵات و ناوچەکـەدا ڕوویـان داوە و کاریگەرییـان لـە سـەر ژیانـی مـن و خانەوادەکـەم دانـاوە. هـەر بۆیـە ئـەم دەقـە جیـا لـەوەی سەرگوزەشـتەیەکی تاکەکەسـییە، هەنـدێ لـە ڕەهەندەکانـی مێـژووی هاوچەرخی کوردسـتان و ئێـران، کـە تا هەنووکە مێژووزانان و کۆمەڵناسـان باسـیان نەکـردووە، ڕوومـاڵ دەکا و وێنەیەک لە خەڵکناسـیی کۆمەڵایەتی و سیاسـیی ناوچەکە دەخاتە ڕوو. لە ئێسـتادا فایلی کوردی و فارسـیی ئـەم بەرهەمـە بـە شـێوەی ئەلیکترۆنـی و بێبەرامبـەر کەوتۆتـە بـەر دەسـت هۆگـران، توێـژەران و خوێنەرانـی خـۆی و بەم زووانە بۆ سـەر زمانی ئینگلیزی وەردەگێڕدرێتەوە و دەخرێتە بەر دەسـتی هۆگران.

ئـەم بەرهەمـە بـۆ نووسـین و ڕێکخـستن و ئامادەکـردن سـێ سـاڵ و نیـوی خایانـدووە، کـە لـەم مـاوەدا کەسـانێکی زۆر لـە ڕۆڵـی جۆراوجـۆردا بەشـداری و هاوکارییـان کـردووم، کـە چـاوی یـەک بـە یەکیـان مـاچ دەکـەم: هەنـدێ لـە دامـەزراوە و ڕێکخـراوەکان، هەنـدێ کـەس لە سـەر ئاسـتی خۆجێیی، نیشـتمانی و ناوچەیی و جیهانی کە ڕاوێژی باشـیان پێدام و ڕاسـتیی دەیتا و زانیارییەکانیـان کۆنتـرۆڵ دەکرد؛ هەندێ لە پیران و بەسـاڵاچووانی ناوچەکـە، پیرەکانی بنەماڵە و ناسـیاوە تێگەیشـتووەکان، کـە بە هۆی ئـەوەی یـادەوەری و ئەزموونەکانی ڕابـردوو و گێڕانەوەی ناوەڕۆکـی بـینراوی مێـژووی ژیاویـان خسـتە بەردەسـتی مـن، بوونـە هۆی ئـەوەی کـە هەندێ لە بەشـەکانی ئـەم ڕابـردووە شـاراوە تـازە ببێتـەوە؛ دەستخۆشـیی لـە دووبارەخوێنـەکان، وەرگێڕان،

ڕاوێژکاران، دیزانەران و ئیدیتۆرەکان و هەموو ئەو دۆستانەی دەکەم کە لە پرۆسەی نووسین، توێژینەوە و ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی «گەشتێک بە ناو مێژووی من و ئێمەدا» ڕۆڵیان گێڕاوە و پاڵپشتی و هاوڕێیەتییان لە بەرەو پێشخستن و دەوڵەمەندکردنی ئەم کارە سوودبەخش بووە. من خۆم بە قەرزداری مێهر و هاوڕێیەتیی خێزانەکەم دەزانم کە بە سینگ فراوانی بەرگەی نەبوونی منیان لە ناو ماڵدا گرتووە و بە گیان و دڵ لە خۆیان بووراون و بە ڕاوێژ و هاوبیرییەکانیان ناوەڕۆکی ئەم بەرهەمەیان دەوڵەمەند کرد. سپاسی خۆم ئاراستەی یەک بە یەکی یاران و هاوڕێیان دەکەم و ئومێد دەخوازم ئەم بەرهەمە ببێتە هەوێنی ڕوونتربوونی ئاسۆی ئاشتی و زەمینەسازی یەکێتی بێت، بۆ دروستکردنی داهاتوویەکی گەشتر.

ناوی هەموو بەشداربووان لەم چەند دێڕەدا جێی نابێتەوە و هەندێ لە هاوکاران کە دەورێکی سەرەکییان لەم بەرهەمەدا هەیە بە هۆی هەلومەرجی کاری و پرسی دیکەوە نەیانویست لە بەشی سپاس و پێزانیندا ناویان بهێنرێت؛ بەڵام من بەوپەڕی خاکەڕاییەوە هەموویان لە ئامێز دەگرم و لەبەر ئەندێشە جوانەکانیان کە لەم بەرهەمەدا دیارە، ماندووبوونیانم لەبەر چاوە. پێویستە سپاسێکی تایبەتی هەندێ لە هاوکارەکانم بکەم و پێیان دەڵێم کە دڵگەورەیی لە هەوراز و نشێوەکانیان لە کاتی توێژینەوەدا بەرز دەنرخێنم؛ دەستی ئێوەی هاوڕێیانی ئازیزم دەگووشم و لەبەر ئەندێشە و هەزرە مەزنەکانتان ئاواتی بەرزفڕینتان بۆ دەخوازم:

ئەو ڕاوێژکار و دووبارەخوێنە هێژایانەی ئەم ژیاننامە، کە بە ڕێنوێنییەکانیان هەمیشە لەگەڵم بوون: دکتۆر فاتیمە مووسەوی میرەک، سوێسن ڕەزایی، دکتۆر مەهناز عەلیزادە، شەفەق ڕەحمانی، خالید ئەحمەدیان .... زۆر سپاسیان دەکەم. لە ئاگادارانی ناوچەیی و خۆجێیی، دۆستان و خزم و کەسەکان کە بۆ کۆکردنەوە، لێکدانەوەی ڕووداوەکان، ناو و گێڕانەوە و ژێدەرەکان هاوکارییان کردووم، لەوانە حامید ئەمین عەشایەری، ئەحمەد حسێنی، ئاگری ئیسماعیل نیژاد، تاهیر قەدیریان، مامۆستان حەسەن واژی، دکتۆر ئەحمەد بوخارایی، عەلی بوداغی، پەیمان عەبدوڵازادە، سەلاحەدین خەدیو، سەلاح پایانیانی، ساڵح ڕەحیمی، دکتۆر موحسین ڕەحیمی، حسێن ڕەحیمی، ئەحمەد ئەحمەدی، مەحبووبە و تەبیبە و کانی ئەحمەدی، ساڵح ئیمامی، مستەفا ئەحمەدی، عەلی کەریمی، زێنەب و مریەم و خەجیج ئەحمەدی، مراد ئەحمەدی، ڕەسووڵ ڕەحمانی، یێسب سوڵتانی، ئەبووبەکر قادری، هیلاری بورج، هارڤی بێرگێس، دانیکا ئێسڵ، جان فلاکلەند، جۆردی سێلێموولا، مۆرای ڕەمەزان، کامەران سەنایی، ئەسعەد ئەمین عەشایەری، حەمزە بایەزیدی، بلێسە دێهقان، ئەحمەد سەفا، مامۆستا حەسەن شێوەسڵ، جەلال لاهیجانی، حسێن کرمانج، سلێمان کاشانی، مامۆستا جەماڵ واژی، دکتۆر یەحیا شەریعەت نیا، پەروین فەرهەنگ، سابیر ئیمامی، موحسین ئەحمەدی، تەها مستەفاپوور، دکتۆر شەرمین ئەلحەق، ئومێد مستەفاپوور، عەلی یەکاو، جەعفەر یەکاو، تەها ئەحمەدی، قادر و عەلی ئینفرادی، خەبات مەنگووڕی و دکتۆر

حەسەن ڕەشیدی، ئەوپەڕی دەستخۆشیان لێ دەکەم.

پیزانینی تەواوم هەیە بۆ ئەرک و ماندووبوونی وەرگێڕی دەستڕەنگین و خاوەن ئەزموون خاتوون نەسیم غولامی کە بە باشترین شێواز کاری وەرگێڕانی ژیاننامەکەی بۆ سەر زمانی کوردی لە ئەستۆ گرت. سپاسێکی تایبەتیش بۆ کاک سیپان شوکری، کە بەوپەڕی شارەزایی و بەرپرسیارێتییەوە کاری دیزاینی بەرگ و لاپەڕەبەندی کتێبەکەیان هونەرمەندانە و داهێنەرانە بە ئەنجام گەیاند. هەروەها رێز و سپاسی نەبڕاوەی هاوڕێی ئازیز کاک ناسر عەبدڵڵاهی دەکەم، کە پڕ وزە و هاودڵانە بە باشترین شێواز ئەرکی هەڵەچنی و بێژەریی کتێبی دەنگیی خۆژیاننامەکەمی تێپەڕاند.

هاوکاران و ئۆڕگان و ڕێکخراوگەلی وەکوو: کتێبخانەی نیشتمانیی بەریتانیا، ئەرشیڤی نیشتمانی، کتێبخانەی هامێر سمیس، کتێبخانەی ئیرانیان، کتێبخانەی ناوەندیی کوردانی باکووری لەندەن، زانکۆی هەولێر و سلێمانی، ئەرشیڤی هەندێ لە حیزبە ئێرانی و کوردستانییەکان، ناوەندی فەرهەنگ و ئەدەبی ئامەد و مۆزەخانەی هەولێر بەوەی کە ئیمکانیات و ئەرشیڤ و ژێدەر و کتێبیان نایە بەر دەستم و منیش توانیم بە هۆی ئەوانەوە ئەم ژیاننامە بنووسم، تا ماوم قەرزداری هاوکارییەکانیانم.

وەرزی یەکەم

خەباتی بێوچان بۆ ژیان

پێشەکی

«ڕۆشتن» لەوانەیە وەک شتێکی بۆماوەیی بە میرات بۆمان بە جێ مابێ، ڕەنگە بتهەوێ بمێنیتەوە و لە سووچێکی ئەم جیهانەدا داهاتووت دیاری بکەی، بەڵام وازت لێ ناهێنێت، بانگت دەکا، بژنەوی یان نەژنەوی دەبینی کە بەڕێوەی. هەندێ جار ئەم بیر و خەیاڵانە لای خۆم تاوتوێ دەکەمەوە و لە دواجاردا دەڵێم «ڕەنگە ڕۆشتن لە خوێنی هەندێ لە بنیادەمەکاندایە، چارەنووسێکی حەتمی بێت کە بژاردەیەکی بۆ نییە». ڕۆشتن هەمیشە جووڵە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە نییە و هەندێ جار گەشتێکی دەروونیی گەورەیە. نازانم باپیرانم تەنیا لە ڕەوتێکی جوگرافیاییەوە لە جێگایەکەوە چوونەتە جێگایەکی دیکە یان سەفەری دەروونیشیان هەبووە. بەڵام باش دەزانم کە خۆم هەر دوو گەشتەکەم بەئەزموون کردووە.

پێدەچێ سەفەر خۆی مرۆڤەکانی دەستنیشان دەکات. دەڵێی بە پەنجە هەڵیاندەبژێرێ و پێت دەڵێ خۆ ناکرێ هەر لەو شوێنە بمێنیتەوە وا دڵت لەوێیە! پاشان تۆ دڵت لە نێوان مان و نەمان دڕدۆنگ دەبێ، دەزانی لەگەڵ دانیشتووانی وڵاتی دایکیت تێکەڵ بووی و وەکوو گیایەکی نەوڕەس ئاتاجی خاک و ئاو و خۆری، بەڵام جگە لە بەجێهێشتنی زێد و نیشتەجێبوون لە دوورەوڵاتان هیچ دەرەتانێکی دیکەت نییە. وێدەچێ هەمیشە ئاڵۆزییەک لە نێوان ڕۆشتن و مانەوە، تێهەڵکێشی من، ئێمە و هەموو دانیشتووانی وڵاتی دایکیم بووە و ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەم وڵاتە هەمیشە ئاوێتەی هەڵاتن و کۆچکردن بووە.

باسی باپیرانمم و باسی ڕۆشتنە بەردەوامەکانیان دەکەم. ڕۆشتنی میراتی و بۆماوەیی کە لە دوو سەدەی ڕابردووەوە دەستی پێکردووە و گەیشتووە بە من. بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەم دەبێ ئێوەش لەگەڵ خۆم ببەمەوە بۆ دووسەد ساڵ لەمەوبەر بۆ ئەوەی بزانن باوانم بۆچی هەر جارێک بە هۆکارێک لە دەڤەرێکەوە بۆ دەڤەرێکی تر و لە لادێیەکەوە بۆ لادێیەکی دیکە

کۆچیان کردووە و ئەم سێبەری قورسی «ڕۆشتن»ـە بۆچی دەستبەردارمان نابێت. لە ئەنجامی ئەم ڕۆشتنە هەمیشەییانە لە سەردەمانی کۆندا شتێکی ئەوتۆ نازانم، بەڵام من کەسێکی بەختەوەرم کە پێوشوێنی بەسەرهاتی ڕۆشتنەکەیانم کردووە و لە گەورەترەکانمەوە بەسەرهات و گێڕانەوەی زۆرم لەبارەیانەوە بیستووە و لەبەرم کردووە. ئەم بەسەرهاتانە یان چاکتر بڵێم ئەم ڕەگ و ڕیشانە لە سووچێکی زەینمدا ماوەتەوە و لە ڕێگە و کوێرەڕێگەکانی ژیانمدا ئەو ڕۆشتنانەم وەبیر خۆم هێناوەتەوە. تەنانەت هەندێ جار هەر لەو ڕێگایانەوە تێپەڕیوم وا باپیرانم لەوێوە جەنگاون و کۆچیان کردووە.

بۆ گێڕانەوەی حەقایەتی ژیانم لە پێشدا ئێوە دەبەمە ناو ڕابردوو و فەزای ژیاوم، کەواتە لەم بەشەدا قسە لە سەر ڕابردووی خانەوادەیی، فەرهەنگ و جوگرافیای ناوچەکە، تەنانەت سیاسەت و مرۆڤەکانی ژیانم دەکەم. لە «ئەویترە گرینگەکان»ی ژیانم ئەو کەسانەی لە ئێستای مندا پشکی سەرەکییان بەر دەکەوێت. دەڵێی من بەرساز و بەرهەمی ئەزموونێکی ژیاوم کە لە بوونی ئەوان مانای وەرگرتووە. لەوانەیە هەندێ جار وا بزانن بڕێ لەم زانیارییانە سوودێکی وایان بۆتان نییە، بەڵام کەسایەتییەکانی ناو ئەم بەشە بە شێوەی بەرهەست و نابەرهەست لە سەرتاسەری ئەم کتێبەدا بوونیان هەیە. ئەوان هەتا دواپەڕەی ئەم کتێبە لەگەڵتانن، هەر وەکوو چۆن ماوەی تەمەنێکە لەم جیهانەدا لەگەڵ من هاوسەفەرن!

بەشی یەکەم

کۆچەرانی ماڵە باوان

بەسەرهاتی گەورەساڵەکان دەیبردم بۆ قەمتەرێ[1] و لە خەیاڵمدا بەرەو مەحاڵ[2] سەفەرم دەکرد؛ ئەو شوێنەی کە زۆرێک لە باپیرانم بە ڕەچەڵەک خەڵکی ئەوێن. لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا واتە ناوەڕاستەکانی سەدەی یازدەهەمی هەتاوی لە مەحاڵ دوو برا بە ناوەکانی ڕەسووڵ و محەمەد ناسراو بە ڕەسووئاڵی و حەمەداڵی دەژیان. پاشگری «ئاڵی» کە تێکەڵی ناوەکەیان بووە پەیوەندیی بە نازناوەکەیانەوە هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ حەقایەتێکی سەرنجڕاکێشی مێژووی بیر و باوەڕی ئەم وڵاتە. لە ئێران هەتا سەدەی ڕابردووە (دەبێتە سەد و سێ ساڵ بەر لە ئێستا) ناسنامەمان نەبوو و خەڵک بە پیشە، لێهاتوویی یان پێناسەیەکی دیاریکراو دەناسرانەوە، ڕێک وەکوو ئەم دوو برا.

ئەگەر شارەزای زمان و فەرهەنگی کوردی نەبن، ڕەنگە نەزانن پاشگری ناوی ئەم دوو برا ڕەگ و ڕەیشەی لە کام بیر و باوەڕدا داکوتاوە و بۆچی خەڵکی مەحاڵ ناوی ڕەسووڵ و محەمەد بۆ «ڕەسوو» و «حەمەد» کورت دەکەنەوە و «ئاڵی» بە ناوەکەیانەوە دەلکێنن. بڕوادار بوون بە هەبوونی بوونەوەری ئەوپەڕسرووشتی لە بیر و باوەڕە باوەکانی زۆربەی فەرهەنگ و ئێتنیکەکاندا هەبووە. کورد بەم جۆرە بوونەوەرانەی وتووە «ئاڵ» یان «شەوە». وەک دەڵێن، ئەم جەنابی ئاڵە دەچووە سەر ژنی دووگیان و پاش ئەوەی پەلاماری کۆرپەکەی دەدا، ئەوی دەکوشت! بە باوەڕی خەڵک کەم کەس ئەم توانایانەیان هەبوو کە بە دەرزیی قولابی، ئەم بوونەوەرە ئەوپەڕسرووشتیانە بگرن و بەم کەسانەیان دەوت ئاڵگر (جندۆکەگر)[3].

---

١. گوندێکی سەر بە بەشی ناوەندیی شاری مەهاباد، کە کەوتۆتە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا. تەپەقەڵا لە باشووری ڕۆژهەڵاتی گوندی قەمتەرێیە و یەکێک لە شوێنەوارە نیشتمانییەکانی ئێران لە شاری مەهابادە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ٤ هەتا ٦ کۆچی مانگی و بە ژمارەی ١٨٩٥١ لە ڕیزی شوێنەوارە مێژووییەکانی ئێراندا تۆمار کراوە.

٢. ناوچەیەکە لە نێوان مەهاباد و بۆکان.

٣. «ئاڵ» یان «شەوە» دوو وشەی هاوواتای کوردی و فارسین کە بۆ ئەو بوونەوەرە ئەوپەڕزەوینییانە بەکار دەبرێ (جندۆکە)

لەو ڕۆژگارانەدا ئەگەر کەسێک بیتوانیبایە ئەم جندۆکانە بگرێ، زۆر خۆشبەخت و جێی ڕێز و سەرنجی هەمووان بوو. چونکە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە خاوەن هێزێکی سەیر بوون و خەڵکیش بۆ چارەسەری ئاریشە و کێشە ئاڵۆزەکانیان لە ڕێگەی ئەم جندۆکەگرانەوە دەستەودامێنی بوونەوەر ئەوپەڕسرووشتییەکان دەبوون[1].خەڵکی دەڤەری مەحاڵ پێیان وا بوو کە حەمەداڵی و ڕەسووئاڵی ئەم هێز و توانایەیان تێدا هەیە. لە حەقایەتە زارەکییەکاندا دەگێڕنەوە کە حەمەداڵی[2] بە دەرزی (قولاو) جندۆکەیەکی لە ماڵەکەیدا زیندانی کردبوو. لێتان نەشارینەوە سوودمەندبوون لەم توانایە کە بە گوێرەی بیر و باوەری جەماوەر، بۆماوەیی بوو، ئامرازێکی باش بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و ڕێز و پێگە، نە تەنیا لە شار یان گوندەکەی خۆیان، بەڵکوو لە ناوچەکانی دەوروبەریش بوو. ئەم کەسانە لە ناو کۆمەڵگادا ڕێزێکی زۆریان هەبوو و خەڵک بۆ کێشەکانیان دەچوونە لای ئەوان، ماڵەکانیشیان هەمیشە شوێنی هاتوچۆی کەسانی جۆراوجۆر بوو کە هەر ئەم بابەتە وای کرد کە ئەمانە لە ناو خەڵکدا پێگەیەکی چاکیان هەبێت.

جندۆکەی قوربەسەر بە پاڕانەوە و لاڵانەوە و بە بەڵێنیی ئەوەی کە ئەگەر بەڕەڵام بکەی فڵان و فیسارت بۆ دەکەم، خۆی لە دەست براگەورەکە ڕزگار دەکرد، براکان ئەویان بەڕەڵا دەکرد بەڵام جندۆکەی ڕزگاربوو لە خزمەتیاندا دەبوو و فڵان و فیساری بۆ دەکردن. ڕوون نییە ئەم ئەفسانە و گێڕانەوە زارەکییانە حەقیقەتیان هەیە یان تەنیا حەقایەتن، بەڵام بەشێکی بچووکی ئەو زانیارییانەن کە من و ئەندامانی دیکەی خێزان لەمەڕ باپیرانمان بیستوومانە.

حەمەداڵی و ڕەسووئاڵی، ناوەڕاستەکانی سەدەی یازدەهەمی هەتاوی لە گوندی خاتوون

کە لە یەکەم چرکەساتی لەدایکبوونەوە هاشاوڵی کۆرپە دەدا و ڕۆحی دەڕێنێت. لە زمانی فارسیدا بەم جندۆکە دەڵێن ئال (آل) و لە زمانی کوردیدا پێی دەڵێن شەوە. ئەگەرچی لە زمانی کوردیشدا ئاڵ دەبیسترێ، بەڵام لە کوردیدا کاتێ هاشاوڵی منداڵ دەدا و ڕۆحی دەڕێنێ ناوی شەوە دێتە ئاراوە: «کۆرپەکەی شەوە بردوویەتییەوە« « واتە ئاڵ منداڵەکەی لەبەر هەڵگرتووە. شەوە تاریکیی شەو بۆ ڕفاندنی ڕۆحی کۆرپەلە دەقۆزێتەوە و هەر لەبەر ئەوەش ناهێڵن ژووری ژنی زەیستان هەتا چەند ڕۆژ تاریک بێت. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ڕەواندنەوەی شەوە یان ئاڵ، قورئان و ئاسنەواڵە لای کۆرپە دادەنێن. چیرۆکی شەوە بە ئەگەری زۆر لە ئایینی زەردەشتییەوە وەک باوەڕێک لە ناو کوردداندا ماوەتەوە. بەڵام باوەڕداربوون بە ئاڵ و ئەو جۆرە بوونەوەرانە هەمیشە باوەڕێکی زەردەشتی نییە. بابەتی ئایینی کورد بەر لە ئیسلام بابەتێکی ئاڵۆز و دوور و درێژە و قسەکردن لە سەر ئەم پرسە لێرەدا باسێکی زۆر هەڵدەگرێ و لە هەر حاڵەتێکدا هەندێ پێیان وایە کە کۆمەڵێک لە کوردان بەر لە هاتنی ئیسلام زەردەشتی بوون. (سەبارەت بەم بابەتە کتێبی معتقدات و آداب ایرانی لە نووسینی هانری ماسە بخوێننەوە)

١. کۆمەڵگایەک کە ڕوانگەی چارەنووس‌خوازانەی هەبێ، بەر لەوەی لە ڕاستی و عەقڵانییەتدا هێز وەدەست بێنێ، لە هێزە ئەوپەڕسروشتییەکاندا تاوتوێی دەکرد و بۆ چارەسەری ئاڵنگارییەکانی بەردەمی، نەک لە سەر بنەمای هزری جەماوەری، بەڵکوو بە پێی ڕۆحی جەماوەری کە هەمان ئەو باوەڕە هاوبەشە هەڵقوڵاوانەی نەریت و ئایین بوو، پەنای دەبردە بەر بوونەوەرە ئەوپەڕسروشتییەکان.

٢. حەمەد + ئاڵی = حەمەداڵی

باغ[1] لەدایک بوون و ماوەیەکی زۆر پێکەوە ژیاون. پاشان دەچنە گوندی قەمتەرێ لە میرەدێی ئاختاچیی ڕۆژاوا کە پێی دەوترا دەڤەری مەحاڵ و بە زستانە با و بۆران و بەفرییەکەی بەناوبانگە. بە پێی دەقە مێژوییەکانی کوردستان و گێڕانەوەی زارەکیی خەڵکی ناوچەکە، لە کۆنەوە هەتا هەنووکە لە هەر دوو لای جادەی مەهاباد سێ تاقم یان تایفە دەژیان: مەحاڵییەکانی بەری ڕاست (نێوان مەهاباد و بۆکان) و عەشیرەتەکانی موکری و مەرزینگ لای چەپ و ڕۆژهەڵاتی جادە (سنووری میاندواو و مەهاباد). لە ساڵانی نە زۆر کۆن پیشەی سەرەکیی هەر سێ تایفەکە ئاژەڵداری و جووتیاری و باخەوانی بووە و هێشتاش لەم گوندانەدا سەر قاڵی ئەم ئیشانەن. بگێڕەوە زارەکییەکان بەسەرهاتی زۆر سەبارەت بە زەماوەندی نێوان ئەم دوو تایفە دەزانن.

لە کوێوە هاتووم؟

ئایا دەکرێ ئاشنا و شارەزای زانستی خەڵکناسی و مرۆڤناسی بی، بەڵام بڕوات بە وشە و چەمکی "ڕەسەن" و هەموو لقەکانی هەبێت؟ ڕەسەنایەتی ئەویش لە نیژاددا،[2] لە ڕووی زانستی ژێنێتیک و بۆماوەییەوە گاڵتە بەخۆ کردنە. مرۆڤ میلۆنەها ساڵ ڕەوتی گوورانی تێپەڕاندووە و لە کیشوەری ئەفریقای ئێستاوە بارگە و بنەی لە کۆڵ ناوە و بە هەموو جیهاندا گەڕاوە. لە ماوەی ئەم هەموو ساڵەدا تێکەڵی هەموو چەشنە گوورانێکی مرۆڤەکان بووە و بە گوێرەی تەمەنی پیری جیهان، ماوەیەک لە سووچێکدا حەساوەتەوە و ناوێکیان بە سەر نیژاد و ڕەچەڵەکیدا سەپاندووە. پاش سەدەها کۆچکردن و کۆچەری لە شوێنێکی دیاریکراودا نیشتەجێ بووە و ئەو شوێنەی بە ماڵ، گوند و شار و وڵات ناوزەد کردووە، ئاڵایەکی هەیە و پاسپۆرتێک کە بەوە دەتوانێ گەشتی ئەو وڵاتانەی بکا کە وەکوو خۆی شوناسی تایبەتیان هەیە.

دەمزانی ئەورۆکە هەندێ کەس لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی دی.ئێن.ئەیەوە (AND) دەیانهەوێ ئاراستەی کۆچکردنی باپیرانی خۆیان و ئەم حەقیقەتە بدۆزنەوە بۆ ئەوەی بتوانن وڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە کە ئایا تۆ هەمان ئەو کورد یان عەرەبە ڕەسەنەی کە جەختی لە سەر دەکەیتەوە؟ لە من وابوو کە تەنانەت ئەنجامدانی ئەم تاقیکردنەوە ڕەگەزپەرستییە، چوونکە ئەم پرسیارە سەرەکییە هێشتا وەکوو خۆی مابوو کە ئاخۆ ئەوە زمان و فەرهەنگ و شارستانییەت و هتدە کە منی کردووە بە تاکێکی کورد، یان خوێن و گۆشت و پێکهاتەی پرۆتینی ناو لەشم. بەردەوام لە خۆم دەپرسی مەگەر بەشێک لە بیر و باوەڕەکانی حیزبگەلی وەکوو نازیسم و فاشیزم لە سەر بنەمای ژێنێتیک و بۆماوەیی نەبوو. بەڵام لە کاتی نووسینی

---

١. گوندی خاتوون‌باغ لە میرەدێی ئاختاچیی ڕۆژاوایی و لە بیست کیلۆمەتری شاری مەهاباد لە ئازەربایجانی ڕۆژاوایە و بەڕەچنین لەم دەڤەرەدا باوە.

٢. ڕەگەز

ئـەم ژیاننامـەدا زۆر لەگـەڵ خـۆم جوابەجەنگێـم کـرد و لـە کۆتاییـدا بـۆ تاقیکردنـەوەی هێڵـی گوورانـی مێـژووی زارەکیـی خێـڵ و ڕەچەڵەکـم کە گەورەتـرەکان لەم بـارەوە بۆیان بـاس کردووم، ئـەم تاقیکردنـەوەم ئەنجـام دا. ئـەوەی کـە لـە چوارچێـوەی تاقیگـە، ئەمـە تـا چەنـدە دروسـتە و چەنـدە ئەم ئوسـتوورە و کۆچکـردن و چیرۆکـە ورووژێنەرانە و تێکەڵبوون لەگـەڵ خەڵکانی دیکە، مـن ڕاکێشـی کوێـی ئـەم گەردوونـە دەکا، لـە خۆیـدا جێی سـەرنجە.



● وێنەی ١- ئەنجامی ئەزموون DNA، ڕێگەی ڕۆشتنی باپیرانی باوکی و دایکیم



● وێنەی ٢- کۆچکردنی پەیتاپەیتا و هاتوچۆی باپیرانی من لە ماوەی چەندین سەدەی ڕابردوو لە هەندێ ناوچەی کوردستانی باکوورەوە بەرەو هەر دوو کوردستانی باشوور و کوردستانی ڕۆژهەڵات

ڕاگەیاندنی ئەنجامەکە، لە دوو ڕووەوە سەرسام مام، یەکەم ئەوەی کە چیرۆکی زۆرێک لە کۆچ و شوێنەکانی ژیانی باپیرانم لە ناوچەی مێزۆپۆتامیا و کوردستانی ئەوڕۆیی لە مێژووی هاوچەرخدا ڕاستە و ڕابردووی لەمێژینەی ئاخافتنمانی بە زمانی کوردی لە بناری زنجیرە چیاکانی زاگرۆس پشتڕاست دەکردەوە. ڕوانگەکەی دیکە ئەوەی کە ئەنجامی تاقیکردنەوەکە ئاراستەی کۆچکردنی مرۆڤی لە چەند ملیۆن ساڵ لەمەوبەر لە کیشوەری ئەفریقاوە بۆ کیشوەری ئەوڕووپا پیشان دەدا. لە درێژەی ڕێگەی ڕزگاربوونی مرۆڤ لە سەردەمی سەهۆڵبەندان، بە تێپەڕین لە ناوەندی ئەوڕووپای ئەوڕۆیی و هاتنە ناو کیشوەری ئاسیا و لە کۆتاییدا نیشتەجێبوون لە پارێزگای "مەلەدی"یە لە باکووری کوردستان و ژیانکردن لە دەوروبەری زاگرۆس دیار بوو و ئینجا بەرەو کوردستانی ڕۆژهەڵات و تەنانەت دەگاتە هەندێ ناوچە لە ناوەند و باکووری ئێران. باپیرانی من دوای چەندین قۆناغی دوور و درێژی کۆچکردن و گەرمێن و کوێستانکردن لە چەند سەدەی بەر لە ئێستا دواجار لە ناوچەی مەحاڵ و ئینجا موکریان یەکجێنشین بوون.

ئەم تاقیکردنەوە، جیا لە پیشاندانی ڕێگاکانی تێپەڕینی باپیرانم، پەیوەندیی کەسانی دیکەی خزمانی دایکی و باوکیشم بۆ دەرخست و دەرچەیەکی نوێی بەرەو ڕووی پەیوەندیی

خزمایەتیی نوێ کردەوە کە هەندێکیان لە سەر بنەمای هاوبەشیی دی.ئێن.ئەیەوە (DNA)، وەک خزمی خوێنی بۆ من لە قەڵەم دەدرێن، سەیر لەوەدایە هەر کورد نین و لە ناویاندا عەرەب، قەوقاز، گورجی و نیژادە ئەورووپی و ئاسیاییەکانیشی تێدایە.

بێینەوە سەر باسەکەمان. شوێنی ژیانکردنی مەحاڵییەکان پڕحەشیمەت بووە و هەندێکیان چەندین جار شوێنی ژیانی خۆیان گۆڕیوە. حەمەداڵی و ڕەسووئاڵیش وەکوو زۆرێک لە خەڵکی ئەم دەڤەرە، چەندین جار لە لادێیەکەوە بەرەو لادێیەکی دیکە کۆچیان کردووە. لەو سەردەمەدا ئاغاکان دەسەڵاتێکی زۆریان بووە و دەیانتوانی بە هەر پەڵپ و بیانوویەکی وەکوو باش کارنەکردن یان لاساری، ڕایەت لە گوند دەربکەن.

پێدەچێ حەمەداڵی و ڕەسووئاڵی لە بارودۆخی هەژموونیی سیستەمی ئاغا – ڕایەتیدا بوونەتە هەڕەشەیەک بۆ سەر دەسەڵاتی ئاغاکانی دێ و جار نە جارێک ناچار بە کۆچکردن دەبوون.

باپیرانم دوای خاتوونباغ چوونەتە دەرمان و لەوێشەوە بەرەو حاجی ئالی کەندی[1] کۆچیان کردووە. مانەوەیان لەم گوندانەدا زۆری نەخایاندووە هەتا ئەوەی کە پاش ئەو هەموو کۆچکردنە پەیتا پەیتایە، ئیتر بۆ هەمیشە لە دێی قەمتەرێ گیرساونەتەوە.

بە گوێرەی بیستراو و خوێندنەوەکانم، لە حەمەداڵی و ڕەسووئاڵی دوو خێزان کەوتوونەتەوە. حەمەداڵی چوار کوڕی بە ناوەکانی مستەفا، ڕەحمان، ڕەحیم و مام حەمەدەمین بووە کە مستەفا گەورەکەیانە و باوکی عەلی باپیرم بووە. خەلیل، مەحموود، کەریم و ئەحمەد و ڕابی[2] منداڵەکانی تری مستەفا حەمەداڵین. ئەحمەد هەر لە تافی منداڵی و کەریم لە هەڕەتی گەنجێتی دەمرن و دوای چەند ساڵ باوکم و مامم بە ناوی ئەوانەوە ناو دەنرێن. کەریم کچێکی بە ناوی زارا لێ بە جێ دەمێنێ کە پێیان دەوت دادە زارا و مامی بەخێوی کردووە. پاش مەرگی مستەفا خەلیلی کوڕە گەورەی دادە زارا و محەمەدی کوڕی دێنێتە لای خۆی. مام حەمەدەمین ڕۆڵەی لێ نەکەوتەوە. منداڵەکانی ڕەحمان ئێستا شۆڕەتیان[3] جیاوازە و شۆڕەتیان ڕەحمانییە، بە سەرکردایەتیی کوڕە گەورەکەی واتە کاکە ڕەسوو پاش نیشتەجێبوون لە دەڤەرەکانی شامات[4]ی مەهاباد، چوونەتە گوندی ماسوێ[5] کە یەکێک لە دێهاتەکانی

---

١. گوندێکە کە دەکەوێتە شاری مەهاباد.

٢. ڕابێعا

٣. پاشناو، ناوی بنەماڵەیی. لە ئێران بە پاشناو دەڵێن شۆڕەت.

٤. شامات لە ناوچە مێژووییەکانی دەوروبەری مەهابادە.

٥. ماسوێ لە دەڤەرە ناوەندییەکانی شاری نەغەدە لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوایە. سااڵانە حەشیمەتی هەوارچیی ئەم گوندە لە کۆتاییەکانی مانگی جۆزەردان (ئایار) بەرەو کوێستان کۆچ دەکەن و هەتا سەرەتاکانی مانگی خەرمانان (مانگی ئاب) لە کوێستان دەمێننەوە.

نەغەدەیە و هەتا هەنووکەش لەو شارە دەژین.

زۆربەی نەوەکانی تایفەی ڕەسووئاڵی بە شۆرەتگەلی وەکوو خزری، قادری ئەقدەم و سوڵتانی نیشتەجێی گوندی باپیری دایکیم، واتە "گرداشەوان"ـن و هەندێکی تریشیان لە دێهاتەکانی دیکەی ئەو دەڤەرە واتە شاوەلە و وەزنێ لە نزیک شاری نەغەدە بڵاو بوونەتەوە. لقە لاوەکییەکانی دیکەی تایفەی ئاڵییەکان کە گەورەکەیان ناوی حەسەنە[1]، ئامۆزای ئاڵییەکانن. پاش ساڵانێکی زۆر یەکێک لە کوڕەکانی کە جووتیارێکی تەڕدەست و لێهاتوو بوو بە یەکجار ئاودێریکردنی زەوییەکەی گەنمێکی زۆری بەرهەم هێنا و بە "یەکاو" ناسرا.[2]

بە پێچەوانەی نەوەکانی تری ئاڵییەکان، لقێک لە کوڕانی ڕەسووئاڵی (حەسەن، برایم و ناسر) کۆچیان بۆ ناوچەکانی دیکە نەکرد و پاش خاتوون باغ، چوونە گوندی بەناوبانگی سەهۆڵان[3]. پاشان چوونە ئاچیدەرە و کانیڕەش و لە دەڤەری مەحاڵ نیشتەجێ بوون. ئێستا نەوە گەنجترەکانیان بەرەو هەر دوو شاری مەهاباد و بۆکان کۆچیان کردووە و لە ماوەی چەندین ساڵدا لە ڕێگەی هاوسەرگیریی لەگەڵ خزمان، پەیوەندیی خزمایەتیی نێوان ئەم دوو لقە پارێزراوە.

---

١. حەسەن لە بێنە و بەردەی داگیرکردنی ئێراندا، بۆ پاراستنی گەنمەکەی پەلاماری سەربازانی ڕووسی دا، یەکیانی کوشت و خۆشی بە دەستی یەکیان کوژرا.

٢. یەکاو لێکدراوی هەر دوو وشەی یەک + ئاوە، واتە یەک ئاو. یەکاوەکان کە دواتر بە سییەکبڕ ناویان دەرکرد لەگەڵ کوێخا خەلیلی گەورەی تایفە چوونە ناوچەی سندووس. هەندێکیشیان چوونەتە لاجان و ساڵەهای ساڵە بە هاوسەرگیریی پەیتا پەیتا خزمایەتییەکەیان توندوتۆڵتر کردۆتەوە. زیاتریان لە شاری نەغەدە و دێهاتەکانی لەوانەش وێنسلوو، دیلان چەرخ، حەسەن نووران، حەڵبێ، کۆییک و سەروکانی (گوندێکە لە نزیک پەسوێ) ژیان بەسەر دەبەن.

٣. ئەم ناوچە ئەشکەوتێکی ئاوی بەناوبانگ و مێژوویی هەر بەم ناوە هەیە. ئەشکەوتی سەهۆڵان لە گوندی سەهۆڵان لە ٤٢ کیلۆمەتریی باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری مەهاباد. لای خەڵکی ناوچەکە بە کونەکۆتریش ناسراوە. هۆکاری ئەم ناولێنانەش لەبەر ڕێژەی زۆری هێلانەی کۆتری ناو ئەشکەوتەکەیە. ئەم ئەشکەوتە لە لیستی شوێنەوارە سرووشتییە نیشتمانییەکانی ئێراندا تۆمار کراوە.

بنەچەنامەی دایکی



بنەچەنامەی باوکی

● وێنەی ٣- ناوچەی موکریان

دەستپێک و کۆتایی کۆچەکانی کوێخا[1]

بە پێی ڕێکەوتی تۆمارکراوی ناسنامە، خەلیل لە ساڵی ٢٧٢١ی هەتاوی (١٨٩٣ز) لەدایک بووە، بەڵام لەوە دەچێ لەدایکبووی ١٢٨٠ی هەتاوی (١٠٩١ز) بێت. ناوبراو کوڕی گەورەی مستەفا بوو کە چارەنووسی زۆرێک لە ئەندامانی تایفەی ئاڵییەکان - بەتایبەت لقی حەمەداڵی و خانەوادەی خۆی کە دواتر شۆرەتی ئەحمەدییان هەڵبژارد - گۆڕی. بە گوێرەی گێڕانەوەی کەسانی دەوروبەر، خەلیل پیاوێکی پڕهەیمەنە، باوکسالار، بووێر و بیرتیژ و کاسب بوو.

● وێنەی ٤- ناسنامەی کوێخا خەلیل

١. ڕەدووکەوتن واتە ڕاکردنی کچێک لەگەڵ ئەو کوڕەی وا خۆشی دەوێ و بۆ کوڕیش «هەڵگرتن» واتە ڕاکردن لەگەڵ ئەو کچەی وا خۆشی دەوێت. کە لە هەر دوو حاڵەتدا پیاو بکەرە و واتایەکی ڕەگەزێتی هەیە. ئەم نەریتە بە ناو و تایبەتمەندیی جۆراوجۆرەوە لە ناو تورک و نەتەوەکانی دیکەشدا بوونی هەیە.

ناوبـراو لـە گونـدی قەمتـەرێ دەچێتـە خوازبێنـی و کاتێـک ماڵـی باوکـی کچـە ڕازی نابـن و کچـەی پـێ نـادەن، ئەویـش کچەکـە هەڵدەگـرێ[1] و پـاش مەسـڵەتێک کـە لـە کۆمەڵـگای ئەوسـادا بـاو بـووە[2] هاوسـەرگیری لەگەڵـدا دەکات.

لـە بەسـەرهاتی ئێمەشـدا خەلیل ئەو کچەی وا خۆشـی دەویسـت هەڵیدەگـرێ و دواتر ڕابی لـە بەریەتـی دەدەن بەو ماڵەی کـە کچەکەیان لەگەڵ خەلیل ڕەدوو کەوتبـوو.[3] خەلیل کە دواتر بـە کوێخـا خەلیل ناوی دەرکرد بەم شـێوە بە خۆشەویسـتەکەی گەیشـت. شـێوازێک کـە زۆرێک لـە لاوانـی کـورد لـەو ڕێـگاوە بـە نازدارەکانیان گەیـشتن بەڵام لـە بەرامبـەردا ئـارەزووی زۆرێک لە

---

١. ڕەدووکەوتـن واتـە ڕاکردنـی کچێـک لەگـەڵ ئەو کوڕەی وا خۆشـی دەوێ و بۆ کوڕیش «هەڵگرتن» واتـە ڕاکردن لەگەڵ ئەو کچـەی وا خۆشـی دەوێـت. کـە لە هـەر دوو حاڵەتدا پیاو بکەرە و واتایەکـی ڕەگەزێتی هەیە. ئەم نەریتە بە نـاو و تایبەتمەندیی جۆراوجـۆرەوە لـە ناو تورک و نەتەوەکانی دیکەشـدا بوونی هەیە.

٢. لـە ناوچـەی موکریـان هاوسـەرگیری لـە جـۆری ڕفانـدن (هەڵگرتـن و ڕەدووکەوتـن) تـا ڕادەیەک بـاو بووە و هێشـتاش جار جـار ڕوو دەدا بـا بـەر لـە درێژەدان بەم بەسـەرهاتە سـەبارەت بە جۆرەکانی هاوسـەرگیری لە نـاو کوردان بدوێم. هاوسـەرگیری ناوەندێکـە و لـە کۆمەڵـگای کوردیـدا چەندەهـا جـۆری جیـاوازی هەیـە. جیا لە هاوسـەرگیریی ڕفانـدن یان هەڵگیرانـی کوڕ و کـچ لەگـەڵ یـەکتر، هاوسـەرگیری ژنبەژنـە یەکێکـی دیکـە لـە جۆرەکانـی هاوسـەرگیری بـوو کـە خوشـک و برایـەک لەگەڵ خوشـک و برایەکی دیکە هاوسـەرگیرییان دەکرد. هاوسـەرگیریی سـەر لانکە جۆرێکی دیکەی هاوسـەرگیرییە کە بنەماڵەکان لـە کاتـی لەدایکبوونـی منداڵەکانیـان، ئەوانیـان بـۆ یـەکتر نیشـانە دەکـرد. هاوسـەرگیریی بەرخۆیـن کـە لـە درێـژەدا باسـی دەکەیـن. کاتێـک کـچ و کوڕێـک دڵیـان بـە یەکـەوە دەبـێ و خانـەوادەی کچـە نایـدەن بـە کـوڕە، هەنـدێ جـار کـوڕە کچەی هەڵدەگـرت. ئـەم هەڵگرتنـە لـە ڕاسـتیدا نواندنی دەسـەڵات و پیاوەتیـی کوڕێکە کە دەیهـەوێ باڵقبوون و گەورەسـاڵیی خۆی بسـەلمێنێ و کاتێـک ڕوو دەدا کـە کەسـەکە بێجگـە لە ڕاکردن لە یاسـا باڵادەسـتەکانی کۆمەڵـگا ناتوانێ بە هیچ شـێوازێکی دیکـە ئامانجـی خـۆی بپێکێـت. کچـە بـە پاڵپشـتیی کـوڕە بڕیـار دەدا بـە دزییـەوە لـە ماڵـی باوکـی ڕا بـکا بـۆ ئـەوەی دواتر لە کاتـی مەسـڵەتکردنی بنەماڵەکانـدا هاوسـەرگیری بکـەن. کۆمەڵگا نەریتخوازەکان بۆ چارەسـەری ئەم کێشـە کـە دەرەنجامی هەڵگیرانـە، ڕێگەچارەیەکیـان دۆزیوەتەوە کە هەڵبەت قوربانیی زۆریشـی لێ کەوتۆتەوە؛ بۆ ئاشـتکردنەوە و سـازان، کچێکیان لـە ماڵـی باوکـی ئـەو کـوڕەی وا ژنـی هەڵگرتـووە دەدا بـە کوڕی ئـەو ماڵـەی وا کچەکەیـان ڕەدوو کەوتـووە بۆ ئەوەی بەم شـێوە داوێنیـان پـاک بکەنـەوە. لـە ڕاسـتیدا کۆمەڵگا شـێوازی ئاڵوگۆڕکردنی وەک ڕێکارێک بۆ سـڕینەوەی ئەو کارلێکـە ناڕەزایەتـی و هەسـتانە بـە کار دەبـرد کـە دەرەنجـام ئـەم دیـاردە کۆمەڵایەتییە بـوو. زاراوەی بەرخۆینیـان بۆ ئەم دیـاردە بەکار هێنـاوە کە بە واتای «خوێنبایی»ـــە.

لـە گۆشـەنیگایەکی دیکەشـەوە دەتوانیـن ئەم جۆرە هاوسـەرگیرییانە لـە لایەن کچانەوە بـە خەباتێکی ڕەگەزێتیتـەوەر و ژنانە دژ بـە هەیمەنـەی خانـەوادە و کۆمەڵـگا لێـک بدەینـەوە کـە هەڵبـەت ڕووبـەڕووی کاردانـەوەی توندوتیـژ بوونەتـەوە. هەروەهـا دەتوانیـن ئـەم هاوسـەرگیرییانە بـە جۆرێـک لـە بەرەنگاربوونەوەی دژ بە هاوسـەرگیرییە باوەکانی ئەوسـا لە قەڵـەم بدەین. ئەو هاوسـەرگیرییانەی کـە هەمیشـە لـە لایـەن کچ وکوڕەوە بڕیـاری بۆ نـەدەدرا و لە هەڵبژاردنی هاوبەشـی ژیانیان دەسـەڵاتێکی ئەوتۆیـان نەبـوو. ڕەنگـە بـە هـۆی پێکهاتـەی پیاوتـەوەری زاڵ بـە سـەر کۆمەڵـگا نەریتییەکانـدا، ژن وەک نامـووس و ملـک و مـاڵ لێـی دەڕوانـرا و ڕەدووکەوتنـی کـچ لەگـەڵ دۆسـتەکەی هەنـدێ گـرژی و ئاڵـۆزی لـە نـاو بنەماڵەکەیـدا دروسـت دەکـرد کـە لـە هەنـدێ حاڵەتیشـدا هـۆکاری تێکهەڵچوونـی بەردەوامـی هـۆز و عەشـیرەتەکانی لـێ دەکەوتـەوە. کچانـی ماڵـی کوڕە ژن هەڵگرتووەکـە بـە ملـدان بـە هاوسـەرگیریی زۆرەملێ پێشـی خوێنڕشـتنێکیان دەگرت کە لـە ناو تووڕەیـی کۆمەڵگادا خۆی حەشاردابوو.

. لـەم چەشـنە هاوسـەرگیرییانەدا یەکێـک لـە جوانتریـن و عازەبتریـن کچـی بنەماڵـەی کوڕەیـان بـۆ کوڕێـک لـە تایفەی کچە هەڵگیراوەکـە دەسـتنیشـان دەکـرد کـە وێدەچـێ لـە حاڵەتی ئاسـایی و بـە گوێرەی پێـوەرە نەریتییەکانی ئەوسـا بـۆ زاوایەتی، کـەمتر لـە چاوەڕوانییەکانـی کۆمەڵـگای نەریتی بوو.

کچـان و کوڕانـی دیکـە لە نـاو چوو.

خوشـک و براکانـی خەلیلیـش لـە قەمتـەرێ و گوندەکانـی دەوروبـەری لەدایـک بـوون و لـە هەڕەتـی منداڵیـدا پـاش نیشـتەجێبوونێکی کەمخایـەن لـە دەڤـەری سـندووس چوونـە لاجـان. دەڤەرێـک کـە دەکەوێتـە ڕێگای مەهاباد و خانێ[1] و لە بەری باکـوورەوە دەڕوانێتە نەغەدە. چونکە خەڵکـی دەڤـەری مەحاڵـی مەهابـاد و بـۆکان بـوون، پێیان دەوتـرا مەحاڵـی. سـەیر لەوەدایە کە نـەک هـەر عەلـی، باپیـری باوکیـم، بەڵکوو مینـە قازیـش، باپیری دایکیـم، خەڵکی هـەر هەمان ناوچە بوون و ئەوانیان بە زاراوەی خۆشـی مەحاڵی دەناسـی. ئەم زاراوە لەگەڵ زاراوەی ناوچەییە کوردییەکانـی دەڤـەری لاجـان کەمێک فەرقـی هەیە.

کوێخـا خەلیـل پاش لاکەوتەیی و پیربوونی مسـتەفای باوکی دەبێتە کوێخا. لەو سـەردەمەدا کوێخـا دوای ئاغـا دەسـەڵاتداری دووهەمـی گونـد بـووە و فەرمانەکانی ئاغای جێبەجـێ کردووە. کوێخـا وەک نوێنـەری ئاغـا ئەرکی جۆراوجـۆری هەبوو: هەندێ جـار ئەو گوندانـەی بەڕێوە دەبرد وا ئاغـا خـۆی نەیدەتوانـی تێیانـدا نیشـتەجێ بـێ، کێشـە و ئاریشـەی لادێییەکانـی یەکلایـی دەکـردەوە. هەنـدێ جـار چاودێریکردنی پیاوانی ئاغا کە نۆکەریان پێ دەوترا، لە ئەسـتۆی کوێخا بـوو، و لـە کۆکردنـەوەی دەغـڵ و دان و پشـکی گەنمـی ئاغا _ کە زیاتر دوو دە (بیسـت لە سـەد) بـوو_ ڕۆڵێکـی گرینگی هەبـوو. ڕاپەڕاندنی فەرمانەکانی ئاغا زۆر جار گوندنشـینانی دەشـەمزاند.

نەوەکانـی حەمەداڵـی بەخـۆ بـوون و خەلیلیـش جەسـتەیەکی بەهێـز و خورتـی هەبـوو. هەمیشـە سـواری ئەسـپی کـوردی دەبـوو. هەمیشـە پەسـەکی[2] لەبـەر دەکـرد و خنجێرێـک لەبـەر پشـتوێنەکەی[3] و بڕنەوێکیـش بـە دەسـتیەوە بـوو، سـەرباری ئـەوەی پێگـەی کۆمەڵایەتیی حەمەداڵـی و ڕەسـووئاڵی و مسـتەفای باوکیـان لە بوونـە کوێخایەتییاندا کاریگـەری هەبوو، بەڵام بۆخۆشـی کوێخایەتـی لێ دەهات و شـیاوی بوو. کەچـی دەوڵەتەکەی هێنـدەی نەخایاند و هەر زوو لەگـەل ئاغاکانـی ناوچەکـە تووشـی ناکۆکـی هاتـن.

ئاغـاکان خێزانە پڕحەشـیمەتەکانیان بە مەترسـییەکی پەنگـراو دەزانی و هەمیشـە نیگەرانی ئـەوە بـوون کـە ئـەم خێزانانـە تاقمێکی بەهێز و تۆکمـە پێک بهێنن و لـە دژی ئاغا بووەسـتنەوە[4]، کەواتـە بـە هۆکار و پەڵپ و بیانووگەلێک ئەمانەیان لێک هەڵدەبڕی. ئەگەر گەورەی خانەدانێک، کەسـایەتییەکی کاریزماتیـک و خـاوەن هەیمەنـە و جوانچـاک بایە و جێی سـەرنجی خەڵکی ناو دێ بایـە، مەترسـیی بـۆ سـەر ئاغـا دوو هێنـدە زیـاد دەکـرد. خۆشەویسـتیی خەڵـک بـۆ کوێخـا

---

١. پێشتر بە پیرانشاریان دەوت خانێ، ئێستاش خەڵکەکەی شارەکەیان هەر بە خانێ ناوی دەبەن.

٢. پەسـتەک، پەسـەک و لـە ناوچـەی هەورامـان پێـی دەڵێن فەرەنجی، کە هەم لـە نەوو (نەوگ یان نەمـەد) و هەم لە خوریی مەڕ دروسـت دەکرێت.

٣. ناوچەی موکریان بە پشتوێن دەڵێن پشتێندی.

٤. وەک پێشتریش ئاماژەم پێ دا لەم ناوچانەدا گرینگیی کوڕ زەقتر دەبێتەوە.

دڵەڕاوکێـی خسـتە نـاو دڵـی ئاغاکانـەوە و کاتێـک کـە ناکۆکـی کەوتە نێـوان خەلیـل و ئاغاکان، بڕیاریـان دا ئـەو و تایفەکـەی دەر بکـەن. ڕاسـپاردەیەکی نارده لای خەلیل و پێـی ڕاگەیاند کە بۆ دەرچـوون لـەم گونـدە تەنیا چەند ڕۆژ دەرفەتی هەیە. نەوەکانی دیکەی ڕەسـووئاڵی و حەمەداڵی سـەرەڕای ئـەوەی لـەو گەورەتر بـوون گوێڕایەڵییان کرد و چـاوەڕێ بوون کە بزانن ئـەو چ بڕیارێک دەدا. خەلیـل کـە دەیزانی ئەگەر کەسـە گەنـج و جەوانترەکانی خێزانەکەی لـە لادێدا بمێننەوە، لـە لایـەن ئاغـاوە زیانیان پێ دەگا، زۆربەی خزم و خوێشـانی لە گوندەکانـی دەوروبەر کۆ کردەوە و ئـاژەڵ و کەرەسـە و شـمەکیان هەڵگـرت و ملـی ڕێگایان بەرەو شـامات و شـاروێران[1] لە ناوچەی مەحاڵ گرتە بەر و هاتنە ئەم بەری موکریان.[2]

کوێخـا دەوروبەری سـاڵی ١٢٩٨ی هەتـاوی (١٩١٩ ز) بەرەو مەهاباد[3] کە شـار یان میرەدێ بـوو، وەڕێ کـەوت و بـە نیـاز بـوو پەنـا ببـاتـە بـەر حاکـم. بـەڵام نەیدەزانـی ئاغـاکان یـان ئاغـای پێشـوو لـە نامەیەکـدا بـۆ قازیولقوزاتـی شـار نووسـیویانە کـە ئـەو و تایفەکـەی بە هۆی لاسـاری و سەرکەشـییەوە وەرنەگرن.

خەلیـل پەنـای بـۆ حاکمانـی شـار و قـازی عەلـی[4] بـرد و داوای نیشـتەجێبوون لـە شـار یـان یەکێـک لـە گوندەکانـی دەوروبەر کرد و تەنانەت چەنـد ڕۆژێکیش لە دەوروبـەری مەهاباد مایەوە بـۆ ئـەوەی ڕازی بـن، بـەڵام هیچـی بـۆ نەچـووە سـەر. دەوتـرێ قـازی زۆری هـەوڵ داوە کـە ئـەم تایفـە گـەورە لـە مەهاباد ڕابگرێـت. چونکە ئەم حەشـیمەتە تازەهاتووەی پێ گەنـج و کارزان بووە و دەیانتوانـی بـۆ دەسـەڵاتداران و خەڵکـی ناوچەکە، قازانجـی ئابووری و تەنانەت سەربازیشـیان هەبێـت. بەڵام گەورەکانی تری شـار لە ترسـی ئـەوەی کە نەکا دوژمنایەتیی ئـەو ئاغایانە ببزوێنن کـە نامەیـان بـۆ نووسـیون، کوێخایـان وەرنەگـرت و نەیانهێشـت لە مەهابـاد بگیرسـێتەوە. کوێخا

---

١. شـامات و شـاروێران (شـاری وێـران) لـە ناوچـە دیرۆکییەکانـی دەوروبـەری مەهابـادە. لـە ناوچەی شـار وێران کـە بە هۆی بوونـی ڕووبـارەوە لـە کۆنـەوە شـوێنی مانـەوەی بوونـەوەر و ئـاژەڵان بـووە و لەگـەڵ گونـدی مێژوویـی لەج لـە بـەری ڕۆژهەڵاتی ڕۆخی ڕووبار دەکەوێتە مەودای بیسـت و یەک کیلۆمەتریی شـاری مەهاباد، بینای گەرماوی کۆنی سـەردەمی سـەفەوییەکان کـە بـە نـاوی ئـەو گونـدەوە پێـی دەوتـرێ گەرمـاوی لـەج. بناغـە و ژێرخانـی ئـەم گەرمـاوە بـە بـەردی ناوچەکـە چـێ کـراوە و بەشـەکەی دیکـەی بیناکە لە خشـتی چوارگۆشـەی سـوورە.

٢. موکریـان ناوچەیەکـی مێژوویـی و بەرفراوانـە کـە شـاری مەهابـاد ناوەندەکەیەتـی و ناوبانگی بە هـۆی خانەدانی موکرییە. تایفەیـەک کـە لـە سـەدەکانی نۆیـەم هەتا سـێزدەهەمی کۆچی لـەم ناوچـەدا دەسـەڵاتدارییان کـردووە. موکریانی گـەورە کە کەوتۆتـە باشـووری دەریاچـەی ورمـێ ئێسـتا ئـەم شـارانە لـە خـۆ دەگـرێ: سەردەشـت، نەغـەدە، سـایەنقەڵا، تکاو، میانـدواو، شـنۆ، بـۆکان، پیرانشـار و مەهاباد.

٣. شـاری مەهابـاد ناوەنـدی شارسـتانی مەهابـادە کـە هەتـا بـەر لە سـەردەمی پاڵـەوی، پێـی دەوترا سـاوجبڵاغ (بـە زاراوەی مەهابـادی سـابڵاغ) کـە لە سـەردەمی دسـەڵاتداریی ڕەزا شـا بۆ ناوە ڕەسـەن و کۆنەکەی خۆی گـەڕێنراوە و ناوی نـرا مەهاباد.

٤. باوکـی قـازی محەمـەد (دامەزرێنـەر و ڕێبـەری حیزبی دیموکراتی کوردسـتانی ئێـران و دامەزرێنەری کۆماری کوردسـتان لـە مەهاباد)

خەلیل کە بینی لە هەموو جێیەک ڕاو نراوە لەگەڵ تایفە و خێڵەکەی بەرەو سندووسی نزیک لە نەغەدە وەڕێ کەوت.

هەر چەندە کوێخا خەلیل لە لایەن خانەوادەی قازی و دەسەڵاتدارانی مەهابادەوە وەرنەگیرا و پێشوازییەکی ئەوتۆی لێ نەکرا، بەڵام دوای چەند دەیە، لە هەڵمەتی ڕاکێشانی هێزی پێشمەرگە بۆ پشتیوانی لە کۆماری کوردستان بە سەرکردایەتیی قازی محەمەد چالاکی نواند و کارێکی وای کرد کە کەسانی ناوچەکە و ئەندامانی تایفەکەی بچنە ناو ڕیزەکانی حیزبەوە. هەروەها ئەو و هەندێ لە پیاوانی تایفە سوێندی وەفادارییان بۆ کۆماری کوردستان یان هەمان کۆماری مەهاباد خوارد و هەتا دواساتی ئەم حکوومەتە، چەک بە دەست لە سەر سوێند و بەڵێنەکەیان سوور بوون. زۆر کەس ئەو و پیاوانی دیکەی خانەوادەی ئەحمەدییان، بە باپیری منیشەوە، بە "قەوڵسووری" دیموکراتیان ناو دەبرد. ئەوان تەنانەت بۆ ڕێوڕەسمی دروستبوونی حکوومەتی کوردستان و نمایشی سەربازیی بەناوبانگی مەیدانی ناسراوی چوارچرا چوونە مەهاباد و لە بەرەکانی جەنگی بۆکان و سەقز لە دژی سوپای شا شەڕیان کرد.

کوێخا خەلیل و ئەندامانی دیکەی خێزانەکەی بۆ ماوەیەکی کورت لە گوندی بارانی کورد[1] لە نزیک گردی مێژوویی و بەناوبانگی حەسەنلوو[2] نیشتەجێ بوون و پاشان چوونەتە گوندی وەزنێ کە لەو نزیکانە بووە. بەڵام لەوێش نەماونەتەوە و دیسان بارگە و بنەیان پێچاوەتەوە و پاش ماوەیەک گەیشتوونەتە دەڤەری گەورەی لاجان[3].ئەم ناوچە لە ژێر ڕکێفی ئاغای بەناوبانگی ناوچەی بەرفراوانی لاجان واتە قەرەنی ئاغا[4]ی پەسوێ[5] بوو.

---

١. بارانی کورد گوندێکی سەر بە شارەدێی محەمەدیاری نەغەدە لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوایە.

٢. گردی حەسەنلوو دەکەوێتە حەوت کیلۆمەتریی شاری نەغەدە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ حەوت هەزار ساڵ بەر لە ئێستا. بەناوبانگترین شوێنەواری مێژوویی لەم گردە دیرۆکییە جامی زێڕی حەسەنلووە کە هی چاخی ئاسنە و ئێستا لە مۆزەخانەی ئێرانی باستان لە تاران ڕاگیراوە. لێکۆڵینەوەکانی ئەم ناوچە لە ساڵی ١٣١٣ هەتاوی لە لایەن بازرگانێکی ژێرخاکییەوە دەستی پێکرد. پاش ئەوە دوای ٢٢ هەڵکۆڵین، لە ساڵەکانی ١٣٣٥ هەتا ١٣٥٧ هەتاوی لە لایەن لێژنەی زانکۆی پەنسیلڤانیا هەندێ بەشی باشووری ڕۆژاوایی گردەکە خۆڵەکەی هەڵدراوە و قەڵا و پتەوییەکانی بینرا و نەخشەکەی کێشراوە.

٣. دەشتی لاجان کەوتۆتە نێوان هەر دوو شاری نەغەدە و پیرانشار و جادەی پیرانشار بۆ مەهاباد بەوێدا تێدەپەڕێت.

٤. قەرەنی ئاغا لە ئاغایانی گەورە و لە هەندێ قۆناغدا یەکێک لە کارگێڕانی حکوومەت بوو کە ساڵی ١٣٢٥ هەتاوی لە پەسوێ کۆچی دوایی کرد. ناوبراو لە دەستپێکی دامەزرانی کۆماری کوردستان پشتیوانی لە قازی محەمەد و حکوومەتەکەی کرد. هەندێ لە عەشیرەتەکانی مەنگوور، مامەش و دێبوکری لەگەڵ قازی محەمەد ناکۆکیان هەبوو، بەڵام لە کۆتاییدا پشتیوانیان لە حکوومەتەکەی کرد. قازی محەمەد پاش مەرگی قەرەنی ئاغا لەگەڵ شاندێکی باڵای حکوومەتی کوردستان لە مەراسیمی ناشتنەکەیدا بەشدارییان نواند.

٥. گوندی پەسوێ لە نزیک سەربازخانەیەکی گەورە و ناوەندیی مەشقی سەربازییە و گردێکی مێژوویی و پارێزراوی هەیە. لە بنەڕەتەوە پەسوێ ناوەندی ئیدارەی دەڤەری لاجان و ناوەندی ڕابەرایەتیی خێڵی مامەش بوو.

خانـەوادەی پڕحەشـیمەتی خەلیـل، لـە مـەودای ئـەم هەمـوو نیشـتەجێبوون و کۆچکردنەدا هەوراز و نشێوێکی فرەیان بینیوە هەتا ئەوەی کە گیرساونەتەوە و یەکجێنشین بوون و گەیشتوون بـە ئارامـی و ئۆقرەیـی. ئـەوان بـە هـۆی ترسـی ئـەو ئاغایانـەی کـە لـە سـەرپێچی و پێکهێنانـی دەسـەڵاتی ناوەندیـی بنەماڵـە دەسترۆیشـتووەکان دەترسـان، باجێکـی قورسـیان داوە. لـەوە دەچێ لە حەشـیمەتی بنەماڵەی خەلیل ترسـابێتن، بەڵام کەسـایەتیی کاریزماتیکی خەلیلیش زیاتـر ئەم ترسـەی دەتەنییەوە. لە میانەی نیشـتەجێبوون لە دەڤـەری لاجان، کۆمەڵێکی دیکەی خزمـان پاڵیـان دا بـە کوێخـاوە. ئـەوان لـە جـادەی کوێسـتانیی مەیدان (کە لـە نێـوان مەهاباد و پەسـوێیە) زۆریـان چەرمەسـەری بینـی، بەڵام پیـاوە چەکدارەکانی کوێخا کۆمـەک و هاوکارییان کـردن تاکـوو بگەن بـە خێڵەکەیان.قەرەنـی ئاغا یەکێک لـە گەورەکانی عەشـیرەتی مامەش[1] بوو

---

١. عەشـیرەتی مامەش یەکێک لە گەورەترین خێڵە کۆچەرەکانی ناوچەی حەکارییە کە لە فیدراسـیۆنی بڵباس بەشـداریان بـووە. قەرەنـی ئاغـای مامەشـی یەکـەم، یەکێک لـە ناسراوترین سـەرکردەکانی ئەم عەشـیرەتەیە کـە پاش مەرگـی باپیرئاغای یەکـەم، بوو بـە ڕێبەری یەکێتیی عەشـیرەتی بڵباس.

بـە پێـی ئـەوەی لـە بیرەوەرییەکانـی محەمـەد قولی خانـی ئەفشـاری ئۆرۆمیدا هاتـووە لە سـاڵی ١٢٠٨ی مانگـی، قولوخانی ئۆرۆمـی لـە قەرەنـی ئاغـا نزیـک بـووەوە و یەکـێ لـە کچەکانـی خـۆی بـە نـاوی «گوڵ»ــی لـە حەمەقولوخـان مـارە کـردووە. حەمەقولوخان یان قولوخان، حاکمی ورمێ و لە خانەدانی ئەفشـاری قاسـملوو بووە کە بارەهای بار ویسـتوویەتی سـەرپێچی لـە دەوڵەتـی ناوەندیـی قاجـار بکا و هەوڵـی ڕووخاندنی ئەم دەسـەڵاتەی داوە. بە پێـی گێڕانەوەیەک حەمەقولـی خان هەمان ئـەو کەسـەیە وا ئاقـا محەمەدخانـی قاجـاری کوشـت. قەرەنی ئاغـا لە چەند شـەڕ و پێکدادانـدا هاوڕێیەتی قولوخانـی کردووە و قولوخـان ئەفشـار ئۆرۆمـی بـە هاوکاریـی یەکێتیـی بڵبـاس هێرشـی کـردە سـەر بـوداغ سـوڵتانی حاکمـی موکریـان. زەویی ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی بڵباسـەکان بـە ڕابەرایەتیـی (مەزنایەتـی) قەرەنـی ئاغـای مامـەش، بەپێـت بـوون و بـە گشـتی فێدراسـیۆنێکی دەوڵەمەنـد بـوون. جارجـار لـە سـەر نەدانـی بـاج لـە لایـەن قەرەنـی ئاغـاوە شـەڕ و ناکۆکـی دەکەوتـە نێـوان قەرەنـی ئاغـای مامـەش و بـوداغ سـوڵتانی حاکمـی موکریـان. قەرەنی ئاغا ئـەم تێکهەڵچوون و سـەرپێچییانەی بـە کۆمەک و هاوکاریـی محەمەدقولوخانـی ئەفشـار ئۆرۆمی ئەنجـام دەدا.

سـەبارەت بـە عەشـیرەتی مامـەش گێڕانەوەیەک هەیە کـە دەڵێن باپیران و سـەرکردەکانی ئەم خێڵە بە ڕەچەڵـەک کورد نین و نـەوەی کەسـێکی عەجەمـن بـە ناوی بیـووک. گێڕانەوەیەکی تر هەیە کە دەڵێ سـەرکردەکانی ئەم خێڵە بـە ڕەچەڵەک کوردن و نـەوەی کەسـێکن بـە ناوی «مام بـاوک» کە ئەویش لـە نەوەکانی ئەمیر خانـی لەپ زێڕینە.

جگـە لـە قەرەنـی ئاغای مامەشـی یەکەم کـە لە کۆتاییەکانـی حکوومەتی زەندییـە و سـەرەتاکانی دەسـەڵاتداریی قاجارەکان لـە ژیانـدا بـوو، یەکێـک لـە ناسراوتریـن سـەرکردەکانی خێڵـی مامـەش، قەرەنیئاغـای مامەشـی دووەم کـوڕی محەمەدئاغای ئەمیـری عەشـایەرییە کـە لـە سـەردەمی ڕەزاخانـدا سـەرکردایەتیی خێڵـی مامەشـی گرتـە ئەسـتۆ. لـە سـاڵی ١٣٢٥ هەتاوی لەگـەڵ کۆچـی دوایـی قەرەنـی ئاغا کـە قازی محەمەد سـەرۆک کۆماری ئەوکاتی کوردسـتان لە سەرەخۆشـییەکەیدا بەشـدار بوو، «عەزیزخان»ــی کوڕی قەرەنیئاغا لە گردەسـپیان (گردک سـیپان) بوو بە سـەرکردەی ئەم عەشـیرەتە. شـایەنی باسـە کە عەزیزئاغا پلەی شـانازیی سـەرهەنگی لە حەمەڕەزاشـای پەهلەوی وەرگرتووە. ناوبراو لە ناوەڕاسـتەکانی دەیەی سـی هەتاوی بـە هـۆی ڕووداوی هاتوچـۆ و پێکدادانـی لەگـەڵ ئۆتۆمبێلـی جـۆری جیـپ مـرد و دەڵێـن ڕووداوەکـە گومانـاوی بـووە و گوایـا ئەمریکییەکان کە ئەو کات سـەربازخانەکانی جەڵدیان، پەسـوێ و پیرانشـاریان دروسـت دەکرد، لە کوشـتنیدا دەستیان بووە. پـاش عەزیزئاغـا بـرا چکۆلەکـەی واتـە «عەلـی ئاغای ئەمیرعەشـایەری» هەتـا سـاڵی ١٣٤١ هەتـاوی ڕابەرایەتیی عەشـیرەتی مامەشـی لە ئەسـتۆ بووە. شـوێنی ژیانی قەرەنیئاغا، عەزیزئاغا و عەلیئاغا لە پەسـوێ سـەر بە شـاری پیرانشـار بووە. عەلیئاغا لـە سـەردەمی موسـەدیق و لـە سـاڵی ١٣٥٥ هەتاویدا نوێنەری مەجلیسـی شـۆڕای میللـی بووە.

عەشـیرەتی مامـەش لـە پتر لـە ١٣٠ گونـدی دەوروبـەری پیرانشـار نیشـتەجێ بـوون و دەوتـرێ لە چەنـد تایفە پێـک هاتوون

کـە خەلیـل بـە ئیـزن و پاڵپشـتیی ئـەو لـە سـاڵی ٢٠٣١ی هەتـاوی (١٩٢٣ ز) چـووە گونـدی بەرکەمـران و بـوو بە کوێخای ئەوێ. دیسـان بەخـت یاری بوو و باپیرم کـە تفەنگچییەکی لێهاتوو بـوو، بـوو بە شانەڕاسـتی خەلیـل و هاوڕێیەتی کرد. دەڵێن بۆچوونەکانـی باپیرم بۆ کوێخا گرینگ بـووە، هەڵبـەت کوێخایەتـی لـە نزیـک تایفـەی مەنگـووڕان (دواتر زیاتـر لێی دەدوێیـن) کارێکی هـەر وا ئاسـان نەبـوو. خانەوادەکـەم ماوەی چەند ساڵێکیشـیان لە گوندی کاسـەکەران[1] بە سـەر بـردووە. ئـەم گونـدە و دەوروبەرەکـەی شـوێنی هاتوچۆی چەتـەکان بوو و هێمنایەتی تێـدا نەبوو. ئەوێیـان دا بـە کوێخـا خەلیـل و نۆکـەرە چەکدارەکانـی بـۆ ئـەوەی ئاوەدانـی بکەنـەوە. هەنـدێ جـار لـە نێـوان ئاغاکانـی عەشـیرەتی مامـەش و پیـران و مەنگووڕانـدا تێکهەڵچـوون سـاز دەبـوو کـە کوێخـا و پیاوەکانـی ناچـار دەبوون بەشـداری لەم تێکهەڵچـوون و گرژیانەدا بکـەن. بێگومان کۆتایـی مانەوەیـان لـە گوندی بەرکەمران خـۆش نەبوو و لەگـەڵ ئاغاکانی گوندەکانـی دەوروبەر تووشـی ناکۆکـی هاتن، شـەڕێکی گـەورە قەوما و تەنانەت شـەڕەکە گەیشـتە نـاو دێ.

عەلـی باپیـرم لـە بەهاری سـاڵی ١٣١٥ی هەتـاوی (١٩٣٦ز) لە بەرکەمـران[2]، لەگەڵ نەنکم کـە دانیشـتووی گوندێـک لـە نزیـک شـاری مەهابـاد بـە نـاوی ئـازاد[3] بـووە، هاوسـەرگیری کرد و ئـەم هاوسـەرگیرییە، سـێ کـوڕ و چـوار کچـی لـێ کەوتـەوە. بە پێـی ناسـنامە[4] خەجیجـی پوورم (خوشـکی باوکـم) ١٣٢٣ی هەتـاوی (١٩٤٤ز)، کەریمـی باوکـم ١٣٢٦ی هەتـاوی (هـاوکات لەگـەڵ لەسـێدارەدرانی قـازی محەمـەد و یارانـی) لە سـاڵی ١٩٤٧ی زایینیدا و دوو سـاڵ دواتر مـام ئەحمـەد لـە بەرکەمـران لەدایـک بـوون. پوورەکانـی دیکـەم مریـەم و کولسـووم لـە پەسـوێ و سـولەیمانی مامـم (کـە لـە منداڵیـدا مـردووە) و زێنـەب پـوورە چکۆلەکـەم لـە گوندی گـەورەی جڵدیـان لەدایـک بوون.

لـە درێـژەی ڕێـگادا، هەنـدێ لـە گرووپەکانـی عەشـیرەتی ڕەسـووئاڵی بڕیاریـان دا هـەر لـە

کـە لـە لایـەن تایفـەی ئەمیرعەشـایەری سـەرۆکایەتی دەکـرا. قادرییـەکان کـە بـە ڕەچەڵـەک ئامۆزاکانـی قەرەنیئاغـان بـە سـەرکردایەتیی کاک عەبـدوڵای قـادری جەڵدیـان و دەوروبەری سـەربازخانەی جەڵدیانیان لە ژێر دەسـت بووە و هەمیشـەش ناکۆکـی دەکەوتـە نێوانیـان. سـەرەکیترینی ئـەم تایفانـە بریتیـن لـە تایفـەی ئەمیرعەشـایەری، ئەحمـەدی، قـادری، مـەلا سـولەیمانی، بایەزیـدی و عەزیـزی (غوڵامعەلـی شـاملوو)، حەمەدئاغایـی، عەزیـز پیـرۆت ئاغـا، سـەمان ئاغـا، کامحەمـەدی، خەلی ئاغایی، شـێخ شـەڕەفی، قاوەخۆری، و گاسـوور ... (علی خوشـنویس. محمد قولوخان افشـار رومی در تشـکیل دولت فـدرال ملـی. تهـران: نشر آذرکهـن، ١٣٧٩).

١. کاسەگەران گوندێکە لە پازدە کیلۆمەتریی شاری پیرانشار. ئەم گونده لە میرەدێی لاجانە.

٢. بەرکەمـران گوندێکـە لـە بەشـی ناوەنـدی کـە لـە هەڤـدە کیلۆمەتریـی شـاری پیرانشـارە. مێژووی گـردی بەرکەمـران هی هـەزارەی یەکەمـی بـەر لـە زایینە بەڵام لەم مـاوەدا بە پێی گریمانە دیرۆکناسـییەکان لە سـەردەمی پارت دەسـت کراوە بەڵام بیناکردنی هەتا سـەردەمی ساسـانییەکان بـەردەوام بووە.

٣. ئـازاد گوندێکـە دەکەوێتـە بەشـی ناوەنـدی شـاری مەهابـاد و لە بیسـت و دوو کیلۆمەتریـی مەهاباده. ئەم دێیـە دەکەوێتە میرەدێی موکریانـی ڕۆژهەڵاتی.

٤. لەوانەیە زۆرێک لە ڕێکەوتی لەدایکبوونەکان دروست نەبن چونکە زۆربەی خەڵک دواتر ناسنامەدار بوون.

گوندەکانی بەرکەمران و کاسەکەران بمێننەوە. ئەو لقەی وا گیرسانەوە، خانەوادەی باپیری دایکیمە کە لەم ناوچە و لە گوندی گرداشەوان[1] نیشتەجێ بوون. ئەوانی دیکە پاش چەند ساڵ دیسان گەڕاونەتەوە بۆ نەغەدە و گوندی وەزنێ (کە پێشتریش بۆ ماوەیەک لەوێ ژیابوون). بە گوێرەی گێڕانەوەکان، ماوەیەک نێوان کوێخا خەلیل و براکانی تیک دەچێ و گرژی دەکەوێتە نێوانیان. عەلی (باپیرم)، مەحموود و ڕابی خوشکیان، بڕیاریان دا ئیتر هاوڕێیەتیی کوێخا خەلیل نەکەن و باپیرم بەو میراتەی کە پێی گەیشتبوو لە گوندی شنۆزەنگ[2] نیشتەجێ بوو.

کوێخا پاش چەند ساڵ کە هێشتا پیرانشار گوند بوو و هەر دوو گەڕەکی زەرگەتەن و کۆنەخانەی هەبوو، دەچێتە شیناوێ[3]، کە گوندێکی گەورە لە نزیک پیرانشارە[4] و ناوەندی سەرکردایەتی و بنکەی قەرەنی ئاغا[5]، گەورەترین ئاغای عەشیرەتی پیران[6] بوو. کوێخا خەلیل

---

١. گرد+ئاشەوان. ناوێکی کوردییە و بە مانای تەپە یان گردی ئاشەوانە و لەو ناوچە کەونانەیە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە هەزارەی چوارەمی بەر لە زایین. گوندی گرداشەوان سەر بە بەشی ناوەندییە کە کەوتۆتە شازدە کیلۆمەتریی شاری پیرانشار. گردی ناوەڕاستی گوند لە ئاسەوارە مێژووییەکانە و هەر چەشنە هەڵکۆڵینێک تێیدا قەدەغەیە. ئەم شوێنەوارە کە بە تەپۆڵکەی گرداشەوان ناسراوە، بە گوێرەی ٩ مەتر ئەستووری و ٤ فازی نژیارڤانییەوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، بە جۆرێک کە هاوشێوەکەی لە ڕووی قەبارەی کەڵەکەبوو بە بەرزایی ٩ مەتر هەتا هەنووکە لە هیچ شوێنێکی دیکەی ئێران لە هەزارەی چوارەمی بەر لە زایین نەبینراوە.

٢. گوندێکە سەر بە میرەدێی لاجان و دەکەوێتە ١٤ کیلۆمەتریی پیرانشار .

٣. شیناوێ گوندێکی گەورەیە و سەر بە بەشی ناوەندی و لە دوو کیلۆمەتریی شاری پیرانشارە.

٤. پیرانشار لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتە و کەوتووەتە باشووری ئازەربایجانی ڕۆژاوا و تەنیا پێنج کیلۆمەتر لە وڵاتی عێراق و هەرێمی کوردستان دوورە و سنووری نێودەوڵەتیی حاجی عۆمەران و سەربازخانەی گەورەی لێیە. حەشیمەتی ئەم شارە زیاتر لە١٠٠هەزار کەسە و یەکێک لە شارەکانی موکریانە. پیرانشار بە هۆی بوونی بەردی گرانیتی سەوز و سپی ناوبانگی جیهانی هەیە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٨ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا و بۆ چاخی تۆڕ، و ئاسن و شوێنەواری شارستانیەتی ماناکانی تێدا دۆزراوەتەوە.

٥. قەرەنی ئاغا کوڕی حەمەدەمین ئاغا ئەمینی عەشایەری و لە خاوەنداره سەرەکییەکانی ناوچەی پیران بووە.

٦. عەشیرەتی پیران نزیکەی٤٧٠ ساڵ بەر لە ئێستا لە ناوچەی جوولەمێرگی حەکاری لە گوندی پیران (زێدی شێخ سەعیدی پیران) بە سەرکردایەتیی ئەمیرخان یان شێخ ئەمیر بڵباس هاتوونەتە کۆنە لاجانی دەڤەری لاجانی پیران. ئەم عەشیرەتە سەرەتا ١٢ یان ١٣ ماڵ بوون کە لە نێوان ناوچەکانی هەولێر و لاجان گەرمێن و کوێستانیان دەکرد. پیران یەکێک لە عەشیرەتەکانی پێکهێنەری یەکێتیی بڵباس بوون، کە لەگەڵ عەشیرەتی مامەش بە سەرۆکایەتیی قەرەنی ئاغای ئەمیرعەشایەری لە پەسوێ، ناکۆکیان تێ کەوت و هەندێ جار تێک هەڵدەچوون. عەشیرەتی پیران لە چەند تیرە یان تایفە پێک هاتووە کە بریتین لە: وسوو سوارە، فەقێ خەلییە، مەخانە، وەستا پیرە، بەرچەم، پیوا، قوون هەڵکرێنە، هەرمزیار، نانکەلی، سلێمان قەرەنی، ئەحمەد دالکە، وسوو خەلووکە و مووریک. یەکێک لە ناوچە گرینگەکانی نیشتەجێبوونی عەشیرەتی پیران گوندی شیناوێ لە نزیک شاری پیرانشار بووە کە ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونی تایفەی ئەمین عەشایرییە. یەکێک لە کەسانی ناوداری عەشیرەتی پیران کە هەتا ساڵی ١٤٣١ی هەتاوی لە شیناوێ نیشتەجێ بووە دەتوانین ئاماژە بکەین بە قەرەنیئاغای ئەمین عەشایەری یان قەرەنیئاغای پیران. بە گوێرەی گێڕانەوەکان ناوبراو کەسێکی خوێندەوار و ئەهلی زانست بووە و بە شێوەی نەریتی و ئایینی لە مزگەوت فێری زانست بووە. ڕەچەڵەکنامەی تایفەی ئەمین عەشایەری بەم شێوەیە: شێخ میر (لە هەموویان کۆنتر) ، سوارئاغا، ئەحمەدئاغا، قەرەنیئاغا، مام وسوو، یان وەسمانئاغا، مامەندئاغا، کەریمئاغا، حەمەدەمینئاغا، حەسەنئاغا، حەمەدەمینئاغا و کەریمئاغا ... . شەجەرەنامەی تایفەی مووریک: محەمەدئاغا (لە هەموویان کۆنتر)، برایمئاغا، مامەمندئاغا، عەزیزئاغای بیرکانی و ... (هەندێ لەم

لـە سـەر بانگهێشـتی ئاغایانـی گـەورەی عەشـیرەتی پیـران، واتـە قەرەنـی ئاغـا و حەمەدەمیـن ئاغـای کـوڕی حەسـەن ئاغـای پیـران، بـە نیـازی کوێخایەتی و بـە مەبەسـتی بازرگانـی دەچێتە ئـەم گونـدە. ناوبـراو لـە ڕووی ئابوورییـەوە بیرتیژ بـووە و بە بەرنامـەوە چووەتە ئـەوێ. کوێخایەتیی خەلیـل لـە شـیناوێ هـاوکات بـووە لەگـەڵ دامەزرانـی حکوومەتـی کوردسـتان لـە مەهابـاد لـە سـاڵی ١٣٢٤ی هەتـاوی (١٩٤٦ز). بـە گوێـرەی گێڕانـەوە زارەکییـەکان ئـەو و ئاغـا، ئـاڵای ئەم حکوومەتەیـان لـە سـەر گـردی شـیناوێ لـە شـوێنی نیشـتەجێبوونی قەرەنـی ئاغا هەڵـداوە.

هـەر لـەم سـەردەمەدا، کوێخـا خەلیـل بۆ پشـتیوانیکردن لـە حکوومەتـی کوردسـتان لەگەڵ هەنـدێ لـە پیاوانی تایفە و حەمەدەمینئاغا کە سێسـەد سـواری تفەنگچی هەبوو، بـەرەو بەرەی جەنـگ چـوون و ماوەیـەک لـە بـەری بـۆکان و سـەقز و هەنـدێ شـوێنی وەکـوو قـاراوە و سـەرا و عارەبوغڵـوو بەرەنـگاری سـوپای شاهەنشـایی بوونـەوە. مـەلا مسـتەفا بارزانـی و هاوڕێیانـی کـە پێشـمەرگە و هێـزی سـەربازیی کۆمـاری ڕووخـاوی کوردسـتان بـوون هەر زسـتانی ئەو سـاڵە پەنایـان بـردە بـەر شـیناوێ و دەڤـەری دەوروبـەری و دەرەنجامـی ئـەم پەنابردنـە، کەوتنـەوەی هەنـدێ بەسـەرهات لـە گونـدەکانـی پەسـوێ و سێڵوێیە کە لە درێژەدا بۆتان باس دەکەم.

وێنەی ٥- قەرەنیئاغا، سەرۆکی خێڵی مامەش، میردێی پەسوێ

کوێخـا لەگـەڵ مـام قـادر ئەمینـی، ئاغـای کۆنەخانـێ لـە شـاری پیرانشـار، تووشـی ناکۆکـی هـات و لـە شـیناوێش نەمایـەوە. وەک دەڵێـن ئاغـا بـۆ دروسـتکردنی جۆگـەی ئـاو لـە کانیـی کۆنەخانـێ بەرەو شـیناوێ داوای هێـزی کاری خۆڕایـی لـێ کـردووە و خەلیـل بـە قسـەی نەکـردووە. لـە لایەکـی تریشـەوە گوایـا قەرەنـی ئاغـاش هەر لەو سـاڵی، پشـکی بەروبوومـی تووتنـی کوێخـا خەلیـل، بە نیـازی فـرۆشتن، دەباتـە مەهاباد بـەڵام پارەکەی بـە تـەواوی بـۆ ناگەڕێنێتـەوە. ئـەم هەڵسـوکەوتانە وای کـردووە کـە گـرژی و ناکۆکـی بکەوێتـە نێوانیـان. خەلیلیـش بڕیارێکـی چارەنووس‌سـاز دەدا و کۆتا هەنگاوی کۆچکردنـە بەردەوامەکەی هەڵدێنێـت.

بابەتانـە لـە دیمانـەی سـۆران کوردسـتانی لەگـەڵ حەمەدەمین ئەمین عەشـایەری و عەزیزئاغـای بیرکانی لە سـاڵی ١٣٧٧ و هەنـدێ بابەتـی دیکـەش لە وتەکانـی حامید ئەمین عەشـایەری کوڕی حەمەدەمینئاغا وەرگیراون). شـوێنی نیشـتەجێبوونی عەشـیرەتی پیـران زیاتـر لـە باشـوور و ڕۆژاوای ناوچەکانـی پیرانشـار و گونـدەکانـی دەوروبـەری ئـەم شـارە لەوانەش شـیناوێ، زەرگەتـەن (بەشـێک لـە شـار و سـەرکردایەتیی مامەندئاغـا لـە تایفـەی وسـووخەلووکە سوورچیـن)، دڵاوان (کوێخـا مـەرز فەقـێ خەلییـە)، بنـدڕێ، قزقەپـان، قەمتـەرێ، تەمەرچیان، زێـوە، کۆنە لاجان، گەزگەسـک، دێڵـزێ، قەڵاتـەڕەش، نێمنجێ، بادینـاوێ، گردمخـان، چەپان، سـۆغانلوو، هێمناوێ، جەڕان، سـێگردەکان، کۆنەخانـێ (بەشـێک لە شـار) و هتـدن. زنجیرەی سـەرکردەکانی عەشـیرەتی موورییـک بـەم شـێوەیە: حەمداغـا، مامەنـد، شـێخ ئاقایـی، ئاقـاڕەحمان ڕۆسـتەمی، مـام ڕەسـووڵ مامەند شـێخ ئاقایـی و ....

خەلیل باش دەیزانی خێڵەکەی بەرفراوان بۆتەوە و خۆشی پیر بووە و چیتر بەڕێوەبردنی ئەم حەشیمەتە بۆ ئەو کارێکی دژوارە. وای بە باش زانی کە بەو پاشەکەوتەی کە هەیەتی ژیانی خۆی و تایفەکەی بگۆڕێ و ببێتە شارنشین. لە ئەنجامدا کوڕ و نەوەکانی لە پیرانشار و گوندەکانی دەوروبەری نەغەدە کۆ کردەوە و کۆچی پێکردن. ناوبراو لە ساڵی ١٣٣٠ (١٩٥١ز) چەند سەر مەڕی فرۆشت و بە پارەکەی کاروانسەرایەکی، بە نرخێکی یەکجار زۆر، لە خانەوادەیەکی جوولەکە[1] کڕی.ئاژەڵەکانی دیکەی لە دێی وەزنێ و لە ماڵی مەحموودی برای هێشتەوە و بەم شێوە وەرزێکی نوێی لە ژیانی شارنشینی دەست پێ کرد. مام قادر کوڕی دووهەمی کوێخا دەگێڕێتەوە کە، قەرەنیئاغا جارجار دەهاتە کاروانسەراکە، لە بەرهەیوان چەقەنەی دەکێشا و بە دەنگی بەرز و بە گاڵتە و جەفەنگ دەیوت: "ئەدی خەلیل بە خوڵا[2] من تۆم کرد بە پیاو، ئەگەر پوولی[3] تووتنەکەم نەخواردبای، نەدەبووی بە شارنشین و سەحەبی کاروانسەرای."

چاوشینە قژکاڵەکان

وەک وتم، دیسان لە پەسوێ شانس و بەخت ڕووی کردە خەلیل. پەسوێ گوندێکی گەورەیە کە بە گوێرەی گێڕانەوەی یاقووت حەمەوی لە "معجم‌البلدان"دا[4]، هەزار ساڵ لەمەوبەر شارێک هەر بەم ناوە بووە و عەبدولحەق بەغدادیش لە کتێبی "مراصدالاطلاع"دا هەر ئەم زانیارییانەی لە کتێبی یاقووت حەمەوی هێناوەتەوە. زۆربەی دانیشتووانی پەسوێ

---

١. پێشینەی بوونی جووەکان لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەڤدەهەمی پێش زایین و سەردەمی دورخستنەوەی بابلی. ئەوان زیاتر لە کوێستانەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی سوریا و باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران نیشتەجێ بوون و وردە وردە ئەم دوو فەرهەنگە ئاوێتە بوون. جووەکانی کوردستان جیا لەوەی بە زمانی کوردی ئاخافتنیان دەکرد دەستیان کرد بە نووسینی هەندێ دەق بە زمانی کوردی و ڕێنووسی عیبری کە ئێستا بەو دەقانە دەڵێن جودی و کوردی. جیا لەوەش لە سەردەمی عوسمانییەکاندا جووەکانی ئیسپانیا لەبەر ئەو ڕاکێشانی سەرمایە و زانست و لێهاتوویی‌ەی کە بوویان، لە لایەن سوڵتانەکانی عوسمانییەوە پێشوازییان لێ کرا و هاتنە عێراق و لەو ساڵانەی کە پەتای کۆلێرا لە بەغدا بڵاو بۆوە هاتنە کوردستان و هەتا بەر لە جەنگی جیهانیی دوهەم بەتایبەت لە عێراق حەشیمەتێکی زۆریان هەبوو. هەروەها لە «تحفه ناصری» سەبارەت بە مێژوو و جوگرافیای کوردستان هاتووە کە دەوروبەری ساڵی ١٣٠٩ هەتاوی جووەکانی کوردستان لەگەڵ ئەرمەنی و سۆفییەکان و دەرویشەکان بۆ پێشوازیکردن لە حاکمان و لە بەر دەم حکوومەتدا چەندەها قوربانیان دا (تحفه ناصری، ١٣٦٦، ل ١٠٤). لە ئێراندا جووە کوردەکان بەتایبەت لە شاری بۆکان حەشیمەتێکی بەرچاویان هەبوو. بەڵام مەخابن هەتا هەنووکە لێکۆڵینەوەیەکی بەربڵاویان لە سەر نەکراوە. لەو سەردەمەدا لانیکەم سەد ماڵی جوولەکە کە لە نەغەدە دەژیان کە زیاتر خەریکی کاری پیشەوەری، بەتایبەت سەرقاڵی پیشەسازیی زێڕنگەری بوون. ئەم گرووپە پاش دامەزراندنی وڵاتی ئیسرایيل لە نەغەدەوە بەرەو وڵاتی ئیسرائیل کۆچیان کرد.

٢. ناوچەی موکریان خوا یان خودا بە خوڵای بێژە دەکەن.

٣. پارە

٤. بَسْوی، بُلَیْدە فی أوایلِ آذربایجان، بینَ «أشنو» و «مراغَه» قُرْبَ خان خاصبَک، رأیتُها...: پەسوێ شارۆچکەیەکە کە لە سەرەتای وڵاتی ئازەربایجانەو لە نێوان شنۆ، مەراغە نزیکی خان خاسیکە و من ئەوێم بینیوە .... (معجم‌البلدان، یاقوت حموی، ج ١، ص ٤)

لـەو سـەردەمەدا لایەنگـری بابەک خۆڕەمدین بوون، کـە بە فەرماندەیەکی کورد نـاسراوە، و پتر لە دوو دەیە دژی خەلافەتی عەباسیان شەڕیان کردووە. هەرچەندە سەربارەت بە ڕەگ و ڕەچەڵەکی بابـەک زۆر قسـە کـراوە. بەڵام لە سـەرچاوەکاندا هاتووە کـە ناوبراو خەڵکی ئازەربایجـان بووە و لە گەنجێتیـدا چـاک نەیتوانیـوە بـە زمانی عەجەمی یـان ئەعجەمی ئاخافتن بکا کە هـەر ئەم بابەتە دەریدەخـا ناوبـراو فـارس نەبـووە و زۆرێـک لە لێکۆڵـەران ئەمـە وەک بەڵگەیەک بـۆ تورکبوونی بە کار دەبـەن، کەچـی نازانـن لەم دەڤـەرەدا جگە لە تـورک ئێتنیکی دیکەش ژیانیان کـردووە. جیا لەوەی شوناسـی بابەک خورەمدین چی بووە هەر ئەم شـەڕ و پشتگوێخسـتنی بوونی کۆمەڵێکی دیکـە لـە نـاو جوگرافیایەکـی دیاریکـراو بـۆ من هەمیشـە جێی سـەرنج بـووە و پێم وایە ئەم پرسـە تاکوو ئێسـتاش یەکلایـی نەبۆتەوە.

پەسـوێ کەوتووەتـە باکـووری ڕۆژهەڵاتـی لاجان. لـە باکـوری ڕۆژاواش گوندی جەڵدیان[1] ـی لێیـە کـە سـەربازخانە بەناوبانگەکـەی جەڵدیـان لـە ڕۆژهەڵاتـی ئـەوێ و لـە پـاڵ سـێڕێیانی پیرانشـار و شـنۆ[2] و نەغەدەیـە. گونـدی بادینـاوێ، لـە نێـوان پیرانشـار و سەردەشـتدا، دەکەوێتـە بنارەکانـی بـەری ڕۆژهەڵاتـی کێـوی قەندیـل و کەمێک خوارتر لـە گۆڕی دیلانانێ، شـوێنێک کە لـە وەرزی بەهارانـدا بـە سـەدان کـچ و کـوڕ پێکـەوە بـە چەنـد کاتژمێـر گەنـم و جـۆ[3] دەبـەستن و هەڵدەپـەڕن، دەچنـە چیاکانـی قەندیـل و گـژ و گیـای بەهـاری کـۆ دەکەنـەوە. ڕووبارێـک لـەو ڕێگەیـە کـە لە بەفراوەکانـی قەندیلەوە بەرەو ڕۆژهـەڵات دێتە خوارەوە و لە نزیـک "گردمەیمەندە" دەڕژێتـە نـاو ڕووبـاری لاوێـن[4] و لەگـەڵ ڕووبـاری بادینـاوێ سـنووری نێـوان هـەر دوو دەڤـەری لاجـان و مەنگووڕانـە. مەنگـووڕ[5] نـاوی یەکێک لە عەشـیرەتەکانی ناوچەی موکریـان لە پارێزگای

١. جەڵدیـان گوندێکـی گەورەیـە کـە دەکەوێتـە باشـووری جەڵدیـان و نێـوان سـێڕیانی پیرانشـار، نەغەدە و شـنۆ و بە گردە مێژوویـی و پارێزراوەکـەی بەناوبانگـە کـە لە مانگی پووشـپەڕ دەرکەوت کە بە هۆی زەوی‌لەرزەوە بەشـێک لـەم گردە مێژوییەی سـەردەمی هـەزارەی پێنجەمی بـەر لە زایین تێـک ڕووخاوە.

٢. شـاری شـنۆ ناوەنـدی شارسـتانی شـنۆیە. زمانـی خەڵکـی ئـەم شـارە کوردیـی سـۆرانییە. ئەم شـارە لـە بـەری ڕۆژاواوە لە نزیـک هەرێمی کوردسـتانەوەیە.

٣. ڕەشبەڵەک

٤. چۆمـی لاوێـن ڕووبارێکـە کـە لـە ڕۆژهەڵاتـەوە بـەرەو ڕۆژاوا دەچـێ و دوو لقـی گرینگـی وەکـوو ڕووبـاری لاوێـن و سـیلوە و بادینـاوێ لـە پیرانشـار و ڕووبـارە لاوەکییەکانی پردانان، خدراوێ، نیسـتان، کانی زەرد، قازان و ویسـک لە بازنەی سەردەشـتە کـە ئاراسـتەی خـۆی بـەرەو باشـوور لار دەکاتـەوە و لـە دۆڵێکـی پـان و ڕاسـت بـە درێژایی جـادەی سەردەشـت – پیرانشـار لە دەڤـەری پیرانشـارەوە بـەرو سەردەشـت بـەردەوام دەبێـت. لـە کۆتاییـدا دەچێتە عێـراق و دەڕژێتـە ناو ڕووبـاری دیجلە.

٥. مەنگـووڕ: مێـژووی خێڵـی مەنگـووڕ لـە ئێـران دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی سـەرکردایەتیی باپیراغـای مەنگـووڕ کـە لـە سـەردەمی دەسـەڵاتداریی کەریمخانی زەند لە عێراقەوە هاتوونەتە ئەم ناوچانە. عەشـیرەتی مەنگووڕان چەندەها جار لەگەڵ دەسـەڵاتدارانی موکریـان لەوانـەش بـوداغ سـوڵتان تێـک هەڵچـوون. کەواتـە دەتوانیـن بڵێیـن ئـەو ناوچانەی کە عەشـیرەتی مەنگووڕی تێدا نیشـتەجێیە لە ڕابردوودا شـوێنی نیشـتەجێبوونی خێڵ و تیرەکانی دیکەش بووە و هەر بۆیە هەتا هەنووکەش لـەم ناوچانـەدا بـە شـێوەی هاوبـەش بوونیـان هەیـە و دەبینرێـن (فەرهەنگـی ئاواییەکانـی مەهابـاد، هەرمان وەتمـان، بخش منگـور، ل ١٠). باپیرئاغـای یەکـەم ڕابەرایەتیـی یەکێتی یان فیدراسـیۆنی بڵباسـەکانی لە سـەردەمێکی مێژووییدا لە ئەسـتۆ

ئازەربایجانی ڕۆژاوایە.

مەنگـووڕەکان هۆزێکـن کـە لـە جوگرافیـای لادێـی هـەر سـێ شـاری مەهابـاد و پیرانشـار و سەردەشـت وەکـوو سێگۆشـەیەک هەتـا سـنووری هەرێمـی کوردسـتان بڵاو بوونەتـەوە. ئـەوان خەڵکانێکـی سـادە و هەوارچیـن کە ئیش و کاریان کشـتوکاڵ و ئاژەڵداریـیە. ئـەو دەڤەرەی ئەوان تێیـدا نیشـتەجێن پێی دەوترێ مەنگووڕایەتی، کە بە واتای شـوێنی ژیانـی مەنگووڕانە. هەڵبەت نـاوی ئـەم دەڤـەرە لە ئاکامی گۆڕانکاریـیە مێژوویـیەکاندا بۆتە مەنگـووڕ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کـە عەشـیرەتی دیکـەی لـێ نیشـتەجێ نییـە. زیاتـری حەشـیمەتەکەیان لـە هـەر دوو میرەدێی مەنگـووڕی ڕۆژاوایـی و مەنگـووڕی ڕۆژهەڵاتـی نیشـتەجێن. میرەدێـی مەنگـووڕی ڕۆژاوایی سـەر بـە شـاری پیرانشـار و میرەدێـی مەنگـووڕی ڕۆژهەڵاتـی سـەر بـە شـاری مەهابـادە. ئـەوان لـە

بـووە، بـەڵام بـە پیلانگێڕیـی ئەحمەدخانـی موقەدەم حاکمـی مەراغە کە لە ڕووی دۆسـتایەتی و بە بیانووی هێرشـکردنە سـەر حاکمـی تەورێـز و وەرگرتنـی غەنیمەتـی زۆری ئـەم شـەڕە، لەگـەڵ هـەزار سـوارکاری خۆی، کـە لە هەنـدێ لـە گێڕانەوەکاندا ٧٠٠ سـوار هاتـووە، هاتنـە ئـەو ناوچە و شـەو لـە گەرمەی خەودا، پـاش پیلانێکی پێشتر داڕێـژراو، تەواوی پیـاوەکان لەوانەش باپیراغـا دەکـوژن. باپیرئاغـای دووهـەم نـەوەی باپیرئاغای یەکـەم کە لە سـەردەمی فەتحەعلی شـای قاجاردا سـەرکردایەتیی عەشـیرەتی مەنگـووڕی دەکـرد، بـە مەبەسـتی بەهێزترکردنـی عەشـیرەتی مەنگـووڕ کۆمەڵـێ ژنـی هێنا کـە ئەمانـەن: زێرین، شـەم، مـرۆت (ناوچـەی موکریـان مـروەت بـە مرۆت بێـژە دەکەن و ئێمـەش هەر بـەو دەربڕینە بێـژەی دەکەین)، ئامـان و زین. دەوتـرێ باپیرئاغـا بیسـت و یـەک کـوڕی بـووە کـە خێـڵ و عەشـیرەتی مەنگـووڕ نـەوەی ئـەو ٢١ کـوڕەن. ئـەم تایفانـە کە لقی سـەرەکییان بـە «کادەروێشـی» بەناوبانگـن، بریتیـن لە شـەم، زێرین، مـرۆت، ئامان، زین و خـدر. هەر کام لـەم تایفانە خۆیان دەبـن بـە چەنـد دەسـتەی دیکـەوە: تایفـەی «عـەوڵای بایزئاغـا» کـە ژێرلقـی شـەمە. تایفـەی «برایمـی باپیرئاغـا» کـە ژێرلقـی زێرینـە. تایفـەی «خـدر و حوسـێن» کـە ژێرلقـی تایفـەی ئامانـە و تایفـەی «هەمزاغـا و عەلـی خانـی قادرمـرۆت» کـە ژێرلقـی تایفـەی مرۆتە.

تایفـەی «خـدر»ی بـرای باپیرئاغـاش، خۆیـان دەبـن بـە چەنـد لقـەوە. یەکێکـی دیکـە لـە ڕێبـەران و سـەرکردە ناسراوەکانـی خێڵـی مەنگـووڕ حەمزەئاغـا نـەوەی باپیرئاغایـە (ڕاپەڕینی هەمزاغـای مەنگور لە بەڵگەنامـەی قاجاریدا، حەمـەی حەمە باقی، ل ٣٦؛ «هـۆزی مەنگـور»، رحمان گەڕووسـی). بـەڵام گێڕانەوەیەکیـش هەیـە کـە دەوترێ حەمزاغا بچووکترین کـوڕی باپیراغا بـووە (ڕۆژگاری ونبـوو، رحمان قاضـی). حەمزاغـاش لـە سـەردەمێکدا سـەرکردایەتی و ڕابەرایەتیـی عەشـیرەتی مەنگووڕی لە ئەسـتۆ بووە و لە ڕاپەڕینەکەی شـێخ عوبەیدوڵای نەهریدا بەشـداری نواندووە. ڕاپەڕینێک کە دەوترێ یەکەمین خەباتی کورد بـووە و ڕەنـگ و بۆنـی ناسیۆنالیسـتی هەبـووە. حەمزاغای مەنگـووڕ چەندین جـار دژی حکوومەتی ناوەندیی قاجـار و هەروەها قەرەپاپاغـەکان جەنـگاوە و هەمیشـە لـە بەڵگەنامـەی پەیوەندیـدار بـە حکوومەتـی سـەردەمی قاجـار نـاوی هاتـووە. دواجـار حەمزاغـای مەنگـووڕ بـە پیلانگێڕیـی ئەمیر نیزامی گەڕووسـی، وەزیری فەوائیـد و حاکمی تەورێز، هێنرایە مەهابـاد و لە بناری کێوەکانـی عەلیابـاد لـە نـاو خێوەتـدا لـە هەمـوو لایەکـەوە تەقـەی لـێ کـرا و کـوژرا. هەروەهـا یەکێکی دیکـە لـە کەڵەپیاوانی خێڵـی مەنگـووڕ مـەلا خەلیـل گۆڕەمەریـیە. پاش ئـەوەی ڕەزاخان لەبەرکردنی جلی کـوردی لە کوردسـتانی قەدەغە کرد، مەلا خەلیـل کـە یەکێـک لـە مەلایانی مەنگووڕ لە تایفەی «مامەسـێنی» بوو لە سـاڵی ١٩٢٨ دژی ئەم فەرمانە ڕاوەسـتا و ڕایگەیاند هـەر کوردێـک جلـی «عەجەمـی» لەبەر بـکا ئەوا ناتوانێ بە باشـی تارەت بگـرێ و دەسـتنوێژ هەڵبگرێ و نوێژەکەشـی بەتاڵە و هـەر کەسـێک کڵاوی شـەپکە بکاتـە سـەر ئـەوا ناتوانێ خـودا ببنێت. کەواتە پۆشـینی ئەم جلە بـۆ کوردان حەرامـە. هەرچەند دواتـر مـەلا خەلیـل ناچـار بـوو کوردسـتانی ڕۆژهەڵات بە جـێ بهێڵێ و پەنا بباتە بەر کوردسـتانی باشـوور، بەڵام ئـەم فتوایە لە بـۆ پاراسـتنی جلوبەرگـی کوردی کاریگەریی باشـی هەبوو (سـەردار پشـدەری). تایفەکانـی دیکەی مەنگووڕ کە هەموشـیان ئاغـا نەبـوون و زۆربەیـان ڕایـەت بوون بریتین لە: ئال سـێمانە، باب ڕەسـوو، برایمە سـەنە، کەلهوورِ، سـێ برێمـە، فەقێ نەبی، کەچەڵـە، کەچە لەنگـەری، زوودی.

سێگۆشەیەکی جوگرافیایی و لە ناوچە شاخاوی و کوێستانییەکاندا دەژین. مەنگووڕەکان لە ئاکامی چەندین ساڵ کۆچکردن لە گوندەوە بەرەو شار بە شێوەی پەرتەوازە لە مەهاباد، پیرانشار و هەندێ لە دێهاتەکانی دەوروبەری سەردەشت نیشتەجێ بوون.

دانیشتوانی دەڤەری مەنگووڕایەتی هەڵگری چیرۆک و حەقایەتی سەرنجڕاکێش و هەندێ جار تراژیکن. پێکهاتەی کۆمەڵایەتییان عەشیرەییە و لق و عەشیرەتی وردی زۆریان تێدایە کە

● وێنەی ٦- هەندێ لە سەرکردەکانی عەشیرەتی مەنگووڕ و مامەش لە جەنگی جیهانیی یەکەم. ١٩١٣ی زایینی، پیرانشار

لە ناویاندا حەوت لقی سەرەکی زیاتر ناسراون. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە لە هەندێ قۆناغی مێژووییدا بۆ ماوەیەک ژنان سەرۆکایەتیی پێنج لقیان بە دەستەوە بووە و ناوی پێنج لق لە کۆی ئەو حەوت لقە بە ناوی ئەو ژنانەوە ناسراوە. هەرچەند هەوڵ دراوە کە سەبارەت بە ڕەچەڵەکی ئەم ژنانە هەندێ گێڕانەوە بخرێتە ڕوو، بەڵام جیا لە هەر شتێک دەسەڵات و پێگەی ڕەگەزێتیی ژنان لە ناو پێکهاتە و شێوازی ژیانی عەشیرەییدا پیشان دەدا کە ئەمە شایەنی تێڕامانە.

هەندێک کەس بە هۆی چاوی شین و قژی سوورەوە ڕەچەڵەک و باوانی مەنگووڕەکان دەگەڕێننەوە بۆ نیژادی ڕووسی یان ئەو کۆچەرانەی کە لە ناوچەی ئەرمینیاوە هاتوون و هەندێ لە مێژووزانان ئەوان بە بەشێک لە عەشیرەتێک بە ناوی کاک دەرویشی دەزانن. مرۆت، ئامان، شەم، زێڕین، زین و خدر، شەش تایفەی سەرەکی و ناسراوی پێکهێنەری عەشیرەتی مەنگووڕن. مرۆت لە مەهاباد پڕحەشیمەتترین تایفەی مەنگووڕانە و ئەوانی دیکە بە شێوەی ناوەناوە و پەرتەوازە لەو گوندانەی مەهاباد نیشتەجێن کە دەڕوانننە سەردەشت، پیرانشار و ناوچەی میراوەی سەردەشت. لە بەری هەرێمی کوردستانی باشووریشەوە هەندێ عەشیرەتی مەنگووڕ هەن. لە ڕابردوودا ئاغاکانی عەشیرەتی مامەش و پیران و مەنگووڕ، لە سەر زەویی کشتوکاڵی تووشی تێکهەڵچوون و گررژیی قورس هاتوون و لەو جەنگانەدا سوارەکان بە سواریی ئەسپی ڕەسەنی کوردی و شێر و ڕمبەکانیان شەڕیان دەکرد. ئەم شەڕ

و ناکۆکییانە لە کۆتاییدا بە ئاشتەوایی کۆتایی پێ دەهات و لە هەندێ قۆناغی مێژووییدا خێڵەکانی مامەش و پیران پێکەوە یەکیان دەگرت بۆ ئەوەی چۆک بە مەنگوورِاندا بێنن. ئەمیر شەرەفخانی بەتلیسی حاکم و مێژوونووسی کورد دەگێڕێتەوە کە مەنگوورِەکان گەورەی عەشیرەتی خۆیان بە "مەزن" ناو دەبەن[1]. بە گوێرەی بەڵگەنامە مێژووییەکانی میرزا ڕەشید، نووسەری "تاریخ افشار"، مەنگوورِەکان لە هەندێ قۆناغی مێژووییدا لەگەڵ عەشیرەتەکانی مامەش و پیران هاوپەیمانێتییەکیان بە ناوی بڵباس[2] پێک دەهێنا و لە دژی حکومەت و

---

١. (شرفخان بن شمس‌الدین بدلیسی، شرفنامه: تاریخ مفصل کردستان، ج ٢، به اهتمام ولادیمیر ولیامینوف. تهران: نشر اساطیر، ٢٠٠٦. ل ٤)

٢. یەکێتی یان فیدراسیۆنی بڵباس لە شەش عەشیرەتی کابایز، مەنگوورِ، مامەش، پیران، ڕەمەک، سەن و قاقا پێک هاتووە. سەن و قاقا پێکەوە عەشیرەتێکیان پێک هێناوە. لە کتێبی شەرەفنامەدا، شەرەفخانی بەتلیسی بەم شێوە سەبارەت بە بڵباسەکان دەڵێ: «گوایا ڕۆژێک بیست و چوار تیرەی سەرەکی لە تیرەکانی ڕۆژەکی لە نزیکی تاو کۆ بوونەوە و بەسەر دوو گرووپدا دابەش بوون، دوانزە تیرەیان پێکەوە یەکیان گرت و ناوی خۆیان نا بڵباس و دوازدە تیری دیکەش یەکیان گرت و ناوی خۆیان نا قوالیس. دەوترێ بڵباس و قەوالیس لە خێڵەکانی بابانەکانن و ناوی دوو گوندەکەیان نێو نا بڵبیس و قەوالیس کە لە ناوچەی حەکارییە. کاتێک کە لە تاو کۆ بوونەوە زەوییەکانی دەوروبەریان لە ناو خۆیاندا دابەش کرد و ڕابەرێکیان (مەزن) بۆ خۆیان هەڵبژارد و بوونە هێزێکی کەمەرشکێن و دەستیان کرد بە گرتنی ناوچەکانی دیکە. یەکێک لە ناسراوترین کەسایەتییەکانی فیدراسیۆنی بڵباس، برایم بەگی بڵباسیی کوڕی قەلەندراغایە کە لەگەڵ خزم و خوێشانی خۆی تووشی کێشە و ناکۆکی هات و چوو بۆ سیستان. لەوێ لە ژێر فەرمانی محەمەدخانی تورکمان، (بە ئەگەری زۆر ئاقا محەمەدخانی قاجارە) کە ئەوسا فەرمانڕەوا بوو، وەک مەرزدار دەنێردرێتە دەڤەری بەلووچەکان و چەندین جار لەگەڵ بەلووچەکان تێک هەڵچوو بەڵام بەلووچەکانی تێک شکاند و خستنیە ژێر ڕکێفی خۆی.» بەدلیسی هەروەها لە مەڕ تیرەکانی ڕۆژەکی ئاوا دەدوێ: «ڕۆژەکی لە بیست و چوار تیرە پێک هاتووە و پێنج تیرەی قیانی، بایکی، مۆدکی، زوقەکانی و سەیدانی لە دانیشتوانی کۆنی بەدلیسن و ئەو دە تیرەکەی دیکە کە بڵباس پێک دەهێنن ئەمانەن کەلەچەبری، باڵەکی، خڕپیلی، خیارەتی، کۆری، بەرێشی، سەکری، گارِسی، بیدۆزی، و بەڵاگەردی.»)شەرەفنامە، میرشرف خان بدلیسی؛ مێژووی ماڵەمیرانی کوردان، وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی هەژار موکریانی(. لە قۆناغێکی مێژووییدا ئەو کاتەی کە باپیراغای مەنگوورِ سەرکردەی ئەم فیدراسیۆنە بوو و پاش ئەو قەرەنی ئاغای مامەشی یەکەم و هەروەها بۆ ماوەیەک حەمزاغای مەنگوورِ و .... (قاسم قازی، مێژووی گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان) سەرکردەی ئەم فیدراسیۆنە بوون. هاوکات لەگەڵ سەرکوتکردنی خێڵی «برادۆست» لە نزیک ورمێ لە لایەن ئەفشارەکانەوە، لە ناوچەکانی خوارتر (مەبەست ناوچەکانی مەهاباد، نەغەدە، پیرانشار یان دەشتی لاجان) عەشیرەتی بڵباس بەهێز بوون. ئامانجی پێکهێنانی یەکێتیی بڵباس، خۆڕاگری نواندن لە دژی حاکمانی تەورێز، مەراغە، ورمێ، و قەرەپاپاغە کۆچەرەکان بوو کە لە دەشتی نەغەدە و کەناراوەکانی دەریاچەی ورمێ نیشتەجێ ببوون. لە هەندێ لە گێڕانەوەکاندا هاتووە کە فیدراسیۆنی بڵباس لە یەکێتیی چوار هۆزی سەرەکیی بالەک، پیران، مەنگوورِ و مامەش پێک هاتووە. هەندێ گێڕانەوە هەن کە خێڵەکانی ورمزیار لە پیران جیا بوونەوە و هەروەها عەشیرەتی ڕەمەک و قاقا لە پێکهاتنی ئەم فدراسیۆنەدا بە بەشدار دەزانن. ئەگەرچی ئەم خێڵانە بە تەواوەتی هەوارچی نەبوون، بەڵام جارجار لە نێوان چیاکانی قەندیل و بنارەکانی، ناوچەکانی نەغەدە، دەشتی لاجان و موکریان، هەوارەوهەواریان دەکرد و لەم ناوچەدا خەریکی ئیشی کشتوکاڵ بوون. باپیراغای یەکەم هەتا کاتی مەرگی، سەرکردەی ئەم فیدراسیۆنە بوو کە دواتر بە پیلانێک لە مەراغە کوژرا. هێشتا سێ ساڵ لە ڕووداوی کۆمەڵکوژیی بڵباس و عەشیرەتی مەنگوورِ تێنەپەڕیبوو کە حەمەقولووخانی ئەفشاری ئۆرووومی حاکمی ورمێ، بۆ تێکشاندنی خێڵەکانی بڵباس کە ئەوکات قەرەنی ئاغای مامەش سەرکردەی ئەم فدراسیۆنە بوو، خێڵی زەرزا و شتکاکی بە کار هێنا. لە نزیکی ڕووباری لاوێن تێکهەڵچوون ساز بوو، هێزەکانی خێڵی بڵباس تێک شکان. سەیر لەوەدایە کە بوداغ سوڵتانی موکری، حاکمی مەهاباد کە لەم هێرشەدا کۆمەک و هاوکاری محەمەدقولی خانی کردبوو ئەویش لەو تاڵانەدا بێبەری نەبوو و لە لایەن ئەوەوە کوێر کرا و هەر دوو چاویان لە کاڵان دەرهێنا. لە ساڵی ١١٩٨ هەتا

تورکانی ناوچەی ورمێ، نەغەدە و مەراغە شەڕیان دەکرد.[١]

لە ساڵی ١١٥٥ سەرۆکی عەشیرەتی زێڕین واتە باپیراغای مەنگوورِ، باوکی حەمزاغای مەنگوورِ و لە هاوشۆڕشەکانی ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵای نەهری[٢]، بووە کە بە پیلانی دەوڵەت و بە تۆمەتی یاغیگەری و ڕووتاندنەوەی کاروان و گوندنشینانی دەڤەرەکە و تێکدانی هێمنایەتیی ناوچەکە، لە ڕێگای ئەحمەداغا، حاکمی مەراغە، بۆ بەشداری لە ئاهەنگی هاوسەرگیری بانگهێشتی ئەو شارە کرا و بە هەزار سواری چەکداری پێکهاتوو لە هەر دوو عەشیرەتی مامەش و مەنگوورِ چووە ئەو شارە، بەڵام لە لایەن ئەحمەداغاوە شەوانە و لە خەودا خۆی و سوارەکانی قەڵاچۆ کران.[٣]

مەنگوورەکان کەسانێکی جەنگاوەر و خورتن کە هەندێ لە سەرکردەکانی تایفەکانیان بە درێژایی مێژوو هەمیشە سەر بە دەوڵەت بوون، چ ئەو کاتەی کە عوسمانییەکان هێرشیان کردە سەر ئێران چ ئەو کاتەی ڕووسەکان لە ئێراندا خۆیان با دەدا و چ ئێستا کە سەرکردەکانی تایفە مەنگوورەکان لە دژی حیزبە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، پاڵیان داوە بە بەرەی دەسەڵاتەوە. هەندێ لە ئاغاکانی مەنگوورِ واتە ئەو بنەماڵانەی کە لە میانەی یەک دوو سەدەی ڕابردووەوە لە لایەن دەسەڵاتی سەردەمەوە بوونەتە ئاغای مەنگوورەکان،

ساڵی ١٢٣٢ی هەتاوی، چەندین جار لە لایەن حکوومەتەکانی ناوەند و حاکمانی ورمێ و هەندێ لە خێڵەکانی زەرزا، شوکاک و موکری هێرشیان کردە سەر فیدراسیۆنی بڵباس. بڵباسەکان لە ڕووی زەوی کشتوکاڵ و ئاژەڵەوە دەوڵەمەند بوون و لە دژی هێرشی عوسمانییەکان، شاکانی قەجەر، سوپای ئەفشار و حاکمانی مەراغە و ورمێ و تەوریز و قەرەپاپاغەکان وەک فیدراسیۆنێکی بەهێز لە قەڵەم دەدران. هەر بۆیە جار نە جارێک هەوڵی لاوازکردنیان دەدرا هەتا ئەوەی کە لە ساڵی ١٢٣١ و ١٢٣٢ لە درێژەی تێکهەڵچوونێکی خوێناوی لەگەڵ ئەمیرخانی قاجار و سوپای ئەفشار تێک شکا و بە کردەوە کۆتاییان بە یەکێتیی ئەم فیدراسیۆنە هێنا (کورد و عەجەم، نەوشیروان مەستەفا، ل ٤٠-٤٥). گێڕانەوەیەکی دیکە لەبارەی فیدراسیۆنی بڵباسەکانەوە هەیە. لە کتێبی محەمەدقولوخانی ئەفشاری ئۆرۆمی هاتووە کە لەگەڵ گێڕانەوەی حەمەی حەمەباقی و نەوشیروان مستەفا ئەمین تا ڕادەیەک جیاوازە. بە گوێرەی دەقی ئەم کتێبە، محەمەدقولوخانی ئەفشاری ئۆرۆمی نەک هەر لەگەڵ یەکێتیی بڵباسەکان نەجەنگا بەڵکوو لەبەر ئەوەی لەگەڵ قەرەنی ئاغای مامەش سەرکردەی ئەم یەکێتییە، دۆست و خزم بوون، لە تێکهەڵچوونی نێوان بڵباسەکان و بوداغ سوڵتانی موکری هاوکاری قەرەنی ئاغای کرد و چەندین جار بوداغ سوڵتانیان تێک شکاند کە لە کۆتاییدا لە لایەن محەمەدقولوخانی ئەفشاری ئۆرۆمی چاوەکانی لە کاڵان دەرهێنرا. حەمەی حەمە باقی لە کتێبی ڕاپەڕینی هەمزاغای مەنگوورِ لە بەڵگەنامەی قاجاریدا نووسیویەتی کە یەکێتیی بڵباسەکان هەتا ساڵانی دەیەی چلی سەدەی نۆزدەهەمیش بەردەوام بووە (ل ٣٥).

١. میرزا رشید ادیب الشعرا، تاریخ افشار، به انضمام قیام شیخ عبیدالله، ل ٦.

٢. شێخ عوبەیدوڵا نەهری (١٨٢٦ - ١٨٨٤) کە ڕەچەڵەکیان دەچێتەوە سەر شێخ عەبدولقادری گەیلانی، لە ڕێبەرانی شۆڕشی کوردان لە حەکاری ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی بوو کە هەندێ لە شارەزایان ڕاپەڕینەکەی یەکەم داپەڕ بۆ سەربەخۆیی کوردستان و پێکهێنانی حکومەتی کوردستان دەزانن. شێخ عوبەیدوڵای نەهری لە کۆتاییەکانی ساڵانی ١٨٧٩ هەتا ١٨٨٠ بە هاوکاریی سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان و حەمزاغای مەنگوورِ (سەرۆکی عەشیرەتی مەنگوورِ) ناوچەکانی نێوان دەریاەی ورمێ و دەریاچەی وانی خستە ژێر ڕکێفی هێزەکانی خۆیەوە. ئەم شۆڕشە لە دیسامبری ساڵی ١٨٨٠ بە هۆی پەلاماری هێزەکانی عوسمانییەوە تێک شکا.

٣. حەمەی حەمە باقی. ڕاپەڕینی هەمزاغای مەنگوورِ لە بەڵگەنامەی قاجاریدا (قیام حمزه آقای منگور در اسناد قاجار).

پاڵیان داوە بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە و دژی بەرهەڵستکارانی ئەم حکوومەتە چەکدار کراون. ئەوەش نەشارینەوە هەندێکیان سەرەتاکانی شۆڕشی کۆماری ئیسلامیی چوونە ناو حیزبە کوردستانەییەکانەوە، لەوانەش حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، و لە سەر ئاستی باڵای سیاسی و سەربازیدا ڕۆڵیان بینیوە.

عەلی دابڕاو لە خەلیل

باپیرم پیاوی ئەوبەری ئەم بەسەرهاتەیە. پێشتر وتمان لە قۆناغێکدا پەیوەندیی کوێخا خەلیل و براکانی تێک دەچێ و باپیرم دەڕواتە شنۆزەنگ لە نزیک پەسوێ. ماوەیەکی بە چێوداری تێپەڕاند و پاش ساڵانێک دەستی کرد بە کاری کڕین و فرۆش و گواستنەوەی کەلوپەل. نەنکم دەڵێ: «ئەودەمی حەلی[1] مێردم و چەند کەسی دی[2] تاقە کەسانێک بوون کە لێرەی (لەم ناوچەدا) قاچاغیان دەکرد.» هەڵبەت ناتوانین کارەکەیان بە قاچاغ ناو ببەین، چونکە ئەمە جۆرێک بازرگانی و پیشە بووە و کێشەی یاسایی نەبووە. باپیرم و ئەو چەند کەسەی دیکە بە ئەسپ لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە چایان دەبرد و لە کوردستانی باشوورەوە کەلوپەلی وەکوو سابوون و کۆتاڵیان دەهێنا.[3]

براکانی باپیرم (خەلیل و مەحموود) و نەنکم ئەم کارە پڕمەترسییەی باوکمیان بە دڵ نەبووە. کوێخا بۆ چارەسەری بابەتەکە داوای کۆمەک و هاوکاری لە ئاغای پەسوێ کرد و تەنانەت لە ڕێگەی ئاغاوە حەڕەشەی لێ کرد کە لای ژاندارمەری سکاڵای لە سەر تۆمار دەکا بۆ ئەوەی ئیدی توخنی کڕین و فرۆشتن نەکەوێ، بەڵام ئەم زەخت و گوشارانە کاری لە سەر باپیرم نەکرد. باپیرم لە سەر کاری خۆی بەردەوام بوو.بەردەوام ئیشی خۆی دەکرد، هەتا ئەوەی کە ڕۆژێکیان لە ڕۆشتندا لەودیوی سنوور دەگیرێ و پێیان وت کە هاوکاریی ئەو سەرپێچیکارانەی کردووە و خۆراکی پێیان گەیاندووە کە لە قەندیل[4] دژی حکومەتی

---

١. عەلی

٢. دیکە، تر

٣. هەر ئەو کارەی کە لە سەردەمی باپیرمدا پیشە بوو ئێستا پێی دەڵێن کۆڵبەری و قاچاغچێتی. کۆڵبەر بە کەسێک دەوترێ کە بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی، بە شێوەی نایاسایی سنوورەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور دەبەزێنێ و لەو دیوەوە کەلوپەلی وەکوو پۆشاک، جگەرە، تایەر، خواردنەوە کحوولییەکان و ... بە کۆڵ هەڵدەگرێ و ئاودیوی ئێرانی دەکات. بە قاچاغ زانینی کارێک کە هاوشێوەی تیجارەت و بازرگانییە، لەوساوە بیچمی گرتووە کە ناوەندی دەوڵەت و پێکهاتە یاساییەکان لە چوارچێوەی سازوکاری کۆنترۆڵکەری وتەزای کار و دیاریکردنی ڕێسا و بەهاکانیەوە هاتنە سەر خەت و شەرعێتییان پەیدا کرد.

٤. شۆڕشگێڕەکان یان وەک دەسەڵاتداران دەڵێن یاغییەکان هەمیشە پەنایان دەبردە بەر چیاکانی قەندیل. ئەم چیایانە ساڵانێکی زۆرە کە بوونەتە داڵدەی حیزبە کوردییەکان و بیرەوەری و بەسەرهاتی زۆرێک لە خەباتکارانی حیزبە کوردییەکانی لە خۆیدا وەک یادەوەری ڕاگرتووە. هێشتاش حیزبە کوردییەکان لە ناو قەندیلدا بەرەنگاری هەر سێ دەوڵەتی ئێران، تورکیا و سوریا دەبنەوە و سەیر لەوەدایە ئەم چیا سەیر و سەمەر و هەندێ جاریش نائارامانە هەتا ئێستا هیچ حکوومەتێک

پەهلەوین و لە دژی دەجەنگن.

باپیرم بە تۆمەتی هاوکاریکردنی ئەو شۆڕشگێڕانەی کە لە چیاکانی قەندیلدا پەنایان گرتبوو، لە پێشدا لە عێراق و دواتریش لە ژاندارمەریی پیرانشاری زیندانی کرا. نەنکم دەیگوت: «وەختایەکی زانییان حەلی لە سەروبەندی تەشکیلی جومهووریی کوردستان (کۆماری کوردستان) هاوکاری کردووە و سوێندی وەفاداری خواردووە[1] لە زیندانێ ئەدی زۆر شکەنجەی کرا" ئەم ئەزموونە تاڵە وای کرد کە باپیرم واز لە پیشەکەی بێنێ و ماوەیەک خانەنشین بێت.[2] باوکم سەردەمی خانەنشینبوونی باپیرمی لە بیرە و دەڵێ: "ئەدی ئەو وەکی[3] چۆغا خەلیلی برای، بەخت یاری نەبوو." هەر لە یەکەم ڕۆژانی خانەنشینبوونی هەرچی ئاژەڵ و ماڵی هەبوو دزرا و عەلی ماوە بە پێنج منداڵ و بێکار. باوکم سەبارەت بەو ڕۆژانە ئاوا بۆم دەدوا: "ئەدی ڕۆژەکی دەگەڵ باپیرت گا و گامێشانمان بردە سەر ڕووباری، پاش نانی نیوەڕۆیە ئەدی هاتینەوە بە دوویاندا لەوێندەرێ نەبوون. ئەدی هەر گامێشێک مابوو کە لە دەست دزەکان هەڵاتبوو، ئەوی کە[4] هەموو برابوون. زۆر گەڕاین نەماندیتنەوە". دواتر ئەم ئاژەڵانە –کە کەمیش نەبوون – لە گەوڕی ئاغای دێکەیان لە شنۆزەنگ بینراوە. ڕەنگە ئاغا و نۆکەرەکانی ئاژەڵەکانیان دزیبێ، بەڵام باپیرم هیچ بەڵگەیەکی بە دەستەوە نەبوو کە ئەم دزینە بسەلمێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا بوو و نەیوێرا نارەزایەتی دەربڕێت. باپیرم ماوەیەک خانەنشین و خەمۆک بوو و ئینجا چووە گوندی پەسوێ. لەو دێیەدا بەخت کەمێک ڕووی تێکرد. ئاغای دێ، واتە عەزیزاغا کە کوڕی قەرەنیئاغای مامەش بوو، پشتیوانی لێ کرد. خانوویەکی پێ دا و داپیرەم دیسان لە مدبەخی ئاغا نانی دەپێژا. پاش ماوەیەک ئاغا تەماح لە تاقە گامێشەکەی باپیرم دەکا بەڵام باپیرم مل نادا و لە ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی (١٩٥٦ز)

نەیتوانیوە دەستی بە سەردا بگرێ و هەتا هەنووکە نەیانتوانیوە حیزبە کوردستانییەکان ببەزێنن. لە سەدەکانی ڕابردوودا عەرەبە موسڵمانەکان کە پەلاماری ئێرانیان دا و بۆ ماوەیەکی کورت ئێرانیان داگیر کردبوو، هەرگیز بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ هێزە دەوڵەتییەکانی هیچ وڵاتێک نەیانتوانیوە قەندیل بگرن. زنجیرەچیای سەرکەش و جوانی قەندیل لە هەر دوو بەری ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانەوە سەری هەڵێناوە و لە ڕۆژاوای پیرانشارەوە هەتا چیای سەربەرزی دەڤەری جاسووسانی سەردەشت بەردەوامە. قەندیل هەمیشە دۆست و پشتیوانی خەباتکارانی کورد بووە و وا بزانم دێری بەناوبانگی «کوردان جگە لە چیاکان هیچ دۆستێکی دیکەیان نییە» لێرەوە سەرچاوەی گرتووە.

١. قۆڵ سووری دیموکرات

٢. ئەوەی بە سەر باپیرم هاتووە ئەزموونی هەموو ئەو کەسانەیە کە لە لایەن پێکهاتەکانی دەسەڵاتەوە لە ناوەندگەلی وەکوو زیندان و هەڵبەت هەندێ جار زیندانی ماڵی ئازار و ئەشکەنجە دەدرێن. ئەزموونە تاڵەکانی ئەم ناوەندانە وەک شتێ وەها کاری کردۆتە سەر زەین و ڕۆحیان کە خانەنشینی و خەساوبوون وەک ڕێگەچارەیەکی باش هەڵدەبژێرن. من پێم وایە ئەم خەساوی و گۆشەگیرییە هەر ئەو شتەیە کە ئامانج و دڵخوازی پێکهاتەی دەسەڵاتە.

٣. وەکوو

٤. دیکە

ڕۆشت بۆ جەڵدیان. ئاغای ئەم گوندە کاک عەبدوڵای قادری[1] ئامۆزای ئاغای پەسوێ بوو و ئەم دووانە هەمیشە ڕکابەرییان پێکەوە دەکرد.

نەنکم دەیگێڕاوە: "وەختایەکی ئاغا شکی خست کە باپیرەت دەیهەوێ بچێتە جەڵدیانی، چۆغای پەسوێی نارد بە دوویرا، ئەدی ئەوی بردە بەرهەیوانە گەورەکەی خۆی کە لە سەر گردە کۆنەکەی پەسوێیە و وتی: حەلی گیان! بیستوومە دەتەوێ بچییە جەڵدیانی. دەزانی ئێمە لەگەڵ ئاغای ئەوێندەرێ بەینمان خۆش نییە، کوێت پێ خۆشە بچۆ بەڵان[2] ئەوێ نا. نابێ دەرکی[3] ماڵەکەت لێ کەیتەوە و لەگەڵ خۆو[4] بیبەی." نەنکم خەڵکی گوندی ئازادی مەهاباد بوو و سەیرە کە ئەوەیە کە ئاغا هەندێ جار بە شۆخی و جەفەنگەوە باپیرمی بە ناوی زێدی ژنەکەیەوە بانگ دەکرد کە ڕەنگە لەبەر پێکهاتەی پیاوتەوەر و ئێتنیکانەی ئەو سەردەمانە بە لایەوە خۆش نەبوو.

ناوەڕاستی بەهار بوو کە باپیرم شەو و بە نهێنی بارگە و بنەی پێچاوە. درگای ماڵەکەی کە خۆی بە لێهاتوویییەوە چێی کردبوو دەرهێنا و بە سواریی چەند دانە گوێدرێژ و ئەسپەوە پەنای برد بۆ جەڵدیان. باپیرم هەتا کۆتایی تەمەنی هەر لەم گوندەدا ماوە و تەنانەت چەند ساڵێکیش باخەوانی کرد. وەک نەنکم دەگێڕێتەوە کە عەلی باپیرم بە هۆی نەخۆشییەکی کورت خایەنەوە لە پێ دەکەوێ و هەر زۆر زوو دەمرێت. چەند دانە پزیشکی خۆماڵی دێنە سەرینی و هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەن و تەنانەت کوێخا لە نەغەدە و مەهاباد دەیباتە لای چەند پزیشکێک، بەڵام سوودی نەبووە. پزیشکەکان وتبوویان تووشی نەخۆشییەکی خراپ هاتووە. ڕەنگە تووشی شێرپەنجە بووبێ کە بە ئیمکانیاتی پزیشکیی ئەوسا دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی مومکین نەبووە.

دەڵێن باپیرم پیاوێکی غیرەیی و بە زمانی ئەو سەردەمە ناموسپەروەر بووە و ڕوانگەیەکی توندوتیژی بەرامبەر ژنان و کچان هەبووە. دەگێڕنەوە کچی یەکێک لە خزمان ڕەدووی پیاوێک کەوتووە و دواتر بەخشراوە، تەنانەت خەلیل وەریگرتۆتەوە، بەڵام باپیرم کاتێ کچەی لە ماڵی باوکی دیوە پاڵێکی پێوە ناوە و تووپەتی؟ "کچەتیوەی خانەوادە! نامانەوێی." دیارە بە هۆی

---

١. کاک عەوڵای قادری و باوکی لە یارانی قازی محەمەد سەرک کۆماری کوردستان بوون و تەنانەت لە سەردانی ئەو و کابینەکەی بۆ یەکێتیی سۆڤییەت و دیداری لەگەڵ حکومەتی ئازەربایجان چوونەتە تەورێز. بنەماڵەی قادری بۆ بارزانییەکان و بەڵگە و بەڵگەنامەکانیان پەناگەیەکی ئارام بوون و لە لەوەڕگاکانی خۆیان کە لە نزیک سنووری عێراق بوو ئاژەڵ و مەڕەکانی مەلا مستەفایان ڕادەگرت. لەگەڵ ڕووخانی حکوومەتی شا نێوان ئەم بنەماڵە و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران تیک چوو و بۆ ماوەیەک چوونە کەرەج.

٢. ناوچەی موکریانی بەری پیرانشار و سەردەشت و .... بە بەڵام دەڵێن بەڵان.

٣. ناوچەی موکریان بە درگا دەڵێن دەرک.

٤. خۆت.

ئـەم ڕفتـار و هەڵسـوکەوتەوە منداڵـی باوەشـی ئـەو ئافرەتە برینـدار دەبێ! عەلی چەنـدە غیرەیی بـووە هـەر ئەوەنـدەش براخۆشەویسـت بـووە. کوێخـا خەلیلی فرە خـۆش ویسـتووە و ماوەیەکیش سـاردی و ناکۆکـی کەوتۆتـە نێوانیـان. کـە زانیویەتی کوێخا نەیـاری هەیە، لە گونـدی بەرکەمران شـەوانە بـە نهێنییەوە پاسـەوانی لە بەر ماڵەکەیـدا دەکرد، هەتا ئەوەی کـە ڕۆژێکیان کوێخاژن لە سـەربانەکەوە دەیبینـێ و مێردەکەی ئاگادار دەکاتەوە: "ئەدی شـەوان کە تـۆ دەنووی براکەت بە تفەنگـێ نگابانیـت بـۆ دەدا. دەبـێ هەر سـبەینێ بچییە ماڵـی و دەگەڵی[1] ئاش[2] بێیـەوە". باپیرم تفەنگچییەکـی بـاش بوو و شـان بە شـانی خەلیل لە هەر کوێ پێویسـت با شـەڕی کـردووە. هەم دژی مەنگـووڕان، هـەم وێـڕای پێشـمەرگەکانی حکومەتـی کوردسـتان و هێزەکانی مەلا مسـتەفا بارزانـی لـە بـەرەی بۆکان – سـەقز دژ بە سـوپای پەهلەویش شـەڕی کردووە.

کاتێـک باپیـرم لـە سـاڵی ١٣٣٧ی هەتـاوی (١٩٥٨ز)، کۆچـی دوایـی کرد، کەریمـی باوکم دوانـزە سـاڵان بـوو، دەیـوت: "ئـەوێ ڕۆژێ بە دەنگی گریە و شـیوەن لە خەو هەسـتام، بێ ئەوەی کـەس هیـچ بڵێ، زانیم باوکم مرد." لە گۆڕسـتانی جەڵدیان ناشـتیان و ژیانی باوکـم و مام و پوور و نەنکـم پـاش مەرگـی باپیـرم خـراپتر بـوو. ئامین شـەش منداڵی پێنەگەیشـتووی بۆ بـە جێ ما، دەچێتـە ماڵی ئاغا و دیسـان دەسـت دەکاتەوە بـە نانکردن[3].

نەنکـم پێـشتر بـە مەرگـی سـولەیمانی کـوڕی جەرگـی سـووتا بـوو، ئـەم جارەیـان بـە مەرگی مێردەکـەی پشـتی شـکا. سـولەیمانی کـوڕی دووەمـی بنەماڵـە بـوو. ئـەو و مامەکـەی تـرم واتـە ئەحمەد تووشـی نەخۆشـی "خورووکە" هاتن، خورووکە جۆرێک نەخۆشـیی پێسـتیی هەوکردنییە کـە لـە هاوڵـە دەچـێ و سـولەیمان بەوە تێدا چوو و ئاسـەوارەکەی بۆ هەمیشـە لە سـەر ڕووخسـار و چـاوی ئەحمـەد مایـەوە و چاوێکـی کوێر بوو. کاک عـەوڵا و کوڕەکانی پاش مەرگـی باپیرم زیاتر پشـتیوانیان لـە نەنکـم و یەخسـیرەکانی کـرد، بـەڵام ڕەنجـی لەدەسـتدانی بـاوک شـتێک نەبـوو کـە پوورەکانـم هـەر وا لەگەڵـی ڕا بێـن و ببێتـە هەتوانێـک بـۆ دڵ و دەروونـە هەڵقرچاوەکەیـان. بیرەوەرییـە تاڵەکانـی ئـەو زەمانـە هەتا ئێسـتاش کـە گـەورەن برینیـان دەکولێنێتەوە.

---

١. ناوچەی موکریان بەتایبەت بەری مەهاباد و پیرانشار و سەردەشت بە لەگەڵ دەڵێن دەگەڵ.

٢. ئاشت.

٣. کاک عـەوڵای قـادری. کاک عـەبڵا و باوکـی لـە هاوڕێیانـی قـازی محەمـەد سـەرۆک کۆماری کوردسـتان بـوون و تەنانەت لـە سـەفەری ئـەو و کابینەکیـدا بـۆ سـۆڤییەت و دیـدار و چاوپێکەوتنـی لەگـەڵ حکومەتـی ئازەربایجـان لـە تەورێـز بـوون. خانـەوادەی قـادری داڵدەیەکـی ئـارام بـۆ بازرانییـەکان و بەڵگـە و بەڵگەنامەکانیـان بـوون و لـە لەوەڕگاکانـی خۆیانـدا کـە لە نزیـک باشـووری کوردسـتان بـوو، ئـاژەڵ و مەڕەکانـی مـەلا مسـتەفایان ڕادەگـرت. لەگـەڵ ڕووخانـی ڕژێمـی شـا، نێـوان ئـەم خانـەوادە و حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێـران تێـک چـوو و بـۆ ماوەیـەک ڕوویـان کـردە ورمـێ.

لە قاودرانی شووکردنی شاراوەی نەنکم

پـاش وەفاتـی باپیـرم، ڕاگرتنی ئـاژەڵ و بەڕێوەبردنـی کاروباری ناو ماڵ کەوتە ئەسـتۆی باوکم و مـام ئەحمـەد وەک «کاردار» سـپێردرا بـە بنەماڵەیـەک. ئەوسـا وا باو بـوو کە منداڵانـی «کاردار» لـە بەریەتـی ئـەو کارەی کـە دەیانکـرد سـاڵانە بڕێکی دیاریکـراوی گەنـم، دەسـتێک جلوبەرگ و کەمێـک پەنیـری خۆماڵیـان[1] وەردەگـرت. خەجیـج، پـووری گـەورەم کە تـازە مێردەکـەی مردبوو، کاروبـاری ناوماڵـی لـە ئەسـتۆ بـوو. مامـم دەگێڕێتـەوە: «لـە پیاوەتـی ئاغـای و موسـڵمانبوونی خەڵکـی دێکـەی، زۆربـەی خەڵک بەشـی زەکاتەکەیان بە ئێمە دەدا و لـە جێژنەکاندا گەنم و جۆ و دانەوێڵەیـان بـە دیـاری دەدایـنێ. ئەدی وامان لێ هاتبـوو کە لە فەقیرەکانی نێـو دێ وەعزمان خـۆشتر ببـوو.» نەنکـم هـەر وا لە ماڵـی ئاغا نانی دەکرد و لـە ناو ژنانی ماڵی ئاغـا، لەوانەش بەگم و مریـەم خانـی ژنـی کاک عـەوڵا و خەجیجـی ئامۆژنی ئاغـا، ڕێزێکـی زۆری هەبوو.

ژیـان هـەر وا تێدەپـەڕی هەتا ئـەوەی کە نەنکم لە داپەڕێکی سـەیردا بە دزییەوە شـووی کرد. ئامیـن شـووی کـرد بـە کابرایـەک بـە نـاوی سـۆفی حەمەدەمیـن کـە خەڵکی ئـەو دێیە بـوو و ژن و منداڵیشـی هەبـوو. بەیانیانێـک کاتـێ ئامیـن هاتـە نـاو قەڵاخەکـەی[2] ئاغا، ژیانی بۆ هەمیشـە گـۆڕا. چەلەنگێکـی پـڕ لە سـکەی لە ژێـر کەڵەداڕێکدا دۆزییـەوە، هەڵیگرت و چوو بـۆ لای مێردە شـاراوەکەی. ئەوسـا ڕۆن کاڵایەکـی بەهـادار بـوو کە لە ترسـی دزران، کاگڵیان دەکردە سـەری و لـە تـۆی دیوارەکانـدا جێگیریـان دەکرد، ئێسـتا نەنکـم چەلەنگێکی ڕۆنـی دۆزیبـۆوە کە شـتێکی گرینـگتر لـە ڕۆنی تێـدا بوو.

بەسـەرهاتەکە بـەم شـێوە بـووە کـە دوو دز، کـە یەکیـان نۆکـەری ماڵـی ئاغـا بـووە، بـۆ دزینـی ڕۆن دەچنـە ماڵـی کابرایەکـی دەوڵەمەنـد بـە نـاوی مامـە مینـە و چـوار قوتـوو ڕۆنـی شـاردراو لـە تـۆی دیوارەکـە هەڵدەگـرن، کەچـی نازانـن قوتووەکـە پـڕ لـە سـکەیە. دزی یەکـەم بەشـی خۆی هەڵدەگـرێ دەڕوا بـەڵام دزی دووهـەم لـە قەڵاخـدا دەیشـارێتەوە و دەبـێ بـە هـی نەنکـم. ئـەو و مێردەکـەی زۆربـەی سـکەکەکان دەبەنە مەهاباد و خەرجـی دەکەن. لەناکاو ژیانـی نەنکم گۆڕا. جلوبەرگـی تـازەی کـڕی و چەنـد دانە ددانـی زێڕی دانا (ئەمە کارێک بوو کە ئەوسـا بـاو بوو و ئەو دەرەقەتـی ئـەو خەرجـەی نەدەهات) و شـێوازی ژیانی گۆڕا. هەموویان شـکیان بـۆ نەنکم دەچـێ و تێڕامابـوون کـە چـی ڕووی داوە، بـەڵام کاتـێ نهێنیـی شـووکردنەکەی لەقاو درا، هەمـووان وایان زانـی ئـەوە مێردەکەیەتـی کە دۆخـی ئابووریی نەنکمـی گۆڕیوە.

---

١. پەنیـری کـوردی لـە ڕووی ڕادەی خەسـتییەوە بریتییـە لە «مەیلە»، «پەنیر»، «لۆرک»، «شـیرێژ» کە ئێسـتاش لە سـەر سـفرە و خوانـی کوردەواریدا هەیە.

٢. قەڵاغ کۆگای کۆکردنەوەی تەپاڵە و دەوە یان تەرسـەقوول، کەمرە و پشـکەڵە کە لە پاشـەڕۆی وشـکبووی ئاژەڵەکان بەدی دێ و ئەوسـا بـۆ لێنـان و کوڵاندن بـە کار هاتووە. قەڵاخ لـە دەرەوەی ماڵەوە دایاندەنا.

پـاش مەرگـی باپیـرم، خەلیـل چەنـد جارێـک داوای لـە ئامیـن کردبـوو کـە بچێتـە نەغـەدە، تەنانـەت خۆشـی هاتە جەڵدیـان و داخوازییەکـەی لای ئاغا باس کرد. نەنکیشـم پەیوەندییەکی باشـی لەگـەڵ هێوەرەکـەی نەبـووە، هـەر بۆیـە قبووڵـی نەکـردووە و وتوویەتـی: «وەختایەکـی ئاتاجتـان بوویـن بـە جێتـان هێشـتین. ئێسـتا بـرات مـردووە دەتـەوێ جوبرانـی کەیـەوە؟» بـۆ دەتوانـی لـە کۆمەڵگایەکـی نەریتخـوازدا بـژی کـە فەرهەنگـی پیاوسـالاری باڵـی بە سـەر هەموو شـتێکدا کێشـاوە و لێی دەرباز بیت! هاوکات لەگەڵ لە قاودرانی هاوسـەرگیریی نهێنیی ئامین، خەجیـج پـوورە گەورەکـەم کـە ئافرەتێکـی باڵابـەرز و قەشـەنگ بـوو دڵـی دەچـێ لـە فەقێیەکـی گەنـج و لەگەڵـی ڕەدوو دەکەوێـت. فەقـێ لـە مزگەوتـی جەڵدیـان – کـە یەکێـک لـە قوتابخانـە ئایینییـە ناوداراکانـی ئـەو سـەردەمە لـە ناوچەکـەدا بـوو– خەریکـی خوێنـدن بوو.

کاتێـک کوێخـا خەلیـل ئەم ڕوودانە دەبینـێ، بێ سـێ و دوو هەڵدەسـتێ کۆمەڵـێ لە پیاوانی خـزم و کـەس دەنێـرێ بـۆ جەڵدیـان بـۆ ئەوەی خەجیـج بێننـەوە. لەگەڵ ئـەوەی دەگەنـە ئەوێ، فەقـێ دەترسـێ دەسـتبەرداری خەجیـج دەبـێ و هەڵدێ بـۆ باشـووری کوردسـتان و هەتا چەند سـاڵێک ناگەڕێتـەوە. خەجیجیـش دەچێتـە ماڵـی یەکێـک لـە خزمەکانـی لـە گونـدی باڵخچـی لـە نزیـک نەغـەدە بـۆ ئـەوەی مەسـڵەتی بـۆ بکـەن. پـاش کەمێـک کوێخـا خەجیجی بەخشـی و سـەرەڕای نارەزایەتیـی نەنکـم لـە پیاوێکـی گەنجـی مـارە کـرد کـە خزمی بووکـە گەورەکـەی بوو. خەجیـج دەچێتـە ماڵـە تازەکـەی لـە گونـدی گۆڵـێ[1]، بـەڵام خەجیـج بـە هـۆی نەبوونـی نەنکـم و نەبوونـی سەرپەرشـتیار و یەخسـیربوونی خوشـکەکانی، ناچـار گەڕاوتـەوە بـۆ جەڵدیـان و هەتـا ماوەیـەک چێشـتی بـۆ خوشـک و براکانـی لێناوە.

لـە بەهـاری سـاڵی ٩٣٣١ی هەتـاوی (١٩٦٠ز) کوێخـا لـەم دۆخـە وەڕەز دەبـێ، کـوڕە ناونجییەکـەی واتـە حەمەدەمین[2]ـــی لەگـەڵ کۆمەڵێـک کەسـی دیکـە نـارد بـۆ جەڵدیـان بـۆ ئـەوەی باوکـم و مامـم و پوورەکانـم ببـەن بـۆ نەغـەدە. ئەوانـی بـە هەمـوو بارگـە و بنەکانیانـەوە سـواری ئۆتۆمبێلێـک کـرد کـە پێیـان دەوت کامیـۆن گازی ڕووسـی و چـوون بـۆ کاروانسـەراکەی خەلیـل. ئـاوا بـوو کـە باوکـم و مامـم و پوورەکانم بە یەکجـاری بوون بە شارنشـین و لـە دوو ژووری خـوارەوەی کاروانسـەرای گـەورەی کوێخـا نیشـتەجێ بـوون. مامە ئەحمـەدم کە هەر لـەو دێیەدا

---

١. گونـدی گۆڵـێ لـە ٢٨ کیلۆمەترییـی شـاری نەغەدەیـە و لەبـەر تـاڵاوە پارێزراوەکـەی بەناوبانـگ بـووە کە ژینگـەی پەلەوەرە نایابەکانـە. گۆڵـێ بـە واتای ئەسـتێرک یان حەسـێڵە.

٢. یەکێـک لـە بەهێـزی و تایبەتمەندییەکانـی زمانی کوردی لەوەدایە کە وشـەی بیانی لە فیلتـەری جوگرافیا و زمانی کوردی تێدەپەڕێنـێ و وشـەکان بـە پێـی جـۆری دەربڕینـی خـۆی بێـژە دەکا، یەکێـک لـەو زمانانـەی کە وشـەکانی لە زمانـی کوردیدا لـە فیلتـەری زمانـی کـوردی تێدەپـەڕن و گۆڕانیان بە سـەردا دێ زمانـی عەرەبییە کە نموونەکەی وشـەی «محمد امین»ـــە کە لـە زمانـی کوردیـدا بـە پێی هـەر دەڤـەر و ناوچەیەک بە شـێوازی جۆراوجـۆر بێژە دەکـرێ: حەمەدەمیـن (ناوچـەی موکریان)، حەمەومیـن (هەوشـار و ئـەردەڵان، گەرمیـان، ....) و مینـە (زۆربـەی ناوچەکانـی کوردسـتان مینـە بـۆ محمدئەمیـن بـە کار دەبەن.

نۆکەری ماڵێک بوو، دەبا لەبەر گرێبەستەکەی هەتا کۆتایی پاییز لەوێ بمابایەتەوە و ئەمە تاکە دڵخۆشیی نەنکم بوو چوونکە بە جارێ لە منداڵەکانی دابڕابوو. دیارە ئاغای جەڵدیان دژی ئەم کارە بوو بەڵام کوڕەکانی کوێخا لە سەر ئەم کارە سوور بوون و هەر چۆنێک بێ فەرمانەکەی خەلیلیان جێبەجێ دەکرد. بابەتەکەش خانەوادەیی بوو، ئیدی ئاغا بێدەنگی نواند بۆ ئەوەی ناو دێ بەم بابەتەوە تێوەنەگلێیت.

ئامین بە ڕۆشتنی منداڵەکانی، تابشتی نەهێنا و فکر و زیکری لای منداڵەکانی بوون و دەستی بۆ هیچ کارێک نەدەچوو. بیری لەوە کردەوە کە مێردی دووهەمی هەرگیز جێی باوک بۆ منداڵەکانی ناگرێتەوە و دوای بەینێ تەڵاقی لێ وەرگرت و چوو بۆ نەغەدە بۆ ئەوەی چاوی لە منداڵەکانیەوە بێت. کوێخا لەگەڵ نەنکم قسەی نەبوو، دەری کردبوو و زۆر تووڕەتر لەوە بوو کە شووکردنەکەی قبووڵ بکات. چونکە کوێخا خەلیل پێی وا بوو کە نەنکم بە شووکردنی خۆی ئابڕووی تایفەی بردووە. هاتوچۆی پەیتا پەیتای بۆ ماڵی فاتمی خوشکی لە نەغەدە و بە نهێنیی بینینی منداڵەکانی ئەوەندەی دیکە کوێخای تووڕە کردبوو.

منداڵەکانی لە دووریی دایکیان ژیانێکی زۆر ئەستەم و دژواریان هەبوو. کاتێک چوونە ناو کاروانسەرایەک کە لە سەربازخانە دەچوو وردەوردە ڕەنگی یەخسیریان لێ نیشت. تەنیا هاتوچۆی پەیتا پەیتا و پاڵپشتیی خەجیجی تازەبووک کەمێک حاڵیانی باشتر کردبوو. ئەو دایکایەتیی بۆ خوشک و براکانی دەکرد و پشتیوانی لێ دەکردن. هەرچەند ژنانی تایفە نەیاندەهێشت منداڵەکانی کەمایەسییان ببێ، بەڵام کەس نەبوو بۆشایی دایک و باوکیان بۆ پڕ بکاتەوە. ئامین هێشتا لای ئاغاکانی جەڵدیان ئیشی دەکرد و کاتێ ئاغا ئەو بێئۆقرەیی و هەدانەدانەی بینی، کڵاو و مێزەری کردە سەر و چووە لای کوێخا و داوای لێ کرد کە نەنکم وەربگرێتەوە. ئامین ماوەیەک بە خەجاڵەتەوە ژیا و بەردەوام تێدەکۆشا تووشی بە تووشی کوێخا نەبێت. تاوانی لێ نەوەشابۆوە بەڵام هەتا ساڵەهای ساڵ پێوەی دەرگیر بوو کە ئایا کارێکی خراپی کردووە و ئایا بە ڕاستی ناپاکی لەگەڵ مێردە پێشووەکەی کردووە یان وەک ژنێکی مێردمردووی جحێڵ ئەو مافەی هەبوو کە دڵی لە پیاوێکی دیکە بچێ و لەگەڵی بژی. زۆرێک لە ژنانی ئەم وڵاتە قوربانیی ڕەفتاری کۆمەڵگان. سۆز و هەستی زۆرێک لە ژنان و پیاوان لە ناو کۆمەڵگا نەریتییەکاندا دەبنە قوربانیی پێکهاتەکانی ناو کۆمەڵگا. زۆر جار لە ناو کۆمەڵگا نەریتییەکاندا کە ناوەندی خانەوادە بە شێوەی خانەوادەی بەربڵاوە، ئامانج لە هاوسەرگیری زیادکردنی دەسەڵات و سامانی خانەوادە و بەرفراوانترکردنی خزم و پتەوترکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە و لەم چوارچێوەدا هاوسەرگیری لە سەر بنەمای عەشق و خۆشەویستی هیچ مانایەکی نییە و ئەوەی گرینگە پاراستن و پەرەپێدانی تەکووزیی کۆمەڵایەتییە. هەر لە سەر ئەم بنەمایە بوو کە هاوسەرگیریی نهێنییانەی نەنکم کاردانەوەی توندی لێ کەوتەوە. لەم سازوکارەدا تەنانەت پیاوانیش ملکەچی هاوسەرگیریی نەخوازراو دەبن. هاوسەرگیریی

دووبارەی پاش مەرگی مێرد لە ناوچەی موکریان لە چاو ناوچەکانی دیکەی کوردستان تا ڕادەیەک باوتر بووە، بەڵام لە کۆمەڵگا نەریتییەکانی ئەوسادا کە هاوسەرگیرییەکان زیاتر ڕاشکاوانە بووە، نەنکم بە دزییەوە شووی کرد و منداڵەکانیشی بەرەڵا کردبوو. ساڵانێک دواتر هاوسەرگیریی سێیەمی نەنکم و ڕووبەڕووبوونەوەی پیاوانی بنەماڵە بەرامبەر بەم بابەتە پیشانی دا کە کێشە هاوسەرگیریکردنەوەی دووبارە نەبووە بەڵکوو ئەوان دژی شووکردنە نهێنییەکەی بوون کە بە بێ ئاگاداریی گەورەکان کردبووی.

چەند ساڵ دوای مردنی کوێخا، ئامین لە سەر داوای مام حەوڵا[1] و مام قادر – کە هەردووکیان کوڕەکانی کوێخا خەلیل بوون – شووی بە پیاوێک کرد کە تازە ژنەکەی مردبوو. ناوبراو لە دێی هەوارەبی دەژیا کە لە ڕێگەی پیرانشار – نەغەدە بوو. پووره بچووکترەکانم بیرەوەریی ئەو ڕۆژانەیان زۆر بە ناخۆشی باس دەکرد. دیسان دایکیان لە دەست دا و چەندین جار هەستیان بە تارێنراوی کرد. دیسان ماڵی دایکیان لە جێیەکی دیکە بوو و بۆ بینینی دەبا مەودایەکی دوور و درێژیان ببڕیبایە. هەڵبەت ئەوەشیان نەدەشاردەوە کە نەنکم سەرباری ئەوەی خۆشی لە مێردەکەی نەهاتووە بەڵام باوەپیرەکەیان پیاوێکی چاک بووە و وەکوو باوک هەڵسوکەوتی لەگەڵ کردوون.

پاش ئەم هاوسەرگیرییە هەمووان نێوانیان خۆش بوو. نەنکم هەتا ئەو کاتەی مێردەکەی زیندوو بووە لە گوندی هەوارەبی ماوەتەوە، بەڵام هەمیشە بەم شووکردنە ناڕازی بوو و گلەیی و گازندەی خۆی بە نهێنی و بە ئاشکرا دەردەبڕی. خانەوادەی باوکیم و خانەوادەی مێردی نەنکم پێکەوە خزمایەتییان هەبوو و لەو کۆمەڵە کەسانە بوون کە لە دەڤەری مەحاڵی مەهابادەوە لەگەڵ کوێخا کۆچیان کردبوو و هێشتاش لەگەڵ خانەوادەی ئێمە پەیوەندییەکی باشیان هەبوو.

لە دابونەریت و فەرهەنگی کوردیدا بنەماڵەی باوکی ڕۆڵێکی گرینگیان لە سەر ژیانی تاکەکان هەبوو. دەوترێ خزمی باوکی پشتن، واتە وەکوو بڕبڕەی پشت وان. سەبارەت بە خزمی دایکی شتی وا نالێن و لە سیستەمی تایفەییدا زۆر بە خزم دانانرێن. هەر ئەوەی کە خزمی باوکی لە خزمی دایکی گرینگترە پیشاندەری هەژموونیی پێکهاتەی جیاکارانەی ڕەگەزێتی لە ناو سیستەمی تایفەیی ئەو سەردەمەیە. باوبوونی بیر و باوەڕ و پەندی پێشینیانی لەم جۆرە کە ئەم چەشنە ڕوانگانە بەهێز دەکەن فاکتەری ئابووریشی هەیە واتە ئەندامانی

---

١. یەکێک لە تایبەتمەندییە جوان و بەهێزەکانی زمانی کوردی ئەوەیە کە وشەی بیانی لە فیلتەری جوگرافیا و زمانی کوردی تێدەپەڕێنێ و وشەکان بە پێی جۆری دەربڕینی خۆی بێژە دەکا، یەکێک لەو زمانانەی کە وشەکانی لە زمانی کوردیدا لە فیلتەری زمانی کوردی تێدەپەڕن و گۆڕانیان بە سەردا دێ زمانی عەرەبییە کە نموونەکەی وشەی لە ناوچەکانی کوردستاندا عەبدوڵا کە وشەیەکی عەرەبییە بەم چەند جۆرە بێژە دەکرێ: عەبە، عەودە، حەوڵا، عەبڵا، عەودڵا. کە بەری موکریان بە حەوڵا بێژەی دەکەن.

خانەوادەی باوکی پاشناوی هاوبەشیانی هەیە و میرات لە یەکتر دەبەن و ئەگەر لە پاڵ یەکتر بن پێکەوە کۆمەڵێکی زۆر و بەهێز دروست دەکەن کە ئاسانتر دەتوانن بەرەنگاری ئەو هەڕەشانە ببنەوە کە لە ناو کۆمەڵگا نەریتییەکاندا بوونی هەیە. ئەم هەڕەشانە جیا لە هەڕەشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان کە لە نەبوون یان لاوازیی یاسایی لە لایەن خان و ئاغاکان و کەسانی ملهوورەوە بە سەر خەڵکدا دەسەپێنرا هەڕەشە ئابوورییەکانیشی دەگرتەوە. لە ناو کۆمەڵگا نەریتییەکان و لە نەبوونی دامەزراوەگەلی وەکوو بیمەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و هتد، ئەم چەشنە پەیوەندییە نەریتییانە کۆمەک و هاوکاری خەڵک دەکەن.

ئەمینی گرداشەوان

باپیری دایکیم خزمی خانەوادەی باوکیم بوون و خەڵکی مەحاڵ بوون. مینە قازی کاتی کۆچکردنی کوێخا خەلیل لە ناو کاروانەکەی ئەودا نەبوو و لەگەڵ باوکی لە مەحاڵەوە چوو بۆ لاجان. ئەو کەسانەی کە ئەو ڕۆژانەیان لە بیرە دەڵێن پاش ڕۆشتنی خەلیل کەسانی دیکەی ئەو تایفە گەورەش چوونە مەحاڵ. باپیرم باوکێکی نەخۆشی بووە. پاش مەرگی دایک و خراپتربوونی نەخۆشییەکەی باوکی، لە گوندی خاتوون‌باغ نامێنێتەوە، باوکە نەخۆشەکەی سواری ئەسپ کرد و لە جادەی مەیدان و مەهابادەوە بەرەو گوندی بەرکەمران وەڕێ دەکەوێ و لەوێوە دەچێ بۆ لاجان.

ناوی باپیرم حەمەدەمین بوو. دوای قازی حسێنی باوکی پێیان دەوت مینە قازی. باوکی قازییەکی زانا بوو و لە ناو خەڵکدا متمانەپێکراو بوو بە جۆرێک کە خەڵک بۆ چارەسەرکردنی شەڕ و قڕەکانیان پرسیان پێ دەکرد. لە ناو کۆمەڵگا نەریتییەکاندا کە سیستەمی داد وەکوو ئێستا بوونی نەبوو، پیاوماقووڵانی ناوچەکە وەکوو باوکی باپیرم پێگەیەکی بەرزیان بووە و گرێکوێرەی زۆرێک لە کێشە خێزانییەکان، شەڕ و قڕەی نێوان دراوسێکان و تەنانەت کوشتن و شتی لەو چەشنە ئەوان دەیانکردەوە.[1] باپیرم درێژەی بە ڕێگای ئەو دا و خەڵکیش، کە لەبەر بیرتیژی و دروستبوونی ڕا و بۆچوونەکانی متمانەیان پێی هەبوو، بۆ ڕاوێژ دەچوونە گەورەماڵەکەی لە گوندی گرداشەوان[2].

مینە قازی لە گرداشەوان بوو بە دووهەمین پیاوی دەوڵەمەند و خواپێداوی ئەو دێیە. لەگەڵ مام ڕەسوو کە خزمی بوو و لە یەکەم ساتی هاتنیان داڵدەی ئەو و باوکی دابوو پەیوەندییەکی باشیان پێکەوە هەبوو، بەڵام لە ناو ئەم دۆستایەتی و خرمایەتییەدا ڕکابەرییەکیش لە ئارادا

---

١. پێگەی ئەم جۆرە کەسانە کە پاشماوەی سیستەمی دەرەبەگی و عەشیرەیی بوون، لە سەردەمی مۆدێرن و لەگەڵ بیچم‌گرتنی سیستەمی داد وردەوردە کاڵ بۆوە.

٢. گرداشەوان = گرد + ئاشەوان

بوو. سەروەت و سامان نوێڵی سەرەکیی هێزی ناوچەیی بووە و کاتێک لە ڕووی دارایی و زەوی و ئاژەڵەوە خواپێداو بوایەی، خۆبەخۆ هەستت بە دەسەڵاتداری دەکرد.[1] زۆربەی دانیشتووانی گرداشەوان ئێستا چوونەتە پیرانشار یان شارەکانی دەوروبەر. هەڵبەت بێجگە لە خاڵۆکانی من و هەندێ لە کوڕەکانی خانەدانی محەمەدی مام ڕەسوو کە هێشتا لە دێدا ماونەتەوە. هەموویان لە شارەکانی دەوروبەر ماڵیان هەیە، بەڵام ژیانی لادێ و پەیوەندیی لەگەڵ سروشتیان پێ خۆشترە.

ئەو کاتەی کە لە مەحاڵ ژیانیان دەکرد، مینە قازی کە تەمەنێکی وای نەبوو، باوکە ناساغەکەی دەگەیێنێتە لاجان بۆ ئەوەی ببێتە میوانی خانەدانی کوێخا. لە ناو خانەدان و خزمانی خەلیلدا، ڕەسووڵ ناوێک هەبوو، لە نەوەکانی ڕەسووئاڵی و ئامۆزای کوێخا، کە پێیان دەوت مام ڕەسوو و ڕیش سپیی تایفە بوو. باوکی باپیرم واتە قازی حسێن لە مەحاڵ لەگەڵ بێوەژن ناوێک بە ناوی ئامین هاوسەرگیری دەکا کە خزمی مام ڕەسوو بوو. ژنێکی گورج و گۆڵ کە پێیان دەوت ئامینە گورگە. ئامین لە پێشدا شووی کرد بە کابرایەک بە ناوی برایم (کە باڵابەرز بووە و پێیان وتووە برایمە درێژ) و لە برایم دوو کوڕی بووە. برایم براگەورەی مام ڕەسوو بوو و باپیرم کە زڕمامی بووە پەنای بۆ بردووە. سەیر لەوەدایە کە مام ڕەسووشیان بە ناوی ڕەسووڵی برایمە درێژ دەناسی. چونکە لە منداڵیدا و پاش مەرگی دایکی برایمی برا گەورەی بە خاوەنی کردووە دواتر ئەویش بۆتە سەرپەرشتیاری براژنی و برازا و زڕبرازاکانی.

مینە قازی پێشنیار بە مام ڕەسوو دەدا لە بەریەتی ڕاگرتنی باوکی شوانێتی بۆ بکات. مام ڕەسوو کە پیاوێکی خواپێداو بووە و مەڕ و ماڵاتێکی زۆری هەبوو، ئامادە بوو کە هۆشی بە قازی پیرەوە بێت. ئەو و باپیرم لە سەر ئەو بەڵێنەی کە دابوویان سوور بوون. ئەوسا شوانێتی کارێکی هەر وا ئاسان نەبوو و شوانەکان دەبا لانیکەم چەندین مانگ لە چیای قەندیل بمایایەنەوە، بەڵام مینە قازی لەبەر باوکی لێی خۆش بوو و هەر لەبەر ئەوەش هەتا ئەو ڕۆژەی زیندوو بوو خەڵک تاریفی چاکەیان دەکرد. باپیرم کە هەر بە باپیر بانگم دەکرد پیاوێکی سەیر و کەمدوێ بوو. وەکوو زۆربەی پیاوانی کورد هەستی خۆی دەرنەدەبڕی و بە ڕووالەت سارد و سڕ بوو، هەڵبەت ئەم دەروون گەراییە ڕەنگە بە هۆی ژیانکردن لە ناوچە شاخاوی و سارد دەکان بێت. لە بیرمە کوڕەکانی لە کچەکان خۆشتر دەویست و زیاتر ئاوڕی لە نەوە کوڕییەکانی دەداوە.

باپیرم پێشتر لە بەرکەمران دەژیا و عایشێی هاوسەری، واتە نەنکم کە هەر خەڵکی

---

١. بە وتنێکی زانستی واتە سامان و دەسەڵات سازوکاری زۆر گرینگ و تەواوکەری یەکترن و دەتوانین بڵێین بۆ یەکتر پێویستن. بە درێژایی مێژوو تەنیا کەڵەکەبوونی سامان و سیستەمی دەسەڵات گۆڕاوە دەنا مژارە سەرەکییەکە هەر ئەوەیە وا بووە و لەوانەیە لە داهاتووشدا هەر وا بێت.

ئـەم گونـدە بـوو کـەمدوێ و سـادە بـوو و وەکـوو زۆربـەی ژنانـی ئـەو سـەردەمە لـە ئەمـر و نیـای[1] مێردەکەیـدا بوو.هەمیشـە قسـەی باپیرم بە لایـەوە گرینگ بوو. وا بزانم ئەویش هەر ژنێکی سـارد بـوو و نەمدەتوانـی لەگـەڵ نەنکـم یـان بـە زمانـی ئەوڕۆیـی لەگـەڵ دایهگـەورەم پەیوەنـدی سـاز بکـەم. هەڵبـەت ئەویش زۆر سـۆزی بۆ مـن دەرنەدەبڕی و ڕەنگە زانیبێتی کە بـە هۆی پەیوەندیی زۆر نزیکـم لەگـەڵ نەنکـی باوکیـم، ئـەو زۆر ڕووی پـێ نـادرێ و بـاش دەیزانـی کـە یارییەکـەی دۆڕانـدووە. لـەو ڕووەوە کـە کەسـایەتییەکی ئـارام و هێمنـی هەبـوو، دۆڕانـدن بـە لایەوە ئەسـتەم نەبـوو. مینـە قازی باپیرم لە سـاڵانی گەنجێتیدا شـوانێتی کردووە و فەن و فێڵی چێـوداری زۆر بە باشـی دەزانـی. وردەوردە لـە نـاو دەوروبەرییەکانیدا وەک پزیشـکێکی لێهاتووی ئـاژەڵ (بەیتاڵ) نـاسرا و ئەوەنـدە لـە کاری خۆیـدا لێـزان بـوو کـە زۆربـەی نەخۆشـییەکانی ئـاژەڵ و پەلـەوەری دەزانـی. ناوبـراو مـاوەی چەند سـاڵ ئاژەڵێکی زۆری بـۆ خۆی کۆ کردەوە و لە ڕێگەی شـوانێتی بۆ مـام ڕەسـووی مامی سـامانێکی باشـی پێکەوە نـا. دواتر کـە دەوڵەمەندتر بوو لەگـەڵ خانەوادەی مـام ڕەسـوو و کوێخـا خەلیـل لە بەرکەمرانـەوە چوونە گوندی کاسـەکەران و ئینجا لە گرداشـەوان نیشـتەجێ بوون.

بـە بۆچوونـی خەڵکی ئەو سـەردەمە مینە قازی ڕفتارێکـی پیاوانەی هەبـوو، خووخدەیەک کە دەبـووە هـۆی ئەوەی کەمتر کەسـێ بتوانێ دژی بووەسـتێت. کە لـە درگاوە دەهاتـە ژوورەوە ژنان و کچانـی بنەماڵـە خۆیـان دەشـاردەوە. نازانـم ئاخۆ لە شـەرم بـوو یان لە تـرس، بـەڵام زۆر خۆیان لـە قـەرەی نـەدەدا. باپیـرم نموونـەی دیاری ئـەو بـاوک و باپیرانە بوو کـە بۆ پاراسـتنی فەرهەنگی نەریتـی لـە کوردسـتان، بەتایبـەت لە نـاو گوندەکاندا خۆڕاگریـان دەکرد کەچی ئێسـتا نەماون و نابینـن کـە ئـەم فەرهەنگە ڕووی لە لەناوچوونـە. یەکێک لە نموونەکانی ئـەم فەرهەنگە جیابوونی ژن و پیـاو لـە کاتـی نـان خـواردن بـوو. لـە هەنـدێ لـە خانەوادەکانـدا تەنانـەت ژن و مێـرد لـە سـەر خوانێکیـش نانیان پێکـەوە نەدەخوارد و هەنـدێ لە ژنان بەتایبەت بووکـە جەحێڵەکان لای پیـاوان کاتێـک کە چایـی یان ئاویـان دەخواردەوە دەبـا ڕوویـان وەرگێڕابایە.

لـە هەمـووی سـەیرتر ئەوەیـە کـە زۆربـەی پیـاوان ژنەکانیـان بـە ناوی خـۆی بانـگ نەدەکرد و ژنانیـش زۆربەیـان بـە مێردەکانیـان دەوت باوکـی بـۆ نموونـە ئەحمەد یـان باوکی منـاڵان و ڕەنگە تەنیـا لـە خەڵوەت و شـوێنی تایبەتـدا بە ئاسـوودەیی بیانتوانیبایە ناوی هاوسـەرەکانیان بە سـەر زمـان بێنـن. هەڵبـەت بـە نـاوی بچـووک بانـگ نەکردنی یـەکتر لەبـەر شـەرم و حەیا بـوو و ڕەنگە ئەمـە فەرهەنگـی بـاوی ئەوسـا بووبێـت.[2] دایک و باوکـم هەتا ئەو کاتـەی زیندوو بـوون یەکتریان

---

١. ئەمر و نیا: گوێڕایەڵ، ملکەچ

٢. ئـەم فەرهەنگـە ڕەفتارییـە لـە دێرزەمانەوە لە زۆرێک لە ناوچەکانـی ئێراندا بوونی هەبووە. ئەگەرچـی ئەوڕۆکە کەم بووەتەوە بـەڵام هێشـتا لە هەندێ لە کۆمەڵـگا لادێییەکاندا ماوەتەوە.

بـە نـاوی "کچـێ" و "کـورە" بانـگ دەکـرد باوکم بـە دایکمی دەوت کچـێ و دایکیشـم باوکمی بە کـورە بانـگ دەکـرد، کـە بـە ڕای مـن جوانییەکـی تایبەتـی بـووە. بـۆ تێگەیـشتن لەم مەسـەلە دەبێ ناسـیارییەکی قووڵترمان لـە پەیوەندییەکانـی نێـوان ژن و پیـاو لـە ناو کۆمەڵـگا نەریتـی و ڕۆژهەڵاتییەکان هەبێ و چەمکگەلـی وەکـوو شـەرم و حەیـا بـە پێـی پێناسـەکانی خۆی بناسـین و لە مەبەستیان تێبگەین[1].

وێنەی ٧- سەردانی بابم بۆ لای مینە قازی لە کاتی نەخۆش کەوتنیدا، گوندی گرداشەوان، ١٣٨٢ی هەتاوی (٢٠٠٣)

قازیی نوێژنەکەر و کچەکەی

دایکـم تاقـە ژنێـک بـوو کـە کاریگـەری لـە سـەر باپیـرم دادەنـا و بووێرانـە دەیوێـرا بەرامبەری دانیشـێ و قسـە بکات. دایکـم ڕاوێژکاری گەورەی باوکی خۆی بوو. پێیـان دەوت ئامین، منداڵی سـێیەمی ماڵـەوە و کچـە گـەورەی خانـەوادە، کـە لـە هەمـوو بڕیـارە گرینگەکانـدا ڕۆڵـی هەبـوو و براکانـی بەتایبـەت بووکەکانـی گوێڕایەڵـی بـوون. باپیرم جگە لـە دایکم لەگەڵ هیـچ ئافرەتێکی تـر نێوانێکـی نزیکـی نەبـوو و ڕێگـەی بـە ژنانـی نـاو خێزانەکـەی وەکـوو هاوسـەر و بووکەکانـی نـەدەدا کـە ڕۆڵێکـی تۆخیان لـە بڕیارەکانیـدا هەبێت.

دایکـم ژنێکـی کورتەبـاڵا، چاوشـین، پێسـت سـپی و گۆنـا سـوور بـوو بـە زەردەخەنەیەکـی هەمیشـەییەوە. زیـرەک و بەتوانـا و تـا ڕادەیەکیـش سـارد و سـڕ بـوو. ژنێکـی پڕهەیمەنـە و سـەرنجڕاکێش بـوو، ڕەنگـە هەر لەبـەر ئەوەش بێ کە وەک سەرپەرشـتیار و فەرمانـدەی خانەوادە لـە قەڵـەم دەدرا. ناوبراو هەمیشـە کاروبارەکانی ئـەم بنەماڵەی ڕادەپەڕاند و لـە چوارچێوەی گوند و لـە نـاو فـەزای ژیانـی نەریتیـدا، سـەرکردایەتیی ئەوانـی دی دەکـرد. هەڵبـەت کاتێـک باس لە هەیمەنـەی دایکـم دەکـەم دەبـێ بەسـەرهاتەکە لـە ناو کـەش و هـەوای زاڵ بە سـەر ناوچەکانی کوردسـتانی ئەوسـا و لـە بەرامبـەر هەیمەنـەی پیاوانـەدا وێنـا بکـەن. دایکـم ئەو کەسـەی بوو کە دەیتوانـی لـە نـاو ئـەو پێکهاتـەدا ڕوانیـن و زەینییەتـی "ژن وەک بوونەوەرێکـی لاواز و ملکەچـی

---

١. یەکێـک لـە لێکەوتەکانـی حەیـا لـە ژیانـی هاوسـەرێتیدا دەربڕینـی ناشـەفافانەی ئـەو هەسـتانەیە کـە لـە ڕێگـەی زمانەوە دەگوازرێتـەوە. هـەر بۆیـە لـە فەرهەنگـی ڕۆژهەڵاتیـدا لە چـاو فەرهەنگی ڕۆژاوایـی هەسـتەکانیان زیاتر لە ڕێگەی جەسـتەوە دەردەبـڕن تـا زمـان؛ واتـە ژن و پیـاو لـە ناو بازنەی نەریتدا هەسـتەکانیان بـە زمانی جەسـتە دەردەبڕن. هەڵبەت ئـەم ڕەخنە لە جیهانـی ئـەوڕۆ دەگیـرێ و زیاتریـن لێکەوتەکەشـی کەڵکاوەژۆیی و نارِوونبوونی هەسـت زیاتر لە لایەن پیـاوە، بەڵام بۆ ئێمەی ڕۆژهەڵاتـی سـەرنجڕاکێشـیی خـۆی هەیـە و شـێعرە عاشـقانەکانمان پـڕ لـە ئامـاژەی چـاو و بڕۆیە. هەڵبـەت من وای بـۆ دەچم کـە ئـەم تێگەیشـتنە ڕوانینێکـی مۆدێرن بـۆ کۆمەڵگای نەریتییە و بـەو پێیەی کە تـا ڕادەیەک لەگەڵ ئەدەبیاتی خەڵکناسـی ئاشـنایەتیم هەیـە لەوانەیـە ئەم ڕوانگـە کەمێک ناهاودڵانـە بنوێنێت.

پیـاو" تووشـی شـک و گومـان کرد.

دایکـم هەمیشـە بـۆ ڕاپەڕاندنی کار و بڕیاری نوێ دەستپێشـخەر بوو. کـە هاوینی لێ دەهات بـۆ چنینـەوەی بەروبوومـی کشـتوکاڵ دەچووینـەوە بـۆ گرداشـەوان، شـان بـە شـانی بووکـەکان و پێـش ئـەوان لـە سـەر زەوی ئیشـی دەکـرد، دایکـم کـە لـە مێرمنداڵـی و پـاش هاوسـەرگیری لەگـەڵ باوکـم ببـوو بە شارنشـین، لە وەرزی درووێنـەوە و چنینەوەدا ڕژدانە ئیشـی دەکـرد. خاڵی پێچەوانەکـەی دایکـم تاقـە پوورەکـەم[1] بـوو (خالـێ، خوشـکی دایـک)، کـە شـووی کردبـوو بـە پیاوێکـی قسـەخۆش، سـادە و ناچـالاک لـە مەنگووڕەکانـی تایفـەی بـاب ڕەسـوو. هەرگیز کەس لـە لێکچوونـی ئـەم دووانـە تێنەگەیشـت و بـە تەگبیـری باپیرم، عەلی خاڵۆشـم لەگەڵ خوشـکی زاواکـەی هاوسـەرگیری کـرد و کردیـان بـە ژن بـە ژن.

باپیـرم کورتەبـاڵا بـوو و جیـا لـە کەسـایەتییە پڕهەیمەنەکـەی، زۆر زەحمەتکێـش بـوو. هەموو ڕۆژێ کاتژمێـر چـواری بەیانـی لـە خەو هەڵدەسـتا، هەڵبەت نە بـۆ نوێژکردن! ئـەو هەرگیز نوێژی نەدەکـرد و نەشـدەچووە مزگـەوت، ئەویـش لە نـاو کۆمەڵگایەکدا کـە لایەنە ئایینییەکـەی تۆختر بـوو و هـەر لەبـەر ئـەم ڕەفتـارە نائایینییـەی، هەمـووان پشـتەملە قسـەیان پـێ دەکـرد. تەنانـەت ئەوانەشـی کـە توندڕەوتـر و بێبـاکتر بـوون باپیرمیـان بـە گڵاو دەزانـی، بەڵام ئـەو لە سـەر ڕێبازی خـۆی سـوور بـوو. لـەو کۆمەڵـە و دانیشـتانەی کـە زۆر جـار لـە مزگـەوت بەڕێـوە دەچـوو یـان ڕێوڕەسـمی وەکـوو نوێـژی مـردوو یـان نوێـژی جەژنەکان بەشـداریی نەدەکـرد. هۆی ئـەم کارەی نازانـم. بـەڵام بـە شـێوەی نەریتیش موسـڵمان نەبوو. خۆزگە زینـدوو بوایە لێم بپرسـیبایە کە چی ڕووی داوە کە ئاوا لە ئایین وەڕەزە!

● وێنەی٨- دایکم، پاییزی ١٣٨٤ی هەتاوی (٢٠٠٥)

ڕەنگـە لەبـەر ئـەوە بووبـێ کـە پەیوەندییەکی نزیکـی لەگەڵ سروشـتدا هەبوو و سـاڵەهای ساڵ شـوانێتی کردبوو، یان ئەوەی کـە زانسـت و قـەزاوەت تێگەیشـتنێکی دیکـەی سـەبارەت بـە ئایین بـەو ئیلهـام کردبـوو. دەڵێـی سروشـت و قـەزاوەت لـە پاڵ یـەکتر بـە جۆرێـک لە جۆرەکان کاریگەرییان لە سـەر بیـر و باوەڕ و هەروەها کارلێکەکانی دانابوو و کەسـایەتییەکیان لێ دروسـت کردبـوو کـە خولیـای کاروبـاری ئایینـی و ئایینپـەروەری لەگـەڵ خەڵکـی ئەوسـا نەبـوو. ڕەنگـە بـە هـۆی دووریـی لـە کۆمەڵـگا و فشـارە فەرهەنگییەکانـەوە بووبـێ کـە وەهـا ڕۆحییەیـەک لـەودا

١. لـە کوردیـی کرمانجیـدا بـە خوشـکی دایـک دەڵێـن خالـێ کـە مێینـەی خاڵۆیـە. (خالـێ: خوشـکی دایـک / خاڵـۆ: بـرای دایک)

بیچمـی گرتبـوو.[1] ئەگەرچـی ئـەم فەرهەنگە بۆ دایکیشـم گوازراوە، کـە هەرگیز نوێژخوێـن نەبوو.

مینـە قـازی بەیانـان زوو لـە خەو هەڵدەسـتا کاتێـک هەمـووان دەخەوتن کێڵگـە و مەزراکەی ئاودێـری دەکـرد. نزیکـەی کاتژمێـر حـەوت کـە خەڵکـی نـاودێ لـە خـەو هەڵدەسـتان کارێکـی زۆری کردبـوو و دەگـەڕاوە بـۆ ماڵـەوە بۆ ئەوەی دیسـان بەرچایی بخوات. جارێکیـان کاتژمێر چوار و جارێکیـان کاتژمێـر حەوتـی بەیانـی نانـی بەیانانـی دەخـوارد و ئینجـا بێوچان ئیشـی دەکرد. باپیرمـم کـەمتر بـە دانیشـتنەوە بینیبـوو. مەگـەر ئەو کاتانـەی کە لە سـەر کورسـییەکی بەرامبەر مدبەخـە کۆنەکـە دادەنیشـت و پـێڵاو و چەکمەکانـی خێزانـە پڕحەشـیمەتەکەی پینـە دەکـرد. ئەوسـا پـێڵاوە جیـر و لاسـتیکییەکان، کـە پتر "سـەرەگا"یان پـێ دەگوتـن، پینـە دەکـران. مینـە قازی لەت و کوتی پێڵاوە کۆنەکانی بە تەڕدەسـتییەوە دەبڕی و بە شیشـێکی داغ لە سـەر یەکی دەتواندنـەوە و پێکـەوەی دەنووسـاندن. وەهـا شـارەزایانە ئـەم ئیشـەی دەکـرد کـە پینەکـەی بـە سـەختی دەبـینرا. پێـم خـۆش بوو دانیشـم و ئـەم کارەی ببینم. بۆنی لاسـتیک، ئـەو وردبینییەی کـە هەیبـوو و ئـەو چەقـۆ تیـژەی کـە چەرمەکەی پـێ دەبڕی، هێشـتا لـە زەینمـدا ماوەتەوە.

باپیـرم لـە هەفتـەدا ڕۆژێـک بـۆ بازاڕکردن دەچووە شـار، بەڵام کـەم وا پێش دەهـات کە وەکوو خەڵـک سـواری تراکتـۆر یـان مینیپـاس ببێـت. مینـە قـازی ئـەم ڕێگایـەی بـە پێیـان دەبـڕی. کاتێـک دوای ئاوارەبوونەکـەی[2] سـاڵی ١٣٥٩ی هەتـاوی (١٩٨٠ز) لـە پیرانشـار نیشـتەجێ بوویـن، هەمـوو هەفتەیـەک بە پیـادە دەهاتەوە ماڵـی ئێمە و پـاش ئەنجامدانـی کاروبارەکانی بە پیـادە دەچـووەوە بـۆ گونـد. کابرایەکی سـەیر بـوو وەک شـتێک چێژی لـەم خەڵوەتەشـی دەبرد. کاتێـک کاتژمێـر ٦ یـان ٧ بەیانـان لـە دەرگایـان دەدا دەمزانـی ئـەوە باپیرمـە هاتـووە و هەتـا بەر لـەوەی ژووری تایبـەت بـە خۆمـم ببـێ، هاتنـی باپیـرم، کۆتاییهاتنـی خەوەکـەم بـوو. بـە چـاوی

---

١. بـەو پێیـەی کـە پێکهاتـەی نەریتیـی کۆمەڵگای لادێیـی لـە سـەر بنەمـای کۆمەڵگەراییـە و یەکپارچەبوونـی تاکـەکان کارتێکـراوی ڕۆحیـی گشـتیی، واتە باوەڕە هاوبەشـەکانی لە نەریت و ئایینـەوە وەرگیراون، هەر بۆیە تاکـەکان ملکەچی ئەو بیر و باوەڕانـەن، چونکـە ئەگەر لاسـایی کۆمەڵگا نەکەنەوە سـەرکۆنە دەکرێـن و دەتارێنرێن. کەواتە ئەم تەکـووزی و هاوڕەنگییە بۆ ئـەوان کارکـردی هەیـە. بـەو پێیە لـە نەوەکانی ڕابردوودا ئەو کەسـانەی کە بە جۆرێـک لە جۆرەکان لەگەڵ جەمـاوەری لادێیی ناهاوڕەنـگ و ناتەبـا بـان کـەم بوون و ئەوەندە پێش نەدەهات کەسـێک بە بووێرییەوە ڕێز لە بیر و باوەڕە ڕاسـتەقینەکانی خۆی بگـرێ و تەنیـا لەبـەر خـوو و خدە، ڕێوڕەسـم و بـاوەڕە ئاینییەکان ئەنجام نەدات. لـەو ناوچە و بەتایبەت ئەو سـەردەمە ئەم جۆرە کەسـانە سەرزەنشـت دەکـران و گرینگیـدان بـە بیـر و باوەڕی گشـتی و بـاوەڕە بـاوەکان وای کردبوو زۆرێک لە خەڵـک تەنیا لە ڕووی ڕووالـەت و بـۆ ئـەوەی مـەلا ئـەوان لە مزگـەوت ببینـێ نوێژیان دەکـرد. ئەم ڕەفتارە دووفاقە و پشتبەسـتوو بـە ڕواڵەتبازییە ڕەوادارەی کـە لـە ناو سیسـتەمی دەسـەڵاتی ئایینیشـدا وەک دووڕوویی و زمانلووسـی بـۆ بەرژەوەندیخوازی لە قەڵـەم دەدرێ، پـاش شۆڕشـی گەلانـی ئێـران لە سـاڵی ٧٥٣١ی هەتاوی لە نـاو کۆمەڵـگای ئێراندا زیاتر پەرەی سـەند.

٢. لـەم کتێبـەدا بـە چەندیـن جـار دەسـتەواژەی ئاوارەیـی یـان ئـاوارە دەخوێننـەوە. ئـەم دەسـتەواژە هەرچەنـد لـە زمانـی فارسـییەوە نزیکـە بـەڵام لـە زمانـی فارسـیدا لایەنـی نەرێنیشـی هەیـە. بـە کورتـی ئاوارەیـی لـە ئەدەبیاتـی کوردیـدا بـە واتای ڕاگواسـتنی زۆرەملـێ و ڕۆشتن لـە شـارێکەوە بـۆ شـارێکی دیکە لەبەر گرژیی و نائارامیی سیاسـی و یان جەنگـە. ئێمەی کورد هـەم بـەر لـە جەنـگ ئێـران و عێـراق و هەمیـش لـە جەنگـی ئێـران و عێراقـدا ئاوارەیـیمان بـە سـەر هاتووە.

خەواڵـووەوە پێخەفەکەمیـان لـە ژووری میوانـەوە دەبـردە ژوورەکـەی دیکـە و هەوڵـم دەدا بخەوم، بـەڵام دەنگـی بـەرزی باپیـرم خەومـی دەزڕاند.

دایکـم چایـی، کەمێـک مێـوژ و خورمـای لـە سـەر سـینییەکە دادەنـا و پێکەوە لە پشـت درگا داخـراوەکان کۆبوونـەوەی گرینگی خانەوادەییان دەبەسـت. باپیرم چارەسـەرکردنی کێشـەکان، بڕیـاردان لـە سـەر پاشـەکەوت و هـەر مژارێکـی دیکـەی ئابـووری لای دایکـم بـاس دەکـرد. باپیـرم کـە خـۆی قازیـی چارەسـەرکردنی گیـر و گرفتەکانـی خەڵـک بـوو، لای دایکـم چـیتر ئەو پێگـەی قازیبوونـەی نەدەمـا و لەگـەڵ ئـەوە کێشـە خێزانییەکانـی چارەسـەر دەکـرد. لـە کۆتایی کۆبوونەوەکـەدا، ئینجـا نـۆرەی بەرچایـی بەکۆمـەڵ دەهـات و ئینجا باپیـرم نەدەمـا. زۆر جار نانی نیـوەڕۆی لەگـەڵ خاڵۆکانـم لـە کەبابەخانـەی بەناوبانگـی حەسـەن کەبابچـی دەخـوارد. خاڵـۆ عەلـی هەنـدێ جـار بـە بەرتیـل دنـەی دەدام کـە بـە نهێنـی گـوێ لـە قسـەکانی دایـک و باپیرم بگـرم و قسـەکانیانی بـۆ بگێڕمـەوە. لـە دنیای منداڵیـی خۆمدا هەندێ جـار ڕاڕایی دەبـووم کە لە بـری دەورێـک تراکتـۆر لێخوڕیـن شـۆفاری و کاری لـەو شـێوەی بـۆ بکەم.

خاڵـۆ عەلـی کـوڕی دووهەمـی خانـەوادە بـوو و زۆر خولیـای دەسـەڵات بـوو. هەر بۆیـە زۆر لە سـەر پەیوەندیـی نزیکـی نێـوان دایکـم و باپیـرم هەسـتیار بـوو و بگـرە ئێرەییشـی دەبـرد. ڕۆڵـەی نەریتێـک بـوو کـە دەیوت ئـەولادی نێرینە دەبـێ متمانەپێکـراوی باوکی بێ، بەڵام خوشـکەکەی جێـی ئـەوی گرتبـۆوە و ئەمـە لـە سـەر دڵـی گـران بـوو. هەڵبـەت لە گونـدا هەنـدێ لـە کاروبارە داراییەکانـی باپیرمـی چاودێـری دەکرد، بەڵام پێی خـۆش بوو بزانێ لە کۆبوونەوە هاوبەشـەکانی بـاوک و کچـدا کـە لـە پشـت درگا داخراوەکانـدا بەڕێـوە دەچـێ، چـی ڕوو دەدات. خاڵـۆ عەلـی شـۆفێری دەزانـی و ئۆتۆمبێلێکـی جیپـی شـابازی ئەمریکایـی هەبـوو، بـە خـۆی ڕادەگەیـی و پـێڵاوی چەرمـی وێڕنـی لە پـێ دەکرد کە پـێمان دەوت پـێڵاوی تەوریز. پاش ڕۆشـتنی خاڵۆکانم لـە ماڵـی باپیـرم ئەو سـاڵەهای سـاڵ لـە لای باوکی خـۆی مایـەوە. دەڵێن لەبـەر ئـەو پەیوەندییە تایبەتـەی کـە لەگەڵ باپیرە بوویەتی، پتر لە براکانی دیکەی لە ماڵ و سـامانی باپیرم سـوودمەند بـووە. هەڵبـەت دواتـر خاڵـۆ حەمـەدم کـە منداڵـی چـوارەم بـوو بـە زیرەکـی و بیرتیژیـی خـۆی و هاوسـەرەکەی کەوتە پێش هەموویان و ئێسـتا جەمسـەری سامان دەسـەڵاتی خانەوادە و گونده.

● وێنەی ٩- لە ڕاستەوە: خاڵە قادر، خاڵە عەلی، گوندی گرداشەوان، بەهاری ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی (٢٠٠٩)

خاڵۆ و خاڵۆژنەکانم چاک دەیانزانی کە دایکم تا چەندە دەستی بە سەر باپیرمدا دەڕوا و پێگەکەیان قبووڵ کردبوو. ئەم پەیوەندییە وەها پتەو بوو کە تەنانەت هەڵگیرانەکەشی نەیتوانی کار لە سەر باوکی بکا و باوکیشم بوو بە زاوا ئازیزەکەی باپیرم، تا ئەو ڕادەی کە بەشێکی بەرچاوی کاروباری دارایییەکەی لە ژێر چاودێریی باوکمدا بەڕێوە دەبرد. دایکم کچی گەورەی بنەماڵەکەی بوو و ئەو بووێرییەی تێدا هەبوو کە لەگەڵ ئەو کوڕەی خۆشی دەویست ڕەدوو بکەوێت. ئەو یەکەم کەسی ناو بنەماڵەکەی بوو کە دوای شووکردنی چووە نەغەدە بۆ ئەوەی ژیانێکی نوێ دەست پێبکا، ئەویش لە شارێکدا کە لە دێکەی خۆیان دور بوو. بەڵام دایکم بە شارنشینی و هاتنی بۆ ناو خێزانێکی گەورەتر و ژیان لە کاروانسەرا زۆرێک لە بژێرەکانی ژیانی فرەفەرهەنگی بەئەزموون کرد.

فەرهەنگی شاری و ئەو شێوازی ژیانەی کە شا هەوڵی دەدا لە سەرتاسەری وڵاتی ئێراندا یەکدەستی بکا، شێوازی ژیانی دایکمی گۆڕی و کارێکی وای کرد لای باوکی زیاتر قسەی دەڕۆیی. هەڵبەت زیرەکیی دایکم لە دروستبوونی ئەم پەیوەندییەدا بێ‌کاریگەر نەبوو. زۆر جار ماڵی باوکی بۆ یەکلاییکردنەوەی کاروبارەکانیان دەهاتنە لای ئەو. هەر کەس لە ماڵی باپیرم نەخۆش بکەوتبا دەهاتە لای دایکم کە بیبا بۆ لای پزیشک و نەخۆشخانە. هەر لەبەر ئەم هاتوچۆیانە بوو کە دایکم لە نهێنی و ڕازی ژیانی هەموویان ئاگادار بوو. کاروباری خێزانەکەی ئەنجام دەدا و خاڵی گرێدانیان بە ژیانی شاری بوو. دایکم بۆ ماڵی باوکی دادەی شاریان بوو، کە ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە چارەسەرکردنی نەخۆشی و ڕاپەڕاندنی کاروباری دیکە بە هاوکاری و تەگبیری دایکم جێبەجێ دەبوو.

باوکم بازاڕی بوو و ئەو دەسەڵات و توانایەی کە هەیبوو، بۆ کەسایەتیی پڕهەیمەنەی دایکم ببوو بە پاڵپشت و پێگەی دایکمی تۆکمەتر دەکرد. باوکم ڕۆڵی ڕاوێژکاری دارایی و بانکی دەگێڕا و کاتێک کە لە گوندا بەروبوومی کشتوکاڵ دەچنراوە و درووێنە دەکرا و پارە دەست دەکەوت، باپیرم داهاتەکەی دەدا بە باوکم بۆ ئەوەی بۆی ڕابگرێت. ئەویش وەکوو زۆرێک لە خەڵکی ئەوسا متمانەی بە بانکەکان نەبوو و هەڵبەت هەشبوون کەسانێک کە بە گشتی ئیشکردن لەگەڵ بانک و قەرز وەرگرتن لە بانک و دانەوەیان پێ حەرام بوو. باپیرم دەفتەرێکی بچووکی هەبوو و هەفتانە پارەی نەختی لە باوکم وەردەگرت. ئەم دەسەڵاتە لەبەر ئەو متمانە و باوەڕەی بوو کە باوکم لای باپیرم هەیبوو. خاڵۆکانم هیچیان خوێندەوارییان نەبوو و هەر ئەوەش وای کردبوو کە مینە قازی زیاتر بڕوا بە باوکم بکا و پشت بەو کەمە خوێندەوارییەی ببەستێ کە هەیبوو. هەڵبەت خاڵۆکانم و دایکم بۆیان نەلوا لە گوند بخوێنن دایکم هەوڵی دا خوێنەوار بێ و ماوەیەکیش دەچووە خولی نێهزەتی سەوادامووزی[1] بەڵام بە هۆی دەستپێکی جەنگی نێوان ئێران و عێراق و ئاوارەبوونەوە، وازی لێ هێنا. دایکم توانا و لێهاتوویی ئەوەی هەبوو کە بە خوێندەواری و بەشداریی پڕڕەنگی لە ناو کۆمەڵگادا چالاکتر بێ، بەڵام ئەو هەلەی بۆ نەڕەخسا. بۆ ئەو و زۆرێک لە ژنانی دیکەی وەکوو داپیرەم، ئامین، پووری خەجیج و زۆری دیکە.

بەسەرهاتی شکستی عیشقیی کەریم

کەریمی باوکم بەر لە دایکیشم عاشق ببوو. عاشقی خەجیج ناوێکی خەڵکی نەغەدە، و دەوروبەری ساڵی ١٣٤٤ (١٩٦٥ز)، چەند جارێک ناردبوویە خوازبێنی، بەڵام نەیاندابوویە. پاش ناڕەزایەتیی زۆر و ماندووهێنەر گەیشتنە ئەنجامی نەریتی ژن بە ژن.[2] ماڵی باوکی خەجیج وتبوویان کەریم چەند دانە خوشکی هەیە. ئەگەر کچی ئێمە ببێتە بووکی ئێوە، دەبێ لە بەریەتی خەجیج دوو خوشکی کەریم لە دوو کوڕی ئەوان مارە بکرێن. لەم نەریتە کۆنەدا کچ

١. نهضت سوادآموزی هەڵمەتێکی خوێندەوارکردنی نەخوێندەواران بوو کە لە ئێراندا بەڕێوە چوو.

٢. سەردەمانێک لە ناو هەندێ لە خانەوادەکاندا وا باو بوو کە ئەگەر کچی ماڵێ شووی بە کوڕی ماڵێکی دیکە بکردایە.. خانەوادەی کوڕە بە نیشانەی متمانە و ڕێز کچێکیان وەک بووک بەو ماڵە دەدا، ئەم نەریتە لەگەڵ ئەوەی گرفتێکی کۆمەڵایەتیی گەورە هەبوو و لێکەوتەی نەرێنیی زۆری وەکوو تەڵاق، پێکەوە نەسازانی هاوسەرە مەسڵەت لە سەر کراوەکان و هتد بە دواوە بوو بەڵام لە ناو کۆمەڵگای نەریتی و لە نەبوونی یاسا و ناوەندی پشتیوانی دەیتوانی وەکوو ئامرازێکی کۆنترۆڵکردن و چاودێری لە هەر دوو بنەماڵەکەدا دەور ببینێت. بە جۆرێک کە وەکوو ئەوە وا بوو کە خوشک و براکە پاڵپشت و ئاگاداری یەکتر بن چونکە هەموویان ئەندامی خێزانێکی گەورەتر بوون کەواتە هاوسەرگیرییەکە لێکیان هەڵنابڕێت. بەڵام ئەم نەریتانە لێکەوتەی خراپیشی هەبوو هەر وەکوو چۆن کە سیستەمە مۆدێرنەکانی پشتیوانیی لە ژنان و پیاوان و یان خانەوادە کەم و کۆڕیی خۆیانیان هەیە و هەرگیز بێ هەڵە و دادپەروەرانە نەبوون.

یـان کچانێکیـان وەک بەرێتـی[١] دەدا بـە خانەوادەی بـووک و تەنانەت ئەگەر بەم هاوسـەرگیرییە ڕازی نەبـان، دەبـا ببان بە "بن پشـک" ــی براکانیـان و بە ناچـار بێدەنگیان هەڵدەبـژارد. دەڵێی بێدەنگیـی ژنـان لـە ناو کۆمەڵگا نەریتییەکاندا شـتێکی باو بووە. باوکی خەجیج ئەم پێشـنیارەی خسـتە ڕوو و دەریخسـت کـە بەم وەسـڵەتە ڕازی نییە. مـام حەوڵا کوڕی گـەورەی کوێخا خەلیلی خوالێخۆشـبوو کـە باپیـری خانـەدان و جێگـرەوەی باوکـی بـوو، ئـەم پێشـنیارەی بـە دڵ نەبـوو و وتـی: "ئێـوە تاقـە کوڕێکتـان هەیە، بـۆچ داوای دوو کـچمان لێ دەکەن؟" باوکـی خەجیج وڵامی داوە:"کچێـکمان دەوێ بـۆ خاڵـی خەجیجـی[٢]، و ئـەوی کەشـیان[٣] بـۆ براکـەی". شـەڕ سـاز بـوو و گفتوگـۆ بـە هیـچ کـوێ نەگەیشـت.پوورە ئامیـن ژنـی کوێخا خەلیـل (کچانـی تایفـە "دایەلـێ" شـیان پـێ دەوت.) ژنێکـی بەهێـز و لـە ڕووالەتـدا هێـور و لەسـەرخۆ بـەڵام جنگـز و تـووڕە، پـوورە ئامیـن کـە ئەوسـا چاوەکانـی نووقرایـی داهاتبوو و بە باشـی نەیدەبینـی و ڕەنگـە کەمتاقەتتریش بووبـێ، کارێکـی سـەیر دەکات. دەچێتـە ماڵی باوکی خەجیـج و لە جەنگـەی دەمەقڕێدا دەڵێ: "مەگیـن[٤] کچەکەتـان دوو کونـی هەیـە کـە داوای دوو کـچمان لـێ دەکـەن؟" دیـارە ئـەم قسـە گۆڵمەزێکـی ناوەتـەوە و دۆسـییەی هاوسـەرگیریی باوکـم و خەجیـج بۆ هەمیشـە دادەخرێت.

بنەماڵـەی مامـی باوکـم زیاتـر سـەبارەت بـە منداڵەکان واتـە باوکـم و مامـم و پوورەکانم دوای مەرگـی باوکیـان خۆیـان بـە خـاوەن دەرخسـت و ئەوانیـان بـە هـی خۆیـان دەزانـی. سـەرباری ئـەوەی سـۆز و خۆشەویسـتییان ڕاسـتەقینە بـوو، بـەڵام بێگومـان وایـان وێنـا دەکـرد کـە ئەگـەر کەمتەرخەمـی بنوێنـن ئـەوا خەڵـک لـە پاشـەمڵە باشـیان ناڵێـن. هـەر بۆیـە دایمـە و دەرهـەم هۆشـیان بـە ژیانـی پوورەکانـم و مام و باوکمـەوە بوو. دواتـر پوورەکانم گێڕایانـەوە خەجیج پێیانی وتـووە، تۆمەتەکـەی کوێخـاژن نەیهێشـت ئەم وەسـڵەتە سـەر بگـرێ و لـە کەریـم دوور کەوتمەوە. پـاش ئـەم ڕووداوانـە، باوکـم دڵـی لـە دایکـم دەچـێ و پێکـەوە هاوسـەرگیری دەکـەن. خەجیـج هەمیشـە بـە زیـزی و دڵێکـی پـڕەوە دەیـوت: "داخـی گرانـم! کوڕێکی قـۆزی باڵابەرزی شـاری لە دێ ژنـی هێنـاوە. مـن ئـەدی حـازر بووم هەتا ئـەو ڕۆژەی لە حەیاتـێ ماوم نانی بکـەم و هەر خۆم خەرجـی زیندەگـیمان بکێشـم، وەلـی بـۆ کەریمـێ بـم." وێدەچـێ خەجیـج زۆری باوکـم خۆش ویسـتووە و ئەڤینداری بووە. بەڵام داب و نەریتی سـەیر و سـەمەری ئەو سـەردەمانە نەیدەهێشـت عاشـقان بـە یـەک بگەن.

بەسـەرهاتی ئاشـنابوونی باوکم و دایکم زۆر سـادەیە. بە پێچەوانەی هاوسـەرگیرییەکەیان کە

١. نرخ یان بایی شتێک کە مەبەست کچێکە لە بەریەتیی کچێکی دیکە کە خوازبێنی لێ کراوە.

٢. ناوچـەی موکریـان پیتـی «ی» زیادەیـان زۆرە و ئەم پیتی «ی» لە کۆتایی وشـەکاندا بە کار دەبرێ، بۆ وێنە: دەچمە شـاری، دەچمە لای خەجیجی ....

٣. ناوچەی موکریان بە دیکە دەڵێن کە، بۆ وێنە: کتێبێکی کە (کتێبێکی دیکە)، جارێکی کە (جارێکی دیکە)

٤. ناوچەی موکریان بە مەگەر دەڵێن مەگیم یان مەگین

زۆر ئاڵـۆز دەبێتـەوە! ئـەو ڕۆژگارانە لە لادێکاندا نەریتێکی زۆر خۆش هەبـوو کە تاکەکان لە کاری کشتوکاڵ، کاری ناوماڵ، تەونچنین، فەرش شتن یان دروێنە و دەسکەنە و چنینەوەی بەروبوومی کشـتوکاڵ، ئالیـکاری یەکتریـن دەکـرد و بەمەیـان دەوت هـەرەوەز یـان پیـاو بـە پیـاو[1]. هـەر ئـەو وەختانـەی وا خەڵکـی نـاو دێ خەریکـی هـەرەوەزی بـوون، باوکـم ڕێـی دەکەوێتـە گرداشـەوان. دایکـم ئـەو ڕۆژە کۆمەکـی ماڵـی مـام ڕەسـوو و ژنەکـەی کـە دەبێتـە کچـە مامـی باوکـم، دەکـرد. تەونێکـی گەورەیـان لـە مدبەخـی ماڵـەوە نابـووەوە و دایکـم ڕۆژی چەنـد کاتژمێـر لـەوێ تەونـی دەکـرد. ئـەو کاتـەی کـە ئامین لەوێ ئیشـی دەکـرد، کەریم دەیبینـێ و دڵیان لە یـەک دەچێت. کچـە مامەکـەی باوکـم کـە چاوەچاوکردنەکەیـان و هەڵسـوکەوتی سـەیری ئـەم دووانـە دەبینـێ، وەخـۆ دەکـەوێ و هەلێـک ڕێـک دەخا کـە پێکەوە قسـە بکـەن و پەیوەندییەک لە نێوانیاندا سـاز ببێـت. باوکـم ئـیتر لـەو وەختەوە لەو گەشـتانەی وا بـە نیـازی هاوکاریکردنی کوڕانـی محەمەدی مـام ڕەسـوو دەهاتـە ئـەو دێیـە، دایکمی لە کادێـن یان شـوێنەکانی دیکـە دەبینی.

کوڕەکانـی کاک محەمـەد بـە شـێوەی نافەرمی بە مینـە قازییان وتبوو کەریمی بـرازای کوێخا خەلیـل دڵـی لە کچەکەی ئێوە چـووە و دەیهەوێ بیخوازێـت. باپیرم وتوویەتـی: "ئەدی ژن بە کوڕی بێوەژنـان نـادەم". ئـەم قسـە تونـدە کـە بـۆن و بەرامـەی ئاشـکرای پیاوسـالاری لـێ دەهـات، خزمانـی باوکمـی ڕەنجانـد. مینەقـازی لەگـەڵ ئـەوەی لـە خزمانـی بنەماڵـەی باوکـی بـوو، زۆر ڕژدانـە دژایەتـی نوانـد. باپیـرم وای دەزانـی کـە ئەگـەر کچەکـەی بـدا بـە خێزانێکی بێخـاوەن و بێسەرپەرشـت، ئـەوە کچەکـەی لـە ژیانیـدا ئۆقرەیـی و ئاسایشـی نابـێ و خۆشـی نابینێـت. هەڵبـەت ئـەوەشمان لـە بیـر نەچێ نەیدەویسـت کچەکـەی لێـی دوور بکەوێتـەوە و بـڕوات بـۆ شـارێک کـە چەندین کاتژمێـر لـە گوندەکەیانەوە دوورە. ئەویـش لە سـەردەمانێکدا کە نە ئۆتۆمبێل



● وێنەی ١٠- بابم لە باکوری ئێران، شاری ئامول، پاییزی ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی (١٩٦٨)

١.لـە نـاو کۆمەڵگـە نەریتییەکانـدا بـۆ بەڕێوەبردنـی باشتری هێزی کار و سـەرمایە شـێوازی جیـاوازی هاریکاری لە ئـارادا بووە کـە سـازوکارەکەی هاوشـێوەی هەرەوەزییەکانـی ئەوڕۆیـە واتـە کۆمەڵێـک کـەس بـە گوێـرەی بـارودۆخ، سـەرمایە یـان هێـزی کاری خۆیـان بـە شـێوەی سـووڕگەیی پێکـەوە هاوبـەش دەکـەن کە ئەم هاوبەشـکردنە یاسـا و ڕێسـای تایبەت بە خـۆی هەیە بـۆ ئـەوەی مافـی کـەس بـە زایـە نەچێ و هەر کەسـێک بـە پێی ئەندازەی خۆی بەشـی پـێ بدرێت. ئـەم ناوەندانە لە ئێسـتادا وەک کۆنتریـن جـۆری نـاسراوی هەرەوەزییەکانـن کـە هەتا سـەردەمی هاوچـەرخ بەردەوامن.

بـوو نـە ڕێـگای قیرتاوکـراو و ئیمکانیاتی هاتوچۆ و ... بوونـی هەبوو. بیر و ڕای باپیرم سـەبارەت بە ئیـزن نـەدان بـەم هاوسـەرگیرییە لـە نـاو پێکهاتـەی فیکـری و نەریتـی ئەو سـەردەمەدا شـتێکی ئاساییە.

باوکـم کـە وڵامـی "نا" دەبیسـێ، زیز دەبـێ، بەڵام لـەو ڕووەوەی کـە پیاوانی ئەڤینـدار بووێرتر لـە ئەوڕۆکـە بـوون و هـەر وا بـە ئاسـانی ملیـان بـە دۆڕانـدن نـەدەدا، هـەدای نـەداوە و لـە چەنـد قۆناغـدا کەسـانێکی نـارد بـۆ خوازبێنیـی ئامیـن. پیاوماقـووڵان و ڕدێـن سـپییەکانی تایفـە لـە نەبوونـی کوێخـا خەلیـل لەگەڵ کوڕە گەورەکـەی چوونە گرداشـەوان و هەموو بـە وڵامێکی "نا"وە گەڕانـەوە. هـەر لـەو ڕۆژانـەدا یەکێـک لـە ئامۆزاکانـی مامـم کـە گەنـج و هـەرزەکار بـوو بـە چەند ئەسپسـواری چەکـدارەوە شـەوانە دەچنـە بـەر درگای ماڵـی باپیـرم لـە گونـد و پشـێوی دەنێنەوە و بـە لاف لێدانـەوە دەڵێـن: "خـۆو بـە چ دەزانـی ئـەدی ژنمان پـێ نـادەی؟" بەڵام ئـەم کارانەش کاری نەکـردە سـەر باپیـرم و بگـرە لـە سـەر نەدانـی ژن بـە کەریـم سـوورتر بوو.

ڕاکردنی گەورە!

کەریـم وازی نەهێنـا. ئامینـی دەویسـت و هیـچ ڕێگـە دەرەتانێکـی نەبـوو جگـە لـەوەی هەڵیبگرێـت. نەریتـی ڕدووکەوتـن (بـۆ کـچ) هەڵگرتنـی کـچ (لـە لایـەن کوڕ) لـەم ناوچـەدا هەتا ئێسـتاش بەردەوامـە، بـەڵام لـە چـاو ڕابـردوو ڕێـژەی کـەم بووەتـەوە و هێشـتا لەبـەر چەنـد هۆکار ئـەم کارە دەکرێـت: هەنـدێ جار کچـە لەبەر ئەوەی زەخت بکاتە سـەر بنەماڵەکەی هەڕەشـەیان لـێ دەکا کـە ڕەدووی ئـەو کـوڕە دەکـەوێ و زۆرێک لە بنەماڵەکانیش لە ترسـی ئـەوەی ئابڕوویان نەچـێ ملکەچـی داخوازییەکـەی دەبـن. هەنـدێ جاریـش ڕووداوەکـە بـە جۆرێکـی دیکەیـە و کچـە لەبـەر ئـەوەی بە بـێ ڕەزامەندیی خـۆی لە پیاوێکـی دیکە مـارە کـراوە، ڕەدووکەوتن لەگەڵ پیاوێکـی دیکـە هەڵدەبژێرێـت. هەڵبـەت هەنـدێ جاریـش ژنێکـی هاوسـەردار کـە چەنـد دانـە منداڵـی هەیـە ڕەدوو دەکەوێـت.

قبووڵکردنـی وەهـا ڕووداوێـک لـە ناو کۆمەڵگـەی بچووک و نەریتیـی لادێکاندا زۆر ئەسـتەم و چەتوونـە و هەنـدێ جاریـش پێشـهاتی ناخۆشـی لـێ کەوتۆتـەوە. زۆرن ئـەو خانەوادانـەی کە لە سـەر ڕەدووکەوتنـی ژنـی منداڵدار، بـوون و نەبوونی خۆیـان دۆڕاندووە و کار گەیشـتووەتە کوشتن. لـە فەرهەنگـی فولکلـۆری کوردیـدا بەسـەرهاتی تراژیـک و عاشـقانەی زۆر سـەبارەت بە عەشـقی نـاکام هەیـە کـە "مـەم و زین" و "خەجـێ و سـیامەند" لـە بەناوبانگترینەکانن. "سـووڕی دەوران" شـاکارێکی مامۆسـتا هێمنە[1] کـە بە لاسـاییکردنەوە لـەم ڕووداوانـە، گێڕانەوەی چیرۆکی عەشـق،

---

١. حەمەدەمیـن شـێخولئیسلامی موکریـان نـاسراو بـە هێمـن یان هێمـن موکریانـی (لەدایکبـووی سـاڵی ١٩٢١ زایینی لە شـاری مەهابـاد، کۆچـی دوایـی لـە ١٦ ئاپریلـی سـاڵی ١٩٨٦ زایینـی لە شـاری ورمـێ)، شـاعیر، وەرگێڕ و نووسـەر بوو.

ڕاکردن و مەرگی جەوانێکی ڕووناکبیر لەگەڵ کچی شا دەکا بە شێعر. بوونی ئەم چیرۆکە پێشینە و قووڵایی مژاری ڕەدووکەوتن و هەڵگیرانی لاوان و گەنجان لە ناو دڵی چیاکانی کوردستاندا پیشان دەدات.

لە ئەنجامدا باوکم بە هاوکاریی فەقێ حەسەن‌ی کوڕی کاک محەمەد کە خوێندەواری لادێ بوو و قورئان‌خوێن بوو بڕیاری دا دایکم هەڵبگرێت. کاتێک چەندین جار چۆتە خوازبێنی و نەیانداوە دەبا کارێکی کردبا و ڕەنگە ویستبێتی بەم شێوازە نیازپاکیی خۆی بسەلماندبایە و بە پێداگریکردن لە سەر عەشقەکەی، بە شێوەی فەرمی هاوسەرگیری بکات. گەورەترەکان ملیان بە عەشقی باوکم و دایکم نەدەدا و نەیاندەهێشت بە یەک بگەن. پەڵپ و بیانووەکانی ماڵی باوکی دایکم لۆژیکی نەبوو و ڕەنگە نەریتی ڕەدووکەوتنی کچ پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر بۆ هاوسەرگیرییەکی ئاسایی، جۆرە نارەزایەتییەکی ژنانە دژ لەم نەریتە هەڵانە بوو. بەشێک لە کۆمەڵگەی نەریتیی ئەوساش پاڵپشتی ئەم کارەی گەنجان بووە و تێدەکۆشان لە دادگایەکی گشتیدا – ڕەنگە هەر ئەو شتەی کە پێی دەوترێ بیر و ڕای گشتی – خانەوادەکان بەم کارە دادگایی بکەن و ئاسانکاری بۆ بە یەکگەیشتنی کچ و کوڕی عاشق بکەن.

بەر لە ڕەدووکەوتنی دایکم، حسەین و فەقێ حەسەن، کوڕەکانی کاک محەمەد، باوکم و خاڵۆ عەلی بۆ دانیشتنێک بانگهێشت دەکەن بۆ ئەوەی بە هاوتەگبیری نەخشەیەک بۆ ئەم هەڵگرتنە بدۆزنەوە. خاڵۆ عەلی کە بە هیوای هاوسەرگیری بوو و دووردوور دڵی بە پووره کولسوومەوە بووە (خوشکی باوکم)، بە باوکم دەڵێ: "ئەدی توو[1] کولسوومی خوشکت بێنە منیش ئامینی دێنم" بۆ ئەوەی خوشکەکانیان بگۆڕنەوە و بە دوور لە چاوی گەورەکانی هەر دوو بنەماڵەکە و بە پێچەوانەی نەریتی باوی تایفە، ژن‌بەژنە بکەن. ئامین قبووڵی دەکا چونکە خۆشی لە باوکم هاتبوو و پێی خۆش بوو شووی پێ بکات. پووره کولسوومم تەمەنی کەم بوو، هیچ لەم کەین و بەینەی پیاوانەی نەدەزانی. خاڵۆ عەلی و باوکم لە شوێنێکدا بە ناوی کانی خودا لە نزیک گرداشەوان، بۆ قسەکردن و هاواهەنگی لەبارەی ئەم ژنهەڵگرتنەوە، چاوپێکەوتنێکی نهێنی ساز دەکەن.

نازانم چی ڕووی دا کە بڕیارەکەیان تێک چوو، بەڵام پاش ماوەیەک باوکم دایکم هەڵدەگرێ و پیلانی خاڵۆشم لە قاو دەدرێت. باپیرم زۆر تووڕە دەبێ و شەڕی لەگەڵ دەکا کە بۆچی بەم کەین و بەینەی زانیوە و پێشی بەم ئابڕووچوونە نەگرتووە. هەر لەوێ دەڵێ: "ئەدی ملی گەوادیت دانەواند، شەرت بێ بە شەرتی پیاوان ناهێڵم دەستت بە کولسوومی بگات!" ئەگەر نەخشە و پیلانی ئەو چوار پیاوە لەگەڵ پێوەرەکانی ئەو سەردەمە لێک بدەینەوە، دەبینین زۆر مۆدێرنانە و بووێرانە بووە و جێی سەرسووڕمان نییە کە لەو فەزایەدا بۆ ماوەیەکی زۆر بە شۆخی

---

١. ناوچەی پیرانشار بە تۆ دەڵێن توو.

و گاڵتە و بە جیدی ئەم بڕیارەی خاڵۆ عەلیمیان پێ گەوادی بووایە!

باوکم شەوی بەر لە ژنهەڵگرتنەکەی بە هاوکاری و کۆمەکی فەقێ حەسەن و فاتمی دایکی (هاوسەری کاکە محەمەدی مام ڕەسوو) لە کادێنی ماڵەکەیاندا خۆی شاردەوە. نەیدەویست بەر لە کاتی دیاریکراو کەس ئەو لە ناو دێدا ببینێت. هەمووان باش دەیانزانی دڵی بە کچی مینە قازییە خۆ ئەگەر بیاندیبا بە باپیرمیان ڕادەگەیاند و دایکم نەیدەتوانی ڕەدوو بکەوێت. هەر ئەو کاتەی کە باپیرم لە کادێن خۆی شاردبۆوە، دایکم لە شەوەزەنگدا بە بیانووی ئەوەی کە سەوڵە[1] دەدا بە سەگەکان، هاتە دەرەوە و خۆی گەیاندە لای باوکم. دایکم بە نەنکمی وتبوو دەچم نان بدەم بە سەگەکان. نەنکم وتبووی درەنگانە بەڵام دایکم بڕ و بیانوو دێنێتەوە کە سەگەکان برسیانە و با زۆر نەوەڕن. دایکم سەوەتەیەکی نان و پرێسکەیەکی (بوخچە[2]) بچووک کە تەنیا جلێک و کەمێک نان و پەنیری تێدا بووە خستییە بەر پشتێندەکەی و شاردییەوە و لە ماڵ دەرچوو. ئامینی تەمەن ١٤ ساڵ لەگەڵ کەریمی تەمەن ١٧ ساڵ ڕەدوو کەوت، بەو هیوایەی کە خانەوادەکەی مل بە داخوازییەکەی بدەن و ڕازی بە هاوسەرگیریی شەرعییان بن.

باوکم بیری لە پاسەوان و بە زمانی ئەورۆیی بادیگاردیش کردبووەوە و پیاوێکی چەکداری مراد ناوی لەگەڵ خۆی هێنابوو. کەریم و ئامین بە پێی خواسی و بە هەڵاتن وەڕێکەوتن و گەیشتنە سنووری کوێستانیی گرداشەوان. خانەوادەی باپیرم هەر زوو هەستیان بە نەمانی دایکم کرد و زانیان چی ڕووی داوە. باوکم هەمیشە بە تامەزرۆییەوە دەیوت: "لەو شەوە تاریکەیدا، من و ئامین بووین و کابرایەکی چەکدار لە بەرامبەر دە دانە پیاوی چەکدار کە لە بەری لادێوە بە سواریی ئەسپ دەهاتن و لە دووی[3] ئێمە دەگەڕان". باوکم و دایکم لە ژێر تاشەبەردێک لە نزیک زێدەکەی باوکم، واتە گوندی بەرکەمران، خۆیان حەشار دابوو، شوێنێک کە لە پشت گوندی شێڵمجاڕانە[4] کە لە بەری ڕۆژهەڵاتی گرداشەوان بوو. ئەوان بە ترس و دڵەڕاوکێوە بیریان لە ئەنجامی ئەم دڵداریە دەکردەوە. هەر دوو هەرزەکار بوون. سەرباری ئەوەی خۆیان بڕیاریان دابوو کە لە ناو دڵی کێوەکاندا خۆیان بشارنەوە، بەڵام لە ئەنجام و دوایی ئەم مەترسیخوازییە دەترسان. تەنانەت پیاوە چەکدارەکەی وا لەگەڵیان بوو ئەویش دەترسا کە لە لایەن پیاوانی گوندەوە بکوژرێت. دەنگ و هەرای باپیرم و پیاوانی لادێیان

١. نانێکی نیوەبرژاوە کە دووژەمە ئێوارە و بەیانان دەیخەنە بەر سەگ. کێشی ئەو سەوڵانە ڕەنگە هەتا یەک کیلو ببێت.

٢. ئێستا کە باسی بوخچە هاتە پێشەوە دەبێ بڵێم لە زمانی کوردیدا پەندێکی پێشینیان هەیە کە بۆ کچانی پاکیزە و کوڕانی سەڵت بە کار دەبرێ کە بە مانای ئەوەیە کە وەکوو بوخچەی نەکراویەتەوە ئەمە پەندەکەیە: "دەڵێی بوخچەی نەکراوەی."

٣. ناوچەی موکریان بە "دوای ..." دەڵێن "دوو ...." بۆ وێنە: "بە دوایدا گەڕام..."؛ "لە دووی گەڕام ...".

٤. شێلم جاڕان گوندێکی سەر بە میرەدێی لاجانە

دەبیست کە لێیان نزیک دەبوونەوە، بەڵام بەخت یاریان بوو و لەو تاریکیی شەوەدا، نە باپیرم کە بە دەم جنێودانەوە لێیان دەگەڕا و نە هیچ کام لە پیاوە چەکدارەکان نەیانیاندۆزینەوە و لە پاڵ تاشەبەردەکە تێپەڕین. دایکم و باوکم و کابرا چەکدارەکە ئەوەندە ڕاوەستان هەتا پیاوەکانی گوند دوور کەوتنەوە. ئینجا لە بەرکەمرانەوە بەرەو پەسوێ و پاشان بۆ بەیانی گەیشتنە گردکشانە. ئۆتۆمبێلێکی دەربەستیان گرت و خۆیان گەیاندە نەغەدە و چوونە کاروانسەرا. پوورەکانم (خوشکی باوکم) دەگێڕنەوە کە دایکم کچۆڵەیەکی وردیلە بووە کە دەستێک جلی سووری چیتی لەبەردا بوو و لەگەڵ ئەوەی کەریم و ئامین دێنە ناو حەوشەی کاروانسەراکە، پوورە مریەمم جلەکەی خۆی دەکاتە بەر دایکم بۆ ئەوەی بووکی گەورەیان لای ئەوانی تر کەم نەهێنێت.

لە فەرهەنگی کوردەواری و زۆر فەرهەنگی هاوشێوەی دیکەش، قۆناغی یەکەمی ڕەدووکەوتن ئەوەیە کە لە خانەوادەی هەر دوو لا (کچ و کوڕ) ڕاسپاردەگەلێک بۆ مەسڵەت دەچنە ماڵی باوکی کچە. بەیانیی ئەو شەوەی کە کەریم ئامینی هەڵگرتبوو مەسڵەتخواستن و دانوستان دەستی پێکرد. چەند کەس لە پیاوماقووڵانی تایفە و تەنانەت نوێنەری مەلای نوێی هەینیی نەغەدە دەچنە لای باپیرم. بەڵام باپیرم کە سەرخوار ببوو، ڕژدانە دژایەتی کرد. خۆشی دەیزانی دژایەتییەکەی هیچ ئەنجامێکی نابێ، بەڵام ملی نەدەدا. خەڵکی کوردستان لە ڕووی فیقهییەوە سەر بە مەزهەبی ئیمام شافێعین و بە گوێرەی بنەماکانی ئەم ئایینزایە کچ بۆی نییە بە بێ ئاگاداری و ڕەزامەندیی باوکی لە کەسێک مارە بکرێ، بەڵام مینە قازی باش دەیزانی کە لە عورف و نەریتی کۆمەڵگادا ئەمە دانی پێدا نراوە کە ئەگەر پیاوێک چەند جار بچێتە خوازبێنیی کچێک و نەیدەنێ، ئەوە کچە دەتوانێ بە بێ ئیزنی باوکی و بە بریکاریی کەسێک لە جەدی باوکی، خۆی لە پیاوی دڵخوازی مارە بکات[1].

ڕاسپێدراوەکانی باوکم حەڕەشەیان لە مینەقازی کرد و پێیان ڕاگەیاند کە کچەکەی دەتوانێ بە بێ ئیزنی ئەو، خۆی مارە بکات. باپیرم بەم فێڵە، ڕازی بوو. بەڵام چ ڕازیبوونێک .... وتی: "نەمەویست کچە بدەمە دەستی کەریمی کە بیباتە شاری، ئەمما ئێستا کە وای لێ هات، یەکێ لە خوشکانی کەریمی دەبێ بدرێ بە قادری کوڕی گەورەم." باپیرم دەیزانی عەلی دڵی بە کولسوومەوەیە بەڵام لەبەر ئەوەی لێی تووڕە بوو، داوای کولسوومی بۆ قادر

---

١. لە سەردەمانی کۆندا بەم جۆرە هاوسەرگیەیان دەوت "حاشاکردن". بە پێی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە ئەگەر کچو کوڕێک پاش قۆناغی باڵقبوون بە نابەدڵیی دایک و باوکی خۆیان خوازیاری هاوسەرگیریکردن لەگەڵ یەکتر بوو و لە سەر ئەمە پێداگر بووایەن، سەرەڕای نارەزایەتیی دایک و باوک، هاوسەرگیرییەکەیان بەربەستی یاسایی نەبوو و بە "حاشاکردن" تۆمار دەکرا. لەم نێوەندەدا کچە ئاخ دەکرا و لە میرات بێبەش دەکرا، مەگەر ئەوەی کە دایک و باوکی بە ڕەزامەندیی خۆیان شتێکیان پێدابا و یان وەسییەتیان کردبایە کە میراتێکی پێبدەن. ئێستاش لە کوردستاندا کچ بە ئیزنی باوک و بە وەکالەتی کەسێک لە تایفەی باوکی بە پێی مەزهەبی ئیمام حەنەفی مار دەکرێت.

دەکرد. خاڵۆ قادر بە پێچەوانەی خواستی خۆی ئەو کچەی وا مارەی کردبوو بە ناچاری تەڵاقی دا و لەگەڵ کولسووم هاوسەرگیری کرد!

● وێنەی ١١- بابم و دایکم، پیرانشار، ١٣٦٤ی هەتاوی (١٩٨٥)

تاوانی ئەم تووڕەیی و بڕیارە پیاوسالارییانەی باپیرم، نەک هەر خاڵۆ عەلیم، بەڵکوو قادر و دەزگیرانەکەی دایانەوە و بوونە قوربانیانی ئەم ماجەرایە. خانەوادەی باوکیم لە بەریەتیی خوێن کولسوومیان دا بە قادر و پووره بچووکەکەم بوو بە ئامرازی مەسڵەت بۆ ئەوەی شەڕ و قڕە نەکەوێتەوە. کولسووم تەمەنی لە ناو سێزدە ساڵاندا بوو و ئەم شووە نابەدڵە ژیانی فەوتاند. ئەویش وەکوو زۆرێک لەو کچانەی کە لە وەها قەیرانێکدا گرفتار دەبن، گریا و دڵی بەوە خۆش دەکرد کە هەر هیچ نەبێ دەبێتە ژنی خاڵۆعەلی کە قۆزتر و جوانچاکترە، بەڵام دەسەڵاتی باپیرم لە خەیاڵەکانی کولسووم بەهێزتر بوون.

لەو ساتەدا مام حەوڵا وتبووی ئەمە تاکە ڕێگایەکە کە دەبێتە هۆی ئەوەی هاوسەرگییەکەی کەریم و ئامین بێ دوژمنی و ناکۆکی بێت. کولسووم دەیقیژاند و دەگریا و بە بێ ئەوەی نە قادر و نە عەلی بینیبێ، دەیوت:»باشە ئەنگۆ بێڵن شووی بە حەلی[1] بکەم، خۆشیم لە قادری نایا.« بەڵام مام حەوڵا لە دژی وەستا و ئەم زەماوەندە سەری گرت. ساڵەهای ساڵ شەرمەزارییەک لە نێوان پووره کولسووم و خاڵۆ عەلی و تەنانەت لە نێوان خاڵۆ عەلی و خاڵۆ قادر لە ئارادا بوو.

دواجار دایکم لە باوکم مارە کرا و زەماوەند گیرا. پاییزی ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی (١٩٦٥ ز) پیاوماقووڵەکانی تایفە هەر لەو کاروانسەرایەدا شاییەکی شکۆمەندیان گرت. بۆ خانەوادەی مامم و ئامۆزاکانم زۆر گرینگ بوو کە ئامۆزاکەیان سەرباری نەبوونی باوکی شاییەکی ئاوا ڕازاوەی گرتووە. لە ناو ئەو شایی و خۆشییەدا تەنیا دڵە ناسکەکەی کولسووم خەمین بوو، بەڵام لەبەر برا و دایکی بە سەر خۆی نەدەهێنا و لەگەڵ کوڕان و کچانی تایفە لەو حەوشە گەورەدا سێ چکەیی و سێ پێیی[2] هەڵدەپەڕین.دوو هەفتە دواتر بنەماڵەی باپیرم هاتن بۆ

١. حەلی: عەلی

٢. دوو جۆر هەڵپەڕین هەیە کە ئێستا زۆر کەم بە کار دەبرێت. هەڵپەڕینی کوردی یەکێک لە پێوەرە دیارەکانی فەرهەنگی

ئـەوەی کولسـووم ببەنـە دێ. کوێخـاژن بەرامبـەر بـە باپیرم دانیشـت و زمـان درێژییەکی دیکەی کـرد. ئەوسـا کـە ئۆتۆمبێـل کـەم بـوو وا بـاو بـوو خانـەوادەی زاوا بـە چەنـد دانـە جیپـەوە دەهاتنە دوای بـووک و ئەگـەر ڕێگاکەیـان دوور بـا، بەیانیـی زوو بووکیـان دەبـرد بـۆ ئـەوەی بـۆ کاتـی نانـی نیـوەڕۆ (فراوێـن) بگەنـە ماڵیان.

پـوورە ئامیـن کـە بینـی خانـەوادەی زاوا بە ئۆتۆمبێلێکەوە هاتـوون و تەنیا باپیرم و دوو کەسـی دیکـەی تێدایـە، دڵگـران دەبێ و دەیکاتـە بۆڵەبۆڵ: ئەدی مینە قازی! بە یەک ماشـێن هاتوونەتە دووی بووکەکـەو؟ وات دەزانـی ئـەم کیـژە بێکەسـە و ئێمە دێڵین تۆ بە ماشـێنێک بیبـەی؟ دەبێ دوو جیپـی دیکەشـی بـۆ بگـری و بیهێنـی. ئەویـش شـابازی هامریکای[1]،دەنـا بووکـێ نادەیـن.» ناوبـراو پێداگـری دەکـرد کـە ئەگـەر ئۆتۆمبێلەکانـی کولسـووم هەتـا بـەر دەرگای ماڵـی خۆی لە گرداشـەوان بـەڕێ نەکـەن، ئـەوە زەماوەندەکە سـەر ناگرێت. لـەوەدا بو کە باپیرم قەڵـس بوو و بە تووڕەییـەوە وتـی: «پـوورە ئامێـن مـن ئێسـتا ماشـینی یان شـۆفێری لـە کوێ بێنـم». پـوورە ئامین ملـی نـەدا و وتـی: مینـە قـازی ئـەوە لـە بیـرت چـوو کـە داوای ژنمـان لـێ کـردی ئـەدی نەتـدا و کێشـەکەت قـووڵ کـردەوە. ئێسـتاش ناهێڵم ئـەو کچە فەقیرە هـەر وا دەگەڵ خۆت ببـەی». ئیتر پـوورە ئامیـن بـوو بـە بـراوەی شـەڕەکە و باپیـرم ناچـار بـوو دوو ئۆتۆمبێلـی دیکـە بـۆ بردنـی بووک بـە کـرێ بگرێـت. باپیـرم خـۆی سـواری ئۆتۆمبێلێـک بـوو و بـووک لەگـەڵ پیاوێـک و ژنێکی خزم سـواری ئۆتۆمبێلێکـی دیکـە دەبـن و ئۆتۆمبێلی سـێیەم کەسـی تێدا نەبـوو بۆ ئـەوەی وەک پوورە ئامیـن داوای کردبـوو بـووک هەتـا ماڵەوە بەڕێ بـکات. پوورە ئامیـن ژنێکی سـەلار و بەزاوتە بوو و بـە شـێوازی خـۆی هەوڵـی دەدا بەرگری لـە مافەکانـی هێوەرەزاکانی بـکات. ئـەو هێوەرەزایانەی کـە جگـە لـەو و خانەوادەی پشـتیوانی دیکەیـان نەبوو.

بەسەرهاتی هاوسەرگیریی کولسووم ئەوەندە کاری کردە سەر من کە ساڵی ٢٠٠٥ کاتێک لە لەندەن خوێندکاری زانکۆ بووم، ئەوەم وەک بەسەرهاتێک نووسی و لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامەی

خەڵکـی کوردسـتانە کـە پێشـینەی چەندیـن هەزار سـاڵەی هەیـە. هەڵپەڕکێی کوردی سـەمایەکی فرەچەشـنە کە لـە هەموو چەشـنەکانی هەڵپەڕینی کوردیدا کەسـی یەکەم "سـەرچۆپی" پێ دەوترێ، دەسـتماڵ بە دەسـتە و لە لای ڕاسـتی بەشداران ڕادەوەسـتێ و وەک ڕابـەری ئـەم سـەمایە لە قەڵەم دەدرێت. سـەرچۆپی کێش بازنـەی هەڵپەڕینەکە ئاراسـتە دەکات. هەروەها کەسـی دوایـی کـە لە لای چەپی بەشـدارانی هەڵپەڕینەکەوەیە و دەسـتماڵێکی بە دەسـت چەپەوەیە کـە خوارترین پلەی ئەم زنجیرەیـە و پێـی دەڵێـن "گاوانی". هەموو بەشـدارانی ناو هەڵپەڕینەکە لە ناو هەڵپەڕینەکەدا بەشـدارن و خاڵی جێی سـەرنج ئەوەیـە کـە بـە بـێ جیاکردنـەوەی ڕەگەزێتیـی، ژن و پیاو لە پاڵ یەکتر و دەسـت لە ناو دەسـتی یەکتر بەشـێک لەم کۆیە پێک دەهێنـن. فەلسـەفەی هەڵپەڕکـێ بـە یەکسـانی و یەکێتی لـە قەڵەم دەدرێـت (غوڵامی، محمـدی پوور و غوڵامـی، هەڵپەڕکێ از منظر تاریخ و اسـطوره).

١. لای پیرانشـار و سەردەشـت و ئـەم ناوچانـە بە ئامریکا دەڵێن هامریکا و ئەو پیتی (ی)ـەش لـە زاراوەی موکریانیدا زیادییە و هەمیشـە هەیە وەکوو دەچمە شـاری.

گاردییەن[1] چاپ کرا.لە گێڕانەوەی مندا پوورە کولسووم کچێکی جحێڵە و لێوانلێوە لە سۆز و دنیایەکی تەژی لە خەیاڵ و خەونی کچانە. ڕێک لەم کاتەدا، یاسا و ڕێسا توند و بێبەزەییەکانی دەوروبەری، دنیا ژیکەڵەکەیان ڕووخاند و جگە لە هەستی بێدەرەتانی و لاوازی کە بەرهەمی ڕەگەز و ئافرەتبوونەکەیەتی، هیچی پێ نەما. هەڵبەت جیا لە پوورە کولسووم و خاڵۆ عەلی و خاڵۆ قادر پیاوانێکیش هەبوون کە نەریت و ڕێساکانی کۆمەڵگای تایفی، لە هەڕەتی مێرمنداڵی و لاویەتییەوە گاڵتەی بە غرور و هێزی نێرانەیان کرد و خەساندبوونی. ئەوانیش قوربانیانی دیکەی ئەم نەریت و فەرهەنگە بوون.

ماڵاوا کوێخا

مەرگی گەورەکان لە ناو ئەو کۆمەڵگایەی وا تێیدا پێگەیشتم، مانایەکی دیکەی هەبوو و پیشانی دەدا کە کۆمەڵگا جلی نەریتی لە خۆی داماڵیوە و بەرگێکی تازەی لەبەر کردووە. فۆرمی نەریتیی فەرهەنگی شارەکان و تەنانەت گوندەکانیش دەگۆڕا و ئەو سیستەمە نەریتییەی کە دژی وەرچەرخان و گۆڕانکاری سەرکەشیی دەنواند، وردە وردە کاڵ بۆوە. گەورەی خانەوادە کە بە باشترین شێوە هێمای بەرگری لە نەریت و ژیانی نەریتیی باڵادەست بەسەر خانەوادە بوو، هێواش هێواش لە ناو چوو و سیستەمی خانەوادە بەردەوام گۆڕانکاریی زیاتری بەئەزموون دەکرد.

سەرباری هەموو ئەم گۆڕانکارییە نوێگەرێتییانەی کە لە ئێرانی دوای دەیەی چلی هەتاوی لە ناو پێکهاتەی خانەوادەدا ڕووی دا، هێشتاش لە زۆرێک لە ناوچەکانی کوردستان خانەوادەگەلێک هەن کە لەگەڵ باپیر و نەنک و منداڵ و نەوەکانیان لە ناو ماڵێک و حەوشەیەکی گەورەدا ژیان بە سەر دەبەن، بەڵام هەر ئەوەش گۆڕانکارییەکی گەورە بوو. چیتر کەسێک بۆ هەموو ئەندامانی تایفە بڕیاری نەدەدا و بۆ هاوسەرگیریی منداڵەکانیان خۆی تێهەڵنەدەقورتاند. ئەم گۆڕانە، لە جۆری خۆیدا وەرچەرخانێکی مانادار بوو کە لەگەڵ تێپەڕینی کات گۆڕانکاریی بچووک و گەورەی دیکەی لە ناو خێزانە ئێرانییەکان و بەتایبەت کوردەکاندا دروست کرد. هەر ئەم گۆڕانکاری و وەرچەرخانە هێورانەیە، کە کاڵبوونەوەی نەریتە زیانبەخشەکانی[2] ناو کۆمەڵگا و بە هۆیەوە ناو بنەماڵەی لێ کەوتەوە.

---

1 . https://kameelahmady.com/fa/gender-inequalities-in-kurdistan

٢. پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە نەریتەکان خۆیان لە خۆیاندا بێ کاریگەرن و ناتوانن بە تەواوەتی زیانبەخش بن چون ئامانجی نەریت باشترکردنی کارکردی کۆمەڵگایە نەک زیان پێگەیاندنی. مەبەستی من لەم کتێبەدا بەکارهێنانی زاراوەی نەریتە زیانبەخشەکان بۆ ئەو نەریتانەیە کە سروشتێکی زیانبەخشیان هەیە و یان لە لایەن ئەندامانی کۆمەڵگاوە خراپ فام کراون و هەر ئەم بەدفامکردنە بۆتە هۆی زیانگەیاندن بە هەندێ لە ئەندامانی ناو کۆمەڵگا و یان ئەو نەریتانەی وا نەیانتوانیوە شان بە شان لەگەڵ گەشە و گۆڕانی کۆمەڵگادا خۆیان هاواهەنگ بکەن لە ئەنجامدا لەگەڵ پێکهاتەی نوێی

شارنشینی لە ئێراندا تا دەهات زیاتر پەرەی سەند، شانەی نەریتی و سیستەمی ئاغا – ڕایەتی کەمڕەنگ بۆوە و پێکهاتەی دەسەڵات لە ناو بنەماڵەکاندا گۆڕانی بە سەردا هات. هەر لەبەر ئەوە بوو کە مام حەوڵا زیاتری ژیانی خۆی تەرخانی هاتوچۆی نێوان خانەوادەکان، سازدانی ئاشتی و هێمنی و ڕاوێژکردنیان دەکرد. ڕەنگ و بۆنی ئەم ڕاوێژکارییانەش زیاتر خۆدزینەوە لە نەریتە دەست و پێ گیر و خەسارهەڵگرەکان بوو و ئاشکرایانە سیستەمی هاوبەشی دەبووە جێگرەوەی سیستەمی تاکڕەوانە. وەک شتێ دەسەڵاتی ناوەند بەرەو نەمان دەچوو کە لە ناو کۆمەڵگای شاری و مەدەنیدا فۆرمێکی لامەرکەزی و بە جۆرێک ڕاوێژکاری بە خۆوە دەگرت.

ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی (١٩٦١ ز) کوێخا خەلیل لەبەر پیرێتی کۆچی دوایی کرد و چەند ساڵ دوای ئەو واتە لە ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی (١٩٦٦ ز) پووره ئامینیش کە بینایی لەدەست دابوو، ماڵاوایی لە ژیان کرد. پرسە و سەرەخۆشییەکەیان لە مزگەوتی گەورەی نەغەدە و ئینجا لە کاروانسەرا ماوەی چەند ڕۆژی خایاند. لەم هاتوچۆیانەدا بوو کە هەندێ لە خزمانی نادیار و فەرامۆشکراو کە لە شارەکانی بۆکان و مەهاباد و نەغەدە دەژیان، یەکتریان دۆزییەوە. کوێخا، گەورەی خانەدان بوو و هەتا کۆتایی تەمەن دەسەڵات و هەیمەنەیەکی بوو کە کەس نەیدەوێرا دژایەتی بکات. ئەو یەکەم کەس بوو کە زۆربەی ئەندامانی تایفەکەی شارنشین کرد و ئەوەندە خاوەن هەیمەنە بوو کە خزمە دوور و نزیکەکان تەنانەت ئامۆزا و ئەندامانی دیکەی خێزانەکەی لە دەڤەری مەحاڵی مەهاباد و شنۆ و لاجان بۆ جێبەجێکردنی کاروباری تایبەتی و کۆمەڵایەتیی ژیانیان پشتیان بەو دەبەست. کاتێک پیر بوو، دەستبەجێ عەبڵای کوڕی یان هەمان مام حەوڵا جێی گرتەوە و هەتا ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوی (٢٠٠٣ ز) جێگرەوەی باوکی بوو. مام حەوڵا لە پیرانشار بە هۆی جەڵتەی دڵەوە کۆچی دوایی کرد. ئەو زۆریش پیر نەبوو، گرفتی زۆر بوو. پاش کەمێک ئامۆژنە فاتمیش لە دونیا ڕۆیشت.

مام حەوڵا ئەوەندە خۆی لە ماڵ کۆکردنەوە و بازرگانی وەرنەدەدا و بە پێچەوانەی پێگەکەی لە ڕووی ماڵی و ئابوورییەوە لە چاوی خانەوادەکانی دیکە، هەمیشە لە ئاستی مامناوەند بوو. پاش مردنی مام حەوڵا بە هۆی ئەو ناکۆکی و کێشانەی کە لە ئارادا بوو، باوکم بە شێوەی نافەرمی هەندێ کاروباری هاواهەنگیی خزمانی وەکوو ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری، سەرەخۆشی، جەژن و ئەرکە ئابووریەکانی لە ئەستۆ گرت.

کوێخا خەلیل و مام حەوڵا سەر بە دوو نەوەی جیاواز بوون، لە دوو ڕۆژگار بە پەیوەندیی جۆراوجۆر و دوو ڕۆحییە و شێوازی ژیانی تایبەت بە خۆیان. ئەوان جیاوازیی تەمەنی و بەرەییان بوو و هەر لە سەر ئەو بنەمایەش دەتوانین جیاوازیی خووخدە، بڕیاردان و تەنانەت

کۆمەڵگا نەگونجاون و کاردای پێشووی خۆیان لەدەست داوە و لەگەڵ پێکهاتەی نوێی کۆمەڵگا هاواهەنگ و کۆک نین.

هەڵسوکەوتیان لە ناو خێزاندا تاوتوێ بکەین. کوێخا بەسام و لەخواترس بوو، بەڵام مام حەوڵا سەرەڕای ئەوەی لە باوکی دەچوو، شێوازی ڕابەرایەتییەکەی جیاواز بوو. لەو سەردەمەدا وەها پێویست بوو کە خەلیل بەهێز و خۆخوازتر بێ، چونکە کاری گەورەی بە دەستەوە بوو: سەروساماندانی هەلومەرجی بنەماڵەیەکی گەورە و هەڵبژاردنی شارنشینی لە بری گوندنشینی، کە ئەمە پێویستی بە باوەڕ و هەیمەنەوە بوو. ئەو وەک کوێخا ڕەنگە کارانێکی کردبێ کە من بە دڵم نین، بۆ وێنە ڕفتاری لەگەڵ ڕایەت بە جۆرێک نەبوو کە من بتوانم بەرگری لێ بکەم و هتد، بەڵام هەن کەسانێک کە دەڵێن بەشێک لە ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی کوێخا لەو سەردەمەدا ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانەی گەرەک بوو. ڕەنگە ئەوان ڕاست بکەن، ئەگەر خەلیل ئەم سام و هەیمەنەی نەبووایە و شێوازێکی نەرمتری بگرتایەتە بەر، ئەوا ئەو کارە گەورەی بۆ هەڵنەدەسووڕا. هەڵبەت خەڵکی ناوچەکەش بە ڕێزەوە یادی دەکەن و ئەمە دەریدەخا کە لە سەردەمی ژیانیدا تا ڕادەیەک بە باشی ئیشی کردووە.

مام حەوڵا هەر لە سەرەتاوە ڕەفتارێکی نەرم و نیانتری هەبوو و ئاشتی و پێکەوەسازانی لە شەڕ و ناکۆکی و ماڵی دنیا کۆکردنەوە پێ باشتر بوو. مام حەوڵا پیاوێکی قسەخۆش بوو کە هەمووان کەیفیان بە جنێو و تانەکانی دەهات. ئەوپەڕی دەسەڵاتەکەی ئەو کاتە بوو وا جێگای باوکی گرتەوە. کچانی هاوتەمەنی پوورەکانم (خوشکی باوکم) زۆر بە ناخۆشی ئەو سەردەمانە وەبیر دەهێننەوە، چون مام حەوڵا هەوڵی دەدا هاوسەرگیرییە خزمایەتییەکان تۆکمە بکات.[1] هەندێ لە ژنە جحێڵەکانی ئەوسا شکستەکانی ژیان و شووکردنە نابەدڵەکانیان لە مام حەوڵا دەزانن و هەڵبەت ئاخێکیش هەڵدەکێشن و دەڵێن ئەوسا وا بوو و دەست دەکەن بە تاریف کردنی. سەرباری ئەوەی لە بەشێک لەم خانەوادانە باوکەکان زیندوو بوون و دەسەڵاتی بڕیاردانیان هەبوو، بەڵام مام حەوڵا وەک گەورەی تایفە بڕیاری دەدا.

ئەوەی لە ناو کۆمەڵگای نەریتیی شاری و لادێییدا گرینگ بوو، ئەو متمانەیەی بوو کە خزمان لە ناو یەکدا هەیانبوو. ئەوان پێکەوە هەستیان بە ئاسایش و دەسەڵات دەکرد.

---

١. ئەم هاوسەرگیرییە خزمایەتییانە جۆرێک ناوهاوسەری و پشتڕاستکەرەوەی جۆرێک لە هاوشێوەهاوسەری بوو، هەڵبژاردن و هێنانی ژن و تەنانەت لە زۆر حاڵەتدا پیاوان بۆ دەستنیشانکردنی هاوسەر ڕەچاو نەدەکران و لە ناو پێکهاتەی خێزانی بەربڵاودا، هاوسەرەکان بە گوێرەی بەرژەوەندییە تایفییەکان دەستنیشان دەکران، ئەم چەشنە هاوسەرگیرییانە هاوسەرگیریی مەسڵەحەتییانە بووە کە هۆگری و پێوەرە تاکەکەسییەکانی تاکەکان تێیدا هیچ گرینگ نەبوو. لە ڕاستیدا ئەم چەشنە هاوسەرگیرییانە هێمای سەپاندنی دەسەڵاتی کۆمەڵگای نەریتی و کۆمەڵخواز بە سەر تاکایەتیی تاکەکانی بوو کە تێیدا ئازادیی تاکەکەسی فیدای ئامانج و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا دەبوو. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هاوسەرگیری ناوگرووپی یان ناوهاوسەری لە چاو دەرەوەهاوسەری، پتەوکردن و پەرەپێدانی تۆڕی خزمایەتیی خوێنی بوو. ئەم حەشیمەتە لە لایەک کارکردی ئابوورییان هەبوو و تاکەکانی وەکوو هێزی کار بوونە هەوێنی سەرکەوتن و دەسەڵات و گەشەی ئابووریی ئەو خانەدانە و لە لایەکی دیکەشەوە کارکردێکی خەباتکردن و سیاسیشیان هەبوو و تاکایەتی بە قازانجی بەرژەوەندیی گشتی هەڵی بۆ خۆدەرخستن و خۆنواندن نەبوو.

کورد وتەنی "خزم گۆشتەکەش بخوا ئێسکەکە دەهێڵێتەوە." وێدەچێ ئەم پەندی پێشینیانە بناغەی فیکریی بەشێک لە پەیوەندییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەوسا بێت. پوورەکانم (خوشکانی باوکم) و ژنە جحێڵەکانی خزم و کەس پێیان خۆش بوو بە دڵی خۆیان شوو بە نەناسیاو یان خزمێک بکەن، بەڵام لە کۆتاییدا شوویان بە یەکێک لە خزمە دوور و نزیکەکان کردووە. ئەو هاوسەرگیرییانە سەریان دەگرت کە یان پەیوەندیی خوێنیی دوور یان نزیکیان لەگەڵ خانەوادە هەبووایە یان لە یەک باوان و تایفە و خزم و ڕەچەڵەک بووایەن.[1]

کوێخا خەلیل کۆمەڵێ داپەڕی گرینگی ئەنجام دابوو کە بە قازانجی هەموو بنەماڵەکان بوو، بەڵام مام حەوڵا نەیتوانی وەها خزمەتێک بکات. پاش ئەوەی خانەوادە شارنشین ببوو، نەدەکرا ڕووداوی تایبەت و گرینگی دیکە بکەوێتەوە و هەڵبەت گۆڕانکاریی شۆڕشی ئیسلامیی گەلانی ئێران، گرژییە ناوخۆییەکان و جەنگی نێوان عێراق و ئێرانیش زۆرێک لە هاوکێشەکانی تێک دا و بۆ ماوەیەک خانەوادەکانی لێک هەڵبڕی. سەرباری ئەوەی ئینقلاب[2] کرا بوو، مام حەوڵا تێدەکۆشا هەمووان لە دەوری یەکتر کۆ بکاتەوە. پاش پشێویی نەغەدە، کە بووە هۆی ئاوارەبوونی زۆربەی کوردە دانیشتووەکانی ئەو شارە، زۆربەی ئەندامانی خێزان لە گرداشەوان و گوندەکانی نزیک لە دەڤەری لاجان و پیرانشار کۆ بوونەوە، بەڵام سیستەمی کۆمەڵایەتی گۆڕانی بە سەردا هاتبوو و بەڕێوەبەرایەتیی بنەماڵە کارێکی هەر وا ئاسان نەبوو. هەر بۆیە ئەرکی مام حەوڵا قورستر لە ئەرکی کوێخا خەلیل بوو. خەلیل سەرکردەی تایفەیەکی تەکووز بوو کە هیچ ڕووداو و قەیرانی گەورەی کۆمەڵایەتی تێدا نەبوو و کوێخا خەلیل بڕیاری بۆ دەدان، بەڵام مام حەوڵا دەبا سەرکردایەتیی خانەوادەیەکی کردبایە کە ئینقلاب و جەنگ پەرتەوازەی کردبوون.

لەو سەردەمەدا منداڵان گەورەتر و سەربەخۆتر ببوون. کەریمی باوکم و مام ئەحمەدم، لە خانەوادە جیا ببوونەوە و ژنیان هێنابوو. تا دەهات دەسەڵات و هەیمەنەی گەورەکانی تایفە کەمتر دەبووەوە، گەنجەکان سەرپێچیان دەکرد و هەر وا بە ئاسانی ملیان بە داخوازیی گەورەکان نەدەدا. ساڵانێک دواتر من و هاوتەمەنەکانم سوور بووین لە سەر ئەوەی خۆمان بڕیار لە سەر ژیان، خوێندن و هاوسەرگیریمان بدەین. نەماندەویست پاشکۆی گەورەترەکان

---

١. لە زاراوەی خەڵکناسیدا بەم پرۆسە دەڵێن ناوهاوسەری. ناوهاوسەری (Endogamy) بە هەڵبژاردنی هاوسەر لە ناو گرووپی کۆمەڵایەتیی خۆیاندا لە لایەن تاکەکانی کۆمەڵگا دەوترێت. لە ناو کۆمەڵگا ناوهاوسەرییەکاندا، هاوسەرگیرییەکان زیاتر لە ناو خودی ئەو کۆمەڵگایەدا ڕوو دەدات. ناوهاوسەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تۆکمە دەکا و ڕێگری لە کەمبوونەوەی ڕێژەی حەشیمەت دەکا و زیاتر لە ناو گرووپە کۆچەری و کەمینە ئێتنیکییەکاندا بوونی هەیە. کۆمەڵگە ناوهاوسەرییەکان بەم شێوە لە مەترسیی نەمان ڕزگار دەبن، و ئایین و پرەنسیپە فەرهەنگییەکانیان و زمانی خۆیان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دەپارێزن.

https://fa.wikipedia.org

٢. شۆڕشی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە من لەم وەرگێڕانەدا هەر بە ئینقلاب ناوی دێنم.

یـان دابونەریتـەکان بیـن و ئەنجامـی ئـەوەش دەتوانیـن لـە هاوسـەرگیرییەکانی نـەوەی نوێـدا ببینیـن. خوشـکەکانم و زۆرێـک لـە کچانـی خـزم و کـەس شـوویان بە کەسـانی ناخزم کـرد. مام حـەوڵا و گەورەترەکانیـش کـە وەکـوو خـۆی نەریتخواز بـوون تا دەهـات دەسـەڵات و هەیمەنەیان ڕووی لـە کـزی دەکـرد و ناچـار بـوون ڕفتـارە نەریتییەکەیـان بگۆڕن.

● وێنەی ١٢- نەغەدە حەوشەی کاروانسەرا، لە ڕاستەوە: مامە حەوڵا، کوڕانی مامە حەوڵا کاک غەفوور، مراد، جەسیم، دانیشتوو تەها، ١٣٥٦ی هەتاوی (١٩٧٨)

هنـدێ لـە داب و نەریتـەکان تەنیا بـە ڕووالەت مۆدێرن بوون و کاکڵەکەیان هێشـتا سروشـتە نەریتییەکـەی خـۆی پاراسـتبوو. کـە زسـتانی لـێ دەهـات خانـەوادە و خزمـان لـە شـارەکانی دەوروبـەرەوە بـۆ جۆرابێـن[1] دەهاتـن. زۆر جـار پێکـەوە دەچوونە شـایی و شـیوەن. شـایی یەکێک لـەو ڕێوڕەسمانـە بـوو کـە هێشـتاش بە جـۆش و خرۆشـەوە بەڕێوە دەچـوو، بەڵام ڕەنگ و سـیمای

١. یاریـی جۆرابێـن یارییەکـە کە تێیدا بەشـداربووان بە بێ سـنووردارییە تەمەنی یاری دەکەن و لەم یارییـەدا دە دانە گۆرەوی (ئـەو گۆرەوییانـەی وا لـە کوردسـتان دەچنرێ) و دانەیـەک مەڕمـەڕ یـان مـازوو پێویسـتە. کەسـێک مەڕمەڕەکـە بـە دەسـتەوە دەگـرێ و دەسـتی خـۆی دەخاتـە نێـو گۆرەوییـەکان و تەڕدەسـتانە مەڕمەڕەکە لە ناو گـۆرەوی دادەنـێ کە لـەم حاڵەتەدا تیمی بەرامبـەر هەمـوو بیـر و هۆشـی دەپرژێنێتـە سـەر دۆزینـەوەی مەڕمەڕەکـە و بـە هاوبیریـی ئەندامانـی تیـم ئـەو گۆرەوییـەی کە پێیـان وایـە مەڕمەڕەکـە لـەودا شـاراوەتەوە، وەک گـۆڵ هەڵدەبژێـرن. ئەگـەر گریمانەکەیـان دروسـت بـێ ئـەوا دە دانـە خـاڵ وەردەگـرن. هەنـدێ جـار دۆزینـەوەی مەڕمـەڕ چەند خـول دەخایێنـێ و ڕاگرتنی مەڕمەڕ هونـەری سـەرەکییە. هەرچی ماوەی دۆزینـەوەی مەڕمـەڕ زیاتـر بخایێنـێ خاڵـی زیاتـر بۆ تیمـی بەرامبەر تۆمـار دەکرێت. ئـەم نەریتە بە شـێوەی سـیمبۆلی پارێزرا بـوو (ڕک: ڕضوان‌فـر، مرتقـی. بازی‌هـای بومـی و محلـی ایـران. بخـش بازی‌هـای آذربایجـان غربی و کُردسـتان).

خانەدانیەتیی جارانی پێوە دیار نەبوو و کەمتر دەبینرا کە چەند نەوە لە پاڵ یەکتر و لە شوێنێکی هاوبەشدا بژین؛ یەکێ فەرمان بدا و ئەوانی دیکە ملکەچی بن.

ئینقلابیش ئەوەندەی دیکە ئەم وەرچەرخانەی خێراتر کردەوە. زۆرێک لە ئەندامانی خێزان و خزمان چوونە ناو حیزب و چەکیان هەڵگرت. لە ماوەی ساڵانی یەکەمی ئینقلاب، کاک مراد کوڕی گەورەی مامە حەوڵا بوو بە یەکێک لە فەرماندە دیارەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کوڕەکەی دیکەشی واتە کاک جەسیم ئەویش بوو بە پێشمەرگە. باوکم و حەمەدەمینی ئامۆزای، مامە ئەحمەد و هەر سێ کوڕەکەی مام ڕەسوو لە گرداشەوان و کۆمەڵێکی دیکە خۆبەخشانە وەک هێزی پاشەکەوت چوونە ڕیزەکانی هێزی دیموکراتی و کاک یێسب (یۆسف) کوڕە گەورەکەی مامە حەمەدەمین، لەگەڵ ئامینی خێزانی - کە خەڵکی بۆکان بوو – ئەوانیش لە پێشمەرگە فەرمییەکانی حیزبی دیموکراتی بوون و کوڕی ئامۆزاکەی مامە حەوڵا و باوکم (کچی مامی) کاک فەتاح عەبدولی[1] دواتر بوو بە ئەندامانی باڵای حیزب و بوو بە ئەندامی دەفتەری سیاسی و نوێنەری حیزب لە ئەوروپا.

حیزبی دیموکراتی ماوەیەک وەک دەسەڵاتی جێگیرکراو لە کوردستان و بەتایبەت ناوچەی موکریان دەوری دەوڵەتی بینی و لەو مەودا زەمەنییەدا بەرەنگاری ئەو نۆرمە نەریتی و چینایەتییانە دەبۆوە کە لە فەرهەنگی کۆنی ئێرانی و عەرەبیدا بنجی داکوتابوو. بوونی ئەم خزم و کەسە نزیکانە لە ناو حیزبی دیموکراتدا کاری دەکردە سەرمان و بیری سیاسی و کۆمەڵایەتیمان وردە وردە ڕووی لە گۆڕان کرد؛ لە نەریتەکان ڕوومان وەرگێڕا و نووقمی بۆنە و پەیوەندیی نوێ دەبووین. ئەو پەیوەندییانەی کە تێیدا باسی ئازادی، یەکسانی و دادپەروەری دەکرا، ئەو چەمکە تازانەی کە لە ژیانی نەریتی و لادێیی، بە هۆی فەرهەنگی پشتبەستوو بە کۆمەڵخوازی و باڵادەستیی نەریت و ئایین و لە ژیانی مۆدێرنیشدا بە هۆی هەژموونی عەقڵانییەتی ئامرازی کە بەکاڵابوون و تاکخوازیی توندڕەوانەی لێ کەوتبۆوە، هیچی پێوە دیار نییە. کاتێک قسە لە سەر گۆڕانکاریی لە پەیوەندی و وەرچەرخانەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان و بنەماڵە گەورە نەریتییەکان دەکەم، مەبەستم هەر ئەم پرسە سەرەکییانەیە کە بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕوانگەی گەنجان سەبارەت بە بابەتەکانی ژیانی خێزانی و کۆمەڵایەتی گۆڕانی بە سەردا بێت.

لە سەروبەندی جەنگ و دوای ئەو، زیاتر لە سەردەمی سازەندەگیدا[2]، کۆمەڵگای کوردستان

---

١. فەتاح عەبدوولی لە ٢٦ خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی (١٧ی ئابی ١٩٩٢) لەگەڵ دکتۆر شەرەفکەندی ڕیبەری حیزبی دیموکراتی و دوو کەسی دیکە بە ناوەکانی نووری دێهکوردی و هۆمایوون ئەردەڵان لە ڕێستوورانتی میکۆنۆسی بەرلین تیرۆر کرا. ناوبراو لە کاتی تیرۆردا ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و نوێنەری حیزب لە ئەوروپا بوو.

٢. نازناوی (سازندگی) بۆ حکومەتی هاشمی ڕەفسەنجانی بەکار دەهێنرا کە ئاماژە بۆ قۆناغی ئاوەدانکردنەوەی دوای

گۆڕانی بەئەزموون کرد. ڕەوتی شارنشینی پەرەی سەند و کوڕان و دوای ئەوان کچانی دەرچووی زانکۆ ژمارەیان زیادی کرد. ژنان لە ناو دڵی کۆمەڵگادا ڕۆڵسازییان دەکرد و لە ژێر تەنگ و چەڵەمەی ئاستەنگە نەریتییەکان و فەزای ناو ماڵ و خانەوادە دەرباز دەبوون. گەورەکانی ناو خانەوادەکان، سەرباری ئەم هەمووە پڕەنسیپ و هێز و هەیمەنەی کە لە ناو کۆمەڵگادا بوویان، چیتر نەیاندەتوانی بەرەنگاری ئەم سەردەمە نوێیە ببنەوە. وەک شتێ گەورەکانیش دەبا ڕوانگە و زەینییەتیان بگۆڕیبایە. ئەوان جگە لە فامکردن و نزیکبوونەوە لە جیهانی نوێ و جیهانی زەینیی نەوەی نوێ هیچ دەرەتانێکی دیکەیان نەبوو.

جەنگی ئێران و عێراق دەکا و بەکارهێنانی ئەم نازناوەش دەگەڕێتەوە بۆ باوبوونی ئەدەبیاتی ناساندنی دەوڵەتەکانی کۆماری ئیسلامی نەک نازناوێکی بەهادارانە!

بەشی دووەم

ئەویترە گرینگەکانی جیهانی ژیاوی من

کەسانێک هەن هەر لە تافی منداڵیمانەوە بوونێکی تۆخیان لە ژیانماندا هەیە و هەمیشە لە سووچێکی مێشک و دڵماندا دەمێننەوە. هەندێکیان ساتبەسات لە ژیانماندان و بۆ هەتاهەتایە لە کووچە و کۆڵانەکانی دڵماندا پیاسە دەکەن، تەنانەت ئەگەر بە هەزاران کیلۆمەتریش لە یەک دوور بین ... ئەوان هاوچارەنووسەکانی ئێمەن. کەسانێک کە لە هەر کوێیەک بین، وەک دەڵێی چارەنووسمان هەمووی بە یەکەوە گرێ دراوە و لە هەندێک خاڵدا بە یەک بەستراوینەتەوە.

باسی کەسانێک دەکەم کە هەر یەکەیان چارەنووسی خۆی هەبوو، هەندێکیان بە هۆی زەبری فەرهەنگی نەریتی و هەڵەی ئەو سەردەمە لەبەر هاوسەرگیرییە نەخوازراوەکانیان، هەمیشە گلەییان لە ڕۆژگار دەکرد و هەندێکیشیان بەخت زیاتر یاریان بوو و توانیان ژیانێکی باشتر بە سەر بەرن. بە کورتی هەمووان هەوڵیان دەدا بژین و لانیکەم ساتەکانی ژیانیان تێپەڕێنن. ئێمە وا زیندووین هێشتا لە پێناو ژیاندا تێدەکۆشین و ئەوانەی کە نەماون جێگایان سەوزە.

لەم بەشەدا حەز دەکەم باسی ئەو کەسانە بکەم کە بوونیان کاریگەرییەکی زۆری لە سەر ژیانم هەبوو ... کەسە زۆرە کاریگەرەکانی ژیانی من، کە من نییەن، بەڵکوو ئەو "ئەویتر"انەن کە منیان دروست کرد، هەندێک جار شان و باڵیان پێ دام و هەندێک جار خوازراو یان نەخوازراو باڵەکانیان شکاندم. بەهەر حاڵ من و ئەوان پێکەوە ژیاین و سەردەمانێکمان پێکەوە بەسەر بردووە. من کاریگەریی ئەوانم لە سەرە و ئەوانیش کارتێکەریی منیان پێوە دیارە ...

نەنکێک سەرووتر لە حەقایەتەکان

جوان و باڵابەرز و چوارشانە و بەهێز و ئازا بوو، کە زۆر ساردی و گەرمیی ڕۆژگاری چەشتبوو و باوەشی بۆ من هێورترین شوێنی ئەم گەردوونە بوو. لەم کتێبەدا زیاتر دەربارەی ئامینەی نەنکم قسە دەکەم؛ ژنێکی خاوەن هەیمەنە و میهرەبان کە لای ئەو فێری خۆشویستن و خۆشەویستبوون بووم. زۆر جار ئەم پێناسانە ناتوانن لە مرۆڤێکدا کۆ ببنەوە، بەڵام ئامینە ئەوەندە زیرەک بوو کە هەم ڕادەی دلۆڤانێتی دەزانی و هەم دەیزانی چۆن بەسام بێ بۆ ئەوەی قسەی بڕوات. ئەو بە میهرەبانێتییەکەی پشتیوانیی سۆزدارانەی دەکرد و بە سام و هەیمەنەکەی، هاوسەنگییەکی جوانی بەو پاڵپشتییە دەبەخشی، کە ئەمە گەشەی مرۆیی دەستەبەر دەکرد. ئامینە ئەوەندە نەریت و ڕێساکانی سەردەمی خۆی بە هەند وەرنەدەگرت، ژنێکی بیرجیاواز بوو و ڕەنگە هەر ئەم سیفەتەی، زیاتر لە هەموو شتێک منی فێری ژیان کردبێت.

پێشتر وتم خەڵکی گوندی ئازاد لە نزیک مەهاباد بوو، بە موکریانی دادەنرا و ڕۆحێکی ئازادی هەبوو، وێدەچێ ناوی ئەو گوندەی کە لێی لەدایک بووە، کاریگەریی لە سەر دانابێت. ئازادئەندێشی و جیاوازبوونی لە چاو ژنانی دیکەی ئەو سەردەمە، زۆر بەرچاو بوو. بە ڕای من، ئەمە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە تافی منداڵییەوە هەتا هەڕەتی گەنجێتی، بەردەوام سەردانی مەهابادی دەکرد و ڕەنگە هەر ئەمەش کاریگەریی لە سەر دانابێت. نەنکم ئەزموونی جیاوازی هەبوو و لەوە دەچوو لە فەزایەکی کراوەتر لە ژنانی دیکەدا ژیابێت. پێیان دەگوت "ئامین سابڵاغی" یان "ئامین ئازاد"، سابڵاغ ناوی دووهەمی مەهابادە، بەڵام ئێستاش زۆربەی بنەماڵە کۆنەکانی ئەو شارە خۆیان بە سابڵاغی ناو دەبەن.[1]

ئامین لە تەمەنی عازەبی و هەرزەکاریدا و بەر لە عەلی باپیرم، هاوسەرگیرییەکی ناسەرکەوتووی هەبوو. باوکی دابووی بە کابرایەک کە خۆشی نەویستووە و تەنها نۆ مانگ لەگەڵیدا ژیاوە. ئامین کە لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ دەربازبوون لەم ژیانە نەخوازراوە بووە، لە گوندی پەسوێ ئەم دەرفەتەی بۆ ڕەخسا. بەسەرهاتەکە ئاوا بووە کە مێردی پووری ئامین (خوشکی باوکی) دەمرێ و ئەویش بۆ یارمەتیدانی پووری، کە لە ماڵی ئاغای گەورەی پەسوێ واتە قەرەنی ئاغای مامەش، نانی دەکرد[2]، دەچێتە ئەوێ.

---

١. لە قۆناغێکی مێژووییدا بە هۆی باڵادەستیی تورک لە ناوچەکەدا و هەڵمەتی تورکیزەکردنی ناوی زۆرێک لە شار و گوندەکانی کوردستان، ناوی مەهابادیش بۆ سابڵاغ گۆڕا کە دواتر دیسان گەڕاوەوە بۆ ناوە ڕەسەن و کوردییەکەی خۆی واتە مەهاباد. وەرگێڕ

٢. لە بەشێک لە بەڵگەنامە مێژوویی و حکومییەکاندا هاتووە کە قەرەنی ئاغای کوڕی محەمەد ئاغا ناسراو بە "مەمەد عەجەم" یانی محەمەدە تورک (لە کوردستان بەتایبەت لە ناوچەی موکریان و گوندەکانی، هەمیشە لە جیاتی تورک وشەی عەجەم بەکار دەبرێت. ئەم وشە لە بنەڕەتدا بە مانای ناعەرەبە و بە گشتی عەرەبەکان بە ئێرانییەکانیان دەوت

ئـەو ڕۆژەی ئامیـن لە جیاتی پووری خەریکی نانکردن بووە، بەشـێک لە بەرپرسـانی حکوومی و ژەندرمـە میوانـی ئاغـا بـوون. هەموویـان دەسـتاوی ئەویـان خـوارد و دەسـتیان کرد بـە تاریفکردنی. کاتێک میوانـەکان ڕۆشتن، ئاغـا دێتـە مدبەخ[1] بۆ ئـەوەی بزانێ نانپێـژە نوێکـە کێیە. نەنـەی بینی و پرسـی: "ئەتوو نانی ئەمـڕۆت کـرد؟" نەنکم دەڵـێ: "بەڵـێ. ئەمـن ئامینم و لە سـابڵاغێرا هاتـووم کۆمەگـی[2] پوورم بکـەم". قەرەنی ئاغا دەڵـێ: "ئـەدی لێـرەی بمێنـەوە و نـان بکـە". ئامیـن لە وەڵامیـدا دەڵـێ: "سـاحەبم[3] هەیـە و ناتوانـم لێـرەی بمێنمـەوە" ئاغـا دەڵـێ: "دەی دەگـەڵ سـاحەبەکەت هـەر دوو وەرن لێـرەی کار بکـەن" ئامیـن دەرفەتەکـەی قۆزتەوە. جێی برین و شـین و ڕەشـکراوەکانی سـەر سەر و دەموچـاوی بە ئاغا نیشـان دا و بـۆی ڕوون کردەوە: "بە زۆری بـە مێردێیـان دام و ئەویـش هەمـوو ڕۆژێـک لێـم دەدات" ئاغـا دەڵـێ: "ئەگـەر تەڵاقـی ئەتـوو لـەوی بسـتێنم، لێـرەی دەمێنییـەوە و نانمـان بـۆ بکەیـت؟" و ئامیـن کـە ماوەیەکـی زۆر چاوەڕێـی دەرفەتێکـی وای دەکرد، بەڵێن دەدا کە بۆ هەمیشە لە ماڵی ئاغایدا بمێنێتەوە و نان بکات.

● وێنەی ١٣- نەنەم، پیرانشار، ١٣٧٨ی هەتاوی (١٩٩٩)

مێـردی یەکەمـی نەنکـم پەیتـا پەیتـا هەواڵـی دەنـارد کـە بگەڕێتـەوە و کاتێـک نەیتوانـی

عەجـەم کـە بـە واتـای زمان‌لاریـش دێـت). بـە هـۆی ئـەو خزمەتانـەی کـە بـە حکوومەتەکـەی ناسرەدیـن شـا لە شـەڕی دژی ڕاپەڕینـی شـێخ عوبەیـدوڵا نەهـری کردی، ڕێـزی لێ گیراوە. ئەو و کوڕەکەی و براکانی کران بە سـەرۆکی هەر دوو عەشـیرەتی مامـەش و شـێخ شـەرەفی و دێهاتەکانـی پەسـوێ و شـاوەلە و نەڵـۆس و سـێڵوێ و .... یـان لـە دەڤەرەکانـی شـنۆ، نەغـەدە و پیرانشـاریان پێـدراوە. هەرچەنـدە جێـی بـاوەڕ نییە، بـەڵام دەڵێن ئـەم خانەدانە هیـچ پەیوەندییەکیان بە عەشـیرەتی مامەش یـان مامەشـەکانەوە نییـە، تەنهـا ئـەوە نەبێ کـە ئەوان وەک ئاغـای حکوومەتـی دانراون. تەنانـەت لە بەڵگەنامەکانیشـدا باس لـەوە کـراوە کـە ئـەوان بـە ڕەچەڵـەک تورکـن و باپیریـان بیـووک خان بـووە کە بـە دەسـتی کـوردە شۆڕشـگێڕەکانی ئەمیرخان لـە قـەڵای دمـدم کـوژراوە و لـە گونـدی حەڵبێ بـە خاک سـپێردراوە، بـەڵام خۆیان دەڵێن نـاوی باپیرانیـان مام بیـووک بووە و تەنانەت ئیدعای ئەوە دەکەن کە نەوەی ئەمیرخانن. قاسـم قازی لە کتێبی "مێژووی گشـتی حیزبی دیمۆکراتی کوردسـتان" سـەبارەت بـە قەرەنـی ئاغـا نووسـیویەتی: محەمـەد ئەمیـن موعینـی لەمـەڕ قەرەنـی ئاغـا دەڵـێ: یەکێک لـە خیانەتـکارەکان قەرەنـی ئاغـا بـوو. حکوومەتـی ئێـران هەر جارێـک تەلەگرافێکی بۆ دەنارد و بە شـەریف نـاوی دەبرد و ئەمەش بـەو مانا بوو کە زەوی و زێـدی خـۆی کـە کوردسـتان بوو، بسـرێتەوە و بیفرۆشـێت. (بەرگـی ١، ل ١٠٣)

١. چێشتخانە

٢. ناوچەی موکریان بە کۆمەک دەڵێن کۆمەگ.

٣. هەندێ خەڵکی لای پیرانشار و ئەو ناوچانە بە مێرد یان شوو دەڵێن ساحەب.

ئامین بهێنێتەوە لەگەڵ براکەی دەچێتە لاجان. لەگەڵ گەیشتنیان بۆ لاجان نۆکەرەکانی ئاغا دەیگرن و لە گەوڕ زیندانی دەکەن. لە تۆڵەی ئەو لێدانانەی کە لە نەنەی دابوو، باشی تێهەڵدەدەن و ئاغا پێی دەڵێ: «لێرەی ناچییە دەرێ، هەتا ساڵەی مودەڕسی مەلای پەسوێ[1] نەیە و تەڵاقی ئەو ژنەت لێ نەستێنێ» مێردەکەی ئامین بەرەنگاری دەبێتەوە و بۆ ماوەیەک بە شەتەکدراوی لە تەویلە دەمێنێتەوە، بەڵام دەبینێ هیچ دەرەتانێکی نییە، ڕازی بوو کە ئامین تەڵاق بدات. دواتر نەنکم لە ماڵی ئاغا ماوەتەوە و لەو هاوسەرگیرییە زۆرەملێیە ڕزگار بووە. هەتا ئەوەی کە دوای مردنی باوکی جارێکی دیکە ناچار بوو کە بگەڕێتەوە بۆ گوندی ئازاد. لەبەر ئەوەی محەمەدی برای و فاتمی خوشکی تەنیا و بێ ماڵ و حاڵ بوون. گەڕانەوەی ئامین بۆ دێی ئازاد هاوکاتە لەگەڵ ئەو قۆناغەی کە کوێخا بە نیازە ژنێک بۆ عەلی برای بێنێت .

هاوسەرگیریی باپیرە و نەنکم

کوێخا خەلیل کە ناوچەی لاجان و خەڵکەکەی باش نەدەناسی، وای پێ باش بوو کە کچێک بدۆزێتەوە کە وەکوو خۆیان خەڵکی مەحاڵ و ناوچەی موکریان بێت. زۆر گەڕا و پرسیاری کرد هەتا گەیشتە ئامین. گوندەکانی قەمتەرێ و ئازاد لە هەر دوو بەری جادەکەدان، خەلیلیش دڵخۆش بوو بەوەی کە کچێکی بەڕەچەڵەک و ماقووڵ لەوبەری جادەکەوە بۆ براکەی دۆزیەوەتەوە. وا دیارە هەر لە زووەوە یەکتریان ناسیوە و خزمایەتییەکی دووریان پێکەوە هەبووە و ئەم ئاشنایەتی و یەکترناسینە پرۆسەی هاوسەرگیرییەکەی خێراتر کردەوە.

دوای ڕێککەوتنی لایەنەکان، بڕیار درا هەتا گەورەبوونی خوشک و براکانی ئامین سەبر بکەن و دواتر ژیانی هاوسەرێتیان دەست پێبکەن. وەک بیستوومە، محەمەدی برای نەنکم سروشتێکی سەیری هەبوو و حەزی لە مۆسیقا و هونەر بووە، هاوڕێی شایەر و گۆرانیبێژانی ناوچەکە بووە و زۆربەی ژیانی بە خۆشی و بەبێخەمی ڕابواردووە. نەنە دەیگوت براکەی چەندەها ژنی هێناوە و ڕۆحی لەگەڵ خەڵکی ئاسایی ئەو سەردەمە فەرقی هەبوو. دوای ماوەیەک فاتم، خوشکی نەنە، شوو بە پیاوێک دەکا کە پیشەگەرێکی لێهاتوو بووە و لە سەرەتای کارەکەیدا سۆبەی تەنەکەی دروست دەکرد. پێیان دەوت محەمەد تەنەکەساز.

دوو خوشک سەرەڕای ئەو خۆشەویستی و سۆزەی کە بۆ یەکتریان هەبوو، هەرگیز پێکەوە نەدەسازان و لە سەر هەموو پرسێک شەڕیان دەبوو. هەمیشە گاڵتەمان پێدەکردن و دەمانوت

---

١ . مەلا ساڵحی مودەڕیسی. مەلاساڵە بە ڕەچەڵەک خەڵکی جۆلەمێرگی باکووری کوردستان و کرمانج بووە. لە سەدەی بیستەمدا پێش‌نوێژی هەینی بووە و یەکێک لە خوێندەوارترین زانایانی ئایینیی سەردەمی خۆی بووە کە هەمیشە دەیان فەقێ لە قوتابخانە ئایینییەکەی ئەودا لە پەسوێ فێری زانستە ئایینییەکان دەبوون. بە گوێرەی مێژوونووسانی ناوچەکە، قەرەنی ئاغا بەردەوام لە بەرەی دەسەڵاتی ناوەندی و یەکێک لە ڕژدترین نەیارانی کۆماری کوردستان بووە.

لـە نیـو کاتژمێـر زیاتـر پێکـەوە هەڵناکـەن و حەتمەنـە ئێسـتا ڕیخۆلە دەکەوێتـە نێوانیـان. یەکەم شـەڕەکەیان لـە سـەر داخـستن و کردنـەوەی پەنجەرەکـە بـوو، یەکێکیـان سـەرمایی بـوو و ئەوی تریـان دایمـە بەزی دەکوڵا[1] و هەر ئەوە دەسـتپێکی شـەڕەکەیان بوو. ئەوان بەسـەرهاتی خۆش و سەرنجڕاکێشـیان لـە منداڵیی خۆیـان دەگێڕاوە. جارێکیـان گێڕایانەوە کە: "ئـەدی ئەمە[2] زۆرمان نوقـڵ و شـیرنی[3] پـێ خـۆش بوو بـەڵان پوولن[4] نەبوو بچین لـە کابرا جـووە چەرچییەکەی بکڕین. ئـەدی پێکـەوە لـە هەمبـاری ماڵـێ ئـاردی سـنجوون[5] دزی و بای ئەو سـنجووەی لە کابـرای جوو نوقـڵمان کـڕی. ئـەدی بەشـی حەمەدی برامان نـەدا و ئەویش چـووە لای بابم شـەیتانی کردین. باوکیشـم کـە ئاردەکانـی بـە شـەقەڵ[6] دیاری کردبـوو، پێی زانیـن و زۆر پیس دارکـوژی کردین."

دوای هاوسـەرگیرییەکەی فاتـم، نەنکـم لـە عەلـی باپیرم مارە کـرا و لە گوندی ئـازادەوە بەرەو نزیک پەسـوێ و بەرکەمران وەڕێ کەوت؛ ئەو شـوێنەی کە تایفەی کۆیخاخەلیل لەو سـەردەمەدا تیایـدا دەژیـان. داب و نەریتەکـە وا بـوو کـە خێزانـی بـووک، بووکیـان سـواری ئەسـپ و بـە جلی بووکێنیـی سـوورەوە هەتـا نیـوەی ڕێگا دەبـرد و ئینجا لەوێوە ڕادەسـتی بنەماڵەی زاوایـان دەکرد. نەنکـم هەمیشـە بـە تامەزرۆییەوە باسـی ڕۆژی شـووکردنەکەی دەکـرد و بە شـانازییەوە دەیگوت: "لە ئازادی سـابڵاخێ ڕا هەتاوەکوو بەرکەمرانی لاجانێ سـێ هەسـپان شـەکەت و ماندوو ببوون، هێنـد بووکێکـی جـوان و بەخـۆ بووم" و هەڵبـەت بە بۆچوونی مـن، دلۆڤان و خـاوەن هەیمەنەش بـوون. ئامیـن هـێمای میهرەبانـی و شـکۆی ژنانـە بـوو. دەیگـوت: "لـە زەماوەندەکەمـدا، پیـاوان قومـار[7]ی گۆبازێنیـان[8] دەکـرد" و ئـەم بابەتـە شـیرین و پڕیادگارییـە لـە زەینیـدا مابـووەوە. لـە

١. بەزکوڵاو، دایمە بەزی کوڵاوە: گەرمایی، کەسێک کە دایمە گەرمایەتی (وەرگێڕ)

٢. ئێمە.

٣. شیرینی

٤. پووڵ، پارە. پوولن نەبوو: پارەمان نەبوو.

٥ . سنجوو، سرینچک. سنجوون دزی: سنجوومان دزی.

٦. شـەغەڵ، مۆرێکـی چێـوی (داری) هـی سـەردەمی ئاغـا و ڕایـەت بـوو. خەرمانـی دانەوێڵـەی ڕایـەت بەتایبـەت گەنـم لـە لایـەن نۆکەرێـک کـە ئەمانەتـداری ئاغـا بـوو، شـەقەڵ دەکـرا بۆ ئـەوەی هەتا ئاغا پشـکی خـۆی نەبـردووە جوتیـار نەتوانێ لەو بەروبوومـەی بـدزێ کـە خـۆی بەرهەمـی هێناوە.

٧. یاری، کایە.

٨. بـە پێـی پێناسـەی ڕیکخراوی یونسـکۆ کەلەپـووری فەرهەنگی لە بینـا و پارچە شوێنەوارناسـییەکاندا تەسـک نابێتەوە. ئەم چەمکـە هەڵگـری نەریـت و هـێما زیندووەکانـی باوباپیرانمانـە کـە بـۆ ڕۆڵەکانیـان گوازراوەتـەوە، وەکـوو نەریتـە زارەکییەکان، هونـەرە شـانۆیی و وەرزشـییەکانی وەکـوو گۆبازێن. ئاکارە کۆمەڵایەتییـەکان، دابونەریتەکان، جەژنەکان، زانسـت و هەموو ئەو داپەڕانـەی کـە پەیوەندییان بە سروشـت و گەردوون، زانسـت و تەکنیکەکانی بەرهەمهێنانی پیشـە کۆنەکانەوە هەیە کە پێیان دەوترێ کەلەپـووری فەرهەنگیی نابەرهەسـت https://www.visitira

مەیدانـدا[1] ماڵـی باپیـرم نەنەیـان وەرگـرت بـۆ ئـەوەی بـە دووریـی نزیکـەی بیسـت کیلۆمەتـر لـە گونـدی بەرکەمـران ژیانـی نوێی خۆی دەسـت پێ بکات. ناوبـراو دوای چەندین جار گواسـتنەوە لـە گوندەکانـی دەوروبـەر، دیسـان گەڕاوەتـەوە بۆ پەسـوێ کـە لە ژێر دەسـەڵاتی کـوڕی گەورەی قەرەنـی ئاغـا واتە عەلـی ئاغای ئەمیرعەشـایەری بوو.

عەلـی ئاغـا ئەمیرعەشـایەری دوای کۆچی دوایی باوکی بوو بە سـەرۆکی عەشـیرەتی مامەش و زۆر بـە پەهلـەوی وەفـادار بـوو. ئەو کوڕی دووەمـی قەرەنی ئاغای مامەش بوو کە ئەوەندە شـای خـۆش دەویسـت کـە ئەم خۆشەویسـتییە گەیشـتە ئـەو رادەی کـە لـە وتاردانێکیدا لـە مەجلیس وتی: "زمانی کوردی یەکێک لە شـێوەزارەکانی زمانی فارسـییە!"[2] ناوبراو لە هەر دوو خولی ٢٠ و ٢٤ ئەندامی مەجلیسـی شـۆڕای میللی بوو و دوای ئینقلابی ئیسلامی ١٣٥٧ هەتاوی لە لایەن دادوەرەکانی دادگاکانەوە سـزای لەسـێدارەدانی بە سـەردا سـەپێنرا، بەڵام توانی ژیانی ڕزگار بکا لـە پێشـدا هـەڵات بـۆ عێـراق و دواتر بـوو بە پەنابەر لـە ئینگلتەرا و هـەر لە لەنـدەن کۆچی دوایی کـرد. لـە کۆتاییەکانی نەوەدەکانـدا لە ئاهەنگی هاوسـەرگیری هاوڕێیەکم لە لەنـدەن کوڕەکانی و هەندێک لە ئەندامانی خێزانی عەلی ئاغا ئەمیرعەشـایەریم بینـی. هەڵسـوکەوتیان میهرەبانانە و دڵنشـین بـوو و زۆر بیرەوەرییـان لـە نەنکـم هەبـوو و هـەر پێشـیان دەوت ئامیـن ئـازاد. ئـەوان

---

١. لـە نیـوەی ڕێـگای مەهابـاد هەتـا پەسـوێ ناوچەیەکی تەخـت لە بەرزایـی کێوێکە کە پێـی دەڵێن مەیدان. ئـەم جادە کە لـە ڕێگەی پەسـوێوە پیرانشـار بـە مەهابادەوە دەلکێنێ، لە سـاڵانی ١٣٤٦ هەتـا ١٣٤٧ هەتاوی ناوەندی سـەرەکیی خەباتی چەکداریـی حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتانیش بـوو و وەک جـادەی هاتوچـۆ – سـەربازی دروسـت کـراوە. لـە بـەری ڕۆژاواوە هێشـتاش جـادەی شۆسـتەیی هەیـە کـە ڕووسـەکان لە جەنگـی جیهانیـی دووهەم بـۆ گواسـتنەوەی هێزەکانیان دروسـتیان کردووە.

٢. بـە پێـی ئـەوەی کـە زمانـی کـوردی یەکێـک لـە پێـوەرە سـەرەکییەکانی شوناسـی نەتەوەیـی کـورد و فاکتـەری گرینگـی تەکـووزی و یەکپارچەیـی نێـوان کوردەکانـە، باسـکردن لـە سـەر مێـژووی زمانی کـوردی و ئەوەی کە ئایـا زمانی کـوردی زمانە یـان زاراوەیـە هەمیشـە لـە ژێـر کاریگەریـی ئـەم گوتارەدایـە و کردوویەتـی بـە پرسـێکی ئاڵـۆز کـە ڕەهەنـدی فراوانـی هەیە کە دەتوانـرێ لـە ڕووی مێژوویـی و زمانەوانـی و جوگرافییـەوە شـی بکرێتـەوە. تێڕوانینـی چوارچێوەیـی ئەوەیـە کـە زمانـی کوردی سـەر بـە بنەماڵـەی زمانـە هیندۆئەوروپییەکانـە و سـەر بـە یەکێـک لـە لقـە سـەرەکییەکانی واتـە زمانـە ئێرانییەکانـە. دیدێکـی تریـش سـەبارەت بـە زمانـی کـوردی لـە ئارادایە. سـۆران حەمەڕەش لـە کتێبی "کـورد کێیە" نووسـیویەتی: "زمانی کـوردی لە ڕۆژهەڵاتـەوە نەهاتووەتـە ئـەم ناوچە (کوردسـتان)، بەڵکوو زمانی ڕەسـەنی خەڵکـی میزۆپۆتامیا بووە و لـە بنەڕەتدا لە چیاکانی زاگرۆس دروسـت بووە و بووە بە بناغەی هەموو زمانە هیندۆئەوروپییەکان." بێگومان ئەم بۆچوونە لە کۆمەڵگە زانسـتییەکاندا زۆر بـە هەنـد وەرناگیرێـت. لـە لایەکی تـرەوە نابێ ئەم بابەتەش پشـتگوێ بخەین کە بۆچوونی زمانناسـانی ئەوروپیش هەرگیز لـە هەڵـە و ئایدۆلۆژیـای سیاسـی، یـان بەرژەوەندیـی بێژومـار بـەدوور نییـە و ئەمـەش بـەو مانـا نییە کـە بێ‌پێچ و پەنـا قبووڵ بکرێـن. ئـەوەی نابـێ چاوپۆشـی لێبکـرێ ئەوەیە کە هەر لە کۆنەوە پرسـی ڕیشـەی زمانی کوردی بووەتە پرسـێکی سیاسـی و ئەمـەش سـێبەری خسـتۆتە سـەر لێکۆڵینەوە زانسـتییەکانی ئەو بـوارە. لێـرەدا دەرفەتی ئەوەمـان نییە بچینە ناو ئەم باسـەوە، بـەڵام دەتوانیـن بگەڕێینـەوە بـۆ هەنـدێ لـە سـەرچاوە زانسـتی و ئینسـایکلۆپیدیاکاندا کـە کورتەیەکیان لـە تیۆرییە بـاوەکان هێناوەتـەوە. ئـەوەی کـە دەتوانـم بـە دڵنیاییـەوە باسـی بکـەم ئەوەیـە کـە زمانـی کوردیـش وەکـوو هـەر زمانێکـی تـر شـتێکی مەلـەوەرە، و هـەم کاریگەری لەسـەر زمانی دراوسـێکانی دانـاوە و هەمیش کاریگەرییان لە سـەر داناوە و بەداخـەوە ئەم بابەتە هەندێـک جـار دەبێتـە بیانوویـەک بۆ ئامانجە سیاسـییەکانی هەندێـک کەس؛ وەک لـەم حاڵەتـەدا ڕووی داوە.

خانەوادەی من و باوکمیان زۆر باش دەناسی و سەرەڕای ئەوەی لە ژێر کاریگەریی شێوازی ژیانی لەندەن و فەرهەنگی ئەورووپی ڕەفتارەکانیان مۆدێرن ببوو، بەڵام هێشتا هەندێک نۆرم و ڕەگ و ڕیشەی نەریتی و عەشیرەیی وەکوو خاکەڕایی و خۆش ڕفتارییان پێوە دەبینرا.

هەموو ئەوانەی وا ئامین ئازادیان دەناسی، ئەویان لە بیر مابوو. نەنکم وەک شتێ لە پاش خۆی شوێن پێیەکی لە مرۆڤدا بە جێ دەهێشت. ئێستا کە ئاوڕ لە ڕابردووم دەدەمەوە، دەبینم کە هەمیشە کەسێکی خۆشبەخت بووم و خۆشەویستیی پاک و ڕاستەقینەم بەئەزموون کردووە. ئەم هەستی بەختەوەرییە زۆر دەروونی و شەخسییە و پێم وایە هیچ پەیوەندییەکی بە هەلومەرجی ماددی و دۆخی مرۆڤەوە نییە. ئەم هەستەی من پەیوەندییەکی قووڵی لەگەڵ نەنکمدا هەیە. یەکەم و هەرمانترین هەستی خۆشەویستیم لەلایەن ئەوەوە بەئەزموون کرد. نەنکم ئەوەندە بێچاوەروانی و ڕاستەقینانە خۆشی دەویستم کە لە هەر قۆناغێکی ژیانمدا تووشی کێشە بم دەتوانم بە نووقاندنی چاوەکانم بگەڕێمەوە بۆ ڕۆژانی منداڵیم و لە ژێر داوێنەکەیدا خۆم بشارمەوە و لەودیو کۆتاڵە تۆڕ و ئاوریشمەکانیدا بە نهێنی سەیری دنیا بکەم و هێور ببمەوە. شتێک کە هەمیشە لە تافی منداڵیدا ئارامی دەکردمەوە.

داوێنی نەنکم هەمیشە بەلامەوە ڕۆڵێکی ڕەمزی هەیە و هەرگیز لە یادەوەریمدا ناسڕێتەوە. ئەم ژنە سەرسوڕهێنەرە لەگەڵ هەموو ژنەکانی دەوروبەری خۆی فەرقی هەبوو، هێزێکی سەیری هەبوو و کاریگەریی قسەکانی هەمووانی گوێڕایەڵی خۆی دەکرد. تەنانەت باوکمی کە کەسێکی کەللەڕەق بوو، نەرم کردبوو. ئێمە پێمان دەگوت نەنێ، نەنێ ژنێکی باڵابەرز و پتەو و خۆشپۆش بوو. هەوڵی نەدەدا جیاوازبوونەکەی نیشان بدا بەڵام فەرقی لەگەڵ ئەوانی تر ئەوەندە ئاشکرا بوو کە هەستی پێدەکرا. بە سەر جلە کوردیەکەیدا کۆڵوانەشی[1] لە کۆڵ دەکرد.

نەنکم ژنێک بوو کە بە بڕوای من دەسەڵاتێکی دەگمەنی هەبوو و خاوەن ڕەوشت بوو. نەنکم چەند جارێک هاوسەرگیری کردبوو و هەر زوو هاوسەرەکەی لەدەست دا و هەر خۆی شانی داوەتە بەر هەرەسی بەخێوکردنی منداڵەکانی. هەم ژیان لە گوندی بەئەزموون کردبوو و هەمیش دەیتوانی لەگەڵ ژیانی شاردا هەڵبکا و ڕووبەڕووی کێشەکانی ببێتەوە. توانا و هەیمەنە و فەخامەتی نەنکم بە جۆرێک بوو کە دەچووە هەر کوێ بە باشترین و گونجاوترین شێوە لەگەڵی ڕادەهات و لە ڕێگەی ئەم خۆگونجاندنەوە نەک تەنیا بۆ خۆی، بەڵکوو بۆ ئەوانی دیکە و خێزانەکەی ئاسایش و ئارامی دابین دەکرد.

منیش لەبەر ئەوەی بزێو و هاروهاج بووم، جاری وا بوو لەگەڵ باوکم شەڕم دەکرد. وەک شتێ ململانێیەکی نهێنی بۆ دەسەڵات لە نێوان من و باوکمدا لە ئارادابوو. لەم شەڕ و

---

١. چارۆکەشان، چارۆکە، چارەکە.

تێکهەڵچوونـەدا زۆر جـار نەنکـم لانی منـی دەگرت و لەم ڕێگـەوە دەمتوانـی ئامانجەکانم بپێکم. نەنکـم منـی کـرد بـە کوڕێکـی خـورت و بەهێـز کە ئەزقـەزا لووسـیش بووم و کـەس بـۆی نەبوو لە قسـەمدا قسـە بـکات. بەسـەرهاتی ئـەم پشـتگیریانە و هەندێـک جـار نازکێشـان و لووسـکردنانە هەویرێکـە ئـاو زۆر دەبـات. هاوینـی کـە لـێ دەهـات نەوەکانـی لـە دەور خـۆی کـۆ دەکـردەوە و سـفرە و خوانـی بـۆ ڕادەخـستن و منی لە تەنیشـت خۆی دادەنـا و باشترین بەشـی خواردنەکەی پێـدەدام. لـەو مـاوەی کـە لە نەغەدە بوویـن، نەنکم هەر لە بەیانییەوە هەتا شـەو مـن و حەبیبەی ئامۆزامـی دەبـردە گـەڕان و بە کۆمـەک و هاوکارییە داراییەکەی خۆی دەبـووە هۆی ئەوەی بتوانم ئـەو کتێـب و گۆڤارانـەی کە حـەزم لێیـە بیانکڕم.

دایکم ئەوەندە سەرقاڵی ئەرکی ماڵی باوکی و منداڵەکانی تر بوو کە پەیوەندیی نێوان من و نەنکمی پێ ناخۆش نەبوو. بەهەر حاڵ ئەرکی یەکێ لە منداڵەکانی لێ کەم دەبۆوە. نەنکم خۆی کەسێکی خۆشەویست بوو و هەموو ئەوانەی خۆشیان دەویست منیشیان خۆش دەویست. وەک شتێ گەیشتبوونە ئەو ئەنجامەی کە هەر کەسێک نەنکمی خۆش بوایە، دەبا کامیلیشی خۆش بویستایەت. من نازداری نەنکم بووم. دوای نەنکم ، کەمێک لای پوورە (خوشکی باوکم) گەورەکەم و مامم خۆشەویست بووم، بەڵام هەرگیز جێی نەنکمیان بۆم نەگرتەوە. سۆز و خۆشەویستیی نەنکم بۆ من شتێکی دیکە بوو.

قوربانیی نەریتە کۆنەکان

کولسـووم زۆر منـداڵ بـوو کاتێـک لە گونـدەوە هاتە شـار و هاتە نـاو ژیانی شـارییەوە. لەگەڵ شـێوازی ژیانـی نوێـی فـەزای شـار ڕاهاتبـوو کە دیسـانەوە لـە تەمەنێکی کەمـدا لە ژیانی شـاری دایانبـڕی و ڕەوانـەی لادێیـان کـردەوە. بـۆ کچێـک کە بـە ژیانی شـار ڕاهاتبێ بەیانـی زوو لە خەو هەڵسـان و دۆشـینی شـیری مانـگا و مـەڕ، کارێکـی هەر وا ئاسـان نییـە. مێردەکەی، خاڵـۆ قادر، سەرشوان[1]ـی بنەماڵـە بـوون و ماوەیەکـی کەمـی پـاش هاوسـەرگیرییەکەیان یـان بـاشتر بڵێـم بـە گوێـرەی پێوەرەکانـی ئـەوڕۆ منداڵهاوسـەر و زاوا ناچـار بـوون بـۆ چوونەهـەوار بچنـە چیاکانـی قەندیـل. سـاڵانە مـاوەی چەنـد مانگێک دەبوو بەرگەی ژیانی سـەختی شـاخ لە بەر سـەرما و بێ ئیمکاناتیـان بگرتایـە. لەبیرمـان نەچـێ لە کۆمەڵـگا نەریتییەکانـدا چەمکی "مێرمنداڵـی" بوونی نییـە و تاکـەکان یان منداڵن یان گەورەسـاڵ. لـە زۆربەی کۆمەڵگا نەریتییەکانـدا کچان و کوڕان

---

١. سەرشـوان بـە یەکێـک لـەو دوو شـوانەی مەڕەکان دەوترێ کە ڕۆڵی سـەرۆکی هەیـە و دەتوانێ فەرمان بـە هاوکارەکەی بکا کـە نـان و چـای بـۆ ئامـادە بـکات. هەروەهـا پێـی بڵێ لە کـوێ کـۆزە مەڕەکانی لـە شـێودا بهێڵیتـەوە. جگە لەوەش هەمیشـە دەسـتبێن لە ئەسـتۆی سەرشـوانە. دەسـتبەند (دەسـتبێند) پەتێکە کە سەرشـوان لە دەسـتی خۆی و لە ملی یەکێک لە بزنە چالاکـەکان گرێـی دەدا بـۆ ئـەوەی ئەگەر گـورگ پەلاماری مەڕەکـەی دا یان بە هـەر هۆکارێک بجوڵێتەوە، سەرشـوان لە خەو هەڵسێنێت.

دوای باڵقبوون ئامادەی قبووڵکردنی بەرپرسیارێتیی ژیان دەبن و خێزان پێک دەهێنن. ئەم مەسەلە نەک هەر لە بواری هاوسەرگیری بەڵکوو لە پێراسپاردنی بەرپرسیارێتییەکانی دیکەشدا خۆی نیشان دەدا و بە واتایەکی دیکە بە بەراورد لەگەڵ پێوەرەکانی سەردەمی ئێستا، ئەم کەسانە بە منداڵ و مێرمنداڵ هەژمار دەکرێن، بەڵام لە ناو چوارچێوەی کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمەدا ئەمانە کەسانێک بوون کە دەبا هەرچی زووتر سووڕی کۆمەڵگا بسووڕێننەوە.

پوورم ئەو ڕۆژانە بە قۆناغێکی سەختی ژیانی هاوبەش دەزانێت. کچێکی نەوجەوان[1] کە پێشتر هیچ کارێکی نەکردبوو، ناچار بووە بەرگەی سەختییەکانی ژیانی گوند و کوێستان بگرێ و لە پێگە تازەکەیدا ئەرکەکانی خۆی ڕابپەڕێنێت. کولسووم یەکێک لەو هەزاران مێرمنداڵ و گەنجانەیە کە لە ناو فەرهەنگ و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمەدا بوونە قوربانیی ئەوەی پێیان دەوت مەسەلەحەت، کە لە سەر بنەمای توندوتۆڵکردن و پەیوەندیی خێزانەکان و سیستەمی خزمایەتی دامەزرابوون. سەرباری ئەوەی من ئاگاداری کێشەکانی هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان بە شێوازی مۆدێرن هەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، پێم وایە لەبەر ئەوەی ئاستی مافی هەڵبژاردنی مرۆڤەکان لە هاوسەرگیریی مۆدێرن لە چاو هاوسەرگیرییەکی نەریتی زیاترە کەواتە مرۆڤ زیاتر دەتوانێ بە ئاسانی ناخۆشییەکانی قبووڵ بکا، چونکە خۆشی لەو هەڵبژاردنە دەستی بووە و تەنها دەرەنجامی فاکتەرە ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکان نییە و تاکایەتییەکی زیاتری هەیە. لە سیستەمە نەریتییەکاندا تاکایەتی جێگەیەکی ئەوتۆی نییە و سیستەم لە سەرووی تاکە. وەک دواتر دەبینین تەنانەت دایکم، کە بە عەشق هاوسەرگیری کردبوو، بە هۆی لێکەوتەکانی هاوسەرگیریی پوورمەوە زیان دەبینێ، چونکە لە سیستەمە نەریتییەکاندا هەموو تاکەکان بە شێوەی ئۆرگانیک بە یەکەوە گرێ دراون و ڕۆڵی چەرخ دەندەی مەکینە دەگێڕن.

وێنەی ١٤- پووره کولسووم، گوندی گرداشەوان، هاوینی ١٣٨٤ی هەتاوی (٢٠٠٥)

لە سەرەتای ژیانی پووره کولسووم و خاڵە قادر، خێزانەکان لە یەکتر دوور بوون، مەودای نێوان شوێنی نیشتەجێبوونیان دوو شار بووە و پەیوەندیی نێوانیان کەمتر بوو. دوای ئینقلابی ئیسلامی، هەڵگیرسانی جەنگ و بارودۆخی نالەباری ئەوسا، خزمایەتیمان لەگەڵ بنەماڵەی مینە قازی یارمەتیی داین. کوردوتەنی «دۆست برای بابیشت بێ هەر باشە». کاتێک لەو دۆخە سەختەدا پەنامان بردە بەر ماڵی باپیرم واتە مینەقازی، هەمووان هێواش هێواش گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە چیتر ناخۆشی لە نێوان ئەندامانی بنەماڵەکەدا نەماوە.

---

١. مێرمنداڵ، هەرزەکار.

کات هەموو شتێکی چارەسەر کردبوو و هەموومان دڵخۆش بووین، بەڵام پوورە کولسووم هەر مدارای دەکرد. هەڵبەت دایکیشم بە هاتنی لە گوندەوە بۆ شار زۆری چەرمەسەری کێشابوو، پوورەکانم هەندێک جار باسی ئەم بابەتەیان دەکرد و دەیانگوت ئەوەی بە سەر پوورە کولسوومدا هات، دایکم بە جۆرێکی دیکە بەئەزموونی کردەوە. دیارە کاتێکی زۆری پێچووە هەتا ئەندامانی بچووکتری خێزان یان بووکەکانی دیکە بوونی دایکم وەک هاوسەری کوڕە گەورەی خێزان قبوڵ بکەن. پێدەچێ لە سەرەوە بۆ خوارەوە سەیری مەسەلەکەیان کردبێ کە ئێمە شارنشینین و تۆش دێهاتیت! ئەم شێوە ڕوانینە هەر لە ڕابردووەوە هەتا ئێستا لە پەیوەندییەکانی نێوان گوندنشینان و خەڵکی شارەکاندا هەبووە و سەیر لەوەدایە کە زۆر جار کەسی لادێیی ملکەچی ئەم جیاکارییە دەبێت.

بۆیە کاتێکی زۆری خایاندووە هەتا دایکم لە ماڵی خەزووری وەربگیرێت. جگە لەو کێبڕکێیەی کە لە ناو کۆمەڵگە نەریتییەکان و ژیانی بەکۆمەڵدا بۆ تازەبووکێک هەیە، دایکم بە هۆی دێهاتیبوونیەوە، زۆر ڕووبەڕووی هەڵاواردن و تاراندن بووەتەوە کە دەبا ڕاهاتبا. هەڵبەت دەبێ ئەوەش بڵێم کە دایکم بە هۆی شێوازی ژیانی گوندنشینی و ئاشنابوون بە ئەرکی ناوماڵ، هەر لە تافی منداڵییەوە کابانێتی و چێشتلێنان فێر ببوو و ژنێکی گورج و گۆڵ و عاقڵ و بەتوانا بووە کە توانیویەتی لە کێبڕکێی نێوان ژنە جەحێڵ و تازەبووکەکاندا خۆی سەر بخات. لە ڕاستیدا بووکەکانی تر لەم ڕووەوە ڕکابەرییان لەگەڵدا نەکرد، چونکە دەیانزانی وەک ئەویان پێ ناکرێت!

جگە لەو تێڕوانینە جیاکارانەی کە بەرامبەر بە گوندنشینان لە ئارادا بوو، دایکم کێشەیەکی گەورەتریشی هەبوو؛ بنەماڵەی کەریم ئامینیان بە هۆکاری بەدبەختیی کولسووم دەزانی و هەندێک جار تانە و توانجیان لێ دەدا. ئەم تانە و توانجانە دڵی دایکمیان دەڕەنجاند. دایکم لە پێناو ئەو خۆشەویستییەی کە بۆ باوکم هەیبوو، بە سەر هەموو ئەم تەنگ و چەڵەمەدا سەر کەوت. بەڵام دوای گەیشتن بە کەریم، مەسەلەی نیشتەجێبوونی کولسووم لە گوند زامێک بوو کە ئەویشی دەکولاندەوە. پوورە مریەم کە پووری دووهەمم بوو قسەلەڕووە و ڕاشکاوانە قسە دەکا، هەندێک جار ئەم بابەتەی بە بیر هەمووان دەهێناوە و دەیگوت، خۆشەویستیی ئامین و کاک کەریم وای کرد کچەکەمان بچێتە دێ.

کاتێک ویستم چیرۆکی ژیانی کولسووم لە ڕۆژنامەی گاردییەن بڵاو بکەمەوە، لەگەڵ هەموو ئەندامانی خێزانەکەم بە پوورەکانمەوە قسەم کرد بۆ ئەوەی لە گۆشە شاراوەکانی ئەم چیرۆکە دڵتەزێنە تێبگەم. پوورە بچووکەکەم واتە زێنەب دڵی لەم ڕووداوە خوێن بوو، چونکە دواتر خۆشی بوو بە قوربانیی نەریتی ژنبەژنە و بە هۆی ژنهێنانی مامم دایان بە پیاوێک کە نەیدەناسی و چووە گوندێکی نزیک مەهاباد. هەتا ئێستا زێنەب و کولسووم هەتا دواساتی ژیانیان دڵگران بوون و لەبەر ئەم چارەنووسەی کە ئاوقانیان ببوو گلەیی و گازندەیان هەبوو.

ئەم هاوسەرگیرییە زۆرەملێیانە هەرگیز بە لایانەوە ئاسایی نەبووەوە و هەمیشە لەو کەسانەی کە تووشی ئەو چارەنووسەی کردبوون دڵمەند بوون. هەندێک جار بە غەمگینی و بە نهێنییەوە دەیانگوت "گەورەکانی تایفەی ئەمەیان بەدبەخت کرد." کولسووم دەیکوت کە بۆ هاوسەرگیری ئامادە نەبووە، منداڵ بووە و یاری دەکرد کە بە سواریی ئۆتۆمبێلی جیپ بردوویانەتە گوندی گرداشەوان. ئەو هەتا کۆتایی تەمەنی داخداری ئەم وەسڵەتە بوو. دوو نەریتی کۆن و بێزارکەر ژیان و خەونەکانی ئەو و زێنەبی بە با دا؛ یەکیان منداڵهاوسەری و ئەوی دیکەیان نەریتی ژنبەژنەی تایفی. هەرچەندە ئەوسا عەشق و خۆشەویستی و پەیوەندی سۆزدارانە وەکوو ئێستا نەبوو، بەڵام بۆ پوورم فرە گرنگ بوو کە شوو بە پیاوێک بکا کە عاشقی بێ، نەک پیاوێک کە نە بینیبووی و نە دەیناسی و نە خۆشی دەویست.[1]

تەنها دڵگەرمیی کولسووم لە ناو ئاواییدا فاتمی ئامۆزای واتە ژنی حەمەی مام ڕەسوو بوو، کە هەڵبەت ئەویش لەبەر ئەم هاوسەرگیرییە لەگەڵ ماڵی باپیرم تووشی ناکۆکی هاتبوون. مینە قازی و خێزانەکەی دەیانگوت: "ئەنگۆ[2] باعیس بوونە کچی مە ڕەدوو کەوێ ..." و ڕاستیشیان دەکرد! هەرچەندە ساڵانێک دواتر پەیوەندییەکە خۆش بۆوە، بەڵام کاتێکی زۆری خایاند هەتا هەموو شتەکان ئاسایی ببنەوە. ئەو ڕۆژانەی کە کولسووم چووبوو بۆ گوند، پوورە فاتم کۆمەکی دەکرد. کولسووم لە ئەنجامی ئەم هاوسەرگیرییە حەوت منداڵی بوو، پێنج کچ و دوو کوڕ. دوای چەند ساڵ زلێخا کچە گەورەکەی لەگەڵ کوڕێک کە خزمی مێردەکەی بوو واتە خاڵۆ قادر ڕەدوو کەوت، پوورە کولسووم پشتگیری لەم کارەی کچەکەی کرد بۆ ئەوەی، ئەوەی بەسەریدا هاتووە دووبارە نەبێتەوە.

---

١. چیرۆکی پڕکارەساتی هاوسەرگیریی زۆرەملێی کچان لە سەر داوای پیر و گەورەکانی خزم و عەشیرەت، تراژێدیایەکە کە لە ناو زۆرێک لە ئێتنیک و عەشیرەتەکاندا هەبووە. ئەم جۆرە ڕووداوانە گوزارشت لە سەردەمێک دەکەن کە ژن وەک کلیلی ستراتیژی بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە خێزانی و ناوچەییەکان بەکار هێنراوە و لە ئاستێکی گەورەتریشدا خان و فەرمانڕەواکان بۆ بەدەستهێنانی کچانی عەشیرەتە زلهێزەکان کێبڕکێیان دەکرد، ئەویش نەک تەنها لە کوردستان، بەڵکوو لە جیهان و لە فەرهەنگە نەریتییە باوەکاندا ئەم ڕکابەرییە لە ناو دەسەڵاتداران و دەوڵەمەندەکاندا هەبووە. هەڵبەت لە ڕووی ناوچەییەوە پرس و وتەزاگەلێکی وەکوو: لەبەریەتیی خوێن، ژنبەژنە، چکۆلە بۆ گەورە (خوشکی بچووکیان دەدا بە ژن بۆ برا گەورەکەی) لایەنی ئابووریشیان هەبوو و نابێ ئەم بابەتانە تەنها وەک مەسەلەیەکی فەرهەنگی لەبەرچاو بگرین. لەم جۆرە هاوسەرگیرییانەدا ژنان وەک ئامرازێک بۆ ئامانجی مەسڵەتییانەی پێکهاتە تایفی و ئێتنیکییەکان کەڵکی لێ وەرگیراوە و ژێتییان تیهەڵکێشی لاوازی و بێدەسەڵاتی کراوە و هەست و ئازادییان بە جۆرێک لە جۆرەکان پشتگوێ خراوە و سەرکوت کراوە. هەڵبەت نایشارینەوە کە نەک هەر ژنان، بەڵکوو ئەو پیاوانەی کە بە پێی نەریتی ژنبەژنە و ئەو جۆرە شێوازی هاوسەرگیرییانە ناچار بە هاوسەرگیری دەکران و لە لایەن تایفەوە ئەم ئەرکەیان پێ دەسپێردرا، قوربانی بوون و ئەوانیش بەم شێوە هەیمەنە و شانازیی پیاوەتییان پێشێل دەکرا. لە هەمان کاتدا نابێ لایەنە ئابوورییەکانی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە پشتگوێ بخەین کە کارکردی ئەم هاوسەرگیرییانە لە خۆیدا سامان و ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتیان لە ناو تاقم و تایفەکاندا دەگواستەوە. لەوەش گرنگتر ئەمە پەیوەندیی یەکجار نزیکی نێوان لایەنە فەرهەنگییەکان لەگەڵ سازوکارە ئابوورییەکان نیشان دەدات.

٢. ئێوە.

ئـەم ئەزموونانـە کەشـێکی وای دروسـت کردبـوو کـە پرسـی هاوسـەرگیریی نەخـوازراو لـە خێزانەکەمانـدا ببێتـە پرسـێکی گرنـگ. چەنـد جارێـک ڕووی دا کـە باوکـم بێمەبەسـت باسـی نەریتـی هاوسـەرگیرییەکان بـکات. دەیگـوت: "ئەدی لەبەر شـتەی بە سـەر کولسـووم و زێنەب و مریەم هاتووە، زۆر نارەحەتم." بە بۆچوونی ئەو، بڕیارەکەی ئەو و دایکم بەرهەمی خۆشەویسـتیی سـەردەمی جەحێڵایەتـی بـووە و نیـازی ئەوەیـان نەبـووە کـە زیـان بـە ژیانـی کـەس بگەیەنن. لە پشـت ئـەم قسـانەدا دنیایـەک لـە خـەم و پـەژارەم بـەدی دەکـرد، کـە وەبیـری دەهاتـەوە ژیانـی پـوورە کولسـووم بـە چ ئاقارێکـدا چووە، جەرگی ژانی دەکـرد. باوکم دەیوت: "ئەدی نەمدەویسـت ئـەو ئیتفاقـەی بکـەوێ، بـەڵان گـەورەکان فێریان کردبووین کە ئـەو کارە دوو عەشـق بە یەکدی دەگەیێنێـت". خاڵـۆ قـادر سـەبارەت بە هاوسـەرگیریی پـوورە کولسـووم دەیـوت: "کاک حەوڵای ئـەو کارەی کـرد بـۆ ئەوە شـەڕ و حەڵا لـە بەینـی دوو خانەوادە نەکەوێتـەوە." ئەو دەسـتەودامێنی نەریـت بـووە بـۆ ئـەوەی قوربانیانـی ئەم عەشـقە کـەم ببێتەوە.

مـن لـە نـاو خاڵۆکانمـدا لەگـەڵ خاڵـۆ قـادر زیاتـر دۆسـتایەتیم هەیـە و چەندیـن جـار گوێـم بـۆ قسـەکانی شـل کـردووە. سـەبارەت بـە هاوسـەرگیرییەکەی لەگـەڵ پـوورم دەیـوت: "ئـەدی دەرقەتـی باوکـم نەدەهاتـم، تـا ئـەوەی مەجبـووری کـردم ئـەو کیـژەی کـە مـارەم کردبـوو تەڵاقی دەم و کولسـوومی بێنـم" هەڵبـەت بێمەیلیـش نەبـوو کـە کچێکـی نەوجەوانـی شـاری بێنێـت. لـە کاتێکـدا پـوورم هەرگیـز لـە بیـری نەدەچـوو کـە بە هـۆی سـەختگیریی باپیـرم و بڕیـاری مام حـەوڵا و هاوسـەرگیریی کەریـم و ئامیـن ژیانـی بـوو بـە هیـچ. هەتـا ئـەو ڕۆژەی سـەری نـاوە هەر کاتێـک باسـی ئـەم بابەتـەی دەکرد، دڵتەنـگ بوو و جەرگبڕترین بەشـی بەسـەرهاتەکە ئـەوە بوو کـە قبووڵـی کـرد کـە چارەنووسـێکی نەگۆڕی هەیـە! پوورە کولسـووم لـە دواسـاڵانی ژیانیدا هیچ ڕق و کینەیەکـی لـە دایکـم کـە لـەو کاتـەدا کۆچـی دوایـی کردبـوو، لـە دڵـدا نەبـوو و دەیگـوت: "ئـەدی خۆشـحاڵم ... کاکـە کەریـم و براژن ئامینـێ حومرێکی خۆشـیان پێکـەوە گوزەراندووە[1]" و پاشـان بـە پێکەنینـەوە دەیـوت: "میرزا کامیـل، ڕازی نەبم ئـەدی چ بکەم؟ ئەمـە حومرێکمان لـێ ڕۆشـتووە، ئـەدی دەبـێ مـدارا بکەیـن ..."

چارەنووسە لێکگرێدراوەکان

مامە ئەحمەد، سـێیەم منداڵی بنەماڵە بوو کە لە تافی منداڵیدا تووشـی نەخۆشـیی پێسـتیی گـرووێ هـات. لـە ئەنجامـی ئـەم نەخۆشـییەدا تووشـی هاوڵـە هـات و چاوێکـی لەدەسـت دا. گەنجێکـی جـوان نەبـوو و کاتێـک کەوتنـە تەگبیـری ئـەوەی ژنی بـۆ بێنـن بژاردەکانیـان وەڵامی نەرێنییـان پـێ دانـەوە. کەسـێک لـە بنەماڵـەی یـەکاوەکان پێشـنیاری هاوسـەرگیری لەگـەڵ

---

١. تێپەڕاندووە.

خێزانێک دا کە خزمی دووریان و خەڵکی گوندی خەلیفەلیان[1] بوو. باوکیان مردبوو و باری داراییان تا ڕادەیەک باش بوو. دوو کوڕیان هەبوو بە ناوەکانی بایز و قەرەنی و چوار کچ بە ناوەکانی ئەسمەر، زبێد، زێنەب و تووبا. مامم ئەسمەری هێنا و بایز کە کوڕە گەورەیان بوو و ژنی نەهێنابوو دەیتوانی بە پێی داب و نەریتی ناوچەکە یەکێک لە خوشکەکانی مامە ئەحمەد بخوازێت. دیار نەبوو پووره مریەم بووکی هەڵبژێردراویانە یان پووره زێنەب، بەڵام ئەو جۆرەی مریەمیان دەناسی دەیانزانی کوڕی شاری بە دڵە. کەواتە زێنەبیان دەستنیشان کرد کە کچێکی کەمتەمەن بوو.

وێنەی ١٥- مامە ئەحمەد، نەغەدە، پاییزی ١٣٥٠ی هەتاوی (١٩٧١)

لە خوازبێنییەکانی ئەو سەردەمەدا، بووک زاوای نەدەبینی و هەر ئەوەندەی زاوا و خێزانەکەی بووکیان بەدڵ با، تەواو بوو. مامە ئەحمەد لەگەڵ قادری ئامۆزای و یەکێک لە کەسوکاری کچەکە چوون بۆ خەلیفەلیان و دوای گفتوگۆ سەرەتاییەکان کاک بایز و یەکێک لە خزمەکانی هاتنە کاروانسەرای کوێخاخەلیل لە نەغدە بۆ ئەوەی پووره زێنەب ببینن. پێیان وت لە بەر پەنجەرەی دیوەخان دابنیشێ و بە زێنەبیشیان وت کە مسینەیەک پڕ بکا و بیبا بۆ ئاودەست[2]. هێشتا بۆریی ئاوەڕۆ نەگەیشتبووە نەغەدە، هەر بۆیە کاتێک میوان دەهات، مسینەکانیان پڕ لە ئاو دەکرد و لە نزیک تەوالێت کە لە سووچێکی حەوشەکەدا بوو دایاندەنا. کاتێک پوورم بۆ بردنی مسینەکە بە لای پەنجەرەکەدا تێپەڕی، بایز پوورمی بینی.

کاک بایز بە گشتی بنیادەمێکی سادە بوو، کەسێکی بێفێڵ و تەڵەکە. بەم شێوە ئەو و پووره زێنەب، بە نیوە نیگایەک ژیانی ژن و مێردیان دەست پێ کرد، ژیانێک کە گەورەکان ئامادەکارییان بۆ کردبوو. هەڵبەت ئەمە هەر شێوازی ئەوان نەبوو لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان و کۆمەڵگە نەریتییەکاندا بە گشتی کچ بە بێ ناسیاوی و ئاشنایەتی دەدرا بە شوو و هەندێک لەم هاوسەگیرییانە کۆتاییەکی ناخۆشیان هەبوو.

ئەگەر بیر لە وشەی هاوسەرگیری بکەینەوە دەبینین کە زۆربەی ئەو هاوسەرگیرییانە بۆ کچان و هەندێکجاریش بۆ کوڕان هاوسەڕگیرییەک بوو کە تێیدا تەنانەت دەرفەتی بینینی ڕووخساری هاوسەری داهاتوویان پێ نەدراوە، چ جای ئەوەی میزاج و خووخدە و باری دەروونیی کەسی بەرامبەر بزانن و لەوە دڵنیان ببنەوە کە ئایا پەیوەندیی باشیان لەگەڵ

---

١. ئەم گوندە لە نێوان مەهاباد و نەغەدەیە.

٢. توالێت.

یەکتر دەبێ و ئاخۆ پێکەوە تەبا و ڕەبا دەبن.

ئەسمەر و زێنەب لە ساڵی ٠٥٣١ی هەتاوی (١٧٩١ ز) لە یەک ڕۆژ و لە سەر بڕی مارەیی یەکسانی دوو هەزار تمەن مارە کران و هەر دووکیان زۆر زوو چوونە ماڵی مێرد. زەماوەندەکەیان کەوتە زستانێکی زۆر سارد کە بە ساردترین زستان و بەفر و زریان لە مێژووی ئێراندا تۆمار کرا و ناوی "دێوەزمەی سپی" لێنراوە[1]. ئەو جیپەی زێنەب سواری ببوو لە بەفردا گیری کرد و بووکیان بە ئەسپێکەوە بە هەزار زەحمەت بردە ماڵی زاوا. گەلێ میوان چەندین ڕۆژ لە ماڵی کۆیخادا مانەوە بۆ ئەوەی ڕێگاکان بیکاتەوە و بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان. زێنەب ئەوسا هەرزەکار بووە و هەمیشە بە پێکەنینێکی تاڵەوە دەڵێ: "هێندە وردیلە و ناشی بووم کە حەزم دەکرد بەو بارەی دیدا سواری هەسپێ بم". پووره زێنەب لەبارەی ژیانی هاوبەشەوە هیچی نەدەزانی. بچووکترین کچ و منداڵی ماڵ، وەکوو کولسووم پەروەردەی شار و ناشارەزای ژیانی گوندنشینی بوو.

ئەو سەردەمە کاتێ کچ شووی دەکرد بەربووکیان[2] لەگەڵی دەنارد. ئەم خانمە دەبا لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بووک بۆ شەوی پەردە و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هاوسەرەکەی ئامادە بکردبا. پێخسووەکان بووکە کەمتەمەنەکانیان فێری شێوازی سێکس کردن دەکرد و لەو لاشەوە پیاوێک لە خزم و کەس یان هاوڕێ هەر ئەم ئەرکەی بۆ زاوا دەگرتە ئەستۆ کە پێیان دەوت برازاوا (برای ڕۆحیی زاوا). پێخەسوو دوای سێکسکردنەکە پەڕۆیەکی کەتانیی سپی کە بە خوێن خووسێنرابوو نیشانی خەسوو و دواتر دایکی بووک دەدا کە ئەمە سەلمێنەری پاکیزەیی بووک بوو. پێخەسووەکان بۆ ئەو کارەی کە ئەنجامیان دەدا پارە و دیارییان وەردەگرت، پیشەیەکی گرینگیان هەبوو و شارەزاییەکی باشی دەویست

وێنەی ١٦- پووره زێنەب و کچەکەی مێهری، ١٣٦٦ی هەتاوی (١٩٨٧)

١. بەفر و زریانی ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی لە ئێران لە ناوەڕاستی مانگی ڕێبەندان ڕووی دا. بەفرباریـن بەشێکی زۆری ئێرانی وەها نوقمی بەفر و بەستەڵەک کرد کە بووە هۆی مردنی پتر لە ٤ هەزار کەس و کۆتایی بە وشکەساڵیی سێزدە ساڵەی ئێران هێنا. هەندێک پێیان وایە ئەم ڕووداوە قورسترین و کارەساتبارترین تۆف و زریان لە مێژوودا بووە! لە هەندێک لە ناوچەکاندا زیاتر لە ٣٦ کاتژمێر بەفر باریوە و بەرزیی بەفرەکەش گەیشتووەتە ٦ مەتر. ئەم ڕووداوە ئەوەندە قورس بوو کە توانی لە کتێبی گینس پلەی یەکەمی زیانبەخشترین زریانەکانی جیهان بەدەست بهێنێت. بەسەرهاتەکە لە ٢ی ڕێبەندانی (کانوونی یەک) ساڵی ١٣٥٠ هەتاوی دەستی پێکرد؛ بە جۆرێک کە ڕۆژنامەی ئیتلاعات بە سەردێڕی سەرنجڕاکێشی "دیو سپید" واتا "دێوەزمەی سپی" پێشبینیی بەفرباریـنێکی قورسی کردبوو (https://fa.wikipedia.or)

٢. بەربووک: پێخەسوو.

و داهاتێکی چاکیشی هەبوو.[1]

لە هاوسەرگیریی پووره زێنەبمدا، نەنکم دوای گەڕانەوەی پێخەسوو دەچێ بۆ خەلیفەلیان بۆ ئەوەی ماوەیەک لای کچەکەی بێ و ژیانی لادێیی فێری زێنەب بکات. دوای نەنکم، نۆرەی دایکم بوو کە فێری شێوازی ژیانی گوندی بکات. بەهەرحاڵ زێنەب ئەو ئیشانەی کە ژنێکی لادێی دەبا ئەنجامی بدابایە، فێر بوو. لە دۆشینی شیری مانگاوە بگرە هەتا یارمەتیدان لە ئاژەڵداری و کشتوکاڵ و ڕاپەراندنی کاروباری ژیان و هتد. هەندێک لەو ژنانەی کە کەسایەتییەکی سەربەخۆتریان هەبوو، وردە وردە پێگەی خۆیان لە ناو خێزانەکەدا جێگیر دەکرد، هەندێکی دیکەشیان کە خووخدەیەکی وابەستەتر هەبوو و دەسەڵات و سەربەخۆیی و هەیمەنەیان نەبوو، لەگەڵ پێکهاتەی دەسەڵاتخواز ڕادەهاتن. زێنەب لە ڕیزی یەکەم بوو و بە پێچەوانەی کولسووم ئارام و ملکەچ نەبوو. بە خێرایی زۆرێک لە کارەکانی خستە ژێر ڕکێفی خۆی و کاتێک هاوسەرەکەی لە ساڵی ١٣٦٦ هەتاوی (١٩٨٧ز) بە هۆی شێرپەنجەوە کۆچی دوایی کرد، کاروباری ماڵی خستە ژێر چۆکی خۆی.

پووره زێنەب لە مانگەکانی یەکەمی هاوسەرگیرییەکەیدا زۆر مەینەت و دەردەسەری بینی و هیچ لە ژیانی ڕازی نەبوو. هەر بۆیە بە گاڵتەجاڕی و بە جدی پەیامێکی دەنارد: "بە مرێم بڵێن، وەکی من مێردێ نەکا، بەرخم ئەگەر حەزت لە پیاوەک نییە، قسان بکە و بە ئیجباری مێردێ مەکە ..." زێنەب و کولسووم نموونەی کچانێک بوون کە زۆر زوو شوویان کرد و لەبەر ئەوەی هیچیان لە ژیانی هاوبەش نەدەزانی، تاڵیی ئەو هاوسەرگیرییە نەخوازراوە ساڵەهای ساڵ لە دڵیان دەرنەچووبوو. زۆر جار لە قسەکردن لەگەڵ پووره کانمدا بۆم دەردەکەوت کە وەک کچانی هەرزەکار وێنایەکی دروستیان لە هاوسەرگیری نەبوو. وەک بڵێی هەر لەو قۆناغی نەوجەوانی و کەشوهەوایدا چەقی بەستووە و بە شێوازە ئاسایی و ڕەوتە لۆژیکییەکەی گەشەکردن و باڵقبوونیان بەئەزموون نەکردووە. بە هیچ شێوەیەک هۆکاری هاوسەرگیرییان نەدەزانی و ملکەچی یاریی گەورەکان و منداڵهاوسەری[2] ببوون.

---

١. لە هەندێ لە فەرهەنگەکاندا پاکیزەیی وەک بەهایەک بۆ کچ دانراوە کە بە هۆی گرنگییەکەیەوە، زۆرێک لە هاوسەرگیرییەکان هەتا قۆناغی کۆتایی چوون بەڵام هەڵوەشاونەتەوە. دیارە لە هەلومەرجی ئێستادا بەها و پێوەری پەردەی کچێتی بۆ هاوسەرگیری کچان کاڵ بۆتەوە و نەوەی نوێ لە سایەی زەینییەتێک کە دەرەنجامی بەها مۆدێرنەکانە، وەک پێوەرێک بۆ هاوسەرگیری گرنگییەکی ئەوتۆ بە پاکیزەیی نادەن نییە یان لە هەڵبژاردنی هاوسەر و هاوسەرگیریدا بە گرنگ و چارەنووسسازی نازانن.

٢. منداڵهاوسەریی منداڵان تەنها بە یەک شێواز ئەنجام نەدەدرا. زۆر جار لە بیچمی ژن‌بەژنەدا کراوە. بەڵام فۆرمی تریشی هەبوو وەکوو "گەورە - بچووک" کە بە واتای پێدانی کچێکی پێگەیشتوو بە کوڕێکی بچووکترە یان کچێکی کەمتەمەن یان کچێک کە هێشتا لە بێشکەدا بوو و ناوکبڕینیشیان پێ دەوت هەڵبەت هاوسەرگیریی ڕێکخراویشی پێ دەڵێن، واتە جۆرێک لە هاوسەرگیری کە هەڵبژاردنی هاوسەر لە ڕێگەی گەورەکانەوە ئەنجام دەدرێ بە بێ ئەوەی لایەنەکان تێیدا بەشداربیان بووبێ یان تەنانەت چاودێرییان کردبێ و لە کاتی لەدایکبوونیاندا ئەم وەسڵەتە ئەنجام دەدرێت. جۆرێکی تری منداڵهاوسەری بریتی بووە لە پێدانی کچێک لە بەریەتیی خوێن. هەموو ئەم هاوسەرگیرییانە

منداڵهاوسەری هەتا چەند دەیەیەک لەمەوبەر لە کوردستان باو بووە و هەتا ئێستاش کەم و زۆر لە هەندێ لە ناوچەکاندا هەیە. دوای تەواوکردنی خوێندنم لە دەرەوەی وڵات و گەڕانەوەم بۆ ئێران، یەکەم لێکۆڵینەوەکانم لە سەر خەتەنەکردنی ژنان[1] و هاوسەرگیریی منداڵان[2] بوو. کە هەر دووی ئەم خەسارەتە کۆمەڵایەتییانە لە ئەزموونی ژیاوی منەوە هەڵدەقولا و لە ناو خیزانەکەمدا زۆر ڕووی داوە. ئەزموونەکانی دایکم و پوورەکانم و ژنانی دیکەی خزم و کەس بوو بە پاڵنەرێک بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی گروپی و مەیدانیی بەرفراوان ئەنجام بدەم و زیانەکانی ئەو دیاردانە بۆ کۆمەڵگا دەربخەم.

زێنەب پێنج منداڵی بوو، چوار منداڵیان لە هاوسەری یەکەم و کچێکیش لە هاوسەری دووەم. دوای چەند ساڵێک لە کۆچی دوایی کاک بایز، شووی بە پیاوێکی منداڵتر لە خۆی کرد و هەر زووش لێک جیا بوونەوە. خاڵێکی تری سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە پوورە زێنەب دوای مردنی مێردەکەی، بۆ هەمیشە لە خەلیفەلیان باری کرد و ڕووی لە مەهاباد کرد، نەیویستووە لە گوندا درێژە بە ژیان بدا و هەمیشە عاشقی شارنشینی و سەرسامی شاری مەهاباد بووە.

کاک بایز تامووڵی ڕەفتارە توندوتیژەکانی پوورمی دەکرد تەنیا لەبەر ئەوەی قەشەنگ و شاری بوو. تەنانەت ئامادە بوو بۆ ڕازیکردنی پوورم هەموو شتێک بکات. دەترسا یان ڕەنگە دڕدۆنگ بووە و دڵپیسی لێ دەکرد. ڕفتار و هەڵسوکەوتە سەرنجڕاکێش و ساکارەکەی هەمیشە هۆکاری سەرەکیی گلەیی پوورە زێنەبم بوو. کاتێک کاک بایز کە لە مەزرا دەهاتەوە پوورم نەیدەهێشت بێتە ژوورەوە هەر لە بەر دەرگاکە جلەکانی پێ دادەکەند و جلی پاک و خاوێنی پێدەدا. ئەویش بە نابەدڵی و پێکەنینەوە جلە پاک و خاوێنەکانی لەبەر دەکرد و بینینی ئەم دیمەنە و هەڵسوکەوتی پوورە زێنەب و کاک بایز بۆ ئێمەی منداڵان خۆش بوو. لە هاویندا بە مسینە ئاوی دەکرد بە دەموچاو و دەست و قاچی و هەتا نەیشۆردبا نەیدەهێشت بێتە ناو ماڵەوە.

جارێکیان هاوین، لە ماڵی پوورە زێنەب شێومان دەخوارد کە گڵۆپی چێشتخانەکە تەقییەوە. پوورم وتی: "ئەی خوڵا لەو مێردە کارجوانەی ئەمن، جا چ بکەین .... ئێستا کێ لەو تاریکە سەلاتەی نەجاتمان دەدا؟" پێدەکەنی و گاڵتەی بە کاک بایز دەکرد. لە جەنگەی پێکەنین و شۆخی و جەفەنگەدا کاک بایز ڕازی دەبوو کە هەستێ گڵۆپەکە بگۆڕێت. بە جوڵەکانی دەریخست کە لێی نازانێت. کورسییەکیان خستە ژێر پای و پێیان دەوت کە چی بکات. کاتێک گڵۆپە نوێکە داگیرسا، ئەمیری کوڕی کە تا ڕادەیەک هاوتەمەنی من بوو، بە

لە تەمەنی کەمدا ئەنجام دراون.

١. احمدی، کامیل،١٣٩٤، بە نام سنت، نشر شیرازە (تهران) و ٢٠٢١ نشر آوای بوف (دانماراک).

٢. احمدی، کامیل،١٣٩٨، طنین سکوت، نشر شیرازە (تهران) و ٢٠٢٠ نشر مهری (لندن).

پلەزیقانەوە بە دیوەکاندا[1] هەڵدەهات و یەک بە خۆی دەیگوڕاند "باوکم ئوشتادە[2]!" ئەمیر کەمێک سەرزمانی دەگرت و پیتی سینی بە شین بێژە دەکرد. ڕستەکەی کە نیوەی فارسی و نیوەی کوردی بوو، هێندەی تر پێکەنیناوی کرد. باوەڕی نەدەکرد کاک بایز توانیویەتی شتێک چاک بکاتەوە! ئەم یادەوەرییە لە قوژبنێکی مێشکمدا ماوەتەوە و هەر ئێستاش کاتێک خۆم شتێک چاک دەکەمەوە و کارەکە بە سەرکەوتوویی تەواو دەکەم، بێئاگا لە خۆم بە دەنگی بەرز دەڵێم: "باوکم ئوشتادە!"

هاوسەری پوورە کولسوومیش واتە خاڵۆ قادر و تەنانەت کاک وێنسی هاوسەری پوورە مریەمیش، لە ڕووی کەسایەتییەوە لە کاک بایز دەچوون، هەر سێکیان تا ڕادەیەک بێدەسەڵات، خۆمانە و میهرەبان و بێفێڵ و کەڵەک بوون. ڕەنگە ئەم بێدەسەڵاتبوونەیان هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ژنەکانیان زەحمەتکێش و گورجوگۆڵ بوون. هەمیشە شانیان داوەتە بەر ئەرکی مێردەکانیان و نەیانهێشتووە مێردەکانیان بە ئەرکەکانیان هەستن و بەم شێوە دابەشکردنی ئەرکی ناو ماڵ لە ناویاندا بەدەروونی نەبوو. هەر سێ ژنەکە بە گیان و دڵەوە بۆ ژیانی هاوبەشیان تێدەکۆشان، بەڵام هەمیشە خەونێکی دیکەیان لە سەردا بوو و ژیانێکی دیکەیان دەویست؛ ژیانی ئاسوودە و ئارامی شاری.

زاوای شاری

خوشکەکانی باوکم وەکوو ژنانی دیکە ڕۆڵێکی ئەوتۆیان لە هاوسەرگیرییەکەیاندا نەبووە و ئەوە گەورەکانی خانەوادە بوون کە بە پێی داب و نەریتی ژنبەژنە کچەکانیان دەدا بە شوو. پوورە مریەم کە باجێ مریەمیشمان پێ دەگوت، سەرەتا عاشقی کوڕە پوورەکەی بوو (خوشکەزای دایکی) و لە سەردەمێکدا داواکارێکی هەبوو کە پۆلیسی ژاندرمە بوو. ئەو سەردەمە بە دەگمەن کورد دەچووە ناو سوپا یان ژاندرمەوە، بەڵام ئەمەیان ببوو بە پۆلیسی ژاندەرمە.

جگە لەوە کێشەیەکی تریش هەبوو؛ خوشکێکی نەبوو بۆ ئەوەی ژنبەژنەی پێوە بکا و بۆ گەورەکانی خێزانەکە بژاردەیەکی سەرنجڕاکێش نەبوو. باوکم و مامم هاوسەرگیرییان کردبوو و فشارێکی کەمتر لەسەر پوورە مریەم هەبوو، بەڵام ئەگەر زاوای داهاتوو خوشکێکی هەبوایە، ئەوە زەمینە بۆ هاوسەرگیرییەکی دیکە بۆ گەنجێکی ناو خێزان دەڕەخسا!

ئەم وەسڵەتە سەری نەگرت و پیاوانی تایفە دژی هاوسەرگیریی مریەم و پوورزاکەی بوون و کۆتا نەهاتن. ئەو کاتەی نەنکم بە نهێنی لە جەڵدیان هاوسەرگیری کردبوو، دەهاتە ماڵی

---

١. دیو: ژوور.

٢. ئەمیر لەبەر ئەوەی سەر زمانی دەگرت بە ئوستادی وتووە ئوشتاد، ئوستاد واتە وەستا.

خوشکەکەی لە نەغەدە و بە نهێنی سەردانی منداڵەکانی دەکرد. دەیانوت ئەم کارەی پوورم (خوشکی نەنکم) و مێردی بۆ بنەماڵەی ئەحمەدی سووکایەتییەکی گەورە بوو!

لەو ژینگە نەریتییەدا هۆکاری سەیر و سەمەر کۆسپ و تەگەرەی بەر دەم هاوسەرگیریی کچان بوون. سێبەری نەریت ئەوەندە باڵی بە سەر ژیانی خەڵکدا کێشابوو، کە پیاوێک وەکوو باوکم سەرەڕای ئەوەی لە چاو خەڵک ئاسانگیر بوو، بە مریەمی وتبوو: "ئەگەر دەتەوێ مێرد بە پوورزاکەت بکەی لەگەڵی ڕەدوو کەوە! موتمەحینی بە خۆم مەسڵەتوو بۆ دەکەم، بەڵان تووشم مەکە بە تووشی ئامۆزاکان."

وێنەی ١٧- پووره مریەم و سابیر، نەغەدە، ساڵی ١٣٥٣ی هەتاوی (١٩٧٤)

پوورم نەیتوانی بە ئاواتەکەی بگا بەڵام لە سەر قسەی خۆی سوور بوو. هەر لە سەرەتاوە گوتبووی کە شوو بە پیاوی دێهاتی ناکا و چاوەڕێی پیاوێک دەکا کە دوای هاوسەرگیری لە شار دووری نەخاتەوە. ئەوسا داب و نەریتی خێزانە دەوڵەمەندەکان وا بوو کە زەوییان بە ناوی بووکەوە دەکرد، بەڵام مریەم دەیوت: "ئەدی زەوی و باخیشم بە نێو کەن مێرد بە پیاوی دێ ناکەم" دواجار پاییزی ساڵی ١٣٥١ی (١٩٧٢ز) هەتاوی چەند مانگێک پێش لەدایکبوونم شووی بە وێنس کرد. وێنس سەر بە بنەماڵەی ئیمامی بوو کە لە نەغەدە بەناوبانگن. کاک وێنس بەرگدوور بوو، هەم پیشەکەی بە لامانەوە شتێکی تازە بوو و هەم ڕووالەتی کە هەمیشە شیکپۆش و خاوێن بوو و لەگەڵ ڕووالەتی ئاسایی پیاوانی ئەو سەردەمە کەمێک جیاواز بوو.

مریەم لە ڕووی ناچارییەوە شووی بە کاک وێنس کرد و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بەردەوام گوێستنەوەکەی وەدوا دەخست. ساڵێک مارەبڕاوی کاک وێنس بوو کە لەو سەردەمەدا شتێکی ناعورفانە بوو. بنەماڵەی ئیمامی چەندەها جار دەهاتن و دەچوون و دیارییان دەهێنا بۆ ئەوەی دڵی بووک بەدەست بهێنن، بەڵام مریەم ئازایانە خۆڕاگری دەکرد. جا بزانن کێ و بە چ فێڵێک توانیویەتی پووره مریەم بینێرێتە ماڵی کاک وێنس؟

لەو سەردەمەدا وا باو بووە کە زۆر کەس ناسنامە بۆ کوڕەکانیان وەرنەگرن، بۆ ئەوەی نەخرێنە ناو ئاماری حکوومەتەوە و نەچنە سەربازی یان وەک خۆیان دەڵێن ئیجباری.[1] باوکیشم وەک

١. پێش ئەوەی ڕەزاشا لە سەر تەختی پاشایەتی دابنیشێ، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٢٩٧ی هەتاوی نووسینگەی تۆمارکردنی باری کەسێتی لە ئێران دامەزرا و لە سەردەمی سەرۆک وەزیریی ڕەزاخان لە سەرەتاکانی ساڵی ١٣٠٤ هەتاوی بە شێوەی فەرمی وەرگرتنی ناسنامە بوو بە ناچاری و بۆ هەر پیاوێکی ئێرانی لە ١٩ ساڵەوە هەتا ٤٠ ساڵ ڕۆشتن بۆ سەربازی بوو بە زۆرەملێ. هەر بۆیە بە سەربازییان وتووە ئیجباری. لەو ناوچانەی کە لە ژێر دەست و ڕکێفی ئاغاکان بوو، بەرتیلیان دەدا و ناوبژیوانێتییان دەکرد بۆ ئەوەی لاوان نەچنە سەربازی. لە دوای چلەکان (هەتاوی) کە سیستەمی ئاغا و ڕایەتی لە ئێراندا هەڵپێچراوە و هاوکاتیش خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە قوتابخانەکاندا بوو بە ناچاری، وەرگرتنی ناسنامە بوو بە مەرجی سەرەکی بۆ چوونی منداڵ بۆ قوتابخانە. حکوومەت بەم شێوە ئاماری کوڕانی

زۆرێک لە هاوتەمەنەکانی ناسنامەی نەبوو و بەو پێیەی باپیرم پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە هاوسەرگیریی دایک و باوکم تۆمار بکرێ، ناوی پیاوێک لە یەکاوەکانیان بە ناوی کەریم یەکاو لە سەر ناسنامەی دایکم وەک مێرد تۆمار کرد! ساڵانێک بەمە پێکەنین و گاڵتەمان بەم بابەتە دەکرد، چیرۆکەکە ئەوەندە سەیرە کە هەر وا بە ئاسانی ناتوانین چاوپۆشی لێ بکەین.

دوای ئەوەی پوورە مریەمی ملی نەدا بڕواتە ماڵی کاک وێنس، ناکۆکییەکە زیاتر بووەوە. باوکم کە بۆ خوشکەکانی دەوری باوکی دەگێڕا، دەبا تەگبیرێکی بکردایە. بە مریەمی وت: "لەوانەیە برای کاک وێنسی کە جیرانی مە و کارمەندی دەوڵەتێیە، من بداتە دەستی ژاندارمێری و بنگرن و بمبەنە سەربازی". بەم فێڵ و تەڵەکە مریەم ڕازی دەبێ و شوو بە کاک وێنس دەکات. پوورە مریەم هێشتاش دەڵێ: «وەختایەکی کە کاکم ئەوەی گۆت بە خۆمدا شکامەوە، بەڵان ڕازی بووم مێردێ بکەم.» مریەم نیگەرانی کەریمی برای بووە و هەر ئەم دڵسۆزییە وای لێدەکا بە بێ ڕەزامەندی شوو بکات. فیداکاری و پشتیوانیی ژنان لە پێگەی خوشک بۆ برا دڵسۆزانە و پاک بووە، بەڵام پێچەوانەکەشی ڕووی داوە.

بە بەراورد لەگەڵ پوورەکانم و مێردەکانیان، مریەم و کاک وێنس زۆر لە یەکتر دەچوون و ئاسەوارەکانی ژیانی شاری بە ڕەفتار و شێوازی ژیانیانەوە دیار بوو. کاک وێنس زۆر پوورە مریەمی خۆش دەویست. کاتێک پوورم زکی بە سابیرەوە پڕ بوو، مەگیرانی[1] بە بەفرەوە دەکرد، ئەویش ناوەڕاستی هاوین کە هەتا مەودایەکی زۆر دوور بەفر نەبوو. کاک وێنس پشتوێن لە پشت کرد و کڵاوی کردە سەر و هەتا چیای قەندیل لە نزیک سنووری باشووری کوردستان و بەفری بۆ هێنا. هەمیشە باسی ئەم کارەی کاک وێنسمان دەکرد و بە لامانەوە سەیر بوو.

لەو سەردەمەدا پیاوی کورد، بە هۆی ئەو لووتبەرزی و هەیمەنەخوازییەی کە بوویان، بە گشتی هەستی خۆیان بۆ ئەو ژنەی کە خۆشیان دەویست دەرنەدەبڕی و ئەم کارەیان پێ خوێڕیەتی بوو، هەر بۆیە وەها ڕفتارێکی ڕۆمانسییانە سەیر و سەمەر دەرکەوت و هەمووانی سەرسام کرد. مریەم لە شاردا دەژیا و ئەزموونێکی جیاوازی لە خوشکەکانی هەبوو. جگە لەوەش بنەماڵەی ئیمامی یەکەم نەوەی کارمەندانی شارەکە بوون و لە چاو بنەماڵەکانی دیکە ڕۆشنبیرتر و مۆدێرنتر بوون.[2]

هەبوو و کوڕانی نۆزدە ساڵانی بۆ سەربازی بانگهێشت کرد.

١. بێزوو، بێزی. ئارەزووی ژنی دووگیان بۆ خواردنی شتێک.

٢. بۆ ئەو ژنانەی کە لە ژینگەی توندتیژ و تاقەتپڕووکێنی لادێ ماندوو ببوون و چیتر تامووڵیان نەدەکرد، هاتن بۆ شار، چوونە ناو جیهانێکی ئازاد و نانەریتی بوو. بێگومان مۆدێرنبوونی ژیانی شاری لەو سەردەمەشدا لە چاو ئەمڕۆ هەندێ جیاوازی هەبوو. دەرکەوتەکانی ژیانی شار و ئیمکاناتەکانی کاریگەریی مۆدێرنیتەیان پێوە دیار بوو کە لە ژیانی گوندنشینەکاندا بەدی نەدەکرا. بەڵام ئەمە تەنیا ڕووکەشی مۆدێرنیتە بوو و ئەگەر سەیری قووڵایی مەسەلەکەت بکردایە، جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان شار و لادێدا نەبوو. ئاستی نزمی خوێندن، ئاستی نزمی جیهانبینی و نەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ئێتنیک و نەتەوەکانی دیکە، لێکچوونە بنەڕەتییەکانی نێوان خەڵکی شار و گوند بوو. بە واتایەکی تر لە ڕووی

کاک وێنس وەکوو زاواکانی تری بنەماڵەی باوکم ساده و ئارام بوو و بەداخەوە ژیانی هاوبەشیان لەگەڵ پووره مریەم زۆر درێژەی نەکێشا. ئەویش تووشی هەمان چارەنووسی کاک بایزی مێردی پووره زێنەب هات و لە ساڵی ١٣٦١ هەتاوی (١٩٦٢ز) کە پوورم زکی بە سەبرییەوە پڕ بوو کاک وێنس بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجەی ڕیخۆڵەوە مرد. دوای مردنی پێشوەختەی هاوسەرەکەی، پووره مریەم هەرگیز شووی نەکردەوە. لەو ساڵانەدا لە کاک وێنسەوە فێری درووماں ببوو و بە مەکینە درووماںەکەی کە میراتی هاوسەرەکەی بوو کاری دەکرد و منداڵەکانی بەخێو دەکرد. هەڵبەت باوکیشم چاوی لێیانەوە بوو و هاوکاری دەکردن، هەتا ئێستاش دەنگی مەکینەی درووماںەکەی پوورم و پەیتا پەیتا پا لە سەر پێداڵ دانەکەی کە زۆر جار هەتا درەنگانی شەو بەردەوام بوو، لە گوێمدایە.

شکستەبەندی لە گوندی گۆلێ

پووره خەجیج ژنێکی باڵابەرز و جوان و دڵرفێن و وەکوو دایکی، بەسیاسەت و پشتیوان بوو. خوازبێنی زۆر بوون و چەندین پیاوی بنەماڵە لە گوند و شار دەیانویست هاوسەرگیری لەگەڵدا بکەن، بەڵام پووره خەجیج نیازی هاوسەرگیری نەبوو. لە ناو جەنگەی شەڕ و قڕەکانی کۆیخا و نەنکمدا گواستبوویانەوە بۆ کاروانسەرا و ئەویش پێی خۆش نەبوو خوشک و براکانی بە تەنیا بەجێ بهێڵێت. لە نەبوونی ئامیندا ڕۆڵی دایکی بۆ دەگێڕان و هەمیشە بە میهرەبانی و فیداکارییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردن. پێشتر پێم وتن کاتێک لە گوندی جەڵدیان بوو دڵی چووبوو لە فەقێیەکی کەمتەمەن و لەگەڵیدا ڕەدوو کەوت، بەڵام هێنایانەوە و دوای ماوەیەک دایان بە پیاوێک بە ناوی کاک فەتاح.

کاک فتاح کوڕی خاتوون و میرزا بوو. خاتوون خوشکی خێزانی مام حەولا و خوشکەزای حەمەی مام ڕەسوو بوو، ئێمە پێمان دەگوت پووره خاتوون و بە مێردەکەشیمان دەوت میرزا. نازانم ناوی ڕاستەقینەی چی بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی خوێنەوار بوو پێیان دەوت میرزا. ئەوان لە گوندێک بە ناوی گۆلێ کە دەکەوێتە سەر ڕێگای ورمێ بۆ مەهاباد و نەغەدە دەژیان. دیارە بۆ کاک فەتاحی کوڕە گەورەیان لە بژاردەیەکی گونجاو دەگەڕان، کە کوێخا خەلیل و ئەحمەد ئاغای هاوڕێ، ئاغای گوندی ئاڵیاوێ[1]ی نەغەدە، پێشنیاری خەجیجیان کرد و ئەوانیش خوازبێنیان لێکرد. هاوسەرگیریی پووره خەجیج بۆ بنەماڵەی باوکی بابەتێکی زۆر گرنگ بوو و پووره خاتوونی خەسووی خەجیج زۆر هەوڵی دابوو کە ئەم وەسڵەتە سەر بگرێت.

فیکرییەوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو و هەمان ئەو بیر و باوەڕە نەریتییەی کە لە لادێدا هەبوو بە شێوەیەکی سووکتر لە شارەکانیشدا بوونی هەبووە. ڕەنگە بتوانین بڵێین کۆمەڵگای شار لە توێکڵەکەیدا مۆدێرنیزە کرابوو و ڕو واڵەتی مۆدێرنیان هەبوو، بەڵام کاکڵ و جەوهەرەکەی هەڵگری هەمان بەها و باوەڕەکانی پێکهاتەی نەریتی بوو.

١. گوندێک لە نزیک نەغەدە. ئەم گونده دەکەوێتە میرەدێی سلدووز.

بنەماڵەی میرزا بەناوبانگ و دەوڵەمەند بوون، لەگەڵ خانەکانی ناوچە پەیوەندییان هەبوو و لە هەموو خزمەکان هەڵکەوتەتر بوون. هەر ئەم ئیمتیازاتانە کارێکی وای کرد کە خەجیج مل بە هاوسەرگیری بدا، ئەگینا فەتاحی بە دڵ نەبوو. کاک فەتاح پیاوێکی باشە، میهرەبان و سوحبەتچییە، میانەڕەوە و بە پێچەوانەی داب و نەریتی باوی کوردەواری لەگەڵ ژنانی خزمدا گاڵتە و شۆخیی خۆمانە و هەندێک جاریش دەستبازی دەکرد! ئاکارێک کە لەو فەرهەنگەدا نەشیاوە و لەگەڵ ڕووی عورفییەوە لە پیاو ناوەشێتەوە. هەڵبەت سەرەڕای ئەوەی لە ناو کوردەواریدا ئەم ئاکارە بۆ پیاو جوان نییە، بەڵام ژمارەی ئەو جۆرە پیاوانە کەمیش نەبوون! ماڵی کاک فەتاح پوورە خەجیجمیان خۆش دەویست، ڕێزیان لێدەگرت و دیارییان پێ دەدا و بووکەکەیان بە لاوە ئازیز بوو. ئەو سەردەمە سێ هەزار تمەنیان وەک بڕی مارەیی بۆ دیاری کردبوو، کە هەتا ماوەیەکی زۆر یەکێک لە زۆرترین بڕی مارەییەکان لە نەغەدە و دەوروبەر بوو.

بیستوومە دەڵێن لە ڕۆژی مارەبڕینەکەیدا نەنکم نانی نیوەڕۆی ئاهەنگەکەی نەخواردووە و وتوویەتی بەم وەسڵەتە ڕازی نییە. کوێخاش ئاوا وڵامی داوەتەوە: "ئەدی ناخۆی مەخۆ، خۆ ئەوانە سەغیر و کەبیری ئەمە نینە، کچی خۆنە[1] و بە مێردێمان داوە". نەنە لە حەوشەی کاروانسەرا مانی کردبوو، خەلیل پەیامێکی نارد: "لە حەوشەی کاروانسەرای بڕۆ دەرێ و بگەڕێوە بۆ جەڵدیان"، ئەوسا نەریتەکە وا بوو کە کچێک کە باوکی مردبوو، خانەدان یان خزم و کەسی باوکی بە خاوەنی دەردەچوون و تەنانەت مافی ئەوەیان بە دایکی نەدەدا کە لە سەر ژیانی کچەکەی قسە بکات.

پوورە خەجیج دوای هاوسەرگیرییەکەی، چووە ماڵێک کە حەوشەکەی بە ئەندازەی یاریگای تۆپی پێ بوو. کاک فەتاح و کاک سەلیمی برای لە هەر دوو دیوی حەوشەکەدا دەژیان و کاتێک باوکیان مرد، پوورە خاتوونی دایکیان هێنایە هەر هەمان ئەو ماڵە. پوورە خاتوون هەتا کۆتایی تەمەنی لە دیوەکەی تری حەوشەکە لەگەڵ کاک سەلیم و هاوسەرەکەی ژیا. پوورە خاتوون جەڕاح بوو.[2] ئەو و کاک محەمەدی مام ڕەسووی برای و فاتمی خوشکی لە خاتوون باغ و قەمتەرێ، لە باوکیانەوە فێری پزیشکیی کۆن ببوون و پوورە خاتوونیش لە هەمان گوندی گۆلێ سەرقاڵی جەڕاحی بووە. ئەم گوندە خنجیلانە دەکەوێتە نزیک

---

١. خۆمانە.

٢. لە هەندێ ناوچەی موکریان بە هۆی نزیکایەتیی جوگرافیایی لەگەڵ تورکانی دانیشتووی سندووس یان هەمان تورکە ئازەرییەکانەوە بە جەڕاحیان وتووە سەنەخچی کە وشەیەکی تورکییە. ئەم دوو نەتەوە بە هۆی هاتوچۆوە هەندێ وشە و داب و نەریتیان ئاوێتە بووە. جوگرافیای کوردستان جوگرافیایەکی هەڵەمەوت و کوێستانییە کە ئەمەش لاق و دەستشکانی زۆر لێ دەکەوێتەوە. هەر بۆیە لە کوردستان ئیشی شکستەبەندی یان هەمان جەڕاح (ئۆرتۆپێدی) زۆر باو بووە و کەسانێک کە شکستەبەند یان جەڕاح بوون لە ناو خەڵکدا ڕێزێکی تایبەتیان هەبوو و ئەم جەڕاحانە زۆر جار لە پزیشکێکی پسپۆڕی ئۆرتۆپێدی شارەزاتر بوون و چاکتر توانیویانە دەست و قاچی شکاو بگرنەوە. تەنانەت لە کوردستان کەسانێک دەست و قاچی ئاژەڵیشیان گرتووەتەوە کە پێیان وتوون بەیتاڵ.

دەریاچەی ورمێ و بەنداوی حەسەنلوو و پڕە لە ئاو و تاڵاوە پارێزراوە بەناوبانگەکان کە بە هۆی بوونی قامیشەڵانی بەرزەوە شوێنی نیشتەجێبوونی باڵندە دەگمەنەکانە. کاتێک لە هاویناندا دەچووینە گۆلێ، جگە لەوەی چێژمان لە کەشێکی لەو شێوە دەبرد و لەگەڵ پوورزاکانمدا یاریمان دەکرد، زۆریش قون بە گێچەڵیمان دەکرد، سەرگەرمیگەلی وەکوو لە ڕەدوونانی مێرووە خوێنمژەکانەوە دەستی پێدەکرد هەتا دەگەیشتە شتە گەورە و بچووکە بێشوماره‌کانی تر.

حەوشەی ماڵی پوورە خاتوون هەمیشە پڕ بوو لە ئۆتۆمبێلی بە پلاکی جیاواز و کەسانێک کە لە شار و لادێوە دەهاتن بۆ ئەوەی پوورە خاتوون شکستەکانیان بۆ بگرێتەوە. کەسانێک لە ئێتنیکە جیاوازەکان کە دەست و قاچیان شکابوو، ئەو کەسانەی جەستەیان ڕەگاوڕەگ ببوو .... پوورە خاتوون ژنێکی بەهێز و بەمشوور بوو، هەندێک جار لە هاویندا داوای لە ئێمەی منداڵان دەکرد کە لە کارەکانیدا یارمەتی بدەین، وەک شتێ دەیویست شتێکمان فێر بکات. باش لە بیرمە کە چۆن مامەڵەی لەگەڵ نەخۆشەکانیدا دەکرد. زۆر فێڵەباز بوو، نەخۆشەکانی بە قسەوە دەگرت و لەناکاو ئێسکە شکاوەکانیانی دەگرتەوە، کۆلنجی دەشکاندن یان ملیانی دەسووڕاندەوە. بۆ ماوەی چەند خولەکێک نەخۆشەکە هاواری دەچووە ئاسمان و پاشان ئارام دەبووەوە، وەک ئەوەی هەر ئازاریشی نەبووبێت.

لە سەردەمی منداڵیمدا سەیرکردنی لێهاتوویی پوورە خاتوون و فێڵەکانی و ئەو دەستە خاراوانەی کە نەخۆشەکانی چاک دەکردەوە، بۆ من چێژبەخش بوو. لە حەوشەی ماڵەکەیدا لە ناو ئەو هەموو زریکەی ئێش و خرمەی ئێسکە شکاوانەدا، ئافرەتێک بوو کە سەرەندەری هەموو مۆعجیزەکانی پزیشکی دەکرد و هەوڵی دەدا فێری کەسانی دیکەشی بکات. نموونەکەی پوورە خەجیج بوو کە وردە وردە لەگەڵیدا فێری پزیشکیی نەریتی ببوو. پوورە خاتوون هێندە بەهێز بوو کە بوو بە یەکێک لە کەسایەتییە کاریگەرەکانی سەردەمی منداڵیم. هەیمەنە، شارەزایی و تواناکەی زۆر بە لامەوە سەرنجڕاکێش بوو، بە جۆرێک کە پێم خۆش بوو لە گۆشەیەکدا بووەستم و بە چەندین کاتژمێر سەیری ئەو و شێوازی کارکردنەکەی بکەم. ئەو ماوەی کە لەگەڵ پوورە خەجیج بووم شتانێک دەربارەی ماساژ و مشتومالکردنی نەریتی فێر بووم کە هەتا ئێستاش لە بیرمە و دەتوانم تا ڕادەیەک خاڵەکانی ڕاگیرانی سترێس و هەوکردن لە شان و بڕبڕەی پشتدا دەستنیشان بکەم. باشم لە بیرە لە حەوشەی ماڵی پوورە خاتوون و تەنانەت هەتا ئەمڕۆش بە بەردەوام دەچوومە سەر پشتی ئەم و ئەو و کۆلنجم دەشکاندن.

گەڕەلاوژەی ژنانە و هۆی نازێ گەردن گازێ

کەڕەی بەیانیان پوورە خەجیج و کچە ئازەبەکانی واتە عایشێ و زارا کە ئێمە پیمان دەوتن

داده، مەشکێیان دەژەنـد. پـوورم کاتی مەشـکەژەندن[1] گۆرانیی فۆلکلۆری خەمینانـەی دەوتەوە کـە ناوەڕۆکـی زۆربەیـان لـە سـەر دووری لـە ماڵـی بـاوک، گلەیـی لـە خەسـوو و سـەختیی کار و فرمانی گوند بوو. ئەم ئاواز و مۆسـیقایانە لە قۆڵایی مێشـکمدا جێگیر بوون و نیازی سـڕانەوەیان نییـە. لـە لایەکـی تـرەوە شـەڕی نێـوان هـەر دوو بووکـی بنەماڵـە، واتـە پـوورم و هێوەرژنەکەی لە بەزمـە سـەرنجڕاکێش و هەمیشـەییەکانی ئـەو حەوشـە گـەورە بوو. ئـەم دوو ژنە هەندێـک جار بە بـێ ئـەوەی سـەیری یـەکتر بکـەن گەڕەلاوژەیـان دەکـرد و نارِاسـتەوخۆ و بـە دەنگی بەرز بە سـەر یـەکتردا هەڵیاندەگوت.

سـەیر لەوەدایـە کـە بـەدەم شـەڕەوە ئیشـەکانیان ڕادەپەڕانـد، وەک ئـەوەی هیـچ شـتێک نەیدەتوانـی ڕێ لـە کاروبـاری ناومـاڵ و ئەرکەکانیـان بگرێـت. ئەنجامدانـی ئەم ئەرکـە دووپاتانە بـە لایانـەوە ئەوەنـدە گرنـگ بـوو کە وەدواخسـتنی بـۆ دوای شـەڕ مەحاڵ بوو. ئەم شـەڕە سـەیر و سـەمەرەی ژنـان، سـەرگەرمیی بەیانانـی ئێمـە منداڵەکان بوو و بە نهێنی بەم قسـە و قسـەڵۆکانە پێدەکەنیـن. بێگومـان ژیان هەمیشـە خۆش نەبـوو و هەندێک جـار ڕووداوی وا دەقەوما کە نێوان خزمەکانـی دەشـێواند. یەکێـک لـە کچەکانی پـوورە خەجیج بە سـەر مێردەکەیدا دڵـداری کرد و ئـەم پەیوەندییـە قەدەغەکـراوە دڵـی باپیرمی کرمـۆڵ کرد. چوونکـە چەند مانگێـک لەمەوبەر ئەم کچـەی لـە خاڵـۆ چکۆلەکـەم، واتـە خاڵۆ ئەحمەد، مـارە کردبـوو و کاتێک ئـەم ڕووداوە لەقـاو درا، یەکسـەر خاڵـۆم کچـە پوورەکەمـی تـەڵاق دا و هەتا سـاڵانێک پەیوەندیـی نێوان ئـەو دوو بنەماڵە ناخـۆش بوو.

لـەم نێوەنـدەدا دایـک و باوکـم فشـارێکی زۆریـان لـە سـەر بـوو. هاوسـەرگیری و تـەڵاق پەیوەندییەکـی تاکەکەسـی و تایبەتـی لـە نێـوان ژن و پیـاو نەبـوو و زیاتـر سروشـتێکی خێزانـی هەبـوو. هـەر بۆیـە لێکەوتەکانـی ئاوقانـی خانـەوادە و کەسـانی دەوروبەریان بـوو و هەندێک جار پەیوەندییەکانیانـی بـۆ ماوەی سـاڵانێک دەپچڕانـد. کاتێک ئەم شـتانە ڕوویان دا، مـن هەرزەکار بـووم و بەرگریـم لـە پوورزاکـەم کرد. کاتێک شـووی بـە مێردی دڵخـوازی خۆی کرد چوو بۆ شـنۆ، باوکمـم ڕازی کـرد کـە بانگهێشـتیان بـکا یـان کـورد وتەنـی پێیـان بکاتەوە.

پەیوەندیـی نێـوان پـوورە خەجیج و باوکـم خۆش بـوو و دەتوانم بڵێم کاریگەرییەکـی زۆری لە سـەر کەسـایەتیی براکـەی هەبوو. لـە بنەماڵەی باوکیدا، خەجیـج لە هەموویان سیاسـەتمەدارتر

---

١. مەشـکە ئامێرێکـە کـە لـە پێسـتی بـزن دروسـت دەکـرا و ماسـتیان تـێ دەکـرد و ئەوەندەیـان دەژەنـد هەتـا تـراو دەبـۆوە و بـە تێکردنـی ئـاوی سـارد کـەرە و دۆکـە لێـک جیـا دەبوونـەوە. گۆرانیی مەشـکە یـان هۆ مەشـکێ کـە مۆسـیقایەکی ژنانەیە و ئارامکـەرەوەی ڕۆحـی مەشـکەژەنە و مۆسـیقایەکە کـە وا دەکا مەشـکەژەن کاتـە پڕزەحمەتەکانـی بـەڕێ بـکات. ئـەم گۆرانیـی مەشـکەیە لەگـەڵ ڕاژاندنی مەشـکەکە هاوڕیتمە، یەکێک لە خۆشتریـن گۆرانییە کوردییەکانە و دەچێتە ڕیـزی گۆرانیی کار و ناوەڕۆکـی ئـەم گۆرانییانە سـەبارەت بە بەرهەمهێنانی کەرە، مەشـکە و ئارەزووکردن بۆ بەرەکەتداربوونـی دۆ و کەرەیە. هەڵبەت مەشـکەژەندن دەرفەتێکـی بـاش بـووە بـۆ ئـەوەی ژنان گلەیـی و گازنـدەی خۆیـان دژ بە پاشماوەی سیسـتەمی دایکسـالاری (دەسـەڵاتی دایـک / خەسـوو) دەرببڕن.

بوو سەرەڕای هەموو ساکارییەکانی، توانی شیرازەی بنەماڵە گەورەکەی هەتا ئەمڕۆش بپارێزێت. جۆرێک لە پەیوەندی، بڕیاردان و کاریگەری لە سەر ئەندامانی خێزانەکەی بەدی دەکرا و دوای مردنی باوکم زیاتر لەگەڵ ئەو ڕاوێژم دەکرد. زۆر بلیمەتانە سەیری پرسەکانی دەکرد. زۆر دەروەستانە و بە هۆگرییەکی تایبەتەوە بابەتەکانی پەیوەست بە خوشک و براکانی لێک دەداوە و هەرگیز لە ناو کۆبوونەوەکاندا باسی بابەتەکانی ئەوانی نەدەکرد.

لە بیرمە، کاتێک ئیشێکی هەبوو یان دەیویست پرسێک بوروژێنێ، منی دەبردە ژوورێک و دەرگاکەی لە پشتەوە دادەخست بۆ ئەوەی دڵنیا بێ کە کەس شۆفاری[1] ناکا و گوێ بۆ قسەکانمان هەڵناخات. ئەم کارانە بە لامەوە پێکەنینی بوو و باپیرم و دایکمی وەبیرم دەخستەوە کە لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە قسەیان دەکرد. سەیر لەوەدا بوو کە سەرەڕای ئەو هەموو نزیکایەتی و خزمایەتی و هاوفەرهەنگی و بەردەوام پێکەوەبوونانە، جۆرێک لە هەستی بێمتمانەیی لە ئارادا بوو کە دەبووایە خۆیی و ناخۆییەکت هەبێ و نهێنیەکانت بپارێزیت. لە ڕووی کۆمەڵناسی و دەروونناسییەوە ئەم بابەتە جێی تێڕامانە. ڕەنگە خەجیج لە قەزاوەتکران یان لە ئاشکرابوونی خاڵە لاوازییەکانی لە لای بنەماڵەی هاوسەرەکەی ترسابێ، ئەمانە لە ترسە باوەکانی ژیانی نەریتییە. پوورە خەجیج هەموو ڕۆژ و یادەوەرییە خۆشەکانی ڕابردووم وەبیر دێنێتەوە و زۆر لە نەنکم دەچوو و ڕەنگە هەر ئەمەش وای کردبێ کە ئەوەندەی دیکە پوورمم خۆش بووێت. هەڵبەت بە هۆی ناکۆکییەک کە کەوتە نێوان من و یەکێک لە زاواکانی، بۆ ماوەیەک قسەمان پێکەوە نەبوو، بەڵام دڵخۆشم کە دیسان ئەم پەیوەندییەمان خۆش کردەوە. ژیانی پوورە خەجیج بەسەرهاتێکی دیکەشی هەبوو؛ کاک فەتاح ژنی دووهەمی هێنا ... دوای ئەو هەموو ساڵە، هێشتاش بە لامانەوە سەیرە کە کارێکی وای کردووە! کاک فەتاح ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ژنێکی خزمی خۆیان کە دراوسێیان بوو، بە نهێنییەوە پەیوەندی هەبوو و ئەوەندەمان نەزانی کە کاک فەتاح و ئەو ژنە هاوسەرگیرییان کرد. هەڵبەت پەیوەندیی ئەو و دادە نازێ ئەوەندەش نهێنی نەبوو. لانیکەم خۆم جارێک یان دوو جار بە دزییەوە دیتم لە پەنجەرەی نهۆمی دووەمی ماڵەکەیانەوە خۆی دەهاویشتە حەوشەی ماڵی دادە نازێ. من بە بێ مەبەست و بە بێ ئەوەی بزانم، وتم چیم بینیوە، بەڵام کەس کاردانەوەی نەبوو و ئاگادارانە بابەتەکەیان پشتگوێ خست. وەک شتێ لە هەندێک لە فەرهەنگەکاندا پرسێک هەتا فەرمی نەبێ تامووڵ دەکرێ و هەمووان چاوپۆشی لێ دەکەن.

کاتێک پوورم هەواڵی ژنهێنانی کاک فتاحی بیست، تۆرا و هاتە ماڵی ئێمە. برا و خزمەکانی دەهاتن بۆ ڕازیکردنی پوورم، بەڵام خەجیج نەدەگەڕاوە. لە کۆتاییدا کاک فەتاح و ڕیش

---

١. گوێفاری، شۆفاری، کوڵ گرتن، لە پشت دیوار یان درگا بە نهێنییەوە گوێ بۆ قسە و باسی دوو یان چەند کەس ڕاگرتن.

سپییەکانی تایفە لە سەر ئیزنی باوکم هاتنە ماڵمان بۆ ئەوەی کێشەکە یەکلایی بکەنەوە. پوورە خەجیج بە هاوبیریی ئەوانی دیکە داوای لە کاک فەتاح کرد کە بڕی مارەییەکەی بۆ زیاد بکا و تەنانەت جارێکی تر لێک مارە کرانەوە. بڕی مارەیی پوورم بە پێی نرخی ڕۆژ زۆر کرا و چەند دەست جلوبەرگی نوێیان بۆ کڕی.

غەرامە و سزای کاک فەتاح بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانەی کە بە کەسایەتی و ڕەوشی دەروونی پوورە خەجیجی گەیاندبوو، هەر ئەوەندە بوو! خیانەتێکی سۆزداری لە هاوسەرگیرییەکی نەریتی تا ڕادەیەک بە پارە و کاڵا قەرەبوو دەکرێتەوە و شان و پێگەی ئافرەتێکی وەکوو پوورە خەجیج بە پێوەرە مادی و ناسۆزدارییەکان دیاری کرا و قەرەبوو کراوە. خانەوادەش وەکوو زۆرێک لە بنەماڵەکانی تری ئەو سەردەمە دڵخۆش بوون بەوەی کە هاوکارییان کردووە و نەیانهێشتووە غەدری لێ بکرێت! هەر ئەم جۆرە هەڵسوکەوت و کارلێکە قەرەبووکردنەوانە پیشان دەدا کە پێگەی پیاو و پابەندییەکەی بەرامبەر بە ژن لە ناو کۆمەڵگای ئەوسادا چۆن بووە یان بە بەپێچەوانەوە.

من ئەوکات تەمەنم لە ناو سێزدە ساڵ بوو، بڕیار درا کە وەک نوێنەری باوکم لەگەڵ پوورە خەجیجم بچمە ماڵەکەی. ئەم کارە دەریدەخست کە دوای ئەو تۆرانە، سەرکەوتووانە و بە ڕێزەوە گەڕاوەتەوە ماڵەوە، تەنیا نەبووە و پیاوێک لە بنەماڵەکەی لەگەڵی هاتووە. ئەم ڕووداوە متمانەیەکی زۆری پێ بەخشیم و وام دەزانی کە بوومەتە پیاو. ئەو ڕۆژە، بە درێژایی ئەو ڕێگایە بە شێوازێکی گاڵتەجاڕانە قەیافەم لە مێردی پوورم دەگرت و هیچ نەمدووواند.

بڕیار درا بچینە پاساژی تازە دانراوی کەیوان لە نەغەدە بۆ ئەوەی پوورم بتوانێ لە دوکانی کۆتاڵفرۆشیی مەعرووف باشترین و گرانترین جلی کوردی هەڵبژێرێ و بیکڕێت. پوورە خەجیجم کۆڵێ جلی پوڵەکەدار و دەڕژێی، کە ئەوسا مۆد بوو، کڕی. لەو تەمەنەدا جلەکانی جلی کوردی و پەشمینە بوو و دەمزانی ئەو شتانەی کە کڕیویەتی لەبەری ناکات. دیارە چەند دەست پشتوێنی پەشمینەی ئەسڵیشی کڕی کە بۆی شیاو بوو. کە لە نەغەدە سواری مینی پاسی گوند بووین، لە تەنیشتی دانیشتم و بە سرتە گوتم: "باشە ئەدی پوورە گیان خۆتوو ئەو جلانەی دەبەر ناکەی، بۆچی کڕیت؟" لە وڵاممدا وتی: "ئەدی ویستم بزانێ بایەخی هەموو ئەوانەم هەنە، جا خۆشم دەبەری نەکەم، کچەکانم خۆ دەبەری دەکەن".

هەر چەندە پوورە خەجیج زۆر دڵی شکابوو، بەڵام مەسەلەکە ڕەهەندی زۆر بوون نەک هەر خەمی ئەو، ئەوانی دیکەشی بە خۆوە تێوەگلاندبوو؛ بەتایبەت منداڵەکانی. بە ژنهێنانی کاک فەتاح، هەندێک لە پەیوەندییەکانی ماڵەوە گۆڕا، تازەبووکێک هاتە ناو ژیانیان و نەخوازراوانە کاریگەری لە سەر کەشوهەوای خێزانەکە دانا. کەلوپەلی تازە هاتە ناو ماڵەوە و زاوا زێڕ و جلوبەرگ و شتی تری بۆ بووک دەکڕی. بوونی ئەم ڕکابەرە بۆ ئافرەتێکی وەکوو پوورە خەجیج کە لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا ژنێکی خاوەن هەیمەنە و بەدەسەڵات بوو، شتێکی هەر وا

کەم نەبوو. غرووری بریندار ببوو و ئەم زەبرە، دڵشکاو و خەمۆکی کردبوو. تازەبووک بەیانیان چای بۆ هەمووان تێدەکرد و هەوڵی دەدا ڕێز و حورمەتی خاوەن ماڵەکان بگرێ، بەڵام کچە گەورەکەی پوورە خەجیجم چایی لە دەست وەرنەدەگرت و ئەوانی دیکەش (زیاتر کچەکان) نەیاندەدواند، بە هیچیان نەدەزانی و یان تانە و توانجیان لێ دەدا. وەک دەزانین لە ناو ژنانی کوردداد بەم ڕکابەرە ماڵییانە دەڵێین "سۆرە و تۆرە". ئەگەر پیاو ژنی دووەم بێنێ، ژنەکەی بە منداڵەکانی مێردەکەی دەڵێ "سۆرە و تۆرە".

ئەم هاوسەرگیرییە زۆری نەخایاند. دوای یەک یان دوو ساڵ کاک فتاح دادە نازێی کە کچێکی ژیکەڵانەشی لێ ببوو، تەلاق دا و ژیانی پوورە خەجیج ئاسایی بووەوە. دواتر ناوی دادە نازێ بوو بە یادەوەرییەکی خۆش و پێکەنینی. وا ڕاهاتبووین کە بە نوکتە و پێکەنین ئاماژە بە ڕاستییەکانی ژیانی خێزانیمان بکەین و پێبکەنین. بە گشتی من بەرپرسی بەزم و پێکەناندن بووم. لە بیرمە بەیانییەکی هاوین بوو کە هێشتا کاک فەتاح دادە نازێی تەلاق نەدابوو، لە کاتی خواردنی نانی بەیانیدا کاک فەتاح ڕادیۆکەی داگیرساند بۆ ئەوەی گوێ لە گۆرانییەک بگرین و کەشوهەوای قورسی ژوورەکە بشکێنین. ڕادیۆ کوردیی بەغدای گرت، لە پڕ گۆرانیی "نازێ" کە ئەوسا زۆر لە سەر زمان بوو، بڵاو بۆوە. گۆرانیبێژەکە گۆرانیی دەوت: "هۆی نازێ نازێ نازێ، هۆی نازێ گەردن گازێ" هەر دوای بیستنی گۆرانییەکە، دام لە پڕمەی پێکەنین. پوورزاکانم کە هاوتەمەنم بوون، دەستیان کرد بە پێکەنین. پوورم ڕووی وەرگێڕا، نازێ شەرمی کرد و کاک فەتاح ڕادیۆکەی کوژاندەوە.

پوورە خەجیج بەو ماڵە گەورە و سفرە گەورانەی کە ڕایدەخست ڕۆڵێکی گرنگی لە پاڵ یەکترهێشتنەوەی ئەندامانی بنەماڵەکەدا دەگێڕا. ماڵەکەی لە نزیک سێڕێیانی ورمێ بۆ مەهاباد و نەغدە بوو و هەر جارێک کە بەودا بڕۆشتباین سەرێکیمان لێ دەدا. گۆلێ گوندێکی سەیر بوو. فەزایەکی ئازادی هەبوو و فۆلکلۆرترین و گەورەترین گۆڤەند و هەڵپەڕینەکان لە دەڤەری سندووس[1] لە گۆلێ بەڕیوە دەچوو. لە پرسەکانیاندا دابونەریتی "مەجوحمە"[2]یان

١. بەو پێیەی کە بەکارهێنانی وشەی سولدووز (لە زمانی کوردیدا سندووس) بۆ شاری نەغەدە لە ڕووی سیاسی و نەتەوەییەوە هەستیارە لەم دەقەدا بە شێوەی ئاگادارانە وشەی سندووس بە کار هێنراوە.

٢. سینیی گەورە. وێدەچێ لە وشەی مجموعە عەرەبییەوە وەرگیرابێت. نەریتی مەجوحمەبردن بۆ ماڵی مردوو یان مزگەوت بۆ ماوەی دوو سێ ڕۆژ، هەتا چەند ساڵ لەمەوبەریش کە کوردستان بەتایبەت لادێکان باو بوو. بەم نەریتەیان وتووە سفرە. سفرە بەو مانا بووە کە خەڵکی گوندەکە بە لێنانی نانی نیوەڕۆ و شێو لە بەڕێکردنی ئەو میوانانەی وا لە دوور و نزیکەوە دەهاتن بۆ سەرەخۆشی، یارمەتی خاوەن سەرەخۆشییەکەیان دەدا و نان و چێشتەکەیان دەخستە سەر سینییەکی گەورە کە پێیان دەوت مەجوحمە و دەیانبردە ماڵی مردوو یان مزگەوت. مجێوری مزگەوتیش دوای نانخواردن پاشماوەی نانەکەی دەبردەوە بۆ ماڵی خۆیان کە پێیان دەوت چێشتی مجێور. خاوەن مردوو بە هۆی میوانداریکردن لە پرسەکەرەکان تووشی فشاری ئابووریی قورس دەبوو کە نەریتی مەجوحمە ئەم زەختەی لە کۆڵیان دەکردەوە. لەم سەردەمەدا ئەم داب و نەریتە لە زۆربەی ناوچەکان باوی نەماوە، بەڵام هاوکاری و بەخشینی خەڵک هێشتا بوونی هەیە، بەم شێوە بنەماڵەی مردوو چێشتلێنەرێک دەهێنن و خۆیان میوانداریی میوانە دراوسێکانیان دەکەن، بەڵام دراوسێ و

هەبوو کە تیایدا هەر بنەماڵەیەک دوو ژەمیان بۆ میوانانی ژن و پیاوی پرسەکە دەنارد، کە ئەمە بە مانای هاوبەشی لە خەم و پەژارەی بنەماڵەی مردووەکە بووە.

ماڵی خەجیج شوێنی هەموو ڕووداوە گرنگەکان بوو. کاتێک باوکم لە ساڵی ١٣٦١ هەتاوی (١٩٨٢ز) لە زیندانی ورمێ ئازاد بوو، چووە ماڵی پوورم و لەوێوە هەواڵی ئازادکردنی بڵاو بووەوە. هەروەها هەندێک لە سازش و ئاشتەواییەکانی تایفە لەوێ ڕوویان دەدا یان دەستی پێدەکرد، ئەگەر یەکێک لە خزم و کەسەکان ژنی هەڵبگرتایە، پەنای بۆ ئەوێ دەبرد. ئەمیری پوورزام (خوشکەزای باوکم) کە خەریکی بازرگانی و کاری قاچاخچێتی بوو، بە دەیان جار کاڵاکانی لەوێ دەشاردەوە یان لە باخەکەی ئەوانەوە باریان لێ دەدا. ماڵی پووره خەجیج پێگەیەکی ستراتیژی هەبوو و بە شوێنێکی ئەمن و سەلامەت بۆ کەسانی تایفە و بنەماڵە دادەنرا.

کاتێک دایکم لە ساڵی ٢٠٠٣ جەڵتەی مێشک لێی دا و لە ورمێ خەوێنرا، هاتوچۆی ماڵی پوورم دەکرا و هەمووان لەوێ دەمانەوە. کاتێک دایکم لە گیانەڵڵا بوو ئەوە پوورم بوو کە لە لای بوو و ئەو ئامێرەی کە بە مێشکیەوە لکێنرابوو، پووره خەجیجم کوژاندییەوە. بە پێی یاساکانی نەخۆشخانە ئەم ئامێرە لە لایەن ئەندامێکی پلەی یەکی بنەماڵە دەردەهێنرا. پوورم دەڵێ: "دایکت جووڵەیەکی کرد و دواییـن هەناسەی هەڵێنا و گیانی سپارد ..." ئەم بابەتە هەمیشە پوورمی ئازار دەدا و پێی وابوو کارەکەی کاریگەری لە سەر مردنی دایکم داناوە. پوورم وەکوو زۆر کەسی تر ڕەفتارێکی کردووە کە لە دوا ساتەکانی ژیانیاندا لای ئازیزانیانن و لە ڕووی ناچارییەوە بڕیارێک دەدەن، بەڵام وەکوو هەموو ئەم کەسانە هەمیشە هەستی بە دڵتەنگی و سەرکۆنە و ئازاری ویژدان دەکرد.

پوورم وەکوو نەنە بوو. کەم وا بوو "نا"م پێ بڵێت. تاکە ژنێک بوو کە جگەرەی دەکێشا و منیش کە لە هەرزەکارییەوە ئارەزووی جگەرەکێشانم هەبوو، هۆگری ئەم کارەی بووم. پێی دەوتم: "بابی بابم بڕۆ لە دوکانی دێی پاکەتەکی سیگارم[1] بۆ بکڕە .... ." چاوێکیشی لێ دادەگرتم کە ئەگەر جگەرەیەکیشت کێشا قەیدی نییە. لە دۆخی سەردەمی هەرزەکاری و نیگەرانییەکانی ئەم قۆناغە کە گرنگترینە کەیان بەئەزموونکردنە، باش تێدەگەیشت، منیش لەبەر ئەوەی خۆشم دەویست. ئەو منی دەبینی و منیش وەکوو هەموو هەرزەکارەکان کە گەورەترین خولیامان بینران و ئازادی و خۆشەویستبوون بوو، چێژم لەم ڕەفتارەی دەبرد. هانی نەدەدام، بەڵام دەمتوانی لەگەڵیدا ئاسوودە بم و ئەمەش بۆ کوڕێکی هەرزەکار نیعمەتێکی

خزمەکانیش پارەی نەختیی خۆیان دەخەنە ناو سندوقێکەوە و دەیدەن بە ماڵی مردووەکە و زۆر جار بڕی یارمەتییەکان تەنانەت لە خەرجییەکان زیاترە یان لانیکەم بەشێکی زۆری خەرجی سەرخۆشییەکەی پێ دابین دەبێت.

١. جگەرە.

گەورە بوو. ئەو و مامم ئەم کەشەیان بۆ دروست کردم کە بە خاترجەمی و بە بێ ترس لە شەڕی گەورەکان جگەرە بکێشم و هەست بە پیاوی و گەورەبوون بکەم.

مێرمنداڵی قۆناغێکە کە کەم کەس باوەڕی بە گەورەبوونت هەیە، کەسە یەکەمەکانی ژیانت تێگەیشتنێکی قووڵ و دروستیان لەم قۆناغە نییە و تۆ بە منداڵ دەزانن. تۆ بەردەوام هەوڵی سەلماندنی خۆت دەدەی و ئەم هەوڵە بێوچانە ماندوو و خەمبارت دەکات. لە ئەنجامدا کەسانێک دەبنە دڵخوازت کە ئەم ئازادییەت پێدەبەخشن و باوەڕت پێ دەکەن کە تۆ دەتوانی هەڵبژێری و بڕیار بدەیت. ئەم چەند کەسە هەمان "ئەویترییە گرنگەکان"ی ژیانتن و لە هەموو چرکەساتەکانتدا بوونیان هەیە، تەنانەت ئەگەر لە لات نەبن یان لەم جیهانەدا نەبن ...

مەحبووبە، نازداری بابی

وێنەی ١٨- خوشکم مەحبووبە، نەغەدە ١٣٥١ی هەتاوی (١٩٧٤)

جیهانی مۆدێرن گۆڕانکاری زۆری بە سەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا سەپاندووە، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە ڕۆڵی خێزان بەتایبەت لە کۆمەڵگا نەریتییەکاندا، کەم بکاتەوە. چارەنووسی ئەندامانی خێزانێک بە یەکەوە بەستراوەتەوە و ئەگەر ڕێگای جیاوازیش هەڵبژێرن، دیسان یەکتر دەگرنەوە. وەک شتێ بە تەزوویەکی نەبینراو بە یەکترەوە بەستراونەتەوە. من و هەر دوو خوشکەکانم واتە مەحبووبە و تەبیبە نزیکەی سێ ساڵ مەودای تەمەنمانە و ڕەسووڵی برام چوار ساڵ دوای من لەدایک بوو. ئەو سییانەمان هەموومان لە نەغەدە لەدایک بووین، بەڵام کامیار و کانی (کە دواتر لە سەریان ڕوونکردنەوە دەدەم) لە پیرانشار لەدایک بوون.

ساڵێک دوای هاوسەرگیریی دایک و باوکم لە ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی (١٩٦٦ز)، مەحبووبە هاتە دنیاوە. کچێکی چاوگەش و پێست سپی و قەشەنگ. نۆبەرە بوو و ئەوەش بەسە بۆ ئەوەی سەرنجی هەمووان ڕابکێشێت. بە پێچەوانەی فەرهەنگی ئەو سەردەمە دایک و باوکم ئاواتی ئەوەیان دەخواست کە یەکەم منداڵیان کچ بێ، زۆر دڵخۆش بوون و لەدایکبوونی ئەم کۆرپە شیرینە ژیانی ئەوانی شیرینتر کردبوو. لەو سەردەمانەدا هەبوونی کوڕ لە زۆر ڕووەوە گرنگ بوو: درێژکردنەوەی نەوەیی و پاراستنی ناوی باوک و وجاغڕۆشنی و باری ئابووری. دیارە کە ئەم جۆرە خواستانە لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا زەقە. ئەم شێوازە هەتا هەنووکەش تا ڕادەیەک بەردەوامە و هەندێک لە ژنانی بەتەمەنی کورد، بەم شێوە ئەحواڵی یەکتر دەپرسن دەڵێن:

«خـوا کـورِت لێ نەسـتێنێ»[١] کە ئەمـەش گرنگیی ئـەم مەسـەلە دەردەخات.[٢]

مەحبووبـە وەکـوو هەمـوو ئەوانەی کە نـەوەی یەکەمن ئازیزی پـوور و ئەندامانـی خێزانەکەی بـوو. پـوورە مریـەم و پوورە زێنەب، ئەوسـا عازەب و سـەڵت بـوون، کاتێکی زۆریان لەگەڵدا بەسـەر دەبـرد. ئـەو خۆشەویسـتییەی کـە دایکـم و باوکم بـۆ مەحبووبە هەیانبـوو هەتا کۆتایـی تەمەنیان وەک خۆی مایەوە. سـەرگوڵی منداڵەکان بوو و باوکی هەمیشـە شانازی پێوە دەکرد. خوێندکاری یەکـەم بـوو، بەئـەدەب و کچی چاک، وەک منداڵی نۆبەرە لای دایکیشـم خۆشەویسـت بوو.

مەحبووبـە نەیتوانـی بـەو شـێوەی خـۆی پێی خۆشـە هەڵسـوکەوت بـکا و لەبـەر زۆر هۆکاری وەکـوو ئـەو خۆسانسـۆرییانەی کـە فەرهەنـگ و نەریـت لە میشـکی کچانـدا دەیچێنێ، خواسـت و خەونەکانـی بـە مەحـاڵ دەزانـی و هەندێـک جاریـش خـۆی سـەرکوتیانی دەکـرد. هەرچەنـدە مەحبووبـە لـە کاروبـاری بنەماڵـەدا لـە چـاو دیکـەی خوشـک و براکانـی بێدەنـگتر بـوو، بـەڵام بۆچوونەکانـی هەمیشـە بـۆ ئەندامانـی بنەماڵـە گرنـگ بـوو. کچێکـی هەسـتیار کـە هەمیشـە لە کاتـی خوێندنـدا بەرزتریـن نمرەی بەدەسـت دەهێنا و بە نمـرەی نۆزدە و نیو[٣] دەگریـا. ڕەنگە هەر ئـەم تەوەرایەتـی و چەقـی سـەرنجبوونە بووبـێ بـە فاکتەرێـک کـە نەیهێشـت بەهێـز بێت.

لـە سـەردەمێکدا کـە زۆربەی کچان هەر لـە تەمەنێکی زۆر کەمەوە بیریان لە هاوسـەرگیری و دایکایەتـی دەکردەوە، مەحبووبە بەردەوام دەیخوێند و کەسـێکی کتێبخوێن بوو. کەسایەتییەکی ئـارام و بـە پێچەوانـەی خوشـکی دووەمـم زۆر زۆربڵـە و قسـەخۆش نەبـوو. لـە زانکـۆی ڕاهێنانـی مامۆسـتا خوێندوویەتـی و لـە کۆتایـی شەسـتەکانی هەتاویدا سـەرەتا بـوو بە مامۆسـتای قۆناغی

---

١. کـورِت نەمـرێ، خـوا کـورِت پـێ بـدا، بـە کـورِە کۆرپـەوە بتبینـم، بە دایکـی کـورِان بی، بـرات نەمـرێ، براکانت خـۆش بن. یـان لـە مۆسیقاشـدا ئەمـە ڕەنـگ دەداتـەوە: بـە دایکـی حـەوت کـورِ بی هەر بـە تەماتـم. یان ئـەو لایە لایانـەی کـە کردوویانە هەسـت دەکـەی هـەر بـۆ کـورِ وتـراوە: (لە خوا دەکـەم تەڵەبـێ کورِەکەم زوو گـەورە بێ)، (جڵۆداری قۆشـەنێ دوژمـن کوێر بن و نەتگەنـێ)، (نی‌نی‌نـی نینـاوا دەینێینـە تـۆی کـەژاوە بۆ کچـی حاکمـی ڕۆژاوا). وەرگێڕ

٢. ئەوەنـدەی کـورِ بـۆ بـاوک بـۆ درێـژەدان بـە نـەوە و هـاوکاری لـە کار و بژێـوی ژیانـدا گرنـگ بـووە، بـۆ دایکیـش زۆر گرنـگ بـووە. ئەگـەر منداڵەکـە کـورِ بووایـە، دایـک لـە کێشـەی دۆعـا و نـزا ڕزگاری دەبـوو، بـەڵام ئەگـەر کـچ بووایـە، ناچـار دەبـوو لەبـەر کارێکـی سروشـتی و نائیرادانـە وەڵامـی کۆمەڵگـە و خەڵکـی دەوروبـەری بداتـەوە و هەندێـک جاریـش تاوانبـار دەکـرا کـە بۆچـی منداڵەکـەی کـورِ نییـە. ڕەنگـە نەتوانیـن وێنـای ئـەوە بکەیـن کـە لـەو ڕۆژگارانـەدا دەرەنجامـی نەبوونـی کـورِ چی بـووە. دێڵەنـەزۆک و دایکـی کچـان ناوناتۆرەیەکـی ئەوەنـدە ناخۆش بـوو کە ئەگەر لە کەسـێک بدرایـە، ئیتر پارێـزراو نەدەبوو، بـەردەوام سـووکایەتی پـێ دەکـرا و لـە هەندێـک حاڵەتـدا بیانوویەکی باشـی بۆ پیاو بـە دەسـتەوە دەدا کە ژنەکـەی تەڵاق بدا یـان ژنـی دووەم بێنێـت. لـە کۆمەڵـگای نەریتیـدا ژن بـۆ بەردەوامیی نەوە و خسـتنەوەی منداڵـی کورِ پێگەیەکـی تایبەتی بوو و بـەو کارەش تایفـەی بەهێزتـر دەکـرد. هەمـوو ئەمانـە باڵادەسـتیی فەرهەنگـی پیاوانـە نیشـان دەدا کـە لـە ژێـر کاریگەریـی پێکهاتـەی ئابـووری و پەیوەندییەکانـی شـێوازی بەرهەمهێنانـدا بـوو. بەڵام پێکهاتەی یاسـاییش تێهەڵکێشـی ئـەم فەرهەنگە بـووە و لەگەڵـی هاوکۆکـە. ئێمـە فەرهەنگێـکمان هەیـە کـە بایەخـی کـورِ لە کـچ زیاترە و بـە پێی شـەریعەت و ڕێورەسـمەکان مافـی کـچ نیـوەی مافـی کورِە، بـەڵام ئەگـەر واقیعی عەینیی بەشـێک لە کۆمەڵـگا ڕەچاو بکەیـن دەبینین ئەو مافانـەی کە بۆ ژنێـک دیـاری کـراوە تەنانـەت لە مافی شـەرعیش کـەمترە!

٣. لە ئێران نمرەی قوتابخانە لە بیستەوە هەژمار دەکرێ کە ئەوە لە وڵاتانی دیکە بە هەرێمی کوردستانیشەوە سەدە.

سەرەتایی و دواتر بوو بە مامۆستای کاروباری پەروەردەیی. دوای هاوسەرگیریکردنەکەی بوو بە کەسێکی مەزهەبیی توندڕەو، تا ئەو ڕادەی کە نەدەچووە شایی، تەنانەت نەشدەهاتە سێزدەبەدەر[1] و لە کۆتاییدا بوو بە سەرکاروانی حاجیانی ژن.

لە بنەماڵەدا مەحبووبە زیاتر لە پووره مریەم دەچوو و پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵدا هەبوو. بە پێی نەریتی ئەوسا کە هەر یەک لە ئێمە لە وەرزی هاویندا دەچووین سەردانی خزمێکمان دەکرد، مەحبووبە پێی خۆش بوو بچێتە لای پووره مریەم و لە نەغەدە بمێنێتەوە. ڕەنگە ئەم نزیکبوونەوەی مەحبووبە لە پووره مەریەم بووبێتە هۆی لێکچوونی کەسایەتی و هۆگرییە هاوبەشەکانیان. هەر دووکیان کەسانی بەئەدەب و شاری و شێلگیر و هەستیار بوون. لەو سەردەمەدا هاوڕێکانیشی (کە لە بنەماڵە کۆنەکانی شار بوون) وەک ئەو پێداگر و ڕژد بوون و کەمێک لە پەیوەندیکردن لەگەڵ خەڵکدا سەرسەخت بوون. لە بیرمە کاتێک لە یاریی منداڵانەدا سەرمان دەخستە سەری، کۆتایی زنجیرە درامای مۆراد برقیمان دەخوێندەوە و پێمان دەوت کە تۆ عاشقی مۆراد برقی بووی. ئەویش تووڕە دەبوو و دەتۆڕا.[2]

تەبیبە، قسەخۆشی بە جۆش و خرۆش

وێنەی ١٩- تەبیبەی خوشکم، ساڵی ١٣٥٨ هەتاوی (١٩٧٩)

تەبیبە ساڵی ١٣٤٨ی هەتاوی (١٩٦٩ز) لەدایک بوو. دیارە مەحبووبە و تەبیبە لەو ڕێکەوتی لەدایکبوونەی کە لە ناسنامەکەیاندا هاتووە، دڵنیا نین. لەبەر ئەوەی باوکم ناسنامەی نەبووە، تۆماری ڕێکەوتی وردی لەدایکبوونمان بەسەرهاتێکە دواتر لە سەری دەدوێین. ئەوسا کچبوونی منداڵی دووەم لە ناو بنەماڵەیەکی کورددا مەسەلەیەکی هەر وا ئاسان نەبوو، بەڵام خێزانەکەم لەوەی کە منداڵی دووهەمیشیان کچ بوو بێزار نەبوون و گلەییان نەکرد. من وای بۆ دەچم کە بە هۆی بارودۆخی فەرهەنگی و فەزای نەریتی ئەو سەردەمە، پێیان باشتر بوو کە منداڵی دووەمیان کوڕ بێت. ڕەنگە دایکم بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ژێر فشاردا بووە و هیچی نەوتووە. هەڵبەت دەبێ ئەوەش بڵێم کە بە بڕوای من، بە پێچەوانەی نەریتی باوی ئەوسا خێزانەکەمان کەمێک کچتەوەر بوو، بە جۆرێک کە لە گەنجێتیدا هەستم دەکرد باوکم زیاتر

---

١. سێزدەهەمین ڕۆژی دوای نەورۆزە کە خەڵک دەچنە ناو سرووشت و بەم شێوە سێزدە دەردەکەن.

٢. مراد بەرقی ناوی کارەکتەری زنجیرە تەنزئامێزە درێژەکان بوو بە ناوی سەرکار ئوستوار (١٣٤٦-١٣٤٩) و خانە بەدووش (١٣٥٢) کە پێش ئینقلاب لە تەلەڤیزیۆنەوە پەخش دەکرا و لە ناو خەڵکدا بەناوبانگ بوون. ئەم فیلمە بەرهەمی پەرویز کاردان بوو کە ماوەیەک لەوەو پێش لە ئەمریکا مرد.

ئـاگای لـە کچەکانـە و منـی بـە قـەت ئـەوان خـۆش ناوێـت. تەنانـەت هەندێـک جـار وامدەزانـی باوکـم لـە بیـری چووەتـەوە کـە کوڕێکـی هەیـە. دواتر بیـرم لەوە کـردەوە کـە ڕەنگـە کەللەڕەقی و دژایەتیکردنـی باوکـم و پشـتیوانییە بەردەوامەکانـی نەنکـم کارێکـی وای کـردووە کـە ئـەوی کرد بـە دژبـەری مـن و ڕەنگـە هۆشـیارانە بـۆ قەرەبووکردنـەوەی بێسـۆزییەکانم، ئەوەی دەمویسـت بە ئەنقەسـت بە خوشـکەکانمی دەدا.

کەسـایەتیی تەبیبـە عەرز تـا ئاسمان لەگەڵ مەحبووبـە فەرقی هەبوو. بـزۆز و نوکتەچی بوو و دایمـە سـەرەحاڵ بـوو، دەچـووە هەر کـوێ بەدفەڕی دەکـرد و منداڵان لـە دەوری کـۆ دەبوونەوە. هـەر ئـەو سـاتەی لەدایـک بـوو کۆرپەیەکـی قیـڕن و گرینـۆک بـوو، دەیانخسـتە لانکـەوە، بـەڵام خـۆ گریانـی خاتیمـەی نەدەهـات. دایکم هەر لانکـی ڕادەژەند، تەبیبـە ژیر نەدەبـۆوە و هەندێک جاریـش کـە باوکـم لـە گریانەکانـی وەڕەز دەبوو و یان ماندوو و شـەکەت لە سـەفەر دەگـەڕاوە، بە دایکمـی دەگـوت: "ئـەدی ئەو لانکـەی هەڵگـرە و بیبە ئەو دیـوی دی."[1]

سـاڵی لەدایکبوونـی تەبیبـە هـاوکات بـوو لەگـەڵ ڕووداوێکـی زۆر گـەورە. دەڵێـن تەبیبـە لـە بێشـکەدا بـوو کـە هەواڵـی کوژرانـی مـراد شـیرێژ[2] خەڵکـی نەغـەدە، سەردەشـت، پیرانشـار و

١. لـە نـاو کـورددا بێشـکە (یان لانکە) بـۆ گەورەکردنی منـداڵ زۆر گرنگ بووە. دایکانـی کورد لانکـەی کۆرپەکەیان بە هەموو جـۆرە مـوروو و و بـەردی جـوان دەڕازانـدەوە و پێیـان وا بـوو چـاوەزارن و لـە چـاوی پیـس دەیانپارێـزن. بێشـکە لـە فۆلکلـۆر و ئەدەبیـات و گۆرانیـی فۆلکلـۆری کوردیدا زۆر باسـی کراوە. مامۆسـتا هـەژار دەفەرمووێ: «ڕۆڵـە من بیرم لە تۆ زیاتـرە / دەسرازە و لانـک بتبـێ چاتـرە ... « لـە دەقـی شـیعری مامۆسـتا هـەژاردا ڕەخنەیەکـی کۆمەڵایەتیـش بـەدی دەکـرێ کـە بەرامبـەر بەو سـتەمەیە کـە حکوومەتـەکان بـە درێژایی مێـژوو دژی گەلی کـورد کردوویانە. دایکانی کـورد لەگەڵ خەواندنـی منداڵەکانیان لـە نـاو لانکـەدا لایەلایەشـیان بۆ کردوون، کە بەشـێکی گرنگی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی کوردسـتانە و ئێسـتاش ئەو وەختەی کـە منداڵەکانیـان لە بێشـکەدا دەخەوێنـن لایەلایەیان بـۆ دەکەن.

٢. شـیرێژ. نـاوی جـۆرە پەنیرێکـی کوردییـە کـە ئاوێتـەی گیایەک دەکـرێ و لـە کوردسـتان زۆر دەخورێت. بەڵام مراد شـیرێژ بـۆ گەلـی کـورد تراژێدیایـە. لـە مـاوەی سـاڵانی ٤٦-٤٥ هەتـاوی خەبایەتـی چەکدارانـەی کومیتـەی شۆڕشـگێڕیی حیزبـی دێموکـرات بـە سـەرکردایەتیی کەسـانی وەکوو سـولەیمان موعینی، سماییل شـەریفزادە و مەلا ئـاوارە و ... هتـد ئەنجام درا. لە کوردسـتانی باشـوورەوە ئاودیوی ناو ئێران دەبوون و بە گرتنی سـەربازخانە و ژەندرمەکان چەندین ئۆپەراسـیۆنی چریکییان ئەنجـام دا. ئـەم چالاکییانـە زیاتـر لـە ژێـر کاریگەریی کەشـوهەوای سیاسـی لە شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو بوو کە باڵـی بـە سـەر جیهانـدا کێشـابوو، کەسـانی وەکـوو فیـدل کاسترۆ، چـێ گیڤـارا، مارتـن لوتێـر کینـگ و هتـد، کـە هەندێـک جـار جەنگـی پارتیزانیـان بـە تاکـە ڕێـگای گەیـشتن بـە ئـازادی دەزانـی. مـراد شـیرێژ کـە پێـشتر بـە بـێ ئامانجـی سیاسـی دژی ژاندەرمـە تێـک هەڵچوبـوو، بـە پیکهێنانـی کومیتەی شۆڕشـگێڕی، بـوو بە ئەندامـی ئەو کومیتـە و لەو پێناوەشـدا کوژرا. دەڵێـن مـراد شـیرێژ تەنیـا پێشـمەرگەیەک بووە و لە پێکهێنانـی ئەم کومیتە شۆڕشـگێڕییە و دیاریکردنی چالاکـی و هەوروەها هاتنـەوەی دووبـارەی بـۆ کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات هیـچ ڕۆڵێکـی نەبـووە. (وتەکانی سماییـل بازیـار. لاپەڕەیەک لە تێکۆشـان و جوڵانـەوەی سـاڵەکانی ٤٢ تـا ٤٧ هەتـاوی مـەلا محەمـەد خزری کە خۆی لـە لەم ڕووداوانـەدا بوونی هەبووە). مراد شـیرێژ لە دۆڵـی کانـیزەرد لـە کاتـی بەربەرەکانێ و تێکهەڵچـوون دژ بە هێزەکانی ژاندەرمە برینـدار بوو و بە زیندوویەتی کەوتە دەسـت ژاندارمـەکان و پـاش ئـازار و ئەشـکەنجەدانێکی فـرە ئینجـا بـە ئەسـپ و ئۆتۆمبێلێـک ئازارکـوژ کـرا. یەکێک لـە هاوڕێکانی بە نـاوی ئەحمەدعەلـی عەجەمیـش کـە ئەویـش هـەر لـەم گرژییانەدا لەگـەڵ مراد شـیرێژ هاوسـەنگەر بوو، کـوژرا. مراد شـیرێژ و یارانـی پەلامـاری چەنـد پاسـگای ژاندەرمەیـان لـە ناوچەکـە دا و بـەو چەکانـەی کـە وەک خەنیمـەت وەدەسـتیان کەوتبوو، سـەرنجی خەڵکیـان بـەرەو لای خۆیـان ڕاکێشـا. لـە مـاوەی ئەو دوو سـاڵەدا واتـە ٤٦ و ٤٧ مـراد و هاوسـەنگەرەکانی بڕیاریان

مەهابادی پەشۆکاند. مراد لە لایەن کەسێکی ناسیاوەوە تیرۆر کرا کە بۆ نانی نیوەڕۆ میوانی بوو. مراد پیاوێکی تەمەن ٣٠ ساڵە بوو کە لەگەڵ هەندێک لە لاوانی دەڤەری لاجان و ناوچەکانی دیکەی کوردستان، حکوومەت وتەنی یاخی ببوون، بەڵام هەمووان چاک دەیانزانی کە مەسەلە شتێکی ترە. ئەوان گرووپێکی بچووکی چەکداری بوون کە پێشتر ئەنگێزەی داراییان هەبوو، بەڵام دواتر لە دژی ژەندرمە ڕاپەڕین.

مراد و کۆمەڵە گەنجەکەی شاخە بەرزەکانی ناوچەکەیان بە قەندیلەوە وەک مۆڵگە بۆ خۆیان هەڵبژارد و وردە وردە چالاکییەکانیان بوو بە چالاکیی سیاسی و ئامانجدار. ڕژێمی شا ئەوانی بە چەتە و یاخی ناو دەبرد بۆ ئەوەی هێزی سیستەمی ئەمنیی خۆی دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدانی قازی محەمەد بە هەمووان پیشان بدات. بازنەی چالاکییە چریکییەکانی مراد شیرێژ لە ناوچەکانی لاجان، مامەش و پیران لە پیرانشارەوە بۆ ناوچەکانی مەنگوڕ لە پیرانشار و مەهاباد، سندووس لە ناوچەی نەغەدە و شنۆ پەرەی سەند. بە پێی چەندین گێڕانەوە کە لە باپیرم و مامەکانمم بیستووە، مراد شیرێژ لە گرداشەوان هاتوچۆی ماڵی باپیری دایکیمی کردووە و خزمی ژنەکەی وێسفی کوڕی کاک محەمەدی مام ڕەسوو بووە.

هەواڵی تیرۆری مراد شیرێژ لە لایەن کەسێک بە ناوی حەمەدەمین حاتەمی ناسراو بە "حەمەدەمین چیچۆ"، کە کوردێکی عەشیرەتی هەرکی بوو، ڕاگەیەندرا و وتبووی: "مرادیان لە سیاچادرێکی[1] هاوینەدا کوشتووە". ئەم هەواڵە بە خێرایی لە ناوچەکەدا بڵاو بووەوە. کوشتنی مراد بۆ ڕژێم و ژەندرمە ئەوەندە گرنگ بوو کە ماوەی چەند ڕۆژ تەرمەکەیان بە ناو شارەکانی کوردستاندا گەڕاند. پاشان لەبەردەم ژەندرمەدا بەستیانەوە بە پلیکانەیەکەوە و جگەرەیەکیان لە سەر لێوی دانا بۆ ئەوەی دەسەڵات و سەرکەوتنی ڕژێمی ئیمپراتۆری پیشانی گەلی کورد و لایەنە سیاسییەکان بدەن.

کاتێک هەڵیانواسی، خەڵک لە بەردەم ژاندرمە کۆ بوونەوە و بە ئاخ و گریانەوە سەیری تەرمی مرادیان کرد. ئەم نمایشە کە لە لایەن پێکهاتەی دەسەڵاتەوە دەستی پێکردووە، لە مێژووی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا ئەوروپییەکان بە ئەشکەنجەدان ناوزەد کراوە. ڕێوڕەسمێک

دا هەندێ لە ئەندامانی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ڕۆژهەڵات (ئێران) کە لەو دیو سنوور واتە باشووری کوردستان سەرقاڵی چالاکییە سیاسییەکان بوون، بۆ درێژەدان بە خەباتە پارتیزانییەکانی خۆیان دژ بە ڕژێمی شا، بێننە ناو ڕووبەڕێکی بەرفراوانی ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە و خۆشیان بچنە ژێر چەتری سیاسی – سەربازیی حیزبەوە. سەرەڕای ئەوەی لەم بارەوە ڕوانگەی لێکدژ لە ئارادایە، بەڵام ئەمە هەنگاوێکی زۆر گرینگ بوو چونکە لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و هێوربوونەوەی ڕێژەیی ناوچەکە، بزووتنەوەی نووستووی کوردی بووژاندەوە. خەباتی سنووورداری پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات کە مراد و یارانی لەو سەنگەرەدا بوون هەتا ناوچە ناوەندی و باکوورییەکان و لادێکانی باکوور و ڕۆژاوای ورمێ پەلی هاویشت.

١. خێوەتی ڕەش، سیاچادوور.

کـە ڕەگ و ڕیشـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ تـرس لـە دەسـەڵات و حکوومەتـەکان کـە بـەو کارە هەوڵـی ڕیسـواکردنی خەڵکی داوە و تێکۆشـاوە بەم شـێوە دەرسـێکی باش بە خەڵک بدات. من پێم وایە خەڵـک بـە نەچـوون بـۆ ئـەم جـۆرە ڕێورەسمانـە ڕێزیان لـە کەسـایەتییەکی وەکـوو مـراد دەگرت. ژنـە دراوسـێکان بـە پـوورە مریەمیـان گوتبوو: «خوشـکێ ئەتـووش وەرە بـا بچین چاو لـێ کەین». پـوورە مریـەم لـە پێشـدا بیانووی ئەوەی دێنێتەوە کـە ئاگای لە تەبیبە دەبێ کە ئەوسـا منداڵێکی سـاوا بـووە و ئینجـا دەلێ چێژ لە سـەیرکردنی سـووکایەتیکردن بـە کەس نابا، ئەویش کەسـێکی وەکوو مراد شـیرێژ، کە حکوومەت لە جەسـتەی دەترسـێ و وەک نیشـانەی سـووکایەتی پێکردن جگەرەیەکـی ناوەتـە سـەر لێـوی. ئـەم نەچـوون و وەڵامەی پـوورە مریـەم پیشـاندەری بیرکردنەوە مۆدێـرن و جیاوازئەندێشـییەکەی بـوو، کاتێـک هەمـوو ئاپـۆرەی خەڵـک چـوون بـۆ سـەیرکردنی نمایشـێکی ئاوا، ئـەو نەچووە.

● وێنەی ٢٠- تەرمی مراد شیرێژ، ژەندرمەری، بە ئەگەری زۆر نەغدە، ١٣٤٧هەتاوی (١٩٦٨)

تەبیبـە کچێکـی خـۆش کـەلام بـوو، ماڵی خۆمـان و خزم و کـەس داوایان لێ دەکرد کە قسـە بـکات. ئەویـش ئـەم ڕۆڵـەی زۆر پـێ خـۆش بوو و وەکـوو هەموو منـداڵان حەزی دەکرد سـەرنجی پـێ بـدرێ و پاڵپشـتی لـێ بکـرێ و خۆشەویسـت بێت. لە نـاو ئەندامانـی بنەماڵـەدا، پەیوەندیی تەبیبـە لەگـەڵ پـوورە زێنـەب زۆر بـاش بـوو، کاتێکیـش کـە لـە نەخۆشـخانەی مەهابـاد خولـی پەرسـتاریی دەبینـی، ماوەیەکـی زۆر لـە ماڵـی پـوورە زێنـەب بـوو. ڕەنگـە لێکچوونێـک لـە نێـوان کەسـایەتی و کەڵکەڵەکانـی تەبیبـە لەگـەڵ پـوورە زێنەبـدا هەبووبێ کـە تەبیبە ئاوا ڕاکێشـی ئەو بووە.

تەبیبـە لـە منداڵیدا سـەربەخۆتر بوو، ڕاشـکاو بـوو و لە ناو دانیشـتنی پیاواندا قسـەی دەکرد. بـە پێچەوانـەی زۆرێـک لـە پیاوانی ئـەو سـەردەمە، باوکم بە هـۆی ئەوەی لە نـاو بـازاڕ و کاروباری بازرگانیـدا بـوو، زیاتـر هاوڕێـی ناخزمـی هەبـوو کـە سـەردانی ماڵمانیـان دەکـرد و مەجلیسـی

پیاوانەیان پڕ لە شۆخی و گاڵتەجاڕی بوو. بۆ نموونە "پارتی کەران[١]"یان پێک هێنابوو و ناسنامەیان بۆ خۆیان دەرکردبوو. بە گاڵتە بە یەکتریان دەگوت کەری شاعیر، کەری چاویلکەدار، کەری کۆمۆنیست و هتد.

چیرۆکی "پارتی کەران" لە ناو کوردانـدا کەم تا زۆر بوونی هەیە. ئەم چیرۆکە سەرەتا لە کوردستانی باکوورەوە بەرەو کوردستانی باشوور و لەوێشەوە هاتە کوردستانی ڕۆژهەڵات. ئامانجیان ڕەخنەباران و جوێندان بە حیزبە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە بوو، کە یەکێک لە دەرکەوتەکانی جیهانی دیموکراتیکە. ڕەنگە عەزیز نەسین[٢]، تەنزنووسی بەناوبانگی تورکیا، یەکەم کوردێک بێ کە حیزبایەتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی کە بندەستی دیکتاتۆری بوون، ڕەخنەباران کردبێ چونکە پێی وابوو لاسایی کاریکاتێرانە لە پارتە سیاسییەکانی وڵاتانی دیموکراتیکی ڕۆژاوایە، کە بە چیرۆکی (حیزبی کەران) ڕەخنەی خۆی دەربڕیوە. دروشمی حیزبی کەران بەیتێکی سەعدی شیرازی بوو؛

گا و کەری بارکێش

چاکترن لەوانەی دڵان دەکەن ڕێش[٣]

میوانخانەی "مۆلوودخاڵە" لە شەقامی ڕەجایی شاری نەغەدە بارەگای ناوەندیی "حیزبی کەران" بوو و خاوەنەکەی یەکێک لە هاوڕێکانی باوکم و ئەندامێکی چالاکی کۆڕی گێڕانەوەی ئەم نوکتە خۆشانە بوو. چیرۆکی کەرەکان و حیزبەکانیان لە ئەدەبیاتی کۆمیکی، کاریکاتێر و شیعری کوردیدا دەوری بەرچاوی هەیە:

کوڕە بزانن کەرینە داوەشێن و داڕزینە

---

١. لە ڕەهەندی ناوخۆیی و لە ئێرانیشدا حیزبی کەران پێشینەی هەیە. لە ساڵی ١٣٢١ هەتاویدا بەشێک لە خەڵکی خاوەن بەهرە لە کرماشان هەستان بە دامەزراندنی یانەیەک بە ناوی "یانەی کەران" و دوای پێنج ساڵ گۆڤاری تەنزئامێزی تۆفێق کردی بە حیزبێکی نەتەوەیی. دوای کودەتاکەی ١٩ی تەموووز (٢٨ گەلاوێژ) و داخرانی گۆڤاری تۆفێق، ئەم حیزبە بۆ ماوەیەک خەسێنرا. دوای دەستپێکردنەوەی گۆڤاری تۆفێق، لە ١٤ی ئاب (١٤ خەرمانان) ساڵی ١٣٤٦ هەتاوی ئەم حیزبە بوواژوە و دوو لاپەڕە بە ناوی "ڕێکخراوی حیزبی کەران" لە تۆفێق بە شێوەی نێوان‌گۆڤاری دەربارەی ئەم حیزبە بڵاو دەبووەوە و هەتا ساڵی ١٣٥٠ هەتاوی و دووبارەداخرانەوەی گۆڤاری تۆفێق بەردەوام چاپ و بڵاو دەکراوە. (لە لاپەڕەی کۆمەڵەی کەران) خوازیارانی حیزبی کەران دەبوو بیسەلمێنن کە دەیانتوانی بەرتیل وەربگرن بەڵام وەریاننەگرت، بۆیان بوو دزی بکەن وەلێ نەیانکرد و ئەگەر ئیدیعاکەیان بسەلمێنرا ئەوا وەک ئەندامێکی حیزبی کەران قبوڵ دەکران، چونکە خۆبەدوورگرتن لە کاری هەڵە، دەریدەخست کە لەبەر ڕاستگۆیی و پاکییەک کە لە دڵ و دەروونیاندا چەسپاوە یان بۆ پشتیوانی لە چینی بێدەسەڵاتی کۆمەڵگا تا چەندە توانیویانە لە ژێر زەختی فشاری ئابووری-کۆمەڵایەتیدا بەرگە بگرن. هەتا ئێستا ئامارێکی ورد لە سەر ژمارەی ئەندامانی حیزبی کەران لەبەردەستدا نییە، بەڵام دەوترێ ژمارەیان چەند هەزار بۆ چەند سەد هەزار کەس بوون. بە پیاوانی حیزبی کەران دەگوت "نێرەکەر"، بە ژنانیان دەگوت "ماکەر" و بە هەرزەکارانیان دەگوت "بەچکەکەر".

٢. نسین، عزیز .مگە تو مملکت شما خر نیس و کدام حزب برنده می شود؟١٣٩٧ ، تهران: نشر ققنوس.

٣. گاوان و خران باربردار

به ز آدمیان مردم‌آزار

هێندە هەڵگرتن بار بۆ ئادەمی زۆردار
وا من مردم و ئێوەمان نەیکەنە نەقڵی کوردان
هەیانبوو زۆر پیاوی باش سەدان ئاغا بوون بە جاش[1]!!

تەبیبە لەم میوانییانەی باوکمدا ئامادە دەبوو، ناوەنیتکەی لە هاوڕێکانی باوکم دەدا و یان لێیان دەپرسی نازناوی باوکت چییە؟ تەبیبە دەستپێشخەری گاڵتە و جەفەنگەکانی ئەم کۆڕ و کۆبوونەوانە بوو. دواتر لە مەجلیسەکە دەهاتە دەرەو و دانیشتنەکە دەبووە کۆبوونەوەی پیاوان. هەندێ جار قسەخۆشییەکەی دڵئێشانی لێ دەکەوتەوە و دواتر کە بە پێداگرییەوە شووی بە خۆشەویستەکەی خۆی کرد، ژیانێکی پڕ لە هەوراز و نشێو و سەختی بەئەزموون کرد. زۆربەمان قبووڵمان کردبوو کە تەبیبەمان بەو شێوەی کە هەیە خۆش بووێ، هەر وەک چۆن خزم و کەسەکانیش لەمە تێگەیشتبوون و قبوڵیان کردبوو ... کاتێک لە نەغەدە بووین، من لە قوتابخانەی ئەنووشیروان دەمخوێند و تەبیبە و مەحبووبە لە قوتابخانەی سەرەتایی ئازەرمیدۆخت دەیانخوێند. من و تەبیبە هەر دووکمان مامۆستایەکمان هەبوو ناوی سارا بوو کە دراوسێمان بوو، بەڵام دوای ئینقلابی ئیسلامی و جیاکردنەوەی ڕەگەزیی قوتابخانەکان، لە یەکتر جیابووینەوە و سیستەمی پەروەردە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بەسەردا هات.

کامیل، هەڵبژاردنی ناوێکی جیاواز

کاتێک مەحبووبە و تەبیبە لەدایک بوون بنەماڵەی باوکم و مامم و نەنکم کاروانسەرایان بەجێهێشت و دوای چەند جار گواستنەوە، لە ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی (١٩٧٠ز) لە شەقامی کۆنی مەعرووفی، شەقامی ئیمامی شافێعیی ئێستا، خانوویەکی دەربەستیان بە کرێ گرت. ئەو ماڵە کە لە کووچەیەکی بنبەستدا بوو، هی کەسێک بە ناوی کەریم کرمانج بوو. ساڵێک دواتر من لەو ماڵەدا لەدایک بووم، بەڵام لەوێ نەماینەوە و دوای چەند مانگێک چووینە ماڵێکی تر لە شەقامی مەلاساڵە یان سونەتی ئێستا. خانووە تازەکەمان لە کۆڵانێکی بنبەست

---

١. جاش زاراوەیەکە کە لە شۆڕشی ساڵی ١٩٦٣ی کوردستانی باشوور (هەرێمی کوردستانی ئێستا) بۆ خیانەتکارانی کورد بەکار دەهێنرا و بۆ یەکەمجار لە لایەن مامۆستا هەژارەوە هاتە ناو ئەدەبیاتی کوردییەوە. ساڵی ١٩٦٦ کە جەلال تاڵەبانی (مام جەلال) و ئیبراهیم ئەحمەد لە بزووتنەوەی کورد لە عێراق جیا بوونەوە و پەنایان بۆ ئێران برد؛ هەژار کە ئەوسا لە لایەن مەلا مستەفای بارزانییەوە پشتیوانی لێ دەکرا، جاشی بۆ ئەو کەسانە بەکار هێناوە کە ڕەخنەگری بارزانی بوون. ئێستا جاش لە کوردستان بووەتە پەند. کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش ڕێکخراوێکی لە کوردە چە کدارەکان دروست کردبوو کە بە پێشمەرگە کوردە موسوڵمانەکان ناسرا بوو، هەڵبەت ئەم ناونانە ئامانجێکی سیاسی-پڕوپاگانداییشی هەبوو کە پێشمەرگەی دێموکرات و کۆمەڵە موسڵمان نین. جاش یانی بەچکی کەر کە هێمای گەمژەیی؛ خیانەت؛ نەفامییە. نەک هەر لە بواری سیاسیدا، بەڵکوو لە بواری ڕۆشنبیریشدا، جاش هەمیشە نموونەی کەسێکە کە ملکەچی هەر چەشنە ڕەزالەتێک دەبێ و هەر کەس کەر بێ ئەو کورتانە. بۆ وێنە کەسێک بۆ هاوسەرگیریکردن لەگەڵ ژنێکی تەڵاقدراو بە کرێ دەگیرێ پێی دەڵێن جاش.

بوو و هی حاجی سەعیدی زرمامی دایکم بوو. ئەو لە پێشدا خانووەکەی بە کرێ پێداین و پاشان لە ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوی (١٩٧٥ز)، بە بڕی حەوت هەزار تمەن کە بڕە پارەیەکی زۆر بوو بە باوکم و مامی فرۆشت. لە ناوەڕاستی ماڵەکەدا دیوارێک دروست کرا، حاجی سەعید و هاوسەرەکەی لە لایەک و ئێمەش لە بەرەکەی دیکە. هەڵبەت زۆربەی کات لەگەڵ ئێمە بوون یان ئێمەی منداڵان لە حەوشەدا بە یارییە چێوییەکان[1] خۆمان سەرگەرم دەکرد کە حاجی بە شێوەیەکی زۆر هونەرمەندانە دروستی کردبوون.

بەشە هەرە سەیر و دڵتەزێنەکەی ڕۆژی لەدایکبوونم ئەوەیە کە نازانم لە چ ڕۆژێکدا لەدایک بووم! هەر لەم دواییانەدا بوو کە تێگەیشتم کە بە پێچەوانەی ئەوەی لە ناسنامەکەمدا تۆمار کراوە، من لە دواییین هەفتەی مانگی بەهمەن[2] لەدایک بووم نەک لە مانگی مێهر[3]. زانینی مانگی لەدایکبوون و دیاربوونی ڕۆژەکەی بۆ هەموو مرۆڤێک لە ڕوانگەی سۆزدارییەوە گرنگە. پێشتر چیرۆکی ناسنامەی باوکمم بۆ باس کردن. باوکم هەتا دوای لەدایکبوونم لە ترسی ئیجباری یان هەمان سەربازی ناسنامەی نەبووە و نەیتوانیوە بە شێوەیەکی یاسایی هاوسەرگیرییەکەی تۆمار بکات. وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، دوای ئەوەی دایکم لە باوکم مارە کرا، بە هۆی ئەوەی باپیرم لە سەر تۆمارکردنی هاوسەرگیریی کچەکەی سوور بووە، لەگەڵ یەکێک لە خزمەکانمان بە ناوی کەریم یەکاو[4] دایکمیان بردە نووسینگەی هاوسەرگیری و تەڵاقی پێشنوێژی هەینیی نەغدەدە لە گۆڕەپانی ژاندرمە و دایکم هەتا ئەو کاتەی کە باوکم ناسنامەی وەرگرت لە ناسنامەی کەریم یەکاو بە فەرمی مارە کرا.[5]

وێنەی ٢١- خۆم. قۆناغی سەرەتایی

١. شتی لە دار چێکراو.

٢. دووهەمین مانگی زستان لە ساڵنامەی ئێرانی و کوردییە. کە هاوڕێکەوت لەگەڵ مانگی ڕێبەندانی کوردی و نیوەی دووهەمی مانگی کانوونی دووی سریانییە.

٣. یەکەم مانگی پاییز لە لە ساڵنامەی ئێرانی و کوردییە. کە هاوڕێکەوت لەگەڵ مانگی ڕەزبەر کوردی و نیوەی دووهەمی مانگی "ئاب"ی سریانییە.

٤. کەریم یەکاو لە گوندی دیلانچەرخی نەغدەدە دادەنیشت و مانگی ڕێبەندانی ١٣٦١ هەتاوی لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگەی (قیادەی مووەقەت) مەسعوود بارزانی لە ماڵەکەی خۆیدا کوژرا. لە بەشەکانی دواتردا سەبارەت بە قەلاچۆکردنی خەڵکی مەدەنی لە گوندەکانی شنۆ و نەغدەدە زیاتر قسە دەکەین.

٥. هۆکاری سەرەکیی ئەم بێناونیشانی و بێشوناسییە جەماوەرییە ئەوەیە کە مرۆڤەکان دەروەستی حکوومەت نین و لە ڕوانگەی ئەوانەوە حکوومەت شەرعییەتێکی تەواوی نییە، هەر بۆیە بەرامبەر بەو حکوومەت خۆیان بە پابەند و دەروەست نازانن. تەنانەت ئامادەن بە شێوەیەکی بەکۆمەڵ ئەم بێناونیشانییە قبوڵ بکەن و نەچنە سەربازی. ئەم بەکۆمەڵبوونە

وەرگرتنـی ناسـنامە، هەنـدێ قازانجـی بوو کـە خەڵـک وردە وردە لەگەڵ قازانجەکانی ئاشـنا بـوون: وەک شـارۆمەند بـە فەرمی دەناسـێنران، ناوی هاوسـەر و منداڵەکانیانی تێـدا تۆمار دەکرا و هتـد. بـەڵام وەبەر سـەربازیش دەکەوتـن و ئەمەش بۆ زۆر کەس بە باوکیشـمەوە قبوڵکراو نەبوو. هـەر بۆیـە ڕێگایەکی گرتـە بەر کە ڕۆژی لەدایکبوونی منداڵەکەیان نارووونە و دوای چەندین سـاڵ کـەس لـە بیـری نییـە مـن چ ڕۆژێ لەدایـک بـووم. بـۆ نموونـە دەڵێـن دەمـەو نـەورۆز بـوو، نـاوەڵا زسـتان، ئـەدی هاویـن، پێم وا بەهـار و بەداخـەوە کۆدەنگییەک لەسـەر ئەمە نییە.

لـە نـەوەی ئێمـەدا زۆر کـەس هـەن کـە بـە هـۆی کەللەڕەقـی و خۆڕاگریـی بنەماڵەکانیانـەوە بارودۆخـی هاوشـێوەیان هەیـە. زۆرێک لە بـاوکان چاوەڕێی ئـەوە بوون کە تەمەنیـان لە گەیشتن بـە چوونـە سـەربازی تێپـەڕێ دواتـر ناسـنامە وەربگـرن، چونکـە ژاندرمـە خەڵکـی لـە تەمەنێکـی دیاریکـراوەوە لـە چوونـە سـەربازی دەبەخشـی. پێـم وایـە هـۆکاری ئـەم هەڵهاتـن لە سـەربازییە هێشـتا تـا ڕادەیـەک لـە نـاو خەڵکـدا ماوەتـەوە[1]. بەسـەرهاتی باوکیشـم هـەر هەمـان شـت بـوو. چاوەڕێـی کـرد هەتـا تەمەنـی لـە چوونە سـەربازی تێپـەڕێ و ئینجـا چـووە ناسـنامەی وەرگرتووە. پێکەنینـاویتریـن شـت ئەوەیە کە کاتێک مەحبووبە خوشـکە گەورەکـەم دەگاتە تەمەنی خوێندن، بـە ئامـۆزای باوکـم دەناسـێنرێ و هەتـا سـاڵانێک نـاوی باوکـی ئـەو و هـەر دوو پوورەکـەم بـە ناوەکانـی زێنـەب و مریـەم لـە ناسـنامەی قـادر نووسرابوو. ئەمـە وای لێکردین کە گاڵتـە بکەین و بڵێیـن مەحبووبـە دەتوانـێ داوای میـرات لـە منداڵەکانی مامە قادر بکات! ئەم سـووڕگە سـەقەتە هەتـا کاتـی لەدایکبوونـی ئامۆزاکانیشـم بـاو بوو و نـاوی زۆربـەی منداڵەکانی مامـە ئەحمەد واتە حەبیبـە و ئومێـدی کـوڕە تاقانەکـەی هەتـا چە ند سـاڵ لەمەوبەر لە نـاو ناسـنامەکەی باوکم بوو.

وا دیـارە ماوەیـەک دوای لەدایکبوونـم، باوکـم مێزەری لە سـەر کردووە و چووەتە نووسـینگەی تۆمـاری بـاری کەسـێتیی شـاری نەغـەدە و بـە تیرێـک سـێ نیشـانەی پێـکاوە. بـۆ تەبیبـەی خوشـکەکەم و حەبیبـەی ئامـۆزام کـە سـاوا بـوو و چەنـد مانگێـک لـە مـن گەورەتـر بـوو و منیش کـە تـازە لەدایـک ببووم ناسـنامەی وەرگـرت. تۆمارکـردن و دەرکردنـی ڕێکەوتـی لەدایکبوون بەم شـێوەیە: حەبیبـە سـیی خەرمانان، تەبیبە یەکەمـی ڕەزبەر و من دووی ڕەزبەر. هەر بەم شـێوەش

ئەوە دەردەخا کە پرسـی ناسـنامە و سـەربازی ڕەگ و ڕیشـەی کۆمەڵایەتی هەبووە. ئەو مەرج و ڕێسـا توندانەی کە لە وڵاتانی تازەپێگەیشـتوودا خەڵکیـان بـۆ کاردانـەوەی نارەزایەتی و سەرکەشـانە دنە دەدا و بنەمایەکیان دروسـت دەکـرد کە لە کۆتاییدا لە سـەردەمی مۆدێرنیزاسیۆنیشـدا کۆمەڵگا بە شـێوەیەکی چەوت و ناهاوسـەنگ پێش بکەوێت.

١. بـۆ خێزانـە نەریتیـی و لادێییـەکان، کـوڕان هێـزی کار و هێـزی بنەماڵـەن و نەبوونیـان بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ بـۆ بنەماڵەکـە زەبرێکـی گەورەیـە. لـە لایەکـی ترەوە زۆرێک لە بنەماڵە و تایفەکان سـەربازییان بـە پیاوی حکوومەت دەزانی و نەیاندەویسـت کوڕەکانیـان ببنـە پیـاوی حکوومـەت. لە ڕاسـتیدا ئەمە دەرخـەری ناکۆکیی نێـوان حکوومەت و گەلە کە هەمیشـە مێژوویەکی دوور و درێـژی لـە کۆمەڵگـەی ئێرانـدا هەبـووە و بـە یەکێـک لـە تایبەتمەندییەکانـی پێکهاتـەی کۆمەڵایەتیی ئـەم کۆمەڵگایە دادەنرێت. فاکتەرە ئابوورییە سیاسـییەکان بەربەسـتێکی دیکەی بەردەم کێشـەی سـەربازی لە کۆمەڵگەی گوندنشـینی ئەو ڕۆژگارەدا بـوو کـە چەندیـن ئاڵنـگاری و چالنجی کۆمەڵایەتـی و فەرهەنگی لـێ کەوتۆتەوە.

ژمارەی ناسنامەکەمان بە دوای یەکدا دەرکراوە. لەو پرسیارە زۆرانەی کە من بۆ نووسینی ئەم ژیاننامە لە خانەوادەکەمم پرسیم، شتی نوێم دۆزیەوە. لەوانە ئەوەی کە وادیارە من لە کۆتایی مانگی ڕێبەندان لەدایک بووم نە لە سەرەتای مانگی ڕەزبەر، هەرچەندە پوور و خوشکەکانم هیچ کۆدەنگییەکیان لە سەر ڕێکەوتی لە دایکبوونمان نییە و هەر یەک بە پێی یادەوەریی خۆی شتێک دەڵێت[1].

شتێکی پێکەنیناوییە کە هەتا چەند مانگ لەمەوبەر هەندێک جار هێمای مانگی لەدایکبوونم بە تەرازوو دەزانی، کەچی ئێستا دوای چەند ساڵ دەبێ هێمای مانگی لەدایکبوونم بە پیاوێک و زوحەلێک پیشان بدەم. لەوەش گاڵتەجارتر ئەوەیە کە هەتا هەنووکە، لە ڕۆژی دووەمی مانگی مێهر (ڕەزبەر) هەندێک جار نیمچە ئاهەنگێکی لەدایکبوونم بۆ دەگیرا و هەستێک لە جیهانی مۆدێرن و بازرگانیکردن بە ئاهەنگی لەدایکبوون دایدەگرتم. لە دەوری یەکتر کۆ دەبووینەوە یان دیارییەکم لە هەندێک لە ئازیزانم وەردەگرت. ئێستا هەموو ئەمانە بە لامەوە بێمانا بوون یان لانیکەم ماناکەی جارانی نییە. دەبێ دەستەکانم بخەمە سەر ساڵنامە و بە چاوی نووقاوەوە ڕۆژێک بۆ خۆم هەڵبژێرم، هەڵبژاردنێکی بەختەکیانە لە ناو دوارۆژەکانی کۆتایی مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی (١٩٧٢ز).

بە پێی نەریتی ئەو ڕۆژگارانە دایکم نە چووەتە نەخۆشخانە و نە چووەتە نەخۆشخانەی منداڵبوون. نیوەڕۆی ڕۆژێکی بارانی لە مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی بەرامبەر فێبرییەی ١٩٧٣، مامانێکی ناوچەکە بە ناوی باجە مەحسووم هاتە ماڵمان و منی بە دنیا هێنا. من کوڕی یەکەم بووم، بنەماڵەی کاک کەریم دوای دوو کچ، کوڕێکیان بوو. سروشتییە کە لەدایکبوونەکەم شەپۆلێکی خۆشی و شادومانی دروست بکا و هەموو خێزانەکە دەستپێشخەری بکەن بۆ ئەوەی ناوم لێ بنێن. لەو سەردەمەدا نەریتەکە وا بوو کە هەر کەسێک مژدەی[2] لەدایکبوونی منداڵی کوڕی بە باوک بدابوایە، مزگێنی وەردەگرت.

یەکەم کەس ئامۆژنە ئەسمەر بوو کە بە خۆشحاڵیەوە بە دوای باوکمدا گەڕاوە بۆ ئەوەی پێی بڵێ "کاکە هەی کوڕت بوو" و شاباشی لێ وەربگرێت. ئەسمەر باوکمی لە شەقامێکی مەعرووفی کە بەرەو ماڵەوە دەهاتەوە پەیدا دەکا و پێی دەڵێ کوڕت بوو. بۆ مزگێنی داوای پشتوێنی پەشمینە و جلوبەرگی گرانبەها دەکا، کە باوکم دواتر بەڵێنەکەی جێبەجێ کرد و ئەو دیارییانەی بۆ ئامۆژنە کڕی.

بۆ لەدایکبوونم میوانییەکی گەورەی ناولێنان (گوێ زەبانە)[3] درا کە ئەندامانی باڵای

---

١. لە کاتی زەماوەندی پووره مریەمدا ئەم بابەتەمان بۆ دەرکەوت، بۆی گێڕامەوە کە لەبەر ئەوەی دایکم بە منەوە دووگیان بووە میوانیی پێکردنەوەیان وەپێش خستووە و منیش چەند ڕۆژ دوای میوانییەکە لەدایک بووم.

٢. "گوێزەوانە"شی پێ دەڵێن.

٣ .لە سەردەمانی کۆندا ناونانی کۆرپە وەک هەر دابونەریت و ڕێورەسمێکی تر زۆر بە هەند وەردەگیرا و خێزانەکان لە

خێزان تێیدا بەشدار بوون. ڕووداوێک کە بەداخەوە بۆ لەدایکبوونی کچان ڕوو نادات. ئەندامانی خێزانەکەم کۆبوونەوە بۆ ئەوەی ناوم لێ بنێن. سەرباری ئەوەی ئەوان بە لایانەوە گرنگ بوو کە ناوی چی لەم کوڕە بنێن، بەڵام لەو میوانییەدا دیسان قسەوباسی بنەماڵەیی و دابونەریتی کۆن هاتە ئاراوە و چاوەڕوانیگەلێک خرایە ڕوو کە ئەمڕۆ ناچێتە مێشکی کەسەوە. مام حەوڵا بە ناوی گەورەکانەوە، پێشنیاری دا کە بە ناوی گەورەی خانەدان و تایفەی ئەحمەدی واتە کوێخاخەلیلی باوکیەوە ناوی بنێن خەلیل. دواتر گەنجترەکان لەوانە پوورەکانم دژایەتی دەکەن، پێیان خۆش نەبوو کە ناوی مردوویەک لە کۆڕپەیەک بنێن و بە دوای ناوێکی نوێتردا دەگەڕان. مام حەوڵا وتی: "ئەمە ڕەسمە. قادری برام نێوی باوکی ئەنگۆی لە کوڕەکەی ناوە، ئەدی ئەنگۆ بۆچ بۆ مە وا ناکەن؟" ئەندامانی بنەماڵە هەر وا بە ئاسانی ملیان نەدا و دواجار نەنە هاتە پێشەوە و بە زیرەکییەوە پێشنیاری دا: «ناوی ئەم کوڕە دەنێین محەمەد». ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ کە دەیزانی کە بە هۆی گرنگیی ناوی محەمەدەوە کە ڕەگ و ڕیشەی ئایینی هەیە و کەس ناتوانێ بە ئاسانی ڕەتی بکاتەوە؛ چونکە ناوێکی باو و وەک خۆیان دەڵێن مبارەکە. بەڵام کێشەکە لەوەدا بوو کە چەند خێزانێکی تر ناوی کوڕەکانیان نابوو محەمەد، لە ناویاندا برای نەنکم. جارێکی تر ژنە جحێڵ و کچە ئازەبەکان بە سەرکردایەتیی پوورە مریەمم دژایەتی دەکەنەوە و وتیان دەبێ بە دوای ناوێکی جیاواز و نوێدا بگەڕێین. «کامیل» لە ناو دڵی هەمان ئەو کۆبوونەوەدا هاتە دەرەوە. کامیل ئیمامی[1] خەڵکی شاری بۆکان و شاعیر و وەرگێڕێکی بەناوبانگە کە پوورە مریەم ئەو ناوەی بۆ من پێشنیار دا. کامیل لە زمانی کوردی و عەرەبی و فارسیدا بە واتای تەواو و کامڵ دێت. ناوەکەم لە عەرەبی دەنووسرێ و دەوترێتەوە «کامل»، بەڵام لە کوردیدا بە زیادکردنی پیتی «ی» لە نێوان «م» و «ل»دا دەبێتە کامیل. کامیل لە ناو فارس و تورکدا ناوێکی باو نییە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی[2] بە هەمان شێوەی کوردی بێژە دەکرێ و دەنووسرێت. لەوەش سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە کە ناوی کامیل لە زمانی فەرەنسی و هەندێک لە وڵاتانی ئەفریقایی بۆ کچان و کوڕان هەر دوو ڕەگەزەکە بەکار دەبرێت. لە ئێراندا زۆربەی ناکوردەکان پێیان وا بوو کە من ئەرمەنیم

ناونانی منداڵدا لە دایک و باوک بەدەسەڵاتتر بوون. لە کوردەواریدا ناولێنان زیاتر لەگەڵ "گوێزەبانە" بووە، ئەم وشە لە دوو وشەی گوێ و زەبان کە هەمان زمان و ئامرازی قسەکردنە پێک هاتووە کە هەر لە کۆنەوە لە کورددا وا باو بووە کە خزمان و دراوسێکان بانگهێشت دەکران. هەروەها بنەماڵە ئایینپەروەرەکان بانگهێشتی مەلای دێیان دەکرد بۆ ئەوەی ناو لە کۆڕپەکەیان بنێت. مەلا بانگی بە گوێی منداڵە ساواکەدا دەدا بۆ ئەوەی ناوی خۆی بزانێت. ڕێوڕەسمی گوێزەبانە هەندێک جار بە سفرە و خوانەوە بووە و دوای ناونانی ساواکە، میوانەکان نانیان دەخوارد.

١. سەید کامیل ئیمامی نازناوی ئاوات بووە و بە سەیدی زەنبیل ناسراوە و لە شاعیرانی ناوداری کوردە. لە ساڵی ١٢٨٢ هەتاوی لە خانەوادەی سەید و شێخی زەنبیلی شاری بۆکان لەدایک بوو و شێعرەکانی چاپ کرد و غەزەلەکانی لە ژێر ناوی دیوانی ئاوات بڵاو کردەوە کە زۆربەی هۆنراوەکانی لە خۆ دەگرێت.

2. Cemille

یـان جوولەکـەم یـان ناوێکـی بیانیم لە خۆم ناوە. هەندێک جـار لە ئەورووپا بـەوە تۆمەتبار دەکرام کـە پشـتم لـە فەرهەنگەکەم کـردووە و وایـان زانیوە کە گرێـی خۆبەکەمزانینم هەیە و نـاوە ئێرانی یـان ئیسلامییەکـەم گۆڕیـوە بـۆ ناوێـک بـە بێژەکردنـی بیانییـەوە. ناوی کامیل هەمیشـە سـەری هەمەجۆرە قەزاوەتێکی بۆ من کردۆتەوە.

● وێنەی ٢١- خۆم، پاییزی١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩)

لـەو دانیشـتنی ناولێنانـەدا کۆمەڵێـک وتیـان نـاوی محەمەدکامیـل بۆ ئەم منداڵە سـاوایە هەڵبژێرن، دواجار لەسـەر ئـەوە ڕێـک کەوتـن کـە لـە ناسـنامەدا نـاوم محەمـەد بـێ، بـەڵام لـە ماڵـەوە پێـم بڵێـن کامیل. هـەر لە سـەرەتاوە هەمـووان پێیان دەگوتـم کامیـل، محەمـەد وەک ناوێکـی سـەیر و نامـۆ لـە سـەر کاغـەز مـاوە. نەنکـم تاکـە کەسـێک بـوو کـە هەندێـک جـار بـە محەمەدکامیـل نـاوی دەبردم. لـە دەوامی قوتابخانـە و کاروباری ئیـداری، بانـک یـان لـەو جـۆرە بارودۆخانـەدا، کاتێـک بـە نـاوی ناسـنامەکەمەوە بانگـم دەکـەن، «محەمـەد» ئەوەنـدە ناوێکـی نامۆیـە بەلامـەوە کـە بـە دەسـت خـۆم نییـە جـاری وایـە درەنـگ وڵام دەدەمـەوە.

لـە ئێـران سـێ جـار هەوڵم دا ناوی ناسـنامەکەم لـە محەمەدەوە بگـۆڕم بۆ ناوی ڕاسـتەقینە و نـاسراوی خـۆم واتـە کامیل، بـەڵام لە دوو دانیشـتنی دادگادا کە لـە نەغەدە و ورمـێ بەڕێوە چوو، لـە دژی ئـەم داخوازییـە بڕیاریـان دا و وتیـان «نـاوی محەمەد پیـرۆزە و ناتوانین بیگۆڕیـن بۆ ناوی بێناونیشـانی وەکـوو کامیـل». ئـەوە لە حاڵێکدایـە من هەم لە ئێـران و هەم لـە دەرەوەی ئێران بە کامیـل نـاسراوم و بەرهەمەکانـم بـە هەمـان نـاو چـاپ کـراون. لەوانەیە لـە ڕواڵەتدا گرنـگ نەبێ، بـەڵام مـن ئـەم دووناوییەم پـێ خۆش نییە و حـەز ناکـەم ڕۆژی لەدایکبوونم نـاڕوون بێت.

ڕەسووڵی هاچەربەدەست و تەکووز

سـاڵی ١٣٥٦ی هەتـاوی (١٩٧٧ز) لـە ڕۆژێکـی پاییـزی کە بـاران بە خوڕ دەباری ڕەسـووڵی بـرام لەدایـک بـوو و بنەماڵـە کوڕێکـی دیکەشـی پـێ زیـاد بـوو. دیـارە هەبوونـی دوو کـوڕ بـۆ ماڵـەوە دڵگەرمـی بـوو. ڕەسـووڵ لـە ڕووی جەسـتەوە لـە هەموومان بچـووکترە. تا ڕادەیـەک ڕۆژی لەدایکبوونەکەیـم لـە بیـرە. مامـا هاتبوو و دایکم لـە ژوورێکی نیوە تاریکدا ژان گرتبووی. تەشـتی پـڕ لـە ئـاوی گەرمیـان ئامـادە کردبـوو و ژنێـک کـە جلی کـوردی لەبـەردا بـوو و پانتۆڵـی کوردیی پیاوانـەی کردبـوو بـە سـەریدا، پەیتا پەیتا لە هاتوچۆدا بوو. تەشـتەکانی پڕ لە ئـاو دەکرد و بەتاڵی دەکـردەوە و ئـاوی گەرمـی دەهێنـا و یارمەتی ماماکەی دەدا. وەسـتابووم و سـەیرم دەکـرد، نازانم بـۆ کـەس هۆشـی نەبوو مـن لە ژوورەکـە بکاتـە دەرەوە.

ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە تێگەیشتنێکی قووڵ و هەمەلایەنەیان لە تافی منداڵی نەبوو و هەر لەبەر ئەوەش لە مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵاندا هەستیاری و چاودێرییان نەبووە. لەوەش گرنگتر، ڕەنگە ئەم ئەزموونە کارێکی وای لە سەر من کردبێ کە کەڵکەڵەم بۆ ئەنجامدانی کاری توێژینەوەیی و نووسین لە بواری منداڵی ببزوێت. هەرچەندە دواتر پوورم و خوشکەکەم هەستیان بە بوونی من کرد و منیان لە ژوورەکە کردە دەرەوە. بەڵام بەشێکی هەرە زۆری منداڵبوونی دایکمم بینی، کە ئەوە بۆ منداڵێک سەیر و سەرسوڕهێنەرە و لەو تەمەنە کەمەشدا هەستم بە خوێن و خوێڕێژی و ساتەوەختی لەدایکبوونی کۆرپە کرد. هەستێک کە دوای سی و نۆ ساڵ لە ئامەد لە باکووری کوردستان و کاتی لەدایکبوونی کوڕەکەم بەئەزموونم کردەوە.

● وێنەی ٢٣- ڕەسووڵ، پاییزی١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩)

ئەوێ ڕۆژێ پوور و ئامۆژنە و ژنە گەورەکانی خزم و کەس بوونە میوانمان. کاتێک گوێم لە قیژەی براکەم بوو هەناسەیەکی ئارامم هەڵمژی، هەستم کرد ئیتر دایکم لە ژان ڕەخساوە. پوورەکانم پیرۆزبایی لەدایکبوونی ڕەسووڵیان لێکردم. کۆرپەیەکی ژیکەڵە و شیرین هاتبووە دنیاوە وەک هەمووان وتیان برام بوو بەڵام من لەو تەمەنەدا مانای برام نەدەزانی. ڕەسووڵ منداڵێکی شیرین و قسەخۆش بوو. پاشەبەرە بوو (کە دواتر پاشەبەر نەما) و باوکم و بەتایبەت دایکم زۆر ئاگایان لێ بوو.

بە هۆی جیاوازیی تەمەنمانەوە زۆر پێکەوە یاریمان نەدەکرد و ئەگەر ڕەسووڵ بیویستایە یاریمان لەگەڵ بکا، من و کوڕە پوورەکانم واتە سابیر و ئەمیر نەماندەهێشت. ڕەسووڵ زوو هەڵدەچوو و ئێمەش هەندێک جار سەرمان دەخستە سەری. کاتێک گەورە بووین، هەمیشە بە هۆی ئەو ڕەفتارانەمەوە ئازاری ویژدانم هەبوو، هەرچەندە بەڕاستی خۆشم منداڵ بووم، جیاوازیی تەمەن و نەبوونی زانیاریی پێویست بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵان و کێشەکانیان لە ناو کۆمەڵگادا، دۆخێکی لەو جۆرەی دروست کرد و هەندێک جاریش گەورەکان تەنانەت هانیان دەداین بۆ ئەوەی ئەم کارە بکەین. هەڵبەت ئەویش زیاتر لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆی دۆست و برادەر بوو.[1]

ڕەسووڵ هەر لە منداڵییەوە زۆر تەکووز بوو و زۆر حەزی لە چاککردنەوەی کەلوپەلی ناوماڵ بوو. ئەم دیسیپلین و لێهاتوویییەی لە هەڕەتی گەورەساڵیدا زیاتر نیشان دا، بەتایبەت لە

١. ئەم جیاوازییە تەمەنییە و ئەوەی کە دایک و باوک هیچ زانیارییەکی تەواویان لە سەر دروستکردنی پەیوەندییەکی دروست لە نێوان منداڵەکانیان و لێنزیک کردنەوەیان نییە، ڕەنگە یەکێک لەو هۆکارانە بێ کە هەندێک لە منداڵانی ناو خێزانەکان ناتوانن لێک نزیک ببنەوە. ڕەنگە لانیکەم هەر بۆ من وا بووبێ و تەنانەت جاری وا بوو ئیرەییم بە پەیوەندییە نزیکەکانی خوشک و براکانی دیکە دەبرد و هەندێک جاریش بە دڵ بیری براکەم دەکەم و ئێستاش هەر وام.

گەشت و سەیرانەکاندا لە هەڵگیرسانی ئاور و کەبابسازکردندا زۆر تەڕدەست بوو. کە منداڵتر بوو، دایک و باوکم زیاتر گرنگییان بەو دەدا و دوای مەحبووبە، ڕۆشنیی حەیاتی ماڵەوە بوو. هەرچییەکی بویستایە لەبەردەستی بوو و زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ دایکم بەسەر دەبرد.

من زیاتر لە تەبیبەوە نزیک بووم، کچێکی هاوچەرخ و مۆدێرن بوو کە من خۆم ئیلهامم لێ وەردەگرت و ڕەنگە ڕەسووڵیش ئیلهامی لە ئێمە وەردەگرت. جیا لە چەند ساڵ مەودای تەمەن، کوڕ و کچ بوونەکەمان و جیاکارییە ڕەگەزێتییەکانیش زەمینەسازییان بۆ کەشێکی خۆشی خوشک و برایەتی یان باشتر بڵێین هاوڕێی یاریی منداڵانە نەڕەخساند. وەک دەڵێی هەر یەکێک لە ئێمە لە ناو منداڵەکانی تری خێزان و شەقام و گەڕەکەکەماندا هاوڕێ و یار و هاوتەمەنی خۆمان هەبوو، شتێک کە منداڵانی ئەمڕۆ بەتایبەت تاقانەکان نییانە. کاتێک لە ئەورووپا بووم، دوای ماوەیەک دوورکەوتنەوە، لە ئەستەنبوڵ یەکترمان بینی. ئەم سەفەرە هەستێکی نامۆ بەڵام خۆشی هەبوو و ناسیارییەکی وردتر و قووڵتری لە براکەم پێ بەخشیم. دواتر کە لە ئێران ژیام، لە کاتی ڕووداوەکان و لەدەستدانی ئازیزانمان چەند جارێک ئەم هاوپشتی و برایەتییەم لەگەڵیدا بەئەزموون کرد.

کانی و کامیار، دەیە شەستییەکانی ماڵە باوان

مەودای نێوان کاتی لەدایکبوونی ڕەسووڵ و ساتەوەختی لەدایکبوونی کامیار و کانی دوور و درێژە. دوای چەندین ساڵ دایک و باوکم بە گاڵتەجاڕی و بە ڕاست بڕیاریان دا منداڵیان ببێ و کامیار لەدایک بوو. مەحبووبە شووی کردبوو و تەبیبە عازەب بوو و وەختی شووکردنی هاتبوو. من لەو کوڕانە نەدەچووم کە بنەماڵە پشتی پێ ببەستێ کەچی وا باو بوو کوڕی گەورەی بنەماڵە درێژەپیدەری کاروکاسپیی باوکی بێ و پەرەی پێ بدات. دوای هاوسەرگیریش لە ماڵی باوکم بمێنمەوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان بەرپرسیارێتیی هەموو شتێکم پێ بسپێرن. دیارە دایک و باوکم چاوەڕوانی ئەمەیان لێم نەدەکرد و چاک دەیانزانی کە ناتوانن بەم شێوە حسابم لە سەر بکەن. کەواتە ئامین و کەریم پێویستیان بە کوڕێک بوو کە لایان بمێنێتەوە و لە تەمەنی پیریدا یاوەرییان بکات. ڕەنگە لای خۆیان وتبێتیان ڕەسووڵ کوڕی دووەمە، ژن دێنێ و دەڕوا و ئەوان بێکەس دەمێننەوە.

١٧ی مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی (٧ی حوزەیرانی ١٩٨٨) بوو کە هەواڵی لەدایکبوونی کامیارمان پێ گەیشت. بۆ هەرەوەزی چووبووینە دێی خەلیفەلیان. لەگەڵ حەبیبەی ئامۆزام و سابیری پوورزام لە سەر مەزرای پووره زێنەب بژارمان دەکرد[1] و مێشوولە

١. بەم زەوییانەیان دەوت قۆرغ، چونکە خاوەنەکانیان بە پێی یاسا بۆیان نەبوو بیانکێڵن. لە نزیک ئەم زەوییانە کە لە نزیک جادەی سەرەکیی مەهاباد بۆ ورمێ و نەغدە بوو و لە شوێنێکدا لە بەردەم چێشتخانەی حاجی حسەین کە یەکێک

خوێنمژەکان کەوڵمانیان کردبوو. لەدایکبوونی کامیارم کردە بیانوو و ڕام کرد. بینینی کامیار هەستێکی سەیری پێ بەخشیم، نەمدەزانی چی لەم میوانە تازەی ماڵەکەمان بکەم، ئەویش ڕێک لەو کاتەدا کە بیری چوونە ئەورووپا و بەجێهێشتنی وڵات ببوو بە خورەی گیانم.

لە کاتی لەدایکبوونی کامیار ئەوەندە تێنەپەڕیبوو و تازە خەریک بوو خوومان پێوە دەگرت کە دایکم بە هۆی دووگیانبوونێکی نەخوازراوەوە کە بە گاڵتە و جەفەنگ ئەڵڵاوێردیشی پێ دەڵێن[1]، دووبارە دووگیان بووەوە و کانی وەک پاشەبەرەی بنەماڵە لە ٢٠ی ڕێبەندانی (شوبات) ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی (١٩٩٢ز) لە زستانێکی سارد و سەختدا لەدایک بوو. دواییـن مانگەکانی خزمەتی سەربازیم بەسەر دەبرد و بەهۆی بەفربارینی زۆرەوە هەموو ڕێگاکان داخران. کانی لە نەخۆشخانە لەدایک بوو و زاوزێی دایکم قورس بوو، پێشتریش کێشەی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێنی هەبوو و دوای لەدایکبوونی کانی نەخۆشییەکەی لێ قووڵتر بووەوە. دەڵێن ئەو دووگیانییە نەخوازراوە یەکێک لە هۆکارەکانی جەڵتەی مێشکی دایکم بووە، دایکم چەند ساڵێک دواتر بە هۆی ئەم جەڵتەی مێشکەوە مرد.

● وێنەی ٢٤- کامیار و کانی، ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی (١٩٩٣)

پزیشکانی نەخۆشخانەی پیرانشار وتیان ئیمکاناتی پێویستیان نییە و دەبێ ببرێتە ناوەندی ورمێ، بەڵام بەفر ڕێگاکانی داخستبوو. ئەو ئامبووڵانسەی کە وەڕێ کەوتبوو، نەیتوانی بگاتە شوێنی مەبەست و گەڕابۆوە پیرانشار. دایکم لە نێوان مەرگ و ژیان پەلەقاژێی دەکرد و بە کاتە سەختەکاندا تێدەپەڕی. باوکم دوکانی هەبوو و یەکێک لە موشتەرییەکانی دکتۆری سەربازخانەی شار بوو. کاک کەریم چووبووە لای ئەو پزیشکە، دۆخی نالەباری دایکمی بۆ باس کردبوو و بە پاڕانەوە و لاڵانەوە لە بەریەتیی پووڵ داوای لێ

لە خزمە دوورەکانمان بوو، فەرماندەی ئەوکاتی سپای کوردستان، محەمەد بروجێردی کە لە لایەن حکوومەتەوە وەک فریادڕەسی کوردستان ناوی لێنرا و یەکێک لە دامەزرێنەرانی پێشمەرگەی موسڵمان بوو، لە ١ی حوزەیرانی ساڵی ١٣٦٢ بەهۆی تەقینەوەی مینەوە مرد. دوابەدوای ئەم ڕووداوە هێرشێکی بەرفراوان کرایە سەر گوندەکانی ئەم ناوچە و بۆ ماوەیەکی زۆرێک لە گوندنشینەکان لەوانەش بنەماڵەی پووە زێنەبم ئاوارە بوون. زۆر کەس پێیان وایە کە لەسێدارەدانی ٥٩ لاوی مەهابادی لە زیندانی تەوریز لە تۆڵەی کوشتنی بروجێردی بووە. پێشنوێژی هەینی ورمێ واتە غوڵامرەزا حەسەنی کە هاوکات نوێنەری وەلی فەقێ لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا بوو، لە هەڕەشە بەناوبانگەکەیدا وتی: "بۆ تۆڵەسەندنەوەی خوێنی شەهید بروجێردی، دەبێ هەموو ئەم ناوچە تێک و مەکان بدرێ و پیازی تێدا بچێنرێت».

١. وشەیەکی تورکییە واتە خواپێداو.

کرد نەشتەرگەریی سزارییەنی[1] بۆ بکات. ڕەنگە دایکم یەکەم ژنێکی مەدەنی بێ کە لە پادگانی سەربازیدا منداڵی بووبێت. خوشکە گەورەکەم کە تازە هاوسەرگیری کردبوو، لەگەڵ کاک حسێنی هاوسەری، لەگەڵ دایک و باوکم چوونە سەربازخانەی پیرانشار و کانیش لە نەخۆشخانەی سەربازخانە و ژێرزەمینێکی پارێزراودا لەدایک بووە، کە ڕێڕەوە پێچەڵاوپێچ و مۆزاییکە سارەکانی پاشماوەی سەردەمی جەنگ بوون.

ساڵانێک بوو هیچ منداڵێک لە خێزانەکەماندا لەدایک نەببوو و ژیانێکی ئاراممان هەبوو، بەڵام بوونی کامیار و کانی هەموو شتێکی گۆڕی. دەنگی کۆرپە جارێکی تر لە ماڵەکەدا دەنگی داوە و بێدەنگی جیهانی گەورەساڵەکانی شکاند. دایک و باوکم ئیتر گەنج نەمابوون و تاقەتی منداڵدارییان نەبوو. کامیار و کانی دوو کۆرپەی قیژن و تاقەتپڕووکێن بوون کە ئەوانیان خستبووە دەردەسەرەوە.

ئەم کۆرپانە کە لە کۆتایی شەستەکاندا (شەستی هەتاوی هاوڕێکەوت لەگەڵ هەشتاکانی زایینی) هاتنە ناو ژیانی خێزانەکەمانەوە، دیاردە و خووی تازەیان لەگەڵ خۆیان هێنا و ئەخلاقی دایک و باوکمیان گۆڕی. باوکم ئیتر ئەو پیاوە ئێسک قورس و وشکە نەبوو، پیرتر و ئاسانگیرتر ببوو و لەگەڵ منداڵەکاندا میهرەبانانەتر هەڵسوکەوتی دەکرد. ڕۆڵی کامیار و کانی لە ماڵەوە لە ڕۆڵی ئێمە زەقتر بوو، دایک و باوکیشم زیاتر پەیوەندییان لەگەڵ ساز دەکردن. پەیوەندیی نێوانیان جۆرێکی جیاواز بوو و لە هەمان کاتدا ئیرەیی منی دەبزواند، ئەوەندەی نەوەی ئێمە پشتگوێ خران، نەوەی کامیار و کانی دوو هێندە گرنگییان پێ دەدرا و چاودێرییەک دەکران کە تێکەڵێک بوو لە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لە ئاست داهاتوویان و ترس لە دابیننەکردنی پێداویستییەکانیان.

کانی - بچووکترین منداڵی خێزان یان هەمان پاشەبەرە – بە هۆی جیاوازی لە ئاست و جۆری داواکارییەکانی لەگەڵ نەوەی ئێمە فەرقی هەبوو، دایک و باوکمی لێبوردە و پشوودرێژتر کردبوو. لە بنەڕەتەوە لە خێزانە گەورەکاندا منداڵی یەکەم و دوایی هەمیشە ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن. هەندێک جار منداڵی یەکەم ئەگەر کچ بێ پێی دەوترێ «داده» و ئەگەر کوڕ بێ پێی دەوترێ «کاکە». دواییـن منداڵ بە هۆی پاشەبەرەبوونیەوە بەردەوام لە لایەن دایک و باوک و خوشک و براکانیەوە گرینگی پێ دەدرێت. من و هاوسەرەکەم زۆر جار کوڕەکەم بە کاکە بانگ دەکەین.

ڕێوڕەسمی ناولێنان

لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسی مەراسیمی ناولێنانی خۆم یان کورد وتەنی گوێزەبانە بۆ

---

١. لە باشوور بە سزاریین دەڵێن قەستەرە.

کـردن و باسـی گرنگیـی ئـەم ئاهەنگـە و ڕێوڕەسـمی ناودێرکردنـی کوڕانم بـۆ کـردن. ناولێنان لە هەنـدێ لـە کۆمەڵگـەکان، ڕیشـەکەی دەگەڕێتـەوە بـۆ نەریـت و فەرهەنـگ و هەروەهـا ڕووداوە باوەکانـی کۆمەڵـگا یـان هۆگرییەکانـی دایـک و بـاوک.

پـووره مریـەم بـە هاوکاری یان وا باشترە بڵێم بە هاوقۆڵی لەگەڵ پـوور و ژنە گەنجەکان ناویان لـە تەبیبـە و مەحبووبـە و تەنانەت منیـش نا. بۆ ناونانی کچـەکان هەموو پوورەکانم بەشـدار بوون بـەڵام پـوورە مریـەم ڕۆڵێکـی تـۆختری هەبـوو. هـەر وەک چـۆن دواتـر تەبیبـە لـە نـاو خانـەوادەدا قسـەی دەڕۆشـت و لـە ناونانـی منداڵەکانـدا دەورێکـی زەقتری هەبـوو. کاتێـک کامیار و پاشـان کانـی هاتنـە دنیـاوە، مـن و تەبیبـە هـەوڵمان دەدا لـە ناونانی منداڵەکانـدا ڕۆڵێکـی چالاکترمان هەبـێ، هەڵبـەت تەبیبە لـە من ڕژدتـر بوو.

ناوی کانی لە ناسـنامەدا "ناسـکێ"یە، خۆی هەمیشـە بەوە پێدەکەنێ کە لە زمانی فارسـیدا بـە شـێوازی جۆراوجـۆر دەخوێنرێتـەوە. دایکـم دەیویسـت کچـە بچووکەکـەی ناوی ناسـکێ بێ، بـەڵام مـن و تەبیبە پێداگـریمان دەکرد کە ناوێکـی کوردیی مانادارییە لێ بنێیـن کەچی هەر دوو ناوەکـە (کانـی و ناسـکێ) لە خوشـکم دەکاڵێتـەوە. نـاوی کامیاریش بـە ڕێککەوتـن هەڵبژێردرا، هەڵبـەت ناوی شـەویاریشمان بۆ دەستنیشـان کردبـوو. ئەم ناوە بۆ من و تەبیبـە وەبیرهێنەرەوەی یادەوەرییەکـی تایبـەت بـوو، بـەڵام لـە بیرمە کـە دایک و باوکـم حەزیان لەم نـاوە نەبوو.

ناوەکانـی کامیـار و کانـی خۆشـحاڵیان کـردم، چونکـە بـە پیتی کاف دەسـتیان پـێ دەکرد و لەگـەڵ کامیـل هاواهەنگ بوون. ئەم هاواهەنگییە لە نێوان مەحبووبە و تەبیبە و حەبیبەدا هەبوو و هەسـتی نزیکایەتـی پـێ دەبەخشـین، هەسـتێک کـە ڕەنگـە بـە هـۆی جیاوازیـی تەمەنمانـەوە دروسـت نەبووبـێ بـەڵام نزیکیـی نـاوەکان دەیتوانی تـا ڕادەیەک ئەم بۆشـایی جیاوازیـی تەمەنە قەرەبـوو بکاتەوە.

ئەمـڕۆ لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و هەمـوو ئێرانـدا بـە هـۆی ئـەوەی کارمەندانـی ئیـدارەی تۆمارکردنـی بـاری کەسـێتی[1] ئامـادە نین کە ناوی ڕەسـەنی خۆجێـی لە ناسـنامەدا تۆمار بکەن، هەندێـک لـە منـداڵان دوو ناویـان هەیـە[2]. ئـەو نـاوەی کـە لـە ناسـنامەدا تۆمـار دەکـرێ دەبـێ بـە گوێـرەی لیسـتی ئـەو ناوانـە بـێ کە لەبەردەسـتی ئیـدارەی بـاری کەسـێتییە و ئەو نـاوەی کە خێزانـەکان بـۆ منداڵەکانیانـی هەڵدەبژێـرن دەبـێ بە پێـی هەڵبژاردە و لیسـتی بەردەسـتی ئەم ئیـدارە بێـت. نموونـە نوێکەی منداڵەکـەی کانییە کە سـاڵی ١٤٠٠ی هەتـاوی (٢٠٢١ زایینی)

١. ئیدارەی سەبت ئەحواڵ

٢. بەناوبانگتریـن نموونـەی ئـەم حاڵەتـە دەتوانیـن ئاماژە بە "ژینا (مەهسـا) ئەمینـی" بکەین، کە کچێکـی بەناوبانگی کوردە، کـە بـە هـۆی ڕەچاونەکردنـی حیجـاب و جلوبەرگی حکومییـەوە لە گرتووخانەی پۆلیسـی ئێران کـوژرا و مردنەکـەی بووە هۆی ئـەوەی بـۆ ماوەیەکـی زۆر نارەزایەتـی و مانگرتـن سەرتاسـەری وڵاتی ئێـران بگرێتەوە. ئەم کیژە نـاوە کوردییەکـەی "ژینا" بوو و ئـەم مەسـەلە دەرخـەری هەڵاواردنـی پێکهاتەیـی دژ بە گروپە شوناسـی و نەتەوەییەکانـی دیکەی وەک کورد، تـورک و هتدە.

لەدایک بووە و ئیدارەی باری کەسێتیی مەهاباد ملی نەدا کە ناوی ژیا لە منداڵەکەی بنێ و دواجار ناچار بوو ناوی ژیا بۆ "ژیار" بگۆڕێ و ئەم ناوە لە ناسنامەکەیدا تۆمار بکات.

دواتر کە لە هەندەران بووم برازاکەم (کوڕەکەی ڕەسووڵ) لەدایک بوو، ویستم ناوی شاعیری بەناوبانگی کورد واتە "هێمن"ی لێ بنێم، بەڵام ناوی "پوویا"یان لێ نا. ناوەکان گوزارشت لە بارودۆخی ئەو سەردەمەیان دەکەن کە تێیدا ژیاوین، بەڵام ئەمڕۆ زۆرێک لە بنەماڵە کوردەکان ناوی فارسیش لە منداڵەکانیان دەنێن. برازاکەم (کچی براکەم) ناوی عەسەلە و دوو کوڕەکەی مەحبووبە ناویان ڕەزا و سینا و هەر دوو کچەکەی تەبیبەش ناویان غەزەل و ڕۆمانە. ناوێک کە زۆرێک لە کچانی سەرتاسەری ئێران بەوە ناودێڕ کراون. کانی و کامیار لەدایکبووی سەردەمێکن کە ناوی کوردی ببوو بە باو، واتە کۆتایی دەیەی شەستی هەتاوی، هەرچەندە شاهیدی دیسان هەڵبژاردنەوەی ناوی مێژوویی و کۆنی کوردین.[1]

١. لە ئێراندا زۆرێک لە بنەماڵەکان ئێستا لە کتێب و فەرهەنگۆک و کتێبە کۆن و مێژوویی‌یەکاندا بە دوای ناودا یەتییەکی مێژوویی‌یە. هەندێک کەس پێیان وایە چیرۆکی ناونان و جیاوازییەکەی لە ناو کۆمەڵگای ئێمە و فەرهەنگی ڕۆژاوادا دەریدەخا کە هەندێک جار پێوەرەکانی ناونان لە ناو کۆمەڵگەی ئێمەدا زیاتر لاف و پۆزدانە و سازوکاری کێبڕکێی کۆمەڵایەتی هاتۆتە ناو ئەم بەشەوە و ئەرکێکی چارەنووس‌ساز و کارکردی هەیە. بە هۆی زاڵبوونی ڕەوتی ئایینی بە سەر ڕێکخراوی تۆماری باری کەسێتی، بۆ ئەو منداڵانەی کە خێزانەکانیان ناوی عەرەبی و فارسی هەڵدەبژێرن بە ئاسانی و بە بێ پچڕان ناسنامە دەردەکرێت. بەڵام بۆ هەڵبژاردنی ناوێکی کوردی نەک هەر بۆ ناسنامە، بەڵکوو جاری وایە ئەم خەڵکە کاتێک بۆ بەکارهێنانی ناوی کوردی بۆ دوکان و شوێنە بازرگانییەکانی خۆیان پێداگری دەنوێنن ڕووبەڕووی فشاری دەزگا ئەمنییەکان و پۆلیسی شوێنەکان (اماکن) دەبنەوە. ئەم ڕووداوانە بە هۆی ئاڵنگاریی پێکهاتەی حکوومەتی، دژ بە کوردە و ڕەگ و ڕیشەی سیاسییان هەیە. حکوومەت تەحەمولی سەربەخۆیی کورد ناکا و بیستوومە تەنانەت هەندێک خێزان کە نەیانویستووە ناوی دڵخوازی ئیدارەی سەبتئەحواڵ لە منداڵەکانیان بنێن، دۆسیەکانیان ڕێی بردۆتە دادگا.

بەشی سێیەم

لەدایکبوون و سەردەمی منداڵی

من لە کوردستان لەدایک بووم و گەورە بووم، ناوچەیەکی بەرفراوان لە ڕۆژاوای فەلاتی ئێران، کە لە ئێستادا سنووری ڕۆژاوای ئێران پێک دەهێنێ و سەرباری ئەوەی زۆرێک لە کوردەکان ئەم هەرێمەی خۆیان بە بەشێک لە ئێران نازانن و خۆیان پێ بەشێک لە وڵاتێک بە ناوی کوردستانی گەورەیە. شارنشینی و گەشەسەندن، ژیانی مۆدێرن و دەرکەوتە مۆدێرنەکانی هەمیشە بەراورد لەگەڵ زۆرێک لە بەشەکانی دیکەی ئێران درەنگ گەیشتووەتە کوردستان و ئەوەی هەمیشە وەک ڕەوتی گەشەسەندن لە تاران سەیر کراوە، زۆر درەنگ بە لای کوردستاندا هاتووە. لەوانەیە وا بزانن بەوەی کە لە ناوچەیەکی ئاوادا لەدایک بووم دڵتەنگم ... نەخێر... هیچ وا نییە. بەهەر حاڵ هەموو کەسێ لە سووچێکی ئەم دنیایە لەدایک بووە و بوون و نەبوون و هەوراز و نشێوێکی زۆر بەئەزموون دەکات. کوردستان وەبەر من کەوت و زۆریش خۆشم دەوێت.

وەک پێشتر وتم لە شاری نەغەدە لەدایک بووم، شارێکی دووزمانە کە کورد و تورک لەگەڵ یەکتر دەژیان و مۆدێرنیتە بۆ گەیشتن بەوێ هیچ پەلەی نەکرد. پێشکەوتنی شارنشینی لە ناوچەکانی ناوەڕاستی ئێران و گەورەشارەکان لە چلەکانی هەتاوییەوە دەستی پێکردبوو، بەڵام هاتنی بۆ نەغەدە و ناوچە هاوشێوەکانی زۆر خاو بوو. پێوەرەکانی گەشەسەندنی شارەکان و پەرەسەندنی پەروەردە و ڕاهێنان، خۆشگوزەرانیی گشتی و پرسەکانی لەم جۆرە زیاتر بۆ شارە گەورەکان بوو و ئەو ناوچانەی ئێمە لێی دەژیاین تەنانەت لە کەمترین ئاستی خزمەتگوزاری بێبەش بوون و ژیانی گوند و شارۆچکەکانی دەوروبەرمان هێشتا لە قۆناغی پێشمۆدێرندا بوو. لەم بەشەدا باسی کاریگەریی جوگرافیا لە سەر فەرهەنگ لەو ناوچەیە دەکەم کە لێی لەدایک بووم، بۆ ئەوەی خوێنەر باشتر لە ڕابردووی کوردستان تێبگات.

کاریگەرییەکانی فەرهەنگ و جوگرافیا لە سەر ژیانی مرۆڤ

شۆڕشی مەشرووتە دەستپێکی نوێگەرێتی و مۆدێرنیزاسیۆن لە ئێران بوو و پاشان ڕەزاشا بە شێوازێکی تر گیانێکی تازەی کردەوە بەری. هەندێک لە توێژەرانی مێژوویی پێیان وایە کە ڕەزاخان بە مۆدێرنیزاسیۆنە تاکڕەوییەکەی خۆی، درێژەی بەو مۆدێرنیزاسیۆنە داوە کە لەو کاتەوە دەستی پێکردبوو. دروستکردنی ڕێگاوبان، بیناکردنی قوتابخانە، زانکۆ، شارسازی و ... لە وڵاتانی دراوسێدا ڕووی لە گەشەسەندن بوو و شای ئێرانیش بە لاساییکردنەوە لەوان ڕێبازێکی هاوشێوەی گرتەبەر.

ئەتاتورک لە وڵاتی تورکیا سەرقاڵی گەشەدان بە وڵاتەکەی بوو و ڕەزا پەهلەویش دەیویست لاسایی ئەو بکاتەوە. هەر بۆیە دەستی بە گەشەپێدان کرد و دواتر محەمەدڕەزای کوڕی ڕژدانە درێژەی بە ڕێبازی باوکی دا. فراوانبوونی شارە بچووک و گەورەکان و بە گشتی گۆڕانکارییەکی زۆری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە سەردەمی ئەم باوک و کوڕەدا ڕووی دا، کە هەڵبەت پێویستی بە خەسارناسییە و ناتوانین ئەوەی تێپەڕیوە بە ئەرێنی هەژمار بکەین.

ئەو مۆدێرنیزاسیۆنەی کە ڕەزاشا کەڕەنای بۆ لێ دەدا، تاکڕەوانە و فەرماندەرانە بوو. ئەم گەشەسەندنە ناهاوسەنگ و چەوتە زیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی زۆری لێ کەوتەوە. زۆرێک لە نیشانە و دەرهاویشتەکانی ئەم گەشەسەندنە نایەکسانە لە شارە بچووک و پەراوێزییەکان و تەنانەت سنوورەکانیشدا بە ڕوونی دەبینرێت. بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە هێشتاش دەبینین کە ئەم ڕێکاری ئاسمیلەکردن و ملکەچبوون بۆ حکوومەتی ناوەندییە کە لەگەڵ فەرهەنگی ناوچەیی هاوتەریب نەبوون، چ زیانێکی لێ کەوتووەتەوە. بە بڕوای گیدنز، کۆمەڵناسی ئینگلیزی، ئەم دەرهاویشتانە دەرەنجامی ئەوەیە کە هاونشینیی پرسی جیهانی لەگەڵ پرسی خۆجێی کە دەیتوانی هاواهەنگ و هاوتەریب بێ، شکستی هێناوە. ئەم پرسە لە قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵسوکەوتی خراپ لەگەڵ پرسە خێزانییەکان و دەمارگرژییە ئایینی و ئێتنیکییەکاندا، زیاتر بەرجەستە دەبێت.

لە شارەکانی وەکوو تاران، تەورێز، مەشهەد، ئیسفەهان و ...، پڕۆژەی نوێکردنەوە و مۆدێرنیزاسیۆن بە خێراییەوە بەرەو پێشەوە دەچوو و ئەگەر کەسێک لە پێتەخت یان کەڵەشارەکانی ئێراندا ژیانی بکردایە، تا ڕادەیەک لە نێعمەتەکانی سوودمەند دەبوو. ئێمە لە نەغەدە بە دوور لەم گۆڕانکارییانە دەژیاین و ژیانی خەڵکی ئەم شارە و شارۆچکە و گوندەکانی دەوروبەری وەکوو ڕابردوو بەردەوام بوو. ئامرازەکانی ژیان هێشتا نەریتی و کۆن بوون و باوکم و ئامۆزاکانی کە پێشتر سەفەری تارانیان دەکرد، دەرکەوتەکانی مۆدێرنیتەیان بینی و بەو دیاری و سەوقاتانەی کە دەیانهێناوە، ئێمەیان لەگەڵ ئاسەوار و دەرکەوتەکانی مۆدێرنیتە و شارنشینی ئاشنا دەکرد.

کاتێک لە پەنجاکانی هەتاویدا لە نەغەدە چوومە باخچەی ساوایان، هەندێک لەو گۆڕانکارییانەم بەئەزموون کرد. باخچەی ساوایان یەکێک لە دەرکەوتەکانی شارنشینی بوو کە کەلوپەلی بیانی و یاریی مۆدێرن و سەرنجڕاکێشی تێدا بوو. هەڵبەت لە ساڵانی دوای ئینقلابی ئیسلامیدا ئەم مۆدێرنیتە و زریقە و بریقەی ژیانی ڕۆژاوایی ئاسەواری نەما و جۆرێکی دیکەی گۆڕانکاری خۆی دەرخست. هەروەها پێویستە ئەوەش بڵێین ئەو ئامراز و مەکینە و تەکنۆلۆژیایانەی کە لە ئێراندا گەشەیان کرد لە هەندێک شوێنی دیاریکراوی شارە گەورەکاندا بوون. تەنانەت لە جێگایەکی وەکوو تارانیش شارۆمەندان بە شێوەی یەکسان دەستیان بە ئیمکانیاتی ژیانی مۆدێرن نەدەگەیشت و هەتا کۆتایی جەنگی ئێران و عێراق، واتە کۆتاییەکانی شەستەکانی هەتاوی (کۆتاییەکانی هەشتاکانی زایینی)، بەشێک لە کەڵەشارەکان ڕووبەڕووی پەراوێزنشینی و هەژاری و کەمایەتیی ئیمکانات و چینایەتی ببوونەوە و ژیانی چینایەتی تەواو هەستی پێدەکرا.

شێعە و سوننە، تورک و کورد

لە سەردەمی حەمەڕەزای پەهلەویدا سیستەمی حکوومەت لە سەر جۆرێک ئایدۆلۆژیای نەتەوەخوازیی ئێرانی دامەزرابوو، هەر بۆیە ناکۆکی و ناتەبایی ئایینی زۆر خۆی نیشان نەدەدا. حەمەڕەزاشا لە هەندێک لە وتاردانەکانیدا خۆی بە شای شێعەکانی ناوچەکە ناو دەبرد، بەڵام ئەم قسانە تەنها ئامرازێک بوون بۆ ئەوەی سیاسەتە خوازراوەکانی خۆیی لە ناوچەکەدا پێ بپێکێت. بێشک کۆمەک و هاوکاریی چاکیشی بۆ دامەزراندن و بەهێزکردنی بزووتنەوەی ئەمەل لە باشووری لوبنان نارد و چەندین بابەتی دیکەی لەو جۆرە کرد. محەمەدڕەزا شا درێژەی بەو ڕێبازە دا کە ڕەزاشای باوکی دەستی پێکردبوو؛ ئەو ئایدۆلۆژیا ناسیۆنالیزمەی ئەوان لە سەر بنەمای ڕابردووی مێژوویی ئێران و پاشای گەورەی ئێرانی کۆن واتە کۆرشی هەخامەنی بوو و هەوڵی دەدا ڕابردووی مێژوویی ئێران زیندوو بکاتەوە و ئێران لە ناو وڵاتاندا گەورە و مەزن پیشان بدات. ئایین تێهەڵکێشی نەریت و ژیان بوو و ئامرازێک بۆ دەسەڵاتنوێنی نەبوو، ئەوەی گرنگ بوو ئێرانێتی بوو. ئەگەر نەڵێم ناسیۆنالیزمی ئێران لەم ماوەدا دروست بووە، بەڵام بە بۆچوونەوە دەتوانم بڵێم لەم ماوەدا ناسیۆنالیزمی ئێران زۆر بەهێز بوو. جەختکردنەوە لە سەر نیژادی ئاریایی وەک نیژادی باڵا و زمانی فارسی وەک زمانی هەموو ئێران، پشتگوێخستن و سەرکوتکردنی ئێتنیک و نەتەوەکانی دیکە، دابونەریت و زمانەکانیان لەو ڕێوشوێنانە بوون کە بۆ ئەم مەبەستە گیرانە بەر. لە سەردەمی محەمەدڕەزاشادا سیستەمی حکوومەت لە ژێر کاریگەریی ئایینی فەرمی بوو و لە ناوەندە ئایینییەکان و حەوزە ئایینییەکاندا بەتایبەت لە نێوان شێعە و سوننە ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دوو ئایینزایە وەک ئاگری ژێر خۆڵەمێش بوون

کـە ئەمـە دوای ئینقلابـی ئیسلامـی زیاتر بڵێسـەی سـەند. دیارە شـا هـەر بۆ خۆشـی بیروباوەڕی ئایینـی هەبـوو و بـاوەڕی بـە یارمەتییە سەرووسروشـتیەکان هەبووە، تـا ئەو ڕادەی کـە دەگێڕنەوە، لـەو بڕوایـەدا بـوو کە لـە ڕووداوێکـی ئاسمانیدا ئیمامی هەشـتەم فریـای کەوتووە.

لـە دوای ئیقلابـی ١٣٥٧ی هەتـاوی (١٩٧٩ز) ناکۆکییـەکان زیاتر گڕیان گـرت و گرنگترین لایەنەکەشـی پرسـی شێعە و سوننە بوو کە بە هەندێ گۆڕانکاری وەکوو گەڕانەوە بۆ ئایدیالەکانی ئایینـزای فەرمـی دەرکـەوت. ڕەنگـە ئەگـەر بـە تێڕوانینێکـی مێژووییـەوە حوکمڕانیـی شـێعە لـە ئێرانـدا لێـک بدەینـەوە، دەگەینـە ئـەو خاڵـەی کـە شـێوازی حوکمڕانیـی کۆمـاری ئیسلامـی لـە ڕووی کەڵکوەرگرتـن لـە ئایین و ئایینزای شـێعە لە حوکمڕانیدا هاوشـێوەی سـەردەمی سـەفەوی و تـا ڕادەیـەک سـەردەمی قاجارە.

پێـش ئینـقلاب ئەگـەر وەهـا جیاوازییـەک هەبووایە ئەوە لە نێـوان چینـی ڕۆحانییـان و چینـی ئایینیـەروەردا بـوو و خەڵـک ژیانـی خۆیانیـان دەکـرد. سـەرەڕای هەمـوو جیاوازییـە فەرهەنگـی و ئایینییـەکان، شـێعە و سـوننە ژن و ژنخوازیـان هەبـوو، هاموشـۆی یەکتریـان کـرد و ئـەم کۆبوونە و پێکـەوە بوونانەیـان جیاوازییـە ئایینییەکانـی لـە بیـر دەبردنـەوە یان کاڵـی دەکـردەوە. ئەوانەی ئەزموونـی ژیـان لـە ناوچـە سوننەنشـینەکانیان هەیـە، ئـەم شـێوازی پێکەوەژیانەیان لـە نزیکەوە بینیـوە و بەئەزموونیـان کردووە.

بـەڵام سیسـتەمی حوکمڕانیـی کۆمـاری ئیسلامـی هەڵگـری ئایدۆلۆژیـای ئیسلامی – شـێعە بـوو و هـەر بـەم شـێوەڕوانینە خەڵکی دابەش دەکرد. بـە واتایەکی تر، ئایدۆلۆژیای نەتەوەسـازیی پەهلـەوی کـە جەختی لە سـەر نیـژادی ئاری و زمانی فارسـی دەکـردەوە، لە سـەردەمی کۆماری ئیسلامیـدا گـۆڕا بـۆ جەختکردنەوە لە زمانی فارسـی و شـێعەگەری، و دروشـمەکانی ئەمانە بوون یەکسـانی، برایەتـی و موسـڵمانێتی، بـەڵام بـە کـردەوە سـوننە هەرگیـز مافـی ئـەوەی نییـە ببێتە سـەرۆککۆمار یـان ڕێبـەر و هەتـا ئەمـڕۆش سـوننە تەنانـەت پۆسـتی وەزیـر و پارێزگاریشـی پـێ نـەدراوە[1]. ئـەوەی لـە هـەر دوو سیسـتەمەکەدا هاوبـەش بوو، گرنگینـەدان بوو، یان بـاشتر بڵێین پشتگوێخسـتنی ئێتنیک و نەتەوەکانی دیکە و تەنانەت هەوڵدان بۆ تواندنەوە و ئاسـمیلەکردنیان لـە ناو شوناسـی فارسـی بوو.

دوای ئەمـەش پڕۆژەکـە فۆرمێکـی تەواوتـری بـە خـۆوە گـرت و ئـاوای لـێ هـات؛ «ئوممـەی موسـڵمانی فـارس زمـان». واتـە یـەک نەتـەوە و یـەک زمان بوونـی هەیـە؛ ئێرانی و زمانی فارسـی کـە زمانەکانـی دیکـە زیاتـر زاراوەی ناوچەییـن. هەمـوو ئـەم حاڵەتانـە وتـە و سیاسـەت و پلانـە کارگێڕییەکانیـان وەدرۆ دەخسـتەوە. لـە ڕاسـتیدا کۆمـاری ئیسلامـی بـە شـێوەی جۆراوجـۆر لـە

١. بـە هاتنـە سـەر کاری مەسـعوود پزیشـکیان وەک سـەرۆک کۆمـار، ئـەم ڕچـە شـکێنرا و بۆ یەکەم جـار لە مێـژووی کۆماری ئیسلامیـی ئێـران کوردێـک بـوو بـە پارێـزگار، واتە ئارش لهۆنی کە نوێنەری شـاری پـاوە بوو، بوو بـە پارێزگاری سـنە. بەڵام ئەم دەقـە بـەر لە هاتنە سـەر کاری پزیشـکیان نـووسراوە. (وەرگێڕ)

زۆربەی بوارە فەرهەنگییەکانی وەکوو بواری ئایینی، زمانەوانی، یاسایی و هتد میکانیزمی جیاکارانە و سازوکاری دووچاوەکی گرتۆتە بەر و هەوڵی داوە بارودۆخەکە بە ڕەوا و ئاسایی پیشان بداتەوە.

پێش ئینقلاب، لە ڕۆژی عاشورادا تورکەکان سنگیان دەکوتا و زۆرێک لە کوردەکان ئەگەر سنگیشیان نەدەکوتا، لە بەر ڕێزی عاشوورا لە هەر دوو لای شەقامەکە دەوەستاون. لە عاشوورادا کورد و بەتایبەت ژنانـدا بەڕۆژوو دەبن. پوورەکانم کە لە نەغەدە دەژیان، زۆر جار لە ڕۆژانی ٩ و ١٠ی مانگی موحەڕەم (تاسووعا و عاشوورا) بەڕۆژوو دەبوون و هەتا ئێستاش ئەم نەریتە لە ناو دانیشتوانی ناوچەکەدا بەردەوامە.

هەموو ئەم حاڵەتانەی کە باس کران دەریدەخا کە پەیڕەوانی ئەو دوو ئایینزایە تا چەندە لە ناو خۆیاندا ڕێزیان لە یەکتر دەگرت و هاوپشتییەکی تەکووزی کۆمەڵایەتییان بۆ یەکتر هەبوو و ئەمە هەڵقوڵاو و پیشاندەری ئەو ڕێژەییگەراییە فەرهەنگییە بوو کە ڕەگ و ڕیشەی لە مێژوو و نەریتی ناوچەکەدا داکوتاوە. ئەم ناوچە هەر لە مێژە و لە هەموو قۆناغە مێژووییەکاندا شوێنی نیشتەجێبوونی گەلان و پەیڕەوانی ئایین و ئایینزا جۆراوجۆرەکانی وەکوو جوولەکە و مەسیحی و زەردەشتی و موسڵمان بووە. ڕێبازە عیرفانییە جیاوازەکان لەم ناوچەدا ژیاون. جگە لە زمانی کوردی و تورکی، زمانی سریانی و عیبرییش لەم ناوچەدا قسەی پێ کراوە. لە دوای ئینقلابی ئیسلامی پەیوەندیی نیوان کورد و تورک گۆڕانی بەسەردا هات. هەندێک لە تورکەکان زیاتر بە لای ئایینـدا شکانەوە و پاڵیان دا بە کۆماری ئیسلامییەوە و بەشێک لە کوردەکانیش ڕادیکاڵتر و ناسیۆنالیستتر بوون. بەر لە ئینقلاب لە نێوان ئەو دوو گروپە گەورە بۆشاییەکی قووڵ لە ئارادا نەبوو، ناکۆکی هەبوو، بەڵام بە جۆرێک نەبوو کە بزوێنەری دژایەتی و ناتەبایی بێ و خەڵک بە لێبوردەیی و ئاشتییەوە پێکەوە دەژیان.[1]

ئەگەر پرۆژەی مۆدێرنیزاسیۆنی شا بەردەوام بووایە، ڕەنگە ژێرخانی حکوومەت و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی زۆر زووتر بگەیشتایەتە شارە بچووکەکان و نەوەی منیش زووتر مۆدێرنیتەی بناسیبایە، هەڵبەت با ئەو ڕاستییە لە بیر نەکەین کە پێکهاتە و فەرهەنگی

١. ئەو بۆشاییەی دوای ئینقلاب دروست بوو، دەرەنجامی ڕاستەوخۆی سیاسەتەکانی حکوومەت بوو. هەندێک لە کوردەکان هۆگریی ناسیۆنالیستییان هەبوو، کۆمەڵێک لە تورکەکانیش جۆرێک لە نارسیزمیان بۆ ئایدیاڵەکانی شێعایەتی و کەمێکیش ئێتنیک‌خوازی هەبوو. ئەم جیاوازییانە هیچ هەڵێکیان بۆ سەرهەڵدان نەبوو و سیستەمی شاهەنشاهی نەیدەویست پەرەی پێ بدات. ئێستا زۆرێک لە خەڵکی ناوچەکەمان پێیان وایە کە سیستەمی ئیسلامی بە دووبەرەکی‌نانەوە لە نێوان کورد و تورک و شێعە و سوننە، گڕی لە خەرمانی پێکەوەژیان و ئاشتەوایی نێوان ئەم دوو گەلە لە ناوچەکەدا بەر داوە و ئامانجیشی ئەوە بوو کە نەهێڵێ دەسەڵاتی ئێتنیکی لە دژی خۆی پێک بێ و گەشە بکات. لە ناو ئەو ئێتنیکانەدا کورد کە هەمیشە بە سەربەخۆیی‌خوازی و ئازادی‌خوازی تۆمەتبار کراوە، هەڕەشە بۆ سەر ڕژێم بووە کە دووبەرەکی‌نانەوە هەلی وەدیهاتنی وەها دەسەڵاتێکی لە ئێتنیکەکان زەوت دەکرد. دواتر شەڕ و گرژییەکانی نەغەدە و ئەوەی ڕووی داوە، بە تێر و تەسەلی شی دەکەینەوە.

نەریتی یان ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی کە ئەوسا لە گۆڕێدا بوو، چاوی بە گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکان هەڵنەدەهات و بەربەستی بەردەم وەرچەرخانەکان بوون. ڕەگەز و عورف و داب و نەریت و پێگەی ژن لەو پرسانە بوون کە خەڵک هەر وا بە سادەیی گۆڕانکارییەکانی پەیوەست بەمانەی قبووڵ نەدەکرد و ملکەچی مۆدێرنیتە و شێوازی ژیانی ڕۆژاوایی نەدەبوون.

ئێستاش ڕوانگەی دەمارگرژانەی هەندێک لە پیاوان سەبارەت بە ژنانم لە بیرە. بەشێک لە ڕەوتە ڕادیکاڵەکان لە فەرهەنگی نەریتیدا دوای ئەوەی سەریان هەڵدا کە پیاوان نیگەرانی گۆڕانی فەرهەنگ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بوون. پێدەچێ ئەوان پێیان وا بووە کە ئەو ڕەوتە کۆمەڵایەتییانە دەرەنجامی مۆدێرنیزاسیۆنن و ڕۆژێک دێ کە ئەم مۆدێرنیزاسیۆنە پێکهاتە نەریتییەکانیان هەڵدەپێچێ و تەکوزییەکەیان هەڵدەوەشێنێتەوە. هەر بۆیە دژی گۆڕانکاری ڕاوەستان. هەڵبەت ئەم خۆڕاگری و دژایەتی نواندنە هەرگیز بە هیچ کوێ نەگەیی و تەنیا ڕەوتی گۆڕانکارییەکەی خاوتر کردەوە.

مێژوو سەلماندوویەتی کە کۆمەڵگا بە هۆی چالاکی و مەلەوەربوونیەوە، ڕێگە بۆ هەر چەشنە گۆڕانکارییەک خۆش دەکا، جا بە هەر شێوەیەک بێ، تەنانەت ئەگەر خێراییەکەشی کەم بێت. ساڵەهای ساڵ لە دوای گۆڕانکاری و وەرچەرخانەکان، هێشتا هێڵە سنوورییەکانی ئێران و هەندێ ناوچەی وەکوو کوردستان بە دەست کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە دەناڵێنن و ئەو پێشکەوتنی شارنشینی و خۆشگوزەرانییە کۆمەڵایەتییەی کە لە پێتەخت و گەورەشارە ناوەندییەکاندا هەیە، ناوچە ئێتنیکییەکانی دیکە لێی بێبەشن. ئەمە تەنیا هەڵاواردن و سەپاندنی نایەکسانی لە کوردستان بەراورد بە ناوچەکانی دیکەیە و هیچی تر. حکوومەت بەم میکانیزمە لاوازکەرانەی خۆی هەوڵی داوە ئەم هەرێمە لەو دۆخەدا بهێڵێتەوە کە ئەمڕۆکە دەیبینین. هۆکارە ئاشکراکەشی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی هەمیشە کوردی وەک هەڕەشەیەک لە قەڵەم داوە و لە دەسەڵاتداربوون و پێشینەی سەربەخۆییخوازیان تۆقاوە.

بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵیم

ڕەنگە نووسینی ئەم ژیاننامە چاوخشاندنێک بێت بە ژیانی خۆمدا. پێداچوونەوەیەک بە ڕۆژگارەکان و مرۆڤەکان و هەموو ئەوانەی بە سەرمدا هاتووە. تاڵ و شیرین، پێکەنین و خەمناکی. لە هەڕەتی گەورەساڵیدا لێکدانەوەی تافی منداڵی ئەستەمە. وەک ئەوە وایە ببی بە کرێکاری کانگا و مێشکت بپشکنی و یادەوەرییەکان بدۆزیتەوە. لەم کانگایەدا ڕەنگە هەموو شتێک ببێ، ڕەنگە زۆر پێبکەنی، زۆر بگری و لە هەڵکڕاندنی مێشکت و گەڕان بە دوای ڕابردووتدا بە چەندین خۆشی و ناخۆشیدا تێپەڕی، بەڵام پێم وایە بایەخی ئەوەی هەیە کە هەندێک جار تەنانەت بەرەو ڕووی تاڵییەکان ببیتەوە و توند خۆت لە باوەش بگریت.

مـرۆڤ دەبـێ بـەر لـە هەمـوو کـەس، بتوانـێ قسـە لەگـەڵ خۆیـدا بـکا و زۆر شـت چارەسـەر بـکات. منیـش ئـەم کارە چەتوونـەم کـردووە و دەڵێـم ئـەم میوانییـە ئازاریشـی هەیـە، بـەڵام وەک وتـم بایەخیشـی هەیـە. خوڵکتـان دەکـەم بـۆ گەڕانـەوە بـۆ سـەردەمی منداڵیتـان. ڕەنگـە بـاشتر وا بـێ هەمـووان بانگهێشـت بکـەم بـۆ ئـەم کارە سـەختە کـە بـۆ ئەمـڕۆ و سـبەینێتان بەسـوودە. چاوخشـاندن بـە تافـی منداڵـی، چاوخشـاندنەوەیەکی جیـاواز بـە ژیانـە.

لـە پەنجاکانـی هەتاویـدا، ئـەو خۆشـگوزەرانییەی کـە لـە ئەنجامـی شارنشـینییەوە هاتبـووە ئـاراوە، بـەو جـۆرەی کـە لـە شـارە گەورەکانـدا دەبـینرا، هێشـتا نەگەیشـتبووە شـارە پەراوێـز و سـنوورییەکانی کوردسـتان. بـەڵام بـەو حاڵەشـەوە لە چـاو هاوتەمەنەکانـم لە شـارێکی بچووکی وەکـوو نەغـەدە، تـا ڕادەیـەک ژیانێکـی خـۆشترم بـە سـەر دەبـرد. چەنـد سـاڵ دواتـر کـە ڕووداوە سیاسـییەکان کاریگـەری لـە سـەر ژیانمـان دانـا، خەفەتـی ڕۆژە خۆشـەکانی جارانـم دەخـوارد. لـە نەغـەدە بـەر لـە ئینقلابـی ئیسلامـی واتـە دواسـاڵانی دەسـەڵاتی پەهلـەوی، باوکـم خەریکی کاری چێـوداری بـوو. پێـشتر باسـی ئـەم بابەتـەم کـردوو و ڕوونم کـردەوە کە بـاری ئابـووریمان تا ڕادەیـەک بـاش بـوو. هیچ یادگارییەکی ڕوونـم لەو ڕۆژانە نییـە و زۆربەی ئەوانـەی دەیگێڕمەوە لە سـەر بنەمـای ئـەو قسـانەیە وا بۆیـان باس کـردووم.

ئەوسـا تـازە خانوومـان کڕیبـوو. باوکـم بـە هـۆی کارەکەیـەوە بـەردەوام سـەفەری دەکـرد و دەرەنجامـی ئـەو سـەفەرانەش جلوبـەرگ و یاریـی جۆراوجـۆر بـۆ ئێمـە بوو کە لـەو کاتـەدا کەم وا هەڵدەکـەوت لـە نەغـەدە منداڵان یارییـان هەبێت. باوکم کوتاڵی بـۆ پوورەکانـم و دایکم دەکڕی کـە ئەوانیـش بـەو کوتاڵانـە جلوبەرگـی جوانـی کوردییـان دەدووری. بـاوک بـەم شـێوە نەبوونـی هەفتانـەی لـە نـاو ماڵـدا قەرەبـوو دەکـردەوە و ئێمـەش دەمانزانـی کـە باوکـم بـە دەسـتی پـڕەوە دێتـەوە و چەنـد ڕۆژێکیـش لە ناومانـدا دەمێنێتەوە. سـەفەرەکانی باوکـم بۆ مازەنـدەران و گیڵان زۆر خـۆش بـوون، چونکـە میـوەی وای دەهێنـاوە کـە لـە ناوچەکـەی خۆمانـدا نەدەچـێنرا یان لە بـازاڕی شـارەکەماندا نەبـوون. بیهێنە بەرچاوت لە شـارێکدا دەژی کە تەنژیـن[1] و پرتەقاڵ و مۆزی تێـدا نەدۆزرێتـەوە. هـەر کەسـێک ئـەم میوانـەی دەسـت کەوتبـا، نیشـانی هاوڕێیانـی دەدا بـۆ ئـەوەی خـۆی پێـوە بنوێنـێ و بڵـێ باوکـم ئەمانـەی وەک یـادگاری بۆمـان هێناوەتـەوە. مـن لای ڕەفێقەکانـم خۆمـم بـا دەدا و بـۆ خـۆم جیهانێکـم هەبوو.

بەداخـەوە دەبـێ ئەوەتـان لـێ نەشـارمەوە میوەکانـم پیشـانی منداڵـەکان نـەدا. لـە ماڵـەوە دەمخـوارد و پێسـتەکەم پیشـان دەدان. دەزانـم ڕەفتارێکـی بـاش نەبـوو، بـەڵام مـن منـداڵ بووم و هەڵـەم لـێ وەشـاوەتەوە کـە هەمومـان کـەم تـا زۆر هەڵەمـان ئەزمـوون کـردووە. دیارییەکانـی باوکـم جگـە لە دڵخۆشـکردنمان ڕۆڵێکی گرنگی دیکەشـیان هەبوو؛ دەرکەوتەکانی شارنشـینیی

١. لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تەنژین دەڵێن نارنگی.

مۆدێرنیـشمان دەبینـی. لەگـەڵ تێپەڕبوونـی زەمـەن ئـەم سـەفەرانە شـێوازی ژیانـی لـە شـارە بچووکەکانـی وەکـوو نەغـەدەی گۆڕی. کەسـانێکی وەکـوو باوکـم ڕۆڵێکی بەرچاویـان لە هێنانی مۆدێرنیتە بۆ شارە بچووکەکانی ئێراندا هەبوو. ڕادیۆ، واکمەن و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و هتد لە لایەن ئەم کەسـانەوە دەهاتنەوە ناو شـارە بچووکەکانەوە. هاتنی ئەم کەرەسـتانە گۆڕانکارییەکی گرنـگ بـوو کـە بێگومـان کاریگەرییەکـی درێژخایـەنتری لە سـەر جلوبـەرگ و خواردەمەنییەکان دانـا و زۆر شـتی لـە ژیانـی خەڵکـدا گۆڕی. هەر لـە جلوبەرگەکانیانـەوە بگرە هەتـا دەگاتە جۆری کات بەسـەربردن و خواردن و زۆر شـتی تر کە ناتوانین هەر وا بە ئاسـانی قسـەی لە سـەر بکەین و ناشـتوانین لـە چەنـد وشـەدا بڵێین چـاک بوون یـان خراپ

باخچەی ساوایان، شا و شاژن[1] لە کوردستان

تەمەنم کەمتر لە پێنج سـاڵ بوو کە منیان بردە باخچەی سـاوایان. سـاڵی ١٣٥٦ی هەتاوی (١٩٧٧ز) بـوو و یەکـەم منداڵـی ماڵـەوە بووم کـە نێردرامە باخچەی سـاوایان. شـارەکەمان تەنها یـەک باخچـەی سـاوایانی هەبـوو و تـورک و کـورد منداڵەکانیـان دەنـاردە ئـەو باخچەی سـاوایانە کـە لـە نزیـک مزگەوتی گەورەی ئەهلی سـوننە بوو، کـە دەکەوێتە گەڕەکی فەرهەنگیانی ئێسـتا. تەمەنـی ئـەم دیـاردە لە ئێران، هێشـتا لـە دوو دەیە زیاتر تێنەپـەڕی بوو و بۆ هەمـووان بێبەرامبەر بـوو، بـەڵام زۆر قەرەباڵغ نەبوو. بارودۆخەکە وەکوو ئێسـتا نەبوو کە چەند هەزار باخچەی سـاوایان لـە سەرتاسـەری ئێران بـە وەرگرتنی پـارە کار دەکەن و خێزانەکان پێشـوازییان لێدەکەن.

هەندێک جار لە خۆمم دەپرسـی باشـە بۆچی خوشـکەکانمیان نەنارد بۆ باخچەی سـاوایان، ڕەنگـە لـە سـەردەمی خوشـکە گەورەکەمـدا باخچـەی سـاوایان نەبـووە، بـەڵام خـۆ حەبیبـەی ئامۆزاشـم کـە هاوتەمەنـی مـن بـوو، ئەویش نەچووەتە باخچەی سـاوایان! ئێسـتا کە بـە وردییەوە کۆمەڵـگای نەریتیـی ئـەو ڕۆژگارە هەڵدەسـەنگێنم دەبینـم ڕەنگـە هۆکارەکەی لەبەر ئـەوە بووبێ کـە ئـەوان کـچ بـوون و ناچار بـوون لای دایکیـان بمێننەوە، ئێمە کـوڕ بووین و ڕەنگە ویسـتوویانە لـە هاروهاجیـی ئێمـە ڕزگاریـان بێت. ئـیتر نازانم تـا چ ڕادەیەک ئـەم وەڵامە دەتوانێ ڕاسـت بێ، چونکـە لـە باخچەی سـاوایان کچانیـش هەبوون، بـەڵام زۆربەمان کـوڕ بووین. ڕەنگـە هۆکارێکی دیکـە ئـەوە بـێ کـە لـەو ڕۆژگارانـەدا خانـەوادە پلەبـەرزەکان و لـە چینێکـی کۆمەڵایەتیـی دیاریکـراوەوە کچەکانیـان دەنـاردە باخچـەی سـاوایان. هەڵبـەت پـووره مریـەم لـە ناردنـی مـن بـۆ باخچـەی سـاوایان ڕۆڵێکـی گرنگـی هەبـوو و ئـەو ماڵـەوەی ڕازی کـرد کـە بمنێرنـە باغچـەی سـاوایان. وەک پێشتریـش وتـم، ئـەو لـە چاو ژنانـی دیکەی خێزانەکەمان شـاریتر بـوو و ڕوانگەی مۆدێرنـی هەبوو.

---

١. شابانوو

لـە نێـوان سـاڵانی ٥١ بـۆ ٥٥ی هەتـاوی (١٩٧٢-١٩٧٦ز) شـا و شـاژن سـەردانی ناوچـە کوردسـتانییەکانیان کـردووە. وەک دەزانیـن شـابانوو هاتـە مەهابـاد. لـەم سـەفەرەدا یەکەمیـن نەخۆشـخانەی گولـەکان و بـەردی بناغـەی چەندین پرۆژەی بچـووک و مامناوەنـدی ناوچەیی لە ورمـێ و مەهابـاد دانـا و هەروەها سـەردانی نەغەدە و پیرانشـار و شـارەکانی دیکەشـی کرد.[1] هەر ئـەم سـاڵانە بـوو کـە نەغـەدە بـوو بە خاوەنـی سـینەما و هاتنـی تەلەڤیزیۆن بـۆ ئەو شـارە یەکێک لـە وەرچەرخانـە گرنگەکانی ئەو سـەردەمە بـوو. ئاهەنگە ناوچەییەکان گەشـەیان کـرد و تەنانەت لـە بیرمـە کـە بـە هـۆی فـەزای فرەفەرهەنگیـی شـارەکەوە، ئاهەنگـی نـەورۆز زۆر شـکۆمەندانە بەڕیـوە دەچـوو. ئێمـەی منـداڵان لـە گۆڕەپانـی شـارەکەدا، بـە هێلکـەی ڕەنگاوڕەنـگ یـاری[2] و هێلکەشکێنیمان دەکرد و ... باخچەی ساوایان هەر بەم گۆڕانکارییانەوە هاتە نەغەدە و جیهانی دەروونیـی هەندێـک لە منداڵانی گۆڕی کە خۆشـم یەکیانم. لە یادەوەرییەکانی ئەم سـەردەمەدا دایکـم بوونێکـی تـۆختر و بەهێزتـری هەیـە و ڕەنگـە بـە هۆی ڕفتـارە ئـارام و میهرەبانەکەیـەوە زۆر شـت لـە یادەوەریمـدا ماوەتەوە.

مـن لەگـەڵ عەلی چوومـە باخچەی سـاوایان. دایکی عەلی ئامـۆزای دایکم و باوکیشـی واتە مامـە قـادر ئامـۆزای باوکـم بـوو. هەمـوو ڕۆژێـک یەکێـک لـە دایکـەکان دەمانیـانبردە باخچـەی سـاوایان، لـە سـەر کۆڵانەکە چاویان بە یـەکتر دەکەوت و دەیانگوت: "ئامـۆزا چۆنی؟" هەتا ئەوان سڵاویـان لێـک دەکـرد و لـە یەکتریـان دەپرسـی کە لە دوێنێـوە هەتا ئەمـڕۆ چـی ڕووی داوە، من و عەلی دەسـتی یەکترمان دەگرت و وردە وردە دەچووینە باخچەی سـاوایان. باخچەی سـاوایان لـە نزیـک ماڵەکەمـان بـوو، لە گەڕەکـی فەرهەنگیـان و بەرامبەر ماڵـی قولی خانـی بۆزچەلوو کە یەکێـک لـە ئاغاکانـی نەغـەدە بوو. کـە دەچووینـە نـاو حەوشـەکە، دوای ماوەیەکی کـەم ڕیزمان دەبەسـت. لە سـەر هێڵێکی کـێشراو ڕادەوەسـتاین و سرودی شاهەنشـاهیمان دەوتەوە.

پاشـان پێکەوە یاریمان دەکرد. کوڕ و کچ، ڕێک و پێک و تەکووز، دەسـتی یەکترمان دەگرت و شـیعری یاریی "عەموو زەنجیرباف"مان دەوتەوە. زۆربەی یارییەکان، بەسـتە و گۆرانیی فۆلکلۆر

---

١. هـەر لـەم پێوەندییـەدا چەند سـاڵێک پێـشتر واتە سـاڵی ١٣٤٧ی هەتاوی کارگەی قەندی پیرانشـار لە لایـەن بەلژیکەوە لـە ناوچەکـەدا دانـرا، کـە دەتوانیـن وەک یەکێـک لـە پێشـکەوتنە گرنگـەکان لێـی بڕوانیـن. مـادەی خـاوی ئـەم کارگەیـە لـە چەوەنـدەری چاکـی دەڤـەری سـندووس و لاجان ئامـادە دەکـرا و کاریگەریی ئەرێنی لە سـەر ئابووریی هەرێمەکـەدا هەبووە. کارگـەی قەنـدی پیرانشـار وەکـوو زۆرێـک لە کارگـە سـەرکەوتووەکانی دیکە ڕادەسـتی کەرتی تایبـەت کراوە.

٢. یاریـی هێلکـە، نـاوی جۆرێـک یارییـە کـە لـە ڕۆژانـی نـەورۆزدا بـە هێلکـەی کـوڵاو و ڕەنگ کـراو ئەنجـام دەدرا. ئـەم یارییە لـە نـاو گروپـە تەمەنییـە جیاوازەکانـدا بەتایبـەت لـە نـاو منـداڵان و هەرزەکارانـدا ئەنجـام دەدرا و بـراوە و دۆڕاویشـی هەبـوو. لـەم یارییـەدا یاریزانـەکان سـەر یـان بنـی هێلکەکەیـان لـە سـەر سـەر یـان بنـی هێلکـەی یاریزانەکـەی دیکـە کـە هێلکەکـە لـە نـاو دەسـتیەتی، دەدەن. لـەم یارییـەدا هـەر کەسـێک هێلکەکـە بشـکێ دۆڕاوە و هێلکـە شـکاوەکەش بـۆ یاریزانـی بـراوە دەبێـت. (ن.ک: بلوکباشـی، علـی، ١٣٨٠، نـوروز، جشـن نوزایـی آفرینـش، تهـران: دفتر پژوهش‌هـای فرهنگـی و تاورنیـه) و (ژان‌باتیست،١٣٣٦، سـفرنامه. ترجمـهٔ ابوتـراب نـوری، بـه کوشـش حمیـد شـیرانی، اصفهـان: کتابفروشـی تأئیـد.)

و ناوچەیی ئێران بوون کە لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە جیاوازییان هەبوو. دوای سەردەمی باڵادەستیی میدیای وەکوو تەلەڤیزیۆن، لێکچوونەکان زیاتر بوون، بەڵام گێڕانەوە ناوچەییەکان بە پێی جوگرافیا و هەرێم و شێوازی ژیان و بژێویی ژیان جیاوازییەکی گشتی و بچووکیان هەیە. ڕەنگە هەر لە تۆپکڵدا هاوشێوە بن و کاکڵ و ناوەڕۆکەکەیان تەواو جیاواز بووبێت.

ئێمەی منداڵانی کورد یەک وشەی فارسیمان نەدەزانی، بەڵام ناچار بووین بەم زمانە سرود بڵێینەوە. باخچەی ساوایان لە فێربوونی زمانی فارسی کاریگەر بوو، هەر بۆیەش کە چووینە قوتابخانە، لە پێش ئەو منداڵانە بووین وا خولی باخچەی ساوایانیان نەبینیبوو. زۆر منداڵم بینی کە کاتێک چوونە پۆلی یەکەم هەتا چەند مانگێک لە هیچ تێنەدەگەیشتن. مامۆستا پێشتر بە زمانی فارسی وانەی دەوتەوە و پرسیاری دەکرد و ئەمەش ئەشکەنجەیەکی

● وێنەی ٢٥- باخچەی ساوایانی سەردەمی شا، سەرەتاکانی دەیەی پەنجای هەتاوی (حەفتاکانی زایینی)

قورس بوو بۆیان. هەندێک جار دەگریان چونکە نەیاندەتوانی لە قسەکانی مامۆستا تێبگەن و بە زمانی فارسی وڵام بدەنەوە. ئەمە تەواو سروشتی بوو. هەموومان لە کووچە و کۆڵان و لە ماڵەوە بە زمانی کوردی و تورکی قسەمان دەکرد و هەر وشەیەک کە لە شار و ماڵەوە بیستبوومان بەم دوو زمانە بوو.

جۆری خوێندن لە باخچەکەمان لە سیستەمی فەرەنسی وەرگیرابوو. فەزاکە پڕ بوو لە وێنەی گەورەی شا و شاژن و شازادەی جێنشین و منداڵەکانی دیکەیان. هەروەها کۆمەڵێ وێنەی شا لە کاتی یاریکردن لەگەڵ منداڵەکانی هەڵواسرابوو، بۆ نموونە لە یەکێک لەوانەدا شا لەگەڵ شازادەی جێنشین یاریی تۆپێنی دەکرد یان پاسکیل سواری دەکرد. ئەم وێنانە تەنها بۆ ڕازاندنەوە نەبوون و ئیلهامبەخشی جۆرێک لە شێوازی ژیان بوون. تەنانەت وێنەکانی ناو کتێبەکانیشمان هەر بەو شێوە بوون. بە سەیرکردنی ئەم وێنانە بۆمان دەردەکەوت کە دایک و باوکمان هەرگیز یارییان لەگەڵ نەکردووین، نەک هەر ئەوان ئێمە هەرگیز لەگەڵ خوشک و براکانیشمان یاریمان نەکردبوو. ئەوان یاری تۆپێنیان دەکرد و ئێمەش

تـۆپمان نەبـوو. سـاڵانێک تێپـەڕی هەتـا تۆپـە پلاسـتیکییەکان ڕێیان هـاوردە کۆڵانەکانـی ئێمە. جلوبەرگەکانیشـیان لەگـەڵ جلوبەرگـی ئێمـە فەرقـی دەکرد و هەموو ئەو شـتانەی لـە وێنەکاندا دەمانبینـی بـۆ ئێمـە تـازە بوو.

جلوبەرگـی یەکپۆشـیمان هەبـوو؛ بلـووز و تەنـوورە بـۆ کچـان، قـات و پانتـۆڵ بـۆ کـوڕان. مامۆسـتاکانیش زۆر تەڕپـۆش و گەنـج بـوون. جلەکانیـان ئوتووکـراو و پاپیـۆن لـە ملیانـدا بـوو، تەنـووری کورتیـان لـە پـێ دەکـرد و لاکیان لـە نینۆکـە درێژەکانیـان دەدا. لە باخچەی سـاوایاندا بـوو کـە بۆ یەکەمجـار تامی خواردنە بەسـتەبەندیکراوەکانمان کرد. شـیری پاکەتی سـێ گوشـە، پەنیـری پەنگـووەن، نانـی بییانـی و هتـد، ئـەم جیاوازییانە لـە سـاتەوەختی چوونە نـاو قوتابخانە هەتـا سـاتەوەختی هاتنە دەرەوەمان سـەرنجی ڕادەکێشـاین، پاشـان لەگەڵمانـدا دەهاتە دنیای دەرەوە. هەر کەسـێک ئەم پلانەی دارشـتبوو زۆر باش زانیویەتی کە بۆ گۆڕانکارییەکانی داهاتوو دەبـێ مرۆڤەکان لـە منداڵییـەوە ئامـادە بکرێـن و شـێوازی ژیانیشـیان بگۆڕدرێت.

جیهانـی شـیک و شـیرینی باخچەی سـاوایان زۆر زوو کۆتایـی پێدەهات، دەهاتینـە دەرەوە و دەکەوتینـەوە نـاو ژیانـی نەریتـی و هەمان جلوبـەرگ و خـواردن و کەلوپەلی ناومـاڵ. وەک بڵێی مـەودای نێـوان ئـەو ژیانـە ئایدیاڵـەی کـە باخچـەی سـاوایان بـۆی دروسـت کردبوویـن و ژیانـی ڕاسـتەقینە تەنهـا درگایـەک بـوو و هیچـی دیکە. ئەو بینا جوانە سـەقف شـیروانییە بـەو مۆزاییکە بریقەدارانـەوە، تـەواو دەبـوو و فـڕێ دەدراینـەوە نـاو ئـەو کووچـە قووڕاوییـەی کـە خەڵکەکـەی بە زمانـی کـوردی و تورکـی ئاخافتنیـان دەکـرد، جلوبەرگـی کـوردی و پانتـۆڵ و تەنـووری گـەورەی فشـیان لەبـەر دەکـرد، لـە نـاو کۆڵانەکانـدا داشـقەچییەکان[1] بـە گوێدرێژەکانیانـەوە بـە تورکی و کـوردی هاواریـان دەکـرد: سـەوزی[2]، سـەوزیی تـازە. دیسـان یارییەکانمـان بوونـەوە بـە لیلـی و حـەوت بەردێـن و قـەرێ قـەرێ بـۆ ئـەوەی کات بەسـەر بەریـن و بیـر لـە تۆپێـن و وێنەکانـی نـاو کتێـب و دیـواری باخچـەی سـاوایان نەکەینەوە.

حوکمڕانی بە قوتووی جادوویی

باخچـەی سـاوایان دەروازەیـەک بـوو بۆ ڕۆیشـتنم بۆ نـاو جیهانی مۆدێـرن. هەر لـەوێ بوو کە تەلەڤیزیۆنم بینی و عاشـقی بووم. ئەوەندە هۆگری تەلەڤیزیۆن بووم کە شـەوانە لە خەونەکانمدا دەمبینـی کـە خۆشەویسـتە ئازیزەکـەم قـەدەم ڕەنجـەی کـردووە و هاتووەتە ماڵەکەمـان. ئێمەی منداڵانـی ئـەو سـەردەمە جیهانێکـی سـنووردار و سـەرگەرمیی کـەممان هەبـوو. ئاسـایی بـوو کـە ئێمـە عاشـقی ئـەم قوتـووە سـیحراوییە بیـن و بمانـەوێ بـۆ هەمیشـە لامـان بمێنێتـەوە. لـەو

---

١. عارەبانەچی.

٢. سەوزە.

جیهانە سنووردارەی کە بەئەزموونمان دەکرد، تەلەڤیزیۆن ڕێگەیەک بوو بۆ تێپەڕاندنی هەموو سنووردارییە ڕاستەقینەکانی دەوروبەرمان. ژیانی بە شێوەیەک پیشان دەداین کە لە ژینگەی دەوروبەرماندا شتی وا نەبوو و بە کورتی و پوختی دەتوانین بڵێین ئەو شاشە بچووکە بۆ ئێمە جیهانێکی گەورە بوو. مامە حەمەدەمین، ئامۆزای باوکم، کە لە کاروانسەرادا دەژیا، تەلەڤیزیۆنێکی گەورەی قاوەیی کڕیبوو و ڕەنگە ئەم ڕووداوە خەون و کەڵکەڵەکانی منی زیاتر کردبێ بۆ ئەوەی بەردەوام داوای تەلەڤیزیۆنێک لە باوکم بکەم. بەڵێنی دابوو کە بۆم دەکڕێت، بەڵام هێشتا دەست و باڵی ئەوەندە کراوە نەبوو و دەبا هەموو ڕۆژێک وەڵامی ئەم پرسیارەم بداتەوە: "کاکە تەلەڤیزیۆنت کڕی؟" ئەدی کەنگێ دەیکڕی؟" بە باوکمم دەوت کاکە. پەیتا پەیتا داوام دەکرد و هەتا دواجار ڕۆژی مەوعوود هات و کومێدێکی گەورەی دار بە عارەبانەیەکەوە گەیشتە بەردەرگای ماڵەکەمان کە بە ئینگلیزی و بە درشتی ئەم چەند پیتەی لە سەر هەڵکۆڵرابوو ئاڕ.تی.ئی.

لە خۆشیان پێم بە عەرز نەدەکەوت و بەردەوام سەرقاڵی ئەم تەلەڤیزیۆنە دەبووم. ئەو کاتانەی کە باوکم لە ماڵەوە نەبوو و بەرنامەی منداڵان پەخش دەکرا، من حاکمی گەڕەک بووم. ئێواران دایکان لە کاتێکی دیاریکراودا منداڵەکانیان دەنارد ماڵی ئێمە بۆ ئەوەی سەیری تەلەڤیزیۆن بکەن. من پێشتر لە باخچەی ساوایاندا ئەم سیحرەم بینیبوو و دەمزانی منداڵانی دیکەش هۆگری دەبن. هەر بۆیە دەمتوانی حوکم بکەم و دەسەڵاتدار بم! من منداڵەکانم بە ڕیز دادەنا، کورتەباڵاکانم دەخستە پێشەوە و باڵابەرزەکانم لە پشتیانەوە دادەنا. پاشان تەلەڤیزیۆنەکەم دادەگیرساند و وەکوو فەرماندەیەکی سەربازی لە گۆشەیەکدا لە لێواری پەنجەرەکە یان لە سەر دەستەنوێنەکە دادەنیشتم، بۆ ئەوەی هەمووان ببینم و ڕووماڵیان بکەم. تەنانەت وەکوو مامۆستاکان شووڵێکم بە دەستەوە بوو و فەرمانم بە هەمووان دەدا کە دابنیشن! زوو زوو فەرمانم پێ دەدان کە نەجووڵێنەوە! دەنگە دەنگ مەکەن! و بە ئارەزووی خۆم دەنگەکەم زیاد یان کەم دەکردەوە. ئەگەر هاروهاجییان بکردایە، تەلەڤیزیۆنەکەم دەکوژاندەوە. لە دەورم کۆ دەبوونەوە و لێم دەپاڕانەوە و سوێندیان دەخوارد کە بێدەنگ دەبن بۆ ئەوەی تەلەڤیزیۆنەکەیان بۆ دابگیرسێنمەوە. ئەوەش هیچ، پێم وابوو من خاوەنی هەموو کارتۆنەکانی جیهانم، لە تەنسی تەکسیدۆوە هەتا دەگاتە پلینگ پەمەیی و پینۆکیۆ ... هەموویان هی منن! من مافی ئەوەم هەبوو فەرماندە بم!

دوای بەرنامەی منداڵان بەرنامەی گەورەساڵان دەستیان پێدەکرد و ئەوە کۆتایی دەسەڵاتی من بوو. بەرنامەی موزیکی وەکوو هاییدە و مەهەستی و هتد، فیلمە سینەماییەکان و بەرنامەکانی تر بە کاری ئێمەی منداڵان نەدەهات و باوکم و هەندێک جار دراوسێ و هاوڕێکانی سەیری تەلەڤیزیۆنیان دەکرد و چێژیان لێ دەبینی. لەو ڕۆژگارانەدا شتێکی کۆمیدی ئەوە بوو کە نەنکم خۆشی لە تەلەڤیزیۆن نەدەهات. لە نەغەدە هاتنی تەلەڤیزیۆن

بـۆ نـاو مـاڵ، وەکـوو یەکـەم نمایشـی فیلم لە سـینەما بـوو. هەنـدێ وێنە هەیـە کە پیشـانی دەدا سـەرەتای نمایشـکردنی فیلم لە سـینەما، کاتێک خەڵک لە سـەر پەردە بینیان کە شـەمەندەفەر خەریکـە لێیـان نزیـک دەبێتـەوە، هەسـتاون و ڕایـان کـردووە. دواتـر هەمـووان بـەم ڕەفتارانـە پێدەکەنیـن. ڕەنگـە ئـەو ڕۆژانە لە نەغەدە پێویسـتمان بـە کامێرایەکی ڤیدیۆیی بووبـێ بۆ ئەوەی کاردانـەوەی خەڵـک لـە کاتـی ڕووبەڕووبوونەوەیان لـە گەڵ تەلەڤیزیـۆن تۆمار بکەیـن. دەگوترێ لـە ڕۆژانـی یەکەمـی تەلەڤیزیۆنـدا هەندێـک لـە ئافرەتـان لـە کاتـی نانخواردنـدا پشـتیان تـێ دەکـرد بـۆ ئـەوەی کەسـە نەناسـیاوەکانی ناو ئـەم قووتـووە جادوویـە نەیانبینـن. لار دادەنیشتن و خواردنیـان دەخـوارد، و ئێمـەش دواتـر بـەم بەسـەرهات و شـەرمکردنەی ژنـان پێدەکەنیـن. لە جیهانـە سـادەکەیاندا کە بە بەهاگەلی وەکوو شـەرم و حەیا ڕازابووەوە، وایـان دەزانی تەلەڤیزیۆن دەیانبینـێ و چاودێـری هەموو هەڵسـوکەوتێکیان دەکات. کەواتە دەبێ وەکـوو لە بارودۆخەکانی تـری ژیانیـان لـە بـەردەم تەلەڤیزیـۆن شـەرم و حەیایـان ببێت.

ئەم ڕەفتار و خواردانیشتنە ڕەگ و ڕیشەی لە فەرهەنگی ڕەفتاریی بەشێک لە ژنە کوردەکانی ناوچەکـەدا داکوتـاوە و منیش لە ڕەفتـاری خاڵۆژنەکانم لەگەڵ باوکمدا ئەمـەم دەبینی. تەنانەت پـووره کولسـووم کـە لـە دێـدا دەژیا، لـە کاتـی خـواردن و خواردنـەوەدا لای باوکم یـان مینەقازی خەزووریـدا خـوار دادەنیشـت. ئـەم هەسـتی حەیـا و شـەرمکردنە لـەو ژنانـەدا هێنـدە بەدەروونی و چەسـپاو بـوو کـە بەشـێک لـە وجوودیـان بـوو و تەنانـەت لای پیـاوان کارە سـادەکانی وەکـوو خـواردن یـان خواردنەوەیـان بـە شـەرمەوە ئەنجـام دەدا. پووره‌کانـی دیکـەم خەجیـج، زێنـەب و مریـەم، هیـچ کامیـان لەو ڕەفتارانەیـان نەبوو، هەر دووکیان لـە لادێ بوون، بەڵام کولسـووم زیاتر لـە ژێـر کاریگەریـی جوگرافیـا و فەرهەنگـی ناوچـەی لاجانـدا بـوو و خووخـدەی خەڵکـی ئەوێـی گرتبـوو. جـا چـۆن دەکرا بۆ ئەم ژنانەی بسـەلمێنن کـە بنیادەمەکانی ناو ئەم قوتـووە جادوویـەوە کاتـی خـواردن و خواردنـەوە لێتـان نارِوانـن و بێشـەرمییەکەیان نابینـن کـە بچنـە لای ئەوانی تر شـەیتانیتان بکەن!؟

لەو دیو پارچە تۆڕ و پەشمینەکان

ئەمـڕۆ کـە ئـاوڕ لـە ڕابـردووم دەدەمـەوە، دەبینـم زۆر جـار کەسـێکی بەختـەوەر بـووم و خۆشەویسـتییە پـاک و ڕاسـتەقینەکانم بەئەزمـوون کـردووە. ئـەم هەسـتی بەختەوەرییـە زۆر بەدەروونـی و شەخسـییە و بـە بۆچوونـی مـن هیـچ پەیوەندییەکـی بـە هەلومـەرج و بارودۆخـی ماددیـی مرۆڤـەوە نییە. یەکەمین و درێژخایەنترین هەسـتی خۆشەویسـتبوونم لـە لایەن ئامینی نەنکمـەوە بەئەزمـوون کـرد. نەنکم هێنده بەدڵ، خۆشـی دەویسـتم کە ئەگەر لە ژیانمدا تووشـی گیـر و گرفتێـک ببـم دەگەڕێمـەوە بـۆ ڕۆژانـی منداڵیـم و لـە ژێـر داوێنەکەیدا خـۆم دەشـارمەوە و

لەودیـوی پارچـە تـۆڕ و حەریرەکانـەوە بـە نهێنییـەوە سـەیری دنیـا دەکـەم و ئـارام دەبمـەوە. ئـەو شـتەی کـە هەمیشـە لـە منداڵیـدا ئارامـی دەکردمـەوە ...

داوێنەکـەی نەنکـم بـۆ هەتاهەتایـە بۆ من ڕۆڵێکـی ڕەمزی هەیـە و هەرگیز لە بیـرم ناچێتەوە. پێـشتر پێـم وتـن ئـەم ژنـە سەرسـوڕهێنەرە خەڵکـی مەهابـاد بـوو و لەگـەڵ هەمـوو ژنەکانـی دەوروبـەری خـۆی فەرقـی هەبـوو، هێزێکـی سـەیری هەبـوو و کاریگەریـی قسـەکانی هەمووانـی گوێڕایەڵـی خـۆی دەکـرد. تەنانـەت باوکمی کە کەسـێکی کەللەڕەق بـوو، نەرم دەکـردەوە. نەنێ ژنێکـی باڵابـەرز و پتـەو و خۆشـپۆش بـوو. هەوڵـی نـەدەدا جیاوازبوونەکـەی نیشـان بـدا بـەڵام فەرقـی لەگـەڵ ئەوانـی تـر ئەوەندە ئاشـکرا بـوو کە هەسـتی پێدەکرا. بە سـەر جلـە کوردیەکەیدا کەوایەکـی لەبـەر دەکـرد کـە هـی ناوچـەی موکریانـە و پێـی دەڵێـن کۆڵوانە.

نەنکـم شـێرەژنێک بـوو کـە بـە بـڕوای مـن هەیمەنەیەکـی دەگمەنـی هەبـوو. نەنکـم چەنـد جارێـک هاوسـەرگیری کردبـوو و هـەر زوو هاوسـەرەکەی لەدەسـت دا و هـەر خـۆی شـانی داوە بـەر هەرەسـی بەخێوکردنـی منداڵەکانـی. هـەم ئەزموونـی ژیـان لـە گونـدی هەبـوو و هەمیـش دەیتوانـی لەگـەڵ ژیانی شـاردا هەڵبـکا و ڕووبەڕوبووی کێشـەکانی ببێتەوە. توانایـی و هەیەمەنە و فەخامەتـی نەنکـم بـە جۆرێـک بـوو کـە دەچـووە هـەر کـوێ بـە باشتریـن و گونجاوتریـن شـێوە لەگەڵـی ڕادەهـات و لـە ڕێگـەی ئـەم خۆگونجاندنەوە نەک تەنیـا بۆ خۆی بەڵکوو بـۆ ئەوانی دیکە و خێزانەکـەی ئاسـایش و ئارامـی دابیـن دەکـرد.

بزێو و هاروهاج بووم، جاری وا بوو لەگەڵ باوکم تێک هەڵدەچووم. وەک شـتێ ململانێیەکی نهێنـی بـۆ دەسـەڵات لـە نێـوان مـن و باوکـم لـە ئـارادا بـوو. لـەم شـەڕ و تێکهەڵچوونـەدا زۆر جار نەنکـم لانـی منـی دەگـرت و لـەم ڕێگـەوە دەمتوانـی ئامانجەکانـم بپێکـم. نەنکـم منـی کـرد بـە کوڕێکـی خـورت و بەهێـز کـە ئەزقەزا لووسـیش بـووم و کەس بۆی نەبوو لە قسـەمدا قسـە بکات. بەسـەرهاتی ئـەم پشـتگیریانە و هەندێـک جـار نازکێشـان و لووسـکردنانە هەویرێکـە ئـاوی زۆر دەبـات. هاوینـی کـە لـێ دەهـات نەوەکانـی لـە دەور خـۆی کـۆ دەکـردەوە و سـفرە و خوانـی بـۆ ڕادەخـستن و منـی لـە تەنیشـت خـۆی دادەنـا و باشتریـن بەشـی خواردنەکـەی پێـدەدام. لـەو مـاوەی کـە لـە نەغـەدە بووین، نەنکـم هـەر لـە بەیانییـەوە هەتا شـەو مـن و حەبیبـەی ئامۆزامی دەبـردە گـەڕان و بـە کۆمـەک و هاوکارییـە داراییەکـەی خـۆی دەبـووە هـۆی ئـەوەی بتوانـم ئـەو کتێـب و گۆڤارانـەی کـە حـەزم لێیـە بیانکڕم.

لـە کاتـی خەوتنـدا هەمـوو منداڵـەکان لای ئـەو پـاڵ دەکەوتیـن و مـن دەبـا پێـم بکوتبایە چ حەقاتێـک بگێڕێتـەوە. چیرۆکەکانـیمان لە بـەر کردبوو، بەڵام پێمان خۆشـە جارێکی دیکە بۆمان بگێڕێتـەوە. جـاری وا بـوو مانـدوو دەبـوو و دەیگـوت: "چەنەم شـل بوو"، بـەڵام من ناچـارم دەکرد کـە هەتـا کۆتایـی چیرۆکەکە بگێڕێتـەوە. لەبەر ئـەوەی نەیدەتوانی یـان گەرەکی نەبـوو "نا"م پێ بڵـێ، درێـژەی پـێ دەدا و چیرۆکەکـەی دەگێڕاوە.

حەقایەتەکانی نەنە

حەقایەتەکانی داپیرەکان جیهانێکی سەیروسەمەریان هەیە. جگە لەو حەقایەت و گێڕانەوانەی کە پشتاوپشت گێڕدراونەتەوە و لە ڕۆحی داپیرەکاندا پارێزراون، لە ناخی حەقایەتەکانیانەوە دەتوانین خەم و ئازارەکانیان ببیسین و دەرد و ڕەنجەکانیان ببینین. چیرۆکی ئەو لاو و پیاوانەی کە ڕۆیشتوون و نەگەڕانەوە، گێڕانەوەی خۆشەویستییە بێئەنجامەکان و هتد. شەوانی منداڵیم بە حەقایەتەکانی ئەو بەسەر دەبرد، ئەو حەقایەتە زارەکییانەی کە پشتاوپشت بۆ نەوەکانی داهاتوو دەگوازرانەوە و دوای تێپەڕبوون بە سەر چەندین کەسدا گەیشتە لای شەوانی سەردەمی منداڵیی من. ڕەنگە هەر نەوەیەک شتێکی بەم حەقایەتانە زیاد کردبێ و شتێکی لێ قرتاندبێت. یەکێک لە جوانییەکانی کۆمەڵگا نەریتییەکان گێڕەوەری بەتایبەت گێڕەوەریی ژنانە. بە درێژایی مێژوو بە گشتی ژنان وەک گێڕەرەوەی گێڕانەوە زارەکییەکان و پارێزەری چیرۆک و ئوستووورە و نیمچەمێژوو و ئەفسانەکان دەناسران. هیچ ئیغراق نییە ئەگەر بێژم ئەوە قوتابخانە و مامۆستاکان نین کە منداڵان هەر لە تافی زۆر بچووکییەوە پەروەردە دەکەن، بەڵکوو ئەوە دایک و داپیرە حەقایەتبێژەکانن کە منداڵان پەروەردە دەکەن. ئەوانەی حەقایەت بۆ منداڵان دەگێڕنەوە دەبنە هۆی ئەوەی جیهانی دەروونی و کەسایەتی و شوناسی و تێڕوانینی منداڵان بەرامبەر بە داهاتوو فۆرم بگرێت. لە کۆمەڵگا نەریتییەکاندا دایکان و داپیران ئەم ئەرکەیان ڕادەپەڕاند و ئەمڕۆش میدیا و سینەما ئەم ئەرکەیان لە ئەستۆ گرتووە. هەڵبەت هەر دووکیان بە ئامانج و کارکردی تەواو جیاوازەوە.

وێنەی ٢٦- من و نەنکم، پیرانشار، پاییزی ١٣٦٢ی هەتاوی (١٩٨٣)

نەنکم هەم حەقایەتبێژێکی زۆر لێهاتوو بوو و هەمیش مامۆستایەکی بەتوانا. چیرۆکەکانی یەکەم قوتابخانەی من بوون و بێ ئەوەی بزانم، فێر دەبووم. ئەو و حەقایەتەکانی باوەشێکی هێور بوون بۆ من، بە جۆرێک کە لە سەردەمی منداڵیمدا هەر کات لە هەر شوێنێکدا تووشی مەترسی یان تەنانەت دژایەتییەک دەبوومەوە، پەنام بۆ دەبرد. ئەم ئارامی و ئاسایشە کاتێک مانا دەگرێ کە داپیرە یان ئەو کەسەی پەنای بۆ دەبەی دەسەڵاتی هەبێت. نەنکم ئەم دەسەڵات و خۆشەویستییەی هەبوو و هەر ئەمەش وای کرد کە ئەمنییەت و ئاسایشی داوێنەکەی دوو هێندە زۆرتر بێت. هەندێک جار پێم وایە بە هۆی پشتگیرییەکەی نەنکمەوە ئەوەندە خاترجەم دەبووم کە لە ناو دڵی حەقایەتەکانیدا دەژیام و وەکوو یەکێک لەو ئەهریمەن یان منداڵە بزۆزانە دەچوومە پێش کە هیچ دەسەڵاتێک دەرەقەتیان نەدەهات.

وەک شتێ نەنکم هێزێکی سەرووسروشتی هەبوو کە پاڵم پێوە دەدا. هەر چەندە ئەوانی تر ئەمەیان پێ خۆش نەبوو، بەڵام وا فێر ببووم یان ڕاهاتبووم کە لە بەرامبەر هەر سەختی و بەریەککەوتنم لەگەڵ کەسانی دیکەدا پەنای بۆ ببەم.

نەنە باش دەیزانی کە بۆ هەر ڕووداوێکی بچووک کە دەکەوێتەوە، چۆن بیخا بە دیوێکی دیکەدا و وای بگۆڕێ کە کەسانی دەوروبەر ڕووداوەکە جۆرێکی دیکە لێک بدەنەوە. یەکێک لە ئیشەکانی نەنکم کە هەموومان هەمیشە لە یادمانە خەواندنی من بوو. من لە منداڵیدا نەدەخەوتم بە جۆرێک کە ئەم لاساریکردنەم ببووە بەزمێک و تاکە کەسێک کە دەیتوانی بمخەوێنێ نەنکم بوو. بەسەرهاتەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شا و ئەو ڕۆژگارانەی کە ئێمە هێشتا لە نەغەدە دەژیاین. منی دەکردە قەلاندۆشی خۆی و منی دەبردە کووچەکەمان. گەڕووم دەگرت کە ئیللا و بیللا دەبێ سەیری کۆڵەکەی کارەبا بکەم هەتا چاوم دەچێتە خەو. با ئەوەش بڵێم خۆ هەر چاوکردن لە کۆڵەکەی کارەبا نەبوو، دەبا نەنکم چیرۆکی ئەمیر ئەرسلانی مەولەوی و سوڵتان مەحموودی غەزنەوی و شا و سێ کوڕەکەی بۆم بگێڕابایەتەوە. مەحاڵ بوو پێش ئەمە ماندوو بام و خەوم لێ بکەوتبایە. هەتا ئێستاش خێزانەکەم بۆ ئەم ڕووداوە پێم پێدەکەنن و دەڵێن تۆ ئەوەندە چاوت لە گڵۆپی سەر شەقامەکان کرد هەتا سۆمای چاوت کز بوو و بووی بە عەینەکی[1].

زەینی منداڵانەی من لە ناو دڵی حەقایەتەکانی نەنکمدا جیهانی جیاوازی دروست دەکرد و بەئەزموونی دەکرد. وەک شتێ حەقایەتێکی دیکەم دەئافراندەوە. حەقایەتەکانی هەمەچەشن بوون و دەیگوت هەموویانی لە باوکیەوە بیستووە. ئەمڕۆکە حەقایەتناسان و شارەزایانی فۆلکلۆر حەقایەتەکانیان پۆلێنبەندی کردووە، بەڵام ئامین خۆی حەقایەتەکانی لە مێشکیدا پۆلێنبەندی کردبوو بەبێ ئەوەی هیچ زانیارییەکی لە سەر فۆلکلۆر هەبێت. ڕەنگە بە شێوەیەکی ئەزموونی ئەم زانستەی هەبووبێت. حەقایەتەکانی هەندێک جار ترسناک و ورووژێنەر بوون، دنیای خەیاڵیی دێو و جنۆکە و پەرییەکان، هەندێک جار حەقایەتەکان خەیاڵی بوون و حیکمەتێکیان تێدا بوو. بۆ نموونە حەقایەتێکی دەگێڕاوە کە تیایدا زنجیرێکی گەورە لە ئاسمانەوە بەر دەبێتەوە و مارێکی گەورە بە دەم ناڵەوە لەگەڵ خۆیدا دەبا بۆ ئەوەی لە دۆزەخدا مرۆڤە خراپەکان ئازار بدات. وتیشی ئەوە باپیرت بە چاوی خۆی لە ناوچەی ناسراو بە شارۆیرانی مەهاباد بینیویەتی و دواتر باسی کردووە.

ئەم شێوازە لە گێڕانەوەی حەقایەتەکان لە شوێنە جیاوازەکاندا باوە بە جۆرێک کە حەقایەتبێژەکان، چیرۆک و گێڕانەوەکانیان دەکەنە هی خۆیان و گرێی دەدەنەوە بە خەڵکی

---

١. عەینەک: چاویلکە. لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەر منداڵێک چاویلکەی لە چاو بکا بۆ گاڵتەجاڕی و تیتاڵی پێکردن بێ پێی دەڵێن عەینەکی.

هەمـان گونـد یـان شـوێن. گوندنشـینەکان دیسـان بـە تێهەڵکێشـکردنی حەقایەتەکانیـان بـە پەیوەنـدی و بۆنەکانـی ژیانیانـەوە بەرهەمیـان دەهێننـەوە و سـەر لـە نـوێ دەیانگێڕنـەوە و بـەو پێیـەی کـە تێکەڵـی بۆنە و ڕاسـتییەکانی ژیانی بیسـەر دەبـێ، تێگەیشتن لەو حەقایەتە ئاسـانتر و چێژبەخـشتر دەبـێ و چەنـدە خەیاڵپەروەرییـان دەبزوانـد سـەد ئەوەنـدە بۆیانـی دەرهەسـت دەکـرد. هەندێـک جاریـش بۆ ئەوەی ئەفسـانە و حەقایەتەکان بڕواپێکراوتر بن گرێیـان دەداوە بە پاشـایەکی دیاریکـراو بەتایبـەت پاشـاکانی غەزنـەوی وەکـوو سـوڵتان مەحمـوود.

زۆرێـک لـە حەقایەتـە باوەکانـی ئەم دەڤەرە کە لە مێشـکی نەنکمـدا مابوونـەوە، پەیوەندییان بـە خانەدانـی غەزنەوییـەوە هەبـوو. لـە مێـژوودا هەندێـک پاشـا بەناوبانـگتر بـوون و چەندیـن حەقایەتیان لە سـەر دەگێڕنەوە. لە ناو خانەدانە تورکەکانیشـدا غەزنەوییەکان و خودی سـوڵتان مەحمـوود لـە نـاو خەڵکی ئاسـایی و هەڵکەوتەدا ناوبانگیـان هەیە و وەک نموونە و مەتەڵ باسـی دەکـەن و چەندیـن چیرۆکیـش لـە بارەیانـەوە پشتاوپشـت و لـە نەوەیەکـەوە بـۆ نەوەیەکـی تـر گێڕدراوەتـەوە.[١]

ویساڵی[٢] فەڕوخلەقا و سەلاحەدین، سوڵتان مەحموود و هەیاسی وەزیری

بـا بگەڕێینـەوە بـۆ چیرۆکەکانـی نەنە، کە هەندێکیان چیرۆکی ڕۆمانسـی و عاشـقانە بوون کە بـۆ ئێمـە لـەو تەمەنـەدا وروژانی سێکیشـی لـێ دەهات. نەنکـم ئـەم حەقایەتانەی لـە باوکییەوە بیسـتبوو. ئـەوەی کـە لـە وەهـا کۆمەڵگایەکـی نەریتـی و داخـراودا، باوکێـک حەقایەتـی ئـاوا بـۆ کچەکـەی بگێڕێتـەوە، دیاردەیەکـە دەبـێ خوێندنـەوەی لـە سـەر بکرێـت. یەکێـک لـەم چیرۆکە ڕووتانـە "فەڕوخلەقـا و سـەلاحەدینی ڕۆمـی[٣]" بـوو! لـەم چیرۆکـەدا سـەلاحەدین کە پێـی دەڵێن

١. چیرۆکـی ناوبانگـی گشـتیی غەزنەوییـەکان لـە مێـژوو و لـە نـاو ئاپـۆرەی خەڵـک لـە ناوچـە جیاجیاکانـی ئێرانـدا ڕەنگـە لەبـەر ئـەوە بـێ کـە ئـەوان خاکێکیـان داگیـر کـرد، کـە فەرهەنـگ و زمانیـان فارسـی بـوو و لـە لایەکـی دیکەشـەوە سـەرکردە غەزنەوییـەکان سـەردەمانێک لـە ڕێـزی خوڵامـە تورکەکانـی سـامانییەکاندا بـوون کـە هەوڵـی پاراسـتنی زمانـی فارسـی و فەرهەنگـی بەرلـە ئیسلامـی ئێرانیـان دەدا. بـاس لـەوە کـراوە کـە غەزنەوییەکان تەنیا لـە ڕووی نیـژادەوە تورکی ئۆغـۆز بوون و زمـان و ئـەدەب و نووسـینێکی بەهێزیـان نەبـووە کـە بیانهـەوێ لـە سـەر زمـان و فەرهەنگـی خۆیـان پێداگـر بن. جگـە لەوەی کـە لـە کاتـی خزمەتکارییـان لـە بـارەگای سـامانییەکاندا ببـوون بـە فارسـیزمان. بۆیـە کـە لـە نـاو حکوومەتـی غەزنـەوی ڕێـژەی شـاعیرانی فارسـی زمانـی ستایشـکەری شـاهان زۆر بـوون. فەڕووخی، عونسـوری و عەسـجودی کە لە پێشـەنگەکانی ستایشـکارانی (مـەداح) شـێعری فارسـی بـوون و لـە دەربـاری مەحمـوود غەزنەویـدا ماڵێکـی ئەمنیـان هەبـوو. غەزنەوییەکان دوای کودەتـا و هاتنـە سـەر دەسـەڵات کەشـێکیان خوڵقانـد کـە زمانـی فارسـی تێیـدا بـەربڵاو بـووەوە. هەندێـک پێیـان وایـە شـاعیرانی ناسیۆنالیسـتی فـارس کـە ئەزموونێکی زۆریـان لـە بەرەنگاربوونـەوەی فەرهەنگی داگیرکـەرە عەرەبەکانـدا هەبووە، هەوڵیـان داوە کـە تورکـەکان لـە ڕووی زمانییـەوە بکەنـە فـارس و گیانـی هۆگریـی بـۆ فارسـییان تێـدا دروسـت بکـەن.

٢. وصال: پێگەیشتن.

٣. چیرۆکـی ئەمیـر ئەرسـەلانی ڕۆمـی حەقایەتێکـی فۆلکـە و ناوەڕۆکێکـی ڕۆمانسـی لـە خـۆ گرتـووە. خۆشەویسـتییەکی یاخییانـە لـە نێـوان دوو کەسـە کـە هەرگیـز یەکتریـان نەبینیـوە. یەکیـان لە پێنـاو گیانبازی و گەیـشتن بە خۆشەویسـتەکەی

ئەمیر ئەرسلانی ڕۆمی، دوای فەڕووخ لەقا دەکەوێ و هەر کات کە بیانهەوێ بە یەکتر بگەن یان لە جێژواندان، ژنی دێوەزمە دێ و دەچێتە نێوانیانەوە. پەیوەندییە ڕۆمانسییەکان لە زۆربەی چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان لایەنێکی سێهەمیشیان تێدایە، کە لە شێعری شاعیراندا بە ڕەقیب ناو دەبرێ، هەمیشە عاشق و مەعشووق بە دەست ئەم ڕەقیبەوە دەناڵێنن، کە ئەم ڕەقیبانە بەهێزیشن و ئاستەنگی بەر عەشق و خۆشەویستین. ئەم بابەتە لەو ناوەڕۆکانەیە کە لە حەقایەتە عاشقانە و ڕۆمانسییە فۆڵکەکاندا زۆر بەدی دەکرێت.

چیرۆکێکی دیکە کە زۆر لە نەنکم بیستووە، بەسەرهاتی مەحموود غەزنەوی و ئەیاز (هەیاس) بوو. ئێمە دەزانین کە پەیوەندیی نێوان ئەم دووانە لە ئەدەبیاتی فارسیدا بەناوبانگە. هەڵبەت زۆر کەس پێی وایە پەیوەندیی نێوان ئەم دووانە زیاتر لە پەیوەندیی سوڵتان و وەزیرە و لە سەر پەیوەندیی سۆزداریی نێوان ئەم دووانە چەندین چیرۆک گێڕدراونەتەوە. ئەیاز[1] لە زمانی کوردیدا کوردیزە دەبێ و دەبێتە هەیاسی خاس، کە ئەم هیاسە وەزیرێکی بیرتیژ و زیرەکی سوڵتان مەحموود بووە و سوڵتان هەندێک جار تەحەمووڵی ئەو هەموو زیرەکییەی نەکردووە. هەر لەبەر ئەم هۆکارە زۆر جار وا پێش هاتووە کە هەیاس بە توڕەییەوە دەرباری سوڵتان مەحموودی بە جێ هێشتووە و سوڵتانیش دڵی داوەتەوە و هێناویەتییەوە. ئیتر دوای بیستنی ئەم چیرۆکە، مێشکی منداڵانەی من ساڵانێکی زۆر بیری لە پێگەی وەزارەت دەکردەوە. بەڵام ئێستا هەموومان دەزانین کە ناوەڕۆکی چیرۆکە واقیعی و مێژوویییەکان لەگەڵ گێڕانەوە زارەکی و فۆڵکەکان فەرقی زۆرە و مەحموود و هەیاسی مێژوویی بە هۆی حەقایەتە فۆڵکەکانەوە گۆڕانیان بە سەر هاتووە.

سەبارەت بە زنجیرە چیرۆکەکانی سوڵتان مەحموود و هەیاس زۆرم لە نەنکم بیستووە، بەڵام یەکێکیان لە مێشکمدا زۆر زەق بوو و لە یادەوەریمدا وەکوو خۆی ماوەتەوە. بەسەرهاتەکە بەم شێوە بووە کە ڕۆژێک سوڵتان لە هەیاس توڕە بوو و شەڕی لەگەڵ کرد. ئەیاز لە مەسەلەیەکدا پێشنیارێکی بە سوڵتان کرد و سوڵتانیش ملی پێ نەدا. هەرچی هەیاس پێداگری دەنواند، سوڵتانیش قبووڵی نەدەکرد، هەتا ئەوەی کە حەزرەتی سوڵتان توڕە دەبێت. هەیاس گوتبووی: منیچ لە دەرباری تۆ ئەچمە دەرەو چوون هەریز[2] وەقسەم ناکەی و هەر سەرکوفتم لێ ئەیی."

دەستبەرداری شانشینی دەبێ و لە ڕێگای گەیشتن بە دۆستەکەی ڕووبەڕووی سەختترین ئاستەنگەکان دەبێتەوە، بەڵام گەیشتن بەو ئامانجە هەر وا ئاسان نییە و خۆشەویستەکە خۆنەویستەکە بە سیحری شەیتانەکان هەڵدەفریوێ و بە یار ناگات.

١. ئەبو نەجم ئەیاز (ساڵی ٤٤٩ی کۆچی مانگی کۆچی دوایی کردووە) خوڵامێکی تورک بووە لە دەرباری غەزنەویدا و سوڵتان مەحموودی غەزنەوی زۆری خۆش ویستووە. چیرۆکی ئەم خۆشەویستییە لای کەس شاراوە نییە و دواتر بوو بە بیانوویەک بۆ شاعیرانی عیرفانی و سۆفییە شاعیرەکان کە بە گەشەپێدان و گۆڕینی ئەم چیرۆکە، ئەم دوو کەسایەتییە وەک سیمبۆلی عاشق و مەعشووق و خوازیار و خوازراو سەیر بکەن.

٢. هەرگیز.

سوڵتانیش وەڵامی دایەوە کە "کوڕە بڕۆ وەتوون[1]! بڕۆ نەگەڕیتەو". هەیاس هەر بە پای پیادە لە غەزنین دەڕوا و دەگاتە دەرەوەی شار. لە گوندێکدا کێڵگەیەک دەدۆزێتەوە کە پیرەژنێک و پیرەمێردێک تێیدا دەژیان. ئەیاز دەبینێ کە ئەوان تەنیان و کەسیان نییە. دەڵێ دەتوانم نانەزکێ کارتان بۆ بکەم. ئەو پیرەژن و پیرەمێردە کە خۆشیان دەزانن توانای کارکردنیان نەماوە، هەموو کارەکانیان دەسپێرن بە هەیاس.

هەڵبەت هەیاس وەزیرە و هیچ نازانێ، پیرەمێردەکە وردە وردە فێری دەکا کە چۆن ئاژەڵەکان ببا بیانلەوەڕێنێ و شەوانە لە ناو گەوڕدا جێیان بکاتەوە. دواتر فێری دەسکەنە و درووێنە دەبێ و بە هەمان شێوەش هەموو ئەرکەکانی کێڵگە و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری فێر دەبێت. لە لایەکی ترەوە سوڵتان مەحموود بە ڕاوێژکردن بە وەزیرەکانی دیکەی هەوڵی بەڕێوەبردنی وڵات دەدا، بەڵام دەبینێ کەس فام و بیرتیژیی ئەیازی نییە. هەر زوو هەست بە نەبوونی هەیاس دەکا و دواجار کۆڵ دەدات. بە داروغە دەڵێ لە ناو شاردا بگەڕێ و هەیاس بدۆزەوە، بەڵام دڵنەوایی نەدەنەوە و داوای لێبوردنیشی لێ نەکەن. داروغە سەرتاسەری ئەو شارە دەخولێتەوە، بەڵام هەیاس لە هیچ کوێ نەبوو هەر دەتکوت لەدایکیش نەبووە.

وەزیرە بیرتیژەکە هەر یەکەم ڕۆژ بە پیرەمێردەکەی وتبوو کە ئەگەر ڕۆژێک پرسیاریان لێ کرد کە ئایا کەسێک لەگەڵیان دەژی یان نا، نکۆڵی لێ بکات. هەر بۆیە داروغە هەیاسی خاس (ئەیاز) نادۆزێتەوە. هەرچەند سەروبەند دەکەن و دەگەڕێن و بە پیاوە چەکدارەکانیانەوە ژێر و ژوور دەپشکنن هەیاسیان بۆ پەیدا نابێ. لە کۆشک کۆبوونەوەیەک ساز دەکەن و دەگەنە ئەو ئەنجامەی کە کەڵک لە بیرتیژیی هەیاس وەربگرن و بەم شێوە بیدۆزنەوە. بە هەموو خەڵکی شارەکە دەڵێن هەر یەکێکیان بەرخێک بەخێو بکەن و کێشی ئەم بەرخەش نابێ لە دە کیلۆ زیاتر و کەمتر بێت. دەوترێ داروغە مانگانە بەرخەکانی دەکێشا و ئەگەر قورستر یان سووکتر بان، خاوەنەکەی سزا دەدا.

کۆشکنشینان دڵنیا بوون لەوەی کە هەیاس ئەوەندە بیرتیژ و زیرەکە کە ڕێگایەک دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی کێشی بەرخەکە لە دە کیلۆدا بمێنێتەوە. کاتێک هەیاس گوێی لەم بابەتە دەبێ، تێدەگا کە ئەمە فێڵێکە بۆ دۆزینەوەی و وەک هەمیشە چارەسەری بۆ دەدۆزێتەوە. لە کۆتایی مانگدا داروغە و پیاوەکانی دەچنە ماڵەکان و دەرەنجامەکەی ئەوەیە کە جگە لە بەرخی ماڵی پیرەژن و پیرەمێردەکە نەبێ بەرخی دە کیلۆیی لە هیچ شوێنێک نەمابوو. فێڵەکەی هەیاس ئەوە بوو کە بەرخەکەی باش قەڵەو دەکرد، بەڵام ڕۆژێک پێش هاتنی داروغە، لە دوورەوە بەچکە گورگێکی پیشانی بەرخەکە دەدا! بەرخی بەستەزمان لەبەر ترس لە گورگەکە هەموو بەزەکەی دادەنا و دەگەیشتەوە بە کێشی ئاسایی خۆی. داروغە

---

١. بەتوون: بەجەحەنەم.

دەگەڕێتەوە لای سوڵتان و دەڵێ: تەنها لە ماڵێکدا قورسایی بەرخەکە نەگۆڕاوە، بەڵام ئەم ماڵە دوور لە شارە، ماڵێکی وا سادە و هەژارانە شایەنی هەیاس نییە و تەنها پیرەژنێک و پیرەپیاوێکی فەقیر لەو خانووەدا دەژین." دوای چەند مانگێک تەنها کێشی بەرخی ئەو ماڵە ناگۆڕێ، سوڵتان بە داروغە دەڵێ هەیاس لەوێیە! بڕۆ بیهێنەوە ...

داروغە و پیاوەکانی شەو بەپەلە دەچنە ماڵی پیرەژن و پیرەمێردەکە و هەیاس لە ناو پێخەفەکەیدا دەبیننەوە. پێی دەڵێن، سوڵتان مەحموود وتی دەبێ بگەڕێیتەوە. هەیاس دەڵێ : "نایەمەو! سوڵتان مەحموو وەسووکی و چرووکی منی کردە دەرەو ئیسەیش ئەنێرێ وە شوێنما". ڕۆژی دواتر سوڵتان مەحموو چەند وەزیرێک دەنێرێتە لای هەیاس، ئەمجارەشیان هەیاس قبووڵی نەکرد و نەگەڕاوە. ئەڵێ سوڵتان خۆی دەریکردم، بۆیە دەبێ خۆشی بێ و بمباتەوە. سوڵتان چەند هەفتەیەک لەگەڵ خۆیدا جوابەجەنگێ دەکا، بەڵام غرورەکەی ناهێڵێ بچێتە حزووری هەیاس، بەڵام دواجار تاقەتی دووریی هەیاسی نامێنێ و ڕۆژێک لەگەڵ کۆشکنشینەکان لە کاتێکدا کە خەڵک واق مابوون دەچێتە ماڵی پیرەمێردەکە. پاشان داوای لێبوردن لە هەیاس دەکات و دەیگەڕێنێتەوە. لە سەر بنەمای ئەم چیرۆکە پەندێکی بەناوبانگ لە زمانی کوردیدا هەیە کە دەڵێ: "وەک بەرخەکەی هەیاسی خاست لێکردووین"، واتە تا دێین قەڵەو بین، گورگمان پیشان دەدەی!

نەنکم چیرۆکی سوڵتان مەحموود و دارتاشەکەشی بۆ دەگێڕامەوە. ئەم چیرۆکەی کاتێک دەگێڕاوە کە بیویستایە دڵنەواییم بداتەوە و بڵێ هیچ شتێک تا سەر نامێنێ و دنیا سەری بە دەڵق نەگیراوە[1]. نەنکم بەم چیرۆکە دەیویست بە جۆرێک پێم بگەیێنێ هەمیشە هیوا لە ژیاندا هەیە، گەرەکیشی بوو کارێکی وا بکا کە نائومێدییەکی ڕەها هەرگیز توخنم نەکەوێ و دڵ و دەروونم نەڕزێنێت. چونکە نەنکم بە ڕاستی خۆشی دەویستم.

چیرۆکەکە بەم شێوە بوو کە ڕۆژێک سوڵتان مەحموود بە ئەسپێکەوە بە ناو شاردا سووڕاوەتەوە و ڕێی دەکەوێتە بەر دوکانێکی دارتاشی. دارتاشەکە لانکەیەکی لە دارێکی جوان چێ کردووە. تەماشایەکی کابرای دارتاش دەکا و دەڵێ: "ئەوە تۆ ئەم بێشکەت دروست کردییە؟"، کە دارتاشەکە وەڵامی بەڵێی پێ دەداتەوە، پێی دەڵێ: "دەی خاسە خاس، هەتا شەوکی تەختی پاشایەتیم بۆ خاس کە کە نەخش و نیگارەکەی لە هی ئەم بێشکە قەشەنگتر وێ و مۆر و نەخشی غەزنەوییەکان و سەڵتەنتیشی لە پشتیەو هەڵکەنریاوێ". پاشان جەخت لەوە دەکاتەوە کە تەختەکەی بۆ بەیانی کە میوانییەکی گەورەی داناوە و پاشاکانی دیکەشی تێدا ئامادەن، دەوێت. دەڵێ: "شەوەکی زوو داروغە ئەنێرم. ئەگەر تەختەکە ساز نەکریاوێ، ئێعدامت ئەکەم و تەرمەکەیشت هەتا مانگێک وە دەروازەی شارەو هەڵەواسم".

---

١. دڵت گەورە بێ و دنیا بە چکۆلە مەزانە چونکە بارودۆخەکان ڕۆژێک دەگۆڕێن (وەرگێڕ).

دارتاشـی قوڕبەسـەر ئـەو شـەوە هەتـا بەیانـی بـە دڵەڕاوکـێ و ترسـەوە دەهـات و دەچـوو و هەرچـی دەیهێنـا و دەیبرد نەیدەزانـی کـە چـۆن بتوانـێ بـە شـەوێ تەختێکی وا دروسـت بکات. وەک ڕۆژ لێـی ڕوون بـوو کـە سـبەی سـوڵتان مەحمـوودی بێبەزەیـی لـە سـێدارەی دەدا و زۆر بەپـەرۆش و نیگـەران بـوو. ژنـی دارتـاش پێی وت کابراکـە ئارام بـە و وەرە بخەوە. خوا لە سـوڵتان مەحمـوود گەورەتـرە. دارتاشـەکە بـە بێـزاری و تووڕەییـەوە زەردەخەنەیەکی تاڵی دەهـات. لەگەڵ دەرکەوتنـی کازیـوەی بەیانی لـە دەرگای ماڵی دارتاشـیان دا، دارتاش دەڵێ فەرمـوو ... "نەموت ژنەکـە داروغـە هاتووە بمبا هەڵمواسـێ". دەرگاکـە دەکاتەوە و بە ترس و لـەرزەوە بە داروغە دەڵێ نەمتوانـی تەختەکە دروسـت بکـەم. داروغە بە تووڕەییـەوە دەڵێ: "گەوجە گەوج! سـوڵتان مردگە ... زوو کـە تابووتێکـی بـۆ خـاس کـە!" ژنـی دارتاشـەکە بە گوێیـدا دەچرپێنـێ: نەمـوت مەلەرزە! خوا لـە سـوڵتان مەحمـوو گەورەتـرە.».

بەشـێک لـە پەیامـی ئـەم چیرۆکـە ئەوەیـە کـە خـودا لـە هەمـوو شـتێک و هەمـوو کەسـێک باڵاتـرە. بوونـی نەنکـم ئـەو ئارامییـە دەروونـی و ئومێـد و ئاسایشـەی لـە ئێمـەدا دەبزوانـد و ترس و نائومێـدی و دڵتەنگـی و تووڕەیـی و هەمـوو هەسـتە ناخۆشـەکانمانی لـێ دەڕەوانـدەوە. مـن زۆر جـار ئـەم چیرۆکانـەم لە نەنکم دەبیسـت، دیارە دواتر خوێندمـەوە و بینیم بە دوو شـێوازی جیاواز بـەڵام هاوشـێوەی یـەکتر گێڕدراونەتەوە.

ئـەم جـۆرە چیرۆکـەی نەنکـم کاریگەریـی زۆری لـە سـەر مـن دادەنـا و لای خـۆم بیـرم لـەوە دەکـردەوە کـە باشـە سـوڵتانەکان چ جـۆر بنیادەمگەلێـک بوون و چـۆن هەڵسـوکەوتیان کردووە. هەروەهـا بابەتێکـی تـر کە زۆر سـەرنجی ڕادەکێشـام، بوونی کەسـێکی دان بەخۆداگـر لە قاڵبی پیرێکـی فـرەزان و ژیـر بـوو کە هەتا ئێسـتاش دوای سـاڵەهای سـاڵ بیری لێدەکەمـەوە و دەبینم چەنـدە لـە ژێـر کاریگەریـی ئـەم حەقایەتـە مێژوویانـەدا بـووم کـە نەنکـم پشتاوپشـت لـە باوانـی خۆیـەوە بیسـتبووی و بـۆ منـی گێڕاوەتـەوە. پیـری فرەزان ئێسـتا لە ئـاوەزی مندا کەسـێکە بیر لە بێهیوایـی و پچڕانـی پەیوەندییـەکان ناکاتـەوە، ئـیتر ئەم بابەتە لـە ئەدەبیات و دنیـای مندا جێی نابێتـەوە، ئـیتر بیـر لە کۆتاییهاتـن و پچڕان ناکەمـەوە ... ئایا لەبەر ترسـە یان لەبـەر جیهانبینیی ئـەو سـەردەمانەیە؟ دەتوانـم بڵێـم تـرس ئـەو فاکتەرە بوو کـە تیایدا بـۆم دەرکەوت کـە پەیوەندییە مرۆییـەکان تـا چەندە ناکارامەن، بەڵام ئەو جیهانبینی و زانسـت و زانیارییانەی کە لەم سـاڵانەدا فێـری بـووم، واتە لۆبیکـردن و تەکنیکەکانی دانوسـتان و تەکنیکە نوێیەکانـی پەیوەندیی مرۆیی یارمەتـی دام کـە ئـەم هەڵوێسـتە بیچـم بگـرێ و بـاوەڕم پێـی هەبێـت. ئـەم بابەتـە ئێسـتا بۆتـە بەشـێکی دانەبـڕاو لـە مـن و بـەرەو ئاقارێکـم دەبـا کـە لەگـەڵ خۆمـدا ئاشـت ببمـەوە و بزانـم کە زاڵبـوون بـە سـەر خـۆ و ئامـرازی بەرهەمهێنانـی گوتـار و هەبوونـی هیـوا و بیـری بـاش لـەو شـتە گرنگانـەن کـە مـن لـەم جیهانـە چەتـوون و پڕئاڵنگارییـەدا بۆ ئـەوەی بژیم پێویسـتم پێیانە.

تۆپاندنی مشک و تەشتی ڕۆح

ئەو خانووانەی حەوشەیان هەیە لە خانووی شوقە بیرەوەرییان زیاترە. بۆ منداڵان هەبوونی حەوشە شێوازێکی ژیانە کە لە ماڵی شوقەدا ئەم شێوازی ژیانە ئەزموون ناکرێت. ماڵە حەوشەدارەکەمان لە شەقامی مەلا ساڵە بوو، ئەم حەوشەیە یادگارییەکی زۆری بۆ دروست کردین کە هەتا هەنووکەش باسی دەکەین و پێدەکەنین. جاری واش هەیە دڵتەنگ دەبین و بیری لێ دەکەینەوە. ئەم حەوشەش بەشێک لە ژیانمان بوو.

ئەوسا مشک و پشیلە زۆر بوون. مشک پەلاماری کۆگای خواردنەکانی دەدا و پشیلەش مشکی دەخوارد. مامە ئەحمەد لە نەغەدە پشیلەیەکی سووری قەڵەوی هەبوو کە ڕۆژێک لە حەوشەکەدا مشکێکی بەدبەختی گرت. پشیلە وەختێک مشک دەگرێ، لە پێشدا یاری پێ دەکا، بەری دەداتەوە خوارێ ئینجا لە خۆڵدا دەیگێڕێت. هەتا مشکی داماو وا دەزانێ کاتی دەربازبوونە، پشیلە چنگی لێ گیر دەکا زۆر دەخایێنێ هەتا دواجار مشکە ماندووەکە دەماشێنێت.

پشیلە سووریش هەر بەو جۆرە مشکی ڕاو دەکرد و مامە ئەحمەد چێژی لە زیرەکییەکەی دەبرد. ژنەکانی ماڵەوە بەزەییان بە مشکەکە دەهات، بەڵام دڵخۆش بوون کە ئەم پشیلە ئەشکەنجەدەرە مشکەکان دەخوا و کۆگای ئارد و نان و توێشوو دەپارێزرێت. بینینی ئەم دیمەنە ڕاستەقینانە لە حەوشەی ماڵەوە ژیانی ئاژەڵانی پیشانمان دەدا و من جەرگم جەرگی دەخوارد کە ئاخۆ کەی "تۆمی پشیلە جێری مشک دەخوات؟" جیاوازیی پەیوەندیی نێوان مشک و پشیلە لە کارتۆنی "تۆم و جێری"دا هەمیشە بۆ من سەیر بوو و بۆم فام نەدەکرا کە بۆچی واقیعی ئاژەڵان لەگەڵ ئەوەی لە کارتۆنەکاندا دەیبینین، فەرقی هەیە. دواتر بۆم دەرکەوت کە ئەم جۆرە کارتۆنانە جگە لەوەی ئامانجی سەرگەرمکردنی منداڵانیان هەیە، پەرەیان بە سادەترین جۆری توندوتیژی لە ناو منداڵان دەدا، چونکە بۆ میدیا و خاوەن دەسەڵاتەکان سوودی هەبوو.

لەو ڕۆژگارانەدا خۆشۆردن و گەرماو کارێکی قورس بوو و ئەویش بەسەرهاتی خۆی هەبوو. کە هەوا ساردی دەکرد، دەچووینە حەمامە گشتییەکان و لە هاویندا سووچی حەوشە و تەشتێ ڕۆحی سوور دەبووە حەمامەکەمان.[1] دایکم تەشتەکەی نیوەپڕ دەکرد و دەمانزانی کاتی حەمامکردنە. ئێمە بژاردەیەکی دیکەمان بۆ خۆشۆردن نەبوو. تەنها جۆرە سابوونێکی

---

١. هەتا شەش دەیە لەمەوبەر گوندەکانی کوردستان و تەنانەت لە شارەکانیشدا حەمام نەبوو و لە بیناسازیی خانووەکاندا شوێنیان بۆ حەمام ڕەچاو نەدەگرت. ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی نەبوونی حەمام لە ماڵەکاندا نەبوونی ئاو بووە. لە شارەکاندا حەمامێکی گشتی هەبوو، بەڵام لە وەرزی گەرمادا خەڵک لە ماڵی خۆیاندا تەشتی گڵێنە و مسینەی گەورەیان بۆ حەمام بە کار دەهێنا. لە لاپەسیوی ماڵان یا لە گەوڕدا شوێنێکیان بوو پێیان دەوت گەرماو کە ئاو بە ژێرەکەیدا دەڕۆی و ژنان دەبا ئاویان بکوڵاندبا و کەسەکان حەمیان بکردبایە.

بۆگەن هەبوو کە کابرا لە حەمامکردن پەشیمان دەبووەوە. دواتر شامپۆی پاوەی پێ زیاد کرا. هەندێک جار کاتێک جۆراوجۆریی پاککەرەوەکانی ژیانی ئێستا لەگەڵ ئەو سابوونە بۆگەنە و شامپۆ هێلکەییەکان بەراورد دەکەم، پێکەنینم دێت. ئیتر لەم تەشتە سوورە ڕۆحەدا دادەنیشتین و دەمانیانشۆرد! هەموو ئەمانە بە لایەک کزانەوەی چاومان بە لایەک سابوون و شامپۆکە ئەوەندە ڕێژەی ئەلکالییەکەی زۆر بوو کە چاومانی دەکزاندەوە.

ڕۆژێک دوای حەمامکردن و بەتاڵبوونەوەی تەشتی ئاوەکە، وەکوو تایەی ئۆتۆمبێل لە حەوشەدا یاریمان بەم تەشتە دەکرد. هەر بەم لا و ئەولادا لێمان دەخوڕی و یاریمان دەکرد. تەشتێکی ڕۆح بوو و هەندێ جێگای لەبەر ئەوەی جۆش[1] کرابوو بڕگەبڕگەیی و لێوارەکەی تیژ بوو. لە کاتێکدا کە لەگەڵ ڕەسووڵی برام هاروهاجیمان دەکرد و تەشتەکەمان وەکوو تایە لێ دەخوڕی کەوتمە سەر تەشتە ئاسنەکە. لێوارە تیژەکانی بەر چەناگەم کەوت و ئیتر تۆ مەپرسە و منیش ناڵێم چی قەوما ... خوێنم لەبەر دەڕۆی بە هیچ دەوا و دەرمانێک نەدەوەستا.

باوکم کە بە بینینی خوێن حاڵی خراپ دەبوو لەگەڵ بیستنی هەرا و هوریا ڕای کرد بۆ حەوشەکە و هەر کە دەموچاوە خوێناوییەکەمی بینی، بووراوە. هەموو وازیان لە من هێنا و چوونە لای باوکم بۆ ئەوەی بیهێننەوە هۆش. لەو ساتەدا، هەستم بە بێکەسی و تارێنراوییەکی سەیر کرد. ماوەیەکی پێ چوو هەتا دایکم و نەنکم منیان وەبیر هاتەوە و گەیاندمیانە نەخۆشخانە. لە ناو ئەو هەموو غەڵتانی خوێن و ئێش و چوار تەقەڵەی کە لە چەناگەمیان دا کە هەتا ئێستاش شوێنەکەی دیارە، شتەکانی نەخۆشخانەم پێ جوان بوو و نەمدەویست بچمە ماڵەوە. وتم من نایەمەوە. ڕەنگە بینینی ئەو دوو پەرستارە گەنجەی کە بە کڵاوی تایبەتی پەرستاری و تەنوورەی سپییەوە پێم ڕادەگەیشتن و چەناگەمیان تەقەڵ دەدا، منیان لە خشتە بردبێت. یادی ئەو ڕۆژە هەمیشە لەگەڵمدایە. بە وتەی ئەو دەروونناسەی کە پێشتر لە لەندەن دەچوومە لای، نیشانەی ڕووداڵەتی سەر جەستە و هەروەها بۆنەکەیان دوو توخمی زۆر بەهێزن کە بۆ هەمیشە کاریگەرییان لە سەر دەروون و یادەوەرییەکانمان داناوە.

بەزمی حەمامی ژنانە و وەسواسی پووڕە مریەم

خۆشۆردن یەکێک لە بەرنامەکانی ڕۆژی هەینی بوو و بەزم و ڕەزمی تایبەتی خۆی هەبوو. ئەوەندە سادە نەبوو کە هەر کاتێک پێت خۆش بێت، بچیتە حەمام و خۆت بشۆیت. باشتر وا بوو کە ئێمە ڕۆژی هەینی بچینە حەمام. ئەم کارە بۆ ئێمەی موسڵمان دوو هۆکاری هەبوو؛ یەکێکیان ئەوەیە کە لە ئیسلامدا غوسڵ- شۆردنی لەش - لە ڕۆژانی هەینیدا موستەحەبە، بەتایبەت بۆ ئەو پیاوانەی بۆ نوێژی هەینی دەچنە مزگەوت، دەبێ بە لەشێکی پاک و

---

١. لەحیمکراو.

بۆنـی خۆشـەوە بچنـە مزگـەوت، دووەمیشـیان ئەوەیـە کـە ڕۆژانـی هەینـی، ڕۆژانـی پشـوون و بـۆ پاککردنەوە و خۆشـۆردن کاتێکی زیاتری هەیە و گونجاوە. یەکێک لە ئەزموونە سـەیرەکانی ژیانم دەگەڕێتـەوە بـۆ بەزمـی ڕۆشتن بـۆ گەرمـاو. سـەردەمێک بـوو باوکم بـۆ سـەرکرێکاریی کوورەخانە لـە نەغـەدەوە چووبـووە ئەردەبیـل. پێـم وا سـاڵی ١٣٥٥ی هەتـاوی (١٩٧٦ز) بـوو. هەمیشـە لە کۆتایـی هەفتـەدا لەگـەڵ ئـەو دەچوومـە حەمـام و ئەویـش لەبـەردەم دەرگای حەمامـی گشـتی دۆکڵیـوی بـۆ دەکڕیـم. زۆر کەیفـم سـاز دەبـوو کاتێـک کـە سـەرەم دەگـرت هەتـا لـەو مەنجەڵـە گەورانـە، دۆکڵیـوم بـۆ تێبکـەن. ئیشـکردن لـە کوورەخانـە زۆر قـورس بـوو، سـەرباری ئـەوەی لـە نیـوەی کارەکـەدا پوورزاکـەم (کوڕی خوشـکی دایکـم) و ئامۆزاکانـم چوونە پاڵی، بـەڵام نەیتوانی بـەردەوام بێـت. ئیشـەکە لە کاتژمێر چـوار یان پێنجی بەیانییەوە دەسـتی پێدەکـرد و هەتا ئێوارە بـەردەوام دەبـوو، سـەخت و بڕسـکبڕ بـوو. هـەر بۆیـە باوکـم بـەردەوام نەبـوو و زۆری نەخایانـد کـە ئێمـە گەڕاینـەوە بـۆ نەغـەدە، بـەڵام هەندێـک لـە خزمەکانمـان هەر لـە کوورەخانـە مانەوە.

کاتێـک ئێمـە لـە نەغەدە بووین، خەڵک تێکـڕای ئەندامانـی خێزانەکەیان دەچوونـە حەمام. ئێمـەش تێکـڕا لەگـەڵ پوورەکانـم و ئامۆژنـە و منداڵانـی خـزم دەچووینـە حەمامـە گشـتییەکەی "مورتـەزا". کـورد پێـی دەگـوت مورتـوز، بەرامبـەر قوتابخانـەی ئەنووشـیرڤان، کەمێـک لـە خـوار مەیدانـی وەحدەتـەوە بـوو. لەبـەر ئـەوەی ژمـارەی منداڵـەکان زۆر بـوو ژنـەکان چـەن دانـە لـە منداڵەکانیـان لـە ژێـر داوێنـی کراسـەکەیاندا دەشـاردەوە بـۆ ئـەوەی پـارەی کـەمتر بـدەن.

منیـش هەندێـک جـار لە ژێـر داوێنی یەکێک لـە ژنەکاندا خۆم دەشـاردەوە و دەبا دەسـتێکم لـە دەوری ڕانـی یەکیان و دەسـتەکەی تـرم لە دەوری ڕانەکەی دیکە بکردایـە و پێ بە پێ لەگەڵ ئەوانـدا بڕۆشـتبایەم کـە لـە ژێـر داوێنەکـەدا نەبینرێم. کارێکـی سـەیر و گاڵتەجاڕانە، کـە ببوو بە یەکێـک لـە سـەرگەرمییەکانم، چونکـە جگـە لـەوەی پێکەنینـی بـوو، ورووژێنەریـش بوو. پاشـان دەچووینـە نـاو حەمامە گشـتییەکە و ژنە کوردەکان دەبـوو ڕووت ببنەوە، کە ئەمەش بەسـەرهاتی خـۆی هەبـوو. هـەر جلوبەرگیـان دادەکەند و هیـچ کۆتایی نەدەهات. شـەدە، کۆڵوانـە، کوڵێجە، کـراس و هەندێـک جاریـش چـەن دانـە دەرپـێ، بـەڵام ئـەوەی جێـگای سـەرنج بـوو ئەوە بـوو کە ژنانـی تـورک لـە چەند دانە جلوبـەرگ زیاتریان لەبەر نەبـوو و لە چاوتروکانێکـدا ڕووت دەبوونەوە.

ماوەیەکـی زۆری پێچـوو تـا لەگـەڵ وێنـەی ڕووتـی ژنـان ڕا بێـم، بەتایبـەت پیرەژنـەکان و هەڵبـەت ئێمـەی کوڕانیـش زۆرمـان شـەرم دەکـرد و زۆر ناخـۆش بـوو کاتێـک بـە دەسـتێک عەورەتمان دادەپۆشـی و بە دەسـتەکەی دیکەمان سـمتمان دەگرت کە نەبینرێ، بەڵام ئەمەش ئـیتر نەدەکـرا دوای ماوەیـەک ناچـار بووین لە ژێرەوە سـەیری کچـان بکەین و ئەوانیش سـەیری ئێمـەی کوڕانیـان دەکـرد. هەندێکیـان چەند دانە کـراس و پانتۆڵێکـی زیادەیان بە سـەر یەکەوە دەپۆشـی و لـە حەمامەکـەدا لـە نـاکاو لـە ناو ئـەو هەمـووە جلوبەرگـەدا، پیرەژنـی ڕووت و قووت و وردیلـە بـە مەمکـە چـرچ و لۆچەکانیان دەهاتنـە دەرەوە. پیرەژنـەکان لە سـووچێکدا دادەنیشتن

و نەیاندەتوانـی بجووڵێنـەوە. ئەوانـەی گەنـج بـوون بـە قاپێـک ئاویـان بەسـەردا دەڕشتن و پیرەژنەکانیـش بـەردەوام بۆڵەیـان دەکـرد کـە ئاوەکـە سـاردە، ئاوەکـە گەرمـە. نازانـم بـۆ قـەت لە پلـەی گەرمیـی ئاوەکـە ڕازی نەبـوون!

هەڵـم و ژاوەژاوی حەمامەکـە ترسـناک بـوو. دەنگدانـەوەی دەنگـەکان ئەوەنـدەی دیکـە ترسـناکی دەکـرد و لـەوەش سـەیرتر لـە حەمامـی ژنانـدا دەنگەدەنـگ زیاتـر بـوو و هەمـوو بەبـێ ئـەوەی گرنگـی بـە کەسـانی دیکـە بـدەن بـە دەنگـی بـەرز قسـەیان دەکـرد.

کچـە ڕووتـەکان و ژنـە گەورەسـاڵەکان و هەمـوو ئـەو ژنانـەی لەگـەڵ مـن و کوڕانـی تـر لـە حەمامـدا بـوون؛ فەرقیـان هەبوو. بینینی ژنان و جیاوازیی جەسـتەیان لەگەڵ جەسـتەی ئێمەی کـوڕ پرسـیاری زۆری بۆ من هێنایە ئاراوە، پرسـیارگەلێک کە تەنها لە گفتوگـۆی دەروونیی خۆمدا دەمتوانی بیانپرسم.

وێنەی ٢٧- حەمامی نمرەیی لە نەغەدە

مـن و سـابیر کـوڕە گەورەکـەی پـوورە مریـەم و ئەمیر کـوڕە گەورەکەی پوورە زێنەب زۆر جـار لـە کووچە پێکـەوە یـاریمان دەکرد. پـوورە مریـەم جـاری وا بـوو ئەرکـی شـۆردنی ئێمـەی پێدەسـپێردرا، ئـیتر زەنـدەقمان دەچـوو و دەمانزانـی پـوورە مریـەم بـاوکمان دەسـووتێنێت. لـە شـۆردندا وازوازی بـوو، هەرچی دەمانیشـۆرد دڵی پـاک نەدەبووەوە. ئێمـەش گـەورە ببووین و پـێمان خـۆش نەبـوو لای ئـەو و لـە بەرچـاوی یـەکتر ڕووت ببینـەوە. لە بیرمـە لـەوێ بـە دەسـتێک ئەندامـی نێرینەمـان و بـە دەسـتەکەی تـر سـمتمان دادەپۆشـی بـۆ ئـەوەی لـە بـەر چـاوی پـوورم یـان دایکەکانمـان کـە بـە ناچـاری ئێمەیـان دەشـۆرد، تـەواو ڕووت نەبیـن. تـەح چەنـد ناخـۆش بـوو! تێناگـەم باشـە بۆچـی ئێمـەی منداڵانیـان ڕووت دەکـردەوە و پێکـەوە دەمانیـانبردە حەمـام ...

هەندێـک جـار پـوورە مریـەم لـە حەمامەکـەی ماڵەکـەی خۆیـدا دەمانیشـۆرد. شـۆردن نەبوو بـە خـوا! جۆرێـک ئەشـکەنجەدان بوو. بە سـپیاو کیسـەیان بە جەسـتە و دەموچاوماندا دەکێشـا. هەسـتم دەکـرد لەگـەڵ هـەر کیسەکێشـانێک لۆیەکـی پێسـتم لـێ دەبێتـەوە. پاشـان کـە ئـاوە گەرمەکەیـان بـە سـەرماندا دەکرد، وەک ئەوە وابوو خوێ بە سـەر برینمانـدا دەکرێت. بە بەردەپێ دەسـت و قاچمانیـان دەشـۆرد و بە خـوا پێم وابوو بەو بەردە ڕەقترین شـوێنی دنیاش بڕووشـێنی، نـەرم دەبـێ، نەخوازەڵا پێسـتی مرۆڤ.

ئەمیـر ڕەش بـوو و پـوورە مریـەم ئەوی زۆرتر دەشـۆرد. ئەمیر هـاواری دەکرد: بـە خوڵا من هەر بـۆ خـۆم ڕەشـم، خاوێن نابمەوە، سـپی نابمـەوە"! ئێمەش پێدەکەنیـن، هەرچی پـوورە مریەم بوو

پێـی وا بـوو کـە بـە شـۆردنی زیاتـر و کیسەکێشـیی پتر، ئەمیـر سـپیتر دەبێتـەوە. دەیگـوت ئەمە قـوڕ و چڵپـاوی کۆڵانـە دەموچـاوی ئەمیـری پیـس و ڕەش کـردووە. دیـارە ئەمیـر لە گونـددا دەژیا و کەمێـک لـە پاکوخاوێنیـی شـار دوور بـوو. ڕەنگە پـوورە مریەم نەیویسـتووە ئەمیر ئاسـەواری قوڕ و چڵپـاوی لادێـی پێـوە بێـت. بـە هـۆی ئـەو توندوتیژیانـەی کـە لـە تافـی منداڵیـدا لە حەمـام بە سـەرمان هاتـووە ئێسـتا ئەگـەر بـە نابەدڵـی دەچمە حەمام پێـم وایە تـا ڕادەیەک ئاسـاییە. ئەگەر ئێـوەش پـوورە مریەمێکـی واسواسـیتان ببووایـە یادەوەرییەکانـی حەمـام وای لێتـان دەکـرد کـە پێتـان خـۆش نەبێ بچنـە حەمـام و ئەم ئەرکـە سـادە ڕابپەڕێنن.

یارییەکانی منداڵی و تەقەکردن

هەمـوو ناوچـە و جوگرافییـەک یاریـی تایبەتیـی خـۆی هەیـە، بـەڵام یارییەکانـی سـەردەمی منداڵیـی ئێمـە هەندێـک جـار سـەیر و سـەمەرە بـوون. هەندێـک جـار دەبووین بـە ئامـرازی یاریکـردن و سـەرگەرمیی گـەورەکان و گاڵتەیـان پێمان دەکـرد! بـۆ نموونـە لـە بیرمـە کاتێـک مامـە قـادر لـە بەقاڵییەکەی لە کاروانسـەرادا نەبـوو، گەنجانی بنەماڵـە دوور لە چـاوی گەورەکان ئێمـەی منداڵانیـان دنـە دەدا کـە پیـواز بخۆین. پیازێکیان بە هـەر یەکێکمان دەدا و گرەویان لە سـەر ئـەوە دەکـرد کـە کام منـداڵ یەکەم جـار پیوازەکە دەخـوات. هـەر منداڵێک بیتوانیبـا زووتر پیوازەکـە بخـوا وەک پاداشـت بسـکیتێک یان شـتێکی هاوشـێوەی پێـدەدرا. تیژیـی پیوازەکە لە کاتـی خـواردن و کزانـەوەی گـەروو و چاومان کە ئـەوە لە جێی خۆی، ناخۆشـیی بۆنی پیوازی کە لـە دەممان دەهـات، دەوروبەرییەکانمانـی قـڕ کردبوو.

یارییەکـی تـر کـە هەتـا ئێسـتاش بـە لای منـەوە سـەیرە، یـادەوەری کەوەردزیـن لـە بەقاڵیی گەڕەکەکەمانـە. کابرایەکـی تـورک هەبـوو بـە نـاوی کاک عـەرەب کـە لە سـەر شـەقامی سـونەت یـان هەمـان شـەقامی مەلاسـاڵەی قەدیم، خاوەنـی دوکانێکی گـەورەی بەقاڵی بوو کە سـەوزەی دەفرۆشـت. من و حەبیبە هەندێک جار کە بە لای دوکانەکەیدا تێدەپەڕین، جار جار دەسـکێک کەوەرمـان دەدزی و دواتـر پێدەکەنیـن. یەکێـک چاودێری دەکـرد کە کاک عـەرەب نەمانبینـێ و ئـەوی دیکەیـان تیـژ دەسـکی کەوەرەکـەی دەدزی و ڕای دەکـرد. هەندێک جار پێمانـی دەزانی و شـەپڵاغەیەکی تـێ دەسرەواندیـن، یان جنێوبارانـی دەکردین! ئەم ئاغا عەرەبە دەسـتی قورس بـوو. ئێسـتاش لام پرسـیارە بۆچـی ئێمـە سـەوزەمان دەدزی، ئەویـش کـەوەر؟! باشـە ئەمە کەی یـاری و سـەرگەرمی بـوو و لـە کێ فێـر ببووین؟!

نەورۆزیـش وەکـوو مانگـی موحـەرەم ڕێوڕەسـم و نەریتـی تایبـەت بـە خـۆی هەبـوو. شـەوێ پێـشتر هێلکـەکان لـە نـاو توێکڵـی پیـوازدا دەکوڵێنـن بۆ ئـەوەی ڕەنگی سـوور بگرێتە خـۆی و بۆ شـەڕی هێلکەشـکێنی ئامـادە بێت. یەکێک لـە یارییـە نەورۆزییەکانی تری منداڵان ئـەوە بوو کە

دەچـوون لـە درگای ماڵانیـان دەدا و بـە وتنـی «هەلاوە مـەلاوە، هێلکەیەکمان بۆ بخەنـە بەر تاوە، کچتـان ببـێ بە بووک و کوڕتان ببێ بـە زاوا»، داوای نەورۆزانەیان دەکرد و نەورۆزانەکەش هێلکە، نوقـڵ، گوێز، سـنجوو، شـیرینی و شـوکلات و ... بوو کە بـەم نەریتەیـان دەوت هەلاومەلاوە. ئەمە یەکێـک لـەو یاری و مەراسـیمانە بوو کە تورک و کورد تێیدا بەشـدار دەبوون، دیـارە هەلاوەمەلاوە لـە لادێکانـدا بە جۆش و خـرۆشتر بەڕێـوە دەچوو.

بەشـە سەرنجڕاکێشـەکەی ئـەم یارییانـە لە کووچە و حەوشـەدا بـە ئامادەبوونـی منداڵەکانی دیکـە ئەنجـام دەدرا: یاریـی کوڕانـەی وەکـوو تۆپێـن کـە گەورەسـاڵەکان ڕۆڵیـان تێـدا نەبـوو و هەروەهـا ئـەو یارییانـەی کـە کوڕ و کـچ تێیـدا بەشـدارییان دەکرد وەکـوو قەرێقـەرێ، جۆجۆین، نۆڕیسـکێن کـە لەگەڵیشـیدا گۆرانـیمان دەچـڕی و شـێعری کـوردیمان دەوتـەوە.

کـە گەورەتـر بووم تێگەیشـتم کـە یاریی کۆن و نەریتیـش تەنها بۆ کوڕانە و زیاتـر لە تێهەڵدان دەچـێ نـەک یـاری. بـۆ نموونـە لە شـەوانی درێژی زسـتاندا پێکەوە کـۆ دەبووینەوە و یاریی شـا و وەزیرمـان دەکـرد کـە هاوشـێوەی دادگاییکردنی مەیدانی جەنـگ وا بوو. بە فەرمانی پاشـا، وەزیر بـە گۆپاڵێـک کـە لـە بەسـتنەوە و گرێدانـی پشـتوێن دروسـت کرابـوو، کەسـی تاوانباریـان بـاش دەکوتـا. کورتانـی کەریـش یارییەکـی تـر بوو کـە تیایدا دوو کەس سـواری کەسـێکی تـر دەبوون و دەسـتیان بـە یەکـەوە دەگـرت و خۆیـان پێـوە هەڵدەواسـی و ئەوەشـی کـە دەکـەوت؛ تێیـان هەڵـدەدا. بـە کورتـی یارییەکانمـان لـەم جـۆرە بـوون و هەندێـک جـار توندژۆیانـە و ئازاربەخـش بوون.

ئەوپـەڕی ئیمکانیاتمـان بـۆ یاریکـردن ئـەو کاتـە بـوو وا دەچووینـە گەڕەکـی تورکـەکان کـە تاکـە سـینەمای نەغـەدەش لـەوێ بـوو. لـەم گەڕەکـەدا پیـرە پیاوێـک هەبـوو کـە تفەنگـی بـادی هەبـوو. چەنـد تمەنێـکمان دەدا و تفەنگـی بادییەکـەی پـێمان دەدا کـە پێنج جار تەقـە بکەین و نیشـانەی بارووتـی بپێکیـن. مـن زۆر جـار دوو کەڕەت یاریم دەکـرد. زۆر جار لـە کەڕەتی یەکەمدا سـەر دەکەوتـم و کەڕەتـی دووەمیـش خەڵاتەکـەم بـوو. هـەر لـە منداڵییـەوە نیشـانەکانم چـاک دەپێـکا، پیرەمێردەکـەش هەمیشـە دەیگـوت: «کـۆردلار قشـە وروو لار» واتـە کـورد چـاک نیشـانە دەپێکـن. کاتێـک لـە ناوچەکـەدا چەک زۆر و لەبەردەسـت بـوو، تەقەکردنەکەم بەهێزتـر کرد و لە سـەردەمی سەربازیشـدا، فیشـەکی قاچاغم لە چـەک و هێزی کەتیبە و هێزەکانـی بەرگری کڕی و تەقەکـردن لـە شـاخ بوو بـە یەکێک لـە سـەرگەرمییەکانم.

کاتێـک لـە لەندەن خوێنـدکار بووم بیـری تەقەکردنم کـرد. یانەیەکی تەقەکردنـم دۆزییەوە و فێـری تەقەکردنـی پڕۆفیشـناڵ بووم. بۆ ئـەوەی لەو یانەدا نـاوت تۆمار بکەن، پرسـیارێکی زۆریان لە سـەر پێشـینەی تەقەکردنەکە لێم پرسی. پرسـیار و وەڵامەکانیان پڕۆسـەیەکی درێژخایەن بوو لەبـەر ئـەوەی لـە ڕابردووم بکۆڵنەوە. مـن ئەوە لە حـەوت دەوڵەت بێخەبەر، هەمـوو ئەزموونەکانی خـۆم لـە بواری تەقەکـردن و کارکردن بە چەکی جیـاواز بۆیان باس کـرد. دوای ماوەیەک پۆلیس

تەلەفۆنـی بـۆ کـردم و لـە گفتوگۆیەکدا پرسـیاریان لێکردم کە ئـەو دەمانچانەی تەقـەم پێکردوون ئێسـتا لـە کوێـن و ئایا ئاشـنای بۆمـب و تەقەمەنی و ... هـەم یان نا.

دوای چاوەڕوانییەکـی زۆر مۆڵەتـی کاتییـان بـۆ دەرکردم و سـاڵەهای سـاڵ لەو یانـەدا تەقەم دەکـرد هەتـا ئـەوەی کـە کارتـی هەمیشـەیی و مۆڵەتـی بەشـداریکردن لـە پێشـبڕکێ ناوچەیی و پارێزگاکانـم پێـدرا، کـە ئەمەش سـەرگەرمییەکی خـۆش و تا ڕادەیـەک پیاوانە بوو. لـە ماوەیەکی کەمـدا پلـەی دووەم و سـێیەمم هێنـاو و بـە کالیبەرێکـی نزمـەوە لـە پێشـبڕکێکانی نێوانخولی لە ئەڵمانیـا و کۆمـاری چیکـدا بەشـداریم دەکـرد و کاتێکیـش کـە گەڕامـەوە بـۆ ئێـران، یانەیەکم لە گەڕەکـی سـادقییەی تـاران هەڵبـژارد و بـۆ ماوەیـەک لـەوێ درێـژەم بـە پرۆڤـەی تەقەکـردن دا. ئێسـتاش زۆربـەی کاتـەکان لەگـەڵ کوڕەکـەم بـەو تفەنگـە بادییـەی کە لە کۆنـەوە لـە ئینگلتەرا هەمبـوو، مەشـق دەکـەم. تەقەکـردن جۆرە وەرزشـێکە بۆ تەرکیزکـردن لە سـەر خاڵێکی بچووک، پتەوکردنی باسـک و ناوقەد بەرەو ژوور و قەتیسـبوونی مێشـک و دەروون بۆ تەقەکردن. ئێسـتا کە لـە ڕووی فەلسـەفییەوە زۆر زیاتـر دژی دەمانچەم، کارگی ئەم پرسـیارە لە مێشـکمدا هەڵدەتۆقێ کـە ئایـا تەقەکردن دەتوانێ وەرزشـێکی تەندروسـت بێت؟ ئەمە پرسـیارێکە کە لایەنگـر و نەیاری زۆرە و لەبـەر ئـەم هـۆکارەش ئـەم پرسـیارە ناتوانـێ یەک وەڵامـی هەبێت.

ڕەنگـە پێتان سـەیر بێ باسـی جۆری ئەو یارییانـە بکەم کە لە گوندەکـەی باپیرمدا دەمانکرد. ئەوسـا لـە لادێـکان پـێڵاوی جیـر هەبوو ئـەو پێڵاوەمـان لە پێ دەکـرد و پێکـەوە یـاریمان دەکرد. یارییـەکان توندوتیـژ و منداڵانـی لادێـش لـە منداڵانـی شـار بەهێزتـر بـوون. بۆ نموونـە گۆبازێنی کـوردیمان[1] (چـۆگان) دەکـرد، مـن نەمدەتوانـی بیکـەم. هەلووکێـن[2] کـە لـە نـاو فارسەکانیشـدا هەیـە، بـەڵام نازانـم چـی پـێ دەڵێـن، بـۆ "هەلووکێن"کـردن و ناردنـی بـۆ کەسـی بەرامبـەر، چۆگانێکـی بچووکیـان بـە کار دەهێنـا. هەلـووک شـووڵێکی ڕاسـت و نەرمـە کـە درێژییەکـەی بیسـت سـانتیمەترە، کـە بـە چۆگانێـک لێـی دەدەن و بـۆ یـەکتری دەنێرن.

---

١. هەللوکێـن/ هەلووکێـن. ئـەم یارییە نزیکەی ٦٠٠ سـاڵ پێش زایین لە سـەردەمی هەخامەنییەکان لە ئێـران و لە دەرباری پاشـایەتیدا ئەنجام دراوە. لە کاتی داگیرکردنی وڵاتی هیندسـتان لە لایەن داریۆشـی یەکەمەوە ئەم یارییە براوەتە هیندستان و لەوێشـدا پـەرەی سـەندووە. هەروەها لە سـەردەمی ساسـانییەکاندا بەشـێک لـە فەرهەنگـی یارییەکانی ئەو سـەردەمە بووە. نـاوی چـۆگان (شـەقێن یـان گۆبازێـن) لە ناوی دارێک هـەر بەو ناوە وەرگیـراوە کە تێیدا بـەکار هاتووە. ئەم یارییە لەسـەرەتادا نازناوێکـی سـەربازی و جەنگـی هەبـوو، سـوارەکارە ئێرانییەکانیـش بەو چۆگانە بەهرەی ئەسـپە جەنگییەکانیان پیشـان دەدا. هەرچەنـدە وەرزشـی چۆگانـی ئەمـڕۆ لە یاریی چۆگانی ئێرانەوە سـەرچاوەی گرتـووە، بەڵام نابێ ئەو ڕاسـتییە فەرامۆش بکەین کـە ئـەم وەرزشـە لـە نـاو وڵاتانی دراوسـێی ئێرانی ئێسـتادا لەوانە کۆمـاری ئازەربایجان و جۆرجیـا باو بووە. لـە مینیاتۆرییەکان و تەنانـەت لـە فەرشـەکاندا هەنـدێ دیمەنـی یاریـی چـۆگان (گۆبازێـن) و کۆبوونـەوە و ڕاوکردنی ئەوسـای تێـدا دەبینرێت. لە ٣ تشرینـی دووی سـاڵی ٢٠١٣ کۆمـاری ئازەربایجـان بڕیـاری دا یاریـی چـۆگان لە یونسـکۆ تۆمار بـکا، بەڵام لـە کۆبوونەوەی هەشـتەمی لێژنـەی کەلەپـووری یونسـکۆ لـە باکۆ داواکـەی وەرنەگیرا و دواجـار ئەم وڵاتە توانـی یاریی ناوچەیـی قەرەباغ وەک یاریـی چۆگانی ئازەربایجانـی تۆمار بکات.

٢. هەللوکێن

منداڵانـی لادێ زۆر حەزیـان لـە یاریـی تۆپـی پـێ نەبوو و یاریـی تایبەت بە خۆیانیـان هەبوو، یاریـی خۆجێـی و ورووژێنەریـان هەبـوو. لـە سـەرەتادا هێشـتا بـەوێ ڕانەهاتبـووم، هـەر بۆیـە نەمدەتوانـی ئـەو یارییانـە بـە باشـی بکـەم. منداڵانـی لادێ لـە شەڕکردنیشـدا توندوتیـژ بـوون و هەندێـک جـار بە بـەرد دەکەوتنە گیانی یەکتر. چەند جارێکیش باشـیان تێـم هەڵدا، پێم خۆش نەبـوو لێیـان کـەمتر بـم، ڕوودار بـووم، ئەنجامەکەشـیم دەبینـی!

دابونەریت و ماتەمینی موحەڕم، قەمەلێدان[1] و تەوقی سەرە خوێناوییەکان

بـەر لـە ئینقلاب و شـەڕی شـار، شـاری نەغەدە شـارێکی جـوان بوو کـە کورد و تـورک پێکەوە دەژیـان. هیـچ کێشـەیەکی تایبەتیـان لەگـەڵ یـەکتردا نەبـوو و پێکـەوە دەژیـان و بازرگانییـان دەکـرد. لـە ڕۆژانـی دیاریکـراودا ئەم دووانەییـە فەرهەنگی و ڕێـز لە یەکگرتنە خۆی نیشـان دەدا، بـۆ نموونـە لـە مانگـی موحـەڕەم و ڕۆژانـی نـەورۆزدا. لـە مانگـی موحەڕەمـدا تورکەکان بـە گروپی ماتەمینییـەوە دەهاتنـە گەڕەکەکەمـان و دابونەریتـی جۆراوجۆریان ئەنجـام دەدا.

تەپڵـە گـەورە و زەبەلاحـەکان دیارترین نیشـانەی گروپـە ماتەمینییەکانی تورکـەکان بوون. بە هـەر لێدانێـک کە لە تەپڵەکەیـان دەدا پەڕەی گوێی بنیـادەم دەلەرزی. هـاوکات لەگەڵ لێدانی تەپـڵ، هەنـدێ وشـەیان بـە زمانـی تورکـی و بە دەنگـی بەرز دووبـارە دەکـردەوە، کـە زۆربەی ئەم وشـانە گفتوگـۆی نێـوان ئەبووەلفەزل و ئیمام حسـێنی برای بـوو. ئەم دەنگە ئەوەنـدە بەرز بوو کە منداڵـە بچووکەکان دەترسـان و هەندێک جـار دەگریان.

نەریتـی شـکاندنی سـەر بە قەمە، کـە پێی دەوتـرا قەمەزەنـی، منداڵانی دەتۆقاند. سـەرباری ئەوەی زۆر لەم مەراسـیمە دەترسـام، هەموو سـاڵێک لـە مانگی موحەڕەمـدا، دەچوومە زەوییەکی چۆڵـی نزیکـی نەخۆشـخانەی ئێسـتا لـە گەڕەکـی تورکـەکان بـۆ ئـەوەی ماتەمینەکـە ببینـم. لـە کۆڕیـەی نێـو لانکـەوە بگـرە هەتـا پیری گۆچـان بەدەسـت لێـرەدا کـۆ دەبوونـەوە و دەمبینین کە بـە چەقـۆ یـان شمشـیر لـە تەوقـی سـەری منداڵەکانیـان و سـەری کۆڕپەکانیـان دەدا و خوێـن فیچقـەی دەکـرد. پاشـان دەنگی گریان و قیژە و سـڵەوات ناردن تێهەڵکێشـی یـەک دەبوون و لە نـاو دەنگـە دەنگـی یـا حسـێن، یا حسـێن، و یـان ئەبولفـەزل تێکـەڵ و ون دەبوون.

ئـەم ڕێوڕەسـمە سـاڵانێکە بـە ئاشـکرا قەدەغـە کـراوە، بـەڵام هەتـا ئێسـتاش بـە نهێنـی لـە ناوچـە تورکنشـینەکانی ئێرانـدا بەڕێـوە دەچێـت. چیرۆکـی قەمەزەنـی ئەوەیە کە ئـەوان لە چەند

---

١. قەمـە چەکێکـی سـاردی هاوشـێوەی شمشـێر بەڵام سـاف و کـورت و پـانترە. قەمەلێدان یـان تەبیر جۆرێکە لە مەراسـیمی ئایینـی کـە لای بەشـێک لـە شـێعەکان جێـی بایەخـە، کـە لـەو ڕێوڕەسـمەدا خەڵـک بـە قەمـە لـە خۆیـان دەدەن و تووشـی برینـداری و خوێنبەربـوون دەبـن. ئـەم جـۆرە ماتەمینـە لە ناو کۆمەڵێک لە شـێعەکاندا لـە کاتی مەراسـیمی ماتەمینی مانگی موحەڕەمـدا ئەنجـام دەدرێ بـۆ ئـەوەی بەم شـێوە خۆشەویسـتی و پەرۆشـیی خۆیان بۆ ئیمام حسـێن دەرببـڕن و هەروەها ئەم کارە بـۆ بەهێزکردنـی ڕۆحـی ئازایەتـی و ڕاگەیاندنـی جیهاد لـە ڕێگـەی بیروباوەڕەکانیانە.

ڕۆژ پێشترەوە لە نێوان خۆیاندا کات و شوێن دیاری دەکەن و بەیانیی زوو لە ماڵی یەکێک لە گەورەکانی گەڕەک کۆ دەبنەوە. ئەوانەی دەیانهەوێ قەمە لێ بدەن، قژیان دەتاشن، دەستماڵێکی سپی بە سەریانەوە دەبەستن و تەوقی سەریان بە ڕووتی دەیهێڵنەوە. تەوقی سەری کۆڕپەی چەند مانگە لەم مەراسیمەدا بە قەمە دەبڕن بۆ ئەوەی چاک ببنەوە. هەموو ئەوانەی لەم مەراسیمەدا ئامادە دەبن بە دەور یەکەوە لە حەوشەکەدا تەمبوورە دەبەستن و دەستی یەکتر دەگرن. کەسێک لە گەورەکانی گەڕەک کە پێی دەڵێن قەمەزەن و یەکێک لە خزمەتکارە کۆنەکانی ئیمام حسێنە، قەمەبەدەست دێتە ناوەراستی ئەڵقەکە و لە ناوەڕاستی بازنەدا دەسوڕێتەوە. هەموو پیاوەکان بە دەور حەڵقەکەوە دەستی یەکتر دەگرن و دەڵێن "یا حسێن". قەمەکە یەک بە یەک سەری هەموویان بریندار دەکا و خوێن دەڕژێت.

ئەوانەی پیر و لێهاتوون، داوای مۆڵەت لە قەمە بەدەست دەکەن بۆ ئەوەی ڕێگەیان پێ بدا کە ئەوان ئەم کارە بکەن. قەمەکە وەردەگرن و لە تەوقی سەریانی دەدەن. هەندێک جار وا ڕوو دەدا کە کەسێک جگە لە خۆی بە ناوی کەسوکار و هاوڕێکانیەوە کە پێویستی یان کێشەیەکیان هەیە، چەند جارێک قەمە لە خۆی دەدات. لە هەندێک حاڵەتدا ئەم کەسە دەچێتە خەڵسەوە و لە ژێر کاریگەریی وروژانی جەماوەردا هیچ کۆنترۆڵێکی بە سەر خۆیەوە نامێنێت. ئەوەندە لە سەر خۆی دەدا کە ئەوانی تر بە زۆر قەمەکەی لێ وەردەگرن.

● وێنەی ٢٨- ڕێوڕەسمی عاشوورا، نەغەدە، موحەڕەمی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩)

ژنان بۆیان نییە بەشداری ئەم مەراسیمە بکەن. بە گریان و بە دزییەوە لە گۆشەی پەنجەرەکەوە سەیری مەراسیمەکە دەکەن و نانی بەیانی ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی قەمەزەنەکان بتوانن لە کۆتایی مەراسیمەکەدا بە کۆمەڵ نانی بەیانی بخۆن.

لە ڕۆژانی موحەڕەمدا جۆرێک لە شانۆ بە ناوی تازیە نمایش دەکرێت. لەم نمایشەدا خەڵک بە ئەسپەوە دێن و ئاگر لە خێوەت بەر دەدەن. بۆ ئێمەی منداڵان ئەم بەشە زۆر خۆش و سەرنجڕاکێش بوو، بەڵام کوردی ناوچەکە حەزیان لەمە نەبوو. ئەوان پێیان وا بوو کە لەم مەراسیمەدا سووکایەتی بە مەعاوییە و یەزید دەکرێت. ئەوەی جێگای سەرنجە، ئەوەیە کە مەعاوییە ئامۆزا و زاوای پێغەمبەرە و یەکێک لە کەسە بەڕێز و گرنگەکانی ئەهلی سوننەیە.

لەگەڵ ئەوەی گروپەکانی ماتەمین دەهاتن، ژنانی کورد لە سەر ڕێگا یان لە ناوەڕاستیاندا دادەنیشتن. پۆل پۆل ڕادەوەستان و دۆعایان بۆ دەکردن. ئەو تورکانەی کە کوردییان دەزانی،

بەشێک لە دۆعا و نزاکانیان بە کوردی دەکرد و ئەم جۆرە کارەیان هاوسۆزی و هاودڵیی ئایینی دروست دەکرد. من ئەم بەرنامانەم بەدڵ بوو و دواتر کە لە نەغەدەوە چووینە پیرانشار و دیسانەوە گەڕاینەوە بۆ نەغەدە، بەردەوام لە ڕێوڕەسمی موحەڕەمدا بەشداریم دەکرد. بەڵام گرۆتینەکەی کەم ببووەوە و بەکارهێنانی قەمە قەدەغە کرابوو. لە هەر دوو لاوە بەشداریکردن لە ماتەمینی موحەڕەم وەکوو ڕابردوو نەبوو و بەرەو کزبوونەوە دەچوو. و گەنجانیش ئەگەر لە مەراسیمەکانی موحەڕەم و عاشورادا بەشداری دەکەن لەبەر بیروباوەڕی ئایینی نییە. کچان و کوڕان لەم مەراسیمەدا چاوە چاو دەکەن کە مەحافزەکارە ئایینییەکان زۆر بەوە قەڵس دەبن کە نەریتی ماتەمینی موحەڕەم و عاشوورا فەرامۆش کراون.

کابرای پانتۆڵ عەجەمی و تەنوورە سوورەکەم!

هاوینان حەوشەکەمان دەبووە گۆڕەپانی یاریکردنم. تەمەنم لە ناو پێنج ساڵ و نیو بوو و لە حەوشەدا یاریم دەکرد کە لە دەرگایان دا. دایکم و نەنکم بەرەو پیریی میوانەکە چوون. دیار بوو کە ئەوان باش یەکتریان دەناسی. پیاوێک بوو بە پێچەوانەی ئەوانی تر جلی کوردی لەبەر نەبوو. پانتۆڵی عەجەمی[1] لەبەردا بوو، جانتایەکی چەرمیی جوانی بەدەستەوە بوو و کڵاوێکیشی بە سەرەوە بوو. لە نەغەدە بە تورکەکانیان دەگوت عەجەم و من پێم وابوو ئەم پیاوە عەجەمە. دوای هاتنی پیاوەکە زۆری نەخایاند کە دایکم بانگی کردم و وتی: "کامیل وەرە، شرنیت[2] دەمێ". ئەم بانگهێشتەی دایکم کەمێک بە لامەوە سەیر بوو. چونکە دایکم ئەگەر گەرەکی بووایە شتێکم پێ بدا، بە دزی و بە ئەسپایی بانگی دەکردم، بەڵام ئەمجارەیان بە دەنگی بەرز هەرای لێ کردم. بەڵام کەڵکەڵەی شیرینی دوو دڵی لا نەهێشتم و چوومە ژوورەکەوە.

هەر کە چاوم کەوتە چەقۆ و کەرەستەکانی تری ئەو پیاوە نامۆیە، دووقرانیم کەوت، لە پەنجەرەکەوە بازم دا و چوومە ناو تەوالێتەکە کە لە گۆشەی حەوشەکەدا بوو، خۆمم شاردەوە. سەبارەت بە خەتەنەکردنی منداڵان زۆرم بیستبوو و دەترسام. دەرگای تەوالێتەکانی ئەوسا قوفڵیان نەبووە و لە پشتەوە بە چل مێردە یان بە پەتێکەوە دەیانبەستەوە. من داری چل مێردەکەم توند گرتبوو، ئەوانیش لە دەرەوە دەیانکێشا و منیش لە ناوەوە پاڵم پێوە دەنا. زۆری خایاند، بەڵام دواجار توانیان فێڵم لێبکەن و لە تەوالێتەکە بمهێننەوە دەرەوە.

بێهیچ ڕوونکردنەوەیەک، نە قسەی خۆش و نە تەنانەت سرکەریش! پانتۆڵەکەمیان داکێشا.

---

١. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئەو سەردەمەدا ئەگەر کەسێک شەروال لە پێدا ببووایە دەیانوت ئەوە پانتۆڵی عەجەمی لە پێیە. مەبەستیان لە عەجەم تورکە.

٢. ناوچەی موکریان شیرینی بەم چەند شێوە بێژە دەکەن: شرنی، شیرنی.

دەترسام و نەمدەزانی چیم بەسەر دێت. دەڵقێکیان ڕاخستبوو و منیان لە سەری خەواند. ملم نەدەدا و دەنگی خشەخشی دەڵقەکە تێکەڵی قیژەقیژەکەم ببوو. نەنە و دایک و ئەو پیاوە نامۆیە کە سامێکی سەیری هەبوو (نازانم کورد بوو یان عەجەم، بەڵام زۆر باش بە کوردی قسەی دەکرد) لەگەڵ پوورەکانم لە ژوورەکەدا بوون و من نەمدەزانی بە تەمان چی بکەن کە کەسێک وتی: "کامیل، ئەوە هیچ نییە، خەریکین کیرت دەبڕین."

ئەوەی وت و دڵم تۆقی و زیاتر لاساریم کرد ... لە ئەدەبیاتی باوی ناوچەکەدا ئەوانەی خەتەنەیان دەکرد پێیان دەوترێ "کێربڕ". کاتێک دەیانویست منداڵەکان بترسێنن، جگە لە دەرزی لێدان و سزادانی مامۆستا و شتی تر، بە کێربڕیش دەیانترساندن و بۆ نموونە دەیانوت: "کێربڕ دێ کێرت دەبڕێت". بە ترسەوە تێگەیشتم کە چەندە لە دێوەزمەی کێربڕیان دەیانترساندم، ئاخری هاتە سەر ڕێم. پێم وا بوو سزام دەدەن و نەمدەزانی بۆچی و چ کارێکی خراپم کردووە وا ئەم بەڵایەم بە سەر دێنن.

وام دەزانی کە ئەندامی زاوزێم لە بنەوە دەبڕنەوە و بە ڕاستی مردم و زیندوو بوومەوە، خێرا خەتەنە کرام، بەڵام ئێشەکەی گورچکبڕ بوو. ماوەیەکی زۆری پێچوو هەتا توانیم کاتی ئاودەست، ئەندامی نێرینەم بە دەستەوە بگرم، چونکە ئێشی زۆر بوو. دەستم بە کەلەکەمەوە دەگرت زکم دەدا پێشەوە و بە ڕاوەستانەوە میزم دەکرد. دواتر کە براکەم خەتەنە کرا، هەستم بە ئازارەکانی دەکرد و بەزەییم پێدا دەهات.

وێنەی ٢٩- تیغی نەریت لە ژێر ناوی ئایین، چاپی سوید، ٢٠٢٣

لە هەموو ئەو ساڵانەی کە لێکۆڵینەوەم لە سەر بابەتی خەتەنەکردنی ژنان دەکرد، لە کاتی دیمانەکاندا ئەو ئازارانە لەگەڵم بوون و ڕەنگە ئەم ئەزموونە یەکێک لەو هۆکارانە بووبێ کە توێژینەوەیەکی گرووپی و بەرفراوان لە ئێراندا لە سەر مەسەلەی خەتەنەی ژنان[1] و دواتر پیاوان[2] ئەنجام بدەم کە ماوەیەک لەمەوبەر توێژینەوەیەک لە سەر خەتەنەی پیاوان یان کوڕان کە یەکێک لە توێژینەوە زانستییەکانی ئەم بوارە لە ئێرانە، ڕوونوێنی بۆ

١. احمدی، کامیل و همکاران،١٣٩٤، بە نام سنت: پژوهشی جامع دربارهٔ ختنه زنان در ایران، ناشر فارسی: نشر شیرازه، ناشر انگلیسی: Un Cut Voice, UK 2015.

٢. احمدی، کامیل و همکاران، ١٤٠٢، تیغ سنت به نام مذهب: کنکاشی پدیدارشناختی دربارهٔ ختنهٔ پسران یا مردان در ایران، ناشر فارسی: آوای بوف، دانمارک. ناشر کُردی: نشر دانشفر، اربیل، کُردستان

کرا. وەک شتێ قسە بۆ وتن زۆر بوو و هەتا هەنووکە فەزا و هەلی بۆ نەڕەخسابوو و هەڵبەت ئاگادارکردنەوە سەبارەت بە خەتەنە و زیانەکانی و هەروەها کەمکردنەوەی چێژی سێکسی بۆ پیاوانی خەتەنەکراو لە دەستکەوتەکانی ئەم توێژینەوە بوو. ئاگاداربوون لەبارەی زیانەکانی خەتەنە ئێستا زۆرێک لە پیاوانی تووڕە کردووە کە چ بەڵایەکیان بە سەر هاتووە و ئەوەی کە کار لە کار ترازاوە و هیچیان تازە پێناکرێ مەگەر ئەوەی کە کوڕەکانیان خەتەنە نەکەن و ئەوە ڕێک ئەو کارە بوو کە من کردم و کوڕەکەمم خەتەنە نەکرد.

ئەو ڕۆژە تەنها من خەتەنە کرام و براکەم خەتەنە نەکرا. پێم وایە باو بوو کە منداڵان لە نێوان تەمەنی ٥ بۆ ٦ ساڵدا خەتەنە بکرێن، ڕێک لەو کاتەدا لە ڕووی جەستەیی و ڕۆحییەوە لە هەموو کاتێک زیاتر ئێشی هەیە. هیچ دەرمانێکی سڕکەریشیان بەکار نەهێنا و دوای تەواوبوونی کارەکە، کەمێ خۆڵەمێشیان لە تەنووری ماڵەوە هێنا و پرژاندیان بە سەر ئەندامی نێرینەمدا. پاشان من مامەوە و ئازار و تەنوورەیەکی سوور کە لایەنێکی ڕەمزی هەبوو. کوڕی خەتەنەکراو بە لەبەرکردنی ئەم تەنوورە سوورە هەمووان ئاگادار دەکاتەوە کە وریا بن، پاڵم پێوە مەنێن و دەست لە برینی ئەندامی نێرینەم مەدەن و... بەڵام تەنوورە سوورەکە ئازارێکی گەورەتری هەبوو و ئەوەش گاڵتەکردن و سووکایەتی پێکردنی کۆمەڵگەی نەریتی بوو.

ئەم جلوبەرگە کچانەیە لە کۆمەڵگایەکدا کە گریانیش بۆ کوڕ بە کارێکی کچانە دەزانرێ زۆر بە ئازار بوو. تەنوورەی سوور جۆرێک نیشانەدارکردن بوو. خەتەنەکردن خۆی لە خۆیدا کارێکی شوورەیی و عەیبە لەبەر ئەوەی لەبەرچاوی خەڵک ئەنجام دەدرێ و ئەم نیشانەدارکردنە ئەوەندەی دیکە عەیبی دەکات. دیارە هەستی سووکبوون و بێدەسەڵاتیش بە منداڵی کوڕ دەبەخشێت. "تۆ ناتوانی پێشی ئەم کارە بگری" ئەم هەستە چڕتر دەکاتەوە و کەسەکە لە بەر ئەوەی لەبەر چاوی هەمووان خەتەنە دەکرێ زیاتر هەست بە شوورەیی و شەرم دەکات. ئێستا هەمان ئەو کۆمەڵگایە کوڕەی خەتەنە کردووە، تەنوورەیەکی سووری پێ لەبەر کردووە لەبەر ئەوەی بچێتە سەر کووچە و کۆڵان و سەر شەقام، و چاوەڕێی ئەوەش دەکا کە کەسانی تر بێڕێزی پێ نەکەن!

نەریت لە هەندێک لە ڕەفتارەکانیدا لێکدژییەکی سەیری پێوە دیارە. خۆی بەڵایەکت بە سەر دێنێ و هەر خۆشی گاڵتەت پێدەکات! کچەکان زیاتر بێڕێزیان دەکرد، کاتێک کوڕێکیان بە تەنوورەیەکی سوورەوە دەبینی، تێکڕا دەیانوت: "کیریان بڕیوە!" کیریان بڕیوە!" لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە من هەتا ماوەیەک زۆر گاڵتەم بە کوڕە خەتەنەکراوەکانی تر دەکرد کە تەنوورەیان لەبەر دەکرد! سووڕی ئاشنای دووبارەبوونەوەی

ڕەوتـی توندوتیـژی ... ئەم توندوتیژییە دووپاتەیە تەنیا بۆ هەڵڕشـتنی داخ و تۆڵەکردنەوەی ئەوەی بەبـێ ویسـت و بڕیـاری خۆمـان وەک خاوەنـی ئەو جەسـتە لـە دژی جەسـتەمان کردوویانە. هیچ کوڕێـک دەرفەتـی ئـەوەی بـۆ هەڵناکـەوێ کـە تووڕەیـی خـۆی دەربخـا بەڵام کـە کەسـێکی دیکە دەبینـێ گاڵتـەی پـێ دەکا و تۆڵـەی خـۆی لـێ دەکاتـەوە. هەمـوو کـوڕەکان قوربانیی ئـەم خولە توندوتیژییـەن و بەداخـەوە گەورەکان هیچ زانیارییەکیان لەسـەر ئەم مەسـەلە نەبووە کە یارمەتی منداڵەکانیـان بدەن.

کونجکۆڵییە سێکسییەکان

یەکـەم کونجکۆڵییـە سێکسـییەکانم دوای خەتەنەکـردن ئەزمـوون کرد. کونجکاویی سـادە و سـەیر. لـە یاریـی منداڵانەمانـدا کە تەمەنم لە ناو شـەش سـاڵان بوو، سـەیری ئەندامـی نێرینەی یەکترمـان دەکـرد و دەسـتمان لـە یـەکتر دەدا. پرسـیارێک هاتـە ئـاراوە کـە بۆچـی ئەندامـی نێرینەمـان لەگـەڵ یـەک فەرقـی هەیـە؟ ئایا ئـەوان خەتەنـە نەکـراون؟ ڕۆژێک کە میـوان بووین، بـێ ئـەوەی بزانیـن بۆچـی، پۆمپەی هەوایی پاسـکیل کە لەو شـوێنەدا بـوو هەڵمانگـرت و دامان لـە ئەندامـی زاوزێـی کوڕ و کچانەی یـەکتر و بامان دەکردە ناو گیانی یـەکتر! یارییەکی گەوجانە بـوو، بـەڵام بـۆ ئێمـە خـۆش و ورووژێنەر بـوو و بای فێنک لە گەرمـای هاویندا ختیلکـەی دەداین. یەکێـک لـە کچـە ئازەبەکانـی خانـەوادە ئێمـەی بینـی. زۆر تـووڕە و هەمـوو گەورەکانـی بانـگ کـرد. لەنـاکاو هەموویـان ڕژانـە سـەرمان. هـەر یـەک منداڵەکـەی خـۆی هەڵگـرت و پانتۆڵەکەی هەڵکێشـا. یەکـی شـق و زللەیـەکمان خـوارد. ئـەو ڕۆژە ئێمـە لـە ماڵـی خزمێکمان میـوان بووین کـە ماڵەکەیـان لـە کووچەی مزگەوتی گەورەی ئەهلی سـوننەی نەغەدە و دراوسـێی ماڵی باوکی محەمـەد ئـەوراز[1] بوو. کارەسـاتەکە لەوەدا بوو کە ئێمە لە ناوەڕاسـتی کووچە و لەبـەردەم دەرگای ماڵـەوە و بەرامبـەر مزگەوتـی شـار[2] ئەم کارەمـان کرد.

ئێمـە نەماندەزانـی گـەورەکان بـۆ ئەوەنـدە لـەم کارە قەڵـس بـوون و هاشـاوڵیان بـۆ هێنایـن، بـەڵام بـۆ ماوەیەکی زۆر تـرسمان هەبوو تەنانەت لای یەکیش دانیشـین. دواتر بەسـەرهاتەکەیان دەگێـڕاوە و پێدەکەنیـن! هەرگیـز نەمانزانـی ئـەوەی کردمـان ئەوەنـدە خـراپ بووە کە ئـاوا تێیان هەڵدایـن یـان نـا باش بوو، کـە بۆ ماوەیەکی زۆر دەیانگێـڕاوە و پێدەکەنین! ئـەم ڕەفتارانە ئێمەی تووشـی لێکـدژی کـرد. ڕەنگـە ئـەم کارە لـە جیهانـی منداڵیـدا زیاتـر لـەوەی مانای سێکسـی بۆ ئێمـە هەبـێ سـەرنجڕاکێش بـوو، چونکە ختیلکـەی دەدایـن، بەڵام کاردانـەوەی گـەورەکان هەم

---

١. محەمـەد هـەوراز شـاخەوانێکی بەتوانـا بـوو و چەندیـن جـار توانی بە سـەر ئێڤرێسـتدا سـەر بکەوێت. لە سـاڵی ٢٠٠٢ لە کاتـی شـاخەوانی لـە پاکسـتان کۆچـی دوایی کـرد، پەیکەرەکەی لـە زۆربـەی گۆڕەپانەکانی شـارە گـەورەکان دانراوە.

٢. مزگەوتی جامیعەی کوردان.

تـورە و هـەم شـەرمەزار و هەمیـش هەسـتیارتریان کردیـن کـە زیاتـر سـەرنجمان لـە سـەر لایەنـە سێکسـییەکەی بێت .

دوای سـاڵێک کـە وەک ئـاوارە و بـێ مـاڵ و حاڵ چووینـەوە گوندەکەی باپیـرم، یاریی نوێمان بینـی. منداڵانـی گونـد یاریی پڕۆفیشـناڵ و ڕێکخراوتریان هەبـوو. بۆ نموونە خانوویـان بە بەردی گـەورە و بچـووک دروسـت دەکـرد. هـەر یـەک لـەو ماڵانـە هـی کچێـک و کوڕێـک بـوون کـە لـە یارییەکـەدا پێکـەوە هاوسـەرگیریان کردبوو. من لەگەڵ کچی دراوسـێی باپیـرم ماڵێکمان هەبوو و ئامۆزاکـەم لەگـەڵ یەکێـک لـە کوڕەکان ماڵێکیان هەبـوو. ئێمە دەچووینە ماڵی یـەکتر و ژیانی خێزانـیمان بەئەزمـوون دەکـرد. کچـەکان لـە ڕۆڵـی ژنانـی خێزان بـە وردکەبـەرد چایان دروسـت دەکـرد و دەیانهێنـا و دوای میوانییەکـە هـەر ژن و مێردێـک دەچوونـەوە ماڵـی خۆیـان. لەگـەڵ یـەک دەنوسـتین و تەنانەت منداڵی سـاواشمان دروسـت دەکـرد. بە لەتە پەڕۆ منداڵی سـاوامان دروسـت دەکـرد و لـە بـاوەشمان دەکرد و ماچمان دەکرد. لە زۆر شـوێنی ئێرانـدا ئەم یارییە هەیە و لـە کوردیـدا پێـی دەوتـرێ ماڵماڵێـن و جـۆرێ بەئەزموونکردنـی ژیانـی گەورەسـاڵان لـە دنیای منداڵییە.

ئـەم یارییـە، مێژوویەکی دوور و درێژی هەبوو، بەتایبـەت لە گونددا. وەک ئەوەی لە بنەڕەتەوە تیۆریـزە کـراوە و تەنهـا یارییەکـی منداڵانـە نەبوو. بـە ڕای من بەبـەراورد لەگەڵ یارییەکانی شـار، یارییە لادێییەکان زیاتر لە سـەر ڕەوتی خۆناسـینی جەسـتە و سێکس، دەسـت لێدان و وروژاندن بـوون و لەگـەڵ ژینگـە و زەوی و ئـاو و ئاگـردا دەگونجـا و ڕێکخراویـش بـوو. بـە گشـتی بابەتـی سێکسـی لە گونددا زەقتر بوو. ڕەنگە هۆکارەکەشـی سروشـتی تایبەتی لادێکان بێ، خانووەکان بـە حەوشـەی گـەورە و ژووری بچـووک و ژمارەیەکی زۆری منداڵ و نزیکبوون لە سروشـت. هەموو توخمەکانـی ژیانـی لادێ لە کشـتوکاڵ و درووێنەکردنـەوە بگرە هەتا دەگاتە شـێوازی جووتبوون و زاییـن و تره‌کیـن و بێچووخسـتنەوەی ئاژەڵان، تێهەڵکێشـی ژیانـی مرۆڤەکان ببوو. لـە بنەڕەتەوە شـێوازی ژیانـی شـار کـە هـێمای ژیانـی شارسـتانییە، زۆرێـک لـە نموونـە بێبـاک و ئاشـکراکانی شـێوازی ژیانـی نەریتـی و گوندنشـین لا بـراون و وەک بڤە و تابۆ لـە قەڵەمی داون.

لـە فەرهەنگـی ژیانـی لادێـدا زۆرێـک لـە داب و نەریتەکانـی ژیانـی ڕۆژانە عەیب و شـوورەیی نییـە، بـەڵام هەمـان ئـەو دابونەریتـە لـە ژیانـی شـاری ناشـیرین و دوور لـە ئـەدەب و ڕێزگرتنـە و قەدەغـە و سـنووردار دەکرێـن. هـەر لەبەر ئەم هۆکارە خۆسانسـۆری لە شـێوازی ژیانـی مۆدێرنی شـاری زۆر زیاتـر لـە ژیانـی نەریتیی لادێیـە. هەر بۆیە خەڵکی گونـدەکان لە ڕەفتـاری ڕۆژانەیاندا شـەفافتر لە خەڵکی شـارن. ئەم قەدەغەکردنە دەرفەتی ئەزموون و شـەفافیەتی زۆر کەم کردەوە و لـە ئەنجامـدا کەڵکەڵەی زیاتری بـۆ نیازمەندی و ئاتاجمەندی لە خەڵکـدا وروژاند. ڕەنگە ئەمە هـەر ئـەو ئەنجامە بـێ کە سـازوکار و میکانیـزم و پەیوەندییەکانی دەسـەڵات دەیهەوێت.

لـە گوندەکـەدا ڕووەکێـک هەبوو بـە ناوی نانە حاجیلە[١]. نەیاندەهێشـت منداڵان دەسـت لەم ڕووەکـە بـدەن. لەبـەر ئـەوەی پێیـان وابـوو کـە ئەگەر دەسـتی لـێ بـدرێ گۆپی مەمکـی دایکت دێشـێ و چـیتر شـیری لـێ نایـەت. لە گونـدا قسـەکردن لەسـەر بابەتی سێکسـی زۆر ئاسـایی بـوو و زۆر جـار جنێـوی زۆر تفـت و تاڵیـان بە یـەکتر دەوت. بـۆ بەکارهێنان و ناوهێنانـی ئەندامی زاوزێـی نێـر و مێ سانسـۆڕ لە ئارادا نەبوو و ئەم فەرهەنگـە ڕووتە دەرفەتی بەئەزموونکردنی زیاتری بـە منـداڵان دەبەخشـی. کاتێـک گەورەتـر بووین لەگـەڵ کچـەکان لە نـاو ڕووبـار و کانیـاوەکان و ئـەو قووڵکـە سروشـتیانەی کـە بـە هـۆی بارانـەوە دروسـت دەبـوون، مەلەمـان دەکـرد. کچان و کـوڕان ڕووت دەبووینـەوە و خۆمـان فـڕی دەدایە ناو گۆلێاوەکە و هەسـتی کونجکۆڵـیمان دەبزوا. کچـەکان خۆیـان لـەم کونجکۆڵییانـە بـەدوور دەگـرت، بـەڵام ئێمـە جارێکـی تر لە شـوێنێکدا کۆ دەبووینـەوە. ڕووتبوونـەوە لـە فـەزای گونـد بـۆ مـن ئەزموونێکـی جیـاواز بـوو کـە ئـەم ئەزموونـە لە سیسـتەمی شـاردا زۆر ڕووی نەدەدا.

دەرپێکەی نەنەم با دەیشەکێنێ!

زۆرێـک لـە منداڵان بـزۆزن و هاروهاجی دەکەن کە ئەمە خەڵک هەراسـان دەکا یان ئەوەندە بەدفـەڕن کـە گەورەکان وەک هەموومان دەزانین لە فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتیدا دەڵێن منداڵەکەمان ئابڕوومانـی بـردووە. منیش وەکوو هەموو منـداڵان لەم حاڵەتانەدا خۆم بـە خەجاڵەتی گەورەکانم دەزانـم، مـن لـە تافـی منداڵیـدا تایـەی ئۆتۆمبێـل و تراکتۆرەکانـم پەنچـەر دەکـرد. جـاری وا بوو هـەر بـە تەنیـا ئـەم کارەم دەکـرد و هەندێـک جاریـش لەگـەڵ سـابیری پـوورزام و ڕەسـووڵی برام دەکەوتینـە گیانـی ئـەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە قەراغ شـەقامەکان ڕاگیرابوون. کارێکی ئاسـان بوو و دزینـی شـقارتە لە مدبەخی ماڵـەوە کارەکەمانـی جێبەجێ دەکرد.

مـن زۆر لـە کارەکەمـدا ڕژد بـووم. ئـەو کاتانـەی وڵات چـۆڵ دەبـوو دەچووینە دەرەوە. سـەرەتا دڵنیـا دەبووینـەوە لـەوەی کەس لە دەوروبەرمان نییە. پاشـان شـقارتەکەم دەخسـتە سـەر زارکی تیووبەکـە و باکـەم بەتـاڵ دەکـردەوە. گوێـم لـێ نزیـک دەکـردەوە، بۆ ئـەوەی دەنگـی دەرچوونی باکـە ببیسـتم. فسەفسـی دەرچوونـی بـا و بۆنـی بـای تایەکـە چێژێکـی خۆشـی پـێ دەدام. مـن ئەوەنـدە ئـەم کارەم دەکـرد هەتا تایـەی ئۆتۆمبێلەکە پەنچەر دەبـوو و دواتر دەچوومە سـەر تایەی دیکـە. هەمـووان دەیانزانـی کـە ئەمە کاری کامیلی کـوڕی کاک کەریمە و هەمیشـە چەند کەس گلەییـان لێـم دەکـرد. کێشـەکە لـەوەدا بـوو کـە لـەو کاتـەدا زۆرێـک لـە ئۆتۆمبێلـەکان جـەک و پارچـەی یەدەگیـان نەبـوو. هەربۆیـە ناچـار بـوون بـەرد و بلـۆک بخەنە ژێـر ئۆتۆمبێلەکـە و تایەی ئۆتۆمبێلەکـە دەربهێنـن و بیبەن بۆ پەنچەرگیری بای تێبکـەن و بیگەڕێننەوە. هەموو جارێ دوای

١. پەپەچەورە، نانە حاجی لەک لەک.

ئـەوەی کـە خەڵـک لای باوکم شـکاتیان لێم دەکرد من شـەپلاغە یان تەشـەرێک دەسـتمی ماچ دەکـرد. بـەڵام مـن وازم لـەم کارە نەهێنـا. تازە ڕیکۆردێکم بۆ خـۆم تۆمار کردبـوو؛ خاڵیکردنی بای تایـەی گـەورەی تراکتـۆری باپیرم کـە لە گرداشـەوانەوە هاتبـووە نەغەدە!

مـن و حەبیبـە لـە تەمەنـی پێنـج سـاڵیدا لـە داهێنانێکی سـەیردا ویسـتمان لە ژێر سـێبەری دەرپێکـەی نەنکمـدا بـە شـاردا بگەڕێیـن! دیـارە لـە بیرم نییـە بۆچـی و چ پلانێکمان بۆ ئـەم کارە دانابـوو، بـەڵام دەرەنجامەکـەی ئـەوە بـوو کـە نەنکـم هەتا ئـەو ڕۆژەی سـەری نایەوە هـەر کاتێک وەبیـری دەهاتـەوە لـە شـەرمان سـوور هەڵدەگـەڕا. یەکێـک لـە دەرپێکانـی نەنەمـان لـە سـەر تەنافەکـە هەڵگـرت و هەر یەکەمـان دەلینگێکمان بە دەسـتەوە گرت. پانتۆڵە سـوورەکەشمان بە دوای خۆمانـدا ڕاکێشـا و چووینـە سـەر شـەقام، وەک ئـەوەی فوودانەیەکی هاوبـەشمان هەبێت!

ژنانـی کـورد بـە هـۆی شـەرم و حەیایـەک کـە هەیانـە هەرگیـز لەبـارەی دەرپێـی ژنانـە کـە هـەراوە قسـە ناکـەن. ئێسـتا بیهێنـە بەرچـاوت کـە لـە سـاڵانی پەنجاکانـی هەتاویـدا ئـەم دەرپـێ پینەکراوەمـان هەڵگـرت و بـە شـەقامی سـەرەکیی شـاردا دەڕۆیشـتین. هەمـووان پێمان پێدەکەنیـن، بەتایبـەت ژنـە تورکـەکان. نازانـم بۆچـی لە شـەقامی ماڵـی خۆمانەوە چووینە سـەر شـەقامی ژەندرمـە و پاشـان بۆ شـەقامی پەهلەوی، پاشـان بە سـەر پیادەڕەوەکـەدا[1] هەتا کۆتایی هەمـان شـەقام و نزیـک ڕووبـاری گادەر بـە بەرچـاوی ئـەو هەمـوو خەڵکـە و سەرسـووڕمانی ژن و پیاوەکانـدا بـە دوای خۆمانـدا ڕامـان دەکێشـا. لـە کۆتاییـدا یەکێـک لـە هاوڕێکانـی باوکـم من و حەبیبـەی ناسـیەوە و هێنامانیـەوە ماڵـەوە. ئـەو ناسـیاوەش لـە کاتێکـدا کـە لە شـەرمان سـوور ببـووەوە دەرپێکـەی نەنکمـی لـە ڕۆژنامەیەکـدا پێچـاوە، پێشکەشـی کـرد!

ئـەو ڕۆژە شـەڕیان لەگـەڵمان کـرد، بـەڵام دوای سـاڵانێک کـە ئـەم یادەوەرییەیـان بیـر دەکەوتـەوە، دەیانپرسـی باشـە ئەنگێزەتـان بـۆ ئـەم کارە چـی بـوو؟ ئێمـەش کـە وەڵاممان نەبوو، هـەر پێدەکەنیـن. ئێسـتا کـە بیـری لێ دەکەمەوە هەسـت دەکـەم لەبەر ڕەنگی سـوور و فشـی و پینەکراویـی دەرپێکـە ئێمە کەڵکەڵەی ئەوە دای لە سـەرمان کە ئـەم بزۆزییە بکەین. نەنکم هەتا سـاڵەهای سـاڵ لـە ڕووی هەڵنەدەهـات لای باوکـم دانیشـێ و هەر جارێـک دەهاتە مـاڵمان، لە گۆشـەیەکدا خـۆی دەشـاردەوە. ڕەفتـاری نەنکم جگـە لـەو کارە منداڵانەی کە کردمـان، زۆر بەزم و پێکەنینـی بـۆ ئێمـە سـاز دەکرد.

دۆست و هاوڕێی خەیاڵی و ڕاستەقینە، خەیاڵپەروەرییە ڕاستەقینەکان

بەشـێکی زۆری تەمەنـی منداڵیـم لـە نەغـەدە و یاریکـردن لـە کاروانسـەرادا بەسـەر بـرد. من و عەلـی و مەنسـوور و موحسـین و دیکـەی منداڵانـی خـزم کـە یـەک سـاڵ یـان دوو سـاڵ لـە

---

١. شۆستە

یەکتر گەورەتر و بچووکتر بووین، سەر بە یەک نەوە بووین و پەیوەندییەکی نزیکمان لەگەڵ یەکتردا هەبوو. ڕۆژە خۆشەکانمان هەر وا بەردەوام بوو هەتا ئەوەی کە کاروانسەرا وەک میراتێکی خێزانیی دابەش کرا. هەتا ئەو وەختە کوێخاخەلیل لە ژیاندا مابوو، کاروانسەرا هەموو یەکدەست هی هەمووان بوو، بەڵام دواتر مامە قادر بە هۆی ئەو هەستیارییەی کە هەیبوو دیوارێکی لە دەوری بەشەکەی خۆی دروست کرد. مامە قادر تاکە ئەندامی خێزانەکە بوو کە بەرەو لای چێوداری نەچوو. یەکێک لە دوکانەکانی کاروانسەرای پێ بوو و هەتا ئەو ڕۆژەی زیندوو بوو دوکانداری کرد. تەنانەت کاتێک لە نەغەدە ئاوارە کراین، لە پیرانشاریش درێژەی بە کارەکەی دا و هەتا کۆتایی تەمەنی خاوەنی یەکێک لە بەناوبانگترین فرۆشگاکانی کەلوپەلی ناوماڵی ئەو شارە بوو.

لە کوچەی خۆماندا ڕەفێقم زۆر بوون، بەڵام زیاتر لەگەڵ دوو کوڕەکەی دادە ئەتڵەس و محەمەدی نالبەند یاریم دەکرد کە باوکیان کورد و دایکیان تورک بوو. هەروەها کوڕ و کچەکانی بنەماڵەیەکی کوردی باشوور کە خەڵکی دەڤەری بارزان بوون و باوکیان لە دوای پەیمانی شوومی جەزاییر و ڕێککەوتنی شا و سەدام حسێن لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی هاتبوونە ئێران و لە نەغەدە نیشتەجێ ببوون. باوکی ئەم بنەماڵە یەکێک لە فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بوو، بەڵام بە هۆی ئەوەی بارودۆخی ژیانی گۆڕابوو بەو سام و هەیمەنە و سمێڵە فشەیەوە، لە سەر عەرەبانەیەک فاسۆلیای دەفرۆشت یان لە کاتی بەهاراندا وێرای خێزانەکەی دەچووە شاخەکانی ناوچەکە و گژ و گیای بەهاری وەکوو شنگ و کەنگری کۆ دەکردەوە.

من لە چیرۆک و ڕۆمانەکانەوە هاوڕێی خەیاڵیی منداڵیم پەیدا دەکرد. لە هەموو شوێنێک لەگەڵم بوون، لە شەقام و ماڵەوە قسەم لەگەڵ دەکردن و هەندێک جاریش ئەوەندە نووقمی خەیاڵم دەبووم کە کەسانی دەوروبەرم پێیان دەزانیم و پێم پێدەکەنین. لەگەڵ کەسێک قسەم دەکرد کە چاوی ئەوان نەیدەبینی! خۆمم دەخستە شوێنی کەسایەتییەکانی ناو چیرۆکەکان و چیرۆکێکی دیکەم دروست دەکرد. ئەم هاوڕێ خەیاڵیانە کە لە خەیاڵپەروەریی منداڵانەوە سەرچاوە دەگرن و دروست دەکرێن، بەشێک لە منداڵیی هەر مرۆڤێک و بەشێک لە واقیعی سەردەمی منداڵی پێک دەهێنن. چەندە بۆ منداڵان واقیعییە، هەر ئەوەندەش بۆ ئەوانی تر وەهمی و ناڕاستەقینەیە.

لەگەڵ ئەم هاوڕێ خەیاڵیانە بیرم لە داهاتوو دەکردەوە. لە خەیاڵمدا دەچوومە سەرزەمینە دوورەکان. دەچوومە شیراز کە هەرگیز نەمبینیبوو و تەنیا ناویم بیستبوو. هەموو شەوێک پێش ئەوەی بخەوم، ئەم گەشتکردنانەم دەهێنا بەر چاوی خۆم. دەمبینی لە شیرازم و لە هۆتێلێکدا دەژیم. عاشقیش دەبووم. لە ڕۆمانە هیندییەکاندا کە دەمخوێندەوە، کوڕێک هەمیشە عاشقی کچێکی خێزانە وجاغزادەکان دەبوو. چیرۆکەکانی جەک لەندەنیشم بەدڵ بوو و هەمیشە لە

خەیاڵمدا لە لەندەن بووم. با ئەوەشتان لێ نەشارمەوە حەز و خولیای من بۆ شاری لەندەن زیاتر لە ژێر کاریگەریی ئەو شێعرەی بوو کە نەنکم بۆی دەیگێڕامەوە و لە مێشکمدا مابووەوە. وێنای ئەوەی کە من لە باشترین پێگەم و لە لەندەن باڵاترین کارم پێدراوە، دواتر خۆی لە خۆیدا هانی دەدام کە لەم شارەدا بژیم. ڕەنگە ئەم خەونە لە لایەن نەنکمەوە دروست کرابێ و ئەوەندە وتی لەندەن، لەندەن کە سەرم لەم شارە دەرهێنا، بۆیە دەتوانین بڵێین خەیاڵەکانی سەردەمی منداڵی دەتوانن بەشێک لە ژیانی داهاتوو بن.

ئیتر با نەچینە سەر ئەوەی کە هەرگیز تێنەگەیشتم کە بۆچی و چۆن نەنە نەخوێندەوارەکەم ئەوەندە لەبارەی لەندەنەوە دەیزانی و هۆگری لەندەن بوو. پێی دەوتم "کە تۆ گەورە بوویت،

لە خاریجانت ببینم، لە لەندەنێت ببینم، بە مەهەندیسی بتبینم ...:

میر ئەرسەلانە ڕۆمییەکەم؛ یاخوڵا مەرگت نەبینم

بە سواری ماشین[1] بتبینم ڕۆڵە؛ لە لەندەنێ بتبینم"

دەرەنجامی ئەم هەموو پێداهەڵگووتنانەی نەنکم و ڕۆمانەکانی جاک لەندەن لەو هۆتێلەی شیراز و چیرۆکە پۆلیسییەکانەوە، منێک کە یەکێک لە کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکانی جاک لەندەن بووم، دەمیبرد بۆ پیاسەکردن لە شەوانی تەماوی لە لای ڕووباری تایمز. هەر ئەم نەنکە کە ئاواتی ئەوە بوو لە لەندەن بمبینێ، کاتێک ئێرانم بەجێهێشت، هەر دەگریا. کچەکانی کۆ کردبووەوە و پێی گوتبوون: "ئەدی وەرن بزانم قوڕی کوێ دەسەران کەم ... کچێ کامیل ڕۆشت" پوورەکانم بۆیان دەگێڕامەوە کە لە سەر سفرە و خوانەکە وتوویەتی: "هەک بە قوزڵقورتوو بێ! ئەوە کامیلی دە ماڵێدا نییە ئەدی ئەنگۆ چۆن دەتوانن نانێ بخۆن". پوورە زێنەب کە ژنێکی قسەخۆش و سووحبەتچییە وەڵامی داوەتەوە: "ئەدی بە خۆت خوڵکت کردووینە ئەلحان دەڵێی بۆچ نان دەخۆن؟ وەڵا باشە. جا کە ئێستێ کامیلی ڕۆشتووە ، ئەمە نابێ نانی بخۆین؟ جا خۆت هەر دەتگۆت لەندەن لەندەن .... دەی ئەوە سەری پێوە نا و ڕۆشتە لەندەنان" و نەنکم دەیگوت: "جا چووزانم! دەک زارم بشکێ!... جا من پێمدا هەڵدەگۆت. من چووزانم دەچتە[2] لەندەنێ".

هەتا هەڕەتی هەرزەکاری زۆربەی کتێبەکانی جەک لەندەنم خوێندبۆوە. لە یەکێک لەو ڕۆمانە پۆلیسانەی کە دەمخوێندەوە، کەسایەتیی سەرەکیی ئەفسەرێکی پۆلیس بوو کە هاوسۆزییەکی سەیرم لەگەڵیدا هەبوو. من عاشقی مەترسی و ڕووداوەکانی ناو کتێبەکە و ئەو دزییانە ببووم کە لە نیوەی شەودا ڕوو دەدەن و ئەفسەر هەوڵی دۆزینەوەیان دەدات. دواتریش کتێبی پۆلیسی و سیخوڕیشم دەخوێندەوە، بۆ نموونە ئەو کتێبانەی میکی سپلەین نووسەری

---

١. ئۆتۆمبێل

٢. دەچێتە

بوو، یان کتێبەکانی پەرویز قازی سەعید کە بەم دواییە کۆچی دوایی کردووە و پاڵەوانەکانی لاسۆن و سامسۆن و ڕیچارد بوون. من لە بری ئەم سێ پاڵەوانە، خۆم و هاوڕێکانی سەردەمی قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیم، واتە بە پێی ڕیزی ناوەکان، ئیبراهیم قوربانی و خۆم و عەلی خزریم دادەنا.

● وێنەی ٣٠- هەندێ لە کتێبەکانی قازی سەعید کە لە لایەن خوێنەران لە ئێران و ئەفغانستان پێشوازییەکی فرەی لێ کرا

چەند جوانە کە لە دنیای منداڵیدا لەگەڵ چیرۆکەکاندا بژیت. هیچ سنوورێکی بۆ نییە و هیچ سنوورێکیش ناناسێت. بەبێ ئەوەی تووشی شکست ببی، ئەوەی دەتهەوێ و داوای دەکەی بەدەستی دەهێنیت. تۆ بە بێ سنووورداری لەو کات و شوێنەی کە ئارەزووی دەکەی دەژی و چێژ دەبینیت. پاڵەوانی کتێبەکانی دیکەم مایک هامەری ئەمریکی بوو کە پەیوەندیی سۆزداری لەگەڵ سکرتێرەکەی خۆی واتە ڤێلدا هەبوو. کاتێک گەورەتر بووم کەسایەتییەکانم گۆڕان و زۆرتر بوونە کەسایەتیی سیاسی و مەدەنی. وردە وردە لەگەڵ مەهاتما گاندی و نیلسۆن ماندێلا و مارکس و مارتن لوتێر کینگ و ناپلیۆن هاوچەشنبینیم[1] دەکرد و لە کوردستانی

١. هاوچەشنبینی (Identification) دەستەواژەیەکی دەروونتوێژییە. ڕابردووان پێیان وا بوو کە هەر کەسێک، هاوزایەکی تایبەت بە خۆی هەیە و پەیوەندییەکی دەروونی و سۆزداری لە نیوان ئەم دووانەدا هەیە. بۆ وێنە ئەگەر مرۆڤ زیز، خۆشحاڵ، تورە و .... بێ، هاوزاکەی هەر لەو ساتەدا و بە بێ هیچ هۆکارێکی تایبەت زیز، خۆشحاڵ، تورە و .... دەبێت. فرۆید دەستەواژەی هاوشێوەسازی بۆ ئەم دیاردە بەکار دەهێنا کە تاک تێیدا لە ڕێگەی خۆنزیککردنەوە لە کەسێک یان گرووپ یان ڕێکخراوێکی دیکە کە گرینگە، هەستی بایەخداربوونی خۆی دەردەخات.

خۆشمانـدا هۆگـری کەسـانێکی وەکـوو دکتـۆر قاسـملوو، نوورەدیـن کیانـووری، یـاسر عەرەفات، عەبـدوڵڵا ئۆجـەلان، جـەلال تاڵەبانـی و مـەلا مسـتەفا بارزانـی بـووم. دوای تێپەڕاندنـی هەڕەتی مێرمنداڵـی، جیهانەکـەم ڕەنگێکـی جیـاوازی بە خۆوە گـرت و کەڵکەڵەکانـم گۆڕان.

حەوشەی کاروانسەرا، مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی نەریت و مۆدێرنیتە

حەوشـەی گەورەی کاروانسـەرا گۆڕەپانێک بوو بۆ بینینی دژایەتیی نیوان نەریت و مۆدێرنیتە. مـن بـۆ بینینـی ڕەفێقـە خزمەکانـم و یاریکـردن دەچوومـە ئـەوێ و لەگـەڵ عەلی و موحسـین کە کوڕەکانـی ئامۆزاکـەی باوکـم واتـە مامـە قـادر بـوون دەچووینـە قوتابخانـەی ئەنووشـیروان کە لە تەنیشـت کاروانسـەراکەوە بـوو. جلوبەرگـی قوتابخانە بۆ کچـان تەنوورە و گۆرەوی بـوو و کوڕانیش چاکـەت و پانتۆڵیـان لەبـەردا بـوو. لـە بیرمە ڕۆژێـک حەلیمە کچی مامـە قادر کە بە هـۆی پەتای ئیفلیجـی منداڵانـەوە قاچێکـی دەشـەلی، یەکپۆشـیی قوتابخانـەی لەبـەردا بـوو. بـە جـۆش و خرۆشـەوە بـە سـەر حەوزەکەدا چەمـاوە و پێڵاوە ڕەشـە بریقەدارەکانی پاک دەکـردەوە. مامی واتە مامـە حەمەدەمیـن، حەلیمـەی بـە چەماوییەوە بە تەنـوورە و گۆرەوییەوە بینـی. شـقێکی لێدا و بە سـەریدا گوڕانـدی: "کچەتیـو ئەوە لەبەر ئەوەی ئـەو کوڕانە چاوت لێ کەن کەوشـەکانت[1] خاوێن دەکەیـەوە!" ژنانـی خـزم و کـەس بـە گاڵتەجـاڕی و بە ڕژدییـەوە بە مامـە حەمەدەمینیـان دەوت: "ژەندرمەی کاروانسـەرا".

لـە هەمـوو تایفەیەکـدا ژنـان و پیاوانێکـی کۆنەپەرسـت و نەریتخـواز بـوون کـە سەرسـەختانە بەرەنـگاری گۆڕانکارییـەکان دەبوونـەوە و بێگومـان لـە بەرامبـەردا کەسـانێکیش هەبـوون کـە خۆیـان لەگـەڵ گۆڕانکارییەکانـی ڕۆژدا دەگونجاند و زیاتر لێـی تێدەگەیشتن. وەک بڵێـێ فۆڕمی بچووککـراوی کۆمەڵـگا لـە دۆخـی تێپەڕیـن لـە نەریتەوە بـۆ مۆدێرنیتە کـە بارودۆخێکی نـاڕوون و ئاڵـۆزی هەیـە، لـە نـاو پێکهاتـەی بنەماڵـە و هۆگریـی ئەندامەکانـی بـۆ یەکێـک لـەو دووانەخۆی نیشـان دەدات. لێرەدا پرەنسـیپی دامەزراوەییبوونی بنەماڵە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسـی فەرەنسـی واتـە دورکهایـم و ئەو گریمانەی کـە خێزان وێنەیەکی هەمەلایەنەی کۆمەڵگایە، دەسـەلمێنرێت.

باوکـم لـە ڕیـزی دووەم بـوو. پیاوێکـی مامناوەنـد کـە زۆر دەمارگـرژ نەبـوو. مامـم کـە لـەم دواییانـەدا کەمێـک ڕادیـکاڵ و دیندارتـر بووە، ئەهلی مزگەوتە و سەفەریشـی بۆ مەککـە کردووە، لـە تەمەنـی گەنجیـدا نوێـژی نەکـردووە و ڕۆژووی نەگرتـووە و لـە ڕەفتارەکانیـدا زۆر لێبـوردە بووە. بەپێـی تایبەتمەندییـە نەریتییەکانـی شـار، جـۆری جلوبەرگـی ئافرەتانیـان بـە هەمـان شـێوەی کـوردەواری لـەو سـەردەمەدا قبـووڵ کـردووە و زۆربـەی خێزانـەکان هەمـان شـێوەی نەریتییـان بـەدڵ بـوو، و لـە دوای هەشـتاکانی هەتاوییـەوە و دوای ئـەو گۆڕانکاریانـەی کـە لـە کۆمەڵـگادا

---

١. پێڵاو.

ڕوویـان دا، چـیتر خانـەوادەکان و نـەوەی گەنـج، حیجـاب زۆر بـە لایانـەوە گرینـگ نەبـوو.

حیجابـی زۆرینـەی ژنانـی کـورد زیاتـر عورفییـە تـا ئیسلامـی، دەسـتماڵ شانەوشـان پارچـە قوماشـێکی تەنـک و سێگۆشـە بـوو کـە بـە سـەر شـانیان دەدا و گۆشـەیەکیان دەخسـتە سـەر سـەریان، و لەگـەڵ ئـەو حیجابـە فەرمییەی کە ئەمڕۆ لە ئێراندا دەیناسـین فەرقی هەبـووە. لە ناو عەشـیرەت و تایفـە کوردییەکانـدا قـژی ژن لە پێشـەوە تا ڕادەیەک بـە دیارەوە بووە. ئەو ژنانەشـی قژیـان درێـژ بـوو، قژیـان دەکـردە پەلکـە لـە هـەر دوو لا دەیانـدەدا بە سـەر دەسـتماڵ و بە سـەر شـان و سـنگیان بڵاویـان دەکـردەوە و ئێسـتا کچـان و ژنانی جحێڵ لـە ئاهەنگی هاوسـەرگیریدا زیاتـر بـێ حیجابـن. حیجـاب لە خێزانی ئێمەشـدا بەم شـێوە قبووڵ کـراو و باو بـوو. هەندێ جار دەمبینـی ژنـان بەتایبـەت ژنـە جحێڵەکان ئەو دەسـتماڵە تەنکەی کە بە سـەریانەوە بـووە کاتێک لـە سـەریان دەکـەوت دەیانهێنـا پێشـەوە و بەشـێک لـە قژیـان دادەپۆشـی.[1] جلوبەرگـی کوردی فاکتـەری بنیاتنانـی شوناسـی کـوردە و بـە گشـتی جەخـت لـە سـەر پـاراستن و بەکارهێنانـی دەکرێتـەوە. سـەرەڕای هەمـوو ئـەو هەوڵانـەی کـە بـۆ مۆدێرنکردنـی جلوبـەرگ لـە ئێرانـدا دراوە، لەبەرکردنـی جلوبەرگـی کـوردی ئەمـڕۆش جێـی بایەخە و لە ڕێوڕەسـم و بارودۆخـە فەرمییەکاندا جلوبەرگـی کـوردی هەمیشـە یەکێـک لـە بـژاردەکان بـووە. نـەک هـەر لە کوردسـتان بەڵکـوو لە ناوچەکانـی تـری جیهانیشـدا یەکێک لـەو ئامرازانەی کە کورد بە هۆیەوە شوناسـی خۆی نیشـان دەدا، لەبەرکردنـی جلوبەرگـی کوردییە.

لـە ئێسـتادا حیجـاب زیاتـر بـە یـەک شـێوە دەبـینرێ، بەشـێک لـە کچانـی گەنـج و نـەوەی نـوێ لای پیـاوان و تەنانـەت پیرەژنـەکان لەچـک لـە سـەر دەکەن. ئەمـە ڕێزگرتنێکی سـیمبۆلی و فەرمییـە کـە ڕەگ و ڕیشـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ نەریـت. هەرچەنـدە ئـەم نەریـت و ڕێزگرتـن لـە گـەورەکان و گرنگیـدان بـە حیجـاب وەکوو جـاران نەمـاوە و کاڵ بۆتەوە. دیارە بـە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییەکانـی ئـەم دواییـەی ئێران، ناتوانین هەر وا بە ئاسـانی پێشـبینی داهاتووی حیجابی ئیجبـاری بکەیـن، بـەڵام هیچ شـکی تێـدا نییە کە زۆرێک لە ڕێسـا و شـێوازەکانی حیجـاب و بەو

---

١. پرسـی لابردنـی حیجـاب ئـەوەی دەرخسـت کـە لـە دەسـەڵاتداریی دیکتاتۆریی یەک سـەدەی ڕابـردووی ئێـران، حیجاب تەنیـا مەسـەلەیەکی شـەرعی و ئایینـی نەبـووە و بـووە بـە ئامرازێـک بۆ دەسـەڵات. ڕەزا شـا لە کاتی بڕیـاردان لە سـەر لابردنی حیجـاب، بـۆ سـەپاندنی مۆدێرنیتـە بـوو و پێچەوانـەی ئـەوەش پێداگریکردنـی کۆمـاری ئیسلامـی لـە سـەر پرسـی حیجابـی ناچـاری و سـەپاندنی دەسـەڵات بـە سـەر نیـوەی کۆمەڵگایـە، بـۆ ئـەوەی جێنـدەر کـۆنترۆڵ بکا و جەخت لە سـەر سیاسـەتی شـەرعی بکاتـەوە. هەندێـک جـار پێـم وایـە کارەکانی ڕەزا شـا و کۆمـاری ئیسلامی هـەر چەندە لـە ڕووالەتدا دژی یـەکتر بوون و هـەن، بـەڵام لـە سـەپاندنی دەسـەڵات و سـەرکوتکردنی ژنـان لـە نـاو کۆمەڵگادا، لە یـەک ڕەگـەزن و جیاوازییـان نییە. هەر دووکیـان دەیانویسـت حیجـاب بـۆ چەوسـاندنەوەی جێنـدەری بـەکار بهێنـن و تەنهـا لـە میکانیـزم و سـازوکاری سـەپاندندا فەرقیـان هەبـوو. بـە شـێوەیەک کـە لابردنـی حیجـاب لـە لایـەن ڕەزاخـان و سـەپاندنی حیجابـی ناچـاری لـە لایـەن کۆماری ئیسلامییـەوە تایبەتمەندیـی هاوبەشـی زۆربـەی سیسـتەمە تۆتالیتـارەکان پیشـان دەدا کـە هـەوڵ دەدەن بـە کۆنترۆڵکردنـی جەسـتەی مرۆڤـەکان، کۆمەڵگا کـۆنترۆڵ بکەن.

پێیەش جۆری جلوبەرگ لە داهاتوودا دەگۆڕێت.

دابونەریت، جلوبەرگ و هەڵپەڕین

لە سەرەتای ئینقلاب و لەو ماوەی کە کوردستان لە ژێر ڕکێفی حیزبە کوردییەکان بوو، کچە کوردە جحێڵەکان حیجابیان لابرد. جلوبەرگی خوشکەکانم لەو سەردەمەدا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ سەردەمی شادا نەبوو. کچان هەندێک جار لە قوتابخانە و کۆبوونەوەکاندا کەواوپاتۆڵیان لەبەر دەکرد. لەو سەردەمەدا زۆرێک لە کچە کوردە جحێڵەکان ئاغابانۆ یان کوفییان لە سەر دەکرد و هێمای نەتەوەخوازی بوو کە هاوشێوەی خەباتکاران و پارتیزانەکانی دەکردن. ئێستا کە باسی جۆرەکانی جلوبەرگی ژنانی کورد هاتە گۆڕێ خراپ نییە کەمێک لە سەری بنووسم. جلوبەرگ و ناوەکانیان زۆر هەمەچەشنن و ڕەنگە هەندێکیان ئیتر بەکار نەهێنرێن.

ژنانی کورد سەروێنی جوانیان هەیە. گوڵوەنی یەکێک لەوانە کە زیاتر لە ناو کوردانی باشوور و سۆرانیدا باوە. گوڵوەنی ناوی جۆرە کوتاڵێکە کە نەخش و نیگاری تایبەتی هەیە و لە ناوچەی لوڕستان بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکار دەبرێت.

تاسکاڵو یەکێکی دیکە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی جلوبەرگی ئافرەتانی کوردە. ئەم سەرپۆشە دوو بەشی کڵاو و سەروێنی هەیە. سەری ئەم کڵاوانە یان سەروێنانە بە زەنگیانە و سکە (کە تاختمەنی پێ دەڵێن) و موورووی جوانکاری دەدوورن و لە ڕێوڕەسم و ئاهەنگەکاندا لە سەری دەکەن.

لەچک کە سەرپۆشێکی تەنک و سێگۆشەیە کە بە سنجاقەوە بە تاسکاڵو دەبەسترێتەوە و دوو گۆشەکەی دیکەی دەخرێتە سەر شان و پشت.

ڕەشتی جۆرە لەچکێکی ڕێڕێی سووری گەش و تۆخە و درێژییەکەی دوو مەترە و ژنانی کورد وەک کۆڵوانە دەیکەنە سەر جلە کوردییەکانیان و بۆ ئەوەی جوانتر بێ بە شێوەی لار یان «لارپێچ» لە پشتی دەکەن.

هەوری یان کەلاتی بریتییە لە لەچکێکی هاورێشمی چوارگۆشە کە ڕەنگی سپی و سووری هەیە، کە ئەویش بە هەمان شێوە بووکەکان لارپێچ دەیبەستن.

شەدە جۆرە سەروێنێکی دیکەیە کە هەندێ لە ژنانی کورد لە سەری دەکەن، شەدە ئاورێشمی ئەستووری قاوەیی یان زریشکییە و بە ڕەهەندی دوو مەتر لە دوو مەتر دروست دەکرێت.

لە هەمان کۆمەڵگای نەریتیدا کە ئەم سەروێنانە لە ناو ژناندا باو بوون، ژنە پێشمەرگەکان زۆریان حیجابیان نەبوو و مامۆستا پێشمەرگەکان هەموویان بێ حیجاب بوون. نەبوونی

حیجاب لەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی حیزبە کوردییەکاندا بوون هەتا ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی (١٩٨٢ز) بەردەوام بوو. کە گەڕاینەوە بۆ شارەکان و چووینە ناو سیستەمی قوتابخانە حکومییەکان، کچان دەبوو مانتۆ و مەقنەعە بکەن و پۆشینی جلوبەرگی ئینقلابی بۆ قوتابیان و مامۆستایان و کارمەندە ژنەکان بوو بە ناچاری. ئامانجی کۆماری ئیسلامی بۆ حیجابی زۆرەملی، تەنیا لایەنی ئیسلامییەکەی نەبوو، بەڵکوو هەوڵێک بۆ یەکدەستکردن و بەرەنگاربوونەوەی فرەیی بوو، بەناچارکردنی یەکپۆشی پشتڕاستکردنەوەی ئەم قسەیە. لە ماوەی ئەو ساڵ یان دوو ساڵەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە بەتایبەت لە ناوچە گوندنشینەکاندا دەسەڵاتداریان دەکرد، توانیان گەلی کورد لە هەندێک لە کۆتوبەندە نەریتییە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان دەرباز بکەن، تەنانەت لە بواری چاکسازییەکانی زەویدا، ڕێوشوێنی دیموکراتیکانەیان گرتە بەر، وەکوو دابەشکردنی زەویی ئەو خاوەنانەی کە سەر بە ڕژێمی پێشوو بوون، کە ئەم کارەیان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە پەسەند کرا.

هەموو ئەم گۆڕانکاری و وەرچەرخانانە لە دەرەوەی ماڵ بوون. لە ناو بنەماڵەکاندا هێشتا فاکتەری نەریت بەهێز بوو و ئەوە دوو فاکتەری ڕەگەز و تەمەن بوون کە باڵادەست بوون کە یەکەمیان لە ڕێگەی دەسەڵاتەوە جێبەجێ دەکرا - واتە پیاوە دەسەڵاتدارە نەریتخوازەکان - و دووەمیان لە ڕێگەی دەمارگرژییەوە - واتە ژنە بەساڵاچووە کۆنەپەرستەکان - دەسەپێنرا. وریا بن من باسی هەرێمێک دەکەم کە بە هۆکاری جۆراوجۆر لە لایەک بە توندی بەسیاسی کرابوو و لە لایەکی تریشەوە بە شێوەیەکی نەریتی لە ژێر کاریگەریی ئامۆژە ئایینییەکانی ئەهلی سوننە بوو. لە ڕاستیدا هاونشینیی سیاسەت و ئایین پێکهاتەیەکی ناسکولاری[1] پێ بەخشیوە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش بەرەنگاری فێرکارییە ئایدۆلۆژییەکانی حکوومەت دەبووەوە. زۆربەی گەلی کورد نەیاندەویست وەکوو حکوومەت بن چونکە وەکوو حکوومەتبوون هەڕەشەی لە شوناسی کوردبوونیان دەکرد. بۆیە هەندێک لە خێزانەکان شوناسی خۆیان لەبەردەم مەترسیدا دەبینی کەواتە هەوڵیان دا بە پاراستنی فۆرمی نەریتیی خۆیان بەرەنگاری ئەم مەترسییە ببنەوە و زۆری نەخایاند کە بۆیان دەرکەوت کە بە پێچەوانەی دروشمەکانی حکوومەتی ناوەندی، یەکسانیی شێعە و سوننە لە ڕەفتاری پراکتیکیی حکوومەتدا مانایەکی ئەوتۆی نییە و دروشمەکان تەنها ڕەهەندی نمایشییان هەیە. بەشێعەکردنی کوردستان لە پلانەکانی حکوومەتدا بوو و هەر زوو هێماکانی لە شار و پڕوپاگەندە و ئامۆژەکاندا خۆی دەرخست. کورد بەرامبەر بەم مەسەلە خۆڕاگری نواند و سەرسەختانە بەرەنگاری بۆوە هەتا ئەوەی کە ئەم پلانە شکستی هێنا.

---

١. ڕۆشنبیری یان سکۆلاریزم، دنیاگەرایی یان بە جیازانینی ئایین لە سیاسەت، بۆچوونێکە کە لە سەر بنەمای جیاکردنەوەی داموودەزگاکانی حکوومەت و دەسەڵاتداران لە داموودەزگا و دەسەڵاتە ئایینییەکان. ئەم بیروباوەڕە بە گشتی، ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕۆشنگەری ئەوروپا.

خۆڕاگری دژ بە هەژموونیی ئایدیۆلۆژیای حکوومەت لە کوردستان هەر لە یەکەم ڕۆژ و مانگەکانی ئیقلابەوە دەستی پێکرد و زۆری نەخایاند کەسایەتییە سیاسی و ئایینییەکانی کوردستان بۆیان دەرکەوت کە بەڵێنەکانی حکوومەتی ئینقلابی تەنیا دروشمە و هیچی تر. ئەوە بوو کە لە ١ی نیسانی ساڵی ١٩٧٨ (١٢ مانگی نەورۆزی ١٣٥٨ هەتاوی) دا بایکۆتی ڕیفراندۆمیان کرد و چین و توێژە شارنشین و خوێندەوار و وشیارەکان پێشوازییان لەم بایکۆتە کرد. بە گشتی کوردستان لەو ڕیفراندۆمەدا هەڵوێستێکی تا ڕادەیەک یەکپارچەی بەرامبەر حکوومەتی ئینقلابی گرتە بەر و بێگومان ڕق و کینەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە حیزبە کوردییەکان لەو کاتەوە فۆرمێکی ڕادیکاڵتری بە خۆوە گرت. ئایدۆلۆژیای حکوومەتی نوێ، کە هەوڵی ئاسمیلەکردن و سڕینەوە و دوورخستنەوەی ئەویتری دەدا، لە ناوچەکانی کوردستاندا ڕووبەڕووی بەرخۆدانی جیددی دەبووەوە و ئەمەش یەکێک لەو بابەتانە بوو کە کۆماری ئیسلامی نەیتوانی لە کوردستان کاریگەریی لە سەر دابنێت.

کێشەی حکوومەت لەگەڵ کورد تەنها بابەتی سیاسی نەبوو، حکوومەت دەیویست دەستوەردان لە پرسە فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندا بکا و شتگەلێکی وەکوو ئاهەنگی هاوسەرگیری و مۆسیقا و هەڵپەڕین نەهێڵێ، یان لەگەڵ پێوەر و ستاندارده ئایدۆلۆژیکییەکانی خۆی بیانگونجێنێت. پرسی هەڵپەڕینی کورد نەک هەر دژایەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لێ کەوتووەتەوە، بەڵکوو بەشێک لە پیاوانی ئایینیی ئەهلی سوننەش دژی وەستاونەتەوە. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە نە کۆماری ئیسلامیی ئێران و نە مەلاکانی کوردستان نەیانتوانیوە ئەم شێوازەی ژیانی کورد کەم بکەنەوە نەخوازەڵا بیسڕنەوە.

مۆسیقا و هەڵپەڕکێی کوردی لەگەڵ جلوبەرگ و زمان یەکێک لە بژێرە سەرەکی و لەناونەچووەکانی شوناسی کوردن و تەنانەت لە سەردەمی ڕێنێسانسی ئایینی لە ئێراندا کورد لە ڕێوڕەسمی هاوسەرگیریدا پێکەوە هەڵدەپەڕین. ئەم بابەتە بۆ کەسێکی غەیری کورد کاتێک درکی پێ دەکرێ کە بەشداری ئاهەنگی هاوسەرگیری دەکا و ئەم فەزایە لە نزیکەوە دەبینێت. خاڵێکی گرنگ کە نابێ لەبیری بکەین ئەوەیە کە ئەم هەڵپەڕینە کە ڕەشبەڵەک یان گەنموجۆی پێدەڵێن، جیا لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکەی کە شادییە، کارکردی کۆمەڵایەتی و ڕێوڕەسمی گرنگی هەیە. سەمای بەکۆمەڵ ئامرازێکی گرنگ و ئاڵۆزی پەیوەندیی نازارەکییە کە لە ئاستە جیاوازەکاندا کار بۆ تەندروستیی دەروونیی کۆمەڵگا دەکا و هاودەنگیی کۆمەڵایەتی بەهێزتر و زیاتر دەکات. جوڵەی هاواهەنگی ئەندامانی ناو هەڵپەڕینەکە بە شیوەی ڕەمزی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی پیشان دەدا و مەشقێکی هاوبەش بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگایە بۆ ئەوەی بزانن کە ئەگەر یەکگرتوو بن و بە شیوەی تەکووز چالاکیی گرووپی ئەنجام بدەن دەتوانن دیمەنی قەشەنگ دروست بکەن. هەڵپەڕینی کوردی سەمایەکی بەکۆمەڵە و لەم جۆرە سەمایەدا تاکەکان فێر دەبن کە متمانە بە یەکتر بکەن و هەروەها

● وێنەی ٣١: داخوازیی ژنانی کورد لە تاڵەقانی و شاندی هاوڕێی لە کۆبوونەوەی سنە، ٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی هەتاوی، وێنەگر:جیهانگیر ڕەزمی (١٩٧٩)

دەزانـن کـە لـە کردەوەیەکی بەکۆمەڵدا هێشـتا ڕۆڵی هـەر تاکێک لە دروسـتکردنی هاواهەنگیدا گرنگـە، کـە دەتوانیـن ئەم ڕاسـتییە بـۆ کۆمەڵگاش بگشـتێنین. سـەمای بەکۆمەڵ مرۆڤـەکان لە ڕووی سـۆزدارییەوە بە یەکەوە دەبەسـتێتەوە و شـیوازێک بۆ دەربڕینی هەسـت و سۆزە. کورد هەم لـە کاتـی خۆشـی و هەم لە کاتـی ماتەمینیـدا هەڵدەپەڕێـت. هەڵپەڕکێی کوردی کـە کردارێکی بەکۆمەڵ و دەسـتەجەمعییە، دەرفەت بە سـەماکاران دەدا کە لە ژینگەیەکی بەکۆمەڵدا هەسـت و ورووژان و خـەم و خەفەتەکانیـان دەرببـڕن. تەنانـەت ئەمڕۆکـە سـەلمێنراوە کـە سـەماکردن بـە دەردانـی ئەندۆرفیـن فشـاری دەروونی کەم دەکاتەوە. جگە لەم خۆشـییانە، لایەنـی خانەوادەیی و میوانداریشی هەیە.

جـاران یاسـایەکی نەنووسراو لـە هەڵپەڕیندا هەبوو کە لە بیچمی ئـەو ڕەمزە کۆمەڵایەتییانەدا خۆی پیشـان دەدا کە لە نێوان ئەوانەی هەڵدەپەڕن و ئەوانەی سـەیریان دەکرد ئاڵوگۆڕ دەبوو بۆ نموونـە ئەگـەر خوشـکەکەت لە دەسـتی براکەم هەڵپـەڕێ، من لە دەسـتی براکـەت هەڵدەپەڕم. ئەگـەر کچێکـی نامـۆ لـە دەسـتت هەڵپـەڕێ ئـەوە مانـای وایـە کە حـەزی لێتـە و میوانی سـەڵت نابـێ بـۆ ماوەیەکـی زۆر بـە تەنیـا بـێ و بە گشـتی ئەمـە ئەرکی خوشـک و ژنانـی خانـەوادەی زاوا بـوو کـە لەگـەڵ میوانانی پیـاوە نامۆ یـان تەنیاکە چەنـد دەور هەڵپەڕن.

ئـەم ڕێسـا و سـیمبولانە کـە لـە هەڵپەڕینـی کوردیدا هەیـە بەشـێکی گرنگـی فەرهەنگی ئەم نەتەوەیـە، کـە پیشـان دەدا ڕەوشـتی کۆمەڵایەتیـی گەلـی کـورد لـە سـەر بنەمای دۆسـتایەتی و

پەیوەندییە و هەروەها پیشاندەری ڕوانگە و هەوڵێکە کە لە سەر بنەمای تێکەڵبوونی تاک لە ناو گروپ و قبووڵکردنی گروپە.

حکوومەت فرە هەوڵی ڕاگرتنی ئەم نەریت و بیروباوەڕانەی دا، بەڵام نەیتوانی. زۆر جار حکوومەتە توندڕەوە ئایینییەکان ئەوەیان لە بیر دەچێتەوە کە ئەم دابونەریتانە کە ڕەگ و ڕیشەیان لەو ناوچانەدایە کە فەرهەنگی تایبەتی خۆیانیان هەیە[1]، بەشێکی گرنگی شوناسی خەڵکن کە بە زەبر و زەخت لە ناو ناچن و هەرچی هەوڵ بۆ لابردنی ئەو دابو نەریتانە دەدرێ، کۆمەڵگا ڕژدانەتر خۆڕاگری دەنوێنێت.

شایی یان هەمان ئاهەنگی هاوسەرگیری، سنوورێکی تایبەتی و نەریتی هەبوو و لەبەر ئەوەی ئەوسا شایی لە ماڵەوە دەکرا، نەچووە ژێر کاریگەریی فەرهەنگیی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە. لە ئاهەنگە هاوسەرگیرییەکاندا، حیجاب ئەوەندە پەیڕەو نەدەکرا و باوکە نەریتخوازەکانیش ئەوەندە بە لایانەوە گرنگ نەبوو کە کچەکانیان لە دەستی کوڕە نەناسیاوەکاندا هەڵدەپەڕن. زەماوەندی نەوەی کۆن حەوت ڕۆژ و حەوت شەوی خایاندووە و خەڵک بە بیانووی جیاواز هەڵدەپەڕیون، چونکە هەڵپەڕین بەشێک لە ژیان و لە ڕاستیدا زمانێکە کە ڕەمزی تایبەتیی خۆی هەیە.[2]

لە دەڤەری موکریاندا دابونەریتی وەکوو «دەسماڵ بادان»، «پێچ بادان» و «شەدە بادان» هەبوو. پیاوان کڵاو و مێزەریان دەبەست کە هەندێ شوێن پێچی پێ دەڵێن[3]، کە ڕیشوەکانی بەر دەدرانەوە. ئەم مێزەر و پێچ و کڵاوانە زیاتر پیاوان لە دوای تەمەنی گەنجێتییەوە لە سەریان دەکرد و چنینەکەشی وەختگر بوو و لەوانەیە چەند ڕۆژێکی بکێشایە. دەسماڵپێچ یان شەدە ئێستا پیرەپیاوان لە هەندێک لە گوند و شارەکانی کوردستان بەتایبەت سەقز و هەورامان لە سەری دەکەن. لە زمانی کوردیدا بە مێزەری ژن دەڵێن گێلگێلە یان دەسماڵ. بەڵام بە گشتی تاسکڵاو هی ژنی کوردە کە بە تاختمەنیی زێو و موورووی جوانکاری و دەڕژێ

١. با لێتان نەشارمەوە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا گرووپە ڕادیکاڵە ئەهلی سوننەکان کە خۆیان دەرهاویشتەی ڕکابەرییە ناوچەییەکان بوون، هەوڵیان دا ئاستەنگ دروست بکەن و و هەندێ لە دابونەریتەکان و فەرهەنگی ڕەسەنی خەڵک بگۆڕن و ئێستاش بەردەوامن.

٢. ڕۆڵی ئایین لە ناو کۆمەڵگادا ئەوەندەی کە بەسیاسی دەکرێ، هەر ئەوەندەش نەریتە ئایینییە باوەکان لە ناو دەبات. ئێستا لە نێوان نوێخوازە ئایینییەکان و ئایینپەروەرە نەریتخوازەکاندا هەندێ مشتومڕ لە سەر مەسەلەی پرسە و سەرەخۆشی، مەولوودیخوێنی و ... لە ئارادایە. ئیسلامی سیاسی هەوڵ دەدا کە لە کوردستاندا بەرەنگاری نەریتە باوەکان ببێتەوە و هەتا ڕادەیەک سەرکەوتووە، هەرچەندە لە ماوەی یەک دوو ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ سەرهەڵدانی پەتای کۆرۆنا، شایی و شیوەن زیاتر بەبنەماڵەیی بوونەوە، بەتایبەت سەخۆشی و کۆبوونەوەکان قەدەغە کران. ئێستا خەڵک زیاتر هاوسۆزیی تەلەفۆنی بەکار دەهێنن، بەڵام جیهان بە هۆی کۆرۆنا یان کۆڤیدەوە کاریگەری لە سەر زۆرێک لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دانا و شێوازی شایی و شیوەنی خەڵکی گۆڕی. دیاردەی کۆرۆنا گرنگترین کاریگەری لە سەر ئەزموونە سۆزداریەکانی خەڵک داناوە؛ هەستی نوێی دروست کرد و هەندێک سۆز و هەستی بە تەواوەتی گۆڕی.

٣. لە ناوچەی سندووس و نەغەدە هەندێ پیاوی تورکیش پێچ و کڵاو لە سەر دەکەن.

ڕازێنراوە و ژنان لە ژێر ئەم تاسکڵاوە دەسماڵێکی تەنکیان لە سەر دەکرد.

نەریتی دەسماڵ یان پێچ یان شەدەبادان زیاتر پەیوەندی بە سەردەمی دەسەڵاتی ئاغاکانەوە هەیە، کە بەو بیانووە ژن و کچانی گوندەکەیان بانگهێشت کردووە، بەڵام لە واقیعدا، بۆ ڕەشبەڵەک لەگەڵ ئەو کەسە بوو کە کوتاڵی بۆ مێزەر کڕیبوو. هەڵبەت گەنمو جۆ یان ڕەشبەڵەک لە ناو کورداندا پێشینەیەکی کۆنتری هەیە و نەریتی دەسماڵبادان نەماوە. لە گوندەکاندا ئەگەر کەسێک بیویستایە کڵاو و مێزەر دروست بکا، هەموو کچەکان لە ماڵەکەیدا کۆ دەبوونەوە. لەم مەراسیمەدا بەشێوەیەکی گشتی کوڕەکان هیچیان نەدەکرد و چاوەڕێی ئەوە بوون کە کچەکان کارەکانیان تەواو بکەن، کە ڕیشوەی دەستماڵەکانیان چاک دەکرد دەستبەجێ هەتا نیوەشەو دەست لە ناو دەست هەڵدەپەڕین.

هەندێک جار مەلای گوند نارەزایەتیان دەردەبڕی، بەڵام تەنانەت لەوانە بوو لە کادێن و بە دوور لە چاوی نەناسیاوەکان هەڵپەڕن. لە کۆتا ڕۆژەکانی دروێنەکردن یان هەر کاتێکی ڕۆژ کە پێیان خۆش بووایە، هەڵدەپەڕین. چیرۆکی هەڵپەڕکێی کوردی زۆرە و لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا بۆ شایی و شیوەن هەڵپەڕکێی تایبەت هەیە. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە لە ناو کورداندا هەستی شادی تێهەڵکێشی هەڵپەرین بووە و لە ڕاستیدا کارکردی هەڵپەڕین و ڕۆڵی بەرجەستەی هەڵپەڕین لە هەستەکاندا لە ڕوانگەی دەروونناسیی کۆمەڵایەتیی ئەو خەڵکە و هەروەها لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیی هەستەوە، جێی تێڕامانە.

لە هەندێ ناوچەی وەکوو سندووس یان نەغەدە، زۆرێک لە تورکە قەرەپاپاغەکانیش هەتا سەرەتای ئینقلابی ئیسلامی جلوبەرگی کورددییان لەبەر دەکرد و مێزەر و کڵاویان لە سەر دەکرد. دەگوترێ لە دوای شەڕی نەغەدە لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩ز) جلوبەرگی کوردی بە فەرمانی زارەکیی مەلا حەسەنی بۆ تورک قەدەغە کرا، بەڵام هەندێکیان هەتا ئێستاش پێچ و کڵاو لە سەر دەکەن و ناوبەناو بە پاسکیل سواری دەبینرێن. بە هۆی تەختیی شارەکە، هەر لە کۆنەوە پاسکیل هێمای شارەکانی نەغەدە و میاندواو بووە[1].

لە سیستەمی نەریتیدا پێکهاتەیەک دروست دەبێ کە لە لایەن خەڵکەوە قبوڵ دەکرێ و لە سەر ئاستی گشتیدا زۆرێک لە هەستیارییەکان و پرسی ناموس و شەرەف کەم دەکاتەوە. بۆ ماوەیەک کارتە سوورەکان دێنە خوارەوە و گڵۆپەکان سەوز دەبن و هەمووان مۆڵەتیان پێدەدرێ کە بۆ ماوەی بڵێین چەند ڕۆژێک دەست لە ناو دەست و شان بە شان دەتوانن هەڵپەڕن. پاشان سیستەمی باوی خێزانی و عەشیرەیی دەگەڕێتەوە سەر جێی خۆی و هەموو دەست بە کار و فرمانەکانیان دەکەنەوە. ئەو نەزمەی کە بە درێژایی چەندین سەدە لە ناو پێکهاتەی کۆمەڵگا تایفییەکاندا فۆرمی گرتووە و بووە بە لایەنی نەگۆڕی کۆمەڵایەتی

١. «ایل قرە پاپاق» بەرهەمی فروود خان خەسرەوی.

و کارکردی هەیە هەر وا بە ئاسانی بە گۆڕانکاری و بیدعە کاڵ نابێتەوە و فەرامۆش ناکرێت.

ئەم مەسەلە تەنیا لە کوردستان یان ناوچەکانی دیکەی ئێران سنووردار نابێتەوە. بەڵکوو پرسێکی جیهانییە و لەو ناوچانەی کە خاوەن فەرهەنگی ڕیشەدارن، گۆڕانکاری درەنگ یان بە ئەسپایی ڕوو دەدات. ئەم مەسەلە پیشان دەدا کە پێکهاتە نەریتییە چەسپاوەکان لە هەمبەر پێکهاتە مۆدێرنەکان خۆڕاگری دەنوێنن و ناهێڵن مۆدێرنیتە ببێتە جێگرەوەی نەریت. شێوازی هاوسەرگیری و ئەو دابونەریتانەی کە لە ناو خەڵکدا وەک نەریت بەدەروونی بوون، کاتێکی زۆری گەرەکە بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەک ڕوو بدات.

ئەگەر زەبر فاکتەری گۆڕان بێ و لە ماوەیەکی کورتدا فەرهەنگی ناوچەیی بگۆڕێ ئەوە بێگومان کاتێک ئەم فاکتەری زەبرە نەمێنێ، خەڵک دیسان دەگەڕێنەوە سەر نەریتەکانی پێشوو، بەڵام هەندێک جار ئەم گۆڕانکارییانە زۆر ڕیشەیی و بنچینەیی کار دەکەن. بە ڕای من گۆڕانکارییە فەرهەنگییەکان دەبێ لە تافی منداڵییەوە دەست پێبکەن و بە گۆڕانکاری لە شێوازی ژیاندا، بە شێوەیەکی کردەیی و عەینی و بەرهەست زەمینەسازی بۆ بکرێت.

خوازبێنیی پووره زێنەب و بەسەرهاتی ئەفتاوەکە، ئەم ئەشی و ناشێیانە پیشان دەدا و گوزارشت لە عورفیبوونەکەیان دەکات. کاک بایز لە ژێر چاودێریی گەورەکانی بنەماڵە دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخسا کە لە دوورەوە ژنی داهاتووی ببینێت. ئەگەر بایز خزم یان دراوسێ بووایە، دەیتوانی لە سووچێکدا چاوی بە پوورم بکەوتایە یان لە شاییەکدا پێکەوە هەڵپەڕیبایەن.

کاتێک چاودێریکردن زۆر دەبێ، ناکۆکییەکان دروست دەبن. لە سیستەمی کۆمەڵایەتیی ئەوسا زۆربەی خەڵکی لادێکان خزم بوون. ئەگەر خزمیش نەبووبن، نائاشنا و نەناسیاو نەبوون و هەر ڕووداوێک لە ناو سیستەمی نەریتیدا ڕووی بدابا، ئەوە لە سەر بنەمای متمانە بووە. ڕەنگە ئەگەر فارسێک یان تورکێک هاتبایە ناو ئەو شایی و هەڵپەڕینە، مەسەلەکە جیاواز دەبوو. چونکە نامۆیەک هاتۆتە ناو گروپێکی تایبەتەوە و کەسی خۆیی و ناخۆیی یان نامۆ دروست دەبوو.

لە ناو سیستەمی تایفیدا، هەر لەبەر ئەوەندەی کە خزمایەتییەکی دوورت لەگەڵ کەسەکاندا هەبێ، هەستی متمانە دروست دەبێت. لە ڕاستیدا سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە پێوەندیی خزمایەتیدا دروست دەبێ، بەتایبەت ئەگەر خزمی باوکی بن، ئەوە گرنگی و ڕۆڵێکی تایبەتتان دەبێت.

گرینگترین ئاڵوگۆڕێک، کە خەڵکی ئێرانیش بەدڵیان بوو، گۆڕینی شێوازی ژیان لە نەریتەوە بۆ مۆدێرنیتە و لە گوندەوە بۆ شار بوو. بەهاکان لەم شێوازە ژیانەدا جیاوازن. چەمکێکی وەکوو دراوسێ دەبێتە چەمکی شارۆمەند و ئێوە وەک هاوڵاتییەک لە جیاتی پشتبەستن بە دابونەریت و هەندێک جاریش شەریعەت، لە ژیانی شارنشینیدا یاسا دەبێتە پێوەری حوکمدان و لێرەدایە کە مەدەنییەت جێگەی عورف دەگرێتەوە. سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە شارە گەورەکاندا

ڕوویـان داوە، ئـەم دۆخـە تـا ڕادەیەک لە پێکهاتـە بچـووک و پەراوێزییەکاندا بەردەوامە. شـارێکی وەکـوو مەهابـاد ئـیتر وەکـوو جاران نییـە و زۆربەی خەڵک یەکتر ناناسـن، نەزمـی بنەماڵە و تایفە گـۆڕاوە یـان تەنانـەت بڵێیـن لـە ناو چـووە. هاتوچـۆ خێزانییـەکان کەم بۆتەوە و شـایی و شـیوەن و یـان مەراسـیمی ئایینـی کـەم کراوەتـەوە. ڕۆڵـی ئایین لە چـاو ڕابـردوو کاڵتر بـووە و خێزانەکان سـەربەخۆیانەتر ڕەفتـار دەکـەن و زیاتـر ئەندامانـی پلـە یەکی بنەماڵە بـەردەوام لەگـەڵ یەکتر لە پەیوەندیـدان، بـەڵام لە سیسـتەمی لادێدا لە چاو شـار هێشـتا هەندێـک لە نەریتـەکان پارێزراوە و گـەورەکان بـە خـەم و خەفەتـەوە بیـر لـە ڕابردوویان دەکەنـەوە و بیری ئـەو ڕۆژانە دەکـەن. هەتا ئێسـتاش نەریـت لـە دژی مۆدێرنیتـە لـە بەربەرەکانێدایـە و لـە هەندێـک شـوێندا سـەرکەوتووە. هەندێـک جـار لـە ناو هەندێک لـە کۆمەڵگاکانـدا دەبینین کە نەریتەکان هێشـتا لە پێشـەوەن و پرسـە تایفی و خزمایەتییەکان هێشـتا بـە لای خەڵکەوە گرنگن.

کاروانسەرای کوێخا لە دڵی شاردا

پێـشتر وتـم، کوێخاخەلیـل خێزانەکەی کۆ کردەوە و لە کاروانسـەرادا نیشـتەجێی کردن. ئەم کارەی کوێخـا ڕەفتارێـک بـوو لە سـەر بنەمـای شـێوازی ژیانی نەریتـی و خێڵەکی. ڕەنگـە ئەگەر سـەد سـاڵ لەمەوبـەر ئەمـە ڕووی بدایـە، زیاتر بـەردەوام دەبوو، بـەڵام کوێخا لە کاتـی تێپەڕین لە شـێوازی ژیانـی تایفییـەوە بـۆ شـێوازی ژیانـی شارسـتانی ئەمـەی کـرد و هـەر لەبـەر ئەم هـۆکارەش، نەیتوانـی بەرگەی وەرچەرخانـە کۆمەڵایەتییەکانـی دیکـە بگـرێ و پرسـە سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئابوورییـەکان کاریگەرییـان لـە سـەر کارەکەی هەبوو.

● وێنەی ٣٢- وێنەی ئاسمانیی قەڵای نەغدە، دەوروبەری ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی (١٩٦١)

کاروانسـەرام زۆر بـاش لـە بیـرە، لـە نزیـک قـەڵای نەغـدە بـوو، قەڵایـەک کـە تورکـەکان پێیـان دەگوت قەڵاباشـی یـان تەپەباشـی و کـورد پێی دەوت سـەرقەڵا. قـەڵا گردێکی مێژوویـە[1] لە ناوەڕاسـتی نەغدە کە

١. ئـەو لێکۆڵینـەوە شوێنەوارناسـییانەی کـە لـەو شـوێنەدا ئەنجـام دراون، بوونـی گڵێنـەی سـەردەمی برۆنزیـان سـەلماندووە کـە مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ هـەزارەی سـێیەمی پێش زایین (پێنج هەزار سـاڵ لەمەوبەر، کـە یەکەم وێنـە ئاسمانییەکان لـە گـردی سـەرقەڵا دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵانی ١٩٣٧ی زاییـنی واتـە ٧٥ هـەزار سـاڵ لەمەوبەر. کاتێـک کە ئێریک شـمیت بە فڕۆکـە سـووکەکەی خـۆی بـە سـەر هەنـدێ ناوچـەی جیاجیـای باکـوور، باکـووری ڕۆژاوا، ناوەند و هتـدی ئێرانـدا هەڵفڕیوە و وێنـەی ئاسمانـی گرتـووە کـە بـە باشـی بوونی دیـواری پەرژینـی بەرگریی سـازە گـەورە چەندلایەکـەی کە ٨ بورجـی چاودێری

هەموو شارەکەی لە ئامێز گرتووە و لە دەیەی ٧٠ی هەتاوی لە لای باشووریەوە مۆزەخانەیەک بینا کرا[1]. ئەو کاروانسەرایەی کە کۆیخاخەلیل کرێبووی گەورە بوو و نزیکەی ١٢ دوکانی لە سەر شەقامەکەدا هەبوو کە بە کرێی دابوو. کوێخاخەلیل لەو سەردەمەدا پیاوێکی دەوڵەمەند بووە کە خاوەن کاروانسەرایەکی گەورەی شاری نەغەدە بووە و دواتر لە ناو منداڵەکانیدا دابەشی کردووە. نەریتەکە وا بوو کە کاروانەکان بە باری وشتر و ئاژەڵ و لەم دواییانەشدا بە بارهەڵگرەوە دەهاتن و کاتێک دەگەیشتنە شار، لە کاروانسەرادا دەوستان و ئاژەڵەکانیان دەبردە گەوڕ و مسافرەکان دەچنە ئەودیوی حەوشەکە و لە ژوورە بچووکەکاندا دەخەوتن.

بۆ من کە بە ڕۆژ لە کاروانسەرادا یاریم دەکرد، شتێکی ئاسایی بوو کە خەڵکی چین و توێژە جیاوازەکان ببینم. کەسانێک کە لە شار و ناوچەی جیاوازەوە هاتبوون و لە دوکانەکانی دەوروبەر کەلوپەلەکانیان دادەنا و دەیانفرۆشت. ئەوسا زۆربەی مامەڵەکان سەربەسەر بوون. نەختینەیی ئەوەندە بە دەست خەڵکەوە نەبوو. جلوبەرگ و خواردن و کەلوپەل لە شار و وڵاتانی دیکەوە دەهات و ئەم هاتوچۆ و پەیوەندییانە کاریگەریی لە سەر ئاڵوگۆڕە فەرهەنگی و فرەفەرهەنگییەکانی شاری نەغەدە هەبوو. نەغەدە کە لە دێرزەمانەوە شوێنی نیشتەجێبوونی گەلە جیاوازەکانی وەکوو کورد و جوولەکە و ئاشووری و دواتر تورک بووە، ئەمڕۆ بووەتە شارێکی بچووکی دووفەرهەنگیی کوردی و تورکی. بەداخەوە لە چەند دەیەی ڕابردوودا سیاسەتی ناکۆکی خستنەوە لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە و دەمارگرژییە ئێتنیکییەکان کارێکی وای کردووە کە دانیشتوانی کورد و تورک ناکۆک و ناتەبا بن و ئەم ناتەباییە هەتا ئەو ڕادە پەلی هاویشتووە کە ئەم شارە بۆ دوو بەشی جیای کورد و تورک دابەش کراوە.[2]

ژیانی ناو کاروانسەرا ئازادتر لە گوند بوو. هەندێک لە ئەندامانی موحافیزەکار و نەریتخوازی بنەماڵە بە هۆی ئەم ئازادییەوە دژی گەنجان دەوەستانەوە. هەندێک لە ئامۆزاکانی باوکم ژن و کچە جحڵەکانیان سنووردار دەکردەوە و نەیاندەهێشت هەر وا بە ئاسانی لە کاروانسەرا بڕۆنە دەرەوە. کچە جەحێڵەکانی تایفە کە دنیاکەیان لە کاروانسەرادا قەتیس ببوو، بۆ بینینی جیهانی دەرەوە کەلێنیان لە دیوارەکەدا دروست کرد. ئەم کون و قوژبنە بچووکانە زۆر زوو

بە سەروەیە، دەبینرێت.

١. مۆزەخانەی سەرقەڵا ساڵی ١٣٧٩ لە سەر گردی مێژوویی سەرقەڵا دامەزراوە. لەم مۆزەخانەدا دوو هەزار پارچە شوێنەواری مێژوویی دۆزراوەتەوە کە لە سایتە کۆنەکانی پاریزگای ئازەربایجانی ڕۆژاواوە هەڵگیراوە. لەم مۆزەخانەدا، گڵێنەی خۆڵەمێشی گردی حەسەنلوو، دراوی سەردەمە مێژووییە جیاوازەکان، خشتی ڕووکێشداری گردی مێژوویی قەڵایچیی بۆکان و ڕەبەتی سەردەشت، پارچە کانزاییە دۆزراوەکانی گردی حەسەنلوو ڕاگیراون.

٢. لە بەشەکانی داهاتوودا باس لەم بابەتە و ئەو فەزایە دەکەین کە لە شارەکەدا دروستی کردووە. شایانی باسە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە میانەی نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دواییەی کۆمەڵگای ئێراندا توانی کەڵک لەم ژینگە ناکۆک و لێکدژەی کورد و تورک وەربگرێ چونکە ئەم ناکۆکییە پتانسێل و دەرفەتێکی باش بۆ سەرکوتکردنی نارازییانی کوردە و هەمیشەش حکوومەت کەڵکی لەم ناکۆکییانە وەرگرتووە.

لەقـاو دەدران و بـە قـورِ داپۆشرابـوون. کچـەکان بـەدوای دەرفەتـدا دەگـەڕان کـە لە کاروانسـەرا دەربـاز بـن و کاتێـک پیاوەکانی ئەو بنەماڵە دەچوونـە بازاڕەکانی دەوروبەر یان تـاران و باکووری ئێـران بـۆ چێـوداری، ئـەو دەرفەتەیان بـۆ هەڵدەکەوت.

کاروانسـەراکەی کوێخاخەلیـل بەرامبـەر ئـەو گۆڕەپانە بوو کە ئێسـتا پێی دەوتـرێ وەحدەت. لای ئێـواران لاوان بـۆ گەڕان و سـەیران دەهاتنـە ناو گۆڕەپانەکە. خێزانێکی پڕحەشـیمەت بووین و کـچمان زۆر بـوو، هـەر ئـەم زۆریـی کچـە بەس بـوو کە گەنجەکانی شـار بۆ بینینـی کچەکان لە دەوری کاروانسـەراکەماندا کـۆ ببنـەوە و هەندێ لە پیـاوە موحافیزەکارەکانی خـزم و کەس ڕەگی پیاوەتیان هەسـتێ و گۆڵمەز بنێنەوە. کاروانسـەرا هێشـتا هەر لەوێیە. هەر چەندە ئێسـتا نیمچە وێرانـە و بووەتـە کۆگای پلاسـتیک و وردەنان، بەڵام چەند دوکانێکی هێشـتا مـاون و زۆریان دوای شـەڕی نەغەدە هەرزانفـرۆش کران.

مـن وام بیسـتووە کـە پاشـناوی «ئەحمـەدی» لـەو کاروانسـەرایەدا بـۆ بنەماڵـەی ئێمـە دیاری کـراوە، کـە دەبێ نزیکەی سـاڵی ٤٠ بـەولاوە بێ، واتا لەگەڵ دەسـتپێکردنی ئیسڵاحاتی ئەرزیی شـا (چاکسـازی لـە زەوییـە کشـتوکاڵییەکاندا)، کـە بەرپرسـانی تۆمـاری زانیارییەکانـی بـاری کەسـێتی و کوێخـای لادێـکان بـە ڕێککەوتـن لەگـەڵ گـەورەی خانـەوادە بـۆ هـەر تایفەیـەک بـە پێـی ئـەوەی بـە چـی نـاسراون، لە ناسـنامەدا پاشـناو یان وەک لـە ئێران پێـی دەڵێن شـۆرەتیان بـۆ تۆمـار کـرا.[1] لـە ناوچـە کوردسـتانییەکاندا کەسـانێک هەبـوون کـە بـۆ وەرگرتنـی ناسـنامە و دیاریکردنی پاشـناو ئەوەندە دەسـتوەردانیان دەکرد کە پێیان دەوترا کوێخاسـجیل. وەک پێشتر پێـم وتـن هەبـوون لە ترسـی چوونە سـەربازی هەرگیـز ناسـنامەیان وەرنەدەگـرت، هەروەها پێش ئـەوەی ناسـنامە و تۆمارکردنـی بـاری کەسـێتی بێتـە گـۆڕێ و خانـەوادەکان پاشـناویان هەبـێ، خەڵـک بـە پیشـە و تواناکانیان و یان بە نـاوی باوکیانەوە دەناسرانەوە. بۆ نموونـە کوڕە گەورەکەی کوێخاخەلیـل نـاوی عەبـدوڵڵا بـووە و بـە نـاوی عەبـدوڵا/ حەوڵای مـام خەلیـل دەناسرا.

باوکـم هەتـا ئـەو کاتەی هاوسـەرگیری کـرد لە کاروانسـەرادا ماوە. دایکیشـم ماوەیـەک لەوێ ژیـاوە، بـەڵام دواتـر باوکـم کـە کـوڕە گـەورەی ماڵەوە بـووە، دایکـم و دایکی خۆی و خوشـکەکانی هەڵگـرت و چوونـە جێگایـەک کـە لـە کاروانسـەراوە نزیـک بـوو بـۆ ئـەوەی ژیانـی سـەربەخۆی خۆیان دەسـت پێبکەن. کاروانسـەرای کۆیخا تایبەتمەندیی سـەرەکیی هەندێک لە کاروانسـەرا مێژوویییەکانـی هەبـوو. بـە هۆی ئـەو هاتوچۆ زۆرانەی کە کەسـانی جیاواز دەهاتـن و دەچوون، بە ڕاسـتی دەکـرا پێـی بڵێین کاروانسـەرا. ئێسـتاش لە نـاو خەڵکدا زۆر بـاوە کە کاتێـک ماڵێک یان شـوێنێک قەرەباڵـغ دەبـێ، دەڵێن «بـۆ ئێرە کاروانسـەرایە!»

---

١. گوایـا لـە مانگـی بەفرانبـاری ١٢٩٧ی هەتـاوی واتـە کۆتاییەکانـی سـەردەمی قەجـەر، لەگـەڵ دامەزراندنـی یەکەمیـن ئارشـیڤی فەرمیـی باری کەسـێتی (ثبت‌احوال) وەک بەشـێک لە بەلەدییە، یەکـەم بەڵگەی لەدایکبوون یان هەمان ناسـنامە لـە ئێرانـدا دەرکرا.

چێوداری و سەفەرە پەیتاپەیتاکانی باوکم

باوکم ماوەیەک کرێنشین بوو و پاش لەدایکبوونی من، بە هاوبەشیی لەگەڵ مامم لە شەقامی سوننەت کە پێشتر پێیان دەوت شەقامی مەلاساڵە ماڵێکیان کڕی. بەشێکی گرینگی دانوستانەکانی جەنگ و نائارامییەکانی نەغەدە کە دواتر تێروپڕ قسەی لە سەر دەکەین، هەر لەم شەقامە و لە ماڵەکەی مەلاساڵە کران. گۆڕینی ناوی شەقامەکان دوای گۆڕینی حکوومەتەکان یەکێک لەو بابەتانەیە کە لێکۆڵەرێک زۆر بە ئاسانی دەتوانێ ئاسەواری هۆگرییە ئایینی، ئایدیۆلۆژی، سیاسی، نیشتمانپەروەری و ... تێدا بدۆزێتەوە. لە ئێرانیشدا زۆربەی شارەکان دوای گۆڕینی حکوومەت، ئەم گۆڕانکارییەیان بەئەزموون کرد. گۆڕانکاریی سەرەکی زیاتر لە ناوی ئەو شوێنانە بوو کە بە شا کۆتاییان پێدەهات کە ئەم ناوانە کران بە ئیمام. هەرچەندە باوکم و مامم لە بنەماڵە و کوڕەکانی کوێخاخەلیل جیا بوون، بەڵام کارکردن و بازرگانییان پێکەوە بوو. ئەوسا باوکم لەگەڵ ئامۆزاکانی و ژمارەیەک لە خزم و ناسیاوەکانی دیکەی، دەستیان دایە کاری چێوداری و بە بۆنەی ئەوەوە ئەحمەدی براشی هاتە ناو ئەم کارەوە. کاری چێودار ئەوە بوو کە دەچوونە گوند و لادێ جیاوازەکان و ڕەوەی گەورەی وەکوو مانگا و گوێلک و مەڕیان دەکڕی و لە بازاڕی جومعەبازاڕ و شەممەبازاڕ دەیانفرۆشت، تەنانەت هەندێک جار ئەو ئاژەڵانەیان دەبردە باشووری کوردستان و لەوێ دەیانفرۆشت.

باوکم لەگەڵ هاوکار و شەریکەکانی بەردەوام ئەم کارەیان دەکرد و پارەیەکی زۆریان لێ دەست دەکەوت، بە جۆرێک کە وردە وردە بازاڕەکانی ناوچەکەیان بەکرێ گرتبوو. لێرە بە دواوە ئیتر تەنها چێودار نەبوون، ببوونە خاوەنبازاڕ و بۆ هەر مامەڵەیەک کە لەو بازاڕانەدا دەکرا، کۆمیسیۆنیان وەردەگرت. وردە وردە ئەندامێکی بیرتیژی ئەو بنەماڵە بازاڕێکی زۆر گەورەی گۆشتی مەڕ و بزنی لە باکووری ئێران دەستنیشان کرد و زۆری نەخایاند کە بازاڕی ئاژەڵ و گۆشتی شارەکانی ئامول و بابول و بەشێکی ڕامسەریان گرتە دەست و لە کوردستانەوە گۆشتیان بۆ ئەو ناوچانە دابینیان کرد.

باوکم و دەورووبەرییەکانی لە گوندەکانی نەغەدە و دەوروبەری ماڵاتیان دەکڕی و دەیانبردە بازاڕەکانی باکووری ئێران (شیمال). ئەم کارە داهاتێکی بۆ بنەماڵە کەڵەکە کرد، بە ئەندازەیەک هەتا مانگی ڕێبەندانی ١٣٥٧ هەتاوی (١٩٧٩ز) درێژەیان بەم کارەیان دا و کاتێکیش ئینقلاب ڕووی دا، مامە ئەحمەد بە هۆی گرژی و داخرانی ڕێگاوبانەکانەوە لە شاری بابول مایەوە و ماوەیەکی زۆری خایاند هەتا لە کوێرەڕێکانەوە خۆی گەیاندە نەغەدە. دوای ئەوە لە لایەک بە هۆی ململانێکانەوە و لە لایەکی ترەوە بە هۆی بارودۆخی کورد و ناکۆکیی ئایینی کە لایەنێکی سیاسیشی هەبوو، ئەو پەیوەندی و بازرگانیانە پچڕان. مەبەستم ئەوەیە کە حکوومەت هەستی ئایینی بۆ دروستکردنی دووبەرەکی و سڕینەوە و دوورخستنەوە بەکار

هێنا بۆ ئەوەی خواست بۆ دەسەڵات و سەربەخۆییخوازیی نەتەوەی کورد کە هەمیشە هەڕەشە بۆ سەر هەیکەلی حکوومەتەکان بووە، سەرکوت بکات. باوکم و کەسوکارەکەی پارەیەکی زۆریان لەدەست دا و لە بڕگەیەکدا بە هۆی داخستنی ڕێگاکانەوە نەیانتوانی هەموو حساب و کتێبەکانیان یەکلایی بکەنەوە. گەشەی ئابووری و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکی زۆر نزیکیان پێکەوە هەیە. لە هەموو ئەو قۆناغانەی کە ئێران سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبووە، شارەکانیش گەشەی ئابوورییان کردووە. بنەماڵەی باوکیم توانیان سوود لە سەقامگیری و گەشەی ئابووریی ساڵانی پەنجای هەتاوی وەربگرن و سامانێک بەدەست بهێنن، بەڵام بەو پێیەی کە ئینقلاب ناسەقامگیری و گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە هەموو بوارەکان و لەرزۆکیی ژێرخانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ خۆیدا دێنێ، یەکەمین کاریگەرییەکانی لە سەر پێکهاتەی ئابووریی کۆمەڵگە شاری و گوندنشینەکان بوو.

لەو ماوەی کە باوکم و پیاوانی خێزانەکەمان سەردانی باکووری ئێرانیان دەکرد، ئێمەی منداڵان کەیفمان ساز بوو. ئەوان میوەی وەکوو پرتەقاڵ و تەنژین و مۆز و سیری شیمالی و هەموو جۆرە ترشیات و میوەیەک کە لە ناوچەکەماندا کەمتر هەبوو یان هەر نەبوون، لەگەڵ خۆیان دەیانهێناوە و لەم هاتوچۆی پیاوانی تایفەدا، فەرهەنگێکی نوێ هاتە ناو ژیانمانەوە. باوکم و مامم هەندێک جار قات و پانتۆڵیان لەبەر دەکرد و مێزەریان لە سەر دەکرد. ئەم مێزەر لە سەرکردن و قات و پانتۆڵە تێکەڵکردنێکی زۆر جوان بوو و ئاوێتەیەکی سەرنجراکێشی لە نەریت و مۆدێرنیتەی پیشان دەدا، کە زۆر سەرنجڕاکێش بوو، ئەوەندە جوان بوو کە لە شارە فارسەکاندا بەردەوام داوایان لە باوکم دەکرد کە بۆ ویترینی ستۆدیۆ فۆتۆگرافییەکان وێنەی لێ بگرن.

ڕەنگە لە هەندێک ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم وێنانەتان بینیبێ، یان لە نزیکەوە ئەم جۆرە پێکهاتە جلوبەرگییەتان بینیبێت. پیاوانی بنەماڵەکەمان خۆیان فێری فارسیش کردبوو و ئەمە بە لای ئێمە منداڵانەوە ئاڵوگۆڕێکی فەرهەنگیی سەیر[1] بوو. لەو سەردەمەدا زۆر بە باشی دەمانتوانی لە ناو بنەماڵەکانی خۆماندا ڕەنگێکی شیمالی و فارسی لە جۆری پۆشینی جلوبەرگ و خۆراک و پۆشاک بەدی بکەین. فرەچەشنیی جوگرافیایی، فەرهەنگی و جۆری ژیان لە ئێران وای کردووە کە ئەو خەڵکەی کە لە شارە گەورەکاندا دەژین و زیاتر لە بواری بازرگانیدان، نەتەوەی جیاواز بە جلوبەرگ و بنزاراوە و تەنانەت ڕەفتاری جیاوازەوە ببینن. ئەمە لە پەیوەندیسازکردن لەگەڵ شارەکان و بەریەککەوتنی لەگەڵ نەتەوە و

---

١. وەرگرتنی فەرهەنگی، ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی، پەیوەندیی فەرهەنگی و بژاردەفەرهەنگی ... لە زانستە خەڵکناسییەکانن. هۆگران بۆ زانیاریی زێدەتر دەتوانن کتێبی «مبانی مردم شناسی» بخوێننەوە. ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی، دژی هێرشی فەرهەنگییە. ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی ڕەوتێکی پێویست بۆ بەردەوامیی زانست و ژیانی فەرهەنگی لە سەرتاسەری جیهانە.

● وێنەی ٣٣- لە ڕاستەوە: مام حەوڵا، مام قادر، مام حەمەدەمین، باوکم، ڕاوەستاو: مام ئەحمەد. ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی (١٩٨٣)

ئێتنیکەکانی کێشەی بۆ کورد دروست کرد. ورده ورده تایبەتمەندییە فەرهەنگییەکان خۆیان هاتنە ناو شارە نوێیەکان، بەڵام هەر زوو خۆشیان کەوتنە ژێر کاریگەریی مۆدێرنیتە و نوێگەرێتیی شارە گەورەکانەوە.

قەدەغەکردنێکی دیکە بۆ کچان لە ناو تایفەیەکی سیاسیدا

کۆچکردنی کوێخاخەلیل لە شیناوێی پیرانشارەوە بۆ نەغەدە، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ناو خانەدانی باوکیمدا دروست کرد، کە دەتوانین ئەم گۆڕانکارییە لە دوو سێ نەوەی داهاتوودا ببینن. کوێخاخەلیل جارێک بە هۆی کۆچکردنی زۆرەملێ لە ناوچەی موکریانەوە بۆ دەوروبەری نەغەدە و پاشان بۆ ناوچەی لاجان، لە ڕووی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە ئاستی نزمتر بۆوە، دیارە لاجان لە چاو موکریان و مەحاڵ لە ئاستێکی نزمتردا بوو. کوێخا لە شوێنێکەوە گەڕایەوە سەر شارنشینییەکەی. هەرچەندە هەرگیز نەگەڕاوەتەوە بۆ مەهاباد، بەڵام لە نەغەدە نیشتەجێ بووە و ئەم جێگۆڕکێیە ژیانی منداڵ و خزم و کەسوکارەکەی، بە باوکیشمەوە گۆڕیوە. هەرچەندە خۆیان نەیانتوانی خوێندەوار بن و بچنە قوتابخانە، بەڵام توانیان ڕێگەیەک بۆ منداڵانی خێزانەکە بدۆزنەوە بۆ ئەوەی بچنە ناو جیهانی نوێوە.

نەغەدە شارێکی فرەفەرهەنگ بوو کە منداڵانی کوێخاخەلیل و باوکمی بە جیهانی دەرەوە ناساند، بەڵام پیشەی چێوداری کارێکی وای کرد کە پیاوانی بنەماڵە چاویان بە ڕووی جیهانی

دەرەوە و شارەکانی دیکە بکرێتەوە و ڕچەی تاران و شارەکانی باکووری ئێرانی بۆ شکاندن. سەرەڕای ئەوەی کە منداڵ بووم و پیاوەکانیش لە گێڕانەوەی یادەوەرییەکانیاندا هیچیان لە قەڵەم نەدەخست و سانسۆریان نەدەکرد، لەمەڕ چوون بۆ کاباره لە شەقامی لالەزار و سەرخۆشبوونی دوای ئەوە و تەنانەت ئەو شەڕ و دەستدرێژیانەی کە دەکرایە سەریان، زۆر بەسەرهاتم دەبیست.

ئەوان دەیانگێڕاوە کە چوونەتە کۆنسێرتەکانی هاییدە، مەهەستی و حومێرا و ئەوەی جێگای سەرنج بوو ئەوە بوو کە هەمیشە دەچوونە کۆنسێرتی ژنان. تەنانەت بۆ یەک جاریش لێیانم نەبیست کە بڵێن چوونەتە کۆنسێرتی گۆرانیبێژێکی بەناوبانگی پیاوی ئەو سەردەمە، وەکوو ئیرەج یان سەتار. بۆ منێک کە لە سەردەمی ئینقلاب گەورە دەبووم و گوێگرتن لە کاسێتەکانی گۆرانیبێژانی سەردەمی شا قەدەغە بوو، بەڵام بە دوور لە گوێی کۆنەپەرستانی حکوومەت گوێمان لێدەگرتن؛ گوێگرتن لە یادەوەریی گەورەترەکان، شیرین و سەرنجڕاکێش بوو و هەڵبەت هەندێک لەو یادەوەرییانە سەبارەت بە ژنان و ڕابوردنەکانیان لەگەڵ ئەوان بوون، کە بۆ من لە تەمەنی هەرزەکاریدا ورووژێنەر و سەرنجڕاکێش بوون.

هاتنی دەرکەوتەکانی شارنشینی و هەموو ئەو شتانەی کە لە گوند و شارە بچووکەکاندا نەبوو، بووە هۆی ئەوەی کە لەو ناوچانەدا هاوسەنگیی نەریتەکان بشێوێت. ڕەنگە یەکێک لەو هۆکارانەی کە پیاوان و ژنانی نەریتخواز لە شار و لادێ بچووکەکان خۆڕاگرییان دەنواند هەر لەبەر ئەم گۆڕانکارییانە بێ، چونکە هەستی نائەمنی بۆ نەریتخوازەکان دروست دەکا و سەرمایە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو متمانە و ئاسایشیان تووشی ئالنگاری دەکات. شارنشینی بۆ خانەدانی خەلیل کارێکی دروست بوو، چونکە منداڵانی بنەماڵەی باوکی کە کوڕە گەورەکانی بنەماڵە بوون چوونە قوتابخانە و هەتا ئاستی دیپلۆم درێژەیان بە خوێندن دا.

سێ کەسی یەکەم، ئامۆزاکانی باوکم بوون، کاک مراد کوڕی مام حەوڵا و کاک براییم کوڕی گەورەی مامە قادر و کاک مستەفا کوڕی مامە حەمەدەمین، پاشان کاک فەتاح کوڕی گەورەی هاجەر - ئامۆزای باوکم - چووە قوتابخانە، وردە وردە بابەتی خوێندن هاتە ناو بنەماڵە. کاک مراد کە ئێستا لە ئەمریکا دەژی، دواتر بوو بە یەکێک لە فەرماندەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەرپرسی پەلی سەربازیی ناوچەی شنۆ[1]. بوونی ئەو و باوکم و ئامۆزاکانم و ئەندامانی دیکەی بنەماڵەکەمان لە ناو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کاریگەرییەکی زۆری لە سەر من و هاوتەمەنەکانم دانا و بەشێکی گرنگی ڕوانگەی پێشوەختەی سیاسیی من بە هۆی ئەوان و ئەو هەلومەرجە بوو کە باڵی بە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کێشابوو.

---

١. هێزی سمکۆ

هەروەها کاک ئیبراهیم یەکێک لە یەکەمین خوێندەوارەکانی بنەماڵەیە. کاک براییم ئێستا خانەنشین بووە و پێشتر میرزای خانەوادە بوو. چووە قوتابخانە، فێری خوێندەواری بوو و بڕوانامەی دیپلۆمی وەرگرت، کە لە سەردەمی شادا بڕوانامەیەکی بەرز بوو. لە بیرمان نەچێ لە ناو هەموو دەرکەوتەکانی مۆدێرنیتە و دەرکەوتنی لە ناو شارە بچووک و لادێکاندا، خوێندەواربوون و چوونە قوتابخانە لە هەموو شتێک گرینگتر بووە و هۆشیاری لێ دەکەوتەوە. نەوەی نوێ بە زانستە بەدەستهاتووەکەیان بەرەو ڕووی نەریتە زاڵەکانی ناو کۆمەڵگاکەیان دەبنەوە. چونکە ئاگایی و هۆشیاری زەمینە بۆ گۆڕانکاری و وەرچەرخان خۆش دەکات.

● وێنەی ٣٤- کوڕانی مام حەوڵا و مام حەمەدەمین،
لە ڕاستەوە: کاک جەسیم، غەفوور، مراد، مستەفا، دانیشتوو: ناسر و تەها

وەک وتم کاک فەتاح عەبدولی هاوکات لەگەڵ کاک مراد ئەحمەدی هاتە ناو ڕەوتە سیاسییەکانەوە و دواتر بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. کاک فتاح هەر ئەو کەسەیە کە لە ڕێستورانتی میکۆنۆس (١٧ی ئەیلولی ١٩٩٢، ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ هەتاوی) لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا، لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران واتە دکتۆر سادق شەرەفکەندی تیرۆر کرا[1] و لەگەڵ دەستگیرکرانی بکوژەکانیان و بڕیاری دادگای ئاڵمان، دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی کۆماری ئیسلامی لەوانە عەلی خامنەیی حوکمیان لە سەر درا و فەرمانی دادوەریی نێودەوڵەتی بۆ دەستگیرکردنیان دەرچووە. لەو سەردەمەدا کاک فەتاح نوێنەری حیزب لە ئەوروپا بوو و دیپلۆماتکارێکی ژیر و بیرتیژ بوو. با بێمەوە سەر خوێندن لە لادێ و شارەکانی کوردستان ... کچانی کوردیش دوای کوڕان چوونە قوتابخانە، بەڵام مام حەوڵا کە ڕیش سپیی تایفە بوو، نەیدەهێشت پوورەکانم و کچە هاوتەمەنەکانی دیکەیان بچنە قوتابخانە. هەرچەند دواتر کچە کەم تەمەنەکانی دیکە چوونە قوتابخانە، بەڵام پوورەکانم لەوەی کە نەیانتوانی بچنە قوتابخانە

١. لە ڕێکەوتی ١٧ی سێپتەمبەری ساڵی ١٩٩٢دا ژمارەیەک لە نەیارانی کۆماری ئیسلامی لە ڕیستورانتێک بە ناوی میکۆنۆس لە بەرلین کوژران. بە پێی بڕیاری دادگا، کەمێک پێش کاتژمێر ١١:٠٠ی شەوی ١٧ی ئەیلوولی ١٩٩٢، چوار کەس لە ڕیستورانتی میکۆنۆس کە دەکەوێتە سەر پراگەر ستراس لە بەرلین بە تەقاندنی ٣٠ فیشەکی دۆشکەیەکی ئۆتۆماتیکی و دەمانچەیەکی دەستی کوژران. بکووژەکان کە ڕاسپێرداوی هێزە ئەمنییەکانی ئێران بوون دەستبەسەر و دادگایی و پاشان زیندانی کران.

و خوێندەوار بن، دڵمەند بوون و ڕەنگە لەبەر یەخسیربوونەکەیان بووە کە نەیانهێشتووە بچنە قوتابخانە. نۆرەی نەوەی ئێمە هات، کە دوای کاک مراد و کاک فەتاح چووینە بەر خوێندن. مامە حەمەدەمین، برای مام حەوڵا کە تا ڕادەیەک کەسایەتییەکی ڕادیکاڵتری هەبوو، کچەکانی سنووردار دەکرد و ڕێگەی نەدەدا لە ماڵ دەربچن. ئەو دژی چوونی کچان بۆ قوتابخانە بوو و وەکوو زۆر کەسی دیکە پێی خۆش بوو کچان زوو هاوسەرگیری بکەن.

● وێنەی ٣٥- کاک فەتاح، پاریس، ١٣٧٠ی هەتاوی (١٩٩١)

مام حەوڵا لە تەمەنێکی زۆر کەمدا کچانی دەدا بە شوو. دیارە ئەم بابەتە لەو سەردەمەدا تا ڕادەیەک کارێکی باو بوو کە زۆربەی کچان ناچار بوون شوو بکەن. ئەو هاوسەرگیرییە گرێبەستییانەی کە زیاتر لە نێوان دوو تایفە و بنەماڵەدا ئەنجام دەدرا و زۆر جار زیانێکی زۆری بە ژیانیان دەگەیاند. هەر لەبەر ئەم هۆکارە ئەو ژن و کچانەی کە هاوتەمەنی پوورەکانمن یادگاریی خۆشیان لەو سەردەمە نییە و مام حەوڵا سەرەڕای ئەوەی لە ناو خەڵکدا خۆشەویست بوو، هۆکاری ڕەنج و ئازاری هەندێ لە کچان و ژنان بوو و نەیهێشت بە دڵی خۆیان شوو بکەن و بە دزییەوە بەدگۆییان دەکرد. پوورە مریەم هەمیشە دەیگێڕاوە کە مام حەوڵا پەیامێکی ناردووە کە: «ئەدی بیستوومە دەڵێن مریەمی دەنێرنە ئەکابریان[1]، بۆ وی فێری نامەنووسین بۆ کوڕان بێت!»

لەو سەردەمەدا خەڵک وێنایەکی باشیان لەبارەی قوتابخانە و خوێندەواربوونی کچان نەبوو و پێیان وا بوو کە ئەم کارە هاوتای بێ ئەخلاقی و چوونە ناو جیهانێکە کە لەگەڵ هەژموونیی پیاواندا ناکۆکە. سیستەمی پیاوسالاری زۆر باش دەیزانی کە ئەگەر کچان بچنە قوتابخانە و ئاستی هۆشیارییان زیاتر بێ، ئەوا کەمتر مل بۆ ئەو پێکهاتە نەریتی و ئایینییانە دادەنەوێنن کە لە فەرهەنگێکی کۆن و کۆنەپەرستانەی وەکوو نەریتی ژنبەژنە سەرچاوە دەگرێ کە هۆکاری هاوسەرگیریی زۆرەملێ و منداڵهاوسەرییە. باوکم کە سەر بە نەوەی گەنج بوو، پێی خۆش بوو خوشکەکانی بچنە قوتابخانە، بەڵام دەسەڵاتی ئەوەی نەبوو کە بەرامبەر گەورەکان بووەستێتەوە.

جلوبەرگ و یەکپۆشیی زۆرەملێ، کە تەنوورە و کراسی قۆڵ کورت و قژی پەخش و پەرێشانی کچانی لە خۆ دەگرت؛ کاردانەوەی کۆمەڵگای دەوروژاند. ئەم حاڵەتانە پێکهاتەی نەریتی و دواکەوتووی کۆمەڵگای بەرامبەر بە خوێندنی کچان هەستیار کردبوو. لابردنی

---

١. هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواریی گەورەساڵان لە دوای ئینقلابی ئیسلامی

حیجاب و لەبەرکردنی جلوبەرگی قوتابخانە لە سەردەمی شانەهشایی باوک و کوڕدا (ڕەزاشا و حەمەڕەزای کوڕی)، کە تەنها بیریان لە پرۆژەی مۆدێرنیتە و جیهانگیری دەکردەوە، بەرامبەر بە پێکهاتەی فەرهەنگی ناوچەیی و نەریتیی زۆرێک لە ناوچەکانی ئێران لەوانەش کوردستان بێباک بوون و هەر ئەم بێباکییەش زیانێکی زۆری بە کچانی ئەو ناوچانە گەیاند و کردیانی بە قوربانیانی ئەم ڕووداوە، ئەو قوربانییانەی کە لە دەرفەتی خوێندن و بەدەستهێنانی زانست بێبەش بوون.

خێرایی زیاتری گۆڕانکارییە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی مەشروتەوە کە قوتابخانە بۆ کچان کراوە، دەریدەخا کە ژنان پشکێکی گرینگ و بەرچاویان لەم وەرچەرخانانەدا هەبووە و لە هەندێ قۆناغی مێژوودا کە دەرفەتی خوێندن و بەدەستهێنانی زانستیان پێدراوە، زۆر چالاک و ڕۆڵگێڕ بوون. بەڵام بەشە دڵتەزێنەکەی ئەوەیە کە دەسەڵاتی بێبەشکردنی ژنان لە خوێندن لە لایەن ئەو پیاوە دەمارگرژانەوە بوو کە هاتوچۆی کەڵەشارەکانیان دەکرد و دەچوونە کابەرێکان. لە نەوەی دوای ئەوانیشدا تەنها چەند خێزانێک هەبوون کە کوڕ و کچەکانیان لە خوێندن بەردەوام بوون و ئەو بیرۆکەی کە نابێ کچان بخوێنن هێشتا زاڵ بوو. لە ناو ئەو خێزانانەدا یەکێکیان بنەماڵەی مامە قادر بوو، کە ژنەکەشی ئامۆزای دایکم بوو و یەکێکیان خێزانی ئێمە بوو کە درێژەمان بە خوێندن دا. هەڵبەت من و براکەم لە قۆناغی ناوەندیدا وازمان لە خوێندن هێنا و من ڕووم کردە خوێندنی سەربەخۆ و دواتر لە دەرەوەی ئێران دەستم بە خوێندن کردەوە.

لادێکان و ماڵاواییکردن لە چرا لەنتەر

گوندەکانی ئێران زۆر درەنگ نیشانەکانی شارستانیەتیان بینی و بەئەزموونیان کرد. کارەبا و ئاو و هێڵی گواستنەوەی گاز و تەلەفۆن و ئێستا ئینتەرنێت. هەموو ئەمانە لە پێشدا هاتنە شارەکان و هەندێک جار دەیان ساڵی خایاندووە هەتا هاتوونەتە دێهات. لە ئێراندا هێشتا گوند هەیە کە هیچ سوودێکیان لەم هەموو ئیمکانیاتە نەبینیوە. هەر لەبەر ئەوە بوو کە ژیان لە لادێ هەتا نزیکەی چل ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ ژیانی شار تەواو جیاواز بوو. ئەو گوندانە هەرچی لە ناوەندەوە دوورتر بان، بەشیان لە شارستانییەت و مۆدێرنیتە هەم کەمتر بوو و هەمیش مۆدێرنیتە درەنگتر دەگەیشتە ئەو گوندانە.

ئەگەر تەنها مەودای نێوان هەڵگیرسانی یەکەم گڵۆپێک لە ئێران و هەڵگیرسانی یەکەم گڵۆپ لە گرداشەوان بەراورد بکەین، درک بە قووڵایی ئەم مەودایە دەکەین. یەکەم گڵۆپ لە ئێران لە ساڵی ١٢٦٤ی هەتاوی (١٨٨٥ز) داگیرسا، لە حاڵێکدا لە ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی (١٩٨٧ز) ئەم گڵۆپە گەیشتە گوندی باپیرم، واتە مەوداکەی سەد و دوو ساڵە! لە بیرمە یەکەم

وەرچەرخانـی گـەورە لـە گرداشـەوان هاتنـی کارەبـا بـوو، ژیانـی خەڵکی بۆ هەمیشـە گـۆڕی و بە ڕووداوێکی گـەورە دانرا.

ڕووناکیـی هـەر گڵۆپێـک ئێمەی لە هەسـتی نۆسـتالژیکی دووکەڵـی چرا لەنتەری داگیرسـاو لـە چێشـتخانە و چـرای نەوتـی دوورتر دەکـردەوە. کارەبا ژیانـی ڕووناک کـردەوە و خەڵک توانیان لەو تاریکی شـەوەدا هەموو سـووچ و گۆشـە شـاراوە و ئاشـکراکانی ماڵ و گوند ببینن، شـتێک کە پێـشتر لـە نـاو دڵـی تاریکی شـەودا ناومکین بوو. ئەوسـا من بچووک بـووم و بە لامەوە سـەیر بوو کـە بـە شـەودا دەتوانـم هەمـوو کـون و قوژبنـی تەویلـە و کادێنـە گـەورەکان ببینـم و بە سـووچ بە سـووچی ماڵی مینە قازیـدا بخولێمەوە.

لـە ماڵـی باپیـرم گڵـۆپ و تەلەڤیزیـۆن پێکـەوە داگیرسـان. هەڵبـەت مینەقـازی پێـشتر تەلەڤیزیۆنێکـی ١٤ ئینچـی هەبـوو کـە بـە باتریـی تراکتـۆر دادەگیرسـا. دوای هاتنـی کارەبـا لە سـاڵانی حەفتاکانـی هەتـاوی، بەشـێکی زۆری ژیانـی خەڵکـی گونـدەکان هاوشـێوەی ژیانـی شـارەکانی لێهـات. دواتـر تەلەفۆنیـش هـات و ژیـان ئاسـانتر بـووەوە، بـەڵام ئـیتر هیـچ شـتێک وەکـوو جـاران تـام و بۆنـی گونـد و ماڵـی باپیـری نـەدا. بـۆ منێـک کـە بـە گیـان و دڵ بۆنـم بـە دووکەڵـی چـرا لەنتـەری هەڵگیرسـاوی مدبـەخ کردبـوو، هاتنـی کارەبـا بـە تـەواوی دۆخەکـەی گـۆڕی. ژنانـی لادێ چـیتر بـە گۆشـت و مریشـکی خۆماڵی چێشـتیان لـێ نەدەنا و بـە بۆچوونی مـن خواردنەکـە تامـی جارانـی نەبـوو. تەنـوور بـۆ هەمیشـە کـوژاوە و ئـیتر بۆنـی خۆشـی نـان نەدەهـات. تامـی نانـی مەکینەیـی شـار جێگـەی تامی خۆشـی نانی تەنـدووری کوردی لە سـەر سـفرەی خەڵکـی گونـد گرتبووەوە. ئێسـتا کە بیـری لێدەکەمـەوە دەبینم ئەم خۆشـییانەی ژیانی لادێ و بیرەوەرییەکانـی ئێسـتامان بـۆ ژن و پیـاوی ئەوسـای گونـد زەحمەتێکـی زۆری دروسـت کردبـوو. ژیانێکـی پڕچەرمەسـەرییان هەبوو و ئێسـتا بەم ئیمکانیاتـەی کە هەیانە ژیانیـان گۆڕاوە و ئاسـانتر بووە. ئێسـتاش سـەرەرای ئەوەی دڵم بۆ لەدەسـتچوونی ئەو ڕەنگ و بۆن و ژیانی گوند پـڕ دەبـێ، بـەڵام مافی ئـەوە بە خۆم نـادەم کە سـەرکۆنەی لادێ و خەڵکی لادێ بکـەم کە بۆچی وازیـان لـە ژیانـی ڕابردوویـان هێنا، ئەوانیـش دوای ژیانێکـی پڕزەحمەت و بڕسـکبڕ مافی خۆیانە کـە چێـژ لـە خۆشـگوزەرانی وەربگـرن و بـە ئاسـوودەیی بژین.

ڕەحیـم کـوڕی خاڵـۆ عەلـی کـە چەنـد سـاڵێک لـە مزگەوتـی گرداشـەوان فیقهـی سـونەتی خوێنـدووە و زۆر سـەردانی مزگەوتـی کـردووە، دەیگـوت: «کاک کامیـل ژمـارەی نوێژخوێنـان گەیشـتۆتە چـوار پێنـج کـەس» کاتێک ئێمـە منـداڵ بووین، مزگـەوت تەنها بـۆ نوێژکـردن نەبوو، بەڵکـوو کۆبوونـەوە و گفتوگـۆی سـەبارەت بـە کاروبـاری گوند و هاوسـۆزی خەڵکیش لـە مزگەوت بەڕێـوە دەچوو.

ئێسـتا کەشـەکە گـۆڕاوە و نابـێ کاریگەریـی میدیـا لـە دروسـتکردنی ئـەم کەشـە نوێیـە بـە هەنـد وەرنەگریـن. خێزانـەکان لـە سـنووری کەناڵـە تەلەڤیزیۆنـی و سـەتەلایتییەکانەوە کـە بـە

شێوەیەکی سەرەکی سیاسی بوون، تێپەڕیون و بوونەتە بینەری دراما تورکی و فیلمە ڕۆمانسییە ڕۆژئاواییەکان. زۆربەی خەڵک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا چالاکن و بەشێک لە کاتەکانی ڕۆژانەیان لە ناو تێلێگرام و ئینستاگرامدا بەسەر دەبەن.

ئەم گۆڕانکارییە ڕوخسار و فەرهەنگی گوندیان گۆڕی، هەمووانی کردە شارنشین و زۆرینەی دێهاتییەکان لە شاردا ماڵی دووەمیان هەیە. بە ڕای من لە شێوازی ژیانی گوندنشیندا هەستی ژیان و پەیوەستبوون بە واقیعەکانی ژیان زیاتر بوو. شار وەک کۆمەڵگایەکی بێناونیشان، جگە لەوەی پەیوەندیی ژیانی مرۆڤەکانی بە یەکتر و پەیوەندییە قووڵەکانیان پچڕاندووە، وجوودی ئەوانی لە هەستی هاونشینی لەگەڵ سروشت داتەکاندووە و لە ڕێگەی فەزای ناواقیعانەوە کە لە ژێر کاریگەریی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە نوقمی جیهانی ئەوپەڕواقیعەکان بوون و بەم شێوە پەیوەندییان بە واقیعەوە پچڕاوە. بەڵام بە ڕای من جیاوازیی شار و گوند جیا لەو بۆنە فەرهەنگی و ڕێوڕەسمییانەی کە ئەمڕۆکە زۆر باویان نەماوە، تەنیا لە جۆر و شێوازی بەرهەمهێنانی گوندنشینیدایە.

فەرهەنگی شار و لادێ لە یەکتر نزیک بووەتەوە و وەک جاران مەودای نێوان شار و گوند زۆر نییە. هەندێ گۆڕانکاری لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەکوو ڕێگای قیرتاوکراو، بۆریی ئاو و هاتنی کارەبا بۆ گوندەکان، بیناکردنی قوتابخانەی سەرەتایی و فراوانکردنی خوێندنی ناوەندی، هەروەها پەرەدان بە ناوەندەکانی زانکۆ لە شارەکان کە هەندێک لە خوێندەوارە دێهاتییەکانیش توانیان بچنە زانکۆ، کە ئەمە ڕەوتێکە لە ساڵانی دەیەی چلی هەتاوییەوە لە ئێراندا دەستی پێکرد و بە تێپەڕبوونی کات، پەرەی سەندووە و تا دێ ژیانی گوندنشینی لە ژیانی شارنشینی نزیک دەبێتەوە.

ئەوەی ڕاستی بێ ئینقلابی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی (١٩٧٩ ز) ئەم وەرچەرخانانەی خێراتر کردەوە و سەرباری ئەوەی ئاراستەی خەڵک و دادخوازییانی بە ئاقارێکی دیکەدا برد، بەڵام بە ڕەهەندی جیاوازەوە مۆدێرنیتە و نوێگەرێتی هێنایە ناو ژیانی خەڵکی شار و لادێ. دیارە پێشکەوتنە تەکنەلۆژییە جیهانی و ناوچەییەکان بە هەموو ڕووەکانیەوە لە ئابوورییەوە بگرە هەتا دەگاتە بواری فەرهەنگی، ژیانی خەڵکی گۆڕیوە و بە هۆی ئەو چەمکانەی کە ئێستا بە جیهانگیری دەیناسین، سنووری نێوان شار و لادێ کاڵ بووەتەوە.

وەرزی دووەم

ســـالاّنی ئینقلاب، جەنـگ و ئاوارەیی

پێشەکی

بۆ ئەو منداڵانەی وا لە ژێر هەوری ڕەشی جەنگ و گرژیدا بەسەر دەبەن، ساڵانی خۆشی و خەندە و سەرمەستی و کەیفخۆشی، لە تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگ و جوان دەچێ کە جارنەجارێ دەستێکی نگریس دێ و لایەکی لێ ڕەش دەکاتەوە. من ئەم بارودۆخەم بە سەر هاتووە و هەموو جارێک لە سووچێکی ئەم تابلۆیەدا ڕام کردووە و چاوەڕێ بوومە تا ڕەنگەکان دیسان مەرگ بەئەزموون بکەنەوە.

ڕووخانی ڕژێمی شاهەنشاهی و سەرکەوتنی ئینقلابی ئیسلامی، شەڕی ناوخۆیی و بەزاندنی سنوورەکانی ئێران لە لایەن ڕژێمی بەعسی عێراقەوە و پاشان بابەتی ئێتنیکی و نەتەوەیی و فەزای داخراوی دوای جەنگی ئێران و عێراق، تاڵانکەرانی گەورەی ئەو ڕۆژگارانەی هەمووان، بەتایبەت منداڵان بوون.

ئێمە ئەو بنچکەگیا تازە ڕوواوانە بووین کە دەبا لە سەر خاکی خۆمان شین ببایین و ڕەگ و ڕیشەی خۆمان تۆکمە بکردایە، کەچی شەو و ڕۆژ و مانگ و ساڵمان لە ڕاوەدوونانی بێوچاندا بەسەر برد و ڕۆژگار هەموومانی بە جۆرێک تێک شکاند و هەرگیز نەمانزانی کە منداڵی دەتوانێ شاد و خنجیلانە بێت. لە مەودای نێوان هەر پەناگەیەک و هێرشێکی دیکەدا، وامانەزانی قاپۆڕەکانی تفەنگ یارییە و بەشمان لە جیهان دەبێ خەباتێکی سەخت لە پێناو مانەوە بێت.

هەندێک جار سنووری ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و بەستێنی تایبەتی و گشتیی ژیان وەها تێکەڵ دەبن کە گێڕانەوەی تاکەکەسی دەبێتە وێنەیەکی گشتگیر و گێڕانەوەی بەکۆمەڵیش فۆرمێکی تاکەکەسی بە خۆوە دەگرێت. لەم بەشەدا؛ باسی شەڕی نەغەدە و حیزب و ڕەوتەکانی کوردستان و سەرکردایەتیی کاتیی بارزانییەکان (قیادەی مووەقەت) و ڕۆڵی ئەوان لە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەکەم و چارەنووسی خۆم و بنەماڵەکەمتان لەو ڕۆژگارە سەخت و پڕ لە نەهامەتییەدا بۆ دەگێڕمەوە. گێڕانەوەیەک کە هی ساڵانی منداڵیم و سەرەتای هەڕەتی مێرمنداڵیمە، کە تێکەڵ بە بەشێکی گرنگی مێژووی کوردستان یان وردتر بڵێم ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە.

بەشی یەکەم

منداڵی لە ژێر هەوری ڕەشی جەنگدا

دواییـن ڕۆژەکانـی مانگـی ڕێبەندانـی سـاڵی ١٣٥٧ (کانوونـی دووەم/فێبرییـەی ١٩٧٩)، کـە بـە پێـی ڕێکەوتـی ناڕوونـی لەدایکبوونـم، ئەوەنـدەم نەمابـوو بچمـە نـاو تەمەنـی ٧ سـاڵانەوە، شۆڕشـی گەلانـی ئێـران لـە دژی ڕژێمـی پەهلـەوی سـەرکەوت و تەمەنـی حـەوت سـاڵانم بـە سـەردمێکی نوێـوە دەسـتی پێکـرد، کـە سەرخۆشـییە ئینقلابییەکـەی بـە مزگێنیـی ئـازادی، ئاوەدانـی، سـەربەخۆیی، خۆشـگوزەرانی و یەکسـانی، هەمـوو چیـن و توێـژ و گەلانـی ئێرانـی بە جـۆش و خرۆشـێکی بـێ وێنـەوە هێنابـووە سـەر شـەقام.

ئـەم مـژدە نوێیـە بـۆ وڵاتـی دایکیـم، واتە کوردسـتان، کـە زیاتـر لە هەمـوو ناوچەکانـی دیکە تینـووی دادپەروەری، یەکسـانی، گەشـەپێدان و داواکارییە نەتەوەیـی – ئێتنیکییە ڕەواکانی بوو، چالاکـی و جـۆش و خرۆشـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکەی ئەم شۆڕشـەی دوو هێنـدە کردبووەوە. بـەڵام ئـەم خۆشـحاڵییە شۆڕشـگێڕییە زۆری نەخایاند و هێندەی نەکێشـا کە شـار و وڵاتەکەمان، لـە نـاو کەشـوهەوایەکی ئینقلابیـدا، کـە لەلایـەن مەلا کۆنەپەرەسـتە شـێعەکان و شـوێنکەوتووە ملکەچەکانیانـەوە داگیرکرابـوو، جگـە لـە شـەڕ و ئاوارەیـی و بۆنـی دووکـەڵ و بـارووت و خوێـن، هیچـی دیکـەی پـێ نەبـڕا و لـە سـای زەبـر و زەنگـی ئینقلابـەوە وەهـا برینـدار بـوو کـە هەرگیـز سـاڕێژ نەبـۆوە و ئێسـتاش زامەکـەی خوێنـی لـێ دەتکێـت. ئـاوا بـوو کە نەخشـی تافـی منداڵیم بـە تـان و پـۆی گـرژی و ماڵوێرانـی چنرا و بەر لـەوەی دەرفەتی گێڕانەوەی بەسـەرهاتی شـیرینی منداڵـیمان بـۆ بڕەخسـێ، شـەڕ و ماڵوێرانییـەکان ئێمەیـان نووسـییەوە. گێڕانـەوەی منداڵـی لـە سـایەی شـەڕدا، دووبارەگێڕانـەوەی مێـژووی شـەڕ نییـە، بەڵکـوو گێڕانـەوەی تافی منداڵـی و ئەو منداڵییـە تاڵانکراوانەیـە کە شـەڕێکی ترسـناک و نایەکسـان وەک مۆتەکە باڵی بەسـەردا کێشـا.

ناتوانم نکۆڵی لە هەندێ کاریگەریی ئەرێنی حیزبە سیاسییەکان و حکوومەتە خۆجێییەکانی لە ناوچەکانی وەکوو کوردستاندا بکەم. سەرەڕای ئەمە، هەندێک لە لاوازی و کێشەکانی ئەم حیزب و سیستمە سیاسییانە و ئاشنابوونم لەگەڵیان، وای لێکردم کە لە هەڕەتی گەورەساڵیدا توخنی سیاسەت نەکەوم. کاتێک لە کوردستان دوور کەوتمەوە، گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە بواری کار و حەز و خولیای من چیتر سیاسەت نییە، بەتایبەت سیاسەتی حیزبایەتی. من کەسێک بووم کە لە قسە و نووسیندا ڕاشکاو بووم و ئێستاش هەر وام، باوەڕم بە سەربەخۆیی لە شیکردنەوەدا هەیە و ئەمانە لەگەڵ سیاسەتی حیزبایەتی یەک ناگرنەوە.

هەمیشە هەوڵم داوە بە شێوەیەکی سەربەخۆ و دوور لە لایەنگریی سیاسی، بەرهەمە توێژینەوەییەکانم شی بکەمەوە، بەڵام ژیانمان پەیوەندییەکی مانادار و جێگیری لەگەڵ سیاسەتدا هەبوو و تا ڕادەیەک لە ژێر کاریگەریی سیاسەتە و ناتوانم بوونی بەهێزی سیاسەت پشتگوێ بخەم. ئێمە لە ڕابردوودا، زیانەکانی سیاسەتمان لە شێوەی شۆڕش و شەڕ و کوشتار و ململانێ ناوخۆییەکان و جەنگی هەشت ساڵەی ئێران و عێراقدا بەئەزموون کردبوو. تەنانەت کاتێک خۆمان لەم فەزایە و دەرەنجامە وێرانکەرەکانی دوور دەخەینەوە، هێشتاش وەک بەشێکی گرنگی ئەزموونی ژیاومان لە ئێمە و لەگەڵ ئێمەدا دەمێنێتەوە.

ئەگەر ئێمە وای دابنێین کە سیاسەت واتە شیکردنەوە و ڕەخنەگرتن لە کایەکانی دەسەڵات لە ناو کۆمەڵگە و پەیوەندیی حوکمڕانی لەگەڵ دامودەزگا کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان و هتد، ئەوا پانتایەکی بەرفراوانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە. بەتایبەت ئەوانەی دەچنە ناو بواری چالاکیی کۆمەڵایەتی و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانەوە، ڕاستەوخۆ لەگەڵ سیاسەت و میکانیزمی دەسەڵات دەستەویەخە دەبن و ڕەخنەی لێ دەگرن. ئەمڕۆش تەنانەت ئەگەر تێکەڵ بە ڕەوتە سیاسی و حیزبییەکانی ئێرانەوە نەبووبیت، هێشتاش ناتوانی لە سیاسەت دوور بکەویتەوە، کە دیارە ئەمە ڕواڵەتی ژیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.

نەغەدە؛ کۆنەزامێکی قووڵ

لە پێشدا با بڵێم نەغەدە[1] لە کوێی نەخشەی ئێراندا هەڵکەوتووە و چ جۆرە کەشوهەوایەکی هەیە. ئەم شارە سەر بە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا (ورمێ)یە و دەکەوێتە ٨٧ کیلۆمەتریی شاری ورمێ و ٥٢ کیلۆمەتریی شاری مەهاباد. پیشتر کوردەکان پێیان دەوت سندووس یان

١ . هەتا سەردەمی ڕەزاشا کە ئێران بەسەر پارێزگاکاندا دابەش نەبوو و پارێزگایەک بە ناوی ئازەربایجانی ڕۆژاوا لە ئارادا نەبوو، شارێک نەبوو کە ناوی نەغەدە بێت. بە فەرمانی عەباس میرزای نایبولسەڵتەنە لە تەورێز، چەند سەد بنەماڵەی تورکی قەرەپەپاغ لە سندووس و گوندەکانی دێنەقی یان نەقەدێ، ڕادانە و یەک دوو گوندی دیکە نیشتەجێ کران. (دنیز ایشچی، آسیب‌شناسی جنگ نقده؛ دیالوگ پیشنهادی حزب دموکرات کردستان؛ ٢٥ آپریل ٢٠١٢)

دەشـتی سـندووس و تورکـە ئازەرییەکانیـش پێیـان دەوت سـوڵدووز[١]، بـەڵام سـاڵانێکە هەمووان ئـەم شـارە بـە نەغـەدە دەناسـن. لـە جوگرافیـای ئێرانـدا، ڕێـژەی ئـەو شـارانەی کە وەکوو شـاری نەغـەدە شـوێنی نیشـتەجێبوونی نەتـەوە و فەرهەنگـە جۆراوجـۆرەکان بـن، ژمارەیـان زۆر نییە. بە هـۆی نیشـتەجێبوونی کـوردی موکری و تورکـی قەرەپەپاغ[٢] هـەر دوو زمانی کـوردی و تورکی لەم شـارەدا ئاخافتنـی پـێ دەکرێ، بـەڵام ئەگەر توێژینەوەی تێدا بکرێ ئاسـەواری بوونی ئاشـووری، جوولەکـە و تەنانـەت مەسیحیشـی تێـدا بـەدی دەکـرێ و ناوچەیەکـە کـە لـە ڕووی فەرەهەنگـی نەتەوەیـی، ئێتنیکی و ئایینییـەوە هەمەجۆرە.

نەغـەدە لـە بـەری باکـوورەوە لەگـەڵ ورمـێ، لـە لای باشـوورەوە لەگـەڵ هـەر دوو شـاری پیرانشـار و مەهابـاد، لـە بـەری ڕۆژهەڵاتـەوە لەگـەڵ میانـدواو و لـە دیـوی ڕۆژاواوە لەگـەڵ شـنۆ هاوسـنوورە. حەوتکانـی[٣] یەکێـک لـە جوانییەکانـی نەغەدەیـە کـە دەکەوێتـە بەشـی ڕۆژهەڵاتی سـوڵتان یاقووبـەوە و بـە هۆی مـادە کانزاییەکانیەوە ناوبانگێکی تایبەتی هەیە. گردی حەسـەنلوو و جامـە زێڕینەکەشـی کـە لە مێـژووی کۆنی ئێرانـدا زۆر بەناوبانگە ئەوەندەی دیکـە ناوبانگی ئەم شـارەی زڕانـدووە و کانـی و ناوچـە کوێستانییەکانیشـی کـە بـۆ هەمووان ئاشـنایە.

پـاش چاخـی سـێیەمی زەویناسـی بیچمی گرتووە و بە پێـی بەڵگەی سروشـتی و دۆزینەوەی فۆسـیلی ئاژەڵـی و ڕووەکـی لـە بنـاری چیاکانـی لاوەشـەلی (باشـووری ڕۆژاوای نەغـەدە)، ئـەم ناوچـە ٥٠٠ میلیـۆن سـاڵ لەمەوبـەر لـە ژێر ئاودا بـووە. لە لایەکـی دیکەوە بوونی گـردی حاجی فەیـرۆز کە هەشـت کیلۆمەتر لـە باکووری ڕۆژهەڵاتی شـاری نەغـەدەوە دوورە، بە پێی هەڵکۆڵینە شوێنەوارناسـییەکان، بوونی ئێتنیکە سـەرەتاییەکان و دەسـتپێکی چاخی بەردینە لە ناوچەکەدا دەردەخـا و بـە یەکێـک لـە کۆنترین گـردە کۆنەکانی ئێـران لە قەڵـەم دەدرێت.[٤]

مێژووی سیاسیی نەغەدە (سندووس یان سڵدووز؟)

بـە پێـی ئـەو سـەرچاوانەی کـە لەبەردەسـتدان، دەشـتی سـندووس لـە سـەردەمە کۆنەکاندا لـە ژێـر دەسـەڵاتی ماننا، ئۆرارتۆ، ئاشـووری، لۆلۆبـی، گێلزان، هۆری، سـەکاکەکان، مـاد و دواتر پـارت، ساسـانی و عەرەبەکانـدا بـووە. لـە قۆناغەکانـی دوای ئیسلامـدا گرووپـە تـورک زمانەکانی دیکـەی وەکـوو غەزنـەوی، سـەلجووق، خارەزمشـا و ... لـەوێ نیشـتەجێ بـوون. دواتـر کەوتە ژێر

١ . بـە هـۆی ئـەوەی کـە بـە کارهێنانـی وشـەی سـۆڵدۆز (بە کـوردی سـندووس) بـۆ ناوچـەی نەغـەدە هەسـتیارە و لەبارەیەوە ڕوونکردنـەوەم داوە، لـەم دەقـەدا زیاتـر وشـە نەغـەدە بـە کار دەهێنم.

٢ کڵاوڕەش.

٣ . کورد پێی دەڵێ حەوت کانی و تورکەکان پێی دەڵێن یەئددی گوئز

٤ . بە گێڕانەوە لە ماڵپەڕی فەرمی فەرمانداریی نەغەدە.

دەستی مەغۆلەکان و پاشان خێڵەکانی ئێلخالار، ئاق قویونلوو، ئەفشار ئۆرۆمی و موقەدەمی مەراغە هەندێ گوندیان لە نەغەدە دروست کرد. لە سەردەمی فەتحەلیشادا هۆزی قاجاری قەرەپەپاغ لە قەفقازەوە گەڕاونەتەوە بۆ ئەم ناوچە و لێرە نیشتەجێ بوون.[١]

لە ساڵی ١٢٤٠ی کۆچی مانگی، "گۆگجە" شوێنی نیشتەجێبوونی نەقیبەگ لەلایەن ڕووسەکانەوە گیرا و دوای ململانێیەکی زۆر، دواجار نەقیخان لەگەڵ خێڵەکەیدا هاتە خۆی و سەلماس و بە هۆی بارودۆخی نالەباری ناوچەکەوە، لە ساڵی ١٢٤٥ی کۆچیدا عەباس میرزا دەڤەری سندووسی ڕادەستی خێڵەکە کرد و بەڵگەنامەی "نو چێ دێ" یان "نەقدای نەغەدە"ی داوە بە تەقیخان.[٢] لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا هاتووە:

> "لە ساڵی ١٢٤٤ی کۆچیدا هۆزی قەرەپەپاغ لە تورکیاوە هاتوونەتە ئێران و لە مەحاڵیشاپوور (سەڵماسی ئێستا) نیشتەجێ بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی دانیشتووانی خۆجێی لەوێ هەبوون و شوێنێکی گونجاو بۆ ژیانکردنی ئەم هۆزە نەبوو؛ هەر بۆیە عەشیرەتی قەرەپەپاغیان گواستووەتەوە بۆ ئەم ناوچە و لە دەڤەری سندووس، گوندی "نوچە دێ" یان "نوقادای"یان دا بە سەرۆکی خێڵ واتە نەقیخان بوزچەلوو کە دواتر ئەم دێیە هەر بە نەغەدە ناوی دەرکرد[٣]».

لەو سەردەمەدا، نەغەدە بەشێک لە ملکی عەباس میرزا بوو. بەشێکی نەغەدەی دا بە قەرەپەپاغەکان و بەم شێوە حکوومەت هەندێک ناوچەی سندووسی کۆنترۆڵ کردەوە کە هەتا ئەو کاتە بە دەست کورد و لە ژێر ڕکێفی خێڵە زلهێزەکانی وەکوو مامەش و مەنگوورِدا بوون. نەغەدە و دەوروبەری ناوچەیەکی کوردنشین بوو، کە لەگەڵ هاتنی عەشیرەتی قەرەپەپاغ هەژموون و یەکپارچەییەکەی گۆڕا و عەباس میرزاش بەو پێیەی کە عەشیرەتی قەرەپەپاغ شێعەن و هاومەزهەبی حکوومەتی ناوەندین، لەم ئەرکەدا یارمەتی سەرکردەکانیانی دەدا و هەروەها ئەوەندەی پێی کرا هەوڵی دا قەرەپەپاغەکان لەم ناوچە باڵادەست بن.

عەباس میرزا، شازادەی جێنشین (نایبی سەڵتەنەت)ی ئێران لەو سەردەمەدا، دانیشتووی شاری تەورێز بووە و ناوبەناو لە تاران نیشتەجێ دەبوو، بەڵام ئەوەی کە چۆن موڵک و ماڵی لە نەغەدە یان گوندەکانی هەبووە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندیی خاک و زەوییەوە کە ئەوسا لە ئێراندا باو بوون و ئێستا لێکەوتەکانی لە سیاسەتی ئابووریی ئێراندا دەبینین. بە پێچەوانەی

١ . ماڵپەڕی فەرمیی فەرمانداریی نەغەدە.

٢. محەمەد قوربانی. توێژەری کەلەپووری فەرهەنگی، لە وتووێژێکدا لەگەڵ پەیامنێری بەشی ئێراننناسی ئاژانسی هەواڵی دانشجویان ایران (ایسنا). مهر ١٣٨٣.

٣ . نبی یار، اسمعیل،١٣٨١.

فیۆدالیزمـی ئەورووپـی کـە بـە بـڕوای کارڵ مارکـس جۆرێـک لـە خاوەندارییەتیـی تایبـەت بوو کە دواتـر دەبـوو بـە سـەرمایەداری، ئـەم جـۆرە خاوەندارییەتییـە تایبەتـە لە ئێرانـدا فەرمـی نەکرابوو و پاشـا و شـازادەکان بـە کـردەوە خاوەنـی هەمـوو ئێـران بـوون. ئـەم حاڵەتانـە لە ئابووری سیاسـی ئێرانـدا زۆر بـینراون، کـە شـازادە خەڵکـی تـاران بـووە بـەڵام موڵـک و ماڵـی لـە پارێـزگای فـارس هەبووە.

ئـەم بابەتـە دەتوانیـن بـۆ مەراغـەش بگشـتێنین. لـە سـەرەتای دەسـەڵاتی سـەفەویدا خێڵـی موقـەدەم هێنرانـە مەراغـە و وردە وردە لـە کۆتایـی دەسـەڵاتی سـەفەویدا خێڵـی ئەفشـار بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی کـورد ڕوویـان لـە ورمـێ کـرد. هەروەهـا مەرحەمەتـاوا یـان میانـدواوی ئێسـتا بـۆ دروسـتکردنی بەنداوێـک لـە دژی گەلـی کـورد دروسـت کـرا، بـۆ ئـەوەی شـاری مەراغـە کـە شـارێکی دەوڵەمەنـد و تورکنشـین بـوو، لـە تاڵانکردنـی جـار نـە جـاری تاڵانچییـەکان بپارێـزن. دواتـر دوورخراوەکانـی ئاغامحەمەدخانـی قاجاریـان لـە شـارەکانی سـیرجان و کرمـان هێنـا بـۆ مەرحەمەتـاوا.

ئـەم گۆرانکارییـە ژیۆپۆلیتیکییـە زۆرەملێیانـە، هەمیشـە لـە ناوچەکانـی موکریانـدا ڕوویـان داوە و یەکێـک لـە فاکتەرەکانـی نافەرمانـی و بزووتنـەوەی خۆڕاگریـی نەتەوەیی کـورد و تەنانەت خۆڕاگریـی ناسیۆنالیسـتی لـە ناوچەکـەدا هـەر لەبـەر ئـەم پرسـی گۆڕانکارییـە ژیۆپۆلیتیکییانـە بـووە. تـا ئـەو ڕادەی کـە تەنانـەت نەک هەر لە کوردسـتانی ڕۆژهەڵاتـدا، بەڵکوو لە چـوار پارچەی کوردسـتان و کوردسـتانی عوسمانـی کـە ئەوسـا بـوو، موکریانـی سـوننە مەزهـەب بـە هـۆی ئـەو گۆڕانکارییانـەوە پڕجموجۆڵتریـن ناوچـە بـووە، کـە ناتەبابوونـی لەگـەڵ ئایینـزای حکوومەتـی ناوەنـدی ئـەم گۆڕانکارییانـەی چڕتـر کردووەتـەوە.

ناتوانیـن مێژوونوسـییەکی ئایدیۆلۆژیکی ئەنجام بدەین و دان بـەوەدا بنێین کە تورک و کورد لەگـەڵ یـەکتردا هەمیشـە لە شـەڕدا بـوون. چونکە پێش ئـەم ڕووداوانە، پەیوەندیی کـورد و تورک یـان کوردەکانـی نەغـەدە و تورکەکانی قەرەپەپـاغ خراپ نەبـوو و ناکۆکییەکی ئەوتۆیـان نەبوو، بـەڵام دواتر ئایدۆلۆژیا مۆدێرنـەکان (ئیسلامـی سیاسـی، مارکسـیزم، ناسـیۆنالیزم و هتـد) سـەریان هەڵـدا و بـە دنەدانـی گـەلان بۆ پێناسـەکردنەوەی شوناسی خۆیان، کارێکـی وایـان کـرد کـە لـە نێـوان ئەم دوو گرووپـەدا گـرژی و ناکۆکـی سـەر هەڵبدات.

● وێنەی ٣٦. لە لای ڕاستەوە: حەسەن عەلی زەرگەرزادە، ئەندامی پەرلەمان؛ نەقی خان بوزجەلۆ، پارێزگار؛ سادق زیا، جێگری نەخۆشخانە؛ عەلی خاڵخالی، سەرۆکی شارەوانی. نەغەدە، بەهاری ١٣٤٥ی هەتاوی (١٩٦٦)

لـە سـەردەمی کۆمـاری ئیسلامیـدا جوگرافیـای شـارەکانی دیکـەش گۆڕانکارییـان بەسـەردا هات. شاری میاندواو یەکێک لەو شارانەیە. هەندێک پێیان وایە کە لە کاتی ئەم گۆڕانکارییانەدا بەشـێکی مەهابـاد خرایـە سـەر میاندواو بۆ ئەوەی لە بەشـی باکـووری ڕۆژهەڵاتەوە لە نزیک شـار و گوندەکانـی نەغـەدە بـێ، بـەڵام نەغـەدە و میانـدواو زۆر لـە یـەکترەوە دوورن. شـاری مەهابـاد شـوێنی تێپەڕبوونـی ڕێبـواران لە میانـدواوەوە بۆ نەغەدە یـان بەپێچەوانەیە (ئەوانـەی دەیانهەوێ لـە میانـدواوەوە بچنـە شـاری نەغـەدە یـان بەپێچەوانـەوە زۆر جـار بـە نـاو شـاری مەهابـاددا تێدەپـەڕن). هەڵبـەت ڕێگایەکـی پشـتوێنییان دروسـت کردووە کـە جادەیەکی گونجـاوی نییە و ئێسـتا گونـدەکان خەریکن لـەو بازنە نزیک دەبنەوە. لە ڕاسـتیدا دەکرێ بڵێین هیچ سـنوورێکی هاوبـەش لـە نێـوان میانـدواو و نەغـەدەدا بوونی نییـە. تورکەکانی نەغـەدە دوورگەیەکـی بچووکە لـە نـاو دورگـە گـەورە کوردنشـینەکان کـە ئـەم جوگرافیـا گـەورە کوردییـە بریتییـە لـە مەهابـاد و پیرانشـار و شـنۆ و ناوچـە باکوریـەکان واتـە مەرگەوەڕ و تەرگـەوەڕ (کە ئەم ناوچانە کوردسـتانن).

هەتـا سـەردەمی ڕەزاشـا، نەغـەدە بەشـێک لـە ئیالەتـی موکریـان بـوو، بـەڵام بـە هـۆی بڕیارێکـی کتوپـڕەوە، لـە ڕووی دابەشـکردنی وڵاتـەوە بـوو بـە بەشـێک لـە پارێـزگای ورمـێ. هەتا بـەر لـەو، ئازەربایجـان ناوچەیەکـی دیاریکـراو بـوو کـە ناوەندەکـەی تەورێـز بـوو، بەڵام ڕەزاشـا لە دابەشـکارییە نوێیەکانـدا پارێـزگای ورمێـی (ئازەربایجانـی ڕۆژاوا) بـە ئێـران زیـاد کـرد. دیار نییە ڕەزاشـا بـە چ مەبەسـتێک ئـەم دابەشـکارییە نوێیـەی لـە ئێران دەسـت پێکـرد؛ ئایا ویسـتوویەتی ڕێگـری لـە دزەکردنی دراوسـێکانی ئێـران وەکوو یەکێتیی سـۆڤییەتی کۆمۆنیسـتی و دزەکردنی تورکیـا بـکات؟ ئایا سیاسـەتی بنیاتنانی نەتەوە و ئاسـمیلەکردنی لـە ناوچەکەدا پەیـڕەو کردووە؟ یان ویسـتوویەتی ڕاسـتەوخۆ چاودێری چالاکییەکانـی ئازەری/تورک و کـورد بکات؟ هەرچییەک بـێ، درێـژەی بـە سیاسـەتی حکوومەتـی قاجار داوە و لە گواسـتنەوەی بەشـێک لـە تورکەکان بۆ سـندووس نەوەستاوە.

لـە بەڵگەیەکـی ڕێکەوتـی ٢١ی گوڵانـی ١٣٥١ی هەتـاوی (١١ی نیسـان/ئاپریلی ١٩٧٢) کە سـەبارەتە بـە لابردنـی حیجاب، هاتـووە[1]:

> «دوای ئـەوە - بـە پێـی فەرمانـی ژمـارە ١٥٧ - چارەکـی (یـەک لـە سـەر چـواری) دێهاتـی سـڵدووز (بـە کـوردی سـندووس) کوردنشـین و ئەوانـی دیکـە خێڵـی قەرهپەپاغـن[2] و لـەو دەوروبەرانـەوە کـۆ بوونەتـەوە. کـوردە لادێییەکان چارشـێویان

١. ادارۀ سیاسی وزارت داخله. سواد راپرت حکوومت سلدوز. نمرۀ ٢٧٢ مورخه ٢١ /٢ /١٣١٥.

٢. هەوارچییەکانـی ئازەربایجانـی ڕۆژاوا (ورمـێ) بریتیـن لـە هەوارچییەکانـی ناوچەکانـی ماکۆ، خۆی، شـاپوور (سـەلماس)، مەهابـاد و سـندووس. هـۆزی قەرەپەپـاخ کـە لـەم بەڵگەنامەدا بـە قەرەپاپاق تۆمـار کراوە، لە ناوچەی سندووسـن. کوێسـتانی ئـەم ناوچەیـە هـی کـوردە. (ر.ک: فرهنـگ آبادی‌هـا و مکان‌هـای مذهبـی کشـور، پاپلـی یـزدی، صفحـه ۴۰۰ و فرهنـگ

نییـە و جلوبەرگـی کوردییـان لەبـەرە و هەرچـی قەرەپەپاغەکانن چارشـێویان هەیە و جلوبەرگـی خێڵەکیـی خۆیانیـان لەبـەرە. چەنـد جارێـک لـە ژێـر نمـرەدا بـاس لـەوە کـراوە کـە مۆدێرنیزەکردنـی ژنـان لـە گوندەکانی سـندووس جێبەجـێ کراوە، ژنـان تەنیـا چارشـێویان لا بـردووە و ناتوانـن جلوبەرگـی مۆدێـرن لەبـەر بکـەن. ئەم فەرمانـە بۆ چارشـێو جێبەجـێ ناکرێـت. ئەوانەی کـە ڕایەتی کوردن چارشـێولابردن و سـەررووتکردن بـە کارێکـی نەشـیاو دەزانـن. سـەبارەت بـە ناوچەکانـی لاجـان، مەنگـوور، زەرزا و موکـری هێشـتا خەڵک یەکپۆش نین و جلەکانیـان نەگۆڕاوە. هەر خاوەنـی گوندێـک دەسـتێک جلوبەرگی بۆ خـۆی و نۆکەرەکەی کڕیـوە کە لە کاتی سـەفەرکردن بـۆ ئـەو شـار و میرەدێیانـەی کـە پیاوانـی حکوومەتیان هەیـە، لەبەری دەکـەن. لـە شـوێنی خۆیانـدا جلوبەرگـە کوردییەکـەی خۆیـان لەبـەر دەکـەن. ئەگـەر هەڵمەتـی لابردنـی چارشـێو لـە سـەر ژنانـی ڕایەتـی کـورد بچێتـە بـواری جێبەجێکـردن، ئـەوا هەموو کوردەکانی سـندووس بـەرەو ناوچەکانی سـەرەوە کۆچ دەکـەن....[1]».

سـادق زیباکـەلام، مامۆسـتای زانسـتە سیاسـییەکان لـە زانکـۆی تـاران پێـی وایە ڕەزا شـا بە سـەپاندنی نـاوی "ئازەربایجانـی ڕۆژاوا" بـۆ سـەر بەشـێکی زۆری شـارەکانی کوردسـتان لـە ئێـران، هەوڵی دا پرسـی قەیرانی کوردسـتان بسـڕێتەوە.[2] هەڵبـەت لـە دوای ئینقلابـی سـاڵی ١٣٥٧ی هەتـاوی (١٩٧٩ ز) ئـەم هەڵمەتـە بـە فۆرمـی جیـاواز و بـە ئامانجـی سیاسـی و ئێتنیکییـەوە درێژەی پێ درا.

وێنەی ٣٧. وێنەی بەڵگەی مێژوویی پەیوەست بە لابردنی حیجاب

هەرچەنـدە بـێ مشـتومڕ نییـە، بـەڵام بـە چاوخشـاندنێک بـە کتێبی «تاریخ ایل قاراپاپـاغ»[3] بۆمان دەردەکەوێ: کۆچـی هۆزی بەناوبانگی قەرەپەپـاغ لـە سـاڵی ١٣٢٧ی هەتاوییـەوە (١٩٤٨ ز) دەسـتی پێکـردووە، لـە سـاڵی ١٣٣٠

آبادی‌های ایران، لطف اله مفخم، صفحه ٣٣٩).

١ . تغییر لباس و کشف حجاب به روایت اسناد. تهران: نشر مرکز بررسی اسناد تاریخی،١٣٧٨. ص ٣٥٠.

٢ . سایت تحلیلی و خبری آذری‌ها. زیباکلام: رضاشاه نام «آذربایجان» را بر روی کردستان گذاشت. ١۴ اردیبهشت ١٣٩٥:

https://azariha.org/717/

٣ . رضوی، مهدی (مسعود). تاریخ ایل قاراپاپاق. انتشارات اهل بیت، ١٣٧٠. ص ٢٢٥.

(١٩٥١ز) گەیشتە ئەو پەڕی خۆی و لە کۆتایی ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی (١٩٥٣ ز) کۆتایی پێ هات، بەڵام ناوە ناوە هەتا ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی (١٩٥٩ ز) بەردەوام بوو. زۆربەی ئەو کۆچبەرانە خەڵکانێکی هەژار بوون. قەرەپەپاغەکان هاوشێوەی کورد پێکهاتەیەکی خێڵەکییان هەیە، بۆیە هەر زوو لەگەڵ یاسا و ڕێسای ناوچەکە ڕاهاتن و کوردی ناوچەکەش قبوڵیان کردن و پەیوەندییەکی تا ڕادەیەک باش لە نێوانیاندا دروست بوو. لە قۆناغی دووەمدا لێشاوی کۆچکردن لە ئازەربایجانەوە بەرەو سندووس دووبارە بووەوە و شاسەوەنەکان هاتنە ناوچەکەوە. ئەوان ئاژەڵدار بوون و هەر بۆ ئەم مەبەستەش هاتنە ناوچەکە. لە ناو کوردانداا ئەم هۆزە بە کەسانێکی بێزیان ناسراون.

شەپۆلی سێیەمی کۆچبەران کە دواهەمین و نوێترین گروپ بوون بە هەشتروودییەکان ناسراون، کە ئەمانە لە ناوچە دوورەکانی وەکوو هەشتروود و میانەوە ڕوویان لە ناوچەی سندووس کردبوو. هەر لەم نێوەندەدا بەشێک لە کوردانی ناوچەکە و ناوچەکانی دەوروبەر، بە باپیری باوکیی منیشەوە لە مەحاڵی مەهابادەوە بە درێژایی چەندین ساڵ بۆ کاری کشتوکاڵ و نیشتەجێبوون هاتنە ئەم ناوچە و لە گوندە کوردنشینەکانی ئەوێ نیشتەجێ بوون. هەر چەندە ئەم کۆچکردنانە ناوخۆیی بوون، بەڵام لە سەردەمی ئاغا-ڕایەتیدا دیاردەیەکی ئاسایی و تەنانەت حاشاهەڵنەگر بوو.

نەغەدە بۆ حکوومەتەکان هەمیشە ناوچەیەکی گرنگ و ستراتیژییە و پێگەیەکی جوگرافیایی تایبەتی هەیە. لە سەردەمی هاوچەرخدا ئەم شارە زیاتر بە جامی حەسەنلوو و ئەو شەڕە نەخوازراوە ناسراوە کە لە مانگی نیسانی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩ ز) شارەکەی گرتەوە. ئەم شەڕە لێکەوتەی زۆری هەبوو و جیاوازیی شێعە-سوننە، کورد-تورکی بەرەو قۆناغێکی نوێ ڕاپێچ کرد. فاکتەری جۆراوجۆر هۆکاری دروستبوونی ئەم بارودۆخە بوون، کە بێگومان کاریگەرترین فاکتەر، خاوەن پلە و پۆستەکانی دوای ئینقلابی ئیسلامی بوون. حکوومەتی نوێ پۆستە گرنگەکانی ئەم پارێزگای دا بە کەسانێکی وەکوو پێشنوێژی هەینیی ورمێ و بەشێک لە بەرپرس و متمانەپێکراوە تورکەکانی ناوچەکە و دەسەڵاتدارانی ڕژێمی پێشوو کە ئەم پرسە تەشەنەسەندنی ناکۆکیی نێوان کورد و تورکی لێ کەوتەوە.

بەشێک لە بەرپرسانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە تازە لە ئەوروپا و کوردستانی باشووروەوە (هەرێمی کوردستانی ئێستا) گەڕابوونەوە، تێگەیشتنێکی نوێیان لە فەرهەنگ و کۆمەڵگای نەغەدە و خەڵکەکەی نەبوو و کردەوەکانیان گڕی ناکۆکییەکەی بەرزتر کرد. ئەوان لە ناوەڕاستی شاردا کۆبوونەوەیەکیان ساز کرد و ئەمە تورکەکانی وروژاند. پاساوەکەیان ئەوە بوو کە ئەگەر سەرکردایەتیی حیزب نیازی خراپی بەرامبەر بە دراوسێ تورکزمانەکان هەبایە،

بـۆ سـازکردنی کۆبوونەوەیەکـی[1] ئـاوا گـەورە، سـتادیۆمیان لـە ناوەڕاسـتی گەڕەکـی تورکنشـینی نەغـەدە هەڵنەدەبـژارد و بـە کۆکردنـەوەی سـەرکردە و فەرمانـدەرە سـەرەکییەکانی حیزبەکـەی، خـۆی تا ئـەو ڕادە خەسـارهەڵگر نەدەکرد.

هـەر دوو حیزبـی دیموکرات و کۆمەڵە بوون بە دەسـەڵاتدارانی بێرکابـەری ناوچەی بەربڵاوی کوردسـتان لـە نیـوەی باشـووری پارێـزگای ورمـێ (ئازەربایجانـی ڕۆژاوا)، پارێـزگای سـنە و هەتـا ڕادەیەکیـش پارێـزگای کرمانشـان[2]. ئامانجیـان دروسـتکردنی متمانـە لـە نێـوان کـورد و تورک و هەڵبـەت خۆدەرخسـتنیش بـوو، بـەڵام هەندێـک کەس لە نێو هـەر دوو ئێتنیکی تـورک و کورددا هـاوکات لەگـەڵ ڕوانگە و کەشـوهەوای ورووژاوی ناوچەکە، ناوچەکەیان بـەرەو ڕووبەڕووبوونەوەی ئێتنیکـی و ئایینـی بـرد. لـە وەهـا دۆخێکدا خەڵـک ناوشـیارانە بـەرەو ئاقارێک چوون کە شـەڕی ناوخۆی لێ هەڵگیرسـا.

کۆمەڵـگای فرەفەرهەنگی نەغەدە پێویسـتی بە مدارا و سـازان بوو، بـەڵام دووبەرەکی جێگای سـازانی گرتـەوە. لـە لایـەک تورکـەکان بوون کـە لە لایـەن حکوومەتەوە پشـتیوانی دەکـران و لە لایەکـی دیکـەوە حیزبـە کوردییـەکان بـوون کە لە لایـەن کوردانی شـارەکەوە پاڵپشـتی دەکران. حکوومەتـی ئێـران هەوڵـی دەدا لـەو ئـاژاوەی کـە دروسـت بـووە کورد بە تـورک سـەرکوت بکات. ئـەم ڕەوتـە هەتـا هەنووکـەش بەردەوامـە و ڕادەی سـتەم و هـەڵاواردن و ڕەفتـاری جیاکارانـەی حکوومـەت هەتـا ئەمـڕۆش تەنگی بە کوردانـی نەغەدە هەڵچنیوە. دیارە بەشـێک لە تورکەکان لە ناوچەکـەدا بـە هـۆی نزیکبوونەوەیـان لـە حکوومەت دەسـتیان زیاتـر دەڕوا و ئـەم بابەتەش خۆی ئەوەنـدەی دیکـە کەلێنـی ئێتنیکـی و ناکۆکـی و نائارامییەکانی قـووڵتر کردووەتەوە.

غوڵامـڕەزا حەسـەنی، پێشـنوێژی هەینیـی شـاری ورمـێ و نوێنـەری خومەینـی لـە پارێـزگای ورمـێ (ئازەربایجانـی ڕۆژاوا) - کـە هەتـا کۆتایـی تەمەنـی لـەو پۆسـتەدا بـوو – بـەر لـە ئینقلابـی ١٣٥٧ ی هەتـاوی (١٩٧٩ ز) لەگـەڵ کـورد پەیوەندییەکـی نزیکـی هەبوو و تەنانەت لە سـاڵانی

---

١ . لـە درێـژەی زنجیـرە میتینگـە سیاسـییەکانی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران، کـە زیاتـر لـە شـارە گەورەکانـی کوردسـتان بـە ئامادەبـوون و گوتـاری ڕێبـەری حیـزب واتـە دوکتـور عەبدولـڕەحمان قاسـملوو بەڕێـوە دەچـوو، کۆبوونەوەیەک لـە ٣١ی مانگـی نـەورۆزی سـاڵی ١٣٥٨ (٢٠ نیسـان سـاڵی ١٩٧٩) لـە سـتادیۆمی وەرزشـیی شـاری نەغـەدە بەڕێـوە چوو، هـەر لـە یەکـەم سـاتەکانەوە تەقـە کرا و ئەمە دۆخەکەی شـڵەژاند. زۆر کـەس ئەم ڕووداوە بە هۆکاری شـەڕی نەغەدە و شـەڕی هەمەگیـر لـە ناوچەکانـی دیکـەی کوردسـتان دەزانن.

٢ . پارێزگای ئیلام لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە دەیەکانی ١٩٦٠ هەتا ١٩٧٠ چالاکی و بزووتنەوەی سیاسیی کوردتەوەرانەی ئەوتـۆی بـە خـۆوە نەبینیـوە. بزووتنـەوەی کورد بەشـێکی زۆری پارێـزگای کرماشـان و ناوچـە باکوورییەکانی ئـەم پارێزگایە کە هاوسـنوور لەگەڵ پارێزگای سـنەیە واتە بەشـەکانی هەورامان و ناوچەکانی ڕۆژئاوای پارێزگای کرماشـان، واتە سـەرپێڵ زەهاو و بەشـێک لـە کوردانـی یارسـان (و قەلخانـی و ئەهلـی حـەق کـورد) ڕاکێشـی خۆی کرد بـەڵام ئـەم بزووتنەوە نەیتوانـی کوردە شـێعەکان بـەرەو لای خـۆی ڕابکێشـێت. لـە پارێـزگای ورمـێ (ئازەربایجانـی ڕۆژاوا) جگـە لە ناوچـە باشـووری و ڕۆژاواییەکانی وەکـوو مەرگـەوەڕ و تەرگـەوەڕ و هەتـا نزیـک سـەلماس و خێڵەکانـی شـکاک شـاهیدی بزووتنـەوە ناسیونالیسـتیەکانی کـورد بووین، بـەڵام لـەو سـەردەمەدا بۆ نموونـە لە ماکۆ ئـەم بزووتنـەوە لاواز بوو.

١٣٢٤ و ١٣٢٥ی هەتاوی (١٩٤٥-١٩٤٦ ز) لە گوندی باڵانیش هاوکاریی ئاغاکانی کوردی دەکرد. حەسەنی لە سەروبەندی سەرکەوتنی ئینقلابیشدا چالاکییەکانی خۆی لەگەڵ سەرۆک هۆزەکانی کورد لە ورمێ هەماهەنگ دەکرد، بەڵام دوای ئینقلاب هەڵوێستێکی زۆر توندی دژی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان گرتە بەر و ئاراستەی خۆی بەرەو حکوومەت و خومەینی گۆڕی.

شەڕی نەخوازراوی نەغەدە دەرهاویشتەی پیلانگێڕییەکانی هەندێ کەس لە شاری ورمێ و نەغەدە و هەڵە و خەملاندنی نەزانانە و ناکۆمەڵناسییانەی یەک یان دوو ئەندامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. کەسانێک کە بە هۆشیاری و شارەزایی زیاتر لە سەر هەستیارییەکانی ناوچە فرەفەرهەنگییەکان و بە لەبەرچاوگرتنی ئاژاوەگێڕی و تێکهەڵچوونی ئەگەری و دەنگۆی ئامانجدار دەبا بە وردی و حیساباتی زیاترەوە مامەڵەیان بکردایە؛ بە هۆی ئەو وروژاندنەی کە دەرەنجامی کەشوهەوای شۆڕشگێڕانەی ئەو ڕۆژگارە بوو، نەخوازراوانە زەمینەیان بۆ هەڵگیرسانی ناکۆکییە ئێتنیکی و نەتەوەییەکان خۆش کرد. ئەو پرسە دڵتەزێنەی کە هەتا ئێستاش بوونی هەیە ئەوەیە کە هەر یەک لەو لایەنانەی کە لە دەستپێکردن یان درێژەدانی شەڕی خوێناویی نەغەدە و دەرەنجامەکانیدا بڕیاردەر بوون، تەنانەت بەرپرسیارێتیی بەشێکیان لە ئەستۆ نەگرت و جەسارەتی عوزرماییخواستنەوە و قەرەبووکردنەوەی زیانەکانیان نەبوو. بێگومان بەرپرسی سەرەکیی ئەم ڕووداوە حکوومەت و دامودەزگاکان و حیزبەکان و کەسانی سەر بەوانە. هەرچەندە بەرپرسی یاسایی ئەم ڕووداوە حکوومەتە کە دەبا، بەرپرسی دەستەبەرکردنی ئاسایشی هاووڵاتیان بایە.

زۆر کەس پێیان وایە شەڕی نەغەدە بیانوویەکی باشی بە حکوومەت بەخشی بۆ ئەوەی بە کەڵکاوەژۆییکردن لە داپەڕێک، هەڵەیەکی تاکتیکی بکا و مەبەستە ئەمنییەکانی خۆی بپێکێت. هەڵگیرساندنی شەڕی نێوگرووپەکان، خۆشکردنی گڕی ناکۆکییە ئایینی – ئێتنیکییەکان، گرنگیدان بە گرووپێک و سپاردنی زیاتری پۆستی حکوومی بەو گرووپە لەسەر ئاستی پارێزگا و لە هەمان کاتدا بایکۆتکردنی ئەویتر، زەمینەی بۆ حکوومەت ڕەخساند کە بۆ پەراوێزخستنی کورد لە سەر ئاستی تەواوی پارێزگاکەدا، نەغەدە وەک پشتێنەیەکی ئەمنی سەیر بکات. لە درێژەدا باس لە وردەکارییەکانی هەڵگیرسانی شەڕی نەغەدە دەکەم.

ژیان لە نەغەدەی دوای ئینقلاب

حەمەڕەزاشای پەهلەوی لە ناو خەڵکی نەریتخواز و بەساڵاچوودا تا ڕادەیەک خۆشەویست بوو. بۆ نموونە کەسانێکی وەکوو نەنکم حەزیان لە حکوومەتی پاشایەتی یان لانیکەم سیمبۆل، وێنە و دیمەنە ئاڵاوڵاکانی بوو. بەڵام نەوەی نوێی نارازی، لە دژی شا خۆپیشاندانیان

ساز دەکرد. بە گشتی کورد یادگارییەکی زۆر خۆشیان لە ڕژێمی پەهلەوی نەبوو و ڕەزاشا و کوڕەکەی هەر یەکەیان بە جۆرێک لە جۆرەکان ئازاری کوردیان دابوو. کاتێک شۆڕشی دژ بە سیستەمی شاهەنشاهیی ئێران و خودی محەمەدڕەزا پەهلەوی گەیشتە شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، تەنها چوار دەیە لە ڕووخانی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی قازی محەمەد و یارانی بە فەرمانی ڕاستەوخۆی محەمەدڕەزا تێپەڕی بوو و زیاتر لە دە ساڵ لە سەرکوتکردنی بزووتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ی هەتاوی (١٩٦٧-١٩٦٨ ز) و تیربارانکردنی هەندێکیان لە دادگای سەربازیی سەربازخانەی جەڵدیانی پیرانشار و شوێنەکانی دیکە تێپەڕیبوو. هەروەها خیانەتی شا لە بزووتنەوەی بارزانی و ئاوارەبوونی کوردانی لایەنگری لە شاری نەغەدە و کەرەج، لە دوای ڕێککەوتنی جەزائیر، تەنیا سێ _ چوار ساڵی بە سەردا هاتبوو .

بە گشتی پەهلەوییەکان لە ناو خەباتکاران و چالاکانی سیاسیی چەپ و ئیسلامیی ناوچەکەدا زۆر خۆشەویست نەبوون. لە وەها دۆخێکدا سروشتییە کە نەوەی گەنج دژایەتیی خۆیان بەرامبەر بە محەمەدڕەزا پەهلەوی و حکوومەتەکەی ڕابگەیێنن. جگە لەو کوردانەی کە حکوومەتی شایان خۆش دەویست و زۆربەیان پیاوی ساواک و سەرباز و جاشە خۆجێییەکان و هەندێک لە ئاغاکانی گوندەکان بوون، خەڵکی دیکە هاتنە سەر شەقام و نارەزایەتیان بەرامبەر بە کارکردی حکوومەتی پەهلەوی دەربڕی. کورد لە بەشداریکردن لە ڕاپەڕینی سەرتاسەری لە ئێراندا ڕژد بوون و پێیان وابوو بە هاتنە سەر کاری خومەینی کە هەمووان بە ئیمام دەیانناسی، بۆ ماوەیەک ئازادییان زیاتر دەبێ و بارودۆخی ژیانیان باشتر دەبێت. وێنایەک کە خەڵک هەر زوو درکیان بە هەڵەبوونەکەی برد.

یادەوەرییەکانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویم کەمن، بەڵام باش لە بیرمە کە تامەزرۆیی خەڵک بۆ بیستنی هەواڵی سیاسی تا دەهات زیاتر دەبوو. ئەو شەوانەی وا باوکم لە ماڵەوە بوو و بۆ کاری چێوداری نەدەچوو بۆ شارەکانی تر، خزم و دراوسێکان دەهاتنە ماڵمان. لەو شەقامەی کە لێی دەژیاین، ئێمە لەو دەگمەن ماڵانە بووین کە تەلەڤیزیۆنیان هەبوو و ئەم کۆبوونەوەی شەوانە لەبەردەم تەلەڤیزیۆنەکەدا فۆرمێکی جیددیتریان بە خۆوە دەگرت. بازاڕی دەنگۆ و شیکاری گەرم بوو و هەمووان پێیان وابوو دەبێ بە ئەسپایی قسە بکەن، چونکە مەترسی ئەوە لە ئارادا بوو کە ڕەنگە ساواک دەنگیان ببیسێت! سیستەمی باڵادەست و کۆنترۆڵکردن ئەوەندە بەهێز بوو کە خەڵک پێیان وابوو خەڵوەتیشیان چاودێری دەکرێت. سیستەمی پۆلیسیی نهێنی هاوشێوەی ئەوەی لە سیستەمە تۆتالیتارییەکاندا هەیە، دروست ببوو و فۆرمی کۆنترۆڵکردنەکەی دەرەکی نەبوو، بەڵکوو دەروونی و چەسپاو بوو. زیاتر باسیان لە پیاوێک دەکرد کە دەیانگوت ئیمامە و ئایەتوڵایە و بە هاتنی هەموو شتێک باشتر دەبێت.

من منداڵتر لەوە بووم کە بزانم مەبەستیان لە "هەموو شتێک" چییە، بەڵام چەندین جار

گوێم لێ بوو کە دەیانگوت وێنەی ئەویان لەسەر مانگ بینیوە. یان ئەگەر بێ بەلۆعەی ماڵان نەوتی لێ دەچۆڕێ و ئاو و کارەبا بەخۆڕایی دەبێت. نازانم باشە ئەو نەوتە ئەگەر لەو بەلۆعەوە بهاتبایە چیمان لێ دەکرد! ئەمڕۆ ئەم دروشمە جەماوەرپەسەندانە بە لامانەوە گاڵتەجاڕین، بەڵام ئەوە دەردەخا کە لە سەرەتای ئینقلابدا دروشم و بەڵێنەکانی بەرپرسانی پێشووی ئەم ڕژێمە چەندە پۆپۆلیستی و پووچ بوون. ئەوەی لە هەمووان تاڵترە ئەوەیە کە نەخوێندەواریی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوەندە قووڵ بوو کە خەڵک بەو بەڵێنانە ڕاپەڕین و هەڵبەت پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە دانیشتوانی خوێندەواری ئەوسای ئێران تەنیا ٣٠ لەسەد بووە و ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە ڕۆڵێکی سەرەکییان لە تۆختر کردنەوەی پێگەی پۆپۆلیستی خومەینی هەبوو.

جگە لە چەند سەرکردەیەکی شۆڕش نەبێ کە هەموویان لە ساڵانی یەکەمدا زیندانی و تیرۆر کران یان هەڵهاتن بۆ دەرەوەی وڵات، تاقمی بەڕێوەبەرە مامناوەندەکانی ئێران ئەندێشەیەکی سیاسیی ئەوتۆیان نەبوو و تەنیا پابەندێتی بە ئینقلاب و ئایین پێوەری هەڵبژاردن و دەستبەکاربوونیان بوو. لەو ڕۆژگارەدا شەڕی دەروونی زۆر بە باشی ڕێک خرابوو و خەڵک یەکدەست ملکەچی حکوومەتی نوێ بوون و گەورە و بچووک، ژن و پیاو، کورد و تورک جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو. پەیامەکانی خومەینی لە پاریسەوە بە خێرایی دەگەیشتە ئێران و نەغەدە و خەڵک زیاتر دەکەوتنە ژێر کاریگەریی قسە و بەڵێنەکانی خومەینی.

نازانم لەو ڕۆژانەدا بۆچی کۆمەڵناسان و شرۆڤەکاران ئاماژەیان بە بێبنەمایی ئەو دروشمانە نەدەکرد و نەیاندەوت کە ناکرێ تەنیا پشت بە سامانی نەتەوەیی ببەسترێت.

بینینی وێنەی ئایەتوڵڵا خومەینی لەسەر مانگ و بەڵێنی هاتنی نەوت لە بەلۆعەی ماڵانەوە کە زاڵبوونی بیری ئەوپەڕسروشتی و ناواقیعی و خورافییانە لە سەر عەقڵیەتی خەڵکی ئەو سەردەمە نیشان دەدا، بۆ ئێمەی منداڵان ببوو بە یاری و سەرگەرمی. دەچووینە حەوشە و بۆ ماوەیەکی زۆر چاومان لە مانگ دەکرد کە ڕووخساری خومەینی ببینین، بەڵام تەنانەت لە خەیاڵپەروەرییەکانی تافی منداڵیمدا بۆم فام نەدەکرا کە چۆن ڕووخساری مرۆڤ لەسەر مانگ دەبینرێت. وێنەی خومەینیم بینیبوو، مێزەرێکی (عەمامە) ڕەشی لەسەردا بوو و دەیانگوت ئەوە مەلایە، لە گەورەکانم پرسی باشە جیاوازیی نێوان مەلا ساڵحی دراوسێمان - کە پێشنوێژی هەینیی کورد بوو - و ئیمام خومەینی چییە؟ لە وەڵامی پرسیارەکەمدا دەیانوت کە خومەینی سەییدە و کەسێکی باشە. لای خۆم بیرم دەکردەوە خۆ مەلا ساڵحیش کەسێکی چاکە، یاریی لەگەڵ منداڵان دەکا، لە حەوشەکەیدا گوڵ دەچێنێ و هەمیشە یەکێک لە

● وێنەی ٣٨. وادەی خۆڕاییبوونی خزمەتگوزاری بۆ خەڵک لە لایەن خومەینییەوە، سەرەتاکانی شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی (١٩٧٩)

گوڵەکانـی ماڵەکـەی خـۆی بـە مـن دەبەخشـی. جگـە لـە ڕەنگی مێـزەر و قەبـارە و ڕەنگـی ڕیش هیچ جیاوازییەکم لە نێوان مەلاساڵح و خومەینیدا بەدی نەدەکرد.

هەندێـک جـار، کونجکاویـم دەورووژا و بەلۆعـەی ئـاوم دەکـردەوە بـۆ ئـەوەی بزانـم نەوتـی لێ دێ یـان نـا. بۆنـم بـە ئاوەکەوە دەکـرد و بۆم دەردەکـەوت کە بۆنی هیچی لێ نایـە. دواتر دەچووم بۆنم بە بەرمیلە نەوتەکەی سـووچی حەوشـەکەمانەوە دەکرد ... تووشی سەرلێشێواوییەکی سەیر و سـەمەرەی منداڵانـە هاتـم و لـەوەی کـە ڕووی دەدا واقـم وڕ مابـوو. ڕەنگـە زۆرێـک لـە منداڵانی هاوتەمەنـی منیـش ئەم سەرلێشـێواوییەیان بەئەزموون کردبێت. ئەم بەڵێن و دەم شـیرینکردنانە زۆر بـوون. لـە بیرمـە، لـە سـەرەتای شۆڕشـی گەلانـی ئێرانـدا قەزاوەتـی خەڵک سـەبارەت بـە زۆر شـت لـە ژێـر کاریگەریی پڕۆپاگاندا و دەنگـۆدا بوو. لە دنیای منداڵیماندا دەمانبیسـت کە هەموو گەشـتەکانمان بەخۆڕایـی دەبـێ و چیتر پارەی پـاس نادەین.

زۆر جـار گەورەسـاڵەکان لای منـداڵ هەندێ قسـە دەکـەن و وا دەزانن کە منـداڵان نافامن و عەقڵیـان پێناشـکێ، کەچـی منداڵان ئەوانـەی دەیبیستن یان بیـری لێ دەکەنەوە یـان لانیکەم خەیاڵپـەروەری پێـوە دەکـەن. ئـەم قسـانە کـە لـە میوانـی، بـازاڕ و جـادە و قوتابخانـە و زانکۆکان و بـە کورتـی لـە هـەر شـوێنێکدا کـە دەوتـرا کاریگـەری لـە سـەر منداڵانیـش دادەنـا. ئەمـە هـەر ئـەو بابەتەیـە کـە مـن لـە ڕەفتـاری ئالانـی کوڕمـدا دەیبینـم. منیش لە زسـتانی سـاڵی ١٣٥٧ی هەتـاوی (١٩٧٩ ز) و لـە دواڕۆژانی سـەرکەوتنی شۆڕشـی گەلان لە ئێراندا، بیرم لـەوە دەکردەوە کـە بۆچـی سـەفەرەکانی باوکـم بـۆ باکووری ئێـران (شـیمال) و تاران لـە حاڵەتی ئاسـایی درێژتر بووەتـەوە، کـە دەیانگـوت پێکـدادان و خۆپیشـاندانە، شـارەکان قەرەباڵغـن و ڕێـگاکان داخراون، نیگـەران دەبـووم. هـەر جارێـک باوکـم دەچـوو بـۆ حیسـاب و کیتابـی کاروبارەکـەی، دایکـم و داپیـرەم دڵیـان پـڕ دەبـوو و منیش شـەوانە خەونـی ترسـناکم دەبینی.

خومەینـی دە ڕۆژ پێـش لـە ٢٢ی ڕێبەندانـی ١٣٥٧ (١١ی شـوبات/فێبرییەی ١٩٧٩) لـە فەڕەنسـا گەڕایـەوە بـۆ ئێـران و کارێکـی گرنگـی بـۆ خـۆی و دەسـت و پێوەندەکـەی ئەنجـام دا. لکاندنی پاشـگری "ئیسلامی" بەو شۆڕشـەی کە بە بەشـداری و یەکگرتوویی هەموو تێکۆشەرانی موسـڵمان، کۆمۆنیسـت، تووەدەیـی، دیموکـرات، لـیبراڵ و هتـد سـەرکەوتبوو، هـەر زوو دەرکەوت و شـۆڕش قـۆرخ کـرا و گروپەکانـی تـر لـەم شۆڕشـە بێبـەش کـران[1]. لـە دووی ڕێبەنـدان سـاڵی

١ . واتـە ئـەوان لـە چاویلکـەی ئیسلامـەوە سـەیری هەمـوو پێشـهاتەکانیان دەکـرد و بێگومـان مەبەسـتیان ئیسلامـی شـێعە بـوو نـەک سـوننە. سـەرکردەی شـۆڕش (کـە دواتـر بـوو بە ئینـقلاب) مەلایەکی شـێعە بـوو، بە شـێوەی نەریتـی لەو کاتـەوە لە سـاڵی ٩٠٧ی کۆچـی مانگـی، بەرامبـەر بـە ١٥٠١ی زایینی، کە شـا سماییلی سـەفەوی لە تەوریز تاجی پاشـایەتی لە سـەر نـا؛ ئایینـزای شـێعەی وەک ئایینـی فەرمیـی ئێـران ڕاگەیانـد و فەرمانـی دا دژبەرانی سـوننە لە سـەر دەسـتی قزڵباشـەکان بە شمشـێر سـەر ببـڕن. ئـەم پرسـە بـۆ سـوننەکان کە هەمیشـە لـە پەراوێـزدا ژیـاون شـتێکی سـەیر نەبـوو و لەگەڵـی ڕاهاتبوون. بـەو جیاوازییـەی کـە سـوننەکان لـە سـەردەمی سـەفەویدا دەسـەڵاتیان لەدەسـت دابـوو، چاوەڕێی ئـەوە بوون لـە ڕێگەی ئەم شۆڕشـەی کـە بەشـداریان تێـدا کـردووە، لـە داهاتووی سیاسـیی ئێرانـدا ڕۆڵێکیـان هەبێت. یەکێـک لە هـۆکارە گرنگەکانی

١٣٥٧ی هەتاوی (٢٢ ژانڤییەی ١٩٧٩)، ڕێک بیست ڕۆژ پێش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، کۆمەڵێکی بچووک لە ئەندامانی دێرینی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مزگەوتی گەورەی کوردانی نەغەدە کۆ بوونەوە. سەییدڕەسووڵ دێهقان ناسراو بە سەیدڕەسووڵی بابیگهورە[1] لە نەغەدە، بە نهێنییەوە لە ماڵی عەبدوڵا پاکسرشت دەژیا. ناوبراو کە هەمیشە خولیای بووژاندنەوەی حیزبی دێموکرات لە ناوچەکەدا بوو، پێشنیاری ئەنجامدانی ئەم دانیشتنەی کرد. مەلا سەیید ئەحمەد سۆعدەیی، مەلا محەمەد ڕەسووڵی، عەبدوڵا پاکسرشت، میرزا عەبدوڵا حەسەنزادە، سەییدیۆسف سۆعدەیی، سماییل ئاهەنگەری و ... لە ئەندامانی ئەو حیزبە بوون کە لە دووهەمین کۆبوونەوەی مزگەوتی گەورە خەڵکیان سەرسام کرد. هەڵبەت کەسانێک هەبوون کە زەمینەی چالاکییان بۆ گرووپە چەپەکان ئامادە دەکرد، بەڵام هێشتا ناویان لە گۆڕا نەبوو. لەو بۆنەدا عومەر ئیلخانیزادە[2] بە ناتۆرە هێرشی کردە سەر حیزبی دێموکرات، بەڵام ڕەنگە خەڵک لە تانە و توانجەکەی تێنەگەیشتبن.

داگیرکردنی ژاندارمەری لە شاری بێپەیکەردا

چەند هەفتە بەر لە بیست و دووی[3] ڕێبەندان لە هەندێ ناوچەی ئێراندا هەندێک ڕووداو کەوتەوە کە لە ڕۆژانی نزیک لە سەرکەوتنی شۆڕش، کەمێکی گەیشتە لای نەغەدە. کۆنترۆڵکردنی شارە بچووکەکان زۆر ئاسانتر بوون و هێشتا ژاندرمە و ساواک لە نەغەدە دەسەڵاتیان بەدەستەوە بوو. یەکەمین خۆپیشاندانی دژی حکوومەت بە بەشداریی کورد و تورک لە شەقامی شا و ئیسماییلاواوە دەستی پێکرد و بە تێپەڕین لە مەیدانێک لە نزیک کاروانسەرا، گەیشتە بلۆکی ژاندارمەری. خەڵک پلاکاردیان بەدەستەوە بوو و درووشمیان دەدا

ناکۆکیی گروپی و حیزبی و هێزە شۆڕشگێڕەکان ئەوە بوو کە مەلای شێعە شۆڕشی بۆ خۆی قۆرخ کردبوو و یەکبەیەک گروپە بەشدارەکانی شۆڕشی لەناو برد، یان تاراندنی و خستیانیە پەراوێزەوە.

١ . سەییدڕەسووڵی بابی گەورە یەکێک لە بەرپرسانی حیزب بوو کە بەرپرسی ئاسایشی کۆبوونەوەکە بوو. یەکێک لە فەرماندە سەربازییەکانی ئەو حیزبە بوو کە ساڵانێکی زۆری لە عێراق بەسەر بردبوو و لە بارزانی نزیک بوو. دوای ئەوەی بە هەڵدانەوەی گۆڕی مەلا مستەفا لە شنۆ تۆمەتبار کرا و ناکۆکییەکی زۆری لە نێوان هەر دوو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و عێراق دروست کرد، ئەو حیزبەی بەجێ هێشت و لە ٢١ی مانگی بەرفرانباری ساڵی ١٣٦٦ (١١ی کانوونی دووهەم/ ژانڤییەی ١٩٨٨) لە سلێمانی تیرۆر کرا.

٢ . عومەر ئیلخانیزادە، عەبدوڵا موهتەدی، فواد مستەفا سوڵتانی، سدیق کەمانگەر و ... لە ژێر کاریگەریی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی حیزبی تۆدە، پاییزی ساڵی ١٣٤٨ حیزبی کۆمەڵەیان دامەزراند.

٣. بیست و دووی ڕێبەندان، بەرامبەر ١١ی فێبرییە/کانونی یەکەمی ١٩٧٩، ئەو ڕۆژە بوو کە ئینقلابی ئیسلامی سەرکەوت و زۆربەی ئاسەوارەکانی حکوومەتی شاهەنشاهی، لە هێزە چەکدارەکانەوە بگرە هەتا دەگاتە حکوومەت و دامودەزگا پڕوپاگەندە و فەرهەنگی و ... ڕووخا. شۆڕایەکی ئینتیقالی کاتی (شۆڕای ئینقلاب) زەمینەی سپاردنی کاروباری دەوڵەتی بە حکوومەتی کاتیی ئەندازیار مەهدی بازرگان ئامادە کرد و خومەینیش وەکوو ڕێبەرێکی ئایینی لە لوتکەی هەرەمی دەسەڵاتی نوێدا جێگیر کرا.

و ڕێپێوانیان دەکرد.

● وێنەی ٣٩. ڕێپێوانەکانی شاری نەغەدە، شەقامی پەهلەوی، ١٣٥٧ی هەتاوی (١٩٧٩)

مـن هێشـتا زۆر بـاش نەمدەتوانـی بـە زمانـی فارسـی قسـە بکـەم، بـەڵام بـە دەم و زمـان بـووم. کـوڕە گەورەسـاڵەکانی خـزم و کـەس وەکـوو کاک مـراد و مسـتەفا و براییـم و کاک فەتـاح منداڵەکانـی خـزم و کەسـیان لـە دەوری خۆیـان کۆ کردەوە. من و عەلی و موحسـین و مەنسـوور و تەهـا و چەنـد کەسـێکی تـر. وتیـان: "ئەمـە شـتێک دەڵەیـن، ئەنگۆ بـە دەنگی بڵینـد تیکراری کەنـەوە." ئێمـەش هەمـان شـتمان کـرد و زانیان دەنگـم لەوانی تر بەرزتـر یان تیژتـرە. گوتیان: " تـۆ وەرە. ئەتـوو گچکەتـری و هەمیـش دەتوانـم لە سـەر قەلاندۆشـان هەڵتگرم، هەمیـش دەنگت زیقـە". هەسـتێکی خۆشـم هەبـوو. لە ناو ئـەو هەموو کـوڕەدا منیان هەڵبـژارد بۆ ئەوەی درووشـم بـدەم. مـن نەمدەزانـی مانای ئـەم دروشمانە چییە و نەشـمدەزانی بۆ چی خۆپیشـاندان دەکەن، تەنهـا ئـەوەی ئـەوان دەیانـوت مـن بە دەنگـی بەرز دووبـارەم دەکـردەوە.

کەمێـک ئەولاتـر کوڕێکـی تـورک لـە سـەر شـانی پیاوێکـی دیکـە بـوو، بەبـێ هەماهەنگیـی پێشـوەختە، دەمانزانـی کـە دەبـێ بە نۆرە دروشـم بدەین. درووشـمێک من دەمدا و درووشـمێک ئـەو کـوڕە تورکـە و خەڵکیـش دوا بـە دوای ئێمـە درووشـمەکەیان بـە دەنگـی بـەرز دەوتـەوە. دروشـمەکانم بـە وردی لـە بیـر نییـە، بـەڵام ناوەڕۆکێکـی حیماسـی و ناسیۆنالیسـتییان هەبـوو. تەنهـا چەند ڕسـتەیەک لە مێشـکمدا ماونەتـەوە: "نەغەدە بەئاگایـە ... دەبێ شـا بڕوخێ ... ئێمە دەمریـن ... کـورد و تـورک بـران ..." من لەم قسـانە تێنەدەگەیشـتم و تەنها لە پشـت مایکەکەوە دووبـارەم دەکردنـەوە. بیسـتنەوەی دەنگدانـەوەی دەنگـم لـە سـەر قەلاندۆشـی ئامـۆزا باڵابەرز و گەنجەکانـی باوکـم و بینینـی ئەو حەشـیمەتە لە سـەرەوە هەسـتی خۆپێزلی بە من دەبەخشـی، هەسـتێک کـە وەسـف ناکرێت. خەڵـک وتەکانی ئێمەیان دەوتەوە. وەک شـتێ ئێمـەی منداڵان کتوپڕ گـەورە بووین و ببووین بە ڕابـەری ئەم حەشـیمەتە.

خۆپیشـاندانی نەغـەدە تەنیـا لـەو ڕۆژە پـڕ لـە یادگارییانـەدا سـنووردار نەبـووەوە و لـە ڕۆژانـی

دواتریشـدا بەردەوام بوو. ڕۆژێک خەڵک پەیکەری شـایان لە گۆڕەپانی سـەرەکیی شـاردا خسـتە خـوارەوە و بـۆ بەیانیی ئەو ڕۆژە بەرەو ژاندارمەری[1] وەڕێ کەوتن. شـارە گەورەترەکانی دەوروبەرمان کەوتنـە دەسـت خەڵـک و هێـزی ژاندرمـە ڕژدتـر و تووڕەتـر ببـوو. ئـەو کاتـەی کـە خەڵـک بـەرەو ژاندارمـەری وەڕێ کەوتـن، مـن و حەبیبـە لەگـەڵ باوکـم و مامم و مامـە حەمەدئەمینـی ئامۆزای باوکـم، لـە نـاو جەماوەرەکـە بووین، خەڵـک بـە کـورد و تورکـەوە دروشـمیان دەدا و کەسـێکیش وتارێکـی پێشـکەش کـرد. لە ناکاو لە سـەربانی ژاندارمەرییەوە تەقەیان لـە خەڵکەکە کرد و یەک یـان دوو کەسـیان دران بـە عـەرزدا. ئێمـە نەماندەزانـی ئـەوان کـوژران یـان بریندار بـوون، بەڵام دەنگـی تەقـە هەمووانـی تۆقانـد و بڵاوەی پێکردن.

ژاندارمەری لە گەڕەکی کوردنشـینی شـار و بەرامبەر تێرمیناڵی مینیپاسـی نێوان شـارەکانی پیرانشـار و گوندەکانی دەوروبەری بوو. دەرگای ئاسـنیی تێرمیناڵەکە داخرابوو. باوک و مامم من و حەبیبەیان دەستاودەسـت لە دەرگا ئاسـنییەکەوە بەرز کردەوە و چووینە سەربانی کەبابخانەکە کـە دەیڕوانییـە حەوشـەی تێرمیناڵەکـەوە. ئێمەیـان لـە سـەر دیوارەکـە تـووڕ دایـە سـەر سـەقفی مینـی پاسـەکە و دواتـر خۆیـان بازیـان دایە خـوارەوە. خەڵکەکەش ئـەم کارەیان کـرد. ماوەیەکی پێچـوو هەتـا پەیژەیەکیـان هێنـا و ئێمەش لە سـەربانی مینـی پاسـەکەوە دابەزیـن. زۆر نیگەران بـووم، چونکـە سـەقفی مینی پاسـە هەژارەکە تا دەهات زیاتـر دەقووپا و خەریک بـوو کون دەبوو. پێـم وابـوو قووپانەکـەی وردە وردە خەریـک بـوو دەبـوو بـە قووڵکەیـەک و هەموومانی قـووت دەدا هەتـا ئـەوەی کـە پەیژەیـان هێنـا و هاتینـە خـوارەوە. دەنگـی تەقـە و قیـژە شـوێنەکەی تەنیبـوو. باوکـم هـاواری دەکـرد بـەڵام بـە ئاسـتەم گوێـم لـە دەنگـی دەبـوو. زۆری نەخایانـد کە سـەرۆکی ژاندارمـەری نەغەدە تەسـلیمی هێـزە جەماوەرییەکان بوو و هەمووان پەلامـاری ژاندارمەرییان دا. دەنگـۆی ئـەوە بڵاو بـووەوە کـە تارانیـش کەوتـووە و خەڵـک دەیانگـوت ئێمەش وەکوو شـارەکانی دیکـە دەبـێ جبەخانـە بگریـن. دواتر بۆم دەرکـەوت کە ئـەوڕۆژە، ٢٣ی مانگی ڕێبەندانی سـاڵی ١٣٥٧ی هەتـاوی (١٢ فێبریوێری/کانوونـی دووی سـاڵی ١٩٧٩) بووە.

---

١. ژاندارمـەری لـە ناوەڕاسـتی شـارەکە و لـە لای ڕۆژاوای ئـەو مەیدانـە بـوو کـە دوو گەڕەکـی کـورد و تورکـی لـە یـەکتر جیـا دەکـردەوە. تاکـە بنکـەی پۆلیسـی شـار بـوو و مەیـدان و ناوەنـدی سـەرەکیی شـارەکەش بـە مەیدانـی ژاندارمـەری ناسرابـوو. ئـەم بنکـەی پۆلیسـە، هەتـا ئێسـتاش بوونـی هەیە و نـاوی بنکەی پۆلیسـی ژمـارە ٢ی لـێنراوە. جگە لـە بنکـەی ژاندارمەری، شـارەوانی لـە ناوچـەی تورکیشـدا بنەیەکی پۆلیسـی هەبـوو، کە کۆمیتـەی تورکەکانیان دروسـت کردبـوو و زۆری نەخایاند کە وابەسـتەی حکوومـەت بـوون. ژاندارمەری کە لە سـاڵی ١٢٩٠ی هەتـاوی لە ئێران پێکهاتبوو؛ یەکێک لە دامودەزگا ئاسـایش و سـەربازییە کـە لـە سـەردەمی قاجـارەوە هەتـا سـەردەمی کۆمـاری ئیسـلامی چـالاک بـووە. ئـەم دامـەزراوە لـە سـەر داوای حکوومەتـی ئێـران لـە حکوومەتـی سـوییدییەکانەوە دامەزرا و بەرپرسـیاری ئاسایشـی ڕێگاوبان و شـوێنەکانی دەرەوەی شـار بوو و لە سـەرەتای حەفتاکانی سـەدەی ڕابردوودا بە پەسـەندکردنی مەجلیسـی شـۆڕای ئیسلامی و ڕەزامەندیی سـەید عەلـی خامنەیـی، لەگـەڵ پۆلیـس و کومیتەکانـی ئینـقلاب تێکـەڵ کـرا و هێـزی ئینتزامیـی کۆمـاری ئیسلامـی ئێران جێگـەی گرتەوە.

شارێکی چەکدار!

دوای ئـەوەی ژاندارمـەری خـۆی دا بـە دەسـتەوە، سـەربازەکان بـە کۆتاڵـی سـپی و گوڵـەوە هاتنـە خـوارەوە. خەڵـک ماچیـان دەکـردن و هوتافیـان دەکێشـا. خەڵـک درگای جبەخانەیـان کـردەوە و چوونـە ژوورەوە. هەموو شـتێک وەکـوو دیمەنـی فیلمێک وا بوو، وەکـوو ئەوەی بووبێتین بـە ئەکتـەر کـە ئـاوا بـەو ئاسـانییە بـە بـێ ئـەوەی کـەس ڕێگـریمان لـێ بـکا گەیشـتینە درگای ئاسـنیی ئەسـتووری ئـەو ژوورە گـەورە پـڕ لـە چەکـە. چەکەکانیـان لە پاڵ یـەکتر ڕیز کردبـوو و لە ژێـر هـەر یەکێکیاندا بە زمانی فارسـی زانیارییەکانیان نووسـیبوو. زۆربەی ئەو کەسـانەی چبوونە نـاو ژاندارمەرییـەوە کـورد بوون و کەمتر تـورک بوون و هەڵبەت تورکەکانیش چەکی شـارەوانییان بـە دەسـتەوە بـوو، چونکـە شـارەوانی لە گەڕەکەکـەی ئەوان بـوو. هەر کـەس چەندەی بـۆ بکرایە چەکـی هەڵدەگـرت. هەندێـک کـەس چـەک و تەقەمەنیـان دەخسـتە نـاو تەلیسـەوە و لەگـەڵ خۆیـان دەیـانبرد. پشـکی بنەماڵەکەمـان لە گرتنـی ژاندارمەری چەنـد دەمانچەیەک بـوو؛ باوکم یەکێکـی بـرد، مـام و ئامۆزاکانـم هـەر کامیـان یەک یـان دووانیـان برد.

لـە نـاو چەکەکانـدا خەنجەرێکیـش هاتـە ماڵەکەمـان کـە هەندێـک جـار یاریـم پـێ دەکـرد. دەیانگـوت نووکەکـەی ژەهراوییـە و داپیـرەم نەیدەهێشـت دەسـت لـە نووکـە تیژەکـەی بدەیـن. دوای دەمانچـە، کاتـی ئۆتۆمبێـل و بارهەڵگـرەکان هـات. ئەوانـەی شـۆفێرییان دەزانـی، ئۆتۆمبێلەکانیـان لەگـەڵ خۆیـان دەبـرد، تەنانـەت قەرەوێڵـەی ژاندارمەریشـیان دەبـرد. نازانـم

● وێنەی ٤٠. خەڵکی تورکی چەکداری نەغدە، ١٣٥٧ی هەتاوی (١٩٧٩)

وشـەی تاڵانکـردن بـۆ شـتێکی وا گونجـاوە یـان نـا، ئەویش لـە گەرمەی شـۆڕش؟ ڕەنگـە خەڵکی ئەوسـا وایاندەزانـی ئەمانـە غەنیمەتـە و مافـی خۆیـان لـە ڕژێمـی پەهلـەوی دەستێننەوە.شـار چەکـدار ببـوو و هیـچ بژاردەیەکـی تـر نەبـوو جگـە لـەوەی بیـر لـە کۆنترۆڵکردنـەوەی دۆخەکـە بکرێتـەوە. دوای چەنـد ڕۆژ لێژنەیەکـی جەمـاوەری لـە تـورک و کـورد پێـک هـات. بەشـێک لـە ئۆتۆمبێـل و بارهەڵگرەکانیـان لـە خەڵک وەرگرتـەوە، بەڵام هەرگیـز نەیانتوانی هەمـوو چەکەکان وەربگرنـەوە. بەتایبـەت ئەوەی کە هاوکات لەگەڵ داگیرکردنی ژاندارمەری گەڕەکی کوردنشـینی نەغـەدە، بنکـەی پۆلیسـیش لـە گەڕەکی تورکنشـین داگیـر کرا و سـەدان پارچە چـەک لەلایەن خەڵکەوە دەستی بەسەردا گیرا. ئەم بابەتە هەر زوو ئاسایشی شارەکەی خستە مەترسییەوە.

خاڵـی سـەرنجڕاکێش ئـەوە بوو کە دیکـۆڕی ماڵەکانیش گۆڕا و لە جیاتی وێنـە و تابلۆ، چەک بـە دیوارەکانـەوە هەڵواسرا. لە ڕۆژدا کە پیـاوان لە ماڵەوە نەدەبوون چەکەکان لە ژێر پێخەفەکاندا دەشـاردرانەوە و شـەوانە کـە پیـاوەکان دەهاتنـەوە دیسـان بـە دیـواری ماڵـەوە هەڵدەواسرانـەوە. وەحشـەت و تۆقانـدن باڵـی بـە سـەر ماڵـەوە کێشـابوو. دایـکان و بـاوکان داوایـان لـە منـداڵان بەتایبـەت کـوڕان دەکـرد کـە توخنـی چەکـەکان نەکەون. بیسـتبوومان کە شـتێک هەیە کە پێی دەوتـرێ زامـن، کـە لـە نـاکاو دەردەپەڕێ و ئـەوەی نابـێ ڕوو بـدا، ڕوو دەدا ... و هەنـدێ جاریش ڕووی دا! هەندێـک کـەس بـە هـۆی سـەرقاڵبوون بـە چەکـەوە، کـە نەیاندەزانـی ئیشـی پێبکـەن لەناوچـوون و هەنـدێ کەسـیش بـە بێمەبەسـت ئەندامانـی خێزانـی خۆیـان کوشـت. دەیانـوت دەرزییـەک لـە تفەنگـدا هەیـە کـە کاتێـک دەریبێنـی ئـیتر لـە کار دەکـەوێ و منیـش هەرچـی سـەیرم دەکـرد هیـچ دەرزییەکـم نەدەبینـی.

ئەوە تەنیا ماڵەکان نەبوون کە گۆڕان، ڕوخسـاری شـاریش گۆڕا، کورد لە سـەر پشتوێنەکەیان تفەنگێکیـان دانابـوو و تورکەکانیـش لـە سـەر قایشـی پانتۆڵەکانیـان تفەنگێکیان دانابـوو و ئەمە نیشـانەی شـانازی بـوو . هـەر کـەس بـە پێـی ئـەوەی چ جـۆرە چەکێکـی پێیـە، خۆیـان بـە سـەر ئەوانـی دیکـەدا دەگـرت. دەمانچـەی کـورت بـە بـێ قۆنداخـە بەناوبانـگتر و جوانتر بـوو و خەڵک فێـری چاولێکەرییـەک ببوون کە خەڵک بۆ مۆدێلی ئۆتۆمبێلەکەیـان هەیانبوو. بازاڕێکی گەورەی چـەک لـە دەوروبـەری گۆڕەپانی ژاندارمـەری کرابۆوە و هەموو جۆرە چەکێـک بە نرخێکی هەرزان کڕیـن و فرۆشـتنی پێـوە دەکـرا. چەند جارێـک ڕووی دا کە خەڵک تفەنگیان لە یەکتر ڕادەکێشـا و حیسـابە کۆنەکانیـان یەکلایـی دەکـردەوە. دۆخەکە زۆر مەترسـیدار و نائارام بوو!

کەوتنی سەربازخانەکان

دوای سـەرکەوتنی شۆڕشـی گەلانـی ئێـران، لە نەغـەدە دوو کۆمیتەی کـوردی و تورکی پێک هاتن. کۆمیتەی ژمارە یەک بەدەسـت تورکەوە بوو، لە بینای شـارەوانی شـەقامی شـا و کۆمیتەی

ژمارە دوو لە بینای ژاندارمەری بەدەسـت کوردەوە بوو. ئەم دوو کۆمیتە ئیدارەکردنی شـارەکەیان گرتـە ئەسـتۆ. حیـزب و گروپەکانی تریش لە شـارەکەدا نوسـینگە و شـوێنی کۆبوونـەوەی تایبەت بـە خۆیـان هەبوو و جار جار تووشـی تێکهەڵچـوون دەبوونەوە.

کێشـە و ناکۆکییەکانـی نێـوان هـەر دوو کۆمیتەکـە تـا دەهـات لـە زیادبووندا بـوو. کۆمیتەی کـورد تـا ڕادەیەک هەسـتی ناسیۆنالیسـتیان هەبـوو و زۆربـەی ئەندامەکانـی لایەنگرانی حیزبی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران بوون. مەلا سـاڵە یان هەمان مەلا سـاڵحی ڕەحیمی، پێشـنوێژی هەینـی، پیاوێکـی بەمشـوور و بەتەگبیر بوو، بـەڵام هیچی بۆ نەچووە سـەر و هەندێک جاریش بە هاوکاری لەگەڵ سـاواک تۆمەتبار دەکرا. هەرچەندە زۆرینەی خەڵکی ئەو شـارە پشـتیوانیان لێ دەکـرد، بـەڵام منداڵەکانی چـەپ و ئەندامی حیزبـی کۆمەڵە بوون. حیزبی دێموکـرات و کۆمەڵە زۆر چاویـان بـە یـەکتر هەڵنەدەهـات و ئەمەش ناکۆکـی ناو ڕیزەکانـی کوردی لێ کەوتـەوە، هەر چەنـدە زۆربـەی ناوچەکـە لـە ژێر ڕکێفی حیزبـی دێموکراتدا بـوو. لەم دۆخەدا مەلا سـاڵە هەوڵی ئـەوەی بـوو کە جۆرێک لە هاوسـەنگی دروسـت بکا، بـەڵام کوردەکانی ناوچەکـە زیاتر گوێڕایەڵی ئەندامانـی حیـزب بـوون تا ئـیمام جومعەیەک کە بە هاوکاریکردنی ڕژێمی شـا تۆمەتبـار کرابوو و ئەندامانـی بنەماڵەکەشـی ئەندامی حیزبـی کۆمەڵە بـوون! دوو ڕۆژ دوای ٢٢ی ڕێبەندان (١١ی شـوبات/فێبرییە ١٩٧٩)، وەفدێـک کـە لـە نوێنەرانی کـورد و تورک پێک هاتبوو، چوونە پەسـوێ بـۆ ئـەوەی دەسـت بەسـەر سـەربازخانەی ئەوێـدا بگـرن و ڕادەسـتی کۆمیتەیەکـی هاوبەشـی کـورد و تورکـی بکـەن. بـە نـاوی کـوردەوە، مەلاسـاڵح ڕەحیمـی و بەرپرسـانی حیزبـی دیموکرات لەوانـە میـرزا عەبـدوڵا پاکسرشـت، مـەلا سـەیید ئەحمـەد سـۆعدایی و سـەیید ڕەسـووڵ دێهقان (بابـی گـەورە) و بـە نـاوی تورکیشـەوە، مـەلا برایـم موحـەڕەڕ پێشـنویژی هەینـی شـێعەی شـار، عەلـی خەڵخاڵـی و چەنـد کەسـێکی تـر. هەمـوو شـتێک بـۆ دەستبەسـەرداگرتنی سـەربازگەکە کـرا و تەنانـەت نوێنەرێکـی حیزبیـش بـۆ پاسـەوانیی سـەربازگەکە جێگیـر کـرا بـۆ ئـەوەی هیـچ مەئموورێـک چـەک لـە سـەربازگەکە دەرنەهێنێـت. هەندێـک لـە خەڵکـی گونـدەکان، نەغـەدە و پیرانشـاریش سـەربازگەکەیان گەمـارۆ دابـوو. ئەوانـەی لـەوێ بـوون دەگێڕنـەوە کـە لـە نـاکاو، مقۆمقـۆ لە نێوان مەلاسـاڵح و سەییدڕەسـووڵ سـەبارەت بـە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی سـەربازگەکە دەسـتی پێکـرد و پلانەکـە تێـک چـوو، ئەوە لـە کاتێکدایە کـە فەرمانـدەی سـەربازگەکان بە پێی خـۆی هـات بـۆ ئـەوەی ڕادەسـتی بـکا و هەمـوو شـتێک ئامـادە ببـوو. مەلا سـاڵح وتی بـا خەڵک بچنـە نـاو سـەربازگەکەوە، بـەڵام هەرچی سـەیید ڕەسـووڵ بـوو ڕای وا بوو کە هیچ کەسـێک بۆی نییـە بچێتـە ناو سـەربازگەکەوە، تەنها ئەو کۆمیتـەی نەبێ کە حیزبی دێموکـرات دیاری دەکات!

سـەیید ڕەسـووڵ لە ناو خەڵکدا شـان و شـکۆیەکی بەرچاوی هەبوو، هەم بە هۆی پێشـینەی خێزانـی و پێشـینەی دوور و درێـژی بەشـداریی لـە نـاو ڕیزەکانـی حیزبـی دێموکـرات و هەمیش بـە هـۆی ئـەوەی پەیوەندییەکـی ڕاسـتەوخۆی لەگـەڵ خەڵکـدا هەبوو، بـە پێچەوانـەی هەندێک

لە ڕێبەرانی حیزب کە لە هەندەرانەوە گەڕابوونەوە بۆ ئێران و کوردستانی باشوور (هەرێمی کوردستانی ئێستا) پەیوەندیی ئەوتۆیان لەگەڵ خەڵکدا نەبوو. بێگومان سەیید ڕەسووڵ لە ناوچەی موکریان ڕۆڵێکی سەرکەوتوانەی هەبوو لە تەیارکردن و وەگرتنی ئەندام بۆ حیزب. هەر بۆیە لە ناو خەڵکدا پێگەیەکی تایبەتی هەبوو و خەڵکی ناوچەکە هەتا ماوەیەکی زۆر حیزبیان بە هۆی ئەوەوە دەناسی. هەروەها ناوبراو یارمەتی گواستنەوەی ڕادیۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی دا بۆ ناوچە هەڵدێرەکانی سەرشاخان کە پێشتر لە سەربازگەی مەهاباد بوو، و لە شەڕی شاری نەغەدەدا ڕۆڵی هەبوو و هەتا دوای هەڵدانەوەی گۆڕی مەلا مستەفا بارزانی، فەرماندەی هێزی ئاوارە لە ناوچەی پیرانشار و هەروەها یەکێک لە کەسایەتییە گرنگەکانی حیزبی دێموکرات بوو.

ئەوەش خاڵێکی گرنگە کە دوای ڕووخانی ڕژێمی شا، حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر زوو خۆی زیندوو کردەوە و دەستی بە چالاکییەکانی کرد. گەلی کورد پۆل پۆل دەچوونە نووسینگەکانی ئەو حیزبە و بەڵێنی خۆیان لەگەڵ ئەو حیزبە دووبارە دەکردەوە. هەر چەندە بڕیار وا بوو لە ڕۆژی کۆبوونەوەی سیاسیی حیزب لە نەغەدە چالاکیی فەرمیی ئەو حیزبە ڕابگەیەندرێ، بەڵام شەقامی باڵخچی بوو بە بارەگای یەکەمین نووسینگەی حیزب کە بە ئاشکرا کراویەە.

هەموو ئەم ڕووداوانە لە ٢٣ی بەهمەنی ١٣٥٧ (١٢ی شوبات/فێبرییەی ١٩٧٩) هەتا کۆتاییەکانی مانگی نەورۆزی (نیسان) ١٣٥٨ ڕوویان داوە. لە ماوەی ئەو شەست ڕۆژەدا کە هێشتا ئارامی و ئاسایش لە شار نەتۆرابوو، کەس پێشبینی ئەوەی نەدەکرد کە نەغەدە ئاوا زوو ببێتە مەیدانی شەڕێکی ناوخۆیی، شەڕێک کە جگە لە ئاوارەیی و پشێوی، هیچی تری بۆ خەڵک نەهێنا. گرژی و ئاڵۆزییەکان تەنگی بە خەڵک هەڵچنیبوو و ژیانی ئاسایی و ڕۆژانەیانی تەواو فەوتاندبوو و یەکەم و گرنگترین بژێرەی ژیان و سەرمایەی کۆمەڵایەتییان واتە متمانە و ئاسایشیانی لە ناو برد. بۆ تێگەیشتنی باشتر لەوەی کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لە نێوان حیزب و حکوومەتە جیاوازەکاندا چی ڕووی داوە، چاوێک بە بیچمگرتن و هەوراز نشێوەکانیدا دەخشێنین و دیسان دەگەڕێمەوە بۆ نەغەدە و ئەو ڕووداوانەی کە لە ژیانماندا ڕووی دا.

شۆڕش لە ئێران و بووژانەوەی حیزبەکان لە کوردستان

ئەگەر بڵێین کوردستان سیاسیترین جوگرافیای ئێرانە هیچ زیادەڕۆییمان نەکردووە. چونکە لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا کەم ناوچە هەیە کە سروشتی ژیانە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکەی ئاوا تێکەڵ بە سیاسەت بووبێ و بزووتنەوە و ڕاپەڕینی سیاسی بە خۆوە بینیبێت. چاوخشاندنێک بە یەکەم شۆڕش و بزووتنەوە عەشایەری و ئێتنیکییەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەم هەتا دەگاتە بزاڤە سیاسییە نەتەوەییەکان کە داوای مافی چارەی خۆنووسین

دەکـەن، بەشـێکی دانەبـڕاوی مێـژووی کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات لـە ئێرانـە، کـە تێکـەڵاوی ژیانـی خەڵکی کوردسـتان بە کەسـانی سیاسـی و ئاسـایی و خوێندەوار و نەخوێندەوار بووە. هەر لەبەر ئەمەشـە کـە دەوتـرێ هەمـوو تاکێکـی کـورد، نەخوازراوانـە کەسـێکی سیاسـییە. لـەم ئەزموونـە سیاسـییەدا، حیـزب و بزاڤـەکان هەمیشـە ڕۆڵێکـی گرنگیـان هەبـووە. لـە ژێـکاف (کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کوردسـتان) و حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتان، کە سـاڵی ١٣٢٤ ی هەتـاوی (١٩٤٦ ز) کۆمـاری کوردسـتانیان لـە مەهاباد دامەزرانـد، هەتا دەگاتە بزووتنەوە چەپـەکان و بزووتنەوەی جووتیاری – کرێکاری و بزاڤە ئایینییەکان، کوردسـتان سـەرەڕای هەموو ئەو کەموکوڕی و کێشـە بنەڕەتییـە مەدەنییانـەی کـە لـە کۆمەڵـگا مۆدێرنەکانـدا هەیـە، هەمیشـە بەسـتێنێکی گونجاو بۆ پەرەپێدانـی بزووتنـەوە سیاسـییەکان بووە.

لەگـەڵ سـەرهەڵدانی شۆڕشـی گەلانـی ئێـران لـە سـاڵی ١٣٥٧ی هەتـاوی و دەرکەوتنـی کەشـێکی سیاسـیی ئازاد لە سـەر ئاسـتی وڵاتی ئێراندا، کوردسـتان یەکێک لەو ناوچانە بوو کە ژمارەیەکـی زۆری حیزب و لایەنی سیاسـی خەریکی خۆڕێکخسـتن و بووژانەوە و بەهێزکردنەوەی چالاکییەکانیان بوون و هەوڵیان دا لە ناو ئەو ژینگە سیاسـییە نوێیەدا بە گوێرەی هیوا و ئامانجە ئایدیۆلۆژی و گوتارییەکانیان هەنگاو بنێن. کەشـی سیاسـیی ناجێگیر و ناسـکی کوردسـتان لە بەرەبەیانیـی شۆڕشـی گەلانـی ئێـران لـە سـاڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا شـاهیدی بەشـداریی حیزب و گروپـە سیاسـییە جۆراوجـۆرەکان بـوو، کـە زیاتر لە ناو سـێ لایەنـی ناسیۆنالیسـتی نەتەوەیی و چەپ و ئیسلامیدا سنووردار دەبوونەوە و حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئایدیای ناسیۆنالیزمی کـوردی سۆسـیال - دیمۆکراتیکـەوە بـە سـکرتاریەتی گشـتیی دوکتور قاسـملوو، حیزبـی کۆمەڵە (ڕێکخـراوی کوردسـتانیی حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێـران) بـە ئایدیـای چەپگـەرای مارکسیسـتی - لێنینیسـتی و مەکتـەب قورئـان بـە ڕابەرایەتـی کاک ئەحمەد مفتیـزادە بە ئایدیـای ئایینییەوە لە ڕەوتە پێشـەنگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان بوون. کە لە سـەردەمی شۆڕشـی ١٣٥٧ی هەتاوی لـە ئێـران و شـەڕی ئێـران و عێراقـدا، ڕۆڵێکـی بنەڕەتییان لە چارەنووسـی سیاسـیی کوردسـتانی ڕۆژهەڵاتـدا گێڕا.

حیزبی دیموکرات؛ خودموختاری بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ ئێران

حیزبـی دێموکـرات لـە سـاڵی ١٣٥٠ی هەتـاوی (١٩٧١ ز) و دوای بەسـتنی کۆنگـرەی سـێیەمی خـۆی، دروشـمی "دێموکراسـی بـۆ ئێـران و خودموختاری بۆ کوردسـتان"ی بـە فەرمی ناسـی، دروشـمێک کە تا ڕادەیەک لە ئامانجە سۆسیالیسـتی و پۆپۆلیسـتییەکانی حیزبی تووده و حیزبـە کۆمۆنیسـتەکانی دیکـەوە سـەرچاوەی گرتبـوو. ئـەم دروشـمە بـۆ مـاوەی چەنـد دەیـە بـوو بـە پەیامـی ستراتیژیـی حیزبـە کوردییەکانـی هـەر چوارپارچەی کوردسـتان و هەتـا دارمانی

یەکێتیی سۆڤییەت بە کار دەهێنرا. دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤییەت، زۆربەی کوردەکان بە لەبەرچاوگرتنی فرەنەتەوەیی هەر چوار وڵاتی ئێران و عێراق و سووریا و تورکیا (کە خاکی کوردستان بە زۆرەملێ خراوەتە ناو سنوورەکانیانەوە)، فیدراڵیزمێکی دیارینەکراویان کردە بەدیلی ئەم درووشمە.[1] حیزبی دێموکرات کە ساڵانێک بوو بە دروشمی "دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" درێژەی بە چالاکییەکانی دەدا، دوای نیو سەدە خەبات و تێکۆشان، دروشم و ستراتیجیی خۆی گۆڕی بۆ "دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە ناو چوارچێوەی ئێرانی دیموکراتیکدا"[2]. هەڵبەت دواتر دووبارەکیان تێدا دروست بوو و حیزبە ڕکابەرەکەی بۆ ماوەی چەند ساڵ بە دروشمێکی جیاوازەوە چالاکی کرد هەتا ئەوەی کە لەم دواییانەدا یەکیان گرتەوە.[3]

حیزبی دیموکراتی کوردستان تاکوو کۆماری کوردستان ئاشکرا داخوازیی سەربەخۆیی بۆ کورد دەکرد، بەڵام دوای ڕووخانی حکوومەتی کوردستان و لەسێدارەدرانی پێشەوا قازی محەمەد و دەستپێکردنەوەی چالاکییەکانی، ئیتر داخوازییەکی لەو چەشنەی نەبوو و داواکەی بۆ خودموختارییەکی ناڕوون و نیمچە سەربەخۆکورت کراوە. لە هەر حاڵەتێکدا پێویستە لە نێوان سیاسەتی سەرکردەکانی هەر دوو حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە لەگەڵ ئەو کوتلە بچووکە کوردانەی کە ئیدعای سەربەخۆیی دەکەن و تەنانەت هەندێک جاریش ئێرانێتیی کورد دەخەنە ژێر پرسیارەوە، جیاوازی دابنێن.

● وێنەی ٤١. دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو لەگەڵ هێلێن کرۆلیچی هاوسەری، کۆماری چێک سەرەتاکانی ١٩٥٠ی زایینی

١. هەمان ئەو دروشمە نوێیە کراوەتەوە و دەستەواژەی فیدراڵی بووەتە بەدیل، کە لە بنەڕەتدا جەخت لەسەر سەروەری حکوومەتی لامەرکەزی دەکاتەوە.

٢. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنگرەی ١٣ی ساڵی ٢٠٠٤دا دروشمی خۆی لە خودموختارییەوە گۆڕی بۆ فیدرالیزم.

٣. حیزبی دێموکراتی کوردستان (حدک) و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) دوای نزیکەی ١٦ ساڵ لە دابەشبوون لە ٣١ی گەلاوێژ ١٤٠١ (٢٢ تەمووزی ساڵی ٢٠٢٢) یەکیان گرتەوە.

ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی (١٩٦٧ ز) کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی حیزبی دیموکراتی کوردستان زیاتر لە دووسەد خەباتگێڕی چەکداری خۆی ڕەوانەی ناوخۆی ئێران کرد بۆ ئەوەی بزووتنەوەیەکی چەکداری ساز بکەن، کە ئەمە نەگەیشتە ١٨ مانگ و زۆربەیان کوژران یان گەڕانەوە بۆ کوردستانی باشوور و خۆیان لە ساواک شاردەوە. لەو هەلومەرجە هەستیارەدا دکتۆر قاسملوو کە لە حیزبی تووده هاتە دەرەوە یان بە وتەی هەندێک کەس دەرکرا، بە هانای حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هات و لە کۆنفرانسی سێیەمی ساڵی ١٩٧١ بە فەرمی وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. دەتوانین بڵێین حیزبی خستە ژێر ڕکێفی خۆی و بواری دارشتنەوەی بەرنامە و پەیڕەوی دابین کرد و لە کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٣ بە فەرمی بوو بە سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات و لە یەکەمین هەنگاوی خۆیدا سەربەخۆیی حیزبی دیموکراتی هاوتەریب لەگەڵ ڕوانگەی حیزبە سووسیال دیموکراتەکانی ئەوروپا بەرەو پێشەوە دەبرد، ئەم دۆخە هەتا ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی (١٩٧٩ ز) کە شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت، بەردەوام بوو.

پێگەی گرینگی دکتۆر قاسملوو لە ناو حیزبە کوردییەکاندا

دکتۆر قاسملوو ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی (١٩٦٨ ز) بە هۆی جیاوازیی بیروڕا و دژایەتی لەگەڵ سیاسەتی پاوانخوازانەی یەکێتیی سۆڤییەت و هێرشکردنە سەر چیکۆسلۆڤاکیا بۆ هەتا هەتایە حیزبی تووده‌ی ئێرانی بەجێهێشت. حیزبی دێموکرات سەرەڕای ئەو هەوراز و نشێوانەی کە لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە ڕووبەڕووی بووەوە، جۆرێک لە یەکگرتوویی تەشکیلاتی لەگەڵ حیزبی تووده‌دا هەبوو و تەنانەت لە کار و کاردانەوەی دابەشخوازانەش هاوتەریب لەگەڵ ڕووداوەکانی پەیوەست بە حیزبی تووده‌دا هەڵسوکەوتی دەکرد. بۆ نموونە کاتێک لە ساڵی ١٣٤٦ (١٩٦٧ ز) ئەحمەد قاسمی، غوڵامحسێن فرووتەن و عەباس سەخایی کە هەر سێکیان سەرکردەی حیزبی تووده بوون، لێی جیا بوونەوە و تەشکیلاتی شۆڕشگێڕانەی حیزبی تووده‌یان دامەزراند. سولەیمان موعینی[1] و هاوبیرەکانی بە لاساییکردنەوەی ئەوان، دوای

وێنەی ٤٢. تەرمی سولەیمان موعینی بەرامبەر ژاندارمەری پیرانشار (سولەیمان موعینی، ئەمەیە ئاکامی خیانەت) ١٣٤٧/٠٢/٢٥ی هەتاوی (١٩٦٨)

١. سولەیمان موعینی ساڵی ١٣١١ی کۆچی هەتاوی لە شاری مەهاباد لەدایک بوو. باوکی محەمەدئەمین موعینی لە سەردەمی قازی محەمەد وەزیری ناوخۆی حکوومەتی کۆماری مەهاباد بووە. موعینی جگە لە شاری مەهاباد لە شارەکانی

کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی (١٩٦٣ ز)، کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان دامەزراند و بڕیاریان دا دژ بە نیزامی شا بچنە ناو خەباتی چەکداریەوە.

قۆڵی سەیید عەبدوڵا ئیسحاقی کە هێشتا خۆی بە سکرتێری گشتیی ئەو حیزبە دەزانی، لایەنگری خۆی هەبوو و پەیوەندییەکانی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی پاراستبوو. ناوبراو بەرهەڵستیی خۆی دژی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی ڕاگەیاند و سولەیمانی موعینی بەوە تۆمەتبار کرد کە کەوتۆتە داوی لقەکانی حیزبی تووده و براییم ئەحمەد[1] و جەلال تاڵەبانی[2]. سولیمان موعینی و یەکێک لە هاوڕێیانی لە ساڵی ١٣٤٧ هەتاوی (١٩٦٩ ز) لە نزیک شاری سلێمانی لەلایەن هێزەکانی بارزانیەوە دەستگیر کران و هێنرایە شوێنی نیشتەجێبوونی مستەفا بارزانی لە نزیک سنووری ئێران لە حاجی عۆمەران. دەگوترێ بە فەرمانی ئەو لە سێدارە دران و تەرمەکانیان لە پیرانشار ڕادەستی ساواک کران.

«نا»ی توندی کوردستان دژ بە کۆماری ئیسلامی و ناکۆکیی حیزبەکان

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە مانگی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی (١٩٧٩ز)، لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان چەند ڕووداوێک کەوتنەوە. یەکەم ئەوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای چەندین ساڵ چالاکییە نهێنییەکانی خۆی ئاشکرا کرد. ڕووداوی دووەم گەڕانەوەی عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی ئەو حیزبە لە پێشدا بۆ عێراق و دواتر بۆ ئێران بوو. دکتۆر قاسملوو لە زانکۆی پراگ خوێندبووی و دواتریش هەر لەوێ ببوو بە مامۆستای زانکۆی پڕاگ. دوای گەڕانەوەی وەک نوێنەر لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی خوبرەگان بەشداری کرد و زۆرینەی دەنگەکانی پارێزگای ورمێی بەدەست هێنا. لەو سەردەمەدا حیزبی دێموکرات زۆربەی زۆری کوردستان واتا ناوچەکانی باشووری

تەوریز و تاران درێژەی بە خوێندن دا. بە پێی هەندێ گێڕانەوە و بەڵگە، لە مانگی گوڵانی ساڵی ١٣٤٧ هەتاوی لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقەوە کوژرا و تەرمەکەی ڕادەستی هێزەکانی ساواک و حکوومەتی پەهلەوی ئێران کراوەتەوە. تەرمی موعینی لە شارەکانی شنۆ، پیرانشار و مەهاباد لە بەر چاوی جەماوەری خەڵک نمایش کرا و دواجار ساواک بە دیواری مزگەوتی گەورەی مەهابادەوە هەڵیواسی. دوای چەند ڕۆژ تەرمەکەی لە گۆڕستانی بوداغ سوڵتانی مەهاباد بەخاک سپێردرا.

١ . ئیبراهیم ئەحمەد ساڵی ١٩١٤ لە شاری سلێمانی لەدایک بوو و نووسەر و سەرکردەی بزووتنەوەی کوردستانی باشوور بوو. باوکی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، هاوسەری خوالێخۆشبوو جەلال تاڵەبانی، سەرۆککۆماری پێشووی عێراق و شاناز تاڵەبانی، هاوسەری لەتیف ڕەشید سەرۆککۆماری ئێستای عێراقە. ئیبراهیم ئەحمەد لە ٨ی نیسانی ٢٠٠٠ لە لەندەن کۆچی دوایی کرد.

٢ . جەلال تاڵەبانی یەکێک لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە کە لقێکی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بوو. مام جەلال دوای ڕووخانی سەدام حسێن بوو بە سەرۆک کۆماری عێراق.

پارێـزگای ورمـێ (ئازەربایجانـی ڕۆژاوا)، سـنە و بەشـێک لە کرماشـان و هەورامانی خسـتبووە ژێر ڕکێفـی خۆیـەوە و دەیتوانـی ببێتـە هێزێکـی بەرهەڵسـت بـۆ دەسـەڵاتی ئینقلابـی ئیسلامـی کە تـازە لـە ئێرانـدا دامەزرابـوو. بەتایبەت ئەوەی کە دکتۆر قاسـملوو و سـەرکردە سیاسـییەکانی ئەو حیزبـە لە شـارە جۆراوجۆرەکانی کوردسـتان بـە ئامادەبوونی ژمارەیەکـی زۆر لە خەڵک میتینگ و کۆبوونەوەیـان سـاز دەکـرد و داخـوازی و مافەکانـی گەلـی کوردسـتانیان دەخسـتە ڕوو.

لـە میانـەی ڕێفراندۆمەکـەی نـەورۆزی سـاڵی ١٣٥٨[1] (٣٠ و ٣١ی نیسـانی سـاڵی ١٩٧٩)، دوای ئـەوەی ڕاپرسـییەکە لـە لایـەن حیزبەکانـی کوردسـتانی ڕۆژهەڵاتەوە بایکۆت کـرا، خەڵکی کوردسـتان و هەنـدێ لـە ناوچەکانـی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان "نا"یـان بە کۆمـاری ئیسلامی وت و لـە ڕاپرسـییەکەدا بەشـداریان نەنوانـد. هەرچەندە حکوومەت هەمیشـە ئیدعای ئـەوەی کردووە کە حیزبەکان نەیانهێشـتووە سـندووقی ڕاپرسـی بگاتە هەموو ناوچە و شـارەکان. ئەم ڕیفراندۆمە کـە ئامانجەکـەی هەڵبژاردنـی حکوومـەت بـە نـاوی خەڵکـەوە بـوو، بـوو بـە یەکـەم دۆسـییەی جیـددی کـە حیزبـی دێموکـرات و حیزبەکانی دیکـەی کرد بە دژبـەری دەسـەڵاتدارە نوێیەکان. هەندێـک لـە ڕێبەرانی حیزبەکان ڕایانگەیاند کە ئەگەرچی دەسـەڵاتی پاشـایەتی قبووڵ ناکەن، بـەڵام سـەبارەت بـە جـۆری حکوومەتکردنی کۆمـاری ئیسلامیـش ئـاگادار نین و ناتوانـن دەنگی "بەڵـێ"ی پـێ بـدەن. هـەر بۆیـە بایکۆتیـان کـرد و ئەمـە بـوو بـە یەکـەم ئاڵنـگاری نێـوان کـورد و حکوومەتـی تازەدامـەزراوی کۆمـاری ئیسلامیـی ئێران.

لـە ٢٨ مانگـی گەلاوێـژ سـاڵی ١٣٥٨ی هەتـاوی (١٩ی ئاب/ئاگێسـتی ١٩٧٩) خومەینـی فەرمانـی جیهـادی دژ بـە کـورد دەرکـرد،[2] هێشـتا شـەش مانـگ بـە سـەر ئینقلابـی ئیسلامـی تێنەپەڕیبـوو و نـەک هـەر لـە ناوچـە کوردسـتانییەکان، بەڵکوو لـە سەرتاسـەری ئێـران، ڕووداوی

---

١ . لەسـەر پێشـنیاری خومەینـی، دوو مانـگ دوای سـەرکەوتنی شۆڕشـی گەلانـی ئێـران لـە سـاڵی ١٣٥٧ی هەتـاوی و لـە ڕۆژانـی ٣٠ و ٣١ی نیسـانی سـاڵی ١٩٧٩ (١٣٥٨ی هەتـاوی)، ڕیفراندۆمـی حکوومەتـی کۆماری ئیسلامی لە سەرانسـەری ئێـران و باڵوێزخانەکانـی ئێـران لـە دەرەوەی وڵات بـۆ دیاریکردنی سیسـتەمی نوێـی حکوومەتی بەڕێوە چوو. سـەرەڕای هەموو ئـەو گومـان و تۆمەتانـەی کـە بـە گوێـرەی ڕاپۆرتـە فەرمییـەکان سـەبارەت بـە دەسـتکاریکردنی سـندووقەکان لـە ئـارادا بـوو، ئیسلامگەرایانـی نزیـک لـە خومەینـی نزیکـەی ٩٨ لـە سـەد بەشـداریان لـە ڕیفراندۆمەکـەدا کـرد و بـە "بەڵـێ" دەنگیـان بە حکوومەتـی کۆمـاری ئیسلامی ئێـران دا.

٢ . "ڕوحـوڵڵا خومەینـی" لـە ٢٨ی گەلاوێـژ سـاڵی ١٣٥٨دا (١٩ی ئابـی ١٩٧٩) فەرمانـی سـەربازی لـە دژی هێزەکانـی کوردسـتانی ئێـران (ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان) دەرکـرد. فەرمانەکـەی کـە بـە "فتـوای جیهـاد" نـاسرا، ڕووداوێکـی خوێنـاوی لە کوردسـتانی ڕۆژهەڵاتـدا دروسـت کـرد. لـە بەشـێکی ئـەم فەرمانـەدا هاتـووە: "بـە پێداگرییـەوە فەرمـان بـە سـەرۆک ئەرکانـی ئەرتـەش و سـەرۆکی ژاندارمەریـی ئیسلامـی و سـەرۆکی پاسـداران دەدەم کـە هێزەکانیـان بـەرەو کوردسـتان بجووڵێنـن بـۆ ئـەوەی ئـەشرار و موهاجیمانـی لـە حاڵی ڕاکـردن ڕاوەدوو بنێـن و بیانگرن و بیانخەنە بـەردەم دادگایەکی کارامـە و بە زووترین کات هەمـوو سـنوورەکانی ناوچەکـە دابخـەن بـۆ ئـەوەی خراپـەکاران و ئـەشرار چاویـان لـە دەرەوە نەبـێ و جەخـت دەکەمەوە کـە سـەرکردەی خراپـەکاران بـە هەمـوو هێزەوە بگرن و ڕادەسـتیان بکـەن. کەمتەرخەمـی لـەم بابەتەدا بە واتای پێشـێلکردنی ئەرکـە و پێشـێلکاران بـە تونـدی سـزا دەدرێن.»

نەگبەتانە دەقەوما کە بە گشتی ناکارامەیی سیستەمی نوێی کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی ئێران و بەتایبەت بۆ کوردەکان نیشان دەدا. لە کوردستاندا سێ ڕەوتی سەرەکی واتە دیموکرات، کومەڵە و ڕێبازەکانی سەر بە کاک ئەحمەد مفتیزادە[1] چالاکییان دەکرد کە هاوپەیمانییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ یەکتردا نەبووە و کاریگەریی هەر یەکەیان زیاتر لە ناوچەیەکی کوردستاندا بووە.

هەر کام لەو سێ ڕەوتە، سیاسەت و ستراتیژێکی جیاوازیان بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی پەیڕەو دەکرد. کۆمەڵە هەر لە سەرەتاوە دوژمنایەتیی خۆی دژ بە کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاند، مفتیزادە سەرەتا ویستی وەک موسڵمانێک بناغەی هاوکاری لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی دابمەزرێنێ و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتیش سیاسەتێکی میانڕەویان گرتە بەر و هەوڵیان دەدا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی پەیوەندی ساز بکەن. پێشتریش باس لەوە کرابوو کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩، خەڵکی ناوچە کوردستانییەکان دەستیان بە سەر ناوەندەکانی پۆلیسدا گرت و حکوومەت بە کردەوە تووشی بۆشایی بەڕێوەبردن ببووەوە. حیزبی دیموکرات کە خۆشی لە چەکداماڵینی بنکەی پۆلیس و ناوەندە ئەمنێتی و پۆلیسییەکاندا ڕۆڵی هەبوو، ئەم دەرفەتەی کە لە ناوچە کوردستانییەکاندا هەڵکەوتبوو زۆر بە باشی قۆستەوە و جۆرە خودموختارییەکی ڕانەگەیێنراوی لە ناو بازنەی دەسەڵاتەکەیدا ڕاگەیاند.

زۆر کەس پێیان وایە ئەگەر سەرکردەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە

---

١. ئەحمەد مفتیزادە، لەدایکبووی مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣١٣ هەتاوی لە شاری سنەیە، بیرمەندی موسڵمان و زانای ئیسلامیی کورد بوو کە زیاتر لە پارێزگای سنە چالاکی دەکرد. لە سەردەمێکدا شوێنکەوتووی زۆر هەبوو و لە ناو هەواداراکانیدا نازناوی عەلی شەریعەتیی کوردی پێ بەخشرابوو. ناوبراو بە یەکێک لە سەرکردە و کەسایەتییە ئایینی و سیاسییەکان دادەنرێ کە ماوەیەکی زۆر لە زیندانەکانی محەمەدڕەزا شای پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا زیندانی کراوە و لە ڕێکەوتی ٢٠ بەهمەن ١٣٧١ هەتاوی (٩ی شوباتی ١٩٩٣) لە تاران کۆچی دوایی کرد. یەکێک لە داواکارییە هەرە دیارەکانی کاک ئەحمەد مفتیزادە هەموارکردنەوەی یاسای بنەڕەتی و زیندووکردنەوەی حکوومەتی شۆڕایی لە کۆمەڵگای ئیسلامییەکان و کۆمەڵگای ئێران بوو. مفتیزادە دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت کە تاقمە نائیسلامییەکان بەڵێنەکانی خۆیان نابەنە سەر و کەڵکاوەژۆیی لە ڕیزەکانی خەڵک دەکەن، پێی ڕاگەیاندن کە لە ڕێکەوتی (٥٧/٨/٩ هەتاوی یان ٢٩ تشرینی دووی ١٩٧٩) خەباتی سیاسیی خۆی لەوان جیا کردەوە. وا دیارە کەسانێکی وەکوو سەیید قوتب، ئەبولعەلا مەودوودی و عەلی شەریعەتی کاریگەرییان لەسەر ڕێبازی هزریی کاک ئەحمەد مفتیزادە داناوە. یەکێک لە ڕێبازە تایبەت و میتۆدۆلۆژییەکانی مفتیزادە، کەڵک وەرگرتن لە زمان و ئەدەبی کوردی لە شیعرهۆنینەوە بوو، بۆ ئەوەی لە ئامۆژەکانی ئەخلاقی ئایینیدا کاریگەری لەسەر هەزاران شوێنکەوتوو و قوتابیی خۆی دابنێت. لەگەڵ دەستپێکی قۆناغی شۆڕشی ئێران و دواتر هاوئاراستەیی سوننەکانی ئێران لەگەڵ شۆڕش بە وتەی کاک ئەحمەدی مفتیزادە (پێشوەختە) و تێپەڕین لەم قۆناغە و ماوەی دە ساڵ زیندانیکران، کۆڵەکەی هزریی کاک ئەحمەد مفتیزادە لەرزۆک نەبوو. بۆ ناسین و پەیڕەوکردنی لە ڕێبازەکەی، ئەنجومەنێک بە ناوی "بەڕێوەبردنی مەکتەبی قورئان" لە لایەن موسڵمانانەوە چالاکی دەکا کە بەشێک لە گشتێتییەکانی ئەم مەکتەبی قورئانە لەبارەی پرسە گرنگەکانی وەکوو پرسی ئایینی و فیکری و ئەخلاقی و پراگتیکی و ڕوونکردنەوەی بنەما گشتییەکانی بزووتنەوەی ئایینی و ئەرک و بابەتە پەیوەندیدارەکان بە هەر قۆناغێک لە ڕوانگەی مفتیزادەوە دەخرێنە بەر باس و جێبەجێ دەکرێن.

وێنەی ٤٣. وتاردانی شێخ عێزەدین حوسەینی لە مەیدانی ئازادیی سنە، ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩)

حیزبـی دەسـەڵاتداری ناوچەکـە بـوو، لـە جیاتی سـازان لەگـەڵ حکوومەتی کۆمـاری ئیسلامی، لەگـەڵ کومەڵـە و بزووتنـەوەی مفتیـزادە ـ کـە هـەر دووکیـان دەسـەڵاتێکی ڕێژەییـان هەبـوو - کۆمیتەیەکـی هاوبەشـی بـۆ بەڕێوەبردنـی کوردسـتان و داکۆکی لـە بەرژەوەندییەکانـی کوردیان دامەزراندبـا، زەمینەیەکـی لەبـار بـۆ مافەکانـی گەلـی کورد لـە ئێران دابیـن دەکرا، یـان لانیکەم ئەزموونـی کۆمـاری کوردسـتان دووبـارە دەبـووەوە. بـەڵام هەندێـک پێیـان وایـە ئەگەر چل سـاڵ لەمەوبـەر حیزبـە کوردییەکان پشـتیوانیی یەکتریـان بکردایە و کۆماری کوردسـتانیان پێکهێنابا، ئـەوا بەرامبـەر بـە کۆمـاری ئیسلامی سـەرکەوتووتر دەبـوون. ئەم حیزبانـە پشـتیوانییان لە یەکتر بکردایـە، ڕەنگـە ڕووداوەکان بەشـێوەیەکی تـر ڕوویـان بدابایە و قورسـایی کوردسـتان بەرامبەر بە حکوومەتی ناوەند زیاتر دەبوو.

بۆ زۆرێک لە شرۆڤەکاران ڕوون نییە کە ئاخۆ بۆچی دوکتور قاسـملوو سـەرەڕای ئاستی بەرزی زانیاری و ئەو زانسـتە سیاسـییانەی کە هەیبوو، بە باشـی هەڵەکەی نەقۆسـتەوە و لەبری سـازان لەگـەڵ کۆمەڵـە کە ئەزموونێکی سیاسـیی ئەوتۆی نەبوو، کەوتە شـەڕێکی سـاردەوە کـە دواتر بوو بـە شـەڕێکی خوێنـاوی و درێژخایەن. لەم میانەدا پێویسـتە کۆمەڵـە بە وردییـەوە تاوتوێ بکرێت. ئـەم حیزبـە هەرگیـز خـۆی وەک ڕێکخراوێکـی کـوردی نەناسـاند و بێ ئـەوەی بچێتە نـاو حیزبی تـوودەی ئێرانـەوە، سـازوکاری تایبەتـی خۆی هەبوو. کۆمەڵە هەمیشـە جەختی لـەوە کردووەتەوە کـە ڕێکخراوێکـی ئێرانییـە. بـۆ نموونـە لـە سـاڵی ١٣٤١ ی هەتـاوی (١٩٦٢ ز) کـە پەیوەنـدی بـە حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێرانـەوە کـرد حیزبـی کۆمەڵـە ئەندامی هەبـوو. مـژارە سـەرەتاییەکانی

حیزبی کۆمەڵە کە لە میانەی کۆبوونەوەکان و لە کۆنگرەی یەکەمیدا پێشکەش کران، لەم دواییانەدا بڵاو کراونەتەوە[1]. ئەم کۆنگرە لە ماڵی مەلا ساڵح لە شاری نەغەدە بەڕێوە چوو، کە کاک عومەر ئیلخانیزادە، کاک عەبڵا مۆهتەدی، فوئاد مستەفا سوڵتانی و سەعید /ساعد وەتەندووست و موحسین ڕەحیمی کوڕی دووەمی مەلا ساڵح و بەشێک لە ئەندامانی دیکە لەو کۆنگرەدا بەشداریان کرد. لە کۆنگرەی دووەمدا کە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی (١٩٨١ ز) بەسترا، بە ئاشکرا ناسیۆنالیزمی کوردییان ئیدانە کرد. کەواتە دەتوانین بڵێین لەو سەردەمەدا پێکهێنانی بەرەیەکی نەتەوەیی بۆ کورد ناومکین بوو. هەڵبەت نابێ ئەو ڕاستییە لە بیر بکەین کە لە ناو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا ئەندامانی حیزبی تووەی ئێرانیش دەبینران. ئەوان بە ئاشکرا سەرکردایەتیی قاسملوویان، کە پێشینەی ئەندامێتیی حیزبی تووەی هەبوو، بە چالنج دەکێشا و پێگەکەیان لاواز دەکرد. ئەمانە نەک هەر لەگەڵ حیزبی دێموکرات بەڵکوو لەگەڵ کۆمەڵەش دوژمنایەتیان دەکرد. بەشێک لە ئەندامانی حیزبی تووەی و بەشێک لە ئەندامەکانیان لە حیزبی دێموکرات، کۆماری ئیسلامییان بە حکوومەتێکی دژە ئیمپریالیستی دەزانی و سپای پاسدارانیان بە لاوە داموودەزگایەکی شۆڕشگێڕی بوو کە دەبێ پشتیوانییان لێ بکرێت.

هەندێک پێیان وایە کە ئەگەر بنەمای پرس و هاوکێشەکانی ئێران لە پرسگەلی وەکوو ئێتنیک و نەتەوەدا سنووردار بکەینەوە، ئەوە کارێکی دروستمان نەکردووە. ئێستا بەشێک لە کوردانی دەرەوەی کوردستان پێیان وایە کە پرس و کێشەکانی ئێران لەسەر بنەمای ئێتنیک و نەتەوە (کورد، فارس، تورک و هتد) و پێناسەکردنەوەی شوناسەکان دابەش کراوە و وردەکاریی زۆر لە ژێرخان و ژوورخانی کۆمەڵگادا هەیە، بەڵام ئەوسا وا نەبوو. بۆ نمونە چەپەکان خۆیان لە بەرەیەکدا دەبینی و لە ناو خودی چەپەکاندا پۆلێنبەندی و تاقم و دابەشکاریی جیاواز لە ئارادا بوو. هێڵی یەکەم حیزبی تووەی بوو و هێڵی دووهەم حیزبی دێموکرات و چریکی فیدایی و هتد بوو و هێڵی سێهەمیش حیزبی کۆمەڵە و ماویستەکان و زەحمەتکێشان و هتد بوون. سیاسەتی زۆربەی حیزبەکانی ئەو سەردەمە ئەوەندە لەسەر بنەمای شوناسی نەتەوەیی و ئێتنیکی قاڵ نەبووەوە، بەڵکوو لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیا بوو. هەر بۆیە یەکگرتنی هەر سێ ڕەوتە سەرەکییە (دیموکرات و کۆمەڵە و مفتیزادەییەکان) مەحاڵ بوو و لە سۆنگەی سەربازی و هاوکێشە سەربازییەکانی تریشدا ئەمە نەدەکرا.

لە لایەکی دیکەوە ڕژێمی بەعسی عێراق لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت لە ناو ڕیزەکانی هەندێک لە حیزبە کوردییەکاندا، هێزی خۆی هەبوو و ڕۆژانێک بە ئاشکرا پشتیوانی لە هەندێک لە ڕەوتەکان دەکرد. لە دۆخێکی ئاوادا حکوومەتی ئێران کەمتەرخەم نەبوو و هەر

---

١. ماڵپەڕی کۆمەڵە

جـارەو لـە ناوچەیەکـدا پەلامارێکـی دەدان. لـەم دۆخـە ناجێگیـرەدا، کۆمەڵێک لە سـەرکردەکان گەورەتریـن لێـکترازان و دابەشـبوونەکانیان بەسـەر حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتاندا سـەپاند و ڕیزەکانـی خۆیـان جیـا کـردەوە. ئـەم گرووپـە کـە خۆیـان بـە "حیزبـی دێموکراتی کوردسـتانی ئێـران - پەیـڕەوی کۆنگـرەی چـوارەم" نـاوزەد دەکرد، سـەدان کادر و پێشـمەرگەی ئـەو حیزبەیان بـەرەو لای خۆیـان ڕاکێشـا و هێنایاننـە نـاو ڕیزەکانی خۆیانـەوە. هەندێکیش هەمـوو هەلەکانیان بـۆ ڕووبەڕووکردنـەوەی حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێران و پەنابـەرە کوردە باشـوورییەکان و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی عێـراق دەقۆسـتەوە کە تـازە سـەرکردایەتییەکی کاتییـان (قیادە موقـت[1]) هەڵبژاردبـوو بـۆ ئـەوەی درێـژە بـە خەباتـی دژ بـە حکوومەتی عێـراق بدەن.

پرسـی دەرکردنـی بارزانییـەکان لـە ئێـران و تێخزاندنـی مـادەی هەشـت[2] بـۆ نـاو دەقـی ڕێککەوتننامـەی دانووسـتانەکان لەگەڵ دەوڵـەت، نیگەیی بارزانییەکان و سـەرکردایەتیی کاتی لـێ کەوەتـەوە. جگـە لـەوەش پرسـگەلێکی وەکـوو هەڵدانـەوەی گـۆڕی مـەلا مسـتەفا بارزانـی لـە شـنۆ، کـە تاوانەکەیـان خسـتە ئەسـتۆی حیزبـی دیموکـرات و فەرمانـدە سـەربازییەکەی واتـە سەییدڕەسـووڵ دێهقـان (بابـی گـەورە)، هەروەهـا چەندیـن جـار مینرێژکردنـی ناوچـە سـنوورییەکان لـە سـەر ڕێـگای بارزانییـەکان، بـووە هـۆی شـەمزانی پەیوەندییەکانـی نێـوان حیـزب و پارتـی دیموکـرات، ئەم تێکچوونـی پەیوەندییە تا لێـواری ڕووبەڕووبوونەوەی سـەربازی و دواجـار تێکهەڵچوونـی نەگبەتانـە بردنـی، کـە ئەم ڕووداوە سـپای پاسـدارانی هێنایە سـەر خەت و لقـی نـاسراو بـە گرووپـی حـەوت کەسـی لـە بـەرەی بارزانییـەکان دژی حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێـران شـەڕیان کـرد. هەڵبـەت بارزانییـەکان دەرفەتـی شۆڕشـی گەلانـی ئێـران و پاشـان نائارامییەکانی کوردسـتانیان بـۆ بووژانەوەی ڕێکخراوەیی و سـەربازی خۆیـان بەکار هێنا کـە بـۆ ئەم مەبەسـتە لە تێکهەڵچوون لەگەڵ هێـزە کوردییەکانی ئێران لە هیچ کردارێک سـڵیان نەکـردەوە. ئـەم هاوکاریکردنەوەیان لەگەڵ تاران سـاڵێک پاش هێرشـی سـەدام حسـێن بۆ سـەر ئێـران، چـووە قۆناغێکـی ستراتیژییـەوە.

هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بە هاوکاریی "پێشمەرگانی کوردی موسڵمان" - کە کورد پێی دەگوتن جاش، چونکە بەکرێگیراو و تەیارکراوی سپای پاسداران بوون - و دواتریش بە هاوکاریی کوردانی "سەرکردایەتیی کاتی" هێرشیان کردە سەر هێزەکانی حیزبی دیموکرات و

---

١. قیـادە موقـت؛ سـەرکردایەتیی کاتـی و ڕاگوێـزراوی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانە کـە لـە کوردسـتانی باشـوور (هەرێمـی کوردسـتانی ئێسـتا) پێـی دەڵێـن پارتـی. لـە درێـژەدا زیاتـر لەسـەر سـەرکردایەتیی کاتـی واتـا قیـادە موقـت قسـە دەکەین.

٢. بڕیارنامـەی هەشـت بڕگەیـی مەهابـاد: مـادەی ژمـارە ٨ بـەو پێیـەی کـە مـەلا مسـتەفا بارزانـی و گرووپـی نـاسراو بـە "سـەرکردایەتیی کاتـی" پیـاوی سـی‌ئای‌ئەی ئەمریکـی و سـاواکی ئێـران و "میـت"ی تورکیا بـوون و هەن، گەلی کـورد لێیان بێـزارن. هـەر بۆیـە داوا لـە حکوومەتی ئینقلابی دەکەین کە هـەر جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ ئەم گرووپە ببچڕێنێ و سـەرکردە خائینەکانیـان لـە ئێـران دەربـکا، بەبـێ ئـەوەی ئەم سیاسـەتە زیان بـە بنەماڵـە پەنابـەرە هەژارەکانیـان بگەیەنێت."

کۆمەڵە. ئەم لەشکرکێشییە هەتا ساڵانێک بەردەوام بوو و شەڕێکی ناوخۆیی بەربڵاوی لێ کەوتەوە. ئەم ڕووداوانە دوا جار بووە هۆی ئەوەی کە سپا بە هاوکاری و ڕێنوێنیی سەرکردایەتیی کاتی لە پێشدا ڕێگاکانی شنۆ و پیرانشار و سەردەشت پاک بکاتەوە و دواتر حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبەکانی دیکەیان بۆ خاکی عێراق کە لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس بوو ڕاوەدوو نا و حیزبەکان لەوێ و لە شاخەکانی قەندیل درێژەیان بە چالاکییەکانیان دا. هەروەها دواتر سەرکردەکانی ئەم حیزبانە وەکوو گرووپە بەرهەڵستکارەکانی دیکە ڕۆشتنە هەندەران و حیزبەکانیش ناوەندێتیی خۆیان بردە دەرەوەی ئێران و لە هەرێمی کوردستانی عێراق جێگیر بوون.

دانوستانە بێئەنجام و خوێناوییەکان!

کادرە باڵاکانی حیزبە کوردستانییەکان و حیزبی دێموکرات چەندین جار لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کۆ بوونەوە و دانوستانیان کرد و تەنانەت دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، دواجار لە سەر مێزی گفتوگۆ لە لایەن پیاوانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تیرۆر کرا. حیزبی دێموکرات (حدکا) خوازیاری جێبەجێکردن و تەنانەت دانوستان لە سەر بنەماکانی ١٥ و ١٩ی یاسای بنەڕەتەیی کۆماری ئیسلامی بوون، ئەم یاسایانە سەبارەت بە مافی کەمینە ئێتنیکی و مەزهەبییەکان بوون. بەرپرسانی حیزب لە ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی (٢٠١٦ ز) لەگەڵ بەرپرسانی ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران لە شاری هەولێری باشووری کوردستان کۆ بوونەوە. ئەم حیزبە لە بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەی شانزەهەمی خۆیدا لە ڕێکەوتی ٢٦ی بەفرانباری ١٣٩٤ی هەتاوی (بەرامبەر ١٦ی فێبریوێری/شوبات ٢٠١٦) بە دروشمی "بەکارهێنانی هەموو بەستێن و شێوازەکانی خەبات لە پێناو بڵاوکردنەوەی گوتاری نەتەوەیی لە کوردستانی ئێران، بە پشتبەستن بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی"، جەختی لە سەر "کاراترکردنەوەی خەبات و چالاکی لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران و لە هەموو بوار و بەستێنەکان، بەهێزکردنی گوتاری نەتەوەیی و گیانی یەکڕیزی و تەبایی لە کوردستانی ئێران" کردەوە.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا[1] باس لەوە دەکرا کە هەر چوار حیزبی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان و حیزبی دێموکراتی کوردستان دانوستانێکی سنووردار و نهێنییان لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی هەبووە. ئامادەکارییەکان بۆ گفتوگۆی حیزبە کوردستانییەکان و ئێران سەرەتا لە لایەن ڕێکخراوێکی بەلژیکی و نادەوڵەتیی نۆرڤ دەستی پێکرد، کە

١ . مصاحبهٔ بنیاد برومند، ١٦ بهمن سال ١٣٩٩؛ گیارنگ، ١٣ دی ١٣٩٧؛ دویچەوله، ١٩ تیر ١٣٩٨؛ وبسایت مرکزی حزب دموکرات کردستان، ٢٧ بهمن ١٣٩۴.

شـاندێکیان بۆ گفتوگۆی جیا ڕەوانەی کوردسـتانی باشـوور و ڕۆژهەڵات کرد. هەموو ئەم ڕێکارانە هەتـا ئێسـتا سـەرکەوتوو نەبـوون. حکوومەتـی ئێـران ئەوەندە لـە بوونی کەسـانی کاریگـەر لە ناو حیزبـی دێموکـرات تۆقیـوە کـە هەمـوو هەوڵەکانی خـۆی بۆ نەهێشـتنی ئەم حیزبە خسـتە گەڕ. تیرۆرکردنـی زۆرێـک لـە کادر و پێشـمەرگەکانی حیزبەکانـی کوردسـتان، بەتایبـەت حیزبەکانی کۆمەڵـە و دیموکـرات لـە وڵاتانی دراوسـێ و هەرێمی کوردسـتان، بەشـێک لەم هەوڵی سـڕینەوە بـوو. لـە درێـژەدا پێداچوونەوەیەک بـە شرۆڤەی تیرۆرکردنی هەر دوو سـکرتێری گشـتیی حیزبی دێموکـرات دەکەین.

چۆن ئاوارە بووین؟

زۆر کەس باسـیان لە شـەڕی نەغـەدە کردووە، بەڵام بە دەگمـەن وردەکارییەکانی ئەم ڕووداوە گرنگەیـان تۆمـار کـردووە، هەر بۆیە ئەرشـیڤێکی جێـی متمانە و بەڵگـەدار لەبەردەسـتدا نییە کە ئێمـە بتوانیـن پشـتیان پێ ببەسـتین. بۆ ئـەوەی ژیاننامەکەم بنووسـم و باس لـەو ڕووداوانە بکەم کـە ژیانـی خـۆم و خێزانەکـەم و زۆرێک لە دانیشـتوانی شـارەکەی گـۆڕی، لێکۆڵینەوەیەکی زۆرم کـرد و سـەرم لە ژێدەر و سـەرچاوەی جۆراوجۆر دەرهێنا. چاوپێکەوتنـم لەگەڵ هەندێک لە تورک و کوردانـی دانیشـتووی ئـەو سـەردەمەی نەغـەدە کـرد و لەگـەڵ هەندێـک کـەس دیمانـەم سـاز کـرد. بە وردی چوومە سـەر نـووسراوەکان و ئەوەندەی بۆم کرا ئەرشـیڤ و ڕۆژنامە حکوومییەکانی ئـەو سـەردەمە و بڵاوکـراوەی هەندێـک حیـزب و بیرەوەریـی کەسـانی پەیوەندیـدارم خوێنـدەوە، بـۆ ئـەوەی زانیارییەکـی ورد و دروسـت بەدەسـت بهێنـم. هەڵبـەت دەزانـم کـە زانیارییەکانـم سـنووردارن و بەشـێک لـەو شـتانەی کە دەینووسـم بە شـێوەیەکی سروشـتی لە ژێـر کاریگەریی ئەزموونی خـۆم لەو سـەردەمەدایە.

تـا ڕادەیـەک یادگـەی وێنەییـم باشـە، بۆیـە بەشـێک لـە ڕووداوەکانی ئەو شـەڕە نگریسـەم لە بیـرە، بـەڵام لـەو ڕۆژانـەدا منـداڵ بـووم و زیاتـر دەرگیـری ئـەم نەهامەتییـە بـووم کـە لـە نـاکاو بە سـەرماندا هـات. هـەر لەبـەر ئەم هـۆکارە ئەزموونەکانـی کامیلی منداڵـم لەگەڵ شـیکارییەکانی هەڕەتـی گەورەسـاڵیم وەک توێژەرێکـی مەیدانـی تێهەڵکێـش کـردووە و هەوڵـم داوە وێنەیەکـی تـا ڕادەیـەک گشـتگیر سـەبارەت بـەو ڕۆژانـە بخەمـە ڕوو. زۆر جوابەجەنگێـم لەگـەڵ خۆمـدا کرد کـە وەک کوردێـک کـە لـە جەنگـەی ڕووداوەکەدا بـووم، لە چ گۆشـەنیگایەکەوە سـەیری مژارەکە بکـەم؟ دەزانـم هاوشـاریانم و کوردانـی تـر چاوەڕێی ئەوەن کە لە نووسـینەکەمدا بە وردی باسـی زوڵمـی دژ بـە گەلـی کـورد و باسـی ئاوارەیـی و تـاڵان و خوێنـڕەشتن بکەم.

زانیارییەکـی ئەوتـۆ لـە ئـارادا نەبـوو و ئەمـەش کارەکانـی منـی قـورس کـرد. دەبـا هەمـوو ئـەو ئامـرازە توێژینەوەییانـەی کـە لەبەردەسـتمدا بـوو بـەکار بهێنایـە. هـەر لەبەر ئەم هـۆکارەش

بـە پشـتبەستن بـە تەکنیکـی چاوپێکەوتـن، لێکۆڵینـەوەی چۆنایەتـی و مەیدانیـم ئەنجـام دا بـۆ ئـەوەی لـە ڕێگـەی پەیوەندییە ناوچەییەکانم و قسـەکردن لەگەڵ خزم و دۆسـتانی کـورد و تورک کـە لـە شـاری نەغـەدە و دەوروبـەری هەمـە، توێژینەوەیەکـی جەمـاوەریتر و ڕەنگـە واقیعبینانەتـر لـەو شـتانەی کـە ڕوویـان داوە بخەمـە ڕوو. مەخابـن ئـەوەی هەرگیزاوهەرگیـز لـە ڕاپـۆرت و ئامارە فەرمییەکانـدا بـاس ناکرێـن، ئـەو زیانـە دەروونـی و ڕۆحییەیـە کـە لێقەوماوانـی ئـەو شـەڕ و ململانێیانـەی گیـرۆدەی خـۆی کردووە. ترس و تۆقانـدن و دڵەڕاوکێ، دڵەخورپەی لەدەسـتدانی ئازیـزان و بینینـی تـەرم و لەشـە خوێناوییـەکان و هەزاران پرسـیاری بـێ وەڵام کە زیاتر مێشـکی منـداڵان گیـرۆدە دەکا؛ جێـگای داخـە، بـەڵام لە دۆخێکـی وا و تەنانەت دوای ئـەوەش کەس بیر لـە قەرەبووکردنـەوەی ئـەو زیانانە بۆ منـداڵان ناکاتەوە و تەشەنەسـەندنی توندوتیـژی و بارودۆخە قەیراناوییـەکان بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان توندوتیـژی ئاسـایی دەکاتـەوە. بەگشـتی کاردانەوەی کۆمەڵـگا نەریتییـەکان لـەم دۆخـەدا بێدەنگی و هەوڵـدان بۆ فەرامۆشـکردنە. لێـرەدا هەوڵم داوە وێـڕای ڕوونکردنـەوەی بەسـەرهاتەکە، بەشـێک لـەو زیـان و تڕۆمایە باس بکەم کە دەرهاویشـتەی جەنگـی نەغەدەیە.

ڕێبەرانـی کۆمـاری ئیسلامـی بـە سـەرۆکایەتیی ڕوحـوڵڵا خومەینـی بـەر لە شـۆڕش بەڵێنیان دابـوو کـە ڕێـز لـە مافەکانـی هەمـوو خەڵکـی ئێـران دەگـرن و بـۆ بڕیـاردان لـە سـەر بابەتەکانـی پەیوەندیـدار بـە خۆیـان دەسـتێوەردان ناکەن. ئەم بەڵێنە زۆر ئومێدبەخشـە، بـوو بە ئەنگێزەیەک بـۆ ئـەوەی گەلی کورد بەشـداری لە پڕۆسـەی شـۆڕش بکا، بـەڵام دوای سـەرکەوتن و دوا بە دوای ئـەوەی بناغەکانـی حکوومەتـی ناوەنـدی کەمێـک بەهێزتـر بـوو، زۆر شـت گۆڕانـکاری بەسـەردا هات.

حیزبی دێموکرات بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوشەکەو ئەو بەڵێنانەی کە درابوو، چالاکییە نهێنییەکانی خۆی لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران ئاشکرا کرد و لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان کۆبوونەوە و میتینگیان ئەنجام دا بۆ ئەوەی دوکتور قاسملوو و سەرکردەکانی حیزب لەو کۆبوونەوانەدا باس لە ئامانج و پلانەکانی حیزب بکەن. یەکەم کۆبوونەوە لە مەهاباد و سنە بەڕێوە چوو و کوردانی شارە جیاجیاکان بەشداریان تێدا کرد. لە درێژەی ئەو کۆبوونەوانە و هاوکات لەگەڵ کرانەوەی نووسینگەی فەرمیی حیزب، بڕیار بوو لە شاری نەغەدە میتینگ یان کۆبوونەوەیەک ئەنجام بدرێت. چەند کەسێک بۆ شوێنی میتینگ پێشنیاری یاریگای وەرزشیی شارەکەیان دابوو، کە ئەو شوێنە دەکەوتە گەڕەکی تورکنشینی نەغەدە. پاش مشتومڕێکی زۆر و دوای ئەوەی ڕاگەیەندرا کە کۆبوونەوەی حیزبی دێموکرات لە ٣١ی نەورۆزی ساڵی ١٣٥٨ (٢٠ی نیسانی ١٩٧٩) لە شاری نەغەدە بەڕێوە دەچێ، هەندێک کەس ئیدعای ئەوەیان کرد کە کورد بەنیازە بە نیشاندانی دەسەڵاتی خۆی ئەو شارە بگرێ و تورکەکان لە ماڵ و حاڵی خۆیان دەربکات. ئەمانە یەکەم پڕیشکی ئاگری دووبەرەکیی ئاشکرای نێوان تورک و کورد بوو.

ئـەم بیرۆکـە بـە هاندانـی تورکـەکان لـە لایـەن کەسـانێکی وەکـوو غوڵامـرەزا حەسـەنی - پێشـنوێژی جومعـەی ئەوسـای شـاری ورمێ - و هەندێـک لـە تورکـە دەسترۆیشـتووەکانی نەغـەدە، دۆخەکـە گەیشـتە ئاسـتێک کـە لە کۆتاییدا مەلاحەسـەنی و کەسـانێکی ناسراو ببن بـە ڕزگارکەرانـی تورکەکانـی نەغـەدە و بـەم هۆیـەوە شـەڕێکی خوێناوی هەڵگیرسـا. شـەڕی نەغـەدە شـەڕێکی بـە تـەواو مانـا بـوو کـە لـە ڕۆژی سـێهەمدا گەیشـتە ئـەو پـەڕی خـۆی و دوای چـوار ڕۆژ لـە خوێنـڕشتن و کوشـتنی سـەدان پیاو و ژن و منداڵی کورد و تورک، خەڵکێکی زۆر لەو شـارە ئاوارە بوون و بەرەو گونـد و شـارەکانی دەوروبـەر ڕایـان کـرد. هەتـا ئێسـتاش نازانـرێ ژمـارەی وردی کـوژراوان لـەم شـەڕەدا چەندەیـە و هیچ دەرفەتێک بۆ هیـچ دامەزراوەیەکی بێلایەن نەرەخسـێنراوە کە بە وردی لـە سـەر مەسـەلەکە بکۆڵێتـەوە، بـەڵام ئامـارە نافەرمـی و زارەکییـەکان دەڵێـن لـەو چەنـد ڕۆژەدا نزیکـەی سێسـەد کـەس لـە هـەر دوولا کـوژران. دیـارە وەک وتـم هیـچ زانیارییەکـی دروسـت لەبەردەسـتدا نییە و ڕەنگە ژمارەی مردووەکان کەمێک زیادەڕەوییان تێدا کرابێت.

وێنەی٤٤. غوڵامرەزا حەسەنی، پێشنوێژی هەینیی ئەوکاتی ورمێ و نوێنەری ڕێبەر لە پارێزگادا

ڕووداوەکـە بـە کوشـتنی خەڵکـی بێتـاوان و زیانـی مـاددی کۆتایـی پێنەهـات و دوای ئەوەی کـە کـورد ئەو شـارەی بەجێهێشـت، تازە شـەڕ و بارمتەگرتـن لە گونـدەکان و لەناو خەڵکـی ئاوارە و بـێ مـاڵ و حاڵـدا دەسـتی پێکرد و ڕۆژانێکی زۆر سـەختی لێکەوتـەوە. ئەو ڕۆژانـەی کە بۆ هەتا هەتایـە لەگەڵمانـن و دەنگـی ترسـناکی تەقـە و خوێـن و تـەرم لـە یادگـەی مـن و ئـەو منداڵانەدا ناسـڕێتەوە کـە بێئـاگا لە هەموو شـتێک لە شـەقامەکانی نەغـەدە یـاریمان دەکرد.

جۆش و خرۆشی یەکەمین دیداری دکتۆر قاسملوو

لـە ناوەڕاسـتی مانگـی نـەورۆز سـاڵی ١٣٥٨ی هەتـاوی (سـەرەتای نیسـانی سـاڵی ١٩٧٩) بـوو کـە لەگـەڵ باوکم و مامم چووینە مزگەوتی گەورەی شـار. ماڵی مەلاسـاڵە کە جاران شـوێنی کۆبوونـەوە گرنگـەکان بـوو، ئـیتر کەشـوهەواکەی جارانی نەمابـوو و ببوو بە بنکەیەکی سـەربازی کـە کەسـانی چەکـدار لـە نـاو حەوشـەکەیدا پیاسـەیان دەکـرد. مـن پێـشتر لەگـەڵ داپیـرەم و حەبیبـەی ئامـۆزام بـۆ یاریکـردن دەچوومـە ماڵەکەیـان، بـەڵام ئـەم سـەردانەش ئـیتر کۆتایـی پێهـات. لـەو حەوشـە جوانـە پڕ لە گوڵـەدا، ڕووبەرێک پڕ لە کورسـی مابوو و هاتوچۆی کەسـانێک کـە نەماندەناسـی، بـەڵام دەمانزانـی زۆر ڕژد و هەندێـک جـار تـووڕەن.

ئـەو ڕۆژە مـەلا سـاڵە بـۆ نوێـژ هاتـە مزگـەوت، بـەڵام هەمـووان چاوەڕێـی ئـەوە بـوون باسـی شـتێکی تر بـکات. بەڕێوەچوونی میتینگ (کۆبوونەوە)ی سیاسـیی حیزبی دێموکرات سـەرنجی هەمـوو لایەکـی بـۆ لای خۆی ڕاکێشـابوو. خەڵکی ئاسـایی هەتا ئـەو کاتە وشـەی "میتینگ"یان نەبیسـتبوو، بـەڵام پێیـان وابـوو شـتێکی سـەرنجڕاکێش و مۆدێرنـە و دەبـێ ئەنجـام بدرێـت. ئـەو ڕۆژە لەسـەر ئـەو میتینگـە ڕوونکردنەوەیـان دا و ڕایانگەیانـد کە کۆبوونەوەیەکی گرنگی سیاسـییە کـە دەمانهـەوێ بـە ئامادەبـوون و وتاردانی سـکرتێری گشـتیی حیزبـی دێموکرات بەڕێـز دوکتور قاسـملوو ئەنجامـی بدەیـن. گوتیان بڕیـار وایە لە نەغەدەش بە هەمان شـێوەی مەهابـاد وتار بدا و نوێنەرایەتیـی حیـزب لـە شـارەکەماندا دابمەزرێت.

ئـەو ڕۆژە، دوای ناسـینی سروشـتی میتینگەکـە، خەڵـک پرسـیارێکی گرنگـی بەربڵاویـان لا دروسـت بـوو: "لـە کـوێ بەڕێـوە دەچێـت؟" تاکـە یاریـگای شـاری نەغەدە شـوێنێکی گونجـاو بۆ ئەنجامدانـی میتینگەکـە بـوو، کـە دەکەوتە گەڕەکی تورکنشـینی ئەو شـارە. مەلاسـاڵە دژی ئەوە بـوو کـە میتینگەکـە لـە یاریـگادا بەڕێـوە بچێـت، بـەڵام گەنجـە چەپـەکان هاشـاوڵیان بـۆ هێنا و هەندێکیـش بـە سـەریدا گوڕاندیـان: "تـۆ مەلایەکـی دواکەوتـووی، ئەتوو جاشـی سـاواکی!"

مـەلا موحـەڕەڕ، پێنویـژی هەینیـی شـێعەی شـار، و کۆمەڵێـک لـە پیاوماقوڵانـی تـورک و کـورد ڕازی نەبـوون بـەوەی کـە کۆبوونـەوە لـە گەڕەکـی تورکەکان ئەنجـام بدرێ و ئەویـش وەکوو مـەلا سـاڵە پێـی وا بـوو کـە ئەمـە گرژی لـێ دەکەوێتـەوە. لەو بـەری شـاری نەغەدە لـە مزگەوتی گـەورەی شێعەشـدا هەمـان شـت بـوو و گروپە گەنـج و ڕادیکاڵەکانـی تورک بە هۆکاری سیاسـی و نەتەوەپەرسـتی و کۆتلەییـەوە سـووکایەتییان بـە موحـەڕەڕ کـرد و جوێنیـان پـێ دا و دەیانگوت: "تـۆ لەگـەڵ مـەلا سـاڵح لـە ژێـرەوە سـازاوی و لـە بەرامبـەر زێدەخوازیـی کـوردان بێدەنگیـت هەڵبـژاردووە".

تاقمـە چەپـەکان و لاوانـی شۆڕشـگێڕی کـوردی دێموکـرات و کۆمەڵـە، کـە دوو کـوڕی مـەلا ساڵەشـیان لەگـەڵ بـوو، پێـشتر لە سـەر پرسـگەلێکی لـەم جـۆرە لەگـەڵ مەلاسـاڵە دەمەقڕێیان تێکەوتبـوو. ئەوسـا چەپەکان دەیانویسـت لـە مزگەوت وتارێک پێشـکەش بکەن، بەڵام مەلاسـاڵە ڕێگـەی نـەدەدا و تەنانـەت چەند جارێک دەرگاکەی لەسـەر داخـستن. ئەم کارە تـووڕەی کردن، بـە جۆرێـک کـە خۆپیشـاندانیان کـرد و لە دژی ئـەو و حیزبی دێموکـرات و سـەرکردایەتیی کاتی دروشـمیان دەدا. یەکێـک لـە دروشـمەکانیان ئـەوە بـوو: "دیموکـرات و قیادە، ڕەنجـی کوردی بە با دا".

بەشـێک لـە ئەندامانـی ئـەم گرووپە لـە ژێر کاریگـەری و باڵادەسـتیی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان بە سـەرۆکایەتیی مـام جەلال تاڵەبانی و خـەزووری واتە ئیبراهیم ئەحمەدی نووسـەر و ڕۆشـنبیر بـوون. تاڵەبانـی بۆ لاوازکردنی پێگـەی جەماوەریـی ڕکابەرەکەی واتە سـەرکردایەتیی کاتـی، ئەو گرووپـە چەپانەی بـەکار دەهێنا.

هەندێک کەس کە بەرپرسی نووسینگەی حیزبی دێموکرات لە شاری نەغەدە بوون،[١] پێیان خۆش بوو کۆبوونەوەکە (میتینگ) لە یاریگای تۆپی پێ بەڕێوە بچێت. عەبدولڕەحمان حاجی ئەحمەدی بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی شارەکانی دەوروبەر بە نەغەدەشەوە، یەکێک لە بڕیاردەرە سەرەکییەکانی شوێنی کۆبوونەوەکە بوو. قاسملوو خۆی حاجی ئەحمەدی بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوە لە نەغەدە هەڵبژاردبوو و بۆچوونی ئەویشی زۆر بە لاوە گرنگ بوو. ئەم کەسە دواتر بوو بە سکرتێری گشتیی پەژاک[٢]. نازانم مستەفا هیجری،[٣] کە هاوگەڕەکی ئێمە

١. نەغەدە شارێکی سیاسی بوو و کورد کەڵکەڵە و ئامانجی سیاسی چالاکانەی هەبوو. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و یەکێک لە سەرکردەکانی حیزبی پەژاک، لەو سەردەمەدا خەڵکی ئەم شارە بووە.

٢. عەبدولڕەحمان حاجی ئەحمەدی ئەندامی حیزبی دێموکرات و بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی شارەکانی پیرانشار، شنۆ و نەغەدە و یەکێک لە بڕیاردەرانی سەرەکیی شوێنی کۆبوونەوەی نەغەدە بوو. خەڵکی گوندی قەرەقەساب لە سندووس بووە، بە هۆی ئەوەی باوکی کۆچکردوو کوێخاکەریم خزمی بنەماڵە دەسترۆیشتووەکانی ئاغاکان لە شارۆیران بوو، لە هەڕەتی گەنجێتیدا لەگەڵ کوڕەکانی ئەوان بە نیازی خوێندن چوو بۆ ئەڵمانیا. دوای تەواوکردنی خوێندن، هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی ئەڵمانیدا کرد و لە ئەڵمانیا لەگەڵ ئەندامانی حیزبی دیموکرات، لەوانە دوکتور قاسملوو و کەریم حسامی کە هاوشاری و هاوڕێ بوون، ئاشنا بوو و بوو بە ئەندامی ئەو حیزبە و دوای شۆڕشی گەلانی ئێران گەڕاوە بۆ ئێران. کەسێکی قسەخۆش بوو و هەر زوو دەچووە دڵانەوە. بە هۆی ئەزموونی لە هەندەران و ئەوەی کە خزمی دکتۆر قاسملوو بوو بەرپرسایەتیی بەڕێوەبردنی میتینگی پێ سپێردرا کە ئەمە کارێکی زۆر هەستیار بوو کە پێویستی بە پلان و تەگبیر و وردبینییەکی زۆر هەبوو. دوای ساڵی ١٣٥٨ هەتاوی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆنگرەی چوارەمی خۆی لە شاری مەهاباد بەست، پرسی شەڕی نەغەدە و فاکتەر و هۆکارەکانی ئەم شەڕە یەکێک لەو بابەتە گرنگانە بوو کە کەوتە بەر تیشکی باس و لێکدانەوە و ئەندازیار حاجی ئەحمەدی ڕەخنەی زۆری لێ گیرا، تا ئەو ڕادەی کە وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵنەبژێردرا، لە کاتێکدا کاک مستەفا هیجری کە هیچ پێشینەیەکی حیزبی نەبوو و کەمتر لە ساڵێک بوو دەست بە کار ببوو، بە ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. ئەم بابەتە دڵمەندبوونی ئەندازیار حاجی ئەحمەدی لێکەوتەوە. ناوبراو وردە وردە چووە پاڵ ڕەخنەگرانی دوکتور قاسملووەوە و دوای ماوەیەک گەڕاوە بۆ ئەڵمانیا. حاجی ئەحمەدی دواتر چووە ناو پەکەکە و دوای دەستگیرکرانی عەبدوڵا ئۆجەلان کە یەکێک لە سەرکردەکانی ئەو حیزبە بوو، بوو بە سکرتێری گشتیی پەژاک (پارتی ژیانی ئازادی کوردستان) کە لقێکی پەکەکە بۆ چالاکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. دوای لابردنی یەکێک لە نوێنەران بوو بە ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەی کوردستان [ک.ن.ک]. حیزبی پەژاک لە ٤ی نیسانی ٢٠٠٣ لە ساڵیادی لەدایکبوونی عەبدوڵا ئۆجەلان دامەزرێنەری پارتی کرێکارانی کوردستان لە چیای قەندیل دامەزراوە.

٣ . مستەفا هیجری سێهەمین سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە و لە ناوچەی موکریان لەدایک بووە. ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی لە شاری نەغەدە لەدایک بووە و دەرچووی زانکۆی تارانە و خاوەن بڕوانامەی زمان و ئەدەبی فارسییە. هیجری کە لە سەرەتادا زیاتر بیری چەپی هەبوو، بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکرات و دواتر بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب. دوای تیرۆرکردنی دوکتور سادق شەرەفکەندی لە کۆنگرەی سێزدەیەمی حیزبی دێموکرات، وەک سکرتێری گشتیی ئەم حیزبە هەڵبژێردرا و هەتا ئێستاش کە ئەم کتێبە دەنووسرێ هەر لەو پۆستەدا ماوەتەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرەتای بەرپرسیارێتیی هیجریدا سەردەمێکی نوێی لە چالاکییەکانی خۆی دەست پێکرد و دروشمی حیزب لە " خودموختاری"ـیەوە بوو بە "فیدراڵیزم". مانگێک دوای هەڵبژاردنی هیجری، حیزبەکە بوو بە دوو لق و هیجری بوو بە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. کاتێک لە کۆنگرەی سێزدەهەمدا وەک سکرتێری گشتی هەڵبژێردرا، ناکۆکییەکان بووە هۆی ئەوەی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ سێیەم دابەشبوون لە حیزبدا دروست ببێت. ئەم دابەشبوونە هەمیشەییترین دابەشبوون لە مێژووی حیزبە. دوو لقەکەی دیکە دوای چەند ساڵێک گەڕانەوە بۆ حیزبی دایک یان چوونە دەرەوەی وڵات و تێکەڵی ڕەوتەکانی تر بوون.

بـوو، سـەبارەت بـە شـوێنی بەڕێوەبردنـی میتینگ لەگـەڵ حاجیئەحمەدی هـاوڕا بوو یا نـا، بەڵام لاوانـی شۆڕشـگێڕی شـار، بەڕێوەبردنـی میتینـگ لـە سـتادیۆمی گـەورەی شـاری نەغەدەیـان بە شـوێنێکی زۆر بـاش بـۆ نواندنـی هەیمەنەی حیـزب دەزانی.

لە لایەکی دیکەوە بەشـێک لە پیاوماقوڵانی شـارەکە زەوییە چۆڵەکانی گەڕەکە کوردییەکانی گونـدی باڵخچییـان بـە گونجـاو دەزانـی و پێیـان وابـوو ئـەم میتینگـە مەترسـیدارە. چونکـە کۆبوونـەوەی ژمارەیەکـی زۆری چەکـدار بـە واتـای دروسـتکردنی کـۆگای بارووتـە، کـە بـە وردەپریشـکەیەک گـڕ دەگـرێ و کارەسـاتی لێ دەکەوێتـەوە. هەرچی ئەم گرووپە بـوون دەیانوت لەوانەیە کەسـانێک دەسـت بدەنـە کاری توندژۆیانـە و ڕووداوی ناخۆش لە شـارەکەدا بقەومێت. بـە هـۆی جیاوازیـی جیدی بیـروڕاوە، کۆبوونـەوەی هاوبەش بـە ئامادەبوونی تورک و کـورد بەڕێوە چـوو، و مەلاسـاڵە و مـەلا موحـەڕەڕ لـە ماڵی بەڕێـز بەرزنجی پێشـنیاری فەزایەکی کـراوەی نێوان نەغـەدە و گونـدی باڵخچـی و چەنـد شـوێنێکی تریـان دا بـۆ ئـەوەی میتینگەکـەی تێـدا ئەنجام بدرێـت. ئەم کەسـانە جەختیـان لەسـەر نیگەرانییەکانیان کردەوە و گوتیان کەسـانێک هەن کـە هەوڵی پیلانگێڕی و گرتنـی ماسـی لـەم گـۆلاوە دەدەن و پێویسـتە مـرۆڤ وریـا بێـت. لـە کۆتاییـدا لایەنـی بەرامبـەر لەسـەر بڕیارەکـەی خۆی مایەوە.

وێنەی٤٥. خاتوون مەلیحە ئەمینی خێزانی مەلا ساڵە، نەغەدە، ١٣٥٠ی هەتاوی (دیاریی کوڕی مەلاساڵە) (١٩٧١)

نزیکـەی دوو هەفتە پێش کۆبوونەوەکە لەگەڵ نەنکم و حەبیبـە چووینـە ماڵی مەلاسـاڵە. لە حەوشـەکەدا نەنکم و هاوسـەری مـەلا بـە پەرۆشـەوە قسـەیان دەکـرد. مەلاسـاڵە کـە پەرێشـان و مانـدوو بـوو، وتـی میوانی هەیـە و داوای لە نەنکـم کـرد کە بمێنێتەوە و لە ئامادەکردنـی ژەمی ئێوارەدا یارمەتـی بـدات. پاشـان پێـی وتـم: " کامیـل بڕۆ بە بابـت و مامت بڵێ بۆ نانی شـێو بێنـە ئێرەی." بڕیار وا بوو دکتۆر قاسـملوو و شـێخ عێزەدین حوسـەینی [1]، کوڕەکانی مەلامسـتەفا بارزانی[2] واتە

١ . مامۆسـتا شـێخ عێزەدیـن حوسـەینی (١٣٠١-١٣٨٩ی هەتاوی) یەکێک لـە زانایانی ئەهلی سـوننە و بەئەمەگی کۆماری کوردسـتان بـوو، کـە تـا بـەر لە شۆڕشـی گەلانی ئێـران لە سـاڵی ١٩٧٩، پێشـنوێژی جومعـەی شـاری مەهاباد بوو. مامۆسـتا شـێخ عێزەدیـن حوسـەینی دوای شـۆڕش پەیوەندییەکـی نزیکـی لەگـەڵ بزووتنـەوەی حیزبـی دێموکـرات (بـە ئەجێنـدای ناسیۆنالیسـتی) و بەتایبـەت لەگـەڵ کومەلـە، (بـە تێڕوانینـی چەپگەرایـی) هەبـوو و خاوەنـی ڕوانینێکـی پێشـکەوتنخوازانە و خوازیـاری دابڕانـی ئاییـن لـە دەوڵـەت بوو و هەروەها ئەندامێکی شـاندی سـەرکردایەتیی کورد لە دانوسـتان لەگـەڵ کۆماری ئیسلامـی بـۆ بەدەسـتهێنانی خودموختـاری بـۆ کوردسـتان بوو. مامۆسـتا شـێخ عێزەدین حوسـەینی پێـی وا بـوو هەندێک لە یاسـاکانی قورئـان بـە گوێـرەی کات و شـوێنن و یاسـاکانی ١٤٠٠ سـاڵ لەمەوبـەر لـە دۆخـی ئەمـڕۆدا شـیاوی جێبەجێکردن نین.

٢ . مسـتەفا بارزانـی لـە گونـدی بـارزان لـە کوردسـتانی باشـوور (ئەوسـا بەشـێک لـە ئیمپڕاتۆریەتـی عوسمانی بـوو) لەدایک

کاک ئیدریس[1] و کاک مەسعوود[2] و زۆر کەسی تر بۆ ئەو چاوپێکەوتنە گرینگە بێنە ئەوێ.

● وێنەی ٤٦. لە لای ڕاستەوە: مەسعوود بارزانی، ئیدریس بارزانی، مەلا ساڵە، مەلا زاهید. نەغدەدە ماڵی مەلا ساڵە، ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩)

ماوەیەک بوو کە هەموو ڕۆژێک ناوی ئەم سێ کەسە واتە قاسملوو و شێخ عێزەدین و بارزانییەکان و بە هۆی ئەوانەوە سەرکردایەتیی کاتیم دەبیست، زۆر بە لامەوە وروژێنەر بوو کە بچمە ناو ئەم کۆبوونەوە و خۆم لای منداڵانی گەڕەک با دەدا کە بڕیارە ئەمشەو بچمە ناو دانیشتنی پیاوە گرنگەکانەوە. ئەو شەوە کەشوهەواکە وەک ئەوەی ئەرتەش کووچەی داگیر کردبێ، وا بوو. دراوسێکان بەردەوام سۆسەیان دەکرد بۆ ئەوەی بزانن چ باسە و کەشێکی قورس دروست ببوو. لەگەڵ باوک و مامم بە ناو پیاوە چەکدارەکان و ئۆتۆمبێلە سەربازییەکاندا کە چەکی نیمچە قورسی لە سەر دانرابوون، تێپەڕین و چووینە نهۆمی دووەمی ماڵی مەلاساڵح. لە ژوورێکدا دانیشتین کە پێشتر پێم گەورە بوو بەڵام ئێستا

بوو. لە ساڵانی ١٩٣١ و ١٩٣٢ لەگەڵ برا گەورەکەی واتە شێخ ئەحمەد بارزانی، یەکێک لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی سەربەخۆیی کوردستان بوون. ساڵی ١٩٣٥ لەگەڵ سەرکوتکردنی ئەم بزووتنەوە، لەگەڵ براکەی دوور خراوەتەوە بۆ سلێمانی. مەلا مستەفا لە ساڵی ١٩٤٢ لە سلێمانی هەڵات و شۆڕشێکی نوێی لە دژی بەغدا دەست پێکرد کە ئەم شۆڕشە سەرکەوتوو نەبوو. پاشان لەگەڵ هەزاران کەس لە هەوادار و بنەماڵەکانیان بەرەو ئێران کۆچی کرد. لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٥ کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە پشتیوانیی یەکێتیی سۆڤییەت پێکهێنانی کۆماری کوردستانی لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژاوای ئێران ڕاگەیاند، مەلا مستەفا یەکێک لە ژەنەراڵەکانی کۆماری کوردستان و فەرماندەی گشتی هێزەکانی کوردستان لەو کاتەدا بوو. لەو ١١ مانگەدا و لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقیش لە بەغدا دامەزرا و بارزانی (بە شێوەی غیابی) وەک یەکەم سەرۆکی ئەم حیزبە هەڵبژێردرا. دوای کشانەوەی هێزەکانی سۆڤییەت لە ئێران لە مانگی ئایاری ١٩٤٦، کۆماری مەهاباد لاواز بوو و دواجار لە کانوونی دووەمی ١٩٤٦ لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە سەرکوت کرا و سەرکردەکانی لەسێدارە دران و زیندانی کران، بەڵام مەلا مستەفا بارزانی توانی بگەڕێتەوە بۆ سنوورەکانی عێراق. لەوێش تووشی هەندێ کێشە بوو، دواجار لەگەڵ ٥٠٠ کەس لە هەرە باشترین پێشمەرگەکانی، لە ڕێگەی خاکی تورکیا و ئێرانەو چووە ئازەربایجانی یەکێتیی سۆڤییەت و بوون بە پەنابەر.

١ . ئیدریس بارزانی لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٤، کوڕە گەورەکەی مەلا مستەفایە، کە دوای کۆچی دوایی باوکی، هەتا کۆتایی تەمەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقی لە ئەستۆ بوو. لە ساڵی ١٩٨٧ بە جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی کرد و نێچیرڤانی کوڕی (هەتا ئێستا ئەم بەرهەمە دەنووسرێ) سەرۆکی هەرێمی کوردستانە. لەو کاتەدا گفتوگۆ و ناکۆکی خێزانی لەسەر چۆنیەتیی مەرگ و هۆکاری مردنی ئیدریس بارزانی لە ئارادا بوو، مەسەلەیەک کە هەرگیز وەک پێویست ڕوون نەکراوە.

٢ . مەسعوود بارزانی لە ساڵی ١٩٤٦ لە شاری مەهاباد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لەدایک بوو. دوای کۆچی دوایی ئیدریسی برای، لە ساڵی ١٩٧٩ەوە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقە و لە ساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠١٧ سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بووە.

لـە چکۆلـە دەچـوو. مەلا جارێـک یان دوو جار هـەر لـەم ژوورەدا چیرۆکی بـۆ خوێندبووینەوە. ئەو شـوێنە بـۆ چەنـد منـداڵ زۆر گەورە بوو، بـەڵام لەگەڵ هاتنـی میوانێک جێمان تەنـگتر دەبووەوە. ئـیتر ئـەو ژوورە لەبـەر چـاوم بچـووکتر بـوو.

وردە وردە هەمووان کۆ بوونەوە. بۆ یەکەم جار دکتۆر قاسملوو و پیاوانی دیکەم بینی کە بڕیار بوو لەو ڕۆژانەدا چارەنووسی کوردستان دیاری بکەن. شتە جیاواز و سەرنجڕاکێشەکە ئەوە بوو کە کاتێک کەسێک قسەی دەکرد، هەمووان بێدەنگ بوون، پاشان بە ڕێزبەندییەکی دیاریکراودا کەسێکی تر هەوساری قسەی دەگرتە دەست و دیسان هەمووان گوێیان لێدەگرتەوە.

وردە وردە توانیـم لـە ڕووی جـۆری جلوبەرگـەوە سـێ پـۆل لـە نـاو خەڵکەکـە جیـا بکەمـەوە. گروپـی یەکـەم مەلاسـاڵە، شـێخ عێزەدیـن و ژمارەیەکـی تـر کـە مێزەری سـپی و عەبـای درێژیان لەبـەردا بـوو، چەکـدار نەبـوون، بـەڵام هەموویـان ڕیشـیان هەبـوو و لـە سـەرووی مەجلیسـەکەوە دانیشـتبوون. لـە پۆلـی دووەمیشـدا کەسـانێکی وەکـوو دکتـۆر قاسـملوو و ڕەحمان حاجـی ئەحمـەدی و کەسـانی دیکـەی هاوبیریـان بـوون. هەموویـان چەکـدار بـوون، قات و پانتـۆڵ یان کەوا و پاتۆڵی خاکییان لەبەردا بوو ئاغابانۆیەکیشـیان بە سـەرەوە بوو[1]. پۆلی سـێیەم کەسـانێکی وەکـوو کاکئیدریـس و کاک مەسـعوود بارزانـی، چەکیـان لەبـەر پشـتێندەکەیان بەسـتبوو و مێزەرێکـی سـوور بـە سـەریانەوە بـوو کـە پێیـان دەوتـن سەرسـوور. ئـەوان وێنـەی مـەلا مسـتەفا باوکـی تـازە کۆچکردوویـان لەسـەر سـنگیان دانابـوو.

دوای نانی شـێو، کەسـە سـەرەکییەکان لە دەوری مێزەکە دانیشتن و دەسـتیان بە دانوستانە سـەرەکییەکان و کۆبەندیـی بابەتەکانـی پەیوەسـت بە نەغـەدە و ناوچەکـە کـرد. ئەوانـی تـر لـە دەوریـان وەسـتابوون و گوێیان لێدەگرتن. کۆبوونەوەکە هەوراز و نشـێوی هەبـوو. هەندێک جـار توندوتیژ بـوو، هەندێک جـار ئـارام دەبـووەوە و هەندێک جاریـش دەنگەکان لە حاڵەتـی ئاسـایی بەرزتـر دەبوون و کەسـەکان بە سـەر یـەکتردا دەیانگوڕانـد. کاتێـک بەشـێک لـە گەنجـە چەپەکان قسـەیان بۆ برایانی بارزانی کرد و پرسـیاریان لـە بـارەی چارەنووسـی دەیان پێشـمەرگەی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان کرد - کـە دیارە لە پارێـزگای حـەکاری لـە کوردسـتانی باکـور لـە لایـەن هێزەکانـی سـەرکردایەتییەوە کۆمەڵکـوژ

وێنەی ٤٧. دکتۆر قاسملوو و شێخ عێزەدین لە ماڵی مەلا ساڵە، ١٦ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩)

١ . ئاغابانـۆ یـان جامانـە مێزەرێکـی ڕەش و سـپییە، کـە لـە نـاو کـورددا بـە هـێمای نەتەوەپەرسـتی دادەنـرێ و بـە چەفییـەی فەلەسـتینیش ناسراوە.

کرابوون – مشتومڕەکان بەرز دەبوونەوە.[١]

هـەر دەسـتەیەک نووسـەری تایبەتـی خـۆی هەبـوو کـە قسـەکانییانی دەنووسـی. لـە کاتـی خواردنـی نانـی شـێو لـە نزیـک یەکێـک لـە نووسـەرەکانی دانیشـتنەکە دانیشـتم کـە دیـارە ئـەو نووسـەرە پێشـمەرگەیەکی گەنـج بـوو. هەوڵم دەدا ئەوەی دەینووسـێ بیخوێنمـەوە. ئەلفوبێکەی ئاشـنا بـوو، بـەڵام وشـەکانی بـە لامـەوە نارِوون بـوو. لـە قوتابخانە فێـری خوێندنەوە و نووسـین بە زمانی فارسـی ببووم، بەڵام نەمدەتوانی دەقە کوردییەکان بخوێنمەوە. هیچ شـتێکی تری گرنگم لـەو شـەوە لـە بیـر نییـە، بـەڵام دوای ئـەم کۆبوونەوە بـوو کە بانگەشـە بـۆ میتینگ تـۆختر ببووە.

بارانی سوور، یاریگای خوێناوی

ڕۆژێـک بـەر لە میتینگ، «بارانی قووڕە سـوور» بـاری. هۆکاری کەشوهەواناسـییەکەی بە لای خەڵکـی ناوچەکـەوە گرینـگ نەبوو، ئەم قوڕەسـوورە هەمیشـە ڕووداوێکی نگریسـی بـە دواوە بوو[٢] و هەمـوو دەیانویسـت قۆرتەکانـی ئـەم قـوڕە سـوورە بسـڕێتەوە. نەک هـەر دایکم و ئامۆژنـم، بگرە هەمـوو خەڵکـی شـار پەنجەرە و حەوشـەی ماڵەکانیان دەشـۆردەوە و باسـیان دەکـرد. بۆ بەیانیی ئـەو ڕۆژە واتـە ٣١ی خاکەلێـوەی ١٣٥٨ (٢٠ی نیسـانی ١٩٧٩) ڕووی شـارەکە ئـیتر سـوور نەبـوو، بەڵکـوو ببـووە بـە سـەربازگەیەکی گـەورە. دوای چەنـد هەفتەیـەک لە بانگەشـە، خەڵکی شـار و پارێزگاکانـی دیکـە بـۆ بەشـداریکردن لـە میتینگی حیـزب هاتبوونـە نەغـەدە. بەرەبەیانی کەواوپاتۆڵیان کردە بەرم و باوکم کۆڵتێکی کەمەری خسـتە بەر پشـتوێنەکەمەوە. هەسـتم دەکرد پێشـمەرگەم. وەکـوو ئەوانـەی لە کۆبوونەوەکـەی ماڵی مەلا سـاڵەدا بینیبووم. حەبیبـەی ئامۆزام کراسـی کوردیـی ژنانـەی لەبـەر کردبـوو و چووینـە ناو شـار. لـە جیاوازیـی جلوبەرگـی کوردییەوە بۆمـان دەرکـەوت کـە ژمارەیەکـی زۆر لـە خەڵکـی شـارەکانی دیکـە هاتوونەتـە نەغـەدە. ئـەو پەیامنێرانـەی کـە لـەوێ بـوون بەردەوام وێنـەی خەڵکیان دەگـرت بەتایبەت ئێمـەی منداڵان کە زۆربەمـان جلوبەرگـی کـوردیمان لەبـەردا بوو. کەشـێکی ناسیۆنالیسـتی باڵی بەسـەر شـارەکەدا کێشـابوو، دەنگی بڵندگۆکان لە سەرتاسـەری شـارەکەدا دەبیسترا، بەردەوام سرودی حیماسـی

١ . هاوینـی سـاڵی ١٩٧٨ کۆمەڵێـک پێشـمەرگەی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان کە بە مەبەسـتی گواسـتنەوەی چەک لـە سـوریاوە بـەرەو سـنووری تورکیا و ئێـران و عێراق دەچوون، لەگەڵ سـەرکردایەتیی کاتی و عەشـیرەتە کـوردە خۆجێییەکان تووشـی پێکدادان و گرژی هاتن و ژمارەیەکی زۆر لە پێشـمەرگەکان و چەند کەسـێک لە سـەرکردەکانیان کوژران و ئەوانەی دیکەشـیان کـە گیـران لە سـێدارە دران. لـە دەق و بەڵگە مێژوویییەکاندا ئاماژەکراوە کە ئەم هێرشـە بە فەرمانـی بارزانی کراوە. ئەم ڕووداوە کە لەو کاتەدا گۆڵمەزێکی زۆری نایەوە، لە ئەدەبیاتی سیاسـیی یەکێتی نیشـتمانیی کوردسـتاندا بە "کارەسـاتی هـەکاری"ی نـاوی لـێنراوە و لـە ڕاسـتیدا هـەر ئەمە بـووە هۆی دەسـتپێکردنەوەی شـەڕێکی بەرفـراوان و درێژخایـەن لە نێوان هێزە کوردییەکان لە باشـووری کوردسـتان.

٢ . لە هەندێک لە فەرهەنگەکاندا سـوور ڕەنگێکی نەگبەت و هێمای نەهات و ڕووداوە کوشـندەکانە، لەوانە شـەڕ و ململانێی خوێناوی. لەم فەرهەنگەدا ڕەنگی سـوور زیاتر گرێ دەدەنەوە بە هەسـارەی مەریخەوە کە سـوورە و هێمای شـەڕە.

بڵاو دەبۆوە و بانگەشەیان دەکرد بۆ ئەوەی خەڵک لە میتینگەکەدا بەشدار بکەن. کەشەکە وەک ئەوە وابوو کورد فێستیڤاڵێکی سیاسی لە شارەکەدا دەست پێکردبێت.

ئێمە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک، بە ڕێژە بە پلاکاردەوە چووینە ناو یاریگاکە. کاتێک سەیری دەوروبەرم دەکرد ورووژام. سەرتاسەری ئەو ستادیۆمە چەند هەزار مەترییە لە خەڵک جمەی دەهات و خەڵک بە یەک دەنگ دروشمیان دەدا. دوای وتەکانی حەمەدەمین سیراجی،[1] دکتۆر قاسملوو ویستی دەست بە وتاردانەکەی بکات. دوای تێپەڕینی چەند خولەکێک لە ناو دەنگەدەنگی دروشمدانی خەڵکەکەدا لە سەربانی یاریگاکەوە دەنگی تەقە هات. هەندێک دەڵێن لە سەربانی بەنزینخانەی ئاقامەجید بوو و هەندێکی تر پێیان وایە کەسێک بە ناوی غولام بناوەندی نەغەدە، یەکێک لە ئەندامانی لێژنەی ژمارە یەک - کۆمیتەی تورکەکانی ئەو شارە - لە ڕێگەی بڵندگۆوە بە زمانی تورکی شینگێڕی کردووە و ویستویەتی تورکەکان دنە بدات. بە پێی ئەو لێکۆڵینەوە کە لەبەردەستدایە، وادیارە یەکەم تەقە لەلایەن کەسێکەوە بە ناوی سلێمان لە دەستوپێوەندەکانی مەعبوودی کراوە. سەرەتا دەنگی چەند دانە تەقە هات، کە بە تەقەکردن و ئاراستەکردنی گوللەی وێڵەکیی لایەنی بەرامبەر بەرپەرچی دەدراوە.

● وینەی ٤٨. میتینگی حیزبی دێموکرات، مەهاباد، ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩)

خەڵک وەک ئەوەی چاوەڕێی ڕووداوێکی لەو شێوە بن، ترسیان لێ نیشت و بە پەلە بەرەو لای دەرگای دەرچوون ڕۆشتن. دەرگاکان نیوەداخراو بوون و جەماوەرەکە پەلەپەلەیان دەکرد

١ . محەمەد ئەمین سیراجی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی دێموکرات و بەرپرسی گرووپی دانوستانکار لەگەڵ حکوومەتی ئێران بوو. ناوبراو دوای دیداری خومەینی، دیدارێکی لەگەڵ مەهدی بازرگان هەبوو. سیراجی هەتا ساڵی ١٩٨٠ ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو و دوای چوار مانگ لە کۆنگرەی چواری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەگەڵ غەنی بلووریان و چەند کەسێکی دیکە جیا بووەوە و لە ڕاگەیاندننامەیەکدا دروستبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران- شۆڕشگێڕەوتووانی کۆنگرەی چواریان پێک هێنا. ناوبراو لە کۆتاییدا بوو بە ئەندامی حیزبی تووەدەی ئێران.

بـۆ ئـەوەی ڕا بکـەن. قەرەباڵغیـی زۆر و دەرگا نیـوە داخـراوەکان، فشـار و دڵەڕاوکـێ و ترسـێکی زۆری بـە سـەر ئامادەبوونـی نـاو یاریگاکەدا سـەپاند. خەڵکێکی زۆر لە ژێر دەسـت و پێدا بریندار بـوون، هەمـووان دەیانویسـت خۆیـان ڕزگار بکـەن. باوکـم و مامـم خۆیـان گەیانـدە ناوەڕاسـتی یاریگاکـە و مـن و حەبیبەیـان لـە بـاوەش گرت. بە پاڵەپەسـتۆ لە دیوی باشـوورەوە و لە بەشـێکی دیوارەکـەوە کـە خەڵـک بـۆ دەرچـوون کونیـان کردبـوو، بازمـان دایـە دەرەوە. چەنـد جارێـک بـە دڵەڕاوکـێ و ترسـەوە لـە کووچـە بنبەسـتەکانی شـاردا ون بوویـن، هەتـا ئـەوەی کـە توانـیمان لـە پشـتی نەخۆشـخانە و نزیـک لـە بینای شـارەوانیدا تێپەڕین و بـە کووچە تەسـکەکانی قەڵات و لە پشـت کاروانسـەرای کۆنەوە خۆمـان گەیانـدە ماڵەوە.

سـەبارەت بـەو ڕۆژە ڕاپۆرتێکـی نووسراوی زۆر لەبەردەسـتدا نییە، بەڵام بەپێـی ئەوەی تورک و کوردەکانـی ناوچەکـە گوتوویانە، لە یەکەم کاتژمێرەکاندا چەند کەسـێک کوژراون و هەتا کۆتایی ڕۆژەکـەش ژمـارەی کـوژراوەکان زیـادی کـردووە.[1] هەڵبـەت ئەگـەر بەڕاسـتی تورکـەکان نیـازی کوشـتنی بەشـداربووانی میتینگەکەیـان بوایـە، سـەدان کـەس گیانـی خۆیـان لەدەسـت دەدا. سـەربانی زۆربـەی ئـەو خانووانـەی کـە دەیانڕووانییـە یاریگاکـە، سـەنگەربەندی کرابـوون و تورکـە چەکـدارەکان پەنایـان بـۆ ئـەوێ بردبـوو. دەیانتوانـی زۆر بـە ئاسـانی خەڵکـی نـاو یاریگاکـە بکوژن، بەڵام کـەس لە ڕێگاکەدا تەقـەی نەکـرد. دیـارە جگـە لـە سەنگەرسـازی، دیـواری هەندێـک لـە ماڵانیـان کـون کردبـوو. یەکێـک لـەو تورکانـەی کـە لـە شـەڕی نەغـەدەدا خـۆی بـە بەرگریـکار دەزانـی، لـە دیمانەیەکدا گێڕایـەوە: "کاتێـک خەڵـک ڕایـان دەکـرد، پیرەمێردێـک بـە کۆڵتـی کەمەرییـەوە یەکێـک لـە هێزەکانی ئینتزاماتی کوشت و دواتر خۆی و کوڕەکەشی کوژران[2]».

● وێنەی ٤٩. هەندێ لە تەرمەکانی جەنگی نەغەدە، وێنەی ڕۆژنامەی ئیتلاعات، ٢ی گوڵانی ١٣٥٨ (١٩٧٩)

لـە ڕێـگادا پیـاوە چەکـدارە تورکەکانمـان دەبینـی کـە بـە هاوسـۆزییەوە بـە خەڵکـە هەڵهاتووەکەیـان – کـە زۆربەیـان خەڵکـی شـارەکانی دیکـە بـوون و شـاری نەغەدەیان بە باشـی نەدەناسـی – دەگـوت: "کاکا گێـت! کاکا بـووردان گێت" (کاکە بڕۆ، کاکە لێـرەوە بڕۆ) ئێمەش لە یەکێـک لـە کۆڵانەکانـدا ون بوویـن و پیاوێکی چەکدار کە ئاشـنای باوکم بـوو ڕێنمایی کردین بۆ

١ . روزنامه اطلاعات، شنبه اول اردیبهشت ١٣٥٨، شماره ١٥٨٣٥ . " گروهی در حواده نقده کشته شدند". لاپەڕەی ٢.

٢ . وبلاگ جنگ نقده گفتەها و ناگفتەها، بخش دوم نوشتەهای قولو بناوند در مورد جنگ نقده، ٢ دی ١٣٨٩ :

http://jangenagade.blogfa.com/post/18

ئـەوەی خێراتـر بگەیـنـە ماڵەوە. لەم سەرلێشـێواوییەدا تەنانـەت هەندێک کەس پەنایـان بۆ ماڵی تورکـەکان دەبـرد و دوای کەمێـک هێوربوونەوەی دۆخەکـە گەڕانەوە بۆ گەڕەکە کوردنشـینەکانی نەغەدە.

پێشـبینییەکەی مەلاسـاڵح هاتە دی. هەندێک لە تورکەکان دەنگۆی ئەوەیان بڵاو کردبووەوە کـە کـورد دەیهـەوێ لـە شـارەکەی خۆیـان دەریانبـکات. ئەوانیش ترسـیان لـەوە هەبوو کـە کورد تـورک کۆمەڵکـوژ بـکا، سـەربازخانەکانی جەڵدیـان و پەسـوێ تـاڵان بکـەن و ڕێگـەی گەیـشتن بـە مەهابـاد و ورمـێ بگـرن و خودموختـاری ڕابگەیەنـن. کـوردەکان بـەردەوام پێداگرییـان لـەوە دەکـردەوە کـە هیـچ ڕوو نـادا، بەڵام پیلانـی پلان بۆ داڕێژراو گەیشـتبووە ئەو ئاسـتەی کە زۆربەی پیـاوە تورکـەکان خێزانەکانیـان ڕەوانـەی دەرەوەی شـار کردبـوو و بـۆ پاراسـتنی ماڵەکانیـان لـە سـەربانی خانووەکانیانەوە بەربەسـتیان دروست کردبوو. غوڵامڕەزا حەسەنی، پێشنوێژی هەینیی ورمـێ، لـە بیرەوەرییەکانیـدا باسـی لـەوە کـردووە کـە زۆر جـار بـە تەلەفـۆن لەگـەڵ پیاوماقووڵـە تورکـەکان قسـەی دەکرد. زۆر کەس بە سـکرتێری گشـتیی حیزبی دێموکراتیشـەوە پێیـان وا بوو کـە غوڵامـڕەزا حەسـەنی تورکەکانـی لـە دژی کورد هـان داوە.

بـە هـەزاران کـەس لە پارێزگا دوور و نزیکەکانی کوردسـتانەوە بۆ بەشـداریکردن لەو میتینگە بانگهێشـت کـران و ئەنجامدانـی نمایشـێکی سـەربازی لەلایـەن ئەندامـان و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتەوە هەسـتیاریی تورکەکانی وروژاندبوو. بەتایبەت ئەو چەک و ئۆتۆمبێلە سـەربازییانەی کە حیزب و خەڵک لە سەربازگەکانی مەهاباد و فەوجی سەردەشت و دەیان بازگەی ژاندارمەری دەسـتیان کەوتبـوو، کـە دیـارە ئەمـە تورکەکانـی تۆقاندبـوو. تەنانـەت ئـەو ئەنجومەنـەی کـە لـە سـەرەتای شۆڕشـی گەلانـی ئێراندا لـە پیاوماقووڵانی تورک و کورد پێک هاتبـوو چیتر ئەو کاراییە پێویسـتەی نەمابـوو، بـەر لـە شـەڕی نەغـەدە ئـەم ئەنجومەنـە کە لـە تورک و کـورد پێـک هاتبوو، شـارەکەی بەڕێـوە دەبـرد و سەرپەرشـتی زۆرێکـی لـە کاروبارەکانی دەکـرد، لەوانە دابەشـکردنی سـووتەمەنی، بەڕێوەبردنـی فەرمانگـە و شـارەوانییەکان، کۆنترۆڵکردنی دۆخـی بازگەکان و هتد.

بـە ڕای مـن ئـەم ئەنجومەنـە یەکێـک لـە باشترین ئەزموونـە کورتـە دیموکراتیکـەکان و یەکڕیزیـی نێـوان تـورک و کـورد بـوو کـە لـە شـەڕی نەغـەدەدا لـە نـاو چـوو. ماڵـی مەلاسـاڵە، حاجـی عەزیـم مەعبـوودی[1] و ئـیمام جەماعەتـی شـێعە میـرزا براییـم موحـەڕەڕ هەموویـان هەتـا پێـش لـە هەڵگیرسـانی شۆڕشـی گەلانـی ئێـران ئـارام بـوون، بـەڵام دواتـر گـۆڕان و نائارامـی باڵـی بـە سـەر ماڵەکانـی ئەوانـدا کێشـا. ماڵـی مـەلا کە سـەردەمانێک ئەمـن و ئـارام بـوو، بوو بە

١ . حاجی عەزیم مەعبوودی حەسـەنلوویی یەکێک لە کەسـە کاریگەرەکانی شـاری نەغەدە و یەکەمین سـەرۆکی کۆمیتەی شـاری نەغـەدە بـوو و لـە ئـیمام جومعـەی ورمـێ واتە مەلا حەسـەنی و تیمسـار زۆهەیـرزادە فەرماندەی لەشـکری ٦٤ی ورمێوە نزیکـە. ناوبـراو یەکێـک لـە دەوڵەمەندەکانـی شـاری نەغـەدە و تاکە بریـکاری فرۆشـتنی تراکتۆری ئۆنیڤێرسـاڵ لە شـارەکانی نەغـەدە، پیرانشـار، شـنۆ و دەوروبەرە، دەڵێن لە سـەردەمی شـادا دەسـتی لەگەڵ سـاواک تێکـەڵ بووە.

شـوێنی هەماهەنگیـی کاروبـاری سیاسـی. ماڵـە گەورەکـەی حاجـی عەزیـم مەعبـوودی کـە لـە پشـت شـارەوانی و نزیـک لـە دوخانیـات بـوو و ماڵـی مـەلای دەسترۆیشـتووی شـێعە واتـە میـرزا براییـم موحـەرەڕ لـە شـەقامی شێروخورشـیدی جـاران و نەخۆشـخانەی ئێسـتا، ببوو بـە ناوەندی فەرماندەیـی و تەیارکردنـی هێـزە تورکەکانـی نەغـەدە.

قەناسی دووربیندار و ڕاوچیانی مرۆڤ

قرموقاڵەکە بەوەوە کۆتایی نەهات. ڕۆژی دواتر پێکدادانی سـەر شـەقام و جەنگی ڕاسـتەقینە دەسـتی پێکـرد و هەتـا چەنـد ڕۆژێـک بـەردەوام بـوو. خەڵکـی شـارەکە دژی یـەکتر وەسـتانەوە، ئـەوە لـە حاڵێکـدا بوو کە کـەس نەیدەزانی هۆکاری ئـەم ڕووبەڕووبوونەوەیان چییـە. ئەنجوومەنی شـار کـە لـە پەلەقاژێـدا بـوو، چەنـد جارێـک هەوڵـی هێورکردنـەوەی دۆخەکـەی دا. جیپەکانـی ئەرتـەش لـە کووچـە و کۆڵانەکاندا دەسـووڕانەوە و بەشـێک لـە نوێنەرانی ئەنجومەنیش لە پشـت بڵندگۆکـەوە وەبیریـان دەخسـتنەوە کـە خەڵکینـە خـۆ ئێـوە هەتـا چەنـد ڕۆژ لەمەوبـەر هـاوڕێ و دراوسـێ بـوون، بـەڵام کار لـە کار ترازابـوو و شـەڕێکی شـاری دەسـتی پێکردبـوو. نێـوان گەڕەکە تـورک و کـوردەکان دیوارێک دروسـت کرا و تەلیسـی پڕ لە خۆڵ شـەقامەکانی شـارەکەیان کردە مەیدانـی جەنگـێ کـە هەر دوو بەری ئـەو مەیدانی جەنگە خەڵکی ئاسـایی بـوون. چەند قەناس بەدەسـتێکی تورک کە لە ڕووی چەک و ئەزموونی سـەربازییەوە لە پێشـمەرگە بەتواناتر بوون، لە سـەرووی مەنبەعـی ئـاو و گردی قەڵاتی شـارەوە قەناسـەی دووربینداریـان دانابوو.[1]

شـەقامەکەمان ڕێـک لـە نزیـک سـەرچاوەی ئاوی سـەرووی قەڵا بـوو، ڕەنگە هیچ زیـادەڕەوی نەبـێ ئەگـەر بڵێـم زۆرتریـن ژمـارەی قوربانیانـی کـوردی سـڤیل دانیشـتووانی شـەقامەکانی سـونەت و مەعرووفـی و باڵخچـی بـووە. لـە ڕۆژی دووەمـەوە هەمـوو هاتوچۆکان ڕاگیـرا و تەنانەت کۆڵانەکانیـش چـۆڵ و هـۆڵ بـوو. هەر کە کەسـێک لە ماڵـەوە دەردەچـوو، قەناس بەدەسـتەکان دەیانکـردە ئامانـج. سـێ ڕۆژی تـەواو گەمـارۆ درابووین و لـە ڕۆژی چوارەمەوە هێـزە چەکدارەکان لـە ورمـێ و محەمەدیارەوە شـارەکەیان گەمارۆ دا. خەڵک لە ماڵەکانیانـدا زیندانی کرابوون و نان و خـواردن و سـووتەمەنییان نەبـوو. لە ڕۆژی دووەم و سـێیەمدا تەنانەت نانیـش وەگیر نەدەکەوت و دیـواری ماڵەکانیـان کـون دەکـرد و نـان و شـتی تریـان بە قـەرز بە یـەکتر دەدا.

لـەم دۆخـە نەگبەتـەدا دەتگوت لە فیلمێکـی سـینەماییدا ڕۆڵ دەبینین. ژنێکی دراوسـێمان

---

١. قەڵات ناوچەیەک بووە کە زۆرینەی جولەکەکانی شـارەکە لە کۆنەوە لەوێ ژیاون و سـەرچاوەیەکی ئاویان دروسـت کردبوو کـە بیچمێکـی لوولەیـی هەبوو. لەوێوە چەند دانە قەناس بە دەسـت بە تفەنگـی دووربینـدار گەڕەکـە کوردییەکانیان کۆنترۆڵ دەکـرد و هـەر کەسـێکیان لـە کووچە و کۆڵانەکانـدا بدیبایە تەقەیان لێدەکـرد و ئەمەش خۆی لە خۆیـدا کاریگەرییەکی زۆری لەسـەر پرۆسـەی شـەڕ و خاوتربوونەوەی پێشـڕەویی کوردەکان هەبوو. ناوی سـەروان گۆڵشـەن لە دووەم ڕۆژی شـەڕەوە کەوتە سـەر زار. دەیانگوت قەناس بەدەسـتەکە ئەو بووە.

ژان گرتـی. نەدەکـرا بیبەنـە نەخۆشـخانە و ژنانـی دراوسـێش بـەو کونانـەی کـە لەسـەر دیوارەکە کردبوویـان، بـە گـۆزەی ئـاوی گەرمـەوە خۆیـان گەیانـدە لای ژنـە زەیسـتانەکە و ڕزگاریـان کـرد. ئەگـەر کەسـێک لـە سـەر شـەقامدا بکوژرابـا، کـەس نەیدەوێـرا تەرمەکـەی هەڵبگرێتـەوە و بـە کورتـی دۆخەکـە لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە سـەخت و نامـۆ بوو.

مـن منـداڵ بـووم و نەمدەزانـی چـی ڕووی داوە. دەیانگـوت شـەڕی کـورد و عەجەمـە (تورک) و ئەمـە زۆر سـەیر بـوو. لـە کۆڵانـە بنبەسـتەکەی خۆمانـدا هەمیشـە لەگـەڵ کوڕەکانـی ئەتڵـەس خانـەم و وەسـتا محەمـەد نالبەنـد کـە دایکیـان تـورک و باوکیـان کـورد بـوو یاریم دەکـرد. من لە باخچەی سـاوایان و لەسـەر شـەقام لـەوان و منداڵە تورکەکانـی دیکە فێری زمانـی تورکی بووم و هەرگیـز پێکەوە شـەڕمان نەبـوو. ئایا دایک و باوکم و کەسـانی دەوروبەرم هاوڕێـی تورک نەبوون؟ ئایـا قسـەیان پێکەوە نەدەکـرد؟ لەناکاو چـی ڕووی دا؟

قاپـۆڕی تفەنگەکـەی باوکـم و مامـم و پیاوانـی دراوسـێمان، ئـەو شـەقامەی کـە هەتـا چەنـد ڕۆژێـک لەمەوبـەر یـاری مێشـێنمان تێـدا دەکـرد، کردبـووە شـوێنێکی ترسـناک. حـەزم دەکـرد بگەڕێمـەوە و جارێکـی تر لەگەڵ منداڵەکانی سـەر شـەقام یاری بکەم. سـەرەتا تەنانـەت بۆم فام نەدەکـرا کـە دۆخەکـە تـا چەندە ترسـناکە، بە گریـان و پاڕانـەوە دایکمم ناچار دەکرد بچێتە سـەر شـەقام لـەو قاپۆڕانـەم بۆ کۆ بکاتـەوە.[1]

زۆری نەخایانـد هەتـا لـە مانـای ڕاسـتەقینەی تـرس و وەحشـەت تێگەیشـتم. بـۆ یەکـەم جار تەرمێکـم بینـی و ترسـی ئـەو ڕۆژە هێشـتا لـە منـدا ماوەتـەوە. پیرەمێردێـک لـە گەڕەکەکەمـان بـوو کـە پـێمان دەگـوت حاجـی. ڕۆژی سـێیەمی شـەڕی نەغـەدە ئازووخە و خـواردن تـەواو ببوو، هاتـە دەرەوە بـۆ ئـەوەی لـە ماڵـی خوشـکەکەی یـان براکـەی کـە لەوبەر شـەقامەکە بوو خـواردن وەربگرێـت. قەناسـە دووربینـدارەکان کاریـان بـەوە نەبـوو کـە ئەمـە پیرەمێـردە و چەکـدار نییـە فیشـەکێیان بـە سـەریەوە نـا و فیشەکێکیشـیان لـە قۆڵـی دا.

حاجـی لەگـەڵ منـداڵان مێهرەبـان بوو. هەر کاتێک لە سـەر شـەقام دەمانبینـی، دەسـتێکی بـە سـەرماندا دەهێنـا و لـە گیرفانـی خۆیـەوە خورما و میـوەی وشـککراوەی پێ دەدایـن. لە یەک چرکـەدا بـوو بـە لاشـەیەک کـە ئاسـەواری خوێن و فیشـەک دەموچـاوی تێکـدا بـوو. بینینـی ئەم دیمەنـە خوێناوییـە و دەنگی گریان و شـیوەنی ژنان زۆر ترسـناک بوو. کاتێکـی زۆری پێچوو هەتا بـە دار تیـرۆک کـە بـۆ تەنـوور بە کاریـان دەهێنـا قولابێکیان دروسـت کـرد و تەرمەکەیـان هێنایە نـاو کووچەکـەوە. ئـەو کاتـەی وا تەرمەکەیـان دەکێشـا باوکـم لـە لای دیوارەکـە لـە سـەر چـۆک دانیشـت و بـە تووڕەییـەوە تەقـەی لـە سـەرچاوە ئاوەکـە دەکـرد بـۆ ئـەوەی قەناس بەدەسـتەکان

---

١. ئێمـە ئـەم قاپۆڕانەمـان وەک نیشـانە بـۆ یاریکـردن بـە مەڕمـەڕ بـەکار دەهێنـا و ئامرازەکانـی توندوتیـژی و بەرگریکردنـی گەورەسـاڵەکان بـۆ ئێمـە بـوو بـە ئامـرازی یاریکـردن.

سـەرقاڵ بـکات. ئـەم کارە لەلایـەن باوکـم و هەندێک پیاوی ترەوە بـەردەوام بوو هەتا دراوسـێکان تەرمەکەیـان ڕاکێشـایە نـاو کووچەکـەوە! زۆری خایانـد هەتـا شـەوانە تەرمی حاجیان بـردە ماڵی مـەلا سـاڵە کە بیشـۆن و هـەر ئەوشـەویش بینێژن.

وا دیـارە لـە حەوشـەکەی ماڵی مەلا سـاڵح چەند تەرمی تـر هەبوون، کـە خوێنەکەیان هەموو جێیەکی سـوور کردبوو. هەر ئەو ماڵەی کە بە گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکانیەوە دەمناسـی، سـەرەتا ببوو بـە شـوێنی کۆبوونـەوەی سیاسـی و دواتـر پەڵـەی خوێنـم بـە دیوارەکانـەوە بینـی و ئینجـا بوو بە شـوێنی شـۆردنی تەرمـی مـردووەکان. ئەو ماڵـەی هەتا ماوەیـەک لەمەوبەر بۆ من پڕ لە شـادی و یـاری بـوو، سیاسـەت کـردی بـە شـوێنێک کـە دەبـا بووەسـتین و بـە ترسـەوە سـەیری تەرمـی مـردووەکان بکەیـن. نازانـم حاجـی و باقـی تەرمەکان لە کوێ نێـژران، بەڵام دەزانم بـۆ ئەوان و بۆ قوربانیانـی دیکەی شـەڕی نەغەدە هیـچ پرسـە و سەرەخۆشـییەک نەگیـرا. لـەو ڕۆژگارەدا کـەس نەیدەوێرا تەنانەت پرسە و ماتەمین بـۆ مەرگـی ئازیزەکـەی بگرێـت. بۆ بەرزبوونـەوەی هـەر دەنگێـک دەبا مۆڵـەت وەربگیرایـە و هەمـوو شتێکمان سەرکوت دەکرا.

● وێنەی ٥٠. ماڵەکەمان لە نەغەدە، درگای سپییەکەی خوار کۆڵانەکە کە لە شەقامی سونەتە (مەلا ساڵە)

لـە شـەڕی چەنـد ڕۆژەی نەغـەدەدا ژیـان پەکـی کەوتبـوو. بـەردەوام گـوێمان لـە دەنگـی تەقـە بـوو. پیـاوەکان هەموویـان سـەرقاڵی پاسـەوانی بـوون و مـام و دراوسـێ و ئەوانـەی میوانـی میتینگەکـە بـوون و لـە شـارەکانی تـرەوە هاتبـوون، بـە نـۆرە دەچوونە ناو سـەنگەری سـەربانانەوە یـان پاسـەوانییان دەدا. ژیانـی کۆمەڵایەتـی ببـوو بـە ژیانێکـی ژێرزەمینـی و پەیوەندییەکانمـان لەگـەڵ دونیـای دەرەوە و مـاڵ و دراوسـێکان لـە ڕێگـەی کونـی دیوارەکانـەوە بـوو.

کـەس نەیدەزانـی چـی ڕوو دەدا، شـەوانە هەموومـان لـە ژوورێکـدا کـۆ دەبووینەوە بـۆ ئەوەی هەسـت بـە کەمێـک سـەلامەتی بکەیـن. ئاگادارنەبـوون لـەوەی کـە چـی ڕوو دەدا، دڵەڕاوکـێ و هەسـتکردن بـە نائەمنیمانـی چڕتـر کردبـووەوە. شـەوانە مۆتەکەمـان دەبینـی. شـەو و ڕۆژ دەنگی تەقە دەهات و خەو و بێداریمان هەر مۆتەکە و دەنگی فیشـەک بوو. کارەبا پچڕابوو، سـووتەمەنی و خـۆراک نەبـوو و ئەوەشـی لـە ماڵەوە بوومـان هەمووی تەواو ببـوو. ئێمەی منـداڵان بێدەرەتان و بێئـاگا بووین، فاممان نەدەکرد و ئەوەندەش ترسـابووین کە متەقمان لێـوە نەدەهات. دەیانگوت ئەگەر دەنگیشمان ببیستن مەترسـیدارە و نابێ ببینرێین، چون لەوانەیە بکوژرێین و ئەوەش زۆر

ترسناک بوو. لە سەرتاسەری سەردەمی شادا تەنیا لە تەلەڤیزیۆن و لە نمایشە سەربازییەکاندا ئەو چەکەمان بینیبوو و هیچ ئەزموونێکمان لەم چەک و نمایشە سەربازییانە لە سەر ئاستی شار و هێرشی ئاسمانی نەبوو.

شارە ئارامەکەمان بۆنی خوێن و بارووتی لێدەهات و بێدەنگیی قورسی خەڵک، هەناسەی هەمووانی سوار دەکرد. هەرچەندە ئێمە منداڵ بووین، بەڵام لە ئەگەری مردن و کوژران تێدەگەیشتین و دەمانزانی لەوانەیە بە تەقەیەک بۆ هەمیشە تێدا بچین. ئێمە دەمانزانی کە شەڕ و وێرانکاری منداڵ و گەورەساڵ ناناسێت. دواتر کە گەورە بووم و فامم کرد، بۆم دەرکەوت کە گرژییەکانی ئەو چەند ڕۆژە سەرەتای ململانێکانی ئێران بووە. ئەو ململانێیانەی کە ژیلەمۆکەی چەن کەسانێک گەشتریان دەکرد، چونکە بەرژەوەندییەکانیان وای دەخواست کە خەڵک پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ یەکتردا نەبێت.

ئەم بەرژەوەندییە سیاسی و ئایدیۆلۆژییانە بە قازانجی بەشێک لە خاوەن دەسەڵاتەکان و بە زیانی ئەو خەڵکە بوو کە لە ناوچە فرەنەتەوەیی و فرەئێتنیکییەکاندا دەژیان. مێژوو بەردەوام دووبارە دەبێتەوە و خاوەن دەسەڵات و سامانەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکانیان شەڕ دەنێنەوە، دەست بە سەر سەرچاوە ئابوورییەکاندا دەگرن و ئاستی بێبەشی و نایەکسانی زۆر دەکەن. کاتێک لە کۆمەڵگایەکی هەمەجۆری نەتەوەیی و فەرهەنگی و .... لایەنێک لە ئایدۆلۆژیای خاوەن دەسەڵاتەوە نزیکترە، دۆخەکە زۆر ئاڵۆزتر دەبێت. چونکە فێڵی دووبەرەکی نانەوە لە لایەن حکوومەتەوە دەتوانێ گڕی گرژی و ناکۆکییەکە خۆش بکا، ئەوە لە حاڵێکدایە کە هەتا ئەو کاتە بە ئاشتییەوە پێکەوە دەژیان. خەڵکی نەغەدە بە گۆشت و پێست و خوێنیان هەستیان بەم ڕووداوە نگریسە کرد.

خودموختاری یان جودابیخوازی؟

ئەو ڕۆژانە کەشوهەواکە شۆڕشگێڕانە بوو. یاسا سەروەر نەبوو، ئەوانەی دەیانویست دەسەڵاتدار بن، سەرقاڵی ڕاکێشانی گروپێک یان نەتەوەیەکی دیاریکراو لە ڕێگەی ئایینی هاوبەشەوە بوون. حکوومەت لە ناوەند بوو و حیزبەکان لە پەراوێزی ئێران چالاک بوون. تورکمەنەکان لە ڕۆژهەڵاتی دەریای خەزەر و عەرەبەکانی خوزستان لە باشووری ڕۆژاوا و موجاهدینی خەڵق و چریکەکان لە زۆر شوێنی ئێراندا چالاکییان دەکرد و هەر یەکەیان ڕێبازی خۆی هەبوو. کوردستان کە مێژوویەکی دوور و درێژی لە خودموختاری و مافخوازیدا هەبوو، ئەجێندای تایبەتیی خۆی هەبوو و دیموکرات و کۆمەڵەش هەوڵیان بۆ وەدیهێنانی داواکارییەکانیان دەدا.

لەو ڕۆژانەدا هیچ کام لە سەرکردەی حیزبەکان، پرسی پێکهێنانی حکوومەتی کوردستان

و جیابوونـەوە لـە ئێرانیـان نەخسـتە ڕوو، بـەردەوام بـە دوای خودموختـاری و خۆبەڕیوەبەرییـەوە بوون. دروشـمی عەبدولڕەحمان قاسـملوو "دیموکراسـی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردسـتان" بـوو و هەمیشـە لـە چاوپێکەوتنەکانیـدا دەیگـوت: "ئایـا لـە منێکـی کـورد ئێرانـیتر هەیـە؟" بەڵام سیاسـەتمەدارانی ئـەو سـەردەمە هەمیشـە پێیـان وا بـوو کوردسـتان خولیـای سـەربەخۆییە و دەیانهـەوێ بچنـە پـاڵ پارچەکانـی تـری کوردسـتان لـە عێـراق و سـوریا و تورکیـا. هـەر چەنـدە نایشـارینەوە هەندێـک لـە تاکەکانی کورد ئەم چەشـنە خەونە لەمێژینەیان هەیە، بەڵام قاسـملوو بـە گوێـرەی لێدوانەکانـی خـۆی یەکێک لـەو کەسـانە نەبوو.

ئـەو بـاوەڕ و پێشـگریمانانەی کـە سیاسـەتمەدارانی ئـەو سـەردەمە سـەبارەت بـە کوردسـتان و داواکارییەکانـی کـورد هەیانبـوو، لەسـەر بنەمـای لێکتێنەگەیـشتن و خراپتێگەیـشتن بـوو. پێشـینەی مێژوویـی و ترسـی حاکمـەکان لـە لایـەک و توانای کـورد بـۆ داواکردنی سـەربەخۆیی لـە لایەکـی دیکـەوە هـەم لـە حکوومەتـی ناوەندیـی سـەردەمی شـا و هـەم لـە حکوومەتـی تازەپێگەیشـتووی کۆمـاری ئیسلامیـدا بوونی هەبووە و بۆتـە مایەی نیگەرانیی دەسـەڵاتداران کە بزووتنەوەگەلـی وەکـوو ئەنجامدانـی میتینگی سیاسـی لە شـارەکانی وەکوو نەغەدە تەشـەنەیان پێـداوە و کارەسـاتیان دروسـت کـردووە.

لـەو دیـوی ڕووداوەکانـدا کەسـانێک لـە شـاری نەغـەدە و لـە پارێـزگای ورمـێ هەبـوون کـە خاوەنـی تێڕوانینـی ئینقلابییانـەی بەهێـز بـوون و گڕی پشـێوییەکەیان توندتر دەکـرد. بۆ نموونە دوو هەفتە بەر لە دەسـتپێکردنی شـەڕی نەغەدە، هێزە چەکدارەکان دەیان گوندی کوردنشـینی دەڤـەری سـۆما و برادۆسـتیان بـە زەبـر و توندوتیـژی چـۆڵ کـرد و دانیشـتوانی ئەو گوندانـە بەرەو ناوچـە لادێییەکانـی دۆڵـی قاسـملوو لـە شـنۆ و ڕاژان لـە دەوروبـەری ورمـێ باریـان کـرد. لـە نـاو خـودی شـاری نەغـەدەدا بـە گوێـرەی وتـەی شـایەتحاڵەکان، کەسـانێکی وەکـوو حاجـی عەزیم مەعبـوودی و مـراد قەتـاری هەبـوون کـە دەسـتیان لـە نائارامـی و گرژییەکانـی شـاری نەغـەدە و ڕووداوەکانـی دوای ئـەودا هەبـووە، وەکـوو کۆمەڵکوژیـی گونـدی قارنـێ لـە خەرمانانـی ١٣٥٨ (ئابـی ١٩٧٩). بـە مەودایەکـی نـە زۆر دوور لـە گوندەکانـی دیکـەی وەکـوو کانـی مـام سـەیدە، سـەروکانی، سـۆفیان و قەڵاتـان، خەڵکـی مەدەنیـی لادێکان کۆمەڵکـوژ کران. هەتا ئێسـتا هیچ لێکۆڵینەوەیەکـی سـەربەخۆ لـەو بـارەوە ئەنجـام نـەدراوە و هیـچ کـەس یـان کەسـانێکیش بـە فەرمـی دەستنیشـان و لێپێچینەوەیـان لەگەڵـدا نەکـراوە. لـە درێـژەدا بـە تێروتەسـەلی بـاس لـە وردەکارییەکانـی کۆمەڵکوژیـی ئـەو گوندانـە دەکەم.

لەو کەشـوهەوا شۆڕشـگێڕی و ڕووژێنەرەدا کە باڵی بە سـەر ناوچەکەدا کێشـابوو، ژمارەیەک چەکـی زۆر کەوتـە دەسـت خەڵکـی مەشـقپێنەکراوی شـار و گونـدە تـورک و کوردنشـینەکان. دوای سـاڵانێک لـە گـەڕان بـەدوای شـوناس، لـە نـاکاو دەرفەتێـک بـۆ هەمـووان هاتـە ئـاراوە کە داوای مافـی خۆیـان بکـەن. خەڵـک لـە نەغـەدە زانیارییەکـی سیاسـیی زۆریـان نەبـوو. لـە ژێـر

کاریگەریی کەشـی شۆڕشـگێڕیدا بوون و چەکداربوونی کەسـەکان و نەبوونی چاودێری، هەڵەی زۆری بـەدوای خۆیـدا هێنـا. ئەگـەر بـە تێڕوانینێکـی لۆژیکـی و لە چـاوی هاووڵاتییەکی ئاسـایی تـورک یـان کـوردەوە سـەیری ئـەو سـەردەمە بکەیـن، دەبینیـن کـە ئەگەر کەسـێک لـە دۆخێکی بێدەسـەڵاتیدا بووایـە و ئـەو بارودۆخـەی بەئەزمـوون کردبـا، بـە دڵنیاییـەوە هەسـتی بە مەترسـی دەکـرد. بوونـی ژمـارەی زۆری تفەنـگ بـە دەسـتی خەڵـک و بـازاڕی گەرمـی دەنگـۆ و دنـەدان، بەردەوام هەسـتی نائەمنی بەهێزتر و سـەروەت و سـامانی کۆمەڵایەتی وەکوو متمانە و ئاسایشـی گشـتی لـە پەیوەندییەکانـی خەڵکـدا لاوازتـر دەکرد.

لەو سـاتەوەختە تایبەتەدا، بەهۆی گۆڕانکارییە سیاسـییەکان و بۆشـایی دەسـەڵاتی ناوەندی و ئـەو ڕووداوانـەی کـە بـە خێرایـی یـەک لـەدوای یـەک ڕوویـان دەدا، تورکـەکان نیشـانەکانی شوناسـخوازیی کوردەکانیـان وەک هەڕەشـە دەبینـی و لێـی دەترسـان. لـە لایەکـی تـرەوە هەلومەرجەکـە هەسـتی متمانـە بەخۆبـوون و شـانازی و دەسـەڵاتی بـە کـورد بەخشـیبوو، کـە لە پـاڵ پاشـخانی پـڕ لـە شوناسـخوازی و سـەربەخۆییخوازیی مێژوویـی حیزبـە کوردییـەکان، ئـەم تـرس و خەمخۆرییـەی بـۆ ئەوانـی دیکـە زیاتـر کـرد. شـۆڕش و سـۆز و بەڵێنـی سـەرکردەکانی ئـەم شۆڕشـە هەلێکـی مێژوویـان بـۆ خەڵـک و ڕەوتەکانـی کوردسـتان ڕەخسـاندبوو، کـە لە چاو ڕابـردوو بـە ئومێـد و نەترسـانەترەوە ڕەفتـار و کاریـان دەکـرد، وایـان دەزانی بۆ گەیـشتن بە خەونە لەمێژینەکەیـان ڕێگەیەکـی زۆریـان نەمـاوە.

ئـەم نەترسـییە و ڕەنگـە ئـەم یەکگرتوویـیەی خەڵکـی کوردسـتان کـە لـە نـاو ئـەو هەلومەرجە شۆڕشـگێڕانەدا دروسـت ببـوو، بـووە هـۆی دروسـتبوونی تـرس و دڵەڕاوکـێ لـە ناو سـەرکردەکان و تورکەکانـی نەغـەدە و ورمـێ. حکوومەتیـش بـە خۆشـکردنی گـڕی دەنگـۆ و پاڵپشـتیکردنی تورکـەکان، ئـەم دووانـەی کـرد بـە بابەکوشـتەی یـەکتر و دانی بـە گـژی یـەکتردا. ڕێبەرانی ڕژیم لـەو یەکڕیزییـەی کـە خۆیـان دروسـتیان کردبوو دەترسـان و بۆ تێکدانـی، ناچار بوون کـورد لاواز بکـەن، ئـەوان بە هەرچی زیاترکردنی بڵێسـەی ململانێکان و هاندانی تورکـەکان دۆخەکەیان بە قازانجـی خۆیـان گۆڕی.

ئەم پرۆسـە هەمان یاریی پێکهاتەکانی دەسـەڵاتە کە هەمیشـە بە دوای بەرژەوەندییەکانیاندا دەگەڕێـن. کاتێک پێویسـتیان بە پشـتیوانیی کـورد بۆ بەدەسـتهێنانی دەسـەڵات بووایە، هیوای سـەربەخۆییان لـە دڵـی کوردانـدا دەچانـد و دوای بەدەسـتهێنانی دەسـەڵات هەوڵیـان دەدا بـە دووبەرەکینانـەوە لـە نێـوان کـورد و تـورک، کـورد لاواز بکـەن. هـەر دوو گەلـی کـورد و تـورک لـە ژێـر چـەرخ دەندەکانـی ئەم گەمەی دەسـەڵاتەدا پێشـێل کران. لەو سـاڵانەدا کۆمـاری ئیسلامی ڕێـک وەکـوو ڕژێمـە تۆتالیتارییـەکان مامەڵەی دەکـرد. هەموو ئەم حاڵەتانە نیشـانە و سـازوکاری دەسـەڵات لـە نـاو ڕێژیمـە تۆتالیتارییەکانـە کـە مێـژوو هەمـووی تۆمـار کـردووە. دەرەنجامەکەش ئـەوە بـوو کـە بەشـێکی زۆر لـە کـورد و تورکەکانـی دانیشـتووی شـارەکە ئـاوارە بـوون و پەنایان بۆ

گوندەکانـی دەوروبـەر بـرد. هەرچەندە ئاوارەبوونی تورکـەکان کاتی بـوو و دوای ماوەیەکی کورت گەڕانـەوە سـەر مـاڵ و ژیانـی خۆیان، بەڵام کـورد بەرەو کۆچێکـی زۆرەملێی درێژخایەن ڕۆشـت و موڵـک و ماڵیـان تاڵان کرا و دەسـتی بەسـەردا گیرا. هەموو ئەو کارەسـاتانە جگە لـە لانەوازبوونی هـەزاران کـوردی دانیشـتووی نەغـەدە و دەوروبـەری هیـچ دەرەنجامێکی بۆ خەڵـک نەبوو.

لە ڕۆژی ٢ی گوڵانی ١٣٥٨(٢٢ی نیسـانی ١٩٧٩)، شـەڕی شـەقام و ماڵ بە ماڵ گەیشـتە ئەوپـەڕی خـۆی و لـە گەڕەکە کورد و تورکنشـینەکاندا ئەم شـەڕە بـەدی دەکرا. لـەم ڕۆژە و ڕۆژانی دواتـردا، ژمارەیـەک لـە دانیشـتوانی بێتـاوان و بێچەکـی کـورد و تـورک لـە ماڵەکانیاندا کـوژران. ئـەو کوردانـەی کـە لـە گونـدە تورکنشـینەکاندا دەژیـان یـان بـە پێچەوانـەوە ئـەو کوردانـەی لـە گەڕەکەکانـی قەڵاباشـی و ژاندارمـەری ژیانیـان دەکـرد، گوندنشـینانی نزیـک ڕووبـاری گادەر و گەڕەکەکانـی نزیکـی ڕێـگای چیانە و پیرانشـار، تەنانەت هەندێکیـان لە ماڵەکانیانـدا کۆمەڵکوژ کـران و تەنیـا لـە مـاوەی چەنـد ڕۆژێکـدا، شـەڕ بـە ڕووە ترسـناکەکەیەوە لـە سـەر ئاسـتی شـار ژمارەیەکـی زۆری کـوژراو و برینـدار و دیلـی لـە پـاش خۆی بەجێهێشـت.

ڕق و تۆڵەسـەندنەوە ببـوو بـە بەدیلی هەموو هەسـتێکی ئینسـانی و لۆژیکـی. هەندێکیان لە هیـچ و خۆڕایـی خەڵکیـان دەکوشـت یان دەکـوژران. لە هەنـدێ لەو گونـدە دووئێتنیکییە تورک و کوردانـەی کـە سـاڵانێک بـوو دانیشـتووانەکەی پێکـەوە ژیابوون، لەنـاکاو خەڵـک دەمانچەیان لـە یـەکتر هەڵکێشـا و یەکتریـان کوشـت و برینـدار کرد. لـە ڕۆژانـی دوای شـەڕ، چەندین تەرمی هەڵاوسـاو هاتنـە سـەر ئـاوی ڕووباری گادەر و ڕۆخـی ئەم ڕووبارە، کە لە نێویانـدا هەم کورد و هەم تورکیشـی تێـدا بـوو. تەرمی نزیکـەی دە کەس هەرگیـز نەدۆزرانەوە.

لە ڕۆژی چوارەم و پێنجەمدا ژمارەیەکی زۆر کەسـی بەسـاڵاچوو کوژران. دوای ئەوەی خەڵک شـارەکەیان بەجێهێشـت ئەم پیر و بەسـاڵاچووانە پێیان وابوو کەس کاری بەوانەوە نییە هەر بۆیە لـە ماڵـەوە مانـەوە، کەچـی نەیانزانـی کـە دوا سـەعاتەکانی ژیانیـان بەسـەر دەبـەن. نزیک ماڵی خاڵەمیـن بەرزنجـی کـە لـە شـەقامی پشـتەوەمان دەژیـا، پیرەمێردێکیـان بە نـاوی مـام ڕەحمان بـردە سـەربان و بـە شـێوەیەکی زۆر بێبەزەییانـە و درندانـە فڕێیـان دایـە خـوارەوە، مـام ڕەحمان بـە هـۆی کەوتـن و شـکانی پشـتییەوە گیانـی لەدەسـت دا. دەگوتـرا لـە یەکێـک لـەو ڕۆژانـەدا، دوای دروسـتبوونی تێکهەڵچـوون لە گەڕەکە تورکنشـینەکاندا، عەزیزی کـوڕی یەدوڵا بەدلی، کە یەکێـک لـە زەنگینەکانـی شـاری نەغەدە بـوو، هاوپۆلە کوردەکەی لـە ماڵەکەی خۆیـدا داڵدە دا، کاتێـک لەگـەڵ کۆمەڵێـک لە دیلـەکان دەیبەنە مزگەوت و لەوێ کەسـێک بە ناوی قـادر ڕەبەتی (قـادری کـوڕی حەمەسـاڵە) دەیکوژێت. دوای چەند سـاڵێک، بنەماڵەی بەدلـی لە هەڵمەتێکی تۆڵەسـەندنەوەدا، بکوژەکەیان لە سـەر شـەقام کوشـت.

لـە قۆناغێکـدا چەنـد کـەس لە هێزەکانی سـپای پاسـداران شـەوانە هاتنە ناو شـاری نەغەدە بـۆ ئـەوەی پشـتیوانی لـە تورکەکانـی نەغـەدە بکەن کـە غوڵامڕەزا حەسـەنی پێشـنوێژی هەینیی

ورمێ لە سەروویانەوە بوو. ئەم گروپە وێنەی شێخ عێزەدینیان لەسەر زرێپۆشەکە دانابوو بۆ ئەوەی پێشمەرگە لە ڕێگادا هێرش نەکەنە سەریان. ئەوان لە ڕێگەی گوندی بارانی عەجەمەوە هاتنە ناو بەشێکی شاری نەغەدەوە، بەڵام حەسەنی ڕۆژی دواتر نەغەدەی بەرەو ورمێ بەجێ هێشت. حەسەنی بۆ ئەم هاتنی یەک ڕۆژەی بۆ نەغەدە کە دیارە بە ئارەزووی خۆی و بەبێ ڕەزامەندیی ئەرتەش[1] و حکوومەت ئەنجام درا، زۆر بە ئیغراق و حیماسیانە باسی دەکا بۆ ئەوەی ببێتە پاڵەوانی بێرکابەری تورکە ڕادیکاڵەکان. حەسەنی لە ژیاننامەکەیدا بە تامەزرۆییەوە باسی ئەم سەفەرە یەکشەوەی دەکا و چەند لاپەڕەیەکی لەسەر ئازایەتیی خۆی نووسیوە.

ڕۆژی دووەمی جەنگ، کۆمەڵێک لە پێشمەرگەکان بە سەرپەرشتیاریی یەکێک لە سەرکردە حیزبییەکان بە ناوی ڕەحمان کەریمی،[2] کە هاولادێیی باوکم بوو لە جەڵدیان و هاوڕێی مام ئەحمەدم بوو، هەوڵیان دا قەناسە کامێرادارەکانی سەر قەڵات بکوژێننەوە، بەڵام نەیانتوانی. بە گوێرەی ئەوەی وتراوە، لە دواییین ڕۆژی شەڕدا، کە تانکەکان هاتنە ناو شار، وەک شتێ سەیید ڕەسووڵی بابی گەورە تاکە کەسێک بوو کە دەیتوانی ئارپیجی بە کار

اسامی ۳۰۰ کروکان نقده
خروج مردم از نقده ممنوع شد

● وێنەی ٥١. هەواڵی پوختەی ڕۆژنامەی ئیتلاعات سەبارەت بە ڕۆژی سێیەمی شەڕی نەغەدە

١. روزنامهٔ اطلاعات، یکشنبه دوم اردیبهشت ١٣٥٨، شماره ١٥٨٣٦. ل ٢.

٢. ڕەحمان کەریمی فەرماندەی لەشکری ئاوارە (قەندیل) لە ناوچەی پیرانشار بوو کە دواتر لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە بە دەست تێکەڵکردن لەگەڵ سپای پاسداران تۆمەتبار کرا. بە گوێرەی وتەی حیزبی دێموکرات، ڕەحمان کەریمی لە هێرشکردن و گرتنی سەربازخانەی پیرانشار کە لە لایەن بەعسەوە توپباران دەکرا، سستی نواندووە، هەروەها ئاسانکاری بۆ تێپەڕبوونی ئەرتەش کردووە کە بچێتە سەرگردە (لەسەر ئەو گردەی کە دەڕوانێتە شار) و ڕێگری لە هێرشی عێراقییەکان بکات. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دژ بە حکوومەتی ئێران شەڕی دەکرد و جەنگی ئێران و عێراقیش تا دەهات توندتر دەبووەوە، کە ئەمانە ئەم دەنگۆیانەیان زیاتر وەڕاست دەخست کە ڕەحمان کەریمی خیانەتی کردووە و سەرگردەی بە ئەرتەش فرۆشتووە. لەکاتێکدا ڕەحمان کەریمی بۆ بەرگریکردن لە خۆی وتی ئەگەر ڕێگای بۆ ئەرتەش نەکردایەتەوە، ئەرتەشی عێراق پیرانشاری داگیر دەکرد و هەمان ئەو تاوانەی دژ بە کورد ئەنجام دەدا کە دژ بە عەرەبەکانی خوڕەمشار کردی. دواتر لەگەڵ کۆمەڵێ لە کادر و پێشمەرگە لایەنگرەکانی خۆی، واتە سەننار مامەدی و جەهانگیر ئیسماعیل زادە کە ئەوانیش ئەندامی سەرکردایەتیی حیزب بوون و سەدان کادر و پێشمەرگەیان هەبوو، پەیوەندی بە جەماعەتی غەنی بلووریانەوە (کە بە لقی حەوت کەسی بەناوبانگن) گرت و لە لایەن حکوومەتەوە چەکدار کران. لە سەردەمێکدا ڕەحمان کەریمی لەگەڵ ئیدریس و مەسعوود بارزانی بوو و وەک نزیکترین ڕاوێژکارانی ئەوان ڕۆڵی دەگێڕا و دواجار لە لایەن سەننار مامەدی کە گەورەی خێڵی مامەد بوو بە تۆمەتی خیانەت و هاوکاری لەگەڵ ڕژێم دادگایی کرا و لە سێدارە درا.

بێنـێ، بـەڵام لـە جیاتـی ئـەوەی بـە ئارپیجـی تانکەکـە بپێکـێ، لـە بینـای فەرمانگـەی تۆمـاری شارسـتانی (ثبت و ئەحواڵ)دا و سـەدان فایل و بەڵگەنامەی خەڵکی شـارەکەی سـووتاند و ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە ماوەی سـاڵانێک دانیشـتووانی شـارەکە بە زەحمەت دەیانتوانی ناسـنامەی دووبارەیان بەدەست بهێنن.

لـە ڕاسـتیدا شـەڕی سـەرەکیی نەغـەدە لـە نێـوان دوو گرووپـی بچووکـی چەکـدار و مەشـقپێکراوی هـەر دوو لا ڕووی دا؛ گروپـە چەکـدارە تورکـە مەشـقپێکراوەکان کـە پێکهاتـوو لـە ئەفسـەرانی ئەرتـەش و فەرمانبەرانـی شـارەوانی و سـپا بـوون دژ بـە کـورد شـەڕیان دەکـرد، کـە کـوردەکان پێشـمەرگەی دێریـن بـوون. هـەر دوو لا ڕژدانە دەجەنگان و بەشـێک لە دانیشـتوانی شـارەکەیان دەکوشـت. جگـە لـەو دوو گرووپـە، ئەوانی دیکە کەسـانی مەشـقپێنەکراو و ناشـارەزا لـە شـەڕی پارتیزانـی و شـاری بـوون.

ئاشتینامەیەک بۆ وەستاندنی کۆمەڵکوژی

ڕۆژی ٢ی گوڵانـی ١٣٥٨ (٢٣ی نیسـانی ١٩٧٩) بـوو کـە کۆمەڵێـک لـە پیاوانـی ئایینـی و پیاوماقووڵانـی نەغـەدە، مەهابـاد و ورمـێ وەکـوو مـەلا سـاڵە و نوێنەرانـی حیزب، بـە ئامادەبوونی پارێـزگار وەک وەفـدی نیازپاکـی، سـەرەتا لـە ورمـێ و پاشـان لـە شـارۆچکەی محەمەدیـار، دانوسـتانیان کـرد و ڕێککەوتننامـەی حـەوت خاڵییان بۆ ئاگربەسـت واژۆ کرد. بڕیـار درا لە ڕۆژی دواتـرەوە ئەرتـەش بە ڕاگەیاندنی بێلایەنی بچێتە ناو شـارەکەوە. ڕۆژنامـەی ئیتلاعات[1] خاڵەکانی پەیوەسـت بـەم دانیشـتنە بەم سـەردێڕەوە بـاس دەکات:

"هەڵگرتنـی چـەک لـە شـاری نەغـەدە قەدەغـە کـرا"، و لـە ڕوونکردنەوەیـدا دەنووسـێ: ئـەم بابەتە لەسـەر بنەمای بڕیاری شـاندی نیازپاکی پەسـەند کراوە. لە شرۆڤەی هەواڵەکەدا هاتووە: شـاندی نیازپاکی کە پێکهاتووە لە پیاوانی ئایینی و پیاوماقووڵانی پارێزگای ورمێ (ئازەربایجانی ڕۆژاوا) کـە بەرپرسـی بەرقەرارکردنـی ئاشـتی و ئارامـی و قەرەبووکردنـەوەی ئـەو زیانانەیـە کـە لـە ڕووداوە خوێناوییەکانـی نەغـەدەدا کەوتووەتـەوە، بەیاننامەیەکـی لـە کۆتایی یەکـەم کۆبوونەوەی خـۆی بڵاو کـردەوە. دەقـی بەیاننامەکە بەم شـێوەیە:

کۆبوونەوەی شـاندی نیازپاکی کە پێک هاتبوو لە پیاوانی ئایینی و پیاوماقووڵانی شـارەکانی نەغـەدە، مەهابـاد، ورمـێ، شـنۆ و میانـدواو بـە ئامادەبوونـی مەهـدی عەباسـی، پارێـزگاری ئازەربایجانـی ڕۆژاوا و فەرمانـدەی سـپای پاسـداران لە شـاری نەغەدە، بەڕێوە چوو. لـەم دیدارەدا وەک یەکـەم هەنـگاوی ئەرێنـی ئەم بڕیارانـە درا:

---

١. ڕۆژنامـەی روزنامـۀ اطلاعـات، دوشـنبه سـوم اردیبهشـت ١٣٥٨، شماره ١٥٨٣٧. « درگیری‌هـای خونیـن نقـده رو بـه آرامـی مـی رود». ل ٢.

١- ئازادکردنی بێ مەرجی سەرجەم بارمتەی حیزبەکان.
٢- گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنی نیشتەجێبوونیان.
٣- قەدەغەکردنی هەڵگرتنی چەک لە شاری نەغەدە بۆ خەڵکی سڤیل، جگە لە سپای پاسدارانی ئینقلاب گرووپی هیدایەت.
٤- بەرقەرارکردنی ئاسایشی ڕێگای نەغەدە لەلایەن بەرپرسانەوە و دادگاییکردن و سزادانی شەرعی و یاسایی ئەو کەسانەی کە بە هەموو شێوەیەک هەوڵی تێکدان و پشێوی دەدەن.
٥- ئامادەکردن و ڕێکخستنی ڕاپۆرتی باری خێزانە زیانلێکەوتووەکانی شاری نەغەدە و گوندەکانی دەوروبەری.
٦- لێپێچینەوە و سزادانی یاسایی توندی ئەوانەی کە دەنگۆیان ساز دەکرد و خەڵکیان بۆ کاری خراپکارانە تێزە تێزە دەدا وەکوو ئەو کەسانەی کە ڕاگەیاندننامەی ورووژێنەرانە و بێواژۆیان بڵاو دەکردەوە بۆ ئەوەی تۆڤی دووبەرەکی و ناکۆکی لە ناو برایانی موسڵماندا بچێنن.
٧- لێکۆڵینەوە لە سەر دەستنیشانکردنی تاوانبارانی ڕووداوە ناخۆشەکەی نەغەدە بکرێ و بدرێنە دەست لایەنێکی کارامە بۆ ئەوەی لەلایەن کۆمیتەیەک لە بارەگای ئیمامەوە سزای یاسایی بدرێن.

بەڵام نە لە ڕۆژی یەکشەمە و نە ڕۆژی دواتر کە چوارەمین و کۆتا ڕۆژی شەڕی نەغەدە بوو، ئەو ڕێککەوتنانەی کە بۆ ئاگربەستی نێوان لایەنە ناکۆکەکان ئەنجام درابوون، جێبەجێ نەکرا. بەشێک لە لایەنە تێوەگلاوەکان و بەتایبەت خەڵک ئاگاداری ئەم ڕێککەوتننامە و ئاگربەستی محەمەدیار نەبوون. تورک و کورد هەتا دوا ڕۆژ و پێش ئەوەی ئەرتەش بچێتە ناو شاری نەغەدەوە، خەریکی شەڕێکی بێوچان بوون. ئەمە شەڕێک نەبوو کە تەنها بە نووسینی چەند دێڕێک لەسەر کاغەز کۆتایی پێ بهێنرێ، ئەندامانی دەستەی نیازپاکی دەبا پێشوەختە بیریان لە ئامادەکاری بکردایەتەوە و بە ئیمکانیاتی پێویست و زەرووری و هاتنە ناو گرژییەکان و بە کردەوە بڕگەکانی ڕێککەوتنەکەیان جێبەجێ بکردایە. بەپێی مەرجەکانی لێکتێگەیشتننامەکە و بە فەرمانی فەرمیی حیزب، پێشمەرگە لە هێڵی پێشەوە دوور کەوتەوە و لەگەڵ هاتنی تانکەکانی ئەرتەش، هێزە کوردییەکان کە بە فەرماندەیی سەییدڕەسووڵ بابی گەورە و ڕەحمان کەریمی شەڕیان دەکرد، بەرەو باڵخچی و قارنێ و گەڵوان پاشەکشێیان کرد. نەغەدە کوردی تێدا نەما.

دکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتیش ڕۆژێک دوای ڕووداوی میتینگەکە،

نەغـەدەی بە جێهێشـت و گـەڕاوە بۆ مەهاباد، لـە نامەیەکدا[1] بۆ دەوڵەتی نووسـی:

«ئێمـە ڕۆژی ٣١ی فەروەردیـن (٢٠ی ئاڤریـل/ نیسـانی سـاڵی ١٩٧٩) بـۆ ئەنجامدانـی میتینگێکـی ئاشـتیانە چووینـە نەغـەدە، هەندێـک کـەس ڕەخنـەی ئەوەمـان لـێ دەگـرن کە لـە نێو خۆپیشـاندەراندا کەسـانی چەکدار هەبـوون. ئەمە ڕاسـتە، بـەڵام ئەمـڕۆ لـە ڕادیـۆ بیسـتم کـە خۆپیشـاندانێکی چەکدارانـە لـە ئەهواز بەڕێـوە چـووە و تەنانـەت تەقەی خۆشـی کـراوە. ئەوانەی کە ڕەخنـەی ئەوەمان لـێ دەگـرن کـە هەندێـک لـە بەشـداربووان چەکـدار بوون، لـە ڕاسـتیدا دەیانهـەوێ وا خۆیـان نیشـان بـدەن کـە تەقەکردنەکـە لـە ئێمـەوە دەسـتی پێ کـردووە. بـەڵام لە سـەرەتای میتینگەکـەدا تەقـە لـە دەرەوە دەسـتی پێکـرد. دۆخەکـە کەمێـک هێور بـووەوە، بـەڵام دوای نیـو سـەعات جارێکـی تـر تەقە دەسـتی پێکـردەوە و خەڵکەکە بڵاوەیـان پێکـرد و ناچـار بـوون بگەڕێنـەوە بـۆ گەڕەکـە کوردنشـینەکانی نەغـەدە. گەڕانـەوەی خەڵـک بـۆ گەڕەکـە کوردییـەکان بـە جۆرێـک بوو کـە ناچار دەبـوون بە گەڕەکـە تورکنشـینەکاندا تێپـەڕن. لە کاتـی پەڕینەوەکـەدا ڕوون بـووەوە کە هەموو سـەربانەکان سـەنگەربەندی کراون و هەندێکیش تەقەیان دەکرد. دواتر دەرکەوت لـە ماڵەکـەی نزیک شـوێنی میتینگەکـە، دیـوارەکان پێشتر کون و سـەنگەربەندی کرابـوون و کەسـێک ویسـتوویەتی بزانـێ تەقەکردنەکـە لـە کوێوە دێ، کـە لەلایەن خەڵکـی نـاو ماڵەکـەوە گیـراوە و پاشـان کوشـتوویانە و دوو لـە مەئموورانـی ئینتزامیشـیان لـەوێ کوشـت و چەکەکانیـان بـردوون. ئێمـە پەیوەنـدیمان بـە کۆمیتـەی ژمـارە یەکـەوە کـرد و تاکـە داواکاریمان ئـەوە بـوو کـە ڕێـگای مەهابـاد بکەنـەوە بـۆ ئـەوەی بتوانیـن لـە شـارەکە دەربچین، بـەڵام ئـەم داواکارییە بـە هەند وەرنەگیرا.

بەرەبەیانیـی ڕۆژی یەکشـەمە سـەرباری ئـەوەی کـە ئاگربەسـت کرابـوو، ئەرتـەش بڕیـاری دا دەسـتێوەردان بـکات. بـە دەسـتوەردانی ئەرتـەش، لـە مەهابـادەوە پەیوەنـدیمان بـە حکوومـەت و پارێـزگار لـە ورمـێ و نووسـینگەی ئایەتـوڵا تاڵەقانییـەوە گـرت و هەروەهـا تەلەگرامێـکمان بـۆ ئایەتـوڵا خومەینـی نـارد و لـە هەموویانـدا تێبینیمان کرد کـە ناردنی ئەرتەش بۆ ئـەم ناوچە ڕەنگە دۆخەکـە گرژتـر بـکا، چـون دڵنیـا نەبوویـن کـە ئەرتـەش بتوانـێ بێلایـەن بێـت. بـەڵام بەداخەوە

١. ڕۆژنامەی آیندگان، یکشـنبه ٢٠ خرداد ١٣٥٨، شماره ٣٣٧١. همچنین: عبدالرحمن قاسـملو. کُردسـتان و کُرد، ترجمه عبداللـه حسـن زاده. بی جا: بی نـا،١٣٥٢/١٩٧٣.

داواکارییەکەمان قبوڵ نەکرا و ئەرتەش ڕەوانەی نەغەدە کرا. ئێمە هەرگیز شەڕمان لەگەڵ ئەرتەش نەبووە و هەمیشە گوتوومانە پشتیوانی لە حکوومەتی ئینقلابیی بەڕێز بازرگان دەکەین. کاتێک ئەرتەش ڕەوانە کرا، نوێنەرێکمان نارد بۆ ئەوەی لەگەڵ فەرماندەدا بچێتە نەغەدە کە نەکا ئەندامانی حیزبەکەمان تەقەیان لێبکەن. بەڵام کاتێک هاوڕێکەمان لە سێڕیانی ڕێگای نەغەدە ڕووبەڕووی ئەرتەش بووەوە، بینی کە هەندێک لە موجاهیدانی ورمێ هەن کە ئەرتەش بەرەو نەغەدە دەجووڵێنن و لەوێ هاوڕێکەمان گیرا و ئەگەر دەستێوەردانی هەندێک لە سەربازەکانی ئەرتەش نەبووایە، ئەندامانی کۆمیتەکە دەیانکوشت.



تکشماره ۱۵ ریال

پنجشنبه ٦ اردیبهشت ماه ۱۳۵۸ — ۲۸ جمادی‌الاول ۱۳۹۹ — شماره ۱۰۶۹۳

حزب دموکرات آمار تلفات نقده را اعلام کرد

خبرگزاری فرانسه از قول یك سخنگوی حزب دمکرات کردستان گزارش داد که در برخورد های نقده که از روز جمعه گذشته شروع شد ، ۵۰۰ نفر جان خود را از دست دادند . تاکنون درمورد آمار تلفات نقده ، اطلاعات متفاوتی ذکر شده است .

دهها قربانی درگیری های نقده به خاک سپرده شدند

تیراندازی در نقده قطع شده و اندوهی تلخ، جای التهاب لحظه های آتش وخون را گرفته است. ظرف چهل وهشت ساعت گذشته دهها شهید و کشته وقایع خونین نقده در گورستان این شهر بخاك سپرده شدند . این صحنه‌ای از فاجعه برادرکشی است که ضد انقلاب تدارکش را دیده بود .

(عکس از خبرنگار)

GHREZA019.MIYANALI.COM

● وێنەی ٥٢. ناشتنی هەندێ لە تەرمەکان، گۆڕستانی نەغدە، چواری گوڵانی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩)

ئەرتەش بەرەو نەغەدە پێشڕەوی کرد و لەوێ بە پێچەوانەی ئەوەی فەرماندەی لەشکر ئیدعا دەکا، دەستوەردانی لە نەغەدەدا کرد و تەنانەت لە نەغەدەش چووە دەرەوە. کۆپتەر و تانکەکان هەتا ١٠-١٥ کیلۆمەتریی نەغەدە پێشڕەوییان کرد و گوندە کوردنشینەکانیان سووتاند.

لە ڕووداوەکانی نەغەدە و هاتنی ئەرتەش، دۆستانمان شایەتی ئەوەیان داوە کە سەربازانی ئەرتەش ڕاستەوخۆ تەقەیان لە کورد نەکردووە و تانک و زرێپۆش لەبەردەستی کۆمیتەکاندا بووە و ئەوان سەرکردایەتیی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ناو شاری نەغەدەیان کردووە. دوای ئەم پێکدادانانە، پارێزگار و حکوومەت پێشنیاریان کرد کە بانگهێشتی ئەندامە چەکدارەکانمان بکەین بۆ ئەوەی لایەنی بەرامبەریش هەمان شت بکا و ئاگربەست بکرێت. ئێمە بە شایەتیی هەموو لایەک ئەمەمان کرد، بەڵام لایەنی بەرامبەر ئەمەی نەکرد و بەرەو لای ئێمە پێشڕەوی کرد و ماڵێکی زۆریان تاڵان و وێران کرد."

تاکوو ئەمڕۆش هیچ ئامارێکی دروست و وردی کوژراوانی شەڕی نەغەدە بڵاو نەکراوەتەوە و هیچ دەزگایەکیش بەدواداچوونی بۆ ئەو بابەتە نەکردووە. وەک وتم هەندێک ژمارەی کوژراوانیان ڕاگەیاندووە کە ٣٠٠ کەسە، هەندێک کەم یان زیاتر لەوەیان ڕایانگەیاندووە. کاتێک زانیاریی دروست لەبەردەستدا نەبێ، هەموو ئامارەکان بۆ مەبەستی سیاسی ڕادەگەیێنرێن و دەماودەم بڵاو دەکرێنەوە. شێوازی ئاماردانی شەڕی نەغەدە لەلایەن حکوومەتەوە لاگیرانەیە. ژمارەی کوژراوانی تورک بە ڕێکەوتی وردی مردنیان بە فەرمی ڕاگەیێندرا و بونیادی شەهیدیش (دەزگای شەهیدان) بە تێچووی خۆی ئەوانی خستۆتە لیستی شەهیدانەوە. هەروەها وێنەکانیان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەر بە سپای پاسداران، لە ژێر ناوی "شەهید لە سەر دەستی دژەئینقلاب" بڵاو کراوەتەوە.

هەموو ئەمانە ئەوە دەردەخەن کە شەڕی نەغەدە دوو تایبەتمەندی هەبووە: یەکێکیان سازوکار و میکانیزمی نکۆڵیکردنە، کە هەمیشە قۆستراوەتەوە و هەتا ئێستاش هیچ دەزگایەکی فەرمی و نافەرمی لێکۆڵینەوەی لەبارەی هۆکارەکانی هەڵگیرسانی شەڕی نەغەدە ئەنجام نەداوە و هیچ دامەزراوەیەک بەرپرسیارێتیی ئەم کارەساتەی لە ئەستۆ نەگرتووە. ئەوی تریان لایەنگریی ئەرزشییە (بەهاکانی ئینقلاب) کە بە ئاشکرا دەبینرێت. بەگوێرەی ئەو بەڵگانەی کە لەم بەشەدا هاتووە، سەرجەم میدیا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئاماری وردی گیانلەدەستدانی تورکەکانیان ڕاگەیاندووە، بەڵام هیچ ئامار و بەڵگەیەک لەبارەی کوژراوان و قوربانیانی کورد لە هیچ میدیایەکدا بڵاو نەکراوەتەوە. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بە کەڵکوەرگرتن لە میکانیزمی نکۆڵی و لاگیریی ئەرزشی (بەهاکانی ئینقلاب)، لایەنگری لە تورکەکان کرد و ئامانجە بنەڕەتییەکانی خۆی لە شەڕی نەغەدەدا ئاشکرا کرد.

لەم ساڵانەدا ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و میدیا حکوومییەکان قەتماغەی ئەم

برینـە کۆنەیـان هەڵکەنـد و کولاندیانـەوە. لـە لایـەک کـوژراوە کـوردەکان کە بەشـێکیان میوانی میتینگەکـە بوون و لە شـارەکانی دەوروبـەرەوە هاتبوون، تەرمەکانیان گەڕێنرانـەوە زێدی خۆیان، بـەڵام هەرگیـز ناویـان نەهـێنرا و لـە ترسـی حکوومـەت خێـرا بـە خـاک سـپێردران. لـە ڕاسـتیدا هـەر لـە سـەرەتاوە دەرەنجامەکانـی ئـەو ڕووداوە بووە هۆی ئەوەی کە لیسـتی کوردە کـوژراوەکان ئامـادە نەکـرێ و بنەماڵەکانیـان قەرەبـوو نەکرێنەوە.

ئەمـڕۆ بیـر لـەوە دەکەمەوە کـە ئەگەر خەڵـک جبەخانـە ناوەندییەکانـی وەکـوو ژاندارمەری و شـارەوانییان تاڵان نەکردایە، ئەگەری هەڵگیرسـانی ئەم شـەڕە خوێناوییانە کەمتر دەبوو. شـەڕی نەغـەدە شـەڕێکی کوێرانـە بـوو کە دەیتوانی ببێتە شـەڕێکی گەورەتـر. ئەگەر دەسـتێوەردانی ئەو هێزانـەی کـە لـە تـاران و ئیسـفەهانەوە نێردرابـوون (کـە زۆربەیان فارس بـوون و دەوترێ سـەر بە ئایەتوڵا تاڵەقانی بوون) نەبووایە و پێشـی شەڕەکەیان نەگرتایە، ئەوا کارەساتەکە دەگەیشتە گوند و ناوچەکانـی دیکـەش. پێـش شـەڕی نەغـەدە، تێکهەڵچوونەکـە لـە نێـوان لایەنە سیاسـییەکان و هێزەکانـی حکوومـەت بـوو، خەڵـک دەسـتوەردانی تێـدا نەدەکـرد، بـەڵام دوای ئـەو ڕووداوانـە، خەڵکـی تـووڕە و زیانلێکەوتـوو لە هەر دوو لا دەسـتیان کرد بە پاڵپشـتیکردنی لایەنەکەی خۆیان و سـەرەڕای تێپەڕینـی چـل سـاڵ لـەم ڕووداوە، هەتـا ئەمـڕۆش ئـەم ڕق و نارەزایەتییـە سـێبەری خسـتۆتە سـەر شـاری نەغـەدە و نـاو بـە ناو بلێسـە دەسـێنێ، ئـەم دۆخە ئاڵـۆزە هەرچییـەک بێ، ناتوانیـن داهاتوویەکـی باشـی بۆ لە بەرچـاو بگرین.

پێڵاوی منداڵانەی لە قوڕدا چەقیو

شـەڕ دانەدەمـرکا و بلێسـەکەی پریشـکەی بۆ گشـت لایەک دەخسـت. هەواڵ لـە ماڵی مەلا سـاڵەوە هـات کـە هەرچەنـدە هـەر دوو لا ڕێککەوتنـی ئاشـتییان واژۆ کـردووە، بـەڵام دەبـێ شـار چـۆڵ بکەیـن دەنـا دەکوژرێیـن، چونکە تانکـەکان بەرەو نەغەدە دێـن. هەواڵـەکان ناکۆک بوون، بڵیندگـۆی مزگەوتـەکان و ڕادیـۆی مەهابـاد هـەر جـارێ هەواڵێکیـان ڕادەگەیانـد کـە هەواڵەکـە یـان لەگـەڵ هەواڵەکـەی پێشـوو فەرقـی هەبـوو یـان تـرس و دڵەڕاوکێـی خەڵکیان زیاتـر دەکرد. لـە کۆتاییـدا بڕیار درا کە هەندێک کەسـی پیر و بەسـاڵاچوو بۆ پاراسـتنی ماڵەکانیـان بمێننەوە و پیاو و ژن و منداڵ شـار بەجێ بهێڵن. هەر لەسـەرەتاوە نەماندەزانی شـوێنی مەبەسـتمان کوێیە، بـەڵام دواجـار بڕیارمـان دا بچینـە ماڵی باپیـرەی دایکیم لە گوندی گرداشـەوان. کاتمان بۆ شـت پێچانـەوە نەبـوو و جگـە لە چەند چارەکەیەکی بچووکی جلوبەرگ نەبـێ هیچمان لەگەڵ خۆمان نەبـرد. ڕووداوەکان ئەوەنـدە خێـرا ڕوویـان دا کە هەمووان پەشـۆکا بووین.

لـە بەیانییەکـی بارانیـدا کـە هـەوری ڕەش بـەری ئاسمانـی گرتبـوو، بـەڕێ کەوتین. ئـەو ڕۆژە ئـاسمان تاریـک و تەمـاوی بـوو، ئەوەنـدە تاریک و تەماوی بوو کە هەتا ئێسـتاش حـەزم لە ڕۆژانی

بارانی نییە. هەرچەندە دەنگی تەقە کەم ببووەوە، بەڵام قەناس بەدەستەکان هێشتا لە سەرووی قەڵات بوون. دەبوو بەو کەلێنانەدا تێپەڕین کە پێشتر لە دیواری حەوشەکاندا هەڵکەماندبوو یان خۆمان بە دیواری کووچە و کۆڵانەکاندا بچەسپاندبایە و لە شار دەربچووبایە. شەڕی نەغەدە یەکێک لە ترسناکترین قۆناغەکانی ژیانم بوو. لەبەر ترس و پاراستنی گیان و ماڵ، کە لەو گرژی و نائارامییەی شاری نەغەدەدا ئیتر خاوەنی هیچیان نەبووین. هەرچەندە پێشتر لە سەروبەندی میتینگ و تەنانەت خۆپیشاندان و نائارامییەکانی بەردەم ژاندارمەری ئەم ترسەم بەئەزموون کردبوو، بەڵام شەڕی نەغەدە زۆر بڕسکبڕ بوو. وەک بڵێی دڵەڕاوکێی یەکەمم بوو ...[1].

بێ هیچ ئومێدێک و بە پێ، ملی جادە قوراوییەکانی لادێمان گرتە بەر. هەندێک کەس بێشکە بە کۆڵیانەوە بوو و هەندێکیشیان منداڵەکانیان لە باوەش گرتبوو. ئێمە گەورەساڵ بووین دەبا بە پێی خۆمان بڕۆشتباین و نان و کەلوپەلەکانمان هەڵبگرتایە. هەندێک لە ژنەکان چارەکەی نانیان پێچابۆوە و لەبەر پشتوێنەکەیان دایاننابوو. ئێمەش بڕێ پەنیری کوردی و ماست و کەشکمان پێ بوو.

ئێمە تەنیا نەبووین، بنەماڵەی مامم و چەند دراوسێیەکمان لەگەڵمان بوون. خزمەکانی ناو کاروانسەراکەش بە ڕێگای خۆیاندا ڕۆیشتبوون. بارودۆخی ئەوان خراپتر و مەترسیدارتر بوو. کاروانسەرا لە نزیک قەڵات بوو کە قەناس بەدەستەکان لەوێ بوون. ئەو کاروانسەرایە چەندین جار هێرشی کرایە سەر، چون چەند پێشمەرگەیەکی فەرمی لەوێ دەژیان؛ کەسانی وەکوو کاک مراد و جەسیم و مستەفا و فەتاح کە ئەندامی لاوانی حیزبی دێموکرات بوون و لە مەترسیدا بوون. وا دیارە دواتر یەک دوو کەسێک کە پەنایان بۆ کاروانسەرا بردبوو، ئەوانیش کوژران. هەر لەبەر ئەم هۆکارە هەندێک لە خزمەکان دوای هەڵاتن ئیتر نەگەڕانەوە بۆ کاروانسەراکەیان و بەشێک لە موڵک و ماڵی ئەوانیش لەناو چوو.

ئێمەش وەکوو زۆربەی کوردانی شاری نەغەدە سەرەتا چووینە گوندی باڵخچی کە نزیکی شاری نەغەدە بوو. ماڵی پووره مریەم لەو لای شاری نەغەدە بوو. ئەویش لە پێشدا ویستی لەگەڵ ئێمە بێ، بەڵام دواتر ماڵی خەزووری بڕیاریان دا بە بارهەڵگرێکی ئەرتەش

---

١ . ئێریک فرۆم، دەروونشیکار و کۆمەڵناس و ئەندامی قوتابخانەی ڕەخنەیی فرانکفۆرتی ئەڵمانیا، ترس و دڵەڕاوکێی سەرەتایی مرۆڤی بە دەرەنجامی ئەو جیابوونەوە سەرەتاییە دەزانێ کە کۆرپەلە لە کاتی هاتنە دەرەوە لە منداڵدانی دایکی و لە کاتی لەدایکبووندا بەئەزموونی دەکات. ئێریک فرۆم پێی وایە ئەم دڵەڕاوکێیە کێشەی وجوودیی مرۆڤە، کە ئەزموونەکانی دواتر بە دوای ئەودا دێن. ئەو ترس و دڵەڕاوکێیەی کە لە ڕووداوەکەی نەغەدە لە تافی منداڵیمدا تووشی بووم، وەکوو هەمان یەکەم دڵەڕاوکێ وایە. ئەزموونەکانی دواتری ژیانم کە لە قۆناغەکانی داهاتوودا بۆتان دەگێڕمەوە، بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەریی ئەم یەکەم دابڕانەیان لە سەرە. دڵەڕاوکێیەک کە کێشەی وجوودیی من و هەموو ئەو منداڵانەیە کە ئەو حاڵەتە ئازاربەخشانەیان بەسەر بردووە.

بچنـە مەهابـاد[١]. بارهەڵگرەکانی ئەرتەش و سـەدان جیپی سـەربازیی سـەربازخانەی مەهاباد بە دەسـت پێشـمەرگەکانی حیزبی دێموکراتەوە بوون کە لە دوای شـەڕی نەغەدە بۆ گواسـتنەوەی خەڵـک و پێشـمەرگە بـە کار دەهـێنران. پـوورە مریـەم دواتـر دەیگێـڕاوە کـە بەشـێک لـە هێـزە چەکـدارە کوردییـەکان کـە زۆربەیـان گەنـج و ڕادیـکاڵ بـوون، ڕێگەیـان لـێ گرتـوون و گوتوویانە نابـێ لـە شـاری دەربچن، دەنا شـاری نەغەدە دەکەوێ و تورک شـارەکە داگیـر دەکات. وتبوویان دەبـێ بمێنینـەوە و خۆڕاگـری بکەیـن و شکسـت نەهێنین.

لـە ڕوانگـەی خەڵکی ئاسـاییەوە، ئـەوان بـە ڕوانگەیەکی ئایدیۆلۆژیکـی و شۆڕشـگێرانەوە ئەو قسـانەیان دەکـرد و ئیمکانـات و کەرەسـتەکانیان بـە هیـچ شـێوەیەک هاوتـای گروپـی بەرامبـەر نەبـوو. هەندێـک لـە ئافرەتـان بـە پـوورە مریەمیشـەوە پێیـان وتبـوون: "دەتانهـەوێ بـە کـوشمان بـدەن؟ تانکـەکان لـە هەمـوو جێگایەکـی هـەن و وڵاتـێ وێـران دەکـەن، نەڕۆیـن... ئـەدی چـی بکەین؟ هەموومان تێدا دەچین". جگە لەمەش هێشتا هەواڵی ڕێککەوتنی ئاشتیی محەمەدیار نەگەیشـتبووە گوێی هەموو خەڵک. لەو سـەروبەندەدا دەسـتکەوتنی هەواڵ و زانیاریی دروسـت، ئەسـتەم بـوو. هـەم لەبـەر بەرژەوەندیی ڕێژیم و سیاسـییەکان بـازاڕی دەنگۆ گەرم بـوو و هەمیش ڕەنگـە لەبـەر لێکدانەوە و بیـر و بۆچوونـی زۆرەوە بێت.

ئـەو چەنـد کیلۆمەتـرەی نێـوان نەغـەدە و باڵخچـیمان لـێ ببـوو بـە هـەزاران کیلۆمەتـر. هەر دەڕۆشـتین و نەدەگەیشـتین. خەڵـک لـە هـەر شـوێنێک خزمێکیان شـک ببـا پەنایان بـۆ دەبرد. ئەوانـەی خزمەکانیـان تراکتۆریـان هەبـوو یـان دەسـتیان بەسـەر ئۆتۆمبێلـی ئەرتەشـدا گرتبـوو، دەهاتـن بـە دوایانـدا، بـەڵام کەس نەبوو ئێمە سـوار بـکات. تەنانەت بـاوک و مامیشـم لەگەڵمان نەبـوون، ئـەوان لـە نـاو چەکدارەکانی دەوروبـەری نەغەدەدا مابوونـەوە بۆ ئەوەی ئەگەر پێویسـت کـرا بگەڕێنـەوە بـۆ شـار یـان بـاشتر بـا بڵێیـن گەڕەکـە کوردنشـینەکەی نەغـەدە و بەرگـری لـە ماڵەکانیـان بکـەن، ئێسـتاش کـە ئـەوێ ڕۆژێم وەبیـر دێتـەوە، جەرگـم ژان دەکات.

گەیشـتینە باڵخچـی[٢]. لـە گرمـەی تانکـەکان دوور کەوتینـەوە. شـەوی یەکـەم یەکێـک لـە لادێییـەکان ئێمـەی بـردە ماڵەکـەی خـۆی. بێجگـە لە ئێمـە چەند بنەماڵـەی دیکـەش هەبوون. بـە ئاسـتەم قـاچمان لـە ژێر کورسـییەکەدا[٣] جـێ دەبـووەوە. ڕێگەیەکـی دوور و درێژمـان بڕیبوو و برسـی و هـیلاک بوویـن. لـە ڕیگادا داپیرەم لەبەر پشـتوێنەکەی نانـی دەرهێنا و لە گـەڵ پەنیردا

---

١ . ڕاپۆرتی وێنەیی ئاسۆشەیتد پرێس سەبارەت بە ئاوارەکانی نەغەدە لە کەمپی "خانە جوانان شیر و خورشید سرخ مهاباد" - ٦ تیرماه ١٣٥٨ - ٢٧ ژوئن ١٩٧٩ : https://www.instagram.com/naghadeh.history/reel/CrzGBS9oQob

٢ . باڵخچی وشەیەکی تورکییە و بە واتای ماسیگیرە.

٣ . (کورسـی) هەتـا ٤٠ سـاڵ لەمەوبـەر کـە گاز و .... نەبـوو، یەکێـک لە ئامێـرە گەرمکەرەوەکانی خەڵکی ئێران و کوردسـتان بووە، کە دوای کوژاندنەوەی تەنوور کورسـییەکیان دەخسـتە سـەری تەنوورەکە و بەڕەیەکیان لە سـەری دادەنا و پێیان دەوت بەڕەکورسـی و هەرچـی ئەندامانـی خێزانەکـە زیاتر بان، دەبا کورسـییەکە گەورەتـر بووایە و ڕەنگاوڕەنـگتر و پانتر با.

دەیکـردە بابۆڵـە و پێی دەداین، ئاگاداریـش بوو کە پەنیر و نانەکە خێرا تەواو نەبێت. نەماندەزانی دواڕۆژمـان چـی دەبـێ و گریمانەمـان بـۆ نەدەکـرا کـە چ چارەنووسـێک چـاوەڕێمان دەکات. ئەو شـەوە هەموومـان پێکـەوە لەگـەڵ داپیـرە و دایکـم و ئامۆژنە ئەسـمەرم بـەردەوام دوعامـان دەکرد کـە بـاوک و مامـم هیچیان لـێ نەیەت.

لـەو ماڵـەی کـە ئێمە لێـی بووین کـەسمان نەدەناسـی. هەموومان ئـاوارەی نەغـەدە بووین و تەنهـا بـۆ ئـەو شـەو داڵدەیـان دابووین، دەبـوو سـبەی دیسـان وەڕێ بکەوتاینـەوە. ئەو شـەوە کە مناڵەکانـی خـاوەن ماڵەکـەم بینـی دڵـم بـۆ خـۆم سـووتا کـە ئـەوان ماڵیـان هەیـە و ئێمـە نیمانـە. نەمدەزانـی ئەوانیـش سـبەی بەیانـی دەبـێ وەکـوو ئێمـە گوند بەجێبهێڵـن. بەیانی زوو هەواڵـی ئـەوە هـات کـە تانکـەکان گەیشـتوونەتە باڵخچـی و پێشـڕەوی دەکـەن. هەموومـان بارگـە و بنەمـان پێچـاوە و خۆمـان گەیانـدە دوو سـێ گونـد ئەولاتـر. لـە ڕێـگادا گـوێمان لـێ بـوو کە هەندێـک لە ژنەکان لەگـەڵ پیاوە چەکدارەکانـدا دەمەقڕێیان بـوو کە: "ئەم تفەنگانـەی سـەر شـانتان ئێمەی داماو و بێماڵ و حاڵ کـردووە" باوکم بە تفەنگەکەیـەوە دەهاتە بەر چاوم و لە خۆمم دەپرسی ئایا باوکم ئێمەی ئاوا داماو و قوڕبەسەر کردووە؟

● وێنەی ٥٣. تانکەکانی لەشکری ٦٤ی ورمێ لە نەغەدە، گوڵانی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩)

لـە ڕێگـەی لادێکانـدا ڕێـگا و بانـەکان هـەر قـوڕە سـوورە بـوو. ئـەم قـوڕە سـوورە ئەوەنـدە بـە پێڵاوەکانمانـەوە لکابـوو کـە نەماندەتوانی درێژە بـە ڕۆشتن بدەین. ناچار دەبووین پێڵاوەکانمان داکەنیـن و باقـی ڕێگاکـە بـە پێـی پەتـی بڕۆیـن. ئـەو قـوڕە سـوورە پـڕ بـوو لە پـێڵاوی بەجـێماو و ئەمـەش دەریدەخسـت کـە پێـش ئێمـەش کەسـانێک بە هەمـان ڕێـگادا ڕۆیشـتبوون. زۆر کەس وەکـوو ئێمـە نـەک هـەر پـێڵاو بەڵکـوو بەشـێک لـە ژیـان و ڕۆژە خۆشـەکانیان لـە نەغـەدە بەجـێ دەهێشـت و دەڕۆشتن.

شـەوی دووەم گەیشـتینە ماڵـی خزمەکەمـان. ئـەوان خزمـی باوکـم بـوون و لـە گوندێکـدا بە نـاوی شـاوەلە[1] دەژیـان کـە لـە بەرزاییەکانـی نێـوان پیرانشـار و نەغەدەدایـە. کە گەیشـتینە ئەم گونـدە، مـەزاجمان گـۆڕا. ئـەوان بە ڕێـز و کراوەییەوە پێشـوازییان لێکردیـن. دوای چەند ڕۆژێکی سـەخت و ناخـۆش خواردنـی گـەرممان خـوارد و لە پێخەفـی نەرمدا خەوتین. ئێمە خزمی پشـت بووین واتـە بنەماڵـەی باوباپیرانی باوکی، ئەوان نەوەی لقی ڕەسـووئاڵی و ئێمە حەمداڵی بووین.

١ . شـاوەلە دەکەوێتـە نـاو دۆڵێـک کـە لـەم گوندەوە بەرەو ڕۆژاوا دەسـت پێدەکا و لاجان و سـندووس لە یەکتر جیـا دەکاتەوە. شـاوەلە بـە کانیـاوی پـڕ لـە ئاو کـە دەکەوێتـە ناوەڕاسـتی گوندەکـە بەناوبانگە [سـینگت کانی شـاوەلەی؛ جێ ڕاوگـەی کیژ و کوڕانە].

لـە کۆمەڵـگای نەریتیـی ئـەو سـەردەمەدا، بنەماڵەی پشـتی (باوانی باوکـی) زۆر گرنگ بـوو. هەر بۆیـە هەمـوو شـتێک بـە یەکجـاری گـۆڕا و هەسـتی ئاوارەبوونمـان کەم بـووەوە. لـە ڕۆژانـی دواتر خێزانـی دیکـەش هاتن، لـە نێویاندا ئامۆزاکانی باوکـم. هەموو خێزانەکان لەو شـوێنە کۆ بوونەوە کـە زۆرتریـن پەیوەنـدی خزمایەتی و خوێنیـان لەگەڵ یـەکتردا هەبوو.

لـەو لاوە لـە گرداشـەوان هـەواڵ گەیشـتبووە بنەماڵـەی باپیـرم کـە خەڵکـی نەغـەدە لـە شـار هەڵاتـوون. نازانـم چـۆن زانییـان کـە ڕەنگـە ئێمـە هاتبێتیـن بۆ شـاوەلە، بۆیـە تراکتۆرێکیـان نارد بـە دواماندا. زۆری پێچـوو هەتـا خاڵـم و خزمەکەمـان ئێمەیـان دۆزییـەوە، ڕەنگـە دوو سـێ ڕۆژ یـان زیاتریـش. چونکـە دەبـا پەیتا پەیتـا ڕێگاکەیـان بگۆڕیبایـە. لەو سـەروبەندەدا دەنگـۆی ئەوە دەهـات کـە نابـێ بـەو ڕێـگادا بـڕۆن، دەنـا تـورک و پاسـدارەکان دەتانکـوژن، هەمـووان ڕێـگای خۆیـان دەگـۆڕی و بـە ڕێگایەکی دیکـەدا دەڕۆشتن. لە بیرمـە خاڵۆ عەلی کە شـۆفێریی دەزانی، لەگـەڵ خاڵـۆ قـادر و خاڵـۆ محەمـەد و کوڕەکانـی کاکـە حەمـەی مـام ڕەسـووڵ بـەدوای ئێمـەدا دەگـەڕان. تراکتۆرەکانیـان وەکـوو فریشـتەی ڕزگاری بـوون بـۆ ئێمـە. چەنـد خـۆش بـوو کـە لـە باوەشـیان گرتیـن و ماچیـان کردیـن. هەسـتێکی خـۆش بـوو کـە دەمانزانـی کـەس و کارێکمان هەیـە و لـە دۆخـی خراپـی ئاوارەبوونـدا نەماوینەتـەوە.

پێـشتر چەنـد جارێـک چووبوومـە گرداشـەوان، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی زۆر منـداڵ بـووم و زیاتـر لەگـەڵ بنەماڵـەی باوکـم دۆسـتایەتیمان هەبـوو، گرنگیـی بنەماڵەی دایکیـم فام نەکردبـوو. لەم قۆناغـەوە ڕۆڵـی بنەماڵـەی دایکـیمان زیاتـر بەرچـاو کـەوت و ژیانمـان بـۆ مـاوەی چەنـد سـاڵ و ڕەنگـە بۆ هەمیشـە گۆڕا. کە گەیشـتینە گرداشـەوان لە حەوشـە گەورەکەی ماڵـی باپیری دایکیم ژوورێکیـان پێدایـن. دوای ئـەو مـاوە کورتـەی کە لە پیرانشـار بووین، دوو سـاڵ و نیو لـەوێ ژیاین و هەرگیـز نەگەڕاینـەوە بـۆ نەغەدە.

با باسـی باوک و مامم بکەم. ئەوان و پیاو و پێشـمەرگەکانی دیکە لە پێشـدا لە گەڕەکەکەمان و دواتـر لـە دەوروبەری شـار خۆڕاگرییان کرد، بەڵام بە پێشـڕەویی تانکەکانی ناو شـار ناچار بوون پاشەکشـێ بکـەن و نەغـەدە بەجێبهێڵـن. چوونـە دەوروبـەری گوندی قارنـێ و دواتـر بڕیاریان دا شـارەکە بەجێبهێڵـن، چـون ئەرتەش هەموو شـوێنێکی داگیر کردبـوو. بڕیار بـوو موجاهیدەکانی تاڵەقانـی و یاریدەدەرەکانیـان ڕۆژی دواتـر بگەنـە نەغـەدە[1] و دۆخەکـە بگۆڕێـت. هەرچەنـدە قبوڵکردنـی قـورس بـوو بۆیـان، بـەڵام مەرجەکانـی ئاشـتی ئـەوە بـوو کـە ئەندامانـی هـەر دوو لا بـە چەکەکانیانیـەوە شـار بەجێبهێڵـن. زۆربـەی تورکـەکان شـاریان بەجێ نەهێشـت و هـەر بۆیە کوردەکانـی نەغـەدە لـە خەمـی ماڵـی خۆیانـدا بـوون. ئێمـە لەبـەر ئـەوەی دراوسـێی مەلا سـاڵە

---

١. ڕۆژنامـەی اطلاعـات، سـە شـنبە چهـارم اردیبهشـت سـال ١٣٥٨، شماره ١٥٨٣٧. «دعـوت آیـت اللـه طالقانـی از مردم نقـده»، ل ٢.

بووین، شانسی ئەوەمان هەبوو کە هەتا ئەو کاتەی مەلا ساڵە لە شار بوو، ماڵەکەمان تاڵان نەکرێت. ناوبراو لەگەڵ بنەماڵەکەی و چەند چەکدارێک لە شارەکەدا ماوە و وتی: "ئەگەر پێشنوێژی جومعەی کورد شار بەجێبهێڵێ، چیتر کورد ناوێرێ بگەڕێتەوە بۆ شارەکە و ماڵی خەڵک لە گەڕەکە کوردنشینەکان زیاتر تاڵان دەکرێت".

هەڵبەت مەلا ساڵەیش ژیانێکی سەختی تێپەڕاند. دوای داماڵینی چەک، بۆ ماوەیەک لە ماڵەکەی خۆیدا زیندانی کرا و کۆمەڵێک هێزی چەکدار لە بەردەم ماڵەکەی بوون و پاسەوانێک لە ناو ماڵەکەیدا دەستنیشان کرابوو. لە ناکاو لە هەواڵە نیشتمانییەکانی ئێراندا ناوی مەلا ساڵە وەک دژە ئینقلاب ڕاگەیێندرا کە لە ئەدەبیاتی ئەو سەردەمەدا تەنها یەک مانای هەبوو؛ ئەو کەسەی لە کۆتاییدا دەکەوێتە بەردەست خەڵخاڵی و هاوشێوەکانی! لە ڕۆژی جەژنی ڕەمەزاندا، مەلا ساڵە پەیوەندی بە ئیبراهیم موحەڕەڕەوە کرد کە دەسەڵاتداری شارەکە بوو، مەلا ساڵە بەرامبەر بە بوونی ئەفسەرێکی چەکدار لە ناو ژن و منداڵەکەی لە ڕۆژی جەژندا نارەزایەتی دەربڕی. موحەڕەڕ بۆ ماوەیەکی کاتی فەرمانی بە پاسەوانەکە کرد کە لە ماڵەکەی مەلا ساڵە بێتە دەرەوە. مەلاش ئەو دەرفەتەی بەکار هێنا و شەو لە سەربانی ماڵەکەی خۆیەوە هەڵات و سواری ئەسپێک بوو و چوو بۆ گوندی شاوەلە و پاشان چوو بۆ مەهاباد کە هێشتا لە ژێر ڕکێفی هێزە کوردییەکان بوو. دواجار دوای ماوەیەک ژیانکردن لە میراوەی سەردەشت لەسەر بانگهێشتی پێشنوێژی هەینیی شاری سلێمانی چووە کوردستانی باشوور (هەرێمی کوردستانی ئێستا) کە ئەوکاتە لە بندەستی حکوومەتی بەعسدا بوو و هەتا دواساتی ژیانی واتە هەتا ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی (١٩٨٣ ز) لەوێ ماوە و پاش مەرگی، زۆربەی ئەندامانی خێزانەکەی ڕۆیشتن بەرەو ئەوروپا.

چەند ڕۆژ دوای شەڕی نەغەدە، ژمارەی کوژراوان زیاتر ڕوون بووەوە. لە هەر دوو لا بە کورد و تورک و پیاوانی سڤیل و ژنان و تەنانەت مێرمنداڵ و منداڵیش کوژرا بوون و هەندێکیش لە ماڵەکانی خۆیاندا بەو پەڕی بێبەزەییەوە لە خوێندا گەوزێنران. هەر دوو لایەنی شەڕەکە کە خەڵکی سڤیلیان بە بارمتە گرتبوو بە نێوەندگیریی هێزەکانی تاڵەقانی و پیاوماقوڵانی ناوچەکە ئاڵوگۆڕیان بە بارمتەکانی خۆیان دەکرد. لە کاتی چۆڵکردنی شارەکەدا بەشێک لە دانیشتووانی زۆرینە کورد کە زۆربەیان پیرەژن و پیرەمێرد بوون، ئاڵایەکی سپییان لەبەردەم ماڵەکانیان هەڵواسیبوو و بۆ پاراستنی ماڵ و حاڵی خۆیان لە شارەکەدا مانەوە، پێیان وابوو کەس بە هۆی تەمەنیانەوە بە لایاندا ناچێت. دوای ئەوەی خەڵکەکە هەڵاتن، سەرەڕای ئەوەی کە ڕێککەوتنی ئاشتی واژۆ کرابوو، هێزە چەکدارەکان ڕژانە ناو ماڵەکانەوە و چەند کەسی بەساڵاچوویان کوشت و ئەوانی دیکەیان بە بارمتە گرت و بردیانن بۆ هۆڵی شارەوانیی نەغەدە. دایکی یەکێک لە خزمە نزیکەکانمان کە بە حاجی تەها یەکاو ناسراوە، لە نێو ئەو بارمتانەدا بوو و دوای هەشت ڕۆژ لە ئاڵوگۆڕێکدا لەگەڵ بارمتەیەکی تورک ئازاد کراوە.

ڕوخساری تری ژیان

گرداشـەوان ... ژیانـی نـوێمان لێـرەوە دەسـتی پێکـرد، لـە پەنای هەمـان ئەو زنجیـرە کێوەی کـە دایکـم لەگەڵ باوکـم ڕەدوو کەوتبوو. وەک شـتێ هەموو جارێک لەم زنجیرە شـاخەوە ژیانیان دەسـتی پێدەکـرد، ئەویـش بـە هەڵهاتـن. جارێکیـان بـە ڕاکـردن لـە گرداشـەوانەوە بـۆ نەغـەدە بـۆ ئـەوەی هێلانـەی خۆشەویسـتییان پێکـەوە دروسـت بکـەن و جارێکـی دیکـەش هەڵاتـن لـە نەغـەدە بـۆ گرداشـەوان بـۆ ئـەوەی پەناگەیەکـی سـەلامەتیان هەبێـت. بـەڵام ئەمجارەیـان تەنها خۆیـان دوو کـەس نەبـوون، ئێمەی منداڵ و داپیرە و ماڵی مامیشـم لەگەڵیـان بووین. هەموومان لـە سـووچێکی ماڵـی باپیـرم واتـە مینەقـازی لـە گونـد نیشـتەجێ بووین و لاپەڕەیەکـی نـوێ لە ژیانمـان هەڵداوە.

دیـارە ژینگـەی گرداشـەوان لەگـەڵ شـار فەرقـی هەبـوو. تـەواوی خەڵکـی ئـەو دێیـە سـەد ماڵیـش نەدەبـوون و لـە خانـووی گڵێنەییـدا دەژیـان. لـە هەنـدێ لـە ماڵانـدا دیوەخانـی لێ بوو کـە ژووری گـەورەی تایبـەت بـە میـوان بـوو. باپیـرم، کاک محەمـەدی مـام ڕەسـووڵ و حاجـی سـەعید لـە دەوڵەمەندەکانـی ناو دێ بوون و دیوەخانـی ماڵەکانیان گەورە بوو، شـەوانە هەندێک جـار خەڵـک لـە دەوری یـەکتر کـۆ دەبوونەوە و قسـەیان دەکـرد. بوونـی دیوەخـان دەوڵەمەندیی خاوەنماڵی پیشـان دەدا و شـوێنی کات بەسـەربردن و ڕاوێژ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا سـەبارەت بە بڕیارە گـەورەکان بوو.

هیـچ شـوێنێ قیرتـاو نەکرابـوو و باسـی تەلەڤیزیـۆن هەر لە ئـارادا نەبـوو، کە ئەمـە دەریدەخا کارەبـاش لـە گۆڕێـدا نەبـووە. شـەوانە دەبـوو بـە فانۆسـەوە هاتوچۆمـان بکردایـە و تەوالێتیش کە ئـەوە ئیـدی گۆڵمـەزی خـۆی هەبـوو. توالێـت لـە ماڵـەوە دوور بـوو و تاکـە ڕووناکیـش فانۆسـێک بـوو. لـەو شـەوەزەنگەدا لوورەی سـەگ خاتیمەی نەبـوو و لەگـەڵ دەرکەوتنی یەکـەم گزنگی ڕۆژ قووقەی کەڵەشـێر مێشـکی سـەری کابرای دەبرد. بەیانان بە دەنگی قووقەی کەڵەشـێر و دەنگە دەنگـی شـوانەکان لـە خـەو ڕادەپەڕیـن کـە بەیانـان دەمـەو کاتژمێـر ٥ بـۆ ٦ی بەیانـی مانـگا و گامێشـیان دەبـرد بـۆ لەوەڕانـدن. مـاڵ بەشـی جیاجیـای هەبـوو، لـە کادێنـەوە بگرە هەتـا ماڵی خاڵـۆ قـادر - کـە هـاوکات مێـردی پووریشـم بـوو - و ڕووبەرێکـی بەرفـراوان و بـاغ و باخچـەی لای ڕووبـار. باپیـرم زەوییەکانـی زیاتـر تەخـت و پارچـە پارچـە بـوون، و لەو ڕۆژانـەدا لە ناو ئـەم خانووە گـەورەدا ژوورێکـی بچووکیـان پێـدا بووین.

ئـەم گۆڕانکارییانـە بـۆ ئێمـە قـورس و هەندێـک جاریـش تاقەتپڕووکێنـەر بـوون. ناچـار بووین خـوو و شـێوازی ژیانمـان بگۆڕیـن و ژیانـی نـوێمان قبـوڵ بکەیـن. ژیانـی گوندنشـینی لـە ڕووی تەندروسـتییەوە سـەختیی خـۆی هەبـوو. ئـاژەڵ و مێشـوولە پێمانیانـەوە دەدا و سـەیرتر ئـەوە بوو زیاتـر چزەیـان لـە ئێمەی تازەهاتوو هەڵدەسـتاند. باپیرم دەیگوت خوێنی ئێوەیان پێ شـیرینترە!

وەک شتێ خوێنی خەڵکی ناو دێ ئیتر بۆیان ئاسایی ببوو و پێویستیان بە خوێنی هەمەجۆر هەبوو! یان ڕەنگە خەڵکی گوندەکە بە پێوەدانی ئەو مێشوولانە و چزەیان ڕاهاتبوون و گلەییان لە ڕەفتاری ناحەزی ئەو مێشووڵە و حەمحەمە نەبوو. ئێمەی تازەهاتووان بەردەوام خۆمان هەڵدەکراند و هەندێک جار پێخەفەکانمان بە مێرووکوژ دەڕشاند، بەڵام هەتا چەند ڕۆژ لە ناوپێخەفدا هەڵدەپڕووکایین! ئیتر با باسی بۆنی باڵنجی ژاراوی نەکەم کە چۆن بە پەندی کردین.

من حەزم لەم جۆرە ژیانە نەبوو، ژینگەی گوند بچووک بوو و وەڕەزی دەکردم. لە ناو حەوشەکەدا بۆنی شیاکە و پیسایی ئاژەڵان قڕی کردبووین. بەیانیان کاتێک مانگاکان تەشریفیان دەچوو بۆ لەوەڕاندن لە پێشدا خۆیان لە ناو حەوشەکەدا بەتاڵ دەکردەوە. پاشان، خاڵۆژنەکانم بە شۆفڵ و هەندێک جاریش بە دەست ئەم پیساییەیان کۆ دەکردەوە و دەیانخستە ناو سەوەتە یان عەرەبانە و دەیانبردە دەرەوە و دەوەیان پێ دروست دەکرد و لەبەر خۆر دایاندەنا هەتا وشک دەبووەوە. پیسایی ئاژەڵان کە بە هۆی سمی ئاژەڵەکانەوە پێشێل دەکرا و ڕەق دەبوو پێیان دەوت وردەشیاکە کە بە پێمەڕە (شۆفڵ) هەڵیاندەکەند و لەگەڵ تەپاڵە بۆ نانپێژان دەیانکردە ناو تەنوور. ئەم ڕووداوانە کە هەموو ڕۆژێکی هەفتە و هەموو بەرەبەیانێک دووبارە دەبوونەوە، بەشە هەرەناخۆشەکەی ژیانی لادێ بوو، هەڵبەت بەشی بەتام و بۆنخۆشیشی هەبوو. چەند سەعاتێک دوای ئەنجامدانی ئەم کار و فرمانانە، داپیرە و یەک یان دوو لە ژنەکان لە تەنیشت تەنوورەکە دادەنیشتن و نانیان دەکرد. بۆنی خۆشی نان ئەم سەر تا ئەو سەری ماڵەکەی دەتەنی و منێک کە بە لەخەوهەستانی زۆرەملێ و زوو بێتاقەت دەبووم، بە بۆنی خۆشی نان کەیفم ساز دەبووەوە. هێشتا بۆنی خۆشی ئەو نانەی کە نەنکم دەیکرد لە لووتمدایە و ڕەنگە پێتان سەیر بێ من غەریبیی ڕۆژانێک دەکەم کە بیرەوەریی خۆشم لێی نییە!

خۆشییەکانی ئەو سەردەمە کەم نەبوون، بەڵام ئێستا و لەم تەمەنەدا دەتوانم بیاندۆزمەوە. جگە لە بۆنی نانی تازە، گا لەوەڕاندن لەگەڵ خاڵۆزاکەم چێژێک بوو کە زۆری خایاند هەتا توانیم لێی تێبگەم. خوار ئاوایی بە مەودایەکی کەمەوە، ڕووباری زێی بچووکی لێیە. خەڵکی دەڤەرەکە پێی دەڵێن لاوێن و بە لادێکانی لای ڕووباریان دەوت سەرچۆم. ڕووبارەکە چەند گۆمێکی هەبوو کە لە هاویناندا شوێنی کۆبوونەوەی من و فەتاح بوون. مانگا و گامێشەکان لە ناو ئاوەکەدا پاڵیان دەداوە و ئێمەش لە قووڵایی "قومی گاڕان" کە بەناوبانگیش بوو گەمەئاومان دەکرد. لەگەڵ فەتاحی خاڵۆزام شەڕی سەیر و سەمەرمان دەکرد. فەتاح دوو ساڵ لە من گەورەتر بوو. بە پێچەوانەی داب و نەریتی ئەو سەردەمە، دایکی فەتاح کە لە خێڵی مەنگوورڕ بوو، زوو تەڵاقی وەرگرت و لەگەڵ پیاوێکی دیکە هەر لەو دەوروبەرە هاوسەرگیری کرد.

جگە لە سەختییە باوەکانی ژیانی لادێ، کێشەی دیکەشم هەبوو. منداڵەکان هەتا

ماوەیەکـی زۆر پێیـان دەگوتـم "ئاوارە"؛ ئەم ناوە هـەم بەزەیی ئەوانی دیکـەی دەبزواند و هەمیش ئـەو هەسـتەی لە منـدا دەوروژاند کە ئێمە چەنـد داماوین و لە ماڵ و شـاری خۆمان هەڵبڕاوین. ئـەم وشـەی "ئـاوارە"' زۆر دڵمی دەئێشـاند. چـون هەموو ئەو ناخۆشـیانەی کە بەسـەرمان هاتبوو لـە یـەک چرکـەدا وەبیرمـی دەهێنـاوە. چەنـد سـاڵ دواتـر ئـەو ئاوارانـەی کـە بـە هـۆی جەنگـی کوێتـەوە[1] لـە باشـووری کوردسـتانەوە ئاودیـوی ئێـران ببـوون و دواتریـش لەگـەڵ کۆچبـەرە ئەفغانییـەکان هاوسـۆزیم دەکـرد و بـاش دەمزانـی ئێسـتا لـە چ بارودۆخێکـدان.

مـن ڕووداڵەتیشـم لـە منداڵانـی دیکـە نەدەچـوو. قـژکاڵ، سـپی و کـوڕە شـاری و خۆمـم لـە منداڵانـی دیکەی لادێ پێ سـەرتر بـوو. لەم خۆبەزلزانییە منداڵانەیە مەترسـن، چون منداڵەکان تۆڵەیـان لـێ دەکردەمـەوە. یارییـان لەگەڵـم نەدەکـرد و چۆنیـان پـێ خـۆش بایـە چزەیـان لێـم هەڵدەسـتاند و هاوڕێیەتییـان نەدەکـردم. ئـیتر خەمـی تەنیایـی و بێکەسـیش هاتە سـەری. ئەم کێشـە هـەر زوو بـە هۆی شـێوازی ژیانی گوندنشـینییەوە چارەسـەر کـرا. وەکوو ئەوانـم لـێ هات، پێسـتم لەبـەر خـۆر سـووتا بـوو و جلوبـەرگ و پێڵاوەکانـم شـڕودڕ بوون و منیـش وەکـوو ئەوانی تر ناچار بووم هەرچی لەبەر دەست بوو بیکەمە پێم و بچم یاری بکەم.

● وێنەی ٥٤. من لە سەروبەندەی ئاوارەیی، ١٣٦٢ی هەتاوی (١٩٨٤)

یەکێـک لـە ڕووداوە دیارەکانـی ئـەو سـەردەمە بینینی ڕووخسـاری باوکم بـوو. لاوازیـی لە لایـەک و خەم و تووڕەییەکەشـی لە لایەکـی دی. کارەکەی لەدەسـت دابـوو و گۆشـەگیر ببـوو. هەندێـک جـار لەگـەڵ پیاوانـی دیکـەی خـزم و کـەس کـە ئەوانیـش ئـاوارەی خەڵکـی نەغەدە بـوون، دەچوونە سـەر گردەکـەی بەرامبـەر دێ و پەیتـا پەیتا جگەرەیان دەکێشـا. ئـەو ڕۆژانە کەس دڵـی خـۆش نەبـوو. مەحبووبـە و تەبیبە لە مـن و ڕەسـووڵ زۆر وەڕەزتر بوون و ڕۆژانێکـی فرە سـەختمان بەسـەر بـرد. داپیـرەی باوکیم واتە ئامین هەسـتی بـە بارگرانـی دەکرد و شـەرمی دەکرد و دایکیشـم لـە ماڵی باوکیـدا بوو زیاتر کاری ماڵـەوەی دەکـرد بـۆ ئـەوەی ئێمـەش لـە کاروبـاری ماڵەکـەدا ڕۆڵمان هەبێـت. هەڵبـەت دایکـم نـازداری باوکی خۆی بـوو و هەمـوو ئاگایان لێمان

١. لـە ٢ی ئابـی ١٩٩٠ هێـزە عێراقییـەکان بـە فەرماندەیـی سـەدام حسـێن هێرشـیان کردە سـەر وڵاتی کوێت و شـەڕیان لە دژی ئـەم وڵاتـە ڕاگەیانـد و نیـازی داگیرکردنـی ئـەو وڵاتەیـان لـە مێشـکدا بـوو. ئـەم بابەتـە بـووە هـۆی کوژرانی دەیـان هەزار کـەس و لەگـەڵ ئەوەشـدا زیانـی دارایـی زۆری لێکەوتـەوە. هەروەها بـووە هۆی ئەوەی کـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتی و جیهانی عـەرەب بـۆ کۆنترۆڵکردنـی قەیرانـی نێـوان هـەر دوو وڵاتـی دراوسـێ بێنە سـەر خـەت و ئەمـەش قەیرانەکـەی قووڵتر کـردەوە. لـە کۆتاییـدا لـە ٢٧ی شـوباتی ١٩٩١ جـۆرج بووشـی باوک سـەرۆک کۆماری ئەوسـای ئەمریکا بـە فەرمی کۆتاییهاتنی شـەڕ و ئازادکردنـی کوێتـی ڕاگەیانـد. ئـەم مـاوە زەمەنییـە بـە یەکێـک لـە سـەختترین قۆناغەکانـی مێـژووی وڵاتانـی عەرەبـی نـاو دەبرێـت. لـەو شـەڕەدا هێزەکانـی عێـراق ٨٠٠ بیـرە نەوتـی کوێتیـان کـردە ئامانـج و لەناویـان بـرد. (اصغـر جعفـری ولدانی و نیلوفـر حق‌شـناس کاشـانی، «اختلافـات مـرزی و ارضی بیـن دولتهای خلیج فـارس و تأثیر آن بر امنیت منطقـه»، در مجموعه مقـالات سـومین سـمینار بررسـی مسـائل خلیج فـارس، بهمـن مـاه ١٣٦٩. تهـران: وزارت امورخارجـه، ١٣٧٢. ل ٩٣.

بـوو، بـەڵام لـە دۆخێکـی وادا سروشـتی بوو کـە گەورەسـاڵەکان بێتاقەت بـن و شـەرمیان دەکرد. سـەرەڕای هەمـوو ئەمانـە، لە دۆخێک ڕزگارمـان ببوو و گوند بە هەموو سـەختییەکانییەوە بۆ ئێمە پەناگەیەکـی ئـارام و هێمن بوو.

لێگەڕێین با گەشـتێک بە ناو گوندەکەدا بکەین. شـەڕی ناوخۆی ناوچەکە گەیشـتبووە لوتکە و هەمـوو جـۆرە هێزێکـی سـەربازی لە جووڵەدا بوون. کاروانی پێشـمەرگە لە لایـەک و ئۆتۆمبێلی سـەربازیی حکوومـەت لـە لایەکی تـر. لەو ڕۆژانـەدا پێشـمەرگەیەکی زۆرمان دەبینـی، کە خزم و ناسـیاو و نامۆشـی تێـدا بـوون. نانیان دەخـوارد و دەڕۆشتن، کاتێکیش لە ناوماندا بـوون بەردەوام باسـی شـەڕ و ململانێکانیان دەکرد. سـەبارەت بە شـەڕی ناوخۆ و پێکدادانەکان زۆرمان بیستبوو و بـەم شـێوە هەواڵـی دەرەجە یەک دەگەیشـتە گوێمان. دەیانگوت بڕیـارە ناوچەکە پاکتاو بکرێ، بـەڵام ئێمـە نەماندەزانـی پاکتاوکردن چییە و لە چـی پاکتاو دەکرێت.

هەتـا سـاڵانێکی زۆر لـە گونـد تەلەڤیزیـۆن نەبـوو و هەواڵـی ڕۆژانـە تەنهـا لـە ڕێگـەی ڕادیـۆ و قسـەی زارەکییەوە دەگوازراوە. گوێ هەڵخستن بۆ قسـەی پێشـمەرگە دڵەڕاوکێیەکی زۆری تێدا بـوو. ئـەو دڵەڕاوکێیـەی کـە بۆ ئێمەی لـە جەنگڕاکردوو ناخۆشتر بـوو و زیاتر بێتاقەتـی دەکردین. نیگـەران بـووم کـە نـەکا گرداشـەوانیش بـە دەردی نەغـەدەوە بچـێ. بـاری قورسـی ئەم گـرژی و نائارامییانـە زیاتریـن قورسـایی لە سـەر شـانی ئێمەی منـداڵ بوو.

گەڕانەوە بۆ ژیانی شاری

بەشـێک لـە خەڵکـی نەغـەدە بـە ئیسـکۆرتی موجاهیـدە چەکدارەکانـی سـەر بـە ئایەتـوڵڵا تاڵەقانـی چوونـە سـەر مـاڵ و حاڵـی خۆیـان بـۆ ئـەوەی بزانـن بارودۆخەکـە چۆنە. مامـە ئەحمەد و مامـە قـادری ئامۆزاشـی هەمـان کاریـان کـرد. لـە گرداشـەوانەوە بە پـێ چوونە گونـدی گەڵوان نزیـک نەغـەدە و بـۆ مـاوەی کاتژمێرێـک لەگـەڵ موجاهیـدەکان چوونـە نـاو شـاری نەغـەدەوە. کـە گەڕانـەوە مامـم بـە باوکمـی وت: "کاکـە خـۆ هیـچ نەمـاوە! دەرگای ماڵەکانیـان شـکاندووە و خەڵکیـان ڕووتاندووەتـەوە. مـاڵ هەیـە تەنها گسـکێک و خاکەنازێکـی لێ بە جێ مـاوە ..." مامم دەیگێـڕاوە کـە نـەوت و گازۆڵیـان بە سـەر خواردەمەنییەکاندا ڕشـتووە و کەلوپەلـی ناوماڵیان یان دزیـوە یـان شـکاندووە. ئـەو و مامـە قـادر دەیانگـوت خەڵکەکەیـان دەبـردە سـەر قەڵاتـی شـار بۆ ئەوەی لە مزگەوتی شـێعەکاندا بەدوای کەلوپەلەکانیاندا بگەڕێن. بە سـەدان فەرشـی دەسـتیی کوردییـان لـە سـەر یەک کەڵەکـە کردبوو و خەڵکەکە لـە هەوڵی دۆزینەوەی فەرشـەکانیان بوون. ئەمـە بەشـێک لـە شـتومەکی خەڵـک بـوو کـە موجاهیدانـی تاڵەقانـی توانیبوویـان بیدۆزنـەوە و دەسـتی بە سـەردا بگـرن. زۆر شـتی تـر هەرگیـز نەدۆزرانەوە.

مامـم باسـی وێرانبوونـی شـارەکەی دەکـرد، باوکـم و پیاوانی تری تایفە باسـیان لـەوە دەکرد

کـە کار و کاسـپیان پەکـی کەوتـووە. ئـەوان لە ئامـول و بابـول بازرگانییـان دەکرد، بـەڵام لەگەڵ ئەوانـەی کرِیـن و فرۆشـتنیان دەکرد تووشـی قرِە هاتن و سـەرمایەکەیان لەدەسـت چـوو. رِێگای رِۆشتن بـۆ ئەوێـش گیرابـوو و بۆ ئەوە نەدەبوو ژیانیان بخەنە مەترسـییەوە. ئێمە هەموو شـتێکمان لەدەسـت دابـوو. تەنهـا خانووەکەمـان لـە نەغەدە بـوو کە لـەو دۆخەدا بـە کار نەدەهات.

دوای ماوەیـەک دایکـم پێـی گوتیـن بـا بچینـەوە بـۆ نەغـەدە و هەرچـی لـە کەلوپەلەکانمـان مـاوە بیهێنینـەوە. دایکـم ئەوەنـدە پێداگـری کـرد هەتـا خاڵـە عەلـی تراکتۆرەکـەی هـەڵ کـرد و وەرِێ کەوتـن. دایکـم ژنێکـی بەجـەرگ و ئازا بوو، هەندێـک لەو خزمانەی کە لـە ماڵە گەورەکەی کاک محەمـەدی مـام رِەسـووڵدا نیشـتەجێ ببـوون، بـەرِێ کەوتن بـۆ ئـەوەی کەلوپەلەکانیان لە کاروانسـەراوە بگوازنـەوە بـۆ گرداشـەوان. بە ئیسـکۆرتی موجاهدینـی تاڵەقانی، چوونە ناو شـاری نەغـەدە و لـە مـاوەی چەنـد کاتژمێرێکدا، ئەوەی مابوو کە دیارە شـتێکی وا نەمابوو، خسـتیانە ناو تراکتۆرەکـە و بـە شـەودا گەرِانەوە بۆ گرداشـەوان.

ماوەیـەک لـە هاتنە نـاو لادێمان تێپەرِیبوو، بەڵام هەموو ئەندامانـی خێزانەکە هاودەنگ بوون کـە چـیتر بەرگـەی ژیانـی نـاو ئـەو ژوورە بچووکانـە ناگـرن. بڕیاریـان دا جارێکی تر کـۆچ بکەنەوە و ئەمجارەیـان بچنـە نزیکتریـن شـار، واتـە پیرانشـار. خەڵکـی ناوچەکـە بـەم شـارەیان دەوت: "خانـێ". لـەو سـەردەمەدا پیرانشـار لـە ژێـر دەسـەڵاتی حیزبـی دێموکراتـدا بـوو و مەحبووبـەی خوشـکم و مەعسـوومەی کچـی مامەقـادر هەندێـک جـار بـۆ تاقیکردنـەوە دەچوونـە ئـەم شـارە. حیـزب پیرانشـاری ئـاوەدان کردبـۆوە، سـنووری عێـراق کـراوە بـوو و هەمـوو جـۆرە کەلوپەلێـک لەوێـوە دەچـووە شـارەکانی دیکـەی ئێران.

مـام حـەوڵا و براکانـی واتـە محەمەدئەمیـن و قـادر، باوکم و مامـە ئەحمەد، هەموویـان چوونە پیرانشـار و خانوویەکیـان بەکـرێ گـرت. خانـووە تازەکەمـان لـە نزیـک مەیدانـی ئـازادی بـوو کە ئێسـتا ناوەنـدی شـارەکەیە. باوکم و ئامۆزاکـەی - مامە محەمەدئەمین - مینیپاسـێکی زەردیان بە قەرزوقۆڵـە کـرِی و لەبـەر ئـەوەی هیچ کامیان شـۆفێرییان نەدەزانـی، داوایان لـە خزمێک کرد بۆ ئەوەی لەگەڵیاندا مسافرکێشـی بکا و هەر یەکەیان پشـکی خۆیان وەردەگرت. بەشـە خۆشەکەی ئـەوە بـوو کـە کاتێک شـۆفێر ئێوارە بـۆ پاککردنـەوە و وەسـتاندنی ئۆتۆمبێلەکە دەهاتـەوە، ئێمەی منداڵـەکان سـوار دەبووین و داوامـان دەکرد بـە ناو شـاردا بمانگەرِێنێت.

قوتابخانـە هێنـدەی نەمابـوو کـە دابخـرێ کـە بـۆ قوتابخانـە ناونووسـیان کردیـن. ماوەیـەک چوومـە قوتابخانـەی محەمـەد قـادری و چـی لـە وانەکانـی یەکەمـی سـەرەتایی مابـوو فێـر بووم. دوای هەمـوو ئـەو کارەسـات و رِووداوانەی کە کەوتەوە، بەرِاسـتی رِاهاتن لەگەڵ قوتابخانەی نوێ قـورس بـوو، هەرچەنـدە کتێبـەکان نەگۆرِابـوون، بـەڵام سیسـتەمی قوتابخانـە گۆرِابـوو و هیچ لە وێنەکانی شـا و بنەماڵەکەی و یان سرووودی بەیانان، یان خواردن و شـیری چێشـتەنگاو لە ئارادا نەبـوو. مـن کەسـم نەدەناسـی و لێـرەش وەک گونـد وا بـوو، رِەفتـاری منداڵـەکان بەرامبـەر بـە

ئێمەی ئاوارەکانی شەڕ خراپ بوو.

دوای ماوەیەک چووینە ماڵێک لە شەقامی مەلارەزا. لەم خانووە بچووکە چەند یادگارییەکم هەیە. من هەر لێرە سوورێژەم گرت. چەند ڕۆژێک منیان خەواند و کۆتاڵێکی سووریان پێدادام. ئەم باوەڕە هەبوو کە سوورێژە[1] ئەگەر ڕەنگی سوور ببینێ هێور دەبێ و زووتریش چاک دەبێتەوە. ڕۆژێکی دیکەشم لە بیرە، باوکم کەواپاتۆڵی کردە بەرمان و ئاغابانۆیەکی - کە زیاتر پێشمەرگە بەکاری دەهێنا - کردە سەر تەبیبە بۆ ئەوەی یەکەم وێنەی گشتیمان لە وێنەگریی ئەم شەقامە بگرین. زۆرمان پێخۆش بوو و گرتنی یەکەم وێنەی بەکۆمەڵ بۆ ئێمە زۆر شیرین و ورووژێنەر بوو.

● وێنەی ٥٥. لە لای ڕاستەوە: تەبیبە، مەحبووبە، ڕەسووڵ، دانیشتوو من، پیرانشار، پاییزی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩)

خاڵێکی گرنگی دیکە ئەوە بوو کە پیاوانی خزم و کەس پێیان خۆش بوو کە پێکەوە بژین هەر بۆیە هەموومان لە یەک شەقام و گەڕەکدا خانوومان بەکرێ گرت. مەحبووبە و کچە خزمەکان واتە ئەسمەری کچی مامە حەمەدەمین و مەحسوومی کچی مامە قادر ئەوسا بە جلی کەواپاتۆڵەوە دەچوونە قوتابخانە و وەک ئەوەی ئامادە نەبوون کە جلوبەرگیی یەکپۆشیی سەردەمی شا کە تەنووره و گۆرەوی بوو، لەبەر بکەن. کەشەکە فەزایەکی شۆڕشگێرانە بوو و کچە قوتابییەکانیش وەکوو ژنانی پێشمەرگە کەواوپانتۆڵیان لەبەر دەکرد.

هەر لەم شەقامەدا خۆشەویستیی منداڵیم گوڵی کرد. هەستێکی بچووک کە هەڵبەت لە دڵە بچووکەکەم گەورەتر بوو. لە بیناسازیی ئەو سەردەمەدا، سەربانی خانووەکان کاگڵ بوو و ئەگەر بینایەکت بدیبایە کە سەقفەکەی گەبڵ (شیروانی) با، یان بینای ئیداری بوو یان کەسێکی دەوڵەمەند بوو کە بە ئەگەری زۆر کورد نەبوو. بیناکەی بەرانبەر ماڵەکەمان سەقفەکەی گەبڵ (شیروانی) بوو و بینای ئیداریش نەبوو. دانیشتوانەکەی ئەرمەنییەکانی ورمێ بوون و دووکانێکی گەورەیان لە پیرانشار هەبوو. خێزانێکی باش کە زۆر باش بە تورکی و کوردی ئاخافتنیان دەکرد و زوو لەگەڵیان ڕاهاتین. ئێمەی منداڵەکان زۆربەی کاتەکان پێکەوە

١. سوور، ئاڵ و قرمز، هەر سێ وشەکە یەک مانایان هەیە. ڕیشەی ئەم باوەڕە بە ڕەنگی سوور و کاریگەرییەکانی ئەم ڕەنگە، وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، دەگەڕێتەوە بۆ ڕەنگی سوور، چونکە ڕەنگی سوور هێمای شەڕە و دەبێتە هۆی ڕەواندنەوەی نەخۆشی و هاتنی دڵخۆشی.

بوویـن. خوشـکەکانم لەگەڵ کچەکانی ئـەو خێزانە ئەرمەنییە بوونە هـاوڕێ و کچە بچووکەکەیان کـە کەمێـک لـە مـن گەورەتر بـوو، بوو بـە هاوڕێـی یارییەکانـم. کاتەکانمان بـە یاریکردن بەسـەر دەبـرد و هەمیشـە پێکـەوە بوویـن، لـە ماڵی دراوسـێ دەوڵەمەندەکەمـان سـەیری تەلەڤیزیۆنمان دەکرد و ئەو شـتانەی کە لە شـەڕی نەغەدەدا لەدەسـتمان دابوو توانیمان بەئەزموونی بکەینەوە. ئـەم خۆشـییە وەکـوو هەموو ڕووداوە خۆشـەکانی ژیانم هێنـدەی نەخایانـد و ڕووداوێکی دەرەکی ئەو خۆشـییانەی لێمان سـەندەوە.

ناوچەکە نائارامتر ببوو، پێشـمەرگە و سپای پاسـداران لە تێکهەڵچوونێکی چەکدارانەدا دژی یـەکتر دەجەنگان و دەنگـی تەقەکردنەکەیان دەهات. بنەماڵەی دراوسـێ بڕیاریان دا بگەڕێنەوە بـۆ ورمـێ و تەنیـا پیاوەکان بمێننەوە و لـە دووکانەکەدا بخەون. دواییـن شـەو بۆ ماڵئاوایی چووینە ماڵیـان. ئەزموونـی دابـڕان دڵتەزێنـە، بینینـی خانوویەکـی چـۆڵ کـە هەمـوو کەلوپەلەکانـی کۆ کرابـۆوە ئەوەنـدەی تـر دۆخەکـەی دڵتەزێـن دەکـرد. مـن منـداڵ بـووم و ئەمانـەم نەدەفامـی و لەگـەڵ هاوڕێکـەم لـە حەوشـەدا یـاریمان دەکـرد. هاوڕێکـەم لەگـەڵ زۆر کـەس فەرقـی هەبـوو. دەسـتی گرتـم منـی بـردە لای خـۆی و ئەڵبۆمـی خێزانیـی خۆیانی هێنـا و یەکێک لـە وێنەکانی نـاو ئەلبوومەکـەی دەرهێنـا و پێـی دام! پاشـان لـە باوەشـی گرتم و نەوازشـی کردم.

پەیوەندیـی لەگـەڵ دراوسـێیەکی جیـاواز و غەیرەکورد خۆش بـوو، بـەڵام ئەزموونەکە لەوەش خـۆشتر بـوو، شـتێک کە پێشتر لـە دراوسـێیەیەتی و دۆسـتایەتیدا بەئەزموونم نەکردبـوو. من زۆر منـداڵ بـووم، بـەڵام دەمزانـی و بینیبـووم کـە مرۆڤـەکان کـە حەزیان لە کەسـێک کرد و عاشـقی بـوون، گوڵـی بـۆ وشـک دەکەنـەوە، نامەیەکـی بۆ دەنووسـن یـان وێنەیەکـی خۆیانی پێـدەدەن، ئێسـتاش کچـی ماڵە ئەرمەنییە دراوسـێکەمان وێنەی خۆی پێدام، وێنەیـەک کە هەتا ماوەیەکی زۆر بـە نهێنـی شـاردبوومەوە هەتـا ئـەوەی کـە تـا جارێکی تـر بەهۆی شـەڕەوە لە پیرانشـار ئـاوارە بووینـەوە و ئیـدی وێنەکـەم نەدۆزیـەوە. خەریکی تاقیکردنەوەی شـتێکی نەناسراو بـووم کە ناوی عەشـق بـوو و نەفـامتر و منـداڵتر لـەوە بـووم کـە بزانم دەبێ چـی بکەم. ئەم هەسـتە لەو شـەوەدا کۆتایی پێنەهات، هەندێک جار لە هەڕەتی هەرزەکاریدا پێی دەورووژام و شـانازییەکی سـەیری لـە منـدا دروسـت کـرد کـە تایبـەت بـەو هەڕەتـی هەرزەکارییـە بـوو. ئێسـتا دەزانـم لـەو ڕۆژانـەدا نـە لـە کوڕانـی تـر بـاشتر و جوانچـاکتر بووم، نـە کچانیـش بژاردەیەکـی زیاتریان هەبـوو، ئێمە لە کۆبوونـەوە خنجیلانەکەمانـدا لە ڕێگەی هاوڕێ و هاوتەمەنەکانمانـەوە ژیانمان بەئەزموون دەکرد و ئـەم شـتانە ئاسـایی بـوون. هەرچەنـد ئـەم یادەوەرییە هەمیشـە ئەوەم بیـر دەخاتەوە کە شـەڕ و ململانـێ و نائارامـی و هـەر شـتێکی تر، دەرەقەتی سـۆز و هەسـتی ئینسـانییانەی ئێمـە نایەت. عەشـق و خۆشەویسـتی لـە هەموو شـوێنێک هەیە.

ئاوارەبوونی دووبارە

دەنگۆیەک هەبوو کە هێزەکانی سپای پاسداران بەنیازن هێرش بکەنە سەر پیرانشار و پاکتاوی بکەن، بەڵام هێزەکانی حیزب خەڵکیان دڵنیا دەکردەوە کە شتێکی وا ڕوو نادات. ئەوان بە خەڵکیان گوت: "لە نزیک پادگانی جەڵدیان ڕێگەمان لە هێزەکانی سپای پاسداران داخستووە، خەمی هیچ مەخۆن!" بەڵام دۆخەکە هەر وا نەما و تۆپ و تانک و هەلیکۆپتەرەکان لە کڵاشینکۆف و تفەنگە برنەوە کۆنەکانی بردەوە. لەگەڵ توندبوونەوەی گرمەی تۆپ و پاشەکشەی تاکتیکیی پێشمەرگە بۆ گوندەکانی دەوروبەر، خەڵک بۆیان دەرکەوت کە شارەکە بەم زووانە دەکەوێتە دەست سپا و جارێکی دیکە وەڕێ کەوتنەوە. شاری چۆڵکراوی پیرانشار لە ڕۆژی ١٧ی ڕەزبەری ١٣٥٨ی هەتاوی (٩ تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ١٩٧٩)، چەند ڕۆژ دوای دەستپێکردنی جەنگی ئێران و عێراق، کەوتە دەستی هێزەکانی حکوومەت. پێش ئەوەی شارەکەمان بکەوێتە دەست سپا و لە ناو گرمەی تۆپ کە شارەکەی خاپوور کردبوو، چەند دانە پرێسکەی کەلوپەلمان کۆ کردەوە دیسان چووینەوە بۆ گرداشەوان. کەمێک لە پیرانشارەوە دوور کەوتینەوە گەیشتینە گوندی گەزگەسک. شێخ کاکە سەی تەهای ناسراو بە بابەشێخ[١]، یەکێک لە شێخە دیارەکانی تەریقەتی نەقشبەندی[٢]بوو کە لەوێ دەژیا[٣]. کۆشک و خانەقا و باخێکی گەورەی هەبوو و کۆمەڵێک خەڵکی داڵدە دابوو. خانقا پڕ بوو لە وێنەی مینیاتۆڕی

---

١. حاجی سەید تەها کەماڵی‌زادەی نەقشبەندی (١٣٠٣-١٣٩٥هەتاوی). بابەشێخ دواتر لەبەر هەندێ هۆکار پەرتەوازەی ئەڵمانیا بوو و دوای چەندساڵ لە سەر بانگهێشتی ئێران، دیسان گەڕاوە و لە جادەی ئەلواجی ورمێ خانەقایەکی گەورەی دروست کرد. حاجی سەید تەها کەماڵی‌زادەی نەقشبەندی لە ساڵی ١٣٩٥ هەتاوی کۆچی دوایی کرد و یەحیای کوڕی بوو بە جێگرەوەی.

٢. تەریقەتی نەقشبەندی کە لە لایەن خاجەی گەورە مەولانا بەهادین محەمەد نەقشبەند لە بوخارا سەری هەڵدا لە نیوەی سەدەی نۆیەمی هیجرییەوە بەرەو ناوچەکانی دیکە پەرەی سەند. لە سەرەتاکانی سەدەی سێزدەهەمی کۆچییەوە تەریقەتی نەقشبەندی لە ڕێگەی زیائەدین ئەبوولبەها مەولانا خالید ناسراو بە زوولجەناحین لە ناوچە کوردستانییەکانی ئێران و عێراق، تورکیا و شامات بڵاو بووەوە. ناوبراو لە میرەدێی قەرەداغی سلێمانی لەدایک بوو. باوکی مەولانا ئەحمەد حسێنی لە نەوەکانی پیری میکاییلی شەش ئەنگوشتی جافە و هەر بۆیە تایفەکەیان بە پیری میکاییلی بەناوبانگە. دایکی لە نەوەی پیری خزری شاهۆبییە. ناوبراو لە سەر دەستی زانایانی کوردستان خوێندوویەتی کردووە و ئینجا بۆ وانەوتنەوە ڕووی لە سلێمانی کردووە و پاش ماوەیەک چۆتە حەج و پاشان لە ڕێگەی تارانەوە چووەتە خوراسان و ئینجا ئەڤغانستان و لەوێشەوە چووەتە هیند. ناوبراو پاش چەندین سەفەر بۆ ناوچە جۆراوجۆرەکان، دواجار گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و تەریقەتی نەقشبەندی لە ناو کوردانداا بڵاو کردۆتەوە. لەم سەروبەندەدا ناکۆکی دەکەوێتە نێوان تەریقەتی نەقشبەندی و تەریقەتی قادری و شێخەکانی قادری ئەویان بە یاخیبوون لە دژی حکوومەت تۆمەتبار کرد و نابراو ناچار بوو ڕا بکا بۆ بەغدا و لەوێ لە لایەن حاکمی کاتییەوە پێشوازی لێ کرا و دەستی کرد بە بانگەشە بۆ تەریقەتی نەقشبەندی بەڵام بۆ هەمیشە لەوێ نامێنێتەوە و لە کۆتاییدا لە شام سەر دەنێتەوە. لە کوردستان بە بەهادین نەقشبەندییان دەوت "خاجەی گرێ گۆشا" (خاجەی گرێ کەرەوە). دوای ئەو خەلیفە و شێخەکانی نەقشبەندی بە سەرتاسەری کوردستاندا بڵاو بوونەوە و تەکیە و خانەقایان دروست کرد. لە کوردستان بە دەروێشەکانی نەقشبەندی دەڵێن سۆفی ئەوان ڕیشیان ناتاشن و ڕێزێکی فرە لە ڕێبەرانی تەریقەتیان دەگرن. (تحفە ناصری ١٣٦٦، لاپەڕەکانی ٦٦-٦٨)

و وێنـەی لێڵـی محەمـەد پێغەمبـەری ئیـسلام و خولەفـای ڕاشـیدین و ئـیمام عەلـی و دەروێـش و سـۆفیەکان. لـە سـەر دیـواری ژوورە گەورەکـە شمشـێر و دیکۆراتـی لـەم چەشـنە هەبـوو. لـە خانەقاکە نان و پەنیر و ماسـتیان دەدا و شـێخ ڕێگەی پێداین شـەو لەوێ بەسـەر بەرین. پیاوان لـە سـەربان و ژن و منـداڵ لـە ژوورێکـی گـەورەدا شـەوەکەیان ڕۆژ دەکردەوە. سـبەی جارێکی تر بـەرەو گرداشـەوان بـەڕێ کەوتینـەوە. دیسـان باوکـم بـۆ پاراسـتنی ماڵەکـە شـار یـان دەوروبەری شـاری بەجـێ نەهێشـت، ئێمـەش گوند بـە گونـد دەچوویـن و داوای ڕێنماییمان دەکـرد. لەبیرم نییـە چـۆن بوو بـەڵام لە ڕووباری خرۆشـانی لاوێن پەڕینەوە و گەیشـتینەوە هەمان ئـەو ماڵەی کە چەنـد مانگێـک پێشتر لـە کاتی یەکـەم ئاوارەبوونـدا لێی نیشـتەجێ بووین.

تۆپبارانـی پیرانشـار کوژراوێکـی زۆری لـێ کەوتـەوە کـە کۆمەڵێکیـان خەڵکـی گرداشـەوان بـوون. فەقـێ حەسـەن، خـزم و دۆسـتی نزیکـی باوکـم[1]، یەکێـک لـەو کەسـانە بـوو کە لـە ٢٠ی مانگـی ڕەزبـەردا (١٢ تشرینـی یەک/ئۆکتۆبـەر) لە ناو هاوار و شـین و شـەپۆڕ و گریانـدا بە خاک سـپێردرا. باوکـم لەگـەڵ تەرمـی کـوژراوەکان هاتـە گرداشـەوان و بـۆ ماوەیەکـی زۆر خەمـۆک و دڵتەنـگ بـوو. ئەمجـارە نەک تەنهـا ماڵ و ژیان و کار و کاسـپییەکەی، بەڵکـوو نزیکترین هاوڕێی سـەردەمی جەوانی و گەنجێتی لەدەسـت دابوو. قسـەی نەدەکرد، بەڵام وەک شـتێ بە درێژایی هەمـوو ئـەو سـاتانەی کـە تەرمی بێگیانـی فەقێ حەسـەنی دۆزیبووە، لە تەنیشـتی دانیشـتبوو و هێنابـووی بـۆ گونـدی گرداشـەوان، دڵـی پڕ بـوو و هیـچ حاڵی بـاش نەبوو.

فەقـێ حەسـەن، کـە کـوڕی کچەمامـی بابـم بـوو، ڕابت و دەڵاڵـی نێـوان دایک و باوکـم بوو و هـەر ئەویـش یارمەتیـدەری هەڵگیـران و هاوسـەرگیرییەکەیان بـوو. باوکم پەشـۆکا بـوو و بە هیچ شـتێک ئۆقـرەی نەدەگـرت. ئێمـەش لـە دۆزەخـدا بووین. نەماندەزانـی دەتوانیـن بگەڕێینەوە بۆ پیرانشـار یـان نـا. هەموو ڕۆژێـک هەواڵی نوێ دەگەیشـت. هەندێک دەیانگوت هێشـتا بەتەواوی شـار چـۆڵ نەکـراوە و سـپای پاسـداران و ئەرتـەش لەسـەر سـنوورەکان و دەرەوەی شـار شـەڕی پێشـمەرگە و تەنانـەت هێـزە عێراقییەکان دەکەن .... نازانم چەندە بـوو بەڵام ئەم ئاوارەیی و ژیانە کاتییـە چەنـد مانگـی و چەنـد سـاڵییە ئەوەنـدەی خایاند کـە ئیتر حسـابی لە دەسـتم دەرچووە.

خوێندن بە زمانی کوردی

لـە گرداشـەوان گیرسـاینەوە و دیسـان ڕۆژ لە نـوێ و ڕۆزی لە نوێ! بەیانییەکی زوو سـەرەتای پایـز بـوو دایکم لە خەو هەڵیسـاندم و وتی: "هەسـتە بچۆ مەدرەسـە". بیرم نایـەت پێشتر باسمان کردبـێ یـان نـا، بەڵام چەنـد ڕۆژ پێشتر، لەگـەڵ خاڵۆژنم بە تەلیس جانتای دەسـتییان دروسـت کردبـوو و بـە گوڵدووریکـردن ڕازاندبوویانـەوە. بـە پێچەوانـەی سـاڵانی ڕابردوو جانتـا و جلوبەرگی

١ - کوڕی فاتمی ئامۆزای باوکم و کاک محەمەدی مام ڕەسووڵ

قوتابخانـە و شـتی نـوێ لـە ئارادا نەبـوو. لە سـاڵی دووەمی سـەرەتاییدا بە کەواوپاتـۆڵ و هەر ئەم جانتایانـەوە چوومـە قوتابخانـە. گوندەکـە قوتابخانـەی نەبـوو، بـەڵام بڕیـار وا بـوو بچینـە ماڵێکی کاگڵییـەوە کـە دوو ژووری تێدابـوو و ئێمـە لـەوێ بخوێنیـن. پیرەژنێـک کـە خـاوەن ماڵ بـوون لە ژوورێکیـدا دەژیـا و ژوورەکەی دیکەش بە ڕاخسـتنی زیلۆیەک و هەڵواسـینی تەختە ڕەشـێک بوو بـە پۆلـی خوێندنەکەمـان. کـوڕی ئـەو پیرەژنـە پێشـمەرگەی حیزبـی دێموکـرات بـوو و داوای لە دایکـی کردبـوو کـە یەکێک لـە ژوورەکانی بداتـە حیزب بۆ ئـەوەی پۆلێکی خوێندن بـۆ منداڵانی گونـد بکەنـەوە. پۆلەکانیـش بە پێی کاتژمێـر بەڕێوە دەچوون، بـۆ نموونـە دوو کاتژمێری یەکەمی قوتابخانـەی سـەرەتایی بـوو و کاتژمێرەکانی دواتـر تەرخانی پۆلەکانی سـەرتر کرا.

قوتابخانـەی شـارم پـێ خـۆش بوو. ئـەم خانووە لادێییە هەسـتی خۆشـی قوتابخانـەی بە من نەدەبەخشـی. هەرچـی لێـم دەڕوانـی قوتابخانـە نەبـوو مـاڵ بـوو. نـە بینـا و پلیکانـی هەبـوو و نە ڕێـڕەوی موزاییکـی و دووکانـی خواردەمەنـی فرۆشـی و نـە کورسـی هیچـی تێدا نەبـوو. هیچ کام لـە منداڵەکانـی گوندەکـە لە پۆلدا نەبوون و کەسـم نەدەناسـی. ئەو منداڵانەی کـە هاتبوون یان وەکـوو ئێمـە ئـاوارە بوون یـان خەڵکـی گوندەکانی تـر بوون.

کـە مامۆسـتا هـات ئـیتر زانیـم کە دەبـێ لێـرە بخوێنین، بـەڵام هـەم قوتابخانەکەمـان و هەم مامۆسـتاکە جیـاواز بـوون. خاتـوو سـۆفیزادە کـە لـە خزمـە دوورەکانمان بـوو، کەواوپاتۆڵـی لەبەر بـوو و ئەمـەش دەریدەخسـت کـە پێشـمەرگەیە. هەندێـک جـار جامانەشـی لـە سـەر دەکـرد و دەمانچەیەکیشـی دەخسـتە بەر پشـتێندەکەی. وێنەی دکتۆر قاسـملوو هەمیشـە لەسەر سنگی بـوو. بینینـی کچێکـی ئـازەب کـە کەواوپاتۆڵـی لەبـەرە و تفەنگێـک بـە لای پشـتوێنەکەیەوە بـێ بەلامـەوە سـەیر بـوو و لەگـەڵ بیـر و باوەڕەکانـی ئـەو سـەردەمە نەیدەخوێندەوە.

لـە یەکـەم ڕۆژی خوێندنـدا خاتـوو سـۆفیزادە ئێمـەی لـە حەوشـە کـۆ کـردەوە بـۆ ئـەوەی ئـەو کەسـەی کـە لـە لایـەن حیزبـەوە هاتبـوو قسـەمان بـۆ بـکات. قسـەکانی لـە دروشـمەکانی ناڕەزایەتییەکانـی نەغـەدە دەچـوو. وتی: دەبـێ ئـەو سروودەی کاتی بەیانیان کە لـە قوتابخانەی شاهەنشـاهی دەتانوتـەوە فەرامۆشـی بکـەن و فێـری سروود و دروشـمی نـوێ ببن." پاشـان بـە تەزجیلەکـەی سرووەی نیشـتمانیی کوردیـی «ئـەی ڕەقیب[1]»ـی پەخـش کـردەوە. ئـەم سرووەە

١. "ئـەی ڕەقیـب" سرووەێکـی ناسیۆنالیسـتیی کوردییە و لە ئێسـتادا سرووەی فەرمیی حکوومەتی هەرێمی کوردسـتانە. ئەم سرووەە لـە سـاڵی ١٩٣٨ لـە لایـەن شـاعیر و چالاکـی سیاسـیی کـورد یۆنـس ڕەئـووف نـاسراو بـە دڵـدار (١٩١٨-١٩٤٨) لە زیندانـی حکوومەتـی ئەوسـای عێـراق هۆنراوەتەوە و ئاماژە بۆ پاسـەوانانی زیندان لەو زیندانەی دەکا کـە دڵدار تێیدا زیندانی کـراوە و ئەشـکەنجە دراوە و هـەر بۆیـە وەک ڕەمـزی وڵاتانـی داگیرکـەری کوردسـتان دادەنرێـت. ئـەم سرووەە و گۆرانییـە لـە بنەڕەتـدا بـە زمانـی کوردیی ناوەڕاسـت (سـۆرانی) نـووسراوە، کە ئەمـڕۆ وەرگێڕدراوە بۆ سـەر هەمـوو زاراوە کوردییـەکان، لەوانە کوردیـی باشـوور (کەلهـووڕی و لەکـی)، کوردیـی ناوەڕاسـت (سـۆرانی)، کـوردی باکـووری (کرمانجـی)، زازاکـی و هەورامـی. سرووەی ئـەی ڕەقیـب بـۆ یەکـەم جار بە فەرمی لە ڕێوڕەسـمی دامەزراندنی کۆمـاری مەهابـاد وەک سرووەی نەتەوەیی بە کار هـێنرا. ئـەم سرووەە ئەوەنـدە گرنگـە کە لە مـاوەی چەند دەیەی ڕابردوودا زۆربەی پارتە ناسیۆنالیسـتەکانی کوردسـتان لە هەر

حیماسییە مۆسیقای بەرنامەی بەیانیانمان بوو. کاتێکی زۆری پێچوو هەتا هەموو ڕۆژێک بە ئامێری تەزجیلەکە سروودی ئەی ڕەقیب دووبارە بکەینەوە و فێری بین. هەتا ماوەیەکی زۆر لە مانای ڕاستەقینەی سروودەکە تێنەگەیشتین. سروودی نەتەوەیی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان، سروودی "ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کوردزمان"ە، کە لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە هەتا ئێستا بۆتە باو و حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان لە ڕێوڕەسمەکاندا دەیڵێنەوە و لە هەرێمی کوردستانیشدا سروودی فەرمیی حکوومەتە. هەرچەندە بەشێک لە ئیسلامییە کوردەکان دەڵێن دێر و کۆپلەکانی وەکوو "نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان / یان دینمان ئایینمان هەر نیشتمان" کفرئامێزە و دەبێ بگۆڕدرێت. بەڵام هێشتاش ئەم سروودە لای هەمووان قبووڵکراوە.

چەند ڕۆژێک دوای دەستپێکردنی خوێندن، زۆربەی کتێبەکانمان گۆڕانکارییان بەسەردا هات. لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا فڕێیان دان و سووتاندیان. گوتیان: "ئەم کتێبانە هی تاغووت و شاهەنشاهییە و پەرە بە ڕژێمی ستەم دەدات. دەبێ بە کوردی بخوێنن." سەرم لێ شێوابوو، لە چەند مانگی ڕابردوودا لە پیرانشار هەر بەو کتێبی تاغووتە خوێندبوومان و کەسیش پێی نەوتین کە کێشە هەیە.

کتێبە نوێکان لەگەڵ ئەوەی لە پەروەردەی شاهەنشاهیدا خوێندبوومان تەواو جیاواز بوون. کۆمەڵێک کتێبی نوێیان پێدایین کە لە کوردستانی باشوورەوە (هەرێمی کوردستانی ئێستا) هاتبوون، هەرچەند لە پێشدا بەشی هەموومانی نەکرد و ناچار بووین دوو کەس لە ڕووی کتێبێک بخوێنین. کوردی باشوور لە سەردەمی سەدام حسێنی ڕووخاودا مافی ئەوەیان بوو کە هەتا ماوەیەک بە زمانی دایکیی خۆیان بخوێنن. وێنە و زمان و تەنانەت زاراوەشیان لەگەڵ زاراوەی دایکیی ئێمە جیاواز بوو. سەرەندەری ناوەڕۆکەکەیم نەدەکرد و لەو فۆنتەش تێنەدەگەیشتم کە کتێبەکەی پێ نووسرابوو. منداڵانی تریش هەر وەکوو من وا بوون. تازە کەمێک فارسی فێر ببووم، بەڵام ناچار بووم بە زمانی کوردی بخوێنم ئەویش بە زاراوەیەک کە لەگەڵ زاراوەی دەڤەری ئێمە فەرقی هەبوو. کتێبی کوردیی شێوەزاری سورانیان پێداین شێوەزارێک کە لە هەولێر و سلێمانی قسەی پێدەکرێ، لە کاتێکدا زاراوەی ئێمە کوردیی سورانی دەڤەری موکریان بوو. زاراوە و ڕستەکانی لە نێوان ئەو دووانەدا کەمێک جیاواز بوون و هەروەها هەندێک لە وشە و ڕستەکانی فەرقی دەکرد، کاتێکی زۆری پێچوو هەتا فێری ئەو وشە نوێیانە بووین کە زۆربەیان تێکەڵ بە عەرەبی بوون. بۆ نموونە ئەوان بە شەمچەیان

چوار پارچەی کوردستان وەک سروودی نەتەوەیی قبوڵیان کردووە. سەرەڕای ئەوەش حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان هێشتا دژی ئەم سروودەن.

دەوت: "شـقارتە" کـە عەرەبـی بوو[١].

وا دیـار بـوو حیزبـی دێموکراتیـش وەکـوو حیزبەکانـی دیکـەی سـەردەمی جەنگـی ئێـران و عێـراق پشـتیوانییان لـە حکوومەتـی عێـراق وەردەگـرت[٢] و هەروەهـا کتێبەکانیـش بەشـێک لەم میکانیزمـی پشـتگیرییە بـوون. ڕوون بوو کـە حیزبەکان بە گۆڕینـی شـێوازی خوێندن ئامانجێکی گرنگیـان دەپێـکا، دەیانویسـت زمانی پەروەردە بکەن بـە زمانی دایکی و بە شـێوەی ئامانجدارانە ئایدۆلۆژیاکانـی خۆیـان پێـش بخـەن. داپـەڕی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان بـۆ ڕێکخسـتنی پـەروەردە بـە زمانی کوردی لە دۆخێکدا کە بۆ خۆیشـی بە شـێوەی چڕوپڕ بوونـی نەبوو و هەر بینا لەوانـە بـوو حکوومەتـی کۆمـاری ئیسلامی هێرش بکاتە سـەر کوردسـتان، جێی تێڕامانـە و لە بیر ناکرێـت. دواتـر کە حیـزب ناچار بوو ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان بەجێبهێڵێ، سیسـتەمی پـەروەردە و ڕاهێنانـی کۆمـاری ئیسلامـی ناچـار بوو نمـرەی ئەو قوتابیانەی کە لە سـایەی پـەروەردەی حیزب خوێندوویانـە قبـووڵ بـکا و ڕێگە بـدا بچنە پۆلی سـەرترەوە.

لـە سـەردەمی منداڵیمـدا چەندیـن جـۆری سیسـتەمی پـەروەردەم بەئەزمـوون کـردووە کـە جیاوازیـی بنەڕەتییـان هەبـوو. پێـش شۆڕشـی گەلانـی ئێران لە سـاڵی ١٩٧٩ بۆ ماوەی سـاڵێک لـە سیسـتەمی پـەروەردەی شاهەنشـاهیدا چوومـە باخچـەی سـاوایان و سـاڵێکیش چوومـە قوتابخانـە. بـە هاتنـە سـەر کاری ئینقلابـی ئیسلامی سیسـتەمێکی نوێی پـەروەردە هاتە ئـاراوە، کـە زۆرێـک لـە منـداڵان و هـەرزەکاران ئـەم دووانەیـان بەئەزمـوون کـردووە. بـەڵام خوێنـدن لـە قوتابخانـەی کـوردی ئەزموونێکـە کـە ژمارەیەکی کەمـی هاوتەمەنەکانم بینیویانـە. ئەمجارە جگە لـە سیسـتەمی پـەروەردە، زمانـی پـەروەردەش گـۆڕا و ناچـار بووین لەگـەڵ ئـەم گۆڕانکارییانەدا خۆمـان بگونجێنیـن. بەڕاسـتی کارێکـی ئەسـتەم و قـورس بوو و بۆ ئێمـەی منداڵانـی قوتابی زۆر زیانـی لـە ئاسـتی خوێندنمـان دا.

زمـان گرنگتریـن توخمـی فەرهەنگییـە کـە جیهانـی زەینـی و لـە ئەنجامـدا جیهانـی کۆمەڵایەتیـی مرۆڤـەکان بنیـات دەنێـت. مـن بە ئاسـانی دەمتوانی بـە زمانی دایکیی خۆم قسـە بکـەم، بـەڵام تـازە فێری زمانی فارسـی ببووم، کە زمانی کـوردی بە زاراوەیەکی جیـاواز لە زاراوەی موکریان بە کێشـەکانمانی زیاد کرد. ئەم بابەتە سـەری لێم شـێواند و لە گفتوگۆ ئاسـاییەکانمدا کێشـەی بـۆ دروسـت کردم، بەڵام ئـەوەی جێگای سـەرنجترە ئەوەیـە کـە دوای ماوەیەکی کورت، بـۆم دەرکـەوت کـە خوێندن و نووسـین بـە زمانی کوردی لەگەڵ زانسـت و تێگەیشـتنی زمانیمان

١ . لـە کوردیـی ڕۆژهەڵاتیـدا بـە شـقارتە دەڵێن شـەمچە کە هەمان شـەمعچەی فارسـییە، و لە باشـووریش دەڵێن شـقارتە کە بەکوردیکـراوی شـەخاتی عەرەبییە.

٢ . بـەڵام بـە پێچەوانـەی شـێوازی سـازمانی موجاهدینـی خەلـق کـە بـوو بـە هاوپەیمانـی حیزبی بەعـس و دژی ئێـران هاتە بـەرەی جەنگـەوە، حیزبـی دێموکـرات هەتا کۆتایی جەنگ سیاسـەتێکی سـەربەخۆی گرتە بەر و نەبوو بـە هاوپەیمانی حیزبی بەعـس و لە سـەر ئـەم ڕێبازەی خـۆی وەفـادار مایەوە.

یـەک دەگرێتـەوە و ئاسانتریشـە. پێکهاتـەی ڕسـتەکان لە زمانـی کوردیدا لە مێشـکماندا جێگیر بـووە، لەگـەڵ زمانەکەمـان هاواهەنگە، دەتوانین بە بێ ئەوەی زمانمان پرتە پرت بکا و وشـەیەکی هەڵـە بێتە سـەر زمانمان، قسـە بکەین. هەرچەنـدە بە هۆی نەبوونی هەندێـک کتێبی کوردییەوە ناچـار بووین ئەو کتێبە فارسـییانە بەکار بهێنیـن، کە دەیانگوت هی تاغووتە، بەڵام مامۆسـتاکان ئەمەیـان بەسـەر خۆیانـدا نەدەهێنـا و ئێمەش نەماندەفامـی کە بۆچی ئەمـە ڕوو دەدات.

ئەوسـا تێنەدەگەیشـتم، بـەڵام ئێسـتا گۆڕینی وێنەکانی سـەر دیـوار و تەختە ڕەشـە بە لامەوە سـەیرە. لـە نەغـەدە کە چوومە باخچـەی سـاوایان و قوتابخانەی سـەرەتایی، وێنـەی محەمەدڕەزا پەهلەوی و شـابانۆ فەرەح و شـازادەی جێنشـین لەسـەر دیوارەکە بوو، بەڵام لە قوتابخانەی لادێ وێنـەکان جیـاواز بوون. قـازی محەمەد دامەزرێنەری کۆمـاری مەهاباد و مسـتەفا بارزانی ڕابەری کوردانـی باشـوور لـە حاڵی نمایشـی سـەربازی، دکتۆر قاسـملوو کە ئەوکات سـکرتێری گشـتیی ئـەو حیزبـە بـوو، لەگـەڵ چەنـد وێنەیەکـی دیکـە بـە دیوارەکـە هەڵواسرابـوو. هەڵبـەت دوای ماوەیـەک وێنـەی مـەلا مسـتەفا نەمـا و کەسـیش نەیزانـی بۆچـی. وێنەکانـی سـەر دیوارەکـە هەموویـان پیـر بـوون و جامانەیـان لـە سـەر بـوو و بـە بـەراورد لەگـەڵ ئـەوان، قاسـملوو کەمێـک گەنـجتر بـوو و هەمیشـە زەردەخەنـە لـە سـەر لێوی بـوو. خاتوو سـۆفیزادە لـەوان دەچـوو، هەر لە جلوبەرگەکەیەوە بگرە هەتا فانۆسقە و دەمانچە و لۆگۆی سەر سنگی و هتد.

● وێنەی ٥٦. قوتابخانەکانی حیزب لە شار و دێ

لـە سـەردەمی دەسـەڵاتی حیزبـدا، بەشـی فەرهەنگـی و ڕۆشـنبیرییەکەی، سیسـتەمی تازەپێگەیشـتووی دیموکراتیکـی خۆجێیـی لـە گوندەکانـدا وەڕێ خسـت، کـە ئـەم سیسـتەمە تازەپێگەیشـتووە لەسـەر بنەمـای توانـا و ئیمکانیاتـی خۆماڵـی بـوو کـە تێیـدا گرینگـی فـرە بـە قوتابخانـە کوردییـە لادێییـەکان دەدرا. لـەو مـاوە کورتـەی تاقیکردنـەوە و تەتەڵەکردنـە، نـەوەی گەنجـی گوندنشـین زۆر شـت فێـر بـوون و هەندێکیـان چوونـە نـاو ڕیزەکانـی پێشـمەرگەوە. هـەر ئـەم بابەتـە پیشـان دەدا کـە حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە چەنـدە سـەرکەوتوو بـووە و بەرنامـە فەرهەنگییەکانـی حیـزب لـە پـەروەردە و ڕاهێنانـی منـداڵان و مێرمنداڵانـدا تـا چەنـدە کاریگـەر بـووە. هەرچەنـد بڕێـک لـە گەنجـان بـە هـۆی کێشـەی بنەماڵەیـی و گرژییـان لـە گـەڵ بـاوک و دایکـدا، یـان بـە مەبەسـتی خۆدەربـاز کـردن لـە فـەزای

نەریتـی و گوشـارە کۆمەڵایەتییـەکان ڕوویـان لـە ڕیـزی حیزبـەکان دەکـرد و لـە کۆتاییـدا بـە نێوانگێڕیـی بەرپرسـانی حکوومـی دەگەڕێندرانـەوە بـۆ مـاڵ.

لـەو قوتابخانانـەدا، جگـە لە وانەوتنەوە، باس لە بابەتگەلێکی وەکوو دێموکراسـی و ... دەکرا، بـۆ ئـەوەی منداڵەکان بتوانن سـەبارەت بـە حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێـران فێری هەندێ زانیـاری بـن. دیارە حیزبی دێموکراتیش وەکوو هەر سیسـتەمێکی سیاسـیی دیکە دەیویسـت لە بەرنامـە پەروەردەییەکانیدا چەمکگەلێک فێری منـداڵان بکا کە گوتار و ئایدۆلۆژیای خۆی دابین بـکات. بۆیـە چەمکـی گرنـگ و تەوەریی دیموکراسـی کە حیـزب زۆر جەختی لەسـەر دەکردەوە، یەکێـک لـە بابەتەکانی سـەر پۆلـەکان بوو. جگە لـە ڕاهێنانـە ڕاسـتەوخۆکان، ئامرازەکانی وەکوو گۆرانـی و سروودیـان بـەکار دەهێنـا بۆ ئەوەی ئامـۆژە حیزبییەکان چاکتر کاریگـەری دابنێن و لە زەین و مێشـکی منداڵاندا بچەسپن.

دوای ماوەیەکـی کـورت لـە مزگـەوت پۆلەکانیـان بەڕێـوە بـرد کـە ئەویـش کێشـەی تایبەتیی خـۆی هەبـوو. بـە بیانـووی جۆراوجـۆر پۆلـەکان پەکیـان دەخـرا، ڕوودەاو و بابەتگەلـی وەکـوو نزیکبوونـەوەی کاتـی نوێـژ و ئـەو کەسـانەی کـە دەیانویسـت کێشـە و دەمەقڕێکانیـان بێننە لای ڕیـش سـپی یـان مـەلا کـە بۆیانـی یەکلایـی بکاتـەوە، کـە ئەمانـە لـە هۆکارەکانـی داخسـتنی پۆلەکەمـان بـوون. لـە هـەر دوو حاڵەتەکـەدا لـە مزگـەوت گۆڵمەزیـان دەنـاوە ئـیتر دەیانکـردە بـازاڕی خۆیـان یانـی ئێمـەش پـێمان خۆش بـوو و ڕامـان دەکـرد. هەندێ جـار پێشـمەرگەکانی یەکـەی یاسـایی و کۆمیتەی فەرهەنگی کە بە شـێوەی خولگەیی سـەردانی لادێکانیـان دەکرد و بـۆ خەڵکـی لادێـکان پۆلـی فێرکارییـان دادەنا، کە ئەمـەش تەکووزیـی پۆلەکانمانی تێـک دەدا.

ئـەوەی لـە هەموو خراپتر بـوو ئەوە بوو کە هەندێک جار چەقـە دووکەڵی جگەرەکانی خەڵکی گونـد هەناسـەی منداڵانیـان سـوار دەکـرد، بـەڵام هەر باش بـوو. چونکـە مزگەوتەکە گـەورە بوو و پەنجـەرەی هەبـوو. هەندێک جار ئەو کەسـانەی کە وانەیان پـێ دەوتین هەموو منداڵەکانیان ڕیز دەکـرد و لـە پۆلـی یەکەمەوە هەتا پێنجـەم پێکەوە لە پۆلەکەیاندا دادەنیشـتین. ئـەوان زۆربەیان گەنـج بـوون و باسـی پرەنسـیپەکانی حیزبیـان بـۆ دەکردیـن و ڕوونیـان دەکـردەوە کـە بۆچـی خودموختارییـان دەوێ و ئەگـەر ئەم خودموختارییەیان بەدەسـت هێنا چ سـوودێکی بۆ منداڵان دەبێـت. ئـەوان ئێمەیـان لەگـەڵ دنیای گەورەسـاڵان و داخوازییەکانیان ئاشـنا کرد بـۆ ئەوەی بە تێگەیـشتن لـە سـوودەکانی خودموختاریـی حیزبـی دێموکـرات، لە داهاتـوودا بـە ئەنگێزەیەکی زیاترەوە پاڵپشـتییان لێ بکەین. ئەو شـتە کە لەو کاتەدا کەم کەس سـەرنجی دەپرژاندە سـەری یـان بـاشتر بڵێین کـەس گرنگی پێنەدەدا، مافی منـداڵان بوو، هەموو گروپێـک هەوڵیان دەدا بە نـاوی پـەروەردەوە ئایدۆلۆژیای خۆیان لە مێشـکی ئێمەی منداڵاندا بچەسـپێنن، بـە بێ گوێدانە ئـەوەی کە منـداڵان مافـی منداڵبوونیان هەیە.

پێیـان ڕاگەیاندیـن کـە ئەگـەر هەوڵەکانمـان سـەر بکـەوێ، ئـەوا لـە خوێنـدن بـە زمانـی

دایکیمان بەردەوام دەبین و خاوەنی شوناسی خۆمان دەبین. هەڵبەت بە بیستنی ئەم بەشە زۆر خۆشحاڵ دەبووین، چون بەڕاستی خوێندن و نووسین بە فارسی بە لامانەوە قورس بوو. لە سەر فێربوون و فارسی قسەکردنی زۆرەملێ زۆرمان تێهەڵدان خواردبوو. ئەم کەواوپاتۆڵەی کە لەبەرمانە بەشێک لە شوناسمانە و دەبین بە پیاو و کوێخای خۆمان. ئێمەش هەندێک جار گوێمان دەگرت، هەندێک جار ئەم قسانە کاریگەری لەسەرمان دادەنا و هەندێک جاریش لەبەر یاری و بزۆزی لەم گوێمان دەهات و لەو گوێیەکەمانەوە دەردەچوو. بەشی مەشق و ڕاهێنانی جەنگەکەیم زۆر پێ خۆشتر بوو، خولێکی مەشقی سەربازیی سنووردارمان لە تەنیشت گۆڕستانی گوندەکە هەبوو بۆ ئەوەی فێر بین کە لە کاتی شەڕ و گرژییەکاندا چۆن خۆمان بشارینەوە یان لە ئەگەری بۆردومانی ئاسمانی خۆمان بگەینینە نزیکترین کەوێڵ و پەناگە، کە هەڵبەت دواتر زۆر قازانجی بۆمان بوو. هەر لەو کاتەدا لە بنی گردە مێژووییەکەی گوندا چەند دانە پەناگەیان بۆ هەڵکەندبووین. کاتێک گەورەتر بووم بینیم لە سیستەمی پەروەردەی کۆماری ئیسلامیشدا هەمان مەشقی سەربازی وەک وانەیەکی دوو کاتژمێری لە بەرنامەی هەفتانەی خوێندکاراندا جێگیر کراوە، کە تیایدا بە چەکی ڕاستەقینە مەشقی تەقەکردنمان دەکرد. کورتەمێژووی حیزب و مێژووی سیاسیی کوردستان وانەی تایبەت بە گەورەساڵەکان بوون کە هەندێک جار گوێم لێدەگرت. ئەم گوێگرتن و سەرنجدانە ڕەنگە لەبەر ئەو حەز و کەڵکەڵەی بێ کە هەر لە منداڵییەوە لە منداڵ هەبوو و دەمویست لە مێژوو و سیاسەت و پەیوەندییان لەگەڵ چەمکەکانی دیکەی وەکوو کەسایەتی، نەتەوە، ئێتنیک و کۆمەڵگا و هتد تێبگەم.

هێلکەدزە لاکچەرییەکان

ساڵی دووەمی سەرەتاییم لە سیستەمی پەروەردەیی حیزبی دێموکراتدا خوێند. لە مزگەوتی گوندەکە کە لەگەڵ ماڵی باپیرم دیوارێکی بەین بوو، دەمانخوێند. بەرامبەر بە مزگەوت کادێنەکانی ماڵی باپیرمی لێ بوو و پشتیشی گەورەی مەڕ بوو. باپیر و داپیرەم لە یەکێک لە ژوورە پێچەڵاوپێچەکانی کادێندا هەموو جۆرە مریشک و باڵندەی هێلکەداریان بەخێو دەکرد. بەخێوکردنی مریشک و پەلەوەر لەگەڵ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لە ناوچە گوندنشینەکاندا هەمیشە باو بووە. مریشک و قاز و قەل و مراوییەکانیان بە ڕۆژ لە دەرەوە بوون و شەوانە دەگەڕانەوە بۆ هێلانەکانیان. هەرچەندە شەوانە دەرگاکەیان لە سەر دادەخستن، بەڵام هەمیشە سەگێک لەوێ پاسەوان بوو. سەگەکان منیان دەناسی و پێم نەدەوەڕین، کە واتە دەیانزانی هی ئەو ماڵەم.

لەگەڵ فەتاحی خاڵۆزام دەچووینە کادێن و زانیبووم هێلکەکان لە کام ژووردا هەڵدەگیرێن.

نەمدەزانـی هێلکـەی ژێـر مریشـکەکە بـۆ خـواردن نابـێ و بـۆ ئـەوە دایاننـاوە کـە جووچکـە هەڵبێنێـت. ئەوسـا هێلکـە زۆر گرنـگ بوو، بـە جۆرێک کە کاتێکـی زۆری دەویسـت هەتا بتوانین هێلکـە و ڕۆنێـک بخۆیـن. چونکـە مریشـک لـە هـەر وەرزێکـدا هێلکـە نـاکات. کاتێـک مریشـک کـڕ دەبـێ، کاتـی هێلکەدانەکـەی تـەواو دەبـێ و دەبـێ لەسـەر هێلکەکانـی بنیشـێ بـۆ ئـەوەی جووچکـە هەڵبێنێـت. ئـەو هێلکانەی کە لە ژێر مریشـکەکاندا گـەرم دەبـن و جووچک هەڵدێنن بـۆ خـواردن نابن.

لـە کاتـی خوێنـدن لە قوتابخانە، لـە مزگەوتەوە چووینـە ماڵێک کە لە یەکێک لـە ژوورەکانیدا ژن و مێردێکـی جەحێـڵ دەژیـان. تازەبووک و زاوا بوون و خەڵکی لادێ نەبوون، کابرا بە ئەسـپەوە خەریکی ئیشـی هێنان و بردنی کەلوپەلی قاچاخ بوو لە باشـووری کوردسـتانەوە. شـەوانە چەند سـەبەتەیەک چـا و هەندێک جار سـابوون و کەلوپەلی تری دەهێنا و لە بـازاڕی ناوخۆدا بازرگانی لەگـەڵ کوردەکانـی ئەودیـودا (مەبەسـت کوردسـتانی باشـوور و هەرێمی کوردسـتانی ئێسـتایە) دەکـرد. ڕۆژێـک ژنەکـەی بـە یەکێـک لـە دراوسـێکانی گـوت نازانـم چ خواردنێـک بـۆ مێردەکەم سـاز بکـەم. مێـردە داماوەکـەم شـەوانە بـە پـێ یان بە سـواری ئەسـپ بەسـەر دەبات. بـاشتر وایە لـە ڕێگادا خواردنـی گـەرم لەگەڵ خۆیـدا ببات. من بـەدوای هێلکەیەکـدا دەگەڕێم کـە بابۆڵەی بـۆ بکـەم بەڵام هێلکـەم لە هیچ کـوێ وەدەسـت ناکەوێت.

کـە ئەمـەم بیسـت بـە جەلالـی هاوڕێـم، کـە کەمێـک لـە مـن گەورەتـر و کـوڕی ئاغـای گوند بـوو[1]، وت دەزانـم هێلکـە لـە کـوێ هەیـە. با بچیـن هێلکە بۆ ئـەم ژنە بهێنیـن. باش لـە بیرم نییە کـە گشـت ئـەم قسـانە مـن کـردم یـان جـەلال. بـەڵام پیلانێکـی دوو کەسـی بـوو. بـە ژنەکەمان وت گەرەکتـە سـبەی هێلکـەت بـۆ بێنیـن؟ وتـی ئەمشـەو کاروان دەڕوا، ئەمـڕۆ هێلکـەم دەوێ و لـە بەریەتیـی هـەر هێلکەیـەک کێکێـک و نۆشـابەیەکتان (سـاردی) پـێ دەدەم. ئـەو ژنـە لـە سـووچێکی ئـەو ماڵـەی کـە قوتابخانەکـەش هـەر لـەوێ بـوو، چەنـد ڕەفـەی دانابـوو و کێـک و سـاردیی دەفرۆشـت، دووکانێکـی بچووکـی خواردەمەنـی فرۆشـی لـە قوتابخانـەی گوندەکـەدا دانابـوو. منداڵانـی کـورد لـەو سـەردەمەدا زۆر حەزیـان لـە خواردنـی کێـک و سـاردی بـوو و ئـەم کێـک و سـاردییە خواردنێکـی لاکچێـری بـوو، بۆیـە شـایەنی ئەوە بـوو بچین هێلکەی بـۆ بدزین.

کـە ئێـوارە دادەهـات پیاوانـی لادێ لەبەردەم مزگـەوت دادەنیشتن و ئـەو ڕۆژە بۆ پێش نیوەڕۆ هـەر لەبـەردەم مزگـەوت دانیشـتبوون. هـەوا خـۆش بـوو، قسـەیان دەکـرد، تووپـان دەتروکانـد و تەسـبێحیان هەڵدەسـووڕاند. کادێنـی مریشـکەکانیش ڕاسـت لەبـەردەم مزگەوتەکـەدا بـوو، نەماندەتوانـی ڕێـک بـە بەردەمیانـدا تێپەڕیـن و دزی بکەیـن، بـەڵام پێشـنیاری ژنەکـە بـۆ ئـەوە

---

١ . دوای شۆڕشـی سـپی، ئاغـاکان دەسـەڵاتێکی ئەوتۆیـان نەمـا، هـەر نـاوی ئاغایان پێـوە مابـۆوە و هەندێکیشـیان لە لایەن دەوڵەتـەوە چەکـدار کرابوون.

نەدەبـوو پشـتگوێی بخەیـن. پەنجەرەیـان بـۆ کادێـن و تەویلـەکان دروسـت نەدەکـرد بـۆ ئـەوەی دز نەتوانـێ بچێتـە ژوورەوە، بـەڵام لـە پشـتیەوە کەلێنێکـی بچـووک یـان هەواگۆڕکێـی هەبوو. بە جـەلالم وت ئەگـەر هەڵمبگریـت لـەم کونـە دەچمـە ژوورەوە و هێلکـەکان دەهێنـم. بـە دەسـتی قولابـی بـۆ گرتـم هەوڵـم دەدا بچمـە ژوورەوە بـەڵام هەتـا ناوقـەدم گیـری کـرد، ناوقـەد بـەرەو ژوورم لـە نـاوەوەوە بـوو و ناوقـەد بـەرەو خـوارم لـە دەرەوە بـوو. خەریـک بـوو لـە ناوەڕاسـتی کونـی کادێنەکـەدا بخنکێـم. وتـم تـۆ پاڵـم پێوە نـێ و هیچ مەکە. جـەلال هێندە پاڵی پێوە نـام کە هەتا دواجـار کەوتمـە نـاو کادێنەکـە، دەسـت و دەموچاوم گشـتی ڕووشـا و بریندار بوو بـەڵام قەینا من خواردنێکـی لاکچەریـم وەدەسـت دەهێنا!

بـە هـەزار کولەمەرگـی خـۆم فـڕێ دایـە نـاو هێلانـەی مریشـکەکان و دوای لێکهەڵبڕینیـان چەنـد دانـە هێلکـەم هەڵگـرت. هاتـم هێلکـەکان بـدەم بـە جـەلال، بـەڵام هەرچـی هـاوارم کرد، جـەلال وەڵامـی نـەداوە. وا دیـارە چەند پیاوێک بـەرەو لای هاتبـوون و ئەویش لە ترسـا هەڵاتبوو. منیـش ئـەوە لـە حەوت دەوڵەت قاچـاغ لە ناو کادێنەکـەدا مابوومەوە. هەر لە مـن جەلال جەلال کـردن و هـەر لـە جەلالیـش وڵامنەدانـەوە. نیـوەڕۆ بـوو و مـەلا بانگـی نیـوەڕۆی دا. من بـە ترس و لـەرز و ئاگاداریـیەوە لـە کادێنەکـە هاتمـە دەرەوە کـە نەکا کەسـێک بمبینێت. جـەلالم دۆزیەوە، شـەڕێکی باشـم لەگەڵـی کـرد باشـە هەتیو ئـەوە بۆچـی بەجێت هێشـتم! چون بەجێت هێشـتم بەخـوڵای بەشـت نـادەم! بـەڵام جـەلال کـە کەمێـک لـە مـن گەورەتر بـوو، بـە زمانلووسـی فێڵی لێکـردم و دڵخۆشـیی دامـەوە. هێلکەکانمـان دا بە ژنـە جەحێڵەکە و کێک و سـاردیمان وەرگرت. هەڵبـەت بەڵێـنمان دا کـە شووشـەی سـاردییەکانی بـۆ ببەینـەوە. چووینـە سـەر لوتکـەی گـردە دێرینەکـەی لادێ، دانیشـتین و بـە خواردنـە لاکچێرییەکانمـان کاتێکـی خۆشمان بەسـەر برد.

لـە سـەر و دەوروبـەری گردەکە، حیزبی دێموکـرات بە هاوکاریی دانیشـتووانی دێکە چەندین کەوێڵیـان دروسـت کردبـوو، بۆ ئەوەی هـەر کاتێک فڕۆکە یان هەلیکۆپتەرێک هـات یان نائارامی و گرژییـەک ڕووی دا، خەڵـک پەنـا بـۆ ئـەوێ ببـەن. هـەر لـەوێ کێک و سـاردیەکانمان خـوارد و لەبـەر ئـەوەی کۆتایـی هەفتـە بـوو، چەند ڕۆژێـک دواتر شووشـەکانمان بـردەوە بۆ ژنـە. ژنەکە زۆر تـوڕە بـوو. وتـی ئـەم هێلکانەتان لـە کوێوە هێناوە؟ وتم لـە ماڵی خۆمان ... وتی ئـەم هێلکانە هی مـاڵ نییـە! دەسـتم کـرد بـە ڕوونکردنـەوە، بـەڵام هیـچ، بـێ کەڵک بـوو. ژنەکـە وتـی: هێلکەکانم بـۆ مێردەکـەم کوڵانـدووە و بـۆم پێچاوەتـەوە و وەلـی توێکڵەکـەم بۆ لـێ نەکردووەتـەوە. کابراکەی مێـردم لـەو تاریکیـی شـاخ و کێـوەدا توێکڵی هێلکەکانـی لێ کردووەوتـەوە و کەمێکـی دەخوا لە پـڕ چ دەبینـێ هـەی هـەی ئـەوە جووچکـەی مـردوو لـە ناوەوەیە." پاشـان بـە تووڕەییـەوە وتی: بە دایکت بڵـێ بێت."

دەمزانـی قەوماندوومـە لـە ترسـا هیچـم نەگـوت. ڕۆژی دواتـر دایکمـی بینی و پێـی گوت کە مێردەکـەی بـە درێژایـی ئـەو شـەوە برسـی بـووە و لەبـەر ئـەوەی گازی لـە هێلکەیەک گرتـووە کە

جووچکەی مردووی تێدا بووە زۆر دڵگرانە. ئەم ژنە وتبووی مێردەکەی وتوویەتی ئەم کارە زۆر گوناحە و ڕسق و ڕۆزی لە سفرەمان هەڵدەگرێت. وتبووی بۆچی هێلکەی دزیەتیت بە من داوە. دایکم و خاڵۆژنم و داپیرەکانم هەوڵیان دابوو کێشەکە چارەسەر بکەن. گوتبوویان خوا خەجاڵەتی کا، خوا چاکی بۆ نەکا. گوتبوویان ئێمە نەمانزانیوە، چووەتە کادێن و بێ پرس و ڕا هێلکەی ژێر مریشکەکانی هەڵگرتووە. سەرتان نەیێشێنم گۆڵمەزی ئەم هێلکەدزینەی من گەیشتە گوێی باپیرم. باپیرم بە گۆچان تووڕدان و لنگەپێڵاو هات عاقڵم بکا و جەلالیش کە کوڕەئاغا بوو لەلایەن باوکیەوە تێهەڵدانێکی چاکی خوارد.

خۆ هێلکەدزینەکە هەر وا لە کۆڵم نەبۆوە و باسەکەی گەیشتە قوتابخانە. خاتوو سۆفیزادە بەمەی زانیبوو، ئیتر ماڵوێرانی لێرەوە دەستی پێکرد، لە بەرچاو گشت منداڵەکان بە شووڵێکی تەڕ دای لە دەستمان و تەمبێی کردین و سەبارەت بەوەی کە دزی کارێکی خراپ و نەشیاوە زۆری ڕێسا. ئیتر دوای ئەو قەوماندنە بووین بە هێلکەدز و هەتا بەینێک بە هێلکەدز بانگمانیان دەکرد.

ئەزموونی سەرکەوتووی حیزب لە حکوومەتی خۆجێییدا

حیزبی دێموکرات بۆ ماوەیەکی کورت توانی مۆدێلێکی حکوومەتی دڵخوازی خۆی بخاتە ڕوو. هەرچەندە تەمەنی کورت بوو، بەڵام ئەزموونێکی سەرکەوتوو بوو کە دەریخست سپاردنی پەروەردە و کاروباری کۆمەڵایەتی بە خەڵک، بەبێ پشتبەستن بە حکوومەتی ناوەندی، دەتوانێ زۆرێک لە کێشەکانی خەڵکی ناوچە سنوورییەکان چارەسەر بکا و خۆشگوزەرانییەکی ڕێژەیی بەدی بێنێت. ناتوانین بیشارینەوە کە پتەوبوونی بناغەکانی حکوومەتی حیزبی دێموکرات بە هۆی هەندێ هاوکارییەوە بوو، بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا حیزب نیشانی دا کە دەتوانێ بە پاراستنی سەربەخۆیی و خۆبژێویی خۆی، ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەڕێوە ببات.

جگە لەوەش شارەزایانی غەیرەکوردیش لەم ماوەدا یاوەری حیزب بوون. کەم نەبوون ئەوانەی کە ڕوانگەی چەپیان هەبوو، لەگەڵ حکوومەتی کۆماری ئیسلامیدا نەدەسازان و لە ناوچەی حوکمڕانیی حیزبدا دەژیان. هەر بەهۆی بوونی ئەوانەوە کەشی ناوچەکە گۆڕابوو و هەموو شتێک بە ئاراستەی هۆشیاریدا دەچوو. ئەو هۆشیاری و بەرنامانەی کە بە توانا و ئیمکانیاتی خۆجێیی و ناوچەیی و سوودوەرگرتن لێیان بەدی هاتبوون، قووڵتر و سەقامگیرتر بوون. چون لە ناو دڵی کۆمەڵگەی خۆماڵییەوە هەڵدەقوڵا و بە هەوڵی خودی خەڵک بەدەست هاتبوو، کەواتە هەر وا بە ئاسانی کاڵ نەدەبۆوە. ڕووکەشی و کاتی نەبوو و لەگەڵ پێداویستی و ئەولەوییەت و کەڵکەڵەکانی ناوچەکە یەکی دەگرتەوە.

حکوومەتی ناوەندی لەبەر چەند هۆکار، لە ئێراندا بایەخی بە توانا پەنگراو و لۆکاڵییەکان

نـەداوە و سیاسـەتی بـۆ ئامـادە نەکـردووە کـە بەکاریـان بهێنێـت. ئەم مەسـەلە لە لایەک ترسـی حکوومـەت لـە دانـنـان بـە فرەیـی زمانـی و شـوناس و هەوڵـدان بـۆ ئاسـمیلەکردنی فەرهەنگـی پیشـان دەدا و لـە لایەکـی دیکەوە بێتەگبیری و ناکارامەیی ڕژێم و ترسـی لە دەسـەڵات وەرگرتن و وشـیاریی خەڵکـی ئـەم ناوچانـە ئاشـکرا دەکات. لـە ڕاسـتیدا ڕژێـم نایهـەوێ دەسـەڵاتەکەی لامەرکـەزی بـێ، ئەمـەش یەکێـک لـە بەربەسـتە گرنگەکانـی بـەردەم گەشەسـەندنی ناوخۆیـی ئێرانـە، کـە حکوومەتەکان هەمیشـە پشـتگوێیان خسـتووە.

هەندێـک لـە بریـکارە جێبەجێکارەکانـی ئـەو سـەردەمە لـە باشتریـن زانکۆکانـی ئێـران و دەرەوەی وڵاتـدا خوێندبوویـان و لـەو بابەتانـەی کـە شـارەزاییان هەبـووە هاوکارییـان دەکـرد. لـە لایەکـی تـرەوە خەڵکـی غەیـرە ڕەسـەن هاتبوونـە ناوچەکانـی کوردسـتان بـۆ ئـەوەی ڕاهێنـان بە پێشـمەرگە و خەڵـک بکـەن و خزمەتگـوزاری پزیشـکی و ئەندازیـاری پێشـکەش بکـەن. زۆر جار ئـەم کەسـانەمان دەبینـی کـە بـە زمانـی تورکـی، فارسـی یـان تەنانـەت زمانـی بیانـی قسـەیان دەکـرد. حیزبـی دێموکـرات لەسـەر بنەمـای پسـپۆڕگەرایی و شیاوسـالاری بـەرەو پێـش دەچوو و هـەر لەبـەر ئـەم هـۆکارەش بـۆ تەواوکردنـی تواناکانی خۆی کەڵکی باشـی لە هەندێک پسـپۆڕی غەیرەکـورد وەردەگـرت. بـەڵام ئەگـەر ئـەم دۆخـە بـەردەوام بـا بـە کـوێ دەگەیشـت؟ پێویسـت بە پێشـبینیکردن ناکا، هەر ئەوەندە بەسـە کە ئەگەر سـەیرێکی سەرچەشـن و نموونە هاوشێوەکەی لـە باشـووری کوردسـتان یـان هەمـان هەرێمـی کوردسـتان بکەیـن، دەبینیـن کـە لـە ڕووی فەرهەنگی، سیاسی، جوگرافی و ئابوورییەوە زۆر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەچێت. ئەزموونەکان دەریانخسـتووە کـە لـە سـاڵی ٢٠٠٣ەوە کـە هەرێمی کوردسـتان لە باشـوور فیدراڵیـی وەرگرت، سـەرەڕای هەمـوو کێشـەکانیان و ئـەو گەندەڵییـەی کـە بـە هۆیـەوە دەبۆڵێنـن، بـەڵام هـەر لـەم هەرێمی کوردستانە ئەزموونێکی سەرکەوتوو و دیموکراتیکانە بەدی هاتووە.

● وێنەی٥٧. خوێندن بە زمانی دایکی و ڕاهێنانی ڕەگەزی، سەرەتاکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی (هەشتاکانی زایینی)

ڕەنگـە بتوانـم بڵێـم حیزبـی دێموکـرات لـە ڕووی تێڕوانینـی نەریتییـەوە لـە حیزبی دێموکراتـی عێراقەوە نزیک بـوو، بەڵام لقی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتانی عێـراق لەگـەڵ حیزبـی کۆمەڵـە لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان هاوشـێوەن. کۆمەڵـە نائایینـی بـوو، بـەڵام حیزبـی دێموکـرات ئایینـی ئیسلامـی قبووڵی کردبوو، لـە هەمان کاتدا سـەرکردەکانی هـەر دوو حیزب کەسـانێک بـوون کـە تێڕوانینـی چەپیـان هەبـوو و لـە دەرەوەی وڵات خوێندبوویـان کـە ئەمـەش کاریگەریی لـە سـەر ئازادییـە مەدەنییەکانـی ناوچەکـە دادەنـا. توانا و ڕوانگـە هێزەکییەکانی سـەرکردەکانی

هـەر دوو حیزبەکـە، لەگـەڵ ئـەوەی کۆمەڵە ڕوانگەیەکـی نائایینی هەبوو و حیزبـی دێموکراتیش ئایینـی ئیسلامـی وەک ئایینـی باڵادەسـتی کۆمەڵـگا و حکوومەتـی ئێـران قبـووڵ بـوو بـۆ ئەوەی دانوسـتانی پێـوە بـکا، ئەمـە خاڵێکـی زۆر بەهێـزە کـە دەیتوانـی نموونەیەکـی زۆر هەمەلایەنـەی دیموکراتیزەکردنـی کوردسـتانی ڕۆژهەڵاتـی لـێ بکەوتایەتـەوە، نموونەیـەک کـە دوور لـە دۆخی ئێسـتای کۆمەڵـگا بـوو و زۆر یارمەتـی چالاکبوونـی ئـەو کۆمەڵگایـەی دەدا.

پرسـێک کـە ناتوانیـن پشـتگوێی بخەیـن، ئەوەیـە کـە ئایـا حیزبـی دێموکـرات یـان هـەر حکوومەتێکـی خۆجێیـی دیکـە لـە نەبوونـی سـەرچاوەیەکی گرینگی وەکـوو نـەوت، دەیتوانی لە ڕووی ئابوورییـەوە ڕووبەرێکـی بەرفـراوان بەڕێـوە ببـات یـان نا؟ وڵامی ئەم پرسـیارە هەر وا ئاسـان نییـە. چونکـە کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات بەپێچەوانـەی هەرێمـی کوردسـتان، خاوەنی سـەرچاوەی ژێرزەمینـی و داهاتـی زۆری وەکـوو نـەوت و گاز نییـە - هەرچەنـدە سـەرچاوەی بەرچـاوی نەوت و گاز لـە پارێـزگای ئیلامـدا هەیـە، کـە بەرهەمهێنانـی نـەوت و گاز لـەو پارێزگایـە درەنگ دەسـتی پێکردووە و هێشـتا نەگەیشـتووەتە ئەوپەڕی خۆی - و سـاڵانێکی زۆر گەشـەی نەکردووە، کارگەی بەرهەمهێنـان بـە ڕێبواریـش توخنـی کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات نەکەوتـووە و سـاڵەهای سـاڵ بێبەشـبوونی ئابـووری، دابەشـکردنی نایەکسـانانەی سـامان و دەسـەڵات و پەراوێزخـران بووەتـە هـۆی ئـەوەی ئـەم ناوچـە هـەر وا بەشـخوراو بمێنێتـەوە. حکوومەتـی ناوچەیـی ئەوەنـدەی کـە دەیتوانـی کرانـەوە سیاسـییەکان بهێنێتـە ئـاراوە، ڕەنگە هـەر ئەوەنـدەش ڕووبەڕووی ئاسـتەنگی ئابـووری جـددی ببایەتەوە.

کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات ئـەو کات بـە بـێ ئـەوەی سـوود وەربگـرێ یـان لـە سـامانی نـەوت و سـامانی ناوەنـد داوای پشـکی خـۆی لـە حکوومەتـی ناوەنـدی بـکا دەیتوانـی بـە جۆرێـک خۆی بەڕێـوە ببـا، بـەڵام ئەمـە زۆر سـەرەتایی بـوو و دەبـوو بە سـەرچاوەی کشـتوکاڵیی سـنووردار ڕازی ببایـە. تەنانـەت گەشـەی کشـتوکاڵ لـە هەنـدێ بەشـی کوردسـتان وەکـوو هەورامـان بـە هـۆی سروشـتی شـاخاوییەوە زۆر مومکیـن نییـە. بـە هـۆی نەبوونـی ژێرخانـی ئابـووری و بێبەشـیی دووقاتـەوە، ژیـان لـەوێ قورسـە و گەنجەکانیشـی زۆر جـار بە نیازی دۆزینـەوەی کار ڕوو لە شـارە گـەورەکان دەکـەن، یـان خەریکـی کاری کۆڵبـەری و کرێـکاری و ئیشـی سـاختەن. پێـم وایـە ئەگـەر حکوومەتـی خۆجێـی بـەردەوام بـا، ئەگـەری دروسـتبوونی ژیانێکـی ئابووریـی سـەرەتایی بـۆ هەرێمەکـەی لـێ دەکەوتـەوە، بـەڵام لـە ڕووی سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەوە لەوانـە بـوو پێـش نەکەوێـت.

هەروەهـا خاڵێکـی گرنگـی دیکـە ئەوەیـە کـە کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات کۆمەڵگایەکـی ئایینیـەروەری ڕادیـکاڵ نییـە. هـەر بۆیـە ڕەنگـە دەرکەوتنـی ڕادیکاڵـی ئایینـی[1] کـە فاشـیزمی

١ . دەسـتەواژەی بناژۆخوازیـی ئایینـی یـان ڕادیکاڵیزمـی ئایینـی بـۆ ئـەو گرووپـە ئایینییـە داخراوانـە بـەکار دێ کـە ڕەوتـە

مەزهەبییشـی[1] لێ دەکەوێتەوە، بەربەسـتی بەردەم گەشـەکردن و دیموکراسییە و لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتـدا نەیدەتوانـی سـەر هەڵبـدات.

کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات هـەم لـە ڕووی تەندروسـتیی فەرهەنگـی و زمانیـەوە و هـەم لـەم سـۆنگەوە کـە زۆر گیـرۆدەی نەریتـە دواکەوتـووە ئایینییـەکان نییـە، لەگەڵ هەرێمی کوردسـتان فەرقـی هەیـە. ڕەنگـە هاوچەشـنی و پەیوەندییەکانـی نێـوان زمانی کوردی و فارسـی کـە بە هۆی نزیکایەتییانەوەیـە بۆتـە هـۆی ئەوەی ئـەم زمان و فەرهەنگە وەکـوو خۆی بمێنێتـەوە. دیارە بوونی چەندیـن حیزبـی ئیسلامی و ڕەوتی دیکە لە هەرێمی کوردسـتان بەشـێک لـە فەرهەنگی ئەوانی تێهەڵکێشـی ڕادیکاڵیزمـی ئایینـی کـردووە یـان لـە ڕێگەی ئـەم ڕادیکاڵیزمـەوە کار کراوەتە سـەر فەرهەنگەکەیـان و تەنگـی بـە دیموکراسـی و سـکۆلاریزم هەڵچنیـوە. لـە حاڵێکدا لـە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان لـە ڕابـردوودا ئـەوە مـەلا و فەقـێ بـوون کە بڕبڕەی پشـتی حیزبـی کوردسـتانی ئێران بـوون و ئێسـتاش ناسـیۆنالیزمی کـورد زۆر بـە خەسـتی لـە لایـەن مەلایانـی سـوننەوە پاڵپشـتی دەکرێت.

چاکسازیی کۆمەڵایەتی لە سەر دەستی حیزب

حیزبـی دێموکـرات و کۆمەڵـە لـە پـەروەردە و فێرکارییەکانیانـدا گرنگییەکـی تایبەتیـان بـە دادپەروەریـی جێنـدەری و بوونـی ژنـان لـە ناو کۆمەڵـگادا دەدا. دەتوانـم بڵێم لە چـاو بارودۆخی ئـەو قۆناغـە، زۆر پێشـکەوتوو و بـەڕۆژ بـوون. لـە مزگەوتەکانـدا کۆبوونەوەیـان بـۆ خەڵـک ئەنجـام دەدا و باسـیان لـە ئازادییـە مەدەنییـەکان دەکـرد. نەریتەکانـی وەکـوو فرەژنی و ژنبهـژن قەدەغە کـران و گەنجانـی شارسـتانیی خوێنـدەوار لـە یەکـەی ڕۆشـنبیری حیزبـدا کاریـان دەکـرد. لـە ڕاسـتیدا لێژنـەی فەرهەنگیـی حیزبـەکان لەگـەڵ پێکهاتـەی فەرهەنگیـی یەکـی دەگرتـەوە، بـە

سـەرەکییەکەیان کـە خۆشـیان هـەر لـەو ڕەوتـەوە سـەرچاوەیان گرتووە بـەوە تۆمەتبار دەکەن کە سـازش دەکەن یـان بەرامبەر بـە پڕەنسـیپەکانی ئاییـن کەمتەرخەمـن یـان ئـەم پڕەنسـیپە بناغەییانەیـان فەرامـۆش کـردووە و هەر لەبـەر ئەم هـۆکارە ڕەوتە سـەرەکییەکەی خۆیـان قبـووڵ ناکەن و خۆیان بە نوێنەری ڕاسـتەقینەی ئەو ئایینـەی ئاماژەپێکراوە دەزانـن : ١. دیاردەیەکی جیهانیـن؛ ٢- باوەڕیـان بـە لێبڕاویـی و نەگۆڕیـی دەقە پیرۆزەکانە، بـەڵام لە هەمان کاتدا بە شـێوەی بژاردەیـی مامەڵە لەگەڵ دەقەکـەدا دەکـەن؛ ٣. ئـەوان خوازیـاری گەڕانـەوە و لێکدانـەوەی بناغـە و بنەمـا ئایینییـەکان بە پێـی ئایدۆلۆژیـای دڵخوازی خۆیانـن؛ ٤. ئاڕاسـتەیەکی سیاسـیی دیاریکراویـان هەیـە و دژی ئـەو نەزمـە سیاسـییەی کە هەیـە دەوەسـتنەوە؛ ٥- ڕەخنە لە سـکۆلاریزم دەگـرن و دژی ئـەو ڕەوتـە نائایینییـەن کە لە سـەردەمی مۆدێرنـدا بـاون و کاردانەوەیەکی توندڕەوانەیـان هەیە؛ ٦- زۆربەیـان لـە ژێر کاریگەریـی بیرۆکە هەزارەخوازییەکانـدان (زاهدانی، سـعید.١٣٩١، مقالۀ جنبش‌هـای بنیادگرایی دینی).

١. بنەما سـەرەکییەکانی فاشـیزم، کە مۆسـۆلینی لە ساڵی ١٩٣٢دا لە ئینسـایکلۆپیدیای ئیتالیادا هەندێکیانی دەرخستووە، بریتیـن لە: باوەڕنەکردن بە سـوودمەندبوونی ئاشـتی، دژایەتیکردنی ئەندێشـە سۆسیالیسـتییەکان، دژایەتیکردنی لیبرالیزم، ملکەچبوونـی ژیانـی هەمـوو گروپەکان بەرامبـەر بە حکوومەت (یەکپارچەخـوازی)، پیرۆزیی ڕابەر و پێشـەوا هەتا ئەو جێی کە دەکرێ، دژایەتیکردنی دیموکراسـی (دیموکراسـییان پێ ئارەزووبازی و خۆپەرسـتییە)، باوەڕێکی پتەویان بە قارەمان‌پەرستی، بانگەشـە کـردن بۆ گیانی جەنـگاوەری و ڕژێمی یـەک حیزبی هەیە.

پێچەوانەی ئەو شتەی کە لە یەکەی فەرهەنگی حیزبدا زال بوو، لە ئێراندا دەبینین کە ناوەندە فەرهەنگییەکان بە ڕووالەت لە هێزی مرۆییەوە بگرە هەتا دەگاتە یاسای ڕێکخراوەیی، کەمتر کاری فەرهەنگی دەکەن.

زۆربەی ڕاهێنەرانی ئەو کۆبوونەوانە ژنە جەحێڵەکان بوون و لەسەر پێشێلنەکردنی مافی ژنان قسەیان بۆ خەڵک دەکرد و ئێمەش گوێمان لە قسەکانیان دەگرت. ئەو کۆبوونەوانەی کە لە مزگەوت ئەنجام دەدرا، هی پیاوان بوو. کۆمیتەی ژنان لە ماڵەکانیان کۆبوونەوەیان بۆ ژنان ئەنجام دەدا و لە کۆبوونەوەیەکی گەورەتردا کە سازیان دەکرد ژن و پیاو پێکەوە بەشداربیان دەکرد. ئەمەش دەریدەخست کە حیزبە کوردییەکان بە کردەوە گرنگییان بە یەکسانیی جێندەری دەدا، کە یەکێک لە نیشانەکانی بوونی فەزای ئازادئەندێشی و دادپەروەرانەی کۆمەڵایەتییە. نازانم بۆچی خەڵکی گوندەکە گوێیان لەم قسانە دەگرت، ڕەنگە ئەم قسانە بۆ ئەوان تازە و سەرنجڕاکێش بووبێ، ڕەنگە لەبەر ترس لە لێکەوتەکانی بێت. مەلای دێ هەمیشە قسەی بۆ کردوون و خۆ ناکرێ بە مەلا بڵێی نا!

● وێنەی ٥٨. وتنەوەی سرود لە لایەن یەکێتیی لاوانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، شەستەکانی هەتاوی

دۆخەکە لەو سەروبەندەدا جیاواز بوو، کچانی بێحیجاب و کوڕە جەحێڵەکان لە سیمایەکی نوێدا قسەی تازەیان دەکرد کە لەگەڵ فەرموودەکانی جەنابی مەلا فەرقی بوو. گرەو دەکەم تەنانەت لە زۆرێک لە قسەکانیان تێنەدەگەیشتن، بەتایبەت ئەوەی کە هەندێک جار بە کوردییەکی تێکەڵ بە زمان فارسی قسەیان دەکرد و دیار بوو شاری و خوێندەوارن. هەندێک کەس و زیاتر پیرەپیاوەکان لەو یاسایانە دەترسان کە حیزب داینابوون و پێیان وابوو ئەگەر سەرپێچی بکەن لە دادگایەکی ناوچەییدا لێپێچینەوەیان لێ دەکرێ و ڕووبەڕووی سزای پێبژاردن دەبنەوە. حیزبی دێموکرات یاساگەلێکی دەرکردبوو کە دژی نەریتە کۆن و هەڵە و زیانبەخشەکانی وەکوو نەریتی ژنبەژن بوو. هەروەها چاودێری جێبەجێکردنی ئەو نەریتانەیان دەکرد و هەر کەس سەرپێچی کردبا سزا دەدرا. لە ڕاستیدا ئەم یاسا دانراوانە؛ پشتگوێ نەخرابوون و هەر بۆیەش خەڵک هەوڵی پەیڕەوکردنیان دەدا، ئەم وانە و یاسایانە بە تێپەڕبوونی

کات لـە ناخیانـدا جێگیـر بـوو و فێـری ڕەفتاری نـوێ و مرۆڤدۆسـتانە ببوون.

کاتێـک باپیـرم ویسـتی بـۆ ئەحمـەد، واتـە خاڵـۆ بچووکەکـەم، ژنبهژن بـکا نەیتوانـی، چونکە کۆمیتـەی فەرهەنگیـی حیزبـی دێموکـرات نەهێشـت. ڕۆژێـک مـن و فەتاحـی خاڵـۆزام لـە مەزراکـەی باپیـرم بوویـن، کە دەکەوێتە شـوێنێک بە نـاوی "گورگە"، کۆمەڵێک پێشـمەرگە لەوێ دانیشـتبوون، یەکێکیـان وتـی: "ئەتـوو نـەوەی مینـە قازیـت؟" وتم: "بـەدی[1]". پێشـمەرگەیەکی لاو کـە دەفتەرێـک و قەڵەمێکـی پـێ بـوو، هـەر لـەو شـوێنە نامەیەکـی نووسـی و چەسـپی لـە دەورەکـەی دا و وتـی: "شـەوێ بیـدە بـە باپیـرت"، کـە نامەکـەم گەیانـد بـە باپیـرم، باپیـرم وتـی بیخوێنـەرەوە، منیـش نەختـە خوێندەواریەکـم هەبوو و بـە هاوکاریی یەکێکی دیکە دەسـتم کرد بـە خوێندنەوەی نامەکە. بە کوردی نووسـیبووی: "بیسـتوومانە کە بە تەمـای بۆ ئەحمەدی کوڕت ژنبهژنـێ بکـەی، بەپێـی یاسـاکانی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێرانـێ، ئەمـە مەمنووعـە. ئەگـەر ئـاوا ژن بـۆ کوڕەکـەت دێنـی جەریمـەی نەختـی دەکرێـی و دوایـی دەتبەینـە دادگای کە زیندانێـت بـۆ ببڕنـەوە ....»[2]

باپیـرم کـە پێـشتر بـە هەمـان داب و نەریـت دوو کچەکـەی دابـوو بـە شـوو و ژنـی بـۆ دوو کوڕەکـەی هێنـا بـوو، وازی لـەم کارە هێنـا. دیـارە لەبـەر ترسـی هەڕەشـە و زەختـی ڕای گشـتی بـووە کـە باپیـرم دەسـتبەرداری ژنبـەژن بـووە. هەڵبـەت گۆڕینی بڕیارەکەی، لەسـەر چاکسـازیی ڕوانگـە فەرهەنگییەکـەی نەبـوو! باپیرم دەیویسـت ژنێک بۆ کوڕەکەی بێنـێ کـە متمانە بە خۆی و خێزانەکـەی بـکا و تێچووی شـایی و بڕی زێڕەکەشـی نیـوە یان لانیکەم کەمتر ببێتـەوە. بەکورتی کچێـک بـدا و کچێک وەربگرێت. باپیرم بۆ ژنهێنان بۆ کوڕەکانـی متمانەی بە لاوە زۆر گرنگ بوو. بـەڵام هەمـوو شـتێک بـە جۆرێک ئاڵوگۆڕی متمانـە و ئاڵوگـۆڕی دارایی بوو. بۆ هەنـدێ لە نەوەی گەنجـی ئـەو سـەردەمە، بە خاڵۆ ئەحمەدیشـمەوە، ئامانجیان ژنهێنان بوو و بـۆی فەرقی نەدەکرد کـە ئـەو ژنـەی بـۆی دێنـن کێ بێـت. هەر چەنـد بـاشمان دەزانی کـە خاڵـۆم لەگـەڵ یەکێک لە کچەکانـی ئاغـای دێ کەیـن و بەینـی هەبـوو، وەلـێ خۆشـی دەیزانـی کـە وەک خۆیـان دەڵێـن ئاغـا کـچ بـە کـوڕی ڕایەتـێ نـادات. نەریتـی ژنبهـژن قازانجی بـۆ خەڵک هەبـوو و لـەم نێوەندەدا ئـەو کـچ و کوڕانـەی کە ناچار بـە هاوسـەرگیریی زۆرەملـێ دەکـران زیانیان پێدەگەیشـت. حیزب بڕیـاری دابـوو کـە هـەر چۆنێـک بـێ ئـەم نەریتە هەڵە لـە ژیانـی کۆمەڵایەتیـی کورد بسـڕێتەوە و ئەمـەش ئـەوە دەردەخـا کە حیـزب بۆ بەدیهێنانـی کۆمەڵگایەکی مرۆڤدۆسـتانەتر پلانـی دانابوو.

گرووپـی ژنانـی حیزبـی دێموکـرات چـالاک بـوون و کۆمەڵێک بەرهەمـی فەرهەنگیـی وەکوو

---

١ . بەڵێ

٢. ئـەم گۆڕانـکاری و چاکسـازییە تاکڕەوانـە لـە درێژخایەنـدا بـە قازانجی هەمـووان و و ژنان بوو بـەڵام بۆ ئەوەی ژنـان لە ژیاندا چـالاک بـن. ڕێگایەکـی دوور و درێژیان لـە پێش بوو.

گۆڤار و کتێبیان بەرهەم هێنا. پێشمەرگە ژنە گەنجەکان دەچوونە گوندەکان و کۆبوونەوەی ڕاوێژکارییان بۆ ژنان ئەنجام دەدا. ئەم گرووپە سەرچاوەی داپەڕ و کردەوە باشەکان ، کە ئەگەر بەردەوام بووایەن، ڕەنگە هەتا ئەمڕۆ هەندێک نەریتی زیانبەخشیان تا ڕادەیەکی زۆر دەستکاری بکردایە و ڕوانگەی ڕەگەزێتییان بەرامبەر بە ژنان لە ناو خێزان و کۆمەڵگادا بگۆڕیبایە.

ئەو بۆچوونانەی کە ژنانیان وەک بوونەوەرێکی لاواز و بێدەسەڵات دەبینی، کە تەنانەت لە تایبەتیترین بوارەکانی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی خۆیاندا ناتوانن بڕیار بدەن ... ژنبەژن یەکێک لەو نەریتانە بوو کە هەمان ئەو مانایەی لە خۆدا هەڵگرتبوو. کۆمیتەی فەرهەنگیی حیزب بە خەستی لە سەر پرسی بنەماڵە و مافی ژنان و تەنانەت منداڵانیش کاریان دەکرد و تا ڕادەیەکیش کاریگەرییان لەسەر خەڵک هەبوو. پێدەچێ ئامانجیان ئەوە بووبێ کە ژن لە بوونەوەرێکی بێدەسەڵات و بندەستەوە بگۆڕن بۆ بوونەوەرێکی چالاک کە دەتوانێ دەستوەردان لە ژیانی تایبەتیی خۆیدا بکا و تەنانەت لەوەش زیاتر هەنگاو بنێ و ڕۆڵێکی گرنگ لە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگاکەیدا بگێڕێت.

تەنانەت هەندێک لە دابونەریتە زیانبەخشەکان بە تاوان ناسێنران، جگە لە قەدەغەکردنی ژنبەژن، ئەگەر کچێک لەگەڵ کوڕێک ڕەدوو کەوتبا و خێزانەکەی بە وەسڵەتەکەی ڕازی نەبان، حیزب ئاسانکاری بۆ هاوسەرگیرییەکەیان دەکرد و شتانی لەو جۆرە. بەشێک لە کارکردەکانی حیزب لە مەسەلەی ژن و جێندەردا هەندێک ڕەخنەی لێکەوتەوە و دواتر لێکۆڵینەوەی لەسەر کرا[1]. حیزبی دێموکرات هاوکات لایەنی ڕۆشنبیری و لایەنی حکوومی بەدەستەوە بوو و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش چالاکییەکانی سەبارەت بە مافی ژنان، وەک شمشێرێکی دوو لێوار وا بوو، کە هەم کاریگەریی ئەرێنی لە سەر گۆڕینی پێگەی هەندێک لە ژنانداد دروست کرد و هەمیش لە هەندێک حاڵەتدا کارکردی نەرێنی هەبوو و کێشەی ژنانی خراپتر کردەوە و بەشدارینەکردنی سیاسییانی جددیتر کرد.

ئەوە چالاکییە سیاسی و تەشکیلاتی و فەرهەنگییەکانی حیزبەکان بوو کە کارێکی وای کرد لە کوردستاندا نەک هەر پیاوان بەڵکوو ژنانیش ئاگاداری مافە ڕێژەییەکانی خۆیان بوون. قبوڵکردنی ژنان و کچان وەک پێشمەرگە لە ناو ڕیزی حیزبەکاندا، بەتایبەت لە

---

١. حیزبی دێموکرات لە بەشداریی سیاسی ژنان ڕۆڵێکی دووفاقە و لێکدژی هەبوو؛ لە لایەک کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیرانی حیزب پەیوەستی داخوازییەکانی بزووتنەوەی ژنان بوون و ئەمەش بە کەڵکوەرگرتن لە ئیمکانیاتە بەرفراوانەکانی ئەم حیزبە لە پێناو زەمینەسازیی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بۆ بەشداریی سیاسی، توانیان فەرهەنگی چالاکییە حیزبییەکانی ژنان بەرەوپێش ببەن و لەوێشەوە بەشداریی سیاسی ژنان بەرەو پێش بخەن و لە لایەکی دیکەوە، حیزبی دیموکرات، وەک حیزبێکی حکوومی، بە خەساندنی ڕۆڵی خەباتکارانەی ژنانی چالاک لە ناو بزووتنەوەی ژنان و دنەدانی گرووپە کۆنەپەرستە ئایینییەکان، هەستیاری و ڕەشبینی خەڵکیان بەرامبەر بە پرسەکانی ژنانیان ورووژاند و ڕێژەی بەشداریی سیاسیی ژنانیان کەم کردەوە. (ر.ک فصیحی، سیمین و نوری امیر آبادی،١٣٨٩، نقش دوگانهٔ حزب دموکرات ایران در مشارکت سیاسی زنان)

ڕیزەکانـی حیزبـی دێموکراتدا بڤە و تابۆشـکێنییەکی بوێرانـە بوو کە ڕووبـەڕووی نارەزایی بنەماڵە کۆنەپەرسـتەکانیش بـووەوە، بـەڵام وردەوردە بـوو بـە نەریتێکـی بـاو و ئاسـایی. هەندێـک لە ژنان ڕێگەیـان پێـدرا کە لـە بواری چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و پرۆسـەی بڕیاردانـدا بەشـداری بنوێنن و ئـەم ئەزموونانـە ئاسـتی خۆوشـیاریی تاکەکەسـی و کۆمەڵایەتیی ئـەو ئافرەتانەی بـەرز کردەوە.

لـە بنەڕەتـدا ئـەم جۆرە سیاسـەتە بێلایەنە جێندەری و یەکسـانیخوازییە، دژی ئـەو گوتارە بوو کـە هەتـا ئـەو کاتـە باڵی بە سـەر فەزای بنەماڵـە و کۆمەڵـگای کوردەواریدا کێشـابوو. ژمارەیەکی زۆری پێشـمەرگەکان بەتایبـەت لـە نـاو حیزبـی کۆمەڵـەدا کچـان بوون و ژمـارەی ئـەو ژنانەی کە چوبوونـە نـاو حیزبەکانـەوە هێنـدە زیـادی کردبـوو کـە ناچار بـوون خولێکی مەشـقی سـەربازیی جیایـان بـۆ بکەنـەوە. لە ڕاسـتیدا هەندێک لە حیزبـەکان لەم ناوچانـە و لە ناو کـورددا گوتارێکی نوێیان سـەبارەت بـە جێندەر هێنایـە ئاراوە.

کچـان هۆشـیارتر بوونـەوە و مافـە مەدەنییەکانی خۆیان باشتر دەناسـی. هەتا ئـەو ڕادەی کە جلوبەرگیان گۆڕی و بەشـداری کۆبوونەوە سیاسـییەکانی گوندیان دەکرد. زۆربەی گوندنشـینان لـە بۆنەکانـی سـاڵیادی دامەزراندنـی حیزبەکانـدا بەشـداربیان دەکـرد، خەڵکـی چەنـد گونـد بـە یەکـەوە کـۆ دەبوونـەوە، هەڵدەپەڕیـن و بەرنامـەی تریـان بەڕێـوە دەبـرد، کـە ئەمـە بەتایبەتـی کاریگەریـی لـە سـەر لاوان دادەنـا و لـە ڕووی پەروەردەیـی و کات بەسـەربردنەوە کارکـردی زۆری بۆیـان هەبـوو، لەوانـەش ناسـین و فێربوونـی نەریتـەکان و هەروەهـا خۆشـی و چێژوەرگرتـن لـە گروپـە بەکۆمەڵـەکان بـوو، کـە سـوودمەند بـوو و دەبـووە هـۆی ئـەوەی نـەوەی گەنـج ورووژان و هەسـتەکانیان دەربـڕن. هەڵبـەت بۆ هاونەوەکانـی خاڵۆکانم کە لە دەیەی سـێیەمی تەمەنیاندا بـوون و تـرس لـە دڵیانـدا جێگیر ببوو، هەمیشـە ئـەو نیگەرانییە هەبـوو کە دەیانگـوت حیزبەکان دەڕۆن، ئـەی دواتـر چـیمان بەسـەر دێت؟

پێکهاتەی فرەڕەهەندی حیزبی دێموکرات

پێکهاتـەی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران بەشـگەلێکی جۆراوجۆری هەبـوو، وەکوو ڕێکخـراوی لاوانـی دێموکرات، کۆمیتـەی فەرهەنگی، ڕێکخراوی ژنانی دێموکرات و تەشـکیلاتی گشـتی لە هەموو شـار و شارۆچکەیەک و لە کۆتاییدا کۆمیسـیۆنی جۆراوجۆری دارایی، دادوەری و پەروەردەیـی، کـە سـەرەڕای تەنگـژە و کێشـە بەدیهاتووەکانـی جەنـگ و نائارامـی هەر بەشـێک کاری خـۆی بـە شـێوەی کەم تا کورت ئەنجام دەدا. پەیوەندیی سـۆزداری و سیاسـیی حیزبەکان لەگـەڵ خەڵکـی کوردسـتان بـە ئەندازەیـەک بوو کـە خەڵکێکی زۆر سـوێندیان بە گـۆڕ و خوێنی شـەهیدەکانیان دەخـوارد و بـە هی خۆیانیـان دەزانی، ئـەم پەیوەندییە زۆر یارمەتیـی یەکگرتن و شوناسـی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردسـتانی داوە.

ئەزموونی ژیاو و زانیاریی سیاسیی سنووردارم دەڵێ دێموکرات حیزبێکی نەریتی بوو، بەڵام سەرکردایەتییەکی نوێگەرای هەبوو. لە ڕاستیدا ئەم حیزبە توانی بە شێوەیەکی زۆر باش ئاراستەی نەریتی و مۆدێرن ئاوێتە و هاوئاراستە بکا، کە ڕەنگە هەر ئەوەش وای کردبێ کە حیزبی دێموکرات جێی خۆی لە ناو دڵی هەموو تاکەکانی خەڵکدا بکاتەوە. حیزبی دێموکرات پێکهاتەیەکی دامەزراندبوو کە دەرەنجامێکی باشی هەبوو. هەروەها هەوڵی دا بە پشتبەستن بە ئەزموونی حیزبەکانی دیکەی وەکوو پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ناوچەکەدا چەند هەنگاوێک بنێت.[1] هەر زوو قوتابخانەی لە گوندەکاندا کردەوە و لە لادێکان و بەتایبەت شاخە سنوورییەکاندا گومرگی دانا و خاڵی پشکنینی دامەزراند.

کاتێک حیزبی دێموکرات ناوچەکەی لە دەست دا، ساڵانێکی زۆری پێچوو هەتا قوتابخانە لە گوندەکانی وەکوو گرداشەوان بینا بکرێ، ئەوە لە کاتێکدایە کە حیزبی دێموکرات هەموو توانا و ئیمکانیاتە کەمەکەی خۆی بۆ فێربوون و پەروەردەی منداڵان بەکار دەهێنا. لە کەرتی تەندروستی و دەرمانیشدا لە بیرمە خزمەتگوزارییەکی سنوردار و کەم بەڵام باشیان پێشکەش دەکرد. حیزبی دێموکرات پێکهاتەیەکی ڕێکوپێک و کارای دروست کردبوو، گرنگی بە پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی خەڵک، لەوانە پەروەردە، تەندروستی، ئاسایش و هتد دەدا و بۆ دروستکردنی ئاشتی و خۆشگوزەرانی ڕێژەیی تێدەکۆشا.

دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو کە لەگەڵ سەرۆک کۆماری ئەو سەردەمەی فەڕەنسا، واتە فرانسوا میتران، کە کەسایەتێکی کاریزماتیک و خۆشەویستی ناو چەپە ئەوڕووپییەکان بوو، پەیوەندیی هەبوو. دکتۆر قاسملوو بۆ باشترکردنی دۆخی ناوچەی ژێر ڕکێفی حیزبی دێموکرات، هەموو ئەم پۆتانسێلانەی بە کار دەهێنا. هەر بەو هۆیەشەوە پزیشکانی بێسنوور و تەنانەت بەشێک لە تورک زمانەکانی سەر بە فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان هەمیشە کاری پزیشکییان لەو حیزبەدا دەکرد و بە هاتنیان بۆ ناوچەکە نەخۆشخانەی کاتییان دامەزراندبوو. هەروەها نەخۆشخانەیەکی سەربازی دامەزرابوو و دەرگاکانی بە ڕووی جەماوەردا کراوە بوو. واتە هەم خزمەتگوزاری پێشکەش بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات دەکرد،

---

١. خاڵێکی سەرنجڕاکێش سەبارەت بە پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەردەمی جەنگی ئێران و عێراقدا ئەوەیە کە هەر دووکیان بە جۆرێک لە جۆرەکان لە لایەن حکوومەتی دژبەرەوە پشتیوانییان لێ دەکرا؛ لە ڕاستیدا ئەوان لە گوندەکان و ژینگە کراوە و ناشارییەکاندا دژی حکوومەتی ناوەندیی خۆیان دەجەنگان و بەشێکی زۆری ناوچەکانی نزیک سنوورەکان، بەتایبەت سنووری نێوان ئێران و عێراق لە قەندیل، سەردەشت، بانە، مەریوان و بیارە لە هەورامان هەتا دەگاتە حەڵەبجە لە ژێر کۆنترۆڵ و ڕکێفیاندا بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حکوومەتێکی خۆجێیی بوو کە پێکهاتەکەی ئاوێتەیەک بوو لە سیستەمی بەڕێوەبردنی پێشوو و ئەزموونە ژیاوەکانی سەرکردەکانی، تێکڕای هەڵوێستی سیاسیی نوێی چەپ و کەڵکوەرگرتن لە بەشێک لە ئەزموونی حیزبە پارتیزانییەکانی ناوچەکە، کە پێکەوە ژێرخانی حکوومەتێکی ناوخۆیی سەرکەوتوویان دامەزراندبوو.

کـە لـە پێکدادانەکانـدا برینـدار یـان نەخـۆش دەبـوون و هەمیـش تیمـە گەڕۆکـەکان دەچوونـە گونـدەکان. لـەو سـەردەمەدا، بـە مانای ڕاسـتەقینە، ئەو ناوچانەی کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات کە لە ژێـر دەسـەڵاتی حیزبـی دێموکراتـدا بـوون، لـە ڕووی تەندروسـتی و خزمەتگوزاریی پزیشـکییەوە بـەرەو خۆبەڕێوەبـەری دەڕۆشتن و ئەمـەش وەرچەرخانێکـی گـەورە بـوو کە هاتوچـۆی بەردەوامی گوندنشـینانی بـۆ شـارەکان بـە مەبەسـتی سـوودمەندبوون لـە خزمەتگوزارییـە تەندروسـتی و پزیشـکییەکان کـەم دەکـردەوە.

گاڵتەکردن بە ئاخووند

لـەو ماوەیـەدا لە بواری هونەر و فەرهەنگیشـدا هەنـدێ گۆڕانکاری هاتە کایـەوە، بەتایبەت لە بـواری شـانۆدا، کـە شـێوازێکی زارەکیـی هەبوو و کۆمەڵـگا لێـی تێدەگەیشتن. لـە بیرمە حیزبی دێموکـرات هێـزی لۆکاڵیـی بەتوانـا و داهێنـەری بـەکار دەهێنـا. هەرچەنـدە زۆربـەی شـانۆکان بۆنـی سیاسـییان لـێ دەهـات، بـەڵام لە ناوچەکـەدا هونەرێکی باو بـوو و خەڵک پێشـوازییان لێ دەکـرد. یەکێـک لـەو شـانۆیانەی کـە هەوادارێکی زۆری بەدەسـت هێنـا، نمایشـی جرجاڵ[1] بوو. جرجـاڵ واتـە هێرشـی بەکۆمەڵـی کوللـە بـۆ سـەر کێڵگـەکان. جرجاڵیان بـە ڕۆحـوڵڵا خومەینی و مـەلاکان شـووبهاندبوو، کـە هاتـن و داریـان بـە سـەر بـەردەوە نەهێشـت. شـانۆکاران بـە نمایشـکردنی جرجـاڵ لـە کوردسـتان، هێرشـی هێزەکانـی سپا و بەسـیجی کۆمـاری ئیسلامـی بـۆ سـەر کوردیـان بە نموونـەی سـەرهەڵدانی دەجاڵ لـە ئاخرزەمان دەزانـی. ئـەو لێکچوواندن و خوازانـەی کـە لـە شـانۆکانی حیزبـدا هەبـوو، واقیعی و لـە هەمان کاتـدا سـەرنجڕاکێش و خۆش بـوون. تەنانـەت ماکیاژکردنـی ئەکتەرەکانـی نمایشـەکە زۆر ڕەسـەن بـوو، ڕیـش و سـمێڵیان بـە مـووی بـزن دروسـت دەکـرد و مێزەریـان لـە سـەر دەکـرد. خەڵـک ئـەم شـانۆیانەیان پـێ خـۆش بـوو. ئـەوەی جێـگای سـەرنجە ئەوەیە کـە ئەم شـانۆیانە زیاتر لـە مزگەوتەکاندا نمایـش دەکران و کۆمەڵگـەی نەریتـی کـە حـەزی لـە مزگەوت و مـەلا بـوو و بیروبـاوەڕی ئایینی هەبوو، بـە جۆرێک لـە جـۆرەکان گاڵتەکـردن بـە مـەلای لە شـێوەی شـانۆی سیاسـیدا قبـووڵ دەکرد.

ناتوانـم بڵێـم ئـەم پێشـوازییە بـە هـۆی ناکۆکیـی بەرژەوەندییەکانـی نێـوان شـێعە و سـوننە بـووە، چونکـە هێشـتا خەڵـک زۆر ئاشـنای ئایدۆلۆژیـای حکوومـەت نەبـوون و دەمەقڕێـی شـێعە و سـوننە زۆر زەق نەبـووەوە. بـە بـڕوای مـن پێشـوازیکردن لـەم شـانۆیە دەریدەخسـت کـە خەڵک لـە ماوەیەکـی کورتـدا درکیـان بەوە کـردووە کە خومەینی یـان حکوومەتی ئیسلامی سـەرچاوەی هەمـوو ئـەو نەهامەتییانەیـە کە لـە ناوچەکەدا ڕوویـان داوە و نەک هەر ئەو بەڵێنانـەی کە دابووی

---

١. جەرجـاڵ کـوردێنراوی وشـەی دەجالـی عەرەبییـە و قەومێکـی موشریـک و جیهانگیـرە کـە هاتنی یەکێک لە نیشـانەکانی ئاخر زەمان و کۆتایی دنیایە. ئەم گەلە دوای دەرکەوتنیان بەزەییان بە کەس نایە و دەسـت دەکەن بە کوشـتنی موسـڵمانان.

جێبەجێی نەکرد، بەڵکوو شەڕ و خوێنڕشتنیشی لێ کەوتەوە. خەڵک بە هۆی ئەزموونەکانی خۆیان و ئەو بەڵگانەی کە هەبوون، گەیشتبوونە ئەم ئەنجامە، باوەڕمەندبوون بە ئایین شتێکە و کارکردی ئەم ئاخووندانە شتێکی ترە.

کەواتە لەگەڵ ئەوەی باوەڕیان بە ئایین هەبوو، پێیان خۆش بوو لە چوارچێوەی شانۆیەکی کوردیدا گاڵتە بە ئاخووند بکرێت. ئەوان ئایین و مەلایان وەک یەک نەدەبینی و توانیبوویان ئەو دووانە لێک جیا بکەنەوە، بە پێچەوانەی ئەوەی کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای ئێراندا دەبینرێ و خەڵک سیاسەتی مەلاکان گرێ دەدەنەوە بە ئایینی ئیسلام و بەم شێوە شەرعییەتی ئایین لەلایەن خەڵکەوە دەچێتە ژێر پرسیار. لەو شانۆیەدا پیشانیان دەدا کە کۆمەڵێکی زۆر لە فەقێ و ئاخوونده‌کان پەلاماری کوردستان دەدەن و ئەمەش بە مانای هاتنی جڕجاڵە کە لەگەڵ خۆیدا کاولکاری و ماڵوێرانی و برسێتی دەهێنێ و بەروبووم وشک دەکات.

لە بیرمە کە ئەم شانۆیە جارێک لە گوندێکی نزیک گوندەکەی باپیرم و دواتر لە گرداشەوان نمایش کرا. تەنانەت کاتێک بڕیار بوو لە گوندەکانی دیکە نمایش بکرێ، هەوڵمان دەدا بچین سەیری بکەین. خاڵێکی تری سەرنجڕاکێش ئەوە بوو کە ژن و پیاو لە مزگەوتەکان دادەنیشتن و تەماشای شانۆیان دەکرد، لەو وەختانەدا بەربەستی جێندەری نەدەما. یەک دوو کەس لە دەرهێنەرانی شانۆکان خزممان بوون، یەکیان حەمەعەلی سۆفیزادە[1] خزمی باوکیم بوو و ئەندامی خانەوادەی مامۆستای قوتابخانەکەمان بوو.

لە بواری مۆسیقاشدا حیزبی دێموکرات گۆڕانکارییەکی گەورەی بەدی هێنا. مۆسیقا باو و کۆنە کوردییەکان زیاتر تایبەت بوو بە بۆنەگەلی وەکوو شایی، بەڵام حیزبی دێموکرات جۆرێک لە مۆسیقای حیماسیی پەرە پێ دا کە هاوئاراستە لەگەڵ ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی بوو و هەستێکی بەهێزی ناسیۆنالیزمی لە خۆدا هەڵگرتبوو. جیپە سەربازییەکانی حیزب بە بڵیندگۆ سترانی سەربازی یان گۆرانیی کوردیی کەڵەگۆرانیبێژانی وەکوو حەسەن زیرەک، ناسر ڕەزازی، نەجمەدین غوڵامی و حەمە جەزایان پەخش دەکردەوە، کە زۆربەیان ناوەڕۆکێکی ناسیۆنالیستییان هەبوو. مۆسیقا لە کەشوهەوای ئاهەنگ گێڕان و کات بەسەربردنی پەتی هاتە دەرەوە و هاتە ناو فەزا و کەشوهەوای کۆمەڵایەتییەوە. پۆلی کچان و کوڕان سروودیان پێشکەش دەکرد و منیش ئەندامیان بووم. ئەمەش وای کرد کە منداڵان خۆیان دەربخەن و بێنە ناو کۆبوونەوە و مێهرەجانەکانەوە. ئەم بەشداریکردن و ئامادەبوونە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر گەشەکردنی متمانەبەخۆبوون هەبوو و لە هەمان کاتدا دەرفەتێکی بۆ منداڵان

---

١. بنەماڵەی سۆفیزادە لە پیرانشار ناسراون. زۆربەیان دێموکرات بوون، کە بەناوبانگترینیان ڕەحمان سۆفیزادە، یەکێ لە کادرە دیارەکانی حیزب، بوو. لە ساڵی ١٣٦٣ هەتاوی لە ناوچەی جانداران لە مەهاباد لە تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزەکانی سپای پاسداران گیانی لەدەست دا. محەمەد عەلی سۆفیزادە لە زستانی ساڵی ١٤٠١ بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجە لە ئەمریکا کۆچی دوایی کرد.

هێنایـە ئـاراوە کـە لەگـەڵ گەورەسـاڵاندا بـن و ببینرێـن و بتوانـن سەرچەشـنگری لـە ڕەفتـارە کۆمەڵایەتییەکانـدا بکـەن. ئـەو ڕێوڕەسمانـەی کـە کچـان و کـوڕان بەڕێوەیـان دەبـرد چەندیـن کارکـردی کۆمەڵایەتـی هەبوو.

زۆربـەی چالاکییـە فەرهەنگـی و هونەرییەکانـی حیزبـی دێموکـرات لـە سـازوکارێکدا گەڵاڵە و جێبەجـێ دەکـران کـە گروپـە ڕێکخـراو و شـارەزاکانی «یەکێتیـی لاوانـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێران[1]» بەرنامەیان بۆ دادەڕشـت. کاک مراد ئامۆزازای باوکم و کاک فەتاح عەبدولی کـوڕی کچەمامـی باوکـم، لـە یەکەم ئەندامانـی ئەم یەکێتییە بـوون. ئەرکی سـەرەکیی یەکێتیی لاوان چالاکیـی فەرهەنگـی و هونـەری بـوو، جگـە لەمانـەش پۆلـی پەروەردەیـی و خۆوشـیاری و توانـا تاکەکەسـی و کۆمەڵایەتییەکان و کۆبوونەوەی ڕاوێژکاریشـیان بەڕێوە دەبـرد. هەموو ئەمانە ڕوانینـی فرەڕەهەنـدی حیزبـی دێموکـرات پیشـان دەدن کـە بایەخـی بـە گەشـەپێدانی ڕەهەندە تاکەکەسـی و خۆوشـیارییەکانی خەڵـک دەدا و پێداویسـتییە کۆمەڵایەتییـەکان و ئاسـایش و ئارامـی و سـەرگەرمیی خەڵکـی بـە لاوە گرینـگ بوو.

لـە بەشـی کۆمەڵایەتیدا دادگای ناوچەیـی بەڕێوە دەچوون، کە خەڵک بـۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکانیـان، لـە کێشـە تاکەکەسـییەکانەوە بگـرە هەتـا دەگاتـە ناکۆکـی لـە سـەر زەوی و لەوەڕگـە، دەچوونـە ئـەوێ. لـەو دادگایانـە، پارێـزەر و دادوەر هەبـوون کـە زۆربەیـان خوێنـدەوار بـوون و لـە بەشـی یاسـای حیزبـی دێموکراتـدا کاریان دەکـرد. لە نەبوونـی دادگای نیشـتمانیدا خەڵـک دەیانتوانـی بچنـە ئـەو دادگایانـە و سـکاڵاکانیان بـەرز بکەنـەوە بەبـێ ئـەوەی ترسـی ڕووبەڕووبوونەوەیـان لەگـەڵ حکوومەتـی ناوەنـدی هەبێـت. چـون ڕۆشتن بـۆ ناوەندەکانـی پۆلیـس وەکـوو ژاندارمـەری دەرهاویشـتەی وەکـوو توندوتیـژی و سـووکایەتی و ناردنـی لاوانـی بـۆ سـەربازی بـە دواوە بـوو. بـەڵام خەڵـک زیاتـر متمانەیـان بـە دادپەروەریـی دادگای ناوچەیـی هەبـوو. پێکهاتـەی ئـەم دادگایانە زیاتـر جێی متمانە بوو، چونکە لە سـەر بیرۆکەی شیاوسـالاری دامەزرابـوون و دەیانتوانـی دادپـەروەری کۆمەڵایەتـی بە کردەوە جێبەجـێ بکـەن و لە ڕێگەی ئەم کردەوەگەراییـەوە وایـان کردبـوو کـە خەڵـک زیاتـر هیوایـان لـە سـەر بچنن.

میوانی نەخوازراو

لـە پیرانشـاریش ڕاو نراین و دیسـان ئاوارەی گرداشـەوان بووینەوە، بـەڵام هەرگیز نەگەڕاینەوە بۆ نەغەدە، وەکوو زۆر کەسـی تر کە نەگەڕانەوە. بەشـێک لە هێزەکان، لەوانەش موجاهیدەکانی سـەر بـە تاڵەقانـی، هەوڵیـان دا ئەوانـەی لـە مەهابـاد و شـارەکانی دەوروبـەرن بگەڕێننـەوە بـۆ

---

١. "یەکێتیـی لاوانـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران" لـە سـەرەتادا نـاوی "ڕێکخـراوی لاوانـی دێموکـرات" بـوو کـە حیزب بە هـۆی لێکچوونـی ناوەکـەی لەگـەڵ "ڕێکخـراوی لاوانـی دێموکـرات"ی سـەر بـە گرووپـی حەوت کەسـی، ناوەکـەی گۆڕا.

نەغـەدە. سـەرەتا زۆرێـک لـە خێزانەکان لە ترسـی گیانیـان نەگەڕانەوە و ئەوانەشـی کـە گەڕانەوە چەنـد کەسـێکیان بـە تۆمەتـی ئەوەی کە کەسـێکیان کوشـتووە، دەستبەسـەر و دادگایـی کران. ئـەم ڕووداوانـە ترسـێکی جەماوەریـی لێکەوتـەوە و باوکـم کـە بـۆ گەڕانـەوە دوودڵ بـوو هاتە سـەر قسـەی خزمەکانـی و ئـیتر نەگەڕایـەوە. ئەگـەر بگەڕاباینەوە، یـان دەکوژراین، یـان دەگیراین یان لانیکـەم ئـازار دەدرایـن. ئـیتر باوکـم بڕیـاری خـۆی دا و بـە قسـەی خزمانـی کـرد و بـۆ هەمیشـە ماڵاوایـی لـە نەغـەدە کرد و لـە گرداشـەوان مایەوە.

دواتـر بـۆ گەڕانـەوە بـۆ نەغـەدە، زەختیان لـە خەڵک نەکـرد و هێشـتیان خەڵک خۆیـان بڕیار بـدەن. هێزەکانـی تاڵەقانـی هێشـتا لـە نەغـەدە مابوونـەوە بـۆ ئـەوەی ئاسـایش بـۆ گەڕانـەوەی خەڵـک بـۆ شـارەکە دابین بکەن، بەڵام بـە هۆی ئەو ڕووداوانـەی کە کەوتبوونـەوە، کورد متمانەی ئەوتـۆی نەمابـوو. پێـم وایـە خەڵکی نەغـەدە زۆر بەجـەرگ بوون کـە گەڕانەوە و بەرگـەی زەخت و گوشـارەکانیان گـرت بۆ ئـەوەی مـاڵ و شـارەکەیان بپارێزن.

دوای هەڵاتـن و ئاوارەبوونـی خەڵکی نەغەدە، مەلا سـاڵە لـە پەیوەندییەک لە گەڵ ئیدریس و مەسـعوود بارزانیدا، کە ئەوکات لە ورمێ و شـنۆ بوون و حکوومەت پەنای دابوون، پێشنیارەکەیان قبـووڵ دەکات کـە بنەماڵـە بارزانییـەکان لـە خانـووە چۆڵەکانـی خەڵکـی ئاوارەبـووی نەغـەدەدا جێگیـر بـن. سـاڵی ١٣٥٣ی هەتـاوی، دوای ڕێککەوتنـی جەزائیـر (١٩٧٥ ز) لـە نێـوان شـا و سـەدام حسـێن، بارزانییەکان لە کوردسـتانی باشـوور هەڵاتن و لە هەندێ لە شـارەکانی ئێراندا بڵاو بوونەوە. زۆربەیان بێکار بوون یان کرێکارییان دەکرد. پێدەچێ لە سـەرەتادا ئەمە پێشـنیاری مـەلا سـاڵە بووبێـت بـەو نیـازەی کـە بارزانییـەکان، کـە چەکـدار بـوون و پەیوەندییەکی باشـیان لەگـەڵ دەسـەڵات و دامـەزراوە سـەربازییەکانی ئێرانـدا هەبوو، لە گـەڕەک و ماڵـی کـوردەکان لە نەغـەدە نیشـتەجێ بکرێـن، بۆ ئـەوەی تورکەکان واز لـە تاڵانکردن و دەستبەسـەرداگرتنی موڵک و ماڵـی کـورد بهێنـن و نەوێـرن لـە گەڕەکـە کوردنشـینەکان نزیـک ببنـەوە. مـەلا سـاڵە وای پـێ بـاشتر بـووە یـان ڕەنگـە ناچـار بووە چاوپۆشـی لـە مافی دانیشـتوانی نەغـەدە بکا و بە مەبەسـتی دەسـتەبەرکردنی ئاسـایش و پاراسـتنی شـوێنەکە لەلایـەن بارزانیەکانـەوە، خانووەکانمـان بەبێ ڕەزامەندیـی ئێمـە بدا بـە بارزانییەکان.

ماوەیـەک دواتـر بارزانییـەکان لـە ماڵـە چۆڵکراوەکانـی کوردانـی نەغـەدە نیشـتەجێ بـوون. پاشـان مامـم غیرەتـی کـرد و لەگـەڵ چەنـد دراوسـێیەکدا گـەڕاوە بـۆ نەغـەدە، لـە ماڵەکەمانـدا تووشـی سـێ بنەماڵـەی بارزانی دەبێ کە سـەر تـا پێ چەکدار بـوون. دوای مانگێک ئامۆژنیشـم چـووە لای، بـەڵام بـۆ مـاوەی دوو مانگ ناچار بوون لـە متبەخی ماڵەکەی خۆیانـدا بخەون، چون بارزانییـەکان ماڵەکەیـان چـۆڵ نەدەکـرد و ژوورەکانیـان پـێ نەدەدانەوە.

لـەو کاتـەدا ناکۆکـی کەوتبـووە نێـوان حیزبـی دێموکـرات و سـەرکردایەتیی کاتـی واتـە بارزانییـەکان. بارزانییـەکان بـە هاوکاریـی سـپای پاسـداران بـەردەوام شـەڕیان دژی هێـزە

کوردییەکان دەکرد و لە هەندێک گوندیشدا گوندنشینان و خەڵکی سڤیلیان کوشتبوو.

وێنەی ٥٩. ئیدریس و مەسعوود بارزانی و پێشمەرگەکانی قیادەی مووەقەت

بارزانییەکان خۆیان کورد و پەنابەر بوون، منداڵی زۆریان هەبوو و سەرپەنا بۆیان پێداویستییەکی سەرەکی بوو. ئەوان لەگەڵ لایەنێک ئەم سەرپەنایەیان دابین کردبوو و بۆ جێبەجێکردنی خواستەکانی دیکەیان دەستیان لەگەڵ حکوومەت تێکەڵ کرد! پاڵپشتیی سپای پاسداران لە کوردە بارزانییەکان دەریخست کە کۆماری ئیسلامی بە بیرکردنەوەی ئایدیۆلۆژیکانەی خۆی دەیویست تۆوی دووبەرەکی لە ناو کوردانـدا بچێنێ و لەم ڕێگەوە ئەم دووانە ڕووبەڕووی یەکتر بکاتەوە و ئامانجە هەلپەرستییەکانی خۆی بپێکێت.

بەردەوام باس لەوە دەکرا کە بە هاوکاری و ڕێنمایی هێزەکانی سەرکردایەتیی کاتی (قیادە مووەقەت) و سپای پاسداران، فڵان گوند پاکتاو کراوە، ئەم گوندە و ئەو گوندەیان گرتووە و چییان بەسەر خەڵک هێناوە ... هەمووان بەتایبەت گوندنشینان نیگەران بوون. لە لایەکەوە نەیاندەویست و نەیاندەتوانی بە حیزبی دێموکرات نەخێر بڵێن و لە لایەکی دیکەشەوە لە حکوومەتی ناوەندی دەترسان. لە ڕاستیدا داهاتوویەکی ناڕوونیان لەبەردەم خۆیاندا دەبینی و نەیاندەزانی چی بکەن. هەموو شتێک کاتی بوو. ئەگەرچی حیزب میکانیزمی تایبەتیی خۆی هەبوو، دادگای خۆجێیی و سیستەمی کارگێڕی و بازگەی پشکنین و گومرگی دانابوو و پزیشک و دەرمانی سنووورداری هەبوو، بەڵام حکوومەتێکی خۆماڵیی تازەپێگەیشتوو و نەگیرساوی دەستەویەخە لەگەڵ شەڕێکی ناهاوسەنگدا بوو، بەردەوام هێز دەهات و دەڕۆشت و خەڵک گۆڕانکارییەکانیان دەبینی و زیاتر ترس لێیان دەنیشت.

دواجار ئەوەش ڕووی دا... ناوچەکە پاکتاو کرا و پیرانشار کەوتە دەستی حکوومەت. ئەمانەتنامەیەکیان بەو پیاوانە دا کە هەر کەسێک قەتڵی نەکردبێ دەتوانێ بگەڕێتەوە و ئەگەر ئەندامی حیزبەکان بووبێ دەبێ تۆبە بکات. دوای ئەوە نازناوی تەوابیان(تەوبەکار) پێ دەدرا. ڕێژیم بە دانانی ئەم ناوناتۆرە و نیشانەدارکردنی خەڵکە - کە یەکێک لە میکانیزمە ئاساییەکانی بوو و هەتا ئێستاش بەردەوامە – هەوڵی دا ئەندامانی حیزبەکان پەراوێز بخا و لە ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکان دووریان بخاتەوە. ئەم کەسانە دوای تۆبەکردن لەبەر چاوی خەڵک دەکەوتن. لەو کاتەدا پڕوپاگاندای حکوومەت بۆ کەمکردنەوەی توانای حیزبە کوردییەکان جیددی ببوو و هەوڵی ئەوەی دەدا کە هەر ئەم کەسانە بە ناوی تەواب و پێشمەرگەی

موسڵمان، بەرەو لای خۆی ڕابکێشێت.

لەبەر ئەوەی پێمان نەکرا یان باشتر بڵێم کەسوکارمان نەیاندەهێشت بگەڕێینەوە بۆ نەغەدە، بۆ دەستپێکردنی ژیانێکی نوێ ڕۆیشتین بۆ پیرانشار ... سەبارەت بەو ساڵانە دەبێ بڵێم وێنەی باوکم زۆر لە مێشکمدا ماوەتەوە ... ژیانی هەمیشە چەرمەسەری و سەختی بوو. بە هۆی کارەکەیەوە، بەردەوام سەفەری دەکرد و بە کەسێکی ئەوڕۆیی دادەنرا. دوای شەڕی نەغەدە و ئاوارەبوونەوەمان لە پیرانشار، ناچار بووین لە ژوورێکی بێ کارەبا و ئیمکانیاتی ئەو گوندەدا بمێنینەوە، هەموو شتێک بە لایەوە نارِوون بوو، گشت ئەو ساڵانە وەکوو زۆر کەسی تر ترسی ئەوەی هەبوو کە بیگرن و لە دادگا دۆسیەیەکی بۆ بکەنەوە.

ڕۆژانێکی زۆر سەختی تێپەڕاند و ڕەنگە لە هەمووەمان زیاتر ئازاری چەشتبێت. ماڵ و حاڵمان لە نەغەدە تاڵان کرا و تەنانەت دەستی بەسەردا گیرا. ئێمە ڕێگای گەڕانەوەمان نەبوو و باوکیشم نەیدەتوانی لە گونددا هیچ بکا، ئەوەندەم لە بیرە چەند جارێک هەوڵی دا مامەڵە بکا، بەڵام هیچی بۆ نەچووە سەر. لەو ساڵانەدا لە ڕووی دەروونییەوە تەواو شێواو بوو. زۆر جار دەمبینی لە سووچێکدا دادەنیشت و باسی ڕووداوەکانی ڕابردوو و داهاتووی دەکرد. باوکم وەکوو جاران نەمابوو، پیاوەکەی پێشوو نەبوو، سەر و ڕیشی نەدەتاشی، چیتر قسەی خۆشی نەدەکرد و کابرا نوکتەچییەکی جاران نەبوو، گشت هاوڕێکانی لەدەست دابوو. بە وەبیرهێنانەوەی ئەو ڕۆژانەی باوکم، هێشتا بەزەیی و تورەیی ناخم دەورووژێت. هەر دەڕۆشت و بە ڕێکەی خۆیدا دەهاتەوە. دیسان سەر لە نوێ دەستی پێدەکردەوە. سیفرێکی تر .... دەستپێکردنێکی تر ...

گەڵالەی هەشت ماددەیی و داخوازیی ڕاشکاوانەی کورد لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی

لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، کوردستان یەکێک لەو ناوچانە بوو کە بە هۆی هەبوونی پاشخانی چالاکییە سیاسییەکان و حیزب و بزووتنەوە خاوەن ڕێکخراو و ئەزموون و داخوازیی ڕاشکاوانەی ئێتنیکی، خێرا فەزای سیاسیی خۆی ڕێک خست و لە پێناو وەدیهێنانی مافە سیاسی و مەدەنییەکانیدا لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی کەوتە دانوستانەوە. ئاشکراترین شێوەی داخوازییەکانی حیزب و هێزە کوردییەکان لە سەرەتای شۆڕشدا دەرکردنی گەڵاڵەی ٨ ماددەیی مەهاباد بوو، کە تییدا جەخت لە سەر مافی چارەی خۆنووسین و نەهێشتنی فۆرمە جۆراوجۆرەکانی هەڵاواردنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کرابووە. میکانیزمە پێشنیارکراوەکان بۆ دانوستانەکانی داهاتوو یەکێک لە بڕگەکانی دیکەی گەڵاڵەکە بوو.

هەشت بڕگەی گەڵاڵەکە بریتی بوون لە:

١) گەلـی کـورد لەگـەڵ گەلانـی دیکـەی ئێران، شۆڕشـی ئێـران پەسـند دەکەن و بەنیـازن بـە چەسـپاندنی پەیوەندیـی خەباتگێڕانـە لەگـەڵ گەلانی دیکـەی ئێران، ڕۆڵێکی جەوهەرییان لە دروسـتکردنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و ئایندەیەکی ئاوەداندا هەبێـت. (جەختکردنـەوە لە سـەر ئازادی و خۆشـگوزەرانی)

٢) گەلـی کـورد وەکـوو گەلانـی دیکـەی ئێـران دەیهـەوێ لـە چوارچێـوەی وڵاتـی ئێرانـدا سـتەمی نەتەوەیی لا ببا و مافی چارەی خۆنووسـین لـە فۆرمێکی فیدراڵیدا مسـۆگەر بکا و هەر تۆمەتێکی جوداخوازی ڕەت دەکاتەوە و داوا لە دەوڵەتی کاتیی بەڕێـز ئەندازیـار بـازرگان دەکا وەڵامـی ئـەم داواکارییـە بـە فەرمـی ڕابگەیێنێـت. (داننـان بـە سـەربەخۆییخوازی، نـەک جوداخوازی)

٣) ئێمە لەو باوەڕەداین کە زەحمەتکێشـانی ئێران ڕۆڵێکی بنەڕەتییان لە شۆڕشـی ئێرانـدا هەبـووە و هـەر لەبـەر ئـەم هـۆکارەش مافـی زەحمەتکێشـان و کرێـکاران و جووتیارانە کە بەشـداری لە حکوومەتی ئینقلابیدا بکـەن (بەدیهاتنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتـی لـە ڕێگـەی گرنگیـدان بەو چینـە لاوازانەی کـە ڕۆڵێکـی بەرچاویان لە ئینقلابـدا هەبووە).

٤) کوردسـتانی ئێـران وێـڕای ئـەوەی خاوەنـی سـەرچاوەی زۆری دەسـتلێنەدراوە، یەکێـک لـە ناوچـە دواکەوتووەکانـی ئێرانـە، بۆیـە نەهێشـتنی چەوسـانەوەی ئابـووری یەکێـک لـە داخوازییە بنەڕەتییەکانە (بەکارهێنانی سـەرچاوە و پوتانسـێلە پەنگراوەکانـی کوردسـتان و وەگەڕخسـتنی ئابووریـی ناوچەکـە).

٥) هەمـوو سـەربازخانەکانی کوردسـتان دەبـێ لـە ژێـر چاودێریـی ئەنجوومەنـی ئینقلابیـدا بەڕێـوە ببرێـن و بـۆ ئـەم مەبەسـتەش دەبـێ کۆمیتەیەکـی سـەربازی هاوبـەش لـە ئەفسـەرانی نیشـتمانپەروەر و نوێنـەری ئەنجومەنـی ئینـقلاب پێـک بهێنرێـت. (ڕێکخسـتنی سـەربازی لـە ڕێگـەی ئەنجوومەنـی ئینقلابییـەوە)

٦) ئـەو ئەفسـەرە تاوانکارانـەی کـە فەرمانـی تەقەکردنیـان داوە و بوونەتـە هـۆی شـەهیدبوونی ڕۆڵەکانـی ئـەم گەلـە، ڕادەسـتی دادگای ئینقلابیـی گـەل بکرێـن و بـۆ ئـەوەی ئەرتەشـی کۆنەپەرسـتان ببـێ بە ئەرتەشـی گـەل، پێویسـتە ئەرتەش لە ئەندامە دژەئینقلابییەکانی پاک بکرێتەوە (یەکخسـتنەوەی دادوەری و لێپێچینەوە لـە ڕێگـەی دادگای ئینـقلاب و پاڵاوتنـی ئەرتەشـوە).

٧) سـەرجەم نوێنـەران، کـە نوێنەرایەتیـی شـارە کوردسـتانییەکان دەکـەن،

ڕایدەگەیەنن کە حەزرەتی ئایەتوڵڵا سەیید عێزەدین حوسەینی شیاویی ئەوەی هەیە کە ببێتە سەرۆکی هەر وەفدێک و بە ناوی گەلی کوردستانەوە دانوستان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندا بکا و دەبێت دەزگای سەرکردایەتیی ئینقلاب و دەوڵەتی کاتی لە دانوستان و پەیوەندی لەگەڵ لایەنە کۆنەپەرستەکانی کورد خۆیان بپارێزن. (ناساندنی نوێنەری کورد بۆ ناوچە کوردستانییەکان بۆ ئەوەی پەیوەندیی دوولایەنە و تەکووز و دانوستانی ڕەوا لەگەڵ حکوومەت و دەستەی سەرکردایەتی ئەنجام بدرێت).

٨) بەو پێیەی کە مەلا مستەفا بارزانی و گرووپی ناسراو بە "قیادە موەقەت" داردەستی ڕێکخراوی "سیای" ئەمریکا و ساواکی ئێران و "میت"ی تورکیا بوون و هەن و هەموو گەلی کورد نەفرەتیان لێدەکەن، بۆیە داوا لە حکوومەتی ئینقلابی دەکەین هەر جۆرە پەیوەندی و بەرکەوتنێک لەگەڵ ئەم حیزبە ڕابگرێ و سەرکردە خیانەتکارەکانیان لە ئێران دەربکا، بەبێ ئەوەی ئەم سیاسەتە کاریگەریی لەسەر دۆخی خێزانە هەژارە پەنابەرەکان هەبێت. (دەرکردنی سەرکردەکانی بارزانی کە پیاوی ئەمریکا و ڕژێمی شاهەنشاهین لە کۆمەڵگای ئێران)

****

تیمی دانوستانکاری حکوومەتی کاتیی بازرگان لە داریووش فرووهەر، ئیبراهیم یۆنسی، ئیسماعیل ئەردەڵان، ئایەتووڵڵا یەحیا نووری و محەمەد موکری پێک هاتبوو. گەڵاڵەکە لە لایەن شاندی کوردستان کە بریتی بوون لە: شێخ عێزەدین حوسەینی، دکتۆر قاسملوو، غەنی بلووریان، سەلاح موهتەدی و فوئاد مستەفا سوڵتانی، دارێژرا. پاشان ئەم شانده لە دانیشتنێکی گەورەتردا بە بەشداریی شێخ جەلال حوسەینی خەڵکی بانە و مەلا خدر ساردکێ خەڵکی سەردەشت و سەننار مامەدی خەڵکی شاپووری ئازەربایجان گەڵاڵەکەی خوێندەوە و لە ماددەی هەشتەمیدا گۆڕانکارییەکیان ئەنجام دا.

ئەم هەشت ماددە بە کۆی دەنگ پەسند کرا و بەبێ هیچ دەنگێکی ناڕازی پێشکەش بە نوێنەرانی حکوومەت کرا. وەک لە ماددەی حەوتەمدا ئاماژەی پێکرا، ئەم شانده نوێنەری شارە کوردستانییەکان بوون نەک نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان. واتە ئەوان نوێنەری خودی خەڵک بوون و تەنیا نوێنەری حیزبەکان و زمانحاڵ یان بەرگریکاری داخوازییە حیزبییەکانیان نەبوون.

لە پاڵ هەر بڕگەیەکی دەقی ئەم گەڵاڵە ٨ ماددەییەدا لەسەر ئازادی و ئاوەدانی ئاماژە و جەخت کراوەتەوە. نووسەران بۆ ئەوەی نیشان بدەن کە کورد خودموختاریی لە چوارچێوەی

● وێنەی ٦٠و ٦١. زنجیرە دانوستانەکان لە مەهاباد و گوندی بێوران، سەردەشت. وێنەی لای چەپ: بینا و ماڵی شوێنی ئەنجامدانی دانوستانەکانی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی هەتاوی (ئەیلوول/ تشرینی ١٩٧٩)

ئێرانـدا دەوێ و جوداییخـواز نییـە؛ هەوڵێکی زۆریـان دا. هەروەها لە ڕێگەی گرنگیدان بەو چینە چەوسـاوەی کـە لـە شۆڕشـی گەلانـی ئێرانـدا پشـکی شـێریان بەرکەوتبـوو، داوای بەدیهێنانـی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیان کرد. جەختکردنەوە لەسـەر پلاندارشـتنی ئامانجدار بۆ سوودوەرگرتن لە سـەرچاوە و توانا و پوتانسـێلەکانی خاکی کوردسـتان و وەگەڕخسـتنەوەی ئابووریی ناوچەکە، یەکگرتنی سـەربازی لە ڕێگەی ئەنجوومەنی ئینقلاب و دادوەرییەوە، سـزادان لە ڕێگەی دادگای ئینقلابی و پاڵاوتنی ئەرتەش بەشـێکی دی لە ناوەڕۆکی ئەم بڕیارنامە بوون. لە کۆتاییشـدا داوای ناسـاندنی نوێنـەری کـورد بـۆ ناوچـە کوردسـتانییەکان دەکەن بۆ ئـەوەی پەیوەندیـی دوولایەنە و تەکـووز و دانوسـتانی ڕەوا لەگـەڵ حکوومـەت و لێژنـەی سـەرکردایەتی ئەنجـام بـدرێ و داوای دەرکردنـی سـەرانی بارزانـی دەکەن و جەخـت دەکەنەوە کە ئەم سـەرکردانە بریـکاری ئەمریکا و ڕژێمی شاهەنشـاهین لە کۆمەڵـگای ئێراندا.

پەیوەندیی ئالۆزی بارزانییەکان و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

پـاش شۆڕشـی سـاڵی ١٣٥٧، ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، جگـە لـە چالاکـی و خەباتـی حیـزب و بزووتنـەوە سیاسـییە بـووژاو و تازەدامەزراوەکانـی ناوخـۆ، پانتایـی ژیـان و چالاکیـی ژمارەیەکی زۆر لـە هێـزە کوردییەکانی باشـووری کوردسـتانیش بـوو، کە بریتی بـوون لەو هێزانـەی کە دوای ڕێککەوتنی جەزائیر و شکسـتی بزووتنەوەی ئەیلوول لە سـاڵی ١٩٧٥دا، بە حەشیمەتێکی ٣٠٠ هـەزار کەسـیی پێکهاتـوو لـە پێشـمەرگە و بنەماڵەکانیان، لـە ژێـر سـەرکردایەتیی بارزانییەکاندا پەنایـان بـۆ ئێـران هێنابـوو. لەگـەڵ سـەرکەوتنی شۆڕشـی گەلانـی ئێـران و گۆڕانـی هاوکێشـە سیاسـییە ناوخۆیـی و ناوچەییـەکان، ئەنجومەنی سـەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردسـتانی عێـراق بـە سـەرۆکایەتیی ئیدریـس و مەسـعوود بارزانـی (کوڕەکانـی مـەلا مسـتەفا بارزانـی) هەوڵیـان دەدا بـە هاتنـە نـاو کایـەی پەیوەندیـی دەسـەڵات و سیاسـەت لـە ئێـران و کوردسـتان،

خۆیـان لـە هەلومەرجـە داخـراوەکان ڕزگار بکـەن و لـەو سـنووربەندییە مەرجدارەی کـە لە دوای ڕێککەوتنـی جەزائیـر، لـە ئێـران بەسـەریاندا سـەپابوو، دەربـاز بن. بۆیـە سـەرکردایەتی و ڕژێمی نوێـی ئێـران دەرفەتێکـی ئومێدبەخـش بوون بـۆ بارزانییەکان،کە بە قسـەی خۆیان هێشـتا زامی خیانەتەکـەی شـای ئێـران لە سـەر جەسـتەیان تـازە بوو، تاکـوو بتوانـن جارێکی دیکـە بزووتنەوە ڕوو لـە مەرگەکەیـان، زیندوو بکەنەوە. بەم مەبەسـتە و لە نەبوونـی ئیمکانی پێکهێنانی کۆنگرەی حیزبیـدا، "سـەرکردایەتیی کاتی"ـــی پارتی دیموکراتی کوردسـتانی عێراق ناسراو بـە "پارتی" بە ڕابەرایەتیـی ئیدریـس بارزانـی پێـک هـێنرا بۆ ئـەوەی بە شـێوەیەکی کاتـی کاروباری سیاسـی و سـەربازیی حیـزب و هێزەکانیـان بەڕێـوە ببـەن و سـەر لـە نـوێ خۆیان ڕێـک بخەنەوە.

لـە نـاو ئـەو کەشـوهەوا ئاڵـۆز و گرژ و هەسـتیارە سیاسـییەی کە لە سـەرەتای ئینقلابـدا باڵی بە سـەر کوردسـتانی ڕۆژهەڵاتدا کێشـابوو و کوردسـتانی ڕۆژهەڵات ببوو بە ئاخێزگەی و مەیدانی خەباتـی گوتـار و ئایدۆلۆژیـا و حیزبایەتیی هێـزە کوردییە جۆراوجـۆرەکان، لـە نەتەوەخوازەکانەوە بگرە تا چەپە مارکسیسـتەکان، ئیسلامییەکان و هێزە ناوخۆییەکانی سـەر بە حکوومەتی کۆماری ئیسلامـی نـاسراو بـە "پێشـمەرگانی موسـڵمانی کـورد"، بوونـی بارزانییـەکان وەک هاوپەیمانـی ڕژێمـی تازەدامـەزراوی کۆمـاری ئیسلامـی، تەنیـا گۆڕانێـک لـە شـێواز و ژمـارەی هێزەکانـی نێـو گۆڕەپانەکـەدا نەبـوو، بەڵکـوو هەڵوێسـتیان لـە پاڵپشـتیکردن و هاوکاریـی کۆمـاری ئیسلامـی ئێـران بـوو بـە هـۆی ئـەوەی کـە لـەو قۆناغـە چارەنووسسـازەدا، لەگـەڵ حیزبەکانی کوردسـتانی ئێـران تێـک هەڵبچـن، کـە ئەمـە کاریگەرییەکی قووڵی لەسـەر چارەنووسـی گـەل و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان هەبوو و لە پاش خۆی برینێکی درێژخایەنی لەسـەر جەسـتەی سیاسەتی هاوچەرخی کوردسـتان بەجێهێشـت.

لەگـەڵ سـەرکەوتنی شۆڕشـی گەلانـی ئێراندا، هێزەکانـی بارزانی، لە غیابی مەلا مسـتەفای بارازنـی سـەرکردەی کاریزمایانـدا، کـە لـە مانگی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٩ لە نەخۆشـخانەی جۆرج تاونـی واشـینگتۆن بەهـۆی شـێرپەنجەی سـییەکانەوە کۆچـی دوایـی کـرد، لـە گرتنەبـەری هەڵوێسـتێکی سیاسـی و ستراتیژیـی حیزبیـدا تووشـی سەرلێشـێواوی هاتـن و بـە هـۆی ئـەو پەیوەندییانـەی کـە لەگـەڵ ڕژێمی پەهلـەوی هەیانبوو، لـە هەلومەرجی نوێ دەترسـان. یەکێک لـە نیگەرانییەکانـی بارزانییـەکان، کـە لـە ژێر سـەرکردایەتیی کـوڕە گەنجەکانی مەلا مسـتەفادا بـوون، ئـەوە بـوو کـە حیزبـە کوردییـەکان لـە ئێرانـدا سـەریان هەڵـدا. چـون زۆربـەی حیزبـە چەپەکانـی کوردسـتان چاویـان بـە بـوون و مێـژووی هێزەکانی بارزانـی هەڵنەدەهـات و ئەوانیان بـە بریـکاری شـای ئێـران و سـی ئـای ئـەی ئەمریـکا دەزانی.

حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران و حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی عێـراق کـە لـە مەودای یەک سـاڵدا دامەزران، دەرهاویشـتەی بارووداوێکی هاوشێوە بوون. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ساڵێک لە هاوڕێکەی گەورەتر و سەرکردەکانی هەر دوو حیزبیش ئەزموونێکی

هاوبەشـیان لـە دامەزراندنـی کۆمـاری کوردسـتاندا هەبـوو. بـەو جیاوازییـەی کە قـازی محەمەد بـە هیـوای دانوسـتان و گەیـشتن بـە ئاشـتی خۆی تەسـلیم کـرد، بەڵام یەکسـەر لـە دادگایەکی سـەربازیدا لەسـێدارە درا و مەلا مسـتەفاش کە ئەزموونی زیاتری هەبوو لە بەڵێنشـکێنی و درۆی دەسـەڵاتداران، خـۆی ڕزگار کـرد و لـە کاتێکـدا کـە لـە لایـەن هـەر سـێ وڵاتـی ئێران و عێـراق و تەنانـەت تورکیـاش هێرشـی کرابـووە سـەر، لە زنجیرە چیـا سـنووریییەکانی نێوان هەر سـێ وڵات تێپـەڕی و بـە بەزاندنـی ڕووبـاری ئاراس چـووە ناو خاکی سـۆڤییەتەوە.

پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو حیزبە و قازی محەمەد و مەلا مسـتەفا وەک سـەرکردەکانیان، سـەرەڕای ئـەو ئیدیعایانـەی کە باس لـە ناکۆکییان دەکـەن، زۆر گرژ نەبوو، هەتا سـاڵانێک دواتر فاکتـەرە سیاسـی و هەرێمییـەکان مەرجیـان بەسـەر پەیوەندییەکانـی نێـوان ئـەو دوو حیزبـەدا سـەپاند، هەڵبـەت ئـەم مەرجـە سـەپاوانە بـۆ مانـەوەی ئـەم حیزبانـە پێویسـت بـوون، بـەڵام کاریگەریـی نەرێنییـان لەسـەر پەیوەندییەکانـی نێـوان ئـەم دوو حیزبـە دانـا.[1] ئەمەش شـێوازی لەمێژینـەی دارشـتنی حکوومـەت و سیسـتەمی حوکمڕانـی لـە کۆمەڵـگای ئێـران و تەنانـەت ناوچەکـە، دژ بـە نەتـەوەکان و پەیوەندییەکانـی نێوانیـان بەتایبـەت کـورد بـووە. بـەو پێیـەی کـە حکوومـەت هەمیشـە ترسـی لـە بەدەسـەڵاتگەیشـتنی کـورد بـووە، هەوڵـی داوە بـە نانـەوەی دووبەرەکـی، ڕێگـری لـە یەکڕیزییـان بـکات. ئەمـە لـە لایـەک تۆمەتـی کوشـتنی سـولەیمان موعینـی و هاوکارەکانـی لە سـاڵی ١٣٤٧ هەتـاوی (١٩٦٨ ز) لە لایـەن هێزەکانی بارزانییەوە لە حاجـی عۆمـەران و ڕادەسـتکردنەوەی تەرمەکـەی بە ئەرتەشـی ئێران کە سـاڤاک زۆر بە سـووکی و بێڕێزانـە بـە نـاو شـارە جۆراوجۆرەکانـی کوردسـتاندا گەڕانـدی، و لـە لایەکی دیکەشـەوە داوای پشـتیوانی و هـاوکاری کردن لـەو وڵاتانەی کە ئـەم دوو حیزبەی ڕووبەڕووی یـەکتر کردۆتەوە، لەو مژارانەیـە کـە پێویسـتە ئامـاژەی پێبدرێت.

---

١. هەرچەنـدە مەلا مسـتەفا بارزانی فەرماندەی گشـتیی ئەرتەشـی حکوومەتی کوردسـتان و یەکێک لە چـوار ژەنەراڵەکەی بـوو و پەیوەندییەکـی تایبـەت و نزیکـی لەگـەڵ قـازی محەمـەددا هەبـووە، بەڵام باس لـە نەبوونـی متمانەی تەواو لـە نێوان ئـەو دووانـە و ڕکابـەری و شـتی دیکـە دەکـرێ، کە ئەمـە نەبوونـی یەکڕیـزی و ناهاوئاهەنگی نێـوان کەسـایەتییە پلەباڵاکانی حکوومەتـی کوردسـتان نیشـان دەدات. ئەمـەش تـا ڕادەیـەک بـوو کـە ئـەو دوو کەسـە یەکتریـان بـەوە تۆمەتبـار دەکـرد کە هاوقۆڵـی ئینگلیزییەکانـن و سـیخوڕی لـە دژی یـەکتر دەکـەن. دکتـۆر جەهانشـاهلوو، جێگـری پیشـەوەری، کـە چاودێری پەیوەندییەکانـی نێـوان هـەر دوو حکوومەتـی ئازەربایجـان و کوردسـتانی دەکـرد، لـە بیرەوەرییەکانیـدا دەنووسـێت: "... بە ڕاسـت یان هەڵە، مەلا مسـتەفا، قازی محەمەدی بە پیاوی ڕێکخراوی ئاسایشـی بەریتانیا زانیوە". هەروەها ئەبووەلحەسـەن تەفرشـییان لـە بیرەوەرییەکانیـدا سـەبارەت بـە ناکۆکییەکانـی نێـوان مـەلا مسـتەفا و قـازی محەمـەد نووسـیویەتی: مـەلا مسـتەفا لـە قـازی محەمـەد نارەحـەت بـووە و دەیـوت قـازی ترسـی ئـەوەی هەیـە من جێگـەی ئـەو بگرمـەوە. ئەو بـۆ ئەوەی لاوازمـان بـکا، عەشـیرەتی بارزانـی کـردە چەنـد پارچەیەکـی زۆر بچـووک بچـووک و لـە سەرتاسـەری کوردسـتان لـە دیـوی گۆڵـی ورمێـوە هەتـا ئەودیـوی میانـدواو لـە سـاینقەڵا نیشـتەجێی کردیـن بـە جۆرێک کە لـە هـەر گوندێکدا لە پێنج شـەش بنەماڵـە زیاتـر نەبیـن. دواجـار سـۆڤییەت بـە هانـای ئێمـەوە هـات و بـە پێـی ئامۆژگاریـی ئـەوان حکوومەتـی نیشـتیمانیی ئازەربایجـان مانگانـە ٦٠ هـەزار تمەنـی بـۆ خەرجییەکانـی خێڵـی بـارزان نـارد و جلوبـەرگ و کەلوپەلـی بۆمـان دابیـن کرد (روایـت از خانـوادۀ بارزانـی و رویـای اسـتقلال، جامعـۀ خبری تحلیلی الف).

تـا سـاڵی ١٣٦٠ی هەتـاوی (١٩٨١ ز) پەیوەندیـی نێـوان حیزبەکانـی ڕۆژهـەڵات بە حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێرانیشـەوە لە گەڵ پارتی دێموکراتی کوردسـتانی عێراقدا، نە دۆسـتانە بـوو و نـە دوژمنکارانـە، هەرچەنـدە لـە بۆنـەی جۆراوجـۆردا ڕەخنـەی لـێ دەگیرا. یەکـەم حاڵەتی ناکۆکـی جیـددی لـە نێـوان هەر دوو حیزبەکە و بە گشـتی پارتـی دژ بە حیزبەکانی کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات بـە دەرچوونـی گەڵاڵـەی هەشـت بڕگەیـی مەهابـاد سـەری هەڵـدا. لـە دواییـن ڕۆژی ڕێبەندانـی سـاڵی ١٣٥٧ هەتاویـدا بەشـێک لـە نوێنەرانـی کـورد لـە مەهابـاد لەگەڵ نێـردراوان و نوێنەرانـی حکوومەتـی کاتیـی بـازرگان دانوسـتانیان کـرد و لـە شـێوەی گەڵاڵەیەکـی هەشـت بڕگەییـدا مەرجەکانیـان پێشکەشـی ئـەوان کـرد کە دواتـر بە گەڵاڵەی هەشـت بڕگەیـی مەهاباد نـاسرا و کاردانـەوەی زۆری لـێ کەوتـەوە. بـە پێی مادەی هەشـتەمی ئەم گەڵاڵەیـە، بارزانییەکان بـە بریـکاری سـاواک و سـیئایئەی ئەمریکـی دانـران و دەبـوو لە ئێـران دەربکرێن.

هەندێـک پێیـان وایـە مـام جـەلال دوای جیابوونـەوەی لـە پارتـی و دامەزراندنـی یەکێتیـی نیشـتیمانیی کوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٧٥دا، هەمیشـە پەیوەندییەکـی دوژمنکارانـەی لەگـەڵ بارزانییـەکان هەبـووە و بـە دنەدانـی نووسـەرانی گەڵاڵەی هەشـت ماددەیی مەهابـاد و هاندانی لایەنـەکان بـۆ زیادکردنی ماددەی هەشـتەم ڕۆڵێکـی تێکدەرانەی گێـڕاوە و گرێی ناکۆکییەکانی کوێرتـر کردووەتەوە.

بـۆ پیشـاندانی ناکۆکییەکانـی دواتـر و بـۆ بەدیهێنانـی ئـەو شـتەی کـە حکوومـەت هەوڵـی جێبەجێکردنـی بـۆ دابوو دەتوانین بڵێین خودی مادەی هەشـتەمی ئـەم گەڵاڵە بەڵگەنامەیەکی زۆر گرنگـە. دوای مـادەی ٨ی ئـەم گەڵاڵـە، بارزانییـەکان بـە سـیخوڕی سـاواک و سـیئایئەی ئەمریکـی دەرچـوون کـە دەبـا لـە کۆمەڵـگای ئێـران دەربکرابـان، بۆیـە تیۆریـی پیلانگێـڕی بـۆ بارزانییـەکان پێشـنیار کـرا و تۆڤـی ناکۆکیـی دڵخـوازی حکوومـەت سـەری هـەڵ دا. ئەگەرچـی دواتـر حیزبـی دێموکـرات هەوڵـی دا پاسـاو بهێنێتـەوە بـۆ ئامادەبوونـی نوێنەرانـی خـۆی لـە دارشـتنی ئـەم مـادە و دەنگـدان بـەو مـادە، بـەڵام کار لـە کار ترازابـوو و چـیتر هیـچ پاکانەیـەک قبـووڵ نەدەکـرا.

لـە مامۆسـتا شـێخعێزەدین حوسـەینییەوە بگـرە هەتـا دەگاتـە سـەلاح موهتـەدی، غەنـی بلووریـان، عەبدولـڕەحمان قاسـملوو، عەبـدوڵڵا حەسـەنزادە، جەلیل گادانی، ئیبراهیم یۆنسـی، نەوشـیروان مسـتەفا ئەمین، ڕەحیم خەڕازی، سـەننار مامەدی و ... سـەبارەت بەم ڕێککەوتننامە قسـەیان کردووە. تەنانەت لە دەقەکانی کریس کۆچێرا[1]، دەیڤید مەکداوڵ[2] و هەروەها کەسـانی

١. کریـس کۆچێـرا. نووسـەری کتێبـی «بزووتنـەوەی نەتەوەیی کورد و ویسـتی سەربەخۆیی»ـە. عەزیز ماملێ ئـەم کتێبەی بۆ سـەر زمانی کـوردی وەرگێڕاوەتەوە.

2 .David McDowall, A modern history of the Kurds, page 262.

تریش کە لەم بارەوە و بەتایبەت مادەی هەشتەمی ئەم ڕێککەوتننامە کە سەبارەت بە مەلا مستەفا و سەرکردایەتیی کاتییە دەتوانین بابەت بدۆزینەوە. سەیر لەوەدایە کە کەس خۆی ناکا بە ساحێبی دارشتن و پێشنیارکردنی مادەی هەشتی ئەم ڕێککەوتننامە.[1]

جگە لە بابەتی بڕگەی هەشتەمی گەڵاڵەی مەهاباد، کە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٥٧دا (١٩ی شوبات/فێبرییەی ١٩٧٩) ڕادەستی حکوومەتی کاتیی ئەندازیار بازرگان کرا، چەندین حاڵەتی دیکەی گرژی و هەڵوێستی دوژمنکارانە و هەندێ هەوڵیش بۆ هێورکردنەوەی دۆخی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەو کاتەدا ڕوویان دا، کە ڕۆڵێکی کاریگەریان لە دەرەنجامی گشتیی ئەم پەیوەندیانەدا هەبوو.

کرۆنۆلۆژی و ڕەوتی مێژوویی ڕووداوەکانی پەیوەست بە دەرکردنی گەڵاڵەی ٨ بڕگەیی لە ساڵی ١٣٥٧دا

٢٢ی ڕێبەندان (١٠ی شوبات): سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، ڕووخانی ڕژێمی شا

٢٤ی ڕێبەندان (١٢ی شوبات): ڕۆژنامەی ئیتلاعات: بە فەرمانی خومەینی، شێخ عێزەدین حوسەینی پێشنوێژی هەینیی مەهاباد، ئەنجومەنی ئینقلابی مەهابادی بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو شارە پێک بێنێت.

٢٧ی ڕێبەندان (١٧ی شوبات): ڕێورەسمێکی ڕێزلێنان بۆ محەمەد حسێن کەریمی یەکێک لە کادرە سەرەتاییەکانی کۆمەڵە، کە لە شاری سەقز کۆچی دوایی کرد، بەڕێوە چوو. بەم بۆنەوە کۆمەڵە لە ڕاگەیاندراوێکدا ٢٦ی ڕێبەندانی (١٦ی شوبات) وەک ڕۆژی ڕاگەیاندنی چالاکیی گشتیی ئەم ڕێکخراوە دەستنیشان کرد.

٢٨ی ڕێبەندان (١٨ی شوبات): لە نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی تارانەوە پەیوەندی بە ماڵی شێخ عێزەدین حوسەینییەوە دەگرن و پێی ڕایدەگەیێنن کە وەفدێک دێتە کوردستان. ڕۆژنامەی ئیتلاعات هەواڵی دا کە داریووشی فرووهەر وەزیری کار لەگەڵ شاندێک تارانیان بەرەو کوردستان بەجێهێشتووە.

٢٩ی ڕێبەندان (١٩ی شوبات): ئەنجامدانی کۆبوونەوەی نوێنەرانی شارەکانی کوردستان و شاندی نێردراو لە ماڵی کاک ڕەحیم خەڕازی، لە ئەمینداراتی شاری مەهاباد.

٣٠ی ڕێبەندان (٢٠ی شوبات): گەڵاڵەی ٨ مادەیی مەهاباد پێشکەشی حکوومەت کرا.

لە کۆتایی مانگی ڕێبەندان: "کۆمەڵەی بەرگری لە ئازادی و شۆڕش" لە شاری سنە دامەزرا.

١ی ڕەشەمە (٢١ی شوبات): سەربازخانەی مەهاباد کەوتە دەست حیزبی دێموکرات.

---

١. هەمان.

٢ی ڕەشەمە (٢٢ی شوبات): ڕۆژنامەی ئیتلاعات: بەپێی هەواڵە پشتڕاستنەکراوەکان، جەلال تاڵەبانی و ٦٠ پێشمەرگە چوونەتە ناو شاری مەریوان. دواتر کۆمیتەی سەربازیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە تلەگرامێکدا بۆ ئایەتوڵڵا خومەینی ئەو هەواڵە بە ساختە و بەشێک لە پیلانی ئیمپریالیزم و بریکارەکانی ناو دەبات.

٥ی ڕەشەمە (٢٥ی شوبات): "غەنی بلووریان"، جێگری ئەنجومەنی شۆڕشی مەهاباد و ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەسەر مەلا مستەفا بارزانی قسەی کرد.

٦ی ڕەشەمە (٢٦ی شوبات): ڕۆژنامەی کەیهان دەنووسێ: فڕینی فڕۆکە فانتۆمەکان بەسەر کوردستاندا ڕاگیرا. دوای ٣٢ ساڵ چالاکیی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی هەینی ١١ی ڕەشەمە (یەکی ئادار) بە فەرمی ڕاگەیەنرا. هەر لەو ڕۆژەدا ڕۆژنامەی ئیتلاعات دەنووسێت: هێمن شاعیری شۆڕشگێڕی کورد دوای ساڵانێک لە دەربەدەری لە پێشوازییەکی پڕشکۆدا گەڕاوە بۆ کوردستان.

١٠ی ڕەشەمە (١ی ئادار): مەلا مستەفا بارزانی لە ئەمریکا کۆچی دوایی کرد.

١٢ی ڕەشەمە (٣ی ئادار): ڕۆژنامەی کەیهان، ١٢ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ی هەتاوی، لە بابەتێکدا سەبارەت بە کۆچی دوایی مەلا مستەفا بارزانی، لە زاری وتەبێژی حیزبی دێموکراتەوە نووسی: گەلی کورد بە هەواڵی کۆچی دوایی کەسێک کە لە ساڵانی ڕابردوودا بزووتنەوەی کوردی عێراقی (باشوور) بە شا و سیئایئەی فرۆشتبوو هەست بە ئاسوودەیی دەکات. بارزانی بە خائین و خۆپەرست ناسراوە کە هێزی پێشمەرگەی قوربانیی هەلپەرستییەکانی خۆی کرد.»[1]

١٢ی ڕەشەمە (٣ی ئادار): گرووپێک لەسەر بانگهێشتی کۆمەڵی کوردانی دانیشتووی ناوەند (تاران) لە پێنجەمین کۆبوونەوەی ئەم کۆمەڵەدا، لە زانکۆی سەنعەتیی شەریف، کۆ بوونەوە و پشتیوانییان بۆ گەلاڵە ٨ خاڵییەکەی نوێنەرانی گەلی کوردستان دەربڕێ.

ڕۆژی ١٤ی ڕەشەمە (٥ی ئادار): لە میانەی ڕێوڕەسمی پرسەی مەلا مستەفا لە شنۆ، مەسعوود بارزانی، ئیمام خومەینیی بە سەرکردەیەکی گەورەی ئیسلامی ناو برد و زیادی کرد: ئیمام خومەینی فەرموویان کوردانی ئێران مافی ڕەوای خۆیان وەردەگرن. بەڵێنتان پێدەدەم کە ئەم ڕێبەرە مەزنە لە ژێر ئاڵای ئیسلامیی ئێران و لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا، خودموختاریتان پێ دەبەخشێت." مەلا کەریم شاریکەندی نوێنەری کوردانی مەهاباد ڕایگەیاند، مادەی هەشتەم لە داخوازییەکانی کورد سەبارەت بە مەلا مستەفا بارزانی لا دەبرێت.

١٦ی ڕەشەمە (٧ی ئادار): سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە

١. ڕۆژنامەی کیهان، شنبە ١٢ اسفند ١٣٥٧، شمارە ١٠٦٥١. «بارزانی درگذشت». ل ٧.

میانـەی وتارێکیـدا لە ١٦ی ڕەشـەمە، ئەو لێدوانانـەی ڕەت کردەوە کە لە ڕۆژنامەکاندا سـەبارەت بـە مـەلا مسـتەفا بارزانـی دراون و وتی: کۆمیتـەی ناوەندی بە پێویسـتی دەزانـێ ڕایبگەیێنێ کە ئـەو قسـانەی وتـراون بۆچوونـی حیزبەکەمان پیشـان نـادات. ڕا و بۆچوونی حیزبەکەم سـەبارەت بـە مـەلا مسـتەفا بارزانـی هەمـان ئـەو بۆچوونەیە کە لـە چاپەمەنیـی فەرمیی حیزبەکەمانـدا بڵاو کراوەتـەوە و لـە داهاتووشـدا بڵاو دەکرێتەوە[1].

لـە ڕاسـتیدا ئـەو مژارانەی کـە باس کراون بە ڕوونی گوزارشـت لـەوە دەکەن کـە بارزانییەکان شـەرعیەتیان بـە کۆمـاری ئیسلامـی ئێـران و خومەینـی داوە و مژدەیـان بـە حیزبـە کوردییەکانی ئێـران داوە کـە بە پشـتیوانیی کۆماری ئیسلامـی ئامانجەکانیان بۆ سـەربەخۆیی و خودموختاری بـەدی دێـت. هەروەهـا حیزبـەکان پێیـان وایـە بارزانییـەکان خائیـن و سـیخوڕی سـیئایئەی و شـا، هـۆکاری چەواشـەبوونی بزووتنـەوەی کـورد بـوون و هێـزی پێشـمەرگەیان بـۆ ئامانجـە هەلپەرسـتییەکانی خۆیـان فەوتانـدووە.

هەڵدانەوەی گۆڕی مەلا مستەفا و یەکگرتنی بارزانییەکان و سپا

دە ڕۆژ دوای دەرچوونـی گەڵاڵەکـەی مەهابـاد، بارزانـی لـە ئەمریـکا کۆچـی دوایـی کـرد و لە سـەر ڕەزامەندیـی حکوومەتـی کاتـی، تەرمەکـەی گواسترایـەوە بـۆ تـاران و پاشـان لە شـنۆ نێژرا. شـارەکە لەلایـەن حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانەوە کـۆنترۆڵ کرابـوو و هەزاران کـەس لە هەموو کوردسـتانەوە لـە پرسـە و سەرەخۆشـییەکەیدا ئامادە بوون، بەڵام سـەرکردەکانی حیـزب نەچوون بـۆ ڕێوڕەسـمی ناشـتنەکە و تەنانەت سەرەخۆشـییان لە سـەرکردەکانی پارتـی نەکرد.

ماوەیـەک بـوو پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی عێـراق سـەرکردایەتییەکی کاتـی (قیـادەی مووەقـەت)ی بۆ دەسـتپێکردنەوەی خەبات پێک هێنابوو، کە وردەوردە بارەگاکانی پێشـمەرگەی پارتـی لەسـەر سـنوورەکانی ئێـران جێگیـر دەکـرد. ئـەم بابەتـە نیگەرانیـی حیزبـی دێموکـرات و تـا ڕادەیـەک کۆمەڵـەی لـێ کەوتـەوە، کـە پەیوەندییـان لەگـەڵ حکوومەتـی عێراقـدا هەبـوو. لە سـاڵانی ١٣٥٨ تـا ١٣٦٠ی هەتـاوی (١٩٨٠- ١٩٨٢ ز) کـە تێکهەڵچـوون لـە نێـوان هـەر دوو حیزبـدا سـەری هەڵـدا، چەندین جار لەسـەر ڕێگای هاتوچۆی هێزەکانی پارتی لە سـەر سـنوور، بۆمـب چـێنرا. هـەر جار پارتی داوای ڕوونکردنـەوەی لە حیزب دەکرد و حیزبیـش ڕەتی دەکردەوە کـە لـەو کارەدا دەسـتی بووبێت.

کۆتایی سـاڵانی ١٣٥٩ و سـەرەتای ١٣٦٠ (١٩٨١ ز)، دوو ڕووداو پەیوەندیی نێوان حیزبی دێموکـرات و پارتـی بـەرەو شـەڕێکی سـەربازی بـرد. کاتێـک کۆنترۆڵـی شـاری شـنۆ بـە دەسـت حیزبـی دێموکراتـەوە بـوو، گـۆڕی بارزانـی هەڵدرایـەوە. گێڕانـەوەی بارزانییـەکان ئـەوە بـوو کـە

---

١. ڕۆژنامەی اطلاعات، چهارشنبه ١٦ اسفند ١٣٥٧، شماره ١٥٨٠٢، «جسد بارزانی به خاک سپرده شد». ل ٨.

سەییید ڕەسوڵ دێهقان (بابی گەورە)، یەکێ لە فەرماندە دیارەکانی حیزبی دێموکرات، فەرمانی بە ڕەحیم میران، پاسەوانی گۆڕی مەلا مستەفا، داوە کە شوێنەکە بە جێ بهێڵێت. کاتێک کە ڕەحیم میران دێتەوە، دەبینێ گۆڕەکە هەڵدراوەتەوە، تەرمی کفنپۆشی مەلا مەستەفا بۆ چەند مەتر ئەولاتر تووڕ دراوە و ناو گۆڕەکەشی بە نارنجۆکێک تەقێنراوەتەوە.

● وێنەی ٦٢. ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی بارزانی بە بەشداریی مەلا ساڵە (چاویلکە ڕەشەکە)، شنۆ ١٣٥٧/١٢/١٥/ (١٩٧٩/٣/٦)

ئیدریس و مەسعوود بارزانی (کوڕانی مەلا مستەفا) داوا لە حیزب دەکەن کە سەید ڕەسووڵ ڕادەستی ئەوان بکات، بەڵام حیزب ڕەتی دەکاتەوە کە ئەندامانی لەو کارەدا دەستیان بووبێت و سەییید ڕەسووڵ ڕادەست ناکات. پاشانیش پێشنیاری پێکهێنانی گروپێکی بەدواداچوونی ڕاستییەکان دەدات، بەڵام بارزانییەکان قبووڵی ناکەن. دواتر سەییید ڕەسووڵ لە حیزبی دێموکرات جیا بووەوە و گەڕاوە عێراق، شوێنێک کە ساڵانێک پێشتر وەک پەنابەرێک تێیدا ژیابوو. بابی گەورە چەند ساڵ دواتر لە شاری سلێمانی کە لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی عێراق و سەدامحسێندا بوو، لە ماڵەکەی خۆیدا تیرۆر[1] کرا.

١ . سەییید ڕەسووڵ (بابی گەورە) دوای جیابوونەوەی لە قۆناغێکدا هەوڵی دامەزراندنی حیزبێکی نوێی دا و بە هاوکاریی چەند کەسێک تەنانەت ئاسانکاریی بۆ ڕۆیشتنی بەشێک لەو کەسانە کرد کە لە حیزبی دێموکرات دەرکرابوون و دەیویست بیانێرێ بۆ ئەوروپا. ناوبراو حیزب یان بەشێکی بنەڕەتیی حیزبی بە هی خۆی دەزانی و پێی وا بوو بە هۆی تێکۆشانی چەندین ساڵەی ئەوە کە حیزب گەیشتووەتە لوتکە و تەحەدای بەشێک لە سەرکردەکانی حیزبی دەکرد. کاتێک لە حیزب جیا بووەوە (کە هەندێک پێیان وایە دەرکرا) هەندێک جار بۆ هاتوچۆکردن بەناو عێراقدا داوای مۆڵەتی لە کۆمەڵە دەکرد و تەنانەت دوای تیرۆرکردنیشی، کاتێک بارەگای حیزبی دێموکرات ئامادە نەبوو تەرمەکەی وەربگرێتەوە، ئەوە کۆمەڵە بوو کە تەرمەکەی لەو شارەی کوردستانی باشوور کە خوشکەکەی دەژیا، ئەسپاردەی خاک کرد. زۆر کەس لە هەڵسوکەوتی

دۆسییەی دووهەم جیابوونەوەی گرووپێک لە حیزبی دێموکرات و چۆنییەتی مامەڵەی پارتی لە گەڵیاندا بوو. لە ٣٠ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٨ (١٩ شوباتی ١٩٧٩) یەکەمین کۆنگرەی ئازادی حیزبی دێموکرات لە شاری مەهاباد بەسترا و ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە غەنی بلووریان و شەش کادری دیاری حیزب لە کۆنگرەی چوارەمدا لە حیزبی دێموکرات جیا بوونەوە. بلووریان لە دەنگدان بۆ پۆستی سکرتێری گشتیی حیزب بە جیاوازییەکی کەم بە قاسملووی دۆڕاند و دوای جیابوونەوەشی ڕایگەیاند کە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی قاسملوو، لە مادده پەسەندکراوەکانی ئەم کۆنگرە لای داوە. دەرەنجامی جیابوونەوە لە نێوان ئەو و هاوبیرەکانی پێکهێنانی "کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات- لایەنگرانی کۆنگرەی چوارەم" بوو. ئەم مەسەلە کاریگەرییەکی نەرێنی لە نێوان ئەم دوو حیزبە دانا، پارتی کۆمەک و هاوکاریی بێدرێخانەی بە کەسانی دابڕاو لە کۆنگرەی چوارەمی حیزب واتە غەنی بلووریان و هاوبیرەکانی[1] کرد کە لە گوندی ڕاژانی ورمێ، لە پاڵ بارەگای پارتی جێگیر ببوون. پارتی و مەسعوود بارزانی هەوڵیان دا لە جیاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەم گرووپە بکەن بە لایەنی سەرەکیی دانوستانەکان لە گەڵ حکوومەت و سپای پاسدارانداا.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ئەم گرووپە دوای جیابوونەوە لە حیزبی دێموکرات، بە نێوەندگیری و پاڵپشتیی سەرکردایەتیی کاتی، دانوستانەکانی خۆی لەگەڵ حکوومەتی ئێران و سپای پاسداران دەست پێکرد و لەلایەن سپای پاسدارانەوە چەکدار کرا. ئەوان لە لایەن بارزانییەکان و حکوومەتەوە پاڵپشتی دەکران و ماوەیەکی زۆر لە خانووە تیمییەکانی تاران و ورمێ دەژیان و حیزبیش بەشێک لە لایەنگرانیانی دەستگیر کرد و لە گرتووخانەی دۆڵەتوو لە سنووری ئێران و عێراق (نزیک شاری سەردەشت) زیندانیی کردن.

بە وتەی بەشێک لە چالاکانی سیاسیی ناوچەکە، حیزبی دێموکرات و خودی دکتۆر قاسملوو بە دوژمنایەتی و گرژی لەگەڵ کۆمەڵە و بارزانییەکان ڕازی نەبوون. قاسملوو لەگەڵ ڕیالیزمی سیاسی و هاوسەنگیی هێز ئاشنا بوو و دەیزانی ئەو پرسانە بە دروشم چارەسەر ناکرێن، بەڵام سێ فاکتەر بەرەو شەڕ دنەی دا: دابڕانی گروپی کۆنگرەی چوارەم، کە پێیان وا بوو بە پێی پێناسەی حیزبی تووده و حیزبی کۆمۆنیست، یەکێتیی سۆڤییەت و کۆماری

حیزب بەرامبەر بە دەرکرانی سەید ڕەسوڵ زویرن و هەتا ئێستاش گلەیی لێ دەکەن و بنەماڵەکەی پێیان وایە کە کوشتنی سەیید ڕەسوول لە پێناو بەرژەوەندیی حیزبی دێموکرات و حکوومەت و سەرکردایەتیی کاتی بووە. هەتا ئێستا ڕەهەندەکانی ئەم ڕووداوە بە وردی ڕوون نەکراونەتەوە.

١. فاروق کەیخوسرەوی، فەوزییە قازی (نەوەی قازی محەمەد)، ڕەحیم سەیفی قازی (لە بنەماڵەی قازی محەمەد)، ئەحمەد عەزیزی، محەمەدئەمین شێخولئیسلامی موکری (هێمن) و نەڤید موعینی (برای سولەیمان و سماییل موعینی) هەندێ لەو کادرانەن کە لەگەڵ غەنی بلووریاندا لە حیزبی دێموکرات جیا بوونەوە.

ئیسلامـی دژە ئیمپڕیالیزمـن و پێویسـتە بەهێـز بکرێـن. هـەر وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، قاسـملوو لـە هەڕەتـی لاوەتیـدا ئەندامـی حیزبـی تـوودە بـووە. پەیوەندییەکـی گـرژی لەگـەڵ حیزبەکەی پێشـووی نەبـوو، بـەڵام حیزبـی تـوودە هـەر وا وازی لـێ نەهێنـا و ویسـتی ئەندامـە پێشـووەکەی شـوێنکەوتووی بێـت. لـە لایەکـی تریشـەوە ڕادیکاڵیزمـی کۆمەڵـە بریتـی بـوو لـە کۆمەڵێـک دروشـمی لێکـدژ و ناپراکتیکـی و ناستراتیـژی، کە بەرەی بەرامبـەر، واتە باڵی چەپـی لـێ کردبوو بـە لایەنێکـی نەشـیاو و تێکدەر.

جگـە لـەو مژارانەی کـە باس کران، ململانێی دەسـەڵات لە نێوان لایـەن و باڵەکانی کۆماری ئیسلامیدا بوو بە هۆی ئەوەی دۆسـییەی کوردسـتان لە ژێردەسـتی دەوڵەتی کاتی دەربهێنرێت. بـەم ڕووداوە گرنگـە، مەلەفـی کوردسـتان کەوتـە دەسـت "موجاهیدینی ئینقلابـی ئیسلامی" کە ئێسـتا زۆربەیـان ڕیفۆرمخـوازن، بـەڵام ئـەوکات توندڕەو بوون و لە نێو سـپای پاسـداراندا پشـکی بەرچاویان بوو. سـپای پاسـداران کە ڕێکخراوێکی سیاسـی - سـەربازی بوو، سـەبارەت بە پرسـی کورد دەرگای دانوسـتان و ئاشـتی و سـازانی بۆ هەمیشـە داخست.

مەسـعوود بارزانـی لـە بەرگـی چوارەمـی بیرەوەرییەکانیـدا، کـە سـاڵی ٢٠٢٢ چـاپ و بڵاو کراوەتـەوە، باسـی پرسـی هەڵدانـەوەی گـۆڕی باوکـی کـردووە. بە پێی یادداشـتەکانی هاشـمی ڕەفسـەنجانی لـە کتێبـی "عوبـوور از بوحـران[1]"دا کـە دەڵـێ: "کاک ئیدریـس و کاک مەسـعوود بارزانـی دوو جـار لەگەڵـم کـۆ بوونەتـەوە، و لـە هـەر دوو دیدارەکـەدا داوای هاوکاریـی سـەربازی و پێڕاگەیـشتن بـە خەڵکـە ئاوارەکانیـان کـردووە" لـە هـەر دوو دیدارەکـەدا ڕەفسـەنجانی داواکارییەکانیانـی وەدوا خسـتووە یـان بـەو مەرجـە هـاوکاری کـردوون کـە ڕووبـەڕووی کـوردە دژەئینقلابییەکانـی ئێـران ببنـەوە. ڕەفسـەنجانی چەنـد ڕۆژ بـەر لـە ڕۆژی ڕووداوی هەڵدانـەوەی گـۆڕی مـەلا مسـتەفا بارزانـی نووسـیویەتی: " ئـەوان ڕاسـتگۆترن و بـاشتر لـە تاڵەبانییـەکان (ئەندامانـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان) شـەڕی کوردانـی دژە ئینقلابـی ئێـران دەکەن". لـە کۆتاییـدا، هەڵدانـەوەی گـۆڕی بارزانـی شـەرعیەتی بـە پارتـی بەخشـی کـە داوا لـە حیزبـی دێموکـرات بـکا کـە تاوانبارەکـە بـۆ دادگایی کردن ڕادەسـتی قیـادەی مووەقەت بکاتـەوە. ئەوەی کـە حیـزب ملـی بـەم داواکارییـەی پارتـی نـەدا بـووە هـۆی دەسـتپێکردنی شـەڕێکی کوێرانـەی لـە نێـوان هـەر دوو لایەنـە کوردییەکە و دەرهاویشـتە سەرەکییەکەشـی ئـەوە بوو کـە چەکدارانی سـەرکردایەتیی کاتـی، شانبەشـانی سـپای پاسـداران شـەڕ بکـەن و ڕاهێنانیـان بـە سـپاییەکان بکـەن بـۆ ئـەوەی دێهاتـەکان لـە بوونـی حیزبـی دێموکـرات پـاک بکەنـەوە.[2]

---

١ . "عبور از بحران" واتا تیپەڕاندنی قەیران

٢ . هەمـوو هێزەکانـی بارزانـی لـە ناوەوە و دەرەوەی ئێران، بە پاڵپشـتیی هێزە ئینقلابییەکان شانبەشـانی سـپای پاسـدارانی ئینقلابـی ئیسلامـی و یاوەریکردنیـان لـە پاککردنەوەی شـارە کوردسـتانییەکانی ڕۆژهەڵات و پاشـان جێگیرکردنـی هێزەکانی بارزانـی لـە خاڵـە سـنوورییەکان و ناوچـە جەنگییـەکان لـە پـاڵ ڕەزمەندەگانـی ئیـسلام و پاشـان کۆمەک کردنـی هێزەکانـی

لـە ئەنجامـی ئـەو ڕووداوانەشـدا لـە گوندەکانـی دیلانچـەرخ، کەرێـزەی شـکاک، حەڵبـێ و کۆییـک و هتد، هێزەکانی سـەرکردایەتیی کاتی کوشـتارێکی درندانەیان ئەنجـام دا. هەرچەندە سـەرکردەکانی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی عێـراق (کـە ئێسـتا دەسـەڵاتی بـاڵای هەرێمـی کوردسـتانی عێراقـن)، بەرپرسـیارێتیی کوشـتنی گوندنشـینانی بێتـاوان و دۆسـییەی لـەو چەشـنەیان قبـوڵ نەکردووە و هەتا ئێسـتاش بێدەنگیـان هەڵبژاردووە، بەڵام ئەوان بەرپرسـی ئەم ڕووداوە دڵهەژێنانـەن. لـە شـەڕی نێـوان پارتـی و حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێرانـدا، کە بوو بە هۆی ئەوەی سـپای پاسـداران پشـتیوانی لە پارتی بکا، یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان، لە پێکدادانەکانـی جادەی سەردەشـت – پیرانشـاردا پشـتیوانی لە حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێـران کـرد و کارێکـی وای کـرد کـە پارتـی لـە هەمـوو گونـدە کوردنشـینەکانی ڕۆژاوای ورمـێ و دەشـتە بێـڵ و شـنۆ هەتـا پیرانشـار پاشەکشـە بـکا و دەسـەڵاتەکەی بـۆ باشـوور و ڕۆژهـەڵات سـنووردار ببێتەوە. ئەم شـەڕانە هەتا کۆتایی سـاڵی ١٣٦٣ی هەتاوی (١٩٨٥ ز) بەردەوام بوون و حیزب بنکە و بارەگاکانی گواستەوە بۆ ئەودیوی سنوورەکانی کوردستانی باشوور.



● وێنەی ٦٣. خەیانەتەکانی قیادەی مووەقەت بە نەتەوەی کورد، نووسینی عەبدوڵڵا حەسەن زادە و دکتۆر قاسملوو

دوو سـاڵ و نیـو دوای دەرچوونـی گەڵاڵـە هەشـت خاڵییەکـەی مەهابـاد و کاتێـک شـەڕی نێـوان هێزەکانـی سـەرکردایەتیی کاتـی و پێشـمەرگەی حیزبـی دێموکرات و کۆمەڵـە لەوپەڕی خۆیـدا بـوو، نامیلکەیەک لە نووسـینی دکتۆر قاسـملوو و عەبدوڵا حەسەنزادە، لـە ژێـر نـاوی "خیانەتەکانـی سـەرکردایەتیی کاتـی لـە گەلـی کـورد" لەلایـەن بڵاوکـراوە و پڕوپاگەنـدەی کۆمیتـەی ناوەندیـی حیزبـی دێموکراتی کوردسـتانی ئێرانـەوە چـاپ و بڵاو کـراوە. بڵاوبوونـەوەی ئـەم نامیلکـە لـە ١٣٦٠/٦/٢٥ (١٥ ئەیلوولـی سـاڵی ١٩٨١) و بـە زمانـی کـوردی، بەسـتێنی ناکۆکـی و دوژمنایەتیـی نێـوان سـەرکردایەتیی کاتـی و خەباتکارانـی کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات ڕوون دەکاتـەوە. زمانی ئـەم نامیلکە تونـداژۆ و هەندێ جار تێکەڵ بە سـووکایەتیکردن بە پارتی (قیادەی مووەقت) و سـەرکردەکانییەتی[1]. ئەگەر سـەیرێکی

سپای پاسداران لـە قوڵایی شـارە کوردسـتانییەکانی باشـوور لە ژێر ناوی قـەرارگای ڕەمەزان لـەو کۆمـەک و هاوکاریانەی بوو کـە ئێـران لە سـەرەتای ئینقلابەوە پێشکەشـی حیزبە کوردییەکانی باشـووری کرد. ماڵپـەڕی مشرق:

mshrgh.ir/1269440

١. ئەحمـەد ئەسـکەندەری شرۆڤـەکاری پرسـەکانی خۆرهەڵاتـی ناڤیـن و کوردسـتان، ڕێککەوتننامـەی ٨ مادەیـی مەهاباد و سـەرکردایەتیی کاتی (خیانەتەکانی قیادەی مووەقت بە نەتەوەی کُرد: عەبدوڵڵا حەسـەن زادە- دوکتور قاسـملو)، ڕەشـەمەی

پرۆپاگاندای میدیایی ئەو دوو حیزبە لەو ساڵانەدا بکەین، دەبینین هەر دووکیان یەکتریان بە سیخوڕیکردن و هاوکاریکردن لەگەڵ ئێتلاعاتی ئێران و ئیستخیباراتی عێراق و وەرگرتنی پارە لە ئێران و عێراق تۆمەتبار دەکرد و بە نازناوی قێزەون باسی یەکتر دەکەن. حیزبی دێموکرات قیادەی بە پاسەوانی کاتی ناو دەبرد، قیادەش قاسملووی ناو نابوو سەداملوو.

ئەم ئیدیعایانە ئەوە دەردەخەن کە ئەو دوو حیزبە نەیانتوانیوە پێکەوە یەک بگرن و دۆخی نەتەوەی کورد لەو کاتەدا باشتر بکەن. ئەم پاڵپشتییە ئایدۆلۆژیکیانە لەلایەن حکوومەتەکانەوە کە هەر دووکیان ئامانجی هاوبەشیان ئەوە بوو کە پێشگیری لە سەربەخۆیی کورد بکەن، هەمیشە ئەم حیزبانەیان وەک ئامرازێک بۆ سەپاندنی دەسەڵات لە دژی یەکتر بە کار هێناوە. "شەڕ ساز کە و لە سەر تەختی دەسەڵات پاڵ بدەوە" نموونەیەکی ڕوونی ئەو ڕەفتارانەیە کە حکوومەتەکانی ئێران و عێراق گرتیانە بەر و هەر دوو حیزبی دێموکراتیان دا بە گژی یەکتردا، بۆ ئەوەی کۆنترۆڵیان بکەن.

شەڕی پاوە و فەرمانی سەرکوتکردنی کافران!

شەڕی نەغەدە دواییین ڕۆژی مانگی نەورۆزی ١٣٥٨ (١٩ی نیسانی ١٩٧٩) دەستی پێکرد. شارمان بەجێهێشت و بەرەو گوندی گرداشەوان ڕۆیشتین. دوای ماوەیەک کۆچمان کرد بۆ پیرانشار، بەڵام ناچار بووین جارێکی تر بچینەوە بۆ گوند. شەڕەکان یەک لە دوای یەک دەستیان پێکرد، کە شەڕی سێ مانگە بەناوبانگترینیانە[1]. ٢ی مانگی گوڵانی ١٣٥٨ (٢٢ی نیسانی ١٩٧٩) لە کاتێکدا کە شەڕ و پێکدادانەکان لە شار و ناوچەکانی دەوروبەری دەستی پێکردبوو، حکوومەت هێزەکانی لە شوێنەکانی ترەوە ڕەوانەی کوردستان کرد.

٤ی گوڵان ١٣٥٨ (٢٤ی نیسانی ١٩٧٩) شەڕێکی بیست و چوار ڕۆژە ڕووی دا و سەدان کوژراو و بریندار لێکەوتەوە و ڕێژەیەکی یەکجار زۆری خانووبەرە وێران بوون. ئەرتەش و سپای پاسداران بە فەرماندەیی محەمەد بروجێردی و فەرماندە دیارەکانی دیکە بەشداریان تێدا کرد. خەڵک چەکدار بوون و هێزی پێشمەرگە لە سنە و دەوروبەری بیستوچوار ڕۆژ

١٣٩٣ی هەتاوی:

https://ahmadeskandari.com

١. جەنگی سێ مانگە لە بەهاری ساڵی ١٣٥٨ هەتاوی دەستی پێکرد. هێزی چەکداری حیزبەکان لە پێناو ئاسایش و سەلامەتیی خەڵک زۆربەی شارەکانیان بەجێهێشت و شەڕێکی سەرتاسەری ناوچەکەی گرتەوە. لە مانگی ئەیلولی هەمان ساڵدا ئاگربەست لە نێوان لایەنەکاندا ڕاگەیەندرا و حیزبی دێموکرات بە سەرکەوتوویی گەڕاوە بۆ هەندێک لە شارەکان. بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک خەڵک شیرینی و شەربەتیان لە گۆڕەپانەکانی شاردا بڵاو دەکردەوە، گەنجانیش سەمایان دەکرد و هەڵدەپەڕین، ئەو چەند ڕۆژە ناوی جێژنی خودموختاری (ئاهەنگی خودموختاری) لێ نرا. لە شارگەلێکی وەکوو پیرانشار حیزبی دێموکرات هەتا پاییزی ساڵی ١٣٥٩ دەسەڵاتی ڕەهای هەبوو و کۆنترۆڵی تەواوی کاروباری کارگێڕیی ئەو شارەی بە دەستەوە بوو.

خۆڕاگرییـان کـرد. لەم شـەڕەدا بەشـێک لە شـاری سـنە لەلایـەن هێـزی ئاسمانییـەوە بۆردومان کـرا. سـەرهەنگ (عەقیـد) سـەدری فەرمانـدەی پادگانی سـنە دانی بـەوەدا نا کە ڕۆژانە سـەدان تـۆپ لـەم سـەربازگەوە بـەرەو شـار و سـەنگەرەکانی پێشـمەرگە ئاراسـتە دەکرا.

چەنـد مانگێـک دواتـر شـەڕی پـاوە لـە ٢٣ هەتـا ٢٨ی گەلاوێـژی ١٣٥٨ (١٤ و ١٩ی ئابـی ١٩٧٩) ڕووی دا. لەم شـەڕەدا هەر دوو حیزبی کۆمەڵە و دێموکرات لەگەڵ ژاندارمەری و سـپای پاسـداران تێـک هەڵچـوون، فەرمانـدەی سـپای پاسـداران عەلـی ئەسـغەر ویسـاڵی بـوو. هەتـا ڕۆژێـک پێـش کۆتاییهاتنـی گـرژی و ئاڵۆزییەکان، کـورد لە مەیدانی شـەڕەکەدا سـەرکەوتوو بوو. دکتـۆر چەمرانیـش گەمارۆ درا و تەنانەت دەنگۆی کوژرانیشـی بڵاو بووەوە، بـەڵام دواتر دەرکەوت کـە نەمـردووە. دوای شـەڕی پـاوە، خومەینـی فەرمانـی جیهـادی لـە دژی حیزبـە کوردییـەکان دەرکـرد و فەرمانـی بـە هێـزە سـەربازییەکان دا، ئەگـەر بـە هێـز و زەبـر نەچنـە شـەڕی کافرانەوە، ئـەوا مامەڵەی خراپیـان لەگەڵـدا دەکرێت.

خومەینـی پێـشتر گوتبـووی: "ئێمـە شـەڕی کوفـر دەکەیـن نـەک کـورد"، بـەڵام لـە ٢٧ی گەلاوێـژی ١٣٥٨ی هەتـاوی (١٨ی ئابـی ١٩٧٩) لـە کاتـی دەرکردنی فەرمانی هێرش بۆ سـەر کوردسـتان، نووسـیبووی: "لـە دەوروبـەری ئێرانـەوە گرووپـە جۆراوجۆرەکانـی ئەرتـەش و سـپای پاسـداران و خەڵکـی ئـازا و بەجـەرگ داوایـان کـردووە مـن فەرمـان دەربکـەم بـرۆن بـەرەو پـاوە، ئـەم ئـاژاوە بکوژێننـەوە. مـن سپاسـیان دەکـەم و حکوومـەت و ئەرتـەش و ژاندارمـەری ئـاگادار دەکەمـەوە، ئەگـەر لـە مـاوەی ٢٤ کاتژمێـردا بـە تـۆپ و تانـک و هێـزی چەکـدارەوە بـەرەو پـاوە نەچـن، مـن هەمـوو لایـەک بـە بەرپرسـیار دەزانـم ...»[1]

پاشـنیوەڕۆی ئـەو ڕۆژە، خومەینـی لـە کۆبوونەوەی نوێنەرانی مەجلیسـی خوبرەگانی یاسـای بنەڕەتیـی[2] قـوم، سـەبارەت بـە داواکاریـی خەڵکـی کوردسـتان بـۆ خۆبەڕێوەبـەری، وتـی: "... سـنوورەکانیان ئـازاد کـرد، قەڵەمەکانیـان ئـازاد کـرد، گوتاریـان ئـازاد کـرد، حیزبەکانیـان ئـازاد کـرد کـە گوایـا ئەمانە گەلێکـن ... ئەمانە تێکـدەرن، ئیتر ناتوانـرێ بە نەرمی مامەڵەیـان لەگەڵدا بکرێـت ... ئەمانە حەشـیمەتێکی تێکدەرن، حەشـیمەتێکی گەندەڵن. ناتوانین هـەر وا ڕێگەیان پـێ بدەیـن کـە هەرچییەکیـان بـوێ بیکـەن. ئێسـتا نارەزایەتیـان دەربڕیـوە کـە ئێوە خۆتـان ئەم کارانـە دەکـەن. وەکـوو ئەوانـەی ڕۆژێک پێـشتر و چەند ڕۆژێـک لەمەوبەر ئـەو کارە خراپەیان کرد ... خۆیـان ئـاژاوە دەنێنـەوە و دواتـر دەیخەنە سـەر خەڵک ... ئەمانە کەسـانێکی ئـاوان ... دەبێ

١. هەر دووڕۆژنامەی کیهان و اطلاعات و...، شنبە ٢٧ مرداد ماه ١٣٥٨.

٢. (ئەنجومەنی شارەزایانی یاسای بنەڕەتی) وەرگێڕ

بـە تونـدی مامەڵەیـان لەگەڵـدا بکرێ و ئێمـەش بە تونـدی مامەڵەیان لەگەڵـدا دەکەیـن ...»[١]-[٢]

لـە دەقـی پەیامەکـەی خومەینیـەوە بۆمان دەردەکـەوێ کە ڕێبـەری ئینقلاب، کـورد و حیزبە کوردییـەکان بـە تێکـدەر و پیلانگێڕانێک ناودێڕ دەکا کـە دژی ئایینن و بە "کافـر" ناویان دەبات. لـە ڕاسـتیدا ڕێبـەری ئینـقلاب هەوڵـی دەدا لـە ڕێگـەی ئەویتریسـازییەوە، کـورد و حیزبەکانـی وەک ناخـودی و نامـۆ پیشـان بـدا و بڵێ ئامانجێکی نگریـس و گڵاویان هەیە و دەبـێ بتارێنرێن. بـەم شـێوە بـە یەکخسـتنی هەمـوو هێزە چەکدارەکان بە بەسـیج و پاسـدار و سـپای پاسـداران و ئەرتەش شـەرعیەتی بە سـەرکوتکردنی کـورد دا.

کیهان
١٦ صفحه
عذرها را کنار بگذارید و فاسدها را سرکوب کنید
آخرین هشدار به نوطئه‌گران:
امام: اشتباه کردیم که انقلابی عمل نکردیم
به تهران می‌آیم و انقلابی رفتار می‌کنم
اخطار امام به‌عنوان رئیس کل قوا
امام: ارتش با توپ و تانک به پاوه حرکت کند
* به دولت دستور میدهم وسایل عزیمت ارتش به پاوه را فوراً آماده کند
* اعلامیه مهم دولت درباره حوادث خونین پاوه

● وێنەی ٦٤. سەردێڕی هەندێ لە ڕۆژنامەکان سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەو سەروبەندە

ئـەم پەیامـەی خومەینی بە مانای ڕاگەیاندنی شـەڕێکی سەرتاسـەری لە دژی کوردسـتان بوو و ڕۆژێک دوای بڵاو بوونەوەی، ئەرتەش و سـپای پاسـداران لە زەوی و ئاسمانەوە هێرشـیان کردە

١. وتاردانەکـەی خومەینـی کاتژمێـر ٢٠:٠٠ لـە ڕادیـۆ و تەلەڤیزیۆنی سەرتاسـەری پەخش کـرا و لـە ڕۆژی ١٩ ئابی ١٩٧٩دا دەقـی تـەواوی وتارەکەی لـە ڕۆژنامەکانی کەیهـان و ئیتلاعـات بڵاو کراوە.

2. https://youtu.be/TsSgqdxF9so

سـەر خاکی کوردسـتان. هـەر دوو حیزبـی کۆمەڵە و دێموکراتی کوردسـتانی ئێـران و ڕێکخراوی چریکـی فیدایـی کـە لایەنگرێکـی زۆریـان لـە کوردسـتاندا هەبـوو، هەمبـەر پەلامـاردەرەکان وەسـتانەوە و بەرسـڤی هێرشـەکانیان دایەوە. لە پێناو سـەلامەتیی هاووڵاتیان و بە هۆی نەبوونی هاوسـەنگیی هێزی سـەربازی، حیزبی دێموکرات بە بێ پێکدادان شـارەکانی کوردسـتانی چۆڵ کرد و ماوەیەک دوای فەتواکەی خومەینی، شـەڕی حیزبایەتی لە دژی ناوەندە حکوومەتییەکان دەست پێکرد.

● وێنەی ٦٥. لە سێدارەدانی بەلێشاو لەلایەن خلخاڵی کە قازیی شەرعی ڕاسپێردراوی خومەینی بوو، وێنەی لەسێدارەدان لە فڕۆکەخانەی سنە. هاوینی ١٣٥٨ هەتاوی (١٩٧٩).

ئـەو قسـانەی خومەینـی کـە دواقسـە و هاوشـێوەی فتـوا بـوو، بـووە هـۆی ئـەوەی هێزەکانـی بەسـیج و پاسـدارە خۆبەخشـەکان بـە هاوکاریـی کۆپتەرەکانـی هەوانیـرووز پاوەیـان گـرت. لـە هەواڵەکانـدا شـەڕی نەغەدەیـان بـە شـەڕێکی لۆکاڵـی نـاوزەد کـرد بـۆ ئـەوەی لـە شـەرعییەتی بخـەن، بەڵام شـەڕی پـاوە جیاواز بوو و بە فەتوای ڕاشـکاوی خومەینی سەرتاسـەری کوردسـتانی گرتـەوە. لـە شـەڕی پـاوەدا هەمـوو هێزەکانـی دێموکـرات و کۆمەڵـە و ڕەوتە چالاکەکانـی دیکەی ناوچەکـە ڕیزەکانیـان یـەک خسـت و هەڵسـوکەوتی حکوومـەت بـوو بـە هـۆی ڕێکخسـتنەوەی هێرشـی بەرفـراوان بـۆ سـەر ناوەنـد و بنکـە حکوومییـەکان.

دوای قسـەکانی خومەینی، بەنیسـەدر، وەک سـەرۆککۆمار و فەرماندەی گشـتیی هێزەکان، فەرمانـی بـە هێزە سـەربازییەکان دابوو کـە هەتا کورد سـەرکوت نەکەن قەیتانی پۆسـتاڵەکانتان نەکەنەوە! هۆکاری سـەرەکیی لەشکرکێشـی بۆ سـەر کوردسـتان، ڕەگ و ڕیشـەی لە سیاسـەتی دەسـەڵاتدارانی ناوەنـد بەرامبـەر بـە حیزبە کوردییەکاندا بوو. جگە لە شـەڕ و ململانێ و هێرشـی چریکـی، دەرەنجامەکانـی داهاتـووی ئـەم سیاسـەتانەش گرنگـن. خەڵخاڵـی حاکـم شـەرعی خومەینـی هاتـە کوردسـتان و ناوچەکانـی دیکـەی ئێـران و زۆر کەسـی خێـرا و بەکۆمـەڵ لـە دادگای سـەربازیدا لـە سـێدارە دا. هەمـوو ئەم ڕووداوانە پێکەوە ئاگری شـەڕێکی سەرتاسـەرییان

لـە کوردسـتاندا داگیرسـاند، کە بـۆ ماوەیەکـی زۆر بـەردەوام بوو.

تاوانە جەنگییەکان لە کوردستان

لـە نێـوان سـاڵانی ١٣٥٨ تـا ١٣٦٥ی هەتـاوی، لـە نێـو پێکـدادان و لەشکرکێشـیی هێـزە چەکدارەکانـی بەسـیج و پاسـداردا زیاتـر لـە سـەدان هاوڵاتـی مەدەنـی، تەنیـا لـە ناوچـەی موکریان واتە مەهاباد، پیرانشـار، سەردەشـت، شـنۆ، نەغەدە و گوندە کوردنشـینەکانی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا، کۆمەڵکوژ کران. لە تێکهەڵچوونەکانی نێوان هێزە چەکدارەکانی حکوومەت و حیزبـەکان و هەندێکجاریـش سـەرکردایەتیی کاتـی، ژمارەیەکـی زۆر کـوژران و برینـدار بـوون. زۆربەی کوشـتارەکان سـەرەتا لە گوندەکانی قارنێ و قەڵاتان و پاشـان لە گوندەکانی تری وەکوو کانی مامسـەیدە، ئارنێ، سـۆفیان، سەرووکانی، قەرەگۆل، سـەرچنار (کەلبەڕەزاخان)، گۆڕخانە، خەلیفەلیان، چەقەڵ مسـتەفا، محەمەدشـا، ئیندرقاش، دیلانچەرخ، کەرێزەی شـکاک و حەڵبێ و کۆییـک و سـاروقامیش و بایـزاوا و .... ڕوویـان دا.

بەگوێـرەی زانیارییـەکان ژمـارەی کوژراوانـی قارنـێ و قەڵاتان لـە شـوێنەکانی دی زیاتر بووە. ئـەم جـۆرە ڕووداوانـە زیاتـر لـە گونـدە کوردنشـینەکاندا ڕوویـان دەدا و حکوومـەت تورکەکانـی ناوچەکـەی دەپاراسـت، بەڵام هەندێک جار گوندە تورکنشـینەکان یان ئـەو گوندانەی کە کورد و تـورک پێکـەوە دەژیـان لەو هێرشـانە بێبەری نەدەبـوون. لوتکەی ئەم تاوانانە کوشـتنی درندانەی خەڵکـی گونـدی قارنێیـە. کۆمەڵکوژییەکی گەورە کە ترس و دڵەڕاوکێیەکـی زۆری بەدوای خۆیدا هێنـا و ڕووداوەکـە گەیشـتە ئـەو ئاسـتەی کـە خەڵکـی گونـدەکان بـە بینینـی هێـزی سـەربازی خۆیـان لە شـاخ یـان کادێـن و گەورەکاندا دەشـاردەوە.

خەڵکـی سـڤیل لـە شـەڕەکاندا بێلایەنـن، کەچـی هەمیشـە زۆرتریـن زیـان و زەرەریـان بەردەکـەوێ و قوربانـی سـەرەکی و چەوسـاوەی شـەڕەکانن[1].

دەبـێ ئـەوە بزانیـن کـە تاوانەکانـی جەنـگ و بەدواداچوونیـان کاتیان بەسـەر ناچـێ و دەبێ بەدواداچـوون، سـکاڵا،لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنـی تاوان و کۆمەڵکوژییـەک کە لە دەیەی یەکەمی ئینـقلاب لـە ئێرانـدا ڕوویـان داوە، لەسـەر ئاسـتێکی سـەربەخۆ و شـارەزایانەدا بـە بەشـداریی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان ئەنجـام بدرێـت. تەنیا لـەم حاڵەتەدایـە کـە زیانبەرکەوتووان و لێقەوماوانـی ئـەم تاوانـە دەتوانـن بزانـن بۆچـی و چـۆن ڕووداوەکان ڕوویـان دا، ئەمـە تەنیـا مافی بنەماڵـەکان نییە بەڵکوو مافی هەموو کۆمەڵگەی ئێرانە و پێویسـتە هەمـووان لە وردەکارییەکانی

---

١ . تاوانـی جەنگـی ئامـاژە بـۆ قوربانیانـی مەدەنیـی بێتاوانـی جەنگـەکان دەکا، کـە نـە ڕۆڵیـان لـە شـەڕەکاندا هەیـە و نـە ئیمکانیاتـی وەکـوو هێـزی سـەربازیی شـەڕکەرەکانیان هەیـە، هـەر بۆیـە توانـای سـەربازییان نییـە و بـە تـەواوی بـێ چـەک و کەرەسـتەی بەرگریـن و بێدەرەتانـن.

ڕووداوەکانـی سـەرکوتکردن و کۆمەڵکوژییـەک کـە لـە مێـژووی ئەوانـدا ڕووی داوە، ئـاگادار بکرێنەوە.

مافـی کەسـوکاری قوربانیـان و ڕزگاربووەکانـە کـە ئەنجامـدەران و بڕیاردەرانـی ئـەو تاوانانـە بدرێنـە دەسـت دادگا، دواجاریـش مافـی قەرەبووکردنەوەیـە کـە بریتییـە لـە کۆمەڵێـک ڕێـکاری دارایـی و خۆشـکردنەوە وەکـوو دانانـی مۆنۆمێنـت، گەڕاندنـەوەی کەرامـەت و ئاگادارکردنـەوەی کۆمەڵـگا لـە ڕێگـەی خسـتنە ڕووی بەڵگەنامە و ئەرشـیڤی حکوومـەت، هەڵبـەت دەبێ هەندێک لـەو ڕاسـتیانە لـە نـاو کتێبـە پەروەردەیـی و قوتابخانەییەکانـدا جێگیـر بکـرێ بـۆ ئـەوەی نـەوەی نـوێ لـە وڵاتـدا لـەم تاوانانـە ئـاگادار بکرێتـەوە. نەوەکانـی داهاتوو سـەبارەت بەوەی چی بەسـەر نـەوەی ڕابـردوودا هاتـووە پێویسـتە زانیاریـی ئەزموونـی و لـە هەمـان کاتـدا مێژوویـی بەدەسـت بهێنـن تـا بتوانـن دیدێکـی هەمەلایەنـە و ڕوونیـان بـۆ داهاتـووی کۆمەڵـگا و مێـژووی خۆیـان هەبێـت. ئێمـە بەرپرسـیاری ئاگادارکردنەوەیانیـن، بەرپرسـیارێتی سـەرەکیش ئەوەیـە کـە بەبـێ هیـچ لایەنگرییەکـی ئایدۆلۆژیکـی و لاگیرانـە ڕەوت و ڕووداوە مێژوویـیەکان وەک ئـەوەی ڕوویان داوە بـەوان بگەیەنیـن.

کارەساتی کۆمەڵکوژیی قارنێ و گوندەکانی دیکە

ئـەوەی وای کـرد کـە هەمـوو خـزم و کەسـەکان یەکدەنـگ باوکـم لـە گەڕانـەوە بـۆ نەغـەدە پاشـگەز بکەنـەوە، ڕووداوی جەرگبـڕی کوشـتنی خەڵکـی سـڤیل لـە گونـدەکان و بەتایبـەت لـە قارنـێ بـوو. حـەوت کـەس لـە قوربانییـەکان هـی بنەماڵـەی یەکێـک لـە زاواکانمـان بـوون و ئەمـەش تـرس و تۆفـی کەسـوکاری زیاتـر کـرد. لێـرەدا ڕووداوی کۆمەڵکوژیی قارنـێ دەگێڕمەوە، بـەڵام بـۆ تێگەیشـتنێکی باشتر لـە دۆخی کوردسـتان لـەو ڕۆژانـەدا، کۆمەڵکوژییەکانـی دیکەی ئـەو سـاڵانەش، کـە دوای قارنـێ ڕوویـان دا، بـە دوای یەکدا بۆتـان دەگێڕمـەوە. هەندێک لە خزم و ناسـیاوەکانی ئێمـەش لـەم ڕووداوە تـاڵ و جەرگبڕانـەدا گیانیـان لەدەسـت دا. بـە دڵنیاییـەوە سیسـتەمی ڕاگەیاندنـی ڕژێمـی دەسـەڵاتدار زۆر بەڵگەنامـەی ئـەو کوشـتارانەی نەگێڕاوەتـەوە. بـۆ ئـەوەی بتوانـم بـە وردی باسـی دۆخەکـە بکـەم، جگـە لـە خوێندنـەوەی چەنـد بەڵگەنامـە و ڕاپۆرتـی ئـەو ڕۆژانـە لە میدیاکاندا، قسـەم لەگەڵ دانیشـتوانی گونـدەکان و ئەو کەسـانە کرد کە لـە کۆمەڵکوژییـەکان ڕزگاریـان بـووە و بـە شـێوەی مەیدانیـش هەنـدێ زانیاریم کۆ کـردەوە. من بەختـم هەبـوو کـە هەندێـک لـە خزمەکانم هێشـتا لـەو ناوچە دەژیـن و توانیـان بـۆ کۆکردنەوەی زانیـاری یارمەتیـم بدەن.

قارنـێ گوندێکـی کوردنشـینی شـاری نەغەدەیـە کـە حـەوت کیلۆمەتـر لـەو شـارە دوورە. ئـەم گونـدە لـە یازدەیەمـی مانگـی خەرمانانـی سـاڵی ١٣٥٨ی هەتـاوی (٢ی ئەیلوولـی سـاڵی

١٩٧٩) بۆ ماوەی سێ کاتژمێر هێرشی چەکداری کرایە سەر و ٦٨ کەسی[1] بێتاوانی لێ کوژرا. هەواڵەکان تەنها ژمارەی کوژراوەکان ڕادەگەیەنن و تەواو، بەڵام لە پشت ئەم هەواڵ و ژمارانەوە، ئەو ڕەنج و ئازارانە شاردراونەتەوە کە دانیشتووان و ئازاربینراوان بە درێژایی ساڵان دەیگێڕنەوە. پێویستە بەسەرهاتی کۆمەڵکوژیی قارنێ لە زاری خەڵکی ئەم گوندە ببیستین بۆ ئەوەی بزانین لەو ئەیلوولە نگریسە و لەو ساتە وەیشوومەدا چ وەحشەتێکیان بەئەزموون کردووە.

دوای قەڵاچۆکردنی خەڵکی قارنێ لە گوندەکانی قەڵاتان، کانی مامسەیدە، سەروکانی و سۆفیان و چەند گوندی دیکەی ناوچەکە، هەندێ کۆمەڵکوژی ڕووی دا کە تێیدا ژمارەیەکی زۆری خەڵکی مەدەنی و لادێییەکان بە پیاو و ژن و منداڵەوە کوژران. بەشێک لە نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی ئۆپۆزسیۆن ئەم کارەساتانە و کۆمەڵکوژیی قارنێیان لەگەڵ کۆمەڵکوژیی سەبرا و شەتیلا بەراورد کرد، کە هەڵبەت کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بەوان هەڵوێستێکی توندی گرتبە بەر و مەحکوومی کردن. ڕووداوەکانی نەغەدە و تەواوی ناوچەکە کاریگەریی لەسەر ناوچەکانی دیکەش هەبوو و پێش ئەوەش هەواڵی پێکدادان لە نێوان کورد و تورک لە ئارادا بوو و ژمارەیەک گوندی کوردنشینی ناوچەکانی سۆما و برادۆستی ورمێ چۆڵ کران.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، لە ژمارەیەک شار و گوندی پارێزگای سنە و شار و گوندە کوردنشینەکانی پارێزگای ورمێ شەڕێکی خوێناوی لە نێوان کورد و حکوومەت و دەسەڵاتدارانی ناوچەکە، کە سەر بە دەوڵەت بوون، سەری هەڵدا، لەوانە شەڕی سنە، نەغەدە، پاوە و هتد. کە بە ناوبژیوانیی کەسایەتیگەلێکی وەکوو ئایەتوڵڵا تاڵەقانی، کەمێک دۆخەکە ئارام بووەوە. دوای ململانێکانی پاوە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ بەرگریکردن لە کۆمەڵە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هاتە ناو ململانێکانەوە و کۆمەڵێکی زۆر کوژران و برینداربوون. تەنیا ڕۆژێک دوای ئەم پەیامە و فەتواکەی خومەینی بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان، کۆمەڵێک پێشمەرگەی حیزب شەوانە چوونە ناو شاری نەغەدە و بنکەی ژاندارمەرییان دایە بەر ئارپیجی و چەکی سووک، کە وا دیارە ئەوسا ڕووداوی لەم شێوە ئاسایی بووە.

دانیشتوانی قارنێ دوای چەندین تێکهەڵچوون و کوژرانی سەرباز لەم میحوەرەدا سەردانی شاریان نەدەکرد، کە نەکا لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێ و حکوومەت تۆڵەی کوژراوەکان لەوان بکاتەوە، بەڵام "عەزیم مەعبوودی" نامەیەکی نارد بەو ناوەڕۆکەی کە کەس کاری

---

١. دوای ڕووداوی قارنێ، بۆچوون و قسە و باسێکی زۆر لەسەر ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە گوندی قارنێ کوژراون، بڵاو کراوەتەوە، هەندێ ژێدەر ناوی ٤٥ کەس، هەندێ سەرچاوە ناوی ٤٨ کەس و هەندێ ژێدەریش باس لە کوژرانی ٦٨ کەس دەکەن. بەپێی لیستی کوژراوەکان کە دەزگای مافی مرۆڤی عەبدولڕەحمان بروومەند بڵاوی کردۆتەوە ناوی ٤٥ کەس هەیە و ٢٣ کەسیش ناویان ئاشکرا نەبووە.

پێیـان نییـە و دەتوانن بۆ دابینکردنی پێداویسـتییەکانیان هاتوچۆی شـار و گوندەکانی دەوروبەر بکـەن. حاجـی عەزیـم مەعبـوودی کەسـێک بـوو کـە هەمیشـە بـە هـاوکاری لەگـەڵ سـاواک تۆمەتبـار دەکـرا، بـەڵام لـەو کاتەدا یەکێک لە سـەرکردە و بەرپرسـانی هێزی پاراسـتنی نەغەدە و بەرپرسـی کۆمیتەی کاتیی شـار بوو. (هێشتا کۆمیتە سـەرەکییەکان پێک نەهێنرابوون و ئەندامە چەکـدارەکان پـۆل پـۆل بـوون[1]) مەعبـوودی کـە لە شـەڕی نەغـەدەدا ڕۆڵێکـی بەرچـاوی هەبوو، لەسـەر کاغـەزی تیجارەتخانەکـەی نامـە یـان بـاشتر بڵێیـن ئەمانەتنامەیەکـی بۆ پیاوماقـووڵان و کوێخـا و مـەلای گونـدی قارنـێ نووسـی و ناوەڕۆکـی نامەکە بەم شـێوەیە:

«بالـوول گوڵسـتان و عەزیز بـازدار و خەلیل خـوسرەوی. دوای سڵاوم، داواکارم ئێوە و براکانـی تـر بـۆ کڕینـی خواردەمەنـی بـۆ خەڵکـی گونـدی قارنـێ و بـۆ خۆشـتان سـەردانی شـار بکـەن. هـەر کەسـێک بچووکتریـن نارەحەتـی بـۆ ئێـوە و برایانـی دیکـەی کـورد دروسـت بـکا، یەکڕاسـت سـەردانی ئینتیزامـات یـان خـۆم بکـەن تـا بـە نـاوی دژەئینقلابـەوە بیگرین و بیدەینە دەسـت بەرپرسـانی دەوڵەتـی. ئیتر هیچ مەترسـن و زویـر مەبـن ئێمـە پێکـەوە براین. لەگـەڵ ڕێـزم حاجی عەزیـم مەبودی - واژۆ: ٥٨/٦/١٠».

ئـەم ئەماننامـە و ئەماننامە هاوشـێوەکانی، گوندنشـینانی دڵنیا دەکردەوە کـە هێرش ناکرێتە سـەریان و بڕیار دەدەن گوندەکە چۆڵ نەکەن، بەڵام دوای چەند ڕۆژ چارەنووسـێکی تاڵ بەسـەر خەڵکـی دێـی قارنـێ و پاشـان گوندەکانی دیکـەی ناوچەکەدا هات.

١٠ی خەرمانانی ١٣٥٨ (یەکی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٩) واتە ڕۆژێک بەر لە کۆمەڵکوژییەکە، سـەرووتر لـە گونـدی قارنـێ لە نزیک بازگەی دوواوان شـەڕێک سـاز بـوو کە چەند گێڕانـەوەی لە بـارەوە هاتـووە. ژاندرمەکانـی سـەربازخانەی جەڵدیـان کـە زۆربەیـان تورکەکانی نەغـەدە بوون و دیـارە ئەندامانـی تازەپەیوەسـت بوون کە پێیـان دەوترا جەوانمەرد، بە مینیپـاس دەچوونە نەغەدە کـە لـەو کاتـەدا پانزە کەسـیان لە بۆسـە و تێکهەڵچوونێکـدا لە لایـەن حیزبی دێموکراتـەوە کوژرا و برینـدار بـوون. یەکێـک لـە سـێ ڕزگاربووەکـە خـۆی گەیانـدە سـەربازگەی جەڵدیـان و ئەوانی دیکـەی ئـاگادار کـردەوە. هەندێـک دەڵێن ئەمـە وا نەبووە و ئـەوەی ڕووی دا هـی نائارامییەکانی ناوچەکـە بـووە. گێڕانـەوەی یەکـەم هەرچەندە نەسـەلمێنراوە، بەڵام زیاتر بـاس کراوە.

وا دیـارە دوای ئـەم ڕووداوە، کەشـەکە وروژاوە و هەندێـک کـەس بڕیاریـان داوە تۆڵـە لە کورد

١ . بـۆ نمونـە تاقمـی موجاهیدانـی تاڵەقانـی و ... کـە دواتـر هاتنـە شـاری نەغـەدە و کوردسـتان و ڕۆڵـی نێوەندگیـر یـان ئاشـتیپارێزیان بینـی. بێگومـان بوونیـان و مەبەسـتیان لـە لایـەن هـەر دوولاوە گومانـی لەسـەر بـوو.

بکەنـەوە. لـە سـەرچاوە و گێڕانەوەی جۆراوجـۆرەوە پێدەچێ کە ئەم ڕووداوی کوشـتنی کۆمەڵێک لە هێزەکانی ژاندرمە و هەروەها ململانێکانی دیکەی ناو شـار و دەوروبەری نەغەدە، کەسـانێکی وەکـوو مەلاحەسـەنی پێشـنوێژی جومعـەی ورمـێ، عەزیـم مەعبـوودی و مـراد قەتـاری دنـە داوە کـە تورکـەکان بوروووژێنـن و گـڕی کۆمەڵکوژکردنـی خەڵکـی گونـدی قارنـێ زیاتـر خـۆش بکەن. تەنانـەت بەشـێک لـە هاوسـنگەران و کەسـوکاری کـوژراوەکان دەیانویسـت تۆڵـە لـە کوردانـی نیشـتەجێی ئـەو شـارە بکەنـەوە، کـە هەڵبەت لەو کاتـەدا زۆربەیـان بەسـاڵاچوو بوون.

ڕۆژی دواتـر کۆمەڵێـک سـەربازی چەکدار ناسراو بە جەوانمەرد، کە فەرماندەکەیان کەسـێک بـە نـاوی سـەیید جەعفـەر تاهیری بـوو، لـە سـەربازخانەی جەڵدیانەوە سـواری چەند ماشـینێک بـوون و بـەرەو نەغـەدە بـەڕێ کەوتن. بە وتە و شـایەتیی دوو کـەس لە پاشماوەکانی ژینۆسـایدی قارنـێ[1]، دوای گەیشـتنیان بـە ناوچـەی شـاخاویی بازگـەی دوواوان، کـە شـەوی پێـشتر شـوێنی گـرژی و نائارامییـەکان بـوو، پلانیـان دانـا کـە بچنـە نـاو گونـدی دوواوان کـە دەکەوێتـە دۆڵێـک لـە خـوار بازگەکـەوە. لەگەڵ گەیشـتنیان، بە هەڵـە لەگـەڵ کۆمەڵەیەکی گەورەی پێشـمەرگەی حیزبـی دێموکـرات پێکدادانیـان دەبـێ و بـە هـۆی بوونی هێـزی حیزبـی دێموکرات لـەو ناوچە، نەیانتوانـی پێشـڕەوی بکـەن. کاتێکیـش توانیـان بچنـە نـاو گوندەکـەوە دەبینـن دانیشـتوانەکە هەڵاتـوون و تەنهـا پێنـج پیرەمێـرد و پیـرەژن کە دوو برا بە ناوەکانی حاجـی مینە خاڵەند و حەوڵا خاڵەنـد ماونەتـەوە. ئـەم چەند کەسـە دەکـوژن و بـەرەو نەغەدە درێـژە بە ڕێگاکەیـان دەدەن.

چەنـد کیلۆمەترێـک بـەر لـە گوندی قارنـێ، بـە بینینی شـوان و جوتیارەکانی نـاو کێڵگەکانی دەوروبـەری گوندەکـە، بـێ بەزەییانـە تەقەیـان لـە خەڵکـی بێدیفـاع کـرد و هەتـا گەیشـتنە نـاو گوندەکـە، چەندیـن جوتیـار و دوو شـوانیان کوشـت و تەنانـەت هەندێـک مـەڕ و سـەگ و کـەری شوانەکانیشـیان لەنـاو بـرد. نـۆ ئەندامـی خێزانێـک کـە سـواری تراکتـۆر ببـوون، دەسـت بـە جـێ تەقەیـان لـێ دەکـەن و دەیانکـوژن. پاشـان تەقەیـان لـە دوو منـداڵ کـرد کە سـەرەڕای بریندار بوونیـان بـە شـێوەیەکی موعجیزەئاسـا رزگاریـان بوو. خەڵکـی گوندی قارنـێ کـە ٥٠ ماڵ بـوون، باوەڕیـان بەو ئەماننامە کرد و بە هێمنایەتییەوە لە سـەر خوانی نیـوەڕۆ بوون، کە ئۆتۆمبێل و چەکـدارەکان گەیشـتنە نـاو گوندەکـە.

مەحمـوود مەسـتوورزادە، مـەلای گوند، ئـەو ئەمانەتنامەی کە باسـی لـە پارێزراوبوونی ژیانی خەڵـک کردبـوو، بـرد و قورئانێکـی بـە دەسـتەوە گـرت، چـووە لای ئۆتۆمبێلـەکان و وتـی: "ئێـوە ئەمانەتنامەیەکتـان پێدایـن کـە کارتـان پێمانـەوە نییـە!" بـەڵام هێـزە چەکـدارەکان مەلایـان کوشـت و بـە گوتـەی شـایەتحاڵەکان سـەریان بـڕی، وەک دەڵێـن هەرگیـز سـەری نەدۆزرایـەوە. پیاوانـی دیـوی باکـووری گوندەکەیـان کۆمەڵکـوژ کـرد و ژنێـک و سـێ منداڵیان کوشـت. ئامین

1.https://www.youtube.com/watch?v=eu1RRi2WUEM

ناوێـک نـاسراو بـە ئامینە شـەل کـە خۆی کربـووە قەڵغانی عـوسمان، کـوڕە چوارده سـاڵانەکەی، دوو لـە هێرشـبەرەکان دەناسـێتەوە. یەکێکیـان نـاوی خـەسرەو پەهلـەوان بـووە و پێش شۆڕشـی گەلانـی ئێـران لـە نەغـەدە چەرچـی بووە و کەسـێکی دیکـەش بە ناوی قـادری. هەر ئەم ناسـینە دەبێتـە هـۆی کوشـتنی خۆی و کوڕەکـەی و دواتریـش حاجی ڕەحمانـی هاوسـەری دەکوژرێت. هێرشـبەرانی قارنـێ هەندێـک لە پیاوانی گوندەکەیان بـۆ دەرەوەی ماڵ بانگهێشـت کرد و پێیان وتـن عەزیـم مەعبـوودی لـە چایخانەیـە و دەیهـەوێ قسـەتان لەگەڵـدا بـکات[1]. هـەر کـە پیاوانی گوندەکـە لـە ماڵەکانیـان دەردەچـن، لەسـەر ڕێـگا یـان پشـت چایخانـە، کۆمەڵکـوژ دەکرێـن. پیاوانـی دیکـەی گوندەکـە کاتێـک گوێیـان لـە دەنگـی تەقـە دەبـێ و ئۆتۆمبێلـەکان دەبینـن، بـەرەو شـاخێکی نزیکـی لادێ ڕا دەکـەن. ئـەو ڕۆژە ٤٨ کـەس[2] لە گوندی قارنـێ کوژران کە سـێ کەسـیان کرێـکاری گوندەکانـی دیکـە بوون.

حـەوت کـەس لـە قوربانیانـی گونـدی قارنـێ کەسـوکاری نزیـکمان بـوون و شـایەتحاڵەکان زۆر بـە باشـی وردەکارییەکانـی ئـەو کۆمەڵکوژییەیـان لـە بیـرە. دوای چەنـد دەیە هێشـتا لەسـەر نـاوی ئـەو کەسـانەی کـە ئەم کارەسـاتەیان خولقاند مشـتومڕ لـە ئارادایە، بـەڵام هەندێکیان لای خەڵکـی دەڤەرەکـە و دانیشـتووانی نەغـەدە نـاسراون و بـە وتـەی هەندێـک کـەس، کەسـێک بە نـاوی مـام عەزیـز قادری لـە ئاغاکانی گونـدی جەڵدیـان، ڕێنوێنی هێرشـبەرەکانی کـردووە، یان کەسـانێکی دیکـە کـە لـە ژیانـدا نەمـاون. لـە کاتـی کۆکردنـەوەی بەڵگەنامەکانـی ئەم بەشـەدا، لەگـەڵ بـرای مـام عەزیـز سـەبارەت بـە قارنـێ قسـەم کـرد، بـەڵام ناوبراو ئەو قسـانەی بـە بوختان زانـی و گوتـی براکـەی لـەو کاتـەدا لـە ورمـێ بـووە و ئـاگاداری ڕووداوەکـە نەبـووە. لـە ئەنجامـی سـکاڵا و بەدواداچوونـی بنەماڵەکان، چەندیـن کۆبوونـەوەی بێئەنجـام لـە دادگاکانـی پارێزگا و تـاران بەڕێـوە چـوو و خەڵـک هـەر لـەو سـەروبەندەدا چوونەتـە لای دەسـتەی نیازپاکـی (لەگەڵ داریـووش فرووهـەر) لـە مەهابـاد و تەنانـەت بەشـێک لـە بنەماڵـەکان چوونەتـە تاران بـۆ بینینی

1.https://www.tribunezamaneh.com/archives/31466

٢ . نـاوی قوربانیانـی ژینۆسـایدەکەی قارنـێ: ١- مـەلا مەحمـوود بێهتـەرزادە ٢- سـەیید ڕەحمان تاهیری، ٣سـەیید محەمەد تاهیـری ٤- سـەیید سماییـل تاهیـری ٥- حاجی سـەیید عەلی تاهیری ٦- سـەیید کەریـم ئەروەندی ٧- ئامینە شـەریفی ئازەر ٨- حاجـی ڕەحمان شـەریفی ئـازەر ٩- عـوسمان شـەریفی ئـازەر ١٠- مسـتەفا عەزیـزی ١١- محەمـەد عەزیـزی ١٢- محێدین ئەبرۆشـان ١٣- حاجی شـەریف ئەبرۆشـان ١٤- ڕەحمان ئابزەن ١٥- ڕەحمان سـولەیمانی ١٦- ڕەحیم سولەیمانی ١٧- کەریم سـولەیمانی ١٨- قادر سـولەیمانی ١٩- عەبدوڵا ئەحمەدپوور ٢٠- عومەر باسـی ٢١- جەعفەر باسـی ٢٢- مسـتەفا باسی ٢٣- محەمـەد شـیرۆ ٢٤- سـلێمان حەمزەپـوور ٢٥- براییـم پوویـا ٢٦- براییـم ڕەسـوولی. ٢٧- عەلی (شـوانی گوند) ٢٨- حەسـەن (گەنجێکـی تەمـەن ١٣ سـاڵ خەڵکـی گونـدی ئاڵیـاوێ) ٢٩ - زێنـەب ڕامیـن ٣٠ - خاتووزیـن ڕامیـن ٣١ - کەریـم ڕامیـن ٣٢ - ئەحمـەد ڕامیـن ٣٣ - ڕەحمان ڕامیـن ٣٤ – خـەسرەو ئەفشـین ٣٥ - ڕەسـووڵ خـوسرەوی ٣٦ - ڕەحمان خـوسرەوی ٣٧ - سـەعید خوسرەوی ٣٨ - عەبدوڵا خوسرەوی ٣٩ - موراد خوسرەوی ٤٠ - مسـتەفا خوسرەوی ٤١- ئەبووبەکر شـیشمان ٤٢- جەعفـەر شـیشمان ٤٣- عەلـی شـیشمان ٤٤- عەزیـز مەرزەنـگ ٤٥- ئەحمـەد سـەعادەتپوور (وەرگیـراو لە ئەرشـیڤی بنیاتی عەبدولـڕەحمان بروومەنـد: https://www.iranrights.org/fa/library/document/3637)

خومەینـی، بـەڵام نـە بکەرانـی ئـەم ڕووداوە ناسـێنران و نـە بکـوژەکان دەسـتگیر کران.

مەهـدی بەهـادوران لـە لایـەن بەڕێـز مۆنتەزرییـەوە - کـە ئەوکات جێگـری ڕێبەر بـوو – بوو بە بەرپرسـی لێکۆڵینـەوە لەسـەر کۆمەڵکوژیـی قارنـێ و ڕاپۆرتەکـەی لـە ٢٥ی ڕەزبـەری ١٣٥٨دا (١٧ی تشرینـی یەکـەم / ئۆکتۆبـەری ١٩٧٩) بـە دواکەوتنێکـی یـەک مانگییـەوە، لـە ڕۆژنامەی ئیتلاعاتـدا بڵاو کـردەوە. ناوبراو دەنووسـێ:

"بـە پێـی لێکۆڵینەوەیەکـی ورد و چڕوپـڕ لەسـەر ڕاپـۆرت و شریتـە بەردەسـتەکان، جەوانمەردانـی دامـەزراوی ژاندارمـەری و بەڕواڵـەت موجاهیدەکانـی نەغـەدە بـە سەرپەرشـتیی مەعبـوودی و نەجەفـی، لـە قارنێـی نەغـەدە لانیکـەم ٤٥ کەسـی بێتاوانیـان لـە شـوێنی نیشـتەجێبوونیان کۆمەڵکوژ کـردووە و دواتـر کوژراوەکانیان بـۆ بیابانـەکان گواسـتووەتەوە بـۆ ئـەوەی وا پیشـان بـدەن کـە لـە شـەڕدا کـوژراون و گوندەکانیـان تـاڵان کـردووە و ئاگریـان تێبـەرداوە و ئوسـتووار بیگلـەری لـە کانـی مامسـەیدە ٥ کەسـی کوشـتووە و هـۆکاری ئەمـە لـە لایـەک دەگەڕێتـەوە بۆ ناشایسـتەیی یـان خیانـەت و پیلانگێڕیـی فەرماندەکانـی ژاندارمـەری و لە لایەکی ترەوە وروژاندنی هەسـتی دژە کورد و هەڵخڕاندنی ڕۆحی تۆڵەسـەندنەوە لە کوردە. بەداخـەوە ئەگەرچـی ئەنجامدەرانـی ئـەم کۆمەڵکوژییـە نـاسراون، بـەڵام بـە هـۆی پشـتیوانیی زەهیرنـەژاد (فەرمانـدەی لەشـکری ٦٤ی ورمـێ) کـە گەندەڵکارێکـی ناوچەکەیـە، دەرفەتـی دەستبەسـەرکردن و سـزادانیان نارەخسـێت."

یەکێـک لـە هۆکارەکانـی شـەڕ و خوێنـڕشتن، نـەک هـەر لـە نەغـەدە و دەوروبەری بەڵکوو لە سەرانسـەری کوردسـتان و ئازەربایجانی ڕۆژاوا، بوونی مەلانوێنە ساواکییە دەمارگـرژە دژە کـوردەکان و فیۆداڵـە چەکدارەکانـن، کـە لـە لایـەن ئەرتـەش و ژاندارمەرییـەوە پڕچـەک کـراوون.

بەڵگـە و زانیارییـەکان بـاس لـەوە دەکـەن کـە لـە هـەر دوو پارێـزگای کوردسـتان و ئازەربایجانـی ڕۆژاوا پیلانێکـی گومانـاوی لـە ئارادایـە، چونکـە ئـەو فیـۆداڵ و خاوەنزەویانـەی کـە لـە ڕژێمـی ڕابـردوودا کارگێـڕی شـا لـە ناوچەکـەدا بـوون، بـە دەسـتی کەسـانێکی وەکـوو چەمـران، زەهیرنـەژاد، فەرمانـدەی لەشـکری ٦٤ی ورمـێ، شـەهبازیان و فەرماندەکانـی دیکـەی ئەرتـەش و ژاندارمـەری بەتـەواوی پڕچـەک کـراوون و لـە بەرامبەریانـدا، خەڵکـی سـتەملێکراو کـە سـاڵانێکی زۆرە بەدەسـت فیۆداڵەکانـەوە چەوسـێنراونەتەوە، گوشـاریان دەخرێتـە سـەر."

پرسـی کۆمەڵکوژیـی قارنـێ ڕەهەندێکـی نەتەوەیـی بـە خـۆوە گرتبـوو و ڕۆژنامەکانـی ئێـران لەسـەری دەیاننووسـی. ڕۆژنامـەی کەیهـان لـە ڕۆژی ١٥ی خەرمانانـی سـاڵی ١٣٥٨ (٦ی ئەیلـوول/ سـێپتامبەری سـاڵی ١٩٧٩) ڕووداوی ئـەم کۆمەڵکوژییـە لە زاری پێشـنوێژی کوردانی نەغـەدە و پارێـزگاری ئازەربایجانـی ڕۆژاواوە وەهـا دەگێڕێتـەوە:

«مـەلا سـاڵە وێـڕای ئامـاژەدان بـە ڕووداوە دڵتەزێنەکـەی گونـدی قارنـێ، کـە تێیدا کۆمەڵێـک چەکـداری نابەرپـرس لـە تۆڵـەی خوێنـی شـەهیدانی دۆڵـی دواوانـدا، بەشـێک لـە دانیشـتوانی ئـەم گوندەیـان کوشـت، گوتـی: "ئـەو خەڵکـە بێتاوانـەی کـە لـە گونـدی قارنـێ شـەهید کـران. هەموویـان باوەڕیـان بـە ئینقلابـی ئیسلامی هەبـوو. بەڕێـز حەقگـوو، پارێـزگاری ئازەربایجانـی ڕۆژاوا، وێـڕای دەربڕینـی خـەم و پـەژارەی بـۆ ئـەم ڕووداوە، گوتـی: ناکـرێ ئـەو جـۆرە شـتانە نـە بخرێنـە ئەسـتۆی حکوومـەت و نـە ئیـسلام، ئەوانـەی ئـەم تاوانەیـان ئەنجـام داوە نـە ئینقلابیـن و نـە شـوێنکەوتووی ڕاسـتەقینەی ئـیمام خومەینـی. بەڵێنتـان پێـدەدەم کە بـە زووترین کات ئەنجامدەرانـی ئـەم ڕووداوە دەخەینـە بـەر لێپرسـینەوە و سـزایان دەدەیـن. تیمسـار سـەرتیپ زەهیرنـەژاد، فەرماندەی لەشـکری ٦٤ی ورمێ کە هـاوکات لەم کۆبوونـەوەدا ئامـادە بـوو، گوتـی: ئێمـە پشـتیوانی لـە بکـوژەکان ناکەیـن، بەڵکـوو پشـتیوانی لـە یاسـا دەکەیـن. بەڵێنـی بـە نوێنەرانـی کـوردی نەغـەدە دا کـە بـە جێگیرکردنـی هێزێکـی تایبـەت لـە نەغـەدە، ئاسایشـی هەمـوو خوشـک و برایانی کـورد لـەم شـارە دەسـتەبەر دەکات.» (کیهـان ١٣٥٨/٠٦/١٥)

لـە لایەکـی دیکەوە، مەلا حەسـەنی پێشـنوێژی جومعەی ورمـێ (نوێنەری ڕەهـای خومەینی لـەو کاتـەدا)، لـە وەڵامـی پەیامنێرێکـدا کـە سـەبارەت بـە ڕۆڵـی لـە ڕووداوی قارنـێ و قەڵاتانـدا پرسـیار دکات، دەڵـێ: «نەخێـر من نەبووم. ئەگـەر من ببوایەم، هیچ ترسـێکم نەدەبوو و دەمگوت کـە مـن بووم. بەڵام کاتێک شـەڕ و گرژییەکە لەوێ دروسـت بوو، من لە بەنـد (گەڕەکێکی ورمێ) کـە هێرشـبەران پەلاماریـان دابـوو، شـەڕم دەکـرد، و ئـەوەی کـە گرووپـەکان تۆمەتبـارم دەکـەن، بوختـان و درۆیـە و بـە تـەواوی ناڕاسـتە. مـن تەنانـەت قارنـێ و قەڵاتـان ناناسـم." لێی دەپرسـن: "ئەوانـەی هێرشـیان کردە سـەر قارنـێ و قەڵاتان تاوانبـارن یان نا؟" لە وەڵامدا دەڵێت: "کێشـەی قارنـێ ئەوەیـە کـە ١٨ موجاهیـد لـەوێ شـەهید و هەندێکیشـیان برینـدار بـوون. بنەماڵـەی شـەهیدەکان چوونـە شـوێنی ڕووداوەکـە و لـە شـەڕێکدا حـەوت کـەس لـە بکوژانـی موجاهیـد و پاسـدارەکان کـوژران. دواتـر گروپـە چەکدارەکان بـۆ تۆمەتبارکردنـی کۆماری ئیسلامـی، خۆیان خەڵـک دەکـوژن. سـەبارەت بە دۆسـیەی قەڵاتـان، لەبەر ئـەوەی لـەم دواییانـەدا ڕووی داوە، من

هەتا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکم لەبارەی نەکردووە..."

خاڵێکی گرنگی ئەم ڕووداوە کە هەتا ئێستا پشتگوێ خراوە، دەتوانین لە چاوپێکەوتنی تیمسار زەهیرنەژاد، فەرماندەی گشتیی وڵات، لەگەڵ ڕۆژنامەی ئیتلاعاتدا ببینین، کە تێیدا بەبێ ئەوەی باس لە کوشتنی پێنج کەس لە دوواوان بکا، دان بەوەدا دەنێ کە ئەوانەی چوونەتە گوندی قارنێ و چلوپێنج کەس خەڵکی گوندەکەیان کوشتووە، ئەندامی هێزەکانی ژاندارمەری و خەڵکی نەغەدە بوون.[1] ئەم کۆمەڵکوژییە کاریگەری زۆر خراپی هەبوو و باری دەروونیی خەڵکی تێک دا. بەتایبەت ئەو بەشەی ڕووداوەکە کە مەلای گوندەکە بە قورئانەوە چووە لای هێزە چەکدارەکان و کوژرا، بۆ هەمووان بەتایبەت ئەو کەسانەی هۆگریی ئایینییان هەبوو، زۆر ناخەژێن بوو و بەردەوام باسییان دەکرد.

● وێنەی ٦٦. ڕەنگدانەوەی ژینۆسایدی قارنێ لە ڕۆژنامە نیشتمانییەکاندا

بەشێک لە بانگەشەکارانی ئایینی و مەلاکانی ناوچەکە ئەم ڕووداوەیان بە شەڕی کافرەکان لە سەرەتای ئیسلامدا دەشوبهاند و بەردەوام لە کۆبوونەوە سیاسییەکاندا باسی لێ دەکرا. ئەوەی کە سەری مەلای قارنێیان بڕی و قورئانەکەی فڕێ درا و لە کوشتارێکی بێبەزەییانەدا کەسانی بێتاوان و بێچەک و بەتایبەت ژن و منداڵ کرانە ئامانج، یەکێک بوو لەو ڕووداوە تاڵانەیە کە هەرگیزاوهەرگیز لە مێشکی خەڵکدا ناسڕدرێتەوە. بەشێکی جێی تێڕامانی ڕووداوی قارنێ ئەوەیە کە لە ساڵانی سەرەتای دامەزراندنی حکوومەتێک کە پێکهاتەکەی لەسەر بنەمای کۆماریيەت و ئیسلامییەتە و حکوومەتێکی ئایینییە، کارەساتێکی وا و ژینۆسایدێکی لەو جۆرە کە لە گوندی قارنێ ڕووی دا و کاتێکیش مەلای قارنێ بە قورئانەوە هات بۆ ئەوەی ڕێگری لەم کوشتارە درندانە بکا

● وێنەی ٦٧. بەخاک سپاردنی کوژراوان لە گۆڕستانی قارنێ، ١٢ ی خەرمانانی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩)

١ . بنکەی هاواڵدەریی شیکاریی هابیلیان، ڕووداوەکانی مانگی نەورۆز ١٣٥٩ هەتاوی (ئازاری ١٩٨٠)، تێکهەڵچوونی چەکدارانەی ئەرتەش دژ بە ئەندامانی حیزبی دیموکرات لە نەغەدە: https://www.habilian.ir/fa

کوشـتیان. پێکـەوە دانانـی ئەم شـتانە لە لایـەک و لە لایەکی تریشـەوە ئەوەی کـە ڕژێم تەنانەت لێکۆڵینەوەیەکـی هەمەلایەنـەی لـە وردەکارییەکانـی ئـەم ڕووداوە ئەنجـام نـەداوە، هەمـوو ئـەو گریمانە بەهێز دەکەن کە بەرپرسانی حکوومی دەستیان لەو ڕووداوەدا هەبووە.

هەڵبـەت ڕێژیـم هەوڵی دا بە ڕواڵەت کێشـەکە بە شـێوازێکی دیکە چارەسـەر بـکا و چەندین جـار گوشـاری خسـتۆتە سـەر خەڵکـی گوندەکە کـە بڵێـن بنەماڵەکانیان بـە دەسـتی هێزەکانی دژەئینـقلاب کـوژراون. بـۆ ئـەوەی ئـەم کارە بکـەن تەنانـەت پێشـنیاری پێدانـی خوێنبایـی و تۆمارکردنـی ناویـان وەک ئەندامـی بنیاتـی شـەهید (وەزارەتی شـەهیدان) خسـتۆتە بەردەسـت خەڵکەکـە تاکـوو بیانخەنـە تەماحـەوە. لـە ئەنجامـی خۆڕاگریـی خەڵک ئەم دۆسـیە بـە کراوەیی ماوەتـەوە و حکوومـەت خۆشـی زۆر ئـاوڕی لـەم گوندانـە نەداوەتـەوە.

نەبوونـی ئیمکانـات و نەبوونـی گازی بـۆری لـەم گونـدە یـان گوندەکانـی تری وەک سـۆفیان و سـەروکانی، دەرەنجامـی ئەوەیـە کـە خەڵکـی ئـەم گوندانـە داواکارییەکانـی دامـەزراوە سـەربازییەکانیان قبـووڵ نەکـرد. ملکەچی بـۆ داواکاریی دامەزراوە سـەربازییەکان بەمەبەسـتی تۆمارکردنـی نـاوی بنەماڵـە لێقەوماوەکانـی کارەسـاتی قارنـێ لـە ژێـر نـاوی بنەماڵـەی شـەهید، بـە واتـای چوونـە ژێـر بـاری پێکهاتـە ئایدیۆلۆژییەکانـی دەسـەڵاتە، کـە ئـەم ملکەچبوونـە ڕژێـم و حکوومـەت لـە هـەر چەشـنە تۆمـەت و بەشـداریکردنێک لـەم کارەسـاتە بێبـەری دەکات و تێوەگلانـی هێـزە ئینقلابییـەکان لـەم کۆمەڵکوژییـە وەدرۆ دەخاتـەوە. خەڵک کۆڵ نـادەن تاکوو ئـەم شـەرعییەتە نەبەخشـنە حکوومەت و تۆڵەی خوێنـی ئازیزانیان بە بۆریـی گاز و ئیمکاناتی تر نەگۆڕنـەوە!

هێزەکانـی سـەر بـە تاڵەقانی دوای شـەڕی نەغـەدە و لەسـەر داواکاریی سـەرکردەکانی کورد ڕەوانەی نەغەدە کران بۆ ئەوەی پێش بە زیادەڕەویی پیاوانی حکوومەت و چەکدارە خۆجێییەکان بگـرن. حەمیـدڕەزا جەلالیپـوور کـە ئـەوکات تەمەنـی ٢١ سـاڵ بـوو، وەک قائیممەقامـی شـاری نەغـەدە و دواتـر قائیممەقامـی مەهاباد دەوری بینـی. لە سـەردەمی قائیممەقامێتییەکەی ئەودا لـە شـاری مەهابـاد ٥٩ لاو و تـازەلاوی ئـەو شـارە لـە زیندانـی تەورێـز لـە سـێدارە دران. ئەمـڕۆ جەلالیپـوور لە بـەرەی ڕیفۆرمخوازانە و هەندێک جار دژایەتیی سیاسـەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەکات.

کۆمەڵکوژیی گوندەکانی قەڵاتان، سۆفیان و سەروکانی

تەنیـا چەنـد مانگێـک دوای کۆمەڵکوژیـی قارنـێ ئـەم جارەیـان لە گونـدی قەڵاتانی سـەر بە شـاری نەغەدە کۆمەڵکوژییەکی هاوشـێوە ڕووی دا. لە ڕۆژی ٧ی مانگی نەورۆزی سـاڵی ١٣٥٩ (٦ی نیسـان/ئاپریلی ١٩٨٠)، لـە هێرشـی هێـزە چەکدارەکان بۆ سـەر ئەم گونـدە، شـانزە کەس

گیانیـان لەدەسـت دا کە دوو کەسـیان منـداڵ بوون.[١] پاش کۆمەڵکوژیـی قەڵاتان جارێکی دیکە شـەپۆلی تـرس و تۆقانـدن ناوچەکـەی گرتـەوە. خاڵێکـی سـەرنجڕاکێش ئەوەیـە کـە هەواڵنێـری ڕۆژنامـەی ئیتلاعـات بـۆ پیرانشـار بـە نارِوونـی و نادیاری نووسـی کـە دوای دەرچوونـی هێزەکانی ژاندارمـەری و میلیشـیاکان شـانزە کـەس کـوژران و سـەبارەت بـەوەی کـە ئـەم کەسـە بێتاوانانـە چۆن کوژران، هیچ ڕوونکردنەوەیەکی نەدا.

● وێنەی ٦٨. پرسە و شینگێڕی لە سەر تەرمی کوژراوانی قەڵاتان، ١٣٥٩/٠١/٠٨ (١٩٨٠)

٢٧ی خەزەڵـوەری ١٣٥٩ (١٨ی تشرینـی دووەم/ نۆڤەمبـەری سـاڵی ١٩٨٠) کۆمەڵێـک چەکـداری سـپای پاسداران و بەسـیج کە زۆربەیان تورکانـی دانیشـتووی پارێـزگا بـوون، پەلامـاری گونـدی سـۆفیانیان[٢] دا. لـەم هێرشـەدا دوانـزە گوندنشـین کـوژران کـە یەکێکیـان ژن بـوو.[٣] بـە گوێـرەی گێڕانـەوەی زۆرێک لـە شـایەتحاڵان[٤] هێرشـبەرەکان کۆمەڵێک کەسـیان گرت، بەڵام بە فیشـەک نەیانکوشتن و زۆریان ئەشـکەنجە دان، بە دار و ئاسـن قاچیان شـکاندن و خەڵتانـی خوێنیان کردن[٥]. هاوشـێوەی کۆمەڵکوژیی قارِنـێ، ڕۆژنامەکان ڕاپۆرتێکیان لەسـەر ئـەم ڕووداوە ئامـادە کـرد و نـاوی کـوژراو و بریندارەکانیـان تۆمـار کـرد. ئـەوەی زیاتـر لـە هەمـووان دڵتەزێنـە ئەوەیـە کـە زۆربـەی کـوژراوەکان تەمەنیـان لـە سـەرووی ٥٠ سـاڵەوە بـوو و نەیانتوانـی خۆیـان دەربـاز بکـەن. هەروەهـا وردەکارییەکانی ئـەم ڕووداوە لەلایـەن ڕزگاربووانەوە

١ . نـاوی قوربانیانـی قەڵاتـان: ١- ڕەمـەزان پەنهـار تەمـەن ١١ سـاڵ، ٢- حاجـی سـەیید حەسـەن کادامی تەمەن ٧٠ سـاڵ، ٣- حاجـی محەمـەد بایەزیـدی تەمـەن ٧٥ سـاڵ، ٤- حاجـی ڕەسـووڵ عەبدوڵا تەمـەن ٦٠ سـاڵ، ٥- عەبدوڵا قوربـان تەمەن ٥٠ سـاڵ، ٦- عوسمان دەروێش سـەلیم تەمەن ٦٠ سـاڵ، ٧- محەمەد کوردی تەمەن ٥٠ سـاڵ، ٨ - عوسمان ئەمانی تەمەن ٣٠ سـاڵ، ٩- محەمەدئەمین عەباسـی تەمەن ٣٠ سـاڵ ١٠- حەسـەن حەمزە تەمەن ٢٢ سـاڵ ١١ - ئەحمەد گوڵابی تەمەن ٢١ سـاڵ، ١٢- جەلال بیدوخ تەمەن ١٨ سـاڵ، ١٣- عەبدوڵا ئاهـ لیانی تەمەن ١٩ سـاڵ، ١٤- ئیسماعیل حەمیدی تەمەن ١٥ سـاڵ، ١٥- قادر کۆڕۆسـتەمی تەمەن ٣٥ سـاڵ، ١١٦٥- ڕەحمان مینە مۆرەک تەمەن ٣٥ سـاڵە

٢ . لە ٢٥ کیلۆمەترییە سەروکانییە کە دەڕوانێتە شاری شنۆ.

٣. شـێخ محەمەد پوورخزر، زڵێخا تەوحیدی، سـەیید تەها تەوحیدی، حاجی حسـێن حسـێن‌پوور، عەبدولڕەحمان خۆشـڕوو، حەسـەن شەمسـی، ڕەحیم شـوان، محەممد ئەمین شـوان، سەیید حەسـەن شـێخ محەمەدئەمین، ئەبووبەکر غازیزادە، تاهور قەیتەران، مەلا سـەیید حەسـەن هاشمی.

4.https://www.youtube.com/watch?v=LXEz8qatrR

5.https://www.youtube.com/watch?v=h-wGC9Npnzo

بڵاو کراوەتـەوە.

کەمێـک لەولاتـر پیاوەکانی گوندی سـەروکانی لە دۆخێکی سـەختدا بوون. کاتێک شـەڕ لە نێـوان پاسـدارەکان و پێشـمەرگەدا هەڵگیرسـا، سـەربازخانەی جەڵدیـان و پەسـوێش تێوەگلاون و دۆخـی گوندەکـەش لـە مەیدانی شـەڕ کـەمتر نەبـوو. کاتێک گرژییـەکان کەم بـووەوە، پیاوانی گونـد کەوتنـە بـەر هێـرش و تۆڵەسـەندنەوە و تەقەی وێڵی شـەڕ و ململانێکان. هەر بۆیـە زۆربەی کاتـەکان لـە شـاخ و دۆڵەکان دەمانەوە و شـەو دەگەڕانـەوە ماڵەوە. سـەروکانی گوندێکی دڵڕفێنە و کانیـاوە بەجـۆش و خرۆشـەکەی بـە سـەر جادەکـەدا دەڕوا کـە دەکەوێتـە نێـوان هـەر دوو سـەربازخانەی گـەورە و بەناوبانگـی پەسـوێ و جەڵدیـان و بـە ناوەڕاسـتی شـارەکانی نەغـەدە و پیرانشـاردا تێدەپەڕێـت. هەندێک لـە خزمەکانمان (یـەکاوەکان) دوای کۆچکردنی کوێخاخەلیل لـە ناوچـەی لاجانـەوە بـەرەو نەغـەدە لـەم گونـدەدا گیرسـانەوە. بـۆ پرسـە و زەماوەنـد و جەژنـە ئایینییـەکان لەگـەڵ باوکـم و خزمەکانـی تـر دەچوومـە ئـەو گونـدە و ئـەم گونده باش دەناسـم.

ئەگـەر لـە سـەربازخانەی پەسـوێ بـەرەو جـادەی جەڵدیـان بڕۆیـن، سـەربازخانەی گـەورە و ستراتیژیـی جەڵدیـان لـە سـەر ڕێگایـە. گـردی بەناوبانگـی چلبزنـە لەوێیـە و گوندێـک بـە نـاوی قوبـە لـە نزیکیـی هەڵکەوتووە. لە سـەرەتای سـاڵی ١٩٧٩دا سـپا و بەسـیجییە خۆجێیـەکان کە زۆربەیـان خەڵکـی نەغـەدە و میانـدواو و ورمێ بوون، لەسـەر لوتکـەی ئەم گـردە بنکەیەکیان دانا و خاڵـی پشـکنینیان لەسـەر جادەکە جێگیر کرد بۆ ئـەوەی هاتوچۆی ڕێگای سـەرەکی کۆنترۆڵ بکـەن. چەندیـن جار قەناس بەدەسـتەکانیان لە لووتکـەی گردەکەوە تەقەیان لەو گوندنشـینانە دەکـرد کـە لـە کێڵگەکانـی دەوروبـەردا کشـتوکاڵیان دەکـرد یـان بـۆ کێڵاندنـی زەوییەکانیان لە بنکەکـە نزیـک دەبوونـەوە، لـەم جـۆرە ڕووداوانە و لە کاتی گەشـتکردن لـە ناوچەکـەدا ژمارەیەک کەسـی سـڤیلیان کوشت.

لە سـاڵانی یەکەمی ئینقلابدا، پێشـمەرگە زۆربەی گوندەکانی دیوی پیرانشـاری بە دەستەوە بـوو و شـەوانە بـۆ دابینکردنـی خـواردن و بازاڕکـردن و سـەردانی بنەماڵەکانیـان دەهاتنـەوە نـاو گونـدەکان. هێزەکانـی بنکـەی گـردی چـل بزنە، پاییـزی سـاڵی ١٩٧٩، پیاوێکیان بە نـاوی مام مەنسـوور فەتحوڵڵاهـی خەڵکـی گونـدی کولیـچ و پێنـج کەسـی دیکەیـان گوللەبـاران کـرد، کە دوو کەسـیان منـداڵ بـوون. خەڵـک و بنەماڵـەی مـام مەنسـوور سـکاڵایان لـە بنکەکـە و پاشـان لـە سـەربازگەی جەڵدیـان و پەسـوێ کـرد و سـەبارەت بـە کوشـتنی بەردەوامـی خەڵکـی سـڤیل لەلایـەن فەرمانپێدراوانـی ئەم بنکەوە داوای ڕوونکردنەوەیان کرد، بەڵام هیچ وەڵامێکیان دەسـت نەکەوت. ماوەیەک دواتر کۆمەڵێک پێشـمەرگەی لەشـکری قەندیل، شـەوانە هەڵیانکوتایە سـەر بنکـەی چلبزنـە و هەمـوو سـەربازەکانیان کوشـت و تەنیـا کەسـێکی لـێ دەرچـوو و ئاگریـان لـە بنکەکـە بەردا. سـپای ناوچە دیسـان ئـەم بنکەیەی پڕچەک کـردەوە و پێشـمەرگە دوو جاری دی هێرشـی کـردەوە سـەری. هەمـوو جـارێ سـپا پڕچـەکتری دەکـرد بـۆ ئـەوەی ئـەم گـردە گرنـگ و

ستراتیژییە بپارێزێت.

ڕێک دوای مانگێک، سپای پاسداران هێرشی کردە سەر گوندی سەروکانی، ئەویش بە چەک و چۆڵی باشتر لە هێرشی سۆفیان؛ هێزی سەربازیی زیاتر و پشتیوانی و تۆپی ١٠٦ و ... . دانیشتووانەکەی دەڵێن یەکێک لە دراوسێ تورکەکانیان بە ناوی ئەسکەندەر هۆشداری داوە و پێی وتبوون هێزەکانی سپا و بەسیج خۆیان بۆ هێرشکردنە سەر سەروکانی ئامادە دەکەن و باشتر وایە پیاوەکان گوند بەجێ بهێڵن.

١٦ نفر در نزدیکی اشنویه کشته شدند

شهر نیز به عنوان اعتراض به این حادثه یکارچه تعطیل گردید.

جنازه کشتشدگان در گورستان اشنویه به خاک سپرده شدند

محمد تقی فردی ملکی

علی محمودزاده

عبدالله احمدپور

ناصر امیرزاده (سرباز وظیفه)

عبادالله ورمزیاد

سلطانعلی کریمی

بابای آغاخانی

خبرنگار اعزامی اطلاعات از پیرانشهر به اشنویه گزارش داد که طی یک حمله روستای فلاکاتزه اشنویه بیش از ١٦ نفر از روستائیان کشته شدند. این گزارش حاکی است که در روز ٦ فروردین یکگروه از افراد ژاندارمری و افراد غیر نظامی مسلح وارد روستای فلاکاتزه در ١٠ کیلومتری اشنویه شدند.

ساکنان روستا نیز حتی که سرگرم کار روزانه بودند به طرف کوه ها و اطراف روستا فرار کردند و ٢٦ نفر نیز در خانه های خود و طویله ها و انبار مخفی شدند.

پس از خارج شدن افراد نظامی از روستا، اعلام شد که تاکنون جنازه ١٦ نفر از روستائیان درمقابل خانه هایشان بدست آمده و ١٠ نفر نیز که بضرب گلوله مجروح شده بودند توسط مردم اشنویه به بیمارستان این شهر انتقال یافتند.

٤ نفر از مجروحان که حالشان بشدت وخیم بود به مهاباد انتقال یافتند.

● وێنەی ٦٩. ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکان سەبارەت بە کوژراوان و نائارامییەکانی ناوچەکە، ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩)

دوای ڕووداوەکانی ناوچەکە، ئەسکەندەر لەگەڵ بنەماڵەکەی ڕوویان لە نەغەدە کرد، بەڵام هەموو ڕۆژێک سەردانی زەوییەکەی لە سەروکانی دەکرد، بابەتەکەی بۆ دەرکەوتبوو و دانیشتووانی ئاگادار دەکردەوە. هێرش کە دەستی پێکرد، چەکدارەکان لە ڕێگادا هەرچی جووتیاریان بینی؛ دایانە بەر دەستدرێژی گوللە. کاتێک هەواڵەکە گەیشتە ناو دێ، سێ پیاوی گوندەکە بۆ بەرگریکردن لە ژیانی خۆیان چەکیان هەڵگرت کە دەستبەجێ کوژران. وەکوو هەمیشە پیاوە لاوەکان و زۆربەی دانیشتوانی گوندەکە بەرەو شاخ ڕایان کرد و بەشێک لە بەساڵاچووەکان کە نەیانتوانی خۆیان دەرباز بکەن، مانەوە. هێزە چەکدارەکان لەو ڕۆژەدا بیست و دوو کەسیان کوشت کە سێ کەسیان ژنی بەساڵاچوو و پیر بوون بە ناوەکانی عایشێ شێخ (ڕەشی) و پوورە ڕوقەیە و کولسوومی مام سماییل،[1] هەروەها نۆزدە پیاوی بەساڵاچوو و نەخۆش کوژران، ئەحمەد کاومەر و دەرویش (پێنج براڵە) لە ناو پێخەفەکەیاندا گوللەباران کران.

لەم هێرشەدا منداڵێکی ساوا کە دایکی ناوی خاترە بوو، کوژرا. پاشان هێزە چەکدارەکان ئاگریان لە ماڵ و کادێن و گەورێ ئاژەڵان بەر دا و جگە لە یەک خانوو نەبێ کە کەمێک لە

١. عەبدوڵا ئەحمەدنەژاد، دەرویش باڵندە، مەحموود باڵندە، قادر پێچپێچ، خاتوون تاڵانی، ئەحمەد چەروەندە، مریەم حەسەنپوور، براییم سووری، حاجی مستەفا شاوەلە، عایشێ شێخی، مەعرووف عەلیپوور، حاجی براییم کەڵباش، دەرویش حسێن مستەفا ئازموودە، منداڵێکی ساوای تەمەن یەک ساڵان (کچی خاترە)، ڕەسووڵ ...

گونـد دوور بـوو، هەموو گوندیان سـووتاند. خەڵک بە ڕاکهڕاکـە هەواڵی کۆمەڵکوژییەیان گەیانده ئەفسـەرانی سـەربازخانەی پەسـوێ کە ئەوسـا بە دەستی ئەرتەشـەوە بوو. ئەوکات ئەرتەش زۆر بە شـەڕەکەوە تێوەنەگەلابوو و هێشـتا تا ڕادەیەک لای خەڵک خۆشەویسـت بوو. دوای چەند ڕۆژێک خەڵکـی گوندەکـە بۆ کۆکردنـەوەی تەرمەکانیان ئەرتـەش دەکەنە نێوەندگیری خۆیان. بەشـێک لـە ئەفسـەرەکان لەگـەڵ دانیشـتووانی گوندەکـە چوونە نـاو دێ و بـە بینینی تەرمـی خوێناوی و ئاوسـاوی خەڵکـی سـڤیل خەمبار بـوون. هەندێکیـان بـە تووڕەییەوە پلـەی سـەربازییەکانیان لە سـەر شـانیان کـردەوە و فڕێیـان دایە نـاو کانیی بەناوبانگی لادێکەوە. لە ڕاسـتیدا ئەم هەڵوێسـتە خاکەڕایـی و بەرپرسـیارانە لەلایەن ئەرتەشـەوە، ئـەوە دەردەخا کە لەو کاتەوە ئاراسـتەی ئەرتەش لەگـەڵ هێـزە سـەربازییەکانی دیکـەی وەکوو سـپای پاسـداران و بەسـیج جیـاواز بـووە و بە هۆی ئـەم هاوخەمییـەوە توانیویەتـی جێـی خـۆی لـە نـاو دڵـی جەمـاوەردا بکاتـەوە و متمانـەی زیاتـر لـە نـاو خەڵکـدا بەدەسـت بهێنێـت. خەڵـک کـە مۆڵەتێکیان لـە ئەرتـەش وەرگرتبوو، پـاشماوەی ئـاژەڵ و کەلوپەلـی مـاڵ و تەرمـی ئازیزانیـان کـۆ کـردەوە و گوندەکەیان بەجێ هێشـت. زۆربەی ئـەو کەسـانەی لـەم گونـدەدا کـوژران لـە شـوێنێک بـە نـاوی دایـە شـێخی، لـە نزیـک گـۆڕی ئیمامزادەیـەک لـە گوندی شـێڵمجاڕان بە خاک سـپێردران.

گوندی سـەروکانی جارێکی دیکە کەوتەوە بەر شـاڵاوی هێرشـی سـپای پاسـداران و بەسیج. لـەو هێرشـەدا ژمارەیەک گوندنشـینی دیکە، لە ناویانـدا یەکێک لە خزمەکانمان بـە ناوی عەزیز، کـە سـەر بـە بنەماڵـەی یـەکاوەکان بـوو (ئامۆزایەکـی باوکـم و سـەر بە لقـی ڕەسـووئاڵی)، گیانی لەدەسـت دا. کاک عەزیز دوای بریندار بوون و گواسـتنەوەی بۆ سـەربازخانەی جەڵدییان گیانی لەدەسـت دا. خانەوادەکـەی پێیـان وایـە برینەکانـی لـە سـەربازخانەدا چارەسـەر نەکـران، بـۆ ئـەوەی بمرێـت. دوای ئەم هێرشـە، هەموو ئەو کەسـانەی کە لـە گوندەکەدا بـوون، کە پیاوی پیر و ژن و منـداڵ بـوون، لەگـەڵ دایـک و هاوسـەر و دوو منداڵەکەی عەزیز، سـواری بارهەڵگرەکانی ئەرتـەش بـوون، مـاوەی ڕۆژێـک لـە سـەربازگەی جەڵدیان ڕاگیـران، دوایـی لە ڕێگـەی نەغەدەوە ڕەوانـەی بـارەگای گشـتیی سـپا کران و پاشـان برانە زیندانـی ورمێ.

نزیکـەی ١٥ ڕۆژ دواتـر دانیشـتوانەکە لـە گروپـی بیسـت _ سـی کەسـیدا ئـازاد کـران. لـەو ڕۆژانـەدا ئێمـە لـە گرداشـەوان بووین و ئـاوارە، بـەڵام هەرچـی لـە توانامانـدا بـوو بـۆ یارمەتیدانی بنەماڵـەی یـەکاوەکان کـە پەنایـان بـۆ گوندەکانـی دراوسـێ بردبوو، کردمـان. هەمـوو پیاوەکانی خـزم و کـەس بـۆ پرسـەی کاک عەزیـز چوونـە مزگەوتی ئـەو گوندەی کە ئـەو کاتە تێیـدا دەژیان، بـەڵام بـە هـۆی نائارامبوونی ناوچەکەوە، بۆ ئێـوارەی هەمان ڕۆژ گەڕانەوە بۆ گرداشـەوان. خەڵکی ئـەو گوندانـەش وەکـوو خەڵکـی قارنێ کۆڵیـان نەدا و ئامـادە نەبوون بڵێن هەموو شـتێک خەتای دژەئینقلابە و بەم شـێوە بەرپرسـیارێتیی ئەو تاوانانە لە سـەر شانی حکوومەت هەڵبگرن. خەڵکی ئـەم گونـدە بـە بەڵێنەکانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی دەمیان شـیرین نەبوو و هەتا ئێسـتاش

بەشێکی زۆریان چاوەڕێی ئەو ڕۆژەن کە لێکۆڵینەوە لەسەر هۆکاری کوژرانی ئازیزانیان بکرێ و ڕاستییەکان بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بێت.

چرکەساتە کوشندەکانی شەری جەڕان (چیانە)

٢٥ی بەفرانباری ١٣٥٩ (١٥ کانوونی دووەم/ژانڤییەی ١٩٨٠) یادەوەرییەکی ناخۆش وەبیر من دێنێتەوە. جەنگی جەڕان[1] تاڵترین ڕووداوێ کە لە گرداشەوان ئەزموونم کرد لەو ڕۆژەدا قەوما. حکوومەتی ناوەندی وردەوردە پیرانشاری لە دەستی حیزبی دێموکرات دەرهێنا و پیرانشار بە پێی ئەدەبیاتی حکوومەت ئازاد و پاکتاو کراوە. سپای پاسداران و ئەرتەش لە سەر هێڵی سنووریی حاجی عۆمەران لەگەڵ هێزە عێراقییەکان تێک هەڵچوون. ڕێگای سەرەکی نەغەدە بۆ پیرانشار و پیرانشار بۆ سەردەشت (هەڵبەت بەشێکی کەمی و ئەویش لە ڕۆژدا) و باکووری پیرانشار بەرەو سنوور لە بن دەستی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیدا بوو. دیکەی ناوچە و گوندەکان لە ژێر ڕکێفی حیزبی دێموکراتدا بوون و کەم تا کورتێک هەندێ ناوچەش لە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی کۆمەڵەدا بوون.

نزیکەی پێنج کیلۆمەتر پاش پیرانشار، کە دەگەیشتیە کارگەی شەکر و ڕێگای دربکە بە دەست پێشمەرگەی چەکدارەوە بوو. لە بەری پیرانشارەوە، چوار ڕێگای سەرەکی هەیە کە یەکیان نەغەدە بۆ پیرانشارە، یەکیان مەهاباد بۆ پیرانشارە، کە پێی دەڵێن جادەی سەری مەیدان و بە هۆی سروشتی شاخاوییەوە کەمتر هاتوچۆی پێدا دەکرێ، یەکیان ڕێگای پیرانشار بۆ شنۆیە و ئەوی تریش پیرانشار بۆ سەردەشتە. لەو سەردەمەدا حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕۆژانە ئەو ڕێگایانەی بە دەستەوە بوو، بەڵام بەشێکی زۆری ڕێگای شاخاوی و سنووریی پیرانشار بۆ سەردەشت هێشتا لە دەستی پێشمەرگەدا بوو.

لە ڕێگای پیرانشار بۆ سەردەشت، گوندێک هەیە بە ناوی جەڕان، کە کەمێک لە شارەوە دوورە. لەو کاتەدا سپا بە هاوکاری و ڕێنمایی هێزەکانی سەرکردایەتیی کاتی (بارزانی) لە پیرانشارەوە بەرەو سەردەشت دەستی بە پاکتاوکردن و پێشڕەوی کرد. حیزبی دێموکرات هێزی چەکداری کەمی هەبوو و دەیزانی کە خۆڕاگری پێ ناکرێ، بۆیە ڕاگەیاندنێکی سەرتاسەری بڵاو کردەوە و هەموو پیاوانی ئەندامی هێزی بەرگریی بانگهێشت کرد. هێزی بەرگری یەدەگی جڤاکیی حیزبی دێموکرات بوون، کە لە کاتی پێویست و زۆر جار بە چەکی شەخسییەوە دەچوونە بەرەکانی شەڕ. باوکم، مامم و زۆربەی پیاوانی خزم ئەندامی ئەو هێزە بوون.

---

١. جەڕان لە ڕابردوو و لە چلەکانی هەتاویدا بە هۆی ڕاپەڕینی کەسێکی وەکوو مراد شیرێژ کە لایەنگری حیزبی دێموکرات بوو و لە ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی تیرۆر کرا؛ هەمیشە لە سەر زمان بوو. هەر لەم شەڕی پاکتاوکردنی جادەی پیرانشار – سەردەشتەدا، برای مراد واتە محەمەد شیرێژ کوژرا. (کەریم حسامی، کاروانێک لە شەهیدەکانی کوردستانی ئێران. بەغدا: ٧١١٩).

لـەو قۆناغـەدا یارمەتیدانـی بزووتنـەوە و خەبات باوەڕێکی گشـتی بوو. بەو هۆیەشـەوە زۆرێک لـە گەنجـان خۆبەخشـانە پەیوەسـتی ڕیزەکانی پێشـمەرگە بـوون یان لـە کـەرت و بوارەکانی تردا یارمەتییان دەدا. ڕەنگیشـە هیچ دەرەتانێکی دیکەیان نەبووبێ، چون گوشـارە کۆمەڵایەتییەکان زۆر کاریگـەر بـوون و ئەگـەر پیاوێـک بـە دەمانچە نەچووبایەتە شـەڕ، بـە ناپیاو و خوێـڕی تۆمەتبار دەکـرا، تـا ئـەو ڕادەی کـە دەیانگـوت کـورد نییـە. ئـەو کەشـە شۆڕشـگێڕی و ناسیۆنالیسـتییەی کـە باڵـی بـە سـەر ناوچەکـەدا کێشـابوو، هێنـدە قـورس بـوو کـە پیاوانـی گونـدی گرداشـەوان، هەندێکیـان بـە ئـارەزووی خۆیـان و هەندێکیشـیان بـە ناچـاری چوون بۆ شـەڕ.

دەگوتـرێ زۆرینـەی گەلـی کـورد بـە شـێوەی سروشـتی نەتەوەپـەرستن، چـون زۆر چەوسـێنراونەتەوە و لـە سـەر ڕێبـازی خۆیان سـوورن، وەک ئـەوەی ئەم خسـڵەتە تێکەڵی خوێنی کـورد بووبێـت. زۆر کـەس پێیـان وایـە تەنانـەت کوردێکـی کۆمۆنیسـتیش کـە جیهانوەتەنـە (ئینتەرناسیۆنالیسـت)، یان موسـڵمانێکی ڕژدی کورد کە موسـڵمانان بە یەکسـان و برا دەبینێ، لـە ڕاسـتیدا کوردێکی ناسیۆنالیسـتە. ئەمـەش ئەوە دەردەخـا کە کورد گەلێکن کە جیـا لە بیروڕا جیاوازەکانیـان، ناسیۆنالیسـتبوونیان خاڵـی هاوبەشـیانە. بەڵام ئـەم تایبەتمەندییـە هەندێ جار لایەنـی پەڕگیرانـەی بـە خـۆوە گرتـووە! [1]

جـەڕان دەکەوێتـە ئەودیـوی ڕووباری لاوێن و لەگەڵ گرداشـەوان مەودایەکـی زۆری نییە. ئەو ڕۆژانـە کەشـێکی تـاڵ و قـورس باڵـی بـە سـەر گوندەکەدا کێشـابوو. هەموو شـتێک بە هێواشـی تێپـەڕ دەبـوو، وەک ئـەوەی ژیـان وەسـتابێت. دووکەڵـی ئێگـزۆزی تانکـەکان هێواشـهێواش لـە دوورەوە بـەرز دەبـووەوە و دەنگـی گرمهگـرم و تەقەی تۆپـەکان هەتا گرداشـەوان دەهات. لەگەڵ هـەر تەقەیـەک ئێمـە زەنـدەقمان دەچـوو. سـپا لـە ڕووی سـەربازییەوە باڵادەسـت بـوو، بـەڵام لە بەرامبـەر خۆڕاگریـی پێشـمەرگە خۆی پێ نەدەگیرا و نەیتوانی پێشـڕەوی بکات. ئامبوڵانسـەکان بە ئاژیرلێدانەوە تەرمی سـەربازەکانیان بۆ پیرانشـار و سـەربازگەکان دەگواسـتەوە و ژنانیش سـەر و ڕوومەتـی خۆیـان دەڕنـی و نزایـان دەکرد کە هەر چی زووتر شـەڕ کۆتایی پێ بـێ و پیاوەکانیان

---

١ . بەشـێک لـە کـوردان پێیـان وایـە کـە ناسـیۆنالیزم دەرەنجامـی داگیرکارییەکـە کـە کـورد وێـرای ئـەوەی کۆمۆنیسـت، ئایینپـەروەر یـان ئازادئەندێـش بێـت، بـە یـەک ڕادە هۆگرایەتـی بـۆ هەیـە. کەچـی زۆرێـک لـە کـوردان ناتوانـن بـە دروسـتی ناسـیۆنالیزم پێناسـە بکـەن. بە وتـەی هاوڕێیەک، لـە ڕوانگەی زۆرێک لـە کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان، کۆمـاری ئیسلامی دوژمنـی سـەرەکییە. بـە هـۆی ئـەو دوژمنایەتییـەی کە سـەدام لەگەڵ کۆمـاری ئیسلامیی ئێـران هەیبوو، لە چـاوی زۆرێک لە کـوردان سـەدام قارەمـان بـوو و یارمەتیـی حیزبـە کوردییەکانـی ڕۆژهەڵاتـی دەدا، بەڵام ئەوە هێزی ئاسمانیی سـەدام حسـێن بـوو کـە هەمـوو ڕۆژێ خەڵکـی کـوردی بۆردومان دەکرد یان بە هێرشـی کیمیایی خەڵکی سەردەشـت و هەڵەبجـەی ژەهراوی کـرد. هەمـوو ئەمانە دژوازییەکی سـەیر دەردەخـەن، چون لە لایەک سـەدام لای کوردانی ڕۆژهەڵات قارەمانـە و بۆ کوردەکانی باشـوور تاوانبـارە. لـە ڕاسـتیدا ئـەم تێڕوانینـە جیـاوازەی کە سـەبارەت بە سـەدام هەیە و بـە جۆرێـک پێگـە و بەرژەوەندیی دوو گرووپـی کـورد پیشـان دەدا و ئـەوان وەک یـەک نەتـەوە و ئێتنیکێکـی سـەربەخۆیی‌خواز کـە هەمیشـە ئامانـج و بەرژەوەندیی هاوبەشـیان هەبـووە، دەخاتـە ژێـر پرسـیارەوە و یەکگرتوویـی و یەکپارچەیـی نەتەوەیـی و ئێتنیکـی و هەروەهـا کەڵکەڵەیان بۆ ئامانجـی گەورەتر تووشـی شـک و گومـان دەکات.

ڕزگاریـان ببێـت. پیرەپیـاوەکان نوێژیـان دەکـرد و هەمـووان دەیانزانـی کـە ڕەنگـە بـاوک و بـرا و مێـرد و کوڕەکانیـان هەرگیـز نەگەڕێنـەوە بـۆ ماڵ. سـات بە سـاتمان بـە دڵەڕاوکـێ و چاوەڕوانیی هەواڵی ناخۆشـی کوژرانی کەسـێکی ئازیز بەسـەر دەبرد، وەک ئەوەی زیندووەکانی گرداشـەوان بـەردەوام دەمـردن و زینـدوو دەبوونەوە.

ژنـان سەرلێشـێواو و پەرێشـان وەکـوو مریشـکی سـەربڕدراو شـاڵاوی ئـەم سـەربان و ئـەو سـەربانیان دەدا بـۆ ئـەوەی بـاشتر دیمەنی شـەڕەکە ببینیـن و بزانن لە بەرەکانی شـەڕدا چی ڕوو دەدات. ئـەوان بـەو دووربینە سـەربازییانەی کە وەک غەنیمەت وەدەسـتیان هێنابوو، لە لوتکەی گـردی مێژوویـی گونـدەوە سـەیری ڕووداوەکانی جەڕانیـان دەکـرد. هەمـووان دووربینەکانیان لە دەسـتی یـەکتر دەڕفانـد و جگە لە دڵەڕاوکێ و پـەژارە هیچی تریان دەسـت نەدەکەوت. تەنانەت نەیاندەتوانـی چاویـان لە سـەر دووربین چڕ بکەنەوە، ڕەنگە نەشـیانزانیبێت. لەگـەڵ دەنگی هەر تەقەیـەک هـاوار و نرکەیـەک لە دڵی دایکێـک، ژنێک یان دەزگیرانێک هەڵدەسـتا. جەماعەتەکە جگـە لـە هـاوار و قیـژە و گریان هیچ ڕێگەیەکی تریان بۆ هاوسـۆزی لەگەڵ یەکتر شـک نەدەبرد. ئایـا هیـچ کارێکی دیکەیـان لە دەسـت دەهات؟

هەندێک لە پیرەژنەکان وەکوو ئامینی داپیرم، ئایەتولکورسییان دەخوێندەوە، بەساڵاچووەکان پەنایان بۆ خودا دەبرد، ئێمە منداڵانیش دەترساین. ژیان زیاتر لە جاران ڕووخساری ناشیرینی خۆی پێ نیشان دەداین. دوای پاکتاوکردنەوەی پیرانشار، گەڕاینەوە بۆ گوندی باپیرمان و لە ماڵی خزمێک ژیاین کە ماڵەکەیان نزیک ماڵی کاک محەمەدی مام ڕەسووڵ بوو. حەمەی مام ڕەسووڵ خێزانێکی گەورەی هەبوو و کوڕەکانی لە بەرەکانی شەڕ بوون. فەقێ حەسەن کە بەو دواییە لە تۆپبارانی پیرانشاردا کوژرابوو، کوڕی محەمەدی مام ڕەسووڵ بوو. ئێستا سێ کوڕەکەی تری بە ناوەکانی کاک حامید و کاک یێسب و کوڕە گەورەکەی کاک حسێن چووبوون بۆ جەنگی جەڕان. یێسب براچکۆلە و ئەندامی فەرمی و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بوو؛ چەند ڕۆژێک پێشتر ڕەوانەی ناوچەکە کرابوو و ئەوانی دیکەش بە هەمان شێوە ڕۆشتبوون. باوکم و مامە ئەحمەد و کاک حامید و کاک حسێن لە دوو سەنگەری نزیک لە یەکتردا بوون و لە گوندی جەڕان دوور نەبوون. ئەوان مەشقێکی سەربازیی ئەوتۆیان نەبینیبوو بەڵام دوای شەڕی نەغەدە فێری بەکارهێنانی چەک ببوون. ئەو ڕۆژە چەندین کاتژمێر شەڕیان کرد و چەندین جار پاشەکشەیان کرد و چەند جارێکیش پێشڕەوییان کرد، بەڵام بە مژدەوە نەگەڕانەوە. باوکم دەیگوت: "مەرگی کوڕەکانی مام ڕەسوو دڵتەزێن بوو، باوەڕمان نەدەکرد و هەموو شتێ لە چەند دەقەدا ڕووی دا" بەسەرهاتەکە ئەوە بوو کە کاک یێسب لە یەکێک لە ماڵەکانی گوندەکەدا گەمارۆ درابوو؛ کاک حسێنی برای کە هەواڵەکە دەبیسێت، بڕنەوە سەرتیپەکەی هەڵدەگرێ و بە سینگەخشکێ لە سەنگەر دەڕواتە دەرەوە و بێ ئەوەی گرنگی بە ئاگادارکردنەوە و قسەی هەڤاڵانی بدا چووە بە هاواری کاک یێسبی برایەوە.

لە نزیک گوندەکە یەکێک لە قەناس بەدەستەکان بە دوو فیشەک دەیپێکێت. لەو ڕۆژانەدا دەیانگوت هێزەکانی بارزانی لە هێڵی پێشەوە یارمەتی و هاوکاریی هێزەکانی حکوومەتی ئێرانیان دەدا و یەکێک لە تاکتیکەکانیشیان ئەوە بوو کە خۆیان وەک هێزی خودی نیشان دەدا و بە نیشانەی هاوکاری مێزەرەکانیان ڕادەشەکاند، سەرنجی لایەنی بەرامبەریان بەرەو لای خۆیان ڕادەکێشا و دواتر گوللەیان پێوە دەنا. بوونی ئەوان لەم شەڕەدا بەڵگەی لەسەر نییە و زیاتر قسە و قسەڵۆکە، بەڵام سەلمێنراوە کە سەرکردایەتیی کاتی لە زۆرێک لە گرژییەکانی دیکەی ناوچەکەدا ئامادەییەکی بەهێزی هەبووە. کاتێک هەواڵی بریندار بوون و ئەگەری کوژرانی حسێن دەگات، کاک حامید برا بچووکتری دەیەوێت فریای براکەی بکەوێت. باوکم و ئەوانی تر ڕێگری لێ دەکەن بەڵام بێسوود دەبێ. حامید بەرەو لای براکەی ڕا دەکات و تەنانەت چەکەکەیشی لەگەڵ خۆی نابات و لە سووچێکدا فڕێی دەدا. ئەویش لە دووریی چەند مەتر لە کاک حسێن دەکوژرێت. کاک یێسب کە بەم هاتن و کوشتنانە نازانێ لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی دیکە گەمارۆکە دەشکێنێ و لە گوندەکە دەرباز دەبێ، بەڵام تووشی تەرمی بێگیانی هەر دوو براکەی دەبێ و شێتانە لە خۆی دەدا.

وردەوردە شەو داهات و دەنگی تۆپ و تانک و دواتر تفەنگەکان تا دەهات کەمتر دەبووەوە و دواجار هیچ دەنگێکمان نەبیست. ئێوارەی ئەو ڕۆژە زستانییە ڕۆژی حەشرمان بە چاوی خۆمان بینی، ئەوانەی لە گوندەکەدا مابوونەوە و هێز و پێزیان تێدا بوو، بە تراکتۆر ڕۆشتن بریندار و تەرمی کوژراوەکانیان هێنایەوە. تراکتۆرەکان بۆ ئەوەی بگەنە گوندەکە دەبا لە ڕووباری لاوێن بپەڕیبایەنەوە. کاتێک لە ئاوەکە پەڕینەوە، هەواڵ هات کە گرداشەوانیش کوشتەی داوە، بەڵام هێشتا ڕوون نەبووەتەوە کە کێیە یان کێن. تەنیا گوێمان لێ بوو کە دەیانوت یەکێک لە کوژراوەکان ناوی ئەحمەدە. دنیا بەسەرمدا ڕووخا، یانی مامم کوژراوە؟ وەکوو ئەو حاجییەی دراوسێمان کە لە نەغەدە تەقەی لێکرا و چەند شەو بە مۆتەکەی ئەو لە خەو ڕادەچڵەکام. تۆ بڵێی مامە ئەحمەدم کە جێگای باوکمی بۆ من گرتبووەوە و منیش بۆی ببووم بە کوڕ، کوژرابێت؟ باوەڕم نەدەکرد کە ئەو نەماوە، بروسکێک بە دڵمدا دەهات و بەرگەی ئەم داخە گرانەم نەدەگرت و بە خۆمم دەگوت خوا نەکا ئەو ئەحمەدە کوژراوە مامە ئەحمەدی من بێ ...

تراکتۆرە ڕۆمانییەکەی ماڵی باپیرم بەرەو سەرەوەی ڕووباری گوندەکە وەکوو گورگێکی بریندار دەیلووراند و چەقەدووکەڵێکی ڕەشی لێ دەردەچوو. هەمووان دەمانزانی کە کوژراوەکانی شەڕی جەڕانی هەڵگرتووە. نینۆکم دەجاوی و چاوەکانم زەق لە ڕێگاکەی دەڕوانی. تۆ بڵێی کام لەو تەرمانەی ناو تراکتۆرەکە هی ئێمە بێ، خاڵۆکانمن؟ باوکمە یان مامەمە؟ ئامۆزاکانی باوکمن؟ یان کوڕانی کچە مامەکانی باوکمن و ...؟ هەموومان لە یەک خوێن بووین، لە یەک جەستە و خزم و خوێش بووین. نازانم چەندی خایاند هەتا تراکتۆرەکە

گەیشتە ناو گوند. ڕەنگە چەند خولەکێک، بەڵام نا، بارتەقای تەمەنێک بوو. کاتێک تراکتۆرەکە گەیشت، خەڵکەکە بە قیژە و هاوارەوە پێشوازییان لێکرد. سێ کەس لە خەڵکی گرداشەوان کوژران. دوو کەسیان بە ناوەکانی کاک حامید و کاک حسێن کوڕی کاک محەمەدی مام ڕەسووڵ بوون و ئەوی دیکەشیان گەنجێک بوو بە ناوی سەیید ئەحمەد کە بەم دواییانە لە ڕیزەکانی حیزبی کۆمەڵە هاتبووە دەرەوە و ببوە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات. دەیانگوت ژمارەی کوردە کوژراوەکان لە چاو کوژراوەکانی لایەنی بەرامبەر کە بە کۆمەڵ دەکوژران یان بە وتنێکی باشتر لە لایەن فەرماندەکانیانەوە بە کوشت دەدران، زۆر کەم بوون بەڵام بۆ گوندێکی بچووکی وەکوو گرداشەوان، سێ کەس کوژراو، ئەویش دوو کوڕی یەک خێزان! ئێشێکی کەم نەبوو.

لە لێژاییەکەدا باوکم و پاشان مامم بینی کە چەکەکانیان لەسەر شانە شەکەتەکانیان بەردابۆوە، سەیری باوکمم کرد، جلەکانی خوێناوی بوون و ڕووخساری خەمناک. ئەو مێزەرەی کە لەو کاتەدا هەمیشە لە سەری دەکرد، بە سەریدا شۆڕ ببۆوە. باوکم زۆر کاک حامید و کاک حسێنی خۆش دەویست، کوڕی کچە مامەکەی و هاوڕێی بوون. مزگەوت لەگەڵ ماڵی باپیرم دیوار بە دیوار بوو، تەرمەکانیان لە ناو تراکتۆرەکە داگرت. هاوار و ناڵەی دایکانی ڕۆڵەکوژراو قەت نەدەبڕاوە. گرداشەوان داخدار بوو و منیش منداڵێک بووم کە هەستم بە سەرسامی و سەرسوڕمان دەکرد، هەڵبەت کەیفخۆش بووم کە باوکم بە زیندوویی گەڕاوەتەوە و ئەو هەواڵەشی کە مامم کوژراوە ڕاست نییە و ئەحمەدێکی دیکە کوژراوە !

ئەو ڕۆژە بۆ یەکەمجار گریانی باوکم و مامم بینی. هێشتا داخی کوژرانی فەقێ حەسەن لە سەر دڵی بوو کە کوژرانی دوو کوڕی دیکەی کاک محەمەدی مام ڕەسووڵ هاتە سەری. باوکم تەواو تێک چوبوو و ڕەنگە بە جۆرێک شەرمەزار و سەرخوار بوو کە بۆچی ئەو نەکوژراوە. دواتر بیستم ئەو و ئەو پیاوانەی بە زیندوویی گەڕاونەتەوە، گاڵتەیان پێکراوە و پێیان وتبوون ئێوە ترسنۆکن دەنا وەکوو ئەوانی دیکە دەکوژران. من ئەمە قبوڵ ناکەم. ئایا هەموو ئەو پیاوانەی لە هەموو سەدەکاندا جەنگاون و بە زیندوویی گەڕاونەتەوە، ترسنۆک بوون؟ ئایا دەکرێ ئەو پیاوانەی چوونەتە بەرەکانی شەڕ و زیندوو ماونەتەوە دەبێ سەرزەنشت و سووکایەتییان پێ بکرێت؟ ئایا بەهۆی زیندوو مانەوەیانەوە دەکرێ بوێری و ئازایەتییان بە ترسنۆکی و خوێڕیەتی لێک بدرێتەوە و لەبری ئەوەی ئەمەگناسیان بین، شەرمەزاریان بکەین کە بۆچی نەکوژراون؟ ئەمانە تەنها کاتێک دەڕەخسێت کە تێگەیشتنی ڕووکەشانە هەلی کارلێکی لۆژیکانەی لە مرۆڤەکان سەندبێتەوە و تەنها لە ژێر کاریگەریی هەست و ورووژاندا قسە بکەن و تێگەیشتنێکی پێچەوانەیان بۆ ڕووداوەکان هەبێت.

گوتبووم کاکە محەمەد لە سەردەمی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا یەکێک لە پێشمەرگەکان و ئەندامانی سوێندخواردووی حکوومەتی کوردستان و کەسێکی سەیر و سەمەر

و دەسـەڵاتدار بوو. هەمووان سـەریان لەو سـورِ مابوو کە باشـە ئەم کابرا چۆن ئەو هەمووە سـەبر و هێزەی لە خۆدا هەڵگرتووە. چەند مانگێک لەمەوبەر لە شـەڕدا یەکێک لە کوڕەکانی لەدەسـت دا و ئێسـتاش تەرمـی دوو کوڕەکـەی تـری لەبەردەمیـدا دانرابـوون ... کاکـە محەمەد بـە جۆرێک گـەورەی گوندەکـە بـوو، لە سـەر تەرمی کوڕە لاوەکانـی چۆکی دادا و ناوچاوانی مـاچ کـردن. نەیهێشـت کـەس تەرمەکەیـان بشـوا و هەرچەنـد لێـی پاڕانـەوە، گوتـی: " دەبـێ خـۆم منداڵەکانـم بشـۆم". ئێسـتاش ئـەم کارەی کاک محەمـەدی مـام ڕەسـووڵ وەک نیشـانەی پیاوەتـی و ئازایەتـی بـاس دەکـەن. بەڕاسـتی کارەکـەی کاکـە محەمـەد لـە توانـای مرۆڤێکـی ئاسایی بەدەرە.

● وێنەی ٧٠. وێنەی کاک محەمەد و هەر سێ کوڕەکەی، کاک حەسەن، حامید و حسێن

مـن و منداڵەکانـی تـر لـە نێـوان لاقـی ئـەو کەسـانەوە کـە لـە ڕیـزی یەکەمدا وەسـتابوون، سـەیری شـۆردن و کفنپۆشـکردنی تەرمی کوژراوەکانمان دەکرد. لەوپەڕی تافـی منداڵیـدا بـەم شـێوە ڕووبـەڕووی دیـاردەی مـردن بووینـەوە، مەرگێک کـە دابڕان لـە ژیان، بـەڵام شـەرەفمەندانە بوو. دوای شـەڕی نەغەدە ئەمە دووەم جار بوو کـە تەرمم بینـی. ئەمجارەیان جیـاواز بـوو، چونکـە هـەم ژمـارەی تەرمـەکان زۆرتـر بـوون و هەمیش جەسـتەیان بە هـۆی برینی فیشـەکەوە شـەڵاڵی خوێـن بـوو. بـە کۆتـاڵ یـان دەڵـق (عەلاگـە) دەیانویسـت خوێنبەربوونەکـە بوەسـتێنن، بـەڵام هیـچ سـوودێکی نەبـوو.

وەک مقەبـا وشـک ببـووم و زەقـزەق سـەیرم دەکـرد. ئـەم کوژراوانە ئاشـنا و خزمی مـن بوون، چەندیـن جـار دەموچاویـان مـاچ کردبـووم و قسـەی خـۆشمان پێکـەوە کردبـوو. هەمـوو ڕۆژێـک دەیانمبینـی، تەنانـەت هـەر بەیانیـی ئـەو ڕۆژە کاک حسـێن کـە سـەر تـا پـا نوقمی فیشـەک بوو هـات بـە دوای باوکمـدا. گۆنـای گرتـم و ماچـی کـردم. هێشـتا بۆنـی جگەرەکـەی لـە لووتمـدا مابـوو و زبریـی ڕیـش و سـمێڵەکەی کـە لـە کاتـی ماچکردنمـدا گۆنامـی خوراند، بەڵام ئێسـتا لە بەردەممـدا تەرمەکەیـان دەشـۆرد. لـە تاریکیـی شـەودا تەرمەکانیـان بەخـاک سـپارد کـە نەکا لە پادگانـی پیرانشـارەوە ئـەو قەرەباڵغییـە ببـینرێ و تۆپبارانمان بکـەن. تەنانەت دەرفەتـی ئەوەمان نەبـوو کـە لـە هێمنایەتیدا پرسـەیەک بگرین، ئێـش و دەرد لـە ناخماندا پەنگی خواردبـووە و ئیتر لەوسـاوە دڵـی خەڵکـی گرداشـەوان وەهـا ئێشـاوە کـە بە هیـچ هەتوانێک سـاڕێژ نابێتـەوە. دوای

ڕووداوە خوێناوییەکەی جەڕان، ئیتر خۆشی و شایی ڕووی لە گرداشەوان نەکردەوە.

محەمەدی مام ڕەسوڵ یەکێک لەو بێژمار باوکانەیە کە لەم وڵاتە بەش مەینەتەدا ئەفسانە و ڕەمزی خۆڕاگرین و یەک، دوو یان چەند ڕۆڵەی نازداریان بۆ پاراستنی خاک و وڵات و بیر و باوەڕ پێشکەش کردووە و هەتا دواساتی تەمەن بە خەم و پەژارەی ئەو ڕۆڵە ئازانەوە سەر دەنێنەوە. دواتر بەشێک لە یادەوەرییەکانی کە محەمەدم تۆمار کرد. پیاوێک کە نە لە قسەکانیدا و نە لە ڕووخساریدا هیچ پەشیمانییەکم لە گیانبەختکردنی ڕۆڵەکانی لە ڕێگای کوردستاندا نەبینی.

ماوەیەک دواتر چەند فەرماندەی ناوچەیی حیزبی دێموکرات هاتنە لای بۆ ئەوەی سەرەخۆشی لێ بکەن و دڵنەوایی بدەنەوە، بەڵام بەو کارەیان قەڵس بوو و هاواری کرد: " نابێ سەرەخۆشێم لێ بکەن! من هەر سێ کوڕەکەمم لە ڕێگای کوردستاندا کردە قوربانی و ئەوە بۆ من ئیفتیخارێکی گەورەیە کە شەهید بوونە" دواتر، جارێکیان کە ئێمە مێرمنداڵ بووین پێی وتین: "دەزانی چ، ئەگەر شوجاعەتی من و باوکانی وەکی من نەبا، کەس شاهیدی خەباتی میللەتی کورد نەدەبوو. ئەوان بۆ سەرکوتی ئەمەی کورد لە تانک و تۆپەوە بگرە هەتا مۆدێرنترین هەواپەیماکان[1] دێننە مەیدان، بەڵان چاک بزانن ئەوان لە شوجاعەتی ئەمە دەترسن." دەیوت ئەو شەوەی تەرمی حسێنم دەشۆرد، کفنپۆشم کرد و چوومە لای حامید. کاتێک دەمشۆرد، هەر زەردەخەنەی بۆ دەکردم و دڵخۆش بوو.

کاکە محەمەد و کەسانی هاوشێوەی ئەو، نموونەیەکی ڕوون و ڕاستەقینەی هەستی نەتەوەیی کورد بە مانا تەواوەکەین. ئەوانەی کە بۆ ئایدیاڵە پیرۆزەکەیان، واتە سەربەخۆیی کورد، تەنانەت سەرەڕای مردنی ڕۆڵە نازدارەکانیان و کەسانی ئازیزیان هەستیان بە پەشیمانی نەکرد و خۆیان لۆمە نەکرد. هەتا ئەو ڕۆژە سەری ناوە گلەیی لە هێزەکانی سەرکردایەتیی کاتی و بارزانی دەکرد کە لەو کاتەدا شانبەشانی پاسدارانی ڕژێم دژی حیزبە کوردستانییەکان شەڕیان دەکرد و دەیگوت هەتا ئێستاش باوەڕ ناکەم کە چۆن مەلا مستەفا بارزانی بە هانای حکوومەتی کوردستان و قازی محەممەدەوە هاتبێ، بەڵام کوڕەکانی واتە ئیدریس و مەسعوود هاوقۆڵی دوژمن، پاشماوە و نەوە گەنجەکانی هەمان حکوومەت دەکوژن.

ئاسەواری خوێنی ئاغاکان لە سەر دەستی بارزانییەکان

بارزانییەکان ساڵانێکی زۆر لەمەوبەر کۆمەڵکوژییەکی سەیریان کردبوو، بۆیە چاک وایە پێداچوونەوەیەکی بەسەردا بکەم و پاشان بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی منداڵیم و باسی ڕۆڵی بارزانییەکان لەو کارەساتانە بکەم کە لە ساڵانی یەکەمی دامەزراندنی کۆماری

---

١. فڕۆکە

ئیسلامیـدا ڕوویان داوە. مەلامسـتەفا بارزانی[1] پاییزی سـاڵی ١٣٢٤ی هەتـاوی (١٩٤٦ز) دوای شکسـتخواردن لـە ئەرتەشـی عێـراق، لـە دەڤـەری بـارزان و ناوچەی زێبـار، پەنای بـۆ ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان هێنـا. هـۆکاری سـەرەکیی هاتنـی بـۆ ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـە سـەرەتادا لەبـەر پەنابـەری بـوو، بـەڵام لەگـەڵ دامەزراندنـی کۆمـاری کوردسـتان، وەک یەکێک لـە ژەنەراڵەکانی ئەرتەشـی کوردسـتان دەستنیشـان کرا. کاتێک حکوومەتی کوردسـتان بە لەسـێدارەدانی قازی محەمـەد و هاوکارەکانـی ڕووخـا، مـەلا مەسـتەفا بارزانـی و پێشـمەرگەکانی کـە زۆربەیـان لـە خێڵەکانـی بـارزان بـوون، وردەوردە ئێرانیان بەجێهێشـت و بە پەڕینەوە لە ڕووبـاری ئاراس ڕوویان کـردە وڵاتـی سـۆڤییەت.

هەڤـدە کـەس لـە تفەنگچییەکانـی بارزانـی بـەر لە بەجێهشـتنی ئێـران لە سـێی ڕێبەندانی سـاڵی ١٣٢٥ (٢٣ی کانوونـی دووەم/ژانڤییـەی سـاڵی ١٩٤٧) دەچنە گوندی سـێڵۆێ[2]و دەبنە میوانـی ئاغاکـەی، کـە نـاوی ماموسـێن[3] بـوو و بـرای قەرەنیئاغـای پەسـوێ و سـەرۆکی خێڵـی مامـەش بـوو. لـە نهۆمـی سـەرەوەی ماڵـی ئاغـا، چـوار بـرا لـە کوڕانـی کاک ڕەحمان دێگورجـێ و هەروەهـا کـوڕی قەرەنـی ئاغـا، براییـم ئاغـا و ژمارەیەکـی دیکـە کـە هەموویـان چەکـدار بـوون، ئامـادە دەبـن. بـە پێـی گێڕانەوەیـەک، یەکێـک لـە خزمەتـکارەکان یـان نۆکەرەکانی مام وسـێن دەڕواتـە ژووری میوانـان و بـە گوێـی ئاغادا دەچرپێنێ: "ئەو سـەروپێیەی کە لێیاننـاوە بەش ناکا، چ بکەیـن؟" و ئەویـش بـە سرتـە دەڵـێ: "دەپاڵ چێشـتەکەی کەمێکیـش خورمای سـوور کەنەوە و حەڵـواش چـا کـەن". تفەنگچییەکانـی بارزانـی ئـەم سرت و خورتـە بـە پیلانێـک بۆ کوشـتنیان لێـک دەدەنـەوە و یەکسـەر ماڵـی خانەخوێکەیـان ئاگـر تێبـەردەدەن. بـەڵام گێڕانەوەیەکـی تـر هەیـە کـە بـەم شـێوەیە؛ چەنـد سـاڵێک لەمەوبەر ماموسـێن بەشـداری شـەڕی نێـوان هێزەکانی حکوومەتـی شـا و بارزانـی کـردووە کە تێیـدا باوکی یەکێک لـە بارزانییەکان[4] کـوژراوە. زۆر کەس ئـەو ڕووداوەیـان بـە تۆڵەسـەندنەوەی خوێنی خەلیل کوڕی پیـاوە کوژراوەکە دەزانـی و دەیانگوت هـۆکاری کوشـتارەکە ئەوەیە.

---

١. مـەلا مسـتەفا بارزانـی لـە سـاڵی ١٩٠٣ لەدایـک بـووە و یەکێـک لـە سـەرکردەکانی بزووتنـەوەی ناسیۆنالیسـتی کـورد و یەکەمیـن سـەرکردەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی عێـراق بـووە کـە سـاڵی ١٩٧٩ لـە ئەمریـکا کۆچـی دوایـی کـردووە. تەرمەکـەی ماوەیـەک لـە شـنۆ بـە خـاک سـپێردرا تـا ئـەوەی کە گـەڕێنراوە بـۆ زێدی خـۆی لە بـارزان کـە دەکەوێتـە هەرێمی کوردسـتان (باشـووری کوردسـتان).

٢. سـێڵۆێ گوندێکـی سـنووری سـەر بـە میرەدێـی لاجـان و لـە حەڤـدە کیلۆمەتـری شـاری پیرانشـار لـە پارێـزگای ورمێیـە (ئازەربایجانـی ڕۆژاوا). بەنـداوی سـێڵۆێ، بەنداوێکـی خاکییـە لەسـەر ڕووبـاری لاوێـن، لـە نزیـک گونـدی سـێڵوێی پیرانشـار دروسـت کـراوە.

٣. مام وسێن بەربنەیی

٤. ولوو بەگ.

لـە گێڕانەوەیەکـی دیکـەدا، بـە گوێـرەی بیرەوەرییەکانی مەسـعوود بارزانی[١]، بڕیـار وا بووە کە هەنـدێ لـە ئاغاکانـی ناوچەکـە، لەوانـەش ئـەم چەنـد کەسـە، بـە هـۆی پەیمانشـکێنی لەگـەڵ مەلامسـتەفا دەسـتگیر[٢] بکرێـن و بگوازرێنەوە بۆ شـنۆ، بـەڵام هەموویان دەکـوژن و تەنها عەباس کـوڕە بچووکەکـەی کاک ڕەحمان ڕزگاری دەبێـت. یەکێـک لـە تفەنگچیەکانـی مـام وسـێنیش یەکێـک لـە بارزانییـەکان دەکوژێ و خەڵکەکـەی ئەوێ لە پێشـدا بارزانییـە کوژراوەکـە و دواتـر دوانـزە[٣] کەسـی دیکە هـەر لـەوێ کفنپـۆش دەکـەن و دەیاننێـژن. بارزانییـەکان دوای تاڵانکردنـی بڕێکـی زۆر خـواردن و زێنـی ئەسـپ، عەبـاس دەگـرن و دەیانـەوێ لەگـەڵ خۆیـان ببیـەن، کـە عەبـاس بـە شـێوەیەکی موعجیزەئاسـا لـە نێـو ڕێـگادا و بە بیانووی نوێژکردن، خۆی ڕزگار دەکات.



وێنەی ٧١. کتێبی شەش بەرگی لە نووسینی مەسعوود بارزانی

دوای ئاشـبەتاڵی شۆڕشـی ئەیلـوول[٤] لـە سـاڵی ١٣٥٣ی هەتـاوی (١٩٧٥ ز) کـە بارزانییـەکان پەنایـان بـۆ شـای ئێـران هێنـا و هاتنـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و لە دەوروبـەری شـاری نەغـەدە گیرسـانەوە، کـوڕە گەورەکـەی مـەلا مسـتەفا واتـە ئیدریـس بارزانـی و کۆمەڵێـک ئاغای دیـاری ناوچەکـە بە یاوەریـی قولیخانی

١ . مەسـعوود بارزانـی دەنووسـێ: "مـەلا مسـتەفا گەشـتێکی بـۆ دەڤـەری هۆزەکانـی مامـەش و پیـران و مەنگـوڕ کـرد و بارودۆخەکـەی بـۆ سـەرۆک عەشـیرەتەکان ڕوون کـردەوە کـە بارزانییـەکان بـە تەمـان هەتـا بەهـار لـە ئێرانـدا بمێننـەوە و داوای لێکـردن لـە سـەرکوتکردنیاندا هـاوکاری ئەرتەشـی ئێـران نەکـەن و کاتێـک پاشەکشـە دەکـەن ڕێگایـان لـێ نەگـرن." ئاغـاکان هەموویـان بەڵێنـی باشـیان بە بارزانـی دا، بەڵام بەڵێنەکانیـان جێبەجێ نەکـرد (جگە لە ژمارەیەکـی کەمیان نەبێ) و دوای ئـەم ڕێکەوتنـە چەکیـان لـە حکوومەت وەرگرت و وەک بەکرێگیراوان لەشکرکێشـییان کرد و بوونە سـەربازی ئەرتەشـی ئێـران. پاشـان دەنووسـێ: "لـە ڕێکەوتـی ١٣٢٥/٣/١١ی هەتـاوی (٢٣ی ژانڤییە/کانوونـی دووی سـاڵی ١٩٤٧) هێزێکـی بارزانییـەکان لـە شـنۆوە چوونـە گونـدی سـێڵوێ، چونکـە سـەرۆکەکانی مامەش لـە خێڵـی قەرەنی ئاغـا لـەوێ کۆبوونەوەیان هەبـوو". ئـەم هێزانـە تەنهـا فەرمانیـان پێ کرابوو کە بیانگرن و بیانبەنە شـنۆ. تەقە لە هەموو لایەکەوە دەسـتی پێکـرد و دوانزە ئاغـا کـوژران و لـە نـاو بارزانییەکاندا محەمەدمیرزا کەکشـار و باقی کانیبۆتـی کوژران و حالی باپیر کەلۆکـی و دەرویـش خانۆ بێـدودی برینـدار بـوون. ئـەو ئاغایانـەی کـە نەکوژران دەسـتگیر کـران و چەند کەسـێکی دیکەش لـە گوندەکانی "شـاوەلە"، "نەڵـۆس" و "پەسـوێ" دەسـتگیر کـران و هێنرانـە شـنۆ. کاریگەریـی ئەم کارە بـەربڵاو بوو و هەمـوو ئاغاکانی دیکەی ترسـاند. (مسعود البـارزاني، البـارزاني والحركـة التحرريـة الكرديـة ، و١١٦، بەرگـی ٢).

٢. هێزەکانـی بارزانـی مـام قـادری شـاوەلە و عەلـی ئاغای پەسـوێ و حاجـی عەزیز بوداغییان دەسـتگیر کرد و بە مەبەسـتی سـزادانیان بردنیانـە شـنۆ کـە ئـەم ئاغایانە بە شـەو لە زینـدان هەڵهاتن.

٣. مام وسێن، براییم ئاغا، عەباس، بایيز، مام قادر، سماییل، ئەحمەد، کاکە سوار ...

٤. شۆڕشـی ئەیلـوول (١٩٧٥-١٩٦١): شۆڕشـی بارزانـی یـان شۆڕشـی ئەیلـوول بزووتنەوەیـەک بـوو کـە ١١ی سـێپتێمبەر/ ئەیلوولی سـاڵی ١٩٦١ لە نێوان حکوومەتی عێراق بە سـەرۆکایەتیی عەبدولکەریم قاسـم و کوردانی باشـوور بە سەرۆکایەتیی مسـتەفا بارزانـی دەسـتی پێکـرد و هەتـا سـاڵی ١٩٧٥ و ڕێککەوتنـی جەزائیـر لە نێوان سـەدام و شـای ئێران بـەردەوام بوو.

بوزچەلـوو، یەکێـک لـە ئاغـا تورکەکانـی نەغەدە، بۆ ئاشـتی لەگەڵ خێڵـی مامـەش دەڕۆنە ماڵی فەتـاح کـە دەبێتە کوڕی مام وسـێن تاکوو بـە ناوبژیوانێتی و کوێخایەتیکردن سـەری ئەم کوشتن و تۆڵەکردنـەوە بنێنـەوە.

فەتـاح لـە ڕووداوی کوشـتارەکەدا هەبـووە، بـەڵام بە هـۆی کەمیـی تەمەنیەوە نەکـوژراوە. ئەم ڕووداوە هەمـوو ناوچەکـەی هەژانـد و خەڵـک بـۆ ماوەیەکی زۆر سـەبارەت بـەم ڕووداوە چیرۆکیان دەگێڕایـەوە. ئـەم ڕووداوەم زۆر جـار لـە ئامینـی داپیرم بیسـتبوو. ئامین لەو سـەروبەندەدا لە ماڵی قەرەنـی ئاغـا و کوڕەکـەی نانـی دەکـرد و ئـەو ڕۆژانـەی لە بیر بـوو. هەڵبەت کەسـانێکی دیکەش زۆر باسـیان لـە وردەکارییـە خوێناوییەکانـی ئـەو ڕووداوە کـردووە. لـەو کاتـەدا خـان و ئاغاکانـی مامـەش لاواز ببـوون و مـام عەزیـز[1] کە بـە تازەیی ببوو بە جێگـرەوەی باوکی، دوای لەدەسـتدانی مامـی و براکـەی و ئەندامانـی دیکەی خێزانەکـەی، زۆر دڵتەنگ و خەمگین بـوو و هەتا ماوەیەک لە باڵاخانەکـەی خۆی نەهاتبـووە دەرەوە.

قیادە لە خزمەت کۆماری ئیسلامیی ئێراندا

ماوەیـەک بـوو کـە هێزەکانـی قیـادەی مووەقـەت (سـەرکردایەتیی کاتـی)[2] بـە سرکردایەتیی ئیدریس و مەسـعوود بارزانی و شانبەشـانی سـپای پاسـداران دژی حیزبی دێموکرات دەجنگان. ڕووداوەکـە ئـەوە بووە کە دەسـتهیەک لە هێزەکانی قیادە بۆ پەلاماردانی پێشـمەرگەکانی حیزبی دێموکـرات پاڵیـان دا بـە هێـزە ئێرانییەکانـەوە و چوونـە گوندەکانـی حەڵبـێ و کۆییکـی سـەر بە شـاری نەغـەدە. بەرەبەیانیـی ١٩ی ڕەشـەمەی ١٣٦١ی هەتـاوی (١٠ی مارس/ئـازاری ١٩٨٣) لـەوێ هـەر دوو حیـزب تێـک هەڵچـوون و ژمارەیەکیـان لـە نزیـک گونـدی کەرێـزەی شـکاک کـوژران. دیسـان گـرژی و تێکهەڵچوونەکان بـەردەوام بوو و چەند پێشـمەرگەیەکی تـری بارزانی کـوژران. هێزەکانـی سـەرکردایەتیی کاتـی چەند مانگێـک دژی حیزبی دێموکرات شـەڕیان کرد و پەیتاپەیتـا لێیـان دەکـوژرا. ئـەم پرسـە و تۆمەتبارکردنـی حیزب بـە بێڕێزیکـردن و هەڵدانەوەی گـۆڕی مـەلا مسـتەفا[3] زۆر تـووڕەی کردبـوون. هەمـوو ئـەم دیاردانـە بوونە هـۆی ئەوەی کـە دوای تێکهەڵچوونەکانـی کەرێـزە، بـە بیانـووی بەشـداریکردن و داڵدەدانـی پێشـمەرگەکانی حیزبـی

١. عەزیزی قەرەنی ئاغا

٢. دوای ڕێککەوتننامـەی جەزاییـر لـە نێـوان شـا و سـەدام حسـێن لـە سـاڵی ١٩٧٥ و شکسـتی بزووتنـەوەی کوردسـتانی باشـوور، چالاکییەکانی پارتی دیموکراتی کوردسـتانی عێراق ڕاگیرا. سـاڵی ١٩٧٦ یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان دامەزرا و دەسـتی بە چالاکییە سیاسـی و سـەربازییەکانی کرد. هەر زوو حیزبی دیموکراتیش بە پێکهێنانی سـەرکردایەتییەکی کاتی دەسـتی بـە چالاکییەکانـی کـردەوە. دوای نزیکـەی دوو سـاڵ ئـەم ناوە بـە فەرمی لا بـرا و وەک پارتی دیموکراتی کوردسـتانی عێـراق بـەردەوام بوو لـە چالاکییەکانی.

٣. لە درێژەدا زیاتر ڕوونکردنەوە دەدەین.

دێموکرات، دانیشتوانی ئەم گوندە و دیلانچەرخیان گوللەباران کرد. خەڵکی کەرێزە بەرەو دیلان چەرخ کە دەکەوێتە نزیک نەغەدە هەڵاتن، بەڵام هێزەکانی سەرکردایەتی وەدوایان کەوتن.

گوندی دیلانچەرخ بۆ ئێمە شوێنێکی ئاشنا بوو کە کوشتنی خەڵکەکەی ئەوەندەی تر داخداری کردین. کەریم یەکاو یەکێک لە خزمەکانی باوکم و مێردی دشەکەی ئامۆژنە ئەسمەر، کە لەم گوندەدا دەژیا، یەکێ لە قوربانیان بوو. ئەم گوندە یەکێک بوو لەو شوێنانە کە بۆ سەردانکردن و شایی و شیوەن هاتوچۆی ئەوێمان دەکرد. نزیکەی کاتژمێر دەی بەیانی بوو کە خەڵکی گوندەکە زانییان هێزەکانی سەرکردایەتی هێرش دەکەن. کاک کەریمیش وەکوو پیاوەکانی تر لە سەر مەزراکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە ماڵەکەیدا خۆی بپارێزێ؛ کاتێک دەبینێ هێرشبەرەکان لێی نزیکن و پێشڕەوی دەکەن، خۆی دەکا بە یەکەم ماڵێک کە لە سەر ڕێگاکەی بووە و لە ماڵی خزر محەمەدی دراوسێیدا خۆی حەشار دەدا. چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەیاندۆزنەوە و بە ڕاپێچکردن دەیانهێننە ناو حەوشەکە و بە زاراوەی بادینی پێیان دەڵێن "سەی کوڕەسە" (سەگی سەگباب)، کە جوێنێکی باوە لە ناو بادینییەکاندا، پاشان بەو گۆچانەی کە بە دەستیانەوە بوو لە هەر دووکیان دا و پاشان لە بەر چاوی بنەماڵەکانیان تەقەیان لێکردن و کوشتنیان. هەروەها چەند کەسێکی دیکەشیان لە ڕێگای مزگەوتی گوندەکە، کە دیوار بە دیوار ماڵی کاک کەریم یەکاو بوو، دایە بەر دەسڕێژ. ٩ پیاوی خەڵکی کەرێزە لە مزگەوت و لە نێو ئاپۆرای ژن و منداڵاندا ڕاکێشرانە دەرەوە و لە قەراخ بێشەڵاندا گوللەباران کران.

● وێنەی ٧٢. هاوکاریی قیادەی مووەقەت و سپا لە سەرەتاکانی ئینقلابدا

کۆمەڵێکی تر لە چەکدارانی بارزانی، بە بێ گوێدانە هاوار و لاڵانەوە و پاڕانەوەی ژن و منداڵ و مەلای گوند، چەند کەسێکیان، کە لە کێڵگەکانی دەوروبەر دەستگیر کردبوو، سنگیان بە دیواری پشتەوەی مزگەوتەکەوە چەسپاند و لە پستەوە تەقەیان لێ کردن. هەڵسوکەوتی هێرشبەرانەی سەر گوندەکان تەنها بە کوشتن کۆتایی نەدەهات و هەندێک جاریش مردووەکانیان ئەنجنئەنجن دەکرد. بە مەبەستی سووکایەتیکردن گوێی دوو کەسی کوژراوی گوندی کەرێزەیان بڕیبوو کە دواتر لە چاڵێکدا دۆزراونەوە. ئەم ڕووداوە دڵهەژێنە

بـۆ ماوەیەکـی زۆر قسـەی سـەر زاری هەمـووان بـوو و ئێمـەی منـداڵان خەونـی ناخـۆشمان پێوە دەبینی.

کـە کۆمەڵکوژیـی خەڵکـی دیلانچەرخ دەگاتە ئەوپـەڕی خۆی، خەڵکی گونـدی کەرێزە بەرەو ڕێـگای سـەرەکیی نەغەدە-شـنۆ هەڵدێـن، بـەڵام هێزەکانـی قیـادە و سـپای پاسـداران لـە سـەر جادەکـە دەیانگـرن و هەموویان دەبەن بۆ بارەگای سـپای پاسـدارانی نەغەدە. هێزەکانی سـپای پاسـداران لـە کاتێکـدا کە خەڵکەکـە خەمبارن لێپێچینەوەیـان لێ دەکـەن و هەموویان زیندانی دەکـەن. ڕۆژی دواتـر بەشـێک لـە زیندانییـەکان ئـازاد کـران و گەڕێنرانـەوە گوندەکـە بـۆ ئەوەی کـوژراوەکان کفـن بکـەن و بیاننێـژن. ئـەوان تووشـی تەرمـی حەڤـدە کەسـی خەڵکـی کەرێـزە و دوانـزە کەسـی[1] خەڵکـی دیلانچـەرخ بوونەوە کـە هەموویان یەکجێ لـە مزگەوتدا کـۆ کرابوونەوە. قائیممەقـام و بەخشـدار و هێـزی سـەربازیی سـپای پاسـداران بـۆ پشـکنین سـەردانی گوندەکە دەکـەن و دوای بینینـی ئـەو وێرانـکاری و کوشـت و بـڕە، بەبـێ هیـچ لێدوانێـک گوندەکـە بەجێدەهێڵن.

● وێنەی ٧٣. گۆڕی کاک کەریم یەکاو و وێنەکەی لە دەستی کوڕەکەیدا

ڕۆژێـک یـا دوو ڕۆژ دواتـر، هەواڵـی کۆچـی دوایـی کاک کەریـم یەکامـان پـێ گەیشـت. بـە پێداگرییـەوە لەگـەڵ بنەماڵە چوومە دیلانچەرخ و بەشـداریی سەرەخۆشـییەکەیم کرد. گوندەکە هێشـتا لـە لایـەن هێـزە سـەربازییەکانەوە گەمـارۆ درابـوو و پیـاوەکان بـۆ چوونـەژوورەوە دەبـوو

١. خزر محەمەدی ٢. عەبدولکەریم یەکاو ٣. ڕەسـوڵ یۆسـفی (باوک) ٤. ئەبووبەکر یۆسـفی (کوڕ) ٥. ئەبووبەکر مەعرووفی نـەژاد ٦. مـەلا مسـتەفا باریکـی ٧. عومەر نەسـیری (باوک) ٨. ڕەحمان نەسـیری (کوڕێکی تەمەن ١٤ سـاڵ) ٩. بایز سرووش ١٠. عەلی کاکە ڕەش (١٦ سـاڵ) ١١. مووسـا جەلالی ١٢. محەمەد سـوڵتان پوور.

ناسنامەی خۆیان پیشان بدەن. ئاسەواری خوێن بە سەر زەوی و کۆڵانەکاندا دەبینرا و شوێنی فیشەکەکان بە ڕوونی بەسەر دیواری مزگەوتەکەوە دیار بوو. سەرمان سووڕ مابوو کە باشە کاک کەریم یەکاو و ئەو بیست و نۆ کەسە بە چ تاوانێک کوژراون، لە کاتێکدا کە ململانێکە چەند گوندێک لەولاتر ڕووی دابوو، دانیشتوانی گوندەکەش لە هاتنی هێزەکانی حیزبی دێموکرات و سەرکردایەتیی کاتی (قیادەی مووەقت) بە تەواوی بێئاگا بوون و سەرقاڵی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بوون. دوای پرسە و سەرەخۆشی چووینە گۆڕستانی گوند، هەموو تەرمەکانیان بە ڕیز لای یەک ناشتبوو. لە دوانزە کوژراوەکەی دیلانچەرخ دوو کەسیان هەرزەکاری تەمەن چواردە و شازدە ساڵ بوون کە لەگەڵ باوکیان کوژرابوون. لە ناو کوژراوەکانی کەرێزەدا چەند منداڵێک دەبینران و ژنانیش لە قوربانییە بێتاوانەکانی دیکەی ئەو کۆمەڵکوژیە بوون. کوردان کاتێک دەڕۆنە گۆڕستان، دەزانن لە کام گۆڕدا گەنجێک یان هەرزەکارێک نێژراوە. چون قوماشێکی سووریان دەدا بە سەر گۆڕی ئەوانەی بە جوانەمەرگی یان منداڵی دەمردن. ئەو ڕۆژە پارچەی سووری سەر گۆڕی ئەم منداڵانە و قەبارەی گۆڕەکانیان چاکتر لە هەر وشەیەک ئەم بەسەرهاتەی دەگێڕاوە.

ئەو مژارەی کە تا ئێستاش بۆ خەڵکی کوردستان بێ وڵام ماوەتەوە ئەوەیە کە باشە بۆچی هێزەکانی سەرکردایەتیی کاتی، کە بە شێوەی فەرمی لە دەڤەرەکەدا خەریکی چالاکیی سەربازی بوون، بەرپرسیارێتیی ئەو کوشتارانەیان لە ئەستۆ نەگرت؟

کاتێک حکوومەتی سەدام لە دوای هێرش بۆ سەر کوویت لاواز بوو، پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە هاوکاریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، حکوومەتی هەرێمی کوردستانیان پێک هێنا و بنەماڵەی بارزانی و کوڕ و نەوەکانیان بوون بە سەرۆکی حیزب و سەرۆک وەزیران و مەسعوود بارزانی بوو بە سەرۆکی هەرێمی فیدراڵی کوردستانی عێراق. ئەوان هێشتا بەشداریکردن و ئەنجامدانی کۆمەڵکووژییەکەیان لە ئەستۆ نەگرتووە و لە لایەکی دیکەشەوە سپای پاسداران و حکوومەت خۆیان لە هەر چەشنە بەرپرسیارێتییەک بێبەری کردووە و دۆسیەی ئەم ڕووداوە ناخەهەژێنە هەتا ئێستاش کراوەیە.

کۆمەڵکوژیی گۆڕخانە، قەرەقەساب و خەلیفەلیان

بەرەبەیانی پێنجەمی نەورۆزی ساڵی ١٣٦٢ (٢٥ی ئادار/مارسی ١٩٨٣) پیاوانی گوندی خەلیفەلیان دەیانزانی کە دەبێ بۆ ماوەیەکی نادیار گوندەکە بەجێ بهێڵن و ڕوو بکەنە شاخ و دەشتەکانی دەوروبەر. چون شەوی پێشوو بۆ چەند کاتژمێرێک هێزی پێشمەرگە بۆ دابینکردنی خواردەمەنی هاتبوونە ناوچەکە. دیارە سیخوڕەکان بەرەبەیانیی زوو هێزەکانی حکوومەتیان ئاگادار کردبووە، ئەوانیش خێرا هەڵیانکوتایە سەر گوندەکە بۆ ئەوەی بەو بیانووە،

پیـاوان بگـرن و لێیـان بـدەن. کاک بایـزی مێردی پـوورە زێنەبیش وەکـوو پیاوەکانـی دیکەی ناو دێ، گوندەکـەی بەجێ هێشـتبوو. پشـووی جەژنـی نەورۆز بوو و ئەمیر و مونیـرە هاتبوونە نەغەدە بـۆ ماڵـی ئێمـە. پـوورم کـە لـەوێ بـوو، بـۆی دەگێڕاینەوە کـە چـی بەسـەر گوندەکەیانـدا هاتووە. منیـش بـۆ نووسـینی ئـەم بەشـە، دیسـان لەگـەڵ چەنـد گوندنشـینێک قسـەم کـرد تاکـوو ئـەم کارەسـاتە بـە شـێوەیەکی بەڵگەمەندتـر بگێڕمەوە.

زۆری پێنەچـوو کـە لـە گوندەکانـی سـەرەوەی گۆڕخانە و قەرەقەسـابەوە دەنگـی تەقە بیسترا و خەڵـک هەسـتیان بـە هاتنـی هێزەکانـی سـپای پاسـداران و بەسـیج کـرد. خەڵکـی ئـەو دوو گونـدە لەگـەڵ دەسـتپێکردنی تەقـە، بـە پەشـۆکاوییەوە دەچنە خەلیفەلیـان و هەواڵـی کوژرانی هاوگوندییەکانیـان ڕادەگەیێنـن. هەمـووان لـە بێدەرەتانیدا پەنـا دەبەنە مزگـەوت و لەوێ خۆیان حەشـار دەدن بەڵکـوو لـە سـێبەری قورئـان و مێحرابدا پارێزراو بـن. دوای ماوەیەکـی کورت هێزە سـەربازی و بەسـیجییەکان لە گەڕانی ماڵبەماڵدا ژمارەیەک ژن و منداڵ کە خۆیان حەشـار دابوو دەدۆزنەوە و ڕاکێشـی ناوەڕاسـتی گوندیان دەکەن. زۆربەی سـەربازەکان لە تورکە خۆجێییەکان و خەڵکـی گوندەکانـی دەوروبـەری هەمـان ناوچـە و سـێڕیانی نەغـەدە و محەمەدیـار بـوون، کـە زۆربەیـان پـاش ئینقلابی ئیسلامی لە کرێکار و شـوانەوە ببون بە پاسـدار و بەسـیجی، لەو ڕووەوە کـە لـە گونـدە کوردنشـینەکاندا نۆکـەری و کرێکارییان کردبـوو، هەم زمانـی کوردییـان دەزانی و هەمیـش خەڵکـی نـاو ئاواییەکانیـان دەناسـی. پـوورم و ژنەکانی تر لێیـان دەپاڕێنەوە کـە کاریان پێیانـەوە نەبـێ، بـەڵام ئـەوان جنێویـان پێ دان و پێیـان دەڵێـن پیاوەکانتان لە کوێن؟ ئـەوە پیاو نیـن وا هەڵاتـوون؟ بۆچـی شـەوانە میوانداریـی پێشـمەرگە دەکـەن و بەیانیـان مـاڵ و منداڵیـان بەجێدەهێڵـن و هەڵدێن؟

ئـەوان زۆربـەی زۆری ژن و منداڵەکانیـان لـە مزگەوتـی گوندەکـەدا کـۆ کـردەوە و ناچاریـان کـردن دژی قاسـملوو و دژەئینقلابییەکان دروشـم بڵێنـەوە. فەرماندە سـەربازییەکەیان کە فارس بـوو، ئـاگاداری بـە خەڵکـی گونـد دەدا و هەڕەشـەیان لێـدەکات. دەڵێـت نابـێ پێشـمەرگە بێنـە نـاو گونـد، ئەگـەر هاتـن نابـێ یارمەتیـان بـدەن. دەبـێ دژی پێشـمەرگە شـەڕ بکـەن و پێمانیان بناسـێنن. سـەربازەکان هەتـا ئێوارە ئەوان لە مزگەوتـدا ڕادەگرن و دواتـر گوندەکە بەجێدەهێڵن. کاتێـک ژن و منـداڵ لـە مزگەوت دێنـە دەرەوە دیمەنێکی دڵتەزێن دەبینـن. پیاوانی گوندەکە لە لای ڕووبـار و لەبـەردەم ماڵەکانـدا کوژرابـوون. کۆمەڵکوژییەکـی دی ... .

خەڵـک دەچنـە سـەر کـوژراوەکان و دەبینـن زۆربەیـان خەڵکـی گونـدی چەقەڵمسـتەفان. هەروەهـا چەندکەسـی خەڵکـی گۆڕخانەیـان بـە قۆڵبـەستراوی هێنابوو و لەگەڵ شـەش کەسـی خەڵکـی خەلیفەلیـان، لـە چەنـد ڕیـزی نزیـک لـە یـەکتردا، لـە هـەر دوو دیـوی پـردی گوندەکە گوللەبارانیـان کردبـوون. تەرمـی بەشـێک لـە کـوژراوەکان لـە سـەرووی گوندەکـە و لـە ژوور باخەکانـی خەلیفەلیـان تووڕ درابوونـە ناو ئاوەکەوە، کە دواتر لەو بەشـەی وا قووڵییەکەی کەمترە

تەرمەکانیان دۆزرانەوە. لە گوندی گۆڕخانە، شەش کەس پەنا دەبەنە ماڵی حەمزوڵڵا خانی، پیاوێکی بە ڕەچەڵەک تورکی میهرەبان و زۆر خۆشەویست، هێزە سەربازییەکان دەچنە سەریان، بەڵام حەمزوڵڵا پەنابەرەکان ڕادەست ناکات. کەچی ئەویش لەگەڵ شەش گوندنشینە کوردەکە دەکوژن. ژمارەیەک منداڵی خەڵکی گوندەکانی چەقەڵمستەفا و گۆڕخانەش، کوژراو و بریندار بوون.

● وێنەی ٧٤. نائارامییەکانی کوردستان، وێنە: جیهانگیر ڕەزمی

ڕۆژێک دوای ئەو کۆمەڵکوژییە، دانیشتوانی هەر سێ گوندەکە بە درێژایی ڕووبارەکە بە دوای تەرمی بێسەروشوێنەکاندا دەگەڕێن و کاتێک دەیاندۆزنەوە لە یەک ڕۆژدا هەموویان دەنێژن. دواتر خەڵکی گوندەکە لە ترسا زێدەکەیان بەجێهێشت و ئاوارە بوون. پوورە زێنەب و کاک بایز بە پەشۆکاوی و نارەحەتییەوە هاتنە ماڵمان. پوورم هەتا درەنگانی شەو مۆتەکەی دەبینی و لە خەو ڕادەچەنیا. گەورەکان دەیانگوت بۆنی خوێن گرتوویەتی.

ماوەیەک دوای ڕووداوەکە، بنەماڵەی پوورم گەڕانەوە بۆ خەلیفەلیان و بۆ پرسە و سەرەخۆشیکردن چووینە ماڵی چەند کەسێ لە قوربانییەکان. سۆفی حەمە سوڵتان و سۆفی عەزیز دراوسێی ماڵی پوورم بوون و ئێمەش دەمانناسین. ئاسەواری گوللە و کۆمەڵکوژیی ناو گوندەکە، بەسەر دیوار و پەیکەری کۆنکرێتیی پردی ڕووبارەکەوە بەڕوونی دەبینرا. هەرچەندە بەداخەوە ساڵانێکی زۆر لە شار و گوندەکانی کوردستان، شوێنەواری گوللە و تەقینەوە بەسەر دیوارەکانەوە وەک شتێکی ئاسایی لێ هاتبوو! ئەم ئاسەوارانە زمانی ڕوونی ژینگە بوون و ڕەنگدانەوەی کارەساتە پڕئێش و تاقەتپڕوکێنەکان بوون. ئەوەی خەڵکی گۆڕخانە دوای هاتنە دەرەوەیان لە مزگەوتی گوند بەدییان کرد، کارەساتێک بوو کە تەنانەت بۆ ئەوانیش

باوەڕپێنەکـراو بـوو، چ بـگات بـە کەسـانی دیکـە کە دەیانبیسـت.

زۆری نەخایانـد جارێکـی تـر ماڵـی پـوورم ئـاوارە بوونـەوە. ئەمجارەیـان لـە کاتـی کوشـتنی محەمـەد بروجێـردی، فەرمانـدەی قـەرارگای حەمـزەی سەیدولشـوهەدا و فەرمانـدەی سـپای پاسدارانی کوردستان، کە حکوومەت ناوی فریادڕەسی کوردستانی لێ نابوو.

● وێنەی ٧٦. بروجێردی لە گەڵ عەلی خامنەیی رێبەری ئێستای ئێران

● وێنەی ٧٥. محەمەدی بروجێردی لە دامەزرێنەرانی پێشمەرگەی موسڵمان

بروجێردی بەرپرسـی لەشکرکێشـیی سـپای پاسداران و هێرشـی هێزە نیزامییەکان بۆ ناوچە کورسـتانییەکانی وەکـوو: هەورامـان، سـنە و دەڤـەری موکریـان بـوو، کـە لـە کاتـی تێپەڕیـن لـە ڕێـگای سـەرەکیی مەهابـاد بـۆ ورمـێ، بـە هـۆی تەقینەوەی میـن لە تەنیشـت چێشـتخانەیەکی سـەر جادە گیانی لەدەسـت دا. حەسەنی پێشـنوێژی هەینیی توندڕۆی ورمێ لە نوێژی هەینیدا هەڕەشـەی ئـەوە دەکات کە پێویسـتە هەموو گوندەکانی ئەو ناوچـە بکێڵدرێن و بکرێنە کیڵگەی پیـواز و پەتاتـە! مەبەسـتی ئـەوە بوو کـە ئیدی نابێ کـەس لەوێندەرێ بژی. ئەو خەڵکـە کە دوای کۆمەڵکوژییـەکان زۆر ترسـابوون، پاش کوژرانی بروجێـردی و هاوڕێکانی هەڵاتن و کاتێکی زۆری پێچـوو تاکـوو وێرایـان بگەڕێنـەوە بـۆ گوندەکانیـان. تەنانەت زۆر کـەس لەسـێدارەدانی ٥٩ لاوی مەهابـادی لـە زیندانـی تەورێز بە تۆڵەی کوشـتنی بروجێـردی دەزانن[1].

١ . ڕۆژی ١٢ی خەرمانانـی ١٣٦٢ی هەتـاوی (٢ی حوزەیران/جوونـی ١٩٨٣)، دوازدە ڕۆژ دوای مەرگی محەمەد بروجێردی، بـە ئاگاداریـی حەمیـدڕەزا جەلایی‌پـوور، پارێـزگاری تەمـەن ٢٣ سـاڵەی مەهابـاد، غوڵامـڕەزا حەسـەنی، پێشـنوێژی هەینیـی شـاری ورمـێ و بـە ئامادەبوونـی فەرمانـدەی گشـتیی قـەرارگای حەمـزە و پاڵپشـتیی ناتیـق نـووری وەزیـری ناوخـۆ، فەرمانـی لەسـێدارەدانی ٥٩ گەنجـی شـاری مەهابادیـان دەرکرد کە هەندێکیـان گەنج و تەنانەت قوتابیی قوتابخانـە بوون. پۆلێک لەو ٥٩ کەسـە، گوازرانـەوە بـۆ شـاری تەورێـز و لـە دادگایەکی کورتخایەنـدا بەبێ ئەوەی هیـچ تۆمەتێک لە دژیان بسـەلمێنرێ، سـزای سێدارەیان بەسـەردا سـەپا و یەکبەیـەک بەپەتـەوە هەڵـواسران. کەسـوکاری ئـەو قوربانیانـە هەرگیـز نەیانزانـی ڕۆڵـە نازدارەکانیـان لـە کـوێ نێـژراون. نـاوی ئەوانـەی لـە سێدارە دران ئەمانـەن: ١- براییـم ئەمینـی ٢- ئەبووبەکـر شـوکری ٣- ئەحمـەد کەهرووبـی ٤- ئەحمـەد مەحمـوود کەنـدوو ٥- ئینشـەڵڵا نـادری ٦- حەسـەن جەهانبیـن ٧- حەسـەن ڕەحیمیـان

ئێستا مۆنۆمێنتێکی زەبەلاح لە شوێنی کوژرانی بروجێردی دروست کراوە و کاروانەکانی ڕاهییانی نوور[1] دەچنە ئەوێ و زیارەتی دەکەن. ئەم مۆنۆمێنتە وەک گاڵتەکردن بەو کێلە سادانەیە کە بیست و چوار کەسی خەڵکی گوندی قەرەقەساب و شەش کەسی خەڵکی خەلیفەلیان و دوو کەسی خەڵکی گۆڕخانە لە ژێریاندا سرەواون.

ئەم کۆمەڵکوژییە درندانە وەکوو حاڵەتە هاوشێوەکانی، هەرگیز بە فەرمی قبووڵ نەکرا و هەتا ئێستا کەس هەوڵی قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی نەداوە و بەرپرسیارێتییەکەشیان لە ئەستۆ نەگرتووە. مۆنۆمێنتێکی گەورەیان بۆ بروجێردی دروست کردووە و پیرۆزیی ئایدیۆلۆژیکییان پێ بەخشیوە. دامەزرێنەرانی ئەم پیرۆزیگەراییە ئەو کاروانانەن کە بژێوی ژیانیان لە موڵکی گشتیی و بەیتولماڵی کۆمەڵگای ئێرانەوە پەیدا دەکەن و لەسەر حیسابی خەزێنە بە نیازی زیارەت دەچنە ناوچە جەنگییە دیزاینکراوەکان و بە وتەی خەڵکی ناوچەکە لە بازاڕە سنووریەکان یادگاری دەکڕن و بە دەستی پڕەوە دەگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان!

پیرانشار، جەنگ، ئاوارەیی

بە پێچەوانەی زۆرێک لە خەڵکی ئێران کە ڕەنگە کەمتر ناوی عێراقیان بیستبێ، ئێمەی کورد پێش دەستپێکردنی شەڕی ئێران و عێراق[2] زۆر ناوی وڵاتی دراوسێمان بیستبوو. چونکە

٨- حەسەن لاجەوەردی ٩- حسێن کەلهوڕی ١٠- خالید ڕەحیمی ئازەر ١١ - خالید سەفایی ١٢- خالق بارزانی ١٣- خزر ڕەنگین ١٤- ڕەحمان خزرپوور ١٥- ڕەحمان ڕەحیمی ١٦- سلێمان حەسەن زادە ١٧- سیامەک سەقزی ١٨- سەید براییم سەید ئەحمەدی ١٩- سەید مەحموود سەید محەمەدی ٢٠- شوکری نادری ٢١- ساڵح فەرهوودی ٢٢- ساڵح مام ئیبراهیمی ٢٣- عەباس حسێن پوور ٢٤- عەباس یۆسفی ٢٥- عەبدوڵا تەحریریان ٢٦- عەلی ئاباده ٢٧ - عەلی باژیان ٢٨- عەلی بەنیان ٢٩- عەلی ساڵحی ٣٠- عەلی غەواره ٣١- عەلی گوڵپەرەست ٣٢- عەلی مەزنە ٣٣- غوڵامرەزا بەرزی ٣٤- فەرەیدوون شەنگە ٣٥- کازم خاتوونی ٣٦- کامەران زاییرحیجازی ٣٧- کەریم ڕەحیمیان ٣٨- کەریم کاوە ٣٩- کەمال چاوشینی ٤٠- کەماڵ کەریمی ٤١- محەمەد ئەبووبەکری ٤٢- محەمەد حوسەینی ٤٣- محەمەد سەلیمی ٤٤- محەمەد عەلیالی ٤٥- محەمەدفارۆق بازیار ٤٦- محەمەد مەسعوودی ٤٧- محەمەدئەمین ئەحمەدی ٤٨- محەمەدئەمین سەفا ٤٩- مەحموود درێزەیی ٥٠- مەسعوود میرمەحموودی ٥١- مستەفا عیسمەتی ٥٢- مستەفا فەقری ٥٣- مەنسوور جیناح ٥٤- هەژار کەریمی ٥٥- هۆمایوون نیلووفەری ٥٦- وەفا ئەلیاسی ٥٧- یۆسف ئەیازی ٥٨ – یێسب حەبیبپەنا ٥٩- یێسب حەسەنزادە.

١ . ڕاهییانی نوور ناوی گرووپێکی گەورەی کاروانە گەشتیاری-ئاینییەکانە لە وڵاتی ئێران کە دەڕۆن بۆ سەردانی ناوچە جەنگییەکان کە پاشماوەی جەنگی ئێران و عێراقن و زۆربەیان دەکەونە ڕۆژاوا و باشووری ڕۆژاوا و پارێزگا هاوسنوورەکانی عێراق. ئەم کارە لە ئێراندا بە گەشتیاریی جەنگی دادەنرێت. دامەزراوەی پاراستنی ئاسەوار و بڵاوکراوەی بەهاکانی بەرەڤانیی پیرۆز (بە وتەی ئێرانییەکان) ڕێکخەر و سەرپەرشتیاری سەرەکیی گەشتی سەرتاسەریی "ڕاهییانی نوور"ە.

٢ . لە ٣١ی مانگی خەرمانان ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی (٤ی سێپتێمبەر/ئابی ١٩٨٠) هێزەکانی ئەرتەشی سەدام حسێن هێرشیان کردە سەر ئێران. چەند مانگ پێش ئەم پەلامارە، هەواڵ و ئاماژەی ڕوون و ئاشکرای جموجۆڵی هێزە عێراقییەکان لە ناوچە سنووریەکان و ئامادەکارییەکانیان بۆ هێرشکردنە سەر ئێران لە ئارادا بوو، بەڵام دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەوکاتەدا هیچ ڕێوشوێنێکیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هێرەشە ئەگەرییەکانی عێراق نەگرتە بەر و ئەرتەشی ئێران کە بە لەسێدارەدان و دەرکردن و پاکتاوکردنی زۆرێک لە ئەفسەرە پلە باڵاکانی، کارامەیی و کاریگەریی خۆی لەدەست

کۆلبـەرەکان پەیتاپەیتـا بـە چیاکانـی قەندیلـەوە دەچوونـە ئـەو دیـو و ئێمـەش لەگـەڵ کاڵا و خەڵکەکـەی ئاشـنا بووین. پێـش هاتنـە سـەر کاری سـەدام حسـێنیش ڕادیۆیەکـی کـوردی لـە بەغـدا هەبـوو، کە پێیـان دەوت ڕادیۆ بەغـدا، ئەحمەد، خاڵی بچووکم هەمیشـە گوێی لێدەگرت. بـۆ ماوەیەکـی زۆر تەلەڤیزیـۆن و کارەبا لە گوند نەبوو، کات بەسـەربردنی زۆر کەسـیش تەنها ئەم ڕادیۆیـە بوو.

سـاڵی ١٣٥٩ی هەتاوی (١٩٨٠) عێراق هێرشـی کردە سـەر ئێران و جارجاریش پیرانشـاری بۆردومـان دەکـرد و ئێمـەش بـەردەوام لـە نێـوان پیرانشـار و گرداشـەوان و تەنانـەت نەغـەدەدا هاتوچۆمـان دەکـرد. ئاوارەییەکـی پەتـی! یەکەمیـن ڕووبەڕووبوونەوەمان لەگەڵ هێرشـی عێراقدا بـاش لـە بیـرە. وردەوردە زرمـەی هێـرش و گرمـەی تەقـە گوێـی شـاخ و کێوەکانـی کـەڕ کردبـوو، زرموکـوت تـا دەهـات زیاتـر دەیترسـاندین و ئەوەنـدە ترسـناک بـوو کـە هـەر زوو هەسـتمان پێی کرد.

تـەواو ڕوون بـوو کـە ئەمـە شـەڕێکی گەورەتـر لـە بەربەرەکانێی هەمیشـەیی نێـوان هێزەکانی سـپای پاسـداران و پێشـمەرگەیە. بیسـتبوومان عێـراق هێرشـی کردۆتـە سـەر ئێـران و لەوانەیـە ڕژێمـی مـەلاکان بڕووخێـت. کەسـایەتیی سـەدام حسـێن وەک پیاوێکـی بەهێـز و ئـازا لـە مێشـکماندا چەقـی بەسـتبوو کـە سـمێڵی هەیـە و پڕهەیمەنەیـە. هەڵبـەت ئەویـش سـوننەیە و لەکاتـی نوێژکردنـدا دەسـت دەگـرێ، بـەڵام لەگـەڵ کوردەکانـی باشـوور خراپـە، دەیانکـوژێ و ئاوارەیـان دەکات. لـەو مـاوەدا ئەمـە بـە لامەوە پرسـیار بوو، باشـە بۆچـی ئێمەی کورد ئـەم هەموو نەهامەتییەمـان بـە سـەر دێـت؟ ئەمـە وێنایـەک بـوو کـە ئێمە لـە ڕێگـەی کوردەکانی باشـوورەوە هەسـتمان پێکردبوو و ئەوەی سـەبارەت بە سـەدام دەمانزانی تەنیا لەو ئەفسانەسـازییەدا قەتیس مابـوو. کۆلبـەرەکان و خەڵکانـی تـر کـە لـە شـاخەکانی قەندیلـەوە سـەردانی باشـوور و عێراقیان دەکـرد دەیانبینـی کە هەمـووان لەوێ چەکدارن، ئەرتەش تەکووزە و سـامانی گشـتی زۆر زیاترە.

ئاشـنابوونمان لەگـەڵ شـەڕی نێـوان هەر دوو وڵاتـی ئێران و عێـراق بە تۆپبـاران و بۆردومانی سـەختی پیرانشـار دەسـتی پێکرد. یەکەم جار بوو شتێکی بەربڵاوتر لە ململانێ ناوخۆییەکانمان دەبینـی. پێـشتر زیاتـر شـەڕی خۆماڵی بـە لامانەوە پرس و بابـەت بوو و تا ئـەم ڕادە ڕەهەندەکانی شـەڕمان ئەزمـوون نەکردبـوو، بـەڵام ئێسـتا لەگـەڵ فرۆکـەی جەنگـی و شـکاندنی بەربەسـتی

دابـوو، نەیتوانـی هەنگاوێکـی ئەوتـۆ بنێـت. ئـەم شـەڕە کـە بـە شـەڕی سـەپێنراو و بەرەڤانیـی پیـرۆز (دیفاعـی موقـەدەس) لە ئێـران نـاسراوە، مـاوەی هەشـت سـاڵ بـەردەوام بـوو. ئـەم شـەڕە پتر لـە یـەک ملیـۆن کـوژراو و برینـداری لـێ کەوتـەوە کـە لە ناویانـدا ٢٦٢ هـەزار ئێرانـی و ١٠٥ هەزاریـش عێراقی بـوون. بەپێی ئامارە نێودەوڵەتییەکان، تێچووی شـەڕی عێـراق و ئێران ٦٢٧ ملیـار دۆلاری بـۆ حکوومەتـی ئێـران و ٥٦١ ملیار دۆلاری بـۆ حکوومەتی عێراق بوو. هەروەها تێچـووی ئاوەدانکردنەوەی زیانەکانـی شـەڕەکە بـە ٦٤٤ ملیـار دۆلار بـۆ ئێـران و ٤٥٢ ملیـار دۆلار بۆ عێـراق مەزەندە کـراوە. لە سـاڵی ٢٠١٩ فەرماندەی ڕێکخـراوی NEDSA (هێـزی دەریاڤانیـی سـپای پاسـدارانی ئێـران) ڕایگەیانـد کـە ئێـران ١٩.٦ ملیـار دۆلاری لە شـەڕەکەدا خـەرج کـردووە. (ر.ک: دهیـاری بختیـار،١٣٩٣، آغـاز و پایـان جنـگ تحمیلی عراق علیـه ایران)

دەنگـی و ئـەو جـۆرە شـتانە ئاشـنا دەبووین. کاتێـک دۆخەکە هێـور بـووەوە و گەڕاینەوە ناو شـار، زانـیمان ڕووبـەڕووی شـتێکی گەورەتـر بووینەتـەوە. ئێمـە بـە فۆیلـی جگـەرە سـیگناڵمان بەهێـز دەکـرد یـان ئانتێنەکانمان لەسـەربان زۆر بـەرز دەکردەوە بـۆ ئەوەی تەلەڤیزیۆنـی عێراق بگرین. لـەوێ ئێرانیـان پیشـان دەدا و ئێمـەش تەنیـا ئەوەمـان دەبینـی کە دۆخی شـەڕ چۆنە.

بۆردومانـە خوێناوییەکـەی سـاڵی ١٣٦٣ی هەتـاوی (١٩٨٤ ز) ئـەو ڕۆژە بـوو کـە شـارەکە لە بەرەبـەرەی نـەورۆزدا بـوو بـە خۆڵەمێـش و ماڵـەکان ئاگریـان گرت. ئـەو ڕۆژە بە مانای ڕاسـتەقینە درکمان بـە تـرس و ئاگـر و تەقینـەوە و درندەیـی و نائەمنـی کرد. لـەو ڕۆژانەدا درکمان کرد، شـەڕ هەمـوو ژیانمانـی گرتۆتـەوە و لـە هەمـوو ڕوویەکەوە دژوارتـری کردووە. لـە خواردنـەوە هەتا نەوت، هەمـوو شـتێک پشـکبەندی کرابـوو و دەبـا چەندیـن کاتژمێر لە سـەرەدا بووەسـتابایە بـۆ ئەوەی نەوتمـان دەسـت بکەوێـت. مـن وەک کـوڕی گـەورەی خێزانەکەمان دەبـا بە بەرمیـل و پیتی ٢٠ لیتریـی نـەوت لـە ڕیـزدا ڕاوەسـتایەم هەتا نـۆرەم دەهات. لـەو سـەرمایەدا پێڵاوی پلاسـتیکیم لە پێـدا بـوو، هەتـا نـۆرەی وەگرتنـی نـەوت دەهات دەسـت و قاچم کەسـیرە دەبـوون. پاشـان بانگم لـە دایکـم و یـەک دوو کەسـی تـر دەکـرد بۆ ئـەوەی هەتا ماڵـەوە پاڵ بـە بەرمیلەکانـەوە بنێن. لە وەرزی زسـتاندا دەبـا نەوتمـان لـە بەرمیلـی ٢٢٠ لـیتری بکردایەتـە نـاو تەنەکەیەکـی ٢٠ لیتری بـۆ چێشـتلێنان و گەرمکردنـی مـاڵ و هتـد ... بۆنـی نـەوت و گازۆییـل و پشـکبەندی بـە لامانەوە نامـۆ نەبـوو، زۆر جاریـش بـە چەندیـن کاتژمێـر لـە سـەرەی ڕۆن و برنـج ڕادەوەسـتام بـۆ ئـەوەی بـەو پشـکەی کـە بە نـاوی کۆپینـەوە پێیـان دەداین شـتە پێویسـتەکان (هەڵبەت بە شـێوەیەکی سـنووردار) دابیـن بکەیـن و لانیکـەم بـە دابینکردنـی خـۆراک لـەو بارودۆخـە قەیرانـاوی و پـڕ لـە دڵەڕاوکێیـەدا، کـەمتر ڕەنج بکێشـین.

کاتێـک لـە بڵندگـۆ و ڕادیۆکانـەوە دەنگـی ترسـناکی ئاگادارکردنـەوەی مەترسـی واتـا ئاژیری سـوورمان دەبیسـت، بـە شـەو و ڕۆژ، پەنامـان دەبـردە بـەر پەناگـە دروسـتکراوەکان کـە زۆربەیان لـە قوتابخانـە و مزگەوتەکانـدا چـێ کرابـوون، بـۆ ئـەوەی لـە مـردن ڕزگارمـان بـێ و بەختـی زیندوومانەوەمـان هەبێـت. ڕووخسـاری شـارەکەش گۆڕابوو. ئـەو دروشمانەی کە لە سـەر دیواری قوتابخانـە و کووچـە و شـەقامەکان دەنـووسران، ئـیتر دژی حیزبـی دیموکرات و کۆمەڵـە نەبوون، بەڵکـوو هەمـوو شـوێنێک پـڕ ببـوو لـە دروشـمی وەکوو مـردن بۆ سـەدام، مـردن بۆ ئیسـتیکباری جیهانیـی ئەمریـکا و دروشـمی هاوشـێوە. ئـەم شـەڕە بیانییـە وای کردبـوو کـە ناکۆکیـی نێـوان حیزبـی دیموکـرات و هێزەکانی حکوومەت وەکوو سـپای پاسـداران و ... کاڵ ببێتـەوە و هەمووان سـەرقاڵی شـەڕی ئێـران و عێـراق بـوون. ئـاڵای ئەمریـکا و وێنـەی سـەدام و سـەرکردەکانی ئەمریکایـان دەسـووتاند و هەمـوو ئەمانـە دەریاندەخسـت کـە ئـەوەی دەگـوزەرێ لـە ئاسـتی فامکردنـی خۆماڵیـی ئێمـە بـەدەرە. دواتر کە گـەورە بووم و بۆردومان و مووشـەکبارانی شـارەکانم بینـی، درکـم بـە قووڵایـی شـەڕی نێـوان ئـەو دوو وڵاتـە و قوربانییەکانـی کـرد.

سـەرەڕای هەمـوو ئـەو گرفتانـەی کـە هەبـوون، ماینـەوە و ژیایـن هەتـا ئـەوەی کـە بۆردومانی ئاسمانـی و تۆپخانەیـی وای لێکردیـن جارێکـی تـر بگەڕێینـەوە بـۆ نەغـەدە. بە گشـتی سـێ جار ئـاوارەی نەغـەدە بوویـن. ئاوارەبـوون لـەو شـارەی کـە تێیـدا لەدایـک بوویـت و خەڵکـی ئەوێی، یەکێـک لـەو کارەسـاتانەیە، بەڵام خۆ شـەڕ ئەمانە نازانێـت. یەکەم جار نزیکەی سـاڵێک ماینەوە، جارێکـی تـر چەنـد مانگێـک و جارێکیش نزیکـەی سـاڵێک. ژیانی خەڵـک ئاوارەیی بـوو، عێراق بـەردەوام هێرشـی دەکـردە سـەر شـارۆچکە سـنوورییەکان و خەڵـک لـە مەهابـاد و نەغـەدە و گوندەکانـی دەوروبـەری ئـاوارە دەبـوون. یەکـەم جار کە چووینـە نەغەدە، لە ماڵـی خۆمان بووین و لـە ئاوارەبوونەکانـی دواترمانـدا خانووەکەمـان فرۆشـتبوو و خانوویـەکمان بـە کـرێ گرت.

ژیـان لـە نەغـەدە سـەیر بـوو. بۆ مـن گەڕانەوە بۆ شـارێک بـوو کـە یادگاریی خۆشـی منداڵیم لـەوێ بەجـێما بـوو، بەڵام سـەرەڕای ئـەم هۆگریە، چیتر لەم شـارەدا کەسـم نەدەناسـی و ئەوەش بـۆ مـن ناخـۆش بـوو. زیاتـر دەچوومـە ماڵـی پـوورە مریـەم لـە نەغەدە یـان ماڵی پـوورە زێنـەب لە گونـدی خەلیفەلیـان، یـان دەچوومـە گونـدی گۆلـێ بـۆ ماڵـی پـوورە خەجیجـم. دوای شـەڕی نەغـەدە، زۆربـەی ئـەو تورکانـەی کـە دانیشـتووی گەڕەکـە کوردنشـینەکان بـوون خانووەکانیـان فرۆشـت و چوونە گەڕەکە تورکنشـینەکان. ژمارەی دانیشـتوانی کوردانی نەغەدە لە دوای شـەڕی ١٣٥٨ (١٩٧٩ ز) بە شـێوەیەکی بەرچاو کەمی کردبوو. سـیمای شـارەکە زۆر گۆڕابوو و هەندێک گـەڕەک تـا ڕادەیەک چـۆڵ ببوون.

دوای شـەڕی حکوومـەت و کـورد، باوکـم کـەمتر سـەردانی نەغـەدەی دەکـرد. زۆرێـک گەڕابوونەوە، بەڵام باوکم ترسـی ئەوەی هەبوو کە ئەگەر بگەڕێتەوە دۆسـیەیەکی لەسـەر دروسـت بکـەن و بیبەنـە زیندان. ئـەم ترسـە ناعەقڵانـی نەبـوو. هەندێـک لـەو کەسـانەی کـە لـە سـەرەتادا زیندانـی یـان ئـازار درابوون بە ڕاسـتی هیـچ ڕۆڵێکیـان لـە ڕووداوەکانـدا نەبـوو و لەبەر بوختانێک ژیانیان کەوتـە مەترسـییەوە. کاتـێ کـە بـە ناچـاری گەڕاینـەوە بـۆ نەغەدە، باوکم لە نێو شـاردا دەرنەدەکەوت و پتر لە مـاڵ دەمایەوە. بەرەبەیانیی زوو لەگـەڵ چەنـد دووکانداریکـی تر کـە کاروباریان لە پیرانشـار بوو لە گەراجدا سـواری پـاس دەبوو

● وێنەی ٧٧. جەنگ لە میحوەری جادەی سەردەشت، بەهاری ١٣٦٠ (١٩٨١)

و بـە تاریکانـی شـەو دەگـەڕاوە و دەخەوت. منیش چەنـد جارێک لەگەڵ باوکم چوومە پیرانشـار. پیرانشـار ببـوو بە شـاری تارماییـەکان و تەنیا چەند دووکانێـک کراوە بوون، کە ئەویش شـتیان بە سـەربازەکان دەفرۆشـت. هەرچەنـد دووکانەکـەی باوکـم لـە ماڵەکەمانـەوە دوور نەبـوو، بـەڵام دەترسـام بڕۆمـەوە بـۆ مـاڵ. دۆخـی شـارەکە هێشـتا ئاسـایی نەبـووە و دیـوارەکان پـڕ بـوون لـە ئاسەواری فیشەک و پریشکەی گوللە.

گیرانی باوکم

بـا کەمێـک بگەڕێینـەوە دواوە. دوای شـەڕی نەغـەدە، کـە لـە پیرانشـار دەژیایـن، حەسـەن عەجـەم (پیاوێکـی دوو ڕەگـەی کورد-تـورک) باوکمـی هێنایـە نـاو کاروبـاری کڕیـن و فرۆشـتنی دینـاری عێراقـی. لـە سـنوور بـە دینـاری عێراقـی مامەڵـە دەکـرا و لـەوێ دراوێکـی بیانیـی زۆر گرنـگ بـوو. ئـەم ئیشـەی باوکـم زەحمەتـی زۆری هەبـوو. سـەرەتا لـە لایـەن ڕژێمـەوە قەدەغـەی هاتوچـۆ سـەپێنرا و هاتوچـۆی ئاسـایی سـنووردار کرا و باوکیشـم نەیدەتوانی بە ئاسـانی گەشـت بـۆ شـارەکانی دیکـە بـکات. لـەو مـاوەدا ئێـواران ڕێـگاکان دادەخـران و نەماندەتوانـی بچینـە ناو شـار، یـان لـە شـار دەربچیـن. کڕیـن و فرۆشـتنی دینار لـە بنەڕەتـەوە کارێکـی نایاسـایی بوو کە حکوومـەت لـەو کاتـەدا چاوپۆشـی لێدەکـرد. پیـاوان لە گۆشـەیەکی شـەقامی شـادا، کە ئێسـتا ناویـان گۆڕیـوە بـە شـەقامی ئـیمام، ڕادەوەسـتان و مامەڵـەی دینارییـان دەکـرد.

هەمـوو شـتێک هەتا پاییزی سـاڵی ١٣٦٠ی هەتـاوی (١٩٨١) ئارام بـوو، لە کۆتایی یەکێک لـە هەفتەکانـدا چووبووینە گرداشـەوان کە زانیمان باوکم دەستبەسـەر کراوە و خێـرا گەڕاینەوە بۆ ماڵـەوە. مـن نەمدەزانـی "باوکم گیـراوە" یانی چی، هەر ئەوەندەم لە بیـرە کە هەموو خزمەکانمان لـە ماڵـی ئێمە کۆ ببوونەوە و ژنـەکان دەگریان.

نەنکـم و مەحبووبـەی خوشـکم کـە تاقیکردنـەوەی خوێندنـی هەبـوو، لەگـەڵ ئێمـە نەهاتنە گرداشـەوان. نەنە بۆی گێڕاینەوە کە باوکم لە بازاڕ گەڕاوەتەوە و دینارەکانی ئەو ڕۆژەی خسـتبووە نـاو جانتاکـەی. دەسـتنوێژی گرت و نوێژی دابەسـت کـە لە دەرگایـان دا. مەحبووبـە دەرگاکەی کـردەوە و چـاوی بـە جاشـە[1] چەکدارەکـە کـەوت. دەپرسـێت ماڵـی کەریـم ئەحمـەدی لێرەیە؟ و دوای دڵنیابـوون، بـە زۆر خـۆی دەکا بـە ژووردا. نەنکـم دەسـت دەکا بـە قیژانـدن و هاوارکـردن، باوکـم بـە ترسـەوە نوێژەکـەی دەبـڕێ بۆ ئەوەی بزانـێ چـی ڕووی داوە، پاسـدارەکە دەڵێت من لە لایەن سـپای پاسـدارانەوە هاتـووم، ڕاپۆرتیان داوە کـە دیناری عێراقیتان هەیە و کاری نایاسـایی پـێ دەکـەن. ئـەو پاسـدارە باوکم و دینـارەکان لەگەڵ خۆی دەبـا. داپیرە و مەحبووبە پەرێشـان و سەرلێشـێواو پەنـا بـۆ هەموو جێیـەک دەبەن، بـەڵام باوکـم نادۆزنەوە.

---

١. وەک خەڵکەکە باسیان کرد ئەو کابرا کورد نەبوو و خەڵکی میاندواو بووە.

دواتـر باوکـم گوتـی ئـەو پاسـدارە نـاوی ئەحمـەد زەبانبەرقەفـا بـووە، باوکمـی بردووەتـە نـاو کۆڵانێـک و ناچـاری کـردووە دینـارەکان بژمێرێـت. نزیکـەی ٧٠ هـەزار دینـاری عێراقـی، کـە بەشـێکی هـی شـەریکێکی باوکـم بـووە. ئەوە شـتێکی ئاسـایی نەبوو کـە تەنها یـەک کەس بێت بۆ دەستبەسـەرکردن و وەک بینیبوومان هەمیشـە بۆ گرتنی کەسـێک چەند کەسی فەرمانپێدراو بـە شـێوازێکی تایبەتـەوە دەهاتن. مـەودای نێوان ماڵی ئێمە هەتا بنکەی سـپا لـە گومرگ[1] تەنیا چەنـد خولـەک بـوو، بەڵام بـە لادان لە ڕاسـتەڕێگا باوکمی بـە کۆڵانەکاندا بردبوو، لە ڕیگاشـدا لە درگای ماڵێکـی دابـوو کـە دواتـر زانیمان خـاوەن ماڵەکـە زاوایەتی.

پـاش ئـەوەی جزدانـی دینارەکـەی دەردێنـێ، نیـوەی پارەکـە دەدا بـە زاواکـەی، کـە خەڵکی خوجێیـی بـووە، و بـە باوکـم دەڵێـت: "کاک کەریـم، دەڵێـن ئـەم پووڵـە هـی دیموکراتـە و ئەتـۆ پووڵیـان بـۆ کـۆ دەکەیـەوە و کۆمەگیـان دەکـەی خـۆ تایفـەی ئەحمەدێـکان پێشـمەرگەتان کەم نییـە ئەتـۆش لەبـەر ئـەوەی دەسـتگیر دەکرێـی. ئەگـەر بـەو پووڵـەوە بتبـەم بـە خوڵا بیلافاسـیلە ئیعـدام دەکرێـی، ئەمـن نیـوەی پووڵەکـەی هەڵدەگـرم بـۆ وەی ئیعـدام نەکرێـی و زووتـر ئازادت کـەن. لای کەسـیش هیـچ مەڵـێ لەبـەر وەی خـۆت چاتـر دەزانـی!" ئـەو کابـرا نیـوەی پارەکەی باوکـم وەک بەرتیـل و بـاج دەبـا و پێی دەڵـێ لای کەس نەیدرکێنێ، بە پێی بەڵگەی بەردەسـت، ئەم هەڵسـوکەوتە هەتا ئێسـتاش لە ناو بەشـێک لە هێزە ئەمنی و نیزامییەکاندا باوە و گەندەڵیی ڕەگداکوتـاوی نـاو پێکهاتـەی ڕێکخراوەیـی کۆمەڵـگای ئێران نیشـان دەدات.

باوکـم دەیـوت: "چـارم ناچـار بـوو تەنانـەت حـازر بـووم هەمـوو پووڵەکـە بـدەم کـە لـە کۆڵـم بێتـەوە. پێـم وتـن تەحویلـی دەوڵەتێـم مـەدەن بـا پەروەنـدەم[2] بـۆ سـاز نەکـرێ دەنـا ئێعدامێـم دەکـەن." بـەڵام زەبانبەرقەفـا وتبـووی: " ناتوانم چونکێ ئەفسـەری ئیتلاعاتی سـپای پاسـدارانی پیرانشـار دەسـتووری دەسـتگیرکردنی ئەتۆی داوە". ئەوەی جێگای سـەرنجە، ئەوەیە کە ئەو بڕە پـارەی لـە دۆسـییەکەدا نووسرابـوو کـەمتر لەو بڕە پـارە بوو کـە زەبانبەرقەفا ڕادەسـتی کردبـوو، وا دیـارە هەرچـی پارەکـە دەستاودەسـتی پـێ کـراوە هـەر کەس پشـکی خـۆی لـێ هەڵگرتووە.

دوای دەسـتگیرکردنی باوکـم، نزیکـەی سـاڵێک ژیانمـان جارێکی دیکە گۆڕانـکاری بنەڕەتی بەسـەردا هات. لە ڕۆژی دواییەوە دەبوو بچینە بەردەم بینای سـپای پاسـداران و بگرین بۆ ئەوەی بهێڵـن چەنـد خولەکێـک بـاوکمان ببینین. تەمەنم لـە دە بۆ یازدە سـاڵان بوو و ئـەو ڕۆژانەم باش لـە بیـرە. پێیـان دەگوتین بگرین با پاسـەوانەکان بەزەییـان پێتاندا بێتەوە. مـن کوڕێکی لووتبەرز بـووم و نەمدەتوانـی بە گریان و کڕووزانەوە بەزەیی سـپاییەکان ببزوێنـم. هەرچەن دەرەتانم نەبوو،

---

١. بینـای سـپا؛ فەرمانگـەی گومرکـی پێشـوو کـە لـە دوای ئینـقلاب کەوتـە دەسـت حیزبـی دێموکـرات و وەک نووسـتنگە، نووسـینگەی کۆمیسـیۆنی دادوەری و ناوچەیـی، زینـدان، و شـوێنی چاککردنـەوەی مەکینـە بـەکار دەهـێنرا.

٢. دۆسییە.

بەڵام پێم وایە بە گریانی یەکتر گریانمان دەهات نەک لەبەر ئەوەی بەزەییان پێماندا بێتەوە.

ئیتر وابوو کە بەسیج و پاسدارەکان پاڵیان پێمانەوە دەنا و ئێمەش دەگریاین بۆ ئەوەی گەورەکەیان بێ بە دەنگمانەوە و پێمان بڵێ چییە بۆ وا دەکەن. هەتا ئەو ڕۆژە زیاتر بە زمانی کوردی خوێندبووم و تەواو فارسیم لەبیر چوبووەوە، بۆیە مەحبووبەی خوشکم کەمێک قسەی لەگەڵ کردن. زۆر جار کوردێکی چەکداریان دەهێنا بۆ ئەوەی قسەمان لەگەڵدا بکا و بڵێ ئێستا بۆتان نییە ببینن، سبەی وەرنەوە. پاسەوانەکان هەموویان لە یەکتر دەچوون، هیچ پلە و دەرەجەیەکیان نەبوو و یەکتریان بە برادەر[1] بانگ دەکرد. لەو تەمەنەدا هەموویانمان وەکوو پیاوانێک دەبینی کە ڕیش و سمێڵێکی فشیان هەبوو و جلوبەرگی سەوزی تۆخیان لەبەر بوو کە لە سەر گیرفانەکەی لۆگۆی کڵاشینکۆفی لەسەر بوو.

وا دیار بوو کوردستان بۆ ئەم حکوومەتە مەیدانی مەشق و ڕاهێنان بوو، چونکە دواتر هەر لەو کەسانەی کە ئەزموونی کارکردیان لە کوردستان هەبوو، بەرپرسانی باڵایان هەڵدەبژارد. بۆ نموونە، فەرمانداری شار لە ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی (١٩٨٠ز) پاسدارێکی فارس بوو بە ناوی ساڵحی و لە ساڵی ١٣٦١-١٣٦٠ی هەتاوی (١٩٨١-١٩٨٢ ز) غوڵامرەزا ئەنساری ئەفسەری ئەرتەش کرا بە فەرمانداری شاری پیرانشار. ناوبراو دواتر بوو بە جێگری سیاسیی پارێزگاری ورمێ و باڵیۆزی ئێران لە ڕووسیا. کەسانی هەڵبژێردراو وردهورده پلەیان بەرز کراویەە و پۆستی باڵاتریان وەرگرت.

دوای ماوەیەکی زۆر باوکمیان هێنا بۆ ئەوەی ببینین. لە کوێ؟ لە بەر دەرگای ژووری پاسەوانی. ئەو ڕۆژە باوکمم نەناسییەوە، لە ماوەی ئەو مانگەی کە نەمبینیبوو، زۆر کز ببوو. هەرگیز باوکمم بە ڕیش یان ئاوا دڵتەنگ و بێرەنگ و حەپەساو نەبینیبوو. تەنها یەک جار باوکمم بینیبوو کە بگری، ئەویش دوای کوژرانی کاک حسێن و کاک حامید لە جەنگی جەڕان. لەم دیدارەدا دەگریا و من لەوەی کە هیچم لە دەست نەدەهات هەستم بە بێدەسەڵاتی و تورەیی دەکرد.

باوەشی پێدا کردین و بۆنی پێمانەوە دەکرد و دەگریا. باوکم دیسان توند لە ئامێزی گرتم. لە سەردەمی شا و دوای ئەو شەوانە کە نائارامی باڵی بە سەر نەغەدەدا گرت و منی بە پایسکل بە ناو شاردا دەسووڕاندەوە، ئیتر بەرکەوتنی جەستەیی زۆرمان نەبوو. دواتریش لە گوند و لە ناو گرژیی جەنگ و ئاوارەبووندا، پەیوەندیمان پچڕا، بەڵام ئەو ڕۆژە لە ژووری پاسەوانیدا، ئەم پەیوەندییە ساز بووەوە. هێشتاش هەست بە گەرمیی باوەش و دڵتەنگییەکەی دەکەم، وەک ئەوەی هەمووی هەنووکە ڕووی دابێت. لەو سەردانە کورتەدا باوکم دەگریا. داپیرە و دایکم

---

١ . لێرەدا مەبەست لە برادەر، برادەری فارسییە واتە برا نەک برادەری کوردی کە بە مانای دۆست و هاوڕێ بێت.

تێیانخـوڕی: "حەیبـە[1] کابـرا! بـۆ دەگـری، مەگەر چ بـووە؟ دەتهێنینـە دەرێ، دەچینـە لای فڵان کـەس، قەولیـان داوینەتێ و ..."

دایکـم ورەبـەرز بـوو، بـە دەگمـەن دەمبینی بگـری و تـەواوی ژیانـم دوو جار گریانـی دایکمم بینـی. جارێکیـان کاتێـک دوای چەندیـن سـاڵ کۆچکردنـم بۆ لەنـدەن هاتـە لام و کەمێک گریا و گلەیـی و گازنـدەی لـە باوکـم کـرد و جارێکیشـیان هـەر لـەو دیـدارە کورتـەی وا لەگـەڵ باوکـم بوومـان گریـا. دەرفەتمـان کـەم بوو، چەنـد پاسـەوانێ باوکمیان دەکێشـا بۆ ئەوەی لێـکمان جیا بکەنـەوە. ئـەوان لـەو لاوە باوکمیـان دەکێشـا و ئێمـەش لەم لاوە دەمانکێشـا، ئەم کێشمەکێشـە هەتـا بـەر دەرگاکـە بـەردەوام بوو، ئـیتر باوکمیـان برد.

ئەم پفەکە هی منە!

هاتوچۆکـردن بـۆ شـوێنە جۆراوجـۆرەکان بە مەبەسـتی دیـداری دووبـارە و ئازادکردنـی باوکم بـەردەوام بـووم. هەتـا ئـەوەی کـە ڕۆژێکـی هەینـی دایکـم، کـە ماوەیەک بـوو هیـچ هەواڵێکی لە باوکـم نەبیسـتبوو، هانـی من و تەبیبەی دا بۆ ئـەوەی بچینە هەمان بینای گومـرگ - کە بارەگای ناوەندیـی سـپای پاسـداران و زیندانـی باوکمـی لێ بـوو - و بڵێین بیـری بـاوکمان دەکەین. پێی وابـوو لەبـەر ئـەوەی منداڵیـن بەزەییـان پێمانـدا دێتـەوە. مـن و تەبیبـە چەنـد کاتژمێرێـک لەوێ وەسـتاین و لاڵاینـەوە. هـەر جارێـک ئۆتۆمبێلێـک دەچـووە ژوورەوە دەسـتمان بـە پاڕانـەوە دەکرد هەتـا ئـەوەی کـە ئۆتۆمبێلـی خواردن گەیشـت. لـە پشـتیەوە مەنجەڵێکی گـەورە دانرابـوو و بۆنی خواردنەکەشـی زۆر خۆش بوو. شـۆفێرەکەی سـەرباز بوو و ئێمەش کە سـەرەندەری زنجیرە پلە و پلەبەندییەکانمـان نەدەکـرد لێـی پاڕاینەوە کـە دەمانهەوێ بـاوکمان ببینین.

هەرچـی پێـی دەوتیـن کە برا گیان من دەسـەڵاتم نییە، بەم گوێماندا دەهـات و بەو گوێماندا دەچـوو! دواجـار پاسـەوانێک هـات و وتـی: "ناوتـان چییـە و لێـرە چی دەکـەن؟" بە فارسـییەکی جەغەتـاوی وڵامـیمان داوە. میهرەبـان بـوو و ئـەو دڵخۆشـی کردین. پاسـەوانەکە چـووە ژوورەوە و دوای کەمێـک هاتـەوە لامـان، وتـی: باوکتـان لێرەیـە، دەتانهـەوێ ببینـن؟" ئێمـەش پـێمان وە عـەرز نەدەکـەوت، دەسـتی لاواندنـەوەی بە سـەرمدا هێنا بەڵام نەوازشـی تەبیبەی نەکـرد، ڕەنگە لەبـەر ئـەوە کـە نامەحـرەم بـوو. وتـی: "باوکـت دێنیـن ببینـی. بـەڵام هـەر لـە حەسـار، ئەویـش بـۆ لەحزەیـەک دەتوانـن ملاقاتـی کـەن". ئێمـەی بـردە نـاو حەوشـە و ڕادەسـتی بەسـیجییەکی کردیـن. لـە کاتێکـدا کـە زەردەخەنـەی لـە سـەر لێـو بـوو، دوو قوتووی ماسـی پێـدام. لـە ژیانمدا تۆنـەی ماسـیم نەبینیبـوو، خسـتمە گیرفانم، بەڵام هەموو فیکـر و زیکرم لای بـوو و چاوپێکەوتنی باوکـم کەوتـە ژێر سـێبەری قوتـووی تۆنەی ماسـیدا.

---

١ . عەیبە

باوکمیان هێنا. هێندە دڵخۆش بوو لەبەردەم من و تەبیبەدا ئەژنۆی دادا و لە باوەشی گرتین و بۆنی پێوە کردین. پفەکێکم بە دەستەوە بوو کڕیبوومان بۆ ئەوەی لەگەڵ تەبیبە بیخۆین. باوکم بە هەیەجانەوە وتی: "ئەم پفکەت بۆ من هێناوە؟" هەر زوو وتم: "نەخێر، هی منە" و خستمە پشت قنگەمەوە و شاردمەوە! نازانم بۆچی ئەو کارەم کرد، منداڵ بووم و نەمدەفامی.

ئێستا کە خۆم ئەزموونی دوو جار چوونە زیندانم هەیە، دەزانم بۆ زیندانییەک، ئەویش زیندانییەکی تاکەکەسی، تەنانەت پفەکیش دەتوانێ خۆش بێت. نە من و نە تەبیبە هیچمان لە ژیان و زیندان و پەشیمانی و ئازارەکانی نەدەزانی و کەسمان بیرمان لەوە نەدەکردەوە کە پفەک بەشی باوکم بدەین. کاتێک قووڵایی شتەکەم بۆ دەرکەوت کە دایکم بە بیستنی ئەم قسە چەپۆکێکی دا بە سەرما و وتی:"حەک حەمرت نەمێنێ!" دایکم هەمیشە وتەیەک لە سەر زمانی بوو، دەیوت: "خودا بکات تا بابت شتێکی لێ دێ، ئێوە ئێسک و پرووسکیشتان نەمێنی". واتە باوکتان لە هەمووتان گرینگترە و هەمیشە تا کاتی مەرگی هیوای دەخوازت کە باوکم هیچی لێ نەیەت. چونکە ئەگەر باوکم شتێکی لێ هاتبا، ڕەنگە دایکم ئاتاجی ئێمە ببوایە.

چاوپێکەوتنەکەمان کورت بوو و بە هاتنی پاسدارێکی تورک زمان بە زاراوەی خۆجێییەوە کە پاڵێکی بە باوکمەوە ناو و بردییە لای درگا ئاسنیە خۆڵەمێشیەکەی زیندان، ئەوەندەی تر کورت بووەوە. وتی:" گووی خواردووە ئەو کەسەی ئیزنی ئەم چاوپێکەوتنەی داوە!" ناکۆکیی نێوان پاسەوانە تورک و فارسەکان کە زۆربەیان لە شیراز و کرمان و یەزدەوە لە کوردستان خزمەتیان دەکرد، شتێکی تازە نەبوو، باوکم بە تورکی پاڕاوە کە زیاتر بمانبینێ و هەر لەبەر ئەوەش جنێوی پێدرا.

● وێنەی ٧٨. پاسدار موقبیلی، بەرپرسی ئیتلاعاتی سپای پیرانشار، ١٣٦٠ی هەتاوی (١٩٨١)

من پێشتر لێدانی باپیرم و مامم و پاڵ پێوەنانی داپیرەمم لە لایەن هێزەکانی بەسیجەوە بینیبوو. هێزە تایبەتییەکانی سپا هاتنە گرداشەوان و بە تۆمەتی ئەوەی کە لە ماڵەکەی خۆماندا داڵدەی پێشمەرگەمان داوە زۆریان لە خاڵۆکانم و مینەقازیی باپیرم دابوو. باپیرمم پێ پیاوێکی ئازا و مەزن بوو. ئەو ڕۆژە هاوینییەی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی (١٩٨٣) چەکدارە کوردەکانیش باپیرمیان لە ماڵ ڕاپێچ کرد و لەبەرچاوی ئێمەوە بە قۆناغە تفەنگ لێیان دا.

وەک شتێ لەوەتەی تێگەیشتبوون کە خەڵک بە جاش و بەکرێگیراو ناویان دەبەن، هێندەی تر توند ببوون. بەردەوام پاڵیان پێوە دەنا و ئەویش خۆی فڕێ دەدایە

نـاو ڕووبارەکـە، بـەڵام وازیـان لـێ نەدەهێنـا و هەتـا توانیان لـە باپیرمیـان دا. ناخۆشتر لـە ئازاری ئـەو قۆناخـە تفەنگانـەی کـە لـە سـەر و سـەکت و کەلەکـەی باپیرمیـان دەدا ئـەوە بـوو کـە کوردە چەکـدارەکان ئـەو کارەیان دەکرد. کەسـانێک کـە وەک خۆمان کورد بوون، بەڵام سـەر بە ڕژێمی کۆمـاری ئیسلامـی. جنێـوی وایـان دەدا لـە جـەرگ و دڵ کاری دەکرد. بەڵام هیچیـان هێندەی ئـەوەی تـاڵ و بێڕێزانـە نەبـوون، کـە باوکـم لـە شـەرمان نەیدەتوانی سـەیری چاوەکانمـان بکات.

دواتـر بـۆم دەرکـەوت ئـەو پاسـەوانەی دەسـتی دڵدانـەوەی بـە سـەرمدا هێنا و ماسـی تۆنەی پێـدام، جەهانگیـر موقبیلـی بـوو. هەمـان ئـەو کەسـەی کـە فەرمانـی دەسـتگیرکردنی باوکمـی دەرکردبـوو. مـن لـەو کاتەدا منداڵ بـووم و ئەم میهرەبانییەم پێ خۆش بوو، بـەڵام دواتر بەتایبەت لـە هەڕەتـی هەرزەکاریـدا کـە هەسـتی نەتەوەپەرسـتیم بـۆ ماوەیـەک بەهێزتـر ببـوو، شـەرمم لەو هەسـتە دەکـرد. بۆچـی دەبـێ ئـەو کەسـەم خـۆش بـوێ؟ ئـەو سـەرۆکی سـپای پاسـداران بـوو، باوکمـی گـرت و خەڵکێکـی زۆر بـە فەرمانی ئەو یان لە لایـەن ئەوەوە ئەشـکەنجە دران و تەنانەت کـوژران و لە سـێدارە دران.

پیاوی ماڵەوە، جاشەکان و خۆسووتاندنی دایکم

لـە وەهـا بارودۆخێکـدا خەڵـک ناوبژیوانێـک دەدۆزنـەوە کـە هـاوکاری حکوومـەت بێـت. ئـەو سـەردەمە بەشـێک لـە ناوبژیوانەکان کوردانی چەکداری سـەر بـە حکوومەت بوون یـان کوردانی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی عێـراق (سـەرکردایەتیی کاتـی)، کـە پەنایـان بۆ ئێـران هێنابوو و پەیوەندییەکـی نزیکـی سـەربازی و هەواڵگرییـان لەگـەڵ سـپای پاسـداران هەبـوو. بەشـێک لە هێزەکانـی سـەرکردایەتیی کاتـی لـە پیرانشـار نیشـتەجێ بـوون و چەندیـن بـارەگا و بنکەیـان هەبوو. یەکێک لە بارەگاکانیان لە گوندی شـیناوێ بوو. پێشـمەرگەکانی پارتی بە سەرپەرشـتیی کەسـێک بـە نـاوی ملازم عەلـی بەخشـی، گـردە مێژوویی‌یەکـەی محەمـەد ئەمیـن ئاغـای ئەمیـن عەشـایرییان لـە سـەرووی گونـدەوە، گرتبـوو. دوای دەستبەسـەربوونی باوکـم، مـن و دایکـم پێیـەکمان لـە بنکەکانـی قیـادە لە شـیناوێ و پێیەکمان لـە نەغـدە و ورمێ بـوو.[1] هەندێک جار مامـم لەگـەڵمان دەهـات. ئێمـە دەگریاین بـۆ ئەوەی چاومـان بـە فەرماندەکانی قیـادە بکەوێ و سـەبارەت بـە باوکـم لەگەڵیاندا قسـە بکەین.

ئـەو ڕۆژانـەی کـە باوکـم لامـان نەبـوو، زۆر جـار پێیـان دەگوتـم تـۆ پیـاوی ماڵیـت و پیـاوی

---

١. لـە سـاڵانی ٥٩ هەتـا ٦١ی هەتـاوی پارتی(قیـادە) لـە ورمـێ و [سـیلڤانا] و [ڕاژان] بنکـە و ناوەنـدی حیزبـی هەبـوو. لەو سـاڵانەدا مەسـعوود و ئیدریـس بارزانـی زیاتـر لە ورمێ و ڕاژان بوون. لە ڕاسـتیدا هێزەکانی پارتی تا شـەڕی کەنـداوی فارس و پێکهێنانـی حکوومەتـی هەرێمی کوردسـتان لە سـاڵی ١٩٩١ لە ئێران بـوون. پارتی دیموکراتی کوردسـتان، کورتکراوەی پ. د. ک یـان ک. د. پ و بـە پارتـی نـاسراون، پارتێکی ناسیۆنالیسـتی کوردی لە وڵاتی عێراق و هەرێمی کوردسـتانی باشـوورە و پێکهێنـەری سـەرەکی حکوومەتـی هەرێمی کوردسـتانە. دامەزرێنەری ئـەم حیزبە مەلا مسـتەفا بارزانی بوو.

ماڵەوە بوون بە لامەوە هەستێکی نامۆ بوو. کەسایەتییەکی درۆیینی لە منداخولقاندبوو کە نەمدەزانی چی لێ بکەم. ئەم هەستە لەوێوە سەرچاوەی دەگرت کە منداڵ بووم و قورسایی ئەم بارگرانییە تووشی دڵەڕاوکێ و سەرگێژەی دەکردم. یەکێک لە بەرپرسیارێتییەکانم وەک پیاوی ماڵ، ئەوە بوو کە لەگەڵ دایکم بم. پێکەوە چووینە ورمێ بۆ بینینی ئیدریس بارزانی، کوڕی گەورەی مەلا مستەفا بارزانی و باوکی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستانی باشوور، کە دوای چەند مانگێک لەم دیدارە بە جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی کرد.[1]

کۆبوونەوەکەمان زۆر کورت و لە ڕێگەی ناوبژیوانەوە بوو، لە کاتێکدا ئێمە لە سەرێکی ژوورەکە دانیشتبووین و ئەویش لە سەری دیکەی ژوورە گەورەکە دانیشتبوو، قسەکانمان یان باشتر بڵێم لاڵانەوە و پاڕانەوەکانمان پێ گەیاند. چەند ساڵ دواتر کە لە لەندەن بووم چەندین جار مەسعوود بارزانی و نێچیرڤانی برازاییم لە پارڵەمانی بەریتانیا و توێژینگەی چەتم هاوس[2] و جێگاکانی دیکە بینی. لە یەکێک لەو دیدارانەدا ئەم یادەوەرییەم بۆ یەکێک لە هاوپۆلەکانی زانکۆم کە هاوڕێی مەسعوود بارزانی بوو، گێڕاوە کە چاوی پڕ بوو لە ئاو، ئەویش هەمان چەرمەسەریی منی بەسەر هاتبوو.

پێوەندیی سیاسیی نێوان پارتی (قیادەی مووەقەت) لەگەڵ ئێران وای کردبوو کە زۆرێک لەو کوردانەی کێشەیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و ناوەندە دادوەری و ئەمنییەکان هەبوو، بۆ یارمەتی ڕوویان لەوان دەکرد، چوونکە هەندێ جار بە شێوازێکی کاریگەر ناکۆکیی نێوان خەڵک و ڕژێمیان چارەسەر دەکرد، هەرچەندە دەسەڵات و توانای کارگێڕی و دەستێوەردانی ئەوتۆیان نەبوو. ئەو کات لە پەیوەندییە سیاسییەکان و جیاوازیی نێوان ڕەوتە سیاسییەکان و خەڵک لەگەڵ سەرکردایەتیی کاتی زۆر باش تێنەدەگەیشتم، بەڵام دوای ئازادکردنی باوکم و لە مانگی کۆتایی ساڵی ١٣٦١دا (١٩٨٣ ز) کە هێزەکانی سەرکردایەتیی کاتی لە گوندی دیلان چەرخ کەریم یەکاوی خزمانیان لەگەڵ دەیان گوندنشینی تری خەڵکی کەرێزەی شکاک بە بێ هیچ تاوانێک کوشت، یان شانبەشانی سپای پاسداران ناوچەکەیان پاکتاو دەکرد، بڕوام نەدەکرد کە ئەمانە هەمان ئەو کەسانەن کە من بۆ ئازادکردنی باوکم لێیان دەپاڕامەوە.

مامم بەردەوام دەچوو بۆ ناوەندەکانیان لە گوندەکانی سیلڤانا و ڕاژان و نەیتوانی برایانی بارزانی، کە دەسەڵاتدار بوون، ببینێ و بە وتەی خۆی بۆ ڕزگارکردنی باوکم لە زیندان واژۆیەکیان لێ بستێنێت. من هەمیشە لەگەڵ دایکم بووم. دەیانوت دایکت ژنێکی جوان و

---

١ . بە پێی گێڕانەوەی بنەماڵەی بارزانی، ئیدریس بارزانی، کاتێک فڕۆکە عێراقییەکان؛ کەمپی زێوەیان لە مەرگەوەڕی ورمێ بۆردومان کرد و دەیان پەنابەریان بریندار کرد و کوشت، تووشی جەڵتەی دڵ بوو و کۆچی دوایی کرد.

2. Chathem house

جحێـڵ و تەنیایـە و دەبـێ تـۆ لەگەڵـی بیـت. هەمیشـە دەیانگـوت دەبێ ئـاگات لە دایکـت بێ و زیاتـر نەنکـم ئـەم قسـەی بـە گوێمـدا دەدا. مـن نەمدزانـی ئاگالێبـوون چۆنـە هەتـا ئـەوەی کـە ڕووداوێـک ڕایچڵەکانـدم. من و دایکم چووینە بارەگای سـپای پاسـداران لـە باڵەخانەی گومرگ. ئـەو ڕێگایـەی کـە دەبـوو بیبڕیـن پـڕ بـوو لـە پیـاوی چەکـدار کـە جلوبـەرگ و زمانەکەیـان دەریدەخسـت کـە کـوردن. پاڵیان بـە دیواری گومرگـەوە دابـوو و جگەرەیان دەکێشـا. یەکێکیان تەعلیقێکـی لـە دایکـم دا و پێم وایە لۆیەکی چارشـێوەکەی کێشـا. دایکم قیژەیەکـی کرد و پیاوە چەکدارەکانیـش پێکەنیـن. دایکـم کـە ماوەیـەک بـوو نەیاندەهێشـت چـاوی بـە باوکـم بکـەوێ، تـووڕە بـوو و هـاواری کرد: "هەی جاشـینەی بێشـەرەفینە. تفەنگـی حکوومەتتان لە شـان کردووە و لەگـەڵ کـوردان بـە شـەڕ دێن". حەپەسـا بـووم، نەمدەزانی چی بکـەم. پێیان وتبـووم ئاگات لە دایکـت بـێ، تـۆ پیاوی ماڵی و ئێسـتاش ئەوە پیاوێکی چەکـدار پەلاماری دایکمـی داوە و منیش زیتزیت سەیر دەکەم. دایکم دەستی منی بە تووڕەییەوە گرت و بەرەو ماڵ بووینەوە.

● وێنەی ٧٩. پێشمەرگەی موسڵمانی حکوومەتی، جاشە خۆماڵییەکان

پێـم وابوو کە ئەگەر لە تەنیشـت دیوارەکەوە بڕۆشـتبام، ئـەوان نەیاندەتوانـی تەعلیق لە دایکم بـدەن و پەلامـاری بـدەن. مـن خەفەتـم دەخـوارد و خۆمم سـەرکۆنە دەکـرد. نەمدەتوانـی لەوەی ڕووی داوە تێبگـەم، بـەڵام دوای ئـەوە زیاتـر لـە چەمکـی ئـاگات لـە دایکـت بێت، تێگەیشـتم. بۆ هـەر کوێیـەک بڕۆیشـتبایەین کـە کۆمەڵـێ پیـاو لـەوێ ببایـەت، مـن لـە نێـوان دایکـم و ئەوانـدا ڕادەوەسـتام. هەوڵـم دەدا پەرژینێـک لـە دەوری دایکـم دروسـت بکەم بـۆ ئەوەی پارێـزراو بێ، لە ناو پاسـدا لە تەنیشـت پەنجەرەکەوە دامدەنیشـاند و خۆشـم لە ناوەڕاسـتدا دادەنیشتم بۆ ئەوەی هیـچ پیاوێـک لـە دایکـم نزیـک نەبێتەوە و بە گشـتی بەرامبەر بـەو توندوتیژییەی کە لە شـەقام و

شـوێنە گشـتییەکاندا ڕووی دەدا، هەسـتیارتر ببووم[١].

بـۆ ماوەیەکـی زۆر نەمانتوانـی سـەردانی باوکـم بکەیـن و گریـان و لاڵانـەوەی منداڵانەمـان ئیـدی کاریگـەر نەبـوو. بـە ڕەفتاری دایکمـدا دەمانزانی کـە وەڕەز بـووە و ئەو ڕۆژە سـەختانە تەواو بڕسـکی بڕیبـوو. دواتـر بـۆی گێڕاینەوە کـە بەیانییەک بە ئەسـپایی گاڵۆنێکـی ٢٠ لیتریی نەوتی هەتـا نیـوە پـڕ کـردووە و چووەتـە بینـای ناوەندیـی سـپای پاسـداران. لەبـەردەم دەرگای چوونـە ژوورەوە گاڵۆنـە نەوتەکـە و شـقارتەیەک لـە بـەر پشـتوێنەکەی دەردێنـێ و دەڵـێ ئەگـەر نەهێڵـن مێردەکـەم ببینـم ئـەوا خۆم دەسـووتێنم.

پاسـەوانەکان خێـرا لـە سـەربان و دەرگای چوونـە ژوورەوە چەکەکانیـان ڕوو دەکەنـە دایکـم. ڕێبـواران دەترسـن و کەشـەکە نائـارام دەبێـت. موقبیلی، یان بـاشتر وایە بڵێم لێپـرس و هۆکاری گیرانـی باوکـم، بـە دایکـم بەڵێـن دەدا کـە دەتوانـێ بـەم زووانـە باوکـم ببینێـت. دایکـم کـە لـەم بەڵێنانـەی زۆر بیسـتبوو، بـاوەڕی نەکـرد و پێداگـری کـرد کـە دەبـێ هـەر لـەو سـاتەدا چـاوی بە باوکـم بکەوێـت. موقبیلـی کـە دەبینـێ چـاری نییـە، ڕاسـتییەکەی دەڵـێ و بـە دایکـم دەڵـێ کە باوکـم ڕادەسـتی زیندانـی ورمـێ کـراوە. هێنـدە ناپیـاو بـوون کـە بەرامبـەر تەنگەتاویـی ئێمـەی منـداڵ و ئازارەکانـی دایکـم بێدەنگ بـوون و نەیاندەگوت بڕۆن لە ورمـێ زیندانییەکەتان ببینن.

دوو سـێ جـار بـۆ سـەردانی باوکـم چووینـە زیندانـی ورمـێ و مامیشـم دوو جـار لەگەڵمانـدا هـات. ئەومـان لەگـەڵ بـوو و کاروبارمانـی ڕادەپەڕاند، بـەڵام خزمانی دیکەی باوکم هیـچ ئاوڕیان لـێ نەداینـەوە. هەندێکیـان بە هۆی ئاوارەییەوە دەیانناڵاند و ژیانێکی پڕ لە مەینەت و سـەختیان هەبـوو. داپیـرەم دەیگـوت: "وەختایەکـی کەریمی دەزگیـر کرا، بنەماڵەیەک کە دەیانگوت پشـت و پەنـای یەکدیـن، ئەلحانـێ لـە کوێـن؟ چ دەکـەن؟ پاشـی چەنـد سـاڵ مەجبـوور بووینـە بـۆ تێرکردنـی زگمان لـە ماڵـی خەڵکی نـان بپێژین!"

ئێمـە دۆخـی ئابووریمان بـاش نەبوو. موقبیلـی و زەبانبەرقەفا بوون و نەبوونمانیـان تاڵان کرد و لـە ماڵـی باپیرمـەوە یارمەتییـان دەدایـن. دایـک و داپیـرەم لـە ماڵـی خەڵکـدا نانیـان دەکـرد و پیشـەی نانکردنـی نەنکم دیسـان فریای کەوتەوە. لـە بیرتانە گوتم نانی خۆش تـام و بۆنی نەنکم بـوو بـە هـۆی ئەوە کـە قەرەنی ئاغـا ئەربابی پەسـوێ تەڵاقی لە مێردە پێشـووەکەی بـۆ وەرگرێت. لـەو سـەروبەندەدا دۆخەکـە نائـارام و ناجێگیـر بـوو، شـەوانە تەقـەی تفەنـگ خـەوی لـە چاومـان تۆراندبـوو. ئێمـە لـە ناوەڕاسـت و چەقـی نائارامییەکانـدا بوویـن. ماڵەکەمـان نزیکـی بـارەگای

١ . لـە ئێـران و لـە کوردسـتاندا تەعلیقدانـی پیـاوان لـە ژنـان هەتا ئێسـتاش بـاوە، کـە نموونەیەکی ڕوونـی ئازاردانە لە شـوێنە گشـتییەکاندا. هەرچەنـدە لـە یاسـای سـزادانی ئیسلامـی ئێرانـدا، سـزای بـۆ دیـاری کـراوە، بـەڵام بـە گشـتی بەدواداچوونی بـۆ ناکرێـت. بەشـێک لـەم تەعلیـق خسـتنانەی کـە لـە زمانـی کوردیـدا هەیـە، ڕەگـی لـە خەڵکناسـی و فەرهەنگی گشـتی و ڕەگەزێتیـدا داکوتـاوە لـە پێوەنـدی لەگـەڵ ژینگـەدا هـەوڵ دەدەن ژن بـە باڵنـدە و ئاژەڵـە جوانـەکان (وەکوو تاووس و ئاسـک و هتـد) بشـووبهێنن و هەندێـک جـار گاڵتەجاڕتریـن تەعلیـق بـۆ کچـان بـەکار دێنـن کـە دەبێتە هـۆی پێکەنیـن و جەفەنگ.

ناوەندیی سپای پاسداران و بینای ئیتلاعات بوو، کە شەڕ لەوێ ڕووی دەدا. نەنکم دۆشەگەکانی بە پشت شووشەی پەنجەرەکانەوە دەنا و کاتێک دەمانگوت فیشەک دۆشەگە دەبڕێ، دەیگوت ڕەنگە خێراییەکەی خاو بکاتەوە. لە ناو ئەو هەموو دڵەڕاوکێ و ترس و ململانێیەدا، شێوازی بیرکردنەوەی نەنکم وەپێکەنینی دەخستین، کە ئەم پێکەنینەش دڵگەرمی دەکردینەوە.

● وێنەی ٨٠. باوکم (یەکەمی لای ڕاست) لە زیندانی دەریا، ورمێ، ١٣٦٠ی هەتاوی (١٩٨١)

ئەمە لە کاتێکدا بوو کە لە نەبوونی پیاوی بنەماڵەدا، من پیاوی ماڵەوە بووم. باشە بۆ مەگەر من چەند ساڵ تەمەنم بوو؟ ئێستا کە بیری لێدەکەمەوە، بەزەییم بە خۆمدا دێتەوە. لەوپەڕی تافی منداڵیدا ناچار بووم گەورە بم و وەک پیاو هەڵسوکەوت بکەم. چون بەردەوام لە هەموو لایەکەوە پێیان دەوتم تۆ تاقە پیاوی ماڵی و ئەم بارگرانییە لەسەر شانم دانرا کە لە توانای منێکی منداڵ بەدەر بوو. هەر لەبەر ئەمەش لە بارودۆخە جیاوازەکانی ئەو سەروبەندەدا هەستم بە سەرسوڕمان و سەرلێشێواوی و ترس و توڕەیی و شەرمەزاری و سووکایەتی دەکرد، من تەنیا منداڵێک بووم و تاقەت و توانام بۆ ئەم هەموو بەرپرسایەتی و هەستە ناخۆشانە گچکە و بەرتەسک بوو.

لە زستانی ئەو ساڵەدا باشم لە بیرە کە چرای کارەبایی چێشتلێنان تازە هاتبووە بازاڕ، یان باشتر بڵێم هاتبووە کوردستان. ئێمە پارەی پێویستمان نەبوو، بەڵام دایکم چرایەکی بە قەرز کڕیبوو کە زۆر زوو خراپ بوو. پارەمان نەبوو بیبەین چاکی بکەینەوە، من پیاوی ماڵ بووم و دەبوو شتێک بکەم. کتێبی حێرفەوفەن[1]ـی خوشکەکانمم هێنا بۆ ئەوەی بزانم چۆن ئامێرە کارەباییەکان چاک بکەمەوە. لە کۆتاییدا ڕۆژێک لە ژێر فشاری پیاوی ماڵبوون، بە دەڕنەفیز و نووکی چەقۆ چراکەم کردەوە، فەنەرەکەیم دەرهێنا و توانیم وایەری لوولپێچی دەوری خشتە گڵینەکەی کە سووتابوو، بکەمەوە. وایەرەکانم کەمێ کێشا، لێکم نزیک کردنەوە و گرێم دان. کاتێک لە کارەبام دا و ئیشی کرد، گەشامەوە.

قسەی خۆمان بێ، لە ئەنجامدا پیاوی ماڵ کارێکی لە دەست هاتبوو و لەو گرفتاری و

---

١. واتا پیشە و تەکنیک(بە فارسی: حرفە و فن): وانەیەکە لە قۆناغی ناوەندی ئێران، کە قوتابیان فێری هەندێ شارەزایی ژیانی ڕۆژانە و تەکنیکی چاککردنەوەی کەلوپەلی ئەلیکترۆنی و هتد دەکات. وەرگێڕ.

بێپارەییەدا ئامێرێکی زۆر پێویستی چاک کردبووە. نەنکم کەیفی ساز بوو و بە فەخرێکەوە دەیگوت: "کامیل ئەو کارەی کردووە!" ئەم کارە وانەیەکی باش بوو بۆ من. من بۆم دەرکەوت کە بەسامی و ئاڵۆزیی زۆرێک لە ئامێر و کەرەستەکان شتێکی ڕواڵەتیانەیە و هەر کە ڕواڵەتی جوان و دیکۆراتی یان ڕەق و تەقەکەی لا ببەین، میکانیزم و پاژەکانی ناوەوەی زۆر لەوە سادەترن کە ئێمە بیری لێ دەکەینەوە و زۆر لەیەک دەچن. پێم وایە ئەمە نەک هەر سەبارەت بە ئامێر و کەرەستەکان بەڵکوو سەبارەت بە زۆرێک لە پیشەکان، پێکهاتە سیاسییەکان، ڕێکخراوەکان و تەنانەت مرۆڤەکانیشدا ڕاستە.

زللەیەک بۆ ئاوگۆشت

یەکەم جار کە بۆ بینینی باوکم چووینە ورمێ، چووینە ماڵی مام عەزیز کوڕە گەورەکەی ئاغای جەڵدیان کە هاوشاریی باوکم و مامم بوو و شەو لەوێ ماینەوە. ناوبراو هەوڵی دا بۆ ڕزگارکردنی باوکم شتێک بکا، بەڵام نەیتوانی. جارێکیان لەگەڵ مامم ڕۆیشتین بۆ دیداری باوکم، بەرامبەر زیندانەکە چایخانەیەکی کۆن هەبوو کە خواردنیشی تێدا ساز دەکرا و هەمیشە پڕ بوو لە دووکەڵی جگەرە. بە زیندانی ورمێیان دەوت زیندانی دەریا، چون دەکەوێتە تەنیشت گۆلی ورمێ. ئەو ڕۆژە باران دەباری و ئێمە بۆ ئەوەی باران تەڕمان نەکا بە بێ ئەوەی شتێک بکڕین چووینە ناو چایخانەکە. بۆنی کەباب و ئاوگۆشت مەستی کردبووین، جا چون نازاداریش بووم وام دەزانی مادام نەنکم لەگەڵمانە، هەموو شتێکم بۆ دابین دەکرێت. ئەوە یەکەم جار بوو کە بینیم ئاوگۆشت لە قاپی گڵینە بە سەوزە و پیازەوە دەهێنرێتە سەر مێز و بە گۆشتکوتی چێوی گۆشت و نۆک و شتەکانی ناوەوەیان دەکوتا. پێشتر هەمیشە شۆربای کوردیم خواردبوو، کە نانی تێ دەگووشن.

گریام و گڕووم گرت، هەرچی دایکم و پوورم بە گوێمدا سرتاندیان کە داوا مەکە ئەوەندەمان پارە پێ نییە، وازم نەهێنا. بۆ یەکەمین و دواییین جار مامم لە بێ دەرەتانیدا زللەیەکی پێمدا ڕاکێشا. پارەی نەبوو، جگە لە منیش سێ منداڵی دیکە لەوێ بوون و پەڵپ و بیانووەکانم وەڕەزی کردبوو. زللەکەی ئەوەندە ئێشی بوو کە تا توانیم قیژاندم و نەنکیشم هاواری کرد، جا وەرە کاکە چایخانەمان خستە سەر سەرمان. دایکم هیچی نەوت بەڵام بە خۆیدا شکاوە. نەنکم جوێنی بە مامم دا و بەهاوارەوە گوتی: "دەک ئەحمەد دەستتت شکێ، ئەوە چۆن توانیت لە کوڕەکەی کەریمت دا؟ بابی لە زیندانێیە. منداڵە ئاوگۆشتی پێ خۆشە! هەر ئەلحان گوارەکەم دەفرۆشم و بۆ هەمووتان ئاوگۆشت دەکڕم". دایکم دەستی گرت و نەیهێشت. دواجار ئاوگۆشتیان بۆم کڕی بەڵام پاروەکانم هەر بە هەنسک و گریانەوە قووت دەدا. ئەو ڕۆژە بۆ یەکەم جار لە مانای ڕاستەقینەی هەژاری و نەبوونی تێگەیشتم، سووکایەتی

و داماوی و تووڕەییەک کە دەرهاویشتەی هەژارییە و ئەم هەژارییە ئەنجامی سیستەمێکی سیاسیی نگریس بوو کە منی لە باوکم دابڕیبوو.

یەکێک لە ئەزموونەکانی ترم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە لە ژووری چاوپێکەوتن، تەلەفۆنم بینی. تەلەفۆنەکە لە دیوەکەی تری ئەو شووشە ئەستوورەی بوو کە لە یەکتری جیا کردبووینەوە و دەنگی باوکمی پێمان دەگەیاند. پێی سەرسام بووم و زۆر وێنەی ئەو ڕۆژەم لە بیر ماوەتەوە. هێز و دەسەڵاتی حاکم و هەیمەنەی ترسناکی پاسەوانانی زیندان و دیوارە بەرزەکان و تەلی درکاوی و چەکدارە ڕیشووەکان لە لایەک و هەموو ئەو ژنە چاو پڕ لە ئەسرینانەی کە هەمیشە بە چارشێو دەموچاویان دادەپۆشی و ئەو پیاوە داماوانە کە خەندە و بزە بە ڕێبواریش بە لای لێویاندا نەدەهات زیاتر زیندانی لەبەر چاوم ترسناک دەکرد.

منداڵەکان بە سەرسوڕمانەوە سەیری باوکیان دەکرد و نەیاندەزانی کە بۆچی ناتوانن لە باوەشی باوکیاندا بن. هەندێک جار بوونی شووشەکەیان لەبیر دەچووە و دەیانویست لە یەکتر نزیک ببنەوە، کە سەریان وەبەر شووشەکە دەکەوت. دوای چل ساڵ، ئەم ئەزموونە بۆ من و کوڕەکەم لە زیندانی ئەوینی تاران دووبارە بووەوە و لە کاتی دیدارە تەلەفۆنییەکانماندا، کە ویستمان یەکتر ماچ بکەین و لە باوەش بگرین، سەرمان لە شووشەکە کەوت. ئەو دیمەن و ئەزموونانەی کە بۆ من دووبارە دەبوونەوە ...

زیندان بۆ باوکیشم ئەزموونی سەیر و سەمەری هەبوو. لە شتانێک تێگەیشتبوو کە نەدەبوو لە هیچ شوێنێک بیاندرکێنێت. بۆمانی گێڕایەوە: "کاتێ بە زیندانییەکانم گۆت نیوەی پووڵەکە ئەحمەد زەبانبەرقەفا بردوویەتی و موقبیلیش هاوکاری بووە، ئامۆژگارییان کردم کە ئەوە لای کەس باس نەکەم، دەنا بە تاوانی تۆمەت بەستن بۆ سەرۆکی سپا کە تازە کوژرابوو ئیعدامت دەکەن." باوکم چەند ساڵێک زیندانی بۆ بڕایەوە، بەڵام نۆ مانگ لە زیندان بوو و دوایی ئازاد کرا.

دەستوخەتی بارزانی

دیداری مامم لەگەڵ ئیدریس بارزانی بووە هۆی ئەوەی باوکم لە زیندان ئازاد بکرێت. هەرچەندە ئێمە هەرگیز لە هۆکار و وردەکارییەکان تێنەگەیشتین. یەکێک لە قیادەکانی دانیشتووی نەغەدە، کە ئامادە نەبوو هاوکاری سپا بکات و بچێتە بەرەی شەڕ لە دژی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و لە شاری نەغەدە خۆی سەرقاڵی کاری بیناسازی و کۆکردنەوەی گژ و گیای بەهاری کردبوو، ئامۆژگاریی ماممی کردبوو کە بۆ وەرگرتنی نامەیەک لە ئیدریس بارزانی بچێتە بارەگای سەربازییان لە گوندی سیلقانای سەر بە شاری ورمێ. ئەو سەردەمە زۆر کەس پێیان وابوو ڕۆیشتن بۆ سیلقانا وەکوو کەوتنە ناو ئاگری شەڕی نێوان قیادە و حیزبی

دیموکراتە و بەشێک لە کوردانی ناوچەکەش زۆر لە سەرکردایەتی کاتی و تۆڵەسەندنەوەیان دەترسان. مامم دەچێتە بارەگا سەربازییەکەیان و سێ ڕۆژ لە پشت بازگەکەوە چاوەڕێ دەبێت کە بتوانێ ئیدریس یان مەسعوودی برای لە ناو کاروانی ئۆتۆمبێلەکاندا ببینێ و داواکارییەکەی بداتە خۆی یان ئەندامێکی نووسینگەکەی.

لە ڕۆژی سێیەمدا لە ناکاو یەکێک لە ئۆتۆمبێلەکان لەبەردەمیدا ڕایدەگرێت و ڕەحمان کەریمی هاوڕێی سەردەمی منداڵیی پێی دەڵێت «ئەحمەد لێرە چ دەکەی؟» پێشتر گوتبووم ڕەحمان کەریمی خەڵکی جەڵدیان و هاوڕێی مامم بوو، ڕەحمان یەکێک لە فەرمانده باڵاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو کە بەم دواییە لە حیزب هاتبووە دەرەوە و لەگەڵ گرووپی ناسراو بە گرووپی حەوت کەسی، حیزبێکی نوێیان دروست کردبوو و بە پشتیوانیی سەرکردایەتیی کاتی سەرقاڵی دانوستان و پەیوەندیسازکردن لەگەڵ حکوومەتی ئێران بوون. ڕەحمان یەکێک لە ڕاوێژکارە نزیکەکانی بارزانییەکان بوو و کاتێک مامم باسی گیرانی باوکمی بۆ دەکات، نامەکە وەردەگرێت و دەیداتە ئیدریس بارزانی کە لە ئۆتۆمبێلی پاشەوەدا دەبێت. ڕەحمان و ئیدریس بە مامم دەڵێن سبەی بۆ وەرگرتنی وەڵام وەرەوە.

● وێنەی ٨١. ئیدریس، سابیر و مەسعوود بارزانی

ڕۆژی دواتر مامم لەگەڵ ڕەحمان کەریمی دەڕواتە لای ئیدریس بارزانی. ئیدریس لەسەر پێشنیاری ڕەحمان نامەیەک بۆ بەڕێوەبەری دادگای ورمێ دەنووسێ و بەم ناوەڕۆکەوە کە بەشێک لەو دینارانەی کە باوکم بە تاوانی هەڵگرتنی دەستبەسەر کراوە، هی حیزبەکەی ئەوانە و دەبێ ئازاد بکرێت. مامم چاوەڕێی ئەوە دەکا کە دوادێری نامەکە بنووسرێ، بەڵام کەسێک بەپەلە هەواڵ دەدات کە هێزەکانی سەرکردایەتی و هێزەکانی سپای پاسداران لە دەڤەری ڕاژان کەوتوونەتە ململانێیەکی توند لە دژی پێشمەرگەکانی حیزب. نووسینی نامەکە ڕادەگیرێت و ڕەحمان کە لەگەڵ بارزانییەکان خۆی بۆ شەڕ دژی حیزب ئامادە دەکات، بەڵێن بە مامم دەدا کە خۆی نامەکە دەگەیەنێتە دادگا.

ئەمە دوادیداری مامم لەگەڵ ئیدریس بارزانی و ڕەحمانی هاوڕێی منداڵیی بوو کە ڕێگایەکی زۆر جیاواز لەوی گرتە بەر. ڕەحمان ماوەیەک دواتر لە کاتی کۆکردنەوەی ئەو

چەکانـەی کـە سـپای پاسـداران دابـووی بـە سـەننار مامـەدی، لـە گەورەکانـی خێڵـی مامەدی، لەلایـەن سـەنناڕەوە بـە تاوانـی خیانـەت دادگایـی و تیربـاران کـرا. سـەننار مامـەدی یەکێـک لە ئەندامانـی ئـەو تاقمـە حـەوت کەسـییە بـوو کە لـە حیزبـی دێموکـرات جیـا بوونـەوە و حیزبێکی نوێیـان بـە نـاوی ئـارارات دامەزراند. سـەننارییش پاش ماوەیـەک کە قاچاغ بوو، لە ئێـران هەڵات. سـەرکردەکانی سـپای پاسـدارانی ئینقلابـی ئیسلامـی لـە ڕێوڕەسـمێکی فەرمـی و سـەربازیدا تەرمـی ڕەحمان کەریمییـان گەڕانـدەوە بۆ جەڵدیان و لە پرسـەکەیدا بەشـدارییان کـرد، ئەمەش وای کـرد کـە لـە نـاو هەندێـک کەسـدا بەدنـاو بـێ و وەک خیانەتـکار بـە نەتـەوە و ئامانجەکانـی گەلـی کـورد بنـاسرێ، هەڵبـەت پێـشتر حیزبی دێموکـرات بە ئاشـکرا بـە خائینـی ئامانجەکانی گەلـی کـورد ناودێـری کردبوو.

ئـەوەی دەیتوانـی تاوانـی باوکـم سـووک بکاتـەوە ئـەوە بـوو کە تۆمەتـی چالاکیی سیاسـی لە سـەر لا ببرێ و وا پیشـان بـدرێ کـە کەریم ئەحمەدی کاسـپکارە و ژن و منداڵـی هەیە. دادوەری دادگاییکردنەکـەی باوکـم مەلایـەک بـوو کـە زۆر بـە کورتـی و لـە مـاوەی چەنـد خولەکێکـدا حوکمـی دا و زۆر قسـەی تفـت و تاڵیـی بـە باوکـم وتبـوو. لەبـەر ئـەوەی باوکـم خەڵکـی نەغـەدە بـوو و لـە سـەرەتای ئینقلابـدا بـە هەڵگرتنی چەکی گـەرم تۆمەتبار کرابـوو، و باوکـم گەلێ خزم و کەسـوکاری دێموکراتـی هەبـوو و لە هەمووی گرنگتر ڕاپۆرتی بەرپرسـێکی بـاڵای وەکوو موقبیلی لەسـەر دۆسـیەکەی بـوو. موقبیلـی بـۆ دادوەری نووسـیبوو، کەریم ئەحمـەدی بە نـاوی حیزبەوە بازرگانـی کـردووە یـان پـارەی ئەوانـی بەدەسـتەوە بـووە. باوکـم هیـچ هیوایەکـی نەبـوو کـە بـە زوویـی ئـازاد بکرێـت. کەسـیش نەیدەزانـی دادگای ئینقلاب بە نیـازە چۆن مامەڵـە لەگەڵ باوکم و تۆمەتـە ڕەپاڵخراوەکانـی بـکات. تاکـە بەختـی باوکـم ئـەوە بـوو کـە ئـەو بـڕە پـارەی لـە ڕاپۆرتـی دادگادا نووسرابـوو، زۆر کـەمتر لـەو بـڕە پـارەی بـوو کـە کاتـی گیرانـی پێـی بـووە. ڕۆژێـک بەبـێ ئاگادارکردنـەوەی پێشـوەختە، بانگیـان کـرد. باوکـم پێی وابووە بـۆ بینینی براکەی لـە ژوورەکەی دەیهێننـە دەرەوە، بـەڵام پێی وتـراووە: "ئـازادی".

ئەمەیانم بۆ بکووژە

باوکـم لـە زینداناندا ئەزموونێکـی باشـی سیاسـی بەدەسـت هێنـا. پەیوەندیگرتـن لەگـەڵ زیندانیانـی سیاسـی دەرفەتێکـی بـاش بـوو بۆ باوکم کە لـەم بـوارەدا زانیاری وەدەسـت بهێنێت. باوکـم دەیگێڕایـەوە: "دەمیـان بـرد بـۆ بەنـدی زیندانیانـی سیاسـی کـە ئـەو دەمـی چریـک، ئەقەلییەتـی تـووده، دێموکـرات و کۆمەڵـە و مووجاهیدینـی خەڵـق و هتـد لەوێنـدەرێ زینداناـی بـوون. موجاهیدینیخەلـق منداڵانـی زۆر زیرەکـی هەبـوو، کـە هەندێکیـان خەڵکی ئێـرە نەبوون. زۆربەیـان خوێنـدەواری زانکـۆی سـەنعەتی شـەریفی تـاران بـوون و مەعلووماتیـان زۆر بـوو. بـە

شـتگەلێکی وەکـوو وایەری قاپشـۆڕ، ترانس و مەدارێکی[1] ڕادیۆیی کـۆن و کەوچکێکی ئاڵمینیۆم و چەنـد دانـە باتریـی سـەعات و شـتومەکی لـەو جـۆرە، دەزگای بەهێزکـەری ڕادیۆیـان دروسـت دەکـرد، کـە بـەو دەزگایـە دەیانتوانی شـەپۆل و وێزگـەی ڕادیۆی حیزبـە سیاسـییەکان وەربگرن، چـون لەبـەر پاڕازیـت، ڕادیـۆ ئاسـاییەکان نەیاندەتوانـی ئـەو شـەپۆلانە بـە ئاسـانی وەربگرن."

باوکـم دەیگێـڕاوە کـە بـە نـۆرە گـوێمان لـە ڕادیـۆ دەگـرت؛ بـۆ نموونە سـاعەتی یـەک هەواڵی ڕادیـۆی موجاهیدیـن بـوو دوای کاتژمێرێـک نـۆرەی گروپەکـەی دیکـە بوو، چەند کەسـێکمان لە خـوار ژوورەکـەدا بەتانـیمان بە خۆماندا دەدا و گوێمان لە ڕادیۆ دەگرت، ئەوانی دیکە پاسـەوانیان دەدا و خۆیـان بـە زەنگیانەچنیـن کـە لـە زینـدان بـاو بوو، سـەرقاڵ دەکـرد. فەرهەنگ و پیشـەی زەنگیانەچنیـن لـە سەرانسـەری زیندانەکانـی ئێراندا هەیە و لـە ورمێش بوو. ئـەم کارە لە زیندان بـۆ کاتبەسـەربردن ئەنجـام دەدرێ و زۆرێک لە زیندانییە هەژارەکان یان ئەوانەی سـەردانکەریان نییـە، بـۆ بژێویـی ژیانیان بەم شـێوە پـارە پەیدا دەکـەن. جگە لـە زەنگیانەچنیـن، کاری هونەری دیکـەی وەکـوو دروسـتکردنی تەسـبیح لە ناوکی خورمـا و هتد لـە زیندانەکانی ئێرانـدا باون.

باوکـم دەیگێـڕاوە کـە گوێگرتن لـە ڕادیۆ و بەدواداچـوون بۆ پێشـهات و ململانێکانی ناوچەکە زۆر بە لایەوە سـەرنجڕاکێش نەبوو. بەپێچەوانەی موجاهیدەکان کە چاوەڕێی ئۆپەراسـیۆن بوون، کەسـانێکی وەکـوو باوکـم دۆعایـان دەکرد کە هیـچ نەقەومێ، چـون ڕۆژی دوای ئۆپەراسـیۆنەکە بەتایبـەت لـەو پارێزگایـە و ناوچـەی ورمـێ، ئەگـەر پاسـدارێک یـان بەسـیجییەک بکوژرابـا، ئـەو کەسـانەی کـە سـزای لەسـێدارەدان یـان سـزای توندیـان بەسـەردا سـەپێنرابوو، ڕیـز دەکـران بـۆ ئـەوەی بنەماڵـەی ئازیەتبـاری شـەهیدەکە[2] بێـن و هەڵیانبژێـرن کـە کام لـە زیندانییەکانیان وەک تۆڵەکردنـەوە بـۆ بکـوژن و هـەر زووش سـزاکەیان جێبەجـێ دەکـرد. ڕێـک وەکـوو هەندێک لـە چێشـتخانەی خواردنـە دەریاییەکانـی ئێسـتا کـە لە سـەر حەوزی ماسـییەکان ڕادەوەسـتی و بـە دڵـی خـۆت ماسـییەک هەڵدەبژێـری بـۆ ئـەوەی ئەو ماسـییەت بـۆ قەڵخ بکـەن و بە شـێوازی دڵخـوازی خـۆت بۆتـی لـێ بنێـن! واتە هـەر ئـاوا هەڕەمەکـی و دڕندانـە مامەڵەیان لەگـەڵ ژیانی خەڵکـدا دەکـرد و بڕیاریـان دەدا.

بەشـە دڵتەزێنەکەی ئـەوە بوو کە ئەوانەی دەکوژران، لەلایەن حکوومەتەوە ناوی شـەهیدیان لـێ دەنـرا و بـۆ هەمیشـە یارمەتی و مووچەی هەمیشـەیی بە خێزانەکانیـان دەدرا، بـەڵام کوژراوە ناحکوومییـەکان بـە مەلعوون و مونافیـق ناویان دەبرا و زۆرێک لە مافە شـارۆمەندییەکانی وەکوو دامەزراندنـی فەرمـی و حکوومیـی بنەماڵەکانیـان لـێ زەوت دەکـرا. ئـەم جیـاکاری و جیاوازییـە تەنانـەت بـە سـەر جەستەشـیاندا دەسـەپێندرا. گۆڕسـتانی شـەهیدان بـە بوودجـەی بنیـادی

---

١ . سووڕگە

٢ . شەهید بە زمان و ئەدەبیاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران. وەرگێڕ

شـەهیدان لە باشترین بەشـی گۆڕستانی شار یان تەنانەت لە شـوێنێکی تایبەتدا دەڕازێندرایەوە و جـوان دەکـرا و گـۆڕی ئـەو کەسـانەی لـە شـەڕی دژ بـە حکوومـەت دەکـوژران یـان لە سـێدارە دەدران زۆر جـار دەبردرایـە گۆڕسـتانێکی دوورەدەسـت[1]. هەنـدێ جاریـش تەرمەکـە تەنانـەت ڕادەسـتی بنەماڵەکانیـان نەدەکـراوە و بـە بـێ ئاگاداریـی ئەوان لە گـۆڕە بە کۆمەڵەکانـدا دەنێژرا و شـوێنەکەیان ئاشـکرا نەدەکرد. ژمارەیەکی زۆر لە تەرمی لەسـێدارەدراوانی سـەرەتای ئینقلاب، لەسـێدارەدراوانی کورد و بەتایبەت لەسـێدارەدراوانی سـاڵی ١٣٦٧ (١٩٨٨ ز) بەم شـێوە نێژران و هەتـا ئێسـتاش هیچ زانیارییەک لەسـەر شـوێنی ناشـتنیان نییە.[2]

باوکـم دەیگـوت ئەوەنـدە ترسـابووین کـە هەواڵـەکان تەنها بەو هیوایـەی گـوێ دەدا کە هیچ نائارامییـەک ڕوو نـەدا و ئەگـەر گرژی و نائارامییەک ڕووی دا ئەوا لە پارێزگاکەی ئێمە ڕوو نەدات، ئەگـەر لـە پارێـزگای ئێمـەش ڕوو دەدا، لـە ورمـێ و دەوروبـەری نەبێـت. ئەگەریش ڕووی دا پاسـدار و بەسـیجییە خۆجێییـەکان نەکوژرێـن! ئەگـەر بـۆ تۆڵەسـەندنەوە بهاتبـان، دەرگاکانـی زینـدان دەکرایـەوە، ڕیزیـان دەکردین. ئـەوەی چوارشـانە و سـمێڵ فـش و زیاتـر لـە کـوردان بچووبـا، زیاتـر تۆمەتـی ئـەوەی لێ دەدرا کە سـەری پاسـەوانێکی بڕیبێ و لە سـەر ئـەوە زیندانی کرابێـت. ئەوسـا لـە ئێـران دەنگۆیـەک هەبـوو کـە کـورد یـان سـەری پاسـەوانەکان دەبـڕن یـان دەیانخەنـە نـاو مەنجەڵـی ئـاوی کـوڵاوەوە و تەنانـەت دوای لێنـان دەیانخـۆن! ئەو کەسـانەی کە چـوار شـان و بەخـۆوە بـوون، لـە چـاوی پاسـەوانەکان زیاتـر ئەم جـۆرە تاوانەیـان لێ دەوەشـاوە و زیاتر لەوانی دیکە مەترسـیی لەسـێدارەدرانی تۆڵەسـەندنەوەییان لەسـەر بوو. باوکم دەیگێڕایەوە سـمێڵمان دەبـڕی بـۆ ئـەوەی تەنـک دەربکـەوێ و کـووڕ ڕادەوەسـتاین. چـون لـە نێـوان تـاوان و

● وێنەی ٨٢. گوللەبارانکردن لە نەخۆشخانەی پاوە، ٣٠ ی گەلاوێژی ١٣٥٨ (١٩٧٩/٨/٢١)

١ . ئەم گۆڕستانانە لە ئەدەبیاتی ڕژێمدا بە گۆڕستانی کافران یان لەعنەتاوا ناسراون. وەرگێڕ

٢ . لەسـێدارەدانی زیندانیانـی سیاسـی لـە هاوینـی سـاڵی ١٣٦٧ی هەتـاوی (١٩٨٨) یـان کۆمەڵکوژیـی سـاڵی ١٣٦٧ ڕووداوێـک بـوو کـە بـە فەرمانـی ڕوحـوڵڵا خومەینـی چەنـد هـەزار زیندانیـی سیاسـی و عەقیدەتـی بە نهێنـی لـە زیندانەکانی کۆمـاری ئیسلامیـی ئێـران و لـە مانگەکانـی ئـاب و ئەیلوولـی ١٩٨٨ لەسـێدارە دران و لـە گـۆڕی بەکۆمەڵـدا نێـژران. زۆربەی ئەوانـەی لـە سـێدارە دران، ئەندامـی سـازمانی موجاهیدینیخەلـق بـوون، هەرچەنـدە ئەندامـی گرووپـە چەپەکانـی دیکـەی وەکـوو سـازمانی فیدائیانیخەلقـی ئێـران (ڕۆرینـە) و حیزبـی تووەدەشـیان تێـدا بـوون.

سیمای تاوانبار و سزا پەیوەندییەکی واتادار لە ئارادا بوو، پەیوەندییەک کە هیچ لۆژیکێکی لە پشتەوە نەبوو. لە بیرمە کاتێک باوکم ئازاد کرا سمێڵی لە سمێڵی هیتلەر دەچوو و هەمیشە سمێڵی بە تەنکی دەهێشتەوە!

گەنجێکی گرووپی موجاهیدینیخەلق لە بەندی زیندانەکەی باوکم بووە کە دەیانگوت کوڕی یەکێک لە سەرکردەکانە. بنەماڵەکەی لە تارانەوە دەهاتن و لە بەڕێوەبەری زیندانەکە دەپاڕانەوە کە بهێڵێ بچنە ناو بەشێکی حەوشەکەوە. باوکم و زیندانییەکانی دیکە لە پەنجەرەوە سەیریان دەکرد کە دایکی ئەم زیندانییە دەپاڕاوە و دەیگوت "ڕۆڵە دەتکوژن. ئەوان چەند خولەکێک دانپێدانانی تەلەڤیزیۆنییان لە تۆ دەوێت. قبووڵی بکە و بڵێ تەوبەم کردووە، ئەگینا لە سێدارەت دەدەن!" بەڵام کوڕەکە دەیگوت: "نا، دایە ناتوانم. بە دانپێدانانی من هەموو ئەو کەسانەی کە لە بەرە و شارەکاندا شەڕ دەکەن، دڵسارد دەبنەوە، ڕەنگە بیر و باوەڕیان بگۆڕێت. ئەوان سنگیان کردووەتە قەڵغان، دژی ئەم دەسەڵاتە خوێنڕێژە ئاخووندییە دەجەنگن و دەکوژرێن، ئەگەر بەم دانپێدانانە گومان لە دڵی یەکێکیاندا دروست ببێ، ئەوە من خیانەتم لە هەموو بیروباوەڕەکانم کردووە." لە ڕاستیدا بە وروژاندنی هەستی زیندانییەکە ئەویش لە ڕێگەی کەسوکاری نزیکیەوە، هەوڵیان دەدا ناچاری بکەن کە مل بە داواکارییە ئایدۆلۆژیکییەکانی ڕژێمی ئاخووندی بدات. چەند هەفتەیەک دواتر لەسێدارەیان دا. ئەو کاتە حوکمی لەسێدارەدان بە فیشەک جێبەجێ دەکرا و هەر خێزانێک دەبوو بۆ هەر فیشەکێک ٧٠ تمەن بدا و ئەگەر بەختیان باش ببایە، تەرمەکەیان وەردەگرتەوە. واتا بنەماڵەی زیندانییە کوژراوەکە دەبوو قەرەبووی ئەو فیشەکانەشیان بدابایەوە کە کوڕەکەیانی پێ کوژراوە؛ ئەم ڕەفتارە پڕ لە بێڕێزی و ڕیسواکەرە، ئەوەندەی دیکە بنەماڵەی کوژراوەکانی دەڕەنجاند.

بابەتێکی دیکە کە خەڵکی ناوچەکە و باوکم زۆر جار باسیان دەکرد، ڕۆڵی هەندێک لە سەرکردەکانی ڕژێم لە بەدەستەوەدانی منداڵەکانی خۆیان بوو. باسیان لەوە دەکرد کە مەلا حەسەنی پێشنوێژی هەینیی ورمێ نەک تەنیا لە ڕووداوەکانی ناوچەکەدا، بەڵکوو لە بنەماڵەی خۆیشیدا ڕۆڵێکی گرنگ و سەیر و سەمەری هەبوو. ڕەشید کوڕە گەورەکەی مەلا حەسەنی و وێدەچێ یەکێک لە کچەکانیشی سەر بە ڕێکخراوی فیدائیانیخەلق (زۆرینە) بووبن. مەلا حەسەنی بوو بە هۆی گرتنی کوڕەکەی یان بۆ گیرانی هاوکاری حکوومەتی کردبوو. شایانی باسە کە بە بڕوای زۆرکەس، هەندێ لە ڕێکخراوەکانیش، چ بە کردەوە و چ بە پروپاگەندە بەو پاساوەی کە سیستەمێکی دژە ئیمپریالیزمە؛ خزمەتێکی زۆریان بە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کردبوو.

دواتریش کاتێک حەسەنی گوڕوتینی ڕۆژانی یەکەمی ئینقلابی کز بووەوە، لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێ: "ڕەشید مافی سێدارە نەبوو، چونکە هیچ تاوانێکی ئەنجام نەدابوو، ڕەنگە لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوو تۆبە بکات، وای لێهات". بە گوتەی حەسەنی، ئەو دادوەرەی

کە سـزای لەسـێدارەدانی بەسـەر ڕەشیددا سەپاند، تووشی نەخۆشـییەکی درێژخایەن و هەژاری هـات. ئـەو جـۆرە ئەزموونانـە کە لەو سـەردەمەدا سـێبەری خسـتبووە سـەر فـەزای کۆمەڵایەتی و زەینـی، بـاوەڕی ئایدیۆلۆژیکیـی حیزبـی و حکوومـی، تـا بڵێـی زۆر بـوو. ئـەو باوکانـەی کـە لە ناو حکوومەتـدا بـوون و کەمیـش نیـن ئەوانـەی منداڵەکانـی خۆیان دەدا بە دەسـتەوە و بـە گرتنیان دەدان. دواتـر بۆیـان دەرکـەوت کـە منداڵەکەیـان بێتـاوان بـوون و هەسـتکردن بـە پەشـیمانی و ئـازاری ویژدانیـان - ئەڵبـەت ئەگـەر ئـازاری ویژدانیـان هەبـێ - چـیتر سـوودی نەبوو.

باوکـم دوای ئازادبوونـی لەگـەڵ مامـم لـە ورمێـوە هاتنـە نەغـەدە. لـە چوارڕێیانـی نەغـەدە – مەهابـاد دابـەزی. چـووە ماڵـی پـوورە خەجیـج لـە گونـدی گۆلـێ و ڕۆژی دواتـر هاتـەوە بـۆ ماڵی خۆمـان. ئێسـتاش پـوورم سـەبارەت بـەو سـاتە شـیرینانە دەڵـێ: "یەکێـک لـە خەڵکـی نـاو دێ خەبـەری پێـدام کـە پوورە خەجیـج مزگێنی ... کاک کەریم لـە زیندانێ ئازاد بـوو ... نازانن چۆن لـە سـەربانێ ڕا بـازم دایـە نێـو حەسـارێ و بـە هەڵاتنـێ ڕۆیشـتم هەتـا گەیشـتمە لای کەریمی". باوکـم لەبـەر نەبوونـی تەلەفـۆن و تاریکبوونـی هـەوا و قەدەغـەی هاتوچـۆوە، شـەو لـەوێ مـاوە و بەیانییەکەی زوو گەڕاوە بۆ ماڵەوە. هەموو خزم و کەس هاتن، تەنانەت ئەوانەشـی کە بە درێژایی هەمـوو ئـەو مـاوە نەمانبینیبـوون، هاتبـوون و چـا و شـیرینییان خـوارد، لەگـەڵ باوکـم قسـەیان دەکـرد و ئەویـش قسـەی بۆیان دەکـرد ... هەندێک جـار پێدەکەنی بەڵام زۆرجار دڵـی پڕ دەبوو. دیار بوو کە زۆر قسـە بوو کە نەیدەکرد، بەتایبەت سـەبارەت بە ماوەی زیندانە تاکەکەسـییەکەی ... و ئـەم ڕەفتـارە چەنـدە بە لامەوە ئاشـنایە، کە دوو جار زیندانی تاکەکەسـیم بەئەزموون کردووە و ئێسـتاش بـە دڵ و گیانـەوە لـە هەسـت و خـەم و تووڕەیـی و تەنانـەت سانسۆرکردنەکانیشـی دەگەم.

باوکـم ئـەو ماوە ئیتر کەیفی جارانی نەمابوو، لە ڕژێم و توندوتیژییەکەی دەترسـا. وەک شـتێ ئەزموونـی زینـدان ترسـی لـە ناخیـدا جێگیر کردبـوو و بـەم شـێوە وەک پێکهاتەکانی دەسـەڵات دەڵێـن وانەیەکـی باشـی پێدرابوو. ئەزموونی زیندانی تاکەکەسـی وا کار لە سـەر زەینی زیندانی دەکا کـە بـە ترسـێکی هەمیشـەییەوە، خـۆی کۆنتـڕۆڵ بـکا، تەنانـەت ئـەو کاتەی کە دەسـەڵاتی دەرەکیـش لـە ئـارادا نییـە کە کۆنترۆڵـی بکا و کۆتوبەندی بەسـەردا بسـەپێنێت. باوکم هەمیشـە دەیگـوت: "ئـەو حوکمەتـەی شـۆخی لەگـەڵ کەس نییـە زۆر زاڵمـە". هەرچەند باوکم کەسـێکی ترسـنۆک نەبـوو، لە مەیدانی شـەڕ بـووە و لە بەرەکاندا جەنـگاوە، بەڵام ئەزموونی زیندانی سـپای پاسـداران و ئەشـکەنجەدانی لە پیرانشـار و زیندان، تەواو تێکی شـکاندبوو. حوکمی دەسەڵات و توندوتیژیـی سیسـتماتیکیی حکوومـەت بە قووڵـی کاری کردبووە سـەری و هەمیشـە پێی دەوتم خـۆم لـە حکوومـەت لادەم و دەسـتبەرداری لێکۆڵینەوەکانـم بم یـان لانیکەم ئاراسـتە و مەیدانی کارەکانـم بگۆڕم.

ئەوانـەش کـە بێتاوانانـە زیانیـان بـە ژیانمـان گەیاندبـوو، سـەرەنجامێکی سـەیریان هەبـوو.

گوتم بەرپرسی ئیتلاعاتی سپای پاسداران، پاسدارێک بوو بە ناوی جەهانگیر موقبیلی، هەر ئەو کەسەی قوتووی تۆنە ماسی پێدام. دواتر لە لایەن یەکێک لە ئاغاکانی ناوچەکە بە ناوی عەبدوڵڵا قادری خەڵکی گوندی سەروکانی و برای سەرهەنگ[1] قادری یەکێک لە فەرماندەکانی حیزبی دێموکرات کوژرا. کاک عەبدوڵڵا پێشمەرگە نەبوو، بەڵام ماوەیەک لە دەست هێزە ئەمنییەکان ڕای دەکرد و لە گوندەکانی ناوچەکەدا دەژیا. عەبدوڵڵا قادری کە بە عەوڵا سەرلانک ناسراوبوو، بە نهێنییەوە دەچێتە ماڵی یەکێک لە خزمەکانی لە گوندی ئەندێزێ لە نزیک پیرانشار بۆ ئەوەی چاوی بە کاڵێی هاوسەری و منداڵەکانی بکەوێت. موقبیلی لە ڕێگەی سیخوڕێکی ناوچەکەوە ئاگادار دەکرێتەوە و لەگەڵ تاقمێک پاسدار بۆ دەستگیرکردنی بەڕێ دەکەون، بەڵام عەبدوڵڵا بە چەند گوللە کردیە ئامانج و کوشتی و ڕای کرد.[2]

موقبیلی خەڵکی پارێزگای کرمان و یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئیتلاعاتی ئۆپەراسیۆنەکانی بەرەی ڕۆژاوا (غرب) بوو کە لە سپای پیرانشار مایەوە و وەک نوێنەری رژێم، بەردەوام دژی حیزبی دێموکرات و لە پێناو بانگەشەی ئامانجەکانی ئینقلاب لە نوێژی هەینیی شاردا وتاری دەدا. دوای ئەوەی زۆربەی مامۆستایانی کوردستان پاکتاو و خانەنشین کران، کۆمەڵێک مامۆستای کرمانیی هێنایە پیرانشار بۆ ئەوەی قوتابخانەکان بکەنەوە. هەندێکیان مامۆستای ئێمە بوون و بە چەک دەهاتنە نێو پۆلەکانی وانەوتنەوە. دوای کوژرانی موقبیلی لەلایەن عەبدوڵڵا قادرییەوە، ڕادیۆی دەنگی کوردستان کە هی حیزبی دێموکرات بوو، هەواڵەکەی ئاوا بڵاو کردەوە کە موقبیلی[3] لە لایەن یەکێک لە کاربەدەستەکانی ڕژێمی پێشوو کوژراوە! دەنگۆی ئەوە بڵاو بووەوە کە عەبدوڵڵا قادری یەکێک لە ساواکیە چەکدارەکانی سەردەمی شایە، کە هەڵاتووە و سزای لەسێدارەدانی بۆ بڕاوەتەوە. دوای ئەم ڕووداوە، هاوسەری عەبدوڵڵا قادری دەگیرێ و منداڵەکانیشی چەندین جار ئازار دەدرێن. کاک عەبدڵڵا دوای ماوەیەک لە کوردستانی باشوور (هەرێمی کوردستان) بە هۆی ڕووداوی هاتوچۆوە گیانی لەدەست دا، ئەڵبەت کەس و کارەکەی هەتا ئێستاش لە مردنەکەی بەگومانن.

تەنها دە ڕۆژ دوای کوژرانی موقبیلی شتێکی تر ڕووی دا کە داپیرەم بە پێی باوەڕی خۆی

---

١. عەقید

٢ . ئەم ڕووداوە ٢٢ی مانگی نەورۆزی ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی (١١ی نیسان/ئاپریلی ١٩٨٢) ڕووی دا.

٣. موقبیلی بەرپرسی ئیتلاعاتی سپای پاسداران، حەسەنپوور فەرماندەی سپای پاسداران و پاسەوانێکی دیکە بە ناوی دزفوولی لە هێزە گەنج و ئینقلابییەکانی سپای پاسداران کە بەگشتی فارس یان لوڕ بوون. ئەوان لە پێشدا بە بیانووی ڕێگریکردن لە پێکدادانی کوێرانەی پاسدارە خۆجێییە تورکەکان و کوردەکان، ڕەوانەی ناوچە کوردستانییەکان کران. ژمارەیەک لە پاسدارەکان ئەندامی بزووتنەوەی موسڵمانانی خەباتکاری سەر بە دکتۆر پەیمان بوون و ناوەناوە تووەیی، فیدایی و موجاهیدیشیان تێدا بوو کە ورەدورده هەموویان پاکتاو کران.

دەیگـوت درەنـگ یـان زوو هەمووان سـزای کارەکانیـان دەبینن و شـوکرانەبژێریی ئـەوەی دەکرد کـە نـزا و ناڵەکانـی چەنـدە خێرا گەیشـتۆتە لای خوا. ئەحمـەد زەبانبەرقەفا کـە خەڵکی ناوچەکە بـوو، بـە هۆی بەدەسـتەوەدانی باوکم و ئەو هەموو خۆشـخزمەتیانەی کە لـە ناوچەکەدا کردبووی، پلـەی بـەرز کرایـەوە. ماتۆرێکـی بازدانیـان پێدابـوو و ئەویش بـە خێرایی بە شـەقامەکانی شـاردا ویـراژی لـێ دەدا. پاداشـتی خزمەتەکانـی وەرگرتبـوو و کەیفـی سـاز بـوو، بـەڵام ئێـوارەی ٢ی مانگـی گـوڵان (٢٢ ئاپرێل /نیسـان) لە گەڕەکی کۆنەخانێی شـاری پیرانشـار لـە لایەن تیمێکی پێشـمەرگەی حیزبـی دێموکراتـەوە ڕفێنـدرا. دواتـر لە دەرەوەی شـار، لـە دادگایەکی سـەربازیدا مەحکـووم کـرا و دوای ئـەوەی تەقـەی لێکـرا، تەرمەکـەی فـڕێ درایـە نـاو بیرێکەوە. لـە مزگەوتی شـێعەکانی شـاردا مەراسـیمێکی گەورە بۆ ئەو و موقبیلی سـاز کرا. هەرچەند دەڵێن چێژێک کە لـە لێبوردنـدا هەیـە لـە تۆڵـەدا نییە، بـەڵام ناتوانم پێکەنیـن و دڵخۆشـیی بنەماڵە و خەڵکی شـار لـەو رۆژانەدا لەبیـر بکەم.

بەشی دووەم

ڕێڕەوی مێرمنداڵی و دۆزینەوەی جیهانە نوێکان

پیشەکانی لانەوازێک

باوکم دوای ئازادبوونـی لـە زینـدان، چـووە سـەر ئـەو پیشـانەی کـە حکوومـەت لـە سـەری هەسـتیار نەبـوو. بـۆ دەسـتپێکردنەوەی دووبـارە پارەمـان نەبـوو، ناچـار خانووەکـەی فرۆشـت و لـە کووچـەی قەپانـەوە چووینـە خـوار شـار و لـە نزیـک شـەقامی قودسـی ئێسـتا خانوویەکـی بە کـرێ گـرت. دوای ماوەیـەک چووینـە ماڵێکـی دوو ژووری کە بنمیچەکەی دڵۆپـەی دەکرد. پاش ماوەیەکـی دی چووینـە ماڵێـک لە کووچەی تەجەلـی و هەتا دوای بۆردومانەکەی سـاڵی ١٣٦٣ (١٩٨٤ ز)، لەوێ ماینەوە. ئەوەندە سـەرمان بە شـار و گەڕەک و گوند و خانووی جیاوازدا کردبوو کـە سـەرمان لـێ شـێوابوو. هەمیشـە دەترسـام کـە لـە نـاکاو بچینـە شـوێنێکی دیکـە و بـە هۆی ململانـێ و شـەڕێکی ترەوە، هەموو شـتێکمان لەدەسـت بدەینـەوە. لەو سـاڵانەدا، ڕۆح و دەروونم بـە هیـچ شـوێنێک نەدەبەسترایـەوە، نـە توانیـم هاوڕێیەکـی هەمیشـەیی بـۆ خـۆم بدۆزمـەوە، نـە توانیـم یادەوەرییەکـی درێژخایـەن لـە شـوێنێکی جێگیـر لـە یادگەمـدا تۆمـار بکـەم. کاروبارمان ببـوو بە کۆڵکێشـی و ماڵەوماڵکـردن ...

باوکـم بـوو بـە خـاوەن دووکان، لـە چەنـد کەس پـارەی قەرز کـرد و دووکانێکی پێڵاوفرۆشـیی کـە وردەفرۆشـیش بـوو بە هەمـوو کەلوپەلەکانیـەوە کڕی. کاتێکـی زۆری پێچوو هەتـا قەرزەکانی دایـەوە، بـەڵام دواجـار بوو بە خاوەنـی دووکانێک کە بەشـێکی کەلوپەلەکانی قەرز بـوو. باوکم لە کاسـبیدا بەئەزموون و شـارەزا بوو و دەیزانی کەلوپەل و کەرەسـتەی پێویستی سەرباز و سەربازی لـەو ناوچەیەدا خۆشفرۆشـە، شـتگەلێکی وەکـوو کامێرا و ڕادیۆ و چەقۆ و کرێـم و هتد. ژمارەیەکی زۆر سـەرباز لـە سـەربازگە گەورەکانـی پەسـوێ و جەڵدیـان و پیرانشـار سـەربازییان دەکـرد، یـان لـە بەرەکانـی جەنـگ لـە بەرزاییەکانـی حاجـی عۆمـەران و قەندیـل و سەردەشـت دەگەڕانـەوە.

زۆر جار بە شەقامی ئیمام یان شای پێشوودا تێدەپەڕین، کە باوکم لەوێ دووکانی هەبوو و دەبوونە کڕیاری دووکانی باوکم. دواتر بلیمەتییەکەی گوڵی کردەوە و شتی وای دەهێنا کە شیاوی گەنجان و خانمانی شاری و لادێیی بوو و بووتیکی دانا. باوکم بوو بە یەکێک لە یەکەم خاوەن بووتیکەکانی شاری پیرانشار، کە خەڵکی ناوچەکە پێیان دەگوت لووکسفرۆشی. دیارە هەموو ئەمانە کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر باڵغبوون و تەنانەت زوو باڵغبوونی سێکسی و ئاشنابوونم بە ڕەگەزی بەرامبەر هەبوو.

بووتیکەکەی باوکم لە یەکەم شوێنەکان بوو کە کۆبلێنی دەفرۆشت. لایەکی دووکانەکە کۆبلێن هەڵواسراو بوون کە هیچ پەیوەندییەکیان بە فەرهەنگی ناوچەکەوە نەبوو؛ مۆنالیزا، مێرلین مۆنرۆ و ژانێک بە قژیدرێژ لە سەر ئەسپ، خانووی ئینگلیزی و وێنەی ڕۆمانسی و شاعیرانەی کڵاسیک. هەر لەم پیشە بێ دەنگوباسەدا حکوومەت دژی باوکم بوو و بۆ نموونە بە هۆی قەدەغەبوونی وێنەی سەر کۆبلێنەکان، کۆبلێنەکانیان کۆ دەکردەوە. هەندێک جار کەلوپەلە لووکسە بیانییەکان لە ڕێگەی عێراقەوە دەهاتە ئەم دیو، وەکوو ئەو سابوونانەی کە وێنەی ژنە جوانەکانی لەسەر بوو، بە فەرمانی پۆلیسی کۆمیتە و فەرمانگەی شوێنە گشتییەکان[1] دەبا دەم و چاویانمان داپۆشیبایە. من یارمەتی باوکمم دەدا و دەموچاو و مەمک و هەندێک جار قاچی ڕووتی ئەم ژنانەمان بە ماژیک ڕەش دەکردەوە یان چەسپمان لێ دەدا. ئەوسا فەرمانگەی چاودێری لە سەر ئەمانە هەستیار بوو و زۆری سنووردار دەکردەوە.



● وێنەی ٨٣. باوکم لەبەر دووکانەکەی (لای ڕاست)، ١٣٦٢، پیرانشار (١٩٨٣)

لەو ڕۆژانەدا بەشێک لە کاڵاکانی ناو دووکان لە عێراقەوە دەهات، لە بازاڕێکی نافەرمی کە زیاتر سەرباز و ئەو کەسانەی لەوێ بوون، دەبوونە مشتەرییان. بەشێکی دیکەی کەلوپەلی لووکسی وەکوو بۆن و وردەشت و کەلوپەلی جوانکاری و ئارایشی لە تارانەوە دەهات.

١. فەرمانگەی شوێنە گشتییەکان (ادارە اماکن عمومی)، بەشێکە سەر بە دەزگای پۆلیسی وڵات کە ڕێکخستن و چاودێریی کاروباری شوێنە گشتییەکانی لە ئەستۆدایە.

هاوردەکردنـی کەلوپەلـی لووکـس لەودیـوی سـنوورەوە کـە باشـووری کوردسـتانە و لـە چەنـد کیلۆمەتـری پیرانشـارە، کاروبـاری سـەرەکی و ڕەنگـە سـەد سـاڵەی بازرگانانێکـی وەکـوو باپیـری باوکیـم بـوو، کە سـەردەمانێک خەڵک پێیان دەوتن قاچاغچی و ئێسـتاش پێیـان دەڵێن کۆڵبەر. ئـەم کەسـانە هەمیشـە لـە لایەن پاسـەوانانی سـنوورەوە، کە خەڵکی ڕەسـەنی ناوچەکـەش نین، تەقەیـان لـێ دەکـرێ و زۆر کـەس بـەم شـێوە گیانیـان لەدەسـت داوە.

لـە سـەر داوای باوکم هەمیشـە لە دوای خوێندن دەچوومە دووکانەکـەی، بەڵام نەمدەتوانی و نەمدەزانـی چی بفرۆشـم. تەنها نیوەڕۆیان کە دەچـووەوە ماڵەوە، لەبـەردەم دەرگای بووتیکەکەدا دادەنیشـتم و هەتـا دەگەڕایـەوە ئـاگام لـە شـتەکانی دەرەوە دەبـوو، یـان ئێـواران یارمەتیـم دەدا کـە دووکانەکـەی کـۆ بکاتـەوە. مـن شـاگردی بـووم و کاری لاوەکیـی دووکانەکەم دەکـرد، وەکوو پاککردنـەوەی شووشـە و ڕشـتنی ئـاو و گسـکدانی نـاو دووکانەکـە. یـان لـە ماڵـەوە تەلەفۆنیـان دەکـرد و دەیانگـوت پیـواز و تەماتەمـان دەوێ، باوکـم دەیکـڕی و منیـش دەمبردەوە بـۆ ماڵەوە.

باوکم سـەرەتا، وەکوو ئەو کاتەی لە نەغەدە بووین، پایسـکلێکی هەبوو، بەڵام دواتر ماتۆڕێکی یاماهـا ١٠٠ی کـڕی. دواتـر کـە گـەورە بـووم، خـودا دەزانـێ بـە چ خۆشـییەکەوە سـویچەکەم لە باوکـم وەردەگـرت و ئەویـش نابەدڵانـە پێـی دەدام و منیـش دەچـووم شـتم بـۆ ماڵـەوە دەکـڕی. هەندێـک جـار بـە دایکمـم دەگـوت بـە باوکـم بڵـێ لەبـری گونییەک پیـاز یـان پەتاتـە کیلۆیەکم دەوێت. دایکم سـەری سـوورِ دەما و منیش پێدەکەنیم و دەمگوت با زوو زوو سـویچی ماتۆڕەکەی لـێ بسـتێنم. هەسـت و جۆشـی سـاڵانی هەرزەکاریـم وای لێم کـرد کە بـە تامەزرۆییەوە سـواری ماتۆڕەکـەی باوکـم بـم. دایکیشـم لێـم مۆڕ دەبـووەوە و شـتەکانی لێـم وەردەگرت. بەبـێ مۆڵەتـی شـۆفێری، هـەر لـەو مـاوە کورتـەدا بـە نـاو شـاردا دەخولامـەوە، هەتـا ئـەوەی کـە ماتۆڕەکـە گـەرم دادەهـات. باوکـم دەیگـوت: "هەتیـو باشـە بۆ هەر جـارێ تۆ دەیبـەی بێنزینەکەی تـەواو دەبێ و ئاوا گـەرم دەکا؟"

پەیوەندی باوکم لەگەڵ کڕیارەکانی سـەرنجڕاکێش بوو. سـیگناڵ و کۆدی هەبوو کە کاتێک بـەکاری دەهێنـا مانـای ئـەوە بـوو کـە دەبـێ دووکانەکـە بەجێبهێڵـم بۆ ئـەوەی بتوانـێ بـە نهێنـی لەگەڵ مشـتەرییەک یان هاوڕێیەکی قسـە بکات. هیچ جیاوازییەک لە نێوان ژن و پیاودا نەبوو. ئـەو کۆدانـەی کـە تایبەت بـە ژنان بوو زووتر لێی تێدەگەیشـتم، بەڵام زۆر جـار لەگەڵ هاوڕێکانی بـە ئەسـپایی باسـی سیاسـەت یـان کار و کاسـپییان دەکـرد. جـاری وا بـوو لـە کۆدەکانـی باوکم تێنەدەگەیشـتم و سـویچی ماتۆڕەکـەی پێـدەدام و دەیگـوت بڕۆ شـتێک بۆ ماڵەوە بکـڕە و بیبەوە. کۆدەکانـی باوکـم سـەرنجڕاکێش بـوون. هەندێـک جـار قاچـی بەرز دەکردەوە و دەیخسـتە سـەر ویترینـە چکۆلەکـە و هەندێک جـار جگەرەکەی دادەگیرسـاند و ... .

ئـەو کاتـەش کـە لەگـەڵ باوکـم دەچوومـە تـاران بـە لامەوە سـەیر بـوو. بـە بوێرییـەوە دەتوانم بڵێـم جگـە لـە مـن و یـەک دوو کـوڕی تر کـە باوکیان دووکانـدار بوون، کـەس لە تەمەنـی ئێمەدا

لە شارەکەماندا نەیدەتوانی بگاتە پایتەختی ئێران. بەشە دڵخواز و خۆشەکەی ئەم گەشتانە بۆ من چوون بۆ باخچەی ئاژەڵان و سواری چەرخی فەلەک و چوون بۆ سینەماکانی لالەزار بوو، کە بە کەشێکی تەواو پیاوانە بە بێ بەشداریی ژن و کچی خێزان ئەنجام دەدرا. باوکم بەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە هەیبوو، دۆخی ئابووریی باشتر ببوو و سەرێکی لەنێو سەراندا دەرهێنا. کاتێک سواری پاس دەبووین، لە ڕیزی یەکەم و دووەم لە پشت شۆفێرەکەوە کە هاوڕێی بوون جێیان دەکردینەوە کە ئەمەش نیشانەی دەوڵەمەندی و دەسترۆیشتوویی باوکم بوو. بەو مانا بوو کە ئێمە لە شۆفێرەوە نزیکین، دەتوانین لەگەڵیدا ژەمی ئێوارە بخۆین؛ لە ڕێگادا، گوێ لە کاسێتی دڵخوازمان بگرین یان شاگرد پاسەکە چامان بۆ تێبکا؛ کاتێک سەرنشینەکانی تر لە شەودا دەخەوتن، دەمانتوانی لە تەنیشت کورسیی شۆفێرەکە دابنیشین و قسە بکەین و هەموو ڕێگاکە ببینین و لە دەنگی بزوێنەری گازۆییلی پاسەکە دوور بین و تەنانەت هەندێک جار لە شوێنی نووستنی شۆفێرەکە و شاگردەکەی کە لە خوار پاسەکەوە بوو بخەوین. ئەمانە ئیمتیازاتێکی تایبەت بوون کە هەمانبوو. وتووێژە تایبەتییەکان یان قسە سێکسی و سەرووی هەژدە ساڵەکانی شۆفێرەکان سەبارەت بە سەرنشینەکان و میواندایکردنیان لە ماڵی فڵان کاکە و فڵان دادە لە تاران یان فڵان جێگا یان ئەزموونی سەفەرکردن، لە بەسەرهاتەکانی سەفەرکردن بۆ تاران بوون.

بەیانیی زوو کە دەگەیشتینە تاران، یەکەم شت کە دەمانکرد دەچووینە لالەزار و سەروپێمان دەخوارد و تەنانەت هەندێک جاریش دەچووینە حەمام. پاشان لە دەروازەی مزگەوتی شاوە دەچووینە ناو بازاڕی گەورە و لە ڕووی لیستەکەی باوکم کە بە دەستوخەتێکی ناشیرین کە هەر خۆی بۆی دەخوێنراوە، شتمان دەکڕی. بەگشتی دووکانێکمان هەڵدەبژارد و کەلوپەلەکانمان لەوێ بەستەبەندی دەکرا. لە شوێنە جیاوازەکانی بازاڕەوە شتمان دەکڕی و لە جێگایەک کۆمان دەکردەوە. شاگردەکان کارتۆنەکانیان دەپێچاوە و ئێمە هەتا ئەو کاتەی کارتۆنەکان ئامادە دەبوون لەوێ دەماینەوە. کارتۆنەکان ڕەوانەی بارهەڵگریی حەبیبی دەکرا، کە کارەکەی ناردنی کاڵا بۆ ڕۆژاوای ئێران بوو. دوای چەند ڕۆژ بارەکان لە تارانەوە دەگەیشت، نزیکەی دوو ڕۆژی دەخایاند هەتا بارەکانمان دەکردەوە و لە سەر ڕەفەکان دەمانچنی و ئەمە خۆش بوو چونکە مشتەرییە نوێ و کۆنەکان دەهاتن و بەخ بەخێکیان دەکرد. وەک شتێ ئێمە هێمای مۆدێرنیتەی شاری پیرانشار بووین و مۆدی سەردەممان بە خەڵک دەناساند.

زۆرێک لە خەڵکی شاری پیرانشار کەسانێکی وەکوو باوکمیان بە هۆکاری گۆڕانکارییە فەرهەنگییەکانی شار و گوندەکانی دەوروبەری دەزانی و بە گاڵتەجاڕی و بە جیددییەوە دەیانگوت کاک کەریم بووەتە هۆی هەڵەخەرجی و لووکسگەرایی. بەڵام کەسانێکیش هەبوون کە زۆر چاویان بەم دەرکەوتە مۆدێرنانە هەڵنەدەهات بۆ نموونە نەنکم و تەنانەت دایکیشم زۆر خۆشیان لە کاڵای لووکس نەبوو. ڕەنگە ئەوان بەرەنگاری مۆدێرنیزاسیۆن و دەرکەوتەکانی

دەبوونـەوە و بـە جۆرێـک بـە نەریـت و شـێوازی ژیـان و بەکارهێنانـی نەریتـی پابەند بـوون، بەڵام نـەوەی ئێمـە و خوشـکەکانم حەزیـان لەم دەرکەوتە نوێیانە بوو و کەسـیش لە سـەر ئەمە ڕێگریی لـێ نەدەکردین.

بەسەرهاتی مرۆڤخۆرەکان و پێتەختی فارس

ئـەو دەم کـە دەچووینـە تـاران جلـی کـوردیمان لەبـەر دەکـرد. مـن سـەرەتا تێنەدەگەیشـتم کەشـی دەرەوەی کوردسـتان و تـاران تـا ڕادەیـەک دژی کـورد و سـوننەیە. هەتـا سـاڵی ١٣٦٤-١٣٦٥ی هەتـاوی (١٩٨٥-١٩٨٦ ز) و لـە شـارەکەماندا کـەمتر کوردێکم بینیبـوو کە پانتۆڵ[1] لە پـێ بـکات. لـە بیرمـە سـاڵی ١٣٦٤ بـوو، لـە یەکێـک لـە گەشـتەکانماندا بۆ تـاران، لە بەشـێکی بـازاڕدا، بازاڕچەیـەک هەبوو بە نـاوی بازاڕی عەرەبەکان، کە کۆمەڵێـک عێراقیی خەڵکی کەربەلا و نەجەف و شـوێنەکانی دیکەوە لەوێ ژووریان هەبوو[2] و هەر لەبەرە ئەمەش ئەم ناوەیان لێنابوو. هەموویـان دەوڵەمەنـد بـوون و بـۆن و کەلوپەلـی بیانییـان دەفرۆشـت. باوکـم لەگـەڵ یەکێک لە دووکانـدارە فارسـەکانی ئـەو بازاڕە ئاشـنا بـوو. ڕۆژێک شـتێک ڕووی دا کە باوکم ناچـار بوو بچێتە ئەوبـەری بازاڕەکـە. مانـدوو بـووم، منـی بە خـاوەن دووکانەکە سـپارد و خۆی ڕۆیشـت. نیـوەڕۆ بوو و بـازاڕ بێدەنـگ. خەریکـی خوێندنەوەی گۆڤاری دڵخـوازی خۆم بووم واتـە "کەیهانی بەچەها[3]"، کـە تـازە کڕیبووم، هەسـتم کرد کەشـەکە کەمێـک قورس بـوو، هەندێک لە دراوسـێ دووکانەکان هاتنـە نـاو دووکانـی ئاشـناکەی باوکـم. بـە فارسـی پێکـەوە پرچەپرچیـان کـرد و دەورمیـان دا. پەرداخێـک شـەربەتی خاکشـیریان بـۆم کـڕی و گوتیان: "چەند پرسـیارێکت لـێ دەکەین، بەڵام لای باوکت هیچ مەڵێ." شەربەتەکەم وەرگرت و بە زەردەخەنەیەکەوە تەماشام کردن. من منداڵ و وردیلـە بووم، زۆر باش نەمدەتوانی بە زمانی فارسـی قسـە بکـەم و بە هۆی جیاوازیی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتـی و تەمەنـەوە خۆمـم پـێ لـەوان کـەمتر بوو. فشـارێکی دەروونیـی زۆرم لە سـەر بوو، بەتایبـەت کاتـێ وتیـان: "بیسـتوومانە کـورد لـە ناوچەکەیانـدا شـێعە و پاسـدارەکان سـەر دەبڕن یـان دەیانخەنـە نـاو مەنجەڵـەوە، دەیانکوڵێن و دواتر دەیانخـۆن، ئەوە ئێوە چـۆن کاری وا دەکەن و ..." مـن هەتـا ئـەو کاتـە نە شـتی لـەم جۆرەم بینیبـوو و نـە بیسـتبووم، و لەبـارەی پڕوپاگەندە و دەنگـۆی نەرێنـی لەسـەر گەلی کـورد لە ئێرانـدا، ئەویش تا ئـەم ڕادە، هیچم نەدەزانـی و ئاگادار نەبـووم کـە هەر لـە سـەرەتای ئینـقلاب و گرژییەکانی کوردسـتان ناوەنـدی دەنگوڕەنگـی ئێران،

---

١ . شەروالی عەجەمیشیان پێ دەوت.

٢ . هەندێـک لـەم کاسـپکارانەی بـازاڕی تـاران کـوردە فەیلییـەکان بـوون کـە دەیـەی ٦٠ی زایینـی لـە عێـراق دەرکرابـوون و هاتبوونـە ئێران.

٣ . کەیهانی منداڵان (کیهان بچەها): گۆڤارێکی تایبەت بە منداڵان

لە کاتی بەڕێوەبەرایەتیی سادق قوتبزادە[1]دا، چەندە ئەم بابەتە ناڕاستەی تۆخ کردۆتەوە و لەسەری ئیشی کردووە. هەستم بە ترسێکی سەیر دەکرد. زەختم لە خۆم دەکرد کە بزانم لە کوێ بینیومە سەری کەسێک بڕاوە؟ تەنها شتێک کە وەبیرم دەهاتەوە کارتۆنی تەلەڤیزیۆنی بوو بەڵام کەس لەوێ نەدەمرد. ئەگەر بیرم لە یادەوەرییەکی ڕاستەقینەتر بکردایەتەوە، تەرمی حاجییەکەی دراوسێمان بوو کە بە فیشەکێک سەریان تەقاندبوو یان تەرمە خوێناوییەکانی شەڕی جەڕان (چیانە) و کوژراوانی تۆپبارانەکانی عێراقم وەبیر دەهاتەوە، بەڵام هەموو سەریان پێوە بوو و کەس لەناو مەنجەڵدا نەکولێنرابوو. منیش ئەوانەم بۆ باس کردن، بەڵام ئەو پیاوانە پێکەنین و گوتیان: مەبەستمان سەربڕین بە خەنجەرە ..."، وتم: "لە ژیانمدا دیمەنێکی وام نەبینیوە و نەمبیستووە کە کەسێک فڕێ بدرێتە ناو مەنجەڵەوە و بیکولێنن و ئینجا بیخۆن." وازیان لێ هێنام بەڵام وتیان لای باوکت هیچ مەڵێ. هەر کە باوکم هاتەوە و منی بینی، زانی شتێک قەوماوە. نینۆکم دەجاوی و نیگەران بووم، بەڵام هیچم نەگوت. من هەر لە زەینمدا دیمەنی سەربڕینی مرۆڤەکانم دەبینی، یان ئەوانەی وا لە ناو مەنجەڵەکاندا پەلەقاژێیان دەکرد و یان ئەو پێشمەرگانەی کە پاسداره ڕیشنەکانیان ئەنجنئەنجن دەکرد و و خەریکبوون دەیانخواردن و خوێن لە دەم و لچیان دەچۆڕا.

من بە تەواوی ئەو دیمەنانەی کە لە فیلمە ترسناکەکاندا ڕوو دەدەن دەهێنا بەرچاوم و تێک دەچووم. لە ژیانی ڕاستەقینەدا هیچ کام لەم دیمەنانەم نەبینیبوو و تەنیا دەمتوانی لە خەیاڵمدا وێنای بکەم. زۆر جار بینیبووم کە پێشمەرگە گۆشتی مریشک و گۆشتی سووریان دەخوارد، بەڵام ئێستا دڕدۆنگ بووم، تۆ بڵێی ئەوان بە ڕاست گۆشتی مریشک و گۆشتی سووریان خواردبێ؟ ئایا دەکرێ بڵێی شتێکی دیکەیان خواردبێ؟ خۆ باشە ئێمەش هەر لەو گۆشتەمان دەخوارد و لەسەر هەمان سفرە و خوانی ماڵی باپیرمان یان لە ماڵی خۆمان یان فڵان بەرنامە و ... .

لە ڕێگای گەڕانەوەلە ناو پاسەکەدا هەڵکورمابووم و بیرم لە ڕووداوی ئەو ڕۆژە دەکردەوە. ناشیانە خۆمم بە گۆڤاری دڵخوازی خۆم واتە کەیهانی بەچەها سەرقاڵ کردبوو و باوکم دەیگوت باشە چی بووە پێم بڵێ، شۆفێرەکەی هاوڕێی باوکم وتی ڕەنگە لە بازاڕ هەراسانیان کردبێت. لە بەر تکا و زەختی باوکم و شۆفێرەکە بەسەرهاتەکەم بۆیان گێڕاوە. باوکم کە بیستی لە بارەی تامی گۆشتی مرۆڤ و چۆنیەتیی لێنان و بڕینی سەر پرسیاریان لێکردووم، هەڵچوو،

---

١ . سادق قوتبزادە لەدایکبووی مانگی ڕشەمەی ١٣١٤ی هەتاوی (مارس/ئازاری ١٩٣٦) خەباتکارێکی ئینقلابی و موریدی ئایەتوڵڵا خومەینی و لە دژبەرانی حکوومەتی پەهلەوی و سیاسەتمەدارێک بوو کە پاش سەرکەوتنی ئینقلابی ئیسلامی ساڵی ١٩٧٩ پۆستی وەزارەتی کاروباری دەرەوە و بەڕێوەبەری گشتیی ڕادیۆ تەلەڤیزیۆنی نیشتمانیی ئێران و ئەندامێتی شۆڕای ئینقلابی وەرگرت. قوتب زادە بە تۆمەتی پیلان لە دژی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و پیلاندارشتن بۆ تیرۆرکردنی خومەینی لەسێدارە درا.

هـاواری دەکرد و جنێـوی دەدا.

بـۆ بەیانیـی ڕۆژی دوایـی لـە دووکانـی دراوسـێکەی تەلەفۆنـی بـۆ کابـرا کـرد. گوێـم لـێ بـوو بـە دەنگـی بـەرز قسـەی دەکـرد و جنێـوی دەدا. هاواری دەکـرد کە چیوچـی لێهاتووبینـە، کورد کـەی سـەر دەبـڕێ؟ بۆچـی ئـەم پرسـیارانەتان لـە منداڵێک کـرد؟ من سـاڵانێکە مامەڵـە لەگەڵ ئێـوە دەکـەم. بۆچـی کوڕەکەمتـان هەراسـان کـردووە؟ و ... چەنـد ڕۆژ باوکـم تـووڕە و وەڕەز بـوو و ئـیتر هەرگیـز مامەڵـەی لەگـەڵ نەکردنـەوە. ئـەم کەسـانە باوەڕیـان بـەو شـتانە دەکـرد کـە لـە میدیاکانـەوە بیسـتبوویان و لـەو بارەشـەوە پرسـیاریان لێکـردم، بـەڵام کارەکانیـان منداڵئـازاری بـوو. کاتێـک لێکۆڵینـەوەم لەسـەر پرسـە کۆمەڵایەتییـەکان دەکـرد، زیاتـر درکـم بـەم شـتە کرد. لـە سـاڵانی سـەرەتای ئینـقلاب و بـە هـۆی ئـەو ڕووداوانـەی کـە لـە کوردسـتاندا ڕوویـان دابـوو، میدیاکانـی کۆمـاری ئیسلامـی پـڕۆژەی ڕق و کینـەی دژ بـە کوردیـان خسـتە بەرنامـەی کاریـی خۆیانـەوە و خەڵکێکـی زۆر باوەڕیـان بـەم درۆ ئایدۆلۆژیکییانـە کردبـوو.

دواتـر کـە گـەورە بـووم، چەندیـن جـار بیسـتم کـە بابەتـی سـەربڕینی پاسـدارانی کـوژراوی شـەڕەکانی کوردسـتان لـە نـاو خەڵکدا باو بووە. خاڵـی سـەرەکی لێـرەدا ئەوەیە کە ئەو سـەرانە نە لەلایـەن حیزبـی دێموکراتـەوە و نـە لەلایـەن کۆمەڵـەوە، نـە لەلایـەن هیـچ کام لـە کوردەکانـەوە نەبـڕدراون، چونکـە لـە شـەڕی پارتیزانیـدا دەرفەتێکـی ئەوتـۆ بـۆ سـەربڕین نییـە. دواتـر وەڵامـی

● وێنەی ٨٤. بڵاوکردنەوەی ئەم چەشنە ناوەڕۆکانە دوای تێپەڕینی چەندین دەیە

حیزبـەکان و بابەتـی لاوەکیـی دیکـەم لـەو بـارەوە خوێنـدەوە، کـە دەیانگـوت بـۆ ناشـیرینکردنی کـورد، خـودی پاسـدارەکان بەوپـەڕی هێمنایەتییـەوە سـەری هەڤاڵـە کوژراوەکانیـان دەبـڕی و دەیاننـاردەوە بـۆ بنەماڵەکانیـان، بـۆ ئـەوەی بیـروڕای گشـتی لـە دژی کـوردەکان بوروژێنـن.

هەڵبەت میدیا و دەزگای پڕۆپاگاندا لە بڵاو بوونەوەی ئەو جۆرە دەنگۆیانە بێکاریگەر نەبوو.

ساڵانێک دواتر بەسەرهاتێکی سەرنجڕاکێشم لە یەکێک لە کادرە فەرمییەکانی پێشووی سپا بیست کە ئەویش هەر کورد بوو. ناوبراو دەیگێڕایەوە کە چەند کەسێکی سپایی خەڵکی کرمان و یەزد لە شەڕێکی دەڤەری شنۆ و مەهاباد بە تەقەی حیزبی دێموکرات کوژران. یەکێکیان گەنجێکی یەزدی بوو و من دەمناسی، تەرمەکەیان بە کەواوپاتۆڵ و چەک بەدەست ناردەوە بۆ ماڵەوە کە بە خەیاڵی خۆیان یەکڕیزیی نێوان شیعە و سوننە نیشان بدا و لە هەمان کاتدا بڵێن کە کوردەکان خۆشیان لە دژی گروپە دژەئینقلابەکان دەجەنگن. ئەو کەسە دەیگێڕاوە کە ئەو پاسدارە لە سەنگەر لە پاڵ من بوو و فیشەکێک بەر دڵی کەوت و مرد و فیشەکێکی تریش لە قۆڵی چەپی کەوت، بەڵام کاتێک بە ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنی دەزگای شەهیدان تەرمەکەیمان بردەوە بۆ گوندەکەیان، ئەندامانی خێزانەکەی تابووتەکەیان کردەوە و بە بینینی تەرمەکەی گریان و ڕۆڕۆکەیان زیاتر بەرز بووەوە، وتیان سەریان بڕیوە. من باوەڕم نەکرد چون لە تەنیشتمەوە شەڕی دەکرد کە تەقەی لێکرا و کوژرا و خستیانە ناو تابووتێکی داخراو و هێنامانەوە بۆ یەزد. کاتێک قورگی بڕاوی تەرمەکەم بینی کە بڕینێکی قووڵ بوو، گریمانەی ئەوەم کرد کە کاری سپاییەکانی ناوچەکەیە، کە پێش کفنکردنی ئەم کارەیان کردووە. خۆی دەیگوت یەکێک لەو هۆکارانەی کە من لەو کاتەدا لە سپای پاسداران هاتمە دەرەوە هەر ئەوە بوو. بۆیەش کاتێک بە جلوبەرگی کوردییەوە لە شارە ناکوردستانییەکاندا گەشتت دەکرد، هەستت بە قورسایی نیگای گاڵتەجاڕانەی خەڵکەکەی دەکرد، وەک شتێ دەیانگوت: تۆ بێگانە و نامۆی، دڕندەی و دەبێ خۆمان لە تۆ دوور بگرین!

کتێبخانەی کامیلی هۆگری سینەما

من لە خێزانێکی خوێندەوار و هەڵکەوتە لەدایک نەبووم. دایکم و نەنکم نەخوێندەوار بوون و باوکیشم کەمە خوێندەوارییەکی هەبوو. باوکم لە منداڵیدا لە گوندی جەڵدیان لەگەڵ پیاوێکی ئایینیی بەناوبانگ دەچووە بەر خوێندنی حوجرە، کە ئامانجی زیاتر فێربوونی قورئان بوو. هێندەی خوێندنەوە و نووسین و حیساب و کیتابێکی کەم فێری ژمێریاری و ڕەقەم ببوو، واتە ئەوەندەی بیتوانیبا لە کاسبیدا کاروباری خۆی بەڕێ بکات. زۆریان هەوڵ دا باوکم لە قوتابخانە بمێنێتەوە بەڵام درێژەی بە خوێندن نەدا. بەڵام دواتر زۆر زیاتر فێر بوو و پێش کەوت. لە ڕووی خوێندەواری و خوێندنەوە هیچم لە دایک و باوکم پێ نەگەیشت. مەودای تەمەنم لەگەڵ خوشک و براکانم زۆر نەبوو و هەر بۆیە نەیانتوانی ڕۆڵێکی کاریگەریان لە فێربوونمدا هەبێت.

هەر لە کتێبخانەی قوتابخانەی قۆناغی سەرەتاییەوە دەستم بە خوێندنەوە کرد، کارێکی

خۆڕسکانە بوو و وردەوردە بوو بە خوو و خدەم. بووم بە یەکێک لە ئەندامە پێداگرەکانی کتێبخانە و دەتوانم بڵێم هەموو ئەو کتێبانەی کە هەیانبوو بە ئەمانەتم وەردەگرت و دەمخوێندنەوە. تەنیا ئەو قۆناغەی نەبێ کە لەبەر چاوە حیز و تەماحکارەکەی کارگوزاری قوتابخانەکە ڕام کردبوو. دواتر چوومە کتێبخانەی شار و کاتێک کە بینیم خوێندنەوەی کتێبە باوەکان تێرم ناکا، چوومە سەر کتێبە قەدەغەکراوەکان.

وێنەی٨٥. خۆم، پیرانشار، ١٣٦٢ی هەتاوی (١٩٨٣)

کتێبی قەدەغەکراو یان کتێبی بێبەرگ، ئەو کتێبانە بوون کە لە سەردەمی حکوومەتی پەهلەوی یان سەردەمی سیاسیی سەرەتاکانی ئینقلاب مابوونەوە و لە هەندێک لە ماڵاندا هەبوون. لەبەر ئەوەی لە چاپخانە فەرمییەکاندا چاپ نەدەکران، بەرگەکەیان سپی بوو و پێیان دەوت کتێبی سپی. وردەوردە لەگەڵ چەند کەسێکی تر، لەوانە یۆسف جاویدی هاوڕێم، دەستم کرد بە ئاڵوگۆڕی کتێب و سیستەمێکی ئاڵوگۆڕی کتێبی قەدەغەکراو لە نێوانماندا دروست بوو.

منیش وەکوو هەندێک منداڵی ئەو سەردەمە، گۆڤاری "کەیهانی بەچەها"[1] و گۆڤارێکی گاڵتەجاڕی بە ناوی گۆڵ ئاقام[2] زۆر خۆش دەویست و هەموو ژمارەکانی ئەو گۆڤارانەم دەکڕی. هەر کاتێک بڕیار با باوکم بۆ ئیشێک بچێتە تاران، یان لەگەڵی دەچووم و خۆم گۆڤارەکەم دەکڕی، یان باوکم بۆی دەکڕیم و دەیهێنایەوە. دواتر لەگەڵ کوڕانی دراوسێ کتێبخانەیەکی بچووکمان دروست کرد. کتێبەکانمان لەسەر سەبەتەی چێویی میوە لە بەردەم ماڵ دادەنا و لەگەڵ منداڵانی دیکە دەمانگۆڕینەوە.

ئێمە لە دەفتەرێکدا دەماننووسی کە کێ چ کتێبێکی بە قەرز وەرگرتووە و هانی منداڵەکانمان دەدا کە کتێب بخوێننەوە. هەموو جۆرە کتێبێک هەبوو. تەنانەت هەندێک لە کتێبەکان قەدەغە بوون و خوێندنەوەیان بە تاوان هەژمار دەکرا، بەڵام مێرمنداڵان پێیان خۆش بوو بیانخوێننەوە. ئەو ناوچەیەی ئێمە لێی دەژیاین پێشتر بەدەست حیزبە کوردییەکانەوە بوو، کە بەردەوام کتێبیان بە خەڵک دەدا و پێیان دەگوتین بخوێننەوە. ئەو کتێبانە لە زۆربەی ماڵان هەبوو. بیروڕای سیاسی و چەپ لە ناوچەکەدا باو بوو و حیزبەکان لە سەرەتای ئینقلابدا بە خوێندنەوەی کتێب و تەماشاکردنی فیلم هەوڵیان دەدا ئێمە لەگەڵ تێڕوانینی سیاسیی باو

---

١. کیهان بچّەها. وەرگێڕ

٢. گل‌آقا

ئاشـنا بکەن.

جیـا لـە ئامانجـە سیسـتماتیکییەکان کـە پێکهاتـە سیاسـی و حیزبـی و ئایدۆلۆژیکییـەکان پەیڕەویـان دەکـرد، بـۆ مـن خوێندنـەوەی کتێـب و سـەیرکردنی فیلـم وەک هەنگاونـان لـە سـەر ڕێچکـەی ژیـان و خەونەکانـم بـوو. ئـەم دووانـە کاریگەرییەکـی زۆریـان لـە سـەر ژیانـم دانـا و دەتوانـم بڵێـم هەمـوو ئـەو فیلمانـەی کـە لـە سـینەمای شـارە بچووکەکەمانـدا نمایـش دەکـرا، بینیبـووم. کاتێکیـش سـینەما داخـرا، هەفتەیەک جارێ بـە بیانووی چوون بۆ کتێبخانە، سـواری مینیپاسـێک دەبـووم، کاتژمێـر و نیوێـک بە ئۆتۆمبێل دەچوومـە نەغەدە و هەندێـک جار تەنانەت دەچوومـە مەهابـاد، سـەیری فیلمێکـم دەکـرد و بە هەمـان ڕێگای خۆمـدا دەگەڕامـەوە. کارێکی مەترسـیدار بـوو، بـەڵام مەحاڵ بوو فیلمێک لە تەلەڤیزیۆن، کە ئـەوکات تەنها دوو کەناڵی هەبوو، ڕیکلامـی بـۆ بکرێ و من نەمبینیبێت. ئەگەر فیلمێک لە سـینەمای شـارەکانی دەوروبەر نمایش نەکرایـەت، لـە باوکـم دەپاڕامـەوە کـە کاتێـک چـوو بۆ تـاران، منیـش لەگەڵ خـۆی ببا بـۆ ئەوەی بچمـە سـینەما. بـە کورتـی گەشـتەکانی باوکـم بۆ تـاران دەرفەتێک بوو بـۆ ئەوەی کتێـب و گۆڤار بکـڕم و سـەیری ئـەو فیلمانـەی بکـەم کـە نەمتوانیبوو لـە نەغەدە و لـە پیرانشـار بیانبینم.

بەسەرهاتی چاویلکەکەم

نازانـم "چیرۆکـی چاویلکەکـەم"[1] بەرهەمـی ڕەسـوڵ پەرویزیتـان خوێندووەتـەوە یـان نـا؟ چیرۆکی کوڕێکی قوتابیی خەڵکی شـیرازی کۆنە کە نەیدەتوانی تەختە ڕەشـی قوتابخانە ببینێ و ناچـار بـووە لەسـەر مێزی ڕیزی یەکەم دابنیشـێ، هەتـا دواجار چاویلکەی دەسـت کەوت و لەم دۆخـە ڕزگاری بـوو. ئـەم چیرۆکە چەندین بەسـەرهاتی خۆشـی پڕ لە پێکەنینـی تێدایە. چیرۆکی چاویلکەکـەم بەپێچەوانـەی چیرۆکـی پەرویـزی کۆمێدی نەبـوو، بەڵکوو منیش بـۆ بینینی تەختە ڕەش ناچـار بـووم داوا لـە مامۆسـتاکەم بکـەم کـە لەسـەر کورسـیی ڕیـزی یەکـەم دامبنێـت. ئـەو شـوێنەی کـە هەمـوو قوتابیـەکان لێـی دەتۆقن لەبەر ئـەوەی دەیانخاتـە بەر چاوی مامۆسـتا.

چاوەکانـم کـز ببـوون، هەمیشـە داوام دەکرد کە لە ڕیزی یەکەم دانیشـم یان کاتێک سـەیری تەلەڤیزیۆنـم دەکـرد، ڕووخسـارمم لـە شاشـەی تەلەڤیزیۆنەکـە نزیک دەکـردەوە بۆ ئـەوەی باشتر ببینـم. هەرچەنـدە کزیـی چاو لـە خێزانەکەمانـدا بۆماوەییـە، بەڵام من بـە هـۆی زۆرخوێندنەوە و سـەیرکردنی تەلەڤیزیۆنـەوە بارودۆخەکـەم خـراپتر ببـوو. مـن تەختە ڕەشـم باش نەدەبینـی و زۆر جـار ناچـار دەبـووم دەفتـەری منداڵەکان وەربگـرم و لە ڕوویان بنووسـم.

دۆخـی چـاوم بـەردەوام خـراپتر دەبـوو و گەیشـتە ئاسـتێک کـە سـەرەڕای ئەو هەموو ترسـەی کـە لـە بەڕێوەبـەر و چاودێـری قوتابخانـە هەمبـوو، دۆخـی کزیـی چاومـم لای ئـەوان بـاس کـرد.

---

١ . قصه عینکم

ڕۆژێکیـان بڕوانامەیەکیـان پێـدام و وتیـان دەبـێ بچمـە بەشـی فریاکەوتنـی نەخۆشـخانە. نازانم لەسـەر چ بنەمایـەک لـە کاتـی دەوامـی قوتابخانـەدا بـە تەنهـا منیان نارده نەخۆشـخانەی شـار. چوومـە ئۆرژانس یان هەمان بەشـی فریاکەوتنی نەخۆشـخانە و گوتـم چاوەکانم لاوازن، پێکەنین و گوتیـان دەبـێ بچیتـە لای پزیشـکی چـاو. ئـەم بابەتـە ماوەیەکی لێ تێپـەڕی کە سـپا باوکمی گـرت، کـە پێـشتر بـۆم گێڕانـەوە، و ئێمـەش لەبـەر ئـەوەی هەمـوو شـتێکمان لەدەسـت دابـوو، دۆخـی ئابـووریمان بـاش نەبـوو و لـە پارادۆکسـێکی سـەیردا، ناچـار بووین پەنـا بـۆ هەمـان ئـەو سیسـتەمە ببەیـن کە داری بە سـەر بەردمانەوە نەهێشـتبوو. کۆمیتەی ئیمداد[1] تـازە دامەزرابوو و خێزانـە هـەژارەکان یارمەتییـان لـێ وەردەگرت.

بەسـەرهاتی کومیتـەی ئیمـداد و وەرگرتنی چاویلکە چیرۆکێکی سـەیری هەیە. نازانم ئێسـتا پێبکەنـم یـان بگریـم و نازانم چۆناوچـۆن بە کۆمیتەی ئیمداد ناسـێنرام. ئەوەنـدە چوونە ئەوێ بە لای دایکمـەوە قـورس بـوو، کە لـە وەختە چۆڵەکاندا دەچـوو بۆ ئەوێ بۆ ئـەوەی کەس نەیبینێت. لـەم هاتوچۆیانـەدا چەنـد جارێـک لەگەڵیـا چـووم. هۆڵێکـی گـەورە بـوو کـە بەشـێکی شـتی خۆراکـی بـوو و بەشـەکەی دیکەی تەنهـا جلوبەرگی کۆن بوو کـە نازانم لە کوێوە دەهـێنران. ئەم جلانـە لـەوێ دانـرا بوون و بۆنیـان دەهات، دایکم چوو یـەک دوو دانە جلوبـەرگ هەڵبژێرێ و ئەو پیرەمـەردە بەسـیجییە کـە لەوێ دانیشـتبوو بـەردەوام بە تورکی دەنگـی بەرز دەکـردەوە کە زیاتر لـە دوو دانە جلوبـەرگ هەڵنەگرن.

جارێکیـان لەگـەڵ دایکـم چووبـووم، لـە نـاکاو ڕاکێشـی ئـەو کتێبانـە بـووم کـە لـەوێ بوون. یەکێـک لـە خانمـە فەرمانبەرەکانـی ئەوێ کـە خەڵکی ناوچەکە بـوو منی بینی و پرسـی: "بۆچی ئـاوا کتێبەکـەت لـە چـاوت نێزیک کردۆتـەوە؟" وتم: "چـاوم زەعیفە." پرسـی: " بۆچـی عەینەکت نییـە؟" خۆشـی زانـی پرسـیارەکەی نابەجـێ بـوو، ئەگـەر خێزانەکەم پـارەی کڕینـی چاویلکەیان هەبایـە نەدەهاتینـە کۆمیتـەی ئیمـداد. لەگەڵ دایکم قسـەی کـرد و هەفتەی دواتـر جارێکی تر چووینـەوە ئـەوێ، بـەڵام نەک بـۆ وەرگرتنـی جلوبەرگ.

---

١ . کمیتـە امـداد امـام خمینـی. ئـەم ناوەنـدە، دووهەمیـن ناوەنـدی دوای ئینقلابـی سـاڵی ١٣٥٧ هەتاوییـە کە بـە فەرمانی خومەینـی، لـە ١٤ی ڕەشـەمەی ١٣٥٧ (١٩٧٩)، بە سـەرۆکایەتیی حەبیبوڵڵا عەسـگەرئەولادی بنیات نـرا. ئامانجی فەرمیی بنیاتنانـی ئـەم ناوەندە، پشـتیوانیی لە هـەژاران و بەشمەینەتان و بەتواناکردنیان بوو. کۆمیتەی ئیمداد لە گەڵێ سـەرچاوەی ماڵی و سـەرمایەیی سـوودمەند دەبێت. زەکات و سـەدەقە، تەنها بەشـێک لە داهاتەکانی ئەم ناوەندەیە. کۆمەڵگەی ئابووریی کۆمیتـەی ئیمـداد، هـەر بـە تەنهـا خـۆی چـوار هۆڵدینگـی هەیـە کـە هـەر کامیـان لەگـەڵ چەندیـن کۆمپانیـا لـە بوارێکـی تایبەتـدا ئیـش دەکـەن؛ ئامارەکانـی کارکـردی ئـەم بەشـە ئابوورییـە بڵاو ناکرێتـەوە. بەڕێوەبەرانـی کۆمیتـەی ئیمدادیش خۆ لـە بڵاوکردنـەوەی هـەر چەشـنە ئامارێـک لەم بـارەوە دەبوێـرن. کۆمیتەی ئیمداد ئێسـتا لـە ژێر چاودێریـی ڕابەری ئێـران واتە خامنەیـی بەڕێـوە دەبـرێ و دەرفەتـی توێژینـەوە و لێکۆڵینـەوەی ناوەنـدە فەرمییەکان لـەم ناوەندە لە ئـارادا نییە. ئـەم ناوەندە جگـە لـە هـاوکاری کردنی کۆمەڵێک لە خەڵکـی ئێران، کۆمەک و هـاوکاری دەگەیێنێتە وڵاتانی لوبنان، سـوریا، ئازەربایجان، تاجیکسـتان، ئەفغانسـتان، عێراق، کۆمۆر و فەڵەسـتین.

پیاوێکی ڕیشن بە دایکمی وت من چاویلکە بۆ کوڕەکەت دەکرم. دوای چەند ڕۆژێک بە ئۆتۆمبێلێکی تۆیۆتای خۆڵەمێشی کە قەزائەن شۆفێرەکەی دراوسێمان بوو، منیان برد بۆ ورمێ بۆ پشکنینی چاو. لە هیچ کام لە بازگەکان ڕانەگیراین. پیاوە ڕیشنەکە دەستی بەرز دەکردەوە و ئاماژەیان بۆ تێپەڕینمان دەکرد. ئەوەی کە ئێمە ئاوا جیاواز بووین، هەستم بە بەهێزی دەکرد، ئەمە ئەو شەرعییەتە بوو کە دەسەڵات بەو کەسەی بەخشیبوو و من لەو تەمەنەدا، نەمدەزانی بۆچی ئۆتۆمبێلی کۆمیتەی ئیمداد تابلۆی ئۆتۆمبێلەکەی لە هی سپا دەچێ. هەمان لۆگۆی بەناوبانگی چەک و دەست کە زۆر لێی دەترسام. گەیشتینە شوێنێک بۆ ئەوەی بەنزین لێ بدەین، شۆفێرەکە کە کورد بوو بە ئەسپایی وتی: "ئاگاداری زمانت بە ئەمە پاسدارە، ئەمما لیباسی شەخسی لەبەرە". ئەمە دۆخەکەی بۆم قورستر کرد.

کاتێک گەورە بووم، بۆم دەرکەوت کە ئەو قۆناغە زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە، دامەزراوە حکوومییەکان، چ خێرخوازی و چ ناخێرخوازی، لە ژێر چاودێریی سپای پاسداراندا بوون و بەرپرسی حەراسەتی (چاودێری) زۆربەی فەرمانگە و دامودەزگاکان و تەنانەت بەشێک لە فەرمانبەرەکانیشیان دەبا سپایی یان ئیتلاعاتی بان. هەر لە ساڵانی یەکەمی ئینقلابەوە هەڵسوکەوتی قورسی کاربەدەستانی سپا لەگەڵ خەڵک ئەو بڕوایەی لە خەڵکدا دروست کردبوو کە سپای پاسداران وەک قۆڵێکی ڕژێم نەرمی بۆ کەس نانوێنێ و ڕوانگەی ئایدۆلۆژیکیی سپای پاسداران بەتایبەت دژ بە کورد، وای لێکردن کە هەست بە ترس و نیگەرانی بکەن. تەنانەت ئەو کوردانەشی کە پاڵیان دا بە ڕژێم و خودی سپای پاسدارانەوە، بە جۆرێک لە جۆرەکان لە نێوان ترس و هیوادا دەژیان.

شۆفێری تۆیۆتاکە کە گەنج بوو، لە ناو ئۆتۆمبێلەکەیدا زەبتی سەوتێکی هەبوو کە پەیتا پەیتا دەنگی قورئان و نوێژی لە سەر دەخرا. جارێکیان ئەو کابرا لە چوارڕێیانی نەغەدە – ورمێ دابەزی بۆ ئەوەی بچێتە توالێت، شۆفێرەکە کاسێتێکی خستە ناو زەفتەکەوە و وتی ئەگەر پاسەوانەکە پرسیاری لێت کرد کە ئەمەتان لە کوێ هێناوە، پێی بڵێ هی منە و لە گیرفانی من بوو. شریتەکە گۆرانییەکانی محەمەد مامڵێ[1] گۆرانیبێژی ناوداری کوردی خەڵکی مەهاباد بوو. بە قسەم کرد. جا نازانم بۆ پێی دەوت پاسدار، نازانم لەبەر ئەوەی ڕیشی هەبوو یان هەر بە ڕاستی پاسدار بوو؟ هەر کە سواری ئۆتۆمبێلەکە بوو و گوێی لە گۆرانییەکە بوو، یەکسەر

---

١. محەمەد مامڵێ (لەدایکبووی ٢ی حوزەیرانی ١٩٢٥ – کۆچکردووی ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩)، یەکێک لە گۆرانیبێژە بەناوبانگ و دەنگ خۆشەکانی ناوچەی موکریانە و لە ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی یەکەم گۆرانیی خۆی پێشکەش کردووە و هەتا ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی، بە ٥٤ ساڵ ئەزموونی هونەری، زیاتر لە ٣٠٠ گۆرانی پێشکەش کردووە. مامڵێ لە ٣ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٧٧ (٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩) لە مەهاباد کۆچی دوایی کردووە و لە پرسە و سەرەخۆشییەکی شکۆمەنددا لە لایەن خەڵکەوە لە گۆڕستانی مەهاباد لە بەشی هونەرمەندان بەخاک سپێردرا. گۆرانییەکانی زیاتر ڕۆمانسی و کۆمەڵایەتی بوون.

وتی: ئەمـە چییە؟ بیکوژێنـەرەوە گوناهە.

هـەم مـن و هـەم شـۆفێرە کە لـە دەنگی بەردەوامـی قورئان و دۆعـاکان وەڕەز ببووین، هەر کە پیـاوە ڕیشـنەکە دادەبـەزی تەنانـەت بۆ خولەکێکیـش ببایە، گوێمان لە مۆسـیقا دەگـرت. لەبیرم نییـە کـە لـە ورمـێ چـی ڕووی دا کـە چاویلکەمـان نەکـڕی. کابرا پێـی وتین: بڕیـارە بـەم نزیکانە کەمپێـک لێـرە سـاز بکەین و منداڵـە هەڵبژێردراوەکانی قوتابخانەکانیش دەبەن بـۆ تاران. ئەگەر تـۆش حـەزت لێیـە ناوی خۆت لە قوتابخانەکەتاندا بنووسـە و لەگـەڵمان وەرە. لەوێ دەتنێرین بۆ چاویلکـە. مـن زۆرم تـاران پـێ خـۆش بـوو، بۆیە داوام لـە دایکم کـرد و گوتم خۆ منـاڵ و ناسـیاوی تـر زۆرن، دایکـم نەیهێشـت و وتـی، ئـۆردوو هـی کۆمیتـەی ئیمـدادە یانـی هـی سـپایە، ناهێڵـم بچـی. زۆر دەسـتەودامێنی نەنکـم و مامـم بـووم هەتـا هێشـتیان بچـم. چەنـد پـاس بووین لـە منداڵـی شـارە جیـاوازەکان و چووینـە گەڕەکێـک کـە کەش و هەوایەکـی فرە خۆشـی هەبوو، پێم وایە باکـووری تـاران بوو.

ئێمەیان بردە ناو خانوویەکی زۆر گەورە کە دەیانگوت هی هووەیدا[1] بووە و دەسـتی بەسـەردا گیـراوە. ئێمـە نەماندەزانـی هووەیـدا کێیـە، بـەڵام هـەر کەسـێک بـێ، ناوەکـەی جیـاواز بـوو. مەلەوانگەیەکـی گـەورەی تێـدا بـوو. هەمـوو ڕۆژێـک لە هۆڵـە گەورەکەدا نانـی بەیانی و نیـوەڕۆ و ئێوارەمـان دەخـوارد و هەندێک جار دەچووین بۆ سـەردانی شـوێنگەلی وەکوو پێشـانگای جەنگ و بەهەشـتی زەهـرا. بەیانیـی زوو لـە خـەو ڕایاندەپەڕاندیـن، زۆر وەرزشمان دەکـرد و دواتریـش نـۆرەی ئامـۆژە و وانـە ئایدیۆلۆژیکییـە ئیسلامییەکان بوو. زۆربـەی ڕۆژەکانمان لـەو یەک هەفتەدا بـەم شـێوە تێپـەڕی و هەموومـان وەڕەز ببووین. تـازە زانـیمان چ فێڵێکمان لـێ کراوە.

لـە یەکێـک لـە ڕۆژەکانـی ئـەو حەفتـەدا مـن و کوڕێکـی دیکـە بـە نـاوی خاڵەنـد کـە چاومان لاواز بـوو، سـواری ئەمبوڵانسـێک کرایـن و بردینیان بۆ نۆرینگەی پزیشـک. هەتا ئێسـتاش نازانم بۆچـی ئێمەیـان خسـتە نـاو ئەمبوڵانسـەوە. ئەمبوڵانـس هـەر لـە خـۆوە لـەو هاتوچۆیـەی تارانـدا ئاژیـری دەکێشـا و ئـەو خەڵکـە دامـاوە دەبـا ڕێگایـان بۆمـان بکردایەتەوە.

ئێمەیـان بـردە ماڵـی پزیشـکێکی چـاو کـە خانوویەکـی گـەورەی هەبـوو. پیاوێکـی پیـر بـوو کـە بـۆ ئـەو کاتـە و بـۆ ئێمـەی سنوورنشـین زۆر بـاکلاس و ئاسـت بـەرز بـوو. پێنووسـەکەی زەرد بـوو، ڕەنگـە هـەر زێڕیـش بووبێت. جـێ قەڵەمەکـەی پیاڵەیەکی شانیشـان بـوو و قاپێکـی بە زێڕ

---

١ . ئەمیـر عەبباس هووەیـدا لـە سـەردەمی محەمـەدڕەزا پەهلـەوی بـۆ مـاوەی ١٢ سـاڵ و ٦ مانـگ سـەرۆک وەزیرانـی ئێـران بـووە. لـە ڕۆژانـی سـەرەتای بزووتنـەوەی شۆڕشـی گەلانی ئێـران، لە لایەن شـاوە لـە کارەکـەی دوور خرایـەوە. دوای ڕووخانی شـا، سـەرەڕای ئـەوەی دەیتوانـی ڕا بـکا، لـە ئێـران مایـەوە و لـە ڕێگـەی داریـووش فرووهـەرەوە، خـۆی ڕادەسـتی حکوومەتـی کاتیـی مەهـدی بـازرگان کرد، دواتر ڕادەسـتی دادگای ئینقلاب کـرا. بە گوێرەی گێڕانەوەیەک لە کاتـی دادگاییکردنەکەدا بە بڕیـاری دادوەر سـادق خەڵخاڵـی لە سـێدارە درا و بە گوێرەی گێڕانەوەیەکی دیکەش پێش کۆتایـی هاتنی دادگاییکردنەکەی لە کاتـی کورتەپشـووی دادگادا کوژرا.

نەخشێنراویش هـی چاویلکەکـەی بـوو. ملبەندێکی هاورێشـمی لۆڕدانەی لە مل بـوو. من و ئەو کـوڕە کـە هەتا ئـەو ڕۆژە خانوویەکی وا جـوان و قەڵەمی زێڕینمان نەبینیبـوو، پێکەنین، بەتایبەت بـە جـام و پیاڵـە نەخشـێنراوەکەی. دکتۆر کـە پێکەنینەکەی ئێمـەی بینی، ڕوخسـاری چرچ کرد و بـە نهێنـی وتی لای ئـەم بەڕێزانـە پێمەکەنن.

گوتیشـی ئەمانـە زۆر جیدیـن بەخـوا کۆڵەوارمـان دەکەن. ئـەو ڕۆژە نەمزانی ئەو پزیشـکە، کە مـن و خاڵەنـدی سنوورنشـینی کەواوپاتـۆڵ دڕاو لـە بەرامبـەری وەسـتابووین، چـۆن وێـڕای ئـەو شـێوازە ژیانـە لۆڕدانـەی خـۆی هەموومانـی بە "ئێمـە" ناو بـرد؟! دواتر تێگەیشـتم مەبەسـتی ئەو نزیکایەتـی و هاوبەشـییە بوو کە پێکـەوە لە دژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامـی هەمانبوو؛ ئێمە لەبەر کوردبوونەکەمـان و ئەویـش دەبـێ لەبەر جیاوازبـوون و ناهاوچەشـنبوونی فەرهەنگەکەی.

ئـەو چاوپزیشـکە ڕەچەتەی پێداین و جارێکی تر چووینە ورمێ بـۆ ئەوەی چاویلکە وەربگرین. چاویلکەمـان لـە چاویلکەفرۆشـێک بە ناوی نوور کڕی کە لە سـەر شـەقامی پەهلـەوی جاران یان ئیمامـی ئێسـتا بـوو. لـەو ڕۆژەوە بـووم بـە چاویلکەیـی وەک ئێرانـی دەڵێن عەینەکی کـە ئەمەش خـۆی بەسـەرهاتێکی دوور و درێژی هەیە، سـەرەتا کە لە چاوم دەکـردن، نەمدەتوانی بڕۆم بەڕێوە و منداڵانیـش زۆر گاڵتـە و تیتاڵیـان پێـم دەکـرد. دواتـر کـە کەمێک گەورەتـر بـووم، چاویلکەم لە چـاو نەدەکـرد، بەتایبـەت لای کچـان و لـە دووکان و لـە ئاهەنگـی هاوسـەرگیریدا. کوڕانـی خزم پێیـان دەگوتـم مشـکەکوێر یـان مووشـهدایان، کـە ئـەوکات سـەرۆک وەزیرانـی ئیسرائیـل بـوو و چاوێکـی کوێـر بـوو. بـە کورتی ئـەو کارەی کە ئەمـڕۆ لە مـاوەی کاتژمێرێکـدا ئەنجـام دەدرێ، لە پرۆسـەیەکی درێژخایـەن و کیلۆمەترهـا هاتووچـۆ ئەنجـام درا. ناچار بووم بچمە نەغـەدە و ورمێ و تـاران بۆ ئـەوی چاوەکانم بـاشتر ببینن.

شوێنێکی مەترسیدار بە ناوی قوتابخانە

هەتـا سـاڵی ١٣٥٧ چوومە باخچەی سـاوایان لە شـاری نەغەدە و لە مانگـی ڕەزبەری ١٣٥٧ (ئەیلوول/ئۆکتۆبـەری سـاڵی ١٩٧٩) لـە سـەر کورسـیی پۆلـی یەکـی سـەرەتایی دانیشـتم. لـە قوتابخانەیەکـدا بـە ناوی ئەنوشـیروان دەمانخوێند، کە پێم وایە ئێسـتا قوتابخانـەی کچانە، بەڵام ئەوسـا کـچ و کـوڕ تێکـەڵ بـوون. قوتابخانـە لـە نەغـەدە و لـە بـەری ڕۆژاوای مەیدانێـک بـوو کـە ئێسـتا پێـی دەڵێـن وەحـدەت و لـە نزیـک کاروانسـەرا بـوو، پێنـج خولـەک بـە پـێ دەگەیشـتمە قوتابخانـەی نەغـەدە. لـە ڕۆژانـی یەکەمدا دایکـم دەمیبردە قوتابخانـە، هەتا وردەوردە سـەربەخۆ بـووم، هەندێـک جـار بـە تەنیـا و هەندێـک جار لەگـەڵ حەبیبـە دەچووینـە قوتابخانـە، هەندێک جـار پێکـەوە دەچووینـە ماڵـی ئامۆزاکانـی باوکـم و لەگەڵ عەلیـدا دەچووینـە قوتابخانە.

جارێکیـان لـە قوتابخانـە خـۆم تـەڕ کـرد، ڕووداوێکی عەیـب و شـوورەیی کە ڕەنگە بەسـەر زۆر

منداڵـدا هاتبێـت. منیان نـاردەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام چوومە کاروانسـەرا. دایکم هات، وەک شـتێک ئاگاداریـان کردبـووە، پانتۆڵەکـەی منـی گـۆڕی و منـی ناردەوە بـۆ قوتابخانە. هەرگیز ئـەو تـرس و شـەرمە لەبیـر ناکـەم کـە لـە گەڕانـەوەم بـۆ سـەر پـۆل بەسـەرمدا هـات، هاوپۆلەکانـم پێم پێکەنیـن، دوور خرامەوە و دەترسـام، نەمدەزانـی جارێکـی دیکـە چۆن بچمـە نـاو پـۆل. چوومـە نـاو حەوشـەی قوتابخانـە، چـۆڵ بـوو، منداڵـەکان لـە نـاو پۆلەکانـدا دانیشـتبوون و تەنیـا دەنگـی مامۆسـتاکان دەبیسـترا. گەیشـتمە پشـت درگای پـۆل، بـەڵام نەمتوانـی لـەوە زیاتـر بـڕۆم. ئەگـەر جارێکی تر پێـم پێبکەنن چی بکـەم؟ منداڵـەکان بـە پێکەنینـەوە منیـان لـە پـۆل دەرکردبـوو، بـە یـەک دەنـگ دەیانگـوت بـڕۆ ماڵـێ، بۆنـت دێ ... و ئێسـتاش دەبـا ڕووبـەڕووی هەمـان ئـەم دۆخـە سـەختە ببوایەمەوە. سـەیر ئەوەیە هەتا ئەم بەشەم لە بیرە و دوای ئەوەم لە بیر نییە.

● وێنەی ٨٦. قوتابخانەی سەرەتایی مەحموود قادری، پیرانشار

پۆلـی یەکەمـم هـاوکات لەگـەڵ هەڵگیرسـانی شۆڕشـی گەلانی ئێـران و خۆپیشـاندانەکانی سـاڵی ١٣٥٧ بـوو و یادەوەرییەکانـی قوتابخانـە و شـۆڕش تێکـەڵاو بـوون. ئەوانـەی کە لە سـاڵی خوێندنـی ١٣٥٧ چوونەتـە قوتابخانـە، دەزانـن لەبـەر خۆپیشـاندان و قەرەباڵغـی، بـەردەوام قوتابخانەکان دەکرانەوە و دادەخران، هەتا گەیشـتینە بەرەبەرەی پشـووی نەورۆز. دوای پشـووی نەورۆزیـش تەنیـا دوو هەفتـە لـە نەغەدە چووینـە قوتابخانە و کاتێک لە دواییـن ڕۆژەکانی مانگی نـەورۆز (نیسـان/ئاپریل) شـەڕی نێوشـاری نەغەدە دەسـتی پێکرد، ئـاوارە بووین و سیسـتەمێکی تـری پـەروەردەم بەئەزمـوون کـرد کـە بـۆم بـاس کـردن. دواتـر لـە ڕێگـای نێـوان ئاوارەبوونـە پەیتاپەیتاکانمـان لـە نـاو سیسـتەمی پەروەردەیـی کۆمـاری ئیسلامیـدا خوێندوومە و بەشـێک لە خراپتریـن و ڕەشتریـن یادەوەرییەکانـم هـی ئـەم قۆناغەیـە کـە ئامـاژە بـە هەندێکیـان دەکەم.

نازانـم لـە قوتابخانـە خەڵاتتـان وەرگرتـووە یـان نـا؟ لـە ڕیـزی حەوشـە و بەرنامـەی بەیانیـدا ئێوەیـان هێناوەتـە سـەر سـەکۆ کـە چەپڵەتان بۆ لێ بـدەن یان نا؟ بـەڵام هەموومـان دەزانین لەو تەمەنـەدا چەنـدە هەسـتێکی خۆشـە! لـە هەموو ژیانمـدا جارێک لـە قوتابخانە خەڵاتـم وەرگرت. لـە سـەر ڕیـزی حەوشـە لـە کاتـی بەیانیـدا لەبـەردەم هەمـوو منداڵەکانـدا چەپڵەیـان بۆ لێـدام و خـوا دەزانـێ چەنـدە گەشـامەوە. لـە پیرانشـار لـە پۆلـی ٥ی قوتابخانـەی وەفایی بـووم، کە وەک هەمیشـە نامەیـەک لـە لایـەن ڕێکخراوی تەبلیغاتـەوە نێردرا و پێشـبڕکێیەک لـە قوتابخانە بەڕێوە

چـوو. مـن جـۆری پێشـبڕکێکە و خەڵاتەکـەم پێ گرنگ نەبـوو، تەنها پێـم خۆش بوو لەبـەر چاوی منداڵـەکان چەپڵـەم بۆ لـێ بدرێت.

لـە بیرمـە کـە پێشـبڕکێکە بـۆ نووسـینی چـل ڕسـتە لـە قسـەکانی خومەینـی بـوو کە لە سـەر دەروازە و دیوارەکانـی شـار نووسرابـوو. کارێکـی قـورس نەبـوو چونکـە هەمـوو شـوێنێکی شـار پـڕ بـوو لـە دروشـم و بەتایبـەت دروشـمەکانی خومەینی. منیش بەشـێکی شـار گەڕام و چل ڕسـتەم نووسـی. لە یەک دەفتەریش نا لە تۆی سـێ دەفتەر. واتە سـێ جار بەختی بردنەوەی تیروپشـکم هەبـوو. پێکەنینـم بـەو کارەی دێ کـە کردوومـە. من هیچ لەو ڕسـتانە تێنەدەگەیشـتم. من تەنها لـە ڕوویـەوە دەمنووسـی و دواجـار بردمـەوە. پێکەنینـاوی بـوو کـە هەم یەکـەم و هەمیش سـێیەم هاتمـەوە. خەڵاتەکـەم کتێبێکـی ڕێبەری ئینقلاب و قورئانێک و شـتێکی دیکـەش بوو کە لە بیرم نییـە، بـەڵام مـن هـەر ئـەو چەپڵەلێدانەی پێشـەوەی هێڵـی ڕاوەسـتانی قوتابییەکانم دەویسـت. کاتێـک بانگیـان کـردم محەمـەد ئەحمەدی، بـە شـانازییەوە بە سـەر پلیکانەکاندا چوومە سـەر و خەڵاتەکـەم وەرگـرت، هەرچەنـدە نـاوی محەمـەد هێشـتا بـۆ مـن نامـۆ بـوو و هەمووان بـە کامیل دەمیانناسی.

قوتابخانـە چوونـی مـن لـە کاتـی ئاوارەبوونە سـەختەکانیی شـەڕی ناوخـۆ و جەنگـی ئێران و عێـراق لـە نەغـدە و گرداشـەوان و پیرانشـار بـوو. هەڵبـەت قوتابخانـەش بۆ خۆی مەیدانی شـەڕ بـوو. هەندێـک مامۆسـتا هەبـوون کە هەمیشـە لێیان دەترسـام. یەکێـک لەوانە مامۆسـتای پۆلی چـوارەم لـە قوتابخانـەی موتەهـەری[1] بـوو. بیسـتوومە ماوەیەکـە تەندروسـتیی زۆر ناجێگیـرە و بـاشترە نـاوی نەهێنێنـم. لـە ڕواڵەتدا لەگـەڵ ئەوانی دیکـە فەرقی هەبوو، قژ سـوور، چاو شـین و بـە گشـتی دەموچـاوی بـۆ مـن و زۆر منداڵـی تر ترسـناک بوو.

ئـەو مامۆسـتایە حـەزی لـە لێدانـی منـداڵان بـوو. پێـی خـۆش بـوو کـە هەمیشـە لـە سـاتە سـەرەتاییەکانی پۆلـدا لـە یـەک دوو قوتابیـی دەرس نەخوێـن بـدات. یەکێـک لـە کـوڕە ملهـوورِ و چەوسـێنەرەکانی نـاو پۆلـی خـۆش دەویسـت. ئـەم کـوڕە موبسـیر[2] بـوو. باوکـی کبابچـی بوو و

---

١ . ئەم قوتابخانە دەکەوێتە خوار شەقامی ئازادیی ڕۆژهەڵاتی.

٢ . چاودێـر. لـە ئێـران بـە چاودێـر و نوێنـەری پـۆل دەڵێن موبسـیر کە بە واتـای بینەرە و دەبێت کاتێک مامۆسـتا لە سـەر پۆل نییـە دەوری چاودێرێکـی بێ‌لایـەن بگێڕێـت، بـەڵام لـە کـردەوەدا نە لـە قوتابخانـەی ئێمە و نە لـە هیـچ قوتابخانەیەکی دیکە موبسـیر ئەم دەورە بێلایەنەی نەدەگێڕا. موبسـیرەکان چاوسـاغی بەڕێوەبەر و جێگری بەڕێوەبەر و مامۆسـتا بوون و دەبا ئەوەی دەیانبینـی بەوانـی ڕابگەیێنن. موبسـیرەکان ڕۆڵی پۆلیسـی نهێنی ناو سیسـتەمی پـەروەردەی سـەقەت و بەرژەوەندیخوازیان دەگێـڕا. چونکـە لـەم نێوەنـدەدا تۆڵـەی شـەڕی خۆیان لە هەنـدێ لە قوتابیـەکان دەکردەوە و هەمیشـە ناویان لە سـەر تەختە ڕەش دەنووسـی. سـیخوڕی ئاشـکرای قوتابخانـە بـوون و هـەر لەبـەر ئـەم هـۆکارەش هەمیشـە لە نـاو قوتابیە تەمـەڵ و دەرس نەخوێنەکانـدا ئـەم موبسـیرانە هەڵدەبژێردران. هەنـدێ جاریش بێ‌ڕەوشـتترین و ملهووڕترین قوتابیەکانیان دەکردە موبسـیر بـۆ ئـەوەی بتوانـن ئەوانیـش بـە جۆرێـک کۆنتـرۆڵ بکـەن. نازانم لـە شـارەکانی دیکە و یـان قوتابخانەکانـی دیکە چـۆن بوون، بـەڵام لـە سـەردەمی خوێندنی ئێمەدا موبسـیرەکان ئـاوا بوون.

خۆشـی فیتنـەی نێـو پۆل. مـن یەکێک بـووم لەو منداڵانـەی کە زۆر بـزۆز بووم و لەگەڵ موبسـیر نەدەسـازام. هـەر بۆیـە ناوەکەم ببوو بە براندی هەمیشـەیی قوتابییە بزۆزەکان و بەردەوام لە سـەر تەختـە ڕەش دەنـووسرا و سـەرتۆپی نـاوان بـوو.

کاتێک ئەم مامۆسـتایە دەهاتە سـەر پۆل، چەقۆ زامندارەکەی دەدا بەم موبسـیرە نازدارەکەی و دەیگـوت بـڕۆ لـەو شـووڵە تـەڕەم بـۆ ببـڕە و بـۆم بێنـە. بەگشـتی بەڕێوەبـەر و جێگـری بەڕێوەبەر

● وێنەی ٨٧ - ڕۆژی تەندروستی، نەغدە، قوتابخانەی ئەنووشیروان

هەمیشـە هێڵکێشـێکی چێوییـان پێ بوو و بـەوە لە منداڵانیـان دەدا، بەڵام موبسـیر دەبا چووبا و لـە حەوشـەی قوتابخانـە یەکێـک لـە سـەوزترین و شـلترین شـووڵەکانی بـۆ ئـەم مامۆسـتایە ببڕیبایەتـەوە و بیهێنابایـە. پێیـان وابـوو کە دارە باشـەکان دەبێ فەنەری بن و ئەم موبسـیرەش بە وردبینییەوە شووڵە دڵخوازەکەی دەدۆزییەوە و دەیهێنا.

مامۆسـتا بـە وردبینییـەوە دەیتاشـی و سـافی دەکـرد، دواتـر ئێمـەی منداڵـە بـزۆز و دەرس نەخوێنـەکان و ئەوانـەی وانەکانیـان نەنووسـیبوو، بـە ڕیـز لەبـەردەم تەختـە ڕەش ڕادەوەسـتاین و دەسـتمان هەڵدەبـڕی. ئەگەریـش لـە ترسـان دەسـتمان بهێنابایەتـە خـوارەوە ئـەوا سـزاکەمان دووقـات دەبـووەوە، بـۆ نموونـە پێنـج شـووڵ دەبـووە دە شـووڵ ... ئـەم پرۆسـە بـەردەوام دەبـوو و ئەگـەر پێیشـی خـۆش بایـە لـە کۆتاییـدا چەنـد دانـە شـەق و زللەشـی لـێ دەداین. ڕێـک وەکوو سیسـتەمی دادوەری ئیشـی دەکـرد کـە پێکهاتەیەکـی مۆدێرنـی بە خـۆوە نەگرتبوو و دیسـانیش وەکـوو سیسـتەمی دادوەریـی کۆمەڵـگای ئێـران بـە شـێوەی بژاردەیـی هەڵسـوکەوتی دەکـرد، ئەویـش لەگـەڵ منـداڵان لـە شـوێنێکی پەروەردەیـی کـە داخوازیـی ئـەوە دەکا سیسـتەمێکی پەروەردەیـی هەیە. بەداخەوە هەتا ئێسـتاش لایەنە سـەرەکییەکانی پـەروەردە مۆدێرن نەکراون و

هەرچەندە سزای جەستەیی لە سیستەمی پەروەردەدا لا براوە، بەڵام لە ڕووی ئایدیۆلۆژیکییەوە هێشتا سیستەمێکی ناکارامە و دواکەوتوو باڵی بە سەر پەروەردەی ئێراندا کێشاوە.

هەندێک جاریش سزای تاکەکەسی دەدراین. واتە بانگیان دەکردی کە وانە نووسراوەکانت پیشان بدەی یان وڵامی پرسیارەکان بدەیتەوە. پۆل تێکەڵێک بوو لە خۆف و پێکەنین. ئەوانەی لێیان دەدرا، بە ترس و خۆفەوە هەر یەکیان ڕەفتارێکیان دەنواند، یەکێ دەگریا، یەکێ ڕەفتاری ساختەییانەی دەنواند و ... سەیر لەوەدایە ئەو منداڵانەی لە سەر کورسییەکان دانیشتبوون، پێدەکەنین. سزایەکی توندتریشمان هەبوو هەڵبەت بۆ تاوانە قورسترەکان. قوتابییەکەیان لە سەر کورسی ڕادەکشاند و پێڵاو و گۆرەویکانیان دادەکەند. موبسیر لە سەر چۆکەکانی دادەنیشت و کەسێکی دیکەش دەستی و شانی دەگرت و مامۆستاش بە شووڵ لەو قوتابییە، بە خەیاڵی خۆی تاوانبارەی، دەدا. ئەمە ناخۆشترین تەمبێ بوو. هەمان داروفەلاقە کردن کە لە کۆنەوە باو بوو، بەڵام نەک بۆ قوتابی، بەڵکوو ئەمە سزایەک بوو بۆ دز و ملهوورەکانی شار کە لە گۆڕەپانی شار و یەکتربڕەکاندا لە داروفەلاقەیان دەبەستنەوە و میرغەزەبێکیش بە شووڵێک لە ژێر پێی ئەو تاوانبارانەی دەدا. ژینگەیەکی پەروەردەیی ئاوا باش لە کوێ دەدۆزرێتەوە ...؟!

مامۆستایەک کە قەساب بوو

دوای بۆردومانە ئاسمانییەکەی پیرانشار لە ساڵی ١٣٦٣ (١٩٨٥ز)، دیسان ئاوارەی نەغەدە بووینەوە و چوومە قوتابخانەی ناوەندیی محەمەدڕەئووف. لەوێ مامۆستایەکی ترسناکمان هەبوو بە ناوی شیرعەلی قەساب. ئەم جەنابی قەسابە لە قوتابخانە وانەی ئینگلیزی دەگوتەوە و هەروەها وەک کاری دووەم قەسابیشی دەکرد! زۆر پتەو و چوارشان و سمێڵ فش و جەستەیەکی بەهێزی هەبوو. هەرگیز تێنەگەیشتین باشە ئەم کەسە چۆن بەو جەمین و قەڵافەتەوە هاتۆتە ناو سیستەمی پەروەردە و ڕاهێنانەوە و بووەتە مامۆستای زمانی ئینگلیزی. هەندێک جار پێم وایە ڕەنگە سیاسەتی سیستەمی پەروەردە هەر ئەوە بووبێ کە مامۆستایەکی لەو شێوە بخاتە ناو قوتابخانەکانی ناوچەکەمان بۆ ئەوەی ترس لە ناو دڵی منداڵەکاندا بچێنێت! ئەگەری ئامانجداربوونی ئەمە لە ناو وەها سیستەمێکی پەروەردەیی ناکارامە و سەقەتدا زۆر بوو. بەڵام ئەوە کامە عەقڵی ساغە کە دەڵێ کەسێک کە لە لێدان و زیانگەیاندن بە منداڵان لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە ئاوەها بێبەزەییە، نابێ وەک هەڕەشە بۆ سەر منداڵان سەیر بکرێت؟[1]

---

١ . نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە لە سەرەتای ئینقلابدا پرۆسەیەک لە سیستەمی پەروەردەی ئێران لە ژێر ناوی "پاکتاوکردن" لە پەروەردەدا دەستی پێکرد، لەو ماوەدا ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایان یان خوێندکارانی ڕاهێنانی مامۆستا کە خاوەنی بیروباوەڕی سیاسی و ئایینیی هاواهەنگ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نەبوون لە کارەکانیان دوور خرانەوە و لە کارکردن بێبەش کران و پاساوەکەشیان ئەوە بوو کە بوونیان بۆ داهاتوو و پەروەردەی منداڵان مەترسیدارە و دەبێتە هۆی

کاتێـک لـە منداڵێکـی دەدا ئـیتر ئـەو منداڵـە نەیدەتوانـی هەسـتێتەوە. کـە زللـەی لـێمان دەدا هەتـا ماوەیـەک گـوێمان دەزرینگایەوە، یان ئەو شـەقانەی کە لێمانی دەدا ئێشـەکەی گورچووی منداڵـی دەبـڕی. هەمـوو منداڵانـی قوتابخانەکـە لێـی دەترسـان. ئـەو لێدانـە و سـزایەی کـە بـە سـەرماندا دەیسـەپاند، لـە ژمـارە نەدەهات. ئەم کەسـەمان لێ ببـوو بە دێوەزمە. لـە بیرمە کاتێک لە شـەقامدا بە لای دووکانەکەیدا تێدەپەڕیم کە لە نزیک بلۆکی ژاندارمەری و بەرامبەر پاسـاژی کەیـوان بـوو، کاپشـێن[1] یـان جلوبەرگەکـەم دەدا بـە سـەرمدا، بـۆ ئـەوەی نەمبینێـت. هەرچەندە دەمزانـی لـە ناو ئـەو قەرەباڵغییەدا نامناسـێتەوە، بەڵام هەر دەترسـام.

ترسـێکی وەهـای خسـتبووە دڵمانـەوە کـە هەمیشـە و لـە هەمـوو جێیـەک لەگـەڵمان بـوو و پێـم وایـە ببـوو بە ڕەگـی زۆرێک لە ترسـەکانی دواتـری هەندێک لە خوێنـدکاران لـە قۆناغەکانی پـاشتری ژیانیانـدا. ئاخـۆ بـە مامۆسـتاکردنی قەسـابێک لەبەر چـی بووە؟ ئایـا هەر ئـەوە نییە کە لـە ئەنجنئەنجنکردنـی گۆشـت شـارەزاییەکی باشـی هەبـوو و دەیتوانی لـەم سیسـتەمە ناکارامە و پـڕ لـە کەموکوڕییـەدا جێـگا و کارکردی هەبـێ، ئەویش بـۆ پارچەپارچەکردنی ڕۆح و جەسـتەی منداڵانـی بێتـاوان و قوربانیـی سیسـتەمێکی پەروەردەیی لەو شـێوە.

هەندێـک جـار دایکم بۆ کڕینی گۆشـت دەچووە دووکانەکەی و کفتە و شـۆربای پێ دروسـت دەکـرد. تەنانـەت لـەو گۆشـتەش کـە لـە دووکانەکەی ئـەو دەیهێنـا دەترسـام. کاتێـک دەمبینـی دایکـم گۆشـتەکەی خسـتۆتە سـەر بەردێـک و بـە کوتکێکـی چێـوی خەریکـە دەیکوتـێ، لـە خەیاڵمـدا مامۆسـتاکەمانم وێنـا دەکرد کە بە چەقـۆ پارچە پارچەی کردووە و شـەوانەش مۆتەکەم پێـوە دەبینـی کە بـە چەقۆیەک دێتە ناو پۆل و دەفتەری هاتوو و نەهاتـووەکان دەکاتەوە و منیش کە شـۆرەتم ئەحمەدییە و ناوەکەم لە سـەرووی لیسـتی قوتابیاندا نووسراوە بانگ دەکات. وانەی ئینگلیزییەکـەم بـاش نەبوو هـەر بۆیە ئەوەنـدەی دیکە لێی دەترسـام.

جارێکیـان بانگـی کـردم بـۆ ئـەوەی دەرسـم لـێ بپرسـێتەوە. بـاش بـوو لـەو وەختـەدا زەنگی کۆتایـی لـێ درا و دەوامـی قوتابخانـە کۆتایـی هـات. وتی دەبـێ هەفتەکەی دیکـە یەکەم کەس بێیتـە بـەر تەختهـڕەش بـۆ ئـەوەی دەرسـت لـێ بپرسـمەوە. من بـە درێژایی ئـەو هەفتـە، نیگەران بـووم کـە هەفتـەی داهاتـوو وانـەی ڕێزمانـی ئینگلیزیـم لـێ دەپرسـێتەوە و جـا لێـم دەدا. ترس و دڵەڕاوکـێ تـەواوی گیانی مـن و قوتابییەکانی دیکەی تەنیبوو. ئەو هەفتـەم بە مۆتەکە و کابووس بـەڕێ کـرد وشـە بـە وشـە دەمخوێنـد کـە ئەگـەری لێدانـم کـەم ببێتەوە یـان بـاشتر بڵێـم لەبەرم دەکـرد، چـون بە ڕاسـتی لە وشـەکان تێنەدەگەیشـتم و نەشـمدەوێرا پرسـیار بکەم.

گومڕاکردنـی منـداڵان. هەروەهـا لـە ژێـر نـاوی خولـی ئایدۆلۆژیـا بۆ ئـەو مامۆسـتایانە خولیـان بەڕێـوە دەبـرد و تاقیکردنەوەی ئاینییـان لـێ وەردەگرتـن و لـە ئەنجامـی ئـەم پرۆسەشـدا بەشـێکی زۆر لە مامۆسـتایان لـە کارەکانیـان دەر کران.

١ . لە هەرێمی کوردستانی باشوور پێی دەڵێن قەمسەڵە کە عەرەبیکراوی کاپشێنە. وەرگێڕ

تاکە ڕێگای ڕزگاربوون لەم مامۆستایە نەخۆشکەوتن بوو. شەوی هەینی لە ترسان چووم چەند دانە لە حەبەکانی نەنکمم خوارد بۆ ئەوەی سەر لە نەخۆشخانە دەربێنم و نەچمە قوتابخانە. سەرگێژەم گرت و خەوم لێکەوت. بۆ بەیانی کە دایکم لە خەو هەڵیساندم، باش بووم. ئەمە ترسناکترین ڕووداوی ژیانم بوو! باش بووم و ناچار بووم بچمەوە قوتابخانە. ئەو ماوە بیست خولەکییەی سروود و وەرزشی بەیانیان، دڵم لە ناو مشتمدا بوو. کاتێک بە ڕیز دەچووینە ناو پۆلەکانمان، لەبەر دڵەخورپە گەدەم وەکزەکز کەوت، نینۆکم دەجاوی. هەر سەیری دەرەوەم دەکرد و دەمبینی مامۆستاکان یەک لە دوای یەک دەچنە ناو پۆل، بەڵام شیرعەلی قەساب دیار نەبوو، هەتا ئەوەی کە جێگری بەڕێوەبەری قوتابخانە هات و وتی: "دایکی شیرعەلی قەساب مردووە و ئەورۆ نایەتەوە". ئۆخەیش دڵم داکەوت و هەفتەیەک مامۆستا نەهاتەوە بۆ قوتابخانە. نوور بڕژێتە سەر گۆڕی دایکی کە بە مەرگی خۆی پیاوەتییەکی زۆری دەرحەقمان کرد. بارێکی قورسم لە کۆڵ بووەوە و ئەو هەفتە زۆر خۆش بوو. چیرۆکی نەنکمم بیر کەوتەوە، ئەوەی دەربارەی سوڵتان مەحموود و دارتاشەکەیە، کاتێک ژنی دارتاشەکە بە مێردەکەی گوت: "پیاو ئەوەندە بێئوقرە مەبە، خودا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە."

ئاغا توو خوڵا لە منداڵەکەم بدە

کێشەی گەورەتر هەڵوێستی دایکان و باوکان بەرامبەر بە لێدانی منداڵ لە قوتابخانە بوو، دایک و باوکی ئەو کات بەو ئاگاییە کەمەیان پێیان وابوو هەمیشە حەق بە قوتابخانەیە و گومانی تێدا نییە کە منداڵ کارێکی خراپی لێ وەشاوەتەوە و دەبێ لێی بدرێت. بە هۆی ئەم نائاگاییەوە، قوتابخانە و بنەماڵە لە چەوساندنەوە و سەپاندنی هێز بە سەر جەستە و دەروونی منداڵاندا هاوبەش و یاوەری یەکتر بوون. ئەم بابەتە بەشێکی خراپتریشی هەبوو. ئەگەر بۆ نموونە ڕۆژێک نەچووباینە قوتابخانە یان وەدرەنگ کەوتبایین، دایکمان دەبرد بۆ ئەوەی هۆکارەکە ڕوون بکاتەوە، ئەوسا باوکان لە ناو بازنەی پەروەردەدا دیار نەبوون، بوونێکی تۆخ و کاریگەریان نەبوو و ئەوە دایکان بوون کە فریای ئەوە دەکەوتن بۆ هەموو کارێک بچنە قوتابخانە. ئەم نەبوونی دەوری باوکە بەتایبەت بۆ ئێمەی کوڕ، دەرەنجامی ڕووخێنەری هەبوو و گۆڕانکارییەکی نەرێنی لە پەیوەندیی ئێمە و باوکانماندا دروست دەکرد.

منداڵەکان دایکتیان دەبینی کە لەگەڵیدا چوویەتە ژووری مامۆستایان جا وەرە منداڵان وەدوات بکەون و پێت بڵێن منداڵەورکە. ئەمەش بە لامەوە گرنگ نەبوو، چونکە شتێکی خراپتر دەقەوما! کاتێک دایکم دەهاتە قوتابخانە، دوای ئەوەی بۆ مامۆستای ڕوون دەکردەوە کە بۆچی وەدواکەوتووم یان بۆچی نەهاتوومەتەوە - کە زیاتر لەبەر چوون بۆ گوند یان چوونە سەر شایی و زەماوەند بوو - دەیگوت: "ئاغا گیان کەمێک لە کامیلێ بدەن. لە ماڵێ زۆرمان

● وێنەی ٨٨. قوتابخانەی ١٧ی شەهریوەر، پێنجی سەرەتایی، پیرانشار، ١٣٦١ی هەتاوی (١٩٨٢)

ئەزییـەت دەکا، شـڵووغە و دەرسـیش ناخێنێـت!" بـەم تێڕوانینـەوە ئێمـەی منداڵان چـاوەڕێمان دەکـرد خێزانەکەمـان لە بەرامبەر لێدانی ناپیاوانەی مامۆسـتایان و جێگری بەڕێوەبەر بەرگریمان لـێ بکـەن. تێڕوانینـی نەریتیـی دایـک و بـاوک ئـەوە بـوو کـە لەبـەر ئـەوەی منـداڵ لـە مامۆسـتا دەترسـێ، ئـەوا مامۆسـتا ئامرازێکـە بـۆ ئـەوەی ئێمـەی منداڵ بەئـەدەب بیـن. خۆیـان دەهاتن و گڵۆپـی سـەوزیان بـە مامۆسـتا نیشـان دەدا. لـەم ئاسـتە نزمـەی ئاگاییـدا، تاکـە ڕێگـە بـۆ پەروەردەکردنـی منـداڵان دروسـتکردنی هەسـتی تـرس و سـووکایەتی بـوو. کەچـی نازانـن ئـەم تـرس و تۆقانـدن و سـووکایەتییە دەبێتـە ڕەگـی ترسـەکانی دواتـری ئـەو منداڵـە لـە قۆناغەکانـی پـاشتری ژیانیـدا. تەشـەنە بە دڵەڕاوکێ و هەسـتی سـووکبوون و تووڕەیی لـە قۆناغەکانی دواتری ژیانی دەدا و وەک ڕەگ و ڕیشەی ئەوان دادەنرێت.

ئـەم ئاسـتی متمانـە بە مامۆسـتا و کادێری سیسـتەمی پـەروەردە، لە ناو زۆربـەی خێزانەکاندا بـاو بـوو. دیـارە هیـچ دایـک و باوکێـک پێـی خـۆش نییـە منداڵەکـەی تووشـی ڕەنـج و ئـازار بێ، بـەڵام وەکـوو هـەر پرسـێکی تـر ڕەگ و ڕیشـەی دەچێتەوە سـەر فەرهەنـگ و بیروبـاوەڕی ئێرانی-ئیسلامـی. ڕسـتەگەلی وەکـوو هەر کەسـێک شـتێک فێری مـرۆڤ بکا ئـەوە ئەو مرۆڤـەی کردۆتە کۆیلەی خۆی و مامۆستایەتی پیشەی پێغەمبەرانە و... پیرۆزیی کاری فێرکردن و پێگەی پیرۆزی مامۆسـتا دەردەخـا کە ئەمە دەرگای هەر چەشـنە ڕەخنەیەک لە لایـەن خوێندکارانەوە یان دایک و باوکانـەوە بەرامبـەر بـە مامۆسـتا دادەخـا و دیـارە هەمیشـە حەق بە مامۆسـتا بوو، لەبـەر ئەوەی مامۆسـتایەتی کارێکـی پیـرۆزە و مامۆسـتا باشترینـەکان و چاکترینەکانـی بـۆ منـداڵ دەوێـت. ئێمـەی منـداڵان نالێـم هەرگیـز بـەڵام بـە دەگمـەن، ئـەو لێدانانـەی مامۆسـتایانمان بـۆ ماڵـەوە دەگێـڕاوە و ئەگەریـش بـاسمان بکردایـە خـۆ دایک و باوک دەنگیـان نەدەکرد. هیـچ دەزگایەکی دەوڵەتـی چاودێریـی مامۆسـتایان و قوتابخانەکانـی نەدەکـرد. دواتـر لـە ڕێگـەی هاوڕێکانـم لـە

ناوچەکانـی دیکـەی ئێـران بـۆم دەرکـەوت کـە ئەوانیش لـە ژێـر هەمـان بارودۆخدا بوون. ئێسـتا بـە هـۆی هـۆکاری جۆراوجۆری وەکوو گەشـەی میدیـاکان، فراوانبوونـی قوتابخانـە ئەهلییەکان، خانەنشـین بوونـی مامۆسـتایانی نـەوەی ڕابردوو و گەشەسـەندنی ئاسـتی خوێندەواریـی دایکان و بـاوکان، دۆخـی قوتابخانـەکان بـاشتر بـووە، بـەڵام بـە بوێرییـەوە دەتوانـم بڵێـم هەتـا سـاڵانی هەشـتاکانی سـەدەی ڕابردوو (١٣٨٠)، بارودۆخـی ئێران بەتایبەت لە شـار و گوندە بچووکەکاندا کـەم تـا زۆر هـەر بەم شـێوە بـەردەوام بوو.

وەرزی سێیەم

کەشتیی ئاڵۆزی مێرمنداڵی

پێشەکی

هەڕەتـی مێرمنداڵـی سـەردەمێکی تایبەت و سـەیرە، تەنانەت ئەگەر لە ژینگەیەکیشـدا بژیت کـە بارودۆخـەکان تـا ڕادەیـەک ئاسـایی بـن و کەسـانی دەوروبـەرت لـە هەسـتیارییەکانی ئـەم قۆناغـە تێبگـەن، هێشـتا تەنـگ و چەڵەمـەی خـۆی هەر هەیـە، وەک لە بەشـی یەکەمـدا ئاماژەم پێـدا، لـە کۆمەڵـگا نەریتییـەکان یان ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە قۆناغی گواسـتنەوە لـە نەریتەوە بۆ مۆدێرنیتـەن تاکـەکان یـان منداڵـن یان گەورەسـاڵ و ئـەوە لـە حاڵێکدایە کـە قۆناغێکیش هەیە پێـی دەوتـرێ مێرمنداڵـی کـە هەسـتیاری و پێداویسـتیی خـۆی هەیـە بەڵام دانـی پێـدا نەنراوە. مـن و زۆربـەی هاوتەمەنەکانـم مێرمنداڵـیمان بـە ڕێ سـەختەکاندا تێپەڕانـد. لـە تەمەنێکـدا کـە دەتهـەوێ پاڵـەوان بـی و خەریکـی ناسـینی خـۆت و کەسـانی دەوروبەر و شوناسـی تاکەکەسـی و کۆمەڵایەتیـی خۆتـی، لـە نـاکاو فـڕێ دەدرێیتـە نـاو گێژەنـی شـۆڕش و شـەڕ و ئـەو گۆڕانکارییە گەورانـەی کـە لـە ئەنجامـی ئەوانـەوە دێتـە ئـاراوە. جـا ئەگـەر کەمینـەش بـی، ئـەوە ڕووبـەڕووی لایەنـی قـورستری کێشـەکان دەبیتـەوە. جیـا لـەم ڕووداو و پێشـهاتانە، ئێمـە لـە کۆمەڵگایەکـدا دەژیایـن کـە نەریت بە سـەر هەمـوو جومگەکانی ژیانـدا زاڵ بوو. هەرچەندە لـە هەندێک لایەندا سـوودی خـۆی هەبـوو، بـەڵام لـە زۆر حاڵەتـدا خێـزان و کۆمەڵـگا بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ جیهانـی نـوێ ئامادەییان تێـدا نەبوو و شـێوازە پەروەردەکردنـە هەڵەکەیان بە نائەنقەسـت زیانی گـەورەی لێکەوتەوە.

لەگـەڵ هاتنـە سـەر کاری ڕژێمێکـی کۆنەپەرسـت، ئـەم ڕەوتـە چڕتـر بـووەوە و کاردانـەوە نەرێنییـە تونـدەکان جێگـەی ڕاهێنانـە ئەرێنییەکانـی گرتـەوە. هەرچەنـدە حکوومەت لـە ئێراندا هێشـتا هەمـان هەڵوێسـتی هەیـە، بەڵام کەشـوهەوای کۆمەڵـگا تا ڕادەیـەک کراوەتەوە و پرسـی سێکسـی و پەیوەندیسـازکردن لەگـەڵ ڕەگەزی بەرامبـەر هێندەی جاران بڤە و تابـۆ نییە. نەوەی نـوێ ڕوانگەیەکـی هۆشـیارتری بـۆ ئـەم بابەتانـە هەیـە. هەڵبـەت ئـەم هۆشـیارییە دەرەنجامـی گەشـەی میدیـا ناحکوومییەکان و دەسترا‌گەیشـتنی ئازادتر بـە زانیارییەکانە، کە ئەویش ئاکامی گەشـەکردن و فراوانبوونـی ئینتەرنێتـە. دایـک و باوکـی ئـەم نـەوەش کـە هاوچەرخـی منـن، تـا ڕادەیـەک خۆیـان لـە ڕێبـازی باوباپیرانیـان دوور خسـتووەتەوە.

سەردەمی مێرمنداڵیی من و زۆر کەسی تر تێپەڕی و لە هەندێک حاڵەتدا یادەوەریی تاڵی بەرهەم هێنا کە بۆ هەمیشە وەکوو ئێشێکی کۆن لە دەروونماندا هەر ماوەتەوە. بەردەوام لە قوتابخانە و لە ماڵەوە و لە ناو کۆمەڵگادا سەرکوت دەکرایین. ئێمە دەمانویست ببینرێین، پاڵەوان بین و جیهانی دەوروبەرمان بە شێوەیەکی جیاواز لە قاڵب بدەین، بەڵام قەمچیی سەرکوتکردنی بە ئەنقەست و نائەنقەست لە خەونەکانمان بەهێزتر بوو. زۆرێک لە ئێمە وازمان هێنا، هەندێکیشمان کۆڵی نەدا ... منیش برینداریم، ئازارم دیوە، بەڵام لە تەمەنی مێرمنداڵیمدا هەوڵم دا ڕێگایەک بۆ خەونەکانم بدۆزمەوە. سەختییەکانم هەڵبژاردەی من نەبوون، بەڵام خەونەکانم هەڵبژاردەی من بوون ... !

بەشی یەکەم

ئەو کچەی کە دەستدرێژی کردە سەرم

ژیان ڕووداوی زۆر ناخۆش دێنێتە سەر ڕێی هەموو مرۆڤێک، کە لە بەرامبەر هەندێ لەم ڕووداوە ناخۆشانە بە هەر هۆکارێک بێ بێدەنگ دەبین. هەندێک جار وا دەزانین ئەو ڕووداوە ناخۆشانە باو نین و هەندێک جاریش بە هۆی فەرهەنگی ئەو ژینگەی کە تێیدا دەژین، بێدەنگ دەبین و پێمان باشە ئەم بارە قورس و تاڵە هەر خۆمان بە تەنها لە کۆڵی بگرین. لە زۆربەی فەرهەنگەکان و بەتایبەت فەرهەنگە رۆژهەڵاتییەکاندا، ئەو کەسەی کە دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەری ئەگەر ئەزموونی دەستدرێژییە سێکسییەکەی باس بکا ڕووبەڕووی بەدتێگەیشتن و ناوناتۆرە و هەندێ جار کەڵکاوەژۆیی دەبێتەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی شەرمەزاری و ئابڕووچوونی ئەندامانی خێزان و کەسوکاری نزیکی ئەو کەسە. کەواتە، باسکردنی ئەم جۆرە ئەزموونانە، بەتایبەت لە کۆمەڵگا نەریتییەکاندا، لە چاو کۆمەڵگا مۆدێرن و پێشکەوتووەکان، لێکەوتەی زۆر گەورەتری هەیە.

لە زۆربەی ئەو ساڵانەی کە چالاکیم نواندووە و لە سەر خەسارەت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان ئیشم کردووە، وەک پێشتر جەختم لەسەر کردەوە، ئەم پرسانە تا ڕادەیەکی زۆر ڕەگیان لە ئەزموونی ژیاومدا هەبووە. هەموومان دەزانین کە قسەکردن لەسەر هەندێک ئەزموون لە فەرهەنگی گشتیماندا چ دەرەنجامێکی تاڵی لێ دەبێتەوە، بەڵام من دەمەوێ هەموو ئازایەتی و بوێریی خۆم چڕ بکەمەوە و لەسەر هەندێک لەو ڕووداوە تاڵانە بنووسم کە لە تەمەنی هەرزەکاریدا دڵ و دەروونمیان هەژاند. هەندێک لە هاوڕێ و هاوکارەکانم و هەڵەچنەکانی ئەم کتێبە لە ڕووی دڵسۆزییەوە پێشنیاریان کرد کە ئەم بەشەی کتێب لا ببەم یان بەشگەلێکی لێ بسڕمەوە، بەڵام من ڕەتم کردەوە. چەندەها جار ئەم ڕووداوانەم لەم لاپەڕانەدا ورووژاندووە

و لام بـردووە و پـاش ماوەیەکـی زۆر بیـرم لـەم بڕیـارە و دەرەنجامەکانـی کـردەوە و دواجـار بڕیـارم داوە ئـەم بەشـەی ژیانـم لەگـەڵ بەردەنگەکانـم هاوبەش بکـەم. هەرچەند لە ناوەنـاوەی بەرهەمە توێژینەوەییەکانمـدا هەمیشـە دەستپێشـخەریم کـردووە و ئامـاژەم بـە هەندێکیـان کـردووە. ئایـا ئـەوە ڕاسـت نییـە کـە ئـەم ڕووداوانـە وامـان لێدەکـەن کـە هەیـن و تانوپـۆی کەسـایەتیمان پێک دەهێنـن؟ دەربڕینـی ئەم بەشـە لـە یادەوەرییەکانم بـە هەنگاوێکـی بوێرانە و ئامانجـدار دەزانم و بەنیـازم بـۆ خولقاندنی دواڕۆژێکی باشتر ئەزموونەکانم دەربڕم، بۆیە وەک کەسـێکی پێگەیشـتوو لـە سـەر ئەندێشـەکانی خـۆم پابەندم و لێکەوتەکانیشـی قبـووڵ دەکەم.

زۆرێـک لـە منـداڵان و تاکـەکان ڕووبەڕووی پەلامار و دەسـتدرێژیی سێکسـی دەبنـەوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی بەسـتێنێکی گونجاو، قسـەی لەسەر ناکەن و پاڵپشتیی دەروونییان لێ ناکرێت. پێـم خۆشـە دایـک و بـاوکان ئـەم بەشـە زۆر تاڵـەی بەسـەرهاتم بخوێننـەوە و لـە تافـی منداڵـی و مێرمنداڵیـدا زیاتـر پشـتگیری و چاودێـری منداڵەکانیان بکـەن و وریایان بن. ئـەم چاودێریکردنە بـۆ کۆمەڵـگاش بەسـوودە. زۆربـەی ئـەو منداڵانـەی دەسـتدرێژی دەکرێتە سـەریان، پەنـا دەبەنە بـەر میکانیزمـی قەرەبووکردنـەوە و هـەوڵ دەدەن جـۆرە جیاوازەکانـی ئـازار و دەسـتدرێژی لـە خۆیـان بنوێنـن و ئەگـەر لـە کاتـی گونجـاودا پشـتیوانی و چارەسـەر نەکرێـن، ئـەوە دەچنـە نـاو پرۆسـەی سـەقەتی بەرهەمهێنانـەوەی توندوتیـژی بە چەشـنی جیاواز.

زۆر بیـرم لـەوە کـردەوە کـە ئایـا نـاوی کەسـە پەیوەندیـدارەکان بهێنـم یـان نـا، بـەڵام بـۆم دەرکـەوت کـە بەڕاسـتی پێویسـت بـەو کارە نـاکات. ڕەنگـە پێدانـی سـەرەداوێکی بچـووک وا لـە خانـەوادە و خـزم و ناسـیاوەکانی سـاڵانی ڕابـردووم بـکا کـە بزانـن باسـی کـێ دەکـەم و ئەمـەش دڵخۆشـم نـاکا، هەرچەندە دەزانم ئەو کەسـانەی کە پەیوەندییان بەو ڕووداوانـەوە بووە، کاتێ ئەم دەقـە دەخوێننـەوە دەزانـن مەبەسـتم کێیە. ئەوانـەی ئەم ڕووداوە ناخۆشـانەیان بەسـەرمدا هێنا، بـە ئەگـەری زۆر خۆشـیان قوربانـی بـوون و خـودا دەزانـێ تووشـی چ ئـازار و مەینـەت و ئەزموونی هاوشـێوە بوونەتـەوە. وێـڕای ئـەوەی مـن نامهەوێ کەرامـەت و ئابڕووی کەسـێک لەکـەدار بکەم، بـەڵام بەنیـازم ڕچـە بـۆ کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ لە سـەر ئەم ئاریشـە و گیر و گرفتانە بشـکێنم.

کۆمەڵگا ئەو سەردەمە توندوتیژتر بوو، ئەم توندوتیژییە لە جیهانی منداڵان و هەرزەکارانیشدا بـە شـێوەیەکی بەرچـاو ڕەنگـی دەدایـەوە. ڕەفتـاری منـداڵان چاودێرییەکـی ئەوتـۆ نەدەکـرا و لە قوتابخانەکان، لەسـەر شـەقامەکان، یان لە کاتی یاریکردندا بە شـێوەیەکی زۆر ئاشـکرا دیاردەی ملهـوڕی ڕووی دەدا. پـەروەردەی سێکسـی بـە هیـچ شـێوەیەک لـە ئـارادا نەبـووە و هەڵبـەت ئێسـتاش نییـە[1]. کـە باسـی پرسـی دەسـتدرێژیی سێکسـی بـۆ سـەر منـداڵان و هـەرزەکاران

١. لـە مـاوەی چل سـاڵی ڕابـردوودا ڕوانگەی حکوومەت بەرامبەر بەم پرسـە هیچ نەگـۆڕاوە. لەگـەڵ بەئایینیبوونی پێکهاتەی حکوومـەت لـە دوای شۆڕشـی گەلانـی ئێـران لە سـاڵی ١٩٧٩، گوتـارە ئایینییـەکان باڵیان بەسـەر فەزای زەینیـی کۆمەڵگادا کێشـا و بنەماڵـە و قوتابخانـە و پـەروەردە وەهـا تێهەڵکێشـی تێڕوانینـی ئایدیۆلۆژیکـی و ئایینیـی کۆمەڵـگا بوون کـە گفتوگۆ و

دەکرێ هەموو نیگەرانییەکان لە سەر کچان تۆخ دەبێتەوە و زۆربەی خەڵک نازانن کە لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا کوڕان زۆرترین زیانیان پێدەگات. لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا و بەپێی ئەو ڕوانگە ڕەگەزێتییەی کە لە ناو کۆمەڵگادا باڵادەستە، کە کچان لاوازترن و پێویستیان بە چاودێریی زیاترە، بنەماڵە و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە چاودێرییەکی زیاتریان بەسەر کچاندا هەیە. بەڵام تێڕوانینێکی جیاوازیان بۆ کوڕ هەیە و پێیان وایە پیاوە و دەتوانێ خۆی بپارێزێت. ئەم ئازادیی زیاتر و چاودێریکردنی کەمترە، ئەگەری ئەوە کە کوڕان زیانیان پێ بگا، زۆرتر دەکات[1].

بە درێژایی تەمەنم هەمیشە هەستێکی دووفاقەم بۆ گوندی گرداشەوان هەبووە و کاتێک لەوێ ئاوارە بووین، نەمدەویست بۆ هەمیشە لەم گوندەدا بژیم. کاتێک ڕوومان لە پیرانشار کرد، ساڵانە بەشێکی پشووی هاوینەمان لە گرداشەوان بەسەر دەبرد و یادگاریی زۆر خۆشم لەو ڕۆژانە هەیە، بەڵام ساڵی ١٣٦١ (١٩٨٢) بوو کە ڕووداوێکی ناخۆشم بەسەر هات. وەرزی دەستکەنەی نۆک بوو و خەڵک هاتبوون بۆ هەرەوەزی. هەر کەسێک ئیشی خۆی دەکرد و کچە دراوسێی ماڵی باپیرم ئەرکی گەیاندنی نانی نیوەڕۆی بۆ سەر زەوییە کشتوکاڵییەکان پێ سپێردرابوو. دەیانگوت پیاوێک یان کوڕێک با لەگەڵ ئەم کچە جحێڵەدا بڕوا بۆ ئەوەی

پەروەردە سەبارەت بە پرسی ڕەگەز و سێکس لە چاو جاران ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی گەورەتر بووەوە. لەگەڵ تابۆبوونی پرسی سێکسی لە ڕێگەی گوتارە ئایینییەکانەوە، کۆمەڵگە زیاتر لە جاران داخراوە و پرسی ڕەگەزی و سێکسی و باسکردنی پەراوێز خراوە و بڤەی لێ کراوە. تاکە جیاوازیی نێوان دەیەکانی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ و پێش ئەو شۆڕشە ئەوە بوو کە گوتارە ئایینییەکان کۆتوبەند و بەربەستی زیاتریان خستە سەر پرسی سێکسی و فەزای قسەکردن لە سەر ئەم پرسە، بەڵام لە هەر دوو قۆناغدا بە هۆی ناوشیاریی کۆمەڵگا و سیاسەتی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، پەروەردەیەکی گونجاوی سێکسی پێشکەشی منداڵان نەکرا. دۆخی جەنگ و بێبەشی و هەژاریی فەرهەنگی و نەبوونی چاودێرییەکی پێویست لە لایەن بنەماڵەکانەوە و ڕوانگەی داخراو و تەسکیان کە پێیان وایە بابەتی سێکسی شتێکی بڤە و تابۆیە و نابێ لای منداڵ و مێرمنداڵان باس بکرێن، دۆزەخێکی دروست کردبوو کە هەموومان تێیدا دەسووتاین. سیستەمی پەروەردە خۆی ڕەفتاری پاوانخوازانە و تاکتەوەرانەی هەبوو و خوێندکاران متمانەیان بەوە نەبو کە ئەم سیستەمە پشتیوانیان لێ بکا و بتوانن ئێش و ئازارەکانیانی لا بدرکێنن. ئەویش منداڵانێک کە زللەی جەنگ و هێرش تووشی دڵەڕاوکێی کردبوون و لە ناو کەشێکی پڕ لە توندوتیژی و نائەمنیدا خۆبەخۆ گەورە دەبوون.

١ . هەندێک پێیان وایە قسەکردن لەسەر دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵانی کوڕ، کە لە ناو فەرهەنگی باودا بە "بەچەبازی یان منداڵبازی" ناو دەبرێ، کارێکی باو و جێکەوتووە. تەنانەت ئەدەبیاتی شیعری و پەخشانی فەرهەنگی ئێرانیش بە وردی باس لە ئەنجامدانی ئەم کارە لە ناو گرووپ و چین و توێژە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکاندا دەکا و پێدەچێ وەک هێمای دەسەڵات و باڵادەستی و پێگەی کۆمەڵایەتیی کەسانی دەستدرێژکار هەژمار کرابێت. لە ئێراندا هەندێک پێیان وایە لە تەمەنی دیاریکراودا کوڕان زیاتر لە کچان دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەریان، بەڵام بۆچی دەستدرێژیکارەکە دەتوانێ دەستدرێژی بکا؟ ئەنجومەنی پارێزەران لە هەموو کۆمەڵگاکاندا پێیان وایە هۆکاری سەرەکی، بێدەنگیی کەسی قوربانییە. کوڕەکە بە هۆی تابۆ و نەریت و فەرهەنگی بنەماڵە و کۆمەڵگا قسە ناکا و لە لایەکی دیکەوە نە خێزان و نە دامەزراوە پەروەردەییەکان کەسەکەیان فێری ئەوە نەکردووە کە لەم جۆرە بارودۆخانەدا چ ڕێوشوێنێک بگرێتە بەر. ئەگەر لە کۆمەڵگایەکی وەکوو ئێران منداڵێک تووشی ڕووداوێکی وەکوو دەستدرێژی سێکسی ببێتەوە، یەکەم کاردانەوەی بنەماڵەکان نکۆڵیکردنە. ئەم میکانیزمە زۆر بەهێزە و بنەماڵە بۆ شەرەف و ئابڕوو و کەرامەتی خۆیان ئەوەندەی بۆیان بلوێ نکۆڵی لێ دەکەن.

بەتەنیا نەبێ و منیان لەگەڵ ئەو کچەدا دەنارد. منیش تەمەنم نزیک یازدە ساڵان بوو. نزیکەی نیو کاتژمێر یان زیاتری دەخایاند هەتا خواردنەکەمان دەگەیاند و دەگەڕاینەوە. کچەکە لەسەر گوێدرێژێک دادەنیشت و منیش لە پشتیەوەی سوار دەبووم. کاتێک لە ڕێگادا تووشی پیاوێک دەبووین، بە شەرمەوە لە گوێدرێژەکە دادەبەزی و کاتێک دوو کەسی سواری گوێدرێژەکە باین، پێی دەگوتم لە پشتەوە توند بمگرە با نەکەوی.

لە هەڕەتی هەرزەکاریدا بووم و کونجکۆڵی و ئارەزووی سێکسیم ورووژابوو. ڕەفتاری کچەکە بە لامەوە سەیر بوو و نەمدەزانی چ ڕوو دەدات. تەنیا هەستم بە گەرمیی لەشی دەکرد. هەندێک جاریش دەستەکانی منی دەگرت و بەرزی دەکردەوە و دەستمی دەخستە سەر مەمکەکانی و جارجارەش دەستی لە سەر دەستم دەدانا و مەمکەکانی پێ هەڵدەگڵۆڤی.

ئەم بەسەرهاتە چەند جارێک دووبارە بووەوە. سەرم لێ شێوابوو و بەڕاستی تێنەدەگەیشتم کە چی ڕوو دەدات. جگە لە هەناسەدانێکی درێژ و هەناسەبڕکێ هیچ وشەیەک لە نێوانماندا ئاڵوگۆڕ نەدەبوو. ڕۆژێک لە نێو ڕێگادا کەرەکەی ڕاگرت و وتی با لە ژێر سێبەری دارێکدا پشوو بدەین. لە لای کانییەک لە نێو شەقارێکدا پاڵ کەوت و منی خستە سەر خۆی. توند لە باوەشی گرتم و خۆی لە ژێرمدا ڕادەتەکاند. من سەرەندەری ئەمەم نەدەکرد، بەڵام هەستێکی ناخۆشم هەبوو و تەنانەت بۆنی خۆشی ئەو ملوانکە مێخەکبەندەی کە لە ملی کردبوو، هێورمی نەدەکردەوە. ئاخە زۆر لێک نزیک بووین و پەیتاپەیتا ماچی دەکردم. چەند جارێکی تریش ئەم کارەی کردەوە، جارێکیان منی لەسەر زەوی پاڵ خست و لەسەرم پاڵ کەوت و خۆی بە منوە دەنا، ئەمە بەردەوام دەبوو هەتا تێر دەبوو و ئینجا دەیوت سواری گوێدرێژەکە بە با بڕۆین. خۆی دەستی پێدەکرد و هەر خۆشی تەواوی دەکرد. نەمدەتوانی پێی بڵێم من نامهەوێ ئەو کارەم لەگەڵدا بکەی و هەمیشە نیگەرانی ئەوە بووم کە نەکا ئەم ڕەفتارە دووبارە بکاتەوە.

هەندێک جار لە خۆم دەپرسم کە باشە من چ هەستێکم بۆ ئەم بابەتە بووە. پێم خۆش بوو یا نا؟ ڕەنگە هەندێک جار چێژم لەم پەیوەندییە نەخوازراوە بینیبێت. چێژێکی فیزیۆلۆژی کە لە ئەندامی نێرینەمدا هەستم پێدەکرد، بەڵام جیا لەم وروژاندنە، بە دڵ ئەم کارەم پێ خۆش نەبوو و هەستم بە سەرلێشێواوی دەکرد. من هەرزەکار بووم و هەر جارێک کە ئەم کارە لە نێوانماندا ڕووی دەدا، کونجکۆڵیم تا دەهات زیاتر دەورووژا و ئەویش زیاتر پێشڕەوی دەکرد. لە بیرم نییە چۆن بوو کە لە کۆڵم بووەوە، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ کە کار و فرمانی کێڵگەی باپیرم کۆتایی هاتبوو. دواتر هەر کاتێک دەمبینی لە ترس و شەرم خۆم لێ دوور دەخستەوە. ئەم کچە زۆر زوو شووی کرد، بەڵام هەمیشە دەرفەتی دەقۆزییەوە بۆ ئەوەی دەستم لێ بدا و نەوازشم بکا و لە ئامێزم بگرێت. پێویستە ئەوەش بڵێم کە لەم بەسەرهاتەدا جگە لەوەی خۆم وەک قوربانییەک دەبینم، ئەم کچە و دەیان کچە عازەب و کوڕی مێرمنداڵی دیکە و ئارەزوو و خواستەکانیان، قوربانیی سەرکوت و نەزانیی کۆمەڵگا دەزانم. زۆرێک لە کچان بۆ تێرکردنی

ئارەزووە سێکسییەکانیان ڕوو لە هاوسەرگیریی پێشوەختە یان پەیوەندیی سێکسیی مەترسیدار دەکەن.

جگە لەو دیمەنانەی کە ساڵانێک پێشتر لە حەمامی ژنانەدا دیتبووم یان لە یاریی منداڵانەدا بەئەزموونم کردبوو، ئەمە یەکەم ئەزموونی من بۆ ناسینی ئەندامە سێکسییەکانی خۆم و ڕەگەزی بەرامبەر بوو. ئێستا بە هۆی تەمەن و ئەزموون و بواری کارەوە بۆم دەرکەوتووە کە ڕەفتاری ئەو کچە هەراسانکردن و دەستدرێژیی سێکسی بووە. هەرگیز نەمتوانی ئەم بابەتە لای کەس بدرکێنم. ئەوەی لە نێوان من و ئەو کچەدا دەگوزەرا، بۆ من نامۆ و نارِوون بوو، بەڵام خۆمم بێدەسەڵات و لاواز دەبینی، پەیوەندییەکە نە بە خواستی من دەستی پێدەکرد و نە بە ویستی من کۆتایی پێدەهات. نەمدەتوانی ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەم هەبێ و لە ڕووم هەڵنەدەهات باسی بکەم. ئەم ئەزموونە لە بەرەبەرەی هەڕەتی باڵغبوونمدا ڕووی دا و دیارە لە دروستکردنی بەشی ناوشیاری زەینمدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە.

تف باران!

پۆلی چوارەمم لە قوتابخانەی ١٧ی شەهریوەر خوێند، شوێنێکی پڕ لە توندوتیژی کە لە وەرزی پێشوودا باسم لە مامۆستاکان و لێدانەکانیانی کرد. شەفێعی کوڕە دراوسێمان ساڵ و نیوێک لە من گەورەتر بوو، ساڵێک درەنگتر دەستی بە خوێندن کردبوو و لە پۆلی پێنجەمدا دەیخوێند. هەر لەو ساڵەدا بۆ هەمیشە لە گوندەوە ڕوویان لە شار کردبوو و پێکەوە هاوقوتابخانەیی بووین. دایکەکانمان دەستەخوشک بوون و خۆشمان هاوڕێی زۆر باشی یەکتر بووین. دایکم هەمیشە بە شەفێعی دەوت "ئاگات لە کامیل بێ".

دۆخەکە دۆخی جەنگ بوو، درگای قوتابخانەکانیان دانەدەخست و منداڵان هەندێک جار لەو دەوروبەرەدا دەخولانەوە. شەفێع بە دزییەوە دەستی بە جگەرەکێشان کردبوو. تووتن و پەڕی دەپێچاوە و من بە تامەزرۆییەوە لێم دەڕوانی (شتێک کە هەتا ئێستاش فێری نەبووم). لەو سەروبەندەدا جگەرە کەم و گران بوو، هەر بۆیە خەڵکێکی زۆر بەم شێوە جگەرەیان دەکێشا. من و شەفێع کاتی پشووی نێوان پۆلەکان، لە قوتابخانە دەچووێنە دەرێ و ئەو جگەرەی دەکێشا. لە پشت قوتابخانەکەمانەوە ژوورێکی بچووکی بێ پەنجەرە هەبوو. بەو ژوورەیان دەوت ژووری پامپی ئاوی شارەوانی و ئێستاش بۆتە بەشێک لە مزگەوتی گەورەی نوێی شار. ئەو ژوورە سەردەمانێک بۆ ئاودێریکردنی درەختەکانی ئەو دەوروبەرە دروست کرا، بەڵام بە تێپەڕبوونی زەمەن تێک ڕووخا. شەفێع و چەند خوێندکارێکی تر لەوێ جگەرەیان دەکێشا.

ڕۆژێکیان لەوێ دانیشتبووین، بایەکی بەهێز هەڵیکرد. شەفێع هەر شقارتەی لێ دەدا، با

دەیکوژانـدەوە و نەیدەتوانـی جگەرەکـە داگیرسـێنێت. وتـی: کامیـل پاڵتۆکەت بگرە سـەرم با ئەو جگـەرە داگیرسـێنم. منیـش هەمـان شـتم کـرد. پـاش کەمێـک لـە دەرەوە دەنگـی هۆهۆکردنی منـداڵان بـەرز بـووەوە، لـە چاوتروکانێکـدا ئێمەیـان لـە ژوورەکـە دەرهێنـا و دەسـتیان کـرد بـە جنێودان و قاوقیژکردن، "شەفێع تۆ لەوێ لەگەڵ کامیل چیت دەکرد!؟"

وێنەی ٨٩. خۆم، بەهاری ١٣٦٢ (١٩٨٣)

شـەفێع قەڵافەتێکـی زلی هەبـوو و منیش وردیلە و ناسـک بووم، پێسـتم سـپی و چـاوم سـەوزی کاڵ بـوو. جلوبـەرگ و ڕوخسـارم لـە منداڵەکانـی ئـەوێ نەدەچـوو و هـەر ئەمـەش تووشـی کێشـەی کردبـووم. منداڵـەکان بـە شـەفێعیان دەوت تـۆ دەسـتت لـە کامیـل داوە و تەنانـەت هەندێکیـان سـیناریۆی خراپتریـان بـۆ ئـەو ڕووداوە هەڵبەسـت. بوختـان و سـووکایەتییان پـێ دەکردیـن. هیـچمان لەدەسـت نەدەهـات، بـە تووڕەیـی و شـەرم و کەرامەتێکـی شـکاوەوە لـە بێدەنگیدا سـەیرمان دەکـردن. لەم کاتانەدا تەنانـەت گەورەترین هێزەکانیـش دەرەقەتـی قەزاوەتـی گشـتی نایـەن، چ بگاتـە ئێمـە کـە تەنهـا دوو کـوڕی منـداڵ بووین و نەماندەزانـی لـە بەرامبـەر ئەو تۆمەتـە ترسـناکەدا چـی بکەیـن.

ئـەوەی سـەیر بوو ئـەوە بوو کە زۆرترین جوێـن و تۆمەتەکان وەبەر مـن کـەوت، چونکـە لـە فەرهەنگـی بـاودا بـەرکار زۆرتـر سـووکایەتی پێدەکـرێ و بکـەر زۆر بێڕێـزی پێناکرێت. لەوەش سـەیرتر ئەوەیە کە هەندێک جار بکەر و دەسـتدرێژیکار بە شـێوەی نافەرمی سـتایش دەکرا. بە دەم هۆی هۆیکردن و پـاڵ پێوەنانـەوە ئێمەیـان لـە ژوورەکـە هێنایـە دەرەوە. ئێمـە ویسـتمان ڕا بکەین و هـەر ئەمەش گریمانە و قەزاوەتەکەیانی پشتڕاسـت کردەوە. لە ئەنجامدا لە کووچەی بەردەم قوتابخانەکەماندا ڕاوەسـتاین و دەوریـان دایـن. یەکێـک لـە منداڵە گەورەکان تفـی لە دەموچاومان کرد و یەکسـەر ئەوانـی تـر - کە دوو کەسـیان هاوپـۆلم بوون - ڕەفتارە ناشریـن و قێزەونەکەی ئەویـان درێژە پێدا. هێشـتا هەسـتی تاڵی ئەو ڕۆژەم لە یادە، بێدەسـەڵات و بێدەرەتان وەسـتابووین و منداڵەکانیش تفیـان لێدەکردیـن و نەیاندەهێشـت بەرگـری لـە خۆمـان بکەیـن! دەموچـاو و جلەکانم یەکسـەر بـوون بـە تـف، پێیـان دەوتـم: "ئەتـوو هەرچـی و پەرچیت ... ئەتـوو کوونیـت ... ئەتـوو منداڵێکی پیسـی ..." فەرهەنگـی ئـەو سـەردەمە من تێیـدا دەمخوێند بەو شـێوە توندوتیـژ و بێبەزەیی بوو و ئـەم قسـە تفـت و تاڵانە لە زاری منداڵانی قوتابخانەی سـەرەتاییەوە، ئاسـان وەکـوو ئاوی خواردن دەهاتە دەرەوە.

هەرگیـز نەمزانـی کـە کـێ ئەم بۆچوونەی ئاراسـتە کـرد، بەڵام دواتـر زانیم کە ڕۆشـتنی چەند جارەمان بۆ ئەو ژوورە پرسـیاری لای منداڵەکان دروسـت کردبوو و خراپترین بیری لە مێشـکیاندا

وروژاندبوو. کۆمەڵێک لەو منداڵانەی کە ئەو ڕۆژە دەوریان دایـن و وازیان لێمان نەدەهێنا، لەو مەنگووڕانە بوون کە ئەوانیش وەکوو ئێمە ماڵ و حاڵیان پێ چۆڵ کرابوو - کە زۆربەیان خەڵکی گوندەکانی نزیک سنوور بوون - و لە پیرانشار نیشتەجێ ببوون. لە ناوچە کوردستانییەکاندا تێڕوانینێکی هەڵە لەبارەیانەوە هەیە کە دەڵێن بەشێک لەم مەنگووڕانە توندوتیژ و نەخوێندەوار و دواکەوتوون و بوونەتە پیاوی حکوومەت، کە لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە من ئەمەم قبووڵ نییە١. کۆمەڵێک لە مەنگووڕەکان، کە زۆربەی سەرۆک خێڵ و هۆزەکانیشیان تێدایە، لەم پۆلەدان، بەڵام خەڵکە ئاساییەکەیان کەسانێکی سادە و بێفیزن کە لە گوندەکاندا دەژین و بە نەریتی جوامێری و میواننەوازییان ناسراون. من تێناگەم بۆچی سووکایەتی بە کۆی تاکەکانی ئەم عەشیرەتە دەکەن و ڕەفتار خراپی چەند کەسێکیان بە سەر هەموویاندا دەگشتێنن.

من ئەمڕۆ، جیاواز لە تێڕوانینی منداڵیم، جۆرێکی دیکە لەم پرسە دەڕوانم، چونکە لە بواری توێژینەوەی کۆمەڵایەتیدا ئەزموونم بەدەست هێناوە و چیتر ناتوانم بە خۆشەویستی یان ڕق و کینەوە لە سەر ئێتنیک یان ڕەفتارەکانیان قسە بکەم و ڕوونکردنەوە بدەم. ئەو ڕۆژە بە هۆی بێڕێزیی ئەم چەند مێرمنداڵە مەنگووڕە زۆر شکامەوە، بەڵام ئێستا ناتوانم ئەم ڕەفتار و تایبەتمەندییە بۆ هەموو ئەندامانی ئەم خێڵە بگشتێنم. ئەرکی ئەمڕۆی من ئەوەیە کە نەریتی کۆنەپەرستانە و بیروباوەڕە فەرهەنگییە نادروستەکان شی بکەمەوە، کە ئەم نەریت و بیروباوەڕانە لە ناو فەزای زەینییەتی کۆمەڵگا و خەڵکدا چەقی بەستووە.

لەو ڕۆژە نگریسەدا، براییمی قوربانی هات بە هاوارمانەوە. براییم دراوسێ و هاوڕێم و جۆدۆکار بوو، یان باشتر بڵێم لەو تەمەنەدا ئەدا و جووڵەی دەردەهێنا. هەستم بە سووکی و شەرم دەکرد کە ئەم هەستە بە دیتنی براییم زیاتر بوو. نەمدەزانی چۆن بۆی ڕوون بکەمەوە کە قسەی منداڵەکان ڕاست نییە. هەرگیز هیچ پرسیارێکی لێ نەکردم و لە ڕفتار و قسەکانیدا قەزاوەتم نەبینی. هەتا ماوەیەکی زۆر بە هۆی ئەم ڕووداوەوە ڕۆحم شپرزە بوو و دەیانوت کامیل وای کردووە و لاقە کراوە ... ئەم ناوناتۆرە تاڵە کە بە نارەوا و بەناحەق بە ناو و کەسایەتیمەوە لکێنرابوو، هەتا ساڵانێک ئازاری دەدام و لەوەش خراپتر ئەوە بوو کە نەمدەتوانی لای بنەماڵەکەم و مامۆستاکانی قوتابخانە باسی بکەم. دەمزانی هیچیان پشتگیریم ناکەن و تەنانەت ڕەنگە دۆخەکەم بۆ قورستر بکەن.

ئێمە هیچ پاڵپشتێکمان نەبوو و هیچ چاودێرییەکیش نەدەکراین. نەماندەتوانی متمانە بە بنەماڵە و قوتابخانە بکەین و لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵ کەس بدوێین. لە کۆمەڵگایەکدا کە سیستەمی ئازاد هیچ جێگە و پێگەیەکی نییە و لە ژێر کاریگەریی نەریت و ئایدۆلۆژیایەکی

١. بە شێوەیەکی گشتی مرۆڤەکان لە ناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا ئەگەر کەسانێک لە ڕووی زمان، ئایین، ڕەنگی پێست، یان عەشیرەتەوە لەگەڵ ئەوان جیاواز بن بە گومان یان نکۆڵیکردنەوە لێیان دەڕوانن و جا چ هاوڕێیەتی بێ یان هاوسەرگیری بێ خۆیان لەمانە بەدوور دەگرن.

دیاریکراودایە؛ خێزان دەبێتە دامەزراوەیەک لە ناو چوارچێوەی هەمان کۆمەڵگادا و دەچێتە ژێر کاریگەریی پێکهاتەی سەقەت و ناکارامەی هەمان سیستەمی داخراو و نارِوون. لە کۆمەڵگایەکی وەهادا، منداڵ بە بێ ئەوەی خۆی بیهەوێ یان وشیاریی هەبێ، تووشی دژوازی دەبێتەوە و لەبەر ئەوەی متمانە، وەک بەها و سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتی، لاوازە، ناوێرێ ڕاستیی بەسەرهاتەکان بە دایک و باوکی بڵێ، چ بگاتە مامۆستایەک.

وا دیارە ئەم بابەتە دواتر گەیشتە گوێی باوکم، بەڵام هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو و بە چاویدا نەدامەوە. خوشکەکانیشم دەیانزانی و یەکێکیان لام باسی کرد. کاتێ گەورە بووین، تەنانەت یەکێک لە خوازبێنەکانیان پرسیبووی: " ئایا براکەتان وەها بووە؟" هەندێک جاریش کە دەچوومە ناو بۆنە گشتییەکانی وەکوو پرسە و شایی، سرت و خورت دەستی پێدەکرد و لە کاتی شەڕ و دەمەقاڵەدا، ئەوەیان دەداوە بە چاومدا. هەموو ئەمانە ئەو ڕاستییە دەردەخەن، کە دەرەنجامەکانی ناوناتۆرە و بوختان چەندە بەربڵاون و تەنانەت لە قۆناغەکانی دواتری ژیانیشدا دەستبەرداری مرۆڤ نابن و لە پەیوەندی و ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتییەکاندا کۆنترۆڵ و سنووورداری دەکەن.

هاوڕێیەتیم لەگەڵ شەفێع بەردەوام بوو. کوڕێکی باش بوو و هەتا بەر لە سەربازی، دراوسێ و هاوگەڕەک بووین. هەرگیز باسی ئەم بابەتەمان نەدەکرد و بگرە هاوڕێیەتیمان بەهێزتر ببوو. ڕەنگە هەر ئەمەش بۆچوونی هەڵەی منداڵانی پشتڕاست کردبێتەوە. ئێمە فام و توانای شیکردنەوەیمان نەبوو و ڕەنگە هەر بۆشمان گرنگ نەبووبێت. لە ڕاستیدا ئەو تۆمەتانەی کە ئاراستەی ئێمە کرا، دۆستایەتیمانی پتەوتر کرد، ئێمە هاودەرد بووین و هەر دووکمان بە ئەنجامدانی تاوانێک تۆمەتبار کرابووین، کە نەمانکردبوو. لە ناو فەزای شارێکی بچووک و یەکجار نەریتیدا، کە پرسە سێکسییەکان بە بقە و تابۆیەکی گەورە دادەنرێ، ماوەیەکی زۆر ئازارم چەشت و زۆر کەس بە قەزاوەت و ڕەفتار و قسە و باسەکانیان ڕۆژانێکی زۆر تاڵیان بۆم دروست کرد. هەڵبەت ڕەنگە هەر ئەم ئەزموونە وای کرد کە دواتر کەوتمە دوای توێژینەوە و تێگەیشتنی زانستیانەی ئەم بابەتانە و لە سەر پرسگەلێکی هەستیاری وەکوو مافی منداڵان، دەستدرێژیی سێکسیی بۆ سەر منداڵان[1]، ڕەگەزێتی یان ناوهاوسانی (هاوڕەگەزخواز)[2]، بەڵام

---

١ . ئەحمەدی، کامیل و هاوکاران. تابۆ و نهێنیپارێزی: توێژینەوەیەک سەبارەت بە دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان بە جەختکردنەوە لە سەر زینا لەگەڵ مەحارم لە ئێران. وەرگێڕانی نەسیم غوڵامی. دانیمارک: ئاڤای بووف و چاپەمەنیی book 49، سوید ٢٠٢٤.

٢ . ئەحمەدی، کامیل و هاوکاران. چیرۆکی شاری قەدەغەکراو، توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە ناهاوسانان لە ئێران، وەرگێڕانی نەسیم غوڵامی. چاپخانەی فارسی: مهری، ٢٠١٩. & نشر آوای بوف ٢٠٢٠، ناشر انگلیسی: Mehri Publication, London-UK 2020 .

ئەحمەدی، کامیل و هاوکاران. ئاسەواری چەوساندنەوە لە جیهانی منداڵی: توێژینەوەیەک سەبارەت بە جۆر، هۆکار و

بێرێـزی و سـووکایەتیی ئـەو سـەردەمە بـۆ هەمیشـە لـە منـدا ماوەتـەوە و هەتا ئێسـتاش لـە ڕووی دەروونییـەوە ئـازارم دەدات.

دەستەویەخەبوون لەگەڵ کوڕە ئازاردەرەکەدا

سـاڵی ١٩٨٤ لـە پۆلـی یەکەمـی ناوەنـدی بـووم. ئێمەیـان بـۆ قوتابخانـەی موتەهـەری، کـە ماوەیـەک ناوەکـەی گۆڕابـوو بـۆ قوتابخانـەی موقبیلـی، لـە جـادەی سەردەشـت گواسـتەوە. موقبیلـی، ئـەو پاسـدارە بـوو کـە باوکمـی بـێ هیـچ تاوانێـک زیندانـی کـرد و خـۆی دواتر کـوژرا. ئـەم قوتابخانـە لـە قوتابخانەی پێشـووم دوورتر بوو، کەشـوهەوای لـە گەڕەکەکانی دەرەوەی شـار دەچـوو. ژمارەیەکـی زۆر قوتابیـی خەڵکی گوندی لێبـوو. لەم قوتابخانەدا یەکێـک لە منداڵەکان کـە باوکـی دارتـاش بـوو و ماڵەکەیـان لە نزیک ماڵی ئێمەوە بـوو، هەر لە خۆڕا گیـری بە من دابوو و لـە کۆڵـم نەدەبـۆوە. هەیکەلێکی زلی هەبـوو، هەندێک جار لە حەوشـەی قوتابخانە لێی دەدام یـان لـە دوای دەوامـی قوتابخانـە، لـە بـەر درگای قوتابخانە دەوەسـتا بۆ ئەوەی لێم بـدات. دواتر دەیویسـت دەسـتدرێژیش بکاتـە سـەرم. ڕەفتارەکانـی وردە وردە بـۆ مـن ببـوو بـە مۆتەکەیەکـی هەمیشـەیی و بیـرم لای ئـەو و ئـازار و لێدانەکانـی بـوو و خەوێکـی خۆشـم نەبوو.

ڕۆژێـک کـە لـە قوتابخانە گەڕامـەوە و چوومە ماڵەوە، بینیم بە دوای منـدا هاتووە و کتێبەکانی لـە ژێـر قۆڵیەتـی و لـە سـەر کۆڵانەکـە ڕاوەسـتاوە. چـاوەڕێ بـوو کـە مـن لـە مـاڵ بێمـە دەرەوە و بمگرێ و جارێکی تر لێم بدا. هەر دەچوومە سـەر پەیژەکە و لە سـەر دیوارەکەوە سـەیری کۆڵانم دەکـرد بـۆ ئـەوەی بزانـم ڕۆیشـتووە یـان نـا، دایکم لێـی دەپرسـیم: " کامیـل، ئەتوو لەو سـەرمای زسـتانەیدا لـە سـەر ئـەو نەردیوانـەی چ دەکـەی؟ چ بـووە؟" نەمدەتوانـی هیـچ بڵێـم، خـۆ ئەگـەر قسەشـم بکردایـە پاڵپشـتییەکی ئەوتـۆ نەدەکـرام، ڕەنگـە پێـم وابوو بێـت، ئەگەر کەسـێک گوێی بگـرێ و بـای بـدا، ئەوە ئەوەنـدەی دیکە لێم ڕق ئەسـتوور دەبێ و زیاتر هەراسـانم دەکات. ڕەنگە هەسـتی لووتبـەرزی بووبـێ کە نەکا ئەوانـی تر بڵێن تۆ لاوازی و ناتوانـی بەرگری لە خۆت بکەی، هـەر ئەمـە وای لێکـردم کە هیچ نەڵێم. ترس و نەبوونی پشـتیوانی ئەوەنـدەی دیکە تەنیای کردم و نکۆڵیـم لـە کێشـەکەم کـرد. هـاوکات لەگـەڵ ئـەم هەسـتە خـراپ و نەخوازراوانـەدا، ئـەو باوەڕە دەروونییـەی کـە لەسـەر بنەمـای پیاوەتـی و دەسـەڵاتە و لەلایـەن خێـزان و کۆمەڵگاکەمـەوە لـە ناخمـدا دروسـت ببـوو، ئەوەنـدەی دیکـە دنـەی دەدام کـە نکۆڵـی لـە گیـر و گرفتەکانـم بکـەم. ئـەوەی کـە کـوڕم و دەبـێ پیاوەتـی لە خـۆم بنوێنم، ڕەمزی هێز بم و هەسـتەکانم نیشـان نەدەم و

لێکەوتەکانـی کاری منـداڵان، وەرگێڕانـی نەسـیم غوڵامـی. وەشـانخانەکان: ئـاوای بـووف، دانمـارک؛ دانیشـفەڕ، هەولێـر-کوردسـتان، ٢٠٢١.

ئەحمەدی، کامیل و هاوکاران. «زایەڵەی بێدەنگی: توێژینەوەیەکی گشـتگیر سـەبارەت هاوسـەرگیریی پێشوەختەی منداڵان لە ئێران»، وەرگێڕانی نەسـیم غوڵامی. چاپخانەی شـیرازە: تاران، ١٣٩٧ و چاپخانەی نشرbook 49 ، سـوویید ٢٠٢٣.

سەرکوتیان بکەم، دەنا بە کەسێکی لاواز و بێتوانا دەردەکەوم کە ناتوانێ ئاگای لە خۆی بێت. هەموو ئەمانە وایان لێم کرد کە بێدەنگی هەڵبژێرم و نکۆڵی لە کێشەکانم بکەم.

ڕۆژێکی بەفری کە لە قوتابخانە دەگەڕامەوە بۆ ماڵ، لەسەر پێچی کووچەدا گرتمی و بە زۆر بردمی بۆ باخی شارەداری، کە هەر لەو دەوروبەرە بوو. وتی پێم خۆشە تێتهەڵدەم. ترسابووم و وەکوو مەسخکراوێ بە دوایدا دەڕۆیشتم. لەبیرم نییە هەستم چ بوو، بەڵام ڕەنگە حەزم کردبێ شەڕی لەگەڵ بکەم و بەرەنگاری ببمەوە. کاتێک گەیشتین چەند مشت و شەقی لێدام و منیش دەستم کردەوە. دەستیم گرت و مشتێکم لێدا. هەڵبەت من زیاتر بەرگریم دەکرد. دوای ماوەیەک کێشمەکێش و ململانێ ملیم گرت و ئەویش پاشقولی دام و درام بە عەرزدا؛ بەفر و بەستەڵەک و سەرما تەواو لەشمی سڕ کردبوو. لە سەرم دانیشت. لە بیرم نییە چی دەوت بەڵام دەیویست هەڵمبگێڕێتەوە و لەسەر زک بمخەوێنێت. کە زانیم نیازی چییە، ئەمجار باشتر دەستم دەکردەوە.

پێم وا ئەم شەڕ و ململانێیە نزیکەی بیست خولەکی خایاند. ئێمە لە بێدەنگیدا شەڕمان کرد. ئەو دەیویست کۆڵم پێ بدا و هەرچی من بووم، دەمویست ببەزێنم. خەریک بوو لە سەرمادا ڕەق هەڵێم. تەقەی ددانەکانم دەهات و بەردەوام بە خۆمم دەگوت "کامیل، کۆڵ نەدەی، ئەگەر بزانێ دەرەقەتت نایە وازت لێ دێنێت". لەبەر سەرما هەموو گیانم وشک ببوو، کەمێک لە سەر لاشان پاڵ کەوتم، ویستی هەلەکە بقۆزێتەوە و بمسووڕێنێتەوە کە دیسان شەڕەکە دەستی پێکردەوە. هیچمان کۆڵمان نەدەدا، بەڵام خۆشبەختانە هەر دووکمان منداڵ بووین و نیگەران بووین کە درەنگ بگەینە ماڵەوە. وردهوردە تاریکی دادەهات و ئەگەر باوکانمان بهاتبان بە دواماندا و لە دەرەوە بیاندیبایین، دیارە گۆڵمەزێکی دیکە دەستی پێدەکرد.

کاتێ بانگی شێوان درا، خۆشترین بانگێک بوو کە هەتا ئەو کات بیستبووم. خۆڕاگرییەکەم فریام کەوت و ئەو کوڕە بە بیستنی دەنگی بانگ وازی لێم هێنا. کلوە بەفری سەر جلوبەرگەکەمم ڕاتەکاند و ڕۆیشتین و لەبەر ئەوەی ئێوارە بوو هەموو ڕێگاکەمان پێکەوە بڕی. لە ڕێگادا تەنانەت باسمان لەوە کرد کە سبەی وانەی وەرزشمان هەیە و لەوانەیە قوتابخانە بکرێتە پشوو. دوای ئەو ڕۆژە چەند جارێک تووشی یەکتر دەبووین، چەند جارێک بینیم لە ڕووبارەکەی دەرەوەی شاردا مەلەی دەکرد، بەڵام هەرگیز باسی شەڕی ڕۆژی بەفرە زۆرەکەمان نەکرد. کەمێک دوای ئەو ڕووداوە، لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێکانم بە ناوی جەلال لاهیجانی بوو بە هاوڕێ و ئیتر بە تەواوی وازی لێ هێنام. نازانم چ نیازێک لە مێشکیدا بوو، بەڵام هەر چییەک بوو، بە دەستکردنەوەکەم، دەستبەردارم بوو.

ئەو ڕۆژە بە پێچەوانەی جارانی پێشوو کە ئازاری دەدام، ڕام نەکرد. وەستام، شەڕم کرد و وانەیەکی گەورە فێر بووم؛ ڕێگای ڕزگاریمان ئەوەیە کە ڕووبەڕووی ترسەکانمان ببینەوە. لە

تافی منداڵی و سەرەتای هەڕەتی هەرزەکاریدا، لە ئاست ترس هەمیشە هەستم بە بێدەرەتانی و لاوازی کردووە و کاتێک ترس بەرۆکی گرتم و هەوڵم دا وەکوو جاران لێی ڕا نەکەم، هەستی بێدەرەتانییەکەم بوو بە باوەڕ بەخۆبوونێ کە بە درێژایی ژیانم لەگەڵمدایە. ئەو چەند جارەی کە لە قوتابخانە بینیم یان پێم وابوو ڕێگام لێ دەگرێ، بەرامبەری ڕاوەستام و زەقزەق چاوم بڕییە چاوەکانی. گەیشتبوومە ئەو ئاستەی کە لە دڵی خۆمدا گوتم: "کامیل! ترس درۆزنە ..."

ئێمە لە ناو سیستەمێکی ترسناکدا دەژیاین کە قوتابخانەکەی ترسناکتر بوو. سیستەمێک کە تیایدا سزا و سووکایەتی و هەڕەشە و ترس و بێڕێزیکردن و توڕەیی و هەزاران هەستی نەخوازراوی تری هەبوو. یەکێک لە خراپترین هەڕەشەکان ئەوە بوو کە بە دایکت و بەتایبەت باوکت بڵێن وەرە بۆ قوتابخانە. هاتنی دایک و باوکت بۆ قوتابخانە دەردیسەری خۆی هەبوو، چونکە لێت ڕوون بوو لەسەر ئەم بانگهێشتکردنە لە ماڵەوەش لێدان دەستت ماچ دەکات. گۆڵمەزی دووهەم هاتنی باوکم بۆ قوتابخانە بوو، ئای چەندە بە لامەوە ناخۆش بوو، چون زۆر لێی دەترسام. باوکم لە پەروەردەی ئێمەدا ئامادەییەکی وەهای نەبوو. وەکوو زۆربەی باوکاننەدەهاتە قوتابخانە، مەگەر بە نیازی پێدانی بەرتیل بە بەڕێوەبەر و مامۆستایان بۆ ئەوەی نمرەی دەرچوونم پێ بدەن.

لە باوکم زۆر زویر نیم، باوکم ئەو شتانەی لە من درێغ دەکرد کە خۆی هەرگیز نەیبووە و ئەزموونی نەکردووە، بەڵام من بەقەت نازیمی قوتابخانە لێی دەترسام و دیارە بیرهێنانەوەی ئەمە ئازارم دەدات. وەک نازیمێک بوو، بەڵام لە ناو ماڵدا.... چەند جار تفی لە ناو چاوانم کرد و چەندین جار لە دووکانەکەیدا لەبەر چاوی هاوڕێ و کڕیارەکانی منی شکاندەوە. من هەرزەکار بووم و پێویستم بە خۆنواندن بوو، پێویستییەکی سروشتی کە باوکم هەرگیز بە باشی بۆی جێبەجێ نەکردم و بەردەوام ئەم هەستە سرووشتییەی لە مندا سەرکوت و سووک دەکرد. هەر بۆیەش تا دەهات زیاتر و زیاتر منی لە خۆی تاراند و بەم هەستەوە بە تەنیا بەجێی هێشتم و بۆم دەرکەوت کە بێپشتیوانم. باوکێکی نەریتخواز بوو کە خۆشەویستییەکەی بە شێوەیەکی جیاواز نیشان دەدا و هەڵبەت بەراورد بە پێوەرەکانی ئەو سەردەمە باوکێکی باش بوو. تەنانەت دوای ئەوەی پارە و بۆنی بە مامۆستاکان دەدا بۆ ئەوەی نمرەم پێ بدەن، لە ماڵەوە دەیگوت: " ئەتوو گێل و تەمبەڵی! نومرەی منداڵی خەڵک ببینە ..." باوکم لە سەردەمی منداڵی و هەرزەکاریمدا بەم شێوە هەڵسوکەوتی لەگەڵم دەکرد، و بە بەراوردکردن و شکاندنەوەی بەردەوام، ورەمی دابەزاندبوو.

شتێکی تر کە لەو ساڵانەدا لە بیرمە و بەو هۆکارانەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێدا پێویست بە ڕوونکردنەوەی وردەکارییەکانی ناکات، پەیوەندی بەو فەرهەنگە نەریتییەوە هەیە کە ئێستا لە ناو کۆمەڵگای ئێران و ڕەنگە وڵاتانی دیکەشدا هەیە. ڕەنگە منداڵان لەکن خزم و کەس و ئاشنا و ناسیاوەکان بخەون و تووشی ڕەفتاری ناخۆش و نەخوازراو ببنەوە. زۆرێک لە

منداڵان ئەم جۆرە بەسەرهاتە ئەزموون دەکەن. من بە فێر بووبووم کە لە کاتی خەوتندا خۆم لە دەستدرێژی بپارێزم و لە ناو متمانەپێکراوترین کەسەکان، یان لە ناو ژنان یان لە پاڵ دیوارێکدا بخەوم. هەندێک جار لە هەندێک شوێن دەستم لێ دەدرا، بۆیە کاتێ دەچوومە سەفەر شەو نەدەمامەوە، وردەوردە تێگەیشتم کە زۆرێک لە منداڵان هەر ئەم کارەی منیان کردووە. کاتێک منداڵیت و بێپەنا، دەبێ تەکتیک و ڕێکارەکانی خۆپاراستن فێربیت و لە کاتی مەترسیدا کاردانەوەت هەبێ، شوێنەکە بەجێبهێڵی و کاتێکیش ڕووبەڕووی کەسی تاوانبار دەبیتەوە، بە ڕووی خۆتدا نەیهێنیت.

عەشقی ماتۆڕ، بێپارەیی و دەستدرێژیی سێکسی کوڕی سمسار[1]

ئیرەییەکانی سەردەمی منداڵیش دنیای تایبەتی خۆی هەیە. لە منداڵیدا ئیرەییم بردووە، بەڵام زۆرتر ئیرەییم پێ براوە. ئەویدییە گرینگەکانی ژیانمان، بە پەیوەندی و کارلێکەکانیان – وشیارانە و ناوشیارانە - ڕۆڵێکی سەرەکی لە دروستکردن و وروژاندن و هاوسەنگکردنی هەستی ئیرەییدا دەگێڕن. کەواتە، ئیرەیی هەستێکە کە لە فەزای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لە ڕێگەی ڕەفتاری پەیوەندیکردن لە تافی منداڵی و مێرمنداڵیدا بیچم دەگرێ، نەک ئەوەی کە بە شێوەی سروشتی لە چرکەساتی لەدایکبوونەوە لە ئێمەدا بوونی بووبێت.

پێش ئەوەی دووچەرخەم هەبێ، ئیرەییم بەو منداڵانە دەبرد کە دووچەرخەیان هەبوو. لە بیرمە لە نێو ئەو پەنابەرانەی کە لە کوردستانی باشوورەوە هاتبوونە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆمەڵێ منداڵی دەوڵەمەند هەبوون کە دووچەرخە یان وەک خۆیان دەیانگوت پایسکل و جلوبەرگی جوان و یاریی جیاوازیان هەبوو. ئەو جۆرە کاڵایانە لە ئێراندا کەم بوون و منیش ئیرەییم بەو منداڵانە دەبرد. کە گەورە بووم، ئیرەییم بەو کەسانە دەبرد کە لە قوتابخانەدا جانتا و کەلوپەلی نووسینیان لە هی من باشتر بوو. وردتر بڵێم هەستێکی هاوبەش بوو! منداڵە غەیرە کوردەکان کە کوڕی ئەفسەرە سەربازییە دەرەجەدارەکان بوون، هەندێ جلوبەرگ و ئامرازی نووسینیان هەبوو کە خەڵکی لای خۆمان توانای کڕینی ئەو شمەکانەیان بۆ منداڵەکانیان نەبوو. ئێمە بە تەواوی هەستمان بەم جیاکارییە دەکرد. پاشان کە گەیشتمە تەمەنی هەرزەکاری، ئیرەییم بە پێگەی کۆمەڵایەتی و پێگەی کەسانی دیکە دەبرد کە کیژی نەشیمل و جوان دۆستیان بوون، یان ئۆتۆمبێلی جوانیان هەبوو و دەچوونە ئەو سەفەرانەی کە من بۆم نەدەلوا و هتد. کاتێک ئێرانم بەجێهێشت، فۆرمی ئیرەییەکانیشم گۆڕا و هەستی ئیرەییم بوو بە کێبڕکێ. کێبڕکێیەکی تەندروست دەتوانێ بنیاتنەر بێ و بۆ گەشەی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیمان کۆمەک و ئالیکار بێت، بۆیە ئیرەیی و کێبڕکێی

---

١ . سمسار واتا کەسێ کە کاری کڕین و فرۆشتنی شتومەک و کەلوپەلی دەستی دوو دەکات.

تەندروست دژی یەکترن.

لە ناو ژینگەی دەوروبەرمدا ئیرەییشم پێ براوە. من لە یەکێک لە قۆناغەکانی ئاوارەبوونماندا زۆر بە ڕوونی ئەم ئیرەییەم بەئەزموون کرد. پێم وایە جەژنی ڕەمەزان بوو، لە گۆڕەپانی وەحدەت لە نزیک کاروانسەرای کۆنی کوێخا خەلیل لە نەغەدە ڕاوەستابووم، تەمەنم نزیکەی دوانزە ساڵ بوو و کەواوپاتۆڵێکی جوان و تازەم لە بەردا بوو. دوو کوڕ بە بەردەممانداا تێپەڕین، کە دواتر زانیم بران. برا گەورەکە کە یەکێک بوو لە گەورە لاتەکانی ئەوێ، وتی: "ئەوە بۆ چاوم لێ دەکەی؟" کەچی من هەر چاویشم لێ نەکردبوو. پەلاماری دام و ئیتر شەڕ دەستی پێکرد، دامی بە عەرزدا، بەڵام زانیم گەرەکی نییە لێم بدا. وەک شتێک دەیویست جلەکانم پیس و تۆزاوی بکات. پشتوێنەکەمی کردەوە و تووڕی دایە ناو جۆگەلەکەوە.

دواتر کە بووینە هاوڕێی یەکتر، وتی: "کامیل، دەزانی بۆچی ئەو ڕۆژە تێم هەڵدای؟ چونکە کەواوپاتۆڵەکەت زۆر جوان و تازە بوو و منیش جلی وام نەبوو." چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک و درێژەی بە وتەکانی دا و گوتی: "هیچ بۆم موهیم نەبوو کە خەریکە لە هیچ و خۆڕایی لێت دەدەم، پێم خۆش بوو ئەو لیباسانەت بدڕێنم جا بۆیە پشتوێنە جوانەکەتم فڕێ دایە ناو ئەو جۆگەلەوە کە نەتوانی لە پشتی ببەستی". ئەمە ئەوە دەردەخا کە ئیرەیی و حەسرەت و بەراوردکردن تا چ ڕادەیەک دەتوانێ مێرمنداڵێک تووڕە بکا و بیگەیێنێتە ئاستێک کە بۆ ئەوەی خۆی سارێژ بکاتەوە زیان بە کەسێکی دیکە بگەیەنێت.[1] ئیرەییەکەی بۆ هەمیشە لە یادمە، بە مانای وشە لە ئیرەییەکەی تێگەیشتم و بۆم دەرکەوت کە چۆن هەژاری دەتوانێ ئیرەیی ئینسانەکان ببزوێنێ و چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بدا بە گژ یەکتردا. کاتێک وەک توێژەرێکی مەیدانی دەستم بە کارەکانم کرد ئەم بابەتە هەمیشە جێگەی نیگەرانیی من بوو و لە کارەکانمدا بەتایبەت لە لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییەمدا بە ناوی "لە سنوورەوە بۆ سنوور"[2] کە تایبەتە بە شوناس و ئێتنیسیتە، ئاوڕم لەم بابەتە داوەتەوە.

بە هاوسۆزی و میهرەبانییەوە لێی تێگەیشتم و بۆ هەمیشە هاوڕێ ماینەوە. تەنانەت دوای ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی (١٩٨٤ ز) کە گەڕامەوە بۆ نەغەدە هاوڕێیەتییەکەمان هەر بەردەوام بوو، تیمێکمان پێک هێنا و لەگەڵ کوڕە تورکەکان لەسەر لوتکەی گردی قەڵاتی نەغەدە شەڕە شمشێرمان دەکرد، بە نهێنی ماتۆڕێکمان بەکرێ دەگرت و بە ناو شارادا دەخولاینەوە

---

١ . ئەم زیان و خەسارەتە کردارێکی تاکەکەسییە کە لە هەستی ئیرەییەکی کە تێکەڵ بە حەسرەت و تووڕەییە هەڵدەقوڵێ کە لە ناو فەزای بێبەشیی کۆمەڵایەتییەوە سەر هەڵدەدات. ئەم کردارە لە بارودۆخی هەژاری و بێبەشیدا زیاتر دەبینرێ، بەڵام هەستی ئیرەیی و حەسرەت و تووڕەیی واتە ڕەهەندە هەستیارییەکەی نابینرێت. ئەم شیکارییانە پەیوەندیی بە بواری کۆمەڵناسیی هەستەکان یان لێکدانەوەی لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە هەیە. هەر بۆیە بێبەشبوون تەنیا ڕەهەندێکی ماددی نییە کە لە شێوەی هەژاریدا خۆی دەربخا، بەڵکوو ڕەهەندێکی سۆزداری و هەستیاریشی هەیە.

٢ . ئەحمەدی، کامیل و هاوکاران. لە سنوورەوە هەتا سنوور توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە شوناس و ئێتنیکایەتی لە ئێران. وەرگێڕانی نەسیم غوڵامی. وەشانخانە: مێهری (لەندەن)؛ ئاوای بووف، دانمارک. ڕێکەوتی چاپ: ١٢٠٢.

و ... باوکی خاوەنی چایخانەیەک بوو کە کەو و باڵندەی کێوی دەفرۆشت. بە گشتی هەموو خێزانەکەیان تووش و شەڕانی بوون.

ئەو ڕۆژانەی کە شێتانە عاشقی ئاتاری و ماتۆڕ بووم، هاوڕێیەتیم لەگەڵ ئەم کوڕە منی تووشی یەکێک لە خراپترین ڕووداوەکانی ژیانم کرد. ئەو قوربانییەک بوو کە منیشی لەگەڵ خۆی بردە قوربانگا. خۆشحاڵم کە لە سەر ئەم ڕێچکە بەردەوام نەبووم، بەڵام بەداخەوە ئەو دۆستەم ڕێگای ڕاستی نەگرتە بەر و ماوەیەک پێش ئێستا، دوای ئالوودەبوون بە مادەی هۆشبەر بە هۆی نەخۆشییەکی سەخت کۆچی دوایی کرد. هەر دووکمان پارەمان پاشەکەوت دەکرد بۆ ئەوەی ماتۆڕ بە کرێ بگرین. ئەو لە داهاتی باوکی دەدزی، منیش پارەم لە خێزان و داپیرەم بە قەرز وەردەگرت، ورتکەنانم دەفرۆشت و دەستفرۆشیشم دەکرد بۆ ئەوەی بە هەر شێوەیەک بێ پارە پەیدا بکەم. لە دواییدا هەر دووکمان چۆڕەمان لە پارە هێنابوو[1]. هەندێک جار پارەکانمان پێکەوە کۆ دەکردەوە بۆ ئەوەی چارەکێک ماتۆڕ بە کرێ بگرین و هەر کەسێک بە پێی ئەو بڕە پارەی کە دابووی، ماتۆڕەکەی لێدەخوڕی.

وێنەی ٩٠. من لەسەر ماتۆڕەکەی باوکم، پیرانشار ، ١٣٦٤ی هەتاوی (١٩٨٥ز)

ئەوەندەی دیکە ئالوودەی ماتۆڕسواری بووین و ئیتر پارە بە دەستمانەوە نەما. چەند جارێک پارەی هێنا و لێم پرسی ئەم هەمووە پارەت لە کێ وەرگرتووە کە وردەوردە بۆی گێڕامەوە. وتی کوڕێک هەیە دەتوانین بچین ببینین، دەستێکمان پێدا دێنێت و پارەی باشمان پێدەدات. پێداگری دەکرد کە تۆش وەرە با بڕۆین، منیش دەمگوت نا، نایەم، بەڵام بەڕاستی لە دۆخێکی خراپدا بووم. ئیتر نە نەنکم پارەی پێ دەدام و نە سەرچاوەیەکی داهاتم هەبوو. ئەگەر ئێمە لە پیرانشار بایەین، منیش دەمتوانی لە گیرفانی باوکم بدزم، بەڵام لەو کاتەدا ڕێگایەکی تر نەبوو.

ئەم کوڕە پەیتا پەیتا ئەمەی دەدا بە گوێمدا و دواجار منیش ڕازی بووم. ڕۆژێکمان دانا، چووینە ئەوێ. دووکانێکی سمساری واتا دەستی دوو فرۆشی بوو، کە کوڕێکی چەند ساڵێک لە ئێمە گەورەتر، لە سەری بوو. باوکی دووکانەکەی بەو سپاردبوو و پێدەچوو خواپێداو و دەوڵەمەند بن. تێک چووم و هەموو گیانم دەلەرزی. هاوڕێکەم دیسان بە گوێمدا سرتاندی:

---

١ . پارەی کەممان پێمابوو.

" کامیل چ نییە، لەحزەیەکە، تەواو دەبێ و پووڵەکەی وەردەگری، ئەوجا دەتوانین بەشی سەحاتێکی ماتۆڕ ئەویش دەندەیی کرێ بکەین". لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی دەرگای دووکانەکە دابخا، ئێمەی بردە ناو کۆگاکەی و هەموو شتێک بەو پەڕی خێرایی و لە ماوەی چەند خولەکێکدا ڕووی دا. ڕووی لە دیوارەکە کردین و خۆی بە ئێمەوە نا. سەرەتا لە هاوڕێکەمەوە دەستی پێکرد و دواجار بە من کۆتایی هات. دواتر تێگەیشتم کە بە تەمای من بوون، هاوڕێکەم پێشتر منی بە لای دووکانەکەیدا بردبوو بۆ ئەوەی کوڕەکە من ببینێ و بەدڵمی بێ و کاروبارەکە ڕابپەڕێت.

هەرگیز هەستی ناخۆشی ئەو ڕۆژەم لە بیر ناچێتەوە، هەناسەم سوار ببوو. وەکوو ئەوە وا بوو مارێک لە دەوری ملم کەپکەی خواردبێ و بمخنکێنێت. سەرم داخی کردبوو، حەزم دەکرد بمرم. دەنگی هەناسەدانی، بۆنی پیس و ناخۆشی خۆی و بۆگەنی ناو دووکانەکەی ... هەستێکی چەند ناخۆشە کە خۆت بۆ پارە بفرۆشیت ... ڕقم لە خۆم بوو و هەڵبەت ڕقیشم لە هاوڕێکەم هەستا کە کەڵکاوەژۆیی لە خاڵە لاوازەکەم دەکرد. هەرگیز لە ژیانمدا شتی ئاوام بە سەر نەهاتبوو و ئەوەندە ئاتاج نەبوومە. هەمیشە پارەی خۆمم هەبوو، داپیرەم، دایک و باوکم کە لە ڕووی داراییەوە تا ڕادەیەک سەر بە چینی مامناوەند بوون، بۆ بەدەستهێنانی داهاتێکی کەم بیرۆکەی خۆمم هەبوو، بەڵام لەو کاتەدا هەموو سەرچاوە داراییەکانم بە هۆی کرێی ماتۆڕ و ئاتارییەوە لەدەست دابوو. لە وەها دۆخێکدا هاوڕێیەتیم لەگەڵ ئەو کوڕە و زنجیرەیەک هەلومەرجی دیکە، کارێکی وایان کرد کە ئەوەی کە نەدەبا ڕووی دابا، قەوما. ئەم ڕووداوە جارێکی دیکە دووبارە نەبۆوە، تەنانەت ئیتر بە لای ئەو دووکانەشدا تێنەپەڕیم و هاوڕێیەتیم لەگەڵ ئەو کوڕە تەواو کرد. بۆ ماوەیەکی زۆر ئەوم بە هۆکاری ئەو ڕووداوە ناخۆشە زانی، بەڵام ئێستا وای بۆ دەچم کە ئەو خۆشی هەر قوربانی بووە، تەنانەت کوڕە دەستدرێژیکارەکەش ... لەو تەمەنە بچووکەدا، ڕەنگە ئەویش بە هەمان شێوە بەڵای بە سەر هاتبێ و لە ژینگەیەکی پڕ لە بێبەشیی سێکسی و دەیان خەسارەتی کۆمەڵایەتیی دیکەدا ژیابێت.

ناخی هەر یەک لەو قوربانیانە لێوانلێوە لە هەستی ناخۆش کە دەرهاویشتەی فەزای پڕ لە بێبەشیی ژیانیانە. بێبەشبوونێک کە ڕەهەندی جۆراوجۆری هەیە و ئەوان ئەزموونی دەکەن. بێبەشبوونی ماددی و دارایی، بێبەشبوونی دەروونی و سۆزداری، بێبەشبوونی کۆمەڵایەتی - فەرهەنگی و لایەنە فراوانەکانی دیکەی بێبەشبوون، کە دیاردەیەکی فرەڕەهەندە. هەرچەندە من پێم وایە بێبەشیی دارایی خۆبەخۆ جۆرەکانی تری بێبەشی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. ئەو هەستانەی کە لە ئەنجامی ئەم بێبەشبوونە دروست دەبن بریتین لە: هەستی حەسرەتی تێکەڵ بە توڕەیی بە هۆی نەبوون و لەدەستدان، هەستی شەرم، ترس، دڵتەنگی، سووکایەتی، خۆبەکەمزانین، جیاکاری، تاوانباری، تارێنراوی و چەندین هەستی تری نەخوازراو و سەرکوتکەری دیکە.

ئەم هەستە نەخوازراوانە هەندێ کارلێک لە ناخی تاکدا دەوروژێنن کە بۆ ئەهوەنکردنەوەی هەستە ڕووخێنەرەکانی بەکاریان دەهێنێت. هەندێ کارلێکی وەکوو دەستدرێژیی سێکسی کە هەم دەستدرێژیکار و هەمیش دەستدرێژی بەسەرداکراو هەردوویان قوربانین. هەر یەک لە لایەنانە، ڕەهەندێکی بێبەشبوون ئەزموون دەکەن و تەنیا جیاوازییان لە جۆر و ئاستی بێبەشبوونەکەیاندایە. لە ناو فەزای ئەو سەردەمەدا وزەی سێکسی بە هەموو شێوەیەک کپ و سنووردار دەکرایەوە و دێوەزمەیەکی وەکوو ئۆتۆمبێلەکانی گەشتی کۆمیتە لە هەموو شوێنێک ئامادە بوون، تاکوو ئەو ئاستەنگەی کە نەریت و کۆمەڵگا نەیانسەپاندبوو یان نەیانتوانیبوو کۆنترۆڵی بکەن، ئەوان بتوانن جێبەجێی بکەن. گەشتەکانی کۆمیتە تێکڕای چاودێریی بەئیسلامیکردنی هەموو شتێک، وردەوردە جێگەی خۆیان دا بە گەشتی ئیرشاد (پۆلیسی ئەخلاق) کە بە شێوەی ئامانجدار هەوڵیان بۆ ئاسمیلەکردنی فەرهەنگی دەدا. کۆمیتە، سپا و قوتابخانە و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی کۆماری ئیسلامی وێڕای ئەوەی بە شێوەی توندا‌ژۆیانەی فەرهەنگی ئیسلامییان بڵاو دەکردەوە، هەوڵێکی زۆریان دەدا بۆ ئەوەی فەرهەنگەکانی دیکە بسڕنەوە و لە فەرهەنگی ناوەند نزیکیان بکەنەوە. ئەگەر لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی و خەڵکناسییەوە سەیری دۆخەکە بکەین، دەتوانین شیکاری زۆرتری بۆ بکەین کە چ هۆکارێک ئەم فەزا و ڕووداوانەی بەدی هێنا.

دوای ئەم ڕووداوە ئیتر تامەزرۆییم بۆ ئەتاری کەم بووەوە، بەڵام ماتۆڕم هەر پێ خۆش بوو. دواتر ڕێگەم پێدرا سواری ماتۆڕەکەی باوکم بم و کاتێک هاتمە هەندەرانیش ماتۆڕم کڕی، هەرچەندە ئیتر وەکوو سەردەمی هەرزەکاریم پیاسەکردن و گەڕان بە ناو کۆڵانەکان و لاف و گەزاف لێدانم پێ خۆش نەبوو. زۆر شت بە لامەوە کۆتایی هاتبوو یان تام و چێژی جارانی نەمابوو، بەڵام تاڵیی ئەو ڕووداوە هەرگیز لە سەر لاپەڕەی مێشکم نەسڕدرایەوە. بەردەوام خۆمم سەرکۆنە دەکرد باشە بۆچی چووی؟ خەتای خۆت بوو و ... ئەو ڕووداوە تاڵەی گوند و پیرانشار، خۆپێوەنیانەکان و نیازخراپی و بوختانی هاوپۆلەکانم دەهاتەوە بیرم و بێبەزەییانە بە خۆمم دەوت: "هـا قسەی ئەوان ڕاست بوو!".

بەردەوام خۆمم دادگایی دەکرد. ئەم ڕووداوە و ڕەفتاری کچەکەی گوندی گرداشەوان بە گوێرەی پێناسەی جیهانیی ئەمڕۆ بە دەستدرێژیی سێکسی دادەنرێت. بەو جیاوازییەی کە ئەو کچە خۆشی منداڵ بوو، ئەگەرچی وەک منداڵێک کەڵکاوەژۆیی لێکردم، بەڵام وام دەزانی کار و کاردانەوەیەکی جەستەییە و لە ڕووی فیزیۆلۆژیشەوە منیش چێژم لە جەستەی ئەو کچە بینی. هەڵبەت ئەم کارە باڵغبوونی پێشوەختەشی لێ کەوتەوە، کە ئەمە بۆ من ڕووداوێکی ناخۆش بوو. ئەوەی لە نێوان من و کوڕی سمسارەکەدا ڕووی دا، بە تەواوی سووکایەتی بوو و هەستی سەرزەنشت و ئازاری ویژدان و سووکی و تووڕەیی و شەرمەزاری لە ناخی مندا دروست کرد. هەستێکی ناخۆش کە هەتا ئێستاش لەگەڵمایە و بۆ هەتا هەتایە بۆتە خۆرەی دڵ و دەروونم ....

تاوانی جەنگی لە بۆردومانی شاری پیرانشاردا[1]

بە پێچەوانەی خووزستان و ئیلام و بەشەکانی تری ئێران، شەڕ لە کوردستان دووفاقە و ئاڵۆزتر بوو. لە لایەکەوە شەڕێکی پارتیزانی و ناوهناوە لە نێوان حیزبە کوردییەکان و سپای پاسداران و ئەرتەش و هێزە خۆماڵییەکان بەرقەرار بوو و لە لایەکی دیکەشەوە جەنگی ئێران و عێراق تا دەهات گرژتر دەبووەوە. بەتایبەت کاتێک ئێران بە هاوکاریی پارتی (پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق) و پاشان یەکێتی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی عێراق) بەرەی باکووری دامەزراند، جگە لە کێشە و ئاستەنگەکانی جاران، هێرشە ئاسمانی و تۆپخانەییەکانی سوپای بەعس بە نەهامەتییەکانمانی زیاد کرد.

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ١٧ی ڕەشەمەی ١٣٦٣ (٨ی ئازاری ١٩٨٥) یەکێک لەو ڕێکەوتانەیە کە بۆ هەمیشە لە مێشکمدا چەسپا. ڕۆژێکی تاڵ و خوێناوی. من پۆلی دووەمی ناوەندی بووم، ماڵەکەمان لە کووچەی تەجەلی بوو، خوار شەقامی قودس. ئەو کووچە بە ناو بنەماڵەی تەجەلیەوە ناو نرابوو و هەمیشە پێم خۆش بوو بزانم ئەوان جگە لە دەوڵەمەندبوون چ سیفەتێکی دیکەیان هەیە کە کۆڵانێک کراوە بە ناویانەوە.

ڕۆژانی هەینی ڕۆژی حەمام بوو، بەڵام بەهۆی بوونی ئاوگەرمکەرەوە لە ناو ماڵەکاندا، چیتر نەدەچووینە حەمامە گشتییەکان. لەو بەیانییە ساردەی زستاندا، هەموومان بە نۆرە دەچووینە حەمام و خۆمان ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی چێژ لە ڕۆژی پشوومان وەربگرین. لەبەر تەلەڤیزیۆنەکەدا سەیری کارتۆنمان دەکرد و بەدەم قسەکردن و پێکەنینەوە، لەناکاو گرمەیەکی ترسناک هات. هاڕەی فڕۆکە عێراقییەکان بەرزتر ببووەوە. ئەوەندە دەنگی فڕۆکەمان بیستبوو کە ئیتر بۆمان ئاسایی بوو. ئەو فڕۆکانەی کە ئۆپەراسیۆنی دەرەوەی سنووریان ئەنجام دەدا، بە ئاسمانی پیرانشاردا هاتوچۆیان دەکرد. بەڵام ئەو ڕۆژە جیاواز بوو، لە دەنگی فڕۆکەکانەوە جیاوازییەکەمان بۆ دەرکەوت.

هەموو شتێک هێندە خێرا ڕووی دا کە فریا نەکەوتن ئاژیری سوور لێبدەن. فڕۆکە عێراقییەکان شار و گەڕەکەکانیان بۆردومان کرد، سەربازگە و شار لە تەنیشت یەکتر بوون. پێشتر چەندین جار هێرشیان کردبووە سەر سەربازگەکان (پادگانەکان)، بەڵام مووشەکێکیش وەبەر شارەکە نەکەوتبوو. ئەو ڕۆژە بە پێچەوانەی جارانی پێشوو، فڕۆکە زەبەلاحە ئاسنییەکان

---

١ . ٨ ی ئازاری ٥٨٩١ فڕۆکە بۆمبڕێژەکانی عێراق زیاتر لە پەنجا شوێنی شاری پیرانشاریان بۆردومان کرد کە بریتی بوون لە شەقامی سەید قوتبی شەرقی و غەربی، زەرگەتەن، شەقامی شیناوێ، مەیدانی ئازادی، گەڕەکی نەخۆشخانە، شەقامی شەهید بەهەشتی و هتد و زیاتر لە ٠٩ کەسی سڤیل و بێتاوان کوژران و کۆمەڵێکی زۆریش لە خەڵکی شاری پیرانشار برینداربوون. لە نێویاندا بنەماڵەی وا هەبوون کە لە یەک کات و لە چرکەیەکدا دە کەسیان لەدەست دا. ئەم شارە لە ماوەی ساڵانی١٨٩١تا ٨٨٩١ی زایینی، زیاتر لە ٦٢ جار لە لایەن هێزی ئاسمانیی عێراقەوە بۆردومان کرا. لوتکەی بۆردومانی ئاسمانیی شارەکە ٨ی ئازاری ٤٨٩١ بوو.

بـە ئامانجـی لێدانی شـار هاتن و بە شـێوەی یەکتربڕ لە سـنووری حاجی عۆمـەران و کۆنەخانێوە دەسـتیان کرد بە بۆردومان، هەتا گوندی شـیناوێ و دواتر بە شـێوەی یەکتربڕ بەشـێکی دیکەی شـارەکەیان بۆردومـان کـرد. دۆزەخمان بـە چـاوی خۆمـان بینـی، دەتگـوت ڕۆژی حـەشرە. لـە هەمـوو لایەکـی شـارەوە دەنگـی تەقینـەوە دەبیـسترا. دووکەڵێکـی ڕەش وڵاتی تەنیبـوو، خەڵک دەگریـان و دەیانناڵاند.[1]

دەنگـی فڕۆکـەکان و گرمە تۆقێنەرەکانیان و دەنگی تەقینەوەی بۆمبەکان، نەیانهێشـت پێڵاو لـە پێ بکەیـن. نازانم بۆچی هەموومان پەنامـان بردە لای دیواری مزگەوتە نیوەدروسـتکراوەکەی گـەڕەک، ڕەنگـە لەبـەر ئـەوە بـێ کـە تـازە دروسـت کرابـوو و پەنجەرەکانی شووشـەیان نەبـوو، کە ئەگـەر بشـکێ پێی زامـدار بیـن. مزگەوتەکە ناوی قـودس بـوو، دواتر کۆڵانەکەی تەنیشتیشـیان نـاو نـا قـودس. دواتـر هەر لـەم کۆڵانـەدا خانوویـەکمان کڕی. لـەو ڕۆژە سـەختەدا دیـوار و بینای تەواونەکـراوی مزگـەوت بـوو بە پەناگەمان. دایکم هەمیشـە ئـازا و چاونەترس بـوو، وەکوو هەندێ کـەس وەهـا وریـا بوو کە دەنگـی فڕۆکەکانی دەناسـییەوە. بـۆ نموونە دەیگوت ئەمـە دەنگی ئێف ١٤یـە و لەگـەڵ پیاوێـک کـە بـۆ پاراسـتنی ژن و منداڵەکـەی خـۆی بـە سـەریاندا ڕاکشـابوو، سـەبارەت بە مۆدێلی فڕۆکە و ناسـینەوەی بۆمبەکان بە پێی دەنگی تەقینەوەیان قسـەی دەکرد. گفتوگۆیەکـی گاڵتەجاڕانـە و نابەجـێ بـوو، ئێمـە لـە نێـوان ژیـان و مردنـدا بووین و منداڵـیمان

---

١ . هەمیشـە پرسـیارێکی جـدی لـە مێشـکماندا وەک کارگ هەڵدەتۆقـی؛ باشـە خۆ لە کاتی جەنگـی ئێـران و عێراقدا فڕۆکە عێراقییـەکان بـە ئاسـانی دەیانتوانـی ناوەنـدە سـەربازی و حکوومییـەکان بۆردومـان بکـەن بەبـێ ئـەوەی زیـان بـە خەڵکـی ئاسـایی و خەڵکی سـڤیل بگەیەنن، دەی کەواتە بۆچی ڕاسـتەوخۆ خەڵکی سـڤیلیان دەکردە ئامانج، کە بێتاوانن و قوربانیی سـەرەکی شـەڕەکانن؟ ڕەنگـە تەنهـا حکوومەتـی عێـراق وەڵامی ئەم پرسـیارە بزانـێ، بەڵام تەنانـەت ئەو کاتـەش خەڵک لەبەر خۆیانـەوە چەنـد گریمانەیەکیـان هەبـوو. هەندێک دەیانگوت سـاڵی ١٨٩١ کـە ڕەحمان کەریمی، یەکێک لـە فەرماندەکانی حیزبـی دێموکـرات و بـۆ ماوەیـەک فەرمانـدەی هێـزی ئـاوارە بـوو، بـە نهێنـی هاوکاریی ئەرتەشـی ئێرانـی کرد و بـە گەیاندنی تیپـی پیرانشـار بـۆ سـەنگەرەکانی سـەرگردە نەیهێشـت سـوپای عێـراق لـە سـەر سـنووری حاجـی عۆمـەران بـەرەو پیرانشـار پێشـڕەوی بـکات. جگـە لـەوەش، دواتر کاتێک سـوپای عێـراق بە هاوکاریـی موجاهیدینی خەلـق، هەوڵی گرتنی پیرانشـاری دا و تەنانـەت هێزەکانـی حکوومەتیـش دەیانویسـت بـەرەو نەغـدە پاشەکشـە بکـەن، خەڵکـی ئـەو شـارە ئامادەیـی خۆیـان ڕاگەیانـد و لـە دژی سـوپای عێـراق و موجاهیدین هەڵوێسـتیان گرت. هـاوکات حیزبی دێموکرات دژی داگیرکردنی پیرانشـار لـە لایـەن موجاهیدینـەوە بـوو. بەشـێک لـە خەڵکی پیرانشـار پێیان وابـوو کە حکوومەتـی عێراق بـە بیانـووی هاوکاریی پارتی لەگـەڵ کۆمـاری ئیسلامـی ئـەو شـارە بۆردومـان دەکات. هەروەهـا هەندێـک پێیـان وابـوو هۆکارێکـی دیکـەی ئـەم بۆردومانە هەڕەمەکییانـە، حەسـاری تەسـکی گەورەتریـن سـەربازگەی سـپای پاسـداران و ئەرتـەش لـە پیرانشـارە. لـە لایەکـی دیکـەوە بوونـی سـەدان پێشـمەرگە و بـارەگای فەرماندەیـی کاتـی و هێـزی ئۆپۆزسـیۆنی کوردانـی باشـوور لـە پیرانشـار و دەوروبەری، کـە شانبەشـانی هێزەکانـی ئێـران هێرشـیان دەکـردە سـەر سـوپای عێـراق، دەیتوانـێ هـۆکاری ئەم هێرشـە ئاسمانییـە بێت. جیـا لـە هەمـوو ئـەو هۆکار و بەڵگـە و بیانووانەی کە ئـەم گرووپانە دەیخەنە ڕوو، بۆردومانی شـاری پیرانشـار و شـارەکانی دیکە لـە سـاڵی ٤٨٩١ بـەو چـڕی و درندەیـی و پانتـا بەرفراوانـەوە لەلایەن هێـزی ئاسمانیی عێراقەوە، هەمیشـە پرسـیاری گەورەی مێژووی جەنگی ئێران و عێراقە، چونکە زۆربەی ناوەندە سـەربازی و پۆلیسـی و هێزە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی شـوێنی دیاریکراویـان هەبـوو و فڕۆکـە عێراقییـەکان بـە ئاسـانی دەیانتوانی بـە ئامانجیان بگرن و لێیـان بدەن. بێگومان کەس شـکی لـە درندەیـی و بێبەزەییبوونـی ڕژێمی بەعسـی عێراق نییـە. ئەو ناوبەناو ناوچـە مەدەنییەکانی ئێرانی بۆردومـان دەکرد یان بە هێرشـی مووشـەکی خەڵکـی مەدەنیـی بێتاوانی کۆمەڵکـوژ دەکرد.

بەرگەی ئەو هەموو دڵەڕاوکێ و ترسەی نەدەگرت. ڕەنگە دایکم بەم شێوە ویستبێتی بە سەر دڵەڕاوکێکەیدا زاڵ بێ، چونکە زۆر ورەبەرز بوو و وەکوو ئەوانی تر ترسی لە خۆی نیشان نەدەدا. خەڵک دەیانزانی کە چ کاتێک میگەکان لە دۆخی هێرشدان و بەزوویی بۆمب و مووشەک دەخەنە خوارەوە، یان چ کاتێ خەریکی تێپەڕینن و چیتر بۆمب و مووشەک ناخەنە خوارەوە. لەو ماوە کورتەدا، دەیان فڕۆکەی شەڕکەری عێراقی یان ڕەنگە سەدان بۆمب و موشەکی هێشوویی و ڕۆکێت کە ناپاڵم[1] و سارۆغیان پێ دەوت، ئاراستەی خەڵک کرا. پیرانشار لەو ساتەدا شارێکی بێبەرگری بوو.

وێنەی ٩١. بۆردومانی پیرانشار، زەرگەتەن، ڕەشەمەی ١٣٦٣ ی هەتاوی (١٩٨٥)

بۆ ساتێک بیهێنە بەرچاوت ... لە سەر شەقامی و دەبینی فڕۆکەیەک بۆمبێک دەخاتە خوارەوە یان ڕۆکێتێک دەخاتە خوارەوە، بۆمب و ڕۆکێتەکە بە لووره لوور دێنە خوارەوە، و نازانی لە کوێ دەکەوێتە سەر عەرز و ماڵی کێ وێران دەکات. دەنگی بۆمبەکان پەیتاپەیتا دەهات و ژمارەی فڕۆکەکانیش زۆر بوو ... چەند ساتێک دوای دەستپێکردنی بۆردومانەکە دەنگی تەقەی دژەفڕۆکە بیسترا. فڕۆکەکان هەندێک جار زۆر نزم دەبوونەوە بۆ ئەوەی بەربەستی دەنگی بشکێنن. دەنگی تەقینەوەکان کە لە کاتی تێپەڕبوونی هەر فڕۆکەیەک بە سەرمانەوە دەبیسترا، دۆخەکەی ترسناک دەکرد. وەک ئەوە وا بوو زەوی و ئاسمان بە یەکەوە دەلەرزن و هیچمان لە دەست نەدەهات. هاواری ژن و منداڵان و شکانی شووشە، سیمایەکی ترسناکیان بە شارەکە دابوو. لە پڕ تاریکی داهات و دووکەڵ و ئاگر وڵاتی تەنیبووە. بۆنی باڕووت و ئاگر دەهات و پیرانشار بوو بەو شارەی کە لە فیلمەکاندا بینیبوومان. لەبەر ویراژی فڕۆکە جەنگییەکان و تەقینەوەی بۆمب لە دەوروبەرمان، گوێچکەکانمان کپ ببوو و دەزرینگاوە. هەتا ئەو کاتە ململانێ و شەڕی زۆرم لە نزیکەوە بینیبوو. دەنگی فیشەک و دۆشکا و تۆپ و کاتیۆشا بۆ من شتێکی نوێ نەبوو، بەڵام ئەم دەنگە سەیر و سەمەرە و جیددی

١ . ئەمە لە کاتێکدا بوو کە لە ساڵی ٠٨٩١دا ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هەندێک چەکی ئاسایی پەسەند کرا و کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە و بەکارهێنانی هەر ماددەیەکی سووتێنەری وەک ناپاڵم و فسفۆری سپی، قەدەغەکراو بوو (فقیە حبیبی، علی. تأثیر کنوانسیون ٠٨٩١ سلاح های متعارف خاص بر حقوق بشر دوستانە. مطالعات سیاسی ٦٩٣١؛ ٠١(٧٣):٧٧١-٦٩١.)

بـوو، هیـچ کات دەنگێکـی ترسـناکترم لـە بۆردومانەکـەی ئـەو ڕۆژە نەبیسـتووە.

داپیـرەم خـۆی کێشـابوو بە سـەر ئێمەدا و دایکیشـم خۆی دابوو بە سـەر هەموومانـدا. لە هەر گۆشـەیەکت دەڕوانی چەند منداڵت دەدی کە گەورەییێک خۆی کێشـابوو بە سـەریاندا بۆ ئەوەی هیچیـان لـێ نەیـەت. بـە پێی ئەوەی لـە کوێدای و چەند کەس خۆیان کێشـاوە بە سـەرتدا کەمە تروووسـکاییەکی ڕۆژت بـەدی دەکـرد. تاکـە سـەلامەتیی تـۆ ئەوە بوو کە کەسـێک خۆی کێشـابێ بە سـەرتدا و ئەگەر پڕیشـکی فیشـەک بە لاتدا هاتبا، لێت نەدەکەوت و یەکێکی دیکە دەکوژرا. ئـەو کەسـەی کـە ئازیزتریـن کەسـی ژیانتـە ... لـەو سـاتەدا، بیـر لـەوە دەکەیتـەوە کـە ئەگـەر لە ژیانیشـدا بمێنیتـەوە، بە بێ ئەو کەسـە ئازیزەت چـۆن درێژە بە ژیانـت دەدەی؟ ترس و دڵەڕاوکێ و دڵتەنگـی هەمـوو گیانـت دەتەنـێ و ئەوەنـدە خەمبـار دەبی کە لـەم گەردوونەدا هیـچ ئارامی و ئومێـد و ئاسـۆیەک شـک نابـەی و هەموو شـتێک بە لاتەوە تاریـک و لێڵە.

دەزانـی مـرۆڤ بوونەوەرێکی سـەیرە؛ لە هەموو سـاتێکدا بیر لـە ژیـان و زیندوومانەوەی خۆی دەکاتـەوە، بـەڵام لە قووڵایی ناخیدا، کەسـێکی دیکەشـی دەوێـت. ئەمە ژیانی مرۆڤـە، دڕدۆنگی و دوودڵـی لـە هەڵبژاردنـی نێـوان خـۆی و ئەویـدی، لە هەمـوو بڕیارەکانـی ژیانیدا هەیـە کە ئەمە هەمـان دیمەنـی کارلێکـی دوولایەنـەی نێـوان مرۆڤەکانـە. لـە کۆتاییـدا بۆردومانەکـە تـەواو بوو. نازانـم چەنـدی خایانـد. دە خولـەک؟ نیو سـەعات؟ نازانم! ئاخۆ لـەم دۆخەدا کـەس بیر لە کات دەکاتـەوە؟ شـار و ئـەو ماڵانـەی کە هەتا سـەعاتێک لەمەوبەر ژیان تێیدا دەگەڕا، ئێسـتا شـوێنی ژیـان نەبوون. بۆردومانکردنی سەرتاسـەریی شـارێکی بچووک کە خانـووەکان لە یەکەوە نزیکن و لـە نـاو هـەر ماڵێکدا خەڵکێکـی زۆر دەژین، تەنانەت یـەک بۆمب و ڕۆکێتێـک دەتوانێ زۆر کەس بکوژێـت. ئێمـە بەخـت یارمـان بوو کە پشـکمان لە تاڵیـی ئەو بۆردومانەدا، قڵیشـینی دیـوارەکان و دارمانی بەشـێک لـە دیـواری متبەخەکەمان بوو.

بـازاڕی دەنگـۆ و قسـە و قسـەڵۆک وەکـوو جـاران گـەرم بـوو. دەیانگـوت چەنـد هـەزار کـەس کـوژراون و بـەردەوام هەواڵـی ژمـارەی فڕۆکـە و بۆمبەکان و ئەو شـوێنانەی کە وێـران ببوو، پێمان دەگەیشـت ... ئـەرێ فڵان کـەس چـی لـێ هـات؟ براکـەت لـە کوێیـە؟ بـەر لـە بۆردومانەکـە باوکمـت نەبینـی؟ خەڵـک بـەردەوام سـۆراغی ئازیزانیـان دەگرت و هەوڵیـان دەدا کە لە شـارەکە هەڵبێـن. باوکـم لـە کاتـی بۆردومانەکـەدا لە دووکانەکـەی خۆیدا بوو. بـە ماتۆڕەکەیەوە تـۆزاوی و بە پەرۆشـەوە خۆی گەیاندە نزیک ماڵ و بەدواماندا گەڕا. هەر کە گەیشـتە لامان، هەناسـەیەکی ئـاراممان هەڵمـژی کـە هەموومـان زیندووین.

کاک باقـی دراوسـێمان، مینیبووسـەکەی هـەڵ کـرد و هەموومـان ئامادەی ڕۆیـشتن بووین. ئێمـە ئەوەنـدە ئەزموونـی ئاوارەبوونمـان هەبـوو کـە توانـیمان لـە چاوتروکانێکـدا هەمـوو شـتە پێویسـتەکان کـۆ بکەینـەوە و بڕۆیـن. وەکـوو هەمیشـە باوکـم لـە شـار مایـەوە بـۆ ئـەوەی ئـاگای لـە ماڵەکـە بێـت. ئەو مینیبووسـەی کـە سـواری بووین بە ناوەڕاسـتی شـاردا تێدەپـەڕی، خانوو و

ئیدارەکانم دەبینی کە لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا بوون بە داروپەردوو و خەڵک سەرقاڵی دەرهێنانی تەرمەکان بوون، تەرمی پارچە پارچەکراو و سووتاو. ئەوەی من بینیم ڕۆژی حەشر بوو. هەموو لە ڕاکهڕاکەدا بووین و شار لە چاوترووکانێکدا کاول ببوو.

شارمان بەجێهێشت و ئاوارەبوونە تازەکەمان دەستی پێکرد! ئەو شەوە ڕۆیشتینە نەغەدە و گوندی جەڵدیان. هەمان ئەو گوندەی کە باپیری باوکیم چەند ساڵ لەوەوبەر لەوێ کۆچی دوایی کردبوو. نازانم بۆچی و چۆن ڕۆیشتینە ئەوێ و شەومان لە ماڵی نەناسیاوێک ڕۆژ کردەوە. ڕادیۆیێک هەڵکرابوو و گوێمان لە هەواڵە سەرانسەرییەکانی ئێران دەگرت کە باسی لە هێرشی سەدام بۆ سەر پیرانشار دەکرد و ئێمەش ئەم هەواڵەمان بۆ داپیرە و دایکم کە فارسییان نەدەزانی وەردەگێڕایەوە. کاتێک ژمارەی کوژراوەکانی ڕاگەیاند، هەمووان دەستیان بە گریان کرد. جێگای سەرنج و داخە کە ئەو شەوە دڵخۆش بووم کە ناوی شاری پیرانشارم لە هەواڵە نیشتمانییەکانی ئێراندا بیست. ئەم شەرعیەتدانەی حکوومەتی ناوەندیی ئێران بە شارێکی بچووکی وەکوو پیرانشار بۆ من ئەوەندە گرنگ بوو کە هەتا ئێستاش لە یادمە: نەخۆشی و ئاریشەی ناوەند-پەراوێز تەنانەت منداڵێکیشی تێوەگلاندبوو!

بەیانیی ڕۆژی دوایی چووینە نەغەدە. ئەمە جاری چەندم بوو کە دوای شەڕی نەغەدە و هەڵاتن گەڕاینەوە بۆ ئەوێ. گەڕانەوە بۆ ئەو شارە، بۆ من هەم سەیر بوو و هەم ترسناک. یادەوەرییەکانم لە شاری نەغەدە هێندە لە خوێندا گەوزابوو کە دەترسام. هەموو جارێک لە خۆمم دەپرسی چۆن دەتوانم ڕووبەڕووی ئەو هەموو یادەوەرییە تاڵ و خوێناوییانە ببمەوە؟ چۆن بتوانم بگەڕێمەوە بۆ ئەو ماڵەی کە بۆ یەکەم جار مردنم تەنها لە چەند مەتر ئەولاتر بەدی کرد؟ ئاخۆ دەکرێ وێنەی یەکەم مەرگ و کوشتنی بە فیشەک لە بیر بکرێت؟ ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە ئەو چەند ساڵە تێکهەڵچوونی نێوان حیزبە کوردییەکان و حکوومەت و شەڕ و تۆپباران و بۆردومانی فڕۆکەکانی عێراق و بینینی تەرم لە شاری نەغەدە و گوندەکانی دیکە کارێکی وای کردبو کە ترس و خۆفی بینینی یەکەمین تەرمی کەم کردبۆوە. کوردوتەنی ئێمە بەوانە خارا ببووین یان ڕاهاتبووین. لە بیرمە لە ناو مینیبووسەکەدا، لە تەنیشت تەبیبەوە دانیشتبووم و بە ئەسپایی پێم گوت چ خۆشە قوتابخانەکان داخران، ڕۆژی شەممە تاقیکردنەوەی بیرکاریمان هەبوو. هاوکات زۆر ئازاری ویژدانم هەبوو کە چۆن دەتوانم دڵخۆش بم، بەڵام هەندێک جار لە دڵی خۆمدا بیر لەوە دەکەمەوە کە ئازاری قوتابخانەکانی ئەو سەردەمە بۆ ئێمەی منداڵ، هیچ لە جەنگ کەمتر نەبوو.

بە پێچەوانەی شارە سنووریییەکانی دیکە، نەغەدە لە ماوەی هەشت ساڵ جەنگی عێراق و ئێراندا، هەرگیز بۆردومان نەکرا. بە گاڵتەجاڕی و بە جیددی دەنگۆی ئەوە هەبوو کە نەنکی سەدام خەڵکی نەغەدەیە و هەر بۆیەش هەرگیز هێرش ناکاتە سەری. چووینە نەغەدە و ماوەیەک لە ماڵی خۆمان لە شەقامی سوننەت ژیاین، کە مامم لەوێ نیشتەجێ بوو و دواتر

پێکەوە چووینە گوندی گرداشەوان. هەتا ماوەیەک نەمتوانی بچمە قوتابخانە و ماوەیەکی پێچوو هەتا شوێنێکم بۆ خوێندن دۆزییەوە، ناچار بووین لە ماڵەوە وانەکانمان بخوێنین. لە ئیدارەی پەروەردەی پیرانشارەوە دەهاتنە قوتابخانەکانی نەغەدە بۆ ئەوەی منداڵە ئاوارەکان لەوێ جێگیر بکەن. بەردەوام مشتومڕی ئەوە لە ئارادا بوو کە قوتابخانەکانی شاری نەغەدە بەشی منداڵانی ئاوارە ناکات. منیان نارد قوتابخانەیەک بە ناوی شەهید محەمەد ڕەئووف. ڕەئووف خەڵکی گوندێکی نزیکی نەغەدە و هاوکاری سپای پاسداران بووە. هەر لە یەکەم ساڵانی ئینقلابەوە ناوی قوتابخانەکان گۆڕا و بە ناوی کوژراوەکانی ئینقلاب و جەنگەوە ناو نران. بۆیە هەموو قوتابخانەکان پێشگرێکی "شەهید"یان پێوە بوو. ژیانی نوێمان لە شاری نەغەدە دەستی پێکرد و دواتر کە دۆخەکە هێور بووەوە، باوکم هەموو ڕۆژێک دەچووە دووکانەکەی لە پیرانشار و هەندێک جار منیش هاوڕێیم دەکرد.

ناسیۆنالیستە بچکۆلەکان بە شمشێری تەنەکەوە

لایەنێکی سەیر و جێی باسی دنیای منداڵانەی ئێمە ئەو شەڕە بە کۆمەڵە بەردەوامانە بوون کە بە هۆی جیاوازی و دابەشکاریی جۆراوجۆری ئێتنیکی و ئایینی و جوگرافیایی و هتد لە نێوان منداڵاندا ڕوویان دەدا و پتر بە "شەڕە گەڕەک" ناسراوە. شەڕە گەڕەک لە هەموو شار و گوندێکدا بۆ منداڵان جۆرێک یاری و سەرگەرمی بوو کە گرووپبەندیی مێرمنداڵانی لێ دەکەوتەوە و کەشەکەی ڕکابەرانە دەکرد. بەداخەوە هەندێک جار زۆر دەگەیشتە توندوتیژی و شەڕ و پێکدادانی قورسی لێ دەکەوتەوە.

لە نەغەدە ئەم شەڕە منداڵانەیە بۆن و بەرامەی ئیتنیکخوازی و ناسیۆنالیزم و ڕووبەڕووبوونەوەی پەیڕەوانی هەر دوو ئایینزای شیعە و سوننەی لێ دەهات. ئێمە ئەو بێرۆکەیەمان تێدا بوو کە منداڵانی کورد پێشمەرگەن و بۆ ڕزگارکردنی زێدی خۆیان لە ژێر چەپۆکی داگیرکەران خەبات دەکەن. من نازانم هاندەری لایەنی بەرامبەر چی بوو، بەڵام ڕەنگە منداڵانی تورکیش هەستێکی هاوشێوەیان بووبێت، وەکوو ئەوەی کە هێزی سەربازیی حکوومەتن یان دەیانهەوێ دەسەڵاتی خۆیان نیشان بدەن و بەرگری لە خاکەکەیان بکەن. بەڵام ڕەهەندی ناسیۆنالیزم لە نێو منداڵانی کورددا زەقتر بوو. بێگومان جیهانی دەروونیی هەر کام لەم دوو گرووپە، کارتێکراوی جیهانی کۆمەڵایەتیی گەورەساڵانی ئێتنیک و نەتەوەی خۆیان بوو. ڕەنگدانەوەی ئەو بەها و بیروباوەڕە ئایدۆلۆژیکییانە، لەو جیهانە کۆمەڵایەتییەدا، هەمیشە هەمبەر نەتەوەی بەرامبەر بەدی دەکرا. ئەو بیروباوەڕانەی کە لەسەر بنەمای ئەویدیسازییە و هەمیشە بە لای تاراندن و پەراوێزخستنی ئەویدیدا دەشکێتەوە.

ئێمە منداڵ بووین، بەڵام بە ئاشکرا دەمانبینی زۆربەی ئیمکانیات و دەرفەتەکان لە

دەستی تورکەکاندایە. تەنانەت زۆر جار پارک و شوێنی یاریی منداڵان لە گەڕەکی ئەواندا دروست کرابوو. ئەم هەڵاواردن و بێبەشکردنە لە سەردەمی ڕەزاشا و پێش و پاش سەرکوتکردنی بزووتنەوە کوردییەکانی وەکوو سماییل ئاغای سمکۆ[1] دەستی پێکرد و لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا بە ڕەنگ و بۆنێکی ئایینی و نەتەوەییەوە دووبارە بۆتەوە. ئەو ناوچانە لە گەشەسەندن و خۆشگوزەرانی و پێشکەوتندا هێشتا پشکی زیاتریان هەیە. ئەم جیاوازی و هەڵاواردنانە ئەوەندەی دیکە ململانێ ئێتنیکییەکانی زیاتر دەکرد، منداڵان لە بوارەکانی وەکوو گۆڕەپانی یاری و هتددا ئەم جیاکارییانە بەدی دەکرد و لە ناو فەزای منداڵانە و پەیوەندییەکانی خۆیاندا بە تورەیی و تۆڵەسەندنەوەوە هەست و سۆزی نەرێنیی خۆیان دەردەبڕی. دەسەڵاتی پاوانخوازانەی بەرپرسانی شار و بەڕێوەبەران و جێگرانی قوتابخانە و مامۆستایان کە زۆربەیان تورک بوون، منداڵانی کوردیان هەراسان دەکرد. لە سیاسەتی بەرپرسان و ڕژێمی حوکمڕانییەوە بگرە هەتا دەگاتە کارگێڕانی ئەم ڕژێمە، بەتایبەت دامەزراوە و ڕێکخراوە پەروەردەییەکانی وەکوو قوتابخانە و سەرچاوە مرۆییەکانیان، هەموویان لەسەر بنەمای میکانیزمی هەڵاواردن بەڕێوە دەچوون. کەواتە شتێکی سروشتی بوو کە ئێمە هەست بکەین پێشمەرگەیەکی شاریی دژی دۆخی داسەپاوین. جگە لەمەش ململانێ ئایینزاییەکانیش لەدوای ئینقلاب ئەوەندەی دیکە تەشەنەیان بە ناکۆکییەکان دا. ئێمەی کورد سوننە بووین و تورکیش شیعە. هەستی دەسەڵاتخوازیی شیعە لە دوای ئینقلابی ساڵی ١٩٧٩ گەیشتە ئەوپەڕی خۆی، بەڵام تێگەیشتن لەم بابەتە بۆ ئێمە ئەستەم بوو و نەماندەزانی ئەم دەسەڵاتی شیعەیە لە گوتاری باڵادەستی حوکمڕانییەوە هاتووە و لە ئایینەکاندا شتێک بە ناوی سروشتی

وێنەی ٩٢. من لە سەروبەندی ئاوارەییدا، نەغەدە، ١٣٦٤ی زایینی (١٩٨٥)

---

١ . سماییل ئاغا یان سماییل ئاغای شکاک ناسراو بە سمکۆ بۆ ماوەی ٥٢ ساڵ لە کوردستان و سنوورەکانی ئێران و تورکیا و ئەودیوی سنوورەکان کەسایەتییەکی کاریگەر بوو. سماییل ئاغا (سمکۆ) یەکێک لە کەسایەتییە هەرەگرنگەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێرانە. سماییل ئاغا یەکێک لە سەرکردەکانی شکاکە کە ساڵی ١٠٣١ی هەتاوی لە دەڤەری ژێرڕکێفی خۆیدا لە بەشی ڕۆژاوای گۆلی ورمێ، کە بریتییە لە شارەکانی: سەڵماس، ورمێ، مەهاباد و نەغەدە ،... لە دژی حکوومەتی ناوەندیی ڕەزاشای پەهلەوی ڕاپەڕی و بوو بە دوژمنێکی ئوستوورەیی ڕەزاشا و چەندین جار لەگەڵ هێزەکانی شانشینی قاجار و شانشینی پەهلەوی تێک هەڵچوو. سمکۆ بە پیلانێکی پێشتر دارێژراوی سەرکردەکان و ئەرتەشی ڕەزاشای پەهلەوی لە ٢٢ی ئابی ٢٢٩١ لە شاری شنۆ کوژرا. قەڵای چاری شوێنی نیشتەجێبوونی سماییل ئاغای شکاک بوو.

باڵادەستی بوونی نییە.

گەڕانەوە بۆ شاری نەغەدە لە دوای بۆردومانەکەی پیرانشار لە ساڵی ١٩٨٤، پەیوەندییەکی دووبارە لەگەڵ زێدی خۆم بوو. ناوچە و گەڕەکەکانیم ناسییەوە و جارێکی دیکە لەگەڵ کووچە و کۆڵان و خەڵک ئاشنا بوومەوە. تەمەنم گەورە ببوو و چاو و دڵم کرابۆوە. هەر لەو کاتەدا بوو تێگەیشتم کە دیوارێکیان لە نێوان دانیشتووانی کورد و تورکی شارەکەدا دروست کردووە. دیوارێکی نادیار کە پێی دەگوتین لە لای فەلەکەی ژاندارمەرییەوە هەمووان کوردن و ئەو بەری دیوارەکە هەمووان تورکن. ئەم جیاوازی و هێڵکێشییانە بە لامەوە سەیر و سەمەر بوون. هەوڵم دەدا ئەوانە بۆ خۆم شی بکەمەوە. تازە دەستم بە خوێندنی مێژوو کردبوو و چووبوومە ناو دنیای خوێندنەوە سیاسییەکان. بە درێژایی سەدەکان ئێمەی کورد، گەلێ چەوساوە بووینە. بینینی هێڵە کێشراوەکان و کەشوهەوای دووئێتنیکی و دووفەرهەنگیی شارەکە ئاڵنگاری و بیرکردنەوەی نوێی بۆ من دروست کردبوو. کاتێک ئەم سنوورانەم دەبینی، چەکەرەی پرسیاری نوێ لە مێشکمدا چڕۆی دەکرد، کە تەنیا لە کتێب و فیلمدا دەمتوانی وەڵامەکەیان بدۆزمەوە. ڕەنگە ئەمە ئەو فاکتەرە بووبێ کە زۆر هانمی دا تا سەیری فیلم بکەم و کتێب بخوێنمەوە.

لە ساڵانی قوتابخانەدا، پێکهاتە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی نەغەدەم بۆ ڕوونتر بوونەوە، زیاتر ئاشنای بارودۆخی شارەکە بووم. هەر لەوێ بوو کە زانیم منداڵان لە ناو خۆیاندا تاقمیان دروست کردووە. لایەنێکی تورک و لایەنەکەی تریشی کورد بوون. پیرانشار ئەم فەزایەی تێدا نەبوو، یان لانیکەم دووئێتنیکی نەبوو. لە نەغەدە هەموو شتێک دابەش ببوو، مرۆڤەکان جیاواز بوون، تەنانەت دەمبینی هەڵسوکەوت و ڕفتاری کوردانی نەغەدە لەگەڵ کوردانی شارەکانی تر فەرقی هەیە. لە ژێر کاریگەریی ژینگەی فیکریمدا، زۆری نەخایاند کە پەیوەندیم بە گرووپی منداڵانەوە کرد و بووم بە یەکێک لەوانەی وا لە هەموو شتێکدا، لە شەڕی کۆڵان و شەقامەکانەوە بگرە هەتا دەگاتە یارییەکانیان، بە شێوەی نەتەوەیی بڕیار دەدەن.

جیهانی کۆمەڵایەتیی گەورەساڵان ببووە هۆی ئەوەی کە ئاشتی لە جیهانی منداڵیدا کاڵ ببێتەوە و جێگەی خۆی بدا بە جیاکاری و توڕەیی نەتەوەیی و ئەویدیسازی. ئێمە منداڵان بۆ بەرهەمهێنانەوەی جیهانە کۆمەڵایەتییەکانی گەورەساڵان - کە تێکەڵ بە هەڵاواردن بوو - پەروەردە دەکراین. میراتگری بیرۆکەیەک بووین و هەوڵمان دەدا بە شمشێرە تەنەکە هەرزانەکانمان ڕکابەریی یەکتر بکەین. شمشێرمان لە ئاسنگەرەکانی سەرقەڵات دەکڕی. تیژ نەبوون، بەڵام کاتێک ڕاستەوخۆ لە کەسی بەرامبەرماندا دەدا و بەر پێستیان دەکەوت، دەیڕووشاند و بریندار دەکرد. هەر یەکەمان چەندین جار بریندار ببووین، شمشێرەکانیش چەندین جار چووبوون بە دەموچاوی منداڵەکاندا، شەڕەکەمان کۆتایی نەدەهات و هەندێک جاریش چەندین کاتژمێری دەخایاند. ئێمە جوێن و قسەی تفت و تاڵمان بە یەکتر دەدا و ئەوەی لە دڵماندا بوو بە ئێتنیکی بەرامبەرمان دەوت: تورکی کەر، کوردی پیس!

ئـەم شـەڕانە نـە لـە گەڕەکـە تورکنشـینەکان و نـە لـە گەڕەکـە کوردنشـینەکان، بەڵکـوو لـە ناوەڕاسـتی شـاردا دەکـرا. بـێ ئـەوەی بیـری لـێ بکەینـەوە سـنوورەکەمان هەڵدەبژارد و لە سـەر گردێـک شـەڕمان دەکـرد کـە ڕێـک پێنج سـاڵ لەمەوبەر لە شـەڕی نەغـەدەدا، قەناس بەدەسـتە تورکـەکان لەسـەری دادەنیـشتن و هێـزە چەکـدارە کوردییـەکان لـە گەڕەکی خوارەوە بۆ دەسـت بەسـەرداگرتنی هێرشـیان بۆ دەبرد. قەناس بەدەسـتەکان دراوسـێکەمان و دەیان کەسـی تریان لـە خوێنـدا گەوزانـد. بـێ ئـەوەی خۆمـان پێـی بزانیـن تەنانـەت شـوێنی شـەڕەکەمان لە شـەڕی منداڵانـەدا بەرهـەم دەهێنـاوە و شـەڕی منداڵانەمـان وەکـوو شـەڕی گەورەسـاڵان بێکۆتایی بوو.

ئێمە تێگەیشـتبووین سـنوور و سەرچاوەی ئەم دوو دەستەییە لە کوێیە. ئایا ئێمە دەمانویست مێـژوو دووبـارە بکەینـەوە یـان بـۆ خۆمـان بـە شـێوەیەکی واقیعـی مێـژوو دروسـت بکەینـەوە؟ نازانـم. هـەر چییـەک بـوو، ئـەو گەڕەکـەی کـە دەمانگـرت دەمانپاراسـت و ڕۆژی دواتر بۆسـەمان دادەنـا و لەوێـوە هێـرشمان دەکـردەوە. منداڵانـی تورکیـش ئـەم کارەیـان دەکـرد، بـەڵام زۆربەی هێرشـەکان لـە لایـەن منداڵانی کـوردەوە بوو. ئێمە تـووڕە بووین، تووڕەییەک کە سـەرچاوەکەی ئـەو جیاکارییـە بـوو کـە دژ بـە ئێمەی کورد لە شـاری نەغـەدە دەسـەپێنرا. ئێمە لە هەمـوو لایەن و جومگەکانـی ژیـان و بارودۆخەکانـدا بـەم هـەڵاواردن و جیاکارییـەوە تێوەگلابووین و لـە هیـچ کـوێ دەربازبوونمـان لێـی نەبوو. هەروەها خۆمان لە تورکەکان پێ سـەرتر بـوو، دەمانگوت "ئێمە کوردیـن؛ ئێمـە ئازاتـر و دلێرترین ..." یان وەک منداڵانی تورک دەڵێن "ئێمە شـاخاوی و کێوین، بۆیـە بـاشتر دەجەنگیـن!" ئـەم مۆرکە وەها لـە زەیـن و دڵ و دەروونی ئێمەدا چەسـپابوو و ببوو بە باوەڕێکـی دەروونـی کـە لە کـردار و پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئێتنیکی تـورک هەوڵێکی بێکۆتا و بێوچانمان دا بۆ ئەوەی ئەمە پشتڕاسـت بکەینەوە و لە هیچ کۆششـێک بۆ سـەرکەوتن درێغیمان نەدەکـرد. ڕاستییەکەشـی ئـەوە بوو کە ئێمە لە کوڕە تورکەکان باشتر شـەڕمان کـرد و ئەوان زیاتر دەیاندۆڕانـد. هـەر بۆیـە منداڵـە گەورەترەکانیـان دەهێنـا بـۆ ئەوەی لـێمان بـدەن. هەندێک جار لێیـان دەدایـن و ئێمـەش ڕامـان دەکـرد، بـەڵام ئێمە هـەر وا بە ئاسـانی وازمان نەدەهێنـا و ڕۆژی دواتـر لـە کووچەیەکی دیکـەدا دەمانگرتـن و تۆڵەی خۆمـان دەکردەوە.

قوتابخانەی کوردەکان، قوتابخانەی تورکەکان

ئـەم دوو تاقمیـە کـە حکوومـەت زیاتر پەرەی پێـدەدا، کەلێنەکانـی قووڵتر کـردەوە. هەندێک جـار پێـم وابـوو دەبـێ هەمـوو تورکـەکان لـە شـاری نەغـەدە بچنـە دەرەوە و شـارێک کـە هـی کـوردە بیدەنـەوە بـە خاوەنەکـەی. ئـەم هەسـتە ئەوەنـدە لـە منـدا بەهێـز بوو کـە هەتـا ماوەیەک کەواوپانتـۆڵمان لەبـەر دەکـرد و دەچووینە گەڕەکە تورکنشـینەکان بۆ ئـەوەی بیانوروژێنین و قڕە و هەرایـەک سـاز بکەیـن، مـن هـەر لـە کەسـێک دەگەڕام شـەڕم لەگـەڵ بکات! ئاسـایی بـوو، لە

ناو دانیشتوانی کوردی ناوچەکەدا ئەو بۆچوونە باوە هەیە کە دەسەڵات بە ئەنقەست لە نێوان کورد و تورک جیاوازی دادەنێ و ئەم ڕەفتارەش کاریگەریی لەسەر مێشکی هەمووان، بەتایبەت منداڵان دانابوو. لە لایەکی ترەوە ئێمە لەو خێزانانەدا گەورە بووین کە هەستی کوردایەتییان بەهێزتر بوو و لە ڕەفتارەی حکوومەت زویر بوون. لە دانیشتن و کۆبوونەوەکاندا باسیان لە هەڵاواردنی نێوان کورد و تورک دەکرد و کاتێک لە دەرەوەی ماڵەوە ئەم جیاکارییەمان دەبینی، گڕی تورەیی و نارەزایی ناخمان زیاتر بڵێسەی دەسەند.

ئەم بارودۆخە بە سەر قوتابخانەکانیشدا زاڵ بوو. جگە لە چەند قوتابخانەیەک نەبێ، گەڕەکە کورد و تورکەکان هەر یەکەیان قوتابخانەی تایبەت بە خۆیان هەبوو، بەڵام منداڵانی کورد و تورک دیسان شەڕیان لەگەڵ یەکتردا دەکرد. جیاکاری لە قوتابخانەی کچاندا نەدەکرا. چونکە تەنها یەک قوتابخانەی ئامادەیی کچان واتا دەبیرستان، لە شارەکەدا هەبوو. مەحبووبەی خوشکم دەیگوت: "لە قۆناغی ئامادەیی پێیان دەگوتین ئاوارە" خوشکم دەیگێڕاوە کچێکی تورک بوو کە لەگەڵ ئێمەی کورد زمانی نەدەگەڕا و چاویشی لە چاومان نەدەکرد. "ڕۆژێک لە منداڵەکانم بیست کە بەهاری ساڵی ١٩٧٩ لە شەڕی نەغەدەدا بنەماڵەکەی کوژراوە". مەحبووبەش وەکوو ئەو کچێکی بێدەنگ و چاوی شین و قژی کاڵ بوو، جارێک کچەکە وای زانیبوو خوشکم تورکە و داوای قەڵەمی لێکردبوو. مەحبووبەی خوشکیشم قەڵەمی پێدەدا و ئەویش بە زمانی تورکی سوپاسی دەکات. دوای چەند ڕۆژێک کە دەبینێ مەحبووبە لەگەڵ کەسێکی کورد قسە دەکا، دڵتەنگ دەبێ و چیتر مەحبووبە نادوێنێت. مەحبووبە دەڵێ: "ئەم کچە زۆر نەهامەتی چەشتبوو، وا دیارە هێزە کوردییەکان لە کوشتنی بنەماڵەکەیدا ڕۆڵیان هەبووە، بەڵام خۆ من کەسی ئەوم نەکوشتووە؟" هەڵبەت ئەو نەیدەزانی کە لە تافی منداڵیدا و بە لەدەستدانی ئازیزان یان هەمان ئەویترە گرنگەکانی ژیان، توانای جیاکردنەوەی ئەو جۆرە پرسانە لەدەست دەدات. هەرچەندە ژنان و کچان لە ململانێی نێوان تورک و کورددا ڕۆڵێکی گەورەیان نەبووە، بەڵام پەیوەندییەکانیان لە ژێر کاریگەریی ئەم کەشوهەوای دوو تاقمیەدا بوو. بەداخەوە ئەم فەزایە هێشتاش بە شێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت.

زانستی مێژوو و کۆمەڵناسی باس لەوە دەکەن کە هەر چەشنە دووبەرەکی و ناکۆکییەک لە نێوان دوو ئێتنیک، نەتەوە و فەرهەنگدا، ڕەگ و ڕیشەی لە ڕابردوویاندا داکوتاوە و وەها دیاردەیەک زۆر بە دەگمەن دەتوانێت کتوپڕ و لەناکاو بێت. ناکۆکیی مێژوویی تورک و کوردیش دەکەوێتە ئەم بازنەوە. گەلانی ئەم ناوچە، زۆر لەمێژە، یەک لە دوای یەک بەدوای ژینگەیەکی لەبار و لەوەڕگەیەکی بەپیت و سەرسەوزدا، ڕوویان کردۆتە ناوچە باکوورییەکانی زاگرۆس و دەوروبەری و هەر یەکیان بە درێژایی چەندین سەدە لە گەڵ ئیمپراتۆرییەکان و سیستەمی پاشایەتی و هێزە خاوەن دەسە لاتەکان لە لایەک و گەلانی دی لە لایەکی

دیکەوە، تووشی ناکۆکی و بەربەرەکانێ هاتوون.

وێنەی ٩٣. قوتابیانی قوتابخانەیەک لە شاری پیرانشار و کۆمێنتی یەکێک لە فالۆوێرەکانم
کە سەرگوزەشتەی خوێندن و ئاوارەبوونەکەی لە خۆم دەچێت

بۆ ئێمەی منداڵی کورد کە هیچمان لە ڕابردووی دوور و مێژوو نەدەزانی، ئەم باڵادەستییەی تورک و پاڵپشتیی حکوومەت لەم ئێتنیکە، دڵگرانمانی کردبوو. چونکە ئێمە لە هەنووکەدا دەژیاین و نەماندەتوانی ئاوڕ لە مێژوو بدەینەوە و هەر ئەمەش ژان و بێدەرەتانیمانی زیاتر دەکردەوە. هەم تورک و هەم کورد پێیان وابوو کە ئەوان خەڵکی خۆجێیی و خاوەنی ڕەسەنی ئەم خاکەن. هەستکردن بە خاوەندارێتی، ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی هەیە و تێهەڵکێشی کۆمەڵگە بووە. من دڵنیام ئەگەر هاوپۆلە تورکەکەی مەحبووبە و تەنانەت خودی مەحبووبەش، تەمەنیان گەورەتر بوایە و ڕابردوو و مێژووی ناوچەکەیان بناسیبایەت، وەها دەبوونە دۆست کە لانیکەم هەست بە نامۆبوونی یەکتر نەکەن، ئەگەر ئەوە بۆ خێزانی ئەو کچە ڕووی نەدابا ئەم هاوڕێیەتییە زیاتر دەڕەخسا.

لە ناو ڕیزی حیزبە کوردییەکاندا، کەم نەبوون ئەو تورکانەی کە ببوونە پێشمەرگە یان هاوسەرگیرییان لەگەڵ کورددا کردبوو و ببوونە خزم. ڕاگواستن و کۆچی گەلان بە درێژایی مێژوو شتێکی سروشتی بووە و ئێستاش ئێمە و تورک دەبێت پێکەوە بژین. هەرچەندە زۆرێک لە ئەندامانی هەر دوو لایەن پێیان وایە واقیعەکە شتێکی دیکەیە، بەڵام ئەم کێشە لێرەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەسەڵاتداران کەڵکاوەژۆیی لە هەستی جیاوازی تورک و کورد دەکەن. هەر چەندە ئەم دوو دەستەییە لە ئێستادا دەرکەوتنێکی فیزیکی یان زۆر ئاشکرایان نییە، بەڵام لە سەردانەکانی دواییمدا بۆ شاری نەغەدە هەستم کرد بارودۆخی ئێتنیکی وەکوو ئاگری ژێر خۆڵەمێشە. لە کاتێکدا کە سەرقاڵی خوێندنەوەی دەقی سەرەتایی ئەم ژیاننامە بووم (کۆتایی مانگی ئەیلوولی ٢٠٢١)، بەداخەوە لە پێکدادانێکی سەر شەقام لە نێوان

لاوانـی کـورد و تورکـدا دوو کـەس گیانیـان لەدەسـت دا و بـۆ مـاوەی چەنـد ڕۆژ ئـاژاوە و نائارامی نەغـەدەی گرتەوە.

ئـەو مـاوەی لـە ئێـران بـووم، چەندیـن جـار بـە هـۆکاری جۆراوجـۆر وەکـوو لێکۆڵینـەوە، بەشـداریکردن لـە بەرنامـە خۆجێییـەکان، زەماوەنـد و پرسـە و سـەردانی خـزم و کەسـوکار، سـەردانی نەغەدە و گوندەکانی دەوروبەریم کرد و بینیم کە بەشـێک لە کورد و تورکی ئەم شـارە هەڵوێسـتی توندوتیژیـان بەرامبـەر یـەکتر هەیـە. تەنانەت نەوەی نـوێ کە ململانێکانی ئـەو ڕۆژە ڕەشـانەیان نەبینیبوو، لە ژێر کاریگەریی کەشـی سیاسـی و ئێتنیکیی شـاری نەغەدە و هەروەها کلیشـە فەرهەنگییـە زەینییەکەیـان، ڕوانگەیەکـی نەرێنییـان دژ بـە ئێتنیکـی بەرامبـەر هەیـە.[1] سیسـتەمی حوکمڕانیـش زۆر بـە زیرەکـی و هۆشـیارانە ئـەم ناکۆکییانـەی پاراسـتووە و تەنانـەت تەشـەنەی پێدەدا. هەر دوو لا دەکاتە قوربانی و چارەسـەرکردنی ئەم کێشـەش زۆر بە زەرووری و پێویسـت نازانێت. من هەمیشـە خەونم بـەوە بینیوە کە ببمە یەکێک لـە دامەزرێنەرانی یەکڕیزی و یەکگرتوویـی نێـوان خەڵکـی ئـەم شـار و ناوچـە جوانـە و دڵنیـام کـە ڕۆژێـک دێ هەمـووان بـە یەکڕیـزی و تەبایـی لەگـەڵ یـەک بژین.

زبڵگەڕی و دزیکردن بۆ ئاتاری

ئەوانـەی لـە سـەرەتای شەسـتەکانی هەتاویـدا (هەشـتاکانی زایینـی) تەمەنیـان ١٢ بـۆ ١٥ سـاڵ بووبـێ، یەکـەم وەشـانی یاریـی ئاتـاری لـە بیر ناکـەن. لە نـاو کەناڵێکـی ئـاودا فڕۆکەیەک

١. ڕادەی تووڕەیـی لـە نێـوان تـورک و کـوردی شـاری نەغـەدە لـەو لێدوانانـەدا دەبـینرێ کـە هەندێـک جـار لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا لـە لایـەن هـەر دوو لاوە بڵاو دەکرێنـەوە. لـە یەکێک لە بەرهەمـە لێکۆڵینەوەکانمدا بە ناوی "لە سـنوورەوە بـۆ سـنوور" کـە سـەبارەت بە شـوناس و ئێتنیسـیتە لـە ئێراندایە و لـەم دواییانـەدا لە لایەن چاپخانـەی مێهری لە لەنـدەن بڵاو کـراوە، لـە پـاڵ عـەرەب، بەلـووچ و فـارس (فـارس زمان) لە سـەر هـەر دوو نەتەوەی تـورک و کورد ئیشـم کـردووە و زۆر دیمانە و چاوپێکەوتنـم لەگـەڵ داینشـووانی شـاری نەغـەدە لـە هـەر دوو گەلی کـورد و تـورک ئەنجام داوە و لـە کتێبی لە سـنوورەوە بۆ سـنوور دامانـناوە. ئەم شـارە تووڕەیـی لێ دەباریێ و وەک کوردەکان دەڵێن تورکەکان سـەر بە حکوومەتـن. ئەمە لە حاڵێکدایە کـە بەشـێک لـە تورکـەکان بەتایبەت گەنجەکانیـان لەگـەڵ حکوومەتدا نین و ئێسـتا زیاتـر ڕوانگەیەکی ئەوپەڕسـنووریان بۆ هـەر دوو وڵاتـی تورکیـا و ئازەربایجـان هەیە. لە ڕاسـتیدا ئـەوان دەیانهەوێ حکوومەتێکـی تورکیان هەبێت. ڕێـک وەکوو کورد کـە بیـر لـە سـەربەخۆیی یـان جۆرێـک لـە سیسـتەمی فیدراڵـی دەکەنـەوە. سـەیر ئەوەیە هیـچ کام لـەم دوو گرووپە ئـەم مافە بـۆ ئـەوی دیکـە بـە ڕەوا نازانـن. لـە ڕاسـتیدا هـەر دوو گرووپەکـە لەگـەڵ حکوومەتـدا نین، بـەڵام لەگـەڵ یەکتریش ناسـازن و کـورد و تـورک لـە ئێرانـدا ناکۆکییەکەیـان لەوپـەڕی خۆیدایـە و نێوانیـان یەکجـار گرژە. ئـەوەی کـە پەیوەندیی نێـوان تورک و کـورد لـە ڕابـردوودا گـرژ بـووە یـان نـا، بابەتێکـی دیکەیـە، بـەڵام هەندێک پێیـان وایە لـە بابەتـی بەفیدراسـیۆنکردنی ئێـران و پێکهێنانـی حکوومەتێکـی کـوردی لـە کوردسـتان، ئەگـەر هـەر کەسـێک لـەم جـۆرە سیسـتمە ئیداراییە تێبـگا و قبووڵـی بکا، ئـەوە دژایەتـی پێکهێنانـی حکوومەتـی خۆجێیی تورکی لە ناوچە تورکنشـینەکان و بە پێچەوانەشـەوە حکوومەتێکی خۆجێیی کـوردی لـە ناوچە کوردسـتانییەکان ناکات. کەواتە ئەوانەی کـە ناکۆکییە ئێتنیکی و نەتەوەییـەکان زەق دەکەنەوە لە بنەڕەتدا فیدراڵیکردنـی ئێرانیـان قبـووڵ نییـە و ئەوانیـش هەمـان لایەنگـر و دەسـت و پێوەنـدی ئەو دەسـەڵاتەن کە لـە فیدراڵیکردنی ئێـران دەترسـێ، چونکـە هەسـت دەکـەن بەرژەوەندییەکانیـان دەکەوێتە مەترسـییەوە و هەر بۆیـە تا دەتوانن تێدەکۆشـن ئەم ڕژێمـە تاکمیحـوەر و پاوانخـوازە بـە دەسـەڵاتی ناوەندییەوە دەبـێ بپارێزن.

هەبوو کە هەموو کەشتی و فڕۆکەکانی بەردەمی دەکردە ئامانج. ئەم یارییە ئەو ساڵانەلە شاری نەغەدە زۆر باو بوو و من پارەیەکی زۆرم بۆ خەرج کرد. تەنانەت لە بیرمە دزیم کرد بۆ ئەوەی یاریی ئاتاری بکەم. لە منداڵیدا لەگەڵ کچە مامەکەم و منداڵەکانی دیکە لە دووکانەکەی ئاغەی عەرەب چەپکە کەوەرمان دەدزی، بەڵام نازانم دەتوانرێ ناوی دزی لێ بنرێ یان نا. زیاتر هاروهاجییەکی منداڵانە بوو و هەڵبەت پێویستمان بە یاریکردن بوو، پارەم لە مەحبووبەی خوشکم دزی بۆ ئەوەی کایەی ئاتاری بکەم.[1]

بەسەرهاتەکە لەوێوە دەستی پێکرد کە فرۆشگایەک لە نزیک ماڵەکەمان ئامێرێکی ئاتاری هێنا. تەلەڤیزیۆنێکی ١٤ ئینچیان لەسەر چەند سندووقی چێو دانابوو. دوو کورسی لەبەردەمی دانرابوو، بۆ ئەوەی گەیمێرەکان لەسەری دابنیشن و منداڵانی دیکەش بە ڕیز ڕادەوەستان هەتا نۆرەیان بگات. هەر کەس ٥ تمەن و ١٠ تمەنی دەدا بۆ ئەوەی چەند خولەکێک یاری بکات. من ئالوودەی ئەم یارییە ببووم و پەیتا پەیتا دەمدۆڕاند و هەرگیز لە قۆناغی دوو یان سێ تێنەدەپەڕیم و یاریی ئاتاری گیرفانمی تەکاندبوو. ئیتر وەکوو جاران نە کێک و نووشابەن دەخوارد، نە پارەم بۆ شتی تر خەرج دەکرد و نە تەنانەت پارەم بە کەیهانی بەچەها و گۆڤارەکانی دیکە و کتێب نەدەدا، دین و ئیمانم ببوو بە ئاتاری.

ئەوانەی کە بەم ڤێرژنەی ئاتاری یارییان کردووە باش دەزانن باسی چی دەکەم. کۆڵنەدەرانە چاوت دەبڕییە شاشەی سەوزی یارییەکە و بەردەوام بۆ چەپ و ڕاست و پێشەوە دەچووی و تەقەت دەکرد و کەشتی و فڕۆکەکانی دوژمنت لەناو دەبرد. لەناکاو ژمارەیان ئەوەندە زۆر دەبوو کە چیتر دەرەقەتیان نەدەهاتی و بە دڵەڕاوکێوە دەتدۆڕاند. پەیتا پەیتا ٥ تمەنی دیکەت دەدا و ... ئەو ڕۆژەی وا پارەم لە مەحبووبە دزی، پیس لێم قەوما و کەوتمە نەداری، لە یاریی ئاتاریدا گەیشتبوومە قۆناغێکی کۆتایی و ویستم بچمە قۆناغی دواتر، بەڵام گیرفانم چۆڕەی لێ بڕابوو و پارەم پێ نەمابوو. ئەوەندەم زانی کە مەحبووبە پارەی پێیە، وەسوەسە بووم و چووم لە ناو گیرفانی پارەکەیم کە مچۆڵە کرابوو دزی، وا بزانم باوکم پارەی پێدا بوو کە بچێ جلوبەرگی کوردی پێ بکڕێت. کاتێک ٢٠ تمەنەکەم هەڵگرت تێک چووم و دڵەخورپەم گرت، هەستی تاوانباری و شەرم و ترس تێکەڵ بوون. دزیم کرد و بە ترسەوە چووم بۆ یاریی ئاتاری، دۆڕاندم و دیسان هاتمەوە و پارەم هەڵگرت و چەند جار هەر بەم شێوە دەچووم لە گیرفانی

---

١. لێرەدایە کە وتەزای ئالوودەبوونی منداڵان بە یارییە کۆمپیوتەرییەکان دێتە گۆڕێ و ئەوە نیشان دەدا کە ئەگەر چاودێرییەک بەسەر زەبەلاحەکانی تەکنەلۆجیا و بازاڕدا نەبێ، تا چەندە دەتوانن لە خراپپەروەردەکردنی منداڵاندا ڕۆڵ بگێڕن و ئەمە منداڵان دەخاتە سەر ڕێچکەی خراپ و نەشیاو. ئەم بابەتە هەویرێکە ئاوی زۆر دەبا و لەم ژیاننامەی منداڵ جێی نابێتەوە. تەنها ئەوە دەڵێم کە ئالوودەبوون پەیوەندی بە پێویستییەوە هەیە و ئەگەر خێزان و کۆمەڵگا پلان و وەڵامی گونجاو و چاکیان بۆ پێداویستییەکانی منداڵان بەتایبەت پێداویستییەکانی کات بەسەربردن و سەرگەرمییان بۆ منداڵان و هەرزەکاران هەبێ ئەوا ئەوان چیتر لە ڕێگەی نەشیاوەوە خۆیان سەرگەرم ناکەن.

مەحبووبە دزیم دەکرد. نەمدەزانی ئەگەر مەحبووبە بەمە بزانێ چی دەقەومێت.

ڕۆژی دواتر زانی و وتی: " پووڵەکەم کەم بووەتەوە". دایکم پێی وت: "کچێ کەس دەستی لە پووڵی ئەتوو نەداوە ...." مەحبووبە زۆر لە سەری نەچوو و کارەساتی دزییەکە بە خێر و خۆشی تەواو بوو. کەس نەیزانی کە من دزییەکەم کردووە، بەڵام هێشتاش ئازاری ویژدانم هەیە و خۆم سەرزەنشت دەکەم. ڕەنگە دایکم زانیبێتی کە ئەمە کاری من بووە و مەحبووبە ڕاست دەکا، بەڵام بە ڕستەی توندی "کەس دەستی لە پارەی ئەتوو نەداوە"، بێدەنگی کرد و نەیهێشت دەمەقاڵە ساز ببێ و من لەقاو بدرێم و ئابڕووم بچێت.[1]

دەبوو بۆ پارە پەیداکردن شتێک بکەم و تێچووی سواربوونی ماتۆڕ، یاریی ئاتاری، چوون بۆ سینەما یان خواردنی جەرگ و دڵی برژاو دابین بکەم. یەکێک لەو کارانەی کە کردوومە ئەوە بوو کە لەگەڵ ئەمیر و سابیری پوورزام لە دووکانی وردەنان فرۆشییەکانی ژوور قەڵات، داشقە و تەرازوو بە کرێ بگرین. بڕێک پارەیان پێدایین بۆ ئەوەی وردەنان و پلاستیکی خەڵکی پێ بکڕینەوە و ئێوارە وردەنان و پلاستیکەکانیان بە قازانجێکی چەند لە سەد، لێمان دەکڕییەوە. هەڵبەت هەندێک جاریش وردەنانی ناو زبڵدانەکانی تەنیشت ماڵان یان کووچە و کۆڵانەکانمان کۆ دەکردەوە. هەر سێمان بە ناو کۆڵانی گەڕەکە کوردنشینەکاندا دەگەڕاین و هاوارمان دەکرد: "وردەنان، کەوشەکۆن، ڕۆحەشکاو ...." و لە گەڕەکە تورکنیشنەکاندا دەمانگوت: "خوردە چوروگ وار" واتە "وردەنانتان هەیە؟" بە تەرازوویەکی کۆن کە تاوەکانی بە پەتەوە بە دارێکەوە هەڵواسرابوون وردەنانەکەمان دەکێشا. نازانم لە کوێ و لە کام منداڵەوە فێر بووم بە ئانیشکی دەستم لیڤەری لای کێشەکە گوشار بدەم بۆ ئەوەی فێڵ بکەم و پارەی زیاترم دەست بکەوێت. هەڵبەت هێزم زۆر نەبوو و جیاوازییەکی ئەوتۆی نەدەکرد. ئەگەر پیرەژن یان ژنی ماڵەوە بە فێڵەکەمی نەزانیبایە و کەس سەرنجی نەدابا، من یەک کیلۆ و ٢٠٠ گرامم بە یەک کیلۆ و ١٠٠ گرام دەژمارد. لە درێژەی ڕێگادا یان لە ناو زبڵدانەکاندا، ئەڵمنیۆم، کانزا، پلاستیک، درگای ئاسنی بەرمیلی نەوت و گازۆییلمان دەدۆزییەوە و دەمانخستە ناو تەلیسەکەوە. دواتر

---

١ . لە هەندێک فەرهەنگدا وا باوە کە خۆشەویستی و سۆزی دایک بۆ منداڵەکانی بەتایبەت کوڕە گەورەکەی لە ڕادە بەدەرە. لە زۆربەی فەرهەنگەکاندا بەتایبەت فەرهەنگە نەریتییەکان، دایک بە پێچەوانەی باوک، خۆشەویستییان بۆ منداڵ ئاشکراتر دەردەبڕن. ئەوەی کە دایک بەقوربان و سەدەقەی منداڵ دەبێ و عەیبەکانی دادەپۆشێ وەک شتێ لە فەرهەنگی نەریتیدا ئەرکی دایکە. بەڵام باوک لەگەڵ ئەوەی منداڵەکانی زۆر خۆش دەوێ، بەڵام زۆر دەرینابڕێ و هەوڵ دەدا سنوورەکانی نێوان خۆی و منداڵەکانی تێک نەدات. بە گشتی و لە هەندێک لە کۆمەڵگاکاندا زۆربەی منداڵان باوکیان بە شێلگیرتر دەزانن، بەڵام پاساوی باوک ئەوەیە کە دەیانهەوێ منداڵەکانیان لە خۆیان باشتر بن. پێشتر ئەمانە لە فەرهەنگی ئێراندا زۆر بەرچاو بوون و ئەوە هەمان گۆڕانی دەور و ڕۆڵەکانی ناو بنەماڵەیە. ڕۆڵی پاڵپشتانەی دایک زۆر جار لە ڕادەبەدەرە. هەندێک جار لە پێوەندی لەگەڵ منداڵەکانیدا بەرپرسیارێتیی باوکێک لە ئەستۆ دەگرێ و ڕۆڵی باوک دەفەوتێ یان لە باشترین حاڵەتدا کاڵ دەبێتەوە. چونکە منداڵان بەتایبەت کوڕ ناتوانرێ پەیوەندییەکی سازێنەر و گفتوگۆتەوەر ساز بکرێت. دایک وەک ڕزگارکەر و قوربانی دەردەکەوێ کە وێنەیەکی لاوازی ژن بە منداڵەکانیان پیشان دەدن و باوکیش لە هەمان کاتدا وەک هێمای هێزی پیاوەتی دەمێنێتەوە.

زانیم لە جیهانی گەورەساڵاندا بەم کارانە دەڵێن ساختەکاری و کەمفرۆشی.

نیوەڕۆی گەرمی ڕۆژێکی هەینی، لە پیرەژنێکی تورکی تەنیای گەڕەکەکانی قەڵات، وردەنانمان کڕی و کێشامان. من و سابیر خەریکی بەستنی تەلیسە گەورە و قورسەکان بە داشقەکەوە بووین کە زانیمان ئەمیر نییە. بە دوایدا گەڕاین کە دەبینین بە پێڵاو چووەتە سەر فەڕشی هۆڵە بچووکەکەی ماڵی پیرەژنەکە و پاڵ کەوتووە و خەریکە تەماشای کارتۆنی تۆم و جێری دەکا و پێدەکەنێت. ئەو پێکەنین و کەمتەرخەمییەی قەڵسی کردم. دانەیەکم لە پشت ملی دا و قوڵاخیم کێشا و هێنامە دەرەوە. ئێمە بۆ کاری وردەنان فرۆشی زۆر منداڵ بووین و ئەم ڕەفتارەی ئەمیریش بە هۆی تەمەنیەوە بوو. هەرچەندە ئێمە زۆر هەژار و نەدار نەبووین، بەڵام زۆرێک لە منداڵان بۆ بەدەستهێنانی پارەی گیرفان یان بژێوی خانەوادەکەیان کاریان دەکرد کە سەرەڕای زیانەکانی، پێم وایە کارێکی زۆر چاکە.

ئێستا کە سەربوردەی خۆمم بۆ باس کردن، ڕەنگە هەندێک پرسیارتان هەبێ، ئەویش لەمەڕ فێڵکردن و دزینی درگای کانزایی بەرمیل و هتد. ئەمانە شتێک نین کە منداڵ بە شێوەیەکی سروشتی ئەنجامی بدات؛ دواتر هەمیشە ئەو پرسیارەم لە خۆم دەکرد کە ئایا کەسێک وای کرد ئەم کارانە بکەین؟ ئایا ئەم ڕەفتارانە ڕەگ و ڕیشەیان دەچێتەوە سەر چاولێکەری منداڵان لە یەکتر و کۆمەڵگای گەورەساڵان؟ لە هەندێک لە چیرۆک و ئەو قسە و باسانەی کە لە شەقام و بازاڕەکاندا گوێمان لێ دەبوو، ئەم جۆرە کارانە هیچ قێزەون نەبوو ... بگرە ئەنجامدەرەکەشی بە منداڵێکی قوت و وریا دەناسرا و شانازی بە کارەکەیەوە دەکرد. ئەمانە ئەو ئامانج و بەهایانە بوون کە هاتنە ناو دنیای منداڵیمان و ئێمەش سەرچەشنگریمان لێ دەکرد. هەڵبەت نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە ئەو هەستی نایەکسانی و سەرنەکەوتنەی کە بە هۆی هەلومەرجی قەیراناویی کۆمەڵگا و ئێرانەوە بە سەرماندا سەپێنرابوو، لە سەرهەڵدانی ئەم جۆرە ڕەفتارەدا کاریگەر بوو. ئێمە منداڵ بووین و مافی خۆمان بوو کە منداڵی بکەین و شاد بین، بەڵام ئەم مافە لە لایەن سیاسەتمەداران و دەسەڵاتدارانی نەشیاو و ناکارامەوە لێمان زەوت کرابوو. هەستمان بە بێدەرەتانی دەکرد، کەم کەس گرنگی بە خۆشحاڵیمان دەدا و وامان لێهاتبوو کە دەبێ خۆمان قۆڵی هیممیەت بۆ خۆمان هەڵماڵین. ئێمە لە گێژەنی قەیرانێکدا بووین کە خۆمان دروستمان نەکردبوو و ئەمەش وای لێکردین کە لە لۆژیکی منداڵانەی خۆماندا بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئێمەش دەبێ ستەم لە کەسانی دیکە بکەین. ڕەنگە بەهۆی ئەمە و ناسینی زیاتری جیهانی منداڵیم و ئەوەی کە خۆشم بووم بە خاوەن منداڵ، ساڵانی

وێنەی ٩٤. من و داشقەکەم

دواتـر ڕوو لـە ئەنجامدانـی دوو لێکۆڵینـەوە لە بـواری "زبڵگەڕیی منداڵان"[١] و "شـێوازەکانی کاری منـداڵان"[٢] بکەم.

هـەر چەنـدە پێـم وایـە ئەزموونـی کارکـردن و بەدەسـتهێنانی داهـات دەتوانـێ بـۆ منـداڵان ئەرێنـی و سـازێنەر بـێ، بـەڵام ئـەم ئەزموونـە دەبـێ لـە ژینگەیەکی سـەلامەت و لە ژێـر کۆنترۆڵ و چاودێریـی گەورەسـاڵاندا بێـت. لـە توێژینـەوە بەکۆمەڵەکانـدا هەوڵـم دا بە خسـتنە ڕووی ئامار و دەیتـاوە لـەم بابەتـە بکۆڵمـەوە، بـۆ ئـەوەی لە پێنـاو کەمکردنـەوەی ڕەنـج و مەینەتـی منداڵانی بـەش مەینـەت هـەر هیچ نەبـێ هەنگاوێکی بچووک هەڵێنـم. کاتێک مـن و هاوکارەکانی دیکەم دەسـتمان بـەم لێکۆڵینەوانـە کـرد، ئێـران بـە پێچەوانـەی سـەردەمی منداڵیـم، ئیتر نە سـێبەری جەنگـی ئێـران و عێراقـی بـە سـەرەوە بـوو و نـە سـەرقاڵی تێکهەڵچوونـی حیزبـی و سیاسـی بوو، بەڵام کێشـەی منداڵان کەم نەبووەتەوە و هێشـتاش دەسـەڵاتداران نەک هەر خەمی گیروگرفتی منـداڵان ناخـۆن، بگـرە ئیشـکردن لە سـەر پرسـی منـداڵان دەتوانـێ لایەنێکی ئەمنـی هەبێت.

هەڵبـەت مـن هـەر لـە منداڵییـەوە فێـری کار و کاسـبی ببـووم. کـە پشـووی هاویـن دەهـات لـە پیرانشـار بیسـکویتم دەفرۆشـت و هەندێک جاریـش کە داهاتێکی باشـم دەسـت نەدەکەوت بـە پـارەی گیرفانـی خـۆم بیسـکویتم لـە خـۆم دەکڕی بـۆ ئـەوەی وابزانم کاسـبیی ئەمـڕۆم خراپ نەبـووە. ئیشـی ئێمـە لـە دووکانـی وردەنـان فرۆشـی، ئـەوە بـوو کـە وردەنانەکەمان دەفرۆشـت بە خـاوەن دووکانەکـە، ئەویـش ئـەو پـارەی کە لە سـەرەتاوە پێـی دابووین لێـی دەگێـڕاوە و ئێمەش قازانجەکەمـان لێدەقرتانـد و دەمانکـردە سـێ بەش و دەچووین بۆ ئاتـاری و ماتۆڕ گازی و خەونی منداڵانەمـان ڕەنـگ دەکـرد. دواییـن جـار کـە عەرەبانـە و تەرازوومـان لـە پیرەمێردەکـە بـە کـرێ گرت، بڕیارمان دا لە لای دووکانەکەی بەجێی بهێڵین و وردەنانەکە و شـتی تریش لە شـوێنێکی تـر بفرۆشـین. هـەر لەبەر ئـەوەش ماوەیەکـی زۆر توخنـی قەڵاتـی نەغـەدە نەکەوتین.

هەڵبـەت مـن پێم وایە لە بابەتی شـەریکی لە وردەنانفرۆشـیدا، سـابیر و ئەمیـر ڕازی نەبوون. ئـەوان پێیـان وایـە مـن قازانجێکـی زیاتـرم بـۆ خـۆم هەڵدەگـرت و ئەگەریـش ماتۆڕێـکمان بـە کـرێ بگرتبایـە مـن لێـم دەخـوڕی و کەیفـم دەکـرد. کە گـەورە بـووم لە سـەر ئـەم ماتۆڕلێخوڕینە شـۆخی و گاڵتەمـان دەکـرد. ئـەوان ئـەم شـتانەیان بـاس دەکـرد و منیـش وەڵامـم دەدانـەوە کـە مـن ئـەم کاسـبییەم بۆتـان دۆزییـەوە مـن لـە ئێـوە گەورەتـر بـووم و کابـراش لەبـەر مـن داشـقە و

---

١ . ئەحمـەدی، کامیـل و هـاوکاران . «تاڵانـی منداڵـی، توێژینەوەیەک سـەبارەت بـە ناسـین، ڕێگـری و کۆنترۆڵـی دیـاردەی زبڵگەڕیـی منـداڵان لـە تـاران»، وەرگێڕانـی نەسـیم غوڵامـی. وەشـانخانە: ئەنجومەنـی پشـتیوانیی لـە مافەکانـی منـداڵان و مێرمنـداڵان، ٨٩٣١

٢ . ئەحمـەدی، کامیـل و هـاوکاران. ئاسـەواری چەوسـاندنەوە لـە جیهانـی منداڵی: توێژینەوەیەک سـەبارەت بە جـۆر، هۆکار و لێکەوتەکانـی کاری منـداڵان، وەرگێڕانـی نەسـیم غوڵامـی. وەشـانخانەکان: ئـاوای بـووف، دانمـارک؛ دانیشـفەڕ، هەولێـر-کوردستان، ٢٠٢١.

پارەی پێ دەدایـن و کابـرای خـاوەن ماتۆڕیـش، ماتۆڕەکـەی بـە مـن دەدا، جـا بـا ئـەوەش بڵێم خـۆ ئێـوە نەتاندەزانـی ماتۆڕەکـە لێ بخـوڕن، کورتەباڵا بـوون و قاچیان بـە عەرز نەدەگەیشـت... ئـیتر ئـاوا پاکانـەم بـۆ خـۆم دەکرد کـە بۆ ئـەوەی بتوانم شـەرعییەتێ بە هەلپەرسـتیی سـەردەمی هەرزەکاریـم بـدەم، دیـارە ئەوانیـش قسـەکانی منیـان قبـووڵ نەبـوو. ئـەم گاڵتەجاڕییـە هەتـا هەنووکـەش بەردەوامـە.

هاودەستیی موجاهیدینی خەلق لەگەڵ هێزە بەعسییەکان

کـە ڕۆژ ئـاوا دەبـێ دڵتەنگـی خۆی دەردەخـا و هەنـدێ جـار ڕووداوەکانی جیهانـی دەوروبەر خـەم و پەژارەمـان زیاتـر دەکەن. یەکێک لەو ئێـوارە خەمناکانە، ئێـوارەی ٥ی ڕەزبەری ١٣٦٤ی هەتـاوی (٢٧ ئابـی ١٩٨٥ز) بـوو. دوای بۆردومانـە خوێناوییەکـەی سـاڵی ڕابـردوو، دواجـار لـە نەغـەدەوە گەڕاینـەوە بـۆ پیرانشـار. نەختـێ ئارامـی ڕووی لـە شـار کردبـوو و سـەرەڕای کێشـە زۆرەکان، خەڵـک سـەرقاڵی ژیانـی خۆیـان بـوون. ژیانێک کە ئەڵبەت دیسـان بڕیـار نەبوو ڕەنگی هێمنایەتـی ببینێـت. ئـەو ئێـوارە پاییزییەی سـەرەتای ڕەزبـەر، لە حەوشـەی ماڵەکەمانـدا بووین کـە شـار و دەوروبـەری بۆردومـان کـرا. باسـم کـرد کـە هەڵکەوتـەی جوگرافیایـی پیرانشـار، وەک شـارێکی سـنووری، بـە جۆرێـک بوو کـە فڕۆکـە عێراقییەکان بـەردەوام بەسـەریدا دەسـووڕانەوە و هێرشـیان دەکردە سـەر شـارەکە و بۆردومانیان دەکرد. دەمانزانی ئەم هێرشـانە بە هۆی نزیکیی ناوەنـد و سـەربازگەکانی سـپای پاسـداران و ئەرتەشـەوە ئەنجـام دەدرێـن و ئەوەش شـتێکی تازە نەبـوو، بـەڵام ئەو ئێوارەیـە تۆپخانەکانی عێـراق وازیان نەدەهێنا و بـەردەوام دەورووبەری شـاریان بۆردومـان دەکرد.

نەماندەزانـی چـی ڕووی داوە و دەبـێ چ بکەیـن، هەتـا ئـەو ڕۆژە هێرشـێکی بەرەیـی ئـاوا قـورسمان نەبینیبـوو. نزیـک و دوور دەنگـی تەقـەی تانـک و ئاڕ.پی.جیمان بیسـتبوو، بـەڵام ئەم تۆپخانـە زۆر بـە چـڕی و بـە گـوڕە ترسـناکەکەی زەوی و ئاسمانـی هەژاندبوو. هـەر چەند خولەک جارێـک، گـوێمان لە تەقینەوە دەبوو و هێشـتا لوورەی تۆپەکەی پێشـوو لە گوێمانـدا دەزرنگایەوە کـە تۆپێکـی دیکەیـان دەهاویشـت. تەنانـەت نەماندەزانی شـەڕەکە لە نێوان سـپای پاسـداران و حیزبەکاندایـە یـان لـە نێـوان ئێـران و عێراقە. پیـاوەکان زوو لـە سـەر کار گەڕانەوە ماڵـەوە و ژن و منداڵـەکان ڕژانـە نـاو کووچەوە. دەتگوت ڕۆژی حەشرە. وەک بڵێی دیسـان قیامـەت خێزا بێت و پشـکی ئێمە لـە قیامـەت چەندە زۆر بـوو ...

بە درێژایی سـاڵانی شـەڕ ئێمە بە هۆی لێکەوتەکانیەوە دەماننـاڵاند. هەندێک جار فڕۆکەیەک مووشـەکێکی لە سـەربازگەکان دەدا و دەڕۆیشـت. هەموو شتێک بۆمان ئاسـایی ببوەوە، گوێمان بـە دەنگـی بۆمـب و مووشـەک ڕاهاتبوو. بەڵام ئـەو ڕۆژە، ئـەو تۆپخانەیەی کە بـەردەوام بۆردومانی

دەکرد، بۆمان نامۆ بوو و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، خەڵک دیسان بوونەوە بەو ئاوارانەی وا لە شار ڕایان دەکرد. لەگەڵ توندبوونەوەی پێکدادانەکە و نزیکبوونەوەی دەنگی تۆپبارانەکەدا، ئێمەش خێرا بڕێک نان و پەنیر و چەند دەست جلوبەرگمان لە پرێسکەیەکدا پێچاوە و بەرەو کێڵگەکانی دەرەوەی شار ڕۆشتین. لە ڕێگادا، کاروانی ئاوارەکانمان بینی کە بەرەو جادەی سەردەشت دەڕۆشتن ... ئەویش نەک بە جادەی سەرەکیدا، چوون لە ژێرِ چاودێریی هێزە عێراقییەکاندا بوو. کاروانی ئاوارەکانی پیرانشار بە ناو کێڵگە و شاخ و بنارەکاندا هەڵدەدەهاتن. بۆ کوێ؟ نەیاندەزانی. تەنانەت نەیاندەزانی کام گرووپ هێرشیان کردووە و لە ناو داوی شەڕی کام دوو گرووپدا گیریان کردووە. بازاڕی دەنگۆ و قسە و باس جارێکی تر گەرمی کردبوو. یەکێک دەیگوت عێراق لە سنووری حاجی عۆمەرانەوە هێرشی کردووە و بۆردومانی پیرانشار دەکات. یەکێکی دیکە وەڵامی دەدایەوە: "کورە نا، کاری موجاهیدینێیە!" دیسان کەسێک لە پشتەوە بە تووڕەییەوە دەیگوت: "ئەوە کاری عێراقییەکانێیە ..." و یەکی تریش کە وا دیار بوو زۆر تاقەتی وڵامدانەوەی نەبوو دەیگوت: " خەیاڵتان خاوە! کاری ئێرانێیە ...." و نەماندەزانی بۆچی دەبێ ئێران هێرش بکاتە سەر شاری سنووریی خۆی، ئەویش لە جەرگەی شەڕدا. خودی خاون قسەکەش بۆ خۆی نەیدەزانی چی دەڵێت ...

دواتر بۆمان دەرکەوت ڕووداوەکە ئاوا بووە ... عێراق دەیویست لە ڕێگەی هێزە سەربازییەکانییەوە، بە هاوکاریی سازمانی موجاهیدینی خەلق، سنووری حاجی عۆمەران ببڕێ و پیرانشار داگیر بکات. ئەرتەش کە دیارە ئامادەیی ئەوتۆی نەبووە، لە پیرانشار پاشەکشەی کرد. فەرمانداریی شاری پیرانشاریش بە هەموو ئیمکاناتەوە خۆی ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی بچنە نەغەدە. تەنانەت لە زنجیرە چیاکانی نێوان گوندی قارنێ و نەغەدەش، ئەرتەش و سپای پاسداران سەرقاڵی هەڵکەندنی تونێل و دروستکردنی خەندەق بوون، بەڵام هەندێک لە خەڵکی پیرانشار، کە زانیان خەریکە چی ڕوو دەدات، خۆبەخشانە ئامادە دەبن بۆ بەرگریکردن لە شار. حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بەتوندی دژایەتی ئەم بڕیارەی عێراق دەکات و هۆشداری دەدا بە موجاهیدینەکان کە ئەگەر هێرشەکە بەردەوام بێ، لە گەڵیاندا دەکەونە شەڕی چەکداریەوە. عێراق لەبەر چەند هۆکارێک خۆی لە هێرشکردنە سەر پیرانشار بەدوور گرت، هەروەها بەم بۆنەوە حیزبیش پڕۆپاگاندای بۆ ڕای گشتی دەکرد کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی سەربەخۆیە و پابەندی هیچ مەرجێکی سەپێنراوی عێراق نییە. هەر چییەک بوو، ئێمە دیسان ئاوارە بووینەوە و گەڕاینەوە بۆ گوندی گرداشەوان. دوای ئەم ڕووداوە، بە هۆی شەڕی ئێران و عێراق و نائارامی ناوچەکە هەتا ناوەڕاستی شەستەکانی هەتاوی، چەند جارێک گەڕاینەوە گوندەکانی دەوروبەر و شاری نەغەدە.

تەماشاکردنی تەلەڤیزیۆن بە زمانێک کە نایزانم!

کاتێک لە سەردەمی شادا تەلەڤیزیۆنمان کڕی، تەنیا ماوەیەکی زۆر کەم بوو کە تەلەڤیزیۆن لە ئێراندا دەستی بە وەشان کردبوو، بەڵام هەر لەو تەمەنە کورتەدا توانیبووی سیحراویبوونی ئەم میدیایە بۆ هەمووان بسەلمێنێت. هەموو ئەوانەی وا لە پەنجاکان و شەستەکانی هەتاویدا (١٣٤٠-١٣٦٠) ژیاون، دان بە هێزی تەلەڤیزیۆن لەو ساڵانەدا دەنێن. بۆ ئێمە کە زۆر دوور لە ناوەند بووین و لە فەزایەکی داخراودا دەژیاین، تەلەڤیزیۆن بەڕاستی ڕزگاریبەخش و پاڵنەری زۆرێک لە گۆڕانکارییەکان بوو. چوار_ پێنج ساڵان بووم کە تەلەڤیزیۆن پێی لە ماڵماندا کردەوە. تەنها یەک کەناڵی هەبوو کە ئەویش بە زمانی فارسی بڵاو دەکرایەوە، زمانێک کە ئێمە لێی تێنەدەگەیشتین. لەبەر ئەمە جگە لە کارتۆنە بێدەنگەکانی وەکوو پڵینگی سوورەتی (پەمەیی) نەبێ، لە کارتۆنەکانی دیکە تێنەدەگەیشتین. خەڵکی دەوروبەرمانیش لە دۆخێکی هاوشێوەدا بوون. بۆ نموونە لە بنەماڵەکەماندا تەنیا باوکم زمانی فارسی دەزانی، هەر بۆیە بەرنامەکان لەگەڵ بازنەی زمانزانیمان نەدەگونجا و زیاتر لە وێنە و گۆرانی دەچوو. لە بیرمە بەشی مۆسیقا و گۆرانییەکانی هەوادارێکی زۆرتری هەبوو، گەنجان واتە پوورەکان و خوشکە گەورەکەم بەرنامە مۆسیقاییەکانیان بە دڵ بوو.

بەڵام ڕادیۆ کوردی تا بڵێی لایەنگری هەبوو. جگە لە ڕادیۆی حیزب دوو ڕادیۆی کوردی[1] دیکەش لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا هەبوو؛ یەکێکیان لە کرماشان و ئەوی دیکەیان لە مەهاباد. هەڵبەت لە گوندە سنوورییەکان، دانیشتووان دەیانتوانی بە ئامێری بەهێزکەرەوە، گوێ لە ڕادیۆی بەغداش بگرن. ڕادیۆی کوردیی مەهاباد بەرنامەیەکی هەبوو بە ناوی "خاوخێزان" کە ژنانی خزم و کەس زۆریان پێ خۆش بوو. پێم وایە هەتا هەنووکەش بەردەوامە. هەڵبەت من باسی سەردەمێک دەکەم کە ڕادیۆ لە ئێراندا کاریگەرییەکی فرەی هەبووە و بە سەردەمی زێڕینی ڕادیۆ ناوی دەهێنرێت. ئەم پێگەی زێڕینە لە کوالێتی و پێکهاتەی بەرنامەکان نەبوو، بەڵکو لە ڕادەی کاریگەریی ڕادیۆ لە ناو بەردەنگەکانیدا سەرچاوەی دەگرت. وێڕای ئەوەی کە کڕینی تەلەڤیزیۆن دژوار و نرخی گرانتر بوو و ئانتێندانەکەی لە زۆرێک لە ناوچە سنوورییەکان و تەنانەت شارۆچکە بچووکەکانیشدا زۆر خراپ و لاواز بوو.

شریتی کاسێتەکان لە حەفتاکانی زایینیدا (سەدەی بیستەم) بوو بە میدیایەکی ساکار و گشتگیر بۆ گوێگرتن لە مۆسیقا، و ئیدی ڕەیل و گرامافۆن و ئامێرە قورس و گەورەکان وەلا نران و بوونە بەشێک لە دیکۆڕاسیۆنی ماڵ. کێشی کەمی شریت و ئاسانیی بەکارهێنان و کۆپیکردنی وای کرد بە خێرایی لە ناو خەڵکدا جێی خۆی بکاتەوە. کەسانی بەتەمەن لە بیریانە کە کاسێتەکان چ ڕۆڵێکی گرنگیان لە ڕۆژانی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی

---

١ . لە ١٧ حوزەیرانی ١٩٨٠ ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران یان ڕادیۆی حیزبی دێموکرات وەشانی دەست پێکرد.

١٩٧٩دا هەبوو. گەنجانی ساڵانی پەنجا و شەستەکانیش یادەوەریی زۆریان لە کاسێتەکان هەیە، هەر کەسێک حەزی لە گۆرانیبێژێک ببایە، هەوڵی کۆکردنەوەی کاسێتەکانی دەدا. لە ناو گەنجاندا هەر کەسێ کولکسیۆنێکی فرەڕەنگتری هەبووایە بە مۆدێرنتر و هاوچەرختر هەژمار دەکرا. زۆر جار وا پێش دەهات کە خەڵک شریت یان کاسێتەکانیان بە قەرز بە یەکتر دەدا. هێزی سەیر و سەمەرەی زەفت (تەسجیل) لەو ساڵانەدا ئەگەر لە هێزی تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ زیاتر نەبا کەمتر نەبوو. جگە لە گۆرانیی گۆرانیبێژە بەناوبانگەکان، هەندێک جار بەرنامەی ڕادیۆیی کۆمێدی و تەنزئامێزمان تۆمار دەکرد و بە درێژایی ڕۆژ گوێمان لێ دەگرت.

وردەوردە تەلەڤیزیۆن مەیدانەکەی لە ژێر ڕکێفی ڕادیۆ و زەفت دەرهێنا و ئەمەش وای کرد کە تامەزرۆیی خەڵکی ناوچەکە بۆ فێربوونی زمانی فارسی و تێگەیشتن لە فیلم و زنجیرەکان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاد بکات. بۆ نموونە دایکم پێش ئەوەی بچێتە هەڵمەتی خوێندەوارکردن (نێهزەتی سەوادامووزی) حەزی لە تەلەڤیزیۆن نەبوو، بەڵام کاتێک فێری خوێندنەوە و نووسین بوو، سەیری زنجیرە درامای "جاروووفەرش" دەکرد، کە لە تاران ڕووی دابوو و پیاوێکی چەرچی تێدابوو کە گسکی دەفرۆشت و لە ڕێگای کارکردنیدا ڕووبەڕووی شتی سەرنجڕاکێش دەبووەوە.

تەلەڤیزیۆن ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی (١٩٥٨ز) هاتە ناو ئێران و نزیکەی دوو دەیەی پێچوو هەتا ببێتە گرنگترین میدیای سەرتاسەری لە سەر ئاستی وڵات. سەردەمی زێڕینی هۆگریی خەڵک بۆ تەلەڤیزیۆن، سەرەتای دەیەی شەستی هەتاوی (١٣٥٠هـ/ ١٩٧٠ ز) بوو. هەرچەندە باش دەزانم کە پێشتر و لە ساڵانی دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانیشدا، لە شارە گەورەکاندا لایەنگرێکی زۆری پەیدا کردبوو، بەڵام درەنگتر هاتە ناوچەی ئێمە و هەر ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی کاریگەرییەکانی لە سەرەتای شەستەکاندا دەربکەوێت. دوای کاریگەریی سندوقی جادوویی لە ناوچەی ئێمەدا، گەنجان کەمتر کەواوپانتۆڵیان لەبەر دەکرد. هەڵبەت جلوبەرگی ئافرەتان هەر کوردی بوو، جگە لە ژمارەیەکی زۆر کەمی نەوەی گەنج یان ئەوانەی کە دەچوونە قوتابخانە یان کارمەند بوون و ناچار بوون یەکپۆش لەبەر بکەن. پێم وا نییە پێویست بکات باسی کاریگەرییەکانی تەلەڤیزیۆن لە سەر شێوازی ژیانی خەڵک بکەم. ئەم بابەتە ئەوەندە ئاشکرایە کە هەمووان لێی تێدەگەن.

ئەم دووفاقییە بۆ من سەیر بوو و هەتا ئێستاش لە شارە ناوەندییەکانی کوردستاندا باوە. بۆ نموونە لە شارە گەورەکانی وەکوو مەهاباد و سنە و لە فەزای گشتیدا زۆر پیاو هەن کە لە ژێر کاریگەریی هاوچەشنکردنی جلوبەرگ لە سەردەمی ڕەزاشا و دواتریش بە هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی کۆتوشەڵوار (قات) لەبەر دەکەن، بەڵام زۆربەی ژنان هێشتا لە ئاهەنگی هاوسەرگیریدا جلوبەرگی کوردی لەبەر دەکەن. ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی جوانی و ڕواڵەتی جلوبەرگی کوردی، خۆنواندنی زێڕ و زێو بێ لەسەری، کە پێدەچێت ئەمە خواستی

کۆمەڵگەی نەریتی بێ کە کەمتر ڕێگە بە ژنان دەدا لەو فەزایانەدا بە جلوبەرگی کراوە و بە غەیری کوردی[1] دەربکەون.

هەڵبەت ئێستا جلوبەرگی ژنان لە شوێنە گشتییەکاندا یەکدەستە و بۆتە لەچک و مانتۆ کە ڕەنگە لەبەر دوو هۆکار بێت: یەکێکیان دەست و پێ گیربوونی جلوبەرگی کوردی و ئەوی دیکەشیان هەژموونیی حکوومەتە بۆ ئەوەی جلوبەرگی ژنان لە سەرتاسەری ئێراندا یەکپارچە و یەکدەست بکات. هەڵبەت لە بواری جلوبەرگی ئێتنیکیی پیاواندا حکوومەت لە یەکپۆشکردنی هەمووان سەرکەوتوو بووە بە جۆرێک کە چیتر بە ڕواڵەت و جلوبەرگ ناتوانرێ کوردێک لە بەلوچێک جیا بکرێتەوە. زۆرێک لە نەتەوەکان لە ئاستە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا، ئاگایانە و نائاگایانە بەرەنگاری ئەم یەکپۆشکردنە دەبنەوە و بەو پێیەی کە شێوازی جلوبەرگ و جۆری پۆشینی جلوبەرگ لە توخمە فەرهەنگییە گرنگەکانە کە لایەنێکی ڕەمزیشیان هەیە، هەمیشە هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی جلوبەرگی ئێتنیکی و هەروەها زمانەوە شوناس و ڕەسەنایەتیی خۆیان بپارێزن.

● وێنەی ٩٥. نوێژکردنی من لەبەر کامێرا. لە لای ڕاستەوە: ڕەسووڵی برام، پشیلەکەمان، نەنکم و من. ١٣٦٤ی هەتاوی (١٩٨٥)

هەڵبەت هەڕەشەی بەردەوامی ڕژێمەکان بۆ سەر شوناسی کوردی و ترس لە ئاسیمیلەبوون یان هەمان یەکدەستبوون بۆتە هۆی ئەوەی جۆرێک لە بڵاوبوونەوە و فراوانبوونی هۆگریی ناسیۆنالیستی و جەختکردن لە سەر پاراستنی فەرهەنگی کوردی کە دیارە جلوبەرگ و زمان دوو هێمای سەرەکیین. ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی دەمارگرژیی لە سەر جلوبەرگی کوردی، ئەم فۆبیای ئاسیمیلاسیۆن و ترسی یەکپارچەبوون لەگەڵ فەرهەنگەکانی دیکە و لەدەستدانی شوناسی کوردی بێت، کە هەڵبەت ئەمە خۆی دوای سەرهەڵدانی ڕەوتی جیهانگیری و بەنێونەتەوەییبوونی هەڕەشەکان دژی فەرهەنگە بچووک و کەمحەشیمەتەکان - بەتایبەت شارستانیەت و فەرهەنگی ئەو گەلانەی کە خۆیان لەبەردەم هەڕەشەی شوناسدا دەبینن – وای کردووە کە دەمارگرژی لە سەر زمان و جلوبەرگی کوردی تەنانەت لە ناو کەسانی هەڵکەوتە و بلیمەت لە چاو ساڵان و دەیەکانی پێشوودا

---

١ . بێگومان جلوبەرگی ژنانەی کوردی هەمەجۆرە و لە ڕووی پێکهاتەوە ڕەنگە لە پۆلێنبەندیدا بە جلوبەرگێکی زۆر داخراو یان حیجابی لەقەڵەم نەدرێت. لەوانەیە ئەو پرسیارە بێتە ئاراوە کە ئەگەرچی کۆمەڵگا یان بنەماڵە هێشتوویانە ژن جلی کوردی کە زۆر کراوەتر لە حاڵەتی باوە لەبەر بکا، کەواتە ئیزنی لەبەرکردنی جلوبەرگێکی دیەکشی بووە کە جەستەنوێنتر بێ. کەواتە ناتوانین بڵێین تەنها داخراوبوونی کۆمەڵگەی نەریتی وای کردوە کە جلوبەرگی ژنانەی کوردی وەکوو خۆی بمێنێتەوە. وا پێدەچێ ڕەهەندی جوانیناسیی جلوبەرگی فۆلکلۆری کوردی کە بە هێمایەکی گرنگی فەرهەنگی نەتەوەیی گەلی کورد دادەنرێ، تێکڕای ئەو ڕەسەنایەتی و شوناسە کە بە کورد دەیبەخشێ، یەکێک لەو هۆکارانەیە کە هەتا ئێستا ئەم جلوبەرگە زیاتر لەبەر دەکرێ تا جلوبەرگی مۆدێرنتر.

زیاتـر ببێتـەوە. هەڵبـەت ئێسـتا دۆخەکە گـۆڕاوە و بـۆ هەندێک کـۆڕی ئەدەبی و ڕێوڕەسـمی لەو جـۆرە نەبـێ، بـە دەگمـەن دەبینرێ کـە ژنێک، بەتایبـەت ژنێکی حجێڵ لە شـوێنە گشـتییەکان و سەرشـەقام جلوبەرگـی کـوردی لەبـەردا بێ، مەگـەر ئەوەی بەنیازی پزیشـک و چوونـە نۆرینگە لـە گونـدەوە هاتبـێ بـۆ شـار یـان ژنێکـی پیـر و بەسـاڵاچووە کـە ئەویـش لـە سـەر جلوبەرگـە کوردییەکـەی مانتۆیەکـی ئـاواڵای لەبـەر کـردووە، لـە ماڵیشـەوە جلوبەرگێکـی ئاسـوودە و هەراو لەبـەر دەکـەن کـە پێـی دەوترێ جلوبەرگی سـەقزی یان سـنەیی یان قـەسری، بەڵام لـە زۆربەی ڕێوڕەسـمەکاندا بـە جلوبەرگـی کوردییـەوە دەردەکەون.

تەلەڤیزیـۆن ئـەو جـۆرە جلوبەرگـەی لـە نـاو خەڵکـدا پـەرە پـێ دەدا و مـن بـە ڕوونـی کاریگەرییەکەیـم لـە نـاو ئەندامانـی گەنـجتری بنەماڵـەدا دەبینـی. گۆڕانکارییەکـی دیکـە کـە تەلەڤیزیـۆن لـە شـێوازی ژیانمانـدا هێنایـە ئـاراوە، ڕیکلامـی کاڵاکان بـوو. هەندێـک لـەو گۆرانییانـەی کـە ئێمـە لـە شـەقامەکان و لـە کاتـی یاریـی منداڵیـدا دەمانگوتـەوە لـە گۆرانییـە ڕیتمییـەکان و گۆرانیـی ڕیکلامـە تەلەڤیزیۆنییـەکان وەرگیرابـوون، کـە هەندێکیـان بریتـی بوون لـە: ڕۆنـی ڕووەکـی و پەنیری پەنگوەن و ئۆتۆمبێلی ژیان و هتد.. و شـتی سـەرنجڕاکێش ئەوە بوو کـە هەمـوو ئـەم کاڵایانە وێڕای ئـەوەی هی ئێران نەبـوون و بیانی بوون، بەڵام گۆرانیی فارسـییان لـە سـەر دانابـوو و ئێمـەش لـە کووچـەدا دەمانگوتـەوە.

بۆ ئێمەمانان کە لە زۆرێک لە ئیمکاناتەکانی پێتەخت بێبەش بووین، ڕیکلامی تەلەڤیزیۆنی هەمیشـە پـڕ لـە خۆزگـە و حـەسرەت بـوو. منداڵـەکان بـە پێـی ئـارەزوو و هۆگریـی خۆیـان بـە حەسرەتـەوە سـەیری ئـەم ڕیکلامانەیـان دەکرد، یەکیـان ئۆتۆمبێلی ژیـان و پەیکانـی مۆدێل تازە و ئـەوی دیکـە پەنیـری پەنگوەن بـوو. منیش یەکێک لـە گەورەترین خۆزگـە و حەسرەتەکانم ئەوە بـوو کـە نەمدەتوانـی سـەیری ئـەو فیلمانە بکەم کە لەسـەر شاشـەی سـینەماکان پەخـش دەکرا و لـە تەلەڤیزیـۆن ڕیکلامـی بـۆ دەکـرا. ئـەو فیلمانـە لـە سـینەماکانی تارانـدا پەخـش دەکـران و هەندێـک جـار چەند مانگێکی پێدەچوو هەتا دەگەیشـتنە لای ئێمە، چونکە کڕینیان بۆ سـینەما بچووکـەکان ئاسـان نەبـوون و ڕەنگە لەبەر ئـەوە بوو کە بینەریان نەبوو. بـە بوێرییەوە دەتوانم بڵێم ئـەو سـاتەی کـە بێژەر دەیگوت "سـبەی لە سـینەماکانی تـاران ..." ئـەوە بۆ مـن ڕەنجێکی گەورە بـوو. خەمێـک کـە هەسـتی حـەسرەت و لەدەسـتچوون و بێبەشـی و جیـاکاری پـێ دەدام. مـن زۆر حـەزم لـە بینینـی ئـەو فیلمانە بـوو و هەر جارێـک تیـزەرەکان بڵاو دەکرانەوە، لـە دڵی خۆمدا دەمگـوت "دەی کـەی نـۆرەی ئێمـە دێ؟" بۆچی سـینەمامان نییە (هەڵبەت سـینەمامان هەبوو، بـەڵام پێـش ئینـقلاب سـووتا بوو)؟ یـان کاتێکـی زۆری دەخایاند هەتـا ئەو فیلمە بێتە شـارەکانی دەوروبەرمـان؟ باشـە بۆچـی دەبـێ هەمـوو شـتێک لـە تـاران و شـارە گـەورەکان بێـت؟ بـەردەوام خەریکـی بـەراوردکاری و حـەسرەت خـواردن بـووم و بـە دوای بۆچییە بێوەڵامەکانـدا دەگەڕام.

ئێرە دەنگی کوردستانی ئێرانە

هەرکات لە ناوچە و بەرەکاندا پێکدادان ڕوی دەدا، تەلەڤیزیۆنی ئێران وێنەی تەرمی لە سەر یەک کەڵەکەبووی سەربازە عێراقییەکانی پیشان دەدا و دەیگوت: "سەرکەوتن لای ئێمەیە!"، بەڵام لایەنی بەرامبەریش ئیدیعای ئەوەی دەکرد کە ئەو لایەنی براوەی شەڕەکەیە. لە هەر دوو لا هەواڵەکان لە لایەن ئۆرگانەکانی دەسەڵاتەوە چەواشە و ئاراستە دەکران و هەر یەکەیان بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان ڕووداوەکانیان بۆ بینەرەکانیان بڵاو و ڕوون دەکردەوە. ئێمە نەماندەزانی کام لا ڕاستە و کامیان درۆیە! و هیچ ڕێگەیەکمان بۆ تێگەیشتن لە ڕاستیی ڕووداوەکان نەبوو.

لە کۆبوونەوە خێزانییەکانیشدا شیکاریی سەیروسەمەر دەخرایە ڕوو. ئەو پیاوانەی کە بە چاوی خۆیان شایەتحاڵی ڕووداوەکانی ناوچەکە بوون، لە کاتی تەماشاکردنی تەلەڤیزیۆنی ئێراندا، دەیانگوت "کورە درۆیێ دەکەن، زۆر سەربازی ئێرانێ کوژراون و ئەسیرێ کراون" زۆر کەس هەر لەسەرەتاوە متمانەیان بە میدیاکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەبوو و ئەم بێمتمانەییە لە کوردستاندا زیاتر بوو. دوو دەزگای ڕاگەیاندنی دیکەشمان هەبوو کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چالاکییان دەکرد؛ یەکیان ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی کوردیی عێراق و ئەوی دیکەشیان ڕادیۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو کە لە لایەن پێشمەرگەکانی بەشی ڕاگەیاندنی ئەو حیزبەوە بەڕێوە دەبرا و بەردەوام باسی گرژی و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکەیان دەکرد.

ڕاپۆرتەکانی ڕادیۆی حیزب پەیوەندییان بە جەنگی ئێران و عێراقەوە نەبوو و ڕووماڵی ڕووداوی ناوچەکە یان بۆ نموونە چەند گوندێکی ئەمبەر و ئەوبەریان دەکرد. ئەم هەواڵانە بۆ خەڵک جێی متمانە بوون، چونکە شایەتحاڵە زیندووەکان دەیانگێڕاوە. بەتایبەت ئەوەی کە، ئەو کاتەی وا لە گوندەکاندا ئاوارە بووین خۆمان هەندێک لە دیمەنەکانی شەڕ و ململانێی نێوان هەر دوو لامان دەبینی و دەمانزانی کە ئەوەی ڕوو دەدا و ئەو هەواڵە فەرمییانەی کە لە لایەن میدیای حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بڵاو دەکرێتەوە تا چەندە لێکدژن. بۆ نموونە دەمانبینی کاتێک بەربەرەکانێیەک لە ناوچە کوردستانییەکان ڕووی دەدا، ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی ئێران وایان نیشان دەدا کە هەموو شتێک لە ناوچەکەدا هێور و ئارامە. جێی متمانەنەبوونی حکوومەتی ئێران و میدیاکانی سەر بەو ڕژێمە، هەر لە ساڵان و دەیە سەرەتاییەکانی دوای ئینقلاب بیچمی گرت و هەتا ئێستاش بەربڵاوتر دەبێت. کاتێک میدیا ڕەنگدانەوەی واقیعە کۆمەڵایەتییەکان نەبێ و هەموو شتێک بە سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی بەشێک لە حکوومەت پیشان بدرێ، دیارە کارامەیی خۆی لە دەست دەدات. لە ئێستادا میدیای نەتەوەیی پتر لە هەر کاتێکی دیکە لە ناو کۆمەڵگای ئێراندا ناکارامەیە و چیتر جێی متمانە نییە.

کەڵەکەبوونی هەموو ئەم پرسانە وای کرد کە ئێمە هەر لە منداڵی و مێرمنداڵییەوە نەخوازراوانە تێکەڵی سیاسەت بین. هەرگیز دەنگی حەماسیی بێژەری ڕادیۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەحمەد شێربەگی[1] فەرامۆش ناکەم کە مێرمنداڵانێکی وەکوو منی دەوروژاند و تەنانەت تاقمێک ڕوویان لە چالاکیی حیزبی کرد و چوونە ناو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتەوە.

● وێنەی ٩٦. ئەحمەد شێربەگی، بێژەری ڕادیۆی حیزبی دێموکرات، کوێستانی قەندیل، ١٣٦٧ی هەتاوی (١٩٨٨)

هەموو ڕۆژێک لە دەستپێکی بەرنامەکەدا بە دەنگە خۆش و بەتین و گوڕەکەی هاواری دەکرد: "ئێرە دەنگی کوردستانی ئێرانە". هەواڵەکانی سەبارەت بە دەستکەوت و غەنیمەتەکانی حیزبی دێموکرات بڵاو دەکرانەوە و یەک بە یەکی هەواڵەکان هەستی شانازی و قارەمانێتی لە مێرمنداڵانی کورددا دەخوڵقاند.

شەڕ و سیاسەت دەستی بەسەر سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵیی من و هاوتەمەنەکانمدا گرتبوو و خۆمان لە نێوان دوو بەرەی جیاواز دەبینییەوە، کە هەر یەک هەوای خۆی دەچڕی و لە سەر بیر و باوەڕی خۆی سوور بوو. ڕادیۆی حیزب وەک دەزگایەکی ڕاگەیاندنی ناسیۆنالیستی و کوردی، پیرۆزی بە هەموو شتێک دەبەخشی و ئەوەی کە وێڕای قوربانیدان خۆڕاگر و قارەمانین و لەو لاشەوە تەلەڤیزیۆنی ئێران فیلمی پڕ لە حیماسەی بەرەی جەنگی پیشان دەداین بۆ ئەوەی بزانین لە بەرەکاندا جەنگاوەران چ ئازایەتییەک لە خۆیان دەنوێنن و هەرچەندە ستەممان لێدەکرێ، بەڵام دواجار سەرکەوتوو دەبین. ئەو ئازایەتییانەی کە دواتر بۆمان دەرکەوت زۆریان فڕوفیشاڵ بوون و لاوانێکی زۆریان بە کوشت دابوو کە مەرگیان بڵێسەی ئاگری جەنگی بەهێزتر دەکرد و بە ناوی شەهادەت، خەڵکی بۆ خۆبەکوشتدان

١ . ئەحمەد شێربەگی، ڕەشەمەی ١٣٣٣ی هەتاوی (ئازاری ١٩٥٥ ز) لە شاری مەهاباد لەدایک بووە. سەرەتا پێشمەرگەی هێزی پیادە بووە، دوای دامەزراندنی ڕادیۆی حیزب لە ساڵی ١٩٨٠، بووە بە بێژەری ئەو ڕادیۆیە. ڕادیۆی کوردستان، واتە ڕادیۆی فەرمیی حیزبی دێموکرات، هەواڵی پێکدادانەکانی نێوان هێزە دێموکراتەکان و پێشهاتەکانی ناوچەکەی بڵاو دەکردەوە و شێربەگی وەک بێژەر ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕا. لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، دابەشبوونێک لە حیزبدا ڕووی دا، کە بە هۆیەوە شێربەگی وەک پەنابەر ڕۆیشتە سویسرا برد و چەند جارێک ڕەخنەی لە حیزب گرت. دەنگی حەماسی و دەربڕینی شۆڕشگێڕانەی ئەم بێژەرە، هانی زۆرێک لە گەنجانی دا کە بچنە ناو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە. بوڵتەنی هەواڵی ئەم ڕادیۆ، هەموو نیوەڕۆیەک بە دەنگە ناسراوەکەی شێربەگی لە ژێر ناونیشانی: "ئێرە دەنگی کوردستانی ئێرانە" بڵاو دەکرایەوە.

دنـە دەدا. وتاردانـە دوور و درێژەکانـی خومەینـی و ژمارەیەکـی زۆر لـە مەلاکانیـش بەرنامـەی سـەرەکیی میدیـای دەوڵەتـی لـە ڕۆژانـەدا بـوو و هەڵبـەت هەندێـک جـار وتاردانـی کۆمیـدی و جەماوەرپەسـەندی قەڕائەتـی بڵاو دەکرایـەوە. لـە بەرامبـەردا تەلەڤیزیۆنـی عێراقیـش هەوڵـی دەدا هەژموونـی خـۆی بـە سـەر مێشـکی ئێمـەدا بسـەپێنێ و بـە بڵاوکردنـەوەی فیلـم و گۆرانیی بیانیـی بێسانسـۆر و ئـاواز و مۆسـیقا، بەڵێنـی ژیانێکی باشتر و جیاوازیـان بە ئێمـە دەدا. وێنەی سـەدام حسـێنێکی چـوار شـان و قـۆز، کـە هەمـوو ڕۆژێـک مەدالیای شـەرەفی بە ئەفسـەرەکانی دەبەخشـی و گەلـێ گێڕانـەوەی دیکـە کـە هەوڵـی ئـەوەی دەدا نیشـانمان بـدا کـە ژیـان لەودیو سـنوورەوە چەندە خۆشـە!

کاتژمێـر یەکـی پاشـنیوەڕۆ کـەمتر ڕادیۆیـەک دەکـوژاوە. لـە زۆربـەی ماڵانـی شـار و گوندەکانـی کوردسـتاندا دەنگـی هەواڵەکانـی ڕادیـۆی حیزبـی دێموکـرات دەبیـسترا. شـەوانە، کاتـی بڵاوکردنـەوەی ڕادیـۆی فارسـیی ئیسرائیـل[1] هەندێـک کـەس بـۆ گوێگرتـن لـە هـەواڵ و شـیکارییەکان گوێیـان لـە ڕادیۆکـە نزیـک دەکـردەوە. لـە ماڵـی ئێمەدا باوکـم کە زمانی فارسـی دەزانـی گوێـی لـە ڕادیـۆی ئیسرائیل دەگـرت. زۆربەی ئەو پیاوانەی فارسـییان دەزانـی، وەک ئەو گوێیـان لـە ڕادیـۆی ئیسرائیل دەگرت و دیسـان هەمان ئەو لێکدژییە دروسـت دەبـووەوە. چونکە تەلەڤیزیۆنـی ئێـران دەیگوت ئیسرائیل لە منداڵی فەلەسـتینی دەدا و دەیانکـوژێ، بەڵام ڕادیۆی ئیسرائیـل دەیگـوت "تێکـدەرەکان ئاگریـان لـە چەنـد شـوێنێک بـەردا..." ئێمـە نەماندەفامـی و توانـای شـیکردنەوەی ئـەم هەواڵانەمـان نەبوو، بەڵام باوکـم دەیوت: "چا! لـە تەلەڤیزیۆندا منداڵ پێشـان دەدەن کـە بـەرد فڕێ دەدەن و سـەربازی ئیسرائیلیش چاویان لـێ دەکا، ئەتو لە ئێرانێدا ئیشـارەی بـۆ سـەربازی بکەی بزانـە چـۆن ناتتۆپێنن".

هەروەهـا ڕادیۆی ئیسرائیل بەشـی داواکاریی[2] گۆرانیشـی هەبوو کـە دڵخوازی گەنجان بوو و مەحبووبـە و تەبیبـەش پێیـان خـۆش بوو. دوای هەواڵـەکان گۆرانیی فارسـی بڵاو دەکراوە و ڕێک لـەو سـاتەدا باوکـم دەنگـی ڕادیۆکـەی کـەم دەکـردەوە. خوشـکەکانم بۆڵەیـان دەکـرد و ئەویـش ناچـار دەبـوو جارێکـی تـر دەنگـی زۆر بـکات. بۆ مـن جێگای سـەرنج بوو کـە باوکم کە هەمیشـە

---

١ . بەشـی فارسـیی ڕادیـۆ ئیسـرائیل لـە سـاڵی ١٩٥٨ تـا ١٠ی ئایـاری ٢٠١٧ لـە ئیسـرائیلەوە پەخـش دەکـرا. ئـەم ڕادیۆیـە بـە ئامانجـی پتەوکردنـی پەیوەندییەکانـی نێـوان ئێـران و ئیسـرائیل دەسـتی بە پەخشـکردنی بەرنامە بـە زمانی فارسـی کرد. ئەمنون ناتسـەر دەستپێشـخەر و دامەزرێنەری بەشـی فارسـیی دەنگی ئیسـرائیل بوو و مەنشـە ئەمیریش یەکێک لە وتاربێژە بەناوبانگەکانـی بـوو. مەزەنـدە دەکـرا کـە لە سـەردەمێکدا ئەم ڕادیۆیە لـە ئێراندا ڕۆژانە دوو تا شـەش ملیۆن گوێگـری هەبووە. بەشـی فارسـیی ڕادیۆی ئیسـرائیل دوای شەسـت سـاڵ و دوو هەفتە لە بەرنامەی بەردەوام لە کۆتایی مانگی ئایاری ٢٠١٧ەوە بـە هـۆی بڕیارێکـی پەرلەمانـی وڵاتـەوە داخرا. ئـەم ڕادیۆیە لە ژێـر چاودێریی ڕێکخـراوی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی ئیسـرائیل کاری دەکـرد، لەگـەڵ هەڵوەشـاندنەوەی ئـەم ڕێکخـراوە لەلایـەن پەرلەمانـی ئیسرائیلـەوە، بەشـی فارسـیی ڕادیـۆی ئیسرائیلیـش چالاکییەکانـی ڕاگرت.

٢ . هەروەها ڕادیۆی بی بی سی بەرنامەیەکی هاوشێوەی لەگەڵ بێهزاد بلوور بڵاو کردەوە.

لـە بیرەوەرییەکانیـدا باسـی چوونـە کابـارەی لە سـەردەمی شـادا دەکـرد، دوای ئینـقلاب هێندە خەریکـی سیاسـەت ببـوو، کە حـەزی لە گوێگرتن لە مۆسـیقا نەمابـوو. ڕەنگە فشـارەکانی ژیان و سـەختییەکانی ئـەو ڕۆژانـە هیچ بوارێکیان بۆ هەسـت و سـۆز نەهێشـتبێتەوە. تەمەنـی گەڕابۆوە، پیشـە و ژیانـی لەدەسـت دابـوو. ئـاوارەی گونـد و شـارێکی تـر ببـوو و ئـەم ڕووداوە نەخوازراوانـە کاریگەرییـان لەسـەر هەمـوو لایەنەکانـی ژیانمـان هەبـوو. لەگـەڵ گەورەبوونـی نـەوەی ئێمەدا، هەندێـک جـار گوێـی لـە ڕادیـۆی هێـزە چەپـەکان دەگـرت، کـە ئەوانیش بـۆ خۆیـان جیهانێکی جیاوازیـان هەبوو.

ڤیدیۆ و شەونشینییە لەبیر نەکراوەکان

بەپێچەوانـەی تەلەڤیزیـۆن کە زۆر درەنگ گەیشـتە ناوچە سـنووری و پەراوێزییـەکان، ڤیدیۆ، جگـە لـە شـارە گـەورەکان، زووتـر لـە ناوچەکانـی دیکـەی ئێران هاتـە کوردسـتان. چونکـە دوای شـەڕی کوەیـت و دەسـتپێکردنی شـەڕی ناوخۆیـی لـە عێـراق و هێرشـی سـوپای عێراق بۆ سـەر هەولێـر و سـلێمانی، ژمارەیەکـی زۆر کۆچبـەری کوردی باشـوور هاتنە ئەم دیوی کوردسـتان واتە ڕۆژهەڵات. ڕێگا قاچاخەکانی سـنووری نێوان ئێران و عێراق زیاتر کرانەوە و ڤیدیۆ و تەلەڤیزیۆنی ڕەنگـی کـە لـە کوێتـەوە تـاڵان کرابـوون، ئاودیـوی نـاو ئێـران بـوون و ڕەوانـەی شـارەکانی دیکـە دەکـران. هـاوکات لەگـەڵ ئامێـرە ڤیدیۆییـەکان، فیلمـە ڤیدیۆییە بێشـوومارەکانیش، کـە لە ماڵە کوێتییـەکان دزرابـوون، بـە تەلیـس و جیانەکـراو گەیشـتە ناوچـەی ئێمـە و لەنـاکاو ڕووبـەڕووی قەبارەیەکـی بەرفراوانـی فیلمـە ڤیدیۆییـەکان بووینـەوە کـە هەمـوو شـتێکی تێدابـوو؛ لـە فیلمی خێزانـی و تایبەتـەوە بگـرە هەتـا دەگاتە پـۆرن و ...

هەمـوو منداڵانـی سـاڵانی پەنجـاکان وێنـەی ئامێـری ڤیدیۆیان لە بیـرە، کە بـە بەتانییەکەوە دەیانپێچـاوە و بـە تـرس و لـەرزەوە کۆڵان بە کـۆڵان دەیانبردە مـاڵان. ئێمە زیاتر ئـەم ئامێرانەمان بـە کـرێ دەگـرت، چونکـە هەمـوو ماڵەکان توانـای کڕینیـان نەبوو. سـەرەتای نـەوەدەکان بوو کە خێزانـەکان هێـواش هێـواش بوونـە خاوەنـی ڤیدیۆ و لـە شـارە گەورەکاندا فیلمەکانـی بتاماکس گـۆڕدرا بـۆ ڤیئێچئێـس؛ فیلمـی گەورەتر بە ئامێـری بچووکتر.

زۆر جـار دراوسـێیەک یـان خزمێـک دەزگای ڤیدیـۆی وەردەگـرت و بانگهێشـتی کەسـانی دیکـەی دەکـرد بـۆ ئـەوەی ژەمـی ئێـوارە و نانـی شـێویان کـۆ بکەنـەوە و بچنـە ماڵـی خانەخوێ. جگـە لـە کۆبوونـەوەی خێزانـی، هەندێـک جـار و دوور لـە چـاوی کەسـانی تـر ڤیدیـۆ و فیلممان بـە کـرێ دەگـرت، بۆیـە هەمیشـە بـەدوای خانوویەکـی چۆڵـدا دەگەڕایـن. یەکێـک لـە فیلمـە بەناوبانگـە هیندییەکانـی ئـەو سـەردەمە فیلمـی "شـوعلە" بوو. فیلمـە تورکییەکانیـش بەتایبەت ئەوانـەی وا ئیبراهیـم تاتلیسـەس ڕۆڵـی سـەرەکی تێـدا دەگێـڕا، هەوادارێکـی زۆریـان هەبـوو.

ئـەو کات کـە هێشـتا ئامێـری ڤیدیۆمـان بـە کـرێ دەگـرت، هەتـا درەنگانـی شـەو بە گەنـج و پیر پێکـەوە دادەنیشـتین و تووماـن دەتروکانـد و سـەیری فیلممان دەکرد. بەگشـتی شـەوانی پێش پشـووەکان کۆبوونـەوەی خێزانیـی لە سـەر تـەوەری ڤیدیـۆکان ئەنجـام دەدرا. دەزگایەکی ڤیدیۆ و هەندێـک فیلـممان بـە کـرێ دەگرت و لە ژێـر کـراس و چاکەتەکانماندا بە نهێنـی دەمانهێنایە ماڵـەوە، بـۆ ئـەوەی لەلایـەن پۆلیسـی کۆمیتـەوە نەگیرێیـن. گرنـگ نەبـوو چ فیلمێـک بـێ، لـە فیلمـە ئێرانـی و هیندییەکانـەوە هەتـا فیلمـی شەڕەشـەقی جاکی چـان و فیلمە ئەکشـنە هۆنگ کۆنگییـەکان و فیلمـی پۆلیسـیی سـاڵانی شەسـت و حەفتاکان و فیلمـی زەردی ڕۆمانسـی و ...

بـۆ ئـەوەی زۆرترین سـوودی لـێ وەربگرین، فیلمێکی زۆرمـان بە کرێ دەگرت و شـەونخوونی و خەوەنووچکـەی ڕۆژی دوایـیمان قبـووڵ دەکـرد و یـەک لـە دوای یـەک فیلـممان دەبینـی. فیلمـەکان پـڕ بـوون لـە دیمەنـی سێکسـی و ماچکـردن و گەورەسـاڵەکان شـێوازی سانسـۆریان دۆزیبـووەوە. یـان فیلمەکەیـان خێـرا دەبردە پێشـەوە، یـان زۆر ئاشـتییانە و دیموکراتیانـە داوایان لێدەکردیـن چاومـان بنووقێنیـن و نەیبینیـن، ئاخـە باشـە چـۆن دەکـرێ سـەیر نەکەیـن! فیلمـە هیندییـەکان لـە سـێ کاتژمێـر کەمتر نەبـوون و بۆ ئـەوەی کاتمان بـۆ بمێنێتەوە، بە شـێوەیەکی خێـرا دیمەنـە دوور و درێژەکانـی سـەماکردن و گۆرانـی وتنـی دەوری درەخـتمان زوو زوو ڕەت دەکـرد، بـۆ ئـەوەی بگەینـە ناوەڕۆکـی فیلمەکـە. قسـەی خۆمـان بـێ بـەم سـەماکردن و گۆرانـی وتنـی دەوری درەختـە پێدەکەنیـن و گاڵتەمان بەم دیمەنە ڕۆمانسـی و سـۆزدارانە دەهات. ڤیدیۆ ئـەو ماوەیـە وا لـە نـاو خەڵکـدا بـاوی هەبـوو، کاریگەرییەکـی قووڵـی لەسـەر فەرهەنگـی خەڵـک لـە هەمـوو شـارە بچـووک و گەورەکانـی ئێرانـدا دانـا. فیلمە نوێکان شـێوازی ژیانمـان و تەنانەت شـێوازی جلوبەرگمانـی گـۆڕی. مـن زۆر بـە ئاسـانی دەمتوانـی ئـەم گۆڕانکارییـە لـە بوتیکەکەی باوکـم و سـەلیقەی کڕیارەکانیـدا ببینـم. بـۆ نموونـە کچـان لـە ئـەو جـۆرە گوڵهسـەرەی دەگەڕان کـە ئەکتەرێکـی تورکـی وەکـوو سـیبیل جـان یـان هۆلیـا ئەفشـار (هەوشـار) لەسـەری دەکـرد، یـان ئـەو بازنەیـان دەویسـت وا ئەکتەرێکـی هیندی لـە قۆڵی دەکرد. ئـەم کاڵایانـە زۆر بەخێرایی بەرهـەم دەهـێنران و لـە تـاران یـان سـنووری تورکیـاوە دەهاتنـە لای ئێمـە. خێزانـەکان جگـە لە فیلمـە بەناوبانگـە هینـدی و جەنگییـەکان، کـە زۆریـان بـەدڵ بـوو، بـە دوای کلیپـی گۆرانیبێـژە دڵخوازەکانیانـدا دەگـەڕان، کـە ئەوسـا پێیـان دەوتـرا "شـۆ" و هـەر زوو لـە سـەر شریتـی ڤیدیـۆ و کاسـێت بڵاو دەکرانـەوە. لـە نـاو هونەرمەنداندا براییم تاتلیسـەس زۆر لایەنگری بـوو و لای ئێمە بـۆ ماوەیـەک مۆسـیقای تورکـی داخـوازی زۆری لەسـەر بـوو، لەو ڕووەوە کە بەشـێک لـە خەڵکی موکریانـی تورکـی دەزانـن، گۆرانی و بەسـتەی ئـەو و هەروەهـا گۆرانیبێژانی کورد لـە ناوچەکانی دیکـەی کوردسـتانەوە وەکـوو کوردسـتانی باکوور و باشـوور، هاتنە نـاو ئەدەبیاتـی زارەکی و باوی ناوچەکە.

سـەرەڕای قەدەغەبوونـی تونـد و زەبروزەنگـی حکوومـەت، ڤیدیـۆ لانیکـەم لـە بازنەیەکـی دە

ساڵەدا جێ پەنجەی خۆی دانا و تا ڕادەیەکی زۆر کۆمەڵگەی لە ژێر کۆنترۆڵی سیاسیی حکوومەت دوور خستەوە و تەنانەت دەتوانین بڵێین شکستی پێ هێنا. سیستەمی ڕاگەیاندنی فەرمی لە کۆتایی هەشتا و نەوەدەکاندا زۆر هەوڵی دا ڕێگری لە بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ و فیلم بکا، بەڵام کاتێک ڤیئێچئێس بوو بە سیدی و گواستنەوە و کۆپیکردن ئاسانتر بوو، ئیتر کاری هێزەکانی ئینتیزامی و کۆمیتە دژوار و قورس بوو. هەموو ڕۆژێک لە ڕۆژنامەکاندا گوێمان لە دۆزینەوەی ژمارەیەکی زۆری سیدی دەبوو، بەڵام هیچ کام لەم بەرپەرچدانەوانە نەیانتوانی خەڵک لە سەیرکردنی فیلمە بیانییە بێسانسۆرەکان و شۆی نەورۆزی گۆرانیبێژانی ناسراو بە لۆسئانجلسی ڕابگرن و هەوڵەکانی حکوومەت بۆ ئەم مەبەستە بێئەنجام بوو.

هەروەها کەسانێک هەبوون کە بەردەوام دەیانگوت نەوەی گەنج بەرەو فەشەلی و لەناوچوون دەچێت. کاریگەرییە وێرانکەرەکانی ڤیدیۆ لەو فەزا داخراوەدا شتێکی حاشاهەڵنەگر بوو، بۆ نموونە من خۆم کوڕێکی کەمتەمەن بووم کە پۆرنم بینی و هەتا ئێستاش لەبیرمە یەکەم جار کە دیمەنی ڕاستەقینەی فیلمێکی پۆرنم بینی لە شاری مەهاباد، کە تێیدا ژن و پیاوی ڕووت بە ئەندامی زاوزێی زۆر خۆشفۆڕم و شیک دەردەکەوتن و وەک من خەتەنەکراو بوون، زۆر دڵسارد بوومەوە، چونکە من وەکوو ئەوان نەبووم. هەروەها ئیشتیام هەستابوو و هەتا ماوەیەکی زۆر ئەم دیمەنانە هەر لەبەر چاوم بوون. ئەم ڕووداوانە کاریگەرییان لەسەر باڵغبوونی پێشوەختەی منداڵانی هاوسەردەمی من دانا و وەک وتم ئاستی چاوەڕوانییەکانیان لە سێکس و پەیوەندییە سێکسییەکان بۆ هەمیشە گۆڕا.

لێرەدا نامەوێ بچمە ناو باسی ئاڵۆزی سوود و زیانەکانی سەیرکردنی فیلمە پۆرنەکان، چونکە ئەمە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی جیایە، بەڵام ئەو خاڵەی کە پێم خۆشە جەختی لەسەر بکەمەوە، زیانەکانی سەیرکردنی ناهۆشیارانەی فیلمی پۆرنە. ئەو کات کەمتر لە مەڕ دیمەنە تایبەتەکان[1] و فیلمە سینەماییەکان زانیاریمان هەبوو و هەر چییەک لەم جۆرە فیلمانەدا دەمانبینی زۆر بە ئاسانی وەرماندەگرت و ئەم بەراوردکردنە هەڵەیە، هەستی نارازیبوون لە شێوە و قەبارەی ئەندامی زاوزێی لە ئێمەدا زیاتر دەکرد و تەنانەت کارێکی وای کرد کە تێگەیشتنێکی هەڵەمان لە توانای فیزیکیی جەستەمان هەبێ و ئەم هەستە نارازیەتییە لە خۆمان و هاوبەشی سێکسیمان بووە هۆی ئەوەی چێژی سێکسیمان کەم ببێتەوە.

بەسەرهاتی پێکەنیناویشمان زۆر دەبیست. بۆ نموونە دەیانگوت باوکێک، لەگەڵ خێزانەکەی فیلمێکی خستە سەر دەزگا ڤیدیۆکە بۆ ئەوەی سەیری بکا و لە ناکاو دیمەنێکی سێکسی بڵاو دەبێتەو، هەموو پەشۆکاون و یەکێکیان زوو ڕای کردووە و سیمەکەی لە پڕێزەکە دەرکێشاوە، یان دەمانبیست لەم جۆرە بارودۆخانەدا، لە ڕووی نائومێدییەوە، دەزگای ڤیدیۆکەیان بە

1. afterefect

مشت شکاندووە. لە کۆمەڵگای داخراوی ئەو سەردەمەدا، ئەم جۆرە گۆڕانکارییانە کەمێک فەزاکەیان کردەوە. هەرچەندە حکوومەت و نەریت هێشتا توندوتۆڵ بوون و نەیاندەهێشت زۆر شت بگۆڕێ، بەڵام تەکنەلۆژیا کاری خۆی کرد. هێزی تەکنەلۆجیا لە کردەوەدا لە حکوومەت و نەریت سەرتر بوو.

پەرەسەندنی کتێبی قەدەغەکراو

لە ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی (١٩٨٢ ز) بە دواوە، خوێندنەوەی کتێبی نادەرسی بۆ من چێژبەخش بوو. ئەوەندە حەزم لە خوێندنەوەی کتێبی دەرسی نەبوو، جگە لە خوێندنی وانەی کۆمەڵایەتی و ئەدەب و بەتایبەت مێژوو. دەستم بە خوێندنەوەی گۆڤار کرد. خوێندنەوەی گۆڤار لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە لە نەغەدە چاوم بە گۆڤاری کەیهان بەچەها[1] کەوت و دوای ئاوارەبوونمان بۆ پیرانشار، بە خوێندنەوەی گۆڤاری تەنزاویی گۆلئاغا درێژەی پەیدا کرد.

● وێنەی ٩٧. وێنەی من و گۆڤاری گوڵئاقا

ئەو سەردەمە تەنیا چەند بەرگ لەم گۆڤارە دەهاتە شار، کە یەکیان من دەمکرد و ئەوی دیکەشیان کوڕێکی هاو قوتابخانەییمان کە باوکی سەرۆکی سەربازگەی ئەرتەشی پیرانشار بوو. ئێمە کەیهانی بەچەهامان دەکرد و دواتر کە خۆمان دەمانخوێندەوە، لەناو منداڵەکاندا دەست بە دەست دەگەڕا بۆ ئەوەی ئەوانی دیکەش بیخوێننەوە.

لەو قۆناغەدا دۆخی ئابووریی باوکم باشتر ببوو و دەتوانم بڵێم کتێبی زیاترم دەکرد. براییمی هاوڕێ و دراوسێشمان کتێبی دەخوێندەوە و پێکەوە کتێبمان ئاڵوگۆڕ دەکرد. ڕۆژێک لەبەر درگای ماڵی ئێمە و ڕۆژێک لەبەر درگا ماڵی ئەوان کتێبەکانمان لەسەر سەبەتەی چێویی میوە دادەنا و لەگەڵ منداڵانی دیکە دەمانگۆڕینەوە. میکانیزمەکەمان تەواو لە کتێبخانە دەچوو، دەفتەرێکمان هەبوو کە ناوی قەرزوەرگرەکەمان تێدا دەنووسی. ئێمە داوامان لە منداڵەکانی دیکە کردبوو کتێبەکانیان بهێنن و ئەمە یەکەم ئەزموونی کاری تیمیمان بوو، کە دوای بۆردومانەکەی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی (١٩٨٤ز) لەناو چوو. زۆرێک لە کتێبەکانی من و براییمیان هەرگیز

---

١ . کەیهان بەچەها (کیهان بچّەها) کۆنترین گۆڤاری منداڵان و مێرمنداڵان لە ئێرانە و لە کۆمەڵە گۆڤارەکانی دامەزراوەی کەیهانە بە سەرپەرشتیی جەعفەر بەدیعی، کە لە ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوییەوە (١٩٥٦ ز) چاپ و بڵاو کراوەتەوە و دوای مانگرتنی چاپەمەنییەکان لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا (١٩٧٨ ز) دیسان چاپ کراوەتەوە.

نەگەڕانـدەوە. ئـیتر لـەو سـاتەوە هیـچ شـتێک وەکـوو جارانـی لێ نەهاتـەوە، بـەڵام لـەو ماوەیەدا مـن هەسـتێکی باشـم هەبـوو. ئەم کتێبخانـە و ئاڵوگـۆڕی کتێبە جۆرە پشـوودانێک بوو بـۆ ژیانم، چونکـە چێـژم لـە قوتابخانـە وەرنەدەگـرت و بـە دڵخۆشـییەوە نەدەگەڕامـەوە مـاڵ.

گوشـار و دڵەڕاوکێـی زۆر، هەندێـک جـار لێدان، سـووکایەتی پێکـردن و ملهـوڕی و ئەم جۆرە شـتانە لـە قوتابخانـەدا زۆر بـوو. تێپەڕاندنـی چەندیـن سیسـتەمی پەروەردەیـی زۆر جیـاوازی شاهەنشـاهی، حیزبـی دێموکـرات و کۆمـاری ئیسلامـی، کاریگەرییەکـی زۆر خراپیـان لەسـەر فێربوونـم دانابـوو. تـرس و دڵەڕاوکێـم هەبـوو. ئەو دڵەڕاوکێ و گوشـارانەی کە بە هـۆی بارودۆخی ژیـان و ژینگەکەمـەوە دروسـت ببـوو، کارێکی وای کـرد کە هیچ هیوایەکم بـە خوێندن نەمێنێت. لـەو هەلومەرجـەدا خوێندنـەوەی کتێـب تاکـە پاڵنـەری مـن و کتێبخانـە تاکـە پەناگـەم بـوو، بـۆ ئـەوەی لـە هەمـوو واقیعـە تاڵەکانـی ژیانـم دەربـاز بـم. بـە خوێندنـەوەی کتێبـی نادەرسـی خۆم لـە بەرامبـەر سیسـتەمی نەریتـی و تونـداژۆ و ناپڕۆفیشـناڵی مامۆسـتایان و قوتابخانـەکان ئـارام دەکـردەوە. تەنانـەت ئەگەر کتێب و گۆڤارێکم بۆ خوێندنەوە نەدۆزیبایەتـەوە، ئەو ڕۆژنامە کۆنانەم دەخوێنـدەوە کـە باوکـم لـە دووکانەکەدا شـتی پـێ دەپێچـاوە. هەندێک جـار لـە ناوەڕۆکەکەیان تێنەدەگەیشـتم، چونکـە باسـی جەنـگ و دروشـم و ئینـقلاب و هتـد بـوو، بـەڵام تامەزرۆیـی خوێندنەوەمـی نەختێ دەشـکاند.

دوای ئینـقلاب، کتێبـەکان ڕووبەڕووی سانسـۆرێکی توند بوونـەوە. هەڵبەت خەڵک هەندێک کتێبـی چاپکـراوی دوو سـێ دەیـەی پێشـوویان هەبـوو و بـە نـاوی کتێبـی قەدەغەکـراو یـان قاچاخـەوە کڕیـن و فرۆشـتنیان پێـوە دەکـرا. ئـەم کتێبانـە بـە فەرمـی چـاپ و بڵاو نەکرانـەوە و زیاتـر بـە شـێوەی ئۆفسـێت دەخرانـە بەردەسـتی خەڵـک. هەندێـک کتێبفـرۆش ئـەم جـۆرە کتێبانەیـان هەبـوو، بـەڵام لـە ویتریـندا نمایشـیان نەدەکـرد و بـە شـێوەی نهێنـی دەیانفرۆشـت. کتێبـە قەدەغەکـراوەکان هەمەچەشـن بـوون. هەندێکیـان کتێبـی سیاسـی و ئایینـی بـوون، کە حکوومەتـی کۆمـاری ئیسلامـی بەدڵـی نەبـوون و هەندێکی تریان ڕۆمانی ڕۆمانسـی، پۆلیسـی و جەماوەرپەسـەند بـوون کـە لەگـەڵ سیاسـەتی فەرهەنگـی و ئەخلاقـی ڕژێمـدا نەدەگونجـا.

منیش کتێبی قەدەغەکراو، پۆلیسـی و لێکۆڵەری (کاراگاهی) سـەردەمی شـام دەخوێندەوە. هـەر لـە کتێبەکانی میکی سـپیلینەوە کە داهێنـەری لێکۆڵەرێکی تایبەت بە نـاوی مایک هامەر بـوو و لـە بەرهەمەکانیـدا خـۆی بـە ئادامـزی ئەدەبـی ئەمریکـی نـاو دەبـرد، هەتـا دەگاتـە کتێبـە زەرد و جەماوەرپەسـەندەکانی وەکوو بەرهەمەکانی پەرویز قازی سـەعید[1] کە کەسـایەتیگەلێکی

---

١ . پەرویـز قـازی سـەعید، لە سـییەکان تا پەنجاکانی سـەدەی ڕابـردووی هەتاوی (پەنجاکان تا کۆتایی هەفتاکانی سـەدەی بیسـتی زایینـی) نووسـەرێکی دیـاری ڕۆمانـی پۆلیسـی لـە ئێـران بـوو. دوای ئینقلاب چـوو بۆ ئەمریـکا و وەک پێشکەشـکار و شرۆڤەکاری سیاسـی کاری کـرد. لـە تەمەنـی حەڤـدە سـاڵییەوە دەسـتی بە نووسـین کـرد. زیاتر لە ژانـری پۆلیسـی و تاواندا نووسـیویەتی و بەرهەمەکانـی گەیشـتوونەتە چاپـی دوو ژمارەیـی. قـازی سـەعید بـە دروسـتکردنی کەسـایەتییەک بـە نـاوی

وەکوو لاوسۆن و سامسۆنگ و ڕیچاردی خولقاندبوو و هتد. ئەم چیرۆکانە بۆ ئێمە سەرنجڕاکێش بوون، چونکە جگە لە وروژاندن و سروشتی کاری بەدواداچوون و لێپێچینەوەکانی، هەمیشە پەیوەندییەکی سۆزداری لە نێوان لێکۆڵەرەکان و سکرتێرەکانیان واتە مونشییەکانیاندا ڕووی دەدا. لە ساڵانی سەرەتای ئینقلابدا، ئیدارەی سانسۆر زۆر بە چڕی سەرقاڵ بوو و زۆربەی کتێبەکان بۆ ئەوەی چاپ بکرێن دەبا گۆڕانکاری و تیغی سڕینەوەیان پێدا بهاتبایە. لە ساڵانی هەرزەکاریدا کتێبی بێسانسۆڕ و بەتایبەت ئەوانەی وا ئاماژەیان بە بابەتە سێکسییەکان دەدا، زۆر سەرنجمانی ڕادەکێشا. لە تەمەنی مێرمنداڵیدا هەر شتێک قەدەغە بێ، ئەوە زیاتر زەین و هۆگریی مرۆڤ بۆی ڕادەکێشرێت. ئەم هۆگرییە لەبەر ئەوەیە کە هەرزەکاران کنجکۆڵن و دەیانهەوێ هەموو شتێک تاقی بکەنەوە، بەتایبەت ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە پێگەیشتنی جەستەیی و سۆزدارییەوە هەیە.

هەموو هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی و دەزگا سانسۆرە زەبەلاحەکەی ئەوە بوو کە فۆرمێکی یەکسان سەبارەت بە عەشق و خۆشەویستی بخاتە ڕوو و ئەو فۆرمە یەکسانەش بنەماڵەیەکی پێکهاتوو لە ژنێک و پیاوێک و ژمارەیەکی زۆری منداڵ بوو. دیارە ئەم وێنە لە ناو ڕۆمانی خۆشەویستی چ فارسی و چ نافارسی بەدی نەدەکرا، هەر بۆیە تەنانەت کتێبە فارسییەکانیش لە ژێر چەقۆی تیژی سانسۆری کۆماری ئیسلامیدا تێدەپەڕین. ئەو دۆخە ئەمڕۆش زۆر گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە.

پێم وایە هۆگریی هەرزەکاران بۆ کتێبی بێسانسۆر، بەتایبەت لەسەر بابەتی سێکسی، پەیوەندی بە ژینگەی داخراوی کۆمەڵایەتی و نەبوونی پەیوەندی نێوان کچان و کوڕانەوە هەبوو. هاوسەرگیرییەکان زیاتر نەریتی و خزمایەتی بوون و ڕێکخراوە چاودێرییە بەهێزەکانی وەک کۆمەڵگا و خێزان هەوڵێکی زۆریان دا کە درێژە بە کۆنترۆڵگەری خۆیان بدەن، بەڵام هەرگیز نەیانتوانی بە تەواوی هەست و سۆز و کونجکۆڵی کوڕە هەرزەکارەکان کۆنترۆڵ بکەن. دوو خوشکی سەڵتم هەبوو کە هاتوچۆی هاوڕێکانیان دەکرد. ڕەفتارەکانیان و شێوازی جلوبەرگ و خۆڕازاندنەوەکانیانم دەبینی و وردە وردە فێر بووم کە عەشق و عاشقبوون و دڵبەریکردن و خۆنواندن چۆن ڕوو دەدات.

هەرچی گورزی سەرکوتکردن فەزای ژیانی هەرزەکار بەرتەسک بکاتەوە، ئەو هەرزەکارە

لێکۆڵەر لاسۆن و دوو هاوکارەکەی، خوێنەرانی سەرقاڵی نهێنی و سەرگەرمیی تاوانکاری دەکرد. قازی سەعید بەر لە شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩ ز) پەراوێزنووسی ڕۆژنامەی ئیتلاعات بووە و چیرۆکی پۆلیسی و ڕۆمانسی لە گۆڤاری ئیتلاعاتی کچان و کوڕان دەنووسی. ئەو و ڕ.ئێعتیمادی لە چالاکترین نووسەرانی پەراوێزنووسی ئەو سەردەمە بوون. کتێبەکانی قازی سەعید لە ئەفغانستان هەوادارێکی زۆری هەیە و هەندێک لە چیرۆکەکانی بۆ سەر زمانی پەشتۆ وەرگێڕدراونەتەوە. (معبد مرگ، وحشت در ساحل نیل و لاوسون در جزیره وحشت) لە بەرهەمەکانیەتی. سەعید لە ٢٣ی ئایاری ٢٠٢٢ لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا لە ئەمریکا کۆچی دوایی کرد.

مەیلی بۆ ئەزموونکردن و تێرکردنی ئارەزووە سۆزداری و هەستیارییەکانی زیاتر دەبێ و لەم نێوەندەدا ئەگەر نەتوانێ بەو شێوازە شیاو و تەندروستانەی کە کۆمەڵگا و خێزان تەگبیری بۆ دەکەن ئارەزوو و خواستەکانی تێر بکا، ئەوە ئەم خواستە لە ڕێگەی دیکەوە دابین دەکات. لێرەدایە کە هەمان ئەو خێزان و کۆمەڵگایەی کە بنەمای ئەم ناباوییەیان دابین کردووە، پەنجەی تۆمەتی بۆ ڕادەکێشن و هەرزەکارەکە بە لادەر و ناباو ناوزەد دەکەن. بەڵام ئەگەر هۆکارناسی و فاکتەرناسییەکی دروستی بۆ ئەنجام بدرێ، هەندێک پێیان وایە ئەوە کۆمەڵگا و خێزانە کە دەبێ سزا بدرێن. ئەم سووڕە خراپە لە کۆمەڵگای ئێراندا هێشتا لە کاردایە و تەنیا فۆرم و ڕووخساری گۆڕاوە. پێم وایە هۆکاری سەرەکیی ئەم خولە، ناوشیاریی کۆمەڵگا لەبارەی دیاردەی هەرزەکاری و فامکردن و تێگەیشتنی کەسی مێرمنداڵە.

شەوی چوونەپەردەی قەناد

سەردەمی ئاوارەبوون لە شاری نەغەدە - زۆر سەیرە کەسێک لە زێدی خۆی ئاوارە بێ، ئەمەش لە دەرەنجامەکانی شەڕ بوو – بەرامبەر ماڵەکەمان شیرینیفرۆشییەک هەبوو. زۆر جار کوڕە گەنجەکان لە بەردەم شیرینیفرۆشیەکەدا کۆ دەبوونەوە و کچەکانیش یان لەبەردەم ماڵەکانیاندا ڕادەوەستان یان لە لای شێرەی ئاوی سەر کۆڵانی مزگەوتەکەدا کۆ دەبوونەوە. کوڕی قەنادەکە ژنی دەهێنا و ژنهێنانەکەی ببوو بە بنێشتە خۆشەی سەر زاری کچانی گەڕەک. زۆرم دەبیست کە لەبارەیەوە قسە دەکەن و پێدەکەنن. ڕۆژێک دوای زەماوەندەکە، کوڕی قەنادەکە درەنگتر لە ڕۆژانی ئاسایی دووکانەکەی کردەوە و ئەمەش بوو بە بیانووی گاڵتە و جەفەنگی کچان. دەیانگوت ڕەنگ و ڕووی گەشاوەتەوە و ڕووخساری گۆڕاوە. ئەوەندەیان گوت هەتا من بە بیانووی کڕینی بەستەنی چوومە ناو دووکانەکەی و هێندە لێی ڕامام کە وتی: " چ بووە کامیل، بۆ وا چاوم لێ دەکەی؟"

وامدەزانی هەر کەس ژن بێنێ و شەوی یەکەم لەگەڵ ژنەکەی بخەوێ، ڕوخساری دەگۆڕێ، بەڵام هەرچەند لێی ورد دەبوومەوە هیچ گۆڕانکارییەکم بەدی نەدەکرد. تەنیا جلوبەرگی تازەی لەبەردا بوو، دەموچاوی پاکتر و سوورتر ببوو و دەڕژێی دەستماڵی کوردی لە شەوی شاییەکەی بە دەموچاویەوە مابوو. ئەوەی کچەکان دەیانگوت، مانا و لێکدانەوەیەکی جیاوازی هەبوو کە من لێی تێنەدەگەیشتم. من بەدوای گۆڕانکاری لە ڕوخساری کوڕە شیرینیفرۆشەکەدا دەگەڕام، کەچی کچەکان باسی گەشانەوەی ئەو دوای سێکس و شەوی پەردەیان دەکرد و پێی دەتریقانەوە.

تا چەند دەیەی لەمەوبەر ڕێوڕەسمی زەماوەند لە ناو کوردیشدا، وەکوو هەندێ

نەتـەوە و ئێتنیکـی دیکـە یاسـا و ڕێسـای تایبەتـی خـۆی هەبـوو. بوونـی پـەردەی کچێنـی[1] بـۆ بـووک و لـە دەسـتدانی لـە شـەوی پـەردەدا[2]، مەرجێکـی سـەرەکی بـووە کـە ئەگـەر نەبووایـە، ئـەوا هاوسـەرگیرییەکە هەڵدەوەشـاوە و جیابوونـەوەی لێدەکەوتـەوە. بـۆ سـەلماندنی ئـەوەی کـە بـووک لـە ماڵـی باوکـی یـان بـە واتایەکـی تـر لـە دەرەوەی چوارچێـوەی دابونەریـت، پـەردەی کچێنیـی خـۆی لەدەسـت نـەداوە، قوماشـێکی سـپییان لـە ژێـر پێخەفـی بـووک و زاوادا دادەنـا بـۆ ئـەوەی خوێنـی هەڵدڕانـی پـەردەی کچێتـی بڕژێتـە سـەری و قوماشـەکە خوێنـاوی بـکات. دواتـر قوماشـەکە لـە لایـەن بەربـووک یـان ئـەوەی لـە هەنـدێ ناوچـەی کوردسـتاندا پێـی دەڵێـن پێخەسـوو (ژنێـک کـە لـە ماڵـی باوکـی بووکـەوە وەک ڕێنوێـن و ڕاوێـژکار دەخرێتـە

وێنەی ٩٨. شایی بنەماڵەیی، کەسی سێیەم: تەیبیەی خوشکم لە تەنیشت بابم

---

١. پـەردەی کچێنـی نیشـانەیەکی لاوازی پاکیزەیـی ڕاسـتەقینەیە. هەندێـک لـە خانمـان پێـش سـێکس‌کردن بـە هـۆی خۆڕەحەتکـردن، بەکارهێنانـی تامپاکـس (جۆرێـک لـە پـادی خانمـان)، یـان چالاکییـە ناسێکسـییەکان پـەردەی کچێنییان لەدەسـت دەدەن. خوێنبەربوونـی شـەوی یەکـەم دەتوانـێ بەڵگـەی پاکیزەیـی کچێـک بێ، هەرچەنـدە ئەم تیۆرییـە لە لایەن دەیتا و زانیارییە پزیشکییەکانەوە ڕەت کراوەتەوە. چونکە ڕەنگە ئەم خوێنبەربوونە بەهۆی هێوربوونی ژن یان نەبوونی پەردەی کچێنـی بـە هـۆی زگماکییـەوە ڕوو نـەدات. جگـە لـەوەش بەپێـی بۆچـوون و ئەزموونـی زۆر کـەس، تاکـە ڕێگـە بـۆ پەیوەندیی سێکسـی لـە ڕێگـەی تێخزانـی ئەندامـی زاوێـی پیـاو بـۆ نـاو ئەندامـی زاوزێی ئافـرەت نییە. کچـان دەتوانـن وێڕای پاراسـتنی پـەردەی کچێنـی بـە شـێوازی جۆراوجـۆر سـێکس بکـەن و یـان تەنانـەت سـەرەڕای ئـەوەی پـەردەی کچێنییـان هەڵـدڕاوە، پـەردەی کچێنییـان بدوورنـەوە و وا خۆیـان نیشـان بدەن کـە کچن و پاکیزە. هەر لەبـەر ئەم هۆکارە هەمیشـە ناتوانین لە بوون یـان نەبوونـی پـەردەی کچێنـی وەک بەڵگەیـەک بۆ دیاریکردنـی کچێنی بڕوانیـن. دەتوانیـن پاکیزەیی و پـەردەی کچێنی لە لایەنـی جۆراوجـۆرەوە تاوتـوێ بکەیـن؛ هەرچەنـدە ئـەم پرسـە لـە تایبەتمەندییەکی بایۆلۆژییـەوە سـەر هەڵدەدا، بـەڵام ئەگەر ئاوڕێـک لـە مێـژوو بدەینـەوە، بـە فـۆرم و دەرکەوتنـی جۆراوجـۆرەوە دەیدۆزینـەوە. پـەردەی کچێنی یـان پاکیزەیی بەشـێک لە ئەندامـی زاوزێـی ژنانـە، بـەڵام واتـای چەمکیـی پـەردەی کچێنـی تەنیا لـە فیزیۆلۆژیـای ژنانـدا سـنووردار نابێتـەوە و چۆتە ناو پەیوەندییـە فەرهەنگـی و جێندەرییەکانـی کۆمەڵگاکانەوە و بە درێژایـی مێژوو زۆربەی کۆمەڵگاکان پشـتیوانییان لە "پەردەی کچێتـی وەک ئیمتیازێـک" کـردووە. (زادشـم، مرڤیە، برزوئیان، مرڤیە، جسـتاری در ریشـە ها و ابعاد فرهنگـی مفهوم باکرگی .پژوهـش هـای میـان رشـتە ای زنـان، 1400 ;4 (2) :84-73).

٢ . ئەمڕۆ حەب و کەپسول هەیە کە دەیخەنە ئەندامی زاوزێی ژن و لەگەڵ یەکەم پەیوەندیی سێکسی و لە کاتی پاڵنان دەتەقێ و مادەیەکی سوور دێتە دەرەوە کە لە خوێن دەچێ، کە هەندێ کەس ئەوە وەک جێگرەوەی پەردەی کچێنی بەکار دەهێنن. جگە لەوەش هەندێک جۆری پەردەی کچێتی هەن کە لاستیکین و ڕەنگە تەنها بە نەشتەرگەری لا ببرێن نەک بە جووتبوون یان تینان. هەروەها جۆرێکی تری پەردەی کچێنی هەیە کە پێی دەوترێ پەردەی بازنەیی، کە پێویستی بە دڕان یان لابران نییە و تێنان بە بێ خوێنبەربوون ڕوو دەدا و ئەمەش هەندێک جار دەبێتە هۆی ئەوەی کەسەکان لە بوونی پەردەی کچێتیی ئەو ئافرەتە دوودڵ بن. (د. ئیلاهە سەناگوو، پزیشکی منداڵبوون و ژنان)

شـوێن بـووک) پیشـانی بنەماڵـەی بـووک و زاوا دەدرا. بابەتێکـی تـری گرنـگ لـە شـەوی یەکەمـدا تایبـەت بـە زاوایـە. زاوا لـە کاتێکـی دیاریکـراودا دەچـووە ژووری پـەردە بـۆ ئـەوەی خێـرا سـەرجێیی لەگـەڵ بـووک بـکا و لـە ژووری پـەردە بێتـە دەرەوە و بـە بنەماڵەکـەی بڵـێ کـە مـن شـێرم نـەک ڕێـوی! هەندێـک لـە هاوسـەرگیرییەکان تەنهـا لەبـەر ئـەوەی کـە بـووک و زاوا لـە شـەوی پـەردەدا نەیانتوانیـوە سـێکس بکـەن و پـەردەی کچێنـی نـەدڕاوە، بـە زاوایان وتووە "پیاو نییە".

پرسـی پـەردەی کچێنـی لـە ڕوانگـەی جۆراوجـۆری مێژوویـی و کۆمەڵایەتـی و ئابوورییـەوە جێـی تێڕامانـە و بـە بۆچوونـی هەندێـک لـە زانایـان تاکـە هـۆکاری گرنگیـی پـەردەی کچێنـی کۆنترۆڵکردنـی جەسـتەی ژن و دڵنیابـوون لەوەیـە کـە پەیوەندیـی سێکسـی نـاکات، کـە ئـەم بۆچوونـە بیرۆکەیەکـی داشـکانخوازانەیە، کـە بەتایبـەت لـەم دەیـان سـاڵەی دواییـدا لـە ژێـر کاریگەریـی گوتـارە فێمینیسـتییەکان کە باڵیان بە سـەر کۆمەڵگادا کێشـاوە هەتا ئـەو ڕادەی کە زۆربـەی خەڵکـی ئەمـڕۆ لـە سەرانسـەری جیهانـدا بە کـۆی دەنـگ پێیان وایـە کە تاکـە هۆکاری گرنگیـی پـەردەی کچێنیی ژنان کۆنترۆڵکردنی جەسـتە و سێکسـکردنیانە، کە لێـرەدا حەزم لێیە هـۆکاری دژایەتیـی ڕوانگەی کۆمەڵناسـی و خەڵکناسـیی کلاسـیک لەگەڵ ئـەم ڕوانگە بکەم کە ئەمـە تاکـی هۆکاری گرنگیی پەردەی کچێنی نییە. پەردەی کچێنی لـە زۆر ڕووەوە گرنگە، لەوانە زانسـتی پزیشـکیی کـۆن و هەڵبەت زۆرێک لە ژنـان پێیان وایە پاکیزەیـی و هەبوونی ئەندامێکی زاوزێـی تەسـکتر ڕێگـری لـە هەوکردنـی جۆراوجـۆر دەکا و هـەر ئەمـەش وای کـردووە زۆرێـک لـە کچـان پێـش هاوسـەرگیری، کـەمتر تووشـی هەوکـردن و کـەرووی ئەندامـی زاوزێ ببنـەوە. هەروەهـا لـە کۆمەڵگا پیاوسـالارەکاندا کـە ڕەچەڵـەک لە ڕێگـەی باوکـەوە دەگوازرێتـەوە و باوک زۆرترین میراتەکەی دەدا بە کوڕەکانی و سـووڕی ئابووریی باوک و باپیر بە شـێوەیەکی سـەرەکی لـە نـاو منداڵـە نێرەکانـی بنەماڵەدایـە، دڵنیابـوون لـەوەی کە ژنـان لە شـەوی هاوسـەرگیریدا لە پیاوێکـی دیکـە ئـاوس نەبووبـن، پرسـێکی هەسـتیارە و لـە سـەردەمێکدا کـە ئامـراز و پشـکنینی دەستنیشـانکردنی دووگیانـی بوونیـان نەبـووە یـان هەمـوو کەسـێک دەسـتی پـێ نەگەیشـتووە، دڵنیابـوون لـە دووگیان نەبوونی ژن تەنها لە ڕێگەی پشـکنینی پـەردەی کچێنییەوە مومکین بوو. ئەوەشـی کـە پاکیزەبوونـی بـووک بـە فەرمـی لای هەموو خـزم و کـەس ڕابگەیێندرێ، ئـەم بابەتە پشتڕاسـت دەکاتـەوە چونکـە ئەگەر پاکیزەبوونی بووک بە فەرمی ئاشـکرا ببێ، ئـەوە لە داهاتوودا ئەگـەر بووکەکـە دەسـتبەجێ دوای هاوسـەرگیری دووگیان ببا، ئـەوە پیاوێکی دیکـە نەیدەتوانی ئیدیعـای ئـەوە بـکا کـە باوکـی منداڵەکەیـە چونکـە پـەردەی کچێنیـی ئـەو بووکـە بەڵگەیەکە کە دەریدەخـا بـووک لـە ڕۆژی هاوسـەرگیریدا دووگیـان نەبـووە. بـەڵام لـە چاخێکـدا کـە زانسـتی پزیشـکی لـەم بـوارەدا پێـش نەکەوتبـوو ئەم شـێوازە سیسـتەمێک بووە کـە کۆمەڵگا بـە یارمەتیی ڕێگـری لـە ئاژاوەگێـڕی و پشـێوی دەکرد و لەبەر ئـەوەی زاوزێی منداڵ تایبەت بـە ژنانە، بۆیە ئەم

زەخت و گوشارانە خرابۆوە سەر ژنان.

دوای ئەوە پێخەسوو لە گەڵ دایک و خوشکی زاوا دەچوونە لای بووک و بە بینینی قوماشە خوێناوییەکە، پیرۆزباییان لێدەکرد و ماچیان دەکرد! لەو حاڵەتانەی کە زاوا بە هەر هۆکارێک نەیتوانیبا لەگەڵ بووک سەرجێیی بکردایە ئەوە دەیانگوت زاوا بەستراوە، بەستران هۆکاری زۆر هەبوو، یەکێ ئەو باوەڕە باوەیە کە لە کاتی مارەبڕیندا کەسێک لەو شوێنە بووە و بە نیازی بەستنەوەی زاوا دەستی بزواندووە! بۆیە لە کاتی مارەبڕیندا، مارەبڕ دەیوت کەس دەست نەبزوێنێ و دەست لە تەسبێحیش نەدات! لە هەر حاڵەتێکدا زاوایەک کە بەسترابوو و لە شەوی پەردە نەیتوانیبا سێکس بکا یان دەچووە لای دۆعانووس و دۆعای کرانەوەیان بۆ دەنووسی و دەیخستە ناو گۆمی ساردی گوندەکەوە بۆ ئەوەی بە خۆیدا بێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ لای بووک. هەرچەندە لە کۆمەڵگا نەریتییەکاندا گوشارێکی دەروونی و کۆمەڵایەتیی زۆر لەسەر ژنانە، بەڵام ئەمە بەو مانا نییە کە پیاوان زەختیان لە سەر نییە. ئەوەی کە پیاو بە هەر هۆکارێک نەتوانێ یان نەیەوێ شەوی پەردە سێکس بکا، هەرچەندە بۆ ئێمە کە لە جیهانی پاشنەریتیدا دەژین ئەمە شتێکی ئاساییە، بەڵام لە کۆمەڵگا نەریتییەکاندا ئەمە دڵەڕاوکێیەکی زۆری بەسەر پیاواندا دەسەپاند و هەمیشە ئەم دڵەڕاوکێیە هەبوو کە پیاوان بە ناوەنیتکەی پیاونەبوون ناوزەد بکرێن. لێرەدا نامهەوێ بەرگری لە نەریت بکەم، بەڵکوو تێدەکۆشم نیشان بدەم کە لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا تاکایەتی هیچ جێگە و پێگەیەکی نییە و تەنانەت تایبەتترین بابەتەکانیش بە پرسێکی جەماوەری دادەنرێن و بەکۆمەڵ بڕیاریان لەسەر دەدرێ، جا چ پرسی پەردەی کچێتی بێ، چ لاوازیی پیاوان لە سێکسکردن بێ، چ وەک لە بەشی پێشوودا باسم کرد، پرسی خۆشەویستی و هاوسەرگیری بێت.

ئەگەر بووک پەردەی کچێنی نەبووایە یان کچێنییەکەی جۆرێک بایە کە لە کاتی سێکسدا خوێنی لێ نەهاتبا، ئیتر کار لە کار دەترازا و ئەو کچە دەبوو بە یەکەم قوربانیی گۆڵمەزەکە. هەندێک جار زەماوەندەکە دەشێوا و هەندێک جاریش دایکانی بووک بە نهێنی بەرتیلیان بە بەربووک یان پێخەسوو دەدا بۆ ئەوەی بە هێمنی کێشەکە یەکلایی بکاتەوە. قسە و سرت و خورتیش لەم بارەوە لە ناو خەڵک زۆر بوو. بۆ نموونە دەیانوت زاوای عاشق کە دەستی خۆی بڕی و خوێنەکەی کردە سەر کۆتاڵەکە بۆ ئەوەی خوێناوی بکا و ئابڕووی بووک نەچێ و یان پێخەسوویەکی بە دەست و برد قوماشێکی خوێناوی دەخستە جێی قوماشێکی دیکە یان کەمێک خوێنی مریشکی دەکردە ناو کیسەیەک و بووک لە کاتی خۆیدا کیسە خوێنەکەی دەڕژاندە سەر قوماشەکە و هتد .

وا دیارە ئەم شتانە ڕوویان دەدا و من ئەم شتانەم لە کچە عازەبە و کوڕە جەحێڵەکان بیستبوو. هەرچەندە، بە پێی فەزای نەریتیی کۆمەڵگا، زۆر شتیان بە ئاشکرا ڕوون نەدەکردەوە، بەڵام لە فەرهەنگی هەندێک لە ناوچەکانی کوردستان، هەندێک پەند و تانە و توانج هەیە کە

حاڵەتـی سێکسـییان هەیـە و لـە هەندێـک حاڵەتدا تەنانەت ناسێکسـین. ئەم شـتانە لـە گاڵتە و جەفەنـگ نـاو خەڵـک و بەتایبەت لە قسـەی باپیـران و داپیراندا دەبیسترێـن و تەنانەت هەندێک جاریـش وەک سـوحبەت و نوکتـە لـە نـاو هەڕەمـەی خەڵکـدا دەبنە بـاو. زۆرێک لەو شـتانەی کە گوێـم لـێ دەبـوو، شـووبهاندن بـە ئـاژەڵ بـوو. دەیانگوت: "چـا ئەو کچـە دەڵێی ماینی حـدوودە" ماینـی حـدود واتـا ماینـی سـنووری کـە خێراتـر ڕا دەکا و مەچەکـی بەهێزتـر و ئەسـتوورترە. یـان دەیانگـوت: "چـا ئـەو کـوڕە سـینگ شـێرەی، تووشـی بـی هەڵتدەدرێـت. هەندێـک جـار ئـەم بابەتـە پەیوەندیـی بـە ژیـان و میزاجـی ئاژەڵانەوە هەبـوو و هەڵبەت چەندین پەنـدی لاگیرانەش[1] سـەبارەت بـە بێوەژنـان هەبـوون، یان ئەوەی کـە دەیانگوت دایکێ ببینە و کچێ بخـوازە. هەندێ جـار نەنکـم دەیگـوت: کۆنەدۆسـت (دۆسـتە کـچ) وەکـوو ئەسـپی زیننەکـراوە، زینکردنـی ناوێ، پێی گەیشـتی سـواری بە ... واتە هەموو شـتێک ئامادەیە، چونکە تۆ پێشـینەی ئەو کچە دەزانی و پێویسـت نـاکا جارێکی تـر هەڵیفریوێنیتەوە. ئەمانەم لـە دەوروبەرمدا دەبیسـت و وەک کوڕێک و دواتریـش هەرزەکارێـک سـەرنجمیان ڕادەکێشـا. سـەرچاوەی ئـەو هەمـوو کراوەییە سێکسـییە ڕەنگـە لەبـەر سـەرکوتکردن و سانسـۆرکردنی گوتاری سێکسـی بووبـێ کە بووەتە پەند، و قسـەی خەڵکـی لـە تانە و توانـج نزیـک کردووەتەوە.

وەک لـە واتـا و ناوەڕۆکـی پەنـدە باوەکانـدا دەردەکـەوێ، دابونەریتـی ژنهێنان لە نـاو کوردانـدا هەتـا چەنـد دەیـە لەمەوبـەر زیاتر بە دەسـت گەورەکانـی بنەماڵـە و بەتایبەت باوکان بـووە. باپیرە یـان پیـاوە دەسترۆیشـتووەکانی خـزم و باوکـی کـچ بڕیاریـان دەدا کـە بیدەنە کێ. بۆ کـوڕەش بە هەمـان شـێوە بـوو، بـاوک و گەورەکانـی خـزم و کـەس بڕیاریـان دەدا کێی بـۆ بێنن و لـەم ڕەوتی ژنهێنـان و بەشـوودانەدا ڕەزامەندیـی کـچ و کـوڕ لەبەرچـاو نەدەگیـرا. هاوسـەرگیریی تایبـەت، خۆشەویسـتانە و تاکگەرایانـە کـە فۆرمەکانـی هاوسـەرگیریی مۆدێرنن و تێیاندا تـاک و تاکایەتی و ئازادیـی لایەنەکانـی هاوسـەرگیری لـە هەڵبژاردنـی هاوسـەر پێوەرێکـی سـەرەکین، کـە ئەمـە لـە هاوسـەرگیریی سـەردەمی کۆنـدا بـاو نەبوو. لـە هاوسـەرگیریی نەریتیـدا زۆر جار بـووک و زاوا هەتـا شـەوی پـەردە یەکتریـان نەدەبینـی! ڕەنگـە یەکێـک لـەو هۆکارانەی کـە کچـان و تەنانەت ژنانـی هاوسـەرداریش لەگـەڵ پیـاوی دڵخـوازی خۆیـان ڕەدوو دەکەوتـن، ئـەوە بـێ کـە کچـان و کـوڕان لـە مافی هەڵبژاردنی ئازادانەی هاوبەشـی ژیان بێبەش کرابوون. هەڵبەت بۆ نیشـاندانی هەندێـک لـە دژایەتییـە فەرهەنگییەکانـی ناو کۆمەڵگەی کوردی، پێم باشـە ئامـاژە بەم بابەتەش

---

١ . پەنـد بەشـێک لـە ئەدەبـی زارەکیـی فەرهەنگـی گەلانە، بـەڵام بابەتەکانی لـە فەرهەنگێکەوە بـۆ فەرهەنگی دیکـە جیاوازە و لـە پرۆسـەی پەیوەندییـە گشـتییەکان و هۆگـری و بێزارییەکانـی خەڵکـی نـاو ئـەو کۆمەڵگایـە دروسـت دەبێـت. هەنـدێ لە پەنـدەکان لاگیریـی ڕەگەزێتییـان هەیـە، ئـەم سێکسـیزمی کەلامییـە دەتوانێ بەشـێک لـە بەردەوامیی فەرهەنگی سێکسـی بـێ کـە لـە سـەر بنەمـای پەیوەندییـە زنجیـرە پلەکانـی، ڕەگەزێک لـە ڕووی پێگـەوە سـەرتر و بەرتر لـە ڕەگەزەکەی دیکـە بوو و دەسـەڵاتی هەبوو.

بکـەم. نەبوونـی هەڵبژاردنـی ئازادانـەی هاوبەشـی ژیان لە لایەن کچـان و کوڕانـەوە یەکێک لەو هۆکارانـە بـوو کـە هەندێک جار دەبووە هۆی ئـەوەی ژنێکی مێرددار لەگەڵ پیاوێکی سـەڵت یان خێزانـدار ڕەدوو بکـەوێ و مێـرد و منداڵـی بـە جێ بهێڵـێ، بەڵام ئەوەی شـایەنی تێڕامانـە ئەوەیە دیاردەیـەک هەبـوو بـە نـاوی "مەسـڵەت" یـان ئاشـتی. لە نـاو هەندێک لـە ژینگە کۆنەپەرسـت و ئایینییەکانـدا، پیاوێـک کـە ژنێک هەڵدەگرێ، بـە نێوەندگیریـی پیاوانی ئایینـی و پیاوماقوڵان و ڕیـش سـپی و گەورەکانـی خێـزان، لەگـەڵ هاوسـەری پێشـووی ئـەو ژنـە ڕێـک دەکەوتـن کە بڕە پارەیەکیـان وەک پـارەی خوێـن دیـاری دەکـرد و هـەر لـە سـەر ئـەو بڕە پـارەش ئاشـتییان دەکرد و ئـیتر کێشـەی وەکـوو پـارەی خوێـن و تۆڵەسـەندنەوە لـە نێوانیانـدا نەدەمـا و ئەم کێشـە بـە پارە چارەسـەر دەکـرا! هەڵبـەت هەندێـک جاریـش پیاوێکـی دەمارگـرژ پەیدا دەبـوو کە لـە خیانەتی ژنەکـەی خـۆش نەدەبـوو و تاکە ڕێگەچارەی لە کوشـتنی ژنەکەی یان مێـردە تازەکەیدا دەبینی، یـان لـە هەندێک حاڵەتدا دەیویسـت هـەر دووکیـان بکوژێت!

تێکهەڵچوونەکانی من و بابم

هەمیشـە لـە نێـوان نەوەکانـدا ناکۆکـی هەبـووە و دەشـبێت، هاوتەمەنەکانـی منیـش لەگەڵ باوکانیـان ناکۆکییـان هەبـووە. هەندێـک جـار لـە نـاو گۆڕانکارییـە کۆمەڵایەتییـە بەربڵاوەکانـدا دووبەرەکانـێ و گرژیـی نێـوان بـاوک و منـداڵ زیاتـر دەبـێ، وەکـوو پەیوەندیی نێوان مـن و بابم، کـە لـەو قۆناغـەدا پێکـەوە نەدەسـازاین و پەیوەندییەکـی بـاشمان نەبـوو. بـاشترە بڵێـم باوکـم بە سـەربەخۆیی مـن ڕازی نەبوو. لە سـەرەتای هەرزەکاریدا ئەم کێشـانە زەقتر بوونـەوە، من ئازادیی خۆمم دەویسـت و پێم خۆش نەبوو سـنووردار بکرێمەوە. هەندێک جار هەسـتم دەکرد باوکم زۆر چـاوی لـە سـەرمە. دەمبینـی کوڕانی تر لـە کۆمەڵـگادا نەتـرستر و ئازادترن، کەچی کچـان زیاتر سـنووردار دەکرانـەوە، بـەڵام لـە ماڵـی ئێمە و لـەو تەمەنەدا، هەموو شـتێک بە جۆرێـک پێچەوانە ببـووەوە، مـن لە کچەکانیش زیاتر سـنووردار دەکرامەوە و چاودێری زیاترم لە سـەر بوو. هەمیشـە بۆڵـەم دەکـرد کـە بۆچـی مـن کـوڕم بـەڵام بـە پێچەوانـەی کوڕانی دیکـە دەبـێ کاتـی هاتووچۆم کۆنتـرۆڵ بکـرێ، کەچـی خوشـکەکانم ڕووبـەڕووی ئـەم ڕەفتـارە نابنـەوە. پرسـیارەکەم جوابێکـی وەرنەدەگرت و وا دیار بوو شـەڕی دەسـەڵات لە ئارادایە. هەڵبەت ئەوەی من دەمبینی و هەسـتم پێدەکرد زۆر واقیعبینانە نەبوو. من ئەو تێبینیەم نەبوو کە خوشـکەکانم بە شـێوەیەکی سروشـتی و پێکهاتەیـی لـە لایـەن دابونەریت و ڕوانگەی ڕەگەزێتییەوە کۆنترۆڵ کـراون و مەحبووبە و تەبیبە بـە شـێوەیەک ڕەفتاریـان نەدەکرد کـە هەسـتیاریی دایک و باوکـم بوروژێنن.

هەڵسـوکەوتی بابـم لەگـەڵ منداڵەکانـی بـە چەشـنێک بـوو کـە وەک خۆیـان دەیانگـوت، سـنووری نێـوان بـاوک و منـداڵ پێشـێل نەکـرێ یان بـە واتایەکی تر ڕێـزی نێوان بـاوک و منداڵ

درز نەبات. ڕەفتارەکانی بابم بە پێی پێناسەکانی فەرهەنگی کوردەواری بوو، گەرموگوڕ نەبوو، بەڵام بۆ ئەوەی لە قوتابخانەدا سەرم بەرز بێت، تەنانەت دیاریشی بە مامۆستاکانم دەدا بۆ ئەوەی ئاگایان لێم بێت. لە ڕواڵەتدا میهرەبان نەبوو، بەڵام لە ناخەوە میهرەبانتر و دڵسۆزترین باوک بوو. زۆرێک لە باوکانی ئەو سەردەمە ئەو تایبەتمەندییەیان هەبوو و نەیاندەزانی کە کوڕە هەرزەکارەکەیان پێویستی بەوەیە لەگەڵ باوکی پەیوەندییەکی سۆزداریی هەبێت. تێکچوونی پەیوەندیی نێوان باوک و کوڕێکی هەرزەکار، هەندێک جار دەرهاویشتەی خراپی دەبێ و زیان بە سەربەخۆیی کەسایەتی و شوناسی و تەنانەت پێگەیشتنی سۆزداریشی دەگەیەنێت و ڕەنگە کاریگەریی نەرێنی لەسەر ژیانی هاوبەشیشی دابنێت.

ژیانی من لە ژیانی هاوتەمەنەکانم نەدەچوو، لە گرژیی جاربەجاری نێوان من و بابمدا، دایکم پشتیوانیی لێم نەدەکرد و هەر نەنکم پاڵپشتم بوو. هەندێک جار هەست دەکەم، پاڵپشتیی بێپێچ و پەنای نەنکم نەیهێشت پەیوەندییەکی سروشتی لە نێوان من و دایکم بیچم بگرێت. دایکم ژنێکی سارد و خۆڕاگر بوو. زۆر نازی نەدەکێشاین و ئەوەندەی من باپیرە و داپیرەی دایکیم بناسم، بە دووری دەزانم دایکم ئەوەندە لە لاواندنەوەیان بەهرەمەند بووبێت. هەڵبەت ڕەنگە لەوە دڵنیا بووە کە نەنکم پشتگریی تەواوم لێ دەکات. هەرچەند هەندێک جار هەستم بە بۆشایی پەیوەندیی سروشتیی نێوان خۆم و دایکم دەکرد[1].

کاتێک لەگەڵ باوکم تێک هەڵدەچووم، بە نەنکمی دەگوت: " هەمووی خەتای تووە ناهێڵی ئەدەبی بکەم. ئەتوو وات لەو کوڕەی کرد". هەندێک جار خەتای من نەبوو. من ناچار بووم کەواوپانتۆڵ لەبەر بکەم چوونکە هێشتا پانتۆڵ یان وەک لای خۆمان دەڵێن شەڵوار عەجەمی یان دووفلیقانە باو نەبوو، یان وەک زۆربەی هەرزەکارانی هاوسەردەمی خۆم دەستکاری شێوازی کەواوپانتۆڵم دەکرد. زۆر کەس دەلینگی پانتۆڵەکەیان تەنگ دەکردەوە و نێونێفەکەکەیان دەبردە سەر و .... بەڵام ئەم نوێگەرێتی و دەستکاریکردنی کەواوپاتۆڵە بە لای بابمەوە پێکهاتەبەرزێنی بوو و قەڵسی دەکرد. یان بۆ نموونە لەگەڵ کۆمەڵێ لە هەرزەکارە

---

١ . لە ناو ژینگەی نەریتیی پەروەردەکردنی منداڵدا، دایک هەندێک جار هەوڵ دەدا بە بێدەنگیی خۆی لە بەر چاو منداڵەکان، پاڵپشتی پێگەی باوک، وەک دەسەڵاتی سەرەکیی بنەماڵە بێت، بەڵام بە نهێنی و لە فەزای ژن و مێردیی خۆیاندا دایک پشتگیری لە منداڵ دەکا و لای مێردەکەی ئەو بابەتە دەخاتە ڕوو کە بە ڕاستی پێی وایە حەق بە منداڵە. ئەم پەیوەندییانە ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی و نەریتییان هەیە و وەکوو خووخدەیەک لە بنەماڵەدا چەسپاون کە هەمیشە و هەتا ئێستاش لە هەندێ بارودۆخدا لە ناو خێزاندا دەبینرێت. ئەمە هێزی شاراوەی دایک و کاریگەریی لەسەر پیاو، وەک ڕەگەزێکی باڵادەست، پیشان دەدات. ئەوەی کە ئەم ڕەفتارە بە شێوەی نهێنییە، گوزارشت لەوە دەکا کە دایک و باوک لە کەڵکاوەژۆیی منداڵ ترساون و ئەمەش وای کردووە کە جۆرێک ناشەفافی دروست ببێت. باوک هێزێکی باڵادەست و هێمای دەسەڵاتە و لە پێوەندی لەگەڵ منداڵەکاندا هەمیشە سوودی لە ڕۆڵی دایک وەک کۆنترۆڵگەر وەرگرتووە. ڕەنگە لەم جۆرە پەیوەندییەدا لەگەڵ ئەوەی خاکەڕایی پیاو لای ژنەکەی دەردەکەوێ، قبووڵکردن و ڕەخنەهەوەرگرتنی پیاویش دەشاردرێتەوە.

کەشخەکانی شاری پیرانشار دەگەڕام کە ئەمەش تووڕەی دەکرد و دوای ئەوەی وازم لە خوێندن هێنا و بەر لەوەی دەستگیر بکرێم، چالاکییە سیاسییەکانم نیگەرانی کردبوو. باوکم کاتێک تووڕە دەبوو، دەنگی هەڵدەهێنا بەڵام لێی نەدەدام، باوکم قەت دەستی لە کەس بەرز نەدەکردەوە. ئێستا کە بیری لێدەکەمەوە، دەبینم ئەم گوڕاندن و دەنگ بەرزکردنەوەی زیاتر بۆ خەمخۆری بووە و بە لەبەرچاوگرتنی ڕابردووی سیاسیی خۆی، داهاتووی منی لە مەترسیدا دەبینی. باوکم ئەزموونی چالاکیی سیاسی هەبوو و نیگەرانی ئەوە بوو کە منیش تووشی هەمان ئەو گۆڵمەز و نەهامەتییانە ببمەوە و بنەماڵەکەم تووشی گێچەڵ ببنەوە. خۆ پێم وتن کاتێک باوکم لە زیندان بوو لە یەکەم دیدارماندا باوەشی پێدا کردم. چونکە ساڵانێک بوو کە لە باوەشی نەگرتبووم. لەناکاو دوای شەڕی نەغەدە لە ساڵی ١٩٧٩ بەرکەوتنی جەستەییمان پچڕا. نەک تەنها بۆ من، بەڵکوو پێم وایە بۆ باقی خوشک و براکانیشم هەمان شت بوو. باوکم تەنیا ئەو کاتە ڕووی خۆش بوو وا لەگەڵ هاوڕێکانی یان کەسێکی نەناسیاودا پێدەکەنی، بەڵام لە ماڵەوە ڕووی لەگەڵمان خۆش نەبوو. هەرچەندە ساڵانێک دوای ئەوە کە گەڕامەوە بۆ ئێران، زۆر مەزاجی گۆڕابوو، بەڵام لە سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵیماندا وا نەبوو. قسەکانی هەندێک جار بۆنی سووکایەتی و تانە و توانجی لێ دەهات و لە کۆتاییدا دەیوت کوڕی فڵان کەس وایە و وایە و ... کە گەورەتر بووم بەرەنگاری ئەم ڕفتارەی بوومەوە. هەر کە دەستی بە قسەکردن دەکرد، بە زەردەخەنەوە دەمگوت: "ئێستا دەڵێ کوڕی کاکە فڵان کەس دەچێتە دووکانەکەی باوکی و کار دەکات!" دەمزانی سەری گفتوگۆکە بەرەو کوێ دەڕوا و ئەگەر وەڵامیم دەداوە، تووڕەتر بوو. بۆ مێرمنداڵێک، بەراوردکردن و بێڕێزیکردن خراپترین سووکایەتییە و بەو کارەش، وەری مێرمنداڵ دەڕووخێت.

● وێنەی ٩٩. بابم، خۆم و نەنە. پیرانشار، ١٣٦٢ی هەتاوی (١٩٨٣)

هەتا ماوەیەک درێژەم بەم ڕەفتارە دا، بەڵام پێش ئەوەی بچمە سەربازی، ستراتیژییەکەمم گۆڕی. ڕەنگە لە ئەنجامی کتێب خوێندنەوەی زیاتر، تێگەیشتنم گۆڕابێ و دەمتوانی بە سەر دۆخەکەدا زاڵ بم. کە گەورەتر بووم، بیرۆکەی دیکە بە مێشکمدا دەهات و هێوری خۆمم دەپاراست. هەر کاتێک سەری قسەی دەکردەوە، من بێدەنگ دەبووم، کە دەیزانی من دەنگ ناکەم خۆی ئارام دەبووەوە. پاشان من لە شوێنی گفتوگۆکە دەچوومە دەرەوە، دەچوومە ژوورەکەم و کتێبم دەخوێندەوە یان لە ناو هۆڵەکەدا سەیری تەلەڤیزیۆنم دەکرد.

دوای ماوەیەک ئەویش گۆڕا و لەبەر ئەوەی من هیچ کاردانەوەیەکم نەدەبوو، بە بێدەنگی ڕاهاتین. ئیتر بەم شێوە بوو کە دوای ماوەیەک پەیوەندییەکەمان هێورتر و باشتر بوو؛ هەم من گەورەتر و ژیرتر ببووم، هەم ئەویش پیرتر و ئارامتر ببوو. دایکم و نەنەم هەمیشە ئامۆژگاریان دەکردم کە باوکم بێزار نەکەم. نەنکم لای هەموویان لایەنی منی دەگرت و دەیگوت: "کەریم، جارێکی دی ئاوا قسان لەگەڵ کامیل نەکەی!" بەڵام لای خۆم پێی دەگوتم: " کامیل ئاوا ڕەفتار لەگەڵ بابت مەکە". بە ئامۆژگارییەکی داپیرانە، باسی سەردەمی منداڵیی خۆی بۆم دەکرد کە باوکی هەراسان کردووە و چەندە لێی ترساوە. دەیگوت "بابت پیاوی چاکە و کۆڵێ ئیمکاناتی لە بەردەستت داناوە دەبێ ئێحتیرامی بگری". دایکیشم هەر قسەیەکی دەکرد: "ئەتوو حەقت نییە چکوولەترین قسەیەک بکەی کە بە دڵی بابت نەبێ، نابێ لە پشتە سەری بابت قسە بکەی".

عەشقی سەردەمی مێرمنداڵی

ساڵی ١٩٨٤ کە پیرانشار بۆردومان کرا، چووینە نەغەدە و ماوەیەک لە ماڵی پێشوومان نیشتەجێ بووین. دواتر مامم و باوکم، کە خاوەنی هاوبەشی خانووەکە بوون، فرۆشتیان و هەر یەکەیان لەو دەوروبەرەدا نیشتەجێ بوون. مامم خانوویەکی کڕی و ئێمەش خانوویەکی سێ ژوورەمان بە کرێ گرت و باوکم ئۆتۆمبێلێکیشی کڕی. مۆڵەتی شۆفێری نەبوو، بەڵام لە سەرەتای هەشتاکاندا ئەگەر ئۆتۆمبێلت هەبایە ئەوە ئیمتیازێکی تایبەت بوو. باوکم بە بێ مۆڵەتی شۆفێری بەو مەزدا سوورە هاتوچۆی دووکانەکەی لە پیرانشار دەکرد و منیش لای هەموو کەس خۆمم با دەدا کە باوکم ئۆتۆمبێلی هەیە، ڕەفتارێک کە تەواو ئاسایی بوو!

هەرچەندە ئاوی بۆریمان هەبوو، بەڵام لە هەندێک لە ڕێڕەو و کۆڵانەکاندا هێشتا پەمپی ئاو مابوو. یەکێکیان لە نزیک ماڵی ئێمە و لەبەردەم مزگەوتی حاجی عەزیز بوو. تامی ئاوەکەی شیرینتر و سازگارتر و بەخۆڕاییش بوو. ژنان و کچان بۆ خواردنەوە و چێشتلێنان لەوێ ئاویان دەهێنا. دووچەرخەسواریی پیاوان و ئەم پەمپی ئاوانە کە بە زمانی کوردی و تورکی پێیان دەوترا ترووماپا، هەتا ئێستاش بە هێمای شارەکە دادەنرێن.

لە کۆنەوە لە گوندەکاندا هێنانی ئاو لە کانی ئەرکی کچان و ژنان بووە. ئەمەش هۆکاری ئەفسانەیی و کۆمەڵایەتی هەبووە. لە ئەفسانە ئێرانییەکاندا ئاناهیتا، خوداوەندی ئاوە و کانیاوەکانیش هێمای بوونی ئەون لەسەر زەوی. هەر لەبەر ئەم هۆکارە نابێ پیاوان بچنە سەر کانی، چونکە ئەم کارە پیرۆزیی ئاناهیتا پێشێل دەکا، بەڵام لە ڕووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، لەوانەیە شوێنێکی گونجاو بووبێت بۆ یەکتربینینی گەنجان و تەنانەت هەڵبژاردنی هاوسەرەکانیان، بۆ ئەوەی کوڕە جەحێڵەکان کچە عازەبە دڵخوازەکانی خۆیان لە

سەر کانی ببینن[1]. لە شاری ئێمەشدا ئەم پرسە، بەرهەمهێنانەوەی نەریتێکی کۆنی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیکارانە بوو. کاتێک کچان دەهاتن بۆ ئاو، کوڕەکانیش سەریان هەڵدەدا. هەڵبەت سەرهەڵدانی کوڕان هۆکاری تریشی هەبوو، بۆ نموونە کاتێک دەستە خوشکەکانی مەحبووبە و تەبیبە دەهاتنە ماڵی ئێمە، کوڕەکان کە چەند ساڵێک لە من گەورەتر بوون، سەبارەت بەو کچانە زانیارییان لێم وەردەگرت و هەر لەبەر ئەوەش گەلێ ڕێزیان لێ دەگرتم. دواتر کە گەورە بووم لە هۆکاری میهرەبانی و ڕێزگرتنیان تێگەیشتم!

هەندێک جار ئاڵوگۆڕم دەکرد. هەمووان دەیانزانی من زۆر حەزم لە ڕۆمان و چیرۆکی پۆلیسییە. ئەوان کتێبیان پێدەدام، منیش زانیاری و ئاماری دەستەخوشکەکانی تەبیبە و مەحبووبەم پێیان دەدا. هەر لەو کاتەدا بوو کە هۆگریم بۆ ڕەگەزی بەرامبەر لە خۆمدا زیاتر بەدی کرد. بەسەرهاتەکە لە یەکێک لە دراوسێکانمانەوە دەستی پێکرد. ئەوان ماڵە ئاغا بوون و کچێکیان هەبوو کە دەستە خوشکی خوشکە بچووکەکەم بوو. هاوتەمەنم بوو، بەڵام نازانم بۆچی وای نیشان دەدا کە هاوتەمەنی خوشکەکانمە. ئای کە چەندەم هەوڵ دەدا کە سەرنجی ڕابکێشم، جلوبەرگی جوانم لەبەر دەکرد، بە لایدا تێدەپەڕیم، سڵاوێکی خێرام لێدەکرد و هتد ... بەڵام ئەو ئەوەندە شەرمن بووم کە هیچ ڕووی نەدەدا. ئەم خۆشەویستییە تەنیا لە مێشکی مندا بوو و هیچ دەرکەوتنێکی دەرەکی نەبوو.

وێنەی ١٠٠. وێنەی تروومپا لە شاری نەغەدە

سەرتان نەیێشێنم سەردەمی هەرزەکاری سەردەمی خۆشەویستی و عەشقی کورتخایەن و سەرشەقامی بوو. عەشق و خۆشەویستییەک کە بە چەند وشە و نامەگۆڕینەوە کۆتاییان پێ دەهات و هاوتەمەنەکانم، هەموو دەرفەتێکی کورتیان بۆ پەیوەندیگرتن دەقۆستەوە. خۆ هەموو ماڵەکان تەلەفۆنیان نەبوو و هەلی یەکتربینینیش بۆ هەموو کەس نەدەڕەخسا، بۆیە باشترین ڕێگە بۆ پەیوەندیکردن نامەگۆڕینەوە بوو. دەفتەرگەلێکمان دەکڕی کە قاپێک لەسەر لاپەڕەکانی بوو و دڵێک کە تیر پێکابووی و خوێنی دەتکایە ناو قاپەکەوە، لە قەراغەکانیشیدا چەند لق گوڵاڵە سوورە کێشرابۆوە و دڵی بە تیرپێکراوی عاشق پیشاندەری ڕوانینی عاشقانەی کچان بوو کە وەکوو تیر دڵان ڕێش دەکەن.

---

١ . سەبارەت بەمە زۆرێک لە گۆرانیبێژانی ناوداری کورد سترانی بەناوبانگیان هەیە و شێعری فۆلکلۆر لەم بارەوە زۆرە.

هەر لاپەڕەیەک کە جوانتر و دراماتیکتر و خوێناویتر بوو، دەماندا بە خۆشنووسترین هاوپۆلەکانمان، ئەوانیش بە وەرگرتنی پارە و نووشابە و کێک، نامەیان بۆ دەنووسین. هەموو نامەکان لە یەک دەچوون، واتا نامەیەک وەک خەڵکی ئێستا دەڵێن کۆپی دەکرا. ئەو منداڵانەی وا بەسەلیقە بوون، هەندێ وشەی کلیشەییان بە دوای یەکدا ڕیز دەکرد و نامەی خۆشەویستییان دەنووسی. هیچ کام لە نامەکان ناویان نەبوو، نە ناوی نووسەر و نە ناوی وەرگر، و هەموویان ڕۆمانسی بوون و لە کۆتاییدا شیعرێکیشیان تێدا دەنووسی. ناوەڕکی گشتیی نامەکە ئەوە بوو کە تۆم بینی و لە یەکەم نیگادا عاشقت بووم. هەموو تەکنیکە دەروونی و وروژێنەرەکانی ئەو سەردەمە لەم نامانەدا دەبینران. لەوەش سەیرتر ئەوە بوو کە هەموومان یەکێ لەو نامانەمان لە گیرفاندا بوو. ئەوەندەی بۆمان دەکرا نامەکەمان بچووک دەپێچاوە و بە تەواوی چەسپمان لێ دەدا. دەبا نامەکەمان ئەوەندە گچکە و گڵۆڵە بکردایەتەوە، کە کاتێک دەگەیشتینە لای کچێک و خۆشمان لێ بهاتبایە، بتوانین لە چاوتروکانێکدا نامەکە فڕێ بدەینە بەر دەمی. ڕۆژی دواتر یان ماوەیەک دواتر، دەگەڕاینەوە بۆ ئەوەی بزانین کچەکە چ کاردانەوەیەکی بۆ نامەکە هەیە. ئەگەر ڕازی بایە، ڕەنگە ئەویش نامەیەکی تووڕ بدایە، دوای یەک ڕۆژ دوو ڕۆژ دۆستایەتی دەستی پێدەکرد و پێکەوە گفتوگۆیەکی کورتمان دەبوو. کە دەڵێم پەیوەندی تەنها بە واتای چاوپێکەوتن و بینینی یەکتر بوو لە کووچە، لەبەردەم ماڵ، یان لە ڕێگای قوتابخانە. ئەگەر دەرفەتێک هەبا، پەیوەندییەکی کورتی زارەکی کە تەنها چەند وشەیەک بوو، ئاڵوگۆڕ دەکرا. بە هۆی ئەوەی فەرهەنگی نەریتی بە سەر کۆمەڵگادا زا بوو، کەم پێش دەهات کە پەیوەندیی نێوان کچان و کوڕان پێشکەوتن بە خۆوە ببینێ، مەگەر حاڵەتێکی دەگمەن ک ئەویش ئاوارتە بوو. زۆر یادەوەریم لە گەنجانی ئەو سەردەمە هەیە کە نامەکانیان لە جێگایەک دەکەوت کە نەدەبا بکەوتبا، جا بەرسەرهاتی ناخۆشی لێ دەکەوتەوە. بۆ نموونە باوکی کچەکە، دایکی، یان براکەی نامەکەیان دەبینی و دەیانخوێندەوە، جا ئەوکات چاوتان ڕۆژی خراپ نەبینێ ...

لەو کاتەدا تەلەفۆن تازە هاتبووە ناوچەکە، ئەگەر تەلەفۆنیان هەبایە کە چ چاکتر ئەگەر نەبایە لە کاتێکی دیاریکراودا لە سەر ڕێگای قوتابخانە دەوستای و ئەگەر زۆر بەخت یارت ببایە لە ماڵی دراوسێ و خزم پێکەوە قسەتان دەکرد. ئەگەر هەر دوو لا زۆر بوێر بوونایە و کچەکە خێزانێکی سادەی هەبایە، ڕەنگە بتتوانیبا شەوێک جێژوانی لەگەڵدا ساز بکەیت. لە فەرهەنگی کوردیدا گەلێ شێعر و چیرۆک لەسەر جێژوانی شەوانە نووسراوە، وەک ئەم بەیتەی هێمن موکریانی کە دەڵێ:

لە جێژوانێ لە مێژە چاوەڕێتم نەهاتی کیژی جوانی هەڵبژاردە!

بـە گشـتگیربوونی تەلەفـۆن، ئیـدی بـازاڕی قسـەکردنی شـەوانەی کچـان و کـوڕان گـەرم بـوو. ئـەو کچانـەی وا بـرای جەحێڵیـان نەبـوو یان لـە ژێـر چاودێریی تونـددا نەبـوون، دەیانتوانی شـەوانە بـە تەلەفـۆن قسـە بکـەن. هەندێـک جـار کچـەکان تەلەفۆنیـان لـە ژووری هاڵەکـە یـان ژووری میـوان دەدزی و دەیـانبردە ژوورێکـی دیکـە، یـان ئەگـەر دۆخـی ئابووریـیان بـاش بووایـە تەلەفۆنێکی دیواریان دەکڕی کە تایبەتی چێشـتخانە بوو و لە نیوەی شـەودا بە نهێنی قسـەیان دەکـرد. زۆر جـار دەمبینـی کـوڕە جەحێڵـەکان بـەو پـارەی کـە دیـار بـوو خۆیـان پاشـەکەوتیان کردبـوو، لـە دووکانـی باوکـم تەلەفۆنـی دیواریـیان بـۆ دۆسـتە کچەکانیـان دەکـڕی. جـاری وا بـوو ئـەم تەلەفۆنانەمـان دەکڕییـەوە و دیسـان پـێمان دەفرۆشـتنەوە، چونکـە دایـک و باوکـەکان تەلەفۆنەکەیـان دەدیتـەوە و ئەگەر نەیانشـکاندبا، پێیان دەفرۆشـتین و کڕیارەکانـی دیکە دووبارە لێمانیـان دەکڕییەوە.

کۆمیتـەی ئینقلابـی ئیسلامـی و پۆلیسـی ئـەخلاق نـاسراو بـە گەشـتی ئیرشـاد، لـە سـەردەمی ئێمـەوە هەتـا سـەردەمی ژینـا

عەشـق و عاشـقی لـە شـارە بچووکەکانـدا دوو هەڕەشـەی گەورەیـان لـە سـەر بـوو؛ یەکـەم: کۆمیتـەی ئینقلابـی ئیسلامـی و دووەم: بنەماڵـە. مەترسـییەکانی کۆمیتە زۆر گەورەتـر لە خێزان بـوو و هیـچ پەیوەندییەکیشـی بـە فەرهەنگـی نەریتـی و مۆدێرنـەوە نەبـوو و لـە هەموو شـارەکاندا زاڵ بـوو. ئەگـەر دایـک و باوکـی کچەکـە بیانزایبایـە کچەکەیـان دۆسـتی هەیـە ئـەوە دەمەقاڵـە دروسـت دەبـوو، بـەڵام لە کۆتاییـدا لە پێناو شـەرەف و ئابڕووی بنەماڵـە، بابەتەکەیان زۆر ئاشـکرا نەدەکـرد. پۆلیسـی ئـەخلاق یـان کۆمیتـەی پیرانشـار کـە ئەوسـا حاجـی سـادقیان بەڕێوەبـەری بوو، زۆر سـەختی دەگرت. هەڵبەت دواتر پەیوەندیی سێکسـیی لەگەڵ دوو لەشفرۆشـی شـاری پیرانشـار لەقـاو درا. براکەشـی یەکێـک لـە فەرماندەکانی سـپای پاسـداران بـوو و کاتێک چوومە سـەربازی، بەڕێکـەوت لـە مـاوەی سـێ مانگـی مەشـق و ڕاهێنـان واتـا ئاموزشـی سـەربازی لـە شـاری سـاینقەڵا، بەرپرسـی سـەربازگەکەمان بوو.

کۆمیتـەی ئینقلابـی ئیسلامـی یەکەمیـن ڕێکخـراوی سـەربازی بـوو کـە لـە دوای ئینـقلاب، لـە ٢٣ی ڕەشـەممەی ١٣٥٧ (١٤ ئـازاری ١٩٧٩) بـە فەرمانـی ڕوحـوڵڵا خومەینـی دامـەزرا. کۆمیتـە بەرهەمی سـەردەمی ئینقلاب بوو و هەتا سـاڵی ١٣٦٨ی هەتـاوی[1] (١٩٨٩ز)، هێزێکی

١. کۆمیتـەی ئینقلابـی، سـاڵی ٨٦٣١ی هەتـاوی (٩٨٩١ ز) دوای دەرکردنـی یاسـای فەرماندەیـی ئینتیزامـی، لـە گـەڵ ژاندارمـەری و شـەهربانی تێکـەڵ کـران و فەرماندەیـی ئینتیزامیـی کۆمـاری ئیسلامیی ئێـران دامەزرا. بنکە سـەرەتاییەکانی دامەزراندنـی کۆمیتـەکان مزگەوتـی گەڕەکـەکان بـوون و لـە هـەر کۆمیتەیەکـدا پیاوێکـی ئایینـی ڕۆڵـی سەرپەرشـتیاری هەبـوو. محەمـەدڕەزا مەهـدەوی کەنـی، یەکەمیـن سـەرۆکی کۆمیتـەکان بـوو. ئـەم ڕێکخـراوە لـە سـەرەتای دامەزراندنیـدا، بـە پشـتبەستن بـە دامـەزراوە سـەرەکییەکانی دەسـەڵات، خەریکـی داماڵینـی چـەک و دابینکردنـی ئاسایشـی بەشـێک لـە

هاوتەریبی پۆلیس و ژاندارمەری بوو، هەر وەکوو سپای پاسداران کە هاوتەریب لەگەڵ ئەرتەشدا کاریان دەکرد. هەموو ئێرانییەکان لە ساڵانی هەشتاکاندا، بە هەر تەمەن و چین و توێژێکی کۆمەڵایەتییەوە، بەرکەوتنیان لەگەڵ ئۆتۆمبێلی پاترۆڵی کۆمیتە هەبووە. لە ساڵانی سەرەتای ئینقلابدا بەشێکی گرنگی کاری ئەم کۆمیتانە لە شارە گەورەکاندا، گرتنی ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهیدین بوو و ڕاپۆرتی زۆر لە سەر پێکدادانی نێوان هێزە چەکدارەکانی ڕێکخراوی موجاهیدین و کۆمیتە تۆمار کراوە. فەلسەفەی وجوودیی[1] ئەم دوو هێزە ئینقلابییە، واتە کۆمیتە و سپا، خەساندن و ڕێگریکردن لە ئەگەری کودەتا لە لایەن ئەرتەش و ژاندارمەری و شەهرەبانییەوە بوو و لە هەمان کاتدا چاودێریشیان دەکردن. دوای ئەوەی هێزی ئینتیزامی لە تێکەڵبوونی هەر سێ هێزی ژاندارمەری و شەهرەبانی و کۆمیتە پێک هات، زۆربەی فەرماندەکانی هێزی ئینتیزامی لە ناو بەرپرسانی کۆمیتە هەڵبژێردران، بەڵام هەراسانکردنی خەڵک و نەوەی گەنج وردەوردە کەم بووەوە و تا ڕادەیەک لە دۆخی ئینقلابیگەری هاتە دەرەوە. هەڵبەت خەڵک و بەتایبەت ژنان هێشتا گلەیی لە کردەوە توندوتیژەکانی هێزی ئینتیزامی، بەتایبەت گەشتی ئیرشاد، دەکەن و لەم ساڵانەی دواییدا خۆڕاگریی گشتی دژ بە حیجابی ناچاری زیادی کردووە. گەشتی ئیرشاد (پۆلیسی ئەخلاق) ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی (٢٠٠٨ ز)، لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی مەحموود ئەحمەدی نژاد دەستی بە چالاکییەکانی کرد و درێژەپێدەری بەشێک لە ئەرکەکانی کۆمیتەی ئینقلاب سەبارەت بە حیجابی ژنان و کچان بوو.

گەشتی ئیرشاد یان پۆلیسی ئەخلاق لە پێناو پاراستنی دەستکەوتەکانی ئینقلابی ئیسلامی، کە حیجابی زۆرەملی زەقترینەکەیانە، تەنانەت ڕەنگ و قەبارە و شێوەی جلوبەرگی هاووڵاتیان، بەتایبەت ژنان و کچانیان دیاری دەکرد. زۆرێک لە هاووڵاتیان لە هەراسانکردن و کۆت و بەندەکانی هێزەکانی ئینتیزامی و گەشتی ئیرشاد وەڕەز ببوون و نارەزایەتیان دەربڕی،

ناوەندەکان، دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵ، دانانی کەسانی بەرپرس لە هەندێک دامەزراوە، دەستگیرکردنی هەندێک لە بەرپرسانی پێشوو و کاروباری دیکە بوو و بۆ هیچ کامیان هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی مەهدی بازرگان نەدەکرد. بە هۆی پێکهاتنی خێرای ڕێکخراوەکە و لاوازیی لە بەڕێوەبردن و چاودێری، چەندین حاڵەتی پێشێلکردنی یاسا و مافەکانی مرۆڤ لەناو هەیکەلی کۆمیتەکەدا ڕوویان دا، کە گرنگترینیان دانانی ئیسماعیل ئیفتیخاری (ناسراو بە ئسمال تیغزەن) بوو وەک فەرماندەیی یەکێک لە کۆمیتەکانی تاران.

١ . بە پێی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران - ماددەی ١٥٠- ئەرکی سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی پاراستنی ئینقلاب و دەستکەوتەکانیەتی (بێگومان سنووری دەسەڵاتەکانی دواتر بە یاسا پەسەند کرا و ڕوون کرایەوە). بە پێی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران - ماددەی ١٤٣- ئەرکی ئەرتەشی کۆماری ئیسلامیی ئێران پاراستنی سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی ئێران و ڕژێمی کۆماری ئیسلامییە. هەر لەبەر ئەم هۆکارە ئەم دوو هێزە چەکدارە زۆر یەکڕیز نەبوون. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی پێکهێنانی سپای پاسداران ترس لە کودەتای ئەرتەشییەکان بوو و لە ڕاستیدا تا ڕادەیەک سپای پاسداران توانی ئەرتەش کۆنترۆڵ بکات.

بـەڵام بێسـوود بـوو. زۆرێـک لـە کچـان و ژنان بـە بیانـووی ڕەچاونەکردنـی حیجاب یـان هەبوونی پەیوەندیـی نایاسـایی و بەشـداریکردن لـە ئاهەنگی تێکەڵاودا دەسـتگیر کـران و ڕاپۆرتی زۆریش هەیـە سـەبارەت بـەوەی کـە ئـەو کەسـانەی کـە لـە میوانیـی تێکـەڵاو لـە دەسـت پۆلیـس ڕایـان کـردووە بـە هـۆی تەقەی پۆلیسـەوە جەسـتەیان بریندار بـووە و هەندێکیـان پەتەمازەیـان قرتاوە. هەروەها چەند کەسێکیش لە زیندانی پۆلیسـی ئاسایشـی ئەخلاقیدا بە شـێوازی گوماناوی یان لـە ژێـر ئەشـکەنجەدا گیانیـان لەدەسـت دا. یەکێـک لـە یەکەمین قوربانیانی گەشـتی ئیرشـاد، سـارا پەرسـتاری نەخۆشـخانەیەکی شـاری تاران بـوو کە لە سـاڵی ١٣٨٧ی هەتـاوی (٢٠٠٨ ز) دوای ئـەوەی لـە لایەن گەشـتی ئیرشـادەوە گیـرا و گواسترایەوە بـۆ ناوەندی پۆلیـس و دواتر ئازاد کـرا، بـە شـێوەیەکی گومانـاوی گیانـی لەدەسـت دا و دواتـر پزیشـکی داد هـۆکاری مردنەکەیـی وەسـتانی دڵ بەهـۆی ژەهراویبوونـەوە ڕاگەیەنـد. خاڵـی سـەرنجڕاکێش ئەوەیە کە پێـش مردنی، یـان بـاشتر بڵێیـن دوای ئازادبوونـی و گەڕانـەوەی بـۆ بەشـی ناوەنـدی (خابـگا)، بـە تەلەفـۆن قسـەی لەگـەڵ دایکـی کـردووە و پێـی وتـووە بروسـکێک بـە لای دڵیـدا دێـت. نـاوی یەکێک لە ئەفسـەرەکانی گەشـتی ئیرشـاد دەداتـە دایکـی و پێـی دەڵێ ئـەم ناوەت لـە بیر بمێنێـت. ڕۆژی دواتـر سـارا لـە ژیانـدا نەمـا. سـەرەڕای تۆمارکردنـی سـکاڵا، بنەماڵـەی سـارا هیچیان بـۆ نەچووە سـەر و دۆسـیەکە داخـرا و ئـەو ئەفسـەرەش کـە نـاوی هێنابوو، بـە بێتـاوان دەرچوو.

ئـەم بابەتـە چەنـد جارێـک بە شـێوازی جیـاواز دووبـارە بـووەوە. هەتا ئـەوەی کـە ڕۆژی ٢٢ی خەرمانانی سـاڵی ١٤٠١ی هەتاوی (١٣ ئەیلوولی ٢٠٢٢)، کچێکی خەڵکی سەقز بە ناوی ژینا (مەهسـا) ئەمینـی کە بۆ سـەفەر لەگـەڵ بنەماڵەکەی ڕۆیشـتبووە تاران، بە بیانـووی بەدحیجابی لـە لایـەن یەکەیەکی گەشـتی ئیرشـادەوە دەستبەسـەر کـرا. بە پێـی هەندێک لـە زانیارییەکان، ناوبراو لە بارەگای گەشـتی ئیرشـاد تووشـی جەڵتەی مێشـک بوو و دوای چەند ڕۆژێک مانەوە لە نەخۆشـخانە، بە شـێوەیەکی زۆر نادادپەروەرانە گیانی لەدەسـت دا. هەواڵی مردنی ژینا ئەمینی وەکـوو بۆمبێکـی پـڕ لـە توڕەیـی خەڵـک لـە ٢٥ی خەرمانانـی ١٤٠١ی هەتـاوی (١٦ ئەیلوولی ٢٠٢٢ ز)دا تەقییـەوە. لەگـەڵ ڕاگەیاندنـی مانگرتنـی سەرتاسـەری لە کوردسـتانی ڕۆژهەڵات لە سـەر داوای حیزبـە کوردییەکانـەوە، سـەرەتا لـە شـارەکانی کوردسـتان و پاشـان هەتـا ماوەیەکی زۆر لـە زۆربـەی ناوچەکانـی ئێران، هاووڵاتییان ڕژانە سـەر شـەقامەکان و دژ بـە حیجابی ناچاری و عەلـی خامنەیـی ڕێبـەری باڵـی ئێـران دروشـمیان دا. لـە هەندێـک لـە شـارەکاندا زۆر لەچـک سـووتێنران و مردنـی ژینـا بـوو بە بیانوویـەک بۆ ئـەوەی ماوەیـەک یەکڕیزی و تەبایـی خەڵک پتر فام بکرێـت و ببینرێت.

بـە پێچەوانـەی ئەو شـتەی کە لـە لایەن دەسـەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێـران و میدیای حکوومیـەوە پیشـان دەدرێ، نارەزایەتییەکانـی کۆمەڵـگای ئێـران لـە دوای ڕووداوی مەرگـی ژینـا ئەمینـی، تەنیـا نارەزایەتییەکـی ژنـان بەرامبـەر بە حیجابـی ناچـاری نەبوو. ڕاسـتی و بەڵگە

کۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆ لە ئێراندا ئاماژە بەوە دەکەن کە مردنی ئەم کیژە کوردە، بوە هۆی کولانەوەی نارەزایەتییە کەڵەکەبووەکانی دەیان ساڵی ڕابردوو، لەوانە: نارەزایەتیی ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی. نارەزایەتییەکانی ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی (٢٠٢٢ ز) لە ڕووی سروشت و پێکهاتەوە لەگەڵ نارەزایەتییەکانی پێشوو جیاواز بوو. بە پێچەوانەی نارەزایەتییەکانی دیکە، بە شێوازێکی سەمبۆلیک زۆربەی بوارەکانی گرتەوە و تەنانەت تا ماوەیەک بە شێوەی تەواو ناوچەیی بەردەوام بوو. هەرچەندە سەرەتا دەرکەوتەیێکی ژنانەی بەرچاوتری هەبوو، بەڵام زۆری نەخایاند بوو بە نارەزایەتییەکی ئەوپەڕجێندەری و ژن و پیاوەکان پێکەوە دروشمیان بۆ بەرگریکردن لە مافەکان دەوتەوە و تەنانەت هەندێک جاریش ڕەنگ و بۆنی ئێتنیکی و نەتەوەیی بە خۆوە دەگرت. گرووپە دەستڕۆیشتووەکانی ناو کۆمەڵگا ڕۆڵێکی باشیان گێڕا و لە مێرمنداڵان و خوێندکارانەوە بگرە هەتا بلیمەت و کەسانی خوێندەوار، پزیشک و پارێزەر و هەروەها ڕێکخراوە پیشەسازییەکان، هەموویان لەم نارەزایەتییەدا چالاکییان نواند.

ڕۆڵی گرووپە بەرچاوەکان لەوانەش وەرزشوانان و هونەرمەندان لەم بزووتنەوە نارەزایەتییانەدا بە شێوەیەکی ڕەمزی زەق و دیار بوو و دەمانبینی کە ژمارەیەکی زۆر لە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان وردە وردە پەیوەستی نارەزایەتییەکان دەبوون. تایبەتمەندییەکی گرنگی دیکەی ئەم نارەزایەتییە پێشڕەویی هێورانەی بزووتنەوەکەیە کە جگە لە نەبوونی سەرکردە، خۆڕسک بوو و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و خودی خەڵک سەرکردەی بوون، کە ئەمەش وای کردبوو کە ئەم نارەزایەتییە ببێتە دیاردەیەکی ناوازە کە لەگەڵ بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی دەیان ساڵی ڕابردوودا لە ئێران جیاوازی هەبوو. کۆمەڵگای ئێران لە دەیان ساڵی ڕابردوودا لە هەموو ڕوویەکەوە بە بارودۆخێکی زۆر سەختدا تێپەڕیوە. بە جۆرێک کە تایبەتمەندییە جەماوەرییەکەی، لەوانەش یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی، هەستکردن بە پابەندیی کۆمەڵایەتی، شوناسی کۆمەڵایەتی و سەرمایەی کۆمەڵایەتی وەکوو هاوسۆزی و بەها ڕەمزییەکانی، پەراوێز خرا بوون و لایەنێکی ئەتۆمیزەیان بە خۆوە گرتبوو، بەڵام ئەم ڕەوت و بزووتنەوانە هەڵێکی هێنایە ئاراوە کە جارێکی دیکە قورسایی پشتگوێخستنی کۆمەڵایەتی لەم کۆمەڵگایەدا کەم ببێتەوە و هەموو ئەو شتانەی کە توخمی سروشتی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگایەکن، ببوژێنەوە.

با بگەڕێینەوە بۆ شەستەکان. پیرانشار شارێکی بچووک بوو، بەڵام چەند ئۆتۆمبێلی گەشتی کۆمیتەی تێدا بوو کە ئێواران و لە کاتی قەرەباڵغیدا بەتایبەت لە نزیک قوتابخانەی کچان دەوریان لێدەدا. منیش لە دەست گەشت سەلامەت نەبووم و لەبەر دوو هۆکار هەمیشە لەگەڵیان تێک هەڵدەچووم. من یەکێک لە یەکەم کوڕەکانی پیرانشار بووم کە تیشێرتم لەبەر دەکرد و ئەویش لە سەردەمێکدا کە پۆشینی تیشێرت و پانتۆڵی جین تاوان بوو و هەندێک جار سزای قورسی بە دواوە بوو. هەروەها وەکوو هیندییەکان قژم چەور دەکرد و بە کورتی ڕوخسارێکی مۆدی ڕۆژم هەبوو. ئەو گەنجانەی ئەم جۆرە جلوبەرگەیان لەبەردا بایە زوو زوو

ڕادەگیران و دەپشکێنران و دواتر دەبرانە کۆمیتە و سەریان بە شیوازێکی ناسراو بە چواررِیان هەڵدەقاچی. هەندێک جار لێیان دەدام و ئەگەر جیددیتر بووایە دەیانناردمە زیندان. پاشان تەلەفۆنیان بۆ ماڵەوە دەکرد و کێشە کە ئەوەندەیتر قووڵ دەبۆوە.[1]

من و حەبیبەی ئامۆزام هەندێک جار بەیانیان پێکەوە دەچووینە قوتابخانە. ماڵمان لێک نزیک بوو و ئەوانیش تازە لە نەغەدەوە هاتبوونە پیرانشار. ڕۆژێکیان پێکەوە دەچووین بۆ قوتابخانە، ئەفسەرانی کۆمیتە گەیشتن و پێیان وا بوو دۆستین. هەرچەند گوتمان ئێمە ئامۆزاین، شیری یەکترمان خواردووە و خوشک و برای شیرین و لە ڕوانگەی نەریت و ئیسلامدا ئێمە پێکەوە مەحرەمین[2]، باوەڕیان پێ نەدەکردین. هەر دووکمانیان بردە کۆمیتەی ناوەندی، کە لە گەڕەکی زەرگەتەن بوو، کە یەکێک لە گەڕەکە هەرەکۆنەکانی شاری پیرانشارە. زۆر پرسیاریان کرد و زانیان کە وەڵامەکانمان هاوشێوەن. تەلەفۆنیان بۆ مامم و بابم کرد کە بێن بە دواماندا. کە گەیشتن گوڕاندیان بە سەرماندا کە خەتای ئێوەیە! سەرمان سووڕ ما و سەرسام بووین ... باشە چیمان کردبوو کە خەتاکار بین؟!

● وێنەی ١٠١. مێرمنداڵیی من و دەستپێکی جگەرەکێشانم، نەغەدە، ١٣٦٦ی هەتاوی (١٩٨٨)

یەکێک لەو تاکتیکانەی کە گەنجان لە کاتی دەستگیرکردنیان بەکاریان دەهێنا، ئەوە بوو کە ئەو نامانە وا پێشتر باسم کرد، دەیاندڕاند یان دەیانشاردەوە بۆ ئەوەی ئەندامانی کۆمیتە لە کاتی پشکنینی جەستەییدا نەیدۆزنەوە. دەستبەسەربوون لەسەر نامەی خۆشەویستی، جگە

---

١ . ئەمە کێشەیەک بوو کە کۆمیتە تەنگی بە بەشێک لە گەنجانی شار هەڵچنیبوو. پێم وایە ئەگەر گەنجانی ئێران سەبارەت بە گەشتی کۆمیتە لە شەستەکانی هەتاویدا گێڕانەوەی خۆیان بنووسن، ئەوا ڕۆمانێکی سەرنجڕاکێش و درێژی لێ دەردەچێت. هەرچەندە ئەم پێکهاتە ئایدیۆلۆژییە توندوتیژە لە حەوتاکاندا کەمێک هێور بووەوە، بەڵام بە جۆرێکی دیکە سیستەمی سەرکوتکردنی ئایدیۆلۆژیکی لە قوتابخانە و زانکۆکاندا سەری هەڵدا. لە ڕاستیدا پێکهاتەی سەرکوتگەر و توندوتیژی و ئایدیۆلۆژیکی لە ناو نەچوو و تەنیا بە تێپەڕین لە شەستەکان بەرەو حەوتاکانی هەتاوی سیما و سازوکارەکەی گۆڕا و لە فەزای کراوەی کووچە و شەقامەکانەوە گواستراوە بۆ دامەزراوە داخراوەکانی پەروەردە و بەکۆمەڵایەتیکردن و فەرهەنگگریی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا، واتە فەزای قوتابخانە و زانکۆکان بۆ ئەوەی بتوانێ کۆنترۆڵێکی جیاواز و وردتری هەبێ و سازوکار و میکانیزمە سەرکوتکەرەکانی خۆی لە بواری فەرهەنگیدا جێبەجێ بکات.

٢ . بە پێی بۆچوونی ئایینی ئیسلام ئەگەر منداڵێکی خوار تەمەنی دوو ساڵ لە کاتی کۆرپەییدا پێنج جار شیری ژنێک بخوا، ئەوا بە منداڵی ئەو ژنە دادەنرێت. ژنەکە دەبێتە دایکی شیریی ئەو منداڵە، منداڵەکەش بۆ باقی منداڵەکانی ئەو ژنە دەبێتە مەحرەم و پێیان دەوترێ خوشک و برای شیری. بە گوێرەی بۆچوونی فەقێکان، مێردی ژنەکەش بە باوکی منداڵەکە دادەنرێ و ئەم بابەتە لە فیقهدا پێی دەوترێ "لبن الفحل".

لە لێدان بە کابڵی کارەبایی هیچی دیەکی لێ نەدەکەوتەوە کە ئازاری زۆری هەبوو. یەکێک لەو چەند جارەی کە گیرام – چەند جارێک بەم کابڵانە لێیان دام - بینیم کون و قوژبنەکانی پشت ئۆتۆمبێلی گەشتی کۆمیتە پڕ بوون لە نامە. دەستبەسەربوون بە نامەوە گەلێ ترسناک بوو، کاتێک لە کۆمیتە بە تەزووی کەیبڵ لێیان دەدایەوە یان ڕاپۆرتیان لە سەر ببایەت کە لەگەڵ کەسێکدا دەستبەسەر ببایت یان عارەقت بخواردایەتەوە یان ڕاپۆرتیان لە سەر ببایەت کە لەگەڵ کەسێکی دیکەدا بووی، گۆڵمەزی لێ دروست دەبوو ... دۆسیەت بۆ تۆمار دەکرا و پاشان دەچوویتە دادگای ئینقلاب و ئینجا لەوێوە بۆ زیندانی شارەکانی نەغەدە و ورمێ ... لە ڕێگاشدا دیسان تێهەڵدانێ دەکرایت. بە کورتی کۆمیتە چۆنی پێخۆش بایە هەڵسوکەوتی دەکرد و هەموو شارەکەی لە ژێر ڕکێفیدا بوو، ئەمانەی باس کرا ڕووداوی باوی سەردەمی هەرزەکاریمان بوون. هەڵبەت خۆڕاگریش دەکرا، کە لەگەڵ تێپەڕینی کات بەردەوام زیاتر دەبوو. لە وەختە قەرەباڵغەکان و کاتی ئێواران و نوێژی شێواندا، گەنجان هەندێکیان سواری پاترۆڵ نەدەبوون و نەیاندەهێشت بگیرێن. کاتێک هەرچی هەراسانکردن و دەستگیرکردنەکان زیاتر دەبوونەوە، خۆڕاگریش زیاتر دەبوو. بەتایبەت ئەگەر بیانوێرابا و بیانویستبا کچێک سواری پاترۆڵەکەیان بکەن، ئیتر خەڵک تووڕە دەبوون نەیاندەهێشت کۆمیتە لەگەڵ خۆیان ببەن و دەستیان دەکردەوە و هێزەکانی کۆمیتەش تەقەی هەواییان دەکرد.

مەحبووبە چی لە ئەبووسێزدە کرد؟

ژیان چرکەساتی وا تاقەتپڕووکێنی تێدایە، کە تەنانەت وەبیرهێنانەوەیان دوای چەند ساڵ هەناسە و دڵی مرۆڤ قورس و توند دەکات. ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی (١٩٨٤ ز) بۆ ئێمە هێندە تاڵ و ناخۆش بوو و هەندێک جار پێم سەیرە چۆن لەو ساڵە تاریکەدا ڕزگارمان بوو و گەیشتینە ئەمڕۆ. وەک باسم کرد دوای بۆردومانی درندانەی فڕۆکە عێراقییەکان پیرانشارمان بەجێهێشت. هەندێک جار لەگەڵ بابم دەگەڕامەوە و پیرانشارم وەکوو شاری تارماییەکان کە بێبەرییە لە ژیان و ترسناک و وەهماوییە دەبینی. زۆر ماڵ خاپوور ببوون و هەموو شتێک گوڕ و تینی ژیانی لێ بڕابوو.

بڕیار وا بوو قەرزی بانکی (وام) بدەن کە ماڵەکان نۆژەن بکرێنەوە، بەڵام خەڵک دەترسان. دەنگۆی ئەوە بڵاو هەبوو کە عێراق لە سنوری حاجی عۆمەران کامێرای داناوە و ئاگای لێیە کە ئەگەر دانیشتووانی شار گەڕانەوە، دیسان پیرانشار بۆردومان بکاتەوە. خەڵک لە ڕووی نائومێدیەوە باوەڕیان بە هەموو قسەیەک دەکرد و دۆخەکەش یەکجار سەخت بوو. کاتێک گەڕاینەوە، کێشە تەنیا ڕووخانی دیواری پشتەوە نەبوو، بەڵکوو بەشێکی زۆری دیواری ماڵەکە

هـەڕۆژا بـوو. شـار هێـور نەبـوو و لـەوە دەترسـاین دیـواری دیـوی پشـتەوە بـە سـەرماندا بڕمێـت. دەبـا چـاکمان بکردایەتـەوە و پێویسـتمان بە کات بـوو. ماوەیەک لە ماڵـی هاوڕێیەکی مەحبووبە ژیایـن، دیردەیـەک کە لە دۆخی ئاسـاییدا سـەیر و سـەمەرە، بـەڵام ڕۆژانە لە هەمـوو ڕوویەکەوە لە هەلومەرجێکی نائاسـاییدا دەژیاین.

مەحبووبـە بـە هـۆی بۆردومانەکـەی سـاڵی ١٣٦٣ی هەتـاوی (١٩٨٤ ز) تـەواو تێـک چـوو. بەشـێک لـەم تێکچوونـە بـە هـۆی کێشـەکانی خۆیـەوە بـوو، بـەڵام بۆردومـان زیاتـر کۆڵـی پێدا. یەکێـک لـە هاوڕێکانـی کـوژرا و ژمارەیەکـی دیکەشـیان برینـدار بـوون، کـە یەکیـان قاچێکـی لەدەسـت دا و ئـەم ڕووداوانـە مەحبووبـە ئـارام و میهرەبانەکەیـان کـردە کەسـێکی خەمگیـن و پەرێشـان. ماوەیـەک لـە نەغـەدە بووین و دواتـر چووینـە گرداشـەوان. باوکـم زۆر بێتاقـەت بـوو و هەمـوو کارێکـی دەکـرد کـە مەحبووبە ببێتەوە بە کچەکـەی جارانی، بەڵام بێفایدە بـوو. ئەو تەواو تێکشـکابوو. شـەوانە هەتـا بەیانی وڕینـەی دەکرد و هیچ حاڵـی باشتر نەدەبـوو. هەندێک جار تا درەنگانـی شـەو قورئانیـان بـە سـەردا دەخوێنـد، شـێخ و سـەییدی ناوچەکـە نەمـا کـە پەنـای بـۆ نەبـەن و بـۆ چاکبوونـەوەی مەحبووبـە داوای کەرامەتـی لـێ نەکـەن. شـەوی وا بـوو کـە هیـچ هەسـتی بـە باشـی نەدەکـرد، بـە نـۆرە لەسـەر سـەری بەخەبـەر دەمانیـەوە و ئاگامـان لـێ دەبـوو. شـەوێکیان نۆرەی مـن بـوو، مانـدوو بـووم و گوێـم لـە ڕادیۆ دەگـرت بـۆ ئەوەی خەوم لـێ نەکەوێت. تاکـە کەناڵێـک کـە ئـەو دەمانەی شـەو بەرنامـەی لـە سـەر شـەپۆلی کـورت هەبـوو و لـە زمانەکـەی تێدەگەیشـتم ڕادیـۆی موجاهیدینـی خەلـق بـوو. بەرنامەکانـی زیاتـر بـە زمانـی کۆدکـراو بـوو و پەیامـی بـۆ هێزەکانـی لە ئێـران دەنـارد. حیزبی دێموکراتیـش لە دۆخێکی هاوشـێوەدا بوو و لـە کۆتایـی بەرنامەکـەدا پەیامـی کۆدینگکـراوی بـۆ ئـەو پێشـمەرگانە دەنارد کە لە سـەر خاکی ئێـران دەگـەڕان و چالاکیـان دەکرد، بـۆ نموونە دەیگوت "گرووپی فڵان! ڕێـوی لە کونەکەی هاتە دەرەوە، بـەڵام کۆترەکـە دەچێتـە کونەکـەی تـر. خواردنـی بـۆ ببـە ..." لـە ژوور سـەری مەحبووبـە دادەنیشتم و گوێم لەم شتانە دەگرت.

● وێنەی ١٠٢. سێ مانگ بەر لە بۆردومانکردنی پیرانشار، دایکم، ڕەسووڵ، من، نەنکم و مەحبووبە. پیرانشار پاییزی ١٣٦٣ی هەتاوی (١٩٨٤)

کاتێـک لـە نەغـەدە نیشـتەجێ بووین، ڕۆژێکیـان مەحبووبە کارێکی کرد شـاکار! شـارەکە لە دۆخێکی نائاسـاییدا بوو و سـپای پاسـداران دەسـتی بەسەر ماڵی مەلا سـاڵە پێشنوێژی هەینیی شـاری نەغـەدە (کـە هەڵاتبـوو بۆ شـاری سـلێمانی لـە باشـووری کوردسـتان) گرتبـوو و کردبووی

بـە بـارەگای سـپای پاسـداران. یـەک دوو قـۆرت و دژەخێراییـان لـەو دەوروبـەرە دانابـوو و خاڵـی پشـکنینیان جێگیـر کردبـوو. ئۆتۆمبێلـەکان دەبوو بوەسـتایەن و بە هێواشـی تێپەڕیبان، ئەمەش توانـای چاودێـری زیاتـر دەکـرد. لـە نەغـەدە پیاوێکـی گەنـج هەبـوو پێیـان دەوت ئەبووسـێزدە، بـەڵام کـەس نەیدەوێـرا بـەو ناوە بانگی بـکات. فەرماندەی شـەڕی پارتیزانی سـپای ناوچەکە بوو، خەڵکـی ناوچەکـە ڕقیان لێ بوو، بەڵام دەسـەڵاتێکی وای بەدەسـت هێنابوو کە کـەس نەیدەوێرا هیچـی پـێ بڵێـت. لـە هەموو شـوێنێک بـە دوای پێشـمەرگەدا دەگـەڕا و سیسـتەم و سـازوکاری خـۆی هەبـوو. هەمـوو ڕۆژێـک ئۆتۆمبێل و ماتۆڕێکـی پێ بـوو، باشترین دەمانچەی دەخسـتە بەر پشـتوێنەکەی، خەڵکـی هەراسـان دەکـرد، ملهـوڕی دەکـرد و هەرچی پێـی خۆش بایـە دەیکرد، بـێ ئـەوەی وەڵامـی هیچ کـەس و لایەنێـک بداتەوە.

ئـەم ئەبووسـێزدە کـە نـاوی ڕاسـتەقینەی ئەبووبەکر مەحمـوودی بوو، کۆمەڵێک بەسـەرهاتی هەبـوو. سـەردەمانێک پێشـمەرگەی هێـزی ئەفشـینی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان بـووە. پاشـان وەک حکوومەتـی کۆمـاری ئیسلامیـی دەیڵـێ تۆبـەی کـرد و خـۆی ڕادەسـتی هێزەکانی حکوومەتـی ئێـران کـردووە. ئیتلاعاتـی سـپای نەغـەدە ئـەوی دامەزرانـد و دوای ماوەیـەک کـە حیـزب بانگـەوازی بـۆ کۆکردنـەوەی هێـزی پێشـمەرگە کـرد، وەک پێشـمەرگەیەکی خۆبەخـش گـەڕاوە بـۆ نـاو حیزب. ڕووداوی کوشـتنی پێشـمەرگەکانی حیزبـی دیموکرات ئەویش لـە خەودا، کارێکـی ترسـناک بـوو کـە دەیانگـوت ئەبووسـێزدە کردوویەتـی، بـەڵام هەندێک کـەس باوەڕیان نەدەکـرد و پێیـان وابـوو کە ناچێتە مێشـکی هیچ کەسـێکەوە کـە کوردێک تاوانێکی ئاوا قورسـی لـێ بووەشـێتەوە. دەگێڕنـەوە کە لـە کاتی پاسـەوانیدا هەلی قۆسـتووەتەوە و دەسـتکاری چەکی سـێزدە کـەس لـە هەڤاڵەکانـی کـردووە. هەندێـک دەڵێن شـتی وا مەحاڵـە کە ئەو سـێزدە کەس لـە بێدەنگیـدا بکوژێ یـان چەکەکانیان هەڵبگرێ و دەسـتکاری بکات. لەبەر ئەوەی پێشـمەرگە چەکەکانیـان دەکەنـە باوەشـیان یـان دەیخەنـە ژێـری سـەریان و دەخـەون، هەمیشـە چاوەڕێـی هێرشـی سـپای پاسـداران بـوون و ئامـادەی بەرگریکـردن، بـەڵام وا دیـارە ئـەو پێشـمەرگەکانی کوشـتبوو. دەڵێـن مسـتەفا حاجـی زادە، یەکێـک لـەو پێشـمەرگانەی کـە لەگەڵی دۆسـت بووە، لـە خـەو هەسـتاوە و وای زانیوە دوژمن هێرشـی کـردووە. هەرکە دەیهـەوێ چەکەکەی هەڵبگرێ دەبینـێ تفەنگەکـەی تەقـە نـاکات. بـە دوای ئەبووبەکـر ڕا دەکا، ئەبـوو پێـی وتـووە: وەرە لەگەڵم و خـۆت ڕادەسـتی نزیکتریـن بنکـەی کۆمـاری ئیسلامـی بکـە. دیـارە مسـتەفا ڕەتـی کردۆتـەوە و ئەبووبەکریـش کوشـتوویەتی. بـە پێـی ئـەم گێڕانەوە، جگە لە مسـتەفا، ١٢ کەسـی دیکەشـی لە خەودا کوشـتووە.

ئەبووبەکـر خەڵکـی گونـدی خەلیفانـی نەغـەدە بـوو و بـۆ مـاوەی چەند سـاڵێک لە ئیـدارەی ئیتلاعاتـی شـارەکە بەرپرسـی پێشـمەرگە تۆبـەکارەکان بـووە. دواتـر لـە ئیتلاعاتـی ورمـێ بـوو بە سـەرۆکی تیمـی ئۆپەراسـیۆنەکان و کچـی بنەماڵەیەکـی شـەهیدی تورکـی خواسـت و لێی جیا

بـووەوە پاشـان کچـی مەلایەکـی خەڵکـی گونـدی کاسـەکەرانی ی هێنـا و لـە شـاری نەغـەدە نیشـتەجێ بوو، ئەم هاوسەرگیرییەشـی زۆری نەخایاند و هاوسـەرە پێشـووەکەی ئێسـتا لە تاران دەژی.

پێـم وایـە مەحبووبـە یەکێـک لـەو چەنـد کەسـە بوو کـە چزەی لـە ئەبووسـێزدە هەسـتاندبوو. لـە بیرمـە ئێـواران لەگـەڵ کـوڕی دراوسـێکەمان کـە سـەییدیش بـوو، لـە کووچـە گۆڤارمـان دەخوێنـدەوە. مەحبوبـەی خوشـکم وەکـوو دراوسـێکانی دی لـە سـەر کووچەکـەدا وەسـتابوو کە لـەو کاتـەدا ئەبووسـێزدە بـە ماتۆڕێکـی بازدانـەوە (ماتـۆڕی سـپایی ٢٥٠cc بـەرز) هـات. کاتێک ویسـتی لـە قۆرتەکـە تێپـەڕێ، لەبـەر خێرایـی زۆری دەنگـی تورموزەکـەی زۆر تیـژ و گوێـدڕ بـوو. ئـەو بەسـیجی یـان پاسـدارەی کـە لـە بارەگاکـە وەسـتابوو بـە تورکـی وتـی: "کاکـە هێـواشتر". ئەبووسـێزدە لـە ماتۆڕەکـەی دابـەزی و بێبەزەییانـە گرتـی و دایـە بـەر مشـت و شـەق، پاشـان کە فەرماندەکەشـیان هـات و لەویشـی دا. ئەبـوو سـێزدە وەک ئـەوەی جوانتریـن گۆڵـی لێدابـێ لـە خۆشـیدا بـە دەوری خۆیـدا هەڵیدەخسـتەوە! مەحبووبـە کـە دوای بۆردومانەکـە بـاری دەروونیی تێـک چوبـوو و بـە دەنگـی فیشـەک و فڕۆکە، دەشـڵەژا، لە پـڕ حاڵی خراپ بـوو، بە ڕاکـردن بەرەو ناوەڕاسـتی شـەقامەکە ڕۆشـت و لـە بەردەم ئەبوو ڕاوەسـتا و بە سـەریدا گوڕانـدی و جنێوی پێدا: "ئەتـوو مێردزمـەی ... پیسـی ... دێیـە ئێـرە تیرەنـدازێ دەکـەی و مانـۆڕێ لـێ دەدەی، کەچـی ئەتـۆ و کەسـانی وەک تـۆ هـۆکاری بەدبەختیـی ئێمـەن ...." پاشـان پێـی وت: "ئەتـو کوردێکـی خۆفرۆشـی، جاشـی! ..."

هەموومـان واقمان وڕ مابـوو، تەنانەت لە خەونیشـدا نەماندەبینی کە کەسـێک بوێرێ دەم لە ئەبووسـێزدە بکاتەوە و بە سـەریدا بگوڕێنێت. چ بگا بە کیژێکی عازەب کە جوێنی پێبدا، ئەویش ئـەو جوێنانـە. مەحبووبـە ئەبووسـێزدەی سـووک و ئەتـک کرد. بـەڵام ئەبـوو متەقی لێـوە نەهات. هەناسـەم هەڵنەدەهـات. چاوەڕێـی ئـەوە بـووم کە تەقە لە خوشـکەکەم بـکا، هەمـووان چاوەڕێی ئـەوە بـوون، بـەڵام ئەو تەنها سـەیری مەحبووبەی کرد و بـە زەردەخەنەیـەک ماتۆڕەکەی هەڵگرت و دوو سـێ جـار شـێتانە لـەو دەوروبـەرە خـولاوە و پاشـان ڕۆیشـت. مامەڵـەی مەحبووبـە لەگـەڵ ئەبووسـێزدە نموونـەی ئـەو توڕەیـی و بێزاریـە شـاراوەیە بـوو کـە لـە دڵـی زۆر کەسـدا بەرامبەر بە کۆمـاری ئیسلامی و کەسـانی وەکوو ئەبووسـێزدە پەنگـی خواردبوو.

هەمـوو ئەوانـەی لـەوێ بـوون، خۆشـحاڵییان دەربـڕی کـە کەسـێک پەیـدا بـوو بەرامبـەر ئەبووسـێزدە ڕاوەسـتێ و سـووکی بـکات. دەنـگ و تۆنـی دەربڕینـی مەحبووبـە ئەوەنـدە بەهێـز و بوێرانـە بـوو کـە ڕووخسـار و ڕەفتـاری ئەبـوو گـۆڕا. ئـەو ئەبووسـێزدەی کـە چەنـد سـاتێک پێـشتر وەک شـێر دەیگوڕانـد بـوو بـە پشـیلە و بـای دا و ڕۆشـت. ئێسـتا کـە بیـری لێدەکەمـەوە دەبینـم توڕەیـی و بێزاریـی خەڵـک بەرامبـەر بـە کەسـانێکی وەکـوو ئەبووسـێزدە زۆر لـە توڕەیـی خەڵکـی ئێـران لـە کاتـی خۆپیشـاندانە ناوبەناوەکانـی سـەر شـەقامەکانیان دەچێـت. توڕەییـەک کـە لەو

ناڕازیەتـی و سـەرکوتکردنانەوە سـەرچاوە دەگرێ کە لە سـاڵانی دوای شۆڕشـی گەلانـی ئێران لە سـاڵی ١٣٥٧ی هەتاوی (١٩٧٩ ز) و دامەزرانی کۆماری ئیسلامی بەسـەر خەڵکدا سـەپاوە. لە جوگرافیـا بچووکەکـەی ئێمـەدا مەحبووبە بوو بـە پاڵەوان، خەڵکیـش ڕەفتارەکـەی مەحبووبەیان بـە دڵ بـوو. لـە بەسـەرهاتی ژینـادا ڕێـک ڕووداوێکـی لـەو شـێوە ڕووی دا و ئـەو یەکگرتوویـی و پابەندی و هاوسـۆزی و شوناسـەی کە سـاڵەهای سـاڵ بوو لە ناو کۆمەڵگای ئێراندا کاڵ ببووەوە، دیسـان کۆمەڵـگای ڕاچڵەکانـد. ئێسـتا کۆمەڵـگا وەهـا ڕاپەڕیـوە کـە دەتوانیـن بـە زیندووبوونـی کۆمەڵـگا دڵخـۆش بین.

وەرە ببە بە بووکم

مەحبووبـە بـوو بـە پاڵـەوان، بـەڵام ئـەم ڕووداوە بـۆ ماوەیەکـی کـورت بـاری دەروونیـی خراپتر کـرد. ئێمـە ویسـتمان بگەڕێینـەوە بـۆ پیرانشـار، بـەڵام وتـی ناگەڕێمەوە. سـەری لێ شـێوابوو، لە لایـەک فۆبیـای گەڕانـەوەی بۆ ئەوێ هەبوو و لە لایەکـی ترەوە گەرەکی بوو بگەڕێتـەوە بۆ ماڵەوە. بڕیارمـان دا ماوەیـەک لـە ماڵـی نزیکتریـن هاوڕێـی لە شـاری پیرانشـار بمێنینەوە. ژیـان لەگەڵ خێزانێـک کـە زۆرمـان نەدەناسـین و تەنهـا لەبـەر ئـەوەی کچەکەیـان هاتوچـۆی ماڵەکەمانـی دەکـرد، بـۆ ئێمـەش شـتێکی سـەیر بـوو، بـەڵام دوای بۆردومانەکە، هەسـتێکی هاوسـۆزی لە ناو خەڵکـدا دروسـت ببـوو کـە ئـەم هاوسـۆزییە پێـشتر نەبـوو، لـە زۆر حاڵەتـدا ئەوانـەی ماڵەکانیان وێـران ببـوو، دەچوونـە ماڵـی کەسـانی تر تاکـوو ماڵەکانیـان چـاک دەکەنەوە.

بنەماڵـەی هاوڕێکـەی مەحبووبـە کوڕێـک و پێنج کچیان هەبـوو، دایکیان کورد بـوو و کۆچی دوایـی کردبـوو. زڕدایکیـان تورکـی نەغـەدە بـوو و باوکیـان بـە ڕەچەڵـەک تـورک بـوو. سـاڵانێک بـوو لـە پیرانشـار ژیابـوون و بـە دووڕەگەز هەژمـار دەکـران، بەڵام خەڵکی پیرانشـار پێیـان دەوتن عەجـەم. ژیانێکـی بەکۆمەڵـی خـۆش و سـەرنجڕاکێشمان لـەو ماڵـەدا هەبـوو. هەموومـان کـچ و کـوڕ لـە یـەک تەمەنـدا بوویـن و جیاوازیـی تەمەنمـان کـەم بـوو. هەندێـک جـار بەیانیـان پێـش ئـەوەی بچینـە قوتابخانـە، لـە حەوشـەدا بـە ڕیـز دەوەسـتاین بـۆ ئـەوەی بچینـە توالێـت. پێکەوە قسـە و گاڵتـە و جەفەنـگمان هەبـوو. ئـەم بەزمـە بـۆ سـێ مانـگ بـەردەوام بـوو هەتـا ئـەوەی کـە خانووەکەمـان چـاک کـردەوە. ئـەم پەیوەنـدی و پێکەوەژیانـە وای لـە مەحبووبـە کـرد کـە حاڵـی بـاشتر ببـێ و وێدەچـوو کـە گەڕانەوەمـان بـۆ پیرانشـار بڕیارێکـی بەجـێ بووە.

هـەر لـەو ماڵـەدا بـوو کـە بـۆ یەکـەم جـار عەشـقی کچێـک کەوتـە دڵمـەوە. هەڵبـەت ئێسـتا کـە بیـری لێدەکەمـەوە دەبینـم ئـەو کەڵکەڵـە هەمووشـی هـی مـن نەبـوو و کەمێکیشـی دایکـم ئاراسـتەی دەکـرد. بـە یەکێـک لـە کچەکانی دەگـوت: "ئەتـوو بۆ من چاکـی، وەرە ببە بـە بووکم، ئـەم دەسـتبەندەت پـێ دەدەم". بەڵێنـی ئـەو دەسـتبەندە زێـڕەی کـە پـان و گرانبەها بـوو و لای

خۆمـان پێـی دەڵێـن دەسـتبەندی کـوردی، بـە کچەکـە دەدا و پێـی دەگـوت: "وەرە مێـردی بـە کامیـل بکـە." مـن بچـووک بـووم، کەیفـم سـاز دەبـوو، بـەڵام شەرمیشـم دەکـرد، چێـژ و شـەرمم تێکـەڵ بـوون و هـەر دووکمان خـۆ بـە خـۆ عاشـقی یـەکتر بووین.

بەڕاسـتی کچـی چاک بـوو. بێدەنگ و کتێبخوێن و لە کچەکانی تـری خێزانەکەی نەدەچوو. پێـی خـۆش بـوو لە باوەشـم بگرێ و ماچـم بکا، بەڵام لە ژێـر کاریگەریی فەرهەنـگ، نەریت و یان ئـەو کتێبـە دەرسـی و ئایینییانەی کـە لەو کاتەدا لـە قوتابخانـە خوێندبووم، گوتم هەتـا نەتخوازم دەسـتت لـێ نـادەم و ئەمەیـش خیانـەت لە مافی تۆیە. ئێسـتا کە ئاوڕێـک لەو ڕۆژانـە دەدەمەوە، ڕوانگـەی خۆمـم بـۆ ئـەم بابەتـە پـێ سـەیرە. ئـەم هەسـتکردن بـە تاوانبـاری و ئـازاری ویژدانە کە دەرهاویشـتەی کاریگەریـی ئامـۆژە ئایینـی و نەریتییـەکان بـوو، لـە ئێمـەدا جێگیـر ببـوو و وەک بەرگـرێ ڕۆڵـی دەگێـڕا. ئـەم هەسـتی بەرگریـە لەبـەر ئەوەی لـە ڕێگەی سیسـتەمی پـەروەردە لە کاتـی منداڵـی و مێرمنداڵیـدا لە ئێمەدا دەرونی ببـوو، کۆنترۆڵگەرێکی زۆر بەهێـز بوو بە جۆرێک کـە نەدەچووینـە نـاو ئـەو پەیوەندیانـەی کـە لـە دەرەوەی عـورف و هاوژینییـەوە، دژی ڕێکەوتنـە کۆمەڵایەتییـەکان بوون.

لـە ڕوانگـەی کەسـانی دیکـە و نەنکمەوە دیـار بوو کە دایکم لـە هەڵبژاردنی بووکـی دڵخوازی خـۆی هەڵـەی نەکردبـوو. بەهەرحـاڵ دایکـم ئافـرەت بـوو و پرەنسـیپەکانی بووکێکـی باشـی کوردەواریـی چـاک دەناسـی؛ بووکێـک کـە هـەم هاوسـەری داهاتـووی کوڕەکەی بـێ و هەمیش شـوێنی کچەکانـی بـۆ بگرێتـەوە کـە درەنـگ یـان زوو شـوویان دەکـرد. دایکـم کـە خـۆی لـە تافـی منداڵیـدا هاوسـەرگیری کردبـوو، پێـی خۆش بـوو ئێمـەش لـە هەرزەکاریدا هاوسـەرگیری بکەیـن و هـەر وا بـە ئاسـانی بچینـە نـاو خێڵـی منداڵهاوسـەران. منیـش عاشـق ببـووم، بـەڵام وەک نەنکـم دەیگـوت تەگبیـر و چارەنـووس یـەک ناگـرن. دواجـار تەگبیرەکـەی دایکـم سـەری نەگـرت و منیـش لـەم عەشـقە سـاویلکە بەڵام پـاک و بێغەشـەم چێژم نەبینـی. دیـارە ئەوانەی لە تەمەنـی هەرزەکاریـدا هاوسـەرگیری دەکـەن پێیان خۆش نییە کە کەسـانی دیکە لـەم تەمەنەدا هاوسـەرگیری بکەن. من ئەمەم لە زۆرێک لەو کەسـانە بیسـتبوو کە زوو هاوسـەرگیریان کردبوو. بـە گشـتی بـە دەگمـەن کەسـێکم بینیـوە کـە لـە تەمەنـی هەرزەکاریـدا هاوسـەرگیری کردبـێ، بـەڵام دواتـر لـە ژیانیـدا پەشـیمان نەبووبێتـەوە. زیاتریـن هەسـتی نارەزایەتیـی ئـەو کەسـانەی کـە لـە تەمەنـی هەرزەکاریـدا هاوسـەرگیریان کـردووە، لـەوەوە سـەرچاوە دەگـرێ کـە هەسـت و سـۆزی هەرزەکارییـان تێـر نەبـووە و پێیـان خۆشـە بگەڕێنـەوە بۆ ئـەو سـەردەمە. سـاڵانێک دواتر کـە لـە ئێـران لێکۆڵینـەوەم لەسـەر هاوسـەرگیریی منـداڵان[1] ئەنجـام دا، بـە ڕوونی کاریگـەری و

---

١ . ئەحمـەدی، کامیـل و هـاوکاران. «زایەڵـەی بێدەنگـی: توێژینەوەیەکـی گشـتگیر سـەبارەت هاوسـەرگیریی پێشـوەختەی منـداڵان لـە ئێـران»، وەرگێڕانـی نەسـیم غوڵامـی. چاپخانـەی شـیرازە: تـاران، ١٣٩٧ و چاپخانـەی نشر 49books، سـوویید ٢٠٢٣.

دەرەنجامەکانی ئەم هاوسەرگیرییە پێشوەختانەم بینی.

کۆتایی ئەم بەسەرهاتە وەکوو زۆربەی خۆشەویستییەکان تاڵ بوو. ئەم کچە بوو بە دۆستی کوڕێکی دیکە. ئیتر ئەوە شتێکی سروشتی بوو کە ئەو کچە دڵی چوو لە کوڕێکی گەورەتر و پێگەیشتووتر لە خۆی، بەڵام من پێم وابوو کە ئەویش منی خۆش دەوێ و خۆشەویستییەکەمان دوولایەنەیە، کە هەڵبەت بۆ ماوەیەک هەر وا بوو. ماوەیەک دواتر کە چوومە ناو گرووپی شانۆی قوتابخانەوە ، زیاتر ئەو کوڕەم بینی و ناسیم. ئەو بەرپرسی گرووپە شانۆییەکانی قوتابخانە بوو. بەگشتی منداڵان ڕاکێشی ئەم جۆرە چالاکییە هونەری و فەرهەنگییانە دەبن و هەندێکیشیان ڕێ دەبەنە ناو چالاکییەکانی سازمانی تەبلیغات[1]. دوای ئەوەی لە قوتابخانە بەرنامەیەکت پێشکەش دەکرد، داوایان لێ دەکردی کە بچیتە کەمپێن و لەیوە دەربازی بۆنە پڕۆپاگەندەییەکانی وەکوو دەیەی فەجر و ٢٢ی بەهمەن، ڕۆژی قودس[2] و .... دەبوویت. ئەم گەنجە لە سازمانی تەبلیغاتدا، بەرپرسی گرووپی گەنجانی شار بوو و جگە لە جیاوازیی تەمەن و بوونی پلە و پۆست و کار، دوو توخمی گرنگ و هاوبەشی لەگەڵ خۆشەویستەکەمدا هەبوو: هەر دووکیان تورک و شیعە بوون.

کوڕەکە کە هاوکات لە گرووپی یەکانییەکانیش[3] بوو، توانایەکی سەیر و سەمەرەی

---

١ . ڕێکخراوی بانگەشەی ئیسلامی (بە فارسی: سازمان تبلیغات اسلامی)، دامەزراوەیەکی نیمچەدەوڵەتیی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە وەک ئۆرگانێکی بانگەشەکار و پڕۆپاگەندایی، ئەرکی بانگەشە و بەرەودان بە ئایدۆلۆژیای ڕژێم جێبەجێ دەکات.

٢ . ناونانی ئەم بۆنە لە ساڵی ٩٧٩١ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە ئەنجام دراوە. قودس ناوی عەرەبیی ئورشەلیمە و ناوی دواییین هەینیی مانگی ڕەمەزانە کە کۆماری ئیسلامی هەموو ساڵێک لەو ڕۆژەدا ڕێپێوانێکی سەر شەقامەکان بۆ دەربڕینی پشتیوانی لە فەلەستین و دوژمنایەتی دژ بە ئیسرائیل و زایۆنیستەکان ڕێک دەخات.

٣ . پێش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧، نزیکەی چل ماڵی تورکزمان لە پیرانشار دەژیان و زۆربەیان لە بنەماڵەی یەکانییەکان بوون. بەشێک لە یەکانییەکان دوای هێرشی سماییل ئاغای شکاک بۆ سەر شارەکانی خۆی و سەڵماس و ورمێ هەڵاتن و بەرەو ناوچەکانی تر کۆچیان کرد. بەشێکیان ڕوویان لە ناوچەکانی پیرانشار کرد و لەگەڵ کوردستانی باشوور خەریکی کاری بازرگانی و مامەڵە بوون. ئەم گرووپە کە بۆ کاروکاسبی هاتبوونە پیرانشار، دوای ئینقلاب ورمێیان کردە ناوەندی بازرگانی و ژیانی خۆیان و دەتوانین بێژین کەرتی ئابووریی ئەو شارەیان گرتە دەست. پێش ئینقلاب زیاتر لە شەقامی پەهلەوی دووکانیان هەبوو و هەندێکیشیان کاری وەکوو دەستفرۆشی و کڕین و فرۆشتنی پێستی مەڕ و شیرەمەنی و هتدیان دەکرد و لە ناو کوردانداً بە "چەرچی" ناسراو بوون. ئەم تورکانە شیعە بوون و مزگەوتێکیان بە ناوی "ئیمام حسێن" لە خوارووی ڕۆژاوای شەقامی پەهلەوی دروست کردبوو کە ئێستا بە شەقامی ئیمام ناسراوە و مەراسیمە ئاینییەکانیان واتە سینگ کوتانی تاسووعا و عاشوورا، چلەی ئیمام حسێن و پرسە و سەرەخۆشییەکانیان لەوێ ئەنجام دەدا، پەیوەندییەکی گەرم و دۆستانەیان لەگەڵ کوردانی شاری پیرانشار هەبوو و بەشێکیان لە ڕێگەی ژن و ژنخوازییەوە لەگەڵ کوردەکان ببوون بە خزم. هێشتا شۆڕشی گەلانی ئێران سەرنەکەوتبوو کە شەپۆلی گەڕانەوەی ئەم تورکانە لە پیرانشارەوە بۆ زێدی خۆیان دەستی پێکرد و سەرەنجام لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕش زۆربەیان ماڵ و دووکانەکانیان فرۆشت و پیرانشاریان بەجێهێشت. دوای ئینقلاب، لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا، کە سپای پاسداران دەستی بەسەر شارەکەدا گرت، لەسەر شەقامی ئیستقلال مزگەوتێکی گەورەتریان بە ناوی "ساحیب ئەلزەمان" کە دوانزەهەمین ئیمامی شیعەکانە، دروست کرد و زۆربەی مەراسیمە حکوومییەکانیان لەوێ ئەنجام دەدا.

لـە ڕاکێشـانی مێرمنداڵانـی خـاوەن بەهـرە، کتێبخوێـن و دەنـگ خـۆش هەبـوو. لـە مەراسـیمی جۆراوجـۆردا بەشـداریيان پـێ دەکـردن و خەڵاتیـان پێدەبەخشـین و لـەم پرۆسـەدا منـداڵان بـە شـێوەیەکی ناوشـیار ڕاکێشـی چالاکییەکانـی دەبـوون. ئـەو زۆر چـاک دەیزانـی چۆن شـوناس و هەسـتی شـانازی بـە منـداڵان ببەخشـێ و بە شـێوەیەکی ناوشـیارانە بـەرەو ئاراسـتەی دڵخوازی خۆیـان بیانبـات. بەگشـتی لـە گـەڵ یـەک یـان دوو لـە ئەندامانـی گـرووپ کـە بچـووکتر و کۆنتر بـوون نێوانـی خـۆشتر بـوو و ئـەوان دەسـەڵات و پێگەیەکـی بەرزتریـان هەبـوو، پشـتەمل قسـە و قسـەڵۆکی زۆریـان پـێ دەوترا کە جەنابی بەرپرس سێکسـیان لەگـەڵ دەکا، دەتگوت نهێنییەکە کـە هەمـووان لێـی ئـاگادارن، بـەڵام کـەس نەیدەوێـرا باسـی بکات!

ماوەیـەک هاوکاریـم کـردن، بـەڵام یەکـەم جـار کـە مـن و هاوپۆلەکانـم لـە ڕۆژی جیهانیـی قودسـدا چووینـە مزگەوتـی تورکـەکان لـە شـەقامی ئیسـتقلال و نمایـشمان کـرد، هەسـتێکی ناخۆشـم هەبوو. هەر وشـەیەکی ئـەو سروودەی کە دەموتـەوە ئازاری ویژدانمی زیاتـر دەکرد. پێم وا بـوو خیانەتێکـی گـەورەم لـە نەتـەوەی کورد کـردووە. لە دڵی خۆمـدا گوتم بنەماڵەکەم سـەر بە حیزبـن و منیـش لـە مزگەوتی ئەوان بـە ئامادەبوونی نیزامیـان و بەسـیجییەکان، سروودی ڕۆژی قـودس دەڵێمـەوە؟! هەڵبـەت نەشـمدەزانی ڕۆژی قودس چییـە و بۆچی بەشـداری بەرنامەکەی دەکـەم. بەڕاسـتی مـن منـداڵ بـووم و تەنهـا لەبـەر هەسـتی شـانازی و شوناسـێک کـە گـرووپ بـە ئێمـەی منداڵانـی بەخشـیبوو، بەشـداری ئـەو مەراسـیمەم دەکـرد. دوای ئـەو ڕۆژە وازم لـە بەشـداریکردن لـەو جـۆرە چالاکییانـە هێنـا و خـۆم لـەو گرووپـە دوور خسـتەوە، بەڵام تـازە کار لە کار ترازابـوو. هـەر لـەو مـاوەدا کـە دەچوومـە ڕێکخـراوی تەبلیغـات ئەو کـوڕە گەنجـە جارێک یان دوو جـار بـە ماتۆڕەکـەی گەیاندمیـە ماڵـەوە، لـەم هاتوچۆیانـەدا کچەکـەی دۆسـتمی لەبـەردەم دەرگاکـەدا بینیبـوو و لەوێـوە ببـوون بە دۆسـت.

کاتێـک ئـەم خیانەتـەم بـۆ دەرکـەوت، ئـازارم چەشـت و وەکـوو هاوتەمەنەکانـم لـە قۆناغـی هەرزەکاریـدا ڕووبـەڕووی شکسـتی عەشـقی بوومـەوە. ئەوسـا کە سـەرقاڵی شـێعرهۆنینەوە بووم، زۆر شـیعرم بـە زمانـی کوردی و فارسـی لەسـەر خیانەت نووسـی، دڵی کەسـێک ڕفانـدن و دڵ بە کەسـێکی دیکـە دان. سـەرتان نەئێشـێنم هەوڵێکـی فـرەم دەدا کە شـێعرەکانم ئاوێتـەی تەوەر و ناوەڕۆکـی شـێعری کوردیی حیماسـی و سـۆزداری بکـەم و بیکەمە هەتوان و مەڵهەمێک بۆ سـەر ناسـۆری عەشـقەکەم. ئـەم ڕووداوە یادەوەرییەکـی گەلـێ تـاڵ بـوو و هەتا سـاڵەهای سـاڵ دڵ و دەروونمـی تەنیبـوو. وەختێـک چوومـە سـەربازی، بە یـادی ئەم کچـە، تاتۆیەکی بچووکم لەسـەر دەسـتی چەپـم کـرد و نووسـیم "غەمیـن". ئـەم تاتۆیـە دوای چەندین سـاڵ بەشـێک لـە مێژووی منـە، مێژوویـەک کـە هەمیشـە و لـە هەمـوو جێیـەک لەگەڵمـە و لێـم جیـا نابێتـەوە و ناهێڵـێ لە بیـرم بچێتـەوە کـە مـرۆڤ تـا چەنـدە بوونەوەرێکـی ئاڵـۆز و لاوازە، یەکەمـەکان هەمیشـە گرنگ و چارەنووسـسـازن، یەکـەم ئەزموونـەکان وانەمـان پێدەڵێنـەوە و ڕەفتارەکانـی دواترمـان کۆنتـرۆڵ و

ئاراستە دەکەن. سوپاس بۆ خوا ئەو سەربازەی وا تاتۆکەی کرد، ئەوەندە کارپۆخڵ بوو کە زۆر خراپی نووسی و تاتۆکە ناخوێنرێتەوە و لە هەموو شتێک دەچێ جگە لە خەمین. ئێستا کە تاتۆی فانتازیایی بۆتە مۆد، هەندێ پێیان وایە بە ڕاستی هێمایەکی گرنگە و دەستنووسی ناشیرینی ئەو سەربازە بە لایانەوە شتێکی ئەفسانەیی یان نیشانەیەکی مێتافیزیکییە. چاکتر کە دەستوخەتی ناشیرین بوو و ئەم تاتۆیە دوای ئەو هەموو ساڵە ناتوانێ نهێنی خۆشەویستیی هەڕەتی هەرزەکاریم لای هەمووان لەقاو بدات.[1] هەر چەندە ئێستا خۆم خەریکم نهێنیی زیاتر ئاشکرا دەکەم...

قوتابخانەی بیابانی، لەسێدارەدانی بیابانی

دوای ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی (١٩٨٤ ز) عێراق یەک دوو جاری تر پیرانشار و دەوروبەری بۆردومان کرد. ئەم جارەیان چووینە گوندەکانی ناوچەی مەنگووڕایەتی لە دەڤەری میراوە و سەردەشت و لە ماڵی خەڵکدا ژیاین. لە ژێر خێمە و لە مزگەوتەکاندا وانە و تاقیکردنەوەکان ئەنجام دەدرا و بێماڵ و حاڵی و لانەوازیمان ئەوەندە زۆر و پەیتاپەیتا بوو کە ئیتر هەستمان پێ نەدەکرد. سەرەتا چووینە گوندەکانی بەری میراوە کە شارۆچکەیەکە لە نێوان پیرانشار و سەردەشت و ئێستا بووەتە شار. یەکێک لە گوندەکان ناوی کەوپەڕ[2] بوو. کە دەریان کردین چووینە گوندی هەنگەوێ[3] و لە مزگەوتی ئەوێ خوێندمان. هەنگەوێ دێیەکی گەورە بەڵام بێناز و بێبەش بوو، بە جۆرێک کە تەنانەت مامۆستایەکیشی تێدا نەبوو و کوێخا، سووچی بینایەکی نیوەڕووخاوی، کە پێم وایە ئیداری یان سەربازی بوو، بە ئێمە و چەند خێزانێکی دیکە دا بۆ ئەوەی تێیدا بژین. لەوێ لەگەڵ ماڵی هاوڕێیەکی باوکم کە ناوی قادری سەیدایشێ[4] بوو، ژیان کە نا بەڵام هەڵمان کرد و ڕۆژگارمان بەسەر برد. کاک قادر

---

١ . هەرچەندە تاتۆ نەریتێکی زۆر کۆنە کە بە درێژایی مێژوو و تەنانەت ئێستاش لە ناو کۆمەڵگا نەریتییەکاندا بە چەندین هۆکار و مەبەست ئەنجام دراوە، لەوانە: چارەسەر و جوانی، بەتایبەت لە سەر دەموچاو و دەست، و ئەمە بابەتێکی کارکردخوازانەی بووە. لە ئێستادا بە هاتنی ئامێری پیشەسازیی تاتۆ، تاتۆکردن پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ و تەواو جیاوازە و زیاتر لە ناو گەنجاندا بەرەوی هەیە. زۆر لێکۆڵینەوە لەسەر هۆگریی لاوان بۆ تاتۆ و پرۆسەی بڕیاردان بۆ تاتۆکردن ئەنجام دراوە و یەکێک لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە لاوان تاتۆ دەکەن ئەو کاتەیە کە کەسەکە لە باری دەروونییەوە یان لە دۆخی ناجێگیرە، یان خەم و پەژارەیەکی قووڵی هەیە.

٢ . گوندێک لە ٢٣ کیلۆمەتریی شاری پیرانشار.

٣ . هەنگەوێ دێیەکە لە دووریی ٣٨ کیلۆمەتری شاری پیرانشار کە لە سەردەمی شا بەدواوە بەشێک لە هەنگی (فەوجە) ئەرتەش لەوێ بووە.

٤ . قادری سەیدایشێ؛ یەکێک لە خەباتکارانی حیزبی دێموکراتی کُردستانی ڕۆژهەڵات لە سەردەمی شا بوو و میرزا عەلی برایشی یەکێک لە پێشمەرگە دێرینەکانی حیزب بوو، بەڵام نەزانرا کە بۆچی نێوانی لەگەڵ بەرپرسی حیزب واتە سەید ڕەسووڵ بابی گەورە لە شاری پیرانشار باش نەبوو و ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٨٠ ز) کە لە گردکشانە دووکانی هەبوو، لە سەر فەرمانی ئەو قۆڵبەست کرا و ماوەیەک لە دەڤەری سەرشاخانی مەهاباد لە زیندان بوو.

بـە نـاوی سەیدایشـێی دایکیـەوە، کـە خەڵکی باشـوور بـوو، بانـگ دەکرا، بـەڵام زۆر بـاو نەبوو کە پیـاو بـە نـاوی دایـک یـان ژن بنـاسرێ و تەنانـەت عەیـب و شـوورەیی بـوو. قـادر منداڵـی نەبـوو، پیاوێکی قسـەخۆش و بەئەدەب بوو و لە هۆنینەوەی شـێعری کوردیدا بەهرەیەکی باشـی هەبوو، لـە مۆسـیقا تێدەگەیشـت و چەندیـن شـێعر و گۆرانـی بـۆ گۆرانیبێژانی نـاوداری موکریـان وەکوو سـەیید عەلـی سەردەشـتی، براییـم قـادری و عەلـی گلێنانی نووسـیبوو.

لـەم گونـدەدا قوتابخانەیەکـی بیابانـیمان هەبـوو کـە هیـچ تەکـووزی و ڕێسـایەکی نەبـوو. ڕۆژێـک مامۆسـتامان هەبـوو و ڕۆژێـک نەمانبـوو، ڕۆژێـک پـۆل هەبـوو و ڕۆژێـک نەبـوو. کاتێـک تاقیکردنەوەکانـی کۆتایی سـاڵ دەسـتی پێکرد، هەمـوو منداڵە ئاوارەکانی گوندەکانـی دەوروبەر لـە گونـدی کەوپـەڕ کـە ناوەندێکـی کاتـی بـۆ ئەنجامدانـی تاقیکردنەوەکانـی قۆناغـی ناوەنـدی بـوو کـۆ دەبوونـەوە. نزیکـەی ٧٠ بـۆ ٨٠ قوتابـی، لەسـەر عـەرزی مزگەوتەکـە دادەنیشـتین و تاقیکردنەوەکەمـان ئەنجـام دەدا کـە ئەوەندەمـان نەزانـی قیـژە و هەرا هەسـتا، چەند کەسـێک، بـە دەموچـاوی داپـۆشراوەوە خۆیـان کـرد بـە نـاو مزگەوتەکـەدا کـە دواتر زانـیمان پێشـمەرگەن. پێشـمەرگەکان یەکێـک لـەو کەسـانەیان بـردە دەرەوە کە لە مێحرابـی مزگەوتەکـەدا چاودێر بوو. چەنـد مامۆسـتایەکی دیکـە پرسـیاریان لـێ کـردن کـە ئێـوە کێـن و چـی ڕووی داوە؟ وتیـان ئەم پیـاوە جاشـە، سـیخوڕی دەکات!

ئەو کەسـە بە سـیخوڕیکردن بۆ هێزەکانی سـپای پاسـداران تۆمەتبار کرابوو. دواتر دەرکەوت کـە ئـەو کارمەندی پەروەردە و ئەندامی چالاکی بەسـیجی ئیدارە بـووە کە چاودێریی قوتابخانەی لادێکانـی ناوچـەی مەنگووڕایەتـی و مامەشـی کـردووە و کـوڕی ئاغاکانـی لادێ بوو کـە زۆربەیان چەکـدار و پاسـداری فەرمـی بـوون. وا دیـارە کاتێـک ڕووماڵـی لادێکانـی ژێـر چاودێریـی خـۆی کردبـوو بـە پرسـیارکردن لـە خوێنـدکارەکان کـە کەی پێشـمەرگە هاتۆتە نـاو گوندەکە یـان ماڵی گوندنشـینەکان، ئیتلاعـات و سـپای لـە کاتـی هاتوچۆیـان ئـاگادار کردۆتـەوە. دوور لـە چـاوی ئێمـە کەمێـک لەولاتـر لەسـەر گردێـک فەرمانـی دادگای سـەربازییان بـە سـەردا خوێنـد و هـەر لـەوێ تیربارانیـان کـرد. دوای گوللەبارانکردنی بیابانـی، تەرمەکەیان فـڕێ دا و ڕۆیشتن. ئێمە بۆ تاقیکردنەوەکـە دەبـا چـیمان بنووسـیبایە؟ ئایـا کەسـێک لـەو دۆخـەدا دەتوانـێ چی بنووسـێت؟ ئێمـە لـە حـەوت دەوڵـەت بێخەبەر ماقماق سـەیری یەکترمان دەکـرد و گوێمان لـە دەنگەدەنگی ژنانـی لادێ بـوو، نەماندەزانـی لـە خۆشـییە یـان لـە ترسـە. ئایـا دەتوانیـن لـە نـاو ئـەو پشـێوی و بۆردومـان و ژینگـە توندوتیـژەدا بخوێنیـن؟ تاکە وانەیەک کـە دەمانتوانی لەو کاتـەدا و بە بینینی ئـەو دیمەنانـە فێـری ببیـن، ئـەوە بـوو کـە مـەودای نێـوان ژیـان و مـردن چەنـدە کورتـە و تورەیی چەنـدە دەتوانـێ ڕووخێنـەر و وێرانکـەر بێـت. ئێمـە لە تەمەنـی هەرزەکاریـدا پتر لە هـەر ڕووداو و ئەزموونێـک، بـە ڕووخسـاری ناشـیرین و نایەکسـانی مەرگ ئاشـنا بووین و بۆمان دووبـارە دەبۆوە ... ئـەوەی لـەم ئەزموونانـە فێـری بووین ئـەوە بـوو کـە جیهـان شـوێنی ئاشـتی و دۆسـتایەتی و

ئارامـی نییـە و تەنهـا جێگای تورەیـی، تۆڵەسـەندنەوە و سـەپاندنی توندوتیژییە.

ئەو کەسـەی کە ئەو ڕۆژە لە لایەن پێشـمەرگەوە بە تۆمەتی جاشـایەتی و سـیخوڕی بۆ سـپای پاسـداران دەسبەسـەر کـرا و بەبـێ دادگاییکردن لـە سـێدارە درا، نموونەی ئەو دەیان کەسـە بوو کـە لـە دۆخی شۆڕشـی و بە بـێ چاودێری و ئامادەبوونی کەسـێکی شـیاو و لێهاتوویـی دادوەری دادگایی کران و سـزا دران. لە هەر دوو لا کەسـانێکی زۆر هەبوون کە لەبەر ڕاپۆرتی دوژمنکارانە و تۆڵەسـەندنەوە زیندانـی کـران و لـە سـێدارە دران یـان کـوژران. خەڵخاڵـی حاکمـی شـەرعی ئینقلابیـی حکوومەتـی کۆمـاری ئیسلامـی، کە دواتـر ڕایگەیاند کـە بە بێ ئیزنـی خومەینی هیچ کەسـی لـە سـێدارە نـەداوە، لـە شـار و گوندەکانـی ئێـران و کوردسـتان زۆر کەسـی بەکۆمـەڵ لە سـێدارە دا. دۆخـی ئینقلابیـی کۆنترۆڵنەکـراو بـوو بـە هـۆی پاشـاگەردانی و کوژرانـی هـەزاران کـەس کـە زۆریـان بێتـاوان بوون. خەڵخاڵـی و لایەنگرانی لـە ناوچەکە و تاران یەکێـک لە هۆکارە سـەرەکییەکانی گرژتربوونـی ململانێکانـی کوردسـتان و شکسـتی دانوسـتانی ئاشـتی نێـوان حکوومەتـی کاتـی و حیزبەکانـی کوردسـتان بـوون. لـە سـاڵانی یەکەمـی ئینقلابـدا بـە سـەدان کـەس لە شـارەکانی کوردسـتان لە لایـەن ئەو و حاکمانی شـەرعی دیکەوە لەسـێدارە دران و زۆر کەسـی دیکە سـزای زیندانـی درێژخایەنیان بەسـەردا سـەپێنرا.

لـەو سـاڵانەدا شـەڕی نێـوان سـپای پاسـداران و پێشـمەرگە بـۆ ژیانـی ڕۆژانـەی خەڵکیـش تەشـەنەی کـرد. مەحبووبـەی خوشـکم شـاهیدی یەکێـک لـەم ڕووداوە بێشـومارانە بـووە. سـاڵێک دوای لـە سـێدارەدانی بیابانـی، ڕووداوێکـی هاوشـێوە لـە شـاری نەغـەدە ڕووی دا و مەحبووبـە کـە میوانـی ماڵـی پـوورە مریـەم بوو، هەتـا ئێسـتاش بیرەوەرییەکـی فرە ناخۆشـی لەو ڕۆژە هەیـە. پیاوێکـی بەسـتەنی فـرۆش دراوسـێی ماڵـی پـوورە مریـەم بـوو. لـە سـەر ماتۆڕەکـەی سـاردکەرەوەیەکی کائۆچۆیـی دادەنـا و دێ بـە دێ دەڕۆشـت. ئێوارەیـەک کۆمەڵێک پێشـمەرگە بـە دەموچـاوی داپـۆشراو و دەسـت بـە چەکـەوە هاتنە نـاو شـار و لـە دەرگای ماڵی کابرایـان دا و هـەر لـەوێ حوکمەکەیـان خوێنـدەوە و هـەر لـەوێ گوللەبارانیـان کـرد. خوشـکم دەیگـوت: " لە پێـش چـاوی مـە تیربارانیـان کـرد". دەنگی تەقـە و هـاواری خەڵـک مەحبووبەی پەشـۆکاندەوە، مەحبووبەیـەک کـە پێشتر بەهۆی بۆردومانی پیرانشـار و شـەڕەوە تووشـی زەبر و زەنگـی دەروونی ببوو.

پێشـمەرگە ئـەم کەسـەی کـە پێدەچـوو بەسـتەنیفرۆش نەبووبـێ ناسـیبووە کـە هاوکاریـی ئیتلاعاتـی سـپا دەکات. ناوبـراو بـە بیانـووی فرۆشـتنی بەسـتەنی دەچـووە گونـدەکان و داوای زانیـاری لـە منـداڵان دەکـرد، بـۆ نموونە دوێشـەو پێشـمەرگە لـە ماڵیاندا بـووە یان نـا. هەرچەندە زۆرێـک لـە منداڵـەکان پێیـان گوترابـوو کـە هیـچ نەدرکێنـن، بـەڵام ڕەنگـە هەندێکیـان بـە هۆی بەسـتەنی و تەمەنـی بچووکیانـەوە شـتێکیان گوتبێت. لـەو ماوەدا، سـپا جگە لە بەستەنیفرۆشـە گەڕۆکـەکان، بـۆ کۆکردنـەوەی هـەواڵ و زانیـاری سـوودی لـە کۆتاڵفـرۆش، میوەفـرۆش،

ئاسـنەواڵەفرۆش و کۆنەفرۆشـەکان دەبینـی و خەڵک وردە وردە زانییان کێ زانیاریی ناوچەیی بە سـپای پاسـداران و ئیتلاعاتی نەغەدە و مەهاباد دەدات. پێشـمەرگەش ئەو کەسـەی لە سـێدارە دا بـۆ ئـەوەی پەندێـک بـێ بـۆ کەسـانی دیکـە و پێیـان حاڵـی بـکا کـە تاوانـی سـیخوڕی چییـە. بەسەرهاتی دراوسێکەی پوورم زۆر خراپ کاری کردە سەر مەحبووبەی خوشکم و بیرەوەرییەکانی شەڕ و بۆردومانەکانی پیرانشاری کولاندەوە.

وێنەی ١٠٣. لێدانی گوللەی کۆتایی لە ١١ کەس لە ئێعدامیانی کورد بە فەرمانی خەڵخاڵی، فڕۆکەخانەی سنە، خەرمانای ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩). وێنە لە جەهانگیر ڕەزمی

ئـەوەی باسـم کـردووە بەشـێک لـەو واقیعانەیـە کـە بـە چـاوی خـۆم بینیومـە یـان لـە کەسـانی نزیکـی خـۆم بیسـتوومە. نامـەوێ کـردەوەی حیزبـەکان لەگەڵ کەسـانێکی وەکـوو خەڵخاڵـی بـەراورد بکـەم. ویسـتم نیشـان بـدەم کـە ئێمـە لـە چ سـەردەمێکی توندوتیـژدا ژیاوین و چـوار دەیە لەمەوبەر دۆخەکـە تـا چەنـدە شـپرزە و نابەسـامان بـووە. خەڵخاڵـی و حکوومەتـی تازەدامـەزراوی کۆمـاری ئیسلامیی ئێـران هەر کەس کـە بەرهەسـتیی حکوومەتیـان بکردایـە لەسـێدارەیان دەدا و لـەم پێنـاوەدا هەنـدێ جاریـش کۆمەڵکوژییـان دەکـرد. چەنـدە تاوانی سیسـتماتیکیان ئەنجـام دا کە ڕۆژێـک دێ لێکۆڵینەوەی تێروتەسـەلی لەسـەر بکـرێ و ڕەهەنـدە ترسـناکەکانیان بـۆ هەمـووان ڕوون بێتـەوە. بـا ئـەوەش بڵێـم مـن مەبەسـتم نییـە حیزبەکانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانی بێتـاوان پیشـان بـدەم، دیـارە ئەواینـش هەڵەیـان لێ وەشـاوەتەوە و هەندێـک لە ئەندامەکانیـان تاوانیان ئەنجـام داوە. تاوان و دۆسـیەگەلێک کـە زۆر کـەس دەڵێن ڕێکخـراو یان حیزبـی پەیوەندیدار لێی بێئاگا بـووە و وەکوو خەڵخاڵـی نەبـوو کـە ڕاشـکاوانە وتـی هـەر چییەکـی کـردووە بـە فەرمانـی خومەینـی بـووە، یـان وەکـوو لـە سـێدارەدانەکانی شەسـتەکان کـە بـە فەرمانی ڕاشـکاوانە و نـووسراوی خومەینـی و بە دەسـتی هەندێک لە سـەرکردەکانی ئێسـتای ڕژێم جێبەجێ کرا. هەرگیز نابێ ئەوە لەبیر بکرێ کـە سـەپاندنی توندوتیـژی بـە هەر چەشـنێک بـێ، ڕەنگە لـە قۆناغـە سـەرەتاییەکاندا ئامرازێکی گونجـاو بـۆ سـەرکوتکردن بـێ، بـەڵام دواجـار توندوتیـژی لـێ دەکەوێتـەوە و سـووڕی سـەقەتی توندوتیـژی بـەردەوام دەبێـت. ئەو توندوتیژییەی کە کۆماری ئیسلامی بە شـێوەی سیسـتماتیک لـە دژی کـورد بـەکاری هێنـا، لێـرە و لـەوێ و بـە شـێوەی جۆراوجـۆر خـۆی دەردەخسـت.

سیستەمی پەروەردەی ئایدۆلۆژیک، ناسیۆنالیزمی کوردی و تامەزرۆیی بۆ وازهێنان لە خوێندن

دۆخەکە ئاڵۆز و مەترسیدار بوو، خەڵک ئاسایشیان نەبوو، بابی داماوم هەموو ڕۆژێک بە ماتۆڕەکەی دەمانیبردە گوندەکانی دەوروبەر بۆ ئەوەی بچینە قوتابخانە و لە تاقیکردنەوەکاندا بەشداری بکەین. لەو ساڵانەدا بە ئەنقەست وانەکانم بە باشی نەدەخوێند بۆ ئەوەی واز لە خوێندن بێنم. سیستەمی پەروەردە تەنگی پێم هەڵچنیبوو و ئیتر پێم خۆش نەبوو کە درێژە بە خوێندن بدەم، سەبارەت بەو بابەتانەی کە لە کتێبە دەرسییەکاندا باس دەکرا هەستێکی خۆشم نەبوو و شتی زیاترم دەویست. لە یەکەم دەرفەتدا ڕێبازی ژیانمم گۆڕی و بەردەوام کتێبی نادەرسیم دەخوێندەوە و گوێم لە ڕادیۆ بیانییەکان دەگرت و سەیری فیلم و بەڵگەفیلمە تەلەڤیزیۆنییەکانم دەکرد. ئیتر هیچ شتێک منی بە قوتابخانە نەدەبەستەوە و زانیاری و خواستەکانم لە ئاستی سیستەمی پەروەردەیی زیاتر بوو. سیستەمی پەروەردەیی ناکارامە و ناتەواو و ئایدۆلۆژیکیی ئەو ڕۆژانە قەناعەتی پێ هێنام کە چوونە قوتابخانە کات بەفیڕۆدانە. من حەزم لە پرسە سیاسییە چەپەکان بوو و کورتەمێژووی حیزبی تووده و حیزبی دێموکراتم دەخوێندەوە. دەقە قەدەغەکراوەکانی دوکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانم، کە هێشتا تیرۆر نەکرابوو، دەخوێندەوە، کە بۆ مێرمنداڵان و گەنجانی کورد سەرچەشن و ئەفسانە بوو. سەرەڕای ئەوەی لە زۆرێک لە بابەتەکان تێنەدەگەیشتم، بەڵام دەمخوێندنەوە.

هەوڵم دەدا بە شێوازی خۆم زیاتر فێر ببم و بەرەو پێشەوە بچم. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا حەزم لە بەرهەمە جیهانییەکان بوو و کتێبەکانی جەک لەندەن و ڤیکتۆر هوگۆ و هتدم دەخوێندەوە. کتێبەکانی جەک لەندەنم دەگرت بە دەستەوە و دەچوومە سەر ڕووباری تایمز لە شاری لەندەن و بیرم لە پەیوەندیی چینی وجاغزادە و کۆمەڵگای ئەو سەردەمە دەکردەوە، یان بۆ نموونە چیرۆکی خۆشەویستیی ئەو کوڕە هەژارە هیندییەی کە لە ماڵەوە ڕای کرد و ژیانی خۆی گۆڕی. ناوبراو دەچێتە ناو کارێکی بازرگانییەوە و لەبەر ئەوەی کەسێکی بەتوانا و لێهاتوو بوو سەرنجی بازرگانەکە بە لای خۆیدا ڕاکێشا، بازرگانەکە ئەم کوڕە بانگهێشتی ماڵەکەی خۆی دەکا و لەوێوە عاشقی کچی بازرگانەکە دەبێ و ... هەروەها ژان ڤالژان و دەیان چیرۆک و ڕۆمانی تر منیان دەبرد بۆ ئەو فەزایانەی کە ڕەنگە خەونم پێیانەوە بینیبێ و حەزم لێ بوو وەکوو هەندێک لە کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکان ژیانم بگۆڕم. من لە کتێبەکاندا بە شوێن کەمایەتییەکانمدا دەگەڕام. ژیان لە ناو گرمهگرمی شەڕ و نائارامیدا هیچ هێمنایەتی و ئاسوودەییەکی نەبوو، کە ئەم نائارامی و پشێوییە منی پەلکێشی لای کتێب و پاڵەوانەکانی ناو کتێبەکان کرد بۆ ئەوەی خۆم لە جیهانی دەوروبەرم دوور بخەمەوە و هەر هیچ نەبێ،

چەند کاتژمێرێک لە خەیاڵمدا ژیانێکی جیاواز بەسەر بەرم. ئاستی ئەمانە زۆر لە وانەی قوتابخانە زیاتر بوون، قوتابخانە ئایدۆلۆژییەکان کە دوای ئەو هەموو ئاوارەبوون و لێکپسان و پەککەوتنە پەروەردەییە، ئیتر هیچ گرنگی و سەرنجراکێشییەکیان بۆ من نەبوو و لەوێ بە بیانووی جۆراوجۆر پەلکێشی سەر شەقاممانیان دەکرد. جارێک بۆ ڕێپێوانی ١٢ی بەهمەن، جارێک بۆ گرتنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا[1]، جارێکی دیکە ڕۆژی قودس و ...

بە هەر حاڵ دۆخەکە گەیشتە ئاستێک کە هەرچی سیستەمی پەروەردە زیاتر کاری لە سەر تواندنەوە و ئاسمیلەکردنی ئێمە لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە دەکرد، من زیاتر لە جیهانی خۆمدا نوقم دەبووم و خۆم لێیان دوور دەخستەوە. ئەوان ئێمەیان فێری بەکارهێنانی چەک دەکرد بۆ ئەوەی بیر لە چوونە بەرەکانی جەنگ بکەینەوە و ڕێژەی بەشداریی ئەهلی سوننە زیاتر ببێتەوە، بەڵام هەرچی من بووم سەرم لە ناو کاروباری خۆم بوو و خوێندنەوەی مارشی بڵیندگۆکان و سەنگەرسازیی بەردەم قوتابخانە لە هەفتەی بەرەڤانیی پیرۆز (دفاع مقدس) و ... هیچ بە لامەوە گرینگ نەبوو. من و ئەم سیستەمە لێک دابڕابووین .... .

ڕەنگە لەو ساڵانەدا زۆرێک لە منداڵانی ئێرانی بە ئەزموونێکی هاشێوەدا تێپەڕیبێتن، بەڵام بارودۆخی ئێمە لە ناوچە کوردستانییەکاندا جیاواز بوو. لەم فەزایەدا دژایەتیکردنی حکوومەت بوو بە شوناسی من و خۆمم لە ناو چوارچێوەیەکی هزریی ناسیۆنالیسمی کوردیدا بینیەوە. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی نەیتوانی مێشکی منداڵانێکی وەکوو من بشواتەوە. ڕژێمی دەسەڵاتدار لە قوتابخانە و شارە سنووریەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات زۆر تێکۆشا کە تازەلاوان بەرەو لای خۆی ڕابکێشێ، بەڵام لەلایەک بێبەشیی زۆر و نەبوونی کەمترین پێدایوستییەکانی ژیان لە شار و لادێ کوردنشینە سنوننە مەزهەبەکان – لەبەر ئەوەی بارودۆخی ناوچە شیعەکان کەمێک جیاواز بوو و حکوومەت باش پێیان ڕادەگەیشت – هەلی سەرکەوتنیان کەم دەکردەوە. لە لایەکی ترەوە ئەو ململانێ و شەڕە زۆرەی کە لە نێوان حکوومەت و کورددا ڕووی دابوو و بە دەگمەن بنەماڵەیەکت شک دەبرد کە یەکێک لە ئەندامەکانی لەلایەن سپای پاسداران یان بەسیجەوە نەکوژرابێ، یان داخداری کەسێکی نەبێت. زۆربەیان ڕۆڵەیان لە ناو حیزبی دێموکرات یان کۆمەڵە بوو و بە دڵنیاییەوە ئەم شتانە کاریگەریی لەسەر جۆری بیرکردنەوەیان دادەنا. یادەوەرییەکانی سەردەمی مێرمنداڵی و لاویەتیی من و زۆر کەسی دیکە، تەژی بوو لە تووڕەیی لە ڕەفتاری ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، ڕژێمێک کە لەبەر دوو هۆکاری بێبەشی و ژینگەی شەڕ و گرژیی بەردەوام، هیچ شەرعیەتێکی لە ناو ئێمەدا نەبوو و سیستەمی

---

١ . گرتنی باڵۆیزخانەی ئەمریکا لە تاران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی و نۆ مانگ دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی ڕووی دا. لەم ڕووداوەدا خوێندکارانی شوێنکەوتەی ئیمام لە هێرشکدا باڵۆیزخانەی ئەمریکایان لە شەقامی تەختیجەمشیدی جاران، کە دواتر بوو بە تاڵەقانی، گرت و ٦٦ دیپلۆماتکاری ئەمریکیان وەک بارمتە دەستبەسەر کرد. ئەم بارمتانە دواتر پاش قبووڵکردنی گرێبەستی ئەلجزایێر لە لایەن دەوڵەتەکانی ئێران و ئەمریکاوە ئازاد کران.

پڕوپاگەندەی ڕژێم و هەوڵە چڕە ئایدیۆلۆژییەکانی نەیتوانی ئێمە ملکەچی ئەم ڕژێمە بکات.

● وێنەی ١٠٤. مۆڵەتی بەشداری لە تاقیکردنەوەکانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی، ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی (١٩٨٣)

هەر ڕووداو و پێشهاتێک هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە و ناسیۆنالیزم و هۆگری بۆ نەتەوەخوازی بێبەڵگە و بورهان ڕوو نادات. لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هێشتا مافە نەتەوەییەکان بەشێکی گرنگی داخوازییەکانی گەلی کوردن کە بەدی نەهاتوون و تەنانەت فێرکاریی زمانی کوردیشیان لە قوتابخانەکاندا قبووڵ نەکردووە. کۆماری ئیسلامی لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ کوردانداهەمان سیاسەتی ئاسمیلەکردنی ڕەزاشا و کوڕەکەی پەیڕەو کردووە. واتە لە ڕێگەی یەکدستکردن و ناوەندگەراییەوە هەوڵی دەدا نکۆڵی لە جیاوازییە ئێتنیکی و زمانەوانییەکان بکا و پشتگوێیان بخا و بە بەکارهێنانی شێوازی دۆگماتیک، داخوازییە ڕەواکانیان سەرکوت بکات. ئاسمیلەکردن لە بواری فەرهەنگ و زماندا لەژێر کاریگەریی ناسیۆنالیزمی تاکنەتەوەیی ڕزاوی ڕەزاشایی کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیش بە جیاوازیی ڕووکەشییەوە کردوویانە بە ستراتیژی فەرهەنگی- زمانی و فارسیزمیان کردووە بە تەوەری ئەو سیاسەتانە بۆ ئەوەی نەتەوە نافارسەکانی وەکوو کورد پەراوێز بخەن.

هەر دوو حکوومەت لە مامەڵەکردن لەگەڵ داخوازی و مافە مرۆڤییەکانی کورددا هەمان میکانیزمی لێکچوواندنی سەرکوتکارانەیان بە کار هێنا، بەڵام تاکە جیاوازییەکەیان شێوازی جێبەجێکردنی ستراتیژەکانیانە. ئەوان هەمیشە خەریکی ئەویتریسازی بوون و کوردیان وەک "ئەویتری" وێنا کردووە کە دژی ئێرانیزم و شیعەگەرییە و ئەم دوو ڕێبازەیان واتە ناسیۆنالیزم و ئایینییان بۆ ناشیرینکردن و پەراوێزخستنی کورد بەکار هێناوە.

لە بنەڕەتدا بە دەستکاری و چەواشەوە، داواکاریی کوردیان وەها پێناسە کردووە کە بتوانن بەرژەوەندیی خۆیان بەدی بهێنن. هۆگریی گەنجان بۆ ناسیونالیزمی کوردی، جۆرێک گەڕانە بە دوای شوناسی کوردانەدا کە تەنانەت لە ڕووی سەربازیشەوە پەلاماری دراوە[1].

ئەگەر بمانهەوێ زیاتر ئەم پرسە شی بکەینەوە پێویستە ئەوەشی پێ زیاد بکەین کە لە

١ . گوتارنامە؛ ماهنامە اجتماعی- فرهنگی، سال اول؛شمارە١، ١٣٩٧.

بنەڕەتدا نەک تەنها لە ناو کورددا، بەڵکوو بە گشتی، ناسیۆنالیزم هەر لە خۆوە بیچم ناگرێ و پێشمەرجەکەی هەستکردن بە هەڵاواردن و چەوساندنەوە و سەرکوتکردنە لە لایەن نەتەوە یان ئێتنیکێکی شۆڤێنیستەوە. پرسی دووەم ئەوەیە کە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی جەختی لەسەر ئازادیی قسەکردن و شێوەزار و خوێندنی زمانی دایکی لە قوتابخانەکاندا کردۆتەوە، بەڵام هەرگیز جێبەجێ نەکراوە. هەرچەندە چەند ساڵێکە پەروەردە و خوێندن بە زمانی کوردی لە زانکۆی سنە لە ئاستە باڵاکاندا هەیە، بەڵام ئەمە پەلی بۆ ناوچەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەهاویشتووە و لە پارێزگای سنەدا سنووردار بۆتەوە، جگە لەوەش تەنیا بۆ توێژی بلیمەت و زانکۆییە و خەڵکی گشتی لێی بێبەشن. پرسی سێهەم پەیوەندی بە سەردەمی ڕەزاشاوە هەیە، هەر کاتێک نەتەوە یان ئێتنیکێک دەسەڵاتی بەدەستەوە بێ و خۆی بە نەتەوەیەکی باڵاتر و ناوازە بزانێ و هەوڵی سەرکوتکردنی نەتەوە یان ئێتنیکەکانی تر بدا، ئیتر ئەوە ڕەفتارەکەی ناسیۆنالیستی نییە و ناوێکی دیکەی هەیە. ئەو هێڵی ناسیۆنالیزمی[1] بەزاندووە و بە بڕوای زۆر کەس، بیری شۆڤێنیستیی سەپاندووە.

بۆن بدە، نمرە وەربگرە

هەتا ناوەڕاستی هەشتاکان هەموو هەفتە و مانگێک دەڤەرەکەمان بۆردومان دەکرا. هەندێ لە مامۆستاکانیش بەسیجی و سپایی بوون و بە لاگیرانە مامەڵەیان لەگەڵ پرسەکان دەکرد و لە شار و ناوچەکانی دیکەی ئێرانەوە هاتبوونە ناوچەکە. بەیانیان بە ڕووخسارێکی دێزەوە دەهاتنە قوتابخانە و بە هەڵسوکەوت و ڕوانینیان دادەهێزرای. ئیتر ورەیەکی ئەوتۆ بۆ خوێندن نەدەما. ئەم فەزایە بێگومان قوتابی لە خوێندن سارد دەکردەوە. من هەمیشە لە وانەی ئینگلیزی و قورئان و بیرکاریدا دەکەوتم و هەردەم لە لێدانی مامۆستا دەترسام. لە هەموو ڕوویەکەوە نائەمنیم بەئەزموون دەکرد و ئەمە ئەشکەنجەیەکی گەورە بوو، هەر بۆیە بەردەوام زەختم لە ماڵەوە دەکرد کە من نامهەوێ بچمە قوتابخانە. بابم لە پۆلی یەکەمی قۆناغی ناوەندی (ڕاهنەمایی)دا بە بەرتیل نمرەی بۆم وەردەگرت. بەڵام ساڵی دووهەمی ئامادەیی

---

١. ناسیۆنالیزم دژی ئێتنیک‌گەرایی توندڕەوییە و هەستێکی ناسیۆنالیستییە کە هەستی پابەندیی بە نەتەوەیەک و شوناسبەخشی بەدی دێنێ و یەکگرتوویی بەهێز دەکات، لە حاڵێکدا ئێتنیک‌گەراییی ڕادیکاڵی وێڕای بە سەرترزانینی ئێتنیکی خۆی هەوڵ دەدا ئێتنیکەکانی دیکە سووک و سەرکوت بکا و بیانخاتە پەراوێزەوە کە زۆر جار تێکەڵ بە پێش‌داوەری و دەمارگرژیی نالۆژیکییە. ناسیۆنالیزم ڕێگە بۆ پەیوەندی و کارلێکە فەرهەنگییەکان دەکاتەوە و جیاوازییە فەرهەنگییەکان لە چوارچێوەی ڕێژایەتیی فەرهەنگی بەرز دەنرخێنێ و بە فەرمی دەیناسێت. کەچی ئەوە لە کاتێکدایە کە ئێتنیک‌گەرایی ڕادیکاڵ نکۆڵی لە جیاوازییە فەرهەنگییەکان دەکا و ڕوانگەیەکی ڕەهاگەرایانە و لاگیرانەی بۆ بەها و ئادیاکان هەیە. شێوازی ڕەزاشا و حاکمەکانی دوای ئەو ئەوە بوو کە بە دروستکردنی دووانەیەک لە سەر بنەمای فەرهەنگی خۆیان و "ئەویتری" تێبکۆشن کە فەرهەنگە ناخودییەکانیان بە "ئەویتری" لە قەڵەم بدەن و بیتارێنن و بەم شێوە گڕی دوژمنایەتی و کینەخوازییان خۆش دەکردەوە.

دەرنەچووم و تێکڕای کۆی نمرەکانم لە خوار دە بوو، بابم دیسان وتی دەبێ بخوێنی و دڵیشت بتۆقێ دەستت لە خوێندن پێ هەڵناگرم. دیسان نابەدڵانە دەستم بە خوێندن کردەوە و بەڵام زۆر سووکایەتیم پێ دەکرا، پێیان دەوتم: "کامیل دوو ساڵەیە، کامیلە گووساڵەیە[1]" بۆ ساڵەکەی دیکە دیسان لە هەموو وانەکان سووتام و بوومەوە بە سێ ساڵە" و بەپێی یاساکانی قوتابخانەی ئەوسای ئێران بە شێوەیەکی سیستماتیک لە قوتابخانە دەرکرام! کوێر چیت دەوێ دوو چاوی ساغ، ئای کە چەندەم پێ خۆش بوو کە لە قوتابخانە دەرکرام، ئاخ چەندە چاوەڕێی ئەو ڕۆژە پڕشکۆیەم دەکرد.

ئەوەندەی نمرەی بەرزم لە وانەکانی زانستی کۆمەڵایەتی و مێژوو و ئەدەبیات بەدەست دەهێنا کە هەندێک جار تەنانەت ٢٠م دەگرت، بەڵام لە وانەکانی بیرکاری و ئەندازەیی و زمانی ئینگلیزی مێشکم قەپات دەبوو، دژی سیستەمی پەروەردە دەوەستامەوە، تەنانەت ناڕەزایەتیشمان دەربڕی. لە قۆناغی ناوەندیدا لەگەڵ دوو هاوڕێم تیمێکی ناڕەزایەتیمان پێک هێنا و سەرەتا ناڕەزایەتیم بەرامبەر بە جێگری بەڕێوەبەری قوتابخانە، دواتر دژی بەڕێوەبەری قوتابخانە کە پاشناوەکەی "ڕاش" و هاوڕێی باوکم بوو ڕاوەستاین و ئینجا نامەیەکمان نووسی بۆ بەڕێوەبەری ئیدارەی پەروەردەی شارەکە و پرسیاری ئەوەمان کرد کە باشە بۆچی ئێمە دەبێ وانەیەک بخوێنین کە پێمان خۆش نییە و لە ژیانماندا هیچ سوودێکیان نییە؟ ئایا ناکرێ ئەو شتانەی کە حەزمان لێیە دوو ئەوەندە بخوێنینەوە؟ نامەیەکی سەیر بوو، بەڕێوەبەری قوتابخانە گاڵتەی پێکردین. بانگی کردین و لەبەرچاوی خۆمان نامەکەی بە دەنگی بەرز بۆ مامۆستاکان خوێندەوە و هەموو قاقا پێکەنین. مامۆستاکانی بیرکاری و زمانی ئینگلیزیش لەوێ بوون و ئەوەندەی دیکە ڕقیان لێمان هەستا. وایان دەزانی نیازی پیلانگێڕیمان لە دژیان هەیە. هەرچی مامۆستایانی بیرکاری و زمانی ئینگلیزی بوون وایان دەزانی خاوەن ئەو وانانە بوون وا ئێمە حەزمان لێی نییە و دەبێ سزا بدرێین کەچی ئەوان دەبوایە قسەی ئێمەیان بەوە وەربگرتایە کە ئێمە حەزمان لە وانەکانی دیکەیە، بۆیە لە بیرکاری و زمانی ئینگلیزی بێزارین. ئەم مامۆستایانە، بە چەشنێکی گەوجانە دەمارگرژ بوون کە هەڵوێستەکەیان لە بنەڕەتەوە پووچ و بێمانا بوو. ئەمە ئەو سیستەمە پەروەردەییە بوو کە لە بری ڕێزگرتن لە داخوازی و ئازایەتیی مێرمندانێک بۆ دەربڕینی کەڵکەڵە و بۆچوونەکانی، سەرکوت و گاڵتەیان پێدەکرد. وەک پێشتر وتم کۆماری ئیسلامی دوای هاتنە سەر دەسەڵات، دەرکردن یان سەرکوتی بەربڵاوی مامۆستایانی دەست پێکرد. ئەو مامۆستایانەی کە دایمەزراندن، بچوکترین ڕاهێنانیان لە بواری دەروونناسی یان پەروەردەی منداڵان و مێرمنداڵان نەبینیبوو، تەنها شتێک کە بۆ دامەزراوەی پەروەردە و ڕاهێنانی کۆماری ئیسلامی گرنگ بوو، ئایدۆلۆژیایەک

---

١ .. گووساڵە واتا گوێرەکە

بـوو کـە تەنانەت ناکرێ نـاوی ئایدۆلۆژیای ئیسلامـی لێ بنێین چونکە بە تـەواوی هەڵبەستراوی کۆمـاری ئیسلامییـە و لـە سـەر بنەمـای بەرنامـە سیاسـییەکانی ڕژێـم بنیات نـراوە. لـەم ژینگەدا کەسـایەتی و ئاینـدەی قوتابـی هیچ گرنگ نەبوو و مامۆسـتایان و تەواوی کاربەدەسـتانی کەرتی پـەروەردە بیریـان لـەوە نەدەکـردەوە کـە ئاسـتی بەرگەگرتنـی ئێمـەی منـداڵان لـەم بارودۆخـە پڕزەبـر و زەنگـەی کۆمەڵـگا ئەگەر ناومکینیش نەبـێ خۆ دژوارە. لە قوتابخانـە، ئێمە لە دەرفەتی خەیاڵپـەروەری بێبـەش دەکرایـن ڕەنگـە ئەگـەر مامۆسـتایان لـە چەنـد ڕسـتەیەکدا هاوسـۆزانە بۆیـان ڕوون بکرداینـەوە کـە هـەر کەسـێک زیاتـر حـەزی لـە وانـە و بابەتێکە، بـەڵام بۆ ئـەوەی لە داهاتـوودا سـەرکەوتوو بـێ پێویسـتە وانەکانـی دیکـەش فێـر بێـت، بۆ نموونـە ئەگەر مامۆسـتای زمانـی ئینگلیـزی پێـی بگوتبایـن ڕەنگـە لـە داهاتـوودا گەشـتێک بـۆ وڵاتانـی بیانـی بکـەن و ئەو کات زمانـی ئینگلیزیتـان پێویسـتە، ڕەنگـە ئێمـەش پشـوودرێژانە وانەکانمـان بخوێندبایە.

دواجـار لـە سـاڵی ١٣٦٥ی هەتـاوی (١٩٨٦ ز) وازم لـە خوێنـدن هێنـا و لـە خۆشـیاندا پێـم وەعـەرز نەدەکـەوت، شاگەشـکە ببـووم، بەڵام چەند سـاڵێک دواتر زۆر پەشـیمان بوومـەوە. کاتێ کەمێـک گەورەتـر بـووم، تەنانـەت کارتـی خوێندکاریشـم سـاختە کـرد و لـە زانکـۆ ئەهلییەکانـی نەغـەدە و مەهابـاد لـە سـەر هەندێـک لـە پۆلەکانـدا بەشـداریم دەکـرد. گرێـی درێـژەدان بـە خوێنـدن لـە مێشـکمدا بـوو هەتا ئەوەی کـە هاتمە لەنـدەن بۆ درێـژەدان بە خوێنـدن و جارێکی تـر دەسـتم بـە خوێنـدن کـردەوە. دوای وازهێنـان لـە خوێنـدن وازم لـە کتێبخوێندنـەوە نەهێنـا و لـە ماڵـەوە دەسـتم بـە کتێبخوێندنـەوە کـرد، بـەڵام ئـەو کتێبانـەم دەخوێنـدەوە کـە حـەزم لـێ بـوو. چەنـد کتێبێکـی پۆلی سـێی ناوەنـدی و یەکـەم و دووەمـی دواناوەندیـم خوێنـدەوە. مێژوو، جوگرافیا، ئەدەبیات، زانسـتە کۆمەڵایەتییەکان و هتدم دەخوێندەوە و تەنانەت ئیمتیحانیشـم لە خـۆم وەردەگـرت. دواتـر دەسـتم بـە نووسـین و وەرگێڕان بۆ سـەر زمانی کـوردی کـرد، هەرچەندە کوردییەکـەم بـاش نەبـوو و ئێسـتاش زۆر بـاش نییـە، بـەڵام ئەدەبیاتـم بـاش بـوو کورتەچیرۆکـم دەنووسـی و بـە خەسـتی کتێبم دەخوێنـدەوە.

مـن هەرگیـز دژی خوێنـدن نەبـووم و هەسـتیارییەکانم بۆ خوێنـدن لە زانکۆ و سـاختەکردنی کارتـی خوێنـدکاری و هتد، پیشـان دەدا کە من چەندە حەزم لـە خوێندن بووە. هەوڵی فێربوونی پیشـەم دەدا، کـە ئەمـە گوزارشـت لـەوە دەکا کـە هێزێکـی ناوەکـی بـۆ فێربـوون لـە ناخـی منـدا هەبـوو، بـەڵام ڕژێمـی کۆمـاری ئیسلامیـی ئێران لەبـری ئەوەی خەسارناسـیی بـۆ دیاردەکە بکا و بیخاتـە سـەر ڕێچکەیەکـی ڕاسـت و دروسـت، تۆڤـی بێـزاری لـە ناخی ئێمـەدا چاند و لەو شـتانە وەڕەزی کردیـن کـە توانای فامکردنـیمان نەبوو.

سیسـتەمی پـەروەردەی کۆمـاری ئیسلامـی سیسـتەمێکی تاقیکردنەوەیـی بـوو کـە لـە ژێـر کاریگەریـی سیاسـەت و ئایدۆلۆژیـای ئیسلامـی شـیعەدا. شـوناس و زمـان و فەرهەنگی ئێتنیکە غەیرەفارسـەکانی وەکـوو کـورد بـە هیـچ شـێوەیەک لـە سیسـتەمی پـەروەردەدا لـە بەرچـاو

● وێنەی ١٠٥. بابم و یەکێ لە مامۆستاکانم کە هاوڕێی بابم بوو، لەبەر دووکان، پیرانشار ١٣٦٢ی هەتاوی (١٩٨٣)

نەگیرابوون و هەڵبەت ئێستاش هەر وایە.[1] هەر ئەم بابەتانە هۆکاری سەرەکیی بێزاریی من لە خوێندن بوون. لە لایەکی ترەوە خێزانەکەم بەتایبەت بابم هەندێک جار لەبری ئەوەی هانم بدەن، بێرێزیان پێم دەکرد. هەڵبەت ئەم سووکایەتیکردن و ناوناتۆرەلێنانە لە زۆربەی خێزانەکاندا باو بووە و بەداخەوە هەتا ئێستاش هەر وایە. قوتابخانە و خێزان یان پەروەردە و ڕاهێنان پێکەوە و هاوقۆڵانە کارێکی وایان کرد کە من لە خوێندن دڵسارد ببمەوە. بەڵام من ناتوانم ئیدعای ئەوە بکەم کە بنەماڵەکەم هۆکاری دەستهەڵگرتنم لە خوێندن و ڕەنج و مەینتەکانم لە قوتابخانە بوون، چونکە متمانەیان بە مامۆستایان هەبوو و هەر وەک پێشتر وتم متمانەی زۆر بە مامۆستا بەشێک بوو لە فەرهەنگی خەڵکی ئەو سەردەمە. بەڵکوو ئەوە ئەرکی قوتابخانە بوو کە شوێنێکی ئەمن بۆ ئێمەی منداڵان و مێرمنداڵان دابین بکات، بەتایبەت کە هیچ منداڵێک و مێرمنداڵێک لەو سەردەمەدا لە بارودۆخی ئاساییدا نەبوو.

شیکردنەوەی سیستەمی پەروەردەیی ئێران بابەتێکی ئاڵۆزە کە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ پێشهاتەکانی مێژووی کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگیی ئێمەوە هەیە. ئێستاش

١ . حقوق اقلیت‌ها و عدالت قومی؛ سامان رشیدی، ص ٨٦.

کـە سیسـتەمی پەروەردەیـی وەکـوو لـە ڕابـردوودا بەرنامـەی بـۆ دارێژراوەتـەوە، گوزارشـت لـە سەرلێشـێواویی بەڕێوەبەرانـی ڕۆشـنبیری و پەروەردەیـی دەکات. هەموومـان دەزانیـن لـەم سیسـتەمە پەروەردەییـەدا زانیـن و تێگەیـشتن مەرجـی دەرچـوون نییـە، بـەڵام پێدەچـێ تەنهـا بڕوانامـە و دەرچـوون لـە تاقیکردنەوەی کونکوور[1] و زانکۆ بۆ کارگێڕان و دارێژەرانی ئەم سیسـتەمە پەروەردەییـە گرنگـە. کاتێـک بابـم شـیرینی و بەرتیلـی بـە مامۆسـتا و بەڕێوەبـەر و کارگێڕەکانـی قوتابخانـە دەدا بـۆ ئـەوەی نمـرەم پـێ بـدەن و دەربچـم بەبـێ ئەوەی شـتێک فێـر بووبێتـم، ئەوە بەرهەمی ئەم سیسـتەمە نەخۆشـەیە. لە لایەکی تـرەوە ناوەڕۆکی پەروەردەیـی لە ڕژێمی کۆماری ئیسلامیـدا زۆر ئایدۆلۆژیکییـە و ئێسـتا هێنـدە ئایدۆلۆژیکـیتر بووەتەوە. بە گشـتی پێـم وایە هیچ گۆڕانکارییەکـی بنەڕەتـی لـە سیسـتەمی پەروەردەییـدا ڕووی نـەداوە و تەنیـا فـۆرم و بیچمـی پۆلـەکان گـۆڕاوە. لە سـەردەمی ئێمەدا کارگێڕان و مامۆسـتایان ڕاسـتەوخۆ بەرتیلیـان وەردەگرت بـۆ ئـەوەی نمـرەی دەرچـوون بـە خوێنـدکاران بـدەن. زۆرێـک پێیـان وایـە کـە ئەمـڕۆ فۆڕمـی ئەم بەرتیلـە گـۆڕاوە و بـە دابینکردنـی سیسـتەمی پەروەردەیـی ئەهلی، خێزانـەکان دەتوانـن ڕێبازی ئـەو منداڵـە دیـاری بکـەن و دەسـتوەردان لـە کاروبـار و بۆچوونـی قوتابخانە و مامۆسـتایان بکەن و لـە بنەڕەتـدا هیـچ خوێندکارێـک ناسـووتێ و سـاڵێک وەدوا ناکەوێـت. واتـا پرەنسـیپەکە هـەر ئەوەیـە، تەنهـا سـازوکار و میکانیزمەکان گـۆڕاون. ناوەڕۆکـی پەروەردەییش کە لـە ڕێگەی کتێبی وانەییەوە شـیاوی هەڵسـەنگاندنە، دەریدەخا کـە دارێژەرانی کتێبە وانەییـەکان، درێژە بە ڕێبازی ئایدیۆلۆژیکـی و شـەرعیەتبەخش دەدەن و زانیارییەکـی تـەواو و سـەردەمیانەیان بـۆ دارشـتنی ناوەڕۆکـی ئـەو کتێبانـە نییە.

---

١ . کونکوور (بە فارسی: کنکور): تاقیکردنەوەی سەانسەری وەرگرتنی زانکۆکانی ولاتە لە ئێراندا

بەشی دووەم

کار دەکەم، بۆ ئەوەی هەبم ...

وازهێنان لە خوێندن بارێکی گەورەی لەسەر شانم هەڵگرت. وەک ئەوەی قورساییەکیان لە کۆڵم کردبێتەوە، بەڵام ناچار بووم کار بکەم بۆ ئەوەی نەبمە بارگرانی. چەند پیشەیەکم تاقی کردەوە و لە کۆتاییدا ئەو ڕێگایەم گرتە بەر کە حەزم لێی بوو. ئێستا کە بیری لێدەکەمەوە، دەبینم زۆر جار ئەوەی بابم خۆشی لێ نەدەهات و بە دڵی نەبوو، من دەمکرد و سەرەڕای هەموو دژایەتییەکانی پاڵپشتم بوو. منی خۆش دەویست، بەڵام بە شێوازی خۆی و لەسەر بنەمای بیروباوەڕەکانی خۆی. پێم وایە زۆربەی باوکانی وڵاتەکەم هەر بەم شێوە منداڵ و مێرمنداڵەکانیان خۆش ویستووە و خۆشیان دەوێن. ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێ کە بەتایبەت لە تەمەنی منداڵی و مێرمنداڵیدا زۆر توخنی منداڵەکانیان ناکەون.

دوای ئەوەی لە پۆلی دووەمی ڕاهنەمایی وازم لە خوێندن هێنا، لە پێشدا کەیفم ساز بوو و وامدەزانی باشترین کارم کردووە. لە دڵمی دابوو کاتی هەڵفڕینە و ئیتر نابێ لە ئێران بمێنمەوە. خۆمم لە ژینگەیەکی تردا دەبینیەوە، گۆرانییەکانی نەنکم کە هەر لە تافی منداڵییەوە بە گوێمدا دەیخوێند: "بە مەهەندیسی بت بینم، لە لەندەنێ بت بینم ..." وەک شتێ بانگی دەکردم. بە بێ ئەوەی خۆم پێ بزانم ،کاری کردبووە سەرم و منی ڕاپێچی لای خۆی دەکرد. لە سەر زەخت و گوشاری بابم، ماوەیەک لە کارگایەکی مکانیکی (فیتەری)دا شاگردیم کرد. دواتر چوومە ناو کاری وێنەگرییەوە و بە تامەزرۆییەوە لە دووکانی وێنەگریی هاوڕێیەکی باوکم ئیشم کرد. گەلێ پیشە و کارم تاقی کردەوە و ئەم ئەزموونانە دواتر توانیم لە لەندەن زۆر کەڵکیان لێ وەربگرم. بە هۆی ئەم ئەزموونانەوە بۆ ماوەیەک توانیم لە بواری وێنە

و میدیـادا ئیـش بکـەم و بڕوانامـەی ماسـتەر لـە بـواری خەڵکناسـیی وێنەیـی[1] لە زانکـۆی کێنت بەدەسـت بهێنم.

منداڵی کار یا فێربوونی پیشە؟

لـە هەڕەتـی تازەلاویـم و تەنانەت پێشتریشـدا، وا باو بوو کە منداڵان لە پشـووی سـێ مانگەی هاوینـدا کار بکـەن. هەندێکیان کاری دەستفرۆشـییان دەکرد و هەندێکـی تریان لە کارگەکاندا ئیشـیان دەکـرد. منیـش کـە نەمدەتوانـی لەگـەڵ سیسـتەمی قوتابخانـەدا خـۆم بگونجێنـم و بخوێنـم، دەبـا ئیشـم هەبوایـە و پارەم پەیـدا بکردایە. لە هـەر ڕوویەکەوە سـەیری بابەتەکە بکەین دەستفرۆشـی و چەرچییەتـی نـەک هـەر سـوودی بـۆ منـداڵان نەبـوو، بەڵکـوو هەندێـک جـار زەمینـەی بـۆ ڕەخسـاندنی دیـاردەی ناباو خـۆش دەکرد. دیـاردەی کاری منداڵان کە لە ئێسـتادا هـەژاری و ناسـەقامگیریی ئابـووری ئەوەنـدەی دیکـە زەقتری کردۆتـەوە، سـەرەڕای ئـەوەی کـە لەگـەڵ پێناسـەی سـەردەمی منداڵیـی ئێمـە لـە کارکـردن هەنـدێ لێکچوونیـان هەیـە، بـەڵام هەڵگـری جیاوازیـی بنەڕەتیشـن.[2] لە سـەردەمی ئێمەدا، منـداڵان و هەرزەکاران لـە قۆناغێکدا و

---

١. خەڵکناسـی و مرۆڤناسـیی وێنەیـی، زاراوەیەکـی لێکـدراوە کـە لـە دوو بـواری فیلـم و خەڵکناسـیدا چالاکـی دەکات. هەر یـەک لـەو دوو بـوارە، شـێواز و تەکنیکی تایبەتیـان هەیە کە بۆ بینینی دیـاردە و لێکدانـەوەی ڕوودواوەکان یارمەتیمان دەدات. جیاوازییەکـی قـووڵ لـە نێـوان ئـەم دوو بوارەدا هەیـە، ئەم جیاوازییـە لەبەر ئەوەیـە کە لە ڕووی نـاوەڕۆک و شـێوازهوە فەرقیان هەیـە. یەکەمیـان ئیـش لـە سـەر دەقـی نـووسراو دەکا کـە بە بنەمـای تیۆری دەسـت پێـدەکا و بە شـیکاری و ڕاپۆرتنووسـین کۆتایـی پـێ دێ و ئـەوی دیکەیـان بـە شریتـی سـێلۆلۆیید کار دەکا و بـە بیرۆکەیـەک دەسـت پێـدەکا و بـە وێنەگرتـن و پێشـاندانی دەسـتکەوتەکان کۆتایـی دێت. (بـۆ زانیـاری زیاتـر، بڕوانـە: خاشـعی، رضا،١٣٩٢،انسان‌شناسـی تصویـری) مرۆڤناسـیی وێنەیـی، بـە شـێوەی لۆژیکـی لـەو بـاوەڕەوە سـەرچاوە دەگـرێ کـە فەرهەنـگ لـە ڕێگـەی هـێما بینراوەکانـی وەکـوو ئامـاژە، ڕێوڕەسـمەکان، دابونەریـت و شـتی دەسـتکردی نـاو ژینگـەی سروشـتی یـا دەسـتکردی خـۆی دەردەخـات. فەرهەنـگ هـەر ئەو شـتەیە کە خۆی لە شـانۆ گەڵاڵەدارەکانـەوە لە لایەن ئەکتەرەکانـەوە بە جلوبەرگ و دیکۆڕاسـیۆنەوە خۆی دەنوێنـێ، فەرهەنـگ ئـەو بەڵگەنووسراوانەیـە کـە مـرۆڤ لـە خولقاندنیانـدا دەسـتی هەبـووە. ئەگەر مـرۆڤ بتوانـێ فەرهەنگ ببینـێ، ئـەوا دەبـێ توێژەرانیـش تەکنەلۆژیـا بینگەیـی و بیسـیارییەکانیان لەبەردەسـتدا بـێ بـۆ ئـەوەی وەک داتایەکـی شـیاوی شـیکاری و پێشکەشـکردن تۆماریـان بکـەن. هەرچەنـد لـە ڕووی مێژوویـیەوە دەتوانرێت ڕەگ و ڕیشـەی مرۆڤناسـی لـە گریمانـە پۆزیسـتیڤیسـتییەکاندا بدۆزرێتـەوە کـە دەڵـێ هەمـوو واقیعێکـی ئۆبژێکتیـڤ، دەتوانـرێ ببینرێـت. زۆربـەی تیۆریسـییەنە فەرهەنگییەکانـی سـەردەمی هاوچەرخ جەخت لەسـەر ئـەوە دەکەنەوە کە واقیعییەتی فەرهەنگی، سروشـتێکی کۆمەڵایەتی‌هەیـە و ئێمـە لـە ڕێگـەی ئەزموونکردنـەوە لـە فەرهەنگـەکان تێدەگەیـن. (رابـی، جی. انسـان شناسـی تصویری، ترجمـە محمـد تهامـی نـژاد، ، وبسـایت انسانشناسـی و فرهنـگ، ١٣٨٩)

٢ . لـە ئێـران و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا کاری منـداڵان بۆتـە کێشـەیەکی کۆمەڵایەتـی، دیـاردە، قەیـران یـان پرسـێک، کە لە ئابوورییەکـی نەخـۆش و سـەقەتی ئێرانـەوە سـەرچاوەی گرتـووە و بـە تێپەڕبوونـی کات بۆتـە فەرهەنگێکـی ناباو و نائاسـایی. فەرهەنگێـک کـە بـە دەسـتەواژەی "بـا ببێتـە پیاو" جۆرێک لـە زۆرەملێتی بەسـەر منداڵاندا دەسـەپێنن کـە ئەمـە نەخوازراوانە و نەزانانـە ژمـارەی منداڵانـی کرێـکار زیـاد دەکات. هەندێـک لـە منداڵانی کار لـە ڕووی ئابوورییـەوە ناچار نین پارە بەدەسـت بهێنـن و دەسـت بدەنـە کار و کاسـپی. دیـاردەی کاری منـداڵان لـە ئێسـتادا لەبـەر هـەژاری و کـۆچ و بارودۆخـی نابەسـامان و ناسـەقامگیری ئابوورییـە، بـەڵام خاڵـی هاوبەشـی هـەر دووکیـان ئەوەیـە کـە ئـەو منداڵانـەی کـە ئەولەویەتیـان خوێندنـە، کاریان پێدەکرێت. ئێسـتاکە کاری منداڵان لەگەڵ تایبەتمەندیی جەسـتەیی و دەروونی و توانا و نیگەرانییەکانی سـەردەمی

بـە ئامانجـی ڕاهێنـان کاریـان دەکـرد، ئەویـش پتر کاری وەکـوو فیتـەری و جۆشـکاری بـوو. ئـەو منداڵانـەی کـە لـە هەڕەتـی هەرزەکاریـی منـدا کاریـان دەکـرد هـەژار نەبـوون و بـۆ فێربوونـی پیشـەیەک ئیشـیان دەکرد.سـاڵی ١٩٨٦، دوای وازهێنان لە خوێندن، هەوڵم دا پیشـەیەک فێر ببـم یـان بـاشتر بڵێـم هەوڵـم دەدا کارێـک بـۆ داهاتـووی خـۆم بدۆزمـەوە. بابـم وتـی: "ئەلحـان ئەتـوو دەرس ناخێنـێ، ڕۆڵـە گیان، دەبـێ کارێکـی بکـەی و بـۆ خـۆت فێری شـتێک بـی". پاساوەکەشـی ئـەوە بـوو، دەیگـوت هیچـی نـاوێ هـەر مقەسـتێک و ئاوێنەیـەک و کورسییەکی دەوێ. بابم وایدەزانی سـەڵمانی کارێکـی چـەورە. بـەڵام مـن کاری سـەڵمانیم پـێ خـۆش نەبـوو. یەکێـک لـەو کارانـەی کـە زۆرم حـەز لـێ دەکـرد، وێنەگـری بـوو. لـە دووکانەکەمانـدا دووربیـنمان دەفرۆشـت و منیـش لـە منداڵییـەوە بـەردەوام وێنـەی هەموو شـتێکم دەگـرت. بابم ئەمـەی پـێ خـۆش نەبـوو و دەیـوت: "هەتیـو عەکاسـی کاری لووسـکەکانە، ئەتـوو بـۆ عەکاسـی نابـی." بابـم زۆری بـۆم هێنابـوو کـە ببمـە مکانیـک واتـە فیتـەر. خۆشـم دڵـم لای ماتۆڕسـواری و لێخوڕینـی ئۆتۆمبێـل بـوو و کـەم مەیل نەبووم کـە کاری مکانیکـی تاقی بکەمەوە. دراوسـێیەکی مکانیـکمان هەبـوو کـە پێیـان دەگوت ڕەحمانە شـێت. باوکم منـی برد بۆ لای ڕەحمانە شـێت کە ببـم بـە شـاگردی مکانیـک. کاک ڕەحمان پیاوێکـی بـاش و وەسـتای لێـزان و وردبین بـوو. کوڕە تاقانەکـەی یەگجـار خۆش دەویسـت و لای شـاگردەکانی زۆر تاریفی دەکـرد. ڕەنگە لەبەر ئەوەی زوو هەڵدەچـوو ئـەم پاشـناوی شـێتەیان پێـوە لکاندبـێ، کـە بـە ڕاسـتی ئەو پاشـناوی شـێتە زۆر ناحـەق بـوو، خـۆ ئەگـەر تووڕەیـی بکەینـە پێـوەری شـێتی، دەبـێ نیـوەی خەڵکـی ئـەم شـارە بە شێت بزانین.

● وێنەی ١٠٦. خۆم، دێی گەرباسک، سەردەشت، ١٣٦٥ی هەتاوی (١٩٨٧)

دەسـت بـە کار بـووم. ئێمـە خەریکـی گۆڕینی فەنەری جیپی سـەحرایی و شـابازی ئەمریکی بووین کـە ئـەودەم لای ئێمـە ئـەم دوو ئۆتۆمبێلە زۆر بوون. دەسـت لـە کارهەڵگرتن و داخسـتنی دووکانیـش بـەزم و ڕەزمـی خـۆی هەبـوو، ئێـواران وەسـتا ڕەحمان دووکانەکـەی دادەخسـت و

منداڵیـدا یـەک ناگرێتـەوە و لـە ڕووی جەسـتەیی و دەروونـی و کەسـایەتی و کۆمەڵایەتییـەوە چەندیـن زیـان و کاریگەریـی نەرێنـی بـۆ سـەر منـداڵان و هـەرزەکاران لێدەکەوێتـەوە.

لەبەر ئەوەی من دراوسێ بووم و بابم منی پێ سپاردبوو، بە لاندرۆڤەرە ئینگلیزییە، لە باوک و برا ئازیزترە کەی، ئێمەی دەگەڕاندەوە ماڵێ. هەمیشە دوو شت ڕوویان دەدا؛ کە لەسەر کورسییەکەی پشتەوە دادەنیشتم پارچەیەکی ڕادەخست بۆ ئەوەی جلوبەرگە چەور و چیلیەکەم ئۆتۆمبێلەکەی پیس نەکا و نەیدەهێشت درگا بکەمەوە و دایبخەم کە نەکا درگاکەی بشکێ و یان چەور بێ! خۆی ئەم کارانەی دەکرد یان ئاگاداری پێ دەداین.

هەموو ئێوارەیەک لەبەردەم باشترین میوەفرۆشیی شاردا دەوستا و میوەی دەکڕی. بە وردبینییەوە میوەکانی هەڵدەبژارد و سێ دانەی لێ دەشۆردەوە و پێی دەداین کە بیخۆین. لە ڕێگادا گۆرانیی کوردی وەکوو حەسەن زیرەک و محەممەدی ماملێ بۆمان لە سەر دەخست و یەکیەک دەیگەیاندینە ماڵەوە. فەرهادی کوڕی بە بینینی من لە ناو ئۆتۆمبێلەکە و میوەخواردنی هەموو ئێوارەیەکمان زۆر دڵخۆش نەبوو، بەڵام بە دانیشتن لە پێشەوەی ئۆتۆمبێل کە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا گرنگییەکی تایبەتی هەبوو، تۆڵەی لێم دەکردەوە. کاتێک دەگەیشتە پێش ماڵەکەی، وەستا ڕەحمان بە فیزەوە هۆڕنی لێ ئەدا بۆ ئەوەی کچەکانی دەرگاکە بکەنەوە. بە پەلە و دڵەڕاوکێی ئەوەی کە نەکا کچەکانی من ئاوا چەور و چلیک ببینن، بە دەستماڵێک سووچێکی دەرگاکەی پشتەوەم دەکردەوە و بە ماڵاواییەکی خێرا، دەرباز دەبووم.

من ماوەیەکی کورت لە دووکانی مکانیکی شاگردیم کرد و بۆ ئەوەی وەک مکانیکێکی کارزان و کاردروست دەربکەوم بە نهێنی ڕۆنی سووتاوم لە جلەکانم دەدا و دەست و دەموچاوم ڕەش دەکرد. ئەمەش دەریخست کە من کارزانترم و سەرەڕای تەمەنی کەمم، مشتەرییەکان متمانەیان پێدەکردم و هەندێک جاریش شاگردانەیان پێم دەدا. شاگردەکانی دیکە لە داخان دەیانوت جا خۆ ئەوە دە ڕۆژە هاتووە و تووڕ و گێژەر لە یەک ناکاتەوە. خوا هەڵناگرێ قسەکەیان حەق بوو، زۆر کار هەبوو بە من نەدەکرا، نەمدەتوانی فەنەرەکان ئاچارکێشی بکەم، هەم تەکنیکی بوو و هەمیش پێویستی بە کەسێکی بەهێز و پێز بوو. من منداڵێکی ڕەفووزەیی و لووسکە بووم، هەر بۆیەش زۆر بەردەوام نەبووم. دوای ماوەیەک سوور بووم کە لەوێ بڕۆم بۆ ئەوەی بەدوای خولیا و خەونەکەمدا بگەڕێم، کە ئەویش وێنەگری بوو.

لێدران لە لایەن پاسدار نەقی

هەر لە تەمەنی دە_ یانزە ساڵانەوە حەزم لە کارکردن بوو. لەو کاتەدا پیشەی دیکەم تاقی دەکردەوە و دەمویست داهاتێکم هەبێت. هەندێک جار لە هاویناندا بیسکوویتم دەفرۆشت و جارێکیش کە لە پۆلی یەکەمی مامناوەندی بووم، لەگەڵ کوڕێکی تر بە ناوی سماییل ئەحمەدی کە هاوپۆلم بوو، لە پارکی شاری جەرگی برژاومان دەفرۆشت. زۆربەی هاوینان

کارم دەکرد؛ لە وردکەنان کۆکردنەوەوە[1] - کە ئەمڕۆکە هەندێک کەس بە هەڵە پێی دەڵێن زبڵگەڕی - بگرە هەتا دەگاتە کاری دیکە. پێش ئەوەی بچمە سەر کاری مکانیکی، کارەبام لە دراوسێی بەرامبەر دووکانی باوکم بەکرێ گرت و لە بەردەم دووکانەکەیدا دووکانێکی شەربەتفرۆشیم دانا. ئەو سەربازانەی کە مۆڵەتی هاتنە ناو شاریان پێ دەدرا، دەهاتن شەربەتیان لێم دەکڕی و ئەوەش داهاتی بۆم هەبوو. هەندێک جار لە سێڕێیانی سەرەکیی شار، لە شەقامی ئازادییەوە بۆ شەقامی ئیمام، جگەرەم دەفرۆشت.

لەو سەردەمەدا فرۆشتنی جگەرەی بیانی قەدەغە بوو و بە قاچاخ ئەنجام دەدرا. ئێمە نەماندەتوانی بە بۆکس بیانفرۆشین، هەر بۆیە بۆکسەکانمان لە شوێنێک لە ناو لق و پۆپی درەختەکاندا دەشاردەوە و بە سەربازەکانمان دەفرۆشت. ڕۆژێکیان جگەرەم دەفرۆشت، دۆستەکەم واتە هەمان ئەو کچەی کە ماوەیەک لە ماڵەکەیاندا ژیابووین بە لامدا تێپەڕی. هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە کە چەندە تەریق بوومەوە و کەرامەتم شکا. کە منی بینی هاتە پێشەوە و وتی: "کامیل ئەوە جگەرە دەفرۆشی؟" منیش کە پەشۆکابووم، هاتم درۆ بکەم بەڵام زمانم هەڵنەسووڕا ... ڕاستییەکەم وت و ئەم ڕاستگۆییە زۆری ئازار دام. ماوەیەکی زۆر خۆم سەرکۆنە دەکرد، فشە نەبوو ... یەکەم خۆشەویستم منی لە کاتی جگەرەفرۆشتندا بینی.

لە لایەک هاوڕێ و ناسیاوەکان لە حاڵی جگەرەفرۆشتندا بتبینن، لە لایەکی دیکەشەوە مەئموورانی شارەوانی و هەندێک جاریش کۆمیتە دەهات جگەرەکانی لێت وەردەگرت. ڕۆژێک مەئموورەکان هاتن بۆ ئەوەی جگەرە فرۆشەکان کۆ بکەنەوە، من ڕوودارییم کرد و نەڕۆشتم. ڕوخسارێکی مۆدێرن و شارستانیم هەبوو، قژێکی فۆکڵی و چەور و جلوبەرگی ئەورۆیی. ئەو ڕۆژە مەئموورێکی گەنجی پاسدار بە ناوی نەقی کە خەڵکی میاندواو بوو، شەقێکی لە جگەرەکانم دا، منی بردە ناو کووچەیەک بە ناوی میرزا مەحموود و بەبێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک تا توانی لێیدام. ئەوەی کە بە بێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک جگەرەکانم لێ بستێنێ و یەک دوو زللەم لێ دا شتێکی ئاسایی بوو، بەڵام ئەو هەموو زللە و لێدانە، ڕقئەستوورانە بوو. پاسدارە گەنجەکە نەک لەبەر جگەرە، بەڵکوو لەسەر ڕواڵەتی جیاواز و کوردبوونەکەم لێیدام و زیاتریش لەبەر ئەوە کە نەمدەهێشت جگەرەکانم لەگەڵ خۆی ببات.

ئەو لێدانە زۆری خایاند و ئیتر خەڵکی ناو کۆڵانەکە و بەتایبەت ئەو پیرەژنانەی کە لە

---

١ . وردکەنانفرۆش ئەو کەسانەن کە لە بەرامبەر کڕینی وردکەنان لە خەڵک، پارەیان پێ دەدەن. وردکەنانفرۆش یان ڕێزەنانفرۆش نانە ڕەقە و یان ئەو شتانەی کە شیاوی بەکارهێنانەوەن وەکوو دەفری پلاستیکی، پاکێتی کاغەزی و ئاسنەواڵە بۆ بەکارهێنانەوە و ڕیسایکلین دەبەن بۆ ناوەندە جۆراوجۆرەکان. وردکەنانفرۆش لەگەڵ زبڵگەڕ فەرقی هەیە. هەرچەندە کارەکانیان هاوشێوەیە، بەڵام زبڵگەڕەکان بە کۆڵاناندا ناگەڕێن و بۆ ئەو پاشەڕۆیەی کە کۆی دەکەنەوە پارە نادەن. کەچی وردکەنانفرۆش کووچە و کۆڵانەکان دەگەڕێ و بۆ ئەو پاشەڕۆ و شتە کۆنانە و نانە ڕەقە پارە دەدا و زۆر جاریش لەگەڵ کڕینەوەی شتە کۆنەکان خۆشی شتومەک دەفرۆشێت.

پەنجەرەوە سەیری دەرەوەیان دەکرد، دەیانگوت دەک "دەستیت شکێ" و تفیان لێ دەکرد. ئەویش بە تورکی جنێوی بە خەڵک دەدا و لە لێدانم بەردەوام بوو. منیش بە تورکی وڵامیم دەداوە و خۆڕاگریم دەکرد. کاتێک خۆڕاگرییەکەم بوو بە دەستکردنەوە، دەمانچەکەی هەڵگرت و هەڕەشەی لێکردم! ناچار بووم بە قسەی بکەم و ئەم کێشمەکێش و ململانێیە هێندەی خایاند کە ئیتر شەکەت بوو و لە حاڵێکدا کە دەموچاوم خوێناوی بوو، لە کۆڵم بووەوە و ڕۆشت. من هەرزەکار بووم و بێتاوان. هەرزەکارێک لە ناو پێکهاتەیەکی جیاکار و دەسەڵاتخواز و ستەمکاردا، کە ئامانجی تەنیا تاراندن و توندوتیژی بوو. من قوربانی بووم، بەڵام توانای بەرپەرچدانەوەم نەبوو. ئەم تووڕەییە کەڵەکەبووانە وای کرد کە بڵێسەی ڕق و کینەم لە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ڕۆژ بە ڕۆژ بەتینتر بێت. من مەئموورێک لێیدام کە کاری لابردنی بەربەستی ڕێگا نەبوو، ئەو مەئموورە سەرەڕۆیانە و لە ژێر کاریگەریی سیاسەتە ئایدۆلۆژیکییەکانی حکوومەتدا مامەڵەی کردبوو. سیاسەتێک کە دەرەنجامەکەی بوو بەوەی کە لاوان و تازەلاوانی هاوسەردەمی من- بەتایبەت کوردانی ئەهلی سوننە - لە ناوچەکە گرێ و ئێشی دەروونییان پەنگ بخواتەوە. ئەمڕۆ لەناو دەسەڵاتدارانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیدا بەم ڕەفتارە دڵێن "تەقەکردنی سەرپشکانە"[1] و نیشانەی ڕوونی دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەی حکوومەتێکە کە هاوڵاتییانی بەرداوەتە گیانی یەکتر و دەیەوێت بەم دووبەرەکی نانەوە نامرۆڤانەیە، ماوەیەکی زیاتر لە سەر کورسیی دەسەڵات بمێنێتەوە. لە شارە دووئێتنیکی_دوونەتەوەییە کورد و تورکنشینەکاندا، ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەسەڵاتێکی زیاتری داوە بە تورکەکان بۆ ئەوەی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی، دووبەرەکی بخاتە نێوان ئەم دوو نەتەوە.[2]

ئەو چەکەی کە حکوومەت بەو مەئموورە گەنجەی دابوو، دەسەڵاتێکی پێبەخشیبوو کە خۆی و باڵادەستەکانی شایەنی نەبوون. بۆیە بە ئارەزووی خۆی و بێبەزەییانە لە منی دەدا و جوێنی بە خەڵک دەدا و تفەنگی لێمان ڕادەکێشا بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی نیشان بدات. ئەم شێوازی هەڵسوکەوتە گەیشتبووە ئاستێک کە ئایدۆلۆژیای ڕووخێنەری هەراسانکردنی کورد لە شاری نەغەدە و شارەکانی دەوروبەری وەک شتێکی سروشتی لێهاتبوو. ئەم جۆرە ڕووداوانە بەردەوام کەلێنی نێوان ئێمە و حکوومەتیان قووڵتر و گەورەتردەکردەوە و ئەم ڕەوتە هەتا ئێستاش بە بیچم و فۆرمی جۆراوجۆرەوە بوونی هەیە.

---

١ . آتش به اختیار

٢ . پرسی ڕق و کینەی نێوان کورد و تورک کاتێک کۆتایی پێدێ کە هەر دووکیان بگەنە ئاستێک لە هۆشیاری کە بەبێ گوێدانە ئایدۆلۆژیای ڕژێم و سیاسەتی دووبەرەکینانەوەی، بزانن کە بۆ ئەوەی پێکەوە بژین و پێکەوە بن، مەحکوومن بەوەی پێکەوە هەڵبکەن و بە یەک ئەندازە مافی ژیانێکی خۆش و سروشتییان لەم ژینگە هاوبەشەدا هەیە. ڕاشکاوانە دەڵێم کە بۆ نەهێشتنی ڕەگ و ڕیشەی دووبەرەکی هیچ ڕێگایەکی دیکەیان جگە لە پێکەوەهەڵکردن نییە. هەموو ئەو ڕووداوانە دەریانخست کە حکوومەت بە کردەوە دژی خەڵکە و بڕیارە حوکمڕانییەکەی بەم شێوە بێت.

دووربینێک بۆ دوارۆژ!

باوکم خاوەنی یەکێک لە دووکانە دیارەکانی شاری پیرانشار بوو، باشترین دووربین یان وەک باشووری دەڵێن کامێرا لە دووکانەکەی باوکمدا بوو. ئەو ساڵانە بڕەندی وەکوو کۆداک و زێنیت لە بازاڕدا دەستی باڵایان هەبوو. من دەرفەتی ئەوەم بۆ ڕەخسابوو کە کامێرایەک بگرم بە دەستمەوە و بچمە ناو شاخ و دەشت و گوندەکان و وێنە بگرم. هەڵبەت ڕازیکردنی باوکم بۆ وەرگرتنی فیلمی ٢٤ و ٣٦ دانەیی بەسەرهاتی خۆی هەبوو. جیا لەوەش دەبا پارەی هەڵگرتنەوەی وێنەکانم لە گیرفانی خۆم بدایە. وێنەی خانەوادە و خزم و کەس و جەژن و زەماوەند و پرسە و سروشت و ئاژەڵ و هەموو شێتەکانی شارم دەگرت ... بەبێ ئەوەی خۆم پێ بزانم ئەرشیڤێکی دەوڵەمەندی فەرهەنگ و ژیانی خەڵکم دروست دەکرد، و دواتر تێگەیشتم کە هەندێکیان ئێتنۆگرافی و خەڵکناسانەن. کاری وێنەگری ڕێچکەی داهاتووی دیاری کردم. زۆر لە سەر وێنەکانم هەستیار بووم و خۆشم دەویستن و بە کەسم نەدەدان. ئەم کارەی من لە ناو خزم و دراوسێکاندا ببوو بە بابەتی گاڵتە و جەفەنگ، بەڵام من گوێم لێ نەبوو. وێنەم دەگرت و وێنەکانم بە کەس نەدەدا[1]، بە لامەوە گرینگ نەبوو کە خەڵک چی دەڵێن! ئەوەی بە لای خەڵکەوە شتێکی گاڵتەئامێز و پێکەنینناوی و بۆ کاتبەسەربردن بوو، بۆ من جیدی بوو و لە ڕاستیدا نیگەرانی و جۆری ڕوانگەم بۆ ئەو خەڵکە و تێگەیشتن و ناسینیان لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی وێنەکانمدا خۆی دەردەخات.

کۆڵنەدان و بەدواداچوون و حەز و ئارەزووی من دواجار باوکمی ڕازی کرد کە بمنێرێ بۆ لای یەکێک لە ئاشناکانی خۆی کە بەناوبانگترین وێنەگری شاری پیرانشار بوو. ئەوێ تاکە لابراتۆری هەڵگرتنەوە و چاپی فیلمی بوو. سەییدە سەمەد مورتەزەوی پیاوێکی باش بوو و پێشینەی چالاکیی سیاسی و دژایەتی حکوومەتی هەبوو. دواتر زانیمان کە بە هەماهەنگیی لەگەڵ حیزبی دێموکرات چۆتە ناو دەزگای ئیتلاعات و لە بەرگی هاوکارێکی ئیتلاعاتیدا زانیاری بە هێزەکانی دێموکرات دەدا. سەییدە سەمەد ساڵانێک دواتر ژن و منداڵی خۆی بەجێهێشت و چووە ناو حیزب. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی کە بۆی دەرکەوت کار بۆ حیزب دەکا گرتی و ماوەیەک زۆر ئەشکەنجەی دا. دوای ئەوە کاتێ لە زیندان ئازاد بوو ناچار بوو ڕا بکا و لە وڵاتی نەرویج ببێتە پەنابەر. دەڵێن لە ئەنجامی لێکەوتەکانی ئەو ئەشکەنجانەدا هەر لەوێ گیانی لەدەست دا.

من و جەلال لاهیجانی هاوڕێم ماوەیەک لەوێ بووین. جەلال درێژەی بە ڕێبازی

---

١ . بەگشتی لە کۆمەڵگادا نەریتێکی ناشیرین ببوو بە باو کە ئەگەر کەسێک کەلوپەلێکی تایبەتی فەرهەنگیی وەکوو کاسێت و وێنە و هتد هەبایە، لەبری ئەوەی ڕێگە بە بەرهەمهێنانەوەی ئەم کاڵایە بدا کە خەڵکێکی زیاتر سوودی لێ وەربگرێ، ئەو کاڵایەی قۆرخ دەکرد بۆ ئەوەی تەنها بۆ خۆی بێ و خۆی پێوە بنوێنێت.

وەستاکەی دا و بۆ ئەوەی نەگیرێ و نەخرێتنە سووچی زیندان چووە ناو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتەوە. ماوەیەک وەک کامێراوان لە تەلەڤیزیۆنی حیزبدا کاری کرد و ئێستا پەنابەری وڵاتی نەرویجە. ساڵی ٢٠٠٦ کاتێک بۆ پرسەی دایکم گەڕامەوە بۆ ئێران، بۆ یەکەم فیلمی دیکۆمێنتاریم سەبارەت بە کۆڵبەری لە ناوچەکەدا، جەلال کامێرامان بوو. ئەم بەڵگە فیلمە یەکێک لە یەکەمین بەرهەمە وێنەییەکان بوو کە لە سەر کۆڵبەر لە ناوچەکانی موکریان لە ژێر ناوی "کرێکۆڵ"[1] دروستم کرد.

● وێنەی ١٠٧. بەڵگەفیلمی هەژاری و نان

من لەگەڵ کاک سەمەد دەستم بە وێنەگری کرد و لێی فێربووم. سەرەتا من دووکانەکەم گسک دەدا و بەردەستی بووم. پاشان وردەوردە منی بردە تاریکخانە و ڕێگەی پێدام کە وێنەکان بشۆمەوە، کارێکی زۆرخایەن بوو، بۆیە سێ شاگردی هەبوو. یەکێکیان پلە باڵا، یەکێکیان مامناوەند و ئەوی دیکەیان بەردەست بوو. پاشنیوەڕۆیەک کە نانی نیوەڕۆم خواردبوو و دەگەڕامەوە بۆ دووکان، بینیم بەر دووکانەکە پڕە لە جەماعەتێکی چەکدار کە هەمووشیان لە ئاغاکانی مەنگوورِ بوون. بینیم کاک سەمەد و ئەحەدی برای لەگەڵ چەند کەسێکیان تێک هەڵچوون. چەند کەسێکیش لە ئیدارەی ئیتلاعاتەوە هاتبوون بەڵکوو ناوبژیوانی بکەن و شەڕی نێوان ئەو دوو برا و چەکدارەکان گرژتر نەبێتەوە.

وا دیارە ئەو کاتەی من لەوێ نەبووم، یەکێک لە چەکدارە مەنگووڕەکان بۆ وێنەگرتن چووبووە لای ئەحەد، دەنگیان لە یەک هەڵبەزیوەتەوە و کاک ئەحەد لێی دابوو. ئەو پیاوە چەکدارەش بیست- سی کەس لە ئەندامانی بنەماڵەکەی کە هەمووشیان چەکدار بوون دێنێتە سەر کاک ئەحەد! براکان لە دووکانەکە بوون و هێزە ئیتلاعاتییەکانیش لە بەر دەرگای دووکانەکە بوون. لە سەرووبانەوە سەدرا[2] ناوێک بوو کە ئەوکات جێگری ئیتلاعات بوو. ئەوان

١ . ئەحمەدی، کامیل. بەڵگە فیلمی کرێکۆڵ (فقر و نان)، ١٣٨٥:

https://kameelahmady.com/fa/documentaries/poverty-and-bread-documentary/

٢ . سەدرا جێگری بەڕێوەبەری ئیدارەی ئیتلاعاتی پیرانشار، لوڕ و خەڵکی گوندێکی خوڕەماوا بوو. نابراو دوای تەواوکردنی خزمەتی سەربازی لە پیرانشار، لە ئیدارەی ئیتلاعات دامەزرا و هەتا کاتی خانەنشین بوونی هەر لە پیرانشار مایەوە. زۆر

نەیاندەهێشت براکان لە دووکانەکە بێنە دەرەوە چونکە باش دەیانزانی ئەگەر بهێڵن ئەو برایانە بێنە دەرەوە ئەوا مەنگووەرەکان یان بریندارییان دەکەن یان دەیانکوژن. کەشەکە تۆقێنەر بوو و تەقەی هەواییان دەکرد. من دەترسام بچمە پێشەوە و دراوسێکانیش لە سووچێکدا خۆیان شاردبووەوە. کاک سەمەد لە پڕ هاتە دەرەوە و هاواری کرد: «وا مەزانن لێتان دەترسێین! گەرچی هاوزمانین، ئەنگۆ هەرگیز لە ئێمە لە ناچن، ئەنگۆ سی نەفەرن ئێمە دوو نەفەرین، بەڵام لێتان ناترسین." هەر کە هاتنە دەرەوە، مەنگووڕەکان بێبەزەییانە لێیان دان و بە تفەنگ سەری کاک سەمەدیان بریدار کرد. هەتا ماوەیەکی زۆر جگە لە جێگای تەقەڵ، ڕەشایی لێدانەکان بە دەموچاویەوە دیار بوو و تووشی بێفکری و پەرێشانیی هۆش هاتبوو.

هەڵسوکەوتی سپایی و ئیتلاعاتییەکان پێشبینیکراو بوو. خێرا پاشەکشەیان کرد و وایان پێ باش بوو کە لە دوورەوە بووەستن، چونکە دەترسان تەقەیان لێ بکرێت. کاتێکیش شەڕەکە تەواو بوو سەید سەمەدیان خستە ناو ئۆتۆمبێلێکەوە و بردیان بۆ نەخۆشخانە. ئەو ڕۆژە، بینیم کە دادپەروەری و حەق لە هیچ کوێ دیار نەبوو و کەس لێپێچینەوەی لە مەنگووڕە چەکدارەکان، کە سەر بە دەوڵەت بوون، نەکرد. بەڵام پرسیارێک کە لێرەدا دێتە پێشەوە ئەوەیە: ئەگەر پێچەوانەکەی ڕووی بدایە چی دەقەوما؟ ئەگەر سەید سەمەد هێرشی بۆ چەکدارەکان ببردایە، ئایا سپا و ئیتلاعات دوور دەوەستان و ماقماق سەیریان دەکرد؟ ئەم کەسانە لە ڕاستیدا پاسەوانی چەکدارەکان بوون، هەر بۆیە کاتێک چەکدارە مەنگووڕەکان هێرشیان کردە سەر کاک سەمەد هیچ کاردانەوەیەکیان لە خۆیان پیشان نەدا.

دوای ئەم ڕووداوە بوو کە باوکم ئیتر نەیهێشت بچمە وێنەگریەکەی کاک سەمەد. وتی: "سەمەد کەللە شەقە، بەمە کۆتایی نایەت. شەڕ و تۆڵەکردنەوە جارێ هەر دەمێنێتەوە"، بۆیە بوومە شاگردی وێنەگرییەکی دیکە. ئەمەیان ناوی کاک حسێن بوو و پێیان دەگوت حسێن پەیمان. گەنجێکی قۆز و زمانلووس بوو. بە نوتقە گەرم و شیرینەکەی بەناوبانگ بوو. زۆر کەس، کاتێک بەلای دووکانەکەیدا تێدەپەڕین بەبێ ئەوەی نیازی وێنەگرتنیان هەبێ، دەهاتنە بەر کامێراکە و حسێن وێنەی لێیان دەگرت و پارەیەکی باشی لێیان دەستاند.

سێ شاگرد لە دووکانی وێنەگریی حسێن پەیمان ئیشمان دەکرد. مشتەری و ڕێبواری ئەو شارە نەما کە کاک حسێن وێنەی نەگرتبێت و پارەی لێ وەرنەگرتبێت. ئیتر هەرچی مشتەرییەکە ڕێکوپێکتر بایە کاک حسێن پارەی باشتری لێ دەستاند. دووکانی وێنەگریی کاک حسێن لە کۆتا دووکانەکان بوو کە دەیڕوانییە سنووری حاجی عۆمەران. سەربازەکان زیاتر بەوێدا تێدەپەڕین و لە کۆتایی مۆڵەتی ڕۆژانەیاندا دەگەڕانەوە بۆ بنکەکانیان. زۆرێک لە

بە باشی کوردی قسەی دەکرد و کەم کەسیش دەیزانی کە کورد نییە. سەدرا لە دەستگیرکردنی شانە تەشکیلاتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو. بە زمانلووسی توانی ئەو کەسانەی کە هەواداری حیزبی دێموکرات بوون بەرەو لای خۆی ڕابکێشێ و خەڵک نەخوازراوانە دەبوونە پیاوی ئیتلاعات.

مشـتەرییەکانی هـەر ئـەم سـەرباز و ئەفسـەر و پلـەدارە ئەرتەشـیانە بوون.

ئەزمونـی کارکـردن لەگـەڵ حسـێن پەیمان وەکوو هـەر ئەزمونێکی تر، هـەم لایەنی ئەرێنی و هـەم لایەنـی نەرێنیـی بـوو، گرنگترینیـان ئـەوە بـوو کـە فێـری تەکنیکـی گفتوگـۆ و توانـای پەیوەندیسـازکردن بـووم، کـە بـەم تەکنیکانە دەمتوانی بە زمانشـیرینی مشـتەری بـە لای خۆمدا ڕابکێشـم. کاک حسـێن بارودۆخە جیاوازەکانی زۆر بە باشـی بەڕێوە دەبرد و کەسـێکی سەیر بوو. زۆر دەچـووە تـاران و فیلـم و نێگەتیڤی دەهێنا و شـێوازی نوێی وێنەگریی بە شـارەکە دەناسـاند. قـات و پانتۆڵـی شـیک و جوانـی لەبـەر دەکـرد، جانتایەکـی دیپلۆماسـی بـە دەسـتەوە دەگرت و هەمیشـە جگەرەیـەک بـە لای لێویـەوە بـوو. بە سـەفەرەکانی بـۆ تاران گومانـاوی ببوویـن و لە ناو خۆمانـدا دەمانگـوت بیێـت و نەبـێ دۆسـتێکی لە تـاران هەیە. چونکە پێـش ئەوەی بڕوا بـۆ تاران زۆر بە دەوری خۆیدا دەهات.

وێنەی ١٠٨ – پێشمەرگەکانی بارزانی، کاتی خەبات لە دژی سەدام حسێن

ئـەوکات پەنابـەرە کـوردە بارزانـی و جەلالییەکان (یەکێتیی نیشـتیمانیی کوردسـتانی عێـراق)[١]، بنکەیـان لـە پیرانشـار و دەوروبـەری هەبـوو و تەنانـەت بە چەکـەوە بە شـەقامەکاندا دەسـووڕانەوە. ئەو دوو حیزبە ڕکابەری یـەک بـوون و بەرکەوتنـی چەکـداری لـە نـاو هێزەکانیاندا شـتێکی ئاسـایی بـوو و ئـەم ڕکابەرییـە تـا ئەمـڕۆش بـە شـێوازی دیکـە ماوەتـەوە.

ڕۆژێکیان لـە بـەردەم دووکانەکەدا وەسـتابووین و پێشـمەرگەیەکی بارزانـی کـە زۆر جیددی و پارتیزانێکی ڕاسـتەقینە و سـمێڵی بوو بە چەکێکی کۆنـی بڕنـەو و جەمەدانێکـی سـووری بارزانییەوە بەوێدا تێپەڕی. حسـێن پەیمان کە ئەو پێشـمەرگەیەیبینی، وتی "کامیل خێرا هەڵێ بیهێنـە ئێـرە. بڵـێ وەسـتاکەم کاری پێتـە". چەکـی پێبـوو، بە تـرس و لـەرزەوە بانگم کـرد: "کاکە ببـووره وەسـتاکەم کاری پێتـە". بـە دەنگێکـی بـۆڕەوە وتـی: "ئیشـی چـی بـە منـە؟ وتـم " نازانـم

١ . بارزانییەکان یـان هەمـان پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێـران کـە پارتـی و قۆناغێکیشـدا بـە قیـادەی مووەقـت (سـەرکردایەتیی کاتـی) نـاسرا بـوون.

...." هـات و ڕێـک وەکـوو بەسـەرهاتی شـێعری "ڕێوی و قەل" کە لە کتێبی سـێیەمی سـەرەتایی ئێرانـدا هەیە دووبارە بۆوە. وەک شـتێک کاک حسـێن دەیوسـت بە کابرا بێـژێ: "ئۆخەی ئۆخەی لـەو باڵایـە هـەر دەڵەی غەڵفی بـێ گەڵایە". بە کابـرای وت: "چەند قۆز و ئازایـت! کابرا دەتبینـێ کەیفـی پێـت دێ. کابـرا دەتبینـێ خۆشـحاڵ دەبێ کە کوردسـتان هێشـتا زینـدووە و ڕۆژێک دێ لـە سـەر دەسـتی ئێـوە ئـازاد دەبێـت!" کابـرا لە خشـتە چوو و دانیشـت کـە کاک حسـێن وێنەی لـێ بگرێت. سـەرەتا ئەم قسـانە بە لامەوە سـەیر بـوون. چونکە بینیبووم کە هەر ئـەو پێداگوتنەی بـۆ ئەفسـەرێکی ئەرتەشـی وتبـوو و هـەر ئاوا بە باڵای پاسـدارێکی سپاشـدا خوێندبووی. شـووتی دەخسـتە بندەسـتی کابـرا بـۆ ئەوەی پارە وەدەسـت بهێنێـت. کابرای دەبـردە ئـاسمان و وای لـێ دەکـرد مـاقماق بەرامبـەری دانیشـێ کـە وێنـەی لـێ بگرێت. قسـەی خۆمـان بـێ کابـرای بە کەر دەزانی و پەیتاپەیتا ئێمەی دەنارده لای شـیرینیفرۆش بۆ ئەوەی شـیرینی و بەسـتەنی بۆ بکڕین.

ئـەو ڕۆژە ئـەو پیـاوە پێشـمەرگەیەی ڕازی کرد کە لەبـەردەم کامێراکەی دابنیشـێت. پێی وت: "وەرە بـا عەکسـێکت لـێ بکێشـم کـە کەیفـت پێـی بـێ و ڕایگـری و ئـەوێ ڕۆژێ کـە کوردسـتان ئـازاد دەبـێ بیـدەی لـە دیـواری ماڵەکـەت و جـا هـەر چـاوی لـێ بکـەی گەشـگەش بـاڵا بکەی. باسـی پووڵیـش نەکـەی چونکە میوانـی خۆمی ...." ئـەم فەرمووکردن و میوانـی خۆمییە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا شـتێکی بـاوە و کاک حسـێن دوای ئـەم قسـە گەرمانـەی سـێ قـات پـارەی لـە کابـرا وەردەگـرت. ئەوەنـدە زمانلووسـی دەکـرد ئیتر مشـتەری هیچـی پێ نەدەمـا و لە ڕووی هەڵنەدەهـات بڵـێ باشـە بۆچـی ئەوەنـدە گرانە! چەنـد وێنەیەکی گەورەی لەم پێشـمەرگە کـوردە دامـاوە هەڵگرتـەوە و چاپـی کـرد. من لای خۆم ژمـاردم کە نرخەکەی یەکجـار زۆر دەبێت. سـەرتان نەیێشـێنم کابـرا ڕۆشـت و بڕیـار بـوو چەنـد ڕۆژێکـی تـر بێتـەوە بـۆ وێنەکانـی. ئێمـە ئەو چەنـد ڕۆژە زۆر نیگـەران بووین، کابـرا چەکـدار بـوو و بارزانییەکانـی ناوچەکـە جگـە لـەوەی لـە سـپای پاسـدارانەوە نزیک بوون، پێشـینەی توندوتیـژی و خراپ مامەڵەکردنیـان لەگەڵ خەڵکی دەڤەرەکـەدا هەبـوو. هـەر بیـرم لـەوە دەکـردەوە کـە ئـەم پێشـمەرگە لە بەرامبـەر تێچـووی چەند قاتـی وێنـەکان چ کاردانەوەیەکـی دەبـێ و تەنانـەت لای باوکیشـم باسـم کـرد. وتـی: "حسـێن پەیمانـی خـۆی چـا دەزانـێ جێبەجێـی کا. ئەتـوو کارت بـەوەی نەبێـت!" ئـەو ڕۆژەی وا هـات، دیسـان بـە چـا و شـیرینی و فالـوودە پێشـوازی لـێ کـردەوە. حسـێن وێنەکانی پێچـاوە و کاتێک پیـاوە کوردەکـە بـە نابەدڵییەکـی ڕواڵەتییـەوە دەسـتی برد بـۆ گیرفانی، حسـێن وەکوو هەمیشـە وتـی: " ئەتـوو میوانـی منـی". نەیدەزانـی کـە ئەگـەر ئـەوەی بـە کوردێکی باشـووری بڵـێ، ئیدی گـوێ نـادا و دەڕوات. چونکـە ئەو فەرمووکردن و خوڵک گەرمییە، بەو شـێوە زێـدەڕۆ و بێزارکەرەی کـە لـە فەرهەنگـی ئێرانـی و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا هەیـە، لـە باشـوور نییـە یـان کەمـە. پیـاوە بارزانییەکـە وێنەکانـی خسـتە بندەسـتی و دەستخۆشـییەکی کـرد و لێیـدا ڕۆیـی. حسـێن دڵی تۆقـی، پیاوەکـە چـووە ئەوبـەری شـەقام و پێـی وتـم " کامیـل هەڵـێ بیگرە بـا نەڕوات، تووشـی چ

شێتێک هاتین! خوڵکەکەی منی بە ڕاست گرت!"

ترسام بچم بە دوایدا، وتم: "بە خوڵای لێم دەدا!" حسێن پاڵێکی پێوە نام و لە دووکانەکە فڕێی دامە دەرەوە و بە زۆرەملێ چووم بە دوایدا. بانگیم کرد و وتم: "وەستاکەم دەڵێ پووڵت نەداوە ...." کابرا بە سەرسوڕمانەوە و بە شێوەزارێکی کرمانجی یان بادینی، کە لە ناو ئێمەدا باو نییە، وتی: "ڤەستایێ تە خۆد گۆت ئەتوو میهمانێ منی". سەرم لێ شێوابوو لە لایەکەوە قسەکەی ناحەق نەبوو و لە لایەکی تریشەوە وەستاکەم پارەی دەویست. من کەوتمە پتەپت. بڕگەبڕگە ڕوونم کردەوە کە وەستاکەم داوای پارەکەی کردووە. کابرا بە تووڕەییەوە زللەیەکی لێدام و وتی: "هوون ئێرانی گەلەک بێشەرەف و پیسن!" لەوپەڕی بێدەرەتانی و شەرم و تووڕەییدا چاوم پڕ بوو لە فرمێسک کە بینیم وەستا حسێن پەیمان لە سووچێکی پەنجەرەکەدا لێمان دەڕوانێت، سەرم داخست و گەڕامەوە. چیم پێ دەکرا، من منداڵ بووم و ئەویش چەکدار.

حسێن ترسا و ئیتر سۆراغی ئەو کابرای نەگرتەوە. ئەویش هەرگیز بۆ دانەوەی پارەی وێنەکان نەگەڕاوە. لە ڕەفتاری کاک حسێن قەڵس بووم. ئەم ئەزموونە وای لێنەکرد کە واز لەو زمانبازییەی بێنێ و بەردەوام درێژەی بە زمانلووسی دەدا. هەرگیز پێی نەوتم ئەوەی کردوویەتی هەڵە بوو، هەرگیز لەبەر ئەو زللەیە وا ئەو بارزانییە لێیدام، دڵنەوایی نەدامەوە، کەچی من بێتاوان بووم. حسێن پەیمان ناوبەناو ئەم ڕووداوەی وەبیر دەهاتەوە و جنێوی بەو پیاوە بارزانییە دەدا کە پارەکەی لێ خواردبوو و بەپێچەوانەی جاری جاران ئامانجەکەی نەپێکابوو. بەڵام بە دڵ خۆشحاڵ بووم حسێن دەبا وای لێ بهاتبایە.

سووڕی باوی توندوتیژی

نازانم ئێوە هەتا ئێستا لە دووکاندا شاگردیتان کردووە یان نا. خاوەن دووکان هەمیشە کەسێکی دیاری دەکرد کە چاودێری شاگردکانی دیکە بکا و ئاگاداری کارەکانیان بێت. دووکانەکەی حسێن پەیمان شاگردێکی لێ بوو کە هاوتەمەنی من بوو کە دوای من هات و لێم ببوو بە سیخوڕ. دراوسێی وەستا حسێن بوو، واسیتەی هەبوو و خۆشیرینکەر و قسە هێن و بەر بوو، چیمان بکردایە نەخت و پوخت بۆ وەستای دەگێڕایەوە. بۆ نموونە من و حەمە، شاگردی پلەباڵای دووکان، هاوڕێی یەکدی بووین، بە نهێنییەوە جگەرەمان دەکێشا، یان حەمە بە تەلەفۆنی دووکان لەگەڵ دۆستەکەی قسەی دەکرد یان تەلەفۆنی بۆ خەڵک دەکرد و هەراسانی دەکردن، بەیانی کە هاتینەوە بۆ دووکان، زانیمان وەستا بەم بەزمەی زانیوە. چەند جارێک لەگەڵی شەڕمان کرد، بەڵام بێسوود بوو. ئەو کوڕە پێی وابوو کە بەم قسە هێنان و بردنە لای وەستا شیرین دەبێ و پلەی بەرز دەبێتەوە. ڕەنگە حەقیشی بووبێت، لە ئێراندا هەتا

کیسەکێش و قسەهێن و بەر بی بەقازانجە.

لە سەر حەمە هاتمە قسە و وتم: "هەتیو ڕۆژێک دەتتۆپێنم" و هەر ئەو بەڵایەم بەسەر هێنا وا چەند ساڵ پێش کوڕی دارتاشەکە بەسەری خۆمدا هێنابووی. بردمە باغی شارەوانی و باش باش کوتام. پاڵم پێوە دەنا و فڕێم دەدا و لاسایی کاراتەکارەکانم دەکردەوە. پاڵێکم پێوە نا چوومە سەر زکی و ئەوەندەم لێدا، تەنانەت بۆ چەند ساتێک بیرم لەوە کردەوە کە ئازاری بدەم و تۆڵەی خۆمی لێ بکەمەوە، بەڵام پێم خۆش نەبوو و لە خۆشمم ڕانەدەبینی کە هەتا ئەو ڕادە ئازاری پێ بگەینم و لێی بدەم. هەرچەندە وازم لێ هێنا، بەڵام هەمان ئەو توندوتیژییەی کە دەرحەق بە من کرابوو منیش بە جۆرێکی دیکە لە سەر ئەو کوڕە ئەنجامم داوە.

نەخوازراوانە هەوڵی قەرەبووکردنەوەم دا و لە میکانیزمی قەرەبووکردنەوە کەڵکم وەرگرت تا ئەو زیانەی کە لە سەرەتای هەڕەتی هەرزەکاریمدا بە سەرم هاتبوو، قەرەبوو بکەمەوە و ئەوەی کە بە سەرم هێنرابوو من لە دژی ئەویتر ئەنجامم دا. دواتر کاتێک لە زانکۆ تیۆرییە دەروونناسییەکانم دەخوێند، گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە هەندێک جار ئەزموونەکانی ڕابردوومان بە شێوەیەکی نائاگایانە لە ڕەفتارەکانماندا ڕەنگ دەداتەوە و ئازارەکانیش بەرهەم دەهێنرێنەوە. منیش وەک قوربانییەک ئەوەی بەسەرم هاتبوو، بە جۆرێکی جیاواز بەرهەمم هێناوە و دووبارەم کردەوە. ئەوەی ئەو ڕۆژە لەگەڵ شاگردەکەی وەستا حسێن و هاوکارەکەی خۆم کردم، دووبارە بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژییەک بوو کە لە ڕابردوویەکی نە زۆر دوور ڕووی دابوو. ڕەنگە ئەم کارەم شۆکێکی جیددی لە هاوکارەکەم دابێ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە سیخوڕیمان نەکات. هەرچەند بۆ ئاگادارکردنەوەی ڕێگای تریش هەبوو، بۆ نموونە دەمتوانی بە شێوەیەکی دۆستانە سەبارەت بە کاری ناشیرینی قسە هێنان و بردنەکەی لەگەڵی بدوێم، بەڵام من منداڵ بووم و عەقڵم پێ نەدەشکا و لەو ئاستەشدا نەبووم کە خەڵک ئامۆژگاری بکەم. هەڵبەت هەرزەکارێکی وەکوو خۆم کە ئەو خووخدانەی هەبێ، حەزی لە ئامۆژگاری نییە و باوەڕیشی پێ ناکات.

دوای ئەو ڕۆژە، ئیتر ئەو کوڕە دەستی لە سیخوڕی هەڵگرت، یان ئەگەر لاپرەسەنی لێ کردباین وای دەکرد کە بە خۆمان نەدەزانی! دواتر پێکەوە ئاشت بووینەوە و بووینە هاوڕێ. هەندێک جار پاشنیوەڕۆیان پێکەوە دەچووینە دووچەرخەسواری و پێم وا نییە لای کەس وتبێتی من لێم داوە. ڕێک وەکوو خۆم کە هەتا کاتی نووسینی ئەم کتێبە هەرگیز باسی ئەو لێدانەی باخچەی شارەوانیم لای کەس نەکردووە. ڕۆژێکیان بە حەمەم وت، شاگردەکەم کوتا وتی: "چاکت کرد!"

ساڵانێک دواتر و ئەو کاتەی کە لە ئێران نەبووم بیستم کە حسێن پەیمان کارەکەی لە وێنەگرییەوە بۆ زێڕنگەری گۆڕیوە. دەیانگوت لە ماوەیەکی کورتدا بە بازرگانیکردن بە ژێرخاکی ماڵێکی زۆری پێکەوە ناوە. هەڵبەت کاک حسێن، یان حسێن پەیمان، لە سەر

ئـەم تەماحـکاری و زێدەخوازییـە ژیانـی دانا. لـە مامەڵەیەکی بازرگانیدا لەگەڵ چەند کەسێکی خەڵکـی بـۆکان دەبێتـە شـەڕی و ئەوانیش شـەوێک دەیبەسـتنەوە بـە کورسـیی ئۆتۆمبێلێکەوە و فیشـەکێک دەنێـن بـە سـەریەوە و ئاگـر لـە ئۆتۆمبێلەکـەی بـەردەدەن.

ئەمە لە چیرۆکی وەسـتای وێنەگریی من، کە لەبەر پارەکۆکردنەوە، دەسـت و زمان و سـیمای بـەکار دەهێنـا و ئەگـەر بەسـەرهاتی مردنەکـەی ڕاسـت بـێ، ئەوە دیارە هەر لە سـەر ئـەم تەماحە ژیانـی لەدەسـت دا. بـۆ زۆر کـەس حسـێن پـەیمان هـێمای زیرەکـی و لێهاتوویـە، کەسـێک کە بـۆ بەرژەوەنـدی و پـارە، پێشـمەرگە و سـپایی و ئەرتەشـی و فـارس و تـورک و کـوردی وەک یـەک دەبینـی. کاتێـک شـاگردەکەی دانـا بـۆ ئـەوەی سـیخوڕیمان لـێ بـکا، پیشـانی دەدا کـە ئەمـە سیاسـەتی کارەکـەی بـووە؛ هەمـوو شـتێک ئامرازێکـە بۆ ئـەوەی مرۆڤ بـە ئامانجەکـەی بگات!

ئەوروویپیـەکان چەندیـن لێکۆڵینـەوەی سەرنجڕاکێشـیان لەسـەر فەرهەنگـی خوڵککـردن واتـا تەعاروفـی ئێرانـی هەیـە کـە نـەک هـەر پێکەنیناویـن، بەڵکـوو سەرنجڕاکێشیشـن. ئـەو خوڵککردنـە درۆیینانـەی کـە ئێرانییەکان بە گشـتی لە پەیوەنـدی و بۆنە و بازرگانیـدا بۆ یەکتری بـەکاری دەهێنـن، وەکـوو "کاکـە قەناعـەت بکـە و وەرە مـاڵمان"، "هیچـی نـاوێ تووخـوا پـارە مـەدە"، "کـورە دووکانـی نۆکـەری خۆتـە" و هتد، بـەدەر لەوەی ناڕاسـتەقینەبوونی نیازی کەسـی دەستخۆشـیکەر پیشـان دەدا، چەندیـن مانـای فەرهەنگـی و کۆمەڵایەتییان هەیە کە شـاراوەیە. هۆکارێکـی ئـەم خوڵککردن و دەستخۆشـییانە دەگەڕێتەوە بـۆ نەبوونی شـەفافیەتی ئێرانییەکان کـە لـە پەیوەندییەکانیانـدا ڕاسـتگۆ و لێبـڕاوە نیـن و لـە لایەکـی دیکەشـەوە گرێـی دەدەنـەوە بـە پەسـەندخوازیی و ویسـت و خواسـتێک کـە بـۆ ئـەم دەستخۆشـی و خوڵککردنـە هەیـە. ئـەم دوو فاکتـەرە، واتـە نەبوونـی شـەفافیەت و نارِوونـی و نکۆڵیـی هەمیشـەیی لـە هەمـوو شـتێک و هەروەها پەسـەندخوازی، پێکەوە وایان کردووە کە هەمیشـە لـە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیاندا خوڵککـردن و دەستخۆشـیی درۆیینانـە بـەکار بهێنـن، کـە هەندێـک جـار بـە ناپاکـی و فێڵبازی لێـک دەدرێتـەوە. ڕێـک وەکوو ئەزموونی من لـە ڕووبەڕووبوونـەوە لەگەڵ ئەو کابـرا بارزانییەی کە زللەیەکـی لێـدام و وتیشـی: "هـوون ئێرانـی .... !"

دووکانەکەی بابم و دەستفرۆشی

پێـش ئـەوەی بچمـە سـەربازی، چەنـد ئیشـێکی دیکـەم تاقـی کـردەوە، کـە هەموویـان تـا ڕادەیـەک بـۆ من بەسـوود بـوون و توانیم لـە کۆمەڵگا و ژینگـەی بازرگانی و سـەختییەکانی ژیان تێبگـەم. لـەو سـەروبەندەدا کـە خۆمـم بـۆ ڕۆشتن تەیار دەکـرد، زیاتر لە ئاسـتی تەمەنـم ببووم بە وێنەگرێکـی شـارەزا و چەندین ئەلبوومـی وێنەییم هەبوو کە هەڵگری بابەتـی کۆمەڵایەتی بوون. جـاری وابـوو ئـەم وێنانـەم بـۆ گۆڤـار و ڕۆژنامـەکان دەنـارد یـان لـە میهرەجانەکانـدا بەشـداریم

دەکرد. ماوەیەک وازم لە وێنەگری هێنا و لە دووکانەکەی بابمدا کارم کرد. گەورەتر ببووم و ئەویش متمانەی پێم دەکرد. هەستێکی زۆر خۆش بوو کاتێک کە هەندێک جار دەڕۆشت و کاروبارەکەی بە من دەسپارد یان کاتێک بۆ بازاڕکردن دەیویست بچێتە تاران، داوای لێم دەکرد کە لەگەڵی بچم. ئەم ئەزموونی هاوڕێیەتی و متمانەیە کە بۆ یەکەم جار لە نێوان من و بابمدا بە شێوەیەکی پیاوانە بیچمی دەگرت، دڵگەرمی دەکردم، لە لایەک سەفەری تارانم پێ خۆش بوو لەبەر ئەوەی دەمتوانی هەندێک جار بچمە سینەما و لە پایتەختدا سەرگەرمیی زیاتر هەبوو.

● وێنەی ١٠٩. ئەحمەد دانیشوەر (هاوڕێیەکی بابم) و بابم، یەکەم دووکانی بابم دوای ئازادبوونی لە زندان، پیرانشار شەقامی ئیمام، ١٣٦١ی هەتاوی (١٩٨٢)

هەندێک جار دەچوو بۆ پرسە یان ئاهەنگی هاوسەرگیری و دوو سێ ڕۆژ هەموو شتێکی بە سەر مندا بەجێدەهێشت. کە دەگەڕاوە دەیبینی دیکۆڕی دووکان گۆڕاوە و هەموو شتێک بریقەدار و پاکترە. لە شارەکانی دیکە دووکانم دەبینی و وێنەم لە دیکۆرەکانیان دەگرت و ئەگەر بابم بڕۆشتبایە، دووکانم بە دڵی خۆم دەگۆڕی. پێم خۆش بوو هاوسەنگی و جوانییەکی دیاریکراو لە کار و ژیانمدا دروست بکەم و لە غیابی بابمدا دەستبەکار دەبووم. هەندێک جار بابم ئەو گۆڕانکارییانەی بە دڵ نەبوو و بۆڵەی دەهات، بەڵام دواجار ڕازی دەبوو. پیشەی بووتیکداری کەسایەتییەکی نەرم و نیانتری لێ دروست کردبوو و ڕەهەندی نەریتیی بازاڕیبوونەکەی نەرمتر کردبوو.

لەو دووکانی وێنەگرییە کە ئیشم دەکرد، کەمێک پارەم پاشەکەوت کردبوو و شاگردانەشم وەردەگرت. لەگەڵ باوکم گرێبەستێکی براوە و براوەمان کرد. ڕۆژێک باوکم وتی: " کاڵات دەدەمێ بچۆ لەو شارانەی دەوروبەر بیفرۆشە و کەمێکیش پووڵ بۆ خۆت هەڵگرە" باوکم دەیویست بەم جۆرە من فێری دووکانداری بکات، ئەمەش یارمەتی دام کە سەربەخۆ بم و وردەوردە دەستم لە گیرفانی خۆمدا بێت. خۆشم لە کارکردن لە بازاڕ و پەیوەندی و کاروباری بازاڕ بەئەزموون و لێهاتوو بووم. هەم متمانەی باوکم بۆ من زۆر بەنرخ و شیرین بوو، هەمیش دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئەوەی لە ژینگە بچووکەکەی پیرانشار دوور بکەومەوە و ئەزموونی زیاتر بەدەست بهێنم.

بردنی لەڕادەبەدەری کەلوپەل بۆ شارەکانی دیکە قەدەغە بوو. لە بازگەکانی سپای

پاسداران، ئۆتۆمبێلەکانیان دەپشکنی و کاڵاکانیان دەدۆزییەوە. دوو دانە جانتام هەبوو کە جارجار لە نێو مینیبووسدا پیرەژنێکی سەرنشینم دەدۆزییەوە یەکێکیانم دەخستە ژێر قاچی و ئەوی دیکەیان بە دەست خۆمەوە بوو، ژنیانیان نەدەپشکنی. بابم زەنگیانە و تەلی زێڕین و لەچکی پەشمینە و پووڵەکەی[1] پاکستانی و هیندستانیی، دەکڕی و منیش لە شارەکانی دیکەی وەکوو مەهاباد و سەردەشت و نەغەدە و شنۆ و بۆکان دەمفرۆشت. بابم بەکۆ و نرخی جوملە دەیکڕی و منیش بە یک جین و دوو جین بە دووکاندارەکانم دەفرۆشت.

جیا لەو قازانجە داراییەی کە لەم کڕین و فرۆشتنانەدا بەدەستم دەهێنا، ئازادیی هاتوچۆکردنیشم بە لاوە زۆر گرنگ بوو. بە ئاسانی دەمتوانی شارەوشار بگەڕێم؛ ئەزموونێکی ناوازە کە زۆرێک لە هاوتەمەنەکانم نەیانبوو. ئەم دەرفەتە هەلی ئەوەی بۆ ڕەخساندم کە گەشتێک بە کوردستاندا بکەم و وردەوردە بچمە ناو کایە و هونەری کڕین و فرۆشتن و چەنەلێدان فێر بم. من ئەو دووکانە دیارانەم دەناسی کە ئەم شتانەیان هەبوو و لەگەڵ خاوەنەکانیان هەستان و دانیشتنم هەبوو و شتم بۆیان دەکڕی. فێر بووم کە تا چەند نرخ بەرز بکەمەوە و دایبەزێنم کە مامەڵەکە تێک نەچێ و هەندێک تەکنیکی بازرگانی و کار و کاسبی بە شێوەی ئەزموونی فێر بووم.

پاشەکەوتێکی دارایی باشم هەبوو. پارەم پاشەکەوت کرد و دەمدا بە نەنکم بۆم هەڵبگرێت. بەشێکی سەربازیم هەر بەم بڕە پارە پاشەکەوتکراوە تێپەڕاند، سەربەخۆ بووم و داوای پارەم لە کەس نەدەکرد. جلوبەرگم دەکڕی، کامێرایەکی نوێم کڕی و دڵخۆش بووم کە پارەم هەیە و کەرامەتم ناشکێت. دەستم لە گیرفانی خۆمدا بوو و داوای پارەم لە بابم نەدەکرد. ئەم سەربەخۆییە داراییە زۆر شیرین بوو. من پێم وایە سەربەخۆیی ئابووری هەستێکی خۆش بە هەمووان دەدا و متمانە بەخۆیی و وەرەی مرۆڤ بەرز دەکاتەوە.

پێکدادان بە ماتۆڕ و گرتنی ڕەزامەندی

بابم ئۆتۆمبێلی کڕی بەڵام هێشتا ماتۆڕەکەی نەفرۆشتبوو. کە دەچوو بۆ تاران، ماتۆڕەکەی دەبرد لە متبەخە کۆنەکەمان دایدەنا، کۆتاڵ و خێوەتێکی زۆری لە سەر دادەنا و فەرمانەکەشی قفڵ دەکرد. دووکانەکەی بە سەر منداا بە جێ دەهێشت، بەڵام ماتۆڕەکەی پێم نەدەدا، نیگەران بوو کە نەکا خۆی نەبێ منیش سەرەڕۆیانە تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بم، نازانم ترس

---

١ . ژنان و کچانی کورد بۆ ڕازاندنەوەی شاڵ و دەستماڵی کوردی، هەموو جۆرە زەنگیانە و پووڵەکە و تەلی زێڕین بە کار دەهێنن و بە مێخەک و موروو و کارەبا و زەردوو ملوانکەیان ساز دەکرد و دەیانکردە ملیان. هەر بۆیە حەسەن زیرەک، گۆرانیبێژی دەنگخۆش و بەناوبانگی خەڵکی شاری بۆکان، لە گۆرانییەکی ٦٠ ساڵ لەمەوبەریدا وتوویەتی: [لەستۆی لێوئاڵێ دەپسێنم کارەبا و موورو و زەردوو]، کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە ئەوەندە توند لە ئامێزی دەگرێ و ماچی دەکات کە لە گەردنی یارە لێوئاڵەکەی ملوانکەی کارەبا و مرواری و زەردوو دەپسێ.

بـوو یـان دەسـتقوچاوی ... باوکانـی زۆرم دەناسـی و ئێسـتاش دەیانناسـم کـە بـەم شـێوە ڕەفتـار دەکـەن و بیانووی سـەرەکییان پاراسـتنی ژیان و تەندروسـتیی کوڕەکەیانە. منیـش کۆڵم نەدەدا و هـەر کـە دەڕۆشـت، هەمـوو کلیلـە جۆراوجۆرەکانـم تاقـی دەکـردەوە هەتـا ماتۆڕەکە هـەڵ بێ و سەرەڕای نارەزایەتی و بۆڵەبۆڵی دایکم، دەچووم بۆ ماتۆڕسواری، ئەویش بەو خێراییەوە.

وێنەی ١١٠. من و ماتۆڕەکەی بابم، ١٣٦٣ی هەتاوی (١٩٨٤)

جارێکیـان کـە باوکـم چووبـوو بۆ تـاران، مـن و یەکێـک لە ماتۆڕسـوارە هەرزەکارەکانـی شـار بڕیارمـان دا لەمسـەری شـار بـۆ ئەوسـەری شـار کێبەرکـێ بکەیـن. بەرنامەمـان ئەوە بـوو کـە ئێـوارە لـە دەروازەی شـارەوە کە ئەوسـا بە بەنزینخانـەی ئیبراهیم گازی ناسراوبـوو بـەرەو مەیدانـی سەردەشـت کێبەرکـێ بکەیـن. هـەر دووکمان تەنیـا بووین و بڕیـار وا بـوو کـە پێکـەوە کێبەرکێکەمـان دەسـت پـێ بکەیـن. هەروەهـا دوو شـایەتحاڵمان هەبوو کـە بڕیار وا بـوو بـە دواماندا بێـن. ماتۆڕەکـەی مـن یاماهـای ١٠٠ بـوو و هـی ئـەو کـوڕەش هۆنـدای ١٢٥، ماتۆڕەکـەی ئـەو چـاکتر بـوو. پێشـبڕکێکە دەسـتی پێکـرد، هـەر دووکمان بـە خێراییەکـی زۆر و شـێتانە ماتۆڕەکەمـان لـێ دەخوڕی. ئەوسـا وەکوو ئێسـتا سیسـتەم و دیسـیپلینی هاتوچـۆ نەبوو و لـە شـارە بچـووک و بەرکەوتـووی شـەڕەکان گڵۆپـی ترافیـک لە ئـارادا نەبوو. کاتێک گەیشـتینە کۆتایـی جادەکـە و تەنهـا چەنـد مەترێـک مابـوو کـە بگەینە شـوینی مەبەسـت، گوێم لـە زرمەی ڕووداوی هاتوچـۆ بـوو، ماتۆڕەکـەم ڕاگرت و بینیم دوو ماتۆڕ لە بـەردەم بینای مەخابەرات بەریەک کەوتـوون. دەمزانـی یەکێکیـان هاوڕێکەمـە، بـەڵام نەمزانـی ئـەوی تـر کێیـە.

ماتـۆڕی هاوڕێکـەم کەوتبـووە نـاو جۆگەلـەی ئاوەکـەوە. چوومە لای و ئەویش هەسـتایە سـەر پـێ و وتـی: "کامیـل ئەتوو بڕۆ، هیـچ نییە". هەر دووکمان ترسـابووین، بەڵام لـە تاریکیدا چاومان هیچـی نەدەبینـی. ڕۆژی دواتـر هەواڵێـک لـە ناو شـاردا بڵاو بووەوە کە مسـتەفای کـوڕی حاجی کەریم و خوشـکەزاکەی تووشـی ڕووداوی هاتوچۆ بوون و ئەوە خەریکە دەمرن. ئەوانیان گەیانده نەخۆشـخانەی ورمـێ و زانـیمان دۆخیـان زۆر خراپە. ئەو شـەوە دڵەکوتـەم بـوو و نەمدەتوانی لەم بـارەوە قسـە لەگـەڵ کـەس بکـەم. سـەفەرەکانی باوکـم زۆر جـار چـوار ڕۆژی دەخایانـد. هەمـوو ئێوارەیـەک کـە دووکانەکەم دادەخسـت، سـەرێکم لـەو هاوڕێیەم دەدا کە لای باوکی جۆشـکاری دەکـرد. دواییـن هەواڵـی ڕووداوی پێکدادانەکەمـان بـۆ یەکـدی بـاس دەکـرد و لـە سـترێس و چاوەڕوانییەکـی زۆر ناخۆشـدا بووین. بیرمـان دەکـردەوە کـە تـۆ بڵێـی ئـەم ڕووداوە بـە خێـر و

سڵامەتـی کۆتایـی بـێ و ئایـا برینـدارەکان دەمێنن یان دەمـرن، ڕۆحمان هاتبووە سـەر لووتمان.

بنکـەی پۆلیسـی شـار لـە تەنیشـت دووکانەکەمـان بـوو. سـەربازێکی تارانـی کـە شـۆفێری ئۆتۆمبێلـی چاودێریـی هاتوچـۆ بـوو، هەمـوو ڕۆژێـک دەهاتـە دووکانەکەمـان. بـەردەوام لێـم دەپرسـی برینـدارەکان چییـان بەسـەر هـات؟ ئەوەندە لێم پرسـی کـە ڕۆژێک لێی پرسـیم: ئەرێ کامیـل قسـەی خۆمـان بـێ تـۆ لـەو ڕووداوەدا دەسـتت نەبـووە؟" دیـارە شـکی خسـتبوو! منیـش وتـم نـا، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی ماتـۆڕم هەیـە، ئـەم ڕووداوی هاتوچۆیـە هەر لە سـەر خەیاڵمـە و بۆم گرینگـە بزانـم چییـان لـێ هاتـووە. وتی: "لەسـەر پێداگریـی حاجـی ئەفسـەرێکی بەدواداچوون لـە ورمێـوە هاتـووە و بەدواداچـوون بـۆ ئـەم دۆسـیە دەکات." حاجی کەریـم پیاوێکـی دەوڵەمەند و دەسترۆیشـتوو بـوو. هەمـوو گیانـم دەلـەرزی. کاتێـک باوکـم لـە تـاران هاتـەوە بـە تـرس و شـەرمەزارییەکی زۆرەوە بەسـەرهاتەکەم بـۆ گێـڕاوە، باوکیشـم بـە شـەڕ و دەمەقاڵـێ و گوڕەگوڕ بۆ باوکـی هاوڕێکەمـی گێـڕاوە، پێکـەوە چوونـە لای حاجـی کەریـم و بۆیـان بـاس کـرد. کاتێـک بـە باوکمـم وت کـە ڕووداوەکـە چـۆن ڕووی داوە، تێگەیشـت کـە منیش بـە جۆرێک لە جـۆرەکان بەو ڕووداوەوە تێـوەگلاوم و ئامـادەی سـازش بـوو.

قوربانیانـی ڕووداوەکـە لـە نەخۆشـخانە تەرخیـس کران و هاتنـەوە بۆ ماڵ، یەکێکیـان قوڕگی درابـوو و نەیدەتوانـی بـە ئاسـانی هەناسـە بـدات. بۆرییەکیـان خسـتە قوڕگـی و چەند بەشـێکی ڕیخۆڵەشـیان بڕیبوو، چونکە فەرمانی ماتۆڕەکە لە سـکی چەقیبوو. دەسـت و قاچیشـی شـکابوو و هیـچ کامیـان لـە دۆخێکـی باشـدا نەبـوون. لـە ژینگەی نەریتیی ئەوسـادا خۆ شـتێک بـە ناوی بیمـەی دابینـی کۆمەڵایەتی لە ئارادا نەبوو، کاتێک کەسـێک تووشـی ڕووداوێکی هاتوچۆ دەبوو، لایەنـی بەرامبـەری ڕووداوەکـە دەبا هەموو خـەرج و بەرجکی ئەو زیانانەی کە لەو کەسـە کەوتووە لـە ئەسـتۆ بگرتایـە. بەگشـتی ئەگـەر کەسـە برینداره کـە کچ، کـوڕ، یان گەنـج بووایە، سـەختیی برینـەکان لەوانـە بـوو ئـیتر نەیتوانیبایە هاوسـەرگیرییەکی ئاسـایی بکا و خەڵکیش بە کەسـێکی تەندروسـت و تەواویـان نەدەزانـی، بۆیـە دۆخەکە زۆر خـراپتر دەبوو.

بابـم و باوکـی هاوڕێکـەم دوو کـەس لـە مـەلا ناوداره‌کانـی شـاری پیرانشـار و ژمارەیـەک پیاوماقوڵیـان کـۆ کـردەوە و بـۆ ئاشـتبوونەوە چووینە ماڵی مسـتەفا. بـە درێژایی ئەو مـاوەی لەوێ بوویـن خەجاڵـەت و شـەرمەزار ئـەو سـەرەی دامانخسـت بەرزمـان نەکـردەوە. باوکـم چەقۆت لـێ بدابـا خۆیـنی لـێ نەدەهـات، زۆر تـووڕە بـوو و ئـەو چەنـد ڕۆژەشـی کـە دەچووینـە ماڵـی حاجـی کەریـم هـەر جوێـن و قسـەی کاڵ و نەکـوڵاوی پێـم دەکـرد، شتیشـی بـۆم دەخسـت و بـەردەوام بێڕێـزی پێم دەکرد. مسـتەفام دەناسـی و جارجار گاڵتە و جەفەنـگمان پێکەوە دەکرد. کاتێکیش بـە نیازی سـەردان دەچووینە ماڵیـان هەموو هەڵێکم دەقۆزتەوە بۆ ئـەوەی دڵنەوایی بدەم. بەهەر حـاڵ هاوڕێـم بـوو، لە پێشـبڕکێی ماتۆڕەکەماندا برینداربوونی بە قسـمەت ببوو. سـەری شـۆخی و قسـەی خۆشـم لەگەڵـی کـردەوە، بـەڵام هـەم باوکـم و هەمیش حاجـی کەریم باوکی مسـتەفا،

مۆڕەیان لێم دەکرد و منیش سەرم دادەخست. لە ڕوانینەکانیان هەستم بە شەرم و پەشیمانی دەکرد، بەڵام چۆن دەمتوانی قەرەبووی بکەمەوە، داماو و بێدەرەتان بووم و بێدەسەڵاتی هەموو خانەکانی لەشمی تەنیبوو.

بابم و ئەوانی تر دەیانگوت: " کاکی خۆم ئیدی بەڵایە و ڕووی داوە و ئەم هەتیوانە بێئیجازە ماتۆڕیان هەڵگرتووە، ئەنگۆ بە گەورەیی خۆتان بمانبەخشن." ئەوانیش هاواریان لێ بەرز دەبۆوە: "کاکە گیان زیندەگیمان لە بەین چوو .... " درەنگانی شەو ڕێک کەوتن، بەڵام بە قسەی نەگونجاوی کەسێک ڕێککەوتنەکە هەڵوەشاوە. تاکە بژاردە ئەوە بوو کە کۆبوونەوەکە بۆ کاتێکی دیکە دوا بخەین و دیسان بۆ وەرگرتنی ڕەزایەت بچینەوە خانەی یەکەم.

ئەو دوو مەلایەی لەگەڵمان بوون بە نهێنی و ئەسپایی بە باوکی هاوڕێکەم و بابمیان گوت: "کاکە گیان! وا دیارە دۆخەکە شڵەژاوە، با بڕۆین و جارێکی تر بێینەوە لەم شەڕ و شڵەژاویەدا تەسمیم ناگیرێ ...." ڕاستیان دەکرد، هەستاین ماڵاوایی بکەین کە ئەمجار لە دەرەوە گرژی و پێکدادان ڕووی دا. حیزبی دێموکرات هێرشی کردە سەر چەند بنکەیەکی سپای پاسداران و کەمێ دواتریش برق پچڕا. ئێمە دەمانزانی ململانێی نێوان هێزەکانی هەر دوولا بە شێوەیەکی ڕانەگەینراو قەدەغەی هاتوچۆ دروست دەکات. ئێستا لەو جەوە گرژەدا بیست کەس لە ماڵی حاجی کەریم پەکمان کەوتبوو و هەتا بەیانی نەمانتوانی دەربچین. ئەگەر بهاتباینە دەرێ یان دەمردین یان دەگیراین. لەو دۆخە نائاساییەدا ئێمەی کوڕە هەرزەکارەکان لە بنەوە سەیری دەموچاوی باوکەکانمان دەکرد و بە نهێنی پێدەکەنین. ئەوان چاویان لە یەکتر سوور دەکردەوە و چاویان بە یەکتر هەڵنەدەهات، کەچی دەبا هەتا بەیانی چۆکیان لە چۆکی یەکتر بخشاندایەت.

لە کۆتاییدا مەلاکان کە سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەکەیان دەکرد بە گاڵتەجاڕییەوە وتیان: " دەزانین دۆخەکە خۆش نییە و ئەنگۆش چاوتان بە میوانی وەکی مە هەڵنایە، وەلی کارە و هاتووە چ دەکرێ، دەبێ هەتا بەیانی لە ماڵی ئەنگۆدا ڕۆژ بکەینەوە" چرا نەوتییەکیان هێنا دایانگیرساند و دانیشتین قسەمان کرد و میوەمان خوارد. ململانێی نێوان حیزب و سپای پاسداران خێری لێکەوتەوە و ئەو شەوە سازش کرا. بڕیار درا کە بڕە پارەیەکی دیاریکراو وەک قەرەبووکردنەوە بدەین بە ماڵی حاجی کەریم و ئیتر شەڕەکە ببڕێتەوە. چەند جارێک پیرۆزبایی کرا کە ئیشاڵا نەخۆشەکان هەرچی زووتر چاک ببنەوە و چەند بەسەرهاتێکی دوور و درێژیان گێڕاوە بۆ ئەوەی ئێمەی پێ ئامۆژگاری بکەن. کارەکە کۆتایی هات و ئەو شەوە لە ماڵی حاجی کەریم بە خێر و خۆشی ماینەوە. هێندەی میوانەکان پێخەفیان نەبوو، بەڵام هەموومان لەو ژوورە نووستین و بەیانیی زوو بە ترس و لەرز لەو ماڵە دەرکەوتین، گەڕاینەوە ماڵی خۆمان. دەترساین سپای پاسداران بمانگرێ کە ئێوەی بیست کەس لەو ماڵە چتان دەکرد و ببێ و نەبێ کۆبوونەوەی حیزبیتان هەبووە و .... ، لەو سەروبەندەدا بازاڕی گومان و

دەنگۆ گەرم بوو و زۆر بە ئاسانی بێتاوان سزا دەدراین. بەگشتی مەلاکانی ناوچەکانی ئێمەش پاشخانێکی ناسیۆنالیستیی کوردییان[1] هەبوو و ئەمەش خۆی مایەی نیگەرانی بوو.

لە ساڵانی سەرەتای ئینقلابدا کە ئەویش بۆ خۆی دۆزەخێک بوو، هەر چەشنە گردبوونەوەیەک تەنانەت ئەگەر بچووکیش با، بیانووی بە کۆمیتە و سپای پاسداران و ئیدارەی ئیتلاعات دەدا کە هەموویان بگرێ و بیانخاتە زیندان.[2] بەتایبەت ئەوەی کە ماڵی ئێمەش وەکوو زۆرێک لە ماڵان وەک لایەنگری حیزبی دێموکرات دەناسراین و خزم و کەس و کارمان لە ناو حیزبدا هەبوو، ئیتر لە خۆوە بەرچاوی بووین. کە بەیانی درگامان کردەوە جووت جووت هەر یەک بە لایەکدا لە ماڵی حاجی کەریم دەهاتینە دەرەوە. جیا لەوانەش ئەگەر ئۆرگانە ئەمنێتییەکان شکیان ببردایە کە ئێمە لە سەر ڕووداوی هاتوچۆی ماتۆڕەکان خەریکی سازشین، ئەوە هەستیار دەبوون و ئیتر کار لە کار دەترازا و هەتا دەهاتین بیسەلمێنین کە دوو هەرزەکاری نەفام بە ماتۆڕ لە یەکتریان داوە و هیچی تر ڕووی نەداوە، کەوڵیان دەکردین. دوای ئەو ڕووداوی هاتوچۆیە لە ماتۆڕ بێبەش کرام و ئیتر هەرگیزاوهەرگیز باوکم ماتۆڕی پێم نەدا.

---

١ . مەلا کوردە سوننەکان لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە بە شێوەیەکی نەریتی و ڕەنگە پێشتر و دواتریش لە پرۆسەی زیندووکردنەوەی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، پشکیان وەبەر دەکەوێ و لە ڕاپەڕینی چەکدارانەی حیزب لە ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨، و لە ساڵی ١٩٧٩دا، هاوکات لەگەڵ شۆڕشی گەلانی ئێران زۆربەی مەلا کوردەکان چوونە ناو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و تەنانەت هەندێک جار هەتا ئاستی سەرکردایەتی چالاک بوون و لە هەمووی گرنگتر "یەکێتیی زانایانی ئایینیی کوردستان"یان هەبوو کە بە تەواوی سەر بە حیزبی دێموکرات بوو و هەتا ئەمڕۆش چالاکە. پێش کۆماری کوردستان، شێخ عوبەیدوڵا نەهری کە پیاوێکی ئایینیی دیاری کورد بوو؛ لە ساڵی ١٨٨٠ سەرکردایەتیی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی کوردی کرد و بە ئاشکرا دروشمی سەربەخۆیی کوردی دەوتەوە. لە سەردەمی ڕاپەڕینی سماییل ئاغای سمکۆدا، سەرنووسەری ڕۆژنامەی "ڕۆژی کورد - شەوی عەجەم" و ڕاوێژکاری سەرەکی سمکۆ مەلا محەمەد تورجانیزادە بوو. مەلا خەلیل گۆڕەمەری لە ڕاپەڕینێک دژی ئەرتەشی ڕەزاشا، کە نۆ مانگی خایاند، شەڕی کرد و یەکێک لە پیاوانی ئایینیی ناسراوی ئەو ڕووداوە بوو. لە کۆماری کوردستاندا هەم سەرۆک کۆمار واتە قازی محەمەد و هەمیش حاجی بابا شێخ کە سەرۆک وەزیران بوو، پلە بەرزترین پیاوانی ئایینیی کوردستان بوون. لە ڕاپەڕینی ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨ی حیزبی دێموکراتدا مەلا ئاوارە، مەلا مەحموود زەنگنە، مەلا قادر وێردی، مەلا قادر لاچینی و .... لە ڕیزی شۆڕشگێڕانی کورد گیانیان لەدەست دا. دواتر مەلایانێکی وەکوو مەلا عەبدوڵا حەسەن زادە بوون بە سکرتێری گشتیی ئەو حیزبە، جگە لەوەش مەلا شێخ عیزەدین حوسەینی، کاک ئەحمەد موفتیزادە، شێخ جەلال حوسەینی و مەلا خدر عەباسی، لە پیاوانی ئایینیی و سیاسیی دیار و بەرچاوی کورد بوون، کە لە ڕێزی سەرکردایەتیی بزوتنەوەی سیاسی _ نەتەوەیی کورددا بوون.

٢. بەشێوەیەکی گشتی لە کۆماری ئیسلامیدا هەستیارییەکی زۆر بەرانبەر بە میوانی و کۆبوونەوە و ئاهەنگە گەورەکان هەیە و ڕژێم سنووردارى دەکا و بەرەنگاری دەبێتەوە و هەر لەم ماوەدا واتە ساڵی ٢٠٢٣، لە میوانییەکی تایبەتدا میوانەکان بە تۆمەتی خواردنەوەی مەی ٥ ساڵ زیندانیان بۆ بڕایەوە.

بەشی سێیەم

چالاکییە سیاسییەکان

"سیاسەت" ئێمەی هەڵبژاردبوو، بەو چەشنەی کە "ئاوارەیی" هەڵیبژاردبووین. هەر دووکیان تا پێیان کرا ڕاوەدوویان نایەن و زۆر کەس خوازراو و نەخوازراو تێوەی گلان. لەوانەیە سیاسەت بۆ ئەوانەی وا دەیانەوێ لە جوگرافیای ئێراندا بێدەسەڵات نەبن، بژاردەی سەرەکییە. ڕەنگە ئەمەش لەبەر ئەوە بێ کە هەموو شتێک ئەگەر لە سەرەتاوە سیاسیش نەبێ، دواجار لایەنی سیاسی دەگرێتە خۆی. مێژووی کۆمەڵایەتیی ئێران خۆی شایەتحاڵی دووبارەبوونەوەی ئەم پرسەیە. منیش لە تافی منداڵییەوە لە ناو ژینگەیەکی سیاسیدا گەورە ببووم، ئەزموونی ژیاوم تێکەڵ بەو بۆنە و پەیوەندییانە ببوو و لە پێناو سیاسەتدا گەلێ ئاوارەییم چێشتبوو. خزمەکانیشم بە جۆرێک گیرۆدەی سیاسەت بوون. مێشکم لە ناو ئەو جەوەدا بیچمی گرتبوو، بۆیە هەر لە تەمەنی هەرزەکاریدا بە چالاکییە سیاسییەکانەوە تێوەگلام.

ڕەنگە سروشتی تەمەنی هەرزەکاری بێت کە مرۆڤ وا دەزانێ دەتوانێ هاوکێشەکانی ئەم گەردوونە ئاڵۆزە بگۆڕێ و لە ڕەوتی ئەم جیهانەدا دەور ببینێ، هەرچەندە من هەتا ئێستاش دەستبەرداری ئەم هەوڵە نەبووم، بەڵام دواجار تێڕوانینی مرۆڤ بۆ ئەم ڕێبازە و ئەم بزاڤانە وردتر دەبێتەوە و ئیتر مرۆڤ تێدەگا کە بابەتەکە ئەو جۆرەی کە ئەو لە مێرمنداڵیدا بیری لێ دەکردەوە و ویستوویەتی ببێتە پاڵەوانی ئەم جیهانە، زۆر سادە نییە ... مرۆڤ هەرچی تەمەنی هەڵدەکشێ ئەزموونەکانیشی زیاتر دەبێ و پێکەنینی بە وێناکانی هەڕەتی مێرمنداڵیی خۆی دێ، بۆی دەردەکەوێ کە جیهانی سیاسەت سەرەڕای ساکارییە ڕواڵەتییەکەی، لە ڕادەبەدەر ئاڵۆزە و پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە خەیاڵە پاک و ساویلکەکانی ئەوەوە نییە.

دوو مەرگ لە چل ڕۆژدا

ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی (١٩٨٩ز)، دوو ڕووداو کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە دانا. یەکیان مەرگی ڕوحوڵڵا خومەینی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەوی دیکەشیان تیرۆرکردنی عەبدوڵڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. ئەم دوو ڕووداوە کە بە مەودای سی و نۆ ڕۆژ ڕوویان دا، جیاوازییەکی جیددییان پێکەوە هەبوو. یەکیان بە مردنی سروشتیی خۆی مرد و ئەوی دیکەیان تیرۆر کرا. بە مەرگی خومەینی لە ١٤ی جۆزەردانی ١٣٦٨ی هەتاوی (٣ی حوزەیرانی ١٩٨٩)، ئۆپۆزیسیۆن هیوای لە سەر ئەوە هەڵچنیبوو کە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی تووشی جۆرێک لە دارمان یان لانیکەم لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەندی ببێ و ئەمە زەمینە بۆ هەندێک گۆڕانکاریی گەورە خۆش بکات. ڕووداوێک کە بە هۆی بوونی کەسانێکی وەکوو خامنەیی و هاشمی ڕەفسەنجانی ڕووی نەدا و تەنانەت حکومەت بە شێوەیەکی ڕادیکاڵتر درێژەی بە ئایدۆلۆژیا و ڕێبازەکەی دا. ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی (١٣ی تەمووزی ١٩٨٩) تەنیا چەند هەفتەیەک دوای مردنی خومەینی بوو کە دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوویان لە شاری ڤییەنای پێتەختی وڵاتی نەمسا، تیرۆر کرد. خومەینی چەند ساڵ پێشتر قاسلمووی بە لادەر لە قەڵەم دابوو و خوێنی حەڵاڵ کردبوو، ئەمەش بوو بە پاساوێک کە کۆماری ئیسلامی بێ هیچ دوودڵییەک قاسملووی لادەر و مورتەد تیرۆر بکات!

● وێنەی ١١١. تیرۆری دکتۆر قاسلموو و هاوڕێیانی، ڤییەنای نەمسا، ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی (١٩٨٩)

ئەم ڕووداوە بە قووڵی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی هەژاند، وەک شتێک لە مێشکی خەڵکدا ئیتر بوار بۆ دانوستان نەما و هەموویان باوەڕیان وا بوو کە وتووێژ لەگەڵ حکومەتی ناوەندی هەڵەیە. زۆر کەس دەیانگوت ئەوە یەکەم جار نییە کە سەرکردەکانی کورد لەسەر مێزی دانوستان و بەناوی ئاشتەوایی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی کوژراون. سماییل ئاغای سمکۆ و حەمزاغای مەنگوور و سەرکردەکانی دیکەش، پێشتر بە هەمان شێوە تیرۆر کرابوون. خەڵک پێیان وا بوو دانوستان لەگەڵ حکومەت دووبارەبوونەوەی مێژووە!

تیرۆرکردنی دکتور قاسملوو و هەواڵانی، ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ (١٣ی تەمووزی ١٩٨٩) هاوکات لەگەڵ چلەی خومەینیدا ڕووی دا. بە وتەی زۆر کەس و بەتایبەت کۆمەڵی زانایانی ئایینیی کوردستان، ئەم ڕۆژە زۆر بە وردی و هۆشیارییەوە هەڵبژێردرابوو. لە ڕوانگەی ئایینزای

شـێعەوە چلـە پیرۆزییەکی تایبەتی هەیـە. کۆماری ئیسلامی کە خۆی بە جێگـری ئیمامی زەمان دەزانـێ و بەڕواڵـەت پابەنـد بە بنەماکانی ئایینزای شـێعەیە، بە ئەنقەسـت ڕێکەوتی ئـەو تیرۆرەی وەهـا دارشـتبوو کـە لـە چلەمیـن ڕۆژی کۆچی دوایـی ڕێبـەرە گەورەکەیـدا، یەکێک لە سـەرکردە خۆشەویسـت و کاریگەرەکانـی گەلـی کـورد واتـە دکتـۆر عەبدولـڕەحمان قاسـملوو تیـرۆر بکات. دکتۆر قاسـملوو بۆ ماوەی سـێ دەیە، سـەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێرانی لە ئەسـتۆ گـرت و بـوو بـە یەکێـک لـە پێشـکەوتووترین حیزبـەکان کە لـە پێنـاو مافەکانـی نەتەوەی کـورد لـە ئێرانـدا خەباتـی دەکـرد. دوای مردنی خومەینی، جێنشـینەکانی ترسـیان لە کەسـانی وەکـوو دکتۆر قاسـملوو هەبوو و لابردنی لە سـەر گۆڕەپانی سیاسـی بە مانـای لاوازکردنی پێگەی سـەرەکیی کـورد - حیزبی دێموکـرات - بوو.

خواردنی نانی نیوەڕۆ لەگەڵ دکتۆر قاسلموو

چەنـد جارێـک دکتـۆر عەبدولـڕەحمان قاسـملووم بینیبـوو. وەک باسـم کـرد، یەکـەم جـار لـە سـەرەتای ئینقلابـدا لـە ماڵـی مـەلا سـاڵح پێشـنوێژی هەینیـی شـاری نەغـەدە، جارێکـی دیکـەش لـە ڕۆژی میتینگـە بەناوبانـگ و گۆڵمەزییەکەی حیزب لـە یاریگای نەغـەدە و دواتریش لـە گوندەکانـی دەڤـەری لاجانـی پیرانشـار. دوای ئـەوەی ئاوارەبووین و ڕۆیشـتینە گونـدی گرداشـەوان، چالاکییـە فەرهەنگـی و شـانۆییەکانی حیـزب هـەر بـەردەوام بـوو. جارێکیـان بـۆ تەماشـاکردنی شـانۆی "جرجـاڵ" چووینـە بەرکەمـران – گونـدی هاوکەوشـەنی گرداشـەوان – کـە دیسـانیش لـەوێ بینیمـەوە. لەبیـرم نییـە ڕۆژی پێشـمەرگە بـوو یـان سـاڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبـی دێموکـرات، بـەڵام لـە شـوێنێک بـە ناوی دایەشـێخی مەراسـیمێکی گـەورە سـاز کرابوو. دکتـۆر قاسـملوو لەگـەڵ بەشـێک لە ئەندامانـی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بە ئیسـکۆرت و شـان و شـکۆوە بـە جیپـی سـەربازی کـە هەندێکیـان تۆپـی ١٠٦ـیان لـە سـەر جێگیـر کرابـوو، هات و لـە نـاو مزگەوتەکـەدا لەگـەڵ خەڵـک نانـی نیـوەڕۆی خـوارد. ئـەوکات خواردنیـان لـە سـینیی گـەورەدا دەهێنـا، کـە مەجوعمەیـان پـێ دەگـوت. هـەر دوو کـەس پێکـەوە لـە سـەر سـینییەک و لـە دوو قاپـی جیـادا نانیـان دەخـوارد. هەندێـک لـە خزمەکانمـان لە ناو حیـزب و لـە ڕیزەکانی فەرماندەییدا بوون و ئێمەش لە پاڵیان دانیشـتبووین. کاتێک نانیان دانا ئیتر نوکتە و سـوحبەت دەسـتی پێکـرد، یەکێـک لـە گاڵتـە باوەکان ئـەوە بوو کـە منداڵێک بدۆزنـەوە و لەگەڵ ئـەودا نان بخـۆن، چونکـە منـداڵان کەمتر دەخـۆن و بەش بۆ گـەورەکان زیاتر دەمێنێتەوە. من لە تەنیشـت بابـم و کەسـانی خـزم دانیشـتبووم، کەواوپانتۆڵـم لەبـەر کردبـوو و مێزەر[1]م لە سـەر بـوو. پێم وایە دەمانچەیەکیشـیان ڕۆکردبـووە بـەر پشـتوێنەکەم. دکتـۆر قاسـملوو لێـی ڕوانیم و وتـی: "ئەمە لە

١ . پێچ، ڕەشتی.

ئەحمەدییەکانـە. جـوان دیـارە، هەم چاوی شـینە و هەم قـژی کاڵە." پێم وایە مەبەسـتی پیاوانی عەشـیرەتەکەمان و بەتایبـەت ئامۆزاکانـی بابـم بـوو کـە هەندێکیـان قژسـوور و چاوشـین بـوون و یەکێکیـان فەرمانـدەی ناوچەکـە بوو. پاشـان گوتی: "پێشـمەرگە چکۆلە وەرە لەگەڵـم نان بخۆ"، ئەمـە یەکێـک لـە خواردنـە هەرەخۆشـەکانی ژیانـم بـوو و لەبـەر ئـەم هاوخوانییـە خـۆم بـە کەس نەدەگۆڕییەوە.

دکتۆر قاسـملوو ئەو کەسـە بـوو کە وێنەکەی لەسـەر تەختەی قوتابخانەکەمـان هەڵواسرابوو، لە قوتابخانە سروودمان بۆی دەوتەوە و هەموو ڕۆژێک لە ڕادیۆ و کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا قسـەکانی ئـەوم دەبیسـت، ئێسـتا لەگەڵیـدا نانـم دەخـوارد و ئەمەش بـۆ من شـانازییەکی گەورە بـوو. چرچ و لۆچـی دەموچـاوی، زەردەخەنـە کاریزماییەکـەی کـە بەشـێکی جیانەکـراوەی دەموچـاوی بـوو، هەمـووی بـۆ مـن جوان و شـیرین بوون و هەتـا ماوەیەک لە سـەر خەیاڵم بـوون. دەتوانن بیهێننە بـەر چاوتـان کـە کوڕێـک لـەو تەمەنەدا چەندە خۆشـە کـە لەگەڵ سـەرۆکی حیزبێکی سیاسـیی گـەورە نـان بخـوات. بـە سـۆرانییەک[1] ئاخافتنـی دەکـرد کە بنـزاراوەی کرمانجـی پێوە دیـار بوو. لێـی پرسـیم: "کەلاسـی[2] چەندوومـی؟ چەند سـاڵتە و لە سـەر کـەلاس چ دەرسـێک دەخوێنی؟" پاشـان پرسـی: "ئـەوەی کە بە کـوردی دەرس دەخوێنی چاکتر نییە؟ بیری نەغـەدەت نەکردووە؟ ... لـەم جـۆرە پرسـیارانەی لێکـردم کـە لایەنێکـی سیاسـییان هەبـوو و زۆر لێی تێنەدەگەیشـتم، بـەڵام بـە دەنگـی بـەرز پرسـیاری لێدەکردم بـۆ ئەوەی کەسـانی دەوروبەریش ببیسـن. پێـم وابوو دەیویسـت پەیامێکیان پـێ بگەیەنێت.

یـەک دوو کەسـیان کـە هاوشـانی خـۆی بـوون بـە گاڵتـەوە پێیـان وت: "ڕەحمان دەزانـی زیرەکـی! خـۆ منـداڵ ئـەو هەمـووە گۆشـتەی بـۆ ناخورێـت!" و بـە پێکەنینەوە پێـی وتـم: "ئەگەر هەمـووت بـۆ نەخـورا، کاکـی خـۆت لێرەیـە." پێـم وایە نیوەی بەشـە گۆشـتەکەی منـی هەڵگرت، چونکـە زۆر بـوو و بـۆ مـن نەدەخـورا. هەر ئەم نانی نیـوەڕۆ خواردنـە لەگەڵ دکتۆر قاسـملوو ڕێزی ئـەوی لای مـن زیاتـر کـرد و ئیتر دڵنیا بـووم کە دەبێ ببمە کەسـێکی وەکوو ئەو. هەتا سـاڵانێک دوای ئـەم ڕووداوە، قسـەی زل زلم دەکـرد و نەقڵـم بـۆ خەڵـک دەگێـڕاوە. کاتێـک پێـش ئـەوەی بچمـە سـەربازی، دەسـتگیریان کـردم یەکێک لەو بەسـەرهاتانەی کـە گێڕامـەوە، خواردنی نانی نیـوەڕۆ لەگـەڵ دکتـۆر قاسـملوو بـوو، کـە پشـکنەرەکان پێکەنیـن و باوەڕیان پێـم نەکرد.

---

١ . هەندێـک پێیـان وایـە کـە دکتـۆر قاسـملوو لـە ڕووی زاراوەوە کوردێکـی سـۆرانییە نەک کرمانـج و بنەماڵەکەی لـە تایفەی برادۆسـتییەکان و دەگەڕێنـەوە سـەر خێڵـی ئەمیرخـان (ئەمیرخانی لـەپ زێڕین) کە لە سـەدەی حەڤدەیەم لە قـەڵای دمدم، لە پێناو ئازادی شۆڕشـیان کرد. برادۆسـتییەکان لەبەر ئەوەی لە نێوان کوردانی شـکاک و سـۆرانی و لە ناوچە باشـوورییەکانی گۆلـی ورمـێ لـە دۆڵی قاسـملوو [گەڵی قاسـملوو] و دشـتەبێڵ کە دەڕوانێتە سـنووری ڕۆژاوایـی مەرگەوەڕ [لـۆڵان] لەو دیوی سـنوور [کێلـەشین] لـە باشـووری کوردسـتان ژیـان بـە سـەر دەبـەن و زاراوەیەکیـان هەیـە کـە لـە ژێـر کاریگەریـی بادینـی و سـۆرانییە و بۆتـە زاراوەیەکی تایبەت.

٢ . پۆلی خوێندن.

وێنەی ١١٢. دکتۆر قاسلموو و منداڵان، مەهاباد، ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩)

زۆر کەس پێیان وایە قاسملوو پیاوێکی گەورە بوو کە لەبەر خاکەڕایی لەگەڵ منداڵێکیش دادەنیشت و نانی دەخوارد. ئەمە تێگەیشتنی بەرز و قووڵی قاسملووی وەک سەرکردەیەک نیشان دەدا. دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو سەرچەشنی من بوو، ڕێزێکی تایبەتم بۆی هەبوو و پێم کەسێکی هەرمان و نەمر بوو. کاتێک تیرۆر کرا، یەکەم شتێک کە وەبیرم هاتەوە یادەوەریی خواردنی نانی نیوەڕۆ بوو. زۆر دڵتەنگ و نائومێد بووم، چونکە بەشێک لە هیواکانی خۆمم لەودا دەبینی و ئێستا تەقە لە دڵی خەونەکانم کرابوو. قاسملوو جیهانێکی جوانی لە گەورەپیاوانی سیاسەت و دادخوازیی کۆمەڵایەتیی پیشانم دا. ئەو جیهانە جوانەی کە من بە بۆنەی ئەوەوە هۆگری بووم، سەرەڕای جوانییەکانی، تووشی باج و کەسەریش بووم. ژیانی من دەڵێی ڕەنگدانەوەی نیگەرانی و کەڵکەڵەکانی قاسملووە، بەڵام بە فۆرم و ڕووخسارێکی دیکەوە، ڕووخسارێک کە سەر بە جیهانی کۆمەڵایەتیی خۆمە. قاسملوو لەو ڕۆژەدا و لەو هاونشینییەدا هێندەی تەمەنێک وانەی فێر کردم و ژیانی ئاراستە کردم.

لە جلی سپییەوە بۆ جلی ڕەش

زۆر کەس جلوبەرگی سپییان لەبەردا بوو. ئەوان دڵیان لە خومەینی خوێن بوو، بۆیە بۆ مەرگی ڕەشیان لەبەر نەکرد، بەڵام نەیاندەزانی حکومەت بەو زووانە ڕەشپۆشیان دەکات. بەرەبەیانی تەلەڤیزیۆن هەواڵی تیرۆرکردنی دکتۆر قاسملووی ڕاگەیاند، بەڵام ئێمە بەپەلە ڕادیۆکەمان هەڵکرد و خستمانە سەر شەپۆلی ڕادیۆی حیزب بۆ ئەوەی بزانین درۆیە یان نا، بەڵام ڕاست بوو. بابم و نەنکم وەک ئەوەی کەسێکی ئازیزیان مردبێ ماوەیەکی زۆر ئازیەتبار بوون و دایکم و ژنانی خزم و کەس و دراوسێکان شینیان گێڕا. کەشوهەوای زۆربەی ماڵەکانی

کوردستان کەم تا زۆر ئازەیەتبارانە بوو. لە شار و ناوچەکەدا پرسە و سەرەخۆشی گیرا و شار تەمی خەم و پەژارە داپپۆشیبوو.

کەشوهەوای شار تەواو پۆلیسی بوو. زۆر کەس دووکانەکانیان داخست و مانگرتنی گشتییان ڕاگەیاند. هێزەکانی بەسیج و سپای پاسداران وەک نیشانەی هەڕەشە، هێڵێکی سووریان بەسەر دەڕابەی دووکانە داخراوەکاندا هێنا. دواتر مۆڵەتی بەشێک لە دووکاندارەکانیان هەڵوەشاندەوە و لە دادگا سزای نەختی دران. مانگرتنی بازاڕ باوترین شێوازی نارەزایەتیی سەرتاسەری لە کوردستانە. ئێمە خوێن لە دڵمان دەتکا و هێزەکانی سپای پاسداران کەیفخۆش بوون و شەربەت و شیرینییان دابەش دەکرد و لەسەر دیوارەکان دروشمیان دەنووسی. مردن بۆ قاسملوو، مونافق بە دەرەک ڕۆیی، تۆڵە تۆڵە، کۆتاییهاتنی تاقمی هەڵوەشاوی دیموکرات و ڕستەی لەم چەشنە لە سەر دیوارەکانی شاردا دەبینرا. ژمارەیەک کوردی چەکداری سەر بە حکومەتیش شانبەشانی سپاییەکان لەو خۆشییەدا بەشدار بوون و ئەوانەش کە خزمێک یان کەسێکیان لە شەڕی دێموکراتدا لەدەست دابوو، خۆشحاڵیی خۆیان دەردەبڕی و ئەمەش بۆ خەڵک زۆر گران و مەینەت بوو.

● وێنەی١١٣. هەفتەی ماتەمینی گشتی، کوێستانی قەندیل، جۆزەردانی ١٣٦٨ی هەتاوی (١٩٨٩)

کاتێک سی و نۆ ڕۆژ پێشترەکەی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن هەواڵی مردنی خومەینییان بە هۆی نەخۆشی و پیرییەوە ڕاگەیاند، خەڵک شڵەژان و ڕۆژی یەکەم زۆر کەس نەیوێرا لە ماڵ دەربکەوێت. ئایا ئەوان دڵتەنگ بوون؟ بە دڵنیاییەوە نا. لەو بارودۆخەدا دەتوانی هەست بە خۆشییەکی تێکەڵ بە نیگەرانی بکەی. پەشۆکابوون کە ئاخۆ چ ڕوو دەدات. لە حاڵێکدا هێزەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی دەگریان و ئاڵای ڕەشیان بەدەستەوە بوو و جلی ڕەشیان پۆشیبوو، من و جەلال لاهیجانی و هاوڕێیەکی دیکە، کامێرا و دووچەرخەکانمان هەڵگرت و بە پێکەنینەوە بە ئاراستەی دەرەوەی شار بەرەو دارستانەکانی سەردەشت وەڕێ کەوتین. تەواوی ڕۆژانی پشووی ماتەمینی، چووینە سەیران و لەسەر سیاسەت و ڕووخانی حکومەت قسە و باسمان دەکرد.

ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی من بۆ ئەم دوو مردنە زۆر جیاواز بوو، بۆ قاسملوو ڕەشم لەبەر کرد و بە شینگێڕی و شێعرە حیماسییەکانی بێژەری ناوداری ڕادیۆیی حیزبی دێموکرات واتە ئەحمەد شێربەگی بە کوڵ گریام، بەڵام بۆ مردنی خومەینی، هەموو ڕۆژەکانم بە خۆشی و

شـادی تێپەڕانـد و جلوبەرگـی سـپیم لەبـەر کـرد. ئـەوەی جێـی داخـە ئەوەیـە کـە ڕەنگـە زۆرێـک لـە منداڵانـی ئەودیـوی سـنوورەکانی کوردسـتانیش هەمـان هەسـت و گریانیـان بـۆ خومەینـی هەبـێ چونکـە خومەینـی ڕێبـەر و ئەفسـانەیان بـوو و هـەر لایەنێکی هاوکێشـەکە خـۆی بە حەق و ڕێبەرەکـەی بـە ڕەوا دەزانـی. مردنـی خومەینـی هەمـوو ئـەو شـەڕ و ئاوارەییانەی کە بەسـەرمان هاتبـوو، وەبیرمـان هێنـاوە. هـەر بۆیـە پیرۆزبایـیمان لـە یـەکتر دەکـرد و تورەیـی خۆمـان لـەو ئاوارەییـەی کـە خومەینـی بـە سـەرماندا سـەپاندبووی، دەردەبـڕی.

دروشمنووسی و بڵاوکردنەوەی شەونامە

لـە ژێـر کاریگەریـی فرەچەشـنی و کێبڕکـێ و چالاکیـی حیزبـە جیاوازەکانـی کوردسـتان لـە نـاو جوگرافیـای زێـدی خۆمـدا، هۆگریی سیاسـیم دوای وازهێنانـم لە قوتابخانە خەسـتتر و چڕتر بووەوە. هەسـتم دەکرد گەیشـتوومەتە ئاسـتێک کە ڕەوتی ژیانم ڕووی لە گۆڕانە. دەسـتهەڵگرتن لـە خوێنـدن و دوورکەوتنـەوە لـە سیسـتەمی پـەروەردەی ئایدۆلۆژیکیـی دەسـەڵات، دەرفەتێکی باشـی بـۆ گۆڕانـکاری لـە منداڵ ڕەخسـاند. بـە خۆمم گـوت: "ئیدی ئەتـوو ناچیتەوە بۆ مەدرەسـە و دەبـێ ببـی بـە بنیادەمێکـی گـەورە و کاریگـەر". دەمگـوت: "کێ دەڵێ تـۆ دەبێ لێـرە بمێنییەوە ... بڕیـار وایـە گۆڕانکارییـەک بخولقێنیت و ..." هاوڕێکانی بابم، لـە ناویاندا چەند دووکاندارێکی دراوسـێی، مارکسیسـت بـوون و هەندێکیشـیان مامۆسـتای دەرکـراو بـوون و یەکیـان بـە هـۆی چالاکییە سیاسـییەکانیەوە لە مەهابادەوە بۆ پیرانشـار دوور خرابۆوە. قسـەخۆش و نوکتەچی بوو و زۆر کتێبـی قەدەغەکـراوی پێـدام بـۆ ئـەوەی بیخوێنمـەوە. ئـەو و کەسـانی دیکەی هاوشـێوەی ئـەو، مانیفێسـتی کرێکاری و سۆسـیالیزم و بزووتنـەوە کرێکارییەکانیان پێـدەدام کە بیخوێنمەوە و دواتر قسـەمان لەسـەر دەکرد. ئەم کەسـانە بە پێشـنیار و مژار و وتووێژەکانیان یارمەتیی منیان دا بـۆ ئـەوەی سـەبارەت بـە مێـژوو، سیاسـەت و کۆمەڵـگا تێڕوانینێکـی فـراوانترم هەبـێ و منیـان لەگـەڵ حیـزب و پارتە سیاسـییەکانی ئێران ئاشـنا کرد.

لـەو کاتـەدا، لـە ڕێگەی ئەم کەسـانەوە کتێـب و بیرەوەرییەکانی سـکرتێری پێشـووی حیزبی تووده، نوورەدین کیانووری[1] بە دەسـتم گەیشـت و خوێندمەوە. کتێبەکانی گوڵسـورخی[2] و کتێبە

---

١ . نوورەدیـن کیانـووری نـەوەی کوڕیـی شـێخ فەزڵـوڵای نـووری بـوو کـە لـە سـاڵی ١٣٢١ی هەتـاوی پەیوەنـدی بـە حیـزبی تـوودەوە گـرت و دژی ڕژێمـی پەهلـەوی چالاکـی کرد. ناوبراو لەگەڵ دەسـپێکی شۆڕشـی گەلانـی ئێران لە سـاڵی ١٣٥٧دا، وەک سـکرتێری یەکەمـی حیزبـی تـوودە هەلبژێردرا. بە دەسـتپێکردنی سـەرکوتەکانی کۆماری ئیسلامی لە سـاڵی ١٣٦٢ی هەتاویـدا، ئـەو و زۆرێـک لـە ئەندامانـی ڕێبەرایەتـی و کادری حیزبـی تـوودە دەستبەسـەر کـران. کیانـووری ١٥ی گەلاوێـژی ١٣٧٧ی هەتـاوی (٥ی ئابـی ١٩٩٨) کۆچـی دوایـی کرد.

٢ . خـەسرەو گوڵسـورخی شـاعیر و نووسـەرێکی مارکسیسـتی بـوو کـە لەگـەڵ کۆمەڵێـک لـە هاوبیرەکانی، سـاڵی ١٣٥١ی هەتـاوی (١٩٧٢ ز) بـە تۆمەتـی پیلانگێـڕی بۆ تیرۆرکردنی شـازادەی جێنشـین دەستبەسـەر و بەرەبەیانیـی ٢٩ی ڕێبەندانی ١٣٥٢ (١٨ی شـوباتی ١٩٧٤) لەگـەڵ چەنـد کەسـێکی دیکەی ئەندامی چریکی فیداییانی خەلقی ئێـران گوللەباران کرا.

قەدەغەکراوەکانی دیکەشم هەر لەم کەسانە وەردەگرت و دەمخوێندەوە. لە پاڵ ئەمانهدا پەیوەندییەکی کلاسیکم لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کوردیدا هەبوو کە ئەوانیش خۆیان خاوەنی پێشینەیەکی چەپ بوون. خوێندنەوەی بەردەوام بیچمی بە مێشکی من دابوو و وردەوردە دەمتوانی بیر لە مژارەکان بکەمەوە و شرۆڤەیان بکەم. ڕۆمانی پۆلیسی و ڕۆمانەکانی جەک لەندەنم وەلا نا و ڕووم کردە خوێندنەوەی کتێبی شیکاری و مێژوویی بە زمانی فارسی. هێواش هێواش چوومە ناو چالاکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە کە حیزبی سیاسیی باڵادەستی ناوچەکەمان بوو.

مێژووی چالاکییەکانی حیزبی تووده لە پیرانشار دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای شەستەکانی هەتاوی کە نوورەدین کیانووری سکرتێری یەکەمی حیزبی تووده‌ی ئێران هێشتا دەستبەسەر نەکرابوو. کەسێک بە ناوی خالید ڕەحیمزادە کە ئێستا لە ڕووسیا نیشتەجێیە، بەرپرسی ڕێکخستنەکانی حیزبی تووده لە پیرانشار بوو. ئەوکات کیانووری دانیشتنێکی پرسیار و وەڵامی هەبوو کە پانزە ڕۆژ جارێک پەخش دەکرا و ناوەڕۆکێکی دەوڵەمەند و بەپێزی هەبوو. جگە لەوەش ڕۆژنامەی "مەردوم" بە هەر دوو زمانی فارسی و کوردی، دەگەیشتە دەستی لایەنگرانی حیزب و لە ڕۆژنامەفرۆشییەکانیشدا دەفرۆشرا. بیرەوەرییەکانی کیانووری ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی (١٩٨٨ ز) لەلایەن دامەزراوەی ئیتلاعات چاپ و بڵاو کرایەوە. ناوبراو لەو بیرەوەرییانەدا ئیدعای ئەوەی کردووە کە دانپێدانانەکانی لە زیندان بە هۆی دەرزیی مادەی هۆشبەر بووە و بەرگری لە هەڵوێستەکانی کردووە. بەپێچەوانەی حیزبی تووده، ڕێبەری فیدائیانی ئەکسەرییەت نەکەوتە دەست حکومەت و توانیان خۆیان ببووژێننەوە.

گرووپی حەوت کەسیی ناسراو بە کۆنگرەی چوارەمیش ساڵانی ١٣٦٣-١٣٦٤ی هەتاوی (١٩٨٤-١٩٨٥ز) هەڵوەشاندنەوەی خۆی ڕاگەیاند. لە ناویاندا تەنها حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو کە توانی بوونی خۆی لە بەرامبەر ڕژێمدا بپارێزێ و سەرەڕای لەدەستدانی دوو سکرتێری گشتیی و چەند جار لەتبوون و جیابوونەوە هەتا ئەمڕۆش لە گۆڕەپانی سیاسیدا ماوەتەوە. یەکێک لە کارە بنەڕەتییەکانی دکتۆر قاسملوو لە ماوەی ئەو ساڵانەی کە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بوو ئەوە بوو کە جەختی لەسەر سەربەخۆیی سیاسی، ڕێکخراوەیی و ئایدۆلۆژیکیی حیزب لە ڕەوتە چەپەکانی لایەنگری سۆڤیەت و بەتایبەت حیزبی تووده‌ی ئێران دەکردەوە. عەبدولڕەحمان قاسملوو بە دیاریکردنی سنوورێکی ئایدۆلۆژیکی لە نێوان حیزبەکەی و حیزبی تووده‌دا، مانەوە و سەربەخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی مسۆگەر و دەستەبەر کرد.

دەستپێکی ڕۆیشتنم بەرەو چالاکییە سیاسییەکان، بە ناسینی شانەی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات لە شاری پیرانشار دەستی پێکرد. لە سەر پێشنیاری یەکێک لە ئەندامانی ئەو شانەیە، لە شاری خۆمدا چالاکیم نەکرد. کاری سەرەکیی تازەئەندامێکی حیزب

نووسینی دروشم و بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنامە و شەونامە لە سەر ئاستی شار بوو. کارێکی قورس و مەترسیدار کە دیارە بە منداڵان و کەسانی ناشارەزا دەسپێردرا بۆ ئەوەی ئەگەری مەترسییەکان کەم بێتەوە. بەپێی پرۆتۆکۆلەکان، لە بری بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندننامە لە سەر ئاستی شاری پیرانشار یان نووسینی دروشم، دەچوومە شارەکانی نەغەدە و مەهاباد. هەڵبەت فەرهەنگی دروشمنووسی لەسەر دیوارەکان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شا، کە زیاتر لە لایەن گرووپە چەپە مارکسیستی و ئیسلامییەکانەوە بوو بە باو. حیزبە لیبراڵەکان کەمتر لەو کارانەیان دەکرد و شێوازی جیاوازیان هەبوو.

پوورە مریەم لە شاری نەغەدە دەژیا و پوورە زێنەبیش پاش کۆچی دوایی مێردەکەی، لە خەلیفەلیانەوە چووبووە بۆ مەهاباد. بە بیانووی سەردانی پوور و پوورزاکانم پەیتاپەیتا دەچوومە نەغەدە و مەهاباد. بێدەنگ و بەئەسپایی ئەرکە پێسپێردراوەکانم ڕادەپەڕاند و دەگەڕامەوە. بەشێک لەم ستراتیژە لێرەوە دەستی پێکرد کە وەک ئەڵمانییەکان دەڵێن "ئەو شوێنەی لێی دەنووی، تێکی مەدە". ئەم پەندە لە زمانی کوردیدا دەبێتە " کانییەک ئاوی لێ دەخۆیەوە بەردی تێ مەخە"، کە مانا قووڵەکەی دەبێتە ئەوەی کە لە پیرانشار هیچ شتێکی مەترسیدار مەکە. منیش کارە مەترسیدارەکەم لە شارێکی دیکە ئەنجام دەدا.

لە نەغەدە لەگەڵ پوورزاکەم کە لە من بچووکتر بوو، ماتۆڕ یان دووچەرخەمان لێدەخوڕی. لای ئەو نەموت خەریکی چیم و ئەویش نەیپرسی بۆچی دەبێ لە سەر کۆڵانەکە ڕاوەستێ هەتا من دەگەڕێمەوە. ئەو تەنها وەک سیالەشکرێک لەگەڵم بوو و دواتر وتی دەمزانی خەریکی چی بووی. دروشمم دەنووسی و ڕاگەیاندنم بڵاو دەکردەوە و هەندێک جار پەیامی نهێنیم بە کەسەکان دەگەیاند. پێشتر پەیوەندیم بە بەڕێوەبەری شارەوە دەکرد و بە پێی ئەو نەخشە و شوێنانەی کە بۆم هەڵبژێردرابوون دروشمم دەنووسی.

● وێنەی ١١٤. من و سابیری پوورزام، پیرانشار ١٣٦٥ی هەتاوی (١٩٨٦)

هەندێ جار لە ساڵڕۆژە گرنگە حیزبییەکاندا ڕاگەیاندننامەمان بڵاو دەکردەوە. لە ڕووی ئەو نموونەی کە پێمان دەدرا، دروشمم بۆ ساڵڕۆژی حیزبی دێموکرات و ڕۆژی پێشمەرگە و بۆنەی دیکەی ڕاگەیەندراو لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە دەنووسی. چەند دەقێکمان لە ڕادیۆ وەردەگرت و کەمێک دەقی دیکەش لە لایەن شانەی شارییەوە دەنووسران و چاپ و کۆپی دەکران و پێیان دەداین.

ناوەڕۆکی ئەو دەقانە پەیوەست بوو بە پێشهاتەکانی ناوچەکە و ئەوەی پێویستە ڕوو بدا بۆ ئەوەی زمانی دایکی و جلوبەرگی کوردی بە فەرمی بناسرێ و ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی بۆ نەتەوەکانی دیکە و کورد بگۆڕدرێت. بۆچوون و وتەکانی دکتۆر قاسملوو و دکتۆر شەرەفکەندی کە ئەو وەخت سکرتێری گشتیی حیزب بوو، لە ڕاگەیاندننامەکاندا بڵاو دەکرایەوە. پێم وایە تەمەنم لە پازدە ساڵاندا بوو، کە چەند گەڕەکێکی دیاریکراوم بۆ چالاکییەکانم لە مەهاباد و نەغەدە هەبوو و ڕاگەیاندننامەم بڵاو دەکردەوە.

لە نەغەدە، لە دەوروبەری گەڕەکی مەیدانی وەرزشیی کوردەکان، لای چەپی شەقامی باڵخچی هەتا مۆتۆراو، شەقامەکانی سوننەت و مەعرووفیی یەک و دوو؛ زۆنی من بوون و لە مەهابادیش گەڕەکەکانی موخابەرات هەتا سێڕێیانی مەیدانی ئارد و کووچە پێچاوپێچەکانی گەڕەکی کۆنی ئەرمەنییەکان. لەم گەڕەکانەدا یەک یان دوو ئەندامی دیکەی شانەی شارییش لە شنۆ و گوندەکانی دەوروبەرەوە دەهاتن و پێکەوە کارەکانمان ڕادەپەڕاند. دوای ماوەیەک فێربووین چی بکەین. دەرگاکان سندووقی پۆستییان لەسەر نەبوو تاکوو ڕاگەیاندننامەی تێبخەین، دەبا لە سووچی درگای ماڵانەوە ڕاگەیاندننامەکانمان بخستایەتە ناو. هەندێ جار ڕاگەیاندنامەکانمان لە پێوەندیدەرەکان (ڕابیتەکان) وەردەگرت کە زۆربەیان دووکاندار بوون. پێوەندیدەرەکانی من لە شاری نەغەدە دووکانداریک و ئەندامێکی ئەنجومەنی شیعر بوون و لە مەهابادیش شاگردی وێنەگرییەک. ژیان لە ناو ژینگەیەکی سیاسیدا کە تێکەڵ بە داواکاریی سەربەخۆیی بوو، بیچمی بە زەین و بیرکردنەوەی من دا و دروستی کرد، هەتا ئەوەی کە لە هەڕەتی تازەلاویمدا چالاکییەکەم هاتە بەرهەم. هەوڵم دا ئەوەی چرکە بە چرکەی ژیانم شاهیدی بووم، لەم تەمەنەدا بژیم و لە پێناو بە فەرمیناسینی شوناس و مافە دادپەروەریخوازییەکانی گەلی کورد بەش بە حاڵی خۆم پشکم هەبێت.

بەشداریی سیاسیی منداڵان

لە دەستپێکی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، زۆربەی حیزبە سیاسییەکان ژمارەیەکی بەرچاو منداڵ و مێرمنداڵیان وەرگرت و ئەرکی وەکوو بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندننامە یان دروشمنووسی لە ئەستۆی ئەوان بوو. بەرپرسە سیاسییەکان لە ناو فەزای ئینقلابیی ئەو کاتەدا، بیریان لەوە نەدەکردەوە کە من یان کەسانێکی دیکە منداڵین و نابێ بە چالاکییە سیاسییە مەترسیدارەکانەوە تێوەبگلێین. بە بۆچوونی ئەوان منداڵبوونمان ئیمتیاز بوو، گورج و گۆڵ بووین و ئەگەریش بگیرابایین ئەگەری ئازادیمان زیاتر و خێراتر بوو. ڕێک نموونەی ئەم سیاسەتی بەکارهێنانی منداڵانەم لە ناو حیزب و ناوچەکانی دیکەی جیهان و لە ئاستی بەرفراوانتردا لە ناو حکومەتە هاوچەرخەکاندا بینیوە؛ لە ناردنی منداڵانی بەسیج بۆ بەرەکانی

جەنگـی ئێـران و عێـراق[1] بگـرە هەتـا گرووپـی قوتابیـان بـۆ پڕوپاگەنـدەی سیاسـی لـە ئێـران و بوونـی منداڵانی فەلەسـتینی و لوبنانی لە خۆپیشـاندانی سـەر شـەقامەکان، نموونـەی ناسراوی ئـەم دیـاردەن. لـە فەلەسـتین پیـاوە گەنجـەکان بـەرد کـۆ دەکەنـەوە و دەیـدەن بـە منـداڵان بـۆ ئـەوەی بیخـەن بـۆ پۆلیـس و تانکـەکان، یـان بەسـەرهاتی سـوپای نـاسراوی ڕایشـی سـێیەم، کەڵکوەرگرتـن لـە منـداڵان لـە سـەردەمی هیتلـەر[2] و ئەفسـەرانی سـیخوڕیی فاڵانـژەکان[3]. ئـەم پرسـە لە حکوومەتـی کۆماری ئیسلامیشـدا بە شـێوەیەکی زۆر زەق، دیار و بەرچاو بوو و ڕەهەندی سـەیر و سەرنجڕاکێشـی هەبوو. نموونە دیارەکەشـی چیرۆکی سـاختەکراوی حسـێن فەهمیدەیە کـە لـە سـاڵنامەی فەرمیـی ئێرانـدا ڕۆژی شـەهیدبوونی فەهمیدەیـان وەک ڕۆژی مێرمنـداڵان نـاوزەد کـردووە. دەیانگوت حسـێن فەهمیدە لە تەمەنی سـێزدە سـاڵیدا نارنجۆکێکـی بە خۆیەوە بەسـتەوە و چـووە ژێـر تانکـی دوژمـن و تانکەکـەی تەقانـدەوە! ئـەم گێڕانـەوە، سـاختەکارییەکی پڕوپاگەندەییـە بـۆ ئـەوەی منداڵـی زیاتـر ڕاکێشـی بەرەکانـی جەنـگ بکەن.

بەڕاسـتی پێـم خـۆش بـوو هاوکاریـی حیزب بکـەم. لـەم کارەدا هەسـتم بە گەورەیـی و بوێری دەکـرد و ئـەم پشـتگیرییە باوەڕمەندانـە بـوو. هەمـوو بەسـتێنەکان دابیـن کرابـوون و ژیـان لـە ناوچـەی کوردستانیشـدا ئـەو جۆرە چالاکییانەی ئاسـانتر دەکرد. لـە ئێراندا، هەم لـە بزووتنەوە و هەڵچوونـە کۆمەڵایەتییەکانـی وەکـوو شۆڕشـی گەلانـی ئێـران لـە سـاڵی ١٣٥٧ی هەتاویـدا (١٩٧٩ ز) و هـەم لـەم دواییانـەش، لـە سـەرهەڵدانەکانی سـاڵانی ١٣٩٨ و ١٤٠١ی هەتاویـدا (٢٠١٩ و ٢٠٢٠ ز)، قوتابیـان بەتایبـەت مێرمنداڵان لە ناو و دەرەوەی قوتابخانە بەشـدارییان لە

---

١ . وەکوو چیرۆکی چوونە ژێر تانکی حسێن فەهمیدە، کە دیارە زۆر کەس ئەوە بە درۆی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی دەزانن.

٢ . لـە بنەڕەتـەوە بەکارهێنانـی منـداڵان وەک سـەرباز شـێوەی جۆراوجـۆر لـە خـۆ دەگـرێ کـە بریتییـە لـە: بەکارهێنانـی منـداڵان بـۆ پڕوپاگەنـدە، منداڵسـەرباز لـە بەرەکانـی شـەڕ، چالاکییە پاڵپشـتییەکانی جەنگ وەکوو پاسـەوانی، سـیخوڕی و کۆیلایەتیـی سێکسـی. لـە سـەردەمی هیتلەردا تیپی ١٢ی زرێپۆشـی لاوانی هیتلەر لـە تازەلاوانی حەڤدە سـاڵ پێک هاتبوو و هـەر ئـەم یەکـە بـوو کـە لە بـەرەی فەرەنسـادا هەزاران کوشـتە و برینـداری لێ کەوتـەوە. لاوانـی هیتلەر و کۆمەڵـەی کچان، ڕووخسـاری کۆمەڵگایەکـی بێچینایەتییـان پیشـان دەدا. ئـەم گەنجانـە لە ڕاسـتیدا لە ڕێگـەی کەمپی سـەرگەرمی و بەرنامە فەرهەنگییەکانـەوە دەچوونـە نـاو ڕیـزی لاوانـی هیتلـەری و لـە کۆتاییـدا وەک سـەربازمنداڵ بـەکار دەهـێنران. (بـۆ زانیاریـی زیاتـر: کلـووسمان کودکسربـازان هیتلـری) ئـەو منداڵانـە پتر بە زەبر و هەنـدێ جاریش بـە ورووژانی ئایدۆلۆژیـای ڕادیکاڵی، لـە بنەماڵەکانیـان جیـا دەکرانـەوە بـۆ ئـەوەی لـە پێناو ئەو کەسـانەی کـە تەنیا بە کوشـتنی کەسـانی دیکە بـە ئامانجەکانیان دەگـەن، شـەڕ بکـەن. لـەوان وایـە کـە هـەر منداڵێـک سـەربازێکە کـە دەتوانـێ سـەنگەرێک لـە هەمبـەر پێشـڕەویی نەیـاران بێـت. لـەو نموونانـەی کـە شەڕسـالاران بـەم شـێوە منداڵانیـان بـەکار هێنـاوە دەتوانیـن ئامـاژە بە جەنگـی جیهانـی یەکەم و جەنگـی جیهانی دووەم، ململانـێ سـەربازییەکانی وڵاتانی ئەفریقا (وەکوو: لیبەریا، سـوودان، سـۆماڵی، ئۆگانـدا، ڕووواندا)، لە ڕۆژهەڵاتـی دوور (وەکـوو: ڤییەتنـام و میانمـار)، و ئـەم دواییانـەش داعش بکەین. بەڵام ئـەم دیاردە زیاتر لـە ئەفریقا دەبینین. پێدەچـێ بەکارهێنانـی منـداڵان جیـا لـە نیـژاد و نەتەوە یـان ناوچـە، بووبێتە بەشـێکی دانەبڕاوی شـەڕە نائاسـایی و چریکییە نوێکان.

٣. فاڵانژییـەکان بـەو گرووپانـی گوشـارە دەگوتـرێ، کە لـە پێناو بەرژەوەندیـی گرووپ، حیزب یـان ڕەوتێکی تایبەتـدا، هەوڵی سـەپاندنی شـێواز یـا ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت لە کۆمەڵگەی سیاسـیی وڵاتـدا دەدەن.

چالاکییە سیاسییەکان دەکرد و تەنانەت تاقمێکیشیان لەگەڵ دایک و باوکیان لە ناڕەزایەتییەکانی سەر شەقامدا ئامادە دەبوون. هەندێکیان دەکوژرێن و لە ڕیزی تاوانی منداڵکوژیی ڕژێمدا پۆلێن دەکرێن. منداڵان و مێرمنداڵان دەبنە قوربانیی ئەو سیستەمە سیاسییانەی کە مل بە داواکارییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا نادەن و لەبری گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسانی ناڕازی، سەرکوتیان دەکەن.

من خەتم زۆر ناشیرین بوو و ئێستاش هەر دەستوخەتم خراپە. جارێکیان سەرگرووپ بە گاڵتەجاڕی و فشەوە وتی: " کامیل ئەو شوعارانەی وا لە سەر دیواری دەنووسی دەبێ بۆ بەیانییەکەی خۆو بچی بۆ خەڵک و سپاییەکانی بخێنیەوە!" هێندە خێرا ئێسپرەییەکەم دەگرت بە دەستەوە و دیوارەکەم دەنووسی کە ئەوەندەی دیکە خراپتر دەبوو و کەس بۆی نەدەخوێنرایەوە. هەندێک جار کاتی نووسینی دروشم، خەڵک منیان دەبینی، بە لاو و پیرەوە بە شانازییەوە لێیان دەڕوانیم و هەندێک جاریش دەیانگوت: "هەڵێ، هەڵێ! بەم لای! و ئەو لای! بڕۆ، ماشێن خەریکە دێ" ئەوەی کە وەک چالاکوانێک منیان دەبینی بۆ من وزەبەخش و دڵخۆشکەر بوو. وەک شتێ قەرەبووی هەموو ئەو شکست و سەرکوتکردنانەی بوو کە هاتبووە سەر ڕێم. چالاکییەکانم بەردەوام بوو هەتا ئەوەی کە شانەی سەرەکیی شنۆیان گرت و دواتر ئەوانی دیکەشیان لە نەغەدە دەستبەسەر کرد. دوای ئەو ڕووداوانە گوتیان هەڵدەکوتنە سەر شار و گرووپەکانی تر و چاک وایە لە ئێستادا چالاکییەکە ڕابگرین. ڕابیت واتا پێوەندیگرەکەم دیار نەما و کەمێک دواتر دوو ئەندامی خەڵکی پیرانشار و چەند کەسێکی خەڵکی مەهاباد و بۆکانیان قۆڵبەست کرد کە یەکێکیان خزمی یەکێک لە زاواکانمان بوو. پێیان وتبووین کە ئەگەر گەڕی دەستگیرکردنەکان بگاتە شارەکەت، ئەوە بە جیددی وەریبگرن، بەڵام هیچ ڕێکار و پلانێک بۆ دەرچوون و هەڵهاتن لە ئارادا نەبوو. ئەگەریش هەبووبێت، من لێی بێئاگا بووم. ڕابیتەکەم ئیتر نەدەهاتە سەر کار و ژمارەی دەستگیرکراوەکانیش زیادی کردبوو. بەپەلە و بە بێهیچ پلانێک بڕیارم دا لە شار دەربچم. لە گاراژێکی لادێیەوە کە لە پاساژی شارەوانی فەلەکەی سەردەشتی پیرانشار بوو، سواری مینیبووسێک بووم و چوومە گوندی کۆنەلاجان لە

وێنەی ١١٥. ڕۆژانی سەرەتای چالاکییەکانم، من بە ئاغابانوی کوردییەوە (چەفیەی فەلەستینی)، وێنەی هاوسەرگیریی خێزانی، ١٣٦٦ی هەتاوی (١٩٨٧)

دامێنـی چیـای قەندیـل.

کە گەیشتمە کۆنەلاجان، چوومە لای عەلی کوڕی گەورەی کاک حامید، کوڕی کچەئامۆزایی بابـم، کـە لای مـەلای گونـد دەرسـی مەلایەتـی دەخوێنـد. سـەرەڕای ئـەوەی نەیتوانـی خوێندن تـەواو بـکا، بـەڵام پـێمان دەوت مـەلا عەلـی. پێـم گـوت شـتێک ڕووی داوە و نیـازم وایـە بچمـە ئەودیـوی سـنوور. مـەلا عەلیـم ڕازی کرد کە ئەو شـەوە بەناو دۆڵـی گوندەکە کە لـە داڵان دەچوو و دەیڕوانییـە چیـای قەندیـل، بـەرەو باشـووری کوردسـتان یـان هەمـان هەرێمـی کوردسـتانی ئێسـتا وەڕێ بکەویـن. ترسـا بـووم و داوام کرد کەسـێک لەگەڵم بێت. مەلا عەلی وەک لە بەشـی ڕابـردوودا بـۆم بـاس کـردن لـە شـەڕی جەڕاندا باوکـی لەدەسـت دابوو، لـە دڵی خۆمـدا وتم ئەمە بـۆ ڕاکـردن یارمەتیـم دەدات. پێکـەوە کتێبـی سیاسـیمان ئاڵوگـۆڕ دەکـرد، وەکـوو یـەک بیرمان دەکـردەوە. لـەوەش گرنـگتر خـزم و هـاوڕێ بووین و متمانەم پێـی هەبوو. بە بڕیارەکەم پەشـۆکا و هەرچـی پێداگریـم کـرد، لەگەڵـم نەهات. پێشـنیاری پێ کردم کە شـەو و بەتەنیا نەدەمە شـاخ و کێـو، بـەڵام کاتـی مانەوەم نەبـوو. گوتم: "مەلا عەلـی لای کەس مەڵێ، وەلـی ئەگەریش بە تەنیا بـێ هـەر دەبـی بچـم" و ماڵاواییم لـێ کرد.

ئەمشەو لە سنوور تێدەپەڕم

بـە ناچـاری لـە سـەر جـادە سـواری مینیبووس بـووم و بـە نیـازی چوونە میـراوێ کە تـازە بۆتە شـار بەرەو سەردەشـت بـەڕێ کەوتم. چەند ڕۆژ پێشتر بیرم لەوە کردبـۆوە و لە جیران دووکانەکان ڕێگاکـەم پرسـیبوو. پێـشتر لـە سـەردەمی ئاوارەبوونـدا هاتبووینـە میـراوێ و کەمێـک شـارەزاییم لـە بارەیـەوە هەبـوو. دووکاندارەکـە کەسـێکی پێـم ناسـاند کـە کەلوپەلی قاچـاخ دەکـرد. بە دەم پرسـیارکردنەوە دۆزیمـەوە و شـەو لـە ماڵەکەیدا مامـەوە، بەڵام هەر ئـەوڕۆ و بەیانی پـێ دەکردم و پەڵـپ و بیانـووی دەهێنایەوە. دەیوت ڕێگاکە کراوە نییە یان بۆسـەیان داناوە و شـەڕە ... هەسـتم دەکـرد دەترسـێ ئاودیـوی سـنوورم بکات. تازە ژنـی هێنابوو و لەگـەڵ هاوسـەرە جەحێڵەکەی لە دنیـای خۆیانـدا بوون. ئەو دوو ڕۆژەی لەوێ بووم، لە حەوشـە و سـەربان هەر خەریکی کۆتربازی[1] بـوو. یـان پەردەکەیـان دەکێشـا و لەگـەڵ ژنەکـەی لـە ژوورەکەیـدا بـوون. دوای دوو ڕۆژ بێئومێـد

---

١ . پێشـبڕکێی کۆتـر یەکێـک لـە توخمـە فەرهەنگییـە کۆنەکانـە و بـە یارییەکـی نەریتـی دادەنرێـت. ئـەم یارییە هـی پیاوانە. لـە بنەڕەتـەوە پێشـبڕکێی کۆتربـازی لـە ئێرانـدا بـە دوو شـێوازی جیـاواز ئەنجام دەدرێـت: فۆرمی یەکـەم بریتییە لـە کێبڕکێی نێـوان یاریزانـان کـە بە هەڵفڕینـی کۆترەکان ئەنجـام دەدرێ و فۆرمەکەی تریـش گرەوکردنە لە نێوان خـاوەن کۆترەکاندا. لەم شـێوازەدا کۆتربـاز تێدەکۆشـێ کۆترەکانـی بەرامبەرەکـەی لەکاتـی فڕینـدا ڕابکێشـێ و بیانکا بە هـی خۆی. ئـەم باڵندە جگە لـەوەی بـۆ سـەرگەرمی بـەکار دەهێنرێ، بـۆ گەیاندنی نامـە و ئامادەکردنی پەین و جیقنە و گۆشـتەکەی بـەکار دەهێنرا. هەر لەم پێوەندییەدا، شـاردن، لە سـەفەرنامەکەیدا باسـی لە چاڵە لوتفی لە ئیسـفەهان کردووە، کە مەکۆی کۆتربازە بەتواناکانی ئیسـفەهان و شـوێنی کڕیـن و فرۆشـتنی کۆتـر بـووە و بارودۆخـی ئـەو شـوێنەی گێڕاوەتـەوە. (ر.ک: ڕاونـدی، ١٣٤٠، تاریـخ اجتماعـی ایران).

بـووم و ماڵاواییـم لێکردن و بـە تەنیا چوومە سەردەشـت.

لای خانەوادەکـەم هیچـم نەوتبـوو و ئێسـتا کـە لـە مـاڵ دەرچووبـووم هیـچ هەواڵێکیـان لێـم نەبـوو. دەمزانـی هەموویـان بەتایبـەت نەنکم زۆر نیگەرانـن و ئەم خەمەش هاتە سـەر خەمەکانی دیکـەم. لـە چاخانـەی قەرەباڵغـی ترمیناڵـی سەردەشـت چـاوم بە ناسـیاوێکی خەڵکی پیرانشـار کـەوت، لەسـەر پاکەتـی جگـەرە نامەیەکـم بـۆ بابـم نووسـی: "مەجبـوور بـووم بـڕۆم و نەمتوانـی ئاگادارتـان بکەمـەوە. ئەمشـەو لـە مـەرز[1] دەپەڕمـەوە ..." نامەکـەم جـوان چەسـپ کـرد و ئـیتر هیـچ ڕوونکردنەوەیەکـی زیاتـرم نـەدا. بـە خۆمم گـوت ڕەنگە ئەو پیـاوە نامەکە بخوێنێتـەوە، بەڵام لانیکـەم ئـەوان دەزانـن لـە کوێـم. ئـەوان دەیانزانـی مـن چ بیـر و باوەڕێکـم هەیـە و پێـم وابـوو و خۆیـان پێشـبینیان دەکـرد کـە سـەر لـە کـوێ دەردێنم.

ئـەو پیـاوە میراوێییـە گوتبـووی: "لـە تێرمیناڵـی سەردەشـت، ئـەو وانێتانـە[2] هـەن کـە دەچنە دێهاتـەکان. کـە لـە وانێتەکـە دادەبەزی دەگەیـە دوو دێ بـە ناوەکانی سـوورەبان و ئەحمەدبریو. لەوێشـەوە، فاسـیلەیەکی زۆرت لەگـەڵ مەرز نامێنـێ. دەچییە لای فڵان کەسـێ و ئەو لە مەرزێ ڕەدت دەکات" لەگـەڵ کۆمەڵێـک پیـاو و ژن و منـداڵ سـواری وانێتەکـە بـووم. جلوبەرگەکانـم لەگـەڵ هـی خەڵکـی ئەوێ فەرقی هەبـوو. کەواوپانتۆڵـی لای ئێمە لەگەڵ هی لای سەردەشـت جیـاواز بـوو، ئـەوان پانتۆڵەکانیـان فشترە و لە کەواوپانتۆڵی باشـووری دەچێت. دیـار بوو خەڵکی سەردەشـت نەبـووم و چاویـان لێـم دەکـرد. بەو سەروسـەکتەکەمەوە دیـار بوو نیازی ڕاکـردن و لە سـنوورپەڕینەوەم هەیە.

گەیشـتمە گونـدی ئەحمەدبریـو. ئـەو پیـاوە کـە نـاو و نیشـانیان پێمدابـوو، لـە ماڵـەوە نەبوو. وتیـان چووەتـە ئەودیوی سـنوور بۆ ئـەوەی بە دوای براکەیدا بگـەڕێ، چەند ڕۆژێکـە نەگەڕاوەتەوە و نازانـرێ کـەی دەگەڕێتـەوە. تێپەڕیـن لـە سـنوور بـۆ خەڵکـی ناوچەکـە لـە بارودۆخی ئاسـاییدا کارێکـی زۆر قـورس نەبـوو، بـەڵام بۆ منی نامۆ دەردەسـەری لێ دەکەوتەوە. گەڕامـەوە بۆ میراوێ. دوو سـێ ڕۆژی تـر لـەوێ مامـەوە. ئـەو ڕۆژانـە لـە سـەر سـنوور شـەڕ و گـرژی بـوو و خانەخوێکەم نەیدەزانـی چیـم لـێ بکات. پێم گوت، چـۆن دەتوانم بچم؟ ئەویش لە خواویسـتوو وتی: « لێرەیڕا سـواری ماشـێنی فڵان کەسـێ دەبـی و بچـۆ بـۆ دێـی گـەورەی ئاڵوەتان کـە پادگانی نیزامیشـی لێیـە، لەوێـوە دەچییـە دێـی دۆڵەتـوو[3] و ئـەدی ئاوا بە ئاسـانی لـە مـەرز ڕەت دەبی».

---

١ . مەرز: سنوور

٢ . پیکاپ.

٣ . دۆڵەتـوو بـە واتـای "دۆڵـی تـوو" دێـت. دۆڵەتـوو لـە سـەر خاڵـی سـیفری سـنوورە و بـۆ ماوەیەک شـوێنی زیندانـی حیزبی دیموکراتیـش بـوو، تەنیـا یـەک بنکەی لەسـەر لوتکـەی گردەکە هەیـە. زیندانی دۆڵەتوو لـە جەنگی ئێران و عێراقـدا لە لایەن فڕۆکـە بۆمبهاوێژەکانـی عێراقـەوە بۆردوومـان کـرا و بە هۆیـەوە دەیـان زیندانی کە دیلەکانی شـەڕی نێوان پارتـی دیموکرات و کۆمـاری ئیسلامـی بـوون و ئـەو کوردانـەی کـە سـیخوڕییان بـۆ ئێران کردبـوو یان لە شـەڕی ئەو حیزبـەدا بە دیـل گیرابوون،

سوار بووم کە بچم بۆ ئاڵوەتان. لەنزیک بازگەکە وتیان لەبەر ئەوەی کەسێکی نامۆی ڕەنگە نەهێڵن بچیتە ناو گوندەکەوە، دایبەزاندم بۆ ئەوەی بە پێ لە بازنەی خاڵی پشکنینەکە بپەڕمەوە و جارێکی تر لەو لا سوار ببمەوە. شۆفێرەکە وتی: "ئەمن دەچمە پێشتر و بە بیانووی ئەوەی کەمێک ئاو دەکەمە نێو ڕادیاتۆری ماشێنەکە وەرە و سوار ببە"، ماوەیەک بە پێ ڕۆشتم هەتا پێی گەیشتم. ئێستا کە بیری لێدەکەمەوە دەبینم لەو دۆخەدا چەندە متمانەم دەکرد. هەڵبەت متمانەکردنەکەشم بێجێ نەبوو، چونکە هەموو دەیانزانی بەرەو کوێ دەڕۆم و کەسیش ڕاپۆرتی لە سەر نەدەدام.

ئەمەش پیشان دەدا کە حیزبە کوردییەکان تا چەندە لە ناو خەڵکی ناوچەکەدا خۆشەویست بوون و پێدەچوو ئەمە بۆ مسافرە نەناسراوەکانی ئەوێ شتێکی ئاسایی بووبێت. کوردێکی باشووریش لەگەڵمان بوو، پێکەوە چووینە ئەو لا و سواری پاسەکە بووینەوە. گەیشتینە ئاڵوەتان، خانەخوێکەم پێی وتبووم نەچیتە ناو دێ، لە لێژەکەوە کە دەچیتە سەرێ، لە سەر لووتکەکەی دابەزە. پاشان بەرەو باکوور بڕۆ هەتا دەگەیتە سنوور و دیسان بەردەوام بە هەتا دەگەیتە باشووری کوردستان. دەمانزانی کە حیزبی دێموکرات لەوێ بنکەی هەیە، بیرم دەکردەوە کە دەچمە ئەوێ و خۆمیان پێ دەناسێنم و دواتر ...

لەو ساڵانەدا حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو دیوی سنوور – واتا کوردستانی باشوور – وەکوو بەرەی پشتیوانیی شەڕ کەڵکیان وەردەگرت . هەر وەکوو چۆن کوردەکانی باشوور کوردستانی ڕۆژهەڵاتیان وەک بەرەی پشتیوانیی شەڕ لە دژی عێراق بەکار دەهێنا و لە ناوچە سنووریییەکاندا جێگیر ببوون. لە سەرەتای بەهارەوە هەتا کۆتایی پاییز، پێشمەرگەکانی هەر دوو لا زیاتر خەریکی شەڕی چریکی و چالاکیی ڕێکخراوەیی لە نزیک سنوور بوون.

کە دابەزیم ئێوارە بوو، لادێییەکان لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا بە سەرسوڕمانەوە پرسیان: " بۆ کوێ دەچی؟ - مەگەر شێت بوویە؟ ...." کە دابەزیم چاوەڕێ بووم هەتا کەمێک تاریک بکات. لەو دەوەنە درکاوییانە دەنگی خشپەی ئاژەڵێکی خشۆک دەهات، ڕێی خۆم دەکردەوە و بەرەو سنوور دەبوومەوە. ترس هەموو گیانی تەنیبووم. یەکەم جارم بوو کە کارێکی ئاوا پڕمەترسیم دەکرد، تەنیایی و تاریکی و ناشارەزایی لە ناوچەکە، ئەوەندەی دیکە دەیتۆقاندم.

بیرم لەوە دەکردەوە، ئەگەر دەستگیر بکرێم چیم لێ دێ؟ لە سێدارەم دەدەن؟ بەڵام هەستی سەرکێشی و بیرکردنەوە لە ڕزگاری و سەرکەوتن بەرەو پێشەوە دنەی دەدام. لە ڕاستیدا ئەو مانایەی وا لە مێشکمدا بوو و ئەو هیوا و ئومێدەی وا دڵمی ڕاگرتبوو، بەرەو

کوژران. کۆمەڵێک لە ئەندامانی ئەو گرووپە ٧ کەسییە کە لە حیزبی دێموکرات جیا ببوونەوە تێیدا زیندانی کرابوون کە پێش بۆردومانەکە گواستراناەوە بۆ زیندانێکی دیکە، هاوکاریی حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی بەعسی عێراق ئەم گومانەی بەهێز دەکرد کە بۆردومانەکانی عێراق بە هەماهەنگی لەگەڵ حیزبی دێموکراتدا ئەنجام دراوە.

درێژەدان بە ڕێگا هانی دەدام. بیری ئەوەی کە ئەگەر بمێنمەوە، وەکوو ئەندامانی تری تیم دەستگیر دەکرێم و ئەوەی کە من بە گشتی لە سەر حەقم و دوژمن دەبەزێنم، هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێشەوە پاڵی پێوە دەنام ... ئەی هاوار لە دەست تایبەتمەندییە سەیر و سەمەرەکانی بیرکردنەوەی ئایدۆلۆژیکی کە لە پەنایدا توانیم بەرگەی ئەو ساتەوەختە سەختانە بگرم!

● وێنەی ١١٦. گوندی دۆڵەتوو

گەیشتمە لێژاییەکە. لای شێوان بوو، وتبوویان ئەگەری بۆسە و بوونی هێزی زەربەتی سپای پاسداران هەیە، ناچار بووم چاوەڕێ بم و پێش هەڵاتنی خۆر لە سنوور بپەڕمەوە. قووڵکەیەکم لە تەنیشت گاشەبەردێک دۆزییەوە، پشتوێنەکەم لە خۆم ئاڵاند و چاوم نووقاند بۆ ئەوەی کەمێک بخەوم. نیوەشەو بوو کە بە دەنگی تەقە و دەسڕێژی گولە لە خەو ڕاپەڕیم. دیارە دەستەیەک پێشمەرگە لە ئێرانەوە بەرەو عێراق دەڕۆشتن و لە بنکەی ژوور سەرم کە بەرزتر لە دیدی من بوو تەقە دەکرا. هێزە سەربازییەکان لە بنکە نەهاتنە خوارەوە و دووریی خۆیان لە یەکتر پاراستبوو و لە هیچ و خۆڕا تەقەیان لە یەکتر دەکرد و جوێنیان دەدا. هەر دوو لا کورد بوون، بەڵام سەربازە حکومییەکان زیاتر فارس و تورک بوون. دواتر زانیم ئەوێ دەربازگەیەکی بەناوبانگە و ئەوەی جێی سەرنج بوو ئەوە بوو کە هیچیان لەوی دیکەیان نزیک نەدەبوونەوە و تەنیا لە دوورەوە تەقەیان لە یەکتر دەکرد یان باشتر بڵێم، بوونی خۆیان ڕادەگەیاند. دەمەو بەیانی کە ژاوەژاوەکە دامرکا، منی ناشارەزا و خەواڵوو و شڵەژاو و بێتاقەت کە ئێستا خۆمم وەک ئەندامێکی حیزب دەبینی، بەرەو ئەودیوی سنوور وەڕێ کەوتم. برسی و تینوو مابوومەوە و هیچ دەرەتانێکم نەبوو جگە لەوەی لە حەشارگەکەم بێمە دەرەوە و هەوڵ بدەم لە سنوور بپەڕمەوە. بە خۆمم گوت: هەتا ئێرە هاتووی ئەوی دیکەشی بەردەوام بە. بەڵام نەپەڕیمەوە!

چەکەکەت دانێ!

شەوی پێشتر شەڕێک ڕووی دابوو و دیارە دەبوو شەوێکی دیکەش چاوەڕێ بام، نەک

ئەوەی کە دەمەو کازیوە وەڕێ کەوتبام! نەمدەزانی کە دوای پێکدادانەکەی شەوی پێشوو هێزە حکومییەکان بەیانی دووربین بە دەست و بە وریاییەوە هەموو شوێنێک چاودێری دەکەن. لە چاوتروکانێکدا دوو ماتۆڕی سپایی و تۆیۆتایەک لە جادەی لای باشووریی گوندەکەوە و چەند چەکدارێک گەمارۆیان دام. کەواوپانتۆڵی خاکیم لەبەر بوو کە هاوشێوەی کواوپانتۆڵی پێشمەرگەیە و ئەوسا لە ناو گەنجاندا باو بوو و کۆڵەیێکیش بە کۆڵمەوە بوو، تەقەی هەواییان کرد و یەکیان گوڕاندی: "چەکەکەت فڕێ دە، دەستت هەڵبڕە و بە دەمەوە ڕاکشێ" جگە لە خۆبەدەستەوەدان هیچ بژاردەیەکی دیکەم نەبوو. بە قۆنداخە تفەنگ لێیاندام و چەند دانە شەق و زللەیان تێسرەواندم. دەوروبەرەکەیان پشکنی و منیان بردە لای تۆیۆتاکە. بەردەوام بە سەرمدا دەیانگوڕاند کە چەکەکەت لە کوێ شاردەوە؟" لە یەکەم نیگادا پێشمەرگەیەکی لاو بووم و هەموو تایبەتمەندییەکانیم هەبوو. لە هەمووی خراپتر ئەوە بوو کە منیان لە خاڵی سیفری سەر سنوور ڕێک لە ناوچەیەکدا دۆزییەوە، کە چەند کاتژمێرێک پێشتر گرژی و شەڕ ڕووی دابوو. لەبەر ئێش پێچم لە خۆم دەدا و بە دەم ئێش و ناڵەوە وتم: "ئەمن پێشمەرگە نیمە، فەقەت ویستم بچمە ئەودیوی" هیچ گوێیان لێم نەدەگرت و هەر لە یەکەم ساتی دەستگیرکردنمەوە، بە لێدان پێشوازییان لێکردم".

پێیان وتبووم ئەگەر گیرام بڵێم بابم بۆ کار و کاسپی چووەتە عێراق و نەگەڕاوەتەوە، منیش بەدوایدا دەگەڕێم. هەر ئەوەم دەوت و باوەڕیان پێم نەدەکرد. پەیتا پەیتا هەڕەشەیان لێدەکردم و دەیانگوت تۆ سەر بە ئەو گرووپەی کە دوێنێ شەو بە ئێرەدا تێپەڕیون، هەر چی گوتم من هیچ پەیوەندییەکم بەوانەوە نییە و چەکدار نیم، بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو. دەموت پرسیار لە شۆفێری وانێتەکەی دوێنێ یان خەڵکی دەڤەرەکە بکەن بەڵام هیچ کەڵکێکی نەبوو. چونکە متمانەیان بە خەڵکی ناوچەکەش نەبوو.

● وێنەی ١١٧. وێنەی من بە کەواوپانتۆڵی پێشمەرگایەتییەوە. ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی (١٩٨٩)

دوو ڕۆژ و شەوێک لە بنکەیەک کە دەیڕوانییە گوندەکە لە پەناگەیەکدا کە پێدەچوو بۆ خۆپارێزی لە هێرشی ئاسمانی لە ژێر زەویدا دروستکرابێ، زیندانی کرام. دەیانگوت بڕیارە لە ناوەندەوە بێن بە دوامدا، بەڵام نەهاتن. وەک ئەوە وا بوو هەر لەو کاتەدا و هەر لەوێدا بیانهەوێ لە ژێر زمانمی دەربکێشن کە من پێشمەرگەم. سەرۆکی بنکە و کەسێکی کوردی خەڵکی ئەو گوندە بەیانیان دەهاتنە لام و زۆر هەراسانیان دەکردم. ئەزقەزا هەمان پیاوی ئەو گوندە پرسیاری

لـە مسـافرەکانی ئـەو ڕۆژە کردبـوو و ئەوانیـش وتبوویـان چەکـی پـێ نەبـووە و لـە سەردەشـتەوە سـوار بـووە. ئـەو سـەربازەی خواردنـی بـۆ دەهێنـام تـورک بـوو، منیـش بـە تورکـی قسـەم لەگەڵ دەکـرد و لێـی دەپاڕامـەوە کـە بـڕۆ پێیـان بڵێ من هیـچ کارەم و ئەو سـەربازە تورکەش لـە وڵاممدا دەیـوت: "منیـش هیـچ کارەم، ئەگـەر بزانن قسـەت لەگـەڵ دەکەم، خۆشـم دەگرن!" بە قسـەی سـەربازەکە زیاتـر ترسـام، ڕاچڵەکیـم کـە لـە کـوێ گیـراوم و چـۆن دەتوانـم ئەمانـە تێبگەیێنم کە مـن هیـچ کارەم یـان لانیکـەم من ئەو کەسـە نیـم کە ئـەوان دەیڵێـن... ڕەنگە ئەم سەربازەشـیان هـەر بـۆ ئـەوە ناردبێـت کە زیاتر بمترسـێنێ و بێمە قسـە، بـەڵام خۆ مـن هیچم بۆ وتن پـێ نەبوو. ئـەوان منیـان بـەوە تۆمەتبـار دەکـرد کە پێشـمەرگەیەکی چەکـدارم و ئەمـەش یانـی موحاریبە و لەسـێدارەان. ئاخـۆ چەندەهـا لاو و تـازەلاوی وەکـوو مـن کەوتوونەتـە ئـەو تەڵە و لە ژێر گوشـاری ئەشـکەنجەدا ناچـار بـوون دانـی پێدا بنێـن و لە کۆتاییـدا لەسـێدارە دراون! ئەم فکـر و خەیاڵانە هێنـدەی تـر دەیترسـاندم. تێنەگەیشـتنێکی خراپ کە لەوانـە بوو کۆتایی بە ژیانـم بهێنێ و هیچ ئەشـکەنجەیەکیش لـەم بیـر و خیاڵانـە ناخـۆشتر نەبـوو. یەکـەم ڕۆژ بـە قونداغـی تفەنـگ لێیـان دام. شـان و پشـتم ئێشـی پێگەیشـتبوو و نەمدەتوانی لەسـەر پشـتم پاڵ کەوم. بەڕاسـتی پێیان وابـوو پێشـمەرگەیەکیان هـەر بە زیندوویی گرتـووە و ئەمەش بۆ ئەوان ئیمتیازێکی گـەورە بوو. لە کاتی لێدانەکاندا دەموت ئەمە ناسـنامەکەمە و بابم دووکاندارە، ئەوان سـەیری ڕوخسـار و ڕەنگی پێسـتمیان دەکـرد، ئەمـەش دەریخسـت کـە مـن خەڵکی شـارم، بەڵام ئەمـە لەگـەڵ بەڵگەکانی ئـەو شـوێنەی لێی دەسـتگیر کرابووم نەدەگونجـا. دواتر ئاسـتی توندوتیژییەکان کەم بـووەوە. لە کاتـی لێپێچینـەوەدا زۆرجـار ئۆپەراتۆرێکـی بێسـیمیان[1] پـێ بـوو، پرسـیاری ئـەو کەسـە یـان ئەو کەسـانەی کە لەوبەری بێسـیمەکە بوون، لە منی دەپرسـی. ئەو کەسـەی لێپرسـینەوەی لەگەڵم دەکرد، کوردێکی نەخوێندەوار و بەکرێگیراو بوو و خۆشـی نەیدەتوانی پرسـیار بکات. فارسیشـی بـاش نەدەزانـی. دواتـر وتیـان قـەرار وایـە لـە حیفازەتـی ئیتلاعاتـی ئاڵوەتـان[2] بێـن و تـۆ لەگـەڵ خۆیـان ببـەن. لـەوێ دەزانـن چـۆن بتهێننـە قسـە، چـاک دەزانن قسـە لە ژێـر زمانـت دەربێنن! دوای دوو ڕۆژ تۆیۆتایەکیـان لـە ئاڵوەتانـەوە نـارد بۆ ئـەوەی من ببات. وەکـوو ئۆتۆمبێلی بەرەکانی جەنـگ جامەکەیـان قـوڕاوی کردبـوو. دوو سرباز و پاسـدارێک کە لە پێشـەوە دانیشـتبوو، منیان سـوار کـرد و بـەرەو ئاڵوەتـان وەڕێ کەوتیـن. وەڵا مـن دەڵێـم سـوارکردن بـەڵام وەکـوو گونیـی پەتاتـە فڕێیـان دامـە پشـت ئۆتۆمبێلەکـە. کـە دۆڵەتوومـان بەجێهێشـت ئۆتۆمبێلەکـە لـە سـەر جـادەی سـەرەکی خـراپ بـوو. سـەربازەکان ڕۆشتن و تۆیۆتایەکـی تریـان هێنـا بـۆ ئـەوەی ئێمـە

---

١. بێتەل

٢ . ئاڵوەتـان لـە سـەردەمی شـادا، گرووهانـی ژاندارمـی لـێ بـوو و هـەر لـەو گرووهانـەوە چاودێریـی جموجۆڵی پێشـمەرگەی کوردیـان لـە هـەر دوو دیـوی سـنوورەکە دەکـرد. ناوچـەی سـنووریی ئاڵوەتـان دەکەوێتە کۆتاسـنووری قەندیـل بـەرەو ڕۆژاوا و هەرگیـز لـە نەیارانـی کـوردی ڕژێمی ئێـران و عێـراق بێبـەری نەبووە.

ڕابکێشن. لەبەر ئەوەی ئۆتۆمبێلەکە خراپ بوو، ڕێگاکەمان گۆڕی و منیان بردە بنکەیەک کە لە سەر ڕێگاکەمان بوو، خوار بنکەکە حاڵەتی چوارڕیان هەبوو و بازگەیەکی گەورەی لێ بوو. ئۆتۆمبێلەکەیان ڕاکێشا و بردیان ... شەو داهات و هاتوچۆ قەدەغە کرا. دەبا هەر لەوێ بماباینەوە. زیندانیان نەبوو و منیان بردە ژوورێک لە نزیک شوێنی نیشتەجێبوونی فەرماندەی بنکەکە. جێگری فەرماندە جلوبەرگی پاسداری لەبەردا بوو، بەڵام بە کوردییەک قسەی دەکرد کە بنزاراوەی تورکی و فارسی پێوە دیار نەبوو. من زۆر تورکم لە ناوچەکە بینیبوو کە کوردییان دەزانی، بەڵام هەمیشە بنزاراوەیەکی تورکییان پێوە دیار بوو کە تورکبوونەکەیانی لەقاو دەدا. دواتر زانیم ئەو کەسانە کوردن و پێیان دەوترێ چەرداوڵی[1] و شیعەن. پێم وایە ئەم کەسە بەهۆی لێکچوونی فەرهەنگی و زمانییەوە بە میهرەبانییەوە مامەڵەی لەگەڵدا کردم و دوای بیستنی قسەکانی من دەستی کرد بە قسەکردن بە زمانی تورکی لەگەڵ ئەوانی دیکە و وتی: ڕەنگە ڕاستیش بکا. ڕەنگە ویستوویەتی بچێتە ئەودیو و ببێتە پێشمەرگە، دەی خۆ ئێستا نەبووەتە پێشمەرگە بۆچی لێی دەدەن؟ بۆ کارێک دەکەن ئەمانە یاخی بن؟ ئەمە منداڵە، دەبێ ئێستا لە قوتابخانە بێ، ئەمە هاوتەمەنی کچەکەی منە و ...»

قسەکانی لەوانی تر نەدەچوو. هەر لە یەکەم ساتەوە منی خستە ژێر پەڕوباڵی خۆی. دەموچاوم کەمێک خوێناوی و ڕش و شین داهاتبوو، پشتی ئۆتۆمبێلەکە هەموو گیانمی خۆڵاوی کردبوو. بە سەربازێکی وت بیبە بۆ حەمامی سەربازی و جلێکی پڵنگیی سەربازی پێدام بۆ ئەوەی لەبەری بکەم. لەبەرکردنی ئەم جلە هەستێکی ناخۆشی پێدام، لە حەمام جلوبەرگەکانم شۆرد بۆ ئەوەی بە زووترین کات جلوبەرگە پلنگییەکەم داکەنم. ئەو پاسەوانە بە هێمنییەوە وتی: "چا! دەیانبردییە ئاڵوەتان، شوکری خودای بکە کە ماشێنەکە خرا بوو لە پێشدا هاتییە ئێرە. لە ئاڵوەتان شێتێک بەتەماتە، وات تێهەڵدەدا کە تێهەڵدانەکەی دۆڵەتوو هەر هیچ نییە لە چاوی وی! جا خۆ ئامادە کە .... ئەو مەوجی و شێتە، لە جیبهەیدا وەبەر شەپۆلی تەقینەوەی کەوتووە و ئێستە مەوجییە و خەڵی یەک گوندینە، قسەی دەگەڵ دەکەم کە ڕازی بێ کەمترت تێهەڵدا. بەڵام چی دەزانی پێی بڵێ." وتم: "لەوە زیاتر هیچی دی نازانم ..."

نەمدەزانی چی بڵێم، ڕەنگە دەبا بەم شێت و دەلووە کە دەیگوت بڕیارە ئەشکەنجەم بدا،

---

١. چەرداوڵ ناوچەیەکە لە پارێزگای ئیلام. ئەم کوردە کەلهوڕە ئیلامییانە کە لە چەرداوڵی ئیلامەوە کۆچیان کردووە، بە کوردانی چەرداوڵی ناسراون. ئەوان لە هۆزەکانی دانیشتووی پارێزگاکانی ئیلام، هەمەدان، سنە، ورمێ، خووزستان و کرماشان، و بنچینەیان دەگەڕێتەوە بۆ چەرداوڵی ڕیزەوەندی پارێزگای ئیلام و ڕەچەڵەکی زمانەوانییان کوردییە و بە زاراوەی ڕیزەوەندی ئاخافتن دەکەن. ئەوان نەتەوەپەرستیشن و هەمیشە کێشەیان لەگەڵ تورکەکاندا هەبووە، بەڵام بە ئەگەری زۆر شیعەبوونەکەیان لە لایەک و گرینگینەدانی حیزبی دێموکرات لە ساڵانی سەرەتای ئینقلاب بە کوردە شیعەکان لە لایەکی دیکە وای کرد کە ئەم کوردە شیعانە لەگەڵ کوردە سوننەکان تووشی کێشە بن و ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو ناکۆکییە سوود ببینێت.

بمکوتبایە گوێم لە ڕادیۆ دەگرت و دەنگی ئەحمەد شێربەگی بێژەری حیزبی دێموکرات منی ورووژاند یان حەزم دەکرد بچمە ئەوێ و ببمە پێشمەرگە. چیرۆکێکی لەم شێوەم لە مێشکمدا دارشتبوو و هیچ باسم لە چالاکییەکانم لە ڕیکخراوەکانی شاردا نەدەکرد، بەڵام تۆمەتەکەم لای ئەوان ڕوون بوو؛ من پێشمەرگە بووم و بابەتەکە لای ئەوان بڕابۆوە. شەو لە بنکەکە ماینەوە، ڕۆژی دواتر پیاوە میهرەبانەکە وتی: "کاتی پشووم نییە لەگەڵت بێم، تکایە سڵاوم بە فڵان کەس بگەیێنە .... ئەوە بڵێی ئیتر دەزانێ ڕاسپێردراوی منی."

پیاوێکی باش بوو، چەند ساڵ دواتر کە دووکانی خۆمم دانا هاتە لام. لەم و لەوی پرسیبوو و منی دۆزیبووەوە، بە چ جۆش و خرۆشێکەوە هات بۆ دیدارم. بەڵام من وام نیشان دا کە نایناسم ... وتی: منت لە بیرە؟ هێندە بە تامەزرۆییەوە هاتە پێشەوە کە چاوەڕێی ئەوە بوو لە باوەشی بگرم و بڵێم ماڵت ئاوەدان! پیاوەتیت کرد وا ئەو ڕۆژە، چاکەت لەگەڵ کردم، بەڵام لە پڕ وا خۆمم پیشان دا کە نایناسم. پرسی: ئەوە بە ڕاست منت لە بیر نییە؟ پاشان سەری داخست و دڵشکاوانە لە دووکان چووە دەرەوە. سواری تۆیۆتایەکی سپا بوو کە لەبەردەم دووکانەکەدا ڕایگرتبوو و شێتانە خێرایی ئۆتۆمبێلەکەی زیاد کرد و لێیدا ڕۆیی. تازە زانیم چی ڕووی داوە ... تاکسییەکم گرت و بە دوایدا ڕۆشتم بەڵام نەمدۆزییەوە، دواتر لە ڕێگەی پاسدارێکی ناوچەکەوە کە دراوسێی دووکانەکەمان و هاوڕێی بوو، هەر ئەویش ناونیشانی منی بۆ دۆزیبووەوە، هەواڵم بۆی نارد و داوای لێبوردنم لێی کرد، بەڵام قەت وەڵامی نەدامەوە. ئێستاش نازانم بۆچی وام کرد، بەڵام لە زەینمدا ئەوم پێ پاسدار بوو. منیش کورد بووم و ئەویش پاسدارێکی شیعە، جا با بە کوردیش ئاخافتبێ و هاوکاریشمی کردبێ .... ئەوکات وام بیر دەکردەوە کە من حەقم و ئەو ناحەق.

لە ژێر چاودێریدا منیان بردە سەربازگەی ئاڵوەتان کە لە ژێر ڕکێفی سپای مەهاباد بوو. لەوێ هەموو شتێک جیددی و ترسناک بوو. کاتێک بۆ یەکەم جار گەیشتینە دژبانی چاویان بەستم و چووینە ناو سەربازگەکەوە. منیان فڕێ دایە ناو ژوورێکی مووکێتکراو، کە دیار بوو زیندان نەبوو. دواتر زانیم کە سەربازە ڕەوانەکراوەکان لێرە دەمانەوە و پێش ئەوەی بچنە ناوچەکە شەویان لەم ژوورەدا بەسەر دەبرد. بە درێژایی ڕۆژ لەوێ بووم و کەس نەهاتە لام. تەنها سەربازێکی کەرەجی خواردن و ئاوی بۆ هێنام.

ڕۆژێکم بە تەنیا و بە هێمنی بەسەر برد. ڕۆژی دواتر سێ کوڕی دیکەیان هێنایە ژوورەکە، کە هاوتەمەنم بوون و دوای ماوەیەک دوو پاسداری چەکدار هاتنە ژوورەوە. یەکێکیان بەرپرسی حیفازەتی ئیتلاعاتی ئاڵوەتان بوو، یانی ئەو کەسەی چاوەڕێی ئەوە بووم کە لێم بدات. بە ڕواڵەتی ئەو کوڕانەدا دیار بوو کە پێشتر لێیانی دابوو. هەر کاممان لە سووچێکی ژوورەکەدا هەڵکورمابووین کە هەمان ئەم سەرۆکی بنکەیە وتی: "ئەوەی بە تەنیا هاتووە کێیە؟" یەکێک لە کوڕەکان منی پیشان دا. ئەو پاسدارە شەقێکی لێم دا و وتی: "هەستە، پاتاڵی عەنتەر،

ئـەو پێشـمەرگە کـە دەڵێـن تـۆی؟" کاتێـک پێـم گـوت دوێنـێ شـەو لـە کـوێ بـووم و فڵان کەس کـە هاوگوندیتـە سڵاوی گەیانـدی، زللەیەکـی وای لێـدام کـە گوێـم زرینگایـەوە. دەسـتی زۆر قـورس بـوو... لـە دڵمـدا هەرچـی جنێـوم دەزانـی بـەو پاسـدارە بـە ڕواڵـەت مێهرەبانـەم دا و ئیتر زانیـم ڕاسـپێردراوی کەسـێکی دیکـە لای ئـەم شـێتە تەپاڵەیـەک ناهێنێـت. تـا پێی کـرا لێیدام. دەپاڕامـەوە و دەمـوت لێـم مـەدە مـن چەکـدار نیـم ... هەرچـی زیاتـر دەلاڵامـەوە ئـەو توندتـر دەیوەشـاند. ئـیتر زمانـم شـکا و هیچـم پـێ نەکرا. لە ترسـان هیچم نـەوت و وام بە بـاش زانی کە بێدەنـگ بم.

کڵاشینکۆفێکم بە چوار خەشابەوە دەوێ

لـە کۆتاییـدا دەسـتبەردارمان بـوو و وتـی: "کاتـی مەلابانگدانـە، هەتـا دەچـم نوێـژ دەکـەم و دێمـەوە، ئێـوەی پاتـاڵ بیری خۆتانی لـێ بکەنەوە، من چـوار دانە چەکم لە هـەر چوارتان دەوێ، دەبـێ ڕادەسـتی منـی بکەن." لە ترسـی ئەوەی کە نەکا لە پشـت دەرگاکە شـۆفاری بکا، پێکەوە قسـەمان نەدەکرد. بە ئەسـپایی لە یەکێکیانم پرسـی چی بووە و ئێوەیان بۆچی گرتووە؟ هیچیان نەگـوت. دوو کەسـیان لـە مـن گەورەتر بوون و پێیان وابوو من سـیخوڕم، بۆیـە نەیاندواندنم. منی گەمـژەش لـە حـەوت دەوڵـەت بێخەبـەر بـووم و نەمدەزانی کـە ئەمانـە هاوخەباتی خۆمن و سـەر بـە ڕێکخـراوەی شـاری شـنۆن و لـەوێ چالاکییـان دەکـرد، بـەڵام لـەو دۆخـە ترسـناک و گـرژەدا هیـچ متمانەیـەکمان بـە یـەکتر نەدەکـرد و تەنانـەت لـە سـێبەری خـۆشمان دەترسـاین. تەنهـا چەنـد ڕۆژێـک پێـش ئـەوەی هەڵبێـم، بیسـتبووم کـە تیمـی شـاری شـنۆیان گرتـووە، بـەڵام ئـەم مێرمنداڵانـە بۆچـی لێـرە بـوون؟ دواتـر زانیم ئەمانـە خەڵکی گورگاوێـن[1] و هەڵاتـوون. لە یەکێک لـە بازگەکانـی نزیک سـنوور لە ناوچەی سەردەشـت دەستبەسـەر کرابوون و ئەوانیـش وەکوو من لـە بنکەیەکـی سـنووریی دیکە بـە توندی لێیـان درابوو.

پاسـەوانەکە دوای نوێژەکـردن گەڕایـەوە و یەکسـەر پرسـیاری ئەوەی کرد کە کـوا چەکەکان؟ لـەو سـێ کەسـەوە دەسـتی پێکـرد. پرسـی: "پێیـان وتـووم ئێـوە لـە شـنۆ چەکتـان هەبـووە، پێم بڵێـن، لـە کوێ داتاننـاوە؟ ئێوە جگە لە پڕوپاگەندەی حیزبی، ئۆپەراسـیۆنی چەکداریتان ئەنجام داوە ..." پاشـان چەنـد ناوێکـی خوێنـدەوە و گوتـی: "ئێـوە ئـەم کەسـانەتان کوشـتووە". لەنـاکاو لێپێچینەوەکانی ڕاگرت و لەگەڵ پاسـەوانێکی دیکە دەسـتیان کردەوە بە لێدانمان. فانوسـقەی سـەربازییان لـە پشـت کـردەوە و لێیـان داین، ئێمـە ڕامان دەکـرد بەڵام لـە لایەن ئەوانـەوە دەورە درابووین. وەکـوو مێگەلێـک کە لە ترسـی گورگ ڕای کردبـێ، ڕاکردنەکەمان بێهـوودە بوو و هەر جـارەو یەکێـک لێمانـی دەدا، پاشـان ئەشـکەنجەدانی تێکـەڵ بـە لێپرسـنەوە بـە پرسـیاری

---

١. گورگاوێ لە یەک کیلۆمەتریی ڕۆژاوای شاری شنۆ لە بەری چەپی ڕێگای شنۆ – نەغەدە هەڵکەوتووە.

دیاریکراوەوە دەستی پێدەکرد و دووبارە... بە منی گوت: " تۆ لە ناوچەی سنووری و لە کاتی گرژییەکاندا گیراوی، دەی دەبێ چەکەکەت ڕادەست بکەیت ... لانیکەم کڵاشینکۆفێکم بە چوار خەشابەوە لە تۆ دەوێ ..." دەمگوت من هیچ کارەم و ئەویش دەیگوت: "باشە بۆچی باوەڕت پێ بکەم وەختێک کاتژمێر پێنجی بەیانی لە ناوچەی شەڕ دەستگیر کرایت؟" حەقیشی بوو باوەڕم پێ نەکا، من لە جەنگەیەکدا گیرابووم کە قسەکانم جێی باوەڕ نەبوون. ڕۆژی دواتر وتی: "منتان ناچار کرد کە بە جگەرە بە قسەتان بێنم". ئەو وەختە جگەرەیەک بە ناوی سوومەر لە عێراقەوە هاوردە دەکرا ڕەش و درێژ بوو و منیش دەمکێشا. جگەرەکەی دادەگیرساند و پاسەوانەکەی تریش یەکێکمانی دەگرت و پشتوێنەکەمانی دەکردەوە و جلەکەمانی هەڵدەداوە بۆ ئەوەی ئەوی دیکەیان بەو جگەرە بمانسووتێنێت. جگەرەکەی زۆر فشار نەدەدا، هەر کە هاوارمان لێ هەڵدەستا جگەرەکەی لا دەبرد و دەیگوت: "دەی ئێستا پێم بڵێ لە کوێیە؟" پێش ئەوەی بگاتە جگەرەی دووەم، یەکێک لەو سێ کەسە کە تەمەنی لە ئێمە گەورەتر بوو و زۆرتریشی لێ درابوو، دانی بە هەموو شتێکدا نا. وتی تفەنگەکەی لە ماڵی خاڵی و لە ناو بیرێکدا شاردووەتەوە. هەر کە ئەمەی وت دۆخەکە گۆڕا، ئێمەیان بەردا و سەرنجیان پرژاندە سەر ئەو، هەموومان پەشۆکاین. کوڕەکەیان لەگەڵ خۆیاندا برد و دوای ماوەیەک بە ڕووخسارێکی خوێناوییەوە گەڕاوە. ئیتر بەرگەی ئەشکەنجە و سووتانی بە جگەرە نەگرت و درۆی کردبوو.

ئێوارە کە پشکنەرەکان دەڕۆشتن و بێدەنگییەکی نامۆ باڵی بە سەر هەموو شتێکدا کێشابوو. سەربازەکان کە دووانیان خەڵکی تاران بوون، دەستیان بە پشتوێنەکانمان بەستەوە و ئێمەیان بردە توالێت. ویستم لەگەڵ سەربازە تارانییەکان پەیوەندی ساز بکەم. ناونیشانم دەدا کە من تاران دەناسم و هاتوومەتە لالەزار و بەهارستان و بازاڕ، ئەوان گاڵتەیان پێدەکردم و دەیانگوت کە ئەو شوێنانە هی خەڵکی شارەکانی دیکەن و پڕە لە دووکەڵ و هاتوچۆی ئۆتۆمبێل. وتیان خەڵکی مەهابادیت، بە جلوبەرگەکەتدا دیارە. مەهاباد کە بۆ ئێمەی کورد لانکەی مۆدێرنیتە لە سەر ئاستی شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە، بۆ غەیری کوردەکانیش لە هەموو شارە بچووکەکانی ناوچەکە، شارتر بوو. هەر لە سەرەتاوە وتبووم خەڵکی مەهابادم.

● وێنەی ١١٨. دارستانەکانی ئاڵوەتان

ئەگەر بچووبامە نەغەدە و پیرانشار، زوو دەناسرامەوە. ڕەنگە وام پێ باش بووە کە ئەگەر بچمە مەهاباد تووشی پووره زێنەبم دەبم نەک بابم ...

ڕۆژی دواتر لەوێ ڕۆشتین. ئەوانیان بردە شنۆ و بە داخەوە منیان برد بۆ پیرانشار کە لەوێوە بمبەن بۆ مەهاباد. پێش ئەوەی لێکمان جیا بکەنەوە، ئەو کوڕانە وتیان: "ئەمە وامانزانی ئەتوو جاسووسی!" کاتێک ساڵی ٨٨ی هەتاوی (٢٠٠٩ ز) لە ئەوروواپاوە گەڕامەوە بۆ ئێران، چوومە گوندەکەیان. چاوپێکەوتنێکی خۆش بوو. بۆیان گێڕامەوە کە لە ئیتلاعاتی شنۆ دیسان لێیان دراوە و ڕەوانەی دادگای ئینقلابی ورمێ کراون هەتا ئەوەی کە دوای کۆڵێ تێهەڵدان و ئەشکەنجەکردن و هەڕشە و گوڕەشە بە دانانی بارمتە ئازاد کرابوون. بەڵام منیان کەلەبچەکراو بە ئۆتۆمبێلێکی سەربازییەوە برد بۆ یەکێک لە باڵەخانەکانی بارەگای ئۆپەراسیۆنەکانی سپای پاسداران لە پیرانشار کە لە دەرەوەی شار بوو و ئێستا بووەتە قوتابخانەی کچان. چوار زیندانیی دیکەش لەوێ بوون؛ پیرەمێردێک و دوو گەنج و شوانێک، کە چەند شەوێک بەر لە تێکهەڵچوونی نێوان پێشمەرگە و هێزەکانی زەربەتی سپای پاسداران لە ناوچەی شاخاویی دەڵاوان[1] کە لە بیست کیلۆمەتریی شارە، دەستگیر کرابوون. تاوانی شوانەکە ئەوە بوو کە نان و پەنیر و ماستی بە پێشمەرگە دابوو! یەکێکیان بەهۆی ئەوەی باوکی پێشمەرگە بووە دەستگیر کرابوو و دوو کەسەکەی تریش بەهۆی چالاکییە سیاسییەکانیانەوە بە ژمارەیەک کتێب و نووسراوەوە دەستگیر کرابوون.

هەموومانیان بردە حەمامێکی بچووک کە حەمامی ئەوکاتە دوو بەشی ژووری جلگۆڕین و خۆشوشتنی هەبوو. پێدەچوو ئیدارە یان قوتابخانەیەک بێ کە سپای پاسداران دەستی بەسەردا گرتبوو. دوای ژووری جلگۆڕین ژووری خۆشوشتنی حەمام بوو. دوو کەس لە ژووری جلگۆڕین و سێ کەس لە حەمام بوون. لەبەر ئەوەی شوێنەکە تەنگ بوو، لە ژووری جلگۆڕین یەکێ لە سەر سەکۆکە دەخەوت و ئەوی دیکەیان لەسەر عەرزەکە دەنووست. بەڵام لەو حەمامە بچووکەدا، سێ کەس لەسەر عەرزەکە دەخەوتن. یەک یەک ئێمەیان دەبرد بۆ لێپێچینەوە. گوشارەکان هەر لە سەرەتاوە دەستی پێکرد و هێواش هێواش ڕەفتارەکانیان خراپتر بوو. توندوتیژیەکانیان زیاتر لە دژی ئەو دوو کەسە بوو کە تەمەنیان زیاتر بوو و کەمتر کاریان بە من و ئەو پیاوە شوانە بوو. بەردەوام باسی کەسێکیان دەکرد کە قەراره بێ و بمانکا بە بنیادەم. دەیانوت: با بێتەوە پێتان حاڵی دەکا دنیا چ خەبەرە! وا دیارە لە هەموو بنکەکانی سپای پاسداراندا کەسێکی وا هەبوو!

پاسدارێکی باڵابەرزی حیفازەتی ئیتلاعات لەوێ بوو کە بەردەوام قسەی تفت و تاڵی دەکرد

---

١ . دەڵاوان دەکەوێتە باکووری ڕۆژاوای پیرانشار و لە بناری چیای [کانی خودای]ـە هەمیشە ڕێگای هاتوچۆی نایاسایی بۆ ئەودیو سنوورە، و پەیتا پەیتا هێزی پێشمەرگە لە ڕێگاکانی نزیک لە دەڵاوانەوە دەچوونە ناوچەی پیرانشار.

و گاڵتەی پێدەکردین. زیاتر لەگەڵ کەسانی تر قسەی دەکرد، بەڵام جارجاریش مەبەستی منیش بوو. دەیگوت: "دەی! تۆ دەتویست بچیتە ناو حیزب و ببی بە سەرۆکی کۆمەڵەی لاوانی حیزبی دێموکرات ..." ئینجا قاقا پێدەکەنی. یان بەویتری دەگوت: بەو هەموو نووسراوەی لە تۆمان گرتووە یان دەبووی بە نووسەری حیزب یان لەگەڵ سکرتێری گشتی هاتوچۆت دەکرد" هەموو ئەندامانی باڵای حیزبی بە ناو دەناسی. سێ جار هەموومانیان نارد بۆ حەمام و ژووری جلگۆڕین و دەرگایان لە سەرمان داخست. سەرەتا پێمان وابوو زیندانییان زۆرە و جێگایان نییە، بۆیە ئێمە لێرەین، بەڵام ئەو شوێنە بەندێکی گشتی و بە جۆرێک شوێنی ئەشکەنجەش بوو. هەندێک جار دەرگایان لە سەرمان دادەخست و ئەشکەنجەیان دەداین. شێرفەلەکەی ئاو لە شوێنێکی ترەوە دەکراوە و یەکسەرە بوو، دووشی ئاوەکەیان دەکردەوە و بۆ ماوەیەکی زۆر ئاوێکی سارد هەموو شوێنەکەی پڕ دەکرد، ئینجا لە پڕ ئاوە گەرمەکەیان دەکردەوە و پلەی گەرمای شوێنەکە بەرز دەبۆوە و دیسان لە ناکاو پلەی گەرما دەهاتەوە خوارێ. هەڵم و تەڕایی هەناسەمانی سوار دەکرد و هەڵدەلەرزین. دیسان سەروسەکتی پاسدارە باڵابەرزەکە پەیدا دەبووەوە و دەیگوت: "زۆر چاکە! - ئێستا قسە دەکەن یان نا؟" و بە سەر ئەو جلە تەڕانەوە بە فانووسقە دەکەوتە گیانی زیندانییەکانی پێشوو. تووشمان ببوو بە تووشی چەند کەسێکی بێبەزەیی و شێتەوە. دواتر لە نێو شاردا یەکیانم بینی، وتیان خەڵکی هەمەدانە، کە پاشتر بیستم لە سنووری بانە پێی کەوتۆتە سەر مینی خۆیان و قاچێک و چاوێکی لەدەست داوە.

ئەوەتا کاک کامیل

نزیکەی هەفتەیەک لەوێ بووم کە نەخۆش کەوتم و لەرز و تایەکی قورسم گرت. ئەو شەوەی وا بڕیار بوو دۆسییەکەم تەواو بکەن و بمنێرن بۆ مەهاباد، پشکێنەرەکەم کە پاسدارێکی ڕەزاگران بوو، منی بردە بینای ناوەندی و لە کاتی پرسیار و وڵامدا و هەر بەو لەرز و یاوە لێی دام. بە هۆی زەختی ئێش و نەخۆشییەوە بوورامەوە. وا دیار بوو نیگەران دەبن و دەمبەن بۆ نەخۆشخانە. مەودای زیندان هەتا نەخۆشخانە دوور نەبوو، بەڵام لە بیرمە دوو کەس ژێر قۆڵمیان گرتبوو و نەمدەزانی بەرەو کوێ دەڕۆین.

داپیرەم بە درێژایی ئەو کاتەی کە من ون ببووم زووزوو نەخۆش کەوتبوو و هەر جارەو یەکێک دەیبردە نەخۆشخانە. ئەو شەوە نۆرەی شانازی ئامۆزام بووە کە نەنکم و ئامۆژنم کە ئەویش نەخۆش کەوتبوو، دەباتە نەخۆشخانە. شاناز بۆی گێڕامەوە کە دوو پاسەوانی بینیوە کە منیان ڕاکێشاوە بۆ ژووری فریاکەوتنی نەخۆشخانەی پیرانشار و بە پشتوێنەکەی پشتم چاومیان بەستووە. لە بیرمە بە لەرز و تا و چاوی بەستراوەوە، گوێم لە دەنگێکی ئاشنا بوو کە هاواری کرد: "ئەی ڕۆ بابانم خەرا بێ، ئەوەتا کاک کامیل". شانازی ئامۆزام بە خۆشحاڵی و

سەرسوڕمانەوە بەرەو لای من ڕای کرد کە باوەشم پێدا بکات. خەریک بوو وەهۆش دەهاتمەوە و ئاگام لێ بوو بە قۆناغە تفەنگ پاڵیان پێوە نا کە لا بچێ، پاشان هاواری پەیتا پەیتای نەنکم و ئامۆژنم هات کە قاچەکانمیان گرتبوو و بە گژ پاسدارەکاندا دەچوونەوە.

ئەو سەردەمە پزیشکی هیندی و پاکستانی و بەنگلادیشی لە نەخۆشخانەکانی ئێران و ناوچەکەدا زۆر بوون. دکتۆر شەهنەواز یەکێک لەو پزیشکە پاکستانییانە بوو و نەنکم خۆشی دەویست. لە زاری یەکێک لە پاسدارەکان گوێم لێ بوو و زانیم کە لە بەشی فریاکەوتنم، هەر ئەو جێگایەی کە تەبیبەی خوشکیشم لەوێ پەرستار بوو. بە بێحاڵییەوە هاوارم دەکرد: "من باشم، خەمتان نەبێ"، ئیتر پاسەوانەکان بەپەلە لە دەستی شاناز و نەنکم دەریانهێنام و هەر وا چاوبەستراوانە، بردیانم بۆ ژووری پشکنین. لە دەرەوە لەگەڵ خانەوادەکەم و خەڵک شەڕەقسەیان بوو. لە کاتی پشکنینەکەدا دکتۆر شەهنەواز بە ئەسپایی لێی پرسیم: "ئەتۆ برای خانم ئەحمەدی نیت؟" بەپەلە گوتم: "بەڵێ. پێی بڵێ من لێرەم." دکتۆر شەهنەواز بە فارسییەکی پاکستانی وتی: قسەم لەگەڵ مەکە دەنا منیش دەگرن!" بێچارە ئەوەندە ترسابوو کە چوو پاسەوانەکەی هێنایە ژوورەوە تا پشکنینەکەی تەواو بکات. پاشان دەرمانی بۆ نووسیم. پشکێنەرە خوێنتاڵەکە وتی: "ئەم هەتیوە خۆ وتی خەڵکی مەهابادە. کەچی هەموو خزم و کەس و کارەکەی لێرەن!" پاشان پێی وتم: "ئێستا نا با بگەڕێینەوە گرتووخانە، دەتکەمە بەشەر". پێم وایە شاناز چنگی لە دەستی گرتبوو و بە ڕاستی تووڕەی کردبوو. پاسدارەکە ڕەچەتەی لە پزیشکەکە وەرگرت و وتی: "ئێمە لە نەخۆشخانەی خۆمان دەرمان دەدەین بەم مونافیقە دێموکراتییە درۆزنە". پاشان خێرا دەست و چاومیان بەستەوە بۆ ئەوەی لە نەخۆشخانە بێینە دەرەوە، بەڵام مەسلەکە هەر بەوەوە کۆتایی نەهات.

لەم نێوەندەدا شاناز بە تەلەفۆنی بێبەرامبەری نەخۆشخانە، تەلەفۆنی بۆ دایک و بابم لێدابوو و ئەوانی ئاگادار کردبووەوە. ماڵی ئێمە ئەو دەم لە شەقامی مەسجیدی قودس و نزیکی نەخۆشخانە بوو. دایک و باوکی داماوم بە پێی پەتی ڕایانکردبوو بۆ نەخۆشخانە و خۆیان گەیاندبووە ئەوێ. هەر کە بە چاوی بەستراوەوە لە ژووری فریاکەوتن دەریانهێنام، گوێم لە دەنگی ئەوان بوو. بابم سەرەڕای ئەوەی دوای ئەو گرتن و زیندانی چوونە لە پاسدارەکان دەترسا دۆ و دۆشاوی تێکەڵ کرد و چوو بە گژیاندا. دایکم گەیشتە لای دەرگای هۆڵی چاوەڕوانیی نەخۆشخانە و توند گرتمی. وتی: "کامیل ئەوە ماوی؟ ئەو کافرانە چییان لێ کردووی؟" منیش هەر دەموت: "چاکم، دایە بڕۆ، ئەمانە لێت دەدەن ...." و لە دڵمدا سوپاسی خودام دەکرد کە ئەو ڕۆژە سەرەی خوشکەکەم نەبووە، دەنا ئەگەر سەرەی ئیشکردنی ئەو بووایە دەریان دەکرد.

بە زۆری خستمیانە ناو ئۆتۆمبێلەکەوە. پشتوێنەکەی وا چاومیان پێ بەستبوو کەمێک کێشامە خوارەوە و بینیم دایکم لەسەر کاپووتی تۆیۆتاکە دانیشتووە و بەفرلادەرەکانی بەر

جامـی ئۆتۆمبێلەکـەی گرتـووە و هـاواری دەکـرد کوڕەکـەم بـەر دەن. نەنکـم لەبـەر ئۆتۆمبێلەکـە ڕاکشـابوو و بە کەس هەڵنەدەسـتا. شـاناز دەیویسـت چنگ لەو پاسـدارە بگرێ و تفی لێ دەکرد و باوکیشـم لەگـەڵ پشـکێنەرەکەم تێـک هەڵچووبـوو. بـە بینیـن و بیسـتنی دەنگیـان، هەمـوو وێنەکانـی سـەردەمی ئاوارەییـم هاتـە بـەر چـاوم. بینینـی هەمـوو ئـەو سـەختییانەی کە بە سـەر خـۆم و خانەوادەکەمـدا هاتبـوو وای لێکـردم کـە زیاتـر خـۆم سەرزەنشـت بکـەم ... لـە کۆتاییـدا پاسـدارەکان هاتنـە بـەر درگای نەخۆشـخانە و دایکمیـان لـە سـەر کاپووتەکە کێشـایە خـوارەوە، توانیـان بـە زەبـری چـەک پـاڵ بـە بابـم و ئەوانـی تـرەوە بنێـن و توندا‌ژۆیانـە منیـان گەڕانـدەوە بۆ زینـدان. بەهـۆی ئـەم ڕووداوەوە زیاتـر ئازاریـان دام.

ئـیتر نەچووینـەوە بـۆ حەمام، ئەو شـەوە منیـان بردە بارەگای ناوەندیی سـپای پاسـداران - کە لـە پشـت بەنزینخانـە و لـە پاڵ بینـای نوێـی وەزارەتـی ئیتلاعاتـە - بۆ ئـەوەی خێزانەکـەم نەتوانن بمدۆزنـەوە. ئێسـتا دەبـا وڵامـی ئەوەیانـم بدایەتـەوە کـە بۆچـی بـە درۆ وتوومە خەڵکـی مەهابادم و دۆخەکـەم شـپرزەتر ببـوو. جێگـر و بەرپرسـی حیفازەتـی ئیتلاعاتی سـپای پیرانشـار کەسـێک بـوو بـە نـاوی کەیـوان کـە هێشـتاش لەبەرچاومـە، سـکی زل بـوو. هـەر خـۆی بەدواداچوونـی بۆ دۆسـییەکەم کـرد، لەبـەر ئەوەی پرسـەکە بە لایانـەوە گرینگتر ببـوو و دەیانگوت: "دیـارە خەریکە شـتێکمان لێ دەشـاریتەوە بۆیە درۆت کردووە. من بێئاگا لەوەی ئەوان هەر زوو هەموو شـتێکیان بـۆ دەرکەوتبـوو و منیـش هەر دەموت دەمویسـت بچمە ئەودیو سـنوور و هۆکارێکی دیکەم نییە."

کەیـوان بـە پێچەوانـەی ئەوانـی دیکـە بـە چـاوی بـەستراوەوە لێـی دەدام و ئەمـە بـۆ مـن ئازاربەخشتریـن ئەشـکەنجە بـوو، چونکـە نەمدەزانـی ئەمجـار لـە کوێـم دەدا. کەیـوان ئـەم جۆرە ئەشـکەنجەکردنەی زۆر پـێ خـۆش بـوو، ئـەوەی کـە کەسـی تۆمەتبـار نەیدەزانـی لە کوێـوە لێی دەدەن .... بـە چـاوی بـەستراوەوە لەسـەر کورسـییەک دایدەنیشـاندم، بـە دەورمدا دەسـووڕاوە و پرسـیاری لێدەکـردم، لەنـاکاو تێـی دەسرەواندم ... وەک شـتێ هێشـتا نەیزانیبوو سـەر بە کوێم. هەڵبـەت مـن و کەسـانێکی وەکـوو مـن هیـچ بـە لایانـەوە گرینـگ نەبووین. بـە شـوێن کەسـە سـەرەکییەکاندا دەگـەڕان. خـۆم هـەر ئەو قسـانەی ڕۆژی یەکەمـم دووبـارە دەکـردەوە. وردەوردە لێـدان کـەم بـووەوە. ئێمـە لـە شـوێنێکی ژێرشـیروانیی بووین کـە هێلانـەی کۆتریشـی هەبـوو و لەبـەر ئـەوە خەومان لێ نەدەکەوت، شـەش کەسـی دیکەش لـەوێ زیندانی بوون، بـەڵام زوو زوو خەڵکیـان دەبـرد و دەهێنـا. لـە زیندانییە تازەهاتـووەکان هەواڵـی دەرەوەی زیندانمان دەپرسـی کـە ئاخـۆ شـەڕ بـووە یـان نـا؟ کـە ئەگـەر گـرژی و شـەڕێکی نـوێ ڕووی بدابا لـە نـاکاو ژمارەیەک جووتیـار و شـوانیان دەهێنـا، هەروەهـا خاوەنی ئەو ماڵانەشـیان دەهێنا کە لـەو گوندانە بوون کە شـەڕ و گرژیـی تێـدا ڕووی دابوو.

ڕۆژانێـک تێپـەڕی هەتـا ئـەوەی کـە نیوەڕۆیـەک دەرگاکـە کـراوە و پێیـان وتـم وەرە. وامزانـی جارێکـی تـر لێپرسـینەوەم لەگەڵـدا دەکەن، بەڵام بـە پێچەوانەی جاران دەسـتیان نەبەسـتمەوە

و لـە پلیکانەکانـەوە بردمیانـە خـوارەوە. چاوەکانمیـان بەسـتبوو و نەمدەزانـی دەچمـە کـوێ، کـە لـە بەشـی دژبانـی واتـا پاسـەوانیدا یەکێک بەبێ هیـچ ڕوونکردنەوەیـەک چاوپۆشـەکەمی لابرد و وتـی: "ئێـرە ئیمـزا[1] بکـە" هـاوکات لـە دوورەوە بابمـم بینـی کە بـەرەو لام دێـت. ئەومـەودا کورتەی نێـوان خـۆم و بابـم زەندەقـم چـوو و دوای ئـەو هەمـوو لێدانانـە، ئـیتر بڕسـکم لـێ بڕابـوو و هێزی ئـەوەم نەبـوو کـە بابم لێم بـدا، هەرچەندە بە تووڕەیی و گـرژی و جنێودانەوە بـەرەو لام هات بەڵام کـە گەیشـتە لام تونـد لە ئامێزی گرتم و هـەر دووکمان دامانە پڕمەی گریـان. زەمەن جێگای هەر دووکمانـی گۆڕیبـوو .... کـە منـداڵ بووم بابـم دیلی زیندانی سـپا بوو و هـەر دووکمان دەگریاین ئێسـتا مـن زیندانیی سـپا بـووم و ئەویـش لەبەردەممدا وەسـتابوو و فرمێسـکی هەڵدەوەراند.

ڕەنگـە بابـم ئـەو ڕۆژە وەبیـر خـۆی کەوتبێتـەوە و بەشـێک لـە ئـەو ئەزموونانـە بـۆی زینـدوو بووبێتـەوە. ئەمـەش وای لێکرد لەگەڵ من هاودڵی و هاوسـۆزی بکات. ئەو ڕۆژە باوەشـی کراوەی بابـم، گەرمیـی لەشـی، زبریـی ڕیشـی و بۆنـی جگەرەکەی بـۆ من هێمنترین شـوێنی دنیـا بوو و چەنـد سـاتێک دواتـر، فرمێسـک و زەردەخەنـەی هەندێـک لـە خزمـان و بنەماڵەکـەم و پیاوێکـی کورتەبـاڵا کـە کا سـەییدیان پـێ دەگـوت و لە شـەقام چاوەڕێی منیـان دەکرد، بـاری دەروونیمی گـۆڕی. هەڵبـەت سـووکایەتیی ئەو پاسـەوانەم لەبیر ناچێ کـە لەوێ وەسـتابوو و دەیگوت: "ئەمە دەبـێ بچێتـە زیندانـی مەهاباد ئـەم نمایشـە گەڵتەجاڕییە کـۆ کەنـەوە ... ئەگەر ڕۆشـتبا دەبووە پێشـمەرگە و دەهاتـەوە ئێمەی دەکوشـت ..."

تەوابی تەنیا

بـەڵام لەبـری ئـەوەی بچینـە مەهاباد، ڕۆیشـتین بـۆ ماڵەوە. کاتێک گەیشـتینە مـاڵ، جمەی دەهـات و خـزم و دراوسـێکان هاتبـوون. کەچـی من نەخۆش بـووم، هەموو گیانم دەئێشـا، خەوم دەهـات و هیـچ حاڵـم بـاش نەبـوو و زۆریـش کـز ببـووم. لەسـەر پێداگـری نەنکـم و بابـم تەبیبـە منـی بـردە حەمـام. لـە ڕووم هەڵنەدەهـات لای ئـەو خـۆم ڕووت بکەمـەوە کە بمپشـکنێ و پشـتم بشـوا، بـەڵام دواجـار دوای ماوەیەکـی زۆر حەمامێکی خۆشـم کرد. هاتمە ناو هۆڵەکە و دانیشـتم بەسـەرهات و ئـەو ڕووداوانـەی ئـەو ماوەی وا لە زینـدان بووم، بۆم گێڕانـەوە. بنەماڵەش گێڕایانەوە کـە ئـەو مـاوە چییـان بەسـەر هاتـووە ... ئـەم بەسـەرهاتە ناخۆشـە هێنـدەی نەخایاندبـوو، بـەڵام هەموومـان بارتەقـای تەمەنێـک پیـر ببووین. پـووره زێنـەب بە شـانازییەوە وتـی: "ئەمـن نەجاتم دای، ئەگـەر سـەیید و براکـەی نەبـان بـە خوڵا ئیعدامیـان دەکردی. حوکمی ئیعدامێت بۆ سـادر ببـوو." ڕاسـت و ناڕاسـتەکەی نازانـم، بـەڵام پوورم ئاوای لە سـەیید بیسـتبوو.

بەشـی سـەیر و تـا ڕادەیەکیـش دڵتەزێنـی ئـەم ڕووداوە ئـەوە بـوو کـە مەبەسـتی پـوورم لـە

---

١ . واژۆ

سەییدەکان بـرا بچووکەکانـی سـەیید ڕەسـووڵی دێهقـان نـاسراو بـە سەیدڕسـۆڵی بابـی گـەورە، خەڵکـی پەسـوێ و یەکێـک لـە فەرماندە کـۆن و دیارەکانی حیزبـی دێموکرات، بـوو کە پێشتر لە بەشـی شـەڕی نەغـەدەدا بەسـەرهاتەکەیم گێڕایـەوە. بەڵام پێدەچـێ دوو لە براکانـی بابی گەورە پیـاوی ئیتلاعاتـی شـاری مەهابـاد بووبـن[1]. بۆیـان بـاس کـردم کـە چوونەتـە لای سـەییدەکان و داوای هاوکارییـان لـێ کـردوون، بابـم بەرتیـل و باجێکـی فـرەی پێدابـوون، دوو دانـە ئۆڤێرکۆتی ئەمریکـی، کـە ئەو سـەردەمە گرانبەها بوون و بە شـتێکی لووکس دادەنران، یـەک دوو کاتژمێری کاسـیۆی ئاڵتوونیـی چوارکاتیـی ، چەنـد شووشـە بـۆن و کۆمەڵێک شـتی تریش. سـەییدە هەموو ڕۆژێـک دەهاتـەوە و دەیگـوت: دەبـێ ئەمـەش بـدەم بە فڵان پاسـدار.

کورتەی بەسەرهاتەکە ئەمەیە کە سەییدە نامەیەکی لە شوکری، بەرپرسی ئیتلاعاتی ئەوکاتی مەهابـاد گرتبوو کە دەریدەخسـت زیندانی بـۆ درێژەی لێپێچینەوەکان دەبـێ بگوازرێتەوە بۆ ئەو شـارە و بـەم فێڵـە منیـان ئازاد کرد. بـەڵام وا دیارە هەمـوو دەیانزانی کە بەرتیلەکان ئیشـی خۆیان کردبـوو ... وا دیـارە لـە کۆتاییـدا زانیویانـە مـن منداڵـم و جێـی تـرس نیـم و بـە هەڕەشـە بۆ سـەر حکوومـەت نازانرێـم ... بابـم و مامـم لـەو ڕۆژانـەی وا مـن لـە زیندان بـووم بەسـەرهاتێکیان بووە. بابـم لـە بـەری کوردسـتاناتەوە[2] و مامم بـەرەو لایەکی دیکە واتە سـنوور و ناوچە دوورەدەسـتەکان بـە دوامـدا گـەڕاون. هەندێـک جـار شـەوانە گەڕاونەتەوە ماڵـەوە و هەندێـک جاریـش ماونەتەوە و درێژەیـان بـە گـەڕان داوە. زۆربـەی ناوچـە و سـنوورەکان و زۆر جێگای دیکە گەڕابـوون کە بەڵکوو بمدۆزنـەوە و بـە گشـتی زۆر ماندوو و شـەکەت ببوون.

پـاش ئـەو چەنـد هەفتەیـە کە تێپـەڕی، ناوێکی ترم پێـوە لکێنرا؛ تـەواب. دوای ئازادبوونیشـم هـەر وازیـان لێـم نەهێنـا. خـۆ ئیـدارەی ئیتلاعـات دەسـتبەردارم نەدەبـوو. زۆری نەخایانـد کە بۆ سازکردنی دۆسییە ناردیانم بۆ بینای مەندی[3] کە بەشی عەقیدەتی _ سیاسی هەبوو، ئەندامانی

---

١. ئـاگادارم کـە خسـتنەڕووی ئـەو بابەتانـە بـەو شـێوە بەرچـاوە و گوتنـی ئـەوەی کـە پیـاوی حکوومـەت بـوون، پێویسـتی بـە لێکۆڵینـەوەی زیاتـرە. بـەڵام ئـەوان ئـەوکات چەکـدار بـوون و بـێ هیـچ دوودڵییەک خۆیـان بە پیـاوی حکوومـەت و ئیتلاعات دەزانـی. لـە ڕاسـتیدا ئـەم برایانـە لەگـەڵ یەکێـک لە دراوسـێکانی پـوورم لە مەهابـاد هاتوچۆیـان دەکـرد و هەر ئەمـەش وای کردبـوو کـە کـوڕی پوورم لەو گەشـتانەی کە بۆ سـەردانی زەوی و زارەکانیان لە گوندی خەلیفەلیان دەیانکرد باسـی پێوەندیی خـۆی و پـوورم لەگـەڵ پێشـمەرگەکان بـکا و ئـەم درکاندنە لای ئەوان بـووە هۆی ئەوەی بـرا گەورەکە ڕاپۆرتـی بداتە ئیتلاعاتی مەهابـاد و هـەر دووکیـان بگـرن. ئەم بابەتانـە چەند مانگێک پێش دەسـتگیرکردنم ڕووی دا و ماوەیەکـی زۆر دوای ئازادکردنی مـن بـوو کـە ماڵـی پـوورم زانیـان کـێ سـیخوڕیی کـردوون. پـوورم زووتـر لـە زینـدان ئـازاد کـرا بـەڵام لـە ئیتلاعاتـی مەهابـاد ئەوەندەیـان لـە کـوڕە پوورەکەم دابوو کە هەتا ماوەیەک وەک شـێت سـەری بـە دیواردا دەکوتا و وڕێنەی دەکرد. ئێسـتاش لای من باسـی ئـەو ئەشـکەنجانە دەکات.

٢ . کوردسـتانات زاراوەیەکـە کـە زۆر جـار نووسـەرانی کەمینـەی پان‌فـارس و پان‌تـورک بـەکاری دەهێنـن و بـۆ بەکارهێنانـی وشـەی کوردسـتانات ئامانجـی تایبەتیشـیان هەیـە. مـن بەئەنقەسـت و بـە وشـیارییەوە وشـەی کوردسـتانات بـۆ پیشـاندانی بازنـەی جوگرافیایـی بـە کار دەبەم.

٣ . بینـای ئیـدارەی ئیتلاعاتی پیرانشـار لە شـەقامی ئیسـتقلال. خانووەکە هـی مەندی بوو. مەندی تورک‌زمـان بوو کە دوای

ئـەم بەشـە کتێبی عەقیدەتی (ئایدۆلۆژیکـی) و ئایینییان پێدەداین کە بیخوێنینـەوە. ئەو وەختە ئێمـە زۆر بووین و پێیـان دەگوتیـن تـەواب. واتـە ئـەو پێشـمەرگە و لایەنگـر و هەڵسـوڕاوانەی کە دەسـتگیر کـراون یـان خۆیـان ڕادەسـت کـردووە. مـن بێئـاگا و بـە ناچـاری ببـووم بـە تـەواب و تەنانـەت مانـای ڕاسـتەقینەی تەوابیشـم نەدەزانی، ئەم ناوە لـە ناو خەڵکدا وشـەیەکی خراپ بوو و بەمانـای ناپـاک و ترسـنۆک و تەنانـەت سـیخوڕیش بـوو. ئـەو سیاسـەتە زیرەکانـە و دووفاقیەی کـە ڕژێـم گرتبوویـە بـەر، بەم شـێوە بـوو: تەنانەت هەندێـک جـار بنەماڵەکانی دنـە دەدا کە بچنە ئـەو دیـوی سـنوور و بـە بیانـووی دیـدار لەگـەڵ کـوڕ و کچـە پێشـمەرگەکانیان، بـە وەسوەسـە و لاوازکردنـی ئیرادەیـان بیانگەڕێننـەوە و ئەمانەتنامەیەکیان لـێ وەربگرن.

ڕژێمـی کۆمـاری ئیسلامـی دەیویسـت کارێکـی وا بـکا کـە حیزبـەکان ورەیـان دابـەزێ و ژمـارەی پێشـمەرگەکان کـەم ببێتـەوە. تەوابـوون وەک تانەیـەک وا بـوو و لـە خراپتریـن حاڵەتدا دەبـوو خزمەتـی سـەبازی یـان زانیاریـی رژێمیـان بکردایەت. ئـەوەی ڕاسـتی بێ تەوابـەکان یان تەسـلیمییەکان چ لە ڕابردوو و چ لە ئێسـتادا، ڕەوتێک بوون کە دەزگا ئەمنییەکان کاریان لەسـەر دەکـردن و هەوڵیـان دەدا ئەوەنـدەی بۆیان دەکرێ لە ناویاندا زۆرترین کەس دەستنیشـان بکەن و دزە بکەنـە نـاو ڕیـزی حیزبەکانـەوە و هەڵبـەت هەندێک جـار پێچەوانەکەشـی ڕووی دەدا.

سیسـتەمی ئەماننامـە و سیاسـەتی تەوابسـازی بۆ نموونە لـە تورکیا دژ بـە ئەندامانی پەکەکە بوونـی نەبـوو و حکومـەت بەبـێ نەرمینوانـدن سـزای زیندانیـی درێژخایەنـی بـە تاکـە بـژاردە دەزانـی. هەرچەنـدە ئێسـتا لـە تورکیا ڕەوت و یان ئاسـانکاری بۆ تەسـلیمبوونی چەکدارانی کورد هەیـە، بەڵام وەکوو ئەو پرۆسـەی تەسـلیمبوونی ئەماننامەییـەی ئێران نییە. ئـەم ڕەوتە لە عێراقی سـەردەمی شەڕیشـدا هەبـوو و زۆربـەی پێشـمەرگە عێراقییەکانی سـەردەمی سـەدام کـە خۆیان ڕادەسـت کردبـوو، یـان دەبـا چـەک هەڵبگـرن و دژی حیزبە کوردییـەکان بجەنگن یان یەکسـەر ڕەوانـەی عەسـکەری واتـا سـەربازی دەکران.

یەکێـک لـە کارەکانـی ناوەنـدی عەقیدەتـی و تەبلیغاتی (پڕوپاگەنـدە)ی ئیـدارەی ئیتلاعات ئەوە بوو کە کتێبی تەوزیحولمەسـایلی(توضیح المسـائل) خومەینی یان کتێبێکی موتەهەرییان پـێمان دەدا و پێیـان دەوتیـن تـا ڕۆژی هەینیـی هەفتەی دواتـر چەند لاپەڕەیەک یـان بڕگەیەکی ئـەم کتێبانـە بخوێننـەوە و لەبـەری بکـەن و پاشـان کاتـی بەیانیانـی ڕۆژی هەینـی لـە نهۆمـی خـوارەوەی ئیـدارەی کتێبخانـەی گشـتی، لەبـەردەم مەلایـەک کە هاوبیـری خۆیان بـوو وەڵامی پرسـیارەکانمان دەداوە. ئەگـەر نەمانزانیبایـە یـان لـێمان ڕازی نەبایـە، دەبـا دوو ئەوەنـدەی ئـەو چەنـد لاپەڕەمـان بخوێندایەتـەوە و هەفتەکەی دیکە دەڕۆشـتین بـۆ وەڵامدانەوە. خـۆ نەماندەوێرا نەڕۆینـەوە، چونکـە دەمانزانـی دێن بـە دواماندا. لـەوێ هەندێک جار کەیوانیشـم دەبینـی، ڕەنگە

چۆڵکردنی ماڵەکەی لە لایەن ئەو ئیدارەوە، بە کەسێکی خەڵکی پیرانشاری فرۆشت.

بـە ئەنقەسـت خـۆی نیشـان دەدا بـۆ ئـەوەی بـە بینینـی یادەوەرییـە تاڵەکانـی دانیشتن لەسـەر کورسـییەک ئەویـش بـە چـاوی بـەستراوەوە، ئەشـکەنجەدانەکانیمان وەبیـر بێتـەوە. ئـەم ڕێکارە ماوەیـەک بـەردەوام بـوو و لەنـاکاو کۆتایی هـات. جگە لـەم کۆبوونەوانە، هەر جارێـک بە بیانووی جۆراوجـۆر، ئێمەیـان دەبـرد بـۆ وتاربێـژی و دۆعـای کومەیـل و نەهجولبەلاغـە[1] کـە لەگـەڵ ئایینزاکەمـان کـە سـوننە بوویـن، نەدەگونجـا. دەبوو لـەم کۆبوونەوانـە بەشـداریمان بکردایە و لە دەفتـەری هاتـن و نەهاتنـدا نـاوی خۆمـان تۆمـار بکردایە. سـەرتان نەیێشـێنم قەشـمەرییەکیان پێمان دەکرد هەر مەپرسە.

وێنەی ١١٩. خۆم دوای ئازادبوونم لە زیندان، پیرانشار ١٣٦٨ی هەتاوی (١٩٩٠)

دوای دەسـتگیرکردنم، ئـیتر نەبوومـەوە بـە کوڕەکـەی جاران هـەر وەک چـۆن بابیشـم ئـەو چارەنووسـەی بەسـەرهات .... ترسـابووم، لاواز بـووم، هـەم لـە ڕووی جەسـتەیی و هەمیـش لـە ڕووی دەروونییـەوە. هیـچ فەرهەنگێـک و تەنانـەت زانیارییەکیـش نەبـوو کـە کەسـێک بیهـەوێ منداڵەکـەی بباتـە لای دەروونناسـێک، بـۆ ئـەوەی حاڵـی بـاشتر بێـت. هەرچەنـدە بـە شـێوەی نەریتی پشـتگیریان دەکـردم، بـەڵام پشتگیرییەکی پسـپۆڕانە نەبوو. هەڵبـەت لـە ناوچەکەمانـدا پزیشـکی پسـپۆڕ نەبـوو. دەچوومـە ژوورەکـەم و پـاڵ دەکەوتـم هەندێـک جـار شـەوانە مۆتەکەم دەبینـی و دیمەنەکانـی دەسـتگیرکردن و لێدانەکانی بنکـەی دۆڵەتـوو و زیندانـی ئەڵۆتـان و سـووتاندن بە جگەرە و لـە هەمووی گرنگتر ئەشـکەنجەی دەروونـی و جەسـتەیی لـە زینـدان، ترسـی خنـکان لـە زینـدانی حەمامئاسـا و ئەشـکەنجەدانە

١. نەهجولبەلاغـە؛ کتێبێـک کـە دەڵێـن وتەکانی عەلی کـوڕی ئەبی تالیبە، کە سـەیید ڕەزی کۆی کردۆتـەوە، بەڵام هەندێک دەڵێن سـەیید ڕەزی خۆی نووسیویەتی.

ناجوامێرانەکانـی کەیـوان بـە بەرچاومـدا دەهات و دەچـوو و خەوی لە چاوم تۆراندبـوو. وەک ئەوە وابـوو هەمـوو گیانمیـان تەنیبـوو و ئـەم تـرس و مۆتەکانـە بـۆ سـاتێکیش وازیـان لێـم نەدەهێنـا.

خەمـۆک ببـووم و هەمـووان ئـاگاداری هەڵسـوکەوتیان لەگـەڵ مـن بـوون. دایکـم و نەنکم بە بابمیـان دەوت لێـی گـەڕێ و زۆری لـێ مەکـە لەگەڵـت بێتـە دووکان. هەڵبـەت بـۆ هەر شـتێک کـە داوام دەکـرد ئـەوان نایـان پێـم نەدەگـوت و ئەوەی بۆ من خـۆش بوو. زۆر دەترسـان کە ئەگەر خـۆش ڕانەبوێـرم و خواسـتەکانم جێبەجـێ نەبـێ، دیسـان سـەری خـۆم هەڵبگرمـەوە و ڕا بکـەم. دایکـم و نەنکـم هەمیشـە دەهاتنە لام و دەیانگوت " ڕۆڵە کامیل گیـان نەچییە نێو حیزبی! ئەتوو قەولـت بەمـە داوە و وتـت ئیـدی ناچـی" زووزوو ئەمانەیان بـە گوێمدا دەداوە. ئێسـتا کە بیری لـێ دەکەمـەوە بـۆ نیگەرانییەکانـی ئـەو ڕۆژانەیـان بەزەییـم پێیانـدا دێتـەوە و لـە کانـگای دڵـەوە پێم خۆشـە جارێکـی دی کەسـانێکی لـەو جـۆرە لـە لام بن. بـەڵام داخی گرانـم کە ئیدی نیـن. بەڵام خۆشەویسـتی و فیداکارییـە بێهاوتاکەیان هەمیشـە لە مێشـکمدا دەمێنێتەوە.

بەڕاسـتی دۆخێکـی ناخـۆش و سـەخت بـوو، هاوڕێکانمـم لەدەسـت دابـوو و لەبـەر ئـەوەی دەسـتگیرکرا بـووم و وەک خۆیـان دەیانگـوت سیاسـی بـووم دایـک و باوکیـان نەیاندەهێشـت لەگەڵـم بگەڕێـن. ئـەوان پێیـان وا بوو من بـۆ منداڵەکانی تر جێـی مەترسـیم و لەوانەیە ئەوانیش بـەو ڕێبـازەدا ببـەم، یـان دەرکەوتنیان لەگەڵ مـن لەوانە بوو مەترسـیدار بـێ و ئەوانیش بگیرێن. "سیاسـی" ناوەنیتکەیـەک بـوو کـە زیاتـر تەنیـای دەکـردم و ئـەوە لـە حاڵێکـدا بوو کە مـن پتر لە هر کاتێکی دیکە پێویسـتم بە کەسـانی هاوقسـە و هاوتەمەنی خۆم هەبوو و بەدەسـت تەنیاییەوە دەمناڵاند.

لایەنێکـی بابەتەکـە ئـەوە بـوو کـە تـۆ دەسـتگیر کـراوی و چوویتەسـە زینـدان و ئەمـەش خۆبەخۆ لە ناو خەڵکدا جۆرێک شـان و شـکۆی پێم بەخشـیبوو، بەڵام لەلایەکی ترەوە پشـتەملە قسـە و قسـەڵۆک زۆر دەکـرا، باشـە "چـۆن کامیـل ئـازاد کـراوە و فڵان کەس ئـازاد نەبـووە؟ دیارە هاوکارییانـی کـردووە! تەوابیشـە بۆیـە دەچێتـە کۆبوونـەوەی عەقیدەتـی و ... " لـەو کۆمەڵگایەدا ئـەو دوو بەشـە هەمیشـە پێکـەوەن و هەندێـک جـار وای لـێ دەکـردی کـە شـانازی بەخۆتـەوە بکـەی، بـەڵام بەهۆی گۆشـەگیرییەوە تووشـی تەنیایی و بێمتمانەیـی خەڵک دەبوویتـەوە. دوای دەستبەسـەربوون تەنیاتـر دەبـی، چونکـە ئـیتر کـەس توخوونـت ناکـەوێ و جەمـاوەر متمانەیان پێـت نامێنێت.

لـەو کاتـەدا، هـەر خـۆم بۆ خۆم مامـەوە ... ئەمەش وای لێکـردم کە قووڵتر لـە جیهانی کتێب و خوێندنـەوەدا نوقـم ببـم. لـەم جـۆرە تەنیاییـەدا، تاکـە پەناگەیـەک کـە دەیدۆزیتـەوە کتێـب و خوێندنەوەیـە، بـەو ئامانجـەی کـە ڕەنگـە بتوانـی وەڵامـی نیگەرانییـە دەروونییەکانـت و پرسـیارە بـێ وەڵامەکانـی ئـەو جیهانـە بدەیتـەوە کە لەگەڵیدا تێـوەگلاوی، یان مێشـکت لـەو فەزایە ڕزگار بکـەی کـە ئەزموونت کـردووە ...

بنەماڵەی پارادۆکسیکاڵ

دەستگیرکردنم بۆ بنەماڵەکەم ڕووداوێکی گەورە بوو. پێشتر وتم بابم دوای چوونە زیندان ئیتر نەبووەوە بە کەسەکەی جاران و خۆپارێز و ترسنۆک ببوو و بەردەوام بەرهەڵستیی چالاکییە سیاسییەکانی منی دەداوە. تەنیا چەند ساڵێک لە تۆمەتباربوون و ئەو تاڵی و ناخۆشییە زۆرەی کە لە زیندانی سیاسیدا چەشتبووی، تێدەپەڕی و هەر ئەوە بەس بوو کە هەستیاری و دژایەتیی زیاتر لە خۆی نیشان بدات. دوو هاوڕێی بابم بیری چەپیان هەبوو و منیش لەگەڵیان لە پەیوەندیدا بووم، پێم وابوو ئەم دوو کەسە سەبارەت بە چالاکی و تێڕوانینەکانم شتێکیان لای بابم باس کردبێ کە بابم ئاوا لە سەرم هەستیار ببوو، بەڵام هەر ئەزموونی زیندان و ئەشکەنجەدان بابمی گۆڕیبوو. دەیوت هیچ لە سیاسەت شین نابێ و سەرم دەدەم بە بادا. بابم، ڕووخساری دزێو و ناشیرینی سیاسەتی زیاتر لە من ئەزموون کردبوو، بۆیە دەترسا و خەمی منی دەخوارد.

دوای زیندان، ئەم قسانە هەمیشە لە سەر زاری بوو و هەرگیز بیروباوەڕی خۆی نەگۆڕی. هەندێک جار کەسانی دەوروبەرم پێیان دەگوتم: "کامیل وا مەزانە کارێکی زۆر گەورە دەکەی و جیهان دەگۆڕی! تۆ تەنها سەربازێکی پێپەتیت، ئەو کارانەی تۆ دەیکەی دواجار خۆت زەرەرمەند دەبی و سوود بە کەس یان کەسانێکی تر دەگەیەنێت ..." هەموو قسەکانیان لەسەر سیاسەت بوو، کاتێک لە ژوورەکەمدا بەبێ وەستان کتێبم دەخوێندەوە یان درەنگانی شەو دەهاتمە ماڵەوە و لەگەڵ هاوڕێکانم کە بابم لێیان دڕدۆنگ بوو، کۆ دەبوومەوە، بابم ئەم قسانەی دووبارە دەکردەوە. هەڵبەت هەرگیز دەستبەرداری ئایدیا و بیرۆکەی سەربەخۆیی و خودموختاری بۆ کورد نەبوو، هەرچەندە بەدیهاتنی سەربەخۆیی بۆ کوردستانی لەم قۆناغەدا بە دوور دەزانی. هەر دووکمان لە یەک شتدا هاوبیر بووین، ئەویش ئەوە بوو کە سەبارەت بەو ماوەی وا لە زیندان بووین و ئەشکەنجە درابووین، هەرچەندە قسەمان لە سەر نەدەکرد، بەڵام بە شێوەیەکی کارەساتبار و قووڵ لە یەکتر تێدەگەیشتین.

بۆچوونی نەنکم وەکوو بابم تەسک نەبوو. هەرچەندە هیچی لە سیاسەت نەدەزانی، بەڵام هەندێک جار دەیگوت: "کامیل ڕۆڵە ئەتوو هەرچەندە هەوڵ بدەی خۆ لە قازی محەمەدێ سەرتر نیت! بەو هەموو گەورەییەوە، محەمەدڕەزا شای گۆڕبەگۆڕ ئیعدامی کرد، کێیان بووێ ئیعدامی دەکەن!" نەنکم ڕقی لە محەممەدڕەزا پەهلەوی بوو، شیکارییەکانی بۆ چالاکیی سیاسی من بەم شێوە بوو. بیرم نایەت نەنکم و دایکم هەڵوێستی دژبەریان لەسەر دۆزی کورد و حیزبە کوردییەکان هەبێت. ئەوان حیزبە کوردییەکانیان خۆش دەویست، بەڵام بە گشتی ماڵەوە پێیان خۆش نەبوو من بە سیاسەتەوە تێوەبگلێم و هەموو دژم بوون.

دژایەتیی بنەماڵەکەم و زۆربەی بنەماڵەکان بەرامبەر بەشداریی منداڵانیان لە سیاسەتدا،

لـە ئەزموونـی تاڵـی سیاسـەتی کوردییـەوە سـەرچاوە دەگرێـت. لـە ڕوانگـەی هەندێـک کەسـەوە کـورد سـەدان سـاڵە خەبـات دەکا، بـەڵام هیچـی دەسـت نەکەوتـووە. ئـەوەی جێـگای سـەرنجە ئەوەیـە کـە ئەوان حیزبـە کوردییەکانیان خـۆش دەوێ و لە بارودۆخە سـەختەکاندا بـە هانایانەوە دەچـن، بـەڵام کاتێک سـەرەی کـوڕ یان کچەکانیـان دێ، ناهێڵن ئـەوان بچنە ناو سیاسـەتەوە و دەیـان بیانـوو و هـۆکار دەخەنە ڕوو کە سیاسـەت شـتێکی بـاش نییە و نابێ خۆتـی تێوە بگلێنی. کەچـی نازانن بەشـێک لـەو منداڵانە کە زۆربەیان کوڕن، لە هەلومەرجە سـەختەکاندا شـاهیدی هـەوڵ و چالاکـی بنەماڵەکانیـان بـۆ حیزبـە کوردییـەکان بـوون و زەینیـان بـەم شـێوە بیچمـی گرتـووە. کاتێـک ڕووبـەڕووی دژایەتیـی بنەماڵـە دەبنـەوە، بـە لایانـەوە شـتێکی سـەیر و لێکـدژە و تووشـی ئـەم پرسـیارە دەبـن کـە گەلـۆ هەڵوێسـتی بنەماڵـە ئەوەیـە کـە بـە کـردەوە بینیویانـە و یـان ئـەو ئامۆژگارییانـەی بـۆ منداڵانیانـی دەکـەن، یەکێکیـان بوێرانـە و خۆنەویسـتانەیە و ئەوی دیکەیـان خۆپارێزانە ...

لـە کۆتاییـدا هەمـوو ئـەم شـتانە وای لـە مـن کـرد کـە خـۆم لـە سیاسـەت دوور بخەمـەوە و تەنیایـی ئـەو ڕۆژانـەش قبـوڵ بکـەم، هەرچەنـدە ئـەم ڕەفتارانە بـاو نەبـوون و لەگـەڵ تێپەڕبوونی کات ئەوەنـدەی دیکـە کـەمتر بۆونـەوە. جگـە لـەوەش، تیرۆرکردنـی سـکرتێری گشـتیی حیزبـی دێموکرات واتە دکتۆر شـەرەفکەندی[1]، سـێ سـاڵ دوای تیرۆرکردنی دکتۆر قاسـملوو لە نەمسـا، تـا ڕادەیـەک ململانـێ مەیدانییەکانـی کوردسـتانی کـەم کردبـووەوە. دوای تیرۆرکردنـی دکتـۆر شـەرەفکەندی، حیـزب بـە فەرمـان و گوشـاری حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، کـە ئەندامانی حیـزب پەنابـەری بـوون، ناچار بـوو چالاکییە سـەربازییەکانی لە کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات ڕابگرێ و دەسـتبەرداری خەباتـی چەکـداری بـێ و بچێتە قۆناغێکی دیکـەوە. هەڵبەت ئـەم فەرمانانەش دەرەنجامـی گوشـارەکانی حکومەتـی ئێـران بـۆ سـەر سـەرکردەکانی هەرێمـی کوردسـتان بوو.

دوای ماوەیـەک چوومـە نەغـەدە لای ئەندامێکـی ڕێکخراوی شـاریی حیزب بۆ ئـەوەی داوای لێبکـەم جارێکـی تـر چالاکـی بکەمـەوە، بـەڵام ئەویش وتـی: " کامیل! ئەتـوو مۆرەی سـووتاوی و ناتوانیـن کارت لەگـەڵ بکەیـن" گوتـی: ڕەنگـە ئـەو قسـانەی منـت پێ خـۆش نەبێ، بـەڵام دواتر تێدەگـەن کـە بزووتنەوەیەکـی سیاسـی چـۆن کار دەکات." دوای ئـەم ڕووداوە ئەوەنـدەی دیکـە نائومێـد بـووم. هەسـتم دەکـرد ئـەو ڕەوتـەی کە لـە پێناویدا گیـرام و لێـم درا و ئەشـکەنجە کرام و لـە سـەری مانـدوو بـووم، پشـتیوانیم لـێ نـاکا و بایکۆتی کـردووم. مـن پەیوەندیی خۆمـم لەگەڵ ئـەو بزووتنـەوە و سیاسـەتە بـە گشـتی یەکلایەنـە دەبینـی و کاتێـک بـۆ ئـەو هەموو ئەشـکەنجە و

---

١. دوکتـور شـەرەفکەندی ١٢ی خەرمانـای ١٧٣١ی هەتـاوی (٢١ی ئەیلولی ٢٩٩١) لە هێرشـێکی تیرۆریسـتی تاقمێکی لوبنانیـی سـەر بـە ڕژێمـی کۆمـاری ئیسلامـی ئێـران بـۆ سـەر چێشـتخانەی میکۆنـۆس لـە بەرلینـی ئەڵمانیـا، لەگـەڵ فەتاح عەبدولـی و هومایـون ئـەردەڵان و نـووری دێهکـوردی بوونـە قوربانیی تیـرۆری دەوڵەتیی کۆمـاری ئیسلامیی ئێـران و گیانیان لە دەسـت دا.

جەزرەبەی وا بە سەرم هاتبوو پاڵپشتی لێ نەکردم، گڕی بیروباوەڕەکانم کز بوونەوە ... وێنەی بزووتنەوەکە تا ڕادەیەک لە مێشکمدا کەمڕەنگ ببۆوە و ئەو پیرۆزییەی کە لە سەردەمی هەرزەکاریم بۆ بزووتنەوە هەمبوو ئەگەرچی درزی نەبرد، بەڵام کاڵ بۆوە و تا ڕادەیەکیش بەرامبەری هەڵوێستی ڕخنەگرانەم گرتە بەر!

یەکەمین عارەقخواردنەوە و زللەی پوورم

چەند ڕۆژ دوای ئازادبوونم لە زیندان، بۆ ئەوەی لە خەمۆکی بێمە دەرێ، منیان نارده ماڵی پوورە زێنەبم لە مەهاباد و بۆ یەکەم جار خواردنەوەی ئەلکۆلیم تاقی کردەوە. خاوەن ماڵەکەی پوورم لە گەڕەکی مەحموودکان[1] خاوەن بۆڵدۆزەرێکی بە کەیف و دەماخ بوو. زوو زوو دەچوومە ماڵی پوورم، بەڵام ئەوانم زۆر نەدەبینی. ئەمجارەیان من و ئەمیری لە حەوشەکەدا بینی و وتی: "ئەتوو برازای زێنەبی کە لە زیندانێ بوویە"؟ وتم بەڵێ. وتی: "ئەوشۆ بەرنامەمان هەیە، دەگەڵ ئەمیرێ وەرنە سەرێ پێکەوە دانیشین." ئەمیر وتی: "با ئیجازەی وەرگرین دێین." شەو دەنگی ساز و ئاواز لە ماڵیان هەستا، منیش ئەمیرم دنە دەدا کە ئیزن لە پوورم وەربگرێ و ئێمەش بچین. بەڵام ئەمیر بە قسەمی نەدەکرد، هەتا ئەوەی کە خاوەن ماڵەکە کچەکەی نارد و وتی بە ئەمیر و کامیل بڵێ بێنە سەرەوە. پوورە زێنەبم وتی: "لازم نییە، ئەوان لە سەرێ لەو زەهری مارەی دەخۆن، ئێوەش فێر دەبن" منیش گوتم: "نا بابە فێر نابین!" ئەو کەسەی وا مەشرووبەکەی هێنابوو، شاتری نانەواخانەی لای ماڵیان بوو. خوا هەڵناگرێ دەنگێکی خۆشی هەبوو و گۆرانی دەگوت. گوتم: "ئەوان گۆرانی دەڵێن. ئیجازە بدە ئێمەش بچین و گوێ بگرین". دوای زیندانچوون ئازیزتر ببووم، پوورم ملی دا بچین بەڵام وتی: "ئەمنیش دێم دەگەڵ ژنی ساحێب ماڵەکە سەوزی پاک دەکەم". زیاتر بۆ ئەوە دەهات کە چاودێریمان بکا کە عارەق نەخۆینەوە. ئێمە چووینە سەرەوە. بەڕاستی پێم وا نەبوو بەرنامەی خواردنەوەیان ئاوا ئاشکرا بێ، چووین بە سەریاندا، چ دەبینین، ماست و خەیار و زەڵاتە و میوە و دەفرێکی چوار لیتریی خواردنەوەیەکی هاوڕەنگی ئاو دانراوە. تا ئەوکات مەشرووبم ئەوەندە نەبینیبوو، نە ئەزموونم هەبوو و نە دەمزانی عارەق چییە، بەڵام ناوی بیرە و ڤیسکیم، کە لە عێراقەوە دەهات، زۆر بیستبوو. ناوی "عارەق"م بیستبوو بەڵام نەمدەزانی بۆچی پێی دەڵێن "عارەق سەگی". کە دانیشتم، خاوەن ماڵ پەرداخێکی بۆ تێکردم و وتی: "بیخۆوە، کوڕە تا ئێستا عارقت خواردووەتەوە؟" وتم ناوەڵا. پوورە زێنەبم هات و خاوەن ماڵەکە خێرا

---

١ . "مەحموودکان" یەکێک لە کۆنترین گەڕەکەکانی شاری مەهاباد کە بە هۆی بوونی گردێکی مێژوویی لە بەشی ڕۆژاوای مەهاباد هەمیشە جێگەی سەرنج بووە. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، بە هۆی ئەسپاردنی زەوییەکانی بەشی ڕۆژاوای مەحموودکان بە عەشیرەتە چەکدارەکانی مەنگوورِ و نیشتەجێبوونیان لەو گەڕەکە؛ ئێستا مەحموودکان یەکێک لە گەورەترین گەڕەکەکانی ئەو شارەیە.

عارەقەکەمـی شـاردەوە. چونکـە پێکـەوە شـۆخی و جەفەنگیـان هەبوو، پـوورم وتـی: "وەهـا و وەها لێهاتـوو ئـەم کـوڕە ئەهلـی ئـەو کارانە نییە عارەقـی پێ مەدە!" کاتێـک پوورم لەگـەڵ ژنی خاوەن ماڵەکـە چوونـە ژوورێکـی تـر، کابرا دیسـان پەرداخێکـی دیکەی تێکـرد و وتـی: "هەتا پـوورت دیار نییـە بیخـۆوە." نەمدەویسـت بیخۆمـەوە یان دەترسـام بیخۆمـەوە، بـەڵام ئەوەندە پەشـۆکابووم کە نیوپەرداخـی ئـارەق سـەگییەکەم خـواردەوە، نەدەبـا خـۆم کـەم بگرتایە. کـە خواردمـەوە هەتا ئەو جێگایـەی کـە چـووە خـوارێ سـووتاندی، گێژ ببـووم هێڵنجـم دەدا هەتا ئـەوەی کـە خەیارێک و چەنـد دانـە پفەکـی پێـدام و وتـی بیخۆ. بەپەلە خـواردم و بە تـام و بۆنە ناخۆشـەکەی دڵم تێکەڵ دەهـات. پـوورم هاتـەوە نـاو ژووری میوانـەکان و دەبـا وا خۆمـم دەربخسـتایە کـە حاڵم زۆر باشـە، جـوان لێـم ورد بـووەوە و وای زانـی ئێمە کوڕی چاکین و ژیرانە دانیشـتووین، ئیتر چـووە خوارەوە.

خـاوەن ماڵەکـە دیسـان پەرداخەکـەی بـۆم پـڕ کرد و لـەو زەختکـردن و لە منیش نـا وتن. ئەو کابـرا عەقڵـی پـێ نەدەشـکا کـە مـن یەکـەم جارمە عـارەق دەخۆمـەوە دەبا کـەمتری پێـم بدابایە یـان تێکەڵـی شـتێکی بکردبـا و پێـی دابـام. بـە ڕاسـتی ئـەو عارەقـە ژاری مـار بـوو .... کۆتایـی شـەو خـۆم پـێ نەدەگیـرا و تلاوتلـم دەکرد. بـەڵام خۆم بە کەسـێک دەزانـی کە گەورەیـە و بووەتە هاوپەرداخـی پیـاوان. کۆتایی شـەو دەموچاوم وەک چەوەندەر سـوور سـوور هەڵگەڕابوو و هەر کە لـە پلیکانـەکان هاتمە خوارەوە پوورم زانی مەسـتم وتـی: "حەرامزادە عارەقت خواردووە؟" ویسـتم بڵێـم نـا، بـەڵام هێـزی نا وتنیشـم نەبـوو! ئەوەنـدەم نەزانـی زللەیەکی لێم ڕاکێشـا. چەندە سـوور بـووم ئەوەنـدەی دیکـەش سـوور بوومـەوە، چاوم پـڕ بوو لە ئاو. وتـی یان چاکتر بڵێم هـاواری کرد: "بـڕۆ بتۆپـە! بە خوڵا سـبەی بە ئەووەڵین مینیبووسـی دەتنێرمـەوە ماڵی خۆتـان". ئەوەندە وەزعم شـپرزە بـوو کـە توانـام نەبـوو دەمەقاڵێی لەگـەڵ بکەم، خەوتـم و بەیانـی زوو کە ئەوان هێشـتا لە خـەودا بـوون، جـا لـە ترس بێ یـان لە شـەرمەزاری، لە خەو هەسـتام و چـووم بـۆ گاراژ، گەڕامەوە ماڵـەوە و پێـم وایـە هەتا ماوەیەک بـە لای مەهابـاددا نەچووم.

لـەو کۆمەڵگایـەی کـە من لێـی دەژیـام، ئەزموونـی عارەقخواردنەوەی[1] کـوڕان و هـەرزەکاران بـەو شـێوە ڕووی دەدا و ئـەوەی پەیکـی عارەقیـان پـێ دەدا خـزم و ناسـیاوە. بـەڵام مەخابـن کەم وا هەیـە کـە لەبـەر چـاوی باوکیـان تەنانـەت ئەگـەر مەزهەبیـش نەبـێ عـارەق بخۆنـەوە. چونکـە هەمیشـە لەلایـەن باوکیانـەوە بڤەیـان لێ دەکـرێ و ئامـۆژگاری دەکرێن، یـان پەیوەندی نزیکی بـاوک و کـوڕ لـەم کۆمەڵگایـەدا هەمیشـە پڕ لـە ئاڵنـگاری و ناخۆشـییە. ڕەنگە بتوانیـن بڵێین کە

---

١ . لێکۆڵینەوەیەکی جیهانی لە گۆڤاری لەنسـێت ئەو ئەنجامەی دەرخسـتووە کە خواردنەوەی کحۆل تەنانەت کەمەکەشـی سـوودی بۆ تەندروسـتی نییە و باشترین پێشـنیار ئەوەیە کە کحۆل بە هیچ چەشـنێک نەخورێتەوە. تەنانەت زۆر کەس پێیان وایـە زیانەکانـی مـەی بـۆ تاکـەکان و کۆمەڵـگا و زیادبوونی ڕێـژەی تاوانەکان لـە زیانی مادە هۆشـبەرەکان زیاترە. سیسـتەمی سـەرمایەداری بـۆ فرۆشـتنی زۆرتریـن ڕێژەی مەی ئەم پیشەسـازییەی لـە ڕادەبەدەر سـەرنجڕاکێش کردووە و دەسـتڕاگەیشتن بە مەی زۆر ئاسـانە.

پێکهاتەی خێزان لە پێکهاتەی حکومەتەوە سەرچاوەی گرتووە و سروشتی چوارچێوەی بنەماڵە هاوشێوەی سروشتی پێکهاتەی دەسەڵاتە. لەو کۆمەڵگایانەی کە دەسەڵاتی ناوەندییان هەیە، پێکهاتەی بنەماڵە بە لاساییکردنەوە لە سیستەمی دەسەڵات، بە ناوەندێتیی باوکێکی هەمیشە ڕژد و وشک بیچم دەگرێ کە پەیوەندییەکی خۆش و نزیکی لەگەڵ کوڕەکانیاندا نییە. هەڵبەت هەرزەکار لە کاتی یەکەم ئەزموونی عارەقخواردنەوەدا هەست بە ترس و گوناهـ و شەرمێکی تێکەڵ بە لووتبەرزی و پیاوەتی دەکات. ترسەکەش لەبەر ئەوەیە کە خواردنەوەی مەی لە کۆمەڵگادا قێزەونە و ئەو کەسەش کە عارەق دەخواتەوە کارێکی قەدەغەی لێ وەشاوەتەوە.

لە ژێر سەقفی کوورەخانەدا

کارکردن لە کوورەخانەکانی کارگەی خشتپێژیدا، لە سەرەتای چلەکان تا حەوتاکانی هەتاوی (١٣٤٠ -١٣٧٠) بەردەوام بوو. بۆ ماوەی چەند دەیە، کوردانی ناوچەی موکریان بەتایبەت مەهاباد، نەغەدە، سەردەشت، پیرانشار و گوندەکانی دەوروبەر کە زەویی کشتوکاڵییان نەبوو، ناچار دەبوون لەگەڵ بنەماڵەکانیان بە نیازی کارکردن لە کوورەخانەی کارگەکانی خشتپێژیدا ڕوو لە پارێزگاکانی دیکە بکەن. دانیشتوانی گەڕەکە پەراوێزخراو و سنوورنشینەکان هەرزانترین هێزی کار بوون کە ملیان بەم کارە تاقەتپڕووکێنە دەدا.[1] کارگەی خشتپێژیی ئەو شارانە بە سەدان کیلۆمەتر لە کوردستانەوە دوور بوون، بەڵام ئەم کارە سەخت و بڕسکبڕە بە داهاتێکی بژی و مەمرەوە بۆ خەڵکی کەمدەرامەتی کورد تروسکاییەک بوو. کارکردن لە کوورەخانەی خشتپێژی وەرزانە بوو و لە مانگی دووەمی بەهارەوە هەتا پاییز بەردەوام بوو. سەرکرێکارەکان دەبوو هەر لە زستانەوە ناوی کرێکارانیان بنووسیبا بۆ ئەوەی لە کوورەخانەیەکی خشتپێژیی دیاریکراودا کار بکەن و هەندێ جاریش یارمەتی یان بڕێ پارەی

---

١. بەهۆی زۆریی ژمارەی ئەو کەسانەی کە خوازیار و چاوەڕێی کار بوون و لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بەمانە دەڵێن سوپای یەدەگی کار لە دیدی سەرمایەدارەکانەوە، خاوەنکارەکان وایان پێ باشتر بوو کە بە کەمترین حەقدەست بە پێی کاتژمێر، ژن و پیاوی سنوورنشین بچەوسێننەوە. ئەمە هەمان چەوساندنەوەی کرێکارە لە ڕوانگەی سۆسیالیستییەوە، کە پێیان وایە کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکان کاری قورس و تاقەتپڕووکێن بە کەمترین حەقدەست و بێ هیچ ئیمکانیاتێکی لاوەکی بە کرێکارانی هەژار دەکەن. لە ناو ژینگەی کاری خشتپێژیدا، جگە لە سەختیی کارەکە، شوێنێکی زۆر قێزەونە و زۆر جار کرێکارانی کارگە خشتپێژییەکان تووشی حاڵەتی لەخۆنامۆبوون دەبن. لەخۆنامۆبوون گوزارشت لە حاڵەتێک دەکا کە تاکەکان بەهۆی ژیانکردن لە ناو کۆمەڵگەیەکدا کە لە چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان پێک هاتووە و لەبەر ئەوەی ئەوان وەک چینی کرێکار هەژمار دەکرێن، لە سروشتی مرۆیی خۆیان دوور دەکەنەوە یان هەست بە نامۆبوون دەکەن. لە چوارچێوەی بەرهەمهێنان لە ناو سیستەمی سەرمایەداریدا دەتوانین تیۆریی لەخۆنامۆبوون شرۆڤە بکەین کە کرێکار توانای دیاریکردنی ژیان و چارەنووسی خۆی لەدەست دەدات. تەنانەت مافی هەڵبژاردن و بڕیاردانیشیان (ناوشیارگە) بۆ هەمیشە لێ دەسەندرێتەوە، بە شێوەیەک کە ئەم حاڵەتە کەسایەتیی ئەو کرێکارە کە دەرەنجامی کارەکانیەتی دیاری دەکا و کار دەکاتە سەر شێوازی پەیوەندیی ئەو کرێکارە لەگەڵ کەسانی دەوروبەری و هەروەها کارێکی وا دەکا کە ئەو کرێکارە لەو بەروبووم و کەلوپەلەی کە ئاکامی دەسترەنجی خۆیەتی، خۆی بە هاوبەش نەزانێت.

پێشوەختەیان پێدەدان کە هاتنیان دەستەبەر کرابێت. منداڵان و ژنانیش شانبەشانی پیاوان لەم کارەدا بەشدار دەبوون. ئیتر پارەکە نەختی بوو و لانیکەم خێزانەکان بە برسێتی ڕۆژیان نەدەکردەوە. ئەم کوورەخانەی خشتپێژییە کۆنانە، ئێستا مۆدێرن بوونە و ئامێرەکان جێگەی کرێکارانی دەستییان گرتۆتەوە و کرێکارانی کوورەخانە ئێستا بێکارن. کەواتە هیچ سەیر نییە کە خەڵکی ئەم ناوچە و ناوچە سنوورییەکانی دیکە ڕوویان کردۆتە کۆڵبەری، هەندێک جاریش لە هەوڵی پەیداکردنی بژێویی ژیانیاندا، دەبنە قوربانی.

پێشتر باسم کرد کە من و مامم زۆر یەکترمان خۆش دەویست. لە یەکێک لە ئاوارەبوونەکانماندا بۆ نەغەدە، مامم و بنەماڵەکەی بۆ کارکردن چوونە کوورەخانەی خشتپێژی. حەبیبە لای ئێمە مایەوە و کاتێک تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ تەواو بوو، مامم بە دوایدا هات و داوای لە بابم کرد کە منیش بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ خۆیان ببەن. منیش بۆ هاوکاریکردنی ماڵی مامم وەڕێ کەوتم و هەموومان بە مینیبووس ڕۆیشتین بۆ مەلایێر. کوورەخانە خشتپێژییەکان بە هاویندا کاریان تێدا دەکرا و زۆرێک لەوانەی لە کوردستاندا دۆخی ئابوورییان باش نەبوو و منداڵی زۆریان هەبوو، ڕیی شارەکانی مەلایێر، هەمەدان، ئەردەبیل و شوێنانی دیکەیان دەگرتە بەر. مامیشم دۆخی ئابووریی باش نەبوو و شەش منداڵی بە ئاسانی بۆ بەخێو نەدەکرا، ئەگەرچی بابم چاوی پێوە بوو و هاوکاری دەکرد، بەڵام دەرەقەتی خەرج و بەرج نەدەهات و لە هیچ کارێک سڵی نەدەکردەوە.

من و حەبیبە دەمەقرێی ئەوەمان بوو کە کێ لای پەنجەرەکە دانیشێ، منیش فێڵم لێکرد و وتم پێنج سەعاتی یەکەم من لای پەنجەرە دادەنیشم، ئینجا نۆرەی تۆیە. کە گەیشتینە لای میاندواو، حەبیبە نقوورچکێکی توندی لێم گرت و بە قەڵسییەوە وتی: "چا تۆخوڵا من چەند گێلم! خۆ پێنج سەحاتی دی شەوە و ناتوانم هیچ ببینم". لە تەنیشت پەنجەرەکە دانیشتبووم و سەیری دەرەوەم دەکرد. زۆری نەخایاند باران بارین دەستی پێکرد و ئاو لە درز و کەلێنی پەنجەرەی مینیبووسەکەوە دڵۆپ دڵۆپ دەتکا. بە بەدفەڕییەوە بە حەبیبەم گوت: "وەرە جێگاکەو بگۆڕین و تۆ دەرێ چاو لێ کە". ئیتر ئاوا خۆمم لە تەڕبوون قوتار کرد.

نزیکەی کاتژمێر چواری بەیانی بوو کە دابەزین. نە شار بوو، نە دێ، چۆڵەوانی بوو. تازە کازیوە دەرکەوتبوو و هەوا زۆریش تاریک نەبوو. مامم باش شارەزای ڕێگاکە نەبوو و نەیدەزانی لە کوێ دابەزێت. دووجار بە هەڵە پاسەکەی ڕاگرت، لەبەر ئەوەش هەموو کەوتنە بۆڵە بۆڵ، ئەویش کاتژمێر ٣ یان ٤ی بەیانی کە سەرنشینەکان پرخەیان ڕۆژە ڕێیەک دەڕوات. دواجار دابەزین، سواری وانێتێک بووین کە شیری پێ بوو و لە شوێنێکی پڕ لە تەپۆڵکەی قوڕین دابەزین. من لە منداڵیدا کوورەخانە خشتپێژییەکانی ئەردەبیلم[1] بینیبوو، چونکە بابم

١.. کوورەخانەی خشتپێژیی نەریتی کە لە ئێران پێی دەڵێن کوورەخانە، کارکردێکی کۆنیان هەیە. خشتی دەستی یان

ماوەیەکی کورت لەوێ ئیشی کردبوو. دەمزانی تەپەی قوڕ دروست دەکەن و دوایی دەیکەن بە خشت.

وێنەی ١٢٠. بنەماڵەیەکی کورد لە کوورەخانەی خشتپێژیدا

ئێمە بیست و پێنج کیلۆمەتر لە مەلایێر[1] دوور بووین. دۆخەکەم کە بینیی، تۆقام. سەد خۆزگەم بە ئاوارەییەکەی خۆمان. خەڵک لە بارودۆخێکدا دەژیان کە بە ڕاستی بۆ ژیان نەدەبوو. سارایەکی پان و بەرین بوو کە بە هەڵکردنی بایەک تەپ و تۆز وەهای دەکرد وەک ئەوەی گەردەلوول هاتبێ. هەمیشەش با هەڵی دەکرد، جا بیهێننە بەرچاوتان کە دۆخەکە چۆن بوو. شوێنی نووستنی کرێکاران خانووی بچووکی کاگڵی بەسەر یەکەوە بوو، سەقفی کورت و هۆدە هۆدە. کە چوومە ئەوێ، سەرم سووڕما ژوورێکی بچووکی پڕ لە منداڵی ورتکە. دوو کەس بەزەحمەت دەیانتوانی تێیدا بخەون و بژین، چ جای بنەماڵەیەکی پڕحەشیمەتی وەکوو مامە ئەحمەدم.

لەبەردەم دەرگای هەر ژوورێکدا توالێتێکی لێ بوو، لەبری دەرگا، تەلیسیان پێوە هەڵواسیبوو. هەر جارێک ویستبات بچیتە توالێت، دڵەڕاوکێی ئەوەت بوو کە نەکا یەکێ بۆ خۆبەتاڵکردنەوە تەلیسەکە لادا و خۆی بکا بە ژوورا. ئیتر با باسی ئەوە نەکەم هەمیشە بۆنی دەهات و چاڵاوی ئاوەڕۆکەی هەمیشە پڕ لە میز و گوو بوو، خاوەنکارەکەش هیچ پارەی بۆ

نەریتی خشتێکی گڵینە کە هەموو کارەکانی لە سەرەتاوە و لە قۆناغی دابینکردنی قوڕ هەتا قۆناغی قاڵب‌گیری و پێژانی لە کوورەخانە بە ئامێری دەستی بەرهەم دەهێنرێت. لە ئێراندا لە هەر شوێنێک بەرد کەم بێ و خاکێکی باشی هەبێ، خشت‌سازی و بەکارهێنانی خشت باو بووە (بڕوانە: زمرشیدی، ١٣٩٠، معماری ایران: مصالح‌شناسی سنتی)

١ . مەلایێر شارێکی فرەئێتنیک بوو. ژمارەیەکی زۆری کوردی لەک و کەلهوڕ و لوڕی لە خۆ گرتبوو. ئەوان شیعە بوون و خۆیان لە ئێمەی کوردی سوننە دوور خستبووەوە. پرسی شیعە و سوننە وای کردبوو کە ئێمەی کوردی سوننە کەمتر بیر لە کوردە هاونەژادەکانمان بکەینەوە کە دیارە دۆخی ئەوانیش لە دۆخی ئێمە باشتر نەبووە، بەو جیاوازییەی کە ئالوودەبوون بە مادە هۆشبەرەکان، بەتایبەتی تریاک، لەواندا یەکجار زۆر دەبینرا. بەڵام لای ئێمە زیاتر عارەق دەخورێتەوە. ڕەنگە ئەو گریمانەی کە ئالوودەبوون پەیوەندی بە هەژارییەوە هەیە، لەوێدا بە وردی بسەلمێنرێت. پێویستە بڵێین کە هەژاری پەیوەندییەکی زۆر زیاتری لەگەڵ ئالوودەبوون بە مادەدە هۆشبەرەکانەوە هەیە و پێویستە لە نێوان تووشبوون بە مادەی هۆشبەر و کحوڵ فەرق دابنێنین. لە هەر حاڵەتێکدا ئالوودەبوون بە مادەی هۆشبەر پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ فەزای کۆمەڵایەتی و ژیاوی خەڵک و ئەو بارودۆخەوە هەیە کە باڵی بە سەر ئەو شوێنەدا کێشاوە و مادەی هۆشبەر وەکوو ئازارشکێن و وڵامدانەوەی خواستە سەرکوتکراوەکان و نەهامەتییەکانیان ئیش دەکا و هەندێ جاریش کارکردی هەیە.

بەتاڵکردنەوەی ئەو ئاوەڕۆیە خەرج نەدەکرد. کاتێک دەچوویتە ناو ئەم ژوورە بچووکانە، لە سووچێکیدا چێشتخانەیەکی بچووکی هەبوو کە بە چرای نەوتی چێشتیان لێ دەنا.

دەوامی کوورەخانەی خشتپێژی لە کاتژمێر پێنجی بەیانییەوە دەستی پێدەکرد. من و مامم و ئامۆژن و حەبیبە و شاناز دەچووینە سەر کار و منداڵەکانی دیکەش دوای ئێمە دەهاتن. ئەوان زیاتر کاری سووکتریان دەکرد، بۆ نموونە هەڵگەڕانەوەی خشتە وشکبووەکان بۆ ئەوەی هیچی لێ نەیەت. ئیتر هەموومان بە جۆرێک ئیشمان دەکرد، جگە لە منداڵە بچووکترەکان. من و حەبیبە کێبڕکێمان لەگەڵ یەکتردا دەکرد و هەمیشە ئەو دەیبردەوە. حەبیبە چوار قاڵب خشتی هەبوو، بەڵام من سێ قاڵب خشتم هەبوو و نەمدەتوانی زیاتر لەوە هەڵبگرم سەرەڕای ئەوەی کوڕیش بووم و هاوتەمەنیشی بووم، بەڵام حەبیبە هێزی جەستەیی لە من زیاتر بوو و زۆر دڵسۆزانەتر ئیشی دەکرد. هەرچەند مامم زۆر خۆش دەویست و لە هەڕەتی مێرمنداڵیدا جێی بابمی بۆم گرتبۆوە، بەڵام وەکوو حەبیبە دڵسۆزانە کارم نەدەکرد.

لە بیرمە خاوەنی خشتپێژییە کە ئۆتۆمبێلێکی جۆری ژیانی ڕەنگ زەردی هەبوو کە ئەوسا ئۆتۆمبێلێکی لووکس بوو. کوڕی خاوەن خشتپێژییە کە بە ناو ئەو شوێنەدا دەوری لێدەدا و تەپ و تۆزێکی ساز دەکرد، باوکی ئۆتۆمبێلەکەی پێدابوو. منیش بیرم لەوە دەکردەوە کە خۆزگە باوکیشم ماتۆڕەکەی بدایە بە من، بەڵام بابم ماتۆڕەکەی هەر وا بە ئاسانی پێ نەدەدام. کوڕی خاوەن خشتپێژییە کە هاوتەمەنم بوو و لەبەر جۆری هەڵسوکەوتی باوکی لەگەڵی، ئیرەییم دەبزوا. هەڵبەت لەو سەردەمەدا نەمدەتوانی لەوە تێبگەم کە ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە ڕەگ و ڕیشەی ئابووریشیان هەیە؛ باوکی ئەو خاوەن خشتپێژی بوو کە سەدان کرێکار ئیشیان بۆ دەکرد، بەڵام باوکی من کاسبکارێکی دەستنەڕۆیشتووی خاوەن فەرهەنگێکی نەریتی بوو. خۆ بابم منی زۆر خۆش دەویست بەڵام ڕوانگەیەکی نەریتی هەبوو و وریا بوو کە نەکا سنووری نێوان باوک و فرزەندیمان بشەمزێت. من بەراوردکاریم دەکرد و ئیرەییم دەبرد، بەڵام ئێمە لە بنەڕەتەوە جیاواز بووین. ئەو جیاوازییەی کە هەم ڕەهەندی ئابووری و هەمیش ڕەهەندێکی فەرهەنگی هەبوو، ڕەهەندی ئابووری کە بە بوونی کۆمەڵایەتی دادەنرێ، هەمیشە کار دەکاتە سەر ڕەهەندی فەرهەنگی کە بوونی کۆمەڵایەتییە و فۆرمی پێدەدات.

بووم بە هاوڕێی کوڕی خاوەن خشتپێژییە کە، ڕەنگە لەبەر ئەوەی لە چاو منداڵانی دیکە شاریتر بووم و دەمزانی بە فارسی قسە بکەم و پێکەوە گۆڤارمان دەخوێندەوە. خێرا بووین بە هاوڕێ و لە ڕێگەی هاوڕێیەتیمانەوە خاوەن خشتپێژییەکەش لەگەڵ مامم پەیوەندییەکی باشتری ساز کرد. بە تێکەڵبوون لەگەڵ ماڵی خاوەن خشتپێژییە کە هەستی دەسەڵاتداریم دەکرد و خۆم بە گەورە دەزانی. خاوەن کارگەکە، کوڕەکەی کە کەمێک لە من بچووکتر بوو، بە من دەسپارد و هەمیشە پێی دەگوتم وریای بی کە نەکەوێتە ناو چاوانە. لە پشت

خشـتپێژییەکە کارێزێکـی[1] پـڕ لـە کەناڵـی ئـاو هەبـوو کە زۆر ترسـناک بوو. لەو شـوێنە دەترسـا و دەیگـوت: "بابـم لـە شـوێنێکی ئـاوادا خنکا."

لـە کۆتایـی هەفتـەدا لەگەڵ مامـم دەچووینە ناو شـار و کەبابمان دەخـوارد. ڕەنگە خۆشترین ڕووداوی ئـەو کوورەخانـەی خشـتپێژییە بەیانانـی ڕۆژی هەینـی بـێ، کـە کرێـکارەکان لەبـەردەم نووسـینگەی خـاوەن خشـتپێژییەکە کـۆ دەبوونـەوە و حەقدەسـتەکانیان وەردەگـرت. وەسـتاکە چەپکـی دە تمەنـی و بیسـت تمەنـی و پەنجـا تمەنـی کـە بـە جیـر بەسـتبوو، لـە سـەر مێزەکـە دادەنـا و بـە ئینجـە و فینجـە نووسـینگە گەورەکـەی دەکـردەوە و هەر کەسـێک کە بـڕە پارەیەکی وەردەگـرت نـاوی دەنووسـی. کرێکارەکان بـە پێی ئەو کارەی کـە لە مانگدا دەیانکـرد دەیانتوانی پـارەی یارمەتیـش وەربگرن.

دەڵێـن پـارە خـودا نییـە، بەڵکـو قازیولحاجاتـە واتـا بەجێهێنـەری نیازەکانـە، لـە کۆمەڵـگای چینایەتیـدا ئـەوە پـارە و سـەرمایەیە کـە تەنانـەت بیچـم بـە کەسـایەتییەکانیش دەدات. لـە کوورەخانـەی خشـتپێژیدا بە سـەدان خێـزان تەقەلایـان دەدا بۆ ئەوەی ژیانێکی بـژی و مەمریان هەبـێ و زسـتانان برسـییان نەبـێ. سـەرەڕای ئـەو هەمـوو ماندوویەتی و چەوسـانەوە و ئیشـکردنە ژیـان هـەر بـەردەوام بـوو و زۆرن هەرزەکارانێکـی وەکـوو مـن کـە بـە خەیاڵـی کڕینـی زەفتێـک دەچوونـە کوورەخانـەی خشـتپێژی و بـە ڕادیـۆ و چەنـد دانە شریتی ئاغاسـی و هاییـدە و حومێرا دەگەڕانـەوە بـۆ ماڵ!

مامـم لـە حسـێب و کتێبـی پـارەدا ئەوەنـدە وردبیـن نەبـوو. دواتـر چەنـد جارێـک پێکـەوە شـەریکیمان کـرد، ماوەیـەک میوەمـان دەفرۆشـت و ئەو کاتیش لـە تارانەوە بە قاچـاغ ئۆڤێرکۆتی ئەمریکـیمان دەهێنا، بەڵام هەمیشـە لە کۆتاییـدا زەرەرمان دەکرد و مایەپووچ دەبووین. شـێوازی پارەدانـی خـاوەن خشـتپێژییەکە لـە کۆتایـی هەفتـەدا ببـووە هـۆی ئـەوەی هەمـوو هەفتەیـەک پـارە وەربگریـن و بچینـە شـار بـۆ ڕابواردن. شـت بکڕیـن و کەباب بخۆیـن و ئـەوەی داهاتمان بوو خەرجـی بکەیـن و بگەڕێینـەوە. دراوسـێکان بـە ماممیـان دەگوت: "ئەحمـەد تۆ ئەو هەمـووە کار دەکـەی، بـەڵام هەمـوو کۆتایـی هەفتەیـەک دەچیتە شـار و زۆربـەی پارەکەت خـەرج دەکەیت!"

منیـش بەرگـەی هەموو سـەختییەکانی کارکردنـم لە کوورەخانـە دەگرت، تەنیا لەبـەر ئەوەی

---

١ . تەکنەلۆژیـای چێکردنـی کارێـز، سـەرەتاکانی هـەزارەی یەکەمـی بـەر لـە زایین لـە ناوچە وشـکە کوێسـتانییەکانی ئێراندا پـەرەی سـەند و هەلـی بـۆ جوتیارانـی ئـەم ناوچانـە ڕەخسـاند کـە بتوانـن لـەو مـاوە دوور و درێژانـەی کـە لـە سـەر عـەرز ئـاو نییـە کشـتوکاڵ بکـەن. یەکەمیـن و دوورودرێژتریـن کارێـزی جیهـان لـە ئێرانـە. کارێـز، ئاوڕێـژ یـان کاناڵێکـە کە لە ژێـر عەرز هەڵکەنـدراوە، بـۆ ئـەوەی ئـاو بگاتـە سـەر عـەرز. ئـەم جۆگـە یـان کاناڵـە لـە قووڵایـی زەوی و بـۆ پێکـەوە لکاندنـی ئـەو زنجیرە بیرانەیـە کـە لـە شـابیرەکەوە سـەرچاوە دەگـرن. ئێرانیانـی کەونینـە کـە لـە چەندیـن هـەزار سـاڵ بـەر لـە ئێسـتاوە دەسـتیان داوەتـەوە ئـەم داهێنانـە، پێیـان وتووە کارێـز. ئەم کارێزانـە وردە وردە بە نـاو دنیادا بڵاو بوونەوە و ئێسـتا ژمارەیەکـی زۆری کارێز (قەنـات) لـە چینـەوە بگـرە هەتـا دەگاتـە مەراکیـش و تەناتەت کیشـوەری ئەمریکاش بـەدی دەکرێـن. (ر.ک: عجـم،١٣٨٣، قنـات میـراث فرهنگـی و علمـی ایرانیان)

کۆتایی هەفتە بچینە ناو شار. مامم کۆتایی هەموو هەفتەیەک من و حەبیبە و هەندێک جاریش شانازی هەڵدەگرت و دەچووینە ناو شار. جارێک یان دوو جاریش ئامۆژنمان لەگەڵ خۆمان برد. زۆر حەزمان لە کەباب خواردن بوو و نازانم بۆچی بیرمان لەوە نەدەکردەوە کە ئەو کاتانەی لە دەرێ کەباب دەخۆین بەشی ئامۆژنم یان ئەوانیتر کە لە ماڵەوە بوون، کەباب ببەینەوە. ئەو جومعانەی وا دەچووینە شار، هێزمان دەهاتەوە بەر خۆ و ئیمتیازێکی هەمیشەیی بۆ من و مامم و حەبیبە بوو کە لە بازاڕکردندا یارمەتیمانی دەدا. یەکێک لە خۆشییەکانمان ئەوە بوو کە لە منبەعی ئاوێک کە لە ڕێگای گەڕانەوەماندا بوو، مەلە بکەین. کچ و ژنەکان لە پشت گردەکەوە کە نەدەبینرا مەلەیان دەکرد یان خۆیان دەشۆرد، ئێمەش لەم بەری گردەکەوە و لەوێوە دەچووینەوە بۆ کوورەخانە.

زۆرم پێ خۆش بوو لەگەڵ کوڕی خاوەن خشتپێژییەکە بچم لە تاقە دووکانی ئەو خشتپێژییە کێک و نووشابە بخۆم. ئەو هەمیشە پارەی هەبوو و بۆ منیش کەمتر دەڕەخسا پارەم پێ بێت. بەپێی یاسایەکی نەگوتراو، گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە ئەو پارەی زیاتر بدا، هەندێک جاریش کەرامەتم نەیدەهێشت و دەموت ئەم جارە من دەیبژێرم، بەڵام خۆ ئەگەر مامم پارەی پێ نەدابام، من هیچ پارەم نەبوو و ئەوەش بۆ من زۆر قورس و ناخۆش بوو. شەوە تاریکەکانی مەلاییرم زۆر لەبیر نییە، چونکە ئەوەندە ماندوو و هیلاک دەبووین کە کاتێک دەگەڕاینەوە، ئامۆژنم خواردنی بۆ دەهێناین کە چێشتەکەشی هەمیشە بە بەهارات تیژ دەکرد و بە زۆر دەمانخوارد و خەومان لێ دەکەوت.

بە گشتی ژیانێکی سەختمان هەبوو. شەوانە هەموو گیانم دەیێشا و بەهۆی ڕاکردن بە پێی پەتی بە ناو مەیدانەکەدا ژێر قاچەکانم دەکزایەوە. لە کاتی دانانی قاڵبی خشتەکان لای یەکتر تەنیا دڵخۆشیمان ئەوە بوو کە سەر و بنی ڕیزەکان لە یەکتر نزیک بن. ئەمەش یانی کار کۆتایی هاتووە. لە یەک ڕۆژدا ناچار بووین دەیان ڕیز تەواو بکەین. سەرەتا دەبا لەم سەر بۆ ئەو سەر ڕامان بکردایەت ... تا زیاتر هەڵاتبای و خشتەکانت لە پاڵ یەکتر دابنایە، ڕیزەکان لێک نزیک دەبوونەوە و ئیدی کەمتر هەڵدەهاتی. ئەمە شەڕی دەروونیی ئێمە لەگەڵ ئیشکردندا بوو. لە لایەکی ترەوە مەیدانەکان لەیەکەوە نزیک بوون و خێزانەکان کێبڕکێیان دەکرد و خۆیان دەنواند. مەیدانی کار ببوو بە گۆڕەپانی شەڕ و ئەربابەکانیش ئەمەیان بە دڵ بوو.

تا کێبڕکێ و شەڕی نێوان بنەماڵەکان و ڕیزەکان زیاتر با، ئاستی بەرهەمهێنان زیاتر و داهاتی خاوەنکار زۆرتر دەبوو. هەر خێزانێک مەیدانێکی هەبوو کە پیاوی خانەوادە قوڕی دەهێنا و مەڵاتی دەگرتەوە، کارێکی قورس بوو و پێویستی بە هێزێکی جەستەیی زۆر هەبوو، دوای ئەوەی قوڕەکەمان بە پێ دەشێلا و مەڵاتەکەمان دەگرتەوە، مامم گەورەترین قاڵبی خشتی کە پێنج شەش دانەیی بوو دروست دەکرد و ئێمە منداڵان و بەتایبەت ئامۆژنە ئەسمەر مەیدانەکەی ئەو لامان چاو لێ دەکرد. نەدەبا لەوانی دیکە کەمتر باین. کێبڕکێی ناموسی

بـوو. هەندێـک جـار ئەوانـی تـر بـە دەنگـی بـەرز سـووکایەتیان بەمانی دیکـە دەکرد کە شـا ئێمە دوو مەیدانمـان پـڕ کـرد ئێوە هێشـتا لـە یەکێکـدا ماونەتەوە!

جیهانـی کرێـکاری توندوتیـژە. توندوتیژیـی لـە شـوێنی کاردا مرۆڤەکانیـش بەرامبـەر یـەکتر توندوتیـژ دەکات. خەڵـک لـە سـەدان کیلۆمەتـر دوورەوە هاتبـوون بـۆ ئـەوەی خەجاڵەتـی ژیـان و نـان و منداڵەکانیـان نەبـن و هەمووشـیان کـورد بـوون، بـەڵام بۆچـی لـە ناوچەکـەی خۆیانـدا کارگـە یـان خشـتپێژییەک نەبـوو کـە ناچـار نەبـن بـۆ کاری زۆرەملـی بێنـە ناوچەیەکـی تـر؟ خۆ ئەگـەر لـە ناوچەکانـی خۆیانـدا وەبەرهێنـان و کار هەبایـە هیـچ کرێکارێـک تووشـی سـووکی و پەسـتی نەدەبـوو. ئەگـەر گەشـەی ناوچـە پەراوێزییەکانـی دوور لـە ناوەنـد هاوسـەنگ بایـە، ئایـا ئـەم دۆخـە ڕەشـەمان دەبینـی؟ ناوچـە پەراوێزییـەکان لـە کۆمەڵـگای ئێرانـدا ئەوسـا و ئێسـتاش هەرگیـز چەقـی سـەرنجی دەسـەڵاتداران نەبـوون و چەندین جار لە لایەن کەسـانی جۆراوجۆرەوە بیریـان خسـتۆتەوە کـە پێویسـتە گرنگی بـە کەرتـی وەبەرهێنان و ڕەخسـاندنی هەلـی کار بدەن بـۆ ئـەوەی بژێویـی ژیـان و گوزەرانـی خەڵـک لەو ناوچانـەدا باشتر ببـێ، بەجۆرێک کـە هەندێک لـە سـەختییەکانی ژیـان و هەژاریـی ڕەها کە دەسـتوپەنجەی لەگـەڵ نەرم دەکەن کـەم ببێتەوە. بـەڵام وا دیـارە هیـچ لـە بەرژەوەنـدی سیسـتەمە حوکمڕانییەکانـدا نییـە کـە ئاوڕێک لـەم ناوچانە بدەنـەوە. ڕەنگـە لەبـەر ئـەوەش بـێ کـە خزمەتگوزاری لـەم ناوچانـەدا زۆر بـاش ناکەوێتـە بەرچاو و هەوڵـە جێبەجێکارییەکانیـان بـە شـێوەی دڵخـواز زەق نابێتـەوە، ئەولەوییـەت و خەمـی ئـەوان گۆڕینـی بارودۆخـی ژیـان و گوزەرانـی خەڵکـی ئـەو ناوچانـە نییە، چونکـە دڵسـۆزێکیان نییە.

بینینـی کوورەخانەی خشـتپێژی لە ڕووی سـەقفەوە، دەریدەخست کە بیناسازییەکەی چۆنە. هـەر کوورەیـەک هـۆدە هۆدەیـە. خشـتەکان لـە پلـەی گەرمیـی بـەرزی نـاو کـوورەدا دەپێـژن بۆ ئـەوەی لە کۆتاییدا سـوور ببنـەوە و ئامادەی بەکارهێنان بن. هەڵبەت ئـەم کوورەخانانە کارکردی تریشـیان بـۆ کرێکارەکان هەبوو و لـە کۆتایی هەفتەدا یان ئەو کاتانەی کارمـان نەبوو، پەتاتەمان بـە تەلـی ئاسـنیی درێژ سـیخ دەکرد و دەمـانبردە ناو کوورەکـە و ئەمە یەکێک لـە خۆشترینی ئەو خواردنانـەی بـوو کـە لـەوێ دەمانخـوارد. لـە کاتەکانی تـردا دوای چەنـد ڕۆژ دووکـەڵ و گازۆییل و خـاک و خـۆڵ خـواردن، دەمانبینـی کـە خشـتە خاوەکانـی نـاو کـوورەکان پێـژراون و کرێکاران پـۆل پـۆل خشـتیان دەرهێنـا و دەیانخسـتە سـەر بارهەڵگـرەکان. بـە حەسرەتـەوە چاومـان لـە دەسـتڕەنجەکانمان دەکـرد کە خەریکـە دەڕوات ...

ئەگـەر لـە کوورەخانـە کارت کردبـێ کاتێـک بە ناو شـاردا تێدەپەڕی و ماڵی لە خشـتی سـوور دروسـتکراوی شـار دەبینی، هەموو چەرمەرسـەری و داماوییەکانی کرێکارانی کوورەخانەت وەبیر دێتـەوە. بـەڵام خۆیـان هەرگیـز ناتوانـن لـە خانوویەکـی لـە خشـتی سـوور دروسـتکراودا بژیـن. شـەکەت و مانـدوو بـووم، ئـیتر بەرگـەم نەدەگـرت و توانـای درێژەدانـم نەبـوو. سـەرەڕای ئـەوەی بەڵێنـم بـە مامـم دابـوو، بـەڵام هێـزی مانـەوەم نەبـوو. ئـەوێ پڕ لـە قرژانـگ و مێـروو و نەهامەتی

و سەختی بوو. من حەزم لە سەرگەرمی بوو و ئەم شێوازی ژیانە کە هەر کاری قورس و هەڵبەت بەردەوام ناخۆشی بوو، لەگەڵ میزاجم نەدەگونجا. ڕێگەی گەڕانەوەشم نەبوو. مامم نەیدەتوانی بەم هەموو ڕێگایە لەگەڵم بێ بۆ ئەوەی بمگەیێنێتەوە ماڵ. بەڵام دواجار زۆرم بۆڵە کرد و پاڕامەوە کە بمباتەوە ماڵەوە. لەبیرم نییە چەند لە کوورەخانە مامەوە، بەڵام ئەوەندە دەزانم کە ڕەفێقی نیوەڕێ بووم.

من بۆ ئەم جۆرە کارە دروست نەکرابووم و هیچ زانیاری و تێگەیشتنێکم لە وەها دۆخێک نەبوو. من هەرگیز سەختییەکانی ئەم کارە فەرامۆش ناکەم و بۆ هەمیشە ئەم کارە بە سەختترین کارێک دەزانم کە تا ئێستا کردوومە. سەرەڕای ئەو هەموو دەرفەتی یاریکردن و بزۆزییەی کە بۆم دابینکرابوو، نەمتوانی لەوێ بمێنمەوە، هەڵبەت ئازاری ویژدانیشم هەبوو، خۆ حەبیبە و شاناز و کۆمەڵێک منداڵی دیکە مانەوە و کاریان کرد، بەڵام من ڕام کرد و بە جێیانم هێشت. ئەوان بە شۆخی بێ یان بە جیددی گاڵتەیان پێم دەکرد، بەڵام من بە ڕاستی تابشتی مانەوەم نەبوو. من و لە هەمووی زیاتر منداڵانی دیکەی ئەوێ، بە حەق منداڵی کار بووین، مانا و چەمکێک کە ساڵانێک دواتر وای لێکردم دوو لێکۆڵینەوەی لە سەر ئەنجام بەدم، یەکێکیان لەسەر زبڵگەڕیی منداڵان[1] و ئەوی دیکەیان لەسەر جۆرەکانی تری کاری منداڵان[2] لە بواری منداڵانی کار، کە هەندێک لە سەختترین و زیانبەخشترین جۆرەکانی کاری منداڵانمان لە شاری تاران و دەوروبەری تاوتوێ کرد و کاتێک لە مەیدان بووین لێکۆڵینەوەمان لە سەر ئەم بابەتە دەکرد، بینین و کارکردن لەگەڵ ئەم منداڵانە بۆ من شتێکی ئاشنا بوو. ئەزموونێک کە هەرچەندە تاڵ و دڵتەزێن بوو، بەڵام دواجار کاتێک دوو پرۆژەم لەسەر کاری منداڵان و فۆرمەکانی کاری منداڵان ئەنجام دا، هەر ئەم ئەزموونە جەرگبڕە هاوکاری کردم بۆ ئەوەی باشتر لە وردەکارییەکانی ژیان و سەختییەکانی منداڵانی کار تێبگەم، چونکە خۆشم بۆ ماوەیەکی کورت یەکێک لەوانە بووم. منیش وەکوو ئەوان سووکایەتیم پێکرابوو، شەکەت و هیلاک ببووم، بێخەوی و سەرما و سۆڵەم کێشابوو و دەست و قاچم بە هۆی بارودۆخی شوێنی کارکردنەوە بریندار ببوو. شەوانەم بە هیوا و ئاواتەوە ڕۆژ دەکردەوە. منیش ئازیزی کەسێک بووم و کەسانێک چاوەڕێم بوون. لەو مەیدانی لێکۆڵینەوەدا، خەریکی بابەتێک بووم کە بەشێک بوو لە ڕابردووم و چ توێژەرێک دەیتوانی ڕوانگەیەکی ئاوا واقیعی بۆ وردەکارییەکانی ژیانی ئەم منداڵە لانەوازانە هەبێت؟... .

دواجار مامم منی گەیاندە تێرمینالی مەهاباد و هەرچەندە خۆشی باری دارایی باش

---

١ . ئەحمەدی، کامیل. تاڵانی منداڵی: توێژینەوەیەک سەبارەت بە ناسین، ڕێگری و کۆنترۆڵی دیاردەی زبڵگەڕیی منداڵان لە تاران. وەگێڕانی نەسیم غوڵامی. دانیمارک، چاپەمەنیی ئاڤای بووف،٢٠٢١.

٢ . ئەحمەدی، کامیل. ئاسەواری چەوسانەوە لە جیهانی منداڵی: توێژینەوەیەک سەبارەت بە جۆر و هۆکار و لێکەوتەکانی کاری منداڵان. وەگێڕانی نەسیم غوڵامی. دانیمارک، چاپەمەنیی ئاڤای بووف.٢٠٢١.

نەبوو، بەڵام کاتی بەرچایی، ئەو چەپکە پارە بیست تمەنییەی کە تازە لە خاوەن خشتپێژییەکە وەرگرتبوو، لە گیرفانی دەرهێنا و بەشێکی پێدام، کە ئەوە بۆ من پارەیەکی یەکجار زۆر بوو. ئەوە یەکێک لەو خۆشترین پارانە بوو کە لە ژیانمدا وەرمگرتووە، پارەیەک کە تا مۆخی ئێسقانم سەختیم بۆ چێشتبوو و سەرەڕای لووسکەبازییەکانم کارم بۆ کردبوو. ڕەنگە ئەو کاتە بێ کە تێگەیشتم، خۆشترین پارەیەک کە وەردەگیرێ پارەی زەحمەت و ماندوویێتییە. ئەو ڕۆژانە لە دەوڵەمەندترین حاڵەتدا بووم، نازانن چ کەیفێکم دەکرد و یەکەمین وێستگەشم دووکانی ماتۆڕی لە شاری نەغەدە بوو. ماتۆڕگازییەکم بە کرێ گرت و بە ماتۆڕسواری تەواوی کووچەکانی نەغەدە گەڕام و کەڵکەلەی ماتۆڕسواریم دامرکا.

هەموو هەڵبەز و دابەزەکانی مامم

مام ئەحمەد وەک هاوڕێم بوو. هاوڕێیەک کە بۆنی بابمی لێ دێ، بەڵام لە بابم میهرەبانتر و بێخەمتر، بۆیە لەگەڵ ئەودا ئاسوودە بووم. مامم پێنج کچی بوو و دوای ساڵانێک بوو بە خاوەنی کوڕێکیش. ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێ کە منی بە کوڕی گەورەی خۆی دەزانی و دەیویست هەر کات کە پێویست بوو لەگەڵ ئامۆزاکانم بم یان تەنانەت کۆنترۆڵیان بکەم. لە تەمەنی هەرزەکاریدا ئەم هەستی دەسەڵاتەم پێ خۆش بوو و هەندێک جار ئەو ئامۆزا داماوانەم ئازار دەدا کە زۆر لە بەر دەرگا ڕامەوەستن، جلوبەرگی ئاوا لەبەر مەکەن و هتد. منێک کە لەگەڵ حەبیبە یاریمان دەکرد، ئێستا پێم خۆش بوو ڕۆڵی پۆلیس بۆ حەبیبە بگێڕم، من ڕۆڵی ئەو کۆمیتەیەم هەبوو کە لە ناو کۆمەڵگادا خەڵکیان سنووردار دەکردەوە! من نەمدەهێشت ئامۆزاکانم لەبەر درگا ڕابووەستن و چاو بگێڕن، کەچی دواتر خۆم ڕادەوەستام و هەر ئەو کارەم دەکرد. هەرچەندە ئەم ماوە زۆر بەخێرایی تێپەڕی و من بوومەوە بە کامیلەکەی جاران و درێژەم بە هاوڕێیەتی لەگەڵ حەبیبە دا. بەڵام نوکتەی ئەم بابەتە لەوێدایە کە من لە ماڵی خۆماندا ئەو دەسەڵاتەم بە سەر خوشکەکانمدا نەبوو، هەڵبەت تەبیبە و مەحبووبە لە من گەورەتر بوون. بابم نەیدەهێشت من ئاوا لەگەڵ خوشکەکانم بجووڵێمەوە و بە جۆرێک ئەم بێدەسەڵاتییەم لە ماڵی ماممدا قەرەبوو دەکردەوە![1]

چەند جارێکی تر لەگەڵ مامم شەریکیمان کرد. هەرچەند هەموویان کاتی بوون، بەڵام

---

١ . پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئایینی و سیاسیی کۆمەڵگا تا ڕادەیەکی زۆر و بە ئاشکرا لەلایەن پیاوانەوە بەڕێوە دەبرا و زیاتر بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی پیاوان فۆرمی گرتبوو. وەها پێکهاتەیەک، بەبێ یارمەتیی یاسا و فەرهەنگ، بە تەنیا ناتوانێ خۆی بەرهەم بێنێتەوە. لە کۆمەڵگا چینایەتییەکاندا هەر حاکم و دەسەڵاتدارێک لە ناتەبایی تێدەگات؛ بەڵام بەرگەی دژایەتیکردن ناگرێ و بە پیلانی دەزانێت. خودی سروشتی دەسەڵات ئەمەیە؛ جا چ بۆ کۆنترۆڵکردنی کچە مامەکانت بێ کە باوکیان داوای لێ کردووی و چ ڕێبەری کۆمەڵگایەکی گەورەتر بیت. دەسەڵات وەکوو دوو باڵی هەڵۆ وایە کە ناهێڵێ مرۆڤ چەپ و ڕاستی خۆی ببینێ و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش تەنها بەرچاوی خۆی دەبینێ و ئەگەر بە هەر هۆکارێک هەست بە جووڵەی ئەودیوی باڵەکانی بکا بە پیلانی دەزانێ و لەناوی دەبات.

هەر یەک ئەنجامیان هەبوو. مامەڵەی خێرا، دەستفرۆشی و هتد. ڕۆیشتنمان بۆ تاران بۆ هێنانی ئۆڤێرکۆتی ئەمریکی یەکێک بوو لە ساتە خۆشەکانی شەریکیمان. لە بازاڕی لالەزار ئۆڤێرکۆتەکانمان دەکڕی و تۆپەڵەمان دەکرد و دەمانئاخنییە ناو تەلیسێک. مامم لەگەڵ پاسدارێکی ناوچەکە هەماهەنگی کردبوو و لە یەکەم خاڵی پشکنینی سپای پاسدارانی پارێزگاکەمان لە شاری میاندواو، ئۆڤێرکۆتێکمان پێدەدا و لە کۆڵ خۆمان دەکردەوە. من لەو جلە سەوزە و ئارمی سەر گیرفانەکەی دەترسام. ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی (٢٠٠٩ ز) کە گەڕامەوە بۆ ئێران و لێکۆڵینەوەم دەستپێکرد، هەمیشە ترسم لە سپای پاسداران و ئیتلاعات هەبوو و ئەم ترسە بە گرتن و چوونە زیندانی ئەوین گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. دیارە ئەم ترسە ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە لە تەمەنی هەرزەکاری و لە کاتی دەستبەسەربوونمدا ئەشکەنجە کرابووم.[1] هەڵبەت ئەو پاسدارە بەرتیلخۆرەش هەستی دەسەڵاتی پێبەخشیم، بەخۆمم دەگوت کە ئەوە کەسێکی گەندەڵە و توانیومانە بیکڕین، بۆیە بە جۆرێک خەریکە تۆڵە لەو سیستەمە دەکەینەوە! هەندێک جار بە بزەیەکی تەوساوی و ئەنقەست ئەم هەستەم بە پاسدارەکە پیشان دەدا. ئۆڤێرکۆتەکەی لێمان وەردەگرت و پێی دەگوتم: "بڕۆ سەرێ، بۆچی لێرە ڕاوەستاوی؟" نازانم چی پێش هات، ڕێگاکانیان داخست یان ئەو ئەفسەرەیان گواستەوە و نەمانتوانی درێژە بەم کارە بدەین.

ئەزموونی کارکردن لەگەڵ مامم لە تارانەوە هەتا گوندەکانی کوردستان بەردەوام بوو. ماوەیەک مامم پیکاپێکی بەکرێ گرت، لە بازاڕی تەڕەباری ورمێ میوەی دەکڕی و لە گوندەکاندا پێکەوە دەمانفرۆشت. من حیساباتەکانم دەکرد و مامم بە تەرازووەکەی میوە و سەوزەی دەکێشا. سەردانی دێهاتی جۆرراوجۆرمان دەکرد، کە ئەزموونێکی خۆش بوو. پێم وایە ئەو ماوەیەی کە میوە و سەزوەمان دەفرۆشت زۆربەی گوندەکانی سەردەشت،

---

١. هەر لەم دواییانەدا، واتا گەلاوێژی ١٣٩٨ی هەتاوی (ئابی ٢٠١٩)، کە ئیتلاعاتی سپای پاسداران لە تاران دەستگیریان کردم، جلەکانی جارانیان لەبەردا نەبوو، بەڵام ڕۆژێک پشکێنەرەکەم کە کاغەز لەبەر دەستیدا نەبوو و یەکێک لە پەڕە کۆنەکانی لێپچێنەوەی کە لۆگۆی سپای پاسدارانی لەسەر بوو، نایە بەر دەستم بۆ ئەوەی وڵامی پرسیارەکان بنووسم، دەبا ڕوخسارمتان بدیبایە ... خۆ ئەوەندە لە لێپچێنەوە و زیندانی تاکەکەسی نەدەترسام کە لەم لۆگۆیە دەترسام! چونکە گرژی و شەڕی ناوچەکە و گرتن و زیندانیکردنی بابم و کۆمیتە و دواییین جاریش دەستگیرکردنی خۆم لە تەمەنی هەرزەکاریدا و هەموو ئەو لێدان و ئەشکەنجانەی وەبیرم هێنایەوە. وەک شتێ ئەزموونی زیندان و ئەشکەنجەی بەردەوام دەبێتە بەشێک لە ڕۆح و دەروونی مرۆڤ و هەر بینا لەوانەیە دووبارە ببنەوە. وەک پەندێکی عەرەبی دەڵێ: "من خاف شیئا فقط نالە" واتا لە چی بترسی بەسەرت دێت. مرۆڤ تەنیا بە مردن یادەوەریی زیندان و ئەشکەنجە فەرامۆش دەکات. ئەو کەسانەی تووشی زیندان و ئەشکەنجە بوونەتەوە وەک شتێ ژیانیان بەسەر دوو نیوەی ژیانی پێش زیندان و ژیانی دوای زیندان دابەش دەبێ و جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئەم دوو نیوەدا هەیە. ئەو کەسە تەنانەت کەسایەتی و خووخودە و هەست و نیگەرانییەکانیشی بەسەر دوو نیوەی پێش زیندان و پاش زیندان دابەش دەبێت. ئەمە سروشتی ترسناکی پێکهاتە و کارکردی زیندان بە ئێمە پیشان دەدا و دەریدەخا کە تا چەندە زیندان دەتوانێ لە بنیاتنانی و بەرسازکردنی زەین و مێشکماندا پشک و ڕۆڵی هەبێت. ئەوە وتەی ئەو گەورەبیرمەندانە پشتڕاست دەکاتەوە کە هەمیشە دانیان بەوەدا ناوە کە ناوەندەکانی دووبارەپەروەردەکردنەوە و چاکسازیی وەک زیندان هیچ کارکردێکی ئەرێنییان نییە.

مەهاباد، پیرانشار و نەغەدە گەڕاین. مامم حەزی لە حەقایەت گێڕانەوە و حەقایەت بیستن بوو و پیاوێکی سوحەبتچی و قسەخۆش بوو، پەیوەندیمان لەگەڵ لادێییەکان باش بوو. کە دەگەیشتین پیاوەکان لەسەر مەزراکانیان بوون و ژنەکان دەهاتن بۆ کڕین. فەزای کراوەی گوند وای دەکرد کە ئاسانتر لەگەڵ خەڵکی ناو دێ تێکەڵ بم. بینینی ئەم فەزایە بۆ من خۆش بوو. چونکە لە من وا بوو لەوێ مرۆڤەکان یەکڕوون و خەڵکی لادێ خودێکی ئایدیاڵ لە خۆیان پیشان نادەن کە لەگەڵ خودی ڕاستەقینەیان کە ساف و سادەن، زۆر دوور بێت و بە بێ سانسۆڕ و نیگەرانی هەستی خۆیان دەردەبڕن. ئەمە بە لای منەوە پڕبایەخە و ئێستاش هەر وایە. لە هەندێک ڕووەوە سیستەمی گوندنشینی لە پێکهاتەی شار کراوەترە. ژنەکان زۆر بە کراوەیی پێکەوە شۆخی دەکەن و پێدەکەنن. لە ڕێگادا مامم و شۆفێری پیکاپەکە کە سمێڵێکی فشی هەبوو، یادەوەرییەکانیان لە سەفەر و ڕابواردنەکانیان بۆ یەک باس دەکرد. لە ناوەڕاستیاندا دادەنیشتم، چاوم لەسەر دەندە و فەرمان و گوێم لە قسەکانیان بوو بۆ ئەوەی هەتا دواوشەی لەبەر بکەم.

من و مامم لەم کارەشدا سەر نەکەوتین و مایەپووچ هاتینەوە. ئەم کێشە هەرگیز لە نێوان من و ماممدا یەکلایی نەبۆوە، کە بۆچی هەمیشە نە تەنها قازانجمان نەدەکرد بەڵکوو دەستمایەکەشمان لەدەست دەدا! هەڵبەت من هیچ کارە بووم و سەرەندەری خەرج و بەرجم نەدەکرد، بەڵام مامم لە من گەورەتر و بەئەزموونتر بوو، چاوەڕوان دەکرا باشتر چاودێریی پارەی بکردایە. کاتێک بابم دووکانێکی لە ناوەڕاستی شار کڕی، دووکانەکەی دا بە دەست من و مامم، شەقامی ئازادیی شەرقی و دەوری مەیدانی ئازادی ئەوسا هێشتا نەببوو بە ناوەندی بازرگانیی شار، بەڵام بابم پێشبینی کردبوو و دواتر هاتە ئەم دووکانە، بەڵام پێشتر دووکانەکەی دا بوو بە من و مامم و ئەمە دواییین کار یان باشتر بڵێم پیاوەتیی بابم دەرحەق بە ئێمە بوو. وتی: "بە بێ ئەوەی کرێ بدەن بۆ خۆتان کاسبی بکەن" بابم دیسان دەستمایەی پێ داین! مامیشم بڕێک پارەی هەبوو و کاری میوەفرۆشیمان لەم دووکانەدا دەست پێکرد. دووکانەکە بوو بە یەکێک لە باشترین شوێنەکانی شار بۆ کڕینی میوە و خەڵک لە هەموو لایەکەوە دەهاتنە لای ئێمە میوە و سەوزەیان دەکڕی، بەڵام دیسان زەرەرمان کردەوە و کارەکەمان لە سێ چوار مانگ زیاتری نەخایاند. میوەکان دەمانەوە و دەڕزان. مامم دۆست و برادەری زۆر بوو کە زۆر زوو متمانەی پێدەکردن. هەر کەسێک بهاتبایە دەیبردە پشت دەخڵەکە و لە کار و کاسبیدا تەگبیری پێویستی نەبوو. نازانم چی ڕووی دا، بەڵام لە کۆتاییدا ئەم دەستمایەشەمان بەفیڕۆ چوو ...

پاش کۆکردنەوەی دووکانەکە، دیسان دەستم کرد بە کتێبخوێندنەوە، مامم خاوەرییەکی بە کرێ گرت و لە شاردا مریشکی زیندووی دەفرۆشت. لە ڕاستیدا مریشکی قەفەسکراوی بە جوملە دەفرۆشت. ئەمجارەش کارەکەی بۆ نەچووە سەر و لەبەر بێبەختی ئۆتۆمبێلەکەی لە

جادەی سەردەشت تورمزی بڕی و کەوتە ناو دۆڵێک، لە ناوەڕاستی ڕووبارێکی بەتەوژم کە لە بەفراوی قەندیلەوە دەهاتە خوار! مامم نەجاتی بوو بەڵام هەموو سەرمایەکەی لەدەست چوو. مامم زۆر نەهامەتی بەسەر هات و دواجاریش کە بەمەبەستی کڕینی کەلوپەل چوو بۆ تاران، پاسەکەیان لە پێکدادانێکدا تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بوو و چەند کەس بە شۆفێرەکەشەوە گیانیان لەدەست دا. مامم کە لە تەنیشت شۆفێری پاسەکە دانیشتبوو، کە بە شێوەیەکی موعجیزەئاسا ڕزگاری بوو، بەڵام قاچی شکا و چەند مانگێک لە ماڵەوە بوو.

ئەم ڕووداوە زۆر جەرگبڕ بوو و خێزانەکەی هەتا ماوەیەکی زۆر پەکیان کەوت. من خەریکی ڕێکخستنی کاروباری ئەوان بووم و مامم لە نەخۆشخانەی زەنجان خەوێنرا و قاچی لە گەچ گیرا. ماڵی کاک محەمەدی مامرەسوولی خزممان لە گوندی گرداشەوان و پووره خاتوونی خوشکی لە گوندی گۆلێ، بە شێوەی نەریتی بەیتاڵ و شکستەبەند بوون و زۆر باوەڕیان بە پزیشک و چارەسەر نەبوو. لەگەڵ خزمان کۆبوونەوەیەکیان ڕێکخست و هاتنە ماڵی مامم. وتیان حەوت هەشت مانگە لە جێگادا کەوتووی و قاچت چاک نەبووەتەوە، وەرە خۆمان چاکی دەکەینەوە! کاک محەمەد بە مشار گەچی قاچە شکاوەکەی مامی لێ کردەوە. قاچێک کە لە چەند جێگاوە شکابوو و ئێستا ئێسکەکان یەکیان گرتبوو، کاکە محەمەد لە چەند جێگاوە گوشاری لە قاچی دا و قاچی شکاندەوە. دەنگی ناڵە و هاواری مامم عەرشی دەلەرزاند. ئەو پیاوانەی کە لە ناو ئەو ژوورەدا بوون دڵخۆشی مامیان دەداوە و دەیانوت: "ئەحمەد بۆ هاواریێ دەکەی خۆ تۆ ژن نی[1] پیاو بە پیاو ..."

● وێنەی ١٢١. لە لای ڕاستەوە: مەهناز کچی مامم ، من، مامم، حەبیبە کچی مامم و ئومید تەنیا کوڕەکەی مامم

١ . ڕستە و بیروباوەڕی لەم چەشنە، دەگەڕێتەوە سەر پێکهاتەی کۆمەڵگا و جۆرێک توندوتیژیی دەروونیی لە دژی ژنان و تەنانەت پیاوان، کە شەرعیەتی بە دەسەڵاتی پیاوسالاری و ئایدۆلۆژیای باڵادەست بەخشیوە و کارێکی وای کردووە کە هەڵاواردنی جێندەری بەردەوام بێت. پێشمەرجی ئەم جۆرە زاراوانە ئەوەیە کە ژنان لاوازن و بەراورد بە پیاوان کەسایەتییەکی سست و خۆڕانەگریان هەیە و توانای کۆنترۆڵکردنی هەستی خۆیانیان نییە. بە جۆرێک کە ئەگەر پیاوێک هەستی خەم و خەمباری و ئێشی خۆی دەربڕێ، ئەوا وەک ژنێک دەردەکەوێ، چونکە پیاوان هەمیشە وەک ڕەگەزێک ناسێنراون کە نابێ هەستی خۆیان بە ڕوونی دەربڕن و ئەم کرداره لەگەڵ پیاوەتی و کەرامەتی پیاو کە هەمیشە وەک ڕەگەزی یەکەم سەیر دەکرێ، لێکدژە. ئەم بیروباوەڕانە کە هی هەڕەمەی خەڵکن، دەریدەخا کە چۆن ژنیان وەک ڕەگەزی دووەم بەرساز کردووە.

جەڕاحی شکستەبەند جارێکی تر ئێسکەکانی دەشکاندەوە و قاچەکانی بە یەکەوە دەنا و دەیگوت: "خوارە! نیو سانت ئەو لایە" و هەرچی ئێمەی گەنجانی بنەماڵە دەنگمان هەڵبڕی، کەس گوێی پێ نەداین. ئەو شەوە مامم زەجرکوژ کرا و ئەو قاچە هەر نەبووەوە بە قاچەکەی جاران.

شکستەبەندی و جەڕاحیی کاکە حەمە و خوشکەکەی؛ نەک تەنها بۆ بنەماڵەی ئیمە بەڵکوو لای زۆربەی خەڵکی سندووس و لاجان و پیرانشار زۆر باش ناسراو بوون. هیچ ڕۆژێک نەبوو کە مشتەرییەک بە دەست و قاچی شکاوەوە نەیەنە لای کاک محەمەد. ئەو جۆرە جەڕاحە خۆماڵییانە لەو کاتەدا دەگمەن نەبوون و تەنانەت ئێستاش بەتایبەت لە شار و گوندە بچووکەکاندا، بەهۆی دەسترانەگەیشتن بە پزیشک و تێچووی زۆری خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان و نەبوونی متمانەی خەڵک بە دەرمانی کیمیایی، خەڵک ئەو جۆرە کەسانەیان پێ باشترە. دوو جۆری پزیشکی کە بەسەر دوو لقی سەرەکیدا دابەش دەبوون، کە بریتین لە شکستەبەندی و مامایی کە تێکەڵاوێ لە تەکنیک و ئەزموون بوون، بە گشتی لەناو خێزانێکدا دەبوونە کارێکی بۆماوەیی. جگە لەم دوو گرووپە، گرووپی سێیەمیش هەبوون کە سەرقاڵی دوعانووسین بوون و خەڵک بە گشتی بۆ چارەسەرکردنی کۆمەڵێک کێشەی بەرفراوانی وەکوو کێشەی جەستەیی و دەروونی و تەنانەت کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو کێشەی هاوسەرگیری و خێزان و هتد ڕوویان تێدەکردن.

مامی منیش بۆ کاک محەممەد کە ئامۆزای ژنەکەی بوو، کەسێکی نەناسیاو و نامۆ نەبوو چەند مانگێک بوو بە هۆی شکانی قاچیەوە لە جێگادا خەوتبوو. لە هەر حاڵەتێکدا، ئەم جارەشیان کاک محەمەد ئەزموونی چەندین ساڵەی خۆی لە سەر قاچی مامم دووبارە کردەوە کە قاچی لە گەچدا بوو و بەرەو باشی دەچوو، بەڵام لە کۆتاییدا قاچێکی شەلی هەمیشەیی بۆ مامم بەجێهێشت. کاک محەمەد هەرگیز دانی بەوەدا نەدەنا کە دەستکارییەکەی کارێکی هەڵە بووە و نەدەبوو جارێکی دیکە قاچی ماممی بشکاندایەتەوە! هەرچەند ئەو ڕۆژە قسەکانی ئێمەیان بە هەند وەرنەگرت لەبەر ئەوەی ئێمەیان پێ پیاو نەبوو و وەک دەڵێن بێ سمێڵ بووین، بەڵام شارەزایی و ئەزموونی کاک محەمەدیش کەوتە ژێر پرسیارەوە و بۆ ماوەیەکی زۆر لە ناو خزم و کەسدا باسی ئەو ڕووداوە دەکرا.

لە سیاسەتەوە بۆ فەرهەنگ

زۆرێک لە بیرمەندان پێیان وایە کە چالاکییە فەرهەنگییەکان هەرگیز لە سیاسەت بێبەری نین، هەروەها کەسانی هاوبەشی ناو ئەم دوو بوارە ئەوەندە زۆرن کە ڕەنگە نەتوانین لە نێوان فەرهەنگ و سیاسەتدا جیاوازییەکی ئەوتۆ دابنێین. ئەم دوو بوارەی هزرییە، ئەوەندە لە ژێر

کاریگەریی یەکتردان کە پەیوەندی و نزیکایەتییان حاشاهەڵنەگرە. لە ڕاستیدا ئەگەر پێناسە و تێگەیشتنێکی دروستمان بۆ چەمکی کۆمەڵگا هەبێ، ئەوە دیارە پرسی سنووربەندی و لێکجیاکردنەوەی ئەم دوو بوارە واتە فەرهەنگ و سیاسەت، نابەجێ و بێ مانایە. کۆمەڵگا گشتییەتییەکی یەکدەستە کە لە ڕەهەندی فەرهەنگی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، یاسایی و هتد پێک هاتووە. لە نێوان ئەم ڕەهەندانەدا هیچ سنووربەندییەک بوونی نییە و تەنیا بۆ تاوتوێکردنی چەمکی کۆمەڵگا ناچارین ئەم ڕەهەندانە بە کار بێنین. ئەگەر ئێمە سیاسەت وەک سازوکارە دەسەڵاتییەکانی ناو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵگا فام بکەین و فەرهەنگ بە شێوازی ژیانی خەڵکی کۆمەڵگایەک بزانین، ئەوا تێدەگەین کە شێوازی ژیان و بژێویی ژیان لە پێکهاتەکانی دەسەڵات جیا ناکرێتەوە. دەسەڵات چەمکێکە کە تێهەڵکێشکراوی کۆمەڵگایە و هیچ کۆمەڵگایەک نییە کە دەسەڵات تیایدا بوونی نەبێ، تەنانەت ئەو کۆمەڵگایانەش کە زۆر لە پێکهاتەی دیموکراسییەوە نزیکن.

دیارە هیچ دابڕانێک لە نێوان فەرهەنگ و سیاسەتدا نییە و پەیوەندییەکی دوولایەنەیان هەیە، هەرچەندە خاوەن پیشەسازییە فەرهەنگییەکان ئیدیعای ئەوە دەکەن کە لە پێکهاتەکانی سیاست و دەسەڵات دوورن، بەڵام ئەم چەشنە ئیدیعایە، ئیدیعایەکی ئایدیۆلۆژیکییە و ناتوانرێ بە تەواوی بەدی بێ و لە زۆر حاڵەتدا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ و بە شێوەی شاراوە - سەکۆیەکن بۆ خاوەن دەسەڵاتەکان و بەدیهێنانی ئامانجەکانیان. بە پێچەوانەوە لە هەموو بوارێکی سیاسیشدا، کاری فەرهەنگی بۆ شەرعییەتدان کەڵکی لێ وەردەگیرێ و مێژووی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەکان، بەتایبەت کۆمەڵگەیەکی وەکوو ئێران، ئەم ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە پشتڕاست دەکاتەوە.

بەو پێیەی کە زەینێکی مەلەور و بزۆزم هەبوو و هەمیشە بەدوای ئەوەوە بووم کە لە ناو فەزای کۆمەڵایەتیدا ئەزموونی زیاترم هەبێ بۆ ئەوەی ڕەنگە وەڵامی پرسیارە بێوەڵامەکانی ناو مێشکم بدۆزمەوە، چووبوومە ناو مەیدانی سیاسەت و ئەزموونم پەیدا کردبوو.

ئەمجارەیان ڕووم کردە کۆڕە ڕۆشنبیری و فەرهەنگییەکانی شاری پیرانشار و دەوروبەری. هەرچەندە ئەم گرووپانە سیاسی نەبوون، بەڵام تێکڕای چالاکیی فەرهەنگیی سنووردار، ڕەنگ و بۆنی سیاسییان پێوە دیار بوو. ئەم گرووپ و تاقمانە بۆنەی شیعر و چیرۆکگێڕانەوەیان بەڕێوە دەبرد و شارەو شاریان دەکرد. لە پیرانشار و نەغەدە یان مەهاباد ئەم گرووپانە لەگەڵ یەکتر پێوەندییان هەبوو. قەراریان دادەنا، بۆ نموونە لە ماڵی فڵان مامۆستا دانیشتنی شێعرخوێندنەوەمان هەیە. من گەنجترین ئەندامی ئەم گرووپانە بووم و زۆریان بە هۆی تەمەنی کەم و پێشینەی دەستگیرکرانم زۆر ڕوویان بە من نەدەدا. هەرچەندە هەندێکی دیکەش دەستگیر کرابوون، بەڵام تەمەنیان لە من گەورەتر و ڕژدتر و شارەزاتر بوون و باشتر لە ناو کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا وەردەگیران. ڕەنگە بوونی من و نیگەرانییەکانم لە سەرەتادا لەلایەن

ئەوانـەوە بـە فەرمـی نەدەنـاسرا و هـەر لەبـەر ئەمـەش بـە ئەسـتەم قبووڵیـان دەکردم.

وردە وردە هۆگـری ئەنجومەنـە چیرۆکنووسـییەکان بـووم. لـەوێ کتێبـی چـاکترم ناسـی و خوێندنەکانـم ئاراسـتەیەکی نوێـی گرتەبەر. بۆ نموونـە کتێبی "مێژووی ناوچەکـە و میزۆپۆتامیا"، "بزووتنەوەکانـی کوردسـتان"، "ئەوبـەری کوردسـتانی تورکیـا، سـووریا و عێـراق"، "مێـژووی ڕووخانـی ئیمپراتۆریەتـی عوسمانـی"، "دروسـتبوونی وڵاتانـی نـوێ لـە ڕۆژهەڵاتـی ناویـن وەکـوو تورکیـا ، عێـراق، سـوریا، و هتـد"، پەنجەرەیەکـی نـوێ بـوون کـە ڕوانگـەی نوێیـان سـەبارەت بـە مێـژوو و سیاسـەتی ناوچەکـە بـە مـن پیشـان دا. کتێبانێکـی وەکـوو "بیرەوەرییەکانـی لێنیـن"، "شۆڕشـی سـوور" و بابەتـی هاوشـێوەی و بزووتنـەوەی چەپـم خوێنـدەوە. هەندێـک لـەو کتێبانـە قەدەغـە نەبـوون و بە ئاسـانی دەمخوێنـدەوە، کتێبە قەدەغەکراوەکانیشـم بە ڕۆژنامە دادەپۆشـی و بـە یـەکتر قەرزمـان دەدا و دەمانخوێندەوە. مێژووی کۆماری کوردسـتان بە ناوەندێتیی مەهاباد یەکێـک لـەو بابەتانـە بـوو، بیرەوەریـی سـەرکردە حیزبییەکانیشـم دەخوێنـدەوە و هەتـا چوونـم بـۆ سـەربازی لـە سـەر ئـەم کارەم بـەردەوام بـووم و وردە وردە تێڕوانیـن و ڕوانگـەم بـۆ سیاسـەت و فەرهەنـگ گۆڕانکارییەکـی گـەورەی بەسـەردا هـات و بـە گوتـەی کەسـانی دەوروبـەرم بـووم بە کەسـێکی دیکـە و دیسـانەوە بـەرەو کوردبـوون یـان کوردایەتی هەنگاوم نـا، بـەڵام ئەمجارەیان بە هۆشـیاربوونەوە لـە ڕوانگەکانی پێشـووم.

کوردایەتی لەگەڵ داریووش و ڕەزازی

زۆر کـەس پێیـان وایـە کـە لەبـەر ئـەوەی کوردایەتـی ناوەکـی ناسـیۆنالیزمی کـوردی بـووە و چەمکێکـی فرەڕەهەنـدی مێژوویـی، سیاسـی، فەرهەنگی و ئەدەبـی هەیە، لـە ڕووی تیۆریی یان کردەییـەوە وەک پێویسـت پێناسـە نەکـراوە، بـەڵام لـە ناوشـیارگەی زۆربـەی کوردەکانـدا، جیا لە هۆگرایەتیی ئایینی و پیشـەیی، بەشـێک لە سروشـت و خووخدەی کوردە و کورد و کوردایەتیش سـەرەڕای پلـەی چڕی و لاوازییەکـەی لەیەکتر جیا ناکرێنەوە. یەکێک لـە ڕەهەندە تیۆرییەکانی کوردایەتـی، شـێعر، فۆلکلـۆر، گێڕانـەوە نـووسراو و زارەکییـە کوردییەکانـی نـاو بەیـت، حەیـران؛ لاوک؛ لایەلایـەی دایـکان و هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە پەیوەنـدی بـە خەڵکناسـیی ناوچەکـەوە هەیـە. هەندێـک لـە حیزبـە سیاسـییەکان پێیـان وایـە ئەگـەری ئـەوە هەیـە کـە کوردایەتـی لـە ڕەهەنـدی مەیدانـی و ئۆپەراسـیۆنیدا ناچـار بـێ پاشەکشـە بـکا، خاکەکـەی داگیـر بکـرێ و تەنانـەت بـۆ ماوەیەکـی زۆر دەرفەتـی ڕاپەڕینیشـی نەبـێ، یـان ئـەم دەرفەتـە لە شـێوەی شـەڕی پارتیزانـی و چریکـی بـۆ بەرگـری لـە مانـەوەی خـۆی بقۆزێتـەوە، بـەڵام لـە بوارەکانـی تـردا، واتـە بـوارە تیۆرییـەکان، توانـای سـەرکوتکردنی کـەمتر دەڕەخسـێت. ئـەوان پێیـان وایە کـە چالاکییە مەدەنییـەکان لـە بوارەکانـی شەوەشـیعر؛ بەیـت و حەیرانبێـژی؛ پـەرەدان بـە ئەنجومەنـە

ئەدەبییەکانی شارەکان، ئەنجومەنەکانی ژینگەپارێزی، بووژانەوە و بڵاوکردنەوەی سەما و هەڵپەڕینی کوردی، بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردی، گۆڤاری وەرزانە، بڵاڤۆکی خوێندکاری و فێرکردن و هەمەگیرکردنی زمانی کوردی ئەوەمان پێ نیشان دەدا کە پرەنسیپی خۆیارمەتیدان و پشتبەخۆبەستن یەکێک لە ستراتیژییە هەرەگرنگەکانی مانەوەیە، لە ڕاستیدا باوەڕێکی پتەوییان بە بووژانەوەی کوردایەتی لە ڕێگەی تێکەڵکردنی لەگەڵ دوو توخمی ئەدەب و ژیانی ڕۆژانە هەیە و هەڵبەت ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە مێژوو ڕاستی و دروستیی بیرکردنەوەی ئەوان دەسەلمێنێت.

لەو سەردەمەدا کۆمیتە لە لایەک و سەرکوتکردنی مۆسیقا لە لایەکی ترەوە بۆ لاوان و تازەلاوانی کوردی وەکوو من گرنگ بوو. من لە پێشدا بە مۆسیقای داستانی و فەلسەفی و فۆلکلۆری کوردی ئاشنا بووم و کاسێتەکانی ناسر ڕەزازی[1] و ئەو سروودە شۆڕشگێڕییانەی کە لە قوتابخانەی حیزب لە گوندی گرداشەوان فێری ببووم هێشتا لە بیرەوەریمدا مابوو. لە ڕاستیدا ئەمانە یەکەم شتانێک بوون کە لەبەردەستمدا بوون. پێش چوونم بۆ سەربازی، جگە لە مۆسیقای کوردی، لەگەڵ گۆرانی و مێلۆدییەکانی داریووش[2] و دواتر ئێبی[3] ئاشنا بووم ، ئەمەش دیدێکی بەرفراوانتری سەبارەت بە زمانی فارسی پێبەخشیم و ئیتر لە مێشکمدا بازنەی بەرەنگاربوونەوەی ستەم و خەبات لە دژی ستەمکاری سنووری کوردستانی تەنی. بۆ نەوەی ئێمە داریووش دەنگێکی خەمگینی هەبوو و بۆ ماوەیەکی زۆر تاکە گۆرانیبێژی دڵخوازی من بوو. تەبیبەی خوشکم زیاتر گوێی لە گووگووش دەگرت، مەحبووبەش سەرسامی هاییدە و مەهەستی بوو، بەڵام دواتر بە هەڵبژاردنی باوەڕی ئیسلامی و عیرفانی بە تەواوی ئاراستەی ژیانی خۆی گۆڕی. داریووش بۆ من لە بواری مۆسیقادا گۆڕانێکی گەورە بوو و دەمبینی کە

---

١ . ناسر ڕەزازی، لەدایکبووی ١٣٣٤ی هەتاوی (١٩٥٥ز)، گۆرانیبێژ، شاعیر و نووسەر و توێژەری بەناوبانگی کوردە، کە جگە لە گۆرانی وتن، وانەی زمانی کوردی دەڵێتەوە و کاری نووسین و وەرگێڕانیش دەکات. ناسر پێشتر پێشمەرگەی کۆمەڵە بووە و زۆربەی ژیانی لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە وڵاتی سوید و هەرێمی کوردستان بەسەر بردووە.

٢. داریووش ئیقبالی زادە، لە دایکبووی ١٣٢٩ (١٩٥٠ ز)ی تارانە و بە داریووش ناسراوە، گۆرانیبێژ و ئەکتەر و چالاکی کۆمەڵایەتییە و لە ژانری مۆسیقای پۆپ و ڕۆکدا کار دەکات. ڕەگەزی دەنگی بەیسە. داریۆش ئەندامی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتییە. هەروەها داریۆش ئیقبالی لە بواری وازهێنان لە مادده هۆشبەرەکان و ئالوودەبووندا ئیش دەکات. دامەزراوەی ئاوێنە (ئایینە) لە ساڵی ٢٠٠٥ لە ئەمریکادا وەک ڕێکخراوێکی قازانجنەویست بە ئامانجی دابینکردنی ئاسانکاری پەروەردەیی و مرۆڤدۆستی دامەزراوە. دامەزراوەی ئاوێنە، کە بە سەرپەرشتی داریووش ئیقبالی چالاکی دەکا، هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بانگهێشتی پسپۆڕان و پزیشکانی بوارە جۆراوجۆرەکانی خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی کرد بۆ ئەوەی بەرنامەیەکی هەفتانە و پەروەردەیی بۆ تواناکردنی کۆمەڵگا لە پێوەندی لەگەڵ خەسارە کۆمەڵایەتییەکان بخەنە ڕوو.

٣ . ئیبراهیم حامیدی، لەدایکبووی ١٣٢٨ی هەتاوی (١٩٤٩ ز) بە ناوی هونەریی "ئێبی"، گۆرانیبێژی پۆپی ئێرانییە. ئێبی یەکێک لەو گۆرانیبێژانی خاوەن دەنگی تێنۆری ئێرانییە. ئێبی لە چەندین شێوازی مۆسیقادا کاری کردووە و خاوەن بەرهەمە، لەوانە: ڕۆک، بالاد، مۆسیقای فۆلکلۆر، پۆپ، سەما، هاوس و ترانس. هەندێک ئێبییان لەگەڵ تۆم جۆنز، گۆرانیبێژی بەناوبانگی بەریتانیایی بەراورد کردووە؛ بەو جیاوازییەی کە ئێبی بە پێچەوانەی تۆم جۆنزەوە هۆگریی سیاسی هەیە.

چـۆن نیگەرانییەکانـی ئێرانـی پێـش شۆڕشـی گەلانـی ئێـران و دوای شۆڕشـی گەلانی ئێـران لە گۆرانییەکانیـدا ڕەنگ دەداتەوە. وەک شـتێ خەمـی داریووش بەدیهێنانی ئێرانێکی ئازاد و ڕزگار بوو و لە گۆرانی و مۆسـیقاکانیدا بە شـێوەیەکی بوێرانە و دڵسۆزانە گرنگییەکی تایبەتی بە گرووپە کۆمەڵایەتییەکانـی وەکـوو منـداڵان و هەروەهـا پرسـە کۆمەڵایەتییەکانـی وەکـوو ئالوودەبوون بە مـادەی هۆشـبەر، هـەژاری و نایەکسـانیی کۆمەڵایەتی دەدا. لـەم دواییانەدا کە لـە زیندان بووم، بەڕێـز داریـووش ئیقبـاڵـی لە ڕێگەی هاوڕێـی هاوبەشمان سـایە ڕەحیمی کە هـاوکات ڕاوێژکاری میدیاییشـم بـوو، بەدواداچوونـی بـۆ بارودۆخـی مـن کـرد کە بـۆ ماوەیەک سـەبارەت بـە هۆگریی هاوبـەشمان سـەبارەت بـە کاری منـداڵان لەگەڵـی لـە پەیوەندیـدا بـووم و ئـەم یادەوەرییـەم بـۆ گێڕایەوە.

لـە نـاو گۆرانییەکانـی داریووشـدا "بوی گندم" زیاتر لـە هەموو گۆرانییەکانی لـە بیرمدا ماوە و زۆربەی کاسێتەکانی ئەم گۆرانیبێژە و کاک ناسر ڕەزازیشم دەکڕی، کە دیارە گۆرانییە ناوازەکانی ئـەم دوو گۆرانیبێـژە لـەو کاتـەدا زۆرتریـن کاریگەرییان لەسـەر من هەبـوو. دواتریـش محەمەدی ماملـێ[1] گۆرانیبێـژی بەناوبانگـی مەهابادیم ناسـی کە ئەویـش کاریگەرییەکی زۆری لەسـەر من دانـا، بـەڵام نـاسر و داریووش هەمیشـە لای من جێگـە و پێگەیەکی تایبەتیان بـووە. تەنانەت ئەو کاتەشـی کـە هاتمـە بەریتانیـا و مۆسـیقای جیـاوازم بیسـت، پێگـەی ئـەو دوو کەڵـە گۆرانیبێژەم لام کەمـی نەکـرد. ڕەنگـە لەبەر ئەوەی شـێعری گۆرانییەکانیان خەمـی ئەوپەڕزەمەنییان لە خۆدا هەڵگرتبـوو کـە بـۆ هەمـوو سـەردەمێک دەبـوو. چونکـە تێکەڵێک لە هەسـتی عەشـق و هەسـتی ناسیۆنالیسـتی و نۆسـتالژیکی بوون و منیان بە کوردسـتان و ئێران و نیگەرانییەکانی وڵات ئاشنا کردبـوو. تەنانـەت لـە تەمەنـی گەنجیشـدا حـەزم لە مۆسـیقایەک بوو کـە دەنـگ و دەنگدانەوەی بزووتنەوە سیاسـییەکانی ئێرانی لە خۆدا هەڵگرتبێ و بتوانێ هەسـتی ڕۆمانسـیم پێ ببەخشێت. بەتایبـەت کاتێـک کە من عاشـقی کیژێک بـووم و لە پەیوەندیـدا بووین و ئەم خۆشەویسـتییەش کاریگەری لەسـەر سەلیقەی مۆسـیقاییم دانا.

ئەوسـا خەڵکـی لای خۆمـان بـە دەگمـەن گوێیـان لە داریـووش دەگـرت، یان لانیکـەم لە ناو کەسـانی هاوتەمەنـی مـن باو بوو. میزاجی مۆسـیقاییم لـە تەمەنی خۆم گەورەتـر بوو و کاتێکیش دووکانـم دانـا، ئـەم بابەتـە کڕیارەکانمی سەرسـام دەکرد. بۆ زۆر کەس سـەیر بوو کـە من هاوکات گـوێ لـە نـاسر ڕەزازی و داریـووش دەگـرم. یەکیـان کـورد و ئـەوی تریـان فـارس، یـان محەمـەد

---

١ . محەمـەدی ماملـێ لەدایکبـووی ١٣٠٤ی هەتاوی (١٩٢٥ز) شـاری مەهابادە و یەکێک لە گۆرانیبێژە ناودارەکانی شـاری مەهابـادە کـە جگـە لـەوەی بـۆ ماوەیـەک ئەندامـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان بـوو، کوڕەکـەی سـاڵی ١٣٦٢ی هەتاوی (١٩٨٣ز) لەگەڵ ٥٩ گەنجی خەڵکی شـاری مەهاباد لە تەوریژ لە سێدارە درا. ماملێ بە ٥٤ سـاڵ تەمەنی هونەریەوە زیاتر لـە ٣٠٠ گۆرانـی پێشـکەش کـردووە. لە کۆتایـی تەمەنیدا تووشـی خەمۆکی و نەخۆشـی زەهایمەر بـوو و ڕێبەندانی ١٣٧٧ی هەتـاوی (شـوباتی ١٩٩٩) لە شـاری مەهاباد کۆچـی دوایی کرد.

ماملێ و حەسەن زیرەک[1]، کە گۆرانیبێژی دڵخوازی بەتەمەنەکان بوون بەڵام من حەزم لێیان بوو. ماوەیەک دواتر بە مۆسیقای گەلان ئاشنا بووم، ئەو کاتەی دەچوومە تاران بەرهەمەکانی مایکڵ جاکسن و ئێلتۆن جۆنز و گرووپە بیانییەکان یان ئەو گرووپە ئێرانییانەی کە لە لۆس ئانجلێس ناویان دەرکردبوو، دەدۆزییەوە و دەمکڕی.

● وێنەی ١٢٢. لە لای ڕاستەوە: مامۆستا هێمن (شاعیر)، ناسر ڕەزازی و نەجمەدین غوڵامی (گۆرانیبێژ)

لەو ماوەدا زۆر حەزم لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و عەشق و خۆشەویستی نەبوو و پێم وابوو دەبێ بپرژێمە سەر بابەتە جیددیترەکان. لە من وا بوو ئەم شتانە هی منداڵەوردکەیە، یان ڕەنگە ئەم هەستە یان ئارەزووەم وەلا دەنا. کاتێک دۆخەکە هێور و کراوە بووەوە و گەنجان شەوانە لە شەقامەکاندا کۆ دەبوونەوە، من کتێبم بە دەستەوە بوو. ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ کە من لە تەمەنی خۆم گەورەتر بووم یان حەزم لێ بوو وا دەربکەوم. پێم وایە ئەزموونی ژیانی هەموو کەسێک تەمەنی ڕاستەقینەی ئەو کەسە دیاری دەکات. ژیانێکی پڕ لە چەرمەسەریم بەسەر بردبوو و هەمیشە لە ناو ژیانێکی پڕ لە گیر و گرفت گوزەرانم کردووە، ژیانێک تێکەڵ بە شەڕ و سیاسەت و هەژاری و ئاوارەیی و هەموو شتانەی کە پەیوەندی بە جیهانی گەورەساڵانەوە هەبووە، من کاری وام ئەزموون کردبوو کە بە کارێکی سەخت دادەنرا. هەروەها لە تەمەنێکی هەستیاری وەکوو هەرزەکاریدا، دەستگیرکران و چوونە زیندان و ئەشکەنجەکرانم بەسەر هاتبوو. هەموو ئەم ئەزموونە ژیاوانە بوونە هۆی ئەوەی تەمەنی ڕاستەقینەی من لەو تەمەنەی کە لەسەر ناسنامەکەم نووسراوە زیاتر بێ و نیگەرانییەکانیشم لە تەمەنی خۆم گەورەتر بوون.

---

١ . حەسەن زیرەک، گۆرانیبێژی ناوازە و بلیمەتی کورد ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی (١٩١٣ ز) لەدایک بووە و ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی (١٩٧٢ز) کۆچی دوایی کردووە. حەسەن زیرەک بە تۆمارکردنی ژمارەیەکی زۆر لە گۆرانییە نەریتییەکان لە ڕادیۆی کرماشان، تاران و بەغدا، یارمەتی پاراستنی ئەو بەرهەمە کولتوورییەی لە بەڵای لەبیرچوونەوە دا. بە زیاتر لە سەدان گۆرانی و سروودی ناوازە وەک میراتی هونەریی لێی بەجێماوە.

خولیای کتێبخانە و سینەمای ئینقلابی

من یەکێک لە مشتەرییە هەمیشەییەکانی کتێبخانەی پیرانشار بووم کە دەکەوێتە تەنیشت پارکی منداڵان، کتێبخانەیەکی بچووک بوو بەڵام کتێبی باشی تێدابوو. لە سەرەتادا ئەو کتێبانەم هەڵدەبژارد کە گەنجە کتێبدۆستەکانی پیرانشار دەیانخوێندەوە. زۆریان کارتێک لە پشت بەرگەکەیان بوو و ناوی ئەو کەسانەی کە بردبوویان لەسەری نووسرابوو. چەند خوێنەری چاکی کتێبمان لە شاردا هەبوو کە خاوەن بۆچوونی سیاسیش بوون. من هەڵوەدای نموونەهەڵگرتنەوە و مۆدێلسازی بووم، بۆ ئەو کتێبانە دەگەڕام کە ناویان لەسەر کارتی دواییەن کەسێک کە وەریگرتبوو نووسرابوو. دواتر کە پەیوەندییەکی باشم لەگەڵ بەڕێوەبەری کتێبخانەکەدا دروست دەکرد، پێم دەگوت: "چاو لێ کە بزانە ئەمانە چ کتێبێکیان بردووە". پێم خۆش بوو ناوی منیش لەو کارتانەدا بنووسرێ و جار جار کتێبێکم وەردەگرت و تەواو نەمدەخوێندەوە بەڵام ناوم دەچووە ڕیزی ناوانەوە! یەکێک لەو کەسانەی کە هەمیشە ناوی لە سەر کارتەکان دەنووسرا برای[1] کەسێک بوو کە دواتر خوشکەکەم شووی پێ کرد. پیاوێک کە کەواوپانتۆڵێکی جوان و بەڕۆژی لەبەر دەکرد و شارەزاییەکی زۆر باشی لە زمان و وێژەی کوردیدا هەبوو. هەمیشە ئەوە بە لامەوە سەیر بوو کە ئەم کابرا پیاوی حکومەتە، کەچی هۆگری ئەدەبیاتی کوردییە و کتێبی باشیش دەخوێنێتەوە. ئەوسا ئەوەم بۆ فام نەدەکرا کە چۆن ئەم دوو کەسایەتییە لە کەسێکدا کۆ بووەتەوە و ئەوەی کە بەهادانان شتێکی ڕێژەییە. هەر لەم تاقمە، کەسانێک هەبوون کە لە دانیشتن و سیمینار و بەرنامە فەرهەنگییەکاندا لەگەڵیان ئاشنا بووم. بە گشتی لە ڕێوڕەسمی وەکوو هەفتەی وەحدەت لە قاڵبی سیمینار و کۆبوونەوەی فەرهەنگی دەهاتن و قسەیان دەکرد. چەند کەسی دیکەش هاتن کە ناویانم لە بیر نییە بەڵام ئەوسا ئەوانم کردبوو بە سەرچەشنی خۆم.

هەر لەو سەروبەندەدا لەگەڵ بەڕێوەبەری کتێبخانەکە قسەم کرد. ئەو وتی ئەگەر لە دووکانی باوکتەوە بۆنم پێ بدەی منیش لە بەرامبەردا کتێبت پێ دەدەم، یانی کتێبت بۆ دەدزم و من ئەوەندە عەشقە کتێببووم کە بیرم لە لایەنە بێ ئەخلاقییەکەی نەدەکردەوە. بۆن و کرێمم بۆی دەبرد و ئەویش کتێبی پێم دەدا، ئەو کتێبانەی کە کۆدیان لەسەر بوو. شوێنی کۆدینگ و مۆری کتێبخانەکەی لە لاپەڕەی یەکەمدا دەدڕاند و پێی دەدام. بەم شێوە کتێبخانەی ژوورەکەمم گەورەتر کردەوە. هەتا ساڵانێک ئازاری ویژدانم هەبوو، ئەو ڕۆژەی وا بڕیارم دا بچمە هەندەران زۆربەی کتێبەکانم لە چەند کارتۆنێکدا کۆ کردەوە و بەیانییەکی

---

١ . سلێمان ئەسوەد کە برازای کوێخا حەوڵا، سەرۆکی عەشیرەتی مەنگووڕی باب ڕسوو و ئەندامی فەرمیی ئیدارەی ئیتلاعات، بوو و لە خولێکدا خۆی بۆ ئەندامێتیی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی کاندید کرد. سلێمان ئەسوەد دەستی لە نووسین و هۆنینەوەی شێعردا هەبوو و چەندین ڕۆمانیشی نووسیوە کە هەتا ئێستا چاپ نەکراون. ئەم کەسایەتییە تەمەنی نێوانساڵیدا تووشی شێرپەنجە بوو و ساڵی٣٨٧ی هەتاوی (٢٠٠٨ ز) کۆچی دوایی کرد.

زوو، بـردم لەبـەردەم کتێبخانـەی شـاری پیرانشـار دامنـا. بەرپرسـەکەی گۆڕابـوو و ئـەم بـۆن دان و کتێبوەرگرتنـە سـاڵانێکی بـە سـەردا تێپەڕیبـوو، بـەڵام مـن لـە ڕووم هەڵنەدەهـات کتێبـەکان ڕادەسـتی کەسـێک بکـەم و بەسرەهاتەکـەی بـۆ بگێڕمـەوە.

حەز و خولیای چوونم بۆ سـینەما لە منداڵییەوە دەسـتی پێکرد، کاتێک لە تەلەڤیزیۆنەکانەوە ڕیکلامـی فیلمـم دەبینـی یان لەگەڵ سـەفەرەکانی بابـم بۆ تاران دەچوومە سـینەماکانی لالەزار. پیرانشـار سـینەمای لـێ نەبـوو، لـە ڕاسـتیدا وەک زۆرێک لە شـارەکانی تـری ئێـران و ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان سـینەماکەی لە سـەردەمی شۆڕشـی گەلانی ئێراندا سـووتا. من دەچوومە نەغەدە بۆ ئـەوەی لەگـەڵ سـابیر پێکـەوە بچینـە سـینەما و هەندێک جـار بە تەنیا دەچووم. سـەرەڕای شـەڕ و پێکدادانـی سـەر جـادەکان و هەموو جۆرە مەترسـییەکی تـر، هەندێک جـار دەچوومە مەهاباد، بـەڵام نەغـەدە نزیـکتر بـوو. مـن زیاتر حـەزم لـە مەهاباد بـوو، چونکە سـینەماکەی گەورەتـر بوو و لـە ڕووی ئـەدەب و فەرهەنـگ و مۆسـیقاوە مێژوویەکی دوور و درێژ و پێگەیەکـی جیاوازی هەبوو، مەهابـاد شـارێکی هاوچـەرخ و مۆدێـرن بوو و لە باری سیاسیشـەوە مەهابادم بەدڵ بوو. پیرانشـار شـارۆچکەیەکی سـنووری بـوو کـە زیاتر لـە پەنابـەران و کۆچبەرانـی شـارەکانی دەوروبەری پێک هاتبـوو. جگـە لـەوەش، زۆربـەی دانیشـتووانەکەی خەڵکـی گوندەکانـی دەوروبـەری بـوون، واتە خاوەنـی پێکهاتەیەکی زۆر شارسـتانی نەبوو.

ڕەنگـە مـن نائاگایانـە بـە جۆرێـک ڕەفتـارم دەکرد کـە خەڵکی تـر وا بزانن خەڵکـی مەهابادم. مـن هەمیشـە شـوێن مۆدەکانـی مەهابـاد دەکەوتـم. کاتێکیـش لـە سـاڵی ١٣٨٨ی هەتـاوی (٢٠٠٩ ز) گەڕامەوە بۆ ئێران و دواتر هاوسـەرگیریم کرد، ئەم شـارە هەڵبژاردەی من بوو بۆ ژیان. هەرچەنـدە لـە پیرانشـار هـەم ماڵ و هـەم پێگـەی کۆمەڵایەتیم هەبوو، بـەڵام بۆ ژیانـی دڵخوازی خـۆم چوومـە مەهابـاد. مەهابـاد بـۆ من پارادۆکـس بوو. وەک شـتێ شـارە مۆدێرنـەکان لێکدژن. ئەوسـا زیاتـر لـە لایەن هەندێـک تاک و گرووپەوە سـووکایەتی پێدەکـرا و بە نارەسـەنیان دەزانی، دەیانگـوت کوردێکـی پەتـی و تەواو کورد نین، میواننـەواز نین، خەڵکەکـەی و بەتایبەت ژنەکانی سـووکن و جلوبەرگـی نەشـیاو لەبـەر دەکـەن و فەرهەنگی کوردییـان لەناو بـردووە. بەمەش ڕازی نەدەبـوون و دەیانگـوت کەرامەتـی مێـژووی دوور و درێـژی کۆمـاری مەهابـاد و قـازی محەمەدی پێشـەوایان شـکاندووە. ئێسـتاش تیتاڵی و گاڵتەیان پێدەکەن کە بێرەوشتن و پێوەندی ڕەگەزی لـە ناویانـدا زۆر بـاوە و غیرەتـی نەریتـی و ئێتنیکی لەم شـارەدا کاڵ و کـرچترە و ... .

ئـەم تێڕوانینـە نەریتییـە لـە دەرەوەی مەهابـاد بەرامبـەر بـە مەهابـاد هەیە، بەڵام بەشـێک لە خەڵکـی مەهابادیـش شـارەکانی دەوروبەریـان بـە خەڵکانێکـی نەخوێنـدەوار و لادێیـی سـەیر دەکـەن کـە هیـچ لـە شارسـتانیەت نازانـن و فەڕیـان بـە سـەر شارنشـینییەوە نییـە. بـۆ نموونـە دەڵێـن خەڵکـی ئـەوێ هـەر خەریکی کەین و بەیـن و ململانێ و ناکۆکیی خێڵەکـی و باڵباڵێنن. ناکۆکیـی نێـوان ئەم دوو بۆچوونە هەمیشـە لە نێوان شـارەکاندا هەبووە، کە ئێسـتا کەم بووەتەوە.

بەهەر حاڵ مەهاباد لەگەڵ پڕەنسیپ و کەسایەتیی من دەگونجا و مەهابادم پێ خۆشتر بوو. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ژیانم لە مەهاباد پێ باشتر بوو. زۆر جار بابم یان هاوڕێکانی تیتاڵیان پێم دەکرد کە کامیل چووەتە مەهاباد و شەو کە دەگەڕێتەوە شتێکی نوێ لەگەڵ خۆی دێنێتەوە. دەلینگی شەرواڵەکەی تەسکتر دەکاتەوە یان شێوازی قژی دەگۆڕێ و ...

ئێستا وا دیارە مەهاباد گۆڕاوە. ئەو سەردەمە خاڵی پێشەنگ و پێشڕەوی ناسیۆنالیزمی کوردی بوو، بەڵام لە ئێستادا لە قۆناغی چەقبەستوویدایە و سنە و کرماشان و هەندێک جار تەنانەت ئیلامیش جێی مەهابادیان گرتۆتەوە و بوونەتە پێشەنگی ناسیۆنالیزمی کوردی. ئەوسا لە پێکردنی شەرواڵ لە پیرانشار باو نەبوو و بگرە شوورەیی بوو. من لە یەکەمین کەسانێک بووم کە شەرواڵی جینی شەش گیرفانیی ئەمریکیم لە پێ دەکرد. شەرواڵێک کە لەو کاتەدا لە تاران و مەهاباد مۆد بوو. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە لاوانی هەر دوو شاری تاران و مەهاباد لە ڕووی مۆدی جلوبەرگەوە لێک نزیک بوون، لە کاتێکدا کە شارەکانی دەوروبەری ئیلهامیان لە ناوەندی پارێزگا یان وڵاتانی دراوسێ وەردەردەگرت. بۆ نموونە ورمێ ئیلهامی لە تورکیا وەردەگرت، بەڵام مەهاباد خۆی لەگەڵ تاران هاواهەنگ دەکرد. کاتێک شەرواڵ واتا پانتۆڵی عەجەمیم لە پێ کرد، وەک هەنگاوێکی نەشیاو لێیان دەڕوانی و جاری یەکەم کە بەم شەرواڵەوە چوومە گرداشەوان زۆر بێرێزیم پێ کرا. دەیانوت ئەم تووەکە چییە لە قوونت هەڵکێشاوە! کوڕە ئەم تووەکە داکەنە لای بە لا .... لەبەر ئەوەی پانتۆڵ هەراوە و ئاسوودەیە و لەبەرکردنی جینیان بە شتێکی سەیر دەبینی کە فەرهەنگی کوردەواریی بەزاندووە. لەو شارانەی کە جلی نەتەوەیی یان خۆجێی لەبەر دەکەن، ئەوەی کە لاوان ڕوو بکەنە پۆشینی جلوبەرگی ئەورووپی و مۆدی ڕۆژ، هەمیشە گەنگەشەساز بووە، بەڵام تێپەڕبوونی کات هەموو شتێک ئاسایی دەکاتەوە.

وێنەی ١٢٣. ژنانی مەهابادی

بگەڕێینەوە سەر بەسەرهاتی سینەما ... کاتێک ڕیکلامی سینەما لە تەلەڤیزیۆنی ئێران دەستی پێکرد کە دیارە ئەوسا کەناڵێک یان دوو کەناڵ زیاتری نەبوو، چەند هەفتەیەک یان چەند مانگێکی دەخایاند هەتا فیلمەکە بگاتە سینەمای شارانی وەکوو

نەغـەدە و مەهابـاد. لـە قۆناغێکـی زەمەنیـدا باشتریـن فیلمـەکان بـۆ مـن ئـەو فیلمانـە بـوون کە جەمشـید هاشـمپوور ڕۆڵی سـەرەکیی تێیاندا دەگێڕا، فیلمی شـەڕ و هەروەها فیلمی تاوانکاری کە بارمتەگرتن و کوشـتنیان تێدابوو. لەبیرمە فیلمی تاراج یان کانی مانگا ئەودەم لە کوردسـتان زۆری دەنگـی دایـەوە. یەکـەم فیلمێـک بـوو کـە دەمبینـی ئەکتەرەکانـی جلوبەرگـی کوردییـان لەبـەردا بـوو و ئـەوەش بـۆ مـن سـەرنجڕاکێش و خـۆش بـوو.

دیالۆگـی فیلمـی کانـی مانـگا[1] کـوردی بـوو، زۆر تامـەزرۆی بینینـی بـووم، بـەڵام دوای تەماشـاکردنی بـۆم دەرکـەوت کـە دژی حیزبـە کوردییەکانـە. پێـشتر پێـم وابـوو لەبـەر ئـەوەی لـە تەلەڤیزیۆنـی ئێرانـەوە پەخـش ناکـرێ و لـە سـینەمایە، ڕەنگـە دیدگاکـەی جیـاواز بـێ، بەڵام بینیـم وێنەیەکـی تـەواو جیاواز لە پێشـمەرگە پیشـان دەدا. لە بەشـێکی فیلمەکەدا سـەرکردەی کۆمەڵێـک چەکـداری پێشـمەرگە مریشـکێکی بـرژاوی بەدەسـتەوەیە و دەیخـوا و ئەوانـی دیکـە برسـین و تەماشـای دەمـی دەکـەن، یـان بـە جۆرێـک سـەپاندنی توندوتیـژی لـە شـەڕدا نیشـان دەدا کـە دیلـەکان بـە شـێوەیەکی زۆر بێبەزەییانـە دڕندانە و ترسـناکانە دەکوژن، بـەڵام واقیعێک کـە بـە چـاوی خۆمـان بینیبوومـان، شـتێکی جیـاواز لـە سـیناریۆی ئـەو فیلمـە بـوو. مـن خـۆم دیمەنێکـی ڕۆژانـی قوتابیبوونـم بیـر کەوتـەوە کـە لەگەڵ دکتۆر قاسـملوو نانـی نیوەڕۆم خـوارد و ئەویـش بەتـەواوی هەمـان ئـەو خواردنـەی خـوارد کـە مـن و ئەوانـی تـر خواردمان، یـان چەندین جار شـاهیدی ئەوە بووم کە خواردنی سـەرکردە پلەباڵاکان و پێشـمەرگە سـادەکان وەک یەکە و بەکۆمـەڵ پێکـەوە نـان دەخۆن. ئەم فیلمە بە پێچەوانەی واقیعییەتی کوردسـتان دروسـت کرابوو و بە ڕوانگەیەکی ئایدۆلۆژیکییەوە واقیعییەتی شـێواندبوو. جۆرێک لە شـێواندن و چەواشـەکردن کـە لەگـەڵ واقیعـی ئەزموونکـراودا یەکـی نەدەگرتـەوە و زۆر لێیەوە دوور بوو. سـینەما دەیویسـت لـەم ڕێگـەوە زەینـی بەردەنگ و تەماشـەوانەکانی بە قازنجی پێکهاتەکانی دەسـەڵاتی باڵادەسـت بەرسـاز بـکات. لـە کۆمەڵگای ئەو سـەردەمەدا کە فیلمێک یان هەر بەرهەمێکـی تری فەرهەنگی دەبـا بـە چەندیـن بەربەسـتی سانسـۆردا تێپەڕیبـا هەتا بتوانـێ مۆڵـەت وەربگـرێ، فیلمێکی لەو

---

١. "کانـی مانـگا" فیلمێکـی ئێرانییـە لـە ژانێـری جەنگیـدا بـە دەرهێنەریی "سـەیفوڵا داد"، کە سـاڵی ١٣٦٦ی هەتـاوی بڵاو کرایـەوە. ئـەم فیلمـە دووەمیـن بەرهەمـی سـینەمایی "داد"ە و بـە ١٥ سـاڵ مـەودای نمایشـکردن، خاوەنی ژمـارەی پێوانەیی درێژتریـن فیلمـی ئیکرانکـراوە لـە مێـژووی سـینەمای ئێرانـدا. چیرۆکـی ئـەم فیلمـە ئەوەیـە کـە فڕۆکەیەکـی عێراقـی لـە دەڤـەری کانـی مانـگا - کـە دەکەوێتـە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان - دەکەوێتە خـوارەوە و فڕۆکەوانەکـەی ڕزگاری دەبێ و هەڵدێت. کۆمەڵێـک کۆمانـدۆ بـە فەرماندەیـی کاپتن یـاوەری بۆ بەدیلگرتنـی فڕۆکەوانەکە ڕادەسـپێردرێن. یەکێک لـە گرووپە چەکدارە بەرهەڵسـتکارەکانیی کۆمـاری ئیسلامـی بـە سـەرۆکایەتی "کاک هووشـەنگ" هەوڵـی ڕزگارکردنـی فڕۆکەوانەکـە دەددەن. کۆمانـدۆکان لەگـەڵ ئەندامانـی گرووپـە چەکـدارە بەرهەڵسـتکارەکان تێـک هەڵدەچـن و فڕۆکەوانـە عێراقییەکـە دەگـرن. کۆپتـەرە عێراقییـەکان بـۆ بەربەرچدانـەوە و دەسـتپێکردنی شـەڕی ئاسمانـی لـە دژی کۆپتەرەکانـی ئێـران ڕەوانـەی ناوچەکە دەکرێـن و لـە دژی کۆپتەرەکانی ئێران هێرشـێکی ئاسمانی دەسـت پێدەکەن. شـەڕەکە بە قازانجـی هێزەکانی ئێران کۆتایی دێـت و هۆشـەنگ پێـش مردنـی دان بـەوەدا دەنـێ کە هاوڕێـی دێرینی خۆی، بـرای یاوەریی کوشـتووە، چونکە ئامـادە نەبووە هاوکاریـی گرووپەکـەی بکات.

جۆرە کە هەمووی درۆ و دەلەسە و بەپێچەوانەی ڕاستی بوو زۆر بە ئاسانی مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی پێدەدرا، بەبێ ئەوەی گرنگی بە هەست و سۆزی بینەرانی کورد بدات. وەک شتێ بەو فیلمە نە تەنها دەیانویست سوکایەتی بە ئێمەی کورد بکەن بەڵکوو پێمان بڵێن ڕەنج و هەژاری و ئاوارەیی ئێوە بۆ ئێمە بایی تووریکە و ئێمە ئێوە دەکەینە قوربانیی ناوەندنشینان. جگە لەوەی بە هەموو جۆرێک لە لایەن حکومەتەوە تووشی توندوتیژی دەبووین، ئەو توندوتیژییە ساردەش کە لە بواری فەرهەنگیدا بە سەرماندا دەسەپا، شتێکی کەم نەبوو.

ئەم دوو دیمەنەم پێکەوە بەراورد کرد و لە دنیای کەم تەمەنی خۆمدا پرسیارەکەم ئەوە بوو کە بۆچی ئەم وێنەیە لەگەڵ ئەوەی لە واقیعدا بینیومە یەک نین؟ یان ئەو شەڕ و گرژییانەی کە بینیبووم، هیچ لایەنێکم پێ فریشتە و شەیتان نەبوو ... . ئەوەی لە سینەمادا نیشانیان دەدرا، هیچ لێکچوونێکی لەگەڵ ئەزموونی ژیاوی خۆم و بابم کە زیندان چووبووین و ئەشکەنجە کرابووین، یان باپیر و خاڵەکانم کە لەلایەن کەسانی پەیوەندیدار بە حکومەتەوە لێیان درابوو، نەبوو و وەک شتێ ئێمە و ژیانی ڕاستەقینەمان لەم گێڕانەوەدا سڕابوونەوە. ئەم پەیامە درۆ و واقیعە چەواشەکراوانە[1] چەندین جار لە قوتابخانەکاندا دووبارە دەبوونەوە و ڕژێمی کۆماری ئیسلامیش سوودی لێ وەردەگرت.

بە هۆی ئەو جۆرە چالاکییە ڕێکخراوانەوە بیرۆکەی ئەوەی کە کورد درێندە و بکوژە لە ناو بەشێک لە ئێرانییەکاندا ڕەگ و ڕیشەی داکوتابوو. وەک لە بڕگەی پێشوودا وتم، هەرچەندە ئەم بیرکردنەوەیە لەم چەند ساڵەی دواییدا بە هۆی گەشەکردنی میدیا و ئاسانیی سەفەرکردن کەمێک باشتر بووە، بەڵام هێشتا هەندێ کس هەر وا بیر دەکەنەوە و زۆرجاریش بیرەوەریی لەو جۆرەم لە کەسانی دیکە بیستووە، تەنانەت هاوڕێ غەیرەکوردەکانیشم کە دانیان بەوەدا ناوە کە لە ژێر کاریگەریی ئەم گوتارە باڵادەستەی حکومەتی کۆماری ئیسلامیدا چەندە لە سەفەرکردن بۆ کوردستان و تەنانەت پەیوەندیی تایبەتتر لەگەڵ کورد ترساون. لەو ماوەدا زۆر فیلمی لەو جۆرە دروست کرابوون و من زۆر وەڕەز دەبووم، بەڵام دواتر فێر بووم بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە و بە وریاییەوە سەیریان بکەم. کە گەورە بووم باوەڕم بەم پەندەی پێشنیان هێنا کە لە شەڕدا شیرینی دابەش ناکرێت!

---

١ . بەم دیاردە دەڵێن نواندنەوە، کە لە توێژینەوە میدیاییەکاندا بە چەمکێکی بنەڕەتی دادەنرێ و ئاماژە بەو شێواز و میتۆدە دەکا کە لەو ڕێگەیەوە میدیا وێنەیەکی چەواشەکراوی ڕووداو و واقیعێکی دەرەکی دەخاتە ڕوو. نواندنەوە لەوانەیە بە شێوەی قسەکردن، نووسین، یان وێنەی جوڵەیی بێت. کارکردی بنەڕەتی و بنچینەیی میدیا ئەوەیە کە لە ڕێگای نواندنەوەوە واقیعەکانی جیهانی دەرەوە بۆ بینەر وێنا بکات.

بەشی چوارەم

ئیجباریی ئیجباری!

لە سەردەمی ڕەزاشادا، سەربازی بۆ کوڕان و پیاوانی گەنج یان وەک خەڵکی ئەو سەردەمە دەیانگوت، نێرینەی سەروو هەژدە ساڵ لە ئێراندا بوو بە ناچاری و زۆرەملی و لەو کاتەوە لە ناو جەماوەردا بە ئیجباری ناسراوە. دەستەواژەی "بردنە ئیجباری" لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە مەئموورانی قەزاق و ژاندارمەری کتوپڕ هەڵیاندەکوتایە سەر گوندەکان و کوردوتەنی دەستیان دەکرد بە ڕەشبگیری. سروشتی ناچاریبوونی سەربازی لە فۆلکلۆریشدا، بەتایبەت لە لاییلایی دایکان و گۆرانیی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە:

«کوڕم گەورە کرد بە قەندی شاری/ ڕەزاشا بردی لە بۆ ئیجباری»

« یاخوا ڕەزا شا؛ کورت پێنەگا / لە قسهی عەجەمیت خوڵاش تێنەگا»

لە دنیای هاوچەرخدا سەربازی وەک پیشەیەکی تایبەتی پێناسە دەکرێ و میلیتاریزم پیشەیەکە کە مرۆڤ دەتوانێ تێیدا یارمەتیی پاراستنی ئاسایشی وڵاتان بدا، بەڵام لە ئێران و وڵاتانی دەوروبەردا هێشتا ناچارییە و هەموو کوڕێک دەبێ بچێتە سەربازی، مەگەر ئەوەی بە شتی وەکوو نەخۆشی و کەفالەت و هتد لێخۆشبوونی بۆ دەربکرێت. لێکۆڵینەوە سەرەتاییە خەڵکناسییەکان دەریدەخەن کە لە کۆمەڵگا نەریتییەکان و وڵاتانێکی وەکوو ئێراندا، سەربازی و تەنانەت هەندێ دابونەریتی دیکەی وەکوو خەتەنەکردنی کوڕان[1]، وەک قۆناغێکی گواستنەوە

---

١ . بە بڕینی هەموو یان بەشێک لە بەرپێستی ئەندامی نێرینەی پیاو وکلیتۆریسی ژن دەوترێ خەتەنە. مێژووی خەتەنە دەگەڕێتەوە بۆ پێنج هەزار ساڵ بەر لە ئێستا و ئاخێزگەی خەتەنە میسری کۆنە. ئەمڕۆکە موسڵمانان و جولەکەکان و خەڵکی هەندێک ناوچەی تری جیهان کوڕ و کچەکانیان خەتەنە دەکەن. موسڵمانان و جولەکەکان بە هۆکاری ئیسلامی و ئایینی و سەپاندنی فەرهەنگ و نەریت منداڵەکانیان بە ئاهەنگ و ڕێوڕەسمی تایبەتەوە خەتەنە دەکەن، بەڵام هەندێک لە ئایین و ئایینزاکان بۆ ڕێگریکردن لە هەندێک کێشەی پزیشکی ئەم کارە دەکەن. بەشێک لە چالاکانی مافی منداڵان

لـە منداڵییـەوە بـۆ هەڕەتـی پیاوەتـی دێنـە ئەژمـار. کاتێـک کوڕێـک لـە سـەربازی دەگەڕێتـەوە، کۆمەڵـگا ئەمـە بە ئیمتیازێک بۆ ئەو کەسـە دەزانێ و کاتێک هەوڵی هاوسـەرگیری دەدا و دەچێ بـۆ خوازبێنـی، یەکێـک لە مەرجـە گرنگەکان بـۆ ئـەوەی بنەماڵەی بووکەکـە بەو پێوەندییـە ڕازی بـن، ئەوەیـە کـە چووبێتـە سـەربازی. چونکـە سـەربازی پێشـمەرجی وەرگرتنـی مۆڵەتـی پیشـە و گەشـتکردن بـۆ دەرەوەی وڵات و کۆچکـردن و شـتی هاوشـێوەی دیکەیە.

من لە ژیانمدا نەحەسابوومەوە و وەک شتێک خۆشم هێواش هێواش ڕاهاتبووم کە بەم چەرمەسەری و سەخڵەتییانە هەڵنەلەرزم. ئاوا بوو کە چوومە ناو دڵی خولێکی دوو ساڵەی ترسناک کە زۆربەی خەڵک لێی دەتۆقن. ئەویش لە حاڵێکدا کە هێشتا تەمەنی یاساییم تێنەپەڕاندبوو و دەمتوانی بۆ ماوەی ساڵێک یان دوو ساڵ خۆم قوتار بکەم، بەڵام هەڕەتی گەنجێتییە و ئەو نەخشانەی کە ئەگەر لە مێشکتدا بیکێشی، بێوچان هەوڵی جێبەجێکردنیان دەدەیت. چوونە سەربازی بۆ من زۆر گرنگ بوو. دەمویست ئێران بەجێبهێڵم و بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی یاسایی و بەفەرمی لە ئێران بڕۆم، پێویستم بە تێپەڕاندنی قۆناغی سەربازی بوو. بۆیە زووتر لە کاتی خۆی چوومە سەربازی و ڕۆژەکانی زۆر بە ئاسانیش تێنەپەڕی. لە ماوەی ئەو دوو ساڵەی کە لە سەربازی بووم، نەک تەنها لە خۆمدا، بەڵکوو لە ناو فەزای بنەماڵە و ژینگەی دەوروبەریشدا گۆڕانکاریی زۆر ڕووی دا و زۆر شت گۆڕا. نەک تەنیا سەربازی، بەڵکوو هەمووی ژیان، هەندێ ئیجباریی تێدایە کە وەک شتێ ناکرێ بە خواستی خۆمان لێیان تێپەڕین.

گیران بە یونیفۆرمی سەربازییەوە لەبەر پەروانە

لـە ئێراندا تەمەنی یاسـایی بۆ چوونە سـەربازی هەژدە سـاڵە، مەگەر کەسـێک بیهـەوێ زووتر لـە کاتـی خـۆی بچێتـە سـەربازی و ئـەم کۆڵـە لە کـۆڵ خـۆی بکاتەوە. تـازە تەمەنـم چووبـووە ناو حەڤـدە سـاڵانەوە کـە سـەبارەت بـە سـەربازی و بارودۆخـی کەوتمە پـرس و ڕاوێژ. وتیان سـاڵێکە جەنگـی ئێـران و عێـراق کۆتایـی هاتـووە، ڕێککەوتنامەکەیـان قبـووڵ کـردووە و ئـیتر ئەرتـەش بـۆی نییـە سـەربازی خـوار تەمەنـی یاسـایی وەربگرێـت. مـن بـەدوای ڕێگەچارەیەکـدا دەگـەڕام کـە وتیـان: "لـە بارودۆخـی ئێسـتادا، تاکـە شـوێنێک کـە قبوڵت دەکا سـپایە". سیاسـەتی سـپا[1]

دژی ئەنجامدانـی ئـەم کارەن و بـە توندوتیـژی دژی منـداڵان و پێشـێلکردنی یەکپارچەیـی مافەکانی منداڵان لێـی دەڕوانن. ئـەم کارە لەبـەر ئـەوەی ئێـش و ئـازاری جەسـتەیی و دەروونیـی زۆر تووشـی منـداڵ دەکا و زیانێکـی گـەورە بـە فیزیۆلـۆژی و جەسـتەی منـداڵ دەگەیەنـێ و ئەگەری شـێواندنی کۆئەندامی زاوزێی هەیـە، هەر بۆیە چالاکوانانـی مافەکانی منداڵان دژی دەوەسـتنەوە. ئەحمـەدی، کامیـل و هـاوکاران. تیغی نەریت بە ناوی ئایین: توێژینەوەی دیاردەناسـانە سـەبارەت بە خەتەنەی کـوڕان یـان پیـاوان لە ئێران، دانـیمارک: چاپخانـەی ئاوای بـووف، ٢٠٢٣.

١ .سـپای پاسـدارانی ئینقلابـی ئیسلامیی ئێـران ڕێکخراوێکی سـەربازی (نیزامی)یە کە لە یەکەم ڕۆژەکانـی دوای ئینقلابەوە لـە سـاڵی ١٣٥٧ی هەتـاوی بـە فەرمانـی ڕوحـوڵڵا خومەینـی دامـەزرا. سـپای پاسـداران دامەزراوەیەکـی سـەربازی و قۆڵـی چەکداریی پاراسـتنی کۆماری ئیسلامییە. ناوی ئێران لە سـەر ئاڵای سـپای پاسـداراندا نییە. لە ١٩ی خاکەلێوەی ١٣٩٨ (

گۆڕابـوو، لەبـەر ئـەوەی خەڵکـی خۆبەخـش و بەسـیجی[1] ئـیتر ڕوویـان لـە ناوچـەی کوردسـتان نەدەکـرد و هێزیـان کـەم بوو.

ماوەیەک لەگەڵ خۆم جوابەجەنگێم کرد، جگە لە هەستیارییە تاکەکەسییەکانم، ڕووبەڕووی ئەم کێشـەیەش بوومەوە کە؛ شـەڕ و پێکدادانی لە نێوان سـپای پاسـداران و پێشـمەرگە هێشـتا بـەردەوام بـوو و گرووپـە زەربەتەکانـی سـپای پاسـداران لـەو شـەڕانەدا ئامـادە بوون. هـەر بۆیە لە ناوچەکەمانـدا سـەربازیکردن لە ناو سـپای پاسـداران شـتێکی ناشـیرین بوو. هـەر چەندە حیزب پـاش تیـرۆری هەر دوو سـکرتێری گشـتیی خـۆی، واتە دکتـۆر قاسـملوو و دکتۆر شـەرەفکەندی، گورزێکـی سـەختی بەرکەوتبـوو، بـەڵام تـا ڕادەیـەک بەردەوام شـەڕی سـپای پاسـدارانی دەکرد. کۆمەڵـەش بـە شـەڕی هاوشـێوەوە تێوەگلابـوو و ئـەم ڕووداوانـە دەسـتیان دابـووە دەسـتی یـەک کـە سـەربازیکردن لـە نـاو سـپای پاسـداران تـا ڕادەیەک لە چـاوی خەڵکی کوردسـتان شـتێکی ناشـیرین و قێـزەون بێت.

زۆری پێچـوو تـا توانیـم لـە ماڵەوە ئەو پرسـە بێنمە بەر بـاس. وەک چاوەڕوان دەکـرا بە توندی دژی وەسـتانەوە و گوتیـان: "ئەتـوو هێشـتا نەبوویە هەژدە سـاڵ، ئەتـوو منداڵی ڕاوەسـتە وەختی خـۆی بچـۆ" تەنانـەت نەنکـم کـە هەمیشـە هـاوڕام بـوو، بـە تووڕەیـی و قەڵسـییەوە دەیگـوت: " دەچـی و دەتکـوژن کامیـل گیـان!" وتـم شـەڕ تەواو بـووە، بەڵام بـاوەڕی نەکـرد و پێی وابوو شـەڕ هـەر بەردەوامـە! سـەرەڕای هەمـوو دژایەتییـەک، هیـچ بژاردەیەکـم نەبـوو جگە لەوەی بـە ڕێگای خۆمـدا بـڕۆم، پێویسـتم بـە کارتی سـەربازی بوو، هـەر بۆیە مامـم و خاڵم و کەسـانی دیکەم وەک نێوەندگیـر نـاردە لای بنەماڵـەم و گوشـارێکی زۆرم بۆیـان هێنـا کـە ڕازی بـن و بهێڵـن بچمـە سـەربازی. بـۆ وەرگرتنـی دەفتەرچـەی سـەربازی چوومـە بینـای ژاندارمەریـی پێشـوو، کە ئێسـتا پێـی دەڵێـن نیـزام وەزیفـە. شـتی سـەیر و سـەمەرەم وەبیـر دەهاتـەوە. سـاڵی ١٣٥٧، کاتـی تاڵانکردنـی ژاندارمـەری لەگـەڵ بابـم و مامم چووینە ژووری چەکی ئـەم بینایە و بینیبووم خەڵک چـۆن چـەک و تەقەمەنییـان کـۆ دەکردەوە. بـەڵام ئەمجارەیان تەنیـا بووم و بەتەمـا نەبووم لەگەڵ

٨ی نیسـانی ٢٠١٩) دەوڵەتی ئەمریکا سـپای پاسـدارانی وەک گرووپێکی تیرۆریسـتی دەستنیشـان کرد؛ ئەنجومەنی باڵای ئاسایشـی نیشـتمانیی ئێرانیـش بەرامبـەر بـەم کارە بـارەگای سـەربازیی ئەمریـکای لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و ڕۆژهەڵاتـی ئەفریقـا وەک ڕێکخراوێکـی تیرۆریسـتی لـە قەڵەم دا.

١ . ڕێکخـراوی بەسـیج ٥ی سـەرماوەزی ١٣٥٨ (٢٦ی تشرینـی دووی ١٩٧٩) بـە فەرمانـی خومەینـی پێـک هـێنرا و پـاش پەسـەندکردنی لـە لایـەن مەجلیسـی شـۆرای ئیسلامـی لـە ڕێبەندانـی ١٣٥٩ هەتـاوی (کانوونـی یەکەمـی ١٩٨٠)دا، بـە شـێوەیەکی یاسـایی ناسـێندرا. بەسـیج ڕێکخراوێکی نیمچە سـەربازی و لقێکی سـپای پاسـدارانە و بە یەکێک لە گرینگترین قۆڵەکانـی دەسـەڵات لـە کۆمـاری ئیسلامی دادەنرێ، ئەرکی ڕاکێشـانی هێزی خۆبەخشـی جەمـاوەری، ڕاهێنان، ڕێکخستن و دامەزراندنـی هێزی خۆبەخشـی جەماوەری پێ سـپێردرابوو، بـۆ ئەوەی ئامانجەکانی ئینقلاب بەدی بێ و دەسـتکەوتەکانی بپارێزرێـت. بەپێـی پێناسـەیەک، دەتوانیـن بەسـیج وەک ڕەوتێـک ڕەچـاو بکەیـن کـە تێیدا یەکەیەکـی کۆمەڵایەتـی دەتوانێ زۆر بـە خێرایـی کۆنترۆڵـی ئـەو سـەرچاوانە بگرێتە دەسـت کە پێـشتر لە ژێر ڕکێفیـدا نەبـوو. (ر.ک: بشـیریە، ١٣٨٧ انقلاب و بسـیج سیاسی)

لێشـاوی خەڵـک بچمـە ناو ژووری چەکـەوە. کاتێک دەفتەرچەکەم وەرگرت و گرتم بە دەسـتمەوە هەسـتێکی سـەیرم هەبـوو. ئـیتر ببـووم بە پیاو، ئـەوە دەچـووم بۆ سـەربازی! چەنـد کۆپییەکم لە دەفتەرچەکـەم هەڵگرتـەوە بـۆ ئەوەی ئەگـەر لێم ون بوو بتوانم خێرا دانەیەکـی لە جیاتی دابنێم. هێشـتا ئـەو کۆپییانەم مـاوە. دوای وەرگرتنی دەفتەرچەی سـەربازی، پێوشـوێنی ئـەوە کەوتم کە بزانـم قۆناغەکانـی دواتـر چییـە. باوکم هەندێک لە ئەفسـەرانی ئەرتەشـی دەناسـی کـە دەهاتنە دووکانەکـەی. ئـەوان پێیـان وتبـوو: کوڕەکـەت بنێـرە بـۆ ئەرتەش، ئێمە یارمەتیـی دەدەین بچێتە شـارە ناوەنـدی و فارسنشـینەکان و جەختیـان لـەوە کردبـووەوە کە نەهێڵێ بچمە ناو سـپا، باوکم بـە بیسـتنی ئـەم قسـانە بڕیـاری دا کـە نەهێڵـێ بچمـە سـەربازی، چونکـە باوکم پێی خـۆش نەبوو بچمـە نـاو سـپا و لـە سـپا سـەربازی بکـەم، بـەڵام مـن پەلـەم بـوو و نەمتوانـی هۆکارەکانـی ئـەم بەپەلەییـەم بدرکێنم. بنەماڵەکەم سـەریان سـوورِ مابـوو و هیـچ کام لـە ڕوونکردنەوەکانـم بۆیـان لۆژیکـی نەبـوو. ئـیتر بە نهێنـی کاروبـاری چوونم بـۆ سـەربازی ڕاپەڕانـد و کاتـێ نـاوم هاتـەوە هیچیـان پـێ نەمـا. ئەوەنـدە بـەو کارەم قەڵـس بـوون کـە ڕۆژی ڕۆشتن بـۆ سـەربازی کـەس لەگەڵم نەهات.

● وێنەی ١٢٤. ڕۆیشتن بۆ خولی ڕاهێنانی سەربازی (ئاموزشی)، لەگەڵ سابیری پوورزام، نەغەدە فەلەکەی ژاندارمەری، بەهاری ١٣٦٧ی هەتاوی (١٩٨٨)

ڕۆژی چوونـم بـۆ سـەربازی بـە تەنیـا چوومـە بینـای گومـرک، واتـە هەمـان ئـەو شـوێنەی کـە ڕۆژێـک باوکمـی تێـدا زیندانـی کرابوو. هەسـتی بێکەسـی و تەنیایی ئـەو ڕۆژە تاسـاندمی، بەڵام ناچـار بـووم دەرەنجامەکانـی ئـەو کارە لـە گـەردن بگـرم. بەڕاسـتی سـەربازیکردن بـۆ سـپا بۆ من قـورس بـوو. ناوەکـەی و ئارمەکـەی و هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە پەیوەندی بـەم هێزە سـەربازییەوە هەبـوو، هەندێـک لـە ڕووداوە ناخۆشـەکانی تافی منداڵی و ڕۆژانی تاڵـی ئاوارەیی و گیرانی باوکم و خـۆم و کۆبوونـەوەی زۆرەملیی عەقیدەتی_سیاسـیی کۆتایی هەفتـە و زۆر ڕووداوی گورچکبڕی دیکـەی وەبیـر دەهێنامەوە. هەلی پەشـیمانیم نەبـوو و لە کۆتاییدا ناچاربووم بچمە سـەربازی جا چ سـپا بـێ چ ئەرتـەش، چ فەرقـێ دەکا. کار لـە کار تـرازا بـوو و لەگـەڵ بیسـت و پێنج سـەربازی دیکـە ڕەوانـەی ورمـێ کرایـن. هەمووشـیان لـە مـن گەورەتـر بـوون و ململانێـی دەسـەڵات و فیـز و خۆبادانیـان لەگـەڵ گرووپـدا دەسـت پێکردبـوو. هەوڵـم دەدا پیشـانیان بـدەم لەوان سـەرترم و ئـەوەش وای کردبـوو کـە بەرامبـەر بـە مـن هەڵوێسـتیان هەبێـت. لـە جـادەی پیرانشـارەوە بەرەو

ورمـێ دەڕۆیشـتین، چەنـد کەسـێکیان لەبـەردەم مینیبووسـەکەدا دانیشـتبوون و باسـی پێگەی بنەماڵـە و سـەروەت و سـامانی خۆیـان دەکـرد بـۆ ئـەوەی نیشـانی ئەوانـی دیکـە بـدەن کـە کـێ سەرۆکە!

چەنـد ڕۆژی یەکـەم هەسـتێکی خۆشـم نەبـوو، دڵەخورپـەم بـوو و حـەزم دەکـرد بچمـە نـاو کۆبوونەوەیـان، بـەڵام هەموویـان لە من گەورەتر بوون و قبووڵیان نەدەکـردم. جگە لە ناوەکانمان، لـە پێشـدا سـاڵی لەدایکبوونمـان لەسـەر گیرفانـی یۆنیفۆرمـە سـەربازییەکانمان نووسرابـوو و نەمدەتوانـی لەسـەر تەمەنـم درۆ بکـەم. دەچوومـە لایـان و هەوڵـم دەدا بیاندوێنـم، بـەڵام بـە هیچیـان نەدەزانیـم. لـە گرووپێکـدا پێنج بۆ دە کەس هاوگـرووپ و هاوخەرج بـوون، منیان لە ناو خۆیانانـدا قبـووڵ نەدەکرد. هەسـتم بـە بێکەسـی و بێدەرەتانی دەکـرد، هەرچەندە پێـم وایە ئەم تەنیابوونـە دەتوانـێ بنیـادەم نـاوازە و تایبـەت بکات.[1]

کـە گەیشـتینە ورمـێ، بردیانیـن بـۆ شـوێنێک لـە شـەقامی دانیشـکەدە. فەزایەکـی وەکـوو حەوشـەی قوتابخانـەی هەبـوو و وەکـوو سـەردەمی قوتابییەتی ڕیزیـان کردین. هەمـوو دامەزراوە سـەربازییەکان لە جێبەجێکردنی تەکووزی و دیسـیپلیندا هاوبەشـن، بەڵام هەر یەکەیان شـێواز و سـازوکاری تایبەتـی خۆیانیـان هەیـە. دایاننیشـاندین و چەندیـن کاتژمێـر چاوەڕێیـان کردیـن هەتـا دابـەش بکرێیـن. پـۆل پۆل بە ناوی جیاواز ناویان لە سـەر دانایـن و چووینـە ناو مزگەوتێکی گـەورە. گرووپـەکان دروسـت بـوون، منیـش کەوتمـە لای چەند کەسـێک کە بـە ڕواڵەتیانـدا دیار بـوو خەڵکـی گونـدە دوورەدەسـتەکان بن و تـاق کەوتبوون. لەناکاو هەسـتم کـرد زۆر تەنیام. من لەگـەڵ ئەندامانـی گرووپەکەم لێکچوونێکیمان نەبوو و لـە ڕووی ناچارییەوە خرابووینە لای یەک. دەمانتوانـی لای یـەک نەبیـن، بەڵام حەقیقەتی ئەوێ دابەشـبوون لەسـەر بنەمای گرووپ و شـار و ئێتنیـک و زمـان بـوو. تورکەکانـی شـار و پارێزگاکانی تر، کوردانی شـارانی تـر و نەغەدەییەکان و بۆکانییـەکان و دانیشـتوانی شـار و پارێزگاکانی تـر هەموویان لە نێوان خۆیانـدا دابەش ببوون.

هـەواڵمان پێگەیشـت کـە بڕیـارە بنێردرێیـن بـۆ سـەربازگەی عەجەبشـێر لـە پارێـزگای ئازەربایجانـی ڕۆژهـەڵات. سـەربازگەی عەجەبشـیر بـەو دروشـمە یـان تابلۆیـە بەناوبانـگ بـوو کە دەیانـوت لـە سـەرەوەی نووسراوە: "کەر بێنە، ئینسـان بـەرەوە"[2]. هەفتەیەک تێپـەڕی، بەڵام ئێمە

---

١ . ئـەم تێڕوانینـە نادروسـتە ڕەنگـە بگەڕێتـەوە بـۆ پـرس و ئاڵنگارییەکانـی بـەردەم گەشـەی کۆمەڵـگای ئێـران و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان. ئـەوەی کـە بیرکردنـەوەی مۆدێـرن کـە لەسـەر بنەمـای شایسـتەیی تاکەکەسـییە، هێشـتا لـەم کۆمەڵگایـەدا فام نەکـراوە و جـێ نەکەوتـووە. مۆدێرنیزاسـیۆنی کۆمەڵـگا بەم شـێوەی ئێسـتا و ئەو شارسـتانییەتەی کە لە فۆرمی شـیاوی خۆیدا ڕووی نـەداوە، وای کـردووە کـە بـۆ پێوانەکـردن و هەڵسـەنگاندنی تاکـەکان هێشـتا هەمان پێـوەر و هزری کۆمەڵگـەی نەریتی ڕۆڵـی یەکلاکـەرەوە دەبینـێ واتـە ڕەچەڵەکـی بنەماڵەیـی، نـەک لێهاتوویـی و توانـاکان و بیروبـاوەڕ و شـیکارییەکانیان. دیارە بەشـێک لـەم ڕوانگـە بـە هـۆی بوونی فەرهەنگـی ئایینی و پـاشماوەی فەرهەنگـی دارماوی فیۆدالـی لە ئێـران و ناوچەکەدایە، کـە هەمیشـە ڕواڵەتـی تاکـەکان و خۆنوانـدن بـە ئۆتۆمبێـل و باڵاخانـەی شـکۆمەند و .... وەک بنەما سـەیر دەکەن.

٢ . بە فارسی: خر بیار، آدم ببر.

هـەر لـەوێ بووین. هـەر ئەمـڕۆ و سـبەیان پـێ دەکردیـن، هەتـا ئـەوەی کـە پاسـەوانێک هـات و وتـی: "ڕەوانەکـردن دوا کەوتـووە. هەمووتـان دە ڕۆژی تر بگەڕێنـەوە ماڵەوە." مۆڵەتـی گەڕانەوەی ماڵەوەیـان پێدایـن و گەڕاینـەوە. ئـەوان نەیانویسـت و نەیانتوانـی خۆراکـی ئـەم چەنـد سـەربازە دابیـن بکـەن.[1] ماڵـەوە بـە هاتنـەوەم واقیـان وڕ مـا، گاڵتەیـان پێکـردم کـە کـەی ڕۆشـتی و کەی گەڕایتـەوە! بـەڵام سـەرم تاشرا بـوو و ئەمە بابەتەکەی فەرمی کـردەوە و لاف و گەزافم لێ دەدا کە بوومەتـە سـەرباز. لـە ماوەی ئەو دە ڕۆژەدا پرسـیارم لەو سـەربازانەی کە دەمناسـین یـان ئەوانەی کـە ڕۆێشـتبوونە سـەربازی دەکـرد کـە بـۆ خولـی ڕاهێنانـی سـەربازی (ئامووزشـی) چـی لەگەڵ خـۆم ببـەم و زۆر شـتیان لێ فێر بـووم. دوای کۆتاییهاتنی مۆڵەتەکەم، دیسـان بـە تەنیا گەڕامەوە بـۆ ورمـێ (ڕەزائیـە) بـۆ ئـەوەی ڕەوانـەم بکـەن و هـەر چۆنێـک بـێ ئـەم دوو سـاڵە تەواو بکـەم. کە گەیشـتم تاقمـی هەمـوو شـارەکەمان و تەنانـەت شـارەکانی دەوروبەریـش ڕەوانـەی سـەربازگەی بەناوبانگـی عەجەبشـێر کرابـوون و مـن بـە جـێ مابووم.

بـە جـێ مابـووم، لەبـەر ئـەوەی دەسـتگیر کرابـووم! هەرچەنـدە ئەمجارەیـان هـۆکاری دەسـتگیرکرانەکەم سیاسـی نەبـوو، بـەڵام ئەوەندە بەدبەخت بـووم کە لە یەکەم ڕۆژی سـەربازیدا گیـرام. مەسـەلەکە زۆر سـادە و ڕەنگـە زۆر پێکەنینـاوی یـان دڵتەزێنیـش بێـت! مامـم هێشـتا لە پیرانشـار نیشـتەجێ نەببـوو و لـە نەغـەدە دەژیـا. یەکێـک لـە ئامۆزاکانـم هاوڕێیەکـی هەبـوو بـە نـاوی پەروانـە کـە دایـک و باوکـی مامۆسـتا بـوون و لـە گەڕەکـی فەرهەنگیـان دەژیـان. حەزمان لـە یـەکتر بـوو و هەندێـک جاریـش بـە تەلەفـۆن پێکـەوە قسـەمان دەکـرد. دۆسـت نەبووین، پەیوەندییەکەمـان هـەر لـەو ڕادەدا بـوو. ڕەنگـە ئێمـە تێگەیشـتنێکی دروسـتمان لـە پەیوەندیـی دۆسـتایەتی نەبووبـێ و بابەتەکەمـان هـەر لـەو ئاسـتەدا ڕاگـرت.

زۆر گرنـگ بـوو دۆسـتت هەبایـە و لـە پادگانـدا نامـەت بـۆ هاتبـا. پەروانـە دەسـتوخەتێکی جوانـی هەبـوو بۆیـە داوام لێکـرد کـە چوومـە سـەربازی نامـەم بـۆ بنووسـێ و ئەویـش قبووڵـی کـرد. پەیوەندییەکەمـان سـادە و بـەری بـوو. پێـش ئـەوەی وەڕێ بکـەوم، لـە دووکانەکـەی باوکم گوڵەسـەرێکی زەنگیانـەدارم بـۆی کادۆپێـچ کـرد. تەلەفۆنـم بـۆ کـرد و وتـم: "بـۆ ئـەوەی بچمـە ورمـێ دەبـێ لـە نەغەدەیـرا تێپـەڕم، دەتبینـم و ماڵاواییـت لـێ دەکـەم." کـە گەیشـتمە نەغـەدە چوومـە دووکانـی یەکێـک لـە هاوڕێکانـی باوکـم کـە نـاوی کاک عومـەر بـوو، لە نزیـک فەلەکەی

---

١ . لـە مـاوەی یـەک سـەدەی ڕابـردوودا، لـەو کاتـەوەی کـە لـە ئێرانـدا سـەربازی بـووە بـە ئیجبـاری، دابینکردنی خـۆراک بۆ سـەربازان هەمیشـە کێشـە بووە، بەتایبەت دوای ئینقلاب کە سـپای پاسـدارانیش بە هێزە چەکدارەکان زیاد کرا، ڕەنگە ئەمە دۆخـی خۆراکـی خـراپتر کردبێـت. بەڵام ئەوانەی ئێسـتا لە سـپای پاسـداران سـەربازی دەکەن خۆراکی سـپایان لـە ئەرتەش پـێ بـاشترە. بەهـەر حـاڵ قورسـایی تێچـووی دوو سـاڵ سـەربازی، دەکەوێتـە سـەر شـانی بنەماڵـەی سـەربازەکان، چونکـە حکومەت لەم دوو سـاڵەدا خۆی هیچ بەرپرسـیارێتییەک هەڵناگرێ، بۆ ئەوەی لێکەوتەکانی تایبەتیسـازی و بچووککردنەوەی پێکهاتـەی حکومـەت لـە ئێرانـدا زیاتـر لە هەمـوو کاتێک خـۆی دەربخات.

ژاندارمەری، جانتاکەم لەوێ بەجێهێشت و گوتم زوو دەگەڕێمەوە.

مانگی ڕەمەزان بوو و بەیانیان وڵات چۆڵ و بێدەنگ بوو، کاتی دیدارم لەگەڵ پەروانە خستە بەیانی بۆ ئەوەی هیچ کێشەیەک ساز نەبێت. جەرگم جەرگی دەخوارد کە هەرچی زووە پەروانە بێت. لەگەڵ نزیکبوونەوەمدا یەکێک لە پاترۆڵەکانی کۆمیتەم دی. پەروانە ڕێک بەرەو لام دەهات، بە دەستم ئیشارەتم پێدەدا کە ڕێگاکەی بگۆڕێ، بەڵام هێزەکانی کۆمیتە پێیان زانین کە خەریکی چین. پاترۆڵەکە خێرا وەرگەڕا و هاتە بەر دەمم، مەئموورەکان دابەزین و منیان خستە پشتی ئۆتۆمبێلەکە. یەکیان بە تورکی وتی: "ئەوە چیت دەکرد؟ مانگی ڕەمەزانە و تۆش خەریکی دەستبازیکردن لەگەڵ کچی خەڵکی؟!" وتم: "دراوسێیانم، ویستم ماڵاوایی لە خۆی و دایکی بکەم، دەمنێرن بۆ سەربازی" وتیان: "لە کوێ؟" گوتم: "ورمێ." گوتیان: "لە کوێوە؟" وتم: "خەڵکی ئێرەم." کارتی ناسنامەکەمم دەرهێنا. لە سەری نووسرابوو نەغەدە و باوەڕیان پێم کرد. یەکیان بەڕەڵای کردم، بەڵام ئەوی تریان وتی: "با کارتی مۆڵەتی هاتنەوەت ببینم". لەسەر کاغەزی مۆڵەتەکە نوسرابوو لە ورمێ بۆ پیرانشار. وتی: "بۆ درۆت کرد، خەڵکی پیرانشاریت، خۆ تۆ خەڵکی نەغەدە نیت!" و مەسەلەکە درێژەی کێشا کە تۆ لەو کوردانەی کە لە سەرەتای ئینقلابدا هەڵاتووی و هەرگیز نەگەڕایتەوە و ... لە کۆتاییدا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە وتیان: "دەبێ ڕادەستی حیفازەتی ئیتلاعاتی سپات بکەین. درۆت کردووە و دەبێ ڕوونی بکەیتەوە کە بۆچی درۆت کردووە! بە بێسیم پەیوەندییان کرد و لەگەڵ بارەگای سپای پاسداران قسەیان کرد. گوتیان: "سەربازێکی سپاییمان گرتووە، لێی بکۆڵنەوە بزانن هێزەکەتان لەو کووچە و کۆڵانانە خەریکی چییە و بۆچی بە ئێمە دەڵێ خەڵکی نەغەدەم، کەچی خەڵکی پیرانشارە. بڕێ مەشکووک دەنوێنێ ڕەنگە بە بیانووی سەربازبوون بەتەمایە دزە بکاتە ناو سپا!"

● وێنەی١٢٥. ئۆتۆمبێلی کۆمیتە

پاسدارێکی گەنج بە ماتۆڕێک لە ئیدارەی ئیتلاعاتەوە هاتە ناو بینای کۆمیتە و منی بردە بارەگای سپای پاسداران. ئەو و مەلایەکی دیکە لێپچینەوەیان لەگەڵ کردم و پرسیاریان کرد: "ئەتۆ کە هێزی ئێمەی لە کووچە چیت دەکرد؟" تا زیاتر ڕاستییەکانم دەگوت، کەمتر باوەڕیان پێدەکردم. پاسەوانە گەنجەکە وتی: "ئێمە دەتهێڵینەوە هەتا ڕاستییەکان دەڵێیت!" کە یەکەم ڕۆژ هاتووی لە بری پاراستنی خۆت، شان و شکۆی

سپای پاسدارانت خستۆتە مەترسییەوە، ئەویش لە مانگی ڕەمەزاندا!" پاشان حاجی ئاغایەکی تر هات و وتی: "دەبێ چەند جوزئێکی قورئان لەبەر بکەی جا دێلین بڕۆی. هەڵبەت بە دوو ساڵ سەربازییەکەت وەک تەمبێکردن ماوەیەک زیاد دەکەین و نامەیەکی سزادانیشت پێدەدەین بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی کاتی بتخەنە زیندان ..." زۆر هەڕەشەی دیکەشیان کرد کە سپاس بۆ خوا هیچیم لەبیر نییە!

بەڕاستی نەمدەزانی بۆچی ئەم هەموو گۆڵمەزەم بۆ ساز بوو. کۆمیتە چەند جارێکی تر دەستگیریان کردبووم، بەڵام ئەوەندە بەزم و ڕەزمی نەبوو. لە سەرەتادا بارەگای سپای پاسداران زیندانی چۆڵی نەبوو، هەموو شەوێک منیان دەنارد زیندانی کۆمیتە بۆ ئەوەی لەوێ بخەوم. دوو سێ دانە لە تورکەکانی نەغەدەشیان بە هۆی ڕۆژوو شکاندنەوە هێنابووە زیندان، پێم وایە گیرۆدەی مادەی هۆشبەر بوون، لەسەر شەقام جگەرەیان کێشابوو و نانیان خواردبوو، زۆر دەترسام لەگەڵیان زیندانیم بکەن. من زۆر ئالوودەم نەبینیبوو مەگەر لەو سەفەرانەی کە بۆ تاران و ورمێ دەمکرد، دەنا لەناو کورددا کەسی ئالوودەی مادەی هۆشبەر زۆر کەم بوو.١

دوو ڕۆژی یەکەم لە زیندانی کۆمیتە بووم و دوو ڕۆژی دواتر لە زیندانی سپای پاسداران. لێپێچینەوەی بێهوودە دەکرام و تەنانەت هەندێک جار بە چاوی داخراوەوە نەهجولبەلاغە و قورئانم دەخوێندەوە و وەڵامی پرسیارەکانی حاجی ئاغام دەداوە بۆ ئەوەی لە دەستی نەجاتم بێت. لە کۆتاییدا نامەیەکیان پێدام کە نەچوونە سەر دەوامی سەربازیم پاساوداره. سەرەتا پێم وابوو پیاوەتیان لەگەڵم کردووە کە ڕاپۆرتیان لە سەرم نەداوە و نەیانخستووەتە سەر کەیسەکەم، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت کە وا نییە و سزایەکی زۆریان داوم!

بەرەو هۆڵەسوو

پاسداره گەنجەکە بە ماتۆڕێک گەیاندمیە ناوەڕاستی شار و لە مەیدانی ژاندارمەری دایبەزاندم. چوومە دووکانی هاوڕێکەی باوکم بۆ ئەوەی شتەکانم هەڵبگرم. کە منی بینی وتی: "ئەرێ ئەوە ئەتوو لە کوێی؟ ماڵتە عەرز قوتی دابووی، خۆ تەلەفۆنم بۆ باوکت کرد. باوکت زوو زوو تەلەفۆنم بۆ دەکا و مامیشت سەرێک لێرە هەڵدێنێت. کوڕە لە تاوت زەندەقیان چوو!" درۆیەکم هەڵبەست و جانتاکەم هەڵگرت. خێرا لە دووکانەکە دەرچووم و ڕۆیشتم بۆ ورمێ. خۆم گەیاندە سەربازگە و بینیم هەمووان ڕەوانە کراون. هەر من بە تەنیا مابوومەوە.

١ . ڕوانگەیەی کۆمەڵگای ئێران بەرامبەر بە ئالوودەبووانی مادەی هۆشبەر هەمیشە لەسەر بنەمای ترس بنیات نراوە. بەهۆی پێناسە و زانیاریی نادروستی ڕاگەیاندن و میدیا سەبارەت بە دیاردەی مادەی هۆشبەر و ئالوودەبووان، ئەو دیاردە لە بەستێنی کۆمەڵگادا بەردەوام وەک مەترسییەکی تۆقێنەر پیشان دراوە، هەروەها باڵادەستیی تێڕوانینی ئایدۆلۆژیکیش وای کردووە کە دامەزراوە بەرپرسیار و زانیاریبەخشەکان هەرگیز هیچ هەنگاوێکی کاریگەر و واقیعبینانە بۆ هۆشیارکردنەوەی زەینی گشتی هەڵنەهێنن.

وتیـان تـا ڕەوانەکردنێکی دیکە بڕۆوە. دەترسـام بگەڕێمـەوە، بۆیە گوتم: "کوێ بڵێـن دەڕۆم. بەڵام توخـوڵا بمنێرنـە عەجەبشـێری، چونکـە هاوشـارییەکانم لەوێـن". گوتیـان شـتی وا نابـێ، ئـەوان چەنـد ڕۆژە مەشـق و ڕاهێنـان دەکـەن، بەڵام لە شـاری سـاینقەڵا سـەربازخانیەکی لێیـە، یەکەم خولـی مەشـق و ڕاهێنانی سـپای پاسـداران لـە یەکێک لە گوندەکانـی بە ناوی هۆڵەسـوو بەڕێوە دەچێـت. دەتنێرینـە ئـەوێ، بـەڵام دەبێـت خـۆت بچیت."

پێـشتر ناویـم بیسـتبوو. دەیانگوت بەرێکی تری پارێـزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوایە، بەڵام پشـت قولەی قافیش با، دەچوومە ئەوێ و سـەری ماڵەوەم نەدەداوە. نەبوونی ئەو چەند ڕۆژەم دەیتوانی خـۆی ببێتـە بەزمێـک! چوومـە میانـدواو و لەوێشـەوە بـە مینیبووسـێکی کـۆن بـەرەو سـاینقەڵا وەڕێکەوتـم. دەتوانـم بڵێـم شـارۆچکەیەکی بچـووک بـوو و زۆربـەی خەڵکەکـەی ئەندامـی سـپا و بەسـیج بوون، ئەمەش لە خۆیدا شـتێکی سـەیر بوو. سـواری یەکێک لەو جیپانەی ئەرتەش بووم کـە بـۆ مسافرکێشـی درابـوو بە خەڵـک. بیسـت کیلۆمەتـر ئەولاتر لە نزیـک سـەربازگەی گوندی هۆڵەسـوو دابەزیـم و نامەکـەم دا بـە دژبانـی (پاسـەوانی). فەرماندەی بەشـی مەشـق و ڕاهێنانی سـەربازگەکە هـات، بـۆم گێـڕاوە کـە فریـای ڕەوانەکردنی شـار نەکەوتـووم و دواجـار توانیم خولی ڕاهێنانەکە دەسـت پـێ بکەم.

دواتـر بڕیـار بـوو ئێمـە بدەنـە تیپێـک بـە نـاوی میقـداد بـۆ ئـەوەی بنێردرێینـە شـارەکانی کوردسـتان، بـەڵام سـپاس بـۆ خـوا یەکـەم خولـی مەشـق و ڕاهێنانیان بـوو و هیـچ ئەزموونێکیان لـە مەشـقی سـەربازیدا نەبوو. ئەو خولانەشـی کە دەیانکردەوە ڕاهێنەری باشـیان نەبـوو و هەموو ڕاهێنـەرەکان خۆیـان سـەرباز بـوون. ئێمەی سـەرباز زۆرمان چەرمەسـەری بینـی، چونکە هەموو شـتێک نـوێ بـوو و بەرپرسـان نەیاندەزانـی چی بکەن. لە هـەر جێیەک کەم و کورتییـان ببووایە، لێمانیـان دەدا و هەراسـانیان دەکردیـن و لەبـەر ئەوەی بەرنامەی خـول و ڕاهێنانیان نەبوو، وەک ئـەوە وا بـوو کـە ڕۆیشـتبینە ڕاهێنانـی لەشـجوانی بـە پڕۆڤـەی ڕۆژانـەی وەکـوو هەستەودانیشـە (ئسـکۆڤات) و کەلاغپـەڕ لـە کێودا![1]

ڕاهێنـەران لـە خودایـان بـوو ئێمـە لە سـەر خولی مەشـق و ڕاهێنان ئامـادە نەبین. هـەر بۆیە لەبـری مەشـق و ڕاهێنـان، بـەردەوام دەمانیانبردە شـاخ. پاسـدار سـادقیان فەرماندەی گشـتیی سـەربازگەی مەشـق و بـرای بچووکی بەرپرسـی کۆمیتەی پیرانشـار بـوو و ئەویش وەکـوو براکەی زۆر گرژ و مۆن و وەک دەڵێن بورجی زەهریمار بوو! لە ناوەکەشـی دەترسـام و کە ناویم دەبیسـت، هەمـوو گیانـم دەلەرزی. سـێ مانگ لـەو سـەربازگەدا، ناخۆشترین خواردنی ژیانمـان خوارد و لە سـوولەیەکی بچـووک کـە قالۆنچـە و مشـک تێیـدا تەڕاتێنیـان دەکـرد، لەسـەر تەختی شـکاو کە

---

١ . بـە گشـتی هێـزە نیزامییەکانـی ئێـران بەرنامەیەکی تۆکمـە و گونجاویان بۆ کەڵکوەرگرتـن و زیادکردنی توانـا و لێهاتوویی گەنجـان نییـە. هـەر بۆیـە ژیـان و وزەیـان بەفیـڕۆ دەچێت. ئـەم قۆناغە لـە ئێراندا بـە قۆناغی تەمەنسـووتان نـاو دەبرێت.

کێچ هڵۆڵی کردبوو دەخەوتین و لێفەیەکی ڕزیو و بۆگەنمان دەدا بە ململاندا.

خواردنی سەربازی کەم و کوالێتییەکەی خراپ بوو. بۆ نموونە برنجی بێشلەیان پێدەداین، هەندێک جار دەنکی نەکوڵاوی برنجەکە لە نێوان ددانماندا گیری دەکرد. هەندێک جاریش پیاوەتییان دەکرد و کەمێک نیسکیان تێکەڵ دەکرد. زۆربەی کاتەکان پەتاتە و هێلکەی کوڵاومان دەخوارد. تەنها ڕۆژانی هەینی مریشکی بەستوویان پێدەداین کە ئیتر ئەوە ڕۆژی ئاهەنگێڕان و شادی سەربازەکان بوو! ئەو ڕۆژەی وا ڕەوانە کرام نەنکم نان و پەنیرێکی زۆری بۆم پێچایەوە. ئیتر ئەمە خووی دایکان و داپیرانە کە ئەوەندە نان بۆ منداڵەکانیان دادەنێن کە دوایی کەڕوو دێنێت، کەڕووەکانم لێ دەکردەوە و دەمخوارد، کەچی دیسان ئەو بەشە جیاکراوەشم، کە بۆنی کاسی کەڕووەکەی سەرمی تەقاندبوو، بە دزییەوە دەخوارد. پەنیری خۆماڵی کە پێی دەڵێین پەنیری کوردی، لە ژینگەی نەشیاودا زوو خراپ دەبێ و بۆ دەکات. بەشی سەرەوەییم لێ دەکردەوە و ئەوی دیکەیم دەخوارد. لەبەر ئەوەش لە دەست سەربازەکانی دیکە بیپارێزم دەمخستە ژێر بەتانییەکەم و هەر بەهۆی گەرماوە خێراتر خراپ دەبوو. لەوێ بوو کە تێگەیشتم بۆچی نان هێندە بۆ بنەماڵەکان گرنگە و ئەو کات لە مانای سەری ئاسوودە نانەوە تێگەیشتم. نەنکم هەمیشە دەیگوت: "ماڵێ دوو تەشت نانی تێدا نەبێ، ئەو ماڵە بەرەکەتی نییە." نەنکم لە سەردەمی هەژاری و برسێتیدا گەورە ببوو و منیش لەگەڵ نەنکم هاوچەشنبینیم دەکرد کە دەبێ چ برسێتی و ڕەش و ڕووتییەکی کێشابێت.

● وێنەی ١٢٦. سەربازگەی ڕاهێنانی هۆڵەسوو

زۆر تەنیا بووم. من لەو گرووپەدا هاوشارییەکم نەبوو و تەنیا چەند سەربازێکی کوردی خەڵکی سەردەشت لە ڕووی ناوچە و زمانەوە لێم نزیک بوون. ئەوانی تر هەموویان تورکزمان بوون و لە گوندەکانی زەنجان، ئەردەبیل، ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات و هتد هاتبوون. هیچ لە دابونەریت و بیروباوەڕیانم نەدەزانی، تاکە بەختی من ئەوە بوو کە دەمزانی بە زمانی تورکی قسە بکەم. ئەوان زمانی فارسییان نەدەزانی و ئەمەش وای کردبوو کە نەتوانن کەسانی دیکە بدوێنن و پەیوەندییان لەگەڵدا ساز بکەن. ئەوانەی فارسییان نەدەزانی داماوتر بوون ... لە خولەکانی مەشق و ڕاهێناندا زیاتر لێیان دەدرا و بێڕێزییان پێ دەکرا. زۆربەی ڕاهێنەرەکان فارس بوون و لە ناویاندا شیرازی و سمنانییەکان ژمارەیان زیاتر بوو. گوردانەکەمان

ناوی میقداد بوو و لەلایەن شیرازییەکانەوە بەڕێوە دەبرا. ساینقەڵاییەکان و شیرازییەکان زۆر دانیان پێکەوە نەدەکوڵا. کادیرانی فارس و تورک وەکوو نوقڵ و نەبات جوێنی ئێتنیکییان بە یەکتر دەدا. ئێمەی کوردیش بە سەرسوڕمانەوە سەیری ئەم ڕووداوەمان دەکرد. ئێمە ڕاهاتبووین کە جنێومان پێ بدەن، بەڵام لە شوێنێکدا بووین کە سوپاس بۆ خوا ئێمەیان وەلا نابوو و بۆ یەکەمجاریش پێکدادانی نێوان تورک و فارسمان دەبینی.

جارێک لە کاتی مەشقکردندا سزایان دام. پێم وایە لە ڕیزدا پێکەنیم. ڕاهێنەرەکە بینیمی و وتی: "پەنجا جار دانیشە و هەستە! ئەژنۆکانم خەریک بوو دەتەقین. لەناکاو چاوی بە فانووسقەکەم کەوت. بە یادی شکستە عیشقییەکەم لە سەری نووسیبووم "غەمین". تووڕە بوو و گوتی: "سەرباز لەسەر فانووسقەکەت شتی ڕۆمانسی دەنووسییت؟! ئەو کات لە سەر وشەی "غەمین" زۆر پێداگر بووم و تەنانەت لە نووسین و شێعرەکانمدا نازناوم بوو، و تووڕە بووم و وڵامم دایەوە، ئەویش هەتا توانی لێی دام. ڕۆژی دواتر، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو ڕەفتارە و هەڵبەت بۆ هێورکردنەوەی خۆم، چوومە لای تەتۆکاری سەربازگەکە، کە سەربازێکی تورکی مەلایێری بوو. ئەو بە تێکەڵکردنی خۆڵەمێشی جگەرە و جەوهەری قەڵەم بە دەرزی تاتۆی دەکرد.[1] پارەم پێدا کە لە پشت تەوالێتەکە لەسەر قۆڵم ناوی غەمین تاتۆ بکات. ئەم سەربازە بە دەرزیی ئەستوور و کەمترین ئامێر ئەم کارەی ئەنجام دا و زۆریش ئێشی هەبوو. بەهۆی ناکۆکیم لەگەڵ فەرماندە، بەرگەی ئەو ئێشەم گرت، بەڵام دەستم تەشەنەی کرد و هەتا ماوەیەکی زۆر پێوە دەمناڵاند. هەڵبەت سەربازەکە هێندە خراپ و بە پەلە وشەکەی نووسیوە کە ئەم چەند ساڵە کەس نەیتوانیوە بیخوێنێتەوە!

دواجار سێ مانگ ڕاهێنانەکەم کۆتایی هات، بەڵام بە ئەزموونێکی پڕ لە چەرمەسەری و تەنیایی. چونکە هاوڕێیەکم نەبوو کە بتوانم بەرگەی ڕۆژە سەختەکانم بگرم. سەردەشتییەکان هەموو لە ناو خۆیاندا خزم بوون و نەریتخواز و نەیاندەهێشت کەس بچێتە ناویان. زۆر لەگەڵ تورکەکانیش نێوانم خۆش نەبوو و تەنیا مابوومەوە. تەنیا ناوبەناو کاتم لەگەڵ سەربازێکی فارسزمان بەسەر دەبرد کە پاسەوانی کۆگای تەقەمەنی بوو. زۆربەی کاتەکانم بە خوێندنەوە بەسەر دەبرد. کتێبەکانی ناو سەربازگە زیاتر بابەتی ئایینی بوون و بە دڵم نەبوون. کاتێک بۆ پشوو دەچوومە شار، لە تاکە کتێبفرۆشیی شار کتێبم دەکڕی. خاوەنەکەی پیرەپیاوێک بوو کە منی خۆش دەویست. من یەکێک لەو چەند سەربازەی بووم کە پارەم بۆ کتێب خەرج دەکرد و ئەوەش بۆ ئەو شتێکی سەرنجڕاکێش بوو.

دوای سێ مانگ مەشق و ڕاهێنان، ئەوانەی خوێندەوارتر بوون دەبا خولی پسپۆڕیی

---

١ . لە ڕابردوودا پێش داهێنانی ئامێری پیشەسازی، تەتۆ زیاتر لە لایەن سەرتاش یان سەڵمانییە خۆماڵییەکان و لە حەمامەکاندا ئەنجام دەدرا. ڕەنگی تەتۆ زیاتر سەوز بوو و لە تێکەڵەیەک لە چەند مادە وەکوو کلە و دووکەڵی چرا و خوێنی ئاژەڵان وەدەست دەهات.

دۆشکە و فریاگوزاری واتە ئیمدادگەری و ئاڕ.پی.جی و مینیان تەواو بکردایە و ڕەوانەی ناوچەکە بکرایەن. نازانم بە چ حیکمەت و زیرەکییەک منیان خستە پۆلی ئاڕ.پی.جی، چوون من لەوانی تر باڵا کورتتر بووم و جەستەیەکی بەخۆوەم نەبوو. ئاڕ.پی.جی چەکێکی قورسە کە سێ ڕاکێتی گەورە و قورسی هەیە. هەر بۆیە بۆ بەکارهێنانی ئەم چەکە پێویستی بە هێزی جەستەیی و توانای ئاراستەکردنی ڕاکیتەکەیە.

هیچ لۆژیکێک لە پشتەوەی خولی مەشق و ڕاهێناندا نەبووو. بۆ نموونە لە سەربازگە حەماممان نەبوو، بۆیە ڕۆژانی هەینی لە کاتژمێر دوو هەتا پێنجی بەیانی حەمامەکەی ساینقەڵایان قۆرخ دەکرد بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین بچینە حەمام. هەموو سەربازەکانی سەربازگەی هۆڵەسوو هەتا ناو شاری ساینقەڵا بە درێژایی ڕێگاکە ڕامان دەکرد بۆ ئەوەی بگەینە حەمام. هەر چوار سەرباز لە یەک حەمامدا خۆمان دەشۆرد، کە ئەمەش بەزمی خۆی هەبوو. ئێمە یەکترمان نەدەناسی و لە ڕوومان هەڵنەدەهات خۆمان ڕووت بکەینەوە. یەک یەک دەچووینە حەمام و ئەوانی دیکەش لە ژووری جلگۆڕین چاوەڕێ بوون. دوای ئەوەی دووشمان دەگرت و خاوێن دەبووینەوە، دەبا هەتا هۆڵەسوو هەر بە ڕاکردن لە ماوەی کاتژمێرێکدا بەو جادە تەپ و تۆزاوییەدا بڕۆشتباینەوە بۆ سەربازگە. کە دەگەڕاینەوە بۆ سەربازگەی هۆڵەسوو پیستر دەبووینەوە!

ژینگەی سەربازی بە جۆرێکە، کە هەندێک دەبنە جگەرەکێش یان تەنانەت ئالوودەی مادەی هۆشبەر دەبن. ڕەنگە تەنیایی و بارودۆخی سەخت سەربازەکان ڕاکێشی دووکەڵ و مادەی هۆشبەر بکات. جگەرە لە ماوەی خولی ڕاهێناندا نرخی زێڕی بوو. هەندێک جار بە نهێنی لەگەڵ سەربازەکانی تر تووتن و پەڕمان دەپێچا و دەمانکێشا. لەو کاتەدا، لە جوڵەیەکی بوێرانەدا، نەخێر با ڕاستییەکەیتان پێ بڵێم، بۆ خۆشیرینکردن ڕامگەیاند کە واز لە جگەرەکێشان دێنم. ئەفسەری مەشق و ڕاهێنانی یەکەکەمان دەستمی بەرز کردەوە و وتی: "شا ئەم سەربازە چەنێ ئازاس! دەیهەوێ ئیتر سیگار نەکێشێ و پاکەتە سیگارەکەی داوەتە من".

من لە تەمەنی سێزدە ساڵییەوە جگەرەکێشانم دەست پێکرد. ماوەیەک چەند دانە جگەرەم لە باوکم دەدزی و دەچووم لەگەڵ هاوتەمەنەکانم دەمانکێشا. خۆ نەماندەزانی جگەرە چییە، هەر لە خۆوە دووکەڵی جگەرەکەمان لە لووت و دەممانەوە دەردەدا و کاری قۆڕمان دەکرد. هەر پێمان خۆش بوو لاسایی گەورەساڵان بکەینەوە. دواتر کە گەورە بووم، لە کوڕێکی باشووری فێری جگەرەکێشانی دروست بووم. ئەوان زۆر جگەرەیان دەکێشا و لە ناو بنەماڵەکانیاندا شتێکی ئاسایی بوو. دیسان جگەرەم لە باوکم دەدزی و لە توالێتی مزگەوتی پیرانشاردا دەمکێشا. ئاودەستەکان بەگشتی کراوە و بێدەرگا بوون هەر بۆیە دووکەڵەکەم زۆر دەرنەدەدا بۆ ئەوەی لە هەوادا بڵاو نەبێتەوە. سەرەتا چەند مژێکم لە جگەرەکە دەدا و هەستێکی خۆشم هەبوو. هێواش هێواش لە یەک یان دوو جگەرە لە ڕۆژێکدا زیادی کرد و منیش لای نەنکم

و پـوورم و دواتـر مامـم جگـەرەم دەکێشـان و وردە وردە بـۆ هەمووان ئاسـایی بووەوە. ئـەو ڕۆژەی وا ڕامگەیانـد کـە لەمـەودوا جگـەرە ناکێشـم و فەرمانـدە سپاسـی کـردم و بە پاڵـەوان ناوی بـردم، وا بزانـم هەفتەیـەک زیاتـری نەخایانـد، دواتر چوومەوە سـەر بەزمی جگەرەکێشـان.

لـە مانگێکـدا جارێـک دەمانتوانـی لە نزیک پـادگان چاوپێکەوتنمان لە گەڵ بنەماڵە و ئاشـنا هەبـێ و ئـەو بنەماڵانـەی لـە نزیـک سـەربازگە دەژیـان دەیانتوانـی بێـن و کوڕەکانیـان ببینـن. ڕۆژانـی هەینی، شـوێنی سـەوزایی تەنیشـت سـەربازگەکە پڕ دەبوو لـە خانەوادەی سـەربازەکان. تاکـە کەسـێک بـووم کە خەڵکی پارێـزگای ورمێ بم بەڵام کـەس نەدەهاتە سـەردانم. مولاقاتییە سەردەشـتییەکان بـە ئوتووبـووس و مینیبووسـەوە دەهاتـن و ماسـت و پەنیـر و نان و شـتی تریان دەهێنـا. زۆر بـۆ سـەربازەکان گرنـگ بـوو کـە مولاقاتییـان هەبـێ و خانەوادەکانیـان بێـن بـۆ دیداریان، کە ئەمە بۆ درێژەدان بە ماوەی سـەربازییەکەیان وزە و وره‌ی دوقاتی پێ دەبەخشـین. بـە تەلەفـۆن پەیوەندیـم لەگـەڵ ماڵـەوە هەبـوو. باوکـم یـەک دوو جـار لێـی پرسـیم: "بێیـن بـۆ مولاقاتـت؟" دەمزانـی تەنیـا پێفەرمووکردنـە و زۆر لـە سـەر قسـەکەی سـوور نییـە، وتـم نا، خـۆم دێمـەوە. نازانـم بۆچـی باوکـم هیـچ بیـری لـەوە نەکـردەوە کـە کـوڕە کەمتەمەنەکـە ی هەرگیـز ئەوەنـدە لە ماڵـەوە دوور نەبووە و دەبـێ بێتـە سـەردانی ... ئێسـتاش کـە باسـی ئەمـە دەکەم، لـەو ڕفتارەیـان تووڕەم. بابـەت چاوەڕوانـی نییـە، دەبـا خۆیـان عەقڵیـان پێ شـکابایە. تەواوی ئەو سـێ مانگەی کە مانگێکی سـزادانەکەی هاتە سـەر و خولـی پسـپۆڕیشمان تەواو دەکـرد، بنەماڵەکەم سـەردانیان نەکردم. هەمـوو هەینییەک خۆزگەم بـە سـەربازەکانی دیکـە دەخواسـت. هەندێـک جـار لـە هۆڵەکـە دەچوومـە دەرەوە بـۆ ئـەوەی سـەربازەکانی دیکـە نەبینـم کـە دیارییەکانیـان دەکەنـەوە و شـیرینی دەگەڕێنـن و بەوانی دیکە فەرموو دەکەن.

● وێنەی ١٢٧. بەشداربی زۆرەملی لە ماتەمینی عاشوورا، ساینقەڵا، زستانی ١٣٦٧ی هەتاوی (١٩٨٩)

ململانێـی دەروونیـم لەگـەڵ باوکـم زۆر هەبـوو. بـۆ نموونـە یەکێـک لـەو دڵەخورپانـەی کە لە یەکـەم مۆڵەتـی پشـووی سـەربازیدا هەمبوو ئـەوە بوو کە کاتێـک ببینیم چـی دەکات؟ دەمهێنا بـەر چـاوی خـۆم کە باوکم لە بـەر دووکانەکەدا ڕاوەسـتاوە، دەرگاکـە دەکەمەوە و دەچمـە ژوورەوە

تـۆ بڵێـی هەنـگاوی دواتـری چـی بێـت؟ یـان بـۆ نموونـە ئەگـەر بچمـە ماڵـەوە، تـۆ بڵێـی بـێ بـە پیریمـەوە؟ ئاخـۆ دەستومشـتاخم لەگـەڵ لـێ دەدا و ماچم دەکا؟ ئەگـەر وڵامەکـەی ئەرێیە، ئایا هـەر بـەو دابونەریتـە سـێ جار ماچم دەکا یـان کەمتر؟ ئایا وەک هەمیشـە تەنها لە دووڕەوە سـەر ڕادەتەکێنـێ یـان .... چـی دەکات؟ هەڵوێسـتی باوکـم و دەربڕینـی هەسـتەکانی لە هەڵوێسـت و هەسـتی هەمـوو کەسـێکی دیکـە بـۆ من گرنـگتر بوو، سـاڵانێک بـوو ماچی نەکردبـووم، منیش تامەزرۆی سـۆز و باوەشـی باوکـم بووم.

یەکـەم جـار کـە بـۆ پشـووی سـەربازی گەڕامـەوە، چوومـە دووکان بـۆ لای. چەنـد سـەرباز خەریکـی شـت کڕیـن بـوون. باوکـم بـە پێکەنینـەوە وتـی: "ها! سـەرکار کامیـل بەخێر بێـی!" لە پشـت ویترینەکـە هـات و دەستومشـتاخی لەگـەڵ لێدامـەوە و سـێ جـار ماچی کردم. باوەشـی پێـدا نەکـردم و ماچکردنەکەشـی وشـک و فەرمی بـوو، بەڵام بۆ من ئـەوەش زۆر بوو ... مەبەسـتم ئەوەیـە کـە هـەر ئەو ماچکردنە بۆ من دنیایەکی دەهێنا! هەرگیز شـتێکی لەم شـێوەم بە خەیاڵدا نەدەهـات و هەڵبـەت دڵەڕاوکێـم بۆ پشـووەکانی داهاتووش هەبوو کە تۆ بڵێـی ئەمجارەیان باوکم چـۆن هەڵسـوکەوتم لەگەڵـدا بـکات. ئایـا ئەمجارەشـیان ماچـم دەکا؟ ئـەم هەسـتەم بەرامبەر بە دایکـم نەبـوو. دەمزانـی وەکـوو هەمیشـە باوەشـم پێـدەکا و ملـم مـاچ دەکا، یان نەنکم هەمیشـە پێـی خـۆش بـوو لـە پێشـدا بـۆن بـە گەردنمـەوە بـکا ئینجـا ماچـم بـکا و بـاوەش پێداکـردن و مـاچ و دەسـت لـە گەردنکردنەکانیـان نەدەبڕایـەوە، یـان دەمزانـی خوشـکەکانم و براکـەم چـۆن هەڵسـوکەوتم لەگەڵ دەکەن، بەڵام هەڵسـوکەوتی باوکم لەگەڵمدا هەمیشـە بۆم جێی پرسـیار و یەکێـک لە کەڵکەڵـە زەینییەکانـم بوو.

بـە درێژایی ئەو ماوەیەی لە سـەربازی بووم، باوکم هەمیشـە بە گاڵتەجـاڕی و ڕژدی دەیگوت: "ئەتوو قەت ئەم سـەربازییە تەواو ناکەی". دەیگوت: "ئەگەر کارتی پایان خزمەتەکەشـتم پێشـان بـدەی، بـاوەڕ ناکـەم!" پێداگری لەسـەر ئـەوەش دەکرد کە مـن هەرگیز ناتوانم مۆڵەتـی شـۆفێری وەربگـرم. بـۆ سـەربازییەکەم توانیـم هەڵەکـەی بسـەلمێنم و کارتـی کۆتاییهاتنـی سـەربازییەکەم وەربگـرم، بـەڵام سـەبارەت بـە مۆڵەتـی شـۆفێری خـوا هەڵناگرێ قسـەکەی تا ڕادەیەک بە ڕاسـت دەرچـوو. مـن نەمدەتوانـی لـە تاقیکردنـەوەی ئایینـنامـە واتا بەشـی تیۆریـی ئەزموونی شـۆفێریدا دەربچـم و دواتریـش ئێرانم بەجێهێشـت. هەڵبەت دواتـر لە بەریتانیا مۆڵەتی شـۆفێریم وەرگرت، بـەڵام قبووڵـی نەدەکـرد و دەیگـوت تـۆ لـە ئێـران نەتتوانـی ئـەم مۆڵەتـە وەربگـری! هەرچەندە لە ئەوروپـادا وەرگرتنـی مۆڵەتـی شـۆفێری زۆر قـورسترە، بەڵام باوکم ئێسـتا و ئێسـتاش ملی نەدایە ژێـر قبووڵکردنـی. باوکـم ئەوەنـدە منی پێ کەم بوو کـە ئەمە وای کرد هەوڵەکانـم چەند قات زیاد بـکا بـۆ ئـەوەی بتوانم لە ڕێگـەی بەدیهێنانـی ئامانجەکانمـەوە، توانای خۆم بە باوکم بسـەلمێنم. ئـاخ کـە چەندە هەوڵـم دەدا و باوکم لـە مـن ڕازی نەدەبوو ...!

لە ئاڕ.پی.جی لێدانەوە بۆ فریاگوزاری و سکرتێری

دوای خولی مەشق و ڕاهێنانی سەربازی لە پێشدا چووینە ناوچەی جانداران کە دەکەوێتە نێوان مەهاباد و سەردەشت. جانداران ناوچەیەکی شاخاوییە کە لە بەشێکیدا هۆزەکانی مەنگوورِ نیشتەجێ بوون. لەم ناوچەیەدا هەندێ گوند هەبوون کە هێشتا لە نێوان ساڵانی ١٣٦٠ بۆ ١٣٦٣ی هەتاوی (١٩٨١-١٩٨٤ ز) پاکتاو نەکرابوون و لە ژێر ڕکێفی حیزبی دیموکراتدا بوون، بازاڕێکی گەرموگوڕی کاڵای عێراقی لەوێ ساز ببوو.

لەم ناوچەیەدا گردێک هەبوو کە پێیان دەوت گردی هێلیکۆپتەر. لە سەرەتای هەشتاکاندا پێشمەرگە لەوێ کۆپتەرێکیان کردبووە ئامانج و خستبوویانە خوارەوە و بەو بۆنەوە ناویان نابوو گردی هێلیکۆپتەر! ئەوەی ئێمە لە گوردانی میقداد دەمانکرد، دانانی بنکەی کاتی لەسەر بەرزایی شاخ و گردەکان بوو، تەلی درِکاویمان لە دەوری خۆمان دەکێشا و بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک تا مانگێک ئەوێمان دەگرت و بە کەمترین ئیمکانیات لە ناو سەنگەرەکان یان باشتر بڵێین لە ناو کونەکان کە پێشتر هەڵکەندرابوون ژیانمان دەکرد. هەندێک جار لە تەنیشت خاکرِێژەکانداخێوەتمان هەڵدەدا و هەتا ساڵێک ژیانێکی گەرِۆکمان هەبوو و لە ڕاستیدا زیانی زۆرمان بە ژینگەی پاک و خاوێنی ناوچەکە گەیاند.

ڕەنگە لە ماوەی وەرزێکدا چەندین جار لە شوێنێکەوە برِۆیشتباین بۆ شوێنێکی تر. بۆ ئێمە کە هیچ ئەزموونێکمان لەم جۆرە ژیانە نەبوو، ئەم جێگۆڕکێیە زۆر قورس بوو. هەندێ ڕۆژ، هەموو کاتەکانمان بە پاراستنی ئاسایشی ڕێگاوبان و پاسەوانیکردنی بنکەکە و سەردانی ئەو کۆچەرییانەی کە گەرمێن و کوێستانیان دەکرد و کاروباری لەم جۆرە، بەسەر دەبرد. مەترسیی پێکدادان لەگەڵ حیزبی دێموکراتیش لە ئارادابوو و پێشمەرگەش لەو ناوچەدا هێشتا چالاک بوو، بەڵام خۆشبەختانە حیزب هێرشی نەدەکردە سەر بنکەی بچووکی وەکوو بنکەکەی ئێمە.

دوای ئەو ماوە، گوردانی میقداد لە وەرزی بەهار و هاوین و پاییزدا بە دەڤەرەکەدا بڵاوەی پێدەکرا و لە زستاندا دەگەڕایەوە بۆ ساینقەڵا. نیوەی زستان لە سەربازگە بووین و نیوەی دیکەشی لە پشوو. واتە مانگ و نیوێک هەندێک جار زیاتریش بۆ پشوو دەڕۆشتینەوە و ئەمەش بۆ سەرباز واتە کوێر چیت دەوێ دوو چاوی ساغ. هەڵبەت بەشێک لە هۆکاری ئەم پشوودان و ناردنەوە بۆ ماڵ، ئەویش بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، زیاتر لەبەر ئەوە بوو کە حکومەت گوژمەی پێویستی بۆ ڕاگرتن و دابینکردنی خۆراک و تێچووی ئەو هەمووە سەربازە نەبوو. یەکەم زستانێ کە بۆ پشوو ڕۆشتمەوە ماڵ، هێزم هاتەوە بەر خۆ. ئیتر دەمزانی کە بۆ گەڕانەوە دەبێ چی لەگەڵ خۆم ببەمەوە. بارودۆخی ئێمە لە گوردانی میقداد پڕ بوو لە سەرگەرمی، چونکە نەماندەزانی مانگی داهاتوو لە کوێی ناوچەکە دەبین و بۆ منێک کە حەزم لە سەرسووڕمان و ورووژان بوو، ئەم پازێلەم بە لاوە سەرنجڕاکێش بوو.

لـە بەهـاردا گەڕاینـەوە بۆ هۆڵەسـوو و ڕەوانەی مەهاباد و ناوچەکانی دەشـتی شـامات کراین. ماوەیـەک لـە گوندێـک بـە نـاوی دریاز کە سـێ یان چـوار کیلۆمەتـر لە مەهابـادەوە دوور بـوو، لە مزگەوتێکـدا دەژیایـن. شـەوانە دەچووینـە دەرەوە بۆ گەڕان و پشـکنین و بـە ڕۆژ دەخەوتین. هیچ دەنگ و باسـێک لە ئارادا نەبوو و کارەکانمان زیاتر لەبەر ئەوە بوو کە ئامادەبوونمان ڕابگەیێنین. ئێمـە مزگەوتەکەمـان قـۆرخ کردبـوو و ئەوەندە لـەوێ ماینەوە کە ئـیتر خەڵکی ئاواییەکـە بۆڵەیان لێ هەسـتا کە ئێرە شـوێنی نوێژکردنە نەک پشـوودانی سـەربازەکان. پاشـان چووینە گوندەکانی دەروبـەر لـە ناوچـەی شـامات و شـاروێران. لـە هەر گوندێکـدا ماوەیـەک دەمایـنەوە. ئەوەندەم لە بیـرە کـە چووینـە گوندەکانـی قومقـەڵا، قزڵقوپـی، لـەج و قـەرەشلاخ. لە یەکێـک لـەم گوندانەدا هەتـا چەنـد ڕۆژ شـایی بـوو، مـن و چەنـد سـەربازێکی تـر بـە نهێنـی لـە سـەربانەوە تەماشـای شـاییەکەمان دەکـرد، لاوان هەڵدەپەڕین و ئێمەی سـەربازی دیل خۆزگەمـان پێیان دەخوارد کە لە نـاو ئەو شـایی و ئاهەنگی هاوسـەرگیرییەدان.

دوای ڕەوانەکردنـم بـۆ مەهابـاد، بارودۆخـم گـۆڕا. مانگێک مەشـقی کارکردن بـە ئاڕ.پی.جیم بینیبـوو، بـەڵام فەرمانـدەی گرووهانەکـە تێگەیشـت کـە مـن نابـم پیـاوی ئاڕ.پی.جیلێـدەر و پێگەکەمـی گـۆڕی. ئـاگای لـێ بوو کە یـان لـە گـرووپ وەدوا دەکـەوم یـان حەمەسـاڵەی هاوڕێـم کـە خەڵکـی سـەقز بوو ڕاکێتەکانی بـۆ هەڵدەگرتم. حەمەسـاڵە ئێسـتا لە ئەڵمانیـا دەژی و یەکێـک لـە باشترین و دڵسـۆزترین هاوڕێکانـی سـەردەمی سـەربازیم بوو. خۆشـم هـۆکاری گۆڕینـی بیـری فەرمانـدە بـووم و بـە چەنـد کەسـێکم گوتبـوو پێی بڵێـن کامیل ناتوانـێ ئاڕ.پی.جیلێ بدات.



● وێنەی ١٢٨. دەڤەری جانداران. سەردەشت

هەڵبـەت بەخـت یـارم بـوو. کەسـی فریاگـوزاری گرووهـان مـاوەی سـەربازییەکەی کۆتایـی هـات و ڕۆیشـت. لە شـەوێکدا و تەنها بە چەند خولەکێـک، ڕاهێنانم لەسـەر پانسمان و دەرزی لێـدان و هەڵگرتنی کەسـانی برینـدار کـرد و بـووم بـە پزیشـکی

فریاگـوزاری نـوێ. ئەمـە لە هەڵگرتنـی ئارِ.پی.جیباشتر و بەفیزتر بوو. هەسـتێکی خـۆش بوو کە پێـت بڵێـن جەنابـی دکتـۆر. لە نـاو جانتاکـەی کۆڵـم کەرەسـەی فریاگوزاریی سـەرەتاییم پێ بوو کـە لۆگـۆی خاچی سـووری لەسـەر هەڵکەندرابوو. چەند جۆر حەب و چەسـپی بریـن و مەڵهەم و شـتی دیکـەی زۆر سـەرەتایی. سـەربازان و دانیشـتوانی ئەو ناوچـەی کە ئێمەی لـێ بووین، هەر کـە نەخـۆش دەکەوتـن، دەهاتنـە لام. لـە نێـوان هەسـتی خۆشـی پزیشـکبوون و ئـەو زانیـاری و سـەرچاوە سـنووردارانەی کـە هەمبـوو، پەکـم دەکـەوت.

ئـەوەی جێـگای سـەرنج بـوو ئـەوە بـوو کـە کاتێـک خەڵکـی دێ نەخـۆش دەکەوتـن، لەبـەر بێدەرەتانـی دەهاتنـە بنکـە. هەندێـک جـار دەچوومـە بـەردەم دژبانی بـۆ ئـەوەی وەڵامی خەڵک بدەمـەوە. لـەو مـاوەدا هەرچـی کتێبـی پزیشـکیم دەسـت دەکـەوت دەمخوێنـدەوە بـۆ ئـەوەی بتوانـم نەخۆشـییەکان دەستنیشـان بکـەم و زیاتـر گرنگـی بـە نەخۆشـییەکە بـدەم. جگـە لـە چەنـد حەبێکـی ئاسـایی و دەرمانـی سـکچوون و مەڵهەمـی پێوەدانـی مێشـووله نەبـێ، هیچـی تـرم نەبـوو، بـەڵام بـە متمانەیەکـی تـەواوەوە باسـی نەخۆشـییەکەیانم بـۆ دەکـردن، کە لـە کتێبە پزیشـکییەکاندا خوێندبوومـەوە، دواتـر لە کۆتاییدا حەبی ئەسـپرینم بۆ دەنووسـین. ئەوان پێیان وابـوو بەڕاسـتی مـن شـتێکی لێ دەزانم، هـەر بۆیە لـە ڕووی دەروونییـەوە پێیان وابـوو دەرمانەکە کاریگـەرە. هەندێـک جـار چـاک دەبوونـەوە و دوعـای خێریـان بـۆ دەکـردم.

کـە چووینـە ناوچەی سەردەشـت فەرمانـدەی گرووهانەکەمان گـۆڕا. سـەرەتا فەرماندەکەمان پاسـدارێکی باڵابـەرزی سـادەی خەڵکـی سـاینقەڵا بـە نـاوی ئەخـەوان بـوو کـە لـە نێهزەتـی سـەوادئاموززیدا (هەڵمەتـی خوێنـدەواری) فێـری خوێندنـەوە و نووسـین ببـوو. بـە نهێنـی لـە سـکرتێرەکەیمان بیسـتبوو کـە تـازە گەیشـتووەتە پۆلـی سـێیەم، بـەڵام هەوڵـی دەدا خـۆی وەک خوێندەوار لای ئێمە پیشـان بدا و هەمیشـە نەهجولبلاغە یان کتێبێکی شـێعری بەدەسـتەوە بوو. دیارە کتێبەکانیشـی لە کەسـانی دیکە دەدزی. ئێمە گاڵتە و تیتاڵیمان بە ئەخەوانی فەرماندەی بنکە دەکرد، نەماندەتوانی وا خۆمان دەربخەین کە هەموو شـتێک دەزانین، بەڵام لە ناو خۆماندا خەریکـی جەفەنـگ بووین و پێدەکەنیـن. هەندێک جـار داوامـان لێدەکـرد نەهجولبلاغەمان بۆ بخوێنێتـەوە. دەیگـوت: "ئـەم کتێبـە بـۆ خوێندنەوە نابـێ، دەبـێ بـە دڵ و ئیمانـەوە بخوێنرێتەوە، مـن هەمـووم لەبـەرە!" ئێمـە پێداگـریمان دەکـرد کـە بیخوێنێتـەوە، بـەڵام خـۆی دەدزییـەوە و بۆ نموونـە دەیگـوت دەسـتنوێژم نییە. جـاری وا بوو کتێبێـکمان دەدا بە دەسـتییەوە و دەمانوت ئەم بەشـەمان بـۆ بخوێنـەرەوە، دەیگـوت ئـەو کتێبانـەی کـە تـۆ دەیخوێنیتـەوە بـاش نین و نابـێ زۆر ڕۆمـان و مێـژوو بخوێنیتـەوە! پاشـان بە بیانـووی جۆراوجۆر دانیشـتنەکەی بەجێدەهێشـت.

هەتـا دواجـار ڕۆشـت و فەرماندەیەکـی نـوێ بـە نـاوی کاک مـارف بـوو بـە جێگـرەوەی، کـە کوردێکـی چەرداوڵیـی شـیعەی خەڵکـی سـاینقەڵا بـوو. وەک چـۆن ئـەو حکومەتانـەی کـە دێـن و پـاشماوەی حکومەتـی پێشـوو کـۆ دەکەنـەوە، کاک مارفیـش هـەر لەسـەرەتاوە سـکرتێرە

هەمەدانییەکەی لە کارەکەی دوور خستەوە. کە زانی من کوردم، لێی پرسیم خوێندەواریت هەیە؟ منیش وتم: بەڵێ. وتی دەبێ ببی بە سکرتێری من. هەستم دەکرد بە جۆرێک هەستی کوردایەتی هەبوو و لەبەر هەژاری هاتبووە ناو سپاوە. هەڵبەت لام ئاشکرا بوو کە کورد لە ناو ڕژێمی کۆماری ئیسلامیدا، ئەگەر شیعەش بێ، لە لایەن حکومەتەوە داکۆکی لێ ناکرێ، ئەویش لە ناو دامەزراوەیەکی وەکوو سپای پاسداراندا کە هەمیشە بە گومانەوە تەماشایان دەکا و بە بڕوای زۆر کەس، پرسی کوردبوون هێڵی سووری بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییە.

بەم شێوە لە لێدەری ئاڕ.پی.جییەوە بوومە کارمەندی فریاگوزاری و لە چاونووقانێکدا بوومە سکرتێر. پۆستێکی زۆر بەرز بوو و لە خواویستوو قبووڵم کرد، بووم بە سکرتێری گرووهان و هەموو شتێک گۆڕا. هەڵبەت کاتێکیش کە لە ناو بەشی فریاگوزاری بووم، دۆخم باش بوو، بەڵام ئەوانەی ئەزموونی سەربازییان هەیە دەزانن کە بوونە سکرتێری گرووهان چییە. سکرتێر بەو مانایە بوو کە تۆ بەرپرسی پێدانی پشووی کورتخایەنی بە سەربازەکان، لیستی پاسەوانەکان دەنووسی و پاسەوانت دیاری دەکرد. بۆ هێنانی خواردەمەنی و شتی لەم چەشنە نامەت بۆ گوردان دەنووسی و بۆ گەیاندنی کەلوپەلەکان دەچوویتە ئەوێ و ئەمەش یانی لە بنکەکە دەهاتیتە دەرەوە و پشوویەکت دەدا، سەرتان نەیێشێنم بە جۆرێک و لە ئاستێکدا حوکمڕانی دەکەیت. کاتێک ئەم پۆستەم پێدرا هەموو ڕەفتاریان بەرامبەرم گۆڕا، چیتر لە سەرەی ژەمەخۆراکدا ڕانەدەوستام و باشترین خواردنەکانم دەخوارد، نگابانیم نەدەدا. هەمان ئەو کەسانەی کە هەتا دوێنێ بەهۆی ئاستی خوێندەواری یان باری داراییانەوە خۆیان بە سەرمدا دەگرت، لەگەڵم باش بوون و هەوڵیان دەدا خۆیانم لێ نزیک بکەنەوە. ئەمە تایبەتمەندیی چەسپاوی سەربازییە، کە دواتر بۆم دەرکەوت لە سەرانسەری کۆمەڵگادا باوە.

پێش ئەم ڕووداوە هەرگیز شتی وام نەبینیبوو کە کاتێک لە پۆستێکی فەرمیدای لەناکاو ڕەفتاری خەڵک بەرامبەر بە تۆ دەگۆڕێت. کەسانێک کە هەتا دوێنێ ڕوویان پێم نەدەدا ئێستا پێیان خۆشە بچمە ناویان. لە بیرم نییە کە چۆن هەڵسوکەوتم کردووە، بۆ نموونە تۆڵەی خۆمم کردووەتەوە یان نا. بەڵام بە پێی سروشتی مرۆییم کەمێک فیز و دەمارم هەبوو و ڕەنگە کەمێکیش بەدفەڕیم کردبێ، بەهەرحاڵ پێگە هەمیشە کاریگەریی لەسەر کەسایەتی و کارکردی مرۆڤ دادەنێت.

گۆڕەوێ بەستووەکان

با کەمێک بگەڕێمەوە بۆ ئەو دەمەی وا هێشتا نەببووم بە سکرتێری گرووهان و یادەوەرییەکی خۆشتان بۆ بگێڕمەوە. ئەو پاییزەی کە لە فریاگوزاری بووم، لە ناوچەی شاماتی مەهاباد و گوندی قومقەڵا بووین. یەکێک لە سەربازەکان کە خەڵکی ناوچەی دەوروبەری میانە بووە،

نەخـۆش کـەوت. ڕیخۆڵەکانی تووشـی کێشـە بـوون و هـەر دەرمانێکم لەبەر دەسـت بـوو پێم دا، بـەڵام چاکـی نەکـردەوە، بگـرە خراپتریشـی کـرد. بـە فەرمانـدەی گوردانـم وت: "دەبـێ بیبەینـە نەخۆشـخانە". خۆشـم پێـم ناخـۆش نەبـوو کـە لەگـەڵ نەخۆشـەکە بچمـە نـاو شـار و جارێکی تر مەهابـادی جـوان ببینمـەوە. فەرمانـدە وتـی: "بـۆ یـەک کـەس ئۆتۆمبێلـت پـێ نـادەم، لانیکـەم دەبـێ یەکێکـی تریـش نەخـۆش بێـت! زۆر پێکەنینـی بـوو، بـەڵام نەخۆشـێکی ترمان دۆزیـەوە و بوویـن بـە سـێ کـەس. دوو نەخـۆش و فریاگوزارێـک. بەڕاسـتی سـەربازی یەکـەم حاڵـی بـاش نەبـوو، بـەڵام نەخۆشـەکەی دی کـە کـوردی شـکاک[1] بـوو هەمیشـە لەبـەر فرەخـۆری ڕیخۆڵـەی ژانـی دەکرد.

چووینـە نەخۆشـخانەی مەهابـاد. نەخۆشـەکە بـۆ مـاوەی چەنـد کاتژمێرێـک لە نەخۆشـخانە خـەوێنرا و کاتـی چارەسـەری وەرگـرت و بـاش بـووەوە، تاریکـی داهـات و ئۆتۆمبێـل گەڕابـووە سـەربازگە. پێشـنیارم بـۆ سـەربازەکان کـرد کە بچینـە ماڵی پوورە زێنـەب، ئەوانیـش زۆر دڵخۆش بـوون. خـۆم هێنـدە بیری ماڵـی پـوورم و منداڵەکانیم کردبوو، کـە عەقڵم پێ نەشـکا کە من نابێ کەسـی نەدیـو و نەنـاس ببەمـە ماڵـی پـوورم. پـوورم زۆر بـە بینینـی ئێمە دڵخـۆش بـوو و یەکێک لـە ژوورەکانـی خۆیانـی پێدایـن. ئەوان سـەرقاڵی ئاهەنگـی مارەبڕینی یەکێک لە دراوسـێکانیان بـوون و زۆر لـە ئێمەیـان نەپرسـی. پوورەزاکەشـم کـە تـازە عـازەب بوو، دەهـات و دەچـوو و فیکر و زکـری لای جلـە کوردییـە تازەکەی بوو. خۆزگەم پێیان خواسـت کە چەندە خۆشـیانە، بەڵام ئێمە کەچەڵ و سـەربازین.

دیـارە کاتێـک پۆسـتاڵەکانمان داکەندبـوو، بۆنـی پێمان هەمـوو ماڵەکەی گرتبوو. پـوورم وتی کامیـل گۆرەوێکانتـان ئەوەنـدە لـە نـاو پۆسـتاڵدا مـاوە بۆنـی گرتـووە. با لـە گوندیش بن بـەڵام بە پاکوخاوێنیتـان ڕابگـەن. گوتمـان بـرا جـاری وایـە لە مزگەوتـدا دەمێنینـەوە و ئـاوی گەرمیشمان نییـە. وتـی گۆرەوێکانتـان داکەنـن بـا بیشـۆم. ئـەو دوو سـەربازە کـە زۆریـان پـێ عەیـب بـوو لـە سـەر پێداگریـی مـن و پـوورم گۆرەوێکانیـان داکەنـد. پـوورم بـە مونیـرەی کچـی وت گۆرەوێـکان بشـوات. چەنـد مانگ بـێ تەلەڤیزیۆنی وای لـێمان کردبوو هەتا پێش نانخـواردن و پێش خەوتن چـاو لـە تەلەڤیزیـۆن هەڵنەبڕیـن. بەیانـی بـە پورمـم وت گۆرەوێکانمـان پێبـدەن بـا بچینـەوە بـۆ سـەربازگە. ئەوەنـدەم زانـی پـوورم نەمـا و دواتـر بینیـم لـە ژوورەکـەی دیکـەدا بەسرتـە مونیـرە لـە خەو هەڵدەسـتێنێت و پرسـیاری لێدەکات. مونیرە گۆرەوێکانی خسـتبووە ناو تەشـتی ئاوی گەرم و پووریشـم بـەر لـەوەی بچێتـە ماڵـی ئـەو دراوسـێیەیان تەشـتە ئاوەکـەی خسـتبووە نـاو حەمـام بـۆ ئـەوەی دواتـر بیشـوا، بـەڵام لەبیـری چووبوو. زسـتان بـوو و حەمامیش لـە دەرەوەی مـاڵ بوو،

---

١ . کوردانـی شـکاک بـە زاراوەی کرمانجـی ئاخـافتن دەکـەن و لـە شـارەکانی خۆی، سـەڵماس و ورمـێ لە دەڤـەری ئەنزەل، سـۆمای برادۆسـت و تەرگـەوەڕ و مەرگـەوەڕ ژیـان دەکـەن و هەندێک جاریش سیسـتەمی عەشـیرەیی تا ڕادەیـەک داخراویان هەیە.

گۆرەوێکان لە ناو تەشتی ئاوەکەدا بەستبوویان و پوورم لە ڕووی هەڵنەدەهات کە گۆرەوێکانمان پێ بدات. هەر لە ئێمە داوای گۆرەوێ کردن بوو و پووریشم هەر دەیوت دەی جارێ پاروو نانێکی دیکەش بخۆن. دەی کوپێکی تر چاش بخۆن. وتمان پوورێ درەنگە، ئەویش بە پێکەنین و شەرمەزارییەوە گوتی: " کامیل گیان من و مونیرە لەبیرمان چوو گۆرەوێکان بشۆین، ئێستا گۆرەوێکان تەڕن و بەستوویانە!" گۆرەوێکانیان وەکوو ئێسکەپەیکەری بەستوو لەسەر سۆبا نەوتییەک دانا ... بەڵام لەو ماوە کەمەی کە هەمانبوو وشک نەبووەوە. گۆرەوێکانمان بە نەشۆردراوی و تەڕی لە پێ کرد و وەڕێ کەوتین. ئەمەش بوو بە نوکتە و هەمیشە گاڵتەمان پێدەکرد و پێدەکەنین.

بازاڕکردن لە گوند و دیسانیش حیفازەتی ئیتلاعات

لەو ماوەی کە من سکرتێری گرووهان بووم، هەندێک جار لەگەڵ فەرماندەدا دەچووینە ناو دێ گەشتمان لێدەدا. هەرچەند داگیرساندنی فانۆس لە ناو چادردا قەدەغە بوو، بەڵام فەرماندە زۆر جار وای دەکرد و پێی دەگوتم: "ئاگات لە شووشەی ئەم فانۆسە بێ، بە خوا هێندەی کوڕێک خۆشم دەوێ!" پێم سەیر بوو کە بۆچی پەیتا پەیتا ئەم دەستەواژەیە دووبارە دەکاتەوە کە وردە وردە لێک نزیک بووینەوە و وتی حەزی لە منداڵی کوڕە، بەڵام خوا هەر پێنج کچی پێداوە. ڕەنگە لەبەر ئەوەش بێ ئاوا گرنگی پێدەدام، من بچووکترین سەربازی ناو سەربازگە بووم و وەک شتێ منی وەک کوڕی خۆی دەبینی. هەڵبەت بوونی من سوودی تری بۆ ئەو هەبوو: ناوچەکە و زاراوەی خەڵکم دەناسی و دەمتوانی بە زمان و زاراوەی خۆیان قسەیان لەگەڵ بکەم. پیاوێکی باش بوو، بەڵام دەیانگوت لەبەر ئەوەی کوردە گومانیان لێی هەیە و هەر زوو گواستیانەوە بۆ شوێنێکی تر. گرووهانەکەی ئێمەش گوازراوە بۆ گوندەکانی میراوێ و سەردەشت. لە کێوەکان بنکەیەکی کاتییان بۆ دروست کردین کە تەنانەت جادەشی نەبوو هەندێک جار بوڵدزیرێک دەهات و جادەی دروست دەکرد و لە هیچ و خۆڕایی بنکەیەکی نوێیان دروست دەکرد. هەندێک جار بۆ ڕووداوە بچووک و ئاساییەکان پرسیارمان لێدەکرا. چەندین جار لە لایەن هێزە مرۆییەکانی سپای ناوچەکەوە سەربازە خۆجێییەکانیان بانگ دەکرد و کۆمەڵێک پرسیاریان لێدەکردن، بۆ نموونە لە کوێ بوون؟ چی دەکەن؟ چەند ڕۆژ ڕۆیشتوویتە پشوو و لە کام چادردا خەوتووی؟ هاوڕێی کێیت؟ و ... . لەبەر ئەوەی ئەم پرسیارکردنانە بۆ کەسانی دیکەش ڕووی دەدا، پێم وا بوو بەشێک لە ڕۆتینی سەربازی لە ناوچە جەنگییەکانە.

ڕۆژێک کە ئیتر سکرتێر نەبووم و لەگەڵ دوو کەسی دیکەدا پاسەوانی دابنیکردنی ئاسایشی

جادهیەکی ناوچەی دوورەدەستی گەورکنیشن[1]ـی سەردەشت بووین، کە دەیڕوانییە گوندێک کە لە ناو دۆڵەکەدا، وتمان دیارە هیچ دەنگ و باسێک لە گۆڕێدا نییە و پاسبەخشیشمان نییە با بچینە ناو دێ و کێک و نووشابەیەکی سارد بخۆینەوە. جگەرەشمان دەویست و تەنها شتێک کە پێمان بوو تووتنێکی توند و بۆگەن بوو. پێمان وابوو ڕەنگە لەوێ جگەرەی قاچاخ بدۆزینەوە. ئەم جگەرانە هەرزانتر بوون و لە عێراقەوە دەهاتن و لە لادێکاندا هەبوون. بەم خەیاڵانەوە بەرەو خوارەوەی دۆڵەکە دەڕۆیشتین، گوندەکە لە دوورەوە، نزیک دەینواند، بەڵام کاتێکی زۆری پێچوو هەتا گەیشتینە ئەوێ. دارستانێکی چڕوپڕ و کوێرەڕێیەکی نالەبار لە سەر ڕێگاکەمان بوو کە یەکجار ئەوەش ڕێگاکەمانی درێژتر دەکردەوە.

ماوەیەکی پێچوو هەتا دووکانەکەمان دۆزییەوە. بەخت یارمان بوو و لە پیرەژنێک کە سووچێکی مدبەخەکەی کردبوو بە دووکان، هەم کێک و نووشابە و هەمیش جگەرەمان کڕی. کوێخای گوندەکە و خەڵکی گوندەکە کاتێک ئێمەی سێ سەربازی بێ پشتیوانییان بینی، سەریان سووڕما و لێیان پرسین لێرە چی دەکەن؟ من ئاشنای بنزاراوەکەیان بووم و کەمێک قسەمان کرد. لە کۆتاییدا داوامان لێکردن کە نەڵێن لەوێ ئێمەیان بینیوە و بەو ڕێگای کە هاتبووین گەڕاینەوە دواوە. هیچ ڕووی نەدا هەتا ئەوەی کە چەند ڕۆژێک دواتر لە هەمان ناوچە لە نێوان هێزی زەربەتی سپای سەردەشت و پێشمەرگە پێکدادان ڕووی دا. یەکێک لە هێزەکانی فەرمییەکانی سپای پاسداران کوژرا و ژمارەیەکی دیکەش بریندار بوون. کە ئەم هەواڵە گەیشت، ئامادەباشییان ڕاگەیاند. بنکەی سەرەکی کە گرووهانیان پێ دەگوت، بەبێ ئامانج و تەنها بۆ ڕاگەیاندنی بوونی خۆی، زۆربەی شاخەکانی ئەو دەوروبەریان بە هاوەن و تۆپ بۆردومان کرد.

یەک دوو ڕۆژ دواتر هێزی مرۆیی گوردان داوای منیان کرد، کە گەیشتم هەمان ئەو کەسە و کەسێکی تر دەستیان کرد بە پرسیارکردن. پرسیارەکان لە پرسیارەکانی جاران نەدەچوو، دەیانگوت: "ڕۆژی شەڕەکە لە کوێ بوویت؟" وتم: "لە ئاسایشی ڕێگاوبان بووم. پرسیاریان کرد: "لەگەڵ کێ؟" ناوەکانیانم وت. تەلەفۆنیان کرد و ئەوانیش هاتن و وڵامەکانیان وتەکانی منی پشتڕاست کردەوە. دیسان پرسیاریان کرد: "ئێوە سێ چوار ڕۆژ پێش ئێستا لە سەر پۆستی کوێ بوون؟ ئێمەش وتمان: "لێرە". بابەت ئەوە بوو کە ڕۆژێ دوای پێکدادانەکە، گرووپێکی لێکۆڵینەوەی حیفازەتی ئیتلاعاتی سەردەشت چووبوونە گوندەکانی دەوروبەر و خەڵکی گوندەکەش پێیان ڕادەگەیێنن کە چەند ڕۆژێک پێش شەڕەکە سێ سەرباز هاتوونەتە ئێرە کە یەکێکیان وەکوو ئێمە بە زمانی کوردی قسەی دەکرد و چاویلکەی لە چاودا بوو. بە

---

١ . گەورک لە بازنەیەکی جوغرافیایی ژیان بە سەر دەبەن کە دەکەوێتە نێوان هەر سێ شاری مەهاباد و سەردەشت و بۆکان و میرەدێی خەلیفان لە شاری مەهاباد گەورەترین گوندی گەورکەکانە.

پشـتبەستن بە نیشـانە و لێکدانەوەی ڕێکەوتی پۆسـتەکانی دابینکردنی ئاسایشی ڕێگاوبانەکان وەبـەر ئێمـە کەوتبـوو. دوای ئەم پرسـیار و وەڵامانە منیان خسـتە ناو ئۆتۆمبێلێکی جـۆری تۆیۆتا و ڕادەسـتی سپای گشـتیی سەردەشـتیان کردم.

ترسـابووم. مـن لـە قووڵایـی دڵمـەوە دەمزانـی کـە کاتێـک کارەکانـم گـرێ دراوەتـەوە بـە حیفازەتـی ئیتلاعـات، دیـارە بـە شـتێکم تۆمەتبـار دەکـەن کـە هیـچ ڕۆڵێکـم تێـدا نەبـووە. لێکۆڵینـەوەکان دەسـتیان پێکـرد. دوای ئـەوەی چەنـد پرسـیارێکیان لێکـردم، تێگەیشـتم کـە دۆسـییەی تەوابییەکـەیمان هەڵداوەتـەوە و لەسـەر مێزەکـە دانـاوە. لـە کاتێکـدا خەریکـی هەڵدانـەوەی دۆسـییەکەم بـوو، نامەکـەی سـپای نەغـەدەم بینـی و زانیـم کـە پرسـی مونکەراتی نەغەدەشـیان خسـتۆتە پـاڵ دۆسـییەکەم. زۆر بێتاقـەت بـووم، چونکـە ئـەو سـەییدەی پێشـەوە کـە خەڵکـی پەسـوێ بـوو و بـە بەرتیلـی باوکـم منـی لـە زینـدانـی سـپای پاسـداران ئـازاد کردبوو بەڵێنی دابوو و سـوێندی خواردبوو کە دۆسـییەکەم داخراوە و بەدوای مندا ناگەڕێن، یان سـپای پاسـدارانی نەغـەدە گوتبووی کە دەسـتگیربوونەکەم لە لایـەن کۆمیتەوە ڕاناگەیـێنرێ، بەڵام ئەو دۆسـییەکەی ناردبـوو. چ کەسـانێک و ژینگەیەکـی نائەمـن لـە دەوروبەرمدا بوون، هـەر دووکیان درۆیـان کردبـوو.

دەمزانـی هـەر وا بـە ئاسـانی وازم لـێ ناهێنـن. هەرچی وتم هیچـم نەکردووە و چـووم کێک و نووشـابە بکـڕم بـەڵام ئـەوان ئێسـتا و ئەوسـاش باوەڕیـان نەکـرد. زۆر ئازاریـان دام و مـاوەی چەند ڕۆژێک لە زیندان بووم، لە ڕووی دەروونییەوە زۆر ئەشـکەنجە کرام. بۆ نمونە بە چاوی بەستراوەوە لـە سـەر بەرمیلێکـی بەتـاڵ دایاندەنیشـاندم و دەیانـوت ئەگەر قسـە نەکەی ئێعدامـت دەکەین. ئینجا کەسـێک لەپڕ گەلەنگێدانەکەی دەکێشـا و ئەوەی دیکەیان لەقەیەکی لە بەرمیلەکە دەدا کـە دەنگێکـی ترسناکیشـی لێدەهات کـە ئەننەهوو ئەمە دەنگـی فیشـەکە .... هەرچەندە دوای یـەک دوو جـار، زانیـم کە ئەم کارانەیان هیچ ڕاسـت نین، بەڵام شـۆک و ترسـێکی دووقات هەموو گیانـی دەتەنیـم. ئەو شـەوانەی وا لـەوێ بووم مۆتەکـەم دەبینـی و لە خـەو ڕادەچەنیم.

چەند ڕۆژێکی ترسناکم لە زیندانی حیفازەتی ئیتلاعات بەسەر برد و لە کۆتاییدا بەڵێنێکم دا و کاغەزێکم واژۆ کرد کە تەنانەت نەشیانهێشت بیخوێنمەوە. کە گەڕامەوە بۆ بنکەکە بینیم هەموو شتێک گۆڕاوە و چەکم لێ داماڵراوە و هەموو پلە سەربازییەکانیان لێم سەندراوەتەوە. چادرەکەمیان گۆڕی و بردیانم بۆ گرووهانێکی تر. دیسان تەنیا بوومەوە و ئەو سەربازانەی کە وەکوو هاوخەرج و هاوزمانم بوون، جگە لە حەمە ساڵەی هاوڕێم کە سەقزی بوو، هەموویان لێم تەکینەوە. هەڵسوکەوتی هەموویان گۆڕابوو، سەربازەکانی تر شتانێکیان لەبارەی من بیستبوو و نەیاندەوێرا لێم نزیک ببنەوە. هەر کەس خۆبەخۆ ڕێی بکەوتبایەتە حیفازەتی ئیتلاعاتی سپا، بایکۆتی دەکردم. من دووبارە و سێبارە تووشی ئەم نەهامەتییە هاتبوومەوە. گۆڕانی ڕەفتار و بایکۆت و تاراندن و قوربانیبوون، ئیتر چارەم وا نوسرابوو کە هەمیشە ڕاوەدوو بنرێم.

زۆمبییەکانی دۆڵی شەیتان

دیسان هەستی تەنیایی هەڵیلووشیمەوە. من کەوتبوومە ناو دۆخێک هاوشێوەی ئەو ڕۆژانە کە بەهۆی پەیوەستبوونم بە حیزبی دێموکراتەوە لە زیندان ئازاد کرابووم. جارێکی تر کەسانی دەوروبەرم لێم کشانەوە و بە تەنیا جێیان هێشتم. جارێکی تر هیچ تاوانێکم لێ نەوەشابۆوە و شایەنی ئەم هەموو ناخۆشی و تاڵییە نەبووم. کاتێک چەکەکەیان لێ وەرگرتم، پەیامێکی نەخوازراویان بە دەوروبەرییەکانم دا و وتیان فلان کەس مەترسیدارە و دەبێ خۆمانی لێ بپارێزین، دەبێ وریا بین! هەرچەندە لە پاسەوانی ڕزگارم بوو، بەڵام دیسان چوومەوە ناو دنیای تەنیایی خۆم و گەڕامەوە سەر کتێبخوێندنەوە. جاری وابوو لە چێشتخانە پێستی پەتاتە و تۆپکڵی پیوازم لێدەکردەوە و پێش چادر و بینای فەرماندەییم گسک دەدا و دەمشۆرد. کاری دابینکاری و خزمەتگوزاریم دەکرد، بارم دادەبەزاند، تەنانەت هەندێک جاریش دەفرەکانم دەشۆرد و ئاودەستەکانیشم خاوێن دەکردەوە ... بە کورتی هەر ئەرکێکی سووک و بێقیمەتیان بە من دەسپارد.

من بۆم نەبوو بچمە ژووری فەرماندە و جبەخانە. نەدەبوو توخوونی کەسانێک بکەوتبام کە پلە و پایەیان هەبوو و ئەوانیش بۆیان نەبوو من بدوێنن. ئەم دۆخە هەتا ساڵی دووەمی سەربازی بەردەوام بوو، کاتێک دیسان هێزەکان دابەش بوونەوە و هەستیارییەکان بەرامبەرم کەمی کرد، دووبارە گەڕاینەوە بۆ ساینقەڵا و لەگەڵ گرووهانێک چووینە ناوچەیەکی بەناوبانگ و شاخاوی بە ناوی سەرشاخان. سەرشاخان دەکەوێتە ناوەڕاستی بەرزاییەکانی پیرانشار و مەهاباد و ناوچەیەکی شاخاوی و ستراتیژییە کە بازنەی گوندەکانی هەر سێ شاری مەهاباد، پیرانشار و سەردەشت بە یەکەوە دەبەستێتەوە.[1] لە مەهاباد و پیرانشارەوە بە دێی لگبن[2]

---

١ . لە ڕووی جوگرافیاییەوە بەشێک لە لاجانی مامەشە و لاجان لە ناوچەی مەنگووڕایەتی جیا دەکاتەوە. هەتا ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی (١٩٨٤ ز) یازدە گوند لەم بازنەدا هەبوو کە لە دوای ئینقلابی ١٣٥٧ بوو بە ناوەندێک بۆ جێگیرکردنی هێزەکانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە و گرووپە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی. تەنانەت بۆ ماوەیەک ڕادیۆی حیزبی دێموکرات لەوێوە بڵاو دەکرایەوە و نەخۆشخانەی حیزب لە گوندی کانیزەرد دروست کرابوو. دوای ئەو ساڵە و لە ئەنجامی شەڕە بەردەوامەکاندا، ئاگریان لە گوندەکانی کێلێ، کانی زەرد، شێوەبرسی، بازاڕگە، دێلکە؛ هاوشینان و سەیداوێ بەردا و کەسیان تێدا نەما. دانیشتووانەکەیان ئاوارەی گوندەکانی لاجان و شارەکانی مەهاباد و پیرانشار بوون. ئێستا تەنیا گوندەکانی ئەحمەد غەریب و بابەکراوێ و برایمە لە سەرشاخان ماون و ئەوانی تر وێران بوون. سەرشاخان خاوەنی شوێنەوارە دێرینە بەناوبانگەکانی وەکوو قەڵاتی‌شا، بەردمافوو، قەڵاتی مستەفا بەگە.

٢ . لگبن دەکەوێتە سەر ڕێڕەوی ڕووبارێک کە لە لای باشووری سەرشاخانەوە دێت و لە لای ڕۆژاوای گوندەکەوە دەڕژێتە ناو لقێکی ڕووباری زێی بچووک. لگبن دەروازەی باکووریی سەرشاخانە، کە لە ڕێگەی دۆڵێکەوە کە بە گەڵوو ناسراوە سەرشاخان لەسەر جادەی قیرتاوکراوی پەسوێ - مەهاباد بە دەشتی لاجانەوە دەبەستێتەوە. هەتا ساڵی ١٣٦٣-٦٤ی هەتاوی (١٩٨٤-١٩٨٦ ز) سەرشاخان و بە گشتی هەموو ئەو گوندانەی کە دەکەونە ئەم بازنەوە ڕێگاوبانیان نەبوو و خەڵکی ئەوێ هێستر و کەر و ئەسپیان بەکار دەهێنا. لەو کاتەوە ڕێگای سەربازی بۆ ئاسانکاری لە گواستنەوەی هێزە سەربازییەکان دروست کراون و هەندێک جاریش خەڵک پێیدا تێدەپەڕن. سەرشاخان، چ لە ڕابردووی دوور و چ لە ئێستادا، بەردەوام شوێنی هاتوچۆ و جێگیربوون و پشتگیریی بەرە تاکتیکییەکانی پێشمەرگە بووە!

تێدەپەڕی و دەگەینە ناوچەی هەڵدێری سەرشاخان کە بە درێژیی قەڵای مێژوویی قەڵاتیشایە[1]. لە بەرزایی ئەو شاخانەی کە دەڕواننە ناوچەی لاجان و لگبن گوندەکانی ئەحمەدغەریب و بابەکراوێ بەدی دەکرێن. لە ئەحمەد غەریب چەند بنەماڵەیەک دەژیان، هەموویان سەید بوون و بابەکراوێ گوندێکی گەورەتر بوو، بەڵام هیچ کامیان ڕێگاوبانی باشیان نەبوو. لە لگبن بەو لاوە جادەیەکی قیرتاونەکراو و کوێرەڕێ بوو و هاتووچۆکردن تێیدا زۆر ئەستەم بوو، مەگەر بە ئۆتۆمبێلی سەربازی و جیپی تایبەت بۆ شاخ و کێو یان تراکتۆر. ڕەنگە لە ماوەی هەفتەیەکدا تەنیا چەند ئۆتۆمبێلێک پێیدا هاتوچۆیان بکردایە. دوای گوندی لگبن، دۆڵێکی قووڵ و تاریک دەست پێدەکا کە پێی دەڵێن دۆڵی شەیتان، لە ڕێگای دۆڵەکەوە دەتوانی بە گوێدرێژ یان هێستر بچیتە ئەحمەدغەریب، بەڵام بە تەنیایی مەترسیدار بوو. ڕەنگە باوەڕم پێ نەکەن بەڵام هەتا ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو تەنانەت کارەباشیان نەبوو. لە بەرزترین خاڵی ئەحمەدغەریب دوو بنکە هەبوون کە ئێمەیان بردە ئەوێ. ئەو سەربازانەی کە لە بنکەکەدا جێگیر بوون و جێگەی خۆیان بە ئێمە دەدا، لەو زۆمبییانە دەچوون کە لە فیلمەکاندا دەیانبینین، ڕیشێکی کوڵکن و جلوبەرگی شڕ کە بەردەوام دەیانگوت خوا ڕەحمتان پێ بکا کە ڕەحمی بە ئێمە نەکرد!

● وێنەی ١٢٩. بێتاقەتی بۆ جلوبەرگی مەدەنی و وێنەی یادگاری بەو جلوبەرگەوە، گوندی ئەحمەد غەریب، بەهاری ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی (١٩٩٠)

قسەکانیانم پێ سەیر بوو، باشە ئەی بەم هەموو سروشتە جوان و پاک و خاوێنە بۆ ئاوا دڵیان پڕە و دەبۆڵێنن ... بەهار بوو و گوند پڕ بوو لە گوڵی جوان و گوڵاڵە سوورە سەری

---

١ . مێژووی قەڵای "قەڵاتی‌شای" دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی یەکەم - سەردەمی مادەکان و دەکەوێتە شاری مەهاوێ، لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی مەنگوورایەتیی پیرانشار و ئەم شوێنەوارە لە ٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٣٥ (٧ حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٦)، بە ژمارەی تۆماری ١٢٣٧، وەک یەکێک لە شوێنەوارە نیشتمانییەکانی ئێران تۆمار کراوە. قەڵاتی‌شای قەڵایەکی مێژووییە و دەکەوێتە نزیک گوندی داغە. ئەم قەڵا کۆنە لە سەر لوتکەی شاخێکی گەورەیە و بەرزاییەکەی ٨٠ مەترە. ئامانجی دروستکردنی ئەم قەڵایە لەسەر ئەم شاخە بەرزە بۆ ئەوەی بووە کە لە دوژمنان پارێزراو بێت، چونکە تەنها یەک ڕێگا بۆ چوونە ژوورەوە و چوونە ناو قەڵاکە هەیە. هەرچەندە بینای سەرەکیی بەکارهاتوو بۆ ئەم شوێنەوارە مێژووییە بەدرێژایی زەمەن ڕێران بووە، بەڵام بەو پاشماوە کەمەی کە هەیە وەکوو سەرچاوەی هەڵگرتنی ئاو و دوو ڕێرەو و ژوورە بەرفراوانەکان دەتوانین لە مەزنایەتیی ئەم قەڵایە تێبگەین. شوێنەوارناسان ڕایانگەیاندووە کە بناغەی یەکەمی ئەم قەڵایە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٠ پێش زایین و لە سەردەمی مادەکاندا فراوانتر کراوە. (ماڵپەڕی باستان‌شناسی ایران).

دەرهێنابوو و دەشت و دەری ڕازاندبۆوە. دیمەنێکی تا بڵێی دڵڕفێن. کە ئەمانەم وت، وتیان جارێ ڕاوەستە ئەو ماوەی لێرەن لە دنیا دادەبڕێن و ئیتر دەستتان بە دەرەوەی ئێرە ناگا، شێت و دەلوو دەبن ... کە زستان دێ دەبێ دەرگاکان دابخەن و بۆ چەند مانگێک لە ژێرزەمینی بنکەکەدا بمێننەوە. لە پاییزەوە ئێرە بەشەری خوای پێدا نایە جا ئەو دەم ئەگەر پیاوی بڵێ دیمەنی ئێرە دڵڕفێنە. وەک کورد دەڵێ "جارێ لێلێیە هێشتا لۆلۆکەی ماوە".

دوو بنکە بوون، لەملا و ئەولای گوندەکە و لەسەر لوتکەی کێوەکە، چووینە ناو بنکەکە و گسکمان دا، دواتر دەستمان کرد بە دابەشکردنی پاسەوانی و ئەرکەکان. هێواش هێواش زانیمان کە بەڕاستی دەستمان بە هیچ شوێنێک ناگات. بابەکراوێ دوور بوو و ئەحمەدغەریبیش لە خوار دۆڵەکەوە بوو. ئێمە نەک هەر تەلەفۆن، تەنانەت هیچ ئامرازێکی تری پەیوەندیکردنمان نەبوو، بێسیمیش کە بۆ بەکارهێنانی سەربازی بوو. لە بنکەیەکدا نزیکەی پانزە کەس بووین ئەگەر یەکێکمان نەخۆش کەوتبا، من کە گەڕابوومەوە سەر ئەرکی فریاگوزارییەکەم دەبا هاوکاریم بکردایە و لە نێوان ئەو دوو بنکەدا هاتوچۆم دەکرد. هەندێک جار مانگێکی دەویست هەتا بارهەڵگری دابینکردنی پێداویستییەکان دەهات و لە ڕێگەی نامەوە هەندێک زانیاریمان لە جیهانی دەرەوە پێبگەیەنێت.

کۆگایەکی گەورەی ژێرزەمینمان هەبوو کە پڕ بوو لە خواردەمەنی، کە زیاترەکەی قوتووی ماسی تۆن و فاسۆلیا و گۆشتی وشککراو و برنج بوون. سەربازەکانی پێشوو کەمێ لە دوای خۆیان شتیان بۆمان بەجێهێشتبوو، بۆ نموونە سەوزە و گیایان لە دەوروبەری بنکەکەدا چاندبوو. یەک دوو کەسیان کە کشتوکاڵیان دەزانی کارەکەیان دەست پێکردبوو. چەند جارێک پێکەوە پارەمان کۆ کردەوە و بەرخ یان مەڕی نەخۆشمان لە شوانەکان دەکڕی. چێشتلێنەرێکی سەردەشتیمان هەبوو کە گۆشتەکەی پارچە پارچە دەکرد و لە بەرد و ژێر سەنگەردا دەیشاردەوە بۆ ئەوەی گورگ و ڕێوی بۆنی پێوە نەکەن. خواردنەکانی دیکە لە قوتوودا بوو. هەروەها بزوێنەرێکی کارەبامان هەبوو کە هەندێک جار کاری دەکرد و هەندێک جاریش نا. زۆربەی جار بە فانۆس ڕووناکیمان هەبوو و لە کانییەکی نزیک ئەحمەد غەریب بە گوێدرێژ ئاومان دەهێنا. حەمامێکی ساراییمان هەبوو کە خوا بەزیادی نەکات. ئەوەندە ناخۆش بوو کە هەندێ جار حەماممان نەدەکرد و هەر بە ئاوی کانی و سابوون خۆمان دەشۆرد. دەبا بە نۆرە بەرمیلی بیست لیتری بێنین و مەخزەنی حەمامەکەی پێ پڕ بکەین، جا بۆنی نەوت وڵاتی هەڵدەگرت ...

سەربازێکی وەرامینمان لەگەڵ بوو کە بە پێچەوانەی هەموومان پێی خۆش بوو بچێتە سەر جادە پاسەوانی بدا و ئاسایشی جادە دابین بکات. هەمیشە خۆبەخشانە ئەم کارەی دەکرد و ئێمەش بە خۆشحاڵیەوە نۆرەی خۆمان پێدەدا کە بە کەیفی خۆی لە دوا خاڵی شاخ بەرەو بابەکراوێ پاسەوانی بدات. ئەمە بەردەوام بوو هەتا ئەوەی کە ڕۆژێکیان فەرماندەی

گـوردان کـە چەنـد مانـگ جارێکیـش نەماندەبینـی، لەنـاکاو بـە ئۆتۆمبێلێـک کـە دۆشـکەیەکی لەسـەر دانرابـوو هاتـە بنکەکەمـان. ئەوەندەمـان زانـی کـە سـەربازە کورتەبـاڵا وەرامینییەکـەی هێنایـە نـاو حەوشـەی بنکـە و هەتـا پێـی کـرا تێیهەڵـدا. گریـا و لـە کۆتاییـدا وتـی: "مـن چاندم، خەتـای مـن بـوو". ڕووداوەکـە ئـەوە بـوو کـە ئـەم سـەربازە لـەم مـاوەدا باغچەیەکـی بچووکـی خەشخاشـی[1] دروسـت کردبوو و خەشخاشـی دەکێشـا و نەشـە دەبـوو. دەیانگوت مـەڕی یەکێک لـە شـوانەکان خواردوویەتـی و نەخـۆش کەوتـووە. کاتێک کە شـوانەکە بەدواداچـوون بۆ هۆکاری نەخۆشـیی مەڕەکـە دەکا دەگاتـە ئـەم باخچـە و بـەو پێیـەی ڕووەکەکـە ناناسـێتەوە، بـە ئاغـای گونـدی بابەکراوێـی پیشـان دەدا، ئەویـش دەڵـێ ئەمـە خەشخاشـە و مادەی هۆشـبەرە. پاشـان بنکـەی بابەکـراوێ ئـاگادار دەکەنـەوە و دەبینن ئەوە سـەربازی بنکەکەی ئێمەیە کە بـەردەوام بە دەوری خەشخاشـەکاندا دێ و دەچـێ و ئاودێرییـان دەکات. لـە ئاکامـدا ئەویان نـارد بۆ دادگای سەربازی و ئێمەشیان نارد کە کێڵگەی خەشخاشەکە تێک بدەین.

● وێنەی ١٣٠. قەڵاتیشای

لـەوە ناچـێ شـوانەکەی خەڵکـی ئەحمەدغەریـب گوڵی خەشخاشـی نەناسـیبێ و نەزانـێ کـە خەشـخاش تلیاکـی لێ دروسـت دەکرێت. خەشخاشـی کێوی و خۆڕسک لـە چیاکانـی سەرشـاخان لـە وەرزی بەهـار و هاویندا هەیە و لـە مێژە زانـراوە کە تلیـاک لەم گوڵـەوە بەرهـەم دەهـێنرێ، بـەڵام بـەو پێیـەی کـە لـە کوردسـتاندا خەڵـک نازانـن تلیـاک لـە خەشـخاش بەرهـەم بێنن، ئەوەنـدە گرنگی پێ نـادەن. جگە لەوەش ئـەو تریاکەی کە لـە گوڵە خەشـخاش بەدەسـت دێ، سەرخۆشـکەر نییە و بـزن و مەڕەکان بەهـۆی خواردنی نەک هـەر نەخـۆش ناکـەون بگـرە گۆشـتی پێدەگـرن و پێـی قەڵەو دەبـن. ڕەنگە شـوان و ئاغـای دێکە سـەربازە وەرامینییەکەیـان لەقـاو دابـێ و درۆی نەخۆشـکەوتنی مەڕەکەیـان هەڵبەسـتبێت!

١ . لە کوردسـتاندا گوڵاڵە خەشخاشـە مێژووەکەی زیاتر لە ٤ هەزار سـاڵە. ئەم ڕووەکە لە سەرانسـەری جیهاندا وەک مادەی هۆشـبەر بـەکار دەهێنرێـت. ڕووەکێکـی سـاڵانەیە و هەتـا ئێسـتا زیاتر لـە ٢٠٠ جـۆری لێ دەسـتنیشـان کراوە. جگـە لە جۆرە جیاوازەکانـی، وردەچەشـن و فۆرمـی جیاوازیشـی هەیـە. هەندێک پێیان وایە کە ئاسـیا سـەرچاوەی سـەرەکیی گەشـەکردنی ئـەم ڕووەکەیە.

هەرچەنـدە ئـەم بنکـە سـەربازییە بەڕاسـتی کۆتایـی جیهـان بـوو و هیـچ پەیوەندییەکـی بـە هیـچ شـوێنێکەوە نەبـوو، بەڵام لە ژێر پێسـتی ئـەم گوندەدا شـتی زۆر سـەرنجڕاکێش و ورووژێنەر دەگوزەرا. ئێمە لەم دەڤەرەدا شـەڕ و پێکدادانمان نەدی و دۆخەکە ئارام بوو. کاتێک فەرماندەی سـەرەکیی بنکەکەیان گۆڕا، هەر دوو فەرماندە کۆبوونەوەیەکی نهێنییان ئەنجام دا و تێروتەسـەل قسـەیان کـرد. ئـەو فەرمانـدەی وا دەڕۆشـت چەنـد گوندنشـینێکی بـە هـاوکارە نوێکەی ناسـاند. هەمیشـە هەسـتم دەکـرد کـە کەین و بەینێک لـە نێوان ئەو و ئەو چەندگوندنشـینە ڕیش سـپییە لـە ئارادایـە. هەندێـک جـار دەرمانـی لـێ وەردەگرتم و دەیـدا بە خەڵکـی گوندەکە، یـان کاتێک پاسـەوانیم دەدا، بـە کامێـرا دەمانبینـی کـە ئاگرێـک لـە سـەر شـاخەکان ڕۆشـن کـراوە، جووڵـە جووڵـی کەسـانێکم دەبینـی و هەندێـک جاریـش دەنگە دەنگیـان دەبیسترا. هەمیشـە بە لامەوە پرسـیار بـوو کـە لـەوێ چ باسـە و لـە ناوچەکەمانـدا چ دەگـوزەرێ، هەتـا ئـەوەی کە چێشـتلێنەرە سەردەشـتییەکەمان کـە زۆر لەگـەڵ فەرمانـدەی بنکەکـەوە نێوانـی خۆش بوو، بە ئەسـپایی پێی وتـم: "کامیـل لێـرە ڕێڕەوێکـە کـە پێشـمەرگە هەندێـک جار پێیـدا تێدەپـەڕن و دەچنـە ناوچەی مەهابـاد و سەردەشـت". ڕوونـی کـردەوە کـە فەرمانـدە بـە نهێنـی خواردەمەنیـم لـێ وەردەگرێ و لـە ڕێگـەی نێوەندگیرێکـەوە دەیدا بە پێشـمەرگە. لە نـاو خۆیاندا ڕێک کەوتوون کـە بەرکەوتینان نەبـێ، بـەڵام ئەگـەر کەسـێک بەمە بزانـێ پێسـتی فەرماندە کـەوڵ دەکەن!

پەیوەندیـی ئاشـتییانە و ژێربەژێـری نێوان پێشـمەرگە و بەشـێک لـە فەرمانـدەی بنکەکان بۆ پاراسـتنی گیانیـان هـەر لـە سـاڵی ١٣٥٧ی هەتاوییـەوە (١٩٧٩ ز) کـە کوردسـتان شـەڕی لـە دژی ناوەنـدە حکومییـەکان دەسـت پێکـرد نـاوە نـاوە بوونـی هەبوو و شـتێکی نـوێ نەبـوو. دیارە ئەرتەشـیش کەیـن و بەینـی هاوشـێوەی لەگـەڵ پێشـمەرگەدا هەبـووە، بـەڵام بۆ ئێمەی سـەرباز ئـەم ڕووداوانـە چاوەڕواننەکـراو و سـەیر بوون.

دراوسـێکەمان لـە پیرانشـار خزمـی دووری ئەم سـەیدانە بوو کـە لە ئەحمەد غەریـب دەژیان. کاتێک گەیشـتمە ئەم بنکە و ئیتر دەسـتم بە هیچ کوێ نەگەیشـت و پشووی چوون بۆ ماڵەوەشم نەبـوو، باوکـم داوای لـە سـەیید کردبـوو کـە خزمەکانـی ئاگایـان لێـم بێـت. دوای ماوەیـەک کـە زانیـان کـوڕی کاک کەریمـم، نێوانیان لەگەڵـم خۆش کرد.

یەکێـک لـە سـەییدە پیرەمێـردەکان هەمیشـە بـە گاڵتەجاڕیـەوە بـە گوێمـدا دەیسرتانـد: "ڕۆڵـە گیـان، سیاسـەت زۆر قووڵـە" لـە نـاو کورددا ئـەم قسـە بەناوبانگـەم زۆر بیسـتبوو. ئێمە ئەو شـتانەمان پێـدەدان کـە ئـەوان دەیانویسـت و ئەوانیـش ئاسایشـیان بـۆ دابیـن دەکردیـن. هـەر دووکمان یارمەتـی زیندوومانـەوەی یەکترمـان دەدا. فەرماندەکەمـان یەکجـار لـە پێشـمەرگە دەترسـا و بـۆ زیندوومانـەوەی ئـەم کارانـەی دەکـرد وتـی: "نامهـەوێ کچەکانـم هەتیـو بکـەون". خـۆ ئەگـەر گوردان بیزانیبایـە کەوڵی دەکردین! هەندێک جار هەسـتم دەکـرد لەوانەیە ئەوانیش بەمانـە بزانـن، بـەڵام کـەس نەیدەدرکانـد.

پاییز بوو نەمردم باوکم هات بۆ سەردانم، ئای کە چ دیدارێکی خۆش بوو. لە ماوەی ئەو دوو ساڵ سەربازییەمدا ئەوە تەنها جارێک بوو کە باوکم هاتە دیدارم. چونکە ڕێگاکە هەڵەمووت و سەخت بوو و ماوەیەکی زۆر بوو کە هەواڵی لێم نەبوو، لەگەڵ ڕەسووڵی برام ئۆتۆمبێلێکیان بە کرێ گرت و هاتن. سەرسام بووم و ئەو دیدارەم بە هەموو خۆشییەکانی دنیا نەدەگۆڕییەوە. بیری ڕەسووڵم کردبوو. ڕەسووڵ بە سیما پەشۆکاو و نیگەران و شیرینەکەی وتی: "یاخوڵا کوێر بم کاک کامیل، چۆن لێرە ماوی؟" پێکەنیم، ئێستاش ئەو قسەیەم لە بیرە. باوکم کە بینی پانتۆڵی گەرمم لە پێدا نییە، لە پشت بەردێک پانتۆڵەکەی داکەند و پێی دام. هەر لەوێ لە پێم کرد. بۆ من ئەمە بۆنەیەکی زۆر تایبەت بوو. باوکم پێشتر ئەم ئاستە خۆشەویستیی خۆی بۆ من دەرنەبڕیبوو. ئەو ڕۆژە هەتا ماوەیەکی زۆر هەستم بە گەرمای جەستەی کرد و وا دەزانم دوێنێ بوو تیشکی خۆر بەرەو کزی دەچوو و هەوا ڕووی لە تاریکی دەکرد. شۆفێری جیپەکە وتی ئەگەر پەلە نەکەین دەکەوینە تاریکی. پێم خۆش بوو زیاتر بمێننەوە، بەڵام ڕێگاکە پێچاوپێچ و مەترسیدار بوو و هەتا هەوا ڕووناک بوو دەبا بگەڕابانەوە. ئەو سەردانەی باوک و براکەم بۆ من تەنیا لە چاوترووکانێکدا کۆتایی هات. بە دووربین لە سەنگەری بنکەوە هەتا ئەو جێگایەی کە بە قەدپاڵی لووتکەکەدا بە پێ شۆڕ دەبونەوە خوارێ و پاڵیان بە ئۆتۆمبێلەکەوە نا، من سەیرم کردن.

پێش ئەوەی بەفر بباریێ، لە ئەحمەد غەریب سەرگەرمییەکی خۆشی دیکەشم هەبوو. لە خوار سەنگەرەکانمان کێڵگەیەکی مین هەبوو، کە تەنیا باریکەڕێیەکیان هێشتبووەوە و مینیان نەچاندبوو. کەس بە لایدا نەدەچوو، بەڵام من دەچووم! مەترسیکردنم پێ خۆش بوو و خۆبەخشانە و بە ورووژانەوە ئەم جۆرە کارانەم دەکرد. بە لای تەلی درکاویدا تێدەپەڕیم و لە تەنیشت تاشەبەردێک کە ڕووی لە دۆڵی شەیتان بوو بەتانییەکم پان دەکردەوە. ئەشکەوتێکی تەنیاییم بۆ خۆم دروست کردبوو، دڵنیا بووم کە کەس نایەتە ئەوێ و دەتوانم خۆم بشارمەوە و کتێب بخوێنمەوە و چێژ لە تەنیایی وەربگرم.

یەک دوو کەسیشم دۆزیبووەوە کە لە کتێبخانەی گوردانەوە کتێبیان بۆم دەهێنا. هەندێک جار لە مەهاباد کتێبیان بۆ دەکڕیم. پۆستەچی گوردان مانگێ جارێک نامەکانمانی دەهێنا. من هەمیشە دوو نامەم پێدەگەیشت، یەکێکیان لە ماڵەوە بۆم دەهات و ئەوی دیکەیان هی پەروانە بوو، هەمان ئەو پەروانەی کە لە یەکەم ڕۆژی ڕەوانەکردن بۆ سەربازیدا، لەلایەن کۆمیتەوە دەستگیر کرام و هەر لەبەر ئەوەش شوێنی مەشق و ڕاهێنان و سەربازیکردنەکەم گۆڕا. هەڵبەت هەندێک جار حەبیبەی ئامۆزام و سابیری پوورزام لە ماڵەوە نامەیان بۆ دەنووسیم. کە نامە دەهات ئەوەندە کەیفم ساز دەبوو کە مەڵێ و مەپرسە ... نامە تاکە ڕێگەی پەیوەندیکردنم لەگەڵ جیهانی دەرەوە بوو و دەیان جارم دەخوێندەوە و شیم دەکردەوە. ئەو نامانەی لە ماڵەوە دەهات هەمیشە ستانداردێکی دیاریکراوی پەیڕەو دەکرد و یەکێک لە

خوشکەکانم دەینووسی: "ئێمە باشین، دایکم باشە، بابم باشە، نەنکم باشە و هەموو سڵاوت دەگەیێنن، ئەدی بیرمان کردووی، تۆ چۆنی و چی دەکەیت؟ نەنکم و دایکم دەڵێن چێشتی خۆش و گۆشت دەخۆیت؟ و ... خوات لەگەڵ" ئەم جۆرە نامانە هیچی تریان تێدا نەبوو، بەڵام پڕ بوون لە بۆن و بەرامەی ماڵ و یادەوەری و هەڵبەت دڵتەنگی و نۆستالژیا. نامەکانی پەروانە زۆر خۆش بوون. ئەوسا وا باو بوو کە بەشی سڵاو و ماڵاوایی نامەکانیان لە کتێب و چیرۆکەکانەوە دەردەهێنا و دەیاننووسی. پەروانەش هەر وای دەکرد، بەڵام دواتر دەچووە ناو گفتوگۆ و چیرۆکگێڕانەوە، تەنانەت مۆدێلی چەسپدان لە کاغەزی نامەکانیشی بۆ من تایبەت و شیرین بوون.

منیش نامەم دەنووسی، بەڵام نامەکانم جیاواز بوون و باسی هەموو شتێکم تێدا دەنووسی، لە ڕووداوی ڕۆژانەوە بگرە هەتا دەگاتە باری دەروونیم. دووریی شوێنی سەربازییەکەم، خێزانەکەمی نیگەران کردبوو، بۆیە لەبارەی سەختییەکانی سەربازی هیچم نەدەنووسی و لەبەر ئەوەی کاتێکی زۆرم هەبوو، تا دڵ بخوازێ نامەم بۆ هەموویان دەنووسی. لە حەبیبە و سابیرەوە بگرە تا دەگاتە باوکم و مەحبووبە و پەروانە. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە کاتێک بۆ پشووی سەربازی دەچوومەوە ماڵێ، هەموو ئەم نامانەم کۆ دەکردەوە و دەیانمبردەوە، بۆ ئەوەی هەمیشە وەک بیرهێنانەوەی ڕۆژانی سەختی تەنیایی هەڵیانگرم. هێشتا ئەو نامانەم ماون. باوکم هەمیشە بە گاڵتەجاڕیەوە دەیگوت: "ئەو نامانەی کە دەینووسی مەینێرە. ڕایگرە وەختایەکی خۆت بۆ مەرەخەسی هاتییەوە خۆت بۆمان بخوێنەوە، چونکێ نامەکەتمان بۆ ناخوێندرێتەوە!" دەستوخەتم ناشیرین بوو کە هەندێک جار بۆ شۆخی و گاڵتەجاڕی نامەکانیان دەهێشتەوە بۆ ئەوەی خۆم لە کاتی پشوودا کە هاتمەوە بۆیان بخوێنمەوە. دەستوخەتە ناخۆشەکەم ئێستاش سووژەی پێکەنینە.

بە کاتی زستان

لە ناوەڕاستی پاییزدا بەفر دەستی بە بارین کرد و ڕێگا داخرا. نزیکەی سێ مانگ ئۆتۆمبێل بەو جادەدا تێنەپەڕی و نەناسیاوێکمان نەبینی، لە ناوەڕاستی زستاندا ئەوەندە بەفر دەباری کە ئاویش دەستمان نەدەکەوت و هەموو شتێک دەیبەست. هەندێک جار بەفرمان لەناو کتری و مەنجەڵی گەورەدا دەتواندەوە. گەیشتبووینە ئاستێک کە وەکوو خۆڵ کێچ و ئەسپێمان لێ دەباری! هەر چوار لای دیواری بنکە سەربازییەکەمان بە بەتانی دادەپۆشی، لەبەر سەرما نەماندەوێرا لە بنکە بچینە دەرەوە. پاسەوانیشمان نەدەکرد و تەنیا بە پێمەڕە ڕێگایەکمان بۆ خۆمان هەڵکەندبوو بۆ ئەوەی بچینە توالێت و هەر بەو ڕێگاشدا دەگەڕاینەوە. هەموومان لە ژوورێکی گەورەدا دەخەوتین و ژوورەکانی ترمان داخستبوو بۆ ئەوەی بتوانین

ئـەو ژوورە گـەرم کەیـن. تەنانـەت فەرماندەی بنکەکـەش لەگەڵ ئێمەدا دەخەوت. هیچ شـتێکی تـازە و میوەمـان نەبـوو. جگە لە برنج، خواردنەکانی دی، قوتووی فاسـۆلیا و تۆنەی ماسـی بوون و دوای ماوەیـەک هەمـوو پیـاز و پەتاتەکانمان تـەواو یان خراپ بوون و گۆشـتەکەش هەر زوو خورا. هەتـا سـەرەتای بەهـار دەخمان هـەر وا بـوو. لـە بنکەکەمـان نەهاتبووینـە دەرەوە و پەیوەندیمان لەگـەڵ بنکەکانـی دیکـە لـە ڕێگـەی بێتەلـەوە بـوو. کـە بەهـار هـات، وەکـو ورچ لـە کونەکەمـان هاتینـە دەرەوە، چونکـە کەس بەهۆی سـەرما ڕیشـی نەتاشـیبوو و قژیشـی کەم نەکردبـۆوە. ئێمە وەکـوو زۆمبـی و هەمـان ئـەو کەسـانەمان لێهاتبـوو کـە بنکەکەمـان لـێ وەرگرتـن و وتیـان ئێـرە دۆزەخـە. ئـەوکات وەبیرمـان هاتـەوە کـە ئـەو داماوانـە هـەر زوو پێیان وتیـن ئێـرە چ جەهەنمێکە، بـەڵام ئێمـە عەقـڵمان پێـی نەشـکا کە ئـەوان کوێیـان دیوە!

کۆتایـی وەرزی بەهـار، بـەرەو کۆتاییهاتنـی مـاوەی سـەربازییەکەم بـوو و بـە تـکا و لاڵانـەوە و پاڕانـەوە داوام کـرد کە پاشماوەی سـەربازییەکەم بگەڕێمەوە پیرانشـار. یەکێـک لە ئیمتیازەکانی سـەربازیکردن بـۆ سـپای پاسـداران ئـەوە بـوو کـە لە کۆتایـی سـەربازیدا بۆت بـوو بگەڕێیتـەوە بۆ

وێنەی ١٣١. شایی لە وەرزی زستان، ئاوایی ئەحمەد غەریب

زێـدی خـۆت. مـن دوای هەوڵێکی فرە و فراوان توانیم ئەم ئیمتیـازە بەکار بهێنم. لە کۆتاییەکاندا ڕەوانـەی مەڵبەنـدی پیرانشـار کـرام و هەتـا کۆتایی سـەربازییەکەم لـەوێ مامەوە، بـەڵام جگە لە پۆسـتی تاقەتپڕووکێنی پاسـەوانی هیچ پۆسـتێکی دیکەیان پێم نەسـپارد. بە ڕۆژ دەهاتمە ماڵەوە و لـە بووتیکەکـەی باوکـم دووکانداریـم دەکـرد. ڕۆژانـی کۆتایـی چوومـە سـاینقەڵا بـۆ ئـەوەی

کاروباری تەواوبوونی سەربازییەکەم یەکلایی بکەمەوە، چوومە یەکەکانی دارایی و جبەخانە و ... کاغەزی تەواوبوونی سەربازیم واژۆ کرد. کە گەیشتمە یەکەی تەداروکات و چەک، پیرە پیاوێکی بەسیجی کاغەزی کۆتاییهاتنی سەربازییەکەمی واژۆ نەدەکرد. وتی کڵاشینکۆفێک بە ناوی تۆوە تۆمار کراوە و ڕادەستت نەکردووەتەوە. هەرچی وتم کڵاشینکۆف بە من نەبووە هیچ فاییدەی نەبوو، خۆ خۆتان باشتر دەزانن ... ونکردنی چەک واتە دادگای سەربازی و گێرە و کێشەی بە دواوە دەبوو. بیرم کردەوە بزانم چی ڕووی داوە هەتا ئەوەی کە وەبیرم هاتەوە ...

ئەو ماوەی لە چیاکانی جانداران بووم و ئەزموونی ژیانکردنم لە گوندە جیاوازەکاندا هەبوو. ئێمە لە مزگەوتی یەکێک لە گوندەکانی سەردەشت بووین کە ناوی ماوەڵۆ بوو، ڕۆژێکیان فەرماندەی گرووهانەکەمان وتی: "محەمەد ئەحمەدی کێیە؟" چوومە پێشەوە. پرسی: "تۆ لە نەغەدە لەدایک بووی و ئێستا لە پیرانشار دەژیت؟" وتم: "بەڵێ". وتی: "بیستوومە باوکت دووکانی لۆکسفرۆشی هەیە. منیش گوتم: "بەڵێ". چەند پرسیارێکی کرد و ڕۆیشت. منیش مابوومەوە کە بڵێی بەتەمایە چی بکات. هەموو فکر و خەیاڵم لای دۆسییەکە بوو کە دەمزانی لایانە و ئاگاداری ناوەڕۆکەکەین. دوای چەند ڕۆژ هاتە بەر درگای مزگەوتەکە و وتی سوار بە. بە فەرماندەکەمی وت ئەم سەربازە لەگەڵ خۆم دەبەم. کەس نەیدەوێرا قسەی بشکێنێت. کە وەڕێ کەوتین پێی وتم: "دەچم بۆ ساینقەڵا. وتم با تۆش کە خەڵکی پیرانشاری بۆ چەند ڕۆژێک بنێرمە پشوو و خۆشم دەتگەیێنمەوە. دەبێت هەر بەو ڕێگادا بچمەوە پێم خۆش نییە ئەو ڕێگایە بەتەنیا بچم". دڵخۆش بووم، بەڵام نەمدەزانی بۆچی ئەم کارە دەکا کە دواتر بۆم دەرکەوت. ئەم فەرماندە سۆراغی ئەو سەربازانەی دەگرت کە خواپێداو بوون و خەڵکی خۆجێیی ئەوێش بوون، دەیبردنەوە بۆ ماڵەوە و دەیوت ئەوە پشووم بۆ کوڕەکەتان وەرگرت. نانی نیوەڕۆ یان شێوێکی باشی دەخوارد و بەرتیلیشی وەردەگرت. لە جیاتی ماڵەوە ڕاستەوخۆ منی بردە دووکانی باوکم. باوکم خۆشحاڵ و لێو بە خەندە بۆنێکی بۆ کادۆپێچ کرد و لەچکێکیشی وەک دیاری دا بە هاوسەرەکەی. ئەم کارانە ئاسایی و لە ئاساییش، ئاساییتر بوون، وەک شتێ دەبا بیکردایە. پاشان باوکم تەلەفۆنی بۆ ماڵەوە کرد و داوای لێکردن کە چێشت و نانێکی باش لێ بنێن. ئەو ڕۆژە فەرماندە پێی وتم کامیل من خۆم چەکەکەت دەبەم و هەر خۆشم ڕادەستی جبەخانەی گوردانی دەکەم. کاتێکی زۆری خایاند هەتا چەکەکەی دۆزییەوە و بۆیان دەرکەوت کە ئەو فەرماندە چەکەکەی ڕادەست کردۆتەوە بەڵام دروست تۆمار نەکراوە.

لەو دوو ڕۆژەی دواییدا کە بۆ پڕکردنەوەی فۆرمی تەواوبوونی خولی سەربازی لە هۆڵەسووی ساینقەڵا بووم، شتێکی دیکەش ڕووی دا. ڕۆژێک، بە بڵندگۆ بانگی هەمووانیان کرد و ڕیزیان کردین. دوو کوڕی گەنجیان هێنایە ناوەڕاستی مەیدانی بەیانیی بنکە و بە قاییشی شەرواڵ

بە قەرەوێڵە ئاسنیە کانیان بەستنەوە و بیست بۆ سی قامچییان لێدان[1]. ئەوان لەسەر نێربازی گیرابوون و ڕاپۆڕتی ئەوەیان دابوو کە ئەم دووانە کاری نێربازی دەکەن، بەڵام لە ناو ژینگەی وەکوو سەربازخانە و زیندان لەبەر ئەوەی لە هەموو ڕوویەکەوە فشار و سنووردارکردن هەیە، ئەو جۆرە پەیوەندییانە بە شێوەی ئازادانە یان زۆرەملێیانە ئەنجام دەدرێت و ئەگەر ئەم پەیوەندییە سێکسییانە لەقاو بدرێ بە توندی سزا دەدرێن. زۆر کەس بەمە تەریق بوونەوە و پشتیان هەڵکرد. هەموومان قڕ و قاپ و بێدەنگ بووین، سەرمان داخستبوو و کەشێکی ناخۆش سەربازخانەکەی گرتەوە. تاوانێکی زۆر نگریسیان ئەنجام دابوو. ئەو حاجییەی کە جلوبەرگی مەلایەتی لەبەر دابوو و پێم وایە سەرۆکی دادگای سەربازگە بوو، زوو زوو لەبەر خۆیەوە جنێوی بەو دوو سەربازە دەدا و دەیگوت: "دەبێ بەردباران بکرێن! داخەکەم حکومەت دەستمانی بەستۆتەوە ناهێڵێ سزایان بدەین". هەرچەندە ئەو دوو سەربازە نکۆڵیان لەم کارە کرد و وتیان کاری لەو جۆرەیان نەکردووە بەڵام حاجی باوەڕی پێ نەکردن و پێی وا بوو کە دەبێ بکرێنە وانەیەک بۆ کەسانی دیکە.

بەگشتی لەم جۆرە حاڵەتانەدا پەیوەندیی سێکسی لە ڕێگەی سیستەمی کۆنترۆڵییەوە یان بەشێوەیەکی نافەرمیی دیکەی وەکوو سیخوڕی لەقاو دەدرێ، سەرەڕای ئەوەی ئەم کارە لە ناو کۆمەڵگادا زۆرە بەڵام بەرپرسان لەبری ئەوەی بۆ ڕێگریکردن یان کەمکردنەوەی ئەم دیاردە مشوورێک بخۆن و تەگبیرێک بکەن درێژەیان بە ڕفتارە نەرێنیەکانیان دا. گۆڕانکاری لە یاسا و ڕێسا ڕێکخراوەییەکانیاندا وەکوو پشوو یان ئیمکانیاتی وەکوو گۆڕانکاری لە بیناسازی و فەزای ڕێکخراوەیی و زۆر چارەسەری دیکە هەیە بەڵام دۆخەکە بەردەوام جۆرێکی دیکە بەڕێوە دەبرێ، هیچ ڕێکارێک بۆ ڕێگریکردن لە ئارادا نییە، بەڵام بوار بۆ سزادان، ناوزڕاندن و سووکایەتیکردن بە کەسەکان ڕەخساوە. لە بنەڕەتدا هەموو کەسێک بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ کە لەگەڵ ئەو دوو سەربازە کرا. لەبەردەم ئەو هەموو سەربازەدا سەرزەنشت و سووکایەتیان پێ کرا، و واشیان لە ئێمە کرد کە تەرێق ببینەوە و سەرکۆنەیان دەکردین، سەرکۆنەیەک کە تێکەڵ بە ترس و هەڕەشە بوو، کە ئەگەر ئێوەش کارێکی ئاواتان لێ بووەشێتەوە ئاواتان لێ دەکەین. لە ڕاستیدا سازوکاری نواندنی هێز بۆ ترساندن و تۆقاندنی خەڵک بەکار دەهێنن. لە ڕابردوودا و لە وڵاتانی دیکەدا ئەم ڕەفتارە ئەنجام دەدرا، بەڵام دنیا گۆڕاوە و بەداخەوە لە ئێران و هەندێک وڵاتی دیکەدا، هەتا ئێستاش هەمان ئەم میکانیزمە نادروستانە بەکار دەهێنرێن. بە دڵنیاییەوە ئەم پرس و ئاڵنگارییانە بە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانییەوە، ڕیشەی دەگەڕێتەوە سەر دۆخی گەشەسەندنی ئەو کۆمەڵگایە. لە ڕوانگەیەکی ترەوە دەکرێ ئەم جۆرە

---

١ . لە هەندێ حاڵەتی دەگمەندا قازی بۆی هەیە حوکمی حەدی شرعی و حوکمی قورستری وەکوو لەسێدارەدان و بەردبارانکردن بۆ تۆمەتباران دەربکات.

پـرس و خەسـارەتانە لـە ڕووی کۆنترۆڵکردنـەوە بـۆ دامەزراوەکانـی وەکوو سـەربازگە و زیندانەکان کارکـردی بـن و لەم ڕوانگەیەشـەوە لێـی بڕوانین.

هیـچ ڕوونکردنەوەیەکـی دیکەیـان نـەدا و تەنیـا لەبـەر چـاوی ئێمە بـە شـێوەیەکی زۆر خراپ قامچییـان لێـدان. هاواریـان لـێ بـەرز بـۆوە و بە پشـتی خوێناوییـەوە لـەوێ پاڵ کەوتن. پاشـان کەسـێک لـە بنکـەی تەندروسـتییەوە هـات. بـە بێئیـرادە و بـە پێـی ئەزموونـی فریاگوزارییەکـەم لەگـەڵ سـەربازێکی دیکـە تیمارمـان کـردن و لەبـەر ئەوەی لـە هۆش خۆیـان چووبـوون دەرزیی خۆراکیـشمان لێدان.

کاتێـک کاروبـاری فۆڕمـی سـەربازییەکەم جێبەجێ کرد و لە سـەربازگەکەدەرچووم، هەسـتم بـە ئاسـوودەییەکی بێئەنـدازە کـرد. بیـرم لـەوە دەکـردەوە کـە ئـەم دوو سـاڵە چەنـدە سـەخت و دوور و درێـژ بـوو. سـاڵانێکی زۆری لـێ تێپەڕیـوە، بـەڵام هـەر کاتێـک گلەیـی و نارەزایەتیـی گرووپەکانـی داکۆکیـکار لـە مافـی پیـاوان لـە نـاو تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا دەبینـم و دەبیسـتم، وەبیـر ئـەو ڕۆژە پڕمەینەتانـە دەکەومـەوە و پێـم وایە لە هەموو شـوێنێکی جیهان دەبێ بە شـێوەی ئەوپەڕڕەگەزێتی و دوور لە کلیشـە باوەکان، پرسـی ماف و پێشـێلکردنی مافەکانی مرۆڤ تاوتوێ بکـرێ، چونکـە خولـی سـەربازی نموونەیەکـە کـە تێیـدا کۆمەڵێـک پیـاو زەختیـان لـێ دەکـرێ و بـە ڕوانگـەی جێنـدەری و کلیشـە باوەکانـی نـاو کۆمەڵـگا کـەس ناتوانـێ لـە سـەر مەسـەلەی پێشـێلکردنی مافەکانی مرۆڤ قسـە بـکا کە ئەمەش خـۆی ڕوانگەیەکی جیاکارانەیە. سـەربازیی ناچـاری، پێشـێلکردنی مافـی پیـاوان و گەنجەکانـە، تەنانـەت پێشـێلکردنی مافـی ئـەو ژنانەشـە کـە بەهـۆی سـەربازییەوە لە مێرد و کەسـە نزیکەکانیـان دادەبڕێن. جگە لـەوەش قەدەغەکرانی سـەربازی بـۆ ژنـان جۆرێک سـتەمکردن لـە هەندێک لـەو ژنانەیە کـە دەیانهەوێ بچنە نـاو بواری سەربازیی پیشـەییەوە.

کە گەیشتمە ماڵەوە باوکم هەر لەوێ وەستابوو، پێدەکەنی و وتی: "ئەتوو هەڵاتی! بەو خوڵایە من بزانم ئەتوو سەربازییەکەتت تەواو نەکردووە ..." کەچی سەرەنجام کارتی سەربازییەکەم هاتەوە و بە زەردەخەنەوە سەیرێکی کرد. کاتێک داوای کارتێکی نوێ و ئەلیکترۆنی کۆتاییهاتنی سەربازیم کرد زانیم لەبەر ئەوەی لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا چووبوومە سەربازی، ڕێکەوتی چوونە سەربازی و کۆتاییهاتنی خولی سەربازییەکەم کەمێک گۆڕابوو بۆ ئەوەی بە گوێرەی یاسا نێودەوڵەتییەکان سەربازیم تەواو کردبێ و کەس نەڵێ ئێران منداڵسەربازی[1] وەرگرتووە. من بەهاری ساڵی ١٣٦٨ی

١ . بـە درێژایـی مێـژووی سیاسـی و سـەربازیی وڵاتـان، منـداڵان هەمیشـە لـە شـەڕە چەکداریەکانـدا زەرەرمەنـد بـوون و لەگـەڵ ژنـان بەشـی سـەرەکیی قوربانیانـی جەنگەکانـن. بـەڵام منـداڵان بـە هـۆی تەمـەن و بـاری دەروونـی و جەسـتەییەوە لـە گەورەسـاڵان خەسـارەڵگرترن. منـداڵان جگـە لـەوەی وەک کەسـانێکی ناسـەربازی دەبنـە قوربانیی شـەڕ و گرژییەکان، بـە شـێوەی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ بـە جەنـگ و گرژییەکانـەوە تێـوە دەگلێن. پاڵپشـتی لە منداڵانی سـەرباز بـۆ یەکەم جار دوای جەنگـی جیهانیـی دووهـەم لە لایـەن هەر دوو پرۆتۆکۆلـی یەک و دووی پەیوەسـتکراو بە کۆنڤانسـیۆنە چوارینەییەکانی

هەتاوی (١٩٨٩ ز) خولی سەربازیم دەست پێکرد بەڵام لە سەر کارتەکە نووسراوە دەستپێکی خولی سەربازی: ١٣٦٩ی هەتاوی (١٩٩٠ ز).

گۆڕانکارییەکانی بنەماڵە لە ماوەی دوو ساڵ سەربازیکردنی مندا

لە ماوەی ئەو دوو ساڵەی کە لە سەربازی بووم، بنەماڵەکەم گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هات. دایک و باوکم بڕیاریان دا منداڵی دیکەشیان ببێ و کامیار و کانیش بە خێزانەکەمان زیاد بوون. سەرەتا حەبیبەی ئامۆزام کە وەک خوشک لێم دەڕوانی، شووی کرد، و ئینجا خوشکەکانی خۆشم واتە تەبیبە و مەحبووبە هاوسەرگیریان کرد. ڕووداوە گرینکەکە زیادبوونی ژمارەی ئەندامانی خانەوادە بوو، دەنا شووکردنی کچەکان لەو کاتەدا ئاسایی بوو. کاتێک مەحبووبە و تەبیبە گەورە بوون و وەختی شووکردنیان بوو و منیش دەمویست بچمە سەربازی، دایک و باوکم بڕیاریان دا کە منداڵی دیکەشیان ببێت. ئیتر ئەوە بوو کە لە کاتێکدا کە من تەمەنم لە ناو شانزە ساڵان و ڕەسووڵیش دوانزە ساڵ بوو، خوشکەکانیشم عازەب بوون، منداڵێکی دیکە هاتە ناو ماڵەکەمان. سەیر و چاوەڕواننەکراو بوو. خەڵک پێدەکەنین و دەیانوت: " باشە ئەنگۆ لەو تەمەنەیدا منداڵو بۆ چییە؟" منداڵێکی گرینۆک هاتە ناو ماڵەکەمان و ئیتر من چووم بۆ سەربازی. لەو ماوەی من لە ماڵەوە دوور بووم کامیار کەمێک گەورە بوو و ئەو کاتەشی کە من سەرباز بووم کانی لەدایک بوو.

● وێنەی ١٣٢. کاتی پشووی سەربازی، من و کامیار ١٣٦٩ی هەتاوی (١٩٩٠)

یەکەم جارێک کە هاتمەوە بۆ پشووی سەربازی، کانیم بینی. بۆڵە بۆڵم لێ هەستا چونکە

ژنێف ١٩٧٧، لە بواری مافە نێودەوڵەتییە مرۆییەکان هاتە ئاراوە و هەر کام بە جۆرێک بەکارهێنانی منداڵانی خوار تەمەنە ١٥ ساڵیان بۆ بەشداریکردن لە شەڕ و نائارامییە چەکدارییەکاندا قەدەغە کرد. لەگەڵ پەرەسەندنی ڕێککەوتننامەکانی مافی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٨٩ پەیماننامەی مافی منداڵان وەک قبووڵکراوترین بەڵگەی مافی مرۆڤ پەسند کرا. لەگەڵ دامەزرانی دیوانی سزادانی نێوەدوڵەتی لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٩٨ و جێبەجێبوونی ناچارییانەی ئەم یاسایە لە ساڵی ٢٠٠٢، سەربازگیری و ناونووسینی منداڵانی خوار تەمەن ١٥ ساڵ بۆ بەشداریکردن لە شەڕی چەکداری بە تاوان ناسرا. دادگا بە گوێرەی یاسای خۆی تەمەنی ١٥ ساڵی وەک پێوەری منداڵی دەستنیشان کرد و ئەمە بە پێچەوانەی ڕێکەوتننامەی مافی منداڵە کە تەمەنی منداڵ بە خوار ١٨ ساڵ دەزانێت. (ر.ک: شریفی، یونس. کودکان سرباز در پرتو اولین رأی دیوان کیفری بین‌المللی. پایان نامە کارشناسی ارشد، دانشگاه علامه طباطبایی - دانشکده حقوق و علوم سیاسی - ١٣٩٣.)

بـە ڕاسـتی بوونـی منداڵێکی دیکەم پێ دروسـت نەبـوو. تەنانەت دەمکردە شـۆخی و جەفەنگ و بـە گاڵتەجاڕییـەوە دەمگـوت: "ئەدی باشـە بۆ ئەلحـان وەبیرتـان کەوتووەتەوە منداڵاتـان ببێ؟ تا دێ بەشـەماڵمان کـەمتر دەبێتـەوە!" دیـارە ئـەم قسـانەم دەکـرد بەڵام لەبـەر ئەوەی بڕیـارم دابوو کـە بڕۆمـە هەنـدەران بـە دڵ پێـم خۆش بـوو کە دایکـم و باوکم بـەو منداڵانـەوە سـەرگەرم دەبن. بـە خۆمـم دەکـوت کە بـەم زووانـە دەچمـە دەرەوەی وڵات، مەحبووبە شـووی کـردووە و تەبیبەش دەڕوا، ڕەسـووڵ گەورەیـە و پێوشـوێنی ژیانـی خـۆی دەکەوێ و دایک و باوکیشـم بـەم منداڵانەوە کاتێکـی خـۆش بەسـەر دەبەن و منیـش ئاوا ئـازاری ویژدانم کـەم دەبێتەوە.

زەماوەندەکـەی حەبیبـەش وەکوو زەماوەندی خوشـکەکانم بوو. وەکوو خوشـک و برا و هاوڕێ بووین. حەبیبـە شـووی بـە خزمێکـی دوورمـان کرد. مێـردی حەبیبە زۆر لـە خۆی بەتەمـنتر بوو و منیـش ئـەم شـووەم بە دڵ نەبوو. لـە فەرهەنگی باودا ئامـۆزاکان بەتایبەت ئەوانـەی هاوتەمەنن و پێکـەوە شـیریان پێـدراوە، وەکـوو خوشـک و بـرا و مەحـرەم سـەیر دەکرێـن، دیـارە ئـەم هەسـتە ڕاسـتەقینەیە. حەبیبـە وتبـووی هەتـا تاقـە براکـەی، یانـی مـن، بـۆ پشـووی سـەربازی نەیەتـەوە ناهێڵـێ بگوێزرێتـەوە. ئەوسـا وا بـاو بـوو بـاوک یان برا دەسـتی بووکیـان دەگرت و هەتـا ماڵی زاوا بەڕێیـان دەکـرد. دەی منیـش ناچـار بـووم لـە شـاییەکەدا بوومایە چونکـە تاقە ئامۆزاکـەم منداڵ بـوو و مامـم چاوەڕێـی ئـەوەی لە مـن دەکرد کە من دەسـتی کچەکـەی بگرم. کاتێک بۆ پشـووی سەربازی مۆڵەتم وەرگرت و هاتمەوە بۆ پیرانشار، شایی حەبیبە گیرا.

● وێنەی ١٣٣. شایی حەبیبە، لە لای ڕاستەوە: حەبیبە، من و مەهنازی کچە مامم. نەغەدە زستانی ١٣٧٠ی هەتاوی (١٩٩٢)

لەبیرمـە ئـەو سـاڵە زسـتانێکی زۆر سـارد بـوو و بـەردەوام بەفـر دەبـاری. بـۆ یەکـەم جـار هەسـتم کـرد بـرای بـووک بـوون بـە شـێوەیەکی تایبـەت دەتخاتـە بـەر چـاو. لەگەڵ ئـەوەی دەبیتـە چەقی سـەرنجی هەمـووان، بـە پێـی نەریـت لە شـاییدا وەک بـرای بـووک دیارییەکـت پـێ دەدرێ، هەروەها تـۆ دەبیتە یەکێک لـەو کـوڕە کەمانـەی کـە بـە ئاسـانی دەتوانـی بچیتـە ژووری ژنـان و ئـەو شـوینە پڕدڵەخورتـەی کـە پـڕە لـە ژن و کـچ. هەمـووان چاویـان لێتـە و تۆ ئـیتر لەگەڵ ئەو کەسـە ئاسـاییانەی کـە لـە نـاو شـاییدای جیاوازیـت هەیـە. لە ڕۆژێکـی وادا ماڵی زاوا قسـەت ناشـکێنن و بـێ سـێودوو بەقسـەت دەکـەن. لـە ئۆتۆمبێلـی بووکیشـدا نەریتەکـە وا بـوو کـە برا لە تەنیشـت بووکـەوە دابنیشـێت و ئەمـەش خـۆی لـە خۆیـدا شـەرەفێکی گـەورە بـوو.

ماڵـی زاوا لـە نەغـەدە بـوو، کاتێـک لە تەنیشـت حەبیبە لـە سـەیارەکەدا دانیشـتم، بینیم زۆر

دڵتەنگ بووە و دەگری. دەمزانی شووەکەی نابەدڵە. هەرچەندە لەسەر پێشنیاری خانەوادەکەی بوو، بەڵام وێدەچوو خۆشی ڕازی بووبێ، بەڵام ڕەزامەندیی لەو تەمەنە کەمەدا چ مانایەکی هەبوو؟ حەبیبە تەمەنی لە ناو حەڤدە ساڵ بوو و لە ڕاستیدا منداڵهاوسەر بوو. هەر لەوێ بوو کە لە منداڵهاوسەری و ناخۆشییەکەی تێگەیشتم، ئەویش بۆ حەبیبە کە وەکوو خوشکێک خۆشم دەویست. پێم وا نەبوو پێی خۆش بێ بچێتە نەغەدە، هەڵبەت ئەوەشم دەزانی کە لەم فەرهەنگەدا بووک دەبوو دوای دابڕان لە بنەماڵەکەی خەمگین بێ و ئەم فشارە کۆمەڵایەتییە هەبوو کە دڵتەنگ و خەمبار نەبن دیارە خۆشحاڵن لەوەی کە شوو دەکەن و ماڵەوە بەجێ دێڵن! گریانەکەی حەبیبە تاساندمی و بە درێژایی ئەو ڕێگایە هەر قسەی قۆڕم بۆ کرد کە پێبکەنێت. پێم دەگوت: "ئەتوو گەورە بووی و ڕۆشتی ... بە تەنیا جێت هێشتین"، هەستێکی سەیر بوو ... وەک ئەوە وابوو هاوڕێیەکی هەمیشەیی ژیانت لەدەست بدەیت....

● وینەی ١٣٤. شایی مەحبووبە، پیرانشار، ١٣٧١ی هەتاوی (١٩٩٢)

دوای چەند مانگێک مەحبووبەی خوشکیشم هاوسەرگیری لەگەڵ مامۆستایەکی گەنج کرد. زاوایەک کە لە برا بۆم کەمتر نییە، هەر دووکیان مامۆستا بوون و لە زانکۆی ڕاهێنانی مامۆستایانی ورمێ یەکتریان ناسیبوو. لەبەر شووکردنی مەحبووبە سێ ڕۆژ نەچوومەوە سەربازی و دواتر کە گەڕامەوە سەربازگە، لەبری ئەوە پازدە ڕۆژیان بە ماوەی سەربازییەکەم زیاد کرد. هەمیشە بە مەحبووبەم دەگوت لەبەر تۆ پانزە ڕۆژیان بە ماوەی سەربازییەکەم زیاد کرد. لەم ئاهەنگە زەماوەندەدا دیسان برای بووک بووم و زۆر زیاتر لە ئاهەنگی شووکردنەکەی حەبیبە سەرنجیان دەدام، بەڵام دڵتەزێن بوو ... ئەو خوشکە میهرەبانەی کە هەمیشە حازر بوو، پشتیوان و خەمخۆر بوو، لەناکاو بەجێی هێشتین و ماڵی چۆڵ کرد. یەکجار باوکم بۆی داخدار بوو چونکە مەحبووبە نازدارەکەی بابە بوو.

کاتێک چەند ڕۆژ درەنگتر گەڕامەوە سەربازگە، ڕەوانەی دادگای سەربازییان کردم. نامەیەکیان پێدا بووم کە تێیدا نووسرابوو "حاجی ئاغا سەیید عەلی ...ئاخووندێک بوو کە دوو سکرتێری هەبوو. وتی: "بۆ سێ ڕۆژ لە سەربازگە نەبووی؟" پانزە ڕۆژ لە پشوو بوویت، تێر نەبووی، سێ ڕۆژی دیکەش غایب بووی؟ ! وتم زەماوەندی خوشکەکەم بوو. گوتی: "تۆ لەبەر شاییەک وازت لە خزمەتکردن بە حکومەتی پیرۆزی کۆماری ئیسلامی لە ناو سپای پاسداران هێناوە، ئەویش زەماوەندێکی ئێوەی کورد سەر لە بەری کفرە، ڕەشبەڵەکتان هەیە

ژن و پیاو دەست لە ناو دەست دەخەن و هەڵدەپەڕن! ئەگەر هۆکارێکی دیکەت هەبوایە، لێت خۆش دەبووم، بەڵام بۆ ئەمە لێت خۆش نابم و پانزە ڕۆژی زیادە دەخەمە سەر ماوەی سەربازییەکەت". نەموێرا هیچ بڵێم، هەڵبەت ئەویش دەرفەتی قسەکردنی پێ نەدام وتی ئەگەر یەک وشەش قسە بکەی سی ڕۆژی دیکەی پێ زیاد دەکەم!

کوێخا حەوڵای مەنگووڕ، خزمایەتیی ئیجباری

تەبیبە ماوەیەک دوای کۆتاییهاتنی سەربازییەکەم هاوسەرگیری کرد. هەر ئەو خوشکەم وا لە پێشدا لە نەخۆشخانەی شار یاریدەدەری پزیشکی بوو، دواتر بوو بە پەرستار و ئینجا پۆستێکی لە بەشی ڕێکخستن پێ درا. ئەو سەردەمە تەبیبە کچێکی بەرزەفڕ و نوکتەچی و جوان و بەمۆد و ئەوڕۆیی بوو. پێش مێردکردنەکەی نێوانمان خۆش بوو و وەکوو یەک بیرمان دەکردەوە. لە چاو مەحبووبە کە تا ڕادەیەک نەریتخواز و موحافیزەکار بوو، بەڵام من و تەبیبە لە ماڵی خۆماندا ئەوڕۆیی بووین و هەر ئەم خاڵە لێکی نزیک کردبووینەوە. زانیمان تەبیبە دڵی بە کوڕێکەوەیە کە برای ئەو کەسە بوو وا پێشتر لە کتێبخانەدا بەدوای کتێبەکانیدا دەگەڕام. ئەم دوو برا، برازای کەسێک بوون کە کوێخایان پێ دەوترا. کوێخا حەوڵای گەرمیانی، خەڵکی گوندی کاسەکەران بوو کە دەکەوێتە ١٧ کیلۆمەتریی شاری پیرانشار و لە سەردەمی شادا لەلایەن حکومەتەوە کرابوو بە کوێخا سجیل. ئەرکی کۆیخاکان تۆمارکردنی ناوی مردوو و لەدایکبوونیان لە ئیدارەی تۆمارکردنی باری کەسێتی بوو و بەڵگەی مردن یان ناسنامەیان دەردەکرد و کوڕانی شیاوی سەربازییان بە حکومەت دەناساند. پاش ئەوەی سەرۆکی خێڵەکەمان واتە کوێخا خەلیل کە کوێخای گوندی کاسەکەران و گوندێکی دیکە لەو نزیکانە بوو ڕۆیشتە گوندی گەورەی شیناوێ، کوێخا حەوڵا لە کاسەسەران بوو بە جێنشینی کوێخا خەلیل.

لە ناوچەکەدا بە کۆیخاحەوڵای گەرمیانی ناسرابوو، باوکی لە دەڤەری گەرمیانی باشووری کوردستانەوە (هەرێمی کوردستان) هاتبوونە کوردستانی ڕۆژهەڵات و لە تایفەی مەنگووڕی بابڕەسوو[1] بوو. دواتر بوو بە یەکێک لە سەرۆکەکانی ئەو تایفە و لەگەڵ تێپەڕبوونی کات زۆربەی خێڵی بابڕەسوو کە لە ناوچەکەدا دەژیان، بوون بە ملکەچی. کوێخا حەوڵا لە سەرەتای ئینقلابدا لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەی چوونە ناو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە و بەهۆی ناکۆکی لە نێوان خۆی و چەند فەرماندەیەکدا کە یەکێکیان مەنگووڕ بوو، بۆ ماوەیەک لە کوردستانی باشوور مایەوە و دوای کشانەوەی هێزەکانی حیزبە

١ . تایفەی بابڕەسوو لە حەوت تایفە ناسراوەکەی خێڵی مەنگووڕ جیاوازن و لە هەر دوو دیوی سنووری کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵاتدا نیشتەجێن.

کوردستانییەکان لە شاری پیرانشار لەگەڵ کۆمەڵێک لە پیاوانی عەشیرەتەکەی گەڕانەوە بۆ ئێران. دوای دەربڕینی پەشیمانی و تۆبەکردن، بوو بە ئەندامی سپای پاسداران و پاشان لەلایەن ئیتلاعاتەوە دامەزران و ماڵەکەی کە ڕێک بەرامبەر بینای مەندی (ئیدارەی ئیتلاعاتی شار) بوو، کرا بە بنکە و بۆ خۆی پاسەوان و ڕێکخراوی هەبوو.

سەرۆکی عەشیرەت بوو و هەر ئەمەش دەسەڵاتێکی ڕێژەیی پێ بەخشیبوو. نزیکبوونی لە حکومەت بووە هۆی ئەوەی هێز و پێگەی پتەو بێت. پێگەی لە سەر ئاستی شار و ناوچەکەدا بە جۆرێک بوو کە ئەگەر خەڵک کێشەیەکی ئەمنیان لەگەڵ سپای پاسداران و ئیتلاعاتدا هەبایە دەچوونە لای ئەو و بۆ یەکلاییکردنەوەی گرفتەکانیان داوای یارمەتییان لێدەکرد. خەڵکی ناوچەکە ڕوانینێکی دووانەیان بۆی هەبوو. لەلایەک دەچوو بە دەم خەڵک و ئاریشە و گرفتەکانیانەوە و لەلایەکی تریشەوە سەر بە هێزە ئەمنییەکان بوو، دەیانگوت ئەگەر کوێخا حەوڵا بۆ گەلی کورد خراپی هەیە، چاکەشی هەیە. ئەوسا وا باو بوو کە بنەماڵە دەسترۆیشتوو و سەر بە حکومەتەکان هەم نێوەندگیری دەکەن و هەم لە خەڵک و هەمیش لە سیستەمی حوکمڕانی سوودمەند دەبن. دەتوانین ئەم بابەتە لە پەنابردنی خەڵک بەوان و ژمارەی ئەو بزن و مەڕ و بڕە پارانەی کە پێیان دەبەخشرا هەڵبسەنگێنین، دەتوانین بێژین ناوبژیوانانێک بوون کە لە هەر دوو سەرەوە لە قازانجدا بوون. کوێخا حەوڵا بەردەوام هاندەری بنەماڵەکان و نێوەندگیری ئەو تاک و بنەماڵانە بوو کە پێشمەرگەیان لە حیزبە کوردستانییەکاندا هەبوو و لە بەرامبەر ئەمنیەت و حوکم نەدراندا چەکەکانیان دادەنا و دەچوونە ڕیزی تۆبەکارانەوە. هەروەها کوێخا حەوڵا یەکێک بوو لە پشکنەرە بەئەزموونەکانی حیفازەتی ئیتلاعاتی سپای پاسداران و بەو ناسیارییەی کە لە دەڤەرەکە و دانیشتوانەکەی هەیبوو بە شێوازی جۆراوجۆر زیندانییەکان و بەتایبەت ئەو پێشمەرگانەی کە بە زیندوویی گیرابوون، ناچاری دەکردن کە دان بە هەموو شتێکدا بنێن. لە قۆناغی دوای دەستبەسەرکردنی من و دوای دەستبەسەرکردنی ئەندامانی تیمی شاریی پیرانشاریش وەکوو تیمی شنۆ و نەغەدە گیران، ئەوە کوێخا حەوڵا بوو کە بە یاوەریی سەدرا، جێگری ئیتلاعاتی پیرانشار، لێپێچینەوەی لە هەندێک کەس کردبوو.

زاوای داهاتوومان باوکێکی شەریف و قسەخۆشی هەبوو و بە وتەی ئەو سەردەمی عەلاف بوو یانی گەنم و جۆی دەفرۆشت، هیچ پەیوەندییەکی بە چالاکییەکانی براکەیەوە نەبوو و کارەکانیشی قبووڵ نەبوو، بەڵام لە کۆتاییدا گەنجەکانی تایفە زیاتر بە لای مامە دەسترۆیشتووەکەیاندا دەشکانەوە. کاتێک بابەتی هاوسەرگیریی تەبیبە لەگەڵ ئەم کوڕە هاتە گۆڕێ، ماڵێ ملیان نەدا. دایک و باوکم ڕازی نەبوون، منیش پێم خۆش نەبوو. هۆکاری دژایەتییەکەشمان ئەوە بوو کە ئەوان پیاوی حکومەت و چەکدار بوون و لە ڕووی بنەماڵەییەوە یەک نەبووین، غەیرەمەنگووڕەکان و بەتایبەت مەنگووڕە ئاغاکانیش کچیان بە یەکتر نەدەدا، چونکە هەر دوو لا لە دابونەریتەکاندا جیاوازی و ناکۆکییەکی بەرچاوی فەرهەنگییان هەبوو.

جگـە لـەوەش زاوا لـە بـووک منـداڵتر بـوو و سـەرباز و بێـکار بـوو. هەڵبـەت لـە سـایەی سـەری مامـی، خولـی سـەربازییەکەی لە ماڵەکەیانـدا تەواو کـرد و هەواڵە کوردییەکانـی ڕادیۆی حیزبی دێموکراتـی کوردسـتانی کە هەموو ڕۆژێ لـە نیوەڕۆدا بڵاو دەکرایەوە، وەردەگێڕا بۆ زمانی فارسـی و دەیگەیاندە بارەگای ئۆپەراسـیۆنەکانی شـار بۆ ئەوەی ئیتلاعاتی سـپا تاوتوێی بکات. سـەرەڕای هەمـوو نارەزایەتییـە لۆژیکییەکانمـان لـە کۆتاییدا تەبیبە و سـۆزی عەشـقکەی هەمووانی بەزاند. ئـەوان لـە ئاهەنگێکـی نەریتیـدا لێک مارە کـران و بە گوێـرەی دابونەریتی ئەو سـەردەمە هەر زوو کاروبـاری گواسـتنەوەیان ڕاپەڕاند.

داخی تیرۆری خزم و شایی تاڵی خوشکم

لـەم سـەروبەندەدا بـوو کـە بەرەبەیانیـی ٢٧ مانگـی خەرمانـان (١٧ی ئەیلولـی ١٩٩٢)، یەکێـک لـە ئامۆزاکانـی باوکم پێی ڕاگەیاندین کە کاک فەتاحی خزممان و دکتۆر شـەرەفکەندی شـەوی پێشـوو لـە ئەورووپا تیرۆر کـراون. هەموومان پەشـۆکاین، پرسـیار و پەیوەندیی تەلەفۆنیی بێـوەڵام هیـچ سـوودێکی نەبوو. هەموومـان چووینە ماڵـی دادە هاجەری ئامـۆزای باوکم و دایکی کاک فەتـاح. ئـەو و دوو کچەکـەی لـە ناوەڕاسـتی باخچەکـەدا دانیشـتبوون و قوڕیـان دەپێـوا. حاجـی حەسـەن، باوکی کاک فتاح، لە باوەشـی یەکێک لە خزمەکانیـدا، کە مەلایەکی خەڵکی شـنۆ بـوو، هێورهێـور دەگریـا. ئـیتر زانـیمان هەواڵەکە ڕاسـتە. هێندەی پـێ نەچوو تەهـای برای کاک فەتاحیـش هاتـە ماڵەوە. دووان لە ئامـۆزاکان کاک تەهایان گرتبوو و ئەویش هاواری دەکرد "وەی برا ڕۆ" و بە "برارۆکردن" و "کاکە گیان" وتنەی هەمووانی کردە گریان.

● وێنەی ١٣٥: دیمەنی خوێناوی دوای تیرۆرکردن لە چێشتخانەی میکۆنۆس لەلای ڕاستەوە نووری دێهکوردی، سادق شەرەفکەندی، فەتاح عەبدولی و هومایون ئەردەڵان، بەرلین ١٣٧١ی هەتاوی (١٩٩٢)

خەڵکی شاریش خەمبار و دڵڕێش بوون و وەک نارەزایەتی بۆ ماوەی چەند ڕۆژ بازاڕ و دووکانەکانیان داخست. بەڵام بە بنەماڵەکانمان ئیزن نەدرا سەرەخۆشی بگرین. تەنانەت نەماندەتوانی لە ناو ماڵەکەی خۆماندا ماتەمینی بۆ بگێڕین. سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعات ڕایانگەیاندبوو کە دانانی هەر جۆرە سەرەخۆشی یان ماتەمینییەک بۆ ئەم ڕووداوە قەدەغەیە و تەنانەت ڕێگەمان پێ نەدرا پرسەیەکی بچووکی خێزانی ساز بکەین. هەندێک جار بە نهێنی لە کاتی نانی نیوەڕۆ و شێودا، بە بیانووی نانخواردن، لە ماڵی دادە هاجەر کۆ دەبووینەوە و دەگریاین و لۆرەمان دەکرد. خەڵک نەیاندەتوانی بێنە سەرەخۆشی و ژان و ژۆی هەست و گریان سەرتاسەری کوردستانی گرتبووەوە. حکومەت نەیهێشت خەم و پەژارەی خۆمان دەربڕین. تاکە ئۆتۆمبێلی پەیکانی ڕەشی ناو پیرانشار هی ئیتلاعات بوو، شەو و ڕۆژ لەبەردەم ماڵی دادە هاجەر دەوەستان و چاودێری هاتوچۆی خەڵکیان دەکرد. هێڵی تەلەفۆنی ماڵەوەو ڕەنگە زۆربەی هێڵی تەلەفۆنی خزم و کەسیش کۆنترۆڵکرا بێت.

● وێنەی ١٣٦: ڕێوڕەسمی ناشتنی تیرۆرکراوانی چێشتخانەی میکۆنۆس لە پێرلاشێزی پاریس؛ لە ڕاستەوە: هومایوون ئەردەڵان، سادق شەرەفکەندی و فەتاح عەبدولی وێنە: PDKI

بۆ نەگبەتی چەند ڕۆژ پێش ئەو تیرۆرە، کارتی زەماوەندی تەبیبە لەلایەن بنەماڵەی زاواوە بڵاو کرابووەوە و ڕۆژی بوکێنی ڕاگەیەندرابوو، بەڵام لەو کاتەدا ئێمە دڵمان خۆین بوو و ئەوەی بە بیرماندا نەدەهات شایی تەبیبە بوو و شتێکی دیکەش ڕووی دابوو و ناکۆکیی نێوان هەر دوو بنەماڵەکە خراپتر بووبوو. لەم دۆخەدا بنەماڵەی زاوا، یان باشتر بڵێین مامی زاوا کە زۆربەی میوانەکانی ئەو شاییە ئەو دەستنیشانی کردبوون، زۆر بێبەزەییانە و تەنانەت دوژمنکارانە پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد کە ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکە دەبێ لە وادەی دیاریکراودا ئەنجام بدرێ، ئێمە کەوتینە ناو بەرزەخێکی ترسناکەوە، بە خواستی خۆمان نەبوو کە ببووینە خزمی ماڵێکی سەر بە حکومەت کە ئەویش لەو ڕۆژە ڕەشەدا خەڵک ئەوانیان وەکوو بکوژەکانی کاک فەتاح و دکتۆر شەرەفکەندی دەبینی و پێداگرییان لەسەر ئەنجامدانی

ئاهەنگـی هاوسـەرگیری دەکـرد تووشـی ئاڵنگارییەکـی گـەورە بووینـەوە و بە جۆرێک هەسـتمان ڕووشـا و تـووڕەی کردین.

لەم دۆخەدا کەسـێک لە تایفەکەمان هاوسـەرگیری لەگەڵ کەسـێکدا دەکرد کە خێزانەکەی تـا ئـەو ڕادە دەسـتیان لەگـەڵ حکومەتـدا تێکەڵ بـوو و هەر لەبەر ئـەوەش دووبەرەکـی کەوتە ناو خزمـەکان، کـەس بـەم وەسـڵەتە ڕازی نەبـوو، ئێمـە داوامان لـە بنەماڵـەی زاوا، یان بـاشتر بڵێین داوامـان لە مامی زاوا کرد کە دەمانزانی دەسـتی بە سـەر هەموو پـرس و بابەتەکانی خێزانەکەیدا دەڕوا، بەهـۆی تیرۆرکردنـی ئـەو خزمەمانـەوە شـاییەکە هەڵبوەشـێنێتەوە و ئەوانیـش لاسـارییان دەکـرد و دەیانگـوت: "باشـە ئەنگـۆ چتان داوە لەم مەسـائیلە سیاسـیانە؟ ئەمە دێیـن بووکی خۆو هەڵدەگریـن و لازمیـش نییـە کـەس چەپڵـەی لێـدا و هەڵپـەڕێ". ئـەوان بـەم قسـە برینیـان دەکولاندینـەوە. ئێمـە نەماندەتوانی ئەم شـتانە بـە بنەماڵە گەورەکان بڵێیـن، مامە حەوڵاش چی بکردایـە، گـەورەی عەشـیرەت بـوو، لـەو بەینـەدا هـەر دەهـات و دەچـوو. کاک مـرادی کـوڕی یەکێـک لـە فەرماندەکانـی حیـزب بـوو و هەر لەبەر ئـەوەش خۆی لەلایـەن حکومەتـەوە تۆمەتبار کـرا. هەندێـک جـار دەمبینـی کـە سـەری گەورەکانـی خـزم وەکـوو دادە هاجـەری دایکـی کاک فتـاح، مامـە حـەوڵا و باوکـم کـە ئامـۆزای یەکتریـش بـوون چـۆن خـوار بـووە، لـە پـاڵ یـەک لـە دانیشـتنێکی نائومێدانەدا تەسـبیحەکانیان هەڵدەسـوڕاند و ئاخیان هەڵدەکێشا، یان دایکم کە جگـە لـە خـەم و خەفەتـی خـۆی ئەرکـی چێشـتلێنانی ئـەو سەرەخۆشـییەی لـە ئەسـتۆ گرتبـوو، لەبەر ئەوەی بە جۆرێک قەرەبووی بکاتەوە.

● وێنەی ١٣٧: کاک مراد و دکتۆر قاسملوو، قەندیل، ١٣٦٢ی هەتاوی (١٩٨٣)

لـە کۆتاییـدا ماڵی زاوا قسـەی خۆیان بردە سـەر و گوتیـان مەحاڵـە زەماوەندەکە هەڵبوەشـێنرێتەوە یان لانیکـەم دوای بخەیـن، کەچی هەموومـان دەمانزانی کـە دەکـرا شـاییەکە وەدوا بخرایە. ڕدێن سـپییەکانی خـزم و کـەس هیـچ دەرەتانێکیـان نەبـوو و سـەرەڕای دژایەتـی کەسـانێکی وەکـوو مـن پەیامیـان نـارد کـە بێـن و بووکەکەیـان ببەن.

زەماوەندەکـەی تەبیبـە یەکێـک لـە خەمناکترین زەماوەنـدەکان بـوو. چونکـە مـن وەک بـرا گـەورەی بـووک دەبا دەسـتیم بگرتایـە و بە شـێوازێکی نەریتی و فەرهەنگـی وەکـوو حەبیبـە و مەحبووبـە دەسـتیم بخسـتایەتە نـاو دەسـتی زاوا، بـەڵام نەمتوانـی ... هەمـووان بەتایبـەت مامەکانـم تـکا لـە تکاخانە بـڕا و وتیـان ڕۆڵـە گیـان شـوورەییە، تـۆ برای بووکـی دەبێ دەسـتی تەبیبە بگـری دەنا عەیبـە. هەرچی

ئەخت و چارم کرد نەمتوانی. ڕەفتار و قسەی ماڵی زاوا نەک هەر سووکایەتی بە بنەماڵەی ئێمە بوو، بەڵکوو برینی ئێمە و خەڵکیان کولاندنەوە کە دڵمان خوێنی لێ دەتکا و دڵمان لە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی پڕ بوو. هەڵبەت کەشوفەزای ناسیۆنالیستیی ئەو سەردەمە و بیروباوەڕ و ڕابردووی سیاسیی خۆم و بنەماڵەکەم لە دەرکردنی ئەم بڕیارەدا بێکاریگەر نەبوو، پێم وایە ماڵاواییەکی ساردم لە تەبیبە کرد و لە گۆشەیەکی حەوشەکەدا لە لای پیاوەکان ڕاوەستام و سەیرم کرد و لە سەر نەریتی جوانی کوردەواری دەستیم نەخستە ناو دەستی زاوا. خاڵۆ عەلیم دەستی گرت و خستییە ناو دەستی زاوا و لە درگاکە چوونە دەرەوە.

ئەم بابەتە هەتا ساڵانێک لە دڵمدا مایەوە کە ئێمە دەمانتوانی پێش بە بەڕێوەچوونی شایی لەو کاتە هەستیارەدا بگرین و نەمانکرد، جوان وا بوو شاییەکە دوا بخرایە بۆ ئەوەی نە دڵگرانیی لێ ببێتەوە و نە ئێمەش ڕووزەردی خزمەکانمان دەبووین. هەموومان بەتایبەت دایک و باوکم بۆ ماوەیەکی زۆر لە ڕوومان هەڵنەدەهات لای خزم و کەس سەرمان بەرز بکەینەوە. تەنانەت چ لەلایەن خەڵک و چ لەلایەن لایەنگرانی حیزبەوە بە جۆرێک بایکۆت کراین و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ سەرکۆنەیان کردین. من و باوکم و زۆر کەسی تر لە پێناو حیزبی دێموکرات ئاوارە بووین و زیندانی کراین و ئەشکەنجە درابووین و هەر چییەکمان بوو لە نەغەدە لەدەستمان دا، بەڵام ئەم هاوسەرگیرییە دەبا سەری بگرتایە و ئەویش ڕێک لەو کاتەی کە خزمێکمان کە لە سەرکردە سەرەکییەکانی هەمان ئەو حیزبە بوو تیرۆر کرابوو و ئەمەش بە مانای تەواوی وشە بێشانسی بوو.

هەرچەندە تەبیبە خۆشی ئەمەی بۆ فام نەدەکرا، بەڵام لە دەستپێکی ژیان و لە ناو کۆمەڵگایەکی پیاوسالاردا دەرەقەتی ئەم ڕووداوانە نەهات و دیارە نەیدەویست ژیانی بە گرژی دەست پێبکات. هەڵبەت ئەگەر تەبیبە بڕێک زاوتەی هەبا دەیتوانی ڕۆژی شاییەکە وەدوا بخات. بووک و زاوا هەر دووکیان دەیانتوانی لەم پرسەدا دەستێوەردانێک بکەن کە هەر دوو لا دڵیان نەیێشێ و ئەم گلەیی و ناخۆشییە دروست نەبێ، بەڵام ئەوان مەستی عەشق و خۆشەویستی بوون و ئەوساش بۆ تەبیبە ڕا و بۆچوونی مێرد و ماڵی خەزووری گرینگ بوو. جا سەرتان نەیێشێنم هەتا بەینێکی زۆر خزمەکانمان لێیان نەپرسین. تەبیبە خۆشی ڕووی نەبوو لای خزمەکان سەر بەرز بکاتەوە و بۆ شایی و میوانی خوڵک نەدەکرا. بە ڕاستی گورزێکی کوشندە بوو و کەرامەتی منێکی لاو شکا. هەتا چەند ساڵێکیش ئەگەر لە کۆبوونەوەکاندا کە قسەم دەکرد، دەیانگوت تۆ دەمت داخە مامی زاواکەتان جاشە .... و ئەمە منی قەڵس دەکرد.

لەوەش خراپتر ئەوە بوو کە سەرەتای ژیانی هاوبەش و تەنانەت چەند ڕۆژ دوای زەماوەندەکە، شەڕی تەبیبە و هاوسەرەکەی دەستی پێکرد و ژیانی خوشکەکەم پڕ بوو لە توندوتیژی و ترس و هەڕەشە. دواجار دوای ساڵانێک شەڕ و نێواننناخۆشی دەوروبەریان و بەتایبەت باوکم،

ساڵی ١٣٨٩ی هەتاوی (٢٠١٠ ز) لێک جیا بوونەوە و بەرهەمی ژیانیان دوو کچی زیرەک و دەرسخوێن بوو. نزیکەی ساڵێک دوای زەماوەندەکە، مامی بەناوبانگی زاواکەمان بە شێوەیەکی گوماناوی کوژرا. کوێخا حەوڵا لەگەڵ چەکدارەکانی؛ سەدرا، جێگری ئیتلاعاتی پیرانشار و هەندێک لە کارمەندانی خۆجێیی سپای پاسداران و ئیتلاعات دەچنە ماسیگرتن. ئەوان بۆ کوشتنی ماسییەکان دینامیتیان دەخستە ناو ئاوەکە، دەیانگوت ئیتلاعاتییەکان دەستکاری دینامیتەکەیان کردووە و زووتر لە حاڵەتی ئاسایی تەقیوەتەوە.

دەسەڵاتی کوێخا حەوڵا لە شار و ناوچەکەدا گەیشتبووە ئەو ئاستەی کە لە چوارچێوەی پێگەی خۆی و تەنانەت لە شوێنە گشتییەکانیشدا تۆڵەی خۆی دەکردەوە. کەسێک بە ناوی کاکە حەسەن لە ئاغاکانی تایفەی زێڕین، کە یەکێک لە ئاغاکانی ناوچەکە بوو، دوای ناکۆکییەکی دارایی، ئەندامێکی تایفەکە و گرووپەکەی بە ناوی قادر ئیلاهی کوشتبوو و لە ترسی گیانی پەنای بۆ دادگای شاری پیرانشار بردبوو. هەر بەو هۆیەشەوە کوێخاحەوڵا فەرمانی بە یەکێک لە چەکدارەکانی بە ناوی حەوڵا ئاشناوەر دا کە لەناو بینای دادگای پیرانشار کاکە حەسەن بکوژێت. دوابەدوای ئەم کوشتنە، بە ڕواڵەتی کوێخا بۆ ماوەی دوو مانگ و حەوڵای ئاشناوەر بۆ ماوەی چوارده مانگ زیندانی کران، و پاشان سەربەرزانە لە زیندان ئازاد کران. هەروەها ژاراویکردنی ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە دۆڵی مێشەدێ دەخەنە پاڵ ئەو. دوای تیرۆرکردنی ئەو، هەموو ئەم دام و دەزگایەی کە دروستی کردبوو، لەبەر یەک هەڵوشایەوە و باقی بنەماڵە و گرووپەکەی ئیتر هیچ بە کەڵکی حکومەت نەهاتن. لە لایەکی دیکەشەوە لە ئاراستەی گۆڕانی هەڵوێستی نەوەی گەنج و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا کە وردە وردە باڵیان بە سەر ئێران و کوردستاندا کێشا، نموونەی ئەو جۆرە سیستمانەش لەناو چوون و کاڵتر بوونەوە، هەرچەندە ئێستا پاشماوەکانیان بە شێوەی فەرمیتر چوونەتە ناو هێزەکانی سپا و ئیتلاعات و وەک کادری فەرمی و بەسیج ڕۆڵێکی سەرەکی لە سەرکوتی ناوچەییدا دەگێڕن.

بەشی پێنجەم

بڕیاری تۆکمە بۆ ڕۆیشتن

مرۆڤ کاتێک گەنجە بیر لە هەموو شتێک دەکاتەوە، جگە لە وازهێنان. ئاستی کۆڵنەدانەکەی پەیوەندیی بە گرنگیی ئامانجەکەیەوە هەیە، ئەوە ئامانجەکەیەتی پێی دەڵێ کە دەبێ تا چەندە خۆی لە ئاو و ئاور بدات. من ئامانجێکم بۆ خۆم دیاری کردبوو و دەبا پێی بگەیشتایەم، ئەویش ڕۆیشتن بۆ هەندەران بوو. بۆ کوێ؟ هەر جێگایەک بێ ... دەبوو لە سیفرەوە دەستم پێ بکردایەت، نەدەبا بترسابام. چەندەها جار لە سیفرەوە دەستمان بە ژیان کردبۆوە. ئێمە چەندین جار لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر کۆچمان کردبوو. دەڵێی کۆچکردن و ڕۆشتن بەشێکی گرنگی ژیانمە، ڕۆشتنی پەیتا پەیتا و نەمانەوەیەک کە زیاتر بەهۆی شەڕ و سیاسەتەوە، هەر لە سەرەتای ژیانم و لە تافی منداڵی و هەڕەتی هەرزەکارییەوە ئەزموونم کردبوو.

ڕەنگە ئەم شێوازە ژیانە، کە پێیەوە جیهانی کۆمەڵایەتی و ژیاوم فامکردبوو، هەمیشە بەرەو ڕۆیشتن بانگم دەکا و تەنانەت بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ لە سەقامگیری و مانەوە لە قۆناغێکی ژیاندا دەمسڵەوێنێتەوە. ئەم ڕۆیشتنانە تەنیا لە ڕەهەندی شوێنی و جێگۆڕکێی فەزاییدا سنووردار نەدەبۆوە، بەڵکوو بە جۆرێک تێهەڵکێشی من ببوو کە بە هۆی ئەوەوە هەرگیز بۆ ماوەیەکی زۆر ژیانم بە شێوەیەکی نەگۆڕ ئەزموون نەکردووە و هەمیشە لە حاڵی ڕۆشتن و بزاڤدا بوومە. دەڵێی خووم پێوە گرتبوو و دەمویست لە ڕێگەی ئەوەوە ئەزموونی زیاتر تاقی بکەمەوە، سەرەڕای ئەو هەموو سەختی و سەغڵەتییانەی کە هەیبوو. دەڵێی ئێمەی مرۆڤ بە لەدایکبوونی خۆمان پێ دەنێینە ناو ئەم جیهانەوە. وەک شاعیری ئێرانی، ئەخەوانی سالیس دەڵێ: هەندێ جاریش ڕێگەی بێگەڕانەوە... ئەمجارەیان من دەبا جانتا لە کۆڵ

وەڕێ بکەوتبام بۆ ئەوەی لە سووچێکی دیکەی ئەم جیهانە بەرینەدا چارەنووسێکی دیکە بۆ خۆم بخولقێنم و هەوڵی گۆڕینی ئەوەی بدەم وا نامهەوێ و بیسازێنم ئەوەی وا دڵم دەیهەوێت. بێئاگا و کەمئەزموون بووم و ڕێگایەکی سەخت و دژوارم لەبەر بوو، بەڵام ڕێگاکان بانگێشتیان دەکردم و مژدەی گۆڕانیان بە گوێمدا دەچرپاند.

هاوسەرگیریی گرێبەستی، تێپەڕین بەرەو قۆناغی دواتر

کە سەربازیم کۆتایی هات، بنەماڵە هەر ئەو جۆرەی کە چاوەڕوانیم کردبوو و بە پێی دابونەریتی ئەوسا هەوڵی جێبەجێکردنی پلانەکانیان دا. پێشتر پلانی هاوسەرگیریم بە ئاشکرا باس کرابوو. زۆر کچیان بۆم هەڵدا و هەموو شتێکیان بۆم ڕەخساندبوو بۆ ئەوەی بچمە خوازبێنی. من چووبوومە سەربازی بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە و ساز ببم بۆ ڕۆشتن. من ویستم لە وڵاتێکی تردا بخوێنم و کار بکەم و ژیانێکی جیاواز بۆ خۆم بنیات بنێم. لە ئێراندا بەشی خۆم ئاوارەیی و سەختیم کێشابوو. لە تەمەنی هەرزەکاریدا زیندان و ئەشکەنجەم چێشتبوو و هەموو جۆرە جیاکارییەکم بەدی کردبوو، هاموشۆی کۆمەڵێک کەسی جیاوازم کردبوو و کتێبم خوێندبۆوە و ئەنجامی هەموو ئەم ئەزموونانە دنەی دەدام کە ڕەنگە ژیان لە شوێنێکی دیکە بێ و کۆچکردن بایەخی ئەوەی بوو کە بەختی خۆم تاقی بکەمەوە.

لە ناو کۆمەڵگە بچووک و نەریتیەکاندا، کاتێک کوڕێکی گەنج جلوبەرگی سەربازی دادەکەنێ، خانەوادەکەی تەنها بیر لەوە دەکەنەوە کە ژنێکی بۆ بێنن بۆ ئەوەی سەروسامان بگرێت. ئەگەر ئەو گەنجە لە سایەی کار و کاسپیی باوکییەوە داهات و پیشەیەکیشی هەبێ چ باشتر، ئەوە هێندەی پێ ناچێ ژن مارە دەکات. ئەوەی ڕاستی بێ دۆخی ئەوسا واتە سی و چەند ساڵ لەمەوبەر وەکوو ئێستا نەبوو و سەربازی دەستپێکی قۆناغی نوێی ژیانی کوڕێک بوو. هاوسەرگیری هێشتا تا ڕادەیەک وەکوو قەدیم بوو و ئەوە نەریت بوو کە بڕیاری لەسەر دەدا. هاوسەرگیری پرسێکی ناوگرووپی بوو و بنەماڵە بڕیاردەر بوون و کچ و کوڕیان بە یەکتر دەناساند و پرسەکەیان بەڕێو دەبرد بەڵام ئەمڕۆ بە هۆی گۆڕانکاری و پێشهاتە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگا لە زۆر حاڵەتدا شێوازێکی ژیانی جیهانی پەیڕەو دەکرێ و ئەم جۆرە هاوسەرگیرییانە لانیکەم لە شارە گەورەکاندا کەمی کردووە و تەنانەت شایەتحاڵی جۆرەکانی تری هاوسەرگیری وەکوو هاوسەرگیریی سپی یان پێکەوەژیانین، کە لەم جۆرە هاوسەرگیرییەدا چاودێری و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا و خانەوادە گەیشتوەتە نزمترین ئاستی خۆی یان هەر بوونی نییە.

بەکورتی لەو سەردەمەدا بابەتەکە لای خانەوادەکەی منیش جیدی بوو. هەم ئەوان کچیان بۆم هەڵدەدا و هەمیش ناسیاوەکان، کاتێک بۆ کڕین دەهاتنە دووکانەکەی باوکم

بـە پێشـنیارکردنی کچـی فڵان کەس و فیسـارە کەس شـتەکەیان بە داشـکانی نرخـەوە دەکرێ! ماڵـێ بۆنیـان کردبـوو کـە مـن نیـازی چوونـە دەرەوەی وڵاتـم هەیـە و بۆیـە دەیانویسـت لـە رێـی هاوسـەرگیریکردنەوە بمبسـتنەوە. دەیانگـوت ئەگـەر کامیـل هەر چـی زووتر ژن بێنـێ و منداڵی ببـێ ئـیتر خەیاڵی پەرتەوازەبوون لە مێشـکی دەچێتە دەرەوە! هەندێک جـار دەبا هاودڵی ماڵەوە بکـەم و لـە کۆتاییـدا بیانـوو بهێنمـەوە و بڵێـم کچـی فڵان کەسـم نـاوێ و گەرەکم نییـە بیخوازم. رێدەرەتانێکـی دیکـەم نەبـوو، دەبـا ئـاوا سـەرقاڵیانم بکردایـە و کات بۆ خـۆم بکرم.

وەک دەزانیـن ناوچـەی موکریانیـش هاوشـێوەی ناوچەکانی دیکەی کوردسـتان، لە شـاییدا ژن و پیـاو گەنـم وجـۆ دەبـەستن و دەسـت لـە ناو دەسـت هەڵدەپەڕن. جـاری وایە ئـەو کچەی وا دڵـی بـە کورێکەوەیـە دەچێتـە دەسـتی و هەڵدەپەڕێـت. هەڵبـەت کوڕ نابـێ ئەم کارە بـکا و ئەمە کاری تایبـەت بـە کچـە. لـە شـاییدا کچـان دەهاتنە دەسـتم، واتـە لە پلانێکـی پێشتر دارێـژراودا کچەیـان دەنـاردە لام کـە بەڵکـوو دڵم نەرم بێ و عاشـقی بـم و بیهێنم. بـەڵام نەیاندەزانی کە فکر و خەیاڵـم ئەوەیـە کـە چـۆن پارەیەکـی بـاش دەسـت بخـەم و کـۆچ و بـارم هەڵبگـرم بچـم بـۆ هەندەران.

● وێنەی ١٣٨: دووکانی خۆم، پیرانشار، ١٣٧١ی هەتاوی (١٩٩٢)

دوای کۆتاییهاتنـی خولی دووسـاڵەی سـەربازی، بـە پـرس و ڕای باوکـم دووکانێکـم دانـا. پێـم خـۆش بـوو زێرەنگـەری دابنێـم، لەبـەر ئـەوەی وامدەزانی کە دەتوانـم زوو زێرەکـە بفرۆشـم و بـرۆم. تاکـە بـژاردەی باوکـم ئـەوە بوو کە دووکانێکی بووتیک دابنێم و لەبەر ئـەوەی باوکم سـەرمایە و پارەی پـێ دەدام ناچار بووم بـە قسـەی ئـەو بکـەم و دووکانـی بووتیـک بکەمـەوە. لـە دڵمـدا وتـم باشـە تـۆ سـاڵێک ئـەم ئیشـە دەکەی کەواتـە دەسـت هەڵخە هەتـا دەتوانی پـارە کۆ بکەوە! باوکـم ٣٥٠ هـەزار تمەنـی بـە قـەرز پێدام کە سـاڵی ١٣٦٩ی هەتـاوی (١٩٨٩ز) بـرە پارەیەکـی زۆر بـوو. پێکـەوە چووینە تاران و هەندێک شـت و کەلوپەلمان کـڕی. لـە بەرامبـەر دووکانەکـەی خۆی لـە گۆڕەپانی ئـازادی، لە ژێر هوتێلێک بە ناوی "سـەبا" دووکانێکی بـۆ ڕەهـن کـردم و من هەتا مـاوم خۆم بە قەرزداری باوکـم دەزانم. باوکم چارەنووسـی من و ڕەوتی ژیانـی منـی گـۆڕی. شـێوازی دووکانداریـم لەگـەڵ باوکـم و کەسـانی تر فەرقـی دەکـرد و هەوڵم دەدا لاسـایی بووتیکەکانی تاران بکەمەوە. من و یەک دوو کەسـی تر شـتومەکی شـیک و نوێمان دەهێنـا و سـتایلەکانمان هاوتـای کەلوپەلـی ناو دووکانەکانـی مەهاباد بوو، دیارە مەهاباد ئەوسـا

ناوەندی مۆدی جلوبەرگی کوردستان بوو. ئێمە چەند خاوەن بووتیک بووین کە کێبڕکێمان لەگەڵ یەکتردا دەکرد و ڕیکلامی شاریمان چالاک کردبوو. من گەنجتر بووم و هەر ئەوەش بۆ کچە عازەب و ژنە گەنجەکان سەرنجڕاکێشتر بوو. شێوازی بووتیکدارییەکەمیان بە دڵ بوو. بانەگشەم دەکرد دیاریم دەدا و ئەوەی لە بووتیکەکانی تاران بینیبووم لە پیرانشار جێبەجێم دەکرد. بەردەوام بیرۆکەم بۆ دەهات و خۆم بەڕۆژ دەکردەوە. بۆ نموونە دەمگوت ئەگەر ئەم شتە بەو بڕە پارەیە بکڕی، بۆنێکت بە دیاری پێ دەدەم. وردەوردە بەپێی ئەو متمانەی کە بە خەڵک هەمبوو، شتم بە قیست دەفرۆشی و دووکانەکەم پڕڕزق و ڕۆزی بوو. هەڵبەت ئەم نوێگەرێتییە بە دڵی زۆرێک لە بووتیکدارە کۆنەکارەکان نەبوو و هەمیشە تووشی قڕە دەهاتین. بابەتەکە ڕەهەندێکی دیکەشی هەبوو؛ کاتێک بە هاوکاریی باوکم دووکانم دانا، پرسی ژنهێنانم جیددیتر بووەوە. هەندێک لە خزم و کەسەکان تەلەفۆنیان بۆ ماڵەوە دەکرد و بژاردەیان بۆ دایک و باوکم هەڵدەدا. هەندێکیشیان کچەیان دەنارد دووکانەکەم بۆ ئەوەی سەری ئاشنایەتی بکەنەوە.

شەڕی دەستماڵ سەوزەکان و دەستماڵ زەردەکان

سێ مانگ دوای دانانی دووکانەکەم یەکەم گەشتم بۆ دەرەوەی ئێران دەست پێکرد. نەمردم و چوومە کوردستانی عێراق (هەرێمی کوردستانی ئێستا). هەڵبەت باشوور ئەوسا سنوورێکی فەرمی لەگەڵ ئێراندا نەبوو و کوردیش بە قاچاخی هاتوچۆی دەکرد. پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی لە ژێر ڕکێفی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دهۆک و زاخۆش لە ژێر کۆنترۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بوون. مەرجەکانی پەڕینەوە زۆر سادە بوون، ئەگەر کورد ببایەیت لە یەکەم بازگەی سنووریدا مۆڵەتی نووسراویان پێ دەدای و بۆت بوو بچیتە ناو سنووری هەرێمی کوردستان و هەفتەیەک بۆ دە ڕۆژ لەوێ بمێنیتەوە و ئەگەر پێویستت با دەتتوانی مانەوەت لە هەولێر یان سلێمانی درێژ بکەیتەوە.

با بگەڕێینەوە سەر بەسەرهاتی یەکەم گەشتم، کە دوای پێشهاتەکانی ساڵی ١٩٩١، بۆ باشووری کوردستان یان هەرێمی کوردستانی ئێستا ڕووی دا. جیران دووکانەکەم دووچەرخەساز بوو، کە لەگەڵ دووچەرخەفرۆشەکانی هەولێر ئیشی دەکرد. ئەم دووچەرخەسازە بە ئەسپ و کۆڵبەر دووچەرخەکانی بەناو شاخەکاندا دەبردە هەولێر و زۆربەی مامەڵەکانی لەگەڵ بنەماڵەیەکدا بوو. کوڕی سێیەمی ئەم بنەماڵە پڕحەشیمەتە ناوی کازم بوو کە دواتر بوو بە هاوڕێم و چەند ساڵ لەمەوبەر بە هۆی جەڵتەی دڵەوە لە وڵاتی سوویید کۆچیدوایی کرد. کازم لەو سەروبەندەدا دەهاتە ئێران و بۆ بازاڕکردن دەچووە تاران. دراوسێ دووکانەکەم کە خێزانداریش بوو، جارێک لەم هاتن و چوونانەدا دڵی لە کچێک دەچێ و لەبەر ئەوەی بە

تەنیا نەچێ، منیشی لەگەڵ خۆی برد. ڕێگایەکمان گرتەبەر هاوشێوەی ئەو ڕێگایەی کە ساڵی ٢٠٢١ پێیدا لە ئێران دەرچووم، واتە لە چیاکانەوە چووینە باشووری کوردستان و گەیشتینە هەولێر. ئەمە یەکەم گەشتی من بۆ دەرەوەی ئێران بوو و دنیایەکی جیاوازم دەبینی؛ لە شێوازی دروستکردنی خانووبەرەوە بگرە هەتا دەگاتە ژێرخانەکان و جۆری شارسازی. بەم گەشتە وەبیر چیرۆکی «ماسییە ڕەشە بچکۆلە"ی سەمەد بێهڕەنگی[1] کەوتمەوە و بینیم کە جیهان چەندە گەورەتر و جیاوازتر لەوەیە کە من بیرم لێ دەکردەوە.

● وێنەی ١٣٩. ڕاپەڕینی جەماوەریی ساڵی ١٩٩١

دوای چەندین کاتژمێر ڕێپێوان کاتێک لەو چیایانەی کە دەیان ڕوانییە حاجی عۆمەران دەهاتینە خوارەوە بە بینینی کانییەک لە نزیک جادە، شاگەشکە بووین و هەر دووکمان بەرەو لای کانییەکە چووین. لە کاتێکدا کە ئاوی فێنک و سازگاری ئەو کانییەمان دەخواردەوە و بە سەر و دەموچاوماندا دەپرژاند، چاومان بە سێ کچی جەحێڵ کەوت کە وا دیار بوو خەڵکی کۆچەریی هەمان ناوچە بوون و خێوەتەکانیان لەو نزیکانە بوون و بۆ ئاوبردن لە کانیاوەکە بەرەو لای نزیک دەبوونەوە. جیران دووکانەکەم کە عاشق و سەرخۆش بوو و دەچوو بۆ دیداری دۆستە نازدارەکەی، لە سەر گردێکی سەرووی کانیاوەکە دەستی کرد بە گۆرانیچڕین و کچەکانیش دەنگ و گۆرانییەکەیان، کە گۆرانیی محەمەدی ماملێ گۆرانیبێژی بەناوبانگی

١- "ماسییە ڕەشی بچکۆلە" یەکێک لە کۆمەڵە چیرۆکەکانی بواری منداڵانە لە نووسینی سەمەد بێهڕەنگی. ناوبراو ئەم کتێبەی لە زستانی ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی (١٩٥٧) نووسی و بۆ یەکەم جار چاپەمەنیی "کانوونی پەروەرشی فیکریی کوودەکان و نەوجەوانان" لە ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی (١٩٥٨) چاپی کرد. "ماسییە ڕەشی بچکۆلە" گەشتێکی دوور و درێژ بۆ وەدەستهێنانی ئەزموونی جیاواز و گەیشتن بە ئازادی دەست پێ دەکات. زۆر کەس ئەم ماسییە بە هێمای نەوەی نوێی شۆڕشگێڕ و ڕووناکبیر دەزانن. زمانی سیمبۆڵیی چیرۆک، بوو بە ئیلهامبەخشی زۆرێک لە نووسەران و شاعیرە جۆراوجۆرەکان و بۆ وەسفی ئەم بەرهەمە زۆر شێعر و دەق نووسراوە.

کورد بوو، زۆر بە دڵ بوو و بە خەندە و پێکەنینەوە بەرەو لامان دەهاتن کە لە ناکاو دوو چەکدار کە دیار بوو تووڕەن لە پشتەوە لێمان نزیک بوونەوە. یەکێکیان کە کڵاشینکۆفێکی بە دەستەوە بوو، بە دەم هەڕەشەکردنەوە فەرمانی بێدەنگبوونی پێ داین و دوای ئەوەی زانی ئێمە خەڵکی ڕۆژهەڵاتین وتی: پێت وایە ئێرە ئێرانە کە دەست بنێیتە بناگوێت و گۆرانی بۆ کیژەکانمان بچڕی؛ ئای لە "ئێرانیی حیز"؛ ... ئەم ناوناتۆرەم زۆر بیستبوو کە هەندێک جار وەک جنێوێک دژ بە کوردانی ڕۆژهەڵات بە کاریان دەهێنا. کاتێک بینیم دۆخەکە شپرزەیە و کەمێک دوورتر بووم و هیچ گۆرانییەکیشم نەگوتبوو، بە وریاییەوە هێورم کردنەوە و بۆم ڕوون کردنەوە کە هاوڕێکەم بەم زووانە دەبێتە زاوا و بە کورتی و پوختی زۆر دڵخۆشە، دەنا هیچ نیازێکی خراپی نەبووە. دوای ڕزگاربوون لەم دەمەقڕە و توندوتیژییە بۆم دەرکەوت کە تا چەندە لە ڕووی فەرهەنگی و هەستیارییەوە لێک جیاوازین و دەبێ ئاگاداری خۆم بم و بزانم خەڵکانێکی زۆر عەشیرەتی و ناموسپەروەرن و هەڵبەت بوون و زۆربوونی ڕێژەی چەک لە ناو کۆمەڵی خەڵکدا یەکێک لە هۆکارەکانی دیکەی ئەم جۆرە بیر و باوەڕانە بوو.

ناوبراو لە شاری هەولێر منی بە بنەماڵەی مام سەلیم ناساند، کە کازمی کوڕی هاتوچۆی ئێرانی دەکرد و ئەم یەکترناسینەمان هەتا هەنووکە بەردەوامە. مام سەلیم لایەنگرێکی سەرسەختی بارزانی و لە پێشمەرگە دێرینەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بوو. کە چووینە ماڵەکەی، بۆ گاڵتەجاڕی سەوزەی نەخوارد و دەیوت: "لەبەر ئەوەی ڕەنگی سەوزە، نایخۆم!" ئەوسا جۆرێک لە گاڵتەجاڕی و شەڕەڕەنگ لە ناو کوردستاندا دروست ببوو، بارزانییەکان ڕەنگی ئاڵاکەیان زەرد بوو و تاڵەبانییەکان کە حیزبی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوون، ئاڵاکەیان سەوز بوو. لە ماڵی مام سەلیمدا کۆمەڵێکی زۆر وێنەی بنەماڵەی بارزانی بەدی دەکرا. لە هەندێک وێنەدا خۆشی وەک پێشمەرگەیەک لە تەنیشتیان یان بە تەنها دەبینرا. هەموو شتێک زەرد بوو، تەنانەت کاناپەکانیشیان! لە یەکێک لە شەقامەکانی هەولێردا دیمەنێکم بینی کە هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە. کاروانێکی بووک تێدەپەڕی. لە ناو مینیبووسەکەدا، کچە عازەبەکان و کوڕە جەحێڵەکان پەنجەرەکانیان کردبۆوە و دەستماڵیان سووڕ دەدا، وەک ئەوەی مینیبووسەکەیان کردبێتە دوو پارچەوە، لە لایەک دەستماڵی سەوزمان دەبینی کە لایەنگری تاڵەبانی بوون و لە لایەکی دیکەشەوە دەستماڵ زەردەکان بوون کە لایەنگرانی بارزانی بوون. هەر دووکیان دروشمی بژی سەرکردەکەیان دەوتەوە "کاکە کاکە، بژی کاک مەسعوود" و "مامە مامە، بژی مام جەلال". ئەم وێنە هەتا ئێستا بۆ نمایشکردن لە چەندین پێشانگای ناوخۆییدا هەڵبژێردراوە.

لە کاتی گەشتەکەمدا بۆ هەرێمی کوردستان و گەشتەکانی دیکەمدا زۆر وێنەم گرتووە. ناکۆکی و جیاوازیگەلێکم دەبینی کە ڕیشەیی بوون و نیشانی دەدا کە ناکۆکییەکان تا چەندە ڕەگیان داکوتاوە و دۆخەکەیان گەیاندۆتە ئاستێک کە هەندێک جار تەنانەت خێزانەکانیش لە

سەر ئەو بابەتانە چەکیان دژ بە یەکتر هەڵگرتووە. هەولێر کە ئێستا پایتەختی هەرێمی کوردستانە، بە دەست تاڵەبانییەکانەوە بوو و دواتر بە هاوکاریی حکومەتی عێراق لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦دا، کەوتە دەستی بارزانییەکان، چونکە لە حکومەتی عێراقەوە نزیک بوون.[١]

● وێنەی ١٤٠. مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی

ڕەمەزان، کوڕە گەورەکەی مام سەلیم، چەپ بوو و هەندێک جار دەکەوتە ناو دەمەقاڵەی ڕۆژانەی لایەنگرانی حیزبە کوردییەکان. کوڕێکی دیکەی و کچی دووەمیان سەر بە بارزانی بوون، بەڵام کوڕە بچووکەکەیان و بەشێک لە خزمەکانیان لایەنگری تاڵەبانی بوون، کە هەندێک جار لەگەڵ باوک و براکانیدا تووشی مشتومڕ دەبوون. بە گشتی لە ناو شار و بنەماڵەکاندا لە سەر ئەوەی کە کێ سەر بە کوێیە و پاڵپشتی لە کام لایەن دەکا، شەڕ و دووبەرەکانێ لە ئارادا بوو. لەو سەروبەندەدا شەڕی براکوژی لە نێوان حیزبەکانی بارزانی و تاڵەبانی[٢] لە ئارادا بوو، کە ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕایەوە بۆ ناکۆکیی سنووری،

---

١ . یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەم ڕۆژە بە ڕۆژی خەیانەتی بارزانییەکان دژ بە کوردستان دەزانێ، چونکە بارزانییەکان بۆ وەرگرتنەوەی هەولێر داوای یارمەتییان لە هێزەکانی ڕژێمی بەعس کرد. لە بەرامبەردا پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقیش پێی وایە کە ساڵانی ١٩٦٦ یان ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ ساڵانی ڕەشی ناپاکیی یەکێتیی ینشتمانیی کوردستان دژ بە کوردستانە.

٢ . جگە لە وشەگەلی وەکوو ئاوارەیی، بۆردوومان، کۆمەڵکوژی، لەشکرکێشیی سەربازی، ئەنفال، کیمیاباران و هتد، کە لەم سەد ساڵەی ڕابردووەدا بوونەتە بەشێکی دانەبڕاوی مێژووی کورد، پەیڤگەلی وەکوو شەڕی براکوژی، شەڕی خۆکوژی، شەڕی ناوخۆ و هاوشێوەکانی دیکەی تێهەڵکێشی فەرهەنگی سیاسیی کوردستان بووە. حیزب و بزووتنەوە چەکدارە کوردییەکان لە یەک سەدەی ڕابردوودا و بە درێژایی مێژووی خەباتەکانیان، جگە لە شەڕ دژ بە حکوومەتە ناوەندییەکان بۆ وەرگرتنی مافەکانی کورد، زۆر جار لە ناو خۆیاندا بە شەڕی خوێناوییەوە تێوەگلاون و هەتا ئێستاش دایک و باوکانێک هەن کە چاوەڕێی گەڕانەوەی ڕۆڵەکانیانن کە لە شەڕەکانی ناوخۆدا بێسەروشوێن بوون. دوای ڕووخانی حکوومەتی شا، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە پاش لە سێدارەدرانی قازی محەمەد و هەڵوەشانەوەی کۆماری کوردستان لەبەر یەک هەڵوەشابووەوە، وەک یەکێک لە ئەکتەرە سەرەکییەکانی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان دیسان دەرکەوتەوە. هەر لەم هەلومەرجەدا حیزبی کۆمەڵە کە چەند ساڵێک بەر لە شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ زایینی دامەزرا، بە شێوەی ئاشکرا بوونی خۆی لە ناو ژینگەی سیاسیی کوردستاندا ڕاگەیاند بۆ ئەوەی وەک دووەم گەورە حیزب لە سەر ئاستی کوردستانی ئێراندا دوای حیزبی دیموکرات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی چالاکی بنوێنێت. هەرچەند ئەم دوو حیزبە بۆ ماوەیەک بە هۆی بارودۆخێکی تایبەتەوە، لەوانەش هەڕەشەی حکومەتی ناوەندی، زۆربەی ناوچە کوردستانییەکانیان کۆنترۆڵ کردبوو، بەڵام دوو بۆچوون و ئایدۆلۆژیای جیاواز و لێکدژیان هەبوو. حیزبی دیموکراتی کوردستان بە دروشمی "سەربەخۆیی بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ ئێران" لایەنگری بلۆکی ڕۆژاوا و جیهانی سەرمایەداری بوو، لە بەرامبەردا

جوگرافیای سیاسی و پرسە داراییەکان و ئەمەش بووە هۆی تێکهەڵچوونێکی چەکداری و خوێناوی کە ئەم گرژی و تێکهەڵچوونە ساڵانێک بەردەوام بوو و لە کۆتاییدا شەڕی براکوژی ساڵی ١٩٩٨ بە نێوەندگیریی ئەمریکا و بیرۆکەی خاتوو مادلین ئالبرایت وەزیری دەرەوەی ئەوسای ئەمریکا کۆتایی پێ هات.[١]

● وێنەی ١٤١: کوڕەکانی مەلا مستەفا بارزانی، مەسعود و ئیدریس و پێشمەرگەکانیان

کاتێک لە دەڤەری بارزانییەکانەوە دەچووینە زۆنی تاڵەبانی، ڕووداوی دڵتەزێنمان بینی. ئەگەر کەسێک لە هەر کام لەم دوو ناوچە بچووبایەتە ناوچەکەی دیکە، دەبووە ئامانجی سووکایەتی و بێڕێزی: "پێت خستە سەر خاکی ئەو گڵاوانە!" ئەوە پیاو نیت! تۆ چ کوردێکیت کە هیچ شەرەفێکت نییە و بوویتە هاوکاسەی جاش و ئیتلاعاتییەکانی ئێران، یان هاوکاسەی بەکرێگیراوان و جاشەکانی ئیستخباراتی بەعس و میتی تورکیا" و دیسان هەر ئەم قسە و قسەڵۆکانە لە ناوچەکەی دیکەش دەوترانەوە. لێدان لە گۆڕا نەبوو، بەڵام سووکایەتی و قسەی کاڵ و ناشیرین فۆرمێکی سیستماتیکی بە خۆوە

کومەڵە ڕێکخراوێکی چەپ و کۆمۆنیستی بوو. شەڕ لە پاڵ یەک دژی دوژمنێکی هاوبەش زۆری نەخایاند.

(https://iranintl.com)

١ . لە ساڵی ١٩٩٠ەوە کە کوردانی باشووری کوردستان توانیان تا ڕادەیەک چارەنووسی خۆیان بگرنە دەست، هەرێمی کوردستانی عێراق بەردەوام لە نێوان دوو حیزبی سەرەکی واتە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و یەکێتیی نیشتمانی کوردستاندا دابەش کرا و هەر یەکەیان زۆن و سنووری تایبەتی خۆیانیان هەبوو. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە لە قسەدا خۆیان وەک یەک سەروەری - سەروەریی هەرێمی کوردستان – لە قەڵەم دەدا کە یەک سەرکردایەتی؛ یەک پەرلەمان؛ یەک هێزی جێبەجێکار و یەک هێزی دادیان هەیە. لە سەرەتادا، کاتێک حکومەتی هەرێم دامەزرا، هەولێر تا ساڵی ١٩٩٦ی زایینی لە ژێر دەسەڵات و هەژموونیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو و جەلال تاڵەبانی کە دواتر بوو بە سەرۆک کۆماری عێراق، بەوپەڕی شانازییەوە دەیگوت ناهێڵین دەنگی پارتی کوردستانی عێراق بگاتە ئەوێ. بنکەی ڕەمەزان سەر بە سپای پاسداران لە زۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەوانە هەولێر چالاک بوو، ٣٠٠ بۆ ٣٥٠ ئەندامی ئۆپۆزسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان تیرۆر کران. لە وەها بارودۆخێکدا پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بە گڵۆپی سەوزی ئەمریکا و فەرەنسا و هاوکاریی سوپای عێراق توانی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە خاکی هەرێم بۆ ئەودیوی سنوورەکانی ئێران ڕاو بنێ و گورزێکی کوشندەی لێ بدات. هەر چەندە دواتر بە هاوکاریی ئێران تاڵەبانییەکان گەڕانەوە بەڵام بۆ هەمیشە هەولێریان لەدەست دا و دەسەڵاتیان بۆ سلێمانی سنوردار بووەوە!

گرتبـوو. ڕەنگـە بتوانین هەموو پرۆسـەکە بەم شـێوە شرۆڤـە بکەین: "چۆن دەتوانـی بچیتە ئەولا و پیسـییەک لەگەڵ خۆتدا بێنیتە ئەم بەر کە لە خوێنی سـەگ ناپاکترە!" ئەو ڕق و کینە سـەیرەی کـە لـە نێـوان ئـەم دوو گرووپـە سیاسـییەدا هەبـوو، بـووە هـۆی ئـەوەی کـە لـە هـەر دوو بـەرەی شەڕەکەدا خەڵک یەکتر بکوژن و گڕی ڕق و کینە بگەشێننەوە.

● وێنەی ١٤٢. مام جەلال تاڵەبانی و هاوخەباتەکانی

لـە گەشـتەکانی دواترمـدا بـۆ باشـووری کوردسـتان زۆر خەفەتم دەخـوارد. ئـەوان دەیانتوانی بـە زمانـی خۆیـان بخوێنـن، ڕۆژنامەیـان هەبـوو، لـە چـاو ئێمـە چالاکیـی سیاسـیی ئازادانەیـان هەبـوو و دەیانتوانـی لـە ڕێگـەی ئاشـتییەوە داواکارییەکانیـان بخەنـە ڕوو بـەڵام لەگـەڵ یـەکتردا ناسـاز و ناکـۆک بـوون. ئەوان بـۆ دروسـتکردنی هاوپەیمانییەکی بەهێز هەموو شـتێکیان هەبوو، بـەڵام بـە هـۆی ناکۆکـی و تەسـکبینی و هەڵبەت دەسـتێوەردانی هەر سـێ وڵاتی ئێـران، عێراق و تورکیـاوە کـە هـەر سـێیان ڕێژەیەکـی زۆری کوردیان لە خۆ گرتبـوو، نەیاندەتوانی یـەک بگرن و بـە ڕاگەیاندنـی سـەربەخۆیی پێکەون بژین. ئێمـە یەکڕیزیمان هەبوو، بـەڵام ژینگەیکی لەبارمان بـۆ چالاکیـی سیاسـی و داخوازی نەبـوو، بەڵام ئەوان هەموو شـتێکیان هەبوو جگـە لە یەکڕیزی!

ئـەو ڕق و کینـەی کـە لـە نێـوان هـەر دوو حیزبـی دەسـەڵاتدار لـە هەرێمـی کوردسـتاندا بـە خوێـن بیچمـی گرتـووە و پێشـینەیەکی سیاسـیی دەیان سـاڵەی هەیە، هـەر وا بە ئاسـانی لە ناو ناچێـت. لـەم ڕق و کینـە کوێرانـەدا، جگە لە تێوەگلانـی حکومەتە ناوچەییـەکان، حیزبە بچووک و گەورەکانـی دیکـەی کوردیـش هـەر یـەک بـە هۆکارێـک هاتوونەتە ناو ئـەم گەمەوە. بـۆ نموونە، جـار نـە جـارێ پارتـی کرێکارانـی کوردسـتانی باکـور (پەکەکـە) لـە بەرژەوەندیـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، شـەڕی سـەربازی بە سـەر پارتی دیموکراتی کوردسـتاندا دەسەپێنێت. لـە لایەکـی دیکەشـەوە حیزبەکانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانیش هەندێـک جـار لـە سـەرەتاکانی

شۆڕشـی گەلانـی ئێرانـدا بـۆ بەرژەوەندیـی لایەنـەکان دەچوونە نـاو ئـەو ناکۆکییانەوە. سـەرباری ئـەوەی حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێـران هەوڵـی شـاردنەوەی دەدا، بـەڵام بەڵگـەکان ئـەوە دەردەخەن کە بەشـێک لە کادێـرە دێرینەکانـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران لـە ناخـی دڵـەوە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانن. هەڵبەت بـە پێـی فەرهەنگـی پێکەوەبـەستراوی و سـەربەخۆنەبوونی حیزبـە کوردییـەکان لـە هـەر چـوار پارچەی کوردسـتاندا، هیچ دوور نییـە کـە ئـەم ناکۆکییانـە بـۆ پارچەکانـی دیکـەش تەشـەنە بـکات. بـۆ نموونـە دوای سـاڵی ٢٠١٤ ئـەم پرسـە بـۆ ڕۆژاوای کوردسـتانیش تەشـەنەی کردووە. هەڵبەت من ئەوسـا گەنج و بێئەزموون بووم، بە ڕوانگەیەکی ئایدیالیسـتییەوە سـەیری بابەتەکـەم دەکـرد و لـە دڵـی خۆمـدا دەمگـوت، ئەگـەر ڕۆژێ لـە ڕۆژان لە وڵاتـی ئێراندا دۆخێـک بێتـە ئـاراوە کـە لـە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتاندا حیزبـەکان دەسـەڵات بگرنەوە دەسـت، ئایا ئـەم ڕووداوانـە بە سـەر ئێمەشـدا دێـت؟ شـتی وا ڕوو نـادا، واتە لە نێـوان دێموکـرات و کۆمەڵەدا، کـە پێشـینەی جەنگـی چەکدارانەیـان دژ بـە یـەکتر هەیـە، تێکهەڵچـوون ڕوو دەدا و خەڵکـی خۆشمان هەر یەکەو بە لای حیزبێکدا دەشکێتەوە؟

وێنەی ١٤٣: ئاهەنگی هاوسەرگیریی کازم کوڕی مام سەلیم، هەولێر - هەرێمی کوردستان

گەشـتی دووەمـم بـە هـەوڵ و هاندانـی هاوڕێـم مەسـعوود پیرمـە بـوو، کـە ئێسـتا لـە وڵاتـی فەنلانـد دەژی. دواتـر بـووم بـە هاوڕێـی جەمالـی بـرای کـە سـتانداپ کۆمیدییەکـی[1] بەتوانایـە. ئەوسـا مـن و مەسـعوود ڕا و بۆچوونمـان لێـک نزیـک بـوو و خاڵـی کـە مەلا بـوو لە هەولێـر دەژیا. کاتێـک زانـی من پێم خۆشـە جارێکـی دیکە بچمەوە بۆ ئـەوێ و بیانبینمەوە، هەلێکی ڕەخسـاند و ڕۆیشتین.

لەگـەڵ مەسـعوود چووینـە شـوێنە جیاوازەکانـی شـاری سـلێمانی. لـە شـاری سـلێمانی پەیکەری شـاعیران و سیاسـەتمەداران و نەتەوەخوازە گەورەکانی کوردم بینی و وێنەم لێ گرتن، لەوانە شـێخ مەحموود، حاجی قادری کۆیی، مەلا مسـتەفا بارزانی، قازی محەمەد. خوێندنەوەی کتێـب وەکـوو هەمیشـە بـە لامـەوە یەکێـک لـە پرسـە گرنگـەکان بـوو و کۆمەڵێـک کتێبـی

١ . Stand-up comedy یـان سـوحبەتکردن لـە سـەر پـەردەی شـانۆ، جۆرێـک کۆمیدییـە کـە پێشکەشـکار بـە بێدیـواری چـوارەم و بـە شـێوەی ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ بینـەر قسـە دەکات. ئـەم کۆمیدیایـە لـە لایـەن یـەک کەسـەوە ئەنجـام دەدرێـت. لـەم نمایشـەدا کۆمیدیـکار بـە چیرۆکگێڕانـەوەی نـوێ و نوکتـە و گاڵتـە و جەفەنگـی خێـرا و تیژتێپـەڕ و خۆوێژی کـە لە لایەن تەماشـاوانانەوە پەسـەند کـراوە، بابەتـەکان دەگوازێتـەوە.

چەپگەرایانەم کڕی کە بە زمانی کوردی چاپ کرابوون. بابەتێک کە بە لامەوە گرینگ بوو ئەوە بوو کە لەوێ بە زمانی کوردی دەخوێنن و کتێب دەنووسن. گەشت بۆ هەرێمی کوردستان بۆ من بوو بە سەرەتای تێڕوانینێکی نوێ بەرامبەر بە جیهان. ڕوانگە و ئاستی داخوازییەکانم بەرامبەر بە نەتەوە و شوناس و ئێتنیک گۆڕا و چەندین پرسیار و بیرۆکەی نوێ لە مێشکمدا ورووژا. بەو گەشتە، تێگەیشتم کە بابەتی شوناس و نەتەوەی کورد پرسێکە کە لە سەرووی سنوورەکانە و دەبێ لەبارەیەوە زیاتر بزانم و بخوێنمەوە. ئەم ڕا و بۆچوونە دنەی دەدام کە زیاتر بخوێنمەوە و تێبکۆشم و دیدم بەرفراوانتر بکەم. پرسی کورد تەنیا لە ئێراندا سنووردار نەبوو و ئێمەی کورد بە سەر چوار وڵاتدا دابەش کرابووین کە لانیکەم کێشە و داواکارییە گشتییەکانمان لە یەکترەوە نزیک بوون و هەن.

● وێنەی ١٤٤: خوێندنەوەی وێژە و کتێبی کوردی، پیرانشار، ١٣٧١ی هەتاوی (١٩٩٢)

وەک وتم بارودۆخی ناوخۆی کوردستان زۆر جێگیر نەبوو و هەر ناوچەیەک بە دەست یەکێک لە حیزبەکانەوە بوو. دوو بەشی سەرەکیی جوگرافیای کوردستان لە ژێر ڕکێفی هێزەکانی بارزانی و تاڵەبانیدا بوو و بەشەکانی دیکەش لە لایەن ئیسلامی و سەلەفییەکان یان حیزبە کۆمۆنیستی و چەپەکانەوە دەستیان بە سەردا گیرابوو و دەتوانین بڵێین هەمیشە پێکەوە ناکۆک و ناتەبا بوون و هەر کامیان خاڵی پشکنینی جیاوازیان بۆ خۆیان دانابوو. ئیسلامگەراکان ساڵی ٢٠٠٣ بە هۆی هێرشی هاوبەشی ئامریکا و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بارەگاکانی خۆیان لە ناوچەی هەڵەبجە لەدەست دا، زۆریان هەڵهاتن بۆ ئێران یان گیران و دواتر ئازاد کران و ئێستا لە ناو حیزبە ئیسلامییەکاندا چالاکی دەکەن.

لەو کتێبانەی کە هێنابووم، زۆریان نەگەیشتە ئێران. لە هەر خاڵێکی پشکنیندا دژی هەندێک لەو کتێبانە هەڵوێستیان دەگرت. ئیسلامییەکان کتێبی چەپەکانیان دەسووتاند و لایەنەکانی دیکەش کتێبەکانیان فڕێ دەدا. تەنانەت حیزبە ئیسلامییەکان هەڕەشەی ئەوەیان دەکرد کە ڕادەستی دەزگای ئیتلاعاتی ئێرانمان دەکەنەوە. لەگەڵ ئیتلاعات و سپای ئێران لە پەیوەندیدا بوون و لە ڕووی دارایی و سەربازییەوە لە لایەن ئەوانەوە پاڵپشتی دەکران. ئێمەش لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی نایاسایی هاتبووین، ترساین و لە هەمبەر قسە و هەڕەشەکانیاندا بێدەنگ بووین. هەڵبەت دوای سێ مانگ جارێکی تر هەمان کارمان کردەوە، دیسان بە شێوەی نایاسایی چووینەوە بۆ هەرێمی کوردستان، بە ڕاستی هەرێمی کوردستان شایانی ئەو هەموو سەختی و سەغڵەتییە بوو!

لەو سەروبەندەدا سەلەفییەکان و ئیسلامییەکان لە دەڤەری شارەزوور بە ناوەندێتیی شاری هەڵەبجە حکومەتێکی ئیسلامییان دروست کردبوو و بەردەوام لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شەڕ و ناکۆکیدا بوون و زۆر دژی یەکتر بوون. تا ئەو ڕادەیەی کە زۆر جار لەگەڵ یەکتر تووشی گرژی و تێکهەڵچوون دەبوون. کۆمەڵکوژیی کۆمەڵێک لە پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە گوندێک بە ناوی خێڵی حەمە لە لایەن موجاهیدەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی و سەربڕینیان وای کرد کە ئەمریکاش بێتە ناو شەڕەکەوە و بە مووشەکێکی دوورمەودا زیاتر لە ٨٠ ئەندامی سەرەکیی ئەم گرووپە کە لە ئەشکەوتێک لە ناوچەی هەورامانـدا بوون، بکوژێت. لە هەمان کاتدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێرشی کردە سەر سنووری دەسەڵاتەکەیان و شاری هەڵەبجەی گرت و لە ئیسلامگەراکانی پاک کردەوە. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەم کارەی بۆ هەمیشە دەسەڵاتی ئیسلامییەکانی لە دەڤەری شارەزوور سڕییەوە. کاتێک بزووتنەوەی ئیسلامی لە شارەزوور حوکمڕانی دەکرد، حەوت پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە دەستی بەستراوەوە ڕادەستی ئێران کرد، کە شەش کەسیان لە سێدارە دران و تەنیا یەکیان ڕزگاری بوو.

پاش ماوەیەکی دیکە جارێکی تر چوومەوە بۆ باشووری کوردستان، ئەم جارەیان نەک تەنها بۆ سەردان و گەشتکردن، بەڵکوو بۆ ئەوەی بچمە نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر و لە ڕێگەی یاساییەوە بۆ دەرچوون لە وڵاتی ئێران و درێژەدان بە خوێندن هەوڵێک بدەم. چوومە نووسینگەکەیان بەڵام ناونیشانی هەڵەیان پێدا بووم، کاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کوردستان ئەمە نەبوو. خانمێکی ڕەشپێست لەوێ بوو. بەو زانیارییە کەمەی کە لەو کاتەدا هەمبوو، کە سەرچاوەکەی ئەو فیلمانە بوو کە بینیبووم، واقم وڕ ما کە بۆچی ژنێکی قژ کاڵ و چاو شین لەوێ دانەنیشتووە و ناوی بۆ نموونە شێری جۆنز یان کاترین سمیس نییە. ژنە ڕەشپێستەکە وتی: ئێمە لێرەین بۆ ئەوەی پشتگیری لە دامەزراوە حکومی و ناحکومییەکانی ئێرە بکەین، ئەگەر گەرەکتە بخوێنی دەبێ بچیتە وڵاتەکەی خۆت و لەوێوە و لە لایەن باڵوێزخانەی وڵاتی مەبەستت داواکاری پێشکەش بکەیت." کاتێک بینی زۆر گێژ و ناشارەزام کەمێک ڕێنوێنی کردم کە چۆن بەڵگەنامەکانم بنێرم بۆ زانکۆکان و داوای وەرگرتن بکەم. هەروەها هەندێک زانیاریشی لەم بارەوە پێدام بەڵام لە گەڕانەوەمدا یەکێک لە بازگە پشکنینەکانی تاقمە ئیسلامییەکان دڕاندی. ئەم سەفەرە وای لێ کردم کە بیر لەوە بکەمەوە کە چۆن ئاواتەکەم بەدی بهێنم.

لە عێراقەوە بۆ عومان

وردە وردە توانیم خۆم بگرم و فێری کار و کاسبی بم. ئیتر دەمتوانی بە بێ یارمەتیی باوکم

کار و بازرگانیی خۆم ڕاپەڕێنم و خۆم بۆ کڕینی کەلوپەل بچمە تاران. لە بازاڕی تاران پرسیارم لە ناسیاوێک کرد کە چۆن کۆچ بکەم. وتی: "بڕۆ لە کۆمپانیاکانی گەشتیاری سەبارەت بە مەرجەکانی کۆچکردن بپرسە. بەڵام ئەگەر پارەت هەبێ، زووتر کارەکەت ڕادەپەڕێت". کەمێک دواتر چوومە یەکێک لە نووسینگەکانی گەشتیاری لە شەقامی تەختیتاووس. ئەو خانمەی لەوێ بوو زۆر بە سووکی و بێڕێزانەوە قسەی لەگەڵ کردم. وەها هەڵسوکەوتی لەگەڵم کرد دەتگوت من لادێییەکی پەخمەی نەخوێندەوارم و نابێ زۆر بە هەندم وەربگرێت. زۆر قسە لەڕووانە وتی: "تۆ بەم تەمەنەتەوە ناتوانی بچیتە هەندەران. پارەی زۆر دەوێ کە تۆ نیتە." چوومە نووسینگەیەکی دیکەی گەشتیاری. خانمێک لەوێ بوو، بۆی ڕوون کردمەوە کە چۆن دەتوانم کۆچ بکەم و جەختی لە سەر ئەوەش کردەوە کە هەموو شتێک بەوە بەستراوەتەوە کە پارەیەکی باشی کۆمیسیۆنم پێ بدەی.

وتی: "دوو ڕێگا هەیە کە دەتوانی بڕۆی، یەکەم: دەتوانین ڤیزای گەشتیاریی وڵاتی یۆنانت پێ بدەین و لە ڕێگەی ئەم وڵاتەوە خۆت بگەیێنیتە وڵاتی دڵخوازت. ڕێگای دووەمیش ئەوەیە کە ئێمە لێرەوە ڤیزەی خوێندنت بۆ وەربگرین." ئینجا پرسی: "تا چەندەت خوێندووە؟" گوتم: "ساڵی یەکەمی ئامادەیی." پێکەنی و وتی: "دەتەوێ بەم ئاستە خوێندەوارییە ببیتە چی؟ هیچ قوتابخانە و زانکۆیەک قبوڵت ناکات!" پاشان پرسیاری کرد کە ئینگلیزیەکەت چۆنە؟ منیش وتم: "زۆر کەم دەزانم". ئەو ژنە پیر بوو، پارەی ڕاوێژی وەرگرت و تێر و تەسەل هەموو شتێکی بۆ شی کردمەوە و ئینجا وتی ئەگەر دەتەوێ درێژە بە خوێندن بدەی، بەم بڕوانامانەوە هیچت پێ ناکرێ ... ناچارین بڕوانامەی دیپلۆمت بۆ ساختە بکەین. پارەت هەیە؟ و دووەم ئەوەی کە: ئەگەر بتهەوێ بڕۆی هەر وا بە ئاسان ڤیزە وەرناگیرێت. دەبێت لە نووسینگەی پاسپۆرت و فڕۆکەخانە و پۆلیس دەمی چەند کەسێک شیرین بکەی، کە ئەمەش پارەیەکی زۆری دەوێت. حیساب کیتابێکی کرد و وتی: "بۆ ئەوەی بگەیتە ئەم قۆناغە دەبێ ملیۆنێک بدەی." بیرم کردەوە بە سەرمایەی ٣٥٠ هەزار تمەنیی ناو دووکانەکەم لەگەڵ قازانجەکەیدا ئەوپەڕی بگاتە دووقات. بە خۆمم گوت: کامیل! دەبێ هەر جۆرێک بێ پارە پەیدا بکەی و بڕۆی ... زۆر زیاتر لەوەی کە ئێستا هەتە ..." ئەوە بوو جارێکی تر دەستم کرد بە پارە کۆکردنەوە.

چوومە لای فرۆشیارانی ئەو کاڵایانە کە لە کوردستاندا کڕیاریان زۆر بوو و یەک دوو کەس لە مەهاباد و بۆکان دەیانفرۆشت. دیارە لە کوردستاندا ژنان مەلیلە و پووڵەکە و زەنگیانە بۆ دوورینی دەستماڵی شانەوشان و جوانکاریی سەر جلوبەرگی ژنانە بە کار دێنن. هەر بۆیە بە خاترجەمییەوە چوومە سەر فرۆشتنی ئەم کەلوپەلانە. پێشنیارم بە فرۆشیارەکان دا کە پێکەوە شەریکی بکەین. من دەچمە باشووری ئێران و ئەم کاڵایانە کە بە جوملە لە دوبەیەوە هاوردەی ئێران دەکرێ، دەیکڕم و دەهێنم. ئەوانیش ڕازی بوون و بڕیار درا پێکەوە شەریکی بکەین. کەسێک خەڵکی پیرانشار، جوملەفرۆشێکی مەهابادی و کەسێکی بۆکانی و من و هەر چوار

کەسمان پێکەوە پارەمان دانا. من بە دوور لە چاوی باوکم و بە نێوەندگیریی دایکم، بڕێک پارەم لە نەنکم و خاڵە قادر و خاڵە ئەحمەد قەرز کرد. ئێستا دووکانی خۆمم هەبوو و کەسانی دیکە متمانەیان پێم دەکرد و لەگەڵم بەردەوام دەبوون و پارەیان بە قەرز پێم دەدا. بۆ یەکەم گەشتم چوومە دوورگەی قشم کە ئەوسا لە ڕووی ئابووریەوە ناوی دەرکردبوو و لە وڵاتانی کەنداوەوە وەکوو قەتەر و عومان و دوبەی کاڵا هاوردە دەکرا. کڕین لە قشم لە باری ئابووریەوە هەرزانتر دەکەوت و قازانجی باشی بۆ دووکانداره‌کان هەبوو. پێش ئەوەی بچمە سەربازی، باوکم چەند جارێک ڕۆیشتبووە دوبەی و عێراق و دەمزانی چەند قازانجێکی زۆری هەیە. بازاڕی ئەوێ پڕ بوو لە کاڵای بیانیی هەرزان و بەلەموانەکان لەودیوی سنوورەوە بە قاچاخ دەیانهێنان. ژمارەیەک کوردیش چووبوونە ئەوێ بۆ کارکردن، کاتێک چاوم پێیان کەوت پێیان وتم لە شانشینی عومان شارێک هەیە بە ناوی خەسەب دەتوانیت لە ڕێگەی گوندێکەوە بە ناوی سووزە کە لە دوورگەی قشمە، بچیتە عومان.

● وێنەی١٤٥. عومان، زستانی ١٣٧١ (١٩٩٢)

دوای سەفەرەکانم بۆ باشووری کوردستان کە یەکەم گەشتی دەرەوە و بەرکەوتنم لەگەڵ جیهانی دەرەوەی ئێران بوو، سەفەرم بۆ عومان کرد. ئەمیشم بە قاچاخ بوو. قاچاخچییەکان لە ئێرانەوە بێچووی حوشتر و بزنیان دەبرد و لەوێشەوە کەلوپەلی بیانییان دەهێنا. بێچووە حوشترەکانیان پاڵ دەخست و سمیان بە بەلەمەکەوە دەبەستنەوە. لە هەر بەلەمێکدا جێی دوو بێچووە حوشتر دەبووەوە. قاچاخچییەکان کەسانی نامۆیان نەدەبرد، بەڵام من کورد بووم و هاوئایینزایان بووم (سوننە)، هەر بۆیە بە گەرەنتیی دۆستێک لەگەڵ خۆیان بردمیان. شەو بەرێ کەوتین و بەخێراییەکی زۆر بەرەو عومان ڕۆیشتین. بۆ یەکەم جار وڵاتێکی تەواو عەرەبیم بینی. عومان زۆر لەگەڵ ئێران و عێراق جیاواز بوو. شارسازی و ئەو ئۆتۆمبێلانەی خەڵک لێیان دەخوڕی دەرخەری ئەوە بوو کە خەڵکی ئەوێ لە ڕووی خۆشگوزەرانییەوە لە ئاستێکی بەرزدان. کەشێکی خۆشی هەبوو؛ هۆتێلی لۆکس و ئۆتۆمبێلی بیانی و خانووی ڕۆژاوایی و کەناراوی خۆڵاوی و جوان و خەڵکانێکی ئەگەرچی نەریتپارێز، بەڵام سەریان لە ناو ژیانی خۆیاندا بوو و نێوانێکی خۆشیان لەگەڵ مۆسیقا و ئاواز هەبوو. ئەو شتانەی لەوێ کڕیبووم زۆر لە قشم هەرزانتر بوون.

گەشتکردن بۆ ئەستەنبوڵ

ڕەسووڵی بـرام گەیشـتبووە تەمەنـی هـەرزەکاری و پێی خۆش بوو لـە دووکانەکـەی مندا کار بـکا، چونکـە دووکانەکـەی مـن مۆدێـرنتر و ڕازاوەتر بوو. هـەر ئەمەش وای لێکـردم هەندێک دڵی خۆش بکەم و ڕەزامەندیی بەجێ بێنم و بە ئەرخەیانی سـەفەر بکەم. سـێیەم گەشتم بۆ دەرەوەی ئێـران بـەرەو تورکیـا بـوو. گەشـتێک کـە ڕوانگـەی منـی بەرامبـەر ژیـان گـۆڕی و بڕیـاری منی بۆ بەجێهێشـتنی ئێرانـی جیددیتر کرد. ئەسـتەنبوڵ لەگەڵ ئـەو جێگایانەی دیکە کـە بینیبووم زۆر جیـاواز بـوو. مۆدێـرن و نوێ بـوو و حەشـیمەتێکی زۆر گەشـتیاری ئەورووپی لەوێ بوون. ئاسـتی ئـازادی و جلوبـەرگ و مۆسـیقا و فەرهەنگـی خـۆراک و هتـد کـە لـە تورکیـادا ئەزموونـم کـرد، بـۆ مـن بـوو بە دەروازەی جیهانێکـی نوێ. وردەوردە چوومە ئەنقەرە و شـارەکانی باکوری کوردسـتان وەکـوو وان، حـەکاری، بازیـد و ... ئەڵبـەت ئەم سـەفەرانە یاسـایی بـوون، دوای خولی سـەربازی پاسـپۆرتم وەرگرتبـوو و پێویسـت نەبوو بە نایاسـایی بڕۆم.

یەکەم گەشـتم بۆ ئەسـتەنبوڵ بە پاس بوو، چەند ڕۆژێکی خایاند، لە سـەر سـنووری بازرگان مـن و چەنـد گەنجێکـی دیکەیان هەراسـان کرد. ئـەوان پێیان وابوو کە ئێمە بۆ کات بەسـەربردن دەچیـن، کەواتـە دەبـێ سەرێشـەمان بـۆ دروسـت بکەن. لـەو سـەردەمەدا خاڵەکانی پشـکنین و پاسـەوانیی سـنووری ئێـران زۆرتـر لـە دەسـتی سـپای پاسـداران و هێـزە سـەربازییەکان بـوو، کە هێزەکانیـان بۆیـان نییـە گەشـتی دەرەوەی وڵات بکـەن. بۆیـە هەندێـک لـە فەرمانبەرەکانیـان کەسـانێکی بوغـزاوی و تووشـی گرێـی دەروونیـن و لەگەڵ هەموو کەسـێک ڕەفتاریان نەشـیاوە. ئـەم سـەفەرە ئەزموونێکـی تـاڵ و وانەیەکـی گـەورەی بـۆ مـن هەبـوو. وتیـان ناتوانـن لـە بـڕە پارەیەکـی دیاریکـراو زیاتـر ببەن. منیش لەبـەر ئەوەی بـڕە پارەیەکی زۆرم پێبوو، بەشـێکیم وەک ئەمانـەت دا بـە هاوسـەفەرێکم کـە لە کورسـیی پێشـەوە دانیشـتبوو. کە سـنوورمان بەزانـد، وتم: دۆلارەکانـم بـدەرەوە. وتـی کام پـارە! هەرچـی داوام لێکـرد، نەیدامـەوە. شـۆفێرەکە وتـی: کـوڕی بـاش! دۆلارەکانـت هیـچ جیاوازییەکیـان لەگـەڵ دۆلارەکانی ئـەودا نییە و ناتوانی قسـەی خۆت بسـەلمێنیت. خـۆ ئەگـەر لای پۆلیسـی تورکیاش سـکاڵا بکـەی، پارەکەتان لێ دەسـتێنێ و هەر دووکتـان دیپـۆرت دەکەنەوە".

دەتگـوت لەگـەڵ دوژمنـم هاوسـەفەر بـووم. هـەر دووکمان لـە یـەک پاسـدا بوویـن، یـەک کورسـی لـە یـەکترەوە دوور بوویـن. ئـەو پـارەی منـی خـوارد و لەسـەر کورسـیی پێشـەوە خـەوی لێکەوتبـوو و منیـش ئەگـەر چەقـۆت لێدابایـەم خوێنـم لـێ نەدەتـکا. بـەڵام هیچـم لـە دەسـت نەهـات. ژنەکـەی هاوڕێـی کـە پێمـوا تـازە خواسـتبووی، شـایەت بـوو کـە پارەکەم بـە مێردەکەی داوە و لـە بـەر شـەرم لـە ڕووی هەڵنەدەهـات سـەر هەلێنـێ و لێـم بڕوانێـت. ئـەوان خەڵکـی گوندەکانـی تیلەکـۆی سـەقز بـوون و دواتـر زانیـم کـە بەنیازن لـە تورکیا ببنـە پەنابـەر. ڕەنگە ئەم

ئەزموونـەم پێویسـت بووبێـت بۆ ئەوەی بزانم هەموو شـوێنێک وەک شـارەکەمان نییـە، کە زۆرجار خەڵـک یەکتریـان دەناسـیو متمانەیـان بـە یـەکتر هەبوو. دەبـوو لـەوە تێبگەم کە لـە نێو خەڵکی کوردسـتاندا کەسـایەتی و فەرهەنـگ و پـەروەردەی جیـاواز و هەمەچەشـن هەیـە. بـۆ نموونـە ئـەم ئاسـتە متمانەیـە ئەوەنـدە بـاو بـوو کـە باوکـم ئۆڤێرکۆتەکانی بە قـەرز دەدا بـە خەڵکـی نـاو پاسـەکە و ڕاسـتگۆیانە و بـە متمانـەوە دەیـانبردەوە شـوێنی مەبەسـت. ڕەنگـە ئـەم ئەزموونـە پێویسـت نەبووبێـت، بـەڵام بـە دڵنیاییـەوە پێویسـت بوو. هەرچەندە من هێشـتاش هەر بە ئاسـانی متمانـە دەکـەم و زیانـم پێـدەگات، بـەڵام خەتـای مـن نییە، ناتوانیت بەبێ متمانە بژیت.



● وێنەی ١٤٦. ئەستەنبوڵ، مزگەوتی ئایاسۆفیا، پاییزی ١٣٧١ی هەتاوی (١٩٩٢)

دوای سـەفەرکردنم بـۆ تورکیـا زیاتـر لـە سـەر ئـەوە سـوور بـووم کـە ئێـران بەجێبهێڵـم. مـن گەنجێکـی لەدایکبـووی پەنجـاکان بـووم کـە ڕووبـەڕووی هەمـوو جـۆرە کۆتوبەندێـک وەکـوو شـەڕ و ئاوارەبـوون، گرتـن، زیندانیکـران و ئەشـکەنجەدان و کۆمیتـە چـوون بـە تاوانـی لەبەرکردنـی تیشـێرت یـان گوێگرتن لە مۆسـیقا ببوومەوە. کەچی ئێسـتا لە ئەسـتەنبووڵ بـووم و مۆسـیقای سـەر شـەقام و سـەما و بـاڕ و فێسـتیڤاڵ و دەنگـی براییم تاتلیسـەس دەبینی. هەمـوو ئەمانـە پێیـان وتم کە جیهانـی نزیک ئێمە چەندە بـاشتر و ئازادترە. ئەم گەشـتانەم درێژە پێـدا لـە ئێرانـەوە فسـتق و کەلوپەلـی دیکـەم دەبـرد و لەوێشـەوە پووڵەکـە و زەنگیانـە و مەلیلـەم ئاویدیـو ئێـران دەکـرد.

ئـیتر زۆر نەدەچوومـە دووکان و بـەو شـێوە داهاتێکـی باشـم دەسـت دەکـەوت. بـە هـۆی سـەفەر و سـەردانەکانم بـۆ وڵاتانـی دراوسـێ زمانی ئینگلیزییەکەشـم بـاشتر ببوو. مـن بە نهێنی مامۆسـتایەکی تایبەتم هەبوو و هەمیشـە زمانی ئینگلیزیم دەخوێند و لەگەڵ مەسـعوود پیرمەی هاوڕێـم دەچوومـە خولـی کۆمپیوتـەر. سـەرمایە و پارەکـەم بەشـی وەرگرتنی ڤیـزەی خوێندکاری دەکـرد. چوومـە هەمان ئەو کۆمپانیای گەشـتیارییە. لـە چەند زانکۆ وەرگیـرام. وتیان کە دەچیتە ئـەوێ بـۆ وەرگرتـن لـە زانکـۆ تاقیکردنەوەیەکـت لـێ وەردەگـرن و داوای بڕوانامـە دەکـەن. ئەگەر ئینگلیـزی قسـە کردنەکـەت بـاش بـێ ئـەوە بـاشتر قبووڵـت دەکـەن. نامەیـان بـۆ دوو کۆلێـژی لەنـدەن نـارد کـە تاکـە بـژاردەی من بـوون و وتیـان بە هـۆی بارودۆخەکەمـەوە ناتوانم ڕاسـتەوخۆ بچمـە زانکـۆ، دەبـا کۆرسـی پێـش زانکۆ و ئاسـتی ئـەی (A) کـە تێچووەکـەی چەند سـەد پاوەند بـوو، بخوێنـم. وتیشـیان دەتوانـم بـە شـێوەی نیـوەکات لـە پـاڵ خوێندنەکەمـدا کاریـش بکـەم و

لەبەر ئەوەی خوێندکارم باجم لێ وەرناگرن. داوای وەرگرتنم لە هەر دوو کۆلێژەکە کرد و داواکارییەکەشم نارد بۆ باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەڵام لە یەکەم خولی هەڵبژاردن و دیمانەدا، ڕەت کرامەوە. پرسیم بۆ؟ ئەو ژنەی کە لەوێ وەرگێڕ بوو بە سرتە پێی وتم: لەبەر تەمەنت، زۆر گەنجی. دەزانن دەڕۆی و ناگەڕێیتەوە. تۆش دەڵێی پارەیەکی زۆرم نییە و هەر ئەوەش دڵنیاتریان دەکاتەوە، بەڵام دەتوانی لە بڕیارەکەیان تانە بدەیت". تانەم تۆمار کرد، بەڵام دیسان ڕەت کرامەوە. گوتیان: داوای وەرگیران لە وڵاتێکی تر بکە. وتم مەحاڵە. من دەستبەرداری بەریتانیا نابم!

بە کاتی ماڵاوایی

بە خێزانەکەمم گوت دەمهەوێ کارەکەم بگۆڕم و دووکانێکی زێڕینگەری بکەمەوە. هەمووان واقیان وڕ ما. باوکم وتی درۆ دەکەی، بەڵام چۆن دەیتوانی بیسەلمێنێت؟ باوکم چەند کەسێک، لەوانە ماممی، ڕاسپارد کە پاشگەزم بکەنەوە. ئیتر هەموو دڵنیا بوون کە من نیازم وایە ئێران بەجێبهێڵم. دەیانزانی مەحاڵە من کارەکەم بگۆڕم، چونکە دووکانەکەم ناوی دەرکردبوو. کەچی نەیاندەزانی کە لەم ماوەدا هەموو ڕێگاکانی کۆچکردنم تاقی کردبۆوە. من چوومە تاران و نەتەوە یەکگرتووەکان و هەرجێگایەک کە شکم ببردایە و ڕووبەڕووی تەنگ و چەڵەمە بوومەوە ... تاکە ڕێگایەک کە بۆ من مابووەوە، ئەوە بوو بچمە تورکیا و بە پاسپۆرتی ئێرانی داوا بکەم کە وەک خوێندکارێکی بیانی بمنێرن بۆ بەریتانیا. بیستبووم کە لەوە ناچێ وەک خوێندکار وەربگیرێم، بەڵام ڕێگایەکم هەر دەدۆزییەوە ...

لە ڕۆژانی کۆتاییدا چوومە گرداشەوان و نەغەدە و مەهاباد و گوندی گۆلێ بۆ ئەوەی سەرێکی پوورەکانم بدەم. ڕەفتارم گۆڕابوو، وەک شتێ ماڵاواییم لێدەکردن و گەردن ئازاییم لێیان دەکرد. زۆر سەخت بوو، خەریک بووم لە کەسانێک دوور دەکەومەتەوە کە بەڕاستی خۆشم دەویستن. هەموو ڕۆژێک سەیری نەنکمم دەکرد و کزە لە جەرگ و دڵم هەڵدەستا. سەیری دایکم و خوشک و براکانم دەکرد و دەچوومە ماڵی مام و خزمەکانمان، سەری ڕەفێق و هاوڕێکانمم دەدا و... هەموویان دەیانزانی دەڕۆم بۆ هەندەران، بەڵام کەس نەیدەوێرا بیدرکێنێت. بە دزییەوە نامەیەکی ماڵاواییم نووسی و گەردن ئازادیم لە هەموویان کرد. چەند دانە وێنەم لە ئەڵبۆمەکە جیا کردەوە و نووسیم تکایە دەست لە کتێبخانەکەم مەدەن. بە ڕاستیش هەر وایان کرد، ماوەی ئەو چەند ساڵەی کە نەبووم دەستیان لە کتێبەکانم نەدا و نەنە و ڕەسووڵی برام ئاگایان لێ بوو. نووسیم ئەم کتێبانە تاکە دارایی منن و زۆر بۆم گرنگە لە شوێنی خۆیان بمێننەوە. بە جۆرێک دەستم کرد بە دابەشکردنی میراتەکەم و لە نامەکەدا نووسیبووم کە بۆ نموونە کاسێتەکانم دەچنە لای ڕەسووڵ، زەفتەکەم بدرێ بە کێ و هتد.

کاتێک دووکانەکەم کۆ کردەوە، پارەیەکی زۆرم هەبوو، هەموویم کردە دۆلار و بە نهێنی ڕۆشتم. بە پاس لە تارانەوە بەرەو ئەستەنبوڵ وەڕێ کەوتم. لە پاسەوانیی سنووردا کەمێک گومانیان لێکردم و سەرئێشەیان بۆم ساز کرد. نامەکانی سەردەمی سەربازی و کۆمەڵێک وێنە و شتی هاوشێوە بۆیان سەیر و گوماناوی بوو ... من دەبێ زۆر خۆپەرستانە ئاماژە بە شتێک بکەم؛ لەو کاتەدا زۆر شانازیم بە خۆمەوە دەکرد، چونکە نەک هەر ئەو سێ سەد و پەنجا هەزار تمەنەی کە باوکم لەو ساڵەدا بۆ دەستپێکردنی کار پێی دابووم گەڕاندمەوە، بەڵکوو پارەیەکی زۆرم بۆ کۆچکردن دەستکەوتبوو. هەرچەندە میهرەبانی و یارمەتیی باوکم بووە هۆی پێشکەوتنم، بەڵام خۆشم بەڕاستی بۆ دەستخستنی ئەم بڕە پارە زۆرم زەحمەت کێشابوو. لە ساڵی ٢٠٠٩ کە گەڕامەوە بۆ ئێران، سەرنجی فەرهەنگی بەربڵاو و باوی کۆمەڵگام دا کە چۆن لە ڕووی سەرمایەوە ئاگایان لە منداڵانی تازەلاو و لاو هەیە. لە ناو خزم و ناسیاوەکانمدا زۆر کەسم بینی کە نەک هەر بۆ سەرمایەی دەستپێکردنی کار و پیشە، بەڵکوو بۆ سەرتاسەری ژیانیان پشت بە خانەوادەکەیان و بەتایبەت باوکیان دەبەستن. ئەم ڕەوتە وێرانکەرە کاریگەریی خراپی لەسەر متمانە بەخۆیی و سەربەخۆیی ئابووری تاکەکان و نەوەی ئێستا دەبێت.

● وێنەی ١٤٧. شێخ ڕەش، شنۆ، ١٣٧٠ی هەتاوی (١٩٩١)

لە کۆتاییدا لە سنووری ئێران دەرچووم و گەیشتمە تورکیا. بۆ مانەوەم لە ئەستەنبوڵ هۆتێلێکم هەڵبژارد. هەڵبەت هەڵبژاردنەکەشی زۆر بە دەست من نەبوو، شارەزای هیچ کوێ نەبووم، هەر بۆیە لە ناو پاسەکەدا ئەو هۆتێلەیان پێم پێشنیار کردبوو. من لەگەڵ یەک دوو کەس قسەم کرد، بەڵام بەڕاستی لە زمانی تورکی یان تورکیی ئەستەنبوڵی کە لە تورکیا قسەی پێدەکرێ تێنەدەگەیشتم و تەنها ئەوەندە تێدەگەیشتم کە دەیانوت مەرجەکان ناتگرێتەوە. زۆرێک لە ئێرانییەکان پێیان وتبووم وریا بە، لەوانەیە پارەکەت بدزن و ئەوەش نیگەرانیمی زیاتر دەکردەوە. قەزائەن ئەمە ڕووی دا، بەڵام نەک دز و ملهووڕەکان، بەڵکوو تووشم بوو بە تووشی پۆلیسی ئیستەنبوڵەوە، بیستبووم کە هەندێکیان زۆر گەندەڵن، دوو پۆلیس بانگیان کردم و لە پشت ئۆتۆمبێلی پۆلیس بە بیانووی پشکنینی ناسنامەکەم ناچاریان کردم کە گیرفانەکانم بەتاڵ بکەمەوە و نیوەی ئەو بڕە پارەی کە لە گیرفانمدا بوو زۆر لەسەرخۆ و هێمنانە دەریانهێنا و لە ناو خۆیاندا بەشیان کرد، بەڵام خوا هەڵناگرێ پیاوەتییان

کرد ئەوەی دیەکیان پێدامەوە. بەڵام بەخت یارم بوو کە پارە زۆرەکەمیان، کە لە شۆرتەکەمدا شاردبوومەوە، نەدۆزییەوە.

نەجمەدین ئەربەکان تازە هاتبووە سەر دەسەڵات و لە ساڵی ١٩٩٦دا یەکەم حکومەتی ئیسلامیی تورکیا بوو. ژمارەی زۆرەی لەشفرۆشەکانی ناوەندی شار بە لامەوە سەیر بوو، لەشفرۆشانی وڵاتانی جۆراوجۆر، بەتایبەت سۆڤییەتی جاران کە ژمارەیان یەکجار زۆر بوو. ئەوان لە ڕێگەی لەشفرۆشیەوە پارەیان کۆ دەکردەوە و کاڵایان دەکڕی و دەیانبردەوە بۆ وڵاتەکانیان. هەتا چەند ڕۆژ وەکوو کەسێکی نامۆ، بە هەڵسوکەوت و ڕووداوەکانی ئەوێ سەرسام دەبووم، ئەوەی کە هۆتێلەکان ژووری کاتژمێرییان بە لەشفرۆش و مشتەرییەکانیان دەدا یان هەڵسوکەوتی ئیسلامگەراکان، یەکجار دەبوونە هۆی سەرسووڕمانم. لە گەڕەکی ئاکسارای، ئەو هۆتێلەی کە لێی دەمامەوە، لە بەیانییەوە هەتا شەو و لە شەوەوە هەتا بەیانی گوێم لە ناڵە و نرکەی سێکس و دەنگی مووسیقا و خەندە بوو. تا بەرەبەیان دیسکۆی ناو هۆتێلەکە بەزم و بەرنامەی بەڕێوە دەبرد و هەمیشە شەڕ و لێدانیش تێیدا ڕووی دەدا.

شێخ عوسمان نەقشبەندی

لە سەرەتای حکومەتی ئیسلامگەراکاندا، پۆلیس کەوتە ڕاوەدوونانی لەشفرۆشەکان و بەشێک لە خەڵکی گەڕەکی سوڵتان ئەحمەد و ئاکسارای، کە من لێی بووم، دەیانگوت: "خوا ئەربەکان بە لەعنەت کا! ئێمە پێشتر کێشەی وامان نەبووە. خەریکە کار و کاسبی و ژیانمان تێک دەدا..." ئەم قسانە بۆ من وەک خەونێک وا بوون. من لە ئێران ژیابووم و بینیبووم کە لە چوارچێوەی یاسای فەرمیی ئێراندا لەشفرۆشی سزای یاسایی لەسەرە، کەچی خەڵکی تورکیا حکومەتیان بە تاوانبار دەزانی، چونکە ڕێگری لە کارکردنی لەشفرۆشەکان دەکات.

دوای دوو ڕۆژ بڕیارم دا تەلەفۆن بۆ ماڵەوە بکەم. بە لەرز و خاوەخاوکردنەوە تەلەفۆنم بۆ باوکم کرد. لەو ڕۆژەوە کە من سەرم هەڵگرتبوو و دووکانەکەم نەکرابووەوە، هەمووان لە بێخەبەریدا بوون. کاتێک بینیان دوو ڕۆژە من دیار نیم، مامم دەنێرن بە دوامدا. کە مامیشم منی نەدۆزییەوە نەنکم تەلەفۆن بۆ پوورەکانم دەکات و دەڵێ: "وەرن سەروو لە قوڕ نێن، لە ماڵە خۆتان دانیشتوونە و کامیل دیار نییە لە شاخە، لە زنیدانە ...." هەمووان لە ماڵەکەماندا کۆ دەکاتەوە بۆ ئەوەی بەدوای چارەسەردا بگەڕێن. کە تەلەفۆنم کرد بیست کەسێک لەوێ بوون! باوکم تەلەفۆنەکەی هەڵگرت، منیش گوتم: "کامیلم". باوکم بە وروژان و حەسرەتێکی زۆرەوە هاواری کرد: "هەتیوە سەگبابە ئەوە لە کوێی؟" وتم: "لە تورکیا، لە ئەستەنبوڵم. بۆیە تەلەفۆنم کرد کە پێتان بڵێم ببەخشن وا بێدەنگ ڕۆشتم و کەستانم تێنەگەیاند" پاشان دەستم کرد بە ڕوونکردنەوە "ببەخشن، بەڵام ڕێگایەکە کە هەڵمبژاردووە. تازە من بۆ ئەوێ نابم، پێم

خـۆش بـوو لـە ئێـران بـڕۆم و بخوێنـم. نیگەران مەبـن ... ناچمـە ناو بزووتنـەوە سیاسـییەکانەوە و بەڕاسـتی دەڕۆم بـە دوای خوێنـدن و دانیشـگادا...". هەمـووان بـە گریانـەوە دەیانویسـت قسـەم لەگـەڵ بکـەن، بەڵام پـارەی تەلەفۆنەکە گران بوو و ناچار بووم هەرچـی زوو تەلەفۆنەکە دابخەم.[1]

دوای ئـەم پەیوەندییـە زۆر تاسـەم کـردن. هێنـدە بێئۆقـرە بـووم کـە چەندیـن کاتژمێـر لـە گەڕەکـی ئەکسـارا لـە کەنـار دەریـادا خەفەتبارانـە دانیشـتم و بـە خۆمـم دەگـوت: "تۆ لـە قۆزاغە ئەمنەکـەت هاتیتـە دەرەوە و ڕێگایەکـی سـەخت و خـراپ و نادیـارت لـە پێشـە. دەبێ تێبکۆشـی زیاتـر بـڕۆی و هیوابڕاو نەبـی". دوای ئەوە چەند ڕۆژ جارێک تەلەفۆنم بۆ ماڵـەوە دەکرد و بەردەوام لێیان دەپرسیم پلانم بۆ داهاتوو چییە و دەمهەوێ بچمە کوێ؟

● وێنەی ١٤٨. شێخ محەمەد عوسمان سیراجەدین نەقشبەندی

لـە هۆتێلـدا، تووشـی ئێرانییـەک هاتـم کـە بـۆ گەشـت و سـەیران هاتبـووە تورکیـا، پێکـەوە لـە گەڕەکـی تەقسـیم خانوویـەکمان بەکـرێ گـرت. دەسـتم کرد بە گـەڕان بـەدوای ڕێگای دەربازبـوون لـە تورکیـا. گوتبوویـان کەسـێکی خەڵکـی ناوچەکەمـان لەوێیـە و ڕەنگـە بتوانـێ یارمەتیـم بـدات. بەرگـدوور بـوو و ئـەو شـتەی کـە مـن دەمویسـت زۆری لـێ نەدەزانـی. بـەڵام چوومـە لای، گوتـی: "تەنهـا یەک ڕێـگات هەیە، ئەویـش ئەوەیـە بچیتـە دەوروبـەری ئەسـتەنبوڵ، بچییـە ماڵـی شـێخ عـوسمان[2]، کـە شـێخێکی

١. ڕەنگـە ئێسـتا پێتـان شـتێکی پێکەنینـی بێ، ئەو سـەردەمە تەلەفۆنکردن بۆ بنەماڵە و ئازیزان ئیشـێکی ئەسـتەم و چەتوون بـوو. هـەم تێچـووی زۆر بـوو، زۆرێـک لـە مـاڵان تەلەفۆنیـان نەبـوو. تەنانـەت بەجۆرێـک بـوو کـە لە هـەر گەڕەکێکـدا هەندێک لـە مـاڵان تەلەفۆنیـان هەبـوو و دەیانخسـتە بەردەسـت ئـەو دراوسـێیانەی کـە کەسـوکار و ئازیـزی دوورەوڵاتیان بـوو. هەرکات تەلەفۆنیـان بـۆ ئـەو دراوسـێیە بکردایـە دەچوون بانگیـان دەکرد بۆ ئـەوەی لەگەڵ ئازیزەکەی قسـە بکات. دیـارە لە پێکهاتەی ژیانـی نەریتـی و گەڕەکیـی ئـەو سـەردەمەدا، دراوسـێکان لە نـاو خۆیاندا یەکگرتووتـر و هاودڵتر بـوون، ئەو جـۆرە پەیوەندییانە کە لەسـەر بنەمـای هاوڕێیەتـی و هاوکاریکـردن دامەزراوبوون، زیاتـر دەبینران.

٢ . شـێخ محەمـەد عـوسمان نەقشـبەندی کـوڕی شـێخ عەلائەدیـن نەقشـبەندیی بیـارە و نـەوەی شـێخ عومـەر زیائەدیـن نەقشـبەندییە. محەمـەد عـوسمان سـاڵی ١٢٧٥ی هەتـاوی (١٨٩٦-١٨٩٧) لـە گونـدی سـەفیاوا سـەر بـە شـاری جوانـڕۆ لەدایـک بـووە. دایکـی نـاوی نوریجـان خانمـە کـە دەبێتـە کچـی محەمـەد سـادقوەزیری. ناوبـراو کـە پێوەنـدی لەگـەڵ بەرپرسـانی بـاڵای ڕژیمـی پەهلـەوی هەبـوو، دوای ئینقلابی ئیسلامیـی ئێران لە سـاڵی ١٩٧٩، دژایەتیی کۆمـاری ئیسلامی کـرد و وێدەچـێ بـە هاوکاریـی عێـراق گرووپی ڕزگاری پێک هێنـا. گرووپـی ڕوزگاری دوو هەزار هێزی چەکـداری لە هەورامان جێگیـر کردبـوو. دوای ململانێـی سـەربازیی ئـەو گرووپـە لەگەڵ سـپای پاسـداران و ئەرتەش، شکسـتی هێنـا. کەمێک دوای ئینـقلاب، شـێخ محەمـەد عـوسمان نەقشـبەندی لـە پێشـدا چووە گوندی بیارە لەسـەر سـنووری عێـراق و دواتر چـوو بۆ بەغدا و لەوێشـەوە ڕوی کـردە ئەسـتەنبوڵی تورکیـا و ١ی کانوونـی دووی ١٩٩٧ لـە خانەقاکەی خۆی لە شـاری ئەسـتەنبوڵ کۆچی دوایـی کرد.

بەناوبانگی تەریقەتی نەقشبەندییە، ئەو شێخە ئیسالەتەن[1] هەورامییە و خەڵکی دێی بیارەیە. لەبەر ئەوەش لەناو کورددااندا بە شێخی بیارە ناسراوە. ئەوانەی هاتوچۆی ئەوێ دەکەن ڕەنگە بتوانن یارمەتیت بدەن". شێخ لەوێ خانەقایەکی گەورەی هەبوو، خۆزگە دەتانبینی ئەم شێخە لەلایەن سۆفییە تورک و کوردەکان و تەنانەت هی وڵاتانی دیکەش، چ پێشوازییەکی لێدەکرا. ماڵێکی چەند نهۆمی هەبوو، لە قەراخ دەریا و دوور لە شار. ناوی کەسێکیان پێدام کە دەیتوانی یارمەتیم بدات. ناونیشانەکەیم وەرگرت و ڕۆشتم، ماوەیەکی زۆری پێچوو هەتا توانیم بیدۆزمەوە. کاتێک کە گەیشتم نەیانهێشت بچمە ژوورەوە. وتیان تۆ زیارەتکار نیت، دەبێ دیوی پشتی بیناکە و ئەم کەسە لە فڵان جێگا بدۆزیتەوە. کاتێک گەیشتم، کۆمەڵێکی بیست کەسی لەوێ لە خوار ئەو جێگایە لە کەنار دەریادا لە ناو خێوەت و کەپردا بوون. ئەو کەسەی کە بەدوایدا دەگەڕام دۆزیمەوە. وتیان چووەتە ماڵی شێخ و منیش دەبێ لەوێ چاوەڕێ بم. ماڵی شێخ عوسمان نەقشبەندی چەند بەشی هەبوو. ئەوانەی بۆ زیارەت دەچوونە ماڵی، شەوانە بەرنامەی ئامۆژگاری و وتنەوەی سروودیان هەبوو. زۆربەی ئەوانەی لە دەرەوەی لە نێو خێوەتەکان دەمانەوە، کورد بوون. لە کاتی نان خواردندا لە دەرگای پشتەوەی هەمان ئەو ماڵەوە دەچوونە ژوورەوە و نانیان دەخوارد، بەڵام بۆیان نەبوو بچنە ناو خانەقاکە.

چاوەڕێی هاتنی ئەو کابرا بووم. لە کۆتاییدا لەگەڵ دەست و پێوەندەکەی هات. گەنج و خەڵکی مەریوان بوو، دوو سێ ئیسکۆرتی هەبوو، چوومە لای، وتم ئەو کەسەی وا بەرگدووره تۆی پێم ناساند و وتی جەنابت دەتوانی یارمەتیم بدەی و ڤیزەم بۆ وەربگریت. پێکەنی و وتی: "کوڕی چاک ڤیزەی چی و شتی چی؟! من قاچاخچیم، یانی نەفەربەرم و دەتوانم بە فیکەیەک بتبەمە یۆنان. پاسپۆرتەکەت هیچ سوودێکی بۆت نییە" پاشان وتی دەبێ بڕە پارەیەکی دیاریکراو بدەیتە دەست چێشتلێنەرەکەی شێخ. کاتێک گەیاندتمە ئەسینای پایتەختی یۆنان و لە شوێنی مەبەست دامبەزاندی، تەلەفۆن بۆ ئەو چێشتلێنەرە دەکەی و پێی دەڵێی پارەکە ڕادەستی پیاوەکەی من بکا کە لێرەیە. بەرنامەیەکی لەو شێوەم نەبوو و وتم: "نامهەوێ بە قاچاخی بڕۆم". وتی ئەمە تاکە ڕێگایە کە بەم دواییە کراوەتەوە و دەرفەتێکی کاتییە، ئیتر خۆت دەزانی! قبووڵم نەکرد و لە ئەستەنبوڵ مامەوە.

هەتا زیاتر سەردانی کۆمپانیا خوێندکارییەکان و ئاسانکاری جۆراوجۆری ڤیزەم دەکرد، ڕێگاکانی کۆچکردن بە شێوەی یاسایی و گەیشتن بە لەندەنم کەمتر دەبۆوە. تاکە ڕێگای یاسایی ئەوە بوو کە لە تورکیا بمێنمەوە و ڤیزەی کار و ئیقامە وەربگرم و دوای ماوەیەک کارکردن و پێدانی باج و هەبوونی مۆڵەتی ئیقامە، وەک فێرخوازی زمان یان خوێندکاری میوان کە لە تورکیا دەژی، بچمە باڵیۆزخانەی وڵاتانی ئەورووپا و داوای ئەوە بکەم لەو وڵاتانە

---

١ . بە ڕەچەڵەک

وەک خوێندکار وەربگیرێم. بژاردەیەکی دیکە ئەوە بوو کە دەستبەرداری کۆچی یاسایی بم و چش لە هەموو شتێک بکەم، دیارە بڕیارێکی قورس بوو، بەڵام ڕێدەرەتانی دیکەم نەبوو.

قاچاخبەرەکان چاوەڕێن

هاتمە سەر قسەی قاچاخبەرە مەریوانییەکە، هیچ بژاردەیەکی ترم نەبوو و ئەو ڕێگایەی کە دەبا بە شێوەی یاسایی تێیپەڕێنم، لەوانە بوو چەند مانگ یان تەنانەت ساڵانێک بخایەنێت. کاتێک چوومە یەک دوو فەرمانگەی تایبەتی کە خوێندکارانیان ڕەوانە دەکرد و دۆسییەم تۆمار کرد، پارەیان لێ وەرگرتم، یان باشتر بڵێم باجیان لێم وەرگرت! چوومە لای هەمان ئەو قاچاخچییە. بەڵێنی دا لەگەڵ خۆی بمبا و بە کەسم نەسپێرێت. ئینجا وتی: تۆ کوردی عێراق نی و بۆ کاری کرێکاری یان شتێکی لەو جۆرە ناچی بۆ هەندەران، دەی بۆچی دەچیتە خاریج؟ وتم دەچم بخوێنم. پێکەنی و وتی: تۆ یەکەم مشتەرییەکمی کە بۆ خوێندن و زانکۆ دەچێتە هەندەران، مەگەر شێتی؟ بڕۆ بۆ ئەڵمانیا، لەوێ پارە پەیدا بکە و ڕابوێرە!" پاشان زۆر ڕاشکاوانە و قسە لە ڕووانە وتی: "بەهەر حاڵ لە منداڵێکی ساویلکە دەچی و وادیارە گەمژەشی، بۆیە من لەگەڵ خۆم دەتبەم، لە بابەتی پارەشەوە لە گەڵت پێک دێم، خەمی هیچت نەبێ".

بەو شتانەی کە من لەبارەی قاچاخبەرەکانەوە بیستبووم، نەمدەتوانی نیگەران نەبم. بەڵام ئەو پیاوێکی باش بوو و بەو ڕێگایەی کە لە سنووری یۆنان کرابووەوە، ئێمەی گەیاندە ئەسینای پایتەختی وڵاتی یۆنان. من و مامۆستایەکی خەڵکی مەریوان سەرنشینی نازداری کاروانەکەی بووین و لەبەر ئەوەی پارەیەکی باشمان پێدابوو، بە درێژایی ڕێگاکە ئێمەی لە یەکەم کاروانـدا لەگەڵ خۆی دەبرد و بە ڕێگاوە زۆر توندوتۆڵ دەڕۆیشت. دەبا بەشێکی زۆری ڕێگاکەمان بە پێ ببڕیایە و ئەمەش هێندەی تر کۆچکردنەکەمانی قورستر کردبوو. بەرنامەی قاچاخبەرەکە وەها بوو کە بە چەند ئۆتۆمبێلی ڤان لە ماڵی شێخەوە بردینی بۆ شوێنێک. بارهەڵگرێک هات و هەموومان سواری بووین، نزیکەی سی کەس بووین. بارهەڵگرەکە چادرێکی هەبوو، دوای ئەوەی سواری بووین، کەمێک کەلوپەلیشیان خستە ناو بارهەڵگرەکە، ئیتر جێگامان زۆر تەنگ ببوو و قاچەکانمان لە چەند سەنتیمەترێک زیاتر جێگای نەبوو، نەماندەتوانی بە ئاسانی بجوڵێین و سڕ ببووین. تەنیا من و ئەو مامۆستا مەریوانییە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووین. زۆر لەگەڵ ئەم دۆخەدا ڕاهاتەبووین و ئێمە ماینەوە لەگەڵ کۆمەڵێکی دیکە کە زۆربەیان کوردانی باشوور و چەند کەسێکیشیان کوردی باکور بوون و زاراوە و فەرهەنگیان لەگەڵ ئێمە جیاواز بوو، زۆربەیان کرێکار و جووتیاری لێهاتوو بوون، هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەکتر توندازۆیانە بوو و بەردەوام شەڕیان دەکرد و دەیانویست هەرچی

زووتـر بـە نیـازی کارکـردن بگەنـە ئەڵمانیـا. ئەوسـا ئەڵمانیـا ئاسـانکاری بـۆ وەرگرتنـی کرێـکار و کۆچبەرانـی بیانـی کردبـوو و لـەو پەڕی گەشـەی ئابووریدا پێویسـتی بـە هێزی مرۆیـی زیاتر بوو.

پاشـان ئێمەیـان بـردە نزیـک ڕووبارێـک و چەنـد کاتژمێرێـک لـە نزیـک دارێکـی گـەورە چـاوەڕێ بووین. قاچاخبـەر لـەوێ ڕۆڵـی خـودا دەبینـێ. ئەوانـەی بەهێـز و خـورت بـوون یەکـی پێمەڕەیەکـی پێـدان و پێـی گوتن عەرزەکـە هەڵکەنن. قاچاخبـەرەکان چەند بەلەمـی باڵداریان لـە ژێـر عـەرز شـاردبۆوە. کـە بەلەمەکانمـان لـە ژێـر عـەرز دەرهێنـا، بە نـۆرە فوومـان تێدەکـرد بۆ ئـەوەی هەڵماسـێت. بـە شـەو لە ڕووبارەکـە پەڕینەوە. با دەهـات و پەیتا پەیتا پێیان دەوتین سـەر هەڵمەهێنـن و بێدەنـگ بـن، چونکـە لـە هـەر دوو لا پاسـەوانانی سـەر سـنووری تورکیـا و یۆنـان گەشـتیان دەدا و شـوێنەکەیان دەپشکنـی. ئەگەرچی هێشتا کەس شارەزای ئەم ڕێگایەی نەبوو، بـەڵام ئەوەنـدە چیرۆکی ترسـناکمان لە ئازاردانی پەناخوازان لە لایەن پاسـەوانانی سـنووری هەر دوو وڵاتـی تورکیـا و یۆنـان بیسـتبوو کـە تـرس و وریاییەکەمـان شـتێکی نائاسـایی نەبـوو. ئەگەر کۆچبەرێکـی نایاسـایی لەلایـەن هێزەکانـی سـنووری تورکیـا یـان یۆنانـەوە بگیرایـە، ئـەوا پـارە و کەلوپەلەکانیـان دەدزی و لێیـان دەدا و دواتـر فڕێیـان دەدایـە ئەودیـوی سـنوور.

کـە گەیشـتینە ئەوبـەری ڕووبارەکە،، دیسـان چاڵێکیان هەڵکەند و بەلەمەکانیـان لەو چاڵەدا شـاردەوە. پاشـان بەسـەر دوو گرووپدا دابەش بووین و پیادە وەڕێ کەوتیـن. قاچاخبەرەکە خۆی لەگـەڵ ئـەو گرووپە هات کە ئێمـەی تێدا بووین و گرووپەکەی دیکـەش یەکێکی دیکە لەگەڵیان هـات و دووسـەد مەتـر دوورتـر لە یەک دەڕۆیشـتین. لـە ڕووبارەکـە پەڕینەوە و چووینـە ناو خاکی یۆنـان. پـاشماوەی ڕێگاکـە دارسـتان و شـاخ بـوو. شـەوانە دەڕۆیشـتین و بـە ڕۆژدا دەخەوتیـن و ئـەو هەمـوو ڕاکـردن و هەڵگـەڕان و داگـەڕان لـەم شـاخ بـۆ ئـەو شـاخ و لـەم گـرد بـۆ ئـەو گـرد و شـەونخوونییە چەنـدە بۆمـان دژوار بـوو. هەرگیـز لـە ژیانمـدا بـە کۆڵەپشـتییەوە ئەوەنـدەم ڕێـگا نەبڕیبـوو و پـێڵاو و جلوبەرگـی باشیشـم لەگەڵ خـۆم نەهێنابوو.

مـن و مامۆسـتا مەریوانییەکـە زیاتـر لە گەشـتیار دەچووین نەک ئـەو کۆچبەرە نایاسـاییانەی کـە ڕا دەکـەن، و لـە نێـو ئـەو هەمـوو پیـاوە بەهێـز و پێـزەدا ئێمـە زۆر زەق و دیار بووین. هەمیشـە بـە شەلەشـەل خێرایی کاروانەکەمان خـاو دەکردەوە و بەردەوام لەبەر ماندوێتی و جگەرەکێشـان لـە کاروان وەدوا دەکەوەتیـن و گـوێمان لـە بۆڵـە بۆڵەکانیـان دەبـوو. بـە لامـەوە سـەیر بـوو کـە ئـەوان دەیانزانـی مـەودای نشـینگەی یەکـەم تا نیشـنگەی دووەم چەنـد کاتژمێـرە و ڕێک چەندە دەخایێنـێ هەتـا بگەینـە ئەوێ. لە سـەر عەرزەکە سـووتکە جگەرەمـان دەبینـی کە دیـارە هی ئەو کاروانانـە بـوو کـە پێش ئێمـە لەوێ تێپەڕیـون. بە درێژایی ئـەو ڕێگایە حکومەتی یۆنـان پەناگەی کۆنکرێتـی بـۆ شـوانەکان و مـەڕەکان دروسـت کردبـوو بـۆ ئـەوەی لـە ئەگـەری لافـاودا پەنایان بۆ ببـەن، ئێمـە هەندێـک جار لـەم پەناگانـەدا دەخەوتین کـە بۆنی پشـقەڵ و بۆگەنیـان لێدەهات.

هـاوکات لەگەڵـە کاروانەکـەی ئێمـەدا، کۆمەڵێکـی دیکـەش لـە دوامانـەوە دەهاتـن، بـەڵام

لەلایەن پۆلیسی سنووری یۆنانەوە گیران. ئێمە بەخت یارمان بوو کە پۆلیس ئێمەی نەبینی. دواتر کە لە کەمپی ئەسینا چاومان پێیان کەوت، دەیانگوت دوای دەستگیرکردنیان زۆریان لێ دراوە و پارەکانیشیان لێ وەرگیراوە، ئینجا هەر لەو ڕووبارەوە ڕەوانەی تورکیا کرابوونەوە. لەلایەن پۆلیسی تورکیاشەوە لێدانێکی فرەیان کردبوون و دواجار بە چەرەمسەری و مشەخەتێکی زۆرەوە توانیبوویان جارێکی تر خۆیان بگەیێننەوە ئەم دیو.

گەیشتینە شارێکی گچکە و ڤانێک کە شۆفێرەکەی تورک بوو لە دارستانەکە هەڵیگرتین و لە نزیک وێستگەی شەمەندەفەر دایبەزاندین. پاشان ڕێنمایی کردین کە چۆن بلیت بکڕین و سواری شەمەندەفەر بین. هەتا ماوەیەکی زۆر نەمدەزانی ئەو کەسەی کە ئێمەی بردە ناو ڤانەکەوە، لە تورکە دانیشتووەکانی یۆنان بوو کە لە زووەوە لەوێ گیرسابوونەوە و حەشیمەتیشیان کەم نەبوو. لەو کاتەی کە لە بەردەم ماڵی شێخ سواری ئۆتۆمبێلەکە بووین هەتا گەیشتینە ئەم وێستگەی شەمەندەفەرە چوار ڕۆژی پێچوو. من ئامادەی ڕێپێوان و سەفەرێکی وا نەبووم. قاچەکانم تۆقلەیان کردبوو و خۆشم نەمدەزانی چیم بە سەر دێت. دوای چەندین کاتژمێر، لەگەڵ گرووپێکی چەند کەسیدا گەیشتمە ئەسینای پایتەختی کۆنی یۆنان. ئەسینا لە مێشکمدا شتێک بوو کە لە کتێبەکاندا خوێندبوومەوە، شوێنێک کە مێژووی شارستانییەتەکەی سێ هەزار ساڵە و ئاوێتەیەک لە گیرایی دیرۆکی و مۆدێرن. لانکەی فەلسەفە بوو و ئەفلاتوون و ئەرەستوو لەوێ ژیاون. پڕ بوو لە کتێب و مشتومڕی فەلسەفی و پەیکەری لە بەرد نەخشێندراو و باڵاخانەی گەورە و سپی و بێشکەی یەکەمین دیموکراسیی جیهان بوو. تامەزرۆی ئەوەم بوو کە بە زووترین کات بچمە سەر گردە بەردینە بەناوبانگەکەی ئاکرۆپۆلیس.

ئاکرۆپۆلیس و مۆسیۆی هاوڕەگەزخواز

من چاوەڕێی ئەوەم بووم کە ئەسینا و یۆنانێک ببینم کە لە پەرتووکە مێژوویییەکاندا خوێندبوومەوە. من سەبارەت بە یۆنان نیشانەی زۆرم لە مێشکدا بوو. وردەکارییەکانی ڕۆمانی "نان و شەراب"ی سیلوونە[1] بە وەرگێڕانی محەمەدی قازی یا کتێبی "موحاکمەی سوقرات" و ... بە بیر دەهاتەوە و چاوەڕێ بووم کە هەرچی زووە بچمە کۆمەڵگەی مێژوویی سازەی

١. کتێبی "نان و شەراب" لە نووسینی ئینیاتسیۆ سیلۆنە یەکێک لە شاکارەکانی سەدەی بیستەمە و چیرۆکی مرۆڤێکی دڵپاکە کە لە جیهانێکی پڕ لە شەڕ و خوێنڕشتندا چاکەی بۆ خەڵک دەوێت. وەرەی خۆڕاگریی تاکەکانی ناو ئەم چیرۆکە لە دژی ستەم و زوڵمی فاشیزم یەگجار ئیلهامبەخش و سەرنجڕاکێشە و نیشان دەدا کە ڕۆحێکی بریندار دەتوانێ مەحاڵ بکاتە مومکین، تەنانەت بە دەستی بەتاڵیش بێت. ئەم چیرۆکە لە سەردەمی ڕژێمی مۆسۆلینیدا ڕوو دەدات.

زێیـۆس[1] و گـردی بەردینەی بەناوبانگی ئاکرۆپۆلیس[2] و شـوێنە خۆشـەکانی دیکەی ئەو شـارەش ببینم.

لـە ئەسـینای پایتەخـت ئێمەیـان لـە ژێـر پاسـەوانییەکی چڕوپـڕدا بـردە هۆتێلێـک. بـۆ قاچاخبـەرەکان زۆر گرنـگ بـوو کـە بەیانییەکـەی زوو تەلەفـۆن بکەیـن و بـە چێشـتلێنەرەکەی شـێخ بڵێیـن پارەکەیـان پێبـدات. ئـەو کەسـەی ئێمـەی بردبـوو لـە کۆتایـی گەشـتەکەدا منـی بـۆ نانـی بەیانـی خوڵـک کـرد و منیـش یەکێـک لـە خۆشـترین و بەتامتریـن ماسـتەکانی ژیانـم لـەوێ خـوارد. بەرمیلـە گەورەی ماسـتی خەسـت[3] و چەور کـە لەبـەردەم دووکانەکانـدا دایاننابوو و یۆنانییـەکان بەیانیـان بـە سـەتڵەوە دەهاتـن بـۆ ماسـت کڕیـن، ئەوەنـدە بەتـام و خـۆش بوو کە دواتـر بـۆم دەرکـەوت کـە ماسـتی یۆنانی لەخـۆڕا جیهانی نەبـووە، ئێسـتاش ئەورووپـا یەکێک لە بەناوبانگتریـن و بەتامتریـن ماسـتەکانی جیهانی هەیە و بەکارهێنەری ماسـت لـەوێ زۆرە. دوای نانـی بەیانـی، تەلەفۆنمـان کـرد و پـێمان ڕاگەیانـدن کـە گەیشـتووین و پارەکـە ئاڵوگۆڕ کـرا. ئەو پیـاوە پێـی وتـم: "دەبـێ بگەڕێمـەوە بۆ تورکیا، کەسـێک کـە دەتوانـێ کۆمەکت بکا لـە کەمپێک لـە دەرەوەی ئەسـینای پایتەخـت دەژی، پێـم وتـووە لـە کام هۆتێلـی و دێ بـۆ لات".

تەلەفۆنـم بـۆ ماڵەوە کـرد و گوتم هاتوومەتە ئەسـینا. دەمزانی باوکم لەو سـەروبەندەدا چەندە بـە فیـز و خۆبادانـەوە خەریکـە باسـم دەکا کـە کامیل لێـرەوە چووە بۆ ئەسـتەنبوڵ و ئێسـتا چەند ڕۆژێکـی تـر دەگاتـە یۆنـان. هەواڵـی کۆچکردنـی مـن بـۆ هەنـدەران لـە نـاو شـاری پیرانشـاردا دەگـەڕا. لـە نـاو هاوتەمەنەکانمـدا مـن لـە یەکەمیـن کەسـەکان بـووم کـە کۆچـم کـرد. قسـەی خـۆش ئـەوە بـوو کـە هەنـدێ لـە هاوشـارییەکانم چووبوونـە لای باوکـم کـە داوا لـە کامیـل بکـە کـە ئێمـەش ڕێنوێنـی بـکات. هەندێک لەو کەسـانەی کـە ناویانم دەبیسـت کەسـانێک بوون کە هەرگیـز بیـرم لـەوە نەدەکـردەوە کـە خولیـای کۆچکـردن لـە مێشـکیاندا بێـت. مـن خۆم هێشـتا لـە ڕێـگادا بـووم و لـە هیـچ شـوێنێک جێگیـر نەبووبـووم، نەمدەزانی لە کوێـم و هیـچ دەرەتانێکم نەبـوو جگـە لەوەی خۆم بدەمە دەسـت قەدەر. چـۆن دەمتوانی وڵامیان بدەمـەوە یان ڕێنوێنییان بکـەم؟! مـاوەی چەنـد ڕۆژێک لەو هۆتێلـەدا مامـەوە. پیرەمێردێکی سوویسـڕایی هاوڕەگەزباز لەو هۆتێلـەدا دەژیـا. نووسـەرێکی میهرەبـان و ڕووخـۆش بـوو بـە هەڵسـوکەوتی بـاش لەگـەڵ هەموو

---

١ . لـە ئەفسـانەکانی یۆنانیـدا زێیـۆس پاشـای خودایـان و فەرمانـڕەوای هەمـوو ئـەو مەزارگانەیـە کـە دەکەوێتـە سـەر چیـای ئۆڵیمپـوس. زێیـۆس بچووکتریـن منداڵـی کرۆنـۆس و ڕیـا بـوو لـە نـەژادی تایتانیـک. هاوتـای زێیۆس لـە ئەفسـانەی ڕۆمانیدا ژووپیتێـر و لـە ئایینـی کریتیدا ڤولخانۆسـە.

٢ . ئاکرۆپۆلیـس: بەرزەشـار یـان قەڵاشـارێکە دەکەوێتـە باکـووری ڕۆژهەڵاتـی پارتینـۆن لـە ئەسـینای پایتەختـی یۆنـان و لـە بەرزتریـن خاڵـی دەشـتە و ١٥٠ مەتـر لـە ئاسـتی دەریـاوە بـەرزە. کۆمەڵگـەی مێژوویـی ئاکرۆپۆلیـس بـۆ گەلـی یۆنـان هێمایەکـی نیشـتمانییە، بۆیە هەموو شـارێکی یۆنانی کۆن ئاکرۆپۆلیسـێکی هەبـووە کە دیارە ئاکرۆپۆلیـس هاوواتای قەڵا یان کۆنگرەییەکـی پتـەوە، ئـەم کۆمەڵگەیـە بـە تێڕامـان و لەباریەکـی یەگجـار وردبینانـەی ئەندازەیی و بیـرکاری دروسـت کراوە.

٣ . تۆراغ، تۆراخ، بە هەورامانی پێی دەڵێن دوس‌وێر

کەسێکدا. بینینی ئەو جۆرە کەسانە بۆ ئێمە شتێکی ئاسایی نەبوو، بەڵام بۆ ئەو ئاسایی بوو کە کەسانێکی وەکوو ئێمە ببینێت.

قسەی لەگەڵ دەکردین، چا و شەرابی دەهێنا و منیش لەبەر ئەوەی کەمێک ئینگلیزیم دەزانی، دەمتوانی کەمێک قسەی لەگەڵ بکەم. پەیتا پەیتا دەیگوت وەرە ژوورەکەم با کتێبەکانمت پیشان بدەم. لە هەر کۆبوونەوەیەکدا دەستێکی بە دەموچاوی خۆیدا دەهێنا و دەستێکیشی لە قۆڵی من یان مامۆستا مەریوانییەکە دەدا، کە قەڵافەتێکی جوانی هەبوو. بۆ منێک کە لە ناو فەرهەنگی مەشریق زەمیندا پەروەردە ببووم، مانای ئەم سیگناڵانە لە لایەن پیاوێکی پیرەوە زۆر شیاوی تێگەیشتن نەبوو و لە ڕاستیدا نیشانەناسیی ئەم جۆرە ڕەفتارانە لەگەڵ پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونم کەمێک نامۆ بوو. جارێکیان چوومە ژوورەکەی، یەکسەر وتی: بە هاوڕێکەت بڵێ ببێتە دۆستم. فکر و زیکری لای ئەو مامۆستا مەریوانییە بوو کە دیارە ئەو مامۆستا مەریوانییە کەسێکی بەخۆ و سمێڵی بوو. وتم: باشە چۆن ببێتە دۆستت؟ هێشتا لە مەبەستەکەی تێنەگەیشتم. لەوێ بوو کە بە ئاماژەی گاڵتەجاڕانە و تەنانەت دژەهاوڕەگەزخوازانە باسی هاوڕەگەزخوازبوونی خۆی کرد. بەو ئینگلیزییە جەغەتاوییەمەوە ماناکەیم بۆ فام نەدەکرا و تێنەدەگەیشتم. من لە دەقە ئەدەبییە یۆنانییەکاندا لەسەر ئەم مەسەلە بابەتم خوێندبووەوە و لەبارەی پەیکەر و خواژنی هاوڕەگەزخوازەوە شتێکم دەزانی. پیرەمێردەکەش وا دیار بوو باسی هەمان خواژنی لەگەڵ دەکردم و بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕانە کتێبی پەیوەندیدار بە هاوڕەگەزخوازی پێ نیشان دەدام کە ئەندامە سێکسییەکانیان لە بەرد هەڵکەندراوە یان پیاوان لە حاڵی سێکسکردن بوون. وتم ناتوانم لەم بارەوە لەگەڵ هاوڕێکەم قسە بکەم چونکە دەمکوژێت! بە پێکەنینەوە ئامۆژگاریم کرد کە لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵ مامۆستا مەریوانییەکە قسە نەکا، چونکە لەوانەیە لێت تووڕە بێ و شتێکت لێ بکا! پیاوێکی باش و ڕۆماننووس و هەواڵنێرێکی دایم نیوەسەرخۆش بوو کە لە دنیای خۆیدا دەژیا، بیروباوەڕ و شێوازی ژیانی خۆی هەبوو، کە هەڵبەت تا ڕادەیەک لە کۆمەڵگاکەیدا قبووڵکراو بوو. دواتر لە درێژەی کۆچەکەمدا، لە وڵاتی ئیتاڵیا پرسی هاوڕەگەزخوازی و ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بە هاوڕەگەزخوازیم بە شێوەیەکی بەرفراوانتر و ئاشکراتر بەدی کرد.

یۆنان ئەزموونێکی باش بوو. چاوم بە زۆربەی شوێنە گەشتیارییەکانی وەکوو مۆزەخانەی نیشتمانی و گوندی بەناوبانگی پلاک کەوت. بلیتەکان بۆ من گران بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی شەو بە شەو تێچووی هۆتێلەکەم دەدا هەستێ خۆشم هەبوو. هەستی ئەوەی کە گەشتیارێکی بیانیم، بۆ من شیرین بوو. کە دەچوومە هەر جێگایەک، لە قاڵبی پەنابەرێک دەهاتمە دەرەوە و خۆمم پێ گەشتیارێکی ئازاد بوو. چونکە لە ڕووی چییەتی و بنەڕەتییەوە جیاوازییەکی مانادار و بەرچاو لە نێوان گەشتیار و پەنابەردا هەیە. گەورەترین جیاوازیی نێوانیان لە ئازادیدایە، یەکێکیان ئازادە و ئەوی تریان لە زیندانە، یەکێکیان گەشتیارێکە کە بە ئامانجی

ناسینی فەرهەنگ و گەشتی ئامانجدارانە سەفەر دەکا، بەڵام ئەوی دیکەیان لە ڕووی بێدەرەتانی و بە نیازی ڕزگاربوون لە سیستەمێکی ناکارامە ناچارە کۆچ بکات. یەکەمیان لە کۆمەڵگەی مەبەستدا ڕێزی لێدەگیرێ، چونکە پێگەی سەرمایەی ئابووری و کۆمەڵایەتییان بۆ وڵاتی مەبەست هەیە، بەڵام ئەوی دیکەیان وەک بارگرانییەک لە قەڵەم دەدرێ، کە تێچوویەک بە سەر وڵاتی مەبەستدا دەسەپێنێت و هەروەها هاووڵاتییەکی پلە دووە کە هەر لە سەرەتاوە هەموو مافە شارۆمەندییەکانی سوودمەند نابێت و کاری ڕەش و ساختەکاریی پێ دەکرێت.

● وێنەی ١٤٩. مۆزەخانەی ئەسینای پایتەخت. بەهاری ١٩٩٥

کاتێک ئەم شوێنانەم بەجێدەهێشت، لەناکاو فڕێ دەدرامە ناو جیهانی ڕاستەقینە و وەبیرم دەهاتەوە کە چ داهاتوویەکی نادیارم هەیە و نازانم سبەی چیم بەسەر دێت. هەموو سەروەت و سامانەکانم کە بە دۆلار بوو، لە گیرفانی شۆرتەکەمدا شاردبووە و ترسی ئەوەم بوو کە نەکا بۆن بگرێ یان بڕزێت. بۆ هاوسەفەرەکەم سەیر بوو کە بۆچی پارەکەم لە ناو شۆرتەکەمدا دەشارمەوە. بەردەوام پێی دەگوتم ئەو بڕە پارەی کە بۆ بینینی شوێنە مێژووییەکان خەرجی دەکەی هێندەی بڕە پارەی خەرج و بەرجی خۆراکی ئەو کەسانەیە کە ئێستا لە ناو کەمپی ژێر چادردا دەژین. ئەو ئەم کارەی منی بە لاوە هەڵەخەرجی بوو، بەڵام من هەر لە تافی منداڵییەوە ساڵانێکی زۆر لەگەڵ ئەم ناو و شوێنانەدا ژیابووم و بۆ من گرنگ بوو لە نزیکەوە بیانبینم.

دوای ئەو چەند ڕۆژەی کە لە هۆتێلەکەدا مامەوە، کەسە ڕاسپێردراوەکە منی دۆزییەوە. خەڵکی باشوور و دەوروبەری شاری ڕانییە بوو، وتی هۆتێلەکە گرانە، ئێمە لێرە کەمپێکمان هەیە و من بەرپرسی تەداروکاتم. بڕیار وا بوو لەوێ جێگیر بم، بە هۆی ئەوەش کە درێژەی ڕێگاکەشم لەوێوە بوو، بڕیارم دا لەگەڵ قاچاخچییە نوێکەدا بمێنمەوە. کاتمان دانا و بۆ بەیانییەکەی ئۆتۆمبێلێک هات بە دوامدا.

کەمپی پ.ک.ک

ڕۆیشتینە کەمپی پەنابەران. لە دەرەوەی شاری ئەسینای پایتەخت بوو و نزیکەی چەند سەد کۆچبەری تێدا نیشتەجێ بوو. ئەمە یەکەمجار بوو کە کۆچبەرانی وڵاتانی دیکەی

جیهانـم بینـی، ئەم کۆچبەرانە خەڵکی وڵاتانـی جۆراوجۆری وەکوو عێراق، بۆسـنیوهەرزەگۆڤین، ئەلبانیـا، تورکیـا، ئۆزبەکسـتان، ئەفغانسـتان و تەنانـەت هەندێکیشـیان ئەفریقایـی بـوون، بەڵام زۆربـەی کەسـانی نـاو کەمپەکـە خەڵکـی هەرێمـی کوردسـتان بـوون. ئـەم کەسـانە بـە هـۆی بەردەوامیـی شـەڕی ناوخـۆی هەرێمـی کوردسـتان و شـپرزەبوونی بـاری ئابـووری وڵاتـی عێراق، کۆچکردنیـان پـێ بـاشتر بـوو. ئـەوە یەکەمجـار بـوو کـە لـە نزیکـەوە لەگـەڵ پارتـی کرێکارانـی کوردسـتانی تورکیا (پەکەکە) ئاشـنا بووم و زانیم چ جۆرە ڕێکخراوێکە و چ بیر و باوەڕێکیان هەیە. هەڵبـەت مـن هەندێـک لـە بنکـە و شـوێنەکانیانم لـە باشـووری کوردسـتان بینیبوو و لـە ڕێگەی تەلەڤیزیۆنەکەیانەوە ئاشـنایەتییەکی گشـتیم لێیان هەبوو. لە ناو کەمپەکەدا هەموو لە خێوەتدا دەژیـان. بەڕێوەبـەری کەمپەکـە وای گرووپبەنـدی دەکردیـن و لـە خێوەتەکانـدا دایدەنایـن کـە هەتـا ئـەو جێیەی بـۆی دەلوێ لەگەڵ هاوشـاریی یـان وەک خـۆی دەیگوت هاوکاسـەی خۆمان بیـن. کەمپێـک تایبـەت بـە خانـەوادەکان و کەمپێکیـش بۆ سـەڵتەکان.

سەرتاسـەری ئـەو کەمپـە یـەک تەلەڤیزیۆنـی هەبـوو و کۆنترۆڵەکەشـی بـە دەسـت دوو سـێ کەسـەوە بـوو و زوو دەیانخسـتە کەناڵـی تەلەڤیزیۆنیـی مـاد، کـە هـی پەکەکـە بـوو. نووسـینگە سیاسـییەکەیان لـە برۆکسـل و بنکەی سـەربازی و گریلاکانیـان لە بەرزاییەکانـی چیای قەندیل جێگیـر کرابـوون. یەکـەم تەلەڤیزیۆنـی کوردی لە سـەر مانگی دەسـتکرد یان هەمان سـەتەلایت لـە جیهانـدا و ئـەو یەک کەناڵەشـی کە هەیبوو زۆر سیاسـی بوو. بـەوەدا بۆم دەرکـەوت کەمپ بە دەست "پەکەکە"وەیە.

● وێنەی ١٥٠. کەمپ، یۆنان- ئەسینا. ١٩٩٥

جارێکیان کەناڵەکەم گۆڕی. کاردانەوەی ئەو کەسانەی کە کۆنترۆڵەکە بە دەستیانەوە بوو سەرنجی ڕاکێشام، تووڕە بوون و یەکێکیان بە زاراوەیەکی جەغەتاویی سۆرانی وتی: هوون چ کوردن کوو پشتی ئەو قاس شەهید و ئەمەگدان هوون ناخوازن تەلەڤیزیۆنن کوردی ژ بنیرن! ئەوکات زمانی ئەو کەناڵە تورکی بوو و تەنیا چەند بەشێکی بە کوردیی کرمانجی بوو، بۆیە من لە زمانی ئەو کەناڵە تێنەدەگەیشتم و پێم خۆش نەبوو بەرنامەی سیاسیی بزووتنەوەیەکی دیکە تەماشا بکەم. ڕەنگە ئەم هەستەی من ڕەنگدانەوەی ماندوێتی و بێهیوایی من لەو ڕەوتە سیاسییانە بێ کە تافی منداڵی و هەڕەتی هەرزەکاریمی داگیر کردبوو. ئەوەی بەلامەوە سەیر بوو ئەوە بوو کە لای ئەوان تەنانەت سەیرکردنی فیلمێکی ئاساییش بە جۆرێک لە خیانەت دادەنرا. ساڵان تێپەڕی و پەیوەندی و ئاشنایەتیم لەگەڵ پەکەکە لە ئەورووپا و کوردستانی باکوور زیاتر بوو و من شاهیدی ڕەفتاری تا ڕادەیەک ڕادیکاڵانەی ئەم حیزبە بووم کە دیارە ئەوانیش هۆکار و شیکاری خۆیانیان هەبوو.

دوای چەند ڕۆژێک لە ناو کەمپدا پێشنیاریان پێدام کە ببمە نوێنەری کوردانی ئێران. هەر نەتەوەیەک نوێنەرێکی هەبوو کە شەوانە بە بەشداریی بەشێک لە گرووپ و لاوانی چەپی یۆنان کۆبوونەوەیەک ساز دەکرا و باسیان لە کەموکۆڕی و کێشەکان دەکرد و بڕیاریان لە سەر دەدا. کوردانی ئێران ژمارەیان زۆر کەم بوو و قەدیمییەکانیش پێش گەیشتنمان لەوێ ڕۆیشتبوون. لەسەر پێشنیاری کەسێک کە ئەندامی هەمان کۆمیتە و خەڵکی سلێمانی بوو، ئەم کارەم قبووڵ کرد. ئەمە یەکەم ئەزموونی تەشکیلاتی و ڕێکخراوەییم بوو دوای چالاکییە سیاسییەکانم لە تەمەنی مێرمنداڵیدا، کە لەبەر ئەمە هەمیشە خۆم بە قەرزداری میکانیزمی کاری پەکەکە دەزانم. دەنگدان دەستی پێکرد و لە کەمپەکەدا زیاتر لە دە کەس کاندید بووین. من بردمەوە، بەڵام وردەکاریی ڕووداوەکەم باش لە بیر نییە. یەکەم پرۆسەی دیموکراسی، یان بەشێکی کە من شاهیدی بووم لە سەر ئاستی تەشکیلاتیی پەکەکە لە ناو ئەو کەمپەدا ڕووی دا و کاریگەرییەکی فرەی لە سەرم دانا. من بووم بە نوێنەری کاریک کە سەرەندەریم نەدەکرد، لە کۆبوونەوە فەرمییەکاندا بەشداریم دەکرد و فێری ئەوە بووم کە یادداشت هەڵبگرمەوە، ڕا و بۆچوونی کەسانی دیکە بپرسم و گوێیان لێ بگرم، داواکاریم هەبێ، بیر و بۆچوونەکان بگوازمەوە و بەو زانیارییە سنووردارەی کە لە زمانی ئینگلیزیدا هەمبوو، کە دیارە باشتریش ببوو، بتوانم بۆ سازکردنی پەیوەندییەکی کاریگەر لەگەڵ ئەو یۆنانیانەی کە جل و بەرگ و خواردنیان بۆ کۆچبەران دەهێنا، یارمەتی و هاوکاری بەرپرسانی کەمپەکە بکەم. بەدرێژایی ڕۆژ ئۆتۆمبێلێکی زۆر دەهاتنە کەمپ و جلوبەرگی بەکارهاتوو و کەلوپەلی خێرخوازی و شتی تریان دەهێنا بۆ کۆچبەرەکان.

کرێکاری لە ئەسینا و خانووگەلێک بە گڵۆپی سوورەوە

سەردەمی کەمپ ئەزموونێکی نوێی پێ بەخشیم. لەوێ پێیان گوتین چی بڵێین و چۆن سپاسیان بکەین یان داوای چی بکەین. چەند ڕستەیەکی یۆنانی فێر ببووم کە بەردەوام دووبارەم دەکردەوە. نوێنەری گرووپە چەپە دێرینەکانی یۆنان پەیتاپەیتا دەهاتن و پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ پەکەکە هەبوو. لەبەر ئەوەی هەر دووکیان لە بزووتنەوە چەپەکان بوون، پەیوەندییەکی باش لە نێوانیاندا ساز ببوو. با ئەوەش بڵێین کاریگەریی مێژووی قووڵ و درێژخایەنی ناکۆکی نێوان تورکیا و یۆنان لەم نزیکییەدا پشتگوێ ناخرێت. "ئێن.جی.ئۆ"کان و تەشکیلاتە ڕێکخراوەییەکان لە سیستەمی شاریی ئەمڕۆدا وەک چالاکیی مۆدێرن سەیر دەکرێن و ئەم قۆناغە بۆ من یەکەم ئەزموونی مۆدێرنم لە سیستەمێکی جیهانی لە دەرەوەی ئێران بوو. بەڵام دوای ماوەیەکی کەم، بۆم دەرکەوت کە ئێرە زۆر شتی بۆ من تێدا نییە، سەرەتا زۆرم پێخۆش بوو و کەڵکەڵەی ئەوە کەوتە دڵمەوە کە زیاتر بمێنمەوە بۆ ئەوەی یارمەتی ڕێکخراوەکە بدەم، بەڵام زۆری نەخایاند کە تێگەیشتم کە هەموو شتێک کاتی بوو، یان باشتر بڵێم، ڕێرەوێک بوو کە دەبا لێی تێپەڕیبایەم و بڕۆیشتبام.

دەبا لێکۆڵینەوە و تاوتوێم بکردایە کە دوای ئەم کەمپە چی بکەم؟ وتیان: "لێرە بە دواوە متمانەت بە هەر کەسێک ببێ پارەکەت لێ دەدزێ، تەنها یەک ڕێگات هەیە کە کەم کەس پێیدا دەڕوا، بەڵام باشترین و مەترسیدارترین کارە. ئەویش ئەوەیە کە نەخشەیەک و کۆڵەپشتییەک هەڵبگری و وەکوو گەشتیارێک سەرت داخەی و بڕۆی. ئەگەر لەگەڵ کاروانداا بچی، ئەگەری دەستگیرکردنت زیاترە. هەندێکیان هەر بەو ڕێگادا دەچوونە ئیتاڵیا، بەڵام ڕێگای دەریایی سەخت بوو. وتیان "بەڕاستی قۆناغێکی سەختە و خەڵکێکی زۆر لێرە دەستگیر کراون". ئەم ڕووداوی دەستگیرکردنە تۆقاندبوومی. پرسیارم کرد ئەی چارە چییە و بە چ ڕێگایەکدا بڕۆم کە مەترسییەکەی کەمترە؟ پێیان وتم خۆت بگەیێنە بە یەکێک لە شارە بەندەرییەکانی یۆنان و بە جۆرێک سواری یەکێک لەو کەشتییانەی ببە وا دەچنە ئیتاڵیا یان تەنانەت وڵاتانی تری ئەورووپا... نازانم چۆن بوو گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە ڕێگای تر نییە و ناچارم چش لە هەموو مەترسییەک بکەم. ڕۆیشتن لەم خاڵەوە بۆ ئەو خاڵە نادیارە و چشکردن لە مەترسی هەتا ئەم ئاستە ... کارێک بوو کە لەوانە بوو گیانیشم تێیدا بچێت.

سەرباری ئەوەی پارەم پێ بوو، بەڵام هەستم بە سەلامەتی نەدەکرد، یان باشتر بڵێم ترسابووم. زۆر کەسم دەبینی کە چەندین مانگ کاریان دەکرد بۆ ئەوەی تێچووی گەشتەکانیان دابین بکەن. ڕۆژێک لەگەڵ کۆمەڵێ لەو کرێکارانە چووم کە بەیانیان لە گەڕەکێکی ئەسینای پێتەختی یۆنان ڕادەوەستان. بە خۆمم گوت کە هەم پارە پەیدا دەکەم و هەمیش شتێک فێر دەبم. خەڵک بە ئۆتۆمبێل و ماتۆڕ دەهاتن و کرێکارە پێویستەکانیان دەبرد. کاتێک

خاوەنکارەکە دەهات، هەموومان ڕامان دەکرد بۆ ئەوەی خۆمان نیشان بدەین، سنگمان دەردەپەڕاند بۆ ئەوەی خۆمان بەهێزتر دەربخەین، بەشکەم کارێک بەدەست بهێنین. دواتر کە گەڕامەوە بۆ ئێران، لە تاران و شوێنەکانی تر زۆر ڕووبەڕووی ئەم دیمەنە بوومەوە: منداڵی کار، کرێکاری ئەفغانی، یان کۆچبەرە بەلووچەکان کە لە سەر چوارڕێیانەکاندا ڕادەوەستاون و پێشی ئۆتۆمبێلەکانیان دەگرت و بەدوای کاردا دەگەڕان. کاتێک ڕووبەڕووی دیمەنی هاوشێوە بوومەوە، ڕۆژانی چینی کرێکاریی خۆمم لە ئەسینای وەبیر هاتەوە.

چەند ڕۆژی یەکەم دەم لە پووش هاتمەوە. دوای چەند ڕۆژ لە شکستهێنان، یەکێک لە خاوەنکارەکان بە ماتۆڕێک هات و هەمووان وەکوو شەپۆل چوون بۆ ئەو خاوەنکارە. نازانم بۆچی من و کوڕێکی باشووریی هەڵبژارد. خۆ زۆریان لە ئێمە بەهێزتر بوون، پێم وایە بەزەیی بە ئێمەدا هاتەوە. ئێمە یۆنانیمان نەدەزانی و ئەویش ئینگلیزی نەدەزانی. بە ئیشارە تێیگەیاندین کە دەیهەوێ بارمان پێ هەڵبگرێ، بۆیە سواری ماتۆڕەکە بووین و لەگەڵیدا ڕۆیشتین. ئێمەی بردە دووکانێک کە چەند ساردکەرەوەی شیرینیفرۆشی تێدابوو و وا دیار بوو خەریکی گواستنەوەی کەلوپەلە.

دەبا لە ژێرزەمینەوە ساردکەرەوەکانمان بهێنایەتە سەرەوە و بمانخستبایەتە ناو ئۆتۆمبێلەکەوە. کارێکی زۆر قورس بوو و ساردکەرەوەکان ڕاستە بچووک بوون، بەڵام کێشیان زۆر قورس بوو و جیا لەوەش دەبا بە پلیکانەکاندا بمانهێنابایەتە سەرەوە. جێی دڵخۆشی بوو کە کابرا خۆی و شۆفێرەکەشی هاوکاریی کردین. هەڵبەت کابراش نیگەرانی ئەوە هەبوو کە ساردکەرەوەکان لە هیچ شوێنێک نەکەون و شووشەکانی نەشکێن و ... لە ڕۆژی یەکەمدا دوو سێ ساردکەرەوە و هەندێک مۆبیلیاتمان بردە سەرەوە و بۆ ئێوارە پارەکەی پێدایین. وەرگرتنی دراوی یۆنانی وەک حەقدەست زۆر شیرین بوو و زیاتر هەستم بە ئاسایش دەکرد. سەرەڕای ئەوەی پارەم هەبوو، بەڵام ئەوەی کە توانیبووم تێچووی چەند ڕۆژ دەست بخەم ئارامییەکی دەروونی پێبەخشیم. ڕۆژی دواتریش چووم، بەڵام لە ڕۆژی سێیەمدا، ئەو کوڕەی وا لەگەڵیدا دەچووینە سەر کار، منی سەرقاڵکرد. دەیزانی ئەگەر نەڕۆم دوو هێندە حەقدەست وەردەگرێ و پێی باشتر بوو کە بە تەنیا بچێت... قەراری دانا کە لە شوێنێک یەکتر ببینین، بەڵام نەهات. ئەو ڕێگای فرۆشگا نوێکەی دەزانی نەک من. کووچە و کۆڵان نەما هەمووی گەڕام، ئەو شوێنەی کە ڕۆژێک پێشتر کارمان تێدا دەکرد بۆم نەدۆزراوە. ئەوەندە گەڕام هەتا ون بووم. دواجار بە هەر دەردیسەرییەک بوو خۆمم گەیاندە ناوەندی شار و لەوێشەوە چووم بۆ کەمپ. کە هاتەوە شەڕێکی باشم لەگەڵ کرد کە بۆچی ناپیاویت لەگەڵم کرد و بەجێت هێشتم.

بۆ گەڕانەوە بۆ کەمپ و سواری پاس بوون، بە گەڕەکی یاسایی سۆزانییەکاندا[1] تێدەپەڕین.

---

١ . بەیاسایی‌کردنی لەشفرۆشی، بە مانای یەکساندانانی لەگەڵ پیشەکانی دیکە، ئازادیی دادوبستەتی سێکسی و

ئەو خانووانەی کە گڵۆپی سوور لە بەردەمیاندا هەڵواسرابوو، کرێکارانی سێکس تێیاندا دەژیان و دەتتوانی بچیتە ژوورەوە. بەشێک لە پەناخوازەکان بە ڕۆژ کاریان دەکرد و شەوانە دەڕۆیشتنە ئەو ماڵانە و داهاتی ئەو ڕۆژەیان لەوێ خەرج دەکرد. بۆیان دەگێڕاینەوە: " کە دەچیتە ئەوێ لە دەرگای ئەو ماڵە دەدەی و دەچیتە هۆڵەکە کە بە کۆتاڵی سوور و چرای سوور ڕازاوەتەوە چاوەڕێ دەبی هەتا ژمارەی مشتەرییەکان بگاتە ڕێژەی پێویست، ئینجا چاوەڕێی هاتنی کچان و هەندێک جار تەنانەت کوڕانی لەشفرۆشیش دەکەی. ئەوان بە ڕێنمایی ژنێکی بەساڵاچوو دێنە ژوورەوە و بە ڕیز ڕادەوەستن. ڕێک وەکوو چاخی کۆیلایەتی لە کچان نزیک دەبیتەوە، چەند وشەیەک دەیاندوێنی، کچەکانیش کەمێک ناز و مەکر دەکەن و خۆیان دەلەنگێنن و گرێبەستەکە جێبەجێ دەبێ و تۆ یەکێکیان هەڵدەبژێریت. هەر لەوێ پارەکە دەدەی و لە یەکێک لە ڕێڕەوە پێچاوپێچەکانی ماڵەکەدا ون دەبیت."

وێنەی ١٥١. گڵۆپە هەڵواسراوەکان. ئەسینا

مـن پێـشتر لەشفرۆشـی و شـێوازی کارکردنـی ئـەم کۆمەڵـە کەسـانەم لـە وڵاتانـی دیکـەدا بینیبـوو، بـەڵام هەرگیـز لـەم ئاسـتەدا ئـاوا تەکـووز و یاسـایی نەمبینیبـوو. دیـارە لەشفرۆشـی یـان سـۆزانێتی، دروسـت بـێ یـان هەڵـە، وەک یەکێـک لـە پیشـە کۆنەکانـی جیهـان نـاسراوە و منیـش کاتێـک زانیاریـی زیاتـرم لەسـەر ژینگـەی دەرەوەی ئێـران وەدەسـت هێنـا و بیروبـاوەڕە کۆمەڵایەتییەکانـم بیچمـی گـرت ئـیتر ڕوانینـم بۆ مەسـەلەی لەشفرۆشـی گـۆڕا. پێم وایـە ئەگەر سەرپشـکانە و وەک پیشـەیەک - هەرچەنـدە زیانبەخـش و قـورس بـێ - بەیاسـایی بکـرێ و پشـتیوانی لێبکرێ، ڕەنگە زیانەکانی کەمتر لەوەی بن کە بە شـێوەی نایاسـایی و نهێنـی ئەنجام

دامەزراندنـی ئازادانـەی ناوەندی سێکسـی و بازرگانیی سێکسـی و هتد بەشـێک لە سیاسـەتی هەندێک لـە حکومەتەکانە بۆ ئـەوەی پرسـی لەشفرۆشـی یەکلایـی بکەنەوە. مشـتومڕ سـەبارەت بە یاسـاییکردنی لەشفرۆشـی و چەمکـە پەیوەندیدارەکانی ئـەم کارە؛ وەکـوو ئازادیـی کردنـەوەی قەحبەخانـە، دەویتی و تاوانسـڕینەوە لە پیشەسـازیی سـێکس، پشـکنینی زۆرەملیانەی تەندروسـتیی وەرزی بـۆ ئـەو ژنانـەی کـە لـەم کەرتـەدا ئیـش دەکەن، لـە زۆر شـوێنی جیهاندا گەلـێ لایەنگر و نەیـاری هەیە. ئـەو حکومەتانـەی لەشفرۆشـی بە یاسـایی دەزانن، لە پیشەسـازیی سێکسـدا پشـکێکی ئابووریـی گەورەیان هەیـە. هەندێک لـە دەرەنجامەکانـی بەیاسـاییکردنی لەشفرۆشـی بریتییـە لـە: فراوانبوونـی گـەوادی و پیشەسـازیی سـێکس، زیادبوونـی قاچاخـی ژنـان، پەرەسـەندنی لەشفرۆشـی، هەڵکشـانی ڕێـژەی لەشفرۆشـیی سەرشـەقام، زیادبوونی لەشفرۆشـیی منداڵان، پەرەسـەندنی گەشـتیاریی سێکسـی... (ر.ک:جـی. ریموند،غـرب و پیامدهـای قانونـی کردن روسـپی‌گری، ترجمـۀ علی گل محمـدی، مەالعـات راهبردی زنـان ١٣٨٢ شماره ٢١.)

بـدرێ و لێکەوتـە نەرێنییەکانـی بە شـێوەیەکی کۆنترۆڵکراو کـەم ببنەوە. هەرچەنـدە پێم وایە کە بارودۆخـی ژیانـی هـەر دوو تاقـم (یاسـایی و نایاسـایی) بـە جۆرێـک دڵتەزێـن و ناخهەژێنە، هەم سـۆزانییەکان و هەمیـش ئـەو پیاوە پەنابەرانەی کە چەندین مانگ لەوێ مابوونەوە و هیچیشـیان بـە هیـچ نەدەکـرد، هەندێکیـان دیلـی مەیخانـە و قەحبەخانـە بـوون و هەندێکیشـیان گیرۆدەی مـادده هۆشـبەرەکان و تـاوان و توندوتیژیـی تـر. شـکانەوەی پەناخـوازان بـە لای قەحبەخانـە و بەکارهێنانـی مـادده هۆشـبەرەکان پیشـاندەری ئەوەیـە کـە پەیوەندییەکـی بەرچـاو لـە نێـوان سـێکس و ئالوودەبـوون بـە مـادده هۆشـبەرەکاندا هەیـە ... پێوەندییـەک کـە ڕەنگـە بەهـۆی سوودبەخشـییان بـۆ جیهانـی سـەرمایەداری، تاوانێکـی قازانجبەخشـیان لـێ سـاز کـردوون!

لەژێر بارهەڵگردا بەرەو ئیتاڵیا

دواجـار بڕیـارم دا بـڕۆم. لەبـەر ئەوەی هـاوڕێ و هاوسـەفەرم نەبوو، بە تەنیا چوومە وێسـتگەی شـەمەندەفەر. بلیتی بەندەری پاتراسـم کڕی و سواری شـەمەندەفەر بووم. ڤیزەم نەبوو و دەمزانی ئەگـەر ڕێگریـم لـێ بکـەن قوڕ دەکـرێ بە سـەرمدا. دەبـا زۆر ڕواڵەتبازیـم بکردایە بۆ ئـەوەی وەک گەشـتیارێکی ئاسـایی دەربکـەوم. بۆیـە هەوڵـم دا جلوبەرگێکی باش لەبەر بکەم و ڕیشـم تاشـی و کامێراکـەم کـردە ملـم. چاویلکەیەکـی ڕەشـم لـە چـاو کـرد و لـەو گەشـتیارانە دەچـووم کـە لەو ماوەیـەدا بینیبـووم. دوای چەنـد کاتژمێرێک گەیشـتمە شـاری بەندەریی پاتراس، کەشـتییەکی زۆر لەنگەریـان خسـتبوو و چەندیـن بارهەڵگـر و هەندێـک جاریش پاس بە سەرنشـینەوە سـواری کەشـتییەکان دەبـوون. بیسـتبووم کـە ئەو کەسـانەی بـە قاچاخ دەخزێنـە ناو ئەم کەشـتییانەوە، سـەر لـە ئیتاڵیـا، ئەمریـکا، یـان تەنانـەت ئەفریقـا دەردێنـن، هـەر بۆیـە بـە لامـەوە گرنگ بـوو کە بزانـم بـەرەو کـوێ دەچـن، کـە دواجار سـەر لـە ئەفریقـا یان شـوێنێکی دیکـە دەرنەهێنم. شـتی هاوشـێوە ڕووی دابوو، زۆریش قسـەیان لەسـەر ئەم بابەتە دەکرد و پێدەکەنین. لە ڕاسـتیدا ئەوە ئەزموونـی هەندێـک سەرنشـینی بەدبەخـت بـوو کە ببوونـە نوکتە و گاڵتەجـاڕی، کابـرا ئەفریقـی بووە کـە سـواری کەشـتییەکی هەڵـە بـووە و جارێکـی دیکـە سـەری لە شـوێنێکی ئەفریقـا دەرهێنـاوە، یـان ئـەو کەشـتییەی هەڵگـری پەناخوازانـی ئێرانـی و عێراقـی بـووە، لـە ئیسرائیـل لەنگـەری

● وێنەی ١٥٢. یۆنان، ئەسینای، ١٩٩٥

گرتووە. دەترسام پرسیار بکەم، ئەگەری ئەوە هەبوو کە گومانم لێبکەن. بەڵام دواجار بە زمانێکی جەغەتاوی قسەم لەگەڵ پیرەمێرد و پیرەژنێک کرد، ئەوانیش وتیان دەچن بۆ ئیتالیا. من لە باقی قسەکانیان هیچ حاڵی نەبووم و بۆ ئەوەی دڵنیا بم، ئیتالیام لەسەر نەخشە پێ نیشان دان و گوتم: دەچنە ئەم وڵاتە، ئەرێ؟ و ئەوان بە پێداگرییەوە ویتان سی، سی ...." دەمزانی کە سی لە زمانی ئیتاڵیدا بە واتای "بەڵێ" دێت.

نەمدەزانی دەچێتە کام شار. بەڵام ئایا گرنگ بوو؟ تەنها دەمویست بگەمە ئیتاڵیا. ئێستا دەبا بیرم لەوە بکردایەتەوە کە چۆن سواری کەشتی بم. کاتێک دەرگای نهۆمەکانی خوارەوەی کەشتییەکە کرایەوە، بارهەڵگرەکان دەچوونە ژوورەوە. ڤیزە و بەڵگەنامەی پێویستم پێ نەبوو بۆیە نەمدەتوانی بلیت بکڕم. وتبوویان تاکە ڕێگای هاتنە ژوورەوەم بارهەڵگرە. دەبوو ڕێگەیەک بدۆزمەوە کە یان بچمە ناو کۆنتینەرەکانەوە یان لە ژێر بارهەڵگرەکەدا خۆم بشارمەوە و سواری کەشتی بم. خۆر لە ئاوابووندا بوو. دوای ئۆتۆمبێلە سوارییەکان، نۆرەی بارهەڵگرەکان بوو، هەمووان بە ڕیز لە درگای چوونە ژوورەوە ڕاوەستابوون، پاسەوانەکان کارتی شۆفێر و قەبالەنامەی بارەکانیان دەپشکنی و ئیزنی سواربوونیان دەدا، هەلێکم قۆستەوە و بە ترس و دڵەڕاوکێوە خۆمم وەک شاگردی شۆفێری ترێلێر پیشان دا و من بە شتێکی وەکوو پیچبادەر تایەکانم دەپشکنی و بەم شێوە لە سەرەی ترێلێرەکان نزیک بوومەوە.

لە چرکەساتێکدا توانیم لە ژێر یەکێک لە بارهەڵگرەکاندا خۆم بشارمەوە. وتبوویان ئەگەر دەستگیر بکرێم هەم تێهەڵدانێکی باش دەستم ماچ دەکا و هەم سزای نەختی دەکرێم و هەم ئەگەری دیپۆرتکردنەوەم[1] بۆ تورکیا و تەنانەت لەوێشەوە بۆ ئێرانیش لە ئارادایە. ئەوپەڕی دڵەڕاوکێ و فشارم ئەزموون دەکرد، بەڵام لەوێ مامەوە. بارهەڵگرەکە گێڕبۆکسێکی گەورەی هەبوو، تەلێکی ئەستوور کە لە بزوێنەرەکەوە بە تایەی دواوە دەبەستراوە و لەمپەری نێوان تایە سەرەکییەکانی پشتی ترێلێرەکە بوو. دەمزانی ئەو تەلە بە ساشیی نێوان تایەکانی پشتەوەی کانتینێرەکە بەستراوەتەوە ئەوەندەی مەودای هەیە بتوانم بۆ ماوەیەک لەسەریان دابنیشم و دەستم بخەمە سەر ئاسنەکانی سەرووی پشتی قفڵەکە و قاچم لەسەر تەلی گیربۆکسەکە درێژ بکەمەوە. هەر ئەو کارەشم کرد. بەڵام دەلەرزیم و دەبا وریا بام کە لە خێرایی زۆردا نەکەوم.

بوتڵێک ئاو و پاکەتێک بسکیتم لە ناو کۆڵە پشتییەکەدا بوو. کاتێک ترەیلەرەکە وەڕێ کەوت دڵم لە مشتمدا بوو. دەلەرزیم، لەرزێک هەم لەبەر ترس و هەمیش لە جووڵەی بارهەڵگرەکە. بەر لەوەی سواری کەشتییەکە بێ کە مەودایەکی کورتیش بوو زوو زوو ڕایدەگرت و زوو زوو

---

١ . دیپۆرتکردنەوە واتە دەرکردن. کاتێک کەسێک بەهەر هۆکارێک لە وڵاتێک دەربکرێ و بگەڕێندرێتەوە بۆ وڵاتی خۆی یان شوێنێکی تر، دەڵێن دیپۆرت کراوەتەوە.

گوێم لە دەنگی فس فسی تورمز دەبوو. نەمدەزانی چی ڕوو دەدا، تا دەهات دەنگەکان نزیکتر دەبوونەوە و کاتێک شۆفێرەکە فەسڵی بارکردنی بە ئەفسەرەکان دەدا، گوێم لە ترپەی دڵم دەبوو، هەناسەم سوار ببوو. لە کۆتاییدا بارهەڵگرەکە بە لەنجەولارەوە چووە ناو کەشتییەکە و منیش هەناسەیەکی ئارامم هەڵکێشا. لەم قۆناغەش بە سەلامەتی تێپەڕیم. ئۆتۆمبێلەکان یەک لە دوای یەک دەهاتن و بە بۆنی گازۆییل و ئیگزۆز خەریک بوو قڕ بم. ماوەیەکی پێچوو هەتا وەستان و شۆفێرەکان ڕۆشتن. هێواش هێواش هەموو شتێک بێدەنگ و سارد بووەوە. هەستم کرد دەتوانم بێمە خوارەوە. دڵەڕاوکێ و ترس کوشتبوومی. لەسەر تەرکی کەشتییەکە کە ئاسنی و سارد بوو، دانیشتم، دەنگی ژووری مەکینەکەی دەهات و جار جار کەسێک بەلایدا تێدەپەڕی. بەدرێژایی شەو لەوێ بووم و نەمدەتوانی بخەوم. لە ڕاستیدا دەترسام بخەوم. لە دوورەوە سەیرم کرد دوو کەسی وەکوو من هاتبوونە ژوورەوە. کەمێک دوور لای یەکتر دانیشتبووین، هەرچەندە بوونمان دڵگەرمی پێمان دەبەخشی، بەڵام نەماندەوێرا لێک نزیک ببینەوە. وەک پشیلە چاوەکانمان زیتەی دەهات. هەر کە بینیم کەسانێکی دیکەی وەکوو منیش هەن کە چشیان لە مەترسی کردووە و خۆیان داوەتە دەست چارەنووس و قەدەرێکی نادیار و خۆیان لەوێ شاردۆتەوە، کەمێک هێور بوومەوە ...

کە ڕۆژ هەڵات، کەشتییەکە هێشتا دەڕۆیی، لای نیوەڕۆ، خێراییەکەی خاو بووەوە و گەڕامەوە سەر گێڕبۆکسەکە. کاری دەست بە ئاوم بوو، بەڵام لەو دۆخەدا نەمدەتوانی لە سەر جێی خۆم ببزوێم. هیچ بیرم لەوە نەکردبووەوە و بوتڵی زیادەشم پێ نەبوو. نەمدەتوانی لەسەر تەرکی کەشتییەکە میز بکەم، شۆفێرەکان دەهاتن و ئۆتۆمبێلەکانیان دەپشکنی و ئەگەر میزم بکردایە هەموومان ئاشکرا دەبووین. تەنگەتاو بووم و زۆر گوشارم بۆ خۆم دەهێنا. بینیم هیچ ڕێدەرەتانێکم نییە. بتڵی ئاوەکەم خواردەوە و میزم تێکرد. لە کۆتاییەکاندا کە ئاوم پێ نەما، بیرم لەوە دەکردەوە، ئەگەر ئەم سەفەرە چەند ڕۆژێکی تر بخایەنێ، ناچارم میزی خۆم بخۆمەوە و دیسان لە هەمان بوتڵدا میز بکەمەوە و دووبارە و دووبارە ... ئەو شۆکە دەماریە وای لێم کردبوو ئەو جۆرە بیر و خەیاڵانە بە مێشکمدا بێت.

کەشتییەکە گەیشتە بەندەر و لەنگەری گرت. دەرگای پشتەوە کرایەوە و منیش خەریکی میزکردن بووم. بەڵام بوتڵەکە سەرڕێژ ببوو و منیش تەنگاو بووم و دەبا خۆمم بەتاڵ بکردایەتەوە، بەڵام لەسەر شاسییەکە دانیشتم. چەند جارێکی تر فەسڵی بارهەڵگرەکەیان پشکنی و ئێمەش تێپەڕین. بەسەرهاتی کەشتییەکە تەواو بوو و دەبا لە دەرفەتێکی باشدا و پێش ئەوەی بارهەڵگرەکە وەڕێ بکەوێ و بچێتە سەر جادە، دابەزیبام. دانەبەزیم چونکە نەمدەزانی ئەگەر زوو دابەزم و ئیتر نەتوانم سوار ببمەوە، دەبێ چی بکەم و خێرایی ترەیلەرەکەش زۆر بوو. هەر لەوێ مامەوە هەتا ئەوەی کە زۆر بە خێرایی چووە ناو ئوتووبان. من هیچم پێ نەدەکرا و تەنها دەبوو خودا خودام بکردایە کە هەرچی زووتر لە شوێنێک ڕایبگرێت. بارهەڵگرەکە

بـە خێراییەکـی یەکجـار زۆر لێـی دەخـوڕی، سـەرم بـە گێـژەوە دەهـات، نەمدەوێـرا سـەیری خـوارەوە بکـەم، لـە دۆخێکی ترسـناکدا بـووم. بـە بچووکترین هەڵە لە ژێـر تایـەی بارهەڵگرەکەدا هەڵدەفلیقـام. هەوڵـم دا قاچـم شـۆڕ بکەمـەوە، بـەڵام مـەودای نێوان مـن و قیرتـاوی ئوتووبانەکە ئەوەنـدە کـەم بـوو کـە ئەگـەر قاچـم لـە عەرزەکـە بکەوتایە، ڕەنگـە هەتـا مەچەکی قاچـم بقرتایە.

بـە تـرس و خۆفـەوە دۆعـام دەکرد کە بووەسـتێ بۆ ئـەوەی بتوانم میز بکەم. بـە خۆمم دەگوت بـرا مـن ناچمـە ئیتاڵیا، بەڕاسـتی پەشـیمان ببوومەوە. بـەڵام ئیتر خۆمـم پێ نەگیرا، هـەر بۆیە بە ڕاکشـاوی زیپـی شـەرواڵەکەمم کـردەوە و بـە خێرایـی ١٠٠ کیلۆمەتـری بارهەڵگرەکە میـزم کرد. خێرایـی بارهەڵگرەکـە زۆر بـوو و بـا بـە تونـدی بـە ژێـر بارهەڵگرەکـەدا دەهـات و دەچـوو، هـەر بۆیـە ئـەو بـا بەهێـزە میزەکـەم کـە چەنـد کاتژمێرێک کۆ ببـووە و تـەواو نەدەبـوو، گەڕاندەوە سـەر دەموچـاو و جلەکانـم. برسـی و تینوو بـووم و بە بۆنی قێزەون و پیس و گەرمای ناخۆشـی میزەکەم هێڵنجـم دەهـات، بـەڵام چـارم نەبـوو. هەر ئەو باهـۆزە زوو شـێ و بۆنی میزەکەمی لابـرد. پێم وایە نزیکـەی کاتژمێرێکـی خایانـد هەتـا بارهەڵگرەکـە ڕاوەسـتا بۆ ئـەوەی گازۆییـل بڕێژێـت... ڕەنگە ئـەو یـەک کاتژمێـرە ناخۆشتریـن کاتژمێری ژیانم بووبـێ، ئەویش لە ناو دڵـی ئەوروپادا. کەمێک چاوەڕێـم کـرد و هـەر کـە شـۆفێرەکە چـووە نـاو نووسـینگەی بەنزینخانەکـە، توانیم بێمـە دەرەوە. ئـەو چەنـد کەسـەی وا لە نـاو بەنزینخانەکە بوون و شـۆفێری ئۆتۆمبێلەکانی تر بە سەرسـوڕمانەوە سـەیری منیـان دەکـرد وەلـێ نە من هیچـم گوت نە ئـەوان.

ئێسـتا کێشـەیەکی گەورەتـرم هەبـوو و نەمدەزانـی بە کام ڕێـگادا بڕۆم. لەوێـوە مەزرایەکم لێ دیـار بـوو، بەپەلـە بـەرەو لای ئـەو مەزرایـە ڕام کرد. لـە گردێک کە لەوێـوە نزیک بوو سـەر کەوتم و بینیـم دەریـا نزیکە. سـەیری ئـەو ئاوێنەیەم کرد کە لـە جانتاکەمدا بوو و لە بینینـی خۆم زەندەقم چـوو. تـازە زانیـم کە بۆچـی خەڵکی نـاو بەنزینخانەکە ئاوا سـەیری منیـان دەکرد. هـەم پێکەنیم و هەمیـش تـووڕە و وەڕەز بـووم. نەمدەزانـی لـە کوێـم و چی لـەم سەروسـەکتە گوماناوییەم بکەم. دەموچـاوم ڕەش ببـوو و دووکـەڵ و ڕۆن سـەر تـا پێمـی پیـس کردبـوو. هـەر دەتکـوت لـە چاڵـی ڕۆنـی فیتـەری هاتوومەتـە دەرەوە. خۆمـم گەیانـدە لای دەریا و هەوڵم دا بەو سـابوونەی کە هەمە دەموچـاوم پـاک بشـۆم. ئـاوی سـارد و سـوێری دەریـا کۆڵەوارتـری کـردم، بـەو گـژ و گیایـەی کـە لـەوێ بـوو دەموچاوەکـەم خاوێن کـردەوە و بە پێچەوانەی ئـەو ڕێگایەی وا هاتبووم، بە ئاراسـتەی دەریـادا ڕۆیشـتم. چونکـە دەمزانـی ئەگـەر بمهـەوێ بگەمـە شـوێنێک، دەبـێ بـەرەو بەنـدەر بگەڕێمـەوە. گەیشـتمە لای ئوتووبـان و هاوتەریـب لەگـەڵ ئوتووبانەکەدا دەڕۆیشـتم، هەڵبەت بە جادەیەکـدا دەڕۆییـم کـە خۆجێیـی بوو و تراکتـۆرەکان پێیـدا تێدەپەڕین.

تاکـە کەسـانێک کـە دەمبینیـن جوتیـارەکان بوون، هەندێـک جار لـە دوورەوە دەسـتیان بۆم تـەکان دەدا. منیـش کـە ئەوەندە شـارەزای زمانـی ئیتاڵی نەبووم کە بتوانم قسـەی پێبکەم، تەنیا

چاوچـاوم[1] بۆیـان دەکـرد. دەبـێ بـە لایانەوە سـەیر بووبـێ کە لـە جادەیەکی لادێییـدا گەنجێک بـە دەموچـاو و جلوبەرگـی چـەورەوە ببینـن. برسـیم بـوو و خواردنـم نەبـوو، ئەوەنـدە بـە ڕێـگاوە ڕۆیشـتبووم کـە قاچەکانم دەیێشـان. شـەکەت و بێخەو بووم. بـەڵام ناچار بووم درێـژە بە ڕێگاکەم بـدەم. لای نیـوەڕۆ بـوو کە وەڕێکەوتبـووم و دەمەو ئێوارە گەیشـتمە ئەو بەندەرە. دواتـر زانیم ناوی بریندیسـییە. بـەدوای هێڵـی شـەمەندەفەردا گـەڕام و بـە درێژایـی شـەمەندەفەرەکەدا ڕۆیشـتم. وێسـتگەی سـەرەکیم دۆزییەوە و لە توالێتی وێستگەدا دەستێکم بە دەموچاوم و جلوبەرگەکەمدا هێنـا و خۆمـم شـۆرد. بە ناو شـاردا گـەڕام و نانم خـوارد و کەمێک خواردەمەنیم کـڕی بۆ ئەوەی بۆ خـواردن شـتێکم لـە ناو جانتاکەمـدا هەبێت. لە کۆتایی شـەودا چەند کاتژمێرێک لـە ژێر پردێک لـە نزیـک ناوەنـدی شـار خەوتـم و بەیانیی زوو چووم سـەیری خەریتەی وێسـتگەم کـرد بۆ ئەوەی ڕێـگا بۆ ڕۆمـا بدۆزمـەوە و بڕۆم.

دیـارە نیگـەران بـووم و هیـچ پرسـیارێکم لـە پاسـەوانەکان نەدەکـرد. بـە ئەسـتەم داوای ڕێنماییـم لـە خەڵـک کـرد و دواجـار توانیـم بلیتێـک بۆ ڕۆمـا بکـڕم. شـەمەندەفەرەکە پاشـنیوەڕۆ بـەڕێ دەکـەوت. ناچـار بـووم چاوەڕێـی ڕۆشـتنی شـەمەندەفەرم بکردایـە بـەڵام لـە دۆخێکـی بـاشتردا چاوەڕێـم دەکـرد. شـەوێکم لەسـەر تەرکـی کەشـتییەکە تێپەڕاندبوو، ئەویـش بێجووڵە و شـەوێکیش لـە ژێـر پردەکـەدا خەوتبـووم. کە سـواری شـەمەندەفەرەکە بـووم، دەمبینـی کـە ئەوە خەریکـە خەونـی چوونـە ناو خاکی ئەورووپـام بەدی دێت. وێنـەی هەموو شـتێک ئەورووپیتر بوو و ڕێـک و پێـک و تەکـووز و هاوشـێوەی ئەو شـتەی بـوو وا من بیرم لێدەکردەوە. سـەیر لـەوەدا بوو کـە مـن هێشـتا یۆنانـم بە بەشـێک لـە ئەورووپـا نەدەزانـی، یـان یۆنـان زۆر هەسـتی ئەورووپای بە مـن نەبەخشـی. ئەو شـەمەندەفەرەی من سـواری ببووم، ئەو کەسـانەی کـە لەوێ بـوون، زاراوە و شـێوەزاری ئەو کەسـانەی کە بە زمانی ئیتاڵی ئاخافتنیان دەکرد، هەمووی بە لامەوە دڵنیشـن و بلاوێـن بـوو، هـەر وەک پارچە مۆسـیقایەک، زۆرم ژنەفتووە کە دەڵێن زمانی فەرەنسـی خۆشترین زمانـە، بـەڵام بـەڕای مـن، ئەوە زمانـی ئیتاڵییە کـە زۆر جوانتر و ناسـکترە. ڕۆژی دواتر، گەیشـتمە ڕۆمـا و وێسـتگە ناوەندییەکـەی، واتـە ڕۆمـا تێرمینـی، لـە شـەمەندەفەرەکە دابەزیـم و نەمدەزانی دەبـێ بچمـە کوێ.

هەمـوو ڕۆژانـی ڕابـردووم دەهێنایـە پێـش چـاوم، دەبـا بـاوەڕم بـەوە بکردایـە کـە لـە ڕۆمـای پایتەختـی ئیتاڵیـام! دە ڕۆژ لـە ئیسـتەنبوڵ مابوومـەوە، ئـەو مامۆسـتا مەریوانییـە هەتـا یۆنـان لەگەڵـم بـوو، بـەڵام نەیوێـرا بـەو ڕێگایـەی منـدا بێتـە ئەرووپـا و هـەر لـەوێ مایـەوە. تەنهـا چەنـد ڕۆژێـک پێکـەوە لـە هۆتێلەکـەدا ماینـەوە و دواتـر نزیکـەی هەفتەیـەک لـە کەمـپ بـووم و ماوەی چەنـد ڕۆژێـک لـە ئەسـینای پایتەخـت کرێکاریـم کـرد. هەموو شـتێک زۆر بـە لامەوە کاتـی بوو و

---

١ . لە زمانی ئیتاڵیدا هەم بە واتای سڵاو و هەمیش بە مانای مالاواییە.

وەڕێ کەوتم. لە هیچ بەشێکی گەشتەکەم پەشیمان نەبوومەوە، بەڵام لە ئیتاڵیا و گەشتکردن بە کەشتی و بارهەڵگر زۆر ئەزیەتی کردم و بۆ یەکەمجار هەستم بە پەشیمانی کرد.

کە گەیشتمە ڕۆما تەلەفۆنم بۆ ماڵەوە کرد و گوتم گەیشتمە ئیتاڵیا. باوکم زۆر دڵخۆش بوو و لای هەموو کەس خۆی با دەدا و شانازی بە منەوە دەکرد کە کامیل چەندە خێرا بووە، چەندە زیرەکە بە هەر حاڵ بەسەرهاتی سەفەرم بۆ هەندەران کەوتە زار و بڕێکیش پیوازداغیان زیاد دەکرد. بەڵام سەبارەت بەوەی کە چۆن لە ژێر بارهەڵگرەکەدا خۆم شاردەوە و لەم گەشتە دوور و درێژ و پڕ لە ئاڵنگاری و مەترسیدارەدا چیم بەسەر هاتبوو، هیچم نەوت. چاکتر وا هیچیم نەوت با نەزانن کامیل چەندە چش لە مەترسی دەکا و درێژە بە ڕێگاکەی دەدا.

وەرزی چوارەم

ئێـــــــرە ئەورووپایە

پێشەکی

ئەورووپا ... سەرەڕای هەموو ئەو چەرمەسەری و سەختییانەی کە هەندێ جار گیانەسەریان دەکردم، ئاخری گەیشتمە ئەورووپا. ئێستا لە ڕۆمام، ڕۆما ئەم پێتەختە کەونینە ... بەڵام ئامانجی من بەریتانیا بوو. گەیشتبوومە ئێرە، دەرەنجام ئەوەندەشی کە مابوو هەر دەمپێوا و دەگەیشتم. لە ئیتاڵیا فێری زۆر شت بووم، مامەوە و بیرم لە جیهان کردەوە. بیرم لەو ئایینانە دەکردەوە کە چۆن بۆنەتە یاریی دەستی سیاسەتمەداران و ئامرازی جەنگ و خوێنڕشتن.

ئیتاڵیا وڵاتێکی سەیرە، دەتوانی خۆشترین پاستاکانی دنیا بخۆی و بیر لەوە بکەیتەوە کە مەگەر بڕیار نەبوو ئایینەکان ژیانی مرۆڤ باشتر بکەن، دەی ئێستا چ ڕووی داوە کە لەم دۆخەداین. لە ئیتاڵیا وانەی (دەرس) ئایینیم خوێند و تێکۆشام ئیتاڵیایی قسە بکەم، بەڵام هێشتا ڕێگەیەکی زۆرم لە پێش بوو و دەبا بڕۆشتبام. دەبا دیسان چشم لە مەترسی بکردایە و ئەوەی دەمویست، پێی بگەیشتایەم. کەواتە کۆڵم نەدا هەتا گەیشتمە بەریتانیا.

ئەم گەیشتنە دەستپێکێکی نوێ بوو. هەوڵێک بۆ سەر لە نوێ خوڵقاندنەوەی ژیانم، و ئەزموونکردنەوەی ژیانێکی تەواو جیاواز لە ڕابردوو. ژیانێک بە بێ ئاوارەیی، جەنگ و ماڵوێرانی. جێگایەک کە سیاسەت و پەراوێزەکانی ئیتر دەستبەردارم بێت و کار بکەم و بخوێنم. خەونەکانم لە سەرەتاوە لە سیفرێکی خوازراوەوە دەست پێ بکەم. شتێک کە لە ژیانی بنەماڵەکەم نەدەچوو، زۆر جیاواز بوو لە دەستپێکردنەوە پەیتاپەیتاکانی باوکم کە هەموو جارێ جەنگ و ئاوارەیی وەکوو گەردەلوولێک هەموو خەرمانەکەی بە با دەدا و هیچی بە هیچ دەکرد.

دەمویست دەست پێ بکەم و نەمدەزانی کە ئەگەر سەر بکەوم دیسانیش شتانێک هەن کە کۆنترۆڵکردنیان بە دست من نییە. ئینسان دەتوانێ بۆ فەرامۆشی هەوڵ بدا و زۆر شت لە مێشکیدا بسڕێتەوە و بە خۆی بێژێ ئیتر تەواو بوو؛ ئێستا خۆمم و ژیانێکی تازە. مرۆڤ دەتوانێ وەها ڕێگەیەک دەست پێ بکا، بەڵام ئاخۆ دەتوانێ درێژەی پێ بدا؟ نا، ڕابردووی مرۆڤ ڕۆژێ هەر دێ بەرۆکی بگرێتەوە، یان ڕەنگە مرۆڤ لە جێگایەکەوە ئاوڕ لە ڕابردووی خۆی بداتەوە. ئەم دووانە ئەوەندە تێکهەڵکێشراون کە ناتوانم بڵێم کامیان بەهێزترە!

بەشی یەکەم

لە ئیتاڵیاوە تا لەندەن ڕێگایەکی دوور و درێژە

شەمەندەفەرەکە بەرەو ڕۆما بەڕێ کەوت و من بیرم لەو شتانە دەکردەوە کە سەبارەت بەم شارە دەمزانی. خوداخودام دەکرد هەرچی زووتر بگەم و بزانم بە قەد ئەو وێنانەی کە بینیومن جوانە یان نا. لە درێژەی ڕێگادا زانیارییەکانمم وەبیر خۆم دەهێناوە. سەبارەت بە خودی ئیتاڵیا ئەوەندەم نەدەزانی، بەڵام لەمەڕ ڕۆڵی ئەم وڵاتە لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا زۆرم خوێندبۆوە. کەمێکیش لە بارەی سەردەمی حوکمڕانیی فاشیستیی بێنیتۆ ئاندریا مۆسۆلینی سەرۆک وەزیری ئیتاڵیا و هاوپەیمانێتییەکەی لەگەڵ هیلتەر و ئەڵمانی نازی لە جەنگی ماڵوێرانکەری جیهانیی دووهەمدا زانیاریم هەبوو.

سەبارەت بە زۆران و ململانێی ڕۆمییەکان لە ئەدەبیاتی ئەم وڵاتەدا هەندێ شتم خوێندبۆوە و دەمزانی وەکوو سەرگەرمی و کاتبهسەربردن وا بوو. خەڵک لە دەورانەوری ستادیۆمە گەورەکەدا دادەنیشتن و شاکان لە ڕیزی تایبەتدا تەماشایان دەکردن بۆ ئەوەی ببینن کە گلادیاتۆر و کۆیلەکان چۆن لە زۆرانبازی و بەربەرەکانێی دوو کەسیدا یەکتر قەڵخ دەکەن. لە ڕۆژهەڵاتدا سینەمای نیوڕیالیستیی ئەم وڵاتە زیاتر بە فیلمی "دزی دووچەرخە[1]"ی ڤیتۆریۆ دسیکا، یان "ڕۆما، شاری بێ بەرگری" بەرهەمی ڕۆبێرتۆ ڕۆسێلینی دەناسن و منیش لە بیرمدا مابوو، بەڵام فیلمی "عومەر موختار" و هەڵسوکەوتی هێزەکانی ئیتاڵیا لە وڵاتی جەزائیر لە گۆشەیەکی دیکەی مێشکمدا خۆی دەرخست و هاتەوە بیرم. ئەم فیلمە بۆ من ئەزموونێکی حیماسی بوو و سەرنجی منی بۆ فەرهەنگی ئیتاڵی ڕاکێشا. جوانییەکانی ئیتاڵیا و هەندێ بابەتی ورووژێنەر دەهاتەوە بیرم، بەڵام منیش وەکوو هەموو

---

١ . پاسکیل

کەسێک هەمیشە سەرسامی هونەر و بیناسازییەکەی بووم و حەزم دەکرد لە نزیکەوە پەیکەرە مەرمەرییە بەناوبانگەکانی ڕۆما ببینم.

● وێنەی١٥٣- لەگەڵ هاوڕێی نوێکانم، وێستگەی ناوەندیی ڕۆما ١٩٩٦

دوا وێستگەی شەمەندەفەر لە ناوەڕاستی شاری ڕۆما بوو و هەر کە ڕاوەستا، سەرم سووڕ ما. شارێکی جوان و مێژوویی پڕ لە بینا و پەیکەری لە بەرد داتاشراو و نەخشێنراو. دەتکوت لە ناوەڕاستی یەکێک لە خەونەکانمدا ڕاوەستاوم. ئەسینای[1] پایتەختی یۆنانیش جوان بوو، بەڵام شکۆمەندیی شاری ڕۆما شتێکی تر بوو. وەک ئەوە وا بوو کتێبێکی هونەریی وێنەدار هەڵبدەیتەوە. وتبوویان کە ئەگەر گەیشتییە ڕۆما، بڕۆ بۆ وێستگەی ناوەندیی شەمەندەفەر و لە کارتۆنخەوەکانی[2] ئەوێ ئادرەسی کڵێسای ئامریکاییەکان وەربگرە و بچۆ بۆ ئەوێ. دەیانگوت کۆمەڵێ کورد لەم کڵێسایەن و دەتوانم داوای ڕێنومایی و هەروەها هاوکارییان لێ بکەم. کەسانێکی دیکە کە زۆربەیان ئەفریقی بوون لە نزیک تێرمینالی شەمەندەفەرەکە جێگیر بوون و ئۆتۆمبێلە خێرخوازییەکان هەموو شەوێک خواردن و جلوبەرگیان بۆ دەهێنان. بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانم ژمارەی کۆچبەرە ڕەشپێستە نایاساییەکانی ناو ئیتاڵیا زۆر بوون و بەردەوام لەگەڵ پۆلیسدا تێکهەڵچوونیان هەبوو. دواتر زانیم لە ڕێگەی دەریاوە لەم وڵاتە نزیکن، هەروەها ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە وڵاتەکانیان کۆلۆنیی ئیتاڵیا بووە و زمانی ئەو وڵاتە باش دەزانن و هەندێکیان خۆیان بە ئەفریقایی - ئیتاڵییایی دەناسێنن.

لە دەرەوەی بازنەی وێستگەکە و لە ماوەیەکی کورتدا ئەم شتانەم بینی، بەڵام چاوم بە هیچ کارتۆنخەوێک نەکەوت. هاتنی من بۆ ڕۆما هاوکات بوو لەگەڵ جەژنی نیشتمانیی کۆماری ئیتاڵیا و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ پشووی سەرتاسەری بوو. کۆچبەرەکان نەبوون و هیچ بارهەڵگرێکی خێرخوازیش بە نیازی دابەشکردنی خۆراک نەدەهات. وێستگەکە لەو ڕۆژەدا

---

١. لە ڕۆژهەڵات بە ئاتن بێژەی دەکەن. پیتی س و ت لە وشەی ئینگلیزیدا لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەلەوەرە: بۆ نموونە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وشە بیانییەکانی وەکوو ماڕاسۆن بە ماڕاتۆن، کاسۆلیک بە کاتۆلیک، ئێسیۆپا بە ئێتیۆپی و ..... بێژە دەکەن.

٢. کارتۆنخەو واتە ئەو لانەوازانەی کە بێماڵ و حاڵن و لە دەرەوە لە ناو کارتۆن یان لە ناو گۆڕەکاندا دەخەون.

زۆر قەرەباڵـغ و دوو ڕۆژی دوایـی بێدەنـگ و ئـارام بـوو. نەمدەزانـی بـۆ کـوێ بچـم، بۆیـە لـە نـاو وێسـتگەکەدا مامـەوە، چاوەڕێـی هاتنـی ئـەو کەسـانە بـووم کـە ناونیشـانییان پێـدا بـووم. یەکـەم ڕۆژ شـتێکی وا ڕووی نـەدا. تەنهـا پیاسـەم دەکـرد و دۆخەکـەم تاوتـوێ کـرد بـۆ ئـەوەی شـوێنێکی گونجـاو بـۆ پشـوودان بدۆزمـەوە. وردە وردە تێگەیشـتم کـە هەندێـک کـەس لەسـەر کورسـییەکانی وێسـتگەی شـەمەندەفەر دەخـەون. زۆربەیـان وەکـوو مـن سـەڵت و تەنیـا بـوون و دواتـر بـۆم دەرکـەوت کـە ئەوانیـش کۆچبـەرن. ڕۆژی یەکـەم، ژمارەمـان زۆر نەبـوو و تووشـی هیـچ گیـر و گرفتێـک نەبووینـەوە، بەڵام لە ڕۆژی دووەمـەوە ژمارەمان زیادی کـرد و ڕاوەدوونانی پۆلیـس دەسـتی پێکـرد. هـەر کـە دەخەوتیـن، پۆلیـس هەموومانـی دەتارانـد، بـەڵام نـە داوای ناسـنامەیان دەکـرد و نـە جۆرێکـی دیکـە لەگـەڵمان دەجووڵانـەوە.

نیگـەران بـووم بمگـرن و دیپۆرتـم بکەنـەوە، بـەڵام ئـەم دیمەنانـە بـۆ ئـەوان ئاسـایی بـوو و تەنیـا کێشـەیان لەگـەڵ خەوتـنمان لـە سـەر کورسـییەکانی وێسـتگە بـوو. شـتێکی سـەیر و سـەرنجڕاکێش کـە لـە وێسـتگەی شـەمەندەفەردا بینیـم ئـەوە بـوو کـە ژمارەیەکـی زۆری پیـاوی بەسـاڵاچوو لـەوێ بـوون کـە زۆربەیـان جلوبەرگـی کشیشـیان لەبـەردا بـوو و هاتوچـۆی تەوالێتەکانیـان دەکـرد. لـە تەوالێتـی پیاوانـدا، کـە تـۆ ڕادەوەسـتای و بەپێـوە میـزت دەکـرد، چەنـد پیرەپیـاو و کشـیش لە سـەرەوە سـەیری تۆیـان دەکرد. یـەک دوو جار کە ئەمـە ڕووی دا، پێـم وابوو شـتێکی ئاسـاییە. پێدەکەنیـن و ئاماژەیان دەکردە ... . جارێکیـان گەنجێکی عەرەب لـەوێ بـوو کـە لە کاتـی میزکردندا جنێـوی دەدا: "کەڵبی ئیبنی کەڵب!" (سـەگی سـەگباب). هێشـتا نەمزانی بابەت چییە و بە عەرەبییەکی شـکاوەوە وتم چ باسـە؟ وتی "ئوبن ئوبنەیی". بە هـێما و ئامـاژە تێیگەیانـدم کە ئەمانە وەک ئەو وتـی کوونین. ئیتر نەچوومەوە ئەو ئاوەدسـتخانە و خـۆم دەکـرد بە نـاو کوبەکانەوە. ئەوان سـەیری هەموو کەسـێک دەکەن، بەتایبـەت کۆچبەرە ڕەشپێسـتەکان، یـان وەک خۆیـان پێیـان دەڵێـن سەررەشـەکان. سەررەشـبوون واتـە خەڵکـی خۆرهەڵاتـی ناڤیـن و ڕۆژهەڵاتـی و بـە گشـتی کۆچبەربـوون. لـە کڵێسـای کاسـۆلیکەکان یـان دەتوانیـن بڵێیـن لـە هـەر سـێ ئایینـزای مەسـیحیدا، بـۆ کشـیش و ڕاهیبـەکان هاوسـەرگیری قەدەغەیـە. قەدەغەکردنـی سێکسـی تـا ئـەم ڕادەیـە، وای کـردووە کـە هەندێـک لـە کشیشـە پیـاوەکان ببنـە هاوڕەگەزخواز و بە سـەیرکردنی ئەندامی نێرینـەی پیاوانی دیکە خۆیان ڕاحەت بکـەن. بـە تێپەڕبوونـی کات گڕوتینـی سێکسـییان کـەم دەبـۆوە و وەک پێشـینیان دەڵێـن لـە پیاوەتـی دەکەوتـن. زۆربەیـان پەیوەندیـی سێکسـیی هاوڕەگەزبازانـەی یەکلایەنەیـان هەبوو و بـە زمانـی بـاو بـدەر بوون. پاشـان زیاتر و قووڵتر لـەم بابەتە تێگەیشـتم و لە شـاری ڤاتیکان زۆر زەقتر ئـەم بابەتـەم بینـی. لـە تەوالێتـدا پیرەمێـردەکان لـە پیـاوە گەنـج یـان جەوانـەکان نزیک دەبوونـەوە و قسـەیان دەکـرد، کشـیش پـارەی بـە گەنجەکـە دەدا و پێکـەوە دەچوونـە ژوورەوە. ئـەم چیرۆکـە بووەتـە گاڵتەیەکـی ناخهەژێـن کـە کاریگەریـی دژەهاوڕەگەزخوازیی پێـوە دیارە.

کوڕەکان بە گاڵتە و جەفەنگ بە یەکتریان دەگوت: "ئەگەر دەتهەوێ هەرچی زووتر لە ئیتاڵیا بڕۆی و پارەشت نییە، بڕۆ لە وێستگەی شەمەندەفەر کار بکە، بە یەک دوو ڕۆژ پارەی مانگێک بەدەست دەهێنیت!"

کڵێسای بێ ئایین و باوکە مایکڵی هاوڕەگەزخواز

ڕۆژانی پشووی ئاهەنگی کۆماری نیشتیمانیم لە وێستگەی شەمەندەفەردا بەسەر برد. شوێنێکی دیاریکراوم بۆ خەوتن نەبوو، لەسەر زەوی هۆڵەکە یان لەسەر کورسیی هۆڵی چاوەڕوانی دەخەوتم و کاتێک پۆلیس دەهات هەڵدەستام و پیاسەم دەکرد. کاتێک پشووی جەژنی کۆماری نیشتیمانی تەواو بوو، ئەو کۆچبەرانەی کە دەبا ناونیشانی کڵێسایان پێم بدایە، هاتن. پرسیارم کرد کە کڵێسای ئەمریکی لە کوێیە و پیاوێکی ئەفریقی کە زمانی فەڕەنسی و ئیتاڵی دەزانی و بە ئینگلیزییەکی شکاویش ئاخافتنی دەکرد، منی گەیاندە کڵێسای سانت پۆڵس. نزیکەی دە خولەک بە پێ ڕۆیشتین و گەیشتین بە کڵێسایەکی بچووک و جوان. چووینە ناو حەوشەکە کۆمەڵێک جەوانی کۆچبەرم بینی، لە نیژاد و وڵاتانی جیاوازەوە و دواتر زانیم هەموو بە نیازی ئیشکردن دەچنە ئەڵمانیا. لە دوورەوە گوێم لێ بوو هەندێکیان بە کوردی قسە دەکەن، بەڵام هەر من کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووم.

دەبا بچووبایەمە لای باوکە مایکڵ کە دیارە بە ئاشکرا ناهاوسان و هاوڕەگەزخواز بوو. باوکە مایکڵ تەمەنی مامناوەند بوو و لە نێو کۆچبەرەکاندا جوانترین و جەوانترین (گەنج) و هەیکەلترین کەسی لە ناو ژوورەکەی سەرەوەی هەمان کڵێسا و لای خۆی دەیهێشتەوە. کاتێک باوکە مایکڵ کەسێکی هەڵدەبژارد، ئەو کەسە لەلایەن کەسانی دیکەوە بێڕێزی و گاڵتەی پێدەکرا و ڕیسوا دەبوو. مایکڵ ناوی منی نووسی، پرسیاری ئاسایی لێم کرد کە خەڵکی کوێی و چۆن هاتوویتە ئێرە، لە کوێ فێری ئینگلیزی بووی و .... کاتێک گوتم دەمەوێ بخوێنم، زۆری پێخۆش بوو و وتی: "ئێمە لە کڵێسادا خولی فێربوونی زمان و بەرنامەی پشتیوانیی جۆراوجۆرمان هەیە. ماوەیەک لێرە بمێنەوە، مامۆستاکانمان کە زۆربەیان ئینگلیزی زمانن، ڕێگاکەت پیشان دەدەن". منیش گوتم دەمەوێ بچم بۆ لەندەن، وتی: "ڕێگاکانی گەیشتن بەو شوێنەی کە دەتهەوێ بچی نایاسایین و ئەوەی هەتا ئێرە بە سەرت هاتووە لە چاو ئەوەی دواتر بە سەرت دێ هیچ نییە". پاشان ئاگاداری کردمەوە کە لەلایەن پۆلیسەوە نەگیرێم و ئامادە نەبوو لەسەر ڕێگا نایاساییەکان قسەم لەگەڵ بکات. وتی تۆ خۆبەخۆ لە کەسانی تر فێر دەبی و منی ڕادەستی بەرپرسی کەمپەکە کرد بۆ ئەوەی شوێنی خەوتن و خواردنم هەبێ و وردە وردە ڕێگەی خۆم بدۆزمەوە.

لە نهۆمی خوارەوەی کڵێساکەدا شوێنێک هەبوو کە مێزی بیلیاردی لێ بوو و پڕ بوو لە

کتێب. هەر لەوێ خولی فێرکردنی زمانی ئینگلیزییان بەڕێوە دەبرد. خانمێکی ئەمریکی فێری دەکردین و ئاستی خولەکەش بۆ ئاشنابوونمان بە ئەلفوبێ و وشە باوەکان بوو. زۆر سەرەتایی بوو و وەڕەز دەبووم. هەر بۆیە بە مایکڵم گوت کە دەمەوێ زمانی ئیتاڵی فێر بم. لەوەتەی گەیشتبوومە ئیتاڵیا، سەرسامی زمانەکەیان ببووم. وەکوو مۆسیقا وا بوو و حەزم دەکرد کەمێک فێری زمانی ئیتاڵی بم. بە سەرسوڕمانەوە وتی: "تۆ تاکە کەسێکی کە دەتەوێ فێری زمانی ئیتاڵی بی" و منی نارد بۆ لای هەمان ئەو مامۆستای زمانی ئینگلیزییە. هاوسەرەکەی ئیتاڵی بوو و ڕێک کەوتین کە لە دەرەوەی خولی فێرکردنی زمانی ئینگلیزی، ڕۆژانە نیو کاتژمێر فێری زمانی ئیتاڵیم بکەن و دواتر ئینگلیزی بخوێنین.

هەموو ڕۆژێک لەوێ نانی نیوەڕۆمان دەخوارد و کاتژمێر شەشی ئێوارە بە پێ دەچووینە ناوەندێک کە هی دامەزراوەیەکی خێرخوازیی ئیتاڵی و نزیک لە ئەنجومەنی پیرانی ڕۆما بوو. ئەم دوو کڵێسا و ناوەندە دەستەخوشک بوون. لە شوێنی دووەمدا هەموو ڕۆژێک کەسێک لە ناو دەفری گەورەدا پاستای بە تام و چێژی لێدەنا. ئەو سەرباز بوو و خەریکی تێپەڕاندنی خولی سەربازییەکەی بوو، بەڵام سەیر لەوەدا بوو کە سوپای ئیتالیا هەندێک لە سەربازەکانی بە ڕێکخراوە خێرخوازی و ناحکومییەکان دەسپارد بۆ ئەوەی خزمەت بکەن. بەڕاستی ئەم بیرۆکەیەم بەدڵ بوو، دواتر لەسەری نووسیم و گوتم ئێستا کە خولی سەربازی لە ئێراندا ئیجباریە، باشتر وا بوو لانیکەم هەندێک لەو سەربازانە، کە زۆر جار لە ناو سەربازگەکاندا بێکارن، ڕەوانەی ڕێکخراوە خێرخوازییەکان بکرێن. جۆزێف، کە چێشتلێنەرێکی دەستاوخۆش بوو، هەم خولی سەربازییەکەشی دەگوزەراند و هەمیش هاوکاریی ڕێکخراوە خێرخوازییەکانی دەکرد. ئەو شارەزای زمانی ئینگلیزی بوو و ئەوەش بۆ باشترکردنی توانای ئینگلیزی قسەکردنەکەم یارمەتیدەر بوو. دەیگوت لە منداڵیدا لە دایکیەوە فێری دروستکردنی پاستا بووە و هۆگری کارەکەیەتی. شەوانە لە ڕێکخراوی خێرخوازی نانمان دەخوارد و سەیری زنجیرە درامای ئەمریکیمان دەکرد کە بە زمانی ئیتاڵی دۆبلاژ کرابۆوە، کە ئەمە بۆ فامکردنی زمانی ئیتاڵی هاریکاری دەکردین، دواتر سواری پاس دەبووین و بۆ خەوتن دەچووینەوە بۆ کەمپ.

سواربوونی پاسیش بۆ ئێمەی کۆچبەر بەزمی خۆی هەبوو. پاسە ئیتاڵیاییەکان ئامێرێکی بچووکیان هەبوو کە دەبا بلیتەکەتی تێ بخەی، کاتەکەی تۆمار دەکرد و ڕەسیدی گەشتەکە بوو. ئێمەی کۆچبەریش پارەمان نەدەدا، بەڵام هەمیشە دەترساین مەئموری پاس لێخوڕینەکە بێ و چەند قات زیاتر جەریمەمان[1] بکات. یاساکەی ئەوە بوو ئەگەر مەئمووریک کەسێکی دەستگیر دەکرد، هەتا پارەی نەدابا، بەڕەڵای نەدەکرد. گەشتەکانی

---

١ . سزای نەختیمان

بەیانیی زوو یان درەنگانی شەو دڵەڕاوکێمان کەمتر بوو، چونکە یەک یان دوو کەس نگابانی بۆمان دەدا و لەو وێستگانەی کە مەئموری لێ بوو فیکەی لێدەدا، بۆ ئەوەی هەموومان پێکەوە دابەزین.

کەمپی خێرخوازیی ئێمە لەلایەن سەربازەکانەوە بەڕێوە دەبرا و پێم وایە بەشێک لە کەرەستە و پێداویستییەکانی کەمپ ئەرتەش دابینی کردبوو. تەختیخەوەکانیش[1]، تەختیخەوتنی سەربازی بوون و شێوازی نووستنگەی هەبوو، هەرچەند دواتر زانیم هەر هی ئەو ڕێکخراوە خێرخوازییانەیە. ناوەوەی کەمپەکانیش هۆدە هۆدە بوو، واتە هەر ئێتنیک و نەتەوەیەک شوێنی تایبەتیی خۆی هەبوو. کوردەکان شوێنی تایبەتی خۆیان هەبوو، ئەفریقییەکانیش بە پێی وڵاتەکانیان بە دەوری خۆیاندا قوماشی ڕەنگاوڕەنگ و تەنانەت پارچەی وەکوو ئاڵایان دەکێشا و فەزاکەیان کەرت کەرت دەکرد و هتد. من چوومە بەشی کوردەکان کە زیاتر خەڵکی باشووری کوردستان و چەند کەسێکیش کوردی باکووری کوردستان بوون. هەر لەم بەشەدا فوئاد گیلی، خەڵکی کەرکووکم، ناسی کە بە جیلی ناویان دەبرد. خوێندەوار و کتێبدۆست بوو، جگە لە کوردبوونەکەمان، لە ڕوویەکی دیکەشەوە لە یەک دەچووین؛ ئێمە تاکە کەسانێک بووین کە دەمانویست بچین بۆ بەریتانیا بۆ ئەوەی درێژە بە خوێندن بدەین. لەناو ئەو کۆمەڵە گەورەدا کە هەموو دەیانویست بۆ کارکردن بچنە ئەڵمانیا، ئەم خاڵە هاوبەشەی نێوان من و فوئاد خاڵێکی هاوبەشی گرنگ بوو، بڕیارمان دا پێکەوە درێژە بە ڕێگاکەمان بدەین.

من لە وڵاتی ڤاتیکان

مامۆستاکەمان کە ناوی خاتوو پێتی بوو، هەر زوو تێگەیشت کە من و فوئاد تامەزرۆین و حەزمان لێیە زیاتر فێر ببین. لەبەر ئەوەی کەمێک ئینگلیزیم دەزانی، ئاسانکاری بۆ من کرد بۆ ئەوەی بتوانم بەشداری پۆلەکانی دیکە بکەم. پێتی پێشنیاری کرد: "دوای ئەوەی کە ئینگلیزی قسەکردنەکەت باشتر بوو، لە خولی پێشەکیی فەلسەفەی ئایینەکان لە کلێسای ڤاتیکان بەشداری بکە. ئەوان بە زمانی ئینگلیزی وانە دەڵێنەوە و ئەمەش بۆ تۆ دەرفەتێکی باشە". لە پێشدا وام دەزانی کلێسا دەیهەوێ بیروباوەڕەکانی خۆی بەسەرماندا بسەپێنێت و مێشکی هەمووان بشۆنەوە بۆ ئەوەی ببنە مەسیحی، کاتێک من بەشداریم لەو خولانەدا کرد، بۆم دەرکەوت کە هەڵە بووم و ئەوان زۆریش نیازێکی لەو جۆرەیان نییە. خولەکان زیاتر لە کەشێکی لیبراڵدا بەڕێوە دەچوون و ڕاهێنان و پەروەردەی ئایینی لە ئارادا نەبوو، دیارە ئەم پرسە لە لایەکەوە پەیوەندی بە سیاسەتە سەرەکییەکانی حکوومەتە

---

١ . لە باشوور پێی دەڵێن قەرەوێڵ.

ئەورووپاییەکان بەرامبەر بە کۆچبەران هەیە و لە لایەکی ترەوە دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندییان لەگەڵ ئەو حکوومەتانەی کە ژمارەیەکی زۆری کۆچبەریان لە خۆ گرتووە.

خولەکە بۆ شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە سەر ئایینە یەکتاپەرستەکان تەرخان کرابوو. ئەوەندە وتبووم کە نیازی خوێندنم هەیە کە پێتی ئەم خولەی بۆ من بە گونجاو زانیبوو. بۆ ئەوەی توانای ئینگلیزی قسەکردنەکەم باشتر بێ قبوڵم کرد. پاشان بیرم لەوە کردەوە کە ئەگەر بۆ ئەم خولە منیان قبوڵ کرد، ڕەنگە هەر لێرە لە ڤاتیکان بمێنمەوە و درێژە بە خوێندن بدەم. بە پێچەوانەی بۆچوونی جارانم، خۆزگەم دەخواست کە بهێڵن لە خولی ئایینناسیدا بەشداری بکەم، هەرچەندە نەمدەزانی کە ڕەنگە بەهۆی ئەوەی لە زمانی ئینگلیزی شارەزایی ئەوتۆم نییە، ئەم خولانە بە لامەوە ئەستەم بێت. ماوەیەک دوای تێپەڕبوونی خولە هاوبەش و چڕەکەمان، ڕۆژێکیان پێتی پێی وتم: " ئەوان بە شێوازی خێرخوازانە قبووڵ دەکەن کە تۆ بە شێوەی نیوەکاتی لەگەڵ ئەوان خولەکە دەست پێبکەی، پاش نیوەڕوانیش لەگەڵ من درێژە بە فێربوونی زمانی ئینگلیزییەکەت بدەی و ئەو جێگایانەشی کە لێی تێناگەی بۆت دووبارە دەکەمەوە". نەمدەزانی چۆن سوپاسی پێتی بکەم. ئەو وتی: "شایەنی نییە، هیچم نەکردووە .... قەزائەن زۆریشیان پێ خۆشە کە موسڵمانزادەیەک لە لای ئەوان ئەم خولە تێبپەڕێنێ، چونکە مژاری گشتییان هەیە و پێشوازی لە ئامادەبوونی کەسانێک بە ئایینی جیاوازەوە دەکەن".

بەم شێوەیە لە ناکاو و بە خۆڕایی بووم بە خوێندکاری ئەکادیمیای بەناوبانگی ڤاتیکان. وردە وردە خەریک بوو بە خەونەکانم دەگەیشتم، خوێندن و زانین و گەیشتن بە وەڵامی پرسیارە گەورەکانی ژیانم. ئەو پرسیارانەی کە بە هۆی جیهانی ژیاومەوە دەمێک بوو لە مێشکمدا هەڵتۆقیوو و چەسپا بوو. ئەو جیهانە کۆمەڵایەتییەی کە لە منداڵیدا ئەزموونم کردبوو، جیهانێکی توندژۆ و نائارام و پڕ لە شەڕ و خوێنڕشتن و خەباتی سیاسی بوو. لە قوتابخانەکانی ئێراندا زۆر باش درکم بەوە کردبوو کە هێنانە بەر باسی پرسیار و کێشمەکێشەکانی ناو زەینم لەو سیستەمە ئایدۆلۆژیکی و ژەهراوییەدا جگە لە دەرکردن و تاراندن هیچی دیکەی

● وێنەی ١٥٤- لەگەڵ هاوپۆلەکەم، ڕۆما، ڤاتیکان، ١٩٩٦

لێناکەوێتەوە. ئێستا لە ڤاتیکان دەرفەتێکم بۆ ڕەخسابوو کە لە ڕێگەی خولێکی خوێندنەوە بەدواداچوون بۆ پرسیارەکانم بکەم. ناونووسیم کرد و کارتی خوێندکاریم بۆ دەرچوو.

خۆ دەبێ شتێکتان لەمەڕ ڤاتیکان بیستبێت، وڵاتێکی بچووکە لەناو وڵاتێکی دیکەدا، واتە ئیتاڵیا. ڤاتیکان وڵاتێکی سەربەخۆیە، لە ناو دڵی ڕۆمایە، سنوور و پاسەوانی سنووری تایبەتیی خۆی هەیە. کاتێک دەچیتە ناو سنووری ڤاتیکانەوە، دەبێ ناسنامە یان پاسپۆرتەکەت تەنانەت ئەگەر بە شێوەی ڕەمزیش بێ پیشان بدەیت. جگە لە پرسە مافخوازییەکان، یاساکانیشی جیاواز لە یاساکانی ڕۆمایە و بودجە و حکوومەتی سەربەخۆی هەیە. کاتێک لە دەروازەی ڕۆمەوە دەچوومە ناو ڤاتیکان، بەپێی یاساکان، وەک ئەوە وا بوو چووبێتمە ناو وڵاتێکی ترەوە. ئەو شوێنەی ناونووسیم تێدا کردبوو قوتابخانەیەکی سەرسوڕهێنەر بوو، پڕ بوو لە شێوەکاریی ئایینی و پەیکەر و مینیاتۆری ڕەنگاوڕەنگی لە بەرد داتاشراو و نەخشینی هونەرمەندانە کە هیچ یەک لەو مزگەوتە گەورە و بچووکانەی کە بە درێژایی ژیانم بینیبووم، تای ئەو قوتابخانەیان نەدەکرد.

لە ڕووی پێکهاتەی بیناسازییەوە، قوتابخانەکە وەکوو کڵێسا و قوتابخانە ئاینییە مەسیحییەکان، فەزایەکی گەورە و پێچەڵاوپێچی هەبوو کە پڕ بوو لە تابلۆی دیواریی ڕەنگاوڕەنگی ناوازە کە مێژووەکەیان سەدان یان هەزاران ساڵ بوو و مێژووی ئایینی مەسیحییەتی بە شێوەیەکی زیادەڕەوییانە پیشان دەدا. لەم قوتابخانەدا ڕێوڕەسمی جۆراوجۆر بەڕێوە دەچوو کە گرنگترینیان کۆبوونەوەیەک بوو کە پاپای مەزن جار جار ئێواران بەڕێوەی دەبرد و ئێمەش چەندین جار بەشداریمان لەو کۆبوونەوانە کرد. ئەگەر بارودۆخەکە لەبار ببایەت، پاپا لە ڕۆژانی یەکشەممە و جەژنە ئاینییەکاندا لە گۆڕەپانی سەرەکی و حەوشەی دەرەوە نوێژ و دۆعای بۆ خەڵکی شارەکە و زیارەتکاران دەکرد.

لەوێشەوە پاپای مەزن بەیاننامەی سەبارەت بەو پێشهاتە جیهانییانەی کە پەیوەست بوون بە ڤاتیکانەوە بڵاو دەکردەوە. دەبێ لە هەواڵە جیهانییەکاندا بینیبێتتان کە سەرۆکی دەوڵەتان لە وڵاتانی جیاوازەوە بەردەوام دێن بۆ دیدار و ماچکردنی دەستی پاپا. جا دۆخی من بیهێنە بەرچاوتان؛ کۆچبەرێکی کورد لە شارێکی بچووکی سەر سنوور لە وڵاتی ئێرانەوە (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) گەیشتبوومە ئەورووپا و لە ناو دڵی گەورەترین سیستەمی ئایینی و سیاسیی جیهاندا، کە خاوەنی دەسەڵاتی تایبەتی ئایینی و سیاسی و تەنانەت ئابووریە، شاهیدی پارادۆکس و لێکدژییەکی تاڵ بووم. لە ڕۆژدا لە مەدرەسەی ڤاتیکان جیهانێکم دەبینی و بە شەویش لە کەمپی کرێکارە کۆچبەرە ئاسیایی و ئەفریقاییەکان جیهانێکی ترم بەدی دەکرد.

ئەو ماوەی کە لەوێ بووم. هەموو کاتەکانم بە خوێندن و مشتومڕ و بەشداریکردن لە گفتوگۆی گرووپیدا بەسەر دەبرد. لە چەند ڕۆژی یەکەمدا لە زۆر شت تێنەدەگەیشتم.

لای خوێندکارانی وڵاتانی ئەورووپایی و ئەمریکایی زۆر کەمم دەهێنا، بەڵام پێتی وەکوو فریشتەیەک ئەوەی نەمدەتوانی لێی تێبگەم بە هێمنییەوە بۆی دووپات دەکردمەوە. سەرەتا ئەوەی فێری بووم وای لێم کردبوو کە تێگەیشتن و فامکردنم لە ئایین ئەوەندەی دیکە ناڕوون ببێتەوە، بە ڕاستی سەرم لێ شێوا بوو. زۆر پرسیارم بۆ هاتە پێشەوە؛ بۆچی ئەو هەمووە ئایینە دروستکراوە هەن کە هەمووشیان لە یەک دەچن؟ چەندە کۆپیکراوی یەکترن؟ لاسایی یەکتریان کردووەتەوە یان ... دەبا بتوانیبایە پەیوەندیی هاوشێوەیی و مێژوویی و لۆژیکی و زانستیی نێوان ئایینەکان بدۆزیتەوە. دیارە تۆ لە ناو دڵی دامەزراوەی ئایینی و ئایدیۆلۆژیکی و سیاسیی کاسۆلیکی مەسیحی بووی، پشتیوانیی ئەم قوتابخانەیەتان بە ئاشکرا دەبینی، مامۆستاکانیش دەیانویست ڕوانگەی ئێمە بە قازانجی کاسۆلیک بگۆڕن، بەڵام لە ناوەندە فەلسەفییەکاندا دەرگای ڕەخنە و پرسیارکردن سەبارەت بە هەموو بابەتەکان جگە لە پیرۆزبوونی مەسیح و مریەم و بوونی خودا کراوە بوو.

کتێبخانە ناوەندییەکەیان ناوازە بوو و پێم وایە لە هیچ شوێنێکی جیهاندا نموونەی نییە. لە هەندێک لە نوسخە سەرەتاییەکانی قورئان و تەورات و کتێبی پیرۆزەوە بگرە هەتا دەگاتە هەموو کتێبە گرنگ و سەرچاوەییەکانی پەیوەست بە بابەتی ئایینەکان، لەم کتێبخانە مەزنەدا هەبوو. هەندێک لە کتێبە ئایینییەکان لە کاتی شەڕەکان و بەتایبەت لە شەڕی خاچپەرستەکاندا تاڵان کرابوون. دەیانگوت تەنانەت پەیڕەوانی ئەو ئایینانەش دەستیان بەو کتێبانە ناگات. ئەم کتێبانە بەشێک لە میراتی فەرهەنگیی هەمیشەیی گەلان و شارستانییەتەکانیانە و ئەخلاق و یاساش وا دەخوازێ کە ئەم میراتە بگەڕێتەوە بۆ خاوەنە ڕەسەنەکانیان، هەرچەندە پێم وا نییە بەم زووانە ئەوە ڕوو بدات.

● وێنەی ١٥٥- کۆلۆسییۆم، ڕۆما، ١٩٩٦

لە کتێبخانەی ناوەندیی ڤاتیکان هەندێ نوسخەی پێستیی قورئان هەیە کە دەیانگوت لەگەڵ نوسخە باوەکەی کەمێک جیاوازی هەیە، بە گوێرەی هەندێک لە مێژوونووسان و لێکۆڵەرە ئایینتوێژە سەربەخۆکان، نووسخەی تەکمیل و کۆتایی قورئان لەلایەن نووسەرانی جۆراوجۆرەوە لە سەردەمی پێغەمبەری ئیسلامدا بە شێوەی نافەرمی نووسراونەتەوە و حافزەکانیش لەبەریان کردووە و پاشان لە سەردەمی خەلیفەی یەکەم و دووەمدا واتە

ئەبووبەکر و عومەر کۆ کراوەتەوە و لە سەردەمی عوسمان نووسخەی لێ هەڵگیراوەو و لە سەردەمی عەلیدا ئیعراب و خاڵیان بۆ داناوە. سەیر لەوەدایە کە لە هەندێک لە کتێب و تەفسیرەکانی قورئانی ڤاتیکان ئاماژە بە شتگەلێک کراوە کە ئەگەر ئەمڕۆ باسی بکەی، لەلایەن زۆر کەسەوە بە کوفر تۆمەتبار دەکرێیت. من ئەوەندە شارەزای ئەم بوارە نەبووم کە بتوانم بە وردی خاڵە جیاوازەکانی نێوان ئەم نوسخانە دەستنیشان بکەم و نەمدەتوانی لەسەر تەمەنی نوسخە جیاوازەکانی قورئان و هۆکاری ئەو جیاوازییانە بە وردی قسە بکەم. بەڵام باش دەزانین کە هەندێک پێیان وایە بەشگەلێک لە قورئان لە بنەڕەتدا لە تەورات وەرگیراوە و هەندێک لە چیرۆکەکانی ناو قورئان بە شێوەی ناوە ناوە لە تەورات وەرگیراون.

ئەم بابەتە کتێبی ئایینەکانی دیکەش دەگرێتەوە. کتێبی ئینجیل چەندین جار گۆڕاوە و چاکسازییان تێدا کردووە و ئینجیلە کۆن و نوێکان تا ڕادەیەک دەستکاری کراون، کە تەوراتیش هەر بەو چارەنووسەوە چووە. هەفتەیەک ڕۆژێک و لە کاتێکی دیاریکراودا، دەمانتوانی لە ژێرزەمینەکەدا کتێبی سەرچاوە و کۆن بخوێنینەوە، کە دابونەریتی تایبەتی خۆی هەبوو. دەبا باڵاپۆشی تایبەتمان بپۆشایە و دەستکێشمان لە دەست بکردایە. هەندێک لە لاپەڕە دەستنووسەکان لەسەر شووشە بوون و تەنها کتێبدارەکە بۆی بوو لاپەڕەکانی هەڵبداتەوە، بۆ ئەوەی نەدرێن.

لە کاتی خوێندنەوەی کتێبە یەکتاپەرستییەکاندا، بە چاولێخشاندنێک تێدەگەی کە چەندە لە یەک دەچن و دەڵێی کۆپییان لە یەکتر هەڵگرتۆتەوە، لێکچوونی زۆری نێوان تەورات و قورئان سەرسامی کردم، ئەوە لە حاڵێکدایە کە پەیڕەوانی ئەم ئایینانە چەندین سەدەیە پێکەوە ناسازن. پارادۆکسی سەیر و سەمەری مەسەلەکە لەوەدایە کە پەیڕەوانی ئایینە یەکتاپەرستییەکان پێیان وایە کە سەرچاوەی هەموویان یەکە و لە قورئان و کتێبە پیرۆزەکانی تردا چەندین جار باس لەوە کراوە کە ئەوەی لەم کتێبەدا هەیە پشتڕاستکەرەوە و تەواوکەری کتێبەکانی ترە. هەر ئەمەش وا دەکا کە تێگەیشتن لە هۆکاری ناکۆکیی قووڵ و شەڕە بێکۆتاییەکانی نێوانیان قورستر و ئاڵۆزتر بێت. لێرەدایە کە هۆکارە سیاسی و ئابوورییەکان دەکەونە پێش هۆکارە ئایینییەکان، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە، زۆربەی شەڕەکان بە ناوی ئایینەوە ڕوو دەدەن. لە ڕاستیدا بەشێک لەو حاڵەتانە لە لایەک سروشتی ئایدیۆلۆژیکیی ئایین پیشان دەدەن و لە لایەکی دیکەشەوە کارکردی شەرعییەتدانی ئایین لە کایە سیاسی و ئابوورییەکاندا دەردەخەن، کە هەمیشە ڕاست بووە، بە شێوەیەک کە گوتارە ئابووری و سیاسییەکان بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی و ئامانجەکانی خۆیان و بۆ شەرعیەتدانیان هەمیشە گوتارە ئایینییەکانیان بەکار هێناوە. لە ڕاستیدا ڕوانگەی ئامرازیانە بۆ ئایینەکان لە لایەن پێکهاتە و سازوکارەکانی دەسەڵات و سامانەوە هەمیشە لە ناو کۆمەڵگاکان و زۆربەی سەردەمەکاندا بینراوە و تۆمار کراوە. ڕەنگە پێویست بە وتن نەکات

کـە هەمـوو ئەو شـتانەی لێرەدا دەینووسـم، ئامـۆژە و فێرکارییەکانـی ئەو قۆناغە چەنـد مانگییە نەبـووە، بـەڵام ئـەو قۆناغـە عەقڵییەتێکـی پێبەخشـیم کـە دواتـر ئـەم بابەتانـە شـی بکەمـەوە و واقیعەکانـی پەیوەسـت بـە ئایینـە جیـاوازەکان لـە بەرچـاو بگـرم. کاتێـک لـە بەریتانیـا چوومـە خوێندنـی بـاڵا، یـان دواتریـش کـە چەنـد جار چـووم بـۆ ئیتاڵیـا و ڤاتیکان بـۆ ئـەوەی زیاتر ئەو دەقانـە بخوێنمـەوە، زیاتـر قووڵایـی ئـەم مژارانـەم بـۆ دەرکەوت.

لـەو خولـەدا خوێندکارانـی سـەر بـە ئێتنیـک و نەتەوە جیـاوازەکان بەشـدار بـوون. هیندی و بوودایـی، چینـی و سـیریلانکایی، مەسـیحی و دوو کەسـی موسـڵمان؛ کـە یەکێکیـان مـن بـووم و ئـەوی تریـان گەنجێکـی عەرەبـی خەڵکـی جەزائیـر. ئێمـە بـەو ئینگلیزییـە لاوازەی کـە دەمانزانـی قسـەمان دەکـرد و تـا دەهـات بـاشتر و زیاتـر تێدەگەیشـتین، هەمـوو جەنـگ و ململانـێ ئایینییەکانـی جیهـان، ترسـناکن و بـە جۆرێـک هـاوڕەگ و ڕیشـەن. لـەوەش گرنگتر ئـەوە بـوو کە تێگەیشـتین ئەگـەر مرۆڤەکان کەمێک باوەڕیـان بە لێبوردەیـی و یەکترقبووڵکردن بووایـە و نەختێـک دیالـۆگ و پەیوەندییە ئینسـانی و عەقڵانییەکانیان بە هەنـد وەربگرتایە، ئەوا زۆرێـک لـە شـەڕ و وێرانکارییـە مێژووییـەکان ڕوویان نـەدەدا.

کارتـی خوێندکاریـی ڤاتیـکان زۆر لام ئازیـز بـوو و لـە زۆر جێـگادا سـوودی بـۆم هەبـوو. لـە سـایەی سـەری ئـەم کارتـە، بێبەرامبـەر چەندین جـار سـەردانی مۆزەخانەکانم دەکـرد. کاتێک کارتەکـەم پیشـان دەدا، ڕێزیـان لێـم دەگـرت و ڕێگەیان پـێ دەدام کە بچمـە ژوورەوە. تەنانەت لـە یەکێـک لـە گەشـتەکانم بـۆ شـارەکانی دەوروبـەر، بلیتـی شـەمەندەفەرەکەم بـە هەڵـە کڕیبـوو و مەئموورەکـە دەیویسـت جەریمـەم بـکا، بـەڵام کاتێـک کارتـی خوێندکاریـی ڤاتیکانم پیشـان دا زۆر بـە ڕێـزەوە مامەڵـەی لەگەڵـدا کـردم و ڕێگـەی پێـدام بـڕۆم. لە ماوەی ئـەو چەند مانگـەدا، ئەزموونـی ئـۆردوو و گەڕانەکانیـش بـۆ مـن گرینـگ بـوو. لەگـەڵ خوێنـدکارەکان چووینـە مۆزەخانـەکان و سـەردانی پەرلەمانـی ئیتاڵیامـان کـرد، لەگـەڵ کەسـانی جیـاواز دیـدار و چاوپێکەوتـنمان دەبـوو و .... هەمـوو ئەمانـە لـە دەسـتپێکی گەیشـتنم بـۆ ئیتاڵیـا ئەزموونگەلێکـی نـاوازە بـوون. ئەزموونێـک کە بـە هۆیەوە خۆم بـە قەرزداری کڵێسـای ئەمریکی و پێتـی، مەبەسـتم هەمـان ئـەو خانمـە ئەمریکاییەیـە کـە کاتێـک پێشـکەوتنی منـی دەبینـی دڵخۆشـی دەردەبـڕی و بـزە دەکەوتـە سـەر لێوەکانـی. هەرچەنـدە هەوڵـم دەدا یادەوەرییـە تاڵەکانـی ڕابـردووم فەرامۆش بکەم و سـەرنجم لەسـەر خوێنـدن و فێربوون بێ، بـەڵام هەندێک جـار ئـەم بارودۆخـەی ئێسـتامم لەگـەڵ ئـەو بارودۆخـە پەروەردەییـەی کـە لـە ئێرانـدا هەبـووم بـەراورد دەکـرد. بیرەوەریـی ئەو هەموو ناسـەقامگیرییەی سیسـتەمی پەروەردەیـی و ئەو هەموو توندوتیـژی و لێدانـەی کـە شـاهیدی بـووم، وازی لـێ نەدەهێنـام. مەگـەر دەکـرێ ئـەو هەموو توندوتیـژی و زیادەڕەوییـە لەبیـر بکـەم؟ تەنانـەت ئەزموونـی یەکێکیـان بۆ هەمـوو تەمەنی هەر منداڵێـک بـەس بوو.

هەروەها لای کریستۆفێری هاوسەری پێتی، فێری گفتوگۆی ڕۆژانە بە زمانی ئیتاڵی بووم. نووسین و خوێندنەوەی ئینگلیزیم باشتر ببوو و هەموو ئەمانە یارمەتی دام کە ئاستی متمانەبەخۆییم زیاتر بێت. ئەم ئەزموونە پێی سەلماندم کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و نزیک لە نێوان فێربوونی زمانێکی تر و وەربەرزی و متمانە بەخۆبوون هەیە و منیش هەر لە منداڵییەوە بە هۆی دووزمانەبوونی شوێنی ژیانم لە نەغەدە و زمانی فەرمی لە قوتابخانەکاندا فێری هەر سێ زمانی کوردی و تورکی و فارسی ببووم و وەک شتێ مێشکم بۆ فێربوونی زمانی زیاتر، خێراتر ئیشی دەکرد و یان بە واتایەکی تر، لەگەڵ فێربوونی زمانی زیاتر ڕاهاتبووم. دوای تێپەڕینی چەندین ساڵ هێشتا لەگەڵ ئەم ژن و پیاوە کە ئێستا لێک دابڕاون، لە پەیوەندیدام و بە درێژایی ئەو ساڵانەی کە لە ناوچەکە و لە ئێراندا کارم دەکرد، ئەحواڵیان دەپرسیم. ئەو چەند مانگەی کە لە ئیتاڵیا بووم، سەفەرم بۆ شارەکانی پیزا و ڤێنیز کرد. دیارە ئەم سەفەرانە گران بوون و بۆ کەسێکی وەکوو من لەو دۆخەدا کارێکی پاساودار نەبوو. فوئادیش وەکوو ئەو مامۆستا مەریوانییەی کە لە تورکیا و یۆنان پێکەوە بووین، بەردەوام پێی دەگوتم: "کورە ئەوە تۆ شێتی، نابێ پارەکەت بۆ سەفەرە گەشتیارییەکان خەرج بکەیت!" بەڵام من پەشیمان نیم، ئەزموونێکی باش بوو، هەم خەڵکی ئیتاڵیام باشتر ناسی و هەمیش تێکۆشام بە ئیتاڵیایی قسە بکەم و هەر کاتیش لە زمانی ئیتاڵیاییدا کەمیم هێنا، بچمە سەر زمانی ئینگلیزی.

تێپەڕین بە پاریسدا

هەر کەس ئێمەی دەبینی، وای دەزانی بەم زووانە دەچینە مۆزەخانە و کافەکانی پاریس، بەڵام لە پشت ڕواڵەتە ئارام و گەشتیارییەکەمان، دڵەڕاوکێیەکی زۆر خۆی حەشار دابوو. ئەوەندەم دەزانی کە دەبێ بەسەر وەسوەسەی پیاسەکردن بە پاریسدا زاڵ بم و بەدیهێنانی ئەم ئاواتە بهێڵمەوە بۆ داهاتوو. ئێستاکە کارێکی گرنگترمان هەیە. من دەمویست بگەمە شاری گۆرانییەکانی نەنکم و فوئادیش کە لە تەنیشتم دانیشتبوو، وەکوو من خەونی بە خوێندن لە لەندەندا دەبینی. چەند مانگێک لە ئیتاڵیا مابووینەوە و لەگەڵ کۆتایی هاتنی خوێندنەکەم لە ڤاتیکان بە دوای ڕێگایەکدا دەگەڕاین بۆ ئەوەی درێژە بە کۆچەکەمان بدەین.

لەم چەند مانگەدا هەر کات لەگەڵ خانەوادەکەم قسەم دەکرد، دەیانپرسی بۆچی نارۆی؟ ئەمڕۆ و سبەم دەکرد و بیانووم دەهێناوە. نەمدەویست بڵێم کە لە ڤاتیکان سەرقاڵی خوێندنی ئایینەکانم و سەرنجم پرژاندۆتە سەر بابەتێک کە لە بەرنامەمدا نەبوو. لەوانەیە ئەم بابەتە لە فەزای نەریتخوازانەی شارەکەماندا هەستیار بووایە و باشتر وا بوو کەس نەیزانێت.

ئەگەر باوکم بیزانیبایە، وەکوو قۆناغەکانی دیکەی سەفەرەکەم بە جۆش و خرۆشەوە باسی دەکرد و هەر زوو هەمووانی تێدەگەیاند. بە لامەوە سەیر بوو کە بەسەرهاتی کۆچکردنەکەم ببوو بە بابەتێکی وروژێنەر کە خەڵکی پیرانشار زۆر لێی دەکۆڵانەوە.

فوئاد لەو خولەدا بەشداری نەکردبوو، بەڵام بەهۆی ئەو ئاسانکارییانەی کە بڕیار وا بوو بۆ هەمووانی دابین بکەن، مایەوە. لێتان ناشارمەوە ئەم وەستانە هۆکارێکی دیکەشی هەبوو؛ هەرچەندە ئینگلیزییەکەی فوئاد لە من باشتر بوو، بەڵام بە تەنیا نەڕۆیشت و سەبری کرد کە پێکەوە بڕۆین. گوتبووم کە خزمێکم لە لەندەن هەیە، کە ئەگەر پێویست بوو دەتوانین ماوەیەک لە ماڵیان بمێنینەوە و ئەمەش دڵگەرمی کردبوو. بڕیارەکەمان جیددی بوو، بەڵام بۆ درێژەدان بە کۆچکردنمان بەرەو ئەورووپا، پێویستمان بە ناسنامەیەکی پڕبایەخ هەبوو. فوئاد کوڕێکی ئێرانی پێ ناساندم کە کارتی ساختەی دروست دەکرد. وتی: خۆ تۆ فارسییەکە دەزانی، قسەی لەگەڵ بکە. ئەم کوڕە مادەی هۆشبەری بەکار دەهێنا و هەمیشە نەشە بوو، چەند ساڵێک لە ڕۆما مابۆوە و دۆخی باش نەبوو. لێم پرسی بۆچی نارۆی؟ وتی: لێرە گیرساومەتەوە! قسەکەشی ڕاست بوو. سەرقاڵی کار بوون. لەگەڵ چەند کەسێکی مەغریبی و جەزائیری دەچوونە لای گەشتیاران و بەڵگەنامەکانیان دەدزین، هەر بۆیە هەموو جۆرە ناسنامە و پاسپۆرتێکیان لەبەردەستدا بوو.

دوو کارتی ناسنامەی وێنەیی بۆ هێنایین کە بە خراپترین شێوە ساختە کرابوون. مۆرێکیش کە لە پەتاتە دروستی کردبوو، لە کارتەکەی دا کە نەدەخوێندراوە. بۆ ئەم کارتانە کە لە کاردەستیی منداڵانی قوتابخانە ناشیرینتر و هیچتر بوو، پێم وایە دوو سەد دۆلاری لێمان وەرگرت. لە خشتە چووبووین و تازە هیچمان لە دەست نەدەهات. بەشی پێکەنینیەکەی ئەوە بوو کە ناوی فوئاد لەسەر کارتەکە ببوو بە ماری. وتم ماری ناوی کچە! لە وەڵامدا وتی: کورە خۆ ئەوان تێناگەن، تۆ بڵێ ماریانا، دەبێتە پیاوانە!"و بە خوماریيەوە پێمان پێدەکەنی! هەتا گەیشتینە بەریتانیا، ئێمە بەم بەسەرهاتی ماری و ماریانا پێکەنین و لە هەمان کاتدا دەشترساین. هەرچەندە ئەو کارتەم بەکار نەهێنا و کارتی خوێندکاریی ڤاتیکانەکەم جارێکی دیکە بە هانامەوە هات. گەیشتنە لەندەنیش بەزمی خۆی هەبوو. ئێمە ئەوەندە ئینگلیزیمان دەزانی کە بە کۆڵەپشتی و دووربینەکانمان خۆمان وەک گەشتیار نیشان بدەین و بەرەو ئەورووپا وەڕێ بکەوین، کە دیارە ئەو دەم سنوورەکانی زۆر ڕوون نەبوو و ئەو سەختگیری و توندبوونی سنوورییە کە ئێستا هەیە، ئەوسا نەبوو.

بە شەمەندەفەر بەرەو فەڕەنسا ڕۆیشتین و تووشی هیچ کێشەیەک نەبووین. پێش ڕۆشتنم تەلەفۆنم بۆ ماڵەوە کرد و پێم وتن دەچمە فەڕەنسا. کەژاڵی هاوسەری خوالێخۆشبووکاک فەتاح عەبدولی، لە پاریس دەژیا، باوکم ژمارە تەلەفۆنەکەی پێدام، تەلەفۆنم بۆ کرد و گوتم لە پاریس دەتبینم. زۆر دڵخۆش بوو، بەڵام مەرجێکی سەیری بۆ

دانام؛ وتی: "من گرەوێکت لەگەڵ دەکەم ئەگەر بردتەوە، من بەرچایی و نانی بەیانییەکی باشت بۆ دەکرم، بەڵام ئەگەر من بردمەوە دەبێ تۆ نانی بەیانیم بۆ بکرِیت!" پرسیم: گرێوەکە چییە؟ گوتی، "فەتاحی ئامۆزات زۆر زیرەک و وریا بوو، کە بوو بە نوێنەری حیزب لە ئەورووپا، لە ماوەیەکی کورتدا فێری زمانی فەرەنسی بوو و تەنانەت لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا وتاری دەدا، پێم خۆشە بزانم وەک باوکت دەڵێ تۆش وریای یان نا؟" چەند ساڵێک بەسەر تیرۆرکردنی کاک فەتاح و دوکتور شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چێشتخانەی بەناوبانگی میکۆنۆسی بەرلین تێپەڕیبوو، بەڵام دەمبینی کە یادەوەرییەکانی بۆ کەژاڵ هێشتا زیندووە.

● وێنەی ١٥٦- هۆڵی دادگای میکۆنۆس پاش ڕاگەیاندنی بڕیاری کۆتایی، کەژاڵ عەبدولی (بە سیمای گریانەوە) / شوهرە بەدیعی/ حەمید نەوزەری و هانس یوواخیم ئێریگ (پارێزەر)

ئیتر ئەوە بوو کە مەرجەکەی خستە ڕوو، یان باشتر بڵێین زیرەکیمی تاقی کردەوە. کەژاڵ وتی: "ناونیشانی کافەیەکت پێدەدەم کە زۆر مەعرووف نییە، دەبێ بتوانی کافەکە پەیدا کەی و بێیە ئەوێ" من مابوومەوە کە خوایە چی بڵێم، بەڵام هەر چۆنێک بێ قبووڵم کرد. لەکۆتایی گفتوگۆکەدا، کەژاڵ بە پێکەنینەوە وتی، دەزانم لەوانەیە پووڵێکی زۆریشت پێ نەبێ، ئەمما ئەگەر دۆڕاندت، دەبێ سوبحانەیەکی چاکم بۆ بکرِیت!" بە شەمەندەفەر، بەیانیی زوو گەیشتینە وێستگەی ناوەندی کە ناوی گاردینێڤێر بوو. لە ترسی دۆڕان، یەکسەر میترۆمان گرت و بە پرسیارکردن توانیمان وێستگەی نزیک لە کافەکە کە نزیک ماڵەکەی بوو، بدۆزینەوە. کافەیەکی نزیک لە وێستگەکەی هەڵبژاردبوو، ئێمە زووتر گەیشتبووین و ئەویش دوای پێنج خولەک هات. لە کاتی خواردنی نانی بەیانیدا، پێم گوت: "لەبەر ئەوەی خزمیت و خەڵکی نەغەدەی و کۆنە هاوڵاتیمانی و چەند ساڵێکیشە لێرە دەژی، ئامۆژگاریەکم بکە کە سوودی بۆ من ببێ"، ئیتر دەستی کرد بە دەردەدڵکردن: "کە گەیشتییە ئینگلیسێ[1] هەر ئەو ڕێگایەی ببرِە وا لە ڕۆما تێپەڕت کردبوو. لە ڕۆژی یەکەمەوە بخوێنە و بە هیچ

١ . بەریتانیا، یان ئینگلتەرا، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە بەریتانیا دەڵێن ئینگلیس.

شـێوەیەک خـۆت تێکەڵـی چالاکیـی سیاسـی و حیزبـی مەکـە. مـن سـاڵەهای سـاڵ ژیانـم بـۆ حیـزب تەرخـان کـرد، سـاڵانێکە پێشـمەرگەم، مێردەکەشـم هـەر لـە پێنـاو ئـەم ڕێبـازەدا لەدەسـت دا، لێـم عەیانـە ئەگـەر هـەر لـە ئێسـتاوە بچییـە نێـو چالاکیـی حیزبـی یـان سیاسـییەوە، بـە هیـچ کـوێ ناگـەی. تـۆ منداڵـی و لـەم تەمەنـەدا دەتوانـی بـە هـەر شـتێک کـە پێـت خۆشـە بگـەی، وەکـوو مۆمێکـی نەرمـی و دەتوانـی بـە هـەر شـکڵێک کـە بتـەوێ خـۆت لـە قاڵـب بـدەی و بـەرەو پێشـەوە بچیـت. وەلـی ئەگـەر بچیتـە نـاو بەزمـی سیاسـی، ئـەوە بـاش لـە ژینگـەی لەنـدەن و فەرهەنگـی ئەورووپـی هیـچ حاڵـی نابـی و لـە هەمووشـی گرنـگتر تەنانـەت ئینگلیزییەکـەش بـاش فێـر نابـی، چونکـە بـەردەوام لەگـەڵ هاوزمانەکانـی خـۆت لـە پەیوەندیـدای ..." و بـە زەردەخەنـە و گاڵتەجاڕییـەوە وتـی: "تـۆ وەختـت زۆرە، زۆر کـەس پێیـان وایـە کۆمـاری ئیسلامـی جـارێ هـەر لـە سـەر کارە و بـە تەمـا نییـە بـەم زووانـە بـڕوا، کـە ئومیـدوارم وا نەبـێ، کەواتـە ئەتـووش هیـچ پەلـەی مەکـە و دەرسـەکەت بخوێنـە بـا ببـی بـە شـتێک."

ئێسـتا کـە لـە قسـەکانی ئـەو دیـدارە و ئـەوەی لـە ژیانمـدا ڕووی داوە، دەفکـرم، پێـم وایـە هەمـان ڕێچکەم گرتە بەر و تا ڕادەیەک قسـەکانیم بە گوێ گـرت. ڕەنگە ئەزموونەکانی ڕابردووم وانەیەکیـان فێـر کردبـووم کە لە قسـەکانی ئـەو ڕۆژەی خاتوو کەژاڵ تێبگەم و لەبری سیاسـەت پێوشـوێنی کاروباری دیکە بکەوم. هاوسـەری کاک فەتاح بەسـەرهاتی سەرنجڕاکێشـی هەبوو، سـاڵانێک دوای تیرۆرکردنـی کاک فەتـاح، دادە کـەژاڵ شـوو بـە ئەحمـەد شـێربەگی، بێـژەری هەواڵەکانـی ڕادیـۆی حیزبـی دێموکـرات دەکات. شـێربەگی کـوڕی بنەماڵەیەکـی سیاسـیی شـاری مەهابـاد بـوو. پێـشتر لـە بەشـی دووەم و سـێیەمی ئـەم ژیاننامەیـەدا باسـم لـە دەنگـە حیماسـی و خۆشـەکەی ئەحمـەد شـێربەگی کـرد، کـە چـۆن بـە دەنگـە بەتینەکـەی ئـەو، پۆل پـۆل لاوانـی کـورد دەچوونە نـاو ڕیزەکانـی خەباتەوە.

هەندێـک پێیـان وایـە کە کاریگەریی دەنگی ئەحمەد شـێربەگی لە ئاسـتی دەنگی سـادق ئاهەنگـەران بـوو و تەنانەت هەندێـک لە بەرپرسـانی حکوومەت نازنـاوی ئاهەنگەرانی کوردیان پـێ بەخشـیبوو. ئاهەنگەرانیـش بـە دەنگـی خـۆی زۆر کەسـی بـەرەو لای خـۆی ڕاکێشـا و هەر بـە هـۆی دەنگـە بەجۆشـەکەی ئـەو بـوو کـە لاوانـی ئێـران دەچوونـە بەرەکانـی جەنگـی ئێـران و عێراقـەوە. منیـش بـۆ ماوەیـەک لـە ژێـر کاریگەریـی دەنگـی شـێربەگی بـووم و کاتێـک بـە تامەزرۆییـەوە هـەواڵ و وردەکارییەکانـی پێکـدادان و ئازایەتـی و مەردایەتیـی پێشـمەرگەکانی لـە خەبـات و شـەڕەکاندا دەگواسـتەوە، شـێت و شـەیدای دەنگـی دەبـووم. لە پێشـدا بەشـێک لـە ئەندامانـی خێزانەکـەی پێیـان خۆش نەبـوو دادە کەژاڵ (هاوسـەری پێشـووی کاک فەتاح) و کاک ئەحمـەد شـێربەگی پێکـەوە هاوسـەرگیری بکـەن. لـە کۆتاییـدا دادە کـەژاڵ و کاک ئەحمـەد شـێربەگی پێکـەوە هاوسـەرگیرییان کـرد و دواتـر چوونە سویسـڕا.

یەکەم جار کە لەگەڵ کاک ئەحمەد شێربەگی قسەم کرد، ساڵی ١٩٩٨ یان ١٩٩٩ بوو. داوام لێکرد کە دەستبەجێ نەختێک هەواڵم بۆ بڵێ. هەمیشە بەم ڕستە بەرنامەکانی دەست پێدەکرد: "ئێرە دەنگی کوردستانی ئێرانە" کە جارێکی دیکە ئەم ڕستەم بیستەوە، یادەوەرییەکانی ڕابردووم وەبیر هاتەوە. لە کاتی نووسینی ئەم ژیاننامەشدا، قسەم لەگەڵ کرد بۆ ئەوەی زانیارییەکانی ژیان و ڕێکەوتی لەدایکبوونی پشتڕاست بکەمەوە، دەنگی کەمێک گڕ ببوو، بەڵام هێشتا هێزی خۆی پاراستبوو. بینینی کەژاڵ زۆر خۆش بوو. دوای نانی بەیانی و پێش ماڵاوایی لێی پرسیم ئەگەر پێویستم بە پارە یان ڕێنمایی هەیە پێی بڵێم. سوپاسمان کرد و ئەویش بە پێکەنینەوە پارەی ئەو نانی بەیانییەی کە دۆڕاندبووی، دای.

فەڕەنساشم وەکوو ئیتاڵیا، لە ڕێگەی جەنگە جیهانییەکانەوە ناسیبوو، جێگە و پێگەی هەڵکەوتەی فەڕەنسا لە مێژووی هاوچەرخدا بە هۆی شۆڕشی فەڕەنسا و تیۆریسییەنە بەناوبانگەکانی و هەروەها شارڵ دیگۆلی پاڵەوانی جەنگی جیهانیی دووەم، لام شیاوی ستایش بوو. ڕێک بە پێچەوانەی ئیتاڵیا کە سەرکردەکەی هاوپەیمانی ئەڵمانیا بوو، فەڕەنسا لە بەرەی بەرامبەردا بوو. زۆر فیلمی دیکۆمێنتاریم بینیبوو کە چۆن فەڕەنسا لە جەنگی جیهانیی دووەمدا لەلایەن سوپای ئەڵمانیای نازییەوە داگیر کرا و کاتێک ئەڵمانیای نازی شکستی هێنا، شارڵ دیگۆل دوای چەندین ساڵ خەبات، سەرکەوتووانە گەڕاوە بۆ نیشتمانەکەی. ئەم پیاوە هەمیشە بۆ من کەسێکی گەورە و جێگەی ستایش بوو و لە مێشکمدا وێنام دەکرد کە بە چ شان و شکۆیەکەوە هاتۆتە ناو پاریس و خەڵک چۆن پێشوازییان لێکردووە.

مێژووی فەڕەنسای داگیرکراو و بزووتنەوە نهێنییەکانی ئەو قۆناغە و فەڕەنسای ئازاد، هێشتاش بۆ لێکۆڵینەوە و بەرهەمهێنانی بەرهەمی هونەری، سینەمایی و ئەدەبی بابەتێکی سەرنجڕاکێشە. دواجار توانیم فوئاد ڕازی بکەم کە بچینە تاوەری ئیڤڵ، کاتێک گەیشتینە لای تاوەرەکە، پێش ئەوەی سەیری گەورەییەکەی بکەم دوو شت سەرنجی ڕاکێشام؛ بوتڵی بەتاڵی شەراب و شامپاین کە لەسەر عەرزەکە فڕێ درابوو و گەنجە دەستفرۆشە ئەفریقییەکان کە تا نیوەشەو کاریان کردبوو و لە ژێر درەختەکاندا خەوتبوون. شەرابی فەڕەنسی لە جیهاندا بەناوبانگە. بوتڵێک شەرابمان کڕی بۆ ئەوەی لە ڕێگای سەفەری بەلژیک[1] بیخۆینەوە. حەزم دەکرد جیاوازیی لە گەڵ ئەو شەرابەی لە ئیتاڵیا خواردبوومەوە، بزانم، بەڵام هەستم بە جیاوازییەکی ئەوتۆ نەکرد. شتێکی ئاسایی بوو، دەستنیشانکردنی جیاوازیی تامی ئەم دوو جۆر شەرابە پێویستی بە شەرابناسێکی شارەزا هەیە. بەکورتی زۆر

١ . لە باشوور پێی دەڵێن بەلجیک یان بەلژیک.

لـە فەڕەنسـا نەمامـەوە و پاریسـم نەبینـی.

بـە پێـی پلان چووینـە بەلژیـک و شـەو لـە هۆتێلێکی بچووک لە شـاری بەندەریی ئۆسـتێند ماینـەوە. ئـەم هۆتێلـە لەلایـەن ژن و پیاوێکـی پاکسـتانییەوە بەڕێـوە دەبـرا، کـە بەلامەوە سـەیر بـوو. لـە ژوورە بچووکەکەمانـدا تەلەڤیزیۆنەکەمـان داگیرسـاند و بـە درێژایـی ئـەو شـەوە وەکـوو دوو گەشـتیاری دڵخـۆش سـەیری بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنـی بەلژیکمان کرد. بـۆ بەیانییەکەی لـە بەندەری ئۆسـتێند سـواری کەشـتییەکی نەفەرهەڵگر بووین کە بەرەو بەریتانیا دەڕۆیشـت. هـەر لـەو کەشـتییە دەچـوو کـە لە یۆنـان لە ژێـر بارهەڵگرێکدا بـە دزییەوە سـواری بـووم. تەنها لـە مـاوەی چەنـد مانگێکـدا بارودۆخـم زۆر گۆڕابـوو و هەر ئەمەش ببـووە هـۆی دەماربەرزیم.

لـە هەمـووی سـەرنجڕاکێشتر ئەوەیـە کـە بـە کارتـی ڤاتیـکان سـواری کەشـتییەکە بـووم. مەئمـوورەکان وایانزانـی ناسـنامەی ئیتاڵیاییـە. ئـەوان کارتـی وڵاتانـی دیکـەی ئەورووپایـان نەدەناسـییەوە. هێشـتا یەکێتیـی ئەورووپـا و یـەک جـۆر دراو دروسـت نەکرابـوو و هـەر وڵاتێک ناسـنامە و پاسـپۆرتی تایبەتی خۆی هەبوو. فوئاد کە ناوی لەسـەر کارتەکە بە ماری نووسرابوو، بـە سترێسـێکی زۆرەوە کارتەکـەی پیشـان دان و سـواری کەشـتییەکە بووین. کەشـتییەکی جـوان بـە هۆڵێکـی گـەورەوە کە هەمـوو جۆرە ئامێرێکـی یـاری و قومارکردن و هەروەهـا بارێکی نایابـی تایبـەت بـە خواردنـەوە کحولییەکانـی تێدا بوو. شـوێنی مەبەسـتمان شـاری ڕامزگەیت لـە ڕۆژاوای بەریتانیـا بـوو. هەرچەنـدە هێشـتا قۆناغێکی سـەختی دیکەمان لە پێـش بوو، بەڵام وەکـوو جـاران نیگـەران نەبـووم. فوئـاد سترێسـی هەبـوو، پەیتـا پەیتـا دەیگـوت: "ئـەی ئەگـەر ئێمـە بگـرن قـورِی کوێ بکەین بە سـەرماندا؟ ئەگەر بـۆ وڵاتانی خۆمان دیپۆڕتمـان بکەنەوە، چ بکەیـن؟" بـۆ زاڵبـوون بە سـەر ئـەم تـرس و دڵەڕاوکێیانـەدا، پەرداخێکی گەورەی بیرەی سـاردم کـڕی و چوومـە سـەر عەرشـەی کەشـتییەکە. خواردنـەوە لە بـەر خـۆری نیوەتینی نیـوەڕۆدا زۆر خۆشـە. پاڵـم داوە و هەوڵـم دا بیـر لـە خەونەکانـم بکەمەوە، ئەوەی کە سـات لە دوای سـات لە وڵات و شـاری ئاواتەکانـم نزیـکتر دەبوومـەوە و دەمتوانـی بخوێنـم، کار بکـەم و ژیانێکی دیکەم هەبـێ، ژیانێکی ئاسـایی ...

لـە بەنـدەری ڕامزگەیـت دابەزیـن. خۆشـبەختانە ڕێکارەکانـی کۆنترۆڵکـردن وەکـوو ئەوەی بیسـتبوومان توندوتـۆڵ نەبـوو و ئەو شـێلگیرییانەی کە باسـیان دەکرد هیچـی جێبەجێ نەبوو. دوو دەروازە هەبـوون کـە هەمـووان کارتەکانیان بەرز دەکردەوە و لێـی تێدەپەڕین و ئێمەش زۆر بـە ئاسـانی لێـی تێپەڕین. بـاوەڕم نەدەکـرد ... نەمردم و گەیشـتبوومە ئەو وڵاتەی کە هەمیشـە خۆزگـەم دەخواسـت لێـی بژیـم. یەکـەم شـتێک کە هاتـە مێشـکمەوە، ویـردە ویـردی گۆرانیی داپیـرەم بـوو کـە دەیگـوت: "لـە لەندەنێـت ببینم، بـە مەهەندیسـی بتبینـم ..." ئێسـتا داپیرەم دەیتوانـی لـە لەنـدەن بمبینێـت. ئەوەندە دڵخـۆش بووم کە لە شـەقامەکەدا هەڵمدەخسـتەوە. فوئـاد هـەر نیگـەران بـوو و دەیگـوت: "کورە بێدەنـگ بە، دەمانگـرن، منیش دەمگـوت تەواو بوو

گەیشتین فوئاد، گەیشتین! بە تەلەفۆنێکی گشتی تەلەفۆنم بۆ کاک مستەفای خزممان کرد. کاک مستەفا ئامۆزازای باوکم بوو. کاک مستەفا ساڵێک بوو کە لە تورکیاوە چووبووە لەندەن لای ژن و منداڵەکانی. پێشتر ئاگادارم کردبۆوە کە لە ڕێگادام و ئەو ڕۆژە گوتم لە ڕامزگەیتین و دێینە لەندەن، ئەویش ناونیشانەکەی پێدام.

سواری یەکێک لە شەمەندەفەرە کۆنەکانی سەردەمی ڤیکتۆریا بووین کە دەرگای چێوییان[1] هەبوو. ئەو شەمەندەفەرانە کە ئێستا نەماون، بەڵام ئەو کات کاریان پێدەکرا، هەمان ئەو شەمەندەفەرانەیان وەبیرم دەخستەوە کە هەمیشە لە چیرۆکەکانی جەک لەندەندا لەبارەیانەوە خوێندبوومەوە. کورسییە چێوییەکان ڕووبەڕووی یەکتر بوون و هەندێک لە هۆدەکانی لووکستر بوون یان بە زمانی ئەورۆپی فێرست کلاس. لە ڕادە بەدەر کەیفخۆش بووم، گوڕ و تین هەموو گیانمی داگیر کردبوو. ئەو ڕۆژە ساڵانێکی زۆری لێ تێپەڕیوە، بەڵام یادەوەرییەکەی هێشتا دەمگەشێنێتەوە. سەیری مەزرا و خانوو و شەقامەکانم دەکرد. وەک ئەوە وابوو هەموویانم بە لاوە ئاشنا بێ و چەندین جار بینیبێتم. کاتێک ڕووباری تەیمزمان تێپەڕاند و چووینە ناو لەندەن، پەنجەرەی شەمەندەفەرەکەم کردەوە و لە خۆشیاندا هاوارم دەکرد. فوئاد دەیگوت هێورتر ئابڕوومان چوو! بەڵام گوێم لەم قسانە نەبوو. هەموو دونیا دەبا بیانزانیبایە کە من خەونە مەحاڵەکەمم بەدی هاتووە! کاتێک گەیشتینە تێرمینالی گەورەی ڤیکتۆریا، تەکسییەکمان گرت. نەمدەزانی تاکسییە ڕەشەکان گرانن. لەندەن یەکێک لە گرانترین تاکسییەکانی ئەورووپای هەیە و پارەیەکی زۆری لێ وەرگرتین بۆ ئەوەی بمانگەیێنێتە ماڵی خزمەکەمان لە ڕۆژاوای لەندەن. نزیک پشووی سەری ساڵ بوو و هیچمان پێ نەدەکرا، بۆیە هەفتەیەک لە ماڵی کاک مستەفا و هاوسەرە میهرەبانەکەی، واتە دادە ئامینە، ماینەوە.

لەندەن و دژوارییەکانی دەستپێکێکی نوێ

کاک مستەفا و بنەماڵەکەی لە شوقەیەکدا دەژیان. ئەم خانووانە هی شارەوانی بوون و بۆ ئەو کەسانە دابین کرابوون کە ماڵیان نەبوو. بۆیە هەندێک جار بە چەند مانگ یان چەند ساڵ چاوەڕێیان دەکرد تا ئەم خانووانەیان پێ بدەن. لە چیرۆکەکاندا لەندەن پڕ بوو لە خانووی بە خشتی سوور چێکراو و سەقفی شێروانی، بەڵام لە دەوروبەری ماڵی کاک مستەفا زۆرتر ئەو شوقانەم دەبینی، کە لە شارە گەورەکانی دیکەدا هەیە. ئەم خانووانە لە ساڵانی شەستەکان یان حەفتاکانی زایینی و سەردەمی بەتایبەتیسازیی مارگاریێت تاچەر بەجێ ماون. ئەو هەفتەی وا لە ماڵی خزمەکەمان دانیشتین، شەوانە لە نێو هاڵ

---

١ . لە دار دروستکراو.

دەخەوتین چونکە هیچ ژوورێکی دیکەیان نەبوو. دوای ئەزموونی ئاوارەیی و ژیانی کاتی لە ماڵی هاوڕێکەی مەحبووبە، ئەوە یەکەمجار بوو کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە ماڵی کەسێکدا بمێنمەوە. کێشەی قورستر ئەوە بوو کە هاوڕێکەمم لەگەڵ خۆم بردبوو، هەرچەند زۆر لەگەڵمان گەرم و گوڕ بوون، بەڵام هەستم دەکرد بارگرانی بووین و بەوەش نارەحەت بووم.

هەر دووکمان گوتمان هاتووین درێژە بە خوێندن بدەین و بەم زووانە دەڕۆین بەدوای کاروبارە یاساییەکاندا. وتیان دوای پشووی ئاهەنگی کریسمەس بچنە ناوەندی فەرهەنگیی کوردانی ڕۆژاوای لەندەن بۆ ئەوەی ڕاوێژی یاساییتان پێ بدەن. بەرپرسی ئەم ناوەندە پیاوێکی خەڵکی باشووری کوردستان بوو کە ناوی کاک فازڵ بوو. جەژنی کریسمەس بوو و هەموو شوێنێک داخرابوو، بەڵام کاک مستەفا ژمارەی تەلەفۆنەکەی دۆزییەوە. فازڵ ئەوەندە میهرەبان بوو کە لە ناوەڕاستی پشووی جەژندا لەبەر ئێمە کە دوو جەوان بووین نووسینگەکەی کردەوە بۆ ئەوەی بزانێ پرسەکەمان چییە. خەڵکی دەوروبەری کەرکووک و هاوشاری فوئاد بوو. ئەمەش کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر پرۆسەی کارەکەمان هەبوو و فازڵ بە میهرەبانی و هاوسۆزیی زیاترەوە یارمەتیمانی دا. وتی: "بە نایاسایی هاتوونەتە ناو بەریتانیا و لەوە ناچێ مافی نیشتەجێبوونی یاساییتان پێ بدرێت. ئەمەش یانی ناتوانن بە شێوەی یاسایی ناوی خۆتان لە کۆلیژ تۆمار بکەن" من لەم بابەتە گرنگ و یاساییانە بێئاگا بووم و وامدەزانی ئەگەر پارەت هەبێ و کار بکەی و پارە وەدەست بهێنی، دەتوانیت بخوێنیت".

کاک فازڵ وتی: "بۆ ئەوەی لێرە درێژە بە ژیان بدەن دەبێ ئیش بکەن و بۆ ئەوەی مۆڵەتی کارکردنتان هەبێ، دەبێ مافی نیشتەجێبوونی یاساییتان هەبێت." منیش زۆر بیرم لەوە نەکردبۆوە. لە ڕێگادا کەسانێکم ناسی کە دەیانویست بچنە ئەڵمانیا و دەیانگوت ئەڵمان پێویستی بە هێزی کاری هەرزانە، هەر بۆیە لەگەڵ گەیشتنیاندا نیشتەجێبوونی یاساییان پێ دەدەن و منیش پێم وابوو بەریتانیا هەمان شتە یان لانیکەم مەرجێکی هاوشێوەی هەیە. فازڵ ساڵانێکی زۆر بەرپرسی ئەو ناوەندە بوو، بۆیە بەتەواوی ئاشنای پرسە یاسایی و پەنابەرییەکان بوو.

سەبارەت بە بەسەرهاتی من و فوئاد لە ئێران و عێراق پرسیاری لێکردین. زۆربەی پرسیارەکانی ئامانجدار بوو و دەیزانی بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بەرپرسانی ئیدارەی کۆچ و کۆچبەران دەبێ پرسیاری لەو جۆرەمان لێ بپرسێت. منی دنە دا کە ڕووداوەکانی ژیانم لە ئێران بە وردەکارییەوە بگێڕمەوە. بۆ نموونە لێی دەپرسیم ئایا هیچ کێشەیەکم لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بووە، ئایا دەستگیر کراوی و هتد.

وتم چەند جارێک دەستگیر کراوم و لە دادگا دۆسییەم هەیە و نەمتوانیوە لە فەرمانگە حکومییەکاندا کار بکەم و ئەمەش وای کرد کە واز لە خوێندن بهێنم و وەک گەنجانی

دیکە دەرفەتی یەکسانم بۆ هەڵنەکەوت و نەمدەتوانی ئیش بدۆزمەوە و .... . کاک فازڵ ئەم کەیسانەی بە یەکەوە گرێ دا و خۆبەخۆ لە دڵی ئەو ڕووداوانە کەیسێکم بۆ دروست کرا. وتی: "ئەگەر ئەم پرسانە بە وردی ڕوون بکرێنەوە، دەتوانین شتێکتان بۆ بکەین." من هیچم لەبارەی مادەی هەشتەمی یاسای مافی مرۆڤەوە نەدەزانی و بیرم لەوە نەدەکردەوە کە بەهۆی ئەو کێشانەی کە لە وڵاتی خۆمدا تووشی بوومە، بتوانم مافی نیشتەجێبوونی یاسایی و پاڵپشتی وەربگرم. ڕووداوەکانی ژیانی کاک فوئاد لە منیش ئاڵۆزتر بوو. کوردانی دانیشتووی کەرکووک ساڵانێک بوو کە سەدام تەنگی پێ هەڵچنیبوون و هەمیشە شوناسیان لەبەردەم مەترسیدا بوو. فازڵ دوای بیستنی ئەو هەموو خاڵانە بەڵێنی پێمان دا کە کاروباری نیشتەجێبوونمان جێبەجێ بکات.

٤ یان ٥ی ژانڤییەی ١٩٩٦، یەکەم ڕۆژی دوای ئاهەنگی کریسمەس، فازڵ ئێمەی بردە بینای تازەدامەزراو و بەناوبانگی وەزارەتی ناوخۆ کە کەوتبووە دەوروبەری لەندەن. لەو ڕۆژە سارد و بارانییەدا داوای مافی پەنابەریمان کرد. کاتێک ئێمە گەیشتبووین تازە هەڵبژاردنی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا کۆتایی هاتبوو، جان مەیجێر لە هەڵبژاردنەکاندا دۆڕاندبووی و تۆنی بلێر ببوو بە سەرۆکوەزیران. لە زەینی خۆمدا فۆرم و پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی بەریتانیا و ئێرانم پێکەوە بەراورد دەکرد. قەبارەی بانگەشە لە فەزای شارەکاندا بە هیچ شێوەیەک بارتەقای ئێران نەبوو. لە ئێران بانگەشەی هەڵبژاردن تەخشان و پەخشان و دەنگ و هەرا و یاری بە کاغەز بوو، بەڵام لە لەندەن بانگەشەی هەڵبژاردن بە پێی ستاندارده ژینگەییە پێشکەوتووەکان بەڕێوە دەچوو و چاپی بەربڵاوی پۆستەر و شتی لەو شێوە لە ئارادا نەبوو. هەڵبژاردن لە ئێران پرۆسەیەکی بەڕەڵایانەیە کە بە مانای ڕاستەقینە کێبڕکێی تێدا نییە، بەڵام من دەمبینی لە بەریتانیا هیچ گەورەکردنەوەیەک لە ئارادا نەبوو و هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی مەدەنی و پێکهاتەمەند بەڕێوە دەچوون. جیاوازیی سازوکاری بانگەشەی هەڵبژاردن لە وڵاتێکی پێشکەوتوو بە بەراورد بە ئێران زۆر زەق بوو.

قۆناغی کارەکانم لە وەزارەتی ناوخۆ باش لە بیر نییە، کاک فازڵ هەموو کارەکانی ئەنجام دا. گەلێ فۆرمی پڕ کردەوە، هەندێک جار پرسیارێکی دەکرد و دوای گوێگرتن، وەڵامەکەی لە چەند پەرەگرافێکدا دەنووسی. بابەتی ڕێکەوتی لەدایکبوونم لێرەشدا کێشەی لێکەوتەوە؛ ڕێکەوتی لەدایکبوونم لەسەر ناسنامەکەم ٢ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٥١ هەتاوییە (لە سەرەتای کتێبەکەدا ڕوونم کردەوە کە بەم دواییانە زانیومە کە لە مانگی ڕێبەندان (شوبات) لەدایک بووم و ئەم ڕێکەوتەش هەڵەیە). خانمی بەرپرسی ئەوێ ڕێکەوتی لەدایکبوونمی پرسی. ناچار بووین لەگەڵ ساڵنامەی زایینیدا ڕێکمان بخستایە و بمانیگۆڕیبایە، بە حیسابێکی خێرا کردی بە ٢ی تەمموزی/جۆلای ١٩٧٢، ئەو خەڵکی ئێران نەبوو و پێم وایە نەیدەزانی ڕێکەوتی هەتاوی بکا بە ڕێکەوتی زایینی. هەر بۆیە وردەکارییەکانی سەر ناسنامە و

پاسپۆرتەکەم لەگەڵ ڕێکەوتی لەدایکبوونم لەسەر بەڵگەنامە بەریتانییەکەم جیاوازە. دواتر بۆم دەرکەوت کە ئەم هەڵەیە زۆر باوە و بەسەر زۆر کەسدا هاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا پەلەمان بوو و هەموو شتێک بە خێرایی ڕووی دا.

ئەو ڕۆژە کارتێکی ئیقامەی کاتییان پێدایین. دەمانتوانی ئەو کارتە بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی بەکار بهێنین و هەروەها بۆ نیشتەجێبوونمان سەردانی شارەوانی بکەین. کەسانی تەنیا و بێسەرپەرشت لەلایەن ڕێکخراوی بێهزیستی و شارەوانییەوە لە خانووبەرەی نیمچە سەربەخۆدا پشتگیری دەکران و ئەگەر زۆر گەنج بووایەن ئاریکاری کۆمەڵایەتیشیان بۆیان دادەنا. منیش لەبەر ئەوەی منداڵتر بووم خستمیانە ناو گرووپێک کە دەبا خانوویەکیان پێم بدایە کە لە ژێر چاودێریدا بێ و پاسەوانی هەبێت. بەم جۆرە خانووانەیان دەگوت سووپێروایزێر (سەرپەرشتیکراو). هەرچەندە تەمەنم خوار هەژدە ساڵ نەبوو و وەک منداڵ لە قەڵەم نەدەدرام، بەڵام بازنەی پشتیوانیی ئاریکاری کۆمەڵایەتی لە تەمەنی ١٨ ساڵەوە بۆ ٢٢ ساڵ دەگۆڕا و هەندێک جار بە ئارەزووی خۆیان کەسانێکیان لەو خانووە سووپێروایزێرانەدا دادەنا. فوئادیش لە من منداڵتر بوو و ئاریکارێک هەر دووکمانی بردە میوانخانەیەک لە گەڕەکی شپدێرز بووش. ژوورێکی دوو تەختیان پێداین بۆ ئەوەی ژیانی نیمچە سەربەخۆی سەڵتیمان دەست پێ بکەین. شوێنی نیشتەجێبوونەکەمان نزیک بازاڕێکی نەریتی بوو و ڕێککەوتنی لەگەڵ شارەوانیی گەڕەکەکە هەبوو کە پێیان دەگوت بێد ئێند بێرکفێست.

● وێنەی ١٥٧- لەندەن، ١٩٩٧

لە بازاڕی دەستی دووی گەڕەکی سۆماڵییەکان تەلەڤیزیۆنێکمان کڕی و شەو و ڕۆژ دادەنیشتین و سەیری فیلمی ئینگلیزیمان دەکرد بۆ ئەوەی توانای ئینگلیزی قسەکردنمان باشتر بکەین. ئەو ڕۆژانە کێشەمان زۆر بوو، بەڵام فواد کێشەیەکی گەورەی تریشی هەبوو؛ نەیدەتوانی پەیوەندی بە بنەماڵەکەیەوە بکات. سەردەمی شەڕی ناوخۆی عێراق بوو، کەرکووکیش لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی بەعسدا بوو. دوای شەڕ و توندتربوونی گەمارۆکانی ڕۆژاوا دژی عێراق، زۆربەی هێڵە تەلەفۆنەکانی عێراق پچڕابوون و ئەویش زۆر دڵتەنگ بوو. هەموو ڕۆژێک دەچووە ناوەندەکانی پەیوەندیکردن، ئەوەندە پەنجەی لە تەلەفۆنە کۆنەکاندا دەسووڕاندەوە کە تەنانەت هەندێک جار بریندارییش دەبوو و چەسپی لێدەدا. ڕۆژێکیان لەگەڵ خێزانەکەی قسەی کرد، یەکجار خۆشحاڵ بوو.

بیری ماڵەوەی دەکرد و گوشارێکی دەروونیی زۆری لە سەر بوو. کاتێک لەگەڵ ماڵەوە قسەم دەکرد، شەرمم دەکرد لای ئەو بیڵێم. بەردەوام پرسیاری ئەوەی دەکرد کە خانەوادەکەت چۆن و منیش بە ئازاری ویژدانەوە وەڵامم دەداوە. دەمزانی بێخەبەری لە بنەماڵە چەندە دڵهەژێنە، و کاتێک ئەو ڕۆژە بە دڵخۆشی و پێکەنینەوە هاتەوە، بەڕاستی گەشامەوە. وتی: "ئاخری توانیم پەیوەندی بە ماڵەوە بکەم!" پەیوەندیکردن بە خانەوادەکەی کارێکی قورس و ئاڵۆز و کاتبەر بوو؛ دەبا پەیوەندی بە ناوەندی تەلەفۆنخانەی بەغداوە بکردایە و لەوێوە وەسڵیان بکردایە بۆ کەرکووک، پاشان لە کەرکووکەوە تەلەفۆنی بۆ ماڵی دراوسێکەیان دەکرد کە دوو کۆڵان لێیانەوە دوور بوو، داوای لێدەکردن کە بچن دایک و باوکی بۆ بانگ بکەن. توانیبووی قسەیان لەگەڵ بکا و دەیگوت: "دەنگی دایکم و باوکمم بیست و ئیتر تەنانەت دەتوانم بشمرم!"

باسم کرد کە فوئاد ئینگلیزییەکەی لە من زۆر باشتر بوو". هەر ئەوەش یارمەتی دا، لەگەڵ کچێکی سوودانی بوو بە هاوڕێ و هاوماڵیمان کۆتایی هات. زمانی سەرەکیی سوودانییەکان عەرەبییە و فوئاد زمانی عەرەبیشی باش دەزانی. ئەوان ڕێک کەوتبوون کە تەنیا بە زمانی ئینگلیزی قسە بکەن. فوئاد وتی لە ناوەندی تەلەفۆن بینیویەتی و دۆستایەتییان پێکهێناوە. وردە وردە فوئادم لەدەست دا، زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ دۆستەکەی بەسەر دەبرد و شەوانە ئەوەندە نەدەهاتەوە میوانخانە. زۆری نەخایاند کە بەجێی هێشتم و لە چێشتخانەیەکی پیتزا ئێکسپرێس کارێکی دۆزییەوە. هێندەی پێ نەچوو سەربەخۆ بوو و دواتر چووە کۆلیژ و زانکۆ و لە بواری زانستی کۆمپیوتەردا درێژەی بە خوێندن دا. فوئاد دواتر بوو بە ئەندازیارێکی زۆر شارەزای ئایتی و لە کۆتاییدا لەگەڵ کچێکی کۆڵۆمبیایی هاوسەرگیری کرد و ئێستا خاوەنی چەند منداڵە. هەتا ئەو کاتەی کە نەگەڕابوومەوە بۆ وڵاتی ئێران پەیوەندییەکی نزیکمان پێکەوە هەبوو.

ڕاهێنانی زمانی ئینگلیزی لە مەیخانە

دوای ڕۆشتنی فوئاد من تەنیا و بێکەس مامەوە و لەبەر ئەوەی ئەو میوانخانەی کە لێی دەمامەوە ژووری یەک کەسی نەبوو، منیان نارد بۆ هۆتێلێکی دیکە کە هەر لەو نزیکانە بوو. هەر لەو ماوەدا چوومە کۆلیژ لە گەڕەکی هامەرسمیت و هەتا ئێستاش هەر لەو گەڕەکە دەژیم. کاتێک چوومە کۆلیژ، فێربوونی زمانی ئینگلیزی بە لامەوە جیددیتر بوو. چونکە نەک تەنها بۆ ژیان و کار بەڵکوو بۆ چوونە زانکۆش دەبا بە شێوەیەکی پسپۆڕانە و جیددی فێری زمانی ئینگلیزی ببام. مامۆستاکەمان پیرەمێردێکی بەریتانی بوو کە زوو هەڵدەچوو، بە دەنگی بەرز و بەتایبەت مۆسیقای ڕەپ هەستیار بوو و کاتێک لەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە

دەوروبەری کۆلیژەکەدا دەسووڕانەوە، گوێی لەم شێوازە مۆسیقایە دەبوو قەڵس دەبوو و کاردانەوەی نەشیاوی لە خۆی دەنواند. ئەم کارەی بە جووڵەیەکی دژەکۆمەڵایەتی و نانۆڕم دەزانی! دەیگوت نازانم بۆچی شێوازی ژیانی بەریتانییەکان ئەوەندە گۆڕاوە و ڕۆحی مۆسیقا تێک چووە و لاوان هیچ لە بنەما و پرەنسیپە کۆمەڵایەتییەکان نازانن و ئۆتۆمبێلەکان ئاوا دەنگی ناخۆشیان لێ دێت!

ئیتر بە لامانەوە ئاسایی بوو کە هەموو ڕۆژێ باسی ئەم شتانە بکا و ئینجا بچێتە سەر باسی ئەزموونەکانی ژیانی پێش و پاش جەنگی جیهانی و خۆشی و سادەیی ئەو سەردەمە. ئەوەندە نەریتخواز بوو کە نەیدەتوانی بە باشی لە گۆڕانکارییەکانی شێوازی ژیانی گەنجان تێبگات. لە کاتی پشوودا لەگەڵمان چای دەخواردەوە. ڕۆژێکیان لێم پرسی خێراترین ڕێگا بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی و گەیشتن بە ئاستی زانکۆ چییە؟ وتی: "دەبێ بتوانی هەم قسەکردنت باش بکەی و هەمیش فێری خوێندنەوە و نووسین لە ئاستی باڵادا بیت. یەکەم شت ئەوەیە بچیتە مەیخانەی گەڕەکە جیاوازەکان. زۆربەی کرێیاری ڕۆژانەیان پیرەژن و پیرەپیاوەکانن، پەرداخێک بیرە بۆ یەکێکیان بکڕە چەند کاتژمێر قسەت لەگەڵ دەکەن و باسی یادەوەرییە دڵتەزێنەکانی شەڕ و قاتی و برسێتیی جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم و هەتا دەگاتە بیرەوەریی یەکەم خۆشەویستی، یەکەم سێکس و بەگشتی بەسەرهاتی هەموو ژیانی خۆیت بۆ دەگێڕێتەوە." بە پێکەنینەوە دەیگوت، بەم کارە نەک تەنها لە ماوەی چەند مانگێکدا ئینگلیزی قسەکردنەکەت باشتر دەبێ بەڵکوو ئەگەر بەهرە و حەزیشت هەبێ، فێری زاراوەیەکی پاراوی ڕۆژاوای لەندەنیش دەبیت. دواتر هەموو شەوێک سەیری تەلەڤیزیۆن بکە و منیش لە بەیانیاندا وانەت پێ دەڵێمەوە، کاتێک ئەم سییانە ئەنجام بدەی، ئاستی ئینگلیزی ئاخافتنەکەت باشتر دەبیت". من ئامۆژگارییەکانیم جێبەجێ کرد و هەتا ماوەیەکی زۆر بەشێک لە پارەکەم بەم شێوە خەرج دەکرد. ئاوا قازانجی هەر دوو لا دابین دەکرا؛ ئەوان خواردنەوەیەکی بێبەرامبەریان دەخواردەوە و تەنیاییەکەیان پڕ دەبۆوە و منیش لە ماوەیەکی کورتدا دەمتوانی ئینگلیزییەکەم باشتر بکەم.

کرێکاری لە لەندەن

ماوەی دوو هەفتە بوو کە لە لەندەن بووم. ئەگەر گەنجی قاروونیشم هەبایە، فلسێکم پێ نەدەما. نەمدەتوانی پشت بەو بڕە پارە ببەستم کە هەمبوو، نەمدەتوانی کەمتەرخەم بم و بیر لە داهاتوو نەکەمەوە. دەبا بەدوای کاردا بگەڕابام و جگە لە بەدەستهێنانی داهات، ژیانم لە سەر ئاقارێکی فەرمیتر جێگیر بکردایە. من لەگەڵ کارکردن ڕاهاتبووم و دڵنیا بووم کە ئەگەر کارێکم هەبێ، بە متمانەیەکی زیاترەوە سەبارەت بە بابەتەکانی دیکەش بیر

دەکەمەوە و جێبەجێیان دەکەم. من لە دۆخێکدا بووم کە بژاردەیەکی زۆرم نەبوو و وەکوو زۆربەی کۆچبەران دەبا لە کرێکارییەوە دەستم پێ بکردایە.

بە هاوکاریی کاک مستەفا و کرێکارێکی تر، سێ قۆڵی باخچەیەکمان بە پێمەڕە هەڵکەند و گوڵ و ڕووەکمان تێدا چاند. کاک مستەفا منی بە سەرکرێکارەکەیان کە کاری بۆ دەکرد ناساند بۆ ئەوەی لە کارەکانی دیکەدا ئیشم پێ بسپێرێت. سەرکرێکار لە بارزانییەکانی باشووری کوردستان بوو و زۆری نەخایاند چوومە قۆناغی کارکردنەوە. هەفتەی یەکەمی کارکردنم لە یەکێک لە گەڕەکە وجاغزادە و ئەشرافییەکانی باکووری لەندەن بوو. بڕیار وا بوو پێمەڕە لە باخچەی هەندێ لە ماڵان بدەین و مەلەوانگەکانیان بۆ پاک بکەینەوە و دیوارەکانیان چاک بکەینەوە. سەختترین کارەکەیان بە من دا چونکە جەوان و تازەنەفەس بووم، "وتیان پێمەڕە لە باخچەکان بدە"، بەڕاستی کارێکی قورس بوو و ئەو چەند ڕۆژە دەستەکانم تۆقلەی کرد، بەڵام چارم ناچار بوو دەبا ئەم کارەم بکردایە هەتا کارێکی باشترم دەدۆزییەوە".

لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوان کرێکارانەوە زانیم کە دایانا، هاوسەری پێشووی کوڕە گەورەکەی شاژنی بەریتانیا، شەوی ڕابردوو بەهۆی ڕووداوێکی ئۆتۆمبێلەوە گیانی لەدەست داوە. دایانام تا ئەو ڕادە دەناسی کە بووکی بنەماڵەی شاهانەی بەریتانیا بوو. ئەو کرێکارانەی لەوێ بوون بە بێتاقەتییەوە باسیان دەکرد و تەنانەت دەیانگوت چاک بوو مرد! چونکە عاشقی پیاوێکی عەرەبی دەرەوەی بنەماڵەی شاهانە ببوو و دەیویست هاوسەرگیریشی لەگەڵ بکات". بەلامەوە سەیر بوو! بۆچی دەبێ بە مەرگی دایانا دڵخۆش بان. ڕەگ و ڕیشەی ئەو شێوە بیرکردنەوە و هەستیاری و بیروباوەڕ و دەمارگرژییانەی کە مرۆڤەکان لە کۆمەڵگای خۆیاندا هەیانە و لە ڕێگەی ئەزموونی ژیاویانەوە لەگەڵی گەورە دەبن، ئەوەندە بەهێز و کاریگەرە کە تەنانەت دوای کۆچکردنیشیان لەگەڵیاندا دەمێنێتەوە!

● وێنەی ١٥٨- وێستگەی شەمەندەفەری سمیت، لەندەن، ١٩٩٧

ئەو دوو کەسەی کە لەمەڕ دایانا قسەیان دەکرد و قەزاوەتیان دەکرد، دەمناسین. یەکێکیان ئاشنایەکی خۆمان بوو. هەرچەندە زۆر زوو ئەو شوێنی کارەم بەجێهێشت، بەڵام لەگەڵ ئەو کەسانە لە پەیوەندیدا بووم و جارجار دەمبینین. پاش چەند ساڵێک، لە دانیشتنێکی شێعرخوێندنەوەدا، یەکێکیان کە تێڕوانینێکی توندتری هەبوو، بینیم. زۆر بە

جوانـی باسـی دایانـای دەکـرد و بۆچوونەکانـی نـەرمتر ببـوون. مرۆڤـەکان کاتێـک دەچنـە نـاو کۆمەڵگایـەک و تێیـدا دەژیـن ئیتر ڕوانگـە و بیرکردنەوە و زەینییەتیـان دەگۆڕێت. من نەمتوانی خـۆم بگـرم و وتـم کـە تـۆ چەنـد سـاڵێک لەمەوبـەر جۆرێکـی دیکـە قەزاوەتـت کـرد و تەنانـت وشـەی "قەحبـەی بەریتانیایـی"ت بـۆ بەکار هێنابـوو، کەچی ئـەم بابەتەی ڕەت کـردەوە، بەڵام دڵخـۆش بـووم کـە بینیـم تـا چەنـدە بە باشـی گـۆڕاوە.

دایانـا کـە نازناوی شـازادەی وێڵـزی لێنرا، کاتێک زانـی ژنێکی دیکە هاتۆتە نـاو ژیانییەوە، دوای چەندیـن سـاڵ هاوژینی، لە چارڵزی هاوسـەری کە شـازادەی جێنشـین بـوو جیا بووەوە. ماوەیـەک بـوو بـە دۆسـتی دوودی ئەلفایـد کـە کوڕێکـی میسری بـوو. باوکـی ئەلفایـد خاوەنی فرۆشـگای بەناوبانگـی هـارۆدز لـە لەندەن بوو کـە لەم سـاڵانەدا کۆچی دوایی کرد. ئـەو دووانە چەندیـن جـار پێکـەوە بـینران، هەتـا ئـەوەی کە شـەوێکیان لـە پاریـس، پەیامنێـران و وێنەگرە پاپاراتزییـەکان بـۆ ئـەوەی وێنەیـان لـێ بگـرن دەوریانیـان دابـوو، دایانـا و دۆسـتەکەی بەپەلـە سـواری ئۆتۆمبێلێـک بـوون بۆ ئـەوەی خۆیان لـە چاوی کامێـراکان دەرباز بکەن، بـەڵام بەهۆی خێرایـی زۆرەوە، تووشـی ڕووداوی هاتوچـۆ بـوون و هـەر دووکیان مـردن. دەڵێن شـۆفێرەکەیان سـەرخۆش بـووە؛ گێڕانـەوەی زۆر لـە ئارادایـە کـە باس لە ڕۆڵـی هێـزە ئەمنییەکانـی بەریتانیا و کۆشـک و شـاژن دەکـەن، کە تا ئێسـتا ئەم قسـانە نەسـەلمێنراون، بـەڵام زۆر کـەس پێیان وایە کـە کۆشـکی شـاهانە ئامادە نەبوون بووکی پێشـوویان شـوو بکاتـەوە و لە موسـڵمانێک منداڵی ببـێ، زۆر کـەس تێدەکۆشـان لـەم ڕووداوەدا کاریگەریـی ئایین و فەرهەنگ تـۆخ بکەنەوە و لەم ڕێگـەوە ناکۆکیـی نێوان مەسـیحی و موسـڵمان زەقتر بکەن.

لەو سەروبەندەدا ئەندامانی کۆمپانیایەکم ناسی کە خەریکی چاککردنەوە و خزمەتگوزاری مەلەوانگە بوون. ژمارەی تەلەفۆنەکەیانم وەرگرت بۆ ئەوەی لەگەڵیان کار بکەم. پێمەڕە لێدان یەکجار کارێکی قورس بوو و منیش نەمدەتوانی بیکەم. دوای ماوەیەک تەلەفۆنم بۆ ئەو کۆمپانیایە کرد ئیشەکەیان ئەوە بوو کە بە کارتەک و شەنە تەرکی مەلەوانەگەکانیان لە قەوزە خاوێن دەکردەوە، دەیانتاشی و بە ئاوی پڕگوشار و بەتەوژم دەیانشۆرد. ئیشی مەلەوانگە لە پێمەڕەلێدان ئاسانتر، بەڵام مەترسیدار بوو. زەوی مەلەوانگەکە خز بوو و زوو زوو دەکەوتین. سەرم ئەوەندە وەبەر زەوی و دیوارەکانی مەلەوانگەکە کەوتبوو کە ئیتر سەرم ئێشی پێ نەدەگەیشت. شەوی وا بوو دەبا بە کیسەی ئاوی گەرم ئێشی پشت سەرم هێور بکەمەوە. وردە وردە بە کەوتنیش ڕاهاتبووم! ئێستاش پشت سەرم تۆقلەی هەر هەیە کە بیرهێنەرەوەی ئەو سەردەمەیە. ئەو ڕۆژانەی وا مەلەوانگەی خانووە لووکسەکانمان پاک دەکردەوە، میوانداریەکی تێر و تەسەلیشیان لێ دەکردین. خاوەن خانووەکان خواردنی باش و هەندێکجار شوکولات و بیرەیان پێدەداین. بۆ نانی نیوەڕۆ پشوویەکی درێژترمان هەبوو و چایان بە شێوازی بەریتانی پێدەداین کە هەمیشە شیر و بسکەویتی لەگەڵ بوو.

بـۆ پاککردنـەوەی مەلەوانگـەی ماڵـە لووکـس و وجاغزادەییـەکان، دەبـا چەکمـەی درێـژی هەتـا سـەر سـینگمان لە بەر بکردایە، مـادەی کیمیاییمان لە تەرک و دیـواری مەلەوانگەکەمان بدایـە و بمانشـۆردبایە. زۆربـەی ئـەم خانووانـە لـە گەڕەکـە باکوورییەکانـی لەنـدەن بـوون کـە کۆمەڵگەیەکـی ئینگلیزیـی یەکدەسـتیان هەبـوو، هەڵبـەت بەشـێک لـە دانیشتووانەکەشـی جوولەکـە ئۆرتۆدۆکسـەکان بـوون، کـە ڕوانگەیەکـی نەریتیتریـان هەبـوو و ژن و پیاوەکانیـان لـە چـاو شـوێنکەوتووانی مەزهەبەکانـی دیکـەی ئایینـی جوولەکـە، پۆشـتەتر بـوون. جیـا لـەو بـاوەڕە بـاوەی کـە هەمـوو جوولەکـەکان دەوڵەمەنـدن، سـەیرم کـرد جوولەکـە دانیشـتووەکانی ئـەو گەڕەکـە بەڕاسـتی دەوڵەمەنـدن. ئـەوەی بـە لامـەوە جێـگای سـەرنجە ئەوەیە کـە ڕوانگەی دژەجوولەکـە لـە نـاو کـورد و فارسـدا هاوڕیشـەیە، ڕەنگە هـۆکارە سەرەکییەکەشـی ئـەوە بێ کە جوولەکـەکان لـە هەموو شـوێنێک دەوڵەمەندتر بوون بۆ نموونە نەنکم هەمیشـە دەیگوت "فڵان کـەس بەقـەد جوویەکـی هەیـە"، واتە دەوڵەمەنـدە. لە کوردسـتاندا ئەو جوولەکـە چەرچییانەی وا گەوهـەر و زێڕیـان دەفرۆشـت، وەکـوو بانک پارەیان بـە مەرجی دیاریکراو بە قـەرز دەدا. ماڵە جوولەکەکانـی باکـووری لەنـدەن، زۆربەیـان خـاوەن زێڕ و گەوهـەری گرانبەها، یـان زێڕنگەر و بانکـدار بوون.

پەیوەنـدی و ڕوانگـەی جووەکانـی لەنـدەن بەرامبـەر بـەوەی کـە مـن هاووڵاتـی ئێرانـی، خەڵکـی کۆمـاری ئیسلامـی و کوردبـووم، جێـی سـەرنج بوو. هەر کـە دەمگوت خەڵکـی ئێرانم، زۆر جـار لێـم دەتەکینـەوە و خۆیـان لـە چاوپێکەوتـن و قسـەکردن لەگەڵـم بـەدوور دەگـرت. جـۆری بیرکردنەوەیـان بەرامبەر بـە ئێرانییەکان زۆر باش و ئەرێنی نەبوو. لێکەوتەکانی سـاڵەها دژەجوولەکەبوونـی حکوومەتـی ئێـران بـە باشـی خـۆی نیشـان دەدا، بـەڵام هـەر کـە دەمگوت کـوردی ئێرانـم دیسـان نێوانیـان لەگەڵـم خـۆش دەکـردەوە و دەیانکوت ئێـوەی کوردیش وەک کەمایەتییەکـی سـتەملێکراو دژی هەڵاواردنـی حکوومـەت دەوەسـتنەوە.

دوای پاککردنـەوەی مەلەوانگەکـە، کاری دیکەشـم دەکـرد. لەگـەڵ نووسـینگەیەکی دۆزینـەوەی کار ئاشـنا بـووم و هەلـی کاری کاتـی و کورتخایەنـم بـۆ هەڵکـەوت. لەبـەر ئـەوەی مۆڵەتـی کارکردنـم هەبـوو، هـەر زوو دەسـتبەرداری کاری نافەرمـی و ڕەش بـووم. هەرچەنـدە هەبوونـی مۆڵەتـی کارکردنـی فەرمـی منـی لـەو خزمەتگوزارییـە حکوومییانەی کە پێشکەشـی کۆچبـەرە بێـکارەکان دەکـرا، بێبـەش دەکـرد، بـەڵام نەمدەویسـت بـۆ نەدانـی بـاج و وەرگرتنی خزمەتگوزاریـی حکوومـی، کاری ڕەش بکـەم. کاری ڕەش بـە مانـای کاری نایاسـایی نییـە، بەڵکـوو کارێکـە کـە خاوەنـکار حەقدەسـتی کـەمتر بـەڵام نەختـی دەدا و زیاتـر کارێکـی کاتـی و نافەرمییـە. یەکـەم جـار بـۆ ئـەو چەنـد کارەی کـە دەمکـرد حەقدەسـتی نەختـم وەردەگـرت بـەڵام ئـەو دەم زۆرم لەبـارەی یاسـای کار و بـاج لـە بەریتانیـا نەدەزانی. زۆربەی کارە دەسـتی و جەسـتەییەکان کـە جەسـتە زیاتر لـە عەقڵ و ڕۆح ڕۆڵی تێدا دەبینێ بـە کاری ڕەش دادەنرێت.

بەو پێیەی کە ئەم جۆرە کارانە هیچ پێشکەوتنێکیان تێدا نییە و لە ڕیزبەندیدا دەچێتە ڕیزی کارە ئاست نزمەکانەوە، لە هیچ کۆمەڵگایەکدا هاووڵاتیانی پلە یەک ئەو کارانە قبوڵ ناکەن و زیاتر پەنابەران و کۆچبەران ڕوو دەکەنە ئەم جۆرە کارانە و لەبەر ئەوەی ئەوان هاووڵاتیی پلە دوو و بێگانەن، کارکردن لەو ئاستانە بۆ ئەوان کێشە نییە. با ئەوەش بڵێم سیستەمی پشتیوانی و خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی، وەکوو مووچەی بێکاری، خزمەتگوزاری و پاڵپشتیی دارایی و پەروەردەیی لە منداڵان و خێزانەکان لە لایەن دامەزراوەکانی وەکوو بێهزیستییەوە بەڕاستی بۆ دەستپێکردنی ژیان یان لە کاتی کێشە و بێکاری و نەخۆشی و هەر جۆرە پەککەوتنێکدا، شتێکی چاکە و بەریتانیا خاوەنی یەکێک لە باشترین سیستەمەکانە لەم بوارەدا، کە پێویستە دەستخۆشی لێ بکرێ و بۆ ئەو کەسانەی کە پێویستیان پێیەتی زۆر گونجاوە.

لەسەر ئامۆژگاریی چەند کەسێکی شارەزاتر، بڕیارم دا ئیتر تخوونی کاری ڕەش و نایاسایی نەکەوم. خەڵک گاڵتەیان پێدەکردم کە بۆچی دەبێ بەشێک لە داهاتەکەم بدەم بە باج، بەڵام بۆ من گرنگ بوو کە ڕێز لە خۆم بگرم. لە کاری ڕەشدا زۆر جار هەڵسوکەوتی خراپ لەگەڵ کرێکارەکان دەکرێ و لەبەر ئەوەی خاوەنکارەکان دەزانن کە کرێکاران هیچ ئامرازێکی یاساییان بۆ سکاڵاکردن لە دژی خاوەنکارەکانیان نییە بە شێوازی جۆراوجۆر ستەمیان لێ دەکەن و دەیانچەوسێننەوە و مافە کرێکارییەکانیان پشتگوێ دەخەن. ئەم بابەتە هێشتا لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە لە وڵاتانی وەرگری کۆچبەردا پرسێکی گرنگە.

شێوازی کارکردن لە نووسینگە ئەوە بوو کە تەلەفۆنیان بۆ دەکردی و بۆ نموونە دەیانگوت بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک یان هەفتەیەک لە کارگەیەکی دیاریکراو کار هەیە و دەتوانی شیفتی[1] بەیانیان یان شەوانە لەوێ ئیش بکەیت. لەم نووسینگە کاری زۆرم کرد. یەکێک لە کارەکان مۆنتاژی سیدی و کاسێتی ڤیدیۆ بوو. شیفتەکان هەشت کاتژمێری بوون و دەبا بە شێوەی بەردەوام لەسەر هێڵی بەرهەمهێنان بووەستایەین. ئیمتیازیشیان بۆ کرێکاران هەبوو. ئەگەر کرێکارەکان باش کاریان بکردایێت، دەبوونە سەرپەرشتیاری کەرتەکە و بەم شێوە دەرفەتی پلە بەرزکردنەوە بۆ کرێکار دەڕەخسا. ئەم شتانە بۆ من سوودێکی گەورەی دیکەشیان هەبوو؛ زۆربەی ئەو کەسانەی کە بۆ کارکردن دەهاتنە ئەوێ خەڵکی نەتەوەکانی تر بوون و ڤیزەی کارکردنیان هەبوو و تا ڕادەیەکیش بە ئینگلیزی قسەیان دەکرد. منیش بە هۆی ئەوەی لە ناو ئەو ژینگەدا بووم، دەمتوانی زیاتر بە ئینگلیزی قسە بکەم و ئەوەش بۆ من باش بوو. ماوەیەکیش لە کارگەیەکی خواردنی ئامادەکراودا ئیشم

---

١ . نۆرەی کار

کـرد. مەنجەڵـی زۆر گەورەیـان هەبـوو، ئێمـە بـە پلیکانـی[1] چکۆلە لـە تەنیشـت مەنجەڵەکانەوە دەچووینـە سـەر و بـە پێمەڕە چێشـتەکەمان تێکـەڵ دەکرد. هەمـوو جۆرە خواردنێکیـان هەبوو؛ لـە هینـدی و چینییـەوە بگـرە هەتـا دەگاتـە خواردنـی ڕۆژهەڵاتـی ئاسـیایی وەکـوو تایلەندی و مالیزیایـی. ئـەوەی جێـگای سـەرنجە ئەوەیـە کـە خواردنـی ئینگلیزییـان نەبـوو، بـەڵام زۆربەی چێشـتلێنەرەکان بەریتانـی و ئیرلەنـدی بـوون.

کارێکـی ترمـان ئـەوە بـوو کە بـە کەوچکی گەورە چێشـتەکانمان لـە مەنجەڵەکەوە دەڕشـتە نـاو دەفـری گـەورەی دەرچەدا (شـێردار) و دەفـرە بەسـتەبەندییەکانیان پێ پڕ دەکـرد. خۆراک دەروازەی چوونـە نـاو فەرهەنگـە جۆراوجۆرەکانی جیهانە و بۆ ناسـینی خەڵکی هەر سـووچێکی ئـەم گەردوونـە دەبـێ خۆراکەکانیـان بخۆی و لە خـوو و دابونەریتـی خۆراکیان تێبگـەی، ئەمڕۆ لـە بـواری خەڵکناسـیدا لقێکیـان جیـا کردۆتـەوە بـە نـاوی خەڵکناسـیی خـۆراک، کـە تێیـدا فەرهەنگـی خۆراکـی، پەیوەندیـی نێوان مرۆڤ و جەسـتەی خـۆی و پەیوەندیی نێـوان ژینگەی دەوروبـەر و بەرهەمهێنـان و بەکارهێنانـی خـۆراک و هەروەهـا سیاسـەتی خـۆراک و بابەتی لەو جـۆرە تاوتـوێ دەکرێـت. کارکردن لەم چێشـتخانە پیشەسـازییەدا بۆ من قۆناغی ئاشـنابوون بە خـواردن و سـەلیقەی خەڵکی جیهـان بوو.

جیاوازیـی کارکـردن لـە وڵاتـان و شـارە گـەورە و پێشـکەوتووەکانی جیهـان لـە گـەڵ ئێـران لەوەدایـە کـە یەکەم، لەم شـارانەدا یاسـاکانیان زۆر قـورس و قایمن و ئاسایشـی کاری تەنانەت لـە ڕەهەندێکـی زۆر بچووکیشـدا بوونـی هەیـە. هەمـوو ئێوارەیەکـی کاری نزیکـەی سـی پاوەندمـان وەردەگـرت کـە لـە چـاو کارە نافەرمییـەکان بـڕە پارەیەکـی زیاتـر بـوو. کابـرا بـەو بڕە پـارە باشـەی کە بەدەسـتی دەهێنا دەیتوانی هەسـت بـە خاترجەمی و دڵنیایی بـکات. کاتێک بـە باوکمـم گـوت کـە ڕۆژێ چەنـدە کەوتـووم، خێـرا بـڕە پارەکـەی بـە تمـەن حیسـاب کـرد و بە پێکەنیـن و حەسرەتـەوە وتـی: "چەنـدە زۆرە! ئەگـەر ئـەم پووڵـە بـۆ ئێمـە بنێـری چـی و چـی پـێ دەکەیـن ...؟" ئـەم جیاوازیـی حەقدەسـتە لـە وڵاتانـی ئەورووپـی لەگـەڵ کۆمەڵگایەکـی وەکـوو ئێـران گرینگـە، لـەو ڕووەوە کە ئەگەر حەقدەسـت تـەواو بێت و داهـات و خەرجییەکانی ژیـان هاوسـەنگ بـن، ئـەوا تـاک بـۆ ئیشـکردن ورەیەکـی بـاشتری دەبـێ و ئاسـتی کارامەیـی بەرزتـر دەبێتـەوە. لـە کۆمەڵـگای ئێرانـدا لـە نێـوان بـڕی داهـات و خـەرج و بەرجـی ژیـان هیچ هاوسـەنگییەک نییـە و هـەر لەبەر ئەوەشـە کە کرێـکارەکان هاندەرێکی ئەوتۆیان بۆ ئیشـکردن نییـە و ڕوو لـە دووکاری یـان چەنـد کاری دەکـەن.

---

١ . پەیژە.

ترەنسی سکۆتلەندی، نیشتمانپەروەری ئیرلەندی

کاتێک هۆتێلەکەم لە شپردز بووش گۆڕا، منیان گواستەوە بۆ هۆتێلێکی دیکە کە سەرەتا لە ژوورێکی سێ تەختیدا بووم و دواتر ناردمیانە ژوورێکی چوار تەختی. دیارە کەسم نەدەناسی، بەڕێوەبەرەکەی ژنێکی کەڵەگەتی بەریتانی زۆر ڕەزاگران و گۆشت تاڵ یا باشتر بڵێم زۆر توندوتیژ بوو، کە چەند سەگی ژرمەنشێپردی هەبوو کە بەردەوام دەوەڕین. نەمدەزانی بۆچی وایە، بەڵام دواتر تێگەیشتم ئەم هۆتێلە و هەندێک هۆتێلی تر ڕیزبەندییان نەبوو و زیاتر لەگەڵ ڕێکخراوە حکومییەکان و شارەوانییەکان کاریان دەکرد. یەکێک لە هاوژوورەکانم دراگان بوو، جەوانێکی باڵابەرزی خەڵکی یوگۆسلاڤیا، کە هەتا هەنووکەش هاوڕێیەتیمان بەردەوامە. چەند ساڵێک لە من گەورەتر بوو و زۆر باش بە ئینگلیزی قسەی دەکرد. هەمیشە سەرقاڵی شێوەکاری و نیگارکێشی بوو. شەوی یەکەم لە گەڵمدا هیچ قسەیەکی نەکرد، کە بووین بە هاوڕێ، لەسەر ئەو شەوە گلەییم لێ کرد. تەختی دووەم هی پیاوێک بوو بە ناوی مەکینزی. ناوی یەکەمیمان نەدەزانی و دواتر بۆم دەرکەوت کە مەکینزی شۆرەتێکی سکۆتلەندییە، زیاتر لە نێوان کاتژمێر پێنج بۆ شەشی بەیانی دەگەڕایەوە بۆ هۆتێل و منیش لە نێوان خەو و بێداریدا دەمبینی. یەکەم شەوێ کە نیشتەجێی ئەو هۆتێلە ببووم، نیوەشەو بوو و من مەکینزیم نەبینی. کاتژمێر نزیکەی پێنجی بەیانی بوو کە زانیم کەسێک بە دەم گۆرانی و دەنگەدەنگەوە هاتە ناو ژوورەکەمان. ئەڵبەت گۆرانیی چی... دەینەڕاند و مەست و سەرخۆش بوو. قژێکی سووری شۆڕ و سینگێکی قوت و پان و تەنوورەیەکی[1] کورت و گۆرەویی ڕەنگیی هێڵدار و پێڵاوی ژنانەی پاژنە بەرزی زەردی کەناری لە پێ کردبوو. سەرم سووڕ مابوو، لەسەر تەختەکەم دانیشتم و سەیرم کرد. لە درێژەی سەفەرەکانمدا هاوڕەگەزخوازم بینیبوو، بەڵام هەرگیز کەسانی ترەنسم، ئەویش بەم شێوە و فۆرمە، نەبینیبوو، نە لە ئێران و نە لە دەرەوەی ئێران، بەڵام ئێستا ترەنسم دەبینی و ئەویش زۆر لە نزیکەوە!

دراگانیش بە هاتنی مەکینزی لە خەو ڕاچەنیبوو و لەبەر خۆیەوە دەیبۆڵاند. کاتێک مەکینزی جلەکانی دەگۆڕی، ڕووم وەرگێڕا، وامزانی ژنە. لە کۆتاییدا سەیرێکم کرد و بینیم مەمکەکانی دیار نەماون. ستیانێکی بۆ خۆی دروست کردبوو و پڕی کردبوو لە برنج و ئەوەش یەکێک لە نەهامەتییەکانی ئێمە بوو، هەمیشە دەنکە برنج لێی دەڕژا، ئێمەش دەبا ئەو دەنکە برنجانە کۆ بکەینەوە بۆ ئەوەی بتوانێ بیخاتەوە ناو مەمکبەندەکەی و بیدووورێت. هەموو ڕۆژێکیش بە تێخ قاچی دەتاشی، هەموو گیانی بریندار دەبوو و تەختەکەی هەمیشە خوێناوی بوو. کاتی مەستی تا بڵێی چاک بوو، بەڵام هەر ئەوەندەی

---

١ . لە ڕۆژهەڵات پێی دەڵێن دامەن یان داوێن. کە دیارە داوێن دروستترە.

مەستییەکەی دەپەڕی، نەتدەوێرا بیدوێنیت. مەکینزی کەسێکی زانا و کتێبخوێن بوو، زۆر شتی لەبارەی مێژووی گەلانەوە دەزانی و کاتێک باسی شەڕەکانی بەریتانیامان لەگەڵ دەکرد، زانیارییەکی چڕوپڕی هەبوو.

پێم خۆش بوو زۆر قسەی لەگەڵ بکەم، بەڵام کەسێکی کەمتاقەت بوو. شەوانە دەچووە بارِ و یانەکان. دراگان دەیکوت لەشفرۆشی دەکا و شەوی وا بوو نەدەهاتەوە. بە گشتی جگە لە بەیانیان نەبێ، ئازاری بۆ کەس نەبوو. دواتر بۆم دەرکەوت کە کڕاک و کۆکایین بەکار دەهێنێ و گیرفانی پڕ بوو لە کۆندۆم.

کەسی چوارەم، کە دواتر هاتە لامان، لاوێکی ئێرلەندی بوو. پاش هەفتەیەک لە نیشتەجێ بوونم، دەرگای ژوورەکە کرایەوە و گەنجێک کە خۆی بە پیتەر ناساند، هاتە ژوورەوە. دەیگوت لە ئیتاڵیا کاری دەکرد و کارەکەی لەدەست داوە و ئێستا گەڕاوەتەوە بۆ بەریتانیا. هەستم بە نامۆیی و خەمگینی دەکرد، ئەوە یەکەم ئەزموونی من بوو کە لەگەڵ کەسانێکی نامۆ لە گەلانی جیاوازەوە ببوومە هاوژوور. لە هەر جێگایەکی دیکە بام تووشی کەسانێک دەبووم کە هاوزمانم بوون، بەڵام لەو ژوورەدا ژینگەیەکی نامۆم ئەزموون دەکرد، ئەزموونێکی سەیر و نامۆ! تازەهاتوو، خەڵکی ئێرلەندی باکووری بوو و دواتر کە کەمێک نێوانمان خۆش بوو زانیم کە هەستێکی زۆر باشی بەرامبەر بە گەلانی دیکە نییە. ئەو ڕوانگەی سەیروسەمەری هەبوو و ئەمە یەکەم جار بوو کە لە بەریتانیا نیژادپەرستی ببینم، سەیر لەوەدا بوو کە هەم ئەو و هەمیش مەکینزی خۆشیان لە بەریتانییەکان نەدەهات و ئەوانیان بە تاڵانچی وڵاتەکانیان دەزانی.

بە درێژایی هەموو ئەو ساڵانەی کە لە بەریتانیا و ڕۆژاوا بووم، جگە لە چەند حاڵەتێکی ڕووکەش و بێبایەخ نەبێ، هیچ ئەزموونێکی مامەڵەی خراپ یان بەریەککەوتنم لەگەڵ کەسانی نیژادپەرستدا نەبوو. کاتێک لەگەڵ هاوڕێکانی تر یان کۆچبەرانی دیکەدا ئەم باسە دەهاتە پێشەوە، پێیان سەیر بوو کە بۆچی من کێشەیەکی وام نەبووە. هەندێک لە هاوڕێیان پێدەکەنین و دەیانگوت «ڕەنگە لەبەر ئەوەی سپی پێست و چاوکاڵی و ئینگلیزی قسەکردنەکەشت خراپ نەبووە، بۆیە کەمتر لەم جۆرە ئەزموونانەت هەبووە!».

پاشان زیاتر سەرنجم دایە سەر ڕووداوەکانی تاراوگە، دژەکۆچبەری و نیژادپەرستی لە ئاستی کۆمەڵگادا، لە سەریان دەمخوێندەوە و کاتێکیش وەک وەرگێڕ و ڕاوێژکار بۆ دەزگای دادوەری، پۆلیس و هتد کارم دەکرد، تووشی هەندێک دۆسیەی دژەکۆچبەری بوومەوە، بەڵام من پێم وایە کۆمەڵگای بەریتانیا سەرەڕای هەموو کەموکۆڕییەکانی، هێشتا نموونەی سەرکەوتووی کۆمەڵگەیەکی کۆسمۆپۆلیتی یان فرەفەرهەنگ و میواندۆستە و هەر لەبەر ئەمەش شانازی بە بەریتانیبوونی خۆم دەکەم. ڕەنگە لەبەر ئەوەی ئەزموونی ژیاوم لە بەریتانیا بە درێژایی هەموو ئەم ساڵانە، پێی سەلماندم کە ئەم کۆمەڵگایە زۆر بە لای

ڕێژەگەرایی فەرهەنگیدا دەشکێتەوە. بە واتایەکی تر جیاوازییە فەرهەنگییەکانی قبووڵ کردووە و بۆ کۆمەڵگەی کۆچبەرەکان بۆتە خانەخوێیەکی باش. من وەک کۆچبەرێک لەم کۆمەڵگایەدا ئاستی بەرزی لێبوردەیی و قبووڵکردنی فەرهەنگە هەمەچەشن و هەمەجۆرەکانم بینیوە.

● وێنەی ١٥٩- شپرزە بووش، لەندەن، ١٩٩٧

ئەو ئیرلەندییە تازەهاتووە، سەرباری ئەوەی ڕەفتارەکانی بە گشتی خراپ نەبوون، بەڵام بێباک بوو لەوەی کە بڵێ لەبەر ئەوەی تۆ لێرەی من ناتوانم کار بدۆزمەوە و ناچار دەبم بچمەوە بۆ ئیتاڵیا. بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە من و دراگانی دەگوت: ئێوە لە کاردا جێگەی ئێمە دەگرنەوە. هەرچەندە بە ئەدەبەوە ئەمانەی دەگوت، بەڵام بۆ من سەیر بوو. لە قسەکانیدا زۆر جار بە "وڵاتەکەمان" ناوی بەریتانیای دەبرد، کەچی هەستی دژەبەریتانی و هەڵوێستی توندی بەرامبەر بە حکوومەت هەبوو. دەیگوت من لەبەر ئەوەی ئیرلەندی و کاسۆلیک بووم ستەمم لێ کرا، بۆیە چوومە لانکی کاسۆلیکەکان واتە ئیتاڵیا.

لێکدژی و ململانێی فیکری و سیاسی و ئایینیی سەیروسەمەری هەبوو. خۆشی لە بەریتانیا نەدەهات، چونکە ساڵانێکی زۆر ئیرلەندی داگیر کردبوو و کردبووی بە ژێردەستی خۆی، بەڵام کاتێک تووشی دەبوو بە تووشی کۆچبەرانەوە، تەواو ڕوانگەی دەگۆڕا و ئێمەی بە موزاحیم و بارگرانی ناوزەد دەکرد و ئەو وڵاتەی بە هی خۆی دەزانی. شیکارییەکانی بە پێی بارودۆخ و بەرژەوەندخوازانە و کەمێکیش گەوجانە بوو. دەیگوت: "بەریتانییەکان وەک نانخۆرێکی زیادە سەیری ئیرلەندییەکان دەکەن" هەر کاتێک بە قازانجی بووایە ڕوانگەی دەگۆڕی. دواتریش زۆر جار شاهیدی ئەو جۆرە حاڵەتانە بووم و ڕەنگە هەندێک لەو ئەزموونانە وای لێکردم لە زانکۆدا خەڵکناسی بخوێنم.

چەند هەفتەیەک لەوێ بووم هەتا ئەوەی کە ڕۆژێکیان ئاریکارە کۆمەڵایەتییەکەم لە پشوو گەڕایەوە و هاتە لام بۆ ئەوەی بارودۆخە تازەکەم ببینێت. قەڵس بوو و وتی: "تۆ نابێ لێرە بیت" پاشان پرسیاری لە چۆنیەتیی ژوورەکە کرد. کاتێک هەموو شتێکم بۆی گێڕایەوە، دۆخی مەکینزیی کە بینی، وتی ئەگەر لێرە نەڕۆی پیس و بەدعەمەل دەبی، پێم وایە مەبەستی لە پیسبوون، ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان بوو. پشتگیریی ئاریکاری کۆمەڵایەتی لە گەنجێکی هاوتەمەنی من سەیر بوو. بڕیاری دا لەگەڵ خۆیدا بمبا کە دراگان هاتە پێشەوە و وتی منیش دێم. ئاریکارەکەم بۆی ڕوون کردەوە کە دۆسیەکەت لای من نییە و من بەرپرسی تۆ نیم، بەڵام دراگان زۆر پێداگری کرد، ئاریکارەکەم بە تووڕەییەوە

پێـی گـوت: "تۆ لە کەسـێکی باش ناچـی" منیش بە سەرسـووڕمانەوە سـەیری ئاریکارەکەم، کە ژنێکـی بەتەمـەن بـوو، دەکـرد. دراگان ناڕەزایـی دەربـڕی و وتـی: "بۆچـی کامیـل لەگەڵ خۆت دەبـەی، کەچـی مـن زووتر لـەو لێرە بـووم و لـەم ژوورەدا ئـازارم چەشـتووە؟" دراگان نەیدەزانی کـە ئـەم خاتوونـە ئاریـکاری کۆمەڵایەتیی منە و ئەو لەبـەر تەمەنی ئاریـکاری کۆمەڵایەتیی نییە و دیـارە پێشـینەی دەمەقاڵـێ و شـەڕ و شـۆڕیان لەگـەڵ یـەکتردا بووە.

وێمبڵدۆن؛ خاڵی دەستپێک

ئاریکارەکـە بەپەلـە منـی بـرد و وتـی: " لـەم گەڕەکەدا شـارەوانی هیچ شـوێنێکی بـۆ تۆ نییە و ئەگـەر بتنێرمـە هـەر شـوێنێکی دیکـەی لـەو جـۆرە، لەوانەیـە لـە کۆتاییـدا گیـرۆدەی مـادده هۆشـبەرەکان بـی یـان ببـی بـە تاوانباریـک و لـە کیـس بچیـت. دەبـێ بچیتـە جێگایـەک کـە بـە هیـچ تاوانێـک تێـوە نەگلێـی. تاکـە جێگایـەک کـە شـکم بـۆی دەچـێ و لێرەشـەوە دوورە وێمبڵدۆنـە". وتـی وێمبڵـدۆن گەڕەکێکـی جـوان و دەوڵەمەنـدە و ئێمـەش گرێبەسـتێکمان لەگەڵیـان بەسـتووە کـە کەسـانی هاوتەمەنـی تۆ دەنێرینـە ئەوێ هەتـا ئەو کاتەی شـوێنێکتان لـە گەڕەکەکـەی خۆمانـدا بـۆ دەدۆزینـەوە و هەمووتـان پێکـەوە دەگەڕێنینـەوە. وتـی دەزانـم دوورە، بـەڵام کارتـی هاتوچـۆت بـە داشـکاندنی تایبـەت بـە قوتابیانـەوە پـێ دەدەم بـۆ ئـەوەی مـەودا دوورەکـەی قەرەبـوو ببێتـەوە و فریـای قوتابخانـەش بکـەوی.

منـی نـارد بـۆ وێمبڵـدۆن کـە گەڕەکێکـی تایبەتە لە لەنـدەن. خانـووە نوێکەم زۆر جـوان بوو و کەوتبـووە ناوەڕاسـتی دارسـتان و پەراوێـزی پارکی وێمبڵدۆنـەوە. جێگایەکی نزیـک لە یاریگا بەناوبانگەکانـی تێنـس. هەرچەنـدە لـە وێسـتگەی ناوەندییـەوە دوور بـوو، بـەڵام ژوورێکـی خۆشـیان پێـدام. دیـار بـوو ئـەو خانووە سـەردەمانێک هـی بنەماڵەیەکـی وجاغـزادە و ئەشرافی بـووە و حەوشـەیەکی زۆر گـەورە و جوانی هەبـوو. بوومە هاوژووری کوڕێکی موسـڵمانی خەڵکی بۆسـنە. کوڕێکـی کرواتیـش لـەوێ بـوو و ئـەو دووانـە کـە هـەر دووکیان منـداڵ بوون، جـار جار دەبوو بە شـەڕە قسـەیان. سـەروبەندی کۆتایی شـەڕی نێوان کرواتەکان و موسـڵمانان لە بۆسنە بـوو. ئـەوان لـە یـەکتر هەڵاتبوون، بەڵام لـە وێمبڵدۆن لە ژوورێکدا تووشـی یـەکتر ببوون. ئەوێ وەکـوو میوانگەیـەک بـوو، خواردنیـان پێدەدایـن، ژوورێکـی گەورەی هەبـوو کە مێـزی بیلیارد و تەلەڤیزیـۆن لـێ بـوو. ئامێری کات بەسـەربردنمان هەبوو، بـە ڕۆژ دەگەڕامەوە هەمەرسـمیت بۆ سـەر پۆلەکـەم و پاشـنیوەڕۆ هەتـا ئێوارە دەچوومە سـەر کار. یەکـەم قۆناغی بـەردەوام و ڕۆتینـی ژیانـی من لە وێمبڵدۆنەوە دەستی پێکرد.

● وێنەی١٦٠- وێمبڵدۆن، لەندەن، ١٩٩٧

وێمبڵدۆن هێڵێکی شەمەندەفەری هەیە بە ناوی دیستریک لاین و دوا وێستگەی وێمبڵدۆنە. ئەو وەختە هێشتا لە هەموو وێستگەکاندا ئامێری بلیتخوێنیان نەبوو و لە هەندێک لە وێستگەکانی یەکەم و دواییین هێڵەکاندا مەئموریان دانابوو. ئێمە بە پێی ئەزموون فێر ببووین کە مەئموورەکان لە چ کاتێکی ڕۆژدا لە هەندێک وێستگەکاندا نین، بەڵام مەئموورێکی ڕەشپێستی باڵابەرز لەوێ بوو کە هەندێک جار بەرتیلی لە چەند کەسێکمان وەردەگرت. دواتر بیستم پارەی لە کەسانی دیکەش وەرگرتووە. وەک شتێ ئێمەی دەناسی و بە شێواز و دەموچاوماندا زەق دیار بوو خەڵکی ئەوێ نین.

سەیر ئەوە بوو کە یەک وشەش قسەی لەگەڵمان نەدەکرد. هەر کە دادەبەزین و بەرەو درگای چوونە دەرەوە دەڕۆیشتین، بە نهێنی دەستی دەکردەوە و ئێمەش نیو پاوەند واتە پەنجا پێنسمان دەخستە ناو دەستی. بۆ ڕۆشتن نیو پاوەند و بۆ گەڕانەوەش نیو پاوەندی لێمان دەسەند. ئێمە پاوەندێک قازانجمان دەکرد و بە متمانەبەخۆییەوە هاتوچۆمان دەکرد، چونکە بەرتیلمان دابوو. بەرتیلدان بەلای منەوە شتێکی نامۆ نەبوو و هەر لە تافی منداڵییەوە لە کۆمیتە و سپای پاسداران لە سەر ئۆڤێرکۆتی ئەمریکی ڕووبەڕووی ئەم مەسەلەی بەرتیلە ببوومەوە و بە گشتی لە ئێراندا زۆر لەم شتانەم بینیبوو، بەڵام وردە وردە لەگەڵ ژینگەی ژیانی هەندەران ئاشنا بووم، تێگەیشتم کە چ کارێکی سەیر و مەترسیدارمان لێ ڕووداوە. ڕەنگە ئەویش لەبەر ئەوەی دەیزانی ئێمە نە زمانی ئینگلیزییەکە باش دەزانین و نە ئەزموونی شکاتکردنمان هەیە بۆیە بە ئاسانی بەرتیلی وەردەگرت. نازانم چۆن ترسی لەدەستدانی کارەکەی نەبوو.

باوکم لە لەندەن ئاشنایەکی هەبوو بە ناوی کاک خالید کە پزیشکی ددان بوو. ئەوەی

ڕاستی بێ برای ئەم بەڕێزە هاوڕێی باوکم بوو و هەر ئەم ناسینە وای کرد داوا بکا کە ئاگایان لە من بێ و بۆ دۆزینەوەی کار یارمەتیم بدەن. وامزانی پێم دەڵێ بچمە لای خۆی فێری ددانسازی بم و هیچ پێم خۆش نەبوو ئەمە ڕوو بدات. تەلەفۆنم بۆ کاک خالد کرد و بانگهێشتی کردم بۆ ماڵەکەی خۆی. لە باکووری لەندەن دەژیا و بە گەرمی و باوکانە پێشوازی لێکردم. منی بە هاوڕێیەکی خۆی بە ناوی ئێریک ناساند کە ئەرمەنی بوو و بە ئێدی بانگیان دەکرد.

لە بەریتانیا مارکێکی بەناوبانگی پیتزا هەیە بەناوی پیتزا ئێکسپرێس کە زنجیرەییە و لە ناوچە جیاجیاکانی وڵاتدا لقی هەیە. ئێریک هەموو کارەکانی چاککردنەوەی فرۆشگاکانی پیتزا ئێکسپرێسی لە ناوەڕاست و باکووری لەندەن بە گرێبەست و قۆنتەراتی ئەنجام دەدا. یەکێک لە خزمەکانی ئێریک بەڕێوەبەرێکی باڵای پیتزا ئێکسپرێس بوو و بۆ وەرگرتنی ئەو کارە یارمەتی دابوو. دوای نزیکەی کاتژمێر ١١ی شەو پیتزافرۆشییەکە دادەخرا، دەچووە سەر کارەکەی و ئەگەر گڵۆپێک یان شێری ئاو خراپ ببایە یان دیوارێک پەڵەگیری بویستایە، چاکی دەکردەوە و ڕەنگی دەکرد. وتی ئەگەر لەگەڵم بێی شەوانە نزیکەی ٢٠ پاوەندت پێ دەدەم، بەڵام هەتا نزیکەی پێنجی بەیانی کار دەکەین. پاشان دەتوانی بە یەکەم شەمەندەفەر بچیتەوە ماڵ. قبووڵم کرد و وەک شاگردی ئێریک دەست بە کارکردن بکەم. بۆ هەر شتێک بیویستایە من لەبەر دەستی بووم، هەتا ئەوەی کە فێری وردەکارییەکانی کاری چاککردنەوە بووم. ئێریک خۆی کارە تەکنیکییەکانی ئەنجام دەدا و منیش دواتر بۆ کاری چاککردنەوە سەربەخۆتر بووم. هەموو شەوێک کلیلمان لە بەڕێوەبەرانی چێشتخانەکان وەردەگرت و ژمارەی کۆدی دزگیرەکەیان پێدەدایین. هەندێک جار لە نەبوونی ئێدی کارەکانم جێبەجێ دەکرد و دەرگاکەم دادەخست و دەڕۆشتم. زۆر شەو لەوێ بە تەنیا دەمامەوە، لەو پیتزافرۆشییەدا کە هەموویان یەک جۆر بوون، دەرگاکانم دادەخست و دەستم بە کارکردن دەکرد. لە کۆلێکسیۆنی مۆسیقای ڕیستۆرانتەکە بە دەنگی بەرز گوێم لە مۆسیقای جاز دەگرت، کە مۆسیقای دڵخوازم بوو. نزیکەی کاتژمێر پێنجی بەیانی کە یەکەم شەمەندەفەر وەڕێ دەکەوت، بەڕێ دەکەوتم و بە درێژایی ڕێگاکە هەتا وێمبڵدۆن لەناو شەمەندەفەرەکەدا دەخەوتم.

وانەکانی کۆلیژ لە دوای کاتژمێر دەی بەیانییەوە دەستی پێدەکرد. دوو سێ کاتژمێرێک دەخەوتم و ئینجا بە پێ دەچوومە کۆلیژ. ئەگەر زووتر پۆل دەستی پێکردبا، دیسان هەموو ڕێگاکە لەناو شەمەندەفەرەکەدا دەخەوتم. لە حەوشەی کۆلیژدا گۆشەیەکی شاراوەم بۆ خۆم دۆزیبووە، کارتۆنێک و کیسەیەکی خەوی کۆنەم دانابوو و لەسەری پاڵ دەکەوتم و سەرم دەخستە سەر ئەژنۆکانم و دەخەوتم هەتا کاتێ پۆل دەستی پێدەکرد. ئەو بەیانیانەی کە لە سەر کارەوە دەچوومە کۆلیژ، یەکەم کەس بووم کە دەگەیشتمە سەر پۆل. تەنانەت

دەموچاوشۆردنیشم دادەنا بۆ کۆلیژ و بەرچاییەکیشم لە بووفەی کۆلیژ دەخوارد و دەچوومە سەر پۆل. سەرەتاکان کە لەگەڵ ئێدی کارم دەکرد، هەندێک جار بەیانیان لە سەر پۆل خەوەنووچکە دەیبردمەوە و خوێندکارەکان پێم پێدەکەنین. هەرچەندە کاریگەریم لەسەر هەندێکیان دانابوو، بەڵام کەمخەوی شتێکە کە لە کۆتاییدا لەگەڵی ڕادێیت.

● وێنەی ١٦١- ئاهەنگی دەرچوون لە زانکۆ، کۆلیژی پاتنی، دیسامبەری ١٩٩٧

ئێدی پشتیوان و بیرتیژ و داهاتووبین بوو. هەر لە سەرەتاوە ئەلفوبێی ژیانی کۆچبەریی فێر کردم و وتی: "هەتا بۆت دەکرێ خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی بەکار مەهێنە، پارەی بێکاری وەرمەگرە. چونکە تەمبەڵت دەکا، لەبەر چەند پۆندێک ئیدی حەوتانە هەڵات هەڵات بۆ کارکردن ناکەی و کە دێیتەوە سەر خۆت دەبینی قەڵەو بووی و کێشت زیادی کردووە و تووشی خەمۆکی هاتووی، قەزائەن ئەگەر بێکار بی زیاتریش خەرج دەکەی، لە هەمووی گرنگتر، کاتێک کە ناچیتە سەر کارەکەت، فێری زمانی ئینگلیزیش نابی و چیتر پێش ناکەویت! بە گشتی کەسانێکی وەکوو ئێدی وانەیەکی ڕاستەقینە و ناوازەیان فێر کردم کە لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانمدا کەڵکم لێ وەرگرتن. دوای ماوەیەک کە لە وێمبڵدۆنەوە گەڕامەوە بۆ ڕۆژاوای لەندەن، لە هەمان گەڕەکی هامەرسمیت کە خووم پێوە گرتبوو، ژوورێکم بە کرێ گرت.

وەرگرتنی مۆڵەتی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی لە بەریتانیا

لە وەزارەتی ناوخۆ دۆسیەیەکم تۆمار کردبوو. ئەو وردەکارییانەی کە لە دۆسیەکەدا بە کاک فازڵم گوتبوو، نووسیبووی و منیش کۆمەڵێک بەڵگەنامەی پەیوەست بە چالاکییەکانم و وێنەی بەشداریکردنم لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان و هەندێک بەڵگەنامەی هاوکاری و بەرهەمە چاپکراوە کۆن و نوێکانم وەکوو نووسین و شیعر و چەند وەرگێڕانێک، کۆ کردبووەوە. لە سای یەکێک لە خزمەکانم چەند وەرەقەیەکم ئامادە کرد و دام بە پارێزەرەکەم. ژمارەی پەناخواز

کەم بوو، سیستمی پەنابەری هێشتا بە تەواوی کاری نەدەکرد و کەسانێک هەبوون کە ساڵانێک بوو سەرگەردان بوون و دۆسییەکەیان یەکلایی نەبۆوە. زۆر دەترسام لەوەی کە منیش ئاخۆ تا کەی سەرگردان دەبم، بۆ ئەوەی لە خوێندن لە ئاستە باڵاکاندا بەردەوام بم پێویستم بە بەڵگەنامەی یاسایی هەبوو، ڕاوێژکارانی بواری خوێندنیش دەیانگوت پێویستت بە مۆڵەتی نیشتەجێبوون (ئیقامە)ی یاسایی هەیە.

زۆر کەس پێیان وابوو کە خوێندن بۆ کۆچبەران لە بەریتانیا خۆڕاییە، بەڵام وا نەبوو. ئەگەر خوێندکاری زانکۆ بی قەرزی بانکی وەردەگری و لە کۆتایی خوێندنەکەتدا کارێک دەدۆزیتەوە و قیستەکانی قەرزی خوێندکارییەکەت لە مووچە یان حەقدەستەکەت کەم دەبێتەوە. کەمتر لە ٤ بۆ ٥ مانگ پاش گەیشتنم بە بەریتانیا، نامەیەکم لە وەزارەتی ناوخۆوە پێگەیشت و بینیم کە ئیقامەی هەمیشەییان لە بەریتانیا پێداوم. نە دیمانەیان لەگەڵ کردم و نە کەسیش بەدواداچوونی بۆم کرد، پێم وایە بەهۆی بارودۆخی گشتی و جۆری کەیسەکەمەوە دیمانەکردن لەگەڵ منیان بە پێویست نەزانیبوو. لە خۆشیاندا پێم وەعەرز نەدەکەوت و لە پڕ ژیانم گۆڕابوو، ئێستا هاوڵاتییەکی بەریتانی بووم.

● وێنەی ١٦٢- هامێر سمیت، لەندەن، ١٩٩٧

دواتر زیاتر و زیاتر بۆم ڕوون بووەوە کە هاووڵاتیبوونی بەریتانیا تەنیا پەڕە کاغەزێک بە مۆری یاسایی یان پاسپۆرتێکی بەریتانی نییە، بە بڕوای من ماف و ئیمتیازاتی هاووڵاتیبوون شتێکە کە من لەم وڵاتەدا بەدرێژایی ساڵانێکی زۆر فێری بووم؛ من خۆم بە بەشێک لەم کۆمەڵگایە دەزانم و هەر لەسەرەتاوە ئەم وڵات و جوگرافیایە لە باوەشی گرتم و بەخێرهاتنی کردم، بۆ کامیلێک کە لە دنیای ژیاوی پێشوویدا بە هۆی بیروباوەڕ و نەتەوەی خۆیەوە لە هەندێک مافی سروشتی بێبەش ببوو، ئەم قبوڵکردنە زۆر بەنرخ و گرنگ بوو و هەستی ئەندامێتیی کۆمەڵگا و شوناسی کۆمەڵایەتی بە کامیل دەبەخشی.

ئەم کۆمەڵگا فرەفەرهەنگە جوانە، وڵاتی دووهەمی منە و منیش بۆ ژیان هەڵمبژاردووە. بە درێژایی تەمەنی منداڵی و مێرمنداڵیم بەم خەونە ژیام، بە ڕاستی خۆشم دەویست و خۆمم بە هی ئەو دەزانی. دواتر قسەم لەسەر کرد و لەبارەیەوە نووسیم. هەندێک جار لەسەر ئاستێکی بەرز و تەنانەت لەلایەن گرووپە کۆچبەر و پەنابەرەکان و تەنانەت بەریتانییەکانیش ڕەخنەم لێ گیرا، بەڵام من وای دەبینم کە هاووڵاتیبوون بە کەس نادرێ، دەبێ بەدەستی

بهێنـی و بـە کۆشـش و هەوڵـی خۆت تێکـەڵ بـە کۆمەڵگەی خانەخـوێ ببیت.
بۆ من ئەم ئەزموونی بە بەریتانی بوونە ئاوێتەیەک لە هەموو ئەو شتانە بوو کە لەم وڵاتەدا بوونی هەبوو و ئەوەش لەگەڵ ئینگلیزیبووندا جیاواز بوو. خۆمم بە بەریتانی دەزانی، پێی وەفادار بووم و تەنانەت کەمێکیش لە سەری دەمارگرژ بووم. یەکەمین ناسینی بنەما مرۆییەکانی مافی مرۆڤ و مافی هاووڵاتیبوون و تێگەیشتنی بەربڵاوتر لە شارستانییەت، لێرە فێر بووم. مەبەستم ئەوە نییە کە لە وڵاتانی دیکەدا ئەمانە بوونی نییە، بەڵکوو مەبەستم ئەوەیە کە من حەزم لەم وڵاتە بوو و لێرەدا فێری بنەماکانی ڕێزگرتن لە مرۆڤایەتی بووم و کاتێکیش گەڕامەوە بۆ ئێران، بە یارمەتیی ئەم بەهایانە ویستم گۆڕانکارییەک دروست بکەم. مەبەستم بەشە ئەرێنی و کارامەکانی سیستەمی دیموکراسیی ئێرەیە، چونکە تا ڕادەیەک ئاگاداری کەموکوڕییەکانیشی هەم.
بەدرێژایـی ئـەو سـاڵانەی لێـرە ژیـام، هەمیشـە ڕۆحـی نارەزایەتـی و داخوازیگەریـەم پاراسـت و دژی جەنـگ بـووم. لـە ڕۆژی کرێکاران، لە یەکەمی مانگی ئایاردا، هەمیشـە لـە ڕیزی یەکەمی ڕێپێوانەکاندا بووم و هەر کاتێک لە بۆسـنە و ئەفغانسـتان و عێراق و فەلەسـتین شـەڕ بووایەت، مـن گوێـم بـەوە نـەدەدا کـە بەریتانیـا هەمیشـە دەسـتی لـەو جەنگانـەدا هەیـە، بەشـداریم لـە نارەزایەتییەکانـی دژی جەنـگ دەکـرد. ڕەنگـە لەبـەر ئـەوەی تەمەنـی منداڵـی و مێرمنداڵیم لە شـەڕدا بەسـەر بـردووە و ئـاگاداری لێکەوتە و سـەختییەکانی جەنـگ هەم، بە هەمـوو گیانمەوە هەست بەم ژانە گەورە دەکەم و هەتا هەتایە بەرامبەر بەم بابەتە کاردانەوەم دەبێت.

● وێنەی ١٦٣- دایک و باوکم، شەستەکانی هەتاوی (هەشتاکانی زایینی)

ئـەو ماوەیـەی لـە لەنـدەن بـەدوای کار و وەرگرتنـی مۆڵەتـی نیشـتەجێبووندا بـووم، لـە ماڵمانـدا گریـان و شـیوەن بـوو. دواتـر بەسـەرهاتی زۆرم لـەم بـارەوە سـەبارەت بـە باوکـم و کەسـانی تـر بیسـت، نەنکـم دەیگـوت: " کامیل، ئەتوو ڕۆشـتی، پشـتت شـکاندم ... خـۆ نەمدەزانـی ڕۆژەک هـەر دەڕۆیـت". باوکـم کـە زانـی مـن ڕۆیشـتووم، دەچێتـە دووکانەکـەم. کلیلەکـەم لای ئـەو خزمـە بەجێهێشـتبوو کـە بـە ئۆتۆمبێـل منـی گەیانـدە تـاران. ڕۆتینـی کارکردنـی مـن لـە دووکانەکـەدا بـەو شـێوە بـوو کـە دوگمـەی سـەرەکیی بڕقـی[1] کۆنتۆڕەکـەم (پێـوەر) لـێ دەدا. چونکـە بڕقـی دووکانەکـەم لـە کۆنتـۆڕەوە هەڵدەکرد

١. کارەبا

و دادەخست. باوکم دووکانەکە دەکاتەوە و کۆنتۆڕەکە هەڵدەدا، زەفتەکە ڕۆشن دەبێ و دەنگی ناسر ڕەزازی، گۆرانیبێژی دڵخوازم بڵاو دەبێتەوە. باوکم لە هۆش خۆی دەچێ و ئامبوڵانسی بۆ دێنن! هەستم نەدەکرد کە باوکم ئاوا کاردانەوەیەکی هەبێت، کەسێکی زۆر هەستیار نەبوو و سۆز و بەزەیی خۆی دەرنەدەخست. هەرچەندە دوای سەربازی زۆر نێوانمان ناخۆش نەبوو و بە پێکەنینەوە هەموو شتێکم تێدەپەڕاند، بەڵام بەردەوام گوشاری دەخستە سەرم کە بۆچی ژن ناهێنی و بیانووەکەی ئەوە بوو کە بۆچی خەرجی ماڵەوە ناکێشی. کۆتاساڵێک کە لە ئێران بووم، بەشێک لە خەرجییەکانی ماڵەوە لە ئەستۆم بوو. ڕەنگە هەر لەو ساوە خەمی سەربەخۆبوونم بووە یان لەو هەلومەرجەدا کە تێی کەوتبووم سەربەخۆییم ئەزموون کرد، ئەزموونێک کە لە درێژەی تەمەنمدا بۆم زۆر بەسوود بوو.

هەمیشە دایکم بۆ ماڵەوە شتی دەکڕی، لە ناو خزم و کەسدا بە شۆخی و جیدی دەیانگوت ئامین پیاوی ماڵە! ئەم قسە تەوس و لاتاوێکی زۆر قورس بوو، بەڵام باوکم هیچ گوێی لەوانە نەبوو. دایکم بۆ شت کڕین دەهاتە ئەو شەقامەی کە من لەوێ دووکانم هەبوو. من پارەی شتەکانم بۆ حسێب دەکرد و بەم شێوە لە خەرج و بەرجی ماڵەوەدا بەشداریم دەکرد، هەڵبەت جارجاریش کەلوپەلی ناو ماڵم دەکڕی و فیزم پێوە دەکرد. کاتێک هاتمە بەریتانیا، لە هاوکاریکردنی ماڵەوە بەردەوام بووم و بەردەوام پارەم دەخستە سەر ئەو حیسابە بانکییەی وا خوشکەکەم بۆ نەنکمی کردبۆوە. نەنکم ئەوەندە سۆز و مێهری خۆی بە من بەخشیبوو کە بە هیچ هەژمارێکی بانکی[1] نەمدەتوانی قەرەبووی بکەمەوە.

جگە لەوەش بەردەوام پارەم بۆ باوکم دەنارد تاکوو پشتگیریی خانەوادە دەستنەڕۆ و نەدارەکان بکات. کە گەڕامەوە بۆم دەرکەوت باوکم ئەو بڕە پارەیەی داوە بە خوشک و خزمەکانی. کاتێک لێم پرسی بۆچی، وتی: "ڕۆڵە گیان چرایەک کە بۆ ماڵ ڕەوایە، بۆ مزگەوت حەرامە!". کاتێک باوکم کۆچی دوایی کرد، بە بۆنەی جۆراوجۆری وەکوو جەژنی ڕەمەزان و ئاهەنگی نەورۆز و هتد درێژەم بە نەریتەکەی باوکم دا. باوکم هەمیشە بە گاڵتەجاڕی و جیددییەوە دەیگوت: "کورە ئەو پۆندە سەگبابانەم بۆ بنێرە چەند خانەوادەی فەقیرم پەیدا کردووە نانی شەوێیان نییە بیخۆن" دواتر بۆیان گێڕامەوە کە هەمیشە لە پشت تەلەفۆنەکەدا بە شۆخی و جەفەنگەوە بزەیەکی کردووە و گوتوویە لە ڕێی خودادا، کامیل هەڵدەخەڵەتێنم ...

دیارە بە بۆچوونی باوکم و لەو فەرهەنگەدا، کارە دروستەکە هەر ئەوە بووە کە یارمەتیدان لە خزمانی نزیکییەوە دەست پێ بکات. لەو کۆمەڵگایانەی کە دامەزراوە داکۆکیکارەکان بە شێوەیەکی سیستماتیک و بە بێجیاکاری پشتگیری لە هەژاران دەکەن و دادپەروەریی

---

١. حسابێکی بانکی

کۆمەڵایەتـی جێگیـرە، هیـچ پێویسـت بـەم کارە نـاکا، بـەڵام لـە وڵاتێکـی وەکـوو ئێـران کـە تەنانـەت دامـەزراوە داکۆکیکارەکانیـش ئایدۆلۆژیکیـن و بـۆ وەرگرتنـی پشـتیوانیی حکوومەت، هاوتەریبـی لەگـەڵ سیاسـەتەکانی ڕژێمـی کۆمـاری ئیسلامـی و ئەندامێتـی لـە دامـەزراوە ئایدۆلۆژییەکانـی وەکـوو بەسـیج و بونیـادی موسـتەزعەفان شـتێکی زۆر زەروورییـە، یارمەتـی و هاوکاریـی تاکەکەسـی و شـێوازی تایبەتـی زیاتـر بەسـوودە. بەتایبـەت ئاسـتی پشـتگری لـە کەمینـە ئایینـی و مەزهەبییـەکان کـەمترە یـان دەتوانیـن بڵێیـن هـەر نییـە. بۆیـە لـەم جـۆرە کۆمەڵگایانـەدا زۆر گرنگـە کـە ئـەو کەسـانەی وا لـە ڕووی داراییـەوە دۆخیـان بـاشترە، بـە ئاراسـتەیەکی دروسـت هاوکاریـی خەڵـک بکـەن و ئەم بۆشـاییە گـەورە پڕ بکەنەوە. سروشـتییە کـە لـەم هەلومەرجـەدا یارمەتیـی خـزم و دۆسـتانی نزیک کە بە دەسـت هەژارییـەوە دەناڵێنن، لـە پێشـەوە بـن. بەکورتـی ئێسـتا بـاشتر دەزانـم کـە بۆچـی باوکـم یارمەتیـی خزمانـی دەدا و منیـش هـەوڵ دەدەم درێـژە بـە ڕێبازەکـەی باوکـم بـدەم.

هاوسەرگیریی ڕەسووڵ و ئازاری ویژدانی من

باوکـم ڕەسـووڵی برامـی ناچـار کرد کـە ژن بێنێـت. تازە لـە سـەربازی گەڕابـووەوە، میزاجی تایبـەت و تـا ڕادەیـەک توند بـوو و بـە ڕای مـن پێویسـتی بـە دەرفەتێکـی زیاتـر بـوو بـۆ ئەوەی خـۆی بدۆزێتـەوە. بـەڵام ئـەم هاوسـەرگیرییە زۆرەملیـە تەنگی پـێ هەڵچنیبوو. هاوسـەرگیریی زۆرەملیـی ڕەسـووڵ بەهـۆی پەرۆشـی و نیگەرانییـە باوەکانـی ئـەو سـەردەمە ئەنجـام درا، ئـەو نیگەرانییانـە کـە زیاتریش ببوو. لە سـەردەمێکدا کە نەریتە ناوچەییـەکان و نەزمی کۆمەڵایەتی لـە گۆڕانـدا بـوو، تـرس و دڵەڕاوکێـی لـە ڕێ لادان و گیرۆدەبـوون بـە مـاددەی هۆشـبەر لـە نـاو گەنجانـدا زۆر بـوو و پریشـکەی ئـەم ئاگرە سـووتێنەرە بەر ڕەسـووڵیش کـەوت. هەندێک جار بە تێکەڵاوێـک لـە جیـددی و گاڵتەجاڕییـەوە دەیگـوت: "کاک کامیـل، تاوانی چوونـە خاریجی تۆ مـن دام! چونکـە ئەتـۆ براگـەورە بـووی، هەمـوو دەیانویسـت تـۆ لـە پێشـدا ژن بێنـی، بـەڵام تـۆ ژنـت نەهێنـا و ڕۆیشـتی ..." ماڵـەوە هەمـوو پێیـان خـۆش بـوو بـە زاوایەتـی بمبینـن و کاتێـک مـن بێهیوام کردن، نۆرەی ڕەسووڵ بوو کە لە سەربازی گەڕایەوە، ژن بێنێت.

● وێنەی ١٦٤- ڕەسووڵ لە دووکانەکەیدا، پیرانشار، ١٣٧٧ی هەتاوی (١٩٩٨)

هەر لەو سەروبەندەدا یەکەم مۆبایلم کڕیبوو. تەلەفۆنم بۆ باوکم کرد بۆ ئەوەی پاشگەزی بکەمەوە کە واز لە ڕەسووڵ بێنێ، بەڵام باوکم بیری لای شتێکی دیکە بوو، یان چووزانم دەیویست سەری قسە بگۆڕێ زوو زوو لێی دەپرسیم باشە ئەم تەلەفۆنە بە بێ سیم بە کوێ بەستراوەتەوە و کێ پارەی تەلەفۆنەکەت بۆ دەنێرێ؟" هەرچەند لێی پاڕامەوە کە یاری بە ژیانی ڕەسووڵ نەکات، بێسوود بوو و گوێی پێ نەدام. کچێکی یەکێک لە خزمە دوورەکانیان بۆ هێنا و هەموو شتێک بە دڵی گەورەکان بەڕێوە چوو. باوکم هەمیشە پێی خۆش بوو وەکوو هەموو باوکەکانی دیکە شایی ژنهێنانی کوڕەکەی ببینێ و دڵی بەوە خۆش بوو کە وەک باوکی زاوا لەبەر درگاکە ڕاوەستێ و بەخێرهاتنی میوانەکان بکات.

ژنەکەی ڕەسوڵیش مێرمنداڵ و بگرە لە ڕەسووڵیش کەم تەمەنتر بوو. ژیانی هاوبەشیان نەگەیشتە ساڵێک، لێک جیا بوونەوە، دەرەنجامی ئەم هاوسەرگیرییە کورتە، پوویای برازامە، کە دایکم بە هاوکاری براکەم بەخێویان کرد. من پوویام زۆر خۆش دەوێ، بەڵام بە شێوەیەکی سۆزداری و ناعەقڵانی، بەرامبەری هەست بە ئازاری ویژدانیش دەکەم و هەندێک جاریش بە خۆم دەڵێم چونکە خواستی خێزانەکەمم بەدی نەهێنا بۆیە ئەمە بەسەر براکەمدا هات. هەست دەکەم لە کۆمەڵگایەکی وەکوو ئێران ژیانی گەنجان و بنەماڵەکان لێکئاڵاون و هەر ئەمەش ناهێڵێ لە ڕووی کەسایەتییەوە سەربەخۆ و باڵغ ببن. ئەگەر کەسێکیش وەکوو من بەرەو سەربەخۆییخوازی بڕوا و ژیانی خۆی بنیات بنێ و هەڵبژاردنێکی لەو شێوەی هەبێ، لەبەر ئەوەی جیاواز مامەڵەی کردووە و کەمینە بووە، لە هەمبەر زۆرینەیەک کە بە جۆرێکی جیاواز هەڵسوکەوت دەکەن، وای لێ دێت کە لە کۆتاییدا خۆی سەرکۆنە بکا و ئازاری ویژدانی هەبێت. لە کۆمەڵگای ئێراندا بیروباوەڕی نەریتی زاڵن و زۆر کەس هێشتا بە بیرکردنەوەی جیاواز و ژیانی سەربەخۆی منداڵەکانیان ڕازی نین. هەر بۆیە کاتێک دەبینن منداڵەکەیان لە ڕێگەی دڵخوازی ئەوان لای داوە، هەوڵ دەدەن هەرچی زووتر بیهێننەوە سەر ڕێچکە دڵخوازەکەیان و نەهێڵن لە دەست بچێت!

دیدار لەگەڵ سەرۆک کۆماری عێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەی حیزبە سیاسییەکاندا

هەوڵم دەدا لە سەر ئەو بەڵێنەی کە بە خۆمم دابوو سوور بم و بە لای ڕەوتە سیاسییەکاندا نەچم، بەڵام لەم نێوەندەدا، هەندێک جار بەشداریم لە کۆبوونەوەی حیزبە سیاسییە چەپەکاندا دەکرد و بمەوێ یان نەمەوێ، بەدواداچوونم بۆ پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەواڵە پەیوەندیدارەکانی دەکرد. چەپەکان هێشتا ئەوەندە لقیان لێ نەکەوتبووەوە و بۆ منیش لەو تەمەن و پێگەدا بەشداریکردن لە کۆنفرانس و کۆنگرەکانیان خۆش بوو. لە

ئێراندا مافی ئەوەمان نەبوو بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی کۆماری ئیسلامی قسە بکەین و سروشتی بوو کە دوای ئەزموونکردنی فەزایەکی داخراو، بە بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکان و بیستنی بۆچوونی کۆمۆنیستی و سۆسیالیستی کەیفخۆش ببم. هەروەها جارجار دەچوومە شەوی شێعر، کە بە بەشداریی شاعیرانی وەکوو شێرکۆ بێکەس و ئیسماعیل خویی بەڕێوە دەچوو. دەچوومە ئاهەنگی ڕۆژی جیهانیی کرێکاران و خۆپیشاندانەکانی دژی جەنگ و هەر لەم ڕادەدا پەیوەندیم لەگەڵ ئەم فەزایانەدا دەهێشتەوە.

کە لە وێمبڵدۆنەوە گەڕاندمانیانەوە، ئاریکارەکەم وتی ژوورێکی تایبەتی بۆ دۆزیومەتەوە کە دەتوانم بە کرێی بگرم. خاوەن خانووەکە داوای زەمانەتنامەی لە کرێچییەکان دەکرد، ئاریکارەکەم نامەیەکی بۆ نووسی و منی زەمانەت کرد. ژوورەکە لە بینایەکدا بوو کە لە کاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا شوێنی نیشتەجێبوونی پەرستارانی نەخۆشخانە و کارمەندانی تەندروستی و پزیشکیی بووە. زۆر دڵخۆش بووم و ئیدی دەمتوانی لەو ژوورە چەند کەسییە دەربچم. هاوژووری لەگەڵ چوارده کەسی تر لە ماڵێکدا زۆر ناخۆشە و ئەو سەربەخۆییە پێویستەم نەبوو. دراگان پێش من گواسترابووەوە بۆ ئەوێ و هەر لێرەش بوو کە زیاتر لەگەڵ دراگان بووینە هاوڕێی نزیک. دراگان بەردەوام سەبارەت بە شەڕەکانی بۆسنە و ئەو نەهامەتییانەی کە بە سەریان هاتبوو و کوشتاری کرواتەکان و موسڵمانەکان بە دەستی یەکتر و تێکهەڵچوون و گرژیی لە شەڕێکی ناوخۆیی ماڵوێرانکەردا قسەی دەکرد و دەتوانم بێژم بیرەوەرییەکانی ژیانیم لەبەر کردبوو.

ئەو بینایە نوێیەی کە لێی دەژیام، لە ناوەندی شار و نزیک وێستگەی شەمەندەفەری هامەرسمیت بوو. لە نهۆمی چوارەمی بینای ئابەرکۆرن هاوس لە شەقامی بیووک گاردن نیشتەجێ بووم. ژینگەیەکی جوان و ئارام بوو. زۆربەی خەڵکەکەی پیشەوەری لێهاتوو بوون و هەرکەس ژوورێکی هەبوو. هەروەها لە دەروازەی بیناکەدا تابلۆیەکیان هەڵواسیبوو کە پیشانی دەدا دایکی شاژن ئەلیزابێس ئەم بینایەی ئیفتیتاح کردووە. ئەم بینا پاک و خاوێنە لە چاو ئەو شوێنانەی کە پێشتر تێیاندا ژیابووم، زۆر باشتر بوو. زۆربەی خەڵکەکە سەڵت بوون، بەڵام ئەو نهۆمەی کە من تێیدا دەژیام، دانیشتووانەکەی کەسانی گەنجی کەمتەمەن بوون.

نزیکەی نۆ مانگ لەم بینایە مامەوە. چەند ڕووداوێکی ئەو قۆناغەی ژیانم لە بیرە. لەو قۆناغەدا لەگەڵ کەی.سی.سی ناوەندی فەرهەنگیی کوردان لە باشووری لەندەن، لە گەڕەکێک بە ناوی ئۆڤێڵ ئاشنا بووم کە لە ناوەندێک بە ناوی کۆمەڵگا خولی کۆمپیتۆڕیان کردەوە و وۆرد و ئێکسڵیان فێر دەکرد. بەر لە کۆچکردن، لەگەڵ مەسعوود پیرمەی هاوڕێم کە ئەویش نیازی هاتن بۆ ئەورووپای هەبوو تا ڕادەیەک فێری کۆمپیوتەر ببووم، بەڵام بۆ باشتر فێربوونی کۆمپیوتەر دیسان لەم خولانەدا بەشداریم کرد.

مامۆستای ئەو خولە بە زمانی کوردی و عەرەبی وانەی پێمان دەدا و باشتر فێر دەبووین. ئێواران دوای کۆلیژ دەچوومە ئەوێ و لەگەڵ کۆمەڵێک لەو کوردانە ئاشنا بووم کە لەو دواییەدا هاتبوونە بەریتانیا یان ماوەیەک دوای کۆچکردنیان پلانیان دانابوو کە درێژە بە خوێندن بدەن. زۆربەیان کوردانی باشوور بوون و بەڕێوەبەرانی ناوەندەکەش، جگە لە یەک کەس، هەموویان کوردی باشوور بوون. پریشکەی شەڕی ناوخۆ کە لە هەرێم پێیان دەوت براکوژی هاتبووە لەندەنیش. ئەو ناوەندە سەردەمانێک لە دەستی بارزانییەکاندا بوو و هەموو ئەو کەسانەی هاتوچۆی ئەوێیان دەکرد ئەندامی پارتی[1] بوون. ماوەیەکیش دەکەوتە دەست یەکێتی[2] و هەموو کاربەدەستەکانی لە ناکاو دەگۆڕا. کاتێک چوومە ئەوێ، ناوەندەکە بە دەست یەکێتییەوە بوو و ئەوانەی لەوێ بوون زۆربەیان خەڵکی کەرکووک و سلێمانی بوون. هەر لەوێ بوو کە دوو جار چاوم بە جەلال تاڵەبانی (مام جەلال) سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق کەوت.دواتر توانیم باشتر لە کەسایەتیی مام جەلال تێبگەم و شیکاریی بۆ بکەم. لەو کاتەدا سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو و لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٥

● وێنەی ١٦٥- هەڵبژاردنەکانی KCC، ئۆڤێل، لەندەن، ١٩٩٩

بۆ ٢٠١٤ بوو بە سەرۆک کۆماری عێراقیش. توانا و ڕێبازی سیاسیی لە چاو ڕێبەرانی دیکەی کورد و بەتایبەت سەرۆکی پارتی واتە مەسعوود بارزانی کە ڕکابەریشی بوو، مۆدێرنتر بوو و ئەمەش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شتێکی باو نییە. بارزانی و تاڵەبانی ساڵانێک دژ بە یەک شەڕیان کرد، کە سەدان کوشتەی لێ کەوتەوە. مام جەلال، هاوچەشنی مەسعوود بارزانی، لە سەرەتای دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە هەرگیز پۆستی سەرۆکایەتی ڕادەستی هیچ کەسێکی دیکە نەکرد و بنەماڵەی، بە تایبەت هاوژینی،

١ . پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق

٢ . یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

تۆمەتـی گەندەڵیـی داراییـان لەسـەر بوو. هەرچەندە وێنەی سیاسـیی مام جەلال لە دە سـاڵی کۆتایـی ژیانیـدا بـاشتر بـوو، بەڵام لە هەندێـک کاتدا سیاسـەتمەدارێکی پراگماتیـک بوو کە بە بڕوای زۆرێک لە سیاسـەتمەداران و کوردسـتانیان، لە سیاسەتدا هاوبەشێکی زۆر متمانەپێکراو نەبـوو و سیاسـەتەکانی بـەردەوام دەگـۆڕدرا. هەنـدێ لـە کوردانیـش بـە گاڵتەجـاڕی پێیـان دەگـوت نیسـک واتـە کەسـێک کـە بـەر و پشـتی ڕوون نییـە! مـام جـەلال سیاسـەتمەدارێکی قسەخۆش و لە وتاردانـدا لێهاتوو بوو.



● وێنەی ١٦٦- مەسعود بارزانی و نێچیرڤانی برازا و زاوای، سەرکردە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان

یەکێـک لـە یادەوەرییەکانـم دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردانێکی مـام جـەلال لـەم ناوەنـدە فەرهەنگییـەی کوردانـی لەنـدەن. بەرپرسـی کەی.سی.سـی بەڕێـز مەزهـەر خالەقـی، هونەرمەنـدی دەنگخۆشـی کـورد و هەروەهـا ئاوەڵـزاوای (مێـردی ڕێزانـی پـووری هێـرۆ خـان) مـام جـەلال، هەموو ئەندامان و کاربەدەسـتانی بۆ ناسـاندن و ئەحواڵپرسـی لە نـاو ڕاڕەوەکەدا ڕیـز کردبـوو. زۆربـەی کەسـانی یەکەمـی ڕیزەکـە، نـاوی کوردیـی ناسیۆنالیسـتییان هەبـوو و هەندێکیشـیان لـە هاوخەباتانـی خـۆدی مـام جـەلال بـوون، کـە کەسـێکی سـەر بـە ناوەنـد دەیناسـاندن: مامۆسـتا هێـرش، وەسـتا شـوڕش، کاک هیـوا، سـەنگەر، هەڵمـەت و ... کـە گەیشـتنە نیـوەی ڕیزەکـە، مـام جـەلال وتـی: "ئـەرێ ئـەم هەمـوو هێـرش و مێرشـە چییـە و لـە کوێـوە هاتـوون؟ خـۆ لـە تەمەنمانـەوە دیـارە هەموومـان منداڵـی سـەردەمێکین و هەندێکتانـم لـە شـەڕی شـاخەوە لەبیـرە. ئـەم نـاوە کـوردی و شۆڕشـگێڕانەیە هـی سـەردەمی ئێمـە نییە، بە خـوا سـوێند دەخـۆم لـە ناسـنامەکەتاندا هەمووتـان ناوتان ڕەسـووڵ و تەها و مەولـوود و حاجی

عـوسمان و حەمـە و حسـێن و هتـدە. مـن سـەرۆکی حیزبم هێشـتا نـاوم جەلالە و بـۆ نەگبەتـی مامەیەکیشـتان پێـوە لکانـدووە!". هەمـووان پێکەنیـن و ئەویـش گـەڕاوە بۆ سـەرەتای ڕیزەکە و وتـی: "لێـرەوە دەسـت پـێ بکـەن و نـاوی ناسـنامەکەتان بڵێـن."

سـاڵانی دواتـر، کاتـێ کە چالاکیـی میدیاییم دەکرد، مەسـعوود بارزانی سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان لەگـەڵ نێچیرڤـان بارزانـی بـرازای لـە توێژینگـەی بەناوبانگـی چاتـم هـاوس بەشـداریی کۆنگرەیەکـی ڕۆژنامەوانییـان کـرد، کـە منیـش لـەوێ ئامـادە بـووم و بڕیـار وا بـوو لەسـەر ئـەم کۆبوونەوە کـە تایبەت بە مادەی ١٤٠ و چارەنووسـی شـاری نەوتخێزی کەرکووک، کـە کوردان بە بەشـێک لە خاکی کوردسـتانی دەزانـن، بۆ ماڵپەڕی بەناوبانگـی کوردیش میدیا بابـەت بنووسـم. کاتێـک بـە زمانـی ئینگلیـزی سـەبارەت بـە مـادەی ١٤٠ و نەبوونـی گەرەنتی پێویسـت لەلایـەن بەغـداوە بـۆ جێبەجێکردنـی ئـەم مـادە پرسـیارم لـە مەسـعوود بارزانـی کرد، وەڵامـە نارِوونەکـەی ڕازی نەکـردم، لـە درێـژەدا تووشـی ئاڵنگاریـم کـرد و دیـار بـوو کـە ئـەو و هاوڕێیانـی پرسـیارەکەی منیـان بـە دڵ نەبـوو، نـەک هەر مـن بەڵکوو حەزیشـیان لـە ماڵپەڕی کوردیـش میدیـا نەدەکـرد، کـە ئـەو کات لـە لایـەن هاوڕێم دکتـۆر ڕێبـوار فەتاح بەڕێـوە دەچوو و لـە دەگمـەن ماڵپـەڕە ئینگلیـزی زمانـە هەواڵییـە سـەربەخۆکان بوو. مـن و ڕێبـوار ڕۆژی دواتر لـە نووسـینگەی سـەرۆکایەتیی هەرێمـی کوردسـتان لـە لەندەنـەوە نامەیەکمان پێگەیشـت کە گلەییـان لە شـێوازی هەڵسـوکەوتی مـن و شـیکارییە پەیوەندیدارەکانی ئەو دانیشـتنە کردبوو.

لـە خولـی کۆمپیوتـەردا کەسـانێکم ناسـی کـە هەتـا ئێسـتاش لەگـەڵ هەندێکیـان لـە پەیوەندیـدام. یەکیـان هاوڕێـی زۆر باشـم، شـوان ڕەشـید بوو کـوڕی بنەماڵەیەکـی هەڵکەوتە و خوێنـدەوارەوە. شـوان لـە بەغـدا گـەورە ببـوو و زۆر توخنـی کوردایەتی و سیاسـەت نەدەکەوت. خێـرا چـووە بـواری تەکنەلۆجیـا و دەرمانسـازی و لـە باشـووری بەریتانیـا ژنێکـی بەریتانیـی خواسـت و منداڵێکـی زۆری لـەو ژنـە بـوو. هەروەها لەگەڵ خوشـک و برایەک ئاشـنا بووم کە لە نوروێـژەوە[1] هاتبـوون و بـە هەمان شـێوە چەنـد پزیشـکێکی لاوی خەڵکی هەرێمی کوردسـتانم ناسی.

گرووپێـکمان پێـک هێنـا، ئـەو خوشـک و بـرا خەڵکـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـوون، بـەڵام سـاڵانێک لـە باشـوور و بەغـدا ژیابوون و دواتـر چووبوونە نوروێـژ. ئەوان بۆ سـەردانی خزمێکیان هاتبوونـە لەنـدەن و وەکـوو مـن خۆیـان بۆ چوونە زانکـۆ ئامادە دەکـرد. لەگەڵیـان بوومە هاوڕێ و بڕیـار درا کچەکـە کـە نـاوی ڕووناک بـوو، لەگەڵ کچەپوورەکانـی و هاوڕێکانی ببنـە میوانم لە بینـای ئابەرکـۆرن هـاوس. چـوار کـچ و دوو کوڕی قوتابـی و هاوتەمـەن بووین. نازانـم چۆن بوو تیروپشـک خـرا و نـاوی مـن دەرچـوو و وتیان دەمانهـەوێ بچینە ماڵـی کامیل.

---

١ . لە باشوور پێی دەڵێن نەرویج

یەکەم جار بوو لە لەندەن میوانم بۆ دەهات و نەمدەزانی چێشت لێ بنێم. ژوورێکی تاکەکەسی و سادەم هەبوو و لەگەڵ ئەوەی زۆر کەیفم ساز ببوو، بەڵام دڵەراوکێشم هەبوو. کەمێک حەزم لەو کچە دەکرد، مانای ناوەکەیشیم پێ خۆش بوو، ڕووناک واتا ڕۆشنایی. مابوومەوە کە چی بۆ ئەم چوار کەسە ساز بکەم، بۆیە هەندێک قاپ و پەرداخ و مەنجەڵ و چرا و فەرشێکم لە دووکانێکی هیندی لە شەقامی کینگ لە هامەرسمیت کڕی. هەروەها کورسی و گوڵدانم لە ژوورەکانی دراوسێ بە قەرز وەرگرت بۆ ئەوەی بڕێک ژوورەکەم بڕازێنمەوە. دواییـن شت کە قەرزم کرد تابلۆیەک بوو کە کاتێک بە دیوارەوە هەڵمواسی، هەستم کرد هەموو شتێک تەواوە، کاتێک ماڵەوە پڕ بوو لە بۆنی چێشت، ژیانی خۆمانم لە کوردستانی ڕۆژهەڵات وەبیر هاتەوە. برنج و شلەی بامییەم لێنا. بینیبووم یەکێک لە کۆچبەرە ئەفریقییەکان ئەم خواردنەی بە گۆشتی ملی بزن لێنابوو و منیش لێی فێر ببووم. ئەڵبەت ئەم خۆراکە عەرەبییە و لە عێراقیشدا باوە. هەموو شتێک ئامادە بوو، بەڵام نزیکەی کاتژمێر ٧ی ئێوارە بوو کە تەلەفۆنیان کرد و گوتیان نایەین! وتیان لە ناوەڕاستی لەندەنین، درەنگە و دەیانهەوێ بچنە شوێنێکی تر. زۆر لەبەرم گران بوو و دڵم شکا، بەڵام لە لایەکی ترەوە پێم خۆش بوو کە نەهاتن، چونکە نەمدەزانی چییان لێ بکەم و نیگەران بووم لەوەی کە ئایا خواردن و سیمای ماڵەکەمیان بە دڵ دەبێ یان نا. هەر ئەو شەوە، کەلوپەلی دراوسێکانم گەڕاندەوە و بۆ ماوەیەک لە گەڵ ڕووناکدا بە ساردی هەڵسوکەوتم دەکرد، هەرچەندە دواتر بووین بە هاوڕێی زۆر نزیک و لەگەڵ براکەی و کچەپووری هاتنە ماڵەکەم، و چەند جارێکی تریش لە دەرەوەی پۆل لە بۆنەکاندا یەکترمان بینی. لە ساڵی ١٣٩٩ی هەتاوی (٢٠٢٠ ز) دوای گیرانم لە ئێران، لە فەیسبووک پێکەوە قسەمان کرد و هەندێک جاریش لە یەکتر دەپرسین.

● وێنەی ١٦٧- چێشت لێنان بۆ هەندێ لە هاوڕێکان، لەندەن، ١٩٩٩

کاتێک خەریکی تەواوکردنی ئەم دەقە بووم، هەمان ئەو بەشەم بۆی نارد و بۆم ڕوونەکردەوە کە ئەم دەقە زیاتر شیکاریی من لەمەڕ خۆم و شێوازی ژیانی نەناسراو و نوێمە و تەنانەت ئامادەیی و ئەزموونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی ئاوا ئاسانیشم نەبوو، پاش خوێندنەوەی داوای لێبوردنی لێکردم، وتم بە درێژایی ئەم چەند ساڵە ئەم بەسەرهاتانە لە دڵمدا کەپکەی خواردبوو و ئەویش ڕوونی کردەوە کە نارەحەت بووە و لە ڕووی هەڵنەهاتووە باسی هیچ بکات. خۆشم

دەویست بەڵام نە تا ئەو ڕادەی کە شتێک لە نێوانماندا ڕوو بدات. ئەو وەختە یەکێک لەو پزیشکانەی کە بەشداریی خولەکانی دەکرد، حەزی لێ بوو و منیش دەمزانی کە ئاست و شێوازی ژیانمان یەک ناگرێتەوە، بۆیە هەوڵم دا پەیوەندییەکەمان زیاتر لە هاورێیەتییەکی ئاسایی نەبێت. بەڵام هەستێکی ناخۆش بوو، شتێک وەکوو هەمان ئەو شکستە عیشقییەی کە لە سەردەمی هەرزەکاریمدا داخی خستە سەر دڵم. ئەو کچەی عاشقی بووم، کوڕێکی هەڵبژاردبوو کە لە من گەورەتر و شیاوتر بوو و دیسانیش هەمان شت ڕووی دا.

کەمفرۆشی و خوێندنەوەی قورئان لە لەندەندا

بگەڕێمەوە بۆ ژیانی ئەو قۆناغە ... ڕووداوێکی دیکەی ئەو بینایە، ئاشنابوونم لەگەڵ کوردێکی باشووریی خەڵکی سلێمانی بوو کە هەتا ئێستاش لە یادەوەرییەکانمدا ماوەتەوە. چەند مانگێک لە نیشتەجێبوونم لە بینای ئابەرکۆرن هاوس تێنەپەڕیبوو کە پێکەوە ئاشنا بووین. خۆشحاڵ بووم کە هاورێیەکی هاوزمانم دۆزیوەتەوە. ئەو نیوەوەخت دەرسی دەخوێند و لە باشووری لەندەنیش کاری دەکرد. منیش ئەو کاتە لەگەڵ ئێدی ئیشم دەکرد، بەڵام لە جەژنەکاندا یان هەندێک وەرز کە چێشتخانەکان کەم مشتەری بوون، کارەکانمان کەم دەبوونەوە یان ڕادەوەستان. بەو کوڕەم گوت: ئەگەر کارێکت پێ شک هات پێم بڵێ. دوای ماوەیەک وتی: "من لە شوێنێک کار دەکەم کە تۆش دەتوانی بێی، بەڵام پێم وا نییە بۆ تۆ شیاو بێ ... بەڵام ئەگەر دەتەوێ لەگەڵم وەرە و تاقی بکەرەوە". ئەو لە قەسابخانەیەکی پاکستانی لە گەڕەکی بریکستۆن کاری دەکرد، و لە کرێکارانی بەشی فرۆشتنی ماسی بوو".

● وێنەی ١٦٨- گۆشت و ماسیفرۆشی، بریکستۆن، لەندەن

گوتم: دێم لەگەڵت، گوتی: "ئەوە کارێکی قورسە و بۆنیشی ناخۆشە، دەبێ بار هەڵبگرین و ماسییەکان بۆ کڕیاران لەتلەت و خاوێن بکەینەوە و ..." منیش لە بەشی فرۆشتنی ماسی کارەکەم دەست پێکرد، بەڵام ئەوەی لە بۆنی ماسی ناخۆشتر بوو ئەوە بوو کە دەبا بەیانی زوو لە خەو هەستین و کاتژمێر ٥:٣٠ بە یەکەم شەمەندەفەر بچووباینە شوێنی کارەکەمان. کاتێک لەگەڵ ئێدی کارم دەکرد، بە درێژایی شەو بەخەبەر دەمامەوە، سەرقاڵی کار دەبووم و بە یەکەم شەمەندەفەر دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام لێرەدا شێوازەکە تەواو پێچەوانە بوو. بریکستۆن گەڕەکێکی باشووری لەندەنە کە سەردەمانێک بە فەزای شۆڕشگێڕانە ناسرا بوو و دەگوترا

زۆربەی کۆنە ئەفریقییەکان و خەڵکی چەپی لەندەن لەوێ دەژین. لە ڕابردوودا ئەم گەڕەکە بە ئاژاوەگێڕی و ڕێپێوانی نارەزایەتی دژی هەڵاواردنی نەژادی ناسراو بوو و بازاڕێکی گەورەی هەیە کە هەموو شتێکی تێدا دەدۆزرێتەوە.

لەو سەردەمەدا ئەم گەڕەکە ژمارەیەکی زۆری موسڵمانانی زیاتر ئەفریقیی لێ بوو و فرۆشگای گەورەشی تێدا کرابۆوە، چەندین دووکانی قەسابی هەبوو کە چەند دانە بەشی جیاوازی وەکوو گۆشتی مانگا و گۆشتی مەڕ و ماسی و هتد هەبوو کە هاوڕێکەم لە یەکێک لەو بەشانەدا ئیشی دەکرد و منیش لە بەشی ماسیفرۆشی چوومە پاڵیان. یەکەم ڕۆژ کە گەیشتم خەریکی داگرتنی باری ماسییەکان بوون. بارهەڵگرەکانی گۆشت هاتبوون و کرێکارەکان خێرا هەڵدەهاتن. یەکەم کارم ئەوە بوو کە لەگەڵ چەند کرێکارێکی تردا بەستەی ماسییە بەستوو و تازەکان کە بە کەشتی لە وڵاتانی دیکەوە هاتبوون، بخەمە ناو کۆگای ساردکەرەوەی نهۆمی دووەمی فرۆشگاکە و کارە سەرەکییەکەشم ئەوە بوو کە ماسییەکان پارچە پارچە بکەم. زۆربەی ماسییەکان بەستبوویان، لە پێشدا دەمانخستنە ناو حەوزێکی ئاوەوە، پاشان بە شەنەی گەورە پوولەکەکانیمان لێ دەکردەوە و بە چەقۆیەکی تیژ، باڵ و کلک و سەریانم دەقرتاند و نێو زکیمان هەڵدەدڕی و خاوێنمان دەکردەوە. لەسەر داوای مشتەری ماسییەکانم پارچە پارچە دەکرد، سەلیقەی خەڵکیش جیاواز بوو، بۆ نموونە هەندێک لە ئەفریقییەکان سەری ماسیشیان دەخوارد یان هەندێکیان ناو زکی ماسییەکەشیان نەدەکردەوە. بیست جۆر ماسیمان هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا مەیگوو، مرواری، قرژانگ، مارماسی و ... بەردەوامیش دەستمان دەبڕی.

یەک دوو کاتژمێری یەکەمی بەیانی بە دابەزاندنی بارەکە دەستی پێدەکرد و بۆ من سەیر بوو کە هەر لە بەیانییەوە هەتا کاتژمێر هەشتی شەو ئەو فرۆشگایە جمەی دەهات و بە درێژایی ڕۆژ و بەتایبەت لە کۆتایی هەفتەدا بەردەوام لەسەر پێ دەبووین. بۆمان نەبوو دانیشین و تەنها چارەکێک وەختی نانخواردنمان هەبوو. یەکێکمان کەمێک گۆشتی جۆراوجۆری تێکەڵ دەکرد و تا بڵێی بەهاراتیشی تێدەکرد و برنجیشی دەخستە لایەکی و ئەوە دەبووە نانی نیوەڕۆمان. بۆ ئەم هەموو کارە سەختە سی پاوەندمان دەست دەکەوت.

خاوەن دووکانەکە کە سمێڵی نەبوو بەڵام ڕیشی بە خەنە سوور کردبوو، لەسەر ئەو پلیکانانە ڕادەوەستا وا هەموو دووکانەکەی لێوە دیار بوو و لە کاتژمێر هەشتی بەیانی هەتا هەشتی شەو قورئانی بە دەنگی بەرز لە سەر دەخست. دەنگێک کە بە درێژایی ماوەی کۆچکردنم لێی دوور بووم و لەگەڵ فەرهەنگ و ئایینی کڕیاران و ژینگەکەدا سازگار نەبوو. ڕۆژێک هەر لەو شوێنەی کە سەیری ئێمەی دەکرد، دەنگی بەرز بۆوە و کوڕێکی گەنجی ئەمریکای لاتینی بردە سەرەوە و دەستی کرد بە لێدانی. هاوڕێکەم وتی: "سەرت داخە و ئیشەکەت بکە" وتم: "ئەوە بە ڕاست لێی دەدا؟" کوڕە تێهەڵدراوەکە گەڕاوە و بینیم

دەموچاوی خوێناوییە. بینیبووی کە لە سندووقەکەوە پارەی هەڵگرتووە، بۆیە بە لێدانێکی باش ئەدەبی کرد و پاشان دەری کرد. بیری تیژ بوو و هەمووانی بە ناو دەناسی. دوای چەند ڕۆژ هاوکارەکەم وتی خاوەن کار دەڵێ: " بەو هاوڕێیەت کە زمانی ئینگلیزییەکەی باشە بڵێ بێتە سەر تەرازووەکە و لەوێ ئیش بکات". ئەمە بۆ من پلە بەرزکردنەوە و دەرفەتێکی ناوازە بوو، چونکە لە بەشی تەرازوودا کەمتر کارم دەکرد، یان باشتر بڵێم ماسیم پاک نەدەکرد. لە خوا خوازراو، قبووڵم کرد. تەرازوویەکی کارەباییمان هەبوو کە ماسییەکانمان لەسەر دادەنا و نرخەکەی پیشان دەدا. بە پێچەوانەی پیشەکانی دیکە کە نرخی هەموو شتێک نەگۆڕە و داشکاندنی تێدا نییە، لەم دووکانەدا کەمێک نرخەکەیان زیاد دەکرد و دواتر داشکاندنیان بۆ دەکرد بۆ ئەوەی هەر بێتەوە سەر نرخە ڕاستەقینەکەی خۆی. لە کاتی ڕاهێنان و فێربوونی بەکارهێنانی تەرازوودا، زانیم بابەت چییە. لەگەڵ مشتەری لەسەر نرخێک ڕێک دەکەوتن، بەڵام لەسەر تەرازووەکە کێشێکیان دادەنا کە لەگەڵ کێشی گۆشتەکە فەرقی هەبوو و بەم شێوە دزی و کەمفرۆشییان دەکرد. هەموو ئەم فێڵەیان دەزانی جگە لە من و تازەهاتووان. هاوڕێکەم دیسان پێی وتم سەرت داخە و حەقت بە سەر هیچەوە نەبێ بەڵام نەمتوانی، وتم: "ئەم خاوەنکارە هەر لە بەیانییەوە هەتا شەو گوێ لە قورئان دەگرێ و دواتر دزی دەکات. خۆشی دزییەکە ناکا، بە ئێمەی دەکات!". وتی: "ئەگەر دەتهەوێ لە بەشی تەرازوو ئیش بکەی سەرت داخە و کارەکەت بکە، خاوەن کار دەڵێ ئەگەر وا نەکەم ناتوانم مووچەی ئێوە بدەم، گوناحەکەی لە پێی خۆی."

لێتانی ناشارمەوە کە یەکەم ڕۆژ بێدەنگ بووم و زۆرم لەبارەی بەکارهێنانی تەرازووەوە نەدەزانی. کە ئەو شەوە چوومەوە ماڵەوە، بەهۆی ماندووێتی و ئازاری ویژدانەوە خەوم لێ نەدەکەوت. من بەهۆی کاسبیی باوکمەوە لە بازاڕدا گەورە ببووم و بەپێی پەروەردەی نەریتیی بازاڕ، کەمفرۆشی بە لامەوە شتێکی قبوڵکراو نەبوو، فێر ببووم کە تەرازوو پیرۆزە. ڕۆژی دواتر هاتمەوە و پێم گوت ئیتر لەسەر تەرازوو کار ناکەم. بۆم قبووڵ نەدەکرا کە پیرەژنێکی داماو بە مووچەی خانەنشینیەکەی ماسی بکڕێ و ئێوە لێی بدزن، وتم دەمەوێ بچمەوە سەر کارەکەی پێشووم کرێکاری بکەم ... بەڵام ئەو ڕۆژە کۆتا ڕۆژی کارکردنم بوو و شەو دەریان کردم. پێم وایە ترسی ئەوەی هەبوو کە کێشەی بۆ دروست بکەم. حەقدەستەکەی پێدام و هیچی نەگوت، بەڵام لە ڕێگای گەڕانەوەدا هاوڕێکەم وتی خاوەنکار وتوویەتی چیتر نەچمەوە ئەوێ.

کارکردن لە بەشی فرۆشتنی ماسی سەخت بوو. لە کۆتایی هەفتەدا کە بە شەمەندەفەر دەگەڕامەوە، گەلێ جەوانم دەدی کە دەچنە ئاهەنگی شەوانە یان خەریکی خواردنەوەن. لە ناو شەمەندەفەرەکەدا هەوڵم دەدا خۆم لە هەمووان بە دوور بگرم و تەنانەت کاتێک واگۆنەکە چۆڵ دەبوو، دانەدەنیشتم. تاقیم کردبۆوە و دەمزانی ئەگەر دانیشم، هەمووان

شـوێن بۆنـی ماسـی دەگـرن و دەگەنـە لای مـن، ئینجا یـان گاڵتـەم پێدەکەن یـان خۆیانم لێ دوور دەخەنـەوە. ئەمـە ئـەو دەم بـۆ مـن ئازاربەخشترین ڕووداوی ژیانـم بـوو. چەنـد سـاڵێک لەمەوبـەر کاتێـک سەرپەرشـتیی لێکۆڵینەوەیەکـم دەکـرد سـەبارەت بـە زبڵگەڕیی منـداڵان لە تـاران، یەکێـک لـە پرسـیارکەرە مەیدانییـە تـازەکارەکان کـە ژنێکـی جەحێڵ بـوو، دوای ئەوەی لـە دیمانـە و چاوپێکەوتـن لەگـەڵ منداڵێکـی زبڵگـەڕ هاتەوە، وتـی: "ماڵتە بە بۆنی ئـەو منداڵە دڵـم تێکـەڵ هـات، هەکـوو چەنـدە بۆنی زبڵی لـێ دەهات!" زۆر بە قسـە و نیگاکانـی نارەحەت بووم و وەبیر سـەردەمی فرۆشـتنی ماسـیم کەوتمەوە. لە دڵی خۆمدا گوتم: "ئەو هاوسـۆزییەی کـە مـن بـۆ ئـەم کەسـانەم هەیـە، لەبـەر ئەزموونـی ژیـاوی خۆمـە، ئەگـەر ئـەو ژنـە ئـەوەی مـن بینیـم ئەویـش بیدیبایـە، بـە تێگەیشـتنێکی زیاتر و قـووڵتر لـە دیاردەکەی دەڕوانـی، هەرچەند ئاسـان نییـە، بـەڵام مـن زۆر جـار هەوڵـم داوە خـۆم بخەمـە شـوێنی ئـەم کەسـانە بـۆ ئـەوەی تێگەیـشتن و هاوسـۆزییەکی قـووڵترم هەبێت.

ماڵی پیاو، قەڵایەتی!

چەنـد مانگێـک لـە نیشـتەجێبوونم لـە ماڵـی ئابەرکۆرنهـاوس تێپەڕیبـوو و لـە لیسـتی چاوەڕوانـی بـۆ خانووبـەرەی بـاشتردا بـووم کـە نامەیەکـم پێگەیشـت. نازانـم چـی ڕووی دابـوو، ئایـا ئـەو ژنە ئاریـکارە کۆمەڵایەتییە پرۆسـەکەی خێراتر کردبـووەوە یان بەڕاسـتی کاتی هاتبوو. پێـم وا بـژاردەی دووەم ڕاسـت بێ، چونکە لە بەریتانیا پرۆسـەی ئەنجامدانـی کارەکان بە ڕوونی و شـەفافی دەچنـە پێـش و لـەوێ ڕاپەڕاندنـی کاروبـارەکان بـە داوا و ڕاسـپاردەی کەسـی دیکە نییـە. سـەرتان نەیێشـێنم نامـە هـات کـە دەتوانـم خانوویەکی گونجـاو و بە کرێـی کەمم هەبێ و خانوویەکیشـم بـۆ دۆزراوتـەوە، ناونیشـانی خانووەکەشـیان دانابـوو بـۆ ئـەوەی بچـم بیبینـم. چوومـە ئـەو شـوێنە. یەکەیەکـی بچـووک بـوو بـە ژوورێکـی نوسـتنەوە، لـە نهۆمـی سـەرەوەی بینایەکـی دوو نهۆمـی لـە نزیـک ڕێـگای سـەرەکی شـەقامی کینـگ لە هامەرسـمیت.

تـەواوی ئـەو بینـا دوو نهۆمییـە هـی خێزانێکـی بەریتانـی بـوو کـە سـاڵانێک لەمەوبـەر بەشـێکیان تەرخانـی کڵێسـای گـەورەی بەریتانیـا کردبـوو و بەشـەکەی تریشـی هـی منداڵەکانیـان بـوو. کۆمپانیایەکی گـەورەی خزمەتگوزاریـی خانووبەرە توانیبووی ئـەم خانووە و خانـووە هاوڕیزەکانـی لـە موزاییدەیەکـدا بـە نرخێکـی کەمتر بـۆ ماوەیەکی زۆر بەکـرێ بگرێت. هـەر نهۆمێکیـان کردبـوو بـە یەکەیەک؛ ئـەو نهۆمەی کە بە منیـان دابوو نزیکـەی ٥٠ مەتر بوو، ژوورێکـی بچووکـی نـوستن و ژووری میـوان و چێشـتخانەیەکی بچووکـی هەبـوو. دوای ئـەوەی دوو نامـەی ڕێفڕانسـم لـە خـاوەن خانـووی پێشـووم و ئاریکارەکـەم وەرگرت، چوومـە کۆمپانیای خزمەتگوزاریـی خانووبـەرە و بـە کرێـم گـرت و ئـەو یەکـە بـۆ مـن یەکجـار زۆر بـوو. هەڵکەوتەی

شوێنەکە چاک بوو، لە ناوەندی شار و نزیک لە وێستگەی شەمەندەفەر بوو کە بۆ من زۆر خۆش بوو. هیچ کەلوپەلێکیشی تێدا نەبوو و کاتێک چوومە ناوی کەلوپەل و شتی جۆراوجۆرم بۆ خانووەکە کڕی.

دوای چەند ساڵێک، کاتێک خوێندکاری قۆناغی کارناسی باڵا (ماستەر)ی زانکۆ بووم، لە ڕێگەی یاسای ناوازە و نایابی پشتگیری لە کڕینی یەکەمین ملک و بە خاوەنماڵ بوون بۆ گرووپە کەم داهاتەکان کە یەکێک لە سەرکەوتووترین و سۆسیالیستیترین سیستەمەکانی نیشتەجێبوون لە جیهانە، مافی کڕینی ئەو یەکەم بەدەست هێنا. بەپێی یاسا، بەهۆی مانەوەی درێژخایەنم، لە کڕینی ئەو یەکەدا ناوی من لە پێشدا بوو. خانووەکەم بە قەرزی بانکی کڕی، ئەم کڕینی خانووە بۆ من وەکوو خەونێک وا بوو، خەونێک کە کەسانێکی وەکوو ئێدی و هاوڕێ ددانپزیشکەکەی باوکم ئاراستەیان کرد. هەندێک لە هاوڕێکانم پێم پێدەکەنین کە بۆ کڕینی خانوو قەرزێکی گەورەم وەرگرتووە و هەتا بیست و پێنج ساڵ بە بانک قەرزدار دەبووم. پێیان وتم ئێستا کاتی کڕینی خانوو نییە و دەبێ ڕابوێری و خۆش بیت. بەڵام ئێدی بۆچوونێکی جیاوازی هەبوو و هەمیشە پێی دەگوتم کە هەرچی لە دەستت دێ بیکە بۆ ئەوەی ببی بە خاوەن خانووی خۆت. هەتا ماڵێکت لێرە نەبێ، یانی هیچت نەکردووە. ڕوانگەیەکی نەریتانەی هەبوو و هەر جارێک کە حەقدەستەکەی پێم دەدا، نیوەی دەچووە نێو حسێبێک کە پاشەکەوتی قەرزی خانووبەرە بوو. خۆشی یارمەتی دام کە ژمارە حساب (هەژماری بانکی) بکەمەوە، هەمیشە بە لامەوە سەیر بوو کە سوودی ئەم کارە چییە، هەتا کاتێک خانووم کڕی، ئەودەم زانیم چ قازانجێکی بووە.

● وێنەی ١٦٩- وێنەی خۆم و هاوڕێیانم، هامەر سمیت، لەندەن

کڕیماڵ و دانەوەی قەرزی بانکی لە ڕووی بڕی پارەوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو و کڕینی خانوویش لەم هەلومەرجەدا کارێکی دروست بوو، بۆ منێک کە تازە گەیشتبووم، کڕینی خانوو بڕیار و کارێکی گەورە بوو. خاوەنی ئیشی خۆم نەبووم و بۆ درێژەدان بە خوێندن ویستم قەرزی خوێندکاری وەربگرم. بە کورتی ڕیسکێکی گەورەم کرد، بەڵام بووم بە خاوەن

ماڵی خۆم. پەندێکی بەناوبانگی ئینگلیزی هەیە کە دەڵێت " ماڵی پیاو قەڵایەتی" واتە ماڵ پەناگەیەکی ئارام و شوێنی ئاسوودەییە. بوون بە خاوەن خانوو هەستێکی سەیرە و کلیلێکم هەبوو کە دمتوانی بۆ هەمیشە هی خۆم بێت. لە یەک کاتدا بەختەوەری و ترسم بەئەزموون دەکرد. جگە لە پێدانی پارەی ئاو و برق و پارەی تەلەفۆن و خەرج و بەرجی ژیانی ڕۆژانە و هتد، دەبا هەموو مانگێک قەرزی بانکیشم بدایەتەوە. سەخت بوو، بەڵام من کاری قورستریشم کردبوو و دیارە ئەم کارەشم تێدەپەڕاند. ئەمە یەکەمجار بوو لە ژیانمدا کە سەربەخۆ دەبووم و دەبوومە خاوەن ماڵی خۆم و نیگەرانییەکی دیکەم هەبوو؛ دەبا کەلوپەلی ناو ماڵیشم تەواو بکردایە. کاتێک هاتبوومە ماڵی ئابەرکۆرنهاوس، مانەوەم بە کاتی دەزانی و زۆرم کەلوپەل نەکڕیبوو، بەڵام ئێستا بارودۆخەکە گۆڕابوو. هەتا بەینێکی زۆر جلشۆر و تەلەڤیزیۆن و زۆر شتی ترم نەبوو، بەڵام چەندین نۆبە (شیفت) ئیشم دەکرد و وردە وردە هەموویانم کڕی و ماڵەکەم هێواش هێواش ڕەنگ و ڕووی ماڵی گرت. هەر کە بووم بە خاوەنی ماڵی خۆم، ڕەفتاری ئەو خێزانانەی کە دەمناسین گۆڕا. هاوڕێ و ناسیاوەکان دیارییان بۆ هێنام و نیگاکانیان ئەوە بوو کە کامیل خەریکە پێگەی خۆی جێگیر دەکات. پێشتر بەردەوام ناونیشانم دەگۆڕا، بەڵام ئێستا ماڵم هەبوو و بیرۆکەی نەریتیی ژنهێنان دیسان زیندوو بووەوە. کاتێک بنەماڵەکەم لە ئێراندا ئەو بابەتەیان زانی، ڕژدتر بابەتی هاوسەرگیریان هێنایە ئاراوە و گوتیان لانیکەم لەوێ ژن بێنە. گوشارەکان هێندەی ئەو کاتەی لە ئێران بووم، زۆر نەبوو، بەڵام لە قۆناغێکدا ئەم بابەتە بۆیان گرنگ بوویەوە و جارێکی دیکەش هەتا ماوەیەک لەسەری پێداگر بوون.

بەرەو زانکۆ

دوای ئەوەی ماڵێکی هەمیشەییم بەکرێ گرت و سەربەخۆ بووم، چوومە کۆلیژ لە گەڕەکی وانزۆرۆف لە ناوەڕاستی شاری لەندەن. لەوێ دەرفەتی خوێندنم بۆ ڕەخسا. پێش زانکۆ، دەبێت یەکێک لە دوو خولی، جی.سی.سی و ئەی لێڤێل تەواو بکەیت بۆ ئەوەی بتوانیت لە قوتابخانەی ئامادەییەوە بچیتە زانکۆ. منیش لەبەر ئەوەی تەمەنم لە حاڵەتی ئاسایی گەورەتر بوو بۆ خولی یەکەم وەریاننەگرتم و بە بڕوانامەی خولی زمان و کۆلیژی هامەرسمیست کە لێی دەرچووبووم، چوومە خولی دووەم. ئاریکارە کۆمەڵایەتییەکەم بابەتەکەی بۆ ڕوون کردمەوە و منیش بە بەشداریکردن لە تاقیکارییەکانی ڕۆیشتن بۆ زانکۆ، داواکاریم بۆ خوێندن لە چەند لقێکدا پێشکەش کرد. یەکێک لەوانە گرافیک و دیزاین بوو. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم هەڵبژاردنەم کەمتر بەرکەوتن لەگەڵ زمانی ئینگلیزی بوو، چونکە نیگەران بووم نەتوانم دەرەقەتی زمانی ئینگلیزی لە ئاستی پسپۆڕیدا بێم،

بەڵام لێرەدا ناچار بووم خولی ئینگلیزی و بیرکاریش واتا ڕیازی بخوێنم، ئەوەش بە واتای ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەو دەرسانەدا بوو کە هەموو ژیانم وەکوو دێو و درنج خۆم لێیان دەشاردەوە!

پیتەر، مامۆستای بیرکارییەکەمان، یارمەتی دام. پیتەر کەسێکی نوکتەچی و قسەخۆش بوو و ترس و دڵەڕاوکێی منی لە دەرسی بیرکاری تا ڕادەیەک ڕەواندەوە. سیستەمی پەروەردەیی بە پێچەوانەی ئێران سیستەمێکی داخوازانە نەبوو و شێوازێکی پشتگیرانەی هەبوو. لە کاتی خولی ئەی لێڤێلی زمانی ئینگلیزی، کچێکی ئێرانیم ناسی کە تازە لە ئەڵمانیاوە هاتبوو. لە پۆلەکانی بیرکاری و ئینگلیزی باشتر لەگەڵی ئاشنا بووم و دواتر خێزانەکەیم ناسی و زۆر سەردانی یەکترمان دەکرد. هەر دووکمان تازەهاتوو بووین و غەریب، پەیوەندییەکەمان بەهۆی هاوزمانی و هاوبەشیی فەرهەنگی و جوگرافیاییەوە بەهێزتر بوو، دیارە هاوزمانی و هاوبەشیی فەرهەنگی و جوگرافیایی، ناوشیارانە لە نزیکبوونەوە و دەستپێکردنی پەیوەندیی کۆچبەراندا دەورێکی گرنگی هەیە. بوونی ئەو کچە لە ژیانمدا زۆر گرنگ بوو، چونکە لە سەر دیاریکردنی بواری خوێندنی زانکۆیشمدا، کاریگەری هەبوو.

باوکی لە تاران خاوەنی چاپخانەیەکی گەورە بوو و چەندین ڕۆژنامەی ئێرانیی بە ناوبانگ و پڕتیتراژی چاپ دەکرد و بۆ کارکردن و کڕینی ئامێری چاپکردن هاتوچۆی ئەڵمانیا و بەریتانیای دەکرد. کاتێک چوومە زانکۆی چاپ و بڵاوکردنەوەی لەندەن، لەگەڵیدا دەچوومە یەک دوو پێشانگای نێودەوڵەتی بۆ کڕین و بینین و پرسینی نرخ. پەیوەندیی ئەم بنەماڵە بە چاپ و بڵاوکردنەوە، کاریگەریی لەسەر من دانا و منیش ویستم وەک بواری خوێندن هەڵبژێرم، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت کە حەزم لەم بوارە نییە، بەڵام هەر لەو کۆلیژەدا، بواری گرافیکم خوێند بۆ ئەوەی خۆم لە بواری دیزاین و گرافیکدا تاقی بکەمەوە.

لەم خولەدا هێڵکاری بە قەڵەمم دەست پێکرد، کە بە ئەنیمەیشن کۆتایی پێ دەهات. ئەوە یەکەمجار بوو لە ژیانمدا کە لەگەڵ نیگارکێشان و هێڵکاری ئاشنا دەبووم و بەهرەی وێنەگریم زۆر یارمەتی دام. لەبەر ئەوەی حەزم لە وێنەگری (فۆتۆگرافی) بوو و لە تەمەنی مێرمنداڵیدا شاگردی دووکانی وێنەگری بووم و دەمزانی چۆن وێنەکان ڕۆشن بکەمەوە، کەوتمە پێش خوێندکارەکانی دیکە. زۆر زوو دوای تەواوکردنی خولی سووپێروایزێری (سەرپەرشتیاری)، بەرپرسیاریەتی ژووری تاریکخانەی کۆلیژەکەمانم گرتە ئەستۆ، فۆرم و فۆرماتەکانی ڕۆشنکردنەوەی وێنەکانم دەزانی و دەمزانی چۆن وێنەکان چاپ و بڵاو بکەمەوە، بەڵام لە بەشی دیزایندا زۆر بەهێز نەبووم. لە ئێران وانەی هونەر و شێوەکاری وەک کاتی سەرگەرمی و ڕابواردن وا بوو. وانەی هونەر مامۆستای نەبوو و لەبیرم نییە مامۆستاکان فێری تەکنیکیان کردبێتین یان هەوڵی دۆزینەوە و پەرەپێدانی بەهرەکانمانیان دابێت. لە ئێراندا تێڕوانینێکی هەڵە هەبوو کە کەسانی بێبەهرە بەدوای هونەردا دەگەڕێن. ڕەنگە

هۆکارەکەشـی ئـەوە بـێ کە هەم سیسـتەمی پـەروەردە و هەمیش زۆرێک لـە بنەماڵەکان هونەر ناناسـن و بـە لایانـەوە گرینـگ نییـە، بۆیـە بەهایەکی ئەوتـۆ بە دۆزینـەوەی بەهرە لـە بوارەکانی هونـەر و پێگەیاندنـی بەهـرەی هونـەری نـادەن یـان هیـچ نرخێکـی بەلایانـەوە نییە.

تاکـە شـتێک کە لـە وانەکانی وێنەکێشـانی سـەردەمی قوتابخانە لەبیرمە، کێشـانی وێنەی خانوویەکـی شـێروانی بـوو، بـە ئانتێنێـک لـە سـەری و دوو پەنجـەرە و گڵۆپێـک لـە نێوانیانـدا و درگایەکیـش لـە ناوەڕاسـتی خانووەکـەدا. حەوزێکـی ئـاوی لـە تەنیشـت ماڵەکـەدا و لەسـەر ڕێگاکەشـی دوو ئۆتۆمبێـل کـە لـە هـەر دوو لاوە دەهاتـن و چەنـد باڵندەیەکیـش بـە ئاسمانەوە دەفڕین.

● وێنەی ١٧٠- وێنەکێشانی من بۆ کوڕەکەم لە زیندانی ئەوین، تاران، ١٣٩٨ی هەتاوی (٢٠١٩)

ئەوە هەموو ئەو شتەی بوو کە بە درێژایی ژیانم کێشابوومەوە. ڕەنگە ئیلهامێک بووبێ کە من لە جوگرافیای دەوروبەرم وەرمگرتبوو، یان خۆزگەی ئەوەم خواستبێ کە ماڵێکم بە سەقفی شیروانی سوورەوە ببێت. کاتێک لەم دواییانەدا لە زیندانی ئەوین بووم و ویستم شێوەکارییەک بۆ کوڕەکەم بکێشم، هەر شتێکی هاوشێوەم کێشا و لە یەکەم دیدارماندا پێم دا. لە خولی گرافیک و دیزایندا بۆم دەرکەوت کە لە نیگارکێشیدا لاوازم، بەڵام بە دووربین زۆر باش کار دەکەم.

ئەزموونی کار لە هۆتێل، بێکاریی خوێندکاران لە ئێران

دواجـار توانیـم خەونـی منداڵـی و تازەلاویـم بـەدی بهێنـم و ماتۆڕگازییـەک بکـرم. لێـرە بـە ماتـۆڕگازی دەڵێـن سـکۆتەر. لە ڤێسـپای بچووکی ئیتاڵـی دەچوو کە ماتۆڕەکەی ٥٠ سیسـییە و خێراییەکـەی کـەم بـوو. دواتـر گۆڕیـم و ماتۆڕێکـی ١٢٥ سیسـیم کـڕی. لـەم مـاوەدا جـار جـار لەگـەڵ ئێـدی کارم دەکـرد، ئێـدی نەخـۆش بـوو و نەیدەتوانـی زۆر بێتـە سـەر کارەکـەی. لـە کۆتاییـدا هەمـوو کاروبارەکـەی بـە مـن دەسـپارد، بـەڵام مـن سـەرەندەری هەمـوو کارەکانم نەدەکـرد و هەندێکجـار هەڵـەم دەکـرد. بڕیـار بـوو لـە هەفتـەدا دوو شـەو لەگەڵیـدا کار بکـەم و ئەویـش بـۆ شـەوەکانی تـر کەسـێکی تـر دابمەزرێنێـت. ماوەیـەک بەم شـێوە لەگەڵیـدا کارم کـرد و پاشـان لـە ڕێگـەی ناسـیاوێکەوە کە پزیشـک بوو و لـە یەکێک لـە خولەکانـی کۆمپیوتەر پێکـەوە بوویـن، بـە هۆتێلێـک لـە گەڕەکـی گەشـتیاریی ڤیکتۆریا ناسـێنرام.

ئـەم گەڕەکـە زیاتـر گەشـتیاران، بەتایبـەت گەشـتیارانی ئەمریکـی، هاتوچۆیـان دەکـرد. چەنـد بازرگانێکـی دەوڵەمەنـدی پاکسـتانی زنجیرەیـەک هوتێلیـان کڕیبـوو و بەرپرسـایەتیی ئـەم هۆتێلانەیـان دابـوو بـە پیاوێکـی بەسـاڵاچوو کـە ژەنەراڵـی پێشـووی ئەرتەشـی ئێـران بوو، ئەویـش بەڕێوەبردنـی هۆتێلـی ڤیکتۆریـای - یەکێـک لە باشتریـن هۆتێلەکان- دابووە دەسـتی کوڕەکـەی. ئـەم هۆتێلـە چـوار نهۆمییـە لـە نزیـک تێرمیناڵـی شـەمەندەفەری ڤیکتۆریایـە و ئەو وەختـە تـازە ڕزروی ئۆنلاینیـان بـۆ دانابوو. مسـافرەکان زیاتر ئەو بیانییانە بوون کە بۆ سـەردانی شـوێنە گەشـتیارییەکان و باڵەخانـە بەناوبانگەکانـی لەنـدەن و کۆشـکی شـاهانە دەهاتـن.

کاتـی کارکردنـم لـە بەشـی وەرگرتنـی هۆتێلەکـەدا، پتر لـە کاتژمێـر شەشـی ئێـوارەوە هەتا دەی شـەو بـوو، دواتـر دەبـا کارەکـەم ڕادەسـتی شـیفتی شـەوانە بکردبایـە. کـوڕی ژەنـەراڵ وەسواسـێکی سـەیری هەبـوو، بـۆ نموونـە ئەگـەر هەڵەیەکـی بچـووک لـە فۆڕمـی میوانەکانـدا هەبایـە یـان واژۆکان سـانتیمەترێک لـە دەرەوەی کادری واژۆکـە بایـە، فۆڕمەکـەی دەدڕانـد و دەیگـوت لـە سـەرڕاوە بنووسرێـت. قەڵەمەکانـی لـە سـەر مێزەکـە بـە پێـی ڕەنـگ دادەنـا. بـە وەسواسـێکی سەرئێشـەهێنەرەوە سـەری مێزی هۆتێلەکەی ڕێک دەخسـت و دەیگوت: "دەبێ هەمـوو شـتێک لـە سـەر جێگای خۆی بێـت"، ئەگەر ئەو نـەزم و تەکووزییەی کە ئەو دەیویسـت ڕەچـاو نەکرابایـە، بێتاقـەت دەبـوو. ڕەفتـار و هەڵسـوکەوتی منداڵانـە بـوو، کـە لـە دەربڕینـی دڵگرانییەکانیـدا زیاتـر خـۆی دەنوانـد. ڕەنگـە ئـەم وەسواسـە لە ئەنجامی شـێوازی پـەروەردە و ژیـان لەگـەڵ باوکێکی ئەرتەشـی سـەرچاوەی گرتبێت. کەسـانی ئەرتەشـی زۆر لە سـەر نەزم و دیسـیپلین هەسـتیارییەکی سـەیریان هەیە و شـێلگیرانە مامەڵە دەکەن. دەڵێن منداڵەکانیان بەدەست ترس و وەسواسەوە دەناڵێنن.

● وێنەی ١٧١- من لە هۆتێلی ڤیکتۆریا، لەندەن، ٢٠٠٢

ژەنەڕاڵـە شاهەنشـاهییەکە، پیرەمێردێکـی کورتەبـاڵا بـوو. وەکـوو کوڕەکـەی هەسـتیار و وەسـواس نەبـوو و تەنیـا پـارە بـە لایـەوە گرنگ بـوو. نەدەبـا بە هیچ چەشـنێک مسـافری لـە دەسـت بدابایـە. ئەگـەر لەسـەدا بیسـتی هۆتێلەکـە چـۆڵ بـا، هەڕەشـەی دەرکردنـی لـێمان دەکـرد. ئـەو بە فارسـی قسـەی لەگـەڵ دەکـردم، پێـم وایـە جگـە لـە هاوسـەرەکەی، مـن تاکـە کەسـێک بـووم کـە دەیتوانـی بـە زمانـی فارسـی لەگەڵیـدا قسـە بـکات. بـە تەواوەتـی لە ئێرانـی و کۆمەڵگـەی ئێرانـی دابڕابوو؛ بەردەوام باسـی

ئـەو ڕووداوانـەی دەکـرد کـە لـە سـەردەمی شـادا بەسـەری هاتبـوو، قسـەگەلێک کە بەشـێکی تەنانـەت ئێشـی پـێ دەگەیانـدم، باسـی هەیمەنـەی خـۆی دەکـرد کـە سـواری جیـپ دەبـوو و بیسـت سـەرباز بـە دوایـدا ڕایـان دەکـرد و ئەوەندە هێـز و هەیمەنەی بـووە کە هەمـووان ڕێزیان لێگرتـووە. دەیگـوت ئێمـە و شـا زۆر خزمەتـی کـورد و ئەوانـی دیمان کـردووە و بـە هـۆی ئـەم خزمەتانـەوە هەمـوو بوونـە بنیـادەم و فێـری شارسـتانییەت بـوون و مـن هیـچ تێناگـەم بۆچـی شایان لە ئێران دەرکرد و ... هەموو ڕۆژێ ئەم قسانەی دووبارە دەکردەوە".

شـەهرام، کـوڕی ژەنەراڵـی شاهەنشـاهی، بڕیار بـوو قۆناغەکانـی کۆنترۆڵکردنـی هاتوچۆی مسـافر و کاروبارەکانی دیکەم فێر بکا، بەڵام هێندە وەسـواس و هەسـتیار بوو کە نەیدەهێشـت هیـچ فێـر ببـم. چەنـد ڕۆژێـک حاڵی ناسـاز بـوو و نەهاتـە سـەر کار، نەمدەزانی چی بکـەم. کە گـەڕاوە، گوتـم: "شـەهرام، ئەگـەر دەتهەوێ من لێـرە بم، دەبـێ ئەلفوبێی کارەکـەم فێر بکەی، ئەگینـا کاتێـک لێـرە نیـت نازانـم چـی بکـەم و چـۆن قۆناغەکانـی هاتنـە ژوورەوە و دەرچوونـی مسـافرەکان جێبەجـێ بکـەم" ماوەیەکـی زۆر لـەو هۆتێلـە بـووم و بـۆ هـەر شـیفتێک بیسـت پاوەنـدم وەردەگـرت کـە بـۆ منـی خوێنـدکار، کـە باجـم نـەدەدا، زۆر یارمەتیـدەر بـوو. کاتێـک کارەکـەی ئێـدی تـەواو بـوو، داوام لێکـردن کـە لـە شـیفتی شـەوانەی هۆتێلەکانـدا کارێکم پـێ بدەن.

منیـان نـارد بـۆ هۆتێلی ئێمبسـی کۆڤێرت لـە گەڕەکی ئێجـوار ڕۆد کە شـوێنی کۆبوونەوەی عەرەبەکانـی کەنـداوی فـارس و سـعودییە و زۆربەیـان دەوڵەمەندن. شـەوانە لـەوێ دەخەوتم و دوای تەواوبوونـی شـیفتەکەم لـە هۆتێـل ڤیکتۆریـاوە بـە مێترۆ یـان ماتۆڕ دەهاتمە ئـەو هۆتێلە، هەتـا نزیـک یـازدەی شـەو لە هەمـان ژووری پاسـەوانیدا دەرسـم دەخوێند و پاشـان دەڕابەکەم دادەدایـەوە و هەتـا بەیانـی دەخەوتـم. دیـارە نەدەبوو بە درێژایی شـەوەکە بخەوتبـام، بەڵام بەو پێیـەی هیـچ مسـافرێک هاتوچـۆی هۆتێلەکـەی نەدەکرد، دەمتوانـی هەتا کاتژمێـر ٦ یان ٧ی بەیانـی بـە ئاسـوودەییەوە بخـەوم، پاشـان نانـی بەیانـی بخـۆم و شـیفتەکە ڕادەسـتی پیاوێکی مەغریبـی بـە نـاوی عەبـدول بکەم و بچمـە زانکۆ.

جگـە لـە کۆتاییەکانی هەفتە نەبـێ، نەدەچوومە ماڵەوە. هەندێک جار لـە درێژەی هەفتەدا تەنهـا دوو سـێ شـەو دەچوومـە ماڵـەوە و زۆربـەی کاتـەکان یـان لـە زانکـۆ بـووم یان لـە هۆتێل دەمامـەوە. بـە درێژایـی مـاوەی خوێندنەکەم هاوکات کاریشـم کـرد. کە گەڕامەوە بـۆ ئێران بۆم فـام نەدەکـرا کـە باشـە بۆچـی خـەرج و تێچـووی خوێنـدکارەکان لـە لایـەن خانەوادەکانیانەوە دابیـن دەبـێ و خۆیـان لـە کاتـی خوێندنـدا کار ناکەن. بێـکاری لە نێـو زۆرینـەی خوێندکاران لـە ئێرانـدا هـۆکاری جۆراوجۆری هەیە و کۆمەڵـگا، بنەماڵە و تاک هەر سـێکیان لەم بێکارییەدا بەرپرسـیارن. لـە کۆمەڵگایەکـدا کـە ڕێـژەی بێـکاری زۆرە، دۆزینـەوەی کارێکـی نیوەکاتـی بـۆ خوێنـدکاری زانکـۆ ئەسـتەمە. هەرچەنـدە لـەم سـاڵانەی دواییـدا ڕێکخـراو و دامـەزراوەکان

زیاتر پەیوەندییان لەگەڵ خوێندکارەکان هەیە، بەڵام خێزانەکان بە پاڵپشتیی زێدەڕۆیانە و بێسەروبەرانە کارێکی وایان نەکردووە کە منداڵەکانیان ئیش بکەن و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵەکانیان و کۆمەڵگا تەمبەڵ ببن.

ژیانی کۆمەڵایەتیم سنووردار بوو و کەمتر هاتوچۆم دەکرد. لەگەڵ ئێراندا، هێشتا لە قۆناغی دابڕاندا بووم و کۆتایی هەفتەکانم لەگەڵ چەند هاوڕێیەک بەسەر دەبرد. پێشتریش باسم لەوە کرد کە لە کۆلیژدا لە گەڵ گەنجێکی کوردی خەلکی ڕانیە بە ناوی هەڤاڵ بووم بە هاوڕێ و هێشتاش یەکێک لە هاوڕێ باشەکانمە، هەندێک جار کۆتایی هەفتەکانم لەگەڵ ئەو و دۆستێکی دیکەم بە ناوی شوان و هاوڕێیەکی تری بەریتانیم بە ناوی جۆن بەسەر دەبرد. هەڤاڵ لە گەڕەکی بریکسۆن ئیشی دەکرد و یەک دوو ساڵ لە من بچووکتر بوو، بیرکردنەوە و باوەڕەکانی تێکەڵێک لە مۆدێرنیتە و نەریت بوو، باب و باپیرانی جوولەکەی کوردستان بوون و کاتێکیش ئەم بابەتەی بۆ دەرکەوت تووشی پاڕادۆکسێکی سەیر هاتبوو. هەڤاڵ پێی گوتبووم: لە نەوەدەکاندا، کاتێک شەڕی ناوخۆ لە باشووری کوردستان دەستی پێکرد، چووینە ئیسرائیل و لەبەر ئەوەی خێزانێکی نەریتی و ئایینی بووین، دایک و باوکم وازیان لە ئیسلام نەهێنا و کاتێکیش ئاریکارانی کۆمەڵایەتیی ئیسرائیلی سەریان دەداین و هاوکارییان دەکردین، دایکم بەڕماڵەکەی دەشاردەوە. ئێستاش بە گاڵتە و جەفەنگ بە هەڤاڵ دەڵێم ئێوەی جوولەکە لە فەلەستین خراپ مامەڵە لەگەڵ موسڵمانان دەکەن و دەشڵێی من هێشتا موسڵمانم.

وێنەی ١٧٢- وێنەی من و هەڤاڵ، شاری باف، ١٩٩٨

ساڵانی یەکەمی ئاشنابوونم لەگەڵ هەڤاڵ، لە خولێکی هاوینەدا لە کۆلیژێک لە گەڕەکی پاتنی، دوو خوێندکاری پیاوی تەمەن مامناوەندمان ناسی، دوو برا لە خێزانێک بە ناوی بابەکر ئاغا، کە لە ئاغا بەناوبانگەکانی ناوچەی ڕانیە و دەڤەری پشتدەر لە هەرێمی کوردستان بوون. دوای ناسینیان تێگەیشتم باوکم دەناسن. لە کۆڕەوەکەی نەوەدەکانی باشووری کوردستاندا، کە کوردانی باشوور ڕوو دەکەنە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەبنە پەنابەر، ئەم بنەماڵەیەش لە پیرانشاردا دەگیرسێنەوە و بە هاوبەشی لەگەڵ وێنەگریی تەوحید یەکەم لابراتواری وێنەی ڕەنگی دادەمەزرێنن و هەر بەو هۆیەشەوە لەگەڵ زۆربەی کاسبکارانی شارەکە ئاشنایی پێک دێنن.

ئەم خێزانە چەند ساڵێک دواتر، لە بڕیار و پلانێکی ترسناک و تۆقێنەردا، بەکۆمەڵ یەکێک لە کچەکانیان بەهۆی هەڵگیران لە ماڵی هاوسەرەکەی و پەیوەندیی خۆشەویستی

لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا کوشت و خستیانە ناو جانتایەکەوە[1] و لە حەوشەی ماڵێک لە شارێکی دیکەدا ناشتیان. لەو ماوەدا، کە بە شێوەی نیوە کاتی لەگەڵ ڕێکخراوی بێهزیستی (خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی) و دادگا و پۆلیسی میترۆپۆلی لەندەن کارم دەکرد، پێشنیارنامە و ڕاپۆرتی فەرهەنگیم دەنووسی و کاری وەرگێڕانیشم ئەنجام دەدا. کارکردن لەسەر شیکاریی فەرهەنگی ئەم ڕووداوەم پێ ڕاسپێردرا، کە دواتر بوو بە یەکێک لە دۆسیە هەرەبەناوبانگەکانی بەریتانیا و ئەورووپا و ناوی لێنرا دۆسییەی کوشتنی ناموسیی بەناز مەحموود. کوڕەکانی بابەکر ئاغا و سێ کەس لە بکوژەکان سزای زیندانی هەتاهەتاییان بەسەردا سەپێنرا و هەتا ئێستاش لە بەریتانیا زیندانین، باوکی بەناز دواتر لای هاوڕێیەکم گلەیی لە من کرد کە باوکت ڕەفێق و هاوەڵی ئێمە بوو، بۆچی لاگیرانە نەچوویتە ناو ئەم کەیسەوە؟ دواتر بە تێر و تەسەلی باسی ئەم چیرۆکەتان بۆ دەکەم. لەم ساڵانەی دواییدا ، ڕێژەی قەتڵی ناموسی لە ئێران زیاتر لەو ناوچانەدا ڕوو دەدەن کە داخراو و سنووری، ئەڵبەت چەشنەکانی دیکەی کوشتنی بنەماڵەییش زیادیان کردووە کە باوترینیان منداڵکوژی و هاوسەرکوژین.

قۆناغی فەوقی دیپلۆم و کارناسی و ڕۆژە نوێکان

دوای ماوەیەکی زۆر و سەختیی قۆناغی پێشزانکۆ، گەیشتمە قۆناغی هەڵبژاردنی لقی خوێندن. هەموو ئەو شتانەی کە خوێندبووم و ئەو ڕێگایانەی کە گرتبوومە بەر، لە ڕوانگەی خۆم و ڕاوێژکارانی خوێندنەوە، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە لە بواری چاپ و بڵاوکردنەوە و دیزاین یان شتێکی لەو جۆرە بخوێنم، بەڵام دەمزانی ئەم بوارە ناتوانێ ڕازیم بکات. ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ کە بژاردەیەکی دیکە یان ڕاوێژکارێکی باشم نەبوو، بەڵام بەهەر حاڵ، لە یەکێک لە زانکۆ بەناوبانگەکانی پەیوەست بە چاپ و بڵاوکردنەوە لە گەڕەکی ئێلفەند و کاستێلی لەندەن ناونووسیم کرد. خولێکی یەکساڵەم بە ناوی ئێچ،ئێن،دی کە هاوئاستی فەوقی دیپلۆمە، تێپەڕاند.

دڵنیا نەبووم تا چەندە لەم بوارەدا پێش دەکەوم، هەر بۆیە سەرەتا بۆ خولی بڕوانامەی فەوق دیپلۆم ناونووسیم کرد بۆ ئەوەی ئەگەر زانیم بواری خوێندنەکەم بە دڵ نییە، کاتێکی زۆر بەفیڕۆ نەدەم و بچمە بوارێکی تر. من کە لە ساڵی دووەمی ناوەندیی ئێراندا واتە دووهەمی ڕاهنەمایی وازم لە خوێندن هێنابوو و تەنانەت ماوەیەکیش بە کارتێکی ساختەی خوێندکارییەوە لە پۆلەکانی زانکۆی نەغەدەدا بەشداریم کردبوو، ئێستا دەمتوانی لە بەریتانیا بە ڕاستی بچمە زانکۆ و کارتی خوێندکاریی ڕاستەقینەم هەبێت! دانی پێدا دەنێم

---

١ . لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە جانتا دەڵێن کیف.

کـە سـەرەتا خوێندکاربوونەکـەم زیاتـر بـە لاوە گرنگتر بـوو تا ئەوەی کـە لە چ بوارێکـدا بخوێنم. دوای چەنـد سـاڵ لـە وازهێنـان لـە خوێنـدن، جارێکی تر خەریکـی خوێندن بوومـەوە و بووم بە خوێنـدکاری زانکـۆ، ئەمـە خۆشتریـن هەسـتی ئەم دنیایـە بوو.

دوای تەواوکردنـی خولـی دوو سـاڵەی بڕوانامـەی فەوقـی دیپلـۆم، دوو بـژاردەم لەبەردەمدا بـوو: دەمتوانـی بچمـە خولـی کارناسـی کە پێـی دەڵێـن بکالۆریۆس، یـان بـواری خوێندنەکەم بگـۆڕم. بـۆ گۆڕینـی بوارەکـەم دەبـا ئـەو بوارانـەم هەڵبژاردایـە کـە لەگـەڵ بوارەکـەی خـۆم جیاوازییـان هەبـوو. لـە زانکـۆ هەندێک لـە وانەکانم پـێ خۆش نەبـوو، زۆربەیـان میکانیکتەوەر و ئەندازیـاری بـوون؛ لەوانـەش ئـەو وانانـەی کە لەبارەی ڕەنـگ و فۆرمووڵـەی پێکهێنەریان بوو. بەڕاسـتی لە هەندێک لە بابەت و وانەکان تێنەدەگەیشـتم یان زانسـت و زمانی ئینگلیزییەکەم یارمەتییـان نـەدەدام. زۆربـەی خوێندکارەکان بەریتانـی بوون و ئاسـانتر دەرس و وانەکانیان بۆ فـام دەکـرا. مـن و چەنـد خوێندکارێکـی بیانـی هەمیشـە بـەدوای ئـەو قوتابیانـەدا دەگەڕاین و داوای هـاوکاریمان لێدەکـردن. بەشـە تیۆرییـەکان و شـیکاریی سـەرمایە و مارکێتینـگ بـە ئاسـانی فێـر نەدەبـووم و دوای تەواوبوونـی پۆلـەکان لەگـەڵ چەنـد خوێندکارێکـی ژاپۆنـی و ئیسـپانیدا چەندیـن کاتژمێـر لـە کتێبخانـەدا کتێبـی تەواوکـەری پەیوەسـت بـە وانەکانمـان دەخوێندەوە، کە بە ڕاستی بە لامەوە قورس و تاقەتپڕووکێنەر بوو.

● وێنەی ١٧٣- خولی فەوقی دیپلۆم و بەکالۆریۆس، زانکۆی لەندەن، ٢٠٠٠

لە بەشـەکانی وانەی ئابووریی ژینگەیـی و مافەکانـی چاپکـردن بـاشتر تێدەگەیشـتم، بـەڵام ئـەو بەشـانەی کـە بیـرکاری و فۆرمولی تێـدا بـوو، کـەمتر لێـی حاڵـی دەبـووم. لـە سـاڵانی یەکەمـدا هەمـوو شـتێک تاقیکردنەوەتـەوەر بـوو و دەبـا هەمـوو بابەتەکانمـان لەبـەر بکردایـە. گەلـێ شـەوان نەدەخەوتـم و دەرسـم دەخوێنـد بـۆ ئـەوەی فۆرمولـە نەفرەتییـەکان لەبـەر بکـەم کـە لـە هیـچ قۆناغێکـی ژیانمـدا سـوودیان بۆم نەبـوو. ئێسـتاش نازانـم چـۆن لـە تاقیکردنەوەی بیـرکاری دەرچـووم، ئیتر هەر چۆنێـک بێ لەم نەگبەتیـەش ڕزگارم بـوو! لە کاتی خوێندنی کارناسـی (بەکالۆریۆس)دا کێشـەیەکی دیکەشـم هەبـوو کـە لـە وانـە پسـپۆڕییەکاندا توشـی بـووم؛ هاوڕێکانمـم لەدەسـت دا و هاوپۆلـی نـوێ هاتـن، کـە زۆربەیـان کارمەندانـی نیوەکاتـی میدیـا و چاپخانـە لـە بەریتانیـا بـوون.

هەمـوو شـتێکیان بـە تەکنیکـی دەزانـی و جگـە لـەوەی دەرسـەکانم بـاش نەدەزانـی، لـە

پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەم خوێندکارە نوێیانەدا کێشەم هەبوو و کاتێکی زۆری پێچوو هەتا ئەوان قبووڵم بکەن. لەو ساڵانەدا گەلێ پێشانگە لە بواری پیشەسازیی چاپ و بڵاوکردنەوە لە ئەورووپا بەڕێوە دەچوون و توانیمان بەشێکیان ببینین. لە بواری پیشەسازیی چاپ و بڵاوکردنەوەدا چەندین جار سەردانی شاری هایدلبێرگی ئەڵمانیامان کرد کە شوێنی لەدایکبوونی ئامێرەکانی پیشەسازیی چاپ لە جیهانە.

زۆرێک لە ڕۆژنامەنووسان دەهاتنە زانکۆ و وتاریان پێشکەش دەکرد، هەروەها بەردەوام دەبراین بۆ ناوەندە گەورە ڕۆژنامەوانییەکان و بە ناوی خوێندکارانی یاسای چاپ و بڵاوکردنەوە بۆ شوێنگەلی وەک بیبیسی و کەناڵی ٤ بانگهێشت دەکراین. لەوێ کەسانی پسپۆڕی بواری چاپ و ڕۆژنامەگەریم ناسی و لە کەرتی چاپکردندا لەگەڵ کەڵەشارەزایانی ئەم پیشەسازییە لە بەریتانیا ئاشنا بووم. زانیم کە بە هاتنی چاپە دیجیتاڵییەکان، کارەکانیان کەم بووەتەوە. لەو سەردەمەدا هێز و کاریگەریی چاپ زۆر بوو، ئەوە ڕۆژنامە و میدیاکان بوون کە تەنانەت ڕێتم و ئاراستە و شێوازی ژیان و شێوازی تێڕوانینی مرۆڤەکانیان دەگۆڕی. بەو پێیەی کە حیزبەکانی بەریتانیا ڕۆژنامەی تایبەت بە خۆیان هەبوو، وردە وردە لەگەڵیان ئاشنا بووم و دەمزانی کام ڕۆژنامە سەر بە پارتی ڕاستڕەوە و کام ڕۆژنامە لەلایەن چەپەکانەوە بەڕێوە دەبرێت. کاتێک دەمبینی کەسێک خەریکە دەیلیمەیل دەخوێنێتەوە، دەمزانی کە ڕاستڕەوە یان ڕەنگە ناسیۆنالیست بێ و کەسێک کە ڕۆژنامەی گاردییەن دەخوێنێتەوە دژی جەنگە و چەپگەرایە و هتد. هەرچەندە ئێستا دەزانم کە ئەم هەڵسەنگاندن و پۆلێنبەندییانە زۆریش دروست و بایەخدار نین، من لە خولی بەکالۆریۆسدا ئەمانە فێر بووم و لەبەر ئەوەی شێوەی نووسینی هەواڵم لە ڕۆژنامەکاندا دەبینی و سەرنجی ئەو گرووپە سەرنووسەرییەم دەدا کە خەریکی دەستنیشانکردنی هەواڵەکان بوون، وردە وردە شێوازی شیکارییانم لەبارەی هەواڵەکان دەبیست و فێر بووم کە چ جۆرە شیکارییەکی هەواڵ هی کام قۆڵ و لایەنە، یان زەبەلاحترین کەسایەتیی بواری میدیا و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە واتە ڕۆبێرت مێرداک کێیە و .... ئەمانە ئامۆژە و فێرکارییەکانی خولی بەکالۆریۆس بوون.

بە هۆی بەشداریکردن لە پێشانگاکانی پیشەسازیی چاپ، لە شوێنی جیاجیادا هەلی کاریان پێ پێشنیار دەکردین و هەروەها بانگهێشت دەکراین بۆ ئەوەی لە کۆتایی خوێندنەکەماندا بچینە ناو تەلەڤیزیۆن یان ڕۆژنامەکانیانەوە و... .

ئەم قۆناغە بۆ من قۆناغی گەشەکردن و ناسینی بەریتانیا و میدیای ڕۆژاوا بوو و دەمبینی کە کەوتوومەتە ناو چ پیشەسازییەکی سپییەوە. وەک وتم سپی زاراوەیەک بوو کە کۆچبەران بۆ پێناسەکردنی کۆمەڵگەی بەریتانی بەکاریان دەهێنا و ئەم پیشەسازییەش بە سپێتی مابووەوە، واتە کۆچبەران هیچ ڕۆڵ و ئامادەبوونێکیان لەو پیشەسازییەدا نەبوو، بۆیە بۆ کۆچبەرێک پرسیار و ترسی دروست دەکرد کە ئاخۆ دەتوانم بچمە ناو ئەم فەزا و بازنەوە؟

کاتێک خولی بەکالۆریۆسم تەواو کرد، نەمدەزانی چی بکەم؟ سەردانی چەند شوێنێکم کرد و پێشنیاری کارم وەرگرت. هەندێک جار لە ماریۆس، دراوسێ بەریتانی - پۆڵەندییەکەم، کە کتێبدار و نووسەرێکی بەناوبانگە و ساڵانێکی زۆر حەزی لە مژارەکانی خۆرهەڵاتی ناڤین بە جەختکردنەوە لەسەر سوریا بوو، بیرۆکەی کارکردنم وەردەگرت. ماریۆس لەگەڵ هاوسەرە کەنەدییەکەی واتە بۆبی، کە لە زانکۆ مامۆستای فەرشچنین بوو و هەروەها دوو کچەکەیان، لە ساڵی ١٩٦٠ەوە لە نهۆمی خوارەوەی بیناکەمان دەژیان، پێی وتم ئەگەر لە بوارێکدا بخوێنی و دواتر لە بوارێکی تردا دەست بە کارکردن بکەی، ساڵەهای ساڵی پێ دەچێ هەتا خۆت دەدۆزیتەوە، لەبری ئەوە یەکسەر لە بوارەکەی خۆتدا دەست بە کارکردن بکە، چونکە لەم بوارەدا بەشێکی چاپ و بڵاوکردنەوەیە و بەشەکەی دیکەی ڕۆژنامەوانییە، لە قۆناغێکدا هەر دووکیان تاقی بکەوە پاشان ئەگەر ویستت بچۆ بڕوانامەی ماستەر و دکتۆراکەت لە هەمان بواردا وەربگرە یان ئەگەریش نەتویست هەر بەم بڕوانامە درێژە بە کارکردن بدە، چونکە ئێرە واتە بەریتانیا زۆر بڕوانامەتەوەر نییە و زیاتر ئەزموونییە. ڕێک ئەم کارەم کرد. دوای وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، چوومە ناو بازاڕی کار و بۆ ماوەیەکی کورت لە چاپخانەیەکدا کارم کرد و پاشان ڕووم لە کاری هەواڵنێری کرد.

● وێنەی ١٧٤- وێنەی دەرچوون لە زانکۆ، لەندەن، ٢٠٠٢

پوورزایەکی بابم بەناوی کاک یێسب لە سوید دەژیا، کە لە گەڵیدا تەنیا پەیوەندیی تەلەفۆنیمان هەبوو و هەرگیز یەکترمان نەبینیبوو، ژنە تازەکەی خەڵکی چێک و ڕۆمانی بوو. ڕۆمانییەکان لە ئێران بە کوولی و لە کوردستاندا بە قەرەج و قەرەچی یان کاوڵی ناسراون. کاک یێسب، بۆ سەردانی خزمانی هاوژینەکەی بە خێزانەوە هاتبوونە لەندەن و بەشداربیان لە ئاهەنگی دەرچوونی زانکۆم کرد. زۆر دڵخۆش بوو و کاتێک کە چووم بڕوانامەکەم وەربگرم و ئەو کڵاوە بەناوبانگەشم لەسەر کردبوو، بە وردی فیلمی لە ئاهەنگەکە دەگرت.

بە لامەوە سەرنجڕاکێش بوو کە کاک یێسب بە خولیاوە فیلمی دەگرت و جگە لەوەی کە خزم بووین، پێی خۆش بوو هۆشی پێمەوە بێت. دەمبینی کە چەندە پێی خۆش بووە کە خۆی لەم شوێنەدا بوایە، هەلی خوێندنی بۆ نەڕەخسابوو و هەمیشە بە پەشیمانیەوە باسی ئەم بابەتەی دەکرد و هانی دەدام بۆ ئەوەی زیاتر بخوێنم. ناوبراو یادگاریی زۆر خۆشی لە نەنکم و دایک و باوکی خۆی هەبوو. کاک یێسب پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکرات

بـوو و دوای گرتنـی مینـای خوشـکی کـە ئەویـش لایەنگـری هەمـان حیـزب بـوو، پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانـی حیزبـی دێموکراتـەوە کـرد و لـە سـەرەتای هەشـتاکانی سـەدەی بیسـتەمدا هاتە ئەورووپـا و لـە ئێـران دابڕابوو.

بەشی دووەم
هەوڵدان بۆ ژیانی سپی

بەڵێنم بە خۆم دابوو کە بە هیچ کلۆنجێ، خۆم لە قەرەی سیاسەت نەدەم. کاتێک ژیانم لە لەندەن گیرسایەوە، جار نە جارێ سەردانی ناوەندە کوردییەکانی سەر بە باکوور و باشوورم دەکرد، بەڵام هەر ئەم سەردانە ناوبەناوەشم کەم کردەوە بۆ ئەوەی بە تەواوی ڕێبازی خۆم لە سیاسەت دوور بخەمەوە. گەیشتبوومە ئاستێک کە تەنانەت توخنی کۆبوونەوە ئێرانی و کوردییەکانیش نەدەکەوتم و تەنیا پەیوەندیم بە ژیان و فەرهەنگی ڕابردووەوە، بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی کوردی و هەندێ جاریش شەوانی شێعری کوردی و فارسی بوو.هەموو هەوڵی خۆمم خستە گەڕ بۆ ئەوەی، وەک کۆچبەران دەڵێن سپی و بەریتانی بژیم. ئیش بکەم و لەگەڵ هاوتەمەنەکانم ڕابوێرم. من چووبووم بۆ ئەورووپا بۆ ئەوەی ژیانم بگۆڕم و سەرەڕای ئەو هەموو چەرمەسەری و سەختییەی کە بەسەرم هاتبوو، توانیبووم جیهانێکی نوێ بۆ خۆم بخولقێنم و پێشم خۆش نەبوو ئەم هێوری و ئاسوودەییەم لێ تێک بچێت.

وێنەی ١٧٥- لەگەڵ هاوڕێیانم لە فێستیڤاڵی مووزیک، سکۆتلەند، ٢٠٠٤

ئەم هەڵوێستە هەم کاریگەریی ئەرێنی و هەمیش نەرێنی هەبوو. لە ژینگە نوێکەمدا باشتر جێگیر بووم و گەیشتبوومە ئاسوودەییەک، بەڵام وردە وردە کەلێنێکی سۆزداری کەوتە نێوان من و ڕابردووم، کە تا دەهات زیاتر دەبوو، تەنانەت پەیوەندیم لەگەڵ

ماڵەوەش کەم کردبۆوە و مانگێ جارێک پەیوەندیم پێوە دەگرتن. تێچووی تەلەفۆنکردن بۆ ماڵەوە گران بوو، بەڵام هۆکار، تێچووی تەلەفۆنکردن و شتی لەو جۆرە نەبوو، من دەمویست بەبێ ڕابردوو سەرلەنوێ دەست پێ بکەمەوە، ژیانێکی سپی بێبەری لە سیاسەت و دابڕاو لە دوێنێ. من دەمویست لە ئەمڕۆدابوون و جۆرێکی دیکە ژیانکردن ئەزموون بکەم، بەڵام نەمدەزانی دەربازبوون لە ڕەگ و شوناس مەحاڵە. هەموو هەوڵێک دەدەی کە ئەو ڕیشە و شوناسەت بسڕیتەوە، بەڵام ڕابردوو بە بچووکترین ڕوودا دووبارە ژیانت دەتەنێتەوە.

سەرۆک ئاپۆیان[1] ڕفاند!

ڕۆژێک لە ڕۆژانی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٩٩ لە شوێنی کارەکەم دەگەڕامەوە (هۆتێلێک لە گەڕەکێک بە ناوی ئێجوارڕۆد) کە لە ناوچەی ناتینگهیڵ، تووشی جەماوەرێکی بچووک و تووڕە هاتم. ئۆتۆمبێلەکانی پۆلیس ئامادە بوون، بۆ ئەوەی بڵاوەیان پێ بکەن و نەهێڵن خەڵکەکە بە دیواری ماڵێکدا سەر بکەون. لە ناو دەنگە دەنگەکەدا گوێم لێ بوو کە بە کوردی ئاخافتنیان دەکرد و بابەتەکەم بە لاوە سەیرتر بوو. چوومە لای یەکێکیان و وتم چی بووە؟ یەکێکیان کە دەموچاوی بە جامانە داپۆشیبوو، هاواری دەکرد: "سەرۆک ئاپۆیان ڕفاندووە!"

بە کرمانجی قسەیان دەکرد و منیش زۆر تێنەدەگەیشتم. بە سەرسوڕمانەوە سەیری شەڕی نێوان ئەم کۆمەڵە کوردە و هێزە تایبەتەکانی پۆلیسم دەکرد. بەو بەیانییە زووە سەیر بوو کە شتێکی ئاوا ڕوو بدات. لە چەند هەواڵنێرێک کە تازە هاتبوون پرسیارم کرد کە چی بووە؟ بۆ ئەوەی وەڵامی زیاترم دەست بکەوێ، گوتم: "منیش کوردم، بەڵام باش لە زاراوەکەیان تێناگەم". ئەو گەنجەی کە خەریکی وێنەگرتن بوو وتی: "شەوی ڕابردوو هێزەکانی هەواڵگریی تورکیا سەرۆکی ئەم جەماوەرە، واتە عەبدوڵڵا ئۆجەلانیان لە وڵاتی کینیا ڕفاندووە. ئەو جەماوەرە دەڵێن، یۆنان بەهۆی گوشارەکانی تورکیاوە ئۆجەلانی

---

١. ئاپۆ، کە لە زاراوەی کرمانجیدا بە مانای مامە دێ، نازناوی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری کاریزماتیکی پارتی کرێکارانی کوردستانی (پ.ک.ک) بوو. عەبدوڵڵا ئۆجەلان سیاسەتمەدار، تیۆریسییەن و خەباتکارێکی مارکسیستی کوردە کە ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ هەڤاڵانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک)یان لە دیاربەکر دامەزراند و هەتا ساڵی ١٩٩٩ و دەستگیرکردنی لەلایەن حکوومەتی تورکیاوە سەرکردایەتیی ئەم پارتەی، بە ڕێبازی مارکسیستی نەتەوەیی و خەباتی چەکداریەوە، لە ئەستۆدا بوو. ناوبراو ١٥ی شوباتی ١٩٩٩ (٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٧٧ی هەتاوی) لە ئۆپراسیۆنێکی ڕفاندندا بە سەرۆکایەتی دەزگای هەواڵگری تورکیا (میت) و بە یاوەریی ڕێکخراوە هەواڵگرییەکانی وڵاتانی دیکەی وەکوو یۆنان، ئیسرائیل، ئەمریکا و هتد ڕفێندرا و لەو کاتەوە هەتا ئێستا لە دوورگەی ئیمراڵی تورکیا لە لایەن دەسەڵاتی تورکیاوە زیندانییە. عەبدوڵڵا ئۆجەلان، هێشتاش لەلایەن لایەنگران و شوێنکەوتوانی سیاسییەوە وەک سەرکردە و خاوەن بڕیار دەناسێنرێت. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەم و ئەندێشەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بکەن، ئۆجەلان کێیە؟ ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی پەژاک، چاپخانەی گریلا، ١٤٠٢.)

دەرکردووە و بە هاوکاریی سـی.ئای.ئەی ئەمریکی و هێزە ئەمنییەکانی دیکە دۆخی گونجاوی بـۆ ڕفاندنـی ڕەخسـاندووە. بۆیـە دەیانهەوێ بچنە نـاو باڵیۆزخانـەی یۆنان". هەروەهـا گوتی، لە دوێنێشـەوەوە لایەنگرانـی ئۆجـەلان هێرشـیان کردووەتە سـەر زۆربـەی باڵیۆزخانەکانی یۆنان و تەنانـەت ئیسرائیـل لـە وڵاتانـی دیکـە و چەنـد کەسـێکیان بـە بارمتـە گرتووە.

سەرباری ئەوەی ئاشنایەتییەکی ئەوتۆم لەگەڵ پ.ک.ک و سەرۆک ئاپۆدا نەبوو، بەڵام ئەم ڕووداوە کاری کردە سەر هەستم. بینیم هاوزمانەکانم لە ژێر باتۆمی پۆلیسدا هەوڵ دەدەن لە دیواری باڵیۆزخانەکە سەر بکەون و نایانهەوێ ملکەچی گرتن و ڕفاندنی دڵڕەقانەی سەرکردەکەیان بن. ئەو ڕۆژە نەچوومە کۆلیژ و لەگەڵ ئەو جەماوەرەدا مامەوە. دوای کەمێک، ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی باکوور ڕژانە ئەوێ و لە داپەڕێکی سەیر و سەمەرەدا، بە دانیشتن لەسەر شەقامەکە تەواوی ڕێگا سەرەکییەکەیان داخست. هەندێک لە کوردانی ڕۆژهەڵات و باشوور و ڕۆژاواش هاتنە پاڵیان و تا ئێوارە جەماوەرەکە بەردەوام ڕووی لە زیادی کرد. ئەو کاتەی پۆلیس گەیشت، دوانزە کەس چووبوونە ناو بیناکە و بە شێوەیەکی ڕەمزی دوو پاسەوانی باڵیۆزخانە و ئەنباردارێکیان بە بارمتە گرتبوو. ڕۆژی دواتر پۆلیس بەڵێنی دا کە ئەگەر بارمتەکان ئازاد بکرێن ئەوا ئەو دوانزە کەسە ناچنە زیندان، هەرچەندە بەڵێنەکەی جێبەجێ کرد، بەڵام وا دیار بوو کە ئەو کەسانە لە کاتی ڕادەستکردنی بارمتەکاندا لە لایان پۆلیسەوە زۆریان لێ درابوو و دۆسیەی دژە تیرۆریش لە بۆ هەموویان تۆمار کرابوو.

● وێنەی ١٧٦- وێنەی ئاپۆ لە ناوەندی کوردانی باکووری لەندەن

چەند شەوێک لەگەڵ ئاشنا و ناسیاوەکانم چووینە شوێنی کۆبوونەوەکە و هەتا درەنگانێک وەک نیشانەی نارەزایەتی بە دەوری ئاگرەکەدا گۆرانیی حیماسیمان دەوتەوە و هەڵدەپەڕین. خەڵکی دانیشتووی ئەو شەقامە لەبەر ئەو دەنگە بەرزە دەستیان کرد بە بۆڵەبۆڵ و هەموو شەوێک کەناڵە تەلەڤیزیۆنی و سەتەلایتە کوردییەکان وێنەی ڕاستەوخۆیان بۆ وڵاتانی دیکە دەگواستەوە. یەکێک لە شانازییەکانی باوکم ئەوە بوو کە کاتێک لەگەڵ خزماندا چاویان لە پەخشی ڕاستەوخۆی مانگرتنی لەندەن دەکرد، تەلەفۆنی بۆ مۆبایلەکەم دەکرد تا پێم بڵێ دەستت بەرەو دووربین هەڵبڕە و زوو زوو نارازی دەبوو کە بۆچی ئێوە هیچ ناکەن و هاوار ناکەن و هتد ... باوکم وایدەزانی بە ئەنجامدانی ئەم کارانە هاوکێشەکە لە تورکیا دەگۆڕێت. ئۆجەلان سەرەتا سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنرا، بەڵام بەهۆی نارەزایەتی و هەڕەشەی وڵاتانی ئەورووپاییەوە سزاکەی کەم کرایەوە بۆ زیندانی هەتاهەتایی. لەو کاتەوە ئۆجەلان تاکە زیندانیی دوورگەیەکی بچووکە بە ناوی ئیمراڵی.

قەتڵە زنجیرەییەکان و ڕووداوی کووی دانشگا

هەرچەند زیاتر سەرقاڵی ژیانی بەریتانیم بووم، بەڵام جارجار شتێک ڕووی دەدا کە لە قۆزاخەی بڕیاری توخنی سیاسەت نەکەوتن، بێمە دەرەوە و سەرنجم بچێتە سەر ڕووداوەکانی پەیوەست بە کورد. هەر لەو ماوەیەدا بوو کە دوو ڕووداوی تاڵ و هەژێنەر لە ئێران ڕوویان دا، یەکیان قەتڵە زنجیرەییەکان و ئەوەی دیکەیان ڕووداوی بەشی ناوخۆیی (خابگا)ی زانکۆی تاران ناسراو بە کووی دانشگا بوو. ئێران یان کوردانی دانیشتووی لەندەن، بەردەوام باسیان لە قەتڵە زنجیرەییەکان دەکرد. لە ناو ئەو کەسانەی کە لەو زنجیرە قەتڵانەدا کوژران، من تەنیا داریووش فوروهەرم دەناسی. ناوبراو ئەندامی کۆمیتەی ئاشتی بوو و لە کاتی شەڕە ناوخۆییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، لەگەڵ شاندی بەناوبانگی ئاشتی هاتە مەهاباد. لەو ماوەدا بیرکردنەوە و زەینییەتم گۆڕابوو و بابەتی سیاسیش بۆ من گرنگییەکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام چۆنیەتیی کوژرانی فوروهەر و پەروانەی هاوسەری، دڵی هەمووانی هەژاند، ئەوانیان بە چەقۆ ئەنجنئەنجن کردبوو.

● وێنەی ١٧٧. داریووش فوروهەر لە کوردستان سنە. ١٣٥٩ی هەتاوی (١٩٨٠-١٩٧٩)

لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی هاشمی ڕەفسەنجانیدا، کە عەلی فەلاحیان وەزیری ئیتلاعات بوو، باندێکی ترسناک لەو وەزارەتخانەدا پێک هات کە ئەرکی سەرەکییان نەهێشتن و تیرۆرکردنی بیرجیاوازان و کەسایەتییە سیاسی و چالاکەکانی ئێران بوو کە لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناکۆک بوون.

هەموو شیکردنەوەکان لەسەر ئەو گریمانە ساغ بوونەتەوە کە ڕەگ و ڕیشەی ئەم تیرۆرانە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ئینقلاب و بە گڵۆپی سەوزی کەسایەتییە سیاسییە باڵادەستەکانی ئێران ئەنجام دراون. هەرچەندە ئەم بۆچوونە هەمیشە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە نکۆڵی لێ کراوە، بەڵام ئەم هەڵسوکەوتە و حاشاکردنە لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە شتێکی ئاساییە. دوای تیرۆرکردنی دوکتور قاسملوو (١٣٦٨ی هەتاوی/ ١٩٨٨ ز)، شاپوور بەختیار (١٣٧٠ی هەتاوی/ ١٩٩٠ ز) و دوکتور شەرەفکەندی (١٣٧١ی هەتاوی/ ١٩٩١ ز)، کۆماری ئیسلامی ڕۆڵی خۆی لەم ڕووداوانەدا ڕەت کردەوە.

لە سەردەمی خاتەمیدا، ڕیفۆرمخوازان (ئیسڵاحتەڵەبان) کە لە سەرەڕۆیی باندە

ئەمنێتییەکان بێزار ببوون، قەتڵە زنجیرەییەکانیان لەقاو دا، بەڵام ڕیفۆرمخوازانیش بەشێک لەم حکوومەتەن و هەندێ جار مەسڵەحەتی رژێمیان خستە پێش شەفافییەتی ڕووداوەکان و هەوڵیان دا پاساو بۆ تێوەگلانی کۆماری ئیسلامی لە کوشتنی ڕۆشنبیراندا بهێننەوە. لەقاودانەکانی چاکسازیخوازان پێویستی بە قوربانیی ناوخۆیی هەبوو، بۆیە بەشێک لە بەڕێوەبەرە باڵاکانی وەزارەتی ئیتلاعات، وەکوو سەعید ئیمامی، بە بەڕێوەبردنی خۆسەرانەی تیرۆرەکان تۆمەتبار کران و بەم فێڵە دۆخەکەیان هێور کردەوە. بەڵام بابەتی سەرەکی ئەوە بوو کە پاش ماوەیەک بۆ ئەوەی هێز و کەسایەتییە سەرەکییەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بەم تیرۆر و قەتڵە زنجیرەییانە تێوە نەگلێن، سندووقی ڕەشی پەروەندەکە، واتە سەعید ئیمامییان لە زیندانـدا کوشت و وایان پیشان دا کە خۆی کوشتووە!

هاوکات لەگەڵ ئەم پێشهاتە و ڕووداوەکانی ئەم قۆناغەدا دەتوانین ئاماژە بە ڕووداوی بەشی ناوخۆیی (خابگا)ی زانکۆی تاران بکەین کە گرنگترین ڕووداوی ئەو قۆناغەیە. ڕووداوی ١٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٨ هەتاوی (٩ی تەمموزی ١٩٩٩) یان هێرش بۆ سەر خابگای زانکۆی تاران ئاماژە بۆ زنجیرەیەک نائارامی و پێکدادان دەکا کە لە ڕۆژانی ١٨ تا ٢٣ی گەلاوێژ (٩ تا ١٤ی تەمموزی ١٩٩٩) لە دوای ڕاگرتنی ڕۆژنامەی "سلام" لە نێوان خوێندکاران و هێزە ئینتزامییەکان و کەسانی میلیشیای ناسراو بە لیباس شەخسی (واتا جل مەدەنی) ڕووی دا. چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران پێیان وایە لەم ڕووداوەدا حەوت کەس کوژراون و لە ناویاندا تەنیا ناسنامەی عێزەتوڵڵا ئیبراهیم نەژاد و فریشتە عەلیزادە ئاشکرا بووە. ئەنجوومەنی مانگرتووان لە بەیاننامەی ٢٦ی گەلاوێژدا کوژرانی تامی حامیفەری پشتڕاست کردەوە و ڕاشیگەیاند سەعید زەینالیش لەو کاتەوەی کە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکراوە، بێسەروشوێنە.

چاوی خوێندکارێک بە هۆی فیشەکەوە کوێر بوو و چەند کەسێکیش دەست و قاچیان شکا و زۆرێک لە خوێندکاران لێیان درا و دەستگیر کران. ناوی ئەکبەر ئینانلوو و سەییدمحەمەد فازڵ هاشمی لەم لیستەدا هاتووە. ئەم ڕووداوە وەک گەورەترین ئاڵنگاریی بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێران لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی (١٩٧٩ ز) ناو دەبرێت. دوای ئەوەی دۆسییەی قەتڵە زنجیرەییەکان ئاشکرا بوو، بەشێکی زۆر لە ئێرانیانی تاراوگە لەبەردەم باڵیۆزخانەکانی ئێران نارەزایەتیان دەربڕی و مانیان گرت. یەکێک لەو کۆبوونەوانە، کۆبوونەوەی زانکۆی سوواس لە لەندەن بوو، کە منیش تێیدا بەشداریم کرد.

هەر لەم ماوەیەدا، کە من لە سیاسەت هەڵدەهاتم و ئەویش وە دووم کەوتبوو، ڕووداوێکی سەیری دیکەش ڕووی دا. بەرپرس و نوێنەری یەکێک لە لقەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لەندەن دەژیا و ناسیاومان بوو. جاروبار کە کۆبوونەوەکان لە ناوچەکەماندا ئەنجام دەدرا، تەلەفۆنی بۆ دەکردم و دەیگوت: " ئەگەر لە ماڵەوەی،

لەگەڵ چەند کەسێک بۆ خواردنەوەی چا و دیدار و یەکتربینین دێینە ماڵەکەت،" هەندێک جار لە ماڵەوە بووم و دەمگوت بەڵێ لە ماڵەوەم، هەندێک جاریش لە ماڵەوە نەدەبووم و پێشنیارەکەیم ڕەت دەکردەوە. ڕۆژێکیان تەلەفۆنی کرد و وتی: "کامیل سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لێرەیە، ئەگەر لە ماڵەوە بی ئەوە ئێمە دێینە ماڵت!" کاک مستەفا هیجری کە هەتا ئێستاش سکرتێری گشتیی حیزبە، بۆ بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی ساڵیادی دامەزراندنی حیزب و وتاردان، هاتبووە لەندەن و دیارە منیش پێم خۆش بوو ببینم. ناوبراو دوای تیرۆرکردنی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێردرا.

کاک مستەفا هیجری لە شاری نەغەدە هاوشاری و دراوسێمان بوو. دیارە ئەو منی نەدەناسی، بەڵام دەمزانی باوکم و خزمەکانم دەناسێ و کاتێک قسەمان دەکرد هەموو خێزانەکەمی وەبیر هاتەوە. بەو ئۆتۆمبێلە بچووکەی کە تازە کڕیبووم، بردم بۆ کۆبوونەوەکە. ڕۆژی دواتر، بلیتی گەڕانەوەی هەبوو و هەمووان دەیانویست ببێتە میوانی ئەوان، بەڵام بە پێکەنینەوە وتی: "ڕەنگە لای کامیل بمێنمەوە، چونکە سەڵتە و هیچ بەرپرسیارێتییەکی نییە". وەلی شەوەکەی چووە شوێنێکی دیکە.

یەکێک لە یەکەم بەشداریە سیاسییەکانم لە لەندەن بە هاتنی کاک مستەفای هیجری و لە کاتی لەقاودرانی قەتڵە زنجیرەییەکاندا ڕووی دا. بڕیار وا بوو لە کۆبوونەوەی حیزبدا ڕێزلێنانێکیش بۆ فوروهەرەکان بگیرێت. لەم بۆنەدا بۆ یەکەم جار چاوم بە عەلیرەزا نووریزادە کەوت. ژنەکەی خەڵکی سنە بوو و مستەفا هیجری و کەسانی دەوروبەری دەناسی. گەلێ سیاسەتمەدار و چالاکی سیاسی لەوێ بوون، بەڵام ئەوەی بۆ من جێگای سەرنج بوو ئەوە بوو کە شاندی حیزبی دێموکرات لە لایەن ئامادەبووانەوە ڕێزی زۆر و تایبەتیان لێ گیرا. پێدەچوو پێگەی سیاسیی ئەو حیزبە لە لایەنەکانی دیکە بەرزتر بووبێ و نوێنەرەکانیان لە ئاستی سەرکردایەتیدا ئامادە بوون. بڕیار وا بوو هەموو لایەنەکان لە کۆبوونەوەی ڕێزلێنان لە فوروهەرەکاندا بەیاننامەیەکی نارەزایەتی پێشکەش بکەن. نوێنەری حیزبی دێموکرات لە لەندەن و چەند کەسێکی دیکە پێیان وتم: "ئێرانیی فارسی زمان لێرە زۆرن، لە چریکەوە بگرە هەتا دەگاتە موجاهید، چەپ و تووەدەیی. ئێمە ساڵانێکە ئێرانمان بەجێ هێشتووە، ناتوانین باش فارسی قسە بکەین و شێوەزارێکی کوردیمان هەیە، وەرە و تۆ بەیاننامەکە بخوێنەوە!"

"ئەزموونی خوێندنەوەی بەیاننامەم لەناو جەماوەرێکی زۆردا نەبوو. چەند سەد کەس لە ناو هۆڵی ئامفی تیاتری گەورەی زانکۆدا بوون و چەندین دەزگای ڕاگەیاندنیش هاتبوون. خوێندنەوەی بەیاننامە لەو فەزایەدا بۆ من قورس بوو و زۆرم دڵەڕاوکێ هەبوو. وام دەزانی ئەم کارەم بۆ ناکرێت. کاتێک نووریزادە درکی بەم شتە کرد، وتی: "کوڕم تۆ کوردی و ئەمە

بەشداریی تۆ لە خەباتە! تۆش زمانی فارسییەکە دەزانی و وەک نوێنەری گەلەکەت دەبێ بتوانی بە باشی بیخوێنیتەوە، دەی کەواتە دەتوانیت. زۆر کەس لە ئێرانییە غەیرەفارسەکان سی ساڵە لە ئێران نەماون و ڕەنگە وەکوو تۆ توانای خوێندنەوەی دەقێکیان بە زمانی فارسی نەبێت."

● وێنەی ١٧٨- خۆپیشاندانی دژ بە جەنگی ئەفغانستان/عێراق، ناوەندی لەندەن

" کاتێک هاتمەوە سەر خۆم، خۆمم بینی کە لە پشت مایکرۆفۆنێکەوە وەستاوم و وەک نوێنەری حیزبی دێموکرات بەیاننامە دەخوێنمەوە". لەبەردەم جەماوەر و کامێرای میدیاکان وەستابووم و بەیاننامەی حیزبی دێموکراتم دەخوێندەوە. دەمێک بوو کە بە زمانی فارسی قسەم نەکردبوو و تەنانەت دەرفەتی خوێندنەوەی بەیاننامەکەشم نەبوو، لە چەند شوێنێکدا زمانم گیرا و لە ترسان سەیری ئامادەبووانیشم نەدەکرد و سەرم داخستبوو. کە تەواو بوو ئامادەبووان چەپڵەیان لێدا و کاتێک هاتمە خوارەوە چەند پەیامنێرێک بەپەلە بەرەو لام هاتن. من بە شڵەژاوییەوە سەیرم دەکردن کە نووریزادە و یەک دوو کەسی دیکە لێم نزیک بوونەوە و گوتیان: ئەگەر پرسیارتان هەیە، بەرپرسانی حیزب لێرەن، بەڕێوەبەری بەرنامەکانیان پیشانی پەیامنێرەکان دا. هێشتا کاغەزی بەیاننامە و ڤیدیۆی کۆنفرانسەکەم لەبەردەستە. ئەو ڕۆژە زۆر نارەحەت بووم کە منیان خستە وەها دۆخێکەوە، هەستێکی دووفاقەم سەبارەت بەو ڕووداوە هەبوو، ئەوەی ڕووی دابوو هەم حەزم لێی بوو و هەم حەزم لێی نەبوو. دواتر کە سەیری ڤیدیۆی کۆبوونەوەکەم کرد، لەرزینی دەست و دەنگم، توڕەی کردم و لە ئەنجامدانی ئەو کارە پەشیمان بوومەوە!

هەموو سپاسیان کردم و دەستخۆشییان لێکردم کە زۆر باش خوێندوومەتەوە ... بەڵام خۆم ڕازی نەبووم. یەکێ وتی: "خۆزگە سەرت بەرز بگرتایە، بەڵام چاکتر لە ئێمە خوێندتەوە!"، پێم وایە پێنج خولەک زیاتر نەمامەوە، بەرگەی ئەو فەزایەم نەگرت و هاتمە دەرەوە. تەلەفۆنم بۆ هاوڕێیەکم کرد و گوتم: ئەگەر پێت بڵێم چی ڕووی داوە، سەرت دەماسێت. هەڤاڵی هاوڕێم دوای بیستنی بابەتی خوێندنەوەی بەیاننامەکە لە لایەن منەوە، وتی: "جا تۆ چ کارەی ناو حیزبی وا بەیاننامەیان بۆ دەخوێنیتەوە؟" و زۆر گڕوتینی بە ڕووداوەکە دا. هەڤاڵ، کوردی باشوور و خەڵکی ڕانییە بوو و زۆر خۆشی لە حیزبەکان و بەتایبەت حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان نەدەهات، ئەو و هاوڕێ ئێرانییەکەم بۆ تیتاڵی پێکردنم بە حیزبە کوردستانییەکانیان دەوت: "حیزبە یاپراخخۆرەکان"، کە تەوس و توانجیان لەوە

دەگـرت کـە تەنیـا بـە دەوری یـەکترەوە دادەنیشـن و دەخـۆن و قسـەی زل دەکـەن و هیچیش ناکـەن. هەتـا بەینێـک دوای ئـەم بەیاننامە، بە لای پرسـە سیاسـییەکاندا نەچـووم، بەڵام دوای چەنـد سـاڵێک بـە شـێوەیەکی فەرمـیتر بـام داوە بۆ لای پرسـە سیاسـییەکان.

چەکێک بە ناوی داری گسک

بەرنامـەی سـاڵیادی حیـزب لـە هۆڵـی وەرزشـیی گەڕەکـی وایـت سـیتی بەڕێـوە چـوو. هەرچەنـدە مـن ئەندامـی حیـزب نەبـووم، بـەڵام نەمتوانـی نکۆڵـی لـە هەسـتی دەروونیی خۆم و ڕێـزم بـۆ حیزبـی دێموکـرات بکـەم، حیزبێـک کـە بـە هـۆی چالاکیـی چەندیـن سـاڵەی لـە ناوچەکـە و زێـدی خۆمـدا، کاریگەرییەکـی بەرچـاوی لەسـەر جیهانبینـی و گەشـەکردن و تێڕوانینی سیاسـیم هەبوو و بۆ ئەوەش هەمیشـە سپاسـگوزاری ئەم بزووتنەوە و ڕەوتە سیاسـییە بـووم. جێگـری نوێنـەری حیـزب کـە هاوشـاریی مـن بـوو، بە مـن و کوڕێکـی دیکە کـە تەمەنی لـە مـن کـەمتر بـوو وتـی بـۆ پاراسـتنی ئاسـایش و ڕێگـری لـە هێـرش و تیرۆرکـردن لەبـەردەم دەرگاکـەدا پاسـەوانی بـدەن. گوتـم: "بـە چـی پاسـەوانی بدەیـن؟ ئەگـەر کەسـانێک نیـازی تیرۆرکردنیـان هەبـێ، بـە ئاسـانی دەتوانـن لـە بـەر دەرگاکە ئێمـە بکـوژن و بێنـە ژوورەوە. ئێمە چ لـە دەرەوە بیـن یـان لـە نـاوەوە بیـن، هیـچمان لەدەسـت نایـە و بـوون و نەبوونمـان هیـچ نابەخشـێت!" نەبوونـی بەرنامەیەکـی شـیاوی حیزبـی، نەبوونـی پاڵپشـتیی یاسـایی و گاردی پۆلیـس بـۆ دیپلۆماتکار یان کەسـایەتییەکی سیاسـی کە سـکرتێری گشـتیی حیزبێکی نەیاری کۆمـاری ئیسلامییـە، زۆر ئاشـکرا بـوو. لـە کۆتاییـدا گەیشـتنە ئـەم بیرۆکە چاکەی کە گسـک و تـەی (ماسـیحە) لای خۆمـان دابنێیـن و دڵخـۆش بین کە ئەگەر کەسـێک ویسـتی هێرش بکا، بـۆ بەرگریکـردن ئـەم ئامرازانەمـان لەبـەر دەسـت بێـت.

لەبـەردەم دەرگاکـە ڕاوەسـتاین و دوای نیـو کاتژمێـر بێبـاک بوویـن. ئـەو کات حیزبەکانـی کوردسـتانی ئێـران چەکیـان دانابـوو و بـە پێـی ئـەو ڕێککەوتنانـەی کـە لەگـەڵ هەرێمـی کوردسـتان و حکوومەتـی ئێـران ئەنجـام درابـوو، لـە نـاو خاکـی ئێرانـدا چالاکیـی سـەربازییان ئەنجـام نـەدەدا. واتـە بـە کـردەوە خانەنشـین ببـوون و لـە کەمـپ و بنکـە سـەربازییەکانی هەرێمـی کوردسـتان نیشـتەجێ بـوون. هەندێـک جار سـەرکردەی ئـەو حیزبانە سـیمینارێکی لـەو جۆرەیـان بـۆ ئەندامەکانیـان ئەنجـام دەدا.

ئـەو پێشـینە و ناسـینەی کـە مـن لەبـارەی حیزبـی دێموکراتـەوە هەمبـوو، لەگـەڵ ئـەوەی کـە لـە دەرەوەی ئێـران بینیـم زۆر جیـاواز بوو، لەنـاکاو هەمـوو چەکەکانیان دانابوو و بەشـێکی زۆریـان بـۆ ئەورووپـا کۆچیـان کردبـوو و ببـوون بـە هاووڵاتـی،. تەنهـا لە مـاوەی چەند سـاڵێکدا دوو سـکرتێری گشـتیی حـزب لـە دڵـی ئەورووپـادا تیـرۆر کرابـوون و ئێمـەش بـە گسـک

پاسەوانیمان بۆ سکرتێری گشتیی حیزب دەدا! بەسەرهاتێکی دڵتەزێن و کۆمیدی بوو. ئەو گۆڕانکارییانەی کە ڕوویان دابوو، کاریان کردە سەر زەینییەت و بیرکردنەوەم و لە لایەکی دیکەشەوە ئەو پرسیارەی بۆ من ورووژاند: کە بۆچی سیستەمی ئەمنیی وڵاتانی میواندار تەنانەت گاردێکی پۆلیسیش بۆ سکرتێری گشتیی حیزبێکی سیاسی تەرخان ناکەن؟

کاتێک ئەم حاڵەتانە لەگەڵ ڕوودداوی وەکوو تیرۆرکردنی دکتۆر قاسملوو لە نەمسا و دکتۆر شەرەفکەندی لە ئەڵمانیا بەراورد دەکەم، تەنیا یەک ئەنجام و هۆکارم دەست دەکەوێ کە ئەویش لاوازیی حیزبە کوردییەکانە لە لۆبیگەریدا. لە شەڕی چاڵدران[1] و لە گەرمەی شەڕی سەفەوی و عوسمانیدا، جوگرافیای کوردستان بوو بە دوو بەش و هەرگیز یەکی نەگرتەوە. لە سەردەمی دوای جەنگی جیهانیی یەکەم و دوای هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتی عوسمانی بە پێی ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ ئەم جوگرافیایە بەسەر چوار وڵاتدا دابەش بوو. بەپێی پەیمانی سیڤەر لە ساڵی ١٩٢٠ بڕیار وا بوو کە کورد ببێ بە خۆسەر و ئەم ئۆتۆنۆمییە دوای ساڵێک هەلی ئەگەری سەربەخۆبوونی هەبێت. لۆبیگەری و هەوڵی بێوچانی تورکەکان بە ڕابەرایەتیی مستەفا کەماڵ ئاتاتورک وای کرد کە بڕگەکانی پەیمانی سیڤەر هەڵبووەشێتەوە و بە پەیمانی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣دا سەربەخۆیی کوردستان بوو بە خەونێکی وەدینەهاتوو. هەم ئەو کات و هەمیش لە سەردەمانی دواتردا کورد لۆبییەکی بەهێزی لە ناو زلهێزەکاندا نەبوو و لە هەمان کاتیشدا هەمیشە لە ناو خۆیاندا ناکۆک بوون. لێکچوونێکی زۆر لە نێوان مێژووی کورد و جوولەکەدا هەیە و ئەگەر جوولەکە بۆتە خاوەنی وڵاتی ئیسرایيل ، دیارە ئەنجامی خەباتی ماندوونەناسانە و لۆبیگەری لە ناو ناوەندەکانی دەسەڵات بووە و ئەوەشمان لە بیر نەچێ جوولەکە لە باری دارایيەوە تێر و پڕن. ڕۆژاواییەکان تا ڕادەیەک بەرامبەر بە چارەنووسی دڵهەژێنی کورد لە شەڕەبەشی دوای جەنگی جیهانیی یەکەم هەست بە تاوانباری و بەرپرسیارێتی دەکەن، بەڵام نەبوونی یەکگرتوویی و بوونی پێکهاتەی عەشیرەیی و ئایینی و نەبوونی دەسەڵاتی لۆبیگەری وای لە کورد کردووە کە نەتوانن سوود لە ڕووداوەکانی وەکوو جینۆساید لەوانە "ئەنفال" و حەڵەبچە وەربگرن و قەناعەت بە دنیای ڕۆژاوا و زلهێزەکان بێنن بۆ ئەوەی پاڵپشتی لە سەربەخۆیی گەلی کورد بکەن، حیزبە کوردییەکانیش کە لە قاڵبێکی فەرمیدا نوێنەرایەتیی حەشیمەتێکی زۆری کوردان دەکەن گرفتاری لاوازیی لۆبیگەری کورد لە ڕۆژاوان و کاریگەرترین کەسایەتییە سیاسییەکانی خۆیان لەدەست داوە، نەیانتوانیوە زۆر داواکار و پرسیارکەر بن و هەر لەبەر ئەوەش نەیانتوانیوە ئەو حکوومەت و ڕژێمەی کە ستەمیان لە کورد کردووە ناچار بە وڵامدانەوە بکەن. شلگرتن و لاوازی لە ئەنجامدانی هەندێک مەراسیم و خۆپیشاندان وای

١ . کوردانی ڕەسەنی ئەو ناوچە بە چاڵدران دەڵێن چل‌دێران کە ڕەنگە چاڵدران تورکیزەکراوی چل‌دێران بێت.

کردووە کە ئەو خاڵە لاوازانە دەربکەوێ کە بە گشتی ڕەگ و ڕیشەی لە کارکردی لاواز و هەندێکجار نادروستی حیزبەکاندایە.

خەڵکناسی لە هۆتێل و پەیکی ماتۆڕی!

فەزای ڕۆژاوا بە گشتی منی گۆڕی. پیشەی جیاوازم تاقی کردەوە و کەسانی جۆراوجۆرم ناسی. بەریەککەوتن لەگەڵ نەتەوە و تەنانەت کوردانی چوار پارچەی کوردستان گۆڕانکاریی زۆری لە منـدا دروست کرد. هەر وا کە لە سیاسەت دوور دەکەوتمەوە و هەوڵی دروستکردنی ژیانێکی نوێم دەدا، پیشەگەلێکم ئەزموون کرد کە فێری کردم چۆن مرۆڤەکان بناسم و لێیان بڕوانم.

جارێکی تر ئیشەکەمم گۆڕی. جارێکیان لە ڕۆژنامەدا ئاگاداریی دامەزراندنی پەیکی ماتۆڕی (گەیاندن بە ماتۆڕ)ی پیتزافرۆشیی هاتم بینی و لەبەر ئەوەی یەکێک لە لقەکانی ئەم ڕیستورانتە زنجیرەییە لە نزیک ماڵەکەم بوو، داوای کارم کرد و دوای دیمانەیەکی کورت وەرگیرام. مۆڵەتی ماتۆڕ لێخوڕینم هەبوو و دەمتوانی بەم کارە پارەی زیاتر بەدەست بهێنم. ماڵاواییم لە هۆتێلی ڤیکتۆریا کرد و دەستم بە کارێکی تازە کرد. خۆم کاتەکانی دەوامم هەڵبژارد و دوای زانکۆ دەمتوانی پیتزا لە نزیک ماڵەکەم بگەیێنم. بۆ ئەم کارە لە کاتژمێرێکدا سێ پاوەند و نیوم وەردەگرت. چەند ڕۆژی یەکەم کارەکەم بۆ قورس بوو، چونکە لە کارکردن لە پشت مێزێک لە هۆتێلەوە بووم بە ماتۆڕی گەیێنەری پیتزا.

لە کۆتایی هەفتەدا کار زیاتر بوو و هەندێک جار وا پێش دەهات کە دەبا خواردن بۆ ئاهەنگێک یان خێزانێک ببەم و پارە وەربگرم. کاتێک خەڵکێکی زۆر داوای پیتزایان دەکرد، دەمانزانی ئەوە ئاهەنگ یان میوانییە و دوای ئەوەی خواردنەکەمان دەگەیاند، چەند پاوەندێکیان پێ دەدایـن کە ماندووییتیمان دەحەساوە. دەمانزانی کەی کەسی بەرامبەر دەست دەکاتە گیرفانی کە بڵێ پارەی وردی نییە و یان چ کاتێک مشتەری پارەی پێ دەدایـن. بە ئەنجامدانی ئەم کارە هەندێک لە تایبەتمەندییە ڕەفتارییەکانی خەڵکم هاتە دەست و بۆم دەردەکەوت کێ پارەی شاگردانە دەدا و کێ پارەی هەفتەکەی کۆ کردۆتەوە و داویەتی بە پیتزا و ئیتر پارەی شاگردانەی نییە، کێ بەڕاستی میهرەبانە و بە هەر شتێک کە هەیەتی وەکوو شیرینی و یان شتی لەو جۆرە میوانداریت دەکا و ... .

کاتێک داواکارییەکم دەبرد، لەگەڵ ژینگە جیاوازە خانەوادەیی و فەرهەنگییەکان ئاشنا دەبووم و حەسرەتی بێکەسی، دڵی دەخواردم. کاتێک دەچوومە ماڵی کەسە نائینگلیزییەکان، هەوڵم دەدا جیا لە ڕووخسار و زاراوەیان بە پێی ڕواڵەت و دیکۆراتی ناو ماڵیان، نەتەوەکەیان مەزەندە بکەم. ئەم خولە بۆ من وەکوو خولی خەڵکناسی و نیشانەناسی بوو. لەو چەند

کاتژمێرەی کە لە دەوامی کار بووم، نزیکەی بیست ماڵ دەچووم و شێوازی ژیان و ڕووداوی جیاوازم دەبینی کە بە لامەوە سەرنجڕاکێش بوون. ژنێک بە چاوێکی ڕەشەوە دەهاتە بەر دەرگاکە و دیار بوو مامەڵەی خراپی لەگەڵدا کراوە، ئەوانەی مادەی هۆشبەریان بەکار دەهێنا یان سەرخۆش بوون و قسەی توند و ناشیرینیان دەکرد. ئەو هاوسەرانەی کە پێکەوە خۆش بوون یان ئەو خێزانانەی کە بە دەوری یەکەوە بوون، پیرەژنێک کە بە گۆچانەوە دەهات بۆ ئەوەی پارەکەی بدا و هەتا پارەکەی دەدا بە دەستمانەوە گیانمان دەردەچوو. تاقمی گەنجانی ئاهەنگێک کە پێکەوە سەمایان دەکرد و داوایان لێدەکردی کە پیتزاکانیان بۆ لە چێشتخانە دابنێی، چێشتخانەیەکی شپرزە و شێواوی پڕ لە شووشەی مەی و بیرەی بەتاڵ و هەندێک جاریش مادە هۆشبەرەکان. ئەمە زیاتر کارێکی خوێندکاری بوو، زۆر نەمامەوە و دوای ماوەیەک ئەم ئیشەشم گۆڕی.

● وێنەی ١٧٩- گەیاندنی پیتزای هات، لەندەن

تەختیخەوی یەککەسی و ڕێکخستنی سێکسی ژاپۆنییەکان

پێشتریش لە هۆتێلدا ئیشم کردبوو و دەمزانی شتێکی وای بۆ من تێدا نییە، بەڵام ئەگەر بمتوانیبایە ئاستی پێگەی خۆم لەم کارەدا بەرز بکەمەوە، چ قەیدی بوو کە دیسان ئەزموونی بکەمەوە؟ هەندێک گۆڤاری هۆتێلداریم کڕی و خوێندمەوە و بەدوای هەلی کاردا دەگەڕام. هۆتێلەکان بڕوانامەی بەڕێوەبردنی هۆتێلیان دەویست، بەڵام من چشم لە هەموو شتێک کرد و چوومە یەکێک لە هۆتێلە نزیکەکان. ئەم هۆتێلە لە ماڵەکەم نزیک بوو و تەنانەت دەمتوانی بە پێ بچمە ئەوێ. هۆتێلی ڕەڤێنزکۆرت پارک کە ئێستا بۆتە هۆتێلی "پریمییێر ئین". دوانزە نهۆمی هەبوو و هەمیشە پڕ بوو لە گەشتیارانی ئەمریکی و ئەورووپی و ژاپۆنی. لە گەڕەکێکی گونجاوی شارەکەدا هەڵکەوتبوو و بە هۆیەوە گەشتیاران ئاسانتر دەستیان بە ناوەڕاستی شاری لەندەن دەگەیشت.

چوومە ژوورەوە و داوای فۆرمی دامەزراندنم کرد. بۆ دیمانەی حوزووری بانگهێشت کرام و لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەی قسەم کرد. پیاوێکی چوارشانی بەهێز و ماسولکەدار بە ناوی ڕەشید بوو کە عەرەب و خەڵکی میسر بوو و هاوسەرەکەشی خەڵکی باشووری بەریتانیا بوو. هەر کە منی بینی لێی پرسیم خەڵکی کوێیت؟ گوتم: کوردم. هەستم کرد ڕەفتاری گۆڕا، بەڵام

زۆری نەخایاند و هاتەوە سەر حاڵەتە ڕەسمی و ڕژدەکەی خۆی. تێکەڵێک بوو لە عەرەبێکی نەریتخواز و هۆتێلدارێکی لێهاتووی بەریتانی و ئەوەش ترسناک بوو. دوو جار دیمانەی لێ وەرگرتم و وتی: "لەبەر ئەوەی ئینگلیزی قسەکردنەکەت باشە و ئەزموونی کارکردنیشت لە هۆتێلدا هەیە، داتدەمەزرێنم." سەرەتا وەک کارگێڕ دامەزرام. وتی ئەگەر باش کار بکەی پلەت بەرز دەکەمەوە و دەتنێرمە بەشی ڕێزێرواسیۆن. کارێکی جوان و فانتێزی بوو، زۆر دۆستانە لێیان وازم لە پەیکی ماتۆڕیەکە ، کە یەکێک لە بەڕێوەبەرەکانی جەوانێکی مێهرەبانی ئێرانی بوو، هێنا و لە هۆتێلەکەدا دەستم بە کار کرد. سەرەتا کارەکەم پێدان و وەرگرتنی ژوورەکان بوو و لەگەڵ سیستەمێکی نوێی تەکنەلۆژیای هۆتێلداریدا ئاشنا بووم.

لە هۆتێلەکانی پێشوودا شتەکان بە دەستی ئەنجام دەدرا، بەڵام لێرە سیستەمێکی ئەلیکترۆنی، ئیمەیڵی و تۆمارکردنی کۆمپیوتەریمان هەبوو. جلوبەرگی یەکپۆشمان لەبەر دەکرد، خولی ڕاهێنانمان دەبینی و کۆبوونەوە و بۆنەی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرا کە زۆر شتیان دەربارەی بەڕێوەبردنی هۆتێلەکان فێرمان دەکرد. گەورەترین دەستکەوتی کارکردن لەم هۆتێلەدا بۆ من زیاتر ناسینی نەتەوە جیاوازەکان و فەرهەنگەکانیان بوو. فەزای هۆتێلەکە بۆ من شێوەی بچووککراوی جیهان بوو و لەوێ دەمتوانی خەڵکی نەتەوە و کۆمەڵگا جیاوازەکان ببینم و لە ڕەفتار و ڕەوشت و هەست و دابونەریت و قەدەغە و بڤەکانیان تێبگەم. لە هەموو جیهانەوە، جگە لە ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەهاتنە ئەم هۆتێلە و منیش بەردەوام پەیوەندیم لەگەڵ دەگرتن و دەمدواندن. ئیدی شارام و وەسواسەکەی و سنووردارکردنەکانی لە ئارادا نەبوو و منیش ڕازی بووم. بەگشتی، لە کاتی شیفتی شەوان و پاشنیوەڕۆدا کاتی گفتوگۆمان هەبوو و بەشێکی دیکەی جیهانی ئینگلیزی زمانی، وەکوو ئوسترالیا و نیوزیلاندم ناسی و زیاتر ئاشنای ئەمریکا بووم.

هەر لەو کاتەدا ئاشنای ئاسیاییەکان و بەتایبەت ژاپۆنییەکان بووم و بووە هۆی ڕووداوێک کە لەسەری سزا دەدرام. گەشتیارانی ژاپۆنی هەمیشە بە دوو یان سێ ئوتووبووس، زۆر ڕێکوپێک لەلایەن ئاژانسێک بە ناوی گالیلەوە دەهاتنە هۆتێلەکە. یەکیەک ناوی سەرنشینانی گەشتەکەمان تۆمار دەکرد و ژوورمان پێدەدان. سەرەتای ئیشکردنم لەو هۆتێلە بوو و بەرپرسی گەشتەکەیان هاتبوو بۆ دابینکردنی ژوور. من تەنیا بووم، ناوەکانم لە سیستەمەکەدا تۆمار دەکرد و ژوورم بۆ گەشتیاران دابین دەکرد. من بینیبووم کە بەڕێوەبەری هۆتێل، ژاپۆنییەکانی دەنارده چەند نهۆمێکی تایبەت، یان فەڕەنسییەکان بۆ نهۆمێک و... بەڵام هەرگیز لێم نەپرسیبوو بۆچی وا دەکات. پاش نزیکەی مانگێک، مسافرەکان گەیشتن. من ئەو ڕۆژە شیفتم نەبوو و لە ماڵەوە دانیشتبووم کە هاوکارەکەم تەلەفۆنی کرد و وتی: "وەرە کە خراپەکاریت کردووە"! بەپەلە چوومە هۆتێل، کە لە خوار شەقامی لای ماڵەکەم بوو، ئەگەر سەیرم کرد کۆمەڵێک گەشتیاری ژاپۆنی ڕاوەستابوون و بەڕێوەبەری بەشی

ناوەوەی هۆتێلەکە کە ناوی زوبەیری بوو، دەگوڕێنێ و تووڕەیە. زوبەیری لەگەڵ بەڕێوەبەری دووەمی هۆتێلەکە فەڕەنسییەک بە ناوی تێری بوو، پەیوەندیی خۆشەویستی هەبوو. هەر دووکیان ئێڵ.جی.بی.تی (پەلکەزێڕینەیی) بوون و لەو کاتەدا بەهۆی کێشەکانیانەوە لە یەکتر جیا دەبوونەوە. فەرمانبەرانی هۆتێلەکە دەیانویست بە شێوەیەکی مۆدێرن مامەڵە لەگەڵ پەیوەندیی نێوان ئەو دوو کەسەدا بکەن، بەڵام نەیاندەتوانی و لە بارەیانەوە سرت و خورتیان هەبوو. بەتایبەت چەند کەسێک کە مەسیحیی باوەڕمەندی خەڵکی ئەسیوپیا و ئێریتریا بوون. زوبەیری عەرەبێکی جەزاییری بوو، لە ئەڵمانیا هاتبووە دنیا و لە فەڕەنسا گەورە ببوو.

کە گەیشتم گوڕاندی: "کامیل ئەو گەندکارییە چییە کردووتە؟ بۆچی ژووری تایبەتی ژاپۆنییەکانت پێیان نەداوە؟" وتم: " ژووری ژاپۆنی چی و شتی چی؟ " وتی: "بۆ نازانی ژاپۆنییەکان نابێ تەختی دووکەسییان پێ بدەی؟" ئەمانە زیاتر لە سەر تەختی یەککەسی دەخەون، تەنانەت لە سەر عەرزیش هەر وا لە ناو پێخەفی یەک کەسی دەنوون." وتم دەی بۆچی ئەمەتان بە من نەگوتبوو؟ وتی: " بۆچییەکەی دانێ بۆ دوایی". دەستمان کرد بە گواستنەوەی ژوورەکان و ژاپۆنییەکانمان لەو ژوورانە جێ کردەوە وا تەختی یەک کەسییان تێدا بوو. بە هەندێکیانیشمان گوت شەوی دووەم ژوور بە تەختی یەک کەسیش بە ئێوە دەدەین، چونکە ئیتر تەختی تاکەکەسیمان نەبوو. من نەمدەزانی زۆربەی ژاپۆنییەکان جەخت لەسەر ئەم بابەتە دەکەنەوە و زۆربەی خەڵکی کەڵەشارەکان و هەروەها هەندێک کەسی نێوانساڵ پێیان وایە کە خەوتن لەسەر جێگەی دوو کەسی، ئۆقرەیی کەسێکی دیکە تێک دەدا و دەیشەمزێنێ و وا دەکا ڕۆژی دواتر کارەکانی باش ڕانەپەڕێت. تەنانەت زۆر جار لەسەر زەوی دەخەون، ڕێک وەکوو زۆربەی خەڵکی کوردستان. ئەوان وایان پێ چاکترە کە لەسەر تەختی تاکەکەسی بخەون و تەنیا لە کاتی جووتبوون و سێکسدا لەسەر یەک جێگا بن. پاشان هەر کەسێک لەسەر جێگاکەی خۆی بخەوێت. ئەمە وا دیارە لە بەڕێوەبردنی هۆتێلەکاندا پرسێکی باو و لە زانیارییە گشتییەکانە کە هەمووان دەیانزانی هەر من نەبێ!

هاوماڵەکانی من

کارکردن لە هۆتێل کاریگەریی لەسەر شێوازی ژیانم دانا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمی گۆڕی. کەشوهەوای هۆتێلەکە فرەفەرهەنگ بوو و کارمەندەکانی لە نەتەوە جیاوازەکان بوون. هاوڕێی نوێم دۆزیبۆوە و هەتا ئێستاش لەگەڵ هەندێکیان هاوڕێم. لەم هۆتێلەدا یەکەم هاوڕێیانم ئیسپانییەکان بوون. یەکێکیان جۆردی بوو کە دواتر بوو بە پارێزەرێکی

بەناوبانگ و لەگەڵ پارێزەرێکی دیکە بە ناوی سیلڤیا هاوسەرگیری کرد. لە ڕێگەی جۆردییەوە، پێکۆ و پاشان ئیسپانییەکی دیکەم ناسی بە ناوی خۆرخە، کە ئێستا پاڵەوانی بواری وەرزشی ڕاکردنە لە وڵاتی ئیسپانیا. دوای ماوەیەک من و جۆردی هەر لەو هۆتێلەدا دوو کچی خەڵکی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتمان بە ناوەکانی، منویلا و دێنیز ناسی و زوو بووین بە هاوڕێیەکی نزیک. دوای ماوەیەک فێربووم کە لە ماڵدا بە شێوەیەکی سنووردارتر بژیم و ژووری نووستنەکەم بە کرێ بدەم. ئەم کارە بۆ خوێندکارانی بەریتانیا ئاسایی بوو. چێشتخانەیەکی هاوبەش هەبوو و ژووری میوان و ژووری نوستنمان وەک دوو ژووری جیاواز بەکار دەهێنا. دوای ئەم ئەزموونە بوو کە زۆر جار هاوماڵم هەبوو. جاری وا بوو کچ، یان هەندێک جار کوڕ، هەندێک جار خێزانێکی دوو کەسی و جار جاریش هاوماڵی دووکەسی و هتد ...

وێنەی ١٨٠- من، جۆردی و بێلینی خوشکی لە بارسێلۆنا، ئیسپانیا، ٢٠٠٥

جۆردی یەکەم هاوماڵی فەرمیم بوو. دوای ماوەیەک وتی کە یەکێک لە هاوڕێیانی تازە هاتووە و بەدوای جێگایەکدا دەگەڕێ، ئەگەر کێشە نییە با بۆ ماوەیەکی کورت لەگەڵمان بژی. پێم وت ئەگەر ویستت بیبە ژوورەکەی خۆت، چونکە من ژووری دیکەم نییە. پەکۆ هات، بەڵام جۆردی نەیبردە ژوورەکەی خۆی. چونکە پرخەی دەهات و پیاوێکی هەیکەلی بوو. دوای چەند ساڵێک کاتێک بۆ ئاهەنگی دەستگیرانییەکەی لەگەڵ پیاوێک، بانگهێشتی کردین، بۆمان دەرکەوت هاوڕەگەزخوازە و زۆرمان پێ سەیر بوو. ئەو توانیبووی بە نهێنیکاریی حەز و ویستی ڕەگەزیی بشارێتەوە. بە پێچەوانەی ئەوەی کە گومانی دەکەین، ئەم پرسە بۆ زۆر کەس لە جیهاندا یەکلایی نەبۆتەوە. لەو ساڵانەدا کەشەکە لە ئێستا چەقبەستووتر و داخراوتر بوو و لە وڵاتانی باشووری ئەوروپاش خەڵک ئەم پرسەیان بۆ قبووڵ نەدەکرا.

ڕۆژێکیان نیوەڕۆ لە کار گەڕامەوە بۆ ماڵەوە و بینیم پەکۆ لەسەر دۆشەکێک لە ڕێڕەوە تەسکەکەی نێوان ژووری نوستن و ژووری میوان خەوتووە و جۆردی دۆسیتشی بە تەنیا لە ژوورەکەی خۆیدا بوو. چوومە چێشتخانە و بینیم پەکۆ گۆرەوییەکانی لەناو سینکی قاپشۆرەکەدا تەڕ کردووە بۆ ئەوەی بیشوات. تووڕە بووم و بۆڵاندم بە جۆرێک کە جۆردی نەیوێرا لە دیوەکەی بێتە دەرەوە. من زۆر وەسواس و هەستیار نیم بەڵام ڕەفتارەکەیم پێ

دروست نەبوو. بە جۆردیم گوت: ئەمە چییە لەگەڵ خۆت هێناوتە ناو ئەم ماڵە؟ تۆ دەڵێی چەند هەفتەیەکە بەدوای کاردا دەگەڕێ، هێشتا لەم لەندەنە گەورەشارە ئیشێکی پەیدا نەکردووە. هەر پاڵی بۆ دەداتەوە و جگەرە دەکێشێ و سەیری فیلم دەکات. بە تووڕەییەوە لە ماڵ دەرچووم و کاتێک گەڕامەوە، وتی پەکۆم دەرکردووە. شەرمەندە و دڵتەنگ بووم. پەکۆ زمانی ئینگلیزی باش نەدەزانی و کار و داهاتی نەبوو، نەمدەتوانی هەر وا وازی لێ بێنم. هەرچی تەلەفۆنمان بۆ مۆبایلەکەی کرد، موبایلەکەی کوژابۆوە. زۆر بە دوایدا گەڕاین هەتا ئەوەی کە لە وێستگەی شەمەندەفەری هامەرسمیت بە خەمگینی دۆزیمانەوە. ڕوومەتیمان ماچ کرد و بیرەیەکی فێنک و هەمبەرگەر و چیپسمان بۆ کڕی و بردمانەوە ماڵەوە. پەکۆ بوو بە یەکێک لە باشترین هاوڕێکانمان.

بەشی سێیەم
ئەزموونە نوێکان و دووبارە دروستکردنەوە

● وێنەی ١٨١- من بە تیشێرتی: شانسێکی دیکە بدە بە ئاشتی

ئەزموونەکانی ژیان فۆرم و بیچم بە ئێمە دەدەن و دەمانخولقێنن، بەڵام دەستنیشانکردنی ئەوەی کە کام ئەزموون خۆمان هەڵمانبژاردووە و کامیان نەخوازراوانە هاتوونەتە سەرەڕێمان کارێکی هەر وا ئاسان نییە. بۆ نموونە من خۆم دەزانم لە بەریتانیا بۆ دابینکردنی تێچووی خەرجییەکانم کاری جیاوازم هەڵبژارد و هاوکاتیش بڕیارم دا لە هاوینەکاندا لەگەڵ دەزگای خێرخوازیی ئۆکسفام گەشتێک بۆ ئەفریقا بکەم بۆ ئەوەی یارمەتی کەسانی دیکە بدەم کە ژیانێکی ئاسوودەتریان هەبێ، بەڵام هەرگیز بە خەیاڵمدا نەدەهات کە ئەم گەشت و هەوڵانە بۆ بەشداریکردن لە چالاکییە مرۆییەکان، بەشێکی گرنگی چالاکییە پیشەییەکانم لە قاڵب دەدەن و ڕێگای نوێم بۆ دەکەنەوە.

ئێستا کە دەستم بە کاری ڕۆژنامەوانی کردبوو و هەوڵم دەدا بە شێوەیەکی شیکاری و ڕەخنەییانە سەیری هەموو شتێک بکەم، بوونم لە ناو فەزایەکدا کە لەگەڵ ژیانی ئارام و پڕ لە هێمنایەتی خۆم لە لەندەن جیاوازیی هەبوو، زیاتر سەرنجی ڕادەکێشام و تا دەهات زیاتر و زیاتر سەرقاڵی فەزای دەوروبەرم دەبووم. من و ئەورووپییەک وەکوو یەک سەیری هەژاری و ئاوارەیی و جەنگ و بەدڕفتاریی فەرهەنگی و زۆر شتی تری ئەفریقامان نەدەکرد.

من لە ژینگەیەکی هاوشێوەدا گەورە ببووم و بە تێپەڕین لە چەندین سەختی و

گەشتێکی مەترسیدار بۆ دەرەوەی وڵات، ژینگەمم گۆڕیبوو، بەڵام ئەورووپییەکان ئەزموونی لەم جۆرەیان نەبووە. هەندێکیان بە میهرەبانییەوە هەوڵیان دەدا بۆ هەرچی باشترکردنی دۆخی وڵاتێکی دیکە تێبکۆشن، بەڵام من جگە لەوەی هەوڵم دەدا یارمەتییان بدەم، گیرۆدەی ڕابردووشم بووم. هەموو شتێکم وەبیر دەهاتەوە، بەڵام بە تێڕوانینێکی جیاواز لە پێشوو. ئیتر بیرکردنەوەم بەرامبەر بە جوگرافیای لەدایکبوونم و ڕووداو و کێشەکانی دەستەمۆ نەبوو. هەوڵم دەدا بۆ هەموو ئەو شتانەی کە لە ڕابردوودا ڕوویان داوە شیکارییەک بدۆزمەوە و خۆمم بەڕۆژ دەکردەوە.

ئەزموونی کار لە ئۆکسفام

لە نزیک ماڵەکەم ڕێکخراوێکی خێرخوازی هەبوو بە ناوی ئۆکسفام کە لە دووکانێکدا کەلوپەلی دەستی دووی دەفرۆشت. خەڵک ئەو کەلوپەل و جلوبەرگانەی کە نەیاندەویست بە دیاری دەیانبەخشی بە ئۆکسفام و ڕێکخراوە خێرخوازییەکانی دیکە. ئەو جلوبەرگانە بە هەرزان دەفرۆشران و هەندێک جاریش بەسەر خەڵکی نیازمەند و هەژاردا دابەش دەکران. بەرنامەیەکی هاوینەیان هەبوو کە خۆبەخشان و یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتییان دەنارد بۆ وڵاتانی ئەفریقا بۆ لوولەکێشیی ئاو، دروستکردنی خانوو، ئاودێریی مەزرا و کێڵگەکان، بەتواناکردن و هتد. منیش جیا لە کاری خۆبەخشی لە دووکانەکەدا، چەند هاوینێکیش لەگەڵیان چووم بۆ سوودان و کینیا و نەیجیریا و وڵاتانی جۆراوجۆر. کە قەزائەن یەکێک لەو تۆمەتانەی کە لە دەستگیرکردنی ئەم دواییەمدا خستیانە پاڵم، هاوکاریکردن لەگەڵ ئەم ڕێکخراوە بوو. بازجووەکانم لە کاتی لێپێچینەوەدا سوور بوون لە سەر ئەوەی کە ئۆکسفام ڕووکەشێکە بۆ سیخوڕی و کاری تێکدەرانە لە سەرانسەری جیهاندا. پلانەکە ئاوا بوو کە ئێمە لە وڵاتێکدا سەرقاڵی هاوکاری و یارمەتیدان (فریاگوزاری) دەبووین و ئەگەر بەرنامەیەکی هاوشێوە لە وڵاتێکی دی ئەو ناوچەدا هەبایە، ئەوا دەچووینە وڵاتی دووەمیش. لەم گەشتانەدا خانوومان چێ دەکرد و دارمان دەبڕییەوە و کاری دارتاشیمان دەکرد. لە پاڵ ئەم کاروبارانەدا فێری ئایین و فەرهەنگی باوی ئەو وڵاتانەش دەبووین و بە جۆرێک ئاڵوگۆڕی فەرهەنگیمان دەکرد. ئەم خولە بۆ من ئەزموونێکی ناوازە بوو، ژیانێک کە تەواو لەگەڵ شێواز و سیستەمی کارکردنی ئەورووپایی جیاواز بوو و وای لێکردم کە لە نزیکەوە ژیانی قوربانیانی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان ببینم و هەستیان پێ بکەم و بتوانم لە مێشکی خۆمدا وێنەیەکی ڕاستەقینەیان لێ وێنا بکەم.

ئەم سەفەرانە لە فۆرمگرتنی بیرۆکەی توێژینەوەکانمدا ڕۆڵێکی گرینگیان هەبوو و لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە کێشە و زیانەکانیان پیشان دام. هەر لەم سەفەرانەدا بوو کە بۆ

یەکەمجار سەرنجم پرژایە سەر پرسی خەتەنەی ژنان/ کچان یان شێواندن/بڕینی ئەندامی زاوزێی ژنان، و بینیم گرووپە تەکووز و ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و یونیسێف بە ئۆتۆمبێلی پاترۆڵی تەیارکراو، وۆرکشۆپی بەردەوامیان لە گوندەکاندا وەڕێ دەخست بۆ ئەوەی لەبارەی دابونەریتە هەڵەکانی وەکوو خەتەنەکردنی کچان و منداڵهاوسەری ئاگاداریان بکەنەوە.

●وێنەی ١٨٢- فریاگوزاری لە ئۆکسفام، ئەفریقای ناوەندی، ٢٠٠٣

لەم بەرنامانەدا ژن و پیاویان لە گۆڕەپانی گوندەکاندا کۆ دەکردەوە و هەوڵیان دەدا لەسەر زیانەکانی خەتەنەکردنی کچان و ژنان یان هاوسەرگیریی منداڵان ڕاهێنانیان پێشکەش بکەن. هەروەها لەگەڵ پیاوانی ئایینی قسە بکەن و سەری دانوستان لەگەڵ کوێخا و سەرکردە کۆمەڵایەتییەکان بکەنەوە. ئەو فەرهەنگەی کە لەو وڵاتە ئەفریقیانەدا بەدیم کرد بە لامەوە شتێکی نامۆ نەبوو و بە ئاسانی دەمتوانی پەیوەندی پێوە بکەم. پێشتر زۆرێک لە کێشەکانی ئەو کۆمەڵگایانەم لە ئێراندا ئەزموون کردبوو و پێم تازە نەبوو. خەتەنەکردنی ژنان و کچان لە هەندێک لە ناوچەکانی کورستاندا ئەنجام دەدرا و تەنانەت لە خێزانەکەی خۆمدا کچان و ژنان خەتەنە کرابوون و منداڵهاوسەری یان هاوسەرگیریی منداڵ، لای من پرسێکی ئاشنا بوو کە چەندین جار لە ژیانمدا شاهیدی بوومە. ئەم گەشتانە بینینی ڕاستەوخۆی بابەتە ناسراوەکان بوو و بووە هۆی ئەوەی هەندێک بیرۆکە و ئاراستەی توێژینەوە مەیدانییەکانم فۆرم بگرێت.

● وێنەی ١٨٣- هێڵی سنووریی سوودان و میسر، ٢٠٠٣

ئەم گەشتانە کاریگەرییان لەسەر ئاراستەی ئەکادیمی و پیشەیی من دانا و بەرەو ڕاپۆرتنووسی و ڕۆژنامەگەریی بە ڕوانگەیەکی شیکاریی ئێتنۆگرافی و خەڵکناسی بردمیان. سەرباری ئەوەی متمانەم بە خۆم نەبوو کە لەبارەی ئەزموونی خۆم لە ئەفریقادا، بۆ ڕۆژنامە ئاست ناوەندییەکانی بەریتانیا بابەت بنووسم. دەستم بە ڕۆژنامەگەریی

ئازاد کرد و تێبینی و وتارم بۆ ئۆکسفام و چەند ماڵپەڕێکی[1] دیکە نووسی. لە گەشتەکانم بۆ ئەفریقا، هەر گەشتێک کە دەچووم هەندێ بابەتم لەسەری دەنووسی و لە شوێنە جۆراوجۆرەکاندا بڵاو دەکرانەوە. یەکێک لەو شوێنانەی کە من حەزم لێی بوو، ماڵپەڕێکی چەپی سۆسیالیستی بوو بە ناوی "ئەندی میدیا" کە دەزگایەکی میدیایی سەربەخۆ بوو و بۆ ئەو لاوانە باش بوو کە ڕوانگەی چەپ و سۆسیالیستییان هەبوو. دواتر ڕاگەیاندنەکانی دیکەشی پێ زیاد بوو و وردە وردە لە میدیا کوردییەکان کە زۆربەیان هی باشوور و باکووری کوردستان بوون، بابەتم بڵاو دەکردەوە و وەک هەواڵنێری میدیاکان و ئاریکارێکی کۆمەڵایەتی لە ئەفریقا بەردەوام بووم.

چەند ساڵ پێش، گیرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، لە دامەزرێنەرانی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیاوە (پەکەکە)، دیسان کەڵکەڵەمی بۆ نەتەوە و شوناس زەقتر کردبۆوە. هەرچەند سەرقاڵی گەشتکردن بە جیهاندا بووم و کەیفم پێی ساز دەبوو، بەڵام فێر دەبووم کە لە شیکردنەوەکانمدا سەرێکیش لە کوردستانی گەورە بدەم. هاوڕێی نوێم، ئێقباڵ، کە لە تورکانی بولگارستان بوو، منی بۆ ئەم چەشنە شیکارییانە دنە دەدا. ئێقباڵ کەمێک ڕوانگەی ناسیۆنالیستی و پانتورکی هەبوو. هەندێک جار شاخمان تێک دەگیرا و وەک خۆی دەیگوت لە خەوی ڕادەچڵەکاندم و ختیلکەی دەدام. لەو ماوەدا بۆم دەرکەوت کە باشتر وایە لە سەر ئەو ناوچانە بنووسم کە لێیەوە هاتووم. پاشان بیرم لەوە کردەوە کە ساڵانێکە لە ژینگە ڕەسەنەکەم دابڕاوم و پەیوەندییەکی ئەوتۆم لەگەڵی نەماوە. هەر ئەو ساڵە بوو کە شەڕی ئەفغانستان هەڵگیرسا و خۆپیشاندانێکی دەیان هەزار کەسی لە لەندەن بەڕێوە چوو. بەردەوام بیرم لە ڕێگایەک دەکردەوە کە بگەڕێمەوە و پەیوەندییەکی دەروونی لەگەڵ ڕابردووم ساز بکەم. گەڕانەوە بۆ ڕابردوو کەڵکەڵەیەک بوو کە لە ناخەوە دەیوروژاندم و خاڵی بەرامبەری ئەو بەڵێنەی بوو کە بە خۆمم دابوو؛ بڕیار وا بوو بە لای سیاسەتدا نەچم، بەڵام وا دیار بوو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سیاسەت بانگی لێ دەکردم.

گەڕانەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەکان

کاک مراد کوڕی مام حەوڵا لە ئەمریکا دەژیا. پێی خۆش بوو بنەماڵەکەی ببینێ، بەڵام چوون لە فەرماندە پێشووەکانی حیزبی دێموکرات بووە، نەیدەتوانی بچێتە ئێران. منیش نەمدەوێرا بگەڕێمەوە و دەمزانی هەر کە پێم بخەمە نێو خاکی ئێران دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە کە ئەم چەند ساڵە لە کوێ بووم. ئەڵبەت نایشارمەوە کە هۆکاری سەرەکی شتێکی تر بوو. گەڕانەوە بۆ ئێران نە لە بەرنامەمدا بوو و نە بیرم لێ دەکردەوە. من لەگەڵ

---

١ . سایت

ژیانـی خـۆم ڕاهاتبـووم و بـەو بارودۆخـە ڕازی بـووم. بۆیە قسـەمان کـرد و بڕیارمان دا لـە تورکیا لـە ماڵـی کاک جەسـیم خانەوادەکانمان ببینین. کاک جەسـیم لە تورکیا پەنابەرێکی سیاسـی بـوو و لـە شـاری وان دەژیـا کـە لە پیرانشـار کە شـوێنی ژیانـی بنەماڵەکانمانـە، دوور نەبوو.

کـە گەیشـتمە تورکیـا دونیـا زۆر نائـارام بـوو. شـەوی پێـشتری ڕووداوی ١١ی ئەیلـول (سـێپتەمبەر) لـە ئەمریـکا ڕووی دابـوو و تـاوەرە دووانـەکان لە نیویـۆرک ڕووخێنرابـوون. هەر بۆ ئـەو شـەوە بلیتـی فڕۆکـەی وانـم هەبـوو، بـەڵام ئەسـتەنبوڵ داخرابوو و بـە زەحمەت گەیشـتمە فڕۆکەخانـە. نووسـینگەکانی ئاڵوگۆڕکردنـی پـارە داخـرا بـوون و بەکورتـی دنیـا لـە سـەر ڕێچکە تەکووزەکـەی خـۆی ترازابـوو و دۆخەکـە ئاسـایی نەبـوو. وەک زۆربـەی خەڵکـی جیهـان نەمدەزانـی چـی ڕووی داوە و هیچم سـەبارەت بـە تاوەرە دووانەییەکان نەدەزانی. تەنها ویسـتم هەرچـی زووتـرە بگەمە وان و کاتێک فڕۆکەکە لە فڕۆکەخانە بچووکەکەی شـاری وان نیشـتەوە، تاسـەباری بینینـی خێزانەکـەم بووم. دوای سـاڵانێکی زۆر بۆ یەکەمجـار دەمبینین و وامدەزانی کە هەموویان هاتوون و پێشوازییەکی گەورە چاوەڕێم دەکات.

● وێنەی ١٨٤- ساتی دیداری من لەگەڵ باوکم دوای چەندین ساڵ، وان. کوردستانی باکوور. ٢٠٠١

لـە فڕۆکەکـە دابەزیـم و چوومـە نـاو هۆڵـی فڕۆکەخانـە. کـەس نەهاتبـوو! تـەواو تێک چووم و کەوتمـەوە بیر ڕۆژانی سـەربازیم کـە کـەس نەدەهـات بـۆ سـەردانم. کاتێـک هەمـوو موسـافیرەکان ڕۆیـشتن، شـتێکی پێکەنینیـم بینـی. ئـەوان هاتبـوون، بـەڵام لەبەر ئـەوەی زۆر بـوون، لـە دەرەوە و بە کەمێـک دووری لە بانـدی فڕیـن، لـە پشـت تەلـی دڕکاوی فڕۆکەخانەکـە ڕاوەسـتابوون و چاوەڕێـی دابەزینـم بوون. لەوەش پێکەنینیتر ئـەوە بوو کە منیان نەناسـیبوو و پێیـان وابـوو بـە هەڵـە ڕۆیشـتوونەتە پێشـوازی گەشـتێکی تـر. وەک خۆیـان وتیان تـەواو ببـووم بـە ئورووپایـی! نازانـم بۆچـی وایـان بیـر دەکـردەوە، وایـان دەزانـی ئێسـتا بـە کەواوپانتۆڵـەوە لـە پلیکانەکانـی فڕۆکـە دێمـە خـوارەوە؟ کاتێـک لێیـان نزیـک بوومـەوە، مشـتومڕیان بـوو؛ یەکیـان دەیـوت کـورە لـەم هەواپەیمایـە[1] نییـە و ئـەوی دیکەیـان دەیـوت بـا هەیـە، مـن ژمـارەی هەواپەیماکەم لە سـەر باڵەکانی خێنـدەوە[2]، هەر هـەوە! یەکێکیان دەیوت

١ . فڕۆکە.

٢ . خوێندەوە

خۆ ئەدی من بێسەواد[1] نیم، دەزانم ڕاست دەکەی بەڵان ئەی ئەلحان چ بکەین؟ " لەناکاو، لە پشتیانەوە سڵاوێکی بەرز و وروژێنەرم لێ کردن و بەپەلە بەرەو ڕووم هاتن. ماچ و باوەشکردن و تەنانەت نقورچکگرتن و گریان و پێکەنین و ... کە باوەشی گەرم و بۆنی دایک لە ناویاندا شتێکی دیکە بوو ... لە خانەوادەی مام حەوڵا هەموویان و لە بنەماڵەی منیش دایکم و کامیار و کانی و پوورە زێنەب هاتبوون و بابیشم دوای چەند ڕۆژ پێمان گەیشت. کاتێک ئێرانم بەجێهێشت کانی ساوا بوو کەچی ئێستا کچێکی قسەخۆش و شیرین و بەدفەڕ بوو، قسەکردنی لەگەڵ بابم سەرسامی کردم. وەک شتێ دەسەڵاتی بابی بە دەستەوە بوو. بابم پێی خۆش بوو چەند ڕۆژێک لەگەڵ من و کاک مراد بێتە ئەستەنبوڵ و وەک خۆی وتی سەفەرێکی پیاوانە بکەین، بەڵام کاتێ کانی زانی، گۆڵمەزێکی نایەوە. پاسپۆرتی سەربەخۆی نەبوو، لە سەر پاسپۆرتەکەی باوکم زیاد کرابوو! بە زمانێکی منالانە دەیگوت: "ئەگەل بلۆی لاقت دەشتێنم،" ئەگەر باوکم بیویستایە بێتە ئەستەنبوڵ، کانی دەبا لە ماڵی کاک جەسیم بمابایەتەوە و دایکیشم دەیویست بگەڕێتەوە بۆ پیرانشار، هەر بۆیە کانی دەبا تەنیا بمابایەتەوە و نەیدەویست ئەوە ڕوو بدا، کە ویستێکی بەجێ بوو.

یەکەم نیشانەی گۆڕانکاری لە فەرهەنگ و کۆمەڵگای ئێراندا ڕەنگە لە ڕەفتاری سادەی کانی خوشکم و کامیاری برامدا بینی. من هەرگیز نەمدەوێرا بەو شێوە لەگەڵ بابم قسە بکەم، بەڵام کانی دەیتوانی و ئەمە بۆ دایک و باوکم شتێکی ئاسایی بوو! لە سەردەمی سەرۆکایەتیی سەید محەمەد خاتەمیدا پێشهات و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی زۆر لە ئێران ڕووی دابوو. زۆر حەزم لە زانینی ڕووداوەکانی ئێران نەبوو و لە کۆمەڵگای کوردی و ئێرانی دوور کەوتبوومەوە. بیری دایک و بابمم کردبوو و لە بینینیان تێر نەدەبووم، چاوم لێیان هەڵنەدەبڕی، کانی و کامیارم دەبرد بۆ سەیران و کامیارم فێری وێنەگری دەکرد. خۆش بوو کە دەمتوانی سەربەخۆ و پیاوانە لەگەڵ بابم بدوێم، گەورە ببووم و گۆڕا بووم. دەمبینی کە لە هەمبەر بابم چەندە باوەڕم بە خۆم هەیە و ئیتر کامیلەکەی جاران نیم. گۆڕانکارییەکان چێژبەخش بوون، هەم بۆ من و هەمیش بۆ بابم.

ڕۆژی دووەم، کاک سماییل برای کاک مراد و کاک جەسیم و کوڕە گەورەکەی مام حەوڵا لە ئێرانەوە تەلەفۆنی کرد و وتی: دەمهەوێ بێمە لاتان. شەو هات و ئەو نەگەیشت. هەموومان نیگەران بووین بەڵام بۆ ئەوەی مام حەوڵا نەوروژێ و پەرۆش نەبێ، لە ناو خۆماندا سرتەمان دەکرد. بڕیار وا بوو من و کاک مراد ڕۆژی دواتر بەدوایدا بگەڕێین. نەمدەویست بچم، بەڵام چارم ناچار بوو. دوای ساڵەهای ساڵ خانەوادەکەمم دەبینی و تەنها چەند ڕۆژێکم دەرفەت هەبوو، بەڵام بارودۆخەکە وا نەبوو کە بتوانم کاک مراد بە

---

١. نەخوێندەوار

تەنیا جێبهێڵم. پێکەوە ڕۆیشتین و هەتا سنووری ئێران و عێراق بە دوایدا گەڕایین. ئەوەی ئێمە کردمان زۆر دوور لە مەنتیق بوو! فەرماندەی پێشووی حیزبی دێموکرات لەگەڵ گەنجێک کە ئێرانی بەجێهێشتووە، لە سەر سنوور بە دوای یەکێکی دیکەدا دەگەڕێن! من بەهەرحاڵ، خۆ ئەگەر بیانزانیایە کە کاک مراد لەو دەوروبەرەیە، پاداشتێکیان بۆ کوشتنی دادەنا!

جەنگی نێوان دەوڵەتی تورکیا و پەکەکە گەیشتبووە ئەوپەڕی خۆی و هەر دوو دیوی سنووری باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببوو بە شوێنی جموجۆڵی هێزەکانی ئەم حیزبە. بە گوێرەی ڕێکەوتنێکی نێوان ئێران و تورکیا سەبارەت بە هاوکاریی ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری، ئێرانییەکان هێزەکانی پەکەکەیان لەبەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەگرت و ڕادەستی تورکیایان دەکرد و تورکیاش پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و پەنابەرە سیاسییەکانی دەڕفاند و ڕادەستی ئێرانیان دەکردەوە. مەعاملەیەکی ڕژد لە نێوانیاندا بوو و مرۆڤەکانیان وەکوو مەڕ ئاڵوگۆڕ دەکرد! ئێمە لەم مەترسییانە بێئاگا بووین یان نەشیاوانە هەڵسوکەوتمان کرد و بە ناچاری چووینە شارە سنوورییەکانی ئەم دیوی سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەنانەت هەتا هێڵی سنووری لە نزیک ورمێ چووین و هەر کەسێک کە شکمان بخستایە کە دەتوانێ هاریکاریمان بکا دەچووینە لای و بڕە پارەیەکمان پێ دەدا. لە نوێنەری پەڕلەمانی شارە بچووکە سنوورییەکانەوە بگرە هەتا دەگاتە کارمەندانی شارەوانی یان چەکدارە کوردەکان.

کاک مراد بە ڕێکەوت یەکێک لە پێشمەرگە دێرینەکانی لەوێ بینییەوە. ئەو پێشمەرگە دێرینە بە ڕەچەڵەک تورک بوو، لەگەڵ هاتنە سەر کاری ئینقلابی ئیسلامی پەیوەندی بە ڕیزەکانی حیزبەوە کردبوو، بەڵام دواتر بوو بە سیخوڕی دەزگای هەواڵگریی "میت"ی تورکیا . ئەو زۆر تێک شکابوو، دەگریا و خەمۆک ببوو، بەردەوام عارەقی دەخواردەوە و هاواری دەکرد: "من خیانەتکارم ... من جاشم ... هیچ دەزانی بۆ ئەوەی ئیزنی نیشتەجێبوون (ئیقامە) و پارەم پێ بدرێ پێشمەرگەی ئەو حیزبانەم بە حکوومەتی تورکیا فرۆشتووە؟" تۆ دەزانی ئەو پێشمەرگە و گریلایانەی کە ڕادەستم کردن چەندە ئەشکەنجە دراون و ڕەنگە لە سێدارە درابن؟ ئاخۆ دەزانی ئەوانەی من ڕادەستی تورکیام کردن، لە ئەنقەرە و ئامەد سزای بیست ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپێنراوە"، کاتێک مەست و سەرخۆش دەبوو وەک خۆی دەیوت باسی لە تاوان و خیانەتەکانی دەکرد. نازانم ئەو قسانەی دەیکرد تا چەندە ڕاست بوون بەڵام ئێمە تووشی ببووین و من باوەڕم نەدەکرد بۆ دۆزینەوەی کاک سماییل یارمەتیمان بدات!

دواجار لە ڕۆژی دووەمدا ئاگاداری کردینەوە کە سماییل دەستگیر کراوە و وتی دەبێ پارە بە چەند کەسێک بدەین بۆ ئەوەی ئازاد بکرێت. ئەو دەیزانی لە چ وڵاتێکەوە هاتووین

و بڕێکی زۆری دۆلار و پاوەندی لێ وەرگرتین. کە شەو هات، هەر هەمان پێشمەرگەی پێشوو و جاشی ئێستا، ئێمەی بردە هۆتێلێک. بە کاک مرادم وت: "باشە کاکە ئێمە بە چیدا متمانەمان بەو کابرایە کردووە؟ هەرچی فکر دەکەمەوە ئەمە جاشە و دەمانفرۆشێ .... " ترسابووین. ئەو ژوورەشی کە پێیاندابووین پەنجەرەی نەبوو. چەند جارێک وتمان ژووری پەنجەرەدارمان پێ بدەن، بەڵام وتیان: "نا، ئەو کابرا وتوویەتی ئەم دیوە بۆ ئەمنیەتی خۆتان چاکترە و ئێمەش دیوێکی ترمان نییە!" پشت ئەو ژوورە ڕووبار بوو من و کاک مراد بیرمان لەوە دەکردەوە کە ئەگەر هاتوو شتێک ڕووی دا خۆمان لەو ڕێرەوەوە فڕێ بدەینە ناو ئەو ڕووبارە.

ئەو شەوە هەتا بەیانی نەخەوتین و دوو کاتژمێر جارێک بە نۆرە پاسەوانیمان دەدا. وتم: "جا نگابانیی ئێمە چ فایدەیەکی هەیە!" و بەسەرهاتی نگابانیدانی خۆمم لە ڕۆژی دانیشتنی وتاردانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە لەندەن بۆ گێڕایەوە و وتم ئەم پاسەوانیدانەی ئێستامان هەر وەکوو پاسەوانییەکەی ئەو ڕۆژە شتێکی قۆڕ و گاڵتەجاڕییە، ئەو ڕۆژەش هەر بە دەستی بەتاڵ نگابانیمان دەدا! کاک مراد بە گاڵتەجاڕییەوە دەیگوت چاکە یەکێکمان بەخەبەرە و دەتوانێ ئەوی تریان لە خەو هەڵسێنێ کە لە خەودا نەماندزن. زۆر بە خۆمان پێدەکەنین و دەمانگوت: "ئای لە سماییلە چاوشین ... " لە خزم و کەسدا بە شۆخی و گاڵتەجاڕی بە کاک سماییلیان دەوت "سماییل چاوشین". سماییلە چاوشین بە بزۆزی و هاروهاجی بەناوبانگ بوو و بە جەفەنگ و پێکەنینەوە هەموو کارە خراپەکانی خزم و کەسمان دەخستە سەر ئەو. ڕۆژی دواتر، سواری تەکسییەکی دەربەست بووین و لە دەستی ئەو کابرا ڕامان کرد چونکە پەیتاپەیتا دەگەڕاوە و بۆ وەرگرتنی پارە هەر جارێ قسەیەکی هەڵدەبەست. دەم لە پووش چووینە شارێکی سنووریی دیکە و کەسێکمان دۆزییەوە کە هاوکاری ڕێکخراوی ئەمنیی ئەرتەش بوو. بڕە پارەیەکمان پێدا بۆ ئەوەی هەواڵمان بۆ بهێنێت. گەڕاوە و گوتی: "سماییل سێ ڕۆژ پێش لە ئێستا لە خاڵی سنووریی سیفر

وێنەی ١٨٥. کاتی ماڵاوایی. من و کاک مراد لە ناو خزم و کەس و کارماندا. فڕۆکەخانەی وان، ٢٠٠١

گیـراوە و ئێسـتا لـە کەڵەشـاری دیاربەکـر کەوتۆتـە دەسـت میتـی تورکیـا. ئـیتر خـوداش ناتوانـێ فریـای بکـەوێ! بـڕۆن لـە خۆتانـەوە پـارەی بـۆ خـەرج مەکـەن! ئەگـەر بەزمێکـی لـە ژێـر سـەرا بـێ خـوا ڕەحمـی پـێ بـکا و ئەگـەر هیچـی نەکردبـێ دێتـەوە". شـەکەت و نیگـەران و نائومێـد گەڕاینـەوە. نەماندەزانـی لـە سـەر چـی گیـراوە. خـۆ سماییـل بـە درێژایـی تەمەنـی حـەزی لـە سیاسـەت نەبـوو و خەریکـی ژیانـی ڕۆژانـەی خـۆی بـوو. شـەو گەیشـتینە وان. پـێمان سـەیر بـوو بـەر لـە گەیشـتنی ئێمـە ئازادیـان کردبـوو. ئەوەندەیـان لێـدا بـوو کـە مـات و شـپرزە ببـوو. وتـی: "بـە نمایـش لەسـێدارەمیان دەدا دەمیانخسـتە سـەر بەرمیلـی[1] گـەورەی نـەوت یـان لەنـاو قاسـەیەکدا دامیاندەنـا، بـە فیشـەک یـان قۆناخـە تفەنـگ لێیـان دەدا بـۆ ئـەوەی دەنـگ بداتـەوە ..." ئـەم ئەشـکەنجەدانانە بـۆ مـن و باوکـم ئاشـنا بـوو و ئێمـەش هـەر وا لێیان دابووین. هەتا درەنگانێک باسی ئەزموونەکانی زیندانمان بۆ یەکتر گێڕاوە!

بەسـەرهاتی دەسـتگیرکردنی کاک سماییل ئەوە بوو کە کەسـێک بە پاسـپۆرتێکی دزراوەوە کـە هـی سماییـل ئەحمەدییەکـی دیکە بـوو، دێتە ناو خاکـی تورکیـا. میتی تورکیـاش بەدوای سماییـل ئەحمـەدی ناوێکـدا دەگـەڕا کـە سـەر بـە پەکەکـە بـوو و بـە هەڵـە سماییلـی ئێمـەی گـرت و دواتـر کـە ئاشـکرا دەبـێ کـە ئـەم سماییلـە ئـەو سماییلـە نییـە، ئـازادی دەکـەن. واژۆ و بەڵێنێکـی زۆریـان لـێ وەرگـرت و هەڕەشەشـیان لێکـرد کـە باسـی نـەکا و هیچ سـکاڵایەکیش تۆمـار نـەکات. سماییـل وەک خـۆی وتـی لـە کـوێ شـکاتی بکردایـە؟ وتی هـەر لـەو جێگایەی وا گیـرام چاویـان بەسـتم و دوای ئـەم هەمـوو ئەشـکەنجە و لێدانـەش بـە چـاوی داخـراوەوە لە ڤانێـک لـە دەرەوەی شـار فڕێیاندامە خـوارەوە.

ئـەم سـەفەرە بـۆ مـن ڕەهەندێکـی تریشـی هەبـوو. مـن هەمیشـە پێـم خـۆش بـووە کـە ڕەچەڵەکنامـەی خانـەوادە و تایفـەم بنووسـم و ئـەم بیرۆکـە کۆنـەم کـۆ بکەمەوە و ڕێکـی بکەم. کاتێـک خـۆم بـۆ چوونـە وان ئامـادە دەکـرد، بـە تەلەفـۆن داوام لـە مـام حـەوڵا کـرد کـە بەڵێنم پـێ بـدا کە سـەبارەت بە ڕەچەڵەکنامـەی خانەوادەکەم وڵامی پرسـیارەکانم بداتـەوە. یەکەمین چەخماخـەی نووسـینی ژیاننامەکـەم یـان باشتر بڵێیـن کۆکردنـەوەی ڕەچەڵەکنامـەی بنەماڵە هـەر لـەو کاتـەوە لـە مێشـکمدا لێدرابـوو. لـە وان هـەوا گەرم بوو و شـۆرتم لـە پێدا بـوو. کاتێک لای مـام حـەوڵا دانیشـتم، دایکـم بـە ئامـاژە بانگـی کـردم، لـە نـاو ڕێڕەوەکـەدا بـە تووڕەییـەوە وتـی: " کامیـل ئەمـە کارمـان بـەوەی نییـە لـە خاریجـێ چ دەبـەر ئەکەی یـان ناکـەی، ئەلحان لای مـام حـەوڵا ناتوانـی ئـەو لاقانـەت ئـاوا ڕووت بکەیـەوە!". پێکەنیـم و گوتـم: "دایـە ئەمـە لیباسـی ڕاحەتییـە و نیشـانەی بێڕێـزی بـە گـەورەکان نییە. خـۆ هەتـا ئەژنۆم داپۆشـیوە." هیچ گوێـم بـە قسـەی دایکـم نـەدا چوومـە لای مـام حەوڵا دانیشـتم، بـەڵام دایکـم لەچکێکـی هێنا

---

١. لە ڕۆژهەڵات پێی دەڵێن بۆشکە.

و قاچەکانمی داپۆشی. پاشان تەلەفۆنی بۆ باوکم کرد کە بە ڕێگای وانەوە بوو و پێی وت دەرپێیەکی[1] کوردیی هەراو و باشی بۆ بێنە. هەتا دەرپێیان بۆم هێنا هەر کات لای مام حەوڵا دادەنیشتم لە سەر داوای دایکم لەچکێکم دەدا بە سەر قاچمدا. شتە پێکەنینییەکە ئەوە بوو کە کەس باسی نەکرد و بە چاویشمیاندا نەداوە.

سەفەری وان گەڕانەوە بۆ شوناسم بوو. پاش چەند ساڵ دابڕان، دیسان بنەماڵەکەمم بینییەوە و ئەم دیدار و چاوپێکەوتنە شوناسمی وەبیر هێنامەوە. بە بینینی بەسەرهاتی کاک سمایل و بە گشتی نیشانەکانی هەژاری و جەنگ لە باکووری کوردستان، وەبیرم هاتەوە کە من هێشتا کوردم و بەدبەختی و نەهامەتییەکان لە سەر جێی خۆیانن و بەردەوامن. دایکم کۆڵێ بەهاراتی[2] خۆماڵی و سەوزی وشککراوی بۆ هێنابووم. دایکم داوای لێ دەکردم بە سەوزیی وشککراو خۆرشتی[3] کوردی لێ بنێم و لە ماڵی کاک جەسیم فێری لێنانەکەی کردم. باوکم چەند تەختە فەڕشی دیواری بۆم هێنابوو؛ وێنەی محەمەدی ماملێ و کیژێک بە جلی کوردیی موکریانییەوە کە لە پاڵ سماوەرێک دانیشتبوو و چای تێدەکرد. کە گەڕامەوە بۆ لەندەن، بۆنی سەوزە وشککراوەکانی دایکم و ئەم دوو تابلۆ فەرشە دڵتەنگتریان دەکردم و پەیوەندیمیان لەگەڵ ڕابردووم پتەوتر دەکرد.

● وێنەی ١٨٦. خۆپیشاندانی دژی جەنگی ئەفغانستان، بەریتانیا، ٢٠٠٢

ماوەیەک دوای گەڕانەوەم، ئەمریکا هێرشی کردە سەر ئەفغانستان و نارەزایەتی دژی شەڕی ئەفغانستان لە لەندەن سەری هەڵدا. خۆپیشاندانێکی ملیۆنی بەڕێوە چوو کە من و ئێقباڵ و مانوێل و جۆردی و چەند هاوڕێیەکی دیکە بەشداریمان تێدا کرد. ئەو وەختە ڕووداوی دیکەش لە ناوچەکەدا دەگوزەرا کە کاریان کردە سەرم. سەرەتای هەزارەی سێیەم بە قەیران و جەنگ دەستی پێکرد؛ شەڕی ئەفغانستان و بوونی قاعیدە و تاڵیبان و پاشان هێرشکردنە سەر عێراق. هەموو ئەم ڕووداوانە دیسان منیان بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرێ

---

١. لە ڕۆژهەڵات بە دەرپێ دەڵێن ژێرشەڵوار یان گەرمکون کە وشەیەکی فارسییە بە واتای گەرمکەرەوە.

٢. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێی دەڵێن ئەدوییە.

٣. شلە

دایـەوە. ژیانـە گۆڕاوەکـەم جارێکـی تـر لـە ڕابـردوو نزیـک بـووەوە.

پێـش ئـەم قەیرانانـە خەریک بـوو دەبوومە بەریتانی، یـان لانیکەم وا بیرم دەکـردەوە. زەوقی مۆسـیقاکەم گۆڕابـوو، ئـەو تەلەڤیزیـۆن و بەرنامـە شـانۆیی و شـانۆنامە و ئـەو زنجیـرە درامایانەم دەبینـی کـە زیاتـر بەریتانـی بـوون، گوێـم لـە ڕادیـۆی دڵخـوازی هاوتەمەنەکانـی خـۆم وەکـوو کاپیتـال ئێـف ئێـم و کیسـئێفئێم و ڤێرجـن و ... دەگرت و بینـەری بەرنامـە تەلەڤیزیۆنییەکانی "کـێ دەیهـەوێ ملیۆنێـر بێـت" و بەرنامـە کۆمیدییـە کۆمەڵایەتییەکانی عەلی جـی Ali G بووم و دەچوومـە یانـە و بـارەکان و فێسـتیڤاڵی مووزیکی بانده بەناوبانگەکانی گلاسـتنبێری و هتدم سـەیر دەکـرد. سـەردانی مۆزەخانـەی جۆراوجـۆرم دەکرد، گوێم لـە مۆسـیقای جیهانی دەگرت و سـەیری سـتانداپ کۆمیدیـم دەکـرد، بـەردەوام گەشـتم دەکـرد و دوو جـار بـە کۆڵەپشـتی گەشـتی جیهانـم کردبـوو، لـە هاوینەکانـدا دەچوومـە ئەفریقـا و ئاسـیا و لـە زسـتاندا بەشـێکی دیکـەی جیهانـم دەبینـی و هەمـوو ئەمانـەش کـە هۆشـیارییەکی زۆری لـێ دەکەوێتـەوە، منـی زۆر گـۆڕی. قۆناغـی گەشەسـەندنی چاکسـازی لـە ئێـران و ڕووداوەکانـی وەکـوو کـووی زانکـۆی تـاران و کۆنفرانسـی بەرلیـن وردەوردە سـەرنج و هۆگریـی منـی بـۆ پرسـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت و ناوچەکە ڕاکێشـا. زۆری نەخایاند وەک پەیامنێرێک لـە کۆبوونەوەکانـی دەرەوەی ئێرانـدا ئامـادە بـووم و ئـەو بابەتانـەی کـە ماوەیـەک لەمەوبـەر بـە لامـەوە گرنـگ نەبـوون، دیسـانەوە بۆم گرنگ و بەنـرخ بوونەوە و هەموویان پێکـەوە کاریگەرییان لەسـەر مـن دانـا. گۆرانیبێـژان و شـاعیرانی وەکـوو نـاسر ڕەزازی، حەمـە جـەزا، هۆمـەر دزەیی، داریـوش ئێقبـاڵـی، شـڤان پـەروەر، ئێبـی، شـێرکۆ بێکـەس، موعین، عەوبـدڵا پەشـێو و مەزهەر خالەقـی جارێکـی دیکـە دەرکەوتنەوە و بیر و زەینـی منیان ورووژاندەوە. ئەمانە ئوسـتوورەکانی سـەردەمی منداڵـی و مێرمنداڵیـم بـوون، ئـارەزووم دەکـرد لـە نزیکـەوە بیانبینـم، هـەر بۆیـە دەچوومـە کۆنسـێرتەکانیان، وێنـەم لەگەڵیـان دەگـرت و لە ڕەفتار و شـێوازی قسـەکردنیان ورد دەبوومـەوە. دواتـر لـە کۆبوونـەوە تایبەتـەکان و بەرنامـە سیاسـی و ڕۆشـنبیرییەکاندا، چـاوم بـە نـاسر ڕەزازی، شـڤان پـەروەر، حەمـە جەزا و شـیرکۆ بیکەس ... کـەوت و لە هەنـدێ قۆناغدا بە شـێوەی سـنووردار کارم لەگـەڵ کردن.

ئینسـان بوونەوەرێکـی سـەیرە، بـۆ بینینـی کەسـێک گەلـێ ئومێـد و ئاواتـی هەیـە و تەنانـەت لەوانەیـە دوای بینینـی ئەو کەسـە کەمێکیش دڵمـردوو ببێت. هەرچەندە دیـدار و چاوپێکەوتن نابـێ لـە مەزنایەتـی و جوانیـی هونـەری هونەرمەندێـک کـەم بکاتـەوە، بەڵام عەقڵـی حوکمدەر و سروشـتی تێرنەبـووی مرۆڤـەکان بـەردەوام بژاردەکانـی دەگـۆڕن و بـە دوای کەسـانی دیکەدا دەگەڕێـن. ناخـم ئـارام و هێـور نەبوو، بەڵکوو پەشـوکاو و بـەردەوام لە حاڵی گۆڕانـدا هەڵوەدای دۆزینـەوەی ڕێگایـەک بـووم بـۆ قسـەکردن، باسـکردن لـەو جیهانـە جیاوازانـەی کـە ئەزموونـم کردبـوون و لـە ناخمـدا پەیوەندییەکـی قووڵیـان پێکـەوە هەبوو ....

● وێنەی ١٨٧- لەگەڵ هونەرمەندان لە لای ڕاستەوە: ناسر ڕەزازی – مەزهەر خالەقی – شڤان پەروەر – هۆمەر دزەیی و لارای کچی

"وشە، بینین و تێڕامان" پێم وایە ئەم سێ شتە دەتوانن جیهانمان تا ڕادەیەکی زۆر بگۆڕن. کاتێک ئەم سییانەت لێ وەرگرن و خۆت پێوشوێنیان نەکەوی، ڕەنگە بەشێکی زۆری ڕووداوەکان لە چوارچێوەی چارەنووسدا بۆت پێناسە بکرێت. من نکۆڵی لە چارەنووس ناکەم و لەگەڵ ئەوەدا هەم کە شتگەلێک لە ژیانماندا هەن کە نەگۆڕن، بەڵام بەم سێ وشە گرنگە و پەیڕەوکردنی ڕێبازەکەیان دەتوانین زۆر شت بگۆڕین. لەناکاو جارێکی تر خۆمم لەسەر ڕێگایەک بینییەوە کە زۆر شت خوازراو و نەخوازراو لە گۆڕاندان و ئەو تەنیایی و ئارامییەی کە بۆ بەدەستهێنانی زۆر تووشی مەترسی بووم، هێواش هێواش دەیسڕنەوە. ئەمە ڕەوتێکە کە لە ساڵانی لاویەتیدا لە لەندەن ورده ورده تێمپەڕاند و ڕێگای جیاوازم تاقی کردەوە.

کار و چالاکی لە چەشنی سیاسەت

لەگەڵ کوردانی باکوور و ئەو داموودەزگا و ڕێکخراوەی کە لە لەندەن بوویان زیاتر ئاشنا بووم. سەبارەت بە کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زانیاریم هەبوو و دەمزانی بەهۆی کەمیی ژمارەیانەوە لە چەند شوێنێکی لەندەن سنووردار ماونەتەوە، بەڵام هێشتا ناوەندێکی تایبەتیان نییە. دوو ناوەندی کوردی هەبوون کە یەکێکیان لە ڕۆژاوا و ئەوی دیکەیان لە باشووری لەندەن بوو، هەر دوو ناوەندەکە لە دەست کوردانی هەرێمی کوردستاندا بوو و

هـەر وەک پێـشتر ڕوونـم کـردەوە حیزبە سیاسـییەکان بـە نۆرە بەڕێوەیـان دەبرد. هـەر کوردانـی باکـوور و ڕۆژاوا مابـوون کـە کوردانـی ڕۆژاوا هێشـتا ئـەو پوتانسـێل و پێگـە پێویسـتەیان بـۆ ڕاگەیاندنـی بوونـی خۆیـان نەبـوو و بـە هـۆی لێکچوونـی زاراوەکەیان (کـە هـەر دوو کرمانجن) زیاتـر بـە لای کوردانـی باکـوور و پەکەکـەدا شـکابوونەوە. منیـش هاتوچـۆی ناوەنـدی کوردانـی هەرێمـی کوردسـتانم دەکـرد و ئێسـتا کاتـی ئـەوە هاتبـوو کـە سـەردانی ناوەنـدی کوردانـی باکـوور بکـەم و لەگـەڵ بیـر و بـاوەڕ و داخوازییەکانیـان ئاشـنا بـم.

بـۆ ڕێوڕەسـمی ڕێزگرتنـی فورووهـەرەکان کـە سـاڵی دواتریـش بەڕێـوە چـوو لـە ڕێگـەی ئیمەیڵـەوە خوڵـک کرابـووم، جارێکی دیکە بەڕێز نووریزادەم بینی و پرسـیم ئایا من دەناسـێت؟ وتـی: "بەڵـێ دەتناسـم خەریکـی چیـت؟ زانکـۆت تـەواو کـرد یـان نـا؟" وتم نـا، هێشـتا دەرس دەخوێنـم بـەڵام پێم خۆشـە لە بـواری میدیادا فێـری کار بم. وتی: "ئەگەر حەزت لە پرسـەکانی ئێرانـە، پەیوەندیـم پێـوە بکە" و کارتەکەی پێم دا. کـە چوومە بواری هەواڵنێرییـەوە، نووریزادەم بیـر هاتـەوە و پەیوەندیـم پێـوە کـرد. وتـی هەندێـک جـار لـە کەیهانـی لەنـدەن لـە شـەقامی کینگستریتـی هامەرسـمیت کار دەکا کـە دە خولـەک لـە ماڵەکەمەوە دوور بـوو. چوومە ئەوێ و گوتـم: چـی بکـەم؟ وتی: " تۆ فارسـییەکەت باشـە و منیـش لە ڕادیـۆی شـارەوانی بەرنامەیەکم بـە زمانـی فارسـی هەیـە. دەمـەوێ یارمەتیـم بـدەی، ئەڵبـەت لـە باشـووری لەندەنـە و ئەگـەر ئۆتۆمبێلـت نەبـێ دەبـێ شـەوانە بـە ئوتووبـووس لـە ڕووبـاری تەیمـز بپەڕیتـەوە و کاتژمێر یەک و دووی بەیانـی بگەڕێیتـەوە بـۆ مـاڵ." مەبەسـتی ئـەوە بـوو کـە شـوێنی بەرنامەکە لـە باکووری ڕۆژاوای لەنـدەن و لـە گەڕەکـی هاکنییـە کـە لـەو شـوێنەی مـن لێی دەژیـم دوورە.

ئەوەنـدە تامـەزرۆ بـووم کـە وتـم کێشـە نییـە و دێـم. ماوەیەکـی کـورت لـە ڕادیـۆ کارم کـرد؛ هـەر چەنـد کاتژمێـر جارێـک نەتەوەیـەک یـان زمانێـک بەرنامـەی ڕادیۆیـی هەبـوو و بەرنامەی فارسـیش لـە دە تـا یـازدەی شـەو بـوو. لـە سـەرەتاوە تا پێش پشـووی کۆتایی حەوتە، ڕێکخسـتنی خشـتەی بەرنامـەکان و هاواهەنگـی بـە مـن بـوو و میوانەکانـم بانگهێشـت دەکـرد. بـەم شـێوە یەکـەم ئەزموونـی ڕادیۆییـم دەسـت پێکـرد و هـەر لەوێـوە لەگـەڵ کوردانـی باکـوور زیاتـر ئاشـنا بووم. ئـەوان دوو سـەعات بەرنامەی ڕادیۆییـان هەبوو، کاتژمێرێـک دوانیوەڕۆ و کاتژمێرێکیـش شـەو، لەبـەر ئـەوەی پێشـینەی ئاشـنایەتیی هاوبـەشمان هەبـوو هـەر زوو پەیوەنـدیمان بـە یەکەوە گـرت و منیان بە

● وێنەی ١٨٨- چالاکی لە ڕادیۆ، هاکنی، لەندەن، ٢٠٠٣

ناوەنـدی "هەڵـەک ئۆڤـی" لـە گەڕەکی داڵستن ناسـاند. توانـا و میکانیزمێکی باشـیان هەبوو و پێـم سـەیر بـوو کە لە ناو پەکەکەدا چ کەسـانێکی پابەنـد و باوەڕمەند و تەکووز هەن. سـاڵانێک بـوو لـە لەنـدەن دەژیـان، بـەڵام زۆر چـالاک بـوون و هەمـوو میکانیزمەکەیـان لەگـەڵ حیـزب بـەرەو پێـش دەچـوو. وەک دەیانگـوت مـن خەڵکـی ڕۆژهـەڵات بـووم و ئینگلیزییەکەشـم بـاش بـوو، منیـان دامەزرانـد و وەک ئەندامێکـی تازەنەفـەس پۆسـتێکیان پێـدام. زۆر زوو بازنـەی پەیوەندییەکانـم گـۆڕا و وردە وردە ناسیۆنالیسـتە چەپـەکان و سۆسیالیسـتەکان و کوردەکانـی باکـووری کوردسـتان جێگـەی هـاوڕێ ئەورووپییەکانمیـان گرتەوە. تێدەکۆشـام فێـری زاراوەی کرمانجـی بـم و لـەو بازنـەدا هاوڕێی نوێشـم دۆزییـەوە. هاوڕێی دەروەسـت کە ئەندێشـەکەیان لە سەر تەوەری سیاسەت بوو و منیان دوای ئەو هەموو هەڵاتنە، بە سیاسەت گرێ دایەوە.

دانـی پێـدا دەنێـم کـە، سـەرەتا کـە ویسـتم فێـری زاراوەی کرمانجـی بـم زۆر کـەم لێـی تێدەگەیشـتم و هەندێـک جـار تەنانـەت لـە بۆڵتەنـی هەواڵـە تەلەڤیزیۆنییـەکان تەنیـا چەنـد وشـە تێدەگەیشـتم. بـە ڕاسـتی سـەرم لێ شـێوابوو کـە چـۆن دەڵێـن کرمانجی و سـۆرانی هەر دووکیـان زاراوەی کوردیـن، دەی کەواتـە بۆچـی لە ئاخافتنـی کرمانجی تێنەدەگەیشـتم، ناچار پەنـام دەبـردە بـەر زمانـی ئینگلیـزی. بـە پێـی ئەزموونـی خـۆم و وەک کەسـێک کـە دواتـر بـە شـێوەی پسـپۆڕی و ئاکادیمـی لە زانکۆی سـوێزی لەنـدەن خولی فێربوونـی زاراوەی کرمانجیم بینـی و سـاڵانێکی زۆرم لەگـەڵ ناوەنـدە کرمانجییـەکان هاوکاریـی نزیکـم هەبـوو و چەنـد سـاڵێکم لـە ئامـەد (دیاربەکـر) و ناوچەکانـی تـری باکـوور و ڕۆژاوای کوردسـتان بەسـەر بـرد و کارم کـرد و لـە نـاو دڵـی مەیدانـدا فێـری ئاخـافتن بـە زاراوەی کرمانجـی بـووم و ئێسـتا لـە خوا بەزیـاد بـێ لـە کرمانجی قسـەکردندا هیچ عەیبـم نییە؛ بە بوێـری و ئازاییەوە دەتوانـم بڵێم هەر دوو زاراوەی سـۆرانی و کرمانجـی، جیـا لـە لێکچوونەکانیـان، زۆر لێـک جیـاوازن و ئەگـەر هـەر کوردێـک (کرمانجـی و سـۆرانی) زاراوەی یەکتریـان نەبیسـتبێ و قسـەیان پـێ نەکردبـێ ئـەوا هەرگیـز لـە یـەکتر تێناگـەن و زیاتـر لـە دوو زمانـی لێک جیـاواز دەچـن و دەتوانیـن یەکیان بە زمانـی ئیتاڵـی و ئـەوی دیکەیـان بـە زمانی ئیسـپانی بشـوبهێنین.

هـەر دوو زاراوەی کرمانجـی و سـۆرانی لـە بـواری ئەدەبـی و میدیاییـدا تـا ڕادەیـەک گەشـەیەکی ڕێژەیـان کـردووە. ئەگـەر بمانهـەوێ دوور لـە هەسـتی نەتەوەخوازیـی کـوردی چاوێـک بـەم بابەتـەدا بخشـێنین دەتوانیـن بوێرانـە بڵێیـن کـە کرمانجـی و سـۆرانی دوو زمانی سـەربەخۆ بەڵام هاوڕیشـەن. جیاوازیی ڕێزمانی و زمانەوانییان زۆرە (ڕەگەزی وشـە، کۆبەسـتنی نـاوەکان، حاڵەتـی ئاماژەیـی، نەنـاسراوی، گەردانکردنـی کاتـەکان و هتـد)، بە بـاوەڕی زۆرێک لـە کـوردان زاراوەی کرمانجـی زمانـی پەیوەنـدی و قسـەکردنی پتر لـە ٧٥ بـۆ ٨٠ لـە سـەدی کوردە.

خەڵکناسیی وێنەیی؛ جۆرێکی دیکە بینین

یەکێکی دیکە لە ناوەندەکانی کوردانی باکوور لە باکووری لەندەن بوو. لەوێ لەگەڵ خانمێکی بەڕەچەڵەک کەنەدی بەناوی سارا ئاشنا بووم، کە خوێندکاری خەڵکناسی لە زانکۆی کێنت بوو و تێزی دکتۆراکەی لەسەر کوردانی باکوور دەنووسی. سەبارەت بە کارەکەی قسەم لەگەڵ کرد و ئەویش وتی کە جەخت لەسەر ئەو هێما و توخمانە دەکاتەوە کە لە ڕێستۆرانتە کوردییەکاندا بۆ ڕازاندنەوەی فرۆشگاکان و ڕاکێشانی مشتەرییەکانیان بە کاری دەبەن. ئەو نیازی وا بوو بە گوێرەی توخمە بینارییەکان ناسیۆنالیزم و شوناسخوازیی کوردی شی بکاتەوە. بینینی ئەو و تێزی دکتۆراکەی ڕوانگەیەکی جیاوازی پێبەخشیم و تەنانەت وای لێکردم کە لە سەر ئەم بوارە ئیش بکەم.

سارا خاوەن پێشینەیەکی چەپ و پەروەردەیەکی ناوازەی هەبوو. ساڵانێکی زۆر لەگەڵ بنەماڵەکەی لەو کۆمۆنانەدا ژیاوە کە خواردنی خۆیان لە مەزراکانی خۆیان دەچاند و حەزی لە ژینگە پارێزی و بزووتنەوە چەپەکان دەکرد، کە یەکیان پەکەکە بوو. تووشی نەخۆشییەکی کەمتر ناسراو ببوو و ساڵانێکی زۆری لە ژێر چاودێریی پزیشکیدا تێپەڕاندبوو. قاچی چەپی چەندین جار نەشتەرگەری بۆ کرابوو و نەدەچەمییەوە. بڕیارم دابوو قۆناغی ماستەر و دکتۆرا، زانستی سیاسی بخوێنم، بەڵام ئەو بە وردییەوە سەیری هۆگری و کەڵکەڵەکانی منی کردبوو و کەمێک ئاراستەی بیرکردنەوەمی گۆڕی.

ڕۆژێک پێی وتم کە دوای زیاتر ئاشنابوونم بە قەڵەم و کامێرا و ژیان و ڕابردووت، بۆم دەرکەوتووە کە لە بواری خەڵکناسیدا سەرکەوتووتر دەبیت. کاتێک هۆکارەکانی خستە ڕوو، حەز و ئارەزووی کۆنم بۆ ئێتنۆگرافیی وێنەیی لە وێنەگریی ساڵانی مێرمندالیم وەبیر هاتەوە و هەستم کرد قسەکەشی ناڕاست نییە. سارا سەرەتا وای لێکردم کە بچمە بواری ئێتنۆگرافیی وێنەیی. ئەو لە بواری درێژەدان بە خوێندن پەنجەرەیەکی نوێی بۆ کردمەوە و دەتوانم بڵێم کە لە دۆزینەوەی ڕێگای ڕاست لە ژیانی ئەکادیمیمدا ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو. بە هاندان و ڕێنمایی ئەو، چوومە زانکۆی بەناوبانگی کێنت لە شاری کانتربێری و لەگەڵ سەرپەرشتیارەکەی خۆی و چەند کەسێکی دیکە قسەم کرد. سەیری وێنە و نووسینەکانیان کرد و پێشنیاریان دا کە لە ئاستی ماستەردا لە بواری خەڵکناسیی کۆمەڵایەتی و ئێتنۆگرافیی وێنەیی دەست بە خوێندن بکەم و پاشان بە شێوەی توێژینەوەتەوەر هەتا ئاستی پسپۆڕی بچم و ئاستی خۆم لەم بوارەدا بەرز بکەمەوە. هەر زوو لەو بوارەدا دەستم بە خوێندن کرد و ژیانم و بواری کارەکەم و ئاراستە و تەنانەت جۆری تێڕوانینیشم فۆرمێکی نوێی بە خۆوە گرت.

خوێندنم لە زانکۆی کێنت هاوکات بوو لەگەڵ کارکردن لە هۆتێلێکی نزیک ماڵەکەم.

هێـواش هێـواش ببـووم بـە وەرگێڕێکـی لێهاتـوو و لـە دادگا دەسـتم بـە کارکـردن کردبـوو، هەروەهـا چووبوومـە بـواری چالاکییـە کوردییەکانـەوە. زۆر کەیفـم سـاز بـوو کـە گەڕابوومەوە بۆ ئەسـڵی خـۆم و دوای دابڕانێکـی زۆر ئـەم یەکگرتنەوە وەک ئـەوە وا بوو کـە لەدایکبوونەوەیەکی دووبـارە بـوو. خەریـک بـوو لـەو بـەری سـەربانەکەوە دەکەوتمـە خـوارەوە و وەکـوو تەمەنـی هەرزەکاریـم تونـدڕەو و ڕادیـکاڵ دەبـووم، بـە لای ڕوانگـەی چەپـی نزیـک لـە پ.ک.ک بـام دەداوە و ئەوانیـش لـە ناوەنـدی کوردانـی باکـوور جێگـە و پێگەیـان پێـدەدام، لـە دانیشـتنی لۆبیگەریـی پەڕلەمـان، قسـەم دەکـرد و وتـارم دەدا، ڕاوێژێـان پێـم دەکـرد و هەرچـی فێـر ببووم دەمخسـتە بەر دەسـت کۆمەڵگە سـەرەکییەکانی ئەوێ. منیان بۆ بەرنامە تەلەڤیزیۆنییەکانیان واتـە ڕۆژ تیڤـی لـە برۆکسـڵ بانگهێشـت دەکـرد، هەمـان ئـەو تەلەڤیزیـۆن و بەرنامانـەی کـە بۆ یەکەمجار لە کەمپی یۆنان سەیرم کردبوون کە ئەو کات ناوی مێد تیڤی بوو ... .

● وێنەی ١٨٩- میوانی ڕۆژ تیڤی، بەلژیک، ٢٠٠٤

لـە نـاو کوردانـی باکـووری ئـەو ناوەنـدە، کـەم کـەس ئینگلیـزی قسـەکردنیان دەزانـی و پاسـپۆرتی بەریتانییـان هەبـوو. ئـەو کەسـانە دەیانتوانـی بـۆ دەرەوەی بەریتانیـا گەشـت بکـەن و بەشـداری ئـەو فێسـتیڤاڵانە بکـەن کـە دەیـان هەزار پەکەکەیـی تێیدا ئامـادە دەبوون، کە زۆر جـار لـە ئەڵمانیـا بەڕێـوە دەچـوو.

منیـش یەکێـک لـەو کەسـانە بـووم و زۆری نەخایانـد خۆمم لە پرۆگرامـە کارناسـییەکانی وەکوو هەڵبژاردنەکانـی ئەمریـکا یـان شـیکردنەوەی ئـەو کتێبـە خەڵکناسـییانەی کـە سـەبارەت بـە کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات بـوون، بانگهێشـتی ڕۆژتیڤـی کـرام. لـەو قۆناغـەدا وەک نوێنـەری کۆمیتـەی لاوانـی دیموکراتیکـی لەندەن بـۆ ئاهەنگی نەورۆز بانگهێشـتی دیاربەکـر (ئامەد) لە باکووری کوردستان کرام.

هەمـوو شـتێک بـە لامـەوە گۆڕا بـوو و بە کـردەوە چوومە ڕیزی شۆڕشـگێڕی و چەپـەوە، بەڵام لـە جـۆرە مۆدێرنترەکـەی. لـە ئامـەد و ناوچەکـەدا هـەڵاواردن و چەوسـاندنەوەیەکم بینـی کـە لـە سەرانسـەری باکـووری کوردسـتاندا بـاو بـوو و زۆر بـە لامـەوە دڵتەزێـن بـوو. بـۆ ماوەیـەک ڕوانگەی ڕەخنەگرانەم لەدەسـت دا و چوومە فازی ڕەش و سـپی. سـەردەمێک بوو کە خەریکی بەرهەمهێنانـی نـاوەڕۆک و هـەواڵ بـووم و لـە لایەکی دیکەشـەوە حـەزم لە بواری خەڵکناسـیی سیاسـی دەکـرد. هەرچەنـدە هێشـتا کەسـێکی تـازەکار بووم، بـەڵام ئاواتـم زۆر بوون.

ناوەڕاسـتی سـاڵی ٢٠٠٣، هـاوکات لەگـەڵ خوێندنـم لـە زانکۆ و بـە پێچەوانـەی بۆچوونی

هەمووان، سەفەرم بۆ عێراق کرد، کە لە شەڕێکی وێرانکەردا تێوەگلا بوو. جەنگێک کە هەندێ بە ڕزگاری و هەندێکی تریش بە داگیرکردنی عێراق ناویان دەبرد. زانکۆکەم لە کانتربێری ژینگەیەکی جیاوازی هەبوو و لەوێ هەموو شتێک دەخرایە بەر تیشکی پرسیار و ڕەخنە. بۆچوونەکان بە ئاسانی پەسەند نەدەکرا و بەردەوام تووشی شەڕەقسە و ناکۆکی دەبووینەوە. بۆچوونە ناسیۆنالیستییەکانم کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بووم، بەردەوام لەلایەن مامۆستایانی زانکۆ و خوێندکارانی دیکەوە کە یەکیان خودی سارا بوو، بەرەوڕووی ئاڵنگاری دەبۆوە و منی ناچار بە کاردانەوە دەکرد. هەر لەوێ بوو کە بۆم دەرکەوت، زەینمان لە ژێر کاریگەریی جوگرافیا و نەریت و فەرهەنگدا بیچم دەگرێ و لە ڕێگەی کارلێک و ڕەفتارەکانمانەوە ئەو فەزا و پێکهاتانە بەرهەم دەهێنینەوە. ئەمە سووڕێکە بۆ هەمیشە بەردەوام دەبێت. ڕەنگە لەبەر شێوازی پەروەردەبوونم و ژینگەی کۆمەڵایەتیم، باش لە گەڵ ڕەخنەی بنچینەیی و شێوازە دروستەکەی ڕانەهاتبووم، کە هەتا ئەم ڕادە لە فەزای ڕخنەئامێزدا تووشی ئاڵنگاری دەبووم.

● وێنەی ١٩٠- نێرگەلە و چا لە نەجەف، عێراق، ٢٠٠٣

شێوازی تێڕامان و تێفکرینم بە هۆی پاشخان و پەیوەندیم لەگەڵ گرووپە سیاسییە چەپەکان و ئەو شەڕانەی کە یەک لە دوای یەک لە جیهاندا ڕوویان دابوو، تا ڕادەیەک ڕادیکاڵ ببوو، بەڵام ژینگەی ئەکادیمیک منی گۆڕی و تەنانەت هەندێک جار دژی بیرۆکەی ڕادیکاڵیی خۆم دەوەستامەوە، پێش ئەم بەریەککەوتنە، پێم وا بوو چەندە دەزانم و چەندە ڕاست و بەرحەقم، بەڵام تێگەیشتم کە هیچ ڕوانگەیەک یان بواریکی فەرهەنگ، نەریت، ئایین، شوناس، ئێنتیک، ڕەگەز و تەنانەت مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ژنان نابێ ئەوەندە پیرۆز بێ کە نەتوانرێت ڕەخنەی لێبگیرێ و لێی بکۆڵرێتەوە و پرسیاری لێبکرێت. بۆیە لەلای خۆم دانم بەوەدا نا کە زۆری لێ نازانم، چەقبەستوویی زەینیم تێکشکا و ئامادەی قبووڵکردن و تێگەیشتن لە بۆچوون و ڕوانگە هەمەچەشن و بێژوماره‌کان بووم. بە وتەی سۆهراب سپێهری تێگەیشتم "دەبێت چاوانمان بشۆین، جۆرێکی دیکە ببینین ..." و هەوڵم دا چاوەکانم بشۆم و جۆرێکی دیکە لە جیهان بڕوانم. لەم شۆردن و سەیرکردنەدا، زانکۆ و زانستە مرۆییەکان و بەتایبەت خەڵکناسیی کۆمەڵایەتی، زۆر یارمەتییان دام.

کاتێک ئەم ڕوانگە ڕەخنەگرانە لە منداڵی دروست بوو، بینیم کە تێڕوانینی ئێمە بۆ کەمینەکان یان نەتەوەکان و لە بنەڕەتەوە پێناسەمان بۆ هەڵاواردن چەندە ڕووکەشیانەیە و بە درێژایی مێژوو چ لە سەر ئاستی ناوچەیی و چ لە سەر ئاستی هەرێمی و چ لە ئاستی جیهانی، دەسەڵات چەندە کەمینەکان و پێناسەکانیانی وەکوو ئامراز بەکار هێناوە و ئێستاش هەر لەم کارەی بەردەوامە. وردە وردە تێگەیشتم ئەگەر بمهەوێ بە چاویلکەی زانستە مرۆییەکانەوە سەیری پرسە سیاسییەکان بکەم، تووشی چ پرسگەلێکی لێکدژ و ئاڵۆز دەبمەوە. ڕوانگەم بەرفراوان و بەربڵاو ببوو و دیاردەگەلی وەکوو هەڵاواردن دژ بە کەمینەکانم نەک لە سەر ئاستێکی بچووک و ورد بەڵکوو لە سەر ئاستێکی گەورەتر و بەرفراوانتر سەیر دەکرد. ئیتر هەموو شتێکم لە ڕەهەندی سیاسییەوە نەدەبینی، بەڵکوو لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و یاساییەکانی دیکەوە لێم دەڕوانی.

هەرچەندە خەڵکناسی و ئێتنۆگرافی بواری جۆراوجۆری هەیە، بەڵام ئەو توخمە سەرەکیانەی کە خەڵکناسیی کلاسیک پێک دەهێنن بریتین لە: زمان، مۆسیقا، جلوبەرگ، دابونەریت، ڕەسم و یاسا و فەرهەنگەکان و لێکۆڵینەوەی مەیدانی لە سەر ئەم توخمانە. کە لە هەر کامیانم دەڕوانی دەرگایەک لە زانیاری بەرەو ڕووم دەکرایەوە و لەوێدا بوو کە زانیم، ئەگەر بمهەوێ شتێک لە بواری خەڵکناسی یان ئێتنۆگرافیای وێنەییدا ئەنجام بدەم، دەبێ واز لە فریودانی خۆم بێنم و دیسان ئاوڕێک لە ئێران و ڕۆژهەڵات بدەمەوە. بە ڕوانگەیەکی زانستی و ئەکادیمیتر و تەواو جیاواز لە تێڕوانینەکانی پێشووم. بەهۆی ئەزموونی ژیاوم و ئەو خۆشەویستییەی کە لە بنەڕەتەوە بۆ زێدەکەمم هەمبوو، دەمتوانی قسەی زیاترم بۆ وتن ببێ و هەر ئەوەشم کرد.

بەو بیرۆکەی کە هەمبوو تێکڕای پێشنیار و هاوکاریی گرنگی سارا، بابەتی تێزی ماستەرم لە زانکۆی کێنت بوو بە: "فەرهەنگی مێرمنداڵان، ڕوانگە ناڕازییەکان و شیکارییەکان" کە دوای پێشکەشکردنی، ساڵی ٢٠٢١ لە ژێر ناوی "سازگاری و خۆڕاگری لە مەهاباد: ئێتنۆگرافیای وێنەیی لە کوردستانی ئێران؛ کاریگەریی میدیاکان، جیاوازییە ڕەگەزێتییەکان و خۆڕاگری لە ناو مێرمنداڵان"، لە لایەن چاپەمەنیی مێهری لە لەندەن بڵاو کرایەوە و دواتر بە شێوەی دیجیتاڵی لەلایەن چاپخانەی ئاڤای بووف لە دانیمارک بە هەر دوو زمانی فارسی و ئینگلیزی خرایە بەردەست خوێنەران. لەم دواییانەشدا دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی دانشفەر لە هەولێر لە ڕێگەی چاپخانەی نەشری ٤٩ کتێب لە وڵاتی سوید، بە زمانی کوردی بڵاوی کردەوە.

● وێنەی ١٩١- بەرگی کتێبی تێزی ماستەر بە سێ زمان، چاپخانەی مێهریی لەندن / چاپخانەی سکۆلاری فینلاند / چاپخانەی دانیشفەر کوردستان

لە میدیا و وەرگێڕانەوە بۆ بواری یاسا و سزادان

ئەو کاتەی کە حەزم لە هەواڵنێری دەکرد، پێم خۆش بوو لە پشت پەردەی بەرنامە هەواڵییەکانەوە بم. لە هەڕەتی تازەلاویمەوە هەمیشە ئەم کارەم پێ خۆش و ورووژێنەر بووە. حەزم لێ بوو ببمە بەڕێوەبەری بەرنامە یان لە پشت کامێراوە بم و ناوەڕۆک بنووسم، ئەزموونم لە بواری وێنەگریشدا هەر لەم حەز و ئارەزووەوە سەرچاوەی دەگرت کە لە سەردەمێکی تردا ڕێگای خۆی دۆزییەوە. دواتر هۆگری هەواڵنێریی جەنگ بووم، بەڵام ڕێبازی پیشەییم بە ئاقارێکی دیکەدا ڕۆیشت. لەم قۆناغە نوێیەی ژیانمدا دووربین ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو، پارەیەکی زۆرم خەرج کرد و دووربین و پێداویستییەکانیم کە زۆربەیان کانوون بوون، کڕی و خستمە ناو کۆڵەپشتییەکەمەوە. چەندین خولی پسپۆڕیم تێپەڕاند و کارتی هەواڵنێریی کۆمەڵەی هەواڵنێرانی بەریتانیام وەرگرت. وێنە و فیلمم لە گردبوونەوە جۆراوجۆرەکان دەگرت. هەوڵم دەدا لە ڕێگەی وێنەگرییەوە پەیوەندیی نێوان هونەر و کۆمەڵگا دەربخەم و کۆمەڵگا پیشان بدەم و بیخەمە بەر تیشکی ڕەخنە. دەچوومە ڕێوڕەسمی ڕۆژی جیهانیی کرێکاران و کۆنفرانسی گروپی هەشت و ڕێپێوانی نارەزایەتیی لە شەڕ و داکۆکی لە فەلەستین، لە بەریتانیا و وڵاتانی دیکە و پاشان وردە وردە لە پشتی کامێراوە هاتمە بەر کامێرا. پێشکەشکاری بەرنامەکان چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکردم و منیش شیکارییەکانم دەخستە ڕوو.

لەم قۆناغەدا دەبا بواری خوێندنم هەڵبژاردایەت، کاری هەواڵدەریم دەکرد و لە هۆتێلیش ئیشم دەکرد. لەناکاو تێگەیشتم کە دەتوانم بەهرەی فرەزمانییەکەم بۆ پیشەیەکی پڕداهات بقۆزمەوە. داوایان لێکردم چەند چاوپێکەوتنێک بۆ یەکێک لە کەناڵەکانی بیبیسی ئامادە

بکەم، لەبەر ئەوەی هەر دوو زمانی کوردی و فارسیم باش دەزانی، سەرکەوتووانە ئەنجامم دا. سەرەتا دەیانویست لە سەر بابەتی قەتڵە زنجیرەییەکان چەند کەسێک بناسێنم و خۆشم وەک وەرگێڕێک ئامادە بم. بۆ ئەم کارە پارەیەکی باشیان پێدام و دواتر پێشنیاری هاوکاریی زیاتریان پێدام. پرسیاریان کرد کە دەتهەوێ ببیتە فیکسەری ئێمە؟ فیکسەر کەسێکە کە دیمانە و گفتوگۆ و بەرنامەکان هاواهەنگ دەکات. منیش قبووڵم کرد و ماوەیەک ئەم کارەم ئەنجام دا. پاشان چوومە ناو بوارێکی تری کاری وەرگێڕانەوە. دەمزانی لە نووسینگەی پارێزەران، ئیدارەی کۆچبەرانی وەزارەتی ناوخۆ و بنیادی چارەسەرکردنی ڕزگاربووانی ئەشکەنجە، ئەنجومەنی پەنابەران، لێبوردنی نێودەوڵەتی، پۆلیس و بەشی بێهزیستی، وەرگێڕە لێهاتووەکان دوای تەواوکردنی خولی ڕاهێنان و وەرگرتنی بڕوانامە، ڕێگەی ئیشکردنیان پێ دەدرێت.

لە ڕێپێوانێکی پارتی کرێکارانی سۆسیالیستیدا پیاوێکی فەلەستینیم ناسی و بووین بە هاوڕێ. وتی بۆ ڕێکخراوی بێهزیستی ئیش دەکا و بە دوای وەرگێڕێکی کورددا دەگەڕێن. کارێکی ڕۆژانەی تەواوکات بوو. دەبا لەم سەری لەندنەوە بچووبایەمە ئەو سەری لەندەن، ئەویش بۆ کەمتر لە یەک کاتژمێر دیمانە. سەرەتا زۆر حەزم لێ نەبوو، بەڵام دواتر کە چوومە ناو پرۆسەی خوێندنی زانکۆ، بۆم دەرکەوت کە زۆر باشتر لەوەیە کە لە هۆتێل کارت لێ بدەم، تەلەفۆنیان بۆم دەکرد، ئەگەر حەزم بکردایە و دەستیشم بەتاڵ بوایە، قبووڵم دەکرد. بڕیارم دا سیڤییەک بنووسمەوە و بینێرم بۆ ئەو کۆمپانیایانەی کە پێویستیان بە وەرگێڕە. زۆر زوو وەرگیرام، بەشێکی لەبەر ئەوەی زمانی ئینگلیزییەکەم تا ڕادەیەک باش بوو و دووەم لەبەر ئەوەی کەم تا کورتێک ئاشنایەتیم لەگەڵ میدیا و سیاسەت و خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان هەبوو و ئەو چەند ساڵ ژیانکردنە لە لەندەن منی لەگەڵ ئەو سیستەمە ئاشنا کردبوو. زانینی زمانەکانی دیکە و ئەو ئەزموونەی کە لە بوارە گرنگەکانی وەکوو میدیا و سیاسەت هەمبوو، بوو بە هۆی ئەوەی لە کارەکەمدا گەشە بکەم و پێش بکەوم. ژمارەی ئەو زمانانەی کە دەمزانی، خاڵە بەهێزەکەم بوو. بە هۆی دۆستایەتی لەگەڵ ناوەندەکان و کوردانی باکوور کەمێک فێری زاراوەی کرمانجی ببووم، شارەزای زاراوەی سۆرانی و زمانی تورکی یان ئازەری و دەری بووم و بۆ عەرەبییەکەش دەچوومە خولی فێربوونی زمانی عەرەبی و کەمێک زمانی عەرەبییەکەم باش بوو. زۆربەی گەشتەکانم بۆ ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە زمانی عەرەبی بوو و زانینی ئەم زمانانە بازاڕێکی باشی بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ ڕەخساندم.

زۆر زوو لە تاقیکردنەوەکانی ناوەندی وەرگێڕانی یاسایی و دادوەریدا بەشداریم کرد و توانیم بە کردەوە لەگەڵ هەموو دامەزراوە و ناوەندەکانی حکوومەت، دادوەری، پۆلیس و بەشی کۆچبەری کار بکەم. زۆری نەخایاند کە لە ئاستی وەرگێڕی ئاسایی، گەیشتمە

ئاستی ڕاوێژکاری یاسایی. بۆ ئەم کارە لە تاقیکردنەوەدا بەشداریم کرد، بڕوانامەی بەکالۆریۆسم وەرگرت و کۆمپانیایەکیشم تۆمار کرد کە شەرعیەتی یاسایی بە کارەکەم دەدا. وەک ڕاوێژکاری یاسایی لای پارێزەرێک ئیشم دەکرد. هەندێک جار منیان وەک نوێنەری خۆیان دەنارد وەزارەتی ناوخۆ و بۆ ئەم کارە بڕە پارەیەکی باشیان پێ دەدام. نوێنەرایەتی و ئیزهارنامەم وەردەگرت و دوای ماوەیەک یاساکانی پەیوەست بە کۆچبەری و خزمەتگوزاریی بێهزیستی فێر بووم و لە خولەکانیدا ڕاهێنانم بینی.

لەگەڵ ئەوەی نوێنەرایەتیم دەکرد، درێژەم بە وەرگێڕییەکەشم دەدا و بۆ چەندین نووسینگەی پارێزەریی تایبەت، لەم بوارەدا ئیشم دەکرد. هێندەی پێنەچوو کە زیاتر چوومە ناو خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانەوە و کارم لەسەر کەیسەکانی ئەو خانەوادە و منداڵانە دەکرد کە تووشی ئازار و توندوتیژی ببوون. هەرچی زیاتر خوێندنەکەم بەرەو زانستە مرۆییەکان دەچوو، ئەم بابەتانە زیاتر بە لامەوە زەقتر و گرنگتر دەبوون. وردەوردە دۆخی کارەکەم باشتر بوو و لەلایەن دادگای شاهانە و ئیدارەی پۆلیسەوە پەیوەندیم پێوە دەکرا بۆ ئەوەی لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی پسپۆڕی لەسەر پرسە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو شەڕی خێزانی، توندوتیژیی خێزانی، سەرپەرشتیکردنی منداڵ، قەتڵی ناموسی (کوشتن لە سەر شەرەف) و هتد ئاریکارییان بکەم.

وردە وردە گەیشتمە ئەو قۆناغەی کە ڕاپۆرتی تایبەتی و پسپۆڕانەم بۆ پارێزەران دەنووسی. بۆ نموونە: دۆسیەی سەرپەرشتیکردنی منداڵێ کە لێی درابوو و دەزگای بێهزیستی دەیویست لە خانەوادەکەی وەربگرێت. ڕەوانەی لای پارێزەر دەکرا و ئەگەر ئاشنای فەرهەنگی ئەو بنەماڵە نەبا، پرسەکەیان دەنارد لای من بۆ ئەوەی وەکوو کارناس و شارەزا ڕاپۆرتێکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە سەر ئامادە بکەم و بۆ ئەو و دادگای شی بکەمەوە کە ئەم منداڵانەی کە زیاتر سەر بە خێزانە کۆچبەر و تازەهاتووەکانن، پەروەردەکردنیان لە ڕووی فەرهەنگی و نەریتی و ئایینییەوە لە وڵاتەکەیاندا چۆنە؟ هۆکارەکانی سەرهەڵدان و بەردەوامبوونی هەندێ لە جۆرەکانی توندوتیژی و هەڵسوکەوتی خراپ چین؟ و بۆ چاکسازی و هەروەها پشتیوانی و پاراستنی ئەو جۆرە منداڵانە چ ڕێگەچارەیەک هەیە؟

زۆر جار ئەو کەسەی ئەم ڕاپۆرتانە دەنووسێ وەک شایەتحاڵیش لە دادگادا ئامادە دەبێت. کەم کەم کارەکانم لە بواری کۆچبەری و وەرگێڕان هاتە دەرەوە و چووە ناو بەشەکانی تاوان و سزا و یاسایی ئیدارەکانی پۆلیس و ناوەند و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی دیکەی وەکوو وەزارەتی داد. ئیدی ناوی من لە لیستیاندا بوو و چوومە بواری تاواننناسی کە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا گرنگی ئەوتۆی هەیە. هەندێک جار شەو و نیوە شەو لە شوێنی تاوان و تەنانەت چەند جارێکیش بۆ بابەتی کوشتن تەلەفۆنیان بۆ کردم و داوایان لێکردم کە لە شوێنی تاوانەکەدا ئامادە بم. ئەم بەشە لە ئەزموونەکانم جیهانێکی نوێ و فراوانیان پیشان دام.

لـە ڕاپۆرتنووسـییە فەرهەنگییەکانـدا کە پەیوەندییەکی ڕاسـتەوخۆی لەگـەڵ نەریت و دابی ئـەو ناوچانـەدا بـوو کـە خـۆم لێـی ژیابـووم یـان ئەزموونی ژیـاوم هەبـوو، ئەو زانسـتەم لـە بواری کۆمەڵایەتیـدا یارمەتـی دەدام و بەشێکیشـی بـوو بـە سـەرچاوەی ئیلهـام بـۆ هەندێک لـە وتار و مـژارە ئاکادیمییەکانـم. کارێکـی نوێ و پسـپۆڕانە بـوو بـە داهاتێکی باشتر.

لـە لایەکـی تـرەوە دەرفەتـی زیاتـری پێبەخشـیم بـۆ گەیـشتن بـەو شـتانەی کە دەمویسـت و حـەزم لێدەکـرد، واتـا بەشـە دڵخوازەکـەی ژیان ... کاری نووسـین و نووسـینگەییم لـە ماڵەوە ئەنجـام دەدا و بەشـێکی ژوورەکەمـم بە کەرەسـتەی پێویسـتی وەکوو ئامێری فەکـس و پرینتەر و ... تەیـار کردبـوو و وەکـوو کۆمپانیایەکـی خۆبەڕێوەبـەر بـە شـێوەی نیـوەکات درێـژەم بـە کارەکـەم دا.

قووە کەبابکراوەکانی شاژنی بەریتانیا

زمـان گرنگتریـن ئامـرازی پەیوەندیـی مرۆڤـە. مـرۆڤ بـە هـەر زمانێـک قسـە بـکا هـەر بـەو زمانـەش بیـر دەکاتـەوە. ئەگەر کەسـێک بـە چەند زمان ئاخافتن بـکا، بەو زمانانە بیـر دەکاتەوە کـە زۆرتریـن شـارەزایی لێیان هەیە. پێـم وتبوون کە بە هـۆی گەورەبوونم لە جوگرافیای شـاری دووفەرهەنگیـی نەغـەدە و تاکزمانیبوونی سیسـتەمی پەروەردە و ڕاهێنـان و فێربوونی زۆرەملێی زمانـی فارسـی وای کردبـوو کـە هـەر لـە منداڵیـدا فێـری هـەر سـێ زمانـی کـوردی و تورکـی و فارسـی ببـم. دواتـر فێـری زمـان و زاراوەکانـی دیکـەی وەکـوو دەری، تورکیـی ئەسـتەنبوڵی، کرمانجـی و عەرەبیـش بـووم و وەک شـتێ مێشـکم هەر لە منداڵییـەوە بە فێربوونـی ئەم هەموو زمـان و زاراوە ڕاهاتبـوو. بۆیـە لـە تەمەنی سـەروتریش فێربوونی زمـان بە لامـەوە ئەوەندە قورس نەبـوو. سـەرباری ئـەوەی هەندێـک جـار مێشـکم لەنـاکاو هەنگـی دەکـرد، چونکـە بـە هـەر زمانێـک قسـەم دەکـرد، زمانـی جەستەیشـم ناوشـیارانە بـە هەمان زمـان مامەڵـەی دەکرد.

لـە مـاوەی سـاڵانی وەرگێـڕان و قسـەکردن بـە زمانـە جیـاوازەکان، مـن توانیـم زانیـاری و ئەزموونـی بێئەندازەلـە زۆربـەی بوارەکانـی تاوانـکاری، سـزایی، ئەمنـی، کۆمەڵایەتـی و هتـد بەدەسـت بهێنـم و بـە دڵنیاییـەوە دەتوانـم بڵێـم کـە مـن یەکێـک لـەو چەنـد کەسـە دەگمەنـە بـووم کـە لە ڕێگـەی کارەکانمەوە ئـەم ئاسـتی زانیارییانەم لە کەناڵـە جیاوازەکانـەوە وەردەگرت و هەمـوو ڕۆژێـک لـە سـەر ئاسـتێکی زۆر پڕۆفیشـناڵ و کارگێڕیـدا بەرکەوتنـم لەگـەڵ زمانـی ئینگلیـزی و کەسـانی بەریتانـی دەبـوو. لـە ماوەیەکـی کورتـدا سـەرەندەری هەمـوو پێـچ و پەنـا ئیـداری و یاسـاییەکانی تاوانـە جۆراوجـۆرەکان، پەنابـەری و سیاسـەتم کـرد، کـە وەک هاوڕێیەکـی وەرگێـڕم دەیگـوت، لـە مـاوەی سـاڵێکدا بەقەد خولێکـی دکتۆرا فێـر دەبووین. من ئەوەنـدە نەخۆشـخانە و نەخۆشـخانەی منداڵبـوون و ئیـدارەی پۆلیـس و زیندانـەکان چووبـووم

و لـە دیمانەکانـی سـزا و تاوانـکاری و وەرگرتنـی پەنابەرێتـی و هتـددا بەشـداریم کردبـوو کـە هەندێـک جـار هـەر لـە سـەرەتاوە دەمتوانـی دەرەنجامـی کۆبوونەوە، بڕیـاردان، یان دۆسـیەکە هەڵسـەنگێنم و بڕیاری بەرپرسـان، دادوەرەکان، یان دەسـتەی دادوەریی دادگا بەراورد بکەم. لە بەشـی ژنان و منداڵبوون قۆناغەکان و پڕۆسـەی جوانی بەدیهاتنی مرۆڤێک و لەدایکبوونی، کـە هەنـدێ جـار شـەوانە و نیـوە حـوزووری و هەنـدێ جاریش بـە تەلەفۆنی لەگـەڵ دایک و لە سـەر داوای پزیشـک، پێکـەوە هاوارمان دەکرد "PUSH PUSH" کـە وەرمدەگێڕایەوە پاڵی پێوە نـێ، پاڵـی پێـوە نـێ و یەکەمیـن گریانی مرۆڤێکـی بچووک، کە چەنـد جوان بـوو و ماندوویێتی لـە لەشـم دەردەکـرد. فێربوونەکانـی ئەم بـوارە بەرفراوانە دەلاقـە و پەنجەرەیەکی بێسـنووری بە ڕووی ڕوانگەمـدا کـردەوە کـە هەتـا کۆتایـی تەمەنـم لـە گەڵمـدا دەمێنێتەوە.

بیرەوەرییەکـم لـە سـەردەمی وەرگێـڕان هەیـە کـە هەرگیـز لەبیـرم ناچێتـەوە. جارێکیـان نزیکـەی کاتژمێـر دووی بەیانـی لـە ئیـدارەی پۆلیسـەوە تەلەفۆنیـان بـۆ کـردم. ئـەم ڕووداوە جارجـار ڕووی دەدا، بەتایبـەت لـە کۆتایـی هەفتـەدا، چونکە شـەڕی شـەقام و ناکۆکی خێزانی زیاتـر بـوو. ئـەو شـەوە کـۆدی ئـەو ژمـارەی وا لـە ڕێگـەی سـویچبۆردەکەی دەزگای وەرگێڕانـی فەرمییـەوە تەلەفۆنـی بـۆ کردبـووم نەمناسـییەوە و گریمانـەم کـرد کـە لـە شـارێکی چکۆلـە و دوورەوە بێـت. قسـەی خۆمـان بـێ تاقەتم نەبـوو وڵامی بدەمـەوە و لەو نیوەشـەوەدا خۆمی پێوە سـەرقاڵ بکـەم. چەنـد جارێـک تەلەفۆنیان کرد ئیتر منیـش وڵامم دایەوە. ئەفسـەرێکی پۆلیس لـە شـارۆچکەیەکی باکـووری بەریتانیـا بوو. شـارێکی هێنده بچووک کە دەبوو لەسـەر نەخشـە بـە وردی بگەڕابـای بـۆ ئـەوەی بیدۆزیتەوە.

خێـرا وتـی شـەڕێکی گـەورە ڕووی داوە، بارودۆخی شـار باش نییە و لە شـارە دراوسـێکانەوە داوای هێـزی پشـتیوانیمان کـردووە، خێـرا وەرە ئێـرە! کـەس نییـە قسـە لەگەڵ ئەمانە بـکا و لە لیسـتی وەرگێڕانـی فەرمیـدا تـۆ یەکێکیـت لەوانـەی کـە شـارەزای زمانەکانـی فارسـی و دەری و کوردیـت. ئـەو کەسـانەی کـە لەگەڵیـان تێکهەڵچوویـن لـەم گروپـە زمانییانـەن، هەڵبـەت کۆچبەرانـی ئەلبانیـا و کۆسـۆڤۆ و هتدیشـان تێدایـە. لـەو سـەروبەندەدا ژمارەیەکـی زۆری کۆچبـەر لـە باڵـکان لـە ڕۆژهەڵاتـی ئەورووپـاوە، کـە وڵاتەکەیـان لـە ناو گرژیـی جەنگـدا بوون، هاتبوونـە بەریتانیـا و زۆربەشـیان پیاوانـی گەنجـی سـەڵت بـوون.

کـە ئادرەسـەکەی دا، زانیـم کـە نزیکـەی پێنـج کاتژمێـر لێیانـەوە دوورم. گوتـم: جـا خـۆ ئەگـەر هـەر ئێسـتا وەڕێ بکـەوم ڕەنگـە سـەعات دەی بەیانـی بگـەم!" وتـی هەمـوو خـەرج و تێچووەکـەت دەدەیـن، دوو ئەوەنـدەی پارەکـەت پێ دەدەینـەوە! بە خۆمـم وت وا دیارە دۆخەکە شـڕە، وەڕێ کەوتـم و پێـش نیـوەڕۆ گەیشـتم. دیـار بـوو کـە شـەوی پێـشتر تایـەی ئۆتۆمبێلیـان سـووتاندبوو و خشـتی شـکاو و بـەرد لـە ناوەڕاسـتی شـەقامەکە فڕێـدرا بـوو. هێزەکانـی پۆلیس هـیلاک و کەنەفـت لـە چەنـد شـوێنێک دەبـینران. کۆمەڵـە گەنجێکـی تـووڕە لـە پارکەکـەی

نزیک گۆڕەپانی شار ڕاوەستابوون و جگەرەیان داگیرساندبوو و دووکەڵیان لێ بەرز دەبۆوە. سێ تاقم بوون: تاقمی یەکەم کۆچبەرانی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژهەڵاتی ناڤینی کە لە وڵاتانی وەکوو پاکستان، ئەفغانستان، عێراق، ئێران و تورکیاوە هاتبوون؛ تاقمێکی دیکە کۆچبەرانی ئەلبانی و کۆسۆڤۆیی و بۆسنیایی و وڵاتانی دیکە بوون و گروپێکی دیکەش گروپی ناوچەیی بەریتانی بوون.

منیان بردە لای ڕۆژهەڵاتییەکان کە نوێنەر یان باشتر بڵێین وتەبێژیان هەبوو. ئەفسەری پۆلیس وتی: " لەگەڵ ئەلبانییەکان قسەمان کردووە و لە قسەکانیان تێدەگەین، چونکە وەرگێڕی زمانی ئەلبانی لە دوێشەوەوە هاتووە. چاوەڕێتان بووین کە بێی و لێیان بپرسی کە بۆچی شەڕ دەکەن؟ تاقمە خۆجێییەکانی خۆشمان دواندووە و هەر ماوە گوێ لە قسەی ئەم تاقمەش بگرین." مەشریقییەکان (ڕۆژهەڵات) کە هەموویان پەنابەری تازەگەیشتوو بوون، دەیانگوت کاتێک ئێمە بە شێوەیەکی نایاسایی هاتینە بەریتانیا، ئێمەیان بردە سەربازگەیەکی چۆڵی سەردەمی جەنگی جیهانی کە پڕ بوو لە مشک و جاڵجاڵۆکە و مێروو، نارەزایەتیمان دەربڕی، بەڵام دۆخەکە باشتر نەبوو، ئێمەش لەگەڵ کۆمەڵێک ئەلبانی ئاگرمان لەو سەربازگە بەر دا بۆ ئەوەی هەرگیز نەگەڕێینەوە و دوای ئەوە ئاوارە بووین.

پاشان هەر لەو دەوروبەرەدا دەمێننەوە و دەڵێن چیتر پشتگیریی ئێوەمان ناوێت. لە دارستانەکەدا کەمپێک بۆ خۆیان چێ دەکەن، وەکوو کەمپی کالێ کە ساڵانێکە لە نزیک کەناڵی مانشی فەڕەنسا دانراوە. ئەم کۆچبەرانە ڕۆژیان لە شار بەسەر دەبرد و شەوانە لە ناو دارستانەکەدا دەخەوتن. ڕۆژێک برسێتی بڕسکی لێ بڕیون و چەند قوویەکی نێو پارکەکە کە لە بەریتانیا بە موڵکی شەخسیی شاژن دادەنرێ، سەر دەبڕن و دەیبرژێنن، کە پاسەوانانی پارک و خەڵک پێیان دەزانن، هەڵوێستی توند دەگرن. ئەو خۆشەویستییەی کە هەندێک کەس بەتایبەت لە شارە بچووکەکاندا بۆ بنەماڵەی شاهانە و موڵک و ماڵەکەیان هەیانە وا دەکا کە گرژی لە نێوان خەڵک و ئەم کۆمەڵە کۆچبەرەدا دروست ببێت. لە لایەکی دیکەشەوە کۆچبەرانی ئەلبانی تورە دەبن کە بۆچی قووەکانتان برژاندووە و خواردووتانە و پێتان نەوتووین. کە دەبینن خەڵک زانیویانە و ئیتر ناتوانن قوو ڕاو بکەن ئەوەندەی دیکە تووڕە دەبن. لە چەند حاڵەتێکی دیکەدا لەگەڵ یەکدی تێک هەڵچووبوون و لە بیانوویەک دەگەڕان بۆ ئەوەی تۆڵە بکەنەوە، کە ئەم تاکخۆرییەی ڕۆژهەڵاتییەکان بیانووەکەی بۆ ڕەخساندن.

کە ئەمەم بۆ بەرپرسی پۆلیس ڕوون دەکردەوە، خۆم پێکەنینم دەهات. بە سرتە بە کوردەکانم وت: "باشە عەقڵتان پێی نەشکا کە نابێ لە ناوەڕاستی پارکەکەدا ئەم کارە بکەن و چەقەدووکەڵی کەباب ساز نەکەن؟! باشە نەتانزانی ئەمانە خاوەنیان هەیە". یەکێکیان وەڵامی داوە: "ئەم قووانە بۆ خۆیان دەهاتن و دەچوون و قەڵەویش بوون و ژمارەیان زۆر بوو

و ئێمەش برسی"، یەکێکی تریش وتی: "دەزانی بۆچی سەری قووەکانمان بڕی؟ چونکە زۆر ڕقمان لێیان بوو. چەند کەسیان داناوە کە ئاگایان لێیان بێ و بیانپارێزن، سێ ژەمە خواردنیان دەدانێ و ئێمەش زکبرسی هەر وا سەیرمان دەکردن!"

دۆخەکە دڵتەزێن و لە هەمان کاتدا کۆمیدی بوو، ئەوان وەها پاساویان بۆ کارەکانیان دەهێناوە یان خراپکارییەکانیان دەگێڕایەوە کە ئەوەندەی دیکە ڕووداوەکە کۆمیدی دەبوو. لە لایەکی تریشەوە تاقمی بەریتانییەکانم دەبینی کە خۆشیان بەسەر دوو گروپدا دابەش ببوون، گەنج و پیر. گەنجەکان بیرەبەدەست دەیانگوڕاند و جنێوی تفت و تاڵیان دەدا، دیار بوو سنوور و کەرامەتیان شکێنراوە، کە ئەمە بۆنی دژەپەنابەریشی لێ دەهات. گروپەکەی تر پیرەژن و پیرەپیاوەکان بوون و پلاکاردیان بەدەستەوە بوو و لە پاڵ یەکەوە وەستابوون و بە شێوەیەکی مۆدێرن و شارستانی نارەزایەتییان دەردەبڕی، کە مۆڵکی شەخسیی شاژن مایەی شانازی ئێمەیە و پێویستە ڕێزی لێ بگیرێت. ئەم لاش دوو دەستە بوو کە یەکێکیان قووەکانیان سەر بڕیبوو و خواردبوویان، تاقمەکەی دیکەش گلەیی و گازندەی ئەوەیان بوو کە بۆچی ئەم میوانییە بەشی ئەوانی تێدا نەبووە! دیمەنێکی تراژیدی بوو. لە کۆتاییدا گوتیان کە کۆچبەران پێویستە داوای لێبوردن بکەن، کۆچبەرەکانیش دەیانگوت: "بەخوا داوای لێبوردن ناکەین، ئەوسەرەکەی قووەکانیان بۆ دەکڕینەوە!" بەرپرسانی شار وتیان: "قوو بۆ کڕین نابێ" و مەئموری شارەوانی دەقی ئەو یاسایانەی دا بە دەستمەوە کە هی سەد ساڵ بەر لە ئێستا بوو و بە شێوازی ئینگلیزیی کۆن نووسرابوو. نەمتوانی بەشێکی بخوێنمەوە، چ جای ئەوەی وەریبگێڕمەوە. ئەویش بۆ ئەو کۆچبەرانەی کە زۆر لە یاساکانی شاری و شاهانەی بەریتانیایان نەدەزانی و دەیانگوت برسین. بۆیان فام نەدەکرا کە بۆ نموونە چرا کۆنەکان و قووەکانی ناوەندە گشتییەکان و تەنانەت نەهەنگ و دۆلفینەکانیش بە مۆڵکی شاهانە دادەنرێن و بەپێی ئەم یاسا و فڵان برگە، ئەمانە هی کۆشکن. ئەمە یەکێک لە وەرگێڕانە هەرە قورسەکانی ژیانم بوو و کۆچبەرەکان بەرامبەر بەو بابەتە وتیان: "ئەرێ برا شاژن کێیە؟" پێیان بڵێ ئێمە برسین ئەمڕۆ ئەمانەمان خوارد و سبەی شتێکی تر دەخۆین!"

وێنەی ١٩٢- سەردێڕی ڕۆژنامە بە ناونیشانی: کێ قووەکانی کوشت؟

بە هۆقە هۆق و جەفەنگەکانیاندا دیار بوو کە جارێکیشیان ڕێوییەکیان خواردبوو. نازانم لەبەر ورووژاندنی من وتیان یان هەر بە ڕاست

خواردبوویان. گۆشتی ڕێوی لە ئایینی ئیسلامدا موباحە و خواردنی لە هەندێ شوێنی مەشریق زەویدا شتێکی ئاساییە، بەڵام لە ترسی ئەوەی کە نەکا گرژییەکان ئەوەندەی دیکە تەشەنە بستێنن، نەموێرا لای پۆلیس لەو بارەوە هیچ بڵێم. کەمێک دواتر زانیم کە ئەم پرسە لە شاردا بڵاو بۆتەوە و گروپەکانی داکۆکیکاری مافی ئاژەڵانیش لە ڕۆژی پێشترەوە نارەزایەتییان دەربڕیبوو. ئێستا لەم دۆخەدا وێدەچێ کۆچبەران ڕێوییەکەیان خواردبێت! بەرگریکارەکانی مافی ئاژەڵان تورە بوون و لە ئینتەرنێتدا پۆستی توندڕەوییان دەنووسی کە بۆتە نوکتەش: "کۆچبەری ڕێویخۆرمان هەیە"، یان "قووەکانی شاژن تاڵان کراون" یان "هێزەکانی سوپای شاهانە لە عێراقەوە بهێننەوە بۆ ئەوەی قووەکانی شاهانە بپارێزێ یان "ڕکابەرێکی بەهێز بۆ ڕاوچی ڕێوییەکان دۆزراونەتەوە". بە هەر حاڵ هەرگیز ڕووخساری ڕژدی ئەوانەی داکۆکیکار بوون و هەروەها دیمەنی ئەو کەسانە فەرامۆش ناکەم کە بە کەمێک عارەقی هەرزانەوە کەبابی قوو و ڕێوییان هەڵمەقووت کردبوو.

یەکێک لە پەنابەرەکان کە دیار بوو دەرچووی زانکۆ بوو، لە ڕێگەی منەوە بە ئەفسەری پۆلیسی وت: "جاران ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتییەکان ڕێزیان هەبوو و وڵاتەکەیان بێشکەی شارستانیەت و زانست و سامان بوو، کەچی ئێستا لە ئەنجامی چەندین سەدە کۆلۆنیالیزم و شەڕی ناوخۆیی و ستەمکاری و نادادپەروەری، چاوەڕێی ڕێدەرەتانێکن کە دەرباز بن!" یەکیان پلاکاردێکی بە دەستەوە بوو بۆ ئەوەی قووەکانی شاژن بپارێزێ و ئەوی تر کێردێکی بە دەستەوە بوو کە بە سەربڕینی قووی شاژن دەویست پێشی مەرگی هێورانەی بگرێ ... و منیش لە ناوەڕاستی ئەم دووفاقییەدا سەرم سووڕ مابوو!

بکوژە هاوخوێنەکانی کچانی کورد

پێشتر باسم لەوە کردبوو کە لە لەندەن، کچێکی بنەماڵەیەکی کوردی باشوور بە ناوی "بەناز مەحموود"، کە باوک و مامی ئاشنا و ڕۆشنامان بوون، و هاوسەریشی لە ئاغاواتە بەنابانگەکانی پشدەر بوو، کوژرا. ئەم کچە لە لایەن بنەماڵەوە و بە تەگبیری باوک و مامی، بە دەستی چەند گەنجێکی بەکرێگیراو بە شێوەیەکی زۆر گورچگبڕ دەکوژرێت ... ئەم هەواڵە لە مانگی کانوونی دووەم (ژانڤییە) ی ٢٠٠٦ ڕاگەیەندرا و منیش بە شێوەیەکی سنووردار سەرقاڵی ئەم هەواڵە بووم. دواتر چەند دەزگایەکی ڕاگەیاندن پەیوەندییان پێوە کردم و ڕایانگەیاند کە وەک یەکێک لە چالاکانی ڕاگەیاندنی کۆمەڵگەی کوردستانی شتێک بڵێم و قسەیەک بکەم و پێشتر لە ئیدارەی تاوانی کوشتنی شاری لەندەنەوە پەیوەندییان پێوە کردم و ڕایانگەیاند کە قەتڵی ناموسی (کوشتن لە سەر شەرەف) ڕووی داوە و وەک پسپۆڕێکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، پێویستە ڕاپۆرتێک لەسەر ئەم ڕووداوە بۆ

دادگا بنووسم.

لەم جۆرە بارودۆخانەدا یەکەم شت کە پۆلیس دەیکا ئەوەیە کە دۆسیەکە دوای لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان دەنێرێتە دادگا، بەڵام بە هۆی ڕژدیی بابەتەکەوە، داوایان لێکردم بچمە سکۆتلەندیارد کە پۆلیسی ناوەندی لێیە و پاشان لەوێش گوازرامەوە بۆ بەشێکی دیکە کە پێی دەوترێ تاوانی گەورە لە گەڕەکی لێویشام لە لەندەن. کە گەیشتمە ئەوێ بینیم تیمێکی پێکهاتوو لە چەندین وەرگێڕ، خەریکن لە سەر ئەم دۆسیە ئیش دەکەن. پوختەی بەسەرهاتی بەناز بە پێی بەڵگەکان ئەوە بووە کە بەناز مەحموود لەگەڵ کوڕێکی سەردەشتی کەین و بەینی بووە. بەناز پێشتر هاوسەرگیریی زۆرەملی کردبوو، بەڵام بە پێداگریی خۆی تەڵاقی وەرگرتبوو.

بەناز لەسەر کەین و بەینێک کە لەگەڵ ئەم کوڕە بوویەتی لەگەڵ باوکی تووشی قڕە دەبێت. کاتێک دەزانێ بنەماڵەکەی لە کۆڵی نابنەوە، ماوەیەک لەگەڵی ڕەدوو دەکەوێ، بەڵام دواتر بە بەڵێن و دڵنیاکردنەوە لەلایەن خێزانەکەیەوە دەگەڕێتەوە. دیارە بەناز ئەو بابەتانەی بۆ پۆلیس باس کردبوو کە لەلایەن بنەماڵەکەیەوە هەڕەشەی لێ کراوە. بەڵام پۆلیس هۆشدارییەکەی بە هەند نەگرتووە و بنەماڵەکەشی کە لە ناو کوردەکانی لەندەندا تا ڕادەیەک ناسراون، بڕیار دەدەن بە شێوازی خۆیان بەرگری لە کەرامەت و ناموووسیان بکەن. چەند گەنجێک لە خزم و کەسە نزیک و دوورەکانیان کە یەکێکیان ئاغایەکی بچووکی خەڵکی هەمان ناوچەی کوردستانە و منیش دەمناسی، بەکرێ دەگرن. کچەکە لەسەر بانگهێشتی باوکی دەچێتە ماڵی داپیرەی و لەناکاو تووشی ئەم گروپە دەبێتەوە. بەپێی تۆمارێکی نهێنیی پۆلیس، کە هی یەکێک لە بکوژەکانە، لە پێشدا ئەشکەنجە و ئازاری دەدەن، پاشان دەیخنکێنن، دەیخەنە ناو جانتایەک و دەیبەن بۆ بیرمینگهام و لە حەوشەی ماڵێکدا دەینێژن! پۆلیس زۆربەی گفتوگۆکانی نێوان خێزانەکە و کەسانی دەوروبەر و گرتەیەکی ڤیدیۆیی خودی قوربانییەکەشی خستە بەردەست من و وەرگێڕەکانی دۆسیەکە، گوێم لێ بوو کە چۆن لە گفتوگۆکاندا، کچە داماوەکەیان دڵنیا دەکردەوە کە کەس کاری پێی نییە، کەچی پیلانی کوشتنیان بۆ دارشتبوو ... ئەم دۆسییە زۆر کاری کردە سەرم و وای لێکردم کە وردتر بیر لە بواری لێکۆڵینەوەی جێندەری بکەمەوە. دوای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم حاڵەتە، دەبا بە پێی بنەمای پیشەیی و ئەخلاقی ڕایبگەیەنم کە ئەم بنەماڵە دەناسم بۆ ئەوەی شتێکی دژ بە بەرژەوەندییەکان ڕوو نەدات. من خۆم بە پشتیوانی باوکی بەناز نەدەزانی و دژی بووم و بەپێی یاساکان دەبا بمگوتبا دەیانناسم. هیچ ئەوەم بە بیردا نەهات یان نەمدەزانی دەبێ ئەمە ڕاپۆرت بکەم. دواتر کاتێک دۆسییەکە چووە دادگا و منیش ڕاپۆرتێکم سەبارەت بە دۆسیە هاوشێوەکانی لە کوردستان و قەتڵی ناموووسی و جۆری ڕوانگەی کۆمەڵگا و خانەوادە سەبارەت بە کوشتن لە سەر شەرەف یان ئەوەی لە

ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان پێـی دەڵێن قەتڵی ناموویسـی پێشـکەش بـە دادگا کـرد، پارێزەرانی مام و باوکـی بەنـاز هـەر ئـەم خاڵـی لاوازییەیـان قۆسـتەوە و وتیـان لەبـەر ئـەوەی خانەوادەکەیـان دەناسم، ناتوانم ڕاوێژکارێکی باشی ئەم دۆسییە بم و هەر لەبەر ئەوەش لایان بردم.

● وێنەی ١٩٣- زنجیرە درامای ناموووس لە نێتفلکیس

بکوژەکانـی بەنـاز لەگـەڵ میدیـاکان دیمانەیـان نەکردبـوو. دوای چەنـد سـاڵێک لـە ڕێگـەی کەسـێکەوە پێشـنیارم بـە باوکی کـرد کـە وەک پەیامنێرێـک بـۆ دەزگایەکـی ڕاگەیانـدن چاوپێکەوتنـی لەگـەڵ بکـەم بـۆ ئـەوەی چیرۆکەکـە لـە زاری خۆیـەوە بگێڕدرێتـەوە. وا دیـارە ئەمەی بـەدڵ نەبوو و لـە ڕێگـەی هاوسـەرەکەیەوە هەواڵـی نـارد: "ئینتیـزارم نەبـوو کـوڕی کاک کەریـم ئەحمـەدی لـە بـری ئـەوەی پشـتی مـن بگـرێ، پێـم بڵـێ بچـۆ بەسـەرهاتەکە بـۆ ڕۆژنامەیەکی بەریتانـی بگێـڕەوە". منیـش وتـم: "مـن لـەو ئاسـتەدا نیـم کە پشـتیوانی لـە ئەنگۆ بکـەم و ئەوە دادگایـە کـە حوکمتـان دەکا، بـەڵان ئەگەر ویسـتتان قسـە لەم بـارەوە بکەن دەتوانیـن پێکەوە بدوێیـن." کاتێـک لـە دۆسـییەکە دوور خرامـەوە، دەمتوانی لـە بارەیەوە لەگـەڵ ڕاگەیاندنەکان قسـە بکـەم، چونکـە بەربەسـتی یاسـاییم نەبـوو. دواتـر خولـە کورتخایەنـەکان و ورکشـۆپە فێرکارییەکانـی یەکسـانیی جێنـدەری و مافـی منداڵانم لە زانکۆی سـواس تێپەڕاند و شـایەنی باسـە کـە بەشـداریکردنم لـەم خولـە کورتانـەدا کە هەندێ جـار یـەک ڕۆژە یـان دوو ڕۆژە بوون، لـە کاتـی دەستبەسـەربوونم لـە سـاڵی ١٣٩٨ی هەتـاوی (٢٠١٩ ز)دا لـە پێڕسـتی ئـەو تۆمەتانـەدا بـوو کـە لـە لایـەن سـپاوە خرابـۆوە پاڵـم. پێیـان وتـم کـە مـن ڕاهێنانـم لەسـەر پشـتگیریکردنی فێمینیـزم و ڕووخاندنـی نـەرم بینیـوە و لـە زانکـۆی سـواس کـە بـە حەوشـەی پشتەوەی دەزگای هەواڵگری دەزانن، ڕاهێنانی پێویستم تەواو کردووە.

زۆری نەخایانـد، قەتڵێکـی ناموویسـیی دیکـە ڕووی دا و کاریگەریـی لەسـەر ژیانی پیشـەیی منیـش دانـا. لـە نیسـانی ٢٠٠٧ لـە شـێخانی نزیک شـەنگال لـە پارێـزگای نەینـەوای عێراق، کـە شـوێنی نیشـتەجێبوونی کوردانـی ئێزیدییـە، قەتڵێکـی ناموویسـی قەومـا و لـە میدیـا نێودەوڵەتییەکانـدا دەنـگ و هەرایەکـی زۆری نایـەوە. کچێکـی ئێزدی بە نـاوی دوعا و کوڕێکی موسـڵمان عاشـقی یـەکتر دەبـن و بـەو پێیـەی کـە هاوسـەرگیرییەکەیان ڕێگەپێـدراو نەبـوو (بەپێـی بیروبـاوەڕی ئێزیدییـەکان، ئێـزدی و موسـڵمان نابـێ ژن و ژنخوازییـان پێکـەوە هەبێ) بڕیاریـان دابـوو کـە پێکـەوە هەڵبێـن. خانـەواده و کەسـوکاری کچەکـە بـە فێـڵ دەیهێننـەوە بۆ ماڵـەوە و بـە هاوکاریـی خەڵکـی گـەڕەک بەردبارانـی دەکـەن و دەیکـوژن.

ئەو گرتە ڤیدیۆییەی کە لە سەر چۆنیەتیی کوشتنی دوعا بڵاو بۆوە، زۆر ناخهەژێن بوو. لە دوا ساتەکاندا یەکێک لە پیاوەکان بلۆکێکی چیمەنتۆیی هەڵدەگرێ و لە سەری کچەکەی دەدا. ئەم دیمەنانە، کە بە مۆبایل وێنەیان گیرابوو، دەست بە دەست دەگەڕا. چالاکوانێکی کۆمەڵایەتیی خەڵکی عێراق فیلمەکەی بۆ ناردم. دەنگەکانم وەرگێڕاوە و لە چوارچێوەی هەواڵێکدا لەسەر ئەو ڕووداوە ڕاپۆرتێکم نووسی و بڵاوم کردەوە. کاتێک ئەم ڕووداوانە ڕوویان دا، تازە عێراق لە دەست سەدام حوسێن ڕزگار کرابوو و سوپای وڵاتانی بیانی لە وڵات و ناوچەکەدا بوون.

خاڵێکی سەرنجڕاکێش ئەوە بوو کە فیلمێکی بەڵگەیی سەبارەت بە کوشتنی بەناز مەحموود لە بەریتانیا دروست کرا کە بەم دواییە لە نێتفلیکس بڵاو کرایەوە، کە بە بینینی ئەو فیلمە گەڕامەوە بۆ ئەو سەردەمە.

● وێنەی ١٩٤ - بابەتێک کە سەبارەت بە بەناز و دوعا (کچە ئێزدییەکە) بۆ ڕۆژنامەم نووسی.

لەو کاتەدا بابەتێکی دیکەش سەرنجی ڕاکێشام؛ ڕۆڵی ڕەگەز لە هەڵبژاردنی سووژەی ئەم دوو کوشتنە یەک لە دوای یەکەدا بوو! کاریان بەو کەسەی نەبوو کە پیاو/کوڕ بوو، بەڵام کچەکە قوربانی دەکرا و قەتڵە ناموویسییەکان لە لایەن بکوژانەوە ئەنجام دەدرا کە خۆیان بە حەقدار دەزانی. تەنانەت لە ئاستەکانی خوارتر لە کوشتنیشدا هەر هەمان شتە. هەرچەندە ئێستا زۆرێک لەو پێکهاتانە گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، بەڵام ئەگەر کوڕان کارێکیان کردبێ کە پێچەوانەی نۆرمە کۆمەڵایەتیش بێ، هیچ شتێکی تایبەت لە سیڤی و دۆسییەی ژیانی کۆمەڵایەتییان تۆمار ناکرێت. کۆمەڵگای نەریتی لە سەر جلوبەرگی ژنان و شێوازی قسەکردن و پێکەنین و ئارایش و زۆربەی هەڵسوکەوتەکانی ژنان هەستیارە و ئەم بابەتانە وەک فاکتەری سەرکوتکردنیان بەکار دەهێنرێن. لە ڕاستیدا ئەم هەڵاواردن و جیاکارییە ڕەگەزێتییە کە لە ڕێگەی دابەشکاری دووانەیی نێوان ژن و پیاو و هەروەها میکانیزمی ئەویتریسازی کە ژن وەک "ئەویتری" پیشان دەدا و دەیتارێنێ، وای کردووە کە ژنان لە زۆربەی پرس و خەسارە کۆمەڵایەتییەکاندا زیاتر لە پیاوان تووشی باجدان یان لێکەوتەی نەرێنی ببنەوە.

تا ئەو کاتە زیاتر بایەخم بە پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دابوو و کەمتر ئاوڕم لەم پرسە دابووەوە. سەرباری ئەشێ و ناشێکان و پێشنیار و پاڵپشتیی سارای هاوڕێم و هاوڕێیەکی دیکەم بە ناوی هێکاتی کە یۆنانی بوو، ئەم هەواڵەم بڵاو کردەوە و یەکەم

کاری هەواڵنێریم بە پەخشکردنی ڤیدیۆ و کورتە ڕاپۆرتێکی شیکاری لە سایتەکەمدا دەست پێکرد. پێشبینیم دەکرد کە دەنگ و هەرا بنێتەوە، بەڵام نەمدەزانی دوای ٢٤ کاتژمێر دەبێتە یەکەم هەواڵی هەندێک لە دەزگای میدیاییە گەورەکان. هەندێک لە میدیاکان داوای چاوپێکەوتنی زیاتریان کرد و تەنانەت تەلەڤیزیۆنی ATN ی بەریتانیا داوای لێکردم بچمە مووسڵ و ڕاپۆرتێکی تەواو لەسەر ئەو بابەتە ئامادە بکەم. قەبارەی ڕووماڵکردنی هەواڵەکە و سەردانکردنی ئەوەندە زۆر بوو کە گووگڵ چەند ئەستێرەیەکی بە ماڵپەڕەکەم دا و ئەمەش کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ڕیزبەندییەکەی هەبوو.

کەی.سی.سی و ئەزموونی سزادان

کاتێک تێکەڵی کوردانی کوردستانی باکوور بووم، هەستم کرد ڕوانگەیەکی مۆدێرنتر و پێشکەوتووتریان بۆ کوردستان و پرسە سیاسییەکان هەیە. هەرچەندە ناتوانم نکۆڵی لە هۆگری و سۆزداریی دەروونیی خۆم بۆ حیزبی دێموکرات بکەم، هێشتاش پێم وایە پەکەکە، سەرەڕای هەندێک لە بۆچوونە ڕادیکاڵەکانی و هەندێک لە چالاکییە سەربازییەکانی کە لە ڕووی مافی مرۆڤەوە ڕەخنەی لە سەرە، یەکێک لە حیزبە سیاسییە مۆدێرن و ڕێکخراوەییەکانی کوردستانی گەورەیە، کە توانیویەتی پەیوەندی لەگەڵ بەشێک لە ئەندامانی پەرلەمان و سیاسەتمەدارانی بیانی و ئەرووپایی ساز بکا و لە زۆرێک لە گروپە چەپەکانی سەرانسەری جیهانەوە پشتیوانی لێ دەکرێت. زۆرێک پێیان وایە کە پەکەکە تەنیا پارتێکی ناسیۆنالیست نییە بەڵکوو پارتێکی ئینتەرناسیۆنالیستی چەپە و بەوە تۆمەتباری دەکەن کە پەکەکە بەرژەوەندییەکانی کورد و کوردستان لە ئاستی هەرێمەکەدا، لە ئەولەوییەتی خەباتەکەیدا نییە و زیاتر لەسەر پرسەکانی تورکیا و لە گۆشەنیگای چەپەوە چڕ بووەتەوە و ئامادەیە لە سەر بەرژەوەندیی خۆی هەندێ جار مەعاملە لە سەر پرسی کوردانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بکات.

پەکەکە یەکێک لەو دەگمەن حیزبە کوردییانەیە کە ئەندامی بیانی زۆرە، هەمیشە پێم سەیر بوو لە ناو کادیرەکانی ئەم حیزبەدا خەڵکی وڵاتانی دیکەش هەن، تەنانەت بەشێکیشیان پێشمەرگە یان گەریلای ئەم حیزبەن و دەچنە چیاکانی قەندیل یان بۆ شەڕکردن دەچنە قووڵایی خاکی تورکیا. لەو ماوەدا ئەم حاڵەتە زیاتر بەرچاو بوو و لە ناو خۆیاندا ڕێکخراوێکی سەردەمیانەی ئەورووپی و سیاسی و مۆدێرنیان هەبوو. حیزبێکی چالاک و پێشکەوتنخوازە کە ژن و منداڵیشی لە خۆ گرتبوو و هیچ هەڵاواردن و مەودایەکی جێندەریی بەرچاو لە نێوان هێزەکانیدا هەستی پێنەدەکرا و هەموو ئەمانە پەکەکەیان لە پارتەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین جیا دەکردەوە. دامەزراوەیەکی لەڕادەبەدەر تەکووز

و ڕێکخراو و لە هەمان کاتدا ئایدۆلۆژیکی، کە لە هاویناندا لە ئەورووپا، زۆرێک لە خانەوادەکان منداڵەکانیان دەنارده ئەو ناوەندانە، کە بە ڕواڵەت شوێنی کۆبوونەوە یان ناوەندی فەرهەنگی بوون بەڵام لە ڕاستیدا لەلایەن پەکەکە بەڕێوە دەبران، بۆ ئەوەی ئەم ناوەندانە لە کەمپەکانی هاوینەی دەرەوەی شاردا ڕاهێنان و پەروەردە بە تازەلاو و لاوەکانیان بکەن و سەرگەرمیان بکەن. تەنانەت منداڵەکانیان دەبردە هەندێ کەمپ لە ئەڵمانیا و فێری سۆسیالیزم و یاسا و مافەکانی ژنان و ژینگە و وتاری ئایدۆلۆژی و حیزبییان دەکردن.

ئەو گەنجە بیانییانەش کە لە ئەورووپا لەدایک ببوون، وەردەگیران و هەندێک جار دەچوونە چیای قەندیل و دەبوونە گەریلا. کاتێک وەک گەنجێکی خاوەن بەهرە، ڕۆیشتمە کەی.سی.سی (ناوەندی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کوردانی دانیشتووی لەندەن)، دەستبەجێ منیان بردە لای خۆیان. دەمتوانی ببمە نوێنەریان و لەگەڵ کۆمەڵگە کوردییەکان قسە بکەم. دوای ماوەیەک لە هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیدا بەشداریم کرد. حەوت کەسی هەڵبژێردراو بۆ ماوەی دوو ساڵ ناوەندەکەیان بەڕێوە دەبرد و زۆرێک لە پرۆسەکان بە ڕواڵەت دێموکراسیانە بوون. من پێشتر وەک کوردێکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەمپاد و لایەنگر ناسرابووم و لە هەڵبژاردنەکەدا ڕێژەیەکی زۆری دەنگەکانم وەدەست هێنا. لە ناوماندا پارێزەر و خوێندکاری زانکۆ و هەواڵنێریش هەبوون و ئیدارەی یەکێک لە گرنگترین ناوەندە کوردییەکان واتا کەی.سی.سی لە بەریتانیامان گرتە دەست. من لە بەشی پەیوەندییەکان بووم و تازە ئەوسا زانیم چ باسە و چ سازوکار و میکانیزمێکیان هەیە.

لای هەندێ کەس وایە کە خاڵی لاوازیی کوردانی باکوور ئەوە بوو کە زمانی کوردی نازانن یان زۆر حەزیان لە ئاخافتن بە زمانی کوردی نییە. وەها لە ناو پێکهاتەی سیستەمی پەروەردە و ڕاهێناندا غەدریان لێ کراوە کە زۆریان تەنانەت لە ماڵەوەش بە کوردی قسە ناکەن. بەڵام من هەرگیز ئەم بابەتەم بۆ قبووڵ نەکرا و هەمیشە ڕەخنەی ئەوەم لێ دەگرتن کە ئێوە داوای مافی کوردستانی گەورە دەکەن و ئێژن وەک کەمینە ستەمتان لێکراوە، بەڵام بە زمانی خۆتان قسە ناکەن و هیچ هەوڵێک بۆ دووبارە پەروەردەکردن و فێرکردنی نادەن. کۆمەڵێ خولی سنووورداری زمانی کوردییان هەبوو، بەڵام زۆر پێشوازی لێ نەدەکرا. ئەمەش یەکێک لەو خاڵە لاوازانەیە کە لە لایەن کوردانەوە ئاراستەی پەکەکە دەکرێ و دەبێتە هۆی ئەوەی کە بتوانن لە سەر کوردنەبوون و ناسیۆنالیستنەبوونی ئەم حیزبە تەڕاتێن بدەن و بە درێژەپێدەری سیاسەتی بەسەرچووی چەپی بزانن.

لەو ساڵانەدا بۆ دابینکردنی تیچووی ناوەند زۆربەی بازرگانانی کوردی باکووریان ناچار دەکرد کە بە حوکمی یاسایەکی نەنووسراو ساڵی جارێ پارە بدەن، بەڵام لە ڕاستیدا دەبا باجیان بدابایە و ئەگەر ئەو کارەیان نەکردبا، لەوانە بوو هۆشداریان پێ بدەن یان

ڕووبەڕووی گوشاری کۆمەڵایەتییان بکەنەوە. هەموو ئەمەیان دەزانی و پێیان باش بوو کە خۆیان تێوەنەگلێنن. ئەوان حازر بوون ساڵانە چەند سەد پاوەند بدەن و خۆیان تووشی ئەم سەرئێشە نەکەن. پێم وایە ئێستا ئەم پێداگری و توندی و سەپاندنە وەکوو جاران نەماوە و زۆرێک لەو هاوکێشانە گۆڕاون. هەڵبەت بۆ زۆرێک لە بازرگانان و خەڵک ئەو بڕە پارەی کە دەدرا بە ناوەندەکان بڕە پارەیەکی کەم بوو، زۆر کەسیش بوون کە بە جۆش و خرۆشەوە و لە بەر خۆشەویستیی بۆ پەکەکە پارەیان دەدا. لێتان نەشارمەوە لایەنگرانی پەکەکە پاڵپشتییان لە هەندێک پیشە و کۆمپانیا دەکرد و ئەوانیش پارەی باشیان دەدا بە پەکەکە. هەندێک جار گروپە مافیاییەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی و ئەلبانی لە باکووری لەندەن دەسووڕانەوە و وەک باج پارەیان لە خەڵک وەردەگرت. ئەگەر پەلاماری دووکانداریکی کوردیان بدایە ئەوان دەهاتنە سەر خەت و تەنانەت بە توندوتیژییەوە دەکەوتنە بەرگریکردن لە کوردان.

پەکەکە بە هۆی پارتی یاسایی و ڕەسمی لایەنگری کورد لە هەڵبژاردنی پەڕلەمانی، شارەوانی و ئەنجومەنەکانی شارەوانی خۆجێیی دەورێکی گرینگی هەیە و حەشیمەتێکی زۆری کوردان لە ژێر کاریگەریی ئەم حیزبەدا لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی، پەڕلەمان و سەرۆک وەزیری دەنگیان بە کەسانی دیاریکراو دەدا. لە ڕاستیدا هەموو ئەم گرووپ و ناوەندانەی کە لە وڵاتانی جیاوازدا هەبوون، ملکەچی ناوەندێکی سیاسی بە ناوی (ک.ن.ک) بوون کە بارەگاکەیان لە بروکسل بوو. بەشێکی زۆری کوردانی باکوور دانیشتووی ئەڵمانن، ئەوان خاوەنی ڕێکخراوێکی ڕێک و پێک و تەکووزن و ناوەندەکانیان لەگەڵ ک.ن.ک و پاشان لەگەڵ ناوەندەکانی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە[1]) لە باکووری کوردستان (لە ڕۆژهەڵات و باشووری تورکیا) و دواجار لەگەڵ ناوەندەکانی پەکەکە لە قەندیل لە پەیوەندیدان و لە ڕاستیدا فەرمانیان پێدەگەیشت کە بەشداری لە کام گردبوونەوەدا بکەن، چ چالاکییەکی سیاسی لە کوێدا ئەنجام بدەن و دژی کام سیاسەتی تورکیا لە ناوەوە و دەرەوەی تورکیا و باکووری کوردستان ناڕەزایەتی بنوێنن. بۆ چ پرسێک لەبەردەم باڵیۆزخانەی تورکیا کۆ ببنەوە و چۆن هەڵسوکەوت بکەن. لەناکاو فەکسێک دەهات کە فەرمانی دەدا و هەمووان پێکەوە بەشداریی ڕێپێوان یان گردبوونەوەیەکیان

● وێنەی ١٩٥- فێستیڤاڵی نەورۆز لە ستادیۆمی بەرلین، ئەڵمانیا، ٢٠٠٣

١ . کە ئێستا ناوەکەی گۆڕاوە بۆ دەمپارتی.

دەکرد و هێزەکانیان لە کاتێکی دیاریکراودا یەکیان دەگرتەوە.

لە ماوەی بەرپرسیارێتیمان لە کی.سی.سیدا، ئەزموونمان نەبوو و جارێکیان هەڵەیەکی کۆمیدی بەڵام هەستیارمان کرد کە خەریک بوو دوورمان بخەنەوە! رووداوەکە ئەوە بوو کە ئێمەی خوێندکاری و لاو، وەکوو ئەندامەکانی دیکە ڕوانگەیەکی ئایدۆلۆژیکیمان نەبوو و پێمان وا بوو کە کوردستان هی هەمووانە. لامان وا بوو کە ئێمە پێکەوە بەشێک لە کوردستانی گەورەین و کوردەکانی تورکیا و سوریا و عێراق و ئێران لێک جیا نین. لە ناوەڕاستی هۆڵی سەرەکیی کەی.سی.سی وێنەیەکی زۆر گەورەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پەکەکە دانرابوو. لەو وێنەدا ئۆجەلان بە جلی مەدەنییەوە دەستی بە جۆرێک بەرز کردۆتەوە وەک ئەوەی سڵاوێکی سەربازی لە هێزەکانی دەکا و خەندەیەکیش لەسەر لێویەتی و وەک شتێ بە فۆتۆشۆپ چەند کۆترێکیش بە وێنەکە زیاد کراوە. وێنەیەکی بچووکی شێخ سەعیدی پیران کە یەکێک لە سەرکردە شۆڕشگێڕەکانی باکووری کوردستانە و گەلێ وێنەی کچ و کوڕی جەوان کە ئەو دەم نەمدەزانی کێن، لەم لا و ئەو لای وێنەکەی ئۆجەلان لە دیوار درابوون.

● وێنەی ١٩٦- وێنەکانی ئاپۆ و ئەندامانی دیکەی پەکەکە لە کەی.سی.سی

ئەوەی بۆ ئێمە بوو بە پرسیار ئەوە بوو کە باشە ئەم حیزب و بزووتنەوە کە ئیدعای کوردستانی گەورە دەکا، ئەی بۆچی وێنەی مەلا مستەفا بارزانی ڕێبەری باشووری کوردستانی دانەناوە؟ یان بۆچی وێنەی قاسملوو یان پێشەوا قازی محەمەد کە تاکە سەرۆک کۆماری حکوومەتی کوردستان بوو، لەسەر دیوارەکە نییە؟ ڕێبەرانی کوردانی ڕۆژاوا کوان؟... کۆمەڵێ وێنەی ئەو سەرکردانە لە کۆگاکەدا بوون، بڕیارمان دا لە کۆبوونەوەی دەستەی کارگێڕی، کە شەوانی هەینی ئەنجام دەدرا، ئەم بابەتە پێشنیار و پەسەند بکەین و پاشان وێنەکان هەڵواسین. لەگەڵ وێنەیەکی ئۆجەلان، وێنەی سەرکردەکانی دیکەش لێرە و لەوێ لەسەر دیوارەکە دابنرێن. وێنەکانی سەر دیوارەکەمان کۆ کردەوە و لە شوێنێکی تر داماننا. وێنەی ڕێبەرانی کوردی پارچەکانی دیکەشمان هێنا و بە وردییەوە ڕیزمان کرد کە نەکا وێنەی سەرکردەیەک لە سەرووی ئەوی ترەوە دابنرێت. بۆ نەگبەتیمان ڕۆژێک دوای ئەوەی وێنەکانمان هەڵواسی، کۆبوونەوەیەکی گەورە بوو کە ئەندامانی باڵای سیاسیی ناوەند دەهاتن. بەشێک لەو کۆبوونەوانە لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە ئەنجام دەدرا و لە کۆتاییدا خەڵک دەچوونە ناو دانیشتنی گشتییەوە.

نزیکەی کاتژمێر یازدەی بەیانی ئیلهانی هاوڕێم تەلەفۆنی کرد و وتی خۆت بگەیێنە قوڕ

کرا بە سەرماندا و کۆبوونەوەی ئەخلاقیان بۆمان داناوە. کە گەیشتم، کەسێکم لەوێ بینی کە هەمووان حسابیان بۆ دەکرد و پێشتر کەس پێکەنینی نەبینیبوو. زانیم ئەم کۆبوونەوە لە سەر وێنەکان ساز کراوە. کۆمیتەی ئەخلاقی لە ناو کەشێکی قورس و ناخۆشدا بەڕێوە چوو، بە جۆرێک کۆ ببوونەوە و دانیشتبوون کە کابرا هەستی دەکرد لە دادگای سەربازیدایە. هەموو شتێک دەنووسرا و یادداشت دەکرا و تەواو تەکووز و ڕێکخراو پێش دەچوو. لە بەشی دواتری دانیشتنەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی متمانەپێکراو و بنەماڵەکان، کە بنەماڵەی شەهیدانیان پێ دەگوترا ، هاتبوون. بە بۆڵەبۆڵ وتیان کەی ئەم دانیشتنەتان ساز کرد و گۆڕینی و جێگۆڕکێکردن بە وێنەکانتان خستە دەنگدانەوە؟ چەند کەس دەنگی بەڵێی داوە؟ پاساوتان بۆ ئەم کارە چییە؟ ئێمەش ڕوونمان کردەوە کە ئێمە کارگێڕانی کەی. سی.سیین و ئەم بڕیارە بە کۆی دەنگ لە پرۆسەیەکی دیموکراتیکدا دراوە و لە کۆی شەش کەس، پێنج کەس واژۆی کردووە. وتیان دەزانن ئەو وێنانەی کە لاتانبردووە و لەو لای دیوارەکەدا هەڵتانواسیوە کێن؟ وتمان نازانین، بەڵام مەبەستمان بێ حورمەتی نەبوو و ئەوان لەو بەری هۆڵەکە نین، تەنها کەمێک جێگاکانیانمان گۆڕیوە. چەند خێزانێکی ئامادەبووی ئەوێ بە تووڕەیی و گرژییەوە گوتیان: "ئەمانە کچ و کوڕەکانی ئێمەن کە لە ژیاندا نەماون، شەهیدمان داوە و خوێنمان ڕژاوە کە ئێوە وێنەی بارزانی دابنێن کە سەدان هێزی پەکەکەی لە شەڕی براکوژیدا کوشت، یان مەسعوود بارزانیی کوڕی ئەوانی بە سوپای تورکیا فرۆشتووە؟ یان پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەی هاوسەنگری ئێمە بوون کە وێنەی سەرکردەکانیان لێرەیە؟ ئەوان تەنانەت چاویان بە پەژاک هەڵنایە، ڕێبەرانی کوردی ڕۆژاوا ئیدی یانی چی و ...".

● وێنەی١٩٧ – ڕێوڕەسمی ناساندن بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکان و ئەندامێتی لە لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی، هارینگی، لەندەن، ٢٠٠٤

ئێمە ئەمانەمان دەزانی و بەوریاییەوە وتمان ئەگەر وێنەی کوڕەکەی مستەفا بارزانیمان دانایە، حەقتان بوو نارازی بن، بەڵام ئێمە وێنەی کەسانێکمان داناوە کە سەرکردە سیاسی و مێژوویییەکانی ئەو نیشتمانەن، کەسانێک کە پێش دروستبوونی پەکەکە خەباتیان کردووە. بەڵام بە گشتی وشەی شەهید و بنەماڵە و ڕوانگەی سەرتریی ئەم خانەوادە شەهیدانە خەریک بوو قسە و لۆژیکی مێژوویی ئێمەی لە عەرز دەدا و تەنانەت منی وەبیر سیستەمی ناسراوی بنیادی شەهید و لێدوانی خۆ بەحەقزانانەی

ئەندامەکانی لە ئێران دەخستەوە! ئەم شێواز و ڕێبازە چەندە لە یەک دەچوون .... دەمانویست زیاتر ڕوونکردنەوە بدەین، بەڵام ئەوان تووڕە بوون و بە ئەندامانی کۆبوونەوەکەیان گوت: "نا! ئەمانە دەبێ دەربکرێن!" لە ئەنجامدا لەم دۆخە سەختە ڕزگارمان بوو، بە هێمنییەوە وێنەکانمان داگرت و دیسان وێنەکانی پێشوومان خستەوە سەر جێگاکەی خۆیان. کاتێکی زۆری خایاند هەتا پەیوەندیمان لەگەڵ ئەندامە سەرەکییەکان و خانەوادەکان ئاسایی کردەوە. سیخوڕیان بۆ دانابووین و هەندێ جاریش تۆمەتی گاڵتەجاڕانەیان دەخستە پاڵمان و ئێمەیان بە شوێنێکەوە گرێ دەدا کە لە تەمەنماندا ناویشیمان نەبیستبوو.

وردە وردە بۆم دەرکەوت تەنانەت لە ناو دڵی ئەورووپاشدا کارکردن لە جڤاکە سیاسییەکانی جوگرافیای خۆرهەڵاتدا، هەستیارە. لۆژیکی دیموکراسیی ڕۆژئاوایی و ئیلهام وەرگرتن لە کۆمەڵگەی ئەورووپی هەتا ڕادەیەک باشە و دەبێ پێش چوونە ناو ئەو شوێنانە هەندێک لە مژار و بڕگەکانی لۆژیکی دیموکراسی فەرامۆش بکەی، چونکە بۆ پێکهاتە سیاسی و ڕۆژهەڵاتییەکان کەڵکی نییە و ئەوان هەمیشە بە بناغە فەرهەنگییەکان و قاڵب و چەقبەستوویە زەینییەکەیان و هەندێک جاریش دەمارگرژانە و بە پێشداوەرییەوە بەرەو ڕووی پرسەکان دەبنەوە. ئەم ئەزموونە بۆ من سینگناڵێک بوو کە بەر لە گەڕانەوەم بۆ خۆرهەڵاتی ناڤین هەتا بەینێک بیرم لێ کردەوە و بەردەوام بە خۆمم دەگوت کە دەبێ وریا بم ...

بەشی چوارەم
گەشتی دوور و درێژم کردووە

لـە فەرهەنگـی خۆرهەڵاتیـدا دەڵێن ئەگەر دەتهەوێ کەسـێک بناسـی، لەگەڵی هاوسـەفەر بـە یـان هاوسـفرە[1]. مـن دەڵێم ئەگـەر دەتهەوێ خۆت بناسـی زۆر سـەفەر بکە. دیارە مەبەسـت ئـەو سـەفەرە ئاسـایی و بەپەلـە گەشـتیارییە نییـە کـە ئێسـتا لـە جیهانـدا بـاوە. دەبـێ هـەم سـەفەری ئـەو وڵاتانـە بکرێ کـە لە ئاشـتی و ئارامیدان و هەمیـش سـەردانی ئـەو وڵاتانـە بکـرێ کە بە دەسـت شـەڕ و نائارامـی و هەژارییـەوە دەناڵێنـن. دەبـێ شـایەتحاڵی ژیانـی مرۆڤـە جیـاوازەکان، فەرهەنـگ و شـێوازی ژیانیـان، جـۆری بیرکردنـەوە و جلوبەرگیـان و چەندیـن شـتی تـر بیـن، ئـەم ئەزموونانـە مـرۆڤ دەگـۆڕن. تەنانـەت ئەگـەر خوێنـدکاری خەڵکناسـیش نەبیـن، بـۆ تێگەیشـتنێکی بـاشتر و قووڵتر لـەم جیهانە ئاڵـۆزە کـە تێکەڵەیەک لە کۆمەڵگە جیـاواز و فەرهەنگە هەمەچەشـنەکانە، پێویسـتمان بـە تێڕوانینـە لە چاوی کەسـانێکی دیکـەوە. کەواتـە، تەنهـا سـەفەر و گەشـتکردن دەتوانـێ یارمەتیی ئەم خواسـت و تێڕامانە



● وێنەی ١٩٨ – گەڕان بە دنیادا

١. هاوخوان

بەربڵاوە بکا و بیهێنێتە دی.

لە ماوەی ساڵانی ژیان و کارکردن و خوێندنم لە لەندەن و ئەورووپا، دوو جار بە هەموو جیهاندا گەشتم کردووە، لە ئەمریکا و کەنەدا و ئەفریقاوە بگرە هەتا دەگاتە عێراق و تورکیا و ئاسیای دوور. کاتێک لە لەندەن دەژیام، ئەو دەرفەتەم بۆ گەشتکردن بە وڵاتانی دیکەی ئەورووپا و بەدەستهێنانی ئەزموون قۆستەوە. هەر لە سەرەتاوە و لە قۆناغی خوێندنی فەوقی دیپلۆم و لیسانس (بەکالۆریۆس) و دواتریش زۆر شارەزایانەتر، کۆڵەپشتیم هەڵدەگرت و بەڕێ دەکەوتم. لە زانکۆ بەردەوام پێشنیاریان پێ دەکردین کە بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی قووڵترمان لە ژیانی خەڵک لە فەرهەنگە جۆراوجۆرەکاندا هەبێ، پێویستە لەگەڵ خەڵکی وڵاتان و فەرهەنگە هەمەچەشنەکان پەیوەندی ساز بکەین. لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەچووم و هەندێک جار کە تێچوویی سەفەر و گەشتکردنم زۆر دەبوو، لە درێژەی گەشتکردندا ئیشم دەکرد. وەکوو سەردەمی منداڵی و هەرزەکاریم لە ئێران، دەچووم بۆ سێورنین، ئاودێریی مەزرا و باخ و هەندێک جاریش لە کێڵگەی بەخێوکردنی مانگا و مەزراکاندا ئیشم دەکرد، بەڵام بۆ بینینی جیهان وچانم نەدەدا و بەرەو پێشەوە دەچووم.

لە سەفەرەکاندا، بە ئەنجامدانی ئیشی جۆراوجۆر پارەی گەشتەکەم دابین دەکرد و درێژەم بە ڕێگا دەدا. وەستانم نەبوو و بۆ بڕینی ڕێگای سەفەر تابشتی هەموو سەختی و سەغڵەتییەکم دەهێنا، بۆ ئەوەی چێژ لە بینینی مرۆڤەکان و ژیانیان و کەڵکەڵەکانیان و بە گشتی جیهانی زەینی و جیهانی واقعییان، ببینم. من جیهانم لە دەلاقەیەکی جوانتر و قووڵترەوە بینی و توانیم پەیوەندییەکی بنیاتنەرانەتری لەگەڵدا ساز بکەم تا لەگەڵیدا بگەمە ئاشتییەکی پتەوتر ... هەم لەگەڵ خۆمدا و هەم لەگەڵ جیهانی ژیاومدا ...

پراگ بە تامی گازی فرمێسکڕێژ

پاییزی ساڵی ٢٠٠٠ گەشتێکیشم بۆ پراگ کرد کە بەسەرهاتێکی خۆشی هەیە. گەشتەکەم هاوکات بوو لەگەڵ بەڕێوەچوونی لووتکەی جی ٧ و بانکی نێودەوڵەتی لە کۆماری چیک. زۆرجار لەو نارەزایەتییانەی کە ڕوانگەیەکی چەپیان هەبوو، بەشداریم دەکرد. بڕیار وا بوو خۆپیشاندانێکی چەند ڕۆژە لە پراگ ساز ببێ و هەموو ئەو گەشتە ئاسمانییانەی کە بەرەو پراگ دەچوون، لە چەند هەفتە پێشترەوە پڕ ببوون. خەڵکێکی زۆر لە ناوچەکانی دیکە بە پاس چووبوونە پراگ و منیش بۆ بینینی یێسبی پووررزای بابم و هاوسەرەکەی لە سوویدبووم، بەڵام توانیم خۆم بگەیێنمە خۆپیشاندانەکە. یێسب و هاوسەرەکەشی هاتن و بۆ ماوەی چەند ڕۆژ میوانی ماڵی خەزووری بووین، کە لە قەرەجە دلۆڤانەکانی چیک بوو. چەند شوێنێکی وەکوو کەمپەکانی کاری زۆرەملی و کوورەکانی

سووتاندنی مرۆڤی سەردەمی هیتلەرمان بینی و دواتر لە یەکدی جیا بووینەوە.

● وێنەی ١٩٩- لە ڕێگای قەندیل، دیداری سەلاحەدین دەمیرتاش سەرۆکی پێشووی پارتی دیموکراتیکی گەلان، ئامەد، ٢٠٠٣

بە پێی ئەو بەرنامەی کە دامڕشتبوو، بەشداریم لە ناڕەزایەتییەکەدا کرد. پۆلیس بە توندی مامەڵەی لەگەڵ ئەو جەوانە ناڕازییانە دەکرد کە لە ڕیزی پێشەوەی خۆپیشاندانەکە بوون و گازی فرمێسکڕێژی زۆری ئاراستەی ئێمەیەک کرد کە بە هێمنی و بێ هیچ گرژییەک ڕێپێوانمان دەکرد و زۆر دڕندانە چەند سەد کەسی دەستگیر کرد، کە یەکیان من بووم. دەستمیان لە پشتەوە بەستەوە و لەسەر پشتم دانیشتن و بە باتۆم لێیان دام. یادەوەرییەکانی زیندان و ئەشکەنجەی سەردەمی تازەلاویم وەبیر هاتەوە. بە پێچەوانەی زیندانەکانی ئێران، پۆلیسی پراگ لە بەرچاوی هەمووان ئاوا بێبەزەییانە ڕەفتاری کرد و پەیامنێران فیلم و وێنەیان لە دیمەنەکە دەگرت. پێم سەیر بوو کە بەو هەموو دروشم و ئیدیعای مافی مرۆڤەوە بەم شێوە مامەڵەیان لەگەڵ خۆپیشاندەراندا کرد.

ڕەفتاری توندوتیژی پۆلیس لەم جۆرە حاڵەتانەدا، لە زۆربەی بەشەکانی ئەورووپا، دەبینرێ و هەمیشە ئەم چەشنە ڕەفتار و هەڵسوکەوتە بە ناوی دابینکردنی ئاسایش پاساو دەکەن. ئێمەیان بە پاڵپێوەنان و گوشار سواری ئوتووبووسەکانی پۆلیس کرد و لەبەر ئەوەی لە زیندانی شار جێگامان نەدەبۆوە بە فەرمانی دادگا، لە یاریگایەکی وەرزشی لە دەرەوەی شار، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ کەرەنتینەیان کردین بەڵکوو وەک خۆیان دەیانگوت تەمبێ ببین. ئەو چەند ڕۆژەی لەوێ بووین ئەوانەی کە کیسەی خەوتنیان هەبوو لەسەر کورسییەکانی یاریگاکە دەخەوتن. ئێمە کە هیچمان پێ نەبوو، تا بەیانی هەڵدەلەرزین و ئەوەی دەکەوتە بەر دەستمان دەمانشکاند و لە ناوەڕاستی چیمەنی یاریگاکەدا ئاگرمان دەکردەوە. شەو تا بەیانی دروشممان دەدا، لەسەر دەرگا و دیوارەکان دروشممان دەنووسی و سەمامان دەکرد. ئەگەریش زۆر دەنگ و هەرامان بکردایە، ئۆتۆمبێلی ئاوپرژێنی پۆلیس دەهات و لە پشت درگاکەوە ئاوی پێدا دەکردین. دوای ئەم ڕووداوە من و ژمارەیەک لە بەریتانییەکانی دیکە بە کۆمەڵ دیپۆرت کراینەوە و بۆ ماوەیەک لە مافی گەشتکردن بۆ کۆماری چیک بێبەش کراین.

ئەو ماوەی کە لە لەندەن دەژیام گەشتێکی تایبەتیشم بۆ چیای قەندیل کرد. پێشتر ئاماژەم کرد کە بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی ساڵانەی پارتی کرێکارانی کوردستان

(پ.ک.ک) بانگهێشتی ناوەندی ڕاگەیاندنی پەکەکە لە چیای قەندیل کراین. ژمارەیەک نوێنەری پەرلەمانەکانی ئەورووپا و نوێنەرانی میدیا بیانییەکان بۆ بەشداریکردن لەم کۆبوونەوانەدا بانگهێشت کران و وەک هەمیشە بڕیار وا بوو ستراتیژییەکانی داهاتووی پەکەکە بەرامبەر بە حکومەتی تورکیا ڕابگەیەندرێت. من لەگەڵ ناوەندی کەی.سی.سی کارم دەکرد و داوایان لێکردم وەک پەیامنێر و سەرکاروان یاوەریی یەکێک لە گرووپەکان بکەم. لە شوێنە جیاوازەکانەوە پەیامنێر هاتبوون، لە سیئێنئێن و بیبیسیەوە بگرە هەتا دەگاتە ڕۆیتەرز و ... چەند کەسیش لە ڕێکخراو و ناوەندەکانی وڵاتانی دیکە، بەتایبەت ئەورووپییەکان، هاتبوون.

بە فڕۆکە لە لەندەنەوە ڕاستەوخۆ چووین بۆ تورکیا. حکوومەتی تورکیا پێی خۆش نەبوو کە ئێمە سەردانی دوژمنانی دەکەین بەڵام لە ڕووی ناچاری و بە هۆی بەرپرسیارێتیی دیپلۆماسی و پارێزبەندیی دیپلۆماتیکیی پەرلەمانتاران و ڕێکخراوە ناحکومییەکان، هیچ ڕێگەیەکی دیکەی نەبوو جگە لەوەی کە هەتا سنووری خاپوور پۆلیسمان لەگەڵ بنێرێت. لە درێژەی ڕێگاکەدا، پێشمەرگەکانی بارزانی کە ئەوانیش بە هۆی شەڕی پەیتا پەیتاوە دڵیان لە پەکەکە خوێن بوو ئێمەیان ئیسکۆرت کرد و گەیاندمانیانە کەمپی مەخموور. ئاوارەکانی کوردستانی باکوور ساڵەهای ساڵە لەم کەمپەدا دەژین و پەیوەندییەکی نزیکیشیان لەگەڵ پەکەکە هەیە. ئێمە هەتا دوو ڕۆژ چاوەڕێ بووین بۆ ئەوەی هەر جارێک چەند کەسمان بە ئۆتۆمبێلی شاسیبەرز ببەنە سەرەوەی چیاکانی قەندیل. لە ڕێگادا دوو جار ئۆتۆمبێلمان گۆڕی، کامێرا و مۆبایلەکانیان لێمان وەرگرت. ڕێوشوێنە ئەمنییەکان توند بوون، بە جۆرێک کە بۆ ماوەیەک هەندێک ئامێر و کەرەسەی هەواڵنێری و دووربینەکانی وێنەگرتنیان لێمان گرت و کەرەسەکانی خۆیانیان پێداین. سەیر لەوەدا بوو کە هەموو ئامێرەکانیان بەڕۆژ بوون. لە جێگایەکەوە ئیتر نەدەکرا ئۆتۆمبێلەکان تێپەڕن و بە تراکتۆر و دواتر بە ئەسپ و ئێستر گەیشتینە ناوەندی سەرەکیی سەربازانی پەکەکە.

ئەوەی بەڕاستی سەرنجی ڕاکێشام تەکووزی و پڕۆفیشناڵبوونی پەکەکە بوو. ئەوان مەشقی سەربازیی بەڕۆژ و نوێیان هەبوو و دەیانگوت بەشێک لە مەشق و زانیارییەکانیان لە گرووپە هاوشێوەکانی وەکوو پڵینگەکانی تامیل لە سەریلانکا، هێزە کووباییەکان و تەنانەت ماوەیەک لە شینفەینی ئیرلەندی باکووریییەوە وەرگرتووە و لە زووەوە پەیوەندییان لەگەڵ گەریلا و پارتیزانەکانی ئەمریکای لاتیندا هەیە. لە ڕاستیدا هەندێک لە بنەماکانی ڕاهێنان و مانەوە لەو بارودۆخانەدا، لە گرووپە نێودەوڵەتییەکان فێر ببوون. من هەرگیز نەمبینیبوو کە حیزبە کوردییەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا ئەم ئاستە هاوکاری و پشتیوانیی دەرەکییان هەبێت. ئاست و شێوازی ژیانیان گەریلایی بەڵام زۆر لێهاتووانە و پڕۆفیشناڵ بوو. کێوەکانیان هەڵکەندبوو و خانوو و پەناگە و فەرمانگە و کۆگای چەکیان تێدا

دروست کردبوو و لە ئۆردوگاکانیاندا کتێبخانە و ژووری نوستنی جیایان بۆ کچان و کوڕان چێ کردبوو. دەیانگوت بەهۆی بارینی بەفری زۆرەوە، لە وەرزی زستاندا دەرگاکان دادەخەن و لە بەهاردا دەیکەنەوە. کەواتە دەبا لەناو ئەم کەمپانەدا زیاتر لە پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانێکی ئاسایی، شتیان هەبێ، کە دیارە بیریان لێکردبووەوە و هەموو شتێکیان دابین کردبوو.

● وێنەی ٢٠٠- لە ئامەد، ٢٠٠٢

لەوێ لەگەڵ هەندێک لە سەرکردەکانی پەکەکەش کۆ بووینەوە و هاوڕێیەکی خەڵکی لەندەنیشم بینی کە تازە ببووە گەریلا. کاتێک وتم دەمەوێ چاوم پێی بکەوێ، پێیان وا بوو کەسوکاریم، سەرەتا نکۆڵیان لە هەبوونی لە ناو کەمپەکەدا کرد. بە گشتی چاوپێکەوتنی گەریلا لەگەڵ خانەوادەکانیان سنووردار دەکەنەوە، بۆ ئەوەی نەکا بە بینینی بنەماڵەکەی ورەی دابەزێ و کەمپەکە بەجێ بهێڵێت. خواست و سۆزە تاکەکەسییەکان دەبووە قوربانیی ئامانجە حیزبی و ڕێکخراوەییەکان و هەر بەو ئاراستەشدا کۆنترۆڵ و سەرکوت دەکرا. ئەم سنووردارکردنە هەمیشە یەکێک لە ڕەخنەکانی مافی مرۆڤە کە ساڵانێکە ئاراستەی ئەم پارتە، یان بۆ نموونە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران کراوە و هیچ کامیشیان وەڵامی ئەو ڕەخنانەیان نەداوەتەوە.

کاتێک ڕوونم کردەوە کە من کەسوکاری ئەو گەریلا نیم، بە وریاییەوە منیان بردە لای. ڕۆژی دووەم لەگەڵ هاوڕێکەمدا بە دەوری کەمپەکەدا پیاسەمان دەکرد کە یادەوەرییەکی سەیری بۆ گێڕامەوە. وتی: "ماوەیەک لەمەوبەر لەگەڵ هاوڕێیەکم کە هاتبوو بۆ سەردانم، بە ڕێکەوت هەندێک کچ و کوڕمان بینی کە لە ژێر درەختێکدا خرابوونە نێو چاڵێک و چەند پاسەوانیش بە سەریانەوە ڕاوەستابوون. ئەو کچ و کوڕانە بەهۆی ماندوبێتی زۆرەوە دەیانناڵاند و پاسەوانەکان هیچ گرنگییەکیان بە ئێش و ئازارەکەیان نەدەدا" هاوڕێکەم بەکونجکۆڵییەوە پرسی ئەوە چی قەوماوە؟ وتم: زۆر تەماشایان مەکە، دواتر بۆت دەگێڕمەوە ...، ئەویش پێداگری کرد و لە کۆڵم نەبۆوە بۆ ئەوەی کە بۆی باس کەم چی بووە. وتم: "وا دیارە ئەم گەریلایانە ماوەیەک بە بیانووی پشکنین و چارەسەری پزیشکی دەچوونە سلێمانی و هەولێر و بە نهێنی پەیوەندیی سێکسی و سۆزدارییان هەبووە. دوای دادگاییکردنی سەربازی بۆ

ماوەیەک بەم شێوە سزا دەدرێن بۆ ئەوەی ببنە پەند و وانەیەک بۆ ئەوانی دیکە و بە ئەگەری زۆر بە جیا دەنێردرێنە بەرەکانی دوور لە ناوەوەی تورکیا و سووریا". پەکەکە نەیدەهێشت گەریلاکان پەیوەندیی سێکسی و سۆزداریيان هەبێ و بە پێی یاسایەکی نەنووسراو بۆیان نەبوو هاوسەرگیری بکەن. هەڵبەت خودی سەرکردەکانی پەکەکە خۆشیان هاوسەرگیرییان نەدەکرد، هەرچەندە هەمیشە تێبینی و هەڵاواردن سەبارەت بەم بابەتە هەبووە.

پەیوەستبوونی منداڵانیان بە هێزەکانی گەریلا و پێشمەرگە، مۆتەکەی هەندێ لە خانەوادە کوردەکانە. لە سەرەتاکاندا کەم دەرفەت دەڕەخسا کە گەریلایەک بتوانێ چاوی بە خانەوادەکەی بکەوێت. ئەم ڕەوتە بەردەوامە و هێشتاش زۆرێک لە گەریلاکان ناتوانن خانەوادەکانیان ببینن. بە درێژایی ساڵان، لە زۆرێک لە دایک و باوکانم بیست کە بۆ بینینی منداڵەکەیان چوونەتە پارچەکانی کوردستان و تکا و پاڕانەوەکانیان بە هیچ کوێ نەگەیشتووە و زۆربەشیان ئەم وڵامەیان وەرگرتبوو کە ڕۆڵەکانتان بۆ ڕاپەڕاندنی ئۆپەراسیۆن چوونەتە شوێنە دوورەکان و لە قەندیل نین. هەر چەندە ماوەیەکە ئەم پەیوەندییانە ئاسانکارییان بۆ کراوە و دایکان و باوکان لە هەندێک وەرز و شوێنی دیاریکراودا بۆیان هەیە چاویان بە جگەرگۆشەکانیان بکەوێت.

پەکەکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لق یان پارتێکی هەیە بە ناوی پژاک و لە باشوور و ڕۆژاواش لق و پارتی هەیە. لەو سەفەرەدا یەکێک لە کچە پەیامنێرەکان کە بە ڕەچەڵەک خەڵکی ئامەد بوو و یاوەری گروپەکەمان بوو، دەیگێڕاوە کە چۆن بەرپرسی بەشی نووستنگەی[1] کچان پێی وتووە کە پەتی ستیانەکەی کە لە تیشێرتەکەی هاتبووە دەرەوە، دابپۆشێت. بەرپرسی نووستنگەکە بە گوێیدا چرپاندبووی: "بڕێک دۆخەکە لەبەر چاو بگرە، ئێمە پێمان خۆش نییە کچەکانی ئێرە بورووژێن، تۆ بەم ڕواڵەتە شارییەتەوە هاتووی و ئەم ژێرجلانەت لەگەڵ جلوبەرگی سەربازی و ڕۆحییەی ئەم کچانە یەک ناگرێتەوە!" کچە هەواڵنێرەکە بە ناچاری و لە سەر داوای فەرماندە گەریلاکە، جلەکانی ژێرەوەی گۆڕیبوو و ژێرکراسی ڕەشی لەبەر کردبوو. هەندێک لایەن و گرووپ، بۆ ئەوەی زەین و ئارەزووی سێکسی و سۆز و هەستی ئەندامەکانیان لەگەڵ ئامانجە حیزبییەکان هاواهەنگ بکەن، هەوڵ دەدەن شێواز و تەکنیکی جۆراوجۆر بۆ زاڵبوون و سەپاندنی دەسەڵات بەسەریاندا بەکار بهێنن و لە ڕێگەی سنووردارکردن و سازوکاری کۆتوبەند و شێلگیرییەوە ڕێگری لە هەر جۆرە وروژانێکی خواست و کەڵکەڵەی تاکەکەسی بەتایبەت پەیوەندیی سێکسی بکەن، کەچی نازانن ئەم سیاسەتە بەرتەسککارانە، کە خواست و ئارەزووی سروشتیی ئەندامەکانیان بە توندی سەرکوت دەکات، هەمیشە وروژانی زێدەتری لێ دەکەوێتەوە.

---

١. لە باشوور پێی دەڵێن بەشی ناوخۆیی

سەردانی سامناکترین ڕووداوی سەدەی بیستەم

لەو قۆناغەی ژیانمدا سەفەری ئەورووپایی زۆرم کرد. هاوڕێ ئەڵمانییەکانمان بانگهێشتی شاری «دێرسدن»یان کردین، دێرسدن ئەو شارەیە کە لە جەنگی جیهانیی دووەمدا بەهۆی بۆردوومانە ئاسمانییەکانی بەریتانیاوە تەواو تەخت و خاپوور ببوو. من و جۆردی چووینە ئەڵمانیا و لەوێشەوە ڕۆشتین بۆ کۆماری چیک و سلۆڤاکیا و ڕۆمانیا و هتد، جگە لەوەی ئەم بەشەی ئەورووپا بۆ ئێمە شتی تازەی هەبوو، ئێمە دوو جەوان بووین کە بە دوو کۆڵەپشتییەوە دەچووینە گەشتی دەورەیی. بەشە دوورتر و ڕۆژهەڵاتییەکانی ئەورووپامان بینی و هەوڵمان دا پەیوەندییەکی فەرهەنگی لەگەڵ ژینگەی ئەوێ ساز بکەین کە ئەمەیان زۆر خۆش بوو. ئەو کاتەی لە ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا بووین، هێشتا ئاسەواری جەنگی جیهانیی دووەممان دەبینی، ئەو فیلمانەی کە لە منداڵیدا سەبارەت بەم ڕووداوە بینیبووم، وەبیرم هاتەوە، بەڵام گرنگترین شوێنی سەفەرەکەمان ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و بەتایبەت پۆڵەندا، کۆماری چیک و سلۆڤاکیا بوو، کە سەردانی کوورەکانی سووتاندنی مرۆڤمان کرد و لە ئۆردووگای ئاوشڤیتزدا، ڕووبەڕووی ئەو پرسە تاڵە بووینەوە کە جەنگ تا چەندە دڕندەیی لێ دەوەشێتەوە.

بەرپاکردنی کوورەکانی سووتاندنی مرۆڤ و دروستکردنی سابوون لە چەوریی مرۆڤ سووتاوەکان، ئەویش لەلایەن کەسانێک کە خۆشیان هەر لەو کەمپەدا هەمان چارەنووس دەیانگرێتەوە، یەک لەو دڕندەییانە بوو کە ئاسەوارەکانی هێشتا زیندوون. بەدرێژایی ئەم ساڵانە هەمیشە گوتراوە کە هیتلەر دژەجوولەکە بووە و کۆمەڵکوژی کردوون. ئەوانەی دژایەتی ئەم بۆچوونە دەکەن، دەبێ سەردانی ئەم کەمپانە بکەن و بە چاوی خۆیان ئەو تاوانانە ببینن کە بەرامبەر بە مرۆڤی دیکە ئەنجام دراون. دیارە لە ئایدۆلۆژیای هیتلەردا نەک هەر جوولەکەکان بەڵکوو ژمارەیەکی زۆری کەسانی ناهاوسانی سکسی و قەرەج و چینی لاواز و کەمئەندامیش کوژران.

● وێنەی ٢٠١- داڵانی مەرگ، کەمپی تریزن، ٢٠٠٢

سەردانکردنی کوورەی سووتاندنی مرۆڤ و ئۆردووگای کاری زۆرەملی، کتێبی "کەرەسە بێئامانجەکان"ـی "جۆرجۆ ئاگامبێن"م وەبیر دەخاتەوە کە چەند بە جوانی و بە وردی

وتوویەتـی: "کەمـپ (ئـۆردووگا) ئـەو شـوێنەیە کە کاتێـک دەکرێتـەوە، دۆخـی ئاوارتـە وردە وردە دەبێتـە ڕێسـا. لـە کەمپـدا، دۆخـی ئاوارتـە کـە لـە بنەڕەتـدا حاڵەتێکـە کـە تێیـدا بارودۆخـی یاسـایی بـۆ ماوەیـەک هەڵدەپەسـێردرێ و جـۆرە پێکهاتەیەکـی هەمیشـەیی دەگرێتـە خـۆی کـە ڕێکخسـتنێکی فەزایـی هەیـە و بـۆ هەمیشـە لـە دەرەوەی دۆخـی یاسـاییدا دەمێنێتـەوە. کەمـپ یـان ئـۆردووگا پارچەیەک لـە هەرێمێکە کە لە دەرەوەی سیسـتەمی یاسـایی بارودۆخی ئاسـاییدایە. بـەڵام لەگـەڵ هەمـوو ئەمانەشـدا کەمـپ هـەر شـوێنێکی دەرەکـی نییـە. کەمـپ (ئـۆردووگا) پێکهاتەیەکـە کـە تێیـدا بارودۆخـی ئاوارتـە بـۆ هەمیشـە جێگیـر بـووە"[1] هەروەهـا کتێبـی "تۆتالیتاریزمـی هانـا ئارێنـت"م وە بیـر هاتـەوە کـە دەڵـێ: " ئـەوەی لـە کەمپەکانـدا ئاشـکرا دەبـێ، هـەر ئەو بنەمایەیە کە دەسـەڵاتی تۆتالیتار دەپارێـزێ و گەرەنتی دەکا و عەقڵی سـاغیش سەرسـەختانە پشتراسـتی ناکاتـەوە؛ واتە ئـەو بنەمایەی کـە هەموو شـتێک مومکینە. لـە کەمپەکانـدا، هەمـوو شـتێک بـە ڕاسـتی مومکینـە، ئەویـش تەنها لەبـەر ئـەوەی کەمپەکان پێکهێنـەری جـۆرە شـوێنێکی ئاوارتەن، شـوێنێک کە تێیدا یاسـا بـە تەواوەتی هەڵپەسـێردراوە. ئـەو کەسـانەی کـە چوونـە نـاو کەمپـەوە، لە جـۆرە زۆنێکـی تێکەڵاویـی نێـوان دەرەوە و نـاوەوە، یاوارتـە و ڕێسـا، ڕێگەپێـدراو و ڕێگەپێنـەدراودا، تووشـی سەرلێشـێواوی بوون، زۆنێـک کە تێیدا هیـچ جـۆرە پاڵپشـتییەکی یاسـایی نەمابوو"[2].

ناچمـە نـاو ئـەو مشـتومڕە هەسـتیارەی کـە بـاس لـە ژمـارەی ڕاسـتەقینەی قوربانیانـی هۆلۆکۆسـت دەکا، ئـەوەی کـە ئایـا یازدە ملیۆن جوولەکە بـوو یان نا و ئەمە تا چەندە ڕاسـتە کە لـە ناخـی هەموو ئینسـانێکدا هیتلەرێکی بچووک و شـاراوە هەیـە؟، بەڵام هیـچ گومانێ لەوەدا نییـە کـە زۆرینـەی ئەوانـەی کـوژران، جوولەکە بـوون و لۆبیگەرانی ئـەم ئایینە ئـەم دەرفەتەیان قۆسـتەوە و بـۆ مەبەسـتی سیاسـیی ئـەم ڕووداوەیـان تەنیـا بـە سـتەملێکراویی خۆیانـەوە گـرێ دا. گرنگـە ئـەوەش بزانیـن کە گرووپـە گەورەکانـی دیکەی وەکـوو قەرەجـەکان، کەمئەندامان، بەرهەڵسـتکارانی سیاسـی، هاوڕەگەزخوازان و تەنانەت هەندێک لە ڕەشپێسـتەکانیش هەبوون کـە لـەو ئۆردووگایـە و لـە شـوێنە پەرشـوبڵاو و نادیارەکانـدا مـردن و زۆر باسـیان لـێ ناکرێـت. ئەگـەر بیری توێژەرانەتان هەبێت، هەمیشـە دەبێ سـەرنجتان زیاتر لەسـەر ژمـارە و هۆکارەکان چـڕ بکەنـەوە و لێیـان بکۆڵنەوە. لـەم دواییانەدا لـە کتێبخانەی نیشـتمانیی بەریتانیا بەڵگەنامە تـازە بڵاوکراوەکانـی ئـەو فایلانـەم دەخوێنـدەوە کـە لـە پۆلێنبەندیـی هێـزە یەکگرتـووەکان هاتبوونـە دەرەوە، کـە تێیدا نووسرابوو سـوپای هێـزە یەکگرتـووەکان دوای ڕووخانی ئەڵمانیا، بە هـەزاران ئەڵمانییـان، لـە پیـاو و ژن و منداڵیشـیان، بە تۆمەتـی نازیبوون ناردەوە بـۆ هەمان ئەو

---

١. آگامبن، جورجو، وسایل بی‌هدف، ترجمه امید مهرگان و صالح نجفی. تهران: چشمه، ١٣٩٠، ص ١٤٨-٤٩.

٢. آرنت، هانا. توتالیتاریسم، ترجمه محسن ثلاثی. تهران: ثالث، ١٣٩٤.

کەمپانـە و زیندانییـان کردن. لە سـەردەمی ڕووخانـی ئەڵمانیا، هێزە بیانییەکان دەسـتدرێژیی سێکسـییان کـردە سـەر زۆرێـک لە ژنان لـە ئەڵمانیـا بەتایبەت لـە بەرلین، کە لـە ئەنجامی ئەم دەسـتدرێژییانەدا منداڵێکـی زۆر لەدایـک بـوون، زۆریـان لەبـار بـران و گەلێکیان فـرێ دران و ئـەم منداڵانـە هەرگیـز نەیانتوانـی باوکیان دەستنیشـان بکەن.

نەهێشـتنی جوولەکـەکان یـان کەمئەندامـان و گرووپـە لاوازەکانـی وەکـوو قـەرەج و ڕەشپێسـتەکان یەکێک لـە دەرەنجامەکانی نەژادپەرسـتیی دەمارگیرانەی هیتلـەر و نازییەکان بـوو، کـە تـا ئێسـتاش لـە ڕۆژاوادا ڕیشـەکێش نەکـراوە. دوای جەنگـی جیهانیـی دووەم، لـە ڕۆژاوا چەندیـن داپـەڕ و دەستپێشـخەریی فەرهەنگـی دژی نەژادپەرسـتی دەسـتی پێکـردووە کـە تـا ڕادەیـەک ئـەم دیاردەیـەی کـەم کـردەوە، بـەڵام لـە سـەدەی بیسـت و یەکەمـدا و دوای سـەرهەڵدانی بزووتنـەوە بناژۆخـوازەکان و نائارامییەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناڤیـن و باکـووری ئەفریقـا، کـە کۆچـی بـە لێشـاوی کۆچبەرانـی بـەرەو ڕۆژاوا لـێ کەوتەوە، بـووە هۆی ئـەوەی کە دژەکۆچبـەری و نەژادپەرسـتی و پێشـوازیی سەرتاسـەری لـە بزووتنـەوە ڕاسـتڕەوەکان لـە ڕۆژاوا سـەر لـە نـوێ سـەر هەڵبداتـەوە.

هیتلـەر و زۆربـەی نەژادپەرسـتەکان باوەڕیـان بـە پرۆسـەی "هەڵبژاردنـی سروشـتی"ـــی دارڤیـن یـان "مانـەوەی بەهێزترینەکان"ـــی هێربێـرت سپێنسـەر هەبـوو و پێیـان وا بـوو کـە لـە سروشـتدا جـۆرە باڵادەسـتەکان دەبـێ لـە ململانێـی مانـەوەدا سـەر بکـەون و جـۆرە لاواز و ناتـەواوەکان مەحکوومـن بـە لەناوچـوون. لایەنـی تراژێدیی بابەتەکـە لەوێوە دەسـت پێدەکات کـە گروپەکانـی وەکـوو نازییـەکان بـە سـەرۆکایەتیی هیتلـەر، هەوڵیـان دا ئەم پرۆسـە خێراتر و ئامانجدارتـر جێبەجـێ بکەن و ئەو تاک و گرووپانە کە لاوازن و بە بۆچوونی ئەوان شـایانی ژیان نیـن بکـوژن و بسـووتێنن. ئـەوان لە بنەڕەتەوە دەسـتیان کرد بە دوورخسـتنەوە و سـەرەنکردنی ئـەو گروپـە کۆمەڵایەتییانـەی کـە بە گشـتی بە گـرووپ و چینـە لاوازەکانی کۆمەڵـگا دادەنران. لـە ڕێگـەی دابەشـکاریی دووانەیـی و ئەویتریسـازی یـان بیانیسـازییەوە هەوڵیان دا سـنوورێک لە نێوان کەسـانی خودی و ناخودی یان بیانی دروسـت بکەن و پاشـان لە ڕێگەی پیشـاندانی ئـەو گرووپانـە وەک کەسـانی بیانـی، خـودی و ئـەویتری، لە ڕەوتی سـەرەکیی کۆمەڵـگا فڕێیان دان و پەراوێزیـان خـستن و لە درێـژەدا لە ناو ژینگەی کاری زۆرەملی و ئۆردووگا ترسـناکەکاندا زیندانیـان کـردن. لـە هەمـان کاتدا کە جەسـتەیان ببـوە ئامانج، تـا ڕادەیەکی زۆر ڕۆحیشـیان لـە نـاو بـردن و وەک ڕۆبۆتگەلێـک کە ڕۆحیان تێدا نەمـاوە لە کارە نامرۆڤانـە و تۆتالیتارییەکانی خۆیانـدا بەکاریـان هێنان.

سەفەرکردن بۆ عێراق لە گەرمەی جەنگدا

ئەو قۆناغەی کە خولیای هەواڵنێری و وێنەگری بووم، بەردەوام بەدواداچوونم بۆ سەردێڕی ڕۆژنامەکان دەکرد و دەمویست لە پشت کامێرای بەرنامەکاندا ئامادە بم. هەموو دەرفەتێکم بۆ ئەزموونێکی ورووژێنەر دەقۆستەوە. ساڵی ٢٠٠٣ لە گەرمەی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق، بە بێ گوێدانە ئاگاداریەکان، چوومە ئەو وڵاتە. ساڵی دواتر کە زانکۆ داخرابوو جارێکی تر بەڕێ کەوتمەوە. ئەو ئاژانسی هەواڵنێریانەی کە کارم لەگەڵیاندا دەکرد، زۆر پێشوازییان لەم گەشتانە کرد. نەدەچووە عەقڵی هیچ شێتێکەوە کە بچێتە ناو گەرووی جەنگ و بۆمب و خۆتەقاندنەوە. وتیان لە عێراق هەرچییەکت دەست کەوت لە وێنە، ڤیدیۆ، یادداشتی سەفەر، دەردەدڵنووسین، شیکاری و تەنانەت ئەگەر کورتە کلیپێکی بە مۆبایلگیراویش بێت، بۆمان بنێرە. بەهۆی ئەوەی پێشتر هاوکارییەکی کەم تا کورتم کردبوون، چەندین نامەی پێناساندنم لە کەناڵی ئەی.تی .ئێن (ATN) و کەناڵی ٤ وەرگرت، کە کارکردنمی لە عێراق ئاسانتر دەکرد. مەبەستم ئاسانکارییە بۆ ئەوەی بتوانم بچمە ناوچە قەدەغەکراو و جەنگییەکان تاکوو دیمانە و کاری هەواڵنێری ئەنجام بدەم، دەنا هەواڵنێریی جەنگ ئاسانیی تێدا نییە. لە کوردستانی باکوور و شاری جزیرەوە چوومە هەرێمی کوردستان و ناوچەی لە ژێر دەسەڵاتی کوردان.

بە نۆرە ڕۆیشتمە زاخۆ، دهۆک، هەولێر،کەرکووک، سلێمانی و هەڵەبجە و خەڵکێکم بینی کە بە سەرکەوتنی هێزی هاوپەیمانان و هەڵاتنی سەدام حسێن شاد و دڵخۆش بوون. ئەوان پێیان وا بوو کە ئەم ڕووداوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کوردستان ئیتر بگاتە سەربەخۆیی و بە شێوەی زێدەڕەوانە لە هەموو شوێنێک ئاڵای کوردستانیان هەڵکردبوو و ژینگەیەکیان دروست کردبوو کە تەژی بوو لە هەستی ناسیۆنالیستی. وەک کوردێک بینینی ئەو کەشە و مەستی شادومانیی خەڵکە بۆم دڵڕفێن بوو. تەنانەت سەرەتاکان بیرم لەوە دەکردەوە کە لەندەن بەجێبهێڵم و لە هەولێر یان سلێمانی بژیم و لە زانکۆی کوردستان یان شوێنێکی پەیوەندیدار کار بکەم. لەو سەفەرە و سەفەرەکانی دواترمدا لە لایەن ژمارەیەک تۆڕی ڕادیۆیی و تەلەڤیزیۆنی لە کوردستان چاوپێکەوتنم لەگەڵ کرا، باسی بابەتی جۆراوجۆر و تەنانەت ژیانی بەریتانیام کرد و کاتێکیش گەڕامەوە بۆ لەندەن، پێچەوانەکەی دووبارە بووەوە و سەبارەت بە ئەزموونەکانی سەفەرکردنم بۆ عێراقی دوای هێرشی ئەمریکا، لەگەڵ میدیاکان قسەم کرد. یەکەمین دیمانەم بە زمانی ئینگلیزی لە کەناڵی سیئێنئێن بوو کە یەکێک لە دەزگا زەبەلاحەکانی ڕاگەیاندنە و ڕۆڵێکی کارای لە ڕووماڵکردنی ڕووداوەکانی عێراقی ئەوسادا هەبوو.

بۆ دیمانەکردن لە سی.ئێن.ئێن سەبارەت بە هەڵبژاردن و داهاتووی سیاسی کورد لە

عێراقـدا، دەڵەڕاوکێـی زۆرم هەبـوو. ئـەو ڕۆژە لەگـەڵ سـارای هاوڕێـم ڕۆشـتم، ئەو کەسـەی کە کارێکـی وای کـرد بچمـە زانکـۆی کێنـت و لە بواری خەڵکناسـیدا بخوێنم. سـارا هەمیشـە پێی دەگوتـم: "نهێنیـی سـەرکەوتن ئەوەیە کە بـە متمانە بەخۆییەوە دەربکەوی، کـە ئاوا بەردەنگ وا دەزانێ هەر چییەک دەیڵێی ڕاسـتە". سـارا وتی: "شـێوازی دانیشـتنت و متمانە بەخۆییەکەت وا لـە پێشکەشـکار و بەردەنگەکـەت دەکا کـە وا بزانـن بـە ڕاسـتی قسـەکانت گرنـگ و ڕاستن. ئـەو ڕۆژە بـۆ بەیانییەکـەی، لەبـەردەم یەکێـک لـە لقەکانـی کافـەی سـتارباکس کـە بەرامبـەر بینـای سـی.ئێن.ئێنە، لـە تاکسـییەکە دابەزیـن و بـەر لـە دیمانە سـەبارەت بـە متمانەبەخۆیی قسـەمان کـرد. لەبـەردەم دەرگای کافەکـەدا بڕێکـی زۆر پاکەتـی نانـی تۆسـت و سـندووقی شـیریان دانابـوو و کافەکـەش هێشـتا نەکرابـۆوە. سـارا وتـی: "ئێـرە دەبینـی؟ هەمووان لەسـەر شـەقامدا بەپەلـە دەچنـە سـەر ئیـش و کارەکانیـان، چەنـد هەنگاوێـک ئەولاتـر وێسـتگەی ئەتووبـووس پـڕە لـە مسـافری چـاوەڕوان. بینـای تـۆڕی تەلەڤیزیۆنـی و کافـە و دووکانەکانـی دیکـەش کامێـرا و پاسـەوانی زۆریـان تێدایـە"، ئەمانـەی وت و لەسـەر خـۆ چـووە لای یەکێـک لـەو سـندووقانەی کـە لەبـەر دەم کافەکـە بـوو، بوتڵێکـی هەڵگـرت و هـەر وا کـە زۆر ئاسـایی دەیدوانـدم، کەمێکـی لـێ خـواردەوە و دایە دەسـتم و وتـی: "هاوکێشـەکە ئاوا ئاسـانە! دیتت؟ لەبـەر ئـەوەی بـە متمانـە بـە خۆبوونـەوە شـیرەکەم هەڵگـرت، کـەس نالـێ مـن کارێکـی خراپم کـردووە! هـەر کەسـێک بمبینـێ وا دەزانـێ مـن یەکێـک لـە بەڕێوەبەرەکانـی ئەوێـم و خەریکم قسـە لەگـەڵ هاوکارەکـەم دەکـەم!"، پەیامـی کارەکـەی ئـەوە بـوو کـە تەنانـەت ئەگـەر دزیـش دەکـەی بـە متمانـە بەخۆبوونەکـەت دەتوانی شـک و گومان لە خـۆت بڕەوێنـی و ئاڵنگارییەکی لـەو شـێوە زۆر بـە سـانایی ئەنجـام بـدەی، نەخـوازەڵا ئـەو کارانـەی کـە زۆریـش دژوار نین.

بەڵگەهێنانـەوە و شـێوازی کارەکـەی لام مایـەی پێکەنین بوو، بەڵام خاڵە سـەرەکییەکەم بۆ دەرکـەوت. دیمانەکـەم سـەبارەت بـە هەرێمـی کوردسـتان بـوو، کـە تـازە لێـی گەڕابوومـەوە و بۆچوونەکانـم ئەگـەر سـەرنجڕاکێش نەبن، ئەوسـەرەکەی لەگـەڵ تێڕوانینـی میوانێکی دیکەی بەرنامەکـە کـە لـە ژیانیـدا عێراقـی نەبینیبـوو، جیـاواز بـوون. مـن لـە گۆشـەنیگایەکی نانەتەوەخوازییـەوە بیـرم لـە داهاتـووی عێـراق دەکردەوە، مـن دژی بوونی هێزە سـەربازییەکان و بەتایبـەت ئەمەریـکا بـووم و لـە خەمی مافـی کەمینە عـەرەب و تورکەمەنـەکان و گرووپەکانی دیکـەی هەرێمـی کوردسـتان و سەرتاسـەری وڵاتـی عێراقـدا بـووم. ئـەم شـیکارییانە بـە پێچەوانـەی ڕەفتـاری هەسـتیارانە و ورووژاوی کوردانـی ئـەو وەختە بوو و هـەر ئەمەش وای کرد ڕەخنـەم لـێ بگیرێـت. ئـەو سـەردەمە تێپـەڕی، هەرێمـی کوردسـتان سـەربەخۆیی تـەواوی بەدەسـت نەهێنـا و لـە سـاڵانی دواتـردا بـوو بـە هەرێمێـک بـە سیسـتەمی نیمچە فیدراڵـی و تا ڕادەیـەک سسـت و لـەرزۆک. خەڵکـی هەرێمـی کوردسـتان کـە بڕیـار بـوو سـاڵی ٢٠١٤، لـە ڕاپرسـییەکدا دەنـگ بـە سـەربەخۆیی بـدەن، بەهـۆی فشـارەکانی عێـراق و تورکیـا و ئێـران و

حکومەتە بیانییەکان بۆ سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم خواستەیان بۆ ساڵی ٢٠١٧ دوا خست. کاتێکیش ڕاپرسی بۆ سەربەخۆیی دەنگێکی زۆری بەدەست هێنا حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەیوێرا و نەیتوانی جێبەجێی بکات. هەڵوێستی دژبەری وڵاتانی دراوسێ و تەنانەت وڵاتانی ڕۆژاوایش سەرسەختانەتر بوو و وتیان ئێستا کاتی ئەوە نییە. تەنانەت لە قۆناغێکی نارووندا کە هێشتا جێی گفتوگۆ و مشتومڕە، سوپای عێراق و هێزەکانی حەشدی شەعبی توانیان لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا شاری کوردستانیی کەرکووک کە لە دەستی هێزە کوردییەکاندا بوو و بڕیار وا بوو بوودجەی داهاتووی وڵاتی کوردستانی پێ دابین بکەن، بێ هیچ گرژی و جەنگێک لە هێزە کوردییەکانی وەرگرن و هێزە کوردستانییەکان پاشەکشەیان کرد یان ڕوونتر بڵێین، هێزە کوردستانییەکان هەڵاتن و کەرکووکیان ڕادەستی حەشدی شەعبی کرد.

ئێستا دەبینین عێراق و بەغدا لەگەڵ پڕحەشیمەتترین کەمینەی عێراق، واتە کورد هەر وەکوو جاران هەڵسوکەوت دەکەن و جارجاریش کارتی گوشار لە دژیان بەکار دەهێنن، بەڵام هەرێمی کوردستان لەگەڵ کەمینە ئایینی و ئێتنیکییەکان ڕەفتارێکی باشتر و مرۆڤدۆستانەتری هەیە. هەرچەند سیستەمی سیاسیی هەرێمی کوردستانیش زۆر دڵخواز و یۆتۆپیا نییە و زیاتر سیستەمێکی سیاسی و خێڵەکییان هەیە (کە زۆربەی دەسەڵاتی سیاسی لە نێوان دوو بنەماڵەی تاڵەبانی و بارزانیدا دابەش کراوە)، بەڵام زۆرێک لە چاودێرانی بیانی پێیان وایە حکوومەتی هەرێمی کوردستان زۆر لە حکوومەتی ناوەندی دیموکراتیکتر بەڕێوە دەبرێت. پێشتر بۆ سەردانی دایک و بابم چووبوومە وان، نەورۆزی دیاربەکرم بینیبوو و پاشانیش هەم هەرێمی کوردستانم لە ماوەی ئەو ساڵانەدا چەندین جار بینی و هەم بەشەکانی دیکەی کوردستان لە وڵاتانی سووریا و تورکیا و عێراق. ئەم سەردانکردنانە، ڕوانگەیەکی جیاوازی پێ بەخشیبووم و کاتێ لە هەرێمی کوردستان بووم بڕیارم دا لە داپەڕێکی مەترسیخوازانەدا بچمە بەغدا و بەسرە و شارە عەرەب نشینەکانیش. تەنانەت گەمژەیەکیش ئامادە نەبوو کە لە چەقی جەنگ و تەقینەوە و سەربڕینەکاندا بچێتە بەغدا، بەڵام من ڕۆیشتم و لەوێشەوە ڕیگەی کەربەلا و نەجەف و سامەڕام گرتە بەر. کاتێ لە سلێمانی چاوم بە هاوڕێیەکی کوردم کەوت: وتی: «تۆ لە بنەماڵەیەکی سوننەوە هاتووی و گەرەکتە سەفەری ئەو شوێنە زیارەتییانە

● وێنەی ٢٠٢- دیمانەی سکای

بکەی کە لە ڕووی ئایینییەوە باوەڕت پێیان نییە، دەی ئەو کارە مەترسیدارە بۆ دەکەی؟» وەڵامم دایەوە: «من خوێندکاری بواری خەڵکناسیم و سەرکێش، دەمهەوێ وێنەیەکی باشترم لە هەموو عێراق هەبێ، نەک تەنها لە هەرێمی کورستان.» من ئەوەندە هۆگری هەواڵنێری ببووم کە بە کۆڵەپشتی و دووربینەوە خاترجەم وەڕێ دەکەوتم و هەر جێگایەکم پێ خۆش بووایە دەچووم، هەڵبەت قسەی خۆمان بێ بەشێکی ئەم متمانە بە خۆییەم بە هۆی ئەوە بوو کە پێناساندن و پاسپۆرتی بریتانیم هەبوو و هەوڵم دەدا ئەم دەرفەتە لە کیس نەدەم. لە هەولێرەوە چوومە کەرکووک و بە هاوکاریی بنەماڵەی هاوڕێیەکم کە لە لەندەن بوو، ئۆتۆمبێلێکم بە کرێ گرت کە تاپۆی بەغدای لەسەر بوو و گەیشتمە بەغدا. قۆناغی جێهێشتنی کەرکووک و چوونە ناو عێراقێکی بە جەنگەوە تێوەگلاو، پیاوی ئازا و بەجەرگی دەویست، لە هەرێمی کوردستان لە ڕووی دەروونی و ڕۆحییەوە ئاسایش و ئۆقرەییت هەبوو، بەڵام لە ناوچە عەرەبنشینەکاندا تا دەهات نامۆتر و تەنیاتر دەبووی.

● وێنەی ٢٠٣- ئیسکۆرتەکەم خەریکە فیرم دەکا کە چۆن کلاشینکۆف بخەمە سەر پێ، بەغدا، ٢٠٠٣

لە بەغدای شڵەژاودا هەموو ئەو شوێنانەم بینی کە پێشتر تەنها لە تیڤی و وێنەکاندا بینیبووم، بەڵام ئێستا پەیکەری کەوتووی سەدام حسێنم دەبینی و پەیکەرەکانی قادیسییە و دوو شمشێرە بەناوبانگەکەی، کە لە ژێریاندا سەدام سانی لە سوپاکەی دەبینی، هەروەها سەردانی گەڕەکی سەدر، شەقامی ئەلڕەشید، ئەلعامرییە و دەوروبەری دیجلە و ناوەندە بەناوبانگەکانی بەغدا و چەندین شوێنی دیکەشم کرد و وێنەم لێ هەڵگرتن. لەگەڵ خەڵک و بەرپرسانیش قسەم کرد و هەوڵم دا سەبارەت بەوەی کە لەم شارەدا چی بەسەر خەڵکدا دێ، وێنەیەکی وردتر بخەمە ڕوو، پاشان چوومە نەجەف و کەربەلا و سامەڕا. لە ڕێگادا بینیم کە بەشێکی زۆری ئەم وڵاتە بەهۆی شەڕەوە کاول بووە و هەتا ئێستاش جۆرێک لە شەڕی پارتیزانی لە هەندێک شوێن بەردەوامە. هەر فیرقە و دەستەیەک لە هێزە هاوپەیمانەکان بەشێکی عێراقیان گرتبوو و ئەم دۆخە نائارام و گرژە خەڵکەکەی تووشی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی کردبوو.

وەرگێڕێکیشم گرت کە کورد و خەڵکی مەسیف سەلاحەدین بوو و هاوکاری دەکردم کە باشتر تێبگەم کە لە جیهانی فیکریی گەلی عەرەبی عێراقدا چی دەگوزەرێت. شۆفێرەکەمان

خەڵکی کەرکوک بوو و کەمێک ترسنۆک یان باشتر بڵێم یەکجار موحافیزەکار بوو. لە ڕێگادا پێدەکەنین و هەوڵمان دەدا ئاستی پەرۆشی و ترسەکەی کەم بکەینەوە. باشیی ئەم دوو کەسە ئەوە بوو کە لە هەر شارێکدا کەسێکیان دەناسی و پێویستی بەوە نەدەکرد کە بچینە هۆتێل، جیا لە ئاسایشی زیاتر، من دەمتوانی زەینییەتی کەسانی جیاواز و ئەوەی کە لەبارەی شەڕەوە چی دەڵێن لە نزیک و لە ماڵەکانیاندا ببیستم و لێیان تێبگەم. سەرەڕای ئەوەی بە درێژایی ڕێگاکە ترسی ئەوەمان هەبوو کە بمانرفێنن (کە ئەوکاتە زۆر باو بوو) بەڵام هیچ نەقەوما و لە بازگەکاندا تووشی هیچ کێشەیەکی تایبەت نەبووینەوە. ئەگەر ئەمریکی یان بەریتانی بایەن، بەڵگەنامەکانی خۆم و کارتی هەواڵنێرییەکەمم پیشان دەدان، کە مۆر و لۆگۆی یەکێتیی ڕۆژنامەوانانی بەریتانیای لەسەر بوو و ئەگەریش عێراقی بان، وەرگێڕەکەی یاوەرمان، کە خۆشی ڕۆژنامەوان بوو، کارتەکەی پیشان دەدان.

ڕێگەی قودس و بەنزینی ئاوەکی!

جلی عەرەبی و کوردیمان پێ بوو، کە ئەگەر پێویست کرا جلوبەرگەکانمان بگۆڕین. شۆڤلێتێکی گەورەی قاوەیی بە تاپۆی بەغداوە بژاردەیەکی باش بوو. ڕواڵەت و شێوازمان هیچ گرفتێکی نەبوو. بە بینینی ئەو هەموو شەڕ و وێرانکاری و دزی و کوشتن و تاڵانکردن و ئەو خەڵکەی کە بە هەژار و دەوڵەمەندەکەیەوە هەموو لە دۆخی نالەباردا بوون و تەنانەت سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیانیان نەبوو، دڵم دەئێشا. بەنزینخانەکان کاریان نەدەکرد و ڕێژەیەکی زۆری منداڵ لە سەر جادەکان لە بوتڵی سۆدە و دەفری چەند لیتریدا بەنزینیان دەفرۆشت. کارەبا و بەنزین نەبوو و بەشێکی زۆری ژێرخانی شار تەفروتوونا ببوو و دەتوانین بڵێین ژیانی مەحاڵ کردبوو. لە ڕێگای بەغدا بۆ کەربەلا ڕاوەستاین و بەنزینمان کڕی، زۆریان لێ پاڕاینەوە کە بەنزینی چاکمان پێ بدەن؟ دڵنیایان کردینەوە کە بەنزینەکە کوالێتی باشە، بەڵام پێنج کیلۆمەتر ئەولاتر ئۆتۆمبێلەکە کوژاوە.

● وێنەی ٢٠٤- زیارەتکارانی کەربەلا بە سواریی داشقە و ویلچەر، ڕێگەی نەجەف بەرەو کەربەلا، عێراق، ٢٠٠٣

ئەو بەنزینەی کە پێیان فرۆشتبووین ئاو و ڕەنگیان تێکردبوو. پاڵمان بە ئۆتۆمبێلەکەوە نا و هەتا بنکەیەک کە هی هێزە هاوپەیمانەکانی ئیکوادۆر بوو، ڕۆیشتین. ئیکوادۆرییەکان

ڕزگاریان کردین و لەسەر پێداگریی شۆفێرەکە کە لە سەر قسەی خۆی سوور بوو و دەستبەردار نەبوو، لە دژی ئەو بەنزینفرۆشە سکاڵامان تۆمار کرد. لە غیابی پۆلیسی خۆجێیی، ئیکوادۆرییەکان بۆ دۆزینەوەی بەنزینفرۆش و چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلەکە خۆیان هاتنە ئەو گوندە، دوای گەڕانێکی زۆر بەنزینفرۆشەکەمان دۆزییەوە، بەڵام هەموو خزمەکانی لە سەریان دەکرد، دواجار کار کێشرایە دادگای ناوچەکە. ئەم دادگا خۆجێیی یان مەسڵەحەتی عەشیرەییانە لە لایەن پیاوماقوڵانی گوندەکانەوە بەڕێوە دەبرێن و ئەرکی ئەوان چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان خەڵکەکەیە. لە کۆتاییدا داوای لێبوردنیان کرد و ئێمەش ئاشت بووینەوە. کاربۆراتۆری ئۆتۆمبێلەکەیان شۆرد و بە زەحمەت باکەکەیان هێنایە خوارەوە و بەتاڵیان کردەوە. ئەوەی جێی پێکەنین بوو ئەوە بوو کە جارێکی تر ناچار بووینەوە هەر لەو بەنزینفرۆشە ساختەچییە بەنزین بکڕین. ئەمجارەیان ڕیشسپییەکان ناوبژیوانیان کرد و بەنزینێکی پاک و پەتییان پێ فرۆشتین و بەڕێ کەوتین.

لە کەربەلا شتی سەرنجڕاکێش و سەیرم بینی. من بە نیازی زیارەت نەهاتبووم، بەڵام بەشێک لە یادەوەرییەکانم لە ئێران بەسترابۆوە بە ئایینی شیعە و بینینی ڕێوڕەسم و ماتەمینی ڕۆژانی موحەڕەمەوە. زۆر کونجکۆڵ بووم کە گۆڕی ئیمامی سێیەمی شیعە ببینم و لەگەڵ فەزاکەی ئاشنا بم. من بە درێژایی ساڵانی منداڵی و مێرمنداڵیم شاهیدی ئەوە بووم کە شیعەکان گرنگییەکی زۆر بە ڕووداوی کەربەلا دەدەن و حکوومەت چۆن موحەڕەم بۆ مەرامی سیاسی و ئایینیی خۆی بەکار دەێنێ و شێعر و شینگێڕی دەهۆننەوە و هەر وەکوو زۆرێک لە ڕووداوە ئاینییەکانی دیکە، لەسەر حسێن و هاوەڵەکانی گەلێ ئەفسانە و زێدەگۆییان ساز کردووە. لە کاتی جەنگی عێراق و ئێرانیشدا دروشمی بەناوبانگی "ڕێگای قودس بە کەربەلادا تێدەپەڕێت" ڕازێنەرەوەی دانەبڕاوی سیمای شارەکان بوو و حکومەتی ئێرانیش ساڵانێکە بە تێچووی قورسەوە تێدەکۆشێ پێگەی کەربەلا بگەیێنێتە شان و پێگەی کەعبە. شیعەکان کەمینەیەکی کەمی موسڵمانانی جیهانن و لە بنەڕەتەوە ئایینزای شیعە، ئایینزایەکی ڕەخنەگەرایە و بە درێژایی مێژووش ئەم تایبەتمەندییەی هەبووە. من زۆر کونجکۆڵ بووم کە بزانم کەربەلا چی هەیە کە شیعەکان ئەوەندە ڕێزی لێ دەگرن و بارتەقای ئەو گرنگییەیە کە موسڵمانانی ئەهلی سوننە بە پێغەمبەر و کەعبەی دەدەن. هەرچەندە ئەم خاڵە بەفەرمی باس ناکرێ، بەڵام لە بێنە و بەردەی شەڕی ئێران و عێراقدا ژمارەیەکی زۆری ئێرانییە شیعەکان بە قاچاغ لە سنوورەکانی کوردستانەوە دەچوون بۆ زیارەتی کەربەلا و تەنانەت تەرمی مردووەکانیان بە هێستر و لە لایەن کۆلبەرەکانەوە بە نیازی پیرۆزکردن و ناشتن، لە شاخ و داخەکانەوە تێدەپەڕاند بۆ ئەوەی بیگەیێننە کەربەلا!

شیعەکانی ئێران لە ڕێگەی ڕووداوی عاشوورا و بەشداری لە ڕێوڕەسمە ئایینییەکاندا شوناس بەدەست دەهێنن. لەم حاڵەتەدا ئەو ڕووداوە دەبێتە ئوستووورە و ئەفسانە. کاتێک کە

بـوو بـە ئوسـتووره ئەوە ئەو ڕووداوە دەبێتـە لامەکان[1] و لازەمان[2] و خەیـاڵ و خورافاتیش تێکەڵی دەبـن و بـە تێپەڕبوونـی زەمـەن، شـتی دیکەشـی پێوە زیـاد دەکەن. ئـەوەی جێگای سـەرنجە، ئەوەیـە کـە بزانین ئەفسـانە یان ئوسـتووره نـەک تەنها کاتـی ڕووداوەکە درێژ دەکاتـەوە، بەڵکوو هەمـوو کاتەکانـی پێـش و پـاش ڕووداوەکـە دەبەزێنێـت. هـەر ئەم کارە بـۆ کاتـی ڕووداوەکەش بـەکار دەهێنـن، واتـە ڕووداوەکـە لـە زۆر شـوێندا دووبـارە دەبێتـەوە، لـە لایەکـی تـرەوە نـەک هـەر دەبێتـە هـۆی زۆربوونـی کات و شـوێن، بەڵکـوو ژمـارەی کەسـانی نـاو ڕووداوەکـەش زیـاد دەکات. هەمـوو ئـەم پێشـهاتانە قوڵایـی و بەرینیـی ڕووداوە مێژوویـیەکان زیاتـر دەکـەن، تا ئەو ڕادەی کـە جیاکردنەوەی ڕاسـت و هەڵـە قورس دەبێت. ئەم تایبەتمەندییە ڕووداوی عاشـوراش دەگرێتـەوە. تێڕوانینـی ئەوپەڕمێژوویـی و تەنانـەت پاشـمێژوویی بۆ ئـەم ڕووداوە وای کردووە کە هەندێـک باوەڕیـان بـەوە هەبـێ کە ئادەم و حـەوا بۆ ئەوەی لـە گوناهـ ڕزگاریان ببـێ ڕوویان لە ئیمامـی حسـێن کـردووە، یـان نووح لـە کەشـتییەکەیدا ڕەوزەی ئیمامـی حسـێنی خوێندۆتەوە و پێغەمبـەری ئیسلام کـە سـاڵانێک پێـش ڕووداوی عاشـوورا کۆچـی دوایی کـردووە، لە ماوەی ژیانیـدا هەمیشـە بەوەبیرهێنانـەوەی عاشـوورا بە کـوڵ گریاوە. گێڕانـەوەی ئـەم چیرۆکانە تەنیا ئـەوە دەگەیێنـێ کـە ڕووداوی عاشـوورا سـنووره کانی زەمەن و فـەزای تێپەڕاندووە.

تەرمە بۆگەنیوەکانی کەربەلا

لـە کەربـەلادا، ئێرانییەکـی خەڵکـی یـەزد دەیگـوت بـە قاچـاخ تەرمـی باوکـی بـە سـواری هێـستر بـە نـاو چیاکانـی دەوروبـەری مەریوانـدا ئاودیـوی عێـراق کـردووە و لەگـەڵ خـۆی هێناویەتـی بـۆ کەربـەلا بـۆ ئـەوەی لـە گۆڕەپانـی مەزارگـەدا نوێـژی مـردووی لەسـەر بکـەن و بینێـژن! بەڕاسـتی پێـم خـۆش بـوو بزانـم بۆچـی ئەوەنـدە بۆیـان گرنـگ بـووە کـە لـە سـاڵی ٢٠٠٣دا لـە نـاو قرچـە و هـۆڕی شـەڕی سەرتاسـەریی لـە عێراقـدا، کارێکـی ئـاوا پڕمەترسـی ئەنجـام بـدەن! سـەیر بـوو ... ئاودیوکردنـی تەرمـی مردوویـەک بە شـاخ و داخـە هەڵدێرەکان و ناوچـە جەنگییەکاندا، بـۆ گەیاندنـی بـە کەربـەلا، بە ڕاسـتی جێی تێفکرینـە و بـۆ خوێندکارێکی خەڵکناسـیی ڕۆژهەڵاتـی لایەنـی شـاراوەی هەیـە کـە

● وێنەی ٢٠٥- وێنەیەک لە گۆڕستانی وادیولقەدیم، کەربەلا، عێراق، ٢٠٠٣

١ . ناشوێن

٢. ناکات

ڕەنگە چاوی خەڵکناسێکی ڕۆژاوایی نەیبینێت.

خەڵکێکی زۆر لە وڵاتانی شیعەی وەکوو لوبنان و یەمەن و ئێرانەوە هاتبوونە کەربەلا و سەیر لەوەدا بوو کە ژمارەیەک لە کارمەندانی مەزارگە و فرۆشیارانی ئەم شارە بە زمانی فارسییەکی خۆش و ڕەوان قسەیان دەکرد. دیارە هۆکاری ئەمەش ئەوەندە سەیر نەبوو، ئێران و کەربەلا هەمیشە پەیوەندییەکی حەوزەوی و مەزهەبییان هەبووە و فەقێیەکی زۆر هاتوچۆی ئێران و کەربەلایان کردووە و ئێستاش بەردەوامن. بەم قسە ڕەنگە زۆر کەس دوورخرانەوەی ڕوحوڵڵا خومەینی بۆ نەجەف و ژیان و خوێندنی ئەو و ڕێبەرانی دیکەی شیعەیان لە عێراق وەبیر بێتەوە. بێگومان بە ئاوڕدانەوە لە مێژووی چەند ساڵی ڕابردوو، باشتر لە هۆکارەکانی ئەم کارە تێدەگەین. ساڵانێک بێبەشکردنی شیعەکانی کەربەلا لە ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی زیارەت و کوژرانی بەشێکی زۆریان لە سەردەمی سەدامدا لە لایەک و قەدەغەکردنی چوونی شیعە ئێرانییەکان بۆ زیارەتی کەربەلا، بووەتە هۆی ئەوەی تا ڕادەیەک ئەم ئاستی زیادەڕۆییەی شیعەکان پاساودار بێت.

زیارەتکارانی مەزارگەی ئیمام، بۆ حاجەتگرتنەوە، پارچە و شاڵ بە شەباکی (زەریح) ئیمام حسێن دەبەستنەوە. دیارە ئەم دابونەریتە لە زۆرێک لە مەزارگەکاندا بوونی هەیە، لە سووچێکی قەرەباڵغی مەزارگەکەوە، کە دەنگی گریان و لۆرەکردن دەهات و پڕ بوو لە پارچەی لێک گرێدراو، بە دزییەوە شاڵێکی سەوزم بۆ نەنکم لێکردەوە، دەمزانی زۆر لە سەر شیعە و سوننە دەمارگرژ نییە و بە کارەکەم دڵخۆش دەبێت. نەنکم هەندێک جار لە مانگی موحەڕەمدا چەند ڕۆژێک بەڕۆژوو دەبوو، لە منداڵیدا ئێمەی دەبرد بۆ بینینی ڕێوڕەسمی سینگکوتانی عاشوورا لە گەڕەکە تورکنشینەکانی شاری نەغەدە و لەبەر خۆیەوە دۆعای دەکرد. دواتر کاتێک نەنکمم لە شاری هەولێری پێتەختی هەرێمی کوردستانی بینی، شاڵەکەم پێدا و پێم گوت لە کەربەلاوە هێناومە، هەر کە شاڵەکەی دی چاوەکانی لە خۆشیاندا درەوشایەوە.

لە کەربەلا و نەجەفیش دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشی دیکەم بینی کە چاک وایە ناوی بنێم بازرگانیی گۆڕ. لە کەربەلا و نەجەف گۆڕستانی گەورە بە ناوی وادیولقەدیم[1]/ئەمین و وادیولسەلام[2] هەیە کە بۆ شێعەکان پیرۆزن و زۆریش حەز دەکەن مردووەکانیان لەوێ بنێژن. سەدان هەزار مردوو لەو گۆڕستانانەدا بە خاک سپێردرابوون و لە غیابی پۆلیس و یاسادا کەشوهەواکەی لە تەکساس دەچوو. لەوێ دامەزراوەی بازرگانیی بێشومار هەبوون کە گۆڕیان دەفرۆشت. بەڵام بە ڕواڵەت تاوانکاری و شەڕ و تەقەکردن و لێدان

---

١. وادی القدیم

٢. وادی السلام

لەوێ ڕووداوێکی باو و هەمیشەیی بوو و پێش دەهات کە دەڵاڵێک گۆڕێکی بە سێ کەس دەفرۆشت و بەڵگەی خاوەندارییەتی بە هەر سێ کەسەکە دەدا. مردووەکانیان دەهێنا و لە کاتی ناشتندا شەڕیان لێ ساز دەبوو. ئیتر خۆتان دەزانن کە شەڕەکە دەگەیشتە کوێ ... ئەو کات گۆڕەکان وەکوو ئێستا چەند نهۆمی نەبوون. گۆڕە کۆنەکانیان بەتاڵ دەکرد و شەوانە ئێسکەکانیان فڕێ دەدا و گۆڕەکانیان بۆ فرۆشتن ئامادە دەکرد و دەڵاڵە گۆڕفرۆشەکان دەستیان بەسەر بەشێک لە بازاڕی بازرگانیی گۆڕدا گرتبوو.

لە کەشێکی ئاوادا کە شار شێواو بوو و پشێوی و نائارامی باڵی بە سەر فەزای ناو شاردا کێشابوو، زۆربەی گەڕەکەکان مافیایی بەڕێوە دەبرا و گروپی چەکدار یاسا و بازگەی پشکنینی تایبەت بە خۆیانیان هەبوو. یەکێک لە کێشە گەورەکانی کەربەلا لەو ڕۆژانەدا زۆربوونی بازگە پشکنینەکان بوو، کە تەنانەت سەرباری ناسنامە و کارتی پێناساندن و هتد، سەرئێشەیان بۆ خەڵک ساز دەکرد، چونکە بازگەی پشکنینێک لەگەڵ بازگە پشکنینەکەی دیکە کە ڕەنگە لەلایەن گروپێکی ترەوە دانرابوو و سەر بە دەسەڵاتێکی شیعە یان سەرۆک عەشیرەتێکی دیکە بوو، جیاوازیی هەبوو. لە ڕێگای گەڕانەوەدا هەندێک جار لامان دەدا و لە ماڵی لادێییە میواندۆستەکان نانمان دەخوارد. ئەم دیدار و چاوپێکەوتنانەم زۆر پێ خۆش بوو، هەتا ئەو سەردەمە پەیوەندییەکی ئەوتۆم لەگەڵ عەرەبەکانی عێراقدا نەبوو، بەڵام لەم بارودۆخەدا دەچوومە ناو ماڵەکانیان و ناسیارییەکی سنووورداری خەڵکناسانەم سەبارەت بەوان بەدەست دەهێنا. ئەوەی کە چۆن دەژین، هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەکتر چۆنە و ... شتگەلێک بوون کە بوونە هۆی ئەوەی باشتر لێیان تێبگەم و لە ڕاپۆرتەکانمدا لەسەریان بنووسم.

لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ کەرکووک، سەربازێکی ئەمریکیمان بینی کە لە سەرەوژوورایییەکی ناوەڕاستی جادەیەکی نێوانشاری کە خاڵی پشکنینیش نەبوو، ڕاوەستا بوو و خەڵکی هەراسان دەکرد. لە نەبوونی پۆلیسی هاتووچۆدا، ئاسایش و چاودێریکردنی ڕێگاوبانەکان بەدەست هێزە بیانییەکانەوە بوو و ئەویش لەبەر ئەوەی تەنکەرێکی ڕۆن چەپی کردبوو، ئۆتۆمبێلەکانی ڕیز کردبوو و یەک یەک ئیزنی تێپەڕینی پێدەدان. ئاگام لێ بوو لەگەڵ هاوڕێکەی بە ئینگلیزی قسەی دەکرد و جوێنی زۆر ناشیرینی بە خەڵک دەدا و دەیگوت با ئەم کەر و حوشترسوارانە چاوەڕێ بن و پێیان ڕابوێرین! با یەک بە یەک بڕۆن و تا شەو بۆ خۆیان لێرە بمێننەوە ئەم خەڵکە فڵان و فڵان لێهاتووانە ...." شووشەی پەنجەرەکەم کێشایە خوارەوە و گوێم لە دەنگەکانیان بوو، سەرم سووڕ ما کە چۆن گەنجێکی نزیک بیست ساڵە بەو هەموو چەک و چۆڵە و ئەو هەستی دەسەڵاتداریی‌ەی کە هەیبوو بە ناو ئەو جادەدا تەڕاتێن دەکات.

هەڵسوکەوتی ئەم سەربازە دەریخست کە عێراق چەندە بواری کەڵکاوەژۆیی هەیە. ئەو

کاتـە دەیانگـوت هـەر عێراقییـەک دەتوانـێ بۆمبرێژێـک بـێ و مـن لـە نزیکـەوە بە چـاوی خۆم بینیـم کـە کەسـانی وەکـوو ئەم سـەربازە ئەمریکییـە زەمینە بـۆ سـەرهەڵدانی ئەو جـۆرە ڕەفتارە توندوتیژییانـە خـۆش دەکـەن و تەشـەنەی پـێ دەدەن، هەرچەنـدە ڕەنگە ئەم ڕەفتـارە ڕوانگەی هەمـوو سـەربازانی سـوپای ئەمریـکا نەبـێ، بـەڵام ئەوەی مـن بینیـم نەدەبا بە هیچ شـێوەیەک ڕووی بدابایـە. خـۆم پـێ نەگیـرا و چوومـە لای و گوتـم: "گوێـم لێ بـوو چیت وت، بۆ ئەم قسـانە دەکـەی؟" لـە وەڵامـدا وتـی: "تـۆ حەقـت بـە سـەر ئەمانـەوە نەبـێ؟ چـت داوە لـە کاروبـاری سـوپای ئەمریـکا ... خـۆ دەتوانـم بتگـرم!" وتـم: "دەبـێ وڵام بدەیتـەوە، لە بنکە یان وێسـتگەی پشـکنینی دواتـردا بەرپرسـەکەت دەدۆزمـەوە و ئـەم هەڵسـوکەوتەتی لا ڕاپـۆرت دەدەم!" تێـک هەڵچوویـن بـەڵام دەسـتمانیان گـرت و لێکیـان کردینـەوە و درێژەمـان بە ڕێگاکەمـان دا، بەڵام من دەسـتم نەکێشـا و چوومە یەکەم بنکەی سـەربازیی ئەمریکی و ڕاپۆرتی هەڵسـوکەوتەکانی ئـەو سـەربازەم دا. بـە ئەدەبـەوە بەڵێنیـان دا کـە بەدواداچـوون بـۆ ئـەم کارە دەکـەن، ڕەنگـە هیچیشـیان نەکردبـێ و لـە خۆمـەوە چووبـم، بـەڵام ئـەو داماوی و بێدەسـەڵاتییەی کـە لـەو خەڵکـەدا بینیـم، نەمتوانـی سـەرم دابخـەم. لـە سـەفەرنامەی عێراقمـدا، کە دواتر بەشـێکی لە بەریتانیـا بڵاو کرایـەوە، بـە چڕ و پڕی لەسـەر ئـەم ڕەفتارانەی سـەربازە ئەمریکییەکان نووسـیم.

دیدار لەگەڵ سەرۆکوەزیر تۆنی بلێر

پـاش ئـەم سـەفەرە و سـەفەرەکانی دواتـرم بـۆ وڵاتانـی وەکـوو ئەفغانسـتان و عێـراق، ببووم بـە کەسـێکی دیکـە و ئـیتر وەکـوو جـاران لەندەنـم پـێ خـۆش نەبـوو و سەرنجڕاکێشـییەکی ئەوتـۆم تێـدا نەدەبینـی، هەمـوو شـتێکی ژیانم لە جێـی خۆی بـوو، ژیانی یەکدەسـت و ئارامی ئەورووپایـی کـە لەگـەڵ ئـەو ژیانـەی لـە وڵاتانـی دیکـەدا بینیبـووم، زۆر جیـاواز بـوو. زۆرینـەی ناوچەکانـی ڕۆژهەڵاتینـاوین بەتایبـەت هەرێمـی کوردسـتان، لـە حاڵـی لەخەوڕاپەڕینـدا بوون و خۆرهەڵاتینـاوین دەیویسـت لـە پێنـاو بەڕۆژکردنـەوەی ئابـووری و چاکسـازی، پلانەکانـی جێبەجـێ بـکا، داهاتوویـەک کە گەلەکـەی تەنانەت لەوپەڕی ئاستەنگەکانیشـدا فەرامۆشـیان نەکردبوو.

چالاکییەکانـم سـەبارەت بـە کوردایەتی زیاتر کرد و پەیوەندییەکانـم لەگەڵ ناوەندە کوردی و لێکۆڵینەوەییـەکان پـەرە پێـدا. بڕیـار بـوو ڕیفراندۆمێـک بکرێ کە تیایدا کوردسـتانی باشـوور ڕابگەیەنـێ کـە ئایـا خوازیـاری جیابوونـەوە لـە حکوومەتـی وڵاتـی عێراقـە یـان نـا. زۆربەیـان بە سـەربەخۆیی ڕازی بـوون و دەنگیـان بـەم ڕاپرسـییە بەڵـێ دەبـوو. دیـارە ئەمـەش کاردانـەوەی ئێـران و تورکیـا و سـوریای لێکەوتـەوە. هەر بۆیـە هەڵمەتی پشـتیوانی لە ڕیفراندۆم لـە ئەورووپا دەسـتی پێکـرد و پێـم وایـە دوای سـاڵانێکی زۆر ئـەوە یەکـەم جـار بـوو کـە هـەر دوو حیزبـی

سەرەکیی هەرێمی کوردستان واتە یەکێتیی نیشتمانیی و پارتی دیموکرات هەتا ئەم ئاستە بە شێوەی تەکووز و یەکدەست کاریان دەکرد. لە لەندەن چوومە تیمی بانگەشەی ڕیفراندۆمەوە و بەهۆی پێشینەی کاری میدیایی و ئاشنایەتیم لەگەڵ کوردانی باکوور و باشوور، دەمتوانی وەک پێوەندیدەرێکی نێوان هەر دوو لا کار بکەم.

● وێنەی ٢٠٦ – وتاردان لە کۆبوونەوەی ڕیفراندۆم، مەیدانی ترافالگار، لەندەن، ٢٠٠٤

چوومە ناو هەڵمەتەکە و سەبارەت بە پرسی ڕیفراندۆم توانیم سەرنجی بەشێک لە کەسایەتییە بەرچاوەکانی باکووری کوردستان کە گوێڕایەڵی پەکەکە بوون، بەرەو لای خۆم ڕابکێشم. دواجار لە لەندەن و پایتەختەکانی وڵاتانی دیکەی ئەورووپا و عێراق ڕێپێوان بۆ پشتیوانی لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دەستی پێکرد. ڕووداوەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ میدیا بیانییەکان جێی سەرنج بوو، یەکێک لەو کەسانەی کە دەیتوانی زانیاریی ناوخۆی عێراقیان پێ بدا من بووم. بۆیە بووم بە یەکێک لەو ڕاوێژکارە میدیاییانەی کە لەگەڵ میدیا ئینگلیزی و بیانییەکان لە پەیوەندیدا بووم. لەو ماوەیەدا تا ڕادەیەک لە لۆژیکی ڕاگەیاندن تێگەیشتم و فێری کارکردن لەگەڵیان بووم، ئەمە بۆ من ئەزموونێکی تازە بوو. یەکێک لە گرنگترین و دیارترین بەشەکانی پرسی ڕیفراندۆم نامەیەکی دەیان هەزار واژۆیی بوو کە بردمان بۆ پەرلەمانی بەریتانیا و چەند مانگێک لەسەری لۆبیگەریمان کرد. بەم کارە کەمێک لەگەڵ لۆبیگەری لەسەر ئاستی یاسادانان ئاشنا بووم و هاوکات بۆ ئەم کارە لە زانکۆی لەندەن لە خولێکی کورتدا ڕاهێنانم بینی تاکوو زیاتر وردەکاری و تەکنیکی کارەکە بێتە دەستم. بەیانییەکی باراناوی، واژۆ و نامەی داخوازیی پاڵپشتیی پارتی دەسەڵاتدارمان برد بۆ نووسینگەی تۆنی بلێری سەرۆک وەزیران و منیش وەک یەکێک لە شەش نوێنەری هەڵمەتی ڕاپرسی لە گەیاندنی ئەم نامەدا بەشداریم کرد.

نەک هەر ئەو جارە، بەڵکوو لە بۆنەیەکی تردا کە پەیوەندی بە هەمان بابەتەوە هەبوو، لەگەڵ ژمارەیەک لە سەرکردە کۆمەڵایەتییەکان و ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەریی ناوەندەکان، کاتێک ڕۆیشتین بۆ دیداری بلێر، ڕانک و چۆخەم لەبەر کرد، دیارە ڕانکوچۆخە یەکێک لە کۆنترین و ڕەسەنترین جۆرەکانی کەواوپانتۆڵە. ڕانکوچۆخەی مەرەز لە مووی

بزنـی مـەرەز دروسـت دەکـرێ و هەر لەبەر ئەوەشـە کە کاتێـک باران تـەڕی دەکا بۆنی بزنی لێ دێـت. ئـەو ڕۆژەی وا مـن ڕانـک و چۆخـەم لەبـەر کردبوو بـاران دەبـاری. کاتێـک دوای کەمێک چاوەڕوانـی و دواکەوتـن چوومـە نووسـینگەی سـەرۆک وەزیـران لـە ژمـارە ١٠ی شـەقامی داونینـگ ستریـت، کەمێـک بۆنـی بزنـم لـێ دەهات. تۆنـی بلێر وتـی: "من ئـەم بۆنە دەناسـم، زۆر سـەردانی کوردسـتانم کـردووە و گەلـێ گفتوگـۆ و دیـدارم لەگـەڵ هـەر دوو بەڕێـز مەسـعوود بارزانـی و جەلال تاڵەبانـی کـردووە، لوتـم ئـەم بۆنـە دەناسـێ، ئـەو دەم زۆر پێـم سـەیر بـوو کـە بۆچـی لـە ڕۆژانـی بارانیـدا خەڵک ئـەم بۆنەیـان لـێ دێ، کە پرسـیارم کرد بۆیـان ڕوون کردمـەوە کـە هـۆکاری چییـە". دیـدارە کورتەکەمـان بـە گاڵتەکـردن لەسـەر چۆخەوڕانکەکـەم و بۆنـی مەرەزەکـەی دەسـتی پێکـرد و بـە گفتوگـۆ و جەختکردنـەوە لەسـەر داواکارییەکانمـان و ڕادەسـتکردنی گـەڕی دووەمـی واژۆکان کۆتایـی هات.

● وێنەی ٢٠٧ – دیدار لەگەڵ سەرۆک وەزیر لە ژمارە ١٠ی داونینگ ستریت

کانادا و کێڵگەکانی گەنمەشامی

چەنـد سـاڵێک دوای ١١ی ئەیلـول (سـێپتامبەر) و ڕووداوی تـاوەرە دووانەکـەی بازرگانیـی جیهانـی، لەگـەڵ سـارا چوومـە کانـادا. ئێمـە بـۆ بەشـداریکردن لـە کۆنفرانسـی خەڵکناسـی و کۆبوونـەوە شـارییەکان بانگهێشـتی زانکـۆی تۆرێنتـۆ کرابوویـن و نیازمـان وا بـوو دوای کۆنفرانسـەکە بچینـە باشـووری کەنـەدا. دوای بەشـداریکردنمان لـەم بۆنـەدا، خانـەوادەی سـاراشمان بینی و ئەوانیش لە درێژەی گەشـتەکەدا لەگەڵمان بوون. کەنەدا وڵاتێکی گەورەیە و بـەراورد بـە حەشـیمەتەکەی جوگرافیـا و ڕووبەرێکی زۆری هەیە. دارسـتانە چڕ و سـەوزەکانی و شـێوازی ژیانـی جیـاوازی خەڵکەکـەی و زۆر شـتی تـری، هەموویـان پـڕ بوون لـە هێمنایەتـی و ئارامـی. لـە ڕێگـەی هاوڕێکـەم و بنەماڵەکەیـەوە لە کەنـەدا دەرفەتێکم بۆ ڕەخسـا کـە ماڵباتە کانادایییەکانـی دیکـەش بناسـم. قەبـارەی بـەربڵاوی مـەزرا و کێڵگـە کشـتوکاڵییەکان پتر لـە هـەر شـتێکی دیکە سـەرنجی ڕاکێشـام. لـە مەزراکانیان هەموو شـتێک ڕێکوپێـک و میکانیکی بـوو. هێڵـی ئاودێریکردنـی کێڵگـەکان و مەکینـەی کشـتوکاڵی و ئیمکاناتـە باشـەکەیم لەگەڵ سیسـتەمی کشـتوکاڵی ئێـران بـەراورد دەکـرد و دەمبینـی کـە کشـتوکاڵی ئێـران بـۆ گەیـشتن

بـەم ئاسـتی پێشـکەوتوویيە ڕێگایەکـی زۆر دووری ماوە. زەوییـە بەپیتە باهێرەکان، کشـتوکاڵی نەریتـی، بەکارهێنانـی نادروسـتی سـەرچاوە ژێرزەوینییەکانـی ئـاو، دروسـتکردنی ڕێژەیەکـی زۆری بەنـداو و بەڕێوەبردنـی ناکارامـە بووەتـە هـۆی کەمیـی ئـاو و وشکەسـاڵی و لەم سـاڵانەی دواییـدا قەیرانـی ئـاو زیاتـر لـە جـاران کاریگـەری لەسـەر کشـتوکاڵ داناوە.

ڕووبەڕ، جیاوازییەکی دیکەی مەزرا و کێڵگە کشـتوکاڵییەکانی کەنەدا و ئێرانە. کێڵگەکانی کەنـەدا زۆر پارچـە پارچـە و بچووک نەبوون. لـە ئێراندا زۆر جار کاتێـک خاوەنزەوییەک دەمرێ، زەوییـە کشـتوکاڵییەکە بـە پێـی ڕێـژەی منداڵەکانـی دابەش و بچـووکتر دەبێتەوە و ئـەم زنجیرە بـەردەوام دەبـێ هەتـا ئـەو کاتـەی کـە زەوییـە کشـتوکاڵییەکان بچـووک دەبنەوە و ئـیتر هێندە کەڵکـی بەرهەمهێنانیـان نامێنێـت. لـە کەنـەدا کاتێـک لەگـەڵ جووتیاران قسـەم دەکـرد، بۆم دەرکـەوت کـە ئەوان چەندین سـەدەیە بە هەمان شـێوە کێڵگەکانیان پاراسـتووە و شـتێک نییە کـە نـاوی دابەشـکردنی کێڵگـەکان بـێ، تەنانەت هەندێکیـان هـی کۆمپانیـا و ڕێکخراوەکانن. لەبـەر ئـەوەی هەموو شـتێک بـە میکانیکی ئەنجـام دەدرێ و لـە کۆتاییدا هەمـووان بەبێ هیچ چەرمەسـەری و سەرئێشـەیەک پشـکی خۆیان لە کێڵگەکـە هەڵدەگرن.

بە دۆلاری کانادایی لە ئەمریکای منداڵکوژدا

دوای کەنـەدا ویسـتم سـەردانێکی ئەمریـکاش بکـەم. چ لـە ڕابـردوو و چ لـە ئێسـتادا، لـە بۆچوونەکانمـدا هەڵوێسـتی ڕەخنەگرانـەم بەرامبـەر بـە حکومەتـی ئەمریـکا و بەتایبـەت پارتـی کۆماریيـەکان ئاشـکرا دەربڕیـوە و ئێسـتاش هـەر وایـە. لـەو بـاوەڕەدام کـە سیاسـەتەکانی ئـەم وڵاتـە بەتایبـەت بەرامبـەر بـە ڕۆژهەڵاتیناویـن و وڵاتانـی تازەپێگەیشـتوو و هەژار، سیاسـەتێکی هەڵاوێرانـە و جیاکارانەیـە. هەڵبـەت ناتوانـم ڕۆڵی ڕووخێنـەری وڵاتانی ئەورووپاییش پشـتگوێ بخـەم، بـەڵام لـە فرۆشـتنی چەکـەوە بگـرە تا دەگاتـە درێـژەدان بە جەنـگ و ململانـێ و تاڵانی سـامانە سروشـتییەکانی ئـەم وڵاتانـە، ئەمریـکا پشـکی شـێری بـەر دەکەوێـت. بـەڵام ئەمانـە نەیاندەتوانـی لـە گەشـتکردنم بـۆ ئەمریـکا ڕێگریـم لـێ بکـەن چونکـە لـە نزیـک ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا بـووم و نەدەبـوو ئـەو دەرفەتـەم لەدەسـت بدابایـە.

سـارا وەک چالاکوانێکـی تـا ڕادەیـەک توندڕەوی چـەپ، ئامـادە نەبـوو بێتـە ئەمریـکا و دەیگـوت: "دۆلارە کەنەدییەکانـم بـۆ گەشـتکردن بـۆ ئەمریـکا خـەرج ناکەم، ئەمریـکا ڕژێمێکی منداڵکـوژە!" سـارا ڕخنـەی لـە هەڵوێسـتی ئەمریـکا بەرامبـەر بـە فەلەسـتین و ئەفریقـا و کوردسـتان دەگـرت و زۆر توندڕەوانەتر لە مەسـەلەکەی دەڕوانی. ماوەیەکـی پێچوو هەتا توانیم قەناعەتـی پـێ بکەم کـە ئێمە لە بواری زانسـتی خەڵکناسـیدا دەخوێنین و پێویسـتە عەقڵێکی کـراوە و ڕەخنەگرانەمـان هەبێـت. ئـەوەی کـە ئێمـە دژی حکومەتـی ئەمریکاین نابـێ هۆکاری

نەچوونمـان بـۆ ئـەم وڵاتـە بـێ و نابـێ خۆمـان لـە بینینـی کۆمەڵـگا و فەرهەنگـی ڕەسـەنی ئەم وڵاتـە بێبـەش بکەیـن. ئۆتۆمبێلێـکمان بـە کـرێ گـرت و چوویـن بـۆ ئەمریکا.

بـا ئەمەیـش بڵێـم؛ هـەر ئەو سـارایەی کـە ملی نـەدەدا لەگەڵـم بێتـە ئەمریـکا، دوای چەند سـاڵ و ئـەو وەختـەی کـە لـە هەرێمـی کوردسـتان مامۆسـتای زانکـۆی بەریتانیی هەولێـر بوو، لەگـەڵ پیاوێـک ئاشـنا بـوو و شـووی پێکـرد کـە بەڕێکـەوت یەکێـک لـە ڕاوێژکارانـی نوێنـەری پارتـی کۆماریـیەکان لـە ئەنجومەنـی پیرانـی ئەمریـکا بـوو. لەگـەڵ هاوڕێکانـی دی هەتـا ماوەیەکـی زۆر بەمـە پێکەنیـن و بـۆ ماوەیەکـی زۆر مـن و سـارا لـە سـەر ئـەم بادانـەوە زۆر و بێوێنەیـە پێکـەوە شـۆخی و جەفەنگمان دەکرد. من هەمیشـە بەم جـۆرە گۆڕانکاریـیە و لێکدژی و وەرچەرخانـەی کـە لـە مرۆڤەکانـدا ڕوو دەدا سەرسـام دەمێنـم و دەبینـم چـۆن مرۆڤـەکان دەتوانـن لە کاتـە جیاوازەکاندا بۆچوونـی جۆراوجۆریان هەبێت. هەرچەندە لـە ماوەی ڕابردوودا لـە قۆناغێکـدا شـتی وا بەسـەر هەموو کەسـێکدا هاتـووە و بەردەوامیش پێش دێ و خۆشـم لەم حاڵەتـە بێبـەری نیـم، بەڵام بە گشـتی هێشـتا بـوار ماوە بـۆ ئەوەی من بە شـێوەیەکی دروسـت هۆکارە قووڵەکانی بزانم و دان بەوەدا بنێم کە مرۆڤ بوونەوەرێکی زۆر ئاڵۆزە.

● وێنەی ٢٠٨- بینای حکومەتیی ئۆنتاریۆ، کانادا، ٢٠٠٤

لـە سـنووری وشـکانییەوە چووینە نـاو ئەمریـکا. کاتێـک پاسـەوانانی سـەر سـنوور جانتاکـەم دەگـەڕان، دەقـی وتارێکیـان لـە نـاو کیفەکـەم دۆزییـەوە کـە بـۆ وتاردانـی یەکێتیـی خوێنـدکاران ئامـادەم کردبـوو. مـن و سـارا و چەنـد هاوڕێیەکـی تـر لـە زانکـۆی سـوواس ئامادەمـان کردبـوو و بـە زمـان و ڕێنووسـی کـوردی نووسرابـوو. لەبـەر ئـەوەی جیاوازیـی زمانـی کـوردی و عەرەبییـان نەدەزانـی، پێیـان وا بـوو دەقێکـی عەرەبییە، ئەویش لـەو وەختەی کـە ڕووداوی هێرشـکردنە سـەر ئەمریـکا و ڕووخانـی تـاوەرە دووانـەکان لەبیـر نەکرابـوو، لـە ئەمریـکا یاسـای توندوتـۆڵ و شـێلگیرانە بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی تیـرۆر دەرچووبـوو. فۆبیایەکـی سـەیر بەرامبـەر بـە موسـڵمانان و وڵاتەکانیان لە ئـارادا بوو، هـەر بۆیە کە دەقەکەیـان دۆزییەوە زوو تەلەفۆنیـان بـۆ سـەرۆکی تیمـی بەشـی ئاسـایش کـرد.

چەنـد کەس هاتنە لامان و پرسـیاریان لێکردین کە ئێـوە کێن و بۆچی دەچنە ئەمریکا؟ ئەم نـووسراوە چییـە؟ و ... گوتـم: "ئێمە خوێندکارین و ئەمە دەقی وتاردانی کۆبوونەوەی دەسـتەی بەڕێوەبەریـی کۆمەڵـەی خوێندکاریـیە"، وتـی: "کۆمەڵـە چییە و چـی دەکا؟" لە دەمـم دەرچوو

وتم: "هەندێک لە ئەندامەکانمان بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ زانکۆکان چوونە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق ... دەنگ و باسی ئەلقاعیدە گەرم بوو و هەر ئەوەندە وتم عێراق، قوڕ کرا بە سەرما. سارا و چەند کەسێکی تر کە لەگەڵمان بوون بە تووڕەییەوە هاتنە دەنگ کە ئێوە ناتوانن ڕێگریمان لێبکەن. لە کۆتاییدا هەڕەشەم لێکردن کە لای باڵیۆزخانەی بەریتانیا شکاتتان لێ دەکەم. دوای نزیکەی ٣ بۆ ٤ کاتژمێر چاوەڕوانی، ڕێگەمان پێدرا بچینە ژوورەوە. ئەمە وای کرد کە هەڵوێستی دژبەرانەم بەرامبەر بە ئەمریکا هێندە زیاتر ببێت و بە درێژایی ئەو سەفەرە متەقم لێوە نەیەت، پەیتا پەیتا دەیانوت هەمووی خەتای تۆ بوو کە هاتین، ئێمە خۆ وتمان با نەچین وەلی تۆ هەر پێداگریت کرد و ... .

کاتێک گەیشتینە ئەمریکا زۆر شت گۆڕا ... لە ماڵەوە بگرە هەتا ئوتووبان و ئۆتۆمبێل و تەنانەت بنیادەمەکانیش هەموو گۆڕابوون. وەک شتێ هەموو شتێک لە حاڵەتی ئاسایی گەورەتر بوو. لەناکاو چووینە ناو ئوتووبانەکانەوە کە لە ستاندارەکەی خۆی گەورەتر و پانتر بوو. ئەو بەشە خواردنەی کە لە چێشتخانەکاندا لەبەردەممان دایاندەنا، دوو بۆ سێ ئەوەندەی ژەمەخۆراک لە بەریتانیا بوو. لە هەموو شتێکدا زیادەڕۆییەکی سەیرم بەدی دەکرد. ژن و پیاوی بەهێز و گەورەمان بینی کە زۆربەیان کێشیان لەسەرەوە بوو. بۆ نموونە ئەندازەی پەرداخی سۆدەکان لە خواردنگە خێراکان[1] و ماکدۆناڵدز، لیترێک بوو و دەتگوت ئەو خەڵکە بۆ هەرچی زیاتر خواردن کێبڕکێیان دەکرد. هەموو شتێک لە ڕادەبەدەر گەورە بوو. بە بێ گوێدانە پێداویستییە ژینگەییەکان ئۆتۆمبێل و ماتۆڕی زەبەلاح دروست کرابوون و دەتگوت هەرچی ئۆتۆمبێل گەورەتر با، خەڵک متمانەبەخۆییان زیاتر دەبوو. چەک زۆر بوو، لە سەر شەقامی هەندێک گەڕەک توندوتیژی و شەڕ دەقەوما.

هەروەها لە کاتی گەشتەکەماندا بۆ ئەمریکا، سەردانی شوێنی تاوەرە دووانەییەکەی نیویۆرکمان کرد و زۆر مرۆڤدۆستانە و دڵسۆزانە پێشوازیمان لێکرا، هەرچەند پەیامی بێباکانەی پڕ لە ڕق و هەڕەشەی دژ بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتیناوین و موسڵمانان و عەرەبەکانیشمان بینی. ئەم پەیامانە پڕ بوون لە بێزاری و دڵیان دەئێشاند، دەتبینی کە ئەو خەڵکە چەندە ڕووکەشانە سەیری ڕووداوەکان دەکەن. ئەوەی لە قووڵایی ڕووداوەکانی وەکوو تاوەرە دووانەکاندا دەگوزەرێ، دەرهاویشتەی ئەو سیاسەت و بڕیارانەیە کە ئێمەی خەڵکی ئاسایی جیهانی ئەمڕۆ زانیارییەکی زۆرمان لەبارەیانەوە نییە یان باشتر بڵێم هیچ ڕۆڵێکمان تێیاندا نییە. وەک کەسێک کە لە ناوچە ناجێگیرەکەی ڕۆژهەڵاتیناوینەوە دەهاتم، بەهۆی ئەو هەموو ڕق و هەڕەشانەوە تووشی دڵەڕاوکێ دەبووم.

کاتێکی گونجاومان بۆ گەشتەکەمان هەڵنەبژاردبوو، بەڵام هەرچییەک بوو،

---

١. فەستفوودەکان

سیاسەتمەدارە کۆماریيەکانی ئەمریکا گڕی ئەم ڕق و کینەیانە گەشتر دەکردەوە. نیویۆرک بە هەموو درەوشاوەیی و ئاسمانبڕەکانی و ژیانە تیپیکاڵە ئەمریکییەکەیەوە هەندێ جێگای وەکوو نیۆجەرسی هەبوو کە تەواو جیاواز بوو و تۆ لای خۆت دەتگوت ئێرە کوێیە؟ لە دەروبەری شاری نیویۆڕک یان واشینگتۆن و کەمێک ئەولاتر، قەبارەیەکی زۆری هەژاری و نەهامەتیمان بینی کە هیچ باوەڕمان نەدەکرد کە ئەمە وێنەی گەڕەکە پەراوێزییەکانی کەڵەشارەکانی ئەمریکایە. خەڵکانێکی زۆری هاووڵاتیی ئەمریکای لاتین، ئەفریقا و مەکزیک لەوپەڕی نەهامەتی و ڕەشوڕووتی، لە نزمترین ئاستدا دەژیان.

لە دەوروبەری شاری واشنتۆن، بووم بە میوانی ماڵی مراد ئەحمەدی خزممان کە چەند ساڵێک لە دواییین دیدارمان و بینینی خانەوادەکانمان لە شاری وانی باکووری کوردستان تێپەڕیبوو. کاک مراد لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودی زایینی لە حیزبی دێموکرات لە هەرێمی کوردستان هاتبووە دەرەوە و لە تورکیا مافی پەنابەریی سیاسیی خۆی ڕادەستی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد و دواجار مافی پەنابەریی ئەمریکای وەرگرت. دوو ڕۆژ لە ماڵی ئەو بووین، یەکەم جار بوو کە ژنەکەیم دەبینی، ژنەکەی زۆر بە جوانی میوانداری کردین و چێشت و خواردنێکی بەتامی بۆ لێنایین. کاک مراد زۆر نەگۆڕابوو و هێشتا باڵابەرز و ڕووخۆش و دەم بە خەندە و کوردوتەنی خزمدۆست بوو. فەرماندەی باڵا و پێشووی حیزبی دێموکرات لە ناو دڵی ئەمریکاشدا هێشتا ڤێرژنە کوردییەکەی لەدەست نەدابوو. ماڵەکەی تەواو ڕەنگ و بۆنی کوردەواری لێ دەهات و کوڕەکانی گەورە ببوون و دەچوونە قوتابخانە. فێری زمانی ئینگلیزی ببوون و خۆی و هاوسەرەکەی کاریان دەکرد.

ئەو ماوەی کە میوانی ماڵی کاک مراد بووین بە ڕێنمایی ئەو چەند شوێنێکی دیکەی ئەمریکا وەکوو کۆشکی سپی و شوێنە مێژووییەکانی واشنتۆن دیسیمان بینی. ماڵاواییمان لە یەکتر کرد و پێشنیارم بە هاوسەفەرەکانم دا کە هەتا دەتوانین ئەمریکا بگەڕێین. ئەمریکا وڵاتێکی بەرفراوانە و نەدەکرا هەموو شوێنێک ببینین، بۆیە بڕیارمان دا ڕێگایەک هەڵبژێرین کە لە سنوورێکی دیکەوە بگەڕێینەوە بۆ کانادا. بڕیارمان دا تاقگەی نیاگارا ببینین و لەوێوە بچین بۆ کانادا. لە ڕێگادا بە شارە بچووکەکانی ئەمریکاشدا تێپەڕین و هەر لەوێدا بوو کە جیاوازیی زەقی نێوان ژیانی شارە گەورەکان و ناوچە هەژارنشینەکانمان بینی. باوەڕمان نەدەکرد کە لە یەکێک لە دەوڵەمەندترین وڵاتەکانی جیهان کە داخوازیی مافی یەکسان و بڵاوبوونەوەی دیموکراسی لە سەرتاسەری جیهاندا دەکا، خەڵکانێکی ئاوا هەژار ژیان بەسەر ببەن.

لە یەکێک لە مارکێتەکانی سەرڕێگادا شتێکی سەیر قەوما کە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە.

سەبەتەیەکی بازاڕکردنم بەدەستەوە بوو، کە چەند هێشووە[1] ترێ و هەندێک شتی دیکەم تێخستبوو و خەریکی شت کڕین بووم. ئەو فرۆشگا بچووکە چەند جۆر ترێی هەبوو و منێکی عەشقە ترێ لە هەر یەکیان بۆڵێکم هەڵگرت کە بە هەموویەوە بوو بە کیلۆیەک، ڕەنگە زیاتریش. ئەوێ مەزرای کشتوکاڵی باشی هەبوو و من زیاتر ئیشتیام لە ترێ و شووتی بوو، چونکە ئەو دووانە میوەی دڵخوازی منن. لە سەرەی سندووقەکەدا ڕاوەستابووم کە یەکێک لە پشتمەوە بە لەهجەیەکی تیژ و خۆجێیی ئەمریکایی وتی: "حاح! دەزانی چەندەت خەرج کرد؟ دەبێ قاچ و قوڵێکیشت دانێی ..." ئەمە قسەیەکی باوی ئینگلیزییە واتە پارەکەی زۆر دەکەوێ و نرخەکەی گرانە. کە ئەمەی وت، سەیری سەبەتەی میوەکانم کرد و بینیم ئەو بڕە میوەی کە هەڵمگرتبوو بۆ ئێمە کە چەند کەس بووین زۆر نەبوو و ڕەنگە هەر دە دۆلار کەوتبێ، بەڵام قسەی ئەو کابرایە قووڵایی هەژاری و ڕێژەی زۆری بێکاریی لەو ناوچەدا دەردەخست. کە سەیری سەبەتەی میوەکانم کرد، باشتر لە بابەتەکە تێگەیشتم.

کاتێک دەچووینە ناو چێشتخانەیەک یان کاتێک دەرفەتێک دەهاتە پێشەوە، خەڵکەکەم دەدواند و دەمبینی کە زۆرێک لە خەڵکەکە تێگەیشتن و زانیارییەکی ئەوتۆیان لەبارەی ئەورووپا و ئاسیا و بە گشتی جیهانەوە نییە. لە بەشێکی گەشتەکەماندا ئۆتۆمبێلەکەمان وەستاند و بە تەکسی ڕۆیشتین بۆ نیوجێرسی. ئەو شۆفێرەی ئێمەی دەبرد، گەنجێکی ڕەشپێست بوو کە تەنانەت نەیدەزانی لەندەن لە کوێی جیهانە، دواتر کە زیاتر لێی کۆڵامەوە، بۆم دەرکەوت کە بەشێکی زۆری دانیشتوانی ئەمریکا لە ژیانیاندا پاسپۆرتیان نەبووە و تەنانەت یەک جاریش ئەمریکایان بەجێنەهێشتووە. ڕەنگە دەرنەچوونیان لە خاکی ئەمریکا، کاریگەریی لەسەر تێڕوانین و ڕوانگەیان سەبارەت بە خەڵکی جیهان و ژیان و شێواز و دەرفەتەکانی ژیان و بە گشتی جیهانبینییان دانابێ، هەر بۆیە ئەم ئاستی هەژاری و بێبەشبوونەیان بە لاوە ئاسایی بوو.

هەڵەبجە، برینێک کە تاڵەبانی و سپای پاسداران لە ئەستۆیان نەگرت!

چەندین سەفەری یەک لە دوای یەکم بۆ کوردستانی باکوور و باشوور کرد و سێ جار سەردانی هەڵەبجەشم کرد. لە هەڵەبجە هەستم بە ژانێک دەکرد کە لە ڕەنج و مەینەتی خەڵکی ئەم شارە سەرچاوەی دەگرت. شارێک کە بەهۆی بۆردومانی کیمیاییەوە بە تەواوی ژەهراوی ببوو و ستەملێکراوییەکەی لە جیهاندا دەنگی دابووەوە. کۆتاییەکانی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق، ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی (١٩٨٧ ز)، بوو کە هێزەکانی سەر بە ئێران بە هاوکاری و ڕێنوێنیی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە

١. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بۆڵە ترێشی پێ دەڵێن.

سەرۆکایەتیی مام جەلال تاڵەبانی گەڕەکەکانی دەوروبەری شاری هەڵەبجەیان گرت. لە ڕوانگەی عێراق و سەدام حسێنەوە ڕاگرتنی پێشڕەویی هێزەکانی ئێران و هێزی پێشمەرگە لە میانەی ئۆپەراسیۆنی زەفەری ٧ یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو ئۆپەراسیۆنە بوو. گرتنی بەشێک لە ناوچەکانی باشوری کوردستان بە دەستی هێزەکانی ئێران لە دوای ئۆپەراسیۆنی وەلفەجری ١٠، بیانووی بە سەدام حسێن دا کە فەرمان بە ئامۆزا و جێگرەکەی واتە عەلی حەسەن مەجید ناسراو بە عەلی کیمیایی بدات کە ئەو ناوچانە بۆردومانی کیمیایی بکات.

ئەو ڕاپۆرتانەی کە دواتر بڵاو کراوە گوزارشت لەوە دەکەن کە بەر لە بۆردومانی کیمیایی، شاری حەڵەبجە بۆ ماوەیەک بە بۆمبی ئاسایی و ناپاڵم بۆردومان کراوە. دیارە عەلی حەسەن مەجید ویستوویەتی شووشەی بیناکانی شاری حەڵەبجە بە هۆی بۆردومانی پەیتا پەیتا بشکێنێ بۆ ئەوەی توانای بەرگەگرتن لە هەمبەر گازە ژەهراوییەکان کەم بکاتەوە. ئەم هێرشە دوای ٤٨ کاتژمێر لە گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە ئەنجام درا و عێراق لەم ئۆپەراسیۆنەدا فڕۆکەی جۆری میگ و میراژ و هەلیکۆپتەری بەکار هێنا و بە وتەی بەرپرسان و پێشمەرگەکانی یەکێتیی و شایەتحاڵان، لەم ئۆپەراسیۆنەدا کە چەند کاتژمێری خایاند، گەڕەکەکانی هەڵەبجە چەندین جار و لە چەند قۆناغدا بۆردومان کران. دواتر دەرکەوت کە سەدام بە بیانووی ئەوەی هێزە کورداییەکان یارمەتی و هاوکاری سپای پاسدارانیان داوە، ئەو تاوانەی بەرامبەر خەڵکی شاری هەڵەبجە ئەنجام دا. حکوومەتی بەعس بە هەڕەشەی هێرشکردنە سەر شارەکە، هۆشداری بە خەڵک داوە کە هەڵەبجە چۆڵ بکەن، بەڵام بە وتەی دانیشتوانی ئەو شارە، کۆمەڵێک لە پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سپای پاسداران ناهێڵن زۆرێک لە خەڵک شار بەجێ بێڵن و لە کۆتاییدا بەهۆی بۆردومانی کیمیاییەوە کۆمەڵکوژییەکی بەرفراوان ڕووی دا. هەر لەم سەفەرانەدا بوو کە هەندێک کەس توانیان بە بوێرییەوە باسی ستەملێکراوی و مەزڵوومییەتی خۆیانم بۆ بکەن.

هەرچەندە دواتر سپای پاسداران خۆی وەک فریادڕەسی گەلی کوردستان لە قەڵەم دا و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەرگیز دانی بە هەڵە گەورەکەی خۆیدا نەنا، ئەمە ڕاستییەک بوو کە بەشێک لە خەڵکی ناوچەکە پێداگرییان لەسەری دەکرد و دەیانگوت ئێمە قەڵغانی مرۆیی بووین. هەندێکیان ئەندامانی خێزانەکەیان لەدەست دابوو، زۆرێکیان نەخۆش و کەمئەندام و لاکەوتە ببوون و دەیانگوت: "ئێمە ئەم ڕاستییەمان دەزانی، بەڵام نەماندەوێرا بیدرکێنین". ئەم بابەتەم کردە ڕاپۆرت و دام بە کەناڵی ڕۆژتیڤی لە برۆکسل. کەناڵی ڕۆژتیڤی بەهۆی ئەو دوژمنایەتییەی کە ئەو وەختە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیبوو، ڕاپۆرتەکەیان بڵاو کردەوە، تەنانەت بۆ سەر زمانی تورکی و عەرەبیش وەریانگێڕاوە و بڵاویان کردەوە و هەروەها دوو دەزگای هەواڵدەریی بیانی دووبارە بڵاویان

کردەوە. لەبەر ئەم هۆکارە، دوای گەڕانەوەم لە هەڵەبجە و هاتنەوەم بۆ لەندەن، هەڵسوکەوتی بەشێک لە ئەندامانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە لەندەن نووسینگەیان هەبوو گۆڕا و دیار بوو زۆر ڕقیان لێم هەستابوو.

وێنەی ٢٠٩- پەتی سێدارەی عەلی حەسەن مەجید ناسراو بە عەلی شیمیایی

کیمیابارانی هەڵەبجە لە لایەن بەعسی عێراقەوە شەهیدبوونی نزیکەی ٥ هەزار کەسی مەدەنی لێ کەوتەوە. بەپێی لێکۆڵینەوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەم هێرشەدا گازی خەردەل و چەند مادەیەکی تری کیمیایی نەناسراو (کە زیانیان بۆ کۆئەندامی دەمارەکان هەیە) بەکار هات کە عێراق ئەم چەکە کیمیاییانەی لە وڵاتانی ڕۆژاوایی دەکڕی. ئەم هێرشە لەلایەن دادگای باڵای سزای عێراق بە فەرمی بە جینۆسایدی خەڵکی کورد ناسێندرا. دادگای باڵای عێراق، عەلی حەسەن ئەلمەجید فەرماندەی ئەم ئۆپەراسیۆنەی وەک تاوانباری سەرەکیی ئەم کارەساتە ناساند و ساڵی ٢٠١٠ لەسێدارە درا. کیمیابارانی هەڵەبجە هەتا ئێستاش وەک گەورەترین کیمیابارانی ڕاستەوخۆی شارێک لە مێژوودا ناسراوە.

گەشتێک بەرەو کۆیە، کابول و قەندەهار

لەو ساڵانەدا سەفەرێکیشم بۆ بارەگای حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەوانە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) لە شاری کۆیەی هەرێمی کوردستان ئەنجام دا. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتنێکدا لەگەڵ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵێنی پێدان کە لە بەرامبەر هێرشنەکردن و ڕاگرتنی جموجۆڵە سەربازییەکانیان لە ناو خاکی ئێران، ئاسایشی بنکە سەربازییەکانیان و ئازادیی هاتووچۆکردنیان و بەشێک لە پێداویستیی پێشمەرگەکانیان بۆ دابین دەکات. لەو کاتەدا حیزبی دێموکرات هەڵمەتی سەربازیی ڕاگرتبوو و سکرتێری گشتیی باڵی سەرەکیی حیزب بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادە بوو، کە بەهۆی خوێندنی ئایینییەوە پێیان دەوت "مەلا حەوڵا". مەبەستم لەم سەفەرە ئەوە بوو کە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکم سەبارەت بە پێشهاتەکانی ناوچەکە دیمانەیەک ساز بکەم.

پێم سەیر بوو کە حیزبی دێموکرات لەو چەند ساڵەی دواییدا لەو نەهامەتییانەی کە بە سەری هاتبوو، فێری ستراتیژی نەبووبوو! هەتا ئەو کاتە دوو سکرتێری گشتیی ئەو حیزبە

واتـە دکتـۆر قاسـملوو و دکتۆر شـەرەفکەندی بە پیلانـی حکومەتی ئێران لە ناو دڵـی ئەورووپادا تیـرۆر کرابـوون و زۆرێـک لە پێشـمەرگەکانی ئەم حیزبـە هەر لە ناو خاکی هەرێمی کوردسـتان لە سـەر دەسـتی هێزەکانی سـپای قـودس یان کەسـانی پەیوەندیدار بەوانەوە، تیـرۆر کرابوون، بـەڵام هێشـتا وەک جـاران ڕەفتاریـان دەکـرد. کـە گەیشـتم سـەرباری ئـەوەی نەیاندەناسـیم بـەڵام تەنیـا لەبـەر ئەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان بووم و لە هەنـدەران گەڕابوومەوە، زۆر بـە ئاسـانی وەرگیـرام. تەنانـەت جانتاکەشـم نەگـەڕان و ڕاسـتەوخۆ منیـان بـردە نووسـینگەی سـکرتێری گشـتیی حیـزب. ئەمـە خاڵێـک بـوو کە سـەرنجی منـی ڕاکێشـا و منیـش لای بەڕێز حەسـەنزادە هێنامـە بـەر باس، دانی بـە ڕەخنەکەمدا نا، بـەڵام بە گاڵتەجاڕییەوە وتی: «هێشـتا ئەگـەر بتگوتبـا خزمـی مـراد ئەحمەدی و شـەهید فەتاح عەبدولیـت، لە قەلاندۆشـیان دەگرتی و دەتیانهێنایە ئێرە .... .»

● وێنەی ٢١٠ - پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات، کوردستان، ٢٠٠٣

هەروەهـا لـەوێ لەگـەڵ بەڕێـز حەسـەن شـەرەفی جێگـری سیاسـیی حیـزب، کـە خەڵکـی مەهابـاد بوو قسـەم کـرد. شـەرەفی ئـاگاداری پرسـەکانی ئێسـتای جیهـان بـوو و دەیزانـی کـە حیزبـی دێموکـرات دەبـێ بتوانـێ داخوازیـی زیاتـری هەبێـت. کاتێـک سـەبارەت بـە تێبینـی و ئەزموونەکانـم لەمـەڕ لایەنـە سیاسـییەکانی باشـوور و باکـوور و بزووتنـەوە سیاسـی و پێشـکەوتنخوازەکانیان پرسـیارم لێکـرد و کەمێـک تووشـی ئاڵنگاریـم کـرد، ئـاوا وەڵامـی دایـەوە: " ئـەوەی تـۆ دەیڵێـی بۆشـایی و کێشـەکانی سیسـتەمی سیاسـیی ناوڕێکخراوەییـە و منیـش لەگـەڵ ئـەوەدا هەم کە سیاسـەتی ئێمـە و لـە ئەنجامـدا دۆخـی ئێمـە تـا ڕادەیـەک بـە نەریتـی ماوەتـەوە، بـەڵام ئێمـە پـێمان وایـە کـە هێشـتا یەکێک لە حیزبـە سـەربەخۆکانین و یەکێک لـە بەرنامەکانمـان ئەوەیە کـە هێـزی جـەوان ڕاکێشـی حیـزب بکەیـن و بیانکەیـن بـە کادری سـەرکردایەتی" ئەڵبـەت یەکێـک لـە پرسیارەکانیشـم ئـەوە بـوو کـە مامناوەنـدی تەمەنـی کادری سـەرکردایەتیی ئێـوە لـە ٥٠ یـان ٦٠ سـاڵ تێپەڕیـوە و دەرفەتێکـی زۆر بـە جەوانگەرایـی و نوێگەرێتـی نـادەن، بـەڵام حیزبەکانـی دیکـە وا نیـن. لـە چیـای قەندیـل بینیبـووم کـە زۆربـەی گەنجـان پۆسـت و بەرپرسـیارێتیی گرنگیـان هەبـوو.

لـەو سـاڵانەدا تیشـکی هەمـوو سـەرنجەکان لەسـەر ڕۆژهەڵاتیناویـن بـوو و دەچوومـە هـەر شـوێنێک خەڵـک باسـی ڕووداوەکانـی ئـەم بەشـەی جیهانیـان دەکـرد. سـاڵی ٢٠٠٣ بـوو کە ئەمریـکا هێرشـی کـردە سـەر عێـراق و دوو سـاڵ پێشتری هێرشـی کردبووە سـەر ئەفغانسـتان.

لە لەندەن لەسەر ئەم بابەتانە قسە و شرۆڤە و خۆپیشاندانی زۆر لە ئارادا بوو. هاوڕێیەکی ئەفغانیم هەبوو بە ناوی عەبدوڵڵا کە پێشتر چەکداری تاڵیبان بوو. بە شانازییەوە دەیگوت "من تالبم[1]" و بەردەوام ستایشی ئەم گرووپەی دەکرد کە مرۆڤی باش و موسڵمانی ڕاستەقینەن و خوازیاری تەقوا و ڕزگارین. ئەوەی عەبدوڵڵا دەیگوت لەگەڵ ئەو وێنانەی کە لەمەڕ تاڵیبان و هەڵسوکەوتەکانیان لە بەرنامە تەلەڤیزیۆنییەکان پەخش دەکران زۆر جیاوازیی هەبوو.

لە بەرنامە تەلەڤیزیۆنییەکاندا دەمبینی کە تاڵیبان لەوپەڕی درندەیی و کۆنەپرستیدان. لەگەڵ کەسێک کە هاوڕێی عەبدوڵڵا بوو، لە ڕێگەی پاکستان و وەزیرستانەوە چوومە ئەفغانستان و سەردانی کابوڵ و قەندەهار و هەرات و بامیانم کرد. سەیرم کرد تاڵیبان کە ئێستا جارێکی تر ئەفغانستانی خستۆتەوە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی خۆی و زۆر کەس پشتیوانی لێ دەکەن، بزووتنەوەیەکی زیندوو و ڕەگداکوتاو و چالاکە، نە ئەو شتەیە کە میدیاکان دەیڵێن و نە ئەوەشە کە عەبدوڵڵا باسی دەکرد. تاڵیبان تێکەڵەیەک لەو دوو وێنە بوو کە پێیان نیشان دابووم. ئەوانیش لە دژی هەژموونیی و پیلانی جیهانی ڕۆژاوایی ڕاوەستابوون و خوێندنەوەیەکی جیاوازیان بۆ ئیسلام هەبوو. هەڵبەت هەم تاڵیبان و هەمیش قاعیدە لە سەردەمێکدا بە هاوکاری و ئاگاداریی ئەمریکا لە دژی داگیرکاری و دەستێوەردانی ڕووسیا لە ئەفغانستان پێک هاتبوون و پڕچەک کرابوون. ئەوان هەر ئەو بەها و نەریتە ئیسلامییانەیان دەپاراست کە لە بەرژەوەندیی خۆیان بوو، بەڵام دڵ و دەروونیان پڕ بوو لە توڕەیی، نارەزایەتی، بێزاری، توندوتیژی و دەسەڵاتخوازی.

● وێنەی ٢١١ – لە ڕێگای پەنجشیر، ئەفغانستان، ٢٠٠٤

یەکەم گەشتم بۆ ئەفغانستان کورت بوو و بە کابوڵ و قەندەهار کۆتایی هات. بەو پێیەی کە تا ڕادەیەک ژینگە و جوگرافیا و خواردنی پاکستان و ئاسیام دەناسی و لەبەر ئەوەی شارەزای زمانی فارسی بووم و بۆ کاری وەرگێڕان زمانی دەری فێر ببووم، ئەفغانستان زۆر بەلامەوە نامۆ نەبوو. خەڵکانێکی میهرەبان و تا دڵ حەز کات میواندۆست، کە زۆربەیان لە ڕێگەی کۆچکردنی زۆرەملی

---

١. تاڵب، واتە ئەندامی تاڵیبان. تاڵیبان واتە کۆی تاڵبەکان. کە تاڵب بە واتای خوێندکارە کە لێرەدا مەبەست خوێندکاری زانستە ئایینییەکانە.

بـۆ ئێـران، ئاشـنای فەرهەنـگ و زمانـی فارسـیی ئێـران بـوون. سـەیر لەوەدایـە کـە لـە هەمـوو شـوێنێکدا کەلوپەلـی ئێرانـی و پاکسـتانی هەبـوو و جیا لەو هەمـوو جوانییە سروشـتییانە و ئەو ژینگـە و جوگرافیـا سەرسـەختەی کـە هەیبوو لـە ماوەی مانەوەمـدا لە ئەفغانسـتان زۆر خواردن بـە دەسـتم پـێ خـۆش بـوو و بـە تـەواوی چێـژم لـێ وەرگـرت. دوای گەڕانـەوەم بـۆ لەنـدەن بـە سـەختی توانیـم بێمـەوە سـەر فۆرمی بـە کەوچک نان خـواردن. لە بەشـەکانی داهاتـوودا زیاتر باسـی ئەفغانسـتانتان بـۆ دەکـەم.

کاتێـک لـە ١٥ی ئابـی ٢٠٢١ لە لەنـدەن، یەکەم ڕەشنووسـی ئەم ژیاننامەیەم دەنووسـی، حکوومەتـی ئەفغانسـتان بـە شـەوێک ڕووخـا و سـەرکردەکان و لایەنگـرە ڕۆژاواییەکانـی لـەو وڵاتـە هەڵهاتـن. زۆرێـک لـە ڕۆژاواییـەکان بڕوایـان بـەوە نەدەکـرد کـە ئـەو هەمـوو سـاڵە تەنهـا پایتەخـت و چەنـد شـارێک لـە ژێـر دەسـەڵاتی حکومەتـی ئەفغانسـتان و ڕۆژاواییەکانـدا بووە و زۆربـەی ناوچەکانـی ئـەو وڵاتـە لەلایـەن تاڵیبانـەوە بەڕێـوە دەبـرا. تاڵیبـان هەرگیـز نەڕووخابوو و لەنـاو خەڵکـدا مابـووەوە. ئـەم گرووپـە لەنـاو خەڵکـدا ڕەگ و ڕیشـەی هەبـوو و لەلایـەن زۆر کەسـەوە پاڵپشـتی دەکـران و ئێسـتاش پاڵپشـتی دەکرێـن، من پێم وایـە تاڵیبان ئێسـتا وەکوو جـاران بێئەزمـوون و توندوتیـژ نییـە و بـۆ ئـەوەی لـە دەسـەڵاتدا بمێننـەوە و هەروەها هـاوکاری و پشـتیوانیی دارایـی وەربگـرن و جارێکـی تـر حکوومـەت لەدەسـت نەدەنەوە، ناچـارن لەگەڵ کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتیـدا ڕێـک بکـەون. حەز دەکەم بە زووترین کات سـەردانی ئەفغانسـتان و چەنـد وڵاتێکـی تـری دراوسـێ بکەمەوە و ئەگەر ئاسـایش بەرقـەرار و بارودۆخی کارکـردن لەبار بـێ، یەکێـک لـە پـرۆژە دڵخوازەکانم لـەوێ ئەنجـام بدەم.

لەو سـەروبەندەدا هەموو ئەم گەشـتانە بۆ من، وەک خوێندکارێکی خەڵکناسـی، ورووژێنەر و پەروەردەیـی بـوون و دیـارە زۆر قـورس بـوو کـە بێلایەنانـە سـەیری جیهـان بکـەم. مـن وەک دەرچوویـی بـواری خەڵکناسـی دەبوو لە هەمـوو شـیکارییەکانمدا بێلایەنیی بەهاکانـم بپارێزم و ڕاسـتییەکان بـە بـێ گوێدانـە چوارچێـوەی بەهاکانـی خۆم – ئـەو جۆرەی کە هەبـوو نەک ئەو جـۆرەی کـە پێـم خـۆش بوو - وەسـف و شـیکاری بکـەم و ئەمـەش زۆر دژوار بوو.

دامەزراندنـی ڕێکخـراوی توێژینەوەیـی KSSO و کاردانـەوەی ناهاودڵانـەی حیزبـە کوردسـتانییەکان

دواییـن سـاڵی ماسـتەر لـە زانکـۆی کێنـت بـووم و بـەردەوام لـە شـەمەندەفەردا لـە نێـوان کانتەربێـری و لەنـدەن هاتووچـۆم دەکـرد. ماوەیەکیـش لـە نووسـتنگەی کانتربێـری مامەوە بۆ ئـەوەی بتوانـم فریـای ئـەو پۆلانـە بکـەوم کـە بـە دوای یەکـدا دەسـتیان پێدەکـرد. وردە وردە گەیشـتمە ئـەو ئەنجامـەی کـە چالاکیکـردن لەگەڵ کەی.سی.سـی زۆر بەسـوود نییـە، چونکە

کارەکانیان لە سەر ئاستی خۆجێیی و خزمەتگوزارییە و وەکوو ئەوانی دیکە هەڵوەدای ئایدۆلۆژیا و بەرژەوەندییە سیاسییەکانی خۆیانن و هەندێک جاریش لە ڕادەبەدەر ڕادیکاڵن، کەواتە باشتر وایە هێزێکی تازەنەفەس و خودیتر بێتە جێگاکەم. لەگەڵ هەندێک لە ئەندامانی لێژنەی بەڕێوەبەریی کۆمەڵەی خوێندکاری و ئەو خوێندکارانەی کە لەم ناوەندەدا ناسیبووم، سەبارەت بە پێکهێنانی ڕێکخراوێک قسەم کرد. بیرۆکەکەم خستە ڕوو و پێم وتن: "ئێمە خۆمان پێشینەیەکمان هەیە و لەبری ئەوەی لە گروپ و ڕێکخراوە کەمتر دیموکراتیک و سیاسییەکاندا ئیش بکەین، دەتوانین بە شێوەیەکی سەربەخۆ کار بکەین".

● وێنەی ٢١٢ – ڕێوڕەسمی نەورۆز لە زانکۆی سوواس، لەندەن

بەسەرهاتی وێنەکان و کاردانەوەکانیم باس کرد و جەختم کردەوە کە ڕەفتارەکانیان لە شان و پێگەی ئێمەدا نەبووە. بە ڕای ئەوانی دیکەش، کارکردن لە ناوەندێکی خوێندکاری لەبری گرووپە سیاسییەکان لۆژیکی و زانستی و کردەییتر بوو و بڕیارمان دا دەست پێبکەین. بیرم لە ڕەهەندەکانی کارەکە کردبووەوە و پێشنیارم دا بچینە زانکۆی سوواس کە تایبەت بوو بە توێژینەوەکانی ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناڤین و چەقی چالاکیی گروپە چەپەکان و لایەنگرانی فەلەستین و دژە جەنگ بوو. ماوەیەکی زۆر خۆم پێوە ماندوو کرد و بە هاوکاریی چەند کەسێکی تر، لەوانەش سارا، پەیڕەونامەیەکمان نووسی و داواکاری پێکهێنانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردمان بۆ ئەم زانکۆیە خستە ڕوو کە زۆر زوو ڕازی بوون. پێشتریش پارت و لایەنە سیاسییەکانی تر ڕێکخراویان لەم زانکۆیە دامەزراندبوو، بەڵام هەموو ڕێکخراوەکان کورتخایەن بوون. لە سەرەتادا ئێمە کۆمەڵێکی شەش کەسی بووین کە پێنج کەسمان خەڵکی پارچە جیاوازەکانی کوردستان بووین؛ ئیلهان گەنج، فازڵ هەورامی، نەواز ساڵح، محەمەدعەلی وەیسی و من. سارا کیلەر کە خەریکی نووسینی تێزی خۆی لەسەر کوردانی لەندەن بوو و حەزی لەم بوارە دەکرد، کەسی شەشەمی گرووپ و تاکە ئەندامی غەیرەکوردی ئەم ڕێکخراوە بوو.

دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی زانکۆ، دەبا بوودجەی پێویستمان دابین بکردایە، بۆیە لەگەڵ جڤات و بازرگانەکانی کورد دانوستانمان کرد. چووینە لای دووکاندار و کۆمپانیاکان، پلان و نیازی خۆمان بۆیان ڕوون کردەوە و کەمێ دارایییمان وەرگرت. بەشەکەی دیکەمان لە گرووپ و جڤاکەکان دابین کرد و ئەوەی دیکەشی خۆمان دامان نا. لە کۆتاییدا کۆمەڵەیەکی توێژینەوەییمان بە ناوی KSSO واتە کۆمەڵەی توێژینەوەی خوێندکارانی کورد وەڕێ خست. لە چەند مانگی یەکەمدا چەند سەد کەس بوونە ئەندامی ئەنجوومەنەکەمان،

ئـەو خوێندکارانـە کـە ئامـادە نەبـوون بچنە نـاو ڕێکخـراوە سیاسـییەکانی دیکەی وەکـوو کەی. سی.سـی (KCC) یـان ناوەنـدە کوردییەکانـی دیکـە، هاتنـە پـاڵ ئێمە.

زۆرێـک لـە خوێنـدکاران حەزیـان نەدەکـرد هـاوکاری لەگـەڵ ئـەو جێگایانـەدا بکـەن کـە ڕەفتـاری سیاسـیی توندڕەوانەیـان هەبـوو. زۆربـەی لاوان لەلایـەن حیزبـە کوردییەکانـەوە بێمتمانەیـی یـان ڕەفتـاری وەکـوو تارانـدن و سـنووردارکردنیان ئەزمـوون کردبـوو و لـە دەسـتوەردانی حیزبـەکان لـە ژیانیـان دەترسـان. لـە ڕێکخراوەکەمانـدا ئـەوان ئەرخایـەن بوون کـە تووشـی هیـچ یـەک لـەو ئاسـتەنگانە نابنـەوە، وێـڕای ئـەوەی کـە لـەو لۆبیانـەی کە لەسـەر ئاسـتی پەرلەمانـی ئاسـایی و لۆردەکانـدا هەمانبـوو، بـە بیانـووی جۆراوجۆر بە شـێوەی نەریتی ئاهەنگـی خوێنـدکاریمان سـاز دەکـرد، سـاز و دەهـۆڵمان دەهێنـا و دەرفەتمـان بـە گۆرانیبێژە جەوانەکانـی خۆمـان دەدا کـە خۆیان دەربخەن. لەگـەڵ ڕێکخراوی یۆنانییـەکان، ئیتاڵییەکان و ئەمریـکای لاتیـن و وڵاتانـی عەرەبـی و ئێرانییـەکان و تەنانەت تورکیاش بەرنامەی هاوبەشـی فەرهەنگـی و مۆسـیقا و هەڵپەڕکـێمان بەڕێـوە دەبـرد و بەرنامـەی سـەرکەوتوومان هەبـوو. چەندیـن جـار لـە هـۆڵ و مەیخانە گەورەکانی سـوواس ئاهەنـگمان گێڕا و لە ئاهەنگـە قەرەباڵغ و بەناوبانگەکانـی وەک نـەورۆزدا وردەوردە توانـیمان بلیتیـش بفرۆشـین.

لـە چالاکییەکـی دیکـەدا، بەشـێک لـەو توێژینـەوە و تێزانـەی کـە لەمـەڕ کوردانـی عێـراق، ئێـران، تورکیـا و سـووریا لـە زانکـۆ بەناوبانگەکانـدا ئەنجـام درابـوون کۆمـان دەکـردەوە و بـەو بوودجـە کەمـەی کـە لـە کتێبخانـەی نیشـتمانیی بەریتانیـا وەرماندەگـرت، بـە شـێوەی ئەرشـیڤێکی یەکگرتـوو لە سـەر تۆڕی ئینتەرنێت پێشـکەشمان کرد. لە وتووێـژ لەگەڵ کۆچبەرە بەسـاڵاچووەکاندا، ئـەو چیرۆکـە زارەکـی و فۆلکلۆرییانـەی کـە پشتاوپشـت لـە نەوەیەکـەوە بـۆ نەوەیەکـی تـر گوازرابوونـەوە، تۆمارمـان دەکـرد و ئـەو وتارانـەی کـە سـەبارەت بـە بابەتـی کوردسـتان بـوون، کۆمـان کـردەوە. لـەوەش گرنـگتر، ئێمـە خوێندکارانمـان بـەو کـۆرس و خولانـەی کە پێویسـتیان بوو ئاشـنا کرد و ئاسـانکاریمان بۆ پەیوەندیکردنیـان لەگەڵ زانکۆکان و پرۆفیسـۆرەکان و خوێندکارانـی دیکـە کـرد. ئـەو کات سیسـتەمەکان وردەوردە دەبـوون بـە

● وێنەی ٢١٣- کۆبوونەوەی لۆبیگەری و سیمینار لە پەرلەمانی بەریتانیا، ویستمینستەر، ٢٠٠٥-٢٠٠٦

ئەلیکترۆنی و ئێمە بەڵگەنامە و نامەکانمان ئێسکەن و ئەرشیڤ دەکرد. ئەو بەڵگەنامانە لە کتێبخانەی مەجازیدا وەک بەشێک لە ئێتنۆگرافی و خەڵکناسیی بیستراو و وێنەیی ئەرشیڤ کران. ئەو کتێبخانە هێشتاش لەبەر دەستە و ڕەنگە بابەتی دیکەی پێ زیاد نەکرابێت.

بەشێکی دیکەی ئەرکەکانمان لۆبیگەری لەگەڵ پەرلەمانی بەریتانیا بوو. نوێنەرانی ناوچەکانی وەکوو باکووری لەندەن کە ژمارەیەکی زۆری کورد تێیدا دەژین، دەیانزانی کە ئێمە لە ناو خەڵکدا دیارین و دەتوانین ڕای ئەرێنیی خەڵک ڕابکێشین و دەنگیان بۆ کۆ بکەینەوە. هەر لەم ڕێگەشەوە ڕازیمان کردن کە بێنە بەرنامەکانمان و باسی ئەو بابەتانە بکەن کە لە کوردستان ڕوو دەدەن و هەڵوێستیان هەبێت. بۆ نموونە باسی کوژرانی هەواڵنێرێکی هەرێمی کوردستان بکەن کە لە لایەن یەکێک لە حیزبە سیاسییەکانەوە کوژرا بوو و ئەودەم دەنگ و هەرایەکی زۆری نایەوە یان هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر هەندێ لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و قەندیل و هتد.

ئێمە لەم ڕێکخراوەدا زیاتر لە سەر کوردانی باشوور و باکوور چڕ دەبووینەوە و کەمتر ئاوڕمان لە کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەداوە. لە سەردەمی ئیسڵاحاتدا (ڕیفۆرمیستەکان)، کە دەوڵەتی خاتەمی لە سەر دەسەڵات بوو، ڕووداوێکی وەها لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەدەقەوما و بارودۆخی سیاسی تا ڕادەیەک ئارام بوو. ئێمە کۆبوونەوەمان لەگەڵ پەرلەمان ساز دەکرد و ئەگەر بەپێی پەیڕەو داواکارییەکانمان واژۆی پێویستی کۆ بکردایەتەوە و ڕەزامەندیی نوێنەران بە ڕێژەی پێویست بگەیشتبایە، دەمانتوانی لە گروپە پەرلەمانییەکاندا کۆبوونەوەیەکی فەرمی لەسەر ئەو پرسە ساز بکەین و لەگەڵ پارتی دەسەڵاتداران قسە بکەین. ئەم هەموو سەرکەوتن و کاریگەریدانانە نیشانی دەدا کە ئێمە وردە وردە خەریکە دەبینە ڕێکخراوێکی خوێندکاریی لاو و پێشکەوتنخوازی ناسیاسی. هەر لەم قۆناغەوە بوو کە لە پێشدا حیزبە کوردستانییەکانی وەکوو یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و پەکەکە کاردانەوەیەکی ناهاوسۆزانەیان لە خۆیان پیشان دا. ئەوانیش کۆمیتەی لاوان و خوێندکارییان هەبوو، بەڵام هیچ کارێکی ئەوتۆیان نەدەکرد و ئەندامەکانیان ڕاکێشی لای ئێمە ببوون. ئەوان لە چوارچێوەی پێکهاتەیەکی سیاسی و حزبیدا کاریان دەکرد، بەڵام ئێمە بە بێ گوێدانە ئەو سنووربەندییانە، بیرمان لە یەکپارچەیی خاکی کوردستان و بابەتەکانی پەیوەست بە گەنجانی خوێندکاری زانکۆ دەکردەوە.

باشم لە بیرە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆنفرانسێکی لە زانکۆی سوواس سەبارەت بە پەروەردە و ڕاهێنان لە کوردستان و هاوکاری لەگەڵ زانکۆکانی بەریتانیا ساز کرد و وەزیری خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستانیش بانگهێشت کرابوو، سازوکارەکەیان وەها ڕێک خستبوو کە ئەندامانی ڕێکخراوەکەمان نەنتوانن بەشداری لە پرۆگرامەکەدا بکەن، چونکە ئێمە

گەرەکمان بوو لە وەزیری زانست بپرسین کە بۆچی سەرەڕای ئەوەی بوودجەیەکی زۆری پێ دەبڕێ بەڵام وەزارەتەکەی لاوازە و بۆچی خوێندکارانی سکۆلەرشیپی (بۆرسکراو) حکوومەتی هەرێمی کوردستان ناچارن لە هۆستێلەکانی بەریتانیا لە بارووودۆخێکی شپرزەدا بمێننەوە!

ئەوان نەیانهێشت ئێمە بچینە ژوورەوە، بەڵام ئێمە بە پلاکاردی نارەزایەتییەوە لەبەردەم شوێنی کۆبوونەوەکەدا ڕاوەستاین و وەزیریش لەبەردەم میدیاکان ناچار بوو کاردانەوەیەکی هەبێ و ئێمەش بەناوی خوێندکارە ڕەوانەکراوەکانی هەندەران کە زۆر نارازی بوون قسەمان کرد. هەر لەم ڕێکخراوە خوێندکارییە بوو کە ئێمە سەبارەت بە قەتڵی ناموسیی بەناز مەحموود لە لەندەن و بەردبارانکردنی دۆعا خەلیل ئەسوەد، کچە کوردە ئێزیدییەکە لە موسڵ، بە شێوەی کاریگەر چالاکیمان نواند. بۆ ماوەیەک لەسەر پرسی کوردستان و بەتایبەت بواری زانکۆ و گەنجان وەک جەمسەرێک ڕۆڵمان بینی و حیزبە کوردستانییەکانیش ئەم کارەیان بە دڵ نەبوو، لە کۆتاییدا بڕیارمان دا کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەگەڵیان ساز بکەین. لەو کۆبوونەوانەدا گەیشتینە خاڵێکی هاوبەش و گوتمان هەرچەندە ئێمە هەڕەشە بۆ سەر ئەوان نین، بەڵام بۆ ئێمە گرنگە کە سەربەخۆیی خۆمانمان هەبێت. کاتێک هەمووان زانیان نیازێکی دیکەمان نییە و سیاسی نین، یان باشتر بڵێین ئێمە هۆکاری هەڕەشە بۆ سەر ئەوان نین، دەنگۆ و قسە و قسەلۆک کۆتایی هات. هەتا ئەو کاتەی کە چوومە تورکیا، من هەر وەک بەرپرس و دامەزرێنەری ڕێکخراوەکە مامەوە.

سەفەرکردن بۆ فەلەستین و ئیسرائیل

لە کۆتاییەکانی قۆناغی ماستەردا، داواکاریم بۆ خولی دکتۆرا پێشکەش کرد. زانکۆ بۆ قۆناغی دکتۆرا بەشی خەڵکناسیی وێنەیی نەبوو و دەبا بەشی توێژینەوەتەوەرم هەڵبژاردبایە. هیچ حەزم لەم بەشە نەدەکرد و پێویست بوو بوارەکەم بگۆڕم. وردهوردە باوەڕم بەوە هێنابوو کە خوێندن بۆ وەرگرتنی بڕوانامە لە سەر ئاستی باڵا، کە ساڵانێکی زۆر دەخایێنێت، کەڵکێکی ئەوتۆی نییە و شتێکی زیاتر فێر نابیت. جیهانی ئاکادیمیکیش گۆڕاوە و هەندێ بڕوانامە و بواری خوێندنی درێژخایەن بەتایبەت لە بواری زانستە مرۆییەکاندا بایەخی ئەوتۆیان نەماوە و دەتوانرێت بە بەشداریکردن لە چەندین خول و کۆرسی چڕ و پڕدا، زۆربەی بابەتەکانی خولە درێژخایەن و تاقەتپڕووکێنەکانی دکتۆرا بخوێنرێت و بابەتەکانی دیکەشی لە مەیدانی کاردا فێر ببی و خۆت تاقی بکەیتەوە.

هەمیشە پێم خۆش بوو گەشتێکی فەلەستین بکەم و چونکە ئەو دەم خەیاڵی گەڕانەوە بۆ ئێرانم نەبوو، بە ئەرخایەنییەوە بیرم لەو سەفەرە دەکردەوە. دەمزانی ئەو کەسانەی کە پاسپۆرتەکەیان مۆری ئیسرائیلی پێوە بێ یان بزانرێ سەفەری ئەوێیان کردووە لە ئێراندا تووشی کێشەی یاسایی دەبنەوە و تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوە سیخوڕییەکانی

ئیسرائیلیان دەدرێتە پاڵ. لە سەر پاسپۆرتە ئێرانییەکان ڕاشکاوانە نووسراوە کە "سەفەرکردن بۆ ئیسرائیل قەدەغەیە". منیش پاسپۆرتی ئێرانیم نەبوو و دیارە بە پاسپۆرتە بەریتانییەکەم سەفەرم دەکرد.

مامۆستاکەی سارا کە سەرپەرشتیاری تێزەکەی خۆمیش بوو، سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیەک لە سەر فەلەستین و ئیسرائیل بوو و نیازی وا بوو کە دیسان سەفەری ئەوێ بکاتەوە. بڕیار درا منیش لەگەڵی بچم. گوڵن بومێن لە بواری فەلەستیناسیدا کەسایەتییەکی ناسراو و دیار بوو کە بۆ بەدیهێنانی مافی فەلەستینیان بابەتی دەنووسی و تەنانەت لە کەرتی ڕۆژاوا ماڵێکی کڕیبوو و ماوەیەکی لە ساڵ لەوێ ژیانی بەسەر دەبرد. حەزم لە بواری لێکۆڵینەوەکەی بوو و تەنانەت دەمویست بەشێک لە تێزەکەم یان یەکێک لە وتارە دەرسییەکانم لەم بارەوە بنووسم. دوای سەفەرم بۆ ئیسرائیل و فەلەستین زیاتر لە جاران بووم بە لایەنگری فەلەستین و سەبارەت بە ئیسرائیل و ڕفتاری سوپاکەی وتارێکی توندوتیژ و ڕەخنەگرانەم لە ژێر ناوی "نەتەوە داگیرکراوەکان" نووسی. هەڵبەت ئەم سەفەرەم یەکێک لەو تۆمەتانە بوو کە لە زیندان خرایە پاڵم و بوو بە بەشێک لە سەپاندنی حوکمی دە ساڵ زیندان لە دادگای ئینقلابی ئێران.

● وێنەی ٢١٤ - جوولەکە و عەرەبە ڕەسەنەکان لە تێلئەڤیڤ، ٢٠٠٤

هەمیشە بە نیاز بووم لە نهێنیی کێشمەکێشەکانی ئەم ناوچەیەی خۆرهەڵاتیناوین تێبگەم. کوردەکان بۆ بزووتنەوەکانی خۆیان ئیلهامیان لە خەباتەکانی فەلەستینییەکان وەرگرتبوو، کە هەندێ جار و بە شێوەی ناوبەناو لە دەق، ڕامان و شێعرەکانماندا خۆی دەنوێنێت. هاوکات ئیسرائیلییەکانیش هەندێ جار لە ئیدیعای مێژووییاندا سەبارەت بە نیشتمانەکەیان هاوچەشنبینییان لەگەڵ کورد کردووە. من وەک کوردێکی خوێندکاری زانکۆ و هەروەها شارومەندێکی پەرۆش و جیهانی تێگەیشتم کە کاتی ئەوە هاتووە لە گەرماوگەرمی جەنگ و کێشمەکێشەکانی خۆرهەڵاتیناویندا سەردانی ئەم وڵاتە بکەم و لە نزیکەوە ببینم. بە هاوڕێیەتیی گرووپێک لە خوێندکاران، بۆ سەردانی زانکۆی ڕامەڵڵا کە بە هۆی گەڵاڵەیەک لەمەڕ گرنگایەتیی خۆراک لە ئێتنۆگرافیی نەتەوەکاندا ببوو بە دەستە خوشکی زانکۆکەمان، بەڕێ کەوتم. کاتی گەیشتنم بۆ فڕۆکەخانەی شاری تێلئەڤیڤ، کەمێک هەستم بە بێتاقەتی کرد، چونکە سەبارەت بە پشکنینی چوونە ژوورەوە کۆمەڵێ بەسەرهاتم بیستبوو و چاوەڕێی کێشە و گرفتی لەو جۆرەم دەکرد، بەتایبەت ئەوەی کە من هاووڵاتییەکی بەریتانیی،

لەدایکبـووی کوردسـتانی ئێـران بووم. بەر لـە وەرگرتنی کارتی چوونـە ژوورەوە کەمێک غافڵگیر بـووم. ناچـار کـرام فۆرمێکـی دوور و درێژ پڕ بکەمەوە و زانیارییەکی چڕ و پڕ سـەبارەت بە هەموو شـتێک، لـە بـاوک و باپیـر و ناویان و ڕێکەوتـی لەدایکبوونـی هەموو خوشـک و براکانمەوە بگرە تا دەگاتە ئەدرەسـی ئەلیکترۆنی بنووسـم. کاتێک کە من و هاوسـەفەرەکانم گەیشـتینە بەشـی ئیداریـی کۆنترۆڵکردنـی پاسـپۆرت، ئێمەیـان بردە سـووچێکی هۆڵـی فڕینەکان و پاسـەوانێکی ئێسـک قـورس پێـی وتین دەبـێ کەمێک بووەستن. ئەم پاسـەوانە لـە درێژەی ماوەی پرۆسـەی پـڕ لـە ماندوویـی پشـکنین و کۆنترۆڵـدا بـە جێـی نەهێشـتین.

پێیـان وتیـن هـۆکاری ئـەم چاوەڕوانییـە دوور و درێـژە ئەنجامدانـی هەنـدێ پشـکنین و کۆنترۆڵـی بانگهێشـتنامەی زانکۆیـی ئێمـە بـووە و چاوەڕێـی کەسـێک بـوون کـە بڕیـار وا بـوو دیمانەمـان لەگـەڵ بـکات. کاتـی دیمانـە، سـەبارەت بە ژیانـی تایبەتـی، بەریتانیا و پێشـینەی بنەماڵەییـم لە کوردسـتان پرسـیاریان کـرد. ئەوان هەروەها سـەبارەت بە هۆکاری سـەفەرەکانم بـۆ مـیسر، سـووریا، مەراکیـش، ئەندۆنیسـیا و هەمـوو ئـەو وڵاتانـەی کـە سـەردانم کردبـوون پرسـیاریان لـێ کـردم. یەکێـک لەو سـەفەرانە بوو کـە زۆر بێرێزیم پـێ کرا، چونکە هـەم تەواوی جەسـتەم و هەمیـش بیروباوەڕمیـان پشـکنی! هەسـتێکی زۆر ناخۆشـم هەبـوو و جیا لـە هەموو پرسـیارەکانی دیکـە، کاتێـک لەبارەی هۆکاری ئەم بەسـەرهاتە پرسـیارمان کرد لـە وڵامدا وتیان لەبـەر پاراسـتنی "ئاسایش"ـە. ئـەم پرۆسـەی چـڕی پرسـیار و وڵامـە، وەڕەزی کـردم و ناچـار بـووم کە هەڕەشـەی بـە دواداچوونی یاسـاییان لـێ بکـەم. لـە کۆتاییـدا بـە بـێ هیـچ داوای لێبووردنێـک، ڕیگایـان دا کە بچینـە ناو خاکی ئیسرائیلـەوە و لـە لایـەن فڕۆکەخانەیەکـی چۆڵـەوە پێشـوازیمان لـێ کـرا. جانتـا و سـاکەکانمان هێشـتا لە سـەر ڕاگوێـزەرە کپ و دوورخراوەکـە کەڵەکـە ببـوو و بینینـی تابلـۆی گـەورەی "بەخێـر بێـن بـۆ ئیسرائیل" کە لە سـەر درگای چوونـە ژوورەوە هەڵواسرابـوو، بـە لامانـەوە تـا ڕادەیـەک تەوسـاوی بـوو و وەک ئـەوەی گاڵتەمـان پـێ دەبـکات. سـەرەتا هەسـتم دەکرد لەگـەڵ وڵات و کەڵەشـارێکی پـاک و خاوێندا ڕووبـەڕوو دەبمـەوە، بەڵام گەیشـتنمان هـاوکات بوو لەگەڵ پشـووی شـوباتی جوولەکەکان، کە بـۆ گەیـشتن بـە شـەقامە دوورەدەسـتەکانی تێلئەڤیڤـی ناوەنـدی ئوتووبـووس بـە زەحمـەت دەسـت دەکـەوت. بـە لای منەوە پشـوویەکی ئایینی لەم چەشـنە کە تێیـدا ئەنجامدانی هەموو کارێـک تەنانـەت شـۆفێری کردنیـش قەدەغـە بـێ، زۆر سـەیر بـوو و بیـرم لـە قووڵایـی ئـەم ئایینپەروەرییـە ئەویـش لـەم وڵاتـە نوێیـەدا دەکـردەوە. پاش پشـوو و حەسـانەوەی دوای فڕین،

● وێنەی ٢١٥- دەقێک سەبارەت بە مۆزەخانەی دیاسپۆرای جوولەکەکان لە تێلئەڤیڤ

بـۆ خواردنـی نانـی نیـوەڕۆ بـۆ ڕیسـتۆرانت دەگەڕایـن. لـە کۆتاییـدا هـەر چۆنێـک بـوو توانیمان ڕیسـتۆرانتێکی کـراوە بدۆزینـەوە، کـە لەوێـش ئەفسـەرە چەکـدارەکان لـە بـەر درگای چوونـە ژوورەوەی ڕیسـتۆرانتەکە ڕاوەسـتابوون و هەنـدێ جـار جانتـای خەڵکیـان دەپشـکنی! لەوێـدا من دیاردەی سەربازیگەری لە ئیسرائیلم بۆ دەرکەوت.

بینینـی لێکچوونـی نێـوان ڕووداوەکانـی هۆلۆکاسـت و ئۆپەراسـیۆنی نگریسـی ئەنفـال لـە باشـووری کوردسـتان (هەرێمـی کوردسـتانی ئێسـتا) بـۆ مـن زۆر سـەیر بـوو و حـەزم دەکرد کە ڕەهەندەکانـی دیکـەی ئـەم وڵاتـە تێبگـەم. ڕۆژی دوایـی سـەردانی مۆزەخانـەی دیاسـپۆڕای (کۆمەڵە دوور لە نیشتمانەکان)ـی جوولەکەکانمان کرد. ڕێڕەوی تاریک و کەسـەرباری چوونە ژوورەوەی مۆزەخانـە پـڕ بوو لە دروشـمگەلێک کە مێـژووی جوولەکەکانیان وەبیر سـەردانکەران دەخستەوە.

ئینجـا بـۆ سـەفەرێکی چـل خولەکـی بـۆ ئوورشـەلیم خۆمم ئامـادە کـرد و لە وێسـتگەیەکی پاسـی قەرەباڵـغ بـۆ تاکسـییەکی هاوبـەش یـان شرۆت گەڕایـن. یەکـەم تێگەیشـتنی مـن بـەم شـێوە بـوو کـە ئـەم شـارە بـە هـۆی ئایینیبوونییـەوە زوو دەنوێـت. هەروەهـا بـۆم دەرکـەوت کـە زۆربـەی فرۆشـیارانی بـازاڕی کۆنی شـار یان عەرەبـە فەلەسـتینییەکان بوون یان ئـەو جوولەکە ئۆرتۆدۆکسـییانە بوون کە جلی نەریتیی ڕەشـیان لە بەر کردبوو. ئەزموونی سـەرەتایی ئێمە لەم شـارەدا، ڕووبەڕووبوونەوەیەکـی پۆلیسـی و قسـەکردن لەگـەڵ بەرپرسـە ئەمنییـە چەکـدارەکان بـوو کـە زۆر جـار ڕایاندەگرتیـن و بـۆ ئـەوەی سـەبارەت بـە کاری خۆمـان گفتوگۆ بکەیـن یان لە بـارەی کێشمەکێشـی نێـوان فەلەسـتین و ئیسرائیل پرسـیاریان لـێ دەکردین.

کاتێـک بـۆ دوواندنی سـەربازە ئیسرائیلییـەکان لێیان نزیـک دەبووینەوە، نیـگای تووڕە و پڕ لـە بێزاریـی فەلەسـتینییەکانم دەبینـی. وێنـەم دەگرتـن و سـەبارەت بـە بارودۆخـی گشـتیی ئیسرائیـل و فەلەسـتین ڕا و بۆچوونیانـم دەپرسـی. دوو لـە سـەربازە گەنجـەکان تەنیا تامـەزرۆی گفتوگۆکـردن لەگـەڵ بیانییەکان بـوون و حەزیـان لـە باسـی سیاسـی نەبـوو. ئەفسـەرە فەرماندەکەیـان (کـە وەک خـۆی وتـی دایـک و باوکـی لـە شـاری مومبـای هیندوسـتانەوە بـەرەو ئیسرائیـل کۆچیـان کردبـوو) ئامـاژەی بـەوە کـرد کـە ئـەم میلیتاریزەکردنـەی کـە لـە ناوچەکـەدا هەیـە لەبـەر هـۆکاری ئەمنییـە و ئـەم قسـە ڕاسـت منی وەبیر ڕووداوەکانی فرۆکەخانە خستەوە.

● وێنەی ٢١٦- ئەفسەرە چەکدارە پۆلیسەکان ڕوو لە دیواری پیرۆز

ڕۆژی دوایی چووینە گەڕەکی جوولەکەکان لە گەڕەکی کۆنی شار کە یەکێک لە سێ گەڕەکە سەرەکییەکەی شارە. لەو ڕووەوەی کە هاوسەفەرەکانم پێشینەی مەسیحییان هەبوو و من لە وڵاتێکی ئیسلامیدا گەورە ببووم، هەمووان لە سەر ئەوە ڕێک کەوتین کە بە بێ ورووژاندن ئیش بکەین و بە بێ ڕەچاوکردنی هۆگرییە تایبەتییەکانمان گەڕەکەکان دەستنیشان بکەین. دیواری بەناوبانگی نودبە هەمیشە بە لامەوە سەرنجڕاکێش بوو و زۆر چاوەڕێی بینینی بووم. جوولەکەکان تەورات دەگرنە دەستیان و ڕوو لە دیواری نودبە ڕادەوەستن و لە کاتی نزا و پاڕانەوەدا سەریان دەلەقێنن. پاش ئەوەی لە ڕێگەدا کڵاوێکی کیپە یان یارمولکام کڕی و بە زەحمەت توانیم بیخەمە سەر قژە تازەکورتکراو و تەنکەکەم؛ هەڵسوکەوتی هاوڕێیانە و ڕێزدارانەی زیارەتکارە جوولەکەکان کە بە زمانی عیبری لەگەڵم ئاخافتنیان دەکرد و پێیان وا بوو من جوولەکەیەکی ڕاستەقینەم سەرسامی کردم. بەرەو لای دیوارەکە چووم، وەک شتێ پاش چەندین سەدە چەند بەشێکی پەرستگەی سەرەکی بە جێ مابوو و زیاتر دیوارێکی ڕووت و بێنەخش و نیگارم بەدی کرد کە ببووە شوێنی شینبوونی ڕووەکی بژاری. توێژینەوەکەمم بە وێنەگرتن و هاتوچۆکردن لە ناو زیارەتکارە لاو و پیرەکاندا دەست پێکرد.

● وێنەی ٢١٧- جوولەکە ئۆرتۆدۆکسییەکان کە ڕۆژانە بۆ نوێژ و پاڕانەوە سەردانی ئوورشەلیم دەکەن

گرووپێک لە هێزە ئەمنییە چەکدارەکان بە ڕێبەرایەتیی خاخامێک بە دەنگی بەرز دەگریان و نزایان دەکرد. لە نزیک دیوارەکە هەوڵم دا جوولەکەیەکی ئۆرتۆدۆکسی ڕدێندرێژ بدوێنم، بە ئینگلیزییە تەقولەقەکەی تێی گەیاندم کە کوڕەکەی نەخۆشە و لە تێچووی قورسی دەرمان و چارەسەری پزیشکی لە ئیسرائیل گلەیی هەبوو. پێی وتم ڕۆژانە نزیکەی کاتژمێرێک بۆ کاتژمێر و نیوێک تەرخانی هاتووچۆکردنی ئوورشەلیم دەکا و بۆ دۆعا و پاڕانەوە خۆی بە دیوارەکە دەگەیێنێت. پاش ئەوە چاوپێکەوتنم لەگەڵ دوو جەوانی جوولەکەی یامووکبەسەر کرد کە خەریک بوون ئاواتەکانیان لە سەر پەڕە کاغەزێک دەنووسی، ئەوان وتیان پاش دۆعا و نزا دەتوانن کاغەزەکانیان بخەنە پاڵ ئاواتەکانی دیکە بەو هیوای کە خودا خۆزگە و ئاواتەکانیان بۆ بەدی بێنێت.

وەبیر مزگەوتی جەمکەران کەوتمەوە کە خەڵک بۆ ئیمام مەهدی کە دیار نییە و غایبە نامەیان دەنووسی و لە بیری جەمکەرانیان دەخست .... هاوڕێکەیان پێی وتم خاخامی گەورە مانگێ جارێک هەموو کاغەزەکان کۆ دەکاتەوە و لە ژێر سێبەری دیواردا دەیانسووتێنێت، ئینجا دووکەڵەکە دەچێ بۆ لای گەردوون و خودا و ئەو کاتە هەموو ئاواتەکان بەدی دێن.

کاتێک کە زانییان من کوردێکی لهدایکبووی ئێرانم، زیاتر خۆیان لێم نزیک کردەوە و دەیانویست بزانن کە ئایا ئێران هێشتا وەک تۆمۆر و شێرپەنجەی خۆرهەڵاتیناوین چاو لە ئیسرائیل دەکا و ئایا دەیهەوێ بە بۆمبی ناوەکی لە سەر نەخشەی جیهان بیسڕێتەوە؟، ئەوان لەم ڕێگەوە زۆر زیرەکانە لە پرسیارەکانی من کە لە بارەی گرژییەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین بوو خۆیان دەدزییەوە.

پاشان چوومە لای پیاوێکی جوولەکەی تورک کە خەریکی نزا بوو و بە زمانی تورکی دەستم کرد بە دواندنی. کاتێک زانیم کە سەبارەت بە پرسی کورد زۆر زانیاری هەیە سەرم سوورِ ما. سەبارەت بە گرژی و کێشمەکێشی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین پرسیارم لێ کرد و وتی: "باوەڕم بە دانوستان و ڕێگە چارەیەک لە سەر بنەمای دروستبوونی دوو وڵات هەیە". لە بارەی پرسی کورد و تورک لە تورکیاش هەر هەمان بۆچوونی هەبوو. ناوبراو لە بارەی چۆنییەتی و کاتی نوێژ و نزا، وەک کەسێکی جوولەکە زانیاریی ورد و پێویستی زۆر باشی پێدام. لە لای دیوارەکە بە پەرژینێکی ئاسنی شوێنی نوێژیان بۆ ژنان و پیاوان جیا کردبووەوە. سەرەڕای ئەمە، بەردەوام دەنگی نزا و پاڕانەوەی ژنان دەبیسترا و پاسەوانەکان کاتی هاتن بە زیارەتکارە ئافرەتەکانیان دەوت کە چۆن خۆیان بە جلوبەرگی گونجاو داپۆشن. پاشان سەردانی چوار کەنیسەی سێفاردییەکانی ئەو ناوچەیەمان کرد کە لە ئۆرشەلیمدا لە هەمووان کۆنترە.

● وێنەی ٢١٨- گەنجێکی مەسیحی خەریکی نزاکردن لە سەر مەزاری مەسیح لە کڵێسای گۆڕی پیرۆز

پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لە ژێر تیشکی بەتینی خۆر و لە ڕێگەی تێپەڕگە باریکەکانی سووقەوە بەرەو گەڕەکە مەسیحییەکان و کڵێسای گۆڕی پیرۆز درێژەمان بە ڕێگەکەمان دا. بە بوێرییەوە دەتوانین بڵێین ئەم ڕێگە پڕگەشتیارترین و هەروەها ڕێکوپێکترین گەڕەکی شاری کۆن بوو. وتوویانە کڵێسای گۆڕی کۆن وەک دواییین شوێنی پشووی مەسیح بووە. گۆڕی مەسیح لە لایەن کشیشێکی عەرەب زمانەوە دەپارێزرا و پاسەوانی دەدرا، کە ڕێگەی بە سەردانکاران نەدەدا کاتێکی زیاتر لە وەختی دیاریکراوی خۆیان نوێژ بکەن و مۆم دابگیرسێنن یان بە لەبەرکردنی جلوبەرگی نەشیاو و دانەپۆشینی دەست و لاقیان بێڕێزی بکەن. ئەم گۆڕە بچووک و تاریکەیان بە ڕووناکایی مۆم ڕوون و بە عوود بۆن خۆش دەکرد. دیزاینەکەشی لە چاو دیزاینی کڵێساکانی دەوروبەری زۆر سادە بوو. پاش ئەوە بە نیاز بووین سەردانی کڵێسای یەحیای مەعمەدان بکەین کە کۆنترین کڵێسای ئوورشەلیمە و لە سەردەمی شەڕی خاچپەرستەکاندا لە لایەن شوواليیەکانەوە بۆ نوێژ و بەندایەتی بە کار هێنراوە. بەڵام

بـە داخـەوە کڵێسـا داخراو و چـۆڵ بوو و تەنیا بەشـە گومبـەزی و گەچکاریکراوەکـەی دەرەوەی دەبینرا.

بـۆ پاشـەکەوتکردنی وێنەکانـم لـە هارددیسـک و هەروەهـا ئـاگاداری لـە هەواڵەکانی ڕۆژی جیهـان، چوومـە کافـی نێتێک لە سـووق کە لە لایەن گەنجێکـی فەلەسـتینییەوە بەڕێوە دەبرا. کـە چوومـە ژوورەوە بینیـم زۆر بـە گەرم و گوڕییەوە چاک و خۆشـی لەگەڵ کچـە جوولەکەیەکی بڕازیلـی دەکـرد. پێکـەوە سـەبارەت بـە ئاسـۆی ئاشـتی لـە ئوورشـەلیم وتووێژمـان کـرد و ڕا و بۆچوونـی ئـەوم پرسـی. ناوبراو پێـی وا بوو هەتا ئەو کاتـەی ژیان لەبار بـێ و ئیسرائیلییەکانیش لـە ئوورشـەلیمی ڕۆژهەڵاتـی بچنـە دەرەوە، ئەگـەری دانوسـتان هەیـە. بـەڵام دڵنیـا نەبـوو کـە ئـەم بابەتـە لـە کاتـی ژیانـی ئـەودا ڕوو بـدات. ناوبـراو وتـی: «ئەگـەر لـە مـن بپرسـی، هەمـوو مەزهەبییـەکان بـە هـەر ئاییـن و ئایینزایەکـەوە لـەم ناوچـەدا شـێتن و هـۆکاری دروسـتبوونی هەمـوو ئـەم کێشـانەن.» کاتـی گەڕانـەوەم بـۆ هۆتێـل، لـە باڵکۆنـی هۆتێلەکـە ژن و مێردێکـی گەشـتیارم بینـی و سـەری قسـەم لەگەڵیان کردەوە. پیاوە فەڕەنسـییەکە وتـی: «من لەم بێزارییە قووڵـەی هـەر دوو لا سـەرم دەرناچێـت. لە کۆتاییدا بڕیـارم دا کە بەس فێر بـم و ئەزموون بکەم. هـەوڵ مـەدە سـەرەندەری بابەتەکە بکەی، ئەگینا مێشـکت دەتەقێت.» بە پێـی لێکچوونەکانی نێـوان ئـەم پرسـە و پرسـی کـوردان، وڵامـم دایـەوە: «مـن لـەم هەسـتی بێزارییـە کوێرانـە بـاش تێدەگـەم و لەگەڵـی ژیاوم."

برا گیان، وەڵڵا موسڵمانزادەم!

بەیانیـی ڕۆژی دواتـر بـەرەو دواییـن ناوچـە سەرنجڕاکێشـەکانی شـار، واتـە گەڕەکـە موسڵماننشـینەکان، بـەڕێ کەوتیـن. مەسجدولئەقسـا و قوبەتولسـەخرە لـە ئایینـی ئیسلامـدا یەکێک لە پیرۆزترین ناوچەکانە.

وێنەی ٢١٩- کاتی نوێژی نیوەڕۆ لە مەسجدولئەقسا و قوبەتولسەخرە کە ژنان لە پاڵ پیاوان نوێژ و نزا دەکەن

ئـەم دوو بینایـە ڕاسـت لـە سـەرووی دیواری باشـوورییەن و لـە ڕێگەی ڕێڕەوێکی دوور و درێـژەوە کـە لە سـەرەوەی نوێژگەی جوولەکەکانـەوە تێپـەڕ دەبـێ، پێـی دەگەیـت. خەڵـک بـەر لـە چوونـە ژوورەوە بە شـێوەیەکی زۆر سـەختگیرانە بە ئامێری پشـکنینی جەستەیی دەپشـکێنرێن. پاش چوونـە نـاو گۆڕەپانـی سـەرەکی، جوانیـی گومبـەزە زێڕینەکە زۆر سەرنجڕاکێشـە. ئەو

شـوێنە بـۆم وەبیرهێنـەرەوەی بیرەوەرییەکانـی منداڵـی و ئـەو کاتـە بـوو کـە لـە تەلەڤیزیۆنـدا دەمبینـی کـە لاوانـی فەلەسـتینی لـە خۆپیشـاندانەکاندا بەردیـان فـڕێ دەدا و بـە فیشـەکی سـەربازە ئیسرائیلییـەکان بەرسـڤیان دەدراوە. خۆپیشـاندانێک کـە بـە دژایەتیکردنـی ئاریـەل شـارۆن بـۆ چوونـە نـاو مەسجدولئەقسـا گرژتـر بـووەوە و هـۆکاری سـەرەکیی دەسـتپێکردنی ئینتفـازە و شۆڕشـی نـوێ بـوو. مـن هەمـوو ئـەم دیمەنانـەم لـە تافـی منداڵـی و مێرمنداڵیدا لە هەواڵەکانـدا بینیبـوو. بڕیـارم دا بچمـە نـاو مزگەوتەکـە بەڵام پاسـەوانەکە پێی وتم کـە مزگەوت تەنیا بۆ نوێژکەران کراوەیە و باوەڕی نەدەکرد کە من کەسێکی موسڵمانم.

● وێنەی ٢٢٠ - هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوەی مزگەوت لە لایەن هێزەکانی پۆلیسی ئیسراییل کۆنترۆڵ دەکرێت

داوای کارتـی ناسـنامەی کـرد و ئینجـا بـۆ پشـکنینی زێدەتـر منـی نـارده لای گەورەکەی کـە ئەویـش بـۆ دڵنیابـوون لـە مـن داوای لـێ کـردم چەنـد ئایەتێکـی قورئـان بخوێنمـەوە. ئـەو چەنـد ئایەتـەی کـە لـە بیـرم مابـوو بـۆم خوێندنـەوە بەڵام لە کاتـی خوێندنەوە کەمێک زمانـم گیـرا و کەوتمـە پتـە پـت. ئەفسـەرە بەرپرسـەکە ڕازی بـوو بە چاودێریـی پارێزەرێک بچمـە ژوورەوە. ئـەوان بڕوایـان پێـم نەدەکـرد و وتیـان بـە هـۆی تـرس لـە بۆمبچانـدن یـان هێرش، هاتـن بـۆ جوولەکـە و مەسـیحی قەدەغەیە. بەشـێک لە بینای مزگەوتەکەی پێ نیشـان دام کە کرابووە ئامانج و وتیان: "سـوپای ئیسرائیل بـە گازی فرمێسـکڕێژ هێرشـیان کردۆتـە سـەر نوێژخوێنـان!" لـە نـاو حەوشـەی مزگەوتەکـەدا هەسـتت دەکـرد کـە هەمـوو بیناکـە ئابلۆقـە دراوە، چونکـە هەمـوو خاڵەکانـی چوونـە ژوورەوە پـڕ بـوو لـە ئەفسـەری چەکـداری ئیسرائیلی. لەگـەڵ ئەوەی لـە مزگەوتەکـە دەهاتینـە دەرەوە، ئەفسـەرەکان خەریکـی پشـکنینی بەڵگـەی ناسـنامەی ژن و مێردێکـی گەنـج بـوون بـۆ ئەوەی لـە موسـڵمانبوونیان دڵنیـا ببنـەوە.

پـاش نیـوەڕۆی ئەو ڕۆژە سـەردانی شـاعیر و ڕووناکبیرێکی ئیسرائیلی بە نـاوی گابرییەلمان کـرد کـە پێـشتر بـە هـۆی یەکێـک لـە دراوسـێکانم لـە لەنـدەن لـە ڕێگـەی ئیمەیلـەوە لەگەڵی ئاشـنا ببـووم. گابرییـەل بـە تەواوەتـی ڕەخنـەی لـە دەوڵەتـی ئیسرائیـل دەگـرت و پێـی وا بـوو زۆرێـک لـە ئیسرائیلییـەکان لەگەڵـی هـاوڕان. هەروەهـا دەیگـوت گروپێکـی بچـووک بـەڵام دەسـەڵاتدار لـە میلیشـیا موحافیـزەکار و کۆنسـێرڤاتیڤەکانی وەکـوو ئاریـەل شـارۆن کـۆی کێشمەکێشـەکان و ڕەوتی ئاشـتییان قۆرخ کردووە. هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد کە ڕووداوی وەکـوو جیابوونـەوەی ئـەم دواییـەی غـەزە بـە بێ ئـەم چەشـنە سیاسـەتە دیکتاتۆریانـە هەرگیز مومکیـن نەدەبـوو، چونکـە کۆمەڵگای نیگـەران و نالەباری ئیسرائیل لـە موحافیزەکاریی خۆیدا

بـۆ متمانـە دەگەڕێـت. گابرییـەل هەروەهـا پێـی وا بوو کـە ڕاپەڕاندنـی وەها داپەڕێـک لە لایەن دەوڵەتێکـی لـیبرالترەوە بێگومـان وڵات بـەرەو جەنگـی سـارد پەلکێـش دەکات.

ڕۆژی دواتـر بـەرەو ڕامـەڵڵا بـەڕێ کەوتین بۆ ئـەوەی یەکـەم ئەزموونی ڕاسـتەقینەی خۆمان لـە ژیانـی فەلەسـتینی لـە کەرتـی ڕۆژاوا بەدەسـت بێنیـن. ئـەملا و ئـەولای ڕیگاکـەی دیـواری کۆنکرێتـی مـەزن بـوو کـە کۆمەڵـێ گرافیتـی بـە زمانەکانـی عـیبری، ئینگلیـزی، عەرەبـی، ئیسـپانیایی و زمانەکانـی دیکەی لە سـەر نووسرابـوو. هەندێکیـان بـۆ پشـتیوانی لـە حەمـاس و نەهـزەی فەلەسـتین و هەندێکیشـیان لـە لایەن گەشـتیارە ئاشـتیخوازەکانەوە نووسرابـوون. بازنـەی دیـوارەکان و ناوچەی پشکنین پاشاگەردانییەکی تـەواو بـوو؛ قەرەباڵـغ، پیـس و پۆخڵ و پڕ لـە تاکسـی و پـاس، کـە بـەردەوام لـە شـوێنە جۆراوجۆرەکانـی کەرتـی ڕۆژاواوە مسـافریان بـەرەو ئیسرائیـل دەبـرد و بـە پێچەوانـە دەگواسـتەوە. یەکێـک لـە هاوسـەفەرەکانم ئـەو شـوێنەی بـە هەسـارەیەکی پشـێو و شـپرزەی یەکێـک لـە فیلمەکانـی جەنگـی ئەسـتێرەکان شـووبهاند و وتـی ئـەم فەزایـە تـەواو ئەوپەڕزەوینییە!

● وێنەی ٢٢١ - کالێندیا یەکێک لە دوور و درێژترین بازگە پشکنینەکان

ئـەم بازگـە کـە بـە کالێندیـا نـاسراوە، یەکێـک لـە دوور و درێژتریـن بازگەکانـی پشـکنین و کۆنترۆڵـی ڕۆژانـەی ئـەو کەسـانەیە وا بـەرەو کەرتـی ڕۆژاوا دەچـن و تەنیا بۆ ئەو ئیسرائیلییانـە کراوەیـە کـە مۆڵەتـی سـەفەریان هەیـە. هـەر بەم بۆنـەوە، خێرا لـە زمانـی ئـەو موسـافیرانەی کـە بـەرەو فەلەسـتین دەچن (تەنانـەت ئەوانەی کە بـە شـێوەی کورتخایـەن سـەفەر دەکەن) بەدنـاو دەبێـت. بـۆ تێپەڕیـن لـەو شـوێنە دەبـێ بـە تووندێلێکـی دوور و درێـژدا تێپەڕیـت کـە لـە دوو لاوە بـە پەرژینی ئاسـنی هاوشـێوەی شیشـی بەندیخانـە دەورە دراوە. مەرجەکانـی تێپەڕیـن بـەرەو ئیسرائیـل زیاتـر هاوشـێوەی مەرجەکانـی گـەورێ ئاژەڵانـە کـە تێیـدا بەختـەوەرەکان کـە مۆڵەتـی تێپەڕینیـان هەیـە، پـاش تێپەڕیـن لـە دەروازە ئاسـنییەکانی دەکەونـە بـەر پشـکنینی ئەمنـی دوور و درێـژ و چڕ. لـە

● وێنەی ٢٢٢- دیواری کەرتی ڕۆژاوا کە بە وتەی ڕێکخراوی نەتەوەکان نایاساییە.

سەرەکەی دیکەشەوە کۆی ئەم پرۆسە دووپات دەبێتەوە؛ ئەو بازنە پڕە لە تاکسی، کە شۆفێرەکانی هاوشێوەی هەڵۆ بە دوای مسافردا دەگەڕێن. جیاوازیی سەرنجڕاکێشی هەر دوو لایەن، لەوەدایە کە لە کەرتی ڕۆژاوادا بە شێوەی ئاشکرا هێزەکانی ئاسایش بوونی نییە.

ڕامەڵڵا شارێکی قەرەباڵغی پڕهەرا و هۆریایە و پڕحەشیمەتترین شاری فەلەستینە. بوونی هێزە کڵاشینکۆف بەدەستەکانی حکوومەتی خۆبەڕێوەبەری فەلەستین لە شەقامەکانی ئەم شارەدا تەواو بەرهەستە. بۆ دواندنی هەندێ لەو پۆلیسانە ڕاوەستاین کە زۆریان پێ خۆش بوو کە قسەمان لەگەڵ بکەن، ئەگەرچی تەنیا یەکێکیان دەیتوانی بە ئینگلیزییەکی لەق و تەق قسە بکات. کاتێک لەمەڕ بوونی هێزە ئیسرائیلییەکان لە کەرتی ڕۆژاوا پرسیارم لێ کرد، ڕوونی کردەوە کە لە ئێستادا بەشی هەرە زۆری ئاسایشی ڕامەڵڵا لە لایەن هێزە ئاسایشییەکانی فەلەستینەوە دابین دەکرێت، بەڵام وتەکەی خۆی مەرجدار کرد و وتی: «هەندێ جار شەوانە دێن و چەند کەس قۆڵبەست دەکەن و ئێمە دەنگ ناکەین.... ئیدی ئەمە ئاشتییە.» ئینجا شانی هەڵتەکاند و کۆتایی بە قسەکەی هێنا.

● وێنەی ٢٢٣ - وێنەی سەدام حسێن و ئوسامە بن لادەن بۆ فرۆشتن، لە یەکێک لە شەقامەکانی ڕامەڵڵادا

کە بە شەقامەکاندا دەڕۆشتین پیاوێکی هاوشێوەی یاسر عەرەفاتمان بینی بە عەگاڵ و جلی نەریتیی عەرەبییەوە. ناوبراو زۆر پێداگرانە دەیویست ماڵی خۆیمان پێ نیشان بدا و دەیگوت بە هۆی چالاکیی سیاسیی خۆی و باوکییەوە ماڵەکەی لە لایەن هێزە ئیسرائیلییەکانەوە خاپوور و داگیر کراوە. گوتی ماڵیان ٣٠٠ مەتر لێمانەوە دوورە، کە هەڵبەت زۆر دوورتر بوو. دەویست خۆی بۆ هەڵبژاردنە خۆجێییەکان بەربژێر بکا و ئیدیعای ئەوەی دەکرد کە وەک مامۆستای خانەنشینکراو هەموو قوتابی و هاوکارەکانی پشتیوانی لێ دەکەن. کاتێک ئاماژەی بە زبڵی فڕێدراوی سەر شەقام دەکرد، وتی: "کاتێک نەتەوەیەک نائومێد بێ و نەتوانێ شێوازی ژیانی خۆی بگۆڕێ، چیتر گرنگی بە ژینگەی دەوروبەری، ژیانی خۆی یان تەنانەت هەندێ جار بارودۆخی جەستەیی خۆی نادات!"

ناوبراو بیر و باوەڕێکی دەمارگرژانەی بەرامبەر بە ئافرەتان هەبوو و پێی وا بوو کە ئەوان بوونەوەرانێکی گەمژەن کە تەنیا بیر لە جوانکاری (ئارایش) دەکەنەوە. هەروەها بە هیچ چەشنێک باوەڕی بە ئەگەری ئاشتی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل نەبوو و دەیگوت هیچ متمانەیەکی بە ئیسرائیلییەکان نییە. لە درێژەدا وتی: " بە ڕای من سەدام حسێن

کەسێکی باش بوو و لە ناو کۆمەڵگەیەکی دووبەرەکیی وەکوو وڵاتی عێراقدا تاکە ڕێگەی حکوومەتداری هەر ئەوە بووە". کاتێک ویستم تووشی ئاڵنگاریی بکەم و لە بارەی ئەو توندوتیژییانەوە قسە بکەم کە سەدام دژ بە کوردانی باشوور و هاووڵاتیانی عەرەبی شیعەی عێراقی یان هەڵەبجە و ئەنفال ئەنجامی دا، زۆر سادە قسەکەمی ڕەت کردەوە و وتی: «ئەو بووشە گەوجەش لە عێراق زۆر کەسی کوشت و خۆ هەموو کەس وەک هەنگوین نییەن بخورێن». هاوسەرەکەی حەزی بە دیدار و دیمانە نەبوو و ئێمە پاش خواردنەوەی کووپێک قاوەی ڕەشی عەرەبی ماڵاوایمان کرد و لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو ئاواتی سەرکەوتنمان بۆی خواست.

بەیانیی ڕۆژی دواتر بەر لە بە جێهێشتنی هۆتێل بۆ یەکەم سەردانی زانکۆ، هەر ئەو پیاوە بە تەلەفۆن بانگهێشتی کردین بۆ ئەوەی لە سەفەر بۆ نابلۆس لەگەڵی بین، بەڵام من بانگهێشتەکەیم ڕەت کردەوە و وتم لە لایەن زانکۆوە بەرنامەی دیکەمان بۆ دانراوە. ڕۆیشتین

● وێنەی ٢٢٤ - مەزاری یاسر عەرەفات

● وێنەی ٢٢٥ - لایەنگرانی ئەبوو مازان، سەرۆک کۆماری فەلەستین، لە فێستیڤاڵی ئازادیی غەزەدا

بەرەو گڵکۆی یاسر عەرەفاتیش؛ گڵکۆیەکی خاوێن و چێکراو لە بەردی مەرمەڕی نوێ و بریقەدار کە لەگەڵ ئەو شوێنە کۆن و ڕزیوەی دەوروبەری یەکی نەدەگرتەوە. گڵکۆکە لە لایەن دوو پاسەوانی سەر بە هێزەکانی خۆبەڕێوەبەری فەلەستینەوە دەپارێزرا کە لەگەڵ هاتنمان گارِدێکی تا ڕادەیەک فەرمیتریان گرت. بینای گڵکۆکە لە شوێنێکدا چێ کرا بوو کە یاسر عەرەفات لە کاتی ژیانیدا پتر لە ساڵێک لەوێ گەمارۆ درا بوو. بە باوەڕی زۆر کەس یاسر عەرەفات کۆسپی سەرەکی بەردەم ئاشتی بوو، بەڵام سەرەڕای ئەم قسانە یاسر عەرەفات فەلەستینییەکانی یەکگرتوو کرد. لەم بارەوە وتووێژێکی دوور و درێژم لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی پلە باڵای هێزە خۆبەڕێوەبەرە فەلەستینییەکان کرد، کە لە هێزی دەریاوانیی نەیجەرییاش کاری کردبوو. ئەو پێی وا بوو ئەگەرچی حکومەتی خۆبەڕێوەبەری فەلەستین سەرەڕای بوونی سەرچاوەیەکی سنووردار ڕێگەیەکی دور و درێژی لە پێشە، بەڵام پاشەکشێی تەواوی ئیسرائیلییەکان لە کەرتی ڕۆژاوا دەتوانێت هەم ئاشتی و هەمیش بەڕێوەبەریی پێویست و کورتخایەنی میلیشیاکانی حیزبوڵڵا و حەماس بۆ هێزە

خۆبەڕێوەبەرەکان بە دیاری بێنێت.

ژیان بە توندوتیژی و ڕقەوە

لە درێژەی ڕێگادا بەرەو شاری هێبروون سەفەرمان کرد، کە بە شوێنی جەنگە خوێناوییەکانی نێوان دانیشتووانی فەلەستینی و ئیسرائیلی بەناوبانگ بوو. ئێمە سەردانی شاری کۆنی هێبروونمان کرد، کە زێدی ئیبراهیمی پێغەمبەر، لە کەسایەتییە گرنگەکانی ئایینی جوولەکە، مەسیحی و ئیسلام و هەروەها ڕێزلێگیراوی ٧٠٠ جوولەکەی دانیشتووی ئەو ناوچەیە بوو. ئەم شارە لە لایەن ئیسرائیلییەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرا و کاتی چوونە ژوورەوە بە چڕی ئێمەیان پشکنی و لە ڕێگەی کشوێیەکی ئاسنییەوە ناسنامەکانمان دا بە ئەفسەرێک کە نەماندەبینی. پاش چوونە ناو شار خۆمان لە ناو کۆمەڵێ شەقامی چۆڵ و بێدەنگ بینییەوە کە ئەفسەرانی چەکدار لە هەموو گۆشە و کەنارێک بەدی دەکران. لێرەدا ئەو پەڕی پووچیی ڕژێمی ئیسرائیلم بە چاوی خۆم بینی. لە خەڵکانێک سەرسام بووم کە خۆیان ئەزموونێکی تاڵی وەکوو هۆڵۆکۆستیان بە سەردا هاتبو، بەڵام بارودۆخی ژیانی مرۆڤەکانی دیکەیان کردووە بە شتێکی وەکوو گێتۆکانی جەنگی جیهانیی دووهەم.

هەر لەگەڵ چوونە ژورەوەدا ڕیزێک سەربازی چەکداری ئامادەیی پێدراو بە درێژایی شەقامەکە ڕاوەستابوون و چەند مەتر لەولاتر دوو کوڕی منداڵ بە بێ گوێدانە توندوتیژییەکانی ئەم دواییە خەریکی یاریکردن بوون. ئینجا بەرەو تاکە شوێنی گەشتیاری هێبروون واتە مەزاری ئیبراهیم و سارا وەڕێ کەوتین کە پاش کۆمەڵکوژکردنی ٢٩ موسڵمانی نوێژخوێن لە لایەن سەربازێکەوە لە ساڵی ١٩٩٥، بۆ سەر مزگەوتێک و کەنیسەیەک دابەش کرابوو. بۆ دووبارە چوونە ژوورەوە دەبا بە ئامێرێک پشکنینی جەستەیی کرابایە کە هەڵبەت ئەم جارەیان پرسیاری سەبارەت بە ئایینیشی پێوە زیاد کرابوو کە هەموومان نابەدڵانە خۆمان وەک شوێنکەوتووی ئایینی، تا ڕادەیەک بێلایەنی، مەسیحی لە قەڵەم دا. بۆ زانینی مێژووی شوێنەکە، بڕە پارەیەکی کەممان دا بە پیاوێکی نێوانساڵ و ئەویش لە سیاسیترین حاڵەتدا گەشتێکی مزگەوتە مێژوییەکەی بۆمان جێبەجێ کرد. زیاتر سەرنجی دەخستە سەر شوێنی فیشەکی سەر دیوارەکان و خۆی لە لایەنە مێژوییەکەی نەدەدا.

لەگەڵ سەربازێکی ئیسرائیلی قسەم کرد کە زۆر بە ئاسوودەیی هەستی خۆی دەردەبڕی. ئەو سەربازە وتی پاراستنی وڵات ئەرکی سەر شانیەتی و ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین مومکین نییە و ئەویش پێشوازی لە وەها شتێک ناکات. ئەو سەربازە وتی بەش بە حاڵی خۆی لە هەموو فەلەستینییەکان بێزارە و متمانەی بە هیچیان نییە، لەبەر ئەوەی شەش کەس لە هاوڕێ نزیکەکانی لە شەڕ و تێکهەڵچوون لەگەڵ فەلەستینییەکان کوژراون.

سەربازەکە درێژەی پێدا و وتی: «ئەمە بۆ هەمووان ڕووی داوە. ئەگەر هەر ئەم پرسیارە لە منداڵێکی فەلەستینیش بکەن ئەویش هەر ئەوە دەڵێ. ڕەنگە ئەویش شەش هاوڕێی بووبێت کە کوژراون. هەر هەموومان خوازیاری تۆڵەین.» ئەو هەروەها پێشنیاری پێداین کە ئەگەر دەتانەوێ بەیانی بە زیندوویی لە خەو هەستن، شەو لە هێبروون بەتایبەتی لە هیچ هۆتێلێکی عەرەبی نەمێنینەوە.

کاتی تێپەڕین لە بازگەیەکی پشکنینی قورسی دیکە، نزیک لە درگای مزگەوت، دوو گەنجی موسڵمانمان بینی کە لە لایەن سەربازانی ئیسرائیلییەوە قۆڵبەست کرابوون و دەستەکانیان لە پێشەوە هەڵپێکا بوو و وەک هێمای شەرم سەریان دانەواندبوو و ڕوو لە دیوار ڕاوەستابوون؛ ڕێک هاوشێوەی ئەو سەردەمانەی کە لە قوتابخانەکاندا منداڵانیان تەمبێ دەکرد. کاتی تێپەڕین لەو شەقامە چۆڵانەی کە پێشتر قەرەباڵغ و پڕهاتووچۆ بوون، دیدار و چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ئەندامانی گرووپێکی چاودێریی ئاشتی، پێکهاتوو لە شەش دەوڵەتی ئەورووپایی کرد. ئەوان وتیان وەها دیمەنانێک باوە و ئیدیعایان کرد کە ئەمە ڕێگەیەکە بۆ دروستکردنی هەستی سەختگیری لە لایەن سەربازانی ئیسرائیلی بەرامبەر بە هاوڵاتیانی فەلەستینی ناوچە داگیرکراوەکان.

هەموومان خوازیاری تۆڵەکردنەوەین

● وێنەی ٢٢٦ - شاری کۆنی هێبروون کە لە لایەن سوپای ئیسرائیل، لە گەڕەکەکانی دیکەی هێبروون جیا کراوەتەوە

لە گەڕانەوەدا لەگەڵ پیاوێکی فەلەستینی ئاشنا بووم کە ئێمەی بۆ خواردنەوەی قاوە بانگهێشتی ماڵەکەی کرد. بە باوەڕی ئەو، ئەو بارودۆخەی کە ئێمە لە شاری هێبروون بەدیمان کرد تا ڕادەیەک باش بوو. لە درێژەدا وتی: " لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، بە هۆی ئینتیفازە و هەروەها هێرشەکانی هەر دوو لاوە، دۆخەکە وەها خراپ و شپرزە ببوو کە ئەو و بنەماڵەکەی بۆ ماوەی ٥ ڕۆژی ڕەبەق لە ماڵ نەهاتوونە دەرەوە!" پاش تێپەڕین لە بازگە پشکنینەکان و دەروازەکان، لە کۆتاییەکانی شەودا بەشی ئیسرائیلیی شاری هێبروونمان بە جێ هێشت و شەومان لە هۆتێلێکی عەرەبەکاندا ڕۆژ کردەوە و بە زیندوویەتیش دەرچووین.

پاش گەڕانەوە بۆ ئوورشەلیم لەگەڵ دووکانداریکی کوردی جوولەکە ئاشنا بووم کە بە

وتەی خۆی بە ڕەچەڵەک خەڵکی هەرێمی کوردستان بوو. جەلیل زمانی کوردی نەدەزانی بەڵام بە عەرەبییەکی لەقوتەق یەکترمان دواند. ئەو دەیگوت: "لە ئیسرائیل زۆر کوردی جوولەکە دەژین و هەموویان لە ئێران یان هەرێمی کوردستانەوە هاتوون." زۆر وریا بوو کە تێکەڵ بە باسی سیاسی نەبێ و زۆر هۆگری پرسیار سەبارەت بە کورد نەبوو.

لە درێژەی ماوەی مانەوەم بەسەرهاتی هاوشێوەی زۆرم لە خەڵک بیست کە هەندێکیشیان زێدەگۆیی بوون؛ شەوێکمان لە هۆتێلێکی سەیر و ئەشکەوتئاسای ئەریحا بەسەر برد و لەگەڵ خاوەن هۆتێلەکە قسەمان کرد. ناوبراو دەیگێڕاوە کە ٣٠٠ سەربازی ئیسرائیلی لەو باخەدا (بە ئاماژەی دەست باخەکەی پیشان داین) پاش شەش کاتژمێر خۆڕاگری و گەمارۆدانی هۆتێلەکە، هاوڕێکەی ئەویان کوشت. کە هۆکارەکەیمان پرسی وتی: "بە پۆلیسی ئیسرائیلیان ڕاگەیاندبوو کە من و هاوڕێ چەکدارەکەم لایەنگری ئەلئەقساین و لە ناو هۆتێلەکەدا خەریکی پیلانگێڕین بۆ ئەوەی لەگەڵیان شەڕ بکەین". ئینجا شوێنی برینی ٤ فیشەکی لە سەر جەستەی خۆی پیشان داین و بۆمانی گێڕایەوە کە بە تۆمەتی تیرۆریستبوون ساڵانێک لە زیندان بووە و ئازار و ئەشکەنجە دراوە. ڕۆژی دوایی بۆ بەشداریکردن لە خۆپیشاندانێک کە لە لایەن سەرۆک کۆماریفەلەستین واتە ئەبوو مازن (کە پاش جێهێشتنی غەزە بە مەحموود عەباس دەناسرێت) لە شاری ڕامەڵڵا لە پاڵ گڵکۆی یاسر عەرەفات بەڕێوە دەچوو، دیسان بە دەروازەکانی کالیدایادا تێپەڕین. هەندێ لە دیپلۆماتکارە بیانییەکان و ڕێبەرانی ئایینیش لەم کۆبوونەوەدا کە زیاتر لە جێژن دەچوو و بە باشیش بەڕێوە نەچوو، ئامادە بوون.

● وێنەی ٢٢٧- سەرۆککۆمار عەباس خەریکی وتاردان لە ڕێوڕەسمی ڕامەڵڵایە؛ بڕیارە کەرتی ڕۆژاوا و ئوورشەلیم ئازاد بین

تا کاتی وەڕێکەوتنم چیتر سەبارەت بە بارودۆخ و وردەکارییەکانی کێشمەکێشی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین دڵنیا نەبووم، بابەتێک کە ڕەنگە یەکێک لە ئامانجەکانی من لەم سەفەرە بوو. بەڵام کاتێ ئەو سووکایەتییانەم وەبیر دەهاتەوە کە هێزەکانی ئاسایش لە کاتی هاتن بۆ وڵات و هەروەها چوونە دەرەوە بەرامبەر بە ئێمە کردیان (جانتاکانی ئێمەیان پاش وەڕێکەوتنی فڕۆکە ڕاگرت و دوای سێ ڕۆژ بۆیان ناردینەوە)، دەمتوانی لە بەشێک لەو تووڕەیی و سووکایەتییەی کە هەموو ڕۆژێ فەلەستنییەکان ئەزموونی دەکەن تێبگەم. هاوکات تێدەکۆشام کە درک بە هەستی جوولەکە سڤیلەکان بکەم بەتایبەت ترس لە کوژرانیان تەنیا لەبەر ئیسرائیلیبوونەکەیان؛ هەروەها هەستی دەوڵەتەکەیان کە بە وتەی گابرییەل (شاعیری جوولەکە) بە دەنگی مەرجداری تاقمێکی بچووکی میلیشیای

موحافیـزەکار و پشـتیوانکراوی سـوپا داگیـر کرابـوون. بێگومـان دەتوانیـن هـەر ئـەم بابەتـە بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان سـەبارەت بـە حەمـاس و حیزبـوڵا بـۆ لایەنـی فەلەسـتینی دووپـات بکەینـەوە.

پـاش گەڕانـەوە ئـەم بابەتـەم بـۆ هاوڕێیەکی ئینگلیـزی - جوولەکـەم باس کرد کـە دەیگوت هەرگیـز بـۆ سـەردانی ئیسرائیـل هەسـتی بە ئاسـوودەیی نەکـردووە و نـاکات. من لـە ئەزموونی سـەفەرم بـۆ ئیسرائیـل پەشـۆکا بـووم و ئەوانـەم لەگـەڵ ئەزموونەکانـی سـەفەرم بـۆ ناوچەکانـی دیکـەی خۆرهەڵاتیناویـن بـەراورد دەکـرد. لـە سـەر پێشـنیاری ئەو هەوڵـم دا کە بۆ پیشـاندانی ژیانـی کەسـانی دانیشـتووی ئـەو ناوچـە و هەلومەرجـی ڕاسـتەقینەی ئـەوێ، ئەزموونەکانـی سـەفەری ئەوێـم بـە شـێوەی وتـار و یادداشـتی سـەفەر بنووسـم، هەرچەنـدە هیـچ دەقێـک ناتوانـێ بابەتەکـە وەکـوو خـۆی بگوازێتـەوە. ئـەو وتـارەی کـە نووسـیم و لایەنـی ڕەخنەگرانـەی بـۆ ڕەفتارەکانـی ئیسرائیـل هەبـوو، هیـچ ڕۆژنامەیـەک لـە شـاری لەنـدەن بڵاوی نەکـردووە، لەبـەر ئـەوەی لـە لێکەوتەکانـی دەترسـان و دوای ماوەیەکی زۆر لـە میدیایەکی چـەپ بە ناوی "ئێنـدی مێدیـا" بڵاوم کـردەوە و ئەمـە پیشـانی دا کـە میدیـا ڕۆژاواییـەکان تـا چەنـدە لـە ژێـر کاریگەریـی دکتۆرینـی بـاوی پشـتیوانی لـە ئیسرائیلـدان، بـە هـەر نرخێـک بێـت.

بەشی پێنجەم

دیسان کوردستان، دیسان ئێران

ڕابردوو باش کاری خۆی دەزانێ، بە تێپەڕبوونی زەمەن ئەمەم بینی و لێی تێگەیشتم. نازانم ئەمە هەمان نۆستالۆژیایە کە باسی دەکەن یان نا، بەڵام دەزانم هەمیشە لە قامەتی خەفەتدا لە درگای ماڵەکەت دەدا. چاک دەزانێ کەی و لە کوێدا بەرۆکت بگرێ و پیشانت بدا کە بەبێ ڕەگ و ڕیشە، هەمیشە شتێکت کەمە و لاقێکی جیهانەکەت شەلە. ڕابردوو پیشانت دەدا کە نەک هەر بەشێک بەڵکوو هەموو وجوودت دەدۆڕێنی ئەگەر یادەوەریت لەکیس دابێ، وازت لە پەیوەندییەکانت هێنابی یان بۆ پشتگوێخستنیان هەوڵ بدەیت.

گەڕامەوە بۆ ئێران، بە ترس و لەرز و خەم و پەژارەی لەدەستدانی ئازیزێک کە نەمدەتوانی باوەڕ بە مەرگی بکەم. ئێمە گەورە دەبین و گەورەکان پیر دەبن و پاشان ماڵاوایی یەک لە دوای یەکە. ئەمە حەقایەتی دووبارە هەناسەکێشانی خەمبارانەی منە لە زێدی خۆمدا؛ هەناسەکێشانێک کە بە مردنی ئازیزێکم دەستی پێکرد، بەڵام وەبیرم هاتەوە کە دڵم بۆ کەس و کاری تافی منداڵی و فەرهەنگ و کۆمەڵگاکەم لێدەدات.

ماڵاوایی لە نەنکم

دوای نزیکەی دوانزە ساڵ دوورکەوتنەوە، دواجار چاوم بە نەنکم کەوت. لە پشت تەلەفۆندا هەمیشە پێی دەوتم: " کامیل دەبێ بتبینم، ئەوکات دنیای ڕۆشن بەجێ دێڵم". منیش بە گاڵتەجاڕییەوە دەمگوت: " دەی چاتر وایە بەم زووانە نەمبینییەوە". بە بیانووی بەشداریکردن لە کۆنفرانسێک سەفەری هەرێمی کوردستانم کرد و لەو سەردانەدا چاوم بە

نەنکی گۆچان بەدەستم و مامم کەوت. من کارێکی ئەوتۆم لە هەولێر نەبوو و تەنیا دەمویست چاوم بە نەنکم بکەوێت. کاتێک کە گەیشتم پەیوەندیم بەو لێژنەوە گرت کە پێش من هاتبوون، پێیان گوتین تا ئەو کاتەی لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەت عێراقن دەبێ ئیسکۆرتی چەکدارتان هەبێت. عێراق لە دۆخێکی خراپدا بوو و دۆخی ئەمنی باڵی بە سەر وڵاتدا کێشابوو. جگە لە من چەند کەسێکی دیکەش لە بەریتانیاوە هاتبوون و وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا پێشنیاری کردبوو کە شارۆمەندانی بەریتانیایی دەبێ زۆر باش وریای خۆیان بن.

● وێنەی ٢٢٨- مامم ، نەنکم و خۆم، قەڵای هەولێر، ٢٠٠٤

سەیر لەوەدایە کە بە پارەی خۆمان دوو پێشمەرگەی چەکدار و ئۆتۆمبێلێکیان بۆ دابین کردین بۆ ئەوەی کارەکانمان ئەنجام بدەین. نەنکم لە ماڵی شانازی ئامۆزام بوو. ئەو ئامۆزایەی کە دوای شەڕی کوەیت و عێراق و هاتنی ئاوارەکانی باشووری کوردستان بۆ ڕۆژهەڵات، لەگەڵ کوڕێکی کەرکووکی ڕەدوو کەوت و شووی پێکرد. بۆ بەخێرهاتنی نەنکم و مامم چووم بۆ ڕانییە. نەنکم زۆر پیر و لاکەوتە ببوو. گۆچانەکەی لەرزۆک و چرچ و لۆچی دەستەکانی زیاتری کردبوو. وەکوو جاران بە بینینی من شاد و دڵخۆش بوو و توند لە باوەشی گرتم. بۆنی هەمیشەیی مێخەکەکەی بەرۆکی وەکوو شنەی با ڕۆحمی گەشاندەوە، چارۆکە پەشمینەکەی هەر بە شانیەوە بوو و زەردەخەنە شیرینیەکەی لە لێوی نەتۆرابوو. هەر وەکوو ساڵانی زوو بۆنی دەنا بە گەردنمەوە و ماچی دەکرد. لەو ماوەیەی کە پێکەوە بووین، نەنکم دەیگوت: " کامیل، یاخوڵا ڕۆژێکیش ئێمە لە ئێرانێ وەزعێکی ئاوامان هەبێت".

لە شەقامەکاندا پێشمەرگەی دەبینی و دەیگوت: "خۆزگە ئێمەش لە جیاتی پۆلیسی حەجەمان، پێشمەرگەمان هەبا". پێم سەیر بوو پیرەژنێک بەو تەمەنەوە و بەبێ هیچ زانست و زانیارییەکی سیاسی، بەو ئاستی فامکردنە گەیشتبوو کە حکومەتی خۆی دەویست. دیارە کاتێک پۆلیس و پێشمەرگەی دەبینی کە کەواوپاتۆڵیان لەبەر کردبوو، بە لایەوە ورووژێنەر و سەرنجڕاکێش بوو و دەیگوت: "ئەدی چەند خۆشە هەموو بە کوردی قسان دەکەن، کاتێک لە ئێران پۆلیس و پاسدار قسە دەکەن هیچ تێناگەی دەڵێن چی ... لەبەر ئەوەی کورد نین." ئەو کاتە لە سنوری حاجی عۆمەران لەگەڵ هێزەکانی سەر سنوور بە کوردی قسەی کردبوو، ئەوان لێی تێنگەیشتبوون و ئەمەی هەر لە یاد مابوو.

تەمەنم ٢٨ ساڵ بوو، بەڵام لای نەنکم هەر کامیلەکەی سەردەمی منداڵی بووم. هەر وەکوو ئەو دەم بە توندی لە باوەشی دەگرتم و بۆنی بە پشت ملمەوە دەکرد. بەردەوام

گلەیی دەکرد کە ئەم ئیسکۆرتە چەکدارانە ناهێڵن من و تۆ تەنیا بین و بە ئارامییەوە چەند کەلیمەیەک قسە بکەین. هەر لەگەڵ خۆیانت دەبەنە ئەم کۆبوونەوە و ئەو کۆبوونەوە. هەتا درەنگانێک پێکەوە قسەمان دەکرد، شەوێک داوام لێکرد دیسان چیرۆکی سوڵتان مەحموودم بۆ بگێڕێتەوە، دەنگیم تۆمار کرد و فیلمم لێ گرت. دەمزانی ئەوە دواجارە کە دەیبینم و بە ڕاستیش هەر دوادیدار بوو. دوو هەفتە دوای یەکتربینینمان کۆچی دوایی کرد. دواتر بۆم دەرکەوت کە چەند ڕۆژێک نەخۆش بووە و پێیان نەگوتبووم. بەرەبەیانیی ٢١ی بەفرانباری ١٣٨١ی هەتاوی (١١ی ژانڤییەی ٢٠٠٣) لە لەندەن خەریکی کاری ناوماڵ بووم کە تەبیبەی خوشکم تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی: "کامیل، ئیتر نەنەمان نییە ...". ئەمە یەکەم بەرکەوتنم لەگەڵ مەرگی ئازیزانم بوو. هەمیشە پوورەکانم دەیانگوت: " تەنها ئارەزووی ئەوە بوو کە تۆ ببینێ، کە تۆی بینی، مرد ..." ئەم قسە هەستێکی خۆشی پێ نەدام و وەکوو ئەوە وا بوو کە ئەگەر من نەمبینیبایە، نەدەمرد. زۆر کەس بۆ هاوخەمی و سەرەخۆشی تەلەفۆنیان بۆ دەکردم و هەندێک لە خزمان و ناسیاوەکان لە لەندەن بۆ پرسە و سەرەخۆشی هاتنە ماڵەکەم. کاتێک تەبیبە هەواڵەکەی پێدام، تا شەو لەسەر کاناپەکە دانیشتم و دواتر بە تەنیا چوومە باری سەر کۆڵانەکەمان، بەردەوام لە دڵمدا لەگەڵ نەنکم قسەم دەکرد و بیرم لە یادەوەرییەکانی خۆم و نەنکمم دەکردەوە. ئەو شەوەم لا ڕۆژ نەدەبووەوە، شەوێکی زۆر ناخۆش بوو و بەیانییەکەی نەچوومە سەر کار. زۆری خایاند تا وردەوردە ئەم خەم و پەژارەیەم قبووڵ کرد، خەم و دڵتەنگییەک کە دەیگوت نەنکم، کۆڵەکەی پتەوی ژیانم لەدەست داوە، کەسێ کە ڕۆڵێکی گەورە و بێهاوتای لە خەیاڵپەروەری و یادەوەرییەکانی سەردەمی منداڵیم و پشتیوانیکردنی خەون و بەرزەفڕییەکانی هەرەتی هەرزەکاریم هەبوو. نەنکم هەمیشە لایەنگری نەبڕاوەی من بوو، لە شیعرەکانیدا، منی بە سواریی ئۆتۆمبێل و ئەندازیار و دانیشتووی لەندەن دەبینی؛ ئامانج و هەوڵەکانم لە سەر حەقایەتەکانی ئەو بنیات نا و گەشەیان کرد. نەنکم پشکێکی گەورەی لە زۆربەی ساتەکانی ئێستا و ڕابردوومدا هەبووە، پشکێکی حاشاهەڵنەگر .... تەنانەت زیاتر لە دایک و بابم منی بینی و لێم تێگەیشت. باوەڕکردن بە مەرگ و نەبوونی سەخت و ناخۆش بوو. بە خۆمم دەگوت نەنکم هەرگیز ناڕوا و لام وابوو کە هێشتا نەڕۆیشتووە، ئەو بۆ من هەمیشە زیندووە و بۆنی مێخەکی لێ دێت. پشتوێنە پەشمینەکەی دەبەستێتە پشتی و گۆچان بە دەست، بە بزەوە لێم دەڕوانێت.

● وێنەی ٢٢٩- نەنکم (لە کاتی نەخۆشی و لاکەوتەییدا) و پوورە مریەم، کوردستان، ١٣٨١ی هەتاوی (٢٠٠٢)

بۆنی خۆشی دایک و بابم لە لەندەن

مانگێک لە مردنی نەنکم تێپەڕیبوو کە دایک و بابم گوتیان دەمانهەوێ بێینە لەندەن و ماوەیەک لای تۆ دانیشین بۆ ئەوەی باری دەروونیت بگۆڕێت. ئەوەندە بە مردنی نەنکم دڵتەنگ بووم کە زیاتر لە پێشوو خۆم سەرقاڵی کار و نیگەرانییەکانم دەکرد و کاروباری ئاسایی ڕۆژانەش ئیتر بە لامەوە بایەخی نەمابوو، بەڵام هاتنی دایکم و بابم یارمەتییەکی باشی دام بۆ ئەوەی دیسان بگەڕێمە سەر ڕێچکەی ژیانێکی ئاسایی. من و کاک مستەفا بڕیارمان دا بانگهێشتنامە بۆ خێزانەکانمان بنێرین. باوکانمان ئامۆزا بوون، من بۆ دایک و بابم و ئەویش بۆ مامە حەمەدەمین و ئامۆژنم بانگهێشتنامەی نارد. زۆر بەخێرایی وەرگیران و ڤیزەیان لە باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە تاران وەرگرت.

کەمێک دوای سەفەرم بۆ فەلەستین و ئیسرائیل، دایکم و بابم هاتنە لەندەن. کاتێک بابمم لە فڕۆکەخانە بینی هەستم کرد ناناسمەوە. پیر ببوو و تاڵی ڕەشم بە سەر و ڕیشیەوە نەبینی. دایکم هەمیشە ڕووخسارێکی گەش و درەوشاوەی هەبوو، پێستی سپی و چاوی شین و قژی بە خەنە سوورکراو، بەڵام ڕەنگی پیری لە ڕوخساری نیشتبوو. سەیر بوو، سەرەتا هەستم بە پیربوونیان کرد و دواتر هەموو شتێک ئاسایی بووەوە. کاتێک سواری ئۆتۆمبێلەکەم بوون، بابم زۆر خۆشحاڵ و کەیفخۆش بوو، وتی: "تووددووزییەکەی باشە!" پێم سەیر بوو کە ئەم بەشەی ئۆتۆمبێلەکەی بە لاوە سەیر بوو. هۆکارەکەیم ئەو کاتە زانی کە گەڕامەوە بۆ ئێران و ئۆتۆمبێلی پرایدم بینی.

لە بیرم چوو باسی کڕینی ئۆتۆمبێلەکەتان بۆ بکەم، بەڵام ئێستا کە باسی هاتە پێشەوە بۆتانی دەگێڕمەوە. هەر کە بینیم دایک و بابم دێن، ئۆتۆمبێلەکەم گۆڕی بۆ ئەوەی کەمێک جێگایان زیاتر ببێت. یەکەم ئۆتۆمبێلم لە بریتانیا ئۆتۆمبێلێکی جۆری سیترۆن بوو کە هی کۆمپانیای ژیانی فەڕەنسایە. کاتێک لە پیتزا هات کارم دەکرد، پیتزام بۆ دوو ئێرانی دەبرد کە لە کۆمپانیایەکی ئەندازیاری بوون و بە فارسی باسی ئۆتۆمبێلیان دەکرد. وتم ببوورن گوێم لە قسەکانتان بوو، دەمهەوێ ئۆتۆمبێل بکڕم. وتیان ئەم ئۆتۆمبێلە ٤١٥ پاوەندە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێرانیت بە ٣٥٠ وەرە ببە. ئۆتۆمبێلێکی باش بوو و تەنها کەمێک دەڵانی ڕۆنی هەبوو، بەڵام بۆ منێکی خوێندکاری زانکۆ بژاردەیەکی خراپ نەبوو. کاتێک دایک و بابم هاتن، فرۆشتم و ئۆتۆمبێلێکی پۆلۆی ئەڵمانیم کڕی.

باسی دایکمتان بۆ بکەم ... کاتێک هاتە ناو ماڵەکەم، هەموو شتێکی خاوێن و بریقەدار کردەوە. زۆر بۆڵەشی کرد کە ئەم هەموو قژی ژن و تووکی پیشلە بۆ وەریوەتە سەر عەرز. دایکم وای دەزانی خەتای منە قژی ژن لە سەر عەرزەکە کەوتووە، بە پێکەنینەوە دەمگوت باشە دایە گیان من ژنم نییە و سەڵتم، هەمیشە ژوورێک بە کرێ دەدەم و لێرەش وەکوو

ئێـران ژن و پیـاو جیـا ناکرێنەوە. هەندێک جار ژنێک لە ماڵەکـەم دەمێنێتەوە و هەندێکجاریش پیاوێـک دێتـە ئێـرە و بـە کرێـی دەگرێـت. لـە نـاو هاوڕێکانیشـمدا هـەم ژن و هـەم پیـاو هـەن. فامکردنـی ئـەم شـتە بـۆ دایکم کارێکی ئاسـان نەبـوو و هەرگیزیـش ئەمەی بۆ قبـووڵ نەکرا. لە کۆنـەوە وتوویانە تووکی پیشـلە پیسـە و لەگـەڵ هەڤاڵی هاوڕێم واتە پیشـەکەم هەڵی نەدەکرد. کـە بیزانیبایـە مـن دیـار نیم پشـیلەکەمی لـە چێشـتخانەکە دەکردە دەرەوە. سـەگ لـە ئایینی ئیسلامـدا گڵاوە و خانـەوادە نەریتییـەکان سـەگ وەک ئاژەڵێکی ماڵی ناهێننە نـاو ماڵەکەیان، بـەڵام ئـەم حاڵەتـە بۆ پشـیلە جیاوازە. پشـیلە لـە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا خۆشەویسـتە، بەڵام لە لایەکـی دیکەشـەوە، باوەڕێـک هەیـە کە پشـیلە ئاژەڵێکـی هەراسـانکەرە و جندۆکـەی لەگەڵە. ئێمـە زۆر ئاژەڵدۆسـت نیـن. دایکـم پشـیلەکەی هەراسـان کردبـوو و دەمبینـی کـە چـۆن خۆی لـە دایکم بـەدوور دەگرت.

ئـەو ڕۆژانـەی کـە دایکـم لـە ماڵ بـوو، ماڵـەوە بـۆن و بەرامـەی چێشـتی کـوردی و خۆماڵی لێدەهـات و هەمـوو شـتێک ڕێـک و پێـک و خاوێن و وەکوو ئاوێنە وریشـەیان دەهـات و ژیانیان لـێ دەبـاری. وەک شـتێ ئەڵقەکانـی شـوناس و بوونـم بـە یەکەوە گرێـدرا بوون. چ هەسـتێکی خـۆش و جـوان بـوو کـە دوای ماوەیەکـی زۆر لـە دابـڕان و دڵتەنگـی، ئێسـتا کـە لە سـەر کاری ڕۆژانـەم دەگەڕامـەوە دایکـم لـە ماڵـەوە چاوەڕێـی مـن بـوو و بوونی دایکـم چاوەڕوانـی و وزەمی بـۆ گەڕانـەوە بـۆ ماڵـەوە زیاتر دەکرد. بۆ منێـک کە دوای کۆتایـی تەمەنی هەرزەکاریم یەکسـەر کۆچـم کردبـوو، زۆر بیـرم کردبـوون و لـە بینینـی دایکـم و بابـم تێـر نەدەبـووم و تینـووی مێهر و خۆشەویسـتییان بووم.

ئـەو چەنـد حەوتەیـە دەرفەتێکـی لەبیرنەکـراو بـوو. پەیوەندی لەگـەڵ خێزانەکەم هەمیشـە بـۆ مـن گرنـگ بـووە، ئـەو ماوەیـەی کـە پەیکـی ماتـۆڕی بـووم کاتێـک لـە مـاڵان کۆبوونـەوەی خێزانەکانـم دەبینـی، خەفەتم دەخـوارد. هەرچەنـد ئارەزوومەندانە کۆچم کردبـوو، بەڵام جاری وا بـوو بیـرم دەکـردن و لـە خۆمـم دەپرسـی: "ئەگـەر بمتوانیبایـە لـە ئێـران لـە نـاو ژینگەیەکـی ئـارام و بێخەمـدا بخوێنـم، کۆچـم دەکـرد؟" کاتێـک دایـک و بابـم هاتن ئـیتر خەفـەت و حـەسرەت نەمـا و پەیوەندیـم لەگـەڵ خزمانم لە لەندەن دەسـتی پێکردەوە. زۆربـەی کاتەکانم لەگـەڵ دایـک و بابـم تێپـەڕ دەکـرد. پێـشتر هێنـدە دەرفەتـی ئـەوەم نەبوو کـە بـەردەوام لەگـەڵ دایکـم بـم و نەنکـم هەمیشـە بـە جۆرێـک ئـەو

● وێنەی ٢٣٠ – هەڵپەڕین و ڕوانینی بەتینی دایکم و سەرچۆپی کێشانی بابم، لەندەن، ٢٠٠٤

دەورەی دەگێڕا، بەڵام ئێستا لە دایکم نزیکتر ببوومەوە و زیاتر هەستم بە سۆز و خۆشەویستیی دەکرد. هەروەها ئاسانتر و ڕاستەوخۆتر خۆشەویستیمم دەردەبڕی، خۆشەویستییەک کە لە سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵیمدا، نە لە لایەن ئەو و نە لەلایەن منەوە دەرفەتێکی وەهای بۆ سەرهەڵدان نەبوو. خۆشەویستی و پاڵپشتیی نەنکم هێندە چڕوپڕ و بەردەوام بوو کە ئەو هەموو ساڵە دەرفەتی بە دایکم نەدابوو خۆشەویستیی دایکانەی خۆی، بەو چەشنەی کە دەیهەوێ، بەرامبەر من دەرببڕێ و ڕەنگە لە ئەزموونی خۆشویستنی کامیل وەک کوڕی گەورەی، نەختێک بێبەش بووبێت و بە پێچەوانەشەوە. بۆ یەکەمجار، پەیوەندیم لەگەڵ دایکم ڕاستەوخۆ و بێخەوش بوو. زیاتر لە جاران هەستم دەکرد خۆشم دەوێ و پێویستم پێیەتی و ئەویش دەرفەتێکی بۆ هەڵکەوتبوو، تاکوو ئەو خۆشەویستییەی کە لە دڵ و دەروونیدا پەنگی خواردبوو دەریببڕێت.

لەگەڵ بابیشمدا هەستم بە نزیکبوونەوەی زیاتر دەکرد و لەوەی کە میوانم بوون زۆر دڵخۆش و ڕازی بووم. پیشاندانی وێنەیەکی بەهێز و سەرکەوتووی خۆم بە بابم، خەونی هەمیشەییم بوو کە ئەو خەونەم بەدیهێنا. پەیوەندیی هەندێک لە پیاوان لەگەڵ دایک و بابیان کاتێک بیچم دەگرێ کە لە خانەوادەکانیان جیا دەبنەوە و سەرقاڵی کاروباری خۆیان دەبن، کە لەناکاو دەبینن چەندە بیریان کردوون. هەمان شت بەسەر منیشدا هات و وەک شتێ لە تەمەنی گەورەییدا زیاتر پێویستم پێیان بوو، زوو لێیان جیا ببوومەوە و هێشتا بە تەواوی لە بوونیان تێنەگەیشتبووم، وەک شتێ هەستی تێرنەبوون لە خۆشەویستیی ئەوان لە دڵمدا مابوو و ئەم سەفەرە دەرفەتێک بوو بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بوونی خۆم لە لای ئەوان ئەزموون بکەمەوە و لێوانلێو لە خۆشەویستییان بم.

یەکەم گلەیی دایکم لە بابم

ئەوانم دەبردە دەرەوە و خۆشحاڵ بوون کە شتی نوێ ئەزموون دەکەن، هەموو ئەم ڕووداوانە لێورێژ بوون لەو هەستە جوانانەی کە تەمەنێک خەونم پێیانەوە دەبینی. بۆ ئەوەی دڵخۆشیان بکەم چرکەکانم بە فیڕۆ نەدەدا. لەم سەفەرەدا بۆ یەکەمجار دایکم گلەیی لە بابم کرد. من تا ئەو ڕۆژە تەنها جارێک نەبێ، ئەویش لە شەستەکانی هەتاوی (هەشتاکانی زایینی) بوو، دەنا دەمەقاڵێی نێوان دایک و بابمم نەبینیبوو. پێم وایە نەنکم بابمی هان دابوو و وتبووی هاوسەرت واتە دایکم، هەموو ڕۆژێ جلوبەرگ بۆ ماڵی باوکی دەدووری و هاتوچۆیان دەکا و لەم قسە و باسانە. دوای ئەم شەڕ و قڕە دایکم تۆرا و ڕۆشتەوە بۆ ماڵی باوکی، بەڵام دیسان هاتەوە. ئێمەی منداڵ هەمیشە بۆ ئەو تاقە شەڕەیان گاڵتەمان بە دایک و بابمان دەکرد و ئیتر هەرگیز نەمانبینی کە پێکەوە شەڕ بکەن.

ئـەو ڕۆژانـە، دەیانـم بـرد بـۆ پارکـە جـوان و گەورەکـەی ڕیجێنـت لـە ناوەڕاسـتی لەنـدەن، لـەوێ دایکـم گلەیـی لـە بابم کـرد و وتـی: " کەریم سـاڵانێکی زۆرە هەر بە خۆت ڕاگەیشـتی، خدمەتی خۆتـت کـرد، هەندێـک جـار دەچوویـە سـەفەرێ و منیـش زۆر شـەوان بـە تەنـێ دەمامـەوە، ئەزیەتـت کـردم و بـە هیچـت نەزانیـم ...". قسـەکانی دایکـم سـەیر بـوو. نەمدەزانی هەسـتی دایکـم بەرامبەر بە بابـم بۆچـی گـۆڕاوە و بـۆم دەرکـەوت کـە سـاڵانێکە زۆر شـت لـە دڵیـدا پەنگی خـواردووە و بـە دەگمەن درکاندوویەتـی. ئەمـە عادەتـی هەمـوو ژنانـی ڕۆژهـەڵات زەمینـە کـە بـە سـەبووری و دانبەخۆداگرتـن بەناوبانگـن و هـەر لەوێشـەوە بـۆم دەرکـەوت کە دایکم بۆ منیش کـە کوڕە گەورەکەیم هـەر ئەم سـەبر و خۆڕاگرییەی هەبـوو و لە بەرامبەر ئـەو خۆشەویسـتییە بێ سـنوورەی نەنکم کە تـا ڕادەیەک پەیوەندییەکەمانی سـنووردار کردبوو، دانی بە خۆدا گرتبوو.

● وێنەی ٢٣١- لە باوەشی دایکم، هامەرسمیت، لەندەن، ٢٠٠٤

ئـەوە یەکەمجـار بوو کە وەها هەسـتم بـە نزیکایەتیی لەگەڵ دایکم دەکـرد و ئازاری ویژدانم هەبـوو کـە هیچـم بـۆی نەکردبـوو. ئینجا وەبیرم هاتـەوە کە ماوەیەکـی زۆر لەوەوبـەر گومانی لە بابـم هەبـوو؛ مـن هـەرزەکار بووم و ئەویش دەیویسـت لە دووکانەکەیدا سـیخوڕی لـە بابم بکەم و هەڵسـوکەوتەکانی بابمـی بـۆ بـاس بکـەم، بـەڵام مـن بـە قسـەم نەدەکـرد. دواتـر زانیـم کـە زۆرێـک لـە دایـکان کاتێـک ڕەفتارێکـی گومانـاوی و جیـاواز لـە مێردەکانیـان دەبینـن، داوا لـە کوڕەکانیـان دەکـەن کـە باوکیـان کـۆنترۆڵ بکـەن، دیـارە ئەمە کارێکـی هەڵەیە و مێشـکی ئەو کـوڕە بـە بابەتگەلێکەوە سـەرقاڵ دەکا کە هێشـتا فامی نـاکات. هەڵبەت زۆرێک لـە دایکانیش لـە دەرهاویشـتە و لێکەوتەکانـی ئەم داخوازییـەی کە لە منداڵە کوڕەکانیـان دەیکەن، نائاگان. دواتـر هەسـتم کـرد کـە مـن خەیانەتـم بـە دایکـم کـردووە، بـەڵام بیـرم کـردەوە کە باشـە بۆچی دەبـێ دایکـم داوای ئـەم کارەم لـێ بـکات؟ لـە لەنـدەن مـن و دایکـم زۆر لێک نزیـک بووینەوە کـە ئەمـە وای کـرد هەمـوو شـتێکی ڕابـردووم وەبیـر بهێنمـەوە. قسەوباسـی شـەوانە لەبـارەی خەڵـک و ... لـەو قۆناغـەدا لـە ناو خـزم و کەسـەکانماندا ڕووداوێکی خـراپ قەومـا و ئەندامانی گـەورەی بنەماڵـە لـە گـەڵ یەکدا شـەڕ و ناکۆکییـان تێکەوت.

بـە ڕۆشـتنیان زۆر دڵتەنـگ و بێتاقـەت بـووم و کاتێـک لە فڕۆکەخانـە ماڵاوایـیمان لە یەکتر کـرد، گریـام. هەسـتم کـرد چەنـدە تەنیـام و بـۆ یەکـەم جـار بیـرم لـە هاوسـەرگیری و تەنانـەت

منداڵیش کردەوە. لە خۆمم دەپرسی باشە من لێرە چی دەکەم؟ خۆ ڕاستە هەموو شتێک باشە، بەڵام کە چی؟ بەردەوام قسەکانی دایک و بابمم وەبیر خۆم دەهێناوە: کامیل دوای زانکۆ و دوای تەواوکردنی خوێندن بە نیازی چی بکەیت؟ بە تەمای ژنهێنان نیت؟ ژن و منداڵت هەبێ؟ و پێویستییەکان وردە وردە لە دڵ و دەروونمدا خۆیان دەرخست کە ڕەنگە هۆکارە سەرەکییەکەشی ئەو هەستی تەنیاییە بووبێ کە دوای گەڕانەوەی دایک و بابم لە ناخمدا سەری هەڵدا.

کۆچی دوایی دایکم

ماوەیەکی زۆر لە مردنی نەنکم تێنەپەڕیبوو کە دایکمم لەدەست دا. پاش نزیکەی دوو مانگ لە هاتنیان بۆ لەندەن و لە کاتێکدا کە هێشتا بۆنی خواردنە کوردییەکانی دایکم لە ناو ماڵەکەمدا هەستی پێ دەکرا و بیرەوەریی پیاسەکانمان لە ناو پارک و بەسەرهاتی زۆری دیکە هەمووی لام بە زیندوویی مابوونەوە، لە ناکاو بە جێی هێشتین. مەرگی دایکم لە مردنی نەنکم گورچکبڕتر بوو، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ کە مردنی بە جارێ پشتی شکاندم. تازە پەیوەندیی سۆزداریمان بەهێزتر ببوو و یەکجار بەوەش بەسۆتر و داخدارتر بووم. لە ماڵەوە تەلەفۆنیان کرد، خۆ نەیانگوت دایکم نەخۆشە. ئەمجارەیان ئەوە ڕەسووڵی برام بوو کە بە گریانەوە ڕووداوەکەی ئاوا بۆم گێڕایەوە: "دایکم دوای خواردنی نانی شێو خەریکی سفرەسڕین بووە کە لە ناکاو سەکتەی[1] مێشک لێی داوە، بەهۆی نەبوونی ئیمکانات و جیازاتی نەخۆشخانە، لە پیرانشارەوە گواستراوەتەوە بۆ ورمێ، بەڵام پزیشکەکان وتوویانە تووشی مەرگی مێشکی بووە، مێشکی لەکار کەوتووە بەڵام جەستەی هێشتا لە ژیاندایە و لە ژێر ئامێری پزیشکیدا زیندوویان ڕاگرتووە."

بە پەرێشانی و گریانەوە تەلەفۆنی لەگەڵ پزیشکەکەی قسەم کرد، زۆر بە ساردی و تەنانەت ناجوامێرانەوە وتی: "لە ژیاندا نەماوە! لە ئامێری بیکەینەوە نامێنێ، خۆ هەر ئێستاش مردووە بەڵام ئێوە ناتانەوێ قبووڵی بکەن" بەر چاوم لێڵ و تاریک بوو و زمانم وشک بوو، نەمدەتوانی بە ئاسانی قسە بکەم. ئەو ڕۆژە لای هاوڕێیەکم بووم و لە بیرم نییە چۆن گەیشتمەوە ماڵ. ماوەیەکی زۆر هەر وا بێ جووڵە لەسەر کاناپەکەم دانیشتم و سەیری حەوشەی پەنای ماڵەکەم کرد کە شوێنی یاریکردنی منداڵانی باخچەیەکی بچووکی ساوایانە. هەموو منداڵیم هاتەوە بیرم، دایکم و نیگەرانییەکانی، هەموو زەحمەت و دڵسۆزییەکانی هاتەوە بەر چاوم. ژیانی سەختی ڕۆژانی جەنگ و نائارامی، لانەوازی و هەموو ڕووداوە ناخۆشەکانی دیکە هیچیان نەیانتوانی سەبووری لە ڕوخساری بسڕنەوە و

---

١. لە باشووری کوردستان پێی دەڵێن جەڵتە.

بـزەی هەمیشـەیی لـە لێوەکانـی بتۆرێنـن.

مـن تـازە خەریـک بـووم هەمـوو ئـەو شـتانەم دەبینـی کـە پەیوەنـدی بـە دایکمـەوە هەبوو و پتر لـە هـەر کاتێکـی تـری ژیانـم، حەسرەتێکـی قورسـی لـە سـەر دڵـم دانـا و بـاوەڕم نەدەکـرد کـە لـە ژیانـدا نەمـاوە ... هەتـا ئـەو سـاتە بیـرم لـەوە نەکردبـووەوە کە ڕۆژێـک دایکیشـم بەجێم دێڵـێ و ئێسـتا شـانم بەرگـەی قورسـایی ئـەم ئێشـەی نەدەگـرت. بابـم و پـووری گـەورەم واتـە پـوورە خەجیـج و ڕەسـووڵی بـرام و ئەوانـی دیکەش لەوبەر هێڵـی تەلەفۆنەکەوە دەگریان. قسـە لـە سـەر ئـەوە بـوو کـە چـی بکەیـن و چـۆن بکەیـن؟ ئایـا دایکـم لـە ژێـر ئامێـرە پزیشـکییەکان بێنینـە دەرەوە یـان نـا؟ بـۆ کفـن و نـاشتن و پرسـە و سەرەخۆشـی بچمـەوە بـۆ ئێران یـان نا؟ بە دڵ دەمویسـت بگەڕێمـەوە. تەنیـا دوو مانـگ بـوو کـە دایکمـم بـە مانـای ڕاسـتەقینە بینیبـوو و سـەدان یادەوەریـی لـە ماڵەکەی مندا بهجێ هێشـتبوو. هەنـدێ جار شـێتانە دەمگوت خۆزگە نەهاتبایـە ...

ئـەوە یەکەمجـار بـوو کـە دوای ڕۆیشـتنم بـۆ هەندەران ویسـتم بگەڕێمـەوە و هـەزاران فکر و خەیـاڵ و سـیناریۆ بـە مێشـکمدا دەهـات، دەترسـام و دەمزانـی کـە لەوانەیە گەڕانەوەم تووشـی گێچەڵـم بکات. سـاڵانێک بوو کە ئێرانم بەجێهێشـتبوو و لە بەریتانیـا کۆمەڵـێ چالاکیم ئەنجام دابـوو کـە ئەگەرچـی دژی حکومەتـی ئێـران نەبوون، بـەڵام دەیتوانی تووشـی دەردیسـەرم بکا، کەچـی نەمدەتوانـی بـەم شـێوەیەش مردنـی دایکـم قبـووڵ بکـەم. نەچوومـە پرسـەی نەنکـم و نەدەکـرا کـە لـە پرسـە و سەرەخۆشـیی دایکمـدا بەشـداری نەکـەم. بەپێچەوانـەی پێشـنیار و ئامۆژگارییـەکان، بڕیـارم دا بگەڕێمـەوە. هاوڕێکانـم دەیانگوت تۆ کارێکی مەترسـیدار دەکەی، بـەڵام نەیاندەزانـی ئەمـە کامیلـە، ئـەو کامیلـەی کە لە مەترسـییەکان سـڵ ناکاتـەوە ....

ڕۆیـشتن بـۆ ئێـران بـۆ مـن دژوار بوو، هەسـتێکی ناخۆشـم هەبـوو و کاتێکیش بـۆ وەرگرتنی پاسـپۆرت چوومـە کونسـوولخانەی ئێران لە ناوەڕاسـتی لەندەن، خۆمـم وەک خیانەتکارێ هاتە بـەر چـاو. هەمیشـە دژی کۆمـاری ئیسلامـی بـووم و هەمـوو هۆکارەکانـی ئـەم دژایەتیکردنە، چ لـە ڕووی فیکـری و چ لـە ڕووی ئایدۆلۆژییـەوە، دەهاتـەوە بیـرم. هەمـوو ئەمانـە لـە لایـەک ... نیگەرانییـە گەورەکـەم ئـەوە بـوو کـە نـەکا گەڕانەوەم گیـر و گرفت بـۆ بنەماڵەکەم سـاز بکا، یان بـە خائیـن لـە قەڵەمـم بـدەن و هتـد. ئەو وەختـە کـە گەڕانەوە بـۆ ئێران زۆر بـاو نەبـوو؛ یەکێک لـەو کوردانـەی کـە لـە لەنـدەن دەژیـا، سـەفەری بـۆ ئێـران کـرد و کاتـێ گەڕایـەوە بـۆ لەندەن، هەمـوو گوتیـان ئەمـە لـە خۆیانـە، ئەگـەر لـە خۆیـان نەبـا دەیانگـرت و فڵان و فیسـار! هەمـان چیرۆکـی هەمیشـەیی کۆچبـەر بـە گـژ کۆچبـەردا دان و ژینگەی داخـراو و دەنگـۆ و ناوزڕاندن. منیـش ئـەم چارەنووسـەم تـووش هـات، هەرچەنـد سـەروبەندی سـەرۆککۆماریی خاتەمـی بـوو و زۆر کـەس دەگەڕایـەوە بـۆ ئێـران. بـەڵام لـە نـاو کوردانـی ڕۆژهەڵاتـدا وا چەسـپابوو کـە ئەگەر بچیتـەوە بـۆ ئێـران و بهێڵـن بێیتـەوە، بێگومان دەسـتت لەگـەڵ حکوومەت تێکەڵـە. زۆر کەس

بەتایبەت کۆنەحیزبییەکان وەکوو قۆناغی سەرەتای ئینقلاب و ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی (١٩٧٩ ز) بیریان دەکردەوە.

کاتێک کارمەندانی کونسوولخانە منیان بەو حاڵەوە بینی، هاوکارییان کردم و بە ڕۆژێ مۆڵەتی گەشتکردنیان پێدام. بنەماڵەکەم بە نیگەرانییەوە هەتا کاتی گەڕانەوەم دایکمیان لە ژێر ئامێرەکاندا بە زیندوویی ڕاگرتبوو. بەردەوام بیرم لەوە دەکردەوە کە ئایا جەستەی دایکم ببینم یان نا، لە لایەک بەخۆمم دەگوت: باشە تۆ چ کوڕێکی کە ناتهەوێ دایکت ببینیت؟ و لە لایەکی دیکەشەوە دەترسام تەرمی دایکم ببینم. ئازارەکەی ئەوە بوو کە تازە چاوم بە دایکم کەوتبوو و باوەڕم بە مەرگی نەدەکرد. لە هەمان کاتدا هیوای ئەوەم دەخواست کە بە شێوەیەکی موعجیزەئاسا بێتەوە هۆش و بە تەواوی زیندوو ببێتەوە. سەرەنجام پاسپۆرتەکەم وەرگرت و چوومە ئەستەنبوڵ. ئەو شەوە سەختەم بە یارمەتیی هاوڕێیەکی دیاربەکری کە ئێستا هەواڵنێرە بەسەر برد و بڕیاری خۆمم دا. بە گریانەوە تەلەفۆنم بۆ بابم کرد و گوتم سبەی دێمەوە، بەڵام ئێوە دایکم بنێژن. بابیشم کە نیازی وا بوو هەر ئەم کارە بکا بە گریانەوە وتی: "کامیل گیان! دایکت ئەوە عەزاب دەکێشێ، چ فەرقێ دەکا لە ناشتنەکەیدا ببی یان نەبی؟" لە ناو هۆدەی تەلەفوونەکەدا گریام و وتم بینێژن. یەکێک لە قورسترین بڕیار و شەوەکانی ژیانم بوو. ڕۆژی دواتر دایکم بەبێ ئامادەبوونی من بە خاک سپێردرا و لاپەڕەیەکی دڵتەزێنی دیکە بە دەفتەری ژیانم زیاد کرد: بیست و یەکەمی مانگی خاکەلێوەی ١٣٨٣ی هەتاوی (٩ی ئەپریلی ٢٠٠٤).

● وێنەی ٢٣٢- لە لای ڕاستەوە: پوورە خەجیج، پوورە مریەم و پوورە زێنەب کە پاش مەرگی دایکم لە سەر جێگا کەوتووە، مەهاباد، ١٣٨٣ (٢٠٠٤)

پاسداری ڕیشن و گریانەکانی بابم

قبووڵم کرد کە ئیدی ناتوانم دایکم ببینم، بەڵام هێشتاش زۆر دەترسام. بەردەوام دەمهێنایە پێش چاوم کە لەگەڵ گەڕانەوەمدا، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەگیرێم و زیندانی دەبم و ئەشکەنجە دەدرێم. چالاکییەکانم لە لەندەن بەسترابوونەوە بە یادەوەریی ئەو ئەشکەنجانەی کە لە تەمەنی تازەلاویدا بەسەرم هاتبوون و ... هەموویان دەهاتنەوە

بەرچاوم. ئەم ترس و دڵەڕاوکێیە ئەوەندە گەورە بوو کە تەنانەت مردنی دایکیشمی دەخستە پەراوێزەوە. هەر لە ئەستەنبووڵەوە هەتا فڕۆکەخانەی میهراباد لە تاران دڵەڕاوکێم هەبوو. پیاوێکی بەساڵاچووی ئێرانی لە تەنیشتم دانیشتبوو کە هەوڵی دەدا هێورم بکاتەوە، بەڵام کە فڕۆکەکە نیشتەوە، خێرا بە ماڵاواییەکی سارد بەجێی هێشتم! دڵم لە ناو مشتمدا بوو و دڵەڕاوکێ خەریکبوو شێتم بکات. لە سەرەدا ڕاوەستام، پاسپۆرتی مسافرەکانی پێشەوەیان خێرا مۆر کرد، بەڵام کە نۆرەی من هات، ڕایانگرتم ... ئەوەندەی دیکە زراوم چوو. سەرەتا سرت و خورتێکیان کرد، چەند پەیوەندییەکی تەلەفۆنی، پاشان لێکۆڵینەوە.

پیاوێکی ڕیشن بە جلێکی تەواو ڕەش و یەخەی بەستراوەوە منی بردە ژوورێکی نیوە تاریک و پرسیارەکان دەستیان پێکرد؛ لە کوێ بوویت؟ چۆن ڕۆشتی؟ بۆ هاتیتەوە؟ و هتد. چەند فۆرمم پڕ کردەوە، ئەم چەند ساڵە من لەسەر کۆمپیوتەر شتم نووسیبوو، بەڵام ئێستا لەسەر کاغەزی سپی و بە قەڵەمی بیک کە خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەموو دەیناسن ... دەبا بە فارسی بمنووسیبایە. وا دیار بوو دوای ئەو هەموو ساڵە زۆر شت نەگۆڕابوو و هێشتا سیستەمی ئیداریی ئێران کۆن بوو. پاسپۆرتەکەمیان برد و گوتیان: "ئەوە تاسووعا و عاشوورایە و ئێرە داخراوە. بچۆ بۆ سەرەخۆشیی دایکت و دوای هەفتەیەک سەردانی ئەم ناونیشانە بکە" بە قسە و داخوازی بابم، نابەدڵانە شەو لە کەرەج لە ماڵی یەکێک لە خزمان کە لە گەڵ خزمانی دیکە تووشی شەڕ و ناکۆکی هاتبوو، بە ناچاری مامەوە و بۆ ڕۆژی دواتر بە فڕۆکە بەرەو ورمێ ڕۆیشتم و لەوێشەوە گەڕامەوە بۆ ماڵ. لە فڕۆکەخانەی ورمێ ژمارەیەک زۆر ئۆتۆمبیلی خزمان و ئاشنایان هاتنە پێشوازم و ژمارەیەکی زۆرتر لە سێڕێیانی ورمێ بۆ نەغەدە چاوەڕێمیان دەکرد و هەموو ئەو لەباوەشگرتن و ماچ و گریان و ڕوانین و خەملاندنانەم لە بیرە. لە ئوتووبانی ورمێ بۆ نەغەدە کە بەودواییە لاینێکی لێ کرابۆوە، دروستکردنی پرد و بیناسازییەکانی دەوروبەری سەرنجی ڕاکێشابووم، ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەندە بە خێرایی گۆڕابوو، بەڵام بۆچی فۆرمی لێپرسینەوە و قەڵەمی بیک و تەنانەت فۆرمی کاغەزی ئیداریش نەگۆڕابوو؟ ڕەنگە هەموو ئەمانە نیشانەی ئەو دواکەوتوویی فەرهەنگییە بێت کە پیشانی دەداین بیرۆکراسیی ئیداریی گۆڕانێکی ئەوتۆی بە سەردا نەهاتووە و زۆر شتی تر ... لە نزیک پیرانشار ماشینێکی تر هاتە ڕیزی کاروانی ئۆتۆمبێلەکان، کە خوشک و پوورەکانم بوون و هەتا گەیشتمە بەر درگای ماڵی خۆمان لە ئامێزی ئەم خوشک و ئەو پوور بووم و شیعر و شینگێڕی پوورە مریەم و و پوورە زێنەب بەردەوام بوو و دەستە بچووکەکانی کانی خوشکم و کامیاری برام لە ناو دەستمدا بوو.

کاتێک گەیشتینە ماڵەوە، خەڵکەکە بە شێوەیەکی نەریتی هاتنە پێشوازم و لە سەر و ڕوومەتی• خۆیان دەدا. هەمووان دەیانویست لە باوەشم بگرن و هاوسۆزی بکەن. وەک شتێ گرنگ بوو پێش ئەوانی تر ئەم کارە بکەن. گەڕانەوەم زۆر سەیر بوو و وەک

قارەمانێک مامەڵەم لەگەڵ دەکرا. کەسانێکیش هەبوون کە جگە لە ئەرکی هاتن بۆ سەرەخۆشی دایکم، هاتبوون تاکوو منیش ببینن. بەپێی داب و نەریتی باو، هەر کەسێک کە دەستومشتاغی لەگەڵم دەکرد، سێ جار ماچی دەکردم، ئەوەندە ماچ کرابووم کە هەتا چەند ڕۆژ دەموچاوم دەکزاوە. جەماوەرەکە پاڵیان پێوە دەنام کە بچمە ناو ماڵ. کوڕی گەورە بووم و دەبا بە ڕووخسارێکی پڕهەیمەنە و بەهێزەوە بەخێرهاتنی هەمووانم بکردایە. چەند سەیر بوو!

لەناکاو هەموو پێوەرە فەرهەنگی و نەریتییەکان گەڕانەوە سەر شوێنی خۆیان و بوون بە هێزی بزوێنەر، نەریتەکان زۆر بەهێزن ... لەم پرسە و سەرەخۆشییە و دوو سەرەخۆشیی دیکەشدا، کە ساڵانی دواتردا ڕوویان دا، من بەم شێوە ڕەفتارم کرد و شێوازێکی زۆر کاریگەر بوو. ئەودەم سەرەخۆشیی ژنان لە ماڵەوە بوو و سەرەخۆشیی پیاوان لە مزگەوتی قودس لە نزیک ماڵی خۆمان. زۆربەی ژنانی خزم باوەشیان پێدا کردم و ماچیان دەکردم و دەگریان، وەک شتێ من مەحرەمی هەموویان بووم و حەڵاڵ و حەرام هیچ لە گۆڕێدا نەبوو یان کەس گرنگیی پێ نەدەدا. چەند شەو نەخەوتبووم و زۆر هیلاک و ماندوو بووم، نازانم چەندە لەوێ بووم و کەی کوڕانی خزم و کەس منیان برد بۆ مزگەوت. کە چوومە مزگەوت پێم وابوو بابم زیاتر لە هەموو کەسێ بە بوونی من هەست بە شانازی و ئاسوودەیی دەکات. هەموو لەبەرم هەستان و پیاوانی تایفە بەرەو لام هاتن. من لە دنیایەکی نادیارەوە دەگەڕامەوە و پێم وابوو خزم و کەس و بە گشتی خەڵکەکە گەڕانەوەی منیان بە کارێکی گرنگ و شیاو دەبینی و بە ئاشکرا و نهێنی دەیانگوت: "بەوەی دەڵێن کوڕ، لە ئەوروپایرا هاتووەوتەوە بۆ سەرەخۆشیی دایکی. کوڕی فڵان کەس ئەوە چەند ساڵە تەنانەت لە دایک و بابی ناپرسێ و تەلەفۆنیشیان بۆ ناکات!".

● وێنەی ٢٣٣- لە ناو خوشک و ژنانی خزم لەگەڵە گەیشتنم بۆ ماڵەوە، پیرانشار، ١٣٨٣ی هەتاوی (٢٠٠٤)

دوای مردنی دایکم زۆر شت گۆڕا، بەزەییم بە هەموومانـدا دەهاتەوە، بەڵام زیاتر دڵم بۆ بابم دەسووتا. پیاوێک بەو هەموو هەیمەنە و دەسەڵاتەوە دەگریا و چاوی ببوو بە گۆمی خوێن. زۆر سەیر بوو. پیاوانی خزم و کەس پێیان دەگوت بەسە کەریم بۆ ئەوەندە دەگریت؟ بەڵام ژنەکان زیاتر لە حاڵیان دەزانی و دڵنەواییان دەدایەوە. بەدەر لە بابەتەکانی پەیوەست بە مردنی دایکم کە زۆر سەیر بوون و لایەنی فێرکاریشی هەبوو، هەستم دەکرد خزم و ئاشنا

و ناسیاوەکانم زۆر گۆڕابوون. هەندێکیان دەوڵەمەند ببوون و ڕەفتاریان گۆڕابوو، هەندێک لە ناسیاوەکان خۆیان دەگرت و بە جۆرێک دەیانویست بە من بڵێن پێت وا نەبێ شاخی فیلت شکاندووە، وا مەزانە چون لە ئەورووپا ژیاوی لە ئێمە سەرتری! سەیری جلە سادەکانمیان دەکرد و پێمدا دەیانڕوانی و ڕەفتاری هاوشێوەی دیکە....

ڕووژی دووەمی سەرەخۆشی لە سەر داوای خۆم کەواوپانتۆڵیان بۆ هێنام و مینش لەبەرم کرد. ئیتر کەمتر سەرەوژێر لێیان دەڕوانیم. ڕەفتارەکانیانم پێ ئاسایی نەبوو، منی دڵشکاو و دڵبەخوێن بە جلوبەرگێکی سادە و ساکارەوە گەڕابوومەوە و ئەوانیش ئاوا لێیان دەڕوانیم. ئەوان نەیاندەزانی کە شێوازی ژیان لە ئەورووپا جیاوازە و مرۆڤەکان جلوبەرگی سادە لەبەر دەکەن. هەرچی ماڵەوە پێیان دەوتم دەستێک بە سەر و قژتدا بێنە؛ گوێم نەدەدا، بەڵام دەمبینی کە هەموو شتێک بووە بە چاولێکەری، ئەو مۆدێرنیتەی کە لە ئەورووپا بینیبووم، لە ئێراندا بە شێوەیەکی جیاواز بیچمی گرتبوو و کێبڕکێیەکی قورستر و پڕپەراوێزتری دروست کردبوو. بینیم کە مۆدێرنیزاسیۆن لە ئێراندا لە چاو ڕۆژاوا مانایەکی جیاوازی هەیە. ئەو شوێنەی کە من لێی دەژیام، مۆدرنیتە لە ڕەسەنایەتیی ڕەفتاری مەدەنیدا خۆی نیشان دەدا، بەڵام لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە ڕواڵەت و جلوبەرگی خەڵکدا خۆی دەنواند. هەستم دەکرد بابم حەپەساوە. ئەو چەند ساڵە، خەڵک یان باشتر بڵێم چینی گەنج دەوڵەمەندتر ببوون و مامەڵەی سەر سنووریان دەکرد، کەچی ئەو هێشتا هەر دووکاندار بوو. هەرچەندە لە سەردەمی خۆیدا پیاوێکی زۆر سەرکەوتوو بوو، بەڵام کاروباری هەر لە شوێنی خۆیدا چەقی بەستبوو و بە بێ هیچ داهێنانێک هەمان کاری چەند دەیەی ڕابردووی درێژە پێ دەدا. ئەوانەی کە پێشتر لە چاو دۆخی بابم دەوڵەمەندێکی وا نەبوون، ئێستا قەرەبوویان کردبۆوە و خۆیان دەنواند. چوومە لای زۆرێک لە هاوڕێ دێرینەکانم، زۆریانم لە سەرەخۆشیی دایکمدا بینی بەڵام دواتر زۆریان خوڵکیان کردم و بەردەوام لە ماڵی خزم و هاوڕێکانم بووم؛ ئەمە بۆ من و بابم و لەوەش زیاتر بۆ کامیار و کانی باش بوو. کامیار قوتابیی قۆناغی دەبیرستان (ئامادەیی) و کانی قوتابیی قۆناغی ڕاهنەمایی (ناوەندی) بوو. لەدەستدانی کتوپڕی دایکیان لەو تەمەنەدا زۆر بۆیان سەخت و قورس بوو.

پوویای برازاشم بە ئەندامانی بنەماڵەکەم زیاد ببوو، پێم وایە تەمەنی چوار_ پێنج ساڵان بوو، دەچووە باخچەی ساوایان و تەمەڵیی چاوی هەبوو کە بە هۆیەوە چاوێکیان دەبەست، بە گاڵتە و جەفەنگ پێم دەگوت چەتەی دەریایی و ئەو چیرۆکانەم بۆ دەگێڕایەوە کە چەتە دەریاییەکان ڕۆڵێکی زەقیان تێدا هەبوو، بۆ ئەوەی بوونی چاوبەستەکەی بە لاوە ئاساییتر بێت. کامیار و کانی گەورەتر ببوون، بەڵام ئەم سێ کەسە بە لامەوە نوێ بوون و پێشتر شانسی ئەوەم نەبوو کە لەگەڵیان بم. دوای مەرگی دایکم کانی هەر دەگریا، کچی چکۆلەی ماڵەوە بوو و ڕاهاتن لەگەڵ ئەم دۆخەدا بۆی زۆر دژوار بوو، پوویا کە ئاوەزی بە

هیچ نەدەشکا و کامیاریش وای پیشان دەدا کە زۆر دەروەست نییە، بەڵام ئاگام لێ بوو کە هەرچەند بە سەر خۆی نەدەهێنا بەڵام لە ناخەوە ڕووخابوو.

هەموومان هەوڵمان دا بابم کۆنترۆڵ بکەین، هەر دەگریا و دەیویست لە لای بم. خوشکەکانم دەیانگوت: "کامیل هەر دەچییە دەرێ بابم بێتاقەتتر دەبێ". جگە لە بابم لەگەڵ تەبیبەی خوشکم نێوانم خوشتر بوو، مەحبووبە بە مەرگی دایکم زەبری ڕۆحی زیاتری پێگەیشتبوو. بابم چاوەڕێی ئەوە بوو کە مەحبووبە وەک کچی گەورە، ماڵەکە بەڕێوە ببا، بەڵام مەحبووبە بە گشتی کەسێک نییە کە حەزی لەم جۆرە بەرپرسیارێتییە بێ و ئەم بەرپرسایەتییەی پێ سەخت بوو. دەمبینی چەندە دەحەپەسێ، بەڵام هەندێ لە ئیش و کارەکانی لەبەر دڵخۆشکردنی بابم دەکرد. تەبیبە هێشتا تەڵاقی نەسەندبوو و نێوانی لەگەڵ مێردەکەی خراپ بوو و کورد وتەنی دنیا چەرخ و خولی زۆرە. دوو مانگ لە ئێران مامەوە، گیرم خواردبوو و فەرمانگەی پاسپۆرت، پاسپۆرتەکەمی نەدەگەڕاندەوە. لەو دوو مانگەدا ئاوڕم لە ژیانی نوێی ئێران دایەوە، گۆڕانکارییەکی هەمەلایەنەم دەبینی. ئاستی خۆشگوزەرانیی خەڵک زۆر گۆڕابوو و ژێرخانە شارییەکان تا ڕادەیەک مۆدێرن ببوونەوە. من لە سەردەمی دەوڵەتی سازەندەگیی ڕەفسەنجانییەوە ئێرانم بەجێهێشتبوو و لە سەردەمی خاتەمیدا دەمبینی کە ئێران لە بوارە مەدەنی و سیاسییەکاندا پێش کەوتووە و تەنانەت ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر ببوون. لە زانکۆدا هەندێ دیمەنم دەبینی کە کچان و کوڕان پەیوەندییەکی نزیکیان پێکەوە هەبوو یان دەست لە ناو دەست لە پارکەکاندا دەخولانەوە و بە ئاشکرا و بە نهێنی پێکەوە دەستبازییان دەکرد. بە پێی بەڵگە و لێکۆڵینەوە بەردەستەکان، سەردەمی سەرۆک کۆماریی خاتەمی یەکێک لە ئارامترین قۆناغەکانی ژیانی دوای ئینقلابی ئیسلامی بوو و بۆ کەسێکی وەکوو من کە سەردەمی کۆمیتە و زەبروزەنگ و سەرکوتی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسیم بینیبوو، ئەم گۆڕانکاریی سیستەمی بەهایانە، زۆر ئاشکرا بوو و دوای گەڕانەوەم بۆ ئێران بە شێوەیەکی بەرفراوان، بە چاوی خۆم بینیم و هەستم پێکرد.

لەناو چوارچێوەی خانەوادەشدا، حورمەت و ڕێزگرتن و پابەندبوون بە بەها ئەخلاقییە نەریتییەکان کاڵتر ببووەوە و وەک دەڵێن مۆدێرن ببوو. لە هەموو ماڵاندا بەبێ ترس لە دەرەنجامەکان سەتەلایتیان دانابوو و لە ژووری نووستنی منداڵانیش پۆستەرگەلێک کە هەڵگری نیشانەکانی ژیانی ڕۆژاوایی بوون، دەبینرا. لە یەکەمین شتانێک کە لە زۆربەی ماڵەکاندا سەرنجی منی ڕاکێشا، پۆستەری فیلمی تایتانیک بوو کە ئەودەم زۆر ناوبانگی دەرکردبوو. زۆرێک لە کەلوپەلەکانی ناو ماڵان مۆدێرن ببوون، تەنانەت جلوبەرگی کوردیش گۆڕابوو و دەستکارییان کردبوو. دەتوانم بڵێم هەموو پارچە و بەشەکانی تەنکتر و کورتتر و تەسکتر ببوو. ژیان شارستانیتر و دابونەریت و هەڵسوکەوتەکان مۆدێرن و تەنانەت جوانتر

ببوو. بەهەمان شێوە قسەکردن و ڕەفتاریش بەئەدەبتر ببوو و هەموو ئەم گۆڕانکاریانە شتانێک بوون کە من نەمدەزانی چەندی بە قووڵی ڕووی داوە و چەندی ڕووکەشییە. پوورەکانم هەمیشە لە ماڵی ئێمە بوون، بۆ ئەوەی لە هەموو لایەکەوە پشتگیری بابم بکەن. بە پێی ڕەسم و یاسا نەریتییەکان، هەر لە سەرەتاوە کەوتنە مشوورخواردن بۆ ئەوەی ژن بۆ بابم بێنن و ئەمەش شتێکی چاوەڕواننەکراو نەبوو. پوورەکانم دەیانگوت: "کەریم ئێمە دەزانین دڵت خوێنە، بەڵام دەبێ ژن بێنی" بابم هەر ئەوەندە کەسێک ئەم قسەیەی بکردایەت، دەیگوت: "ئەنگۆ چۆن دەتوانن شتی وا بڵێن! ئەدی چۆن دەتوانم چاو لە ژنی دی بکەم!". هەموو بەتایبەت ژنەکان بە زەردەخەنەیەکی تاڵەوە پێیان دەگوت زۆر کەس ئەمە دەڵێن بەڵام دواجار هەر ژن دێنن.

دوو ڕۆژ پێش ئەوەی ئێران بەجێبهێڵم، بابم تەواو خەمۆک ببوو و دەیگوت باشە کامیل بۆچی دەڕوات؟ وەک شتێ دەترسا من بڕۆم و جارێکی تر ساڵەهای ساڵ نەمبینێتەوە. خەڵک خەریکی وەرگرتنی کارتی نیشتمانی بوون، بابیشم زۆر دڵخۆش بوو کە منیش کارتی نیشتمانیم وەرگرتبوو، کەیفی ساز ببوو و زوو زوو دەیگوت: "ئیتر بووی بە ئێرانی و دەتوانی هاتوچۆ بکەی" پێکەنینم هات، من بە پاسپۆرتەکەمەوە هاتوچۆم دەکرد نەک بە کارتی نیشتمانیم، بەڵام وا دیار بوو ئەم کارتی نیشتمانییە بابمی دڵخۆش کردبوو. پاشان دەیگوت کوڕی فلان کەس هێشتا نەگەڕاوەتەوە، لێرە خانوو و پارچە زەوی کڕیوە و لە کۆتا ڕۆژەکانی مانەوەم لە ئێران، دەیگوت: "پاشکەوتت لە ئینگلیسێ هەو نییە، بەڵان لێرە دەتوانی هەر بەو پووڵەی ماڵ بکڕی و زۆر کاری دی بکەی، بۆچی سەرمایەگوزاری ناکەی؟" خەیاڵی وا بوو بەم قسانە لە ئێران بمێنمەوە و سەرمایەگوزارییەکیش بە قازانجی هەموو بنەماڵە ئەنجام بدات. لەوەی بێ ئاگا بووم کە بابم دوو ڕۆژ بەر لە گەڕانەوەم بۆ لەندەن، ماڵێکی کۆنی لە نزیک دووکانەکەی خۆی بۆ کڕیبووم و منی بردە پێی مامەڵەی؛ خانوویەکی دوو نهۆمی، کە بەشێکی پێشتر حەمامی کۆنی شار بووە و ژێرەکەشی سێ دووکانی هەبوو.

لە کڕین و فرۆشتنی خانووبەرەدا شارەزایی ئابووریم نەبوو، نەمدەزانی بۆچی ئەم کارە بکەم و بە خۆمم دەکوت ئەم خانووە چ سوودێکی بۆ من دەبێ، بەڵام هەر چییەک بێ بۆ دڵخۆشکردنی بابم کەوتبوومە ژێر قەرزەوە و لە لەندەن لە بانک قەرزم وەرگرت و لە گەڕانەوەمدا، چەند هێندە زیاتر کارم کرد بۆ ئەوەی قەرز و قۆڵەکانم بدەمەوە. گوایا ئەو کاتە ئەوانەی کۆچیان دەکرد بۆ دەرەوەی وڵات پارەیان بۆ دایک و بابیان دەنارد بۆ ئەوەی لە ئێران موڵک و زەوی بکڕن، چونکە زەوی و موڵک هەمیشە لە ئێراندا بەنرخ بووە و بۆ گەنجانیش سەرمایەگوزارییەکی گرنگ ئەژمار دەکرێت.

دیسان لێپێچینەوە

هەفتەیەک دوای پرسەی دایکم، بەو نامەیەی وا پێیان دابووم، گەڕامەوە بۆ تاران. ئەو ڕۆژە لە فڕۆکەخانەدا، مەئموری حیفازەتی ئیتلاعاتی هێزی ئینتیزامیی پاسپۆرتەکەمی مۆرومۆم کردبوو و منیش کەوتبوومە شوێنی وەرگرتنەوەی. بابم هەموو جارێ کەسێکی لەگەڵم دەنارد بۆ ئەوەی تەنیا نەبم، نیگەرانی ئەوە بوو کە بمخەنە زیندان. دەمزانی کە لە فەرمانگەی پاسپۆرت بڕیار نییە وەڵامی دەزگایەکی ئەمنی بدەمەوە، بەڵام شوێنەکە هەستێکی ناخۆشی پێدەبەخشیم. ئەفسەرەکان، جلوبەرگ و دەرەجەکانیان و وێنەی خومەینی و خامنەیی لەسەر دیواری ژوورەکان هێشتا بۆ من ترسناک بوون و یادەوەریی گرتن و زیندانیان وەبیرم دەهێناوە. ناردمیان بۆ نهۆمی دووی ئیدارەی پاسپۆرت و بینیم کەسانێکی تریش هەن کە گەڕاونەتەوە و ئەوانیش کێشەی منیان هەیە. هەندێکیان ماوەی شەش مانگ هەتا دوو ساڵ لە گێرەوکێشەدا بوون و هیچ ئەنجامێکیان دەست نەکەوتبوو. بە گوتەی کەسانی دیکە دۆخێکی تۆقێنەر بوو؛ دەبا داواکاریت پێشکەش بکردابا، دۆسییەکەت دەچووە حیفازەتی ئیتلاعات و لەوێشەوە دەچووە ناوەندە پەیوەندیدارەکانی دیکە، ئیستعلامەکان دەگەڕاندەوە و ئینجا پرسیاریان لێ دەکردی و تۆش دەبا وەڵامیانت بدابایەوە کە بۆچی لە ئێران ڕۆشتوویت و نەگەڕاویتەوە. لە کوێوە بە قاچاغ ڕۆشتووی و ئەم چەند ساڵە لە کوێ بوویت؟ بۆ ئەوەی بزانن کە ئایا پێشینەی تاوان یان گەندەڵیت هەیە یان ناوت لە لیستی تاوانبارانی پۆلیسی نێودەوڵەتیدا تۆمار کراوە و هتد.

دوای ئەو هەموو کارە، ناوەندی سەرۆک کۆماری، کە نووسینگەکەی لە نهۆمی خوارەوە بوو، ڕەزامەندی لەسەر دەرچوونت لە وڵات دەدا، دیسان دۆسییەکەت دەگەڕایەوە بۆ نهۆمی سەرەوە و دوای ئەوەی سەرۆکی فەرمانگەی پاسپۆرت قبووڵی دەکرد، دەبا لەو سنوورەی کە دواجار لێی ڕۆیشتبووی، مۆری دەرچوونت لێ بدابایە. ئەنجامدانی ئەم قۆناغانە بۆ من سەرێشەیەکی گەورە بوو. من زۆر ترسابووم و خوداخودام دەکرد هەرچی زووتر بگەڕێمەوە و بۆ نەگبەتیش سەروبەندی تاقیکردنەوەکانی زانکۆ بوو، بەڵام ئەم قۆناغانە دەبا یەک لە دوای یەک تێپەڕ ببایە و ڕێی ڕاکردنم نەبوو. هەموو بەیانیانێک دەڕۆیشتم بۆ تکا و پاڕانەوە، کەسێکی واسیتەم، ئەوەی لە ئێران پێی دەڵێن "پارتی"، دەدۆزییەوە و هەموو ڕێگاکانم تاقی دەکردەوە، بەڵام هیچ کاریگەرییەکی نەبوو. دەیانگوت حەوتەیەکی تر وەرەوە. جارێکی تر سواری پاس دەبوومەوە و دوای حەوتەیەک دەگەڕامەوە. ئیتر با باسی ئەوە نەکەم هەر جارێک یەکێک لە خزمانیان لەگەڵم دەنارد و ئەویش پەکی کار و ژیانی دەکەوت و تێچوویەکی زۆری هۆتێل و خواردنیش لە جێی خۆی ...

لە کۆتاییدا گەیشتمە ئەو جێگایەی کە لێپرسینەوەم لەگەڵدا کرا. هەرچی پرسیاریان

کرد ڕاستەکەیم وت، یەک وشەشم سانسۆر نەکرد. ئەفسەری فەرمانگەی پاسپۆرت، کە خەڵکی باکووری ئێران بوو و بە پیاوێکی باش دەچوو، ئەم وڵامدانەوە بێسانسۆرەی منی پێ سەیر بوو و لە کۆتا ڕۆژدا وتی: " ئەحمەدی بۆچی ڕاستگۆیانە هەموو شتێکم پێ دەڵێی؟ لێرە دوو قسە دەکەن و ژێرەکەی ئیمزایەک لێ دەدەن. کێشەی ئێمە لەگەڵ ئەوانەی کە لە هەندەرانەوە دێنەوە هەر ئەوەیە! زۆر شەفاف و ڕاستگۆن ... پێویست ناکا هەموو شتێک بڵێی، ئێرە ئێرانە و دۆسیەت بۆ دروست دەکەن!" وتم: " ئێستا تۆ مەردی خودا بە و پێم بڵێ چی بکەم؟ من لێرە گیرم خواردووە، لەبەر ئەم پرسە و دابەشکردنی میراتە ... ناچار بووم بێمەوە، من خوێندکاری زانکۆم و لە جەنگەی تاقیکردنەوەکاندا هاتوومەتەوە، دەبێ بگەڕێمەوە"، وتی: "زۆرت نەماوە، دەبێ ئەم قۆناغانە ببڕی و هەموو شتێک لێرەدا دەستییە، وەکوو دەرەوەی وڵات نییە! هەموو کاغەزەکان دەبێ واژۆ بکرێن و ئەوانەی کە دەبێ واژۆ بکەن یەکیان لێرەیە و ئەوی دیکەشیان سبەی دێ، وەلی هەتا دەتوانی کەم بنووسە، یەک دوو شوێنی تریش دەبێ بچی، هەر چییەکیان پرسی تو بە کورتی وڵام بدەرەوە".

زۆر بە ڕوونی پێی وتم کە بە سانسۆر و نکۆڵیکردن کاروبارەکەت جێبەجێ دەبێ و ڕاستگۆیی کێشەت بۆ دەنێتەوە. قسەکەشی ناحیسابی نەبوو، لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی ناکارامەدا کە نکۆڵی باڵی بە سەر هەموو لایەن و جومگە ڕووکەش و قووڵەکاندا کێشاوە و تێکەڵ بە سانسۆر کراوە، کاتێک ڕاستگۆ بی، وەکوو کەسێکی کە بە پێچەوانەی ئاراستەی ئاو مەلێ دەکا و ئەوە تۆی کە بە هیچ کوێ ناگەیت. ئەمە پێچەوانەی ئەو شتە بوو کە لە کۆمەڵگای ئەورووپا و بەریتانیادا بینیبووم؛ لەوێ ڕاستگۆیی سەرمایەیەکی گرینگی کۆمەڵایەتی بوو کە ئەگەر پشتگوێی بخەی لێکەوتەکەی بەرۆکت دەگرێ و من باوەڕم نەدەکرد کە لە وڵاتی خۆمدا ڕاستگۆیی بەڵای لێدەکەوێتەوە!

لە قۆناغی دواتر پێیان وتم بچۆ نووسینگەی سەرۆک کۆماری و لەوێوە نامەیەک وەربگرە. کۆتایی خولی سەرۆک کۆماریی خاتەمی بوو، زانیارییەکانم لە ڕووداوەکانی زانکۆ و قەتڵە زنجیرەییەکان و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا سنووردار ببوو کە بینیبووم. ئەوەی لە نووسینگەی سەرۆک کۆماریدا بینیم باوەڕپێنەکراو بوو. کابرایەکی بەڕواڵەت حکوومەتی کە ڕیش و سیمایەکی هاوشێوەی ئەوانی دیکەی هەبوو لەوێ دانیشتبوو، کە بڕێک خۆشپۆشتر لەوانی دیکە بوو. یەکەم شوێنێک بوو کە وێنەی خاتەمیم لە تەنیشت خومەینی و خامنەیی دەبینی. کە منی بینی وتی ئەوە لە هەندەران گەڕاویتەوە؟ منیش بە پێکەنینەوە وتم بەڵێ، کێشەکەم بۆ ڕوون کردەوە و داوام لێکرد یارمەتیم بدا، وتی: "ئەمە سیاسەتی ئێمە نییە، دەوڵەت دەیهەوێ ئەتۆ گەشت بکەیت. ئەم کارە بۆ خەڵکی ئێران و بودجەی وڵات باشە، بەڵام نووسینگەی سەرۆک کۆماری لە ئیدارەی پاسپۆرت زۆر دەسەڵاتی نییە و تەنانەت هەراسانیشمان دەکەن" ئەم پیاوە بەم شێوە پێی ڕاگەیاندم کە دەسەڵاتی

دەوڵـەت سـنووردارە و لـە ئێرانـدا لـە نێـوان دەوڵـەت و دامـەزراوە باڵادەسـتە ئەمنییـەکان کـە هەمـان ڕژێمـی حوکمڕانییـە، کەلێنێـک بـەدی دەکرێـت. گوتـی: "دامەزراوەگەلێـک هەن کە نایانهـەوێ خەڵـک بـۆ خۆیـان بژیـن" ئـەوە یەکەمجـار بـوو کـە گلەیـی و گازەنـدەم دەبیسـت و پێـم سـەیر بـوو .... هەمیشـە وام دەزانـی دەوڵـەت و حکوومـەت پێکـەوەن، بـەڵام ئـەو ڕۆژە بۆم دەرکـەوت کـە وا نییـە و ئـەوەی دواتـر لەبـارەی ڕەوتـی ئیسڵاحتەڵەبـەکان (چاکسـازیخوازان) زانیـم، ڕەنگدانەوەکەیـم لـەو بەریەککەوتنـە زۆر بچووکـەدا بینیبـوو.

چەنـد جارێکـی دیکـە ئـەو پیـاوەم بینییـەوە و هـەر کاتێـک پەکـم کەوتبـا دەسـتەوداوێنی دەبوومـەوە. هەوڵـی دا هاوکاریـم بـکا و نامـەی پێـدەدام. دەیگـوت: بـڕۆ بـۆ لای فڵان کـەس، هەرچەنـدە قسـەکەیان بـە هەنـد وەرنەدەگـرت ... بـۆ نموونـە کـە دەچوومـە لای حیفـازەت ئیتلاعاتـی پۆلیسـی هێـزی ئینتیزامـی، دەیگـوت: "بـرا بـڕۆ لـە کۆڵمان بـەوە ناوەندی سـەرۆک کۆمـاری چـی و شـتی چـی .... ئەمانـە ئاخـر و ئۆخریانـە و ملیـان دەشـکێنن و دەڕۆن، دەزانی چییـە چـون نامـەت لەوێـوە هێنـاوە کارەکـەت جێبەجـێ نابێـت! ئـەم ئاسـتە لـە نارەزایەتـی و ڕەخنەگرتـن لـە نـاو حکوومـەت و ئـەو ناکۆکییە ئاشـکرایەی نێوانیان سەرسـامی کـردم. زۆرێک لـە شـارەزایانی سیاسـی پێیـان وایـە کـە دەوڵەتـی هەشـت سـاڵەی ئیسڵاحتەڵەبـەکان و مەجلیسـی شەشـەمی شـۆڕای ئیسلامـی لـە کۆنترۆڵـی ڕژێـم تـرازا بـوو.

زۆربەی بەراوردەکان دەریاندەخست کە ناتق نووری لە هەڵبژاردنەکەدا سەر دەکەوێ، بەڵام سەرکەوتنی خاتەمی، غافڵگیرییەکی گەورە بۆ باڵی توندڕۆی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئیرانی بوو، کە زۆرینەی و بەشی سەرەکیی دەسەڵاتیان بەدەستەوە بوو. بە بڕوای شرۆڤەکاران، ڕژێم دوای ئەوە ڕێگەی نەدا ڕەوتێکی لەو شێوە دووبارە ببێتەوە، تەنانەت بۆ ئەم مەبەستەش باجی کوودەتای هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی (٢٠٠٩ ز) و سەرکوتکردنی خۆپیشاندانی جەماوەری نارەزا بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی دا. پاش دەوڵەتی خاتەمی، ئیسڵاحتەڵەبەکان نەیانتوانی پۆستی سەرۆک کۆماری یان زۆرینەی پەرلەمان بەدەست بهێنن و توندڕەوەکان، بە چاودێرییەکی ئیستسوابیی شۆڕای نگەهبان (ئەنجومەنی پارێزەران) و نەهێشتنی ئیسڵاحتەڵەبەکان، بە جۆرێک دەسەڵاتیان یەکدەست کردووە.

کارکردی هەشـت سـاڵەی حەسـەن ڕۆحانی، کـە ئەویش بـە پاڵپشـتیی ئیسڵاحتەڵەبەکان بـوو بـە سـەرۆک کۆمـار، نیشـانی دا کـە ئـەم تاقمـە سیاسـییە تێگەیشـتنێکی دروسـتیان لـە ڕۆحانـی نەبـوو و ڕۆحانـی لە باڵـی موحافیـزەکار و ناوەندە سـەربازییەکانەوە نزیک بـوو نەک لە خەڵـک. بەهەرحـاڵ حەوتەیـەک پێـش دەرچوونـم لـە ئێـران، پەسـندنامە (تەئیدییـە) هـات و گوتیـان ئەمـە قۆناغـی کۆتاییـە، دەبـێ بچیتـە سـنووری بـازرگان ... بیسـتبووم کـە کاروبارەکە لـەوێ لانیکـەم مانگێـک دەخایەنـێ، چونکـە نامەکـە دەبـوو بچووبایەتـە پارێزگا، پاشـان بۆ ئەو شـوێن و شـارەی کـە ناسـنامەی لەدایکبوونەکەمـی لێ دەرچووە. زۆر دەترسـام کە دۆسـیەکەم

لـە سـەردەمی تـازەلاوی و خولـی سـەربازیم سـەر دەربێنێـت. هەمـوو هەوڵێکم خسـتە گـەڕ بۆ ئەوەی ئـەم قۆناغە تێنەپەڕێنـم. دەمگوت ئامادەم هـەر کارێـک بکـەم، بـەڵام مەمنێـرن بـۆ پارێـزگا، ئەویـش دەیگـوت هیچ ڕێگایەکـی دیکەمان نییە، دواجـار بـە تورەییـەوە وتی: "دە بڕۆ لـە کۆڵم بەوە! بچـۆ بـە سـەرۆکی ئیـدارە بڵـێ، ئـەو تاکـە کەسـە کە دەتوانێت کۆمەکت بکات."



• وێنەی ٢٣٤ – مەیدانی ئازادی

دۆسـییەکەم هەڵگـرت و چوومـە لای سـەرۆکی ئیـدارە. دەمزانـی ئـەو کەسـەی کـە نامەکـەی دابوومـێ هیچـم بـۆ نـاکات. کاروبـاری سـەردانکەرانی فەرمانگـەی پاسـپۆرت لەگـەڵ بەرپرسـانی ئـەوێ ڕوونـە، جـا ئەگـەر تـۆ دانیشـتووی وڵاتێکـی بیانـی بـی کـە ئـەوە خـراپترە ... وەک شـتێ تێدەکۆشـن زیاتـر چـزەت لـێ هەسـتێنن. باوەڕێکـی بـاو هەیـە کـە لەبـەر ئـەوەی لـە ئێرانـدا کارمەندانـی سـەربازی بۆیـان نییـە گەشـتی دەرەوەی وڵات بکـەن، تۆڵـە لەوانـی دیکـە دەکەنـەوە! لـەم هەمـوو ڕق و کینـە سـەرم سـووڕمابوو و لـە دڵـی خۆمـدا دەمگـوت: باشـە مـن چ خراپەیەکـم بەمانـە کـردووە! هەرچـی هـاوکاری و ڕەفتـاری چاکیـان لەگـەڵ بکـەی، هیـچ سـوودێکی نییـە، لـەوان وایـە کـە تـۆ کەسـێکیت کـە ڕۆیشـتوویتە هەنـدەران و ڕاتبـواردووە و ئەوانیـش لـە نەهامەتـی و داماویـدا ماونەتـەوە ...

پەیتـا پەیتـا پرسـیاریان لێدەکـردم: "تۆ لـە بریتانیا دەژی؟ چـۆن بوو دوای ئەو هەموو سـاڵە وەبیـرت هاتـەوە کـە بگەڕێیتـەوە بـۆ ئێـران؟ هـەر لای ئـەو ڕێوییـە کۆڵۆنیاڵـە پیـرە بمابایتـەوە!" ڕفتـارەکان جۆرێـک بـوو کـە بەردەوام هەسـتت دەکرد ژیانت تووشـی کێشـە بـووە و دەوروبەرت پـڕ بـوو لـە شـێت و دەلـوو! دەیانگـوت جـارێ کارت زۆرە! سـەرەنجام لـە کارمەنـدەکان بێهیـوا بـووم و چوومـە لای سـەرۆکی گشـتیی فەرمانگـەی پاسـپۆرتی ئێـران. دەبـا داوای دیـدارم بکردایـە، بـەڵام گوتیـان دیـدار و چاوپێکەوتن بۆ خەڵکی ئاسـایی تەنیا لە ڕۆژانی سێشـەممەدا مومکینـە. سـەربازێک لـەوێ بـوو، باسـی دۆسـییەکەی خۆمم بۆ کـرد، وتی: "بڵـێ خوێندکاری زانکـۆی، بلیتـت هەیـە و دەبـێ بـڕۆی" وتـم بلیتـم نییـە، وتـی: "دەی بلیـت بکـڕە، ئیتر شـتێک بکـڕە و بـڕۆ بـۆ لای." بلیتێکـی کۆنـی هێڵـی ئاسمانی تورکیـش ئەیرلاینـم هەبوو کـە ماوەکەی بەسـەر چووبـوو. سـەربازەکە بـە گاڵتەجاڕییـەوە وتـی: "هـەر ئەمـە باشـە! کـوڕە خـۆ ئەمانـە ئینگلیـزی نازانـن!" هەوڵـی دا یارمەتیـم بـدا و وتی: "سـەرۆکی ئیـدارە چوو بۆ نوێژکـردن. ئەوە مـن دەچـم نـان و چێشـتی بۆ دێنـم تۆش دەرفەتەکـە بقۆزەوە و بچـۆ ژوورەوە، ئەگەر بە سـەرتدا

گوڕاندی بڵێ دەی چی بکەم کەس نەبوو بۆیە هاتمە ژوورەوە و هەوڵ بدە کێشەکەت بخەی بە لایەکدا".

هەر کە سەربازەکە ڕۆشت چوومە ناو ژوورەکە، دەرەجەدارێکی سەربازیم بینی کە نەعل[1] لە پێ دەچوو بۆ دەسنوێژهەڵگرتن، کە منی بینی وتی تۆ بە ئیزنی کێ هاتوویەتە ئێرە؟ وتم کەس لێرە نەبوو، زۆر بەپەلەم و لە شارێکی دیکەوە هاتووم. وتی: بەڕێز فڵان کەس تۆی ناردووە بۆ ئێرە؟ هەر لە خۆمەوە وتم بەڵێ. ئەوەندە بێدەرەتان بووم کە دەستبەجێ گوتم بەڵێ! پێم وابوو چاوەڕێی کەسێکی دیکە بوو و وای زانیبوو منم. دڵم نەما کە نەکا لە پڕ ئەو یەک کەسەی وا چاوەڕێی بوو بگات و قوڕبەسەر بم. بە سەرسوڕمانەوە سەیری دۆسییەکەمی کرد، لە بەر خۆیەوە دەیگوت: ئەو دۆسییەی کە بەڕێز فڵان سفارشی دابوو بابەتێکی دیکەی هەبوو ... پەڕیمە ناو قسەکانی و وتم: "من لە لەندەن خوێندکاری زانکۆم و کێشەکەم ئەوەیە کە دەڵێن دەبێ بچمە سەر سنووری بازرگان .... بەڵام من گەشتم هەیە." وتی: "پێم وا نییە هیچ لەدەستم بێ، دەبێ خۆت بچی"، وتم "بلیتم هەیە"، خێرا وتی: "کوا؟" بلیتەکەم پیشان دا، نازانم بۆچی پیاوێک لەو پۆستەدا هیچ سەرنجی ڕێکەوتی بلیتەکەی نەدا، قسەی سەربازەکە بە ڕاست دەرچوو. پاشان وتی: "لە لەندەن چی دەخوێنی؟ بۆ ڕۆیشتبووی؟" هەر ئەوەندە وتم چووم بۆ خوێندن. وتی: "سکۆلەرشیپت[2] هەیە؟" وتم: "بەڵێ". ئەمە دووەم درۆی من بوو. ئەو سیستەمەی کە دواجار مرۆڤی ناچار دەکرد درۆ بکا، خۆڕاگری منیشی شکاند. وتی: "ئەها واتە تۆ خوێندکاری سکۆلەرشیپیت، خوشکەزاکەشم سکۆلەرشیپی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا وەرگرتووە و ئێستا لە ئیسپانیا سەرقاڵی خوێندنە لە بواری هێزی دەریاوانیدا."

خەریک بوو باسی بلیمەتیی خوشکەزاکەیی بۆ من دەکرد کە تەلەفۆنەکەی زەنگی خوارد، گیانم هاتە سەر لووتم .... وتم ئەو کەسەی وا ئەم چاوەڕێی بوو هات! هاوکات بە تەلەفۆن قسەی دەکرد و لە هەمان کاتدا شتێکی دەنووسی. لە دەرەوەی ئێران هەرگیز سیستەمی ئاوا نابینن، هەرچی تێدەفکرم ناتوانم قبووڵی بکەم کە کەسێک بە دەم کارێکی دیکەوە بە تەلەفۆنیش قسە بکا، یان لە کاتی تەلەفۆنکردندا ئیشێکی دیکە بکات و کاری دووەمیش بە دروستی ئەنجام بدات. من تەنیا لە ئێران ئەمەم بینیوە و هەمیشە بە لامەوە پرسیار بووە کە بۆ نموونە کارمەندانی بانک لە کاتی قسەکردن بە تەلەفۆن چۆن چەکە بانکییەکان پاس دەکەن و حسێب ئەنجام دەدەن. بە هەرحاڵ، کە بە تەلەفۆن قسەی دەکرد، دیار بوو یەکێک لە هاوڕێکانی بوو، بزەیەکی کرد؛ لە بن نامەکەدا شتێکی نووسی

---

١. سەرپایی.

٢. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران پێی دەڵێن بوورسییەی خوێندن.

و بـەو پـەڕی بێباوەڕییـەوە بـە ژێـر لچـەوە وتـی: " خێر بێتـە ڕێت"، پێم سـەیر بوو کە شـوێنێکی ئەم سیسـتەمە شـپرزە و نابەسـامانە وڵامی دایەوە و بێسـەروبەرییەکەی فریام کەوت. ماق ماق سـەیری نامەکـەم دەکـرد و پێـم وەعـەرز نەدەکەوت.

وەک ئـەوە وابـوو هەمـوو ئـەو تارانەیـان بـە ناومەوە کردبێـت. بـاوەڕم نەدەکرد ... بـە فڕکانێ نامەکـەم دا بـەو ئەفسـەرەی کـە هەراسـانی دەکردم. دەسـتی کرد بـە بۆڵە بۆڵ و وتـی: "بۆچی ئـەم نامـەی بـە تـۆ داوە؟ سـبەی مـن گیـر دەکـەم .... " بابەتەکـەی لای باڵادەسـتەکەی بـاس کـرد، بـەڵام ئەویـش وتـی: "ناتوانـی لـە سـەر قسـەی سـەرۆک قسـە بکەیـت. سـەرت لە کێشـە دەخـورێ؟" ئەفسـەرەکە بـە ناچـار دەسـتی کـرد بـە جێبەجێکردنـی کارەکانـم، بـەڵام ئەوەنـدە بـە هێواشـی ڕاپیپەڕانـد کـە تـا دواسـاتی دەوامـی ئیـدارە ڕایگرتـم. وەکـوو هەتیـو دانیشـتبووم و سـەیری پەنجەکانیـم دەکـرد، کـە دێڕێـک یـان وشـەیەکی دەنووسـی، سـەردانکەر دەهاتـن و دۆسـییەکەمی دەخسـتە ئـەو لاوە، پاشـان دەچـوو چایەکـی دەخـواردەوە و دوای نیوکاتژمێـر دەهاتـەوە. لـە لایەکـی تریشـەوە دڵەخورپـەم بوو کـە نەکا سـەرۆکەکەیان بـە بابەتەکـە بزانێ و بـێ بـە دوامـدا. کە دەیبینـی من تەماشـای دەکەم دەیگـوت: "هێشـتا کارەکەت تـەواو نەبووە، بـڕۆ دەرێ دانیشـە! خـۆم بانگـت دەکـەم." دیسـان دەهاتـەوە دەیگـوت: " ئەگـەر فریـا کەوتـم کـە ئـەوە بـۆت جێبەجـێ دەکـەم دەنـا دەمێنێتـەوە بـۆ ڕۆژی شـەممە". لـە کۆتایـی دەوامدا کە کۆتەکـەی لەبـەر دەکـرد دۆسـییەکەی لەبـەر دەممـدا ڕاگـرت و دوای وەسـتانێکی زۆر لـە ژێـر لێـوەوە وتـی: "بـڕۆ ... ئێمـە لێـرە دەمێنینـەوە و تـۆ دەڕۆیـت! تۆش وەکـوو هەمـوو ئەوانەیت کە بـەردەوام دێـن و دەڕۆن ... ".

دۆسـییەکەم گـرت و دەرچـووم، لە دڵـی خۆمدا بیرم لەوە دەکردەوە، کـە بۆچی من هۆکاری مانـەوەی ئـەوم؟ ئـەم جـۆرە هەڵسـوکەوتانە دەریخسـت کـە هەنـدێ کـەس هێشـتا شـیکاری و قووڵیـی تێگەیشـتنیان لـە پـرس و کێشـە کۆمەڵایەتـی و ڕێکخراوەییەکان ڕووکەش و سـادەیە و هـەر لەبـەر ئـەم هۆکارەش پرسـەکان شەخسـی و تاکەکەسـیتر دەبینن و توانـای تێگەیشتن لە لایـەن و جومگـە کۆمەڵایەتـی و ئاسـتە بەرفراوانەکانیـان نییە. هەموو شـتێک بـە خێرایی ڕووی دا، بلیتێکـی نوێـم وەرگـرت و گەڕامـەوە بـۆ ماڵـەوە. شـتەکانم کـۆ کـردەوە و ترسـی ئـەوەم بـوو کـە نـەکا پەشـیمان ببنـەوە. دیسـان گریـان و کۆبوونـەوەی خـزم و کـەس، ماڵاوایـی و گریانـی خوشـکەکانم بەتایبـەت کانـی و کامیـار و بابم کزەی لە جەرگم هەسـتاند. هێشـتا لـە بیرمە کە لـە کۆتاییـدا بـە چ دڵەخورپـە و ترسـێکەوە لـەو گەیتـە نەفرەتییـە تێپەڕیـم و دواجـار مۆریـان لە پاسـپۆرتەکەم دا. لـە کۆتاییـدا هەمـوو شـتێک جێبەجـێ بـوو و مـن گەڕامـەوە و لـەو کاتـەوە بە فەرمـی ئیزنـی هاتوچۆکردنـم بۆ ئێـران پێدرا.

کامیل، جێی گومانیت!

کە گەڕامەوە بۆ لەندەن، هەڵسوکەوتی هەندێک کەس گۆڕابوو، یەکێک لە هاوڕێکانم کە خەڵکی سلێمانی بوو منی ڕاکێشا و گوتی: " ئەو ماوەی وا لێرە نەبووی یەکێک لە نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کەسێکی دیکە قسە و قسەڵۆکیان بۆت هەڵبەستووە و وتوویانە گوایە تو گوماناویت" وتبوویان سیخوڕی ئیتلاعاتی ئێرانم کە توانیومە بڕۆمە ئێران و بگەڕێمەوە. هەروەها وتبوویان ئێمە و هەموو ئەم خەڵکە سی ساڵە لێرەین و نەگەڕاوینەتەوە، کەچی کامیل ڕۆشتووە و هاتووەتەوە و دەیهەوێ هەر وەکوو جاران ئیش بکات! من چاوەڕوانی ئەو جۆرە شیکاری و قسانە بووم، لە ناو جەماعەتی حیزبی و سیاسیدا ئەم جۆرە قسانە دەکرێ، قەزاوەتی بێبنەما کە تێکەڵ بە ناوناتۆرەی نالۆژیکی و ناجوامێرانەیە.

بۆ منێک کە هیچ لە ژێر سەرمدا نەبوو ئەم ناوناتۆرانە زۆر دڵی ئێشاندم. تەلەفۆنم کرد و لەو کەسەی کە هاوشاریشم بوو پرسیارم کرد کە باشە بۆچی ئەم بوختانەت بۆ کردم؟ ڕەتی کردەوە، بەڵام من کۆڵم نەدا و لەسەر پێشنیاری هاوڕێیەکم پەیوەندیم بە نووسینگەی حیزب لە پاریس کرد و سکاڵانامە و نارەزایەتیی خۆمم نارد. دوای ماوەیەک ناچاریان کرد کە داوای لێبوردنم لێ بکات. لێم پرسی لەسەر چ بنەما و بەڵگەیەک ئەو تۆمەتەت خستە پاڵم، من بۆ سەرەخۆشیی دایکم ڕۆشتبوومەوە بۆ ئێران و بە زۆری توانیم مۆڵەتی دەرچوون لە ئێران وەربگرم. هەرچەندە هەموو شتێک ڕوون و ئاشکرا بوو، بەڵام بە وردی بۆم ڕوون کردەوە کە من وەکوو ئەوانی دیکە پێشمەرگە نەبووم و چالاکیی سیاسیم نەبووە، من چالاکێکی خوێندکاریم و قەت لە سەر ئێران ئیشم نەکردووە. ئەم بابەتە زۆر بێتاقەتی کردم و ئەوە یەکەم زەبر بوو کە لە چالاکییەکانی ئەو سەردەمەدا لێم کەوت. سەبارەت بەم پرسە وتارێکی دوور و درێژم بە زمانی ئینگلیزی بۆ ماڵپەڕی بەناوبانگی کوردیش میدیا نووسی و ڕوونم کردەوە کە ئەم ڕەفتارانە چەندە دەتوانێ وێرانکەر بێت. وتارەکەم لە لایەن ژمارەیەک خوێنەر و نووسەری هەر چوار پارچەی کوردستان پێشوازی لێکرا و کاتێک بۆچوون و کۆمێنتەکانم دەخوێندەوە بینیم کە بەسەرهاتەکانمان چەندە لە یەک دەچن و ڕۆڵی حیزبەکان و بیری تەسکی کەسانی سەر بەو حیزبانە چەندە لێک نزیکن و ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵیان هەیە.

لە ناو کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا من یەکێک لەو چەند کەسە بووم کە لەو سەردەمەدا گەڕابوومەوە، بەڵام چاوەڕوانیی ئەم ڕەفتارەم نەدەکرد. هەر ئەوەی کە ژمارەی ئەو فارس و تورکانەی کە هاتوچۆی ئێرانیان دەکرد زۆر زیاتر لە کوردەکان بوو، زۆر دڵتەزێن بوو و ئەم ڕەفتارانە ئەوەندەی دیکە هەلومەرجەکەی سەختتر دەکرد. کوردەکان زیاتر لەبەر

هـۆکاری سیاسـی و ئابـووری ئێرانیـان بەجێهێشـتبوو و بەشێکیشـیان لـە حیـزب یـان بنکەسـەربازییەکان هاتبوونـە دەرەوە یـان لـە زینـدان هەڵهاتبـوون و گەڕانـەوە بـۆ ئێـران بـۆ ئەوان ناومکین بوو.

A Time for the Kurds to Embrace Change

17.8.2006
By Kameel Ahmady

As we are on the verge of a new system in Kurdistan, together with many changes and challenges to the status quo, it is high time for the Kurdish people and all those who want to work alongside them to find new ways of working which will respond to the changing world in which we live.

This means not only recognising that Kurdish issues are linked to social issues in the region and globally, but also addressing some of the challenges inherent within Kurdish society. We need to look closely, honestly, and critically at some of the practices which are taken for granted in our society, and discard those which prevent us from moving forward in the achievement of our goals; goals which are as varied as the activists whose daily struggle and commitment has contributed so much to the transformation of Kurdish issues in recent years. One of the central problems I am referring to is the ways of working and interacting which have limited the participation of this vast array of interests, and kept these contributions and innovations on the sidelines.

Kameel Ahmady is a London-based originally haling from Iranian Kurdistan; an anthropologist and visual ethnographer who has worked extensively on issues relating to Local cultures, migration, minority rights and Middle East affairs.

وێنەی ٢٣٥- سەردێڕی بابەتە ڕەخنەییەکەم لە کوردیش میدیا

ئێمەی خوێندکارانی زانکۆ چەند کۆبونەوەیەکمان ڕێک خست و بینیمان زۆر کەس بە هۆی ئەم قسە و قسەڵۆکانەوە زیانیان پێگەیشتووە. هەر لەم دانیشتنانەدا بوو کە دەرکەوت کوردانی باشوور و ڕۆژاوا و باکووریش بەو دەردەوە دەناڵێنن و هەموومان لەسەر ئەم بابەتە قسەمان کرد. پێشتر لە سەر ئەم بابەتانە قسە نەکرابوو و ئەمەش وای کرد کەمێک هاوسەنگی دروست ببێت. وەک هاوڕێیەکمان هەمیشە دەیگوت، هێشتا ڕەگ و ڕیشەی ئەم جۆرە ڕەفتارانە ماون، بەڵام ئاراستە و ڕەوتی دیکەیان گرتۆتە بەر و گۆڕانکارییەکی زۆر ڕووی داوە کە هەندێک کەسی بەناو سیاسییەوە کە لە هەندەرانن و ساڵانێکی زۆرە پەیوەندییان لەگەڵ ئێران پچڕاوە، لێی بێئاگان و وەک شتێک مێشکیان هەر لەو کۆمەڵگەی ئێرانی سەرەتای ئینقلابدا ماوەتەوە و چەقی بەستووە.

لـە یەکێـک لـە دانیشـتنەکانی پەرلەمانـدا کـە لەبـارەی بارودۆخـی کوردانـی باکـوور سـاز کرابـوو، باسـم لـە گۆڕانکارییەکانـی ئێـران لـە سـەردەمی ئیسلاحاتـدا کـرد. چوونـم بـۆ ئێـران ڕوانگـەی منـی گـۆڕی، سیسـتەمی کۆمەڵایەتـی گۆڕابـوو و دیـدی نـەوەی نـوێ وەکـوو جـاران نەبـوو. ئێـران ئـیتر ئـەو ئێرانە توندوتیژ و چەقبەسـتووە نەبـوو، لانیکەم ئەو جـۆرەی نەبوو کە من تێیـدا گـەورە ببـووم ... کـە لەسـەر ئێـران و گۆڕانکارییەکانـی قسـەم کـرد و نووسـیم، جارێکـی دیکـە لەلایـەن یـەک دوو ئەندامـی حیزبێکـی سیاسـییەوە هێـرش کرایـە سـەرم و پێیـان گوتم پیـاوی کۆمـاری ئیسلامیی ئێرانە. من سەرسـام بووم کە سیاسـەت چەندە تەسـک و چاوچنۆکە و دوای ئـەوە زۆر حاڵەتـی تـرم بینـی کـە لـە گۆڕەپانـی سیاسـیدا، خـۆم یـان کەسـانی دی کەوتینـە بـەر تـەوری قـەزاوەت و بیرتەسـکیی سیاسـییەکان. دیارە کـەس بۆی نییە قسـەیەکی تـازە و دژی خواسـتی ئـەوان بـکات و هاوکێشـەکانیان بگۆڕێـت. ئـەم بابەتـە چەقبەسـتوویی فیکریـی سیاسـەتمەدارانی ناوچەکەمانـی نیشـان دەدا و ئەمە پێوەرێکی باشـە بۆ ئەوەی لێکی بدەینـەوە کـە بۆچـی ڕۆژمـان ئاوا ڕەشـە ...!

دیسان ئێران؛ هەستی نامۆبوون لەگەڵ باوەژن

هێشتا باسی سەفەری پێشووم بۆ ئێران یەکلایی نەکردبووەوە کە ناچار بووم دیسان بگەڕێمەوە بۆ ئێران. ڕۆژێکیان پوورە خەجیج تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی: "ژنێکمان بۆ بابت بینوەتەوە"، پوورم نیگەرانی تەندروستیی بابم بوو. خۆی بە دەروەست دەزانی کە سەروسامانێک بە ژیانی کەریم بدات. پوورم پێی وا بووە ئەوە تەنیا هاوسەرگیرییە کە دەتوانێ حاڵی بابم باشتر بکات. وتی خاتوون ئافرەتێکی زۆر چاکە، باوکت هیوای بە تۆیە، کوڕی گەورەی ئەوی و دەبێ بگەڕێیتەوە و ژنی بۆ بێنی. سەرەتا هەوڵم دا پوورم لەم کارە پاشگەز بکەمەوە، بەڵام هەوڵەکانی من و مەحبووبە بێهوودە بوو. بڕیاریان دابوو و بە بیانووی ئەوەی ماڵەکە نەشێوێ و ژەمەخواردنێکی گەرم بۆ کەریم و کانی و کامیار ئامادە بکا، کاروباری هاوسەرگیریی بابمیان ڕێک خست.

ئەو دەم بە پێی بارودۆخی بنەماڵەییمان، قسەکانی پوورمم پێ خراپ نەبوو و هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە کە کامیار و کانی و پوویا لە چ دۆخێکدان؟ ئایا ئەم ڕووداوە زیان بە منداڵەکان دەگەیەنێ یان نا؟ هەستم کرد ئەمە بۆ ئەوان باشترە و ئەم ژنە ئەگەر جێگای دایکیشمیان بۆ ناگرێتەوە، لانیکەم کەسێک هەیە ئاگای لێیان بێت. بابم کە بەردەوام دەیگوت ئێستا کە پاسپۆرت و کارتی نیشتمانیت هەیە بۆچی ناگەڕێیتەوە، نەمدەتوانی نای پێ بڵێم.

بەناچاری گەڕامەوە بۆ ئێران. بۆ نەگبەتی گەڕانەوەی دووبارەم بازاڕی دەنگۆ و قسەوباسی خۆش کردەوە و پرسیارێکی دیکەی هێنایە ئاراوە کە باشە دوێنێ بە بیانووی مەرگی دایکی گەڕایەوە بۆ ئێران، ئەی ئێستا بۆچی گەڕاوەتەوە و ئەم کابرا سەر بە کێیە ...

وێنەی ٢٣٦- بابم لە کاتی ژن مارەبڕین دەستی لە ناو دەستی برای بووکە و مەلای گەڕەک و ئامۆزاکانیشی لەوێ ئامادەن، پیرانشار، ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی (٢٠٠٤)

ئەمجارەیان بێ گەنگەشە گەیشتمە پیرانشار و دوای خوازبێنییەکی سادە کە پێشتر ئامادەکارییان بۆ کردبوو، زۆر زوو کاروباری مارەبڕین و هاوسەرگیرییەکە جێبەجێ بوو. ئەو ژنە، کە چەند ساڵ پێشتر لە مێردەکەی جیا بووەوە، لە بابم مارە کرا. مەحبووبە کە لە هەموومان دڵناسکتر بوو، دەگریا و زۆر دڵتەنگ بوو. هیچ مەراسیمێک نەگیرا، کاتێک

بووکەکەمـان هێنایـە ماڵـەوە، بابـم شـەرمی دەکـرد. ئۆتۆمبێلەکـەی بابـم بـە دەسـت منـەوە بـوو، بووکـم سـوار کـرد و مەحبووبـەش وەک کچـی گـەورەی بابـم سـواری ئۆتۆمبێلەکـە بـوو بۆ ئـەوەی لەگەڵیـدا بچێتـە ڕێوڕەسـمی مارەبڕینەکـە، وەبیـرم هاتـەوە کـە پێـشتر بـۆ شـووکردنی حەبیبـە و مەحبووبـە دوو جـار لـە ئۆتۆمبێلـی بووکـدا دانیشـتووم، بـەڵام ئەمجارەیـان فەرقـی دەکـرد ... ژنـی بابمـم سـواری ئۆتۆمبێـل دەکـرد.

هەسـتێکی نامـۆ بـوو، لەم مـەودا کورتەدا بۆنـی عەترەکەی و ئـەو جلوبەرگە نـوێ و زێڕانەی کـە کڕیبـووی، خۆنوێنـی دەکـرد و هەسـتم کـرد ئەمە بـۆ هەمـووان و بەتایبـەت بـۆ مەحبووبە و ئینجـا بـۆ تەبیبـە و کانـی چەندە قورسـە. مەحبووبە لە نـاو ئۆتۆمبێلەکەدا دانیشـتبوو و بە ڕووی خـۆی نەدەهێنـا لەبـەر ئـەوەی ئـەو ژنـە نارەحـەت نەبێـت. منیـش وریـا بـووم کـە لـە ئاوێنـەی ئۆتۆمبێلەکـەوە لێـی نەڕوانـم، وەک ئـەوەی ڕۆحی دایکم لەبـەر ئەو کارەی کـە کردوومە لۆمەی دەکـردم ... کـە گەیشـتینە ماڵـەوە خاتـوون خانم چـووە چێشـتخانەکە کە چا بێنـێ، دڵم گیرا، لـە چێشـتخانەکەدا دایکمـم دەبینـی کـە خەریکـی شـۆردنی ئیسـکانی چاییـە. هەسـتم کـرد ئـیتر دایکـم نەمـاوە و ژنێکـی تر چێشـتخانەکەی داگیر کـردووە! بە بینینی ئـەو دیمەنە جەرگم ژانـی دەکـرد و جارێکـی تـر حـەسرەت هەمـوو گیانمی داگیـر کرد.

نەمدەتوانـی ڕەفتارێکـی ئاسـاییم هەبێت، بە دەسـت خـۆم نەبوو، ئەو خواردنەی کە لەسـەر خوانەکـەی دادەنـا تامەکـەی لەگەڵ ئەو چێشـت و نانەی کـە دایکم لە لەندەن بـۆی لێنابووم، جیاوازیـی هەبـوو. خاتـوون کەسـێکی نـوێ بـوو کـە نەماندەناسـی و نەماندەتوانـی بە ئاسـانی پەیوەنـدی لەگەڵـدا سـاز بکەیـن، هەوڵـم دەدا میهرەبـان بـم و ئەویـش پێگە و ڕێـزی منی باش دەزانـی، بـەڵام شـتێک لە سـەر جێی خـۆی نەبـوو و نەیدەتوانی ببێـت. خۆم بە لامـەوە گرینگ نەبـوو کـە کـوڕە گـەورەم، بەڵام دوای مردنی دایکم هەسـتم بـەم بابەتە کردبوو. کـە گەڕامەوە بۆ ئێـران لـە مزگەوت پێشـوازییان لێکـردم. دەبا من بڕیارەکانـی بنەماڵەکەم بدابایـە، بۆ ژنهێنانی بابـم گەڕابوومـەوە و باوەژنیشـم ئەمـەی دەزانـی و هۆشـی بـە هەڵسـوکەوتی خۆیـەوە بـوو. کـە لـە دەرەوە دەهاتمـەوە سـەرباری ئـەوەی نەمدەهێشـت، بـەڵام لەبـەر حورمەتی من هەڵدەسـتا و ڕێـزی لێـم دەگـرت. بیـرم لـەوە دەکـردەوە کـە سـێ ڕۆژ لەمەوبـەر لـە لەنـدەن هیـچ کام لـەم دابونەریتانـەم نەبـوو، بـەڵام لێـرە لـە شـارەکەی خـۆم هەمـوو شـتێک مانـای جیـاوازی هەبوو و هەندێـک جـار تەنانـەت ئەنجـام نەدانـی بەشـێک لـە دابونەریتـە بـاوەکان دەتوانـێ کێشـەت بـۆ سـاز بـکات. جیاوازییـەکان زیاتـر لـە جـاران بـە لامـەوە زەقتر ببوونـەوە و بـەردەوام وەبیـرم دەهاتنەوە.

دوو فیلم لە دوو سەفەردا

سەفەرکردن بۆ ئێران منی کردە کەسێکی دیکە. من چیتر نە ئەو کامیلە تووڕە و ناڕازییەی پێش کۆچکردنم بووم و نە ئەو کامیلە کۆچبەرە کە خوێندکار بوو و چێژی لە ژیانێکی ئەوروپایی دەبینی. لەو ساڵانەی کە من دوورەوڵات بووم، ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەلێ گۆڕانکاری بەسەردا هاتبوو، بەڵام کاتێک سەبارەت بەم گۆڕانکارییانە قسەم دەکرد هەندێک لە کۆچبەرە کۆنەکان بەرهەڵستیان دەکردم. باوەڕکردن بەوەی کە زۆر شت گۆڕاوە و خاتەمی لە ماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا کەشێکی کراوەی خوڵقاندووە، بە لایانەوە چەتوون و بگرە ناومکین بوو کە هەڵبەت تا ڕادەیەکیش ناحەقیان نەبوو. ساڵانێکی زۆر لە ئێران دوور بوون و هەندێکیشیان دەرفەتی گەڕانەوە یان ئازایەتیی گەڕانەوەیان نەبوو. ئەو دوو جارەی کە سەفەری ئێرانم کرد، بووم بە کامیلێکی دیکە کە جۆرێکی دیکە سەیری جیهانی دەوروبەری دەکرد و بەردەوام ئەو کێشە و خەسارەتانەی دەبینی کە شیاوی ئەوە بوون بکرێن بە بابەتی لێکۆڵینەوە. ساڵی ٢٠٠٥ گەشتێکی کورت بەڵام بەرهەمدارم بۆ ئێران کرد و مێشکم چەندین بابەتی دۆزییەوە کە لە سەفەری دواتردا بە لامەوە جددیتر بوون.

لە یەکەم سەفەرمدا بۆ ئێران فیلمێکم دروست کرد و بە دەستی پڕ گەڕامەوە بۆ لەندەن. لە بەڵگەفیلمی "هەژاری و نان"[1]دا، بە چاوێکی ئێتنۆگرافیانەوە سەیری ژیان و کاری کۆڵبەرانم کرد. نەک هەر لە جیهاندا، بەڵکوو لە ئێرانیشدا کەم کەس سەبارەت بە کۆڵبەران و دژواریی ژیانیان لە کوردستان دەیزانی. لە منداڵییەوە سەبارەت بە قاچاخچییەکان یان باشتر بڵێم کاسبکارانی سەر سنوورەکان هەندێ قسەم بیستبوو، بەڵام لەو سەردەمەدا کۆڵبەری وەکوو ئێستا پیشەیەکی باو نەبوو.

بارودۆخی کوردستان لەگەڵ سەردەمی پێش کۆچکردنم زۆر فەرقی کردبوو. زۆرێک لە بنکە سەربازییەکان کۆ کرابوونەوە. هێوربوونەوەی دۆخی ناوچەکە و ئارامیی ڕێژەیی دوای جەنگ بوو بە هۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و گەورەتربوونی شارەکان. هەتا ئێرە شتەکان بە باشی دەڕۆن، بەڵام بە پێی زۆربوونی حەشیمەت، ئیمکاناتی شاری و کار و پیشە زۆر گەشەیان نەکردبوو و هیچ هاوسەنگییەک لە نێوان دانیشتووان و ئیمکاناتەکاندا نەبوو، ژمارەی خەڵکی هەژار و لە ئەنجامدا کۆڵبەرەکان زیادی کردبوو. کۆڵبەرەکان ڕووبەڕووی چەندین مەترسی و کێشە دەبنەوە. هەندێک جار لە کاتی داگەڕان لە شاخ و کێوەکان، لەگەڵ هێزە سنووریییەکان تووشی پێکدادان دەبن و کاڵاکانیان لەدەست دەدەن. تەنانەت ژمارەیەکی زۆر لە کۆڵبەران لە ڕێگادا کوژراون و بریندار بوون و هیچ

1. https://kameelahmady.com/fa/poverty-and-bread-documentary/

کەس و دامەزراوەیەک بەرامبەر بەو ڕووداوە دڵتەزێنانەی کە بەسەر ئەم کۆڵبەرانەدا دێ، خۆی بە بەرپرسیار نازانێت.

دۆخی کۆمەڵایەتیی لە چاو دۆخی پێش کۆچکردنم ئاڵۆزتر ببوو. مرۆڤەکان وەکوو جاران نەبوون و مەسرەفگەرایی[1] جێگەی قەناعەتی گرتبۆوە. لەو شارانەی کە هاومەرزی باشوور و باکووری کوردستان بوون، بازاڕچە و مۆڵی بازرگانی[2] گەورە دانرابوو و خەڵکێکی زۆر لە سەرتاسەری ئێرانەوە بۆ کڕینی کاڵای بیانیی هەرزانتر دەهاتنە ئەو شارانە و بەرهەمی ئێرانی لە دۆخێکی ناسەقامگیر و چەقبەستوو و لاوازدا بوو.

● وێنەی ٢٣٧- کۆڵبەران کاتی تێپەڕین لە سنوور، کەلەکین، پیرانشار، ١٣٨٤ی هەتاوی (٢٠٠٥)

لە ئێران چەند بابەتێکم بۆ توێژینەوە لەبەردەست بوو. هەرچەندە بە بوونی کێشە و زیانەکان بێتاقەت و دڵتەنگ بووم، بەڵام بۆم دەرکەوت کە لە ئێران و وڵاتانی دراوسێدا دەتوانرێ کاری توێژینەوەیی باش بکرێ و سۆراغی ئەو پرسانە بگرین کە بە هۆکاری جۆراوجۆر پشتگوێ خراون. وەک پێشتر باسم کرد لە ئەفریقا تووشی بابەتی خەتەنەکردنی ژنان بووم. بابەتەکە بۆ من ئاشنا بوو و وەبیرم هاتەوە کە لە ناوچەکەی ئێمەشدا ژنان و کچان خەتەنە دەکرێن. پرس و بەدواداچوونەکانم دەریانخست کە زۆربەی ژنانی دەوروبەرم قوربانیی ئەم نەریتە زیانبەخشەن. نەنکم و دایکم و خوشکەکانم ئەم خەسارەیان ئەزموون کردبوو و ئەم دیاردە لە ناوچەی موکریانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێژەیەکی فراوان بەدی دەکرێت. من دەمویست زانیاریی زیاتر بەدەست بهێنم، بەڵام کەسانی دەوروبەرم زۆر هاوکارییان نەدەکردم. پێیان سەیر بوو کە پیاوێک لە سەر جەستەی ژن و بابەتێک پرسیار بکا کە خۆیان نایدرکێنن. لە ئێران و ناوچەکەدا، توێژینەوە لە سەر لەش و جەستە بەتایبەت جەستەی ژنان، هەستیاری و کاردانەوەی نەرێنی لێ دەکەوێتەوە. هەر بۆیە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم جۆرە بابەتانە ئەوەندە قورسە کە زۆربەی توێژەران خۆیانی لێ دەدزنەوە و پێیان باشە خۆیان تووشی لێپێچینەوە لە لایەن حکومەتەوە نەکەن. من بڕیارم دابوو کار لەسەر ئەم بابەتە بکەم، پرسێک کە تەنانەت خێزانەکەشم بۆی قبووڵ نەدەکرا چ بگا بە کۆمەڵگەی دەوروبەرم و حکوومەت!

---

١. هۆگریی بۆ بەکارهێنانی زۆری کەلوپەلە ئابوورییەکان.

٢. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مۆڵ دەڵێن پاساژ.

من باش دەمزانی کە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتە پێویستی بە کاری مەیدانیی قورس و کاتی زۆرە و هەروەها ئاگاداری مەترسییە ئەگەرییەکانیشی بووم، بەڵام ئەم جۆرە نەریتانە بواریکی تازە و ئاوڕلێنەدراو بوون بۆ لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان و نەدەبوو لەبەر ترس پشتگوێ بخرێن. یادەوەرییەکانمم هەڵکڕاند و وەبیرم هاتەوە کە لە شاری نەغەدە و پیرانشار و گرداشەوان قەرەچییەکان ئەم کارەیان دەکرد. ئەم گروپانە لە ناوچەکەدا زۆر لە هاتوچۆدا بوون و من لە گرداشەواندا ئەوانم بینیبوو. خەڵکی ناوچەکە دەیانگوت قەرەجەکان بە ڕەچەڵەک خەڵکی ڕۆما یان ڕۆمانییەکانی ئێستان کە بە ناو وڵاتانی ناوچەکەدا بڵاو بوونەتەوە و فێری زمانی ئەو وڵاتانە بوون کە تێیدا دەژین. قەرەجەکانی یان قەرەچییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زمانی خۆیانیان هەبوو بەڵام زمانی کوردیش فێر ببوون. قەرەجە ڕەشتاڵەکانی عێراق زیاتر لە بەری کەرکووک و گەرمیانەوە دەهاتن بەڵام بە هۆی نزیکبوونەوەیان لە ناوچە عەرەبییەکانی عێراق، زمانی عەرەبیشیان دەزانی.

قەرەجەکانی باشووری کوردستان دوای بەهار دەهاتن و هەتا پاییز دەمانەوە. کاری ئەم قەرەجانە سەوەتەچنین و دروستکردنی کەرەستەی بچووکی دارین بوو، لە پاڵ ئەمانەش کاری دیکەی وەکوو نوشتەنووسی، فاڵگرتنەوە و خەتەنەکردنی کچان و کوڕانیان ئەنجام دەدا و لە بری ئەم کارانە پارە، خواردن، ئارد، برنج و هتدیان وەردەگرت. ئەوانەی کە دەیانویست منداڵەکانیان خەتەنە بکەن، چاوەڕێی هاتنی قەرەچییەکان دەبوون و هەر کە ئەم قەرەجانە دەردەکەوتن، منداڵەکان بە ترسەوە ڕایان دەکرد و دەیانوت: «قەرەجە کێربڕەکان هاتن» ئەم دەستەواژەیان بۆ ترساندنی منداڵان بەکار دەهێنا و ئەوانیش زۆر دەترسان، چونکە زۆریان جارێک ڕێگایان کەوتبووە لای چادری قەرەچییەکان و بە مانای ڕاستەقینەی خۆی، ئێش و ئازاریان ئەزموون کردبوو.

سەیر لەوەدا بوو کە خەتەنەکردنی کوڕان ئاشکرا بوو و قسەی لەسەر دەکرا، بەڵام خەتەنەکردنی کچان بە بێدەنگی و دوور لە چاوی کەسانی دیکە لە شوێنەکانی وەک کادێن، عەمبار و شوێنە خەڵوەتەکانی دیکە ڕووی دەدا. دوو خوشکە گەورەکەم وەرزی هاوین و لە گرداشەوان خەتەنە کرابوون. ژنانی دیکەی خانەوادەش قوربانیی ئەم نەریتە هەڵەیە بوون و ڕێژەی ئەم دیاردە لە ناوەڕاستی نەوەدەکانەوە ڕووی لە دابەزین کردووە. تێگەیشتن لە ڕەهەندە بەربڵاوەکانی خەتەنەکردنی ژنان لە ناو کۆمەڵگا و ماڵباتەکەمدا بووە هۆی فۆرمگرتنی فایلی یەکەمی فیلمێکی ئێتنۆگرافانە لەسەر ئەم بابەتە کە لە کۆتاییدا ناوم نا "بە ناوی نەریت"[1].

فیلمی "هەژاری و نان" و فایلی یەکەمی "بە ناوی نەریت"ـم بردە بریتانیا. یەکێک لە

1 . https://kameelahmady.com/fa/documentary-film-called-st

نوێنەرانـی پارلەمانـی بریتانیـا تایبـەت بـە هـەژاری لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت کۆبوونەوەیەکـی ڕێـک خسـت کـە تیایـدا باسـی لە دۆخـی مافـی مرۆڤـی کـورد لـە تورکیـا کـرد. لـەو دیـدارەدا چەنـد بەشـێکی فیلمی "هـەژاری و نان" نمایـش کـرا و دیـاردەی کۆلبـەری بـۆ ئامادەبـووان ڕووداوێکی سـەیر و چاوەڕواننەکـراو بـوو. بـە لەبەرچاوگرتنـی ڕووداوەکانـی عێـراق و ئەفغانسـتان و تیرۆریـزم، میدیـاکان زۆر گرنگییـان بـە فیلمەکانـم نـەدا و زۆر حەزیـان لـێ نەبـوو. تەنانـەت کاتێـک ویسـتم فیلمـی "بەنـاوی نەریت" لـە لەندەن لـە فێسـتیڤاڵێکی فیلمـی کوردیـدا پێشـکەش بکـەم، چەند بەرپرسـێکی ئـەو فێسـتیڤاڵە گوتیـان: "ئێمـە گەرەکمانـە لە سـەر ئازایەتیی کورد و ناسـیۆنالیزم و ئازادیـی کوردسـتان قسـە بکەیـن کەچـی تـۆ لەو لاوە دێـی لە سـەر خەتەنەکردنی ژنان لە کوردسـتان فیلـم بەرهەم دێنیـت بـۆ ئـەوەی ئابـڕووی ئێمـە و کوردسـتانی پێ ببـەی!" هەندێـک کەس پێیان بـاش بوو و هەندێکیـان باوەڕیـان نەدەکـرد و بە ئامـاژە دەیانگوت درۆیە و سـازکراوی خۆتە. تەوەری فیلمی "هـەژاری و نـان" بـۆ بینـەران تـازە و سـەرنجڕاکێش بـوو، هەرچەنـدە گرینگییەکـی ئەوتۆی پێ نەدرا، بەڵام دەمزانی کە ڕێچکەی کارەکەم دۆزیوەتەوە و دەبێ لەسەری بەردەوام بم.

● وێنەی ٢٣٨- وێنەیەک لە فیلمی "بەناوی نەریت"، توێژینەوەیەی مەیدانی، ئێران، ١٣٩١-١٣٨٤ هەتاوی (٢٠١٢-٢٠٠٥)

● وێنەی ٢٣٩- وێنەیەک لە بەڵگەفیلمی هەژاری و نان، سنوری باشووری کوردستان، بەرهەمی ساڵی ٢٠٠٤

نامەی ماستەر لە مەهاباد

کۆتـا سـاڵی خوێندنـی ماسـتەر لـە زانکـۆی کێنـت بـووم و دەبـا بابەتێکـم بـۆ نامـەی ماسـتەرەکەم پێشـکەش بکردایـە. چەنـد بیرۆکەیەکـم هەبـوو، بـەڵام یەکیـان زۆرتـر سـەرنجی ڕاکێشـام. ئـەو دوو سـەفەرەی کـە ڕۆشـتمەوە بـۆ ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، ڕەفتارەکانـی کامیـار و کانـی و بـە گشـتی جیهانـی زەینیـی مێرمنـداڵان و جیاوازییەکانیـان لەگـەڵ نـەوەی ئێمـە

فکـر و خەیاڵمـی گیـرۆدە کـرد. بڕیـارم دا لێکۆڵینەوەیەکـی شـیکارییانە لەسـەر کاریگەریـی میدیـا لەسـەر تازەلاوانـی ئێرانـی بکـەم. مـن گرووپـی تەمەنیـی سـێزدە تـا شـانزە سـاڵانم وەک کۆمەڵگـەی ئامانـج و کانوونـی پەروەرشـیی[1] منـداڵان و مێرمنداڵانـی مەهابـادم وەک شـوێنی ئەنجامدانـی لێکۆڵینەوەکـە هەڵبـژارد. ناوەنـدی پەروەرشـی سـازوکاری خـۆی هەبـوو و پەیوەندییـە نێودەوڵەتییەکانـی زەمینـەی ئـەوەی هەبـوو کـە لەگـەڵ خوێندکارێکـی زانکـۆ لە دەرەوەی ئێـران ئیـش بکـەن.

بـۆ دەسـتپێکردنی کارەکـە، پەیوەندییەکـی سـەرەتاییم لەسـەر ئاسـتی پارێـزگای ورمـێ سـاز کـرد و لـە ئەنجومەنـی فەرهەنگیـی بەریتانیـا لـە تـاران داوای ڕاوێـژ و هاوکاریـم کـرد. بـە هاوکاریـی مامۆسـتا سەرپەرشـتیارەکانم پیتەر پارکـەر و گۆڵن بوومەن و ڕاوێژی سـارای هاورێم و چەنـد خوێندکارێکـی تـری دەرچـووی زانکـۆ، پێشـنیارەکەم پێشـکەش کـرد. سەرپەرشـتیار (سـووپێروایزێر) و سـەرۆکی بەشـی خەڵکناسـیی زانکـۆ، بیرۆکـەی توێژینەوەکەمـی پەسـەند کـرد و بڕیـار درا بـۆ جێبەجێکردنـی ئـەم نامـەی ماسـتەرە بگەڕێمـەوە بـۆ ئێـران. ئەمـە سـێیەم گەشـتی مـن بـۆ ئێـران بـوو، نیـازم وا بوو بـۆ کۆمەڵێـک مێرمنداڵـی ئەندامـی کانوونـی مەهاباد پڕۆژەیەکـی وێنەیـی ئەنجـام بـدم. پلانەکـە ئەوە بوو کـە کامێرایەکـی بەکرێگیراو بـدرێ بە هەر مێرمنداڵێـک بـۆ ئـەوەی دوای ڕاهێنانـی پێویسـت، پڕۆژەیـەک هەڵبژێـرن و وێنەی لـێ بگرن و لەسـەری بنووسـن. ئەنجامـی کارەکـە لـە پێشـانگایەکدا بخرێتـە ڕوو و منیـش ناوەڕۆکـی وێنـە و نووسـینەکان شـی بکەمـەوە. ئـەم بەرهەمـە تێکەڵەیـەک بوو لـە خەڵکناسـی (ئەنترۆپۆلۆژی) و ئێتنۆگرافیـای وێنەیـی و شـیکاری کـە دواتـر بـە شـێوەی کتێـب بڵاوم کـردەوە. هەروەهـا بـە پێچەوانـەی شـێوازە بـاوەکان، تەنیـا لێکۆڵینـەوە لەسـەر تـازەلاوان نەبـوو بەڵکـوو تـازەلاوان خۆشـیان لـەم لێکۆڵینـەوەدا بەشـدار دەبـوون. هـەر بۆیە لـە بـواری لێکۆڵینەوەی خەڵکناسـی و کۆمەڵناسـیی منداڵانـدا کارێکـی زۆر نـوێ بـوو و لـە ئێرانـدا پێشـینەی کەمـی هەبـوو. کاک حسـێنی زاوامـان لـە ڕێگـەی ناسـیاوێکەوە ناسـاندمی بـە ناوەنـدی مەهابـاد. نامـەی زانکـۆ و نامـەی بەشـی فەرهەنگیـی یونیسـێفم بـە وەرگێڕانەکانیانـەوە پێشـکەش بـە ناوەنـدی ژمـارە یەکـی کانـوون کـە دەکەوێتە پارکی سـەیید قوتب لە شـاری مەهاباد کرد. سـەرەتا پێشـوازییان کـرد، بـەڵام هـەر کـە زانیـان مـن خوێنـدکاری دەرەوەی ئێرانم، هەموو شـتێک گۆڕا. بەرپرسـی ناوەندەکـە وتـی: "دەبـێ لـە ناوەندی پارێـزگای ورمـێ پرسـیار بکـەم" و نامەکانی لـێ وەرگرتم. دوای هەفتەیـەک ڕایگەیانـد کـە بەڕێوەبـەری ناوەنـد لە ورمـێ ڕازییـە: بەڵام بۆ دەسـتپێکی کار دەبـێ ئیـزن لـە حەراسـەتیش وەربگـرن. حەراسـەت کۆبوونەوەیەکـی ڕواڵەتـی بـە ئامادەبوونی سـەرۆکی کانوونـی پارێـزگای ورمـێ سـاز کـرد و ڕەزامەندیـی خـۆی پیشـان دا.

---

١. ناوەندی پێگەیاندنی فیکریی منداڵان و مێرمنداڵان (کانون پرورشی فکری کودکان و نوجوانان)

لـە سـەروبەندی دەسـپێکی کاردا، هەسـتیارییە باوەکانـی ئێـران جارێکـی دیکە کێشـەیان بۆم دروسـت کـردەوە. من ویسـتم دڵنیایان بکەمـەوە کە من هیچ ئامانجێکی سیاسـیم نییـە، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی بڕیـار وا بـوو کچـان و کـوڕان پێکـەوە لـە پۆلێکـدا بـن، ئـەوە نیگەرانـی کردبـوون. بڕیـار وا بـوو هەمیشـە لـە نـاو پۆلەکـەدا چاودێرێـک هەبـێ بـۆ ئـەوەی نـەکا مـن شـتێک فێـری منداڵـەکان بکـەم کـە ڕێگاپێـدراو نەبـێ! وامدەزانی زۆربەی هەسـتیارییەکان وەکوو سـەردەمی مێرمنداڵیـم لەسـەر بابەتـی سیاسـییە، بـەڵام زیاتـر نیگەرانییەکـە لـە سـەر پرسـە سێکسـییەکان بـوو. کاتێـک بوونـی چاودێرەکـەم قبـوڵ کـرد و پێـم گوتـن خۆیـان پۆلـەکان ڕێـک بخـەن، تـا ڕادەیـەک ئەرخایـەن بـوون کـە هەمـوو شـتێک لـە ژێـر کۆنترۆڵـە و دەسـتبەکار بوویـن. کاتێـک نیـوەی کارەکەمـان تـەواو کـرد چاودێریکردنەکـە ئۆتۆماتیکـی کـەم بـووەوە. منداڵەکان ئـەو پۆلەیـان زۆر پێ خۆش بـوو و لەگـەڵ ئەندامانـی دیکـەی ئـەو کانوونـە باسـیان دەکـرد، ئەوانـی تریـش دەهاتـن و هەندێـک جـار دەوری مێزەکـە پـڕ دەبـوو و شـوێنی دانیـشتن نەبـوو، ئەمـەش هەندێـک لـە ڕاهێنەرانـی زیـز دەکـرد و هەنـدێ جـار، بـە بەڕێوەبـەری کانـوون کـە بەسـیجی بـوو دەیانگوت ئەمـە لـە هەندەرانـەوە هاتـووە و دەیهـەوێ منداڵـەکان لـە خشـتە بـەرێ و بەلاڕێیانـدا ببات. بۆ ماوەیـەک دیسـانەوە چاودێریکردنەکـە جیـددیتر بـووەوە، کاتێـک بینیـان هیـچ شـتێک لـە ژێر سەرمدا نییە، خاترجەم بوون.

● وێنەی ٢٤٠- وێنەی فێرکاری بۆ نەوجەوانانی کانوون، مەهاباد، ١٣٨٤ی هەتاوی (٢٠٠٥)

خولـی ڕاهێنانـی وێنەگـری و کارگا (ورکشـۆپ) سـێ مانـگ بـەردەوام بـوو. لـەو ماوەیـەدا خانوویەکـم لـە گەڕەکـی شـەهرەکی کارمەندانـی مەهابـاد بەکرێ گـرت و ژیانم بە شـێوازێکی تـر ئەزمـوون کـرد. بەیانـی هەتا ئێـوارە کاتم لەگـەڵ منداڵەکاندا بەسـەر دەبرد و هەمـوو کات و ژیانـم بـۆ تۆمارکردنـی تێبینییـە مەیدانییەکانـم تەرخان دەکرا کـە لە خەڵکناسـیدا فاکتەرێکی زۆر گرینگـە. سـارا، هـاوڕێ و هاوپۆلی زانکۆم و سەرپەرشـتیاری پڕۆژەکە، پیتـەر پارکەر، زۆریان یارمەتـی دام و ڕاوێـژ و پێشـنیارەکانیان زۆر بەسـوود بـوون. ئـەو ماوەیـەی کە لە مەهابـاد بووم، پەیوەندیم لەگەڵ خزماندا دەسـت پێکردەوە و هەموو دەرفەتێکم بۆ بینینی ناوچە جیاجیاکانی ئێـران قۆسـتەوە. بەرامبـەر کانوون چایخانەیـەک هەبوو کە لاوان لەوێ نێرگەلەیان دەکێشـا کە تاکـە سـەرگەرمیی مومکینـی ئـەو گەڕەکـە بـوو و یەکێـک لـە کوڕەکانـی خـزم کـە نـاوی فوئـاد بـوو و دۆسـتایەتیمان هەبـوو، لـەوێ فێـری نێرگەلەکێشـانی کـردم. کاتـی گەڕانەوە بـۆ لەندەن

نێرگەلەیەکـی دارینـی هەڵکۆڵـراوم لە سـنە کـڕی، هەندێ جار دامدەگیرسـاند، بـەڵام هەرگیز تـام و بۆنـی بـە نێرگەلەکـەی چایخانەی مەهاباد نەگەیشـت.

تەڵاق و هاوسەرگیریکردنەوەی بابم

لـە مەهابـاد خەریکـی کاری نامـەی ماسـتەرەکەم بـووم کە بابـم خاتوونی تەڵاق دا. هێشـتا مانگێـک لـە هاوسـەرگیرییەکەیان تێنەپەڕیبـوو کـە قـڕە کەوتـە بەینیـان. بابـم زۆر هۆگـر و وابەسـتەی دایکـم بـوو و هێشـتا دڵ و دەروونی ئازیەتباری دایکم بوو، هـەر دەگریا و ئێمە و ژنە تازەکـەی هەراسـان دەکـرد، هەڵبـەت لێتان ناشـارمەوە هەر لەسـەرەتاوە وتی ئەم ژنـەم ناوێ و حـەزم لێـی نییـە. دەیگـوت: هـەر جارێک کە لێـی نزیک دەبمـەوە، دەموچـاوی ئامیـن دەبینم کـە بـە تووڕەیـی و دڵێکـی خەمینـەوە دەگـری. دۆخەکە لـەوەش خراپتر بـووەوە، بابـم دەیگوت بێـزم لە دەسـتاوی ئەم ژنە دێتەوە و بە قسـەکردنی قەڵسـم. دەیگوت ناتوانـم لەگەڵی هەڵبکەم و لـە عالـەم دەپاڕایـەوە ڕزگاری بکەن. خـزم و کەس بە تێڕوانینێکی نەریتییـەوە دەیانگوت وردە وردە بـاشتر دەبـی، بـەڵام هەرچـی بابـم بـوو ملی نـەدەدا و دەیگـوت نا بـاشتر نابێت.

پوورەکانـم بەتایبـەت پـوورە خەجیجـم کە خـۆی خاتوونـی بۆ بابـم دۆزیبـووەوە، دەیانگوت: "ئابڕوومـان دەچـێ" بـەڵام بابـم بڕیـاری خـۆی دابـوو و دەیویسـت بـە پێدانـی بەشـێکی کەمی مارەییەکـەی، تەڵاقـی بـدات. بـڕە مارەییەکـی زۆریـان بـۆ خاتـوون دیـاری کردبـوو، بابـم نەیدەویسـت بـۆ یـەک مانـگ ژیانـی هاوسـەرێتی هەمـوو مارەییەکـەی پـێ بـدات. خاتوونیـش کۆڵـی نـەدەدا و دەیگـوت: "مـادام ئـاوا خێـرا تەڵاقـم دەدەی و ئابـڕووم دەبـەی، دەبـێ ئاخـر فلسـی مارەییەکـەم پـێ بدەیـت!" مـن لـە بنەڕەتـەوە دژی مارەییـم بـەڵام چـارم ناچـار بـوو و دەبـا پاڵپشـتیم لـە بابـم کردبایـە. بـە هاوکاریـی ئامۆزاکانـی بابـم و مامـم و پوورەکانـم لەگـەڵ بنەماڵـەی خاتـوون قسـەمان کـرد، بـەڵام بێسـوود بـوو و بەشـێکی زۆری مارەییەکـەی وەرگرت. بەزەییـم پێـدا هاتـەوە، هاوسـەرەکەی لەدەسـت دابـوو و دەیویسـت ژیانێکـی نوێ بنیـات بنێ، بـەڵام هاوسـەرگیریی بەپەلـەی خاتـوون خانـم و کاک کەریـم سـەرکەوتوو نەبـوو.

دوای ماوەیـەک بابـم ژنێکـی جـەوانتر لـە خـۆی هێنـا. لـە دووکانەکـەی خۆیـدا بینیبـووی و ئەمجارەیـان بەبـێ هیـچ دوودڵییـەک و کوردوتەنـی بـە دڵـی خـۆی ژنـی هێنـا. ئـەم خانمـە خەڵکـی ناوچەیەکـی نێـوان مەهابـاد و میاندواو بوو، لە مێردی پێشـووی سـێ کـوڕی هەبوو کە هـەر سـێیان لاو و دەسـتیان لـە گیرفانـی خۆیانـدا بوو. ئـەم ژنە سـاڵانێک لەوەوبەر لـە یەکێک لـە گوندەکانـی نزیـک خۆیـان بـە نـاوی کەڵبەڕەزاخـان مێـردی کردبـوو و دواتـر جیـا ببوونەوە. ژنـە تازەکـەی بابـم بـە ڕێـزەوە ڕفتـاری لەگـەڵ دەکـردم. میهرەبـان بـوو بـەڵام لـە سـەر ئـەوەی کـە خەڵـک چـی دەڵێـن و چـۆن هەڵسـوکەوتی لەگـەڵ دەکـەن زۆر هەسـتیار بـوو. ڕفتارێکـی

خراپم لێ نەدی هەتا ئەوەی کە کەمێک دوای مردنی بابم، شووی بە خزمێکمان کرد و بڕێ ڕەفتاری نەشیاومان لێ بینی، بە جۆرێک کە دەتگوت کەسێکی دیکەیە و نایناسین.

لە کاتی کاری مەیدانیی نامەی ماستەرەکەم لە مەهاباد، چەند جارێک گەڕامەوە بۆ پیرانشار. وەک شتێ ژیان گەڕابۆوە سەر ڕێچکەی ئاسایی خۆی. دوای تەواوکردنی کارەکانم و بەڕێوەبردنی پێشانگای وێنە و بەرهەمی منداڵان لە هۆڵی شارەوانیی مەهاباد، گەڕامەوە بۆ لەندەن. بەو پێیەی کە پڕۆژەی کارەکەم ئێتنۆگرافی و خەڵکناسیی وێنەیی بوو، بە هاوکاری و ڕێنمایی سەرپەرشتیارەکەم و لە ڕێگەی شیکاریی وێنەکان و هاوکاریی زمانی و نووسراوی و پێداچوونەوەی زۆری سارا، نامەی ماستەرەکەم ئامادە بوو و بە ناوی "سازگاری و خۆڕاگری لە مەهاباد" پێشکەشم کرد. ماوەیەک لەمەوبەر نامەی ماستەرەکەم لە دوو توێی کتێبێکدا لە چاپخانەی مێهری لە لەندەن و سکۆلەر پێرنیت بە زمانەکانی فارسی، ئینگلیزی، فەرەنسی و ئەڵمانی چاپ کرا و لەم دواییانەدا، چاپی ئەلیکترۆنی و دەنگییەکەی لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی ئاڤای بووفەوە لە دانیمارک خراوەتە ڕوو و فایلە کوردییەکەشی لە هەولێری هەرێمی کوردستان چاپ و بڵاو بۆتەوە.

وەرزی پێنجەم

گەڕانـــــەوە

پێشەکی

بـە خواسـتی خـۆم لـە شـاری ئامـەد دەسـتم کـرد بـە کارکـردن، بۆ ئـەوەی بەشـێکی تـری چـوار پارچـەی کوردسـتان تاقـی بکەمـەوە. ئەڵبـەت دەمویسـت بـۆ هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان ڕێنوێنێکـی گەشـتیاری بنووسـم، کارێـک کـە لەوانەیـە ئێـوەش بزانـن تـا ڕادەیـەک ناممکیـن بـوو! بەشـێکی هـەرەزۆری ژیانمـان ئـەو ڕووداوانـە پێکی دێنـن کـە نەخوازراوانـە ئەزموونیـان دەکەیـن، چەندیـن جـار ئاراسـتەمان دەگۆڕیـن، بـەڵام وەک شـتێ لـە ئاکامـدا پەتـە نادیـارەکان کۆنترۆڵـی هەمـوو شـتێک دەگرنـەوە دەسـت و ئاراسـتەمان دەگـۆڕن. سـەختییەکی زۆرم چێشـتبوو بـۆ ئـەوەی ئێـران بەجێبهێڵـم و لـە گۆشـەیەکی تـری جیهانـدا سـەر لـە نـوێ دەسـت پێبکەمـەوە، بـەڵام جیهـان خەونـی دیکـەی بـۆ مـن بینیبـوو، خەونگەلێـک کـە تەنیـا بژارەیـان مانـەوە لـە ئێـران لـە تەنیشـت بابمـدا بـوو.

لـە ئێـران مامـەوە و ئاراسـتەی ڕاسـتەقینەی کارەم لـە بـواری توێژینـەوەدا بیچمـی گـرت. بـە چـڕی ئیشـم کـرد، عاشـق بـووم و هاوسـەرگیریم کـرد، بـووم بـە بـاوک و بابمـم لەدەسـت دا و ... . لـە ئێرانـدا دیسـان دەسـتم پێکـردەوە، بـەڵام ئـەم لـە سـیفرەوە دەسـتپێکردنە لەگـەڵ ئەزموونەکانـی پێشـووم فەرقـی هەبـوو، ئـیتر گەنـج و سـاویلکە نەبـووم، ئامانـج و ئاراسـتەم هەبـوو، مرۆڤـەکان و ژینگـەم بـە شـێوەیەکی جیـاواز دەبینـی و هاتمـەوە سـەر ڕەگ و ڕیشـەکەم. مامـەوە بـۆ ئـەوەی ڕێبازێکـی نـوێ بگرمـە بـەر و فێـر بـم کـە ژیـان واتـە لەدەسـتدان و بەدەسـتهێنانەوەی بـەردەوام.

هـەر لـەم سـەروبەندەدا بـوو کـە توێـژەری بـە لامـەوە جیـددیتر بـوو. چوومـە سـەر ئـەو بابەتانـەی کـە هەنـدێ لـە لێکۆڵـەرە ئێرانییـەکان خۆیـان لـە قـەرەی نـەدەدا، چونکـە نەیاندەویسـت تووشـی پێکـدادان لـە گـەڵ پێکهاتـەی حکومـی و سیاسـی و سـەختییەکانی کاری مەیدانـی ببنـەوە و وایـان پـێ بـاش بـوو کـە خۆیـان گرفتـاری تەنـگ و چەڵەمـە نەکـەن. وێـڕای ئاگابـوون لـەوەی کـە بـۆ ئەنجامدانـی توێژینـەوەی مەیدانـی لـە کۆمەڵـگای ئێرانـدا دەبـێ ڕیسـک بکـەی، منیـش مەترسـییەکانم گرتـە ئەسـتۆ و ئەوەنـدەی بـۆم لـووا بـە بەردەوامـی کارم کـرد.

بەشی یەکەم

ئامەد گەورەترین شاری کوردستانی لە جیهاندا

دوای پێشکەشکردنی نامەی ماستەرەکەم، مژوولی و ململانێ زەینییەکانم دەستی پێکرد. بەردەوام لە خۆمم دەپرسی دەبێ چ بکەم؟ ئایا لە بەریتانیا بمێنمەوە؟ ئایا دیسان درێژە بە خوێندن بدەم و لە زانکۆ، شارەوانی، یان دادگا و ... ئیش بکەم؟ لە لەندەن ئارامی و ئاسوودەییم هەبوو، بەڵام شتێکم دەویست کە سەرووی ژیانێکی ئاسایی بێت. پێش و پاش ماستەرەکەم و لە ساڵانی دواتردا لە زانکۆی ئابووری و زانکۆی بێرکبەکی لەندەن لە خولە فێرکارییەکانی "شێوازی لێکۆڵینەوە"، "سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" و "ئاشتیی بەردەوام" ڕاهێنانم بینی. ئەم خولانە فێری کردم لە گۆشەنیگای جیاوازەوە سەیری جیهان و بابەتەکان بکەم. ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تاڵییەکانی سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵی و تەنانەت سەفەرەکانیشم مانایەکی جیاوازیان گرتە خۆیان. ئەم ڕوانگە شیکارییە و هەروەها ئەزموونە ئەکادیمی و کارییەکانم، بەردەوام مێشک و زەینمیان هان دەدا بۆ ئەوەی کاری جیاواز بکەم. پێشینەی وێنەگری و هەواڵنێریم هەبوو، خەڵکناسیم خوێندبوو و لە بواری بەڕێوەبردنی هۆتێل و گەشتیاریشدا ئیشم کردبوو.

دەبا لە ناو ئەو بیرۆکە و بوارانەدا یەکیانم هەڵبژاردبایە و کارێکی جیاوازم دەست پێ بکردایە. بیرۆکەیەکم هەڵبژارد و بڕیارم دا ڕێنوێنێکی گەشتیاریی چڕوپڕ بۆ کوردستانی گەورە بنووسم؛ بەرگێک کتێب لەبارەی هەر چوار پارچەی کوردستان! لە گەشتە بێژوماره‌کانمدا بۆ ناوچە جیاوازەکانی جیهان بۆم دەرکەوت کە تەنانەت کەسانی هۆگر و سەوداسەری سەفەریش، کوردستان و فەرهەنگەکەی ناناسن. دەبا کتێبێکی

ڕێنوێنیم بە ڕوانگەیەکی خەڵکناسانەوە بنووسیبا بۆ ئەوەی فەرهەنگ و مۆسیقا و خواردن و دابونەریت و ڕەسم و ڕێساکانی کوردستانی گەورەی تێدا بناسێنم.

● وێنەی ٢٤١- لە کتێبخانەی نیشتمانی، لەندەن

پێنج مانگی ڕەبەق لە کتێبخانەی نیشتمانیی بەریتانیا کتێبم خوێندەوە بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای بیرۆکەکەم گەڵاڵەیەکی باش بنووسم. لە ناو خوێندنەوەکانمدا، سەفەرنامەکانی سەردەمە جیاوازەکان، بەتایبەت سەفەوی و عوسمانیم بینی کە لەلایەن بانگخوازانی مەسیحی (میسیۆنەر)، بازرگانان، ئەفسەران و پلەدارە سەربازییەکانەوە لە گەشتەکانیان بۆ کوردستان و ناوچە مێژوویییەکانی میزۆپۆتامیا نووسرابوون. بانگخوازە مەسیحییەکان و پلەدارە سەربازییەکان بە یەکەمین خەڵکناسان دادەنرێن. ئەم کەسانە بەهۆی ئەرکەکانیانەوە ناچار بوون بە کونجکۆڵی و سەرنجەوە سەیری دەوروبەرەکەیان بکەن و تێبینییەکانیان یادداشت بکەن. ئەمڕۆ لە مرۆڤناسی و خەڵکناسیدا گرنگترین بنەمایە کە دەبێ هەموو خوێندکارێکی زانکۆ لە سەرەتاوە بە باشی فێری ببێ، بینینی ورد و هەمەلایەنەی بابەتەکانە. ئەم سەفەرنامانە لە باکووری کورستانەوە دەستی پێدەکرد و تا میزۆپۆتامیا بەردەوام دەبوو. ئەم دوو ناوچە لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی بۆ ئەورووپییەکان گرنگ بوون: یەکەم ئەوەی کە مەسیحییەکان بە هۆکاری ئایینی و فەرهەنگییەوە گرنگییەکی تایبەتیان بەم ناوچە داوە، زۆرێک لە ڕووداوە گرینگە ئایینییەکان لەم جوگرافیادا ڕوویان داوە، زۆرێک لە پیاوچاکان و شوێنە گرنگە مێژوویی و ئایینییەکانیان لەو ناوچانەدا بوون. جیا لەوەش زۆرێک لە فەیلەسووفانی سەردەمی کۆن و خواناسە مەسیحییەکان لەم ناوچانەدا دەژیان و لەبەر ئەمەش ئەم ناوچە زۆر بە لایانەوە گرنگ بوو. هۆکارەکەی دیکە، هۆکاری سیاسی بوو کە زۆربەی ئەو سەفەرانە بۆ باشتر ناسینی ناوچەکە و بە مەبەستی داگیرکاری و کۆلۆنیالیزم ئەنجام دەدرا. لە ئەدەبیاتی سیاسی و بەشێک لە تێڕوانین و نووسینە شەخسییەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا سەبارەت بە گونجاوی، نزیکیی ڕێگا و بزاڤی ئایدۆلۆژیکیی پ.ک.ک و ئیلهاموەرگرتن لە مێژۆپۆتامیا بابەتم خوێندبووەوە. شارستانیەتی نوێی ڕۆژهەڵاتی‌ناوین لێرەوە دەستی

پێکردبـوو و داهێنانـی کەرەسـتەی کشـتوکاڵی و جووتکـردن و هتـد لـەم ناوچـەوە سـەری هەڵـدا. مـرۆڤ ناتوانـێ ئاسـەواری شارسـتانییەتە پێشـکەوتوو و ڕەگداکوتاوەکانـی میزۆپۆتامیـا لـەم ناوچـەدا ببینـێ و حـەزی لێـی نەبێـت. ڕۆژانێکـی زۆرم لـە کتێبخانـەی نیشـتمانیی بەریتانیـا بـۆ خوێندنـەوە و تاوتوێکـردن و لێکۆڵینـەوە لـە سـەر سـەفەرنامەی ئـەو کەسـانە بەسـەر بـرد کـە لـە ڕابـردوو و ئێسـتادا سـەفەریان بـۆ مێزۆپۆتامیـا کردبـوو. تـا زیاتـرم دەخوێنـدەوە، زیاتـر سەرسـامی ئـەم بەشـەی ڕۆژهەڵاتیناویـن دەبـووم.

بیـرەوەری و ڕوودانووسـیی ئەفسـەرانی سـوپای بەریتانیـا یـان بانگخـوازە مەسـیحییەکان خاڵـی سـەیر و سەرنجڕاکێشـیان تێـدا بـوو. لـە نووسـینەکانیاندا گرنگییەکـی زۆریـان بـە کلێسـای سریانـی و ئاشـووری و پێکهاتـەی دانیشـتووانی ناوچەکـە، بنەچـەی کـوردان لـە ڕووی کۆمەڵایەتـی و پێشـینەی سیاسـییان لـە ناوچەکـە، سیاسـەتەکانی ئیمپراتۆریەتـی عوسمانـی بەرامبـەر بـە کـوردان، دەرکردنـی ئەرمەنییـەکان و جێگیرکردنـی کـورد کـە ئێسـتا لەگـەڵ حکوومـەت لـە شـەڕدایە و ... . خوێندنـەوەی ئـەم نووسـینانە کـە هەندێکیـان بـە قەڵەمێکـی داگیرکەرانـە و کۆلۆنیالیسـتی نووسرابـوون و بـە گشـتی وەسـفێکی لەبـار و ئەرێنییـان بـۆ گەلانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و کـورد نەبـوو، بـۆ مـن سەیروسـەمەر بـوو.

بابەتەکـە بـۆ دەزگاکانـی لەچاپدانـی کتێبـی ڕێنوێنیـی گەشـتیاری لـە بەریتانیـا سـەرنجڕاکێش نەبـوو و توێژینگەکانیـش پێشـوازییان لـێ نەکـرد. ناچـار بـووم کـە هـەر جۆرێـک بـێ پاڵپشـت و سپۆنسـەرێک بدۆزمـەوە. سیاسـەتمەدارانێکی پلـە بـاڵا هاتوچـۆی لەندەنیـان دەکـرد کـە لـە مـاوەی هاوکاریکردنـم لەگـەڵ ناوەنـدی فەرهەنگیـی کوردانـی باکـوور، وەک ڕێنوێـن و هەندێـک جاریـش وەک وەرگێـڕ لەگەڵیـان بـووم. لـە مێشـکمدا کەسـەکانم وەبیـری خـۆم دەهێنایـەوە و باشتریـن بـژاردەم دۆزییـەوە، عـوسمان بایدەمیـر. ئـەو و ڕەیحانـەی هاوسـەری پارێـزەر و ماوەیەکیـش سـەرۆکی نووسـینگەی یاسـایی شـاری ئامـەد بـوون. ئـەم نووسـینگە زیاتـر لـەوەی نووسـینەگەیەکی یاسـایی بـێ، سیاسـی و لـە پەکەکەشـەوە نزیـک بـوو.

دواتـر بایدەمیـر وەک نوێنـەری پارتـی دەتەپـە (پارتـی کۆمەڵـگای دیموکراتـی) هەڵبژێـردرا و بـە ڕێژەیەکـی زۆری دەنـگ کـرا بـە سـەرۆکی شـارەوانیی دیاربەکـر. عـوسمان کەسـایەتییەکی سیاسـی و خـاوەن ڕوانگەیەکـی جیـاواز بـوو؛ کاریزماتیـک، قسـەخۆش، زیـرەک و تێڕوانینێکـی مۆدێرنـی هەبـوو و بێگومـان هەندێـک جـار سـەرەڕای هاوپەیمانییـان لەگـەڵ پارتـی د.ت.پ تووشـی ناکۆکـی دەهاتـن. بـە بـاوەڕی حکوومـەت، د.ت.پ لـە پ.ک.ک نزیـک بـوو و حکوومەتـی تورکیـاش ڕەشـبینانە مکـوورِ بـوو لەسـەر ئـەوەی کـە هیـچ جیاوازییـەک لـە نێـوان ئـەو دوو حیزبـەدا نییـە.

کاتێـک لای هاوڕێکانـم قسـەم لەسـەر ئـەم بابەتـە کـرد، وتیـان: "ئـەوە شـێتی؟!" مـاڵ و

حاڵت لە لەندەن بەجێدەهێڵی کە سەفەرنامەی چوار پارچەی کوردستان بنووسی؟ هیچ بیرت لە کات و تێچووی سەفەرەکەت کردۆتەوە؟" پییان وابوو بیرۆکەکەم جێبەجێ نابێ و ئەگەریش ژیرانە بیرم لێ بکردایەتەوە قسەکەیان ناحەق نەبوو. خانووەکەم بە کرێ دا بە مانوێلی هاورێم و ڕەفێقێکی دیکەی ئەڵمانیم بۆ ئەوەی بتوانم قەرزی خانووەکە بدەمەوە بە بانک. بەوانی دیکەشم ڕاگەیاند کە چیتر لە کۆمەڵەی توێژینەوەی خوێندکاران (KSSO) هیچ پۆستێکم نییە بۆ ئەوەی هەرچی زووتر هەڵبژاردن ئەنجام بدەن و سەرۆکێکی نوێ دەستنیشان بکەن. کاری ڕاوێژکاری، نووسینگەی پارێزەران و دادم ڕادەست کرد و حسێب و کتێبەکانم یەکلایی کردەوە. کەلوپەلەکانم لە عەمباری ژێر بنمیچی ماڵەکەمدا دانا و ئامادە بووم کە بەریتانیا بەجێ بهێڵم.


NARRATIVE
OF
A TOUR THROUGH
ARMENIA, KURDISTAN, PERSIA,
AND
MESOPOTAMIA.
WITH
OBSERVATIONS ON THE CONDITION OF MOHAMMEDANISM AND CHRISTIANITY IN THOSE COUNTRIES.
By the Rev. HORATIO SOUTHGATE.
IN TWO VOLUMES.
VOL. I.
PERSIAN GIRAH.
LONDON:
TILT AND BOGUE, 86, FLEET STREET.
D. APPLETON & CO., NEW YORK.
MDCCCXLI.

● وێنەی ٢٤٢- سەفەرنامەی ئەرمەنستان، کوردستان، ئێران و مێزۆپۆتامیا

پلانم ئەوە بوو کە بۆ نووسینی کتێبی گەشتیاری لە ئامەدی باکووری کوردستان لە تورکیاوە دەست پێبکەم و دواتر بچمە سووریا، عێراق و دواجاریش ئێران. ئەو ڕۆژەی بریتانیام بەجێهێشت، هەم دڵتەنگی و دڵەڕاوکێم هەبوو و هاوکاتیش هەستم بە ڕزگاربوون دەکرد. هەستم دەکرد لە هەموو ئەو بەرپرسیارێتییانەی کە لە تەمەنی گەنجیدا قبووڵم کردبوو، دەرباز بوومە و مەرج نییە بەردەوام لە خەمی قەرزی بانکی و داهات و مووچەی مانگانەمدا بم. ئەم چەند ساڵە خۆم ژیانی خۆمم بەڕێوە دەبرد و بەرپرسایەتییەکی قورسم لە سەر شان بوو. بلیتێکی یەک لایەنەم لە لەندەنەوە بۆ فرۆکەخانەی ئەتاتورک کڕی.

کە گەیشتمە ئەستەنبوڵ، بلیتی فرۆکە بۆ ئامەدم دەست نەکەوت و تەنانەت نەگەیشتمە ئوتووبووسیش. هاورێکانم لە ئامەد چاوەڕێم بوون و نەمدەویست لە ئەستەنبوڵ بمێنمەوە. سواری ئوتووبووسێک بووم کە بەرەو ڕحا (ئۆرفا یا شانلی ئۆرفا) دەچوو. ڕحا، بە مەودایەکی چەند کاتژمێری، هاوکەوشەنی شاری ئامەدە، حەشیمەتە

سەرەکییەکەی کوردە و پێکهاتەیەکی بچووکی دوو ئێتنیکی عەرەب و تورکەمەنیشی لە خۆ گرتووە. ئەم شار و پارێزگایە شوێنی لەدایکبوونی گۆرانیبێژی بەناوبانگی تورکیا ئیبراهیم تاتلیسەس و هەروەها عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستانە.

● وێنەی ٢٤٣- شووره و دیواری شاری ئامەد، ٢٠٠٧

دێر گەیشتمە ئوتووبووس و لەگەڵ شەش- حەوت کەسی تر لە دواوەی پاسەکە دانیشتین. بە پاڵەپەسکێ پێکەوە لە سەر بزوێنەری پڕ لە هاڕە و تەقەی ئوتووبووسەکە جێی خۆمان کربووەوە. مسافرەکان زۆربەیان کورد و عەرەبی ئۆرفا بوون کە شەکەت و هیلاک بەڵام دڵخۆش، لە کارکردن لە باخەکانی ڕۆژاوای تورکیا دەگەڕانەوە. شۆفێرەکە بە درێژایی ڕێگا گۆرانییەکانی ئیبراهیم تاتلیسەسی دادەنا. ئەو گۆرانییانەی کە سەردەمانێک لە ئێران دەمبیست و بیستنەوەیان لەگەڵ کرێکارە کوردەکان لە دواوەی ئوتووبووسەکەدا، هەستێکی زۆر خۆشی پێدام. جیا لەوەی هەموو یادەوەرییەکانم زیندوو بوونەوە، هەستم دەکرد بەرەو ژیانێکی تەواو نوێ و جیاواز دەچم، بەرەو شارێک کە تەنانەت نەمدەزانی کوێیە!

دواجار گەیشتم. چەند ڕۆژێکم لەگەڵ هاوڕێکانم ئەمین و خەجیج و مەتین و ئەرسلان بەسەر برد و دواتر هەوڵم دا عوسمان بایدەمیر ببینم. سەری قاڵ بوو و بەردەوام دەچوو بۆ سەفەر و کۆبوونەوەکان. ماوەیەکی پێچوو هەتا کاتی دیداریان ڕاگەیاند. لەگەڵ خەجیج چووم بۆ بینینی کاک عوسمان. سەیر بوو کە لە کاتی کۆبوونەوەکەماندا من بە زاراوەی کرمانجی قسەم دەکرد و ئەویش بە زمانی ئینگلیزی. کاک عوسمان لە هەر حاڵەتێکدا هەوڵی دەدا ئینگلیزییەکەی باشتر بکات. کاتێک بیرۆکەکەم خستە ڕوو، وتی: "لەگەڵتم، تۆ خەریکی کارێک دەکەی کە هەم لەگەڵ ڕوانگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان یەک دەگرێتەوە و هەمیش لەگەڵ چالاکییەکانی کەرتی گەشتیاریی شارەوانییەکانماندا دەگونجێت".

کاک عوسمان بۆی ڕوون کردمەوە کە لە کوردستانی باکوور ڕاکێشانی گەشتیار ڕووبەڕووی کۆسپ و تەگەرەی زۆر دەبێتەوە. میدیاکان چ لە ئاستی ناوخۆیی و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، بە پڕوپاگەندەی نەرێنی ئەو وێنایەیان دروست کردووە کە ئەم سنوورە هەمیشە شەڕ و نائارامییە. کاک عوسمان کەسێکی زیرەک بوو، خێرا بیرۆکەکەمی

قۆستەوە و ئاراستەیەکی سیاسی پێ بەخشی. دیارە من ئامانجی خۆم هەبوو و ئەویش ئامانجی خۆی. وتم: "کاک عوسمان هەر دووکمان دەزانین پێویستم بە ئیمکاناتی شارەوانییە، ئەمە مەعامەلەیەکی براوە - براوەیە!" داوای لە سکرتێرەکەی کرد من بباتە میوانخانەی شارەوانی. ئەم هۆتێلە ماڵێکی ئەرمەنیی کۆن و مێژوویی بوو کە لە ناوەڕاستی شارەکەدا هەڵکەوتبوو.

● وێنەی ٢٤٤- عوسمان بایدەمیر سەرۆک شارەوانیی ئامەد، نووسینگەی شارەوانی

بڕیار وابوو حەوتەی داهاتوو لە کۆبوونەوەیەکدا بە ئامادەبوونی سەرۆک شارەوانییەکانی دیکەی ناوچەکە بیرۆکەکەم بخەمە ڕوو، بۆ ئەوەی ئەگەر پەسەند کرا، بەشێک لە ئیمکانات و بوودجەی پێویستم بۆ دابین بکەن. دواجار کۆبوونەوەکە بەڕێوە چوو و بە پێی بۆچوونی ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە، بە هەندێک گۆڕانکارییەوە پلانەکەم لەگەڵ پێویستی و پێناسەی ئەو ناوچەی کە تێیدا بووم نزیکتر کردەوە. بڕیار درا من لە شارێک یان دوو شاری پارێزگای ئامەدەوە دەست پێ بکەم بۆ ئەوەی دوای بینینی نموونەکان بتوانن دوابڕیاری خۆیان بدەن. ئەزموونێکی زۆرم نەبوو، بەڵام بەهرە و تامەزرۆییەکەم قەناعەتی پێ کردن.

جگە لە شوێنی خەوتن، ئیمکاناتی دیکەشیان بۆ دابین کردم؛ ئۆتۆمبێل و شۆفیر و دوو یاریدەدەر. دەستم بە کاری مەیدانی کرد و بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو نامیلکەیەکم لە تێبینییەکانم وەک دەقی سەرەتایی ڕێنوێنیی گەشتکردن ئامادە کرد. لە ڕۆژی کۆبوونەوەکەدا هەمووان لەسەر هاتنی سەرۆک دڵەڕاوکێیان هەبوو. بەڕێوەبەری گاپ (کۆمەڵەی سەرۆک شارەوانییەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا)، کە مەناف ناوێک بوو، سترێسی هەبوو و چەندین جار گەڵاڵە و دیزاینی نامیلکەکەی گۆڕی، بەردەوام پێمی دەگوت چی بڵێم و چۆن ئیش بکەم. هەستم کرد کە ئەم هەموو ترس و ملکەچی و لەبەرچاوگرتنی زنجیرەی پلە و پۆستانە لەگەڵ دروشمی دیموکراتیکی پارتی د.ت.پ و ئامانجی ڕەوتی سیاسییان زۆر یەک ناگرێتەوە. دواتر زانیم لە سەرانسەری تورکیادا دۆخەکە هەمان شتە و لە ڕێکخراوە حکومییەکاندا زۆرێک لە بڕیارەکان فەرماندەتەوەرە.

لە تێبینیەکانمدا سەبارەت بە هەموو شتێک بابەتم نووسیبوو: خووخدەی خەڵک، بازگەی پشکنینی هەراسانکەر و بوونی ئۆتۆمبێلی سەربازیی چەکدار و هتد. بایدەمیر بە پێکەنینەوە وتی: «کاتێک ئاوا بە ئاشکرا لەسەر بازگە و بوونی ئۆتۆمبێلی سەربازی

● وێنەی ٢٤٥- نووسینگەی پرۆژە، سوور، شاری کۆنی ئامەد، ٢٠٠٦

دەنووسی، گەشتیاران هەست بە نائەمنی دەکەن و نایەنە ئەم ناوچە!» ڕوانگەیان ئامانجدار بوو و دەیانویست ئەنجامی کارەکە وەها بێ کە بارودۆخی ناوچەکە ئارام و خۆش پیشان بدەن. بۆیانم ڕوون کردەوە کە ئەمە دەبێتە یەکێک لە ڕێنوێنە سەرتاییە سەربەخۆکانی سەفەر بۆ کوردستانی تورکیا، کە جگە لە کوردی و تورکی بە زمانی ئینگلیزیش بڵاو دەبێتەوە. یەکێک لە چاوەڕوانییەکانی گەشتیارانی بیانی لە کتێبە ڕێنوێنییەکان ئەوەیە کە لەم هۆشدارییانە ئاگاداریان بکەینەوە و ئەگەر ڕاستگۆیانە ئیش نەکەین، ئەوا لە ڕووی یاسایی و ئەخلاقییەوە تووشی کێشە دەبین.

لە کۆتاییدا بڕیار درا کە من مژارە بەرچاو و خەڵکناسییەکان بۆ خۆم یادداشت بکەم، بەڵام لەو بەرگەی کە بەوانی دەدەم خاڵە ئاسایشی و ئەمنییەکان زەق نەکەمەوە. بەم شێوە پرۆژەی ڕێنوێنیی گەشتکردن بۆ پازدە پارێزگای باکووری کوردستان (کوردستانی تورکیا) پەسەند کرا و کاری هاوبەشمان دەستی پێکرد. کاتێکی زۆری خایاند تا بوودجەی پێویست دابین کرا، بەڵام لە بایدەمیر ئەرخایەن بووم و بە بێ گوێدانە بوودجە و مووچە کارەکەم ئەنجام دا.

هۆتێلی شوێنی مانەوەم لە ناوەڕاستی شاردا بوو، شوێنێک کە هەوڵم دەدا بە وردی ڕەفتار و شێوازی ژیانی خەڵک لێک بدەمەوە. جلوبەرگی سادە و ساکاری ئەو کچ و کوڕانەی کە بە شەروالی جین و تیشێرتەوە لە کافەکاندا دەسووڕانەوە، سەرنجی ڕاکێشام. جموجۆڵی ئێوارە گەرمەکانی ئامەد (دیاربەکر) لەگەڵ ناوچەکانی تری وەکوو

ئێران و عێراق فەرقی هەبوو. لاوان لە شەقامێک بە ناوی هونەر چا و قاوەیان دەخواردەوە و جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ئەورووپییەکان نەبوو. دواتر بۆم دەرکەوت کە ئەمە تەنها ڕواڵەتی بابەتەکەیە و ناوچە جیاجیاکانی شار شوناس و پێکهاتەی تایبەتیی خۆیانیان هەیە. وردەوردە لایەنەکانی تری کۆمەڵگام بینی و کۆمەڵێ وردەکاریی گرنگم بۆ دەرکەوت، کە دواتر باسی دەکەم.

زمانی فەرمیی بازاڕ و شەقامی ئامەد، تورکییە. پێم سەیر بوو کە گەورەترین شاری کوردستان کە وەک پایتەختی سیاسی کوردستانی گەورە لە قەڵەم دەدرێ، لە پاراستنی زمانی دایکی و بژێرە فەرهەنگییەکان تا ئەم ڕادە لاوازە. هەڵبەت بەشێکی ئەم لاوازبوونی زمانی کوردییە لە شاری ئامەد جیا لە هەڵاواردنی سیستماتیکی حکومەتی تورکیا، دەگەڕێننەوە بۆ ڕێکخراوی پ.ک.ک، کە گرنگییەکی ئەوتۆی بە ڕۆڵ و گرنگیی زمان نەداوە، هەرچەندە یەک - دوو لە بەرنامە ڕادیۆیی و تەلەڤیزیۆنییە سەتەلایتییەکانی پەکەکە بە زمانی کوردییە. دواتر لە کرماشان کە یەکێک لە گەورەترین شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە تووشی هەمان دیاردە بوومەوە کە زمانی کووچە و کۆڵانەکانی، فارسییەکی تێکەڵ و پێکەڵ بوو.

● وێنەی ٢٤٦- منداڵان لە شاری کۆنی ئامەد کە بە شاری بەردین بەناوبانگە، ٢٠٠٧

بەشێک لە باکووری کوردستان کە ئێستا بەرفراوانتریش بووە سەر بە حکومەت و ئاکەپە بوون. ئەم خەڵکە دژایەتی پەکەکەیان دەکرد و پێیان وا بوو کە ئەم پارتە پاشخانێکی دژە ئیسلامی و مارکسیستی هەیە. شار هەمیشە ناواخنی گرژی و ئاڵۆزی بوو، گەنجان لە دژی بێکاری و هەڵاواردن نارەزایەتیان هەبوو و ئەو دۆخە وای کردبوو

کـە بـەرەو شـارەکانی ڕۆژاوای تورکیـا یـان ئەسـتەنبوڵ کـۆچ بکـەن.

بڕیـار وا بـوو نووسـینگەیەکم پـێ بـدەن. پێشـنیاریان کـرد بچمـە باڵەخانـەی شـارەوانی، بـەڵام مـن ڕەتـم کـردەوە و گوتـم: "کارەکـە ڕەوتێکـی ئیـدارەی دەگرێتـە خـۆی و بـە خـاوی پێـش دەچێـت" دەمویسـت زیاتـر لـە نـاو خەڵکـدا بـم و بـە شـێوەی ڕاسـتەوخۆ و چۆنایەتییانـە بابەتەکـە لێـک بدەمـەوە. زۆربـەی ناوچـە گەشـتیارییەکانی دیاربەکـر دەکەوێتـە ناوچـەی کۆنـی سـوور، کـە شـارقەڵایەکی دێریـن بـووە. شـارەوانی لـەو ناوچـە خانوویەکـی کۆنـی بازرگانێکـی سـوریانی کڕیبـوو و نۆژەنـی کردبـۆوە، کـە دەکەوتـە کۆڵانێکـی تەسـکی گەڕەکـی بەناوبانگـی زیـا گۆکالـپ، کـە کردبوویـان بـە ماڵیدەنگبێـژ. بەشـێک لـەو ماڵەیـان وەک نووسـینگەی کار پێدایـن. نهۆمـی سـەرەوەی ماڵەکـە چەنـد ژوورێکـی چۆڵـی هەبـوو و داوام لـە شـارەوانی کـرد کـە لـە نـاو ئـەم ژوورانـەدا نیشـتەجێ بـم کـە پێشـنیارەکەمیان بـەدڵ بـوو. وا دیـارە زۆر کـەس نەیاندەویسـت لـەم ناوچـەدا کار بکەیـن و بژیـن. زۆر جـار بـڕق دەکـوژاوە، شـەڕ و پێکـدادان لەگـەڵ پۆلیـس شـتێکی ئاسـایی و بـاو بـوو، هـەر لـە بەرەبەیانـەوە هەتـا ئێـوارە دەنـگ و گۆرانیـی دەنگبێـژەکان لـە نـاو حەوشـەی قیرتاوکـراوی ئـەم خانـووەدا دەبیـسترا.

هـەر زوو چەنـد یاریـدەدەر و سـکرتێر و دواتـر ئێدیتـۆر و گرافیسـتمان دامەزرانـد و منیـش وەک سەرپەرشـتیار و ڕێکخـەری پڕۆژەکـە تیمەکـەم لـەم خانـووەدا جێگیـر کـرد. ئێمـە بـە لێکۆڵینـەوە سـەرەتاییەکان دەسـتمان بـە نووسـینی بەشـی یەکەمـی کتێبەکـە کـرد و پاشـان پارێـزگا بـە پارێـزگا کاری مەیدانـیمان ئەنجـام دا. لـە پارێـزگای بچووکی سـێرتەوە پلانەکەمان دەسـت پێکـرد کـە نزیـک پارێـزگای ئامـەد بـوو. بڕیـار بـوو نزیکـەی سـاڵێک لـە پـازدە پارێـزگا کاری مەیدانی بکەین و ساڵێکیش قۆناغی نووسینەکەی تەواو بکەین.

● وێنەی ٢٤٧- لەگەڵ دەنگبێژەکان، حەوشەی شوێنی کارەکەم، ئامەد، ٢٠٠٦

ڕاکشـانی گەشـتیار لـە تورکیـا پرسـێکی گرنگـە و چەندیـن کتێبـی ڕێنوێنـی چـاپ کـراون. لـە هەندێـک لـەو کتێبانـەدا زۆر بـە کورتـی بـاس لـە پارێـزگای بەناوبانگـی ماردیـن و هەندێـک شـوێنی گەشـتیاری کـراوە. شـارەوانییەکان لـە پارێزگاکانـی باکـووری کوردسـتان بروشـووریان بـۆ ناسـاندنی شـوێنە گەشـتیارییەکان ئامـادە کردبـوو، بـەڵام زانیاریـیـەکان پـەرش و بڵاو و ناتەکـووز بـوون. بـە گشـتی هیـچ بەرهەمێـک نەبـوو کـە هـەر پـازدە پارێزگاکـە بـە شـێوەیەکی ڕێکوپێـک لـە ڕێنوێنێکـی گەشـتیاریدا ڕوومـاڵ بـکات.

ڕووبـەری پـازدە پارێزگاکـە نزیکـەی یـەک لەسـەر سـێی خاکـی ئێـران بـوو و ئامـار و زانیاریـی پێویسـتمان لەسـەر شـوێنە مێژوویـیەکانیـان نەبـوو. هەبوونـی سریانیـی کاسـۆلیک، ئەرمەنـی، جوولەکـە، کـورد و تـورک لـەم ناوچانـەدا، مێـژوو و پاشـخانێکی دەوڵەمەنـدی هەیـە کـە نەماندەتوانـی بـە ئاسـانی لێـی تێپەڕیـن. ئـەم ناوچانـە لـە ڕووی مێـژوو و شارسـتانییەتەوە زۆر دەوڵەمەنـد بـوون و هەڵکەوتنیـان لـە ناوچـەی میزۆپۆتامیـا گرنگییەکەیانـی سـەد قـات کردبـوو. پێکدادانەکانـی سـوپای تورکیـا لەگـەڵ پەکەکـە کـە دەیـان سـاڵ لەوەوبـەر دەسـتی پێکردبـوو، هیـچ دەرفەتێکـی بـۆ کارکـردن و لێکۆڵینـەوە لـە سـەر بابەتـی فەرهەنـگ و گەشـتیاری نەهێشـتبووەوە. ناوچەکـە لـە دۆخێکـی ئاڵـۆزدا بـوو و لـە نـاو زوقمـی پەراوێزکەوتنێکـی مێژوویـی، فەرهەنگـی، ئایینـی و سیاسـیی گـەورەدا پەکـی کەوتبـوو. لـە مـاوەی سـەد و پەنجـا سـاڵدا دوو ڕووداوی گرنـگ، سـێبەری خسـتبووە سـەر ژیانـی ناموسـڵمانەکانی ئـەو ناوچانـە؛ یەکێکیـان دەرکردنـی ئەرمەنـەکان و مەسـیحییەکان و مەزهەبـە ناموسـڵمانەکانی دیکـە و ئـەوی دیکەیـان کۆمەڵکوژیـی بەناوبانگـی ئەرمەنـەکان بـوو کـە بـووە هـۆی کۆچکردنیـان. لـە مـاوەی سـی سـاڵی ڕابـردوودا شـەڕی نێـوان کـورد و تـورک، پێکهاتـەی دیمۆگرافیـای ئـەو ناوچانـەی گـۆڕی بـوو و دێهـات و لادێیەکـی زۆر چـۆڵ ببـوون.

ئەو ئەرمەنییانەی کە پاکتاو کران

فیاتێکـی بچووکـی ئیتاڵـیمان بـە تاپـۆی دیاربەکـرەوە هەبـوو کـە هەمیشـە لـە بازگەکانـدا سەرئێشـەی بۆمـان سـاز دەکـرد، بـەڵام دەبـا خەڵاتـی باشتریـن و پتەوتریـن ئۆتۆمبێلـی جیهانـی وەربگرتایـە. ئێمـەی دەبـردە شـوێنانێک کـە کـەمتر ئۆتۆمبێلێکـی بـەرز (شاسـی بڵینـد) دەیتوانـی پێیـدا بـڕوات. شـێوازی کارکردنمـان ئـاوا بـوو کـە شـار و دێهاتـەکان دەگەڕایـن و ناوەنـدە گەشـتیارییەکان، کاروانسـەراکان، حەمامـەکان، کڵێسـاکان، مزگەوتـەکان، دەیـر و خانەقـاکان و شـوێنەوارە مێژوویـیەکانمـان سـەرباری وێرانـی و پشـتگوێخراوییان، تۆمـار دەکـرد. ئێمـە تایبەتمەندییـە ڕواڵەتـی و مێژوویـیەکانـی بیناکانمـان

بـە شـێوازی وەکـوو یادداشـتەهەڵگرتنەوە، گرتنـی ڤیدیـۆ و وێنـە، پێوانەکردنـی ڕووبـەر و ڕێگاکانی گەشتکردنی بۆیان، دەستنیشان و نوێی دەکردەوە.

وێنەی ٢٤٨- شۆردنی مینی فیات، دێرسیم، ٢٠٠٨

کاری مەیدانـی بریتـی بـوو لـە سـەردانکردنی شـوێن، کارەکانـی دیکەش لـە نووسـینگەی ئامـەد ئەنجام دەدرا، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی زانیاریـی سـەرەتایی زۆرمـان نەبـوو، هەندێـک جـار بـۆ چەنـد حەوتەیـەک سـەرقاڵی کاری مەیدانی دەبووین.

هـەر لـەم هاتوچۆکردنانـەدا بـوو کـە سیاسـەتی قـووڵ و جیاکارانـەی ئێتنیکـی – ئایینیـم بـۆ دەرکـەوت. زۆربـەی ناوەنـدە ئایینـی و فەرهەنگـی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەرمەنییـەکان و کەمینـە ئایینیەکانـی دیکـە پشـتگوێ خرابـوون، بـۆ ئـەوەی لەنـاو بچـن. لـە گونـدە ئەرمەنینشـینەکان لانیکـەم یـەک کڵێسـا هەبـوو کـە دەیتوانـی لـە ڕووی بیناسـازییەوە سـەرنجڕاکێش بـێ، بـەڵام سیاسـەتەکە ئـەوە بـوو کـە لـە کپـی و بێدەنگیـدا ئـەو شـوێنەوارانە لەنـاو ببـەن. لێتانـی ناشـارینەوە کـە لـە هەندێـک شـوێن خەڵـک خۆیـان لەبـەر دەمارگرژیـی ئایینـی یـان ئـەو بـاوەڕەی کـە کشیشـەکان پێـش ئـەوەی کڵێسـا بەجـێ بهێڵـن کەلوپەلـی گرانبەهایـان لـە میحرابـدا چـاڵ کـردووە، بەشـێک لـەو بینایانەیـان وێـران کردبـوو. حکومـەت زۆر توخوونـی ئـەم بینایانـە نەدەکـەوت و زۆر جـار وا پێـش دەهـات لـە تەنیشـت یـان لـە سـەر داروپـەردووی کڵێسـایەکی جـوان، مزگەوتێکـی گـەورە و مۆدێرنیـان بینـا دەکـرد.

کۆمەڵکوژکردنـی ئەرمەنییـەکان بـووە هـۆی چۆڵکردنـی گوندەکانیـان. هەنـدێ لـە ئاغـا کـوردەکان و خەڵکـی ناوچەکـە بـە پشـتیوانیی حکوومەتـی ئـەوکات، مـاڵ و مـەزرای ئەرمەنەکانیـان داگیـر کـرد. حکومەتـی ئێسـتا وردە وردە و بـە پێـی سیاسـەتێکی نەوتـراو، دوای پاکتاوکردنـی ئەرمەنـەکان دەسـتی کـرد بـە کوردسـڕینەوە و نـاوی گوندەکانـی لـە کوردییـەوە کـرد بـە نـاوی تورکـی. سـەیر لەوەدایـە کـە خەڵکـی ئـەم ناوچانـە ئـەم ناوانەیـان بـە فەرمـی نەدەناسـی و بـەردەوام نـاوە ئەرمەنـی و کوردییەکانیـان بـە کار دەهێنـا. بەکارهێنانـی نـاوی پێشـووی ئـەم گوندانـە لـە لایـەن خەڵکـەوە جـۆرە کارلێکێکـی نارەزایەتـی بەرامبـەر بـە ئایدۆلۆژیـای باڵادەسـتە، کـە نـاوی گونـد و شـەقام و کۆڵاڵانەکانـی گۆڕیـوە و خەڵکیـش بـە بەکارهێنانـی نـاوە کۆنـەکان ئـەم نارەزایەتییـە دەردەبڕێـت. لـە ئێرانیشـدا شـاهیدی ئـەم سیاسـەتە هەیـن و دەبینیـن کـە زۆر کـەس شـەقامە سـەرەکییەکان بـە ناوەکانـی سـەردەمی پەهلەوییـەوە دەناسـن. یەکێـک لـەم نموونـە هەرەئاشـکراکان لـە وڵاتـی

ئێران خووزستانە، هەندێ لە شارەکان دوو ناویان هەیە، ناوێکیان لەلایەن حکومەت و لە سەرچاوە حکوومییەکانی وەکوو بەڵگەنامە و نەخشە و هتد بەکار دەبرێ و ناوێکیش کە عەرەبە ڕەسەنەکانی ناوچەکە بەکاری دێنن. ئەوان بەم کارە نارەزایەتیی خۆیان بەرامبەر بە سەرکوتی بەربڵاوی ئێتنیکی لەو ناوچانەدا نیشان دەدەن و بەرەنگاری عەرەبسڕینەوە لە ناوچەکەدا دەبنەوە. لە پارێزگای خووزستان نموونەی ئەم بابەتە زۆرە، بەڵام ناسراوترینەکەیان موحەمەرە و خەفاجیەیە کە لە ئێراندا لە لایەن حکوومەتی ناوەندییەوە بە خوڕەمشەهر و سووسەنگەرد ناو دەبرێن و بەکارهێنانی هەر یەکێک لەو ناوانە هەڵگری هەڵوێستێکی جیاوازە.

● وێنەی ٢٤٩- دروشمی پڕ لە مشتومڕی "چ بەختەوەرە ئەوەی وا دەڵێ من تورکم"

هەر گوندێک لە کتێبی ڕێنوێنیدا دوو سێ ناوی هەبوو، ناوی ئەرمەنی و کوردی و ناوە نوێیە تورکییەکەی. ئێمە لە کتێبی ڕێنوێنیدا هەر سێ ناوەکەمان دەنووسی و لە دەقەکەشدا لە بری ناوە تورکی و حکوومییەکان، ناوە کوردی و ئەرمەنییەکانمان بەکار دەهێنا. دەبا ناوەکانمان لە فەرهەنگۆکی ئەرمەنییەکان و بەڵگەنامە مێژووییەکان و فەرهەنگۆکە کوردییەکاندا لێک بدایەتەوە و بۆ ئەو مەبەستەش دەچووینە لای مەلای دێ، کوێخا و پیرەمێرد و پیرەژنەکان تاکوو بە هەڵە نەینووسین. کارێکی دژوار و قورس بوو کە بۆ پاراستنی ڕەسەنایەتی و تۆمارکردنی ڕاستییەکەی، چشمان لە مەترسییەکەی دەکرد و تەنانەت هەوڵمان دەدا ڕێنووسی ئەرمەنیی ناوی گوندەکان بە پیتی خۆیان و بە دروستی بنووسین.

لە شارە بچووکەکاندا زۆر جار ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس یان ئاسایش بە بیانووی پاراستنی ئاسایش لە پشت سەرمانەوە دەهات. ئەمەش دانیشتووانەکەی دەترساند و ئامادە نەدەبوون وەڵامی پرسیارەکانمان بدەنەوە. هەرچی نارەزایەتیمان دەردەبڕی، بێهوودە بوو و هەر دەستەواژەی ئاسایشیان دووبارە دەکردەوە: "لە پێناو سەلامەتیی خۆتان، ئیسکۆرتتان دەکەین". بەڵام هەموومان دەمانزانی بابەت شتێکی دیکەیە، پێیان خۆش نەبوو بیانییەک لەگەڵ خەڵک قسە بکات!

ساڵی یەکەممان بە کاری مەیدانی بەسەر برد و پاشان کاری توێژینەوە دەستی پێکرد. نزیکەی شەش سەد و پەنجا سایتمان لە کتێبەکەدا کۆ و بڵاو کردەوە. هەر جێگایەک کە مومکین با سەردانمان دەکرد، بە نزیکەی دوو سەد شار و سەدان گونددا

تێپەڕین. هەوڵم دا چیرۆک و گێڕانەوەی ئێتنۆگرافی و ئەفسانەی هەر ناوچەیەک لەم کتێبەدا بگونجێنم، ئەمەش کارێکی ئەستەم و قورس بوو، چونکە لە سەردەمێکدا بوو کە تەکنەلۆژیا زۆر گشتگیر و بەربڵاو نەببووەوە، کە بە گەڕانێکی سادە زانیارییە گشتییەکان بەدەست بێن. هاوکات حکومەتی تورکیاش حەزی لە کۆکردنەوەی زانیاریی گەشتیاریی ناوچە کوردستانییەکان نەبوو و لەو بارەیەوە هیچی نەکردبوو. زۆربەی زانیارییە مێژوویی و فۆلکلۆرییەکانم لەو کتێبانەوە دەرهێنابوو کە هەندێکیانم لە کتێبخانەی نیشتمانیی بەریتانیا کۆپی و سکەن کردبوون.

● وێنەی ٢٥٠- پۆلیس بە جلی مەدەنییەوە بەدوای ئێمەوەیە، کاری مەیدانی، دێرسیم، ٢٠٠٧

حکومەتی تورکیا تا ئەو ڕادە ئیزنی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی دەدا کە ڕەنگدانەوەی ناسیۆنالیزمی تورکی بێ و قسە لە سەر شوناس و ئێتنیکە ناتورکییەکان نەکرێت. ئەدەبیاتی فەرمی هەوڵی دەدا شوێنەواری شارستانییەت و مێژوو و فەرهەنگی ئەرمەنییەکان بسڕێتەوە و پێشینەی مێژوویی کوردەکانیش کاڵتر و کەمڕەنگتر پیشان بدات. بۆ نمونە ڕێنوێنی گەشتیاری فەرمیی پارێزگای ماردینمان کە دەخوێندەوە، سەبارەت بە دانیشووانی کورد و ئەرمەنی شتێکی ئەوتۆی تێدا نەبوو و دەتوانین بێژین هەموو شتێک تورکی بوو، تەنانەت لە ناساندنی مزگەوت و ناوەندە گەشتیارییەکانیش بە ئاراستەی ئایدۆلۆژیای حکومەتی تورکیا ئیشیان کردبوو.

مێژوونووسان و چالاکوانانی گەشتیاری لە تورکیا باش دەزانن کە زۆرێک لەو بینا مێژووییانەی کە ئێستا مزگەوتن، سەردەمانێک کڵێسا بوون. لەسەر مێژووی ئەو کڵێسایانەی کە پاش هەڕۆژان یان ڕماندنی باڵەخانە و زەنگ و دانانی مناره، شوناسیان گۆڕدرا و ببوون بە مزگەوت، زۆر شت نەنووسرابوو و وەک شتێک تەمەنیان لەگەڵ سەرهەڵدانی تورکیای مۆدێرن، دەستی پێدەکرد.

بایدەمیر پێشبینی دەکرد ئەو پرۆژە کێشەی سیاسی بۆ دروست بکا، بەڵام دوو ساڵ بە سەبرەوە چاوەڕێی بڵاوبوونەوەی کرد. عوسمان بە زیرەکییەوە سەیری ئەم بابەتەی دەکرد و کتێبەکە بۆ ئەو تەنیا ڕێنوێنیی سەفەر بۆ کوردستان نەبوو. ئێمە لە سەر پازدە پارێزگا ئیشمان دەکرد و ئەم کارە، توانا و پانتایی کوردستان و سەربەخۆیی

فەرهەنگیی کوردی پیشان دەدا. ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی هەستیاریی زۆری حکوومەتی

● وێنەی ٢٥١- پازدە پارێزگاکەی باکووری کوردستان، لە کتێبی ڕوانینێکی دیکە بۆ ڕۆژهەڵاتی تورکیا، ٢٠٠٨

تورکیا بەرامبەر بە کورد و هەر کارێک کە جوگرافیای یەکدەستی کوردستانی لە ڕووی زانستی و مێژووییەوە بەڵگەمەند بکردایەت، گوناهێک بوو کە لێبوردنی بۆ نەبوو. بێگومان چالاکییە توێژینەوەییەکانی من و گرووپەکەم لە چاوی حکوومەت دوور نەبوو و لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کارەکەدا هەستیاری و چاودێرییەکانیان زیاتر بوو.

تیمێکی هەشت کەسیم هەبوو، بەڵام ژمارەمان بەپێی قەبارەی کار زیاد و کەم دەبووەوە. ئێمە هێشتا لە ماڵی دەنگبێژ کارمان دەکرد، جا با باسی ئەوە نەکەم کە ماوەیەکی زۆری خایاند تا مۆلیدەی بڕق و کۆمپیوتەر و ئامێرەکانی تری کارکردن گەیشتە ئەوێ. ئێمە لە گەڕەکێکی ئامەد بووین کە هەمیشە کێشە و ململانێی تایبەتی خۆی هەبوو. نارەزایەتیی حکوومەتی و سەرشەقام لەم گەڕەکەی شاردا دەبینرا و هەندێک جاریش کێشە و تاوانی وەکوو گیرفانبڕی لە ناوەندی شاردا ڕووی دەدا. کە بەیانیان دەچووینە سەر کار دەمانزانی ئەگەر سوپای تورکیا لەگەڵ پەکەکە تێکهەڵبچێ ئەوا لێکەوتەکەی لە گەڕەکەکەی ئێمەدا واتە گەڕەکی سوور زیاتر خۆی دەنوێنێت.

پارتی دیموکراتی گەلان (DTP) ڕایدەگەیاند کە دەبێ خەڵک بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بێنە سەر شەقام و جەماوەریش دەهاتن. هێزەکانی دژەشۆڕش گازی فرمێسکڕێژیان لە دژی خەڵک بەکار دەهێنا. هەندێک گەڕەکی وەکوو سوور و دەروازەی شارەکانیان دەبەست و قەدەغەی سەربازییان ڕادەگەیاند. کاریگەریی گازی فرمێسکڕێژ ئێمەی غەیرەخۆپیشاندەریشی دەپێکا و هەندێک جار بە کزەکزی چاو درێژەمان بە کارەکانمان دەدا. لە شوێنەکانی تردا و لە ململانێ و نارەزایەتییەکاندا منداڵان وەک ئامراز بەکار دەهێنران. چەند کەسێکی گەورەساڵ کە لایەنگری سوێندخواردووی پەکەکە بوون لە شوێنەکانی نزیک لە پێکدادان و گرژییەکانی نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکاندا

بلووکـی گـەورە یـان خشـت و بەردیـان بـە کوتـک دەشـکاند و دەیانـدا بـە منـداڵان بـۆ ئـەوەی ئاراسـتەی زرێپۆشـەکانی بکـەن. منداڵانـی سـووریش شـارەزا بـوون و بەردفڕێـدان بـە لایانەوە ببـوو بـە یارییەکـی خـۆش.

ئـەو مـاوەی کـە لـەوێ مابوومـەوە زۆر شـتی گرنگـم لەبـارەی ژیانـی بەشـی کۆنـی شـاری ئامـەد بـۆ دەرکـەوت. ئـەم گەڕەکانـەی شـاری ئامـەد لـە ژێـر ڕکێفـی شـارەوانی و پەکەکـەدا بـوون و هـەر گەڕەکێـک ئەنجومەنـی خۆجێیـی خـۆی هەبـوو. لـە یەکـەم نیـگادا ئـەم نووسـینگانە کاروبـاری پەیوەندیـدار بـە شـارەوانییان ڕادەپەڕانـد، بـەڵام لـە بنەڕەتـدا ناوەندگەلێـک بـۆ ڕاکێشـانی هێـز، فێرکردنـی ئایدۆلۆژیکیـی لاوان، یەکلاییکردنـەوەی گیـر و گرفـت و ناکۆکییەکانـی خەڵـک بـوون. ئـەم ئەنجومەنـە خۆجێییانـە کەسـانێکیان هەبـوو کـە لـە نـاو گەڕەکانـدا دەگـەڕان و حاڵەتەکانـی پێشـێلکردنی یاسـاکانی شـارەوانییان ڕادەگەیانـد. ئـەم کەسـانە دەبـا حاڵەتەکانـی وەکـوو فڕێدانـی زبـڵ، خانوبەرەسـازیی بێمۆڵـەت، خراپکردنـی کەرەسـە و کەلوپەلـی شـارەوانی و هەندێـک جاریـش حاڵەتـی بـێ ئەخلاقـی و ناعورفیـی گوزارشـت بدایـەت. زۆربـەی لایەنگرانـی پەکەکـە بڕوایـان بـە حیجـاب نەبـوو و ژنـان بـە گشـتی ڕوانگەیەکـی نیمچـە فێمینیسـتیان هەبـوو، بـەڵام پەیوەندیـی سێکسـی و بەڕەڵاییـان قبـووڵ نەدەکـرد و زۆر جـار حاڵەتـی لـەو جـۆرە گـوزارش دەدرا. هەتـا ئێسـتاش خواردنـەوەی کحولـی و پەیوەندیـی سێکسـی لـە نـاو هێـزە چەکدارەکانـی پەکەکـە قەدەغەیـە. سـەیر نەبـوو کـە گەرەکیـان بـوو هـەر هەمـان سیسـتم بـە شـێوەیەکی تـر لـە سـەر ئاسـتی شـاردا جێبەجـێ بکـرێ و چاودێریـی جێبەجێکردنەکـەی بکـەن. کارمەندانـی شـارەوانی دەیانزانـی کـە پیشـاندانی پەیوەندییـە سێکسـییەکان یـان چوونـە نـاو بـار و یانـەکان، تووشـی کۆمیتـەی ڕەوشـتیان دەکا و بـە وریاییـەوە مامەڵەیـان دەکـرد.

سـەرەتاکان ماوەیـەک لـە هۆتێلـی شـارەوانیدا ژیـام تـا ئـەوەی کـە ئـاگادار بوومـەوە خانوویەکـی ئەرمەنییـان لـە گەڕەکـی خانچەپـەک نـۆژەن کردۆتـەوە و کردوویانـە بـە کتێبخانـە. حەوشـەیەکی زۆر جوانـی هەبـوو و گۆمێکـی جـوان لـە ناویـدا هەڵکەوتبـوو. ئـەم فەزایـە دوو ژووری چۆڵـی هەبـوو و منیـش داوام کـرد کـە یەکیـان بـدەن بـە مـن. قبووڵیـان کـرد و ژوورێکیـان پێـدام و ژوورەکـەی تریـان دا بـە بەڕێوەبـەری کتێبخانەکـە کـە کەسـێکی نقیشـکانی (خـاوەن پێداویسـتی تایبـەت) خەڵکـی یەکێـک لـە شـارەکانی دەوروبـەری ئامـەد بـوو. مـن خـۆم بەشـێک لـە ئامێرەکانـی خۆمـم کـڕی و بەشێکیشـی شـارەوانی بـۆی دابیـن کـردم و لـە کتێبخانەکـەدا نیشـتەجێ بـووم. هـەر دووکمان پەیوەندیـی کۆمەڵایەتـیمان بـاش بـوو و هاتوچـۆی یەکترمـان دەکـرد. هەندێـک جار لـە کۆتایی هەفتـەدا هـاوکار و هاوڕێکانمان دەهاتـن و تـا نیوەشـەو لـە نـاو حەوشـەدا قسـەمان دەکـرد. بەرپرسـی کتێبخانەکـە ئامێـری مۆسـیقای بۆمـان دەژەنـد و پێکـەوە خواردنـی تیـژی دیاربەکـریمان دەخـوارد. دوو جـار لـە

لایەن نووسینگەی گەڕەک بە ئەدەبەوە وتیان: دوێنێ شەو لە ئێرە چ باس بوو و منیش وتم ڕەفێقەکانم هاتن و پێکەوە نانی شێومان خوارد.

● وێنەی ٢٥٢ – ڕۆژی ژن، ئامەد، ٨ی مارسی ٢٠٠٧

وامزانی هیچ کێشەیەک نییە و پرسەکە یەکلایی بووەتەوە، تا ئەوەی کە یەکێک لە بەڕێوەبەرانی بەشی فەرهەنگیی شارەوانیی سوور تەلەفۆنی کرد و گوتی: "وەرە با پێکەوە چایەک بخۆینەوە". چاخواردنەوە کۆدێکی باو بوو و بە مانای ئەوەیە بڕیارە پێکەوە چەند قسەیەکی گرینگ بکەین. پێشتر لە بەشی فەرهەنگیی شارەوانیی سوور وانەی ئینگلیزیم بە منداڵان دەگوتەوە، پێم وا بوو دەیانهەوێ باسی ئەم وانەی ئینگلیزیوتنەوە بکەن، بەڵام بابەتەکە شتێکی تر بوو. وتیان خەڵکی گەڕەکی سوور و خەڵکی دیاربەکر بەگشتی نەریتخوازن، زۆربەیان بە زۆرەملی لە گوندەکان دەرکراون و لێرە ئاوارە بوونە، زۆریان ڕۆڵەکانیان گەریلای پەکەکە بوون و لە شەڕدا کوژراون و بریندار بوون و لە ئەدەبیاتی ئێرە بە بنەماڵەی شەهید دادەنرێن. حەزیان لە شێوازی جلوبەرگ و میوانیدان و شێوازی ژیانتان نییە. پاشان پێشنیاریان کرد کە خانوویەک لە ناوەندی شار بە کرێ بگرین کە پێیان دەگوت ئافیس و وەک خۆیان دەیانگوت فەرهەنگێکی کراوەتری هەیە. پێشنیارێک کە زیاتر لە بڕیاردان دەچوو و زانیمان دەبێ لەو کتێبخانە بچینە دەرەوە.

زاڵیم دونیا (Zalim Duniya)، موعجیزەی هاوزمانی

شار بە شار دەڕۆشتینە پێشەوە. تێبینییە مەیدانییەکانم ئاماژەیان بەوە دەکرد کە خەڵک لە ڕووی ناچاری و بەهۆی کێشە ئەمنی و ئابوورییەکانەوە ڕوویان لە شارەکان کردووە. هەر لەبەر ئەوەشە کە زۆربەی کلێسا و پرد و ناوەندە مێژووییەکان بەجێ هێڵراون و خەریکە خاپوور دەبن. لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لەسەر ئەم بینا کۆنانە نەکرابوو و خەڵکیش خەریکی گەڕانەوە بۆ گوندەکان بوون. ئێمە بۆ چوونە ناو هەندێک ناوچە ڕووبەڕووی ئاستەنگ و قەدەغەی جیددی دەبووینەوە و بە گشتی چوون بۆ هەموو ئەو ناوچانە کاتی زۆری دەخایاند و لە ڕووی ئەمنییەوە مەترسیدار بوو. بۆ نموونە سوپای تورکیا و ژاندرمەی نزیک سنووری ئێران و عێراق ڕێگەی پێ نەدەداین کە لە

مەودایەکەوە زیاتر بچینە پێشەوە.

جاری وا پێش دەهات کە هێزە ئەمنییەکانی تورکیا گومانیان لە کارەکانمان دەکرد و پێیان وا بوو ئێمە کار بۆ پەکەکە دەکەین. ئامەد شادەماری سیاسەتی کورد لە باکووری کوردستانە و ئەگەر بمگوتبا بۆ شارەوانیی ئەو شارە کار دەکەین، دۆخەکە شپرزەتر و خراپتر دەبوو. هەندێک جار دەبا گەشتی هەندێک ناوچەی شاخاوی و میلیتاریزەمان بکردایە، کە ئەگەری بوونی گرووپە چەکدارەکانی پەکەکە لەوێ هەبوو. لە تورکیا، حکومەت و پەکەکە لە جەنگێکی چل ساڵەدان و هەندێ لە دڤەرە سنووری و ناوچە کوردییەکان لە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی حکوومەتدان و گیر و گرفتی هاتوچۆیان هەیە. هەر کە هێزە ئەمنییەکان بیانزانیبا کە تۆ لە ئامەدەوە هاتووی و سەرۆکەکەت عوسمان بایدەمیرە، خۆبەخۆ تۆمەتبار دەکرایت.

بۆ ئاسانتربوونی کارەکە، شێوازێکی ترم هەڵبژاردبوو. کارتی ڕۆژنامەوانیی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی بەریتانیام هەبوو و بە پیشاندانی ئەو کارتە لە وەزارەتی پەیوەندییەکان لە ئەنقەرە مۆڵەتم وەرگرتبوو. دەمزانی وەک هەواڵنێرێکی بیانی دەتوانم بچمە هەموو شوێنە جۆراوجۆرەکان، بەڵام ناچار بووم بۆ پاراستنی ڤیزەی ڕۆژنامەگەرییەکەم لە درێژەی مانگدا چەند بابەتێک بڵاو بکەمەوە. هەواڵ و ڕاپۆرتم بۆ ڕادیۆی گڵۆباڵ و چەند میدیایەکی دیکە ئامادە دەکرد و لە بەرامبەردا دەرفەتێکم بۆ دەڕەخسا کە ڤیزەی هەواڵنێرییەکەم پیشانی هێزەکانی پۆلیس بدەم. سەرەڕای ئەم کارتە و ئەو مۆڵەتی کارکردنەی کە لە لایەن حکوومەتەوە بۆم پەسەند کرابوو، هێشتا گیریان پێم دەدا و هەراسانیان دەکردم. هەندێک جار جانتاکەم دەگەڕان و بابەتەکانمیان دەخوێندەوە کە ئەمە پێچەوانەی یاساکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان لە سەرانسەری جیهانە. بە کورتی من کۆڵنەدەرانە دەڕۆیشتم، بەڵام چی بکەم دەبوو بە گڵۆپی کوژراوە و وریایانە لە کارکردن بەردەوام بام.

لەم ئەزییەتدان و هەراسانکردنە کە زۆر جاریش بەئەنقەست بوو، یادەوەرییەکم هەیە. لە پارێزگای شرناخ، زۆربەی کاتەکان جەنگ و نائارامییە و کەشێکی سەربازی و ئەمنی باڵی بە سەر شرناخدا کێشاوە، ئەم پارێزگایە خاوەن چەندین کڵێسا و ئاوی گەرم و چەند حەمامێکی مێژوویی ناوازە بوو کە بە هۆی بارودۆخی ئەمنیەوە ساڵەهای ساڵ کەمتر کەسێک بینیبووی. لە بیست کیلۆمەتریی شرناخ گەیشتینە ڕووبارێکی خرۆشان و بەخوڕ کە لە ناوەڕاستی دۆڵێکی قووڵدا بوو. ئەم بەر و ئەو بەری بە شاخی بەرز دەورە درابوو و خوارەوەشی جادەیەک بوو کە دەیڕوانییە شاری بچووک و سنووریی بەیتولشەباب. بۆ چوونە بەیتولشەباب هاواهەنگییە پێویستەکانمان ئەنجام دا. بەڵام لێمان ڕوون بوو هاتوچۆکردن بۆ ئەو شارە، کە دەکەوێتە سنووری نێوان ئێران و عێراق

و تورکیـا، کارێکـی دژوارە.

گەیشـتینە بازگـەی ژاندرمـە. لـە قەڵایـەک دەچـوو بـە دیـواری بـەرزەوە کـە ئاسـەواری فیشـەک بـە دیوارەکانیـەوە دیـار بـوو. چەنـد سـەربازێک ئاوێنـەی گەورەیـان بـۆ پشـکنین لـە ژێـر ئۆتۆمبێلەکـەدا دانـا و بـە وردی کارتـی پێناسـەمانیان پشـکنی. وتیـان دەمانهـەوێ ئۆتۆمبێلەکـە بگەڕێیـن و کەلوپەلەکانتـان ببەیـن بـۆ ناوەنـد و بیانپشـکنین. جارێکـی تـر کارتـی هەواڵنێرییەکـەم پیشـان دانـەوە و گوتـم: "مـن کارتـی هەواڵنێریـم پێیـە و ئێـوە بۆتـان نییە کەلوپەلەکانم ببەن".

● وێنەی ٢٥٣ – ڕێگای بەیتولشەباب، ٢٠٠٧

لـەم کێشمەکێشـەدا، سـەرەتا گرووهبانێـک دەسـتوەردانی کـرد، ئینجـا ئەفسـەرێک و دواجـار سـەرۆکەکەیان کـە پـاش تەلەفۆنێکـی ڕادیۆیـی لەگـەڵ ناوەنـد، وتـی: "کارم بـەوە نییـە جانتاکـەت چـی تێدایـە بـەڵام ناهێڵـم لێـرە زیاتـر بـڕۆی!" کاتێـک نەیاندەویسـت ئیزنـی چوونـەژوورەوەت پـێ بـدەن، دەیانگـوت: "لەبـەر ئاسـایش و سـەلامەتیی خۆتانـە". مـن بەرامبـەر بـەم دەسـتەواژە هەسـتیار بـووم و کاتێـک بینیـم کـە بـەم پەڵـپ و بیانـووەوە هەوڵـی ڕێگریکـردن لـە کارەکەمـان دەدەن، گوتـم: "ئێـوە هیـچ هۆکارێکـی یاسـاییتان بـۆ گەڕاندنـەوەی مـن نییـە، پێناسـاندنم هەیـە و دەمهەوێ بچمە بەیتولشباب".

کاتێـک بینیـان کـە مـن واز ناهێنـم، گوتیـان لـە ژووری پاسـەوانەکاندا چـاوەڕوان بـن. لـە دۆخێکـی وادا بـە تورکـی قسـەم نەدەکـرد بـۆ ئـەوەی دۆخەکـە ئاڵۆزتـر نەکـەم. شـیرین کارمەنـدی شـارەوانیی گاپ لەگەڵـم بـوو و ڕۆڵـی دیلماجـی[1] دەبینـی. ئـەو ڕۆژە هۆکارەکانـم بـۆ ڕوون دەکـردەوە و شـیرین بـۆ ئەفسـەرەکەی وەردەگێڕایـەوە و بـە پێچەوانەشـەوە. دۆخێکـی کۆمیـدی بـوو. ئەفسـەرەکە دەسـتی لـە سـەر سـینگی هەڵپێکابـوو و بـە زمانـی جەسـتەی دەیگـوت: بەخـوا ناهێڵـم بـڕۆی. ئینجـا وتـی: "لێتـان بەگومانـم، ئێـرە ناوچەیەکـی سـەربازییە. لـە ڕووی گەشـتیارییەوە چ گرنگییەکـی هەیـە کـە تـۆ لـە بەریتانیـاوە بێـی و لەسـەری بنووسـیت!" تەلەفۆنـم بـۆ باڵوێزخانـەی بریتانیـا کـرد و سـکاڵای ئـەوەم کـرد کـە لـە هیـچ و خۆڕایـی منیـان گرتـووە. دوای چەنـد سـەعاتێک، پارێزگاریـی شرنـاخ، بەهـۆی بەدواداچـوونی

١. وەرگێڕ

باڵیۆزخانـەوە، زەختـی لـە کارمەنـدە سـەربازییەکان کـرد کـە ئازادمـان بکـەن، بـەڵام زۆر زۆر کەللەڕەقانـە لاساریان دەنوانـد و دەیانگـوت: "ئەگـەر ئـەم بیانییـە شـتێکی لـێ بـێ، دەبـێ ئێمـە وەڵام بدەینـەوە!" لـە کاتژمێـر شەشـی پاشـنیوەڕۆوە قەدەغـەی سـەربازی دەسـتی پێدەکـرد و بـە هیـچ شـێوەیەک ڕێگەمـان پێنـەدەدرا بڕۆیـن. ئـەو ئەفسـەرە سـەربازییەی کـە گیـری پێدابووین، بەئەنقەسـت کێشـەکەی درێـژە پێـدەدا بـۆ ئـەوەی بگەینە کاتـی قەدەغەی هاتوچـۆ. دەوروبـەری کاتژمێـر پێنـج بـوو. هەرچـی زیاتـر خـۆر ئـاوا دەبـوو فـەزای نـاو ژوورەکـە قـورستر دەبـوو. سـەربازێکی گەنجـی کـز و لـەڕ پەیتـا پەیتـا چـای دەهێنـا. هەمـوو جارێکیـش تونـد قاچـی دەکوتـا و سڵاوی سـەربازی دەکـرد و دەچـووە دەرەوە. شـیرین وەکـوو جـاران ترسـی لـێ نیشـتبوو و ئەویـش بـە ئەسـپایی وتـی: "کامیـل دەبـێ شـەو لێـرە بمێنینـەوە، دواتـر پەکەکـە دێ و ئـیتر خـوا ڕەحـممان پـێ بـکات!" براکـەی شـیرین گـەریلای پەکەکـە بـوو!" هەرچەنـدە لـە ئەورووپـا دەژیـا، بـەڵام هەمیشـە نیگەرانـی ئـەوە بـوو کەسـێک بـەم نهێنییـە بزانـێ و تووشـی چەرمەسـەری بێـت. بێگومان شـیرین بەسـەرهاتێکی سـەرنجڕاکێش و دڵتەزێنـی لـە نـاو ماڵباتەکەیـدا هەبـوو، لـە سـەردەمی ژینۆسـایدی ئەرمەنییەکانـدا، باپیـری شـیرین (حاجـی عـوسمان)، لەگـەڵ براکانـی و ئەندامانـی تـری خێڵەکەیـان، هێرشـیان کـردە سـەر گوندێکـی تـەواو ئەرمەنـی لـە نزیـک دەریاچـەی وان، کـە دەیرێکـی گرنگیشـی هەبـوو، لـەو هێرشـەدا زۆربـەی پیاوانـی گوندەکەیـان کوشـت و ژن و منداڵەکانیـان ڕاو نـا و لـە گوندەکـە دەریانکـردن، جگـە لـە چەنـد کچـی عـازەب نەبـێ، کـە هەموویـان بـە زەبـر و زۆر موسـڵمان دەبـن و لـە پیاوانـی خێڵـی شـیرین مـارە دەکرێـن. دواتـر کـە چوومـە گونـدی شـیرین، چـاوم بـە باپیـر و داپیـرەی کـەوت، کـە هێشـتا لـە ژیانـدا مابـوون، قسـەم لەگـەڵ کـردن.

● وێنەی ٢٥٤ – حاجی عوسمان و هاوسەرە ئەرمەنییەکەی کیمێت، گوندی پینگناس، بەتلیس، ٢٠٠٧

نەنکـی شـیرین کـە نـاوی قیمێـت (کیمێت) بـوو، بـە لەهجـەی شـیرینی کرمانجـی ئاخافتنی دەکـرد و بـە خـەم و پـەژارەوە دەیگـوت بـۆ ئـەوەی ژیانمـان ڕزگار بکەیـن مـن و سـیمێتی خوشـکم شـوومان بـە بکوژانـی بـاوک و براکانمـان کـرد و هەمـوو شـەوێ بـە ناچـاری سـەرجێییمان لەگـەڵ دەکـردن. ئـەوەی زۆر ناخەهژێـن بـوو ئـەوە بـوو کـە سـەیری حاجـی

عوسمانـی مێـردی دەکـرد و ئەویـش کـە سـەری داخسـتبوو، بـە هێواشـی و بـە کرمانجـی وڵامـی دەداوە: " Lê tiştên wê demê wisa bûn, bêborîn/efû " واتـا لێـم ببـووره، عەفـوو بکە، ئیدی ئەوسا وەها بوو.

هـەوا بـەرەو تاریکـی دەچـوو کـە فەرمانـدەی بنکـە دواقسـەی خـۆی کـرد: "ناتوانـن بـڕۆن!" بـە وەرەزی و تووڕەییـەوە پیاڵەکـەم لـە سـەر ژێرپیاڵەکـە دانـا و گوتـم: "زاڵیـم دونیـا" بـە سـەر سـوڕمانەوە وتـی: "بـۆ تورکـی دەزانـی؟" ئینجـا دەسـتم کـرد بـە تورکـی قسـە کـردن. تـەواو ئەخلاقـی گـۆڕا! لـەوەی کـە فەرهەنـگ و زمانـی هاوبـەش چەنـدە کاریگـەری لەسـەر پەیوەنـدی سـازکردن دادەنـێ، سەرسـام ببـووم. مـن ئـیتر ئـەو کامیلـە سەرسـەختە نەبـووم کە هـەر چۆنێـک بـێ بـڕوا و ئەویـش ئەفسـەرێکی کەللـەڕەق نەبـوو کـە هـەر چۆنێـک بـێ ڕێگریـم لـێ بـکات. چەنـد خولەکێـک بـە شـێوەیەکی دۆسـتانەتر قسـەمان کـرد و ئینجـا بـە ڕێـزەوە ڕەوانـەی کردیـن. تەنانـەت ئیسـکۆرتێکی زرێپۆشیشـی لەگـەڵ ئێمـە نـارد بـۆ ئـەوەی پـازدە کیلۆمەتـر ئەولاتـر بمانباتـە بەیتولشـباب.

"زاڵیـم دونیـا" وەک شـتێ ئێمـەی بـە یەکـەوە گـرێ دا. ئیبراهیـم تاتڵیسـەس گۆرانییەکی هەیـە بـە نـاوی "زاڵیـم دونیـا" و ئـەم دەسـتەواژە لـە زمانـی تورکیـدا بۆتـە زاراوە و لـە تورکـو بـاڕەکان (بـاڕە نەریتییەکانـی) لـە ئەسـتەنبوڵ دەبیسـترێـت. عاشـقانی دڵشـکاو دەچنـە ئـەم باڕانـە، ڕاکـی دەخۆنـەوە و مشـت لەسـەر مێزەکـە دەدەن و دەڵێن: "زاڵیم دونیا ...".

وێنەی ٢٥٥ – مێهرەجانی خوریچنینی بەرخ، سنووری نێوان باکوور و باشووری کوردستان، بەیتولشەباب، ٢٠٠٧

بەشـێکی تورکیـا هـاوکات لەگـەڵ ڕەوتـی گەشـەکردن و مۆدێرنیزاسـیۆن و لاسـاییکردنەوە لـە ئەورووپـا، هێشـتا بـە نەریتـی ماوەتـەوە. هەسـتم نەدەکـرد کـە زانینـی زمـان و هاوپەیڤیـن بـە زمانـی تورکـی بـۆ کەسـێک، ئەویـش لـە جـۆرە سـەربازییەکەی، ئـاوا گرنـگ بێـت. ئـەم ڕووداوە وانەیەکـی گرنگـی فێـر کـردم کـە لـە بارودۆخەکانـی تـردا بـەکارم دەهێنـا. ئـەو ئەفسـەرە لـە ژووری پاسـەوانی و لـە حاڵەتێکـدا کـە هـەر دووکمان لـە سـەر قسـەی خۆمـان چـەق وەسـتابووین، چـاوی بڕییـە نـاو چـاوم و ڕاسـتگۆیانە و دەسـەڵاتدارانە وتـی: "بڕوانـە، لـە ناوەڕاسـتی ئـەم شـاخانەدا، مـن لـە

سەر لووتکەی دەسەڵات ڕاوەستاوم، من بنکەیەکی سەربازی، بازگە، کۆڵتی کەمەری و پەنجا سەربازی چەکداری گوێڕایەڵم هەیە. تەلەفۆن بۆ هەر کوێ بکەی، ئەگەر بمهەوێ چزەت لێ هەستێنم و ئازارت بدەم هیچت پێ ناکرێت".

لە کاتێکدا ئەمەی دەگوت، لە پەنجەرەی پاسەوانییەکەوە خۆرئاوابوونم لە پشت شاخە بەرزەکانەوە دەبینی. بەرامبەرم فەرماندەیەکی سوپا دانیشتبوو و وەک ئەوە وا بوو ئەتاتورک بە جلوبەرگی سەربازییەوە لە ناو قاپی وێنە گەورەکە کە لە پشت سەری دانرابوو، قسەکانی پشتڕاست دەکردەوە. قسەکەی هێندە مەنتیقی بوو، کە بە شێوەیەکی نابەدڵانە قبووڵم کرد و لە دڵی خۆمدا گوتم: "کامیل! ڕاستییەکان قبووڵ بکە. ئێستا ئەو دەسەڵاتدارە و تۆ دەرەقەتی ئەو نایەیت و ناتوانی هەر لەم هەڵوێستەوە مامەڵە بکەی و ئەو ڕێچکەی کە خۆت گەرەکتە پێیدا بڕۆی. لەوانەیە کەمێک لووتبەرزیت بشکێ، بەڵام دەبێ فێر بی کە هەندێک جار ڕێگەی دیکەش هەیە. کاردانەوەی ناوشیارم بەرامبەر بە بیر و خەیاڵە دەروونییەکانم وای لێ کردم کە پیاڵەکەم کوتا بە سەر ژێرپیاڵەکە و هەر ئەمەش فەزای قورسی نێوانمانی شکاند."

دیدار لەگەڵ ئێن.جی.ئۆ، لەگەڵ ئاتاتورک و زێنەب لە حەلەب و دیمەشق

وامان دانابوو کە پڕۆژەی کتێبی گەشتیاریی کوردستانی تورکیا نزیکەی دوو ساڵ بخایەنێت، بەڵام نزیکەی سێ ساڵی خایاند. قەبارەی کارەکە زۆر زیاتر لەوەی بوو کە بیرمان لێ دەکردەوە و هەرچی بەرەو پێش دەچووین شتی سەرنجڕاکێشی زیاترمان بۆ دەرکەوت کە باسکردنی بۆ ناساندنی ئەم جوگرافیا پشتگوێخراوە زۆر گرنگ بوو. نزیکەی سێ ساڵ لە ئامەد مامەوە، بەڵام لە ساڵی دووەمەوە چەندین جار گەشتم بۆ ئێران کرد و زانیاریم لەسەر خەتەنەکردنی ژنان کۆ دەکردەوە. هاوکات لەگەڵ ئەنجامدانی کاری مەیدانیی کتێبی گەشتیاریی لە تورکیا، لەگەڵ ئێن.جی.ئۆیەکی چالاک لە هەرێمی کوردستان ئاشنا بووم. ئیمەیلێکیان بۆ ناردم و وتیان بەڵگەفیلمی "بە ناوی نەریت"یان لە فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی لەندەن بینیوە و پێیان خۆشە لەسەری گفتوگۆ بکەین.

لە ئەستەنبوڵ چاوم بە سەرۆکی ئێن.جی.ئۆکە کەوت. دەیویست فیلمەکەم بۆ مەبەستی ڕیکلام و ڕاکشانی سەرنجی بوودجەدانەران بەکار بهێنێ بۆ ئەوەی بزانن خەتەنەکردنی ژنان تایبەت بە باشووری کوردستان نییە و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا دیاردەیەکی باوە. بە مەرجی پاراستنی ناو و لۆگۆ، ئیزنم پێدان فیلمەکە بەکار بهێنن. وتم ساڵی داهاتوو دەگەڕێمەوە بۆ ئێران بۆ ئەوەی توێژینەوە لەسەر خەتەنەکردنی

ژنـان دەسـت پێبکـەم، ئەوانیـش بەڵێنیـان دا کـە بـۆ دۆزینـەوەی سپۆنسـەر یارمەتیـم بـدەن. نکۆڵـی لـێ ناکـەم کـە ئەزموونـە مەیدانییەکانـی کتێبـی گەشـتیاری لـە کارەکانـی دواترمـدا زۆر یارمەتیـدەرم بـوون، ئـەو ستراتیژیانـەی لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا بـەکارم هێنـان و فێـری بـووم، زۆر بەسـوود بـوون.

لـە مـاوەی مانـەوەم لـە کەڵەشـاری ئامـەد، سـەردانی وڵاتانـی تورکیـا و مـیسر و سـوودانم کـرد و لەبـەر ئـەوەی پێـم خـۆش بـوو پـرۆژەی ڕێنوێنـی گەشـتیاری پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتان بگرێتـەوە، چەنـد جارێـک گەشـتی وڵاتانـی عێـراق و سـووریام کـرد. لـە یەکێـک لـە گەشـتەکانم بـۆ هەرێمـی کوردسـتان سـەردانی وەزیـری گەشـتیاریم کـرد و نموونـەی کارەکـەی باکـووری کوردسـتانم پیشـان دا. پێـی خـۆش بـوو و وتـی: ئێمـەش پێویسـتمان بـە شـتێکی لـەو جۆرەیـە. چـاوەڕێ بـوو کـە کارەکـەم لـە باکـووری کوردسـتان کۆتایـی پـێ بـێ و ڕێنوێنێکـی سـەفەریش بـۆ ناوچەکانـی هەرێمـی کوردسـتان و بەتایبـەت پارێزگاکانـی دهـۆک، کەرکـووک و هەولێـر و سـلێمانی ئامـادە بکـەم.

کوردسـتان لـەو سـەروبەندەدا دۆخێکـی ئابووریـی باشـی هەبـوو و نزیکـەی لەسـەدا حەڤـدەی پـارەی فرۆشـتنی نەوتـی نیشـتمانی لـە بەغـدا وەردەگـرت. ئابوورییـان ڕووی لـە گەشـەکردن و گیرفانـی حکومەتـی هەرێـم پـڕ بـوو. گرژییەکانـی ناوچەکـە کـەم ببـووەوە و مەسـعوود بارزانـی سـەرۆکی هەرێـم و نێچیرڤانـی بـرازا و زاوای بەڵێنیـی ئەوەیـان دەدا کـە هەولێـر دەکەنـە دوبەیەکـی دیکـە. هـەر بۆیـە زۆر پەیجـوور بـوون کـە لـە کەرتـی گەشـتیاری و تووریسـمی پزیشـکیدا ئیـش بکـەن. لەگـەڵ خاتوونێـک کـە وەزیـری گەشـتوگوزار بـوو، قـەرارم دانـا و چەنـد گفتوگۆیەکـی سـەرەتاییمان کـرد. لـە یەکێـک لـە گەشـتەکانمدا سـەردانی چەنـد ڕێکخراوێکـی ناحکوومیـم کـرد کـە لەسـەر منداڵانـی کار و خەتەنـەی ژنـان ئیشـیان دەکـرد.

دوو سـەفەرم بـۆ سـووریا کـرد. یەکەمیـن جـار لـە جەژنـی ڕەمەزانـدا چوومـە ڕۆژاوای کوردسـتان. یەکێـک لـە کارمەندانـی شـارەوانیی ئامـەد خەڵکـی شـارێکی سـەر سـنووری نێـوان باکـوور و ڕۆژاوا بـە نـاوی جەیلانپنـار بـوو. خوڵکـی کـردم کـە بـۆ جەژنـی ڕەمـەزان بچمـە شـارەکەیان. بانگهێشـتەکەیم قبـووڵ کـرد، بـەڵام گوتـم ماوەیـەک لای دەمێنمـەوە و دواتـر دەچمـە کوردسـتانی ڕۆژاوا و ئینجـا شـارەکانی حەلـەب و دیمەشـق. ڕۆژاوا دەڤەرێکـی تەختایـی سەرسـەوز و پـڕ لـە باخـی زەیتوونـی هەیـە و زۆربـەی حەشـیمەتە کوردەکـەی لـە سـێ پارێـزگای ڕۆژاوای کوردسـتان دەژیـن. ڕۆیـشتن بـە پاسـپۆرتی بەریتانـی هیـچ گرفتێکـی نەبـوو و لـە سـنوور ڤیزەیـان دەردەکـرد. سـووریا لەگـەڵ عێـراق و ئێـران و تورکیـا جیاوازیـی هەبـوو و زۆر لـە گەندەڵیـی ماڵیـی سیسـتماتیکی حکوومەتییـەوە تێـوەگلا بـوو. بەرپرسـانی حکوومـەت هـەر لـە سـەرەتاوە هەتـا کۆتایـی گەشـتەکە پەیتـا پەیتـا بەرتیلیـان لێـم وەرگـرت.

لەسەر سنوور، ژمارەیەک شۆفێری تورک لەسەر ئەوە مشتومڕیان بوو کە بە ئۆتۆمبێلەکەی ئەوان بە خۆڕایی لە سنوور تێپەڕم، دەیانویست بەم بیانووە لە کوردستانی ڕۆژاواوە چا و ڕۆنی هەرزان بهێنن. تەنانەت حازر بوون پارەم پێ بدەن و لەبەر گەیاندنی گەشتیارێکی بیانی لە نۆرە دەربچن و ئیزنی هاتنە ناوەوە وەربگرن. لە نێوان بیست پیاوی تووڕەدا ڕاوەستابووم کە منیان بەرەو لای خۆیان ڕادەکێشا بۆ ئەوەی سواری ئۆتۆمبێلەکەیان بم. مەئموورەکانیش بە بیانووی پڕوپووچی وەکوو شکانی کۆمپیوتەر یان پچڕانی کارەبا، بە دە تا سی دۆلار بەرتیلیان وەردەگرت بۆ ئەوەی بهێڵن بچمە ناو خاکی سووریا و پاسپۆرتەکەم مۆر بکەن.

دواجار چوومە ناو خاکی سووریا. بە بینینی وێنەی گەورەی خامنەیی و خومەینی لە ئێران و ئەتاتورک لە تورکیا ڕاهاتبووم، بەڵام ژمارەی وێنەکان لە سووریا زۆر لەوە زیاتر بوو. وێنەی گەورەی حافز ئەسەد و بەشار ئەسەد و پڕوپاگەندەی حکوومەت لە هەموو شوێنێکدا بوو. دروشمی عەرەبی و ئاڵا و وێنەی حافز ئەسەد کە تازە مردبوو، لە هەموو شوێنێکدا دەبینرا. بەهۆی ئەوەی پۆلیسی ئەمنی بە بوونی بیانییەکان هەستیار بوو، هەر زوو چەند کەسێکی ئیستخباراتمان لێ دەرکەوت. دواتر تێگەیشتم شۆفێری تەکسییەکان هەموو سیخوڕی ئیستخباراتن. حاتەم شۆفێری تاکسییەکە پیاوێکی خۆش کەلام و کورد بوو کە منی گەیاند، هەر لە دەستپێکی ڕێگادا بە بیانووی بەنزین، ئۆتۆمبێلەکەی ڕاگرت، بە تەلەفۆن ڕاپۆرتی ئەوەی دا کە من لە ناو خاکی سووریادام. دەچوومە هەر کوێیەک، بە تواوی لە ژێر چاودێریدا بووم و بە مەودایەکی دیاریکراو لە پشت سەرمەوە بوون، بە گشتی فەزای ناو وڵاتی سووریا لە تورکیا ترسناکتر بوو.

● وێنەی ٢٥٦ – قەڵای بەناوبانگی حەلەب، سووریا، ٢٠٠٧

لەگەڵ ئەو شۆفێرە چوومە قامیشلۆ و لەبەر ئەوەی کەشێکی ئەمنیی بە سەردا زاڵ بوو، دوای ماوەیەک بە شەمەندەفەر بەرەو حەلەب وەڕێ کەوتم، حەلەب شارێکی گەورە بوو. لە حەلەب هەر وەکوو سەردەمانی کۆنی وڵاتانی عەرەبی، کەسێک لە بەر دەرگای سینەماکان هاواری دەکرد و خەڵکی بۆ بینینی فیلم ڕاکێشی ژوورەوە دەکرد. هۆتێلی بارۆن لە شاری حەلەب زۆر بەناوبانگ بوو. ئەتاتورک کاتێک کە ویستوویەتی

ڕێککەوتنـی ئاشـتی نێـوان تورکیـا و سـووریا واژۆ بـکا، لـەم هۆتێلـەدا ماوەتـەوە. خـاوەن هۆتێلەکـە تـا ڕادەیـەک شـانازی بـەم شـتەوە دەکـرد و وتـی ئەگـەر بیسـت دۆلار زیاتـر بـدەی، ئـەو ژوورەت پـێ دەدەم وا ئەتاتـورک تێیـدا ماوەتـەوە، وتـم تەنهـا دەمەوێـت لـەو ژوورە چەنـد وێنەیـەک بگـرم، وتـی بـۆ وێنەگرتـن دەبـێ پێنـج دۆلار بـدەی! هەسـتم کـرد ئەگـەر بیسـت دۆلارەکـە بـدەم و هـەر لـەو ژوورەدا بمێنمـەوە هـەرزانتر دەکەوێـت. دیـارە ئـەم هۆتێلـە تەنهـا لەبـەر مانـەوەی ئەتاتـورک بەناوبانـگ نییـە، بەڵکـوو کەسـانێکی وەکـوو شـای ئێـران، ئاگاتـا کریسـتی نووسـەری بەناوبانگـی ئینگلیـزی و خوڵقێنـەری چیرۆکـە تاوانکارییەکان و لۆرەنسـی عەرەبسـتان ئەفسـەر و سـیخوڕ و نووسـەری بەناوبانـگ، لـە میوانـە بەناوبانگەکانـی دیکـەی ئـەم هۆتێلـە بـوون.

کاتێـک لـە تورکیـا بـۆ پرۆژەکـەم خەریکـی کاری مەیدانـی بـووم، خەڵـک بەسـەرهاتی تاڵیـان دەگێڕایـەوە، لـەوەی کـە ئەتاتـورک خەباتکارانـی کـوردی بـە دیلـی دەگـرت و لـە سێدارەی دەدان و کۆمەڵکوژیـی خەڵـک لـە شـەڕە ناوخۆییەکانـدا هەمـووی بـە فەرمانـی ئـەو ئەنجـام دراوە. لـە ژوورەکـەی ئەتاتـورک نووسـتم و بـە درێژایـی ئـەو شـەوە مۆتەکـەم بینـی. دەستنووسـێکی ئەتاتـورک لـەو ژوورە بـوو کـە تێیـدا تێڕوانینـی خـۆی لەسـەر جیاوازییـە فەرهەنگییەکانـی نێـوان حەلـەب و ئەسـتەنبوڵ نووسـیبوو. دوای حەلـەب چوومـە دیمەشـق کـە ژینگەیەکـی سەرنجڕاکێشـی هەبـوو. کەمینەیەکـی ئەرمەنـی و مەسـیحی بـە شـێوەی ئاشـتیانە لەگـەڵ موسـڵمانە عەرەبەکانـدا دەژیـان. ئەرمەنـی و مەسـیحییەکان بـە فرۆشـتنی زێـڕ و زێـو و کاری دەسـتی لـە نـاو کڵێسـاکانی ناوەنـدی شـار گەشـتیارانی بیانیـان بـەرەو لای خۆیـان ڕادەکێشـا و گـەڕەک و بازاڕەکانیـان پـاک و خاوێـنتر و دەوڵەمەندتـر بـوون.

ڕۆژێکیـش سـەردانی مەزارگـەی زەینەبـی کچـی ئـیمام عەلـی، یەکـەم ئیمامـی شـیعەم کـرد. کۆمەڵێـک لـە ئێرانییـەکان کـە زۆربەیـان فـارس زمـان و خەڵکـی یـەزد و سـیمنان و ئیسـفەهان بـوون بـە پـاس بـۆ گەشـتێکی زیارەتـی هاتبـوون بـۆ مەزارگـەی حەزرەتـی زێنـەب. ئـەوان لـە سـنووری بازرگانـەوە سـەرەتا چووبوونـە شـاری ئۆرفـای باکـووری کوردسـتان و لەوێـوە چووبوونـە پارێـزگای هاتـای لـە باکـووری کوردسـتان و پاشـان هاتبوونـە نـاوەوەی سـووریا و گەیشـتبوونە مەزارگـەی زەینـەب (کچـی ئـیمام عەلـی) و ڕوقەیـە (کچـی ئـیمام حسـێن) لـە

● وێنەی ٢٥٧ – ژووری ئاتاتورک و لۆرێنس، حەلەب، سووریا، ٢٠٠٧

نزیک شاری دیمەشق.

جـۆری زیـارەت و ماتەمیـن و شـینگێڕییەکەیان ڕێـک هاوشـێوەی ئـەوەی بـوو کـە ئێرانییـەکان زۆر جـار لـە مەشـهەد و قـوم و کەربـەلا دەیانکـرد. بـە شـێوەیەکی زۆر سـەیر هەمـوو شـوێنەکان و هەڵسـوکەوتی زیارەتـکارەکان لـە یـەک دەچـوو. ئەگـەر کەمێـک لـە بیچـم و دیزاینـی شـەباکەکان (زەریح)ـەکانەوە بگـرە تـا دەگاتـە شـێواز و فۆرمـی قوبـە و جـۆری زیـارەت و ... ورد ببیتـەوە بـە ڕوونـی ئاسـەواری دامـەزراوە سیاسـی - ئاینییەکانـی حکوومەتـی ئێـران، ڕێکخـراوە و هونەرمەندانـی شـیعەی ئێـران لـەم حەرەمانـە دەبینرێـت.

ئـەو شـەوەم لـە لای مەزارگـەی زێنـەب بەسـەر بـرد و دەنگـی گریـان و نااڵاندنـی زیارتـکارە ئێرانییـەکان هەتـا درەنگانـێ بـەردەوام بـوو. بەشـە سەرنجڕاکێشـەکەی ئـەوە بـوو کـە شـینگێڕ و ئاخوونـدەکانـی هـەر پاسـێک کۆبوونـەوە و مینبـەری تایبەتـی خۆیانیـان هەبـوو و هەندێـک جاریـش چیرۆکـی زێنـەب و حەقخوازییەکانـی ئەویـان بـە شـێوەی جیـاواز دەگێڕایـەوە. قسـەکانیان پـڕ بـوو لـە ئیدیعـا و بـۆ ئـەوەی زۆرتـر خەڵـک بکەنـە گریـان لەگـەڵ یـەکتر لـە کێبڕکێیەکـی بێکۆتاییـدا بـوون! لـە دەقـی شـینگێڕییەکەیاندا جیاکارییەکـی زۆر زەق دەبـینرا جیاکارییـەک کـە هەوڵـی دەدا ئەویتریسـازی و دووانەبینییـەک لـە نێـوان موسـڵمانانی شـیعە و ناشـیعەدا یـان هەمـان ئەهلـی سـوننەدا دروسـت بکـەن.

منیـش وەک کـوڕە سـوننەیەک مابوومـەوە کـە گـوێ بگـرم یـان بـڕۆم، بـەڵام مامـەوە و تـا درەنگانـی شـەو لـە ناویانـدا پیاسـەم دەکـرد. زوو زوو ئـەم پرسـیارانە بـە مێشـکمدا دەهاتـن و دەچـوون کـە ئایـا ڕێزگرتـن لـە هەمـوو بۆچـوون و بیروبـاوەڕەکان کارێکـی عاقڵانەیـە؟ ئایـا ئاییـن و مەزهەبـم هەیـە؟ ئایـا بـە هەڵبژاردنـی خـۆم بـووە یـان بـە سـەریاندا سـەپاندووم؟ ئایـا مەگـەر نـە ئـەوەی کـە بنەماکانـی ئاییـن لێکۆڵینەوەییـن نـەک لاسـاییکردنەوە؟ ئـەی ئەگـەر بنەماکانـی ئاییـن لێکۆڵینەوەییـن و کەسـێک لێیـان کۆڵاوەتـەوە و پێـی نەگەیشـتووە، دەی بۆچـی بـە نـاوی مورتـەد دەیکـوژن؟ بۆچـی قورئـان یەکـە بـەڵام ئیـسلام هەفتـا و سـێ فیرقەیـە؟ کام مەزهـەب دەمانباتـە بەهەشـت؟ بۆچـی پەیڕەوانـی ئاییـنە جۆراوجـۆرەکان لێبڕاوانـە باوەڕیـان بەوەیـە کـە ئاییـنی خۆیـان باشترینـە و تەنهـا ئـەوان دەچنـە بەهەشـت؟ بۆچـی حسـێن تەنهـا دێتـە خـەوی شـێعە و عومـەر تەنهـا سـوننە خـەوی پێـوە دەبینـێ؟ مریـەم دەچێتـە خـەوی مەسـیحییەکان؟ لـە نـاو فـەزای دەوروبـەری مەزارگەکـەی زێنـەب، زیاتـر لـەو کاتـەی وا لـە ڤاتیـکان وانـەی ئاینینەکانـم دەخوێنـد، کاس و وڕ ببـووم. گەشـتم بـۆ سـووریا ئەوەنـدە سـەرنجڕاکێش و پـڕ لـە ئاڵنـگاری بـوو کـە لـە بۆنەیەکـی تـردا جارێکـی تـر گەشـتم بـۆ ئـەو وڵاتـە کـردەوە.

دیدارێکی سەرسووڕهێنەر لەگەڵ شارستانییەتێکی کۆنی دیکەدا

مـیسر هێشـتا سەرسـوڕهێنەریی خـۆی هەبـوو، سەرسـوڕهێنەرییەک کـە لـە جوانیـی شـوێنەوارە مێژوویـی و گەشـتیارییەکانی ئـەم وڵاتـە بەتایبـەت سـێ هەرەمەکـە و درێژیـی ڕووبـاری نیـل نەدەچـوو. ئاسـتی توندوتیـژی لـە بـواری گشـتیدا بەرامبـەر بـە ژنـان و تەنانـەت دژ بـە منداڵانیـش لـە ڕادە بـەدەر بـوو. ئێمـە گرووپێکـی پێکهاتـوو لـە چەنـد ژن و پیـاو بووین کـە پێکـەوە هەمـوو جێگایـەک دەچووین. ژنانـی نـاو گروپەکـە دەیانگـوت: "دەچینـە هـەر شـوێنێک پەلامارمـان دەدەن! ورد بووینـەوە و بینـیمان لـە بـازاڕ و شـوێنە گشـتیەکاندا دەسـت لـە مەمـک یـان سـمتی ژنـان دەدرێـت. دووکانـدارەکان بـە بیانـووی فرۆشـتنی جلوبەرگـی نەریتیـی ژنـان و قەبارەگرتنـی، ئاشـکرا دەسـتدرێژییان دەکـردە سـەر جەسـتەی ژنـان. ئـەم ڕەفتارانـە بەرامبـەر ژنـە گەشـتیارەکان زۆر بێباکانەتـر ئەنجـام دەدرا. بـە گشـتی ئازاری جەسـتەیی ژنانی ناموسـڵمان و بێحیجـاب ئازادانەتـر بـوو و پێوەرەکەشـیان ئـەوە بـوو کـە کاتێـک ژنێـک بێحیجابـە و خەڵکی ناوچەکە نییە، ڕێگا بۆ دەستدرێژیکردنە سەری کراوەترە.

● وێنەی ٢٥٨ – قاهیرە، میسر، ٢٠٠٨

سـاڵانێک دواتـر، کاتێـک بەهـاری عەرەبـی (کـە حکومەتـی ئێـران پێـی دەڵـێ بەهـاری ئیسلامـی) هەڵگیرسـا، لـە مەیدانـی تەحریـری قاهیـرە دەسـتدرێژی کرایـە سـەر پەیامنێرێکـی ئەلجەزیـرە و هەواڵنێرانـی دیکـەش ئـەو ڕووداوەیـان لەقـاو دا. وەبیـرم هاتـەوە کـە لـە سـەفەرەکانم بـۆ ئـەم ناوچانـە و بەتایبـەت وڵاتـی مـیسر چەندەهـا شـتی دیکـەم بینیبـوو. دوای سـێ سـاڵ لەلایـەن دکتـۆر موەحیبـی هاوڕێـم بـۆ کۆنفرانسـێک سـەبارەت بـە خەتەنـەی ژنـان بانگهێشـت کـرام بـۆ زانکـۆی ناوەندیـی قاهیـرە و هەسـتم کـرد دۆخەکـە زۆر نەگـۆڕاوە. دیتـم ئـەو ژنـە بیانییانـەی کـە لەگـەڵمان بـوون، جارێکـی تـر هەرچەنـد کـەمتر دەسـتدرێژییان ئەزمـوون کـرد.

ڕووداوە سەیر و خوێناوییەکانی ئامەد (دیاربەکر)

کاتێـک لـە دیاربەکـر دەژیـام، شـایەتی چەندیـن ڕووداوی گرنـگ بـووم کـە بـە شـێوەی هـەواڵ و ڕاپۆرتـی فەرهەنگـی بڵاوم کردنـەوە. ئـەم بابەتانـە تـا ماوەیەکـی زۆر هـۆکار و

بیانوویەکی باش بوون بۆ درێژەدان بە کارم لە ناوچەکەدا. ساڵی ٢٠٠٧ بوو کە لە گوندێکی نێوان پارێزگاکانی ئامەد و ماردین شەڕێکی خوێناوی قەوما. کوڕەمامێک عاشقی کچە مامەکەی بوو، بەڵام کچەکە شووی بە کوڕی پووری (خوشکی دایک) کردبوو. پیاوانی بنەماڵەی مامەکە، ڕۆژی زەماوەند لە ماوەی چەند خولەکێکدا ، بیست و سێ کەسیان بە بووک و زاواوە کۆمەڵکوژ کرد. ئەم هەواڵە بوو بە مانشێتی جیهانی و لەلایەن گڵۆباڵ و سی ئێن ئێن و سی بی سی و میدیاکانی ترەوە پەیوەندیم پێوەکرا بۆ ئەوەی باسی ئەم کارەساتە بکەم. شیکارییەکانم بە شێوەی هەواڵ و وتار دەدا بە میدیاکان و باسی کاریگەریی توندوتیژی و شەڕم لە ناوچەکە و ڕۆڵی حکومەت لەو دیاردە و هەژاری و نەخوێندەواری و سیستەمی خێڵەکی و جیاکاریی ڕەگەزی دەکرد و لە سەری شتم دەنووسی. بەشی هەستیاری ڕووداوەکە نەک کوشتن و ناکۆکیی بنەماڵەیی بەڵکوو لایەنە سیاسییەکەی بوو. پڕچەککردنی ئەم عەشیرەتە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە بابەتێک بوو کە سەرنجی هەمووانی ڕاکێشابوو.

لە هەندێک ناوچەدا حکومەت بە وەتەماخستن و پڕچەککردنی گوندنشینان کە زۆربەیان بێکار بوون هێزێکی میلیشیای گەورەی پێک هێنابوو، کە پێیانیان دەگوت قوروجی. قوروجییەکانی تورکیا هەمان جاشن کە لە زمانی کوردیدا بەکار دەبرێن و لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا بە خائین و بەکرێگیراو سەیر دەکرێن. قوروجی یان پاسەوانانی لادێکان، کەسانێک بوون کە لە گوندەکانی خۆیان و ناوەندە سەربازییەکاندا پاسەوانیان دەدا و لە پێکدادانەکانی نێوان سوپا و پەکەکەدا ڕۆڵی چاوساغ و هێزی خۆجێیی شارەزا بە ناوچەکەیان دەگێڕا. هەمان ئەم سیستمەم لە سووریا و ئێرانیش بینیبوو و پێش ڕووخانی سەدام حسێن هەمان شت لە عێراقیش باو بوو و پەیڕەو دەکرا.

● وێنەی ٢٥٩ – ڕاپۆرتی من بۆ سی‌بی‌سی، ماردین، ٢٠٠٧

پێدەچوو زۆربەی ئەو حکومەتانە بۆ بەرپەرچدانەوەی هێزە نەیارە کوردییەکان سیستەمێکی هاوشێوەیان دروست کردبێت. سوپا و حکومەت لە ژێر گوشار و ڕەخنەی میدیاییدا بوون بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆیان لەو کۆمەڵکوژییەدا ڕوون بکەنەوە و بەرپرسیارێتی قبوڵ بکەن. لەو ماوەیەدا چەندین ڕووداوی دیکەشم بڵاو کردەوە کە پۆلیس پێی زانی؛

ڕووداوەکانی وەکوو زنجیرە هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر چیای قەندیل یان بۆمبدانانی لقەکانی نزیک لە پەکەکە لەسەر ڕێی پاسی سەربازی لە شاری ئامەد کە ژمارەیەکی زۆر کوژراو و بریندارى لێ کەوتەوە.

چەرمەسەرییەکانی چاپکردنی کتێب

یەکێتیی ئەورووپا بەشێک لە بوودجەی توێژینەوەی ڕێنوێنیی گەشتیاری دابین دەکرد، بەڵام لە کۆتاییدا گرێدراوی ئامەد بووین و لە ژێر چاودێریی شارەوانیدا ئیشمان دەکرد. هەر شەش مانگ جارێک بۆ درێژکردنەوەی ماوەی ڤیزاکەم دەچوومە ئەنقەرە یان ئەستەنبوڵ. خەریکی کۆکردنەوەی بەشی توێژینەوەیی کتێبی گەشتیاریی کوردستان بووین کە چووم بۆ درێژکردنەوەی ماوەی ڤیزاکەم، زۆر ڕاشکاوانە وتیان: "ئەو

● وێنەی ٢٦٠ – ناڕەزایەتی دژ بە سیاسەتەکانی حکوومەت، حەکاری، ٢٠٠٦

کارەی وا تۆ دەیکەی کێشەت بۆ دەنێتەوە، ئەو کتێبەی وا تۆ دەینووسی هی شارەوانییەکانی گاپە و ئەو نەقشەی وا لە کتێبەکەدا دایدەنێی تەنیا پارێزگا کوردستانییەکان لە خۆ دەگرێت. ئەمە جۆرێک جیاکردنەوە و ڕاگەیاندنی سەربەخۆییە و ...." پاشانیش وتیان دەبێ بەر لە چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبەکە ئێمە تاوتوێی بکەین. وتم ئەم بابەتانە پەیوەندنیی بە منەوە نییە و دەبێ سەرۆک شارەوانیی ئامەد واتە عوسمان بایدەمیر قسە بکات، بەڵام بێسوود بوو. وتیان شارەوانی قسەمان لەگەڵ ناکا و ئێمەش نایاندوێنین.

ململانێ و کێبڕکێی نێو و دەرەوەی ڕێکخراوەیی هەمیشە هاوتەریب لەگەڵ کارەکانم

بوونیـان هەبـوو. کاتێـک کتێبەکـە دوای دوو سـاڵ و نیـو کاری چڕوپـڕ ئامـادەی چاپکـردن بـوو، بەزمێکـی دیکەمـان لـێ سـاز بـوو. هەنـدێ گـروپ لـە نـاو شـارەوانی و بەتایبـەت یەکـەی فەرهەنگـی و گەشـتیاری درکیـان بـەوە کـرد کـە کارەکـە خەریکـە کۆتایـی دێ و دیـارە ئەنجامەکەشـی باشـە. دەیانویسـت هـەر جۆرێـک بـێ ئـاو بکەنـە ژێرمـان. هێنـدەی نەخایانـد کـە تێگەیشـتم کەسـانی نـاو شـارەوانی تاقمتاقمـن. بـە گروپەکـەی ئێمەیـان وت عوسمانچـی واتـە لایەنگرانـی عـوسمان. ئـەو گروپانـەی کـە نزیـک لـە پارتـی د.ت.پ بـوون چاودێـری عوسمانچییەکانیـان دەکـرد. کادیرەکانـی د.ت.پ لـە ڕاسـتیدا هەمـووکارە بـوون، شـارەوانی نوێنەرایەتیانـی دەکـرد و لـە میکانیزمـی ڕاوێژکاریـی فەرهەنگـی و ڕاوێژکارانـی دیکـەدا دووتاقمـی دەبـینرا.

یەکـەی فەرهەنگـی و گەشـتوگوزاری ئامـەد بەدەسـت خانمێکـەوە بـوو کـە باوکـی ئەندامـی پێشـووی پەرلەمـان بـووە و لەگـەڵ لـەیلا زانـا ئەندامـی پێشـووی پەرلەمـان زیندانی کرابـوون، ئەمـەش یانـی لـە هەمـوو شـوێنێک دەسـەڵاتیان هەبـوو و بـە جۆرێـک پاسـپۆرتی سـەوزیان هەبـوو، هەرچەنـد ماوەیـەک بـوو کـە پەکەکـە چـاوی بـە لـەیلا زانـا هەڵنەدەهـات. بـە کورتـی ئـەم ژنـە بەرامبـەر بـە کارەکانمـان هەسـتیار ببـوو. ئـەو دەیزانـی کـە ئەگـەر کتێبـی ڕێنماییەکـە بڵاو ببێتـەوە، بـە قازانجـی گاپ دەبـێ و بـەم کارە پرێسـتیژ و شـانازیی فەرهەنگی بەدەسـت دەهێنـن. لـە هەمـووی گرنـگتر ئـەوە بـوو کـە بەشـی گەشـتوگوزاری گەورەشـارێکی وەکـوو ئامـەد بـەو بودجـە و میکانیزمەیـەوە هەتـا هەنووکـە نەیتوانیبـوو کارێکـی ئـاوا بـکا و هـەر ئەمـەش خـۆی و ڕێکخراوەکـەی دەخسـتە ژێـر پرسـیارەوە. ڕووداوەکـە کێبڕکێیەکـی ناتەندروسـتی لـە نێـوان بەڕێوەبەرانـی گاپ و شـارەوانییە گەورەکـەدا سـاز کردبـوو و منـی بێئـاگا تووشـی بنبەسـت و بەربەسـتێک بـووم کـە هیـچ پەیوەندییەکـی ڕاسـتەوخۆی بـە منەوە نەبوو.

● وێنەی ٢٦١ – ئاهەنگی سەرکەوتنی د.ت.پ، ئامەد، ٢٠٠٩

کاروبارەکـە لـە تەواوبوونـدا بـوو، بـەڵام شـەڕ و تۆڵەکردنـەوەی ناوخۆیـی و باڵباڵێـن تـازە دەسـتی پێکردبـوو. ڕۆژێـک کاک عـوسمان پەیامـی بـۆ نـاردم و داوای لێکـردم بچمـە نووسـینگەکەی. تـەواو تێـک چووبـوو و لێـی پرسـیم: "کارەکـەت چەنـدی مـاوە؟" وتـم مانگێـک. وتـی: "هاوکاریـت لەگـەڵ بەشـی گەشـتوگوزاری شـارەوانی زیاتـر بکـە. پێشـینەی زەینیـم هەبـوو و یەکسـەر وتـم: "دەبـێ چـی

بکـەم؟ خۆتـان چـاک دەزانـن ئێمـە بـە شـێوەیەکی سـەربەخۆ کارمـان کـردووە و خۆشـتان پەسـەندتان کـردووە کـە گاپ کارەکـە بـکا، ئێسـتا کـە کۆتایـی کارەکەیـە، مـن ناتوانـم مفـت ڕادەسـتیان بکـەم، تـا ئێسـتا قسـەمان لـە سـەر نەکـردووە و دەبـێ بـە ڕوونـی پـێمان بێـژن کێشـەکە چییـە" عـوسمان زەختـی زۆر لـە سـەر بـوو و هاوکارەکانیشـم وتیـان زوو کارەکـە کـۆ بکەمـەوە و تـەواوی بکـەم، بـەڵام بەهـۆی کێشـمەکێش و ململانێـی ئەوانـی دیکـەوە نەمدەتوانـی ئەنجامـی هەوڵەکانـم هـەر وا بـە ئاسـانی و مفـت ڕادەسـتی کەسـانی نـاو شـارەوانی بکـەم".

لـە درێـژەی ئـەم بێنـە و بـەردەدا هەڵەچـن و گرافیسـتی کارەکەیـان گـۆڕی. هـەر دووکیان شـارەزا و پڕۆفیشـناڵ بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ئەسـتەنبوڵەوە هاتبوون، لە پڕۆسـەی کارەکە لا بـران و دواتـر لەسـەر ئەوەی کتێبەکـە لە کوێ چاپ بکـرێ گۆڵمەزێکیان نایـەوە. چاپکردنی کتێبێکـی لەو شـێوە پێویسـتی بە شـارەزایی بوو و بڕیـار وا بوو یەکێک لە چاپخانە گەشـتیارییە دیارەکانـی ئەسـتەنبوڵ چاپـی بـکات. هـەر ئـەو گروپـە مکـووڕ بـوون کە دەبـێ لە ئامـەد چاپ بکرێـت. بیانووەکەشـیان ئەوە بوو کـە قازانجی چاپکردنی کتێبەکە بگەڕێتـەوە بۆ کۆمپانیاکەی خۆیـان. ئەگـەر لـە ئەسـتەنبوڵ چـاپ بکـرێ، پارەکەی دەچێتـە گیرفانـی تورکـەکان. دەمزانی کـە ئەمـە بەشـی فەرهەنگییە کۆسـپ و تەگـەرە دەخاتە بـەردەممان و منیش زۆر بـەوە دڵتەنگ بـووم. چاپخانـەی ناوچەییـم بینـی، ئـەوان کەسـانێکی بەتوانـا و بـاش بـوون، بـەڵام چاپکردنی ئـەم کتێبـە لـە توانـای ئەوانـدا نەبـوو. دەیانتوانـی گۆڤـاری ناوڕێکخراوەیی شـارەوانی و حیزبی بەرهـەم بهێنـن، بـەڵام پڕۆژەیەکـی گەشـتیاریی پڕۆفیشـناڵ بـەم قەبـارە و بـەو هەمـوو وێنـە و گرافیکـەوە لـە توانـای ئەوان بـەدەر بوو.

لای عـوسمان بایدەمیـر سـکاڵام کـرد. گوتـم چاپخانـەی دیاربەکـر (ئامـەد) توانـای چاپکردنـی کتێبەکـەی نییـە و تێکـی دەدات. بـۆ ماوەیەکـی زۆر بێدەنـگ بـوو، یەکێکـی لـەو درێژتریـن بێدەنگییانـەی کـە لـە بیرمـدا مابێـت. ئـەم قۆناغـەی پڕۆژەکـە بـۆ مـن هەسـتیار بـوو و چاوەڕێـی ئـەوە بـووم کـە دواقسـە لـە زمانـی ئـەوەوە دەربچێـت. وەک شـتێ کاک عـوسمان جوابەجەنگێـی لەگـەڵ خـۆی دەکـرد. بـاش دەیزانـی کـە دەبـێ کتێبەکـە بدەیـن بـە چاپخانەیەکـی هـەرە پڕۆفیشـناڵ، بـەڵام ئەگـەر ئـەو کارەی بکردایـە زەخـت و گوشـاری زۆری لێدەکـرا و ڕەخنەبارانیـان دەکـرد کـە سـەرەڕای ئـەو هەمـوو جیـاکاری و هەڵاواردنـە، بودجـەی دیاربەکـری خسـتۆتە گیرفانـی تورکەکانـەوە.

دوای بێدەنگبوونێکـی زۆر وتـی: "خـۆ خـۆت چـاک دەزانـی دۆخەکـە چۆنـە، مەخابـن ناتوانـم لەگـەڵ بۆچوونەکەتـدا بـم!" ئـیتر باسـەکە بڕایـەوە. منیـش لەبـەر ئـەوەی متمانـەم بـەو گرافیسـت و چاپخانـە خۆجێییانـە نەبـوو، داوام لـە دوو ئەندامـی تیمەکـەم کـرد کـە وەک سەرپەرشـتیار لـەوێ بـن. هـەر بەشـێکی کتێبەکـە کـە دیزایـن دەکـرا هەتـا کۆتایـی ئیشـەکە

ئێمە لێکمان دەداوە. لە کۆتاییدا چاودێرێکمان لە ئەستەنبوڵەوە هێنا بۆ ئەوەی چاودێریی کارەکان بکات. ئێمە پرۆسەیەکی دوور و درێژ و تاقەتپڕووکێنمان تێپەڕاند. دوای ئەو هەموو چەرمەسەری و دڵەڕاوکێ زۆرە، چاپخانەیەکمان لە ئەستەنبوڵ دۆزییەوە، کە بەشێک لە کارمەندەکانی خەڵکی ئامەد بوون و کتێبەکەیان بۆ چاپ کردین. کتێبەکە درا بە چاپخانەی خودییەکان لە ئەستەنبوڵ و لەوێ چاپ و بڵاو کرایەوە.

نەورۆزی کێشەساز!

کتێبی "ڕوانینێک بۆ ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا" بە زمانی ئینگلیزی و تورکی نووسرابوو کە دواتر بۆ سەر زمانی کوردیش وەرگێڕدرایەوە. یەکێک لە بەڕۆژترین و نوێترین ڕێنوێنییەکانی گەشتکردن بۆ باکووری کوردستان بوو و زیاتر لە ئاستی کارێکی گەشتیاریدا بابەتەکانی دیکەمان لە هەردوو بواری کۆمەڵایەتی و خەڵکناسیی ئەو ناوچانەدا ڕوومااڵ کردبوو. ڕیچارد لیم کە دواتر بوو بە هاوڕێی نزیکم و یەکێک لە نووسەرە لێهاتووەکانی کۆمپانیایەکی بەناوبانگی کتێبەکانی لۆنی پلانتە، ڕاوێژکار و سەرنووسەری ئەم پڕۆژەیە بوو. بڵاوبوونەوەی کتێبەکە هاوکات بوو لەگەڵ نەورۆزی ساڵی ٢٠٠٩ی زایینی، وەکوو هەموو ساڵێ بڕیار وا بوو لە شاری ئامەد فێستیڤاڵێکی گەورە بەڕێوە بچێ و ئێمەش پەردە لەسەر کتێبەکە لا بدەین. فێستیڤاڵی نەورۆزی دیاربەکر بە ئامادەبوونی نزیکەی یەک ملیۆن کەس بەڕێوە دەچێ و زۆر شکۆمەند و مەزنە. زۆر جار ئەم فێستیڤاڵی نەورۆزە پاشنیوەڕۆ دەبێتە خۆپیشاندانێکی گەورە دژ بە حکومەت و بە دەستێوەردانی پۆلیسی دژەشۆڕشی تورکیا کۆتایی پێ دێت. لە ئەستەنبوڵ سەرقاڵی چاپکردنی کتێبەکە بووم، بەڵام دەمویست بگەمە فێستیڤاڵی نەورۆز. لە دواییین ڕۆژدا چاپکردنی کتێبەکە گرفتی تێکەوت، درەنگ گەیشتمە فڕۆکەخانە و گەشتەکەم لە کیس چوو. گەشتەکان هەموویان پڕ بوون و زۆر کەس دەچوونە مەراسیمی بەناوبانگ و گەورەی نەورۆز. بە چەرمەسەری و دژواریی‌یەکی زۆرەوە لە دواییین چرکەکاندا بلیتێکم کڕی. نەریتی ساڵانە ئەوە بوو کە سیاسەتمەداران و دیپلۆماتکاران و شاندێک لە ئەورووپا و وڵاتانی دیکەوە بۆ نەورۆز دەهاتن. جەرگم جەرگی دەخوارد کە بگەمە ئامەد و هەمووان دەرەنجامی کارەکە ببینن. بە عوسمانم گوتبوو کە چەند کتێبێک دێنم بۆ ئەوەی بە دیاری بیدەم بە میوانەکان. پلانەکە ئەوە بوو کە میوانە بیانییەکانیان بۆ گەشتێکی دوو هەفتەیی بە ناو باکووری کوردستاندا دەگەڕاند و ئەم کتێبە دەرفەتێکی باشی بۆ گەشتیاران دەڕەخساند کە ڕێنوێنێکی سەفەریان هەبێ، بەتایبەت ئەوەی کە بە زمانی ئینگلیزی چاپ کرابوو. باڵی

فەرهەنگیی پەکەکە لە ڕاکێشان و کاریگەریدانان لەسەر نوێنەرانی ئەورووپا و پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا و بە گشتی سیاسەتمەدارە چەپەکان زۆر سەرکەوتوو بوو، شێواز و سەرکەوتنێک کە زۆرێک لە حیزب و پارتە کوردییەکانی دیکە لە چوارپارچەی کوردستان نەیانبوو.

● وێنەی ٢٦٢ – نەورۆزی یەک ملیۆن کەسیی ئامەد، ٢٠٠٩

دەمزانی نووسینگەی بایدەمیر زۆر قەرەباڵغە و بایدەمیر سەرقاڵی کارە، بەڵام نموونەیەکی کتێبەکەم دا بە بایدەمیر و جێگرەکانی و بەشی فەرهەنگی. ئەنجامی کارەکە بوو بە کتێبێکی ئەستوور و تەواو ڕەنگاوڕەنگ کە کاغەزەکەی گڵاسەی بریقەدار بوو. کەشێکی دووفاقەی سەیر و لێکدژ دروست ببوو. مەناف و بایدەمیر و هەموو ئەندامانی تیمی بەرهەمهێنانی کتێب دڵخۆش بوون بەڵام ئەو کەسانەی کە چاویان بە سەرکەوتنی بەرهەمەکە هەڵنەدەهات و کۆسپ و تەگەرەیان دەخستە سەر ڕێمان، بە نابەدڵی لاپەڕەی کتێبەکەیان هەڵدەداوە بۆ ئەوەی وا خۆیان نیشان بدەن کە بڵاوکردنەوەی کتێبی ڕێنوێنیی گەشتیاری هیچ گرنگ نییە. کەشەکە ئاڵۆز بوو، پێشینەی ڕووداوەکانی ڕابردووش منیان تووشی دڵەخورپەکردبوو. زوو زوو بە خۆمم دەگوت هەر بینا هەڵەیەکیان لێ بینییەوە. لە ترسی هەر ئەم کەسانە، چەند جارێک وشە بە وشەی کتێبەکەمان تاوتوێ کردبوو، بەڵام هەر نیگەران بووم.

کتێبەکە لە فێستیڤاڵی نەورۆزدا دابەش کرا و دەنگدانەوەیەکی باشی لێ کەوتەوە. میوانە بیانییەکان پێشوازییەکی چاکیان لە کتێبەکە کرد و دەمبینی کە بایدەمیر و شارەوانییەکانی گاپ بەو کتێبە دڵخۆشن. دیارە خۆشحاڵییەکەمان هێندەی نەخایاند. دوای چەند ڕۆژێک شارەوانی و گاپ و کاک عوسمان بایدەمیر ئاگادارییەکیان لە داواکاری گشتیەوە پێگەیشت کە تێیدا باس لەوە کرابوو کە پڕۆژەیەکی نایاساییان لە دەرەوەی چوارچێوەی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی ئەنجام داوە.

وەزارەتی فەرهەنگیی تورکیا سکاڵای لە دژی من وەک سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە تۆمار کرد. لە تۆمەتی یەکەمدا وتبوویان کە وشەی نەورۆزتان بە کوردیی لاتین و بە پیتی لاتینی W نووسیوە، ئێمە لە ئەلفوبێی زمانی تورکیدا پیتی Wمان نییە. دیارە ئەم کارەی ئێمە هەڵگری پەیامێکی سیاسی بووە و تەنانەت لەسەر پیتی W کەمپینێک

ساز کرا. تۆمەتەکەی دیکە ئەوە بوو کە تا ئەو کاتە حکوومەتی تورکیا شەرعیەت و بایەخی فەرهەنگی بە نەورۆز نەدابوو، بەڵام ئێمە ئەم هێڵە سوورەی حکوومەتیشمان بەزاندبوو.

نەورۆز لە ئێراندا کارکردێکی فەرهەنگی هەیە، بەڵام لە تورکیا زیاتر گردبوونەوەیەکی سیاسییە. لە ناوچەکانی دیکەدا ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز زیاتر لە زنجیرەیەک یاریی کۆن و ئاگرکردنەوەدا سنووردار بووە و لەم ساڵانەی دواییدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئاستی ڕێوەڕسمی نەورۆز بۆ هەڵپەڕین بەرز بۆتەوە کە من پێم وایە ئەمە ئیلهامی لە نەورۆزی باکووری کوردستان وەرگرتووە.



● وێنەی ٢٦٣ – دوو بەرگی کتێبەکە بە هەر دوو زمانی ئینگلیزی و تورکی، ئەستەنبوڵ، ٢٠٠٩

لە کوردستانی باکوور نەورۆز زۆر بە چڕی سیاسی کراوەتەوە و خەڵک لە فەزای شارەکان یان گۆڕەپانە گەورەکانی دەرەوەی شار لە شێوەی فێستیڤاڵدا کۆبوونەوە و میتینگی سیاسی ئەنجام دەدەن. گۆرانیبێژە بەناوبانگەکان ستران دبێژەن و جەماوەرەکەش هەڵدەپەڕن. بەشێکی تری تۆمەتەکەم لەبەر ئەوە بوو کە لەو کتێبەدا نەورۆزم وەک جەژنێکی کۆن و دێرین پێناسە کردبوو، کە بە پێی ڕوانگەی ئەوان پێچەوانەی ئاسایشی نەتەوەیی بوو. تۆمەتەکەی دیکەشم لەبەر بەکارهێنانی ناوی کوردی و ئەرمەنی بۆ شار و گوندەکان بوو. ئەوان دەیانگوت بیرۆکەی ئەم پرۆژەیە، ئەمنی و سیاسییە. پارت و شارەوانی ئەم کتێبەیان بۆ مەبەستی پروپاگەندە بەکار هێناوە و نەیارانیش دەیانگوت: "بینیتان بوو بە کێشە!" بەرنامەی نەورۆز لە دیاربەکر (ئامەد) نزیکەی هەفتەیەک

دەخایەنێ و گروپە جیاوازەکان لە دەرەوە و ناوەوەی تورکیا و باکووری کوردستان لە شارە جیاوازەکاندا بەرنامەی نەورۆز بەڕێوە دەبەن.

بەرنامەی سێیەم یان چوارەمی ئەو ساڵە، ڕوونوێنیی فەرمیی کتێبی "ڕوانینێک بۆ ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا" بوو. ڕێوڕەسمی کتێبەکە لە یەکێک لە ناوەندە فەرهەنگییەکانی شارەوانی بەڕێوە چوو. شەوێ بەر لە مەراسیمەکە دیدارێکمان لەگەڵ کاک ئەحمەد تورک، سکرتێری گشتیی ئەوکاتی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی (DPT)، کاک سەلاحەدین دەمیرتاش، سەرۆکی ئێستای ئەم پارتە کە هەنووکە لە زیندانداییە، کاک عوسمان بایدەمیر و چەند ئەندامێکی دیاری گاپ ساز کرد و لەسەر ڕوونوێنی و پەردەلادان لە سەر کتێبەکە گفتوگۆمان کرد.

کۆمەڵێک کەس دەیانگوت با چوکڵی تێوەرنەدەین و گەورەی نەکەینەوە، چونکە میدیاکانیش لە مەراسیمەکەدا ئامادە دەبن و دەبێ هەموو شتێک بە ئارامی بەڕێوە ببەین. هەندێکیش دەیانگوت دەبێ لەم دەرفەتە زیاترین سوودی سیاسی و پرۆپاگەندەیی و گەشتیاری ببەین. بڕیار وا بوو من و عوسمان بایدەمیر و ئەحمەد تورک قسە بکەین. لە پێشدا من ئامانجەکانی کارەکە و شێوازی توێژینەوەکەمان بە پێشکەشکردنی پاوەرپۆینت بخەمە ڕوو و پاشان بایدەمیر وەک سەرۆکی شارەوانیی ئامەد و مەناف سەرۆکی گاپ ڕەخنە لە هەڵاواردن و نەبوونی گەشەپێدان و وەبەرهێنانی حکوومەتی لە کەرتی پیشەسازیی گەشتیاریی ناوچە کورددییەکان بگرن. پاشان ئەحمەد تورک وتی سەبارەت بە دوو بابەت قسە دەکا؛ یەکیان بۆچی پشکی یەکسان لە بودجە و سامانی نەتەوەیی بە کوردستان ناگا و بابەتی دووەم ئەوەیە کە کوردانیش دەبێ زیاتر سوود لە توانا خۆجێییەکانی خۆیان ببینن.

ڕۆژە بەڵێندراوەکە هات. حەشیمەتێکی زۆر هاتبوون و لە نێویاندا کەسی شارەزا و پلە باڵا کەم نەبوون. دەتوانین بڵێین هەموو سەرۆک شارەوانییەکانی گاپ و نوێنەرەکانیان هاتبوون، چونکە خۆیان بە هاوپشکی بەرهەمەکە دەزانی. نوێنەرانی وەزارەتی گەشتوگوزار و پارێزگارەکانیش هاتبوون. لەبەردەم کامێراکاندا تەنانەت ئەوانەی کینە و دوژمنایەتیان لەگەڵ یەکتردا هەبوو، هەوڵیان دەدا وا خۆیان نیشان بدەن کە پەیوەندییەکی ئاشتیانە و دۆستانەیان پێکەوە هەیە. هەروەها زۆرێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش هاتبوون، لە سی‌ئێن‌ئێن تورکەوە بگرە تا کاناڵی ئەلجەزیرە. منیش پەیوەندی میدیاییم هەبوو و پەیامم بۆ هەواڵنێرانی بیانی لە دەرەوەی تورکیا ناردبوو و هەندێکیانم بانگهێشت کردبوو.

لە پشت مایکەوە زۆرتر دڵی و بەرنامەدانەڕێژراوانە وتار دەدەم. ئەو ڕۆژەش لە کاتی وتاردانەدا پەنجەم خستە سەر ئەو بابەتانەی کە لە بەرنامەکەدا نەبوون و دەمبینی کە

ئەندامانـــی گروپەکـــە کەمێـــک ســـەریان ســـووڕ مابـــوو. قســـەی ڕادیکاڵـــم نەکـــرد، تەنیـــا ئەزموونەکانـــی خـــۆم لـــە ناوچەکـــە و باکـــووری کوردســـتان هێنایـــە بـــەر بـــاس و گوتـــم ئاســـتێکی بەرفراوانـــی هـــەڵاواردن بـــەدی دەکـــرێ و دەفرایەتـــی و پتانســـێڵی زۆر و بەرفراوانـــی گەشـــتیاریی ئـــەو ناوچانـــە بووەتـــە قوربانیـــی سیاســـەتە ئێتنیکـــی و شوناســـییەکان. وتـــم ئێمـــە فەرامۆشـــی دەکەیـــن کـــە ئـــەوە شارســـتانییەتەکانن کـــە بـــە درێژایـــی بزاڤـــی خۆیـــان شـــار و فـــەزا کۆمەڵایەتییـــەکان بنیـــات دەنێـــن. ئێمـــە بۆمـــان نییە لەبـــەر سیاســـەت و ئایدۆلۆژیا بیانســـڕینەوە یـــان مێژووەکەیـــان بـــە قازانجـــی خۆمـــان بگۆڕیـــن بـــۆ ئـــەوەی چەمکـــی نـــوێ و ناڕاســـتەقینە دروست بکەین.

Bölge'nin turizm rehberi hazırlandı

Hawar
Ji Şaredariya Bajarê Mezin a Amedê rehbera gerê

● وێنەی ٢٦٤ – ڕێوڕەسمی پەردەلادان لە سەر کتێب و وەرگرتنی لەوحی ڕێزگرتن لە سەرۆکی شارەوانیی ئامەد عوسمان بایدەمیر، ئامەد، ٢٠٠٩

کڵێســـایان بکەینـــە مزگـــەوت یـــان مزگـــەوت بکەینـــە ناوەنـــدی ئایدۆلۆژیکـــی و بـــە بیانـــووی دژایەتیکردنـــی ئێتنیـــک، نەتـــەوە و نیـــژاد، هەوڵـــی لێکچووانـــدن و ئاســـمیلەکردنی شـــوناس و زمـــان و خـــۆراک و فەرهەنگـــی یـــەکتر بدەیـــن. بـــاش بـــە گـــژ دروشـــمی ناسیۆنالیســـتی و پڕمشـــتومڕی کۆمـــاری تورکیـــا "یـــەک زمـــان، یـــەک ئـــاڵا، یـــەک نیشـــتمان"دا چوومـــەوە و گوتـــم ئەگـــەر ئـــەم دروشـــمە لـــە هـــەر شـــوێنێکی ئەورووپـــا بگوتـــرێ، خەڵکەکـــە بـــە بانگەشـــە بۆ فاشـــیزم و تەنانـــەت نازیســـم تۆمەتبـــار دەکرێـــن، بـــەڵام لـــە تورکیـــا وەک وڵاتێـــک کـــە ئەندامـــی ناتۆیـــە و دەیهـــەوێ بچێتـــە نـــاو یەکێتیـــی ئەورووپـــاوە، لـــە دەروازەکانـــی هەمـــوو شـــار و شـــارۆچکەکاندا ئـــەم دروشـــمە دەبینرێـــت. بەپێـــی یاســـا نێودەوڵەتییـــەکان کـــە تورکیـــاش واژۆی کـــردووە، پێویســـتە هەمـــوو مرۆڤـــەکان مافـــی یەکســـانیان هەبـــێ، بـــەڵام مافیـــان یەکســـان نییـــە.

کاردانـــەوەی میدیـــاکان بەرامبـــەر بـــە قســـەکانم دووفاقـــی بـــوو. چەنـــد دەزگایەکـــی ڕاگەیاندنـــی ناوخـــۆی تورکیـــا هێرشـــیان کـــردە ســـەرم و دەیانگـــوت بـــە ئیزنـــی کـــێ ئـــەم قســـانەت کـــرد؟ تـــۆ لـــە تورکیـــا میـــوان بـــووی و نەدەبـــا ئـــەم هەڵوێســـتەت بگرتایـــە. دەســـتەیەکی دیکـــە کـــە زۆربەیـــان خەڵکـــی ناوچەکـــە بـــوون دەیانگـــوت ئێمـــەش دەبـــێ بتوانیـــن ئـــەم قســـانە بکەیـــن، بـــەڵام ئێمـــە پاســـپۆرتی بەریتانیاییـــمان نییـــە و ناتوانیـــن! ئەمـــە یەکێـــک لـــە

تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگا دیکتاتۆرییەکانە کە هەمەجۆریی ئێتنیکی، نەتەوەیی، زمانی، ئایینی و فەرهەنگی بە هەڕەشە بۆ سەر حکومەتی ناوەندی دەزانن و نەک هەر دان بەو فرەچەشنییەدا نانێن، بەڵکوو بەپێچەوانەوە بە هەموو تواناوە بەرەنگاری دەبنەوە و هەوڵ بۆ لێکچووواندنی هەموو هاووڵاتییان دەدەن. ئەم هەوڵی ئاسمیلەکردنە هەمان ئەو هەستە تاڵ و ئازاربەخشە بوو کە لە ئێراندا ئەزموونم کردبوو و ئێستا دوای ماوەیەکی زۆر لە پارچەیەکی تری کوردستان، بارودۆخی کارکردنی بۆ من قورس کردبوو. لە دڵی خۆمدا دەمگوت کە لە ئێراندا دەیانویست ئێمە بکەنە فارسی ئێرانی و لێرە دەیانهەوێ بمانکەنە تورک. لە گوتارێکی ئاوادا هەر چەشنە شوناسێک جگە لەو شوناسەی کە حکوومەتی ناوەندی پەسەندی کردووە، بە مەترسیدار دەزانرێ و لە ڕاستیدا بە ئەویتریی‌یەکی دیکە لە قەڵەم دەدرێ و هەمیشە بە مەترسی و هەڕەشە سەیر دەکرێ و دەبێ سنووردار و کۆنترۆڵ بکرێ یان ئەوەتا دەبێ شوناسەکەی بسڕدرێتەوە.

وەک هەمیشە وتارەکەی ئەحمەد تورک سیاسی بوو، ڕەخنەی لە خودی سەرۆک‌کۆمار و پارتەکەی و کەموکوڕیەکانی حکوومەتی تورکیا گرت. کاتێک نۆرەی عوسمان بایدەمیر هات، وتەکانی توند بوون و نەخشەی پشت سەریشی بەکار هێنا. ئێمە ئەم نەخشەمان بۆ پیشاندانی مەودای کارەکانمان ئامادە کردبوو و تێیدا پانزە پارێزگای کوردستانی باکوورمان پڕڕەنگتر و تۆختر لە پارێزگاکانی دیکەی تورکیا نیشان دا. بە کەمێک تێڕامان و وردبینییەوە، ئاشکرا دەبوو کە دیزاینەرەکانی نیازی زەقکردنەوە و تیشکخستنە سەر کوردستانی باکووریان لە ناو نەخشەی تورکیا هەیە. هەمووان دەیانزانی کە ئەمە بۆ حکوومەتی تورکیا هێڵی سوورە.

● وێنەی ٢٦٥ – کوردی نووسینی بایدەمیر لە سەر نەخشەی کتێب، ٢٠٠٩

نەخشەکەمان بە کتێبەکەوە پەیوەست کردبوو و ئێمە هیچ نیازێکی وامان نەبوو، بەڵام ئەمەیان لە دەستمان دەرچووبوو و بەشی میدیا و ڕاوێژکارانی سەرۆک شارەوانییەکان بڕیاریان دا بۆ پەردەلادان لە کتێبەکە، ئەم نەخشە لە ڕەهەندی گەورەتردا چاپ بکەن و بە دیوارەوە هەڵی بواسن.

بایدەمیر کە لە سکاڵای حکومەت و بانگهێشتنامەی داواکاریی گشتی بۆ ئەم

کتێبە تووڕە بوو، باسی لە سنووردارباوونی دەسەڵاتی شارەوانییەکان کرد و ئەوەی کە پارێزگاری پارێزگاکان گوژمە وەردەگرن و پارێزگارییەکانیش لەبەر ئەوەی بەشێک لە حکوومەتن، هەمیشە دیدێکی سیاسی و جیاکارانەیان بۆ کوردان هەیە. عوسمان ماژیکێکی هەڵگرت و لەسەر نەخشەکە ناوی هەندێک شار و گوندی کە بە کوردی و ئەرمەنی و تورکی نووسرابوو، دیاری کرد. چەند شوێنێکی لە زاراوەی کرمانجییەوە بۆ سەر بنزاراوەی زازاکی وەرگێڕایەوە و بە شۆخی و جەفەنگەوە هەڵەی لە هەندێ لە نووسراوەکانمان گرت.

میدیا ڕادیکاڵەکانی تورکیا ئەم بەشەی وتارەکەی عوسمان بایدەمیر و وێنەی لە حاڵی نووسین لەسەر نەخشەی گریمانەیی کوردستانی سەربەخۆ، وەک مانشێتی سەرەکی بڵاو کردەوە. سەرباری هەموو ورووژاندنەکان و وتاردانە سیاسییەکانی ئەو ڕۆژانە، پەیامی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە زیندان لەسەر نەورۆز بڵاو دەبۆوە یان دەنگی تۆمارکراوی ئەویان لە بەیانیی ڕۆژی نەورۆزدا بڵاو دەکردەوە، بەڵام لەو ساڵەدا پەردەلادان لە سەر ئەم کتێبە گەنگەشەیەکی دیکەشی نایەوە کە هەتا چەند ڕۆژ لێکەوتە و دەرهاویشتەکانی بەردەوام بوون. دوو سێ ڕۆژ خەریکی کۆکردنەوەی کەرەسە و کەلوپەلی ناو نووسینگەکەم بووم بۆ ئەوەی هەموو شتەکان بگوازمەوە بۆ گاپ و پڕۆژەکە بە فەرمی دابخەم.

بەشی دووەم

گەڕانەوە بۆ ئێران، بە بێ مافی هەڵبژاردن

دەمزانـی لـە ئاکامـدا ڕۆژێـک دەگەڕێمـەوە بـۆ ئێـران. هاتنـم بـۆ کوردسـتانی تورکیـا و نزیـک کەوتنـەوەم لـە ئێـران، وای لێکـردم کـە زیاتـر بیـر لـە گەڕانـەوە بکەمـەوە. بـۆ گەڕانـەوە پلانێکـی زەینیـی نارِوونـم هەبـوو، بـەڵام چاوەڕێـی ئـەوەم نەدەکـرد کـە شـاڵاوی لەنـاکاوی تاڵیبەکانـی ژیـان بمگەڕێنێتـەوە بـۆ مـاڵ. لەنـاکاو کامیـار بـە ڕووداوی ئۆتۆمبێـل گیانـی لەدەسـت دا و کاتێـک پێیـان ڕاگەیانـدم، لـە خـەم و پـەژارەدا بڕسـتم بـڕا. دەمویسـت هەرچـی زووتـر خـۆم بگەیێنمـە باوەشـی بنەماڵەکـەم. شـتێک لـە دڵمـدا دەیگـوت: "ئـیتر دەبـێ لـە ئێـران بمێنیتـەوە". دەمزانـی بابـم چـیتر بەرگـەی تەنیایـی ناگرێـت. دایکـم و کامیـاری جوانەمەرگـی لەدەسـت دابـوو و دەمزانـی لـە بـاری ڕۆحـی و دەروونییـەوە لـە چ دۆخێکـی ناجێگیردایـە.

بـە خۆمـم گـوت، دەبـێ بگەڕێیتـەوە و ببیتـە پشـتیوانێک بـۆ بابـت و خانەوادەکـەت. ئـیتر هیـچ بژاردەیەکـت نییـە، چارەنـووس پێـش تـۆ بۆتـی دیـاری کـردووە و هەر ئـەو ڕێگایەشـت لە پێشـە کـە جارێکـی دیکە چارەنووس قبـووڵ بکەیتـەوە. دەمزانی وەکوو هـەر مرۆڤێکی تر مافی هەڵبژاردنـم هەیـە و دەتوانـم نەگەڕێمـەوە بۆ ئێران، بەڵام ئەم مافەم بە شـیاوی خـۆم نەدەزانی. مردنـی تـاڵ و پشتشـکێنی کامیـار لـە جیاتی مـن بڕیاری بـۆ داهاتـووم دابوو.

ئـەم گەڕانەوەیـە هەرچەنـدە هۆیەکـی تاڵـی هەبـوو، بـەڵام بـۆ خێزانەکـەم بـاش بـوو و ژیانـی پیشـەیی منـی بـە ئاراسـتەیەکی دیکـەدا بـرد. ئەزموونێکـی زۆرم وەدەسـت هێنـا و لـە ڕوانگەیەکـی تـرەوە سـەیری ئێرانـم کـرد. بێگومـان هەندێـک جـار بـە خـۆم دەڵێـم ئەگـەر بابـم بیزانیبایـە دوای ئـەم گەڕانـەوە تووشـی چ چەرمەسـەرییەک دەبـم، ڕەنگـە بمیناردایەتـەوە

بـۆ لەنـدەن، بـەڵام کـێ دەزانـێ دواڕۆژ چییـە؟" هیچ کـەس.

ماڵاوایی ئەبەدی لەگەڵ کامیاری جوانەمەرگ

١٠ی جۆزەردانـی ١٣٨٨ی هەتـاوی (٣١ی مەی/ئایـاری ٢٠٠٩ ز)... ڕۆژە تاڵـەکان لـە مێشـکی مرۆڤـدا دەمێننـەوە، بـە وردەکاری و ڕێکەوتـەوە. نزیکـەی کاتژمێـر ٢:٠٠ی سـەر لـە بەیانـی بـوو کـە مۆبایلەکـەم زەنگـی لێـدا، وەڵامـم نەدایـەوە، دووبـارە و سـێبارە زەنگـی لێـدا. وامدەزانـی شـارەوانییە، بـۆ نموونـە پۆلیـس هەڵیکوتاوەتـە سـەر کـۆگا و دەسـتی بەسـەر کتێبەکانـدا گرتـووە، یـان ڕووداوێکـی هاوشـێوەی دی ڕووی داوە. ئەوەنـدە هیلاک و شـەکەت بـووم وام پـێ بـاشتر بـوو کـە بیـر لـە شـتی لاوەکـی نەکەمـەوە. مۆبایلەکـە بـەردەوام زەنگـی لـێ دەدا، چـارم نەبـوو و موبایلەکـەم هەڵگـرت، کاک براییـم بـوو کـوڕی ئامـۆزای بابـم. سـەرەتا سڵاوی لێکـردم و پاشـان بـە هێمنییـەوە وتـی: کامیـار تەسـادفی[1] کـردووە، حاڵـی باشـە بـەڵام پێـی خۆشـە ئەتـوو لای بـی". دیـار بـوو شـتێک قەومابـوو. بـە دڵەڕاوکـێ و نیگەرانییـەوە گوتـم: "کاک براییـم خـۆ منـداڵ نیـم! پێـم بڵـێ چـی بـووە؟ مـاوە یـان مـردووە؟" زاواکـەی مامـم گووشـیەکەی لـە دەسـتی سـتاند و وتـی: "وەڵا تەسـادفی کـردووە و دەسـتبەجێ مـردووە !" هەرچەنـد هەواڵەکەشـی بـە داخێکـی گرانـەوە پێم ڕاگەیانـد بـەڵام لـەو رسـتەی بـەکاری هێنـا زۆر دڵگـران بـووم: "حەیاتـی ڕەشـی لـێ بـڕاوە". هێشـتاش بـە شـێوەیەکی نامەنتیقـی هەسـتێکی خۆشـم بـەو کابـرا نییـە، نازانـم بەهـۆی ئـەو هەواڵە ناخۆشـەی کـە پێـی گەیانـدم یـان لەبـەر ئـەوەی هەواڵەکەی زۆر خراپ پێ دام...

وێنەی ٢٦٦ – شایی کامیار، پیرانشار، ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی (٢٠٠٨)

کامیـار تەمەنـی تەنیـا بیسـت و یـەک سـاڵ بـوو. تـازە خولـی سـەربازی تـەواو کردبـوو و بووتیکەکـەی بابمـی کردبـوو بە دووکانی مانتۆفرۆشـی. ئەودەم لە ئێران نەبـووم، بەڵام دەمزانی چەنـد بـە جـۆش و خرۆشـەوە کار دەکات. بە بـەزم و هەرایەک ژنی هێنابـوو و خولیایەکی زۆری بـۆ ژیـان هەبـوو. کامیـاری جوانەمەرگ بـۆ کڕینـی کەلوپەلـی دووکان چووبوو بـۆ تەورێز، کە لە چەنـد کیلۆمەتریـی مەهابـاد بـە ڕووداوی هاتوچـۆ گیانی لەدەسـت دا.

---

١. ڕووداوی هاتوچۆ

یەکسەر بڕیارم دا بگەڕێمەوە بۆ ئێران. هەموو شتێک خێرا بە مێشکمدا تێدەپەڕی. کاتێک لە ئێران دەرچووم کامیار منداڵ بوو. من شاهیدی گەورەبوون و هەڵدانی نەبووم، بەڵام بەدرێژایی ئەم ساڵانە تەواو کاروبارەکانی لە ئەستۆ گرتبوو و پاڵپشتی بابم بوو. هەمووان خۆشیان دەویست، میهرەبان و تا ڕادەیەکیش کەمتەرخەم و جوانچاک بوو و لە ناو خانەوادەشدا بوونێکی دیار و بەرچاوی هەبوو. لەو ساتەدا بە خۆمم گوت، کامیل بەرپرسیارێتییەکەت دوو هێندە زیادی کرد. تێگەیشتنی ئەوە قورس نەبوو کە بابم بیر لەوە دەکاتەوە کە داردەستی ڕۆژانی پیری لەدەست داوە. دەمزانی ئەم کارەساتە پشتی دەشکێنێت.

یەکسەر تەلەفۆنم بۆ مەناف کرد و گوتم دەبێ ئێستا بچمەوە بۆ ئێران و ئەویش عوسمان بایدەمیری ئاگادار کردەوە. گوتیان: هەر یارمەتییەکت ویست داوا بکە. ئێستا ئۆتۆمبێلی شارەوانی ئامادە نییە کە بینێرین، بەڵام ئۆتۆمبێلێکی تایبەتت بۆ بە کرێ دەگرین بۆ ئەوەی بچیتە سنووری ئێران". گرێبەستی خانووەکەم لە دیاربەکر چەند مانگێکی مابوو، بەڵام بڕیارم دا زووتر لەوێ بڕۆم. مەناف و یاریدەدەرەکەم و چەند هاوڕێیەک کە هەواڵەکەیان بیستبوو، هاوکارییان کردم بۆ ئەوەی کەلوپەلەکانم ببەین بۆ ماڵی یەکێک لە ڕەفیقەکانم. هەموو شتەکان لە یەک کاتژمێردا کۆ کرانەوە. ساعەت شەشی بەیانی تەکسییەکیان بۆم بە کرێ گرت کە بمگەیێنێتە سنووری سێرۆ. ئەوە یەکەمجار بوو کە دەهاتمە سەر ئەم سنووره، هەمیشە بە سنووری بازرگاندا گەشتم کردبوو، کە لە ئێمەوە دوورتر بەڵام فەرمیتر بوو. شۆفێر و یاریدەدەرەکەم بڕیاریان دەدا کە بە کام ڕێگادا بڕۆین. ناخم هەژابوو، مەرگی کامیار هەموو ڕووداوەکانی دوای مردنی دایکمی کولاندبووەوە و پەیتا پەیتا تەلەفۆنی بە خانەوادەکەمم ڕادەگەیاند کە لە کوێم. دیسان تەلەفۆنکردن، چاوەڕوانی و پرسیاری ئەوەی کە کەی دەگەیتەوە و هتد.

● وێنەی ٢٦٧ – منداڵیی کانی خوشکم / پوویای برازام و کامیاری برا م، ١٣٧٨ی هەتاوی (١٩٩٩)

ئێمە بە جادەیەکدا دەڕۆشتین کە کۆتایی نەبوو. شۆفێرەکە زیاتری ڕێگاکەی بەخێرایی زیاتر لە ١٣٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا بڕی و لەسەر بەشێکی ڕێگاکەش کە لەسەر لوتکەی شاخێک بوو و دەیڕووانییە پارێزگای شرناخ، بەهۆی خێرایی زۆر و خەواڵوویەوە ئۆتۆمبێلەکە بەرەو دۆڵێک لار

بـووەوە و لـە پێکدادانێکـی تونـدا، گاڕدڕێلـی قـەراغ ڕیگاکـە ڕایگـرت. لـە چرکەیەکـدا بـە هەمـوو گیانمـەوە هەسـتم بـە مـەرگ کـرد. ناخـم سـارد و زکـم بێ‌هەسـت بـوو. گێـژ و وڕ بـووم. ئایـا بەڕاسـتی مـەرگ ئاوایـە؟ کامیـار دوێنـێ شـەو ئـەم هەسـتەی ئەزمـوون کردبـوو و دایکـم و نەنکیشـم هـەر وا؟ کەمێکیـش بیـرم لـە بابـم دەکـردەوە، کە ئەگـەر منیـش بمردایەم، لە یەک ڕۆژدا دوو کوڕی لەدەست دەدا.

ماوەیـەک بـوو نەچووبوومـەوە بـۆ ئێـران، گوشـاری کاریـم زۆر بوو و لـە ڕۆژانـی کۆتاییهێنان و داخسـتنی پرۆژەکـەدا گرفتارییەکـی زۆر ڕژا بـوو بـە سـەرمدا. دە کیلۆمەترمـان مابـوو کـە بگەینـە سـەر سـنووری ئێـران وەبیـرم هاتـەوە کـە مـاوەی پاسـپۆرتەکەم بەسـەر چـووە. نزیکەی کاتژمێـر دووی پاشـنیوەڕۆ ماڵاواییـم لـە یاریدەدەرەکـەم و شـۆفێرەکە کـرد و بـە پاسـپۆرتێکی بەسـەرچوو لـە سـەرەدا ڕاوەسـتام بـۆ ئـەوەی بچمـە دیـوی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان... ئەفسـەرێکی هێـزی ئینتیزامـی زانـی حاڵـم زۆر پەرێشـانە، منـی لـە سـەرەکەدا هێنایـە دەرەوە و پرسـی چـی ڕووی داوە؟ خەڵکـی ورمـێ بـوو، بـە تورکـی هەمـوو بەسـەرهاتەکەم بـۆ گێڕایـەوە. پیاوێکـی میهرەبـان بـوو و هەوڵـی دەدا یارمەتیـم بـدات. هاوسـۆزی لەگەڵـم کـرد و وتـی: "ئەمـە بـۆ هەمـوو کـەس ڕوو دەدات. مـۆرت بـۆ لێـدەدەم و پاسـپۆرتەکەت لـێ وەرناگـرم. تـۆش بەڵێننامەیـەک بنووسـە، کـە دەبـێ دواتـر بچیتـە فەرمانگـەی پاسـپۆرت لـە ورمـێ، هەمـوو شـتێکیان بـۆ ڕوون بکەیتـەوە و پاسـپۆرتەکەت نـوێ بکەیتـەوە". کـە ئەمـەی وت تـکام لـێ کـرد کـە نەمنێرێتـە ئیـدارەی پاسـپۆرت، چونکـە جارەکـەی پێشـوو زۆریـان هەراسـان کردبـووم، گوتـی: "ئێسـتا دۆخەکـە بـاش بـووە کاتـی هەڵبژاردنەکانـە ئـیتر وڵات دەبێتـە شـاری ئەمـان و دۆخەکـەش وەک جـاری ڕابـردوو نییـە!" مـۆری هاتنـە نـاو سـنووری ئێرانـی لـە پاسـپۆرتەکەم دا و لەگەڵـم لـە باڵەخانـە بچووکەکـەی پاسـەوانیی سـنوور هاتـە دەرەوە. بانگـی موسافیرکێشـێکی کـرد و وتـی کاک غەفـوور بـرای ئـەم بەڕێـزە مـردووە، خێـرا بیبـە بـۆ ورمـێ. ئەویـش کـە چاوەڕێـی موسـافیر بـوو، خێـرا ڕازی بـوو، بـەڵام خۆزگـە ڕازی نەبووایـە! کەسـێکی سـەیر یـان بـاشتر بڵێم کەسـێکی تەماحـکار و چاوچنـۆک بـوو. ئۆتۆمبیلم دەربەسـت گرتبـوو، بـەڵام لـە نـاو ڕێـگادا زوو زوو ڕایدەگـرت و دێ بـە دێ دەگـەڕا و شـیر و دۆ و شـتی دەکـڕی. عەقڵـی بـەوە نەدەشـکا مـن بـرام مـردووە، پەلەمـە و چۆکـم شـکاوە. داوام لێکـرد ئـیتر ئۆتۆمبێلەکـە ڕانەگرێـت. وەڕەز بـووم و وتـم: " مـن ماشـێنی دەربەسـتم گرتـووە کـە زووتـر بگـەم، کەچـی ئەتـوو خەریکـی خواردەمەنـی بـۆ مـاڵ دەکـڕی" بێ‌هـوودە بـوو، دەیگـوت کەمێـک بووەسـتە، دەڕۆیشـت و شـتی دەکـڕی.

دواجـار گەیشـتمە ورمـێ و لەوێشـەوە ئۆتۆمبێلێکـی دەربەسـتی دیکـەم گـرت بـۆ ئـەوەی بمباتـە پیرانشـار، لـە ئۆتۆمبێلـە تاپـۆ زەردەکان بـوو. ئەمەیـان کێشـەکەی فەرقـی هەبـوو! بیانووەکـەی ئـەوە بـوو کـە جـی پـی ئێسـی هەیـە و هەفتەیەکـە جـی پـی ئێسـی لێـداوە.

دەتگـوت لـە سویسـڕا شـۆفێری دەکات، دەیگـوت ناتوانـێ لـە خێرایـی ٨٥ کیلۆمەتـر لـە کاتژمێـردا زیاتـر بـڕوات، چونکـە سـزای پێبـژاردن دەیگرێتـەوە.

فلاسـکێکی گـەورەی چـای لـە لای خـۆی دانابـوو. بـەردەوام چـای بـۆ خـۆی تێدەکـرد و بـە منیشـی دەگـوت فەرمـوو چـا بخـۆ. بـە درێژایـی ئـەو ڕێـگا دوو کاتژمێـر و نیوییـە چـای خواردەوە و چاوێکیشی لەسەر میلی (مێهەنگ) کیلۆمەترژمێرەکەی بوو.

● وێنەی ٢٦٨- کاتی گەیشتنم بۆ ناو سەرەخۆشیی ژنان، ماڵی بابم، پیرانشار

لـە ڕێـگادا ئومیـدی ئامـۆزام تەلەفۆنـی بـۆ دەکـردم، کـە گەیشـتین بینیـم کـە لـە تێرمیناڵـە و چاوەڕێـی منـە. بـە کەسیشـی نەگوتبـوو کـەی دەگـەم و تەنیـا هاتبـوو. زۆر بەپەلـە بـووم کـە بچمـە مزگـەوت، بـەڵام ئـەو دەیویسـت ئارامـم بکاتـەوە و منـی بـە نـاو شـاردا دەگەڕانـد. گوتـم: فریـای ناشـتنەکەی نەکەوتـم، دەمهـەوێ بچمـە ماڵـەوە و دواتـر بـڕۆم بـۆ مزگـەوت. دڵـم لـە نـاو مشـتمدا بـوو، مەرگـی کامیـار و جـۆری ڕووبەڕووبوونـەوەی ماڵـەوە لەگـەڵ ئـەم کۆسـتە لەگـەڵ مەرگـی دایکـم جیـاواز بـوو. کامیـار جوانەمـەرگ ببـوو، ژنـی جحێڵـی هەبـوو، دووکانێکـی تـازەی وەڕێخسـتبوو و ژیانـی خۆی دەسـت پێکردبوو. لـە کۆمەڵـگا نەریتییەکاندا، بـۆ کۆچـی دوایـی جوانەمەرگێـک، ئازیەتبـارەکان بـە دەم شـینگێڕییەوە سـەر و بسـکیان دەڕنـن و ڕوخسـاریان برینـدار دەکـەن. هیـچ شـک و گومانێکـی تێـدا نییـە کـە مەرگـی کامیاریـش هەمـان کاردانـەوەی لێکەوتبـووەوە. خانەوادەکـەم کـە منیـان بینـی، گریـان و شـیوەن دەسـتی پێکـردەوە. یەکبەیـەک باوەشـیان پێـدا کـردم و دەگریـان. دەمبینـی خوشـکەکانم چەنـدە دڵتەنـگ و دڵڕێشـن و کانـی تـەواو تێـک چووبـوو، کانـی هـەر بـرای نەمردبـوو، بەڵکـوو هاوڕێـی یاریکـردن و سـەردەمانی منداڵیشـی لەدەسـت دابـوو. بـۆ یەکـەم جـار ژنـی کامیاریشـم بینـی. چـاوی ببـوو بـە گۆمـی خوێـن و پەرێشـانحاڵ بـوو. پوورەکانیشـم گورچکیـان بڕابـوو و پەرێشـان بـوون. دیسـان چەنـد پیاوێکـی خـزم و کـەس هەوڵیـان دا لـە نـاو پرسـەی ژنـان دەرمبێـن و بمبـەن، نەمهێشـت ئـەم کارە بکـەن، لای خوشـک و پوورەکانـم دانیشـتم بـۆ ئـەوەی هێوریـان بکەمـەوە. دەمبینـی کـە ڕۆڵ و پێگـەی مـن چەنـدە گـۆڕاوە و وەک کـوڕی گـەورەی مـاڵ هەمووانـم دەدوانـد و ڕەفتـارم دەکـرد. کاریگەریـی دەسـتبەجێی ئـەم کارەم لـە سـەر دڵ و دەروونـی خوشـکەکانم و کەسـانی دەوروبـەرم دەبینـی. کاتێـک

دەیانبینـی مـن تـا چەنـدە پاڵپشـتیانم زیاتـر هێـدی دەبوونـەوە. کەچـی نەیاندەزانـی هەنـاوم سـووتاوە، ڕەنگـە زانیبێتیشـیان .... هەمووەمـان هاوخـەم بوویـن.

تێکشکانی بابم

لـە مزگەوتـدا بابمـم بینـی، چـاوی بڕیبـووە شـوێنێکی نادیـار. کاتێـک بانگـت دەکـرد، تەنانـەت سەریشـی وەرنەدەگێڕایـەوە. یەکـەم چرکەسـاتی بەیـەک گەیشـتنمان خـۆی فڕێدایـە باوەشـم. هـەر دووکمان تەنهـا دەگریایـن، سـەری بـەرز دەکـردەوە و بـە سـیلەی چـاو لێـی دەڕوانیـم. چەنـدە تێکشـکاو و لاواز ببـوو. وەکـوو منـداڵ خـۆی لـە باوەشـمدا شـاردەوە. ئەوەنـدە گریابـوو چاوەکانـی سـوور ببـوون، سـیخەی سـنگی دەهـات و دڵیشـی توندتـر لێـی دەدا. هیـچ کۆسـتێک هێنـدەی جوانەمەرگبوونـی منـداڵ پشـتی دایـک و بـاوک ناشـکێنێت. بابـم ئـەم نەهامەتییـەی بەسـەر هاتبـوو و ئـیتر توانـای ئـەوەی نەبـوو کـە دۆخەکـە بەڕێـوە ببـات. لـە تەنیشـتمەوە لەسـەر کورسـییەکە دانیشـتبوو و لـە جیهانـی خۆیـدا سەرسـام بـوو.

کـە خەڵـک دەهاتـن وەک دابونەریتـی بـاوی کـوردەواری ڕادەوەسـتاین و فاتیحەمـان دەخوێنـد. وا خـۆم دەردەخسـت کـە فاتیحـە دەخوێنـم و دابونەریتـەکان پەیـڕەو دەکـەم، بـەڵام بـە دڵێکـی پـڕ لـە ئێـش و حەسرەتـەوە بیـرم لـە هەمـوو شـتێک دەکـردەوە. بارودۆخـی بابـم و بـاری دەروونیـی خوشـکەکانم و نیشـتەجێکردنی میوانـەکان و ئامادەکردنـی نـان و لێنانـی چێشـت و وەلحاسـڵ هەمـوو شـتێک. لـە پـاڵ هەمـوو ئەمانـە سرت و خورتـی کەسـانی دەوروبـەر و خـزم و کەسـم دەبیسـت کـە دەیانگـوت کامیـل چـی دەکا؟" دەمێنێتـەوە؟ دەبـێ بمێنێتـەوە ... . کانـی و بابـم بـە تەنیـا مابوونـەوە و گوێـم لێیـان بـوو کـە دەیانگـوت کامیـل دوای چەنـد سـاڵ گەڕاوەتـەوە و پێویسـتە بمێنێتـەوە. هیـچ گرنگیـم نـەدەدا خەڵـک چـی دەڵێـن، دەمزانـی دەبـێ لەگـەڵ بابـم و خانەوادەکـەم بمێنمـەوە.

چەنـد سـاعەتێک لـە هاتنـەوەم تێنەپەڕیبـوو کـە هەواڵـی هاتنـەوەم بڵاو بـووەوە و ڕێـک وەکـوو پرسـەی دایکـم، بەخێرهاتـن و دەستومشـتاقکردن دەسـتی پێکـرد. تاقەتـی ئـەم بەخێرهاتـن و ماچکردنـەم نەبـوو و بـە بیانـووی چـوون بـۆ توالێـت ڕۆیشـتمە دەرەوە. بابـم بـە چـاو سـەیری ئاراسـتەی ڕۆشـتنمی دەکـرد. وەک شـتێ ئـیتر بەرگـەی نەبوونـی منـی نەدەگـرت. لـە نـاو توالێتـی مزگەوتەکـەدا خـۆم شـاردەوە، گوێـم لـە ترپـەی دڵـم بـوو و دڵەڕاوکێـم هەبـوو، بـاش دەمزانـی ئـەم هەسـتە لـە کوێـوە بڵێسـە دەسـێنێت. دۆخێـک بـوو کـە دەمویسـت بڕیارێکـی گرنـگ ڕابگەیەنـم. گەڕامـەوە و هێـواش هێـواش لـە تەنیشـت بابـم دانیشـتم و بابمـم لـە باوەش گـرت و گوتـم کاکـە سـەیری چاوانـم بکـە! دەسـتەکانیم گوشـی و گوتـم بابـە هەرگیـز بەجێـت ناهێڵـم! هـەر لـەوێ بەڵێنـم دا کـە ئـیتر بەجێـی ناهێڵـم و

هەتـا کۆتایـی ژیانـی لـە سـەر ئـەو بەڵێنـەم سـوور بـووم. سـەرەتا بـاوەڕی پێنەکـردم و تەنهـا سـەیری کـردم. پاشـان بـە هێمنـی و دڵتەنگییـەوە، وتـی: "نـا، کامیـل! لەبـەر دڵـی مـن ئـەم قسـە دەکـەی!" گوڕانـدم و گوتـم: "بـاوەڕم پـێ بکـە! ئێسـتا دەمهـەوێ تـۆ لـە لام بـی و وەکـوو دوو پیـاو لەسـەر ئـەم کورسـییە دابنیشـین. ئـەم سەرەخۆشـییە هـی ئێمەیـە و ئـەم خەڵکـەش هاتوونەتـە سەرەخۆشـیی ئێمـە. وەرە شـان بدەینـە بـەر ئەرکـی خۆمـان." وەک شـتێ بـاوەڕی بـە قسـەکەم کـرد و لـەو خەمۆکییـە هاتـە دەرەوە و بـوو بـە پیاوێکـی دیکـە. چەنـد دڵخـۆش بـووم کـە توانیـم ئومێـدی پـێ ببەخشـم و هـەر لـەوێ زانیـم کـە نابـێ بـە هیـچ جۆرێـک نائومێـدی بکـەم.

ڕۆژی دووهەمـی سەرەخۆشـی بـوو بـەر لـە دەسـتپێکردنی پرسـەی مزگـەوت، شـتێک ڕووی دا کـە سـەبر و تاقەتـی لـێ بڕیـم. یەکێـک لـە ئەندامانـی خانـەوادەی ژنەکـەی کامیـار تەلەفۆنـی کردبـوو کـە دێیـن بێگـەرد هەڵدەگریـن و دەیبەینـەوە. وتـم: "بـۆ کوێـی دەبـەن؟ ئـەوە چ کارێکـە؟ ئەمـە یانـی چـی؟ لـە کـوێ بینیوتانـە ڕۆژی دووەمـی سەرەخۆشـی بێـن ژنێـک ببەنـەوە؟". دوای مەسـڵەت، دوو بنەماڵـە ئێمـە و ئـەوان هاموشـۆی یەکتریـان نەدەکـرد. هەنـدێ لـە خزمـان وتیـان نەریتەکـە وایـە، بێگـەرد مێردەکـەی مـردووە و ئـیتر ژنـی ئـەم ماڵـە نییـە. هەروەهـا لـە سـۆنگەی ئیسلامییـەوە ژنێکـی بێتەڵاقـە و هەنـدێ مافـی هەیـە و دەتوانـێ داوای بـکات. وتـم: "قسـەکەتان لـە سـەر چـاوم! مـن سـەرەندەری وردەکارییـە ئیسلامییەکـەی ناکـەم و دەبـێ بپرسـم، بـەڵام ئێـرە ماڵـی ئـەم ژنەیـە و ئەمـڕۆش دووەم ڕۆژی پرسـەی مێردەکەیەتـی. هێشـتا کفنـی براکـەم وشـک نەبووەتـەوە، دەیبەینـەوە مانـای چییـە؟ ئـەم ئاسـتی سەرپەرشـتی و خاوەندارێتییـە لـە کوێـوە سـەرچاوە دەگرێـت؟"

بەسـەرهاتی هاوسـەرگیریی کامیـار سـەرێکی عەشـق و دڵـداری بـوو و ئـەو سـەرەکەی نەریتـە کۆنـەکان. مـن لـە ئامـەدی باکـووری کوردسـتان بـووم کـە کامیـار هاوسـەرگیری کـرد یـان بـاشتر بڵێـم ژنـی هەڵگـرت و دوای شـەڕێکی زۆر و نێوەندگیریـی ڕیشسـپیەکان، ئـەو دوو بنەماڵـە مەسـڵەتیان کـرد. بەپێـی مەرجەکانـی ئایینـزای سـوننە، ئیزنیـان لـە باوکـی وەرگرتبـوو بـۆ ئـەوەی لـە غیابـی ئـەودا، بـە وەکالەتـی مامـی بێگـەرد، بـووک و زاوا لێـک مـارە بکرێـن. مـن و مامـی بـووک لـە ڕابـردوودا هاوپـۆل بوویـن. هـەر دووکمان هـەوڵمان دا دۆخەکـە هێـور بکەینـەوە و بـاوک و باپیـری بێگـەرد ڕازی بکەیـن کـە پێکـەوە قسـە بکەیـن. هەرچەنـدە بـە ڕواڵـەت توانـیمان شـتێ بکەیـن، بـەڵام هێشـتا سـێ ڕۆژ لـە کۆچـی دوایـی کامیـار تێنەپەڕیبـوو، کـە بـۆ بردنـەوەی بێگـەرد لەشکرکێشـییان کـرد.

لـە ڕێگـەی مامیـەوە پەیامێکـم بـۆ بنەماڵەکەیـان نـارد: "ئەمـە سـووکایەتی بـە ئێمـە و هەموومانـە، ئـەم ژنـە شـەو و ڕۆژ دەگـری و سـەر و بسـکی خـۆی دەڕنـێ، ئێـوە چـۆن دەتانهـەوێ لـە مـاڵ و ژیانـی خـۆی دایببـڕن؟ تۆڵـە لـە کەسـێک دەکەنـەوە کـە لـە ژیانـدا

نەماوە؟ ئێمە چ خراپەیەکمان لەگەڵ کردوون و خەتای بابم چییە؟ دەزانن بەو کارەتان چ زەبرێکتان لێداین؟ بێگەرد تاکە یادگاری کامیارە. دانتان بە خۆتاندا بگرتایە دوای سەرەخۆشییەکە پێکەوە پرس و ڕامان دەکرد و کارێکمان دەکرد و ..." نەمهێشت بابم بەمانە بزانێت. دەمزانی ئەمە ئازاری دەدات. دوای چەند کاتژمێرێک پەیامێکی تر هات و سوور بوون لە سەر ئەوەی بێن بێگەرد ببنەوە. دیسان پەیامێکی هێمنانەم ناردەوە، ئەمجارە پەیامەکەیان بەم جۆرە بۆ ناردینەوە: "بەو کوڕە خاریجییە بڵێن ئێرە ئەورووپا نییە و دێین کچەکەمان ڕاپێچ دەکەین و دەیبەینەوە!"

پووری هەواڵی ناردبوو کە لە مزگەوتی ژنان دادەنیشێ هەتا بووکەکەمان بباتەوە. من لە مزگەوت دانیشتبووم کە هاتن بە دوای منـدا و گوتیان خۆت بگەیێنە، هاتوون براژنت ببنەوە و خەریکە شەڕێک ساز دەبێت. گەیشتمە ماڵەوە و بە زاواکەیانم وت (کە هەر لە سەرەتاوە ڕۆڵێکی خراپی لەم ڕووداوانەدا هەبوو) "ئێرە ماڵ و ژیانی ئەم کچەیە. مەگەر ئێمە مەسڵەتمان نەکرد؟ تۆ چاو لە کچەکەتان بکە پەلەقاژێی مانەوەیەتی. کەمێک کاتمان پێ بدەن." گوتیان: نا! ئێمە دەمانهەوێ ببەین" و لە کۆتاییدا بە زۆرەملی بێگەردیان برد. دواتر هەندێ شتم بیست کە هێندەی تر تووڕەی کردم. دیارە یەکێک لە بیانوو و نیگەرانییەکانیان ئەوە بوو کە ئەگەر کچە بێشووەکەیان لە ماڵی ئێمەدا بمێنێتەوە، ئەوا دڵی لە منی سەڵت و بێژن دەچێ و مارەی دەکەم. کاتێک بابم لە مزگەوت هاتەوە و بینی بێگەردیان بردووە، زۆر گریا. خۆشحاڵ بووم کە ئەو وەختەی وا بێگەردیان برد ئەو لە ماڵەوە نەبووو ئەو ساتانەی نەبینی کە بووکەکەی دەگریا، ماڵی باوکی بەرەو لای تەکسییەک دەیانبرد، خوشکەکانم لەبەردەم دەرگاکەدا بۆنیان پێوە دەکرد و دەگریان و دەیانگوت مەڕۆ! بۆنی کامیارت لێدێت.

● وێنەی ٢٦٩ - گڵکۆی کامیار، گۆڕستانی کۆنەخانێی پیرانشار

ئەم ئاستە لە دەستێوەردان لە ژیانی تاکەکەسیی مرۆڤدا بۆ من سەیر و سەمەر و بە لامەوە قورس و گران بوو. لە فەرهەنگی نەریتیدا کەس و کاری ژن دەسەڵاتێکی زۆریان لەسەر ژیانی هەیە. دەمبینی کە چۆن ئەو بێگەردە ببوو بە ئامرازی تۆڵەکردنەوە و بە جۆرێ لەویش تووڕە بووم کە بۆچی سەربەخۆ نەبوو. دواتر بە ڕوانگەیەکی فراوانتر و

قـوولتـرەوە لـە بابەتەکـەم ڕوانـی و بینیـم کـە شـێوازی بەکۆمەڵایەتیبوونـی ئـەم کچـە وەک ژنێـک لـە نـاو سیسـتەمی نەریتیـدا ناتوانـێ کەسـایەتییەکی سـەربەخۆ و خورتـی لێ دروسـت بـکا کـە بتوانـێ بەرگـری لـە مـاف و سـەربەخۆیی و هەڵبژاردنەکانـی خـۆی بـکات. لـەم جـۆرە کۆمەڵگایانـەدا یاسـا و پێکهاتەیەکـی پاڵپشـتانە لـە گۆڕێـدا نییـە و ژنـان زیاتـر وەک موڵـک و کاڵا سـەیر دەکرێـن، بـەڵام هەندێـک جـار لـە بیرمـان دەچێتـەوە کـە تەنهـا ئـەوە هەندێـک پیـاو نیـن کـە ئـازاری هەندێـک لـە ژنـان دەدەن و لـە ڕاسـتیدا زۆر جـار وا پێـش دێ کـە ژنـان لـە دژی ژنـان دەسـەڵاتی خۆیـان دەسـەپێنن. سـەبارەت بـە بێگـەرد، ئـەوە پـووری بـوو کـە پتر لـە هـەر پیاوێـک غـەدری لـێ کـرد. چاوەڕوانیـم لـە بێگـەرد واقیعبینانـە و دادپەروەرانـە نەبـوو، هەرچەنـدە هـاواری دەکـرد کـە نەڕواتـەوە، بـەڵام ڕۆڵـەی کۆمەڵگەیەکـی نەریتـی بـوو و هاوارەکانـی بـە هیـچ کـوێ نەدەگەیشـت.

لـە ماوەیەکـی کورتـدا بێگەردیـان لـە کـوڕی هـەر ئـەو پـوورەی مـارە کـرد. کوڕێـک کـە پێشتریـش داوای کردبـوو و ئـەو کارەی پـووری تۆڵەکردنەوەیەکـی زۆر دڵتەزێـن بـوو. لە هەموو سـەیرتر ئـەوە بـوو کـە هـەر ئـەم پـوورەی ڕۆڵێکـی زۆر سـەرەکی هەبـوو لـەوەی کـە چەنـدە لـە مارەییەکـەی وەربگرێـت. دەیزانـی بیگـەرد دەبێتـە بووکـی خـۆی و بـە حیسـاباتەوە بەدواداچوونـی بـۆ بابەتەکـە دەکـرد. هەڵسـوکەوتی بێگـەرد خۆیشـی بـۆ مـن سـەیر بـوو. ئـەو کچـەی کـە شـەش مانـگ ژنـی کامیـار بـوو، لەبـەر کامیـار پشـتی لـە بنەماڵەکـەی کردبـوو و عاشـقانە خۆشـی دەویسـت و پـاش مردنەکـەی گریـان و هـاواری دەکـرد کـە نەیبەنـەوە، دوای دوو هەفتـە لـەو ماڵـەی کـە ناوبژیـوان ببـوون، بـە جۆرێـک لـە سـەر مارەیـی کامیـار حسـێب و کتێبـی دەکـرد کـە هـەر جێـی بـاوەڕ نەبـوو کـە ئـەوە بێگـەردە شـەیدا و دڵبەخۆینەکـەی کامیـارە جوانەمەرگـە. بـە دڵێکـی زامـدارەوە پێـم گـوت: تـەح چەنـدە گـۆڕاوی و چ زوو ...." و بیـرم لـەوە کـردەوە کـە مرۆڤـەکان کاتێـک باسـی بەرژەوەندییـە تاکەکەسـی و ماددییـەکان و هەڵبـەت نائەمنـی دێتـە گـۆڕەوە، چەنـدە خێـرا دەگۆڕدرێن.

● وێنەی ٢٧٠ - کامیار، مەهاباد، ١٣٨٧ی هەتاوی (١٩٩٨)

سـێ ڕۆژ بەسـەر کۆچـی دوایـی کامیـار تێپەڕیبـوو و ئێمـە هێشـتا میوانـی پرسـە و سەرەخۆشـیمان هـەر هەبـوو. بـە گوێـرەی دابونەریتی موکریـان بنەماڵـەی کەسـی کۆچکـردوو دوای کۆچـی دوایـی مردووەکـە حەوتەیـەک تـا دە ڕۆژ لـە ماڵـەوە دەمێننـەوە بـۆ ئـەوەی کەسـانی دیکـە لـە نزیـک و دوورەوە بێـن و سەرەخۆشـی

و هاوخەمیی خۆیان دەربڕن. پرسە و سەرەخۆشی دابونەریتی جۆراوجۆری هەیە کە یەکێکیان نەتاشینی ڕیش و گوێنەگرتن لە مۆسیقا و هەڵنەکردنی تەلەڤیزیۆن لە ماڵی کەسی مردووە. بێگومان لەم ساڵانەی دواییدا ئەم دابونەریتە کەمێک کاڵ بۆتەوە و ئیتر خەڵک ناچار نین وەکوو جاران لە ماڵی خەڵکدا سەیری تەلەڤیزیۆن بکەن. ئەو ورووژانە وردەوردە دیبەیتی تەلەڤیزیۆنیی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆمار لە ئێران بڵاو دەبووەوە و باڵی بە سەر کۆمەڵگادا کێشابوو، قسەکانی ئەو ئەفسەرەی پۆلیسی سنووری ورمێی وەبیر هێنامەوە.

ئێمە لە ماڵەوە تەلەڤیزیۆنمان هەڵنەدەکرد، بۆیە لە ماڵی پووره مریەم کە ماڵیان لە نەغەدەوە هاتبووە پیرانشار، بە نهێنییەوە سەیری هەندێک لە دیبەیتەکانمان دەکرد. لە دیبەیت و مشتومڕەکاندا شتێک ڕووی دا کە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا بێوێنە بوو. واق مام کە ئایا ئێرە بە ڕاست ئێرانە؟ ئایا ئەم شتانە لە ئێران ڕوو دەدەن؟ کە دوو بەربژێر ئاوا بە ئاشکرا بەرامبەر یەکتر دادەنیشن و هەر چییان بە زاردا بێ دەیڵێن؟ مەحموود ئەحمەدی‌نژاد بەرامبەر میرحسێن مووسەوی دادەنیشێ، کە پێشینەی ئینقلابیشی هەیە، وێنەی هاوسەرەکەی مووسەوی لەبەر کامێرا دادەنێ و دەڵێ بیگێڕمەوە! بیگێڕمەوە! بەربژێری بەرامبەریش ئاماری گەندەڵی و پێشێلکارییەکانی ئەو کاتەی کە ئەحمەدی‌نژاد سەرۆکی شارەوانیی تاران بووە لەقاو دەدا و ئاوا بە ئاشکرا و پەتی بەرامبەر یەکتر هەڵدەڵێن و دژی یەکتر قسە دەکەن! بۆ منێک کە ماوەیەکی زۆر لە کۆمەڵگای ئێران دابڕابووم، سەیر بوو. پێم وابوو بۆ هەمووان سەیرە و لە هەموو جێگایەک باسی دەمەقاڵێی ئەم بەربژێرانە بوو. سەریان سووڕ مابوو و دیارە دڵخۆشیش بوون چونکە وەک خۆیان دەیانگوت: "سەگ لە سەگ بەر دە و لە دوورەوە چاویان لێ بکە ".

کامیار لە شوێنێک بە ناوی پاسگای بەردەڕەشان کە بیست کیلۆمەتر لە مەهابادەوە دوورە، تووشی ڕووداوی هاتوچۆ ببوو. هەموو کەلوپەلەکانی کامیاریان لە نەخۆشخانەکەدا ڕاگرتبوو و وتبوویان دەبێ ئەولیای دەم (دایک و باوک) بێن و هەم وەدوای کاروباری دییەکەی بکەون و هەمیش نامەی پزیشکی‌داد ببەن بۆ بیمە. هەفتەیەک دوای مردنی چوومە نەخۆشخانە. مۆبایل و دەفتەرچە و کلیل و دوو سێ شتی تر کە لە گیرفانی کامیاردا بوو، پێیان دام. هەروەها دەستەکلیلێکیشی بۆ بێگەردی خێزانی لە شاری تەوریز کڕیبوو و بە فارسی لەسەری نووسیبوی: "تقدیم بە عشقم" واتا پێشکەش بە خۆشەویستەکەم. هەموو ئەمانە خوێناوی ببوون. سەرباری ئەوەی کامیارم زۆر باش نەدەناسی، بەڵام برا و بەشێک لە وجوودم بوو. بە درێژایی ڕێگاکە بۆنی شتەکانیم دەکرد و بەر چاوم تاریک دەبوو. ئەو خوێنە وشکە منی وێران کردبوو و حەزم دەکرد بگریم، بەڵام نەمدەتوانی بگریم و کاتێک بەردەوام باسیان دەکرد، ئەو جێگایەم بەجێدەهێشت.

کامیار لە ناو بنەماڵەدا ئازیزی پوورەکانم بوو و بە گشتی خزم و کەس زۆریان خۆش دەویست. کامیار شیرین، کەمتەرخەم و ئاسوودە و کەمێکیش شپرزە بوو. کاتێک بۆ مەرگی دایکم گەڕابوومەوە، تازەلاو بوو. کۆتێکی چەرمم لە ئیتاڵیا کڕیبوو کە زۆر پێی جوان بوو و لەبەرم کردبوو. دووربینێکیشم پێ بوو. بۆ جێبەجێکردنی کاروباری پاسپۆرتەکەم گەرەکم بوو بچمە تاران، بەڵام بینیم کۆت و دووربینەکەم نەماوە. کەس متەقی لێوە نەهات هەتا ئەوەی کە کانی هاتە قسە و وتی کامیار جلەکەتی لەبەر کرد و لەگەڵ هاوڕێکانی چووەتە شاخ. جلوبەرگەکەم بۆ کامیار نەدەبوو و بۆ شاخ و کێویش گونجاو نەبوو. مۆبایلەکەی بابیشمی بردبوو. تەلەفۆنم بۆ کرد و پرسیم: " کامیار ئەوە کوا جلەکانم؟ کوا دووربینەکەم؟" لە ترسا تەلەفۆنەکەی داخست! جارێکی تر تەلەفۆنم بۆ کردەوە، ئەم جارەیان گوڕاندم وتم کۆتەکەمم بۆ بێنەوە با وەدرەنگ نەکەوم بەڵام موبایلەکەی کوژاندەوە. ناچار جلوبەرگی بابمم لەبەر کرد و چوومە تاران. کانی دەیگوت کاتێک زانیویەتی لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ ماڵەوەی، ئەوەندە ترساوە پێڵاوەکانی لینگاولینگ لە پێ کردووە و بە جیپی هاوڕێکانی هەڵاتووە. کە گەڕامەوە کۆتەکەمی لە چەند جێگاوە دڕاندبوو و هەندێ جێگاشی ڕووشابوو و هەتا بەینێک خۆی لە قەرەم نەدەدا. کەسێکی کەمتەرخەم بوو و کاتی تاقیکردنەوەکان قەڵەمی لەگەڵ خۆی نەدەبرد، پێڵاوەکانی لینگاولینگ لە پێ دەکرد و زستانیش لە بیری دەچوو کاپشین لەبەر بکات. تێرخەو نەدەبوو. کانی و کامیار هەر دووکیان نەمابوون بۆ خەو و لەگەڵ ئێمە چوار منداڵی یەکەم زۆر جیاوازییان هەبوو. وەک شتێ ئەوان هی جیهانێکی دیکە بوون.

دووکانداری لە قۆناغی ئاڵوزی هەڵبژاردنەکانی ٨٨دا

هەفتەیەک بەسەر کۆچی دوایی کامیاردا تێپەڕیبوو، دووکانەکەی بابم هێشتا داخرابوو. بەرەبەیانیی ڕۆژی هەشتەم، چەند کاسبکارێکی جیران دووکانی بابم هاتنە ماڵمان و وتیان: "کاک کەریم دەبێ واقیع قبووڵ بکەی و بچییە سەر کەسپ و کارەکەت. داخێکی گرانە بەڵام ئەتوو عومرێکە دووکاندار بووی و دەبی بێیە سەر کارەکەت. ئێمە هاتووین ئەتوو ببەینە سەر دووکانەکەت و دووکانەکەت بۆ بکەینەوە" ئەمەش دابونەریتێکی باوی دیکەی کوردەوارییە. بە پێی ئەم دابونەریتە کۆنە بازاڕییەکان من و بابمیان برد و کلیلەکانیان هەڵگرت و دووکانەکەیان بۆمان کردەوە. پێکەوە کۆبوونەوە و فاتیحەیەکیان خوێند و دووکانەکەیان ڕادەستی ئێمە کرد. ئەم ڕێوڕەسمانە جیا لەوەی یارمەتی و هاوکاری ئازیەتبارەکان دەکا کە بە ئاسانی قەیران و قۆناغی ماتەمین تێپەڕێنن؛ بەڵکوو لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیی کارکردییەوە دەبێتە هۆی

زیاتربوونی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی لە ناو ئەو کەسانەی کە گرووپێکی شوناسی پێک دێنن.

شەوی پێشتری گەورەکانی تایفە هاتن و داوایان لە بابم کرد کە ڕیشی بتاشێت. دیارە ئەوە تەنها داواکارییەک نییە بەڵکوو دادەنیشن و چاوەڕێ دەکەن هەتا ئەو کەسە ڕیشی بتاشێت. هەرچی بابم وتی باشە سبەی یان کاتێکی تر، وتیان نا دەبێ هەر ئێستا ڕیشت بتاشی. بۆ ژنانیش هەمان نەریت پەیڕەو دەکرێ و ژنانی خزم و کەس لەچکی ڕەنگی دێنن و لەچکی ڕەش لە سەر ژنانی ئازیەتبار هەڵدەگرن و ئەو لەچکە ڕەنگییە دەدەن بە سەریاندا.

بابم ئەو شەوە ڕیشی تاشی، بەڵام من ئەوەندە دەموچاوم هەڵکڕاند کە لە چەند ڕۆژی یەکەمدا پێیان وتم بڕۆ ڕیشت بتاشە. هاتنی ئەم هاودووکان و بازاڕییانە تەواوکەری مەراسیمی شەوی پێشوو بوو، ئێمەش دووکانەکەمان کردەوە. بۆ منێک کە لە منداڵییەوە سەردانی ئەو دووکانەم دەکرد، هەستێکی ئاشنا بوو و شتێک لە دڵمدا دەیگوت: "بڕیارە بۆ ماوەیەک ببیتە دووکاندار". بۆ ئەوەی بە بابمی بسەلمێنم کە ئەو بەڵێنەی وا لە مزگەوت پێم دابوو هێشتا لە سەری سوورم، مامەوە و دووکانەکەم هەڵسووڕاند.

هەمووان پێدەکەنین، یەکێ دەیگوت کامیل دوای ئەم هەموو ساڵەی کە لە هەندەران بووی و دەرست خوێندووە دیسان هاتیتەوە سەر دووکانداری و ئەوی دیکە دەیگوت جا تۆ چووزانی مانتۆ بفرۆشی؟ مابوومەوە و نەمدەزانی چی بکەم، نە فەرم بە سەر نرخەکانەوە بوو نە پێشتریش مانتۆم فرۆشتبوو. دەبوو مانتۆکانت لە سەر ڕێلەکان دەرهێنابا و لە ژووری جلگۆڕین بدایەت بە مشتەری، بە دەم و زمان ببایەت و مۆدیلە جیاوازەکانت پیشانیان بدایە بۆ ئەوەی بتوانی یەکێکیان بفرۆشیت. مشتەریش پەیتا پەیتا دەیگوت ئەمە گەورەیە یان ئەوە چکۆلەیە. هەروەها شەڵوار و لەچکیشمان هەبوو، مشتەرییەکی زۆریشمان لە گوند و شارەوە بۆ دەهات. مانتۆی لادێییەکان جیاواز بوون و بژاردە شیک و مۆدێرنەکانی کامیاریان بە دڵ نەبوو. پێم سەیر بوو کە مانتۆ لەبەرکردن بۆ کچان و ژنانی کورد و تەنانەت بۆ گوندنشینەکانیش جێگەی جلوبەرگی کوردی گرتبووەوە.

لە مانگەکانی دواتردا کە دەچووینە ورمێ و هەندێک جاریش سەردانی تارانمان دەکرد بۆ ئەوەی کەلوپەل بۆ دووکان بکڕین، من و بابم هەمیشە قرە دەبووین. دەیگوت: ئەمانە نەکڕین، ژنی لای خۆمان حەزیان لێ نییە، لێرە مانتۆی کچەتیوەیی لەبەر ناکەن. بەڕاستیش قسەکەی بابم ڕاست بوو و سەلیقەی خەڵکەکەی دەناسی. من هەوڵم دەدا نوێگەرێتی بکەم و درێژە بە ڕێچکەی کامیار بدەم، بەڵام لە کۆتاییدا مانتۆ

بەڕۆژەکانی من چەند مانگ لە دووکانەکە یان لە پشت ویترینەکەدا دەمایەوە و دواجار بە نیوە قیمەت ساغمان دەکردەوە یان دەماننارەوە بۆ تاران. مانتۆکانی تاران لای خۆمان نەدەفرۆشرا، بەڵام مانتۆ دووراوەکانی تەورێز و ورمێ خۆشفرۆش بوون. نزیکایەتی و لێکتێگەیشتنی ناوچەیی تەنانەت لە جلوبەرگیشدا سەرنجڕاکێش بوو و مۆدیلی جلوبەرگی کراوەتر و ئاسوودەتری تارانی لێرەدا خواستی لەسەر نەبوو. بێگومان هۆکارەکانیشی ئاشکرا بوون: شارەکە بچووک بوو و فەزایەکی نەریتی و موحافیزەکارانە و پڕ لە قسە و قسەڵۆکی بە سەردا زاڵ بوو. لە ناو سەرقاڵیی ئەم گیرودار و هەوراز و نشێویی بنەماڵەییەماندا، وڵاتیش بە ڕێبازی خۆیدا دەڕۆیشت. مشتومڕەکانی هەڵبژاردن تەواو بوو و لە ڕۆژی هەڵبژاردندا لە مزگەوتی گەڕەکەکەمان کە سەد مەتر لە ماڵمانەوە دوور بوو، هات و هاوارێکی سەیر بوو. بڕیارم دا دەنگ بە مووسەوی بدەم، بەڵام نەچوومە مزگەوتی گەڕەکەکەمان. چەند ڕۆژ لەوەوبەر پرسەی براکەم لەوێ بەڕێوە چووبوو و بۆ ئەوەی تووشی ئەو کەشوهەوا خەمناکەی پرسەی دایکم و براکەم نەبمەوە، چوومە جێگایەکی دیکە. دەمزانی زۆربەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوای بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان دەکەن، بەڵام لەو سەروبەندەدا دۆخەکە کەمێک جیاوازتر بوو و هەندێک لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ خەڵکیان بۆ دەنگدان و پاڵپشتی لە بەربژێرە ڕیفۆرمخوازەکان هان دەدا، هەر وەک چۆن حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شیکارییەکدا بۆ ڕاگەیاندننامەی مەهدی کەڕووبی سەبارەت بە کەمایەتییە ئایینی و ئێتنیکییەکان دەنووسێت: "ئەمە یەکەمجارە کاندیدێکی پۆستی سەرۆک کۆماری لە مێژووی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا پرسی ئەو نەتەوە و ئایینزایانەی کە ئێران پێک دەهێنن و لە ناو چوارچێوەی ڕژێمی ئیسلامیی ئێراندا بە هۆی جیاکاریی نەتەوەیی و ئایینییەوە ستەمیان لێ دەکرێ ـ هەرچەند لە ژێر ناونیشانی "کەمینە ئێتنیکی و مەزهەبییەکاندا؟! – کردووە بە بەشێک لە بەرنامەی هەڵبژاردنەکەی. ئەم کارەی بەڕێز کەڕووبی بۆ هەر مەبەستێک بێ، کارێکی ئەرێنییە و ڕاشکاوانەتر پرسێک دەوروژێنێ کە هەیە، بەڵام بە فەرمی دانی پێدا نانرێت."[1] لەم هەڵبژاردنەدا زۆربەی خەڵک

● وێنەی ٢٧١ – دووکانی بابم دوای مەرگی کامیار، پیرانشار، ١٣٨٨ی هەتاوی (٢٠٠٩)

١. حمایت گروهک" دموکرات کردستان "از کروبی!، پایگاه خبری تحلیلی فرارو، 27 اردیبهشت https://fararu.com/fa/news/25218 :138

بەتایبەت نەوەی نوێ و گەنجان هاتنە مەیدان.

هەڵبژاردنەکان بە شێوەی فەرمی و نەریتی لە لایەن حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بایکۆت دەکرێ، بەڵام بەشێک لە خەڵک و گەنجان گوێڕایەڵیان نەبوون و زۆر کەسیش لە ترسی دەرهاویشتەکانی دەنگنەدان و نەبوونی مۆری هەڵبژاردن لە سەر ناسنامەکەیان هەر لە خۆوە دەنگیان دا. لەم هەڵبژاردنەدا هەستیارییەکان کەم ببوونەوە و خەڵکێکی زۆر دەنگی دا. دەنگم بە مووسەوی دا و هانی کەسانی دەوروبەرمم دا کە بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن. هەستێکی سەیر بوو، وامدەزانی ماوەیەکی زۆرە گەڕاومەتەوە بۆ ئێران، بڕیارە بە دەنگی ئێمە گۆڕانکاری ڕوو بدا و چاکسازیی زیاتر بە دوای خۆیدا بهێنێت. ئیدی دڵمان بەوە خۆش کردبوو ...

هەر لە شەوی کۆچی دوایی کامیار و لە ڕۆژانی دواتردا، بە ڕوونی بۆم ئاشکرا بوو کە پرۆژەی گەشتیاری بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان مومکین نییە. بە خۆمم گوت، بە فەرمی دەتوانم لە ئێراندا کاری توێژینەوەیی بکەم. هەر بۆیە باش دەمزانی کە ناتوانم پرۆژەیەکی هاوشێوەی پرۆژەکەی باکووری کوردستان لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادە بکەم و دەبوو ئەو سۆز و بەڵێنەی کە بە بابمم دابوو لە سەری پابەند بایەم. لە لایەکی دیکەشەوە هیوام لە سەر ئەوە هەڵچنیبوو کە هەڵبژاردن گۆڕانکاری لە ئێراندا بەدی بێنێ و من بتوانم لە بواری خەڵکناسیدا بە شێوەیەکی کاریگەر ئیش بکەم.

لە کاتی نووسینی تێزەکەم لە ئێراندا، تێگەیشتم کە زانستە مرۆییەکان و خەسارە کۆمەڵایەتییەکان تا چەندە پەنجە نەخراوەتە سەریان یان پێویستیان بە ئاوڕدانەوەی زیاترە. بارودۆخەکە جۆرێکی دیکە بەرەو پێشەوە چوو و هیوای باشتربوونی دۆخی ئێرانم لەدەست دا، هاوکات کە هەڵبژاردنەکان بەڕێوە چوو و ئەنجامەکان ڕاگەیەندرا، ناکۆکیی سیاسی لە سەر ئاستێکی سەرسوڕهێنەردا دەستی پێکرد و هەندێ دەنگ و باس لە تارانەوە دەهات کە دنەی دەدام لە نزیکەوە شایەتحاڵی هەموو شتێک بم.

بە ڕێز و حورمەتەوە ئیزنم لە بابم خواست و گوتم دەمهەوێ یەک دوو ڕۆژێک بچمە تاران. هەڵبەت وتم بۆ ئیشێک دەچمە باڵیۆزخانە. بەشێکی قسەکەم ڕاست بوو و دەمویست بە باڵیۆزخانە ڕابگەیێنم کە من لە ئێرانم. هێشتا دۆخەکە زۆر ئەمنی نەبووبوو، بەڵام تا دەهات گرژتر دەبوو، دەترسام لەم بێنە و بگرەدا پریشکێکیش لە من بکەوێت. گوتیان وەزعەکە شڕە و بە هاووڵاتییەکانمان گوتووە ئێران بەجێبهێڵن. حکومەتی ئێران، چەند فەرمانبەرێکی باڵیۆزخانەی بەریتانیای بە تۆمەتی ئاژاوەنانەوە و سیخوڕی دەستگیر کردبوو. جەختیشی لەسەر بابەتی سیخوڕبوونیان دەکردەوە و دەیگوت کە ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکان فیتی باڵیۆزخانەی بەریتانیا و یەک دوو وڵاتی دیکەی تێدایە. لە باڵیۆزخانە وتیان تا زووە بگەڕێوە بۆ بەریتانیا. بۆم ڕوون کردنەوە

کـە بەهـۆی بارودۆخـی خانەوادەکەمـەوە ناتوانـم. ڕەقەمێکیـان بـۆ حاڵەتـی نائاسـایی لێـم وەرگـرت و لـە باڵیۆزخانـە هاتمـە دەرەوە.

فەزایەکـی سـەیر بـە سـەر تارانـدا زاڵ بـوو. بۆنـی دووکـەڵ و دروشـم و پلاکاردی خەڵـک شـارەکەی تەنیبـوو، کـە یادەوەرییەکانـی نەغـەدەی دوای ئینقلابـی ئیسلامـی و ڕووداوەکانـی کوردسـتانی وەبیـرم هێنایـەوە. مـن هەرگیـز لـە ئێرانـدا هیـچ ڕێپێوانێکـم لـە دژی حکومـەت نەبینیبـوو، ئـەو دەم خەڵـک نەیاندەوێـرا دژی حکومـەت ڕابپـەڕن و سـەرکوت دەکـران. کاتێـک لـە سـاڵی ٢٠٠٩دا ئـەو خۆپیشـاندانە گـەورە و تێکهەڵچوونانـەم بینـی، دەرکـەوت کـە حکومـەت هەرچەنـدە بـە شـێوەیەکی کورتخایـەن، سـەرکوت دەکا، بـەڵام کۆنترۆڵـی سیسـتەمی لەدەسـت داوە و وەکـوو زۆر کەسـی دیکـە وامدەزانـی حکومـەت هێنـدەی نەمـاوە بڕووخێـت. شـەوێکیان لای شـەقامی جومهـووری و ئینـقلاب پێکدادانێکـی خوێنـاوی ڕووی دا و خەڵکێکـی زۆر هەڵهاتـن، دیمەنگەلێکـم بینـی کـە بـاوەڕم نەدەکـرد ئێـرە ئێـران و تـاران بێـت. شـەقامەکان لـە بەسـیج و سـپایی و جـل مەدەنییـەکان جمـەی دەهـات کـە زۆر بێباکانە لە خەڵکیان هەڵدەدا و دەیانبردن و شتیان دەشکاند.

● وێنەی ٢٧٢ – سەرەخۆشی بۆ کامیار لە ماڵی دەنگبێژ، ئامەد، ١٣٨٨ی هەتاوی (٢٠٠٩)

ئیمەیڵـم بـۆ گڵۆبـاڵ و چەنـد ئاژانسـێکی تـری هـەواڵ، کـە لەگەڵیانـدا کارم دەکـرد، نـارد و گوتـم چـیتر لـە تورکیـا نیـم و لـە ئێـران نیشـتەجێم. خێـرا پەیوەندییـان پێـوە کـردم، چونکـە حکومەتـی ئێـران هەواڵنێرانـی بیانـی سـنووردار کردبـوو و منیـش کـە پەیامنێـری فەرمیـی ئاژانسـەکانی هـەواڵ نەبـووم، دەمتوانـی زانیـاری و بابەتیـان بـۆ بنێـرم. جارێـک یـان دوو جـار بـە نـاوی سـاختەوە سـەرنجە مەیدانییەکانـی خـۆم و ڕاپۆرتـم بـۆ نـاردن، بـەڵام کارێکـی پڕمەترسـی بـوو کـە ئـیتر درێـژەم پـێ نـەدا. دوای دیمانەیەکـی کورتـی تەلەفۆنـی لەگـەڵ تەلەڤیزیۆنـی سـیئێنئێن و تەلەڤیزیۆنـی کانادایـی و هتـد، ئـیتر وڵامـی تەلەفۆنـم نەدانـەوە و گەڕامـەوە بـۆ ماڵـەوە.

بڕیارم دا بگەڕێمەوە بۆ دیاربەکر و کەلوپەلی ناوماڵەکەم بهێنمەوە. بابم ملی نەدەدا، دەیگوت: دەڕۆی و ئیتر ناگەڕێیتەوە. من دەمگوت دێمەوە و بەڵێنەکەم ناشکێنم، بەڵام بێسوود بوو، بابم نیگەران بوو و بە هاوڕێ و ناسیاوەکانی دەگوت قسە لەگەڵ کامیل بکەن با نەڕوات. دەمگوت تەنها چەند ڕۆژێکم پێ دەچێ، شتەکانم کۆ دەکەمەوە و دێمەوە. ئیتر لێرە دەمێنمەوە و لە ئێران نارۆم. ئەوەندە دووبارەم کردەوە تا ڕازی بوو. کە گەیشتم، هاوکارەکانم پرسەیەکیان بۆ کۆچی دوایی کامیار لە ماڵی دەنگبێژ دانا، عوسمان بایدەمیر و بەڕێوەبەرانی دیکەش هاتن. تەواوکردنی پرۆژەکەم بە هاوکارەکانم شیرین و مەتین و مەناف سپارد و هەموو کاروبارەکەم یەکلایی کردەوە. زۆر مەردانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵم کرد، ماڵاواییم کرد و ئامادە بووم بۆ گەڕانەوە بەرەو ئێران.

دەرفەتێک بۆ شینگێڕیی کامیار

شەوێ پێش گەڕانەوەم بۆ ئێران لە ماڵی هاوڕێیەکم لە دیاربەکر بووم. شتەکانم کۆ کردبووەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆم بیهێنم و زۆر دڵم گیرابوو. دەوروبەری نیوەشەو بوو کە هەر لە خۆوە تەلەفۆنم بۆ کانی کرد. وتی بۆ بەم درەنگانی شەوە تەلەفۆنت کردووە؟ چی بووە کاک کامیل؟ لە ناکاو دام لە پڕمەی گریان. بە درێژایی ئەم ماوە خۆم ڕاگرتبوو، چونکە وەکوو کوڕ و برای گەورە دەبا پشتیوان و هەڤاڵێکی بەهێز بووایەم، بەتایبەت لە دۆخێکدا کە دایکمان نەبوو و بابمان ئازیەتباری لەدەستدانی کوڕە جەوانەکەی بوو. ئەرکی خۆمم بە باشی ڕاپەڕاندبوو، بەڵام هەستم بە باشی نەدەکرد. ئەو شەوە بڕسکم لێ بڕابوو و دەرفەتێکی باشم بۆ شینگێڕی بۆ هەڵکەوت. ڕەنگە بە دوورکەوتنەوەم لە ماڵەوە، زیاتر هەستم بە ڕووداوی تاڵی کۆچی دوایی کامیار کردبێت.

من لەم بەر دەگریام و کانیش لەوبەر. لە میانەی گریانەکەمدا پێم گوت کە چەندە بیری کامیار دەکەم و کانیش وتی زوو زوو یادەوەرییەکانی کامیار دێنێتەوە بەر چاوی. ماوەیەکی زۆر قسەمان کرد و دڵی خۆمم هێور کردەوە. پێم وایە من ئاوا مامەڵە لەگەڵ مەرگدا دەکەم. هەر ئاواش لە ناو هۆدەی تەلەفۆنەکەدا ڕەفتارم لەگەڵ مەرگی دایکم کردبوو، ئەو کاتەی وا بە بابمم وت: "جیازاتە پزیشکییەکەی لێ بکەنەوە"... ڕۆژی دواتر هەستم بە ئارامی و ئاسوودەییەکی زیاتر کرد و لە دڵی خۆمدا گوتم کامیل، بۆ زووتر ئەمەت نەکرد؟ بۆ نەگریای و پێشی قۆناغە سروشتییەکەیت گرت؟ کامیار هێشتا لەگەڵمە، هەم کەلوپەلەکانی کە لە نەخۆشخانە وەرم گرتبوو و هەمیش یادەوەرییە خۆشەکانیم لە دڵ و دەروونمدا هەڵگرتووە.

ڕۆژی دواتر گەڕامەوە بۆ ئێران. کۆمەڵێک کتێب و ئەرشیڤی تایبەتیی پرۆژەکە و

هەندێک کتێب و کەلوپەلی ناوماڵم لە دیاربەکرەوە هێنابووەوە. چەند جانتا و ساکێکم پێ بوو و لەسەر سنوور هەراسانیان کردم. دوای نائارامییەکانی هەڵبژاردن، کەشەکە تەواو ئەمنی ببووەوە و سپای پاسداران سنوورەکانی کۆنترۆڵ دەکرد. کتێبەکان سەرنجیان ڕاکێشابوون و دەستیان کرد بە لێپێچینەوە. بە کانی و تەبیبەم گوتبوو کە بە ئۆتۆمبێل بێنە سەر سنوور. وتبووم ئەگەر شتێک قەوما لانیکەم ئەوان هەن و ئاگادار دەبن. تەبیبە تازە لە هاوسەرەکەی جیا ببووەوە و لە ورمێ نیشتەجێ بوو، ژنێکی جەحێڵ و زمانباز بوو، لەگەڵ پاسەوانەکان سەری قسە و شۆخی کردەوە و کەمێک دۆخەکەی گۆڕی. بە پێکەنینەوە وتی: "ئەرێ برا ئەوە بۆ ئاوا دەکەن دوو سێ دانە کتێبی هێناوەتەوە، بە خوڵا خۆشی نازانێ ئەم کتێبانە چین، هەر پۆزیان پێوە لێ دەدا!" پاسەوانەکان دایان لە قاقای پێکەنین و ئەم قسانە بوو بە سەبەب و ئیتر بێسەرئێشە لە سنوور دەرچووم. لە چرکەساتی هاتنە ناوەوەمدا دیسان وەبیر خۆمم هێنایەوە کە کۆمەڵگای ئێرانی لەگەڵ جیهانی ڕۆژاوا جیاوازیی هەیە. دەبا زیاتر سەبارەت بە تایبەتمەندییە نەریتی و فەرهەنگییەکانی بزانم و پەیوەندی پێوە بکەمەوە. کەوتبوومە ناو دۆخێک کە لەگەڵ ئەوەی لە بەریتانیا و لەندەن بینیبووم، تەواو پێچەوانە بوو. لە کۆمەڵگای ئێراندا ئەوە یاساکان نین کە کاروبارەکان بەرەو پێشەوە دەبەن، بەڵکوو پەیوەندییە نەریتی و فەرهەنگییەکانن کە کاروبارەکان ڕادەپەڕێنن.

وازهێنان لە دووکانداری و چڕبوونەوە لە سەر توێژینەوە

ناچار بووم یارمەتی بابم بدەم. بۆیە گەڕامەوە بۆ دووکان و دەستم بە کارکردن کرد. هەر کاروباری ئاسایی و باوی دووکانداریم ئەنجام دەدا. کاتژمێر نۆی بەیانی دەڕابە هەڵ دەدەیتەوە و دووکانەکە گسک دەدەی و ئاوپرژێنی دەکەی و شووشەکان خاوێن دەکەیتەوە و هتد، پاشانیش کاتی چەنەلێدان لەگەڵ موشتەری و دانان و فرۆشتنی کەلوپەلە و هتد. نە ئامانجی دووکانداریم هەبوو و نە دەرفەتی ئەنجامدانی ئەو کارە. هەموو هاوڕێ و ناسیاوەکانم سەریان سووڕمابوو و بۆیان فام نەدەکرا کە دوای ئەو هەموو ساڵە خوێندن و کاری جیاوازە ئاخری گەڕامەوە سەر دووکانداری. یەکێک دەیگوت کارەکەم بۆ خۆنمایشکردنە و دیارە لە ڕووی ناچارییەوە لەوێم و یەکێکی تریش دەیکوت ئافەرەم و هانی دەدام. بەشی دووەم زیاتر خزمان و هاوڕێکانی بابم بوون کە دڵخۆش بوون بەوەی بابمم بە تەنیا بە جێ نەهێشتووە. ئێستا کە من لە ئێران جێگیر ببووم، بە هۆی پرسی ژنهێنانەوە ئەوەندەی دیکە زەخت و گوشارم لە سەر بوو. هاوتەمەنەکانم منداڵی گەورەیان هەبوو و من هێشتا سەڵت و بێژن بووم.

زۆر جار لەپتۆپەکەم لەسەر چۆکم بوو و سەبارەت بە کاری داهاتووم واتە خەتەنەکردنی ژنان بابەتم دەخوێندەوە و یادداشتم هەڵدەگرت، لە هەمان کاتدا مانتۆشم دەفرۆشت و لە ناو دوو دنیای جیاوازدا مەلەوەر بووم کە جاری وا بوو وڕ و کاس دەبووم. ئیتر لە جێگایەکەوە هەستم کرد کە گەیشتوومەتە ئاستێک کە ناتوانم لە سەر دووکان بەردەوام بم و بە بابمم گوت: "با لە سەر بارودۆخی خۆمان دانیشین قسە بکەین". بە دڵتەنگییەوە وتی: "ئەها دەتهەوێ بڕۆی!" وتم نا! بەڵام دۆخەکە گۆڕاوە. خۆ دەزانم پێش کۆچی دوایی کامیار تۆ ماڵ و حاڵی خۆتت هەبوو، لەگەڵ هاوسەرە نوێکەت و خوشکەکانت دەچووی بۆ سەفەر و گەڕان و تا ڕادەیەک خانەنشین ببووی و دەبێ قبووڵی بکەی بارودۆخی هەموومان گۆڕاوە. من لە سەر بەڵێنەکەم سوورم و دەمێنمەوە، بەڵام ناتوانم دووکاندارێکی باش بم. ئەگەر لە هەڕەتی لاویەتیدا بۆ ماوەیەکی کورت سەرکەوتوو بووم ئەوە لەبەر ئەوە بوو کە پێویستم بە پارە بووە و دەمویست کۆچ بکەم. ئێستا دەمهەوێ بەدوای ئامانج و کارەکانی خۆمدا بگەڕێم و پرۆژەیەکیشم لەبەردەستە. پێشنیاری من ئەوەیە کە شاگردێک بۆ دووکانەکە پەیدا بکەین بۆ ئەوەی هەندێک لە کارەکان ڕاپەڕێنێ، منیش بە خۆشحاڵیەوە کەلوپەلەکانت بۆ دەکڕم. وتی من دووکان ڕادەستی کەس ناکەم. ڕوانگەیەکی زۆر نەریتی بۆ بابەتەکە هەبوو، بەڵام ڕازی بوو کە کەسێکی ناسیاو بێنین.

● وێنەی ٢٧٣ – شاگرد دووکان لەگەڵ خوشکەزاکانم، سینا و ڕۆمان، پیرانشار، ١٣٨٩ی هەتاوی (٢٠١٠)

بڕیار درا کچەکەی پووره کولسووم و خاڵە قادر لە گرداشەوان، لە گوندەوە بێتە شار و ببێتە دووکاندار. بابم هەر لە یەکەم ڕۆژەوە گوتی بەکەڵک نایە، سەر و زمانی نییە. هەوڵی من ئەوە بوو کە لە ڕێگەی بەتواناکردنی ئەوەوە، هەلی کاری بۆ بڕەخسێنم. وتم با ڕەگەزتەوەر نەڕوانین، من فێری کاری دەکەم و خۆم بەرپرسایەتییەکەی لە ئەستۆ دەگرم. پوورزاکەم لە بەڕێوەبردنی دووکان و مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکدا سەر و زمانێکی وای نەبوو. لە ناو چوارچێوەی

ژیانێکـی نەریتـی و سـنووورداری لادێـدا گـەورە ببـوو و کچێکـی شـەرمن بـوو. دەرفەتـی پێویسـتی پـێ نەدرابـوو، بـەڵام کاتێـک هەلـی بـۆ ڕەخسـا و هاتـە دووکان وردە وردە گـۆڕا و فێـری کار بـوو. مـن و بابـم خسـتمانە ژێـر پـەڕ و باڵـی خۆمـان و هێنامانـە ماڵـی خۆمـان. کەمـە کەمـە ڕواڵـەت و جلوبـەرگ و ڕەوشـت و ڕەفتـاری شـاگرد دووکانەکەمـان گـۆڕا. لاکـی لە نینۆکـی دەدا، ئارایشـی دەکـرد و لەگـەڵ ژینگـەی شـار و دووکانەکـەدا ڕا دەهـات. لـە لایەکی تریشـەوە بـەو پێیـەی هـاوژووری کانـی بـوو، هێـواش هێـواش لەگـەڵ شـێوازی ژیانـی شـاری ئاشـنا بـوو.

بوونـی ئـەو کچـە بـۆ باشترکردنـی بـاری دەروونیـی کانیـش چـاک بـوو، بـەڵام دوای ماوەیـەک ئـەم پـوورزا - خاڵۆزایـەم پێوەندیـی دڵـداری لـە گـەڵ کوڕێکـی لاوی جیـران دووکانەکانمـان پەیـدا کـرد. پێـم وایـە بابـم شـکی خسـتبوو وتـی شـاگردی نـاوێ و ئـەم کچـە دەبـێ بـڕوات. پوورزاکـەم نەیدەویسـت بـڕوا، ژیانـی گۆڕابـوو و گەڕانـەوە بـۆ ژیانـی بچـووک و سـنووورداری لادێ بـە لایـەوە ناخـۆش بـوو. لێـم دەپاڕایـەوە کـە نـەڕۆم، بـەڵام بابـم و پـوورم و خاڵـم پێکـەوە ڕێـک کەوتبـوون کـە بگەڕێتـەوە گونـد. سـەرەڕای ناڕەزایەتییەکانـی مـن و کانـی، دوای ماوەیـەک کـە مـن نەبـووم، گەڕاندیانـەوە بـۆ گرداشـەوان. دواتـر بابم شـاگردێکی پەیـدا کـرد کـە لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە دڵخـوازی بـوو. کچـی کۆنەهاوڕێیەکـی بـوو. هەرچەنـدە هاوڕێکـەی کۆچـی دوایـی کردبـوو، بـەڵام ئەم ئاشـنایەتییە هەسـتێکی خۆشـی پێدەبەخشـی. کچێکـی وریـای چاوکـراوە و متمانەپێکـراو بـوو. دووکانەکـەی بـە باشـی بەڕێـوە دەبـرد و تـا دەهـات بەرپرسـیارێتیی منـی لـە نـاو دووکانەکـەدا کـەم دەکـردەوە.

بەشی سێیەم

دەستپێکردنی فەرمیی توێژینەوەکان و ئاڵنگارییەکانی

دواجـار گەیشـتمە ئـەو خاڵـەی کـە پێویسـت بـوو. بابـم قبووڵـی کردبـوو کـە ناتوانـم دووکاندارێکـی بـاش بـم و خۆمـم یەکلایـی کـردەوە. هیـچ پلانێکـم بـۆ ڕۆشتن نەبـوو و ناچـار بـووم لـە ئێـران بمێنمـەوە. کاتـی ئـەوە هاتبـوو بچمـە نـاو کاری مەیدانـی و بیرۆکـە توێژینەوەییەکانـم بخەمـە بـواری جێبەجێکردنـەوە.

ماوەیـەک لەوەوبـەر بابەتی یەکـەم لێکۆڵینـەوەم هەڵبژاردبـوو، زۆرم لەسـەری خوێندبووەوە و تەنانـەت بەڵگەفیلمـی "بـە نـاوی نەریـت"م دروسـت کردبـوو. دەمزانـی تەواوکردنـی توێژینەوەیەکـی مەیدانـی لەسـەر بابەتـی خەتەنەکردنـی ژنـان یـان شـێواندنی کۆئەندامـی زاوزێـی ژنـان و کچـان لـە ئێرانـدا، چەندیـن سـەختی و ئاسـتەنگی لـە پێشـە، بـەڵام مـن بڕیـارم دابـوو. بابەتێکـی گرنـگ بـوو و تـا ئێسـتاش بـاوەڕم وایـە کارێـک بـوو شـیاوی ئـەو هەمـوو دژواری و چەرمەسـەریە.

لـە ڕەوتـی ئەنجامدانـی ئـەم توێژینـەوەدا ڕووبـەڕووی سـەختی و چەتوونـی زۆر بوومـەوە، بـەڵام کۆڵـم نـەدا و بـەردەوام بـووم؛ هـەم لـە مانـەوە لـە ئێـران و هـەم لـە کاری توێژینـەوە. گەلـێ ڕۆژانـی تـاڵ و شـیرینم تێپەڕانـد. بابـم لەدەسـت دا و ڕۆژانێکـی سـەختم ڕابـوارد. عاشـق بـووم، هاوسـەرگیریم کـرد، بـووم بـە بـاب و بـە گشـتی لـە نـاو کاری توێژینەوەیـی و گرفتەکانیـدا، دنیایەکیـش ژیـام.

لە ئێرانەوە تا ئەفریقا

وەک پێـشتر باسـم کـرد، کاتـێ کە بـۆ ئەنجامدانـی کاری مرۆڤدۆسـتانە لەگـەڵ ڕێکخراوی

خێرخوازیی ئۆکسفامی لەندەن گەشتمان بۆ ئەفریقا دەکرد، بۆ یەکەمجار تووشی بابەتی خەتەنەکردنی ژنان بووم. لە بەهاردا لە هەندێک ناوچەی کینیا فێستیڤاڵێکیان بەڕێوە دەبرد کە تێیدا سەرۆک هۆزەکان و خەڵک بە کڵاو و مێزەرەوە لە ناو گۆڕەپانی گوندا کۆ دەبوونەوە، ئامێرە مۆسیقاییە ناوچەییەکان دەژەنران، گۆرانییان دەگوت، سەمایان دەکرد و خواردنێکی تایبەتی ئەو ناوچەیە، کە لە گۆشتی بزنە، لێ دەنرا.

پێم سەیر بوو کە خەتەنەکردنی ژنان (FGM) یان شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی ژنان/کچان بە ئاشکرا، لە ڕێوڕەسم و دابونەریتێکی تایبەتدا ئەنجام دەدرا و بەشێک لە فێستیڤاڵەکە بوو. ژنانی گوند کچۆڵەکانیان بەدەم سەماکردنەوە دەبردە گۆشەیەکی گۆڕەپانەکە و بە شێوەی بازنەیی دەوریان دەدان و وەکوو هەر کۆمەڵگەیەکی تر کە دیاردەی خەتەنەکردنی ژنانی تێدا باوە، بێ هیچ ئامێرێکی پزیشکی و بە سڕنەکراوی، بە تیغی ڕیشتاشیی پیاوانە، شوێنی خەتەنە یان بەشێک لە لچەکانی ئەندامی زاوزێ و کلیتۆریسیان، کە لە زمانی کوردیدا پێی دەڵێن میتکە، دەبڕییەوە. قووڵایی و ڕادەی بڕینەکەم نەدەبینی، ئەوانیش لە ڕوویان هەڵنەدەهات کە من وەک پیاوێک، زۆر لەو بارەوە پرسیاریان لێ بکەم.

لە سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵیدا زانیبووم کە کچانیش هەر وەکوو ئێمەی کوڕان خەتەنە دەکرێن، بەڵام نەمدەزانی کەی و چۆن. کاتێک کوڕان خەتەنە دەکران من هاوهەستیم لەگەڵیان هەبوو، بەڵام کچان وا خەتەنە دەکران کە کەس پێ نەزانێت. دیتراوەکان و سەرنجەکانم لەسەر پرسی خەتەنەکردنی ژنان لە ئەفریقا لەگەڵ ئێران بەراورد دەکرد و هەندێ لێکچوون و جیاوازیم دەبینی. لە هەر دوو ناوچەدا لەبەر چەند هۆیەک ئەم کارە ئەنجام دەدەن کە بریتین لە کۆنترۆڵ و کەمکردنەوەی حەزی سێکسیی ژنان، فاکتەری ئایینی، ڕێوڕەسمێکی سیمبۆلی بۆ باڵغبوون و هەروەها لەبەر بابەتی تەندروستی و پزیشکی (لە ڕوانگەی خۆیانەوە)، کە ئەمانە شەرعییەتیان بە خەتەنە دەدا، بەڵام شێوازی مامەڵەکردنیان جیاواز بوو. لە ئێراندا بە نهێنی و لە بێدەنگیدا ئەنجام دەدرا، بەڵام لە ئەفریقا بە ئاشکرا کچانیان خەتەنە دەکرد.

هەڵبەت جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردەی خەتەنە لە ناوچە جیاجیاکانی ئەفریقاش وەکوو یەک نییە. لەو شوێنانەی کە ئایینە ڕێکخراوەییەکانی وەکوو ئیسلام و یەهوودییەت باڵادەست بوون، وەک ئێران مامەڵەیان لەگەڵ خەتەنە دەکرد. زۆربەی هۆزە خۆجێییەکان وەک هێمای گواستنەوەی کچ یان کوڕ لە منداڵییەوە بۆ مێرمنداڵی، منداڵەکانیان خەتەنە دەکرد و بەپێی ناوچە و فەرهەنگەکان، کچان لە دوای تەمەنی دە ساڵییەوە، لەم فێستیڤاڵە خۆجێییانەدا خەتەنە دەکران. هۆکاری سەرەکیی ئەنجامدانی خەتەنەی ژنان کۆنترۆڵکردنی ئارەزووی سێکسییە، بەڵام لە هەندێ لە هۆزە

ئافریقاییەکاندا جیا لەم هۆکارە گرنگە، خەتەنەی کچان وەک نیشانەی تێپەڕاندنی تافی منداڵی و گەیشتن بە تەمەنی باڵغبوون و ئامادەبوون بۆ هاوسەرگیری سەیر دەکرێت. خەتەنە بۆ کچ و کوڕ وەکوو یەک شەرعییەتی هەبوو. هەروەها پێیان وا بوو کە خەتەنە پاک و خاوێنی لەگەڵ خۆی دێنێ و جەستە لە خوێنی پیس دادەماڵێت.

● وێنەی ٢٧٤ – ئەفریقا، سوودان، ساڵی ٢٠٠٦

لە کاتی لێکۆڵینەوەکانمدا بۆم دەرکەوت کە سەبارەت بە خەتەنەکردنی کچان لە ناوچە جیاجیاکانی ئێراندا بیروباوەڕەکان جیاوازن. هەندێک جار تەنها بابەتی پەیڕەوکردنی نەریت بوو و ڕوانگە و بیروباوەڕە ئایینییەکان شەرعییەتی پێدەبەخشی. لە هەندێک لە ناوچەکانی ئێراندا کۆدەنگییەک لە سەر ئەوە هەبوو کە خەتەنە دەستی کچ پاک دەکاتەوە و چێشتێک کە کچی خەتەنەنەکراو لێی دەنێ و ئاوێک کە بۆتی تێدەکا، حەرامە. لە هەندێک لە دەڤەرەکانی پارێزگای سنە و کرماشان باسیان لەوە دەکرد کە خەتەنەکردن دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنی پیس لە لەشی کچ دەربچێت و بۆ شەرعییەتدان بە خەتەنە، پاساوی پزیشکییان دەهێنایەوە. لە باشووری پارێزگای هورموزگان، هەموو ئەم هۆکار و پاساوانە بە دەمارگرژییەکی زیاترەوە بەدی دەکران. بۆ نموونە هەندێک لە داپیرە و دایکان دەیانگوت کچی پێغەمبەران و تەنانەت عایشێی هاوسەری پێغەمبەری ئیسلام، خەتەنە کراون و پەیڕەوکردنی نەریتی پێغەمبەران و ئەهلی بەیت واجیبە.

باوترین هۆکاری نەریتی بۆ ئەنجامدانی خەتەنە ئەوە بووە کە خەتەنەکردنی کچان هەمیشە بووە و دەبێ بکرێت. کاتێک پرسیمان بۆچی؟ وەڵامەکە ئەوە بوو کە ئێمە نازانین، بەڵام دەڵێن باشە. زۆربەی خەڵک و بەتایبەت پیاوانیی ئایینی گوندەکان دەیانزانی خەتەنەکردن ئارەزووی سێکسیی کچان کەم دەکاتەوە و ژنە پیر و بەتەمەنەکانیش پێشوازییان لەو کارە دەکرد و دەیانگوت: " هۆکاری ئەمەیە کە ماشەڵا خەڵکی ئێمە پاکن و لە گوناهـ بێبەرین!" بابەتی سێکسی لە ناو ئەو کۆمەڵگایانەی کە ڕوانگەی ئایینی و نەریتی و گوناحتەوەر بە سەریاندا زاڵە، سەرکۆنە و نکۆڵی لێ دەکرێ و بقە و تابۆیەکە کە دەبێ چاودێری بکرێت.

خەتەنەکردنی ژنان لە ئێران و زۆربەی ناوچەکانی جیهان کارێکی نهێنییە کە لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە ئەنجام دەدرێ و پیاوان هیچ دەستێوەردانێکیان تێیدا نییە.

هەر لەبەر ئەم هۆکارەش، چالاکوانانی ئەم بوارە بە توندوتیژیی ژنان دژ بە ژنان ناویان بردووە. هەرچەندە ناتوانین ڕۆڵی مێژوویی و ئایینیی پیاوان لە سەپاندنی ئەم کارە بە سەر کۆمەڵگای ژناندا پشتگوێ بخەین، بەڵام لە وردەکاری و کات و شێواز و ئەنجامدانی خەتەنە بێ‌ئاگان و هۆکاری گوشارەکان زیاتر داپیرە، بەتایبەت داپیرەی باوکی و سەرەژنەکانی بنەماڵەن .

مەلا عەلی خالیدی
لە ڕاستیدا چێژی پەیوەندیی سێکسیی نێوان ژن و مێرد زیاتر دەکا و بۆ پیاویش خۆش و چێژبەخشترە کەواتە خەتەنەی ژنان سێکسی ژن و مێرد کەمتر ناکاتەوە بەڵکوو زیاتریشی دەکات.

● وێنەی ٢٧٥ – ڕوونکردنەوە و بەرگریی هەندێک لە مامۆستایانی ئایینی لە ئەنجامدانی خەتەنە، بەڵگەفیلمی بە ناوی نەریت، مەهاباد ١٣٩٢ی هەتاوی (٢٠١٣)

لە کەناراوە باشوورییەکانی پارێزگای هورموزگان و دوورگەکانی قیشم و هورموز و لارک، ئەگەر کچێک خەتەنە نەکرابایە، ڕەنگە لە خولەکانی قورئانی گوند وەریان نەگرتایەت و خەتەنەکردن یان نەکردن، هەندێک جار میکانیزمێک بوو بۆ وەرگرتنی تاکەکان لە ناو گروپە کۆمەڵایەتییەکان یان دوورخستنەوەیان. ئەگەر بنەماڵەیەک کۆچیان بکردایە و پاشان بگەڕایەنەوە، یەکێک لە پرسیارە باوەکان ئەوە بوو کە کچەکەت خەتەنە کردووە؟ و ئەگەر کچێک پێش شووکردن خەتەنە نەکرابا، هەندێک جار دایکی زاوا لاساری دەنواند کە دەبێ خەتەنە بکرێت. لە ڕاستیدا هەندێک لەم کەسانە لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی فەرمی و پێکهاتەییان بۆ کۆنترۆڵکردنی خەتەنەی ژنان نەبوو، ئەم جۆرە ئامرازانەیان بۆ سەپاندنی دەسەڵات بەکار دەهێنا. بینینی ئەم لێکدژی و لێکچوونە فەرهەنگییە نەریتی و ئایینییانە فێری کردین کە بە پێچەوانەی باوەڕی جەماوەری، هیچ چوارچێوەیەکی گشتی بۆ خەتەنەکردنی کچان لە ئارادا نییە. بەداخەوە هەر ئەم نەبوونی چوارچێوە ڕوونەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەریتەکان لە ڕێچکەی خۆیان لا بدەن و فەلسەفە ڕەسەنەکەیان هێواش هێواش فەرامۆش بکرێ، تا

ئـەو ڕادەیـەی کـەم کـەس لـە بیـری دەمێنێتـەوە کـە مەبەسـت لـە ئەنجامدانـی نەریتـەکان چـی بـووە.

ئـەوەی لـە ئەفریقـا بینیـم لەگـەڵ ئـەوەی لـە سـەردەمی منداڵیـم لـە ناوچـە جیاجیاکانـی کوردسـتاندا بیسـتبووم کەمێـک جیـاواز بـوو. ئـەم نهێنـیو شـاردنەوە پێـی دەگوتـم کـە خەتەنەکردنـی ژنـان یـان کچـان لـە ئێرانـدا خەسـارەت و زیانێکـە کـە ڕەهەنـد و دەرهاویشـتەکانی نادیـارە. لـەو سـاتەوەختەوە دڵنیـا بـووم کـە ڕۆژێـک پەیجـۆری ئـەم بابەتـە دەبـم و لـە سـەفەرەکانم بـۆ ئێـران بەڵگەفیلمـی "بـە نـاوی نەریت"یشـم دروسـت کردبـوو، کـە لەبارەیـەوە پێـشتر ڕوونکردنـەوەم دا. کاتـی ئـەوە هاتبـوو کـە لـە ڕێگـەی دیمانـەی ورد و کاری مەیدانییـەوە لێکۆڵینـەوە لـە سـەر خەتەنەکردنـی ژنـان و ڕادە و زیانەکانـی دەسـت پـێ بکـەم.

لێکۆڵینـەوەم دەسـت پێکـرد. وەک هەنـگاوی یەکـەم بـاشتر وا بـوو بچمـە ئـەو شـوێنانەی کـە ڕۆژانـە دەسـتم پێیـان دەگـات. یەکـەم هەڵبـژاردەم شـنۆ، سەردەشـت، پیرانشـار، نەغـەدە و گوندەکانیـان بـوون. لـە هـەر شـارێکدا چەنـد ناسـیاوێک یـان خزمێکـی هۆگـر بـە بابەتەکـەم پەیـدا دەکـرد بـۆ ئـەوەی پێکـەوە بچینـە دێهاتەکانـی دەوروبـەر. بەیانـی سـەردانی لادێکانمـان دەکـرد و بـۆ نیـوەڕۆ دەهاتینـەوە. دواتـر کـە مـەودای مەیدانیـی لێکۆڵینەوەکـەم دوورتـر کەوتـەوە، ناچـار بـووم لـە بـواری پرسـیارکاریدا یارمەتـی و هـاوکاری لـە کەسـانی نەناسـیاو وەرگـرم. زۆربـەی پرسـیارەکانمان تەوەرێکـی ژنانـە و سێکسـی هەبـوو و دەبـا پرسـیارکەران ئافـرەت ببایـەن، بـەڵام خێزانەکانیـان نەیاندەهێشـت بچنـە شـوێنێکی دوور لـە ماڵـەوە. زۆربەیـان ئامـادە نەدەبـوون تەنانـەت بـۆ مـاوەی ڕۆژێکیـش کچەکەیان بچێتـە دەرەوە و دەیانگـوت دەبـێ بـۆ نانـی نیـوەڕۆ بگەڕێتـەوە، یـان لانیکـەم پێـش خۆرئاوابـوون دەبـێ لـە ماڵـەوە بێـت. بۆیـە نەدەکـرا لەگـەڵ کەسـێکدا تەنانـەت بـۆ چەنـد ڕۆژێکیـش بچینـە سـەر کاری مەیدانـی.

لـە کۆمەڵـگای ئێرانـدا فەرهەنگـی کاری مەیدانـی پێناسـە نەکرابـوو. لـە دیدێکـی گشـتییەوە، کار دەبـوو شـوێن و کاتـی دیاریکـراوی هەبێـت و پاشـنیوەڕۆش کۆتایـی دەهـات. خەڵـک ئاشـنای حاڵەتێکـی تـر نەبـوون و ناچـار بـووم بـە وردی لـە گـەڵ بنەماڵـەکان قسـە بکـەم بـۆ ئـەوەی تێبگـەن کـە بۆچـی ئێمـە لـە شـارێکەوە بـۆ شـارێکی تـر و لـە پارێزگایەکـەوە بـۆ پارێزگایەکـی تـر دەچیـن. ئـەم گیـر و گرفتانـە کارەکەیـان قـورس کردبـوو. متمانەسـازی بەشـێکی گرنگـی کاری توێژینـەوەی مەیدانـی و چۆنایەتییـە. دەبـێ لـە کاتـی پرسـیار و وڵامـدا ئـەم دڵنیایـی و متمانەیـە لـە نێـوان توێـژەر و هێـزی مرۆییـدا سـاز ببـێ، بـەڵام لـە کۆمەڵـگای ئێرانـدا، سـەرەتا دەبـا متمانـەی بنەماڵەکانیانـم بەدەسـت بهێنایـە. ئەویـش لـە هەلومەرجێکـدا بـوو کـە کارەکـەم فەرمـی نەبـوو و بابەتێکـی لێـک دەدایـەوە کـە دایـک و بـاوکان لـە ڕوویـان هەڵنەدەهـات تەنانـەت باسـی وردەکارییەکانـی بکـەن یـان لێکۆڵینـەوە

لـە سـەر ئـەم بابەتەیـان لـە شـان و پێگـەی ماڵبـات و کچەکەیـان نەدەزانـی. سـاڵی ١٣٨٨ی هەتـاوی (٢٠٠٩ ز) ئێـران بـە هەسـتیارترین بارودۆخـی ئەمنیـی دوای شۆڕشـی گەلانـی ئێرانـدا تێدەپـەڕی و منیـش وەک هاوڵاتییەکـی دووڕەگەزنامەیـی دەچوومـە گونـدە دوورەدەسـتەکان بـۆ ئـەوەی کار لەسـەر خەتەنەکردنـی ژنـان و کچـان بکـەم، کارێـک کـە سەرشـێتییەکی تـەواو بـوو!

ڕوانگـەی نەریتـی ئەوەیـە کـە تـۆ وەک پیاوێـک کار لەسـەر بابەتێـک دەکـەی کـە پیاوانـە نییـە. بابـم لـە مـاوەی ژیانیـدا لەسـەر ئـەم بابەتـە زۆر دڵـی ئێشـا و بـەردەوام لەلایـەن کەسـانی دەوروبەریـەوە تانـە و توانجـی لـێ دەدرا. هەندێـک لـە ناسـیاو و خزمـەکان بـە سـووکایەتییەوە بـە بابمیـان دەگـوت: "کـوڕی خەڵـک بـە شـوێن مـاڵ و مـاڵداری و کەرامەتن، کـوڕی تـۆش دوای چەنـد سـاڵ خوێنـدن، کچـی خەڵـک لـە دەوری خـۆی کـۆ دەکاتـەوە بـۆ ئـەوەی کار لەسـەر فڵان جێـگای ژنـان بـکات!" هـەر خـۆم کاتـی کارکـردن دەمبینـی کـە تەنانـەت مامۆسـتایانی ئایینـی و پیاوماقووڵانـی کۆمەڵایەتـی کاتـی قسـەکردن لـە سـەر ئـەم بابەتـە بـە شـەرمەوە سـەریان دادەخسـت. زۆر کـەس ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ بـە تانـەوە دەیانگـوت باشـە تـۆ چ جـۆرە پیاوێکـی! یـان تەنانـەت پشـتەمل دەیانگـوت: "کامیـل بـە نـاوی ئـەم کارەوە سـیخوڕی دەکا و لـە گونـدە سەرسـنورییەکاندا جی‌پی‌ئێـس و هێڵـی جوگرافیایـی دەفرۆشـێت!" هەندێـک کەسـیش بـە گاڵتەجاڕییـەوە پێیـان دەگوتـم "کامیـل خەتەنـە"، بـەڵام هیـچ کام لەمانـە کاریگەرییـان لەسـەر کارەکـەم نەبـوو و لەسـەر ڕێبازەکـەم بـەردەوام مامـەوە.

کێشـەیەکی دیکـە ئـەوە بـوو کـە سـەرچاوەی زۆرم بـۆ کارکـردن نەبـوو و پێدەچـوو ناچـار بـم لـە سـفرەوە دەسـت پـێ بکـەم. لـە هەلومەرجێکـی ئـاوادا کارەکـە زۆر قورسـە و بـۆ توێژەرێکـی مەیدانـی وەکـوو مۆتەکـە وایـە. هـەر لـەو سـاڵانەدا ژنێـک بـە نـاوی هومـا ئەحمەدی و هاوکارەکانـی لـە گوندێکـی نزیـک شـاری مینـاب لـە پارێـزگای هورمـوزگان خەتەنـەی کچانیـان تاوتـوێ کردبـوو و ئەنجامەکانـی ئـەم توێژینەوەیانـە لـە وتارێکـی خوێندکاریـدا بڵاو کردبـووەوە. ئەحـەدی کـە خوێنـدکاری پەرسـتاری بـوو لـە گونـدی شـوێنی لێکۆڵینەوەکـەی چـل حاڵەتـی ژنـی خەتەنەکـراوی تاوتـوێ و پشـکنی بـوو و ئەنجامەکانـی لـە وتارێکـدا بڵاو کردبـووەوە. گـەڕان بـە نـاو سـەرچاوە ئینتەرنێتـی و نووسراوەکانـدا سـنووردار دەبـوو بـە توێژینەوەکـەی ئـەو خاتوونـە و چەنـد ڕاپـۆرت و هـەواڵ و دیمانـەی دەزگا هەواڵدەرییـە فارسـی‌زمانە بیانییـەکان ، بـەڵام هیـچ لێکۆڵینەوەیەکـی جیـددی و تێـر و تەسـەل لەسـەر ئـەو بابەتـە ئەنجـام نەدرابـوو. منیـش کۆمەڵـێ داتـای پـەرش و بڵاو و ڤیدیـۆم هەبـوو کـە لـە سـاڵی ١٣٨٤ تـا ١٣٨٨ی هەتـاوی (٢٠٠٥ تـا ٢٠٠٩ ز) کـۆم کردبـووەوە. ئێمـە مۆدێلێکـی خۆماڵی‌کراومـان بـۆ کارەکانـم داڕشـت و کاری توێژینەوەمـان دەسـت پێکـرد.

سەرەتا تەنها نموونەگیریم کرد. کاتێک لە شارێکدا دەستم بە توێژینەوە دەکرد، دەرفەتی ئەوەم نەبوو کە نموونە لە هەموو گوندەکان وەرگرم، وردە وردە لەسەر بنەمای مۆدێلێکی زانستی و مەیدانی، بۆ نموونە لە شاری شنۆ لە هەر لایەنێکی شارەوە چەند گوندێکمان هەڵبژارد و دەستمان بە دیمانەی چاو بە چاو و پرس و ڕا خۆجێییەکان دەکرد. پاشان دەگەیشتینە ڕادەی بەربڵاویی دیاردە و بۆمان ڕوون دەبۆوە کە ئایا خەتەنەکردن هێشتا لەم ناوچەدا باوە یان نا و ئەگەر وڵامەکەی بەڵێیە و خەتەنە لەم ناوچەدا برەوی هەیە، ژنە خەتەنەکراوەکان لە چ گرووپێکی تەمەنیدان؟

● وێنەی ٢٧٦ – لە کاتی کاری مەیدانی، پارێزگای سنە، ١٣٨٩ی هەتاوی (٢٠١٠)

لە قۆناغی یەکەمی توێژینەوەکەدا، بۆم دەرکەوت کە ڕێژەیەکی زۆری ژنانی تەمەن چل بۆ پەنجا ساڵ و سەرووتر لە هەندێک لە لادێکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا خەتەنە کراون. بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ هاتوچۆی قەرەجەکان کە لە باشووری کوردستانەوە دەهاتن. قەرەجەکان زیاتر لە ناوچە سەر سنوورییەکان هاموشۆیان دەکرد و ڕێژەی خەتەنەی ژنان لەو ناوچانە زیاتر بوو. لە قووڵایی کوردستان و شارەکانی بۆکان و مەهاباد ڕێژەی خەتەنەی ژنان و کچان کەمترە و لە گوندەکانی نزیک لە شارەکانیش ئامارەکان ڕەوتی دابەزینیان نیشان دەدا. هەڵسەنگاندنی سەرەتایی من ئەوە بوو کە تەنیا لە موکریان و باشووری پارێزگای ورمێ دیاردەی خەتەنەی ژنان و کچان بوونی هەیە، بەڵام کاتێک چوومە سنووری پارێزگای سنە و لە بۆکانەوە ڕۆیشتم بۆ سەقز، بینیم کە لەم ناوچانەشدا دیاردەی خەتەنەی ژنان ناوە ناوە برەوی هەیە و دەبێ لە پارێزگاکانی دیکەشدا درێژە بە لێکۆڵینەوەکانم بدەم.

ترسم لێ نیشت، نەخشەی ئەوەم لە مێشکدا بوو کە پڕۆژەیەک ئەنجام بدەم پانتاییەکی جوگرافیایی دیاریکراو ڕومااڵ بکات، بەڵام زانیم کە بابەتەکە بەربڵاوتر لەوەیە کە من بیرم لێ کردبۆوە. ئەوەندە سەرسام بووم کە پەیوەندیم بە دامەزراوەیەک لە هەرێمی کوردستاندا کرد، کە لە ئەستەنبوڵ دیدارم لەگەڵیان هەبوو و بۆ بڵاوکردنەوەی بەڵگەفیلمەکەم ئیزنیان لێم خواستبوو. نموونەیەکم بۆ ناردن و بۆم ڕوون کردنەوە کە خەتەنەکردنی ژنان لە ئێراندا بەربڵاوە. بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ئەو دامەزراوە گەنجێکی کوردی ڕووگەش بوو کە وێدەچوو ناوچەکەی خۆیانی باش دەناسی و

بەڕێوەبەرەکەشـی کەسـێکی ئەڵمانـی بـوو.

ئـەو دوو بەڕێوەبـەرە و دابینکەرانـی بوودجـەی دامەزراوەکـە، بـەم بابەتـە دڵخـۆش بـوون. ئـەوان لـە خۆرهەڵاتـی ناوینـدا پەیجـۆری ئـەم بابەتـە هەسـتیارە بـوون و ئێسـتا لـە وڵاتێکـدا دیـاردەی خەتەنـەی ژنانیـان بـەدی دەکـرد کـە بـۆ ڕۆژاوا سـەرنجڕاکێش بـوو. ئەمـەش دەیتوانـی بـۆ ڕاکێشـانی بوودجـە و فراوانکردنـی بازنـەی چالاکییەکانیـان، جگـە لـە عێـراق بـۆ وڵاتانـی دیکـەش یارمەتییـان بـدات. دوای چەنـد سـاڵێک پرۆژەیەکیـان بەنـاوی خەتەنەکردنـی ژنـان و کچـان لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دەسـت پێکـرد کـە دوای ماوەیـەک بەهـۆی تەواوبوونـی پـارە و گۆڕانـی بەرژەوەندیـی دابینکارانـی بوودجـە، پرۆژەکـە ڕاگیـرا.

بـۆ قسـەکردن و ئاشـنابوون لەگـەڵ شـێوازی کارەکەیـان بانگهێشـتی سـلێمانییان کردین. لەگـەڵ شـەش ئەندامـی گرووپەکـە بـەرەو سـلێمانی بـەڕێ کەوتیـن. کاتـێ کـە گەیشـتین یەکێـک لـە هاوڕێکانمـان بـە جێـی هێشـتین، دواتـر زانیـم هاوسـەری پێشـمەرگەی یەکێـک لـە حیزبـەکان بـووە و زیندانییـە. دوو کەسـیشمان لایەنگـری پـەژاک و پەکەکـە بـوون، تـازەکار بـووم و کەسـەکانم بـاش نەدەناسـی. زۆر کـەس ئامـادە نەبـوون هـاوکاری بکـەن، ئەوانـەش کـە ئامـادەی یارمەتـی و ئالیـکاری بـوون، زیاتـر سـەر بـە هەنـدێ لایـەن بـوون، کـە مـن ئەمـەم نەدەزانـی.

لـە سـلێمانی ڕۆیشـتینە ناوەنـدی ئـەو ڕێکخـراوە ناحکوومییـەی کـە باسـم کرد. مـن پێشتر بـەم شـێوازی کارکردنـە ئاشـنا ببـووم، بـەڵام ئەوانـی دیکـە بەپـەرۆش بـوون. دەتوانـم بڵێـم هەمـان ئـەو شـێوازی کارکردنەیـان پەیـڕەو دەکـرد کـە مـن لـە ئەفریقـا بینیبـووم. پێدەچـوو پرۆژەکانـی ئەوێیـان لـە هەرێمـی کوردسـتاندا خۆجێیـی و لۆکاڵـی کردبێتـەوە. بـە ئۆتۆمبێـل و تیمـی پرسـیارکەر و ئاریـکاری کۆمەڵایەتـی سـەردانی گوندەکانیـان دەکـرد، خەڵکیـان دەدوانـد و بابەتـی پێوەندیداریـان فێـر دەکـردن. لـە گونـدەکان هەمـوو کەسـێکیان دەدوانـد لـە پیاوانـی ئایینـی و پیاوماقـووڵان و .... . فەرمانبـەرە ژن و پیـاوەکان بەرپرسـیارێتیی جیاوازیـان هەبـوو، بـۆ نموونـە پرسـیارکەرانی ژن بـە وتووێـژ و قسـەکردن سـەبارەت بـە زیـان و خەسـارەکانی خەتەنـە تێدەکۆشـان ژنانـی لادێیـی لـە ئەنجامدانـی خەتەنـە پاشـگەز بکەنـەوە. پیاوانیـش جیـا لـە ڕاپەڕاندنـی ئەرکـی ئەنجامدانـی گفتوگـۆی مەیدانـی، قسـە و دانوسـتانیان لەگـەڵ مـەلا یـان دەمڕاسـتی لادێ و پیـاوان دەکـرد. لـە مـاوەی دوو سـێ ڕۆژدا بـە شـێوەی چـڕ شـاهیدی بەرنامـە مەیدانییـەکان بوویـن و سـەردانی چەنـد ناوەنـد و ڕێکخراوێکـی ناحکوومـیمان کـرد کـە لـە سـلێمانی، ڕانییـە و هەولێـر چالاکییـان دەکـرد.

لـە کۆتـا ڕۆژدا لـە هەولێـری پایتەختـی هەرێمـی کوردسـتان، لەگـەڵ وەزیـری ژنـان، کـۆ بووینـەوە و بـاسمان لـە شـێوازی چالاکییـەکان و دواییـن دۆخـی منـداڵان و ئافرەتـان لـە بـواری خەتەنەکردنـی کچـان و ژنانـدا کـرد و ستایشـی پاڵپشـتی و دەسـتکەوتە باشـەکانی

ئەوانمـان کـرد. کـە گەڕامـەوە بـۆ ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و ئێـران زۆر وریایانـە لەگـەڵ ئـەو ڕێکخـراوە لـە پەیوەندیـدا بـووم. وتیـان چەنـد کەسـێکیان پەیـدا کـردووە کـە ئامـادەن هاوکاریـم بکـەن. پاشـان پەیامێکیـان بـۆ نـاردم و گوتیـان دەتوانـن بـۆ بیرۆکـە و پرۆژەکـەم بوودجـە تەرخـان بکـەن. پێـم گوتبـوون بازنـەی جوگرافیـای خەتەنـەی کچـان و ژنـان لـە ئێـران و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان زۆر لـە هەرێمـی کوردسـتان زیاتـرە و بـۆ دیاریکردنـی قەبارەی جوگرافیـای خەتەنەکردنـی ژنـان و کچـان لـە ئێـران و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـە شـێوەیەکی وردبینانـە و ڕێـک و پێـک، نیـازم وایـە هەمـوو پارێزگاکانـی ئێـران سـکان بکـەم، بـەڵام بوودجە و هێـزی مرۆیـی پێویسـتم نییـە. وتیشـم ئەگـەر هیـچ یارمەتییەکـم پـێ نـەگا ئـەوا خـۆم بـە تەنیـا ئـەم پـرۆژە ڕادەپەڕێنـم. دیـارە ڕژدیـی مـن و بوونـی خەتەنەکردنـی ئافرەتـان لـە ئێـران سـەرنجی ئەوانـی ڕاکێشـا و ڕازی بـوون کـە بـۆ ئـەم پـرۆژە دابینکارێکـی بوودجـەم بـۆ بدۆزنەوە.

● وێنەی ٢٧٧ – دیدار لەگەڵ وەزیری ئەوکاتی ژنان، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٩

پێـش ئـەوەی گەشـت بکـەم بـۆ سـلێمانی لەگـەڵ سـێ کـەس ئاشـنا بـووم کـە زۆر هاوکارییـان کـردم. یەکـەم کـەس ژنێـک بـوو بـە نـاوی پەروین کـە لـە شـاری مەریـوان دەژیـا. سـەبارەت بـە خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان لە ئێـران و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بە دوای سـەرچاوەی نـووسراودا دەگـەڕام و لـە ڕاپۆرتێکـی ڕادیۆیـی سـەبارەت بـە خەتەنەکردنـی ژنـان نـاوی ئـەم خانمـەم بیسـتبوو. لـە ڕێگـەی هاوڕێیەکـەوە پەیوەندیـم پێـوە کـرد و لـە مەریـوان یەکترمـان بینـی. زۆر پـڕ وزە و بەئیـرادە بـوو. کاری تێکەڵێک بـوو لە ئەرشـیڤکردن و ڕاگەیاندن لەسـەر پـرس و خەسـارە کۆمەڵایەتییـەکان. بـەو سـەرچاوە سـنووردارەی کـە هەیبـوو، لـەم

بـوارەدا هەوڵێکـی پڕبایەخـی دابـوو. چالاکییەکانـی تەنیـا بـە پرسـی خەتەنەکردنـی ژنـان سـنووردار نەبـوو، بەڵکـوو لەسـەر بابەتـی دیکـەش کاری کردبـوو، لەوانە: کوشـتنی ناموسـی، توندوتیـژی خێزانـی و هتـد. بـۆ ئامادەکردنـی ڕاپـۆرت و ئەنجامدانـی چالاکـی، سـەردانی گوندەکانـی دەوروبـەری دەکـرد. ڕوانگەیەکـی کـراوەی هەبـوو و خاکەڕایانـە و بـێ هیـچ بەرچاوتەنگییـەک زانیاریەکانـی خسـتە بەردەسـتم. داوام لێکـرد کـە لـەو کارە مەیدانییـەدا یارمەتیـم بـدات، بـەڵام بەهـۆی کێشـەی هاوسـەر و منداڵەکانیـەوە نەیتوانـی لەگـەڵمان بێت.

لـە سـەرەتای قۆناغـی ڕووماڵکـردن و سـکانکردنی پارێزگاکانـدا، "فاتمـە کەریمی"شـم ناسـی. ئێمـە بـە فاتـی بانـگمان لـێ دەکـرد، خوێندکارێکـی پڕ وزە و بـەورە و خەمخۆری شـارە بچووکەکـەی واتـە ڕەوانسـەر بـوو. لە بـواری ژنانـدا خوێندبـووی و ڕوانگەکانی پێکهاتەشـکێنانە و هەنـدێ جاریـش ڕادیـکاڵ بـوو. لـەو کاتـەدا فاتـی یەکێـک بـوو لـەو دەگمـەن کەسـانەی کـە لـە قۆناغـی ماسـتەردا لەسـەر بابەتـی خەتەنەکـردن ئیشـی کردبـوو. ناوبـراو دیمانـەی لەگـەڵ نزیکـەی چـل ژن لـە گوندەکانـی شـاری ڕەوانسـەری پارێـزگای کرماشـان ئەنجـام دابـوو و کۆمەڵێـک وتـار و ژێدەریشـی لـە سـەرچاوە وەرگێـڕدراوە جیهانییەکانـی پەیوەسـت بـە خەتەنەکردنـی ژنـان و کچـان لـە بەرهەمەکانیـدا خسـتبووە ڕوو. جەختـی زیاتـر لـە سـەر ئـەو گێڕانەوانـە بـوو کـە لـە دڵـی مەیدانـەوە وەریگرتبـوون و لـە گۆشـە نیگایەکـی تاڕادەیـەک فێمینیسـتییەوە شـیکاری بـۆ کردبـوون. دەیگـوت زانکـۆ دڵنیایـی ئـەوەی پێـداوە کـە بـۆی هەیـە بەرگـری لـە تێزەکـەی بـکا، بـەڵام لـە کۆتایـی کارەکەیـدا گوتبوویـان بابەتەکـە تابۆیـە و ناتوانیـن قبووڵـی بکەیـن.

فاتـی ناچـار بـوو بـۆ ئـەوەی بڕوانامەکـەی بەدەسـت بهێنـێ بابەتێکـی دیکـە هەڵبژێرێ کە حـەزی لـێ نەبـوو و لەگـەڵ کەسـایەتیی ئـەو نەدەگونجـا. سـاڵی ١٣٨٩ی هەتـاوی (٢٠١٠) ئـەم تێـزە ڕەتکـراوەی لـە دوو توێـی کتێبێکـدا بـە نـاوی "تـراژدی تـن" (کارەسـاتی جەسـتە) بـە زمانـی فارسـی بڵاو کـردەوە. ئەمـە یەکـەم کتێبێـک بـوو کـە لەسـەر خەتەنەکردنـی ژنـان لـە ئێـران چـاپ کـرا و سـاڵی ١٣٩٠ی هەتـاوی (٢٠١١) خەڵاتـی سـدیقە دۆڵەتابـادی پـێ بـەخشرا. لـە کاتێکـدا کـە خەریکـی پێکهێنانـی تیمێکـی مەیدانـی بـووم بـۆ قۆناغـی یەکەمـی توێژینەوەکـەم لـە دەرەوەی پارێـزگا، لەگەڵـی ئاشـنا بـووم. مـن پێشـنیاری کارکردنـم پێـدا، ئەویـش قبووڵـی کـرد و وەک خـۆی وتـی جگـە لـە پابەندبـوون و حـەز و خولیـای بـۆ ئـەم بابەتـە، ئـەم توێژینـەوە لـە لەماڵەوەدانیـشتن لـە شـارە بچووکەکەیـان ڕزگاری دەکـرد. مـن و فاتـی هـەر زوو لێـک نزیـک بووینـەوە و فاتـی بـوو بـە یەکێـک لـە هێـزە سـەرەکییەکان و یاریـدەدەرم لـە مەیدانـی کارکردنـدا.

لـە ڕێگـەی ناسـیاوێکەوە کچێکـی گەنجـی دیکەشـم ناسـی بـە نـاوی بەهـارە. بـاشترە لـە دەمـی خۆیـەوە باسـی بکـەم: نـاڕازی، چالاکـی کۆمەڵایەتـی و بزووتنـەوەی سـەوز و

وێبلاگ‌نووس. لەو ساڵانەدا وێبلاگ‌نووسی لە ناو لاواندا باو بوو و بەهارەش شێتانە خولیای وێبلاگ نووسی بوو، بە جۆرێک کە هەموو ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆی لە وێبلاگەکەیدا دەنووسی. سەرەتا ئەم کارەی نیگەرانی کردم و بەردەوام داوام لێدەکرد لەسەر کارەکانمان هیچ نەنووسێت. بەهارە لاوێکی نوێخواز بوو کە زۆر خۆی سنووردار نەدەکردەوە. خێزانەکەی لە سەرەتادا تا ڕادەیەک لە سەر کارەکانی هەستیار بوون، بەڵام ڕۆشنبیرانە ڕێزیان لە هەڵبژاردنەکەی دەگرت و ڕازی بوون کە لە هەندێ گەشتی کاریدا لەگەڵ تیمدا بێت. بەهارە و فاتی بە سۆز و دڵەوە کاریان دەکرد و ئەم دووانە لە قۆناغی یەکەمی پرۆژەکەدا چەند مانگێک دەروەستانە و خەمخۆرانە لەگەڵم بوون.

تاوتوێکردنی سی و یەک پارێزگا

لەگەڵ ئەم گرووپەدا ئیشەکەمان لە پارێزگای سنەوە دەست پێکرد. زۆر جار پرسیارکەرانی کاتی یان ڕێنوێن و چاوساغەکان بۆ ماوەی یەک دوو ڕۆژ لەگەڵمان دەبوون و دواتر دەڕۆیشتن. ئاڵنگارییەکانمان لە هەندێک پارێزگادا زیاتر بوون و هاوکارە خۆجێییەکان بۆ ڕاکێشانی متمانەی ژنانی نیشتەجێی ئەو ناوچانە کە ئەزموونی خەتەنەیان هەبووە، کاریگەر بوون. دیارە کارەکە بە بێ ئەوان زۆری دەخایاند و بەدەستهێنانی متمانەی ژنان بۆ دیمانە و چاوپێکەوتن قورس و هەندێک جاریش مەحاڵ بوو. لە سەرەتای توێژینەوەکەدا و لە قۆناغی سکانکردنی ناوچەکاندا دۆزینەوەی هێزێک کە بتوانێ کارەکە ڕابپەڕێنێ و درێژەی پێ بدا زۆر ئەستەم بوو. زۆر جار وا پێش دەهات کە بەیانیان لەگەڵ هێزێک دەستمان بە کارەکانمان دەکرد و بۆ شەو ماڵاوایمان لێدەکردن. ئەگەری ئەوە هەبوو کە ئەنجوومەنی گوندەکە، یان مەلایەک یان هەر کەسێکی تر گومانمان لێبکا و ڕاپۆرتمان بداتە بنکەی پۆلیس.

پێشوەختە هەموو لایەنەکانم هەڵدەسەنگاند و زۆر جاریش وەک ئینگلیزییەکان دەڵێن لە سەری مارەکەم دەدا، واتە ڕاستەوخۆ دەچوومە ماڵی مەلا، ڕیش‌سپی، ناسێنەرەکەمان یان دەوڵەمەندترین کەسی ناو گوندەکە بۆ ئەوەی بە ناساندنی خۆم و گرووپەکەم ئەوانیش هاوڕای خۆم بکەم. دەبوو بۆ دروستکردنی متمانە تەکنیکی جیاوازمان بەکار بهێنایە کە بە تێپەڕبوونی کات فێری ببووم. یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی کاری مەیدانی، مانەوەی شەوانە بوو. لەبەر ئەوەی ئێمە مۆڵەتی کارکردنی فەرمیمان نەبوو و لە هیچ ڕێکخراوێکەوە نەهاتبووین، هەروەها نامەی پێناساندنی نووستنگە و خانەی موعەلیم و میوانخانەمان نەبوو، هەوڵمان دەدا ئیمکاناتی خۆماڵی بە کار بهێنین.

بوونی دوو کەسی نامۆ لەناو ئۆتۆمبێلێکدا هەمیشە جێی پرسیار بوو، بۆیە هەوڵمان

دا کەسێکی ناسیاو یان خزمێک لە نێو خەڵکی ناوچەکەدا بدۆزینەوە بۆ ئەوەی شەو لە ماڵەکەیدا بمێنینەوە. ئەگەر دەچووینە هۆتێلێک یان شوێنێکی هاوشێوەی، بەپێی یاساکانی ئەو ساڵانە دەبا بۆ کچەکان نامەیەکمان لە ئەماکین (پۆلیس) وەربگرتایە و ئەماکینیش لەوێوە پەیوەندی بە خێزانەکانیانەوە دەگرت و خانەوادەکانیان دەبایە هۆکاری مانەوەی کچەکەیان لە هۆتێلەکەدا ڕوون بکردایەتەوە. دەبوو وریاش بین. نەدەبوو ناومان لە هیچ شوێنێک تۆمار بکرایە. هەموو دەمانزانی دەبێ بە گڵۆپی کوژاوە و بێدەنگ و ئەسپایی هەنگاو هەڵێنین. هەموو هەوڵم ئەوە بوو کە لە بازنەی هاوڕێ و خێزان کەڵک وەربگرین بۆ ئەوەی هەندێک خێزانمان بۆ بدۆزنەوە کە بۆ شەو لە ماڵیاندا بمێنینەوە. هەستێکی خۆشم بەم کارە نەبوو، بەڵام هەندێک جار ناچار دەبووم و هاوکارەکانیشم هەمیشە بەم دۆخە نارەزایەتییان دەردەبڕی.

● وێنەی ٢٧٨ – شایی، دورگەی قیشم، ١٣٩٢ (٢٠١٣)

بڕیارم دا لە قۆناغی یەکەمدا هەموو ئێران سکان بکەین بۆ ئەوەی شوێن پێی خەتەنەکردنی ژنان و کچان بە وردی دیاری بکرێت. پاشان نەخشەیەکی تایبەت بۆ ئەو ناوچانە بکێشینەوە کە خەتەنەکردنی کچان و ژنانی تێیدا باو بووە و بە قووڵی بچینە ناو دڵی کارەکەوە. لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکاندا چەند خاڵێکی سەرنجڕاکێشم بەدی کرد. خەتەنەکردنی کچان و ژنان لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا ڕەوتێکی جێگیر و یەکدەستی نەبوو. بۆ وێنە دەگەیشتینە گوندێک کە ساڵانێک بوو ژنان و کچانیان خەتەنە نەدەکرد، بەڵام لە دەڤەرێکی ئەولاتر کەشێکی تەواو جیاوازترمان دەبینی کە لە سەر ئەنجامدانی خەتەنە سوور بوون. لە ناوچەی موکریان کچان و ژنان لە لایەن قەرەجەکانەوە خەتەنە دەکران، لە پارێزگای سنە و کرماشان دایەن و ژنە خەتەنەچییەکانی ناوچەکە ئەرکی خەتەنەکردنی کچان و ژنانیان لە ئەستۆ بوو. خەتەنەچییەکان خەڵکی ناوچەکە بوون و

هـەر ئەمـەش ببـووە هـۆی ئـەوەی کـە لـەو ناوچانـەدا ڕێـژەی خەتەنەکـردن لەسـەدا حەفتـا بـۆ هەشـتا بـەرز ببێتـەوە. لـە هـەر شـوێنێک کـە خەتەنەچییـەکان خەڵکـی ئـەو دەڤـەرە نەبووایـەن، ڕێژەکـەی کـەمتر بـوو.

لـەو گوندانـەی کـە ژمـارەی خوێنـدکارەکان و بەتایبـەت خوێنـدکارە کچـەکان زیاتـر بـوو و لـە ئەنجامیـدا ئاسـتی زانیـاری و هۆشـیاری و زانسـت لـە سـەرترەوە ببوایـەت، ڕێـژەی خەتەنەکـردن کـەم دەبـووەوە و لـە هـەر گوندێـک ئـەو ئاسـتە دابەزیایـەت، ڕێـژەی خەتەنـە لـە سـەرەوە دەبـوو. بەگشـتی هـۆکاری کەمبوونـەوەی ڕێـژەی خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان لـە گوندەکانـدا دەگەڕێتـەوە بـۆ چەنـد هـۆکاری وەکـوو دەسـتڕاگەیشتن و کۆچکـردن بـۆ شـار، خوێنـدەواری، ئاسـتی هۆشـیاری و ئیشـکردنی ژنـان ، بوونـی کرێکاریـی وەرزانـە، دەسـتڕاگەیشتن بـە میدیـا و سـەتەلایت و چاپەمەنییـەکان. کەناڵەکانـی هەرێمی کوردسـتان بـە ئاگادارکردنـەوەی بـەردەوام، ئـەم کارەیـان لـە خەڵـک قەدەغـە دەکـرد و ئەمـەش وایکردبوو کـە لـە ناوچـە جیاوازەکانـدا تێڕوانینێکـی یەکسـان بـۆ خەتەنـە لـە ئـارادا نەبێـت. بێگومـان فاکتـەری دیکـەش لەسـەر ئـەم بابەتـە کاریگەریـی هەیـە، کـە هەموویـان لـە توێژینـەوەی گرووپیـی "بـە نـاوی نەریـت"دا بـە وردی بـاس کـراون. لێـرەدا تەنهـا بـە کورتـی تیشـک دەخەمـە سـەر هەندێـک بابـەت سـەبارەت بـە چۆنییەتیـی ئەنجامدانـی کاری مەیدانـی.

دوای سـکانکردن یـان پشـکنینی کۆمەڵگـەی ئاماریـی بانـە و مەریـوان، گەیشـتینە هەورامـان. ناوچـەی هەورامـان دەکەوێتـە نێـوان هـەر دوو پارێـزگای سـنە و کرماشـان. بیسـتبووم کـە لـە هەندێـک دەڤـەری هەورامـان ئـیتر ژنـان خەتەنـە ناکرێـن. بـەڵام لـە هەندێـک ناوچـەدا ڕێـژەی خەتەنەکـردن زۆرە. ئـەوە جێـگای سـەرنج بـوو کـە لـە هەندێـک ناوچـەی هەورامانـدا بـە هـۆی پێکهاتـەی ئایینـی، دەسـەڵاتی تەریقەتـی نەقشـبەندی و هاوسـنووربوون لەگـەڵ باشـووری کوردسـتان و هەڵەبجـە، ئەنجامـدان و پێشـینەی خەتەنەکـردن زیاتـر بـوو.

لـە سـەفەرەکانم بـۆ پارێزگاکانـی کرماشـان و کوردسـتان بـۆم دەرکـەوت ئـازادی کۆمەڵایەتـی و دەسـەڵاتی ژنـان بـەراورد بـە ناوچـەی موکریـان نەختـێ زیاتـرە. تـا ئـەو کاتـە پێـم وابـوو بـە هـۆی مێـژوو و پاشـخانی سیاسـیی مەهابـاد و ئـەو تێڕوانینـەی کـە پەیوەندییەکـی نزیـک لـە نێـوان ئاخێزگـەی مێژوویی-سیاسـیی کوردسـتانی گـەورە لەگـەڵ مەهابـاددا سـاز دەکات، ناوچەکانـی موکریـان دەبـێ زیاتـر سیاسـی و مۆدێـرن بـن، بـەڵام لـە درێـژەی کاردا، بـۆم سـەلمێنرا کـە خەڵکـی ئـەم ناوچـە، بەتایبـەت لـە شـارە گەورەکانـی وەکـوو سـنە و کرماشـاندا، سـەرەڕای نیمچـە نەریتیبوونـی کۆمەڵگاکەیـان لـە چـاو ژنانـی موکریـان ئازادیـی کاری مەدەنییـان زیاتـرە یـان لـەم یـەک دوو دەیـەی دوای ئینقلابـی ئیسلامیـدا گۆڕانکارییـان بەسـەردا هاتـووە.

زۆربەی یاریدەدەرانی قۆناغی یەکەم و سکانکردنی ناوچەکانی پرۆژەکە، خەڵکی پارێزگاکانی سنە و کرماشان بوون. جیاوازیی فەرهەنگی نێوان ئەم دوو ناوچە لەگەڵ دیکەی ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، جێگای سەرنج بوو. ئەم ناوچانە مۆدێرنتر و شارستانیتر بوون و پەیوەندی و هاموشۆکردنیان لەگەڵ شارەکانی دیکەی ئێران و تاران زیاتر بوو. لە شارە گەورەکاندا ڕێژەی قبووڵبوونی کچان و کوڕانیان بۆ زانکۆ و بوونیان لە پایتەخت و گەورەشارە فارسنشینەکاندا بەراورد بە ناوچەکانی موکریان و باشووری پارێزگای ورمێ زیاتر بوو. بۆیە گەشەکردنی شاری و هۆشیاریی گشتی بەتایبەت لە ناو کچاندا، کاریگەریی لەسەر کەمکردنەوەی ڕێژەی خەتەنەکردنی ژنان داناوە.

● وێنەی ٢٧٩ – کاری مەیدانی، گوندی مەنسوور ئاغایی، کرماشان. ١٣٩٠ی هەتاوی (٢٠١١)

لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا درێژەمان بە کارەکان دا و پاشان بەرەو باشووری ئێران وەڕێ کەوتین. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا شوێنپێی خەتەنە دیار بوو، بەڵام داتاکان دۆخێکی یەکسانیان نیشان نەدەدا؛ لە هەندێ شوێندا ڕێژەکان بەرز دەبوونەوە، هەندێک جاریش دادەبەزین و لە هەندێک ناوچەشدا دیاردەی خەتەنەمان بەدی نەدەکرد. لە هەندێک ناوچەی پارێزگای ئیلامدا و لە ناو کوردەکانیدا (ئیلام ڕێژەیەکی کەمی عەرەبیشی تێدایە) ژنە پیر و بەساڵاچووەکانیان خەتەنە کرابوون. لە لوڕستانەوە بەرەو کوهگیلوویە و بویەرئەحمەد و ناوچەکانی ناوەڕاستی ئێران ڕۆیشتین. پارێزگای فارس و جوگرافیای قەشقەییەکانمان پشکنی و وەکوو هەمیشە نموونەمان لە هەندێک گوند لە هەر چوار لایەنی باکوور، باشوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا هەڵگرتەوە.

ئەو ناوچانەی کە خەتەنەکراوەکانیان تەمەنیان زۆر بوو یان ئاگاداری ئەم بابەتە نەبوون، وەک ناوچەی سپی ڕامان دەگەیاند و بەرەو ناوچەی دیکە دەڕۆیشتین. دوای پارێزگای فارس بەرەو خووزستان و بووشێهر و هورموزگان بەڕێ کەوتین. کاتێک لە ڕێگای هورموزگان چووینە ناوچەی لارستان و بەشە سوننەنشینەکەی پارێزگای فارس، وردە وردە ئامارەکان گۆڕان و گوتیان بەڵێ لای ئێمە خەتەنەی ژنان باوە. ئەم نەریتە لە بووشێهر لە ناو توێژێکی بچووکی عەرەب و گرووپەکانی دیکەشدا پێشینەی هەبوو، هەرچەند ئیتر ئەنجام نەدەدرا، بەڵام لە پارێزگای هورموزگان ئامارەکان گەیشتنە لوتکە. من پێشتر و بە پشتبەستن بە هەمان وتاری ئەحمەدی و هاوکارەکانی دەمزانی کە

خەتەنەکردنـی ژنـان و کچـان لـە ناوچەکانـی مینـاب و دوورگەکانـی پارێـزگای هورمـوزگان کـە زۆرینەیـان سـوننەن بـاوە، بـەڵام ئامـارەکان زۆر لـەوە زیاتـر بـوون کـە ئێمـە بیرمـان لێ دەکـردەوە.

تـا زیاتـر لـە سـنووری هورمـوزگان نزیـکتر دەبووینـەوە، کـەش و هـەوا گـەرمتر و شـێدارتر دەبـوو و ژمـارەی حاڵەتەکانـی خەتەنەکردنـی ژنانیـش زیاتـر دەبـۆوە. لـە جێگایەکـەوە ئـیتر لـە هەندێـک گونـددا تووشـی حاڵەتـی نـوێ یـان ئامـاری زینـدوو دەبووین و دەمانبینـی کـە کچـان دوو یـان سـێ سـاڵ لەمەوبـەر خەتەنـە کـراون. کـە گەیشـتینە مینـاب و بەنـدەر پوهـل و بەنـدەر لەنگـە، ئامـارەکان پتر هەڵکشـان. ئـیتر شـک و دڕدۆنگـیمان وەلا نـا و ڕاسـتەوخۆ لـێمان دەپرسـین لـە چ تەمەنێکـدا خەتەنـە کـراوی و خەتەنەچییـە خۆجێییـەکان لـە کوێـن؟ چەنـد مانـگ بـەر لـەوەی ئێمـە بچیـن چەنـد کۆرپـەی تەمـەن چەنـد مانگەیـان خەتەنـە کردبـوون و ئەمـەش شـتێکی باوەڕپێنەکـراو بـوو. بـەرەو بەنـدەر عەبـاس و شـارە گـەورەکان بووینـەوە، زۆرینـەی دانیشـتوانەکەی شـیعە بـوون و ژمـارەی خەتەنـە دابـەزی، بـەڵام کاتێـک گەیشـتینە دوورگـەی قیشـم، ژمـارەکان گەیشـتنە ئەوپـەڕی خۆیـان.

ئێمـە پەشـۆکا بووین. ئیمەیلـم بـۆ چەنـد شـوێن و چەنـد کەسـێک نـارد و چەنـد دەنـگ و گێڕانـەوەی وەرگێـڕاوم بـۆ نـاردن و گوتـم: "ئێـرە زۆرتریـن ڕێـژەی خەتەنەکردنـی ژنـان و کچانـی نـەک تەنهـا لـە ئێـران بەڵکـوو لـە ئاسـت هەمـوو ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لـە خـۆ گرتـووە!" بەنـدەر عەبـاس و دوورگەکانـی بـۆ مـن نامـۆ نەبـوون، سـاڵانێک پێـش ئـەوەی کـۆچ بکـەم بـۆ ئەورووپـا، ڕۆیشـتبوومە قشـم و ئێرانێکـی جیـاوازم ناسـیبوو، بـەڵام پەیوەندییەکـی ئەوتـۆم لەگـەڵ خەڵکەکـەدا سـاز نەکردبـوو و ئاسـتی زۆری هـەژاری و دەمارگـرژی ئایینیـی گوندنشـینانی قشـمم نەدەزانـی. ئەوان هەسـتیان بـە ململانـێ و جیاکارییەکی تونـد لەلایەن حکوومەتـی ناوەندییـەوە دەکـرد و هـەر ئـەو هەسـتەیان هەبـوو کـە خەڵکـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانیش پێـوەی دەناڵێنـن.

پـاش وەسـتانێکی چەنـد ڕۆژە بـەرەو پارێـزگای سیسـتان و بەلووچسـتان وەڕێ کەوتیـن. پێـم وابـوو لەبـەر سـوننەبوون و هەژاریـی گشـتی، ئامـاری ئـەم پارێزگایـە، ئەگـەر لـە بەنـدەر عەبـاس زیاتـر نەبـێ کەمتریـش نابێـت، کەچـی تەنانـەت نموونەیەکیشـم بـەدی نەکـرد. بەڵام پرسـێکی تـر مێشـکی منـی داگیـر کـرد. هێشـتا هـەژاری و بێبەشـیی پارێـزگای هورموزگانـم فـام نەکردبـوو کـە بینیـم هەمـوو شـارەکانی سیسـتان و بەلووچسـتان لـە هەژارتریـن وڵاتانـی جیهـان و هەژارتریـن ناوچـە بێبەشـەکانی ئێـران هەژارتـرن. بـەردەوام بیـرم لەوە دەکـردەوە کە ئـەم مرۆڤـە بێتـاوان و بێدەرەتانانـە چـۆن دەژیـن؟ بـاوەڕم نەدەکـرد ئەمـە بەشـێک لـە ئێرانـە. شـۆکی بارودۆخـی ئـەم پارێزگایـە بیـر و خەیاڵمـی داگیـر کردبـوو. هەرچـی لێکـم دەدایـەوە دەمبینـی کـە ئێمـە لـە کوردسـتان سـەرەڕای هەمـوو کێشـە سیاسـی و ئابووریـیەکانمـان

بەراورد بە بەلووچستان ژیانێکی باشترمان هەیە و بارودۆخمان لە چاو بەلووچستان لە سەرووی ئاستی مامناوەندە! کوردوتەنی ئێمە لە چاو ئەوان شا بووین.

وێڕای ئەم دۆخە، خەتەنەکردن لە سیستان و بەلووچستاندا، بە پێچەوانەی یەک دوو ڕاپۆرتی باوەڕپێنەکراو، دیاردەیەکی نامۆ بوو. دەتوانین بڵێین ئەم پارێزگایە هەموو جۆرە کێشەیەکی هەبوو جگە لە خەتەنەکردنی ژنان و کچان. ئەم ئەنجامە گریمانەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان هەژاری و خەتەنەکردنی ژنان و کچانی ڕەت کردەوە و نیشانی دا کە پێیوەندیی بە هۆکاری دیکەوە هەیە. ئەم پارێزگایەمان بەرەو باکووری ئێران بە جێهێشت و پەیجۆری ئەو کەمینە کوردانە بووین کە لە سەردەمی شا عەباس و ڕەزاشادا بە کۆچی زۆرەملی هێنرابوونە ناوچەی گوڵستان و مازەندەران، لەوێش هیچ شوێنپێیەکی خەتەنەکردنی ژنان و کچانم بەدی نەکرد. چووینە تورکمانسەحرا و گوندە سنوورییە سوننەنشینەکانیش و لەوێش بە هەمان شێوە هیچ حاڵەتێکی خەتەنەمان نەدۆزییەوە. لە خوراسانیش، کە ناوچەیەکی کوردە کرمانجە دوور خراوەکانی لێیە، هیچ ئاسەوارێکی خەتەنەمان نەبینی. ناوچە ناوەندییەکانی ئێران واتە یەزد و کرمان، تاران و کەرەج و پارێزگا تورکنشینەکانیشمان ڕوومااڵ کرد و لە ماوەی چەند مانگدا سی و یەک پارێزگای ئێرانمان بە وردی و نموونەی ئامارییەوە سکەن کرد.

● وێنەی ٢٨٠ – یەکێک لە گوندە بێبەشەکان لە پارێزگای بەلووچستان، ١٣٩٠ی هەتاوی (٢٠١١)

لە کۆتاییدا گەیشتینە ئەو ئەنجامە بەرهەستەی کە دیاردەی خەتەنەکردنی کچان و ژنان لە باشووری پارێزگای ورمێ بە شێوەیەکی بەربڵاوتر و زیاتر لە گوندە هاوکەشەنەکانی سنووری باشووری کوردستان بەدی دەکرێت. لە پارێزگای کرماشان بە ناوەندێتیی پاوە، گوندەکانی شمشێر و مەنسوورئاغایی، کامیاران و ڕەوانسەر و ناوچە جافنشینەکانی پارێزگای کرماشان و هەندێ لە گوندەکانی ناوچەکانی هەورامان وەکوو هەورامانی تەخت، کەماڵە، کۆسەی هەجیج، هانە گەرمەڵە و گوندەکانی شاری نۆدشە و نەوسوود، دیاردەی خەتەنەکردنی کچان و ژنان دەبینرا. هەروەها لە هەندێ گوندی پارێزگای ئیلامیش کە هاوکەوشەنی پارێزگای کرماشانن، خەتەنەی کچان و ژنان باو بوو. لە ناوچەکانی باشووری ئێران ژنان لە تەمەنی گەورەییدا خەتەنە کرابوون و لە دوورگە و ناوچە کەنارییەکانی پارێزگای هورموزگان خەتەنەی ژنان و کچان بە ڕێژەیەکی زۆر و لە

ناوچە سوننەنشینەکان و بەتایبەت لە نێوان پەیڕەوانی مەزهەبی شافیعیدا بە گشتی باو بوو. دوای ڕووپێوکردنی سەرتاسەری ئێران، بە هاوکاریی تیمەکە، ڕاپۆرتێکی تەواوکەرمان لەسەر دۆخی سی و یەک پارێزگا نووسی و نەخشەی لێکبڵاویی خەتەنەکردنی کچان و ژنانمان لە ئێران کێشاوە. بە پێی خەملاندنی خۆم کاری مەیدانی و نموونەگرتنی ورد و قووڵ سێ بۆ چوار ساڵی دەخایاند و ئەگەر ساڵێکیش وەدوا کەوتبا، ئەوە دەبوو بە پرۆژەیەکی پێنج ساڵە. بۆ درێژەدان بەم توێژینەوە پێشنیارەکانم ئامادە کرد.

هەوڵی بێئەنجام بۆ چالاکیی یاسایی و دیدار لەگەڵ خانمی وەزیر

پانتایی جوگرافیایی پرۆژەکە زۆر بەرفراوان بوو؛ هەم لە ڕووی زەمەنی و هەمیش ئەگەر بمانهەوێ لەسەر ئاستی ورد یان ناوەندییەوە بچینە ناو ڕاهێنانەکانەوە، تیمەکە پێویستی بە سەرچاوەیەکی زۆر و بوودجەیەکی بەرچاو بوو. پێش ئەوەی گەڵاڵەکە بۆ شوێنێک بنێرم، بە خۆمم گوت، "کامیل! ئێستا کە هاتووی بۆ ئێران و دەزانی چەندە هەستیارییەکان زۆرە، دۆخی سیاسیی ئێران ئاڵۆزتر بووە و لە جاران ناجێگیرترە، بە چ دڵ و بوێرییەکەوە دەتهەوێ گوژمە لە وڵاتانی بیانی وەربگری و لەسەر پرسی خەتەنە و شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی ژنان ئیش بکەی؟ حکومەت دەتوانێ بە بیانووی ناکۆکیی ئایینی و دووبەرەکیی نێوان شیعە و سوننە و زۆر شتی دیکە ناوناتۆرەت لێ بدات. تۆش وەکوو کەسێک کە لە هەندەرانەوە هاتوویتەوە و خاوەنی دوو ڕەگەزنامەیت و لە ڕابردووشدا دۆسییەی سیاسیت هەبووە و زیندانی کراوی، مەترسیی زیاترت لە سەرە!"

من زوو زوو لە خەڵکی دەوروبەرم و هاوکارەکانم گوێم لێ دەبوو کە پەیوەندی سازکردن لەگەڵ دامەزراوە و ئێن.جی.ئۆ بیانییەکان مەترسیدارە. سەرەڕای هەموو ئەم مەترسییانە نەمدەتوانی کەمتەرخەمی زەحمەتەکانم بم. هەر لە کۆتاییەکانی ئەو ساڵەدا کارەکەمم دەست پێکرد. هەندێ جار بە گاڵتە و جەفەنگەوە بە هاوڕێکانم دەڵێم من یەکێک لەو چەند کەسە کەمە بووم کە لە ئێراندا کاری مەیدانیم دەکرد. هەموو چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی یان دەچوونە زیندان یان لە ماڵەوە بەند دەکران یان بە چڕی کۆنترۆڵ دەکران. چالاکوانان و توێژەرانی جیدی و ڕژدی دیکەی ئەو بوارانەش لە ترسی ئەوەی کە نەکەونە بەر شاڵاوی ئەمنی، پێیان باش بوو کار نەکەن.

بە پێچەوانەی پێشنیاری کەسانی دەوروبەرم، شیکاریی من ئەوە بوو کە سیستەمی ئەمنی چاوەڕێی ئەوە ناکا کەسێک لە دەرەوەی وڵاتەوە بگەڕێتەوە و بۆ سەر پرسێکی ئاوڕلێنەدراوی وەکوو خەتەنەکردنی کچان و ژنان ئیش بکات. ڕەنگە ئەوەندە بابەتیان هەبوو کە ئەمە لە پێشەوەی کارەکانیان نەبێ، بەڵام باش دەمزانی بابەتێکی هەستیارە

و تووشـی دڕدۆنگیـی فیکـری دەبـووم. تەنانـەت هەندێـک جـار گومانـم لـە هاتوچـۆی هاوکارەکانـم دەکـرد و سـەرنجم دەدا کـە لـە گرێبەسـتەکانیاندا بنووسـم کـە کـەس بـۆی نییـە بچێتـە نـاو گـرووپ و گفتوگـۆی سیاسـییەوە. هەندێـک جـار لـەم هەمـوو چاودێرییـە بێـزار دەبـووم، بـەڵام هیـچ بژاردەیەکـی دیکـەم نەبـوو جگـە لـەوەی تـا دەتوانـم کارێکـی داخـراو و سـنووردار و بچـووک بکـەم بـۆ ئـەوەی دۆخەکـە لە ژێر کۆنترۆڵی خۆم دەرنەچێت.

وێنەی ٢٨١ – هاوکاریکردن بۆ وەڕێخستنی کتێبخانەی منداڵان، گوندی سەلەخ، ١٣٩٣ی هەتاوی (٢٠١٤)

بـە هاوکارەکانمـم گـوت دەبـێ بیرۆکەکەمـان بکەینـە گەڵاڵەیەکـی قبوڵکـراو و سـنووردار و لـەو پارێزگایانـەی کـە بـە خەتەنەکردنـی کچـان و ژنانـەوە تێـوەگلاون، بچینـە سـەروەختی دامـەزراوە حکومییەکانـی وەکـوو بێهزیسـتی (چاودێریـی کۆمەڵایەتـی یـان چاکژیانـەوە) و .... سـەریان سـوورِ مـا و گوتیـان کامیـل وا دەزانـی هێشـتا لـە بەریتانیایـت؟ ئەمـە ئێرانـە! نووسـینی پـڕۆژە و بردنـی بـۆ پارێـزگار؟ ئـەوە دەزانـی چـی دەڵێیـت؟ پێـت وا نییـە هـەر لـەوێ دەتنێرنـە زینـدان یـان هێـزە ئیتلاعاتییـەکان دەتگـرن؟ ناڵێـی کـە دەچیتـە بێهزیسـتی حەراسـت ڕاپۆرتت بەوانـەی سـەرەوە دەدات؟ باشـە بۆچـی لەگـەڵ حکوومەتـی کۆمـاری ئیسلامـی کار دەکـەی کاتێـک کـە خـۆت بـاش دەزانـی تۆمەتـت بـۆ هەڵدەبەسـتێ، بەتایبـەت لـەم سـەردەمەدا کـە کارکـردن لەگـەڵ حکوومەتەکـەی ئەحمـەدی نـژاد شـەرمەزاری و خیانەتـە ...

هـاوکاران و دۆسـتانم خوێنـدکار و دەرچوویـی زانکـۆ بـوون و باوەڕیـان بـە چالاکیـی کۆمەڵایەتـی هەبـوو، بـەڵام لـەو سـەردەمەدا پەیوەنـدی نێـوان گـەل و حکوومـەت گەیشـتبووە ئاسـتێک کـە زۆربـەی خەڵـک و بەتایبـەت چینـی مامناوەنـد بەرامبـەر ڕژێمـی کۆمـاری ئیسلامـی بێمتمانەتـر، تووڕەتـر و ناڕەزامەندتـر ببـوون. مـن نەمدەویسـت پەنـا بـۆ بوودجـەی دەرەکـی ببـەم، پێـشتر لەگـەڵ ئێن.جی.ئـۆکان ئیشـم کردبـوو و دەمزانـی لە کۆتاییـدا کارەکە بـە ئاقارێکـدا ئاراسـتە دەکـەن کـە ئامانجەکانـی خۆیـان بپێکـن و سـەربەخۆیی کارکردنـم لـێ دەسـتێننەوە. وێـڕای ئـەوەی کـە نیگـەران بـووم زانیارییـە مەیدانـی و ئامارییەکانـی مـن بـۆ پێشخسـتنی کارەکانیـان بقۆزنـەوە، بـە بـێ ئـەوەی ڕەچـاوی دەرهاویشـتەی ئـەم کارە بـۆ

مـن و کۆمەڵگـەی ئامانجـم بکـەن.

لێکۆڵینەوەکەمـان لەسـەر یەکێـک لـە نەریتییـە زەبربەخشـەکان بـوو، کـە تـا ئـەوکات خۆیشـم بـە تـەواوی لێـی تێنەگەیشـتبووم و تێبینییـە خەڵکناسـییەکانیش سـنووورداری دەکردمـەوە. مـن دەمویسـت داوای هـاوکاری یـان لانیکـەم مۆڵـەت لـە حکوومەتێـک بکـەم کـە بەرپرسـیارێتیی هاووڵاتیانـی لـە ئەسـتۆیەتی، بـەڵام ئەوانـی تـر دەیانگـوت هاوکاریـت نـاکا کـە هیـچ، تەنانـەت دەسـتگیریشمان دەکـەن. ئـەم لێکـدژی و جیاوازیـی بیروڕایانـە لـە ئـارادا بـوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا بـاوەڕم وا بـوو کـە دەبـێ هەوڵـی خۆمـان بدەیـن. بـە پێداگریـی مـن گەڵاڵەکەمـان نووسـی و ڕۆیشـتین بـۆ سـنە بـۆ دیـدار لەگـەڵ چالاکوانـان و چەنـد ڕێکخراوێـک کـە هەسـتمان دەکـرد پەیوەندییەکـی باشـیان لەگـەڵ بەڕێوەبەرانـی ئیـدارەی بێهزیسـتی یـان پارێـزگاری هەیـە.

داوامـان لێکـردن کۆبوونەوەیـەک لەگـەڵ بەرپرسـە پەیوەندیـدارەکان ڕێـک بخـەن بـۆ ئـەوەی ئامانجـی کارەکانمـان ڕوون بکەینـەوە. یەکێک لە چالاکوانە خۆشەویسـتەکانی شـاری سـنە ئێمـەی بـە جێگـری کاروبـاری کۆمەڵایەتیـی پارێـزگاری سـنە کـە کەسـێکی هەڵکەوتـە و ڕەسـەنی ناوچەکـە بـوو، ناسـاند. ئێمـە بابەتەکەمـان بـاس کـرد، ئـەو پێـی خـۆش بـوو، بەڵام وتـی پرسـێکی هەسـتیارە و لـەوە ناچـێ قبووڵـی بکـەن. بەڵێنـی دا هەوڵـی خـۆی بخاتـە گـەڕ و ئێمـەش لەسـەر بنەمـای ئـەو بەڵێنـە مانگێـک یـان دوو مانـگ چـاوەڕێمان کـرد. لـە ئێمـە پێداگـری و لەویـش پاشەکشـە هەتـا ئـەوەی کـە دواجـار ڕازی بـوو کـە کۆبوونەوەیـەک لـە بینـای پارێـزگای سـنە ئەنجـام بـدات. ناوبـراو بێهزیسـتی، ئەنجومەنـی مامۆسـتایانی ئایینیـی پارێـزگای سـنە، وەزارەتـی ڕیفاهـ (وەزارەتـی خۆشـگوزەرانی)، وەزارەتـی ئامـووزش و پەروەرش (وەزارەتـی پـەروەردە و ڕاهێنـان) و دەزگاکانـی دیکـە، کـە پێشـنیارمان کردبـوو، بانگهێشـتی کۆبوونەوەکـە کـرد. چەنـد کەسـێک نەبـێ، لایەنەکانـی دیکـە نەهاتـن، بـەڵام هـەر ئـەوەش بـۆ مـن دەسـتکەوتێکی گـەورە بـوو.

ڕۆژێکـی هاوینـی سـاڵی ١٣٨٩ی هەتـاوی (٢٠١٠)، مـن و فاتـی لـە پلیکانەکانـی پارێـزگای دەچووینـە سـەرەوە بـۆ ئـەوەی لـە کۆبوونـەوەدا بەرگـری لـە پلانەکەمـان بکەیـن. بەهـارە وتـی: "مـن هـەر لـە بنەڕەتـەوە ئـەم ڕژێمـەم قبـووڵ نییـە و نایـەم، فاتـی تـا کۆتایـی بزەیەکـی تـاڵ لەسـەر سـیمای بـوو بـەو واتایە کـە ئێمە خەریکـە خیانـەت بـە بیروباوەڕەکانمان دەکەیـن و تـازە کار لـە کار ترازاوە و هتـد. هیـوا و بـاوەڕم وا بـوو کـە هـەر هیـچ نەبـێ شـتێکی هەرچەنـد گچکـە بەدەسـت دەهێنـم. دەمزانـی ئەگـەر تەنانـەت بەشـێکی ئـەم ڕژێمـە بێتـە مەیـدان، باشتریـن دەسـکەوت بـۆ کۆمەڵگـەی ئامانـج دابیـن دەبێـت. لـە هەمـان کاتـدا مـن لـەم ئاسـتی بێـزاری و بـێ متمانەییـەی نێـوان خوێنـدکاران و توێـژی خوێنـدەوار تێنەدەگەیشـتم و لەگەڵـی نەبـووم.

ڕەنگە من ئەزموونی ژیاوی ئەوانم نەبووبێ و بنەمای فیکری و ئەزموونی و پیشەیی من بۆ دڵنیابوون لە سەرکەوتن و کارایی زیاتر بە لای کارکردن لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامیدا دەشکاوە. لانیکەم کەسانێک هاتبوون بۆ ئەوەی گوێ لە قسەکانمان بگرن و ئەوەش شتێکی باش بوو. دەیانگوت کارەکە با بە هێمنی بەرەو پێشەوە بچێ و منیش قبووڵم بوو. من ئامادە بووم زۆربەی مەرجەکان قبووڵ بکەم بۆ ئەوەی کارەکەم فەرمی بێ و لە درێژەی کاردا ئەو سترێسەی کە لە چەند مانگی ڕابردوودا ئەزموونم کردبوو، ئیتر نەمبێ، توخوونی گروپە بیانییەکان نەکەوم و بە گشتی کارێکی وا بکەم کە گەنگەشەکانی پەراوێزی کار کەم ببێتەوە.

بۆ ئەوەی ئەرخایەنیان بکەم، وتم پلانەکە بۆ ماوەیەکی کورت بە شێوەی تاقیکاری و ئاراستەکراو (پایلۆت) لە چەند گوندێکی دیاریکراوی نزیک شاری سنە و بە هاوکاریی بنکەی تەندروستی جێبەجێ دەکەم و ڕاپۆرتێک لەسەر ڕەوتی کارەکە ڕادەست دەکەم. قبووڵیان کرد و بڕیار بوو لەگەڵ پارێزگار قسە بکەن، بەڵام ئەمە یەکەم و دواییین کۆبوونەوەی ئێمە بوو، هەموو تەلەفۆن و ئیمەیلەکانم بێ وەڵام مانەوە و ئیتر کاتێکی دیکەیان بۆ کۆبوونەوە و دیدار پێ نەدایین.

ئەم قۆناغانە لە پارێزگای هورموزگانیش دووبارە کرانەوە. دوای هەوڵێکی زۆر لە ڕێگەی زانکۆی تاران و چەند نێوەندگێڕێکەوە، دیدارێکمان لەگەڵ مەرزییە وەحیددەستجێردی جێگری وەزیری تەندروستی و چەند ژنێکی چارشێو بەسەر کە ڕاوێژکارانی بوون، ئەنجام دا. دوای ئەم دیدارە کورتە کە لە ڕێگەی ناوندگێڕەکانەوە بوو لێم بیست کە زۆر سارد و سڕانە گوێی لە بابەتەکە گرتووە و هیچ وەڵامێکم وەرنەگرت و وادەی دیداریان دانەنا. وەزیری تەندروستی هۆکارە پزیشکییەکان و زیانەکانی خەتەنەکردنی بۆ ئافرەتان قبووڵ کرد، بەڵام وتبووی: "ئەو بابەتە لە ئەولەوییەتی وەزارەتخانەی مندا نییە، پێشنیارەکەتان بدەن بە جێگرانی بەشەکانی تر بۆ ئەوەی بتوانن بڕیارێک بدەن و دواتر بۆ منی ڕاپۆرت بکەن". جێگرەکانیش ئاسنی ساردیان پێ دەکوتام و هەر هەڵات هەڵاتی بێئەنجامیان پێ دەکردم. تەنها هەوڵم ئەوە بوو کە توێژینەوەکە بە

● وێنەی ٢٨٢ – خەریکی داڕشتنی گەڵاڵە، فاتمە کەریمی و بەهارە عەلەوی، تەکیە و چەمەن، سنە، ١٣٨٩ی هەتاوی (٢٠١٠)

ئاقارێکـی یاسـاییدا دەسـت پـێ بـکا و بـۆ دۆزینـەوەی ڕێگایـەک، چەنـد جاریـش چوومـە تاران.

دەیانگـوت ڕەنگـە سەیدحەسـەن مووسـەوی‌چەلەک، سـەرۆکی ئەوکاتـی کۆمەڵـەی یاریدەدەرانـی کۆمەڵایەتیـی ئێـران کـە بەڕێوەبەرێکـی زۆر باشـی ڕێکخـراوی بێهزیسـتییە (چاودێریـی کۆمەڵایەتـی)، بتوانـێ هـاوکاری بـکات. لەگـەڵ فاتـی و ناسـیاوێکی تـردا چووینە نووسـینگەکەی. زۆر بـە گەرمـی پێشـوازیی لێکردیـن و بـە وردی گوێـی لـە قسـەکانمان گـرت. وتـم "هەڵوەدایانـە بـە شـوێن هاوکاریـدا دەگەڕێیـن، نامەیـەکمان پـێ بـدەن بـا لـە گوندەکانـدا کار بکەیـن" و هەمـوو کێشـە و ئاسـتەنگ و هەسـتیارییەکانم پـێ گـوت. هـەر لـەو سـاتەدا پیاوێکـی دۆسـییە بـە دەسـت هاتـە ژوورەوە. بەڕێـز شـوجاعی بـوو کـە دواتـر بـوو بـە جێگـری بێهزیسـتیی پارێـزگای سـنە و ئێسـتا خانەنشـین کـراوە.

بڕیـار وا بـوو بـۆ ئەنجامدانـی توێژینەوەکـە لـە سـەر ئاسـتی پارێـزگای سـنە لەگـەڵ بەڕێـز شـوجاعی لـە پەیوەندیـدا بیـن بـۆ ئـەوەی بزانیـن دواتـر چ ڕوو دەدات. ناوبـراو وتـی ئەگـەر لەسـەر ئاسـتی پارێـزگا لـە هـەر شـوێنێکی پێویسـتمان بـە کۆمـەک و هـاوکاری بـوو پێوەندیی پێـوە بکەیـن. دواتـر کەمێـک هاوکاریـی کردیـن و دوای سـاڵێک پێشـنیاری ئەنجامدانـی پڕۆژەیەکـی لـە سـەر بابەتـی تـەڵاق پێـم پێشـنیار دا کـە منیـش هەتـا جێگایـەک ئەنجامـم دا بـەڵام بەهـۆی هەسـتیاریی حەراسـەتی ئیدارەکەیـەوە ئـەو پڕۆژەیـەی ڕاگـرت.

ئـەو ڕۆژە مووسـەوی‌چەلەک نامەیەکـی پێـدام کـە بیـدەم بـە جێگـری کۆمەڵایەتیـی پارێـزگاری هورمـوزگان. ماوەیەکـی کـەم دوای سـەردانە پارێزگاییەکـەی مەحمـوود ئەحمەدی‌نـەژاد، گەیشـتینە بەنـدەر عەبـاس و شـار پـڕ بـوو لـە لافیتـەی بەخێرهاتن‌کـردن. خـۆم گەیانـدە پارێـزگار بـۆ ئـەوەی نامەکـە بگەیێنـم بـە کەسـی مەبەسـت. مـن لەگـەڵ پێکهاتـەی ئیـداری و باڵباڵیـن لـە ئێرانـدا ئاشـنا نەبـووم و هیـچ بیـرم لـەوە نەکردبـۆوە کـە ئـەو کەسـەی کـە مووسـەوی چەلـەک دەیناسـێنێ، بێـت و نەبـێ ئیسـلاحتەڵەبـە (ڕیفۆڕمخـواز). کاتێـک جێگـری کۆمەڵایەتیـم بینـی دوای سڵاو و لێپرسـینەوەیەکی ئاسـایی وتـم: "وێدەچـێ پـڕۆژە کارییەکانتـان بـە باشـی بەڕێـوە دەچـێ و ئومێـد دەخـوازم کـە هاتنـی سـەرۆک کۆمـار لـە پارێـزگای بەندەرعەبـاس دەرەنجامـی باشـی بـۆ ئێـوە هەبێـت." نەمدەزانـی ئـەم کابـرا خۆشـی لـە ئەحمەدی‌نـەژاد نایـە. فاتـی کـە لەگەڵـم بـوو، نقورچکێکـی لێگرتـم و هـاواری کـرد و وتـی: ئـەوە ئەڵێـی چـی! ئەمانـە لـە ئیسـلاحتەڵەبەکانـن، بەخـوا هـەر بینـا نامەکـەت لـە پەنجەرەکـەوە فـڕێ بداتـەوە دەرەوە!

جێگـری کۆمەڵایەتـی نامەکـەی لـە پەنجەرەکـەوە فـڕێ نـەدا، بـەڵام کەشـێکی قـورس بـە سـەر ئـەو شـوێنەدا زاڵ بـوو. پاشـان نامەیەکـی پێدایـن بـۆ زانکـۆی زانسـتە پزیشـکییەکان. ئـەوان لەگـەڵ یەکێـک لـە جێگرەکانـی بێهزیسـتی کۆبوونەوەیەکیـان بـۆ ڕێـک خسـتین و

بـۆم دەرکـەوت کـە ئـەوان ئـاگاداری پرسـی خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان لەسـەر ئاسـتی پارێـزگای هورمـوزگان و بەتایبـەت لـە دوورگـەی قیشـم هـەن. زانیاریشـیان لەسـەر زیانەکانـی ئـەم دیـاردە هەیـە و تەنانـەت لـە هەنـدێ قۆناغـدا ئاماریشـیان کـۆ کردۆتـەوە، بـەڵام بۆیـان نییـە هیـچ کارێـک لـەو بـارەوە بکـەن. حکومەتـی ئێـران هەمیشـە ڕوانگەیەکـی چەقبەسـتوو و داخـراوی بـۆ ئاریشـە و کێشـە کۆمەڵایەتییـەکان هەبـووە و لـە نکۆڵیکردنـدا باشتریـن میکانیزمـی هەیـە. لەبـەر ئـەم هـۆکارە هـەم گیـر و گرفتـەکان وەکـوو خۆیـان مـاون و هەمیـش ڕێکخـراوە پەیوەندیـدارەکان کارکـردی خۆیـان لەدەسـت داوە و تووشـی جۆرێـک لـە ناکارامەیـی بوونەتـەوە.

کارمەندانـی بنکـە تەندروسـتییەکانی پارێـزگای هورمـزگان هەموویـان خەڵکـی ناوچەکـە بـوون و ئـەوەی کـە لـە دەوروبەریـان دەگـوزەرێ ئـاگادار بـوون. کاتێـک ئامارەکانـم خسـتە ڕوو، بـە لایانـەوە سـەرنجڕاکێش بـوو. ئـەوان دەیانویسـت ئـەو ئامارەیـان هەبـێ کـە لـە ڕاپۆرتەکانیانـدا بـۆ دامـەزراوە بـاڵاکان کەڵکـی لـێ وەربگـرن. بەڵام جەختیـان لـەوە دەکردەوە کـە ناتوانـن زۆر لەسـەر ئـەم بابەتـە قسـە بـۆ حکوومـەت بکـەن. لـە پرۆسـەی کارەکـەدا بـۆم دەرکـەوت کـە حکومـەت دەزانـێ کـە لـەو ناوچانـە شـەرعیەتێکی کەمـی هەیـە و خەڵکـی ناوچەکـە کـە زۆربەیـان سـوننەن و لێـی ناڕازیـن، بۆیـە وای پـێ بـاشترە کـە ئـاوڕ لـەم پرسـە هەسـتیارە نەداتـەوە و خـۆی لـە قـەرەی نـەدات. لـە ڕوانگـەی کۆمـاری ئیسلامیـی ئێرانـەوە وروژاندنـی ئـەم جـۆرە گەڵاڵـە و لێکۆڵینەوانـە تـۆوی دووبەرەکـی و سـووکایەتی بـە پیرۆزییەکانـی سـوننە دەچێنێـت. وێـڕای ئـەوەی کـە ئەمـە بـە بابەتێکـی ناوخۆیـی دەزانـن و بـە پاسـاوی هەسـتیاریی فەرهەنگـی و مەترسـیی ئەمنـی شـان ناداتـە ژێـر بەرپرسـیارێتیی خـۆی بەرامبـەر هاووڵاتیانـی و لـە کۆتاییـدا دەگەیشـتنە ئـەو ئەنجامـەی کـە پەیوەنـدی بـە ئێمەوە نییە، پرسێکی نەریتییە و بە تێپەڕبوونی کات خۆی چارەسەر دەبێت.

● وێنەی ٢٨٣ – ڕێوڕەسمی نزاکردن لە ئاهەنگی هاوسەرگیری، گوندی سەلەخ، دوورگەی قیشم، ١٣٩٢ی هەتاوی (٢٠١٣)

لـەم قۆنـاغ و بارودۆخەدا، تێگەیشـتم کـە تـەواوی سیسـتەمی حوکمڕانیـی کۆمـاری ئیسلامیـی ئێـران و بەتایبـەت وەزارەتەکانـی وەکـوو تەندروسـتی و دەرمـان، داد، پـەروەردە و ڕاهێنـان، پارێزگارییـەکان، یـان ڕێکخـراوی بێهزیسـتی (چاودێریـی کۆمەڵایەتـی) هەڵوێسـتێکی ئەرێنـی بەرامبـەر بـە کارەکـە نیشـان نـادەن. هەمـوو هەوڵەکانـم بێئەنجـام بـوون و هەمـوو

دەرگاکان بە ڕوومدا داخران. بە لەبەرچاوگرتنی پانتایی جوگرافیای خەتەنەکردنی ژنان و کچان کە تازە بۆمان ڕوون ببووەوە، چیتر نەدەکرا بە بوودجەی گیرفانی خۆم کار بکەم. هیچ ڕێگەیەکم نەبوو جگە لەوەی زۆر بە وریاییەوە پلانەکەم بۆ ڕێکخراوە نێوانگرەکەم لە هەرێمی کوردستان بنێرم. دوای ماوەیەکی کورت، بۆ قۆناغی یەکەم، لەسەر بوودجەیەکی زۆر سنووردار ڕازی بوون.

کاتێک گڵۆپی سەوزیان بۆ قۆناغی یەکەم هەڵ کرد، دوو تیمی چەندکەسیم ئامادە کرد. من دەمویست ئامانجدارانە بچمە ناو ئەو پارێزگایانەی کە هەڵگری حاڵەتی خەتەنەکردنی کچان و ژنانن و کارەکانمان جیددیتر بەرەو پێش ببەین. هەتا پێش دەستپێکردنی ئەم قۆناغە، هەندێ لەو هاوڕێیانەی کە لەگەڵمدا کاریان دەکرد، بەهۆی درێژەدان بە خوێندن یان کۆچەوە پڕۆژەکەیان بەجێهێشت و چەند کەسێکی دیکە پەیوەندییان پێوە کردین. هەروەها فاتی لەم کاتەدا ماڵاوایی لێکردین، بەڵام ئێمە دڵسۆزی و بەدواداچوونەکانی فاتیمان لەو ماوەیەدا لەبیر نەکرد.

باشوور هی منە!

کاتێک لە بەندەرعەبباس و قیشم قۆناغی دەستنیشانکردنمان بەرەو پێش دەبرد، بەهارە لەگەڵمان نەبوو. پەیوەندی کرد و وتی: "خوێندکارێکی حەشیمەتناسی (جمعیت‌شناسی) لە شیرازەوە ئیمەیلێکی ناردووە و نووسیویەتی کە بۆ تێزەکەی لە دوورگەی قیشم لە سەر خەتەنەکردنی کچان و ژنان ئیش دەکات، زۆر حەز دەکا ئێمە ببینێ و وتووێژمان لەگەڵ بکات". بەهارە دیدارێکی لەگەڵ ئەو خانمەدا ڕێک خست و بۆ بەرچایی لە بەندەر عەبباس یەکترمان بینی.

ناوبراو بە ڕوانگەیەکی ئاماری و حەشیمەتناسییەوە پەیجۆری پرسی خەتەنەکردنی کچان و ژنان لە قیشم ببوو و داوای هاوکاری لێکردین. بۆم ڕوون کردەوە کە ئێمە لە قۆناغی دەستنیشانکردنداین و ڕەنگە کارەکە ببێ بە پڕۆژەیەکی بەرفراوان. هەروەها جەختیشم لەوە کردەوە کە بەهۆی بارودۆخی وڵاتەوە، بە نیاز نین کە تا تەواوبوونی کارەکە، وردەکارییەکان ڕابگەیەنین. زۆر تامەزرۆی ئەوە بوو شێوازی کارکردنمان ببینێ و باسی ئەزموونی کارکردنی خۆی بکات. پێشنیارم کرد کە وەک سەردانکەرێک لە کاری مەیدانیمان لە قیشم هاوڕێیەتیمان بکات.

بۆم دەرکەوت کە پرسیارنامەیەکی پێکهاتەیی هەیە و دەیدا بەو پەرستار و یاریدەدەرە پەرستارانەی کە لە هەندێک بنکەی تەندروستی لە گوندەکانی دوورگەی قیشم کار دەکەن. ئەوان پرسیارنامەکانیان پڕ دەکردەوە و ئەویش ڕۆژێ یان دووڕۆژ جارێ دەچێتە قیشم و ئەو

پرسیارنامانەی کە پڕ کراونەتەوە، کۆیان دەکاتەوە. بۆم ڕوون کردەوە کە شێوازی کارکردن و کۆکردنەوەی داتاکانی لەگەڵ شێوازی ئێمە جیاوازیی هەیە. ئەو لە ڕێگەی پرسیارنامە و کەسانێکی نێوەندگرەوە زانیاری بەدەست دەهێنێ، کەچی شێوازی کارکردنی ئێمە مەیدانییە و بێگومان بەشێکی کارەکەی ئێمە ڕاهێنانی دیمانەییە. هەروەها ڕوونم کردەوە کە ئێمە لە ڕێگەی دیمانەوە بەنیازین زیاتر ئەم دیاردە دەستنیشان و شیکاری بکەین و بۆ کەمکردنەوەی لە ئێراندا هەندێ چارەسەر بخەینە ڕوو.

لە ڕێگای گەڕانەوەدا، من و فاتیی بانگهێشتی شیراز کرد. بەهۆی کێشەی خێزانییەوە لە ماڵی داپیرەی دەژیا. شەوێک لەوێ ماینەوە و تا درەنگانی شەو قسەمان کرد و لەو شەرابە خۆماڵییەمان خواردەوە کە بۆی کڕیبووین. لە بواری کاریدا هۆگریی هاوبەشمان هەبوو و هەر زوو بووین بە دۆست. دوای ئەم سەفەرە پەیوەندیی نێوان من و خاتوو ڕ.م بیچمی گرت. لە جێگایەکەوە هەستم کرد کە بابەتەکە تەنها پەیوەندییەکی کاری نییە و ئێمە تا دێ ئاشناتر و پەیوەندیمان زیاتر دەبێت. تەلەفۆنی ڕۆژانە، پەیام ناردن و یاهوو و چەت و ئیمێل ناردن بۆ یەکتر زیادی کرد و لەوەش گرنگتر ناوەڕۆکەکەشی خێرا گۆڕا.

لەم کاتەدا، من لە پیرانشارەوە چووبووم بۆ سنە بۆ ئەوەی لە شوێنێکی نێوان هەر سێ پارێزگای مەیدانی لێکۆڵینەوەی خەتەنەی کچان و ژنان، واتە ئازەربایجانی ڕۆژاوا، سنە و کرماشان نیشتەجێ بم. بە هاوکاریی فاتی لەوێ لە گەڕەکێک بە ناوی تەکیەوچەمەن شوقەیەکم (یان وەک خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێ دەڵێن ئاپارتمان) بە کرێ گرت. هەندێ لە کارەکانی نووسینگەی پڕۆژەکەم هەر لەوێ ئەنجام دەدا و ئەگەر لە هەر کام لەم سێ پارێزگایە بام، شەوانە دەمتوانی بگەڕێمەوە ماڵەوە و دەستڕاگەیشتنم ئاسانتر بوو.

خاتوو ڕ.م لە میانەی وتووێژەکەمان و تاسەی دیداری دووبارە گوتی بۆ ڕێوڕەسمی پیر شالیار دێ بۆ سنە. لەگەڵ خاڵۆزاکەی (کچی خاڵۆی) لە شیرازەوە هات بۆ سنە و پێنج ڕۆژ لە ماڵەکەی مندا مایەوە. ڕۆژی دووەم پێکەوە چووینە گوندی

● وێنەی ٢٨٤ – ڕێوڕەسمی پیری شالیار، هەورامانی تەخت، ساڵی ١٣٨٩ی هەتاوی (٢٠١٠)

هەورامانــی تەخــت، بــەڵام بەهــۆی قەرەباڵغییــەوە پۆلیــس ڕێگــەی نــەدا مەراســیمەکە بەڕێــوە بچێــت. پێکــەوە هەنــدێ شــوێنی پارێــزگای ســنە گەڕایــن و گەشــتێکی پارێــزگای کرماشــانیشمان کــرد. ڕۆژی دواتــر فاتــی لــە نیــوەی ڕێــگادا هاوڕێیەتــی کردیــن و بــۆ نانــی نیــوەڕۆ خوڵکــی کردیــن. خاتــوو ڕ.م گەڕایــەوە بــۆ شــیراز، دوای نزیکــەی دوو حەوتــە، بــۆ ئــەوەی پێکــەوە بیــن ڕۆیشــتین بــۆ باشــووری ئێــران کــە بتوانــێ پرســیارنامەکانی لــە بنکــە تەندروســتییەکانی گوندەکانــی قیشــم وەربگرێــت. لــە ڕێگای لارەســتانەوە چووینــە هورموزگان و لــە نێــو خێوەتێکــدا لــە پــارک لــە لای دەریــا خەوتیــن. چەنــد ڕۆژێــک لــە قشــم خانوویەکمان بەکــرێ گــرت و ڕۆژێکیــش پرســیارنامەکانی لــە بنکــەی تەندروســتیی ســێ گونــد کــۆ کــردەوە. لــە قشــم ســەردانی شــوێنە گەشــتیارییەکانی ئــەو دوورگەیەمــان کــرد و وەک یادگارییــەک فیلــم و وێنــەی ئــەو شــوێنانە و خۆمانمــان گــرت و گەڕاینــەوە بــۆ شــیراز.

لەگەڵ خاڵۆزاکەی چووینە ســەر مەزارگەی ســەعدی و بۆ شــەو لەگەڵ ڕ.م لە ماڵی خاڵۆی ماینــەوە. هــەر لــە ماڵــی خاڵــۆی دایکیــم بینــی. ڕ.م داوای لێکــردم کــە بــە کۆمەڵێــک ڕێکخراو و دامــەزراوە بیانییــەکان و توێژەرانــی دیکــەی ناوچەکــە، کــە کار لەســەر ئــەم بابەتــە دەکــەن، بیناســێنم، بــۆ ئــەوەی بتوانــێ زانیــاری و ســەرچاوە و ئامــاری مەیدانــی لــە ســەر خەتەنەکردنی ژنــان و کچانــی کــۆ بکاتەوە. لــە ئیمەیلێکدا بە دوو ڕێکخراو و ئێن.جی.ئۆم ناســاند، کە خۆشــم لەگەڵیانــدا پەیوەندیــم هەبــوو. مانگێــک دوای ئــەوەی پەیوەنــدیمان پێکــەوە ســاز کــرد، وەکــوو هەمــوو ئەوانــی دیکە گرێبەســتێکم لەگەڵی واژۆ کــرد و ئەویش وەک یاریــدەدەری توێژینەوەکە لــە باشــووری ئێــران دامــەزرا. بــە گشــتی وەک کەســێکی ڕۆژکار، کەمتر لــە مانگێک هــاوکاری کردیــن و پاشــان حیســابەکەی یەکلایــی کردەوە و ڕۆیشــت.

لــە ڕۆژانــی کۆتاییــدا مــن و هاوکارەکانــم گەیشــتینە ئــەو ئەنجامــەی کــە ڕ.م هەســتی نەدەکــرد کــە کارەکــە ئــاوا بــەربڵاوە. کاتێــک پوتانســییەلی زۆری گەڵاڵەکە و شــەرعیەتییەکەی لــە کــۆڕ و کۆڕبەنــدە نێودەوڵەتییەکانــدا بینــی، هەســتی کــرد کــە قۆرخکاریــی توێژینــەوەی خەتەنــەی کچــان و ژنــان لــە ناوچــەی باشــووری ئێرانــدا لەدەســتی دەرچــووە. دیــارە پلانــی دیکــەی بــۆ ئــەم پــرۆژە هەبــوو کــە ئەویــش دەرهێنانــی فیلمێــک بــوو. مەرجەکانــی گرێبەســتەکەمان ڕێگــەی نــەدەدا لــە دەرەوەی چوارچێــوەی سیاســەت و ستراتیــژ لێدوانــی گشــتی بــدا و هــەر ئەمــەش وای کــرد زوو ماڵاوایــی لــە گرووپەکــە بــکات. دواتــر ناکۆکــی کەوتە نێوانمــان و هــاوڕێ و هاوکارەکانــم شــتگەلێکیان بــۆ گێڕامــەوە کــە لــە بــواری توێژینــەوەدا کەنینــاوی و ناپڕۆفیشــناڵ بــوون.

ناوبــراو ئیدیعــای کــرد کــە یەکەمجــار مــن لێــرە - واتــە قشــم - دەســتم بــە لێکۆڵینــەوە کــردووە؛ کەواتــە باشــوور هــی منــە و کوردســتان هــی تۆیــە. خاوەندارێتییەکــی ناعەقڵانــی بــۆ باشــووری ئێــران هەبــوو و زۆر قێزەونانــە هەڵپەهەڵپــی بــۆ بەناوبانگبــوون دەکــرد. بەداخــەوە

یەکێک لەو کێشانەی کە لە ئێراندا باوە ئەوەیە کە لە زانستە مرۆییەکاندا، خوێندکاران لە ماوەی خوێندندا فێری کاری تیمی و پرۆفیشناڵ نابن. زۆر جار باوەڕیان وایە کە بابەتێک تەنها لەلایەن یەک کەسەوە دەبێ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ و ئەوانی دیکە بۆیان نییە بچنە ناو ئەو بوارەوە. بەداخەوە ئەم جۆرە کەسانە هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە کە هەر توێژەرێک دەتوانێ ڕوانگەی تایبەتی خۆی بۆ دیاردە هەبێ و لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە سەیری بابەتەکە دەکا و نەک هەر هەڕەشە بۆ سەر هاوکارەکەی نییە، بەڵکوو هەبوونی تەنانەت بەسوودیشە. ڕ.م دوای جێهێشتنی پرۆژەکە، بەردەوام هەوڵی تۆڵەسەندنەوەی دەدا، بە ڕەفتاری نەفامانە ئاسایشی کارەکەمانی دەخستە مەترسییەوە و بە ئەنقەست کاری وای لێ دەوەشایەوە بۆ ئەوەی هاوکارەکانم بخاتە ترس و نیگەرانییەوە. ڕ.م ساڵانێکی زۆر بە لێدوانی نەشیاو سەرئێشەی بۆم دروست کرد و تۆمەتی سێکسی خستە پاڵم، کە لە بەشی شەشەمدا بە وردی باسی دەکەم.

سەرەتای ئاشنایەتییەک، غافڵگیریی کچێکی لادێیی

بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر بابەتەکەمان لە کرماشان بووین کە بەهارە منی بە یەکێک لە هاوڕێکانی ناساند. شەفەق بە ڕەچەڵەک خەڵکی سەرپێڵی‌زەهاو بوو و بڕیار بوو بۆ ڕێنوماییی و دەستنیشانکردنی گوندەکانی ئەو شارە و قەسری‌شیرین لەگەڵمان بێت. بەیانییەکی زۆر زوو، لە نزیک سەرپێڵی‌زەهاو پێمان گەیشت و بۆ نموونەگیری بەرەو گوندەکان و پەراوێزی شار ڕۆیشتین. پاشنیوەڕۆی هەر ئەو ڕۆژە لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە قسەمان دەکرد، نازانم بۆچی ئێمەیان بە چالاکوانانی موجاهیدینی خەلق زانیبوو و ڕاپۆرتیان بە هێزە ئەمنییەکان دابووین. لە چاوترووکانێکدا هاتنە سەرمان و ڕایانگرتین.

کارتی خوێندکاریی هاوکارەکانیان بینی و ئۆتۆمبێلەکە گەڕان، بەڵام هیچ شتێکمان پێ نەبوو کە کێشەمان بۆ بنێتەوە. یەکێک لە مەئموورەکان کە ناسیاویی لەگەڵ بنەماڵەی شەفەق، کە بنەماڵە ڕەسەنەکانی سەرپێڵی‌زەهاون، هەبوو کەوتە نێوان و بوو بە هۆی ئەوەی کە هەموو شتێک بە خێر و خۆشی کۆتایی پێ بێت. درەنگانێک بوو کە بە ماندوویێتیەوە گەڕاینەوە بۆ کرماشان و شەو لە ماڵی ئەندامە نوێکەی گرووپەکەمان ماینەوە. ئەو شەوە، هیچ بە خەیاڵمدا نەدەهات کە ئەم هاوکارییە وردەوردە دەبێتە سەرەتای پێیوەندییەکی سۆزداریی قووڵ و بەهێز کە لە کۆتاییدا هاوسەرگیریی ئێمەی لێ دەکەوێتەوە. ئەوەی جێگای سەرنج بوو، ئەوە بوو کە تا پێیوەندییەکەمان زیاتر ئاشکرا بوو، زیاتر هەستم دەکرد کە یەک یان دوو کەس لەناو گرووپەکەمان و ئەوانەی دەوروبەرم ڕەفتارەکانیان دەگۆڕێ و کاردانەوەیان بەرامبەری هەیە.

کەسایەتیی من بە جۆرێک بوو کە لە ئێراندا بە ڕوانگەیەکی کراوە و نەرم و نیانەوە سەیری ڕەفتارە نەریتی و سنووردارە ڕۆژانەکانم دەکرد. پەیوەندیم لەگەڵ کەسانی دەوروبەرم سادە و دۆستانە بوون، ئەم سیفەتەی من بۆ هەندێک کەس سەرنجڕاکێش بوو، بەڵام بۆ هەندێکی تر خوازراو نەبوو. من لە نەوەیەک بووم کە تەمەنی منداڵی و تازەلاویم لە ناو فەزایەکی سنووردار و داخراوی زوقمی شەڕ و ئاوارەبووندا بەسەر بردبوو و دواتریش ژیانم لە جیهانێکی کۆمەڵایەتیی دیکەدا ئەزموون کرد کە خاوەنی فەرهەنگێکی گەشەسەندوو و نەرم و نیان بوو. بە پشتبەستن بەو شتانەی کە فێری ببووم، لە هەر دوو جۆر کۆمەڵگاکەدا ڕەفتارم جیاواز بوو.

● وێنەی ٢٨٥ – سەراوان، بەلووچستان، ١٣٩٠ی هەتاوی (٢٠١١)

لە پەیوەندییە مرۆییەکانم لەگەڵ خەڵکدا هەوڵم دەدا کە لەگەڵ ئەوەی کەسێکی سادە و نەرم و نیانم، شەفافیش بم کە ئەمە هەندێک جار زیانی پێ دەگەیاندم. ئەم خولە زۆر شتی فێر کردم و وەک شتێ بە شێوەیەکی کردەیی و ئەزموونی لەگەڵ کۆمەڵناسی و خەڵکناسیی خۆجێیی کۆمەڵگای ئێران ئاشنا دەبووم. بارودۆخی کۆمەڵگا لەم ساڵانەی دواییدا بەراورد بەو سەردەمەی من لە ئێران دەژیام، زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتبوو و فەرهەنگ و نەریتیش هەر بە هەمان شێوە گۆڕانی بە خۆوە بینیبوو و بەو پێیەش ڕەفتار و پەیوەندیی مرۆڤەکانیش گۆڕابوو، بۆیە ناچار بووم زیاتر فێر بم بۆ ئەوەی لەم گۆڕانکاریانە تێبگەم. سەرباری هەموو ئیدیعاکانم دان بەوەدا دەنێم کە زۆر ئاگاداری ئەو ڕەفتار و مەبەست و پەیوەندییە ئاڵۆز و تەنانەت لێکدژانەش نەبووم کە زۆر جار تێکهەڵکێشی فەرهەنگ و نەریت بوون.

یەکێک لەو دانپێدانانە کە زۆرێک لە شارەزایان ناوێرن بیوروژێنن ئەوەیە کە ئەگەر لە توێژینەوەکاندا ئیش لەسەر توندوتیژترین و زیانبەخشترین بابەتە هەستیارەکان بکەن، دوای ماوەیەک هەستیارییەکە نامێنێت. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش زۆرێک لە

پزیشـکان و توێـژەران بـە بێبەزەیـی و درِندەیـی تۆمەتبـار دەکرێـن، بـەڵام بەرکەوتنـی بـەردەوام، کاریگـەری لەسـەر توێـژەر، پسـپۆڕ، یـان پزیشـک دادەنـێ و هەسـتیارییە سـەرەتاییەکانی بـواری پیشـەکەیان کـەم دەکاتـەوە. بـواری کارەکـەی منیـش کـە تـا چەنـد سـاڵ لەمەوبـەر لـە سـەر خەسـارە کۆمەڵایەتـی و نەریتـە زیانبەخشـەکان بـوو، بـە هەمـان شـێوە بـوو. سـەرەتا هەسـت بـە نارِەحەتیـی زیاتـر دەکـەی، بـەڵام بەداخـەوە بـەردەوام تووشـی حاڵەتـی نـوێ دەبـی کـە وەکـوو هـەزاران حاڵەتـی پێشـوو وایـە و ئەمـەش وا دەکا کـە توێـژەر کاتێـک لەگـەڵ خەسـارەتێک رِووبـەرِوو دەبێتـەوە رِفتارێـک لـە خـۆی دەنوێنـێ کـە لـە رِوانگـەی خەڵـک کارێکـی بێبەزەییانەیـە. بێگومـان ئـەم واقیعـە تاڵـەش سـوودێکی هەیـە؛ کاتێـک تاڵیـی بابەتەکـە لای توێـژەرەوە کـەم دەبێتـەوە، ئـەوا توێـژەر دەرفەتـی ئـەوەی بـۆ هەڵدەکەوێ کە بە بێ ورووژان و بە مەنتیق و لۆژیکی زیاترەوە بابەتەکە لێک بداتەوە.

بە خوا نەمدەزانی خەتەنە کراوم یان نا و ئەوە تازە لە دایکم بیست کە منیش خەتەنە کراوم. ئەوە یەکەم جارە لە دایکمی دەبیستم.

● وێنەی ٢٨٦ – بەشێک لە بەڵگەفیلمی "بە ناوی نەریت" کە تێیدا کچە تازە دەزانێ کە خەتەنە کراوە، مەهاباد، ١٣٩٠ی هەتاوی (٢٠١١)

منیـش لـە پـرِۆژەی خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان چەندەهـا جـار قسـەم لـە زمانـی زۆر کـەس بیسـت و دوای ماوەیـەک ئـیتر ئـەو هەسـتیارییەم بـۆ بابەتەکـە کـەم بـووەوە، بـەڵام هەرگیـز یەکێـک لـە یادەوەرییەکانـم لەبیـر ناکـەم کـە لـە بەشـێکی بەڵگەفیلمـی "بـە نـاوی نەریـت"دا[1] باسـی لـێ کـرا. لـە کاتـی سـکانکردنی ناوچـەکان و کارکـردن لـە گوندێکـی نزیـک شـاری بـۆکان، هاوکارانـم واتـە فاتـی و خوالێخۆشـبوو بەهـارە، چاوپێکەوتنیـان لەگـەڵ کچێـک کـرد؛ لێیـان پرسـی: ئایـا خەتەنـە کـراوی؟ کچەکـە بـە ورەبەرزیـی تـەواوەوە وڵامـی

1 . https://kameelahmady.com/fa/documentary-film-called-st

دایـەوە: "نـا، خەتەنـە نەکـراوم، ئـەرێ خەتەنـە چییـە؟" و جۆرێـک وەڵامـی دایـەوە وەک ئـەوەی یەکەمجـارە ئـەم بابەتـەی بیسـتبێت. هـاوکارەکان مەترسـییەکانی خەتەنەکردنـی کچـان و ژنانیـان بـۆ ئـەم کچـە عازەبـە بـاس دەکـەن و پێـی دەڵێـن دەی سپاسـی خـوا بکـە کـە خەتەنـە نەکـراوی. لـەم نێوەنـدەدا دایکـی کچەکـە دەگاتـە لای هاوکارانـم و تێکەڵـی گفتوگۆکـە دەبێـت. پرسـیارکەر دەڵـێ بابەتـی لێکۆڵینەوەکەمـان لـە سـەر خەتەنەکردنـی کچـان و ژنانـە و خەریـک بووین لەگـەڵ کچەکـەت قسـەمان دەکـرد کـە بینـیمان هیچـی لـێ نازانـێ، چونکـە خۆشـی خەتەنـە نەکـراوە و خۆزگـەم بـە خـۆی. دایکەکـە بـە کچەکـەی دەڵـێ: "ئـەوە چـی دەڵێـی؟ بـۆ دەڵێـی مـن خەتەنـە نەکـراوم؟ کاتێـک تەمەنـت چـوار سـاڵ بـوو، خـۆم تـۆم دا بـە قەرەجـەکان کـە خەتەنـەت بکـەن!" لـە دیمەنێکـی دوور و لـە پشـت دووربینـەوە بینیـم کچەکـە تێـک چـوو، مـاق مـاق لـە دایکـی دەڕوانی، سـەرم وشـک بـوو. ئەم دیمەنـە زۆر دڵتەزێـن بـوو. لەلایـەک دایکێکـە کـە نـەک هـەر کێشـەیەکی لەگـەڵ خەتەنـە نەبـوو و نەترسـانە باسـی دەکـرد، بەڵکـوو بـاوەڕی بـە چاکبـوون یـان ئاسـایی‌بوونی خەتەنـەش هەبـوو. لـە لایەکـی تـرەوە کچەکـە ڕاوەسـتابوو و سـەر تـا پـا شـەرم و تەریقبوونـەوەی لـێ دەبـاری. زۆر دیمەنـی لـەم جۆرەمـان بینـی. پیاوانـی ئایینـی و پیـاو و پیرەژنانـی گونـد کـە قسـەمان لەگـەڵ کـردن، بەسـەرهاتی خەمناکیـان بـۆ گێڕاینـەوە، بـەڵام هێشـتا ئـەم دیمەنـەم فەرامـۆش نەکـردووە و بیـر لـە ڕەهەنـدە جیاوازەکانـی دەکەمـەوە. بـۆ نموونـە ئەوانـەی وا پێیان وایـە خەتەنەکـردن ڕێوڕەسـمی تێپەڕیـن لـە قۆناغـی کچیەتـی بـۆ قۆناغـی ژنیەتییە لـەم بارەوە چـی دەڵێـن؟ مەگـەر بڕیـار نییـە ڕێوڕەسـمی تێپەڕیـن یارمەتیـی کچـان بـدا بـۆ ئـەوەی بچنـە نـاو ژنایەتییـەوە؟ وەختێـک کچێـک کـە تەنانـەت نازانـێ و لـە بیریشـی نییـە کـە خەتەنـە کـراوە، چـۆن دەتوانیـن ئیدیعـای ئـەوە بکەیـن ڕێوڕەسـمی تێپەڕینـی بـە سـەرکەوتوویی تێپەڕانـدووە. ئەمـە لـە زۆربـەی نەریتەکانـدا ڕوو دەدا، واتـە ئەنجامدەرانـی نەریتـەکان بـە بـێ ئـەوەی بیـر لـە فەلسـەفەی نەریتێـک بکەنـەوە ئەوەنـدە پشتاوپشـت ئەنجامـی دەدەن کـە دوای ماوەیـەک تەنهـا فۆرمێـک دەمێنێتـەوە و مانـا ڕەسـەنەکەی لەدەسـت دەچێـت.

شەوی یەڵدا و شانامەخوێنی لە شاری ئیسفەهان

لـە کوهگیلوویـە و بۆیەرئەحمـەد سـەرقاڵی پشـکنینی سـەرەتایی و سـکان بووین، کـە هاوڕێکانـم پەروین و ئەحمـەد بانگهێشـتیان کـردم بـۆ ئیسـفەهان. ئەوانیـش وەکـوو مـن تـازە گەڕابوونـەوە ئێـران و دەیانزانـی مـن لـە پارێـزگای دراوسـێی خۆیـان کار دەکـەم. وتـم زۆر دوور نیـم، بـەڵام درەنـگ دەگـەم. ئـەوان پێداگرییـان لەسـەر ئـەوە دەکـرد کـە شـەوی یەڵدایـە و ئێـوەش پێویسـتتان بـە پشـووە، بۆیـە دەبـێ بێیتـە لای ئێمـە. منیـش لەگـەڵ فاتـی

و بەهـارە قسـەم کـرد و بڕیارمـان دا بچیـن.

لـە ئێرانـدا نەچووبوومـە شـەوی یەڵـدا. شـەوی یەڵـدا یـان شـەوی‌چلە لـە نـاو کوردەواریـدا زۆر بـاو نەبـوو. بـۆ ماڵـی یەکێـک لـە هاوڕێکانـی ئەحمـەد و پەرویـن لـە گەڕەکـی دەوڵەمەندەکانـی ئەسـفەهان بانگهێشـت کرابووین و خانەخـوێ ئێسـتا هاوڕێیەکـی ئازیزمـە. زۆربـەی میوانـەکان تەمەنیـان لـە ئێمـە زیاتـر بـوو و هۆگـری و خولیـای جیاوازیـان هەبـوو و وێدەچـوو کەسـانێکی هەڵکەوتـە بـن. بێدەنگییەکـی قـورس باڵـی بـە سـەر فەزاکەدا کێشـابوو و بـۆ ماڵێـک کـە بڕیـار بـوو ئاهەنگێکـی گـەورەی تێـدا ئەنجـام بـدرێ سـەیر بـوو. بـە ئەسـپایی بـە پلیکانەکانـدا سـەر دەکەوتیـن و یەکێـک لـە خانەخوێـکان بـە پیریمانـەوە هـات. زۆر بـە هێواشـی قسـەی دەکـرد، واتـە ئێمـەش دەنـگمان بەرز نەکەینەوە.

● وێنەی ٢٨٧ – کاری مەیدانی، کوهگیلوویە و بوویەرئەحمەد، ١٣٩٠ی هەتاوی (٢٠١١)

چەنـد ڕۆژێـک بـوو خۆمـان نەشـۆردبوو و پیـس و شـپرزە بووین. چووینـە ژووری میـوان و بینـیمان ئـەم سـەر تـا ئـەو سـەر ژن و پیـاوی تەمـەن شەسـت بـۆ هەفتـا سـاڵ دانیشـتوون. هـەر یەکەیـان کتێبێکـی ئەسـتووریان بەدەسـتەوە بـوو، یەکێکیـان بـە تۆنێکـی حیماسـی شـێعری دەخوێنـدەوە و هەندێکیـش سـەریان بـۆ دەلەقانـد. هەندێکیـان بـە وردی گـوێ دەگـرن، هەندێـک سـەریان داخسـتووە و چەنـد کەسـێکیش ناڕازیـن. هێنـدە بـە هێمنـی ڕویشـتینە ژوورەوە کـە کـەس سـەرنجی نەدایـن. لـە تەنیشـتمەوە مێزێـک بـوو پڕ لـە شـەرابی ماڵـی و خواردنـی جۆراوجـۆر. دەرفەتـی شـێعرخوێندنەوەی میوانەکانـم قۆسـتەوە و چـاک بـە خـۆم ڕاگەیشـتم.

ناوەڕۆکـی ئـەو شـیعرەی کـە دەیانخوێنـدەوە باسـی شـەڕی نێـوان دوو کـەس بـوو، کـە یەکێکیـان بـە گۆپـاڵ لـە سـەری ئـەوی دیکـەی دەدا. کەسـێک لـە نـاو میوانـەکان هەسـتا و وتـی: ئـەم شـێوازە خوێندنەوەیـە هەڵەیـە و دەبـێ بـەم شـێوەیە بیخوێنیتـەوە. بچووکتریـن هەمـزە و ژێـرە (کـەسرە) دەبـا بـە دروسـتی و بـە شـێوەیەکی حیماسـی بێـژە بکرابـا بـۆ ئـەوەی مشـتومڕ و ناکۆکـی دروسـت نەبێـت. دەقـی شـێعر و کەشـەکەی ئـەوێ بـۆ ئـەم سـێ کـوردە زۆر مانـای نەبـوو. منیـش پێـشتر ئەزموونـی ئـەم جـۆرە کۆبوونـەوە و دانیشـتنانەم نەبـوو. دواتـر زانیـم کـە ئـەوە شـانامە دەخوێننـەوە و بـۆ ئـەوان زۆریـش گرنگـە کـە بـە تۆنێکـی تایبـەت و حیماسـی بخوێنرێتـەوە.

زۆر سەیر بوو، وەک شتێ شانامە بەقەد قورئان بۆ ئەوان جێی بایەخ بوو و لە سەر وشە بە وشەی هەستیار بوون. هەندێک پێیان وایە کە شانامە پەرەپێدەری ناسیۆنالیزمی ئێرانییە. تەنانەت هەندێک بە بەڵگەنامەیەکی نەژادپەرستانەی دەزانن و دەڵێن تێڕوانینی باوی ئەو قۆناغە توندڕەو و نەژادتەوەر بووە. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە دواتر بۆم دەرکەوت کە لە نێوان لوڕەکان و بەختیارییەکان و گرووپەکانی دیکە لە ئێراندا، ناکۆکییەکی بێکۆتایی هەیە و هەر یەکەیان خۆیان بە خاوەنی ڕەسەنی شانامە دەزانن و لەبەری دەکەن و هەروەها گێڕانەوەی زارەکیی تایبەت بە خۆیان لە شانامە هەیە کە هەندێک جار تەنانەت لەگەڵ شانامەکەی فیردەوسیدا ناکۆکە. لە کۆتایی شانامەخوێنیدا چەند کەسێکی زۆر هەڵکەوتە و بەڕێزم ناسی. پرسیارم لێکردن کە بۆچی ئەوەندە لە سەر خوێندنەوەی شانامە هەستیارن، یەکێکیان وتی: "شانامە کتێبی سەدان ساڵەی فەرهەنگ و شارستانیەتی ئێرانی گەورەیە. ئەوان پێیان وا بوو من ئاشنای ئەو جۆرە مەجلیس و ڕێوڕەسمانەم، کاتێک گوتم: "وەک ئێوە دەڵێن، ئێمە وەک کەمینە پەیوەندییەکی فەرهەنگیی زۆرمان لەگەڵ ئێرانی گەورە و زمانی فارسیدا نەبووە. لە لایەکی تریشەوە، چونکە ساڵانێکە لە هەندەرانم و لە ئێران دوور بووم تا ڕادەیەک پەیوەندی فەرهەنگیم پچڕاوە. بەشە سەرنجڕاکێشەکەی ئەوە بوو کە ئێمەی کورد لە ناو سیستەمی تاکزمانیدا دەرسمان خوێندووە و کەم تا زۆر هەندێک لە شاعیرەکانمان دەناسی، بەڵام شاعیردۆستانی فارس هیچ کام لە شاعیرانی کوردیان نەدەناسی. بە بڕوای من خودی ئەم بابەتە لاگیریی حکوومەتی ناوەندی لە بەرامبەر کوردان پیشان دەدا. ئەگەر دەوڵەتی ناوەندی، کورد و نەتەوەکانی دیکەی بە هی خۆی بزانیبایە، ئەوە ئەدەبیاتی ئەو نەتەوانەشی بە هی خۆی دەزانی و لە کتێبەکانی قوتابخانەدا ئاماژەی پێ دەکردن. هەر ئەم سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە وای کردووە کە خەڵک، تەنانەت ئەوانەی کە ئەهلی ئەدەبیات و شیعرن، ناسیارییەکی ئەوتۆیان لەبارەی ئەدەبیاتی کوردستان نەبێت. هەڵبەت لە دەیەی ڕابردوودا بە هۆی پەرەسەندنی وەرگێڕانی بەرهەمە ئەدەبییەکان لە زمانی کوردییەوە بۆ سەر زمانی فارسی و فراوانبوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دۆخەکە تا ڕادەیەک باشتر بووە.

ئەوانیش وەکوو زۆر کەسی دیکە کوردیان بە جوداخواز دەزانی و بە ڕاست و بە گاڵتەوە دەیانگوت ئێرانی ئازیز پارچە پارچە مەکەن، خۆ کورد لە هەموومان ئێرانیترە و ... نازانم بۆچی وایان دەزانی ئەم سێ کەسە هێڵکێشێکمان بە دەستەوە گرتووە و خەریکین سنوورەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێک جیا دەکەینەوە. مەخابن پڕوپاگەندە خراپەکانی حکوومەت لە میدیا و بواری گشتی وای کردووە کە ڕوانگەی خەڵکی ئێران بەرامبەر کورد لە هەندێ خراپتێگەیشتوویی سیاسی و ئەو باوەڕەی کە کوردان

جوداخـوازن، تەسـک بووەتـەوە و بـە دەگمـەن هەڵدەکـەوێ کـە لـە وەهـا کۆبوونەوەگەلێکـدا باسـی ئەدەبیـات و هونـەری کـوردی بکـەن. ڕەنگـە شـەرابی نایابـی ماڵـی ئـەم نیگەرانییـەی زیاتـر کردبێـت. لـە هـەر حاڵەتێکـدا بـۆ مـن ئاشـنابوونێکی بەسـوود بـوو کـە فـەزا فەرهەنگییـە تایبەتـەکان لـە نزیکـەوە ببینـم و لەگـەڵ کلیشـە زەینییەکانیـان ئاشـنا بـم.

دەتهەوێ ئابڕووی ئێران ببەی!

کارەکـە بـەرەو پێشـەوە دەچـوو. بـەردەوام هـەوڵمان دەدا بـە گڵۆپـی کـوژاوەوە بـەرەو پێشـەوە بچیـن، بـەڵام ئـەوەی نەدەبـا ڕووی بدابـا، قەومـا و بـۆ ماوەیەکـی دوور و درێـژ زۆرێـک لـە هاوکێشـەکانی تێـک دا. پێـم وتـن لـە قۆناغـە سـەرەتاییەکانی کاردا سـەفەرمان بـۆ سـلێمانی کـرد بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ ڕێکخراوێکـی ناحکومـی کـۆ ببینـەوە. لـەو سـەفەرەدا خانمێکـی خەڵکـی مەهابادمـان لەگـەڵ بـوو. خێزانەکـەی نەیهێشـت لـە کاری مەیدانیـدا لەگـەڵمان بـێ و بـۆ ئـەو یـەک گەشـتەش زۆر مانـدوو بـوو هەتـا بابـی ڕازی بـکات. ئـەم خاتوونـە لـە ڕۆژنامەیەکـی کوردیـدا ئیشـی دەکـرد و لـە وەشـانی سـەرەتایی بەڵگەفیلمـی "بـە نـاوی نەریـت"دا بەشـداری کـرد. زنجیرەیـەک دیمانـەی بـۆ ڕێـک خسـتم، ئازایانـە باسـی ئەزموونـی خەتەنەکردنـی خـۆی کـرد و لـە یەکێـک لـە دیمانەکانـدا ڕۆڵـی پرسـیارکەر یـان حەقیقەتخـوازی بینـی. بـۆ درێـژەدان بـە خوێنـدن لـە بـواری ئاریکاریـی کۆمەڵایەتـی چووبـووە تـاران و هەندێـک جاریـش بـە تەلەفـۆن پێکـەوە قسـەمان دەکـرد.

لـەو قۆناغـەدا کـە ئـەو خانمـی خوێنـدکار بـوو، چەنـد چالاکێکـی خوێندکارییـان لـە زانکـۆی تـاران دەستبەسـەر کـرد کـە ئـەو نارەزایەتـی دەربـڕی و لـە زانکـۆ مانگرتنیـان ڕاگەیانـد. ئـەو و چەنـد کەسـێکی دیکـە لـە ڕیـزی پێشـەوە پلاکاردیـان بەدەسـتەوە بـوو و دروشـمیان دەدا. ئێمـە ڕەنگدانـەوەی ئـەم ڕووداوەمـان لە میدیا بیانـی و کەناڵـە کوردییەکاندا بینـی. لەبـەر جـەوی چـڕی ئەمنـی ئـەو ڕۆژانـە زۆر دەترسـاین خـۆی تووشـی کێشـە بـکات، وا دیـارە هـەر لـەو ڕۆژەدا دەستگیریان کرد.

وێنەی ٢٨٨ – کۆبوونەوەی لۆبیگەری لە لادێکانی موکریان، پەسوێ، ١٣٩١ی هەتاوی (٢٠١٢)

بـێ ئـاگا بـووم هەتـا ئـەوەی کـە چەنـد ڕۆژێـک دواتـر فاتـی وتـی فڵان کـەس گیـرا. ئـەو لەگـەڵ تـۆ هـات بـۆ سـلێمانی، ئەمـە تووشـی دەردەسـەریت

نـاکا؟" وتـم: "نـا، مـن زۆر لەگەڵیـدا کارم نەکـردووە و ئەویـش زۆر لەبـارەی پرۆژەکەمانـەوە نازانـێ، بـەڵام مـن نیگەرانـی خۆیـم." دواتـر بـۆم دەرکـەوت کـە دەبـا نیگەرانـی پرۆژەکـەش ببـام! دیـارە لـە کاتـی لێپرسـینەوەدا پاسـۆوردی ئیمەیلەکەیـان وەرگرتبـوو و نامـەی ئێمەیـان بـۆ هەماهەنگـی گەشـتێک بـۆ هەرێمـی کوردسـتان و بەرهەمهێنانـی فیلـم بینیبـوو. دیـارە ئیمێلەکـەی منیشـیان بینیبـوو کـە دوو ڕەگەزنامـەم هەیـە و گەڕابوومـەوە بـۆ ئێـران و لـە سـەر خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان توێژینـەوە دەکـەم و بـۆ مەشـق و ڕاهێنـان بردبوومـە دامەزراوەیەکـی بیانـی لـە هەرێمـی کوردسـتان.

لێـرەوە ئـەم مـژارە بـۆ لایەنـە ئەمنییـەکان جیـددی بـووەوە. هەمـوو شـتێک بـە لایانـەوە کۆمەڵـێ جێـی پرسـیار و شـک و گومانـی بـۆ دروسـت کردبـوون. پێـم وایـە لـە تارانـەوە ڕاپۆرتیـان بـۆ دەزگا ئیتلاعاتییەکانـی پارێـزگای ورمـێ و شـاری مەهابـاد نـارد و ئەوانیـش بەدواداچوونیـان بـۆ کـرد. دوای دەستنیشـانکردنی تەلەفۆنەکـەم، تەلەفۆنیـان بـۆ بابـم کـرد و هـەر ئـەو شـەوە بانگیـان کـرد و لێپرسـینەوەیان لەگەڵـدا کـرد. پیرەمێـرد زۆر ترسـابوو. مـن لـە تـاران بـووم کـە درەنگانـی شـەو بـە ژمارەیەکـی تـر تەلەفۆنـی کـرد. بـە دەنگێکـی لەرزۆکـەوە وتـی: " کامیـل چیـت کـردووە؟ چ قورێکـت کـردووە بـە سـەرتا؟ ئەمانـە دەڵێـن بڕیـارە تـۆ فیلمێـک دروسـت بکـەی و ئابـڕووی ئێـران ببـەی ... !" ئـەوان وایـان زانیبـوو کـە مـن نیـازم وایـە فیلمێکـی درێـژ لەسـەر خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان دروسـت بکـەم، بۆیـە سەفەریشـم بـۆ سـلێمانی کـردووە ...

ئەمـە سـەرەتای قۆناغێکـی زۆر سـەخت بـۆ مـن و بنەماڵـەم و هاوکارانـم بـوو. هێـزە ئیتلاعاتییـەکان وازیـان لـە بابـم نەدەهێنـا. تاقـە شانسـم ئـەوە بـوو کـە بابـم وتبـووی کامیـل هـەر لـە ئێـران نییـە، ماوەیـەک گەڕابـۆوە و ئێسـتا لـە لەندەنـە. زەخـت لـە بابـم دەکـەن کـە ئێمـە دەمانهـەوێ تەلەفـۆن بـۆ کوڕەکـەت لـە لەنـدەن بکەیـن. بابـم بـەردەوام بانـگ دەکـرا بـۆ ئیـدارەی ئیتلاعـات و هەراسـانیان دەکـرد، هەمـوو بەڵگەکانیـان لـێ سـەند، چەنـد ڕۆژێـک دووکانەکەیـان پـێ داخسـت و بـەردەوام زەخـت و گوشـاریان دەخسـتە سـەری. لـە تەلەفۆنـی بابمـەوە ژمـارە پەیوەندییەکانـی منیـان لـە بریتانیـا و تورکیـا دۆزیبـووەوە. تەلەفۆنیـان بـۆ ماڵەکـەم لـە لەنـدەن کـرد و نەیاندۆزیمـەوە. وام لـێ هاتبـوو کـە هەمـوو کارەکانـم وەسـتاند و بیـرم لـەوە کـردەوە کـە درێـژە بـە کارەکانـم بـدەم یـان نـا؟

ماوەیەکـی پـڕ لـە دڵەڕاوکـێ بـوو، دەتوانـم بڵێـم خۆمـم حەشـار دابـوو و هـەر چەنـد ڕۆژ جارێـک لـە شـوێنێک دەگیرسـامەوە. هەمـوو ئەوانـەی لەگـەڵ مـن ئیشـیان دەکـرد تۆقیبـوون کـە نـەکا کەسـی دواتـر خۆیـان بـن و تەنانـەت دوو کـەس بـە هـۆی ئەمـەوە وازیـان لـە هاوکاریکردنـی پرۆژەکـە هێنـا. لـە کۆتایـی لێپرسـینەوەکاندا ئـەو خاتوونـە چـووە زیندانـی گشـتی. وا بزانـم کەمێـک دواتـر بـە دانانـی بارتمـە ئـازاد کـرا و کاتێکـی زۆری پێچـوو هەتـا

دەستمان بە کار کردەوە. ماوەیەک دواتر لەگەڵ هاوکارانم کە یەکیان فاتی بوو لە گوندەکانی کرماشان کاری توێژینەوەمان دەست پێ کردەوە، کە لەو سەروبەندەدا لە ناو زیندانی گشتییەوە تەلەفۆنی بۆ کردم. پرسیاری کرد لە کوێن و چی دەکەن؟ نەمدەویست هیچ بزانێ، چونکە هێشتا چاوی هێزە ئەمنییەکان بە سەرمەوە بوو و ئەویش لە زیندان بوو. بۆم گێڕایەوە کە من و بابم چیمان بەسەر هاتووە. دڵتەنگ بوو و دەستی کرد بە گریان. وتی: "کەس لێم ناپرسێ و وڵامی تەلەفۆنەکانم نادەنەوە" دواتر کە خۆم زیندانی ئەوینم ئەزمون کرد، زیاتر لێی تێگەیشتم، بەڵام بەداخەوە بەهۆی دەستگیرکردنی ئەوەوە، من و بابم و هەندێک کەسی دیکە کەوتینە ژێر چاودێری. ناکرێ تاکلایەنە و نادادپەروەرانە زیندانییەک بەتایبەت لە زیندانەکان و لێپرسینەوەکانی سیستمە ئەمنییەکانی ئێران قەزاوەت بکرێ، هەرچەندە هەندێک پێیان وایە لە شوێنێکی وەکوو ئێراندا نابێ خۆت بە کار و چالاکیی بقەوە تێوە بگلێنی کە خۆشت تێوەگلاند بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی، ئەخلاق وا دەخوازێ کە دەبێ بەرگەی بارودۆخی سەخت بگری.

هاوڕێکانی دوای دەستگیرکردنی هەڵوێستی توند و نادادپەروەرانەیان گرتەبەر. ئەو بارودۆخە تۆقێنەرە دەرفەتی بیرکردنەوەی لۆژیکیانەی لێیان زەوت کردبوو. منیش لەو دۆخە زۆر وەڕەز و ماندوو ببووم و بەدرێژایی ئەو ماوە هەوڵم دا بۆ پاراستنی پرۆژەکە وریا بم، بەڵام ئێستا کەوتبوومە گێژاوێکەوە کە خۆم هیچ ڕۆڵێکم تێدا نەبوو. هەتا چەند مانگێک نەموێرا بگەڕێمەوە بۆ ماڵی بابم، تەنانەت نەدەچوومە ئەو خانووەش کە لە سنە بە کرێ گرتبووم. بابیشم لە ڕووی دەروونییەوە تێک چووبوو و لێپرسینەوە و بانگکردنە بەردەوامەکان ڕۆحە ماندووەکەیان ئازار دەدا. هەموو ئەشکەنجە و یادەوەرییە تاڵەکانی زیندانی سەردەمی لاویەتی خۆی وەبیر هاتەوە و بەردەوام لە ترس و نیگەرانیدا بوو.

ئەم ڕووداوە کۆمەڵێک شتی باشیشی تێدابوو، وای لێکردم کە زیاتر سەرنج بدەم و چاوکراوەتر و هەستیارتر کارەکانم ڕاپەڕێنم. لەگەڵ هەر کەسێک کار نەکەم و بە ئاسانی لەگەڵ کەسانی دیکەدا باسی کارەکانم نەکەم. هەروەها ئەم بڕگەشم بە گرێبەستەکانم زیاد کرد کە ئەو کەسانەی کە کار لەسەر پرۆژەکە دەکەن نابێ بەشداری کۆبوونەوە و گردبوونەوە سیاسییەکان بکەن و پێشینەی بەڵگەنامەکانی پرۆژە و ئیمەیڵە پەیوەندیدارەکان لای خۆیان نەهێڵنەوە و نابێ لەگەڵ هیچ کەسێک باسی وردەکاریی پرۆژەکە بکەن. لە درێژەی کاردا، یەک دوو کەس کە چالاکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بوون، منیان بە کۆنترۆڵکردن و لێسەندنەوەی ئازادییە کەسییەکان تۆمەتبار کرد و گوتیان: پێوەندیی بە کەس نییە، ئێمە دوای کاتی کارکردنمان چی دەکەین و ئایا چالاکیی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەکەین یان نا". ناحەقم نەدەگرتن. بەڵام ئەی چیم

بکردایە هیچ ڕێگایەکی دیکەم نەبوو. ئەزموونی ژیاوم وای لێکردبووم قبوڵی بکەم کە باشترین ڕێگە بۆ گۆڕانکاری هەوڵی بەردەوامە، با خاویش بێت. بۆ من ئامادەبوون لە ناو کۆمەڵگا و خەباتی بەردەوامی فەرهەنگی و زانستی زۆر لە خەباتی ڕادیکاڵ و کورتخایەن گرنگتر بوو. نامهەوێ هیچ کام لەم دوو شێوازە بەراورد بکەم، بەڵام ئەمە بڕیارێک بوو کە بۆ ژیانم و بۆ درێژەدان بە ڕێبازەکەم دابووم و ئەوەم بە مافی خۆم زانی کە ئەم داواکارییە لە ئەندامانی تیمەکەم بخوازم و ئەوانیش مافی ئەوەیان هەبوو کە ئەگەر هەڵوێستەکانی منیان بە پێچەوانەی ئازادیی تاکەکەسیی خۆیان بینی، ماڵاوایی لە پرۆژەکە بکەن. لە هەر حاڵەتێکدا ئێمە لە کەشێکی سیاسیی شەفاف و ئارامدا نەدەژیاین و بچوکترین پرس دەبوو بە پرسێکی ئەمنی. من خۆمم سەر بە مرۆڤناسانێکی وەکوو پیرۆ گیلفۆرد گێرتز دەزانی کە گرنگترین هەنگاویان لە توێژینەوەی خەڵکناسیدا، چاودێریکردن و پاشان وەسفکردنی ورد دەزانی و مەرجی ئەمەش ئەوە بوو کە کاتێک دەچینە ناو هەر کۆمەڵگایەک دەبێ کەمترین گرژی و ڕووبەڕووبوونەوەمان لەگەڵ دەسەڵاتەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا ببێت.

وێنەی ٢٨٩ - بابم

دوای دەستگیرکردن و لێپرسینەوەی بابم هەندێک لە بابەتەکانی پرۆژەکە گۆڕانکاری بەسەردا هات. بەهۆی دۆخی ئەمنیی ئەو ڕۆژانە زیاتر نیگەران ببووم و بە دڕدۆنگییەوە هەموو شتێکم شی دەکردەوە و لێکم دەدایەوە. بەردەوام بیرم لەوە دەکردەوە کە چ کارێکی مەترسیدارم دەست پێکردووە و ئەگەر هەر کێشەیەک قەومابا، دەبوو وەڵامی بنەماڵەی هاوکارانم بدایەتەوە. شوێنی لێکۆڵینەوەکانم گوندە دوورەدەستەکان و زیاتر ناوچە سنوورییەکان یان گوندەکانی باشووری ئێران بوون کە لە ڕووی سیاسی و بەتایبەت

سیاسەتی ئایینی نێوان شیعە و سوننە زۆر هەستیار بوون و ئامادەبوونی من لەو ناوچانەدا دەیتوانی ئەو گومانە دروست بکا کە لە مەڵبەندێ کار دەکەم کە کەمینە ئایینییەکان و گروپە دژە حکوومەتییەکان تێیدا چالاکی دەکەن، کەچی ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی کارەکەی من شتێکی تر بوو. وەک پێشتر لە بەشی ئامەددا گوتم، بەداخەوە ئەو وڵاتانەی کە حکوومەتی دیکتاتۆرییان هەیە، بچووکترین بابەت دەتوانێ ببێتە بابەتێکی ئەمنی.

من لەوەی نیگەران بووم کە کارەکەم ئەمنی ببێتەوە و هەوڵەکانم بەفیڕۆ بچێ، هەم ناونیتکە سیاسیم لێ بدرێ و هەمیش نەهێڵن درێژە بە کارەکەم بدەم. بەردەوام بیرم لەوە دەکردەوە کە کارەکەم درێژە پێ بدەم یان نا کە یەکێک لە هاوڕێ نزیکەکانی بەهارە بەهۆی ئەوەی دەرکەوتنی بەردەوامی لە میدیاکاندا هەبوو دەستگیر کرا. ئەو ڕۆژنامەنووسێک بوو کە لە بواری مافی مرۆڤ لە کوردستان چالاکی دەنواند و لە ناو زەبر و زەنگی دوای ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی (٢٠٠٩) یەکێک لەو چەند کەسە بوو کە درێژەی بە چالاکیی خۆی دەدا. دوای دەستبەسەربوونی تەنانەت هەندێک لە خزمەکانیشی ئەویان بە کەمتەرخەمی تۆمەتبار کرد. بەهارەش زۆر تێک چووبوو و هەتا ماوەیەک نەهاتە سەر کار. فەرزاد کەمانگەر و ژمارەیەک لە چالاکانی سیاسی دیکە لەناکاو لە سێدارە درابوون و ئەمە هەمووانی نیگەران کردبوو.

ڕۆیشتبووم بۆ دیاربەکر لە تورکیا بۆ ئەوەی ئەرشیڤی پرۆژەی گەشتیاری تەواو بکەم و ڕادەستی بکەم، کە فاتی بە ترس و لەرزەوە تەلەفۆنی کرد و گوتی: کامیل بەهارە و هەندێ لە دۆستان و بنەماڵەی کەسی زیندانی چوونەتە بەردەم ئیدارەی ئیتلاعات و سفرەی حەوت سینیان ڕاخستووە و مۆمیان داگیرساندووە. وێنەشیان لەو کارەیان گرتووە و خەریکە لە هەموو شوێنێک بڵاو دەبێتەوە. دۆخێکی ئاڵۆز و مەترسیدار بوو. بەهارە چاوپێکەوتنەکانی ئەرشیڤ دەکرد و هەموو ئیمەیل و زانیارییەکانی پرۆژە لای ئەو بوو. هێشتا وازیان لە بابم نەهێنابوو و بەڵگەنامەکانیشیان نەدابووەوە و لەگەڵ ئەوەشدا حەراسەتی ئامووزش و پەروەرش خوشکەکەم و مێردەکەیان ئازار دەدا کە کێشەیەکی دیکە ساز بوو. بەو ڕەفتارە ورووژاو و هەستیارانەی بەهارە، ئەگەری دەستگیری یان لێپرسینەوەیان لە ئارادا بوو. ئەوەندە نیگەران بووم کە بە بێ ئەوەی لێی بکۆڵمەوە بە تەلەفۆن سەرزەنشتم کرد و گوتم: "چەندە لێتان پاڕامەوە کە ئاگادار بن و پرۆژەکە و ئەوانی دیکە مەخەنە مەترسییەوە، تۆ لە پرۆژەکەدا پێگەیەکی سەرەکی و گرنگت هەیە و هەموو هەستیارییەکانت دەزانی، دەی بۆچی بەبێ پرس و ڕاوێژی من ئەم کارەت کرد؟"

گوشار و دڵەڕاوکێ و ترس و تا ڕادەیەکیش دنەدانەکانی فاتی وای لێکردم کە بەپەلە

بڕیار بدەم و کۆتایی هاوکاریمان بە بەهارە ڕابگەیێنم. زویری لەم بابەتە و هەڵەی من دڵی بەهارەی ئێشاند و منیش چەندین جار داوای لێبوردنم لە خۆی و بنەماڵەکەی کرد، تاکوو پێیوەندییەکەمان تا ڕادەیەک چاک بووەوە. ناوبراو بە شێوەیەکی سنووردار وەک یاریدەدەری نووسینگە هاوکارییەکانی لە پڕۆژەکەدا درێژە پێدا، بەڵام لە کۆتاییدا بڕیاری دا بچێتە زانکۆ. بەڵام بەداخەوە بەهارە لەگەڵ خانەوادەکەی تووشی ڕووداوێکی هاتوچۆ هاتن و بەهۆی ناستاندارديی ڕێگاوبان و ئۆتۆمبێلەکە، خۆی و بابی گیانیان لەدەست دا و دایکی نوخاعی پچڕا. زامی کۆچی دوایی کامیار واتە برا جوانەمەرگەکەم دیسان کولایەوە و بۆ ماوەیەکی زۆر نەمدەزانی بۆ کامیار بگریم یان شین بۆ بەهارە بکەم. بەهارە ڕۆیی، بەڵام یادەوەرییەکەی بۆ هەمیشە لە دڵمدا دەمێنێتەوە. ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی (٢٠١٦) کە توێژینەوە و بەڵگەفیلمی "بە ناوی نەریت" کۆتایی پێهات، بەهۆی هەستیارییەوە بۆ ماوەیەکی زۆر نەموێرا بڵاوی بکەمەوە و پەردەی لەسەر لا بدەم، بەڵام دواتر پێشکەشی بەهارەم کرد و لە کاناڵی بی بی سی فارسی بڵاو کرایەوە. فیلمەکە بە وێنەی بەهارە کۆتایی دێ، کچێک کە بوون و زەردەخەنە شیرینەکەی لە بەهار دەچوو.

● وێنەی ٢٩٠ – خوالێخۆشبوو بەهارە عەلەوی لە کۆتایی بەڵگەفیلمی بە ناوی نەریت، سەقز، ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی (٢٠١١)

پێش مردنی بەهارە، فاتیش لە گرووپ جیا بووەوە. بڵاوکردنەوەی تێزەکەی لە دوو توێی کتێبێکدا لەسەر بابەتی خەتەنەکردنی کچان و ژنان، پێگەیەکی باشتری پێ بەخشیبوو. ماوەیەک بوو بە جیددی بیری لە درێژەدان بە خوێندنی لە دەرەوەی وڵات دەکردەوە و کاتێک خولی فێربوونی ئینگلیزیی دەستی پێکرد و بە ڕاست و فشە بەهۆی نەشتەرگەریی لوتیەوە، کە بە وتەی خۆی و هاوڕێکانی، لەگەڵ بیرکردنەوە فێمینیستەکانیدا ناکۆک بوو، بۆ ماوەیەکی زۆر لە ماڵەوە مایەوە و کۆتایی بە هاوکارییەکانی لەگەڵ پڕۆژەکەدا هێنا. لە کۆتا ڕۆژی کارکردنیدا بۆ خولی دووەمی سکانکردنی ناوچەکان لە مەشهەد بووین و بڕیار بوو بچین بۆ باشووری ئێران. کشانەوەی فاتی لە پڕۆژەکە بۆ ماوەیەک کاریگەری لەسەر کوالیتی و خێرایی کارەکە دانا و پەیداکردنی کەسێک لە ئاستی فاتی و پڕکردنەوەی بۆشاییەکەی کارێکی ئاسان نەبوو. دوای فاتی کەسانێکی دیکە هاتنە ناو کارەکەوە کە هەندێکیان کورد نەبوون. پڕۆژەکە چووە فازێکی نوێوە و لێکۆڵینەوەکان بە خێرایی و هێزەوە درێژەی پێدرا.

ژیانکردن لە تاران، ئیشکردن لە باشوور و ڕۆژاوای ئێران

پـرۆژەی خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان سـێ قۆناغـی هەبـوو؛ دستنیشـانکردن و ڕاهێنـان و هەڵسـەنگاندن. قۆناغـی دووەممان لـە پارێـزگای سـنە کۆتایـی پـێ هێنـا و بـەرەو هورمـوزگان ڕۆیشـتین. لـە تـاران خانوویەکـم بـە کـرێ گـرت بـۆ ئـەوەی وردە وردە میکانیزمێـک بـۆ فەرمیکردنـی چالاکییەکانـم دیـاری بکـەم. بیـرم لـەوە دەکـردەوە ناوەندێـک دابمەزرێنـم کـە لـە ڕووی ستراتیژییـەوە فەزایەکـی کاریـی فەرمـیتری بـێ و لـە بوارەکانـی ئاریکاریـی کۆمەڵایەتـی و دەروونناسـی و توێژینـەوە لـە سـەر خەسـارە کۆمەڵایەتییەکانـدا چالاکـی بـکات. چەنـد جارێـک بیـرم لـەوە کردبـووەوە کـە لـە شـارە نزیکەکانـی وەکـوو مەهابـاد و سـنە نووسـینگەیەک بکەمـەوە، بـەڵام پێکهاتـەی ئیـداری ڕێگـری لێـم کـرد و بڕیـارم دا لـە تـاران ئـەو کارە بکـەم.

ئەڵبـەت هێشـتا ڕووبـەڕووی ئاسـتەنگ دەبوومـەوە. بڕوانامـەم لـە ئێـران وەرنەگرتبـوو، خوێندنیشـم لـە بـواری دەروونناسـی و ئاریکاریـی کۆمەڵایەتیـدا نەبـوو. ناچـار بـووم کەسـێک بدۆزمـەوە کـە بڕوانامـەی پەیوەندیـداری هەبـێ تـا بتوانیـن مۆڵەتێـک بـە نـاوی ئـەوەوە وەربگریـن. لـە پڕۆسـەکەدا تێگەیشـتم کـە دامەزراندنـی بونیادێکـی توێژینەوەیـی ڕێـکارە ئیدارییەکـەی سـەختە و تووشـی بەزمـی ئەمنـی دەبینـەوە. نەمدەویسـت بچمـە ژێـر چاودێریـی هێـزە ئەمنییـەکان، بـەڵام پێـم خـۆش بـوو لـە تـاران کار بکـەم. لـە ڕێگـەی هاوڕێکانمـەوە کەسـێکم ناسـی کـە لـە دەزگایەکـی حکوومیـدا ئاریـکاری کۆمەڵایەتـی بـوو. ئـەو بـە دوای کەسـێکدا دەگـەڕا کـە ببێتـە وەبەرهێنـەر و پێکـەوە ناوەندێکـی ئاریکاریـی کۆمەڵایەتـی دابمەزرێنـن. ڕێـک کەوتیـن کـە ئـەو ببێتـە بەڕێوەبـەری تەکنیکـی و منیـش بەڕێوەبـەری ئیـداری بـم. نووسـینگەیەکی دوو ژووریمان بەکـرێ گـرت، بـەڵام چەنـد مانگێکی پێچـوو تـا ناوەندەکەمـان تۆمـار کـرا. نامەی داواکارییەکەمـان بـۆ چەنـد حەوتەیـەک لـە بەشـە جیاوازەکانـی هێـزی ئینتیزامـی یـان پۆلیـس، ڕێکخـراوی بێهزیسـتی یان شـوێنە پێوەندیدارەکانـی دیکـە چەقـی دەبەسـت و چەنـد مانگێکـی خایانـد تـا مۆڵەتمـان بـۆ دەرچـوو و ناوەندەکەمـان بـە شـێوەی فەرمی دەست بە کار بوو.

وێنەی ٢٩١ – قیشم، بازاڕی سوورزا، ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی (٢٠١٠)

چوارچێـوەی گشـتیی کارەکـە ڕاوێـژکاری و ئەنجامدانـی لێکۆڵینـەوە بـوو و دەروونناسـانی نیوەکاتیـش لـەوێ ئیشـیان دەکـرد. بەرپرسـی تەکنیکـی ئـەم بـوارەی ڕادەپەڕانـد و منیـش

کـە بـە دوای کاری توێژینـەوەدا دەگـەڕام، لـە ناوەنـدی ئاریکاریـی کۆمەڵایەتـی مۆڵەتـی پێویسـتم بـۆ چالاکـی هەبـوو. پلانـی پڕۆژەگەلـی وەکـوو هاوسـەرگیریی منـداڵان، خەتەنـەی ژنـان و کچـان - کـە زانیاریـی نـوێ و مەیدانیـم لەبارەیـەوە هەبـوو - و پرسـە هاوشـێوەکانی وەکـوو ڕاهێنانـی هونەرەکانـی ژیانکـردن، تـەڵاق و جیابوونـەوە و تەنانـەت ئالوودەبـوون بـە مـادە هۆشبەرەکانیشـم نووسـی. پەیوەنـدیمان بـە ناوەندەکانـی بێهزیسـتی و تەندروسـتی و پزیشـکی و شـارەوانییەکانەوە کـرد بـۆ ئـەوەی سـەرنجیان بـۆ ئـەو کارە ڕابکێشـین، بـەڵام هەرگیـز هاوکارییـان نەکردیـن.

تێڕوانینـی دامـودەزگا جۆراوجـۆرەکان بەرامبـەر بـە خەسـارە کۆمەڵایەتییـەکان هیـچ جیاوازییەکـی لەگـەڵ ڕابـردوودا نەبـوو و دەیانگـوت ئـەو بابەتانـە لـە لیسـتی ئەولەوییەتەکانی ئێمـەدا نیـن. نزیکـەی سـاڵ و نیوێـک بەسـەر دامەزراندنـی ناوەندەکـەدا تێپەڕیبـوو و هاوکات خەریکـی کاری مەیدانـی لە باشـوور و ڕۆژاوای ئێران (ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان) بـووم. وردە وردە هەسـتم کـرد کـە بوونـی مـن لـە ناوەنـدی ئاریکاریـی کۆمەڵایەتیـی تـاران تەنیـا بارگرانییەکی داراییـە و سـەفەرە زۆرەکانـم لـە تارانـەوە بـۆ هورمـوزگان و ناوچەکانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان مانـدووی دەکـردم. لـە قیشـم خانمێکـی ئاریـکاری کۆمەڵایەتیـم دۆزییـەوە کـە پێـی خـۆش بـوو هـاوکاری بـکا و توانیـم بـۆ ڕاهێنانـی دیمانەیـی و چاوپێکەوتنـی قـووڵتر کەڵـک لـە ناوەندەکـەی وەربگـرم.

تاکـە نەخۆشـخانەی دوورگـەی گـەورەی قیشـم لـە نزیـک نووسـینگەکەم بـوو. نەخۆشـخانەیەکی شـپرزە و شـپرێو کـە زۆر جـار خەڵـک سـەرەیان دەگـرت و خزمەتگوزاریـی باشیشـان پـێ نـەدەدرا. بـە هـۆی نەبوونـی جیهازاتـی نەخۆشـخانە و چارەسـەری بـاش، زۆربـەی خەڵـک دەچوونـە بەنـدەر عەببـاس و تەنانـەت شـیراز. ئـەو پزیشـکانەش کـە لـەو نەخۆشـخانە بـوون، زیاتـر لـە پرۆسـەی تەواوکردنـی گرێبەسـتەکانیاندا بـوون و بـە ناچـاری لـە قیشـم ئیشـیان دەکـرد. دۆخـی تەندروسـتیی خەڵکـی دوورگەکـە لـە ئاسـتێکی باشـدا نەبـوو و بـۆ چەندیـن سـاڵ بەرزتریـن ڕێـژەی مردنـی دایکانـی دووگیانی لە خۆ گرتبوو.

● وێنەی ٢٩٢ – نووسینگەی ئاریکاری، قیشم، ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی (٢٠١١)

لـەو مـاوەدا پەیوەندییەکـی باشـم لەگـەڵ دەسترۆیشـتووانی خۆجێـی و کۆمەڵایەتیـی پارێزگاکـە و دوورگەکانـی دیکـەدا سـاز کردبـوو. لەبـەر ئـەوەی سـوننە بـووم و کـورد،

متمانەیان پێم هەبوو. کاریگەری لەسەر ئەم کەسانە دەتوانێ لە کەمکردنەوەی ڕێژەی خەتەنەکردنی کچان و ژنان لە پارێزگاکەدا یارمەتیدەر بێ، چونکە خەڵک چاویان لە دەمی ئەوان بوو. زۆر دڵخۆشم کە پەیوەندییە باشەکانم لەگەڵ ئەم کەسانەدا توانی ببێتە هۆی کەمبوونەوەی ڕێژەیی و خێراتری ئەم دیاردە لە دوورگە و لە باشووری ئێران. لە ژینگەی نەریتیی دوورگە و هورموزگاندا دۆخی کۆمەڵایەتی بە جۆرێک بوو کە ئەگەر بتوانی پەیوەندییەکی باشت لەگەڵ پێشەوا ئایینییەکان هەبێ، ئەوا خەڵک زیاتر شوێنت دەکەون و لەگەڵت دەبن.

دژواریەکانی توێژینەوەی سەربەخۆ و جیاوازیی بیروڕاکان سەبارەت بە شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی ژنان

پێوەندیی نزیک لەگەڵ مرۆڤەکان وای لێ کردم کە فامکردنێکی جیاوازم بۆ بابەتەکە هەبێ و تێگەیشتم کە جۆری خەتەنە و ڕوانگە و شێوازی بیرکردنەوە و تەنانەت جۆری بڕین و قووڵایی بڕینی کۆئەندامی زاوزێی ژنان و تەنانەت پیاوان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە. تێبینییەکانی من لە ئەفریقا و کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات ئەم ڕاستییەی بۆ سەلماندم کە تەنانەت لە ڕووی فەرهەنگی، زانستی و ئایینییەوە ناتوانین هەموویان وەکوو یەک سەیر بکەین. پێوەری جیهانی و ڕێبازی فیکریی چەپی ڕادیکاڵ لە زۆرێک لەم جیاوازی و بەستێنە کۆمەڵناسی و خەڵکناسییانە تێناگات یان بایەخی بۆیان نییە.

منیش کەسێکی تازەکار بووم و پرۆژەکەم لە ڕووی داراییەوە سەر بە ناوەندێک بوو، بۆیە ناچار بووم داتا و شرۆڤەکانم بەپێی پێوەرە جیهانییەکان بنووسم و شیکاریی بۆ بکەم. هەڵبەت بۆ پاراستنی سەربەخۆیی، لە شیکردنەوە و تەنانەت بەکارهێنانی وشە و دێڕدا ئەوەندەی توانیم خۆڕاگریم کرد و لەبەر ئەوەی پابەندی بەها فەرهەنگی و خەڵکناسییەکانم، هەر دوو وشەی شێواندن و بڕینی کۆئەندامی زاوزێی ژنانم بەکار برد و ئێستاش بەکاری دەبەم، بەڵام دان بەوەدا دەنێم کە بە گشتی ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوە لە هەستی مەیدان و گێڕانەوە قووڵ و پڕ لە فێرکارییەکان بێبەرییە.

ئەڵبەت دوای چەند ساڵێک بە بڵاوکردنەوەی "گومانی ڕوو لە گۆڕانی خەتەنەی کچان و ژنان لە ئێران"[1] و هەروەها تەواوکردنی بەڵگەفیلمی "بە ناوی نەریت"، هەوڵم دا بەشێک لەو کەموکوڕیە قەرەبوو بکەمەوە. ئەم ئەزموونە دەروەستییەکی تاکەکەسی

---

١. ئەحمەدی ، کامیل. گومانی ڕوو لە گۆڕانی خەتەنە: شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی ژنان لە ئێران. هەولێر: وەشانخانەی دانیشفەڕ، ٢٢٠٢.

لـە منـدا بـەدی هێنـا و فێـر بـووم کـە هەرگیـز مەیـدان نەکەمـە قوربانیـی گرێدراویـی دارایـی یـان خـۆم لەگـەڵ پێـوەرە جیهانییـەکان نەگونجێنـم یـان نیگەرانـی وەرگرتنـی مۆڵەتنامـە (تەئیدییـە) و ڕەخنـە لەلایـەن ئـەو گرووپانـەوە نەبـم کـە مانەوەیـان بەستراوەتـەوە بـە هەوڵدانیـان بـۆ زینـدوو ڕاگرتنـی ئامـارەکان و بەدەسـتهێنانی بوودجـە و فانـدی بـەردەوام.

ڕادەی بڕینـی کلیتۆریـس یـان میتکـە (کـە هەنـدێ ناوچـەی کوردسـتان بەلۆکـەی پـێ دەڵێـن) و ئـەو زیانـەی کـە بـە ئـارەزووی سێکسـیی ژنـی دەگەیەنـێ، بابەتێکـی گرنـگ بوو کە چالاکوانانـی ئـەم بـوارە بـە نهێنـی باسـیان لـە بۆچیەتـی و هـۆکارە سـەرەکییەکانی دەکـرد. هاوڕێیەکـی باشـی بیانیـم لـە گرووپـی توێژەرانـی بـواری شـێواندنی کۆئەندامی زاوزێـی ژنان/ خەتەنەکردنـی ژنـان و کچـان، تێڕوانینێکـی ئەکادیمـی و هاوسـەنگی بـۆ پرسـەکە هەبـوو، لـە هەمـان کاتیشـدا وریـا بـوو لـەوەی ئـەم پرسـە سـەرەکییە، واتـە پێشـێلکردنی مافـە مرۆیـی و سێکسـییەکەی لـە بازنـەی ڕاسـتەقینەی نەتـرازێ و نەبێتـە شـتێکی بێبایـەخ و سـووک. لەگـەڵ هاوڕێیانـم پرۆفیسـۆر تۆبـی لویـۆن لـە زانکـۆی هارڤـارد و پرۆفیسـۆری میـوان لـە زانکـۆی ئۆکسـفۆرد، هاوڕێـم خاتـوو هـیلاری بێرگێـس و چەنـد کەسـێکی تـر هەندێـک جـار لـە پەراوێـزی کۆنفرانسـی ڕێکخـراوی نەتـەوەکان و شـوێنەکانی دیکـە پێکـەوە دادەنیشـتین و بـە وریاییـەوە باسـی ئـەم بابەتەمـان دەکـرد.

بەڵگەکانـی خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان دەگەڕێتـەوە بـۆ پێـش دروسـتبوونی ئایینـە ئیبراهیمییـەکان و دواتـر بوونەتـە بەشـێک لـە ئایینـە ڕێکخـراوەکان، بـەڵام ئەوانـەی باوەڕیـان بـە ئەنجامدانـی خەتەنـە هەیـە دەیگەڕێننـەوە بـۆ ئـەو ئایینـەی کـە لـە ئێسـتادا باوەڕیـان پێیەتـی. بـۆ نموونـە لـە ئیسلامـدا سـەبارەت بـە ئەنجامدانـی خەتەنـە دەڵێـن، ئـەم کارە لـە سـەردەمی ئیسلامیـدا پێشـنیار کـراوە، یـان هەندێکـی تـر دەڵێـن کـە لـە لایـەن پێغەمبـەری ئیسلامـەوە هاوسـەنگ کـراوە، بـەڵام بەڵگـە مێژوویییـەکان دەیسـەلمێنن کـە پێـش شارسـتانیەتی مـیسر و سـەردەمی فیرعەونـەکان خەتەنـە ئەنجـام دراوە و تەنانـەت ڕەنگـە مێژووەکـەی بـۆ سـەردەمێکی زۆر کۆنتریـش بگەڕێتـەوە. جگـە لـەو بۆچوونـە باوانـەی کـە بـاس لـە هـۆکاری خەتەنەکردنـی ژنـان دەکـەن، دوو تیۆریـی دیکـەشمان هەیـە: یەکـەم ئـەوەی کـە هـاوکات لەگـەڵ خەتەنەکردنـی کـوڕان، خەتەنەکردنـی کچانیـش بەهەمـان عەقڵیەتـەوە ڕوو دەدا و ئـارەزووی سێکسـی لـە هـەر دوو ڕەگەزەکـەدا کـەم دەکاتـەوە. یەکێکی تـر لـە تیۆرییـە بـاوەکان ئەوەیـە کـە ڕەگ و ڕیشـەی خەتەنەکـردن دەباتـەوە سـەر نەریتـی مـیسر. بـە پێـی بەڵگـە مێژوویییـەکان، میسرییـەکان لـە کۆنـەوە بـە شـێواز و فۆرمـی جیـاوازەوە ئەندامانـی جەسـتەیان دەسـتکاری کـردووە و فۆڕمیـان پێـداوە، بـۆ نموونـە هەنـدێ شـێوازی قیتکـردن و بەرزکردنـی مـل یـان سـاف و تەختکردنـی توێـڵ (ناوچـاوان)، شـۆڕکردنەوەی لێـو یـان گۆڕینـی کاسەسـەر. ئـەم بابەتـە کـە لـە ڕوانگـەی لێکۆڵینـەوە لـە بابەتـی نەشـتەرگەریی

جوانکاریـدا جێگـەی سـەرنجە، دەریدەخـا کـە نەشـتەرگەریی جوانـکاری و فۆڕمـدان بـە جەسـتە پەیوەنـدی بـە سـەردەمی هاوچەرخـەوە نییـە و بـە درێژایـی مێـژوو بـە پێـی توانـا و ئیمکانیـات و ناسـینی جەسـتە بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان بـاو بـووە. هەروەهـا ئەگـەری ئـەوەش هەیـە کـە خەتەنەکـردن لـە سـەرەتادا، چ لـە کچـان و ژنـان و چ لـە پیاوانـدا بەشـێک لـە هەمـان ڕەفتـاری جوانـکاری بووبـێ. وێـڕای ئـەوەی لـە تیۆرییەکـی دیکـەدا هاتـووە کـە خەتەنـە ڕەگ و ڕیشـەی دەچێتـەوە سـەر پزیشـکیی کـۆن لـە وڵاتـی مـیسر کـە دەڵـێ لابردنـی پێسـت یـان بڕینـی میتکـە یـان هەمـان سـەری کلیتۆریـس ئـارەزووی سێکسـیی ئافرەتـان زۆر دەکات. لـە ڕووی جەسـتەییەوە مـاوەی گەیـشتن بـە ئۆرگاسـم لـە ژنانـدا زیاتـر لـە پیـاوان دەخایێنێـت. بـە گوێـرەی بۆچوونـی هەنـدێ لـە پزیشـکانی فیرعەونـەکان، بـە لابردنـی میتکە ئـەم پرۆسـە توندتـر دەبێتـەوە و ژن لـە ماوەیەکـی کـەمتردا ئـەو قۆناغانـە تێدەپەڕێنـێ و تێـر دەبێـت. بـەڵام ئاخـۆ خەتەنەکـردن دەتوانـێ هەسـتیاری و حەشـەریبوونی ژن زیاتـر بـکات؟ لـە گفتوگۆکانمانـدا هەمیشـە دەگەیشـتینە ئـەم ئەنجامـەی کـە ئێمـە وەک چالاکـوان یـان شـارەزای ئـەم بـوارە ناتوانیـن بـە ئاشـکرا لەسـەر ئـەو بابەتانـە قسـە بکەیـن. چونکـە ڕوانگـەی باڵادەسـت، تێڕوانینێکـی فـراوانتری بـۆ ئـەم بابەتـە هەیـە و خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان بـە پرسـێک لـە سـەرووی بابەتەکانـی تەندروسـتی، پزیشـکی، فەرهەنگـی و ئایینـی دەزانـێ و پێـی وایـە هـۆکاری ئەنجامدانـی خەتەنـە، باڵادەسـتیی ڕوانگـەی پیاوسـالاری و دژەژن و دژە مافـی مرۆییـە. ئـەم تێڕوانینـە یەکدەسـت و کلیشـە جیهانییانـە ڕەنگـە زیاتـر ویسـتبێتیان لـە ڕێگـەی زاڵکردنـی ئـەم جـۆرە بیـر و باوەڕانـەوە، هـەوڵ بـدەن باسـی سێکسـوالیتە و هەروەهـا پەیوەندیـی نێـوان خەتەنـە و ئابووریـی سیاسـی و قازانجەکـەی سـڕ بکـەن. زۆربـەی ئـەو کەسـانەی لەسـەر ئـەم بابەتـە قسـەمان لەگـەڵ کـردن، ژن بـوون، بـەڵام ئـەو گومانـە یـان لانیکـەم ئەگـەری ئـەم تیۆرییـەی کـە ڕەنگـە خەتەنەکـردن بـە مەبەسـتی حەشـەریبوون ئەنجـام بـدرێ، ئەوەنـدە بەهێـز بـوو کـە لەبارەیـەوە بۆچوونـی خۆیـان دەردەبـڕی. بـەڵام چ لـە خەتەنەکردنـی ژنـان و تەنانـەت خەتەنەکردنـی پیاوانیشـدا ناتوانـی حاشـا لـەوە بکەیـن کـە خەتەنـە زیـان بـە دەمـارە سێکسـییەکان دەگەیێنـێ و ئـارەزووی سێکسـی کـەم دەکاتـەوە و تێکـی دەدا و هەروەهـا پێویسـتە هەمـوو جـۆرە خەتەنەکـردن و بڕینـی ئەندامـی زاوزێ بووەسـتێنرێت. لـە هەمـان کاتـدا ئـەوان لـەم هەسـتیارییە تێدەگەیـشتن و ئـاگاداری ئـەوە بـوون کـە خەتەنـە تـا چەنـد دەتوانـێ زیـان بـە خۆیـان بگەیێنـێ یـان لەلایـەن فێمینیسـتە ڕادیکاڵترەکانـەوە هێـرش بکرێتـە سـەری.

شێوازە باوەکانی خەتەنەکردنی کچان و ژنان (بڕینی ئەندامی زاوزێ)



● وێنەی ٢٩٣ – ڕوونکردنەوەی هەموو جۆرەکانی خەتەنە / شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی ژنان

بـەم هۆیـەوە زۆر خۆمانـی و بـە سرتـە ئـەم باسـەمان دەکـرد. هـەر وەک پێـشتر گوتـم هەژموونیـی گوتـاری فێمینیزمـی ڕادیـکاڵ و زۆر جاریـش نازانسـتیانە بـە سـەر بابەتـی خەتەنەکردنـی کچـان و ژنانـدا کاریگـەری لـە سـەر خوێندنـەوەی لیبراڵیانـەی ئـەم بابەتـە دانـاوە و هەندێـک جـار تەنگـی بـە توێـژەران و بەتایبـەت توێژەرانـی پیـاو هەڵچنیـوە.

لـەو سـاڵانەدا کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی بەرامبـەر بـە پرسـی خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان لـە هەمیشـە هەسـتیارتر بـوو، تـا ئـەو ڕادەیـەی کـە تەرخانکردنـی بوودجـە بـۆ کارکـردن لەسـەر ئـەم بابەتـەی خسـتبووە نـاو کاری سیاسـەتدانانی وڵاتانـی وەکـوو ئەمریـکا، بەریتانیـا و یەکێتیـی ئەورووپـاوە. خـودی هـیلاری کلینتـۆن لـە سـاڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥دا مانـۆڕی سیاسـی و پڕوپاگەندەیـی لەسـەر ئـەم بابەتـە دا و بوودجەیەکـی زەبەلاحـی بـۆ کەمکردنـەوەی ڕێـژەی خەتەنەکـردن لـە هەندێـک وڵاتانـی ئەفریقایـی تەرخـان کـرد.

هـەر لـەو پێوەندییەشـدا، لـە سـاڵی ٢٠١٢دا، سـیمینارێک لـە ئەمریـکا بـە سـەرۆکایەتیی هـیلاری کلینتـۆن کـە ئـەوکات وەزیـری دەرەوەی ئەمریـکا بـوو، بەڕێـوە چـوو و منیـش بانگهێشـت کـرام، بـەڵام بەهـۆی گرژیـی پێوەندییەکانـی نێـوان حکوومەتـی ئێـران و ئەمریکا، بەشـداریم نەکـرد. بـە گشـتی پرسـی خەتەنەکردنـی کچـان و ژنان بـۆ جیهانی ڕۆژاوا بـەردەوام گرنـگ بـووە و هەیـە، هەرچەنـدە لـەم سـاڵانەی دواییـدا ئـەم خولیـا و جـۆش و خرۆشـە کـەم بووەتـەوە و چـیتر وەکـوو جـاران بوودجـە بـۆ کارکـردن لـە سـەر بابەتـی خەتەنەکردنـی ژنـان و کچـان تەرخـان ناکرێـت. دیـارە ئـەم ستراتیـژەی ئێسـتا بـۆ بنبڕکردنـی خەتەنـەی کچـان و ژنـان لـە جیهانـدا تـا سـاڵی ٢٠٣٠، کـە لـە لایـەن نەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە پلانـی بـۆ دانـراوە، پێناچـێ بگاتـە ئامانجەکـەی.

گۆڕینی ڕوانگەی بابم

بەردەوام لە نێوان قیشم و تاران گەشتم دەکرد و بۆ بینینی بنەماڵە و چاودێریکردنی پرۆژەی خەتەنەکردن دەگەڕامەوە بۆ کوردستان. بابم و زڕدایکم جارجار تووشی قڕە دەبوون و دەبا بچووبام نێوەندگیری و کوێخایەتیم بکردایە بۆ ئەوەی ئاشت ببنەوە. بە هۆی کارەکەمەوە بە شێوەی لۆژیکانە و مەنتیقی مامەڵەم لەگەڵ کێشەکان دەکرد و هەر ئەوەش وای کردبوو کە خانەوادەکەم و خزمەکانم متمانەیان پێم هەبێ و بۆ هەندێک لە ئاریشە و گرفتەکانیان پرسم پێ بکەن. لەو ماوەیەدا زۆر جار دیدارەکانم لەگەڵ بنەماڵە بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکی و کێشانە بەسەر دەبرد. بابم دڵخۆش بوو و شانازی بەوەوە دەکرد کە کوڕە گەورەکەی لە نێو خزم و ناسیاوەکانیدا وەها پێگەیەکی هەیە و ئەمە بوو بە مەڵهەم و هەتوانێک لە سەر ئەو گاڵتەپێکردنانەی کە لەبەر پرۆژەی خەتەنەکردنی کچان و ژنان ئاراستەی دەکرا. بڕیارم دا ڕژدتر و جددیتر لەگەڵ بابم قسە بکەم و پێی بڵێم بۆچی بەم هەموو چەرمەسەرییەوە کار لەسەر پرۆژەی خەتەنەکردنی کچان و ژنان دەکەم.

بابم ویستی بچێتە تاران کە منیش لەگەڵی چووم. خۆی لە پشت فەرمانی ئۆتۆمبێلەکە دانیشت. نەترسانە لێی دەخوڕی و هەمیشە منی دەترساند. من سەری گفتوگۆم کردەوە و زۆر سادە و خۆمانە وتم: "خەتەنەکردنی کچان و ژنان زیان بە ئارەزووی سێکسییان دەگەیەنێ و کاتێک شوو دەکەن ناتوانن خواستە سێکسییەکانی خۆیان و مێردەکانیان بە شێوەیەکی سروشتی تێر بکەن. ئارەزووی سێکسییان دادەمرکێ و هەر ئەمەش گوشاری دەروونیی دووقات بۆ هەر دوو لا دروست دەکات. هەروەها ڕەنگە شووەکەی وردە وردە بچێتە لای ژنێکی دیکە و ژنەکەش بچێتە لای پیاوێکی دیکە، واتە خەتەنەکردنی ژن لەوانەیە وا بکا کە ژن و مێردێک نە پێیوەندییەکی سێکسیی سۆزدارانە و نە پێیوەندییەکی سێکسیی تەندروست لە نێوانیاندا بیچم بگرێت. لێک سارد دەبنەوە و تەڵاق لە یەکتر وەردەگرن. خەتەنە شیرازەی خێزان و داهاتووی منداڵان لە ناو سیستەمێکی هاوسەرگیریدا دەخاتە مەترسییەوە و ئەوەی کە خەتەنە چ بۆ کوڕ یان چ بۆ کچ، دەستدرێژیکردنە سەر هەرێمی تایبەتیی منداڵانە. دەبێ کاتێک گەورە بوون خۆیان بڕیاری لەسەر بدەن..." هەوڵم دا بە زمانێکی سادە بابەتەکەی بۆ ڕوون بکەمەوە.

لە لادێ زۆر باسی ئەو بابەتانەم بۆ خەڵک دەکرد، بەڵام لە ژینگەی نەریتیی ئێمەدا زۆر زەحمەت بوو کە لەگەڵ بابم باسی ئەو بابەتانە بکەم. هەستم دەکرد خێرایی لێخوڕینەکەی زیاتر دەبوو و جارێکیش خەریک بوو تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بێت. داوام لێکرد لە گۆشەیەکدا بووەستێت. شوێنەکەمان گۆڕی و من لە پشت فەرمان دانیشتم.

بابم بە شێوەیەکی لۆژیکی بابەتەکەی شی کردەوە و قسەی دەکرد. زۆر کونجکۆڵ ببوو و پرسیاری کرد: خەتەنە چییە؟ کوێ دەبڕن و تۆ بڵێی ئەو ژنانەی کە خەتەنە دەکرێن ئارەزووی سێکسییان کەمە؟ ئینجا بە گاڵتە و جەفەنگەوە وتی: "کەواتە دایکت خەتەنە کرابوو وا ئارەزووی نەبوو؟ دەتگوت ..." پێم سەیر بوو و جێی شانازیش بوو کە لەگەڵ بابم لە سەر ئەم بابەتە قسەم دەکرد.

● وێنەی ٢٩٤ – کۆتایی حەوتە لەگەڵ بابم، نەغەدە، ١٣٩٠ی هەتاوی (٢٠١١)

دوای ئەو ڕۆژە کە خەڵک لە کۆبوونەوەدا دەیانویست تیتاڵیم پێ بکەن، بابم بە پێچەوانەی جاران سەری قسەی نەدەگۆڕی. مەردانە دەهاتە پێشەوە و دەیگوت: "جا ئەنگۆ چووزانن کامیل و ڕەفیقەکانی چ دەکەن! کارەکەی هەم شەرعییە و هەمیش ئینسانییە. ئەوان هەوڵ دەدەن خانەوادەکان لەو موشکیل و گرفتانەی کە تووشی تەڵاق و ماڵوێرانییان دەکا نەجات بدەن، ئەنگۆ خورافاتین و نازانن ئەوان چ دەکەن، ئەسڵەن ئەمە چمان داوە عەورەتی منداڵەکانمان ببڕین؟!" کاتێک بابم قسەکانمی قبووڵ کرد، زیاتر لێم ڕوون بۆوە کە خەڵکی خۆمان چەندە پەروەردەهەڵگرن و بە هۆی ناوشیارییەوە دەناڵێنن. دەبێ هەموو بابەتێک لە کات و شوێنی خۆیدا بۆ خەڵک باس بکرێ و بە پێی ئاستی زانست و وشیارییان بیاندوێنی و بۆم دەرکەوت کە ئەگەر خەڵک خۆیان ئاگا و وشیار بن و بزانن کە تێگەیشتن و فامکردنیان لە نەریتەکان هەڵە بووە و یان فەلسەفەی ئەنجامدانی ئەو نەریتە ئیتر لە ناو چووە و پێویست ناکا ئەنجام بدرێ، ئەوە خۆیان خۆ بە خۆ ئەنجامدانی ئەو نەریتە دەوەستێنن و یان شێوازی ئەنجامدانی دەگۆڕن. بە بینینی کەسانی دەوروبەرم و لە مەیدانی کاردا زۆر بە باشی بۆم ڕوون بۆوە کە خەڵک بەردەوام نەریتەکان نوێ دەکەنەوە و خەڵک خۆیان فاکتەری گۆڕانکارین، هەرچەندە لە هەندێک حاڵەتی وەکوو خەتەنەکردنی کچان و ژنان‌دا، لەبەر ئەوەی بابەتەکە لە زۆر ڕووەوە بڤە و تابۆیە پێویستی بە کاتی زیاترە. لە زۆر حاڵەتدا بە ئەزموون بۆم دەرکەوتبوو کە ئاگادارکردنەوەی خەڵک زۆر لە یاسادانان کاریگەرترە.

کۆڵەکەی بنەماڵە ڕووخا

حەوتی ڕێبەندانی ١٣٩١ی هەتاوی (٢٦ی ژانڤییە/کانوونی دووی ٢٠١٣) بەیانیی زوو تەلەفۆنەکەم زەنگی لێدا، کاک حسێنی زاوامان بە بێ یەک و دوو وتی: "کامیل بابت هیچ حاڵی باش نییە، وەرەوە" بابم پێشینەی نەخۆشیی سی هەبوو. چەند مانگێک لەوەوبەر لە تاران، پزیشک پێی ڕایگەیاندبوو کە سییەکانی لە دۆخێکی باشدا نین و تاکە ڕێگای دەربازبوون لەم نەخۆشییە وازهێنان لە جگەرەکێشانە، بەڵام بێسوود بوو و بەردەوام جگەرەی دەکێشا. چەند ڕۆژێک بەر لە جەژنی قوربان بوو کە قسەم لەگەڵ کردبوو، کەمێک سەرمای ببوو و کێشەیەکی وای نەبوو. گێژ و کاس بووم کە شەفەق هات بە دوامدا. شەفەق لە تاران دەژیا و هەموو ڕۆژێک دەچووینە کتێبخانەی میللی بۆ ئەوەی لە سەر پرۆژەی هاوسەرگیریی منداڵان کار بکەین. من لە پشت فەرمانەکە دانیشتم بۆ ئەوەی بچمە تێرمیناڵی ئازادی. دڵم لێدەدا کە شتێک قەوماوە. دیسان تەلەفۆنم بۆ زاواکەمان کردەوە و وتم: "برا خۆ منداڵ نیم .... پێم بڵێ چ بووە؟" بە گریانەوە وتی: "کامیل بابت ئەمری خوڵای کردووە ...." دارِمام .... . بابم دوای نوێژی بەیانی بە هۆی سەکتەی دڵەوە مردبوو.

● وێنەی٢٩٥- سەرەخۆشیی بابم لە مزگەوت، پیرانشار، ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی (٢٠١٣)

ئۆتۆمبێلەکەم لە قەراخ ئوتووبانەکە ڕاگرت. هەموو جەستەم دەلەرزی، سەرم گەرم داهاتبوو، هەناسەم سوار ببوو. شەفەق لە پشت فەرمان دانیشت و منی گەیاندە فرۆکەخانە. لە هەر دوو گەشتی ورمێ و تەورێزدا کورسیی بەتاڵم نەدۆزیەوە. ئۆتۆمبیلێکم گرت تا بمباتە پیرانشار و چەند کاتژمێرێکم بە وەڵامدانەوەی تەلەفۆنی بنەماڵە و کەسوکارم بەسەر برد، کە داوایان لێدەکردم با تەرمەکە بنێژین. دیسانیش نەگەیشتم و بابم لە غیابی مندا بە خاک سپێردرا.

لە ڕۆژانی پرسەی بابمدا هەموو شتێک بە لامەوە بێ‌مانا بوو و دەتگوت لە ناو فەزایەکی پڕ تەم و مژدام. دارِمابووم. دەبێ چی بکەم؟ دووکان، ماڵ، کانیی خوشکم کە تەمەنی تەنها بیست و یەک ساڵ بوو ... بیستبووم دەڵێن مەرگی برا پشت دەشکێنێ

و مەرگـی بـاب کۆڵەکـەی مـاڵ دەڕووخێنـێ، مـن ئەمـەم ئەزمـوون کـرد ... کاتێـک دایکـم و کامیـار مـردن، توانیـم ڕواڵەتـی خـۆم بپارێـزم ... بـەڵام مردنـی بابـم لـە پێـی خسـتم. لەبـەر دەرگای مزگەوتەکـە ڕاوەسـتابووم و تەنهـا بـە سـەرلەقاندن وەڵامـی سەرەخۆشـییەکانی خەڵکم دەدایـەوە. هەمـوو کارەکانـم بـە مامـم و ئەوانـی تـر سـپارد. شـەوی یەکـەم هەمـوو ژنەکانـی خـزم و کـەس لـە ماڵـی ئێمـە بـوون و بەپێـی ڕەسـم و یاسـا ناچـار بـووم بچمـە دەرەوە، بـەڵام لـە مـاڵ مامـەوە و لـە ژووری کانـی خەوتـم. یەکێـک لـە سـەختترین شـەوەکانی ژیانـم بـوو، وەخـت بـوو شـێت بـم.

بـە درێژایـی ئـەو شـەوە لـە ژووری جلگۆڕینـی حەمامـە بچووکەکـەدا، کـە تاکـە شـوێنی خەڵوەتـی ماڵـەوە بـوو، بـە دەوری خۆمـدا جینگڵـم دەدا و فیکـر و خەیـاڵ هەڵیگرتبـووم. ئامۆژنـم بـۆ نوێـژی بەیانـی لـە خـەو هەڵسـا و بـە زۆر بردمیـە ژوورەکـەی کانـی. نەمدەزانـی دوای سەرەخۆشـیی بابـم چـی بکـەم؟ وەک کـوڕی گـەورە دابەشـکردنی میـرات و زۆر شـتی تـر ئەرکـی مـن بـوو و بـەردەوام بیـرم لـەوە دەکـردەوە "ئێسـتا چـی بکـەم؟ کاری پرۆژەکـەم چـی بەسـەر دێـت؟ لـە کـوێ بژیـم؟ ماڵەکـەم لـە تـاران بـوو، نووسـینگەکەم لـە قیشـم و بـە گشـتی، ژیانـم شـێوازێکی تایبەتـی بـوو.

دیسان دڵتەنگیی هەمیشەیی ئەوکی گرتمەوە. دڵم پڕ بوو و ئەوەندەی دیکە ئازاری دەدام. شەوی دووەم لە پرسەی پیاواندا لای مامم دانیشتبووم کە شتێکی سەیرم بەدی کرد. دوای مردنی بابم هەمووان وەک گەورەی ماڵ ڕەفتاریان لەگەڵ دەکردم، تەنانەت گەورەکانیش لە بەرم هەڵدەستان و هەمووان تەنانەت مامم و خاڵم و ئامۆزاکانم پێیان دەگوتم کاک کامیل. لەم ساڵانەی دواییدا بابم ببوو بە گەورەی خانەدان و جێگەی مامە حەوڵای گرتبۆوە. سەرەڕای ئەوەی کەش و هەوای ماڵبات و بۆنە و پەیوەندییەکان زۆر گۆڕابوو، بەڵام هێشتا لە هەندێک پرس و ڕووداودا گەورەکان کێشەکانیان یەکلایی دەکردەوە. وەک شتێ دوای مردنی پاشا تاجی پاشایەتیم لەسەر دانرا و بوومە سەرۆکی بنەماڵە.

● وێنەی ٢٩٦ – بابم و کامیار، ماڵی پووره کولسووم، گوندی گرداشەوان، ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی (٢٠٠٨)

ئـەو شـەوە هەمـوو سـەرقاڵی باسـی ئابووریـی ئێـران و جگەرەکێشـان بـوون. هەسـتم دەکـرد ئـیتر ناتوانـم لـە ژوورەکـەدا بمێنمـەوە. نازانـم ئـەوە دووکەڵـی جگـەرە بـوو کـە هەناسـەی سـوار کردبـووم یـان ئـەو شـوێنەی کـە ژووری بابـم بـوو و زۆر چـۆڵ بـوو. چوومـە

پارکینـگ، سـەرم خسـتە سـەر کاپووتـی ئۆتۆمبێلەکـەی بابـم و تێرتێـر بـە دڵ گریـام. کـە گەڕامـەوە ژوورەکـە ئـارام ببوومـەوە، هەسـتم دەکـرد قـەرزداری بابمـم، چونکـە لـەم دواییانـەدا زۆر کـەم قسـەم لەگـەڵ کردبـوو. ئـەو پێوەندییـەی کـە لـە تەمەنـی تازەلاویـدا هەمیشـە ئاواتـم بـۆ دەخواسـت، دوای کۆچـی دوایـی دایکـم و هاتنـەوەم بـۆ ئێـران و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بیچمـی گرتبـوو. زۆر لێـک نزیـک بووینـەوە، ببووین بـە هـاوڕێ، ئێسـتا هاوڕێکـەم مردبـوو ...

دوای مردنـی بابـم زۆر بـە خێرایـی هەمـوو شـتێک گـۆڕا و مـاڵ و کار و ژیانـم لـە تـاران و قیشـم کـۆ کـردەوە و گەڕامـەوە بـۆ پیرانشـار. دوو هـاوکارم وەک بەرپرسـی گرووپـەکان هەڵبـژارد و ئەرکەکانـی پرۆژەکـەم خسـتە ئەسـتۆی ئـەوان. کـە پرسـە و سەرەخۆشـی تـەواو بـوو، دوو بابەتـی زۆر گرنـگ هاتنـە ئـاراوە. یەکـەم: کانـی خوشـکم کـە هێشـتا سـەڵت و لـە ماڵـی بابمـدا بـوو و ئـەوی دیکـەش باوەژنەکـەم بـوو. چەنـد خزمێکـی زڕدایکـم هاتنـە لای مـن و مامـم و وتیـان بـە گوێـرەی دیـن و شـەرع ئـەم خاتوونـە دەبـێ هەتـا چـل ڕۆژ لـە ماڵـی مێردەکەیـدا بمێنێتـەوە و حـەد ڕابگرێـت. لـە کۆمەڵـگا ئیسلامییەکانـدا کـە زۆر پابەنـدی نەریـت و ئایینـن، کاتێـک مێـرد دەمـرێ، ژن دەبـێ دوو جـار بکەوێتـە بێنوێـژی یـان سـووڕی مانگانـە، بـۆ ئـەوەی دڵنیـا بـن کـە ئـەو ژنـە لـەو پیـاوە مـردووە دووگیـان نییـە و ئینجـا ئـەو ئافرەتـە بـۆی هەیـە ماڵـی مێـردە کۆچکردووەکـەی بـە جـێ بهێڵـێ و داوای میـرات بـکات. بـۆ مـن کـە وردەکارییەکانیـم بـە باشـی نەدەزانـی زۆر سـەیر بـوو.

زڕدایکـم بـەردەوام دەگریـا و دەیگـوت لەگـەڵ کانـی دەمێنێتـەوە و نیـازی ڕۆشـتنی نییـە. دەیگـوت: "مـن ئـەم خێزانـە بەجـێ ناهێڵـم و نابـێ گڵۆپـی ئـەم ماڵـە بکوژێتـەوە، ئێـرە مـاڵ و حاڵـی منـە و مـن پێـی وەفـادارم". خـودا خـودام بـوو کـە ئەمـە ڕوو بـدا، بـەڵام کەسـانی دەوروبـەرم، بەتایبەتـی پـوورم و مامەکانـم دەیانگـوت "ڕۆڵـە گیـان تـۆ زۆر شـت نازانیـت! زڕدایکـت جـارێ گەرمـە ئـەم قسـانە دەکا بەڵام بە خـوا دەڕوا، خۆشـی دابنیشـێ، بنەماڵەکەی ناهێڵـن. ژنێکـی سـەربەخۆ نییـە کـە بـە تەنیـا بڕیـار بـدا و لـە سـەر قسـەی خـۆی سـوور بێـت." قسـەی ئـەوان ڕاسـت دەرچـوو، ڕۆژێکیـان باجیـم (زڕدایـک یـان بـاوەژن) کـە ئێمـە وەک یادگاریـی بابـم سـەیرمان دەکـرد، لەبـەر زەخـت و گوشـاری خانـەوادە و کۆمەڵـگا ناچـار کەلوپەلەکانـی کـۆ کـردەوە و چـوو بـۆ ماڵـی براکـەی. پوورەکانـم بـۆ بەڕێکردنـی هاتبـوون و هەموویـان دەگریـان. وەبیـر ڕۆشتن یـان بـاشتر بڵێـم، بـە زۆر بردنـی ژنەکـەی کامیـار کەوتمـەوە و ئەوەنـدەی دیکـە حاڵـم تێـک چـوو. هـەر ئـەو ڕۆژە کانـی لـە زانکـۆ هاتـەوە کـە خۆزگـە کەمێـک درەنـگتر بهاتبایـەوە و ڕۆیشـتنی باجیمـی نەبینیبـا ...

ڕۆژێـک لـە جەنگـەی دابەشـکردنی میـرات و بەشـەماڵ و سـەدان کاغـەزی تـری ئیـداری و جێبەجێکردنـی کاروبـاری دووکان و تەنیامانـەوە لـە نـاو ماڵێکـی کـپ و بێدەنگـدا، کاتێـک لـە ئیـدارەی ماڵیاتـی مەهابـادەوە بـە نـاو جـادە کوێسـتانییەکانی مەیدانـدا دەگەڕامـەوە بـۆ

پیرانشـار، لـە قـەراغ جادەکـە ڕامگـرت و هەتـا هێـزم تێـدا بـوو پـڕ بـەو شـاخ و کێـوە هـاوارم کـرد. مـن لـە ژێـر گوشـارێکی دەروونیـی زۆردا بـووم، باجیـم ڕۆیشـتبوو و مـن و کانـی وەکـوو دوو منداڵـی هەتیـو لـەو ماڵـە گـەورەی بابمـان تـاک و تەنیـا مابووینـەوە و بـوون و بەزەیـی کەسـانی دیکـە تەنیـا زامەکانمانـی دەکولانـدەوە. مردنـی بابـم گورزێکـی کوشـندە بـوو، کوشـندەترین گورزێـک بـوو کـە هەتـا ئـەو کاتـە لێـم کەوتبـوو. ئەوەنـدە هـاوارم کردبـوو کـە هەتـا بەینێـک دەنگـم نووسـابوو. بـەڵام بـەو هاوارانـە هێـور بوومـەوە.

بەرکەوتنی من لەگەڵ مەرگ

مـردن واتـە کۆتایـی، واتـە تەواوبـوون و هـەر لەبـەر ئەوەشـە کـە مـەرگ بـۆ زۆربـەی مرۆڤـەکان ترسـناکە. یەکـەم بەرکەوتنـم لەگـەڵ مـەرگ لـە هەڕەتـی منداڵیـدا ڕووی دا. یەکێـک کـە هەبـوو، بـەڵام ئێسـتا نەمـاوە ... تاڵتریـن چرکەسـاتی بینینـی مـەرگ هـی پیرەمێردەکـەی دراوسـێمان بـوو کـە لـە شـەڕی نەغـەدەدا کـوژرا. هەمـان ئـەو پیرەپیـاوەی کـە بەیانییـەک لـە مـاڵ هاتـە دەرەوە بـۆ ئـەوەی نـان لـە خزمەکەیـان بـە قـەرز وەربگـرێ، بـەڵام قەنـاس بەدەسـتێک کوشـتی. دەنگـی تەقـە و بۆنـی بـارووت و جەسـتەیەکی شـەڵاڵی خوێـن بـۆ منێکـی منـداڵ زۆر تۆقێنـەر بـوو. دووەم جـار کـە لـە منداڵیـدا ڕووبـەڕووی مـردن بوومـەوە، مەرگـی زڵێخـای ئامۆژنـم واتـە ژنـی یەکەمـی مامەقـادری ئامـۆزای بابـم بـوو. پێیـان وتیـن زڵێخـا مـرد و دەنگـی شـین و شـەپۆرِ وڵاتـی تەنییـەوە. ژنەکانـی خـزم و کـەس و حەلیمـەی کچـی سـەر و بسـکی خۆیـان ڕنـی و بـە نینـۆک ڕوخسـاری خۆیـان برینـدار کـرد، مردووەکەیـان دەلاوانـدەوە و دەیانقیژانـد و نـاوی دادە زڵێخایـان دەهێنـا. تەرمەکـەی لـە ناوەڕاسـتی حەوشـەکەدا کەوتبـوو و کۆمەڵـێ ژن دەیانشـت. لەبـەر ئـەوەی منـداڵ بـووم، بوونـی مـن لـەوێ بـە لایانـەوە کێشـە نەبـوو. شـەو بـوو و جگـە لـە مـن، چەنـد منداڵـی دیکـەش لـەو حەوشـەدا بـوون. لـە ژێـر داوێنەکـەی دایکـم و نەنکمـدا بـۆ چەنـد چرکەسـاتێک لـە کەسـێکم ڕوانـی کـە کەمێـک پێـش ئێسـتا بـوو و ئێسـتا نییـە.

منـداڵ بـووم و لـە مـەرگ تێنەدەگەیشـتم. بـەڵام ئێسـتا کـە گـەورە بـووم ناتوانـم بەرگـەی نەمانـی کتوپڕی مرۆڤـەکان بگـرم. "دایکـی ئامۆژنـە زڵێخـا" خەڵکـی باشـوور بـوو و هەمیشـە بـە تەڕپۆشـی و پۆشـتە و پەرداخـی دەمبینـی. بـەردەوام گوێـی لـە عـارەب عـوسمان دەگـرت، چونکـە گۆرانیبێـژی دڵخـوازی بـوو، بـەڵام ئـەو شـەوە چاوەکانـی قووچاندبـوو و بێجووڵـە لـە ناوەڕاسـتی ئـەو حەوشـەدا دایاننابـوو .... لەبـەر ئـەوەی پیـر بـوو جەسـتەی چـرچ و لۆچـی تێکەوتبـوو. چەوریـی زۆر و زگـی چەندیـن چینـی تێکەوتبـوو. هەسـتم دەکـرد دەموچـاو و جەسـتەی شـین و ڕەش ببـوو. لـە پارچەیەکـی سـپیدا پێچایانـەوە و پیـاوەکان هەڵیانگـرت و

بردیان بۆ مزگەوت و لەوێشەوە بۆ گۆڕستانی ناوچەیەک بە ناوی کۆنەخانێ و ناشتیان. ئەو سەرەخۆشییە شایی ئێمە منداڵان بوو، چێشت و خورمامان دەخوارد و هەموو شتێک بە لامانەوە وەک مێهرەجان بوو.

● وێنەی ٢٩٧ – هاشمی ڕەفسەنجانی لە پەرڕاوێزی وتاردانی تاڵەقانی و ڕوانینی قورسی دوو پێشمەرگە، سنە، ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩)

دواتر کە پێکدادانەکان لە شاردا ڕوویان دا، لە گەڵ تەرمی مردوودا ڕووبەڕووبوومەوە. کە پێشمەرگەیەک دەکوژرا، ڕۆژی دواتر تەرمەکەیان دەخستە پشت ئۆتۆمبێلی سەربازی و بە دەم دروشمدانەوە بە ناو شەقامەکانی شاردا دەیانگەڕاند. پێم وایە ئەو دەم تەمەنم یازدە ساڵ بوو کە یەکێکیان هێنا و تەرمەکەیان خستبووە بەر دەم مزگەوتی گەورەی شار. سپاییەک کە نازانم چ پۆستێکی هەبوو بە تەنیا هاتبووە ناو حەشیمەتەکە، بە دەوری تەرمەکەدا دەسووڕایەوە و جنێوی پێ دەدا: "ئەمە هەر ئەو کابرایەیە وا دوێنێشەو لە بڵیندگۆی مزگەوتەکەوە بانگەشەی دەکرد، ئەم نەفرەتییە هەر ئەوەیە وا ئەو ڕۆژە لە پێکدادانێکدا هاوڕێیەکمی کوشت!" هێشتاش دەموچاویم لە بیرە، پێشمەرگەکان قژیان درێژ بوو، قژی درێژی ئەم لاوە خوێناوی بوو و وەکوو زۆربەی پێشمەرگەکان کەواوپاتۆڵێکی خاکی لەبەردا بوو و پشتوێنەکەی درێژ بوو، چونکە پشتێونی درێژ بۆ خەشاب و نارنجۆکەک باشتر بوو. پێڵاوی ئادیداسیشی لە پێدا بوو، کە هەموو دەیانزانی هەڵبژاردنی زۆربەی پێشمەرگەکانە. ئەو تەرمەیان بە تکا و پاڕانەوە لە دەستی پاسدارە تووڕەکە دەرهێنا.

چەندین جار شاهیدی ئەوە بووم کە تەرمی پێشمەرگەکانیان دەهێنایە مزگەوتی گەڕەکمان و لەسەر سەکۆیەک دایاندەنا و نوێژیان لەسەر دەکردن. کاتی شۆردنی تەرمەکان شوێنەکە خوێناو هەڵیدەگرت و نەیاندەبردنە بنکە تەندروستییەکان. دەبا زۆر بە هێمنی بیانناشتبایە و سەرەخۆشیش هەر لە بێدەنگیدا بەڕێوە بچووبایە. من لە تافی منداڵی و مێرمنداڵیدا دیمەنەکانی مەرگم لە دەرەوەی فۆرمی ئاسایی خۆی بینی، زۆر

جـار مەرگـەکان زۆر دڵهەژێنانـە ڕوویـان دەدا. بۆردوومانـی شـارەکان بەتایبـەت بۆردومانەکەی پیرانشـار لـە ١٧ی ڕەشـەمەی ١٣٦٣ی هەتـاوی (٦ی مارس/ئـاداری ١٩٨٥) زۆر ترسـناک بـوو و کوژرانـی دەیـان کەسـی لـێ کەوتـەوە. کاتـی ڕاکـردن لـە شـار تەرمەکانـم دەبینـی و مۆتەکـەی ئـەم تەرمانـە هەنـدێ جـار ڕایدەچڵەکانـدم. لـەو سـەروبەندەدا بـە ترسـناکترین شـێوە شـاهیدی مەرگـی بەکۆمـەڵ بـووم.

کۆتاییەکانـی سـاڵی ١٣٦٣ی هەتـاوی (١٩٨٥ز) وێنەیەکـی تـری مردنـم بینـی کـە هەتـا ئێسـتاش وێنەکـەی لەبـەر چاومـە. تەرمـی سـەربازێکی ئەرتەشـیان هێنایـەوە کـە ڕەوانـەی بەرەکانـی جەنـگ لـە سـۆمار و باشـووری ئێـران کرابـوو و ماوەیەکـی زۆر بێسەروشـوێن بـوو. کاتێـک تەرمەکـە دۆزرایـەوە بـە ئۆتۆمبێلێکـی ئەرتـەش هێنایـان بـۆ گونـد و بێدەنـگ ڕۆیـشتن. وەهـا وشـک و ڕەش ببـووەوە کـە هیـچ لـە مـرۆڤ نەدەچـوو. نـاوی مـام ڕەسـووڵ بـوو، جەوانێکـی جـوان و پێکەوتـوو کـە وەکـوو دار وشـک ببـوو. دۆسـتی کچەکـەی پـوورە کولسـووم بـوو و مـن لـەو کەیـن و بەینـە نهێنییـە ئـاگادار بـووم. تەرمەکـە لـە بیاوانـە گەرمەکانـی باشـووری ئێرانـدا مابـووەوە و بۆنـی گرتبـوو. مامـم دەسـتی کـرد بـە شـۆردنی بـەڵام لەبـەر بۆگەنـی تەرمەکـە خـۆی پێنەگیـرا. وتـم ڕاوەسـتە، چـووم لـە کادێنەکـەی ماڵـێ باپیـرم ئودکڵۆنێکـی لـەو گرانبەهـا و چاکانـەم هێنـا. ئێمـە بەهـۆی بۆردومانـی ئاسمانییـەوە ئـاوارە بوویـن. بابـم دووکانەکـەی کـۆ کردبـووەوە و شـتەکانی لەنـاو کادێنـی ماڵـی باپیـرم دانابـوو.

خـۆ دەمزانـی بابـم شـەڕم لەگـەڵ دەکا، بـەڵام ئیدکۆلۆنەکـەم هێنـا و بـە سـەر تەرمەکـەدا پڕژانـدم. کەیفـم بـەم کارەم هـات. ئـیتر توانیـم لـە تەرمەکـە نزیـک ببمـەوە. ئەویـش لـە دۆخێکـدا کـە هاوتەمەنەکانـم لـە دەرەوە ڕاوەسـتابوون و منیـش لـە سـەر تەرمـی مردووەکـە بـووم. بـەر لووتـم گرتبـوو، ئیدکۆلۆنەکـەم پڕژانـد بـە سـەر تەرمـی مردووەکـەدا و هەسـتم بـە گەورەبـوون و ئازایـی خـۆم دەکـرد، هەتـا بەینێکیـش باسـم دەکـرد، ئەڵبـەت شـەوانەش مۆتەکـە دەیگرتـم. دوای ناشـتنی مـام ڕەسـووڵ بـە پوورزاکەمـم وت (کچـی پـوورە کولسـووم) کـە مـن ئیدکۆلۆنـم لێـدا و شـۆردم.

لـە نـاو کادێنەکـەدا باوەشـی پێداکردبـووم و بۆنمـی دەکـرد، نەیدەتوانـی لای کەسـێک بیدرکێنـێ کـە چەنـدە خەمگینـە، بـەڵام خـەم و پـەژارەی چاوەکانـی زڵێخـا، وەکـوو لاشـەی ڕەش داگـەڕاوی دۆسـتەکەی بـۆ هەمیشـە لـە زەینمـدا مایـەوە. ئـەم ڕووداوانـە وایـان لێکـردم کـە چـیتر سـەیری مـردووەکان نەکـەم و هەتـا ئێسـتاش دەترسـم سـەیری تەرمێـک بکـەم، ڕەنگـە بەهـۆی ئـەو ئەزمـوون و یادەوەرییانـەوە بـێ کە هەسـتێکی خۆشـم بـۆ سـەیرکردنی تەرم نییـە. مـن لـە منداڵـی و مێرمنداڵیـدا چەندیـن جـار شـاهیدی جـۆرە نائاسـاییەکانی مـەرگ بـووم و بـۆ ماوەیەکیـش شـەوانە مۆتەکـە دەیگرتـم. وردەکارییەکانـی مۆتەکـە و دێوەزمەکانـم

لەبیر نییە، بەڵام لە هەموویاندا تەرمگەلێکم دەبینی کە پەلێکی جەستەیان قرتابوو بەڵام زیندوو بوون و دەیاندواندم.

دەستگیرانداری لەگەڵ شەفەق و دابەشکردنی میرات

کانی لە زانکۆی ورمێ دەیخوێند. من هەستیار ببووم کە کانی لە ڕووی سۆزداری و ماددییەوە هیچ کەموکورتییەکی نەبێت. کاتێک لە کۆتایی حەوتەدا دەهاتەوە ماڵەوە، هەوڵم دەدا ماڵەکە بۆنی چێشتی لێ بێ، خوشکەکانم و پوور و خزمان بانگهێشتیان دەکردین و لە پشووەکانی زانکۆدا دەمبرد بۆ گەشتی نزیک و دوور. هەموو هەوڵێکم دەدا بۆ ئەوەی کەشێکی باشتری بۆ دابین بکەم. کاتێک دوای مردنی بابم گەڕاندمەوە بۆ نووستنگەی زانکۆ، بەپێی یاسا ژمارە تەلەفۆنەکەم دا بە خانمە بەرپرسەکەی ئەوێ و پێم گوت کە من سەرپەرشتیاری یاسایی کانیم و ئەگەر شتێک بوو پەیوەندیم پێوە بکەن.

دەمویست ڕاپۆرتی هەموو شتێکم پێ بدەن و خۆشم پێم سەیر بوو. سەبارەت بە پێوەندی و هاوڕێکانی هەستیار نەبووم، بەڵام نیگەرانی بووم کە نەکا زەختی لێ بکەن. کانی دایک و بابی لەدەست دابوو و مردنی براکەشی بینیبوو ... کاتێک کانیم بە بەرپرسی نووستنگە سپارد، بەرپرسی ئەوێ وتی: "کانی زۆرت باس دەکا و دەڵێ هەر لە تەمەنێکی زۆر کەمەوە لە بەریتانیا خوێندووتانە و لەوێ گەورە بوون. ئەم ڕەفتارە لە شێوازی بیرکردنەوەی بەریتانیاییتان ناوەشێتەوە!" دڵەڕاوکێ دەروونییەکەمی نەدەبینی و وای دەزانی من نیگەرانی دۆستگرتن و پێوەندییەکانیم، بەڵام قسەکانی ئەو بەرپرسی نووستنگە پلووتک و ڕاچڵەکاندنێکی باش بوو و ئاگاداری کردمەوە کە لۆژیکانە و مەنتیقی ڕفتار بکەم.

● وێنەی ٢٩٨ – حەوشەی ماڵی بابم، پیرانشار، ١٣٩٢ی هەتاوی (٢٠١٣)

لەم جەنگەدا بیرم لای شەفەقیش بوو، بەر لە وەفاتی بابم، بابم و خوشکەکانم هاتبوونە تاران کە داوام لە شەفەق کرد کە بۆ میوانییەکی نافەرمی بۆ نانی شێو بێتە لامان. خۆمم یەکلایی کردبۆوە کە هاوسەرگیریی لەگەڵ شەفەق دەکەم. ئەم دیدارە فەرمییەم دۆستانە بەڕێوە برد،

ماڵەوە بزەیان دەهات کە وەک شتێ کامیل ئەو کەسەی پێ ناساندین وا پێی خۆشە بیخوازێت. ئێستا بارودۆخی ژیانم گۆڕابوو و بیرم لە خۆم دەکردەوە کە چی بکەم و چۆن درێژە بە پێوەندییەکە بدەم؟ دەمەوێ لە کوێ بژیم؟ نە دەتوانم بگەڕێمەوە بۆ تاران و نە دەتوانم لە پیرانشار بمێنمەوە. ئەرێ بەڕاست نیازی ژنهێنانم هەیە؟ پلانێکی دیاریکراوم نەبوو و نەمدەزانی چی بکەم. بەڵام بەردەوام تەلەفۆنی لەگەڵ شەفەق قسەم دەکرد. دەمزانی پێوەندییەکەمان بە هاوسەرگیری کۆتایی دێت. بابەتێکی تر کە دەبوو هەرچی زووتر یەکلاییم بکردایەتەوە، میرات و دابەشکردنی بەشەماڵ و کاروبارە یاساییەکانی پەیوەست بە دابەشکردنی میرات بوو. خوشک و براکانم هەر یەکەیان ژیانی خۆیان هەبوو و من و کانی لە خانوویەکی گەورەدا بەجێ مابووین کە بە ڕۆشتنی باجیم ئەوەندەی دیکە تەنیا ببووین. لە پاشنیوەڕۆیەکی خەفەتهێنەر کە کانی ڕۆیشتەوە بۆ ورمێ، چەندین کاتژمێر دانیشتم و بیرم لە ژیانم کردەوە. کپ و بێدەنگ هەر وا مابوومەوە و متەقم لێ بڕابوو. قوڕگیشم وشک ببوو و تەنها پێم خۆش بوو بگریم.

● وێنەی ٢٩٩ – من و شەفەق، مەهاباد، ١٣٩٢ی هەتاوی (٢٠١٣)

هەوڵم دا واقیعبینانەتر سەیری ژیانم بکەم. دەمبینی بە ڕۆشتنی بابم هەموو شتێک گۆڕاوە. سەرلێشێواو و پەرێشان لە ماڵ دەرچووم. سواری ئۆتۆمبێل بووم و چوومە ورمێ. شەوەکەم لە هۆتێلێک کە نزیک نووستنگەی کانی بوو، ڕۆژم کردەوە. دەمویست لە کانی نزیک بم. کانی تەنیا کەسێک بوو کە بە شێوەیەکی بەرچاو لە ژیانمدا بوونی هەبوو. ڕۆژی دواتر هەستم بە بێدەرەتانی کرد. نەمدەویست بە تەنیا بگەڕێمەوە بۆ ئەو خانووە گەورە و چۆڵە. بۆ خۆم شار بە شار دەگەڕام چوومە تەورێز، سەرعین، و ... وەکوو مریشکێکی سەربڕاو هەدادانم نەبوو. کانی کە تاکە کەسێک بوو کە دەیتوانی چرای ماڵەکەم بۆ داگیرسێنێ لە زانکۆ بوو و زڕدایکیشم لە ماڵ ڕۆیشتبوو.

زۆر هەوڵم دا دوای بابم دووکانەکەی ئاوەدان بکەمەوە. لەگەڵ ئەوانی تر ڕێک کەوتین کە دووکانەکە بە کراوەیی بمێنێتەوە و لەو شارە بچووک و کۆمەڵگە نەریتییەدا لەناکاو دانەخرێت. دەمزانی ئەم ڕەوتە ناتوانێ بەردەوام بێ، بەڵام ئەو خاتوونەی دووکانەکەی بەڕێوە دەبرد لە کارەکەی بەردەوام بوو و منیش لە ورمێوە کەلوپەلم بۆ

دەکرِی. ئیتر فێر بووم چ مۆدیلێکی مانتۆ بکرِم کە بازاڕی هەبێت. مانگێکی مابوو بۆ وەرزی خوێندن و کرانەوەی قوتابخانەکان و دووکانەکەش بۆ کرِینی یەکپۆشیی قوتابخانە و کیف و جانتا بازاڕی گەرم ببوو و هەموو دڵخۆشیم ئەوە بوو کە خەریکی کار دەبم و کەمێک لە خەمەکانم کەم دەبێتەوە.

لە دڵی خۆمدا بیرم دەکردەوە، بۆ بازاڕکردن دەچمە تاران. کانی و منداڵەکانی مەحبووبە و تەبیبەیش دێن و لە فرۆشتندا هاوکاری دەکەن و حاڵ و هەوام دەگۆڕێت. دوای ئەو چەند ڕۆژەی کە بە بارێکی دەروونیی خراپەوە لە ماڵ دەرچووم، بڕیارم دا لە کاروباری ئیداریی دابەشکردنی میرات دەست پێبکەم. هەرچەندە خزم و کەسە نەریتخوازەکان دەیانگوت جارێ زووە بەڵام زۆر جار بینیبووم کە درێژبوونەوەی ئەم پرۆسە ناکۆکیی لە ناو خێزانەکاندا دروست کردووە. بانگهێشتی مەلای مزگەوتی گەڕەکم کرد و ڕیش سپییەکانی تایفەم کۆ کردەوە بۆ ئەوەی هەموو شتێک لە چوارچێوەی داب‌ونەریتیدا دابەش بکەم. لەبەر ئەوەی ڕێک نەکەوتین، من لە ڕێگای یاساوە کاروبارەکەم ڕاپەڕاند بۆ ئەوەی بە نرخدانان لە سەر ماڵ و ملک دابەشکردنی میراتەکە ئاسانتر ببێتەوە.

● وێنەی ٣٠٠- بابم و کانی، ماڵی بابم، پیرانشار، ١٣٩١ی هەتاوی (٢٠١٢)

بەپێی یاسای ئێران، لە میراتدا پشکی کچ نیوەی کوڕە. من نەمتوانی ئەم جیاکارییە ئاشکرایە قبوڵ بکەم و لەو مەجلیسەی کە بۆ دیاریکردنی پشکی میراتەکە سازم کردبوو، ڕامگەیاند کە دەمهەوێ بەشی میراتی من و خوشکەکانم یەکسان بێت و هەروەها بەشێکیشم بۆ منداڵەکانی ڕەسووڵی برام، واتە پوویا و عەسەل تەرخان کرد. دوای قسەکانم، کەشەکە کەمێک قورس بوو. زۆربەی ئەو خانەوادانەی کە ئەوانیش سەرقاڵی ئەم پرۆسە بوون، ئەم قسەیەی منیان بە دڵ نەبوو و تەنانەت هەندێک لە پیاوان نارەزایەتیان دەربڕِی و وتیان ئەوە یانی چی، بەڵام جەوانەکانی خزم و کەس و ژنان پشتگیرییان لێکردم. مەحبووبە بە هۆی بیروباوەڕەکانیەوە دژایەتی نواند و وتی ئەو بڕِە پشکەی دەوێ کە ئیسلام بۆی تەرخان کردووە و زیاتر قبوڵ ناکات. ڕەسووڵی براشم وتی بیر و باوەڕِی کامیلم قبوڵ نییە و

پەیڕەویی لێناکەم. بڕیار درا تەبیبە و کانی لە پشکی میراتەکەی من پشکی یەکسان وەربگرن. دوای مانگ و نیوێک، هەموو شتێکمان دابەش کرد؛ دووکانەکە بە من و خوشکەکانم بڕا، ماڵەکەش درا بە ڕەسووڵی برام. هەڵبەت چارەکێکی ئەو پشکە درا بە زڕدایکم.

● وێنەی ٣٠١ – دووکانی بابم لە سەرەتای وەرزی خوێندندا، پیرانشار، ساڵی ١٣٩٢ی هەتاوی (٢٠١٣)

دوای ماوەیەکی کەم لە دابەشبوونی میرات، من و شەفەق مەراسیمی دەستگیرانداریمان ئەنجام دا و دواتر ئاهەنگی هاوسەرگیریمان ساز کرد. دوای هاوسەرگیری نەمانویست لە پیرانشار بژین. ماڵی بابم بڕابوو بە ڕسووڵی برام و ئیتر ئێمە هیچ پشکێکمان لەو ماڵەدا نەبوو. لەبەر بەرپرسیارێتیی بەڕێوەبردنی دووکانەکەی بابم و بوونی کانی لە زانکۆی ورمێ هەستێکی خۆشم بۆ ژیانکردن لە تاران نەبوو. بڕیارم دا بچمە مەهاباد، چونکە بۆ دەستپێکردنی ژیانم شوێنێکی باش بوو و مەهاباد بژاردەی پەسەندکراوی شەفەقیش بوو و دەمتوانی لەوێدا هەندێ چالاکی بۆ خۆم دیاری بکەم و پڕۆژەی خەتەنەکردنی کچان و ژنان لە سەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باشووری ئێران درێژە پێ بدەم. جگە لە هەموو ئەمانە، نێوان کانی و دڵنیای پووررزام کە لە مەهاباد دەژیا، زۆر خۆش بوو.

مەهاباد کەشێکی فەرهەنگیی کراوەتری هەبوو، وەکوو پیرانشار نەریتخواز نەبوو، دەستڕاگەیشتن و هاتووچۆ بۆ دووکانی بابم ئاسان بوو. هەرچەندە دوای ئەوەی لە نەغەدەوە بەرەو پیرانشار کۆچمان کرد زۆربەی خزمانی بابیم لە پیرانشار دەژیان، بەڵام لە مەهاباد و شارەکانی دەوروبەریشدا هەندێک خزممان هەبوو و ئەوەش باش بوو. دوای مردنی بابم، زانیم پێگە و بەرپرسیارێتیی من چییە و دەبا بڕۆیشتبایەمە سەرەخۆشیی ئەو کەسانەی کە هاتبوونە سەرەخۆشیی بابم و ئەو کەسانەی کە هاتوونەتە شاییەکەم دەبێ لە بیرم بمێنێ و منیش بچمە ئاهەنگی هاوسەرگیریی ئەوان و بە پێچەوانەشەوە ... ئەو بابەتەم لای شەفەق وروژاند. من لە شەفەقم ڕادەبینی و دەمزانی کە ئاگاداری گۆڕانی بارودۆخەکەیە و ڕازی دەبێ کە لەگەڵمدا بێت. چەند ماڵێکمان لە مەهاباد بینی و گەیشتینە ئەنجامێک. لەم ماوەدا، هەرچەندە هێشتا شەفەقم مارە نەکردبوو

و بـەو پێیـەی وەرزی بازاڕکردنـی قوتابخانـە بـوو و یەکێـک لـە پڕکارتریـن و قەرەباڵغتریـن وەرزەکانـی دووکانەکـەی بابـم بـوو، مـن و کانـی هـەر لـەو بینایـەی کـە بابـم دوای کۆچـی دوایـی دایکـم کارێکـی کـرد کـە بیکـڕم، دەژیایـن. ژیانێکـی خوشـک و برایانـە کـە دوو مانگـی هاوینـی خایانـد و پاشـان چووینـە خانوویەکـی جـوان و بـاش دروسـتکراو لـە نزیـک باخـی میکائیـل یـان هەمـان پارکـی میللەتـی مەهابـاد. کانـی لـە نهۆمـی خـوارەوە و مـن و شـەفەقیش لـە نهۆمـی سـەرەوە دەژیایـن.

بەسەرهاتی خوازبێنی و مارەبڕین و جیاوازییەکانی ناو فەرهەنگی کوردی

کاروبـاری ڕەهنـی ماڵەکـەی مەهابـادم تـەواو کـرد، کەلوپەلەکـەی ماڵـی بـابممان بـار کرد و لـە یەکەکـەی کانیـدا جێگیـر بوویـن. مـن دەمویسـت بچمـە خوازبێنـی شـەفەق، بـەڵام پێـم خـۆش بـوو خۆمـان نیشـانکردنەکە بـە شـێوەیەکی مۆدێرن ئەنجـام بدەیـن و بـە هاوڕێکانمانی ڕابگەیێنیـن. لاوەکانـی بنەماڵـەی شـەفەقم بانگهێشـت کـرد و لـە لای ئێمەشـەوە تەنیـا مـن و کانـی بوویـن. چووینـە ڕیسـتوڕانێک لـە گەڕەکـی تاقوەسـتانی کرماشـان و نانـی شـێومان خـوارد. کەواوپاتـۆڵ لەبـەر چۆکـم دادا و ئەڵقـەم پێشکەشـی شـەفەق کـرد و داوام لێکـرد کـە هاوسـەرگیریم لەگـەڵ بـکات. دوای مردنـی بابـم هیـچ هەسـتێکی خۆشـم بەئەزمـوون نەکردبـوو و دنیـا بەلامـەوە خـۆش نەبـوو، بـەڵام دوای دەسـتگرتنی شـەفەق وردە وردە حاڵـم بـاشتر بـۆوە و ژیـان و سـەرەتای نـوێ لـە پێشـمەوە بـوو. مـاوەی خۆشـی دەسـتگیرانداری نزیکـەی شـەش مانگـی خایانـد. حەسرەتەکانـم کـەم نەبـوو و هەندێـک جـار بیـرم لـەوە دەکـردەوە کـە دایـک و بابـم چەنـدە ئاواتیـان دەخواسـت ئـەم ڕۆژانـە ببینـن، بـەڵام هەرگیـز نەیانبینـی.

ڕۆژێـک دوای شـەوی نیشـانکردن، کاتـی خوازبێنـی بـوو. لای خۆمـان وا بـاو بـوو کـە پیاوماقـووڵ و خزمانـی پلـە یـەک و زۆر جـار ژنانیـش، دەچـوون بـۆ قـەت و بڕە سـەرەتاییەکان و ئینجـا هەمـوو دەچوونـە خوازبێنـی. واتـە سـەرەتا بابەتەکەیـان یەکلایـی دەکـردەوە و لـە سـەر بـڕی مارەیـی و کڕینـی زێـڕ قـەت و بڕیـان دەکـرد و .... . مـن و شـەفەق بـە بـڕی مارەیـی و زێـڕ ڕازی نەبوویـن و جەخـتمان لەسـەر مەرجەکانـی مارەیـی دەکـردەوە. بـە ئـارەزووی تـەواوەوە هەمـوو ئـەو مافانـەی کـە ژنێـک بـە هاوسـەرگیریکردن لـە وڵاتـی ئێـران لـە دەسـتی دەدا مـن لـە گرێبەسـتی مارەیـی و ئینجـا لـە نووسـینگەی مارەیـی و تەڵاقـدا بـۆ شـەفەقم گەڕانـدەوە. تەنانـەت بیرکردنـەوە لـەوەی کـە لـە ئێرانـدا یاسـا سـەرەتاییترین مافەکانـی ژنـان، لـە ژنـان دەسـێنێتەوە، بـە لامـەوە جێـی قبووڵکـردن نەبـوو. دوای هاوسـەرگیری، سـەرەتاییترین مافەکانـی هەمـوو مرۆڤێـک لەوانـە مافـی خوێنـدن، مافـی هەبوونـی پاسـپۆرت

و مافـی هەڵبژاردنـی شـوێنی نیشـتەجێبوون، لـە ژن دەسـەندرایەوە و ئەگـەر مێردەکـەی بیویسـتبایە بـۆی دەگەڕانـدەوە. لـە دڵـی خۆمـدا بیـرم لـەوە دەکـردەوە کـە مـن ئەگـەر ژن بـام چەنـدە بـەم بارودۆخـە سـووک و زەلیـل دەبـووم. بـەڵام ئەزمـوون و تێبینییەکانـم نیشـانی دەدا کـە یاسـاکانی ئێـران لـەم بـوارەدا هێنـدە دژەژنـن، کـە تەنانـەت بەدەسـتهێنانی ئـەو مـاف و مەرجانـە لـە گرێبەسـتی مارەییشـدا ناتوانـێ زەمانەتـی ئـەوە بـە ژن بـدا کـە ئـەم مەرجانـە لـە ژیانـی هاوسـەرێتیدا جێبەجـێ دەبـن. لـەم دواییانـەدا زانیـم کـە تەنانـەت هـەر ئـەم مەرجـی گرێبەسـتی مارەییەشـیان قـورستر کـردووە و بـۆ تۆمارکردنـی هـەر مەرجێـک دەبـێ دوو سـەد هـەزار تمـەن بدرێـت. هەروەهـا ژمـارەی ئـەو مەرجانەشـی کـە لـە گرێبەسـتی مارەییـدا هاتـووە سـنووردارياں کـردووە. پێـم وایـە هاوسـەرگیری وتەزایەکـی کۆمەڵایەتییـە بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا شـتێکی تایبەتیشـە. مـن و کانـی لـە مەراسـیمی خوازبێنیـدا ئامـادە بووین و چـوار پێنـج کەسـیش لـە بنەماڵـەی شـەفەق ئامـادە بـوون: دایـک و بابـی و بـرا گەورەکـەی و یەکێـک لـە پوورەکانـی. هەموومـان دەمانزانـی قـەراره چـی ڕوو بـدا، بـەڵام بێدەنـگ دانیشـتبووین و سـەیری یەکترمـان دەکـرد کـە بـرا گەورەکـەی شـەفەق بـە ئامـاژە تێـی گەیانـدم کـە قسـە بکـەم. پێـم وا بـوو تـا گەورەتریـک لـە کۆبوونـەوە و مەجلیسـەکەدا دانیشـتبێ قسـەکردن دروسـت نییـە و دواتـر کـە تێگەیشـتم دەبـێ قسـە بکـەم، پێکەنینـم هـات کـە باشـە چـی بڵێـم ... چووبـووم بڵێـم دەمهـەوێ هاوسـەرگیری لەگـەڵ کچەکەتـان بکـەم. پێـشتر چەنـد جارێـک یەکترمـان بینیبـوو و یەکترمـان دەناسـی و ماوەیەکـی زۆر بـوو لـە تـاران و شـوێنەکانی دیکـە، بـە شـێوازی ئـەوەی پێـی دەڵێـن هاوسـەرگیریی سـپی لەگـەڵ شـەفەق لـە ژێـر یـەک سـەقفدا دەژیایـن. ئـەوان هاتبوونـە سەرەخۆشـی و پرسـەی بابـم، منیـش بەشـداری پرسـەی مامـی ئەوانـم کردبـوو و لـە ئاهەنگـی هاوسـەرگیریی خوشـک و براکـەی شـەفەقدا هەڵپەڕیبـووم. سـەرتان نەیێشـێنم مـاوەی چەنـد خولەکێـک بـە کورتـی قسـەم کـرد و گوتـم: "هاتـووم کـە ئیزنـم پـێ بـدەن ببمـە زاواتـان و خزمایەتیتـان لەگـەڵ بکـەم" و ئـەوەی فێـر ببـووم لـەو مەجلیسـەدا وتـم.

پاشـان بابـی شـەفەق دەسـتی کـرد بـە قسـەکردن. پیاوێکـی بەهێـز و پێداگـر و خـورت و بیرتیـژ و داهاتووبیـن بـوو. بیروباوەڕەکانـی لـە بیـر و بڕواکانـی من نزیـک بـوون و لێکچوونێکی زۆرم لـە نێـوان خـۆم و ئـەودا بـەدی کـرد. کاتێـک قسـەی دەکـرد، زیاتـر جیاوازیـی زاراوەم بـۆ دەرکـەوت و لـە دڵمـدا وتـم ڕەنگـە لـە زۆرێـک لـە قسـەکانی مـن تێنەگەیشـتووە، وتـی: "ئێمـە و ئێـوە کوردیـن و ئاییـن و ئاییـنزای هاوشـێوەمان هەیـە" لـە بنەماڵـە ڕەسـەنەکانی شـاری سـەرپێڵ زەهـاو بـوون و دایکـی شـەفەقیش زەهـاوی و خەڵکـی گوندەکانـی دەوروبـەری ئـەوێ بـوو. هـەر دووکیـان پاشـخانێکی سـوننەیان هەبـوو و زۆریـان پـێ خـۆش بـوو کـە خزمایەتـی لەگـەڵ کوردێکـی سـوننە دەکـەن. چەنـد خولەکێکیـش ئـەو قسـەی کـرد و بـە

مانا کلاسیکەکەی خوازبێنیمان لە شەفەق کرد. کاتێک گەڕامەوە بابەتی خوازبێنییەکەم ئاشکرا کرد و بە خزمەکانم گوت کە نیشانکردن و خوازبێنیم ئەنجام داوە. هەرچەندە هەمووان کەم تا کورتێک دەیانزانی، بەڵام دیسان قسە و سرتەسرت دەستی پێکرد دەی بۆچی لە کرماشان ژنت هێنا؟ دوای ئەم هەموو ساڵە بۆ ژنێکی شار و دەڤەری خۆمانت نەهێنا؟ و هەندێکی تریش دەیانگوت دەی خۆ کامیل منداڵ نییە، عەقڵی پێدەشکێ و لەم قسانە ... دیارە جیاوازیی فەرهەنگی لە نێوان ئەو دوو بنەماڵەدا هەبوو و من دەبا وریای ئەم بابەتانە بام.

ئێمە لە ناوچەی موکریان نەریتێکمان هەیە پێی دەڵێن جل‌هەڵگرتن یان "جلک بردن" کە تیایدا بنەماڵەی زاوا جلوبەرگ و ئەنگووستیلە دەبەن بۆ بووک. لە بنەڕەتەوە ئەم کارە پێش مارەبڕین ئەنجام دەدرێت، بەڵام لەبەر دووریی ڕێگاکە نەماندەتوانی جارێک بۆ جل‌هەڵگرتن و جارێکیش بۆ مارەبڕین بچینە کرماشان، هەر بۆیە جل‌هەڵگرتنمان دانا بۆ مارەبڕین لە نووسینگەی تۆمارکردنی مارەبڕین، کە کەوتبووە چەند مانگێکی دیکە. پێم خۆش نەبوو هەموو بە ئۆتۆمبێلی سواری بچین بۆیە پاسێکم بە کرێ گرت. دوای ڕووداوی هاتوچۆی کامیار هەستێکی ناخۆشم هەبوو و لە جادەکانی ئێران دەترسام.

● وێنەی ٣٠٢ – شەوی بەر لە مارەبڕینی شەفەق، کرماشان، ١٣٩٢ی هەتاوی (٢٠١٣)

بە پاس و چەند ئۆتۆمبیلێک چووین بۆ کرماشان. لەبەر ئەوەی خزمان زۆر بوون، چەند کەسێکم گوڵبژێر کرد و هۆتێلێکم لە ناوەندی شار گرتبوو. نرخی زۆر گران بوو، بەڵام هیچ بژاردەیەکم نەبوو. ئەو شەوە لە ماڵی بووک، وتارێکی پڕ سۆز و بەتینم پێشکەش کرد و گوتم کە ئێمە کۆ بووینەتەوە بۆ ئەوەی ببینە خزم و کەسی یەکتر و ئەم وەسڵەتە دەتوانێ ببێتە خاڵی وەرچەرخان بۆ ئێمە کە خەڵکی دوو ناوچەی جیاوازین. زڕبرا و مێردی پوورەکەی شەفەق هەر پێدەکەنین و گوتیان قسەکانت لە وتاردانی پەرلەمانی دەچێت. ئیتر بە پێکەنین و سەڵەوات لێدان شیرینی خورا و دەستگیرانداری بە مانا نەریتییەکەی ئەنجام درا و گەڕاینەوە هۆتێل بۆ ئەوەی سبەی بچین بۆ نووسینگەی تۆمارکردنی مارەبڕین.

لـە فەرهەنگـی ڕۆژاوادا باوەڕێـک هەیـە کـە پێـی دەڵێـن کۆڵـد فیـت(Cold Feet) و بـە مانـای دوودڵبـوون دێـت. دەوتـرێ شـەوی پێـش زەماوەنـد، بـووک و زاوا تووشـی ئـەم هەسـتە دەبـن. لـە هەندێـک فیلمـی هۆلیوودیـدا ئەمـەم بینیبـوو و مـن پێـی پێدەکەنیـم، بـەڵام خـۆم هەمـان ئـەم هەسـتەم ئەزمـوون کـرد. کـە گەڕاینـەوە بـۆ هۆتێـل، بـە خاڵۆزاکـەم کـە هـاوژوور بوویـن گوتـم بەجێـم بهێڵـە و تەلەفۆنـم بـۆ شـەفەق کـرد. تێبینـی ئـەوەی کـرد کـە هەسـتم چۆنـە و ڕێگـەی پێـدام قسـە بکـەم. گوتـم: " ئەوە چ کار بـوو کردمـان؟ ئایا کارێکی دروسـتمان کـرد؟ ئـەرێ بەڕاسـتی ئایـا ئێمـە زۆر زوو بڕیارمـان نـەدا؟" شـەفەق قسـەی لەگـەڵ کـردم و بـە هـاوکاری شـەفەق قۆناغـی دوودڵیـم تێپەڕانـد. دیسـان لەبـارەی ڕێوڕەسـمی مارەبڕیـن تووشـی ناکۆکـی بوویـن.

دایکـی بـووک حـەزی دەکـرد ئاهەنگـی مارەبڕیـن لـە ماڵـەوە ئەنجـام بـدرێ، کەچـی مـن پێداگریـم لەسـەر ئـەوە دەکـرد کە لـە نووسـینگەی مارەبڕین لێک مـارە بکرێین. قسەکەشـیان ئـەوە بـوو کـە دوای ئاهەنگـی مارەبڕینەکـە لـە ماڵـی ئـەوان بیـن و دەسـتبەجێ کاروبـاری میوانـداری ڕابپەڕێنـن، بـەڵام مـن نەمدەویسـت شـەرعییەتی لێـک مارەبڕینەکەمـان بـە هاتنـی مـەلا یـان کەسـێکی دەرچـووی بـواری یاسـا ببەسترێتـەوە و پێـم خـۆش بـوو ئـەم بەشـەی ڕەوتـی هاوسـەرگیرییەکەمان حاڵەتێکـی یاسـایی هەبێـت. ئاهەنگـی هاوسـەرگیری هاوڕێکانـی خۆمـم لـە ڕۆژاوا بینیبـوو و بەشـداریم تێـدا کردبـوو. دەکـرا لـە کڵێسـایەک هاوسـەرگیری بکـەی یـان بچیتـە یەکێـک لـە نووسـینگەکانی شـارەوانی. واتـە سەرپشـک بـووی کـە ئایـا هاوسـەرگیری ئایینـی بکـەی یـان نائایینـی، بـەڵام لـە ئێـران تەنهـا یـەک بژاردەمـان هەبـوو و لەبـەر ئـەم هـۆکارەش پێـم خـۆش بـوو ڕەوتـی مارەبڕینەکەمـان بـەم شـێوە بـێ کـە کـورت و سـادە بچینـە نووسـینگەی تۆمارکردنـی مارەبڕیـن. دایکـی شـەفەق ڕازی بـوو و ئێمـە لـە نووسـینگەیەکی مارەکـردن و تەڵاقـدا کـە مارەبڕەکـە کوردێکـی سـوننەی کـۆت و شەروالی بوو، لێک مارە کراین. ئەم مەراسیمە چەند بەشێکی سەرنجڕاکێشی هەبوو.

● وێنەی ٣٠٣ – ڕێوڕەسمی مارەبڕین و قەند لێک سووواندن، کرماشان، ١٣٩٢ی هەتاوی (٢٠١٣)

ژمـارەی خزمەکانـم زۆر زیاتـر لـە بنەماڵـەی بـووک بـوون و زۆربـەی گەورەکانیـش لەسـەر سـەکۆیەک بەرامبەرمـان دانیشـتبوون. کـەش و هـەوا وەکـوو ئـەو فیلمانـە بـوو کـە لـە تەلەڤیزیۆنـی ئێـران سـەیریمان دەکـرد، پارچەیەکیـان لـە سـەر سـەرمان ڕاگـرت و قەندیـان لێـک دەسـوو. ئـەم ڕێوڕەسـمە فارسـی –

ئێرانییە لە موکریاندا بوونی نییە و خزمەکانیشم واق مابوون کە ئاخۆ ئەمانە کوردن؟؟! جگە لە جیاوازیی شێوەزار کە من پێم وایە زاراوەیەکی فرە خۆشە، زۆربەی لاوانی بنەماڵەی بووک، بەتایبەت کچ و ژنەکانیان کە بنەماڵەی دایکیی بووک بوون، نەیاندەزانی کوردی قسە بکەن، یان هەر قسەیان پێ نەدەکرد و فارسی قسەکردنیان بە شێوەزاری کرماشانی بۆ خزمەکانم سەیر بوو و لێی تێنەدەگەیشتن.

موکریان لە هەندێک ڕووەوە لەگەڵ پارێزگای کرماشان و سنە فەرقی هەیە. کرماشان هەمیشە شوێنی تێپەڕین و هاتوچۆی زیارەتکارانی شیعەی شارەکانی دیکە بووە و چەندین خانەوادەی دەسەڵاتداری فارس و قاجاری تورکی سەر بە حکوومەت لەوێ ژیابوون و ئەمە دەستپێکی فارسی قسەکردن لە ناو فەزای شاردا بوو. لە لایەکی دیکەوە بە هۆی شیعەبوونی بەشێک لە خەڵکی کرماشان و پرسی ژینۆساید یان کۆمەڵکوژیی فەرهەنگی کە وردە وردە لەم شارەدا ڕووی داوە، خەڵک بەهایەکی کەمتر بۆ فەرهەنگەکەیان دادەنێن. هەرچەند خانەوادەی شەفەق لەو دەگمەن خانەوادانەی کرماشان بوون کە لەگەڵ منداڵەکانیان بە کوردی ئاخافتنیان دەکرد، بەڵام کوردییەکەیان تێکەڵ بە فارسی ببوو. ئەم تێڕوانینە و ئاستی بەرزی خوێندەواریی بنەماڵەی شەفەق یارمەتیانی دابوو کە فەرهەنگ و شوناسی خۆیان بپارێزن، ئەگینا لە کرماشان، لانیکەم لە نەوەکانی ڕابردوو و داهاتوودا، کەم خانەوادە لەگەڵ منداڵەکانیان بە کوردی قسەیان دەکرد و قسە دەکەن، بە جۆرێک کە کوردانی دیکەی ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان ئەم فارسی قسەکردنەی خەڵکی کرماشانیان پێ خۆ بە کەمزانین و هاوڕێیەتی لەگەڵ ڕژێمی دەسەڵاتدار و هۆگربوون بە فەرهەنگی دڵخوازی دەسەڵات دێتە بەرچاو.

شتێکی سەرنجڕاکێشی دیکە ئەوەیە کە من و خەزوورم دەستمان لە ناو دەستی یەکتر بوو و مارەبڕ زووزوو هەندێ لە ئایەتەکانی قورئانی وەکوو خوتبە دەخوێندەوە. بە پێی حوکمی مەزهەبی شافیعی، هەر جارێک پرسیاری دەکرد، ئایا قبووڵە؟ منیش وەڵامم دەداوە: بەڵێ، قبووڵە، مارەبڕ هەر دەیخوێندەوە و ئەم جارەیان بابی بووک دەیکوت بەڵێ قبووڵە. دووان لە پوورەکانم زۆر تامەزرۆی ئەم دیمەنە بوون و باوەڕیان نەدەکرد ڕۆژێ بێ من ڕازی بم ژن بێنم. بەر لە مارەبڕینەکە دەیانگوت، کاتێ مارەبڕ بە کامیل بڵێ دیسان لەگەڵم بیخوێنەوە بە ڕاست ئایەتی قورئان دەخوێنێتەوە؟ لە بارودۆخێکدا بووم کە وەکوو پرسە و سەرەخۆشی کە لێوم دەجووڵاندبا و وام پیشان دەدا کە فاتیحە دەخوێنمەوە. مارەبڕ دەیگوت و منیش وەکوو تووتی دووپاتم دەکردەوە. پوورەکانم هەر چاویان لێم دەکرد و کونجکۆڵانە لە لێومیان دەڕوانی و بزەیان دەهات، ئەگەر نەمخوێندبایەتەوە پێیان وابوو مارەکردنەکە سەر ناگرێ و شەرعییەتی نییە!

دوای مارەبڕینەکە بۆ نانی نیوەڕۆ گەڕاینەوە بۆ ماڵی بووک. لە وەها ڕێوڕەسمێکدا گەورەکانی هەر دوو خانەوادەی بووک و زاوا پێکەوە قسە دەکەن و ئاشنا دەبن، بەڵام بەهۆی فەرهەنگی بنەماڵەی ژنەکەم و جیاوازیی زاراوە ئەم یەکترناسینە ڕووی نەدا، کە ئەوە زۆری بێتاقەت کردم. بە شێوەیەکی زۆر سەیر بە ڕێز و حورمەتەوە هەموو خانەوادە و خزمەکانمانیان لە حەوشەکەدا دانیشاند و خواردنیان بۆ هێنان. لە خانەوادەی ماڵی بووک کەس نەهاتە سەر سفرەکە و لەگەڵیان دانەنیشت کە کەس و کارەکەم بەوە سەریان سوور ما و دڵگران بوون.

● وێنەی ٣٠٤ – خوتبەی مارەکردن، دەست لە ناو دەست، کرماشان، ١٣٩٢ی هەتاوی (٢٠١٣)

دوای کەمێک کە زانیم بابەتەکە چییە و پرسیارم کرد کە خەزوورم لە کوێیە، گوتیان لە ژوورەکەی خۆیەتی. دواتر بۆم دەرکەوت کە نان خواردن لەسەر یەک سفرە لە ناو بنەماڵەی شەفەق زۆر باو نییە. لەگەڵ تێپەڕبوونی کات بۆم دەرکەوت کە هەر کەسێک لە کاتی جیاوازدا بۆ خۆی دەچێ نان دەخوا کە ئەمە بۆ منێک کە زۆر حەزم لە پێکەوە نانخواردن و هاوخوانیی نەریتییە، شتێکی سەیر بوو و ئەم لەسەر یەک سفرە نان نەخواردنە هەتا ئێستاش یەکێک لە کێشەکانی نێوان من و شەفەقە و هەوڵ دەدەم کوڕەکەم بەم شێوە پەروەردە نەکەم. جگە لەوەی کە جۆر و تام و چێژی چێشت لەم بنەماڵەدا جیاواز بوو، بۆم دەرکەوت کە خەزوورم سەلیقەیەکی جیاوازی هەیە و زۆر جار خۆی خواردنی خۆی ئامادە دەکا و وەک خۆی دەڵێ سالمخۆرە و هەندێ جاریش وەرزشی وەکوو یۆگا و نەرمکێشیی سەیر سەیر دەکات.

ماوەیەک بەر لە شایی، ماڵی شەفەق ئاهەنگی مارەبڕینی فەرمییان بۆ ساز کرد. من و میوانەکان دیسان چووینەوە بۆ کرماشان و دوای مەراسیمەکە گەڕاینەوە بۆ پیرانشار. دوای دوو ڕۆژ ئامۆزاکەم تەلەفۆنی کرد و وتی دەمهەوێ بتبینم. من بانگهێشتی شانۆی شار کرابووم و پێم وت بێتە ئەوێ. زانیم کە دەیهەوێ بابەتێکی گرنگم پێ ڕابگەیێنێ، لە کۆتاییدا وتی: کاک کامیل باوەژنەکەت بە تەمایە شوو بکات. هەر چەند بە پێی ئەو فەرهەنگەی کە تێیدا بووین، زۆرایکم زۆر زوو شووی دەکرد، بەڵام هەتا ئێرەی بە لامەوە گرینگ نەبوو و خۆشحاڵ بووم کە شووی دەکرد. بەڵام لە ڕوویەکی دیکەوە

سەرسام بووم و کەمێکیش نارەحەت بووم. بڕیار بوو لەگەڵ کەسێکی خزمی خۆمان کە پێشتر مەلا بوو هاوسەرگیری بکات. ئەو ماوەیەک دوای مردنی بابم لەگەڵ یەکێک لە پوورەکانم چووبووە حەجی عەمرە و هەر لەوێش یەکتریان بینیبوو و پەیوەندیی سۆزداری لە نێوانیان دروست ببوو. من لەوەش دڵتەنگ بووم کە دوو شەو پێشتر لە ڕێوڕەسمی مارەبڕینەکەدا وتبووم یادگاریی بابمە و ئەویش منی لە ناو ئەو خەڵکەدا لە ئامێز گرتبوو و وتبووی هەرگیز بەجێتان ناهێڵم. ئێستا دەبیستم کە چل و هەشت کاتژمێری تر هاوسەرگیری دەکات. کاتێک کە بابەتەکەم بە شێوەیەکی عەقڵانی و مەنتیقی لێک دایەوە حەقیشم پێ دەدا، بەڵام ئەو ڕفتارە چاوەڕواننەکراوە، بۆ من و ئەندامانی خێزانەکەم سەیر بوو و لە سەر دڵمان گران هات.

ئێمە بە سەلامەتی و بەبێ هیچ قرە و گۆڵمەزێک لەم ڕووداوە تێپەڕین و دەستمان کرد بە ڕێکخستنی ئاهەنگی هاوسەرگیریمان. شەفەق دوای زانکۆ هەرگیز کاری نەکردبوو. پێش ئەوەی شوو بکا بە هاندان و پێداگریی من بۆ دۆزینەوەی کار و درێژەدان بە خوێندن هاتبووە تاران. لە زانکۆ بواری کشتوکاڵی خوێندووە بەڵام حەزی لە سیاسەت بوو و بە گوتەی خۆی لە ڕۆژانی خوێندکاریدا بەشداری لە چالاکییە مەدەنی و سیاسییەکاندا کردبوو. دوای ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی (٢٠٠٩ ز) یەکترمان ناسیبوو، کە زەبر و زەنگ بەسەر هەموو شتێکدا زاڵ بوو. شەفەق بڕیاری دابوو کە بە هۆی ئەو بارودۆخەی کە باڵی بە سەر فەزای سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێراندا کێشابوو، بۆ ماوەیەک بچێتە زانکۆ و لە بواری دڵخوازی خۆیدا بخوێنێت.

● وێنەی ٣٠٥ – کردنەوەی لقی کتێبفرۆشی، سێرێیانی وەفایی، مەهاباد، ١٣٩٣ی هەتاوی (٢٠١٤)

هاوسەرەکەم دەیویست بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەرەکەی لە زانستە سیاسییەکاندا بخوێنێ، بەڵام بەردەوام درەنگ بوو هەتا ئەوەی کە چووە زانکۆ. دڵگەرمم دەکرد و هەستم دەکرد کە شەفەق توانای ئەم کارەی هەیە. ئەو دەم دیسان دەچووەوە بۆ زانکۆ و دواقۆناغی ماستەرەکەی لە زانکۆی کەرەج تەواو دەکرد. شەفەق هەمیشە خەونی چوونە ناو سیاسەتی دەبینی و منیش هەر لەسەرەتاوە ڕژدانە هەوڵم بۆ پێشکەوتنی دەدا. من هەمیشە حەزم دەکرد ژنەکەم کەسێکی سیاسی بێ یان

کارێکی پیشەیی و کاریگەری لە بواری کۆمەڵایەتیدا هەبێ و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش لەسەرەتاوە خوازیاری هەوڵی جیددی بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی شەفەق بووم، بەڵام لە هەمووی گرنگتر لەوە دڵخۆش بووم کە ژنەکەم ژنێکی میهرەبان و تێگەیشتووە.

ئەم تێڕوانینانە و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسەکان زیاتر لە یەکترمانی نزیک کردبووەوە. شەفەق نیازی وا بوو و تەنانەت بەڵێنیشی دابوو کە بەشداری چالاکییە کۆمەڵایەتی-سیاسییە جیددییەکان بکا و لە کۆتاییدا خۆی بۆ مەجلیسی شۆرای ئیسلامی کاندید بکات. هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ساڵانی دواتر و فیلتەری هەڵبژاردن لە ئێراندا بوو بە کۆسپی بەر دەم کەسانی وەکوو ئەو و بەتایبەت ژنان و زۆر کەسی دیکە. بەڵام بڕیارەکانی لەم بوارەدا هەرگیز جێبەجێ نەکران و بە درێژایی ژیانی چەند جارێک بیروڕای خۆی بۆ بواری خوێندن و دۆزینەوەی کاری دڵخوازی گۆڕی و ئێستاش کە لە هەندەرانین، بۆ ئەوەی بچێتە بواری دەروونناسی خۆی ئامادە دەکات.

با بگەڕێمەوە سەر بەسەرهاتی ئاهەنگی زەماوەند و ڕێکخستنەوەی ماڵ. ماوەیەک خەریکی کڕین و ڕێکخستنی کەلوپەلی ناوماڵ بووین و پاشان چووینە سەر وردەکارییەکانی ئاهەنگی شاییەکەمان. ئاهەنگی زەماوەندمان لە گەورەترین هۆڵی شایی شاری مەهاباد بە ناوی باغی گوڵان ساز کرد. منیش مابوومەوە کە کێ بانگهێشت بکەم و کێ بانگهێشت نەکەم. ساڵانێک بوو کە هەمووان چاوەڕێی ئاهەنگی زەماوەندی من بوون. گەلێ خزم و ناسیاوی دووری بابم هەبوون کە هێشتا لەگەڵیان لە پەیوەندیدا بووم و داب‌ونەریت و فەرهەنگ وای دەخواست کە بانگهێشتیان بکەم. چەند هاوڕێیەکی غەیرەکورد و چەند ڕەفێقێکی دەرەوەی ئێرانیشم هەبوو. دەبا هۆڵێکم بگرتایە کە ئەو هەموو میوانەی تێدا جێ ببایەتەوە و بیرم لە نیشتەجێکردنیشیان دەکردەوە. هۆتێلی موعەلیمم گرت و دام بە جەوانانی خانەوادەی شەفەق. هەندێکیانم برد بۆ هۆتێلێک بە ناوی تارا کە نزیک هۆڵی شاییەکە بوو، هەندێکیشیانم بردە هۆتێلێکی تر. شەوی پێش ئاهەنگەکە، هەموو میوانەکان لە ڕێی دوورەوە هاتبوون. لە چێشتخانەیەکدا نانی شێوم بە میوانەکان دا و ئینجا چووینە باخی میکائیل و لەوێ کردمان بە ئاهەنگ و هەڵپەڕین و شایی.

● وێنەی ٣٠٦ – هۆڵی شایی، ١٣٩٣ی هەتاوی (٢٠١٤)

مەهاباد بازاڕێکی گەورەی جلوبەرگی دەستی دووی هەیە بە ناوی "تاناکورا"، کە

زۆربەی کەلوپەلەکانیان بیانین بەڵام دەستی دوون. هەروەها بازاڕچەیەکی سەر مەرز و چەندین شوێنی گەشتیاری بۆ گەڕان هەیە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە هەندێک لە میوانەکان دوای شاییەکە بمێننەوە و بچن بۆ بازاڕکردن و گەڕان. بە وردی پلانم بۆ هەموو شتێک دانابوو، بەڵام نیگەرانی ڕووداوی هاتوچۆ و دەمەقاڵە و شەڕ بووم کە هەندێک جار لە ئاهەنگی زەماوەندا ڕوو دەدات. هەڵگیرسانی شەڕ لە شایی، زەحمەتێکی فرەی ناوێ تەنها کەمێک گرژی و چەند گەنجێکی سەرخۆش و ڕەفتاری ورووژێنەر بەسە بۆ ئەوەی شەڕێک بقەومێت.

چەند کەسێکم دیاری کردبوو کە چاودێریی ئەو کەسانە بکەن کە هانەی هەڵگیرساندنی شەڕیان هەبوو. هەڵپەڕین کە وەک هەموومان دەزانین بەشی دانەبڕاوی شاییە و دیارە لە هەڵپەڕیندا سەرچۆپی ڕۆڵێکی سیمبۆلیی گرینگی هەیە و لەبەر سەرچۆپی گرتن ڕکابەرییەک ساز دەبێ و ڕەنگە سەر بکێشێ بۆ شەڕ. بەشێک لە نیگەرانیی من ئەوە بوو. لە شاییەکەی خۆمدا تووشی بابەتێکی سەیر هاتم کە پێشبینیم نەدەکرد. دابونەریتی باو ئەوەیە کە لە شاییدا دایک و باب بەرەو پیری میوانان دەچن و بەخێرهاتنیان دەکەن. منیش نە بابم بوو نە دایک، خۆم و مامم و بەساڵاچووەکانی تایفە پێشوازیمان لە میوانەکان دەکرد. بڕیار وا بوو گروپی هەڵپەڕکێ بێن بۆ شاییکردن و گۆرانیبێژێکیش کە گۆرانی بڵێ و شاییەکە بگێڕێت.

● وێنەی ٣٠٧ – هاتنی بووک و زاوا، مەهاباد، ١٣٩٣ی هەتاوی (٢٠١٤)

ئەوەندە سەرقاڵی هەماهەنگیی شاییەکە بووم کە نەمتوانی بووک لە ئارایشگا بهێنمەوە. بە کاک حسێنی زاوامانم وت بچۆ شەفەق لە ئارایشگا بێنەوە ماڵێ هەتا خۆم دەچم بە دوایدا. پێم وایە شەفەق یەکەم بووکێک بوو کە وەختێک لە ئارایشگا هاتە دەرەوە زاوا لەگەڵی نەبوو، ئەڵبەت شەفەق خۆشی لە بارودۆخی من تێدەگەیشت.

لەو مەودا کورتەی نێوان ماڵەوە هەتا هۆڵی شایی هەر دووکمان لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا دانیشتبووین و باسی ئەو ڕووداوە سەیرانەمان دەکرد کە ڕوویان دەدا. هەستم نەدەکرد کە هەموو ئەو هەزار و ٤٠٠ کەسەی کە بانگهێشتمان کردبوون، ئامادە بن و زەماوەندەکە ئاوا گەورە و قەرەباڵغ بێت.

شەفەق هەر لە بەرەبەیانیی زووەوە چووبووە ئارایشگا و زۆر ماندوو ببوو، بە خۆمم دەوت باشە چی لە بووک دەکەن. کە بینیم وەڵامی پرسیارەکەمم وەرگرتەوە. جلە سپییە جوانەکەی لەبەردا بوو، بەڵام زۆر گۆڕابوو. ئەوەندە ئارایشێکی خەستیان بۆ کردبوو کە بە ئەستەم توانیم بیناسمەوە و منیش هەر ئەو بەیانییە چووبووم بۆ ئارایشگا، قژیان بۆ چاک کردم و کەمێکیش پاودەریان لە پێشەوەی سەرم کە مووی نەبوو دا، کە ماددەکەی لە هاڕدراوی ئاسن دەچوو بۆ ئەوەی کەچەڵییەکەم زۆر دیار نەبێت. ئەمە هەموو گۆڕانکاری و ئارایشتی من بوو. بەڵام بووکی داماویان کەوڵ کردبوو و بەردەوام پرسیاری ئەوەی دەکرد کە ئایا جوانتر بووە یان نا؟ هەرچەند شەفەق جوانە و منیش بەبێ ئەم هەموو ئارایشە زیاتر خۆشم دەویست، بەڵام ناچار بووم بە جلی بووکێنی و ئەو هەموو ئارایشەوە تاریفم بکردایە. من سادەیی و ساکاریم پێ باشترە.

کە ڕۆیشتینە ناو تەلاری شاییەکە، دەستمان لە ناو دەستی یەکتر خستبوو و کچە عازەب و کوڕە جەحێڵەکان هاتنە پێشوازمان و دەستیان کرد بە سەماکردن و هەلهەلە لێدان. زیاتر سەرنجم لای خوشکەکانم بوو و دەمبینی کە چەندە کەیفخۆشن، بەڵام چاوەکانیان پڕ لە فرمێسکە. پووەرکانم لە باوەشیان گرتم هەرچەندە پێدەکەنین بەڵام

● وێنەی ٣٠٨ – من و شەفەق، مەهاباد، ١٣٩٣ی هەتاوی (٢٠١٤)

دەیانگوت: "کامیل، خۆزگە دایک و باوکت لێرە ببایەن و ئەم ڕۆژانەیان بدیبایە." ئەو

شەوە زۆر شت و خەڵکەکە منیان وەبیر لەدەستدانی چوار ئازیزەکەم خستەوە کە هەر زوو و یەک لە دوای یەک لە دەستم دابوون و نەبوونیان لە ناو شاییەکەدا دیار بوو؛ نەنکم و دایکم و بابم و کامیار ... بۆیە شەوی زەماوەندەکەم بۆم هەم سەخت بوو و هەمیش شیرین. ئەوەندە هەستی لێکدژ لە ناخمدا تێکهەڵکێش ببوو کە نازانم چۆن وەسفی حاڵی خۆمتان بۆ بکەم.

نەبوونی ئازیزانی کۆچکردووم لە لایەک دڵتەنگی کردم و نەبوونی مەحبووبەی خوشکم لە شاییەکەدا لە لایەکی دی. خوشکە گەورەکەم خۆی لە ڕۆیشتن بۆ شوێنە نائایینییەکان بێبەش کردبوو، تەنانەت لە نەورۆز و سێزدەبەدەریشدا نەماندەبینی. بە هۆی ڕوانگە ئیسلامییە توندڕەوانەکەی نەهاتە شاییەکەم. ئەگەر بهاتبایە لانیکەم وەک نۆبەرەی دایکم و بابم کەمێک باری دەروونیی من و ئەوانی دیکەی ئەهوەن دەکردەوە و بە گشتی باشتر دەردەکەوت. دەمبینی کە پوورەکانم و تەبیبەی خوشکم و خزمانی دیکە هەوڵی پڕکردنەوەی نەبوونی مەحبووبەیان دەدا.

لە سەروبەندی شاییەکەدا بەزمێکی دیکەشم هەبوو. من و شەفەق دووکانێکمان بۆ دانانی کتێبفرۆشی بە کرێ گرتبوو و تەنانەت لە ڕۆژی شاییەکەشدا دەبا سەرپەرشتیی ئەو کرێکارانە بکەم کە لەوێ خەریکی نۆژەنکردنەوە بوون. ئێمە دەمانویست لقێکی "شەهری کتاب"[1] (شاری کتێب) لە مەهاباد بکەینەوە. شوێنێک کە هەم شەفەق بتوانێ تێیدا کار بکا و هەمیش ناوەندێک بێ بۆ پەیوەندیگرتنمان، بۆ ئەوەی بتوانین باشتر ئایدیا و پلانەکانمان لە ناوچەکە و شارە نوێکەدا جێبەجێ بکەین. کتێبفرۆشییەکە لە ژێرزەمینێکی هەڵکەوتوو لە سێ‌ڕێیانی وەفایی بوو و دوای زەماوەندەکە بووین بە کتێبفرۆش.

من و شەفەق ڕۆژانێکی پڕ ئیش و ورووژێنەرمان بەسەر برد و شاری کتێبیشمان کە لە قەرەباڵغترین شوێنی شار بوو بەڕێوە دەبرد. دیارە کتێبفرۆشییەکە زیاتر بۆ شەفەق بوو و من لەم دۆخە پڕ لە سەرقاڵییەدا، بەردەوام خەریکی کارەکانی خۆم بووم، لەوانە دەستپێکردن و بەردەوامبوون لەسەر توێژینەوەی "هاوسەرگیریی منداڵان". چونکە لەگەڵ مردنی باوکم هەندێ لە بەشە مەیدانییەکانی کارەکەم ڕاوەستابوو کە دەبا قەرەبووم بکردایەتەوە و بگەڕابامەوە سەر دۆخی ئاسایی. ژیان ڕەوتی هەمیشەیی خۆی تێدەپەڕاند و ئێمە هەوڵمان دەدا لە پاڵ کار و ژیان جار جاریش سەفەر بکەین و ڕۆژانێکی خۆش بە سەر ببەین.

---

١. شەهری کتاب واتا شاری کتێب (بە فارسی: شهر کتاب) دامەزراوەیەکی زەبەڵاحی بواری چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و بەرهەم و چالاکییە فەرهەنگییەکانە لە ئێراندا، کە لە زۆربەی شارە گەورەکاندا فەرعی هەیە.

چاپکردنی کتێبی "بە ناوی نەریت" لە ئەورووپا و ئێران

بە هۆی مەرگی بابم و ئەو کێشانەی کە بەدوایدا هات و هەروەها هاوسەرگیری و پلانەکانی دواترم، بۆ ماوەیەک کارەکانی پرۆژەی خەتەنەکردنی کچان و ژنان ڕاوەستا. دەمویست بگەڕێمەوە سەر کارەکەم کە بینیم خەریکە هەندێ شتی گوماناوی دەقەومێت. لە هیچ شوێنێک باسی ئەم پرۆژەیەم نەدەکرد و بەشداریی هیچ سیمینار و گفتوگۆیەکم نەکردبوو. ڕێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی (شوباتی ٢٠١٣)، لە ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەکردنی کچان و ژنانـدا، بۆم دەرکەوت خانمی ڕ.م ئاماری سەرەتایی دوو پارێزگای، کە لە ماوەی هاوکارییە کورتەکەماندا دەستی پێگەیشتبوو، لە شێوەی چاوپێکەوتنی هەواڵیدا بڵاو کردۆتەوە.[1]

بڕیار وا بوو پێکەوە وتارێکی زانستی بنووسین، دواتر پێوەندییەکەمان پچڕا. هەرگیز بە خەیاڵیشمدا نەدەهات کە ڕ.م کەڵکاوەژۆیی لەم بابەتە بکا، بەڵام یەکێک لە هاوکارەکانی پرۆژەکەم تەلەفۆنی بۆ کردم و بۆی گێڕامەوە. لێکم دایەوە و بینیم یەکێک لە سایتە ئینتەرنێتیەکانی کۆمەڵناسی لە سوویدە، بابەتێکی ئەم ژنەی بڵاو کردۆتەوە کە ئامارەکانی ئێمەی تێدابوو و هەر ئەم ئامارانەش شەرعییەتی زانستییان بە بابەتەکەی بەخشی بوو. لەوەش خراپتر ئەوە بوو کە ڕادیۆ زەمانە ڕاپۆرتێکی هەواڵی لەسەر ئەم بابەتە دابوو و دیمانەی لەگەڵ خاتوون ڕ.م کردبوو.

ئەمە کارێکی تەواو ناپڕۆفیشناڵ بوو کە ئامارەکانی توێژینەوەیەک کە بە فەرمی لە هیچ شوێنێکدا بڵاو نەکرابۆوە، بۆ ڕەوایی و شەرعییەتبەخشین بە نووسین و شرۆڤە میدیاییەکانی هێنابووی. ئەو دەیزانی کە ئێمە چەندە بە وریایی و لە بێدەنگیی هەواڵیدا کارەکانمان لە ناوچە دوورەدەستەکان ئەنجام دەدا، کەچی ئەو ئیزنی ئەوەی بە خۆی دابوو کە کەڵکاوەژۆیی لە هەوڵەکانمان بکات. کاتێک ڕاپۆرتەکەم بینی ئیمەیلێکم بۆ خانمی ڕ.م و خاوەنی سایتەکە نارد و داوام لێ کردن کە بابەتەکە بسڕنەوە، هەڵبەت خاوەن سایتەکەش بە تامەزرۆییەوە پێی خۆش بوو لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتە بکات.

خانمی ڕ.م بە تووڕەییەوە وڵاممی دایەوە کە بۆچی نارەزایەتی دەردەبڕم! ئەو دووانە کە وا دیارە پێشتر کەین و بەین و ئاشنایەتییان پێکەوە هەبوو، وێڕای ئەوەی پشتگیری و لایەنگرییان لە یەکتر کرد، دواجار ڕازی بوون کە ئامارەکانی توێژینەوەی خەتەنەی کچان و ژنان لە سەر ماڵپەڕەکە بسڕنەوە، بەڵام ئەو جۆرە ڕەفتارانە لەلایەن کەسێک کە خۆی بە توێژەر ناو دەبا، سەیر بوو. دواتر لە پەیوەندیی نێوان ئەم دوو کەسە و کۆمەڵێکی دیکە زیاتر و باشتر تێگەیشتم و زانیم خەریکی چین، کە لە وەرزی حەوتەمدا

1. https//:www.radiozamaneh.com123786/

وێنەی ٣٠٩ – ئاماری بڵاونەکراوە کە دواتر لە ماڵپەڕی کۆمەڵناسی سڕدرایەوە، ڕادیۆ زەمانە، ڕێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی (٢٠١٣)

بە تیر و تەسەلی باسی دەکەم.

سەرەنجام توێژینەوە لەسەر خەتەنەکردنی کچان و ژنان گەیشتە قۆناغی کۆتایی و دەقی ئەم توێژینەوە لە تەواوبووندا بوو. بە هۆی ئەو دۆخەی کە لە ئارادا بوو، نەمدەتوانی لە ئێراندا چاپی بکەم. ماوەیەک چاوەڕێم کرد هەتا دۆخەکە هێور بووەوە و چەند کتێبێکی توێژینەوە لەسەر پرسە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو کرانەوە. ئەو برادەرانەی کە ئاگاداری کارەکانم بوون پێشنیاریان دا کە هەرچی زووتر خۆم یەکلایی بکەمەوە کە ئایا لە ئێراندا بڵاوی بکەمەوە یان لە دەرەوەی ئێران؟

کارەکەم دوو نیگەرانیی هەبوو؛ یەکێکیان ئەوە بوو کە داتا و ئامارەکانمان لەقاو بدرێ و وەکوو جاری ڕابردوو لە شوێنێک بڵاو بکرێتەوە و نیگەرانییەکەی دیکەش پرسی کات بوو، چونکە ئەو داتایانەی کە لە بواری زانستە مرۆییەکاندا بەدەست هاتوون بەهۆی گۆڕانی هەلومەرجەوە دەتوانرێ پووچەڵ بکرێتەوە. کاتێکی زۆرم نەبوو و لەوانە بوو حاڵەتی زیاتری وەکوو حاڵەتی کەڵکاوەژۆییەکەی خانمی ڕ.م ڕوو بداتەوە. دەبا زووتر توێژینەوەکەم لە فۆرمێکی فەرمیدا بخستایەتە ڕوو. دواجار بڕیارم دا و چەند مانگێک هەموو کاتەکەم لە کتێبخانەی نیشتمانی بۆ کۆکردنەوە، شیکردنەوە و بەرهەمهێنانی ئامار و خشتەکان تەرخان کرد. "بە نام سنت" (بە ناوی نەریت) بە زمانی فارسی ئامادەی چاپکردن بوو و بۆ بڵاوکردنەوەشی لە ئێراندا، لە ڕێکخراوێک کە پاڵپشتی پرۆژەکە بوو مۆڵەتی فەرمیم وەرگرت و کاری چاپ و بڵاوکردنەوەیم ڕادەستی وەشانخانەیەکی بەناوبانگ کرد.

دواتر نوسخەی ئینگلیزیی توێژینەوەکە لە ئەڵمانیا و بریتانیا بڵاو کراویەە و کەوتە بەر سەرنج و دیدی خوێنەران. بەشێک لە چالاکانی جیهانیی ئەم بوارە سەریان سووڕما لەوەی کە لە چوار پارێزگای ئێراندا دیاردەی خەتەنەکردنی کچان و ژنان بوونی هەیە و تەنانەت ئاماری خەتەنەکردنی کچان و ژنان لە باشووری ئێراندا لە هەندێک وڵاتی ئەفریقایی زیاترە. کتێبەکە لە ڕۆژی جیهانیی منداڵانی بێتاوانی قوربانیی توندوتیژی و دەستدرێژیی سێکسی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد پەردەی لەسەر لا درا. چەندین دەزگای ڕاگەیاندن لە دەرەوەی ئێران ڕووماڵیان کرد و لەگەڵ ڕۆژنامەکانی هۆڵەندا و ئەڵمانیا

وتوویـژم کـرد. لـە بەریتانیـاش ڕۆژنامـەی گاردییـەن[1] و هەواڵدەریـی ڕۆیتێـرز[2] بـە وردی ڕووماڵـی کتێبەکەیـان کـرد و دیمانەیـان لەگـەڵ کـردم.

پێـم خۆش نەبـوو لە ئێرانـدا هێزە ئەمنییـەکان بورووژێنـم، بۆیە بەردەوام بـە گڵۆپی کـوژراوەوە ئیشـم دەکـرد و نەمدەهێشـت سـەرنجی جیهانـی بۆ کتێبـی "بە ناوی نەریـت" لە ئێرانـدا زۆر ڕەنگ بداتـەوە. هەرگیز بیـرم لەوە نەدەکـردەوە کـە پرسـی خەتەنەکردنـی کچـان و ژنان (FGM/ C) ئەوەندە پۆتانسێلی هەبێ و تا ئەو ڕادە سـەرنجی میدیاکانـی جیهـان بـۆ لای خۆی ڕابکێشـێت. مـن زیاتر ڕوانگەیەکـی تۆیژینەوەییـم هەبوو و لـە گرنگیدانی میدیا ڕۆژاواییـەکان بـۆ ئـەو جۆرە بابەتانـە بێئـاگا بـووم و نەمدەزانـی کـە ئـەوان بـۆ مەبەسـتی ئێران‌تۆقێنـی (ئیرانۆفۆبـی) ئـەم جـۆرە بابەتانە دەقۆزنەوە.

رونمایی از کتاب «به نام سنت» در اندیشگاه فرهنگی کتابخانه ملی

کتاب «به نام سنت» در اندیشگاه فرهنگی سازمان اسناد و کتابخانه ملی با همکاری نشر و پژوهش شیرازه رونمایی می‌شود.

به گزارش **خبرگزاری کتاب ایران (ایبنا)** به نقل از روابط عمومی سازمان اسناد و کتابخانه ملی جمهوری اسلامی ایران، کتاب «به نام سنت» در اندیشگاه فرهنگی کتابخانه ملی با همراهی نشر و پژوهش شیرازه رونمایی خواهد شد.

پـەردەلادان لـە سـەر کتێبـی «بـە نـاوی نەریـت» لـە هزرگـەی فەرهەنگیـی کتێبخانـەی نیشـتمانیی

کتێبـی «بـە نـاوی نەریـت» لـە هزرگـەی فەرهەنگیـی ڕێکخـراوی بەڵگـەکان و کتێبخانـەی نیشـتمانی بـە هـاوکاری بڵاوکـەرەوە و توێژینگـەی شـیرازە ڕوونوێنـی کـرا.

بـە پێـی ڕاپۆرتـی هەواڵدەریـی کتێبـی ئێـران (ئیبنـا) بـە گێڕانـەوە لـە پەیوەندییـە گشـتییەکانی ڕێکخـراوی بەڵگـەکان و کتێبخانـەی نیشـتمانیی کۆمـاری ئیسلامیـی ئێـران، کتێبخانـەی «بـە نـاوی نەریـت» لـە هزرگـەی فەرهەنگیـی کتێبخانەی نیشـتمانیی بـە هاوڕێیەتیـی چـاپ و توێژینـەوەی شـیرازە پـەردەی لـە سـەر لا دەدرێـت.

● وێنەی ٣١٠ – وێنەی بەرگی ڕووماڵکردنی هەواڵ

هەوڵـم ئـەوە بـوو کـە بـە ڕوانگەیەکـی جیـاوازەوە پەیجـۆری ئـەم بابەتـە بـم بـۆ ئـەوەی خوێنەرانـی ئـەم توێژینـەوە بـە گێڕانـەوە مرۆییەکانـەوە گـرێ بـدەم، بـەڵام بـەو ئەزموونـەی کـە ئەمـڕۆ هەمـە

1.https://www.theguardian.com/world/2015/jun/04/female-genital-mutilation-iran-fgm

2. https://www.reuters.com/article/world/anthropologist-reveals-fgm-practised-in-western-southern-iran-idUSKBN0P60OE/

بـە بوێرییـەوە دەتوانـم بڵێـم کـە هەندێـک مـژاری توێژینەوەکـەم کـردە قوربانیـی سیاسـەت و سـنووردارێتیی پرۆژەکـە و دابینکـەری بوودجەکـەی. ئـەودەم جیهـان بەرامبـەر بـە خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان هەسـتیارتر و هۆشـیارتر ببـوو و لـە لایەکـی دیکەشـەوە ئـەم خاڵـە هەندێـک جـار خەمناکـەش لـە ئـارادا بـوو کـە لـە جیهانـدا هـەر شـتێک لەبـارەی ئێرانـەوە بڵێـی بـۆ میدیـا جیهانـی و ڕۆژاواییـەکان و هەندێـک گرووپـی دیاریکـراو گرنگـە، ڕووبەڕووبوونەوەیەکـی گـەورە لـە نێـوان هـەر دوو بـەرەی ئێـران و ڕۆژاوادا هەیـە، کـە لـە ماوەی چەنـد دەیـەی ڕابـردووەوە پـەرەی سـەندووە. ناتوانیـن نکۆڵیـش لـەوە بکەیـن کـە ئیسـلام تۆقێنـی و ئێران‌تۆقێنـی و تەنانـەت تـا ڕادەیەکیـش ڕۆژهەڵاتی‌ناوین‌تۆقێنـی بابەتگەلێکـن کـە تەشـەنەی پـێ دراوە و هەڵمەتیـان بـۆ ڕێـک خـراوە و هەنـدێ کـەس و ڕێکخـراوە سـوودی لـێ وەردەگـرن.

میدیـاکان هەندێـک جـار بـە شـێوەیەکی نادادپەروەرانـە ئـەم ڕووبەڕووبوونـەوە دەقۆزنـەوە و گرەکـەی خـۆشتر دەکەنـەوە. هـەر ئەوەنـدە بەسـە کـە لـە ئێرانـدا کار لەسـەر بابەتـی بێبەشـی، هـەژاری، ڕەگەزێتـی، سیاسـەت و خاڵـە نەرێنییـەکان کـە ڕێژەشـیان کـەم نییـە و بـە هـۆی ناکارامەیـی بەرپرسـانەوە تـا دێ زیاتریـش دەبـێ، بڵاو بکەنـەوە و قەتماخـەی زیانـە کۆمەڵایەتییـەکان هەڵبدەنـەوە، هیـچ شـکێکی تێـدا نییـە کـە دەکەونـە بـەر چـاو، چونکـە لـە پێنـاو ئامانجانـەکان کـە هەمـان سـنووربەندیی کـۆن و چەسـپاوی جیهانـی سـێیەم لـە بەرامبـەر جیهانـی یەکـەم و لەناوبـردن و سـووککردنی کۆمەڵـگای گەشـەنەکردوو لـە بەرامبـەر کۆمەڵـگا گەشەسـەندووە ئەوروپـی و ڕۆژاواییـەکان سـوودی لـێ وەردەگیـرێ و بڵێسـەی هەمـوو ئەمانـە بەتاوتـر دەکـەن.

بەداخـەوە کێشـەیەکی دیکـە کـە ئێسـتا جیهانییـە و بەرۆکـی هەمـوو لایەکـی گرتـووە ئەوەیـە کـە میدیاکانـی ئەمـڕۆی جیهـان نەرێنی‌پەسـەندن، جـا ئەگـەر هەواڵەکـە پەیوەنـدی بـە ئێرانـەوە هەبـێ، زیاتـر گرنگـی پێـدەدەن و بەرفـراوانتر و گشـتگیرتر بڵاوی دەکەنـەوە.

هێشـتاش هەندێـک جـار زەینـم بـەم پرسـەوە سـەرقاڵ دەبـێ کـە بۆچـی حکوومەتـی ئێـران هەنـگاو بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان نانێت؟ بەشـێک لە هەڵوێسـتی حکوومـەت هاوتەریـب لەگـەڵ ئایدۆلۆژیـا کۆنەپەرسـتەکان، کار بـۆ بەتواناکردنـی ژنـان نـاکات و دەرفەتـی کۆمەڵایەتیـی یەکسـانیان پـێ نـادات. ئـەم تێڕوانینـە ناهێڵـێ حکوومـەت ڕوانگەیەکـی فراوانـی هەبـێ و سـەرنجی ئـەو ڕاسـتییە بـدا کـە دەرهاویشـتەکانی خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان تەنهـا بـۆ خـودی ژنـان نییـە بەڵکـوو زیـان بـە دامـەزراوەی خێزانیـش دەگەیێنـێ و نـە تەنهـا لێکەوتـەی خراپـی بـۆ پێوەندیـی ژن و مێـردی هەیـە بەڵکـوو زیانـی بـۆ پـەروەردە و ڕاهێنانـی منـداڵان دەبێـت.

خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان بابەتێکـی نەریتـی و فەرهەنگییـە و لـەم دواییانـەدا لـە

مەزهەبێکی تایبەتی ئیسلام واتە سوننەی شافێعی وەرگیراوە، کە حکومەت هیچ دەستوەردانێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی تێدا نەبووە و پێشم وا نییە خۆی لە قەرەی بدات. پێویستە چاوەڕێی ئەوە لە حکومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بکەین کە بە شێوەیەکی جیددی و سیستماتیکی هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم خەسار و زیانانە بدات. مەخابن نکۆڵیکردن تایبەتمەندیی بەرچاوی سیستەمی حکوومەتی کۆماری ئیسلامییە و لە هەموو ساڵەکانی دوای ئینقلابی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی (١٩٧٩ ز)، ئاریشە و کێشەکانی ناو جومگە کۆمەڵایەتییەکان هەر بەم شێوازی نکۆڵی لێکردنە وەڵامی دراوەتەوە. دواتر نەتەوە یەکگرتووەکان بە پشتبەستن بە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی "بە ناوی نەریت" داوای ڕوونکردنەوەیان لە حکومەتی ئێران کردبوو، بەڵام وەک هەمیشە ڕایانگەیاند کە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوە جێگەی شک و گومانە.

پاش پەردەلادان لەسەر توێژینەوەی خەتەنەکردنی کچان و ژنان و دەستپێکردنی قۆناغی سەرەتایی کار لەسەر هاوسەرگیریی منداڵان، هەر زوو تێگەیشتم کە چوومەتە ناو بوارێکی بەرفراوان و جیاواز لە چالاکی و توێژینەوە و تا هەنووکەش، ئەڵبەت خۆخوازراوانە، بەشێکی زۆری هۆگران و چالاکوانانی ئەم بوارانە لە ئێراندا ناسیارییەکی ئەوتۆیان لەبارەی من و چالاکییەکانمەوە نییە. کاتێک ڕاشکاوانە هاتمە ناو ئەم گۆڕەپانە، خەڵک وردە وردە ناوی کامیل ئەحمەدییان بیست و هاتنی من بۆ ناو کۆمەڵگەی زانستی و مەدەنی ئێران بە کاری خەتەنەکردنی کچان و ژنان دەستی پێکرد.

هەتا ئێستاش کە خەڵک باس لە پێشینەی کارەکانم دەکەن، زۆر کەس من بەم توێژینەوە دێتەوە بیریان کە لە ئێراندا زۆر بینرا. دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی "بە ناوی نەریت" و ئەو سەرنجەی کە لە لایەن کۆمەڵگە نائێرانییەکانەوە خرایە سەر ئەم توێژینەوە، تووشی شک و گومانێکی زانستی بووم. دیارە شتێکی چاکە کە مرۆڤ گومان لە هەموو شتێک بکا و هیچ شتێک نابێ ئەوەندە پیرۆز بێ کە بە شنەبای ڕەخنەگرتن و پرسیارکردن، پیرۆزییەکان بڕووشێن. من پێم وایە ئەگەر لێکۆڵەرێک یان کەسێکی ئازاد توانا و ئیرادەی شک و گومان و پرسیارکردن لەدەست بدا، بێشک ئەوە ڕۆحی لەدەست داوە، ڕەخنەی دەروونی و دەرەکی بۆ هەر کارێکی توێژینەوەیی ڕۆحی سەرەکیی بەرهەمەکەیە و دیارە ئەم ڕەخنانە گەشە بە بەرهەمی توێژینەوە دەدەن و ئاستی بەرز دەکەنەوە.

لە خۆمم پرسی؛ بۆچی ئەوەندە سەرنج دراوەتە سەر پرسە سیاسی و ئایینی و فەرهەنگییەکانی وڵاتانێکی وەکوو ئێران و ئەم سەرنجدانە تا چەندە پلان‌بۆدارێژراو و ئەنقەستە؟ تا چەندە لەم جۆرە دروشمە بەتواناکردنانە کە بەدەروونی بووە، لە پەیوەندیی لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکانە و پێشتر بڕیاری بۆ دراوە و بەڕێکخراوەیی کراوە و چەند لەم

دروشمانـە بـۆ سـەپاندنی سـتایل و ئایدۆلۆژیـا یـان بەرژەوەندییـە سیاسـییەکان و ڕکابـەری نێـوان ئایینەکانـە لەگـەڵ یـەکتر؟ بـۆ منێـک کـە لـە هـەر دوو جیهـان و فەرهەنگـی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتـدا ژیـاوم، ڕوون بـوو و قبووڵـم دەکـرد کـە جـۆری ڕوانگـە و بۆچوونـەکان جیـاواز بـن. بـەڵام کاتێـک سـەیری سیاسـەتی ناوچەیـی و پرسـی درێژخایەنـی سـەرمایەداری و بەرەوپێشبردنـی بەنـاو دیموکراسـی و پێشخسـتنی ئامانجەکانـی جیهانگیـری و سـڕینەوەی فەرهەنگەکانـم دەکـرد، لەنـاکاو شـوێنپێی گوماناویـی هەندێـک لـەو دیاردانـە و بوونـی تـۆخ و بەهێـزی چەپـی ڕادیکاڵـم تێـدا دەبینـی.

لـە درێـژەی سـاڵانی دواتـردا کـە پانتـای چالاکییەکانـم فـراوانتر بـوون و قـووڵتر درێـژەم بـە توێژینەوەکانـم دا، کەوتمـە دۆخێکـی بـاشتر و زانیـم مەبەسـتی هـەر لایەنێـک چییـە و تـا چەنـد ئامانجـی ڕاسـتەقینەی خۆیـان ئاشـکرا دەکـەن. ئـەم جیاوازییـە کاتێـک بـۆ مـن زیاتـر دەرکـەوت کـە بڕیـارم دا بـۆ هیـچ پرۆژەیەکـی تـر پـارە وەرنەگـرم و بـە بـێ سـنووردارەبوون و پێوەبەستراویـی دارایـی یـان توێژینەوەیـی، هەرچییـەک کـە مەیدانـی کار پێـم دەبەخشـێ وەک لێکۆڵینـەوە و توێژینـەوە بڵاوی بکەمـەوە، بـۆ ئـەوەی بتوانـم بەرهەمێـک پێشـکەش بکـەم کـە دوور بـێ لـە هـەر چەشـنە لایەنگـری و ئامانجـی ئایدۆلۆژیکـی و ئایدیایـی و بـە واتایەکـی تـر هەمیشـە پرۆژەیەکـی سـەربەخۆ بەرهـەم بێنـم و پێشکەشـی بکـەم، ئـەو بەرهەمانـەی کـە تەنیا ئەرکیان گێڕانەوەی ڕاستییەکانە نەک هیچی تر، هەرچەندە ئەوەش ڕێژەییە.



● وێنەی ٣١١ – "بە ناوی نەریت" بە هەر سێ زمانی کوردی و فارسی و ئینگلیزی

سـاڵی ١٣٩٣ی هەتـاوی (٢٠١٤ ز) توێژینـەوەی "بـە نـاوی نەریـت" مۆڵەتـی چـاپ و بڵاوبوونـەوەی لـە ئێرانـدا پێـدرا. مـن و بڵاوکەرەوەکـەم زۆر شاگەشـکە بووین، چونکـە دەمانزانـی چاپکردنـی ئـەم کتێبـە لـە ئێـران چەنـدە گرنگـە. بێگومـان دەبـێ ئامـاژە بـەوە بکـەم کـە لـە سـەردەمی حکوومەتـی ڕووحانیـدا کەشـەکە نەختێـک کراوەتـر و چاودێریـی

ئەمنـی کەمـی کردبـوو. بابەتەکـە بـۆ ڕای گشـتی نامـۆ بـۆ، بـەڵام بەشـێک لـە چالاکوانانـی بـواری منـداڵان و ژنـان بەرامبـەری زیاتر هەسـتیار بـوون. بڕیارمـان دا ١٧ی مانگـی ڕێبەندان (٦ فێبریوێری/شـوبات) هـاوکات لەگـەڵ ڕۆژی جیهانیـی نەهێشـتنی خەتەنەکـردن یـان بڕینـی ئەندامـی زاوزێـی کچـان و ژنـان، ڕێوڕەسـمی پـەردەلادان لـە سـەر کتێبەکـە بەڕێـوە ببەیـن. بڵاوکەرەوەکـە لـە کتێبخانـەی نیشـتمانی پـەردەی لەسـەر بەشـێک لـە کتێبەکانـی لادابـوو. هەرچەنـدە ڕۆیـشتن بـۆ ئـەو شـوێنە بـۆ خەڵکـی گشـتی ئاسـان نەبـوو، بـەڵام بـژاردەی بڵاوکەرەوەکـە بـوو و منیـش قبووڵـم کـرد. هەرگیـز بیـرم لـەوە نەدەکـردەوە کـە دوای دەسـتگیرکردنم بـە دزەکـردن بـۆ نـاو حکوومـەت تۆمەتبـار بکرێم و یەکێـک لە نموونەکانیشـی پەردەلادان لە سەر کتێبەکەم لە کتێبخانەی نیشتمانی بێت!

ئێمـە چاوەڕێـی ئەوەمـان نەدەکـرد کـە لـە مەراسـیمی پـەردە لادان لـە سـەر کتێبەکـە کەسـانێکی زۆر ئامـادە بـن و پێشـوازیی بەرفراوانـی میدیـاکاران و خوێنـدکاران و چالاکانـی مافـی ژنـان و منـداڵان سەرسـامی کردیـن. ئەندامانـی گرووپـی هـاوکاران و چەنـد وتاربێژێکـم بانگهێشـت کردبـوو کـە لـە دەرەوەی تـاران دەژیـان. هەروەهـا نوێنەرانـی ئـەو پارێزگایانـەی کـە خەتەنـەی کچـان و ژنانـی تێـدا ئەنجـام دەدرێ و سـەرۆکی ڕێکخـراوی مەرجەعـی نیشـتمانیی منـداڵ کـە نووسـینگەکەی لـە دەسـەڵاتی دادوەرییـە، بانگهێشـت کـران. سـەرۆکی مەرجـەع و دکتـۆر ڕەسـووڵ خـزری، نوێنـەری پیرانشـار و سەردەشـت کـە خـۆی پزیشـک و سـەرۆکی کۆمیسـیۆنی تەندروسـتیی مەجلیسـی شـۆرای ئیسلامیـی بـوو لـە ڕێوڕەسـمەکەدا بەشـداریان نوانـد. مامۆسـتا مـەلا حەسـەن واژی زانـا و توێـژەری ئاییـن، کـە ئێسـتا لـە نـاو ڕیزەکانـی کادری سیاسـیی حیزبـی دێموکـرات کوردسـتاندایە، هاتبـوو و چەنـد کەسـێکی دیکـە لـە داموەدەزگاکانـی وەک بێهزیسـتی، وەزارەتـی تەندروسـتی و دەرمـان و نوێنەرێـک لـە نووسـینگەی یاسـایی ڕێکخـراوی ژنانـی سـەرۆکایەتیی کۆمـاری ئیسلامیـی ئێـران لـەم

دیمانـە لەگـەڵ کانالـی تەلەڤیزۆنیـی ڕووداو لـە کتێبخانـەی نیشـتمانیی ئێـران لـە تـاران و لـە پەراوێـزی ڕوونوێنـی لـە کتێبـی «بـە نـاوی نەریـت» سـەبارەت بـە خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان.

● وێنەی ٣١٢ – پەردەلادان لە سەر کتێبی بە ناوی نەریت، ١٣٩٤ی هەتاوی (٢٠١٥)

ڕێوڕەسمی پەردەلادانەدا ئامادە بوون.

مەراسیمی پەردەلادان لە میدیاکانیشەوە زۆر بە چاکی ڕوومالّ کرا و هەر زوو داوای دیمانە و چاوپێکەوتن لەسەر کتێبەکە دەستیپێکرد. من هاتبوومەوە بۆ ئێران بۆ ئەوەی بمێنمەوە و کار بکەم و ئەم ڕووداوانە زۆر دڵخۆشیان کردم. پێم وا بوو ئێستا فەزاکە ئەوەندە داخراو نییە و دەتوانم لە کارەکانم بەردەوام بم. هەتا ماوەیەک چاوپێکەوتنم لەگەڵ میدیاکان دەکرد و دواتر گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە ئیتر بەسە با کتێبەکە ببەمە ناو خەڵک. هەرچەندە گەشتی کتێب لە ئێراندا باو نەبوو، بەڵام هەر شتێک دەبێ لە شوێنێکەوە دەست پێبکات. کاروبارە سەرەتاییەکانم ڕاپەڕاند و دەستم پێکرد. کتێبەکەمان لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر دەبردە ناو خەڵک و دەمانناساند. ئەم کارە هەم بانگەشەیەک بۆ کتێبەکە بوو و هەمیش هەڵمەتێک بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا.

شاری کتێبی (شهر کتاب) خۆمان دەیتوانی بۆ ناساندنی ئەم کتێبە لە مەهاباد شوێنێکی باش بێت. هەرچەندە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا زۆر باسی خەتەنەکردنی کچان و ژنان ناکرێ و بابەتێکی دوور لە فەزای گشتییە، بەڵام خستنەڕووی کتێبەکە پێشوازییەکی باشی لێکرا. لە ئێوارەیەکی جوانی بەهار لە کتێبفرۆشییەکەی خۆماندا، دیکۆراتەکانی دووکانەکەمان کۆ کردەوە و لە هەموو شوێنێک کورسیمان دانا و پەردەمان لەسەر کتێبەکە لادا. یەکەمین بەرکەوتنم لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان لە مەهاباد ڕووی دا. ڕۆژێک پێش ڕێوڕەسمی پەردەلادان کەسێک لە ئەماکنەوە (پۆلیسی شوێنە گشتییەکان) تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی پێش ئەوەی بە ئاشکرا بەرنامەکە ڕابگەیەنی دەبا مۆڵەتت لە ئێمە وەربگرتایە. پێم وا نەبوو پەردەلادان لەسەر کتێبێکی مۆڵەتپێدراو کارێکی گرینگ بێ و پێویست بە مۆڵەتی هێزە ئینتیزامییەکان هەبێت. تووشی دڵەخورپە بووم. ئاگاداری بۆ پەردەلادان لە سەر کتێبەکە کرابوو و کەسانێکی زۆرم بانگهێشت کردبوو، چوومە بەشی ئیدارەی ئەماکن بۆ ئەوەی پێشی هەڵوەشانەوەی ڕێوڕەسمەکە بگرم.

● وێنەی ٣١٣ – پەردەلادان لە سەر کتێبی بە ناوی نەریت، ١٣٩٤ی هەتاوی (٢٠١٥)

دوو ئەفسەری خەڵکی میاندواو بەرپرسی پێدانی مۆڵەت بوون. دوای ئەوەی ماوەیەک قسەمان کرد، زانیم کە لە شوێنێکەوە ئاراستە دەکرێن بۆ ئەوەی کارەکە ڕابگرن و وەک خۆیان دەیانگوت مەئموورن و مەعزوور و هیچیان لە سەر نەبوو. بیانووی گاڵتەجاڕانەیان دەهێناوە و دەیانگوت

کتێبفرۆشییەکەت ژێرزەمینێکە. ئەی ئەگەر لە ناوەوە خەڵکێکی زۆر هەبن و ئاگریان تێبەربێت چی دەکەی؟ هەر زوو زانیم خەمی سەرەکییان بابەتی بەرەهەمەکەیە و ئەمانە تەنها پەڵپ و بیانوون. بە زمانی تورکی قسەم لەگەڵ کردن و گوتم "ئەو کتێبە چەند مانگێکە مۆڵەتی فەرمی لە وەزارەتی ئیرشاد وەرگرتووە و هیچ بابەتێکی هەستیاریشی تێدا نییە کە ئێوە نیگەران بکات."

هەروەها مۆڵەتی کتێب و فرۆشگاکە و ئەو بابەتانەش کە لە ڕۆژنامەکاندا سەبارەت بە کتێبەکە چاپ کرابوو هەمووم لەگەڵ خۆم بردبوو. هەروەها باسی خستنەڕووی کتێبەکەم لە کتێبخانەی نیشتمانیی بۆ میوانەکان کرد تا بتوانن ئەرخایەن بن و مۆڵەتەکە دەربکەن. خەڵکی ناوچەکە بوون و ئاگاداری پرسی خەتەنەکردنی کچان و ژنان بوون. گوتیان خۆ خەتەنەکردنی کچان و ژنان مەسەلەیەکی گرینگ نییە، بەڵام ئێمە دەبوو وەک ئەرکێک کە پێمان سپێردراوە پرسیار بکەین! منیش وەدە وردە فێر بووم کە لە بەرامبەر حکوومەتدا بابەتەکە کەمبایەخ پیشان بدەم و بڵێم کە من ڕەهەندی خەڵکناسانەی بابەتەکەم تاوتوێ کردووە و کتێبەکە باس لە عورف و دابونەریتە فەرهەنگییەکان دەکات.

کتێبی "بە ناوی نەریت" لە مەهاباد و ناوچەکەدا بە شێوەیەکی بەرفراوان بینرا، ئاریشە و کێشەیەکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەوروژاند و هەر ئەمەش وای کردبوو کە هەندێک کەس گرنگیی پێبدەن. سەرکەوتنی ئەم کتێبە لە شاری مەهاباد وەی ئەوەی پێبەخشیم کە لە کافە هونەری سنە پەردەی لە سەر لا بدەم و بیناسێنم. لەم شارەدا ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سیستەمی ئەمنی زۆر جیددیتر و لە سەر ئاستی دەزگای ئیتلاعات بوو. کاروبارەکان وەها بەڕێوە چوون کە تا چەند کاتژمێرێک پێش پەردەلادانەکە، نەماندەزانی کە دواجار بۆ ئەم کارە مۆڵەتمان پێدەدەن یان نا. خاوەنی کافەکە ژن و مێردێک بوون کە پەیوەندییەکی دۆستانەم لەگەڵیاندا هەبوو، هەر دوو چالاکی کۆمەڵایەتی بوون و یەکێکیان پێشینەی دەستبەسەربوونی هەبوو.

● وێنەی ٣١٤- ڕێوڕەسمی ڕوونوێنی لە کتێبی "بە ناوی نەریت"، کافە هونەری سنە، ١٣٩٤ی هەتاوی (٢٠١٥)

ڕەنگە هەڵەی من بووبێ کە سەرەڕای هەستیاریی دەزگا ئەمنییەکان بەرامبەر

بـەم ژن و مێـردە، کافـە هونـەرم هەڵبـژارد. ڕۆژێـکمان دیاریکردبـوو کـە هەسـتیاری زیاتـری لێکەوتبـووەوە. ئێمـە پلانمـان دانابـوو کـە بەرنامەکـە لـە ٧ی مـارس‌دا ئەنجـام بدەیـن و ٨ی مـارس ڕۆژی جیهانیـی ژنـان بـوو. هەتـا چەنـد کاتژمێرێـک پێـش ڕێوڕەسـمەکە، پەیتـا پەیتـا تەلەفۆنیـان دەکـرد و خـاوەن کافەکەیـان بانـگ دەکـرد. پەشـیمان بوومـەوە و دەمکـوت بـا ئـەم کارە نەکـەم، بـەڵام خـاوەن کافەکـە پێداگـری لەسـەر بەڕێوەبردنـی ڕێوڕەسـمەکە کـرد و دواجـار ئـەو کارەشـیان کـرد. جارێکـی تـر ڕێوڕەسـمی پـەردەلادان لـە سـەر کتێبـی "بـە نـاوی نەریـت" بـە پێشـوازییەکی چاوەڕواننەکـراو بەڕێـوە چـوو، هەرچەنـدە پریشـکەی لێکەوتەکانـی لـە هاوڕێکانـم کـەوت.

مەبەسـتی دواتـرم کرماشـان بـوو بـەڵام کەمێـک نیگـەران بـووم. دەزگا ئەمنییەکانـی پارێـزگاکان وردە وردە هەسـتیارتر بـوون و زیاتـر و زیاتـر بەدواداچوونیـان بـۆ ئـەوە دەکـرد کـە بزانـن کامیـل ئەحمـەدی کێیـە. ئەگـەر دۆسـییە و پێشـینەی منیـان هەبوایـە، ڕەنگـە تووشـی دەردەسـەری زیاتـر ببایـەم. مـن دڵـم بـەوە خـۆش بـوو کـە کتێبەکـە مۆڵەتـی پێـدراوە و هیـچ کارێکـم پێچەوانـەی یاسـا ناکـەم بـەڵام هـەر زوو تێگەیشـتم کـە ئـەم مۆڵەتـەش سـوودێکی زۆری نییـە و لـە هـەر سـووچێکی ئێرانـەدا هـەر یـەک لـە هـەوای خـۆی بڕیـار دەدا و کـەس قسـەی کـەس ناخوێنێتـەوە. پـووری شـەفەق لـە کرماشـان منـی بـە کتێبفرۆشـێک ناسـاند کـە کەسـێکی لـیبراڵ مەسـلەک بـوو و بـۆ ڕوونوێنیـی کتێبەکـەم پێشـوازیی لـێ کـردم.

کـە گەیشـتمە کرماشـان هەمـوو کاروبـارەکان جێبەجـێ کرابـوون. نیـوەڕۆ لـە ماڵـی خـەزوورم خەریکـی خواردنـی نانـی نیـوەڕۆ بوویـن کـە تەلەفۆنیـان کـرد و گوتیـان خاوەنـی کتێبفرۆشـییەکەیان لـە بەیانییـەوە بـردووە بـۆ ئیـدارەی ئیتلاعـات و ئـەوە تـازە ئـازاد کـراوە، بـەڵام دووکانەکـە پلۆمـب کـراوە و ڕێوڕەسـمی پەردەلادانیـش هەڵوەشـاوەتەوە. زۆر بـە هێمنـی و بێدەنـگ چوویـن بـۆ کتێبفرۆشـییەکە. دەڕابەکەیـان دابـووە خـوار و دوو ئۆتۆمبێلـی هێـزە ئینتیزامییـەکان لـە بـەر دووکانەکـە بـوون و مەئمـووری جلوبـەرگ ئاسـایی خەڵکیـان ئـاگادار دەکـردەوە کـە مەراسـیمەکە هەڵوەشـاوەتەوە. نیگەرانـی خـاوەن کتێبفرۆشـییەکە بـووم کـە دووکانەکـەی هەتـا ئاگاداریـی دوایـی دادەخرێـت. دوو ئۆتۆمبێلـی ئیـدارەی ئیتلاعاتیـش لـە سـووچێکی شـەقامەکە ڕاوەسـتابوون و چاودێریـی دۆخەکەیـان دەکـرد.

ئـەو ڕێوڕەسـمی پەردەلادانـە بەڕێـوە نەچـوو و بەشـێک لـە سـایتە هەواڵییـەکان و کەناڵـە تێلێگرامییـەکان لەبـارەی هەڵسـوکەوتی هێـزە ئەمنییـەکان بابەتیـان نووسـیبوو. هەندێـک لـە میدیـا فارسـی‌زمانە بیانییەکانـی وەکوو بی‌بی‌سـی و دۆیچەولـە بۆ دیمانە تەلەفۆنیـان بۆ کردم بـەڵام بـاشتر وا بـوو کـە بێدەنگـی بنوێنـم، دیمانـەم نەکـرد. بابەتێکـی زۆر ئاڵـۆز نەبـوو، وەک شـتێ هێـزە ئەمنییـەکان لـە تارانـەوە هەسـتیار ببوون و تـا مەهابـاد و سـنەش بەدواداچوونیان بـۆ کارەکـە کردبـوو. لـە کرماشـانیش بینیبوویـان کارەکـە هـەر بەردەوامـە و دەبـێ پێشـی پـێ

بگیرێت. لەم دۆخەدا دوو بژاردەم هەبوو: یان دەبا چاوەڕێ بام هەتا کەشەکە کەمێک ئارام دەبێتەوە و درێژە بە ڕێگاکەم بدەم یان بە بێ گوێدانە ڕووداوەکانی ڕابردوو، کارەکە بەرەو پێشەوە ببەم، دیارە بژاردەی یەکەمیان عەقڵانیتر بوو. گەڕامەوە بۆ شاری مەهاباد و توێژینەوەکەم لەسەر هاوسەرگیریی منداڵان درێژە پێدا.

ماوەیەک تێپەڕی، بارودۆخی ناوچەکە هێور بووەوە و بڕیارم دا لە شوێنێکی دوورتر پەردە لەسەر کتێبەکە لا بدەم. بۆ ئەم مەبەستە هورموزگانم هەڵبژارد و لە دوورگەی قیشم مەراسیمەکەم بەڕێوە برد. هاوڕێکانم لە کلینیکی ئاریکاریی کۆمەڵایەتی و هاوڕێیەکی دیکە کە خەڵکی دوورگەکە بوو یارمەتییان دام کە هۆڵی شارەوانی بە کرێ بگرین. جگە لە ئەنجامدانی مەراسیم، ئەزموونی ڕوونوێنی و پەردەلادانەکانی پێشوو دەریخستبوو کە هەڵبژاردنی شوێنە فەرمییەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کتێبەکە زیاتر ببینرێت. تەواوی بەشداربووانی ناو هۆڵەکە لە دوانزە کەس زیاتر نەبوو، ئەمەش شتێکی سەرسووڕهێنەر نەبوو. من ئاگاداری هەستیاریی ئێتنیکی و ئایینی خەڵکی دوورگەکان بووم و دەمزانی ئەوان ئامادە نین باسی ئەو پرسە بکەن، چ جای ئەوەی لە مەراسیمێکدا ئامادە بن و لە ناو کۆبوونەوەیەکدا شایەتحاڵی لێکدانەوەی خەتەنەکردنی کچان و ژنان بن.

ژمارەی ئامادەبووانی ناو ڕێوڕەسمەکە تا ڕادەیەک پێکەنینی بوو، بەڵام لەو هەلومەرجەدا جۆرێک دەستکەوت بوو. قیشم زۆرترین ڕێژەی خەتەنەکردنی کچان و ژنانی لە ئێراندا لە خۆ گرتبوو و بەشێکی زۆری دەستکەوتەکانمان لە قۆناغی مەیدانیدا هی باشووری ئێران و قیشم بوو، بۆیە خستنەڕووی کتێبی "بە ناوی نەریت" لەو دوورگەیەدا گرنگییەکی تایبەت و ڕەمزی هەبوو. دیارە تەنیا لە پەردەلادانەکە نەوستام و پەیوەندیم بە سەرکردە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان و هەندێک بنکەی تەندروستی گوندەکانەوە کرد، چوومە لایان و کۆمەڵێک کتێبم بە سەریاندا دابەش کرد. لە قیشم هیچ شتێکی تایبەت ڕووی نەدا، هەموو شتێک زۆر بە هێمنی ئەنجام درا و تەنانەت ڕۆژنامەیەکی ناوچەکەش چەند دێڕێکی لەسەر مەراسیمەکە نووسی.

لە قیشمەوە چوومە کرمان و لە کتێبفرۆشی هاوڕێیەکم ڕێوڕەسمی پەردەلادانم ئەنجام دا کە خەڵکی خوێندەوار و دڵگەرمی کرمان پێشوازییان لێکرد. پاشان چوومە ئیسفەهان و بە هاوکاریی هاوڕێ باشەکانم لەو شارە، لە حەوشەی ڕێکخراوێکی منداڵتەوەر ڕێوڕەسمی ڕوونوێنی لە کتێبی "بە ناوی نەریت"م ئەنجام دا. ئەم ڕێکخراوە لە بواری منداڵدا خۆشناو و ناسراو بوو. تا ڕادەیەکیش لە کێشمەکێشی ئەمنی خاترجەم بووم و دەمزانی کە ئەو پرسە زیاتر وەک ئاریشەیەکی بواری منداڵان سەیر کراوە و کەمتر هەستیاریی حکوومەت دەوروژێنێت. لە ئێران ئاوڕدانەوە لە هەر بابەتێک لە ڕوانگەی

مافـی مـرۆڤ و ژنانـەوە هەمیشـە کێشەسـاز بـووە و هەیـە، بـەڵام ئەگـەر بەرهەمەکـە لـە گۆشـەنیگای کێشـەکانی پەیوەسـت بـە منداڵانـەوە سـەیر بکـرێ ئـەوە هەسـتیاریی کـەمتری دامـەزراوە ئەمنییـەکان دەجووڵێنێـت.

لـەم پەردەلادانـەدا، کچێکـی گەنـج و هۆگـرم ناسـی. خـۆی ناسـاند و داوای لێکـردم کە لە پرۆژەکانـی داهاتـوودا دەرفەتـی هاوکاریکردنـی پـێ بـدەم. هاوڕێکانـم کـە زۆربەیـان لـە مـن گەورەتـر بـوون، سـەبارەت بـەو کچـە گوتیـان ئـەو بەشـداریی کۆبوونـەوە ژینگەییـەکان دەکا و بـە گشـتی خاڵێکـی هاوبەشـی ئەوتـۆی لەگـەڵ نـەوەی ئێمـەدا نییـە. مـن لـە بەشـی تۆمەتـە سێکسـییەکان لـە وەرزی حەوتەمـی ئـەم ژیاننامـەدا بـە وردتـر باسـی ئـەم کچـە دەکـەم. لـەوێ کەسـانی دیکەشـم ناسـی، کـە دواتـر دەرفەتـی هاوکاریـی نێوانمـان بـۆ ڕەخسـا. دوای پـەردە لادانـی ئیسـفەهان، زنجیـرە پەردەلادانەکانـی ئـەم کتێبـەم ڕاگـرت. بـۆم دەرکـەوت کـە ئێسـتا توێـژەر دەتوانـێ قسـەی خـۆی بـکا و پەیوەندیـی لەگـەڵ ئـەو کەسـانەدا کـە پێویسـتە دروسـت بـکا. دەبـوو وازم لـەم کارە بهێنایـە و ئیشـم لـە سـەر کارەکانـی داهاتـوو بکردایـە.

خەتەنەکردنی کچان و هاوسەرگیریی منداڵان؛ دوو دیاردەی تێهەڵکێشراو

کاتێـک کار لـە سـەر پرۆژەیـەک دەکـەم یـان دەسـت بـۆ توێژینەوەیـەک دەبـەم، هـاوکات بـۆ هەنگاوەکانـی داهاتـووم پلان دادەنێـم. ئەزموونـەکان پیشـانیان داوم کـە زۆربـەی خەسـارەکۆمەڵایەتییەکان یـەک بناغەیـان هەیـە و کاریگـەری و کارتێکـەری دەکەنـە سـەر یـەک، کەواتـە زۆربـەی زیـان و خەسـارە کۆمەڵایەتییـەکان ئەڵقـەی یـەک زنجیـرن و بـە یەکـەوە گـرێ دراون. بەپێـی ئەنجامـە جیهانییـەکان لـەو ناوچانـەی کـە بـە خەتەنەکردنـی کچـان و ژنانـەوە تێـوەگلاون، ڕەنگـە خەسـاری دواتـر هاوسـەرگیری لـە تەمەنـی کەمـدا بێـت. هـەر لـە سـەرەتاوە دەمزانـی کـە پـرۆژەی خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان ڕێ دەباتـە هاوسـەرگیریی منـداڵان یـان منداڵهاوسـەری. بۆیـە هـەر لـە میانـەی خولـی دووەمـی کاری مەیدانـی خەتەنـە لـە پارێزگاکانـدا، هەندێـک پرسـیاری پەیوەسـت بـە هاوسـەرگیریی منداڵانیشـم لـە پرسـیارنامەکاندا گونجانـد.

بـەو ئەنجامـە گەیشـتم کـە گریمانـەی پێوەندیـی مانـاداری نێـوان خەتەنەکردنـی ژنـان و هاوسـەرگیریی منـداڵان، جێـگای سـەلماندنە. کاتێـک بابەتەکـەم بـە جیـددی وەرگـرت، سـەیری ئامـارە بڵاوکراوەکانـم کـرد و بـۆم دەرکـەوت کـە خۆشـبەختانە بەرپرسـان لـەم ڕووەوە هیـچ بەخێڵییـان نەنوانـدووە و ئامارەکانـی هاوسـەرگیری و تـەڵاق و جیابوونـەوە و سەرپەرشـتیکردنیان بەپێـی تەمـەن و شـار و گونـد ڕاگەیانـدووە. لـەم چەنـد سـاڵەی دواییـدا ئـەم ڕەوتـە گۆڕانـکاری بەسـەردا هاتـووە و بـۆ ئـەوەی زانیارییـەکان دزە نەکەنـە دەرەوە یـان

وەک خۆیـان دەڵێـن بـە مەبەسـتی بەرگریکـردن لـە ڕەشـنوێنی، ئامـاری هاوسـەرگیریی کچانـی خـوار تەمەنـی ١٨ سـاڵ ڕاناگەیێنـن، بـەڵام پێدەچـێ دیسـان ڕای بگەیێننـەوە.

دوو پێشـنیارمان ئامـادە کـرد و بیرۆکـەی گشـتیی توێژینەوەکەمـان خسـتە ڕوو. ئەزموونـە جیهانییـەکان و کارە ئەنجامدراوەکانـی دیکەشـم تاوتـوێ کـرد. کاری مەیدانـی و قۆناغـی لێکدانـەوەی سـەرەتاییم دووبـارە لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانەوە دەسـت پێکـرد. مـن لـە شـاری مەهابـاد دەژیـام و دەمزانـی کـە لـە گوندەکانـی ناوچـەی موکریـان هەندێـک جـار هاوسـەرگیریی منـداڵان ڕوو دەدات. ئـەم ناوچانەمـان پشـکنی و دیسـان لـە ناوچەیەکـەوە بـۆ ناوچەیەکـی تـر ڕۆیشـتین. بـەو پـەڕی سەرسـووڕمانەوە بـۆم دەرکـەوت کـە ئـەم خەسـارە بـە پێچەوانـەی بابەتـی خەتەنـە هەمەگیـر نییـە و دەتوانیـن بڵێیـن لـە کـۆی هـەر سـی و یـەک پارێزگاکـەی ئێرانـدا بـەدی دەکرێـت. لـە هەندێـک پارێـزگادا ڕێـژەی زیاتـرە و لـە هەنـدێ پارێـزگادا کـەمترە، بـەڵام ڕەوتێکـی بـاوە کـە لـە هەمـوو پارێزگاکانـی ئێرانـدا دوور لـە جیاوازیـی ئایینـی و نەریتـی و جوگرافیایـی بوونـی هەیـە و تەنانـەت لـە وڵاتانـی ناوچەکەشـدا بـاوە.

ئامارەکانـی عێـراق زۆر جێـی متمانـە نەبـوون، ئاشـنابوونم بـە فـەزای ئـەوێ دەریدەخسـت کـە منداڵهاوسـەری لەوێـش زیانێکـی جیددییـە. تورکیـا و وڵاتانـی کەنـداو و هتـد، هەموویـان بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان بـەم بابەتـەوە تێـوەگلاون. پێـشتر لـە وڵاتانـی دراوسـێ و تـا ڕادەیـەک لـە ئێـران کار لەسـەر ئـەم بابەتـە کرابـوو و ئەمـە یارمەتـی دەدام کـە ڕوانینێکـی قـووڵترم هەبـێ و دەرفەتـی خوێندنـەوەی لێکۆڵینەوەکانـی ئەوانـی دیکـەم لـە بەردەسـتدا بێت.

● وێنەی ٣١٥ – سازکردنی کارگەکانی ڕاهێنانی هاوسەرگیریی منداڵان، باشووری تاران، ١٣٩٤ی هەتاوی (٢٠١٥)

پێـش ئـەوەی پـرۆژەی خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان کۆتایـی پـێ بێـت، بـۆ ماوەیـەک پێوشـوێنی وەرگرتنـی پشـتیوانیی دارایـی و مەعنـەوی بـۆ بابەتـی هاوسـەرگیریی منـداڵان بـووم، بـەڵام ئـەم بابەتـە بـۆ هیـچ دابینکەرێکـی بوودجـە یـان ڕێکخراوێـک سـەرنجڕاکێش نەبـوو. بەشـێک لـە هـۆکاری سەرنجڕاکێشـنەبوونی بابەتـی هاوسـەرگیریی

منداڵان لەبەر ئەوە بوو کە لە سەرانسەری جیهاندا کارێکی فراوان لەسەر ئەم بابەتە کراوە و زۆر گشتگیر بوو، بەڵام خەتەنەکردنی کچان و ژنان بابەتێکی شاراوە و فێمینیستی و تابۆ بوو کە پاش بڵاوبوونەوەی توێژینەوەی "بە ناوی نەریت" و لەقاودرانی بوونی ئەم خەسارە لە ئێراندا، ڕەهەندێکی گرنگ و شیاوی مشتومڕی گرتە خۆی و ئەمەش وای لێکردم بەردەوام لە خۆم بپرسم، باشە بۆچی منداڵ‌هاوسەری کە ئەوەندە هەمەگیر و بەربڵاوە، بۆ هیچ کەسێک گرنگ نییە؟ بۆچی کێشەیەک کە بە قەبارەیەکی بەرفراوان ڕوو دەدا، و چەندین لێکەوتەی زیانبەخشی نەک تەنها بۆ کچان بەڵکوو بۆ کوڕان و منداڵەکانیشیان هەیە بە جددی وەرناگیرێت و یاساییە؟

ئەمە هەمان ئەو خاڵەیە کە پێشتر باسم کردبوو، هەندێک لە لایەنە بیرمەندەکان و میدیاکان بڕیار دەدەن کە کام بابەت بە شێوەیەکی فراوانتر بورووژێنن و سەرچاوە و بوودجەی زیاتر بۆ کام بابەت تەرخان بکەن. من بۆم دەرکەوتبوو کە ئەوەی دەبێتە هۆی بەرجەستەبوونی دیاردەیەک یان پرسێک لە جیهاندا، گشتگیریی ئەو بابەتە لە سەر ئاستی کۆمەڵگاکان نییە، بەڵکوو ڕێبازە ئایدۆلۆژیکییەکان و خواست و هەڵوێستی دەسەڵاتەکانە، ئەو دەسەڵاتانەی کە بڕیارە ئامانجە ئایدۆلۆژییەکان و بەها و بەرژەوەندییە ماددییەکانیان بەدی بێنن. شیکاریی من ئەوە بوو کە خۆشبەختانە ڕادەی بڕین و خەتەنەکردنی کچان و ژنان لە زۆر شوێنی ئێراندا بە لابردنی پێستی پێشەوە (کلیتۆریس یان میتکە) سنووردار کراوەتەوە و بەقەد وڵاتانی ئەفریقا قووڵ و توند نییە هەندێک جار تەنانەت بە شێوەی سیمبۆلی ژێر تەنوورەی کچەکە برینەدار دەکەن کە دیارە زیانی جەستەیی و لێکەوتەی کەمتری هەیە کە دەبێ بەمەش دڵخۆش بین. هەڵبەت ئەمە نابێ لە گرنگیی بابەتەکە و پێشێلکردنی مافە سەرەتایی و سێکسییەکانی مرۆڤ کەم بکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە هاوسەرگیری لە سەردەمی منداڵیدا، کاریگەریی لەسەر تەواوی ژیانی مرۆڤ دەبێ و ئەو منداڵە هەتا کۆتایی تەمەن بەرەوڕووی چەندین زیان دەکاتەوە، وەکوو وازهێنان لە خوێندن، هەژاری، خەمۆکی، زاوزێ لە تەمەنێکی بچووک، توندوتیژیی خێزانی، تەڵاق و جیابوونەوە، منداڵبێوەیی و نەفامی و نەبوونی ئەزموونی پێویست بۆ پەروەردەکردنی منداڵ. لێکەوتەکانی هاوسەرگیریی منداڵان زۆر زیاتر لە خەتەنەکردنی ژنانە.

لە درێژەی لێکۆڵینەوەکانمدا، گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە باشتر وایە بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئیش بکەم. لام ڕوون بوو سەربەخۆ ئیشکردن لە ئێراندا کەمتر سەرنجی هیزە ئەمنییەکان ڕادەکێشێت. دوای بڵابوونەوەی توێژینەوەی خەتەنەکردنی کچان و ژنان، لە نێو کۆمەڵگەی ئەکادیمی و زانستیدا ئامادەبوونێکی فەرمیترم هەبوو و لەگەڵ کەسانی چالاکی بوارە کۆمەڵایەتی و ئەکادیمییەکان کەوتمە پێوەندی. دەمبینی ئەو ڕێکخراو و

ئێن.جی.ئۆیانەی کە ڕوانگە و ئامانجی درێژخایەن و مامناوەندیان هەیە، تا ڕادەیەکی زۆر ئەو سیاسەتانە پەیڕەو دەکەن کە ئاراستە و ویستی بوودجەدانەرەکانیانە.

سەربەخۆیی کردەیی و زانستیبۆ من ببوو بە هێڵی سوور و نەمدەویست کارەکانم تەنیا لە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆک بۆ ڕێبازێک، ئاراستەیەکی فیکری یان ڕێکخراوێک سنووردار ببێت. کارەکانم بەبێ پشتیوانی ئەستەمتر دەبوون، بەڵام شایانی ئەوە بوو و دەبا بۆ پاراستنی سەربەخۆیی لە لێکۆڵینەوەکانماندا زۆر کارم بکردایە. دەمتوانی بە سەرچاوەی دارایی خۆم پرۆژە نوێکەم ئەنجام بدەم. بەشێک لە کرێی ئاپارتمانەکەم لە لەندەن بۆ دانەوەی قەرزی بانکی سەرف دەبوو، بەڵام دەمتوانی بەشەکەی تر بکەم بە ڕیاڵ و بیگەڕێنمەوە بۆ ئێران، بۆ ئەوەی پارەی توێژینەوەکەمی پێ بدەم. هەروەها میراتی باوکم یارمەتیدەرێکی باش بوو و هەرچەندە بارودۆخمی دژوار دەکرد بەڵام باشتر لەوەی بوو کە لە شوێنێکەوە بوودجە وەربگرم و بەشێکی زۆری سەربەخۆیی توێژینەوەکەم لەدەست بدەم. لە بواری هاوسەرگیریی منداڵاندا وەکوو خەتەنەکردنی کچان و ژنان کارێکی ئەوتۆ نەکرا بوو. چەندین وتار و تێز و ژمارەیەک کتێب بڵاو کرابوونەوە کە زۆربەیان لەسەر باوبوونی هاوسەرگیریی منداڵان بوو. پێش ئینقلابی ئیسلامی، حکومەتی پەهلەوی تەمەنی هاوسەرگیریی بۆ کچانی سەروو هەژدە ساڵ و بۆ کوڕان سەروو بیست و یەک ساڵان ڕاگەیاندبوو. هەرچەندە ئەم یاسایە لەلایەن خەڵکەوە جێبەجێ نەدەکرا و زۆر کەس هاوسەرگیرییان لە تەمەنی بچووکتردا ئەنجام دەدا، بەڵام ئەگەر کەسێک نەیویستبا بە زۆرەملی هاوسەرگیری بکا، ئەوا لانیکەم لە پاڵپشتیی یاسایی سوودمەند دەبوو.

● وێنەی ٣١٦ – کاری مەیدانی، ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، ١٣٩٤ی هەتاوی (٢٠١٥)

لـە سـەرەتای ئینقلابـدا ئـەم یاسـایە گۆڕانـکاری بنەڕەتیـی بەسـەردا هـات. ئەو یاسـایانەی کـە زۆریـان لـە مۆدێلـی یاسـاکانی فەرەنسـا و بێلژیـک وەرگیرابـوون، لا بـران و یاسـاگەلێک جێبەجـێ کـران کـە جەختیـان لەسـەر ئیمانـداری و شـەرعی ئیسلامـی دەکـردەوە. تەمەنـی هاوسـەرگیری بـە شـێوەی نەریتیئاییـنـی و لەسـەر بنەمـای تەمەنـی باڵغبـوون، بـۆ کچـان کـرا بـە سـێزدە سـاڵ و بـۆ کـوڕان بـە پانـزە سـاڵ، بـەڵام بـە بڕیـاری دادگای شـیاو، دەتوانـرا تەمەنـی هاوسـەرگیریی کچـان لـە سـێزدە سـاڵەوە بـۆ نـۆ سـاڵیش کـەم بکرێتـەوە. چەنـد سـاڵ دواتـر یاسـاکەیان گـۆڕی و تەمەنـی نـۆ سـاڵ بـوو بـە پێـوەری هاوسـەرگیریی بـۆ کچـان و ئـەو زەخـت و گوشـارانەی کـە کۆمەڵگـەی مەدەنـی و زۆربـەی چالاکوانانـی ئـەم بـوارە لـە شەسـتەکان و حەفتاکانـی سـەدەی چـواردەی هەتـاوی (هەشـتاکان و نەوەدەکانـی سـەدەی بیسـتەمی زایینـی) خسـتیانە سـەر حکوومـەت، بـە هیـچ کـوێ نەگەیشـت.

نیـازم وا بـوو کـە لـە سەرانسـەری ئێرانـدا ئـەم کەیسـە پەیوەندیدارانـە لێـک بدەمـەوە و دواتـر چەنـد پارێزگایـەک بـە دوو شـێوەی هەڕەمەکـی و ئامانجـدار هەڵبژێـرم کـە شـێوازێکی دیکـە هاتـە مێشـکمەوە؛ لەبـری ئـەوەی کات و پارەیەکـی زۆر سـەرف بکەیـن، چووینـە سـەر ئامـارە بەردەسـت و فەرمییـەکان کـە تـا ڕادەیـەک متمانەپێکراوتـر بـوون. بەکارهێنانـی ئامـارە دەوڵەتییـەکان بێگومـان شـەرعییەتیان زێدەتـر بـوو و حکوومـەت کـەمتر بەرەنگاریـان دەبـووەوە. حکوومەتـی کۆمـاری ئیسلامـی ئێـران ئامارەکانـی خەتەنەکردنـی کچـان و ژنانـی لەبـەر سـەربەخۆبوون بـە فەرمـی نەناسـاند، بـەڵام بـۆ ئامـاری خۆیـان نەیاندەتوانـی ئـەم کارە بکـەن. وێـڕای ئـەوەی کـە دەمویسـت بـە پـارەی گیرفانـی خـۆم ئیـش بکـەم و ئـەم شـێوازە عەقڵانـیتر بـوو.

پارێزگاکانـم لەسـەر بنەمـای زیاتریـن ڕێـژەی هاوسـەرگیری هەڵدەبـژارد. زۆرتریـن ژمارەی هاوسـەرگیری هـی پارێـزگای خوراسـانی ڕەزەوی بـوو و ئینجـا سیسـتان و بەلووچسـتان. لـە دانیشـتنی "داکردنـی هـزری"[1]دا کـە لـە تـاران ئەنجـاممان دا، هەشـت پارێـزگای سـەرەکیی ئێرانمـان هەڵبـژارد و لـە پارێزگاکانـی دەوروبـەردا دەسـتمان بـە کاری مەیدانـی کـرد. هەوڵـم دا شـێوازێکی زانسـتی و چۆنایەتیـی جیـاواز تاقـی بکەمـەوە و ئـەم بەرهەمـە لـە میتـۆدی گرانـدد تیـۆری (GT) نزیـک بکەمـەوە. مـن پێـشتر ئـەم شـێوازەم بـە کار نەهێنابـوو و ئەزموونـی پێویسـتم نەبـوو و لـە کۆتاییـدا گەیشـتینە هەمـان شـێوازی کلاسـیکی شـیکاریی چۆنایەتـی و چەندایەتـی.

سـەرچاوەی دارایـی تاکەکەسـیم کـەم بـوو و نەمدەتوانـی وەکـوو کارەکـەی پێشـووم هێزی

---

١ . بـە ئینگلیـزی "Brainstorming" و بـە فارسـی "طوفان فکری" یان "بارش فکری" شـێوازێکی ئافراندنـی بیرۆکە و ئایدیایە لـە کۆبوونەوەیەکـی گرووپیدا و لـە ڕێگەی کۆکردنەوە و لێکدانی بیـر و بۆچوونەکان.

زیاتـر بـۆ مەیدانـی توێژینـەوە دابمەزرێنـم، بۆیـە ناچـار بـووم بـە شـێوەیەکی سـەربەخۆتر و خێراتـر بـەڵام بـە باشتریـن کارایـی و وردبینیـی زانسـتییەوە کارەکـە بـەرەو پێشـەوە ببـەم. لـە زۆربـەی پارێزگاکانـدا ئامـارە پێشکەشـکراوەکان ورد و دروسـت بـوون، بـەڵام لـە هەندێـک شـوێن خۆڵەمێشـی و گومانـاوی بـوون. لە ناوچـە گوندییەکان و شـوێنانێکی وەکوو سیسـتان و بەلووچسـتان، هورمـوزگان و هەنـدێ ناوچـەی پارێـزگای ئیسـفەهان کە هاوسـەرگیرییەکەیان زۆر نەریتـی بـوو، ئامـارە بەردەسـتەکان سـاختە و نادروسـت و گومانـاوی بـوون.

بـۆ نموونـە لـە پارێـزگای سیسـتان و بەلووچسـتان، هاوسـەرگیریی کچۆڵـەکان لەگـەڵ پیاوانـی گەورەسـاڵ لـە چـاو پارێزگاکانـی دیکـە زیاتـر بـوو. بەهـۆی هـەژاری و بێبەشـییەوە ماڵباتـەکان کچەکانیـان ناچـار بـە هاوسـەرگیری دەکـەن و لـە بەرامبـەردا پـارە و خەرجیـی ژیـان و ... لـە زاواکەیـان وەردەگـرن. لـە هەندێـک حاڵەتـدا کەسـێکی خێزانـدار دیسـان لەگـەڵ کچێکـی کـەم تەمـەن هاوسـەرگیری دەکـرد و ئـەم هاوسـەرگیرییەی بـە شـێوەی فەرمـی تۆمـار نەدەکـرد و هەمـوو شـتێک لـە مارەبڕینـی شـەرعی خۆجێیـدا سـنووردار دەبـووەوە. هاوسـەرگیریی تۆمارنەکـراو لـە سـنوورەکان و بەتایبـەت لـە نـاو بەلووچەکانـی ئێـران و ئەفغانسـتان و پاکسـتاندا ڕووی دەدا. هەندێـک جـار بەهـۆی تەمەنـی کەمـی بـووک و ترسـی لێپێچینـەوەی یاسـایی، هەندێـک لـە هاوسـەرگیرییەکانیان تۆمار نەدەکـرد و هەندێک جاریـش سـاڵانێکی زۆر لـە هاوسـەرگیری و لەدایکبوونـی چەنـد منداڵێـک تێدەپـەڕی بـەڵام هێشـتا هاوسـەرگیرییەکە تۆمـار نەکرابـوو.

پـاش یاسـای ئامانجدارکردنـی سووبسـیدەکان (کـە لـە ئێـران و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان پێـی دەڵێـن یارانـە) و پێدانـی بـڕە پارەیەکـی مانگانـە بـۆ سـەر حسـابی بانکیـی بنەماڵـەکان، ڕێـژەی تۆمارکردنـی هاوسـەرگیرییەکان تـا دەهـات بەرزتـر دەبـۆوە. ئـەو پیاوانـەی کـە سـەرەڕای بوونـی چەندیـن منـداڵ هاوسـەرگیرییەکانیان تۆمـار نەکردبـوو، بـۆ وەرگرتنـی یارانە دەچـوون هاوسـەرگیرییەکەیان تۆمـار دەکرد،کـە ئەمـە دەریخسـت ڕێـژەی هاوسـەرگیرییە خۆڵەمێشـییەکان تـا چەنـدە زۆر بـووە. لـە کۆمەڵگەیەکـی وەکـوو ئێرانـدا کـە هەمیشـە میکانیزمـی نکۆڵیکـردن و شـاردنەوە لـە هەمـوو جومگـە و ئاسـتەکاندا چەسـپاوە، هاوشـێوەی ئـەم هەلومەرجـە بـۆ هاوسـەرگیریی سـپی یـان هاوماڵییـش دەتوانـێ ڕاسـت بێـت.

ئامـارە بڵاوکـراوەکان زۆر یارمەتییـان دایـن و لـە لێکدانـەوە مەیدانییەکانـدا خێراتـر ئەنجامەکانمـان دەسـت خسـت، بـەڵام دەبـا وەکـوو کارەکانـی پێشـوو لـە مەیـدان و بـە شـێوەی ڕاسـتەوخۆ دیمانـەی قـووڵ ئەنجـام بدەیـن. لـەم توێژینـەوەدا لەگـەڵ پیـاوان و کوڕانیـش قسـەمان کـرد. لـە کارەکانـی پێشوویشـدا پیـاوان بەشـێک لـە کۆمەڵگـەی ئامـاری بـوون و لـە گرنگیـی کۆکردنـەوەی بۆچوونەکانیـان ئـاگادار بـووم. لـەم قۆناغـەدا وەکـوو جـاری پێـشتر هەوڵـم دا یارمەتـی و هـاوکاری لـە پرسـیارکارانی خۆجێیـی و ئەوەنـدەی بـۆم دەکـرا

چاوساغ و وەرگێڕە ناوچەییەکان وەربگرم و لە پارێزگا جیاوازەکاندا چەند کەسێک بە شێوەی سنووردار هاوکاری ئەم توێژینەوەیەیان کرد.

هاوڕێیەکم لە زانکۆی بێهزیستی لە سیستان و بەلووچستان و ژمارەیەک لە هاوکارانی پێشووی توێژینەوەی خەتەنەکردنی کچان و ژنان و دوو هاوکار و هاوڕێ لە پارێزگا ناوەندییەکان بۆ پێشخستنی کارەکە هاوکارییەکی زۆریان نواند.

یەکێک لەو کەسانەی کە لەم کارە و دوو لێکۆڵینەوەی دواتردا ئامادەییەکی بەردەوامی هەبوو و سەرەڕای تازەکاربوونی بۆ ئەنجامدانی دیمانەی بەکوالێتی و قووڵ هاریکاری کردم، کەسێکی تا ڕادەیەک کەماڵگەرا بوو کە حەز و ئارەزووی بۆ کارەکە و بابەتەکە زۆر بوو. کاتێک بۆ یەکەمجار چاوم پێی کەوت، لیستێکی لە سەد و دوو بیرۆکەی توێژینەوەیی لە کتێبۆکەکەیدا نووسیبوو و دەیگوت ئەنجامی دەدەم. ئەو کەسە دوای دوو ساڵ دواجار بە تاقە ئاوات و خۆزگەی ئەو کاتی خۆی گەیشت واتە سکۆلەرشیپ یان وەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێی دەڵێن بوورسی خوێندنی وەرگرت و لە ئێران ڕۆیشت و وەک شتێک بە لایەوە فەرقی نەدەکرد بچێتە کوێ. وەک خۆی وتی لە ناو ژینگەی تاقەتپڕووکێن و تەژی لە ئاریشە و کێشەی ئێران ڕزگاری بوو.

● وێنەی ٣١٧ – وێنەی مەیدانی، هەورامان، ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی (٢٠١٥)

ئێمە لە حەوت پارێزگادا کاری مەیدانیمان ئەنجام دا. سەرەڕای هەموو جیاوازییە ئایینی و فەرهەنگی و هتد، هەموویان لە یەک شتدا هاوبەش بوو و ئەویش هاوسەرگیریکردن لە تەمەنی منداڵی بوو. بەگشتی هەر سێ فاکتەری نەریتی و ئایینی و هەژاریی ئابووری هۆکاری بەردەوامیی ئەم جۆرە هاوسەرگیریانەن. هەروەها نەریتە باوەکانی ناوچەکە و گوشارە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر بنەماڵەکان هەبووە. چەندین جار تووشی کەسانێک بووین کە لە ئەنجامی هاوسەرگیرییان لە تەمەنێکی زۆر بچووکدا ڕازی نەبوون. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە هەندێک لە بنەماڵەکان بەم هاوسەرگیرییە دڵخۆش نەبوون، بەڵام دەیانوت ئەگەر تەمەنی کچەکەمان هەڵکشێ

ئـیتر پێـی دەڵێـن قەیـرە. ئەگـەر پێداگـری لەسـەر ئـەوە بکەیـن کـە کچەکەمـان بڕوانامەکـەی دیپلـۆم وەربگـرێ، ئـەوا بـژاردەی هاوسـەرگیری لەدەسـت دەدا و ئـیتر کـەس نایخوازێـت. لـە گفتوگۆکانمانـدا گەیشـتینە ئـەو ئەنجامـەی کـە ڕوانگـە و فشـارە کۆمەڵایەتییـەکان و ناوناتـۆرەی فەرهەنگـی لـە هاوسـەرگیریی منداڵانـدا زۆر گرنـگ و یەکلاکـەرەوەن.

کاتێـک وەک توێژەرێـک گـوێ بـۆ قسـەی دایـک و باوکێـک شـل دەکـەی کـە بـە نەریـت و فەرهەنگەکانـی ژینگەیـان و گوشـارە کۆمەڵایەتییەکانیـەوە تێـوەگلاون، ناتوانـی لـە توێژینەوەکەتـدا بارودۆخیـان پشـتگوێ بخەیـت. لـە لایەکـی تـرەوە حکوومـەت چەندیـن یاسـای ئاسـانکاری بـۆ بەردەوامبـوون و زیادکردنـی ژمـارەی ئـەو هاوسـەرگیرییانە دابیـن کـردووە و هیـچ یاسـایەکی بـۆ قەدەغەکردنـی هاوسـەرگیریی منداڵانی خـوار تەمەنی یاسـایی دەرنەکـردووە. پێـم وا بـوو کـە پێکهاتـە فەرهەنگـی و یاسـاییەکان پێکـەوە ئـەم چیرۆکەیـان بەرەوپێـش دەبـرد و پەرەیـان پـێ دەدا.

ئاراسـتەی ئـەم دایـک و باوکانـە دەتوانـێ لـە بەسـتێنێکی فەرهەنگـی و کۆمەڵایەتیـدا مەنتیقـی و لۆژیکـی بـێ و توێـژەر وەک چاودێرێـک هەنـدێ جـار تووشـی پارادۆکـس دەکات. لـە خۆمـم پرسـی، دەتهـەوێ چـی لـە دڵـی شـیکارییەکانت دەربهێنیـت؟ دەتهـەوێ کێشـە و خەسـارەکانی منداڵـەکان لـە چ پاشـخان و پێش‌زەمینیەکـدا دابنێـی و چارەسـەری بـۆ بدۆزیتـەوە؟ ئایـا دەکـرێ لـە چوارچێـوەی خەڵکناسـیدا دیـدگای دایـک و بـاوک پشـتگوێ بخەیـن و واقیعـە فەرهەنگـی و کۆمەڵایەتییـەکان بـە هەنـد وەرنەگریـن؟ و ئایـا لـە کۆتاییـدا توێـژەر بـە شـێوەی ڕەهـا و مەنتیقـی ئاییـن و حکوومـەت و سیسـتەمی یاسـادانان بـە فاکتـەر بناسـێ و تەنیـا پەنجـە بـۆ ئـەو ڕادێرێـت؟ و ئەمـە ڕێـک ئـەو جێگایەیـە کـە توێـژەر بـە لێـواری تیغـدا دەڕوات. بـە خۆمـم دەگـوت ئێسـتا کـە ئەگـەر ئـاوا ڕوون و ئاشـکرا بڵێـم حکوومـەت بەرپرسـیار و خەتابـارە دەبـێ تـا چەنـدە وریـا و زمان‌ئامـان بـم؟ ئەگـەر ڕاسـتییەکان نەڵێـم، تـا چەنـدە ئەرکـی زانسـتیم پێشـێل کـردووە و تـا چەنـدە پابەنـد و خـاوەن ڕەوشـت و بەئەخلاقـم؟ لـە ئێرانـدا بابەتـی هەسـتیار لـە بـواری کاری توێـژەردا زۆرن، کـە بـە بوێرییـەوە دەتوانـم بڵێـم زۆربـەی هـاوکارەکان یـان تاقەتیـان نەبـوو یـان لاگیرانـە مامەڵەیـان دەکـرد و نەیاندەوێـرا ڕاسـتییەکان بنووسـن و خۆیـان لـە قـەرەی ئـەم کارانـە بـدەن. چونکـە ئەگـەر بیانهـەوێ هەمـوو بۆچوونەکانـی خەڵـک دەربـڕن و بـە پێـی ئەنجامـەکان و تێگەیشـتنێکی دروسـت یـان تەنانـەت جیـاواز لـە فەرهەنـگ و کۆمەڵـگا و ئاییـن حەقیقەتـە مەیدانییـەکان بڵێـن، ئـەوا لەلایـەن گرووپـە ڕادیکاڵەکانـی لایەنگـری منـداڵ و فێمینیسـتەکان و لایەنگرانـی حکوومەتـەوە دەکرێنـە ئامانـج.

ئامادەبوونم لە BBC بە کەواوپاتۆڵەوە

مانگـی کانوونـی یەکەمـی ٢٠١٦ بـۆ بەشـداری و وتـاردان لـە کۆنفرانسـێکی زانکـۆی ئۆکسـفۆرد لـە بەریتانیـا بانگهێشـت کـرام. یەکێـک لـە ڕێکخەرانـی ڕێوڕەسـمەکە، پرۆفیسـۆر تۆبـی لیـۆن خاوەنـی بڵاڤۆکـی نوسـخەی ئینگلیزیـی کتێبـی "بـە نـاوی نەریـت"، کـە لـە مامۆسـتایانی زانکـۆی ئۆکسـفۆردە، داوای لێکـردم باسـی خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان و هاوسـەرگیریی منـداڵان بکـەم. یەکێـک لـە ئاشـناکانم کـە هاوکاریـی لەگـەڵ تەلەڤیزیۆنـی بی.بی.سـی هەبـوو، پێشـنیاری بـە عینایـەت فانـی سەرنووسـەری بەرنامـەی "بـە عبـارت دیگـر" کردبـوو کـە مـن بـۆ ئـەو بەرنامـە بانگهێشـت بکـەن.

بـە شـەمەندەفەر لـە لەندەنـەوە بـەرەو ئۆکسـفۆرد دەڕۆیشـتم کـە بەڕێـز فانـی تەلەفۆنـی بـۆ کـردم و بانگهێشـتی کـردم. گوتـم بەرنامەکەتـان زیاتـر سیاسـییە و مـن لـە بـوارە کۆمەڵایەتییەکانـدا لێکۆڵینـەوە دەکـەم. فانـی وتـی نیازمـان وایـە بەرنامەکەمـان بـوارە جیاوازەکانیـش بگرێتـەوە و ئـەو بابەتانـەی کـە بـۆ کۆمەڵـگا جێـی باسـن و گرنگـن دەخەینـە بـەر تیشـکی سـەرنج و لـە گۆشـەنیگایەکی دیکـەوە تاوتوێیـان دەکەیـن. حـەزم دەکـرد دەسـتبەجێ بانگهێشـتەکەی فانـی قبـووڵ بکـەم، بـەڵام ژیـان لـە ئێـران هەندێـک تێبینـی هەیـە کـە دەبـێ ڕەچاویـان بکـەم. وتـم مـن هاتوچـۆی ئێـران دەکـەم، ئەگـەر بڕیـار بێـت لـە بەرنامـەی ئێـوەدا تووشـی ئاڵنـگاری ببمـەوە و وڵامـی پرسـیارێکی ئێوە بـە شـێوەیەک بدەمەوە لـە ئێرانـدا لێپرسـینەوەم لەگـەڵ بکـەن، چـی؟ بـە پێکەنینـەوە وتـی: "ئێمـە لـەم بەرنامەیـەدا بەشـە ئاڵنگارییەکـەی نـەرمتر بەڕێـوە دەبەیـن." وتیـان بڕیـار وایـە لـە چوارچێـوەی بەرنامـەی بـە نـاوی "سـەد ژن"[1] کـە هەمـوو سـاڵێک تەلەڤیزیۆنـی بی‌بی‌سـی پێشکەشـی دەکا، پرسـی خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان لێـک بدەینەوە.

● وێنەی ٣١٨ – میوانی بەرنامەی "به عبارت دیگر" لە بی.بی.سی، لەندەن، ٢٠١٦

ئێمـە چەنـد جـار یەکترمـان بینـی و باسـی بەرنامەکەمـان کـرد و منیـش چەنـد ڕۆژێـک دەرفەتـم داوا کـرد بـۆ ئـەوەی بـە باشـی بیـر لـە هەمـوو لایەنەکانـی بابەتەکـە بکەمـەوە. پرسـم بـە هاوڕێکانـم کـرد و بڕیـارم دا لـە بەرنامەکـەدا بەشـداری بکـەم،

---

١ . صد زن

هەڵبـەت بـەو مەرجـەی کـە لەبـارەی هاوسـەرگیریی منـداڵان قسـە بکەیـن و لـە بـارەی پاڵپشـتیی دارایـی خەتەنـەی ژنـان بـە شـێوەی ڕاسـتەوخۆ هیـچ پرسـیارێک نەکـەن. مـن لـە ئێـران یەکێـک لـە بینەرانـی هەمیشـەیی تەلەڤیزیۆنـی بی.بی.سـی بـووم و بـاش دەمزانـی کـە هەتـا ئـەو کاتـە کـەس بـە جلوبەرگـی کوردییـەوە لـە بی.بی.سـی‌دا بەشـداری نەکـردووە. کەواتـە بـە کەواوپاتۆڵـەوە چوومـە سـتۆدیۆ.

بـە گوێـرەی بیستراوەکانـم دەمزانـی تەلەڤیزیۆنـی فارسـی بی.بی.سـی بـە جۆرێـک جەخـت لە سـەر فارسـبوون یـان سـەپاندنی باڵادەسـتیی زمانـی و ئێتنیکیی فـارس دەکاتەوە. بـە لامـەوە گرنـگ بـوو کـە بـە کەواوپاتۆڵـەوە لـەو بەرنامـە پڕبینـەرەدا ببینرێـم. هـەر بۆیـە لـە هەواڵـی کۆنەهاوڕێـم دەسـتێک کەواوپاتۆڵـی ڕانـک و چۆخـەم وەرگـرت. کاتێـک چوومـە نـاو ئاسانسـۆری بی.بی.سـی فارسـی، یەکێـک لـە بەرهەمهێنەرانـی بەرنامەکـە کـە قەزائـەن ئەویـش خەڵکناسـی خوێنـدووە، واق مـا و بـە سەرسـووڕمانەوە وتـی: "عینایـەت ئەمـە بـە جلوبەرگـی کوردییـەوە هاتۆتـە نـاو سـتۆدیۆ و دەیهـەوێ بەرنامـە تۆمـار بـکات؟" منیـش بـە گاڵتەجاڕییـەوە گوتـم: " بـا تووشـی نارەزایەتـی و کێشـە نەبیـن. بەپێـی یاسـا و ڕێسـای ناوخـۆی کەناڵـی بی.بی.سـی ناهێڵـن مـن کەواوپاتـۆڵ لەبـەر بکـەم و ئەمـە هـەڵاواردن و سـوکایەتیی فەرهەنگییـە!" فانـی کـە پیاوێکـی شـارەزا و نـازدارە بـە زەردەخەنـەوە سـەیرێکی کردم و وتی کێشە نییە.

● وێنەی ٣١٩ - بە پێچ و کڵاوی ناوچەی موکریان، مەهاباد، ١٣٩٥ی هەتاوی (٢٠١٦)

فانـی لـە دیـداری پێـش بەرنامـەدا پێـی وتبـووم خەڵکـی، ناوچەیەکـی سوننەنشـینی باشـووری لارسـتانە بـە نـاوی بەسـتەک. هەسـتم دەکـرد وەک کەمینەیـەک زۆر بـاش لـە هـەڵاواردن تێـدەگا و لـە ئەنجامدانـی خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان لـە ناوچـەی خـۆی ئـاگادار بـوو. کاتێـک بـە کەواوپاتۆڵـەوە لـە بەرنامەکـەدا بەشـداریم کـرد، وامدەزانـی ڕوانگـەی یەکدەسـتی ئێرانـی گـەورە و فەرهەنگـی باڵادەسـتی قبوڵکـراو دەخەمـە ئاڵنگارییـەوە. وەک لێکۆڵەرێکـی کـورد لـە پشـت کامێرایـەک دانیشـتم و باسـی کێشـەیەکم کـرد کـە لـە هـەر سـێ پارێـزگای ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان واتـە ئازەربایجانـی ڕۆژاوا، سـنە و کرماشـان ڕێژەکـەی زۆر بـوو. دەمویسـت وێـڕای

ڕێزگرتن لە داب و نەریت و ڕەسەنایەتی و ئاخێزگەی فەرهەنگیی خۆم، باس لە نەریتێکی زیانبەخشی ئەم فەرهەنگە بکەم.

هەر لەو ڕۆژەدا فانی پێی وتم: "شێوازی جلوبەرگەکەت جێی تێڕامانە. من نازانم تۆ بۆچی ئەم کارەت کردووە. من لەگەڵ سکرتێریی گشتیی حیزبە کوردییەکان دیمانەم کردووە و دەبینم لە بری کەواوپاتۆڵ کۆت و شەڕواڵ و کراواتی بریقەدار لەبەر دەکەن، بەڵام ئەوە تۆ بە کەواوپاتۆڵەوە هاتووی" ڕەنگە مەبەستی ئەوە بووبێ کە تۆ بە جلوبەرگی نەتەوەیی خۆت هاتووی و لە پێناو ڕەسەنایەتیی کوردستان تێدەکۆشی، بەڵام زۆرێک لەو کەسانەی کە لە ناو حیزبە کوردییەکاندا بەرپرسایەتیی سەرەکییان هەیە، جلوبەرگی ڕۆژاوایی لەبەر دەکەن و لە ڕەفتار و جلوبەرگەکانیاندا بیر لە کارکردە شاراوەکانی ناکەنەوە یان هەستیاری نیشان نادەن.

کاتێک بەرنامەکە تۆمار کرا، ویستم پێش بڵاوکردنەوەی ئاگادارم بکەنەوە، چونکە نیگەران بووم لەوەی بە هۆکاری ئەمنی لێپێچینەوەم لەگەڵ بکەن. پێم وایە هەتا ئەو ڕۆژە هیچ کەسێک لە ناوخۆی ئێرانەوە بەشداری بەرنامەیەکی ئاوا گرنگی نەکردبوو. کێشەکە ئەوەندە بۆ من جیددی بوو کە هەر چەند ڕۆژ جارێک ئیمەیڵم بۆ ئەو هاوڕێ هاوبەشە دەنارد، تاکوو بزانم دەنگ و باس چییە؟ وتی ئەم هەفتە نا، هەفتەی داهاتوو. دوو ڕۆژ پێش بڵاوبوونەوەی بەرنامەکە مۆبایلەکەم کوژاندەوە و لەگەڵ شەفەق چووین بۆ شیمال (باکووری ئێران). هەفتەیەک تا دە ڕۆژ پەیوەندیم بە کەسەوە نەکرد، دواتر بە چاوی خۆم کاریگەرییەکانی بەرنامەکەم، کە بە درێژایی هەفتە دووبارە پەخش کرایەوە، بینی. سەرنج و هەستیاریی کۆمەڵگا بەرامبەر بە هەر دوو بابەتی خەتەنەکردنی کچان و ژنان و هاوسەرگیریی منداڵ زیادی کردبوو و گفتوگۆ و مشتومڕی لە سەر بوو.

بەشێک لە بینەرانی بەرنامەکە لە کۆمێنتەکان و هەروەها کەسانی بەناو نیشتمانپەروەر لە ئێران و هەندێ کەسی ڕادیکاڵ لە کوردستان منیان بە ناشیرینکردنی سیمای وڵات تۆمەتبار کرد و وتیان ئەم کارانە وێنەی ئێران ناشیرین دەکەن و ئێوە بابەتێک کە هی نەریتی عەرەبە، بە ئێرانی گرێ دەدەنەوە. تەنانەت بەوە تۆمەتباریان کردم کە پارەم لە بەریتانیا وەرگرتووە بۆ ئەوەی بە هاوقۆڵی لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی دەوڵەتیی بی.بی.سی شکۆ و کەرامەتی ئێران لەکەدار بکەم! زۆر قسە و قسەڵۆکم لەم جۆرە بیست، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیامی دڵگەرمکەرەوەشم پێدەگەیشت. من پێم وایە ئەم بەرنامە و دووبارە پەخشکردنەوەی بەڵگەفیلمی "بە ناوی نەریت" لە بەرنامەی ئاپارات، بووە هۆی ئەوەی بابەتی خەتەنەکردنی کچان و ژنان و هاوسەرگیریی منداڵان لە ئاستێکی بەربڵاو و گشتی و زیاتر لە جاران بناسرێت. میکانیزمی میدیایی، بەتایبەت بی.بی.سی، لە خێراترکردنی گواستنەوەی ئەم هۆشیارییە کاریگەر بوو و شتێک ڕووی دا کە بۆ من

گرنـگ و جیـی پـەرۆش بـوو.

وشیارکردنەوەی گشتی ئەم جارە لە "ئاپارات"ـی بی‌بی‌سی

دوو جـار "بـە نـاوی نەریت"ـم مۆنتـاژ کردبـوو و فایلێکـی درێـژ و کورتـم لێـی هەبـوو. پێـشتر لـە سـاڵی ٢٠١٥ فیلمەکـەم بـۆ بەرنامـەی ئاپاراتـی بی.بی.سـی نـارد و بـە هەندێـک دەسـتکارییەوە بڵاو کرایـەوە. سپۆنسـەر و پێشکەشـکاری ئاپـارات فیلمەکەیـان بـەدڵ بـوو، بـەڵام نیگەرانـی ئـەوە بـوون کـە بـە هـۆی لاوازییـە تەکنیکییەکانـی فیلمەکـەوە، کوالیتیـی پێویسـتی بـۆ بڵاوکردنـەوە لـە تەلەڤیزیـۆن نەبێـت. من دەرچـووی خەڵکناسـیی وێنەیـی بووم، بـەڵام زانسـت و ئامـرازی پێویسـتم بـۆ بەرهەمهێنانـی فیلمێکـی پرۆفیشـناڵ و تەلەڤیزیۆنـی نەبـوو.

دوای دوو سـاڵ بەهـۆی گرنگیـی بابەتەکـەوە ویسـتیان جارێکـی تـر بڵاوی بکەنـەوە. بەشـێکی فیلمەکەیـان لابردبـوو و دیسـان دەنگیـان لـە سـەر هەندێـک بەشـی بەڵگەفیلمەکە دانابـوو. بـۆ جـاری یەکـەم فیلمـی "بـە نـاوی نەریـت" نمایـش کـرا، بـەڵام نمایشـکردنی لەگـەڵ فیلمێکـی ناپێوەندیـدار زۆر کاریگـەر نەبـوو. هەرچەنـدە ئـەو ئەنجامـەی کـە مـن هیـوام بـۆی دەخواسـت نەهاتـە دی، بـەڵام بابەتـی خەتەنەکردنـی کچـان و ژنانـی ئێرانـی باشتر ناساند.

● وێنەی ٣٢٠ – ستۆدیۆی ئاپارات، لەندەن، ٢٠١٧

لـە مانگـی شـوباتی ٢٠١٧دا جارێکـی دیکە بـە بۆنـەی ڕۆژی جیهانیـی بەرەنگاربوونەوەی

خەتەنەکردنی کچان و ژنان یان شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی کچان و ژنان (٦ی شوبات) بانگهێشتی بەرنامەی ئاپارات کرام و ڕێوشوێنی پێویستی سەفەریان بۆم ئەنجام دا. ئەم سەفەرەم بە بەدشانسییەکی بنەڕەتییەوە دەست پێکرد. فڕۆکەکانی ئێران‌ئەیر دوو ساڵ جارێک نۆرە پشکنینیان هەبوو و منیش بلیتی هەر ئەو ڕۆژی پشکنینەم هەبوو. فڕۆکەکە بە چوار کاتژمێر دواکەوتنەوە وەڕێ کەوت و بەرنامەکەمان تێک چوو. بڕیار وا بوو کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆ بە کاتی لەندەن لە ستۆدیۆی بەرنامەکە بم، بەڵام بەهۆی ئەوەی فڕۆکەی ئێران ئەیر چوار کاتژمێر درەنگتر وەڕێ کەوتبوو، نەدەگەیشتم. هیچم لەدەست نەدەهات. بەڵام ئەوانیش میوانێکی دیکەیان بانگهێشت کردبوو و نەیاندەتوانی بەرنامەکە هەڵبوەشێننەوە. ستۆدیۆیەکی هاوشێوەی سینەمایان بۆ چەند کاتژمێر کارکردن بەکرێ گرتبوو و لەگەڵ تێپەڕبوونی هەر کاتژمێرێکدا تێچووەکەی زیاتر دەبوو. لە کۆتاییدا پاش چەند کاتژمێر دواکەوتن و چەندین جار هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەی بەرنامەکە، گەیشتمە هۆڵەکە. هێشتا هەناسەم سوار بوو کە منیان بردە بەردەم کامێراکان و پێیان وتم باسی خەتەنەکردنی کچان و ژنان لە ئێران بکە. سێ چوار کاتژمێر هەمووانم تووشی سترێس کردبوو و سەرباری ئەوەی کە دەرهێنەری بەرنامەکە دەیزانی من هەناسەبڕکێمە، بەڵام دیمانەی لەگەڵم دەست پێکرد. ئیتر دەبا تۆڵەی هەموو ئەو دواکەوتنەی لێم بکردایەتەوە و قەرەبووی ئەو گوشار و زەختەم بکردایەتەوە کە دڵیانی تۆقاندبوو! دواتر کە تەماشای فیلمەکەم کرد، هەناسەسوارییەکەمم بینی کە زۆر ئاشکرا تۆمار کرابوو.

چاوپێکەوتن و دیمانەکەم لە بەرنامەی "بە عبارت دیگر" و فیلمەکەشم دووجار لە بەرنامەی ئاپاراتی بی.بی.سی فارسی بڵاو کرابووەوە. لەو ماوەیەدا چەندین چاوپێکەوتنی دیکەم لەگەڵ میدیاکان ئەنجام دابوو و دڵنیا بووم کە هیچ کێشەیەک ساز نابێت.

ڕۆژی دواتر سواری فڕۆکە بووم و گەڕامەوە بۆ تاران. دەمزانی ئەم پرسیارە بۆ هەندێک کەس دروست دەبێ کە کامیل ئەحمەدی دووڕەگەزنامەیی لەسەر بابەتێکی هەستیاری وەکوو خەتەنەکردنی کچان و ژنان لە ئێران کار دەکا، ڕۆژێک لێرەیە و ڕۆژێک بە کراواتەوە لە ستۆدیۆی بی.بی.سی‌یە و قسە دەکا و پاشان دەگەڕێتەوە تاران قیت‌قیت دەسووڕێتەوە، دێ و دەچێ و کەسیش کاری پێی نییە؟!" بە هۆی بارودۆخی کۆمەڵگای ئێران و ڕفتاری حکوومەتەوە، ئەم جۆرە قەزاوەتکردنانە ئاسایی بوو. ڕەنگە کەمێک درەنگ عەقڵیان پێ شکابێ کە دژی توێژەرێکی سەربەخۆ بووەستن. ئەگەر ئەو دەگمەن ئازادییە و شێلگیرییەکانی ئەو سەردەمە و تەگبیری خۆم نەبا، زۆر زووتر دەچوومە زیندانی ئەوین! هەر لەو ساڵەدا دوو گەشتی کاریم کرد کە پەیوەندییان بە یەکەوە هەبوو. یەکەمیان پەیوەندی بە کۆنفرانسێکەوە هەبوو کە لەلایەن چەند

گرووپێکی بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەکردنی کچان و ژنان بە پاڵپشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوە دەچوو. ئەم کۆنفرانسە لە ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەکردنی کچان و ژنان لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەوروپا لە ژنێڤ بەڕێوە چوو و مینش وەک کەسێک کە لە ئێران کارم لەسەر ئەو پرسە کردبوو، بانگهێشت کرام. لە کۆمیتەی ئەفریقایی (ICA) و کۆمیتەی نێوان‌ئەفریقایی کە دواتر بووم بە ئەندامی، بیست و نۆ وڵاتی ئەفریقایی کە خەساری خەتەنەکردنی کچان و ژنان تێیاندا باوە، ئەندامن. لەم کۆنفرانسەدا پەردە لەسەر کتێبێک سەبارەت بە خەتەنەکردنی کچان و ژنان لا درا، کە لەلایەن هیلاری بێرگێس، خەڵکی لەندەن کە هاوڕێیەکی نزیکمە، نووسرابوو.

● وێنەی ٣٢١– ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ژنێڤ، سوویسرا، ٢٠١٧

بوونی من وەک کەسێکی نائەفریقی کە لە وڵاتەکەیدا خەتەنەکردنی کچان و ژنان باو بوو، بۆ بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتووەکان، یوونیسێف و یوونسکۆ سەرسووڕهێنەر بوو.

ناتوانین ئەوە پشتگوێ بخەین کە ئێران خۆی لە خۆیدا توانایەکی سیاسیی بەهێزی هەبوو و ئەو هاوسۆزییەی کە بۆ بابەتی جێندەری لە ئێراندا هەیانبوو، لێرەدا بێ کاریگەر نەبوو. جگە لەمەش زۆر شتیان لەبارەی ئێرانەوە بیستبوو، بەڵام خەتەنەکردنی کچان و ژنان بەلای ئەوانەوە نامۆ بوو و من لەبەر هۆکارە لاوەکییەکانی و تازەبوونی پرسەکە، دەمتوانی زۆر چاک لە گرنگیی ئەم بابەتە تێبگەم.

هاوکات هەندێ کۆبوونەوە لەسەر بابەتگەلێکی جۆراوجۆر لە هۆڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوە دەچوو و ئێمەش بۆمان بوو لە بەشێکی ئەو کۆبوونەوانەدا بەشداری بکەین. لە هۆڵی سەرەکیی ڕێکخراوەکەدا کە سەقفەکەی زۆر بە جوانی بە دیزاینی کاکەشان و مانگ و ئەستێرە نەخشێنرابوو، پرسی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ سەبارەت بە ڕۆژنامەنووسان تاوتوێ کرا. لە گۆشەیەکدا بێدەنگ و ئارام دانیشتم و گوێم ڕاگرت. سەیری ئەو تابلۆیانەم دەکرد کە لەبەردەم نوێنەرایەتیی هەر وڵاتێکدا دانرابوو بۆ ئەوەی بزانم کام وڵات بەشداریی ئەم باسەیان کردووە هەتا ئەوەی کە ئامادەبوونی ئێران سەرنجی ڕاکێشام. نوێنەرانی ئێران دوو پیاو بوون کە یەکێکیان کراسێکی یەخە ئاخووندی لەبەردا بوو و دوو ژنیش بە مەقنەعە و چارشێوەوە لە پشت سەریانەوە دانیشتبوون. کۆبوونەوەیەکی تایبەت بوو و پرسەکانی مافی مرۆڤ تاوتوێ دەکران.

شانزە یان حەڤدە حاڵەتی پێشێلکردنی یاساکانی مافی مرۆڤ پەیوەست بە ڕۆژنامەگەری لە ئێراندا خوێندرایەوە و باس لە دۆسیەکانی گرتن و قەدەغەکردن و داخستنی ڕۆژنامەکان و ... کرا. کاتی ئەوە هات کە نوێنەری ئێران ڕوونکردنەوەکانی خۆی بخاتە ڕوو. یەکێک لەو دوو ئێرانییەی کە ئامادەی کۆبوونەوەکە بوو بە لەهجەیەکی خەست قسەی کرد و هیچ کام لەو خاڵانەی قبوڵ نەکرد. من وەک ئێرانییەک شایەتحاڵی پێشێلکارییە بێشوومارەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران بووم کە نموونەی ئەم پێشێلکارییە بریتییە لە بابەتی خەتەنەکردنی کچان و ژنان و هاوسەرگیریی منداڵان و ئامادەنەبوونی حکومەت بۆ بەدواداچوون بۆ ئەم پرسە، بەڵام نوێنەری ئێران، بە جیددی و تۆنێکی خۆ بەحەقزانانەوە بە هەمان ڕەوتی هەمیشەیی حکوومەت، ئەو پرسانەی کە پەیوەست بە ڕۆژنامەگەرییەوە بوون و بە ئاشکرا ڕاگەیەندرابوون، ڕەتی کردەوە و تەنانەت قەرزداریشی کردن.

وا دیار بوو ئەم کەسە لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی ئێرانەوە نێردرابوو و ڕەخنەی لە هەڵسوکەوتی پۆلیسی ئەمریکا بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسانی ئەم وڵاتە گرت و ڕایگەیاند کە پۆلیسی ئەسپسوار یەکێک لەو ڕۆژنامەنووسە ئەمریکییانەی پێشێل کرد یان پۆلیسی لەندەن پاڵیان بەو ڕۆژنامەنووسی ژنەوە ناوە و داویانە بە عەرزدا و دووربینی وێنەگرییەکەیان شکاندووە. دیارە ئەمانەش پێشێلکردنی مافی ڕۆژنامەنووسان بوون، بەڵام دەبوو حکوومەتی ئێران سەرەتا وەڵامی پێشێلکارییە بێشوومارەکانی مافی مرۆڤی

خۆی بدایەتەوە و دواتر ڕەخنەی لە کەسانی دیکە بگرتایە. دواتر کە لە بەندی چوارەمی زیندانی ئەوین چەند ڕۆژنامەنووسێکم بینی، درۆکانی ئەم بەرپرسەم وەبیر هاتەوە، و بەردەوامیش وەبیرم دێتەوە، هەتا هەنووکەش ڕەوشی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن لە ئێراندا خەمناک و جێی داخە.

گەشتی دووەمم بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسێکی تر بوو. دوای ماوەیەک لە کۆنفرانسێکدا کە لەلایەن یەکێتیی ئەورووپا لە بڕۆکسل بەڕێوە چوو بەشداریم کرد. ئەم کۆنفرانسەش سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەکردنی کچان و ژنان بوو و هەروەها باسی لە پرسی هاوسەرگیریی منداڵان دەکرد. نوێنەرانێکی زۆر لە وڵاتانی ئەورووپییەوە هاتبوون و لە بەشێکی کۆنفرانسەکەدا کە دوو ڕۆژی خایاند، لێکۆڵینەوەکانمان لەسەر خەتەنەکردنی کچان و ژنان و هاوسەرگیریی منداڵان خستە ڕوو و ئەنجام و پێشنیارەکانمان باس کرد. کە گەڕامەوە بۆ ئێران، چەند ئێرانییەک کە بەدواداچوونیان

● وێنەی ٣٢٢- کۆنفرانسی بێلژیک، لەگەڵ کۆمەڵێ لە دۆستانی هاوکارم، ٢٠١٧

بـۆ کارکـەم کردبـوو و فێمینیسـت بـوون، لێـرە و لـەوێ چەنـد جارێـک جەوسـازی و قسـە و قسـەلۆکیان سـاز کردبـوو کـە هـەر شـوێنێک بۆنـی پـارەی لـێ بـێ کامیـل ئەحمـەدی لەوێیە. جا نەتەوە یەکگرتووەکان بێ یان یەکێتیی ئەورووپا!

بـۆ ئـەو کۆنفرانسـە کـە لـە ئەورووپـا بەڕێـوە چـوو، مـن خـۆم پـارەی بلیتـی فڕۆکەکـەم دا و تەنهـا تێچـووی هۆتێلەکـە لـە لایـەن ئەوانـەوە دابیـن کـرا. ئـەم کۆنفرانسـانە زۆر جـار خەرجـی گەشـتکردن بـۆ ئـەو کەسـانە دابیـن ناکـەن کـە هاووڵاتـی بەریتانـی یـان ئەورووپین. ئەوەنـدەی لـە بیرمـە، چـل بـۆ پەنجـا یـۆرۆی چوونـە ژوورەوەشـیان لـێ وەرگرتـم. کاتێـک ئـەم قسـانەم لـە زمانـی دۆسـتێکم بیسـت، دڵتەنـگ بـووم بـەوەی کـە کارکـردن لـە کۆمەڵـگای ئێرانـدا چەنـدە قورسـە و ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ دژوارتریـش دەبێـت. سـەختییەکانی کارکـردن لـە نـاو چوارچێـوەی سیسـتەمی سیاسـی ئێـران و لێپێچینـەوە یاسـایی و ئەمنییـەکان لـە لایـەک و دەنگـۆ و قسـە و قسـەلۆک و کێبڕکێـی ناتەندروسـت لەلایەکـی دیکـەوە، ژینگەیەکیـان خوڵقاندووەکـە تێیـدا توێـژەر دەبێـت ڕووبـەڕووی هەمـوو کۆمەڵـگا ببێتـەوە، واتـە هـەم لـە لایـەن پێکهاتـەی حوکمڕانییـەوە دەبـێ بەرگـەی گوشـار و ئاسـتەنگی ئایدۆلۆژیکـی بگـرێ و هەمیـش لـە لایـەن هەنـدێ کەسـەوە کـە دەسـت دەکـەن بـە حوکمدانـی نالۆژیکـی و نەشـیاو و لاگرانـە، وەک ئـەوەی کـە ئـەم بـوارە بووبێتـە بازاڕێـک کـە هـەر چالاکێـک هەڕەشـە بێـت بـۆ سـەر ئەوانـی دیکـە و هەمـوو کـەس لـە هەوڵـی ناوبانـگ و دزینـی دەرفەتـەکان و وەرگرتنـی گوژمـەدا بـن.

لەدایکبوونی کاکە ئالان لە ئامەد

ژیانمـان لـە مەهابـاد بیچمـی گرتبـوو. زۆر هاوڕێـی نوێمان دۆزییـەوە و هاتوچۆ و سـەردانی خـزم و کەسـوکارمان هـەر وا بـەردەوام بـوو. مـن بـە هاوکاریـی شـەفەق سـەرقاڵی کاری توێژینەوەکـەم بـووم و کارم لەسـەر بابەتـی هاوسـەرگیریی منـداڵان دەکـرد. ئـەو ڕۆژانـەی کـە لـە دەرەوەی مەهابـاد کاری مەیدانیـم دەکـرد، خێزانـم لـە کتێبفرۆشـییەکە دەمایـەوە تـا مـن دەگەڕامـەوە و شـوێنمان دەگـۆڕی. بەگشـتی هەمـوو شـتێک ئاسـایی و بـاش بەڕێـوە دەچـوو و ژیانێکـی ئـاراممان هەبـوو، هەروەهـا خۆشـییەکی گەورەتریـش بەڕێـوە بـوو.

ڕۆژێـک لـە کتێبفرۆشـی گەڕامـەوە بـۆ مـاڵ. ڕووخسـاری شـەفەق لـە جـاران نەدەچـوو، سەرسـام و هـاوکات دڵخـۆش بـوو. بەبـێ پێشـەکی وتـی " دووگیانـم ..." مـن پێـم وایە وشـەی دووگیـان خۆشـترین وشـەیەکە کـە دەتوانـێ وەسـفی ئـەم دۆخـە بـکات. شـەفەق دووگیـان بـوو و گیانێـک خـۆی و گیانێـک ئـەو کۆرپەلـە شـیرینەی وا لـە هەناویـدا بـوو. هەندێـک جـار باسـی منداڵبوونمـان دەکـرد، بـەڵام شـەفەق پێـی وابـوو دەبـێ یـەک دوو سـاڵێکی تـر

چـاوەڕێ بکەیـن، چونکـە سـاڵی دووەمـی هاوسـەرگیری بـۆ منداڵبـوون زووە.

تـا ڕادەیـەک قسەکەشـی بەجـێ بـوو، بـەڵام ئێمـە بـە جۆرێـک لـە تارانیـش پێکـەوە ژیابوویـن. ماوەیەکـی زۆر لـە یەکترناسـینمان تێدەپـەڕی و ئـەوە سـاڵ و نیوێکیـش بـوو کـە هاوسـەرگیریمان کردبـوو. مـن و شـەفەق مـەودای تەمەنمـان نـۆ سـاڵ بـوو، یانـی مـن تەمەنـم چـل و پێنـج سـاڵ بـوو و بـۆ بـاوک بـوون درەنگیـش بـوو. کـە هەواڵـی دووگیانبوونـی شـەفەقم بیسـت لـە خۆشـیان پێـم وەعـەرز نەدەکـەوت و نەمدەزانـی چـی بڵێـم، زوو زوو لـە دڵـی خۆمـدا دەمگـوت: "کامیـل بـووی بـە بـاوک" هەسـتێکی خـۆش و شـیرین بـوو، بـەڵام سترێسـم هەبـوو و نەمدەزانـی چـۆن ڕووبـەڕووی ئـەم دۆخ و بەرپرسـیارێتییە نوێیـە ببمـەوە.

دووگیانبوونـی شـەفەق زۆر بەخێرایـی بـۆ مـن تێپـەڕی، هەرچەنـدە ڕەنگـە ئەگـەر ئـەم پرسـیارە لـە شـەفەق بکـەی، بۆچوونێکـی تـری هەبێـت. مـن بـە تامەزرۆییـەوە چاوەڕێـی هاتنـی منداڵەکـەم بـووم و کارم لەسـەر پرسـی هاوسـەرگیریی منـداڵان دەکـرد. خواخـوام بـوو هەرچـی زووتـر کارە مەیدانییەکـە تـەواو بکـەم و بـۆ لەدایکبوونـی منداڵەکەمـان دەرفەتێـک بـە خۆمـان بـدەم و پاشـان بچمـە سـەر کاری داهاتـووم کـە بابەتەکەیم لـە کاتـی چاوپێکەوتنە مەیدانییەکانـدا دەستنیشـان کردبـوو؛ سـیغەی مەحرەمبـوون (هاوسـەرگیریی کاتـی) بـۆ منداڵان.

● وێنەی ٣٢٣- شەفەق، خۆم و کانی، مەهاباد، ١٣٩٤ی هەتاوی (٢٠١٥)

ئـەم کارە زیاتـر لـە کۆمەڵـگای شـێعەی ئێرانـدا بـرەوی هەیـە و من پێم وایـە یەکێـک لـەو قۆنـاغ و بەسـتێنانەیە کـە ئاسـانکاری بـۆ هاوسـەرگیریی منـداڵ دەکا و فەرمیبوونـی زیاتـری پێدەبەخشـێت. سـوننە باوەڕیـان بـە سـیغە (هاوسـەرگیریی کاتـی) نییـە، بـەڵام هەندێـک لـە کۆمەڵگـە سـوننەکانیش لـە نـاو چوارچێـوەی فەرهەنگیـدا شـێوازی دیکـەی مەحرەمبوونیـان پێناسـە کردبـوو. لەوانـە حاڵەتەکانـی وەکـوو نیشـانکردنی کـچ و کـوڕ منـداڵ بـۆ یـەک و یـان بڕینـی نـاوک لـە تەمەنـی منداڵیـدا، کـە بـە شـێوەیەک دوو بنەماڵـە بەڵێنـی هاوسـەرگیریی نێـوان منداڵەکانیـان لـە داهاتـوودا بـە یـەکتر دەدەن.

بـە واتایەکـی تـر، ئـەم چەشـنە لـە جۆرەکانـی هاوسـەرگیریدا، بـە هاوسـەرگیری ڕێکخـراو نـاو دەبـرێ، کـە جۆرێـک لـە هاوسـەرگیریی نەریتییـە. هاوسـەرگیرییەک کـە بۆچوونـی لایەنەکانـی هاوسـەرگیرییەکە هیـچ گرنـگ نییـە و تاکگەرایـی تێیـدا جێـی نابێتـەوە، بەڵکـوو

ئـەوە نەریـت و خانەوادەکانـن کـە لـە کاتـی لـە دایکبوونیانـدا بـۆ ئـەو دوو کەسـە بڕیـارە پێشـوەختە بڕیـار دەدەن و هەڵیاندەبژێـرن. هـەر چەنـد ئـەم نەریتـە لـە نـاو زۆربـەی خەڵکـی ئێرانـدا هەبـوو، بـەڵام لـە هەندێـک کۆمەڵگـەی شـێعەدا مەحرەمییـەت چوارچێوەیەکـی ئایینـی و یاسـایی هەیـە. دەمزانـی بـۆ ئـەوەی ئیـش لـە سـەر سـیغەی مەحرەمبـوون (هاوسـەرگیریی کاتـی) لـە نـاو منداڵانـدا بکـەم دەبـێ لێکۆڵینـەوە لـە سـەر هاوسـەرگیریی کاتـی یـان چەمکـی سـیغە لـە نـاو گەورەسـاڵاندا بکـەم کـە ڕێگـە بـە پەیوەندیـی سێکسـی دەدا و وەک پرۆژەیەکـی هاوبـەش مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو دووانـەدا بکـەم.

لـە هەمـان کاتـدا مـن و شـەفەق بیرمـان لـەوە دەکـردەوە کـە منداڵەکەمـان لـە کـوێ لەدایـک بێـت. لـە نەخۆشـخانەکانی ئێـران ڕێگەیـان نـەدەدا لـە کاتـی منداڵبوونـدا لای هاوسـەرەکەم بـم، بـەڵام مـن دەمویسـت لـە ژووری زاوزێـدا لای شـەفەق بـم و کاتـی لەدایکبوونـی منداڵەکەمـان ببینـم. لـە زۆرێک لـە ناوچەکانی ئێرانـدا وا باوە کـە ژن بگەڕێتەوە بـۆ شـار و ماڵـی دایـک و باوکـی و لـەوێ منداڵـی ببـێ و چـل ڕۆژ دوای زەیسـتانەکەی بگەڕێتـەوە بـۆ ماڵـی مێـرد. مـن ئـەوەم قبـوڵ بـوو و ئێسـتاش قبوڵمـە کـە ژنـی دووگیـان دەبـێ لـە ژێـر چاودێـری و سـۆزی تایبەتـی ماڵـی باوکـی بـێ، بـەڵام نەمدەتوانـی شـتێکی ئاوەهـا قبـوڵ بکـەم. هەسـتم دەکـرد ئـەم کارە زیـان بـە سـەربەخۆیی و ژیانـم دەگەیەنێـت. لـەم بـارەوە لەگـەڵ ژنەکـەم قسـەم کـرد و وتـم ئەگـەر تۆ بـۆ منداڵبـوون بچیتـەوە ماڵـی باوکت و منداڵەکەمـان لـەوێ لەدایـک ببـێ ئـەوا لـە شـارێکدا لەدایـک بـووە کـە هـی ئـەو نییـە و هەسـتێکی خۆشـم بـۆ ئـەم کارە نییـە.

لـەوەش گرنـگتر لـە کاتـی لەدایکبوونـی منداڵەکـەدا دەبـێ مـن لـە تـۆ جیـا ببمـەوە و ناتوانـم لەدایکبوونـی منداڵەکـە ببینـم، بۆیـە پێـم خـۆش نییـە ماوەیەکـی زۆر لـە ماڵـی باوکت بمێنمـەوە. پێـم وت شـوێنی لەدایکبوونـی منداڵەکـە و بوونـی مـن لـە کاتـی لەدایکبوونـی زۆر بـۆ مـن گرنگـە، داوام لـە ماڵـی خـەزوورم کـرد کـە بێنـە لای ئێمـە و ئـاگاداری شـەفەق بـن. دەشـمزانی دایکـی زۆر حـەزی لـە سـەفەری تەنیایـی نییـە و زۆر هۆگـری پێوەندییـە خێزانییـەکان و هاوڕێیەتـی لەگـەڵ خوشـک و براکانیەتـی. شـەفەق هـەر لـە سـەرەتاوە لێکۆڵینـەوەی لـە جـۆری منداڵبـوون کردبـوو و گەیشـتبووە ئـەو ئەنجامـەی کـە کۆرپەکـە بـە شـێوەیەکی سروشـتی لەدایـک ببێـت. مـن ئـەم جـۆرە زاوزێیـەم بـە دڵ بـوو، نەشـتەرگەری (یـان وەک لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان پێـی دەڵێـن سـزارییەن) کـە لـە ئێرانـدا یەکجـار زۆر بـاوە، زیانـی زۆرە، بـەڵام ئـەو بیرۆکـەی کـە منداڵبوونـی سروشـتی جەسـتەی ژن لـە فـۆڕم دەخـا، زۆرێـک لـە ژنانـی بـەرەو ئـەم جـۆرە منداڵبوونـە دنـە داوە و زیادەڕۆیـی تێـدا دەکرێـت.

ئێمـە مابووینـەوە کـە کۆرپەکـە لـە کـوێ لەدایـک ببـێ و بژاردەکانمـان هەڵدەدایـەوە، هـەر لـە مەهابـاد؟ نـا، چونکـە شـەفەق دڵـی بـە ئیمکاناتـی پزیشـکیی تاکـە نەخۆشـخانەی

شارەکە خۆش نەبوو. دیارە بۆ من سەیر بوو، چونکە لە شاری مەهاباد ڕۆژانە سەدان منداڵ لەدایک دەبوون و چاوی منداڵی من هیچ لە چاوی منداڵی ئەوان ڕەشتر نییە! بژاردەی دواتر تاران بوو کە من زۆر دژی بووم. بابەتەکە تا ڕادەیەک لە ڕووی فەرهەنگییەوە بۆ من گرنگ بوو و حەزم دەکرد منداڵەکەمان لە ناو ژینگەی کوردەواری و کوردستاندا لەدایک ببێت. زۆر بیرمان کردەوە و وتم لەجیاتی ئەوەی منداڵەکەمان لە ئەوروپا یان لە تاران لەدایک ببێ، دەچینە ئامەد! بیرەوەریی خۆشم لە دیاربەکر (ئامەد) وەک گەورەترین و سەرنجڕاکێشترین شاری کوردستانی گەورە بوو، سیستەمی تەندروستیی زۆر چاک و نەخۆشخانەیەکی تایبەتی بە ناوی مێمۆریال هەبوو. ئەمە دەیتوانی هەڵبژاردنێکی جیاواز و حیساب بۆ کراو بێت بۆ لەدایکبوونی منداڵەکەمان. هەر دووکمان لە سەر ئەم بژاردەیە ڕازی بووین.

● وێنەی ٣٢٤ – ئامەد لە ژێر ڕکێفی سوپا، ٢٠١٦

ئێمە پێمان خۆش نەبوو تا ساتەوەختی لەدایکبوونی منداڵەکە ڕەگەزی کۆرپەکە بزانین و پاساوەکانی سەردەمی مۆدێرن، وەکوو ئامادەکردنی ژوور و کڕینی کەلوپەل بۆ منداڵ بۆ ئێمە گرنگییەکی ئەوتۆی نەبوو. بوون بە دایک و باوک سەرسامییەکی گەورە بوو و ئێمە دەمانویست بە نەزانینی ڕەگەزی منداڵەکەمان سەرسامتر بین. لە ئێران و تورکیا داوامان لە دکتۆرەکان کرد کە ڕەگەزی کۆرپەکەمان پێ نەڵێن. چەند هەفتەیەک پێش لەدایکبوونی ئالان، کتێبفرۆشییەکەمان کۆ کردەوە. هەرچەند پێشتر بیرمان لەوە کردبووەوە کە بە دامەزراندنی چەند کەسێک ڕایگرین، بەڵام کاتێک بینیمان خاوەن‌دووکانەکە مۆشتەرییەکی دی بۆی هەیە، خێرا هەموو شتێکمان کۆ کردەوە و

کتێبەکانی منداڵانمان بەخشی بە قوتابخانەکانی شار و گوندەکانی دەوروبەر و هەندێک لەو کتێبانەش کە پێویستمان بوو، هەڵمانگرت بۆ خۆمان. پاشان کەمێک پێش لەدایکبوونی کۆرپەکە، بە ئۆتۆمبێل ڕۆیشتین بۆ ئامەد.

کە گەیشتین هاوڕێکانم ویستیان خوڵکمان بکەن بۆ ماڵی خۆیان، بەڵام وتم ئێمە دەمانهەوێ لە هۆتێلێک یان خانوویەکی بەکرێگیراودا بمێنینەوە. چووینە هۆتێلێک لە ناوەڕاستی شاری کۆن واتا هەمان سوور. ئێمە بە درێژایی ڕۆژ سەیری زنجیرە درامایەکی درێژ و بەردەواممان دەکرد و چاوەڕێی لەدایکبوونی کۆرپەکە بووین. لە بیرمە سەیری زنجیرەیەکمان دەکرد بە ناوی ٢٤ کە تێیدا مەئموورێکی ئێف.بی. ئای (FBI) هەموو کێشەکانی ئەمریکا و تەنانەت جیهانیشی چارەسەر دەکرد. وا دیار بوو کۆرپە شیرینەکەمان هیچ پەلەیەکی بۆ لەدایکبوون نەبوو. هەفتەیەک جارێ پشکنینی پزیشکی ئەنجام دەدرا و هەموو جارێک دکتۆر دەیگوت "بڕۆنەوە ماڵ، بەڵام ئەمشەو شەفەق ژان دەیگرێ و جەختی دەکردەوە کە لەگەڵ دەستپێکردن و بەردەوامبوونی ژانەکە، خۆمان بگەیێنینە نەخۆشخانە. سەرتان نەیێشێنم هەموو شەوێک چاوەڕێی ژانگرتن بووین، بەڵام ژان بە ڕێبواریش بە لای شەفەقدا نەدەهات و هەر ئەمەش نیگەرانی کردین کە نەکا تووشی نەشتەرگەری ببین.

خانەوادە و هاوڕێکانم بەردەوام تەلەفۆنیان دەکرد کە منداڵەکە لەدایک بوو یان نا و ئێمەش دڵەڕاوکێمان بوو کە منداڵەکە کەی دێتە دنیاوە. بارودۆخی خراپ و دڵتەزێنی دیاربەکریش لەو سەردەمەدا بەسەرهاتی خۆی هەبوو. ئەو هۆتێلەی وا تێیدا دەماینەوە، پڕ بوو لەو ئاوارانەی کە سەر بە گەڕەکەکانی دەوروبەری شاری کۆن (سوور) بوون. ڕووداوەکە وەها بوو کە بەشێک لە گەریلاکانی پەکەکە بە نهێنی چووبوونە ناو بەشە کۆن و مێژوویییەکەی شار، کە وەک بنکەی جەماوەریی پەکەکە لەقەڵەم دەدرا. ئەوان دژ بە سوپای تورکیا و هێزە تایبەتەکان شەڕی کۆڵان بە کۆڵانیان دەکرد. زۆربەی خەڵکی ئەم بەشەی شار، ئەو ئاوارانە بوون کە ساڵانێک لەوەوبەر لەلایەن حکوومەتەوە لە گوندەکان گواسترابوونەوە بۆ ئەم ناوچە.

زۆرێک لە دانیشتووان هەستی هاوسۆزیی قووڵیان بۆ گەریلاکان هەبوو و هەمووان هەمیشە ئەو ناوچەیان بە قەڵای تۆکمە و نەڕووخاوی هێزەکانی پەکەکە دەزانی. لە ئەنجامی ئەم پاڵپشتی و هاوڕێیەتییەی خەڵک بۆ هێزەکانی پەکەکە، ماوەی چەند هەفتە شەڕێکی خوێناوی هەڵگیرسا، شارەکە گەمارۆ درا و ژمارەیەک کەس لە هەر دوو لا کوژران. زۆرێک پێیان وایە دوای جەنگی سوور، کە لە هەندێک شاری دیکەی کوردستانی باکوور لە ئارادا بوو، ڕێکخستنی سەربازی و واقیعییەتی سیاسیی تورکیای بەرامبەر بە پەکەکە بۆ هەمیشە گۆڕی و پەکەکەش لەبەر ئەم هەڵوێستەی دەوڵەتی

تورکیا لەلایەن ئەو خەڵکەوە، کە تا دوێنێ پاڵپشتی و پشتیوانیان لێکردبوو، ڕەخنەی جیددیی لێ گیرا.

هەر دوو لا ڕەخنەیان لێ گیرا، دەوڵەتی تورکیا لە مێژ بوو دژی گەلی کورد لە باکوری کوردستان لە ڕووی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگییەوە سیاسەتی هەڵاواردن و جیاکاریی گرتبووە بەر و بە توندوتیژییەوە بەرسڤی داخوازییە ڕەواکانی خەڵکی دەدایەوە. لە لایەکی ترەوە پەکەکەش بۆ یەکەم جار لە لایەن خودی و ناخودییەوە کەوتە بەر شەپۆلی ڕەخنە و هەمووان پرسیاریان دەکرد کە بۆچی شەڕیان هێناوەتە ناو شارەکان و وەکوو جاران لە شاخ درێژەیان بە تێکهەڵچوون و شەڕەکانیان نەداوە؟

بینینی ئەو وەرەقە ئاسنییە گەورانە کە کۆڵانەکانیان پێ دادەخست، کاریگەرییەکی خراپی لەسەر دڵ و دەروونی من هەبوو، من عاشقی دەڤەری سوور بووم و کاتێک لە دیاربەکر لە سەر کتێبی ڕێنومای گەشتیاری ئیشم دەکرد، ویستبووم نووسینگە و تەنانەت ماڵەکەم لەم ناوچە مێژوویییە بێت. ئەو شارەی خۆشم دەویست، ببوو بە مەیدانی شەڕ، زرێپۆش و تانک و سەرباز لە هەموو شەقامێکدا ڕاوەستابوون و لە لایەکی دیکەشەوە هێزەکانی پەکەکە دیوار بە دیواری ماڵانیان کون دەکرد، لە گەڕەکێکەوە دەچوونە گەڕەکێکی دیکە. شەڕ لە هەر دوو لایەنەوە بەردەوام بوو و لە هەموو دەروازە و گەڕەکەکاندا بۆمبی تەڵەییان دەچاند. ئەم ڕووداوانە یادەوەریی ڕۆژە ناخۆشەکانی نەغەدە و شەڕی شەقام بە شەقامی ئەو سەردەمەی ناو شاری وەبیرم دەهێنایەوە. ئەو بیرەوەرییانەی کە ڕەگ و ڕیشەی لە تەمەنی منداڵی و مێرمنداڵی مندا هەبوو و تێکەڵ بە سەختی و ئاوارەیی ببوو و ئێستاش ڕێک لەگەڵ لەدایکبوونی منداڵەکەم ئەمانەم وەبیر دەهاتەوە. ناچار بووم ئەو یادەوەرییانە لە مێشکم فڕێ بدەمە دەرەوە و نەهێڵم چێژبەخشترین ساتەکانی ژیانم لێ تاڵ بکەن.

● وێنەی ٣٢٥ – تەواوی ناوچەی مێژوویی سوور تەقێنرایەوە و لەگەڵ خاکدا تەخت بوو، ئامەد، ٢٠١٦

کاتژمێر ٢٠ و ١٩ خولەک، ٢٠١٦/٠٦/١٦

دواییـن جارێـک کـە چووینـە لای پزیشـک بـە گاڵتەجـاڕی و جیددییەتـەوە وتـی: وا دیـارە ئـەم کۆرپەلـە نیـازی لەدایکبوونـی نییـە و بـاش نییـە ئەوەنـدە سـەبر بکەیـن، کەواتـە ناچاریـن دەرزی لـێ بدەیـن بـا لەدایـک بێـت. کاکـی پزیشـک پیاوێکـی ڕووخـۆش و جوان‌چـاک بـوو و هەمیشـە زەردەخەنـە لەسـەر لێـوی بـوو. ئـەوەی جێـی سـەرنج بـوو ئـەوە بـوو کـە لایەنگـری پەکەکـە بـوو و نکۆڵـی لەمـە نەدەکـرد. ڕۆژی دواتـر لـە ٢٧ی جۆزەردانـی ١٣٩٥ (١٦ حوزەیرانـی سـاڵی ٢٠١٦) چووینـە نەخۆشـخانە. بینیـم بەپێچەوانـەی ڕۆژانـی پێشـوو نەخۆشـخانە قەرەباڵـغتر بـوو و هەمـوو ژوورەکانـی بەشـی منداڵبـوون جمـەی دەهـات. زانیـم لەبـەر ڕۆندبوونەکـەی زۆر کـەس ئـەو ڕێکەوتەیـان بـۆ منداڵبـوون هەڵبـژاردووە، بـۆ ئـەوەی کۆرپەکانیـان، کـە تەنانـەت کاتـی لەدایکبوونیشـی نەبـوو، بـە زایەمانێکـی پێشـوەختە و زیانبەخـش بهێننـە دنیـاوە. دواتـر بـۆم دەرکـەوت کـە ئـەم بەزمـە لـە ئێرانیشـدا بـاوە و بەشـێک لـە بنەماڵـەکان زۆر پێشـوەختە پلان دادەڕێـژن بـۆ ئـەوەی منداڵەکەیـان لـە ڕێکەوتێکـی تایبەتـدا لەدایـک بێـت. هەرچەنـدە مـن خـۆم سـەرەندەری ئـەم هەڵسـوکەوتە ناکـەم و قبووڵـم نییـە و پێـم وایـە دەتوانـێ هەندێـک جـار زیانبەخـش بـێ، بـەڵام لـە لایەکـی دیکـەوە ناتوانیـن ئـەم پرسـە پشـتگوێ بخەیـن کـە گرنگـی و پەیوەندیـی مانادارانـەی ژمـارەکان بـە ژیـان و چارەنووسـی مرۆڤـەوە لـە دێرزەمانـەوە یەکێـک لـە کەڵکەڵەکانـی مـرۆڤ بـووە، کـە ئـەم بابەتـە بـە شـێوەی جۆراوجـۆر و لـە ئاسـتی جیـاوازدا هاتۆتـە نـاو جیهانـی مۆدێرنـی ئێمەشـەوە. دواتـر بەهـۆی کونجکۆڵیـی زیاتـر لەسـەر ئـەم مـژارە بـۆم دەرکـەوت کـە لـە ئێـران هەندێـک کەسـی ئایین‌پـەروەر لـە جـەژن و بۆنـە ئایینیەکانـدا بـۆ لەدایکبوونـی منداڵەکانیـان سـزارییەنی پێشـوەختە ئەنجـام دەدەن.

ئێمـە چەنـد هەفتەیـەک چاوەڕێـی لەدایکبوونـی منداڵەکەمـان بوویـن و لـە ڕوانگـەی پزیشـکییەوە بـاش نەبـوو کـە کۆرپەکـە لـە هەنـاوی دایکیـدا بمێنێتـەوە، بۆیـە شـەفەق بـە زەبـری دەرزی منداڵەکـەی بـوو. لـە خەڵـک وایـە ئێمـەش لـەو کەسـانە بوویـن کـە لـە ژێـر کاریگەریـی مـۆد و نوێگەریـدا سـزارییەنمان کـرد، کەچـی شـەفەق زایەمانێکـی تـەواو سروشـتی هەبـوو و ئێمـە بـە دوای ئـەم جـۆرە شـتانەوە نەبوویـن. هەسـتم دەکـرد لـەم نەخۆشـخانەدا سیسـتەمی پزیشـکیی مۆدێـرن ئامـادەی یارمەتیدانـە و ئـەوەش دڵەڕاوکێـی منـی لەسـەر ژانگرتـن و ناڵەکانـی شـەفەق کـەم کـردەوە. لـە دڵـی خۆمـدا گوتـم، ئەگـەر ئێسـتا ماڵـی خۆمـان یـان ماڵـی خـەزوورم لێـرە بوونایـە، دەیانتوانـی لـە ڕووی دەروونییـەوە پرۆسـەی زایەمـان بـۆ شـەفەق ئاسـانتر بکەنـەوە. یـەک دوو کاتژمێرێـکمان زۆر بـە سـەختی تێپەڕانـد و پزیشـکەکە ڕایگەیانـد کـە کاتـی لەدایکبوونـی منداڵەکەیـە. ئێمەیـان بـردە ژووری

منداڵبوون. هەم وێنە و هەمیش ڤیدیۆم دەگرت و لە لای شەفەق بووم، هەرچەندە دەیانگوت منداڵبوونەکە سروشتییە و پێویست ناکا من لەوێ بم، بەڵام من حەزم دەکرد لەگەڵی بمێنمەوە و هەر لەبەر ئەوەش ئەو شوێنەم هەڵبژاردبوو. دەستەکانیم توند گرتبوو و ئەویش ژان گرتبووی و بۆ خستنەوەی منداڵەکە هەوڵی دەدا. تەنانەت هەندێک جاریش جنێوی دەدا کە چۆن دایکی چوار منداڵی بووە.

ڕەمەزان بوو، دوو پەرستار لە ناوەڕاستی شوێنێکی قەرەباڵغدا بە بیستنی دەنگی بانگ، بەربانگیان کردەوە و ڕۆژووەکەیان شکاند. منداڵەکەمان کاتژمێر ٨:١٩ی پاشنیوەڕۆ چاوی بە جیهان پشکووت. هەموو شتێک زۆر بە خێرایی تێپەڕی. پزیشکەکە لە ناکاو بڕیاری دا کۆرپەکە دەربهێنێت. شەفەق هۆشی بە خۆیەوە نەبوو کە خەریکە چ ڕوو دەدا، بەڵام من تاسابووم و دڵەڕاوکێم هەبوو. لە ژوور سەری ژنەکەم ڕاوەستابووم و تەنیا لە جووڵەجووڵ و بە تورکی و کوردی قسەکردنی پزیشک و پەرەستارەکان لە دۆخی ژنەکەم ئاگادار دەبووم و دەمزانی چی ڕوو دەدات. لەناکاو بە پەلە و سەختییەکی زۆرەوە بوونەوەرێکی شینیان دەرهێنا. پزیشکەکە دوو پێ بچووکەکەی گرت و سەرەوقوونی کرد. خز و خوێناوی بوو و فۆرمی سەری درێژ بوو. وتیان لە چرکەساتی لەدایکبووندا ئەمە ئاساییە. پزیشکەکە بە نیگایەکی کەنیناوی و تا ڕادەیەک پیاوتەوەرانە ئاماژەی بە ئەندامی نێرینەی منداڵەکە کرد و چاوێکی لێم قرتاند واتا کۆرپەکە کوڕە. سەیری شەفەقم کرد کە داماو ئیدی بڕسکی لێ بڕابوو و لە حاڵەتی خەڵسە یان پشوودراندا بوو.

دەستبەجێ نێوکیان بڕییەوە. ئێمە پارچەی ناوکیمان دەویست، دەیانگوت بۆ هەندێک نەخۆشی پێویستە. هەندێک ڕێنماییان پێدایین، پەرستارەکەش کۆرپەکەی خستە ناو عەرەبانەیەکەوە. خێرا چووینە ژوورێکی تر بۆ ئەوەی کێش و باڵای بپێوین و چەند کارێکی تریش بکەین. لە کاتی ئەنجامدانی ئەم کارەدا جارێکیان کۆرپەکەیان پێدام و منیش بۆ یەکەمجار کوڕەکەمم لەمس کرد و باوەشم پێدا کرد. هەستێکی زۆر جوان بوو، ئەو هەستەی کە ئەم منداڵە هی تۆ و لە وجوودی تۆیە. مرۆڤ بە درێژایی ژیانی چەندین هەستی خاوەندارێتی بەئەزموون دەکا، بەڵام ئەم هەستە لەگەڵ هەموو ئەوانی تر جیاواز و زۆر سەیر و تایبەتە.

● وێنەی ٣٢٦ – لە نەخۆشخانەی ئامەد، ٢٠١٦/٠٦/١٦

کاتێک لە باوەشم گرت، هاوکات هەستم بە باوکبوون و دڵخۆشی و نیگەرانی کرد. کۆرپەکەمان دەگریا و شین و سپی دەبووەوە، پێم خۆش بوو نیشانەکانی خۆمی لێ بدۆزمەوە. ئایا لە من دەچێت؟ ... زیاتر لە دایکی دەچوو، ڕەنگی ڕووخساری سەوزە و ڕەشتاڵە بوو و دەم و لێوی کەمێک چووبووە سەر کانیی خوشکم و چاو و برۆشی هاوشێوەی چاو و برۆی شەفەق بوو. پاشان کە چووینە ژوورەکەمان جارێکی تر لە باوەشم گرتەوە. شەفەق بە خۆشحاڵیەوە کوڕەکەمانی بە ئارامی لە باوەش گرت و بە هاوکاریی پەرستارەکە بە نەرمی شیری پێدا. وتیان زووتر دەبێ ئەم کارە بکەین بۆ ئەوەی شیرەکەی وشک نەکات. ئێمە زۆر سەرنجمان لەسەر ئەوە بوو کە کۆرپەکە شیری دایکی بخوا، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم شیری شەفەق وشکی کرد و بەداخەوە شیروشکمان بە کوڕەکەمان دا.

پێش لەدایکبوونی، نەماندەزانی منداڵەکە کچە یان کوڕ. حەزم دەکرد ئەگەر کچ بێ ناوی بنێم مەلالە، ئەو کچە پاکستانییەی کە وانەی فێری منداڵان دەکرد و لەلایەن تاڵیبانەوە تیرۆر کرا و دواتر خۆشبەختانە ڕزگاری بوو و بوو بە باڵیۆزی منداڵان بۆ ئاشتی. هەرچەندە مەلالە بە مانای خەمناکی و پەژارەیە، بەڵام ناوەکەم بەدڵ بوو. شەفەق هیچ ئەم ناوەی پێ خۆش نەبوو و چەند ناوێکی کوردی کچانەی لەباتی مەلالە هەڵبژاردبوو. سەبارەت بە ناوی کوڕیش، هەر دووکمان لە سەر ناوی ئالان یەکدەنگ بووین. لە ئێمە وا بوو کە ناوی ئالان لەگەڵ ناوەکانی دیکە جیاوازە و ناوێکی کوردی بوو کە خۆش دەهات بە زماندا و ئینگلیزی نووسینیشی (Alan) ئاسانە، لەبەر ئەوەی بیرم لە خوێندنی داهاتووی لە بەریتانیا دەکردەوە. ئالان ناوێکی زۆر خۆشی کوردییە و دوو مانای هەیە. ئالان دەشتێکە دەکەوێتە نێوان سەردەشت و مەهاباد و لە دارستانەکانی ئالان ترێ ڕەشەیەکی ناوازە بەرهەم دێت. ناوی ئەم دەشتە زۆر جار لە شێعر و ئەدەبیاتی کوردیدا هاتووە و ئەوانەی خەڵکی ناوچەکەن دەبێ بیستبێتیان. لە لایەکی تریشەوە لە باشووری کوردستان لە ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی بیستەمی زایینیدا ئالان ناوێکی خۆش و تازە بوو و تەنانەت هەندێک لەو کوردانەی کە لە لەندەن ناسیانم ناویان ئالان بوو. کەواتە ناوێکی کوردییە و ناوچەیەکی جوگرافییە کە لە نێوان مەهاباد و سەردەشتە. چەمک و مانای دیکەشی واتە ئاڵاهەڵگر. لە زمانی کوردیدا ئاڵا و ئالان بە کەسێک دەوترێ کە ئاڵا بە دەستەوە هەڵدەگرێ و بە مانایەکی دیکە هەڵگری ئاڵایە. ئەم دوو واتا، لە ڕەهەندی جوگرافیایی و کەلەپوورەوە بۆ من گرنگ بوو. لە لایەکی دیکەشەوە مانای ڕاگر و پارێزەری ئاڵاش مانایەکی قووڵ و هەڵگری واتای ڕێبەر و پێشەوا بوو.

دوای ئەوەی ئالان لەدایک بوو، چەند ڕۆژێک لە نەخۆشخانە ماینەوە. لە

تەلەڤیزیۆنێکـی خۆجێییـەوە هاتـن و ڕاپۆرتێکـی ڤیدیۆییـان لەسـەر لەدایکبوونـی ئـالان لـە ئامـەد تۆمـار کـرد. لـە هەنـدێ لـە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ئامـەد (یـان دیاربەکر) و شـارەوانیش هاوڕێـم هەبـوو کـە ئـەم تـۆڕە تەلەڤیزیۆنییەیـان ئـاگادار کردبـووەوە کـە مـن لـە مەهابـادەوە هاتـووم بـۆ ئـەوەی منداڵەکەمـان لـە ئامـەد لەدایـک ببێـت. ئێمـەش جلوبەرگـی کـوردیمان لەبـەر بـوو و بەکورتـی هەمـوو شـتێک بـۆ تۆمارکردنـی بەرنامەیـەک بـۆ ئـەوان سـەرنجڕاکێش بـوو. زۆر وریـا بـووم کـە فیلـم لـە دەموچـاوی ئـالان نەگیـرێ و سـنووری تایبەتیـی ئـالان پارێـزراو بـێ، هەرچەنـدە دوای دەسـتگیرکردنم، یەکێـک لـە ئاژانسـە هەواڵدەرییـەکان وێنەیەکـی لـە هەمـان ژووری نەخۆشـخانەکە بڵاو کـردەوە کـە مـن و شـەفەق ئالانمـان لـە بـاوەشمان گرتبـوو. بەداخـەوە بەکارهێنانـی ئـەم وێنـە لەلایـەن بی‌بی‌سـی و ڕۆیتـەرزەوە وای کـرد کـە بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان لـە سەرانسـەری جیهانـدا دەربکەوێـت.

لەسـەر پێداگـری یەکێـک لـە هاوڕێکانـم لـە نەخۆشـخانەوە چووینـە ماڵیـان. عومـەر سـاڵێک پێـشتر ببـوو بـە بـاوک و منداڵێکـی دیکەشـیان بـە ڕێـوە بـوو. باوکـی مـەلا بـوو و وەک پیاوماقووڵـی ناوچەکـە لـە قەڵـەم دەدرا. کاک عومـەر هـەر ئـەو ڕۆژە هـات بـۆ لای ئێمـە و بـە پێـی داب و نەریتـی بـاوی ئـەو ناوچـە و زۆر شـوێنی تـر بـە ئێرانیشـەوە، بانگـی بـە گوێـی ئالانـدا دا. مـن و شـەفەق کـە چاوەڕوانـی ڕووداوێکـی وامـان نەدەکـرد، بـە سەرسـوڕمانەوە سـەیری یەکترمـان کـرد.

کـە بینیـم شـەفەق و ئـالان توانـای گەشـتێکی یـەک ڕۆژەیـان هەیـە و دەتوانـن لـە نـاو ئۆتۆمبێلـدا دابنیشـن، گەڕاینـەوە بـۆ ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان. لـە ڕێگای گەڕانـەوەدا، چووینـە کونسـوڵخانەی ئێـران لـە شـاری قەیسـەرییە و دوای چاوەڕوانییەکـی کـورت، بەڵگـەی لەدایکبوونـی کۆرپەکەمـان بـۆ پەڕینـەوە وەرگـرت. ئێمـە لـە ڕێگـەی مـەرزی بازرگانـەوە گەڕاینـەوە، کـە فەرمـیتر و تەیارتـر بـوو و لەگـەڵ ڕێکارەکانـی هاتنـە ژوورەوەی منداڵێکـی لەدایکبـووی دەرەوەی وڵات ئاشـناتر بـوون. هەمـوو کارە پێویسـتەکانمان ئەنجـام دابـوو، بـەڵام کەمێـک نیگەران بووین، کەچـی هەمـوو شـتێک بـە خێـر و خۆشـی کۆتایـی هـات و دوای وەسـتانێکی کـورت، پەڕینـەوە بـۆ ئێران.

● وێنەی ٣٢٧- سێزدەبەدەر، مەهاباد، ١٣٩٥ی هەتاوی (٢٠١٦)

ئێوارە گەیشتینە مەهاباد و لەلایەن بنەماڵەکانمانەوە بە گەرمی پێشوازیمان لێکرا. دەمزانی بۆ هاتنەوەمان ئامادەکارییان بینیوە، بەڵام پێم وا نەبوو تا ئەو ڕادە تەداروکیان

بینیبێت. بنەماڵەی خۆم ئامادە بوون و بنەماڵەی شەفەقیش لە گەڵ هەندێ لە پوورەکان (خوشکی دایک) و خزمانیان هاتبوون. کە گەیشتینەوە، ماڵی خەزوورم کۆرپەکەیان لە دەستمان وەرگرت. ئەوەندە شاگەشکە بوون، کە ئاگادار نەبوون خانەوادەی منیش پێیان خۆشە ئالان ببینن. کاتێک منداڵەکە دەهاتە ئەم لا، ماڵی خەزوورم زوو دەیانڕفاند. هەمووان دڵخۆش بوون، دۆخێکی سەیروسەمەر بوو.

مـن ئـیتر تەنهـا مێـرد نەبـووم، ڕۆڵـی باوکیشـم هەبـوو. باوکێـک کـە هیچیشـی لـە منداڵـداری نەدەزانـی و دەبـوو وردە وردە لەگـەڵ ئەرکەکانـی ئاشـنا بێـت. ئـالان شـەوی وا بوو دەگریـا و دوو کاتژمێـر جارێکیـش شـیری دەخـوارد. زۆربـەی کاتەکانـی ڕۆژیـش دەخـەوت و چەنـد کاتژمێرێـک بەئـاگا دەبـوو. سـەرەتاکان شـەفەق زۆر وەڕەز بـوو و نەمدەزانـی چـی بکـەم و چـۆن یارمەتـی بـدەم. هەرچـی هەوڵـم دەدا بێ‌سـوود بـوو و مـن زیاتـر دەسـتوپێ‌گر بـووم نـەک یارمەتیـدەر. پاشـان شـەفەق و ئـالان بـە پێـی نەریتـی بـاوی کـوردەواری بـۆ ماوەیـەک چوونـە کرماشـان و ئـالان هـەر لـە سـەرەتاوە بـۆ ماوەیەکـی زۆر لـە مـن جیـا بـووەوە. هێـزی نەریـت و فەرهەنـگ هەندێـک جـار لـە ڕادە بـەدەرە، دەتوانـێ منـداڵ و هاوسـەرەکەت بـە دەسـت بەستراوییـەوە بباتـە شـار و وڵاتێکـی تـر و تـۆ لێیـان دوور بیـت. مەگـەر چەنـدە دەتوانـی بـۆ بینینـی منداڵەکـەت دوو پارێـزگا ئەوڵاتـر بچیتـە ماڵـی خـەزوورت و بـۆ ماوەیەکـی زۆر لـەوێ بمێنیتـەوە؟ بـە درێژایـی ئـەم مـاوە هەوڵـت داوە بـە ڕێبـازی دڵخـوازی خۆتـدا بـڕۆی، منداڵەکـەت لـە وڵاتێکـی تـر لەدایـک بـووە بـۆ ئـەوەی ئـەو جـۆرەی کـە دەتهـەوێ بێتـە سـەر ئـەم جیهانـە، بـەڵام کـە ئـاوڕ دەدەیتـەوە دەبینـی دەبـێ بـۆ چەنـد هەفتـە بڕواتـەوە بـۆ ماڵـی باپیـرە و داپیـرەی دایکـی. چونکـە فەرهەنـگ و نەریـت، وا دەخوازێـت.

ئـالان وردەوردە گـەورە دەبـوو، قـژی پڕتـر دەبـوون و تـا دەهـات جـوانتر دەبـوو. ڕووخسـارە کۆرپەییـە نەناسراوەکـەی دەبـوو بـە ڕوخسـاری منداڵێـک. کوڵمـی سـووڕ هەڵگەڕابـوو و پێدەکەنـی. ئـەم گەشـەکردن و هەڵدانـە هێواش‌هێواشـەی منـداڵ بـۆ دایـک و بـاوک زۆر خۆشـە و مـرۆڤ لـە دڵـی خۆیـدا دەڵـێ سـەیرکە، ئـەم منداڵـە ژیکەڵەیـە هـی تۆیـە. هەندێـک جـار لێـی ورد دەبوومـەوە و تێـر بـە چاوەکانـم لێـم دەڕوانـی، ئێسـتاش هـەر ئـەم کارە دەکـەم و لـە خـۆم دەپرسـم ئایـا بەڕاسـتی دایـک و باوکیشـم ئـەم هەمـوو هەسـتە جوانانەیـان بـۆ مـن هەبـووە؟ بـە دڵنیاییـەوە ئەوانیـش وابـوون، بـەڵام ئـەو کاتـە منـداڵ زیاتـر و شـێوازی پەروەردەکردنیـش جیـاواز بـووە، دەنـا ئـەم خۆشەویسـتییە شـتێکی سروشـتییە کـە هەمـوو دایـک و باوکێـک ئەزموونـی دەکـەن. هەتـا ماوەیەکـی زۆر کار و ئەرکەکانـم وەلا نـا و باوکایەتیـم کـرد.

لەگـەڵ هاتنـی ئـالان زۆر شـت لـە ژیانمـدا گـۆڕا. مەبەسـتم تەنهـا گۆڕانـکاری لـە ڕێکخـستن و پێکهاتـەی ڕۆژانـەی ژیانـدا نییـە، بەڵکـوو شـتێکی گەورەتـر ڕووی دا. وەک

توێژەرێکی زانستی کە دەچێتە ناو جیهانێکی نوێوە، بە مانا ڕاستەقینەکەی جیهانی منداڵیم هەست پێکرد. تا ئەو کاتە لێکۆڵینەوەکانم لەسەر خەتەنەکردنی کچان و ژنان و منداڵهاوسەری و سیغەی مەحرەمبوونی منداڵان بوو و بەو زانست و زانیارییانەی کە لەبارەی جیهانی منداڵان هەمبوو شانازیم بە خۆمەوە دەکرد، بەڵام لەگەڵ هاتنی ئالان، بۆم دەرکەوت کە تا خۆت منداڵت نەبێ، ناتوانی بە مانا ڕاستەقینەکەی لە جیهان و پرسی منداڵان تێبگەیت.

قسەی کەسانی دەوروبەرم وەبیرم دەهاتەوە کە دەیانگوت "چۆن دەتوانی ڕەچەتە بۆ کەسانی تر بنووسی، لەکاتێکدا خۆت ژنت نەهێناوە؟" یان باوکم بەردەوام دەیگوت: " کامیل ئەتۆ نازانی چ دەڵێی، هەتا خۆت منداڵت نەبێ نازانی منداڵ چۆن پشتت دەشکێنێت!" هەمیشە وتوومە و دەشڵێمەوە، مرۆڤ هەتا خۆی منداڵی نەبێ دەتوانێ مرۆڤێکی باڵغ بێ، بەڵام کە منداڵی بوو ئیتر دەبێتە مرۆڤێکی جیاواز". هەتا منداڵت نەبێ، تەنانەت زۆرێک لە مەترسی و کێشەکان نابینی و بیر لە دوارۆژت ناکەیتەوە. بەڵام لەگەڵ لەدایکبوونی منداڵەکەت فێر دەبی کە لێبوردە بی، هەندێک جار دەبیتە منداڵ و هەندێک جار هەستیارییەکانت کەم دەبنەوە و چاوپۆشی لە هەندێ لە بابەتەکان دەکەیت.

● وێنەی ٣٢٨ – خۆم و کوڕەکەم لە شایی، مەهاباد، ١٣٩٦ی هەتاوی (٢٠١٧)

ئالان سەبارەت بەو پرسانەی کە پەیوەندییان بە منداڵانەوە هەیە، دیدێکی نوێ و قووڵی پێ بەخشیم. کە هاتە ناو ژیانمەوە باشتر لە منداڵانی کار تێگەیشتم. قسەی خۆمان بێ ئەوە ئالان بوو کە منی بەرەو بابەتی وەکوو کاری منداڵان بە جەختکردنەوە لە سەر زبڵگەڕی و جۆرەکانی دیکەی کاری منداڵان و بە گشتی کۆمەڵناسیی منداڵان دنە دەدا. خۆشەویستیی من

بـۆ منـداڵان و بەدیهێنانـی ئارەزووەکانیـان و پاراسـتنی تایبەتمەندیـی ئـەم بوونـەوەرە بێتـاوان و پاکانـە بـوو، کـە بڕیـارم دا لێکۆڵینـەوە لـە خەتەنەکردنـی کـوڕان بکـەم. سـەبارەت بـە دەسـتدرێژیی سێکسـی بـۆ سـەر منـداڵان و زینـا لەگـەڵ مەحـارم توێژینەوەیەکـم دەسـت پـێ کـرد و تەنانـەت ئـەوە ئـالان بـوو کـە بوێـری ئـەوەی پێـدام کـە لـەم کتێبـەدا لەسـەر دەسـتدرێژیی سێکسـی و دەسـتلێدانی سێکسـیی سـەردەمی منداڵیـی خـۆم بنووسـم و لێکۆڵینەوەیـەک لـە سـەر ئەمانـە ئەنجـام بـدەم. ئـالان و ئالانـەکان ئـەو ئازایەتییەیـان پێـدام کـە بـاشتر هەڵەکانـم قبـووڵ بکـەم، باسـیان بکـەم و لێیـان بکۆڵمـەوە، بـۆ ئـەوەی ڕەنگـە بتوانـم یارمەتـی ڕۆڵـە و منداڵانـی ئـەم نـەوە و نەوەکانـی داهاتـوو بـدەم.

بەشی چوارەم
کۆچکردن بۆ پایتەخت

ژیان لە تارانیش لایەنی باش و خراپی خۆی هەبوو. هەرچەندە من لە زێدی خۆمدا ڕۆژگارێکی سەیرم بەسەر بردبوو، بەڵام بارودۆخی ژیان لەو شارەدا لەگەڵ زێدی خۆم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زۆر جیاواز بوو. من لەگەڵ ئەم فۆرمە نوێیە و جیاوازییەکانیدا ڕاهاتم و دەستم بە کار کرد. هاوشێوەی کارەکانی پێشووم، لە ناو دڵی هەر لێکۆڵینەوەیەکدا بابەتێکی نوێ سەری هەڵدەدا و ئەوەندە خولیای توێژینەوە ببووم کە بە خۆپارێزی و وریاییەکی کەمترەوە ئیشم دەکرد.

بێگومان چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبەکانیشم بوێریی زیاتریان پێبەخشیبووم و لە دڵی خۆمدا وامدەزانی فەزای ئێران ئەوەندەی من بیرم لێ دەکردەوە داخراو نییە و سەرەڕای هەموو هەستیارییەکان، دەتوانرێ کاری لێکۆڵینەوەی تێدا ئەنجام بدرێت. بە خۆمم دەگوت هەرچەندە کۆسپ و بەربەست هەیە، بەڵام ئەم ئاستەنگ و کۆسپانە وا نییەن کە لە کاری توێژینەوەدا بموەستێنن و دەتوانم بە هێواشی و بەردەوام بەرەو پێشەوە بچم.

هەر بەم دیدەوە، وردەوردە لە بابەتگەلێک نزیک بوومەوە کە دەمزانی هەستیاریی هەندێک کەس دەوروژێنن و لەوانەیە مەترسیدار بن، بەڵام وەک توێژەرێک نەمدەتوانی سەرنجم لە سەر ئەو پرسە گرنگانە چڕ نەکەمەوە کە کۆمەڵگاکەم پێیانەوە دەینالاند. ئەویش کۆمەڵگایەک کە حکوومەت ڕێگە نادات ئاریشە و نەهامەتییەکانی دەرببڕێ و هەر گرفتێکی چەندین ڕەهەندی ئاڵۆزاوی هەیە کە هەڵدانەوەیان، وەک نیمایووشیجی شاعیر دەڵێت: ئاو بەردانە لە شانەی مێروولەکان!

دەستپێکردنێکی نوێ

کارە توێژینەوەییەکانم بەردەوام بوون. بەردەوام گەشتم دەکرد و جاروبار ڕێم دەکەوتە پایتەختی ئێران. وردە وردە کەوتمە بیر ئەوەی لە تاران بژیم، بەڵام خوشکە بچووکەکەم لەگەڵ ئێمە لە یەک ماڵدا دەژیا و نەمدەزانی کە ئایا ئەویش نیازی ئەوەی هەیە کە لە خزم و کەس و کارەکەی دوور بکەوێتەوە یان نا. لە ململانێی بڕیاردانـدا بوو کە کانی عاشق بوو و لەگەڵ کوڕێکی جەوان و سەرکەوتوودا هاوسەرگیریی کرد. دوای هاوسەرگیریکردنی کانی کە هەوڵمان دا ئاهەنگێکی گونجاوی بۆ ساز بکەین، لە گەڕەکی سەعادەتابادی تاران خانوویەکی چاکمان دۆزییەوە و لە گەلاوێژی ١٣٩٧ی هەتاوی (ئابی ٢٠١٨) کۆچمان کرد بۆ تاران. شەفەق زۆر دڵخۆش بوو چونکە خاڵۆ و پووری لە تاران و کەرەج دەژیان، باوکیشی لە تاران ماڵی بوو و هاتوچۆی دەکرد. بەڵام من دڵتەنگ بووم، چون هەر لە مێرمنداڵییەوە مەهاباد یەکێک لە شارە دڵخوازەکانم بوو و عاشقانە کوردستانم خۆش دەویست، هەرچەندە دەمزانی لەم کاتەدا ژیان لە تاران بۆ من گونجاوترە. بە داخەوە یەکێک لە کێشەکانی ئێران بەتایبەت بۆ توێژەران و خوێندکاران، بەتایبەت لە لقە جیاوازەکانی زانستە مرۆییەکاندا، ئەوەیە کە ئێران ناوەندگەرایە، واتە باشترین زانکۆکان، مۆزەخانەکان، کتێبخانەکان، کتێبفرۆشییەکان و تەنانەت شانۆ و سیمینار و کۆنفرانسە گرنگەکان، لە تاراندا کۆ بوونەتەوە و لە قۆناغێکدا ناچار دەبی کە بچی لە تاران بژی. بە واتایەکی تر سەرمایە و ئیمکاناتی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش نەکراوە. دیارە ئەم قسەیەی من ئەوە ناگەیێنێ کە پارێزگا و شارەکانی دیکەی ئێران ئەو ئیمکاناتانەیان نییە، بەڵام هەر کەسێک کە لە ئێراندا لە بواری زانستە مرۆییەکاندا کار بکا، تێدەگا کە دووریی لە ناوەند یان پایتەخت چەندە سەختە و چۆن توێژەر گۆشەگیر دەکات.

دەمتوانی بە ئاسانی لەگەڵ کۆمەڵگە زانستی و ئەکادیمییەکان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان پەیوەندیم هەبێ و کارە توێژینەوەییەکانم خێراتر پێش بخەم. هەر چەند دابڕان سەخت بوو، بەڵام هەر لە سەرەتاوە دەمزانی کە ژیانم لە مەهاباد کاتییە. سەبارەت بە تاران ئەو بیرکردنەوەم نەبوو و پێم وابوو بۆ ماوەیەکی زۆر لەوێ دەژیم، بەڵام دەرکەوت کە ژیان لە تارانیش کاتییە، نەک تەنیا لە تاران بەڵکوو ژیانم لە سەرتاسەری ئێران کاتییە!

دواییـن ڕۆژێ کە لە مەهاباد بووین، بنەماڵەکەم هاتن بۆ ماڵاوایی کردن. هەموو دەگریان، بەڵام پووره زێنەب زۆر بەسوێ بوو. ماڵی لە مەهاباد بوو و لەگەڵ یەکتر ڕاهاتبووین. لۆرەی دەکرد و دەیلاواندینەوە کە بارگە و بنەت تێک پێچاوە و لێرە

دەڕۆی، لەم شارەدا هەر ڕۆشناییەکم هەبوو کە ئەویش ماڵی برازاکەم بوو. جا بەدەم لۆرەکردنەوە دەیگوت: "ماڵێ باری کرد کەس نەیگێڕاوە...". خوشکەکانیشم کۆلیل بوون، دەیانگوت ماڵەکەت ماڵە باوانمان بوو و ئیتر نیمانە.

پێش کۆچکردنم بۆ تاران، توێژینەوەی "زایەڵەی بێدەنگی" بڵاو کرایەوە و پێشوازییەکی بەرچاوی لێ کرا. پلانم دانابوو کە لە تاران پەردەی لەسەر لا بدەم. ئەم لێکۆڵینەوە خاڵی وەرچەرخانی چالاکییەکانم بوو و بە پێچەوانەی توێژینەوەی "بە ناوی نەریت" باسی لە بابەتێک دەکرد کە لە سەرانسەری ئێراندا بەربڵاو بوو و دەتوانین بڵێین لە هەندێ ڕووەوە پرسێکی هەستیارتر بوو. زانیم کە چەند ئەندامێکی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی و جێگری کاروباری ژنان و خانەوادەی سەرۆک کۆماری هەوڵ بۆ پەسەندکردنی پرۆژە یاسایەک بۆ زیادکردنی تەمەنی هاوسەرگیری دەدەن. لە ڕێگەی ئیمەیلەوە پەروانە سەلەحشووری و تەیبە سیاوەشی و کەسانی دیکەی خەمخۆری ئەم بابەتەم بانگهێشت کرد. کەس وەڵامی نەدایەوە، چەند ڕۆژ پێش بەرنامەکە خانمی سیاوەشی ڕایگەیاند کە لە بەرنامەکەدا بەشداری دەکا و لە داهاتوویەکی نزیکدا لە مەجلیسی شۆرای ئیسلامی لەوانەیە بابەتی "بەرزکردنەوەی تەمەنی هاوسەرگیریی منداڵ" وەک پرۆژە یاسایەک پێشنیار بکات.

● وێنەی ٣٢٩ – کتێبی زایەڵەی بێدەنگی بە سێ زمانی کوردی، فارسی و ئینگلیزی

هەرگیز بە خەیاڵمدا نەدەهات کە پرسی هاوسەرگیریی منداڵان تا ئەم ڕادە پوتانسێلی ئەوەی هەبێ کە بچێتە ناو بواری سیاسەتدانانی فەرمییەوە. لە کاتی کارکردندا بەردەوام بە خۆمم دەگوت ڕۆژێک دێ کە منداڵهاوسەری دەبێتە یەکێک لە بابەتە دەستە یەکە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان، بەڵام هەستم نەدەکرد ئاوا زوو ئەم شتە ڕوو بدات. ڕێوڕەسمی خستنەڕووی کتێبەکە لە ٢١ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٩٦ی

هەتاوی (١٢ی ئابی ٢٠١٧ ز) بەڕێوە چوو. پێم وابوو کە لەبەر ئەوەی پێشتر لێکۆڵینەوە لەسەر منداڵان کراوە و بە پێچەوانەی کارەکانی پێشووم بابەتێکی نوێ نییە، گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نادرێت. بەڵام بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەکانم، ڕێوڕەسمی پەردەلادان لەسەر کتێبی "زایەڵەی بێدەنگی" زۆر لە کارەکەی پێشووم قەرەباڵغتر بوو و موزەفەر ئەلوەندی، سکرتێری پێشووی کۆمەڵەی کۆنفرانسی نیشتمانیی منداڵان، زەهرا جەعفەری کارناسی باڵای کاروباری یاسایی جێگرایەتیی ژنان لە نووسینگەی سەرۆکایەتیی‌کۆماری و سومەیە تەهماسبی مامۆستای زانکۆ و فەقێ، سەبارەت بە کتێبەکە وتاریان دا. کاتێک ئاماری توێژینەوەکەمان خستە ڕوو، لە ڕۆژنامەکاندا ڕەنگدانەوەی هەبوو و کۆبوونەوەکەش لە میدیاکاندا ڕوومااڵ کرا. هەموو شتێک بە باشی بەڕێوە چوو و زۆر دڵخۆش بووم.

کەمێک بەر لە پەردەلادان، ئەندامانی فراکسیۆنی ژنان لە مەجلیسی شۆرای ئیسلامیی ئێران بانگهێشتیان کردم بۆ ئەوەی قسە لەسەر ئەم بابەتە بکەم. ئەوان بڕیاریان دابوو هەرچی زووتر ئەم پرسە لە چوارچێوەی پرۆژەیاسایەکدا ببریتە مەجلیس. هەروەها لە نووسینگەی سینا کەلهوڕ، بەڕێوەبەری گشتیی توێژینەوەی فەرهەنگی لە ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیسەوە، پەیوەندییان پێوە کردین و ڕایانگەیاند بۆ نووسینی گەڵاڵەیەک پێویستیان بە نووسخەیەکی کتێبی "زایەڵەی بێدەنگی"یە.

● وێنەی ٣٣٠ – پەردەلادان لە سەر کتێبی زایەڵەی بێدەنگی، تاران، ١٣٩٦ی هەتاوی (٢٠١٧)

خۆشحاڵ بووم کە پەرلەمانی ئێران لێکۆڵینەوەکانی منی وەک تەواوکەرێکی زانستی بۆ پرسی هاوسەرگیریی منداڵان قبووڵە و نیازی وایە بە پێی ئەم توێژینەوە پێداچوونەوە بە پرۆژە یاسایەکی گرنگ و کاریگەردا بکا و لەوانەیە پەسەندی بکات. دواتر بۆم دەرکەوت کە هەر ئەم کەلهوڕە یەکێک لە نەیارانی سەرەکیی بەرزکردنەوەی تەمەنی هاوسەرگیری و توێژینەوەکانی ئێمە بووە و لەبەر نزیکبوونی لە ڕێکخراوە ئەمنییەکانەوە، زۆرێک لە چالاکانی ئەو بواره، پێیان وایە سینا کەلهوڕ بازجوو - پەژووهشگەرە.

ماوەیەک دواتر کۆمسیۆنی ژنانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامیی ئێران بانگهێشتی کردم کە وەک کارناس و شارەزایەک بۆ پێداچوونەوە بەو بابەتە و خستنەڕووی پرۆژەیاساکە لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا لە کۆبوونەوەیاندا ئامادە بین و ڕێنماییان

بکەیـن. لـە ڕۆژی کۆبوونەوەکـەدا چوومـە بینـای سـەرەکیی مەجلیـس (پەرلەمانـی ئێـران). هیـچ قەرەباڵغـی و جموجـۆڵ و جـۆش و خرۆشـێک لـە ئـارادا نەبـوو، هەنـدێ جـار کـە درگاکان دەکرانـەوە، نوێنەرانـی پەرلەمانـم دەبینـی کـە لـە مەجلیسـدا خەریکـی قسـەکردن و پێکەنیـن. بـەڵام کاتێـک لـە ڕێڕەوەکـەدا بـوون، خەڵکانێـک هەوڵیـان دەدا لێیـان نزیـک ببنـەوە و بـە نهێنـی بابەتێکیـان لا بـاس بکـەن. نوێنـەرە پیـاوەکان شـیکپۆش و کـۆت و شـەروالّی بـوون.

بـە ڕواڵـەت وا دەردەکـەوت کـە سـەردانکەران کـە لـە ڕووی داراییـەوە دەوڵەمەنـد و بازرگان بـن. دەکـرا مەزەنـدەی ئـەوە بکەیـت کـە بازرگانـی و بەرژەوەندییـە ئابووریەکانیـان، ئەوانـی هێناوەتـە مەجلیـس. هەندێـک جـار کەسـانێک بـە جلوبەرگـی نەتەوەییـەوە لـە ڕێڕەوەکانـدا دەردەکەوتـن کـە بـە شـوێن نوێنـەری شـارەکانیاندا دەگەڕان بـۆ ئـەوەی کێشـە و گرفتەکانیان چارەسـەر بکـەن. مـن هەندێـک لـە نوێنەرەکانـم پێـشتر دەناسـی و پێـم سـەیر بـوو کـە دەسـەڵات چـۆن ئەوانـی گۆڕیـوە و کردوونـی بـە کەسـانێک کـە لەگـەڵ جـاران جیاوازییـان هەبـوو. دیـارە هەمـوو نوێنـەرەکان بـەم شـێوە نەبـوون و مـن کەسانێکیشـم دەناسـی کـە بـە تێگەیشـتوویی، لـە خەمـی چارەسـەرکردنی کێشـە کۆمەڵایەتییەکانیانـدا بـوون. ئـەم کۆمەڵـە نوێنەرانە زۆربەیان ژن بوون و زۆر حەزیان لە ڕانت و بەرتیل نەبوو.

● وێنەی ٣٣١ – دووبەرەکی لە دانیشتنی فراکسیۆنی ژنانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامیی ئێران، تاران، ١٣٩٦ی هەتاوی (٢٠١٧)

کاتێـک کۆبوونەوەکـە دەسـتی پێکـرد سـەرم سـووڕ مـا. مـن وام دەزانـی کـە لـە کەشـێکی هاوشـێوەی سـیمیناره زانکۆییەکانـدا پرسـیار دەکـەن و داوای ڕاوێـژ و ڕێنمایـی دەکـەن.

ئـەو دووبەرەکییـەی کـە لـە ئێرانـدا هەیـە پەلـی بـۆ ئێـرەش هاویشـتبوو. مـن و نوێنـەرە ڕیفۆرمخـوازەکان لـە لایەکـی مێزەکـە دانیشـتبووین و گرووپێکـی تریـش کـە ڕواڵەتیـان جیـاواز بـوو، لـە لاکـەی تـر دانیشـتبوون. لـە دەوری مێزەکەمانـدا ڕاوێـژکاری پەرلەمانیـی سـەرۆک‌کۆمار و سـەرۆکی فراکسـیۆنی ژنـان و جێگـر و ئەندامەکانـی بەشـدار بـوون. هەروەهـا نوێنـەری شـەهیندوخت مولاوێـردی بەرپرسـی ناوەنـدی ژنانـی سـەرۆکایەتیی‌کۆمار و لەعیـا جونەیـدی جێگـری یاسـایی سـەرۆک‌کۆمار، کـە لەوانـی تـر تەمەنـی کـەمتر بـوو، لـەم کۆبوونـەوەدا ئامـادە بـوون. گرووپەکـەی دیکـە لـە چەندیـن ژن و پیـاو پێـک هاتبـوون.

ڕواڵەتـی پیـاوەکان لـە ئەمنییـەکان دەچـوون و ژنەکانیـش حیجابـی تەواویـان هەبـوو. یـەک دوو کەسـیان لـە ناوەنـدی لێکۆڵینـەوەی مەجلیسـەوە هاتبـوون و سـەرکردەکانیان سـینا کەلهـوڕ و ئەنسـیە خەزعەلـی بـوون. وەک شـتێ بـە مـن هەسـتیار بـوون. یادداشـتیان لـە قسـەکانم هەڵدەگـرت و کۆبوونەوەکەیـان تۆمـار دەکـرد. دوای ئـەوەی ئەنجامـی توێژینەوەکانـی "زایەڵـەی بێدەنگی"ـم بـە شـێوەی پاوەرپۆینـت پێشـکەش کـرد، ئاڵنگارییـەکان دەسـتیان پێکـرد و لـە کۆتایـی دانیشـتنەکەدا بـۆم دەرکـەوت کـە ئـەم گرووپـە ناوکـی نەیارانـی پرۆژەیاسـای زیادکردنـی تەمەنـی هاوسـەرگیرین. سـەرەڕای ئەمانـە دوای دانیشـتنەکە هەسـتێکی خۆشـم بـوو. پێـم وابـوو لێکۆڵینەوەکانمـان کاریگەرییـان لەسـەر سیاسـەتەکانی ئێـران دەبـێ و ئەمـە بـۆ توێژەرێکـی کۆمەڵایەتـی باشتریـن ڕووداوە. ئـیتر ئـەو تـرس و خۆپارێزییـەی جارانـم نەمابـوو. دیمانـە و چاوپێکەوتنـی زیاتـرم ئەنجـام دەدا و هەندێـک جاریـش بەشـداریم لـەو کۆڕبەنـد و کۆنفرانسـانەدا دەکـرد کـە پەیوەندییـان بـە پرسـە کۆمەڵایەتییـەکان و منداڵانـەوە هەبـوو.

وردە وردە پرسـی هاوسـەرگیریی منـداڵان بـوو بـە پرسـێکی نیشـتمانی و لـە شـێوەی پرۆژەیاسـایەکدا چـووە مەجلیسـی شـۆرای ئیسلامـی. هەروەهـا کتێبـی "زایەڵـەی بێدەنگـی" وەک پاشـکۆیەکی زانسـتی بـە پرۆژەیاسـاکە زیـاد کـرا. ئـەم پـرۆژە یاسـایە دەنگـی بەڵێـی پێـدرا و بـوو بـە خاڵـی وەرچەرخانـی پرسـی هاوسـەرگیریی منـداڵان لـە ئێـران. ئـەم پرۆژەیاسـا بـۆ بەرزکردنـەوەی تەمەنـی هاوسـەرگیریی پێشـنیاری ئـەوەی کردبـوو کـە، تەمەنـی هاوسـەرگیری بـۆ کـوڕان لـە پانـزە سـاڵەوە بـۆ حەڤـدە سـاڵ و بـۆ کچانیـش لـە سـێزدە سـاڵەوە بـۆ پـازدە سـاڵ زیـاد بکرێـت. بەهـۆی هێرشـی نەیارانیـەوە، ئـەو پرۆژەیاسـایە زۆر بـە وریاییـەوە نووسرابـوو و تەنیـا پێشـنیاری زیادکردنـی دوو سـاڵی بـە تەمەنـی هاوسـەرگیریی منـداڵان کردبـوو. نەیارانـی ئـەو پـرۆژە یاسـایە ڕایانگەیانـد کـە دابەزینـی ڕێـژەی لەدایکبـوون و پیربوونـی دانیشـتووانی ئێـران دەرهاویشـتەی پەسـەندکردنی ئـەم پـرۆژە یاسـایەیە.

هـۆکارە کارناسـییەکانی لایەنگرانـی گەڵاڵەکـە و هەروەهـا ئەنجامەکانـی ئێمـە لـەم توێژینـەوە، دەریخسـت کـە تەمەنـی گونجـاو بـۆ هاوسـەرگیریی کچـان سـەرووی هەژدە سـاڵە،

چونکە هەتا بەر لە تەمەنی هەژدە ساڵان کچ و کوڕ لە ڕووی باری دەروونی و کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردنی ئابووری و دەستەبەرکردنی ژیانێکی سەربەخۆوە، ئامادەیی پێویستیان نییە. دەبێ لەبری هاوسەرگیریکردن، بچنە ناو سیستەمی پەروەردەوە و بخوێنن و کارێکی گونجاو بۆ خۆیان هەڵبژێرن. هەرچەندە ئەم پلانە لە کۆتاییدا بەتوانابوونی کچان و کوڕان و لە ئەنجامدا ژنانی لێ دەکەوتەوە، بەڵام لەگەڵ دیدگای گشتیی حکوومەت و بۆچوونی لەبارەی بەتواناکردن جیاواز بوو. دواتر نەیارانی گەڵاڵەی بەرزکردنەوەی تەمەنی هاوسەرگیری قامکیان خستە سەر یەکێک لە ئامارەکانی توێژینەوەی "زایەڵەی بێدەنگی" و ڕایانگەیاند کە بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکە، ئاستی ڕەزامەندیی سێکسی لە نێو ئەو منداڵانەی کە پێش تەمەنی هەژدە ساڵی هاوسەرگیریان کردووە، باشتر بووە. یەکێک لەو دەیان گیر و گرفتانەی کە کاری توێژەرانێکی وەکوو منی لە ئێراندا قورس دەکرد، ئەم جۆرە بابەتانە بوو. من هەرگیز نەمدەتوانی وەڵامی ئەم کەسانە بەم شێوە بدەمەوە کە نابێ پرسێکی چارەنووسساز وەکوو هاوسەرگیری، بەتایبەت هاوسەرگیریی منداڵان لە ڕەزامەندیی سێکسیدا تەسک بکەینەوە و جگە لە هاوسەرگیری، ڕێگەی دیکەش بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئارەزووی سێکسی هەیە یان زۆر جار ئەم منداڵانە هیچ لە پەیوەندی سێکسی تێناگەن و نازانن ڕەزامەندیی سێکسی چییە، چونکە لەو حاڵەتەدا، من بە پەرەپێدانی بێ‌ڕەوشتی تۆمەتبار دەکرام. هەرچەند لە کۆتاییشدا هەر ئەوە ڕووی دا.

ئەوان ئەو حاڵەتانەیان دۆزیبووەوە کە لە بۆچوونەکانیانەوە نزیک بوو و دەیانگوت خودی کامیل ئەحمەدی لە ئەنجامی توێژینەوەکەیدا هێناویەتی کە ئاستی ڕەزامەندیی سێکسی لە هاوسەرگیرییەکانی خوار تەمەنی هەژدە ساڵدا زیاترە. هەرچی پێم دەگوتن کە شیکاریی هەمان ئەو بەشە بخوێننەوە کە لە ژێر ئامار و خشتەکاندا نووسراوە، هیچ سوودێکی نەبوو. ڕوونم دەکردەوە کە هەندێک لە وەڵامدەرەوەکان ناچار بوون لای خەسوو یان ئەندامانی خێزان و ناسیاوەکانیان لە دیمانەکاندا بەشداری بنوێنن، هەندێکیان نەیاندەوێرا ڕاستییەکان بڵێن و هەندێکیشیان ڕەنگە بە هۆی شەرم و نەبوونی متمانەوە وەڵامی ئەم پرسیارە هەستیارەیان نەدابێتەوە، بەڵام ئەوان هەوڵیان دەدا بە پێی ئەنجامی توێژینەوەکە، بابەتەکە لێک بدەنەوە و هەر بەشێکیان وەها شی دەکردەوە کە لەگەڵ تێڕوانینەکانی خۆیاندا بگونجێت.

تەڵەیەکی ناجوامێرانە

گفتوگۆ و مشتومڕەکانمان بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو و ئەمە وای کرد کە گرووپێکی

میدیایی بۆ بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنی بانگهێشتم بکەن. سەرەتا بۆ بەرنامەی "لیبیدۆ" و دواتر بۆ بەرنامەیەکی تر بە ناوی "ڕەگەزی یەکەم" بانگهێشت کرام. پێشکەشکاری ئەم بەرنامە ئیحسان ڕەستگار بوو. پێشتر نەمدەناسی، بەڵام وا دیار بوو لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە کرابوو بە پێشکەشکار و پرۆژەکانیانی بەرەو پێش دەبرد. ئەمەش لە قۆناغێکدا ڕووی دا کە هێرشی توندی سپای سایبەری لە دژی من و چالاکانی پرۆژەی بەرزکردنەوەی تەمەنی هاوسەرگیری دەستی پێکردبوو. ئەم هێرشانە سەرەتا بە هەشتەگی تویتەری (پلاتفۆرمی ئیکس) دەستی پێکرد. من ئەوندە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر (ئیکس) چالاک نەبووم و نەمدەزانی چی ڕوو دەدات. چەند هاوڕێیەکم باسی ئەو بابەتەیان کرد و دوای ماوەیەک هەشتەگەکان دەستیان پێکرد: "کامیل ئەحمەدی، سیخوڕ، خائین و هتد". لە ئەنجامی ئەم بارودۆخەدا بڕیارم دا لە گفتوگۆی بەرنامەی تەلەڤیزیۆنیی لیبیدۆ سەبارەت بە هاوسەرگیریی منداڵاندا بەشداری نەکەم. دوای ماوەیەک جارێکی تر تەلەفۆنیان بۆ کردمەوە و منیش دیسان ڕەتم کردەوە و گوتم بەشداری لە گفتوگۆکەدا ناکەم. وتیان بڕیار وایە لەگەڵ کارناسێک گفتوگۆیەکی زانستی بکەی و قەناعەتیان پێکردم. ئەو شارەزایەی ئەوان باسیان دەکرد سینا کەلهوڕ بوو، کە زۆر بە توندی دژایەتی من و ئەم گەڵاڵەیەی دەکرد، بەردەوام ڕەخنەی لە چالاکییەکانم دەگرت و لە هەندێ بابەتی کۆمەڵایەتیدا سەر بە لایەنی موحافیزەکار و حکوومەت بوو. هەڵبەت بۆ ماوەیەکیش بەهۆی لێدوانەکانی لەسەر حیجاب، لەلایەن هەندێک لە زانایانەوە ڕەخنەی لێگیرا، بەڵام توێژەرێکی حکوومەتی – ئەمنێتی بوو و لەلایەن گرووپێکی دیاریکراو پشتگیری لێ دەکرا و لەو کاتەدا کارناسی ناوەندی توێژینەوەکانی مەجلیس بوو.

● وێنەی ٣٣٢ – کەلهوڕ، ڕەستگار و من، تاران، ١٣٩٧ی هەتاوی (٢٠١٨)

بەرهەمهێنەری بەرنامەکە کابرایەکی جەوان بە ناوی محەمەد ڕەزا بوروونی بوو کە دواتر لە تویتکردن و تۆمەتبارکردنم هیچ درێغی نەکرد. من بە مەرج لەو بەرنامەدا ئامادە بووم و گوتم نامهەوێ ئەم دانیشتنە حاڵەتی گفتوگۆ و مشتومڕی هەبێ و دەبێ فەزای گفتوگۆکە بەرەو ئاراستەیەک بڕوات کە وتوێژێکی ئازاد و کارناسانەمان سەبارەت بە هاوسەرگیریی منداڵان هەبێت. لە ڕۆژی دیاریکراودا ئۆتۆمبێلێکیان بۆ ناردبووم و منیش چوومە ئەو ستۆدیۆیەی کە بەرنامەکەی تێدا بەڕێوە دەچوو. سەرجەم بەشداربووان و ئامادەبووان و لاوانی ئینقلابی و بەسیجی لەوێ بوون. هەر لە یەکەم ساتەوە هەستت دەکرد هاتوویتە ناو ماڵی تیمێکی ئیتلاعاتی. بە ئاشکرا لێم ڕوون بوو کە شێوازی کارکردنیان چۆنە و بوودجەکەیان لە کوێوە بۆ دێت. ئەو کەسانەی لەم گرووپەدا بەشدار بوون، هەموویان خودی و ئیدۆلۆگەکان بوون کە لە ئێران پێیان دەڵێن ئەرزشی و بەشێک لە دامەزراوەیەکی میدیایی زەبەلاح بوون بە ناوی ئەوج.

محمدرەزا بۆرۆنی

خاتوونێک کە لە وێنەکەی لای چەپی بەڕێزیان دانیشتووە، #ئەیبە_سیاوەشی (نوێنەری مەجلیس) و دوێنێش #پەروانە_سەلەحشووری (نوێنەری مەجلیس) لە دانیشتنی پەردەلادان لە سەر کتێبەکەی بەشدارییان نواندبوو.

محەمەدرەزا بوروونی

یاساکانی ئیسلام بە هی ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەزانێ، باوەڕی بە بەرەڵایی سێکسییە، بکاڵۆریۆس و ماستەرەکەی لە بریتانیا وەرگرتووە، ئیشی ئەم کابرایە توێژینەوە لە پێناو ئامانجەکانی ڕێکخراوی نەتەوەکانە و کاری دیکەی نییە و ئەوەی لە هەموو سەیرترە ئەوەیە کە ئەم پیاوە لە ڕاوێژکارانی سەرەکیی فراکسیۆنی ژنانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامییە. #کامیل_ئەحمەدی

● وێنەی ٣٣٣ – وێنەی بوروونی و سکرین شاتی پەیامەکان

دواتر کە دەستگیر کرام، ڕەوتی پێش دەستگیرکردنەکەم لێک دایەوە و تێگەیشتم کە ئەم کەسانە لە دروستکردنی سیناریۆی دۆسیەکەم و دەستگیرکردنم چ ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە. لەم چاوپێکەوتنە تەلەڤیزیۆنییەدا، بە پێچەوانەی بەڵێنەکەیان، وتووێژەکە بوو بە مشتومڕ و ڕوون بوو کە هەموو شتێک

شـانۆگەرییە. زیاتـر لـە هەمـوو شـتێک نیگەرانـی ئـەوە بـووم کـە قسـەکانم نەقرتێنـن. بـەڵام هەندێـک لـە هاوڕێکانـم دەیانگـوت، ئـەوە ڕوو دەدا و سـەر و بنـی دیمانـە و پرسـیار و وەڵامەکانیـان وا بـە یەکـەوە دەبەسـتنەوە کـە بـاوەڕ نەکـەی ئـەم قسـانەت کردبێـت.

در ایران "۱۳ هزار کودک بیوه" وجود دارد

میزان ازدواج کودکان "چندان مستند نیست"، زیرا برخی از این ازدواج‌ها در چارچوب خانواده صورت گرفته و "جایی ثبت نمی‌شود".

روند رو به افزایش ازدواج کودکان

به گزارش خبرگزاری ایسنا، کامیل احمدی بر اساس پژوهش‌های خود از روند رو به افزایش ازدواج کودکان در ایران خبر داد و گفت: «در سال ۹۰، ۳۹ هزار و ۶۰۹ نفر (۴.۵ درصد) از کودکانی که ازدواج کرده‌اند ۱۰ تا ۱۴ سال سن داشته‌اند.»

احمدی سپس با اشاره به اینکه "این ارقام با روندی رو به رشد در سال ۹۱ به بیش از ۴۰ هزار نفر (۴.۹ درصد) رسیده است"، افزود: «ازدواج کودکان ۱۰ تا ۱۴ ساله در سال ۹۲ نیز با افزایش روبرو بوده است. این میزان با رسیدن به ۵.۲ درصد در سال ۹۲ و ۵.۵ درصد در سال ۹۵، نشان می‌دهد که ممکن است از میزان روند ازدواج کودکان کاسته نشود.»

کامیل احمدی همچنین گفت: «در سال ۹۴ بیش از پنج درصد ازدواج‌ها در سنین کمتر از ۱۵ سالگی ثبت شده است که از این میان بیش از ۲۸ هزار نفر دختران ۱۰ تا ۱۴ سال و بیش از ۱۴ هزار نفر پسران ۱۰ تا ۱۴ سال بودند.»

معصومه آقاپور علیشاهی، عضو فراکسیون زنان مجلس شورای اسلامی، ششم خردادماه گذشته آمار کودک‌بیوه‌های زیر ۱۸ سال در ایران را ۲۴ هزار نفر عنوان کرده بود.

آمار بالای طلاق و مادر شدن "کودک‌عروسان"

به گفته کامیل احمدی، ۲۷ درصد ازدواج‌ها در ایران مربوط به دختران زیر ۱۸ سال است

عکس: dilarnews

لە ئێراندا ١٤ هەزار منداڵبێوە بوونی هەیە

ژمارەی هاوسەرگیریی منداڵان وەک پێویست بەڵگەمەند نەکراوە، چونکە هەدێ لەم هاوسەرگیرییانە لە ناو چوارچێوەی بنەماڵەدا ڕوو دەدا و لە هیچ کوێ تۆمار ناکرێت.

ڕەوتی ڕوو لە هەڵکشانی هاوسەرگیریی منداڵان

بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی ئیسنا، کامیل ئەحمەدی بە گوێرەی توێژینەوەکانی خۆی لە ڕەوتی ڕوو لە هەڵکشانی هاوسەرگیریی منداڵان لە ئێران هەواڵی دا و وتی: «لە ساڵی ١٣٩٠ هەتاوی (٢٠١١) ٣٩ هەزار و ٦٠٩ کەس (٤٫٥ لە سەد) لەو منداڵانەی کە هاوسەرگیرییان کردبوو تەمەنیان لە ناو ١٠ بۆ ١٤ ساڵان بوو.»

ئەحمەدی هەروەها وێڕای ئاماژە بەوەی کە «ئەم ژمارانە لەگەڵ ڕەوتی ڕوو لە هەڵکشانی لە ساڵی ١٣٩١ هەتاوی (٢٠١١) بۆ پتر لە ٤٠ هەزار کەس (٤٫٩ لەسەد) بەرز بۆتەوە»، وتیشی: «ڕێژەی هاوسەرگیریی منداڵانی ١٠ بۆ ١٤ ساڵان لە ساڵی ١٣٩٢ هەتاوی (٢٠١٣) ڕووی لە بەرزبوونەوە بووە. ئەم ڕێژە بە گەیشتن بە ٥٫٣ لە ساڵی ١٣٩٢ هەتاوی (٢٠١٣) و ٥٫٥ لەسەد لە ساڵی ١٣٩٥ هەتاوی (٢٠١٦) پیشان دەدا کە لەوانەیە ژمارەی ڕەوتی هاوسەرگیریی منداڵان کەم نەبێتەوە.»

کامیل ئەحمەدی هەروەها ڕوونیشی کردەوە: «لە ساڵی ١٣٩٤ هەتاوی (٢٠١٥) پتر لە پێنج لەسەدی هاوسەرگیرییەکان لە تەمەنی کەمتر لە ١٥ ساڵان تۆمار کراوە کە لەم نێوەندەدا پتر لە ٢٨ هەزار کچی تەمەن ١٠ بۆ ١٤ ساڵان و زیاتر ١٤ هەزار کەسیان کوڕی ١٠ بۆ ١٤ ساڵان بوو.»
مەعسوومە ئاقاپوور عەلیشاهی، ئەندامی فراکسیۆنی ژنانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی، شەشەمی مانگی جۆرزردانی (٢٧ مەی/ ئایار) ڕایگەیاندبوو کە ساڵی ڕابردوو ئاماری منداڵبێوەکانی خوار تەمەن ١٨ ساڵ، ٢٤ هەزار کەسن.
ئاماری زۆری تەڵاق و دایکبوونی «منداڵبووەکان»

بە وتەی کامیل ئەحمەدی، ١٧ لە سەدی هاوسەرگیرییەکان لە ئێران هی کچانی خوار تەمەن ١٨ ساڵانە.

● وێنەی ٣٣٤ – دەنگدانەوەی ئامارەکانی لێکۆڵینەوە لە چاپەمەنییە بیانییەکاندا، ٢٠١٦

هەمـوو هەوڵـم خسـتە گـەڕ بـۆ ئـەوەی بـە شـەرەف و ڕاسـتگۆییەوە مامەڵـە لەگەڵ پرسـەکە بکـەم و بابەتەکـە بـەرەو باسـێکی کۆمەڵناسـی و خەڵکناسـانە ئاراسـتە بکـەم، بـەڵام وا

دەرنەچوو. هەموو شتێک پلان بۆدارێژراو بوو تاکوو گیر بکەم و بیانووگەلێک بۆ شکاندنی کەرامەت و دەستگیرکردنم بدۆزنەوە. هەوڵم دەدا کە هەرچی زووتر کۆتایی بە چاوپێکەوتنەکە بهێنم و کەمتر قسە بکەم، بەڵام کەلهوڕ بەردەوام جەختی لەوە دەکردەوە کە "ئێوە" هەڵوەدای بەرزکردنەوەی تەمەنی هاوسەرگیریی منداڵانن ... و مەبەستی لە ئێوە تاقمی بەشی بانوانی سەرۆک‌کۆماری، کۆمیسیۆنی ژنانی مەجلیس و لەوانەیە بڕێکیش مەبەستی کەسانی نزیک لەوان بێت. بەردەوام جەختم لەسەر ئەوە دەکردەوە کە من وەک توێژەرێکی سەربەخۆ کار دەکەم و تەنها ئەنجامەکانی کتێبی "زایەڵەی بێدەنگی" بەکار هێنراوە و بووەتە پاشکۆیەکی زانستی بۆ پرۆژە یاسای مادەی ١٠٤١. من دەمگوت وشەی "ئێوە" بە مانایەکی تر بەکار دەهێنن و بۆ مەرامی سیاسی دەیقۆزنەوە. ئەم کارەی ئێوە سەربەخۆیی من وەک توێژەرێکی ئازاد دەکاتە ئامانج. هەموو کۆشش و هەوڵی کەلهوڕ ئەوە بوو کە بە پێی پێناسەی خۆی جەخت لەسەر وشەی "ئێوە" بکاتەوە. هەروەها دەیگوت: "ئەگەر چاوپۆشی لەم وشەش بکەین، لە لێکۆڵینەوەکەتاندا نووسیوتانە تەمەنی گونجاو بۆ هاوسەرگیری هەژدە ساڵانە، کە ئەمەش بەپێی ڕێککەوتننامەکانی مافی منداڵانی بیانییە و لەگەڵ شەریعەت و یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا ناکۆکە".

تەڵەی کۆتایی ئەوان ئەوە بوو کە هەڕەتی مێرمنداڵی یان هەرزەکاری پڕ لە گێژاو و تامەزرۆییە بۆ پەیوەندیی سێکسی و ئەگەر کوڕ و کچێک لە تەمەنێکی بچووکدا هاوسەرگیری نەکەن، یانی دەبێ بەڕەڵایان بکەین کە پێکەوە سێکس بکەن و ببنە دۆست. ئەی بۆ ئەوە وەڵامتان چییە؟ و ... . ئەوان دەیانویست بمخەنە دۆخێکەوە کە ئەم ڕستە لە دەمم دەربچێ و بە بڕینی قسەکانم، ئەوە بکەنە سەردێڕ.

ئەگەر دەمگوت نە، وەڵامەکە ئەوە نییە، دیسان دەهاتنەوە سەر هەمان پرسیار. هەوڵم دەدا پرۆسەیەکی جیاواز دروست بکەم و باسەکە بە ئاراستەیەکی جیاوازدا ببەم، بۆ نموونە بڵێم شێوازی دیکە بۆ کۆنترۆڵکردن و ئاراستەکردنی ئارەزووی سێکسی لە ناو هەرزەکاراندا هەیە و ئەگەر گەنجان و هەرزەکاران ئیمکانیاتی خۆشگوزەرانی و وەرزشی و پەروەردەیی و بەرنامەی هەمەچەشنی زیاتریان هەبێ، ڕەنگە پەیوەندیی سێکسی لە پێشینەی کارەکانیان نەبێت. نابێ هەتا ئەم ڕادە ڕوانینێکی سێکسیمان بۆ پرسەکان هەبێ و هەموو شتێک لە چوارچێوەی پەیوەندییە سێکسییەکاندا ببینین و ئەگەر هەر لەسەرەتاوە پەروەردەی سێکسیمان بۆ دایک و باوک و منداڵان دارشتبایە، ئەوە دەرەنجامەکەی زۆر جیاواز دەبوو. وێڕای ئەوەی ئێمە بۆمان نییە دەستوەردان لە پرسە تایبەتییەکانی خەڵکدا بکەین.

هەستم دەکرد ئامادەبوونم لەم بەرنامەدا هەڵە بووە، بەڵام بە دڵ لەم ئەزموونە ڕازی

بووم، ئیتر قسەی خۆمم کرد. دوای ماوەیەک تیزەری ئەم بەرنامەیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو کردەوە، کە لە هەموویاندا سینا کەلهوڕ قسە دەکا و منیش سەرم داخستووە و گوێ دەگرم، وەک ئەوەی تەسلیم بووبم و قسەم بۆ وتن پێ نەبێت. وەک چاوەڕوان دەکرا بە پێی خەملاندنی هاوڕێکانم کارێکی ناڕەوشتانە و بێئەخلاقانەی دیکەشیان لێ وەشایەوە و ئەویش ئەوە بوو کە فایلێکی قرتێنراو و پارچەپارچەکراوی بەرنامەکەیان بڵاو کردەوە کە تێیدا هەندێک لە وشە و هۆکار و پاساوەکانی منیان سڕیبووەوە و قرتاندبوویان، بەڵام قسەکانی کەلهوڕ بە تەواوی وشە بە وشە بڵاوکرایەوە و هیچی لێ نەسڕابووەوە.

ڕۆژنامە ناوخۆییەکان هێشتا گرنگییان بە بابەتی هاوسەرگیریی منداڵان دەدا و کاردانەوەی لایەنە حکوومی و ئەمنییەکان بەم بابەتە هێشتا بەردەوام بوو. پرۆژەیاسای هەموارکردنەوەی مادەی ١٠٤١ لە مەجلیسی شۆرای ئیسلامیدا دەنگی پێویستی بە دەست هێنا و بڕیار وا بوو لە لێژنەی قەزاییدا (دادوەری) گفتوگۆی لەسەر بکرێ و دەنگی لەسەر بدرێت. لەم نێوەندەدا چەندین هەڵمەتی ڕۆژنامەوانییان وەڕێ خستبوو و هەستم دەکرد پرسەکە خەریکە بە ئاقارێکی ئەمنیدا دەبردرێت. بڕیارم دا خۆم لەم کێشمەکێش و پەراوێزانە بەدوور بگرم و وەدوای کاروباری خۆم بکەوم. پرسی منداڵهاوسەری، هۆکارەکان و بەڵگە مەیدانییەکان و ئەو ڕێژە و ژمارانەی لە توێژینەوەکەماندا خستبوومانە ڕوو، وەها تەنگی پێ هەڵچنیبوون کە هەتا ماوەیەکی زۆر لێکەوتە و پەراوێزەکانی کۆتایی

صفحه اصلی /اخبار اجتماعی /آسیب‌ها

۰ نفر ★★★★★ ۸ اسفند ۱۳۹۶ - ۱۶:۵۷

یک میلیون کودک‌همسر در ایران و پدیده صیغه کودکان

سمینار بررسی عوامل تسهیل‌کننده ازدواج زودهنگام کودکان با محوریت صیغه محرمیت همراه با رونمایی از اثر تحقیقی «خانه‌ای روی آب»، امروز در دفتر مرکزی انجمن حمایت از حقوق کودکان برگزار شد.

فاطیما فردوس: در سمینار عوامل تسهیل‌کننده ازدواج کودکان، اثر تحقیقی جدید کامیل احمدی درباره صیغه محرمیت کودکان رونمایی شد.

به گزارش خبرآنلاین، کامیل احمدی، مردم‌شناس، پژوهشگر و نویسنده درباره اثر تحقیقی جدیدش به نام «خانه‌ای روی آب» گفت: «لغت صیغه بزرگسال اولین چیزی هست که با شنیدن کلمه صیغه به یاد می‌آوریم ولی صیغه نوع و انواع متفاوتی دارد که ما به صیغه

لاپەڕەی یەکەم / هەواڵە کۆمەڵایەتییەکان / خەسارەتنەکان ٨ ڕەشەمە/٢٧ فێبریوێری/شوبات

یەک ملیۆن منداڵهاوسەر لە ئێراندا و دیاردەی سیغەی منداڵان

سیمیناری تاوتوێکردنی فاکتەرە ڕێخۆشکەرەکانی هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان لە سەر تەوەری سیغەی مەحرەمێتی وێڕای پەردەلادان لە بەرهەمی توێژینەوەیی «ماڵێک لە سەر ئاو» ئەوڕۆ لە نووسینگەی ناوەندی ئەنجومەنی پشتیوانیی مافەکانی منداڵان بەڕێوە چوو.

فاتیما فێردەوس: لە سیمیناری فاکتەرە ڕێخۆشکەرەکانی هاوسەرگیریی منداڵان، پەردە لە سەر بەرهەمی توێژینەوەیی نوێی کامیل ئەحمەدی سەبارەت بە سیغەی مەحرەمێتی منداڵان لا درا.

بە پێی هەواڵی خەبەر ئانلاین، کامیل ئەحمەدی خەڵکناس، توێژەر و نووسەر سەبارەت بە بەرهەمە لێکۆڵینەوەییە نوێکەی بە ناوی «ماڵێک لە سەر ئاو» وتی: «وشەی سیغەی گەورەسالان یەکەمین شتێکە کە بە بیستنی وشەی سیغە وەبیرمان دێتەوە، بەڵام سیغە جۆری جیاوازی هەیە کە ئێمە بە سیغە»

● وێنەی ٣٣٥ – تێوەگلانی ڕۆژنامە ناوخۆییەکان بە بابەتی هاوسەرگیریی منداڵان، ١٣٩٦ی هەتاوی (٢٠١٧)

نەدەهـات. تەنانـەت دوای کەوتنـە زینـدان و بەجێهێشـتنی ناچاریـی ئێـران، لـە بەرنامـەی "جەهانئـارا"دا لـە ژێـر نـاوی " ڕوانینێـک بـۆ چـوار دەیـە سیاسـەتدانانی ژنـان"[١]، یەکێـک لـە شـارەزایانی بەرنامەکـە لـە خولەکـی ٤٥ی چاوپێکەوتنەکەیـدا منـی وەک تیۆریسـییەنی منداڵهاوسـەری ئێـران ناسـاند، کـە شـوێنی کۆبوونەوەکـەم مەجلیـس بـووە و ئیدعـای ئـەوەی دەکـرد کـە مـن بەنیـاز بـووم کاردانـەوەی چالاکییـەکان بـدەم بـە ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و دەیانویسـت بـەم بەڵگەهێنانـەوە کارێکـی وا بکـەن کـە دروسـتیی بەڵگـە مەیدانییـەکان و شـیکارییەکانی توێژینەوەکەمـان بخەنـە ژێـر پرسـیار و بابەتـی گیـران و ڕۆیشـتنی ناچاریـی منـی لـە ئێـران بـە "هەڵاتـن" نـاو دەبـرد، کـە دیـارە بـە ئاشـکرا گوزارشـت لـەو گوتـارە فیکرییـە دەکا کـە بـە سـەر فەزاکـەدا زاڵـە، گوتارێـک کـە تیایـدا لێکۆڵەرێکـی سـەربەخۆ کـە ملکەچـی ئایدۆلۆژیـای ئـەوان نەبـێ، بـە تاوانبـار دادەنـرێ، بـەوەدا بزانـە کـە وشـەی "هەڵاتـن" بـۆ تاوانبـار بـەکار دەبرێـت.

کاتێـک لـە مەیدانـی توێژینـەوەدا لێکۆڵینەوەمـان لەسـەر پرسـی هاوسـەرگیریی منـداڵان دەکـرد، بۆمـان دەرکـەوت کـە سـیغەی مەحرەمبـوون ڕێخۆشـکەری هاوسـەرگیریی پێشـوەختەی منداڵانـە و ڕێگایەکـە بـۆ بەشـەرعیکردنی پەیوەندیـی سێکسـی. سـیغە یـان هەمـان هاوسـەرگیریی کاتـی بـۆ گەورەسـاڵان لـە نـاو کۆمەڵـگا شـێعەکاندا، کارکردێکـی سێکسـی هەیـە. موتعـە یـان نیکاحـی قۆناغـی یـا هاوسـەرگیریی کاتـی کـە بـە سـیغەش نـاسراوە، جۆرێـک هاوسـەرگیری لـە ئایینـزای شـێعەیە کـە تێیـدا گرێبەسـتی هاوسـەرگیری لـە نێـوان ژنێـک و پیاوێـک بـۆ ماوەیەکـی دیاریکـراو و بـە بـڕە مارەییەکـی دیاریکـراو ئەنجـام دەدرێ و لەگـەڵ کۆتایـی هاتنـی، پەیوەندییـە هاوسـەرگیرییەکەش بـە شـێوەی خـۆ بـە خـۆ هەڵدەوەشـێتەوە. لـە نـاو موسـڵمانانداە سـەبارەت بـە ڕێپێدراویـی ئـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە ڕا و بۆچوونـی جیـاواز لـە ئارادایـە. ئەهلـی سـوننە، ئەبازییـە و زەیدییـەکان بـە حەرامـی دەزانـن و شـێعەی ئیمامـی پێیـان مـەشرووع و دروسـتە. موتعـە لـە یاسـاکانی ئێرانـدا بەپێـی فیقهـی ئیمامییـە بـە فەرمـی نـاسراوە، بـەڵام لـە وڵاتانـی تـری ئیسلامـی و ڕۆژاواییـدا بوونـی نییـە.

یەکێـک لـە پاسـاو و کارکـردە باوەکانـی موتعـە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو سـەردەمەی وا پیـاوان بـە وشتر و کاروان دەچـوون بـۆ سـەفەری ڕێـگای دوور و بـۆ ماوەیەکـی زۆر لـە خێزانەکانیـان دوور بـوون. هـەر بۆیـە لـە میانـەی سـەفەردا چەنـد ژنێکیـان سـیغە دەکـرد. سـیغە لـە ئێرانـدا لـە دێرزەمانـەوە ڕەخنەگـری هەیـە و چالاکانـی مافەکانـی ژنـان و چالاکانـی کۆمەڵگـەی مەدەنـی نەیـاری سەرسـەختی ئـەو جـۆرە هاوسـەرگیرییەن. تەنانـەت هەندێک لـە ڕەخنەگران سـیغەیان بـە لەشفرۆشـیی ئیسلامـی دەشـووبهاند، بـەڵام ئەکبـەر هاشمیڕەفسـەنجانی لـە

١. نگاهی به چهار دهه سیاست‌گذاری زنان

ماوەی سەرۆک کۆماریی خۆیدا لە خوتبەیەکی بەناوبانگی نوێژی هەینیدا نیمچە شەرعییەتێکی پێ بەخشی. دوای جەنگی ئێران و عێراق و لە کۆمەڵگەی داخراوی ئەو سەردەمەدا کە پۆلیسی کۆمیتەی ئینقلابی ئیسلامی فەزاکەی سنووردار و کۆنترۆڵ دەکرد، ڕەفسەنجانی سیغەی وەک ڕێکارێک بۆ ئاسانکاریی پەیوەندیی سێکسیی نێوان ژن و پیاو پێشنیار کردبوو، تاکوو ڕێگری لە داوێن‌پیسی و بێ‌ڕەوشتی بکات.

وێنەی ٣٣٦ – کاری مەیدانی لە شاری مەشهەد، ١٣٩٧ی هەتاوی (٢٠١٨)

گەڵاڵە پێشنیارکراوەکە ئەوە بوو کە سیغە لە چوارچێوە نەریتییەکەی خۆی بترازێ و فەرمی‌تر ببێتەوە. ژنان بتوانن بە نیازی سیغەبوون بچنە نووسینگەکانی تەڵاق و هاوسەرگیری و سیغەنامەی فەرمی وەربگرن و بۆ بابەتە یاساییەکانی وەکوو هاوژیانی و سەفەر و مانەوە لە هۆتێل بەکاری بهێنن. ڕوانگەی بەرپرسانی ڕژێم بۆ سیغە زیاتر لە پێناو دابینکردنی ئامانج و بەرژەوەندییە سیاسییەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو، لە کاتێکدا کە سیغە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە قەڵەم دەدرێ کە بۆ کۆمەڵگایەکی وەکوو ئێران بەو هەلومەرجە فەرهەنگی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و یاساییەوە دەیتوانی لێکەوتە و دەرهاویشتەی بەربڵاو و هەندێک جاریش نەرێنی و ناکارامەی لێ بکەوێتەوە.

لێکۆڵینەوەکانمان لەسەر سیغەی مەحرەمییەت لە منداڵانەوە دەستی پێکرد، بەڵام چەمک و کارکردی سیغەی لە هەموو حاڵەتەکانی دیکەشدا گرتەوە. سیغەی مەحرەمییەتی منداڵان لە قۆناغێکەوە دەست پێدەکا کە دیارە لە هەندێک فەرهەنگ و ناوچەی ئێراندا منداڵان نێوکیان بۆ یەکتر دەبڕنەوە یان بۆ یەکیان نیشان دەکەن و لەگەڵ ئەوە یان دواتر لێکیان مارە دەکەن، کە لە ناوچە شێعەکاندا پێی دەڵێن سیغەی مەحرەمییەت؛ واتە مارەبڕ یان ڕدێن سپییەکی خانەوادە بە خوێندنەوەی خوتبەی مارەبڕینی کاتی، دوو منداڵی کچ و کوڕی لێک مەحرەم دەکرد. بەو پێیەی کە

منداڵەکان نەگەیشتبوونە تەمەنی یاسایی، دایک و باوکیان دەبوونە کەفیلیان هەتا ئەو کاتەی خێزانەکان هەستیان دەکرد منداڵەکەیان گەیشتووەتە تەمەنی گونجاو و دەتوانێ هاوسەرگیری هەمیشەیی بکات. بە واتایەکی تر سەردەمی منداڵییان لە چوارچێوەی سیغەی مەحرەمییەت تێپەڕ دەکرد و ئینجا دەچوونە ناو هاوسەرگیریی فەرمییەوە. سیغە تەنیا لە مەحرەمییەتدا سنووردار نەدەبووەوە و هەندێ جار حاڵەتی هاوجێیی و دووگیانیی نەخوازراویشی بە دواوە بوو. لەبەر ئەوەی دووگیانبوون لە دەرەوەی هاوسەرگیری وەک بڤە و تابۆیەکی کۆمەڵایەتی سەیر دەکرێ، لەم حاڵەتەدا خانەوادەکان هەر زوو دەست بە کار دەبوون و ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری فەرمییان ئەنجام دەدا.

بە پێی مادەی ١٠٤١ی یاسای مەدەنیی ئێران، هاوسەرگیریی کچ پێش گەیشتن بە تەمەنی ١٣ ساڵی تەواوی هەتاوی و بۆ کوڕیش پێش گەیشتن بە تەمەنی ١٥ ساڵی تەواوی هەتاوی، بەستراوەتەوە بە ئیزنی سەرپەرشتیار بە مەرجی ڕەچاوکردنی مەسڵەحەت لە لایەن دادگایەکی شایستەوە. ئەم یاسایە زەمینە بۆ هاوسەرگیریی منداڵان خۆش دەکا و یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی زیادبوونی ڕێژەی هاوسەرگیریی منداڵانە لە ئێراندا، بەڵام سیغەی مەحرەمییەت گرێبەستێکە لە نێوان گەورەکان و بنەماڵەکاندا و لە هیچ کوێ تۆمار ناکرێ و لە ڕاستیدا بە کەڵکوەرگرتن لە پوتانسێل و شەرعییەتی یاسایی مادەی ١٠٤١ ڕێخۆشکەرە بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری هەمیشەیی و ئاسانکاریی بۆ دەکات.

سیغەی مەحرەمییەت بۆ منداڵان، هاوسەرگیریی پێشوەختە خێراتر دەکاتەوە و لە ڕێگەی گوتاری ئایینییەوە ئاسانکاری بۆ دەکات. کەواتە کارکردی سیغەی مەحرەمییەت یان هاوسەرگیریی کاتیی منداڵان لەگەڵ سیغە یان هاوسەرگیریی کاتیی گەورەساڵان جیاوازیی هەیە. لە حاڵەتی دووەمدا بێوەژن و تەڵاقدراو لەگەڵ پیاوان یان کوڕانی سەڵت، پیاوانێک کە ژنەکانیان نەخۆشە یان پارەی هاوسەرگیریی دووهەم یان سێیەمیان نییە، سێکس دەکەن. بە واتایەکی تر، سیغە لە گەورەساڵاندا مۆڵەتێکی شەرعی و نیوەفەرمییە بۆ پەیوەندیی سێکسی لە دەرەوەی چوارچێوەی هاوسەرگیری،کە لە ئێران جێی گرتووە و بنەمایەکی دوو لا براوەی هەیە بۆ پیاوان و سوودێکی کاتیش بۆ ئافرەتان.

لە لێکۆڵینەوەکانماندا بۆمان دەرکەوت کە سیغەی مەحرەمییەت جگە لە پرس و کێشە یاساییەکان، زیانێکی گەورە بە ژنان دەگەیێنێت. کاتێک خانمێک سیغە دەکرێ، دەکەوێتە ناو مامەڵەیەکی نایەکسان و لە بەرامبەر بڕە پارە و سوودێکی کاتی، سێکس دەکات. لە سیغەدا ژن لە پیاو میراتی ناکەوێ و هیچ پاڵپشتی و پشتیوانییەکی دارایی وەرناگرێت. کاتێک ژنێک گەنجتر بێ، ساڵانی هەستیاری ژیانی خۆی بۆ سێکسێک

بـە فیـڕۆ دەدا کـە لـە ڕێگـەی سـیغەوە شـەرعییەتی پـێ دراوە، بـەڵام هیـچ دەروەسـتییەکی تێـدا نییـە. ئەگـەر بـە هـەر هۆکارێـک ئـەو ژنـە لـە لایـەن پیاوێکـەوە کەڵکاوەژۆیـی لـێ بکـرێ و ئـازار بـدرێ و دوای ماوەیـەک پەیوەندییەکـە کۆتایـی پـێ بێـت - کـە ئەزمـوون دەریخسـتووە هەندێـک لـە سـیغەکان وەهـا حاڵەتێکیـان هەیـە - سـاڵانی گەنجێتیـی خـۆی لەدەسـت داوە. تەنانـەت ئـەو منداڵانـەش کـە لـە ئەنجامـی سـیغەوە لەدایـک دەبـن، لـە پیاوەکـە میراتیـان ناکـەوێ و نازانـرێ ئـەو منداڵانـە چ چارەنووسـێک چاوەڕێیـان دەکات. دەرهاویشـتەی ئـەو پەیوەندییـە و ئـەو ئەرکانـەی کـە بـە دوایـدا دێـن، لـە ئەسـتۆی ژنـە سـیغەکراوەکەیە و پیاوەکـە لـە ئـەرک و لێکەوتـەکان بێبەرییـە.

سیغەی پەروازی، موتعەی لاکچەری

بـۆ ئـەم لێکۆڵینـەوە مەیدانییـە سـێ کەڵەشـارمان هەڵبـژارد؛ تـاران، مەشـهەد و ئیسـفەهان. سـەرەتا بڕیـار وا بـوو لەگـەڵ چەنـد کەسـێکی پرسـیارگەر لـە جیاتـی تـاران، توێژینـەوە لـە سـەر قـوم بکەیـن. هەمیشـە ئـەم تێڕوانیـن و بـاوەڕە گشـتییە هەیـە کـە لـە قـوم و تـا ڕادەیەکیـش کاشـان حاڵەتـی سـیغە زۆرە، بـەڵام بۆمـان دەرکـەوت کـە ئـەم ئاقـارە گـۆڕاوە. مەشـهەد جەمسـەری سـیغەی ئێرانـە و تـاران و ناوچەکانـی دەوروبەری شـاری کەرەج لـە دوای ئـەو دێـن. ئـەم خاڵـەش جێـی سـەرنج بـوو کـە جـۆری سـیغە لـە شـارانی وەکـوو تـاران، ئیسـفەهان و مەشـهەد جیـاواز بـوو. توێژینەوەکانـم لەگـەڵ گرووپێکـی چەندکەسـی و ئارەزوومەنـد و بەتوانـا دەسـت پێکـرد. دوای ماوەیەکـی کـورت، هـەر لەگـەڵ ئـەم تیمـەدا لـەم سـێ شـارە گـەورە لێکۆڵینەوەمـان لـە سـەر هاوسـەرگیریی سـپی کـرد. ئـەم دوو بابەتـە هـەم لـە ڕووی مانـا و هـەم لـە ڕووی جەوهەرییـەوە پەیوەندییـان پێکـەوە هەبـوو.

ئێمـە لـە ڕێگـەی چاوپێکەوتنـی نیمچـە قووڵـەوە چۆنیەتـی و هـۆکاری بەردەوامیـی سـیغە و جـۆری گۆڕانـی شـێوازی سـیغەمان تاوتـوێ دەکـرد و لێـی دەکۆڵاینـەوە و لـە تـاران و شـوێنەکانی دیکـەدا گەیشـتینە ئەنجامگەلێکـی سـەرنجڕاکێش. جۆرێکـی مۆدێـرن لـە سـیغە بـاوە کـە بێجگـە لـەو پیـاوە جەحێڵانـەی کـە هەوڵـی تێرکردنـی ئـارەزووە سێکسـییەکانیان دەدەن، هەندێـک لـە خانمـە عـازەب و مامناوەندتەمەنەکانیـش جگـە لـە ڕێـگا ئاسـایی و نەریتییـەکان لـە ڕێگـەی سـایتەکانی هاوسـەرگیری و کەناڵەکانـی تێلێگـرام و لاپەڕەکانـی ئینسـتاگرامەوە داخوازیـی سـیغە دەدەن و ئەندامـان و ئەدمینەکانـی ئـەم کەناڵانـە پەیوەندییـەکان ئاسـان دەکەنـەوە.

ئـەم کەسـانە پڕۆفایلـی ئافرەتـان لـە سـەر کەناڵـە تێلێگرامییـەکان بڵاو دەکەنـەوە و بـۆ هـەر مامەڵەیـەک یـان سـیغەیەکی کاتـی، کۆمیسـیۆنی لەسـەدا ٢٠ بـۆ ٢٥ وەردەگـرن. لـە

ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی (٢٠١٨) بۆ هەر سیغەیەکی سەرکەوتووی یەک مانگە، نزیکەی یەک ملیۆن تمەن بە ژنی سیغەکراو دەدرا و نزیکەی سێسەد هەزار تمەنیش بەمان دەدرا. لە ڕاستیدا بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ و شێوازی پەیوەندیکردنی نوێی وەکوو ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەم دیاردەیەی ئاسانتر و بەربڵاوتر کردبووەوە.

لەم شێوازە دیجیتاڵییەدا، ئەو زانیارییانەی کە سەبارەت بە خانمان بڵاو دەکرێنەوە ئەمانەی خوارەوە لەخۆ دەگرن: تەمەن، کێش، بەژن و باڵا، هۆگری، تەنانەت ئەوەی کە

● وێنەی ٣٣٧ – دەقی بۆ کوردی وەرگێڕراوی سکرینشاتی کاناڵەکانی ڕیکلامی سیغە

کارتی تەندروستی و پزیشکییان هەیە یان نا، شوێنی مانەوەیان هەیە یان نا، چ کاتژمێر و چ ڕۆژێکی هەفتە و چەند هەفتەی مانگ توانای سێکسکردنی لەگەڵ پیاوان هەیە. هەندێک لە کەیسەکانی سیغە لە تاران و کەرەج خزمەتگوزاریی وەکوو میوانداریش پێشکەش دەکەن کە ئەوە بۆ گەشتیارانی پیاوی شارەکانی دیکە گونجاوە. بۆ نمونە شۆفێرانی بارهەڵگر و ئەوانەی بۆ بازاڕکردن یان کاری ئیداری دەچنە تاران، دەتوانن وێڕای خزمەتگوزاری سێکسی لە خواردن و حەمام و شوێنی خەوتن و پشوودانیش سوودمەند بن.

ئەم شێوازە خواستی زیاتری لە سەرە و لە گەورەشارێکی وەکوو تاران ڕۆژانە زیاتر پەرە دەستێنێت. لە شارێکی وەکوو ئیسفەهان هەمان شێوازەکانی تاران دەبینرا، بەڵام سیغەی نەریتی زیاتر بوو؛ سیغەییەکانی ئیسفەهان ماوەیان زیاتر و ڕوانگەی سیغەکراو و سیغەکەر نەریتیتر بوو، کە ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی ماوەی پەیوەندییەکە مامناوەند

یـان درێژخایـەن بێـت و تەنانـەت هەنـدێ جـار هاوسـەرگیریی هەمیشـەیی لـێ بکەوێتـەوە.

لەشـێوازی نەریتیـدا، ئـەو پیاوانـەی کـە لـە ڕووی داراییـەوە لـە دۆخێکـی بـاشتردان، ماڵ و ئیمکانیـات بـۆ ژنـە سـیغەییەکانیان دابیـن دەکـەن و پەیوەندییەکـی درێژخایەنتر لـە گەڵیاندا دەبێـت. بـەڵام لـە مەشـهەد دۆخەکـە جیـاواز بـوو، سـیغە ببـوو بـە پیشەسـازیی گەشـتیاری و بەشـێکی سەرنجڕاکێشـی خزمەتگوزاریـی گەشـتیاری و میوانـداری. هەندێـک لـە هۆتێلـە لوکسـەکان لـە ڕێگـەی بریکارەکانیانـەوە، ئەلبوومـی ژنانـی خوازیـاری سـیغەیان بـە میوانـان و زیارەتکارانـی بیانـی پیشـان دەدا کـە بـە سـیغەی دۆلاری دەنـاسرا. زیارەتکارانـی شـیعەی وڵاتانـی سـعوودییە و بەتایبـەت عێـراق و یەمـەن و لوبنـان و شـێعەکانی دیکـەی وڵاتانـی عەرەبـی بەهـای دراوەکانیـان لـە تمەنـی ئێرانـی زیاتـر بـوو و هەمیشـە دەیانتوانـی پەیوەندیی سێکسـی زیاتریـان هەبێـت. لـە میوانخانـە و هۆتێلـە ئاسـاییەکانی شـاری مەشـهەددا، هەندێـک جـار دەڵاڵـەکان سـیغەیان بـە پیاوانـی بیانـی و ئێرانـی پێشـنیار دەدا. ئـەم دەڵاڵانە ڕکابەریشـیان هەبـوو کـە ئەویـش شـۆفێری تەکسـی و دووکانـدار و دەسـتفرۆشـەکان بـوون کـە لـە دەوری هۆتێـل و میوانخانەکانـدا دەسـووڕانەوە و بـە گوێـی میوانەکانـدا دەیانچرپانـد و پێشـنیاری سـیغەیان دەدا.

ئـەو زیارەتکارانـەی کـە لـە وڵاتانـی عەرەبییـەوە دەهاتنـە ئێـران، بـە هاواهەنگیـی پێشـوەختە، دەیانتوانـی لـە ڕێگـەی فڕۆکەخانـەی ئـیمام هەتـا فڕۆکەخانـەی مێهرابـاد و پاشـان لـە مەشـهەد لـەو خزمەتگوزارییانـەی کـە لەلایـەن ڕێنوێنـی گەشـتیاری یـان وەرگێـڕ و دەڵاڵـی سـیغە پێشـکەش دەکـران، کەڵـک وەربگـرن. ئۆتۆمبێلـی گەشـتیاری یـان تاکسـی نێـوان شـارەکان ئـەم زیارەتکارانەیـان لـە فڕۆکەخانـەی ئیمامـەوە هەڵدەگـرت و دەیانبردنـە فڕۆکەخانـەی مێهرابـادی تـاران. هەندێکیـان بـۆ گەیشـتن بـە مەشـهەد ئۆتۆمبێلی دەربەسـت و ماشـینی وەنـی نوێیـان، کـە تایبـەت بـە گەشـتیار بـوو، بـەکار دەهێنـا. لـە هەندێـک حاڵەتـدا ئـەم گەشـتانە زیارەتکارانیـان دەبـردە باکـووری ئێـران و شـارەکانی ڕامسـەر و لـەوێ ژنانـی ئامـادەی سـیغەیان پـێ نیشـان دەدان. ئـەم گەشـت و سـەیرانە هەتـا گەڕانـەوە بـۆ تـاران و ڕۆیشـتنی زیارەتـکار بـۆ وڵاتەکـەی خـۆی بـەردەوام دەبـوو. هەڵبـەت کەسـانێکیش لـە عێـراق و هەرێمـی کوردسـتانەوە بـە ئۆتۆمبێلـە تایبـەت و گرانبەهاکانیانـەوە دەهاتـن بـۆ سـەفەر و پتر دەچوونـە شـیمال (باکـووری ئێـران) کـە دەڵاڵـەکان ئیمکاناتـی وەکـوو سـیغە و شـوێنی نیشـتەجێبوونیان بـۆ دابیـن دەکـردن.

کۆمەڵگـەی ئاماریـی ئـەم توێژینـەوە پتر لـە ٢٨٠ دیمانـە لەگـەڵ ژنـان و پیـاوان بـوو. لـە دیمانـە مەیدانییەکانـدا بۆمـان دەرکـەوت کـە دانیشـتوانی مەشـهەد دژی ئـەم پیشـەن و دوو جـار لەبـەردەم باڵوێزخانـەی سـعوودییە و عێـراق خۆپیشـاندانیان کـردووە. سـەرەڕای گرژییـەکان، گەشـتوگوزاری لەشفرۆشـی ببـوو بـە پیشـەیەکی ڕەگداکوتـاو کـە هـەم بـە پێـی

یاسای ئیسلامی شەرعییەتی هەبوو و هەمیش لە ڕواڵەتدا هیچ گیر و گرفتێکی نەبوو و لەگەڵ ئەوەشدا سوودی بۆ سیستەمی ئەمنی و ئاسایش و پۆلیسی ئێران هەبوو، چونکە لە بازاڕی لەشفرۆشیدا نەزمێکی کۆمەڵایەتی دروست کردبوو.

نیشانەکانی ئەم جۆرە پەیوەندی و بازرگانییە لە فەزای گشتیدا زۆر نەدەبینران و زیاتر بۆ بوار و شوێنە تایبەتەکان پاڵنرابوون. هەرچەندە لە ڕووکەشدا وا پیشان دەدرا کە ڕوانگەیەکی ئایینی بەسەر ئەم دیاردەدا زاڵە ، بەڵام هیچ هۆکار و مەبەستێکی ئیسلامی یان ئایینی لە ئارادا نەبوو و ئەو هۆکار و مەرجانەی کە ئیسلامی شیعە بۆ سیغە پێشنیاری دەکا، هیچ کامیان لەمجۆرە بە ناو سیغەیەدا ڕەچاو نەدەکرا. بنەمای ئەم جۆرە گەشتیاری و تووریزمە سێکس لە بەریەتی پارە بوو، کە تەنها ناوی سیغەی هەڵگرتبوو بۆ ئەوەی شەرعییەتی پێویستی هەبێت. ئەڵبەت ئەگەر هەر دوو لا بیانویستایە مارەبڕینەکەیان تۆمار بکرێ و سیغەنامەیان هەبێ، دەچوونە نووسینگەی تۆمارکردنی تەڵاق و هاوسەرگیریی و بە بێ تۆمارکردنی ناو لە ناسنامەدا، بەڵگەی سیغە واتا سیغەنامەیان وەردەگرت.

توێژینەوەی هاوسەرگیریی سپی و دزینی لە لایەن وەزارەتەوە

لە ناو ئەو نموونانەی کە لە مەیدانی هاوسەرگیریی کاتیدا دیمانەمان لەگەڵ کردبوون، کەم نەبوون ئەوانەی کە لە دەرەوەی چەمکی مانایی و شەرعیی سیغەدا پێکەوە دەژیان و تەنانەت حاڵەتی وایان تێدا بوو کە لە ڕێگەی سیغەوە پەیوەندییان بە یەکترەوە ساز کردبوو و درێژەیان بە پەیوەندییەکەیان دابوو. نموونەی دیکەش ئەو هاوسەرە لاوانە بوون کە بە پێی هەلومەرج یان ڕێککەوتن پێکەوە دەژیان. ئەم نموونانە سەرنجی منیان بۆ لای هاوسەرگیریی سپی ڕاکێشا و حەزم کرد توێژینەوەی لە سەر بکەم. لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوودا، کۆمەڵگەی ئاماری سنووردار بوو و هۆکارەکانی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ئەم دیاردە زۆر بەڕۆژ نەبوون یان کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێرانی نەدەگرتەوە، بەڵام لە سەرەتای ئەم لێکۆڵینەوەدا نموونەگەلێکم بەدی کرد کە لەگەڵ ئەو ئامارانەی کە هەتا ئەو کاتە گوزارش کرابوون، جیاواز بوون.

منیش بەهۆی خووخدەی لێکۆڵەریم، نەمدەتوانی ئەم بابەتە پشتگوێ بخەم. داوام لە گرووپەکەم کرد کە ئەگەر لە کاتی توێژینەوە لە سەر هاوسەرگیریی کاتی تووشی حاڵەتی هاوسەرگیریی سپی هاتن، پێمی بناسێنن. ئەوانم لە لیستێکی جیادا ئەرشیف کرد و وردە وردە بۆمان دەرکەوت کە فرەیی و ژمارەی هاوماڵەکان یان هاوسەرگیری سپی زۆر زیاتر لەوەیە کە ئێمە بەراوردمان دەکرد. دوای ئەنجامدانی چەندین دیمانە و لێکۆڵینەوەی زیاتر

لەم بوارە و قسە و گفتوگۆکردن لەگەڵ هاوکاران، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە بابەتی لێکۆڵینەوەی داهاتوومان توێژینەوە لە سەر هاوسەرگیریی سپی بێت.

هاوسەرگیریی سپی یەکێک لەو حاڵەتانە بوو کە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە سەر هاوسەرگیریی کاتی یان سیغە و شیکردنەوەی داتا مەیدانییەکاندا تووشی بووم. ئەم شێوازی ژیانە لە ناو کۆمەڵگە ڕۆژاواییەکان بە وتەزای پێکەوەژیانی (هاوژیانی یان هاوماڵی لە دەرەوەی چوارچێوەی هاوسەرگیری) پێناسە دەکرێت. لە ئێراندا باسی هاوسەرگیریی سپیم بیستبوو و لەبارەیەوە خوێندبوومەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ لێکۆڵینەوەیەکی جیددی لەسەر ئەو بابەتە نەکرابوو، هیچ زانیارییەکی بەڵگەییم لەبەر دەستدا نەبوو. حکوومەتی ئێران پێی وایە دیاردەیەکی لەو شێوە لە ئێراندا بوونی نییە و هەوڵ دەدا نکۆڵی لێ بکات. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە ناو کۆمەڵگەی ڕاستەقینەدا ڕێژەکەی زۆرە. لە ژیانی هاوسەرگیریی سپیدا ژن و مێردێک پێکەوە دەژین و پەیوەندی سێکسییان هەیە بەبێ ئەوەی هاوسەرگیرییان کردبێت. ئەم شێوازی ژیانە لە زۆربەی کۆمەڵگا ڕۆژاواییەکاندا تەشەنەی کردووە و زۆرە. زۆر کەس بە هۆکاری جۆراوجۆری ئابووری و کۆمەڵایەتی، وەرگرتنی ڤیزە، یان خۆدزینەوە لە لێپێچینەوەی یاسایی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە هەڵدەبژێرن، هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە کە پیاو یان ژن هاوڕەگەزخواز بن یان بە هۆکارێک لە ڕووی سێکسییەوە بێ‌هێز و لاواز بن کە پەیوەندیی سێکسی لە ژیانی هاوسەرگیریی ناومکین دەکات. زاراوەی هاوسەرگیریی سپی خوازەیەکی فەرەنسییە کە گوزارشت لە مەلافەی سپی دەکات. لەم جۆرە هاوسەرگیرییەدا پەیوەندیی سێکسی بوونی نییە و هەر بۆیە خوێنی پەردەی کچێنی کە بۆ کەسانی نەریتخواز بۆ شەوی پەردە و تەواوبوونی هاوسەرێتیی ژن و مێرد پێویستە، بەدی ناکرێ و مەلافە سپییەکە بە سپێتی دەمێنێتەوە. بەو پێیەی کە لە ئێران ئەم ژیانە هاوبەشە تێکەڵ بە سێکسە، زاراوەی "هاوسەرگیریی سپی" کارکردێکی جیاوازی هەیە و بە پێچەوانەی "ماریاژ بلان"، لە ڕووی یاساییەوە تۆمار ناکرێت.

● وێنەی ٣٣٨ – ڕیکلامی سیغە لە کۆمەڵگە گشتییەکاندا (نووسراوی سەر دیوارەکە: دەرکردنی سیغەنامەی شەرعیی کاتی و هەمیشەیی)

قۆناغی مامناوەندی هاوسەرگیریی کاتیمان لە سێ شوێن ئەنجام دا و نەدەکرا ئەندامانی گرووپەکە لە یەک کاتدا لە ئیسفەهان و مەشهەد و تاران ئامادە بن، هەر بۆیە دوو کاری مەیدانیی توێژینەوەکەمان بە مەودای زەمەنیی نزیک لە یەکتر ئەنجام

دا. لـە کۆتایـی دیمانـە مەیدانییەکانـی توێژینـەوەی هاوسـەرگیریی کاتـی، نزیکـەی بیسـت بـۆ سـی لـە سـەدی کۆمەڵگـەی ئامـاریمان لـە هاوسـەرگیریی سـپی پێـک هاتبـوو کـە دیـارە ئەمـە ئامارێکـی زۆرە. توێژینـەوە و دیمانـە مەیدانییـەکان بـە جەختکردنـەوە لـە سـەر هاوسـەرگیریی سـپی دەسـتیان پێکـرد کـە تەنیـا لـە چەنـد گەڕەکێکـی ئـەم سـێ شـارە سـنووردار نەدەبـووەوە. لـە شـاری تـاران، هاوسـەرگیریی سـپی زیاتـر لـە نـاو خوێندکارانـی زانکـۆدا بـاوە و هەروەهـا لـە گەڕەکـە ناوەندییـەکان، ئیداری‌نشـینەکان و شـارۆچکە تازەسـازکراوەکانی مەسـکەنی مێهـر و پەرەنـد و هتـددا و بەگشـتی زیاتـر لـەو ناوچانـەدا کـە خانووبـەرە هـەرزانترە هاوسـەرگیریی سـپی بـەدی دەکرێـت. لـە مەشـهەد و ئیسـفەهانیش هەمـان سەرچەشـن دەبـینرا. هاوژیانـی یـان هاوسـەرگیریی سـپی چەنـد بـژاردەی گرنگـی هەبـوو؛ هاوژیانـەکان خەڵکـی شـاری نیشـتەجێبوونیان نەبـوون و زیاتـر خوێنـدکار یـان کاسـبکارانێک بـوون کـە لـە شـارەکانی تـرەوە هاتبـوون و لـە مەشـهەد و تـاران و ئیسـفەهان دەژیـان و بـە دوور لـە چـاوی بنەماڵەکانیـان هاوسـەرگیریی سـپییان ئەنجـام دابـوو.

هاوسـەرگیریی سـپی لـە ئێرانـدا پێوەندییەکـی نهێنییـە. تێڕوانینـی دراوسـێ و خزمەتگوزار و پاسـەوانانی کۆمەڵگەکانـی نیشـتەجێبوونیش ئەوەیـە کـە هاوژینـەکان ژن و مێـردن و لـە زۆربـەی حاڵەتەکانـدا تەنانـەت خانـەوادەی هـەر دوو لایەنـی هاوسـەرگیریی سـپیش نازانـن کـە منداڵەکانیـان هاوسـەرگیریی سـپییان کـردووە.

بـە گوێـرەی گێڕانـەوە مەیدانییـەکان هەمیشـە جانتایەکـی ئامـادە هەیـە و لەگـەڵ هاتنـی خانـەوادەی یەکێـک لـەو دوو کەسـە، ئـەوی دیکـە دەبـێ بـە زووتریـن کات لـە مـاڵ دەربچێـت. ناشـەفافییەتی ئـەم دیـاردە لـە ئێرانـدا دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو نکۆڵیکردنـەی کـە بەرپرسـان و هاووڵاتیانـی ئاسـایی تێیـدا بەشـدارن. ئـەم جـۆرە ژیانـە لـە کۆمەڵگەیەکـی ئایینـی و هەڵگـری بەهـا و نۆرمـە نەریتییـەکان شـەرعیەتی پێویسـتی لـە نـاو خەڵکـدا نییـە و حکومەتیـش دیـارە هەوڵـی نکۆڵیکردنـی دەدا و هیـچ چاودێـری و کۆنترۆڵێکیشـی بەسـەر ئـەم شـێوازی ژیانـەدا نییـە.

بەشـێک لـەم هاوسـەرانە پێیـان وا بـوو کـە هاوسـەرگیریی سـپی ئاسایشـێکی ئەوتـۆی نییـە، بەتایبـەت ئاسایشـی دەروونـی، چونکـە هـەر بینـا لەوانـە بـوو یەکێکیـان ناچـار بـێ بـۆ ماوەیـەک لـە شـوێنێکی تـر بـژی هەتـا ئـاش لـە هـەرا دەکەوێـت و دۆخەکـە هێـور دەبێتـەوە. ئـەو کەسـانەی کـە ئـەم ژیانەیـان ئەزمـوون کردبـوو، هەسـتیان دەکـرد کـە ماڵیـان هەیـە، بـەڵام لانـەوازن. بـە واتایەکـی تـر جـۆری ئێرانیـی هاوسـەرگیریی سـپی، دەتوانـێ پـڕ لـە دڵەڕاوکـێ و سـنووردارکردن و مەترسـی بێـت.

بەپێـی دەرەنجامەکانـی ئـەم توێژینـەوە، بەهـۆی سـنووورداری و نەبوونـی زەمینەیەکـی کۆمەڵایەتیـی پێویسـت و تـەواو، هاوسـەرگیریی سـپی بۆتـە دیاردەیەکـی ژێرزەمینـی

کـە تـا ڕادەیـەک تەمەنـی کورتـە و تێیـدا ژنـان زۆرتریـن زیانیـان پێـدەگات. بەپێـی داتـا ئامارییەکانـی ئـەم توێژینـەوە، بەهـۆی جەوهـەر و سروشـتی نهێنیـی هاوسـەرگیریی سـپی و نەبوونـی پاڵپشـتی و پاراسـتنی یاسـایی و تەنانـەت بەتاوانزانینـی دیـاردەی هاوسـەرگیریی سـپی، ئـەم هاوماڵـی یـان هاوژیانییـە لـە باشتریـن و گەشـبینانەترین حاڵەتـدا، دوو بـۆ سـێ سـاڵ درێـژەی کێشـاوە. زۆربـەی ئـەم پەیوەندییانـە لـە پێشـدا بـۆ پێکەوەبوونـە بـە مەبەسـتی ئـەوەی بـاشتر یەکـدی بناسـن و ئینجـا هاوسـەرگیری بکـەن، بـەڵام زۆر جـار زوو کۆتایـی پـێ دێـت. لـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییەدا ئـەوە کچـان و ژنانـن کـە زۆرتریـن زیانیـان پـێ دەگات. پیـاوان دەتوانـن بـە ئاسـانی و بـە باجێکـی کـەمترەوە ئـەم پەیوەندییـە بپچڕێنـن، بـەڵام ژنـان و کچـان جگـە لـەوەی تووشـی زامـی سـۆزداری دەبـن، پـەردەی کچێنییـان لەدەسـت دەدەن و ڕەنگـە دووگیـان ببن، لـە پەیوەندییەکانـی داهاتوویانـدا شانسـی شـووکردنەوەی دووبارەیـان لەدەسـت دەدەن و لێکەوتـە کۆمەڵایەتییەکانـی هاوسـەرگیریی سـپی ئاوقانیـان دەبـێ و هـاوڕێ و کەسـانی دەوروبەریـان کـە لەبـارەی پەیوەنـدی و هاوسـەرگیریی سـپییانەوە دەزانـن و تانـە و توانجیـان لـێ دەدەن.

بـە هـۆی نەبوونـی چوارچێوەیەکـی لەبـاری فەرهەنگـی و کۆمەڵایەتـی و یاسـایی و ئایینییـەوە هاوسـەرگیریی سـپی لـە ئێرانـدا بـە جـۆرە ژیانێکـی ئازایانـە و پڕمەترسـی دادەنـرێ کـە بـە گشـتی لێکەوتـە نەرێنـی و زیانەکانـی بـۆ ژنـان زیاتـر لـە پیاوانـە. ئـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە ئاسـانکاری بـۆ پێوەندیـی سێکسـی و هاوماڵیـی هـەرزانتر بەتایبـەت بـۆ گرووپـی تەمەنیـی ٢٥-٣٥ سـاڵان دەکات، چونکـە ئـەو دوو کەسـە بەهـۆی زۆریـی خـەرج و ئاهەنگـی هاوسـەرگیری و جیهـاز و کەلوپەلـی نـاو مـاڵ و بابەتـی دیکـە و مەرجـی بـڕی مارەیـی نەیانتوانیـوە هاوسـەرگیرییەکی هەمیشـەیی بکـەن.

لـە نـاو چینـی دەوڵەمەنـددا، ڕەنگـە ماڵباتـەکان لـە هاوسـەرگیریی سـپیی منداڵەکانیـان ئـاگادار بـن، بـەڵام ئـەم زانیارییـە زیاتـر لـە بازنـەی خانـەوادەدا سـنووردار دەبـووەوە و زۆربـەی خـزم و هـاوڕێ و ناسـیاوەکان لێـی ئـاگادار نەدەبـوون. هەروەهـا بـە هـۆی تابـۆ و بقـە کۆمەڵایەتییەکانـەوە کـەمتر ڕووی دەدا کـە خانـەوادەی کچـە لـەم هاوماڵـی و هاوژیانییـە ئـاگادار بـن. لێکبڵاویـی هاوسـەرگیریی سـپی تەنیـا لـەو سـێ شـارەدا سـنووردار نەدەبـووەوە و لـە شـارەگەورەکانی دیکـەی ئێرانیشـدا بوونـی هەبـوو. تەنانـەت لـە نـاو نـەوەی گەنجـی ناسـیاو و خزمەکانـی خۆشـمدا، چەنـد نموونەیەکـم بینیبـوو و هاوماڵـی لـە سـەردەمی زانکـۆ و لـە دەرەوەی نووسـتنگەی زانکۆکانـدا دروسـت دەبـوو.

ڕەنگـە لـەم سـاڵانەدا ئـەم جـۆرە پێوەندییانـە بوێرانـە بـن، بـەڵام مـن پێـم وایـە لـە ئایندەیەکـی نـە زۆر دووری مامناوەنـددا لـە ئێرانـدا، ئـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییانە بـە شـێوەی جۆراوجـۆر و تەنانـەت لـە سـەر ئاسـتی شـارە بچووکەکانیشـدا بەربڵاوتـر و قبووڵکراوتـر دەبـن.

ئێمە نزیکەی ٣٠٥ دیمانەی قووڵ و نیمچە قووڵمان ئەنجام دا و ئەنجامەکانمان دەریخست کە ڕوانگەی نەوەی گەنج بەرامبەر بە هاوسەرگیری و پەیوەندیی سێکسی گۆڕاوە. من پێم وایە مۆدێلی جیهانیی هاوماڵی یان پێکەوەیی (cohepetition) بە شێوازە خۆجێییکراوەکان گەیشتووەتە ئێران و تا دێ زیاتر پەرە دەستێنێت.

مۆدێلی زانستیی جی‌تی (GT)ی توێژینەوەکە دەریخست کە بارودۆخی ژینگەیی (بارودۆخی ئابووری، چوارچێوەی فەرمی و یاسایی و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان)، هۆکارە دەستێوەردەرەکان (بارودۆخی خانەوادەیی، کەمبوونەوەی چاودێری، ژیان لە تاراوگە) و هۆکارە زەمینەییەکان (ئەزموونی پێوەندی و جیهانبینیی تاکەکەسی) هۆکارە سەرەکییەکانی ڕووکردنە هاوسەرگیریی سپین. دیاردەی تەوەریی ئەم توێژینەوە ئەوە بوو کە لە شێوازی ژیانی نەوەی نوێدا بەها و نۆرمەکان گۆڕاون. لەم توێژینەوەیەدا پێوەندیی بێژومار و ناسەقامگیر وەک کارلێکێکی ستراتیژانە دەستنیشان کرا. لێکەوتەکانی ئەم جۆرە پێوەندییە بریتییە لە کاڵبوونەوەی کلیشە ڕەگەزێتییەکان و ئازادیی هەڵبژاردن، هۆگرنەبوون بە هاوسەرگیریی فەرمی، تاراندنی کۆمەڵایەتی و نەبوونی پاڵپشتیی یاسایی و ترس لە لێپێچینەوە و دووگیانیی نەخوازراو.

ماوەی «هاوسەرگیریی سپی» و ئامارەکانی

خەڵکناس و توێژەر بە پشتبەستن بە توێژینەوەیەک کە لە بارەی «هاوسەرگیریی سپی» لە سەر ٢١٣ هاوماڵ بە شێوەی مەیدانی ئەنجام داوە، وتی: «ماوە»ی هاوسەرگیریی سپی لە ئێران

«هاوسەرگیریی سپی» یان «هاوماڵیی ڕەش»؛ نەهاتییەکی کۆمەڵایەتی یان هەڵبژاردنێکی وشیارانە؟

ڕوویداد ٢٤ هاوسەرگیریی سپی کە چەند ساڵێکە لە ئێراندا پەرەی سەندووە، بە هاوسەرگیرییەک دەوترێ کە کچ و کوڕ پێکەوە ژیانی هاوبەش دەست پێدەکەن بە بێ ئەوەی ...

«هاوسەرگیریی سپیی نیمچە یاسایی» بەدیلێک بۆ هاوسەرگیریی نەریتی؟

بە گوێرەی ئاماری نافەرمیی هاوسەرگیریی سپی لە کەڵەشارەکانی ئێران ڕووی لە پەرەسەندنە. بەڵام شارەزایان و کارناسان پێیان وایە کە ئەم دیاردە لە ناو جەماوەری خەڵکدا زۆر قبووڵکراو نییە ....

● وێنەی ٣٣٩ – سکرینشاتی هەواڵەکان

ڕەگەزێتییەکان و ئازادیی هەڵبژاردن، هۆگرنەبوون بە هاوسەرگیریی فەرمی، تاراندنی کۆمەڵایەتی و نەبوونی پاڵپشتیی یاسایی و ترس لە لێپێچینەوە و دووگیانیی نەخوازراو.

وەک هەمیشە نوسخەیەکی پوختەی ئەم توێژینەوەیەم لە ماڵپەڕەکەمدا بڵاو کردەوە و بە پەردەلادان لەسەری لە یەکێک لە سیمینارەکانی کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی

منـداڵان، ئەنجامەکانـیمان میدیایـی کـردەوە. دوای ماوەیـەک کەسـێک پەیوەنـدی بـە مۆبایلەکەمـەوە کـرد و باسـی ئـەم توێژینەوەیـەی کـرد و پێـی وتـم بچمـە وەزارەتـی وەرزش و لاوان بـۆ ئـەوەی بەشـداری کۆبوونەوەیـەک بکـەم و لەسـەر هاوکارییەکـی هاوبـەش گفتوگـۆ بکەیـن. مـن هـەم سەرسـام و هەمیـش دڵخـۆش بـووم لـەوەی کـە کەسـێکی حکوومـی مشـووری ئـەم بابەتانـە دەخـوا. پێـم سـەیر بـوو کـە لـە کاتـی کۆبوونەوەکـەدا ڕەفتارێکـی زۆر نـەرم و نیـان و دۆسـتانەیان هەبـوو. دوای بەخێرهاتنێکـی تێروتەسـەل بڕیـار وا بـوو گەڵاڵەیەکیـان پـێ بـدەم و کارەکـە بـە خێرایـی دەسـت پـێ بـکات. ئەم پرۆسـە بـۆ وەزارەتێکی حکوومی کەمێک نائاسایی و سەیر بوو.

هێشـتا بـەم هەڵسـوکەوتە باشـە سەرسـام بـووم کـە یەکێـک لـە هـاوکاران لینکـی هەواڵێکـی[1] بـۆ نـاردم بـەم ناوەڕۆکـە: لـە کۆبوونـەوەی بـارەگای ڕێکخسـتنی کاروبـاری لاوانـی پارێـزگای تـاران، کـە لـە٣ ی مانگـی ڕێبەنـدان (٢٣ی ژانڤییـە) بـە ئامادەبوونـی ئەنووشـیروان موحسـێنی بەندپـەی، پارێـزگاری تـاران بەڕێـوە چـوو، بـاس لـە پرسـی دابینکردنـی قـەرزی هاوسـەرگیری کرابـوو، بـەڵام زۆربـەی گفتوگۆکانیـان لەبـارەی تاوتوێکردنـی دیـاردەی هاوسـەرگیریی سـپی بـوو. لـە بەشـێکی ئەم دانیشـتنەدا کارناسـی توێژینـەوەی جێگرایەتیـی وەزارەتـی وەرزش و لاوان، توێژینـەوەی گرووپەکـەی ئێمـە واتـە کتێبـی «ماڵێـک بـە درگای ئـاوەڵاوە»، خسـتە ڕوو و ئەنجامەکانـی ئـەم

https://www.irna.ir/news/83181672/درباره-ازدواج-سفید Lockdown Enable

آمارهای تامل برانگیز یك پژوهش درباره ازدواج سفید

تهران- ایرنا- پنجمین نشست ستاد ساماندهی امور جوانان استان تهران به محل ارائه گزارشی از پژوهشی علمی با عنوان« اتاقی با درِ باز» درباره ازدواج سفید در چند کلانشهر کشور تبدیل و بیان شد که بیشتر افرادی که به این پدیده گرایش پیدا کرده اند از تحصیلکردگان هستند.

به گزارش خبرنگار ایرنا در این پژوهش- پاسخ دهندگان اعتقاد مذهبی خود را نیز بیان کرده اند که بیشتر افراد دارای اعتقاد مذهبی اندك یا بی اعتقاد توصیف شده اند و نیز سه درصد گفته اند که افرادی مذهبی

ئامارە سەرنجڕاکێشەکانی توێژینەوەیەک لەمەڕ هاوسەرگیریی سپی

تـاران – ئیرنـا – پێنجەمیـن دانیشـتنی سـتادی (بـارەگا)ی ڕێکخسـتنی کاروبـاری لاوانـی پارێـزگای تـاران بـوو بـە شـوێنی پێشکەشـکردنی ڕاپۆرتێـک لـە توێژینەوەیەکـی زانسـتی لـە ژێـر نـاوی «ماڵێـک بـە درگای ئـاوەڵاوە» سـەبارەت بـە هاوسـەرگیریی سـپی لـە چەنـد کەڵەشـاری ئێـران و وتـرا کـە زۆربـەی ئـەو کەسـانەی کـە ڕوویـان لـەم دیـاردە کـردووە خوێندکارانـن.

بـە پێـی ڕاپۆرتـی هەواڵنێـری ئیرنـا لـەم توێژینـەوەدا وڵامـدەرەکان بیـر و بـاوەڕە ئایینییەکانـی خۆیـان دەردەبڕیـوە کـە زۆربەیـان بیـر و بـاوەڕی ئایینییـان کـەم بـوو یـان باوەڕیـان پـێ نەبـوو و سـێ لـە سەدیشـیان وتیـان کـە کەسـانی ئایینپـەروەر...

● وێنەی ٣٤٠ – سەردێڕی هەواڵی وەزارەتخانەی لاوان، ١٣٩٧ هەتاوی (٢٠١٨)

1. - / https//:www.irna.ir/news سفید ازدواج- درباره- پژوهش-یك- -برانگیز- تامل- آمارهای- / 83181672

کتێبەی سەبارەت بە هاوسەرگیریی سپی ڕوون کردەوە و ڕایگەیاندکە ئەم توێژینەوە لەسەر داوای وەزارەتی وەرزش و لاوان ئامادە کراوە. باوەڕمان نەدەکرد کە یەکەی توێژینەوەی وەزارەتخانەیەک درۆیەکی ئاوا بکا و بە شانازییەوە ئەنجام و ئامارەکانی ئەم توێژینەوە بە ناوی خۆیانەوە لە قاڵب بدەن.

لەوەش دڵتەزێنتر ئەوە بوو کە جەنابی پارێزگار، لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بوو و وێڕای چاوخشاندنێک بە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەماندا، گوتبووی: ئەم جۆرە ژیانە "هاوماڵی"یە و دیاردەیەکی ناشەرعی و بێئەخلاقانەیە و کردەوەیەکە کە ئامانجەکەی تێکدانی ناوەندی بنەماڵەیە. ناوبراو لە درێژەدا پێشنیاری بۆ وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی کرد کە وشە یان دەستەواژەی "هاوسەرگیریی سپی" بگۆڕێ بۆ ئەوەی ناشیرینی و نارەوابوونەکەی دیار بێت. لە کۆتاییشدا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە یەکێک لە ڕێگاکانی کۆنترۆڵکردن و کەمکردنەوەی ژمارەی کەسانی کەمئەندام (نقیشکان) ئەوەیە کە پێش هاوسەرگیری پشکنینی بۆماوەییان بۆ ئەنجام بدرێ و ڕاشیانگەیاندبوو کە: یەکێک لەو زیانە گرنگانەی کە هاوسەرگیریی سپی بە دوای خۆیدا دەیهێنێ، نەبوونی پشکنینی بۆماوەیی و لەدایکبوونی منداڵی نقیشکان و نەخۆشە.

تەلەفۆنم بۆ کارمەندێک کرد کە کۆبوونەوەی منی لەگەڵ وەزارەت ڕێک خستبوو. حاشای لە هەموو شتێک کرد و زۆر گەوجانە وتی کە بەدواداچوون بۆ بابەتەکە دەکا و ئەنجامەکەش ڕادەگەیێنێ، بەڵام ئیتر وڵامی تەلەفۆنەکانمی نەدایەوە. بە تووڕەیی و قەڵسییەوە تەلەفۆنم بۆ سەرنووسەری بەشی کۆمەڵایەتیی ئاژانسی هەواڵدەریی ئیرنا کرد و باسەکەم گێڕایەوە. منی بانگهێشتی نووسینگەکەی کرد و لە دیمانەیەکدا ڕووداوەکەی لێ پرسیم. چەند جارێک لە وەزارەت داوای وەڵامدانەوەی ئیدیعاکەمی کرد، بەڵام هیچ وەڵامێکی

ایرنا پلاس بررسي مي‌كند

صاحب اصلي اين پژوهش كيست؟

تهران- ایرنا پلاس- «کامیل احمدي» مردم‌شناس، پژوهشگر و نویسنده مي‌گوید پژوهشي که در پنجمین نشست ستاد ساماندهي امور جوانان استان تهران ارائه شده است، حاصل پژوهش‌هاي چند ساله خود اوست که به نام شخص و وزارتخانه دیگري منتشر شده است.

پنجمین نشست ستاد ساماندهي امور جوانان استان تهران روز چهارشنبه سوم بهمن‌ماه، با حضور انوشیروان

خاوەنی سەرەکیی ئەم توێژینەوە کێیە؟

تاران – ئیرنا پلاس – «کامیل ئەحمەدی» خەڵکناس، توێژەر و نووسەر دەڵێ توێژینەوەیەک کە پێنجەمین دانیشتنی ستادی ڕێکخستنی کاروباری لاوانی پارێزگای تاران خراوەتە ڕوو بەرهەمی توێژینەوەی چەندین ساڵەی ئەوە کە بە ناوی کەسێک و وەزارەتخانەیەکی دیکە بڵاو بۆتەوە.

پێنجەمین دانیشتنی ستادی ڕێکخستنی کاروباری لاوانی پارێزگای تاران ڕۆژی چوارشەمە ٢٣ ژانڤییە/کانوونی دوو بە ئامادەبوونی ئەنووشیرڤان

● وێنەی ٣٤١ – سەردێڕی یەکەمی هەواڵدەریی دەوڵەتیی ئیرنا

وەرنەگـرت. قسـەکانمی لـە دیمانەیەکـدا بەناونیشـانی «خاوەنـی سـەرەکیی ئـەم توێژینـەوە کێیـە؟» بڵاو کـردەوە. چەنـد کورتـە هەواڵێکـی تـر لەسـەر ئـەم ڕووداوە بڵاو کرانـەوە، بـەڵام وەزارەتـی وەرزش و لاوان تەنانـەت داوای لێبوردنیشـی لـێ نەکردیـن و دانـی بـە هەڵـەی کارناسـی توێژینەوەکـەدا نەنـا. ئـەم خراپـکاری و دزییـە زانسـتییەی وەزارەتـی ناوخـۆم بـە یەکێـک لـە نوێنەرانـی تـاران لـە مەجلیسـی شـۆرای ئیسلامـی ڕاگەیانـد و ئەویـش ئازایانـە نامەیەکـی بـۆ وەزیـر نووسـی کـە تێیـدا نارەزایەتیـی خـۆی دەربـڕی و داوای ڕوونکردنـەوەی کـرد. هاوڕێکانـم ئامۆژگارییـان کـردم کـە بـەم دۆخـەی کە ئێسـتا تێـی کەوتـووم زۆر پەیجۆری بابەتەکـە نەبـم، چونکـە سـوودی نییـە و لەوانەیـە بـە زیانـی خۆشـم کۆتایـی پـێ بێـت. سـەیر ئـەوە بـوو کـە ئـەو پـرۆژەی کـە بڕیـار بـوو جێبەجێـی بکـەم لـە کۆتاییـدا سـپێردرا بـە توێژەرێـک کـە ئەندامـی دەسـتەی بەڕێوەبـەری کۆمەڵـەی کۆمەڵناسـان بـوو و لـە نێـو زۆرێـک لـە کۆمەڵناسـاندا وەک توێژەرێکـی سـەر بـە حکوومـەت نـاسراوە. بـەڵام بەهـۆی بڕیـاری ئـەم وەزارەتخانـە و مەرجەکانـی گرێبەسـتەکە، هێشـتا ئەنجامـی ئـەم توێژینـەوە ئاشـکرا نەکـراوە و نەکەوتۆتـە بەردەسـتی کۆمەڵگـەی زانسـتی.

هەوڵدان بۆ چاپکردنی کتێبی "ماڵێک لە سەر ئاو"

قۆناغەکانـی شـیکردنەوە و کۆدینگـی توێژینـەوەی هاوسـەرگیریی سـپی لـە کۆتاییەکانـی خۆیـدا بـوو کـە دەقـی سـەرەتایی هاوسـەرگیریی کاتـی و سـیغەی مەحرەمییەتـم لـە دوو توێـی کتێبێکـدا لـە ژێـر نـاوی "ماڵێـک لەسـەر ئـاو" بـە چاپخانـە سـپارد. دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی شـیرازە کـە بـۆ دوو کتێبـی پێشـووتری خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان و هاوسـەرگیریی منـداڵان مۆڵەتـی لـە وەزارەتـی ئیرشـاد وەرگرتبـوو، تووشـی هەندێـک کێشـە بـووەوە. بـێ هیـچ سەرئێشـە و چەرمەسـەرییەک مۆڵەتیـان بـە دوو کتێبەکـەی پێشـووتر دابوو، بـەڵام بـۆ ئـەم کتێبـە زۆر پـرس و گرفتیـان هێنایـە ئـاراوە. دەبـا حکومـەت بـە بابەتـی دوو کتێبـی یەکـەم هەسـتیارتر ببایـەت، بـەڵام ڕووداوەکان جۆرێکـی دیکـە ڕۆشـتبوونە پێشـەوە. بـە شـێوەیەکی ئاسـایی نووسـەران و توێـژەران لـە ئێرانـدا، پێـش ئـەوەی بەرهەمەکانیـان بنێـرن بـۆ وەزارەتـی ئیرشـادی ئیسلامـی نابەدڵانـە مقەسـت هەڵدەگـرن و پێداچوونـەوە بـە نووسـینەکانیاندا دەکـەن. ئەمـە وەک خۆئـازاری وایـە! زۆر شـتت بـۆ وتـن هەیـە و گەیشـتووی بـە کۆمەڵێـک خـاڵ و تـەوەری سـەرنجڕاکێش و بایەخـدار، بـەڵام دەبـێ سـەرەڕۆیانە ئاماژەیەکیـان پـێ بکـەی یـان بیانسـڕیتەوە بـۆ ئـەوەی مۆڵەتـی بڵاوکردنـەوەت پـێ بـدەن.

منیـش وەکـوو هەمیشـە بابەتـە هەسـتیارەکانم کـەم کـردەوە بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ ڕوانگـە و سـەلیقەی ڕژێمـی کۆمـاری ئیسلامیـی ئێرانـدا بگونجێـت. لـەو ماوەیـەدا وەزارەتـی ئیرشـاد

گرفتـاری لابـردن و دانـان و هاتوچـۆی بەرپرسـان و دەوڵەتـی نـوێ بـوو. هەوڵـم دەدا کـە ئەوەنـدەی بـۆم دەلـوێ بەرەنـگاری گۆڕیـن و هەموارکردنـی دەقەکـە ببمـەوە بـۆ ئـەوەی پرەنسـیپە بنەڕەتییەکانـی توێژینەوەکـە نەشـێوێنرێت، بـەڵام ئـەوان دەیانگـوت کـە ئەنجامـی توێژینەوەکـە دەبـێ بـە شـێوەیەک بنـووسرێ کـە هاوسـەرگیریی کاتـی وەک بابەتێکـی ئیسلامـی نەخاتـە ژێـر پرسـیارەوە، ئـەوە لـە حاڵێکـدا بـوو کـە گرنگـی و ڕۆڵـی ئاییـن مـژاری سـەرەکی و چەقـی کتێبەکـە بـوو. لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا هەڵاواردنـی ڕەگەزێتـی وەک ئەنجامی گرێبەسـتی هاوسـەرگیریی کاتـی، شـی کرابـووەوە و باسـی ئـەو سـەرچاوە و لێدوانانەمـان کـرد کـە زۆربەیـان ئاینـی و لـە هـەر دوو ڕوانگـەی شـیعە و سـوننە بـوون، بـەڵام دیـارە ئەمـە بـە دڵـی سانسـۆرچییەکان نەبـوو. دوای هاتوچۆیەکـی زۆر کتێبەکـە مۆڵەتـی وەرگـرت و خۆشـم سـەرم سـوورِ مـا، هەرچەنـدە نووسـخەی دڵخـوازی مـن نەبـوو، بـەڵام هـەر چۆنـێ بێـت، دیسـان ڕووداوێکـی بـاش بـوو.

چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئـەم کتێبـە لـەم بـوارەدا جۆرێـک سـەرکەوتن بـوو، بـەڵام لـە ئێرانـدا کـەمتر شـیکاری بـۆ کـرا و لـە هەندێـک حاڵەتـدا یـەک یـان دوو فێمینیسـتی تاراوگـە کـە بـە بـێ تیغـی سانسـۆر دەیانتوانـی ئازادانـە ڕەخنـە بگـرن و لێدوانـی تونـد بـدەن، ڕەخنەیـان لـەم کتێبـە گـرت. ئـەوەی کـە ئـەم توێژینـەوە زۆر ڕەخنـەی لـە سـیغە نەگرتـووە و وەک واقیعێکـی کۆمەڵایەتـی قبووڵـی دەکات. دیـارە لـە کۆتایـی ڕەخنەکانـدا ئاماژەیـان بـەوە کـرد کـە دەسـتی نووسـەر و بڵاوکـەرەوە بەستراوەتـەوە. بابەتـی چالاکوانێکـی فێمینیسـتی دانیشـتووی وڵاتـی سـویدم خوێنـدەوە کـە نوتقێکـی گەرم و پـاراوی سـەبارەت بـە کەموکووڕی و کەمایەسـییەکانی ئـەم توێژینـەوە و زاتنەکـردن و ترسـنۆکی و ئاماژەنەکـردن بـە هەندێـک بابەتـی پێشـکەش کردبـوو کـە ئـەوە منـی وەبیـر ئـەم قسـە خسـتەوە: " بـزن خەمـی گیـان، قەسـاب خەمـی پیـو".

لـەوەی کـە کەسـانێک تێنەدەگەیـشتن کـە ئـەم ناوەڕۆکـە لـە ژێـر چ زەخـت و سـنووردارکردنێکدا بەرهـەم هاتـووە، قەڵـس دەبـووم. ئێسـتا کـە لـە دەرەوەی ئێرانـم، یەکێـک لـە پلانەکانـم ئەوەیـە کـە نووسـخەیەکی نوێـی لێکۆڵینـەوە سانسـۆرکراوەکان بـە هەمـوو ئەنجـام و شـیکاری و دیمانـە مەیدانییەکانـەوە بنووسـمەوە و بڵاوی بکەمـەوە. بـە یارمەتیـی هاوکارەکانـم، نیـازم وایـە لـەم دووبـارە نووسـینەوەی دەقەکانـدا گێڕانـەوە قەدەغـە و سانسـۆرکراوەکان بگـۆڕم و گێڕانـەوە مەیدانییـەکان لـە شـێوەی ئێتنۆگرافـی و خەڵکناسـیدا کـۆ و بڵاو بکەمـەوە.

"ماڵێـک لەسـەر ئـاو" تەنانـەت لـە کتێبەکانـی "زایەڵـەی بێدەنگـی" و "بـە نـاوی نەریـت" پێشـوازییەکی زیاتـری لێکـرا. ئـەم بەرهەمـەش وەکـوو بەرهەمەکانـی تـر بـۆ یەکـەم جـار بـە زمانـی ئینگلیـزی چـاپ و بڵاو کرایـەوە. هەرچەنـد میدیـاکان زۆر گرنگیـان پـێ نـەدا، بـەڵام

کەوتە بەر سەرنجی ئەو توێژەرە بیانییانەی کە کار لەسەر وڵاتانی ئیسلامی و موتعە دەکەن و بووە یەکێک لە سەرچاوە بەڕۆژەکان کە سەبارەت بە هاوسەرگیریی کاتی و سیغەی مەحرەمییەتی منداڵان نووسراوە. بۆ ناساندنی ئەم توێژینەوە، لە چەندین کۆنفرانسدا بەشداریم کرد؛ لەوانە کۆنفرانسی زانکۆی سیگمۆند فرۆید لە نەمسا.

● وێنەی ٣٤٢ – کتێبی ماڵێک بە دەرگای ئاوەڵاوە، کە مۆڵەتی پێ نەدرا و دواجار لە لەندەن و ئەڵمانیا و هەرێمی کوردستان بڵاو بووەوە

لەم کۆنفرانسەدا پرسی هاوسەرگیریی منداڵان و هاوسەرگیریی کاتی پێکەوە خرایە ڕوو. من تاکە توێژەرێکی دانیشتووی ئێران بووم کە بەشداریم لەم کۆنفرانسەدا کرد و بانگهێشتەکەیانم بەو مەرجە قبووڵ کرد کە ئامادەبوونم لەلایەن میدیاکانەوە ڕووماڵ نەکرێت. خاتوو مێهرەنگیز کار و چەندین چالاکی کۆمەڵایەتیی دیکە کە وەک خۆیان دەیانگوت نەیاری کۆماری ئیسلامیی ئێران بوون، لەم کۆنفرانسەدا بەشداریان کرد. ماڵپەڕی بی.بی.سی کۆنفرانسەکە و بابەتەکانی ڕووماڵ کرد و ناوی من و توێژینەوەکەشمی نووسیبوو. زۆر بە زەحمەت ناوی خۆمم لە هەواڵەکان سڕییەوە، بەڵام هەندێ وێنەیان گرتبوو کە ڕێکخەرانی کۆنفرانسەکە بە ئیمەیڵ بۆیان ناردم. پێش دەستگیرکردنم، سپای پاسداران زانیاریی ئیمەیلەکەمیان هەک کرد و ئەم وێنانەیان بینی. لە کاتی لێپرسینەوەکاندا بۆ بەشداریکردن لەم کۆنفرانسەدا، لێپێچینەوەم لەگەڵ کرا و من بۆ ئەمەش وڵامم دایەوە.

لە ماڵی وارتان کە ناوەندێکی هونەریی جوانە، ڕێوڕەسمی پەردەلادان لەسەر ئەم کتێبەمان ساز دا. هاوڕێیەکی زانکۆم منی بە عەباس عەبدی ناساند کە سەرۆکی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی تاران بوو. عەبدی قبووڵی کرد کە ئامادەی مەراسیمەکە بێ و قسە بکات. هەروەها خاتوو سەجادی یاریدەدەری سەرۆک‌کۆمار بۆ مافە مەدەنییەکان و چەند وتاردەرێکی دیکە ئامادە بوون و هەر یەکەیان لە ڕوانگەیەکی

جیاوازەوە باسیان لە بابەتی سیغەی مەحرەمییەتی منداڵ و هاوسەرگیریی کاتی گەورەساڵان کرد. بۆچوونەکان سەبارەت بە هاوسەرگیریی کاتی سنووردار بوون و تێڕوانینی جەنابی عەبدی کە پێی وا بوو هاوسەرگیریی کاتی بڕیارێکی تاکەکەسی و شەخسییە، کاردانەوەی هەندێک لە چالاکانی مافی ژنانی لێکەوتەوە. ئەم بابەتە بەڕێز عەبدی و چەند کەسێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەی ڕەنجاند. زۆری نەخایاند کە بابەتی هاوسەرگیریی کاتی و سیغەی مەحرەمییەت، گرووپەکانی سەر بە حکوومەتی تووڕە کرد و زەنگی مەترسی بۆ من لێ درا. لەوان وا بوو کە من قامکم خستۆتە سەر هەندێک بابەتی کۆمەڵایەتیی هەستیار و زۆر گرنگ و بە خێرایی و ڕژدییەوە ناوەڕۆک بەرهەم دەهێنم. بە ڕای ئەوان من بۆ ژیانی سێکسیی ئیسلامی هەڕەشە بووم.

کاتێک تێڕوانینی ئەم حکومەتییانەم لێ ڕوون بووەوە کە ئەم کتێبە لە ڕۆژنامە و فەزای گشتی و ئۆنلایندا ڕەنگدانەوەی هەبوو و بەهۆی ئەو کاردانەوانە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئیکسدا زیاتر بە ناوی منەوە توییت و هەشتاگیان لێ دەدا. بۆ نموونە کاتێک بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر بابەتی ناهاوسانان چووبووم بۆ مەشهەد، لەلایەن شارەوانییەوە بۆ دیمانەیەکی تەلەڤیزیۆنی ئینتەرنێتی بانگهێشت کرام. بانگهێشتەکەیانم قبووڵ کرد و جگە لە دەرەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکانم لەسەر ئەم بابەتە هیچی ترم باس نەکرد، بەڵام دیسان لەلایەن موحافیزەکارانی حکوومەتی یان گرووپەکانی سەر بە عەلەمولهودا، پێشنوێژی هەینی مەشهەد، ڕووبەڕووی کاردانەوەی تیژ بوومەوە. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دژایەتیکردنیان ئەوە بوو کە من پەنجەم خستبووە سەر بابەتگەلێکی هەستیار کە بۆ ئەوان وەک شەرەف وا بوو.

وەک وتم بە پێی دەستکەوتەکانمان، مەشهەد چەقی سیغەی جیهانی ئیسلامە و ئەم خاڵەش بە دڵی پیاوماقوڵانی مەشهەد نەبوو. لە کاتی لێپرسینەوەکانمدا لە زیندانی ئێڤین، بۆم دەرکەوت کە زۆربەی پشکنەر و لێپێچەرەکانم خەڵکی مەشهەدن و لەلایەن باندێکی مەشهەدییەوە گیرابووم و دادگایی دەکرام! لە هەمان کاتی لێپێچینەوەدا چەندین جار باسی متمانەپێکراوی و داینامیک و کەموکوڕیی فۆرمی و زانستیی کارەکانمانی دەکرد و بەردەوام ئاماژەی بە توێژینەوەی "ماڵێک لەسەر ئاو" دەدا. ئەوەی بۆ من سەرنجڕاکێش بوو ئەوە بوو کە ئەفسەرێکی ئاسایش سەبارەت بە بابەتێکی زانستی لێدوانێکی لێبڕاوە بەڵام هەڵە بدات. دیارە بە لامەوە سەیر بوو. ئەڵبەت دەمزانی کە ئەمانە لەگەڵ کەسانێکی وەکوو سینا کەلهوڕ و هاوئیدۆلۆگەکانی هاوبیرن. دواتر بینیم گرووپێکی سێ کەسی لە وتارێکدا ڕەخنەیان لە کتێبەکە گرتووە و مانۆڕێکی زۆریان لەسەر داوە. لانیکەم دووانیان سیڤی و پیشەی سەیریان هەبوو. ناوی ساڵحەی خودادادی، مامۆستای توێژینەوەی زانستیی ژنان لە زانکۆی ئەدیان و

مەزاهیبی قوم و موحسین بەدرە، مامۆستای یاریدەدەری توێژینەوەی ژنان و ئەندامی لێژنەی زانستیی گرووپی توێژینەوەی ژنان لە زانکۆی ئەلزەهرا و هەروەها خوێندکارێک ئەم وتارەیان نووسیبوو. سی‌ڤی کارییان بە ڕوونی نیشانی دا کە سەر بە کوێن. نموونە وتارەکانیان ئەمانە بوون: " شیکاری و ڕەخنەی پێکهاتەی تەفسیریی فەزلوڵڕەحمان وەک بنەمایەکی شێوازناسی بۆ هەندێ خوێندنەوەی ژنانەیی لە قورئانی پیرۆز "[1] و " ڕوانینێک بۆ سیاسەتەکانی زاوزێ لە ئێران لە ساڵی ١٣٣٠ – ١٣٢٥ هەتاوی (١٩٤٦-١٤٥١) و بەراورد لەگەڵ هەندێ لە وڵاتانی دیکە."[2].

January 31, 2020

اندیشکده خرد جنسی

سلام بر دوستان و مخاطبین خرد جنسی
✍یاسر عرب

1: ما در این مجموعه سعی کردیم توصیفی روشن از زیست جنسی ایرانیان و منظومه چالشها و مسائل آن داشته باشیم.

2: این مجموعه بدون هیچ حمایت دولتی یا حکومتی و تنها با یاری شما مخاطبین و همکاری سایت آپارات تولید شد.

3: تا کنون سی و نه روایت را در سی و نه قسمت تقدیم شما کرده ایم. اما قسمت سی هشتم این مجموعه (ختنه ی دختران در ایران/ ارائه جناب کامیل احمدی) پس از گذشت چهل و هشت ساعت به درخواست نهادی امنیتی حذف شد. ایشان در مجموع سه ارائه داشته اند که در حال حاضر به تصمیم نهادی امنیتی، و تمکین شورای سردبیری خرد جنسی بارگذاری آنها میسر نیست.

4: اینک به پایان فصل دوم توصیف رسیده و آماده ی ضبط فصل سوم هستیم. این فصل شامل گفتگوی جمعی بین اساتید ارائه دهنده دو فصل دیگر و نیز با حضور

سڵاو هاوڕێیان و بەردەنگانی ئەندێشەی سێکسی

نووسەر: یاسر عەرەب

١. ئێمە لەم کۆمەڵەدا هەوڵمان دا پێناسەیەکی ڕوونمان لە ژیانی سێکسیی ئێرانییەکان و سیستەمی ئاڵنگاری و پرسەکانیان هەبێت.

٢. ئەم کۆمەڵە هیچ پاڵپشتییەکی دەوڵەتی یان حکومەتی نییە و تەنیا بە هاوکاریی ئێوەی بەردەنگ و هاوکاریی سایتی ئاپارات بەرهەم هێنرا.

٣. هەتا ئێستا سی و نۆ گێڕانەوەمان لە سی و نۆ بەشدا پێشکەشی ئێوە کردووە. بەڵام بەشی سی و هەشتەمی ئەم کۆمەڵە (خەتەنەکردنی کچان و ژنان لە ئێران/نووسەر بەڕێز کامیل ئەحمەدی) دوای تێپەڕینی ٤٨ کاتژمێر لە سەر داوای ناوەندێکی ئەمنێتی لا برا. بەڕێزیان بە گشتی سێ بەرهەمیان بووە کە لە ئێستادا بە بڕیاری ناوەندێکی ئەمنێتی و گوێڕایەڵیی سەرنووسەری ئەندێشەی سێکسی ئیتر دابەزاندنی ئەم بەرهەمانە مەیسەر نییە.

٤. ئەوە دەگەینە کۆتایی بەشی دووهەمی پێناسەکردن و ئامادەی تۆمارکردنی بەشی سێیەن. ئەم بەشە بریتییە لە گفتوگۆی نێوان کۆمەڵێک لەو مامۆستایانەی دوو بەشی دیکەیان پێشکەش کرد و بە ئامادەبوونی

● وێنەی ٣٤٣- وێنەی تێلێگرامی یاسر عەرەب و سڕینەوەی وتار و دیمانەکان لە لایەن سپای پاسدارانەوە

---

١. تحلیل و نقد شاکلهٔ نظریهٔ تفسیری فضل الرحمن به مثابهٔ مبنایی روش‌شناختی برای برخی خوانشهای زنانه‌نگر از قرآن کریم

٢. نگاهی به سیاست های تولیدمثل در ایران از سال ١٣٣٠ تا ١٣٢٥ و مقایسهٔ آن با برخی کشورهای دیگر

دوای "ماڵێک سەر ئاو" هیچ کتێبێکی من لە ئێراندا چاپ نەکرا. ئیتر مۆڵەتی چاپکردنیان بە بەرهەمەکانم نەدا و ئەو ماوەیەش کە زیندانی بووم، بە هۆی هەڕەشەی ئیتلاعاتی سپاوە هەموو دیمانە و وتارەکانم لە ئەرشیڤی ماڵپەڕە زانستییەکان و ئەرشیڤی وتارە زانکۆییەکاندا سڕدرایەوە.

دەقی توێژینەوەی هاوسەرگیریی سپی بەناونیشانی «ماڵێک بە درگایەکی ئاوەڵاوە" لە ڕێگەی چاپخانەی شیرازەوە ناردبووم بۆ وەزارەتی ئیرشاد بۆ ئەوەی مۆڵەتی چاپی بۆ وەربگرم. ماڵپەڕی وەزارەتی ئیرشاد ڕایدەگەیاند کە بەرهەمەکە لە ژێر تاوتوێکردندایە، بەڵام هیچ هەواڵێک نەبوو. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە کتێبەکانی دیکەی هەمان چاپخانە لە ماوەی یەک دوو مانگدا مۆڵەتیان پێدرابوو. نیگەرانییەکان زیاتر دەبوو، کەشەکە ئەمنیتر و تەنگ و چەڵەمەکان تا دەهات پتر دەبوون. لێرە و لەوێ پێیان دەگوتم: "کامیل، چیتر بۆت نییە کار بکەیت. ئەمە دوا پرۆژەی تۆ دەبێت لە ئێران ... ." چالاکیی میدیایی سەبارەت بە هاوسەرگیریی منداڵان هێشتا بەردەوام بوو و منیش بەردەوام هەوڵم دەدا کە پەیوەندییەکی هاوسەنگ لە نێوان دەستکەوتە توێژینەوەییەکانم و پەیوەندیم لەگەڵ میدیاکان ساز بکەم، بەڵام خۆم بە کایەی باڵباڵێنەوە نەگلێنم. دیارە تازە بۆ ئەم خۆپارێزییانە زۆر درەنگ بوون. من تێگەیشتم کە لە ژێر چاودێریدام، چەند کەسێک لە ژێر ناوی ڕاستەقینەی خۆیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئیکس و ئینستاگرام، ڕۆژنامەی کەیهان و ماڵپەڕی بەناوبانگی ئیتلاعاتی سپا واتا مەشرق نیوز، ڕەخنە و شیکارییان لە دژی من بڵاو دەکردەوە.

سەبارەت بە هاووڵاتییانی پلە سێ!

بڕیارێکی بوێرانە بوو، هەڵبەت بە ڕای من. زۆر کەس پێیان وا بوو کە کارکردن لەسەر کەسانی ناهاوسان یان هاوڕەگەزخواز، ئەویش لەو بارودۆخەی منداکارێکی گەمژانەیە، بەڵام من دەمویست لە سەر جڤاتی ئیڵ جی بی تی کیوپڵاس (LGBTQ+) لە ئێران بکۆڵمەوە و هۆگرییە سێکسییە جیاوازەکان لە فەرهەنگ و بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ئەمڕۆی کۆمەڵگای ئێراندا بپشکنم و بابەتی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان و تێڕوانینی جێندەری بۆ کچان و کوڕان تاوتوێ بکەم. من نەمدەزانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران تەحەمولی ئەم لێکۆڵینەوە و دەرەنجامەکانی دەکات یان نا و بەردەوام لە خۆمم دەپرسی، ئایا دەتوانم ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوانە لە ئێراندا بڵاو بکەمەوە؟ ئەگەر لە دەرەوەی وڵات چاپ بکرایە، تووشی چ لێکەوتەیەک دەبووم و ئایا دەتوانم لە ئێران درێژە بە ژیانی کاری و توێژەری بدەم؟

دواجـار بڕیـاری کۆتاییـم دا. سـەرەڕای هەمـوو نادڵنیایـی و مەترسـییەکان لەبـەر دوو هـۆکار ئـەم کارەم کـرد: یەکـەم هـۆکار ئـەوە بـوو کـە هەسـتم دەکـرد زۆر ناخایەنـێ کـە دەسـت و قاچـی کارکردنـم لـە ئێرانـدا شـەتەک دەدەن و هـەر بینـا دەسـتگیریان کـردم، یـان ناچـار دەبـم ئێـران بەجێبهێڵـم. کەواتـە بـاشتر بـوو ئـەم دەرفەتـە بقۆزمـەوە. هـۆکاری دووەم ئـەوە بـوو کـە دەمتوانـی داتـا و زانیاریـی مەیدانـی کـۆ بکەمـەوە و بڵاوکردنەوەکـەی بـۆ کاتێکـی تـر دوا بخـەم. هۆکارێکـی دیکەشـم هەبـوو کـە زیاتـر زانسـتی بـوو. ئێمـە دوای هاوسـەرگیری سـپی دەسـتمان کـرد بـە لێکۆڵینـەوە و توێژینـەوە لـە سـەر کەسـانی ناهاوسـان یـان هاوڕەگەزخواز، لـە کاتـی لێکۆڵینـەوە لـە سـەر هاوسـەرگیریی سـپی بۆمـان دەرکـەوت کـە کۆمەڵێـک کەسـی ناهاوسـان پێکـەوە دەژیـن. ئـەو کـچ و کوڕانـەی کـە بـە ئیشـێکەوە خەریکبـوون و داهات و ژیانـی سـەربەخۆیان هەبـوو، پێکـەوە دەبـوون بـە هاومـاڵ. لـە ڕواڵـەت و فەرهەنگـی بـاوی ئێرانـدا ئـەم بابەتـە ئاسـایی و سروشـتی بـوو، بەڵام بەشـێک لـەم هاوژیانییـە سێکسیشـی لەگـەڵ بـوو. لێبـڕاوە بـەڵام وریـا و بێدەنـگ دەسـتمان بـە کارەکـە کـرد. ستراتیـژی مـن ئـەوە بـوو کـە بـە پێـی ئەزموونـی کارکردنـم لەسـەر بابەتەکانـی هاوسـەرگیریی کاتـی و هاوسـەرگیریی سـپی، لـە سـەر کاری مەیدانیـی ئـەم بابەتـە لـە هـەر سـێ گەورەشـاری ئیسـفەهان و مەشـهەد و تـاران کـە کۆمەڵگـەی ناهاوسـان لـەوێ زۆر و زەق بوو، ئیش بکەم.

دیـارە لـە شـارەکانی دیکـەی ئێرانیشـدا گرووپـی ناهاوسـان یـان

وێنەی ٣٤٤ – کەناڵێکی ئێل.جی.بی.تییەکان

هاوڕەگەزخـواز دەبینرێـن، بـەڵام لـەم شـارە گەورەکانـدا یەکگرتووتـر ئیشـیان دەکـرد و دەسـتڕاگەیشتن بـەوان ئاسـانتر بـوو. ئـەم لێکۆڵینـەوە کۆمەڵێـک تازەگـەری هەبـوو: بۆمـان دەرکـەوت کـە کۆمەڵگـەی ناهاوسـانانی ئێرانـی زۆر تەکووزتـر و ڕێکخراوتـر لەوەیـە کـە ئێمـە بیرمـان لێدەکـردەوە. بـە لامانـەوە سـەرنجڕاکێش بـوو کـە زۆربـەی گـرووپ و تاکـەکان بـە جۆرێـک پێوەنـدی و شـوێنی کۆبوونـەوە و مەکـۆی تایبـەت بـە خۆیانیـان هەیـە و زۆر جـار لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا یـەک دەگرنـەوە.

لـە شـاری مەشـهەد دوو پـارک هـەن کـە لـە نـاو خەڵکـی شـارەکەدا بـە شـوێنی کۆبوونەوە و مەکـۆی پەیوەندیـی هاوڕەگەزخـوازان نـاسراوە. لـە تـاران، پارکەکانـی لالـە و دانیشـجوو و چەنـد جێگایەکـی دیکـە شـوێنی کۆبوونـەوەی ئـەو گرووپانـە بـوون. هەڵبـەت ئـەم پارکانـە لـە ڕابـردووەوە تەنانـەت لـە سـەردەمی حەمەڕەزاشـادا شـوێنی کۆبوونەوەی کەسـانی ناهاوسـان و هاوڕەگەزخـوازی پایتەخـت بـوون و خەڵـک ئـەم شـوێنانە دەناسـن. خاڵـی جێـی سـەرنج ئـەوە بـوو کـە بوونـی ئـەم گرووپانـە لـە پارکـەکان و پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانیـان تـا ڕادەیـەک لەلایـەن پۆلیسـەوە چاوپۆشـی لـێ دەکـرا.

ئێمـە لـە توێژینەوەکانمانـدا پەیوەندییەکـی مانادارمـان لـە نێـوان ئـەم گرووپانـە و هێـزی پۆلیسـدا بـەدی کـرد کـە لەلایـەن کەسـانی ئێڵ.جی.بی.تـی یـان ناهاوسـانانەوە پشتڕاسـت کرایـەوە. ئەگـەر کۆمەڵگـەی ناهاوسـانان پتر لـە شـەش یـان حـەوت کـەس بایـەن، ئـەوە کاردانـەوەی پۆلیسـی لێدەکەوتـەوە. ئـەوان بـە ماتۆڕسـکلیتەکانیانەوە دەسـوڕانەوە، بـە شـێوەیەکی نارِاسـتەوخۆ پێیـان ڕادەگەیانـدن کـە زۆرن و دەبـێ بڵاوەی پـێ بکـەن. هەمـوو توێژەرێـک بـۆ زانینـی ئـەو نهێنییـە نەنووسراوانـە و لێکۆڵینـەوە لـە سـەر شـێوازی ژیانـی ئـەو کەسـانەی کـە دەکەونـە بـەر جیاکاریـی و هەڵاواردنـی فەرهەنگـی و یاسـایی، کونجکـۆڵ دەبێـت. ئـەم بەشـە زۆر گرنگـە کـە پێـی دەڵێـن بینینـی بەشـداربووە مەیدانییـەکان، زۆر جـار چەندیـن هەفتـە پێـشتر، لەلایـەن خـۆم و یاریـدەدەری یەکەمـی توێژینەوەکـە ئەنجـام دەدرا و دواتـر پرسـیارکەرانم دەهێنایـە نـاو کاری مەیدانـی و دیمانـەوە.

جگـە لـە بەڵگـە مەیدانییـەکان و پێداچوونـەوە بـە ئەدەبیاتـی تیـۆری و توێژینەوەکانـی پەیوەسـت بـە بابەتەکـە، بەشـێکی دیکـەی کارەکـە نووسـینی گەڵاڵـەی یەکەمـی توێژینـەوە بـوو و پێـش ئـەم قۆناغانـە، ئێمـە بەشـی تیۆریـی بابەتەکەمـان تاوتـوێ دەکـرد. هـەر لـەم قۆناغەدایـە کـە پوتانسـێل و ئیمکانـی جێبەجێبوونـی توێژینەوەکـە هەڵدەسـەنگێنی و بـۆ دەسـتپێکردن و چۆنیەتیـی دەسـتپێکردنی کارەکـە بڕیـاری کۆتایـی دەدەی. ئـەو دەگمـەن لێکۆڵینەوانـەی کـە لـە نـاو ئێرانـدا ئەنجـام درابـوون و بەڵگـە سـەرەتاییەکان گوزارشـت لـەو گوشـارانە دەکـەن کـە بـە سـەر گرووپـە هاوڕەگەزخوازەکانـدا دەسـەپێندرێت.

هەڵسـوکەوتی پـڕ لـە سـووکایەتیی خانـەوادە و کۆمەڵـگا بەرامبـەر بـە هاوڕەگەزخـوازان

(ناهاوسانان)، نەبوونی هەڵی کاری یەکسان و خوێندن، هاووڵاتیی ڕەگەزی سێیەم بوون و هەڵاواردن بەتایبەتی بەرامبەر بە کەسانی ترەنس زۆر ئاشکرا و دیار بوو. چونکە هاوڕەگەزخوازانی دیکە لە ڕواڵەتیاندا هاوڕەگەزخوازی یان ناهاوسانیان پێوە دیار نەبوو و هۆگرییە سێکسییەکەیان شاراوە بوو، بەڵام ترەنسەکان ڕواڵەتیشیان گوزارشتی لە ناهاوسانیان دەکرد و وەک خۆیان دەیانگوت ئەم ڕواڵەتە ئەوەندەی دیکە سەرئێشەی بۆ ساز کردوون. تیتاڵی و سووکایەتی و تەنانەت توندوتیژی کە نەک هەر زارەکی بەڵکوو هەندێک جار شێوازی جەستەیی و ڕەگەزیشی بە خۆوە دەگرت، شتێک نەبوو کە کەس نەیبینێت. ئەو جیاوازی و دابەشکارییانەی نێوان ئەوان و خەڵکی دیکە دەبووە هۆی ئەوەی کە ئەم ناهاوسانانە زیاتر لە لایەن کۆمەڵگاوە بتارێنرێن و دوور بخرێنەوە و لە ئەنجامدا بە سووکایەتییەوە لە زۆر خزمەتگوزاری و ئیمکانیات و بوارەکانی پێوەندی و تەنانەت کار و کاسبیش بێبەش دەبوون و نەیاندەتوانی لەگەڵ خەڵک تێکەڵ ببن.

بە لێکۆڵینەوە لە سەر گرووپی ئێڵ.جی.بی.تی (LGBT)، کە بە توێژی خوارەوەی کۆمەڵگا دادەنران، هەندێک خاڵی سەرنجڕاکێشمان بۆ دەرکەوت. بۆ نموونە ئەم گرووپە کپ و سڕکراوانە هەر چەندە پەراوێز خراون، بەڵام کۆڵنەدەرانە هەوڵ دەدەن بڵێن ئێمە هەین. ئەم گرووپە ناوبەناو، ناوچە و جوگرافیایەکی سنووورداری فەزای گشتی داگیر دەکەن و بە بوێری و خۆڕاگرییەوە دەیپارێزن. توێژینەوە لە سەر ئەم گرووپانە کارێکی هەر وا ئاسان نەبوو. ئەوان بەزەحمەت متمانەیان بە ئێمە دەکرد و هۆکار و ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکەش بۆیان ڕوون نەبوو. دەبوو هەوڵمان بدایە کە ناسنامەی ئەو کەسانە بپارێزین و سنوورە ئەخلاقییەکان نەبەزێنین. وێڕای ئەوەی کە لە ڕووی ئاسایش و ئەمنییەتەوە بە قۆناغێکی هەستیار و پڕ لە دڵەڕاوکێدا تێدەپەڕیم، هەر لەو سەروبەندەشدا بۆ کۆنفرانسێک لە ئیتاڵیا بانگهێشت کرام کە هەستم کرد بە هۆیەوە دەتوانم چەند ڕۆژێک لە کەشەکە دوور بکەومەوە و هێز و وزەم بێتەوە سەر خۆ.

وێنەی ٣٤٥ – ڕۆما، ئیتاڵیا، ٢٠١٧

بەشە سەختەکە ئەوە بوو کە نەمتوانی لەگەڵ هاوکارەکانم باسی ئەم گوشارانە بکەم و ناچار بووم بە ڕووخسارێکی نۆرماڵ و ئاسایی ڕۆڵی چاودێر و بەڕێوەبەرێک لە خۆم پیشان بدەم. هەر جووڵەیەکی هەڵە دەیتوانی

ببێتـە هـۆی لەقاودانـی توێژینەوەکـە و دەبـوو بـە خێرایـی و بـە وریاییـەوە توێژینەوەکـەم پێـش بخسـتایەت. کەواتـە بـە زۆرترین ژمـارەی پرسـیارکەر و بـە وردترین شـێوە چووینـە نـاو مەیدانـی توێژینـەوە. دیـارە بودجـەی ئـەم توێژینـەوە لەوانـی دیکـە زیاتـر بـوو و نیگەرانییـە داراییەکانیـش بـە هـۆکارە ستریسزاکانـی دیکـە زیـاد کرابـوو. لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا، بـۆ دابینکردنـی ئەمنییـەت و سـەلامەتیی هاوکارەکانمـان، کـەمتر دەچووینـە شـوێنی ژیانـی کەسـەکان و زیاتـر دەچووینـە کافـە و مەکۆکانیـان و لـەوێ دەمانبینیـن. تێچـووی هەندێـک لـەم شـوێنە فانتـزی و لووکسـانە یەکجـار زۆر بـوو، بـەڵام چـارم ناچـار بـوو، دەبـا لـە کەمتریـن کاتـدا، توێژینەوەیەکـی مەیدانیـی ورد و پڕنـاوەڕۆکمان ئەنجـام بدایـەت.

باڵادەستیی فێمینیزمی ڕادیکاڵی چەپ

کاتـی کارکـردن لەسـەر پروپـۆزاڵ و توێژینـەوە سـەرەتاییەکانی ئـەم پـرۆژە، هەوڵـم دا پەیوەنـدی بـە هەندێـک چالاکوانـی کۆمەڵایەتیـی هاوڕەگەزخـوازان (ناهاوسـانان) لـە دەرەوەی ئێـران بکـەم. بـە پێچەوانـەی چاوەڕوانییەکانـی مـن، جگـە لـە چەنـد کەسـێک نەبـێ، ئەوانـی دیکـە پێیـان خـۆش نەبـوو قسـە بکـەن یـان هـاوکاری بنوێنـن و زۆربـەی ئەوانـەش کـە ئامادەیـی خۆیـان ڕاگەیاندبـوو، بەڵێنەکەیـان نەبـردە سـەر! ئـەم جـار داوام لـە دوو هـاوکارم کـرد کـە خۆیـان وەک خوێنـدکار بناسـێنن و داوای هـاوکاری بکـەن، تەنانـەت یەکێـک لـە هاوڕێکانـم کـە لـە دەرەوەی ئێـران دەژی، پێـم وت هـەوڵ بـدا بـە ناسـاندنی خـۆی پەیوەندییـەک سـاز بـکا بـەڵام ئەنجامـی نەبـوو و هیـچ هۆگرییەکیـان بـۆ هـاوکاری و هاوبەشـکردنی زانیارییەکانیـان نەبـوو. بـە درێژایـی چەنـد سـاڵ کارکـردن، فێـر ببـووم کـە تەنانـەت بـۆ کارکـردن لـە بـواری بابەتـە کۆمەڵایەتی و مرۆیـی و تەنانـەت مافەکانی مرۆفیشـدا مەرزبەنـدی و قەڵەمـڕەو و هەسـتکردن بـە خاوەندارێتـی هەیـە. بـە جۆرێـک دەتوانیـن بڵێیـن کـە تاوتوێکردنـی ئـەم پرسـە مرۆییانـە بووەتـە جۆرێـک لـە پیشەسـازی.

ئەڵبـەت لـە جیهانـی سـەرمایەداریدا هەمـوو شـتێک ئـەم حاڵەتـەی بـە خـۆوە گرتـووە، بـەڵام هەسـتم کـرد کـە بازنـەی هەسـتیاری و منییەتخوازیـی زانسـتی و کاری لـە بـواری ناهاوسـانان (هاوڕەگەزخـوازان)دا لـە بوارەکانـی دیکـە زیاتـر بـوو. پێـم وایـە بەشـێک لـە هۆکارەکـە ئـەوە بـوو کـە مـن لـە نـاو ئێرانـدا کارم لەسـەر ئـەم بابەتـە دەکـرد و ئەگـەری ئـەوە لـە ئـارادا بـوو کـە ئەنجامـی لێکۆڵینەوەکانـم لەگـەڵ لێدوانـی فەرمـی و ڕێکخراوەیـی هەندێـک لـە ئێن.جی.ئـۆ داکۆکیکارەکانـی مافـی ناهاوسـانانی دەرەوەی ئێـران ناکـۆک بـێ و لـە ڕەوتـی کاریانـدا ئاسـتەنگ دروسـت بـکات. جگـە لەمـەش وا دیـار بـوو پرسـی سـەرەکی، ڕکابەرایەتـی و ترسـی لەدەسـتدانی پێگـە بـوو. ڕەنگـە تێگەیشـتنی مـن دروسـت نەبـێ،

بەڵام هەر چییەک بێ، جگە لە چەند کەسێک، چالاکانی ئەم گرووپە پێشوازی یان هاوکارییەکی ئەوتۆی من و ئەوانی دیکەیان نەکرد.

لە درێژەی کاردا تووشی هەندێک شتی سەیر بووم. جیاوازیی بنچینەیی و ململانێی بەردەوامی نێوان ئەم گرووپانە لەگەڵ چالاکانی مەدەنی پرسێکی گرنگە. وێڕای ئەوەی کە لە دەرەوەی ئێران لە ڕۆشنبیرەوە بگرە هەتا دەگاتە فێمینیست، پێکەوە جیاوازی و ناکۆکییان زۆرە. هەندێک لە گرووپە هاوڕەگەزخوازەکان هەڵوێستێکی توندیان دژی گرووپە فێمینیستە بەهێز و ڕێکخراوەکان هەیە. تەنانەت هەندێک لە هاوڕەگەزخوازەکان پێیان وایە کە کەسانی ناهاوسان (هاوڕەگەزخواز) کەوتوونەتە ژێر ڕکێفی فێمینیستە چەپە توندڕەوەکان و ئەو سەرنجڕاکێشییە گەردوونییەی کە جیهانی ڕۆژاوا بە LGBTQ+ بەخشیوە، بۆ خۆیان و ئامانجەکانی خۆیانی دەقۆزنەوە. هەروەها ئەم ڕەخنە دەورووژێنن کە ئەم پابەندبوونە ئایدۆلۆژیکی و داراییە هیچ بە قازانجی گرووپە ناهاوسانەکان (هاوڕەگەزخوازان) نییە و پێویستە خۆیان لە فێمینیستەکان دوور بگرن.

بێگومان ئەم بابەتە، نەک هەر ناهاوسانانی هاوڕەگەزخواز، بەڵکوو هەموو گرووپە خەسارهەڵگرەکانی دیکەی کۆمەڵگاش دەگرێتەوە. ئەم گرووپانە لە لایەن کۆمەڵێک دامەزراوەوە پاڵپشتی دەکرێن، بەڵام ئاگایان لەوە نییە کە ئەم دامەزراوانەش هەڵوەدای بەرژەوەندیی خۆیانن و کەڵکاوەژۆیی لە ناوی گرووپە خەسارهەڵگرەکان دەکەن بۆ ئەوەی سوودە خوازراوەکانیان بەدەست بهێنن. دوای کەمێک گرووپە خەسارهەڵگرەکان درک بەو بابەتە دەکەن و هەست دەکەن بوونەتە قوربانیی ئەم ناوەندانە و تووڕە دەبن.

لە ئێراندا بۆ یەکەم جار، ئەم توێژینەوە لە ڕێگەی دیمانەی قووڵ لەگەڵ سێسەد کەسی ناهاوسانی هاوڕەگەزخواز ئەنجام درا، کە ٦٠ لەسەدیان لە ڕووی بایۆلۆژییەوە پیاو و ٤٠ لەسەدیان ژن بوون، هەرچەند هەندێکیشیان دووڕەگەز و یان بێ‌ڕەگەز بوون و خۆیان بە هیچ کام لە دوو ڕەگەزی ژن یان پیاو نەدەبەستەوە. لە هەر سێ کەڵەشاری تاران و مەشهەد و ئیسفەهان چڕ بووینەوە و ئاڵنگارییەکانی دەرهاویشتەی گۆڕانکارییە هاوچەرخەکانی پێوەندیی ڕەگەزێتی و چۆنیەتیی ئەم کارلێکانەمان لە ئێراندا تاوتوێ کرد. لەم لێکۆڵینەوەدا چوارچێوەی تیۆری و شێوازمەندمان پێشکەش بە خوێنەران، ناهاوسانان (هاوڕەگەزخوازان)، زانکۆکان و ناوەندەکانی توێژینەوە، چالاکانی گشتی و کۆمەڵایەتی و خوێندکاران کرد.

ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوە بریتی بوون لە تێگەیشتن لەو هەست و باوەڕانەی کە خەڵک لەبارەی هاوڕەگەزخوازانەوە هەیانە، کە ئێمە لە ڕێگەی شیکاریی ڕەخنەیی و بە گوێرەی ڕوانگەی خودی ئەم کەسانەوە پێی گەیشتین. ئامانجێکی دیکەی ئەم توێژینەوە ئەوە بوو کە ئاڵنگارییەکانی ژیانکردن لە ناو کۆمەڵگەیەکی

ئایینـی، چینایەتـی، نەریتـی و پیاوسـالاردا – کـە ناهاوسـانی (هاوڕەگەزخوازی) وەک شـوناس ڕەت دەکاتـەوە – تاوتـوێ بـکات. ئـەم توێژینـەوە وەک چەنـد بەرهەمەکـەی پێشـووتر و کەمێک قـووڵتر، سـەرەتا بـە زمانـی ئینگلیـزی نـووسرا و تێیـدا ڕوانگـەی دیاردەناسـی، هێرمینۆتیکـی، پاشمۆدێـرن و دەروونناسـیمان بەکارهێنـا بـۆ ئـەوەی میتۆدێکـی ئاوێتەیـی و تیـۆری دروسـت بکەیـن کـە بـۆ هـەر لێکۆڵینەوەیـەک کـە لەسـەر ئەزموونـی ناهاوسـانی دەکرێـت، گونجـاو بـێ و ئەزمـوون و هەسـتی پرسـیارکەران و توێژەرانیـش لەخـۆ بگرێـت.

لـە کۆتایـی ئـەم بەرهەمـەدا، دوای چەندیـن قۆنـاغ و کۆبوونـەوەی درێژخایەنـی دابارینـی هـزری و کۆدینـگ و هەڵێنجاندنـی مۆدێـل و شـیکاریی گێڕانـەوە مەیدانییـەکان، دەقـی سـەرەتاییم بـۆ دووبارەخوێندنـەوە ڕادەسـتی چەنـد ڕاوێـژکار و شـارەزای بوارەکانـی کۆمەڵناسـی، دەروونناسـی، یاسـا و توێژینـەوەی ئایینـی کـرد و پاشـان بـۆ سـەر زمانـی فارسـی وەرگێـڕدرا. نـاوی توێژینەوەکەمـان نـا "شـاری قەدەغەکـراو" و دەقـە دوو زمانەکانـم دا بـە دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی مێهـری لـە لەنـدەن بـۆ ئـەوەی ئامادەیـان بـکات. لەسـەر ئـەوەش ڕێـک کەوتیـن کـە هەتـا مەرجەکان لەبـار نەبـن و خـۆم ڕامنەگەیاندبێـت، کتێبەکـە بڵاو نەکرێتـەوە. بـەڵام دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوە ئـەم کتێبـەی لـە حەوتـەی یەکەمـی دەسـتگیربوون و لێپرسـینەوەم، لـە سـاڵی ١٣٩٨ی هەتـاوی (٢٠١٩ ز)دا بڵاو کـردەوە.



● وێنەی ٣٤٦ – شاری قەدەغەکراو بە هەر سێ زمانی کوردی و فارسی و ئینگلیزی

کاتێـک پشـکنەرەکەم بـە تووڕەییـەوە ئـەم بابەتـەی هێنایـە ئـاراوە سـەرم سـووڕ مـا. دوای ماوەیەکـی کـەم لـە بڵاوبوونـەوەی ئـەم کتێبـە، چەندیـن چالاکـوان و بەنـاو سـەرکردەی هاوڕەگەزخـوازان (ناهاوسـانان) ڕەخنەیـان لـێ گـرت. تەنانـەت وێدەچـێ کـە لـە بابەتێـک شـەمزاون یـان پەشـۆکاون. پێـم وایـە لـە شـیکردنەوە و ڕێکارەکانـی ئـەم کتێبـەدا ئاماژەمـان بـەوە کردبـوو کـە هەنـدێ ڕێکخـراوە یـان ئێن.جی.ئـۆ لـە دەرەوەی ئێـران هـەن کـە

بوودجەیەکـی زەبـەلاح بـۆ پشـتگیریکردن و لێکۆڵینـەوە لـە سـەر کەسـانی ناهاوسـان (هاوڕەگەزخـواز یـان LGBT) وەردەگـرن. ئێمـە ئـەو خاڵـەشمان بـاس کـرد کـە ئەمـە شـتێکی سروشـتییە ئـەم کۆمەڵـە چالاکوانـە، هەواڵـی ئـەوە بـدەن کـە بارودۆخـی کەسـانی هاوڕەگەزخـواز لـە نـاو کۆمەڵـگای ئێرانـدا ناجێگیـر و ئەمنییـە و هەروەهـا ئـەم کۆمەڵـە پەیتـا پەیتـا ڕاپـۆرت و شـیکارییان لەسـەر لـە سـێدارەدان، بەردبارانکـردن، حوکمـی زیندانـی درێژخایـەن و ئەشـکەنجەدانی کەسـانی ناهاوسـان (هاوڕەگەزخـواز) بخەنـە ڕوو و لێـرە و لـەوێ بـە نـاوی بارودۆخـی بەڕۆژکـراوی ئێـران بڵاویـان بکەنـەوە. بێگومـان هەندێـک لـە سـەرچاوەکانی ئـەم ڕاپۆرتانـە گێڕانـەوەی هەندێـک لـە ئێڵ.جی.بی.تـی (LGBT)یـە کۆچبەرەکانـە کـە بـۆ بەدەسـتهێنانی مافـی پەنابـەری هەندێـک جـار ڕاپۆرتـی تـا ڕادەیـەک ناڕاسـتەقینە و هەندێـک جاریـش زیادەڕۆیانـە دەدەن. بوونـی ئـەو ڕاپۆرتـە ناڕاسـتانە بـەو مانایـە نییـە کـە ئێمـە نکۆڵـی لـە هەبوونـی ئـەو هـەڵاواردن و توندوتیژییـە بکەیـن کـە لـە کۆمەڵـگای ئێـران و حکوومەتـدا بەرامبـەر بـەو گرووپانـە دەکرێـت، بەڵکـوو بـە ئەزمـوون شـاهیدی ئامادەبوونـی سەرسـەختانەی هەندێـک بەنـاو سـەرکردەی ناهاوسـانەکان لـە کۆبوونـەوە گشـتییەکاندا بـووم و بینیومـە کـە لـە هەندێـک حاڵەتـدا حکومـەت و کۆمەڵـگا هیچ ڕێگەیەکی دیکەیان نەبووە جگە لەوەی کە چاوپۆشی لە بوونیان بکەن.

جیـاوازی و لێکدژیـی نێـوان ئـەرک و پەیامـی پیشـەیی و زانسـتیی ئێمـە و چالاکوانانـی دەرەوەی ئێـران وای کردبـوو کـە ئـەوان لـە ڕەخنـە و هێرشـکردنە سـەر ئێمـە نـەوەستن. نووسـخەی سـەرەتایی توێژینەوەکـە لـە پێشـدا بـە زمانـی ئینگلیـزی بڵاو کرایـەوە و ئەنجامەکانـی توێژینەوەکـە دەیتوانـی لێکەوتـەی بـۆ هەندێکیـان هەبـێ و لەگـەڵ ئەوەشـدا کاردانـەوەی ئـەو کەسـانەی لـێ بکەوێتـەوە کـە بودجەیـان بـۆ دابیـن کردبـوو. دەرخسـتنی زانیارییەکانـی ئـەم توێژینـەوە لـە لایـەن ئێمـەوە کـە هیـچ کەمپێنێـکمان نەبـوو و هیـچ ناکۆکییەکـی بەرژەوەنـدیمان لەگـەڵ کەسـدا نەبـوو، دەکـرا مەترسـیدار بێـت. مـن هـەم لـەوە تێدەگەیشـتم و هەمیـش چاوەڕوانـی کاردانەوەیەکـی لـەو شـێوەم دەکـرد، چونکـە مـن لەگـەڵ پێکهاتـەی ڕێکخراوەیـی و جـۆری تێڕوانینـەکان نامـۆ نەبـووم.

ئەمـە لـە حاڵەتێکـدا بـوو کـە لـە کاتـی لێکۆڵینـەوە و ئەنجامدانـی توێژینـەوەدا هەوڵـم دابـوو کەسـانی نـاو گرووپـە دژبـەرەکان و تەنانـەت ئەوانـەی بـاوەڕی ئایینیـی جیاوازیـان هەبـوو بخەمـە نـاو گرووپـی پرسـیارکەرەکانەوە و چەندیـن کەسـی ناهاوسـانم (هاوڕەگەزخواز) بـۆ هاوکاریکـردن لـە گرووپەکەمـدا دامەزراندبـوو. یەکێـک لـەو سـێ کەسـە ناهاوسـانەی کـە لـە گرووپەکـەی ئێمـەدا ڕۆڵـی پرسـیارکەریان دەبینـی و هاوکارییـان دەکردیـن، چالاکوانێکـی دووڕەگـەزی بـوو کـە یارمەتـی دەدایـن. ئـەو گەنجێکـی سـەر بـە کەمینـەی جوولەکەکانـی ئێـران بـوو و ڕوانگـەی سەرنجڕاکێشـی هەبـوو. کەسـێکی زانـا بـوو و یارمەتیمانـی دا بـۆ ئەوەی

لـە هەندێـک لـە ئاڵۆزییەکانـی کۆمەڵگـەی ئێڵ.جی.بی.تـی (LGBT) باشترتێبگەیـن.

توێژینەوەکانـی پەیوەسـت بـە کەسـانی ناهاوسـان (هاوڕەگەزخـواز) لـە دواییـن قۆناغـی خۆیـدا بـوو و ئێمـە مۆدێلـی تیۆریی زەمینەیـیمان[1] لەسـەر بنەمـای دەرەنجامەکانـی توێژینەوە دەرهێنابـوو بـۆ ئـەوەی بـە دواییـن شـیکاری بگەیـن، چاوەڕێـم دەکـرد کارەکـە بـە خێرایـی پێـش بچێـت. چونکـە ئـەو دوو کەسـەی کـە لـە بەشـی مەیدانیـدا هاریکارییـان دەکردیـن، بـە هـۆی نیگەرانـی لـە لێکەوتەکانـی ئـەم توێژینـەوە وازیـان لـە هـاوکاری هێنابـوو و ئەوانـی دیکـەش هێـواش هێـواش بەنیـاز بـوون کـە ماڵاوایـیمان لـێ بکـەن. مـن ناحەقیانـم نەدەگرت و نەمدەویسـت کارەکـە بگاتـە ئاسـتێک کـە شـەرمەزاریان بـم، بۆیـە لـە پێشـدا بەشـی مەیدانییەکـەیمان ئەنجـام دا و دوای ماوەیـەک کـە دڵەڕاوکـێ کـەم بـووەوە، دەسـتمان کـرد بـە شـیکردنەوەی ناوەڕۆکەکـە بـۆ ئـەوەی بـاشتر پێداچوونـەوە بـە ئاڵۆزییەکانـی کۆمەڵگـەی ئێڵ.جی.بی.تـی (LGBT) لـە ئێرانـدا بکەیـن و بیناسـین.

دوای تەواوکردنـی توێژینەوەکـە و گەیـشتن بـە نوسـخەی کۆتایی، دیمانـە و بەڵگەنامەکانم لـە فلاشـێکدا هەڵگـرت و لەنـاو لووسـتەری ماڵـەوە دامنابـوو. پاشـان ئیمەیلەکـەم پـاک کـردەوە و هەمـوو کۆششـی خـۆم خسـتبووە گـەڕ کـە هیـچ شـوێنپێیەکی ئـەم توێژینەوانـە لـە سـەر لەپتـۆپ و ئیمەیلەکانمـدا نەهێڵمـەوە، بـەڵام بێهـوودە بـوو. کاتێـک دەسـتگیر کـرام، هەمـوو زانیارییەکانیـان ڕێکاوێـری کـرد و هێنایانـەوە.

1.GT

بەشی پێنجەم

تێپەڕین لە بواری لێکۆڵینەوەی جێندەرتەوەر

تاوتوێی شوناس و ئێتنیک بە ئاراستەیەکی ئاشتی‌تەوەر

لەسەر شوناسی نەتەوە و ئێتنیکەکان لە ئێراندا لێکۆڵینەوەیەکی زۆر کرابوو، بەڵام کارکردن لەو بوارەدا لە زۆر ڕووەوە بۆ من گرنگ بوو. من سەر بە نەتەوە و گەلێکم کە ئاڵای شوناسخوازی نەک هەر لە ئێران بەڵکوو لە ناوچەکەدا بەرز ڕاگرتووە. کورد بەسەر چوار وڵاتی ئێران، تورکیا، سوریا و عێراقدا دابەشن و لە کەم کەس شاراوەیە کە زۆرینەی گەلی کورد لە دێرزەمانەوە خوازیاری سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی و پێکهێنانی نەتەوە و وڵاتێک بە ناوی کوردستانن. ماوەی دوو ساڵ و شتێ لە باکووری کوردستان ئیشم کردبوو. پێشینەی کار و ژیان لە باشوری کوردستان یان هەرێمی کوردستانم هەبوو و تا ڕادەیەکیش ڕۆژاوام دەناسی. لە سەردەمی خوێندکاریدا ئەم بابەتانەم دەخوێندەوە و بابەتی تێزەکەشم هەر پێوەندیی بە شوناسەوە بوو. بە وردەوە دەستم کرد بە توێژینەوەیەکی خەڵکناسانە و ئێتنۆگرافانە لەسەر شوناس و ئێتنیک و فۆرمی کۆمەڵایەتی لە ئێران.

وەک هەموو کارەکانی ترم سەرەتا چاوێکم بە توێژینەوەکانی پەیوەندیدار بەم بابەتە خشاند و هەستم کرد کە زۆربەیان دیدێکی سیاسی و تیۆریکیان بۆ پرسی ئێتنیک و نەتەوە و بەتایبەت کورد هەبوو، کە ئەمەش شتێکی چاوەڕواننەکراو نەبوو. لە زۆر حاڵەتدا بینیبووم کە توێژەرانی بواری زانستە مرۆییەکان کۆمەڵگای ئامانجیان فەرامۆش کردووە. دەرەنجامی ئەم ڕوانگە لە بواری سیاسەتدا تۆختر بوو و جگە لە خەسارە زاڵ و کلاسیکەکان، هەستیاریی حکوومەت و ئەو سانسۆرەی کە بە هۆیەوە دروست دەبێ،

زیانـی بـە توێژینـەوەکان گەیاندبـوو. دەقەکانـی لـە دڵـی مەیدانـەوە نەهاتبـوون و ئەنجامەکانیـش زۆر پەیوەندییـان بەخـودی کۆمەڵگـەی ئامانجـەوە نەبـوو. بۆیـە بڕیـارم دا کـە بەربڵاوتـر لـە کۆمەڵـگای نەتـەوەی کـورد بیـر لـە بابەتەکـە بکەمـەوە و وەک کارەکانـی دیکـەم لەسـەر ئاسـتی ئێـران توێژینەوەکـەم دەسـت پـێ بکـەم. لێکۆڵینـەوە لـە سـەر هەمـوو ئێتنیکـەکان لـە شـێوەی کاری مەیدانـی و بـە مەرجـی پابەندبـوون بـە پێـوەر و سـتاندارده زانسـتییەکان سـاڵانێکی زۆری دەخایانـد. بـە پشـتبەستن بـە ڕێـژەی حەشـیمەت، لیسـتێکی کورتـم لـە ئەولەوییەتەکانـی توێژینەوەکـەم دیـاری کـرد و پێنـج ئێتنیـک یـان بـە واتایەکـی تـر نەتـەوەی فـارس، تـورک، کـورد، بەلـووچ و عەرەبـم هەڵبـژارد. بـە ڕێنمایـی و هاوکاریـی چەنـد کارناسـێک، پلانێکـی سـەرەتاییمان لـە ژێـر نـاوی "لێکۆڵینـەوە و تێگەیـشتن لـە شـوناس و ئێتنیـک بـە ڕوانگەیەکـی ئاشـتیتەوەر لـە ئێرانـدا" نووسـی بـۆ ئـەوەی لـە ڕێگـەی دیمانـە لەگـەڵ بلیمـەت و خەڵکـی ئاسـایی ئـەو پێنـج ئێتنیکـە، بابەتەکـە تاوتـوێ بکەین.یەکـەم ئێتنیـک یـان نەتـەوە کـە لێکۆڵینـەوەی لەسـەر کـرا فـارس بـوو. زۆر وریـای ئـەوە بـووم کـە تەشـەنە بـەم ڕوانگـە نـەدەم کـە فـارس ئێتنیک یـان نەتـەوە نییـە. دواتـر چووینـە سـەر تـورک کـە دووەم ئێتنیک-نەتـەوەی پڕحەشـیمەتی ئێرانـە و پاشـان کـورد و بەلـووچ و عـەرەب. لـە نـاو کۆمەڵـگا و بەتایبـەت لـە نـاو چینـی خوێنـدەواری نافارسـدا مشـتومڕ و گفتوگۆیەک لـە گۆڕدایـە بـەو ئاراسـتەیەکە تەمـەن و دێرینیـی و ڕەسـەنایەتیی دوو هـەزار و ٥٠٠ سـاڵەی ئیمپراتۆریـەت و پاشـایەتی لـە ئێرانـدا بـە تونـدی شـێواوە و دەسـتکەوتی ناسـیۆنالیزمی ئێرانییـە. ئێـران، بـە مانـای نەتەوەیەکـی مۆدێـرن، هەتـا ئـەم دواییانـە بوونـی نەبـووە. لـە هەندێـک سـەردەم و حکوومەتـدا فۆرمـی تـری جگـە لـە پاشـایەتی هەبـووە و بازنـەی کـۆنترۆڵ و حوکمڕانیـی هـەر قۆناغێـک لەگـەڵ ئـەوی دیکـە جیـاواز و بگـۆڕ بـووە. لـە سـەفەرنامە بەردەسـتەکانی سـەدەی نۆزدەیەمـی زایینیـدا، پرسـیار لـە هەندێـک کـەس دەکـرێ کـە ئێـران لـە کوێیـە و زۆربەیـان بێئـاگا بـوون لـەوەی کـە نـاوی وڵاتەکەیـان ئێـران بـووە. ئێـران لـە سـەردەمە جیاجیاکانـدا حکوومەتـی جیاواز و هەمەچەشـنی بـە خۆیەوە

● وێنەی ٣٤٧ – کڵاش، کوڵەباڵ یان فەرەنجی و فەقیانە. لەگەڵ زاهیدی پوورزام، مەهاباد، ١٣٩٠ی هەتاوی (٢٠١١)

بینیـوە، هـەر لـە دەسـەڵاتی خەلافەتـی ئومـەوی و عەباسـی لـە سـەرەتای سـەدەکانی یەکەمـی ئیسلامییـەوە بگـرە هەتـا دەگاتـە قۆناغەکانـی دەسـەڵاتی هـەزار سـاڵەی تـورک - مەغـۆل بەسـەر ئێرانـدا. ئـەم خاکـە هەمیشـە گۆڕەپانـی حکوومەتـی نیمچـە ناوەنـد یـان خانخانـی بـووە. تەنانـەت لـەو سـەردەمانەش کـە حکوومەتـی زلهێـز و پڕدەسـەڵات بەسـەر ئێرانـدا زاڵ بـوون، لـەم جوگرافیـای ئـەم نیشـتمانەدا دەیـان حکوومەتی خۆجێیی و میرنشـینە نیمچەسـەربەخۆکان لـە ڕێگـەی باجدانـەوە، سـنووری دەسـەڵاتی خۆیـان دەپاراسـت. بـۆ نموونـە، میرنشـینی ئـەردەڵان بـۆ مـاوەی حەوتسـەد سـاڵ لـە سـەدەی حەوتەمـەوە تـا کۆتایی سـەدەی سـێزدەیەمی کۆچـی، بـە سـەر ناوچەیەکـی بەرفراوانـی کوردسـتاندا حوکمڕانییـان کـردووە و سـەردەمی دەسـەڵاتداریی میرنشـینی ئـەردەڵان هـەر خـۆی بـە تەنیـا شـان لـە شانی ماوەی دەسەڵاتداریی چەندین حکوومەتی ئێران دەدات.

هـەر لـە سـەرەتای کارەوە، پرسـیاری زۆر بـۆ کەسـانی بەشـداربوو دروسـت بـوو. بـۆ نموونـە بۆچـی لـوڕەکان لـەم توێژینـەوەدا ناویـان نەهاتـووە؟ خـۆ ئەگـەر لـە لوڕەکانـەوە دەسـتم پـێ بکردایـەت ئـەو کات پرسـیاری دوایـی ئـەوە دەبـوو کـە بۆچـی بەختیارییەکانی تێـدا نییە؟ یان قەشـقاییەکان لـە کوێـی ئـەم هاوکێشـەدا جێیـان دەبێتـەوە؟ چـی لـە کەمینەکانـی وەکـوو تورکەمـان دەکـەم؟ هەروەهـا گیلەکـەکان، مازەنییـەکان و نەتەوەکانـی دیکـەی باکـووری ئێـران، کـە هەندێکیـان ئیدیعـای سـەربەخۆییان هەبـوو. کـەم نەبـوون ئـەو کەسـانەی کـە بـە بەکارهێنانـی وشـەی ئێتنیـک بـۆ ناسـاندنی خۆیـان دەڕەنجـان و تـووڕە دەبـوون و خۆیـان بـە نەتـەوە و شـیاوی دەوڵـەت و وڵاتێکـی سـەربەخۆ دەزانـی. تـورک و کـورد و عـەرەب و هەندێـک ئێتنیک-نەتـەوەی تـر دەکەونـە ئـەم پۆلـەوە. تەنانـەت بەشـێک لـە هەورامییەکانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و زازاکانـی باکـووری کوردسـتان پێیـان وایـە کـە دەبـێ بـە ئێتنیکـی سـەربەخۆ هەژمـار بکرێـن.

هەمـوو ئـەم ئاڵۆزییانـە وای کردبـوو کـە بـە خۆپارێـزی و وریاییـەوە بەرەوپێـش بچـم. لـە ئەدەبیاتـی توێژینـەوە و ئـەم ژیاننامـەدا، بـە تـەواوی ئـاگاداری جیاوازیـی مانـا و چەمکـی سیاسـیی ئێتنیـک لەگـەڵ نەتـەوەدام، بۆیـە هـەوڵ دەدەم هـەر دوو چەمکەکـە بـە کار بهێنـم. هـەر چەنـدە بـە ڕوونـی و ڕاشـکاوی بـاوەڕەم بـە نەتەوەبوونـی کـورد هەیـە. پێـش و پـاش ئـەم لێکۆڵینـەوە وامدەزانـی کـە پێکەوەژیانـی ئاشـتییانە لـە ئێرانـدا ناسـکە و ئەگـەر کێشـەیەکی کۆمەڵایەتیـی جیـددی بکەوێتـەوە و ئـەم پێکـەوە ژیانـە تێـک بچـێ، قەیرانێکـی گـەورە سـەر هەڵـدەدات. لـە ئێرانـدا ئـەوە ئێتنیـک و نەتـەوەکان نیـن کـە ئـەم پێوەندییـە ئاشـتییانە تێـک دەدەن، بەڵکـوو ئـەوە دەسـتێوەردان و دنەدانـی ڕژێمـە دەسـەڵاتدارەکانە کـە تێکـدەری ئـەو پێوەندییانـەن. جگـە لـە بەڵگەنامـە مێژوویـیەکان، لـە سـاڵانی سـەرەتای ئینـقلاب و جەنگـدا شـاهیدی ئـەوە بوویـن کە ئێـران پوتانسـێڵی شـەڕی ناوخۆیی هەیە؛ شـەڕی تورکمەن‌سـەحرا،

شـەڕی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، شـەڕی باشـووری ئێـران و هەڵمەتـی چەکداریـی گرووپـە سیاسییەکان، ناسکی و لەرزۆکبوونی ئەم پێوەندییە پشتڕاست دەکاتەوە.

محەمەدرەزا بۆرۆنی
خاتوونێک کە لە وێنەکەی لای چەپی بەڕێزیان دانیشتووە، #تەیبە_سیاوەشی (نوێنەری مەجلیس) و دوێنێش #پەروانە_سەلەحشووری (نوێنەری مەجلیس) لە دانیشتنی پەردەلادان لە سەر کتێبەکەی بەشداربیان نواندبوو.

محەمەدرەزا بۆرۆنی
هەروەها بەڕێزیان یەکێک لە ڕاوێژکارانی سەرەکیی گەڵاڵەی بەرزکردنەوەی تەمەنی هاوسەرگیری لە ئێرانە.
گەڵاڵەیەک کە ئامانجەکەی ئەوەیە کە هاوسەرگیریی خوار تەمەن ١٨ ساڵان بە نایاسایی ڕابگەیێنێت.

بە ڕاستی پێویستە بەڵگەفیلمی #پریزیدێنت_ئاکتۆر_سینەما دیسان پەخش بکرێ و خەڵک ببینن.

ئەی لێرە نەبێ لە کوێ بێت؟

محەمەدرەزا بۆرۆنی
خاتوونێک کە لە وێنەکەی لای چەپی بەڕێزیان دانیشتووە، #تەیبە_سیاوەشی (نوێنەری مەجلیس) و دوێنێش #پەروانە_سەلەحشووری (نوێنەری مەجلیس) لە دانیشتنی پەردەلادان لە سەر کتێبەکەی بەشداربیان نواندبوو.

محەمەدرەزا بۆرۆنی
یاساکانی ئیسلام بە هی ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەزانێ، باوەڕی بە بەڕەڵایی سێکسییە، بکالۆریۆس و ماستەرەکەی لە بریتانیا وەرگرتووە، ئیشی ئەم کابرایە توێژینەوە لە پێناو ئامانجەکانی ڕێکخراوی نەتەوەکانە و کاری دیکەی نییە و ئەوەی لە هەموو سەیرترە ئەوەیە کە ئەم پیاوە لە ڕاوێژکارانی سەرەکیی فراکسیۆنی ژنانی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامییە.
#کامیل_ئەحمەدی

● وێنەی ٣٤٨ – وێنەی تویتەکان

لێکۆڵینەوەکـەم لەسـەر ئێتنیک-نەتـەوەکان نـەک تەنهـا لـە ڕوانگـەی خـۆم و بەڵگەنامـە

بەردەستەکان، بەڵکوو لەسەر بنەمای نیگەرانی و کێشەکانی خۆیان ئەنجام دا. تێگەیشتنی ئێتنیکەکان یان نەتەوەکان لە خۆیان و ئەویدی و ئەویدیسازی لەگەڵ گرووپەکانی تر، پێگەیان لە ناو پێکهاتەی سیاسی و ئابووری، تێڕوانینەکانیان سەبارەت بە یەکگرتوویی، بەشداریی سیاسی، جیاکاریی ڕەگەزێتی و ئایینی، زمانی دایکی و ناوەند – پەراوێز لەو بابەتانە بوون کە خستمە بەر تیشکی لێکدانەوە بۆ ئەوەی بزانم چەندە داواکارن و تا چەندە وڵامە بچووک و ڕووکەشییەکانی ڕژێمیان بۆ داواکارییە ئێتنیکییەکانیان قبووڵ کردووە. من بە ئەزموون دەمزانی کە ئابووری و ئەو نایەکسانییانەی کە بە هۆی ئابوورییەوە بەدی دەکرێت، زیاتر لە هەموو پرسەکانی دیکە هۆکاری گلەیی و گازندەی ئێتنیکەکانە و خۆیان لە دابەشکردنی یەکسانی سامانی نەتەوەیی بێبەش یان کەمبەهرەمەند دەزانن. ناچار بووین داخوازیی ئێتنیکەکان سەبارەت بە دووریيان لە ناوەند و نەخۆشیی ناوەند-پەراوێز کە هەمیشە لە ئێراندا هەبووە، تاوتوێ بکەین.

لە پرسیارنامەکەدا پرسیاری گرنگمان سەبارەت بە پرسی ئایین وروژاندبوو و سەبارەت بە پێگەی ئایین لە حکوومەت و ژیانی تاکەکاندا پرسیارمان کردبوو. دوو ئێتنیک-نەتەوەی کورد و بەلووچ، زۆربەیان سەر بە ئایینزای سوننە بوون و هاوئایینزای فەرمیی ئێران واتە شیعە نەبوون. هەر دووکیان لە سەر سنووردا دەژیان و مێژوویەکی دوور و درێژیان لە نارەزایەتی دەربڕین و ڕەخنەگرتن لە ڕژێمی ئایدۆلۆژیک و ئایینزای شیعەی ئێران هەبوو. هەندێ پرسیارم سەبارەت بە پرسە کۆمەڵایەتییەکان و مافی ژنان و یەکسانیی جێندەری لە پرسیارنامەکەدا دانا و لەگەڵ تیمێکی نوێ چوومە مەیدانی توێژینەوە.

پرسی هاوسەرگیریی منداڵان لە ئێران ڕۆژبەڕۆژ گەرمتر و هەستیارتر دەبوو. دامودەزگا سیاسی و دادوەرییەکان سەرنجیان لە سەر توێژینەوەکانم بوو و دۆخەکە شپرزە بوو و دەتوانم بێژم لە کۆنترۆڵ دەرچووبوو. گرووپێک کە دژی زیادبوونی تەمەنی هاوسەرگیریی منداڵان بوون منیان بە تیۆری‌دارێژ و مێشکی بیرمەندی زیادکردنی تەمەنی هاوسەرگیریی منداڵان و هەموارکردنەوەی مادەی ١٠٤١ لە مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی دەزانی. هەستم دەکرد کاتێکی زۆرم نەماوە، بەردەوام کارم دەکرد و لە پارێزگایەکەوە دەچووم بۆ پارێزگایەکی دیکە. کاری مەیدانیمان لە ئازەربایجان و ئەو ناوچانەی کە ئازەری-تورکی لێیە دەست پێکرد. ئەم ناوچانە لە ناوەندەوە زۆر دوور نەبوون، بەڵام بەرفراوانییەکەیان هەتا نزیک شوێنی لەدایکبوونم لە پارێزگای ورمێ درێژ دەبووەوە. دوای لێکۆڵینەوە لە سەر ناوچە تورک‌نشینەکان ئینجا نۆرەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو و بە هۆی ناسیاری و پێوەندییەکانمەوە کارەکە خێراتر پێش کەوت. پاشان نۆرەی لێکۆڵینەوە لە سەر عەرەبەکانی باشووری ئێران هات و دوو هەفتەشمان

لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان بەسەر برد هەتا دواجار گەیشتینە ئێتنیکی فارس. هەمیشە پرسیارێک لە ئارادایە کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەمەچەشنییە ئێتنیکییەی کە دەرەنجامی کۆچکردنە، چەندەی دانیشتووانی تاران فارس یان فارسیزمانن. ئەم پرسیارە بە جۆرێک لە جۆرەکان ئیسفەهان و سمنانیشی دەگرتەوە. وەک هەمیشە لە کاتی کاری مەیدانیدا چەند جارێک پرسیارنامەکە پاڵاوتە و پێداچوونەوەی بۆ کرا. دوای پرس و ڕاوێژ لە شارەزایانی ئەو بوارە، سەرەتا چووینە لای شارەزایانی فەرهەنگی، ئایینی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی هەموو ئێتنیک و نەتەوەکان و دیمانە و چاوپێکەوتنمان لەگەڵ بازرگانان، بازاڕیان، پیاوانی ئایینی، چالاکانی مەدەنی، ئەکادیمیستەکان، نووسەران و چینی ڕۆشنبیر ئەنجام دا. لەم شێوازە گەڕان و شیکارییەدا، تاکەکان لە ڕێگەی پێوەندیی تەلەفۆنی و دیمانەی ڕووبەڕووی بێژومارەوە بە شێوەی زنجیرەیی و تۆپەڵە بەفری پێکەوە گرێ دەدران.

تەنها پێویست بوو لە سەرەتادا چالاکوانێکی ئابووری بدۆزیتەوە، ئەویش لە کۆتایی قسەکانیدا کەسێکی دیکەی دەناساند و کەسی دواتریش کەسێکی دیکە. ئامادەکردنی لیستی سەرەتایی و پێوەندیکردن لەگەڵ ئەم گرووپە زۆر گرنگ بوو. لەم پرۆژەدا کۆمەڵێک زانا و شرۆڤەکاری باش هاوکارم بوون کە زۆربەیان ئەندامی گرووپە ئێتنیکییەکانی توێژینەوەکە بوون. لەم لێکۆڵینەوەیەدا هێمنایەتی لە دوو لاوە بۆ من گرنگ بوو؛ یەکیان ئەوەی کە پرسەکە لە ڕوانگەی حکوومەتەوە سیاسی و تەنانەت ئەمنی بوو، ئەوی دیکەشیان ئەوە بوو کە من هاووڵاتییەکی دووڕەگەزنامەیی بووم و دوای توێژینەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییە هەستیارەکان، بە گۆڕینی ئاراستە، کارێکم دەست پێکردبوو کە لە پێشەنگی بابەتە هەستیار و سیاسییەکاندا بوو.

● وێنەی ٣٤٩ – دیمانەی مەیدانی لەگەڵ قازی جەواد تەریری، گەورەی تایفە و نوێنەری پێشووی مەجلیسی شۆرای ئیسلامیی ئێران، بەلووچستان، ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی (٢٠١٩)

نزیکەی ٧٥ لەسەدی کۆی کۆمەڵگای ئاماریی ئەم توێژینەوە بلیمەتەکان و ٢٥ لەسەدی کەسانی ئاسایی بوون، کە پرسیاری جیاوازیان بۆ داڕێژرابوو. بە پێچەوانەی

بۆچوونی ئێمە، هەندێک جار وەڵامی کەسانی ئاسایی کۆمەڵگا لە وەڵامی بلیمەتەکان سەرنجڕاکێشتر بوو. ئەم کەسانە ئەزموونە ژیاوەکانیان باس دەکرد و ئاسایش و ئاشتی، زۆر بە لایانەوە گرنگ بوو. لە هەموو لێکۆڵینەوە مەیدانییەکاندا، نموونەی شەڕەکانی سوریا، عێراق، یان ئەفغانستانیان دەهێناوە و جەختیان لەوە دەکردەوە کە نایانهەوێ ئێران وەکوو هەندێک وڵاتی ناوچەکە بە جەنگ و خوێنڕشتن و شۆڕشەوە تێوە بگلێت. پێم وایە ئەم بابەتە لە ژێر کاریگەریی پڕوپاگەندەی حکوومەت لە مێشکی خەڵکی ئاساییدا تۆخ ببووەوە. بەڵام تاقمی بلیمەت زیاتر باسی دەسەڵات و یاخیبوون و سەربزێویان دەکرد و زۆر جار پێیان وا بوو کە ڕاپەڕین و یاخیبوونی خەڵک نزیکە.

گرژی و نارەزایەتی لە ناو زۆربەی خەڵکی سنوورنشین و دانیشتووی ناوچە کەمبەهرەمەندەکان لە ئاستێکی بەرزدا بوو. ئەم هەستە زیاتر لە ناو بەلووچ و کورد و عەرەب و ناوچە باشووری و ڕۆژهەڵاتییەکانی ئێران وەکوو تورکمانەکاندا دەبینرا. ڕەنگدانەوەی ئەم نارەزایەتییە بە ڕوونی لە قسەی سەرکردە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکاندا دەبیسترا و ئەو چەند ڕۆژەی کە لە زاهیدان میوانی مەولانا عەبدولحەمید و زاواکەی بووین بە ئاشکرا ئەو نارەزایەتییانەمان بەدی دەکرد.

● وێنەی ٣٥٠ – توێژینەوەی لە سنوورەوە بۆ سنوور بە هەر سێ زمانی ئینگلیزی، فارسی و کوردی

هەروەها سەبارەت بە دابەشکردنی سامان و دەسەڵات چەند خاڵێکی سەرنجڕاکێشمان بینی. پرسیاری سەرەکی و گرنگی ئێتنیک و نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران ئەوە بوو کە بۆچی ئەوان هێندەی ناوچە فارسنشینەکان سوودیان لە سەرچاوەکانی سەروەت و سامان و دەسەڵات وەرنەگرتووە؟ من ئیدیعای ئەوە دەکەم کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا لەگەڵ بیرمەندان و چینی ڕۆشنبیر، گرووپە بازرگانە سەرکەوتووەکان و هەندێک جاریش لەگەڵ گرووپە مایەپووچەکان، چالاکانی بواری ئابووری، مەدەنی و ئایینیی هەر پێنج ئێتنیکەکە دیمانەم ساز کردووە و ئەوەندەی بۆم کراوە بۆچوونەکانیانم خستووەتە نێو

توێژینەوەکەوە. گێڕانەوەی ئەو ئازیزانەی کە قسەیان لەگەڵ کردم بەڵام نەیانویست ناویان ئاشکرا بکرێ، لەبەرچاو گیرا و لە کۆتاییدا کتێبەکە بە ناوی "لە سنوورەوە بۆ سنوور؛ توێژینەوەیەکی گشتگیر لەسەر شوناس و نەتەوەکان" لە کۆتایی هاوینی ساڵی ٢٠٢١دا لە لەندەن بڵاو کرایەوە و نووسخەیەکی سەر لە نوێ دارێژراو و هەڵەچنی کراوی بەم زووانە بە هەر سێ زمانی ئینگلیزی و فارسی و کوردی بڵاو دەبێتەوە.

من زۆر حەزم لەم لێکۆڵینەوەیە، چونکە پەیوەندی بە بەشێکی زۆری ژیان و ئەزموونی ژیاومەوە هەیە. چ لە ئێران یان دەرەوەی ئێران، شوناس و ئێتنیک بابەتی گرنگی ژیانم بووە و وەک کۆچبەرێک بمهەوێ و نەمهەوێ هەمیشە شوناسی خۆم لەو ئێتنیک-نەتەوە وەرگرتووە کە سەر بەوم. بە درێژایی ئەم هەموو ساڵە و بەدەر لە دیکەی توخمە دیاریکەرەکانی ژیان، ئەوە ئێتنیک-نەتەوەکەم بووە کە منی لە قاڵب داوە و بەرەو پێشەوەی بردووم.

هەرگیز نەمتوانی زۆر لە شوناس و نەتەوەی خۆم دوور بکەومەوە. لە ساڵانی یەکەمی نیشتەجێبوونم لە بەریتانیا هەوڵم دا شوناسەکەم لە خۆم دابماڵم و بە ڕوانگەیەکی ئەوپەڕسنورییەوە سەیری پرسەکان بکەم، بەڵام دیسان گەڕامەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەی خۆم. جگە لە ئەزموونی ژیان لە وڵاتێکی تر، کۆچکردنم بۆ تاران کاریگەری لەسەر هەموو جومگە و لایەنەکانی ژیانم دانا. کاتێک ئالان لەدایک بوو ئێمە لە مەهاباد بووین و هەتا گەیشتە دوو ساڵ لەو شارەدا ژیاین. هەر لەوێ زمانی گرت و زۆر بە جوانی فێری کوردی قسە کردن بوو. لە دوامانگەکانی مانەوەمان لە مەهاباد، هەندێک جار دەچووە باخچەی ساوایان و زیاتر قسەی دەکرد. ئەو کوردی دەبیست و بە کوردی دەئاخاوت.

● وێنەی ٣٥١ – لەگەڵ ئالانی کوڕم، تاران، ١٣٩٨ هەتاوی (٢٠١٩)

کاتێک کۆچمان کرد بۆ تاران، ئالان لە ماوەی شەش مانگدا لە ناو سیستەمی پەروەردەی باخچەی ساوایاندا زمانەکەی لە کورداییەوە گۆڕا بۆ فارسی. سەرم سووڕ ما کە چەندە خێرا فێری زمانی فارسی بووە و زۆربەی ڕستە و پێکهاتە زمانی و ڕێزمانییەکانی بوون بە فارسی. من بە ڕوونی

بینیم کە چۆن پەروەردە بەسەر زمانی دایکیدا زاڵ دەبێ و هەروەها کاریگەری لەسەر سیستەمی بیرکردنەوەش دادەنێت. ئەمەش سەلمێنەری ئەوە بوو کە لە ڕێگەی زمانەوە جیهانی زەینیی مرۆڤەکان بنیات دەنرێ و بیچم دەگرێ و ئەم بیچمگرتنە کاریگەریی لەسەر جیهانی ئۆبژەیی و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانیان دادەنێ و ئاراستەیان دەکات. تەنانەت لەسەر شیکردنەوە و ناسیاریی دەرەکیی منداڵ کاریگەر بوو و ئێوە چەندە شارەزایی زانستیتان لە سەر بابەتی زمان و فێربوون هەبێت، گرنگیی زمانی دایکیتان باشتر لێ ڕوون دەبێتەوە.

لە پرسی شوناس و ئێتنیسیتەدا ناتوانین کاریگەریی بەرچاوی جوگرافیا پشتگوێ بخەین و من کە بە ناچاری چەندین جار جوگرافیای ژیانم گۆڕیبوو، زۆر بە توندی سەرقاڵی ئەم لێکۆڵینەوە بووم. بەشی کارە مەیدانییەکانی بە خێرایی ئەنجام درا، بەڵام بەشی شیکاری، کاتێکی زۆری خایاند. ئێمە لەگەڵ تیمی شیکاری چەندین مشتومڕ و گفتوگۆمان تێپەڕاند تا گەیشتینە قۆناغی کۆتایی کۆدینگ و مۆدێلی خوازراوی "جی تی" یان "داتابنیاد".

من بە دڵ و گیانەوە لەم پرۆژەدا ئامادە بووم و لە هەر شوێنێک کە هەستم دەکرد گرووپەکە لاواز یان بێتاقەتانە ئیش دەکەن، یان زانیاریی کەمیان هەیە، بێ ئەوەی بۆچوونی خۆم بسەپێنم، دەستێوەردانم دەکرد. هەندێک جاریش ئەندامانی گرووپەکەم توشی ئاڵنگاری دەکرد بۆ ئەوەی باشترین شیکاری بەدەست بهێنم. ئەم توێژینەوە لەگەڵ گرووپێکی گەورەتر لە توێژەران کۆتایی هات و لە سەر ئاستی سێزدە پارێزگادا کاری مەیدانییەکەی ئەنجام درا. بە لەبەرچاوگرتنی پانتایی جوگرافی و گرنگیی بابەتەکە لە کۆتایی پرۆژەکەدا تووشی کێشەی دارایی بووم و قۆناغی کۆدینگی توێژینەوەکان زۆر قورس و تاقەتپڕووکێن بوو. بەهۆی سەختی و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئاڵۆزییانەی کە لە ژیانمدا سەریان هەڵدابوو، دەمزانی کە ئەم بەرهەمەش وەکوو کتێبی "شاری قەدەغەکراو" لە ئێراندا مۆڵەتی چاپی پێ نادرێت.

من مابوومەوە و کەڵەکەیەک لە داتا و شیکاریی پەرش و بڵاو و ناتەکووز کە ڕوانگەی لێکدژ و ناتەبای لەخۆ گرتبوو. هاوکات لەگەڵ پرۆژەی شوناس و ئێتنیک، خۆبەخشانە هاوکاریی ئەنجومەنی داکۆکی لە مافی منداڵانم دەکرد، بەڵام لە هەر دەرفەتێکدا، لە میانەی ئەو سەفەرانەی کە پێش دەهات یان وەختێک سەرم سووک دەبوو کارم لەسەر ئەو بابەتە دەکرد و جگە لە چەند کەسێک کە لە قۆناغی مەیدانیدا هاوکارم بوون، داوام لە چەند کەسێکی شارەزای زانستی سیاسی و ئێتنیکی کرد کە لە پێداچوونەوە و ڕێنمایی کردندا هاوکاریم بکەن. کاری مەیدانیی ئەم توێژینەوە ساڵی ١٣٩٧ هەتاوی (٢٠١٨) دەستی پێکرد و شیکردنەوە و کۆکردنەوە و پێداچوونەوەی ساڵێک یان زیاتری

خایانـد، بـەر لـە دەرچوونـم لـە ئێـران توانیـم ئـەم توێژینـەوە تـەواو بکـەم بـەڵام بەهـۆی دەستبەسـەربوون و کۆتوبەندەکانـی دوای ئازادکردنـم، لەبـەر سـنووردارییی لـە دەربڕینـی ڕاسـتییەکان و خۆسانسـۆڕی لـە پێنـاو وەرگرتنـی مۆڵەتـی چاپکردنـی کتێبەکـە، بەداخـەوە کۆنترۆڵـی ئـەم توێژینـەوە و بەشـداریکردنم لـە دووبارەخوێندنـەوە و وەرگرتنـی ئەنجامـی کۆتایـی و هەڵەچنـی و ڕاسـتکردنەوەی هەنـدێ لـە زانیارییـەکان، کـە یەکجاریـش گرنـگ بوون، لەدەستم دەرچوو.

● وێنەی ٣٥٢ – دیدار لەگەڵ مەولانا عەبدولحەمید یەکێک لە ڕێبەرانی ئەهلی سوننە لە ئێران، زاهیدان، ١٣٩٨ هەتاوی (٢٠١٩)

هەندێـک لـە کەسـانی دیمانـە لەگەڵکـراو، زۆر موحافیزەکاربـوون و لـە دیمانەکانیانـدا شـەفاف نەبـوون و هـەر ئەمـەش وای کـرد کـە ئـەم توێژینـەوە دژوار بێـت. یەکێکـی دیکـە لـە کێشـە و گرفتەکانـی ئـەم کتێبـە، گواسـتنەوەی گێڕانـەوەکان بـوو، دەبـا جگـە لێدوانـەکان نـاوی کەسـانی دیمانـە لەگـەڵ کراویـشمان بهێنایەتـە نێـو کتێبەکـەوە و پێویسـت بـوو دەقـی کۆتایـی وتەکانیـان لەگەڵیانـدا تاوتـوێ بکـەم. وەک هەمیشـە دەقەکـەم سانسـۆڕ کـرد و بـەردەوام وەبیـر خۆمـم دەخسـتەوە کـە ڕەنگـە ئـەم کتێبـە لـە ئێرانـدا چـاپ نەکرێ و پێویسـت بـە سانسـۆر نـەکات. یەکێـک لـە نموونەکانـی خۆسانسـۆری ئـەوە بـوو کـە پـرس و گرنگیـی ئاشـتی وەک پەیامـی سـەرەکیی توێژینەوەکـەم زەق دەکـردەوە و پێداگریـم لـە سـەر دەکـرد. لـە کاتێکـدا کـە پەیامـی کۆتایـی لێکۆڵینەوەکـە، لـە ڕوانگـەی بلیمەتـەکان و تەنانـەت جەمـاوەری ئاسـاییەوە ئـەوە بـوو کـە بەردەوامیـی دۆخـی ئێسـتای ئێـران ئـیتر مومکیـن نییـە.

بەشـێکی دیکـەی کۆمەڵگـەی ئاماریـی ئـەم لێکۆڵینـەوە پێیـان وا بـوو کـە بەردەوامبوونـی دۆخـی ئێسـتا، ئێـران بـەرەو بنبەسـت دەبـا و قەیـران هەمـوو لقەکانـی دەسـەڵات و کۆمەڵـگا دەگرێتـەوە. قەیرانێـک کـە ئەگـەری زۆرە لـە ناکۆکیـی ئێتنیکـی و ئایینییـەوە دەسـت پێبکات و بـە نائارامـی و نەبوونـی ئاسـایش و دارمانـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی کۆتایـی پـێ بێـت.

ئـەم دارمانـە، کـە بـە بـاوەڕی ئـەو کەسـانە نیشـانەکانی دەرکەوتبـوون و لـە پێکهاتـەی کۆمەڵایەتیـدا پێشـبینی دەکـرا و دواتـر لە بـواری سیاسـی و فۆرمەکانی دیکەشـدا دەردەکـەوت. پەیامێکـی ترسـناک بـوو و بـە پشـتبەستن بـە داتـا و شـیکارییەکان، تەنانـەت پێشـبینیان دەکـرد کـە یـەک بـۆ چـوار سـاڵی دیکـە ئـەم دارمانـە ڕوو دەدات. بارودۆخـی ئێـران لـە سـاڵی ١٣٩٨ و ١٣٩٩ی هەتـاوی (٢٠١٩ و ٢٠٢٠) پێـی سـەلماندم کـە ئەنجامـە نیگەرانکەرەکانـی ئـەم توێژینـەوە لەگـەڵ واقیعـدا یـەک دەگرێتـەوە. بارودۆخـی ئێسـتای ئێـران و بەتایبـەت دوای هەڵبژاردنەکانـی سـاڵی ١٤٠٠ی هەتـاوی (٢٠٢١)، دەسـتکەوتە شـیکارییەکانی ئـەم توێژینـەوە پشترِاسـت دەکاتـەوە و ئێسـتاش نیشـانەکانی چەقبەسـتوویی و دارمـان بەرچاوتـرن. بـە وتـەی زۆرێـک لـە شـارەزایان، خەڵکـی ئێـران لـە باتـی هەڵبـژاردن شـایەتحاڵی دامەزراندنـن. بایکۆتـی هەڵبژاردنـەکان لەلایـەن خەڵـک و هاتنـە سـەر دەسـەڵاتی پەرلەمانـی توندڕەوەکان، بناغـە سـەرەتاییەکانی ئەگـەری دارمانـی ئێرانـی خێراتر کـردووە. هەڵبـەت دەزانـم دارمانـی ڕژێـم، ئاواتـی ئاپـۆڕای خەڵـک و چینـی چەوسـاوە و بێبـەش و پەراوێزخـراوی کۆمەڵگایـە، بـەڵام ئەگـەر ئەمـە ڕوو بـدا دڵهەژێنـە یـان تەنانـەت لەوانەیـە کارەسـاتبارتر لـە ڕابـردوو بێـت. ئەنجامـەکان ئەمـە و تەنانـەت زیاتـر لەمەشـیان پێشبینی کردووە.

● وێنەی ٣٥٣ – قۆناغی کۆدینگ، تاران، ١٣٩٧ی هەتاوی (٢٠١٨)

تاڵانی منداڵی

کارکـردن لـە بـواری منـداڵان هەمیشـە کەڵکەڵـە و خەمـم بـوو. پێوەندییەکـی باشـم لەگـەڵ ڕێکخـراوە چالاکـە ناحکومییەکانـی بـواری منـداڵان لـە ئێـران و دەرەوەی ئێـران هەبـوو، کـە هاندەرێکـی گـەورە بـوو بـۆ ئـەوەی لـەم بـوارەدا ئیـش بکـەم. ماوەیـەک بـوو کـە پەیوەندییەکـی باشـم لەگـەڵ ڕێکخـراوی ناحکومیـی (NGO) ئەنجومەنـی داکۆکـی لـە مافـی منـداڵان هەبـوو و دەچوومـە نووسـینگەکەیان لـە شـەقامی سـوهرەوەردی لـە شـاری

تـاران. ڕێوڕەسـمی پـەردەلادان لـە سـەر دوو توێژینـەوەی هاوسـەرگیریی سـپی و سـیغەی مەحرەمییـەت و وتـاردان لەبـارەی ئـەم دوو بەرهەمـەم بـە هاوڕێیەتیـی ئـەم دامـەزراوە خۆشـناوە ئەنجـام دابـوو. کاک فەرشـید یەزدانـی بەڕێوەبـەری ئەنجومەنـی داکۆکـی لـە مافـی منـداڵان، مرۆڤێکـی وشـیار و ئازیـز و خەمخـۆر بـوو. هـاوڕێ ئیسـفەهانیەکانم پەرویـن و ئەحمـەد ئێمەیـان بـە یـەک ناسـاند و کاتێـک یەزدانـی پێشـنیاری کـرد کـە لێکۆڵینەوەیـەک لەسـەر منداڵانـی زبڵگـەڕی شـاری تـاران ئەنجـام بـدەم، قبووڵـم کـرد.

ئەنجومـەن کـە هۆگـری ئەنجامدانـی ئـەم کارە بـوو، بـەڵام سـەرچاوەی توێژینەوەیـی و تیمـی پڕۆفیشـناڵی نەبـوو. مـن لـە مێشـکمدا بەربەسـتەکانی بـەردەم کارەکـەم تاوتـوێ کـرد: ڕێکخـراوە ناحکومییـەکان (NGO) لـە ڕووی داراییـەوە لـە تەنگـژەدان و هیـچ بژاردەیەکیـان نییـە جگـە لـەوەی هێـزی خۆبەخـش دابمەزرێنـن، ئـەو هێزانـە لـە پێشـدا بـە هۆگرییـەوە ئیـش دەکـەن، بـەڵام پـاش تێپەڕبوونـی کات ئـیتر گـڕ و تینـی ئیشـکردنیان نامێنێـت. پشـێوی و گرژیـی نـاو گـرووپ و جیاوازیـی بیـروڕا لـە نـاو ئەندامانـی ڕێکخـراوە ناحکومییەکان (NGO) لـەو مژارانـە بـوو کـە دەیتوانـی لـە هـەر قۆناغێکـدا ڕەوتـی توێژینـەوەکان خـاو بکاتـەوە یـان تەنانـەت بیانوەسـتێنێت. بـەو ئەزموونانـەی کـە لـە ئەنجامـی کارکـردن لـە تورکیـا و ئەفریقـا و تەنانـەت ڕۆژاوا هەمبـوو، خـۆم لـە کارکردنـی ڕاسـتەوخۆ بـۆ ڕێکخـراوەکان بـەدوور دەگـرت. بـەڵام ئەمجارەیـان لەبـەر دوو هـۆکار قبووڵـم کـرد: ١. بابـەت کاری منـداڵان بـوو ٢. حـەزم لـە توێژینـەوەی دەرگیـر و مەیدانـی وتەیـار و بەهێزکردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بوو.

● وێنەی ٣٥٤ – منداڵانی زبڵگەڕ لە شاری تاران و دەوروبەر، ١٣٩٧ی هەتاوی (٢٠١٨)

مـن بەڵێنـم بـە یەزدانـی دا کـە هاوکارییەکـی سـنووردارياں دەکـەم و بڕیـار درا کـە دوو حەوتـە خولـی ڕاهێنـان بـۆ کاری مەیدانـی ئەنجـام بـدەم و خۆبەخشـەکان فێـری چۆنیەتیـی کارکـردن بکـەم. تاکـەکان تەنهـا لەبـەر هۆگـری ناتوانـن بچنـە نـاو کاری مەیدانییـەوە و دەبـێ زانسـتی پێویسـت بـۆ ئـەم کارە بەدەسـت بهێنـن. بـۆ ماوەیـەک زۆربـەی ڕۆژەکانـی حەوتـە سـەرقاڵی پـڕۆژەی ئێتنیـک و شـوناس بـووم و ڕۆژانـی هەینـی

لەو چەند ڕۆژە کەمە بوو کە دەمتوانی کات بۆ ئالان و شەفەق تەرخان بکەم، بەڵام چەند حەوتە ڕۆژانی هەینیم بۆ ڕاهێنانی خۆبەخشانی ئەنجومەنەکە تەرخان دەکرد. کێشەی زبڵگەڕی لە ئێران بە شێوەیەکی زانستی لێکۆڵینەوەیەکی ئەتۆی لەسەر نەکرابوو و تەنیا تێزێکی زانکۆیی و چەند وتارێکی لەسەر نووسرابوو. بۆیە ناچار بووم جارێکی تر لە سفرەوە دەست پێ بکەم. زۆربەی زانیارییە بەردەست و باوەڕپێکراوەکان، وەرگێڕانی لێکۆڵینەوە جیهانییەکان بوون کە داتا و ئەنجامەکانیان لە ئێراندا کەڵکێکی ئەوتۆی نەبوو. لە ئەنجامدا زانست و زانیاریی پێویست لەبارەی زبڵگەڕی، جۆر و ڕادە و کاریگەرییەکانی لەسەر منداڵان لە ئێراندا نەبوو. بۆیە وەک لێکۆڵینەوەکانی دیکەم، دەبا مۆدێلێکی خۆجێیی بۆ ئەمە بدۆزمەوە و ئەندامە نوێکان فێر بکەم کە چی بکەن.

کارەکە بە بەڕێوەبردنی خولی ڕاهێنانی چۆنیەتیی کارکردن لە بواری توێژینەوەدا دەستی پێکرد. کاردانەوەی خولەکانم لای ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەریی و بەڕێز یەزدانی باس دەکرد. ناوبراو هەتا کۆتایی پرۆژەکە و بڵاوبوونەوەی کتێبی "تاڵانی منداڵی" لە ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی (٢٠١٩) دا لایەنگرێکی سەرسەختی پرۆژەکە بوو و هەرگیز پشتی بەر نەدام. سەرەتا بوودجەمان نەبوو و کارەکە سەخت و دژوار بوو. دوای چارەسەرکردنی ئەم کێشە، توێژینەوەکە نەیاری لێ دەرکەوت و تەنانەت هەندێک لە ئەندامانی ئەنجومەنەکەش پەیوەندییان بە ڕەخنەگرانەوە کرد. لەبەرامبەر ئەو ڕەخنە و دژایەتییە، بەڕێز یەزدانی وەک بەڕێوەبەرێکی بەرپرسیار و بیرتیژ پشتیوانیی لە پرۆژەکە کرد بۆ ئەوەی ڕەخنە نابەجێکان کارەکە ڕانەگرێت.

هەر لە سەرەتاوە دەمزانی کە هێزە خۆبەخشەکان وردە وردە کەم دەبنەوە و لە ئاستێکدا نین کە لە کۆتاییدا ئەنجامی کارەکە شایانی سەرنج بێت. دوای لێکدانەوەی بابەتەکە، دیسان دووپاتم کردەوە کە ئەگەر بڕیارە بەڕێوەبردنی ئەم پرۆژە بگرمە ئەستۆ و ستاندارد کوالێتییەکانی مسۆگەر بکەم، پێویستە تیمێکی پڕۆفیشناڵتر دابمەزرێنرێت. دانوستانەکان لەناو ئەنجومەنەکەدا بەردەوام بوو هەتا ئەو کاتەی کە پرۆژەکە بۆ دەستەبەرکردنی بودجەی پێویست خرایە ناو کاری دەستەی بەڕێوەبەرایەتییەوە. ڕۆژەکان تێدەپەڕین و هیچ هەواڵێک لە بوودجە نەبوو. هێزە مەیدانییەکان بەردەوام لە بڕی حەقدەستەکانیان دەپرسی و من وەک بەڕێوەبەری پرۆژەکە نیگەرانی ئەم بابەتە بووم. بە پاڵپشتیی بەڕێز یەزدانی ئەم ئاستەنگانەمان تێپەڕاند و تەواوکات چووینە مەیدانی توێژینەوە.

زبڵگەڕی بابەتێکی ئاوڕلێنەدراو بوو و پێدەچوو سیستەمێکی ڕێکخراو و ئامانجداری هەیە. لە تاران بۆ کۆکردنەوەی زبڵ و پاشماوە گرێبەستگەلێک لە نێوان شارەوانی و کۆمپانیاکانی کۆکردنەوەی پاشماوە واژۆ دەکرا، کە میکانیزمی مافیایی و ڕانتی پێوە

دیار بوو. هەر چییەک بوو، دەرەنجامەکانی ئەم پێکدادانانە لە شەقامەکاندا دەبینرا و منداڵانێکی زۆر هاتبوونە ناو ئەم کارە. لەم توێژینەوەیەدا کە لە ساڵانی ١٣٩٧ و ١٣٩٨ی هەتاوی (٢٠١٨ و ٢٠١٩) ئەنجام درا، بۆمان دەرکەوت کە زیاتر لە سەدا ٩٠ی سەرکرێکاری منداڵە زبڵگەڕەکان کۆچبەری نایاسایی ئەفغانیین. سەرکرێکارەکان کە پێیان دەگوترا ئەرباب، منداڵیان لە ئەفغانستانەوە دەهێنا یان لێرە بۆ لای خۆیان ڕایاندەکێشان. شوێنی ژیانیان پێ دەدان بۆ ئەوەی لە بەریەتیی ئەوە زبڵ کۆ بکەنەوە و ڕادەستیان بکەن. بەڵێندەرەکانی ئەربابەکان کۆمپانیا ئێرانییەکان بوون کە لەگەڵ شارەوانی گرێبەستیان هەبوو. تەواوی ئەم پرۆسە چەوساندنەوەی منداڵان بوو و دامەزراوە ئێرانییەکان و کۆچبەرە نایاساییەکانی ئەفغانستان تێیدا بەشدار و هاوکار بوون.

● وێنەی ٣٥٥ – شوێنی نیشتەجێبوون و جیاکردنەوەی زبڵی منداڵانی زبڵگەڕ، کورەخانەی خشتپێژی، باشووری تاران، ١٣٩٧ی هەتاوی (٢٠١٨)

شارەوانی بۆ پێدانی گرێبەست موزایەدەی ئەنجام دەدا، بەڵام ئەو موزایەدانە ناشەفافییەتی زۆریان تێدا بوو. بەڵێندەرانی موزایەدەی گەڕەکەکان هەمیشە نەگۆڕ بوون. هەندێکیان بەڕێوەبەرانی پێشووی شارەوانی بوون کە حەتمەن لەگەڵ گەڕەک و کەسانی ناو ئیدارەی پێشوویان لە پەیوەندیدا بوون. ڕوون بوو کە زبڵگەڕی بە ڕانت و مافیای سیستماتیکەوە تێوەگلاوە. گومانی تێدا نەبوو کە نێوانگری و پێوەندیی تاقمی و باندی فاکتەری یەکلاکەرەوەیە نەک ڕێسا و پێوەرە ستاندارداەکان و دواتر کە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان میدیایی بووەوە، شارەوانییەکان و بەڕێوەبەرایەتیی پاشماوەی شارەوانیی

تـاران نکۆڵییـان لـە بوونـی وەهـا سیسـتەمێک کـرد کـە بـۆ نموونـە لـە ٢٢ گەڕەکـی تارانـدا باڵادەسـت بـوو. خەمناکتریـن بەشـی ئـەم کارە ئـەوە بـوو کـە لـەم بازرگانییـە ملیاردییـەدا تەنیـا سـوودێکی زۆر کـەم دەدرا بـە منداڵانـی زبڵگـەڕ. تەنانـەت گەورەسـاڵەکانیش لـەم سیسـتەمەدا داهاتێکـی زۆریـان بەدەسـت نەدەهێنـا و قازانجـە سـەرەکییەکە دەچـووە گیرفانـی بەڵێنـدەران و شـارەوانییەکان.

ڕەوتـی کاری زبڵگـەڕەکان بـەم شـێوە بـوو کـە کاتێـک ئیشـی هێـزە فەرمییەکانـی کۆکردنـەوەی زبـڵ کۆتایـی دەهـات، کاری زبڵگـەڕەکان دەسـتی پێدەکـرد. هەندێکیـان دوای داخسـتنی قوتابخانـە و فەرمانگـەکان کاریـان دەکـرد. شـوێنی نیشـتەجێبوونی ئەربابـەکان لـە کوێرەڕێیـەک بـوو لـە باشـووری شـاری تـاران و لـە هەنـدێ گـەڕەک و کێڵگەکانـی وەکـوو ئەمینابـاد، ئەشرەفابـاد و وەرامیـن. منداڵانیـان بـە ئۆتۆمبێلـی بارهەڵگـر دەهێنایـە تـاران و لـە شـوێنێکی دیاریکـراودا کـە شـوێنی کۆکردنـەوەی زبـڵ و بارکردنیانـە، بەڕەڵایـان دەکـردن. منداڵانـی زبڵگـەڕ تەلیسـی گەورەیـان هەڵدەگـرت کـە گەورەتـر و قـورستر لـە جەسـتە وردیلەکەیـان بـوو. هەندێـک بـە داشـقەی (عارەبانـە) بچووکـەوە بـە نـاو گەڕەکەکانـی شـاردا بڵاو دەبوونـەوە و دوای تەواوکردنـی کارەکانیـان لـە یـەک کاتژمێـر و شـوێنێکی دیاریکـراودا، بـە زبڵەکانیانـەوە سـواری ئۆتۆمبێلـی وانێـت و ئیسـوزۆی سـەرپۆشراو دەبـوون و نیوەشـەو دەگەڕانـەوە شـوێنی خەوتنیـان.

زبڵگـەڕەکان لـە چەنـد گرووپـی جیـاوازدا کاریـان دەکـرد و هـەر گرووپێـک سـەرکرێکارێک یـان ئەربابێکـی هەبـوو کـە گەڕەکێکـی دیاریکـراوی لـە بەڵێنـدەر بـە کـرێ گرتبـوو. ئەگـەر سـەرکرێکار یـان گرووپەکـەی بچووبانـە گەڕەکێکـی دیکـە لەلایـەن ئـەو بەڵێنـدەرەی کـە خاوەنـی ئـەو گەڕەکـە بـوو، بـە تونـدی مامەڵەیـان لەگـەڵ دەکـرا. تەنانـەت هەندێـک جـار منـداڵان لێیـان دەدرا و بـە تۆمەتـی زبـڵدزی سـزای پێبژاردنیـان دەدان. لـە هەندێـک حاڵەتـدا بـە ڕاسـتی زبـڵدزی ڕووی دەدا، هەندێـک جـار زبڵگەڕێکـی سـەربەخۆ یـان ئالـوودەی مـادەی هۆشـبەر، کـە سـەر بـە هیـچ گـرووپ یـان گەڕەکێـک نەبـوو، زبڵەکـەی دەدزی. ئـەم زبڵدزانـە زۆر خـراپتر مامەڵەیـان لەگـەڵ دەکـرا و چاودێڕانـی بەڵێنـدەران زۆر ئازاریـان دەدان.

ئـەم زانیارییانـە وردە وردە لـە سـەردانە مەیدانییەکانمـان و دیمانـە لەگـەڵ زبڵگـەڕەکان بەدەسـت هـات و تـا دەهـات زیاتـر لەگـەڵ ئـەم بازرگانییـە ڕێکخـراوە و میکانیـزم و ڕێکخسـتنەکەی ئاشـنا بوویـن. ئـەم توێژینـەوە خاڵێکـی سەرنجڕاکێشـی بـۆ مـن تێـدا بـوو؛ کـە بـۆ یەکەمجـار دەمبینـی، هەرچەنـدە ڕەنگـە چەندیـن جـار بـە لایانـدا تێپەڕیبوم و هەسـتم پێیـان نەکردبێـت و پێـم نەزانـیبن. بـە گوێـرەی کاتـی دەسـتپێکردنی کاری کۆمەڵێـک لـە زبڵگـەڕەکان، نیـوەڕوان بەشـی کاری مەیدانـی دەسـتی پێدەکـرد. مـن هـەر حەوتـە ڕۆژێـک

لەگەڵ لێکۆڵەران دەچوومە مەیدانی توێژینەوە و ڕۆژەکانی تری حەوتەش بەپێی پلانی دابەشکردنی گەڕەکەکان لە تیمی دوو کەسیدا گەڕەکەکانمان ڕووماڵ دەکرد. بەشێکی کارەکانمان سەردانی شوێنەکانی کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاک بوو کە شوێنی پشوودانی زبڵگەڕەکان بوو.

بۆ ناسینی زیاتر، هەندێک جار هەر لەو شوێنانەدا دیمانەمان لەگەڵ منداڵانی زبڵگەر یان ئەربابەکانیان ئەنجام دەدا. لە هەندێک لە گەڕەکەکان خەڵکی گەڕەکەکە و دووکانداره‌کان شوێنی کۆبوونەوەی زبڵگەڕەکانیان دەزانی و پێیان ڕادەگەیاندین. هەروەها لە کاتی لێکۆڵینەوەی مەیدانیدا سەردانی بەڕێوەبەرانی زبڵ و خاشاک و بەرپرسانی شارەوانیمان دەکرد و دیمانەمان لەگەڵیان ساز دەکرد. کاری مەیدانیی توێژینەوەکە لە سەرەتای زستانەوە دەستی پێکرد. ڕۆژگاری زستان کورتە و زوو شەو دادێ، دەستڕاگەیشتن بە گەڕەکەکانی زبڵگەڕی سەخت بوو و باران و بەفریش دەباری، بەڵام ئێمە بە پێی پلانەکەمان ڕۆشتین و هەتا کۆتایی بەهار، زۆرینەی گەڕەکەکانی تارانمان ڕووماڵ کرد.

چەندین دیمانەی مەیدانیمان لەگەڵ منداڵان و گەورەساڵان ئەنجام دابوو کە ئەمە بە دڵی ئەنجومەنی داکۆکی لە مافی منداڵان و بەتایبەت پارێزەرانی ئەندامی ئەنجومەنەکەیان بوو. ئەگەر باش لە بیرمان بێ، دامەزرێنەرانی ئەنجومەنەکە خاتوو شیرین عیبادی و نەسرین ستوودە بوون و جار جارە بە پێی هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەریی ئەنجومەنەکە، بەڕێوەبەرایەتی بە یەکێک لە ئەندامەکان دەسپێردرا.

بەهۆی ئەو پێشینە و کارکردەی کە ئەنجومەنەکە هەیبوو، گەنجترەکان وەک چالاکوانان و بانگەشەکارانی مافی منداڵان هاوکاریان دەکردن. ئەمانە ڕوانگەیەکی ڕادیکاڵتریان هەبوو. یەکێک یان دوو کەسیان لە قۆناغەکانی کۆتایی توێژینەوەکەدا لێمان دەرکەوتن و ئیشەکەیان لێ سەخت کردین. ئێمە بە هۆی بوونی یەکێکیانەوە بە قۆناغێکی پڕ لە گرژیدا تێپەڕین. کێشەکە تەنیا ئاستەنگ دروستکردن و وەستاندنی کارەکە نەبوو، بەڵکوو هەوڵیان دەدا خاوەندارێتیی پرۆژەکە بۆ خۆیان قۆرغ بکەن. ئەم کەسانە گڕی باڵباڵێنیان خۆشتر دەکردەوە. جۆرێک لە ململانێی دەسەڵات لە ئارادا بوو و هەمان چیرۆکی هەمیشەیی و ماندووکەری "من لە تۆ باشتر دەزانم و زیاتر بەزەییم بە منداڵەکان دێتەوە و ..." بەردەوام بوو. هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنیش نزیک ببووەوە و ئەم کەسانە تەنانەت فەزای ناو ئەنجومەنیشیان باڵباڵێن و ڕکابەرانە کردبوو.

لەم جۆرە لێکۆڵینەوانەی کە ئێش لە سەر منداڵان دەکرێت، پرسی هەستیاری ئەخلاقی توێژینەوە گرینگە و سەرەڕای ئەوەی کە هەموو شتێک لەبەرچاو دەگیرێ، هێشتا هەڵە ڕوو دەدات. گەراجەکانی دەرەوەی شار شوێنی ژیانی زۆربەی زبڵگەڕەکانە

و هـەر لەوێـش زبڵـەکان لێـک جیـا دەکەنـەوە. لـە سـەر دەرگای گـەورە و ئاسـنیی ئـەم گەراجانـەدا کـون سـاز دەکـەن بـۆ ئـەوەی کەسـەکان بـەو پەتـەی کـە بـەم کونانـەوە بەستراوەتـەوە درگاکـە بکەنـەوە. لـە یەکێـک لـە سـەردانە مەیدانییەکانمـدا دوای کەمێـک لـە درگادان لـە کونـی سـەر درگاکـەوە سـەیرێکی نـاو گەراجەکـەم کـرد بـۆ ئـەوەی بزانـم کەسـێک لەوێیـە یـان نـا. گەنجێـک ئیشـی لەگـەڵ ئێمـە دەکـرد کـە زۆر دڵسـۆز و سـادە بـەڵام دوورەپەرێـز و تـا ڕادەیـەک ئارمانگـەرا بـوو. ئـەم بابەتـەی بـۆ یەکێـک لـە نەیـارە سەرسـەختەکانی پرۆژەکـە گێـڕاوە و کێشـەمان بـۆ سـاز بـوو.

نموونەیەکـی دیکـە ئەوەیـە کـە یەکێـک لـە یاریـدەدەرە تازەکارەکانـی مەیـدان، کـە خولـی ڕاهێنانـی دەبینـی، لـە یەکـەم ڕۆژی کارکردنیـدا وێنـەی منداڵێکـی لـە حاڵـی کۆکردنـەوەی زبـڵ و خاشـاکدا گرتبـوو. دیسـان هەمـان ئـەو ئەندامـە ئایدیالیسـت و هەمیشـە تـووڕەی گرووپـە، هەواڵەکـەی بـۆ هەمـان کـەس گێڕایـەوە کـە تەنانـەت لـە ئێرانیـش نەبـوو. هەرچەنـدە ئـەو ڕۆژە لەگـەڵ گرووپـدا نەبـووم، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی کـە مـن سـەرۆکی گرووپـی لێکۆڵینـەوە بـووم بـە پێشـێلکردنی مافـی منـداڵان تۆمەتباریـان کـردم و گوتیـان مـن بنەمـای ئەخلاقـی پەیـڕەو ناکـەم.

وەک سـەرۆکی گـرووپ هەوڵـم دا کارەکـە بـە ئاقارێکـی هاوسـەنگدا بـڕوا، بـەڵام هەڵسـوکەوتی نەشـیاوی جەماعەتێـک، هەندێـک لـە ئەندامانـی گرووپـی زیـز و تـووڕە کـرد. لـە دواییەکانـدا دۆخەکـە ئەوەنـدە خـراپ بـوو کـە منیـش مانـدوو بـووم و تەنهـا دەمویسـت کارەکـە هەرچـی زووتـر کۆتایـی پـێ بێـت. کاتێـک گەیشـتینە قۆناغـی دارشـتن و ئامادەکردن، بـە پێشـێلکردنی پەیڕەونامـەی ئەنجومەنیـش تۆمەتبـار کـرام. مـن پابەنـدی زۆربـەی بڕگەکانـی پەیماننامـەی مافـی منـداڵ هـەم. تەمەنـی منداڵـی بـە هـەژدە سـاڵ دەزانـم و لـە توێژینەوەکانمـدا سـەبارەت بـە پرسـی وەکـوو خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان و هاوسـەرگیریی منـداڵان، لەسـەر بنەمـای ئـەم بابەتـە ڕێـکارم خسـتووەتە ڕوو، بـەڵام سـەبارەت بـەم بابەتـە، منیـش یەکێکـم لەوانـەی کـە بـە شـێوەیەکی واقیعـی سـەیری ئـەو بابەتـە دەکـەم و پێـم وایـە یاسـاکانی کار لـە ئێـران لەگـەڵ کۆنڤانسـیۆنی نێودەوڵەتیـی مافـی منـداڵان هەنـدێ جیاوازیـی هەیـە.

لـە یاسـای کاری ئێـران، سـەرباری ناتـەواوی و نارِوونـی، تـازەلاوان دەتوانـن لـە تەمەنـی پانـزە یـان شـانزە سـاڵییەوە کار بکـەن، بـەو مەرجـەی کـە فێـری پیشـەیەک ببن یـان بـۆ هاوکاریـی بـاری ئابـووری و پەیداکردنـی بژێویـی خێزانەکانیـان یـان تەنانـەت بـۆ پـارەی گیرفانـی خۆیـان دەتوانـن کاری نیـوە کات و ئاسـان و ڕۆژانـە ئەنجـام بـدەن. ئـەم یاسـایە لـە هەندێـک ڕووەوە ئەرێنییـە، بـەڵام کاتێـک کەمتریـن پاڵپشـتیی یاسـاییان لێدەکـرێ و ناتوانـن بـە فەرمـی بچنـە نـاو کارەوە یـان فێـری پیشـە بـن، ئـەوا لەلایـەن خاوەنـکارەکان و سیسـتەمی

مافیایی و ڕانتییەوە دەچەوسێنرێنەوە، کە ئەمەش پێشێلکردنی مافەکانیانە.

پێشنیاری من ئەوە بوو کە لەم تەمەنەدا یاسایەک بۆ کاری منداڵان هەبێ بۆ ئەوەی کەمتر بچەوسێنرێنەوە. ئێستاش باوەڕم وایە ئەگەر ئەم پێشنیارە جێبەجێ بکرێ دۆخەکە باشتر دەبێت. چونکە لە کۆتاییدا کاری یاسایی لە کاری نافەرمی مەترسیی کەمترە و دەتوانێ بۆ هەڕەتی گەورەساڵی و ژیانی داهاتوو تاک فێری لێهاتوویی بکات. من پێم خۆش بوو ئەم ڕوانگە لە توێژینەوەی "تاڵانی منداڵی"دا بگونجێنم، بەڵام ئەنجومەنەکە وەکوو ڕێکخراوەکانی تری داکۆکیکاری مافی منداڵان، جەختی لەسەر تەمەنی یاسایی کاری ئەم گرووپە تەمەنییە دەکردەوە و بە ڕای ئەوان بابەتەکە جێی دانوستان نەبوو.

من لە هەژارترین و کەمبەشترین ناوچەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ژیاوم. لە منداڵیدا کاری جۆراوجۆرم ئەزموون کردووە و دوای چەندین ساڵ کاری مەیدانی، بینیم کە چۆن مافی منداڵان پێشێل دەکرێت. مافی منداڵان و جارنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ ناتوانێ لەگەڵ بارودۆخی هەموو وڵاتاندا بگونجێ و پشتبەستنی تەواو و بێمەرج بەم جارنامانە هیچ دەردێک چارەسەر ناکات. ئیشکردنی مێرمنداڵان لە تەمەنێکی گەورەتردا دەیتوانی ڕێگەچارەیەک بێ، بۆ ئەوەی بە دامەزراندنی فەرمییان لە ڕێگەی خودی شارەوانییەکانەوە مافە سەرەتاییە مرۆیی و کارییەکانیان تا ئەم ڕادە پێشێل نەکرێت.

بۆ نموونە ڕەنگە ئەمە ئایدیاڵترین بژاردە نەبووبێ، بەڵام دەیتوانی ڕێگەیەک بۆ دەربازبوون لە بارودۆخی هەڵاوێرانە بێ، کە تێیدا مافی منداڵان پێشێل دەکرا. واقیعی کۆمەڵگا ئەوە بوو کە ڕێژەیەکی زۆری منداڵان ئیش دەکەن و لە بارودۆخێکی سەختدا ژیان بەسەر دەبەن. ئێمە ناتوانین بە ئایدیاڵەکان ڕەچەتە بۆ واقیعییەتەکان بنووسین. دەمانتوانی بە قبووڵکردنی ئەم واقیعە هەوڵ بۆ گۆڕینی میکانیزمەکان بدەین و بۆ کەمکردنەوەی ئەو زیانانەی کە ئاوقانی منداڵانی کار دەبێ، ڕێکارێک بخەینە ڕوو.

وێنەی ٣٥٦ – شوێنی نیشتەجێبوون و کۆگای زبڵ، وەرامین، ١٣٩٧ی هەتاوی (٢٠١٨)

بابەتی ئاڵۆزتر ئەوە بوو کە منداڵە زبڵگەڕەکان زۆربەیان کۆچبەری نایاسایی ئەفغانی بوون و بەهۆی بارودۆخیانەوە

هیـچ مافێکیـان لـە ئێرانـدا نەبـوو. هەروەهـا ئـەم توێژینـەوە هەنـدێ پێشنیاریشـی بـۆ بـە هەندوەرگرتنـی منداڵانـی کاری ئەفغانسـتان لـە ئێـران هەبـوو و پێشـنیاری کـرد کـە ڕێکخراوە ناحکومییەکانـی ئێـران بـە هاوکاریـی باڵوێزخانـەی ئەفغانسـتان یـان لقـی ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییەکانـی وەکـوو یونیسـێف لـە ئێـران یـان تەنانـەت نەتـەوە یەکگرتـووەکان ئـاوڕ لـە بابەتـی منداڵانـی ئەفغانسـتان بدەنـەوە و لـە وڵاتـی زێـدی خۆیـان واتـە خـودی ئەفغانسـتان لێژنەیـەک بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم کێشـە پێـک بهێنـن.

کۆمەڵگایەکـی وەکـوو ئێـران کـە هیـچ مافێکـی بـە کۆچبەرانـی ئەفغانـی نـەداوە و تەنانـەت وەک هاووڵاتـی پلـە دوویـش قبووڵیـان نـاکا، زۆر نائینسـانی و بێبەزەییانـە میکانیزمی جیـاکاری و هەڵاواردنیانـی لـە ڕەهەنـدە یاسـایی، کۆمەڵایەتـی، ئابـووری و فەرهەنگییـەکان بـەکار هێنـاوە. ئـەو چەنـد کەسـە، ئـەم بیرۆکەیـەی منیـان پـێ خـۆش نەبـوو و دواتـر ڕەخنەیـان لـێ گرتـم و تەنانـەت گرووپەکەمـان بـە دژەکۆچبـەر تۆمەتبـار کـرا. لـە هەمـووی سەرسـوڕهێنەرتر ئەوەیـە کـە سـاڵی دواتـر کاتێـک ڕووبـەڕووی تۆمەتـی گێچەڵـی سێکسـی بوومـەوە، بەشـێک لـەو بابەتانـە بـە هـۆی کەڵکاوەژۆیـی میدیاییـەوە هاتنـە ئـاراوە و ئەنجومەنیـش سـەبارەت بـە هاوکارینەکردنـی لەگـەڵ مـن لـە بەیاننامەیەکـدا کـە بـۆ پشـتیوانی لـە بزووتنـەوەی (#MeToo: #منیـش) لـە ئێـران نووسـیبووی، ئامـاژەی بـەو ناکۆکییانە کردبوو.

● وێنەی ٣٥٧ – توێژینەوەی تاڵانی منداڵی

ئـەم بەیاننامـە لـە هەلومەرجێکـدا دەرچـوو کـە زۆر لە مێـژ بـوو هاوکارییەکانم لەگـەڵ ئەنجومەنـی داکۆکـی لـە مافـی منـداڵان کۆتایـی هاتبـوو و یـەک ڕیاڵیشـم بـۆ سـاڵ و نیوێـک کارکـردن لەسـەر پرۆژەکـە وەرنەگرتبـوو. هەرچەنـدە بـە فەرمـی مووچـەم بـۆ دیـاری کرابـوو، بـەڵام لـە سـەرەتاوە ڕامگەیانـد کـە مووچەکـەم بـۆ پرۆژەکـە تەرخـان بکـەن و بـە خۆڕایـی سەرپەرشـتی توێژینەوەکـە لـە ئەسـتۆ دەگـرم. مـن پێـم وایـە ئـەم هەنـگاوەی ئەنجومـەن لـە پشـتگیرینەکردنی مـن لـە بەرامبـەر بابەتێـک کـە هیـچ پەیوەندییەکـی بـە توێژینـەوە و کارکردنـم لەسـەر مافـی منـداڵان نەبـوو، کارێکـی

زۆر ناجوامێرانـە و بـێ ئەخلاقانـە و جۆرێـک تۆڵەکردنـەوەی شەخسـیی بـوو، ئەویـش لـە لایـەن کەسـانێکەوە کـە تینـووی دەسـەڵات و ناوبانـگ بـوون. کاتێـک دەستبەسـەر کـرام، بـە هـۆی گیرانـم و بـە بیانـووی هاوکاریـم لەگـەڵ ئەنجومەنـی داکۆکـی لـە مافـی منـداڵان، فەرمانبەرانـی ئیتلاعاتـی سـپای پاسـداران هەڵیانکوتایـە سـەر نووسـینگەی ئەنجومـەن لـە سـۆهرەوەردی و لێپرسـینەوەیان لـە یەزدانـی و کەسـانی دیکـە کـرد، دەسـتیان بەسـەر مۆبایـل و کۆمپیوتـەر و بەشـێک لـە فایلەکانـی ئەنجومەنـدا گـرت، ئەمـەش زیاتـر ئەندامانـی ئەنجومەنـی هەراسـان و نیگـەران کـرد و زۆر ترسـان. حکوومـەت هەمیشـە لەگـەڵ بۆچـوون و لێدوانـی ئەنجومـەن کـە ناوبەنـاو لـە میدیاکانـدا سـەری هـەڵ دەدا، کێشـەی هەبـوو و ئێسـتا باشتریـن بیانـووی بـۆ هەڵکەوتبـوو کـە ئەنجومـەن پێشـێل بکا و هەمـان تاکتیکی هەمیشـەیی هەڕەشـە و تـرس و تۆقانـدن بـەکار بهێنـێ، کـە ماوەیەکیـش کاریگەریـی هەبـوو. یەزدانـی کـە لـە ئەنجومەنـدا دوژمـن و نەیـاری کـەم نەبـوو، بەهـۆی ئـەوەی هێـزە ئەمنییـەکان بـە بیانـووی دەستبەسـەرکردنی مـن کـە بـە یارمەتـی و پشـتگیریی یەزادنـی ببوومە هـاوکار و سەرپەرشـتی پـرۆژەی ئەنجومـەن، لـە هەڵبژاردنەکانـی ئـەو سـاڵەدا گوشـاری زۆری خرایـە سـەر و ئەمـە بـوو بـە بـڕ و بیانوویـەک کـە لـە تەنیشـت بابەتەکانـی دیکـەدا، کەرامەتـی بشـکێنن.

لـە وەهـا هەلومەرجێکـدا پـرۆژەی "تاڵانـی منداڵی"ـم تـەواو کرد و هەمـوو هەوڵێکـم دا بۆ ئـەوەی کارێکـی پڕۆفیشـناڵ و شـیاوی بەرگـری بخەمـە ڕوو. دڵم ئێشـا و قسـەی هاوکارەکانمم بیـر کەوتـەوە کـە دەیانگـوت ئێمـە هەرگیـز هاوکاریـی ڕێکخـراوە ناحکومییـەکان ناکەیـن. ڕێکخـراوە ناحکومییـەکان ماکێتێکـی بچووکـی سیسـتەمێکی پـڕ لـە گـرژی و ململانێـن کـە هاوشـێوەی هەمـان ئـەو سیسـتەمە ئیـش دەکـەن کـە ڕەخنـەی لێدەگـرن. هەرچەنـد دەزانـم نابـێ ئـەم قسـانە بـۆ هەمـوو ئـەو چالاکڤانانـەش بگشـتێنین کـە گیـان و دڵ و ژیانیـان لـەم پێنـاوەدا دادەنێـن. بـەڵام لـەو سـاتەدا بەهـۆی ئـەو هەسـت و ورووژانـە جێگـای خـۆی دەدات بـە ژیـری و عەقڵانییـەت.

سـیمیناری مەشـهەد، سـەردێڕی ڕۆژنامـەی کەیهـان و ڕفاندنـی مۆبایـل لـە لایـەن برادەرانـەوە

لـەو کاتـەدا کـە خەریکـی کۆتاییهێنـان بـە توێژینـەوەی زبڵگـەڕی بوویـن، لەلایـەن ئەنجومەنـی ژنانـی یاساناسـی سـوورا لـە مەشـهەد بانگهێشـت کـرام بـۆ ئـەوەی لـە سـیمینارێکدا لەسـەر تـەوەری هاوسـەرگیریی منـداڵان وتـار بـدەم. ئـەم ئەنجومەنـە پێوەندییەکـی باشـی لەگـەڵ شـارەوانیی مەشـهەد هەبـوو و لەلایـەن ئیسڵاحتەڵەبەکانـەوە بەڕێـوە دەبـرا. سەرپەرشـتیاری ناوەندەکـەش ژنێکـی پارێـزەر بـوو کـە لـە بـواری مافـی منـداڵان و ژنانـدا چالاکـی دەکـرد. خووخدەیەکـی تایبەتـی هەبـوو، لـە گلەیـی ئەندامانـی کە

پارێزەرانـی گەنـج بـوون، دەردەکـەوت کـە ڕێـگای بەڕێوەبەرایەتیـی لەوانـی دیکـە قەپـات کـردووە بـۆ ئـەوەی بـە تۆتالیتاریزمیـی خـۆی هـەر وا سەرپەرشـتیاری ئـەم ئەنجومەنـە بمێنێتـەوە؛ دەردی هاوبەشـی زۆرێـک لـە ڕێکخـراوە ناحکومییەکانـی ئێـران. سـیمینارێکی گـەورە بـوو کـە تێیـدا چەندیـن چالاکـی ڕژد و جیـددی لـە بـواری منداڵانـدا وتاریـان دا. مـن چالاکوانـی بـواری منـداڵان نەبـووم، بـەڵام وەک توێـژەری لێکۆڵینـەوەی "زایەڵـەی بێدەنگـی" هەنـدێ جـار بـۆ بەرنامەکانـی پەیوەسـت بـە هاوسـەرگیریی منـداڵان بانگهێشـت دەکـرام. قۆناغێـک هەبـوو کـە بەهـۆی گوشـارەوە، چـیتر باسـی ئـەم بابەتـەم نەکـرد و سـەرقاڵی کارکـردن لەسـەر شـوناس و ئێتنیـک بـووم. هـەر دوو خانمـی شـەهیندۆخت مولاوێـردی و مەعسـوومە ئیبتیـکار، لـەم سـیمینارەدا بەشـداریان کـرد. هەروەهـا ژمارەیـەک لـە نوێنەرانـی خەڵکـی مەشـهەد و تـاران لـە مەجلیـس و نوێنەرانـی یەکەکانـی پێشـگیری و کۆمەڵایەتیـی هێـزی داد (قـووەی قەزاییـە) و سـەرۆکی نوێـی مەرجەعـی نیشـتمانیی منـداڵان لـە میوانانـی سـیمینارەکە بـوون. ئاسـتی کۆنفرانسـەکە بـۆ سیاسـەتدانان بـوو. هیـوادار بـووم کـە بـەم سـیمیناره بتوانیـن بیـری دارێژەرانـی سیاسـەت بگۆڕیـن و وەکـوو هەمیشـە بەشـێک لـە ئەنجامەکانـی لێکۆڵینەوەکانـم خسـتە ڕوو. خاتـوو مولاوێـردی کـە لەوبـەری ژوورەکـەدا دانیشـتبوو، لـە ڕێگـەی کارەکانمـەوە و لەوانەیـە بـە هـۆی لێکۆڵینەوەکانـم لەسـەر هاوسـەرگیریی منـداڵان منـی ناسـیبێتەوە، لـە دوورەوە بـە سـەر سڵاوی لـێ کـردم و منیـش وەڵامـم دایـەوە. ئـەوە تاکـە پێوەندییـەک بـوو کـە لـە نێوانمانـدا دروسـت بـوو و ئـیتر هەرگیـز نەمبینییەوە.

● وێنەی ٣٥٨ - کۆنفرانسی خەسارناسیی هاوسەرگیریی منداڵان، مەشهەد، ١٣٩٦ی هەتاوی (٢٠١٧)

لەگـەڵ خاتـوو ئیبتیـکاردا تەنانـەت ئـەو پێوەندییـەش دروسـت نەبـوو و منـی بـە هیـچ شـێوەیەک نەدەناسـی. دواتـر یەکێـک لـە تۆمەتەکانـم ئـەوە بـوو کـە دزەم کردۆتـە نـاو هەیکەڵـی حکوومـەت و پەرلەمـان و بـۆ زیادکردنـی تەمەنـی هاوسـەرگیریی منـداڵان هاوکاریـم لەگـەڵ خاتـوو مولاوێـردی کـردووە. ئـەم کۆنفرانسـە لەلایـەن ڕۆژنامەوانانـەوە پێشـوازییەکی باشـی لـێ کـرا و زەمینەیەکـی ڕەخسـاند کـە جارێکـی دیکـە هاوسـەرگیریی منـداڵ و دۆزینـەوەی ڕێگاچـارە بـۆی لـە ئێرانـدا بچێتـە ڕۆژەڤـەوە.

دوای ئەمەش هەڵەیەکی ستراتیژیم کرد، ئەویش ئەوە بوو کە بە مەودایەکی کەم دوای کۆنفرانسەکە دوو دیمانەی ڕۆژنامەوانیم ئەنجام دا.

یەک دوو ڕۆژ دوای ئەم کۆنفرانسە، خەریکی ئیشکردن لە سەر پرۆژەی زبڵگەڕیی منداڵان بووم کە خاتوو تەیبە سیاوەشی نوێنەری مەجلیسی شۆڕای ئیسلامیی ئێران لە ڕێگەی واتساپەوە پەیامێکی بۆ ناردم. بەستەرێکی ڕۆژنامەی کەیهانی[1] ناردبوو کە سەردێڕی لاپەڕەی یەکەمی ئەوە بوو: "سوونامیی پیربوونی خەڵکی ئێران نووسخەی کسینجەر لە سەر مێزی مەجلیس!"، هەرچەندە نووسەری وتارەکە ناوی منی نەهێنا، بەڵام منی وەک کەسێک ناساندبوو کە لۆبێگەری بۆ ئەوە دەکەم کە کاریگەری لەسەر سیاسەتدانەرانی مافی ژنان و منداڵان لە حکوومەت و مەجلیسی شۆڕای ئیسلامیی ئێران دابنێم و ئەو ڕۆژنامە جەختی لە سەر ئەوە کردبۆوە کە من لە بەریتانیا خوێندوومە و دەرچووی بواری خەڵکناسیم. ئاماژەکانی دیکە دەریاندەخست کە ئەو کەسەی ڕۆژنامەی کەیهان کردبوویە ئامانج، من بووم. ئەم ڕۆژنامە لە ڕێکەوتی ١٧ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی (٨ی دیسەمبەر/ کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٨)دا نووسیبوی: "ماوەی دوو ساڵە تیمێکی هەماهەنگ، پێکهاتوو لە چەند نوێنەری فراکسیۆنی ژنانی مەجلیس و

دستگیری عوامل نفوذی در حوزه کنترل جمعیت:

نسخه هنری کیسینجر روی میز مجلس!/ بزک سیاست‌های کنترل رشد جمعیت در غالب‌های مختلف، راهبرد پیشنهادی کیسینجر

همه‌چیز به 44 سال پیش برمی‌گردد، روزی که هنری کیسینجر، وزیر امور خارجه و مشاور امنیت ملی ایالات‌متحده، سند NSSM200 را در کاخ سفید روی میز رئیس‌جمهور ریچارد نیکسون گذاشت و در جلسه‌ای با حضور وزیر جنگ، رئیس‌سازمان اطلاعات مرکزی آمریکا و دبیر آژانس توسعه بین‌المللی به شرح گزارش محرمانه «بررسی امنیت ملی آمریکا»، با موضوع «پیامدهای رشد جمعیت در جهان برای امنیت ملی و منافع خارج از کشور ایالات‌متحده» پرداخت.

به گزارش سرویس اجتماعی پایگاه 598، حدود دو سال است که یک تیم هماهنگ، متشکل از چند نماینده مجلس شورای اسلامی (عضو فراکسیون زنان مجلس)، چند فعال اجتماعی در جمعیت امام علی(ع) به همراه فردی که در کشور انگلیس برای سیاست‌گذاری اجتماعی آموزش دیده است، با حمایت نهادهای بین‌المللی مثل یونیسف و صرف هزینه‌های سرسام‌آور برای برگزاری همایش، نشست، ساخت فیلم سینمائی و تولیدات انبوه رسانه‌ای حول محور «مطلوبیت قانونی ازدواج

گیرانی هێزە دزەکەرەکان لە بواری کۆنترۆڵی حەشیمەتدا:

نووسخەی هێنری کیسینجەر لە سەر مێزی مەجلیس!/ خەملاندنی سیاسەتەکانی کۆنترۆڵی هەڵکشانی ڕێژەی حەشیمەت بە ژنێتیکی جیاواز، ڕێکاری پێشنیاریی کسینجێر

هەموو شتێک دەگەڕێتەوە بۆ ٤٤ ساڵ بەر لە ئێستا، ئەو ڕۆژەی وا هێنری کسینجێر، وەزیری کاروباری دەرەوە و ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەڵگەی NSSM٢٠٠ لە کۆشکی سپی لە سەر مێزەکەی سەرۆک کۆمار ڕیچارد نیکسۆن دانا و لە دانیشتنێکدا بە ئامادەبوونی وەزیری جەنگ، سەرۆکی ڕێکخراوی هەواڵگریی ناوەندی ئەمریکا و سەرکرتێری ئاژانسی گەشەی نێودەڵەتی، ڕاپۆرتی نهێنیی «لێکدانەوەی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا»ی بە بابەتی «لێکەوتەکانی هەڵکشانی ڕێژەی حەشیمەت لە جیهان بۆ ئاسایشی نیشتمانی و بەرژەوەندییەکانی دەرەوەی وڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکان» شرۆڤەی کرد.

بە پێی ڕاپۆرتی سرویسی کۆمەڵایەتیی بنکەی ٥٩٨، ماوەی دوو ساڵە تیمێکی هەماهەنگ، پێکهاتوو لە چەند نوێنەری فراکسیۆنی ژنانی مەجلیس و چەند چالاکوانێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسێک کە لە بریتانیا لە بواری سیاسەتی کۆمەڵایەتی مەشق و ڕاهێنانی پێ کراوە، بە پاڵپشتیی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەکوو یونیسێف و هەروەها وەرگرتنی گوژمەی زەبەلاح بۆ کۆڕەبند و بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی و ناوەڕۆکی میدیایی لە پێناو «قەدەغەکردنی یاسایی هاوسەرگیریی لە تەمەنی کەم» .....

- وێنەی ٣٥٩ – سەردێڕی کەیهان، ١٣٩٧ی هەتاوی (٢٠١٨) (دەقی ڕۆژنامەکە فارسییە و لە وێنەکەدا وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی

1. https//:tinyurl.com/y7fffvw9

چەند چالاکوانێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسێک کە لە بەریتانیا لە بواری سیاسەتی کۆمەڵایەتی مەشق و ڕاهێنانی پێ کراوە، بە پاڵپشتیی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەکوو یونیسێف و هەروەها وەرگرتنی گوژمەی زەبەلاح بۆ کۆڕبەند و بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی و ناوەڕۆکی میدیایی لە پێناو "قەدەغەکردنی یاسایی هاوسەرگیریی لە تەمەنی کەمدا" چالاکی دەنوێنن. قەدەغەکردنی هاوسەرگیریی منداڵان لە پێناو ڕاسپاردەی ٤٤ ساڵ لەوەوبەری هێنرِی کیسینجەر، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتەی ئەمریکایە، بۆ سەرۆک کۆماری ئەمریکا."

ئەم ڕۆژنامە کە ڕوانگەیەکی ڕادیکاڵ و توندی هەیە و بە جۆرێک ڕۆڵی وتەبێژی بەیتی ڕەهبەری دەگێڕێ، ساڵانێکە لە لایەن حسێن شەریعەتمەدارییەوە بەڕێوە دەبرێت. شەریعەتمەداری پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ بەیتی ڕێبەری و دامودەزگا ئەمنییەکان هەیە و هەر کاتێک ڕۆژنامەی کەیهان تیشک دەخاتە سەر کەسێک، مانای وایە بابەتەکە جیددییە. هەندێک لە هاوڕێیان کە پێشینەی دەستگیرکردنیان هەبوو، ڕاپۆرتەکانی کەیهانیان بە مەترسیدار و خاڵی دەستپێکی ڕووداوەکانی داهاتوو دەزانی. ڕادەی جیددیبوونی بەسەرهاتەکە لەگەڵ ئەو لاپەڕەیەی کە هەواڵەکە یان ڕاپۆرتەکەی لە سەر بڵاو دەکرێتەوە یەکە. بۆ نموونە گرنگە کە کەیهان لە لاپەڕەی یەکەم باسی یەکێک بکا یان لاپەڕەی دووەم یان چوارەم. کەواتە کەسێک کە بووەتە یەکێک لە مانشێت و هەواڵەکانی ڕۆژنامە، دەبێ چاوەڕێی دەستبەسەربوون بێت. قبووڵکردنی ئەم تیۆرییە و وێناکردنی ئەوەی کە ڕووداوێکی ئاوا دەتوانێ بەو ئاسانییە ڕوو بدا، بۆ من نارِوون و ترسناک بوو. بەتایبەت ئەوەی کە گرووپێک یان تاقمێکی ناساندبوو کە خوازیاری هەڵکشاندنی تەمەنی هاوسەرگیریی منداڵان لە ئێراندا بوون و ئەوەیان بە درێژەی پرۆژەی کیسینجەر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ساڵانی شەست و حەفتاکانی سەدەی بیستی زایینی دەزانی. وێدەچێ کیسینجەر پلانێکی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناڤین هەبووە کە من هەتا ئێستاش نە بینیبووم و نە خوێندبوومەوە. ڕاستیتان دەوێ بە لامەوە گرنگیش نەبوو. دواتر کە لێکۆڵینەوەم لەسەر کرد، بۆم دەرکەوت کە لەسەر بنەمای ئەم پلانە دەتوانرێ ڕێژەی دانیشتوانی موسڵمانان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە قازانجی ئیسرائیل کەم بکرێتەوە. دوای ساڵانێک ڕۆژنامەی کەیهان یان باشتر بڵێم شارەزایانی ئیتلاعاتی سپای پاسداران پلانە لەبیرکراوەکەی کیسینجەریان بەمیدیایی کردەوە و منیان بە پێشەنگی ئامانجە ئایدۆلۆژیکییەکانی ڕۆژاوا لە قەڵەم دا. هێزی شیکارییان زۆر بەهێز بوو و لەوپەڕی بێباوەڕییەوە بیرم لەوە دەکردەوە کە بۆچی دەبێ سیستەمی ئەمنیی وڵاتێک، خۆی هەتا ئاستێکی وا دابەزێنێ و خەریکی ئەم گریمانە گەوجانەیە بێت.

ئـەو ڕۆژەی کـە کەیهـان ئـەم ڕاپۆرتـەی بڵاو کـردەوە، خـەزوورم لـە کرماشـانەوە هاتبـووە تـاران. کاتێـک ڕۆژنامەکـەم پیشـان دا، ڕوخسـاری زەرد هەڵگـەڕا. بـە کاردانەوەکـەی بـۆم دەرکـەوت کـە بابەتەکـە لـە جـاران جیـددیترە و ناتوانـم بـە کەمێـک دوورکەوتنـەوە و سـڕبوون دۆخەکـە هێـور بکەمـەوە. وەک ڕۆژ لێـم ڕوون بـوو کـە وەک هاووڵاتییەکـی خاوەنـی دوو ڕەگەزنامـە دەبـم بـە بارمتەیەکـی بـاش. ئیمەیڵـم بـۆ بەشـی کونسـوڵگەریی باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا لـە تـاران نـارد. بارودۆخـی خۆمـم بـۆ گێڕایـەوە و وتـم پێویسـتە ڕاسـتەوخۆ خـودی باڵیـۆز ببینـم. پێـشتر دوو جـار بـۆ سـەفەری خێزانـی و وەرگرتنـی پاسـپۆرتی بەریتانـی بـۆ ئـالان چووبوومـە باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا. لـە سـاڵی ١٣٨٨ی هەتـاوی (٢٠٠٩) کـە گەڕامەوە بـۆ ئێـران، چوومـە باڵیۆزخانـە و هاتنـەوەی خۆمـم ڕاگەیانـد. مـن هیـچ پەیوەندییەکـی دیکـەم لەگـەڵ باڵیۆزخانـە نەبـوو و بـە ئەنقەسـت ئـەم کارەم کـرد بـۆ ئـەوەی کۆمـاری ئیسلامـی دواتـر ئـەم بابەتـە لـە دژی مـن بـەکار نەهێنێـت. هەمیشـە پێشـنیار دەکـرا کـە باڵیۆزخانـەکان ئـاگاداری هاووڵاتیانـی خۆیـان بـن و هەندێـک جـار ئیمەیڵـم دەنـارد و ڕامدەگەیانـد کـە هێشـتا لـە ئێرانـم. هەرچەنـد هەنـدێ کاری گوماناویـم بـۆ دەرکەوتبـوو، بـەڵام هەتـا بابەتەکـەی ڕۆژنامـەی کەیهانـم نەبینـی، هیچـم ڕانەگەیانـد.

ئـەوان بـە داواکارییەکـەم ڕازی بـوون کـە لەگـەڵ باڵیـۆز کـۆ ببمـەوە و منیـش چوومـە باڵیۆزخانـە. کاتێـک لـە قەرەباڵغیـی شـەقامی فێردەوسـی لـە ناوەنـدی شـاری تـاران دەچیتـە نـاو باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا، جیهانێکـی جیـاواز و ئـارام ئەزمـوون دەکەیـت. دوای تێپەڕیـن بـە حەوشـەکەدا چوومـە نـاو باخچەیەکـی گـەورە و جـوان و بـۆ شـوێنی کۆبوونـەوە لەگـەڵ باڵیـۆز ڕێنماییـان کـردم. تـەواوی نیگەرانـی و لایەنەکانـی بابەتەکـەم بـۆ باڵیـۆز ڕوون کـردەوە. بابەتەکـەی ڕۆژنامـەی کەیهانـم پیشـان دا و ئەویـش وەکـوو مـن پێشـبینی ئـەوەی دەکـرد کـە دۆخەکـە چۆنـە. گرتنـی هاووڵاتییـە دووڕەگەزنامەییـەکان جیـددی بـوو و هیـچ دوور نەبـوو کـە منیـش وەکـوو نازەنیـن زاغـەری و ئـەرەس ئەمیـری و ئەنووشـە ئاشـووری زیندانـی بکرێـم. حکوومەتـی بەریتانیـا نەیدەویسـت کەسـێکی دیکـەش بخرێتـە لیسـتی زیندانییەکانـەوە. باڵیـۆز پێشـنیاری کـرد کـە بـۆ ماوەیـەک ئێـران بەجێبهێڵـم و کاتێـک دۆخەکـە هێـور بـووەوە بـۆ درێـژەدان بـە کار و ژیانـم بڕیارێکـی باشـتر بـدەم. وتـم بیـر لـە پێشـنیارەکەت دەکەمـەوە.

هەرچەنـد باشـتر وا بـوو کـە بـۆ ماوەیـەک بگەڕێمـەوە بـۆ بەریتانیـا، بـەڵام پرسـیارم دەکـرد ئایـا جارێکـی تـر دەگەڕێمـەوە بـۆ ئێـران یـان ئەمـە دواییـن مانـەوەی مـن لـە ئێـران دەبێـت؟ پرسـیاری زۆر بـە مێشـکمدا دەهـات و دەچـوو، بـەڵام لێبـڕاوە بـووم کـە دەبـێ بـڕۆم بـۆ ئـەوەی لانیکـەم بـە خەیاڵـی خـۆم دۆخەکـە کەمێـک ئـارام ببێتـەوە. دواتـر بـۆم دەرکـەوت کـە فۆبیای مـن لـە دەزگا ئەمنییـەکان لـە خـۆوە نییـە. تێگەیشـتبووم کـە ئـەو سیسـتەمەی مـن پێـوەی دەرگیـرم و دۆسـییەم بـۆ دروسـت دەکات، وەزارەتـی ئیتلاعـات یـان بەشـێک لـە حکوومـەت

نەبوو. من تووشی ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپا ببوومەوە و ئەمە ئەوەندەی دیکە پرسەکەی قورستر دەکرد.

کاتێک بەرامبەر باڵیۆز دانیشتم و بینیم بە کۆت و شەڵوارە خۆڵەمێشیەکەیەوە بە هێمنی چای قاوەڵتی دەخواتەوە، خۆزگەم دەخواست لە جێی ئەو بام. ڕۆب مەک ئێیر سەرەڕای ئەو هەموو ئاژاوە و گرژییەی کە لە ئێراندا هەبوو، پارێزبەندیی دیپلۆماتیک و سیاسی هەبوو و منیش بەرامبەری دانیشتبووم، بەڵام لەسەر خاکی خۆم زۆر بێدەرەتان و بێدەسەڵات بووم. دەمزانی ئەگەر دەستبەسەریش بکرێم، وەک هاووڵاتییەکی دوورەگەزنامەیی زیاتر لە زیندانییەکی سیاسی پارێزبەندی و ئیمتیازاتم دەبێ، بەڵام ئەوەش نیگەرانی دەکردم. زیندانییەکی دوورەگەزنامەیی وەکوو نێچیرێکی چەور و قەڵەوە و دەزگا ئەمنییەکان وەک ئامرازێکی سیاسی و ئەمنی بەکاری دەهێنن، بەتایبەت ئێران کە لەم کارەدا هاوتای نییە.

کۆبوونەوەکەم لەگەڵ ڕۆب زۆر کورت بوو. قازانجێکی وای بۆ من نەبوو و لە خوای دەویست بگەڕێمەوە بۆ بەریتانیا بۆ ئەوەی سەرێشەیەکی کەمتری هەبێت. هەمیشە هەوڵم دەدا خۆم بخەمە جێگای ئەو و لێی تێبگەم کە ئەگەر منیش بوومایە ڕەنگە هەمان پێشنیارم بکردایە. کۆبوونەوەیەکی ترم لەگەڵ ڕۆب هەبوو. ئەو وای پێ باش بوو لە کافەیەک لە نزیک باڵیۆزخانە یەکتر ببینین بۆ ئەوەی جارێکی تر بوونی من لە باڵیۆزخانە هەستیاریی زیاتر دروست نەکات. هەڵبەت پێم وابوو مۆبایلەکەم کۆنترۆڵ کراوە و چاودێریی جووڵەکانم دەکەن، بەڵام ڕۆب پێی وا بوو دیدارمان لە کافەیەک سەلامەتتر و ئەمنترە.

قۆناغە مەیدانییەکانی پرۆژەی زبڵگەڕیی منداڵان کۆتایی هاتبوو و چووبووینە قۆناغی شیکاریی ناوەڕۆکی گرووپی و دارشتن و ئامادەکردنی کار. منیش هیچ پرۆژەیەکی ترم لەبەر دەستدا نەبوو، بۆیە پێم باش بوو ماوەیەک لە ئێران دوور بم. ڕۆژێک پێش ئەوەی سواری فڕۆکە بم چوومە مەیدانی ئینقلاب بۆ ئەوەی هەندێک لە کتێبەکانم لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە وەربگرم. چەند بەرگێک بە دیاری ببەخشم بە کتێبخانەی بەریتانیا و هەندێکیشیان بدەم بە هاوڕێکانم لە زانکۆکان. کتێبەکانم وەرگرت و لە گۆشەیەکدا ڕاوەستام بۆ ئەوەی بە ئەپڵیکەیشنی ئسنەپ تاکسییەک بگرم کە فەرشید یەزدانی تەلەفۆنی بۆ کردم. باسمان لە دوا قۆناغەکانی بەرهەمی "تاڵانی منداڵی" دەکرد کە بەدەم ڕۆشتنەوە گەیشتمە یەکتربڕینی ئینقلاب و ئازادی. لە تەنیشت کیۆسکێکی پۆلیس درێژەم بە قسەکردن دا و چاوەڕێم کرد کە ئسنەپ بگات، ئەوەندە لێی نزیک بوومەوە کە ماوەیەک پاڵم پێوەدا و قسەم دەکرد. لە پشتمەوە گوێم لە گرمەی ماتۆڕێک بوو، یەکێک پاڵی بە منەوە ناو و لە چاونووقاندنێکدا موبایلەکەمی ڕفاند. ئەو

دوو ماتۆڕسـوارە هـەر زوو لێـم دوور کەوتنـەوە و بـە ئاراسـتەی پێچەوانـەی شـەقامەکە بـەرەو کاریگـەری جنووبـی (کارگـر جنوبـی) دەربـاز بـوون. بە هـاوارەوە بـە دوایانـدا ڕام کـرد و داوای یارمەتیـم لـەو ماتۆڕسـوارانە کـرد کـە لـەوێ بـوون. هـەر یەکەیـان بیانوویەکیـان هێنایـەوە. بـە ماندوویـی و هەناسـەبڕکێ گەڕامـەوە. ئـەو پۆلیسـانەی کـە هاتبوونـە دەرەوە زۆر پێیـان سـەیر بـوو کـە چـۆن دزەکان ئـاوا بوێرانـە مۆبایلەکەمیـان لـە بـەر چـاوی ئـەوان دزی. وتیـان تەنهـا کارێـک کـە دەتوانـی بیکـەی ئەوەیـە کـە بچیتـە ئیـدارەی موخابـەرات و سـیمکارتەکەت بسـوتێنیت. پاشـان بێیتـە ئێـرە ڕاپۆرتـی دزینـی مۆبایلەکـەت بـدەی، ڕاپۆرتەکـە بـۆ نـاو تۆمارکـردن ببـەی بـۆ بنکـەی پۆلیسـی گـەڕەک بـۆ ئـەوەی ڕەنگـە مۆبایلەکـەت بدۆزنـەوە. ئێمـەش وێنـەی کامێـراکان دەپشـکنین، بـەڵام ئـەم ماتۆڕانـە پلاکیـان نییـە.

ئـەم ڕووداوە لـە بارودۆخێکـدا ڕووی دا کـە دەڕۆشـتم بـۆ لەنـدەن. هەمـوو زانیارییەکانـم لەدەسـت دا و سـەرم لـێ شـێوا بـوو و بێدەرەتـان نەمدەزانـی چـی بکـەم. بەپەلـە چوومـە یەکێـک لـە نووسـینگەکانی هێڵـی سـیمکارتی هەمڕاهـی ئـەووەڵ، بـۆ ئـەوەی سـیمکارتەکەم بسـووتێنن و سـیمکارتێکی نوێـم وەرگـرت. مۆبایلەکـەی شـەفەق ئایفـۆن بـوو و توانیـم لـە ماڵـەوە هەندێـک لـە زانیـاری و ژمارەکانـم لـە ئەکاونتـی ئایکلاودەکـەم بدۆزمـەوە. لای هاوڕێیەکـم کـە پارێـزەرە باسـی ئـەو بابەتـەم کـرد. وتـی "پێـم وایـە هێـزە ئەمنییـەکان مۆبایلەکەتیـان دزیـوە، ئەگـەر وا بـێ ئێسـتا تۆیـان کۆنتـڕۆڵ کـردووە. هیـچ دزێـک ڕیسـکی ئـەوە نـاکا کـە لـە ڕۆژی ڕوونـاک لـە بـەردەم بنکـەی پۆلیـس دزییەکـی ئـاوا بـکات!"، چەنـد کەسـی دیکـەش ئـەم ئەگەرەیـان پشـتڕاسـت کـردەوە و وتیـان موخابەراتـی ئێـران بـە دەسـتی سـپای پاسـدارانەوەیە و دەسـتی بـە هێـڵ و ژمـارە و پاسـۆردەکانت دەگات. ئـەوان لـەو مـاوە کورتـەدا کاری خۆیـان کردبـوو. کاتێـک بـە مۆبایلەکـەی شـەفەق ئەپـڵ ئایدییەکەمـم پشـکنی زانیـم لـەم دواییانـەدا ژمارەیەکـی زۆری زانیـاری و ئیمەیـڵ و ئەکاونتەکانـی مـن لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان دابـەزێنراون. دیـارە لـە کاتێکـدا کـە مۆبایلەکـە دزرابـوو و قفـڵ نەبـوو، ناوەڕۆکەکەیـان دانلـۆد کردبـوو. هەتـا مـن سـیم کارتەکـەم سـووتاند و ئایدییەکەمـم گـۆڕی، ئـەوان ئـەوەی دەیانویسـت بەدەسـتیان هێنابـوو.

مانەوەی کورت لە لەندەن

ڕۆژی دواتـر بـە دڵەڕاوکێیەکـی زۆرەوە لـە گەیتـی پاسـپۆرتی فڕۆکەخانەی ئـیمام خومەینـی تێپەڕیـم. دەنگـی کوتانـی مـۆری سـەر پاسـپۆرتەکەم باشتریـن دەنگـی جیهـان بـوو. بـە خۆمم وت: " ئـەوە ئەمجاریـش خۆتـت قوتـار کـرد، دەی دەتوانـی دیسـان بگەڕێیتـەوە بـۆ ئێـران؟" هـەژدە ڕۆژ لـە لەنـدەن مامـەوە و سـەردانی هەندێـک لـە زانکۆکانـم کـرد. پێـشتر لەسـەر

کارەکانم داوایان لێ کردم کە قسە بۆ خوێندکاران بکەم و ئەم گەشتەم بە دەرفەتێکی بەنرخ زانی کە جارێکی دیکە لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەکادیمیی بەریتانیا پەیوەندی ساز بکەمەوە.

ئەو ماوەی وا لە ئێران بووم ساڵانە جارێک یان دووجار گەشتم بۆ بەریتانیا دەکرد و چەند جارێکیش بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانس و سیمینارەکان گەڕابوومەوە بۆ بریتانیا، بۆ وێنە لە ڕێگەی ڕێکخراوێکی ناحکومییەوە کە کاریان لەسەر خەتەنەکردنی کچان و ژنان لە ئەفریقا دەکرد و لەلایەن هاوڕێیەکەوە بەڕێوە دەبرا، بۆ وتاردان لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی "کچ/Girl" چووبوومە بەریتانیا. ئەم کۆنفرانسە بە وتاردانی دەیڤید کامیرۆن، سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی بەریتانیا دەستی پێکرد و هەروەها مەلالە یووسفزای، براوەی خەڵاتی نۆبێڵ و سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان تێیدا وتاریان دا. جارێکیش بۆ پەردەلادان لە سەر بەرهەمەکانم چوومە کامبریج و ئۆکسفۆرد. گەشتی خێزانیی دیکەمان بۆ ئەوێ هەبوو. بۆ نموونە کاتێک ئالان لەدایک بوو و هێرشی بەسیجییەکان باڵیۆزخانەی بەریتانیای لە تاران داخست، ئێمە بۆ نوێکردنەوەی پاسپۆرتەکانمان چووینە لەندەن، بەڵام ئامانجی من لەم سەفەرە پەیوەندیکردن لەگەڵ فەزای ئەکادیمیکی بەریتانیا بوو.

لە ماوەیەکی کورتدا، بۆ دوو خەڵات بەربژێر کرام، یەکێکیان لە ساڵی ٢٠١٧ ڕێکخراوی "IKWRO'بەهۆی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانی من و هاوکارەکانم لە بواری جێندەر (ڕەگەزێتی) و مافی منداڵان، خەڵاتی ساڵانەی "ناموووس/شانازیی ڕاستەقینە"ی

● وێنەی ٣٦٠ – لە لای ڕاستەوە، لە زانکۆی یاسای لەندەن و لەگەڵ بڵاوکەرەوەکەم لە زانکۆی جۆرج واشینگتۆن، ٢٠١٧ و ٢٠١٨

خۆی لە زانکۆی یاسای لەندەن بە من بەخشی. هەروەها لە ساڵی ٢٠١٨دا بەهۆی

کۆمەڵە بەرهەم و لێکۆڵینەوە مەیدانییەکانم لەسەر خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە زانکۆی جۆرج واشینگتۆن خەڵاتی ئەدەب و زانستە مرۆییەکانی دامەزراوەی ئاشتیی جیهانیم بەدەست هێنا کە منیش وەک دیاری پێشکەشی هەموو هاوکارەکانم و کۆمەڵگەی ئامانجی توێژینەوەکانم کرد.

باڵیۆز کەسێکی لە ئەنجومەنی فەرهەنگی ئاگادار کردبووەوە کە دەگەڕێمەوە و لیستێکی لە زانکۆ و مامۆستایانی زانستە مرۆییەکان کە کاریان لەسەر ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوین دەکرد، بە ئیمەیڵ بۆ ناردبووم. لە ڕێگەی ئەم لیستەوە دەچوومە زانکۆکان و هەندێ جێگاش خۆیان دەیانناساندم. کاتێک لە لەندەن لەگەڵ هەندێک مامۆستای زانکۆ دیدارم کرد، بە خۆمم وت، بۆچی ئەوەندە من بە هەند وەردەگرن؟ هۆکارەکەی ئەوە بوو کە کەسی ناوبژیوان و نێوانگر لە ڕێگەی ئیمەیڵی فەرمییەوە نامەی بۆ دەناردن و دەیگوت بۆ نموونە کامیل ئەحمەدی ناوێک بڕیارە بتانبینێ و پێویستی بە ڕاوێژ و ڕێنمایی کارییە. ڕەنگە لایان وا بووبێت کە من کارناسێکی پلەباڵام.

لەم ماوەیەدا سەردانی شوێنی جۆراوجۆرم کرد، لە قوتابخانەی ئابووریی لەندەنەوە بگرە هەتا زانکۆکانی دیکەی ئەم شارە و زانکۆی خۆم لە کانتێربێری. چاوم بە سووپێروایزێرەکەم و یەک دوو پرۆفیسۆرێک کەوت کە هێشتا لە هەمان زانکۆ بوون. دە ساڵ بوو لە بریتانیا دوور بووم و زۆرێک لەو پرۆفیسۆری زانکۆیانەی کە دەمناسین خانەنشین ببوون. ئەو کەسانەی دیکەش کە دەمناسین زۆریان شوێنی کارەکانیان گۆڕیبوو یان بەریتانیایان بەجێهێشتبوو. دیارە ئەو نەوەیەی وا من لەگەڵیان هاوسەردەم و خوێندکار بووم ئەوانیش یان وەکوو من کۆچیان کردبوو یان چووبوونەوە بۆ وڵاتانی خۆیان، بۆیە هەستم دەکرد کەس ناناسم و ئەمەش دووبارە پێوەندی سازکردنەوەی منی لەگەڵ ژینگەی بەریتانیا قورستر دەکرد. هەلومەرجی دامەزراندن و کارکردنیش گۆڕابوو و کاتێک پرسیارم لە بارودۆخی کارکردنی کەسانی جۆراوجۆر دەکرد، دەیانگوت زۆرێک لە گرێبەستەکان بوونەتە کاتی و ئاسایشی کار بە شێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە.

جیا لە هەموو ئەمانە، زانکۆکان گۆڕانکارییەکی زۆریان بەسەردا هاتبوو و زۆربەیان تێکەڵاوی بازرگانی ببوون. سیاسەتیان لە سەر ڕاکێشانی خوێندکاری بیانی چڕ ببووەوە بۆ ئەوەی سەرچاوەی دارایی باشتر بۆ زانکۆ دابین بکەن. خوێندکارانی ناوخۆیی تەنیا دەیانتوانی قەرزی بانکی وەربگرن، قەرزی بانکی بە ڕێژەی سوودی زیاتر، کە ئەرکی پێدانەوەی قەرزەکە لە ئەستۆی خۆیان بوو و دوای دامەزراندنیشیان لە مووچەکانیان کەم دەبووەوە. هەروەها کۆمەڵێک هەڤیازی و ئیمتیازی پەروەردەییشیان کەم کردبووەوە. لێکم دایەوە کە ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ بریتانیا، بەو بارودۆخەی کە لە ئێستادا هەیە،

دۆزینـەوەی کار قـورس دەبێـت و ئەویـش لـە دۆخێکـدا کـە مـن کارم لەسـەر بابەتگەلێـک کردبـوو کـە تایبـەت بـە ئێـران بـوو و تەنانـەت لـە خـودی ئێرانیشـدا نەنـاسراو بوون. گەیشـتمە ئـەو ئەنجامـەی کـە ئەگـەر زوو و بەبـێ پلان ئێـران بـەرەو بەریتانیـا بەجێبهێڵـم، تووشـی کێشەی کار و دارایی دەبمەوە.

● وێنەی ٣٦١ – سیمیناری نەریتە زیانبەخشەکان لەگەڵ هاوڕێ و هاوکارم لۆرین، زانکۆی کەمبریج، بریتانیا، ٢٠١٨

هەروەهـا بیریشـم لـەوە دەکـردەوە کـە ئەگـەر هیـچ ڕێگەیەکـم جگـە لـە جێهێشـتنی ئێـران نەبـێ، دەتوانـم لـە وڵاتانـی دراوسـێدا کاری توێژینەوەیـی ئەنجـام بـدەم، بـەڵام بـە لەبەرچاوگرتنـی پێشـینەی مرۆڤڕفێنیـی ئێـران لـە وڵاتانـی دراوسـێ، ڕەنگـە لەوێـش ئاسایشـی کەسـی یـان کاریـم نەبێـت. جگـە لـەوەش ڕەنگـە ناچـار ببوایـەم لـەم وڵاتانـەدا بـواری کار و لێکۆڵینەوەکـەم بگـۆڕم. ماوەیـەک بـوو لـە بوارەکانـی کاری منـداڵان، شـوناس و ئێتنیـک ئیشـم کردبـوو کـە ئەمانـە تایبـەت بـە ئێـران بـوون و ڕەنگـە لـە شـوێنێکی دیکـەدا هیـچ کارکردێکیـان نەبێـت.

بـە خۆمـم گـوت کامیـل، تـۆ ئـیتر تەنیـا نیـت، خێـزان و ژن و منداڵـت هەیـە و ئەگـەر بتهـەوێ بێیتـە ئێـرە، دەبـێ مشـووری درێـژەدان بـە ژیـان و خانووبـەرە و هتـد بخـۆی و هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە لـە ڕێگـەی سـاڵانێک کار و ماندووبوونـەوە بـۆ خـۆت دابینـت کـردووە، لانیکـەم بـۆ ماوەیـەک ئەوانـەت نابێـت. بیـرم لـە هەمـوو ئـەم شـتانە دەکـردەوە، بـەڵام نیگەرانـی مۆبایـل و زانیاریـە دزراوەکانیشـم بـووم و گریمانـەی ئەوەشـم دەکـرد کـە لەگـەڵ گەڕانەوەمـدا دەسـتگیر دەکرێـم. بـەو هەمـوو تـرس و لـەرزەی کـە هەمبـوو، گەڕامـەوە

بـۆ ئێـران، بـەڵام هیـچ ڕووی نـەدا.

ئەمجارەیان هەککردنی ئیمەیڵ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

گەڕامـەوە بـۆ ئێـران و قۆناغـە کۆتاییەکانـی پـرۆژەی زبڵگەڕیـی منداڵانـم درێـژە پێـدا. لـەو ماوەیـەدا کـە ئـەم کارەم ڕادەپەڕانـد و ئامادەکاریـم بـۆ پەردەلادانـی دەکـرد، قۆناغـی ڕاوێـژکاری و پێداچوونـەوەم بـۆ دەقـی سـەرەتایی شـوناس و ئێتنیسـیتە ئەنجـام دەدا. بـۆ چەنـد حەوتەیـەک دیمانـە و چاوپێکەوتنەکانـم سـەبارەت بـە هاوسـەرگیریی منـداڵان بـەردەوام بڵاو دەکرانـەوە و منیـش پێشـنیاری نوێـی چاوپێکەوتنـم ڕەت دەکـردەوە یـان وڵامـم نەدەدانـەوە. داواکاری بـۆ چاوپێکەوتـن زۆر بـوو. بـی بـی سـی فارسـی دەیویسـت ڕاپۆرتێـک لەسـەر هاوسـەرگیریی سـپی بڵاو بکاتـەوە و بـۆ دیمانـە پێوەندییـان پێـوە کردبـووم. چاوپێکەوتنـی ناوخۆیـی و پوختـەی توێژینەوەکـەم لـە سـایتەکەمدا هەبـوو و ئەوانیـش بینیبوویـان، دەیانگـوت لێکۆڵینەوەکانـی مـن یەکێـک لـەو چەنـد کارە دەگمەنەیـە کـە لـە ئێرانـدا کـراوە. دیمانەکانـم ڕەت کـردەوە و داوام لێکـردن تەنانـەت باسـی کتێبەکـەش نەکـەن. پەیامنێرەکـە وتـی: "ئێـوە کارەکانتـان ئاشـکرا کـردووە و لـە هەمـوو شـوێنێک بەردەسـتە، بۆیـە ئێمـە تەنهـا ئامـاژەی پێدەکەیـن". قسەکەشـی ناحیسـابی نەبـوو، وتـم دەی

دەبێ بڵێن دژبەری خانەوادە
مـن ماومەتـەوە ئـەم بیناەدەمـە چـۆن ئـاوا بـە ئـارەزووی خـۆی لـە نـاو ئێرانـدا دەسـووڕێتەوە و چالاکـی دەکا

ئـەم کامیـل ئەحمەدییـە کـە سـەرچاوەی هـزری و ناوەڕۆکیـی هەمـوو لایەنگرانـی قەدەغەکردنـی هاوسـەرگیریی مێرمنـداڵان و منـداڵان یـان «#منداڵ_زانیـن (لـە @TayebehSiavashi) هەتـا #جەمعییەتی_ئیمام_عەلی)ـیە سـێ دانـە کتێبـی هەیـە: یەکیـان دژی سـیغەیە، یەکیـان وەسـفی چاکیـی هاوسـەرگیریی سـپی و ئـەوی دیکەیـان سـەبارەت بـە درۆی #منداڵ_هاوسـەری وەرگرتنی گرتە ڤیدیۆی تەواو: yon.ir/muchBh

● وێنەی ٣٦٢- تویتی ئەرزشییەکان واتا لایەنگرانی حکومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران

لانیکەم ناوی من مەهێنن و تەنها بڵێن توێژینەوەی "ماڵێک بە درگای ئاوەڵاوە". ئەم ڕاپۆرتە نیگەرانییەکانی منی زیاتر کرد. ئەوانەی لەم بوارەدا کاریان دەکرد زۆر باش دەیانزانی کە کتێبەکە هی منە و سیستەمی ئیتلاعات چاودێری هەموو ئەو حاڵەتانەی کردبوو و زۆر باش دەیزانی کە لەو سەردەمەدا کەس لە ئێراندا جگە لە من توێژینەوەی مەیدانی لەم ئاستەدا ئەنجام نەداوە. خودی ئیدارەی ئیتلاعات لە مێژ بوو ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی ئەم توێژینەوە کردبوو. هەر دوای ڕاپۆرتەکەی بی بی سی، شەپۆلێکی تویت و هەشتەگی بەناو نەیارانی بەرزکردنەوەی تەمەنی هاوسەرگیریی منداڵان دەستی پێکردەوە و ئەمجارەیان بە پەرەپێدانی ژیانی دەرەوەی چوارچێوەی هاوسەرگیری و تەشەنەدان بە لەشفرۆشی لە ناو کۆمەڵگا تۆمەتباریان کردم.

کاتێک زەخت و گوشارەکان لە هەموو لایەکەوە زیاتر بوو، بیرم لەوە کردەوە کە دەمەو هاوین لەگەڵ خێزانەکەم چەند مانگێک ئێران بەجێبهێڵم تا دۆخەکە هێور دەبێتەوە. نەمدەویست بۆ هەمیشە ئێران بەجێبهێڵم. پێم خۆش بوو کەشەکە ئارام ببێتەوە و منیش بۆ هەمیشە لە ئێراندا بگیرسێمەوە. ڕۆژێک کە بۆ وەرگرتنی دواییین ئەنجامی پرۆژەی زبڵگەڕیی منداڵان و ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەک بۆ کۆتایی هێنان بە بابەتەکانی ئەم توێژینەوە چوومە سەر کارەکەم، لە ناوەڕاستی کۆبوونەوەکەدا هەستم دەکرد کە ناتوانم بچمە ناو یەکێک لە ئەکاونتی ئیمەیڵەکانم، پەسوۆردم لێ دەدا بەڵام نەیدەکردەوە، لاگ ئاوت ببووم.

زۆر دڵنیا نەبووم، بەڵام دەمزانی دزینی مۆبایلەکەم و هەککردنی ئیمەیڵەکەم پێوەندییان بە یەکەوە هەیە. بەرنامە ئەمنی و ئیتلاعاتییەکانی ئێران یەک لەدوای یەک جێبەجێ و بەدواداچوونیان بۆ دەکرا. هەمان ڕۆژ کێشەی ئیمەیڵەکەم جێبەجێ بوو و پێم وا بوو ئەوە کێشەیەکی ئینتەرنێتی بووە. کاتێک ئەو شەوە گەڕامەوە ماڵەوە، هەموو شتێک ئاسایی بوو و تا درەنگانێک کارم بە لەپتابەکەم کرد، بەیانی کە لە خەو هەڵسام چوومە سەر مۆبایلەکەم و لانیکەم بیست ئیمەیڵ و کورتەنامەم لە جیمەیڵ و هاتمەیڵ و فەیسبووک و تێلێگرامەوە بۆ هاتبوو کە دەریدەخست کەسێک هەوڵی چوونە ناو ئەکاونتەکانم دەدات. لە پێشدا پەیامی ئەوە هاتبوو "هێرش کراوەتە سەرت" و پەیامی دواتریش ئەوە بوو "کەسێک هاتۆتە ناو ئەکاونتەکەتەوە، بەڵام ئێمە ئەکاونتەکەتمان بلۆک کردووە، ڕاپۆرتیان دەدا، داوای تەئیدییەیان دەکرد، داواکاریی دۆزینەوەی پەسوۆرد هاتبووە سەر مۆبایل و سیمکارتی هەمڕاهی ئەوەڵەکەم. ئەم هێرشانە هەمووی پێکەوە ڕوویان دابوو. من ئەکاونتێکی هاتمەیڵ و دوو ئەکاونتی جیمەیڵم هەبوو و هەر سێیان و واتساپ، تێلێگرام و ئینستاگرامەکەم هاک کرابوون. من پێشتر هاک نەکرابووم، بەڵام دەمزانی زنجیرەیەک هێرش هەیە بە ناوی فیشینگ و ئەوەی ڕووی دابوو ئەوە بوو کە زۆر

پرۆفیشناڵانە و هاواهەنگانە لە ڕێگەی خودی کۆمپانیای سیمکاراتی هەمڕاهی ئەوەڵەوە هەک کرابووم و بە گەڕاندنەوەی کۆدەکانم دەستیان بە پاسوۆرد و زانیارییەکانی ئای ئێس پییەکانم گەیشتبوو.

بینیم ئیمەیڵەکانم بلۆک کراون و ناتوانم بچمە ناو ئەکاونتەکانمەوە. لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە پەیوەندیم بە جیمەیڵەوە گرت. وەڵامیان دامەوە کە بە ئەگەری زۆر ئەکاونتەکانم هاک کراون و نووسیویان: "ئەگەر دەتهەوێ دڵنیا ببیتەوە کە کەی شتێک ڕووی داوە، بڕۆ بۆ بەشی مێژووی لۆگئینی ئەکاونتەکەت و ڕاپۆرتمان بۆ بکە تا بتوانین لێی بکۆڵینەوە بۆت." بینیم کە هێرشەکان لە کاتژمێر ٣ی بەرەبەیانییەوە دەستیان پێکردووە و تا نزیک کاتژمێر ٦ی بەیانی بەردەوام بوون. ئەوەندەی توانیبوویان زانیارییەکانیان دانلۆد کردبوو و بەکاپیان لێ هەڵگرتبوو. بەتایبەت ئەوەی کە ئاسایشی هاتمەیڵ بەقەد جیمەیڵ زۆر نەبوو.

هەموو ئەو ئیمەیڵانەی کە هی بیست و پێنج ساڵ لەوەوبەر بوو، دایانبەزاندبوو. مۆبایلەکەم پڕ بوو لەو کورتنامانەی کە داوای گۆڕینی پاسوۆردەکەمیان لێدەکرد. دەمزانی کە موخابەرات لە ژێر دەستی سپای پاسدارانداية و دەستیان بە کورتنامەکان دەگات. تەواوی مێژووی مۆبایلەکەمیان دەرهێنابوو و دایانبەزاندبوو. ئەو ڕۆژەم لێ تێکچوو و بەیانییم بە هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی ئەکاونتەکانم تەرخان کرد.

چوومە نووسینگە و کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆ جارێکی تر هێرشەکان دەستیان پێکردەوە و جارێکی تر یەک دوو ئەکاونتم لە بەردەستدا نەمان. بەهۆی دڵەڕاوکێی زۆرەوە، کۆبوونەوەکەم بەجێهێشت و چوومە تەوالێت بۆ ئەوەی خۆم لە هاوکارەکانم بشارمەوە. لەناو تەوالێتەکەدا بە لەرزە لەرزی دەست ئیمەیڵم بۆ جیمەیڵ دەنارد بۆ ئەوەی ئەکاونتەکانم بلۆک بکات. پێم وایە بەشێکی تری ئیمەیڵەکانمیان دابەزاندبوو. بۆم ڕوون بووەوە کە یارییەکە گەیشتووەتە ئاستێکی دیکە.

بەشێکی دیکەی نیگەرانییەکانم ئەوە بوو کە وەکوو زۆر کەس زۆربەی پەیوەندییە پیشەیی و توێژینەوەییەکانم لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە بووە و پەیوەندییە کەسی و تایبەت و خێزانییەکانم لە ڕێگەی واتساپ و تێلێگرامەوە بوو. ئەم ڕووداوانە بەو مانایە بوو کە ئێستا هەموو یان زۆربەی ئەم پەیامانە کەوتبووە بەردەستی هاکەرەکان و ئیتلاعاتی سپای پاسداران دەستی پێیان گەیشتبوو. دوای ئەوە بە شێوەیەکی ئاسایی هیچ شتێکی تر ڕووی نەدا و هەموو شتێک بە ئاسایی بەرەو پێش دەچوو. ئەم بێدەنگییە بۆ من ترسناک بوو و دەمزانی بەم زووانە شتێکی ناخۆش دەقەومێت.

بانگهێشتکران بۆ مەجلیسی فەرمایشی و ڕووالەتی؛ ڕەتکردنەوەی پرۆژەیاسا لە لایەن کۆمیسیۆنی قەزاییەوە

فراکسیۆنی ژنان لە مەجلیسی دەیەم پێوەندییان پێوەکردم و وتیان: "ئەو پرۆژەیاسایەی کە بۆ زیادکردنی تەمەنی هاوسەرگیریی منداڵان لە مەجلیس ئامادەیان کردووە، لە مەجلیس وەکوو حاڵەتێکی لەناکاو خرایە دەنگدان و بڕیارە لەلایەن لێژنەی یاسایی و قەزاییەوە (دادوەری) پێداچوونەوەی بۆ بکرێت. ئەگەر لەوێ دەنگی زۆرینە بەدەست بهێنێ، دەچێتە شۆڕای نگابان (ئەنجومەنی پارێزەران) و ئەگەری ئەوەی کە پەسەندی بکرێ، یەکجار زۆرە" هەروەها بۆ ئامادەبوون لە کۆمیسیۆنەکەدا بانگهێشتیان کردم. وەک شارەزایەکی سەربەخۆ لەگەڵ لایەنگران و نەیارانی ئەم گەڵاڵە بەشداریم لە کۆبوونەوەکەدا کرد و باسم لە گرنگیی ئەو پرسە و زیانەکانی هاوسەرگیریی منداڵان کرد. دەمزانی حکوومەتی ئێران لەسەر پرسی هاوسەرگیریی منداڵ و داواکاریی گشتی بۆ بەرزکردنەوەی تەمەنی هاوسەرگیری داخیان لە من گرانە. بە خۆمم وت: "ئەمە ئەو ڕێگایەیە کە تۆ پێیدا هاتووی و کارێکە کە کردووتە

هەوڵەکان سەری گرت (هەرچەند ئاستەنگ هێشتا هەر هەیە)

تەیبە سیاوەشی

پەلەی پرۆژەیاسای هەڵکشاندنی لانیکەمی تەمەنی هاوسەرگیری لە مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی دەنگی هێناوە. ئامادەبووان لە مەجلیس بە ٢٠٩ نوێنەرەوە
١٥١ کەس دەنگی ئەرێنی
٣٤ کەس دەنگی نەرێنی
٧ کەس دەنگی سپی

#منداڵ_هاوسەری

#منداڵ_هاوسەری
#هاوسەرگیریی-منداڵان
#هاوسەرگیریی_پێش_وەختە

ژنەی ٣٦٣ – ئەنجامی دەنگدان، پۆستی سیاوەشی..
١٣٩٧ی هەتاوی (٢٠١٨)

و ئەمە توێژینەوەی زایەڵەی بێدەنگییە کە بووەتە پاشکۆی زانستیی ئەو پرۆژە یاسایەی کە دەنگی هێناوە. تۆ هەمیشە ویستووتە بەرهەمەکانت بچێتە ناو کایەی دارشتنی سیاسەت و تەنها لە دووتوێی کتێبێکی توێژینەوەییدا لە ناو قەفەزی کتێبخانەکانی زانکۆدا نەمێنێتەوە. کەواتە مادام ئەمە باشترین دەرفەتە، بۆچی ناچی بەرگری لە توێژینەوەکەی خۆت بکەیت؟ ئەگەر بیانهەوێ دەستگیرت بکەن کە گومانی تێدا نییە دەیکەن، دەی لانیکەم بڕۆ لە دوا سەنگەردا شەڕی خۆت بکە" پێم وایە باشترین و شەرەفمەندترین بڕیارم دا و هەتا ئێستاش بەرگری لێدەکەم". ژیرانەترین کار ئەوە بوو بەم ستراتیژە بەردەوام بم.

چوومە کۆمیسیۆنی دادوەریی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامیی ئێران. لە نهۆمی دووەمی بینای مەجلیس ژوورێکی گەورەی هەبوو کە ئەم سەر تا ئەوسەری کورسی دانرابوو. پیاوێکی ئایینی بە ناوی حاجی ئاغا نەوروزی، سەرۆکی کۆمیسیۆن، لە سەرەوەی ژوورەکە و لە ناوەڕاستی مێزەکەدا دانیشتبوو. وەکوو کۆبوونەوەکەی پێشوو نەیاران و لایەنگران بە جیا لەم بەر و ئەو بەری مێزەکە دانیشتبوون. زۆربەی لایەنگرانی پرۆژەیاساکە تەڕپۆش و ئیسلاحتەڵەب و شارەزای فڵان و فیسان بوار بوون و نەیارانیش بە شێوەیەکی سەرەکی ڕاسترەو و سەر بە حکوومەت بوون. بەرپرسی خاهەرانی بەسیجی ئێران، سینا کەلهوڕ و دەست و پێوەندەکەی، دەروونناسێک کە ڕووالەتەکەی لەگەڵ هیچ کام لە گرووپەکان نەدەچوو و زنجیرەیەک لە چالاکڤانانی ئیدۆلۆگ (ئەرزشی) لە بواری ڕاگەیاندن و شەڕی نەرم.

دەروونناسێکی دیکەش کە لایەنگری پرۆژەیاساکە بوو هاتبوو بۆ ئەوەی قسە لەسەر زیان و خەسارە دەروونییەکانی ئەم کارە بکات و پارێزەرێکیش کە لە سەر بابەتی بۆشایی یاسایی و بڕگە یاساییەکان و پاساودار بوونی ئەم پرۆژەیاسایە بۆچوونی کارناسانە بخاتە ڕوو. خاتوو سەلەحشووری و سیاوەشی دوو نوێنەری مەجلیسی شۆرای ئیسلامی کە زۆر بۆ ئەم کارە ماندوو بوون، بەشدارییان نواندبوو و خاتوو سەلەحشووری وەک ئاسانکار و سەرۆکی گرووپی لایەنگران هەڵبژێردرابوو. پێدەچێت ڕێکاری باو ئەوە بوو کە هەموو بۆچوونەکان بخرێنە بەر گفتوگۆ. ئەندامانی دەستەی دادوەری کە پێنج شەش کەسیان لەوێ بوون، دوای ئەو کۆبوونەوە قسە بکەن و دەنگ بە قبووڵکردن یان ڕەتکردنەوەی گەڵاڵەکە بدەن.

کۆبوونەوەکە زۆر بە خێرایی دەستی پێکرد و کۆتایی هات. کاتی تەرخانکراوی گفتوگۆ بۆ هەر کەسێک پێنج خولەک بوو. لە میانەی کۆبوونەوەدا هەر دوو خانمی پەروانە سەلەحشووری و تەیبە سیاوەشیم دەبینی کە وەکوو پەپوولە لە ناو ئەندامانی تیمەکەیاندا دەسووڕانەوە و هانیان دەدان کە تۆکمە و ڕاشکاوانە قسە بکەن. خاتوو

سەلەحشـووری ئیسلاحتەڵـەب (ڕیفۆرمیسـت یـان چاکسـازیخواز) بـوو و بـە چالاکێکـی سیاسـیی بوێـر دەنـاسرا. سـەر بـە هـەر لایەنێکـی هـزری، ئایینـی و ئایینزایـی کـە هەبـوو، بنەمـا فیکـری و تێڕوانینەکانـی سـەبارەت بـە مافـی منـداڵان لـە منـەوە نزیـک بـوون. لەبـەر ئـەو بوێـری و دڵسـۆزییەی خۆشـم دەویسـت. کـە نـۆرەی مـن هـات بـە هێواشـی و تۆکمەیـی وتـی: "بـڕۆ، بـڕۆ قسـەی خـۆت بکـە. بـڕۆ شـەڕ بکـە! بـڕۆ ئاغـای ئەحمـەدی!"

بۆچوونەکانـم لەسـەر کێشـەی هاوسـەرگیریی پێشـوەختە، لێکەوتـەکان و ڕێکارەکانـی خسـتە ڕوو. گرووپەکـەی تـر زوومیـان لـە سـەر مـن بـوو بـۆ ئـەوەی بزانـن چـی دەڵێـم. دەمزانـی دوای کۆبوونەوەکـە جارێکـی تـر لـە ئیکـس هەشـتەگ لـێ دەدەن یـان لـە کەیهـان و مـەشرەق نیـوز و ماڵپـەڕی فەرمیـی ئیتلاعاتـی سـپا هەواڵێکـی تـر لەسـەر مـن دەنووسـن. کەلهوڕیـش لـەوێ ئامـادە بـوو و کۆمەڵێـک کـەس بـە درێژایـی ئـەو ماوەیـەی کـە قسـەم دەکـرد، یادداشـتیان هەڵدەگرتـەوە. دەوروبەریەکانـی کەلهـوڕ بـە سـەرکردایەتیی حامیـد جەلالـی کاشـانی کـە هەمیشـە بـە هەشـتەگ و تویتەکانـی هێرشـی دەکـردە سـەرم، گوێقوڵاخـی هەنـدێ خـاڵ بـوو بـۆ ئـەوەی بیداتـەوە بـە گـژی خۆمـدا. قسـەی مـن لەگـەڵ کەلهـوڕ و ناوەنـدی توێژینـەوەی مەجلیسـی شـۆڕای ئیسلامـی ئـەوە بـوو کـە ئێمـە توێژینەوەیـەکمان ئەنجـام دا و ئەنجامـە ڕاسـتەقینەکانمان خسـتە ڕوو. ئێـوەش لێکۆڵینـەوە و بەڵگەکانـی خۆتـان بخەنـە ڕوو بـا بەراوردیـان بکەیـن. نـەوروزی بـە خێرایـی و وردبینییەکـی سەرسـوڕهێنەرەوە، ژمارەیەکـی زۆر لـە بروشـوورە چاپکراوەکانـی بەسـەر ئامادەبووانـدا دابـەش کـرد، کـە تیایـدا باسـیان لـە خێـر و بێـر و سـوودەکانی هاوسـەرگیری لـە تەمەنـی منداڵیـدا کردبـوو. نـەوروزی کـە نوێنـەری بازنـەی هەڵبژاردنـی ڕوبات کەریـم لـە مەجلیسـی شـۆڕای ئیسلامـی بـوو، بەرگریکارێکـی سەرسـەختی هاوسـەرگیریی منداڵانـە و کەسـایەتییەکی جەنجاڵـی و ڕادیکاڵـی هەیـە.

لـە کۆتایـی کۆبوونەوەکـەدا داوایـان لـە هەمـوو ئامادەبـووان کـرد لـە ژوورەکە بچنـە دەرەوە و لـە ڕێڕەوەکـەدا چـاوەڕێ بکـەن تـا دەنگـدان لـە نێـوان ئەندامانـی کۆمسـیۆن ئەنجـام بـدرێ و وەڵامەکـە ڕابگەیێنرێـت. مـن هیـچ ئەزموونێکـم لـە بەشـداریکردن لـەم کۆبوونەوانـەدا نەبـوو و بـۆ مـن سـەیر بـوو کـە ئێمـە لـە ڕێڕەوەکـەدا ڕاوەسـتین و چـاوەڕێ بیـن و ئەوانیـش هـەر لـەوێ بڕیـاری خۆیـان بـدەن. تەنانـەت کاتیشـیان بـۆ لێکدانـەوەی زانسـتی و شـارەزایانەی گەڵاڵـەی هەڵکشـاندنی تەمەنـی هاوسـەرگیریی منـداڵان تەرخـان نەکـرد و لێکۆڵینـەوە و لێکدانەوەیـان بـۆ نەکـرد. لەگـەڵ یـەک دوو کـەس قسـەمان دەکـرد. لەنـاکاو ئـەو بەڕێـزەی کـە چایـی دەهێنـا لـە ژوورەکـە هاتـە دەرەوە و وتـی: کۆمیسـیۆنی دادوەری پـرۆژە یاسـاکەی ڕەت کـردەوە.

هەموومـان بـە سەرسـوڕمانەوە سـەیری یەکترمـان کـرد. بـە ڕاسـتی هیوامـان لـە سـەر

رئیس کمیسیون قضایی مجلس:

طرح افزایش حداقل سن ازدواج در کمیسیون قضایی رد شد

بخش: اخبار | مجموعه : اجتماعی | تاریخ ایجاد در ۰۲ دی ۱۳۹۷ | ساعت ۲۱:۱۴

طرح افزایش حداقل سن ازدواج در کمیسیون قضایی مجلس رد شد.

به گزارش پایگاه خبری یافته به نقل از فارس، الهیار ملکشاهی نماینده مردم کوهدشت در مجلس شورای اسلامی با اشاره به نشست امروز کمیسیون قضایی مجلس گفت: در جلسه امروز طرح اصلاح ماده ۱۰۴۱ قانون مدنی در رابطه با افزایش سن ازدواج مورد بحث و بررسی قرار گرفت.

وی افزود: در این طرح آمده بود که از سن ۱۳ سال به پایین اجازه ازدواج داده نشود و سنین ۱۳ تا ۱۶ با اذن ولی و دادگاه این کار انجام شود و طراحان در این طرح دنبال افزایش سن ازدواج بودند.

رئیس کمیسیون قضایی مجلس اظهار داشت: کمیسیون قضایی چند جلسه را به بررسی این موضوع اختصاص داد و کارشناسان در حوزه‌های مختلف پزشکی، حقوق و فقه و... و همچنین نمایندگان نظر خود را درباره این طرح ارائه کردند.

ملکشاهی خاطرنشان کرد: درنهایت کمیسیون در بررسی این طرح به این نتیجه رسید که این طرح امکان ادامه بررسی آن وجود ندارد و از جهات فقهی و هم اجتماعی دارای اشکالاتی است و تصمیم گرفته شد تا طرح دیگری بتواند برخی از مشکلات

سەرۆکی کۆمیسیۆنی دادوەریی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی:

پرۆژەیاسای هەڵکشاندنی تەمەنی هاوسەرگیری لە کۆمیسیۆنی دادوەریدا ڕەت کرایەوە.

بەش: هەواڵ | ئەرشیڤ: کۆمەڵایەتی | ڕێکەوتی دانان: لە ٢ی بەفرانبار ١٣٩٧ هەتاوی ٢١:١٤

بە پێی ڕاپۆرتی بنکەی هەواڵدەریی یافتە بە گێڕانەوە لە فارس، ئەڵاهیار مەلەکشاهی نوێنەری شاری کووهدەشت لە مەجلیسی شۆرای ئیسلامیی ئێران وێڕای ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەوڕۆی کۆمیسیۆنی دادوەریی مەجلیس وتی: لە دانیشتنی ئەوڕۆ گەڵاڵەی هەموارکردنەوەی مادەی ١٠٤١ یاسای مەدەنی لە پەیوەندیی لەگەڵ هەڵکشاندنی تەمەنی هاوسەرگیریی خرایە بەر باس و لێکدانەوە.

ناوبراو وتیشی: لەم گەڵاڵەدا هاتبوو کە لە تەمەنی ١٣ بەرەو خوار ئیزنی هاوسەرگیری پێ نەدرێ و تەمەنی ١٣ بۆ ١٦ ساڵ لە سەر ئیزنی سەرپەرشتیار و دادگا ئیزنی هاوسەرگیری پێ بدرێ و داڕێژەرانی ئەم گەڵاڵە لە هەوڵی زیادکردنی تەمەنی هاوسەرگیری بوون.

سەرۆکی کۆمیسیۆنی دادوەریی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی ڕوونیشی کردەوە: کۆمیسیۆنی قەزایی (دادوەری) چەند دانیشتنێکی بۆ لێکدانەوەی ئەم بابەتە تەرخان کرد و کارناسان لە بوارە جیاوازەکانی پزیشکی، یاسا و فیقهـ و ... و هەروەها نوێنەرانی مەجلیس ڕا و بۆچوونی خۆیان لەم بارەوە خستە ڕوو.

مەلەکشاهی جەختیشی کردەوە: لە کۆتاییدا کۆمیسیۆن لە لێکدانەوەی ئەم گەڵاڵەدا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئەم گەڵاڵە لێک نادرێتەوە و لە هەندێ سۆنگەی فیقهی و کۆمەڵایەتیشەوە کێشەی هەیە و بڕیار درا گەڵاڵەکەی دیکە بتوانێ هەندێ لە کێشەکان .....

● وێنەی ٣٦٤ – سەردێڕی ڕەتکرانەوەی پرۆژەیاسا لە کۆمیسیۆنی دادوەریی مەجلیسی ئێران، ١٣٩٧ی هەتاوی (٢٠١٨)

ئەوە هەڵچنیبوو کە ئەم گەڵاڵە پەسەند بکرێ، گەڵاڵەکە دەنگێکی زۆری بە دەست هێنابوو و تەنانەت گرووپە موحافیزەکار و ڕادیکاڵەکانیش کە دژی ئەم جۆرە گۆڕانکاری و هەموارکردنەوەی یاسایەن، لەبەر ئەوەی داهاتووی منداڵان لە مەترسیدا بوو، دەنگی بەڵێیان پێدابوو. دەمبینی کە گرووپی بەرامبەرمان ئەرخایەنانە و خۆشحاڵ بەرامبەرمان ڕاوەستاون. دیارە پێشوەختە دەیانزانی کە لە ئەنجامی دانیشتنەکە چی دەردەچێت. کەسێک پرسیاری کرد: چەند و چەند دەنگی هێناوە؟ چەند دەنگی ئەرێنی و چەند دەنگی نەرێنی؟ کەمێک زانیاریمان پێ ببەخشن، بەرێزی ئابدارچی دیسان گەڕاوە و

وتـی: "بـە زۆرینـەی دەنـگ گەڵاڵەکـە ڕەت کرایـەوە" وتمـان: یانـی یـەک دەنگیشـی نەهێناوەتـەوە؟ لـێمان ڕوون بـۆوە کـە ئـەوە سفارشـی بـۆ کـراوە و کـەس نەیوێـراوە دەنگـی ئەرێنـی یـان تەنانـەت دەنگـی سـپی یـان مەحاڵـی پێبـدات. بـە سەرسـوڕمانەوە مەجلیـسمان بەجێهێشت.

بـۆم دەرکـەوت کـە زۆربـەی ئـەو بۆچوونـە گەشـبینانەی کـە سـەبارەت بـە گۆڕانکارییەکانی ڕژێمـی کۆمـاری ئیسلامـی هەیـە دوور لـە واقیعـن. لـە خۆمـم دەپرسـی: "چەنـدەی کات دەوێ تـا ئـەم گۆڕانکارییانـە ڕوو بـدەن؟" ئەمـە نموونەیەکـی بچووکـی ئـەو تاقیکردنـەوە و هەڵانـە بـوو کـە بەدرێژایـی چەندیـن سـاڵ کارکردنم لەسـەر پـرۆژەی "هاوسـەرگیریی منداڵان لـە ئێـران" هەمبـوو و بەهۆیـەوە کەوتمـە ژێـر زەخـت و فشـارێکی زۆرەوە. بـە ئەنجامەکانـی توێژینـەوەی "لـە سـنوورەوە بـۆ سـنوور" کـە سـەبارەت بـە شـوناس و ئێتنیسـیتە بـوو، زیاتـر بـۆم ڕوون بـووەوە کـە ڕژێمـی کۆمـاری ئیسلامـی بـەم زووانـە بـە بنبەسـت دەگا و ئەگـەر هـەر وا بـڕوا بـە ڕاسـتی دەگاتـە لێـواری دارمـان.

خاتـوو سەلەحشـووری دواتـر نامـەی بـۆ مـن و کەسـانی تـر نـارد و هەوڵـی دا دڵنەوایـیمان بداتـەوە. بـۆ خۆشـی هـەر زیـز و بێتاقـەت بـوو، بـەڵام ڕا و بۆچوونـی ئـەو وا بـوو کـە ڕەنگـە دواتر بگەڕێنـەوە سـەر ئـەم پـرۆژە یاسـایە و هـەر وەکـوو چـۆن نوێنـەران و چالاکانـی کۆمەڵایەتـی لە خولـی دووەم و سـێیەمی مەجلیسـی شـۆڕای ئیسلامیـدا کاریـان لەسـەر کـرد لـە خولەکانـی داهاتـوودا کار لەسـەری بکـەن. وتـی ئێمـە شـتێکمان کـرد کـە گەڵاڵەکـە زینـدوو بـووەوە یـان لانیکـەم توانـی بڕواتـە ئاسـتێکی سـەرترەوە. قسـەکەی ڕاسـت بـوو. ئـەم دەسـتکەوت و هەوڵـە بـۆ تۆمارکـردن لـە مێـژوودا بـووە و بـۆ هەتـا هەتایـە دەمێنێتـەوە. دواتـر لەگـەڵ چەنـد کەسـێکی تـر لەسـەر ئـەم ڕووداوە قسـەم کـرد، گەیشـتینە ئـەو ئەنجامـەی کـە ڕەنگـە بتوانـن کۆبوونەوەیـەک لەگـەڵ دژبەرانـی ئـەم گەڵاڵـە ئەنجـام بـدەن.

کۆڕبەندی کتێبخانەی نیشتمانی و تۆمەتی مەزڵوومنوێنی

دوو حەوتـە دوای ئـەم ڕووداوە، ژنێـک بـە نـاوی سـایە ڕەحیمـی پەیوەنـدی پێـوە کـردم و خـۆی وەک سەرپەرشـتیاری کەمپینێـک بـە نـاوی "ئـەوەی سەرپەرشـتی خراپـە تەنیاتـرە[1]" ناسـاند. داوای لێکـردم لەگەڵیـدا دابنیشـم و باسـی ئەنجامدانـی کۆبوونەوەیەکـی کـراوە لـە نێـوان لایەنگـران و دژبەرانـی پـرۆژە یاسـای ١٠٤١ بکەیـن. پێـم وایـە ئـەو بیرۆکـەی لای خاتـوو تەیبـە سیاوەشـی بـاس کردبـوو و ئەویـش پێشـنیاری منـی کردبـوو. کۆبوونەوەکـە بـە ئامادەبوونـی ئەندامێکـی پێشـووی دەسـتەی بەڕێوەبـەری ئەنجومەنـی داکۆکـی لـە مافـی

١. بدسرپرست تنهاتر است.

منـداڵان لـە نووسـینگەی تایبەتیـی ئـەودا بەڕێـوە چـوو. وتـم: "ئـەوە بیرۆکەیەکـی باشـە. پێـم وا نییـە بتوانیـن ڕۆح بکەینـەوە بـەر ئـەم پرۆژەیاسـایە و جەسـتە شـەهیدەکەی، بـەڵام دەتوانیـن بەشـێوەیەکی شارسـتانیانە سـەبارەت بـە دیـدگا زەقەکانـی لایەنگـران و نەیارانـی ئـەم پرۆژەیاسـایە سـیمینارێک سـاز بکەیـن و منیـش ئامـادەم بەشـداری تێـدا بکـەم." دواتـر لیسـتێک لـە لایەنگـر و نەیارانـی ئامـادە کـرا و کەمپینەکـە ئەرکـی بەرنامـە دارشـتنەکەی گرتـە ئەسـتۆ.

بڕیـار درا کۆبوونەوەکـە لـە زانکـۆی ئەلزەهـرا بەڕێـوە ببرێ و خاتـوو سیاوەشـیش ئامـادە بێـت. وەک هەمیشـە پێشکەشـکردنی بەشـی زانسـتیی کارەکـە لـە ئەسـتۆی مـن بـوو و لـە ئەنجومەنـی داکۆکـی لـە مافـی منداڵانیـش فەرشـید یەزدانـی بانگهێشـتەکەی قبـووڵ کـرد. لـە بـەرەی نەیارانـی گەڵاڵەکـەش، بەسـیجی خوشـکان و حەسـەن نـەوروزی وتەبێـژی کۆمیسـیۆنی یاسـایی و دادوەری و نەیـاری ڕژد و سەرسـەختی هاوسـەرگیریی منـداڵان، بانگهێشـت کرابـوون. زۆر بێباکانـە دژایەتـی دەکـرد و ڕێکخەرانیـش بیریـان لـەوە دەکـردەوە کـە لەبـەر پێگـەی مەلایەتـی و نوێنەرایەتـی و دەسـەڵات و تێڕوانینـە ڕادیکاڵییەکانـی کـە بـۆ ئـەم پرسـە هەیەتـی، دەتوانـێ لـە ڕەتکردنـەوەی ئـەم پرۆژەیاسـایەدا ڕۆڵێکـی کاریگـەر بگێڕێـت. ڕۆژێـک پێـش کۆبوونەوەکـە لـە زانکـۆوە تەلەفۆنیـان کـرد و بـە هـۆکاری سـەیر و سـەمەری وەکـوو نەبوونـی ئاسـایش یـان پشـووی خولـی هاوینـەی خوێنـدکاران، کۆبوونەوەکەیـان هەڵوەشـاندەوە. دیـار بـوو کـە هێـزە ئەمنییـەکان، لـە ڕێگـەی حەراسـەتی زانکـۆوە، داوای هەڵوەشـاندنەوەی کۆبوونەوەکەیـان کردبـوو و زانکـۆش نەیوێرابـوو "نـا" بڵێـت.

کۆبوونەوەکـە گـواستراوە بـۆ کتێبخانـەی نیشـتمانی. مـن نازانـم ئاسـانکاری لـە لایـەن کێـوە بـوو؟ سـەرۆکی کتێبخانـەی نیشـتمانی خاتـوو ئـەشرەف برووجێـردی بـوو. پێشـینەی ئیسڵاحتەڵەبـی هەبـوو و لـە دەوڵەتـی خاتەمیـدا جێگـری وەزیـری ناوخـۆ بـۆ کاروبـاری کۆمەڵایەتـی و ئەنجومەنـەکان بـوو. وەک شـتێ ئایدۆلۆگـەکان (ئەرزشـییەکان) ڕقیـان لێـی بـوو و دەیانگـوت کتێبخانـەی نیشـتمانی بووە بـە هێلانـەی دژەئینقلابـی و ئیسڵاحتەڵەبەکان.

بـە پێچەوانـەی چاوەڕوانییەکانـم، ژمارەیەکـی کەمـی ئیسڵاحتەڵەبـەکان هاتبـوون. لـە کۆتایـی سـیمینارەکەدا نـەوروزی پـاش دواکەوتنێکـی زۆر هـات. وتـاردەران و ئامادەبووان زۆر خۆمانـە قسـەیان لەگەڵـی کـرد. قسـە لەسـەر ئـەوە بـوو کـە چـی بکـرێ بـۆ ئـەوەی زیانەکانـی هاوسـەرگیریی پێشـوەختە کـەم بکرێتـەوە؟ چـۆن دەتوانیـن بگەینـە ڕێککەوتنێـک کـە تەمەنـی هاوسـەرگیری بـە شـێوەیەکی ڕێژەیـی بـەرز ببێتـەوە بـۆ ئـەوەی دواتـر پێداچوونـەوە بـەم بابەتـەدا بکرێـت؟ بۆچوونـی نـەوروزی چ بـە گاڵتەجـاڕی و چ بـە جیـددی، ئـەوە بـوو کـە داپیـرەم لـە تەمەنـی نـۆ سـاڵیدا شـووی کـردووە و پێـم وا نییـە هاوسـەرگیری لـەم تەمەنـەدا هیـچ کێشـەیەک بـۆ کـچ سـاز بـکات. دەیگـوت نەنکـم نـە لـە کاتـی زاوزێـدا بـە سـەر

منداڵەوە چوو و نە لە کاتی جووتبوونی سێکسیدا توندوتیژی لەگەڵ کراوە. پێم وایە بۆ هاوسەرگیریکردنی کچان تەمەنێکی گونجاوە.

۲ بهمن ۱۳۹۷ - ۱۵:۲۱

مخالفان افزایش سن ازدواج کودکان چه می‌گویند؟

دختر ۱۵ ساله کودک نیست/ باید برای دختران طالب شوهر فکری کنیم

حسن نوروزی، سخنگو کمیسیون حقوقی و قضایی گفت: دختر ۱۵ ساله کودک نیست و آمادگی پذیرش مسئولیت زندگی را دارد و ما باید برای دختران طالب شوهر یک فکری بکنیم نه اینکه مانع ازدواج دیگران هم شویم.

٢ی مانگی ڕێبەندانی ١٣٩٧ هەتاوی (٢٠١٩/١/٢٢) ١٥:٢١

دژبەرانی زیادکردنی تەمەنی هاوسەرگیریی منداڵان چی دەڵێن؟

کیژی تەمەن ١٥ ساڵ منداڵ نییە / دەبێ مشووری کچانی خوازیاری شووکردن بین

حەسەن نەوروزی، وتەبێژی کۆمیسیۆنی یاسایی و دادوەری وتی: کیژی تەمەن ١٥ ساڵ منداڵ نییە و دەتوانێ بەرپرسایەتیی ژیان بەرعۆدە بگرێ و ئێمە دەبێ مشووری کچانی خوازیاری مێرد بخۆین نەک ئەوەی کە ئاستەنگی بەر دەم هاوسەگیریی خەڵک بین.

وێنەی ٣٦٥ – لێدوانەکانی نەوروزی، وتەبێژی کۆمیسیۆنی قەزایی (دادوەری) مەجلیسی شۆرای ئیسلامیی ئێران

چەند ڕۆژنامەنووسێک لەوێ بوون و ڕاپۆرتیان لەسەر کۆبوونەوەکە دەدا و سایە ڕەحیمی قسەکەی بەڕێز نەوروزی کرد بە سەردێڕ[1] و ڕۆژی دواتر، قرم و قاڵێکی دیکە ساز بوو. ڕۆژنامەی کەیهانیش لە لاپەڕەی یەکەمی خۆیدا سەردێڕی وتارەکەی بەڕێز نەوروزی بەم مانشێتەوە بڵاو کردەوە: "کۆڕبەندی فیمینیستی بە لابردنی کارناسانی ڕەخنەگری سنووردارکردنی هاوسەرگیری"[2]، نووسیبووی لایەنگرانی سنووردارکردنی تەمەنی هاوسەرگیری لە کاتێکدا دەڵێن کە گەڵاڵەی هەڵکشانی تەمەنی هاوسەرگیری بە هۆکاری سیاسی ڕەت کراوەتەوە کە هەندێکیان بە دوورخستنەوەی شارەزایانی ڕەخنەگر، کۆبوونەوەی زانستی و توێژینەوەییان بۆ ئاستی کۆڕبەندێکی فیمینیستی و سیاسی نەوی کردەوە و دوای ئەوەی گەڵاڵەی زیادکردنی تەمەنی هاوسەرگیری لەلایەن کۆمیسیۆنی دادوەریی پەرلەمانەوە ڕەت کرایەوە. لایەنگرانی ئەو گەڵاڵەیە دەیانویست لە زانکۆی ئەلزەهرا کۆبوونەوەیەک ئەنجام بدەن. یەکەم بە هەڵوەشاندنەوەی کۆبوونەوەکە خۆیان مەزڵووم نواند و بابەتەکەیان خستە ئەستۆی نەیارانی گەڵاڵەکە، جا دەستیان کرد بە مەزڵوومنوێنی و کۆبوونەوەکەیان گواستەوە بۆ هێلانەی دژەئینقلاب واتە کتێبخانەی میللی. کەیهان لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیدا نووسیبووی: نەیارانی ئەو گەڵاڵەیە بانگهێشت دەکرێن بەڵام ئیزنی قسەکردنیان پێ نادرێ و لە سەرووی هەموویانەوە بێئەدەبیی کامیل ئەحمەدی لە هەموویان زیاترە کە دەڵێ "با دانوستان بکەین و بگەینە

1 . https//:www.khabaronline.ir/news/1224900/

2 . https//:kayhan.ir000/dsU

چارەسەرێکی بنەڕەتی".

کەیهان ئاوای نووسیبوو: "ئەوپەڕی بێشەرمی و بێئەدەبیی لایەنگرانی زیادکردنی لانیکەمی تەمەنی هاوسەرگیری لەم کۆڕبەندە سیاسییەدا دەگەڕێتەوە بۆ بوختانەکانی کامیل ئەحمەدی. ئەحمەدی وێڕای ئاماژە بە ئامادەنەبوونی ڕەخنەگران ڕایگەیاند: بەداخەوە نەیارانی گەلاڵەی زیادکردنی تەمەنی هاوسەرگیریی منداڵان سەرەڕای بانگهێشتکردنیان بۆ ئەم کۆبوونەوە، بەشداریان نەکردووە " ، جەختیشی لەوە کردەوە: "من لە ڕوانگەی توێژینەوە قسە لەسەر ئەم بابەتە دەکەم و سەربەخۆیانە بۆچوونەکانم کە لە فۆرمی توێژینەوەدا ئەنجامم داوە، دەخەمە ڕوو، بەڵام باش وا بوو کە ئەم هاوڕێیانە لێرە ببایەن، ئەوکات ڕووهەڵماڵاوی گوێمان لە بەڵگە و بۆچوونە مەنتیقی و لۆژیکییەکانی یەکتر دەبوو". پەشیمانیی ئەحمەدی بە نەبوونی شارەزایانی ڕەخنەگر لە کاتێکدا بوو کە هۆکاری ئامادەنەبوونی نەیارانی ئەو پرۆژەیاسایە ئەوە بوو کە بە بێ ئاگادارکردنەوە و بە شێوەی نهێنی کۆبوونەوەکە لە زانکۆی ئەلزەهراوە گواستراوەوە بۆ کتێبخانەی میللی». کەیهان و مەشرەق نیووز لە مێژ بوو بە ئاشکرا و بە نهێنی دەیانگوت کە تاکە هەوڵی کامیل ئەحمەدی تێوەگلاندنی منداڵان بە بێ‌ڕەوشتییە و دەیهەوێ تەشەنە بە پەیوەندییە سێکسییەکانی پێش هاوسەرگیری بدا بۆ ئەوەی ڕێژەی منداڵبوون دابەزێ و لە بەرژەوەندی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا، ژمارەی موسڵمانانی شیعە کەم بکاتەوە".

کیهان

آرشیو یکشنبه ۷ بهمن ۱۳۹۷، شماره ۲۲۱۱۱ اخبار کشور

همایش فمینیستی با حذف کارشناسان منتقد برای محدودیت ازدواج

موافقان محدودیت سنی ازدواج در حالی اظهار می کنند که طرح افزایش حداقل سن ازدواج به دلایل سیاسی رد شده است که برخی از آنان با حذف کارشناسان منتقد، نشست علمی و پژوهشی را به سطح همایشی فمینیستی و سیاسی تقلیل می دهند.

پس از رد کارشناسی طرح افزایش حداقل سن ازدواج در کمیسیون حقوقی و قضایی مجلس

یەکشەمە ٧ی ڕێبەندانی ١٣٩٧ هەتاوی (٢٠١٩/١/٢٧)، ژمارە ٢٢١١١ هەواڵی ناوخۆ

کۆڕبەندی فیمینیستی بە لابردنی کارناسانی ڕەخنەگر بۆ سنووردارکردنی هاوسەرگیری

لایەنگرانی سنووردارکردنی تەمەنیی هاوسەرگیری لە کاتێکدا دەڵێن کە گەلاڵەی هەڵکشاندنی لانیکەمی تەمەنی هاوسەرگیری بە هۆکاری سیاسی ڕەت کراوەتەوە کە هەندێکیان بە دوورخستنەوەی شارەزایانی ڕەخنەگر، کۆبوونەوەی زانستی و توێژینەوەییان بۆ ئاستی کۆڕبەندێکی فیمینیستی و سیاسی نزمی دەکەنەوە و

● وێنەی ٣٦٦ – سەردێڕی ڕۆژنامەی کەیهان (وێنەکەی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی)

وەک ڕۆژ لێم ڕوون بوو کە دەستم لێ هەڵناگرن. زیاتر لە جاران و بە متمانەیەکی تەواوەوە درۆ و چەواشەکارییان دەکرد. بۆیە بڕیارم دا خێزانەکەم بۆ ماوەیەک ببەم بۆ لەندەن و ئیتر هیچ لێدوانێکی دیکە سەبارەت بە هاوسەرگیریی منداڵان نەدەم. بەفەرمی ئەو گەلاڵە وەلا نرابوو و ئەو بەشەی حکوومەت کە ئەم پرۆژەیاسا و گەلاڵەی

بەرزکردنـەوەی تەمەنـی هاوسـەرگیریی منداڵیـان گرتبـووە دەسـت، ئـیتر گفتوگـۆی لەگـەڵ نەدەکـرا.

پەراوێزەکانی ڕوونوێنی لە "تاڵانی منداڵی "

دەبـوو پێـش سـەفەرەکەم ڕێوڕەسـمی پـەردەلادان لەسـەر توێژینـەوەی "زبڵگەڕیـی منـداڵان" ئەنجـام بدرێـت. هەمـوو شـتێک بـۆ ڕۆژێـک پێـش سـەفەرەکەم پلانـی بـۆ دانرابـوو. لـەو کاتەیـەوە وا توێژینەوەکـە گەیشـتە قۆناغـی کۆکردنـەوە و نووسـین و شـیکردنەوەی ناوەڕۆکـی وتـەزاکان و بـەرەو کۆتایـی دەڕۆیشـت، ڕەخنـە و گرژیـی ناوخۆیی لەنـاو گرووپەکەدا تەشـەنەی سـەندبوو. بەشـێکی زیاتـری ئـەم گرژیانـە لـە لایـەن دوو کەسـەوە تیـژ دەکرایـەوە و یەکێـک لـە کەسـەکانی نـاو توێژینەوەکەشـیان خسـتبووە شـوێن خۆیـان و بـە تووڕەییەکـی ئاشـکراوە لـە گرووپـی تێلێگرامیـی توێژینەوەکە بـەردەوام درێژەیان بە قسـە و قسـەڵۆکەکانیان دەدا. قسـەی گرژوتاڵـی وەکـوو "ئێـوە ئـاوا هەڵسـوکەوتتان لەگـەڵ مـن کـردووە، ئێـوە کەڵکاوەژۆییتـان لـە نیازپاکـی و منداڵدۆسـتیی مـن کـردووە و ..." بـە گـژ بەڕێوەبـەری گشـتیدا دەچوونـەوە و تۆمەتیـان لـە یـەکتر دەدا و... . بەشـێک لـەو تۆمـەت و بوختانانـە ئاراسـتەی مـن دەکـرا و هەندێکیشـی ئاراسـتەی یاریـدەدەری یەکەمـی توێژینـەوە و ڕوانگـە تیۆرییەکـەی لەبـارەی تاوانباریـی منداڵانـی کار و وتارێـک کـە لـەم بـارەوە نووسـیبووی. چەند کـەس دەسـتیان نەدەکێشـا و هەوڵیـان دەدا بەربەسـتێک لەبـەردەم چاپکردنـی کتێبەکـەدا دروسـت بکـەن. تـا ئـەو ڕادەی کـە سـکاڵا و نارەزایەتیـی فەرمییـان تۆمـار کـرد و بابەتەکـە گەیشـتە دەسـت بەڕێوەبەرایەتیـی ئەنجومـەن. مـن وەک سەرپەرشـتیاری توێژینەوەکـە بەشـداریم لـەو کۆبوونـەوە نارەزایەتییـە کـرد و لەبـەر ئـەو قسـانەی کـە لەبـارەی یەکێـک لـەو سـێ کەسـە کردبـووم لـە کۆبوونەوەیەکـی خۆمانـەدا داوای لێبوردنـم کـرد، بـەڵام مەبەسـتەکە شـتێکی تـر بـوو و هەموومـان دەمانزانـی چییـە. ئـەو کەسـە پێـی وا بـوو کـە "تاڵانـی منداڵـی" لـە بەرژەوەندیـی منداڵانـدا نییـە و ئەندامێکـی دەسـتەی کارگێـڕی خسـتبووە شـوێن خـۆی، هەمـوو ئەمانـە کاتێـک ڕوویـان دا کـە کارەکـە تـەواو ببـوو و بڕیـار بـوو بـە دەقـی کۆتاییـدا پێداچوونـەوەی بکرێـت.

دەتوانـم بڵێـم توێژینەوەکـە کۆتایـی هاتبـوو و ئەنجامەکـەی دەرچووبـوو. دەبـا بـۆ پەسـەندکردن، نووسـخەی کۆتایـی بدەینـە دەسـتەی کارگێڕیـی ئەنجومـەن. ئەمـە زۆر جـار بەسـەر توێژەرانـدا دێ کـە کاتێکـی زۆر بـۆ توێژینەوەیـەک تەرخـان دەکەن و کاتێـک ئەنجامی کارەکـە ئامـادە دەبـێ و دەخرێتـە بەردەسـتی کەسـانی تـر، هەمـوو دەبنـە پڕۆفیسـۆر. بۆچوون و سـەرنجی سـەیر و سـەمەرەت بـۆ دەگەڕێتـەوە کـە سەرسـام دەمێنیـت. هـەر چییـەک بـێ

کتێبەکە خرایە ژێر چاپ و سازشێکی زۆری لە سەر کرا و هەندێک بەشی بەدڵ و نابەدڵ گۆڕانی بەسەردا هات. هەندێک لە ئەنجامەکانمان ڕەنگدانەوەی حەقیقەتی مەیدانی بوو، لەبەر بەرژەوەندیی ڕێکخراوەیی و هۆکاری دیکە، ئەو جۆرەی کە پێویست بوو حەقیقەتەکانمان بڵاو نەکردەوە. ئەوانەی کە پێشتر بە شێوەی سەربەخۆ کاریان کردووە و لەگەڵ ڕێکخراو و دامەزراوەکاندا هاوکارییان نواندووە، باش دەزانن کە من چی دەڵێم. ئەو ئیدیعایەی کە ئێوە دەتوانن لە کارەکەتاندا سەربەخۆ بن، درۆیە و لە کۆتاییدا چوارچێوە و ئاراستەی ڕێکخراوەیی و سنووردارکردنەکانی، کاریگەری لەسەر پرۆسە و بەرهەمی کارەکە دادەنێت.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی کاتی پەردەلادان، گوشار و هەڕەشەکانی نەیارانیش زیاتر بوو. پێشینەی یەکێک لە نەیارەکان ئێمەی نیگەران کردبوو. کەسێک بوو کە ڕەنگە دانیشتنی پەردەلادانەکەی تێک بدابایە. من لەبەر "سەیرکردنی گاراژ لە کونی درگاکەوە" بە پێشێلکردنی پڕەنسیپی ئەخلاقی تۆمەتبار کرام و بە هۆی وێنەیەک کە هاوکارێکم لە غیابی منـدا گرتبووی هەموومان سەرزەنشت کرابووین. لە کۆتایی توێژینەوەکەدا، خولێکی فەرمییان لە ژێر ناوی "ئەخلاق لە توێژینەوەدا" بۆ ئێمە ڕێک خست کە وانەبێژەکەی توێژەر بوو. ئەم بەریەککەوتنە باشترین دەرفەت بوو بۆی کە بە خەیاڵی خۆی کەمێک چزەم لێ هەستێنێ و وانەی ئەخلاقی توێژینەوەم فێر بکات.

بێگومان لە هەندێک ڕووەوە ئەم جۆرە کارگا فێرکارییانە زۆر جار باشن، چونکە جۆرێک بەخۆداهاتنەوە و تەیارکردنی خۆت بە شێوازی نوێی کاری و ڕاهێنانە کە ئەم شێوازانە هەمیشە ڕوو لە گۆڕان و وەرچەرخانن، بەڵام مەبەست و ئامانجی دامەزرێنەر و ئەجێندای ئەم خولە چەند کاتژمێرییە، جیاواز و بە گشتی جۆرێکی دیکە بوو. ئەو وانەبێژەی وا لە فڵان زانکۆوە هێنابوویان، دەیگوت من هیچ زانیارییەکم لە سەر ئەم توێژینەوە نییە تەنیا داوام لێکراوە کە وەک ئەندامێکی ئەنجومەن خۆبەخشانە بێم و فێری ئەخلاق لە توێژینەوەتان بکەم. لە هەموو گاڵتەجاڕتر ئەوە بوو کە دواتر لە میانەی لێدوان و ڕاهێنانەکانیدا لەسەر ئەخلاق لە توێژینەوەدا ئاماژەی بەو حاڵەتانە دەکرد کە دەبێ لە مەیدانی کاردا ببی کە لەم وردەکارییانە بزانی، کاتێک بە نموونە قسەی دەکرد، ڕوون بوو کە کەسێک ئەم حاڵەتانەی بە تەواوی پێ ڕاگەیاندبوو.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، ئەندامانی توێژینەوەکەم ڕازی کرد کە بەشداری بکەن و بڕیار وا بوو کە تەنها بێدەنگ بین و لە هەمان کاتدا سوود لە لایەنە ئەرێنییەکانی کارگەی ڕاهێنانەکە وەربگرین و ئەگەر کەموکوڕییەک هەبوو، چاکی بکەینەوە، بەڵام لە کۆتاییدا ڕێگە نەدەین کە هیچ شتێک یان هیچ کەسێک لە درێژەی توێژینەوەکەمان کۆسپ و تەگەرەیەک ساز بکات.

مەراسیمی پەردەلادان زۆر بە باشی بەڕێوە چوو. زۆرێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی شار وەک وتاردەر هاتبوون و یەک دوو کەسی دیکەش لە هەمان سیمینارەدا قسەی لاوەکییان پێشکەش کرد. بەرپرسێکی پلە باڵای وەزارەتی خۆشگوزەرانی و کاروباری کۆمەڵایەتی هاتبوو و ئێن‌جی‌ئۆ دیارەکانی بواری منداڵانیش ئامادە بوون و مەراسیمەکەش زۆر بە باشی ڕووماڵی میدیایی کرا.

گەڵاڵەکردنی ئەم بابەتە بە گشتی کاریگەر بوو و لەو قۆناغە زەمەنییەدا خەڵک لە تاران و کەڵەشارەکان زیاتر بە بابەتی زبڵگەڕیی منداڵان ئاشنا بوون، کە دیارە پێشتر سەبارەت بەم بابەتە زانیارییەکی ئەوتۆیان نەبوو. پێم وایە کە لە ڕاستیدا تۆیژینەوەی تاڵانی منداڵی لە هەڵکشاندنی زانیاریی گشتی و بەرزکردنەوەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و بەرەوپێشبردن و پەرەپێدانی زەینییەتی کۆمەڵایەتی زیاتر ڕۆڵی یارمەتیدەری بینی و ئەمەش پرسی زبڵگەڕیی منداڵانی کرد بە بەشێک لە زانستی گشتی و وشیاریی سەبارەت بە زبڵگەڕیی منداڵان هەتا ئاستی جەماوەری بەرز کردەوە.

یک سوم زباله‌گردان تهران کودکان هستند

مدیرعامل انجمن حمایت از حقوق کودکان گفت: بر اساس پژوهشی مشخص شد که 74000 زباله گرد در تهران وجود دارد که 4700 نفر از این افراد یعنی معادل یک سوم آنها کودک هستند.

به گزارش دیده بان ایران: فرشید یزدانی درمراسم رونمایی از پژوهش بعمای کودکی که روز گذشته در آستانه روز جهانی مبارزه با کار کودکان در باب شناخت، پیشگیری و کنترل پدیده زباله‌گردی کودکان تهران برگزار شد گفت: نام این پروژه را بعمای کودکی گذاشتیم زیرا به به این معنی است که کودکی به تاراج رفته و زندگی کودکان زباله‌گرد در این دایره قرار می‌گیرد.

Didban Iran

یەک لە سەر سێی زبڵگەڕەکانی تاران منداڵن

بەڕێوەبەری گشتیی ئەنجومەنی داکۆکی لە منداڵان وتی: بە گوێرەی تۆیژینەوەیەک دەرکەوت کە چواردە هەزار زبڵگەڕ لە تاران هەن کە چوار هەزار و ٧٠٠ کەسیان واتە یەک لە سەر سێیان منداڵن.

بە پێی ڕاپۆرتی چاودێری ئێران: فەرشید یەزدانی لە ڕێوڕەسمی پەردەلادان لە سەر تۆیژینەوەی تاڵانی منداڵی کە ڕۆژی ڕابردوو لە ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی کاری منداڵان سەبارەت بە ناسین، ڕێگری و کۆنترۆڵی دیاردەی زبڵگەڕیی منداڵانی تاران بەڕێوە چوو، وتی: ناوی ئەم پرۆژەمان نا تاڵانی منداڵی چونکە ئەوە دەگەیێنێ کە ئەم منداڵانە تافی منداڵیان بەتاڵان دەبرێ و ژیانی منداڵانی زبڵگەڕ لە ناو ئەم زوقمەدا دەمێنێتەوە.

● وێنەی ٣٦٧ – ڕەنگدانەوەی هەواڵی

ئەم تۆیژینەوە هەندێ ڕێکاری سەبارەت بە شێوازی کۆکردنەوە و جیاکردنەوەی زبڵ و پاشماوە و بەکاربەریی هاووڵاتیانی دەخستە ڕوو کە تا ئەو کاتە شێوازێکی بەڕۆژ نەبووە و لە هەناویەوە پرس و نەهامەتیی ژینگەیی دەرکەوتبوو. ئەو تۆیژینەوە پرسگەلێکی لە کۆمەڵگەی شاریدا دەوروژاند کە پێشتر باس نەکرابوو و چارەسەرکردنی ئەم کێشانە و ڕاهێنان لە سەریان دەتوانێ زۆر سوودمەند بێت. لە لایەکەوە هەندێک لەم ڕێکارانە، هەم بۆ یاساکانی منداڵ و هەمیش بۆ منداڵانی زبڵگەڕ دابین کرابوو، کە ئەگەری زیانلێکەوتنیان هەیە. هەڵبەت بۆ ڕێکخستنی سیستەمی پاشماوەی شاری، تێکڕای لەناوبردنی ڕانت و مافیای زبڵ، لە بیست و دوو ناوچەکەی تاران، پێشنیاری کارامەی هەبوو.

لەم توێژینەوە دواتر سوودی زۆر وەرگیرا و لە ناو چالاکوانانی بواری منداڵ و منداڵی کاری بوو بە ئامرازێکی مشتومڕ بۆ دەسەڵاتداران و بەرپرسان. دوای ئەم کارە لەگەڵ بەشێکی گرنگی دیکەی بواری منداڵان ئاشنا بووم. پێشتر ئەو کارانەی کە لە بواری منداڵاندا ئەنجامم دابوو زیاتر لە سەر خەسار و زیانە کۆمەڵایەتییەکاندا چڕ دەبووەوە، بەڵام ئەمجارەیان سەبارەت بە کاری منداڵ بوو، نەوەیەک کە دەبا کارمان لەسەریان بکردایە و ڕەنگە لانیکەم بەشێکی لە پێناو بەرژەوەندیی منداڵان بوایەت.

سەفەر بۆ بەریتانیا، جۆرەکانی کاری منداڵ و مەرجەکانی مارەبڕین

ڕۆژێک دوای پەردەلادان لە سەر "تاڵانی منداڵی" بەرەو لەندەن بەڕێ کەوتین. بڕیار وا بوو گەشتێکی چەند مانگە بێ بۆ ئەوەی هێزم بێتەوە بەر خۆ و ماوەیەک لە ژینگەی پڕ لە نیگەرانیی ئێران دوور بکەومەوە. من هاوکات خەریکی ڕاپەڕاندنی پرۆژەی زبڵگەڕیی منداڵان و شوناس و ئێتنیسیتە بووم و فشاری هەر دوو کارەکە و پەراوێزەکانی ئەنجومەنی مافی منداڵان و هەروەها ڕووداوە گوماناوییە ئەمنییەکان، تا ڕادەیەکی زۆر ماندوویان کردبووم و پێویستم بە پشوویەکی چاک بوو. لە شەفەق و ئالانیش دابڕابووم، پێویست بوو بۆ ماوەیەک پێکەوە بین.

● وێنەی ٣٦٨ – نیگارخانەی نیشتمانیی لەندەن، ٢٠١٩

بە خۆمم گوت کە چەند مانگێک لە لەندەنم، دەبێ ئەم بۆشاییانە قەرەبوو بکەمەوە. لە کاتی گەشتکردن چووینە شار و شوێنە گەشتیارییەکان و پارک و شاری یاریی منداڵان و هەوڵم دا کاتێکی زیاتر لەگەڵ خێزانەکەم بەسەر بەرم. هەندێک جاریش دەچوومە کتێبخانەی نیشتمانی بۆ ئەوەی ئەو بابەتانەی کە لە سەر ئاستی جیهاندا سەبارەت بە منداڵان ئیشیان لە سەر کراوە، بخوێنمەوە و زانیاریی زیاتر بەدەست بهێنم. من خۆم ئامادە دەکرد کە ماوەیەک تەنها لەم بوارەدا کار بکەم، چونکە بێ‌دەردسەرترە. هەروەها بابەتی داهاتووم هەڵبژارد و خەریکی خوێندنەوە و پلاندانان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی "چەشنە جۆراوجۆرەکانی کاری منداڵان" بووم.

ئەزموونـی توێژینـەوەی زبڵگەڕیـی منـداڵان فێـری کـردم کـە کاری منـداڵان لـە ئێرانـدا چەندیـن جـۆری هەیـە کـە زۆر لێکۆڵینـەوەی لەسـەر نەکـراوە. ئەگـەر توێژینەوەشـی لـە سـەر کرابـێ زۆر قـووڵ نەبـووە و زۆرێـک لـە کێشـەکانی دنیـای منداڵـی هەتـا هەنووکە بـە نەزانراوی ماونەتـەوە یـان بـەڕۆژ نیـن. کاتـی ئەنجامدانـی کاری مەیدانیـی تاڵانـی منداڵـی لـە ڕێگـەی سـەرنجەکانی خـۆم و ڕاوێژکارییەکانـی گرووپـە توێژینەوەییەکەمـەوە بـەو ئەنجامـە گەیشـتم کـە ئیشـی داهاتـووی مـن دەبـێ سـەبارەت بـە هەمـوو یـان بەشـێک لـە جۆرەکانـی کاری منـداڵان لـە ئێـران بێـت. خەیاڵـم وا بـوو کـە لـە جوگرافیـای ئێرانـدا بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان ئـەم بابەتـە لێـک بدەمـەوە، بـەڵام دەمزانـی کـە لـە ڕووی داراییـەوە بـۆم نارەخسـێت. ئاشـکرا بـوو کـە ئـەم کارەم دەبـا لـە تارانـەوە دەسـتی پـێ بکردایـە و دڵنیـا بـووم کـە ئەگـەر بگەڕێمەوە بـۆ ئێـران ئـەم کارە دەسـت پـێ دەکـەم. هـەر بـەو ئامانجـەوە کاتێـک کـە لـە لەنـدەن بـووم، لـە کتێبخانـەی نیشـتمانیی بەریتانیـا کـە گەنجینەیەکـی نـاوازەی لێکۆڵینـەوەی سـەبارەت بـەم بـوارە هەیـە، توێژینـەوە سـەرەتاییەکانی خـۆم لەسـەر جـۆر و فۆرمەکانـی کاری منـداڵان دەسـت پێکـرد و هەنـدێ لـەو دەقـە یاسـایی و تیـۆری و توێژینەوەییانـەم، کـە لەسـەر ئـەم بابەتـە ئەنجـام دراون، خوێنـدەوە.

چوارچێـوە و گەڵاڵـەی سـەرەتایی و خشـتەی کاتـی کارکردنـم ئامـادە کـرد و تێچـووی سـەرەتاییم خەملانـد. لـە دوو سـاڵ لەوەوبـەرەوە هۆگـری بابەتـی مەرجەکانـی مارەبڕیـن بـووم و بـۆ ئەنجامدانـی ئـەم کارە پروپۆزاڵێکـم ئامـادە کردبـوو بـۆ ئـەوەی لـە دەرفەتێکـی گونجـاودا لێکۆڵینەوەیەکـی باشـی لەسـەر بکـەم. هەڵبـەت دوودڵ بـووم کـە لـە وتارێکـدا بابەتەکـە تاوتـوێ بکـەم یـان ئـەم مـژارە پوتانسـێڵی بوونـە کتێبـی هەیـە. لـەو سـەروبەندەدا زۆر باسـی بـڕی مارەیـی زۆر و مەرجەکانـی هاوسـەرگیری دەکـرا و جێگرایەتیـی سـەرۆکایەتیی کۆمـار بـۆ کاروبـاری ژنـان و خولـی دەیـەم مەجلیسـی شـۆڕای ئیسلامـی قسـەی زۆری لـە سـەر دەکـرد.

پێـش ئـەوەی بـاس لـە جۆرەکانـی کاری منـداڵان بکـەم، بڕیـارم دا لێکۆڵینـەوە لـە سـەر مەرجەکانـی مارەبڕیـن بکـەم، بـۆ بینیـن و لێکۆڵینـەوە سـەرەتاییەکان گەشـتێک بـۆ چەنـد پارێـزگای ئێـران بکـەم بـۆ ئـەوەی بزانـم بابەتەکـە تـا چەنـدە شـیاوی ئیشـکردنە. مـن لـە کتێبخانـەی نیشـتمانیی بەریتانیـادا لەبـارەی ئـەو کۆمەڵگایانـەی کـە بـۆ هاوسـەرگیری و بـڕی مارەیـی مۆدێلێکیـان هاوشـێوەی ئێـران هەیـە خوێندبوومـەوە و بـۆم دەرکـەوت کـە ئـەم دیـاردە لـە ناوچـە جوولەکەنشینەکانیشـدا ڕووی داوە و زۆر لـە دۆخـی سریلانـکا و پاکسـتان و هیندسـتان دەچێـت. توێژەرانـی بەریتانـی کۆمەڵەیەکـی دەوڵەمەندیـان لـەم لێکۆڵینەوانـە کـۆ کردبـووەوە. هەنـگاوی سـەرەتایی کارەکـەم ئـەوە بـوو کـە دوای گەڕانـەوەم بـۆ تـاران خولێکـی ناسـینی کـورت لـە بەنـدەری تـورکمان و ناوچـە تورکمان‌نشـینەکانی ئێـران و چەنـد پارێزگایەکـی دیکـە دەسـت پـێ بکـەم، بـۆ ئـەوەی بـە کۆبەندییەکـی سـەرەتایی بگـەم.

دەرفەتەکان، ئەفریقا و ئەو کوللەیەی کە ئەمجارەش خۆی قوتار کرد[1]

ئـەو چەنـد مانگـەی کـە لـە لەنـدەن بـووم، گەشـتێک و دوو پلانـی کاریـم بـۆ پێـش هـات. یەکێکیـان کۆنفرانسـێک بـوو کـە لەبـارەی شـوناس و ناسـیۆنالیزم بـوو کـە لـە زانکـۆی میدلسـێکس لـە لەنـدەن بەڕێـوە چـوو. هاوڕێـی باشـی سـەردەمی زانکـۆم دکتـۆر جـان ڕۆژ یـەڵماز کـە ئێسـتا بەرپرسـی بەشـی زانسـتە کۆمەڵایەتییەکانـی هەمـان زانکۆیـە، بەڕێوەبـەری کۆنفرانسـەکە بـوو. بانگهێشـتی کـردم کـە بەشـداری یەکێـک لـە پانێڵـەکان بکـەم و باسـی خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان بـە جەختکردنـەوە لەسـەر بەتواناکردنـی کۆمەڵایەتـی لـە ناوچەکانـی کوردسـتان، بکـەم. هەروەهـا بڕیـار وا بـوو لـە بەشـی کۆمەڵایەتیـدا سـەبارەت بـە شـوناس و ناسـیۆنالیزم وتارێـک پێشـکەش بکـەم. هەڵبـژاردەی خـۆم کۆمەڵگـەی ناهاوسـانان و هاوڕەگەزخـوازان بـوو. هەرچەنـدە پەیوەندییەکـی ئەوتـۆم لەگـەڵ کوردسـتان نەبـوو و زۆربـەی توێژینەوەکانـم لـە تـاران و ئیسـفەهان و مەشـهەد چـڕ ببـووەوە، بـەڵام زانیاریـم لـە سـەر کۆمەڵگـەی ئاماریـی ئێتنیکەکانـی دیکـە هەبـوو کـە لـە ناویانـدا کوردیشـی تێـدا بـوو. لـە قۆناغەکانـی کۆتاییـدا بابەتـی ناهاوسـانان (هاوڕەگەزخـوازان)ی ئێـران بـۆ وتـاردان هەڵبژێـردرا. لـە وڵاتانـی جیاجیـاوە بەشـداریی کۆنفرانسـەکەیان کردبـوو. هەندێـک لـەم کەسـانەم لـە ئەوروپـا و لەنـدەن بینیبـوو و هەندێکیشـیان لـە باکـووری کوردسـتانەوە بانگهێشـت کرابـوون. مـن ئاشـنای هـەر دوو گرووپەکـە بـووم و دەرفەتێکـی بـاش بـوو بـۆ ئـەوەی جارێکـی تـر یەکـدی ببینینـەوە.

کاتێـک کۆنفرانسـی پانێڵەکـەم دەسـتی پێکـرد، بینیـم تەنهـا سـێ کـەس ئامادە بـوون کە یەکێکیـان بڕیـار بـوو دوای من لەسـەر ناهاوسـانان (هاوڕەگەزخـوازان)ی باکووری کوردسـتان قسـە بـکات. لـەو هۆڵـە گـەورەدا چـوار کـەس بووین و کەسـێکیان بـۆ چاودێریکردنـی ئێمـە دانابـوو. لـە کۆنفرانسـێکدا کـە سـەدان کـەس تێیـدا بەشـداریان کـرد و هەندێـک لـە ژوورەکان شـوێنی دانیشـتن نەبـوو، تەنهـا چەنـد کەسـێک بـۆ وتـاردان هاتبـوون. ڕەنگـە لەبـەر ئـەوە بـێ کـە زۆربـەی بابەتـەکان لەسـەر سیاسـەت و ناسـیۆنالیزم و سـنوورەکان و بابەتـی گرژییـە سیاسـییەکان و کوردسـتانی ڕۆژاوا بـوو و ئەمانـە لـە ئەولەوییەتـدا بـوون نـەک ئاریشـە و خەسـارە کۆمەڵایەتییـەکان. تەنانـەت پانێڵـی ژنانیـش لـە دە کـەس زیاتـر ئامـادە نەبـوون و ئـەوەی جێگـەی داخ بـوو ئـەوە بـوو کـە کۆنفرانسـێکی بەڕواڵـەت ئەکادیمـی تـا ئـەو ڕادە بـە سیاسـی کرابـوو.

---

١ . ئـەو کوللەیـەی کـە ئەمجـارەش خـۆی قوتـار یـان دەرباز کـرد، ئاماژەیە بە پەندێکی فارسـی کـە دەڵێ" ملخک ایـن بار هم جسـتی" واتـا کوللـە ئـەم جـارەش بـازت دا و کاتـێ بـەکاری دێنـن کە کەسـێ لە مەترسـییەک وا لە سـەریەتی بە شـێوەیەکی کاتـی خۆی دەربـاز دەکات.

سەبارەت بەو نەتەوە و ئێتنیکانەی کە جیاکارییان لەگەڵ دەکرێ و دەچەوسێنرێنەوە، ڕوانگەیەکی گشتی لە ئارادایە. دەڵێن نابێ لە ڕادە بەدەر لاپەڕە لە سەر بابەتی جێندەری و بابەتی سێکسی هەڵبدەینەوە، چونکە لاوازییەکانمان بۆ دوژمن ئاشکرا دەبێ و دەبێت باسی بابەتی گرنگتر بکەن. پێدەچوو ئەمە پاساوێک بێ بۆ نەبوونی شەفافیەت و نکۆڵیکردنێک کە هەمیشە لە هەموو ئاست و جومگەکانی کۆمەڵگایەکی وەکوو ئێراندا هەبووە.

● وێنەی ٣٦٩ – وێنەی لای چەپ: دیداری دووبارە لەگەڵ عوسمان بایدەمیر و دۆستانی دیکە – وێنەی لای ڕاست: زانکۆی میدلسێکس، لەندن، ٢٠١٩

لەم دیدارەدا هاوڕێ و هاوکارە دێرینەکەم واتە عوسمان بایدەمیر سەرۆکی پێشووی شارەوانیی ئامەدم بینی و بەو بارودۆخەی کە تێی کەوتبوو زۆر سەرسام بووم. عوسمان دوای سەرۆکایەتیی شارەوانیی دیاربەکر، بوو بە نوێنەری پارێزگای ئورفا لە پەرلەمانی تورکیا و کاتێک بانگهێشتی کۆبوونەوەیەک لە سکۆتلەندا کرا لە پۆستەکەی دوور خرایەوە و پارێزبەندییە دیپلۆماسییەکەی لەلایەن حکوومەتی تورکیاوە هەڵگیرا و لەبەر ئەو تۆمەتانەی کە خرابووە پاڵی چیتر نەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ تورکیا و باکووری کوردستان و پەنابەرێتیی خۆی ڕاگەیاندبوو. خۆشحاڵ بووین کە لەم کۆنفرانسەدا یەکترمان بینی. بارودۆخی خۆمم لە ئێران بۆ باس کرد و گوتم جارێ پەنام بۆ ئێرە هێناوە. ئەویش باسی ژیانی لە شارێکی کەنار دەریا لە باشووری بریتانیا بۆ کردم. بە نەهامەتییەکانی زەمانە پێکەنین و خۆزگەمان بەو ڕۆژانە دەخواست وا لە ئامەد پێکەوە ئیشمان دەکرد. ئەوکات ڕەیحانەی خێزانی و منداڵەکانی لێی دوور بوون و باری دەروونیی باش نەبوو. هاوڕێکانی دیکەش لەوێ بوون، پرۆفیسۆر عەباس وەلی کە پێشەنگی بواری توێژینەوەی کوردییە و حەسەن قازی پێشکەشکاری تەلەڤیزیۆنی کە لە بنەماڵەی قازی محەمەد بوو لە مەهاباد، کە چەند جارێک لە تەلەڤیزیۆنی ڕوژتیڤی و مێدیا تیڤی سەر بە پەکەکە،

میوانـی بەرنامەکـەی بـووم.

بابەتـی دووەم کـە لـە پشـووی هاوینـەدا ڕووی دا ئـەوە بـوو کـە بـۆ کۆنفرانسـی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان لـە ئادیـس ئابابـای پایتەختـی ئیتیوپـی بانگهێشـت کـرام بـۆ ئـەوەی وەک شـارەزایەکی سـەربەخۆ لـە بـواری خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان و هاوسـەرگیریی منـداڵان قسـە بکـەم. بەشـی مافـی مرۆڤـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و یونیسـێف ئـەم کۆنفرانسـەیان پێـک هێنابـوو بـۆ ئـەوەی لـە ڕاپۆرتێکـدا کـە بڕیـار بـوو پێشکەشـی لێژنـەی مافـی مرۆڤـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بکـرێ، پشـت بـەم داتایانـە و دواییـن دۆخـی وڵاتـان ببەسترێـت. بـۆ هەمـوو ئەوانـەی لـەم بـوارەدا چالاکـن گرنـگ بـوو کـە لـەو کۆنفرانسـەدا ئامـادە ببن و بەڵگەکانیـان بخەنـە ڕوو. ڕەنگـە بـۆ مـن لەوانـی تـر گرنـگتر بـێ چونکـە مـن سـاڵانێک بـوو هەوڵـم دەدا ئێـران وەک یەکێـک لـەو وڵاتانـەی کـە خەتەنەکردنـی کچـان و ژنانـی تێـدا ئەنجـام دەدرێ، بخەمـە لیسـت و نەخشـەی نەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە.

نەتـەوە یەکگرتـووەکان هەمیشـە سیاسـەتێکی ناوازەیـان بەرامبـەر بـە وڵاتانێکـی وەکـوو ئێـران هەبـووە، سـەبارەت بـە پـرس و خەسـارە کۆمەڵایەتییـەکان لـە ئێـران یـان بێدەنگییـان هەڵبـژاردووە یـان زۆر خۆپارێزانـە هەڵسـوکەوتیان لەگـەڵ کـردووە. ئێـران گوشـاری خسـتۆتە سـەر ئـەو ڕێکخراوانـە کـە دەسـتوەردان لـە کاروبـاری ناوخـۆ و کۆمەڵایەتـی و فەرهەنگـی نەکـەن و لـە ڕاپۆرتـە دەورەییەکانیانـدا باسـیان لـە پرسـی خەتەنەکردنـی ژنـان و هاوسـەرگیریی منـداڵان نەدەکـرد. نەتـەوە یەکگرتـووەکان (UN) لەبـەر پاراسـتنی بەسـتێنی کار و دانەخرانـی نووسـینگەکانی لـە ئێـران، خۆیـان لـەو بابەتانـە نـەدەدا.

ئـەم ڕەوتـە بـە تێپەڕبوونـی کات چڕتریـش بووەتـەوە و بـە ڕوونـی دەبینیـن کـە سیاسـەتی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بەرامبـەر بـە حکوومەتـی ئێـران زیاتـر خۆپارێزانەیـە. ئـەم قسـە نـەک هـەر لەسـەر بنەمـای وتـەی ئەوانـی تـر و هـێماکان، بەڵکـوو لەسـەر بنەمـای ئەزموونەکانـی خـۆم دەیڵێـم. کاتێـک لـە ئێـران دەژیـام، چەندیـن جـار پەیوەندیـم بـە نووسـینگەی نەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە کـرد بـۆ ئـەوەی لـە بابەتـی گرنـگ و جیهانـی خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان و هاوسـەرگیریی منداڵـدا هـاوکاریمان بکـەن، بـەڵام تەنانـەت لـە گفتوگۆیەکـی سادەشـدا هاوڕێیەتیـان نەکردیـن، چونکـە نەیاندەوێـرا خـۆ لـە پرسـە هەسـتیارەکان بـدەن. بێگومـان لـە چەنـد شـوێنێکدا باسـی ئـەو بابەتـە کـراوە، بـەڵام لـە ڕاپۆرتـە سـەرەکی و فەرمییەکانیانـدا ئێرانیـان بـە گرتنەبـەری ڕێوشـوێنێک بـۆ چارەسـەرکردنی خەسـار و زیانـەکان دەروەسـت نەکـردووە. سـاڵی ١٣٩٤ی هەتـاوی (٢٠١٥ ز) کاتێـک کتێبـی "بـە نـاوی نەریـت" بڵاو کرایـەوە، ڕۆژنامـەی گاردییـەن و ڕۆیتـەرز لەسـەریان نووسـی و نووسـینگەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان (UN) لـە ئێـران ناچـار بـوو بێتـە دەنـگ. کاردانەوەیەکـی کـورت و ئاماژەیەکی تیژتێپـەڕ. کاردانـەوەکان بەرامبـەر بـەم بابەتـە تـا ئـەو ڕادە بـوو کـە حکوومەتـی ئێـران هـەر

لـە سـەرەتاوە کارەکانـی مـن بخاتـە ژێـر چاودێـری. دواتـر زانیـم کـە ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـە شـێوەی نافەرمـی لەگـەڵ بەرپرسـانی ئێراندا باسـی بابەتـی هاوسـەرگیریی منداڵانـی کـردووە.

لـەم کۆنفرانسـەدا دەمویسـت خەسـار و زیانەکانـی نـاو کۆمەڵـگای ئێـران بـە شـێوەیەک وەسـف بکـەم کـە لانیکـەم کاریگـەری لەسـەر ڕاپۆرتەکانـی داهاتـوو سـەبارەت بـە دۆخـی مافـی مـرۆڤ لـە ئێـران دابنێـت. ئەگـەر ئـەم پرسـانە بخرایەنـە نـاو بەڵگەنامـە نێودەوڵەتییەکانـەوە، بابەتـەکان فۆرمێکـی جیددیتریـان بـە خـۆوە دەگـرت. لـە مـاوەی ئـەو چەنـد ڕۆژەی کـە لـە ئیتیوپیـی بـووم، هەوڵـم دا پەیوەندیـم لەگـەڵ زۆربـەی چالاکوانانـی ئـەم بـوارەدا هەبـێ و لەگـەڵ ڕێکخەرانـی کۆنفرانسـەکەدا گفتوگۆ بکـەم. هەروەهـا نیگەرانییەکانی ئـەم دواییـەی خـۆم سـەبارەت بە پرسـە ئەمنییـەکان بـەوان ڕابگەیێنـم. دوای دەسـتگیرکردنم، بـۆم دەرکـەوت کـە ئـەم کۆنفرانسـە و ئاشـنابوون و گفتوگـۆی ئامادەبـووان لـە کۆنفرانسـەکەدا کاریگەرییەکـی زۆری لەسـەریان هەبـووە و زۆر جاریـش کاردانەوەیـان بەرامبـەر بـەم ڕووداوە نوانـد و لـە ڕێکخـراوە ناحکومییـە (NGO) بیانییەکانـەوە تـا نەتـەوە یەکگرتـووەکان (UN)، ڕۆڵێکی کارایان لە هەڵمەتی ئازادکردنم هەبووە.

● وێنەی ٣٧٠ – ئادیس ئابابا، ئیتیوپی، ٢٠١٩

لـە سـەردەمی خوێندکاریمـدا لـە زانکـۆ جارێـک بـۆ کاری خێرخـوازی چوومـە باشـووری

ئیتیوپیـ. لـە هەندێـک لـە دێهاتەکانـدا قوتابخانەمـان بینـا کـرد و لـە ڕاهێنانـی مامۆسـتایاندا ڕۆڵـی ئاسـانکارم دەبینـی. پەیوەندییەکـی زۆرم لەگـەڵ پایتەخـت و کۆمەڵگـەی شارسـتانی ئـەو وڵاتـەدا نەبـوو و گەشـتی دووەمـم دەرفەتـی ناسـینی ئەوانـی بـۆم ڕەخسـاند. زۆربـەی دانیشـتوانی ئـەم وڵاتـە مەسـیحیی نەریتخـواز و ئایینپـەروەر بـوون. کڵێسـای ئۆرتۆدۆکسـی ئیتیوپـی گەورەتریـن کڵێسـای ڕۆژهەڵاتـە کـە پێشـینەی مێژوویـی هەیـە. ئـەوان لـە بـواری زاتـی خودایـی و مرۆیـی عیسـا مەسـیحدا پەیـڕەوی کڵێسـای قیبتیـن و پێیـان وا بـوو کـە زاتی خودایـی و ئینسـانیی عیسـا مەسـیح بـە یەکسـانی لـە ڕێگـەی حلوولـەوە لـە یـەک جەسـتەدا بوونـی هەیـە، بـەم تیۆرییـەش دەڵێـن "میافیزیـت یـان مۆنۆفیزیـت"، واتـە زاتـی واحیـد یـان یەکجەوهـەر و هـەر لەبـەر ئـەم هـۆکارەش بـەم نـاوە نـاسراون. ناوێکـی تـری مەسـیحیەتی ئیتیوپـی کـە بـە کـوردی دەبێتـە تەوحیـدی یـان تەواحیـدی لـە وشـەی "Tewahedo" وەرگیـراوە کـە لـە زمانـی ئیتیوپیـدا - زمانـی گێعـز- بـە مانـای یەکبـوون (وەحدانییـەت) دێـت. هەروەهـا دانیشـتووانێکی زۆری موسڵمانیشـی تێدایـە کـە زۆر ئایینپـەروەرن. ئیتیوپـی یەکێـک لـەو وڵاتانەیـە کـە لـە ڕووی ئابـووری و شارنشـینییەوە گەشـەیەکی زۆری بەخـۆوە بینیـوە. بـارەگای ئەفریقایـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان لـە ئادیـس ئابابـا بـەردەوام میوانداریـی نوێنەرانـی وڵاتانـی جۆراوجـۆر دەکا و ئەمـەش لـە گەشەسـەندنی ئیتیوپیـدا کۆمەکێکـی زۆری ئـەم وڵاتـەی کـردووە.

کاتێـک لـە ئیتیوپـی بـووم، هەنـدێ ڕێپێوانـی نارەزایەتـی دژ بـە حکوومـەت دەبـینرا و پۆلیـس لـە هەمـوو شـوێنێک بـوون. کاتێـک هـۆکاری ئـەم ڕووداوانەمـان پرسـی، وتیـان سـاڵی ڕابـردوو کوودەتایـەک ڕووی داوە و ئێسـتا هاتوچـۆ قەدەغـە کـراوە. سـەروبەندی تاقیکردنەوەکانـی خوێنـدکاران بـوو و ئینتەرنێتیشـیان پچڕاندبـوو بـۆ ئـەوەی قوتابیـان نەتوانـن تەقەلـوب بکـەن. باوەڕمـان نەدەکـرد، بـەڵام کارمەندانـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان ئـەم بابەتەیـان پشتڕاسـت کـردەوە. گەندەڵییەکـی بەرفـراوان لـە ناو سیسـتەمی پـەروەردەدا هەبوو و پرسـیاری تاقیکردنـەوەکان لـە ڕێگـەی ئینتەرنێتـەوە ئاڵوگـۆڕ دەکـرا و دەفـرۆشرا. هەڵبـەت ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان ئینتەرنێتـی سـەربەخۆی خـۆی هەبـوو و دەمانتوانـی سـوودی لـێ وەربگریـن. لـەم سـەفەرەدا زۆرێـک لـە هاوڕێکانمـم بینییـەوە لـە ناویانـدا مەعسـوومە. مەعسـوومە سـەر بـە فیرقەیەکـی شـیعەمەزهەبی هینـدی بـووە کـە بـە شـیعە بوراییـەکان نـاسراون. ئـەوان لەگـەڵ شـیعەی دوانـزە ئیمامـی زۆر جیـاوازن و لـە فیرقـەی ئیسماعیلـی نزیـکترن. ئـەوەی جێـی سـەرنجە ئەوەیـە کـە بـە پێچەوانـەی زۆربـەی فیرقەکانـی ئایینـزای شـیعە، خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان لـە ناویانـدا بـاوە. هەموومـان هـەوڵمان دەدا دەرفەتێـکمان بـۆ هەڵکـەوێ کـە شـار و گوندەکانـی دەوروبـەر بگەڕێیـن. لـەم نێوانـەدا بـوو کە هەڵەیەکـم لـێ وەشـایەوە. بـۆ کورتکردنـەوەی قـژم چوومـە سـەڵمانییەکی خۆجێیـی پیـاوان.

چەند ژنێکیش لەوێ کاریان دەکرد و نۆرەی یەکێکیان بوو کە قژم کورت بکاتەوە. بۆ من زۆر سەرنجڕاکێش بوو، بۆیە کاتێک ئەو ژنە سەری کورت دەکردمەوە سێڵفییەکم گرت، لە ئینستاگرام پۆستم کرد و چەند دێڕێکم لەسەر یەکسانیی جێندەری و ئەو جیاوازییانەی کە لە کۆمەڵگاکان لەگەڵ یەکتردا هەیە، نووسی. کۆمەڵگای ئیتیوپی زۆر ئایین‌پەروەرن، بەڵام ڕوانگەیەکی جیاوازیان بۆ وتەزای جێندەری و بەشداریی ژنان لەم جۆرە کارانەدا هەبوو.

دوای کۆنفرانسەکە گەڕامەوە بۆ لەندەن بۆ ئەوەی وردە وردە گەشتی ئێران بکەین. خاتوو خەزایی یاریدەدەر و هاوکاری سینا کەلهوڕ لە ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامیی لە ڕێگەی تێلێگرامەوە پەیوەندی پێوە دەکردم. بەردەوام لە تێلێگرام پرسیاری لێدەکردم کە لە کوێم؟ منیش دەمگوت لە مەیدانی توێژینەوەم و ئەگەر داخوازییەکتان هەیە بفەرموون. پرسیاری دەکرد بۆچی مۆبایلەکەم سیگناڵ نادا و کەی دەتوانم دیدارێکم لەگەڵ سینا کەلهوڕ هەبێت. کاتێک لەمەڕ بابەتی کۆبوونەوەکە پرسیارم لێ کرد، وتی بەڕێز کەلهوڕ پێی خۆشە لەگەڵتان ڕێک بکەوێت. پێیان وایە تۆ بەربەستی و ناهێڵی بیرۆکەکەی بەڕێزیان بۆ بەرزنەکردنەوەی تەمەنی هاوسەرگیریی منداڵان بگاتە ئەنجامی مەبەست" من گوتم ئەگەر پێیان وایە من بەربەستم، ئەوە من بە گیان و دڵەوە داشقەی تووڕم لە سەر ڕێگاکەتان کۆ دەکەمەوە با خۆی کێشەکە چارەسەر بکا، بەڵام خۆی باش دەزانێ هەڵوێستەکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان (NGO) لە بۆچوونی من ڕادیکاڵترە". ئەوان باوەڕیان وایە کە تافی منداڵی هەتا خوار هەژدە ساڵە و دیارە پێشنیاری هیچ تەمەنی تر قبووڵ ناکەن، خەزایی پەیتا پەیتا دەیکوت: "نازانم بۆچی هەست دەکەم تۆ لە دەرەوەی ئێرانی" و منیش دەمگوت: نەخێر، من لە مەیدانی توێژینەوەی مەرجەکانی گرێبەستی مارەبڕین لە گوندەکانی تورکمان سەحرام و هەر بۆیەش مۆبایلەکەم سیگناڵ نادا، کاتێک گەڕامەوە بۆ تاران کۆبوونەوەیەکمان دەبێت. زۆر حەزی دەکرد کۆبوونەوەکە لە شوێنی کارەکەی کەلهوڕ بەڕێوە بچێ و بڕیار درا وەختێک گەڕامەوە، سەری کاتژمێر ١٠ی بەیانی بچمە ناوەندی توێژینەوەکانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی.

لەو ڕۆژانەدا دوو کەس لە ناوەندی توێژینەوەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی وەزارەتی ناوخۆوە پەیوەندییان پێوە کردم و بانگهێشتیان کردم بۆ ئەوەی لە سیمینارێکی تایبەت بە هاوسەرگیریی منداڵان وتارێک پێشکەش بکەم. دەوڵەتی ئەو کاتە ڕوانگەیەکی میانڕەوتر و نەرمتری بۆ پرسی هاوسەرگیریی منداڵان هەبوو و تا ڕادەیەک پشتگیریی هەموارکردنەوەی مادەی ١٠٤١ی دەکرد. باڵی پشتیوانیی دەوڵەت لەم کارە، جێگرایەتیی سەرۆک‌کۆمار بۆ ژنان و فراکسیۆنی ژنانی

مەجیلس بوو کە لە مەجلیس بە داکۆکیکاری بەرزکردنەوەی تەمەنی هاوسەرگیریی منداڵان هەژمار دەکران. دیارە بانگهێشتکردن بۆ وەها سیمینارێک، بەو مانایە بوو کە ئەوان دەیانویست پشتیوانی لە گشتێتیی ئەو بابەتە بکەن بۆ ئەوەی حکوومەت بێتە پێشەوە و ئەگەر کرا گەڵاڵەکە بە شێوەی پرۆژەیاسایەک بهێنێتە مەجلیس. هەروەها لە سیمیناره‌کەدا جێگرایەتییەکان و بەشەکانی دیکەی وەزارەتەکانی دیکەش بەشداربوون و ئەمە بەستێنێکی باش بوو بۆ وروژاندنی ئەم بابەتە. خشتەی کۆبوونەوەکەم ڕێک خست و بەرەو ئێران بەڕێ کەوتین. نیازم وا بوو دوای دیدارەکە لەگەڵ کەلهوڕ بچینە تورکمان سەحرا و لێکۆڵینەوەکانم لە سەر بڕی مارەیی زەبەلاح دەست پێ بکەم، بەڵام دڵم دەلەرزی و نیگەران بووم کە ئایا لەگەڵ گەیشتنم بۆ ئێران دەستگیر دەکرێم یان نا!

چەند ڕۆژێک لە وڵاتی ئیتیوپی بووم کە دەکەوێتە شاخی ئەفریقا، لە دواییین جارێک کە لەم وڵاتەدا بووم زۆر گۆڕاوە، ئابوورییەکی بەهێزتر و هەڵبەت پڕ لە کەلوپەلی هەرزانی چینی، نەوەیەکی جەوانتر، سیستەمی پەروەردە و تەندروستی مۆدێرن، کۆمگەڵەیەکی مەدەنیی بەهێزتر، تا ڕادەیەک دیموکراتیکتر (هەڵبەت سێ هەفتە لەوەبەر لێرەدا کوتادەیەکی ناسەرکەوتووی .....

● وێنەی ٣٧١ – ناوەندی ئادیس ئابابا، ئیتیوپی، ٢٠١٩

بارگە و بنەکەمان زۆر قورس بوو و من هەر بۆڵەم دەکرد کە ئەم هەموو جلوبەرگ، ئەم هەموو شتکڕینە بۆ چییە و بۆچی دەبێ ئەو هەموو بارە قورسە لە کۆڵ بکەین کە زۆربەی شت کڕینەکان بۆ کەسانی دیکە بوو! وەکوو سەفەرەکەی پێشوو نیگەران بووم کە لەگەڵ هاتنەوەم بۆ ئێران دەستگیر بکرێم. لەم بارودۆخەدا ناچار بووم ئەو

کەلوپەلانـەی کـە کڕیبوومـان لـە ئەوڕووپـاوە بگەیێنمـە ئێـران و لـە فڕۆکەخانـە غەرامـەی باری زیـادەش بـدەم. هەمیشـە بـە گاڵتـەوە دەمگـوت کـە خەڵـک کاتێـک لـە سـنوور تێدەپـەڕن دڵخۆشـن دەبـن مـن کاتێـک دێمـە نـاو ئێـران خۆشـحاڵ دەبـم. بـەڵام تەواوترەکـەی ئەوەیـە کـە دوای مۆرخواردنـی پاسـپۆرتەکەم لـە دەروازەی فڕۆکەخانـە و هاتنـە نـاو خاکـی ئێـران. هەمـوو ئـارەزووی ڕۆشـتنیانە و مـن تاسـەباری گەڕانـەوە. مـن کاتێـک ئەفسـەرەکە مـۆری لـە پاسـپۆرتەکەم دا زەردەخەنەیەکـی ڕەزامەنـدی هاتـە سـەر لێـوم و بـە خۆمـم وت: "کوللـە! ئـەم جـارەش خـۆت قوتـار کـرد ... " و ئەمـە دواییـن جارێـک بـوو کـە خـۆم قوتـار کـرد.

وەرزی شەشەم

ئێـرە زینـــدانی
کۆماری ئیسلامیی ئێرانە

پێشەکی

دەمزانــی ڕۆژێــک ئــەوەی دەبــێ ڕوو بــدا، ڕوو دەدا و چاوەڕێــی ئــەو شــتە بــووم. دەمزانــی هــەر وەکــوو چــۆن لــە منداڵیمــدا بەســەر باوکــم هاتبــوو و لــە تەمەنــی مێرمنداڵیــدا بەســەر خۆمــدا هاتبــوو، جارێکــی دیکــە و ئەمجارەیــان جیــددیتر ئاوقانــم دەبێتــەوە، مــن هیــچ هەڵەیەکــم نەکردبــوو، هــەر وەکــوو چــۆن باوکیشــم هیــچ هەڵەیەکــی لــێ نەوەشــابۆوە، بــەڵام توێژینەوەکانــم ئــەو دەرد و ئازارانەیــان لەقــاو دابــوو کــە دەتوانیــن بڵێیــن حکوومەتــی کۆمــاری ئیسلامیــی ئێــران بــە پشــتگوێخستن و پەردەپۆشــکردن حوکمــی بــە ســەریاندا دەکــرد.

سروشــتی بــوو کــە دەســتگیرم بکــەن و وەکــوو ئــەو هەمــوو مرۆڤــە بێگوناهــە، بــە زیندانیــی ئەمنــی نــاوزەدم بکــەن، بــەڵام ئــەوە شــتێکی سروشــتی نەبــوو کــە لەســەر تاوانــی توێژینــەوە مــن بــە پێوەنــدی لەگــەڵ حکوومەتێکــی دوژمنــدا تۆمەتبــار بکــەن و هەوڵــی لەناوبردنــی ژیانــم بــدەن، لــە ڕۆژانــی زۆر و زەبەنــدی زیندانــی تاکەکەســی و لێپرســینەوە پەیتاپەیتاکانیــان کــە ســیناریۆیەکی پێشــوەختەی هەیــە، ئەشــکەنجەم بــدەن و تەنانــەت لــە مافــە ســەرەتاییە مرۆییەکانــم بێبــەش بــم.

ئەڵبــەت چاوەڕێــی ڕێزگرتــن لــە مافــی مــرۆڤ یــان شــتێکی لــەو جــۆرەم نەدەکــرد. ئێمــەی کــورد ســاڵانێکی زۆر پێــشتر ئــەم شــتانەمان بینیبــوو و مێشــکمان پــڕ بــوو لــەم یادەوەریانــە؛ وەک مرۆڤێــک ڕێزێکــی ئەوتــۆت لــێ ناگــرن. دوای ســاڵەهای ســاڵ، تووشــم بــوو بــە تووشــی ئــەو فەزایــەی کــە لــە هەڕەتــی مێرمنداڵیــدا بەســەرم هاتبــوو. سیســتەمەکەیان زۆر نەگۆڕابــوو، دیســان هــەر ئــەو هەڵســوکەوت و ڕەفتارانــەم بینییــەوە، بــەڵام بــە فــۆرم و جلوبەرگــی جیــاواز و تــا ڕادەیەکیــش فێڵبازانەتــر. منــی کامیــل ئەحمــەدی لــەم وەرزەدا لەســەر تاوانــی توێژینــەوە دەســتگیر دەکرێــم، چونکــە زانایــی و هۆشــیاری ئــەو شــتە نییــە کــە حکوومەتــی ئێــران بــۆ گەلەکــەی بیهەوێــت.

بەشی یەکەم

دەستبەسەربوون

پێش گەیشتنم بە ئێران چەند کۆبوونەوەیەکم ڕێک خستبوو. لە بەشی کاروباری کۆمەڵایەتی وەزارەتی ناوخۆ کۆبوونەوەیەک لەسەر بابەتی هاوسەرگیریی منداڵان بەڕێوە دەچوو، منیشیان بۆ بەشداریکردن لەو کۆبوونەوە بانگهێشت کردبوو. کۆبوونەوەکە کاتژمێر ١٠ی بەیانی دەستی پێکرد و دەتوانم بڵێم نوێنەرانی سەرجەم بەشەکان و جێگرایەتییەکانی وەزارەتخانە لەو دانیشتنەدا ئامادە بوون. دوای پەراوێزەکانی کتێبخانەی میللی و وتارە توندوتیژەکەی ڕۆژنامەی کەیهان، نیازم وا نەبوو بەشداری لە کۆبوونەوەکانی پەیوەست بە هاوسەرگیریی منداڵان بکەم، بەڵام ئەمجارەیان جیاواز بوو. کۆبوونەوەکە لە دەزگایەکی حکوومیدا بەڕێوە دەچوو و بڕیار نەبوو لە هیچ شوێنێک ڕابگەیێندرێت.

لە لایەکی دیکەوە، بەڕێوەچوونی ئەم کۆبوونەوە لە وەزارەتی ناوخۆ، شەرعیەتی بە بابەتی هاوسەرگیریی منداڵان دەبەخشی و لەو هەلومەرجەدا لەوانە بوو تەنانەت پێگەیەکی ئەمن و سەلامەتی بۆ من دروست بکردایە. هەستم بە مەترسی دەکرد و پەلم بۆ هەموو لایەک دەکوتا بۆ ئەوەی پەراوێزێکی ئارام و ئەمن بۆ خۆم بدۆزمەوە. هەروەها بیستبووم کە هەندێک لە بەڕێوەبەرانی مامناوەندی وەزارەتخانە خێرخوازتر و تا ڕادەیەک لۆژیکی و مەنتیقین و هیوادار بووم کە باسکردنی ئەو پرسە لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرانی وەزارەتی ناوخۆ بە قازانجی منداڵان و کۆمەڵگەی ئامانج کۆتایی پێ بێت. پێم وا بوو ئەنجامدانی ئەم کۆبوونەوە نیشانەیەکی ئەرێنی بوو و پێی دەگوتم کە هێشتا بۆ نائومێدی زووە.

لە سووچێکی هۆڵەکەدا ژمارەیەک ژنی حیجابدار کە حیجابەکەیان زۆر توند بوو

و پیاوێکـی گەنجـی ڕیشـن و یەخەداخـراو بـە حاڵەتێکـی شـەڕەنگێزانە و دەمارگیرانـەوە دانیشـتبوون. بـە ڕواڵـەت و جـۆری پرسـیارەکانیاندا دەردەکـەوت کـە ئـەوان داکۆکیـکاری هاوسـەرگیریی منداڵانـن. پێـم وایـە بەشـێکیان ئەندامـی بەسـیجی وەزارەتـی ناوخـۆ و ناوەنـدی توێژینـەوەی پارێـزگاری بـوون. لـە کۆتایـی دانیشـتنەکەدا لێیـان پرسـیم: "بۆچـی ناتهـەوێ قبووڵـی بکـەی کـە خەڵـک دەیانهـەوێ منداڵەکانیـان زوو هاوسـەرگیری بکـەن؟ بۆچـی دەسـتوەردان لـە کاروبـاری تاکەکەسـی و خێزانیـی خەڵـک دەدەیـت؟ و... " ئـەوان توێژینەوەکانمیـان خوێندبـووەوە و شـەڕیان دەفرۆشـت. وەکـوو هەمیشـە هەوڵـم دا گفتوگـۆ سـاز بکـەم و باسـی زیانەکانـی هاوسـەرگیری لـە تافـی منداڵیـم بـۆ کـردن، بـەڵام بێسـوود بوو؛ گروپەکـەی بەرامبـەر گوێیـان نـەدەدا. دۆخەکـە زۆر لـەوە ترسـناکتر بـوو کـە بیـرم لێدەکـردەوە، لـە دڵـی خۆمـدا گوتـم: "باشـە کامیـل ئـەوە تـۆ سـەرت لـە کێشـە دەخـوریێ؟ بۆچـی جارێکـی تـر هاتوویەتـە ئێـرە و لەگـەڵ ئـەم کەسـانە تێدەکـەوی؟!» بڕیـار وا بـوو پاشـنیوەڕۆ بـۆ ڕاوێژکاری و هاوبیـری بچمـە ناوەنـدی منداڵانـی ئالـوودە بـە مـاددەی هۆشـبەر لـە گەڕەکـی شـووش. لەو گەڕەکـەدا هەندێـک خەسـاری کۆمەڵایەتیـی زۆر دژوار بـەدی دەکـرا و تووشـی دیاردەگەلێـک بـووم کـە هەرگیـز بیـرم لـێ نەکردبـووەوە. مێرمنـداڵ و منداڵـم بینـی کـە پێیـان دەگوتـرا "قاتـر" و مـاددە هۆشـبەرەکانیان پـێ دەگواسـتنەوە. لـەوەش تـاڵتر، ئـەوە بـوو کـە زۆرێـک لـە منـداڵان هۆگـری بەکارهێنانـی مـاددە هۆشـبەرەکان بـوون یـان بـە تەواوەتـی ئالـوودەی مادده هۆشـبەرەکان ببـوون. ڕووداوە گورچکبڕەکانـی ئـەم ناوەنـدە کۆتایـی نەبـوو. زۆر منـداڵ هەبوون کـە بـە ئالوودەیـی لەدایـک ببـوون یـان لـە ئەنجامـی بەکارهێنانـی مـاددە هۆشـبەرەکان لـە لایـەن دایـک و باوکیانـەوە ئالـوودەی مـاددەی هۆشـبەر یـان وەک خۆیـان دەیانگـوت بخـووری ببـوون. ئیشـی هەندێـک لـەم دایکانـە لەشفرۆشـی و سـواڵکردن بـوو و بەیانیـان منداڵەکانیـان ڕادەسـتی ئـەم ناوەنـدە دەکـرد و شـەوانە دەهاتـن دەیانیـانبردەوە.

ئـەم ناوەنـدە دوو بەشـی هەبـوو، یەکیـان بـۆ منداڵانـی سـاوا بـوو و ئـەوی دیکەیـان بـۆ منـداڵان و مێرمنـداڵان بوو. ئـەم ڕێکخـراوە خێرخوازییـە ناحکوومییە، بەرنامەیەکی پشـتگیریی بـۆ منـداڵان ئامـادە کردبـوو؛ لـە شـوێنی خەوتـن، خـواردن و جلوبـەرگ بگـرە هەتـا دەگاتـە چاودێریـی تەندروسـتی و دەرمـان. بەرپرسـانی ناوەندەکـە گوتیـان پێویسـتیان بـە یارمەتـی و پاڵپشـتیی پرۆفیشـناڵە و منیـش بەڵێنـم دا کـە هـاوکار و یاوەریـان بـم.

دوای گەڕانـەوەم، لەگـەڵ سـایە ڕەحیمی بەرپرسـی کەمپەینـی "بەدسەرپرشـتیار تەنیاترە"[1] کـۆ بوومـەوە و باسـی پـرۆژەی زبڵگەڕیـی منداڵانمـان کـرد. بـە هـاوکاری ئـەم کەمپەینـە، کتێبـی "تاڵانـی منداڵـی" سـەرنجی سـینەماکارانی ڕاکێشـا و بەرپرسـانی شـارەوانیی ناچـار

١. بدسرپرست تنهاتر است.

کرد کە کاردانەوەیان هەبێت. پاشان وەکوو هەموو کۆبوونەوەکانی دیکەی ئەو سەروبەندە، قسەوباسەکان ڕێیان بردە سەر وتارەکەی ڕۆژنامەی کەیهان و ئەو پرسانەی کە ڕوویان دابوو. بە سایەم گوت کە چیتر سەبارەت بە هاوسەرگیریی منداڵان لە سەر ئاستی گشتی چالاکی ناکەم و پێشنیارم بەویش کرد کە چالاکی نەنوێنێ، چونکە دەمبینی کە هەڵمەتەکەی ئەوانیش لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە هێرشی کرابووە سەر. نۆرەی ئەو کۆبوونەوە هات کە بۆ هەماهەنگییەکەی چەندین جار پەیامیان ناردبوو. کەلهوڕ و هاوبیرانی دەستی خۆیان وەشاند و پرۆژە یاسای زیادکردنی تەمەنی هاوسەرگیری شکستی هێنا. ئەوان بڕوایان بە وتوێژ نەبوو و بە لامەوە سەیر بوو کە دەیانهەوێ کۆبوونەوەمان هەبێت. من لە پەیامێکدا ئەو پرسەم لای خاتوو سیاوەشی باس کرد و ئەویش لەگەڵم هاوڕا بوو. وتی: بڕۆ بە کەلهوڕ بڵێ لەبەر ئەو زیان و خەسارەی کە منداڵان دەیچێژن، بە ڕوانگەیەکی مرۆییترەوە سەیری پرسەکە بکات". دوو ڕۆژ پێش کۆبوونەوەکە، یاریدەدەری کەلهوڕ چەند پەیامێکی بە واتساپ و تێلێگرامدا نارد بۆ ئەوەی دڵنیا بێ کە لە کاتی خۆیدا کۆبوونەوەکە بەڕێوە دەچێت. بەلامەوە سەیر بوو، بەڵام گرنگیم پێنەدا.

● وێنەی٣٧٢ - ئەکاونتی ئینستاگرامیی بەدسەرپەرشت تەنیاترە

حاڵەتی ئاسایی ئەوەیە کە ڕۆژێک پێشتر، بە پەیوەندی یان پەیامێک دواییـن هەماهەنگییەکان ئەنجام بدرێ، بەڵام خاتوو خەزایی چەندین جار پەیامی نارد. جارێکیان دەیکوت ئۆتۆمبێلتان بۆ بنێرین؟ دەمگوت: "نا، خۆم دێم". دیسان پەیامێکی دیکەی سەبارەت بە هاوسەرگیریی منداڵان دەناردەوە. وا خۆی نیشان دەدا کە لەگەڵ بەشێک لە کارەکانمدا هاوڕایە و درێژەی بە گفتوگۆکە دەدا. منیش بە ڕێزەوە دەمگوت: لە کۆبوونەوەی داهاتوودا قسەی لە سەر دەکەین، بەڵام دیسان بە بیانوویەکی دیکە پەیامی دەناردەوە.

کاتژمێر ١٠ی بەیانیی ڕۆژێکی گەرمی هاوین بڕیار بوو لەگەڵ سینا کەڵهوڕ کۆ ببمەوە. کۆبوونەوەکە لە کاتژمێرێک زیاتری نەخایاند، بۆیە پلانم بۆ باقی ڕۆژەکە دانا.

● وێنەی ٣٧٣- بەرەبەیانی کۆبوونەوەکە، تاران، ١٠ی ئاگۆستی ٢٠١٩

من بڕیارم دابوو دوای کۆبوونەوەکە بچم بۆ تورکمانسەحرا و دەست بە کاری مەیدانیی مەرجەکانی مارەبڕین بکەم. وام دانابوو کە لەم گەشتەدا چەند ئەندامێکی تیمەکە لەگەڵم بن. پێم گوتبوون پێش ئەوەی وەڕێ بکەوین بێنە ماڵم تا پێکەوە ئامادەکارییەکانی توێژینەوەکە ئەنجام بدەین. هەروەها خوێندکارێکی دکتۆرا بۆ تێزی دکتۆراکەی پێویستی بە ڕێنمایی و ڕاوێژ بوو. پێم گوتبوو سەعات ١٢:٠٠ بێ با لە هۆڵی چاوەڕوانی بیناکەماندا وەڵامی پرسیارەکانی بدەمەوە.

نزیکەی کاتژمێر ٩ی بەیانی، خۆم ئامادە کرد کە بچم بۆ نووسینگەی کەلهوڕ کە دیسان خاتوو خەزایی تەلەفۆنی کردەوە و بە دەنگێکی پچڕپچڕ و بە ڕواڵەت نارەحەت وتی: ئۆتۆمبێلەکەی بەڕێز کەلهوڕ لە ڕێگای گەڕانەوە لە ئیسفەهانەوە خراپ بووە. گوتی "داوای لێبوردنتان لێ بکەم" و کۆبوونەوەکەی بۆ هەفتەی داهاتوو دوا خست. سەرەڕای بەدواداچوونە پەیتاپەیتاکانی خاتوو خەزایی، هەڵوشانەوەی کۆبوونەوەکە کەمێک گومانـاوی بوو. تەنانەت لە دڵی خۆمدا گوتم ڕەنگە دەزگا ئەمنییەکان نەیانهێشتووە کۆبوونەوەکە بەڕێوە بچێت.

تەلەفۆنم بۆ هاوکارەکانم و ئەو خانمە خوێندکارە کرد و گوتم ئەگەر دەکرێ با زووتر کۆبوونەوەکانمان ئەنجام بدەین. کچە خوێندکارەکە زۆری پێخۆش بوو و وتی ئەوە هێندەی نەماوە و ئێستا دەگاتە ماڵەکەم. زۆر زوو هات و بڕیار وا بوو هاوکارانی پرۆژەکە بە زووترین کات بگەن.

بڕیارمان دا لە ژووری کۆبوونەوەکاندا چاوەڕێی هاوکارانم بکەین. یەکێکیان خەڵکی کەرەج و ئەوی دیکەیان لە نزیک مەیدانی سەنعەت لە تاران بوو. دیدارەکەم لەگەڵ ئەو کچە تازەخوێندکارە کۆتایی هاتبوو کە یەکێک لە هاوکارانم هات. لە ژووری کۆبوونەوەکاندا شتی خواردەمەنی و دەفتەرەکانم و ماژیکی تەختە سپیمان (وایتبۆرد) هەڵگرت و چووین خواردنەوەیەک بخۆینەوە و چاوەڕێی هاتنی ئەوانی دیکە بین کە لە ناکاو یەکێک لە درگای دا. کابرایەک دەموچاوی لە ئایفۆنەکە نزیک کردبووەوە و بە هێمنییەوە وتی: "ئێرە ماڵی بەڕێز ئەحمەدییە؟ من پۆستەچیم و پاکەتێکتان بۆ هاتووە"

بیـرم لـەوە نەکردبـووەوە کـە چاوەڕێـی هیـچ پاکەتێـک نەبـووم و چەنـد مانگێـک دەبـوو کـە لـە ئێـران نەبـووم. وتـم: دەی فەرمـوون بـە ئاسانسـۆرەکە وەرنـە سـەر، بـەڵام لـە وەڵامـدا وتـی: تکایـە بێنـە خـوارەوە و بـا کارتـی ملیتـان پـێ بێـت".

کارتـی ملیـم هەڵگـرت و هـەر کـە دەرگای شـوقەکەم (ئاپارتمـان) کـردەوە بـۆ ئـەوەی بچمـە نـاو ئانسـۆرەکە، پیاوێکـی زەبـەلاح پاڵـی پێـوە نـام و بـە پـێڵاوەوە هاتـە نـاو هۆڵەکـە. لـە پشـتیەوە کەسـێکی تـر هـات و دوای ماوەیـەک چەنـد کەسـی دیکـەش، کـە پیاوەتییـان کـرد و پێڵاوەکانیـان داکەنـد. یەکسـەر هەمـووان دەسـتیان کـرد بـە گـەڕان و پشـکنینی ماڵەکـە. یەکێکیـان هـاواری دەکـرد: "تەلەفۆنەکەتـم پـێ بـدە، تەلەفۆنەکەتـم پـێ بـدە"، چەند جارێکیـش قیڕانـدی کـە لەسـەر کورسـی دانیشـە. تـازە وەخـۆم هاتمـەوە و گوتـم: لـە پێشـدا فەرمانـی دەسـتگیرکردنەکەم پیشـان بـدە و پەیتـا پەیتـا دەیگـوت: "بـە فەرمانـی داواکاری گشـتی دەسـتگیر کـراوی!"

حەپەسـا بـووم و نەمدەتوانـی تێبگـەم لـە دەوروبەرمـدا چـی ڕوو دەدات. کاتێـک زیاتـر پەشـۆکام کـە نزیکـەی هەشـت کـەس هاتنـە نـاو ماڵەکـەم و دواتـر چـوار کەسـی دیکـەش کـە یەکێکیـان ژنێکـی چارشـێو لـە سـەر بـوو بـە ژمارەیـان زیـاد بـوو. پیـاوەکان هەموویـان لەیـەک دەچـوون، ڕیشـیان هێشـتبووەوە و لـە ژێـر ئـەو کراسـەی کـە هەتـا سـەر پانتۆڵەکەیـان هاتبـووە خـوارەوە، کۆڵتیـان بەسـتبوو. دیمەنێکـی سـەیر لەبـەر چـاوم بـوو. یەکێکیـان ژووری نوسـتنی ئـالان دەگـەڕا، ئـەوی دیکـە جلەکانـی شـەفەقی دەرهێنابـووە دەرەوە، چەنـد کەسێکیشـیان هەرچـی لـە نـاو کابینەکانـی چێشـتخانە بـوو دەریانهێنـا و هەموویـان لـە سـەر خـۆ و بـە ئارامییـەوە لـە کارەکانیـان بـەردەوام بـوون. ئـەم کەسـانە بەنـاوی یاسـاوە ژیانـی تایبەتیـی منیـان پێشـێل کردبـوو و تەنانـەت نەیاندەگـوت تاوانەکـەم چییـە.

هەمـوو شـتێکیان پێبـوو، لـە تەلـی کارەبـاوە بگـرە هەتـا دەگاتـە فلاسـک و لێوانـی سـەفەریی چـا. یەکێکیـان بـە بـێ هیـچ ئیـزن وەرگرتنێـک لاپتۆپەکەمـی هەڵکـرد. ئامێـری ئینتەرنێتـە گەڕۆکەکـەی لـە پریـزی کارەبـا دا و وتـی وشـەی نهێنیـی لاپتۆپەکەتمـان پـێ بـدە. وتـم نایـدەم! ئـەو کەسـەی کـە پێدەچـوو پلـەی لـەو سـەرتر بـێ، وتـی: "بیشـکێنە، بچـۆ نـاوی!" هەمـوو ئەمانـە لـە کاتێکـدا ڕوویـان دەدا کـە هێشـتا لـە تۆمەتـەکان ئـاگادار نەکرابوومـەوە. کەمێـک دواتـر سـەرگرووپەکەیان وتـی: "ئێـوە بـە پێـی مـاددەی ٥٠٨[1] و بـە تۆمەتـی هاوکاریکردنـی دەوڵەتـی نەیـار و دوژمنـکاری ئەمریـکا دەسـتگیر دەکرێـن!"

تـازە دووقڕانیـم کـەوت کـە هـۆی هەڵوەشـاندنەوەی کۆبوونەوەکـە چـی بـووە. هەرگیـز بـە

١. بـە پێـی مـاددەی ٥٠٨ی یاسـای سـزادانی ئیسلامـی، هـەر کەسـێک یـان گرووپێک بـە هەر شـێوەیەک لـە دژی کۆماری ئیسلامـی ئێـران هاوکاریـی حکوومەتێکـی بیانیـی نەیـار و دوژمنـکار بـکات، ئەگـەر بـە مەحـارب (دژایەتیـی چەکدارانـە) نەناسرێ، سـزای یـەک تـا دە سـاڵ زیندانـی بەسـەردا دەسـەپێندرێت.

خەیاڵیشمدا نەدەهات کە ئیشی سەرەکیی بەڕێز کەلهوڕ و خانمی خەزایی کارڕێکخەری و خۆشخزمەتی بۆ دەزگا ئەمنییەکان بێت. ئەرکیان ئەوە بوو کە من لە تاران ڕابگرن تاکوو هاوکارەکانیان بێن و بمگرن. پرسیم ئەم هەموو خەڵکە لە ماڵەکەمدا چی دەکەن؟ لە وەڵامدا وتی: "ئێمە بە فەرمانی داواکاری گشتی لێرەین بۆ ئەوەی جەنابت لەگەڵ ئەو بەڵگانەی کە ئەگەری تاوانباربوونت یەکلایی دەکەنەوە، دەستگیر بکەین". ئەویش داوای وشەی نهێنیی لاپتۆپ و مۆبایلەکەمی کرد، بەڵام من جارێکی تر ڕەتم کردەوە و گوتم: "ئەوەی ئێوە دەیکەن نایاساییە".

● وێنەی ٣٧٤ - دیمەنی درگای چوونە ژوورەوەی شوقەکەمان (ئاپارتمان)

شانزە پیاو و ژنێک ماڵی منیان داگیر کردبوو و ئەو ژنەی کە لەگەڵیان بوو، هاوکارەکەی منی بردبووە ناو یەکێک لە ژوورەکان. گوێم لێ بوو کە بە گریانەوە دەیگوت "بەخوا من هیچم نەکردووە!" خۆم لە ژێر فشاردا بووم و خەمی هاوکارەکەیشم بە لایەک ئەوەندەی دیکە حاڵمی تێک دابوو. بە سەرگرووپی تیمە ئەمنییەکەم گوت: ئەم ژنە هیچ پەیوەندییەکی بە بابەتی ئێوەوە نییە، وازی لێ بێنن با بڕوات. ئەگەر ئازادی بکەی، دوای بینینی داواکاری گشتی (دادستێن) و ڕوونکردنەوەی تۆمەتەکانم، پاسۆردی لەپتاپ و مۆبایلەکەتان پێ دەدەم". ئەویش وتی: "ئەگەر هەر ئێستا پاسۆردەکانم پێ بدەی، ئەوا هاوکارەکەت ئازاد دەکەم". ئەوان دەیانویست وەک بارمتە ئەو کچە بەکار بهێنن. گوتم، دەبێ داواکاری گشتی بێتە سەر خەت و ئازادبوونی ئەو کچە دەستەبەر بکات. تەنانەت ئەگەر بمویستایە لە ناو ساردکەرەوەکە ئاو بخۆمەوە، دەبا ئیزنم لەو مەئموورە بگرتایە کە لە سەر سەرم ڕاوەستابوو. خەمی باقی هاوکارەکانم بوو و خودا خودام بوو درەنگ بگەن. یەک دوو جار چوومە لای پەنجەرەکە، بەڵام مەئموورەکان هاواریان دەکرد وەرە ئەم لا.

دوای ماوەیەک لەپتاپەکەمیان هاک کرد و بەکئاپێکیان لە هەموو زانیارییەکانی گرت. تەنها شتێک کە مابوو پاسۆردی ئیمەیڵەکەم و مۆبایلەکەم بوو کە ئایفۆن بوو و نەیاندەتوانی هاکی بکەن. گوتیان ئەگەر پاسۆردی ئیمەیڵ و موبایلەکەتمان پێ نەدەی، تەلەفۆن بۆ دایک و باوکی ئەم خانمە دەکەین و لە کەرەجەوە دەیانکێشینە تاران.

دۆسیەیەکی بۆ هەڵدەبەستین با تووشی زیندان بێ، لە زانکۆ دەری دەکەین و ..... . ئەویش خوێندکاری دکتۆرا بوو و ناحەقی نەبوو بترسێت. بە ترس و لەرزەوە دەیگوت: هەر چییەکیان دەوێ پێیان بدە، با لە کۆڵم ببنەوە و ئازادم بکەن". پێم دەگوت ناتوانن هەر وا زیندانی و هەراسانت بکەن. مەئموورەکان زۆر بەدفەڕانە دنەیان دەدا و دەیانگوت ئەو کەسەی وا پشتگیری لە مافەکانی مرۆڤ دەکا، ئامادەیە هاوکارەکەی بکاتە قوربانی. دواتر بیستم دوو هاوکارەکەی تر کە هاتبوون و لە زەنگی دربانەکەیان دابوو، وتبوویان دەمانهەوێ بچینە هۆڵی کۆبوونەوەکان. مەئموورەکانی بەر درگا نەیانزانیبوو کە ئەم کەسانە هاوکاری منن. خزمەتکاری باڵەخانەکە خەڵکی تورکمان سەحرا بوو و بە سەفەرەکەمانی دەزانی، تەنانەت وەک ناوبژیوانێک بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ خەڵکی ئەو دەڤەرە یارمەتی دابووم. بە نهێنی ڕووداوەکەی بۆ هاوکارەکانم باس کرد و ئەوانیش خێرا شوێنەکەیان بەجێهێشت.

ئەزموونی زۆرێک لە زیندانییەکانم خوێندبووەوە. دەمزانی ساتی دەستگیرکردن لە چارەنووسی زیندانیدا زۆر چارەنووسسازە و تا زیاتر ئارامیی خۆت بپارێزی، بە قازانجتە. ئەمە بە زمان ئاسانە بەڵام بە کردەوە نا. مەئموورەکان لە نانەوەی شەڕی دەروونیدا شارەزان و من و هاوکارەکەمیان خستە ناو شەڕێکی دەروونیی نایەکسانەوە. دەمزانی ئەگەر خۆم بدۆڕێنم یان لاوازی نیشان بدەم، ئەوە لەدەست دەچم. هەر بۆیە هەوڵم دەدا دان بە خۆمدا بگرم.

نزیکەی کاتژمێر ١٢:٠٠ هاتن و لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا، ماڵەکەیان شەن و کەو کرد. هەموو شتێکیان لە ناوەڕاستی ژووری میواندا فڕێ دا و هەموو کون و کەلەبەرەکان گەڕان و تەنانەت دەرچەی کوولێریشیان پشکنی. لە کۆتاییدا لیستی ئەو شتانەیان دەنووسی کە دەستیان بە سەردا گرتبوو و پێکەوە قسەیان دەکرد. لەناو دۆڵابی جلەکاندا بڕە پاوەندێکیان دۆزییەوە کە هی گەشتی ئەم دواییەم بوو بۆ بەریتانیا و هەروەها بەڵگەنامەکانیشی تێدا بوو کە ئەمانەشیان نووسی. بۆم گرنگ بوو کە هەر چییەک کە هەڵیدەگرن، دەینووسن. دوای پێنج ساعەت لیستێکی درێژیان لەبەردەمم دانا بۆ ئەوەی واژۆی بکەم.

هەرچی من بووم ملکەچ نەدەبووم و پەسوۆردەکانم نەدەدا. مەئموورەکان بەردەوام پەیوەندییان بە بازپورس واتا لێپێچەرەوە دەکرد و لە بابەتەکە ئاگاداریان دەکردەوە. کاتێک ئەم پرۆسە زۆر درێژەی کێشا، گوێم لە بازپورسەکە بوو کە دەیگوت: پێی بڵێ، دوایی گیانی دەکێشم" بەردەوام هەڕەشەیان لێ دەکردم کە ئەگەر پاسوۆردەکان نەدەم، هاوکارەکەشم دەگیرێ و لە زانکۆ دەردەکرێ و ئەویش دەستی دەکرد بە گریان و لاڵانەوە. لە دواخولەکەکاندا ئیتر زۆریان زەخت و گوشار خستە سەرم و یەکێک لە

مەئموورەکان قیڕاندی بەسەرمدا: پێت وایە تۆ کێی وا ملمان پێ نادەی و باسی یاسامان بۆ دەکەی! وا دەزانی ئێمە لە بنکەی پۆلیسی نیعمەتاواوە هاتووین؟ وا دەزانی ناتوانین باوکت بێنینە پێش چاوت؟"

کاتێک کارەکەیان تەواو بوو، تەنها ڕێگەیان پێدام کە شێری (بەلۆعە) ئاو و گازەکە ببەسم. چەندین جار داوام لێ کردن کە ڕێگەم پێ بدەن پەیوەندی بە خێزانەکەمەوە بکەم، بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو. کاتی ڕۆشتن کۆت و شەروالم لەبەر کرد، تیتاڵیان پێم دەکرد کە دەتهەوێ بە قەیافەیەکی شیک و فەرمیی ئەورووپییەوە بچیتە زیندان ... یەکیان وتی ئێستا واکسی پێڵاوەکانیشی دەدا و ئەوی تریان دەیگوت بە نیازە بە کۆت و شەروالەوە بیخەنە گۆشەی زیندان و ئینجا هەموویان تێکڕا دەتریقانەوە و پێدەکەنین. ئەگەر ئەم ڕەفتارانە ئەشکەنجەدان و گوشاری دەروونی نەبوو، ئەی چی بوو؟

هەموویان چوونە خوارەوە و من و سەرۆکی گروپەکە و یەک دوو کەسی تر ماینەوە. بە سەرۆکەکەیان دەگوت سەیید. کاتی چوونە خوارەوە، یەکێکیان بە سەرۆکەکەی گوت: سەیید، وەرە ئێرە، ئەمەمان نەخستە لیستەکەوە. دیسان پێڵاوەکانمان داکەند و چووینە ژوورەوە. ماددەیەکی ڕەش لە ناو مشتیدا بوو و لەبەر لووتی دانا وتی: شتی چاکە، پێم وایە هی کرماشانە" وایان دەزانی خەڵکی کرماشانم. بە تووڕەییەوە پرسیم: "ئەمە چییە؟" وتی: "خۆت وەڵاممان بدەیەوە، ئەوە هی تۆیە. لەسەر مێزەکەت بوو. لە تریاکێکی باش دەچێت." منیش کە لە ژیانمدا تەنیا جارێک تلیاکم بینیبوو، گوتم: "ئێوە هەموو جۆرە تۆمەتێک دەتوانن بخەنە پاڵم، بەڵام ناتوانن بە تلیاک تۆمەتبارم بکەن، من وەک خۆتان دەڵێن ئەورووپییەکی مۆدێرنم، تلیاک و شت ناکێشم."

چیم بکردایە زۆر قەڵس بووم و کەمێک دەنگم بەرز کردەوە: "ستەمیش تا حەدێک. بێئەدەبی و بێیاسایی ڕادەی هەیە. بەم هەموو گوشارە دەروونییەی کە بۆ خۆم و هاوکارەکەمتان دروست کرد، ئەم تۆمەتەشم بۆ هەڵدەبەستن؟!" سەرگرووپەکە جارێکی تر هەڕەشەی کردەوە و گوتی: "ئەوەی کە ئێمە ئەم تلیاکەت بەسەردا ساغ نەکەینەوە، بەندە بەوەی کە چەندە هاوکاریمان بکەی. لە کۆتاییدا ناچار دەبی هاوکاری بکەی! پێنج سەعات لێرەین و پاسوۆردمان پێ نادەیت. لەمەودوا هەر چییەک ڕوو بدا لەسەر خۆتە." تلیاکەکەی خستە گیرفانی خۆیەوە و پێی وتم: "نیو بوتڵ مەشرووب و سپرای بیبەر و شوکرێکت هەبوو، بەڵام لەبیرت نەچێ هێشتا کەیسی ئەم تلیاکە کراوەیە!"

لە ناو ئاسانسۆرەکەدا بۆ چەند چرکەیەک خۆم و ئەو چارەنووسەی کە چاوەڕێی دەکردم، فەرامۆش کرد و قسەکانی باپیری دایکیم واتە مینە قازیم وەبیر هاتەوە کە هەمیشە دەیگوت: "سیاسەت دایک و باوکی نییە" و بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن مرۆڤەکان دەتوانن ئاوا درندە و ستەمکار بن. من و هاوکارەکەمیان دەستگیر کرد. چوار

پێنج کەس لە دەوروبەرم وەستابوون و هەتا گەیشتینە لای ئۆتۆمبێلەکە لەگەڵمان بوون. منیان خستە ناو ئۆتۆمبێلێکی جۆری زانتیاوە کە جگە لە قوفڵی خودی ئۆتۆمبێلەکە، قوفڵی ئەمنیشی هەبوو. کاتێک ئۆتۆمبیلەکە گەیشتە ناو بولواری سەعادەتئاباد، سەرگروپەکە کە لە کورسیی پێشەوە دانیشتبوو، دەستبەندێکی هێنا و وتی: "دەبێ دەستبەندت لێ بدەین". هیچ کاردانەوەیەکم نەبوو، وریا بووم کە متمانەبەخۆییم بپارێزم. لە قووڵایی ناخمدا وتم: "کامیل تۆ دەتزانی ئەمە ڕوو دەدا، هیچ شتێکی سەیر ڕووی نەداوە کە بترسی و نیگەران بیت. بە ئارامییەکی سەیرەوە تەماشای شەقامەکانم دەکرد و ئەو خەڵکەی کە هاتوچۆیان دەکرد. تامەزرۆی بینینی شەقام و ماڵ و ئۆتۆمبێل و خەڵک بووم. لەوە دەچوو بۆ ماوەیەکی زۆر لە بینینی ئاساییترین شتەکانی ژیان بێبەش بم. نەمدەزانی کەی جارێکی تر بولواری سەعادەتئاباد دەبینمەوە، دە ساڵ یان مانگێکی دیکە؟ دۆخێکی ترسناک بوو. بەگشتی لەم جۆرە وەختانەدا دڵم دادەخورپێ وەک ئەوە وایە کە نیوەسەرخۆش و بێهەست بم. بە خۆمم گوت: لەمەودوا هیچ شتێک بە دەست تۆ نییە، ئارام بە با هەموو شتێک بە ڕێڕەوی خۆیدا بڕوات. هەر لە یەکەم ساتی دەستگیرکردنمەوە ئەشکەنجە و هەڕەشەی دەروونیی خۆیانیان دەست پێکردبوو. هەر لەو ساتەوە کە بە درۆ زەنگی درگاکەمیان دا، مافە سەرەتاییەکانی منیان پێشێل کرد و هەوڵیان دا کەرامەتم بشکێنن و من دەبا هەوڵم بدایە بە چڕبوونەوە لەسەر دۆخەکە و دان بە خۆداگری، کەمێک دۆخەکە کۆنترۆڵ بکەم.

چوونە ناو زیندانی ئێڤین

ئێمە لەسەر شارێگای یادگاری ئیمام بەرەو باکوور دەڕۆشتین کە بە بێسیم بە شۆفێرەکەیان گوت بەرەو درگای چوونەژوورەوەی زیندانی ئێڤین بڕوات. تێگەیشتم کە بڕیار وایە ڕاستەوخۆ بچمە زیندان. پرسیم: "مەگەر بڕیار نەبوو لە پێشدا بچینە لای داواکاری گشتی؟" وتیان: "تۆ حەقت بە سەر ئەوەوە نەبێ!" کەمێک دواتر بۆم دەرکەوت کە لقێکی دادگای ئینقلاب لە ناو زیندانی ئێڤینە. شۆفێرەکە لە بازگەی زیندانی ئێڤین لە ژێر پردی شارێگاکەوە بەرەو سەرەوە هەڵکشا و گەیشتینە دەرگایەکی ئاسنیی خۆڵەمێشی. ئەو جێگایەی وا نەدەمدەویست تووشی ببم؛ زیندانی ئێڤین.[1]

---

١. یەکێک لە زیندانە بەناوبانگەکانی ئێران کە دەکەوێتە نزیک گەڕەکی سەعادەتئاباد لە تاران. بەشێک لە بەندییەکانی ئەم زیندانە لەژێر چاوەدێریی دەسەڵاتی دادوەریی کۆماری ئیسلامی ئێراندا نین و لە لایەن داموودەزگاکانی دیکەوە بەڕێوە دەبرێن. زیندانی ئێڤین خاوەنی ژووری تاکەکەسی و چەندکەسیی ناسراو بە سوئیتە، کە ئەم بەشانە لە ژێر کۆنترۆڵی وەزارەتی ئیتلاعات و ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسداراندان. زیندانیانی سیاسی تەنیا لە حاڵەتی چاوبەستراوەییدا بۆیان هەیە هاتوچۆی دەرەوەی ژوورەکانیان بکەن و حکوومەتیش ئیدعای ئەوە دەکا کە ئەم زیندانە

دەربـــاز بووین و بـــە تێپەڕین لـــە شـــوێنێکی تەپوتۆزاوی گەیشـــتینە پارکینـــگ. لەوێ بـــەولاوە شـــوێنێکی ئیداری بوو بـــە پلیکانی ئاســـنییەوە. لەنـــاو ئۆتۆمبێلەکەی دیکەدا هاوکارەکـــەم لـــە تەنیشـــت مەئموورێکی ژن دانیشتبوو و چەند مەئموورێـــک کەلوپەلە دەستبەســـەرداگیراوەکانی منیـــان بەدەســـتەوە بـــوو. جارێکـــی تر گوشـــار و یارییە دەروونییەکەیـــان دەســـت پێکـــردەوە و گوتیان پاســـوێردەکانمان پـــێ بدە با ئـــەم ژنە ئازاد بکەیـــن. گوتم: ئێـــوە جێی متمانە نین و دەبێ لە پێشـــدا داواکاری گشـــتی یـــان بازپورس (بەرپرســـی لێپێچینـــەوە) ببینم. وتیان بازپورســـی دۆســـیەکەت دەوامی تەواو بـــووە و تەنها دادوەری کێشـــک ئامادەیە. وتم دەی دەبێ کەســـێک ببینم کە بتوانێ پێـــم بڵێ بڕیارە چی بە ســـەرمدا بێت. لانیکەم مافی ئـــەوەم هەیە کە لە تۆمەتـــە ڕەپاڵخراوەکانم ئـــاگادار ببمەوە و بزانم لەلایەن کام دامەزراوە و بە فەرمانی کێ دەستگیر کراوم.

● وێنەی ٣٧٥ - درگای سەرەکیی زیندانی ئێڤین

دوای تێپەڕینـــی یـــەک کاتژمێـــر، منیـــان بـــردە لای دادوەری کێشـــک. کـــە چوومـــە ژوورەکـــە بینیـــم ئاخووندێـــک لـــە پشـــت مێزەکـــە دانیشـــتووە. هـــەر کـــە چوومـــە ژوورەوە وتـــی: "ئـــەوە بـــۆ هاوکاریـــی مەئموورەکـــەت نەکـــردووە؟ بـــۆ لاســـاری دەنوێنـــی و ئـــەو زانیارییانـــەی وا ئـــەوان دەیانویســـت پێیانـــت نـــەداوە؟" لـــە پیاوێکـــی ئـــارام و لەســـەرخۆ دەچـــوو و بەڵێنـــی دا کـــە ئەگـــەر پەســـوێردەکانم بـــدەم بە مەئمـــوورەکان، هاوکارەکەم ئـــازاد دەکات. ئەویـــش وەک دادوەر هەمان تاکتیکـــی بارمتەگرتنـــی بـــەکار هێنـــا. گوتـــم: مەئمـــوورەکان گوتیـــان بـــە گوێـــرەی مـــادەی ٥٠٨ گیـــراوم، پێـــم بڵـــێ ئـــەم مـــادده یاســـاییە چییـــە؟ پەیوەندیـــی مـــن لەگـــەڵ حکوومەتـــی دوژمنـــکاری ئەمریـــکا چـــی بـــووە؟ بۆچـــی هاوکارەکەمتـــان بـــە بارمتـــە گرتـــووە و پەســـوێردەکانی منیـــان بـــۆ چییـــە؟" هەڵبـــەت دەمزانـــی، بـــەڵام پێـــم وا بـــوو بـــاشتر وایـــە ئـــەو بابەتـــە بە شـــێوەیەکی یاســـایی بوروژێنـــم بـــۆ ئـــەوەی بـــە ئاڵنگارییـــان بکێشـــم. گوێـــی لـــە هەمـــوو پرســـیارەکانم گـــرت

لـــە کـــۆی زیندانەکانـــی ئێرانـــدا یەکێـــک لـــە تەیارترینـــ کتێبخانەکانی هەیە. چەندین نووســـەر و شـــاعیر و هونەرمەنـــد لە ئێڤین زیندانـــی کـــراون و تەنانـــەت چەنـــد کەســـێکیان لـــە زیندانـــدا هەنـــدێ بەرهەمیـــان خولقانـــدووە. لـــە خاکەلێوەی ســـاڵی ١٤٠٠ (ئـــازار- نیســـیانی ســـاڵی ٢٠٢١)دا، یەکێتیـــی ئەورووپـــا بـــە هۆی پێشـــێلکارییەکانی مافی مـــرۆڤ لە لایەن کۆمـــاری ئیسلامی و ســـەرکوت و کوشـــتنی خۆپیشـــاندەران لـــە کاتـــی نارەزایەتییەکانی خەزەڵـــوەری ١٣٩٨ ناسراو بـــە نارەزایەتییەکانی ئابانی ٩٨ (تشرینـــی دووەمـــی ٢٠١٩)، ســـێ گرتووخانـــەی کۆمـــاری ئیسلامی لـــە ناویانـــدا زیندانی ئێڤینی گەمـــارۆ دا.

و ئینجـا وتـی: "ناتوانـم زۆر لەسـەر مـاددەی ٥٠٨ بدوێـم. تۆمەتێکـی قـورس و جیددییـە و دەبـێ وەڵامـت بـۆی هەبێـت. دەربـارەی ئـەم خانمـەش دیـارە تێنەگەیشـتنێک ڕووی داوە و نابـێ ئـەو لێـرە بێـت. دیـارە تـۆ ملکـەچ نەبـووی و مەئمـوورەکان تـووڕە بـوون. سـەبارەت بـە پەسـوێردەکان (وشـەی نهێنـی) ئێمـە بـۆ ئـەو تۆمەتانـەی کـە پەیوەندیـی بـە تـۆوە هەیـە دەبـێ زانیارییەکانـی نـاو مۆبایـل و کۆمپیوتەرەکـەت بپشـکنین".

دەمویسـت زیاتـر ڕوونکردنـەوە لەسـەر مـاددەی ٥٠٨ بـدا و پێـم بڵـێ بـە چ بەڵگەیـەک ئـەم تۆمەتـە قورسـەیان خسـتۆتە پاڵـم. پێـم گـوت چ گەرەنتییـەک هەیـە کـە پەسـوێردەکان بـدەم و هاوکارەکـەم ئـازاد بکـەن؟ وتـی: "بەڵێنـت پـێ دەدەم کـە هاوکارەکـەت ئـازاد بکـەن و سـەبارەت بـە مـاددەی ٥٠٨ دەتوانـی سـبەینێ پرسـیار لـە بازپورسـەکەت بکەیـت". تەنهـا چەنـد مانگێـک بـوو کـە مۆبایلەکـەم دزرابـوو و ئەکاونتەکانـم هـاک کرابـوون و هیـچ شـتێکی ئیمەیڵەکـەم نەمابـوو کـە نەیانبینیبێـت. پەسـوێردەکانم پێـدان بـۆ ئـەوەی هاوکارەکـەم ئـازاد بکـەن. یـەک بـە یـەک تاقییـان کـردەوە و لـە پـڕ کاغەزێکیـان لـە بەردەمـم دانـا بـۆ ئـەوەی واژۆی بکـەم. لەسـەر کاغەزەکـە نووسرابـوو: "بـە فەرمانـی دادگای ئینـقلاب و بـۆ مـاوەی یـەک مانـگ لـە زیندانـی کاتیـدا دەستبەسـەر دەبیـت." دەمزانـی کـە هیـچ سـوودێکی نییـە، بـەڵام دیسـان دەسـتم کـرد بـە بۆڵـە بـۆڵ و نارەزایەتـی دەربڕیـن کـە مـن ئـەم دەستبەسـەرکردنەم قبـووڵ نییـە و دەبـێ سـبەی بازپـورس ببینـم. وتیـان واژۆی بکـەی یـان واژۆی نەکـەی، هیـچ لـە بابەتەکـە ناگۆڕێـت. دادوەرە ئاخوونـدەکـە کتێبێکـی یاسـای هەڵگـرت و چەنـد دێڕێکـی لـێ خوێنـدەوە. هێنـدە زەینـم دەرگیـر بـوو کـە تێنەگەیشـتم چـی دەخوێنێتـەوە و چـی دەڵێـت. هیـچ دەرەتانێکـم نەبـوو دەبـا واژۆم بکردایـە، دوای ئـەوەی ئیمـزام کـرد کارتـی خوێنـدکاری و ناونیشـانی هاوکارەکەمیـان وەرگـرت و ئازادیـان کـرد. دواتـر زانیـم کـە ئـەم گۆڵمـەزە کۆتایـی نەهاتـووە و نزیکـەی حەوتەیـەک، گوشـاریان خسـتبووە سـەری تاکـوو لـە دژی مـن شـایەتی بـدا و زۆریـش هەراسـانیان کردبـوو و چەنـد جارێکـی دی بانگیـان کردبـوو. جارێکـی دی، کاتێـک ئێرانـم بەجێهێشـت، دیسـان چووبوونـەوە سـەروەختی، بـەڵام سـپاس بـۆ خـوا دواتـر خـۆی لـەو ژینگـە و تەنـگ و چەڵەمەکانـی ڕزگار کـرد.

منیـان بـردە نـاو پارکینـگ و ڕادەسـتی مەئموورێکـی تریـان کـردم. ئـەو دەمـیبردە لای ئۆتۆمبێلەکـە و ئامـۆژگاری دەکـردم. گوتـی: " لێـرە خەڵکێکـی زۆر دەسـتگیر دەکەیـن، لـە مامۆسـتای زانکـۆوە بگـرە هەتـا دەگاتـە گەندەڵکارانـی ئابـووری، تـۆ لـە کەسـێکی چـاک دەچـی، نازانـم چیـت کـردووە و بۆشـم گرنـگ نییـە، بـەڵام هاوکارییـان بکـە" وا دیـار بـوو جگـە لـە ڕادەسـتکردنی مـن بـە زینـدان، ئەرکێکـی دیکەشـی هەبـوو و هەوڵـی دەدا قەناعەتـم پـێ بێنێـت. وتـی دەتبـەن بـۆ شـوێنێک کە خـواردن و ئـاوی باشـی هەیە، هـەوڵ بـدە بازجووەکەت دڵخـۆش بکـەی بـا مامەڵـەی باشـت لەگەڵـدا بـکات. لێـم پرسـی کـەی دەتوانـم قسـە لەگـەڵ

بنەماڵەم بکەم، گوتی هەموو شتێک پەیوەندی بە بازجووەکەتەوە هەیە. هەر پرسیارێک کە دەمکرد پەیوەندی بە بازجووەوە هەبوو و وەڵامەکانی ئەوەیان دەگەیاند کە لە زیندانداا بازجوو فەرماندەیەکی خاوەن دەسەڵاتی تەواوە.[1] دواتر لەمەڕ ئەم بابەتە دڵنیا بوومەوە، چونکە بۆم دەرکەوت ئەگەر لە زیندان داوای چایەکی زیاتر بکەی، دەبێ بازجوو ئیزن بدات. ئەگەر داوای سابوون و سەرەی حەمامی زیاتر بکەی دەڵێن بازجووەکەت هیچی پێ نەوتووین. سبەی قسەی لەگەڵ بکە، ئەگەر ڕازی بوو، ئێمە دەیکەین! هۆکارەکەشی سادە بوو: بازجوو دەیویست کۆنترۆڵی دەروونیی تۆمەتبار بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی بۆ ئەوەی لە پرۆسەی لێپێچینەوەدا بەو ئاراستەدا بیبات کە پێشتر خۆیان بڕیاریان بۆ داوە. بەردەوامیی ئەم بابەتە بەڕواڵەت بچووک و بێبایەخانە دەیتوانی کەسایەتیی تۆمەتبار تێک بشکێنێ، لە هەمان کاتدا وردە وردە بازجوویان لە مێشکی تۆمەتباردا دەکرد بە دەسەڵاتی باڵا. وەک ئەوەی کە تا ئێستا تێگەیشتوون و لە داهاتووشدا دەبینن، ئەم زنجیرە هەموو هەوڵێکی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی کەسایەتیی تۆمەتبار بڕووخێنێت.

کاتێک گەیشتینە لای ئۆتۆمبێلکە، مەئموورەکە چاوەکانمی بەست بۆ ئەوەی بە دەستبەند و چاوی بەستراوەوە بڕۆم بەرەو زیندان. بە جووڵەی ئۆتۆمبێلەکە بۆم دەرکەوت کە بە ڕێگایەکی پێچاوپێچدا دەڕۆین و دواجار چووینە ناو شوێنێک کە دیار بوو زۆر پارێزراوە. مەئموورەکە بێسیمی لێدا و بە کەسێکی ئەوبەری هێڵەکەی گوت درگاکە بکەوە. دوو کەس دەستیان گرتم و چووینە ناو فەزایەک کە فێنک بوو. منیان خستە سەر کورسییەکی تەگەردار و پێیان وتم کورسییەکە بسووڕێنە لای چەپ و لە هەمان حاڵەتدا دابنیشە. پاشان پێیان وتم چاوبەنەکەت کەمێک هەڵکێشە سەر و ئەو کاغەزەی کە لەوێیە واژۆی بکە. کاتێک چاوبەستەکەم کێشایە سەر، بینیم لە ناو ژوورێکی ئیداریدام. لەسەر کاغەزەکە نووسرابوو کە "تۆ لە گرتووخانەی ئێڤینیت" و کۆمەڵێک ڕێکاری ئەخلاقییان بە دوای یەکدا لیست کردبوو کە دەبوو واژۆی بکەیت و پابەندیان بیت. بۆیان ڕوون کردمەوە کە قۆناغی دووەم ئەوەیە کە دەستێک جلم پێ دەدەن و منیش دەچمە زیندان، ناوم تۆمار دەکەن و دەمبەن بۆ لای پزیشک. مەئموورەکە هەموو

---

١. لە بنەڕەتدا لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان لە قۆناغی دادگادا دەبێ لە لایەن لێکۆڵەرەوە ئەنجام بدرێ، بەڵام زۆربەی دۆسیەکانی مافی مرۆڤ لە سیستەمی قەزایی ئێراندا لە لایەن پشکنەرەکانی ناوەندە ئیتلاعاتی و ئەمنییەکان لە ژێر ناوی "ئەفسەرانی قەزایی" لێکۆڵینەوەیان لە سەر دەکرێت. لە دۆسییە سیاسییەکاندا کە زۆر جار سزای قورسیان لەگەڵە، ڕەوتی کارەکە لە دەستی پشکنەرەکانی دەزگا ئیتلاعاتی و ئەمنیەتی و ئەفسەرە تایبەتەکانی وەکوو "مەئموورەکانی وەزارەتی ئیتلاعات و ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسداران و مەئموورەکانی مقاومەتی بەسیجی سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی"ـیە. ئەم بابەتە لە هەموارکردن و زیادکردنەکانی کۆتایی مانگی حوزەیرانی ٢٠١٥ وەک بڕگەی (ب) بە مادەی ٢٩ی یاسای دادوەری تاوان زیاد کراوە. درێژبوونەوەی ماوەی لێپێچینەوەی زۆرێک لە دەستگیرکراوەکان و یەکلانەبوونەوەی دۆسییەکانیان یەکێک لە باوترین شێوازەکانی لێپرسینەوە لە کەیسە سیاسی و عەقیدەتییەکانە.

ئەمانەی ڕوون کردەوە و بە توندی وتی: "چووە مێشکتەوە؟" و منیش چارم نەبوو و تەنیا وتم بەڵێ.

دوو مەئموری تر چاوبەنیان لە چاوم دا و چووینە ژوورێکی تر. لەسەر کورسی دانیشتم و ئیزنیان پێدام کە کەمێک چاوبەنەکەم لە سەر چاوم لا ببەم. ژوورێکی بچووک بوو بە چەند قاسی داخراوەوە. تێگەیشتم ئێرە شوێنێکە کە دەبێ جلەکانم بگۆڕم. دەستێک جلوبەرگیان لە سەر ئەژنۆم دانا. ژووری جلگۆڕینیان پێ نیشان دام و گوتیان دەتوانی بۆ جلگۆڕین بچیتە ئەوێ. کیسەیەکی نایلۆنیشیان پێدام بۆ ئەوەی جلوبەرگەکانمی تێبخەم. یەکێک لە مەئموورەکان وتی: کاتێک جلەکانت گۆڕی بانگمان لێ بکە. تاکە شوێنێک کە مافی ئەوەم هەبوو بە چاوی کراوە ببینم ئەو ژوورە بچووکەی جلگۆڕین بوو. جلی زیندان دەستێک جلوبەرگی شین و خاوێن و ئوتووکراو بوو. زۆر بۆم گەورە بوو، دەلینگەکانم گورج کردەوە و قۆڵی کراسەکەیم هەڵکرد. بە حەسرەتەوە سەیری جلەکانمم کرد و خستمە ناو کیسەیەکی نایلۆن و ڕادەستم کردن. دیسان چاویان بەستمەوە و بردمیان بۆ ژووری پاسەوانی و مەئموورەکە دوای ئەوەی تایبەتمەندییەکانمی تۆمار کردەوە، وتی: "حاجی، زیندانییە تازەکەت وەرگرە".

حاجیی ئینقلابی

لە گوتاری ئیداریی کۆماری ئیسلامیدا، حاجی بە کەسێک دەوترێ کە تەمەن و پلەیەکی دیاریکراوی هەیە. حاجی بە تەنیا نەهات و دوو کەسی تری لەگەڵ بوون. بە توندی دای بە سەر شانمدا و وتی با بڕۆین. من پێم وا بوو سەردەمی ئەشکەنجەی جەستەیی ئیتر بەسەر چووە و جۆرێکی تری ئەشکەنجەدان باوە کە پێی دەڵێن ئەشکەنجەی سپی[1] یان ئەشکەنجەی دەروونی. ئەشکەنجەیەک کە زۆر لە ئازاردانی

١. ئەشکەنجەی سپی (White torture) جۆرێک ئەشکەنجەی دەروونناسانەیە لەسەر بنەمای "بێبەشکردنی هەستی" و "دابڕاندن"ی کەسی زیندانی، کە ئامانجی لەناوبردنی شوناسی کەسێتی و یەکپارچەیی وجوودیی تاکە. ئەشکەنجەی سپی بە شێوەی کاتی و یان بەردەوام بە سەر دەروونی زیندانیدا دەسەپێندرێ، بۆ ئەوەی پرۆسەی کارەکەی تێک بدات. ئەشکەنجەی سپی بۆ جەستە بەکار ناهێنرێ و هیچ شوێنەوارێ لە پاش خۆی لە سەر جەستەی زیندانی بەجێ ناهێڵێت. بێخەوی، دەنگی نائاسایی و بێزارکەر، ڕووناکیی بەردەوام، تاریکی، ڕێگریکردن لە چوونی زیندانی بۆ تەوالێت، پلەی گەرمیی نزم یان بەرز، ژووری شێدار یان پیس و قێزەون، لە سەر پێ ڕاگرتن، لەسێدارەدانی ساختە، ڕووتکردنەوە، بێبەشکردنی زیندانی لە خواردن و خواردنەوە، پێداویستیی پزیشکی و تەندروستی، جووڵە، بەکارهێنانی چاوبەن، سووکایەتیکردن، تۆقاندن، تێکدانی هەستەوەرەکان، تێکدانی سیستەمی تێگەیشتن، بە تەنیا هێشتنەوە و بڕینی پەیوەندیی لەگەڵ ئەوانی دیکە و دەیان حاڵەتی دیکە لەو ئامرازانەن کە بۆ لەناوبردنی شوناسی کەسی زیندانی بەکار دەهێنرێن. هەوڵ دەدرێ زیندانییەکە لە تەکووزی و دیسپلینی خۆی بترازێنن و هیچ شوناس و کەسایەتییەکی بۆ نەمێنێت. لێپرسینەوەی بێ‌پلان کاریگەرییەکی دووقاتی لەسەر ئەم پرۆسە هەیە. لەم جۆرە ئەشکەنجەدا جەخت لە سەر تاکەکەس دەکرێ نەک گرووپ، ئەشکەنجەی دەروونی باشترین ڕێگا بۆ تێکشکاندنی زیندانییە و لەم ڕووەوە

جەستەیی خراپترە. بە درێژایی پرۆسەی دەستگیرکردنەکەم هیچ لێدان و ئازاردانێکی فیزیکیم نەبینیبوو، بەڵام کاتێک حاجی مشتێکی توندی لە شانم دا، بۆم دەرکەوت کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی نیازی وازهێنان لە ئازاردانی نییە و تەنیا شێوازەکانی گۆڕیوە و تەکنیکیتر و ئازاربەخشتری کردووە. چاوی بەستراو و حاجی و دەستە خۆسەپێنەکەی لە سەر شانم، گەلێ ئێحساس و یادەوەری وەبیر هێنامەوە. دەستی حاجی بردمییەوە بۆ ساڵانێک لەمەوبەر، ئەو کاتەی کە هەرزەکار بووم و لە زیندانی سپای پاسداران بە دەست و چاوی بەستراوەوە لێم دەدرا و نەمدەزانی لێدانی دواتر لە کام لاوە دەوەشێنرێ و لە کوێم دەدرێت. ئەو دەستەی لەسەر شانم درا، زۆر پەیامی بۆ من هەبوو. ناڕاستەوخۆ پێی دەگوتم کە لە ژێر چنگی ئەودام و دەبێ چاوەڕێی هەموو ڕەفتارێ بکەم. هەموو ئەم یادەوەرییانە لە مێشکمدا زیندوو دەبوونەوە و کۆنترۆڵی مێشکمی لە ژێر ڕکێفدا بوو. بە ڕێڕەوێکی کورتدا تێپەڕین و دوای ئەوەی چەند جارێک بە لای چەپ و ڕاستدا سووڕامەوە، بۆم دەرکەوت کە ئەو ڕێڕەوە، تەسک و پێچاوپێچە. دەنگی جیڕەی جیڕی کۆلێری ئاوی دەهات و ڕوون بوو کە قاییشەکەی وشک بووە. شوێنەکە بۆنی نەدەهات، بێ پێڵاو و گۆرەوی بەسەر زەوییەکی مووکێتکراودا دەڕۆشتم کە زبریش بوو. گەیشتینە شوێنێک کە دیسان بە توندی ڕایانگرتم، دەرگایەک کرایەوە و پاڵیان پێوە نام بۆ ژوورەوە.

مەودای نێوان دەرەوە و ئەو شوێنەی کە پاڵیان پێوە نام بۆ ناوەوەی ئەوەندە کەم بوو کە سەرم وە دیوارەکەی کەوت. من خرابوومە ژووری تاکەکەسییەوە[1]. دیسان دەستی خستە سەر شانم و بە دەنگێکی بۆڕەوە وتی: "لەمەودوا تۆ ٩٨١٢٧یت، نە ناوت هەیە و نە پاشناو. نە باوکت هەیە و نە دایک، نە خوشکت هەیە و نە برا، لێرەدا تۆ تەنها بە ژمارە ٩٨١٢٧ دەناسرێیت. تەنانەت ئەگەر بڕیار وایە لێرەش بمری، بەم ژمارەوە دەمری، حاڵی بووی؟" بێدەنگ بووم. نەمدەویست وەڵامی بدەمەوە، بەڵام دەنگی بەرزتر کردەوە و

گۆشەگیرکردنی زیندانی لە ژووری تاکەکەسیدا دەتوانێ هێندەی لێدان و برسێتی و بێخەوی کاریگەر بێت (بڕوانە: محمدی، نرگس. شکنجۀ سفید، سوئد: نشر باران، 2021).

١. زیندانیبوون لە ژووری تاکەکەسیدا ئەزموونێکی ترسناکە کە بە هەر جار باسکردن و لە سەر نووسینی، یادەوەرییەکانی ڕەنجێکی کۆن دەهێنێتەوە یادم و وەبیرهێنەرەوەی ئەو ڕۆژ و شەوە پڕ لە مۆتەکە و کابووسانەیە کە بەسەر زیندانیدا هاتووە. لە ژوورێکی سارد و تاریکدا کە بە درێژایی هەموو کاتژمێرەکانی شەو و ڕۆژ گڵۆپەکەی داگیرساوە. (بڕوانە: وحیدی راد، مهتاب. در سلول انفرادی بر زندانی چه میگذرد؟، 15 خرداد :1400)

www.radiofarda.com/a/31291916

هەرچەندە دادگای عەداڵەتی ئیداری، بە هەڵوەشاندنەوەی بڕگەی ٤ی ماددەی ١٧٥ی پەیڕەوی جێبەجێکاریی ڕێکخراوی زیندانەکان، کە تێیدا بەکارهێنانی زیندانی تاکەکەسی بە مەبەستی تەمێکردن بۆ ماوەی یەک مانگ ڕێگەپێدراو بوو، ڕاگرتنی تۆمەتبارانی لە ژووری تاکەکەسیدا بە نموونەیەکی ئاشکرای توندوتیژانە بوونی ئەو کارە و پێچەوانەی ماددەی ٣٩ی یاسای بنەڕەتی لەقەڵەم دا، واتە بەپێچەوانەی کەرامەت و ئابڕووی مرۆیی تۆمەتبارانە، بەڵام دەسەڵاتداران تەنانەت پابەندی ئەم ڕێسا سست و نەگیرساوەی خۆشیان نین.

بـە تووڕەییەکـی سـەیرەوە وتـی: "لەگـەڵ تۆمـە کـوڕە، حاڵـی بـووی؟" دیسـان هیـچ ڕێگەیەکـم نەبـوو جگـە لـەوەی بڵێـم بەڵـێ.

ئـەو هاتبـوو بـۆ ئـەوەی دەسـەڵاتی خـۆی نیشـان بـدا و هـەر وا بـە ئاسـانی وازی لێـم نەدەهێنـا. دیسـان وتـی: "بـە فەرمانـی ئـەو مەئمووراندی کـە گرتووتیـان، لێـرە ڕادەگیرێیـت و لێپرسـینەوەت لەگەڵـدا دەکـرێ، دەخـەوی، حەمـام دەکـەی، دەچیتـە تەوالێـت، لەمـەودوا ئەمـە دەبێتـە شـوێنی ژیانـت، هەتـا کـەی؟ خـودا دەزانێـت ... " پاشـان ڕێسـا و ڕێنماییەکانـی زیندانـی بـۆ خوێندمـەوە: یـەک جـار چوونـە حەمـام لـە مـاوەی حەوتـەدا و ئەویـش لـە ڕۆژی هەینـی. ئاودەسـت چـوار جـار لـە ڕۆژدا: بانگـی بەیانیـان، بانگـی نیـوەڕۆ، بانگـی عـەسر، و پێـش خەوتـن. ئەگەریـش نوێژکـەر نەبـی، لێـرەدا فێـر دەبیـت. دوای ئـەوە ئەگـەر تەوالێـت بـوو دەبـێ خـۆت ڕابگـری، ئەگـەر نەتتوانـی دەبـێ میـز بکـەی بـە خۆتـدا، گـووت هـات خـۆت شـتێکی لـێ بکـە، لـە چـوار جـار زیاتـر دەبـێ کۆنترۆڵـی بکـەی، تێگەیشـتی؟!"

هـەر جارێـک ئـەم بابەتانـەی دەخوێنـدەوە "تێگەیشتی"[1]ـیەکی دەگوت و ئەگـەر بەڵێیەکم عـەرزی نەکردبایـە، نەدەچـووە سـەر بابەتـی دواتـر. پاشـان بـە گوڕاندنـەوە درێـژەی پێـدا: "قسـە لەگـەڵ کـەس ناکـەی، کـەس دەنگـت ناژنـەوێ. هـەر کاتێـک قسـەیان لەگەڵـت کـرد، وەڵام دەدەیتـەوە، لـە خـۆوە سـەری قسـە و گفتوگـۆ لەگـەڵ پاسـەوانی زینـدان ناکەیتـەوە. ئێمـە لێـرە تەنهـا پاسـەوانی زیندانیـن و تـۆ داخوازییەکانـت دەنووسـی و دەیـدەی بـە ئێمـە. ئێمـە ڕادەسـتی بازجووەکەتـی دەکەینـەوە تـا فەرمانـی پێویسـت دەربـکات". دواتـر زانیـم ئـەم مەراسـیمە کـە تێکەڵێـک لـە ئەشـکەنجەی جەسـتەیی و ئازاردانـی دەروونییـە، پێـی دەوتـرێ "قەناعـەت پێهێنانـی زیندانـی" و حاجـی ئـەم پرۆسـەی قەناعـەت پێهێنانـەی زۆر پـێ خـۆش بـوو. دوای ئـەو ڕۆژە، چەندیـن جـار لـە سـلوولەکانی (ژووری تاکەکەسـی) تـرەوە گوێـم لـە دەنگـی بـوو کـە بـەو شـێوە بـۆ زیندانییـە تـازەکان ڕوونکردنـەوەی دەدا و قەناعەتـی پـێ دەهێنـان.

دواتـر بیرەوەرییەکـی خۆشـم لەبارەویـەوە بیسـت. تیکـی هەبـوو، چـاوی چەپـی دەفـڕی و لەگـەڵ ئـەم چاوفڕینـە سـەری دەلەقانـد. بـە جۆرێـک کـە ئەگـەر سـەیری دەموچاویـت دەکـرد وات دەزانـی چـاوت لـێ دادەگرێـت. کـە چوومـە بەنـدی گشـتی، ڕووخسـاریم بینـی، بـەڵام ئەو ڕۆژە تەنیـا گوێـم لـە گـوڕە گـوڕە دەبـوو و هەسـتم بـە هێـزی دەسـتەکانی لەسـەر شـانم دەکرد. کاتێـک قسـەکانی تـەواو کـرد پێـی وتـم: "وەک بەچکـەی بەشـەر لێـرە دەمێنیتـەوە تـا دەتبەنـە لای پزیشـک. پاشـان دەتوانـی ژەمـی ئێـوارە بخـۆی و بخەویـت. سـبەی ژیانـی نوێـت دەسـت پـێ دەکەیـت. مانەوەیەکـی خۆشـت لـە هۆتێلـی ئێڤیـن بـۆ دەخـوازم، شـەو خـۆش" درگاکـەی

١. "مفهوم" بە واتای "فهم شد" یانی "فامت کرد"

بـە تونـدی داخسـت و ڕۆشـت.

دەنگـی پێوەدرانـی تونـدی درگا ئاسـنییەکە و قوفڵکردنـی لـە گوێمـدا زرینگایـەوە. هێشـتا چاوەکانـم بەسترابـوون، لـە ناوەڕاسـتی ژوورەکـەدا کاس و وڕ ڕاوەسـتابووم و نەمدەزانـی چـی بکـەم. دەسـتبەندەکەیان کردبـووەوە، بـەڵام چاوبەنەکـە هێشـتا بـە چاومـەوە بـوو. کەمێـک زاتـم کـرد و چاوبەسـتەکەم هەڵکشـاندە سـەرەوە و لەسـەر توێڵـم ڕێکـم کـرد، بـە دەوروبەرمـدا ڕوانیـم. لـە ژێـر پێمـدا مووکێتێکـی شـین ڕاخرابـوو. لـە نـاو ژوورێکـی بچـووک و تەسـک بـووم کـە چەنـد بەتانییـەک لـە سـووچەکانیدا دانرابـوو. چەنـد چرکـە دواتـر کەسـێک لـە دەرەوە وتـی: دەتوانـی چاوبەنەکـەت لا ببـەی. پێـم وایـە ئەمـە هەمـان شـێوازی هەراسـانکردنی دەروونیـی زیندانییـە، دەنـا دەیتوانـی زووتریـش بڵـێ چاوبەنەکـەت لا ببـە. زانیـم حاجـی لـە کونـی درگاکـەوە سـەیرم دەکات. ڕەنگـە چێـژ لـە بینینـی بێدەرەتانـی و ڕەنجـی خەڵـک ببـەن. هەڵواسراوێکـی ئەڵقەئاسـا بـە دیوارەکـەوە بـوو کـە وتیـان دەتوانـی چاوبەنەکەتـی پێـوە هەڵواسـیت و دواتـر ڕۆیشـت.

کەمێـک دواتـر پاسـەوانێک لـە پشـت دەرگاکـەوە وتـی: "چاوبەنەکـەت لـە چـاوت بکـە و لەبـەردەم دەرگاکـەدا ڕاوەسـتە." بەبـێ ئـەوەی هیـچ ڕوونکردنەوەیـەک بـدا منی لەگـەڵ خۆیدا بـرد و لـە سـووچێکدا ڕاوەسـتاین. وتـی: لـە ژوورەوە سـێ حەمـام هەیـە، بـەڵام تـۆ تەنیایـت. مـن لێـرە ڕاوەسـتاوم و لـە ژووری پاسەوانیشـدا لـە کامێـرای چاودێرییـەوە چـاوت لـێ دەکـەن. دووشـێکی خێـرا بگـرە بـۆ ئـەوەی بـۆ پشـکنین بچینـە لای پزیشـک. دەرگاکـەم کـردەوە سـێ حەمامـم بینـی کـە بـە دەورانـدەوردا دووربینیـان دانابـوو. وتـم: "لەبـەردەم کامێرادا خـۆم ڕووت بکەمـەوە؟" لـە وەڵامـدا وتـی: "هیـچ بژاردەیەکـی تـرت نییـە!" بـە ناچـاری جلەکانمـم داکەنـد و چوومـە نـاو حەمامەکـە. قاڵۆنچـەی گـەورە و قەڵـەو کـە لـە ئاوەڕۆکـەوە هاتبوونـە دەرەوە، خۆیـان شـاردەوە. سـابوونێکی گوڵنـار و هەویـری و فڵچـەی ددان و خاولییەکـی سـووری بێکوالیتییـان پێـدام. کاتێـک خۆمـم وشـک کـردەوە ڕەنگـی سـووری خاولییەکـە پێسـتمی سـوور کـرد. بـە پێسـتێکی سـوورەوە ڕاوەسـتابووم کـە پاسـەوانەکە گوڕانـدی: ئـەوە بـۆ نایەیتـە دەرەوە؟ گوتـم: "ئـەم خاولییـە هەمـوو گیانمـی سـوور کـردووە. چەنـد جاریـش دووشـم گـرت و وەلـی دیسـان پێسـتم سـوور بـووەوە." وتـی: "هیچـی لەگـەڵ ناکـرێ، دەبـێ چەنـد جـار خاولییەکـەت بشـۆیت. لەبـەر فێنککەرەوەکـە ڕاوەسـتە بـا وشـک ببیتـەوە. ئینجـا چەنـد جارێـک خاولییەکـەم شـۆرد، هیـچ چـاک نەبـوو، بـوو بە تووسـی! کـە لە حەمـام هاتمـە دەرەوە، کەلوپەلەکانـم کـە لـە نـاو کیسـەیەکی نایلۆنیـدا بـوو لێـی وەرگرتـم و وتـی دەبـێ بچینـە لای دکتـۆر. چوومـەوە بـۆ ژووری پاسـەوانی و دیسـانیش بـە چـاوی بـەستراوەوە، کەمێـک چـاوەڕێ بـووم هەتـا ئۆتۆمبیلێـک هـات و سـوارمیان کـرد. دوای دوو خولـەک گەیشـتینە ئـەو شـوێنەی کـە دەیانگـوت کلینیکـی ژمـارە یەکـە. بـە ڕێگایەکـی پێچاوپێچـدا بردمیانـە ژوورەوە و پێیـان

وتـم لەسـەر ئـەم کورسـییە دانیشـە. کابرایـەک لـە بەردەمـم ڕاوەسـتا و بـە پاسـەوانەکەی گوت: "دەبـێ چاوبەنەکـەی لا ببـەم، دەتوانـم؟" بـەوەدا زانیـم ئـەو کابـرا پزیشـکە.

پاسـەوانەکە لـە پشـت سـەرمەوە چاوبەنەکـەی لا بـرد. بەرامبـەرم پیاوێکـی جەوانـم بینـی کـە جلێکـی سـپی لەبـەردا بـوو. پرسـیاری لێکـردم: ئایـا نەخۆشـیی بنەڕەتیـت هەیـە؟ وتـم هیـچ نەخۆشـییەکی تایبەتـم نییـە، تەنهـا هەندێـک جـار هەناسـەم سـوار دەبێـت. ئینجـا یەکسـەر وەبیـرم هاتـەوە کـە لـە شـوێنە بچووکەکانـدا تووشـی دڵەڕاوکـێ دەبـم. گوتـم ئـەو بەنـدە بچووکـە ئـازارم دەدا و دەروونـم دەشـەمزێنێت. بـە وردی گوێـی لێـم گـرت و هەمـوو جلەکانمـی داکەنـد و سـەر تـا پێمـی پشـکنی. وتـی: بـە خەتـی ئوتـووی جلەکانتـدا دیـارە تـازە هاتـووی... ." وتـم نیگەرانـی خانەوادەکەمـم، ئەویـش لـە وەڵامـدا وتـی: "ئـەم پرسـانە هیـچ پەیوەندییەکـی بـە منـەوە نییـە". مەئمووریەکـە هـاواری کـرد و وتـی: "چـۆن دەوێـری لەم بـارەوە قسـە لەگـەڵ دکتـۆر دەکەیـت؟ و نەیهێشـت پشـکنینە پزیشـکییەکە بـە ئاقـاری سروشـتیی خۆیـدا تێپەڕێـت. دیسـانەوە بـە هەمـان ئـەو ڕێـگا پێچاوپێچـە بـە چـاوی بـەستراوەوە منیـان بـردەوە، سـواری ئۆتۆمبێلەکـە بوویـن و گەڕامـەوە بـۆ ژوورەکـەم. دوای نزیکـەی کاتژمێرێـک دەسـتێک لـە دەلاقـەی خـوارەوەی درگاکـەوە هاتـە ژوورەوە و دەفرێکـی پلاسـتیکی، کەوچـک و چنگاڵـی سـەفەری و پەرداخێکـی لەسـەر عەرزەکـە دانـا. سـەرباری ئـەوەی زۆر برسـیم بـوو بـەڵام ئیشـتیام لـە خـواردن نەبـوو، یـەک دوو کەوچکـم خـوارد. یەکـەم خـواردن کـە لـە زیندان خـواردم نیسـکپڵاو بـوو. پێـم خـۆش بـوو ئـاو بخۆمـەوە، بـەڵام دەترسـام ئاوەکـە تـەواو بـێ و ئـیتر پێـم نـەدەن. لەسـەر دەفـری خواردنەکـەم نووسرابـوو ٩٨١٢٧ و دواتـر بـۆم دەرکـەوت کـە ٩٨ واتـە ئـەو سـاڵی کـە دەسـتگیر کـراوم (١٣٩٨ هەتـاوی/ ٢٠١٩ ز) و ١٢٧ یانـی سـەد و بیسـت و حەوتەمیـن زیندانییـەک کـە لـە هاوینـی ئـەو سـاڵەدا خراوەتـە ژووری تاکەکەسـی. هەمـوو ئەمانـە لـە کاتێکـدا ڕوویـان دەدا کـە هێشـتا نەمدەزانـی لـە کام بەنـدی زیندانـی ئێڤینـم و لـە کام دەزگای ئیتلاعـات و ئەمنیـدام، تەنیـا گریمانـەی ئـەوەم دەکـرد کـە ڕەنگـە لـە بەنـدی ٢ی ئەلفـی زیندانـی ئێڤیـن و لـە بندەسـتی سـپای پاسـداران بـم، بـەڵام تەنانـەت لـەوەش دڵنیـا نەبـووم.

بـاڵام نزیکـەی سـەد و حەفتـا سـانتیمەترە. زیندانـە تاکەکەسـییەکە نزیکـەی بیسـت سـانتیمەتر لـە بـاڵای مـن درێژتـر بـوو. پانایـی تەنهـا ئەوەنـدە بـوو کـە ئەگـەر دوو کـەس لـە تەنیشـت یـەک پـاڵ بکەوتایـەن نەیاندەتوانـی جووڵـە بکـەن. کاتێـک کـە دەخەوتـم و تلـم دەخـوارد، وەبـەر دیـواری دیکـە دەکەوتـم. ڕەنگـە بتوانـم بڵێـم کەمێـک لـە گـۆڕ پـانتر بـوو، خەوتـن نەبـێ، نەتدەتوانـی تێیـدا بجووڵێیـت. سـێ بەتانیـی زبـری سـەربازی لـەوێ بـوون کـە یەکێکـم لـە ژێـر خۆمـدا ڕاخسـت. عەرزەکـە زۆر ڕەق بـوو، بەتانییەکـی دیکـەم وەک باڵنـج دەخسـتە ژێـر سـەرم و یەکێکـی تـرم دەدا بـە خۆمـدا. بەتانییـەکان زۆر زبـر و ڕووشـێنەر بـوون

بۆیە هەتا ماوەیەک ئاڵۆش و خوروم هەبوو و کاتێکی زۆری پێچوو هەتا لەگەڵ ئەم بەتانییانە ڕاهاتم. لە دەرگا ئاسنییەکەوە کە لای خواری ژوورەکە بوو خواردنیان لەناو دەفرێکی پلاستیکیدا بۆمان ئاودیو دەکرد. تەنها دەستێکی تووکنم دەبینی، نە گوێم لە دەنگێک دەبوو و نە ڕووخساری ئەو کەسەم دەبینی کە خواردنەکەی دەهێنا. لەگەڵ خواردنەکەدا هەندێ جار ئاو یان دۆیان دەدا. ئەگەر چایان پێمان بدابا ئەوا لەناو ئەو پەرداخە پلاستیکییە سەفەریانە تێیان دەکرد و دوو کڵۆ قەندیشیان لە پەنای دادەنا.

بنابر گزارش اطلس زندان‌های ایران ساختار بندهای زندان اوین در طول زمان تغییر کرده است. در حال حاضر این بندها در زندان اوین وجود دارند: ۳۲۵ (روحانیت)، ۴ (بدون حکم قطعی و قرنطینه)، ۶ (خدماتی)، ۷ (اغلب مالی)، ۸ (احکام قطعی)، ۲۴۰، ۲۴۱، ۲۰۹، ۲الف و بند نسوان

بە گوێرەی ڕاپۆرتی ئەتلەسی زیندانەکانی ئێران پێکهاتەی بەندەکانی زیندانی ئێڤین لە درێژەی زەمەندا گۆڕاوە. لە ئێستادا ئەم بەندانە لە زیندانی ئێڤین بوونیان هەیە: ٣٢٥ (مەلاکان)، ٤ (بە حوکمی یەکلاکراوە و دابڕە)، ٦ (خزمەتگوزاری)، ٧ (گەندەڵکارانی دارایی و ئابووری، ٨ (حوکمە یەکلاکراوەکان)، ٢٤٠، ٢٤١، ٢٠٩، ٢ ئەلف و بەندی نیسوان

● وێنەی٣٧٦ - وێنەی کوروکی

زیندان سەقفێکی بەرزی هەبوو. دیوارەکان تا نزیکەی مەترێک بەردی مەرمەرِ کرابوون و لەوێ بەرەو سەر چیمەنتۆ بوو. لە سووچی ڕاستدا کامێرایەک و لە سووچی چەپیش کامێرایەکیان بە ئاراستەی پێچەوانەی یەکتر جێگیر کردبوو. لەو شوێنە بچووکەدا دوو کامێرا دانرابوو. تەلەفۆنێکیان لەسەر دیوارەکە هەڵواسیبوو کە تەنیا دوو ژمارەی کاری دەکرد. ژمارەیەک بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ پاسەوانەکان و ژمارەکەی دیکەش بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەفسەرنگابان. تەنها لە حاڵەتی زۆر بەپەلەدا دەیانهێشت پەیوەندی بە ئەفسەرنگابانەوە بکەین و بۆ کاروباری دیکە دەبا پەیوەندیمان بە پاسەوانەوە بگرتایە. ئەگەر ژمارەی پەیوەندییەکان زۆر بان یان تاقەتیان نەبووایە، تەلەفۆنەکەیان هەڵنەدەگرت. لەسەر مۆنیتەری ژووری پاسەوانەکەوە دەیانزانی لە چ حاڵێکدای، بەڵام وەڵامیان نەدەدایەوە، تەنانەت ئەگەر نەخۆش ببایەیت! کاتێکیش وەڵامیان دەدایەوە، بە تووڕەیی و بێڕێزییەوە دەیانقیڕاند و دەیانگوت: "بۆچی ئەوەندە تەلەفۆن دەکەیت؟"

چەند مانگێک پێش دەستگیرکردنم، شتێک بەسەرمدا هات کە زیاتر بۆم دەرکەوت لە شوێنی بچووک و داخراو دەترسم و فووبیای شوێنی داخراوم هەیە. بۆ پرسەی یەکێک لە خزمانمان چوومە شوقەیەک لە تاران و لەگەڵ چەند کەسێکی تر لە ناو ئاسانسۆری بچووکی ئەو باڵاخانەدا گیرمان کرد. هەوا گەرم بوو و هەواگۆڕی نەبوو. منداڵمان لەگەڵ بوو، لە ناو دۆخێکی هەستیاردا بووین و درگای ئاسانسۆرمان شکاند. ئەو ڕۆژە

بـۆم دەرکـەوت کەمێـک لـە شـوێنە بچووکـەکان دەترسـم و دەکەومـە هەناسـەبڕکێ.[١] بەنـدی تاکەکەسـی ئـەو سـاتەی وەبیـرم هێنـاوە و بـەردەوام تەڵقینـم بـە خـۆم دەکـرد کـە دەبـێ لەگـەڵ ژینگـەی نوێـدا ڕابێـم. دەمزانـی کـە هیـچ بژاردەیەکـی تـرم جگـە لـەوە نییە و بـەردەوام لای خـۆم بۆڵـەم دەهـات کـە: "کامیـل، دۆخەکـە ئاوایـە و دەبـێ قبووڵـی بکەیـت."

دوای خواردنـی نانـی شـێو، بانگـی نوێـژ درا، ئـەو چرایـەی وا لـە ژوور سـەرم بـوو، کـوژاوە و چرایەکـی تـر داگیرسـا. گڵۆپێکـی ڕەنگاوڕەنـگ داگیرسـا کـە ڕووناکییەکـەی لـە ڕووناکیـی پێشـوو کـەمتر بـوو. مابوومـەوە نەمدەزانـی چـۆن بـەم ڕۆشـناییە زۆرەوە بخـەوم. نیگەرانییەکانـم سـەبارەت بـەوەی کـە لـە کوێـم و چـی بەسـەرم دێ تـا دەهـات زیاتـر دڵمـی دەگووشـی. وەبیـر کوڕەکـەم دەکەوتمـەوە و ئـەوەی کـە کـەی دەتوانـم بیبینـم، نـەکا چـیتر نەتوانـم بیبینمـەوە، نـەکا کاتێـک کـە لـە زینـدان دەردەچـم، هەڵیدابـێ و لـە هەڕەتـی مێرمنداڵیـدا بێـت. نـەکا لـە نەبوونـی منـدا تووشـی زیـان و خەسـاری ماڵوێرانکـەر ببێـت؟ پاشـان شـەفەقم وەبیـر دەهاتـەوە و ئـەوەی کـە مـن نیـم چـۆن لـە پاراسـتنی ئالانـدا تووشـی کێشـە دەبێـت. بیـرم لـەوە دەکـردەوە کـەی دەتوانـم قسـەی لەگـەڵ بکـەم و پێـی بڵێـم چـی ڕووی داوە. ماڵـەوە کاتێـک بزانـن چیـان بەسـەر دەهـات؟ ئایـا ئـەم ڕژێمـە ڕێگـەم پێـدەدا پارێـزەرم هەبێـت؟ باشـە بۆچـی دەسـتگیریان کـردووم؟ باشـە لـە لێپێچینەوەکانـدا چ پرسـیارێکم لـێ دەکـەن؟ چـۆن مامەڵـەم لەگـەڵ دەکـەن؟

پاشـان بـۆم دەرکـەوت کـە لـە نەبوونـی منـدا بنەماڵـەم تووشـی گرفتـی دارایـی دەبـن. خـۆ دەمزانـی بنەماڵـەی خـۆم و ماڵـی خـەزوورم هۆشـیان بـە هەمـوو شـتێکەوە هەیـە، بـەڵام ئەرکـی دابینکردنـی بژێویـی خێزانەکـەم لەسـەر شـانی مـن بـوو و ئەگـەر مـن نەبـم ئاریشـەیان بـۆ دروسـت دەبـوو. بەرپرسـیارێتی و پابەندبـوون و قـەرزی خانووبـەرەی بانـک چـۆن بدرێتـەوە و کـێ دەتوانـێ لەبـری مـن ئەمانـە بەڕێـوە ببـات؟ لەوپـەڕی کەڵکەڵـە دەروونییەکانمـدا، شاییەکەی دڵنیـای پـووره زێنەبـم وەبیـر دەهاتـەوە کـە بڕیـار وا بـوو چەنـد هەفتـەی داهاتـوو بەڕێـوە بچـێ و مـن کۆڵـێ پلانـم بـۆ دارشـتبوو. ئـەم بیـر و خەیاڵـە پەرێشـانانە ئەوەنـدە دووبـارە دەبوونـەوە کـە لـە یـەک کاتـدا هەسـتم دەکـرد هـەر بینـا سـەرگێژە دەگـرم. دڵـم تونـد بـوو و زەختـی خوێنـم بـەرز بـووەوە. لاجانگـم ژانـی دەکـرد، مێعـدەم سـاردی دەکـرد و بیـرم لـەوە دەکـردەوە کـە تـا چەنـدە لـەم ژووره بچووکـەدا زیندانـی دەبـم. بۆ سـاتێک خۆزگەم دەخواسـت کـە لـە لەنـدەن نەگەڕابایەمـەوە و پاشـان دیسـان دەمگـوت هـەر دەبـا بگەڕابایەمـەوە. بیـر و خەیـاڵ بـۆ سـاتێکیش دەسـتبەردار نەدەبـوو ... لـە دڵـی خۆمـدا دەمگـوت خۆزگـە لـە کاتـی

١. تـرس لـە شـوێنی داخـراو و تەنـگ زیاتـر لـە تەمەنـی منداڵـی یـان تازەلاویـدا دەردەکـەوێ و لەگـەڵ هەڵکشـانی تەمـەن تەشـەنە دەسـتێنێت. ئەم جۆرە ترسـە نەخۆشـییەکی دڵەڕاوکێییە و کەسـێک کە تووشـی ئەم جۆرە نەخۆشـییە دەبێ تووشـی کێشـەی هەناسـەدان و پەرێشـانی و تێکچوونـی دەروونـی دەبێت.

ماڵاواییکردن لە کوڕەکەم دوو جار ماچم بکردایەت. وەبیر ئەو ڕۆژە کەوتمەوە کە داوای یارییەکی زیادی لێکردم و منیش بۆم نەکڕی ....

بێ ئەوەی بزانم بە دەنگی بەرز لەگەڵ خۆم قسەم دەکرد. کەسێک لە دەرەوە هاواری کرد: برا گیان بە خوا دەزانین یەکەم شەوتە، بەڵام تکایە. دەنگ بەرز مەکەوە." پاسەوانەکان لە ژوورەکەیانەوە ئەم شتانەیان دەبینی و دواتر زانیم کە بازجوو ئەم گرتە ڤیدیۆیانە و بەتایبەت شریتەکانی ڕۆژانی یەکەمی زیندان دەبینێت. دەمی بەیانی بە زۆر خەوم لێکەوت و لەگەڵ دەنگی بانگی بەیانی پاسەوانەکە لە ناو ڕێڕەوەکەدا هاواری کرد: "بانگی بەیانی .... بانگی بەیانی" لە خەو ڕاچەنیم. بڵاوکردنەوەی بانگی نوێژ بە مانای کردنەوەی دەرگاکان بوو بۆ ئەوەی بچیتە تەوالێت. هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە کە چوونە تەواڵێت لەم کاتانەی بەیانیدا ئەوەندە دڵخۆشم بکات. من کەسێکی نوێژخوێن و ئایینپەروەر نەبووم، بەڵام بانگی بەیانی لەبەر ئەو چوونە تەوالێتە زۆر بۆ من خۆش بوو. پاسەوان لە ناو تەوالێتەکەدا لە پشت سەر زیندانییەکەوە ڕادەوەستا و دەبا وا خۆت دەربخستایە کە دەستنوێژ دەگریت. وەدەرەنگم دەخست بۆ ئەوەی هەرچی درەنگتر بگەڕێمەوە بۆ ئەو ژوورە نەفرەتییە، ئەوەندە خاوە خاوم دەکرد کە پاسەوانەکە تووڕە دەبوو و دەیگوت: "ئەرێ ئەوە چەند جار دەستنوێژ دەگریت؟ خۆ حەمام ناکەیت؟"

لە مەودای تەوالێت هەتا ژوورەکەمان چاویان دەبەستین و ئەوەش لە هەلومەرجێکدا بوو کە بینینی هەموو شتێک خۆش بوو جگە لەو ژوورە. تەنانەت بینینی شێری ئاو، دەرەجەکەی کە بە لای چەپ و ڕاستدا دەسووڕایەوە، پەنجەرەیەک کە گۆشەی شووشەکەی شکابوو، مۆزاییکێ کە درزی تێکەوتبوو و بۆریی ژەنگاوی. بینینی هەموو ئەمانە بۆ زیندانییەکی بەندی تاکەکەسی سەرنجڕاکێش بوو. چونکە لە فەزایەکی بچووک و لەڕادەبەدەر سادەدا کە ڕۆحی دەڕووشاند، هاتبووە دەرەوە. جاری یەکەم کە دەستنوێژم گرت، سەرم لێشێواوبوو نەمدەزانی چی بکەم. دەمزانی لە ژووری پاسەوانی دەمبینن، بۆیە دانیشتم و وا خۆمم دەرخست کە بە چەماوە نوێژ دەکەم بەڵام دواتر نارەزایەتیم دەربڕی و گوتم من حەزم لە نوێژکردن نییە. سەیر بوو کە نارەزایەتییەکەمیان قبووڵ کرد و ئەو پاسەوانەیان کە بە زۆری بۆ نوێژ لە خەو هەڵیدەستاندم، ئاگادار کردەوە کە چیتر هەڵمنەستێنێت. ئەم ڕەفتارە لە سیستەمێکی نامرۆڤانەی وەکوو کۆماری ئیسلامی، سەیر و چاوەڕواننەکراو بوو!

دەستپێکردنی یاری

ئەوان هەموو شتێک لەبارەی تۆوە دەزانن. تەنانەت ئەوەی کە حەزت لێیە و

ئـەوەی بێتاقەتـت دەکات. ئـەوان بـاش دەزانـن چـۆن مرۆڤێـک بکەنـە ژمـارە و دواتـر ئـەوەی پـێ تەڵقیـن بکـەن کـە هیچێـک نییـە! ئـەوان واتـە ئـەو بازجووانـەی کـە بەرژەوەندییـان لـە پێشـێلکردنی تـۆدا تەسـک بۆتـەوە، چێژێکـی سـەیر لـەم کارە دەبـەن و وەک شـتێ گیـرۆدەی ئـەم چێژبردنـەن.

ئـەوان یارییـەک دەسـت پێدەکـەن کـە دەزانـن زۆر جـار خۆیـان بـراوەن. پێـشتر گۆڕەپانـی یارییەکەیـان تەیـار کـردووە و هەمـوو شـتێک لـە سـەر جێـگای خۆیەتـی. دەچنـە نـاو یاریگاکـە بـۆ ئـەوەی کاتێکـی خـۆش بەسـەر بـەرن و چێـژ لـە براوەبوونیـان ببینـن. حاڵیـان بـاش نییـە و هەرگیزیـش بـاش نابێت.

حاڵـی تۆمەتبارێـک کـە بـە پێـی یاسـاکانی کۆمـاری ئیسلامـی بـە تۆمەتبـار نازانـرێ، تێـک دەدەن و بزانـن یـان نەزانـن، خۆشـیان پلەیەکـی دیکـە دادەبـەزن. وەک ئـەوە وایـە کـە هـەر جارێـک کـە بیانهـەوێ تۆڵـەی بـاری دەروونیـی خراپیـان لـە تـۆ بکەنـەوە و پێـت بڵێـن، مـادام مـن حاڵـم بـاش نییـە، تـۆش بـاش مەبـە. نازانـم کـێ ئەشـکەنجەی داون، بـەڵام دەزانـم سیسـتەمی دادوەری (قـەزای)ی ئێـران ئێسـتا پـڕە لـەم ئەشـکەنجەگەرانە کـە بـە شـێوازی سـپی و ڕەش بەرپرسـی تێکدانـی بـاری دەروونیـی کۆمەڵـگان.

لێپێچینەوە (بازجوویی)

شـەوی یەکەمـم گەیانـدە بەیانـی. بـە چـاوی هەڵماسـی و سـوورهەڵگەڕاوەوە لـە گۆشـەی ژوورەکـە دانیشـتبووم، بـە درێژایـی ئـەو شـەوە بەئـاگا بـووم، هەمـوو گیانـم هەڵماسـیبوو و سەرئێشـە وەڕەزی کردبـووم. بـە تـکا و پاڕانـەوە داوای چاویلکەکـەم کـرد بـۆ ئـەوەی ژانـی سـەرم کـەم ببێتـەوە، بـەڵام بێسـوود بـوو. ئـەوان گرنگییـان بـە لاوازیـی زۆری چاوەکانـم و ئـەو ژانەسـەرە نـەدەدا وا بڕسـکی لـێ بڕیبـووم. تەنهـا دەیانگـوت: "کاتێـک کارناسـەکەت بینـی، لـەم بارەیـەوە قسـەی لەگـەڵ بکـە" پاسـەوانانی زینـدان بازجوویـان بـە "کارنـاس" نـاو دەبـرد و بـە درێژایـی تـەواوی ئـەو ماوەیـەی کـە لـە زینـدان بـووم بـەردەوام بیـرم لـەوە دەکـردەوە کـە وشـەی "کارنـاس" چەنـدە بەدبەخـت و دامـاو بـووە! وەک شـتێ بـۆ خۆشـیان پیشـەکەی خۆیـان قبـووڵ نەدەکـرد و باوەڕیـان بـە نامرۆییبوونەکـەی دەکـرد و هەوڵیـان دەدا بـە گۆڕینـی نـاوی بازجـوو بـۆ کارنـاس، ناشرینیـی کارەکەیـان کـەم بکەنـەوە و کراسـێکی ئینسـانی بکەنـە بـەری.

دوای خوێندنـی گۆتـرەی نوێـژی بەیانـی لـە ژوورەکەمـدا، دیسـان بێخـەو و هەراسـان بـووم کـە نانـی بەیانیـان هێنـا؛ کەمێـک پەنیـر و چەنـد لەتـە نـان و کوپێـک چـا. دەبـا دەفـری خواردنەکانمـان هەڵبگرتبایـە و لـە تەوالێتـدا بمانشـۆردایێت. دوای نانـی بەیانـی، لـە پشـت

درگاکەوە گوێم لە دەنگی پاسەوانەکە بوو: "١٢٧ چاوبەنەکەت دانێ، دەمانهەوێ درگاکە بکەینەوە" پێم وایە زۆر زوو بوو. دەبا لانیکەم چەند کاتژمێری دیکە بهاتبایەن، بەڵام بڕیار وا بوو شتەکان بە پێشبینیی من نەچێتە پێشەوە! چووینە ناو ڕێڕەوێک و ئەو ڕێگایەی کە شەوی پێشتر پێیدا هاتبووین بە ئاراستەی پێچەوانەدا پێیدا ڕۆیشتینەوە. گوێم لە کرانەوەی درگایەک بوو و هەوایەکی پاک لە دەموچاوم کەوت. جووتێک نەعلیان (سەرپایی) لەبەردەمم دانا. بە چاوی بەستراوەوە دانە دانهم دۆزینەوە. منیان بردە ناو ڕێڕەوێکی دیکە و ئەو پاسەوانەی کە لەگەڵم بوو، بانگی کرد: "سەیید ١٢٧ ئامادەیە، وەرە بیبە". دوو کەس لە ژێرزەمینێکەوە هاتنە سەرەوە، دەستیان گرتم و چووینە خوارەوە. لەسەر کورسییەک دامیاننیشاند و ڕۆیشتن. گوێم لە سرتە سرتی ئەو دوو کەسە بوو، بەڵام دەنگیان هێندە نزم کردبووەوە کە نەمدەتوانی لە یەک وشەشیان تێبگەم. دوای ماوەیەک یەکێکیان دەستی کرد بە قسەکردن. بە چاوی بەستراوەوە زانیم کە دەنگیان لە مەودایەکی نە زۆر دوورەوە دێت. گریمانەکەم ڕاست دەرچوو، بازجووەکانم دوو کەس بوون. بە درێژایی لێپێچینەوەکە یەکێکیان هەر بە کامیل بانگی دەکردم و ئەوی دیکەیان بە دکتۆر ناوی دەبردم. ئەوان بەبێ هیچ سڵاو و عەلیکێک دەستیان بە گفتوگۆکەیان کرد، بە گاڵتەجاڕییەوە دەیانگوت: "دکتۆر، وا دیارە شەوێکی سەختت بەسەر بردووە!".

وتم بەڵێ شەوێکی درێژ بوو. پرسی: چۆن تێپەڕی؟ وتم سەخت. نەخەوتم. پێم وایە خۆتان دەزانن چۆن ئەو شەوگارەم لێ ڕۆژ بووەوە، خۆتان بینیوتانە خۆ .... . دەمزانی ڕاپۆرتیان پێ داون کە لە چ دۆخێکدا بووم بۆیە ئەوانیش پرسیاریان لەو بارەوە دەکرد. وتی پێدەچێ لە ڕێسا و پرەنسیپی کارەکە باش نازانیت! منیش لە وەڵامدا گوتم: چۆن نازانم، من ئەزموونی کەسانی دیکەم خوێندووەتەوە، سەیری فیلم و شتم کردووە. یەکێکیان وتی: زۆر چاکە ئاستی زانیارییەکانتان باشە. ئاوا کارەکەمان ئاسانتر دەبێتەوە، پرسیاری ئاشکرا ناکەی و بە دروستی وەڵامی پرسیارەکانم دەدەیتەوە! و بازجووی دیکەش درێژەی پێ دا و وتی: "دەزانی قەراره چیت بەسەر بێ یان بۆتی ڕوون بکەمەوە؟ وتم: قۆناغەکانی پێشبینی دەکرێت. بڕیارە لێپرسینەوەم دەست پێبکا و بێگومان زۆریش دەخایێنێت. ئێوە پرسیارتان هەیە کە دەبێ وەڵامی بدەمەوە و یان وڵامگەلێکتان دەست کەوتووە کە دەتانهەوێ پشتڕاستی بکەمەوە!

کاتێک ئەمەم وت، بازجووەکەی تر دای لە پڕمەی پێکەنین و وتی: "کامیل زۆر سەیری فیلمت کردووە. ئەو دوو سێ مانگەی وا لە لەندەن بووی چیت دەکرد؟ سەیری فیلمی لێپێچینەوەت دەکرد؟ هەڵبەت لێپێچینەوەی ئێوەی بەریتانی کوالیتی و تەکنیکی باشترە، زۆر شاهانە و شاژنانە ئیش دەکەن، بەڕاست ئەوێ چۆنە کامیل؟ بۆ نموونە فێریان دەکردی چی بکەیت؟ دەزانی چۆن فێڵ لە ئامێری درۆپێو بکەیت؟" ئاوا

ڕاشکاوانە قسەیان دەکرد و گۆڕەپانی یارییەکەیان بە جۆرێک ڕێک خستبوو کە منی پێوە مەحکووم بکەن! یەکێکیان دەیکوت: لە کاتی خوێندکاریدا دامەزرای یان دواتر؟ و ئەوی دیکەیان دەیکوت: ساڵی چەند بوو؟ ئەوی دیکەیان دەیکوت: "٢٠٠٣" و ئەوی دیکەیان دەیگوت: "نا کوڕە!" ساڵی ٢٠٠٢ و ٢٠٠٣ و ئەمانە لە زانکۆی کێنت بووە. ئەوان دەیانویست بەم جۆرە تێم بگەیێنن کە هەموو شتێک لەبارەی منەوە دەزانن.

بە سەرسوڕمانەوە پرسیم: "ئێوە بەڕاست منتان لە ئاستی ئەفسەرێکی ئیتلاعاتی بینیوە؟ خۆ خۆتان باش دەزانن ئەمانە لە من ناوەشێتەوە! وتیان: "کامیل، نا ئێمە ئەوەندەش ناشارەزا نین و مەبەستمان ئەوە نییە کە تۆ سیخوڕی! دەزانین پلەکەت زۆر لەوە زیاترە کە ئێمە باسی دەکەین." ئەو کارانەی کە تۆ بۆت کردوون یان بۆ ئەنجامدانی ڕاسپێردراوی، دزەکردنت بۆ ناو دەوڵەتی ئێران و مەجلیسی شۆرای ئیسلامی و .... پیشان دەدا کە تۆ کەم کەسێک نیت! تۆ بەردەوام پەیوەندیت بە ئێرەوە بووە و هەوڵت دەدا سیاسەتەکان بگۆڕیت. کاری سیخوڕ بریتییە لەوەی کە چوار دانە زانیاری بدزی و ڕادەستی بکات. تۆ ئیشەکەت شتێکی تر بوو. ئێمە خۆمان ئەمە دەزانین و ڕێز لە شان و شکۆت دەگرین!

● وێنەی ٣٧٧ – ژووری تاکەکەسی و تەوالێت، بەندی ٢ی ئەلفی سپای پاسداران، زیندانی ئێڤین، تاران

کاتێک قسە توند و تفت و تاڵەکانیان کەمتر بووەوە، یەکێکیان وتی: چاوبەنەکەت لا بە. منیش دوودڵ بووم کە چاوبەنەکەم لا ببەم یان نا کە جارێکی تر وتی: " لای بە ... لای بە ... دانیشتن بە چاوبەن زۆر ناخۆشە". کاتێک چاوبەنەکەم لا برد، ئاوێنەیەکی گەورەم لە بەردەممدا بەدی کرد و تەنیا خۆمم تێدا بینی. پشکنەرەکان لە ئاوێنەکەوە منیان دەبینی. ڕێک وەکوو فیلمی پۆلیسی، زەق چاوم لە خۆم کرد، بە جلێکی شین و قژێکی ئاڵۆزکاو لە ناو ژوورێکی بچووکدا دانیشتبووم کە تەنها یەک پەنجەرەی هەبوو، بە پەرژینی زۆرەوە. هەر لەو پەنجەرەوە درەختەکانی زیندانی ئێڤینم دەبینی و دەنگی قاڵاوەکان[1] دڵەخورپەکەمی زیاتر دەکرد.

١. لە ڕوانگەی هەندێک لە گەلانی ڕۆژهەڵاتەوە ئەم باڵندانە نگریس و شوومن، لە کاتێکدا قاڵاوی داماو، بەراورد بە مرۆڤەکان و بە تایبەت ئەو بازجووانەی کە لە پشت ئاوێنەکەوە خۆیان حەشاردابوو، بە بوونەوەرێکی بێتاوان دادەنرێت!

زۆر دەمەقاڵێم لەگەڵ کردن کە بۆچی لێرەم و ئەو تۆمەتەی کە دوێنێ خرابووە پاڵم زۆر گاڵتەجارانەیە و ئەم درۆ و دەلەسانەیان لە کوێوە هێناوە. کاتێک ڕەتم دەکردەوە و قسەکانیانم قبووڵ نەدەکرد، دەیانگوت ئێمە بازجووین، ئەگەر دەتهەوێ زیاتر بزانی، لە کاتی خۆیدا پرسیار لە بازپورسی کەیسەکەت بکە. پشکنینەکان دەستیان پێکرد و فۆرمێکی فەرمیتر و نووسراوتریان بە خۆوە گرت.[1] ئەوان پرسیارەکەیان دەنووسی و منیش دەبا وەڵامەکەم بە نووسراوی و بە وردی بۆیان بنووسیبایە.

لە من وا بوو کە سەرەتا پرسیار لە پرسی هاوسەرگیریی منداڵان یان پرۆژەی هاوڕەگەزخوازان دەکەن، بەڵام چوونە سەر یەکەم بەرهەمم و پرسیاریان لەبارەی خەتەنەکردن یان شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی کچان و ژنان کرد. بەم پرسیارەدا تێگەیشتم کە پشکنەرەکەم ڕەوتێکی کاتیی هەیە و بە پێی ڕیزبەندیی کاتی چاپبوونی توێژینەوەکانم پرسیارم لێ دەکات. وێڕای ئەوەی کە دواتر بۆم دەرکەوت کە لە ڕێگەی پرۆژەی خەتەنەکردنەوە، دەیانتوانی زیاتر بە هاوکاری لەگەڵ حکوومەتە دوژمنکارەکان تۆمەتبارم بکەن. دەنا خۆ خەتەنەکردنی کچان و ژنان بۆ ئەوان نابێ گرینگ بێ چونکە لە ئایدۆلۆژیای شیعەی ئەواندا جێی نابێتەوە. پرسیارەکەی دیکە سەبارەت بە پێشینەی کارکردنم بوو لەگەڵ خاتوو ڕ.میم - هەمان ئەو کەسەی کە بە شێوەیەکی کاتی لە سەر ئەم پرۆژە کاری کرد و لە بەشی پێنجەمدا ئاماژەم پێدا - ڕوونکردنەوە بدەم. وەڵامی ئەم پرسیارەش بۆ ئەوان گرنگ بوو و دەیانویست هەموو شتێک لەبارەی ئاشنایەتی و چۆنیەتی کارکردنم لەگەڵیدا شی بکەمەوە.

لە ناو ڕوونکردنەوەکاندا یەکێک لە بازجووەکان وتی: "هاتی و ئەو پرۆژەی وا ڕ. میم ئیدیعای دەکرد، لێت سەند. زۆر لێت تووڕەیە و دەڵێ خەتەنەی ژنانت کردووە بە ناو

---

١. بەپێی بڕگەکانی مافە سەرەتاییەکانی تۆمەتباران، دەستگیرکراوەکان لە ماوەی گیران و لێپرسینەوەیاندا کە زۆر جار درێژخایەن و تاقەتپڕووکێنە، مافی سەرەتاییان هەیە بەڵام کەمتر بەهەند وەردەگیرێن. یەکەم - مافی بێدەنگبوونی تۆمەتبار: ئەم مافە لە ماددەی ١٩٧ی یاسای دادوەری تاوانەکاندا ئاماژەی پێکراوە، بەڵام سەرەڕای جەختکردنەوە لەلایەن یاسادانەرەوە لەسەر ئەوەی کە تۆمەتبار بۆی هەیە بێدەنگ بێ، کەچی ئەم مافە یاساییە لە لایەن بازجوو و بازپورسەکانەوە مامەڵەی توند یان تیتاڵی پێ دەکرێت. دووەم - مافی هەبوونی پارێزەر: یاسادانەر لە ماددەی ١٩٠ی یاسای دادوەری تاوانەکاندا ئاماژەی بەوە کردووە کە "تۆمەتبار دەتوانێ لە قۆناغی لێکۆڵینەوەی سەرەتاییدا پارێزەری لەگەڵ بێت" و جەختی لە سەر کردووە کە "ئەم مافە دەبێ پێش دەستپێکردنی لێپێچینەوە، لەلایەن بازپورسەوە، بە تۆمەتبار ڕابگەیەنرێ و بۆی ڕوون بکرێتەوە. ئەگەر تۆمەتبار بانگ کرا ئەوا ئەم مافە لە بانگهێشتنامەکەدا ئاماژەی پێدەکرێ و پێی ڕادەگەیێنرێ کە پارێزەری تۆمەتبار دەبێ وێڕای بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر تۆمەتەکە و هۆکارەکانی، هەر بابەتێک کە بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان و بەرگریکردن لە تۆمەتبار و جێبەجێکردنی یاساکە بە پێویستی دەزانێ، بیخاتە ڕوو و لێدوانەکانی پارێزەر لە کۆنووسی کۆبوونەوەکەدا دەنووسرێ"، بەڵام بە کردەوە، لە دۆسیە سیاسی و عەقیدەتییەکاندا، لە لایەک ئەم تۆمەتبارە سیاسییانە لە دۆخێکدان کە نە خۆیان و نە پارێزەر و نە بنەماڵەکانیان ئاگاداری پرۆسەی دەستگیرکردن و لێکۆڵینەوەکە نین و نازانرێ چییان بەسەر هاتووە.

خۆتـەوە! پەلیـان بـۆ هەمـوو شـتێک دەهاویشـت بـۆ ئـەوەی تـوڕەم بکـەن. ئـەو بەڕێزانـەی وا خۆیـان بـە کارنـاس نـاو دەبـرد، نەیاندەزانـی هیـچ توێژەرێکـی ڕاسـتەقینە تەنگ بـە توێژەرێکی تـر هەڵناچنـێ و هیـچ بابەتێـک تەنهـا بـە نـاوی توێژەرێـک یـان کەسـێکەوە نابەسترێتـەوە، هەڵبـەت دواتـر زیاتـر لەمـەڕ هـۆکاری هێنانـی نـاوی ئـەم خاتوونـە و ئـەو بابەتـە تێگەیشـتم. وردە وردە فێـر بـووم وەڵامـی پرسـیارە تاکەکەسـی و خێزانییـەکان نەدەمـەوە و تەنهـا وەڵامـی ئـەو پرسـیارانە بدەمـەوە کـە بینووسـن و داوای وەڵام بکـەن، بـەڵام سـەیر بـوو کـە لـە یەکـەم ڕۆژ و یەکـەم کاتژمێـری لێپێچینەوەکـەدا تووشـی ئـەم نـاوە و ئـەو مـاوەی کارکردنـە هاتیـن. بـە خۆمـم وت ئـەم هێـزە ئەمنییانـە تـا چەنـدە لـە کاروبارەکـەم ئـاگادارن و دەزانـن کـێ کار لەسـەر چ پرۆژەیـەک دەکات! پرسـیارەکانی داهاتوویـان لەسـەر ئـەوە بـوو کـە ئـەم توێژینـەوە لـە چ سـاڵێکەوە دەسـتی پێکـردووە و لـە چ سـاڵێکدا کۆتایـی هاتـووە، ئەندامـە چالاکەکانـی توێژینەوەکـە کـێ بـوون و لـە کام پارێـزگادا چاوپێکەوتنـی مەیدانـیمان ئەنجـام دا؟

لۆژیکـی لێپرسـینەوەکە ئـەوە بـوو کـە پرسـیاریان دەکـرد و پێـش ئـەوەی قسـەکان بخرێنـە سـەر کاغـەز، لەبارەیـەوە لـە گەڵمـدا قسـەیان دەکـرد. بۆ نموونـە دەیانکـوت: "تۆ سـاڵی ٢٠٠٩ دەسـتت کـرد بـە توێژینـەوە لـە سـەر خەتەنـە، بۆمانـی ڕوون بکـەوە لـە پارێـزگای ورمـێ چوویتە کـوێ؟ وەڵامـم دەدانـەوە: بـۆ نموونـە بـۆکان و بانـە و سەردەشـت و زانیارییـە مەیدانییەکانـم پێیـان دەدا. دەمزانـی هەمـوو زانیارییەکانیـان لـە مۆبایـل و لەپتـاپ و ئیمەیڵەکەمـدا بەدەسـت هێنـاوە. هـەر لەبـەر ئەمـەش لـە شـەوی پێـشترەوە بڕیـارم دابـوو شـەفافانە ڕفتـار بکـەم و لـەوەش گرنـگتر ئـەوە بـوو کـە مـن هیـچ هەڵەیەکـم نەکردبـوو کـە بمهـەوێ بیشـارمەوە.

بـۆ ئـەوەی وەڵامـی پرسـیاری یەکـەم بنووسـم داوای چاویلکەکـەم کـرد بـەڵام وتیـان پێویسـت بـە چاویلکـە نـاکات! هـەم دەرەجـەی لاوازیـی چـاوم زۆرە و هەمیـش بـە ئەنقسـەت بـە خەتێکـی ناشـیرین نووسـیم. بازجـووەکان کاغەزەکەیـان وەرگـرت و نەیانتوانـی بیخوێننەوە. پێکەنیـن و گوتیـان چاویلکـەی ١٢٧ بێنـن. لەگـەڵ هێنانـی چاویلکـە، تاڵیـی بارودۆخەکـە کـەم بـووەوە، وەک ئـەوە وا بـوو کـە لـە نـاو ئـەو هەمـوو نەهامەتییـەدا باشتریـن شـتی ئـەو دونیایـە هاتبێتـە سـەر ڕێـم و دەسـتم کـرد بـە نووسـین. پشـکنەرەکە بـەردەوام گوشـاری بـۆم دەهێنـا بـۆ ئـەوەی زیاتـر بنووسـم و منیـش دەمگـوت "هیـچ شـتێکی تـرم نییـە بینووسـم. بـڕۆن سـەیری لەپتاپەکـەم و توێژینەوەکانـم بکـەن هەمـوو شـتێک ببیـن. توێـژەر هیچـی بـۆ شـاردنەوە نییـە". وەک لـە بەشـی پێنجەمـدا باسـم کـرد هەمـوو ئەکاونتەکانیـان هـاک کردبـوو و مۆبایلەکەمیـان ڕفاندبـوو.

ئـەو ڕۆژە، هەتـا نیـوەڕۆ بـەردەوام پرسـیاریان لێـم کـرد و لێپێچینـەوەم لەگـەڵ کـرا و نزیـک کاتژمێـر یەکـی پاشـنیوەڕۆ، لـە پشـت ئاوێنەکـەوە تەلەفـۆن زەنگـی لێـدا. یەکێـک لـە بازجـووەکان وەڵامـی دایـەوە و وتیـان کاتـی نوێـژ و نانـی نیوەڕۆیـە. یەکێکیـان پێـی وتم: ئێسـتا

دێـن بـۆ لات بـۆ نوێـژ و نانـی نیـوەڕۆ. نوێـژ دەکەیـت؟ قاقـا پێکەنیـن و پشـکنەرەکەی تـر درێـژەی پێـدا: جەنابـی دکتـۆر نانـی نیوەڕۆکـەت بخـۆ و کەمێـک پشـوو بـدە، دوایـی دێینـەوە خزمەتـت. لـە چەنـد مانگـی داهاتـوو ئیـشمان پێکـەوە دەبـێ" و دیسـان ئـەوی دیکەیـان وتـی: کامیـل تـۆ بـە لاسـاری و کۆڵنـەدان ناسراویـت. پێـم وا نییـە پێـت خـۆش بـێ لێپێچینەوەکـەت کاتێکـی زۆر بخایێنـێ، بـەڵام وەرە و ئـەم مـاوە لەگـەڵمان ئیـش بکـە ...".

ئـەم دوو بازجـووە هەوڵیـان دەدا ڕۆڵـی کلاسـیک و زەقـی خۆیـان بگێـڕن، یەکیـان پۆلیسـی بـاش و ئـەوی دیکەیـان پۆلیسـی خـراپ. هـەر لـە سـەرەتای لێپرسـینەوەدا کاتێـک پۆلیسـە خراپەکـە توندا‌ژۆیانـە مامەڵـەی دەکـرد، پۆلیسـە باشـەکە هەوڵـی دەدا ڕۆڵـی خـۆی بـە باشـی بنوێنێـت. بـە پێکەنینـەوە گوتـم کوڕەکـەم کـە منداڵیشـە ئـەم یاریيـەی پۆلیسـی بـاش و خراپـی لـە فیلمەکانـدا بینیـوە! پۆلیسـە خراپەکـە وتـی دەزانـی قسـەیەکی خراپـت کـرد؟! مـن چاوەڕێـی ئەمـەم لـە تـۆ نەدەکـرد. ئێمـە لێـرە جێبەجێکاری یاسـاین و تـۆش زانیـاری دەدزی و ئـەوەی کـە پێویسـتە بـە ئێمـەی ناڵێیـت. بـە دڵنیاییـەوە دەبێـت بەرپەرچـت بدەمـەوە! ناوبـراو هەتـا کۆتایـی ڕۆڵـی پۆلیسـی خراپـی بینـی و دواتـر لا درا بـۆ ئـەوەی مـن و پۆلیسـی بـاش بتوانیـن بـە تەنیـا لـە کاری لێپێچینـەوە بـەردەوام بیـن. هەڵبـەت دواتـر پۆلیسـە باشـەکەش ڕۆیشـت و یەکێکـی دیکـە هـات!

ئـەو ڕۆژە، دیسـان چاویـان بەسـتمەوە، چوومـە تەوالێـت و مەسـەلەن دەسـتنوێژم گـرت، منیـان بـردەوە بـۆ ژوورەکـەم و نانـی نیوەڕۆیـان بـۆ هێنـام کـە پێـم وایـە شـلەی قیمـە بـوو. خواردنـی ئـەو گرتووخانەیـەی کـە تێیـدا بـووم بـاش بـوو. دواتر زانیـم ئـەم خواردنە لـە دەرەوەی زینـدان ئامـادە کـراوە و هاوتـای خواردنـی چێشـتخانە باشـەکانی گەڕەکەکەیـە. نزیکـەی کاتژمێرێـک دوای نانخواردنەکـە چووینـەوە ژووری لێپرسـینەوە و بـۆ یەکـەم جـار گوێـم لـە دەنگـی ژمارەیـەک ژن بـوو کـە لـە دەرەوەی ژوورەکان بـوون و بـە تـۆپ یـاری یـان وەرزشـیان دەکـرد.

کاتێـک نەعلەکانیـان لەبـەر پێـم دانـا، گوێـم لـە دەنگـی ژنێـک بـوو کـە دەیگـوت: "زیندانـی بەهێـز بـە، خـۆت نەدۆڕێنـی!" پێـم سـەیر بـوو کـە جگـە لـە پاسـەوانی زینـدان گوێم لـە دەنگـی کەسـێکی تریـش دەبـوو و ئەویـش دەنگـی زیندانییـەک کـە پێـی دەگوتـم خـۆم نەدۆڕێنـم. دواتـر زانیـم یەکێـک لـە هاودۆسـییەکانی، هاوبەندی منـە و ژنەکـەش زیندانییەکی ژینگەپارێـزە و سـاڵانێکی زۆرە لـە زیندانـە. ئـەو دەنگـە و دڵگەرمییەکـەی ڕۆژەکەمـی سـاز کـرد، ئـەو دەنگـە وەکـوو تیشـکی ئومێـد وا بـوو کـە تینـی پـێ دەبەخشـیم. لـە زینـدان و لـە ژووری تاکەکەسـیدا کاتێـک لـە جیهانـی دەرەوە دادەبڕێـی، هـەزاران نیگەرانـی هوروژمـت بـۆ دێنـن. ئـەم دەنگـە مـژدەی ئـەوە بـوو کـە مـن تەنیـا نیـم. تەنانـەت لـە نـاو ئـەم بەنـدە تەنـگ و دەورەدراوەدا تەنیـا نیـم. خاوەنـی ئـازای ئـەو دەنگـە بـە یـەک دەسـتەواژە بەهێزتـری

کردمەوە. لە ڕۆژانی دواتریشدا گوێم لە دەنگی بوو کە دەیگوت: " ١٢٧ بەهێز بە". دیارە هەموو ڕۆژێک گوێی لە پاسەوانەکانی زیندان دەبوو کە منیان ڕادەست دەکەن و دەڵێن ١٢٧ وەرگرە. من هیچ لە کۆد دانەکانی ناو زیندانەکە تێنەدەگەیشتم، بەڵام ئەو دەنگە دڵگەرمی دەکردم. پاشنیوەڕۆ جارێکی تر کارمان لەسەر هەمان پرسی خەتەنەکردنی کچان و ژنان کرد و هەتا چەند ڕۆژ دواتریش سەرقاڵی ئەم بابەتە بووین. ڕۆژێکیان پرسیم "بە ڕاست ئێوە منتان بۆ کاری خەتەنەکردنی کچان و ژنان هێناوەتە ئێرە و دوای پێنج ساڵ لە بڵاوبوونەوەی ئەم بەرهەمە داوای دانپێدانانم لێ دەکەن؟" دواتر زانیم کە ڕۆڵی دامەزراوەی هیڤۆس کە بوودجەی توێژینەوەی خەتەنەکردنی کچان و ژنانی دابین کردبوو، بۆ ئەوان بابەتێکی یاسایی و چارەنووسساز بوو. بە گوتەی ئەوان، یەکێک لە سەدان کەسی بودجەدانەری ئەم دامەزراوە ئەمریکی بوو و هەر ئەم بابەتەیان کردە بیانوو بۆ ئەوەی بەپێی ماددەی ٥٠٨ بەهۆی هاوکاریکردنم لەگەڵ حکوومەتێکی دوژمنکارانەی وەکوو ئەمریکا دەستگیر و مەحکوومم بکەن.

بە بازجووەکەم گوت بابەتی خەتەنەکردنی کچان و ژنان کۆتایی هات و بڕایەوە! تەنانەت لە هیچ شوێنێک زۆر باسی ناکەم. لەوانەیە تەنها لە ئینستاگرامەکەمدا لە ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەکردنی ژنان و کچان پۆستێک دابنێم، کە بازجووەکە گوتی: "ئەمە زۆر قووڵترە لەوەی تۆ دەیڵێیت!" فریای بەرهەمەکانی دیکەشت دەکەوین، بەڵام ئەوە بابەتێکی جیاوازە. کارت لەسەر پرسی خەتەنەکردنی کچان و ژنان کردووە. ئایا دەزانی ئەم پرسە لە بەڵگەنامە باڵادەستییەکان و لەسەر ئاستی فێمینیستیدا چ پێگەیەکی هەیە؟ وتم دەی ئەم ماوە لە کوێ بوون و بۆچی ڕێگریتان لێ نەکردم؟ بۆچی کەس نەیگوت ئەوەی من دەیکەم نایاساییە و کتێبەکەش مۆڵەتی چاپی پێ درا؟ وتی ڕاوەستە دەگەینە ئەمانەش!

لە میانەی لێپرسینەوەکەدا دیسان گوتم: سەیید، ئێوە منتان بە شێوەی نایاسایی دەستبەسەر کردووە. لە دوێنێوە دەستم بە پارێزەر و خێزانەکەم نەگەیشتووە. کاتی ئەوە هاتووە کە بەپێی یاساکانی زیندان من دەستم بە هەر دووکییان بگات. من لێیان فێر بووبووم بڵێم "سەیید" و دوای بیستنی قسەکانی من وتی: "ئێمە چاوەڕێی ئەم داوایە بووین، بەڵام تۆ لە ژێر لێپرسینەوەی ئەمنیدای و سەبارەت بە بابەتە ئەمنییەکان (لە ئەدەبیاتی سیستەمی دادوەری و ئیتلاعاتی ئێراندا شتێک بە ناوی زیندانی سیاسی بوونی نییە) پارێزەر بۆی نییە لە کاتی لێپرسینەوەدا ئامادە بێت. ئەسڵەن پارێزەر کیلۆی بە چەند؟ لە ڕۆژانی داهاتوودا بیر لە پەیوەندی گرتن لەگەڵ خێزانەکەت و بوونی پارێزەریش دەکەینەوە. دەبێ بزانین تا چەندە هاوکاریمان دەکەی. وتم لە کوێی یاسا هاتووە کە نابێ دەستم بە پارێزەر بگات؟ لە پشت ئاوێنەکەوە کتێبێکی بەرەو لای من

ڕاگرت و وتی: ئەم لاپەڕەیە بخوێنەرەوە. کتێبی یاسای دادبینیی تاوانەکان بوو. وتم من ئەم کتێبەم قبووڵ نییە، دەبێ هەم دەستم بە پارێزەر بگا و هەمیش لەگەڵ خێزانەکەم قسە بکەم. بڕیار بوو من ئێستا لە ناوچەیەکی تری ئێراندا بم، دەزانم بەردەوام پەیوەندی دەکەن و ناتوانن بمدۆزنەوە، بیگومان زۆر نیگەرانن. وتی: دەی مشوورێک بۆ ئەوەش دەخۆین!

هەواخۆری لەگەڵ مێرووله‌کاندا

خەمی ماڵەوەم بوو و گوتم دەبێ ڕۆژی دواتر پێش لێپرسینەوە پەیوەندییان پێوە بکەم، ئەگینا هاوکاریتان ناکەم. پێش ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ ژوورەکەم پێیان وتم کاتی هەواخۆرییە. نەمدەزانی چییە و چۆن دەکرێ، بەڵام گرنگ نەبوو، بڕیار وا بوو هەست بە هەوای ئازاد بکەم. منیان بردە نزیک شوێنی هەواخۆری و کەمێک چاوبەنەکەم لا دا بۆ ئەوەی بەر چاوم ببینم. سەرەتا ڕێگای ڕیزێک موزائیکیان نیشان دام و گوتیان دەبێ بەم ڕێگادا بچی و بە هەمان ئاراستەدا بگەڕێیتەوە.

چوار دەورم پشکنی و بینیم حەوشەکە لە پشتەوەی ئەو ژوورە تاکەکەسییانەیە کە لە یەکێکیاندا من زیندانی کرابووم. موزائیکەکان شین بوون، لە خوار حەوشەکەدا گۆمێکی بچووک هەبوو و دوو نەمام لە تەنیشتی چێندرابوو. فەزایەکی لاکێشەیی نزیکەی پێنج لە پانزە مەتر بوو، کە دواتر بینیم دەوراندەوری دیوارە بەرزەکانی تەلی دڕکاوی کێشراوە و بە چەند کامێرایەک چاودێری دەکرێت. هەروەها پەنجەرەی ئەو ژوورانە کە دەیانڕوانییە شوێنی هەواخۆرییەکە بە ئاسنی خۆڵەمێشی گیرابوون. ڕۆژانە بیست خولەک کاتی هەواخۆری بوو. زیندانییەکان لە گرووپی سێ کەسیدا دەهێنران بۆ ئەوەی بەسەر موزائیکەکەی خۆیاندا بڕۆن و بە چاوی بەستراوەوە هەوایەک بگۆڕن! ئێمەی زیندانی تەنیا پێی یەکترمان دەبینی و بوونی بەردەوامی پاسەوانەکان نەیدەهێشت پێکەوە قسە بکەین. هەروەها جگەرەکێشان بەند بوو بەوەی کە بازجووەکەت چ فەرمانێک بدات. ئەگەر ئیزنیان بدابایە پشکی جگەرەیان پێ دەدای. من جگەرەکێش نەبووم، بەڵام ئاگام لێ بوو هەندێک جار جگەرەیان بۆ زیندانییەکانی دیکە دادەگیرساند.

هەندێک جار پشتم لە دیواری حەوشەکە دەکرد و دادەنیشتم و بە وردی وردەکارییەکانی دەوروبەرم دەپشکنی. بۆ نموونە شارە مێروولەیەکم دۆزیبووەوە و خەریکی ژماردنیان بووم. من سەرنجم دەدا کە چی دەبەن بۆ شارەمێروولەکەیان. دواتر کە کاغەز و قەڵەمێکیان پێدام بۆ ئەوەی ئەگەر شتێکم وەبیر هاتەوە بۆ بازجووەکانی بنووسم، خشتەیەکم کێشابووەوە و خشتەی ئەو خواردنانەی کە مێروولەکان دەیانبرد بۆ شارە

مێروولەکەیان تۆمارم دەکرد. بۆ نموونە دەمنووسی: "لە ڕۆژی سێزدەهەمدا سێ دەنکە برنج، دانەیەک تۆوی گوڵەبەڕۆژە و .... . یان دەمنووسی کە چەند دانە نەمام لە حەوشەی پشتەوە هەیە، بەرزی و تیر و جۆریان چییە، کۆترەکان لە کوێ پیسایی دەکەن و پیساییەکانیان فڕێ دەدەنە خوارەوە و مێروولەکان چۆن لەم پیساییە دەخۆن و ... .

وێنەی ٣٧٨ - دیمەنی زیندان و گردەکانی ئیڤین

لە ژیانی ڕۆژانەمدا هەرگیز گرنگیم بەم شتانە نەدابوو و بەردەوام هەڵوەدای پرۆژەکانم بووم. من کات و حەز و ئارەزووم بۆ گرنگیدان بەم وردەکارییانە نەبوو. خوداخودام دەکرد پاسەوانەکە لە پێشدا دوو زیندانییەکەی دیکە ببا تا زیاتر هەواخۆری بکەم یان لە ڕێگای گەڕانەوەدا، کەمێک زیاتر چاوەڕێ ببێ و ئیشێکی پێ بسپێردرێ کە ئەم بیست خولەکی هەواخۆرییە ببێتە بیست و دوو خولەک. دەنگەکانی دەوروبەرم لە یادەوەریمدا تۆمار دەکرد و دەمتوانی بولبول، چۆلەکە، قەل و کۆتر و هتد بناسمەوە. هەرچەندە زۆر کەم بوو، بەڵام هەندێک جار دەنگی ئۆتۆمبێل دەهات کە ئەمە پەیوەندیی لەگەڵ جیهانی دەرەوە بوو. لە خەیاڵمدا وێنام دەکرد کە ئۆتۆمبێلەکە بەرەو چ ئاراستەیەک دەڕوا و هەوڵم دەدا بە هاژ و هووژەکەیدا گریمانەی ئەوە بکەم کە چ جۆرە ئۆتۆمبێلێکە: ئەمە پژۆیە، ئەمە پرایدە، ئەمە تراکتۆرە، ئەمە کۆمپرسییە، خاوەرە و ...."

زیندانی تاکەکەسی ناچاری دەکردی بیانوو بۆ ژیان بدۆزیتەوە. هەندێک جار بە ترپەی پێی زیندانییەکانی دیکە سەرقاڵ دەبووم. دەمویست بە ڕیتمی هەنگاوەکانیاندا لێکی بدەمەوە کە قەڵەون یان کزن و لە مێشکمدا ڕووخساریان بۆ دروست بکەم. ئەگەر دەکۆکین گوێقوڵاخ دەبووم کە بزانم کۆکەکەیان دوور و درێژە و نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە یان لە بەندی زیندانداە نەخۆش کەوتوون. هەڵامەت لە ناو زیندانی تاکەکەسیدا زۆر باو بوو، زۆربەی کاتەکان فێنککەرەوەکە ڕۆشن بوو و جیرەی قاییشە وشکەکەی وەڕەزی دەکردم. بۆ نموونە دەمزانی ئەو کەسەی کە ڕۆژێک پێشتر لە تەنیشتمەوە دەڕۆیشت، گریابوو. وێدەچێ ئەمڕۆش لە لامە و دەگری. ئەگەر ڕۆژی دواتر یان چەند ڕۆژی دواتر لەوێ نەبایە، پەرۆش دەبووم کە نەکا شتێکی بەسەردا هاتبێ و لە خۆمم دەپرسی: یانی

ئـازاد کـراوە؟ ئـازاد نەکـراوە؟ گواستراوەتـەوە بـۆ زیندانـی گشـتی؟ ئەمانـە تاکـە پەیوەندیـی مـن لەگـەڵ جیهانـی دەرەوە بـوو و هەواخـۆری و تەنانـەت پشـکنینەکانیش هـەر دووکیـان لـە ژووری تاکەکەسـی بـاشتر بـوون.

کاتێـک گەڕامـەوە بـۆ بەنـدە تاکەکەسـییەکەم و خـۆر ئـاوا بـوو، هەسـتم کـرد هەناسـەم سـوار بـووە. فشـارێکی دەروونـی زۆرم لەسـەر بـوو و ئـەو پرسـیارانەی کـە دەیانکـرد، زیاتـر نیگەرانـی کردبـووم. دەمبینـی کـە بابەتەکـە جیدییـە و نازانـرێ کـە چیـم بەسـەر دێـت. مـن ڕقـم لـە ئێـواران بـوو، بـەڵام ئێوارانـی زینـدان تاقەتپڕووکێنتریـش بـوو. کاتێـک لـە هـەوای ئـازادەوە چوومـە نـاو ژووری تاکەکەسـی، وەک ئـەوە وا بـوو پـێ دەنێمـە نێـو گـۆڕ. ئەوەنـدە پەرێشـانحاڵ بـووم کـە دڵـم لـە کوتـان نەدەکـەوت. دەسـتم لـە دەموچـاوم دا کـە بە عـارەق تەڕ ببـوو. دەمزانـی سـوور بوومەتـەوە و دەتکـوت ئـەم ژووره تاکەکەسـییە ئۆکسـیژێنی تێـدا نییـە. خەویشم لێ نەدەکەوت و نەمدەوێرا سەیری ڕووبەری ژووره تاکەکەسییەکەم بکەم.

● وێنەی ٣٧٩ - وێنەی هەوایی زیندانی ئیڤین

ئەوەنـدە حاڵـم خـراپ بـوو کـە تەلەفۆنـم بـۆ پاسـەوانەکە کـرد. لـە وەڵامـدا وتـی: "هیـچ نییـە! جـارێ سـەرەتایە! بـاش دەبیـت!" کەمێکـی پـێ چـوو حاڵـم خـراپتر بـوو و جارێکـی تـر تەلەفۆنـم کـردەوە. پاسـەوانەکە وتـی: پێوەندیـی بـە ئێمـەوە نییـە. بـە پاسـەوانەکەت بڵـێ و پاسەوانەکەشـم وتـی: "خـۆ مـن دکتـۆر نیـم" و تەلەفۆنەکـەی داخسـت! سـەرەگێژەکەم زیاتـر بـووەوە و ئەوەنـدەی دیکـە حاڵـم تێـک چـوو. نەویسـتانە مشـتم لـە درگاکـە دەدا کـە تەلەفۆنەکـە زەنگـی لێـدا و گوتیـان چیتـە؟ مەگـەر دوێنـێ حاجـی بۆتـی ڕوون نەکـردەوە؟ وا دەزانـی ئێـرە گـەورە؟ وتـم بـاش نیـم. هەناسـەم سـوارە. وتیـان یەکـەم ڕۆژ هـەر وایـە. لەگـەڵ زینـدان ڕادێیـت ... وتـم ڕادێـی یانـی چـی؟ هەناسـەم دەرنایـە. لـە ئەنجامـدا ئەوەنـدە زەختـم لێیـان کـرد هەتـا بردمیـان بـۆ دەرمانخانـە.

دیسـانیش دکتۆرەکـەی دوێنـێ لـە سـەر کار بـوو. کاتێـک منـی بینـی، وتـی پەنیـک ئەتـەک یـان هەمـان هێرشـی عەسـەبییە. پاشـان پرسـیاری کـرد کـە ئەمـڕۆ چوویتـە دەرەوە بـۆ هەواخـۆری، وایـە؟ وتـم بەڵـێ. وتـی: لێدانـی دڵـت زۆرە. تووشـی هێرشـی عەسـەبی بوویـت،

بەڵام من هیچ دەرمانێکم نییە. دوو دەرمانی ئازارشکێن و حەبی خەوت پێ دەدەم با باشتر بخەویت. چونکە سبەی ڕۆژێکی خراپترت دەبێت. ئەگەر لە کاتی لێپێچینەوەدا زەخت و گوشارێکی زۆرت لێ بکرێ، لەوانەیە لێرە بتخەوێنن، کە ئەمەش ئەزموونێکی باش نییە. پێشنیار دەکەم مەهێڵە بگەیتە ئەم ئاستە.

دکتۆرەکە خەمخۆرانە بەڵام زۆر بە وریاییەوە قسەی کرد و دەیویست ئارامم بکاتەوە، بەڵام پاسەوانەکە بەردەوام خۆی تێهەڵدەقورتاند و دەیگوت "بەسە!"، دەیویست هەرچی زووتر بمنێرێتەوە بۆ ژوورە تاکەکەسییەکەم و خۆشی بچێ پشوویەک بدات. دوای خواردنی حەبەکان خەوم لێکەوت و نیوە شەو لە خەو هەڵسام. هەموو جەستەم ئارەقەی کردبوو و عەسەبی بووم. نازانم کاریگەریی لاوەکیی حەبەکان بوو یان لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە بوو کە تێکەوتبووم، دیسان شاڵاوی بیر و خەیاڵی خراپ مێشکمی تەنیبووەوە و لە ناو ژوورە تاکەکەسییەکەمدا پیاسەم دەکرد. هەر کە خەوم لێکەوت، پاسەوانەکە هاواری کرد: بانگی بەیانییە! دەموچاوم شۆرد و گەڕامەوە. پێم وایە ئەوەندە شەکەت و هیلاک بووم کە جارێکی تر خەوم لێکەوتەوە هەتا ئەوەی کە بۆ نانی بەیانی لە خەویان هەڵساندم.

دوای نانی بەیانی، دیسان چاوبەن و چوونە ژێرزەمین و نەعل لە پێ کردن و درێژەی لێپرسینەوە. ئیتر خەریک بوو لە یەک دەبوومەوە. بەڵام دەبا بەرگەم بگرتایە، هیچ بژاردەیەکی ترم نەبوو. پێش ئەوەی لێپێچینەوەم لەگەڵ بکەن، وەبیرم هێنانەوە کە دەبێ لەگەڵ خێزانەکەم قسە بکەم و کاتێک ئەم داواکارییەمیان بە هەند وەرنەگرت، منیش بڕیارم دا خۆڕاگری بنوێنم. شەکەت بووم و خەوم دەهات. هەر پرسیارێکیان دەکرد، دەمگوت تا لەگەڵ خێزانەکەم قسە نەکەم هیچ ناڵێم. بازجووەکان بەردەوام هەڕەشەیان لێم دەکرد کە ئەگەر قسە نەکەی ئەمە و ئەوە دەکەین و دەیانگوت: ئەگەر وەڵامیش نەدەیتەوە گرنگ نییە ئێمە خۆمان ڕاپۆرتەکە دەنووسین. بڕیارە سزای بیست ساڵ زیندانت بۆ ببڕدرێتەوە، دەبێتە چل ساڵ. تەنانەت لەوانەیە لەسەر ئەم ڕەفتارەت سزای سێدارەت بە سەردا بسەپێنرێ و ئەم بابەتە لە بازنەی دەسەڵاتی ئێمەدا نییە.

کاتێک پاشەکشەم نەکرد، کەمێک شێوازەکەیان گۆڕی و گوتیان کامیل تۆ خاوەن کەسایەتییەکی زانستی و هێژایت. ئێمە نامانهەوێ وەکوو ئەوانی دیکە قسە و مامەڵەت لەگەڵدا بکەین. ئەم دەرفەتە لەدەست مەدە و کارێ وا مەکە ئێمە بچین و بازجووی وا بێنە لات کە جۆرێکی دیکە ڕەفتارت لەگەڵ بکەن. ڕۆژێک پێشتر بۆم دەرکەوتبوو کە لە ژوورەکانی دیکەدا هەندێک جار دەنگی زیندانی و بازجوو بەرزتر دەبووەوە و زیاتر ئەوە بازجوو بوو کە بەسەر زیندانیدا هاواری دەکرد کە: بۆچی درۆ دەکەیت؟ بۆچی ڕاستی ناڵێی؟ بۆچی نانووسی؟

لە مانگەکانی کۆتایی لێپرسینەوەکەمدا، گوێم لە دەنگی ژنێک دەبوو کە بەردەوام

بـە سـەر بازجووەکەیـدا دەیقیژانـد و تەنیـا ئـەم قیژاندنـە هێـزی پێدەبەخشـیم. هەروەهـا زیندانییەکـی ئیسـفەهانیش بـوو کـە بـە زاراوەی ئیسـفەهانی قسـەی دەکـرد و بەرگـری لـە مافـی خـۆی دەکـرد و وڵامـی گوڕاندنـی بازجووەکانـی بـە هـاوار دەدایـەوە. ئەمانـە ئـەو دەنگانـە بـوون کـە پشـکنەرەکانم ئاماژەیـان پێدەکـرد. دەیانگـوت دەکـرێ بـەم شـێوەش ڕەفتـارت لەگەڵـدا بکـرێ، بـەڵام ئێمـە وا ناکەیـن. مـن کۆڵـم نـەدا هەتـا دواجـار لـە کۆتایـی لێپرسـینەوەکەدا گوتیـان بـۆت هەیـە بـۆ یـەک خولـەک تەلەفـۆن بـۆ ژنەکـەت بکـەی و پێـی بڵـێ باشـیت بـەڵام مـن قبووڵـم نەکـرد.

هەسـتم دەکـرد لـە قۆناغێکـدام کـە دەبـێ دان و سـتانم هەبـێ و کەمێیکیـش نەرمـی نیشـان بـدەم. بازجووەکـەم بـاش لـەم شـتە تێگەیشـتبوو و بـەردەوام بـە گاڵتەجاڕییـەوە دەیگـوت: کامیـل مـن دەزانـم تـۆ پیـاوی دانوسـتانی. هـەر بۆیـە ئـاوا کاریگەرانـە مامەڵـەت کـرد و بـۆ یەکـەم جـار لـە مێـژووی کۆمـاری ئیسلامیـی ئێرانـدا پرسـی بەرزکردنـەوەی تەمەنـی هاوسـەرگیریی منداڵـت لەگـەڵ هاوڕێکانـت هێنایـە مەجلیسـی شـۆرای ئیسلامـی. لـە ئینگلیزەکانـەوە فێـری لۆبیکـردن بوویـت ... . دواجـار پێکـەوە سـازاین و بڕیـار وا بـوو کـە پاشـنیوەڕۆ تەلەفـۆن بـۆ شـەفەق بکـەم.

لـە یەکـەم ڕۆژی لێپێچینـەوەدا بـە ئەنقەسـت کاتـی هەواخۆرییـان پێنـەدام بـۆ ئـەوەی زەخـت و فشـارەکە دوو هێنـدە زیـاد بکـەن، بـەڵام ڕۆژی دووەم دەرفەتـی هەواخۆرییـان پێـدام. ئـەم ڕۆژەشمان دیسـان بـە باسـکردنی خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان بەسـەر بـرد. نزیکـەی کاتژمێـر ١١ی بەیانـی لێپێچینـەوە ڕاگیـرا و پاسـەوانەکە بـۆ مـاوەی نیـو کاتژمێـر منـی لـە ژووری لێپێچینـەوە بـردە دەرەوە. دواتـر لـە زیندانییەکانـی دیکـەم بیسـت کـە هەفتەیـەک هەتا دە ڕۆژ بـۆ بازجـووەکان زۆر گرنگـە و بـە پەنجـەرەی ئەمنیـی دەزانـن. بۆیـە هـەوڵ دەدەن هەموو زانیارییەکانـت وەربگـرن، چونکـە دوای ئـەم مـاوە ڕەنگـە بـاری دەروونیـی کەسـی زیندانـی لـە ژێـر کاریگەریـی فەزاکـەدا تێـک بچـێ و یادگـەی لاواز ببـێ یـان کەسـوکاری زیندانییەکـە دەسـت بەسـەر زانیـاری و ئیمەیـڵ و ئەکاونتـە مەجازییەکانیـدا بگـرن یـان بیسـڕنەوە.

لـە بەنـدی تاکەکەسـیدا تەنها قورئانێـک و بەردەنوێژێک هەبـوو. ئەهلی نوێژکـردن نەبووم و ئەگریـش نوێـژم بکردایـە وەک سـوننەیەک بـۆ نوێژکـردن بـەردم بـەکار نەدەهێنا. ئـەو قورئانەی کـە هەمبـوو هـەر عەرەبـی بـوو و وەرگێڕانـی فارسـی لەگـەڵ نەبـوو. داوام لێکـردن لانیکـەم قورئانێکـم پـێ بـدەن کـە وەرگێڕانیشـی لەگـەڵ بێـت. پێـشتر زۆرم قورئـان خوێندبـووەوە و لـە کارەکانمـدا سـوودم لـە ئایەتەکانـی وەردەگـرت. کاتێـک داوای کتێبـم لـە بازجووەکانـم کـرد، پێـم پێکەنیـن و گوتیـان تاکـە کتێبێـک کـە لێـرەدا بەردەسـتە قورئانـە.

لـە هەواخۆرییەکانـدا زیندانییـەک کـە هەمیشـە بـە لای چەپـی منـدا پیاسـەی دەکـرد، قورئانـی دەخوێنـدەوە. دەنگـی هەراسـانی دەکـردم، دەمویسـت سـەیری شـاری مێرووڵـەکان

بکـەم و بیانژمێـرم، بـەڵام ئـەم پیـاوە بـە دەنگـی بـەرز قورئانـی دەخوێنـدەوە و نەیدەهێشـت لـە تەنیایـی خۆمـدا بـم. دواتـر کـە ژووری تاکەکەسـیمیان گـۆڕی، بـۆ نەگبەتـی ئـەم پیـاوە لـە ژووری بەرامبـەرم بـوو و بـەردەوام قورئانـی بـە دەنگـی بـەرز دەخوێنـد و دەگریـا. لای ئێـواران بێتاقـەت دەبـووم، دیـارە ئەویـش وەڕەز دەبـوو، قورئانـی دەخوێنـدەوە و بـە کـوڵ دەگریـا. دواتـر لـە زیندانـی گشـتی زانیـم کـە ئـەو کابرایـە یەکێکە لـە جێگرەکانـی ئەکبـەر تەبـەری[1]، جێگری سـادق لاریجانـی سـەرۆکی پێشـووی دەزگای دادە. دواتـر باسـی ئـەو و باندەکـەی دەکـەم.

کاتێـک پاشـنیوەڕۆی ڕۆژی دووەم هـات، بازجـوو وتـی: کامیـل بەداخـەوە سـەرۆکەکان ڕێگـەت پێنـادەن تەلەفـۆن بـۆ دەرەوە بکەیـت. تاکـە بـژاردە ئـەوە بـوو کـە پەیوەنـدی بـە تەلەفۆنـی خۆتـەوە بکـەی، بـەڵام لـە پادگانـی ئـیمام حسـێنە کـە ناوەنـدی ئیتلاعاتـی ئیداریی سـپایە. دەمزانـی درۆ دەکات. وتـم، ٤٨ کاتژمێـرە لەگـەڵ خێزانەکـەم قسـەم نەکـردووە و تەنانـەت نازانـن لـە کوێـم. تـۆ بەڵێنـت پێـدام و بڕیارمـان وا نەبـوو لـە قسـەی خـۆت دەربچیت. سـوێندی خـوارد و وتـی: بەڵێنـی شـەرەفت پـێ دەدەم، سـبەی لەگـەڵ خێزانەکـەت قسـە بکـەی. کـە گەڕامـەوە بـۆ ژوورە تاکەکەسـییەکەم، دیسـان تەنگەنەفـەس بوومەوە، بەڵام قسـەی پزیشـکەکەم وەبیـر هاتـەوە و هەوڵـم دەدا دۆخەکـەم کۆنتـرۆڵ بکـەم. هەرچەنـدە بەرگەگرتنـی زۆر قـورس بـوو، بـەڵام وردە وردە لەگـەڵ ئـەم دۆخـە ئازاربەخشـەدا ڕاهاتـم.

هاوکاریکردنی حکوومەتی دوژمنکاری ئەمریکا

بـۆ بەیانیـی ڕۆژی سـێیەم یەکسـەر گوتـم بەبـێ ئـەوەی قسـە لەگـەڵ خێزانەکـەم بکـەم مەحاڵـە وەڵامـی هیـچ پرسـیارێکتان بدەمـەوە. پۆلیسـە باشـەکە مۆبایلەکەمـی پێـدام. تێبینیـم کـرد کـە دەرچـەی لێنـزی پێـش و پاشـی دووربینـی موبایلەکەمیـان بـە شـتێک داپۆشـیبوو. موبایلەکـەی لـێ وەرگرتـم و بـەدوای ژمـارەی شـەفەقدا گـەڕا. پاشـان وتـی: بیسـت و سـێ دانە پەیوەنـدی بێـوەڵام هـی ژنەکەتـە و خوشـک و زاواکـەت و ئەوانـی تریـش زۆر تەلەفۆنیـان بـۆت کـردووە. ژمارەیەکـی زۆری کورتەنامەشـم بـۆ هاتبـوو، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی ئـەم ئەپانەیـان لەسـەر لاپتۆپەکـە کردبـووەوە، ئیشـیان بـە مۆبایلەکـەم نەبـوو. ئـەوان دەسـتیان بـە هەمـوو

---

١. ئەکبـەر ئەتباعـی تەبـەری نـاسراو بـە ئەکبـەر تەبـەری (لەدایکبووی گونـدی مەتای سـەر بە پارێـزگای بابـول) بەڕێوەبەری گشـتیی پێشـووی کاروبـاری دارایـی و جێگـری کارگێـڕی پێشـووی دەزگای دادی کۆمـاری ئیسـلامیـی ئێرانـە. لە سـەردەمی سـەرۆکایەتیی دەزگای دادی سـەییدمەحموود هاشمیشـاهروودی و سـادق لاریجانـی، تەبـەری ئەندامـی پێشـووی لێژنـەی فیدراسـیۆنەکانی کۆنگفـۆ و هونـەری جەنگـی بووە. تەبەری دوای حەوت ڕۆژ لە دەسـتبەکاربوونی سـەیید ئیبراهیم ڕەئیسـی، سـەرۆکی دەزگای داد، یەکـەم بەرپرسـێک بـوو کە لە کارەکـەی دوور خرایەوە و لە ٢٣ی پووشـپەڕی ١٣٩٨ی هەتاوی (١٤ی تەممـوزی ٢٠١٩) لەلایەن ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سـپای پاسـدارانەوە لە ئامول دەسـتگیر کرا، لـە دادگاییکردنەکەیدا تەبەری وەک تۆمەتبـاری پلـە یـەک نـاوی هاتووە. سـپیکردنەوەی پـارە و بەرتیلدان و دزەکردنە ناو دۆسـیە دادوەرییـەکان لە گرنگترین تۆمەتـە ڕەپاڵخراوەکانین.

شـتێکی مـن گەیشـتبوو و زۆر جـار لـە کاتـی لێپێچینـەوەدا دەیانگـوت کتێبەکـەت لـە لەندەن چـاپ کـراوە، یـان دەیانگـوت فڵان هاوڕێـت نیگەرانـە، ئەمیـان هاوسـەرگیری کـردووە و ... بـەردەوام بـەم میکانیزمـە دەروونییـە خراپەکارانـە ئازاریـان دەدام. زۆر ئامانجدارانـە ئـەو هاشـتاگانەیان هەڵدەبـژارد کـە بـۆ پشـتگیریکردن لـە ئازادیـم تویـت کرابـوون و نیشـانیان دەدام ئـەو کەسـانەی کـە کورتەنامەیـان بـۆم دەنـارد بیریـان دەکـردم و ... دەیانخوێنـدەوە و دەیانگـوت چـاو کامیـل! سـەیر کـە کـێ بیـرت دەکات .... پاشـان یەکێکیـان دەسـتی پێدەکـرد: "سـەیری ئەمەیـان بکـە بزانـە چییـان بـۆت نووسـیوە" یـان "واو ئەمـە زۆر بەتینـە، بزانـە چـی لەبـارەی تـۆوە دەڵـێ" یـان "چـا ئەوەیـان! لەگـەڵ ئەمەیـان کـە بیسـت سـاڵ لەمەوبـەر لەگەڵیـدا سـەفەرت کـردووە، بیسـتوویەتی کـە دەسـتگیر کـراوی هەڵمەتـی "ئـازاد بکرێ"ـــی دەسـت پێکـردووە"، "ئـەم هـاوکارە خاریجییـەت تـازە زانیویەتـی و سـەیر کـە لـە فەیسـبووک چـی بـۆ نووسـیوی، دۆسـت و هاوڕێـی دڵسـۆزیشـت هەیـە کامیـل! هاوڕێـی بـاش ئـاوا دەبـێ ... . و یەکێکـی تریـش دەیگـوت: "مـن چـووم ئیمەیڵەکانتـم چـاو لێکـرد و ئـەم وێنانـەی لـە سـەفەر گرتوتـە هـی کـوێ بـوون؟ ئـەم وێنـە لـە کوێـی ئیسـپانیایە؟ تـۆ لەگـەڵ فڵان کـەس چوویتـە گەشـتێکی دەریایـی و هێشـتاش هاوڕێـن، ئـەرێ؟ چ سـەفەرێکتان پێکـەوە کـردووە و چ سـەردەمێک بـووە خوایـە؟ .... ئێمـە ئـەم شـتانەمان نەبـوو و ژیانێکـی سـەیر و ئازادمـان بـە خـۆوە نەبینـی بـە خـوا. ئێمـە تەنهـا خوێندمـان و دواتـر بـە شـەرەفەوە لـە سـپای پاسـداران وەرگیرایـن." ئـەم قسـانەی دەکـرد و هەسـت و سـۆزی جۆراوجـۆری وەکـوو توڕەیـی، تـرس، ڕق و کینـە هاشـاوڵی بـۆ دەهێنـام. خەڵوەتـی تایبەتیـم و ماڵەکـەم و خێزانەکەم و هاوڕێکانـم پەلامـار درابـوون، پێـم خـۆش بـوو هـاوار بکـەم و بڵێـم ئێـوە کـە بـە بـێ هیـچ تاوانێـک، ڕاسـتەوخۆ خـۆم و ناڕاسـتەوخۆ خێزانەکـەم ئەشـکەنجە دەدەن، لای مـن باسـی شـەرەف مەکەن. ئەگـەر شـەرەفمەندانە دامەزرابـان، لەگـەڵ بکووژیـش ئـاوا مامەڵەتـان نەدەکـرد. بـەڵام دەبـا دانـم بـە خۆمـدا بگرتایـە و نەهێڵـم ئـەوان لـەوە زیاتـر بەسـەرمدا زاڵ بـن. ئـەوان دەسـەڵات و هێزیـان هەبـوو و توانیبوویـان مـن بخەنـە نێـو مشـتی خۆیـان بـەڵام نەدەبـوو ڕێگەیان پێبدەم زەین و مێشکم کۆنترۆڵ بکەن.

● وێنەی ٣٨٠ - لۆگۆی سپا

EUROPE

Iran Arrests British-Iranian Academic Amid Tanker Standoff With U.K.

An acclaimed British-Iranian academic was detained just as the two countries appeared to be settling their standoff over an Iranian tanker seized in Gibraltar.

By Ceylan Yeginsu

دواتر کە ڕووخساری بازجووەکەم واتا هەمان سەییدم بینی، دەیگوت: "حەزت لەم پانتۆڵە سەوزە تۆخەیە؟ پانتۆڵی سپا؟" بە یەکپۆشییەک دەهات کە لۆگۆی سپای پێوە بوو و بە بینینی هەمان ترسی سەردەمی منداڵیمی لە ناخمدا دەوروژاندەوە. کەسێکی بیرتیژ بوو و دەیزانی لە کوێدا چۆن هەموو شتێک بقۆزێتەوە. بۆ نموونە لە کوێدا بابەتی هاوسەرگیریی سپی بهێنێتە ئاراوە و بیبەسێتەوە بە یادەوەرییەکی پانزە ساڵ لەمەوبەری ژیانم؟ ئەوان زۆر شتیان لەبارەی منەوە دەزانی و لە ڕاپۆرتە تەواوکەر و دواترەکانیاندا کە لە دادگا لەگەڵ دادوەر سەڵەواتی[1] لەلایەن نوێنەری داواکاری گشتییەوە خوێندرایەوە، چەند ئاماژەیەک بە ئاگادارانی دۆسیەکە کرا، کە پیشانی دەدا کە ئەوانەشی کە لە پرۆژەکاندا هاوکاریان کردووم لێپێچینەوەیان لەگەڵ کراوە و دانپێدانانیان لێ وەرگیراوە بۆ ئەوەی لە دژی من بەکاری بهێنن، کە هەڵبەت دوای ئازادکردنم باشتر زانیم لێپێچینەوەیان لە کێ کردووە.

BBC NEWS فارسی

صفحه اول اوکراین کرونا پخش زنده

کامیل احمدی پژوهشگر ایرانی-بریتانیایی بازداشت شده است

۲۴ مرداد ۱۳۹۸ - ۱۴ اوت ۲۰۱۹

DIDARNEWS.IR

کامیل احمدی سال‌هاست که در ایران زندگی می‌کرد

کامیل احمدی، مردم شناس و پژوهشگر کرد ایرانی ۲۰ مرداد یکشنبه در تهران دستگیر شده است.

لاپەڕەی یەکەم ئۆکراین کۆڕۆنا پەخشی

کامیل ئەحمەدی توێژەری ئێرانی - بەریتانی دەستگیر کراوە

٢٢ گەلاوێژ ١٣٩٨ هەتاوی (١٣ ئابی ٢٠١٩)

کامیل ئەحمەدی ساڵانێکە لە ئێران دژی.

کامیل ئەحمەدی، خەڵکناس و توێژەری کورد لە ١١ی ئابی ٢٠١٩ لە شاری تاران دەستگیر کراوە.

بـا بگەڕێینەوە سەر بابەتی تەلەفۆن. جەختیان لەوە دەکردەوە کە ناتوانم زیاتر لە خولەکێک قسە بکەم و پێیان دەگوتم کە چی بڵێم: گیراوم، حاڵم باشە و نازانم کەی

١. ئەبووەلقاسم سەڵەواتی لەدایکبووی ١٣٤٦ی هەتاوی (١٩٦٧ز)، ناسراو بە دادوەری سێدارە، سەرۆکی لقی ١٥ی دادگای ئینقلابی ئیسلامی و دادوەری جێگرەوەی دادگا گشتییەکانی تارانە. یەکێتیی ئەورووپا لە بڕیارێکی ڕێکەوتی ٢٣ی نەورۆزی ١٣٩٠ی هەتاوی (١٣ی نیسانی ٢٠١١)دا، ٣٢ بەرپرسی ئێرانی، لە ناویاندا سەڵەواتیی بە هۆی ڕۆڵیان لە پێشێلکاریی بەربڵاو و توندی مافی هاووڵاتیانی ئێرانی، لە چوونیان بۆ وڵاتانی ئەورووپی بێبەش کرد و فەرمانی دەستبەسەرداگرتنی سەرجەم سەروەت و سامانی ئەو بەرپرسانەی لە ئەورووپا دەرکرد.

ئیزنـی تەلەفۆنکردنـی دووبـارە و سـەردانکردنم دەبێـت. شـەفەق تەلەفۆنەکـەی هەڵگـرت و بـە سەرسـوڕمان و دڵخۆشـیەوە وتـی کامیـل ئـەوە لـە کوێـی؟ کەسـایەتیی شـەفەق لـەو جـۆرە کەسـایەتییانەیە کـە خەمـی خـۆی زۆر دەرنابـڕێ و دانبەخۆداگـرە. خـۆ دەمزانـی چەنـدە دڵتەنـگ و بێئۆقرەیـە، بـەڵام بـە هێمنییـەوە قسـەی دەکـرد ... وتـم، نازانـم لـە کوێـم، گیـراوم، بـەڵام حاڵـم چاکـە و هـەوڵ دەدەم جارێکـی تـر پەیوەندیـت پێـوە بگرمـەوە. بابەتەکـە بـە پارێزەرەکـەم ڕابگەیێنـە و ئەویـش وتـی دەزانـم ... خەمـت نەبێـت ئێمـە باشـین، ئالانیـش باشـە. ئێمـە بەدواداچـوون بـۆ کارەکانـت دەکەیـن.

ماڵـەوە پێـش ئـەوەی تەلەفـۆن بکـەم، خۆیـان بابەتەکەیـان زانیبـوو. یەکـەم شـەوی دەسـتگیرکردنم چەندیـن جـار تەلەفۆنیـان بـۆ کردبـووم. پێیـان وا بوو مـن لە ڕێگـەی تورکەمەن سـەحرام. کاتێـک دەزانـن مـن لـەوێ نیـم، نیگـەران دەبـن و پەیتـا پەیتـا تەلەفۆنـم بـۆ دەکەن. هەمـوو جێگایـەک دەگەڕێـن و تەلەفـۆن بـۆ پۆلیسـی هاتوچـۆ و نەخۆشـخانەکان دەکـەن کـە نـەکا تووشـی ڕووداوی هاتوچـۆ هاتبێتـم. پاشـان تەلەفـۆن بـۆ یەکێـک لـە هاوڕێکانمـان لـە کـەرەج دەکـەن و پێـی دەڵێـن کلیلـی زیـادە هەڵبگـرێ و سـەرێک لـە ماڵەکەمـان بـدات. هاوڕێکەمـان کاغـەزی فەرمانـی دەسـتگیرکردنی مـن و ماڵێکـی شـپرزە و شـپرێو دەبینێـت.

شـەفەق پێـش ئـەوەی پەیوەنـدی پێـوە بکـەم لەگـەڵ بیبیسـی و دەنگـی ئەمریـکا (صـدای آمریـکا) و چەنـد دەزگایەکـی ڕاگەیاندنـی ناوخۆیـی قسـەی کردبـوو. هەمیشـە پێـم گوتبـوو ئەگـەر ڕۆژێـک دەسـتگیر کـرام، هەواڵـی دەسـتگیرکرانەکەم بڵاو بکـەوە. ستراتیـژی مـن بـە پێچەوانـەی زۆرێـک لـە زیندانییـەکان هەمیشـە ئـەوە بـووە و ئـەوەش دەبـێ کـە سـەبارەت بـە دەستبەسـەربوون هەمـووان ئـاگادار بکرێنـەوە. لەبـەر ئـەوەی ڕژێمـی ئێرانـی یەکجـار زۆر لـەم بابەتـە و میدیـاکان دەترسـێ و سـەرباری ئـەو هەمـوو زەخـت و گوشـارەی کـە لـە زیندانـدا بـە سـەر زیندانیـدا دەیسـەپێنێ، بـە گشـتی وەک قازانجێکـی بـاش دادەنرێـت.

پـاشماوەی ئـەو ڕۆژەمـان دیسـان بـە گفتوگۆکـردن لەسـەر بابەتـی خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان بەسـەر بـرد و گفتوگۆکـە گەیشـت بـە دامـەزراوەی هیڤـۆس[1] و پێشـینەکەی کـە مـن شـتێکی وام لەبارەیـەوە نەدەزانـی. کاتێـک ڕوونیـان کـردەوە کـە مـن هاوکاریـم لەگـەڵ حکوومەتـی دوژمنـکاری ئەمریـکا کـردووە، گوتـم مـن لـە وڵامدانـەوەی ئـەو پرسـیارانەی کـە

١. هیڤـۆس (Hivos) بنکەیەکـی مرۆییـە بـۆ هـاوکاری گەشـەیی لـە وڵاتـی هۆڵەنـد کـە بـۆ هەنـدێ ڕێکخـراوی ئەفریقـا و ئەمریکای لاتین و ئاسـیا پارە دابین دەکا و پشـتگیری لە هاوبەشـکردنی زانیاری دەکات. بەتایبەت لە بوارەکانی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتـی، چالاکیـی ئۆنلایـن و داهێنانـی گوندنشـینی ئالیکارییـان دەکات. بەهـا مرۆڤدۆسـتییەکان ڕۆڵێکـی بنەڕەتـی لـە سیاسـەتی ئـەم ڕێکخـراوەدا دەگێـڕن. توخمـی سـەرەکیی مرۆڤدۆسـتی (ئوومانیـزم) و سیاسـەتی هیڤـۆس بریتییـە لـە بەهێزکردنـی کەرامەتـی مرۆیـی، دژایەتیکردنـی حکوومتـە دۆگماتیـک و پاوانخـوازەکان، فرەدەنگیی سیاسـی، دیموکراسـی، هاودەنگـی، ڕێزگرتـن لـە شـارۆمەندی بەرپرسـیار و شوناسـی کۆمەڵایەتـی.

سەبارەت بە توێژینەوەکانم لێم دەکرێ خۆم نابوێرم و هەموو شتێک بە ڕوونی نووسراوە، بەڵام بیکەن لە ڕێی خودا پێم بڵێن ئەم ئەمریکایە لە کوێ و چۆن دەتوانێ خۆی بە منەوە ببەستێتەوە؟ من هەرگیز هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ ئەمریکادا نەبووە و هەڵوێستی من لەسەر ئەم وڵاتە ڕوونە. من هەمیشە ڕەخنەگری بەشێک لە سیستەمی سیاسیی ئەمریکا و شێوازی حوکمڕانی و بەتایبەتی ئەو سیاسەتەی بووم کە بەرامبەر بە ڕۆژهەڵاتیناوین گرتوویەتە بەر. من لەسەر ئەمە قسەم کردووە و هەمووان هەڵوێستی من دەزانن. ئەم قسانە لەگەڵ کام کار و چالاکییەکی منـدا دەگونجێ، لەگەڵ کام بیرۆکە و ڕوانگەمدا؟

دەیانگوت ئەزقەزا لەگەڵ تۆدا دەگونجێت! ڕاوەستە با پێت بڵێین ... بەردەوام پرسیاریان دەکرد: "چۆن هیڤۆست ناسی؟ کاتێک چوویتە نووسینگەکەیان لە هۆڵەندا لەگەڵ کێ قسەت کردووە؟ کێ پلانی کۆتایی پرۆژەکەی واژۆ کرد؟ لە ڕێگەی کێ یان لە ڕێگەی چ ڕێکخراوێکەوە لە هەرێمی کوردستان ئاشنای هیڤۆس بوویت؟ ئایا دەزانی هاوکاری لەگەڵ کێ دەکەن؟ پرسیارەکانیان بەردەوام لە سەر ئەم تەوەرانە بوو و کۆپیی ئەو بەڵگەنامانەی کە نیشانیان دام گوزارشت بوو لەوەی کە هیڤۆس ڕێکخراوێکی ناحکوومییە کە لە ڕێگەی ڕێکخراوی وادی[1] لە سلێمانی بوودجەی بۆ بەشێک لە توێژینەوەکانی من لەسەر پرسی خەتەنەکردنی کچان و ژنان دابین کردووە. دیارە بەشێک لە بوودجەی ساڵانەی خۆیان لە ئەمریکا وەردەگرت، بەڵام نەیاندەگوت لە کوێ و لە کام بەشی حکوومەتی ئەمریکاوە ئەم هاوکاری و بوودجە دێ و منیش هیچ ئامرازێکم بۆ پشتڕاستکردنەوەی لێدوانەکانیان نەبوو.

هەندێ بەڵگەنامەیان پیشان دام وەکوو هەواڵ و ڕاپۆرتی دارایی کە هیڤۆس لە ماڵپەڕەکەیدا بڵاوی کردبووەوە. ئەوەی نیشانیان دام لە ڕاست دەچوو، بەڵام متمانەم بە کەس نەبوو و لە دڵی خۆمدا دەمگوت ڕەنگە بە فۆتۆشاپ دەستکارییان کردبێت. بە بازجووەکەم گوت، باشە بۆ نموونە هیڤۆس پرۆژەی لەگەڵ ئەمریکا جێبەجێ کردووە یان پارەی لە ئەمریکا وەرگرتووە، بەڵام خۆ سێ چوار نووسینگەی لە سەرانسەری جیهاندا هەیە، کار لەسەر پرسەکانی خەسار و زیانە کۆمەڵایەتییەکان، منداڵبوون، منداڵان، ژنان، ئایدز، تەندروستیی سێکسی و بێهداشت و لەشساغی و زۆر شتی تر دەکا و وەکوو هەر ڕێکخراوێکی ناحکوومی دیکە (NGO) لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە پارە وەردەگرێت. ڕێی تێدەچێ کە ئەمریکاش لە لیستی ئەو بوودجەدانەرانە بێت. ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە

١. WADI (Women advocacy and Development Initiative) ڕێکخراوی داهێنانی گەشە و پاڵپشتی لە ژنان، ڕێکخراوێکی ناحکوومییە کە پاڵپشتی لە ژنان و لاوان دەکات.

توێژینەوەی من لەسەر خەتەنەکردنی کچان و ژنان نییە و چۆن بەو لۆژیکەوە من بە هاوکاریکردن لەگەڵ حکوومەت و سیستەمی ئەمریکا تۆمەتبار دەکەن؟

● وێنەی ٣٨٢ - کاری مەیدانی لە خوزستان، ١٣٨٩ی هەتاوی (٢٠١٠)

ڕۆژێک بازجووەکەم دڵنیای کردمەوە و پرسی "ئایا لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ وادی لە سەر خەتەنەکردنی کچان و ژنان دەستت بە توێژینەوە کردووە؟" گوتم بەڵێ، بەڵام هاوکاریی ئێمە دارایی نەبوو و زیاتر هاریکاریی زانیاری و زانستی بوو. زانیاریم لەسەر خەتەنەکردنی کچان و ژنان و ڕێژەی ئەم دیاردە لە هەرێم و ڕێژە و مەیدانی کاری توێژینەوەکەمان لەگەڵیاندا هاوبەش کرد. وادی تەنها بۆ بەشی یەکەمی کارەکە کە ڕووماڵکردنی سەرەتایی ناوچەکان بوو، بوودجەی دابین کرد. دواتر لە ڕێگەی ئەوانەوە لەگەڵ هیڤۆس لە هۆڵەندا ئاشنا بووم. پێوەندییەکەمان توێژینەوەتەوەر بوو و لە چەند و چۆنییەتیی کارەکەیان ئاگادار نەبووم. وتیان هەتا ئێرەی پشتڕاست دەکەینەوە، بەڵام ئایا لەگەڵ هیڤۆس کارت کردووە و ڕاپۆرتی خەتەنەکردنی کچان و ژنانت بۆیان ناردووە یان نا؟ وتم دەمنارد، ئەمە یاسای هەموو گرێبەست و کارێکی توێژینەوەییە و شتێکی ئاساییە کە ئەنجامی کارەکەیان پێ بدەم. بە پێی ئەو گرێبەستەی کە لەگەڵیان هەبوو، ڕاپۆرتە زانستی و مەیدانییەکانم بۆیان دەنارد، بە مەرجێک کە ڕاپۆرتەکانم بۆ کاری ڕێکخراوەیی بە کار نەهێنن و بە هۆی ئەو بارودۆخە ئەمنییەی کە لە ئێراندا زاڵ بوو، لە میدیاکاندا ناوی ئەم پرۆژە نەهێنرێ و کارەکە تەنیا لێکۆڵینەوەیی بێ، ئەوانیش لە سەر بەڵێنەکەیان مانەوە.

پرسیاریان کرد کەواتە لەگەڵ هیڤۆس کارت کردووە؟ و من وتم بۆ ماوەیەکی دیاریکراو گرێبەستی کاریم لەگەڵیان هەبوو و ساڵانێکە کۆتایی هاتووە. لە کۆبەندیی گشتیدا گوتیان "کەواتە شێوازی کارکردنت ئەوەیە کە تۆ لەگەڵ وادی کارت کردووە و وادیش لەگەڵ هیڤۆس کاری کردووە. پاشان وادی تۆی بە هیڤۆسەوە بەستەوە و تۆ پرۆژەیەکت لەگەڵیان جێبەجێ کرد. ئەمریکا یەکێکە لە ٧٢ بوودجەدابینکەری هیڤۆس، کە وا بێت ئەمریکا وەک بوودجەدابینکەری کارە توێژینەوەییەکەت لە قەڵەم دەدرێ و تۆش هاوکاریت لەگەڵ حکوومەتی دوژمنکاری ئەمریکا کردووە و تاوانباری!

بۆچوونەکەیان سەیر بوو و پێم وایە تەنانەت بۆ خۆشیان پێکەنینی بوو. هەرچییەکم

دەگـوت بێسـوود بـوو و ئـەوان پێـشتر تەنانـەت لەبـارەی تاوانەکـەی منیـش بڕیاریـان دابـوو. وتـم ئێـوە بـە تەمـان شـتێک لـە منـدا شـک ببـەن بـۆ ئـەوەی شـەرعییەت بـە کارەکەتـان بـدەن، بـەڵام هەرچـی منـم، بـاوەڕم وایـە هیـچ تاوانێکـم لـێ نەوەشـاوەتەوە. مـن دەزانـم ئێـوە کوێتـان دێشـێ و کێشـەی ئێـوە لەگـەڵ مـن لـە سـەر بابەتـی دیکەیـە. ئـەوان دەیانویسـت ناچـارم بکـەن بـە دانپێدانـان و بڵێـم مـن هاوکاریـم لەگـەڵ حکوومەتـی ئەمریـکا کـردووە، لـە حاڵێکـدا کـە مـن هیـچ هاوکارییەکـی ڕاسـتەوخۆم لەگـەڵ حکوومەتـی ئەمریـکا نەبـووە و تەنانـەت ئـاگاداری هیـچ هاوکارییەکـی ناڕاسـتەوخۆش لەگەڵـی نەبـووم. وتیـان بـڕۆ ئەمـە بـە بازپـورس و دادوەر بڵـێ و بـەردەوام گاڵتەیـان پێدەکـردم و بـە گاڵتەجـاڕی و قسـەی توندوتیـژ ئەشـکەنجەی دەروونییـان دەدام.

سـەییدی سـەربازجووم بـە پێکەنینـەوە گوتـی کامیل هەموو شـتێکت یەک و یەکـە. دەزانی یانـی چـی؟ منیـش وتـم نەخێـر. ڕوونـی دەکـردەوە: دەزانـی کاڵای ڕیکلامیـی یـەک و یـەک کـە زۆر بەناوبانگـە چییـە؟ تـۆ وەکـوو ئـەو وایـت؟ هەمـوو شـتێکت یـەک و یەکـە، پێـش هەمـوو شـتێک ئیتلاعاتـی سـپای پاسـداران واتـە بەنـدی دووی ئەلـف کـە لـە ئێـران و لـە زیندانـی ئێڤیـن باڵادەسـتە، دوویـەم ئـەوەی کـە بازپورسـەکەت لـە لقـی یەکەمـی دادگای ئینقلابـی ئێڤینـە، ئەمـەش یانـی گرنگتریـن لقـی لێپێچینەوەیـە لـە دەزگای دادوەری. دەتنێـرێ بـۆ لای قـازی سـەڵەواتی کـە قـازی وڵاتێکـە. هـەر کەسـێک دەچێتـە لای قـازی سـەڵەواتی بەڕاسـتی یـەک و یەکـە. کەسـێکی بەناوبانگـە، تـۆ پاکێجێکـی تـەواوی و لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە یـەک و یەکـی!" دەیانویسـت دڵـم داخورپێنـن و دەیانگـوت: دەبینیـن کـە زەردەخەنەکانـی ئێسـتات چـۆن دەبنـە گریـان.

گاڵتـە و ئەشـکەنجە دەروونییەکانیـان کۆتایـی نەدەهـات و بـەردەوام هەراسـانیان دەکـردم، هەندێـک جـار قسـەی وایـان دەکـرد کـە دواتـر لـە بەنـدە تاکەکەسـییەکەمدا تێدەگەیشـتم کە مەبەسـتیان چـی بـووە. ڕۆژێکیـان چاپکـراوی نامەیەکیـان هێنـا کـە پیشـانی دەدا وەزارەتـی دەرەوەی ئێـران هیڤۆسـی خسـتۆتە لیسـتی ئـەو ڕێکخـراو و داموودەزگایانـەی کـە کارکـردن لەگەڵیانـدا قەدەغەیـە. بـە گاڵتەجاڕییـەوە دەیانگـوت حکوومـەت هاوڕێکانـی خۆتـی واتـە هیڤۆسـی خسـتۆتە لیسـتی ڕەشـەوە. ناوبـراو ئامـاژەی بـە حکوومەتـی ئیسڵاحتەڵەبـەکان (ڕیفۆرمخـوازەکان) دەکـرد و جەختـی لـەوە دەکـردەوە کـە هیڤـۆس بـە هـۆی چالاکییـە گوماناوییەکانـی لـە ئێرانـدا قەدەغـە کـراوە. نەیدەگـوت ئـەم یاسـایە لـە سـاڵی ٢٠١٠ ڕاگەیێنـدراوە و توێژینەوەکـەی مـن لـە سـاڵی ٢٠٠٩ دەسـتی پێکـردووە، دەیگـوت یاسـاکە هـی چەنـد سـاڵێک پێـش ئێسـتایە و خـۆی قسـەکانی خـۆی ڕەت دەکـردەوە کـە حکوومەتـی خۆمـان ئـەم یاسـایەی دەرکـردووە.

بـە پشـکنەرەکەم گـوت تـۆ لـە مـن بـاشتر پێشـینە و بۆچییەتیـی دەسـتپێکردنی ئـەم بابەتە

دەزانـی، ئاشـنابوونم بـە بابەتـی خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان زۆر سـەربەخۆیانە، دوای مردنـی دایکـم و گەڕانـەوەم بـۆ ئێـران لـە سـاڵی (١٣٨٥ هەتـاوی) ٢٠٠٦ دەسـتی پێکـرد، فیلمێکـم لەسـەری دروسـت کـرد و دوای چەندیـن سـاڵ لـە کارکـردن لەسـەر پرسـی خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان لەگـەڵ وادی ئاشـنا بـووم و دوو سـاڵ دواتـر پەیوەندیـم بـە هیڤۆسـەوە کـرد. ئێسـتا یەکێـک لـە حەفتـا و دوو وڵاتـی دابینکەرانـی بوودجـەی ئەم ڕێکخـراوە وڵاتـی ئەمریکایە و منیـش وەڵام دەدەمـەوە کـە بۆچـی یەکێـک لـە بەشـداربووانی دابینکەرانـی بوودجـەی ئـەم ڕێکخـراوە وڵاتـی ئەمریـکا بـووە. ئێـوە پێویسـتتان بـە کەسـێکە کـە مـاددەی ٥٠٨ی یاسـای بنەڕەتیـی ئێرانـی بـە سـەردا بسـەپێنن و بڵێـن لەگـەڵ ئەمریـکای بەنـاو دوژمنـکاردا کارت کـردووە، ئێـوە هـەر ئـەو کارە لەگـەڵ منـدا دەکـەن و هیـچ قسـە و ڕوونکردنەوەیـەک بـۆ ئێـوە گرنـگ نییـە.

توێژینەوەی ناهاوسانان (هاوڕەگەزخوازان) و هەستیاریی بازجووەکان

لـە درێـژەی ڕۆژی سـێیەمدا، بازجـووەکان لـە بابەتـی خەتەنەکردنـی کچـان و ژنانـەوە بازیـان دا بـۆ پرسـی ئێڵ.جی.بـی .تـی (LGBT) و توێژینەوەکەمـان لەسـەر کەسـانی ناهاوسـانانیان وەک خۆیـان دەڵێـن، هاوڕەگەزخـوازان. ئـەم بابەتـە بـۆ کۆمـاری ئیسلامـی وەکـوو نامـووس وایـە و بـە قسـەی بازجـووەکان پەنجـەم لـە سـەر یەکێـک لـە هەسـتیارترین کێشـە کۆمەڵایەتییـەکان دانابـوو. ئـەم توێژینـەوە لـە لەنـدەن لـە چاپخانـە دانرابـوو و ئێمـەش بڕیارمـان دابـوو کـە لـە کاتێکـی گونجـاو و بـە هەماهەنگییـەوە چـاپ و بڵاو بکرێتـەوە. داوایـان لێکـردم پـرۆژەی ئێڵ.جی.بی.تـی (LGBT) ڕوون بکەمـەوە. دەسـتم کـرد بـە ڕوونکردنـەوە و گوتـم لـە کاتـی توێژینـەوەی هاوسـەرگیریی سـپیدا، بـە شـێوەیەکی بەرچاوتـر تووشـی ئـەم بابەتـە بـووم و توێژینـەوەم لـە سـەر ئەنجـام دا. پاشـان وتـم کـە دەبێ خۆتـان ئـەم توێژینەوەتان لـە سـەر لاپتۆپەکـەم بینیبێـت. زانیـم کـە پرینتیـان لـە توێژینەوەکـە هەڵگرتبـووەوە و لەسـەر مێـزی بازجـوو دانـراوە، بـەڵام ڕووبەرگەکـەی لەگـەڵ ئـەوەی مـن فەرقـی هەبـوو. بازجـووە بـە ڕواڵـەت میهرەبانەکـە وتـی: کامیـل پیـرۆزە، کتێبەکـەت لـە مـاوەی ئـەم چەنـد ڕۆژەی وا میوانـی ئێمـە بـووی لـە لەنـدەن چـاپ کـراوە" بـاوەڕم پێـی نەکـرد، بـەڵام دواتـر بـۆم دەرکـەوت کـە دەزگای بڵاوکردنـەوە کتێبەکـەی چـاپ و بڵاو کردووەتـەوە.

وتـی باسـی هاوکارەکانتـم بـۆ بکـە. گوتـم هاوکارانـم ئەمانـەن کـە ناویـان لـە لاپـەڕەی دەستخۆشـی و پێزانینـدا هاتووە. ناوێکی هەڵبژارد و وتی زیاتر سـەرنجت لەسـەر ئەم کەسـە بێ و باسـی ئـەوم بـۆ بکـە. ئـەوی دووەم خانمێـک بـوو کـە لەبـارەی ئـەو پرسـیارم لێکـرا و هەڵبـەت یەکـەم کەسـێک بـوو کـە دواتـر تۆمەتـی سێکسـی خسـتە پاڵـم. پشـکنینەکەیان سـەبارەت بـە

هاوکارەکانم ئاوا بوو، بۆ نموونە لە توێژینەوەی هاوسەرگیریی منداڵان چەند هاوکارت هەبوو؟

کامیل ئەحمەدی هاوڕێمان لە زیندانە. کتێبەکەی لە دەرەوە و ناوەوەی ئێران چاپ دەکەین. بە هیوای ئازادیی توێژەری بیرتیژ و وریا.

● وێنەی ٣٨٣ - مزگێنیی چاپ لە فەیسبووکی چاپخانەی مێهری

دەمگوت ٦ کەس. دەیکوت ناوەکانیان بێژە؟ دەمگوت ناوەکان لەبەردەستی خۆتانە، خۆ من ناوی هەموویانم لەبیر نییە. کتێبەکەی پێدەدام و دەیگوت دەربارەی فڵان کەس ڕوونکردنەوە بدە و پێم بڵێ ماوەی چەندە پێکەوە کارتان کردووە. چەند هاوکارێکمیان لە پرۆژەی هاوسەرگیریی منداڵان هەڵبژارد و وتیان باسی ئەوان بکە. ئەم شتانە ڕوویان دەدا، بەڵام زیاتر سەرنجیان خستە سەر خاتوو ڕ. میم و ئەم کەسە کە لە ئیسفەهان لەگەڵی ئاشنا بووم. هەر دووکیان بۆ ماوەیەکی کورت هاوکارییان کردم. وتم ئەو کەسێکە کە هۆگری بەرهەمەکانمە. لە کاتی پەردەلادان لەسەر کتێبی خەتەنەکردنی کچان و ژنان لە ئیسفەهان چاوم پێی کەوت. پەیوەندیی لەگەڵم درێژە پێدا و بۆ پرۆژەی هاوسەرگیریی منداڵان چوومە ئیسفەهان. لەوێش ڕۆژێک لەگەڵم هات بۆ کاری مەیدانی، بەڵام لەبەر ئەوەی باوکی ڕازی نەبوو، هاوکارییەکەی پچڕاند. کاتێک من کارم لەسەر هاوسەرگیریی سپی دەکرد، ناوبراو هەندێک دیمانەی مەیدانی ئەنجام دا و چالاکتر کاری لەسەر پرسی ناهاوسانان (هاوڕەگەزخوازان) کرد، هەر ئەوەندە و هیچی تر.

بازجوو دەیزانی کە ئەم ژنە کۆمەڵگەی ئێڵ.جی.بی.تی (LGBT) ئیسفەهان زۆر باش دەناسێت. ئەم خانمە لە ماوەی هاوکاری نواندنی لە پرۆژەکەدا ڕۆژێک بە ترس و لەرزەوە تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی کە بانگ کراوم. پاشان ڕوونی کردەوە کە لەوانەیە لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێ و خۆی لە ئێمە دوور دەگرێت، چونکە نایهەوێ زیان بە توێژینەوەکە بگات. هەموومان پەشۆکاین و ترساین، هەم ڕووداوەکە جیددی بوو و

هەمیش بابەتی توێژینەوەکەمان هەستیار بوو. وتم پێم وایە باشترین کار هەر ئەوەیە و سپاسیم کرد کە لەگەڵمان ڕاستگۆ بووە. وتی خۆی تەلەفۆنمان بۆ دەکات. دوای ماوەیەک تەلەفۆنی کردەوە و وتی جێی نیگەرانی نییە.

بازجووەکان وتیان کە ئەم خاتوونە خۆی ئەندامی کۆمەڵگەی ئێڵ.جی.بی.تی (LGBT)ـیە و بە تووڕەییەوە پرسیاریان کرد: بۆ ڕاستییەکان ناڵێیت؟ ئێوە پەیوەندییەکی نزیکتان پێکەوە هەبوو. لە چەتەکانتدا بینیمان کە ڕێنماییت دەکرد. باسی ئەمانە و شتی ترمان بۆ بکە ... ئەوەش بڵێ کە ئەو یەکێک لە بەڕێوەبەرانی فڵان کەناڵی تێلێگراممییە، کەناڵێکی تێلێگرام کە چەند هەزار ئەندامی هەیە. بەڕاستی من ئەم شتانەم نەدەزانی. مێشکم قەپات ببوو. هەموو وا دەزانن کە زۆرێک لەو شتانەی کە لە کاتی لێپرسینەوەدا لە دژی تۆمەتبار دەخرێنە ڕوو درۆن یان ئەوەی کە زۆر ڕاست نین، بەڵام ناتوانین دەستنیشانی بکەین کە کام قسە ڕاستە یان کامیان دەرهاویشتەی عەقڵی نەخۆشی بازجووە.

ماوەی لێپێچینەوەکەم (بازجوویەکەم) زۆر سەخت بوو، هەندێک جار لە کاتژمێر هەشتی بەیانییەوە دەستی پێدەکرد و هەتا کاتژمێر هەشتی شەو بەردەوام دەبوو. لە هەندێک حاڵەتدا پاسەوانی زیندان دەهات و دەیگوت نابێ لە ٦ کاتژمێر زیاتر لێپێچینەوە لەگەڵ تۆمەتباردا بکرێ و ئەمە پێچەوانەی یاسایە. زۆرم پێ سەیر بوو کە خۆیان لەبارەی یاساکانەوە دەنگی یەکتریان دەدا یان ڕواڵەتبازییان دەکرد. ئەگەر لەگەڵ زیندانەوانەکە بام و بمگوتبا ماندووم، دیارە زۆر ئیمتیاز و هەڤیازیم لەدەست دەدا، ڕۆژی دواتر زیاتر زەختیان لێ دەکردم و لە ڕووی دەروونییەوە ئەشکەنجەیان دەدام، بۆیە باشتر وا بوو کە بەرگە بگرم و هیچ نەڵێم.

جگە لەوەش ژیانکردن لە زیندانی تاکەکەسیدا بە ڕاستی ترسناک و دڵتەزێنە. مرۆڤ نایهەوێ بگەڕێتەوە بۆ ژووری تاکەکەسی و ئامادەیە لە ژێر لێپێچینەوەدا بمێنێتەوە. ئەشکەنجەی زمانی و سووکایەتی و گاڵتەکردن و شۆخی و گەنجەفەی ناشیرین قبووڵ دەکا بەڵام بەومەرجەی کەسێک قسەی لەگەڵ بکات. دڵەڕاوکێی گەڕانەوە بۆ ژوورەکەم هەمیشە دڵمی دەگووشی و دواتر کە لەگەڵ پاسەوانەکانی زیندان باسم دەکرد، بۆم دەرکەوت کە زۆر کەس ئەزموونی منیان هەبووە. زیندانییەکان دەزانن تا زیاتر لەبەردەم بازجوو دابنیشن، لاوازتر و خەسارهەڵگرتر دەبن، بەڵام ئەم مەترسییە قبووڵ دەکەن. پشکنەر باش دەزانێ کە تۆمەتبار نایهەوێ بگەڕێتەوە بۆ بەندە تاکەکەسییەکەی، بۆیە بە خاترجەمی دەیهێڵێتەوە و قسەی لەگەڵ دەکا بۆ ئەوەی وەک خۆیان دەڵێن بەڵگەی زیاتر بەدەست بهێنن.

دوای ماوەیەک بازجووەکەم چیتر لە پشت ئاوێنە و شووشە دانەدەنیشت و دەمبینی.

سەرەتا کورسییەکەی منی پشت بە خۆی و ڕوو لە دیوار دادەنا، بەڵام وردە وردە ئەم حاڵەتەش کۆتایی هات و چاو بە چاو قسەمان دەکرد. لەسەر کورسییەکی دەسکدار وەکوو کورسیی قوتابخانە دادەنیشتم، وەڵامی پرسیارەکانیم دەدایەوە و پاشان وەڵامەکانم لەسەر کاغەزێک دەنووسی. بە درێژایی هەموو ژیانم ئەوەندە بە دەست نەمنووسیبوو و هەمیشە بە کۆمپیۆتەر تایپم دەکرد. لەم ماوەی لێپێچینەوەدا بەردەوام کاغەز و قەڵەمیان پێدەدام و دەبا بمنووسیبایە. هەم ئەم نووسینە بۆ من قورس بوو و هەمیش پیاسەکردنی بازجووەکە شێتمی دەکرد و نەیدەهێشت تەرکیز بکەم.

● وێنەی ٣٨٤ - ژووری لێپێچینەوەی شووشەیی

بازجووەکە، سک زل، باڵابەرز، قژ خورمایی و ڕیش و سمێڵدار بوو و تەمەنی نزیک چل ساڵان دەینواند و ڕوخساری تەواو لە بازجوو دەچوو و لەهجەی مەشهەدی هەبوو. ئەو گروپەی کە لە ئیتلاعاتی سپای پاسداران بەرپرسی دۆسیەی من بوون، خەڵکی مەشهەد و دەستوپێوەندی عەلەمەلهودا[1] بوون. بازجووەکەم زیرەک و بیرتیژ بوو، ئینگلیزییەکەی خراپ نەبوو و زۆربەی چالاکانی بواری ژنان و خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی دەناسی. خۆی باسی کرد کە دەرچووی بواری کۆمەڵناسییە لە زانکۆی تاران. هەرگیز لە ناوەکەی تێنەگەیشتم، بەڵام ئیدیعای ئەوەی دەکرد کە من ئەو کەسەم کە لێپێچینەوەم لە نەسرین ستوودە کردووە، ئەوە من بووم کە لێپێچینەوەم لە مێهرەنگیز کار کرد، من یەکێک بووم لە بازجووەکانی شیرین عیبادی. دەیگوت ئەندامی گروپی چاودێریی چالاکییە فێمینیستەکان بووە و ئەوانەش دەناسێ کە لە گروپە فێمینیستییەکانی دەرەوەی ئێران لە وڵاتانی کەنداو و وڵاتانی دیکەی دراوسێ کارگەی ڕاهێنانیان بەڕێوە بردووە. هەروەها ناو و نازناوی بۆ هەڵبژاردبوون: فێمینیستە شانۆییەکان، فێمینیستە ناوزەردەکان، فێمینیستە لەشفرۆشە

١. ئەحمەد عەلەمەلهودا (لەدایکبووی ١٠ی خەرمانانی ١٣٢٣ی هەتاوی/ ١ی ئەیلولی ١٩٤٤)، مەلای شیعە و لە بناژۆخوازە توندڕەوەکانی ئێرانە. پێشنوێژی هەینی شاری مەشهەدە و لە ڕەشەمەی ١٣٩٤ ی هەتاوییەوە (ئاداری ٢٠١٥) نوێنەری وەلی فەقێی خوراسانی ڕەزەوییە و لە ساڵی ١٣٨٦ی هەتاوییەوە (٢٠٠٧ ز) نوێنەری مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەرییە (ئەنجومەنی شارەزایان) لە پارێزگای خوراسان ڕەزەوی. لە ساڵی ١٣٦١تا ١٣٨٤ی هەتاوی (١٩٨٢ تا ٢٠٠٥) لە زانکۆی ئیمام سادق جێگری پەروەردە و خوێندنی باڵا بووە و یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەم زانکۆیە و هەروەها ئەندامی کۆمەڵەی ڕۆحانییەتی موبارزە (مەلایانی خەباتکار).

لزبییەنـەکان، فێمینیسـتە فۆنداییـەکان و ... .

دواتـر پێـی وتـم کـە دەسـتی هـاوڕێ بوودجەدانـەرە ئەمریکییەکانـت خـۆش بـێ، ماڵیـان ئـاوەدان بـێ، لـە گورجسـتان کارگـەی فێـرکاری دادەنێـن، هەندێـک لـەو ژنانەی کە ئـارەزووی گەشـتکردنی بەخۆڕایـی و مـەی خواردنـەوە دەکـەن و دەیانهـەوێ ببنـە پاڵـەوان، فریـو دەخـۆن و دەڕۆن. چـاوەڕێ دەبیـن هەتـا کارگـەی فێـرکاری بەڕێـوە بچـێ و بگەڕێنـەوە بـۆ ئێـران، پاشـان دەیانهێنینـە ئێـرە، لەسـەر یەکێـک لـەم کورسـیانە دادەنیشـن و وەڵامـی پرسـیارەکان دەدەنـەوە، دەکەونـە گریـان و پاڕانـەوە، دەچنـە زینـدان و بابەتەکـە دەبڕێتـەوە. پێدەکەنـی و دەیگـوت سـەد ڕەحمـەت لـە هەنـدێ کـەس کـە بوودجـە لـە نەیـاران وەردەگـرن، بـەڵام ئـەم کارە گڵاوانـە ناکـەن و منداڵـی خەڵـک بەدبەخـت ناکـەن!

کامیل تۆ چەندە بەتامی!

ڕۆژێـک منیـان بـردە ژووری لێپێچینـەوە و بازجـوو دوای مـن هـات. دەنگـی هەنگاوەکانیـم ناسـییەوە و زانیـم کـە بەڕێوەیـە و دێـت. لـە پشـت درگاکـەوە هـەر ملچـەی دەمـی دەهـات و دەیگـوت تـەح چەنـدە بەتامـی! پرسـیم: بـەم بەیانییـە چ خواردنێکـی خـۆش و بەتامـت خـواردووە؟ سـەروپێ؟ وتـی نەخێـر. سـەروپێ نـا، بـەڵام بیـرم لـەوە دەکـردەوە کـە بۆچـی پێـشتر نەمدەزانـی تـۆ ئەوەنـدە خۆشـتامی! وتـم مەبەسـتتان چییـە؟ ئەمـە ئەدەبیاتێکـی مەترسـیدارە! بـە پێکەنینـەوە وتـی: "نـا! نەخێـر! مەبەسـتم ئـەوە نییـە و ئـەو بیـر و خەیاڵانـەی کـە لـە مێشـکی تۆیـە، لـە مـن ناوەشـێتەوە! تەنیـا تێگەیشـتووم کـە تـۆ نێچیرێکـی زۆر بـە تامیـت، پێشتریـش ئـەوەم نەدەزانـی!" ئێسـتا پێـت دەڵێـم ...

چـووە خـوارەوەی هۆڵەکـە و پەرداخێـک ئـاوی سـاردی هەڵگـرت و وتـی کەشـتییەکەمان وەرگرتـەوە. مـن لـە ڕووداوەکانـی جیهانـی دەرەوە بێئـاگا بـووم، بـەڵام ئـاگاداری دەستبەسـەرداگرتنی کەشـتیی ئێـران بـووم. پرسـیم: کام کەشـتی؟ گوتـی ئـەوەی وا وڵاتـی ئێـوە بەریتانیـا لـە جەبەلولتاریـق ڕایگـرت و ناچـاری کردبـوو کـە لەنگـەر بگرێـت ... ئەمـڕۆ وەرمانگرتـەوە، بـەڵام بەهـۆی دەڵانـی سـووتەمەنی و مەترسـییەکانی بـۆ سـەر ژینگـە لـە کەنـداوی فـارس دەسـتمان بەسـەر کەشـتییەکەیاندا گـرت و بـەم زووانـەش نایدەینـەوە.[1] بـە ڕاسـتی لێـت مەمنوونـم، زۆر هاوکاریـت کردیـن. وتـم، پێـت وایـە بەهـۆی منـەوە ئـازاد کـراوە؟ وتـی: ئەیچـی کـورە! ئێـوە لانکـەی شارسـتانیەت و مافـی مرۆڤـن و لەوانەیـە بـە هـۆی هەمـوو

1. Hall, Richard. British-Iranian academic arrested in Iran amid tanker row. Independent, 14 August2019:www.independent.co.uk/news/world/middle-east/british-iranian-kameel-ahmady-iran-tehran-tanker-prison-nazanin-zaghari-ratcliffe-a9056786.Html

ئەمانە بە بێتاوان دەربچیت ... تۆ هی ئەوێی، دنیایەک ڕاهێنانیان پێکردووی و کاتیان لە سەر ڕاهێنانەکەت تەرخان کردووە. ئەوەندە سەرمایەگوزارییان لە سەر تۆ کردووە کە لەبەر تۆ کەشتی ئازاد دەکەن! دەستتان خۆش بێ کە بە باشترین شێوە خزمەتت بە کۆماری ئیسلامی کرد، هەڵبەت دەزانم کە ئێوە زۆر ئینتیماتان بۆ کۆماری ئیسلامی نییە و زیاتر دەروەستی شاژنن ...

● وێنەی ٣٨٥ - ئازادکردنی تانکەری ئێرانی لەلایەن هێزی دەریایی بەریتانیاوە

پێدەکەنیم و دەمویست بزانم قسەکانی ڕاستە یان نا. گوتم: کەواتە، دوای خواردنی نانی نیوەڕۆ ماڵاوایی لە یەکتر دەکەین؟ وتی نەخێر! خاڵی گرینگ ئەوەیە ... خۆ پێتم گوت تۆ پاروویەکی خۆشی، جارێ بەشێک لە خزمەتەکانت پێشکەشی کۆماری ئیسلامی کردووە و بەشەکانی دیکە هێشتا ماون. پشت بە خوا دەگەینە کارەکانی دیکەش، تۆ پاکێجێکی تەواوی و دەتوانرێ لە سۆنگەی جیاوازەوە سوودت لێ وەربگیرێت. من بەختەوەرترین بازجووم کە تووشی تۆ بووم و دۆسییەکەت لە ژێر کۆنترۆڵی منداید. کاتێک بتوانین بە هۆی تۆوە کەشتییەک وەربگرینەوە، دیارە دەتوانین کاری دیکەشت پێ بکەین. هەم دووڕەگەزنامەییت، هەم کوردی و هەمیش سوننە. لە هەموو چالاکییەکانتدا باست لە پرسە کۆمەڵایەتییە هەستیارەکان کردووە. هەرچی سەیرت دەکەم، تۆ توخمێکی پەنگراوت هەیە کە دەتوانین سوودت لێ ببینین. هەر یەک لەمانە دەتوانرێ بکرێتە پرۆژەی جیاواز. ئێمە لێرە گەلێ زیندانیی کوردمان هەیە کە لەسەر چالاکی سیاسی یان جودابیخوازی دەستگیر دەکرێن. تا بڵێی زیندانی سوننەمان هەیە بەتایبەت کە هاوڕێکانت لە ناو گروپە سەلەفی و بەلووچەکانیشدا چالاکییان زۆرە، ماشەڵڵا تا لە سەری دانێی دووڕەگەزنامەییمان زۆرە. دووانیان هەر لێرە لای خۆتن، نازەنین زاغەری (ڕادکلێوف) ماوەیەک پێش ئێستا لێرە بوو و خۆم بازجووی بووم. لە توێژینەوەکانتدا ڕووت لە خاڵە هەستیارە ئێتنیکی و شوناسییەکانیش کردووە و کارت لە سەر ئەم بوارە گرنگانە ئەنجام داوە... دەتهەوێ هەموو ئێران بخەیتە ژێر ڕکێفی خۆت؟ هەستم کرد هەندێک لە قسە و تیۆرییەکانی ڕاستن. بە

زەردەخەنەیەکی بێرێزانەوە ئەم قسانەی دەکرد کە من ترسام.

من دووڕەگەزنامەیی بووم و لەگەڵ ئەوەشدا لێکۆڵەر و کورد و سوننە بووم و لەبەر هەر یەک لەمانە دەیانتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر لە زیندان بمهێڵنەوە. ئەگەر سیستەمی ئیتلاعاتی بیویستایە دەیتوانی دۆسیەکەم پەیتا پەیتا قورس و قورستر بکات. ئەو ڕۆژە پرسیارم لە خۆم دەکرد کە ئایا دووڕەگەزنامەییبوون دەتوانێ کاریگەری لەسەر ئەوەی ڕووی داوە، هەبێت؟ و پاشان بیرم لەو ڕووداوانە دەکردەوە کە ڕوویان دابوو. ئەوان دەمێک بوو دەیانویست بمگرن، بەڵام ئەوان ئەو کارەیان ڕێک ئەو کاتە کرد کە کەشتییەکەیان لەلایەن هێزی دەریایی بەریتانیاوە لە جەبەلولتارق دەستی بەسەردا گیرابوو. دەیانتوانی چەند هەفتەیەک پێشتر یان دواتر دەستگیرم بکەن، بەڵام وا دیار بوو دەیانویست لە کاتێکی گونجاودا ئەو کارە بکەن و پلانیان بۆ دانابوو. وەک هەمیشە دەیانویست دووڕەگەزنامەییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان بەکار بهێنن و ئێستاش دڵخۆش بوون کە کەشتییەکەیان وەرگرتووەتەوە. پشکنەرەکەم خۆی پێ قارەمان بوو و منیش تووڕە و بێدەسەڵات بە پێکەنینەوە گوتم: سەیید، هیوادارم مەدالیا وەربگری و پۆست و پلەت بەرز ببێتەوە ... .

بۆ سەلماندنی قسەکەی سەبارەت بە کەشتییەکە، ڕۆژی دواتر ڕۆژنامەیەکی لەبەردەمم دانا و وتی ها درۆم نەکرد.[1] پاشان وتی کامیل ئێستا کارەکانمان ئاسان، و بەرنامەیەکی خشتەئاسای لە گیرفانی دەرهێنا و بەردەوام بوو و وتی زۆر چاکە، ئێمە بەپێی ئەم ڕۆژنامە بەردەوام دەبین، سەبارەت بە خەتەنەکردنی کچان و ژنان و هاوڕەگەزبازەکان کە قسەمان تەواو کردبوو. لەمەودوا باسی هاوسەرگیریی منداڵان یان منداڵهاوسەری دەکەین. پاشان دەچینە سەر سیغەی مەحرەمییەت و ئەو توێژینەوەیەی کە لەسەر هاوسەرگیریی سپی کردووتە، دواتر سەبارەت بە کاری "لە سنوورەوە بۆ سنوور" کە سەبارەت بە ئێتنیکەکانە قسە دەکەین، لە کۆتاییدا دەچینە سەر باسی منداڵانی زبڵگەڕ. گوتیشی "ئێمە کار و چاوپێکەوتنەکانتانمان خوێندووەتەوە و هەروەها لە دژت تویتێکی زۆرمان لێ داوە و لە میدیاکاندا بابەتمان نووسیوە[2]، لە کەیهان چەند جارێک لەسەر تۆ سەردێڕ[3]مان نووسیوە،

---

١ . کەشتی گریسی ١ ئازاد بوو، هەواڵدەریی ئیرنا،٢ ی ٤گەلاوێژی ساڵی ١٣٩٨ ی هەتاوی (١٥ئاگێستی ٢٠١٩)
www. irna.ir/xjvdFg

٢ . کۆنفرانسی فێمینیستەکان بە بێ شارەزایانی ڕەخنەگر لە بواری سنووردارکردنی هاوسەرگیری، ماڵپەڕی ڕۆژنامەی کەیهان، ٦ ڕێبەندانی ساڵی ١٣٩٧ هەتاوی (٢٦ی ژانڤییەی ٢٠١٩)

https:/kayhan. ir/000dsU

٣ . دژایەتیکردنی هاوسەرگیری لە ڕێگەی بیانووی دووپاتە و پەرەدان بە شێوازی ژیانی لادان! ماڵپەڕی ڕۆژنامەی کەیهان ، 2 بەفرانباری 1398 هەتاوی (٢٣ی دیسامبەری ٢٠١٩)

https:/kayhan. ir/000kIf

ئاگامـان لێیـە خەریکـی چیـت.

وتم: خوا چاکت بۆ بکا کە لانیکەم نایشاریتەوە کە کاری ئێوە بووە.

کد خبر: ۱۵۳۲۹۴ تاریخ انتشار : ۰۶ بهمن ۱۳۹۷ - ۲۱:۰۲

سرویس کیهان » اخبار الف الف

همایش فمنیستی با حذف کارشناسان منتقد برای محدودیت ازدواج

موافقان محدودیت سنی ازدواج در حالی اظهار می‌کنند که طرح افزایش حداقل سن ازدواج به دلایل سیاسی رد شده است که برخی از آنان با حذف کارشناسان منتقد، نشست علمی و پژوهشی را به سطح همایشی فمنیستی و سیاسی تقلیل می‌دهند.

پس از رد کارشناسی طرح افزایش حداقل سن ازدواج در کمیسیون حقوقی و قضایی مجلس شورای اسلامی که براساس نظر کارشناسان و صاحب‌نظران حوزه ازدواج انجام شد، موافقان طرح با عوام‌فریبی و سیاه‌نمایی موضوع، سعی در اعاده طرح به صحن علنی مجلس را دارند.

با توجه به اهمیت مسئله افزایش حداقل سن ازدواج و نپذیرفتن رد طرح از سوی طراحان، بحث و تبادل‌نظر پیرامون بررسی طرح ایجاد محدودیت سنی برای ازدواج افراد به همراه جدال رسانه‌ای ادامه یافت.

در همین راستا، نشستی با عنوان «بررسی علمی- پژوهشی طرح افزایش حداقل سن ازدواج» و با حضور مخالفان و موافقان طرح مذکور در دانشگاه الزهرا (س) تدارک دیده شد. این نشست که قرار بود در مورخه اول بهمن ماه 97 در دانشگاه الزهرا برگزار شود بدون اعلام رسانه‌ای و کاملاً مخفیانه در محل کتابخانه ملی برگزار شد.

کۆدی هەواڵ: ١٥٣٢٩٤ ڕێکەوتی چاپکردن: ٢٦ ژانڤییە ٢٠١٩-٢١:٠٢

بەشی کەیهان: هەواڵەکان ئەلف ئەلف

کۆڕبەندی فێمینیستی بە بێ پسپۆڕانی ڕەخنەگر بۆ سنووردارکردنی هاوسەرگیری

لایەنگرانی سنووردارکردنی تەمەنی هاوسەرگیری دەڵێن کە گەڵاڵەی زیادکردنی لانیکەمی تەمەنی هاوسەرگیری بە هۆکاری سیاسی ڕەت کراوەتەوە کە هاوکات بەشێکیان بە دوورخستنەوەی شارەزایانی ڕەخنەگر، کۆبوونەوەیەکی زانستی و توێژینەوەیی بۆ ئاستی کۆڕبەندێکی فێمینیستی و سیاسی کەم دەکەنەوە.

دوای ئەوەی گەڵاڵەی زیادکردنی لانیکەمی تەمەنی هاوسەرگیری لە کۆمیسیۆنی یاسایی و دادوەری مەجلیسی شۆرای ئیسلامی کە لەسەر بنەمای بۆچوونی پسپۆڕان و شارەزایانی بواری هاوسەرگیری بوو لە ڕووێ کارناسییەوە ڕەت کرایەوە، لایەنگرانی ئەو گەڵاڵە هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی جەماوەرفریودان و ڕەشکردنەوەی بابەتەکە گەڵاڵەی زیادکردنی تەمەنی هاوسەرگیریی بگەڕێننەوە بۆ مەجلیس.

بە سەرنجدان بە گرنگیی پرسی زیادکردنی لانیکەمی تەمەنی هاوسەرگیری و ملنەدان بە ڕەتکردنەوەی گەڵاڵەکە لە لایەن گەڵاڵەدارێژەرانی ئەم بیرۆکە، گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەسەر پێداچوونەوە بە دانانی سنووری تەمەن بۆ هاوسەرگیری هەتا ئاستی مشتومڕی میدیاکان بەردەوام بوو.

هەر لەو پێوەندییەدا، بە ئامادەبوونی نەیاران و لایەنگرانی گەڵاڵەی ئامازەپێکراوە، کۆبوونەوەیەک لە ژێر ناوی "پێداچونەوەی زانستی - توێژینەوەیی بە گەڵاڵەی زیادکردنی لانیکەمی تەمەنی هاوسەرگیری" لە زانکۆی ئەلزەهرا (س.ع) ڕێک خرا. کۆبوونەوەکە کە بڕیار بوو لە ١ی ڕێبەندانی ٩٧ی هەتاوی (شوباتی ٢٠١٨) لە زانکۆی ئەلزەهرا بەڕێوە بچێ، بەبێ ڕاگەیاندنی میدیایی و تەواو نهێنییانە لە کتێبخانەی میللی بەڕێوە چوو.

● وێنەی ٣٨٦ - سەردێڕی ڕۆژنامەی کەیهان لە دژی من

تێگەیشتم کە ئەو و بازجووەکانی دیکە سەبارەت بە پرسی هاوسەرگیریی منداڵان هەستیاریی تایبەتییان هەیە. بە منی دەگوت بۆچی پێت وایە تەمەنی هاوسەرگیری

دەبێ زیاد بکرێت؟ قسەی ئاغا گیانت (مەبەست ئایەتوڵڵا خامنەییە) نەبیست کە لە سەفەری خۆی بۆ کرماشان دەیگوت نەوەی ئێمە بەرەو پیری دەچێ و پێویستە مشووری لێ بخۆین؟ قسەکانی ئاغا گیان کۆتاوتەیە و کاتێک دەڵێ سیاسەتی حەشیمەتیمان هەڵە بووە و پێویستی بە چاکسازییە، ئیتر جێی قسە بۆ کەس ناهێڵێتەوە. لە سەردەمی ڕەفسەنجانیدا کۆنترۆڵی دانیشتوان جێبەجێ کرا و دواتر خۆی داوای لێبوردنی کرد و دانی بەوەدا نا کە هەڵەی کردووە. ئێستاش فەرمانێکی حکوومەتی دەرچووە کە دەبێ ئەمانە بگۆڕێت. کەچی تۆ بە ڕوونی بەدوای یاسایەکدا دەگەڕێیت کە ڕێگری لە هاوسەرگیریکردنی زۆرێک لە گەنجەکانمان دەکا و شێوازی ژیانی ئیسلامی و ئارەزووی سێکسییان تێک دەدات!

فەزاکە لە بازنەی پشکنین و بازجوویی دەرچوو و گفتوگۆکەمان بە ئاراستەیەکدا ڕۆیشتبوو کە دەمتوانی بزانم چەندە بە ئایدیا و بیر و باوەڕەکانیان پابەندن و ئیمانیان پێی هەیە. کاتێک لێم پرسی لە چ تەمەنێکدا هاوسەرگیری کردووە، وتی خوار ١٨ ساڵ، دواتر بۆم دەرکەوت کە هەر سێ بازجووەکەم لە خوار تەمەن ١٨ ساڵییەوە هاوسەرگیرییان کردووە و دەیانهەوێ کچ و کوڕەکانیشیان هەر لە خوار ئەم تەمەنەوە هاوسەرگیری بکەن. من ڕووبەڕووی ئایدۆلۆژیا و ڕوانگەیەک ببوومەوە کە بەردەوام بەدواداچوونیان بۆ گەڵاڵەی بەرزکردنەوەی تەمەنی هاوسەرگیریی منداڵان دەکردەوە و ئامادە بوون هەر کارێک بکەن بۆ ئەوەی ئەو گەڵاڵە بێبایەخ بکەن.

بە پێکەنینێکی تەوساوییەوە بە سەییدم وت تۆ لەبارەی کارەکەمان واتە منداڵهاوسەری زۆر شت دەزانی و بەردەوام پرسیار دەکەی ... وا دیارە زۆر شارەزای بابەتەکەی و تۆ لەم توێژینەوە

بەڕێز محمد کامیل ئەحمەدی

لەگەڵ سڵاو و ڕێز

وێڕان ئاواتی سەرکەوتنی هەرچی زیاتر بۆ بەڕێزتان، بە لەبەرچاوگرتنی پێویستیی هاوبیری و پێوەندیسازکردنسەبارەت بە منداڵهاوسەری، فراکسیۆنی ژنان بە نیازە کۆبوونەوەیەک لە شوێنی فراکسیۆنی ژنانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی ساز بکا جا بەو بۆنەیەوە، داواتان لێدەکەین بە هاتنتان دانیشتنەکەمان بڕازێننەوە.

یەکشەممە، ٨ی تشرینی یەکەم (ئۆکتۆبەر-ڕەزبەر) کاتژمێر ١٤:٠٠ - ١٢:٢٥ی

● وێنەی ٣٨٧ - بانگهێشتنامەی فراکسیۆن بۆ دانیشتنی هاوبیری

زیاتـر دەزانـی تـا کارەکانـی دیکەمـان. بڵێـی لەبـەر ئـەوە نەبـێ کـە زانیـاری لـە سـینا کەلهـورِ وەردەگریـت؟ ئـەو لـە ژوورەکـەی تەنیشـت دانیشـتووە و کاتێـک دەچیتـە دەرەوە پرسـیارت بـۆ دەنووسـێ بـۆ ئـەوەی تـۆ بێـی لـە منـی بپرسـی؟ وەرە دەرێ وەرە ئێـرە! لـە دادگاش هەنـدێ پرسـیاریان لێـم کـرد کـە ئـیتر دڵنیـا بوومـەوە کـە سـینا کەلهـورِ یـان رِکابـەرە زانسـتییەکەم بەدواداچـوون بـۆ بابەتەکـە دەکا و رِێوشـوێن بـۆ هەموویـان دادەنێـت. پێـم دەگـوت بازجـوو- پەژووهشـگەر و ئـەم دەسـتەواژە ئەوەنـدەی دیکـە بازجووەکەمـی جـارِز دەکـرد و مـن دەمگـوت هەواڵنێرەکەتـان واتـە ئێحسـان رِەسـتگار لـە بەرنامـەی تەلەڤیزیۆنـی لیبیـدۆ[1] ئەویـش بازجـوو- هەواڵنێـر بـوو.

یەکێـک لـەو شـتانەی کـە زۆر جەختیـان لەسـەر دەکـردەوە پەیوەنـدی مـن لەگـەڵ نوێنەرانـی مەجلیسـی شـۆرای ئیسلامـی بـوو. پەیوەندیـم لەگـەڵ هـەر دوو خانمـی پەروانـە سەلەحشـووری و تەیبـە سیاوەشـی هەبـوو، بـەڵام دیـار بـوو کـە ئێمـە بـە چ ئاراسـتەیەکدا دەرِۆیـن. لـە چـاوی ئەوانـەوە ئـەو پەیوەندییانـە نیشـانی دەدا کـە مـن خەریکـم نەرمـە نەرمـە دزە دەکەمـە نـاو حکوومـەت و مەجلیسـی شـۆرای ئیسلامـی بـۆ ئـەوەی فەرهەنگـی ئیسلامـی بکەمـە ئامانـج. مـن دەڵێـم هیـچ کام لـەم شـتانە تـاوان نیـن و رِەفتارتـان لەگـەڵ پیاوسـالاریی ئایینـی کـە بانگەشـەی بـۆ دەکـەن یـەک ناگرێتـەوە. پەیوەندیکـردن لەگـەڵ نوێنـەران و داواکاری بـۆ کۆمەڵگایەکـی تەندروسـتتر خزمەتـە نـەک تـاوان. بازجـوو لاسـاریی دەکـرد و جەختـی لەسـەر بابەتەکانـی رِۆژنامـەی کەیهـان کـردەوە،[2] کـە رِەنگـە خـۆی یـان یەکێـک لـە هاوکارەکانـی نووسـیبێتیان. مـن ویسـتوومە بـە بەرزکردنـەوەی تەمەنـی هاوسـەرگیری، ژمارەی دانیشـتوانی ئێـران کـەم بکەمـەوە و لـە رِێگـەی رِوخانێکـی نەرمـەوە، هـەم ژیانـی کۆمەڵـگای ئیسلامـی بگـۆرِم و هەمیـش بـە قازانجـی زایۆنیسـتەکان هەنـگاو بنێـم.

نزیکـەی دە رِۆژ بـوو کـە لەگـەڵ خێزانەکـەم قسـەم نەکردبـوو. هەرچـی داوام دەکـرد، وەڵامیـان نەدەدامـەوە. بازجـووەکان لـەوە زیـز بـوون کـە شـەفەق گیرانـی منـی میدیایـی کردبـوو و بـەردەوام بۆڵـەی ئەوەیـان دەکـرد کـە ژنەکـەت لەگـەڵ ئـەو کاناڵانـە قسـە دەکات. وتـم: "ئەگـەر بـە رِاسـتە، نیشـانم بـدە کـە ژنەکـەم ئـەم کارەی کـردووە. دووەم ئـەوەی کـە مـن لەگـەڵ ئـەو پێوەندیـم نییـە کـە پێـی بڵێـم چـی بـکا و چـی نـەکات". بـە شـەفەقم وتبـوو ئەگەر دۆخێکـی وا هاتـە ئـاراوە و تەنانـەت ئەگـەر تەلەڤۆنیشـم کـرد و لێـت پارِامـەوە کـە قسـە لەگـەڵ رِاگەیاندنـەکان نەکـەی، بـە قسـەم مەکـە. چونکـە دیـارە لـە ژێـر ئەشـکەنجەی دەروونـی و

1.https://www.roshangari.ir/video/58766

٢. سـادقی، موحەدیسـە. نفووزیـی هیڤـۆس مەجلیسـی دەیەمـی لـە بـواری خانـەوادە بـە لارِێـدا بـرد، وێبسـایتی رِۆژنامـەی کەیهـان،٢٦ ی جۆزەردانـی سـاڵی ١٣٩٩ ی هەتـاوی (١٥ی ئایـاری ٢٠٢٠)

https://kayhan.ir/000ndJ

ڕۆحیدا ناچاریان کردووم ئەمە بڵێم. وتم بهێڵن با قسەی لەگەڵ بکەم و پێی بڵێم وا نەکا، بەڵام ئەوان ملیان نەدەدا و فێڵبازتر لەوەی بوون کە من بیرم لێ دەکردەوە.

هەر دیمانەیەکی ئەنجام دەدا، بازجووەکان پتر ئازاریان دەدام و کەوڵیان دەکردم. هەر کات هاوسەرەکەم لەگەڵ میدیا بیانییەکاندا پەیوەندییەکی دەبوو ئەم بازجووانە ئەخلاقیان دەگۆڕا و گرژتر دەبوونەوە. چەند ڕۆژێکی تر تێپەڕی هەتا دواجار ڕازی بوون کە پێوەندی بکەم. لە هەمووی زیاتر پێم خۆش بوو کوڕەکەم بدوێنم بەڵام شەفەق زۆر بە کورتی وتی ئالان لە باخچەی ساوایانە، دوای سەعات سێ پەیوەندی بکە. بە پشکنەرەکانم وت پاشنیوەڕۆ تەلەفۆن دەکەم با لەگەڵ کوڕەکەم قسە بکەم.

HUMAN RIGHTS NETWORK

اخبار انتشارات هیوا - پایگاه داده‌های زندانیان سیاسی بیانیه چندر

حمایت مالی

گزارشی از آخرین وضعیت کامیل احمدی در گفت‌وگو با همسرش: نگهداری در سلول انفرادی، بی‌خبری از اتهام و محل بازداشت

۶ شهریور ۱۳۹۸

آزادی بیان

هەواڵەکان بڵاوکەرەوە هیوا - بنکەی زانیاریەکانی زیندانیانی سیاسی

ڕاگەیاندننامە پشتیوانیی دارایی

ڕاپۆرتێک لە سەر دواییـن بارودۆخی کامیل ئەحمەدی لە وتوێژ لەگەڵ هاوسەرەکەی: ڕاگیران لە ژووری تاکەکەسی، بێئاگایی لە تۆمەتەکان و شوێنی دەسبەرسەرکران

٦ خەرمانانی ١٣٩٨ هەتاوی

ئازادیی ڕادەربڕین

● وێنەی ٣٨٨ – دیمانەکردنی شەفەق

پاشنیوەڕۆ جەرگم جەرگی دەخوارد و نازانم چۆن تێپەڕی. زوو زوو سەیری کاتژمێرەکەم دەکرد و بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەگەر ئالان تەلەفۆنەکە هەڵبگرێ چی پێ بڵێم و چۆن قسەی لەگەڵ بکەم؟ کە دڵم پڕ بوو، چۆن گریانم ڕابگرم و بە منداڵە دوو ساڵانەکەم بڵێم کە چوومەتە سەفەر و ئەویش قبووڵی بکات؟ پاشنیوەڕۆ تەلەفۆنم کرد و دەستم بە قسەکردن کرد. ئالان متەقی لێوە نەدەهات و قسەی نەدەکرد، تەنها جارێک یان دوو جار بابە بابەی دەکرد. هەمیشە لەو بەر هێڵی تەلەفۆن شتێکی دەگوت، بەڵام ئەو ڕۆژە نەیتوانی قسە بکات. هەڵبەت پێشتر هەمیشە وێنەیی قسەمان دەکرد و وا دیار بوو هێشتا پەیوەندیی دەنگیی بۆ فام نەدەکرا. بازجوو وتی لە هیچ بارودۆخێکدا بۆت نییە پەیوەندی بە ئینتەرنێتەوە بکەین و دواتر پێی وتم خێرا قسەکەت بکە دەنا تەلەفۆنەکە دادەخەم.

لەگەڵ شەفەق قسەم کرد و وتم دەڵێن دیمانەت لەگەڵ میدیاکان کردووە. ئەگەر

دیمانـە بکـەی مـن لێـرە بارودۆخـم خـراپتر دەبێـت. خـۆ قسـەکەم ڕاسـت بـوو، بـەڵام لـە قووڵایـی دڵمـەوە هیـوام دەخواسـت کـە بـە ڕێـگای خۆیـدا بـڕوات. وتـی: مـن هیـچ کارێکـی هەڵـەم نەکـردووە، هەمـوو ئـەو شـتانە دەگێڕمـەوە کـە ڕوویـان داوە، دەچمـە لای بازپـورس و دەپرسـم مێردەکـەم لـە کوێیـە و بۆچـی ڕێگـەم پێنـادەن سـەردانی بکـەم، کەچـی وەڵامـم نادەنـەوە. تـا ئـەو پرسـانە ڕوون نەکرێنـەوە و چـاوم بـە تـۆ نەکـەوێ دەسـتبەردار نابـم. پشـکنەر تێـک چـوو دەتگـوت میرغەزەبـە، وتـی تەلەفۆنەکـە دابخـە. وتـم مـن لـە بەنـدی ٢ی ئەلفـی زیندانـی ئێڤینـم و لەبەردەسـتی ئیتلاعاتـی سـپای پاسـدارانم کـە بازجـوو تەلەفۆنەکـەی داخسـت و وتـی قەرارمـان وا نەبـوو. کردمـە بۆڵهبـۆڵ و وتـم نەمدەزانـی خێزانەکـەم تـا ئـەو ڕادە لـە مـن بێئـاگان و نازانـن لـە کوێـم. لانیکـەم پێیانتـان بگوتبایـە لـە ژێـر دەسـتی ئێـوەم، تـا بازپورسـەکەم نەبینـم قسـە ناکـەم. بازجووەکـەم تـووڕە بـوو و دەیگـوت هەواڵـی بیبیسـی بـۆ ئەمشـەو ئامـادە بـوو: "کامیـل ئەحمـەدی لەلایـەن ئیتلاعاتیسـپای پاسـدارانەوە دەسـتگیر کـراوە."

ئـەوان یەکجـار زۆر لـە میدیـاکان دەترسـان و نەیاندەویسـت هیـچ باجێکـی بـۆ بـدەن. مـن ئـیتر کۆڵـم نـەدەدا و دەمگـوت دەبـێ لەگـەڵ بازپورسـەکەم قسـە بکـەم و بیبینـم. چەندیـن جـار وا خـۆی نیشـان دەدا کـە لەگـەڵ ئێـرە و ئـەوێ پەیوەنـدی سـاز دەکا و گوتـی ناتوانـی بازپورسـەکەت ببینیـت. گوتـم بـەم هەلومەرجـەی کـە تێـی کەوتـووم مەحاڵـە درێـژە بـە لێپێچینـەوە بـدەم، یەکـەم ڕۆژ هەڵـەم کـرد. دەبـوو ئـەوم بدیبایـە و دواتـر قسـەم بکردایـە. نیـوەڕۆی ڕۆژی دواتـر، منیـان بـردە لای بازپـورس. جگـە لـە چوونـم بـۆ نەخۆشـخانە، یەکەمجار بـوو کـە لـە ژینگـەی زیندانەکـە دەهاتمـە دەرەوە و هـەوای پـاک و خاوێنـم هەڵدەمـژی. هەرچەنـدە بـە دەسـت و چـاوی بـەستراوەوە لـە نـاو ئۆتۆمبێلەکـەدا دانیشـتبووم، بەڵام هەسـتم بـە دەنگـی ژیـان و مرۆڤـەکان و هـەوای پـاک و خاوێـن دەکـرد. لەبـەردەم دادگاکـە کـە لـە خـوار زیندانـی ئێڤینـە، چاوبەنەکەیـان لـە چـاوم کـردەوە و منیـان بـە پلیکانێکـی کانزاییـدا بـەرەو سـەرەوە بـرد. بـاری دەروونیـم خـراپ بـوو و بـە درێژایـی شـەوەکەی نەخەوتبـووم. ڕۆژێک پێـشتر لەگـەڵ خێزانەکـەم قسـەم کردبـوو و بـۆم دەرکەوتبـوو کـە هیـچ لەبـارەی بارودۆخـی منـەوە نازانـن. هێرشـی عەسـەبی تـا دەهـات زیاتـر دەبـوو و کـەس فریـام نەدەکـەوت. منیـان بـردە ژووری بازپـورس. زۆر ئێسـک قـورس و ڕەزاگـران بـوو، کورتەباڵایەکـی زگـزل. لەهجـەی لە مازەندەرانـی دەچـوو و بـێ ئـەوەی چـاوم لـێ بـکا وتـی: "دەتویسـت چـی بڵێـی؟ بۆچـی هەموو ڕۆژێ پەیـام دەنێـری؟ بۆچـی دەتویسـت بمبینـی؟ خۆراکـت بـاش نییـە؟ ئەشـکەنجە دراوی؟ چـی قەومـاوە؟ باشتریـن خواردنـت پێـدەدەن. بـە پـێ هەڵیانواسـیوی وا هەمـوو ڕۆژێ پەیـام دەنێـری؟" گوتـم دەمهـەوێ لەمـەڕ دۆسـیەکەم قسـە بکـەم، بۆچـی و لەسـەر چـی دەسـتگیر کـراوم؟ کێشـەی ئێـوە لەگـەڵ مـن چییـە؟ بۆچـی فەرمانـی دەسـتبەسـەرکردنی کاتیـی یـەک

مانگتـان بـۆ مـن دەرکـردووە و لەسـەر چ بنەمایـەک دەڵێـن هاوکاریـم لەگـەڵ حکوومەتـی دوژمنـکاری ئەمریـکا کـردووە؟ وتـی: "ئاقـای پـڕڕوو! بەڕێـزی توێـژەری دووڕەگەزنامەیـی! ئـەوە ئێـوەن کـە دنیـا وێـران دەکـەن و تەشـەنە بـە بێرەوشـتی و لەشفرۆشـی دەدەن! ئێـوە و هەژموونیـی جیهانـی خەریکـن ژیانـی ئیسلامـی و ئێتنیکـی و فەرهەنگیـی جیهـان و ئێرانـی ئیسلامیـی ئێمـە دەگـۆڕن! هێشـتا شـتێکیش پێـت قەرزداریـن؟!" گوتـم ئەمانـە چ پەیوەندییەکـی بـە منـەوە هەیـە؟ مـن لەسـەر دۆسـیەی خـۆم قسـە لەگـەڵ ئێـوە دەکـەم، مـن هـەر چییەکـم دەگـوت، وەڵامەکـە ئـەوە بـوو کـە بوونـی ئێـوەی خـاوەن دوو ڕەگەزنامـە، هەمیشـە ڕووخێنـەر بـووە و ئێـوە دێـن بـۆ ئـەوەی ئـەم حکوومەتە بگـۆڕن. ئێـوە کاری وا دەکـەن کـە لەگـەڵ بارودۆخـی مەدەنـی و کۆمەڵایەتیـی ئێمـە و بەتایبـەت بـۆ منـداڵان ناگونجێـت. ئەمـە کوێـی بـواری منداڵانـە کـە ئێـوە دەفەرمـوون منـداڵان لـە چ تەمەنێکـدا دەبـێ هاوسـەرگیری بکـەن؟ مەگـەر تـۆ سەرپەرشـتیاری خەڵکیـت؟ منـداڵ هـی دایـک و باوکیەتـی و ئـەوان بـاش دەزانـن کـە چـی بکـەن. ئیسلام بـە ڕەگ و ڕیشـەیەکی ١٤٠٠ سـاڵەوە تێنـاگا و ئێـوە دەبێ بە کەرەسـتەی ڕۆژاوایـی ژیانمـان تێـک بـدەن؟ پاشـان وتـی: مـن کارم بەمانـە نییـە تەنهـا وەڵامـی یـەک پرسـیارم بـدەرەوە. لەگـەڵ هیڤـۆس کارت کـردووە یـان نـا؟ وتـم بەڵـێ، ئەویـش وتـی دە تـەواو بوو. سەرباز وەرە ئەمە ببە.

● وێنەی ٣٨٩ - عەلی قەناعەتکار، بازپورسی ئەوکات و جێگری ئێستای دادستێنیی تاران

تێگەیشـتم کـە لـە ڕووی یاسـاییەوە هەمـوو دۆسـیەکەم لە دەوری ئـەم بابەتە دەسـووڕێتەوە. ئـەوەی وتـی قسـەی بازجووەکانمـی پشتڕاسـت کـردەوە. دەمزانـی هەمـوو ئەمانـە بیانوویەکـن و مەبەسـتیان شـتێکی تـرە. کێشـەی سـەرەکی پرسـی هاوسـەرگیریی منـداڵان یـان هەمـان منداڵهاوسـەری یـان وەک خۆیـان دەڵێـن هەوڵـی مـن بـۆ بەرزکردنـەوەی تەمەنـی هاوسـەرگیری بـوو. لـە ڕوانگـەی ئەوانـدا مـن هاوڵاتییەکـی بەریتانـی بـووم و لـەو قۆناغـە زەمەنییـەدا کەڵکاوەژۆییـان پێدەکـردم و وەک خۆیـان دەیانگـوت کەشـتییەکەیان ئـازاد کردبـوو. ئێسـتا ئـەوان لـە بـواری توێژینەوەکانمـدا لێپێچینەوەیـان لەگـەڵ دەکـردم و دەبـوو بە هـەر چەشـنێک بـێ بێدەنـگ بکرێـم و لەنـاو ببرێـم. ئـیتر ڕژێمـی کۆمـاری ئیسلامـی بەرگـەی کامیـل ئەحمـەدی و کارەکانـی نەگـرت و ناچـار بـوو بـە هـەر جۆرێـک بـێ دۆسـیەکەی دابخـات. حاڵـم خـۆش نەبـوو، لـە بـاری دەروونییـەوە زۆر پەرێشـان بـووم و لـە بازپورسـەکەم

دەپاڕامەوە کە ئیتر بەرگەی ژووری تاکەکەسی ناگرم. دەمگوت کە هەر ئەوەی سێ جار چوومەتە نەخۆشخانە بەس نییە، لانیکەم ژوورە تاکەکەسییە گۆڕئاساکەم بگۆڕن بەڵام ئەو بەردەوام قسەکانی خۆی دووبارە دەکردەوە: خۆ ئەشکەنجە نادرێیت. خواردنی باشت هەیە ... پاساوی سەیر و سەمەرەی دەهێناوە و قسەکانم بێکەڵک بوون.

کاتێک بە زەبر لە ژووری لێپێچینەوە دەریانهێنام، هەستم کرد کەسێک لێم دەڕوانێت. نەمدەزانی ئەوە بەڕێز ئەمیر ڕەئیسیان[1] پارێزەری هەڵبژێردراوی بنەماڵەکەمە. دڕدۆنگ بوو و منی نەناسیبوو. دواتر کە ناسیمی، تەلەفۆنی بۆ شەفەق کردبوو و وتبووی کامیلم بینیوە و هیچ حاڵی لە باش ناچێت. زۆر هەوڵی دابوو کە قەناعەت بە سیستەمی دادوەری بێنێ کە من پێویستم بە پشکنینی دەروونییە لە لایەن پزیشکی دەروونەوە، بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو. لێپێچینەوەکان ڕۆژی دواتر دەستیان پێکردەوە. هەندێ ڕۆژ کە لێپێچینەوەی سەخت و پڕ لە گوشار و دڵەڕاوکێم تێپەڕ دەکرد و بە دڵەخورتەی زۆرەوە دەگەڕامەوە بۆ ژوورە تاکەکەسییەکەم، لە خەوی شەوانەش بێبەش دەبووم. هەرچەندە حاڵم چاک نەبوو، بەڵام دەمزانی کە دەبێ بۆ سبەینێ پێداچوونەوە بە وانەکانمدا بکەم و سەرنج بخەمە سەریان. هەموو شەوێک هەوڵم دەدا ئاراستەی گفتوگۆی ڕۆژی دواتر لە مێشکمدا وێنا بکەم و بەرنامەی بۆ دابڕێژم. لە دڵی خۆمدا دەمگوت سبەی باس لە سیغەی مەحرمییەت دەکەن و هەموو لایەنەکانیم وەبیر خۆم دەهێنایەوە. ئەگەر هەڵەیەکم لێ بووەشابایەتەوە ئەوە دەبووە ئامرازێک بۆ گوشار و تۆمەتی زیاتر، هەر بۆیە هەوڵم دەدا شەن و کەوی هەموو شتە گرنگەکان بکەم و هیچ شتێک نەنووسم کە دواتر بتوانرێ وەک بەڵگە لە دژی خۆم بەکار بهێنرێت.

دۆخەکە زۆر نالەبار بوو، بەڵام وردە وردە تاکتیک و لێهاتوویی پێویستم بەدەست هێنا. بەردەوام هەڵسوکەوتی بازجووەکانم شی دەکردەوە و هەوڵم دەدا تێبگەم کە چۆن و بە چ شێوەیەک لە بەرامبەریاندا مامەڵە بکەم. هێواش هێواش فێری یارییەکە دەبووم، بەڵام ئەوە لە مەترسیدارییەکەی کەم نەدەکردەوە. ئەگەر هەڵەیەکم بکردایە تووشی دەردەسەر دەبووم و هەندێک جار کە حیساباتەکانم بە هەڵەدا دەچوون، لە ڕووی دەروونییەوە شەکەت و ماندوو دەبووم و دەمویست بیر لە هیچی تر نەکەمەوە جگە لە تەرکیزکردن لەسەر پرسیارەکان و ئاراستەی چەند ڕۆژی داهاتووی لێپێچینەوەکەم کە بە پێی بنەمای ڕیزبەندیی ساڵی کارەکانم بوو، بیر لە هیچ شتێکی دیکە نەکەمەوە.

شەوانە پێداچوونەوەم بە قسەکانی خۆم لە کاتی لێپێچینەوەکاندا دەکرد و تووشی

---

١. ئەمیر ڕەئیسیان، پارێزەری پلە یەکی دادگا و ئەندامی سەندیکای پارێزەرانی ناوەندییە و پارێزەرێکی دیارە و لە دۆسیە سیاسی و مافەکانی مرۆڤدا کار دەکات.

کەڵکەڵەیەکی فیکری دەبووم کە خۆزگە ئەو ڕستەم نەگوتبا، خۆزگە ئەوەم نەگوتبا و هەر ئاوا فیکر و خەیاڵ هەڵمی دەگرت. هەموو ئاواتەکانم وەبیر دەهاتەوە، لە هەموو ئەو کەسانەی کە ئازاریان دام خۆش دەبووم، داوای لێبوردنم لەو کەسانە دەکرد کە ئازارم دابوون، گەردن ئازادیم لێ دەخواستن. ئینجا دەکەوتمە بیر ئەو کەسانەی کە خۆشم دەوێن و زیاتر خەفەتم دەخوارد. وێنەی ئالان بەردەوام دەهاتە بەرچاوم و هەستم بە ئازاری ویژدان دەکرد کە لە چ شتێکدا کەمکاریم کردووە. لەگەڵ خۆمدا مشتومڕم بوو کە خۆزگە فڵان ئیشم نەکردبا، یان بۆچی ئەو ڕۆژە بە توندوتیژی لەگەڵ کوڕەکەم قسەم کرد.

هەموو ژیانمم وەبیر خۆم دەهێنایەوە و شەڕ و ئاشتی و تۆران و تووڕەیی و ئاشتەواییەکان وەکوو فیلمێک دەهاتنە بەر چاوم. هەندێک جار لە مێشکمدا لیستێکم دروست دەکرد و ئەو کەسانەم دەخستە ناوی کە خۆشم دەوێن. بەکورتی هەموو هەوڵێکم دەدا بۆ ئەوەی مێشکم ئازادی و جیهانی دەرەوە فەرامۆش نەکات. لە خەیاڵمدا دەچوومە ماڵەوە و ژیانی پێش زیندانیبوونم دەخوڵقاندەوە. بەیانیان کە لە خەو هەڵدەستام، تلم دەدا و تەختەکەم جیڕەی دەهات، مۆبایلەکەم دەپشکنی و پەردەی پەنجەرەکەم لا دەدا و تیشێرتێکم لەبەر دەکرد و دەچوومە تەوالێت. بە ئەسپایی بە پێوە میزم دەکرد، ئەگەر شەفەق بیزانیبایە تووڕە دەبوو. دەبا وریا بم کە هیچ شتێک پیس نەکەم. ئەگەر کەمێک پیس ببا، بە نەرمی بە دەسماڵێک دەمسڕی و ددانەکانم دەشۆرد و دەچوومە سەر پرۆژەکانم و بە خۆمم دەگوت کە دواجار ئازاد دەبم و دووبارە هەموو ئەم کارانە دەکەمەوە. لەم جۆرە کاتانەدا زیاتر لە گۆڕانی کەسایەتیی زیندانییەکان و موحافیزەکاربوونیان تێدەگەیشتم.

ژیانی سێکسیی ئیسلامیمان لێ مەستێنەوە

من تێگەیشتبووم کە تاکە بیانوویەک کە سیستەمی دادوەری بۆ دەستگیرکردنی من دۆزیبوویەوە، بوودجەی پرۆژەی خەتەنەکردنی ژنان لە ساڵانی ڕابردوودا بوو. بازجووەکەم هەمیشە دەیگوت کامیل زۆر خراپی ... بۆچی بۆ پرۆژەکانی دیکەشت بوودجەت وەرنەگرت؟ خۆزگە ئەم کارەت دەکرد، جا ئەودەم دۆسییەکەت زۆر گەورەتر دەبوو. پێدەکەنی و دەیگوت: "ئەی فێڵباز جارێک بوودجەت وەرگرتووە و دواتر بە خۆت و بە کەسانی دیکەت وتووە تا بوودجەی زیاترم دەست بکەوێ، بازنەی پارێزراویم تەسکتر دەبێتەوە و بڕیارت دا لە هیچ شوێنێکی دیکە بوودجە وەرنەگریت. دەزانی بۆ منی بازجوو ئەمە زۆر خراپە کە چیتر پەیوەندیت بە هیچ شتێکەوە نییە و لە تۆڕێکدا کار ناکەیت! خۆزگا تۆ چەند بوودجەیەکی ترت دەستکەوتبا و لە ناو تۆڕێک بای و من ئاوا

دەمتوانی لانیکەم بیست کەسی دیکەش دەستگیر بکەم و جا چی لەوە خۆشتر. ئێستا بچم هەندێک هاوکار و پرسیارکەری کلۆڵ و داماو دەستگیرم بکەم کە چی بێت؟ خۆ ئەو فەقیرانە هیچیان نەکردووە!"

هەڵبەت دواتر بۆم دەرکەوت کە چەند هاوکارێکمیان بانگ کردووە و زانیاریی لاوەکییان لێ وەرگرتوون. کاتێک لە زیندان هاتمە دەرەوە، زانیم کە بە شێوەیەکی هەڵبژێردراو پەیوەندییان بە چەند کەسێکەوە کردووە و جگە لەوەش پێش ئەوەی من بگرن لێپێچینەوەیان لەگەڵ دوو کەس کردبوو. لە قۆناغێکەوە یەک بە یەکی توێژینەوەکانمیان خستە بەر تیشکی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و بە شێوەیەکی گشتی باسیان دەکرد. بە گاڵتەجاڕییەوە دەمگوت ئەمە چ جۆرە لێپێچینەوەیەکە؟ کاتێک دەچنە سەر دەقێکی توێژینەوەیی مانای وایە هیچ شتێک نییە کە بە سەرمدا ساغی بکەنەوە و بە دوای بیانوویەکی یاساییدا دەگەڕێن. بازجوو دەیگوت: " ئێوەی بیانی ئەخلاقێکی جوانتان هەیە، بەڵام ئەم هەموو تەکووزی و وردبینییەی ئێوە لای ئێمە شۆخی و فشەیە، پێکەنینمان دێ بەوەی کە ئێوە دەچنە وڵاتێکی دیکە بۆ ڕابواردن، دواتر بیری ئێران دەکەن و چەند کەسێکتان بە نیازی گۆڕینی ڕژێم دەگەڕێنەوە. پێت وایە هەموو شتێک ئەوەندە ئاسان و سادەیە کە بتوانی وەک پاڵەوانێک بێیتە ناو ئێران و بیرۆکە و بەشێکی بچووکی شتێک یان زانستێک کە لە ڕۆژاوا فێری بووی بهێنیتە ئێرە بۆ ئەوەی هەموو شتێ ببێتە شاری خەونەکان؟ با ئاواتان لێ بێت، حەقی خۆتانە ... چاوەکانتان دەکەنەوە دەبینن کە کەوتوونەتە ناو بیر و ئیتر کارتان لە کار ترازاوە ... هەندێکتان ڕا دەکەن و خۆتان دەرباز دەکەن، بەڵام هەندێکی تر وەک جەنابت کە ماندوونەناسترن، ئەوەندە دەمێننەوە کە دەبنە نێچیرێکی چەور و چلیک و خۆش بۆ ئێمە! سەرەڕای هەموو ئەمانە، هەر کەسێک کە هەی دەبێ سپاست بکەم کە ئەوەندە تەکووز و بەدیسیپلینی و وەکوو خەڵکی ئێران ئاڵوزاو نییەیت. هەموو شتێک لە لەپتاپەکەتدایە و ناتهەوێ نکۆڵی لە هیچ شتێک بکەی، بۆ هەر کوێیەک چووی، هەر چیت کردووە، هەموو شتێکت نووسیوە و بەڵگەمەندت کردووە. حەک کە ئێوە چەند باشن! چەند خۆشە کە ئێوە لێرەن و بە پشتبەستن بە بەڵگە بەردەستەکانی نێو نوسراوەکان و ئیمەیڵەکانت، بە ئاشکرا و بە ئاسانی دەتوانین قسە بکەین!"

ئەوان نەیاندەویست بە ڕوونی بڵێن کە کوێیان دێشێ، بەڵام لە نێوان قسەکانیاندا جەختیان لەوە دەکردەوە کە من بەم کارە، ویستوومە ژمارەی دانیشتوانی ئێران کەم بکەمەوە. ئەوان دەیانگوت کاتێک کەسێک بڕیارە هاوسەرگیری بکا سیغەی مەحرەمییەتی هەمان هاوسەرگیرییە و کاریگەریی بۆچوونەکانی من لەسەر بناغەی بنەماڵە هاوشێوەی بۆچوونە توندەکانی فێمینیستە ڕادیکاڵەکانە. ئەوان سەبارەت بە سیغەی گەورەساڵان

بۆچوونێکی سەرنجڕاکێشتریان هەبوو و دەیانگوت "گەرەکتە پیاوی ئێرانی لەم تاقە سەرگەرمییەش بێبەش بکەی؟ ئەویش سەرگەرمییەک کە شەریعەت و یاسا حەڵاڵی کردووە؟ واتە لە ڕوانگەی ئەواندا ژن سەرەتا بۆ پێکهێنانی بناغەی خێزان بەکار هێنراوە و پاشان، لە پلەی دووەمدا وەک کەرەستە و سەرەگرمیی پیاوی موسڵمان لێی دەڕوانن.

هاوسەرگیریی پاک
سیغەی مەشهەد:
#مگانه_دخوولی_مەشهەد
خانم: مەحبووب
تەمەن: ۴۰ ساڵ
بەژن و کێش: ١٦٠ - ٥٠
ماڵم نییە
ڕوونکردنەوە: ئەم خاتوونە پیاوی تەمەن ۳۰ بۆ ۴۵ قبووڵ دەکات.
کاتژمێری وڵامدانەوە: یەک ملیۆن تمەن
حەقدەستی ناساندن و ڕاوێژ: ۳۵۰ هەزار تمەن
بۆ ناساندن، پەیام بۆ ئەم ئەدمینە بنێرن

#لەزگوێستاو #کاتژمێری
#کۆد۹کەرەج
تەمەن: ٥٢ کێش: ٦٠ باڵا: ١٦٧
ڕەنگی پێست: گەنم ڕەنگ
ڕەنگی چاو: ڕەش
ماڵ: هەیە: #کەرەج
ماوەی داخوازی: #کاتژمێری
بڕی مارەی خوازراو: ۹۰ هەزار تمەن
حەقدەستی ناساندن: ۳۰ هەزار تمەن
کاتی وڵامدانەوە ١٠ تا ١٨
هەینی پشووە
بە بەڵێنشکێنی و درەنگ هاتن نارەحەتە و خاوەنی کارتی تەندروستییە
بە ڕاگرتنی ژمارەی ژێرەوە تەنیا لە تێلێگرام پەیوەندیمان پێوە بکەین

● وێنەی ۳۹۰ - کەناڵە تێلێگرامییەکانی سیغە

دەیانگوت تۆ سەرگەرمیی سێکسیی شەرعیی پیاوانت کردووەتە ئامانج و توێژینەوەکەت

لەسەر سیغە، کە ناوی "ماڵێک لە سەر ئاو"ە، ئامرازت بووە و هەروەها وەزارەتی هێژای ئیرشادیش مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی پێداویت. واتزانی ئێمە دەستەوەستان دادەنیشین کە تۆ هەر شتێک بتهەوێ بیکەیت؟ تۆ نیازت وایە پەرە بە بەرەڵایی سێکسی بدەی .... پاشان بەردەوام زەختیان لە ژیان و تێڕوانینە کەسییەکانی من دەگرت و دەیانگوت تۆ پەیوەندیی سێکسیی کراوە و لە دەرەوەی چوارچێوەی هاوسەرگیریی ئیسلامیت بووە و دەتهەوێ خەڵکی دیکەش وەک تۆ بژین. ئایا دەزانی کەسانێکی وەکوو عەلەمەلهوودا پێشنوێژی هەینیی شاری مەشهەد چەندە لێت تورەن؟ بە توێژینەوەکانتان لەسەر بابەتی سیغە ئابڕوو و شەرەفت بە شاری مەشهەدەوە نەهێشتووە و ئەم شارەت کردە سەردێڕ و مانشێتی ڕۆژنامەکان.

کاتێک دەهاتە سەر باسکردنی کەسانی ئێڵ.جی.بی.تی (LGBT) ئیتر ماڵم وێران دەبوو. پاساو و ڕوونکردنەوەیان ئەوە بوو کە هەموو ئەمانە چەپەڵکارین! بازجوو دەیگوت: ئەم فێمەنە ساختەچی و فاوندانە کە دێنە ئێرە لەسەر ئەم کورسییە دادەنیشن، سەرەتا وەک شێرژنێک دەقیژێنن، بەڵام دواتر هاژوهووژەکەیان دادەمرکێ و دەست دەکەن بە پاڕانەوە و گریان، بەڵام تاقمی لزبییەنەکانیان بەڕاستی پیس و قێزەونن. هەمیشە کورتەنامە سێکسی و تایبەتەکانیان لە مۆبایل و ئیمەیڵەکانیان دەخوێنمەوە و بەدۆسییەی دەکەم، هێڵنجم دێت. کۆماری ئیسلامی بە جۆرێک بوونی ئەوانی قبووڵ کردووە و دەزانین لە کوێ کۆ دەبنەوە و چی دەکەن، بەڵام مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمانەمان سپاردووە بە بنەماڵەکانیان و کۆمەڵگا. تەنها جارجارە ئەگەر بەزم و ڕەزم ساز بکەن لەوانەیە هەڵبکوتینە سەر یەکێک لە میوانییەکان و بەزم و ڕەزمەکەیان تێک بدەین. ڕای بازجووەکەم ئەوە بوو کە نابێ توێژینەوە لە سەر دۆخی ئەوان و ئەزموونی ژیاویان و پێویستییان بە هەلی کار و بابەتی دیکە بکەم. بە جۆرێک دەیگوت ئەوان بەشێک لە گرووپە قەدەغەکراوەکانن و نابێ مافی ژیانێکی سروشتییان هەبێت. ئەو پێی وا بوو کە قسەکردن لەسەریان وەک شەرعیەتدان بە بوونیان وایە و ئەمەش شتێک بوو کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی چاوی بەمانە هەڵنەدەهات. گوتیشی: کۆماری ئیسلامی هەندێک شت بەسەر خۆی ناهێنێ و نابێ ئێوەش هیچ لەو بارەوە بڵێن و کارێکیان بۆ بکەن. پاشان هاتنە سەر دواییین توێژینەوەکەم کە تایبەت بوو بە شوناس و ئێتنیک. وتی دکتۆر، ئەمە ناچێتە بواری کارکردنی منەوە و دواتر کوڕەکانی گرووپە سیاسییەکە دێنە لات و وتیشی: ئەمەیان هێڵی سووری حکوومەتە و کاتێک توێژینەوەی مەیدانی لەسەر پێنج ئێتنیکی سەرەکیی دانیشتووی ئێران ئەنجام دەدەی، مانای وایە تۆ چوویەتە ناو کایەی ئەمنییەوە!"

کەواتە ئەگەر لە ئێراندا باسی زمانی دایکیی خۆت و ژیانی سەر سنوور و بارودۆخ و

بابەتە هاوشێوەکانی بکەی، بە جوداییخواز مەحکووم دەکرێیت. دەیانگوت ئەحمەدی و ئەوانی تر هەندێک جار پەیجۆری ئەو بابەتانە بوون، بەڵام کارەکانیان وەکوو تۆ نییە کە لە مەیداندا دیمانەیان لەگەڵ ئەنجام دەدەی و ئەنجامەکان دەردەهێنی، دواتر دەیکەیتە کتێب و کۆپییەکی ڕاپۆرتەکەشت بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان دەنێری، بەڵام بەوانەش ناوەستی و دەتهەوێ دزە بکەیتە ناو حکوومەت و ژیانی خەڵک لە کۆمەڵگەی ئێراندا بشێوێنی. تەنانەت دەستوەردانیشت لە پرۆژەی منداڵانی زبڵگەڕ کردووە و گوتیان ئەمە ئیتر کاری شارەوانیی شارەکەتانە! وتم من ئیسڵاحتەڵەب نیم، سەر بە هیچ لایەنێک نیم و ئەوانیش جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە تۆ ڕاست دەکەی سەر بە هیچ کوێ نیت، بەڵام لە کۆتاییدا بیرکردنەوەکانت دەچێتەوە سەر ئەم ئیسڵاحتەڵەبانە. تۆ لە هەموو توێژینەوەکانتدا ڕژێمت کردۆتە ئامانج وا دەزانی ئێمە نازانین!

هێواش هێواش دەگەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە قسەکردن لەگەڵ ئەم کەسانە بێمانایە و تا کەمتر قسە بکەم بۆ خۆم باشترە. لە جێگایەکەوە زیاتر بێدەنگیم هەڵدەبژارد و تەنیا ناوبەناو کە دەمتوانی وەڵامێکی نموونەیی بدەمەوە، قسەم دەکرد. هەندێک جاریش قەناعەتی دەکرد و دەیگوت باشە ئێمە لەم بوارەدا کێشەمان هەیە بەڵام ئەوە بەو مانا نییە کە بە هۆی کێشەکانی ئێمەوە بە ڕێگای خۆتاندا بچن و ئایدۆلۆژیای ئەوبەری ئاو بێنیتە ناو ئێران، ئێمە دەزانین کە هەندێک جار لە بواری منداڵان و ژناندا کێشەمان هەیە، بەڵام لێکدانەوەی تۆ بۆ بواری جێندەری زۆر جیاوازە لەوەی ئێمە باوەڕمان پێیەتی و ناتوانین بیروباوەڕ و بەرنامەکانی تۆ کە لە مەنهەجی ئیسلام وەرنەگیراون قبووڵ و جێبەجێی بکەین." ئیسلام و ئاغاگیان بۆ ئێمە هێڵی کۆتایی و خاڵی سەرەکین و هەر گۆڕانکارییەک دەبێ لەم دوو فیلتەرەوە پەسەند و جێبەجێ بکرێت. فەرمایشتی ئاغا گیان قسەی کۆتاییە و کاتێک دەڵێ سیاسەتی حەشیمەتی هەڵە بووە و نەوەی ئێمە پێویستی بە زیادبوونی دووبارەیە، تۆ دەڵێی تەمەنی هاوسەرگیریی منداڵ دەبێ بەرز بکرێتەوە و بەو کارەش لە ماوەی دوو ساڵدا سەد هەزار هاوسەرگیری کەم دەبێتەوە و لانیکەم سەد هەزار کۆڕپە کەمتر لەدایک دەبن. ئەمەش لە داهاتوودا کێشەی زۆرمان بۆ دروست دەکات.



● وێنەی٣٩١ - دەفتەرچەی یادداشت بە وێنەی ڕووبەرگی قاسم سولەیمانی

هەمیشە دەفتەرچەکەی بەدەستەوە بوو،

وەک شـتێ هەمـوو شـەوێک لەگـەڵ خۆیـدا دەیبرد و پرسـیاری نوێـی تێـدا دەنووسـی. باوەڕێکـی ئایدۆلۆژیکـی و ئینقلابیـی هەبـوو، دەفتەرچەکـەی وێنـەی قاسـم سـولەیمانی لەسـەر بـوو. مـن کەسـێکی ئـاوا لێپێچینـەوەی لەگـەڵ دەکـردم، پرەنسـیپ و باوەڕەکانـی وای کردبـوو کـە گفتوگۆکـردن لەگەڵیـدا قـورس بێـت. ئـەو ڕۆژانـەی کـە هەسـتی بـە باشـی دەکـرد، دۆخەکـە بـاشتر بـەرەو پێـش دەچـوو و ئـەو ڕۆژانـەش کـە هەسـتی بـە باشـی نەدەکرد، دۆخەکـە جۆرێکـی تـر تێدەپـەڕی. ڕقـی لـە وەڵامـی کـورت بـوو. کاتێـک کاغـەز و قەڵەمـی پـێ دەدام بـۆ ئـەوەی وەڵامـی پرسـیارەکەی بنووسـم و منیـش بـە کورتـی وڵامـم دەنووسـی، تـووڕە دەبـوو و پێـی دەگوتـم کامیـل بـە چڕوپـڕی بنووسـە. سـێ چـوار لاپـەڕەی تـەواو پـڕ بکـەوە مـن چـی لـەم چـوار دێـڕە بکـەم؟ مـن کاتێکـی زۆر بـۆ پرسـیاردارشتن تەرخـان دەکـەم نامـەوێ تـۆ ئـاوا وەڵام بدەیتـەوە ... ئـەو دەیویسـت مـن کـەمتر قسـە بکـەم و زیاتـر بنووسـم، منیـش تـەواو پێچەوانەکـەم دەکـرد، زیاتـر قسـەم دەکـرد و کـەمتر دەمنووسـی. ئەمـە یەکێـک لـە شـەڕە بەردەوامەکانمـان بـوو.

مـن هـەر بـەردەوام داوام دەکـرد کـە لـە ژوورەکەمـدا کتێبـم هەبـێ و بازجووەکـەم دەیگـوت جگـە لـە قورئـان هیـچ کتێبێکـی دیکەمـان نییـە، دەیگـوت ئـەم کتێبـە بخوێنـەوە بـا بـەرەو ڕیـگای ڕاسـت هیدایـەت بـی، ئەگـەر کتێبـت پـێ بدەیـن و بچیتـە نـاو جیهانـی کتێـب و چیـرۆک، ئـیتر ناتوانـی سـەرنجت لەسـەر پرسـیارەکانمان چـڕ بکەیتـەوە". لـە دۆخێکـی زۆر خراپـدا بـووم و لـەو ژوورە تاکەکەسـییەدا، هەندێـک جـار حـەزم دەکـرد لەگـەڵ خـودای خۆمدا بدوێـم و خـۆم بـە شـتێکەوە سـەرقاڵ بکـەم، بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا قورئانـم دەخوێنـدەوە و دەمبینـی کـە هەندێـک لـەو شـتانەی کـە لـە قورئانـدا هاتـووە تـا چەنـدە لەگـەڵ ژیانـی ئەمـڕۆی مرۆڤـدا ناکۆکـە. یەکێـک لـەو ناکۆکـی و دژایەتییانـە ئەمـە بـوو؛ مـن تووشـم ببـوو بـە تووشـی کەسـانێک کـە هـەر ئایەتێکیـان بیویسـتبایە دەیانخوێنـدەوە و هەمـوو یاسـایەکانیان بـە قازانجـی خۆیـان لێـک دەدایـەوە.

لێپێچینەوەکـەم لـە بەشـی ٢ی ئەلـف بـۆ ماوەیـەک وەسـتا و دواتـر دەسـتی پێکـردەوە. نازانـم ئـەم وەسـتاندنە بـە ئەنقەسـت بـووە یـان نـا، بـەڵام مانـەوەی شـەو و ڕۆژم لـەو ژوورە تاکەکەسـییە زۆر قـورس و تاقەتپڕووکێـن بـوو. دوای ئـەم نەبوونـە، دواییـن جـار کـە ئەوانـم بینـی لـە ڕۆژانـی موحـەڕڕەم بـوو، درەنـگ دەهاتـن و زوو دەڕۆیشـتن. کاتێـک کـە دەیانمبینـی جلـی ڕەشـیان لەبـەردا بـوو و دەیانگـوت کامیـل دوێنـێ شـەو لـە مەراسـیمی سـینگکوتان بووین، نازانـی چەنـد خۆشـە ... چەنـد ڕۆژێکـی دیکـەش دەگەینـە چلـەی ماتەمینـی ئـیمام حسـێن و بـە پـێ دەڕۆیـن بـۆ کەربـەلا[1]، تـۆ دیسـان لێـرە بـە تەنیـا دەمێنیتـەوە. بیـری لـێ

١. لـە کاتـی زیارەتـی ئەربەعینـدا، ژمارەیەکـی زۆر لـە موسـڵمانانی شـیعە لـە نزیـک سـنوورەکانی عێراقـەوە دەچن بۆ شـاری

بکەرەوە، دوای بیست ساڵ، کە ئازاد دەبی و لێرە دێیتە دەرەوە و توێژینەوەیەکی باشی خەڵکناسانە لەسەر ڕێپێوانی ئەربەعین ئەنجام دەدەیت. ئەمەیان زۆر بەنرخە و قورب و نزیکبوونەوە لە ئیمامە و لەو کاتەدا تۆش ئیتر وازت لە بیرۆکەی بابەتە هەستیارەکان هێناوە و دەزانی لە ئێراندا دەبێ توێژینەوە لە سەر چ بابەتگەلێک بکەی، وایە؟ بەردەوام بەم شێوە بێرێزیان پێ دەکردم و وەبیریان دەخستمەوە کە بۆ ماوەی بیست ساڵ فڕێ دەدرێمە زیندانەوە و ئەمەش بۆ کەسێکی وەکوو من کە بارودۆخی دەروونیم جێگیر نەبوو، زۆر قورس بوو.

ئەمەش ژووری تاکەکەسیی تازە! ئیتر ڕازی بووی؟

ژوورە تاکەکەسییەکەم زۆر بچووک بوو و بێزاری دەکردم. ڕێکەوتی ڕۆژەکان نازانم، بەڵام ڕۆژێک پاسەوانەکە دەرگای ژوورەکەمی کردەوە و وتی: ١٢٧ بەتانییەکانت کۆ بکەوە و لەگەڵم وەرە. پرسیم بۆ کوێ؟ وتی: جارێ وەرە. بەتانییەکەم کۆ کردەوە، چاوبەنەکەم لە چاوم کرد و منیان بردە ناو ڕێڕەوەکە و لەوێشەوە بۆ ڕێڕەوێکی دیکە کە چەند پلیکانی هەبوو و پاشان دەرگایەکیان کردەوە و بۆ ناوەوە پاڵیان پێوە نام. لە پشت دەرگاکەوە وتی: چاوبەنەکەت لا بە. هاتبوومە ژوورێکی تاکەکەسیی دیکە. کەمێک گەورەتر بوو و لە گۆشەیەکدا دیوارێکی کورت هەبوو، پشتی دیوارە کورتەکەم چاو لێکرد، بینیم تەوالێتە. ئەوەندە خۆشحاڵ بووم کە دەتکوت لە لەندەن کۆشکی باکینگهام پاڵاسم پێدراوە. بە خۆشییەوە بەناو بەندە تاکەکەسییەکەدا دەگەڕام، لە دڵی خۆمدا بیرم لەوە دەکردەوە: "ئەی خوایە گیان، نیو مەتر گەورەترە. دەتوانی لە ناویدا هاتوچۆ بکەیت بێ ئەوەی سەرت بگێژێ و لە دیوارەکە بکەویت. لە ژوورە تاکەکەسییەکەی پێشوودا نەمدەتوانی بە تەواوی بخولێمەوە، بەڵام لێرە دەمتوانی. زۆر خۆش بوو، بەتایبەت ئەوەی کە من لە پشت ئەو دیوارە کورتە دادەنیشتم کە کامێراکە تەواوی ناوەوەی پیشان نەدەدا. پەنجەرەیەکی شووشەیی لەسەر سەقفەکە هەبوو کە هەرچەندە لێڵ بوو، بەڵام هەموو

کەربەلا لە باشووری بەغدا بۆ کۆبوونەوە و ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی ماتەمینی چلەمین ڕۆژی دوای کوژرانی سێیەم ئیمامی شێعەکان واتە حسێنی کوڕی عەلی کە لە ڕووداوی عاشورادا کوژراوە. زۆربەی زیارەتکارانی ئێرانی بۆ پیادەڕۆیی ڕێگای نەجەف بۆ کەربەلا هەڵدەبژێرن. مەودای پیادەڕۆیی لە نێوان ئەم دوو شارەدا نزیکەی ٨٠ کیلۆمەترە. لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە ئەم ڕێپێوان و کۆبوونەوە تەنیا ڕووداوێکی فەرهەنگی نییە بەڵکوو نیشاندانی هێزی موسوڵمانانی شیعەیە بەرامبەر دوژمنەکانیان. دوای کەوتنی موسڵ لە سەر دەستی داعش و دواتر کۆمەڵکوژکردنی سەربازان و خەڵکی سڤیلی شیعە، ئەم گردبوونەوە بۆ یەکەمجار فۆرمێکی سیاسی بە خۆوە گرت و شیعەکان ئەو ڕووداوەیان وەک ڕێگەیەک بۆ نواندنی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیی خۆیان بەکار هێنا. بۆ بەدیهێنانی هیلالی شیعە، فەرمانڕەواکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران وێڕای کەڵک وەرگرتن لە هەستی ئایینیی جەماوەری موسڵمانی شیعە، تێچووی سەربازی و ئابووری و فەرهەنگیی یەکجار زۆر لە وڵاتی عێراق و وڵاتانی شیعەنشین خەرج دەکەن.

ئەمانە لەگەڵ ئەو فەزایەی پێشتر تێیدا بووم زۆر جیاوازیی هەبوو و بە تامەزرۆییەوە هەموو شتێکم دەپشکنی، کوێ گەچکاری کراوە و کوێ چیمەنتۆیە و کوێ نیشانەی جیاوازی هەیە ... ئەم ژوورە تاکەکەسییە باری دەروونیمی گۆڕی و زۆر دڵخۆش بووم کە دەتوانم لێرە زیاتر و باشتر بەرگە بگرم.

وێنەیەکی ئاشکراکراوی بەندی تاکەکەسیی زیندانی ئێڤین

● وێنەی ٣٩٢ – بەندی تاکەکەسیی توالێتدار

ڕۆژی دواتر بازجووەکەم زۆر بە شانازییەوە وتی: کامیل دیتت چ پیاوەتییەکم لەگەڵ کردی؟ دەبینی چ ژوورێکی باشت هەیە؟ دەی دەبێ دانیشی و وەکوو فڕفڕە بۆم بنووسی، بەندە تاکەکەسییەکەت تەنانەت پەنجەرەشی هەیە لامەسەب. ئەمە شتێکی کەم نییە!"

سپاسم کرد کە ژوورەکەم تەوالێتی هەیە و بە ئەندازەی هەمان تەوالێت لە بەندە تاکەکەسییەکەی پێشووم گەورەترە! پاشان دەستی کرد بە تانە و توانج خستن و وتی ببوورە ئەم ژیانە لە ئاستی تۆدا نییە و بە ماڵەکەت لە سەعادەتئاباد ناگات. بەڵام دواتر زەبرێکی کوشندەی لێدام: "دەزانی بۆچی تۆم ناردووە بۆ ئەم ژوورە تاکەکەسییە؟" گوتم: ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ من زیندانی و تۆمەتباری خۆشەویستی تۆم. وتی ئەوە هیچ خۆشەویستی و منیش زۆر شتت لێ فێر دەبم، بەڵام ئەم بەندە تاکەکەسییە زۆر بەناوبانگە و بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە هۆکاری دیکەشم هەبووە. دواتر بپرسە، جەرەیانەکەی هەموو دەیزانن و بۆت دەگێڕنەوە. دوای ئەوەی ماوەیەک قسەمان کرد، تێگەیشتم کە ئەوێ بەندی تاکەکەسیی سەیید ئیمامی[1]

١. دکتۆر کاووس سەیید ئیمامی (لەدایکبووی ١٣٣٢ی هەتاوی/ ١٩٥٣ ز لە شەمێرانات)، دکتۆرای کۆمەڵناسی و مامۆستای زانکۆی ئیمام سادق لە تاران، دەرچووی ١٣٥٥ی هەتاوی/ ١٩٧٦ ز لە بەشی کۆمەڵناسی و کاروباری نێودەوڵەتی لە زانکۆی ئۆریگۆن لە ئەمریکا، لە ڕێکەوتی ١٩ی بەفرانباری ١٣٩٦ی هەتاوی (٨ شوباتی ٢٠١٨) لە زیندانی ئێڤین کوژرا، مردنەکەی لەلایەن بەرپرسانی دەزگای داد بە خۆکوژی لەقەڵەم درا. دکتۆر کاووس سەیید ئیمامی چالاکوانێکی ژینگەپارێز بوو و لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی/ ١٩٧٩ ز بە وانەوتنەوە لە بەشی کۆمەڵناسیی زانکۆی جوندی‌شاپوور لە ئەهواز دەستی بە کاری ئەکادیمی کردووە. لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی ئێران و عێراق، خۆبەخشانە ڕەوانەی بەرەی جەنگ کرا و لە خورەمشار بریندار بوو، لە سەرەتای حەفتاکانی هەتاوی (نەوەدی زایینی) وەک لیژنەی زانستی لە کۆلێژی مەعاریف و زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی ئیمام سادق بۆ وانەوتنەوە دەست بە کار بووە. دکتۆر کاووس سەیید ئیمامی کۆمەڵێک کتێبی فارسی و ئینگلیزی لەسەر ئەخلاق، زانستە سیاسییەکان، ژینگە، فەرهەنگ و نەتەوە، و زانستە کۆمەڵایەتییەکان نووسیوە و کۆی کردۆتەوە و چەندین پرۆژەی توێژینەوەیی لە بوارەکانی پیسبوونی هەوا، قەیرانەکانی ژینگە، ئێتنیک و شوناس ئەنجام داوە.

بـووە. لـە دڵـی خۆمـدا گوتـم: هـەک خـوا نەفرەتـت لـێ بـکات... بـاوەڕم نەدەکـرد و دیسـان پرسـیمەوە "بەڕاسـت؟" وتـی "بەڕاسـت، ئەمـە هەمـان ئـەو بەنـدە تاکەکەسـییە کـە خـۆی تێـدا هەڵواسـی و خـۆی کوشـت، هەڵبـەت دوای ئـەم ڕووداوە هەندێـک گۆڕانـکاریمان تێـدا کـردووە و خـۆشمان کـردووە. لـە سـەرووی پەنجەرەکـەوە میلێکـی ئاسـنی هەبـوو کـە سـەیید ئیمامـی توانیبـووی بـە عارەقگیرەکـەی (ژێرکـراس) خـۆی هەڵواسـێ، ئـەو میلـە ئاسـنییەمان لابـرد و چەنـد گۆڕانکارییەکـی دیکەمـان تێـدا کـرد، بـەڵام بەندێکـی باشـە، بەتایبـەت بـۆ ئـەو دوورەگەزنامەییانـەی وەکـوو سـەیید ئیمامـی و تـۆ. ئەویـش کانادایـی - ئێرانـی بـوو، بەرگـەی نەگـرت و خـۆی کوشـت. پاشـانیش گوتیـان ئێمـە کوشـتوومانە. دەسـتوپێوەندەکەی هێشـتا لێـرەن و لـە خزمەتیانداین. پشـت بـە خـوا دواتـر دەیانبینـی و قسـەیان لەگەڵـدا دەکەیـت. دواتـر کاتێکـی زیاتـرت دەبێـت ... .[١]

خۆشـیی شـەوی پێشـوو بـۆ نیومەتـر گەورەبوونـی بەندەکـەم تـەواو بـوو و ئێسـتا بـاری دەروونـی ئـەوەی کـە بەڕێـز کاووس سـەیید ئـیمام لێـرە خـۆی هەڵواسـیوە یـان کـوژراوە، لـە جەرگـم کاری کـرد و فەزاکـەی هێنـدەی تـر لـە ژوورە تاکەکسـییەکەی پێشـوو تەنـگتر کـرد. بـەردەوام لـە دڵـی خۆمـدا دەمگـوت "گـریمان خۆکوشتنەکەشـی ڕاسـت بـێ، بزانـە چییـان لـێ کـردووە کـە کارێکـی لـەو جـۆرەی کـردووە؟" نـەکا منیـش بـەم دەردەوە بچـم؟ چەنـد ڕۆژی یەکـەم کـە لـەم ژوورە تاکەکەسـییە بـووم زۆر تاقەتپڕووکێـن بـوو. بـەردەوام هەسـتم بـە زەختێکـی زۆر دەکـرد و هیستریـک و هێرشـی عەسـەبیم زیاتـر دەبـوو. سـەیری ئـەو شـوێنەم نەدەکـرد کـە سـەیید ئیمامـی وەک دەڵێـن خـۆی کوشـتبوو و شـەوانەش پشـتم لـێ دەکـرد و دەخەوتـم بـۆ ئـەوەی ئـەو شـوێنە نەبینـم، سـەرەتا چەنـد جارێـک خەونم بـە سـەیید ئیمامییەوە بینـی و لـە نیـوەی شـەودا بـە هـاوار و ئارەقەکـردن لـە خـەو هەڵسـام.

ئـەو ئێوارەیـە کـە گەڕامـەوە بـۆ ژوورە تاکەکەسـییەکەم، لـە پشـت ژوورە تاکەکەسـییەکەمەوە گوێـم لـە دەنگـی چەنـد ژنێـک بـوو. یەکێکیـان پێـش لێپێچینەوەکـە چەندیـن جـار پێـی وتبـووم کـە بەهێـز بـە. هەندێـک جـار گوێـم لـێ دەبـوو کـە ژنـەکان قسـەیان لەگـەڵ یـەکتر

١. ڕەنگـە بازجووەکـەم یەکێـک لـەو کەسـانەی بووبـێ کـە دەیزانـی سـەیید ئیمامـی کـوژراوە یـان خـۆی کوشـتووە، بـەڵام بـۆ شـەڕی دەروونـی لەگـەڵ کامیل ئەحمەدی پێویسـت بووە ئاماژە بە سـیناریۆی خۆکوشـتنەکەی بکات. مەرگـی دکتۆر کاووس سـەیید ئیمامـی یەکێـک لـەو حاڵەتـە گومانـاوی و کێشـەدارانەی زیندانـی ئێڤین بوو کـە کاردانـەوەی نێودەوڵەتیـی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا. ئاسـەواری ئەشـکەنجەدان و شـینبوونەوە لەسـەر جەسـتەی هەبوو و مەنتیقی و لۆژیکی نەبوو کە کەسـێک بـەو قەڵافەتـەی سـەیید ئیمامـی تەنها پـازدە ڕۆژ بەرگـە بگرێ و دواتر خـۆی هەڵبواسـێت. دوای مردنی، ڕێکخـراوی لێبوردنی نێودەوڵەتـی داوای کـرد تەرمەکـەی بنێردرێـت بـۆ توێـکاری (پشـکنینی تـەرم) بـۆ ئـەوەی هـۆکاری ڕاسـتەقینەی مردنەکـەی ڕوون ببێتـەوە، بـەڵام ڕێکخـراو و کەسـایەتییە نێودەوڵەتییـەکان زۆر بـاش دەزانن کە ئـەو جۆرە داواکارییانە بە هیچ شـێوەیەک لەلایـەن ئێرانـەوە بـە هەنـد وەرناگیرێـن. ئـەم داواکاریانـە زیاتـر جۆرێـک ئـەرک لـە کـۆڵ خـۆ کردنەوەیـە و کاردانەوەیەکـە بـۆ وەڵامدانەوەی ڕای گشـتی.

دەکرد و گوێم لێ بوو بە فارسی یان ئینگلیزی قسەیان دەکرد. زۆر بە لامەوە خۆش و سەرنجڕاکێش بوو کە جگە لە دەنگی خۆم و پاسەوانەکە گوێم لە دەنگی کەسانی دیکەش دەبوو. یەکێکیان بە لەهجەی ئوسترالیایی بە ئینگلیزی قسەی دەکرد، یەکێکیان فەرەنسی و ئەوی دیکەیان بە زمانی فارسی قسەی دەکرد. کەسانی جیاواز هەبوون و لە کاتی جیاوازدا گوێم لە دەنگیان دەبوو، بەڵام کاتی هەواخۆری و هەناسەکێشان هەمیشە ئەو کاتە بوو کە لە لێپێچینەوە دەگەڕامەوە، وەک شتێ چاوەڕێیان دەکرد کە هەوا تاریک بێ و پاشان ئەوانیان دەهێنایە سەربان بۆ ئەوەی ئادابی ئیسلامی ڕەچاو بکرێ و نامەحرەمێک نەیانبینێت.

دوای چەند ڕۆژ یەکێک لە ژنە زیندانییەکان چەند دانە بەردی لە پەنجەرەی ژوورەکەم دا و بە دەنگێکی بۆڕ و نزمەوە وتی: تۆ باشی؟ وتم بەڵێ. وتی ژمارەکەت چەندە؟ وتم ١٢٧، وتی: "چۆنی ١٢٧؟ بۆچی لێرەی و لە کەیەوە لێرەیت؟ و ..." دوو جار ئەم گفتوگۆ سەیر و کورتانە ڕوویان دەدا و بە دەستم دەمم دەگرت بۆ ئەوەی لە کامێراکەوە جووڵەی لێوم دیار نەبێت. ژنێکی ئوسترالیاییش لەوێ بوو کە دواتر زانیم دۆستەکەی لە بەشی پیاوانی دووی ئەلفە و ئەوانەیان پێکەوە لەناو ئێراندا دەستگیر کردبوو. هەندێک گەشتیار هەبوون کە لە تاران و لە نزیک پادگانێک لە باشووری شار درۆنی دووربینداریان (فڕۆکەی بێفڕۆکەوان) خستبووە هەوا و بە تاوانی سیخوڕی دەستگیر کرابوون. دواتر بیستمەوە کە لەگەڵ زیندانییەکی ئێرانی ئاڵوگۆڕیان پێکراوە. پێم وایە خاتوو فەریبا عادڵخا[1] لە هەمان کاتدا کە لەگەڵ من لەوێ بوو. ئەویش وەکوو من دووڕەگەزنامەیی و دەرچووی خەڵکناسی بوو. دۆسیەکەی لە لقی یەکی بازپورسی، لای قەناعەتکار بوو و لە لایەن قازیی دۆسییەکەی من، واتە قازی سەڵەواتی، سزای پێنج ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندرا.

کەسێک لە بەندە تاکەکەسییەکەی بەرامبەرم بوو کە پێشتریش لە بارەیەوە قسەم کرد، سەر لە ئێوارە دەستی بە قورئان خوێندن و گریان دەکرد، دڵم دەگیرا. ڕۆژێک

---

١. فەریبا عادڵخا، (لەدایکبوویی ٤ی گوڵانی ١٣٣٨ی هەتاوی/ ٢٥ی نیسانی ١٩٥٩ لە تاران)، هاووڵاتیی دووڕەگەزنامەیی ئێرانی -فەرەنسییە و مرۆڤناس و مامۆستای زانکۆی ساینس‌پۆیە کە بە تۆمەتی سیخوڕی دەستگیر کرا. ناوبراو لە پاریس دکتۆرای لە قوتابخانەی توێژینەوە باڵاکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان وەرگرتووە و پسپۆڕی بوارەکانی پەیوەست بە ئێران، ئیسلام و شیعەیە. عادڵخا بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە حەوزەی عیلمییە چەند مانگێک لە شاری قوم نیشتەجێ دەبێ و هەڵسوکەوتی مەلایانی شیعەی ئێرانی، ئەفغانستانی و عێراقی تاوتوێ دەکات. بەم بۆنەوە بە تۆمەتی "کۆبوونەوە و هاوپەیمانی لە دژی ئاسایشی نەتەوەیی" و "پڕوپاگەندە لە دژی نیزامی کۆماری ئیسلامی" بە گشتی پێنج ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندرا و لە تۆمەتی سیخوڕی بێتاوان دەرچوو و دواجار لە مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی (٢٠٢٢ ز) لە زیندانی ئێڤین ئازاد کرا، بەڵام دواجار لە ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی (٢٠٢٢) توانی ئێران بەجێ بهێڵێ و بگەڕێتەوە بۆ فەرەنسا.

لـە پشـت دەرگاکـەوە بـە نهێنـی بۆڵـەم کـرد و گوتـم بەخـوا ئێمـەش حـاڵمان بـاش نییـە، تـۆ هەمـوو ڕۆژێـک دەسـت دەکـەی بـە قورئـان خوێنـدن و گریـان، زۆر مەمنوونـت دەبـم مـەردی خـودا بـە و ئاگاشـت لـە ئێمـە بێـت. مـاوەی دوو ڕۆژ بـاشتر بـوو بـەڵام دواتـر چـووەوە سـەر بەزمەکـەی خـۆی. ئـەو جێگـری تەبـەری، جێگـری کارگێـڕی دەزگای دادی ئێـران، بـوو کـە دواتـر لەگـەڵ هەندێـک لـە هاودۆسـییەکانی هێنرایـە بەنـدی گشـتیی ئێمـە و تـازە بـۆم دەرکـەوت کـە ئـەو کێیـە و بۆچـی دۆسـیەکەی ئەوەنـدە گرنگـە. کاتێـک لـە حەوشـەکەدا پیاسـەی دەکـرد، دەمبینـی قورئانێـک و تەسـبیحێکی بەدەسـتەوەیە و بـەردەوام دەینالانـد. لـەو سـەروبەندەدا بڕیـار وا بـوو زەماوەنـدی دڵنیـای کچـی پـوورە زێنەبیشـم لـە شـاری مەهاباد بەڕێـوە بچێـت. ئـەو کاتـەی کـە لـە لەنـدەن بوویـن، خۆمـان بـۆ زەماوەنـدی دڵنیـا ئامـادە کردبـوو کـە بگەڕێینـەوە بـۆ مەهابـاد و دوای سـەفەرم بـۆ پارێـزگای گۆلسـتان هەموومـان بچین بـۆ مەهابـاد. دوای چەنـد ڕۆژێـک کـە مۆڵەتـی تەلەفۆنکردنیـان پێـدام، کانـی خوشـکم لای شـەفەق بـوو و لەگـەڵ هـەر دووکیـان قسـەم کـرد. بیسـتنی دەنگـی کانـی کـە سەرپەرشـتیار و جێگـری باوکـی بـووم زۆری دڵتەنـگ کـردم و وام دەزانـی لـە هـەر دوو منداڵەکـەم دوورم، فەقیـرە هەوڵـی دەدا ئاسـایی خـۆی بنوێنـێ و پێشـی گریانـی خـۆی گرتبـوو. وەبیـر ئـەو کاتـە کەوتمـەوە کـە باوکـم گیرابـوو و ئێمـە منـداڵ بوویـن و بـۆ یەکەمجـار لـە زیندانـی سـپای پاسـداران سـەردانیمان کـرد. باوکـم بەختـی بـاش بـوو کـە لانیکـەم دەیتوانـی ڕاسـتەوخۆ بمانبینێـت. بـە کانیـم گـوت سپاسـی هاتنـت دەکـەم، بـەڵام بگەڕێـوە و لـە بەریەتیـی مـن بچـۆ بـۆ ئاهەنگـی هاوسـەرگیریی دڵنیـا و بەنـاوی منـەوە پیرۆزبایـی لـێ بکـە ....

بازجووەکانـم لـە سـەرم ڕاوەسـتابوون و نەیاندەهێشـت بـە ئـارەزووی خـۆم قسـە بکـەم. وتـم چاوپێکەوتنـم دەوێ و بـەردەوام گوشـارم دەخسـتە سـەریان کـە زیاتـر لـە مانـگ و نیوێکـە ژن و منداڵەکەمـم نەبینیـوە و جگـە لـە ئێـوە چـاوم بـە کـەس نەکەوتـووە و هێشـتا لـە زیندانـی تاکەکەسـیدام. دەیانـوت دەسـتمان بـەستراوە و بازپـورس ئیـزن نـادات. تەنانـەت ناتوانـی پارێزەرەکـەت ببینیـت. گەیشـتینە خاڵێـک کـە بـۆ ماوەی چـوار پێنـج ڕۆژ لێپێچینـەوەکـە ڕاگیرا و هیـچ شـتێک ڕووی نـەدا. خەریـک بـوو شـێت دەبـووم، بـەردەوام تەلەفۆنـم بـۆ ئەفسـەری پاسـەوان دەکـرد و دەمپرسـی سـەیید لـە کوێیـە؟ بۆچـی نایـەت؟ بۆچـی پێـم ناڵێـی بارودۆخـم چۆنـە؟ پەیوەنـدی بـە فڵان کەسـەوە بکـە، لەگـەڵ فڵان کـەس قسـە بکـە و ... دواتر پێشـبینیم کـرد کـە ئەمـەش یەکێـک لـە ستراتیژییەکانـی ئەوانـە و لەنـاکاو وازت لـێ دێنـن کـە تێـک بشـکێیت. لـەو کاتـەدا باسـی ناوەڕۆکـی توێژینەوەکانـم کۆتایی هاتبـوو و نۆرەی پێشـینەی کار و ڕێکخـراوە ناحکومییـەکان و بـواری کاری کۆمەڵایەتـی و مەدەنـی هـات. دەیانگـوت دەبـێ باسـی چالاکییـە کارگێڕییـەکان بکـەی و لـەم قۆناغـەدا بوویـن کـە لەنـاکاو لێپێچینـەوەکان ڕاوەسـتا. کاتێـک دەسـتی پێکـردەوە، بازجـوو بـە زەردەخەنەیەکـی تەوسـاوییەوە وتـی: بیـرت

کردبووم وا پەیتا پەیتا تەلەفۆنت دەکرد و دەتپرسی لە کوێم؟ پاشان لێم ورد دەبوونەوە بۆ ئەوەی بزانن کاردانەوەم چی دەبێت. زۆر دڵهەژێنە کاتێک کەسێک بیری بازجووەکەی بکات! دواتر کاتێک تاهیر قەدیرییان یەکێک لە زیندانییە ژینگەپارێزەکان باسی لە سەندرۆمی ستۆکهۆڵم[1] و ئەزموونەکانی خۆی و ئەوانی دیکەی بۆ کردم، بۆم دەرکەوت کە ڕەنگە تووشی هەمان حاڵەت بووبم و کاتێک تێڕامام، بۆم دەرکەوت کە وا دیارە زیندانی عاشقی بازجووەکەی دەبێت!

لێپێچینەوەکانم دەستی پێکردبووەوە و بەردەوام پرسیاریان لێدەکردم کە لە کاتی خولی سەربازیمدا و سەردەمی دووکانداری و پێش ئەوەی بچمە دەرەوەی وڵات چیم کردووە. پاشان هاتنە سەر ژیان و چالاکییەکانی لەندەن کە بۆ نموونە من خۆبەخشانە لەگەڵ ڕێکخراوی خێرخوازیی ئاکسفام کارم کردبوو و لەگەڵیان چووبوومە ئەفریقا، یان وەک وەرگێڕ لە ناوەندەکانی کۆچبەری و دادگاکانی خانەوادە لە لەندەن کارم کردبوو، ڕاپۆرتم بۆ کەیسەکانی سەرپەرشتیکردنی منداڵان ئامادە دەکرد. هەر بەشێک لەو کارانەی کە پەیوەندی بە پارە و مووچەوە هەبوو بۆیان گرنگ بوو، هەر زوو دەیانپرسی "داهاتت چەندە بوو؟" دەربارەی هەموو کارەکانم لە دەرەوەی وڵات، خوێندنم، ئەوەی کە لە کوێ و لە چ ساڵێکدا و لە چ بوارێکدا خوێندوومە، هاوپۆل و هاوڕێکانم کێن و خەڵکی کوێن، سووپێروایزێرەکانم کێ بوون و بۆ چ ڕۆژنامە و ماڵپەڕێک بابەتم نووسیوە، ئیمەیڵەکانم، پەیوەندیم لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەو کۆنفرانسانەی کە بەشداریم تێدا کردبوو، تەنانەت کۆبوونەوەکانم لەگەڵ کارمەندێکی سادە و سەبارەت بە هەر شتێک کە بیری لێدەکەنەوە، پرسیاریان لێکردم.

پێشتر باسم لەوە کرد کە ڕاوێژکاری ڕۆشنبیریی باڵیۆزخانەی فەرەنسا کە بە باشی بە زمانی فارسیش قسەی دەکرد، هاتە کتێبخانەی نیشتمانی بۆ پەردەلادان لەسەر توێژینەوەکانی هاوسەرگیریی منداڵ و بانگهێشتی کردم کە لە ئاهەنگی کریسمس کە لە باخچەی باڵیۆزخانەی سوید بەڕێوە دەچێ، بەشداری بکەم. ئەوسا نوێنەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئێران کەسێک بوو بە ناوی بەڕێز گێری لووئیس، جارێکیان لە بەرنامەیەکی جەژنی کریسمس لە باڵیۆزخانەی سوید بینیبووم. یەکەم جار بوو کە

---

١. ناوی سەندرۆمی ستۆکهۆڵم لە چیرۆکی بارمتەگرتن لە بانکێکی گەورە لە شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوییدەوە هاتووە. لە ساڵی ١٩٧٣ دزەکان لە ئۆپەراسیۆنێکی شکستخواردوودا سێ ژن و پیاوێکیان بۆ ماوەی شەش ڕۆژ بە بارمتە گرت بەڵام دوای کۆتاییهاتنی ڕووداوەکە، ئەو کەسانەی کە بە بارمتە گیرابوون بەرگرییان لە بارمتەگرەکان کرد و لە دادگادا لە بەرژەوەندیی ئەوان شایەتییان دا. زۆرێک لە توێژەران پێیان وایە کە سەندرۆم یان نەخۆشیی ستۆکهۆڵم بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەفتارە تایبەتەکانی کۆمەڵێک لە زیانبەرکەوتووانی دەروونی بەکار دەبرێ و جگە لە قوربانیانی بارمتە، ئەو کەسانەی کە تووشی نەخۆشی گوشاری دەروونیی دوای ڕووداو (PTSD) دەبن، بۆ نموونە: ڕزگاربووانی ئۆردوگاکانی کاری زۆرەملی لە جەنگی جیهانیی دووەم (بڕوانە: پوسانە، ١٣٩٩)

چـاوم پێـی کـەوت، کاتێـک زانییـان کـە خەریکـی توێژینـەوە لـە سـەر خەتەنەکردنـی کچـان و ژنانـم، وتیـان کارەکانیـان لـە ئێـران کۆتایـی هاتـووە و دەیانهـەوێ بچنـە وڵاتـی کینیـا کـە شـوێنی کارکردنـی نوێیانـە. هاوسـەری بەڕێـز گێـری ویسـتی وتارێـک لەسـەر خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان لـە ئەفریقـا بنووسـێ و داوای یارمەتـی لێکـردم. مـن ئـەوم بـە ژنێـک ناسـاند کـە ئەندامـی تـۆڕی چالاکوانانـی خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان بـوو و لـە سـەروبەندی گەشـتەکەم بـۆ کینیـا ناسـیبووم. پشـکنەرەکەم هەوڵـی دا ئـەم چاوپێکەوتـن و دیـدارە زۆر ئاسـاییەی جەژنـی کریسـمس ببەسـتێتەوە بـە پەیوەندییەکانـم لەگـەڵ باڵیۆزخانەکانـی ئەورووپـا و نەتـەوە یەکگرتـووەکان و کارەکانـم لەسـەر بەرزکردنـەوەی تەمەنـی هاوسـەرگیریی منـداڵان. هەمـوو ئـەم پرسـیار و وەڵامانـە بوونـە بەشـێک لـەو تۆمەتانـەی کـە لـە حوکمـی دادگای ئینقلابـدا خرابوونـە پاڵـم و منیـش دەبـا وەڵامیانـم بدایەتەوە. ئـەوان دەیانگوت بەشـێک لـەم پەیوەندییانە بۆ پەرەپێدانی هاوڕەگەزخوازی بووە!

پنجمین سالروز درگذشت سحر خدایاری، دختر آبی

پێنجەمین ساڵڕۆژی مردنی کچی شین

سەحەر خودایاری لە مانگی ڕەشەمەی ١٣٩٧ی هەتاوی (شوباتی ٢٠١٨) بە هۆی قەدەغەی چوونی ژنان بۆ یاریگای تۆپی پێی ئازادیی تاران گیرا.

پێنجەمین ساڵڕۆژی مردنی سەحەر خودایاری، کچی شین

● وێنەی ٣٩٣ - کچی شین

ئـەوان تەنهـا بـەم شـتانە نەوەسـتاون و دەیانویسـت قسـە لـە ژێـر زمانـم دەربکێشـن و تۆمەتـی تـر بـە دۆسـیەکەم زیـاد بکـەن. بـۆ نموونـە کاتێـک لێپێچینەوەیـان لـە مـن کـرد، بەسـەرهاتی "کچـی شـین" هاتـە گـۆڕێ. سـەحەر خودایـاری، یـان کچـە شـینەکە، بـە تاوانـی چوونـە نـاو یاریگایەکـی تۆپـی پـێ، دەستبەسـەر و دادگایـی کـرا و ئـەو کچـە وەک نارەزایەتییـەک بەرامبـەر بـە سـەپاندنی سـزای شـەش مانـگ زینـدان کـە بەهـۆی هەوڵـدان

بـۆ چوونـە نـاو یاریگایەکـی تۆپـی پـێ بـوو، لەبـەردەم دادگا ئاگـری لـە جەسـتەی خـۆی بـەردا. پێیـان دەکوتـم: کامیـل تـۆ چـاو لێکـە فێمینیسـتەکان چ جەوسـازییەک دەکـەن. ڕات لەسـەر ئـەم قـرم و قاڵـە چییـە؟ و دواتـر ئـەو هەواڵـەی بـە مۆبایـل پیشـان دەدام کـە بەرنامـەی بیسـت و سـی (٢٠:٣٠)ی تەلەڤیزیۆنـی ئێـران پەخشـی کردبـووەوە. هیـچ ئـاگام لـەوە نەبـوو کـە لـە جیهانـی دەرەوەدا چـی ڕوو دەدات. زەردەخەنەیەکـی تەوسـاویم دەهـات و لـە دڵـی خۆمـدا بیـرم لـەوە دەکـردەوە کـە "ئەگـەر هەواڵێـک ٢٠:٣٠ پەخشـی بکاتـەوە، ئـیتر ئـەوە تەکلیفـی یەکلایـی بووەتـەوە. سـاڵانێک پێـش ئـەوەی بگەڕێمـەوە ئێـران و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان کارم لەسـەر خۆسـووتاندنی ژنانـی باشـووری کوردسـتان کردبـوو. ئـەوان دەیانگـوت تـۆ پاشـخانێکی سـەرکەوتووی میدیایـی و جەوسـازیت لـە عێـراق (و باشـووری کوردسـتان) بـووە و هەروەهـا لـە ئێرانیـش کارت کـردووە، بۆیـە کەمێـک پێشـینەی چالاکیـت هەیـە.

لـە گـەڕی نوێـی لێپێچینەوەکانـدا پێشـینەی کارگێـڕی و ئەکادیمیشـم کۆتایـی هاتبـوو و بـەردەوام داوای بینینـی خێزانەکەمـم دەکـرد، ئەوانیـش دەیانگـوت ئەمـڕۆ ناتوانـی، سـبەی ناکـرێ، "داواکاری گشـتی (یـان دادسـتێن) و لێکۆڵـەر لێـت وەڕەزن، ژنەکـەت قسـە لەگـەڵ میدیـاکان دەکا و هەمـووان دەوروووژێنـێ، پێـی بڵـێ واز لـەم کارە بێنـێ بـا کاتـی سـەردان و دیـدارت بـۆ دابنێیـن و بـەم قسـانە قەشـمەرییان پێـم دەکـرد. قەبـارەی لێپێچینـەوەکان کـەم بووبـووەوە، ئێـواران و شـەوان هیـچ لێپێچینەوەیەکـم نەبـوو. هەندێـک جاریـش سـەربازجووش نەبـوو و بازجـووی دووەم دەیگـوت ئـەو خەریکـە ڕاپۆرتـی کۆتایـی بـۆ بازپـورس دەنووسـێ و دەبـێ دوای دوو سـێ مانـگ ڕاپۆرتەکـەت ڕادەسـتی بازپـورس بـکات. مـن دەمگـوت بازپـورس چکارەیـە؟ پێشـوەختە پلانـی هەمـوو شـتێکتان دارشـتووە و هیـچ کـەس کارەیـەک نییـە. وتی: ئێـوە هەمیشـە ئـەم تێڕوانینەتـان بـۆ دەزگای دادی ئێـران هەیـە، دەزگای داد سـەربەخۆیە و ئەگـەر بازپـورس مۆڕمـان لـێ بباتـەوە، جەڵتـە لـێمان دەدات. دەمزانـی قسـەی قـۆڕ دەکا و ڕ ەنگـە دواتریـش لێکۆڵـەر بڵـێ هەمـوو شـتێک لـە دەسـتی دادوەردایـە.

بەشی دووەم
چاوبەنەکەت لا ببە

هەرچییەکیان دەویست نووسیبوویان. نالێم هەموو قسەکانی منیان یادداشت کردبوو، چونکە پێشتر هەموو شتێکیان نووسیبوو و تەنیا پێویستیان بە هەندێ ساختەکاری بەڵگە و لێپێچینەوەی ڕووکەشیانە بوو. ئەو ڕۆژە زێڕینانەی، کە پێیان وابوو هێشتا دەتوانم باس و مشتومڕ بکەم و پەیوەندیی زەینیم لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا نەبچڕاوە، لایان زۆر بەنرخ بوو و هەموو ڕۆژێکم بە بازجوویی و لێپێچینەوەی یەک لە دوای یەک تێپەڕاند.

دوای ڕۆژانێکی سەخت و دژوار دواجار یاری و شانۆگەریی ئەم قۆناغە کۆتایی هات. هەڵبەت لە ڕستەیەکدا ناتوانم وەسفی ئەو ڕۆژە سەختانە بکەم کە تێمپەڕاندن. ماندوو بووم، هەندێک جار تەوژمی بیر و خەیاڵ هەتا لێواری شێتی دەیبردم و بەردەوام سەردانی پزیشکیدەروونیی زیندانم دەکرد. خەمۆک بووم و بە چاوێکی بێبەری لە ژیان، لە سووچێکی سلوولەکەمدا (ژووری تاکەکەسی) هەڵدەکورمام. ژوورێک کە چیتر گەورەتربوونەکەی بە لامەوە گرنگ نەبوو. تەنانەت بەسەرهاتی ئەم ژوورە تاکەکەسییە حاڵمی خراپتر کردبوو و خۆی لێم ببوو بە دێوەزمەیەک.

دنیا ئیتر بۆ من هیچی تێدا نەمابوو و تەنانەت نەمدەتوانی بە تەکووزی بیر لە هیچ شتێک بکەمەوە. هەستیان کرد کە ئیتر بەسە. با ئەم پیاوە، واتە کامیل، کە خۆمان پێشوەختە تاوانەکەیمان دیاری کردووە بۆ ماوەیەک لە بەندی گشتیدا بمێنێتەوە. ئەوان نەیاندەزانی من هەر ئەوەندە هێزم بێتەوە بەر خۆ، دیسان هەمان توێژەرەکەی جارانم و لە زیندان بابەتی نوێ بۆ توێژینەوە دەدۆزمەوە. هەرچەندە هەرگیز نەدەبوومەوە ئەو کەسەی کە پێشتر بووم و وەها زامداریان کردبووم کە ئەو زام و برینانە بۆ هەمیشە

لەگەڵمدا بمێنێتەوە و چیتر خۆش نەبێتەوە، بەڵام بیرکردنەوەکانم وەکوو خۆیان مابوون. ئەوان نەیاندەتوانی بیر و مێشکم بە دیل بگرن و منیش نەدەبا بمهێشتایە کە نائومێدی و خەمۆکی زەین و مێشکم بتەنێت. زەینم تاکە سامانێکم بوو کە بۆم مابووەوە و نەدەبوو ڕێگەم بدایە لە دەستم دەربچێت.

لەمەودوا لە سەربوردەی ڕۆژانی زیندانم شتی سەیر و سەرسوورهێنەرتان بۆ دەگێڕمەوە. چیرۆکگەلێک کە هەندێک جار ئەوەندە دەمیانتاساند کە دۆخی خۆمم لەبیر دەچووەوە و دەستم دەکرد بە شیکردنەوەی بارودۆخی دەوروبەرم!

ئەو پیاوەی وا دەیویست قاسم سولەیمانی تیرۆر بکات!

هیلاک و شەکەت بووم. هەم ڕۆحم ڕووشابوو و هەم جەستەم ماندوو. کێشم زۆر دابەزیبوو و کەمخەویی زۆر و هێرشی دەروونی و عەسەبی تێکی شکاندبووم. دۆخەکە گەیشتبووە ئەو ئاستەی کە پاسەوانانی زیندان و بازجووەکانیش نیگەران بوون و بەردەوام دەمیاننارد بۆ دەرمانگا. پزیشکیدەروون بەبێ ترس و زۆر ئاسان لە ڕەچەتەدا دەرمانی بۆ پێشنیار دەکردم و منیش دەرمانێکی زۆرم دەخوارد. خەمۆکی بیر و هۆش و تەرکیزی لێم سەندبووەوە، پەرۆشی ئەوە بووم کە نەکا لە کاتی لێپێچینەوەدا چەرمەسەری و کێشە بۆ خۆم دروست بکەم. لە کۆتاییدا بازجووەکان وازیان لێم هێنا و گۆڕانکارییەکیان لە دۆخەکەمدا کرد. ئەڵبەت لێپێچینەوەکەیان شتێکی وای نەمابوو. ئەوان قسەی خۆیان و منیش قسەی خۆمم کردبوو. خوتبەی نوێژی هەینی لە بڵندگۆوە بڵاو دەکرایەوە کە پاسەوانی زیندان لە دەرگای دا و گوتی: "١٢٧! چاوبەنەکەت لە چاو بکە و بەتانییەکانت هەڵگرە." گەیشتبوومە قۆناغی دواتر و دڵەڕاوکێ سەرتاپێمی داگرتبوو. هەمیشە لە خەمی ئەوەدا بووم کە من بنێرن بۆ زیندانی مەهاباد یان شوێنێکی تر. دڵنەوایی خۆمم دەدایەوە کە کامیل نیگەران مەبە، پێدەچێ ژوورەکەت بگۆڕن. ڕەنگە بەختت باش بێ و لەگەڵ زیندانییەکی تر بتگۆڕنەوە.

پاسەوانی زیندان دەستمی گرتبوو و پێکەوە چووینە ناو بینایەکی دیکە. ماوەیەک ڕاوەستاین و زۆر بە ئەسپایی لەگەڵ کەسێکی تر قسەی کرد. من نەمدەزانی چی ڕوو دەدا، بەڵام دەفتەرێکی واژۆ کرد و ڕۆیشت. درگایەک کرایەوە و پاسەوانە نوێکە بە نەرمی پاڵی پێوە نام بۆ ژوورەوە. بۆنی چێشت لووتمی پڕ کردبوو و دەنگی تەلەڤیزیۆن دەهات. چەند کەسێک قسەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد. مابوومەوە کە چی بکەم، لە ناکاو هەموویان بێدەنگ بوون. یەکێکیان وتی بەخێر بێی و ئەوی تریان وتی چاوبەنەکەت لا ببە. بە سەرسوڕمانەوە پرسیم: لای بەم؟ وتی: بەڵێ لای بە. ئێمەش زیندانیین." کە

چاوبەنەکەم لا برد، بینیم جگە لە من سێ کەسی دیکەش لە ژوورەکەدا بوون. وەکوو ژوورە تاکەکەسییەکەی یەکەمم پەنجەرەی نەبوو یان بە وەرەقێکی ئاسنی بەستبوویان، بەڵام تەلەڤیزیۆن و حەمام و تەوالێت و لە هەمووی گرنگتر مرۆڤی تێدابوو! ئەوان منیان هێنابووە ژووری چەند کەسی. زیندانییەکانی دیکەم نەدەناسی، بەڵام کە پرسیاریان لێکردم بۆچی زیندانی کراوم، دەستم بە قسەکردن کرد. پێم وایە ٢٤ کاتژمێر بێوچان قسەم کرد. ئەو داماوانە بە نۆرە دەخەوتن. تکام لێ دەکردن کە نەخەون و قسەم لەگەڵ بکەن!

کەسەکانی ناو ئەم ژوورە هەندێک جار دەگۆڕان. یەک دەڕۆشت و یەکێکی تر دەهات و هەموو شتێک سەر لە نوێ دەستی پێ دەکردەوە. لەم ژوورەدا چاوم بە ئەمیرحسێن بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای برنجی ئاوازە کەوت. ئەو و خانەوادەکەی خاوەنی بەشێک لە فرۆشگای زنجیرەیی ڕیفاهـ بوون. وەک خۆی گوتی بڕیار وا بووە بە دۆلاری نیمایی[1] برنج لە هیندستان و سریلانکاوە هاوردە بکا، بەڵام بارەکەی نەهاتووە و بە تاوانی تێکدانی بازاڕی دراو دەستگیریان کردبوو[2].

هەروەها لەو ماوەیەدا زیندانییەکی چیچانیم بینی. نە فارسیی دەزانی و نە ئینگلیزی. تەنها زمانی چیچانی و ڕووسی دەزانی و هەندێ جاریش چەند وشەیەکی ئینگلیزی قسەی دەکرد. پێشتر بادیگارد و ئیسکۆرتی سەرۆک کۆماری چیچان بووە. هاوڕێکانی لە ژووری تردا زیندانی کرابوون و بە ئەنقەست لە یەکتر جیا کرابوونەوە. ئەم سێ کەسە لە تورکیاوە هاتبوونە ناو ئێران بۆ ئەوەی بچنە ئەفغانستان، بەڵام بە تاوانی پێوەندی لەگەڵ داعش دەستگیر کرابوون. ئایینپەروەر و بەهێز و وەرزشوان بوو. چەندین جار هەوڵی خۆکوشتنی دابوو بەڵام نەمردبوو و بە گشتی کەسێکی سەیر بوو. هەرچەندە کەسێکی بێ زەڕ و زیان بوو، بەڵام ژیان لە تەنیشتیدا گیروگرفتی خۆی هەبوو. شارەداری شاری مەلاردیان بە تاوانی گەندەڵیی ئابووری هێنابووە زیندان و هاوژوورم

---

١. دۆلاری نیمایی دراوێکە کە بۆ کۆنترۆڵکردن و پەرەپێدانی هاوردە و هەناردەکردن خراوەتە ڕوو و نرخەکەی لە دراوەکانی دیکە گونجاوترە. بە پێچەوانەی بازنەی ناجێگیری بازاڕی بۆرسە، دۆلاری نیمایی زۆر هەڵاوسان و داکشانی نییە و نرخەکەی لەلایەن بانکی ناوەندییەوە دیاری دەکرێت. بانکی ناوەندی بە پشتبەستن بە خستنەڕوو و داخوازی، ڕێژەی هەڵاوسان و ڕادەی دابینکردنی دۆلار، نرخی دراوی نیمایی دیاری دەکات.

٢. ئەم زیندانیانە پێیان دەگوترا زیندانیی ئابووری. ئەوەدەم ئیبراهیم ڕەئیسی کە لە مانگی گەلاوێژی ١٤٠٠ تا گوڵانی ١٤٠٣ی هەتاوی (٢٠٢١-٢٠٢٤ ز) سەرۆک کۆماری ئێران بوو، تازە دەزگای دادی لە لاریجانی وەرگرتبوو و دروشمەکەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی ئابووری بوو. پێش دەستبەسەربوونم ناوبەناو لە هەواڵەکاندا دەمخوێندەوە کە فڵان کەس دەستگیر کراوە، بەڕێوبەرانی فڵان کۆمپانیا و بانک دەستگیر کراون و هتد .... من لە بەشی ٢ی ئەلفی ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسداران بووم کە زانیم زۆرینەی زیندانییەکانی، زیندانیی ئابوورین، هەڵبەت زیندانیانی دەسترۆیشتوو و وەک خۆیان دەڵێن شادزەکان.

بوو. شەش شارەداری دیکەی هەمان ناوچە و دەوروبەری تارانیان دەستبەسەر کردبوون و لە ژوورەکانی دیکەدا بوون. ئەم کابرا لە کەرەی بەیانییەوە دەگریا کە خەتای من نەبووە و بە بێتاوانی منیان هێناوەتە ئێرە. بۆ دۆخی خۆی و ژن و منداڵەکانی و هۆزەکەی و ڕەچەڵەکی و ئابڕوو و شەرەف و بەکورتی بۆ هەموو ئەو شتانەی کە بە مێشکیدا دەهاتن، دەگریا. دەیگوت هەموو سووچەکان لە ئەستۆی شارەدارێکی دیکەیە کە تۆمەتی لێدام، ئەگەر ببینم فلان و فیسار دەکەم. ڕۆژێک دەرگاکە کرایەوە و هەمان ئەو شارەدارە هاتە ژوورەوە، هەر دووکیان لە جێی خۆیان وشک بوون. ئەو شارەدارەی کە لای ئێمە بوو وەکوو هەمیشە دەستی کرد بە گریان و باوەشی بە شارەداری نوێدا کرد و دەیگوت لێم خۆش بە، گەردنم ئازا کە و .... گوتمان ئەم ئاغا کێیە؟ وتی ئاغای فلانی. ئێمە ئەوەندە ناویمان بیستبوو کە یەکسەر زانیمان هەمان ئەو شارەدارەیە کە بە درێژایی ئەو ماوە پشتەمل قسەی ناشرینی پێ گوتبوو. نە کوشتی و نە سەری بڕی، بەڵام کە یەکتریان بینی هەموو شتێک گۆڕا!

ژوورە گرووپیەکەم بەم چەند کەسەوە دەستی پێکرد و دواتر هەندێکیان گۆڕان. ڕۆژێک دەرگاکە کرایەوە و کەسێکیان هێنابووە ژوورەوە کە ئاشکرا دیار بوو زیندانییەکی ئاسایی نییە. کەلوپەلێکی زۆری لەگەڵ خۆی هێنابوو. کتێب و بسکیت و ساردی و چەندین شتی تر کە ئێمە نەمانبوو. تەنانەت چاوبەنەکەشی لەگەڵ هی ئێمە جیاواز بوو. ئێمە چاوبەنی سەربازیمان بوو بەڵام چاوبەنەکەی ئەو پارچەیی بوو. گوتی: من تاهیر قەدیریان[1]، زیندانییەکی ژینگەپارێزم و دوو ساڵە لە زیندانم". هەر ئەوەندە وتی دوو ساڵ، ڕەقەمی دوو ساڵ وەک گۆپاڵێک بەر سەرم کەوت. پتر لە حەوتسەد ڕۆژ مانەوە لە زیندانی بەندی دووی ئەلفی سپا زۆر گورچکبڕ بوو. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێشینە و ئەزموونەی کە هەیبوو، هەموو پاسەوانانی زیندانەکەی دەناسی. ئەمە بۆ ئێمە باش بوو و ئەویش پێی ناخۆش نەبوو کە سەرۆکی ژوورەکەمان بێ و هەڵبەت ئێمەش بە جۆرێک ناچارمان دەکرد.

پێی وتین کە دوو ساڵە لە زیندانە و لە ڕاستیدا لێرە دەژی. دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە ژووری تاکەکەسیدا بووە، خستبوویانە ژوورێکی دیکە و ئەزموونی هاوژووربوونی لەگەڵ شەش ئەندامی داعشدا هەبوو. ئاماژەی بەوەش کرد کە ژوورەکە زۆر بچووک بووە

---

١. تاهیر قەدیریان چالاکی ژینگەپارێز، ڕێبەندانی ١٣٩٦ی هەتاوی (کانوونی دوو - شوباتی ساڵی ٢٠١٧) لە کاتی دەستگیرکردنی کۆمەڵێک چالاکی ژینگەپارێزی لەلایەن ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە دەستگیر کرا. دوای ساڵانێک لە زیندان بوون، لەگەڵ چالاکانی ژینگەپارێزی زیندانیکراوی دیکەی وەکوو سپێدە کاشانی، نیلووفەر بەیانی، هوومەن جەوکار، سام ڕەجەبی و ئەمیرحسێن خالەقی بۆ ماوەی دوو هەفتە لە مانگی ڕەشەمەی ١٤٠١ هەتاوی (شوبات-ئاداری ٢٠٢٢) پشوویان پێ درا.

و کاریگەریی لەسەر بینین و بیلبیلەکانی داناوە. سیستەمی ناو زیندانی باش دەناسی و بۆ درێژەی لێپێچینەوەکان یارمەتیی دەداین. دۆسیەکەی هاوشێوەی من بوو، ئەویش بە مادەی ٥٠٨ و یەک دوو شتی دیکە تۆمەتبار کرابوو. ئەو و تا ڕادەیەک ئەمیرحسێن لە ڕووی فیکرییەوە نزیکترین کەس بوون لێم و ئەوانی دیکە زیاتر زیندانیی گەندەڵیی ئابووری بوون. هەروەها یەک دوو کەسی دیکەمان هەبوو کە بە هۆی نارەزایەتی و مانگرتن لە دژی گواستنەوەی زانکۆی هونەری تاران، سێ هەفتەیان لە ژووری تاکەکەسی و لێپێچینەوە بەسەر بردبوو و هەر زووش ئازاد کرابوون.

هەروەها کوڕێکی گەنجمان لەگەڵ بوو کە بە تاوانی بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکان لە زیندان بوو، بەڵام نەماندەزانی بۆچی ئیتلاعاتی سپای پاسداران دەستگیری کردووە. بەگوێرەی قسەکانی خۆی لە باشووری تاران ژیاوە. تاتۆی ماچی خۆشەویستەکەی لەسەر ملی بوو، هەر بۆیە بە لەبی (لێوی) ناسرابوو. بازجووەکان بەهۆی ئەم تاتۆ گەورە و سوور و وروژێنەرەوە زۆر هەراسانیان دەکرد و لە کاتی دەستگیرکردن و گواستنەوەشدا بە توندی لێی درابوو. کابرا چیچانییەکە و زیندانییەکی تر لەبییان بە گڵاو دەزانی و گوتیان توخوونی ئێمە مەکەوە! زیندانییەکی دیکەمان خەڵکی مازەندەران بوو، لەگەڵ کوڕەکەی دراوی نیماییان وەرگرتبوو بۆ هاوردەکردنی ئامێرێک لە ڕووسیاوە، بەڵام دوای هاوردەکردنی ئامێرەکەیان فرۆشتبوو.

زیندانییەکی دیکەشم بینی کە ناوی عەلی بوو. زیندانی بەگشتی دوای تاکەکەسی باری دەروونیی باش نییە، بەڵام عەلی کاتێک لە تاکەکەسییەوە گواسترایەوە بۆ ژووری چەندکەسی، باری دەروونی زۆر شپرزە و خراپ بوو. هاتە ژوورەکە و بەتانیەکەی لە تەنیشت من ڕاخست. کاتێک لێمان پرسی بۆچی لە زیندانی، وتی کەیسەکەی من زۆر جیددییە. وتمان هەموومان کەیسەکەمان جیددییە بۆیە لێرەین! کاتێک گوێی لە هۆکاری زیندانیبوونەکەمان گرت، وتی: "کورە نا، دۆسییەکەم زۆر قووڵتر لەم قسانەیە، ڕەنگە باوەڕم پێ نەکەن. دەڵێن ویستوومە قاسم سولەیمانی تیرۆر بکەم." کە ئەم قسەیەی کرد، هەموومان حەپەساین. یەکەم کاردانەوە هی پیرەپیاوە مازەندەرانییە موحافیزەکارەکە بوو کە سەری داخست و گوتی با بچم نوێژەکەم بکەم. هەتا ئەو کاتەی عەلی لەوێ بوو، ئەو پیرەمێردە زۆر قسەی لەگەڵ نەدەکرد و بەردەوام لەبەر خۆیەوە دەیگوت عەلی کەسێکی مەترسیدارە. پرسیم، هەر بە ڕاست دەتویست قاسم سولەیمانی تیرۆر بکەیت؟ تۆمەتەکەی بۆ چەند کەسێکمان زۆر باوەڕپێکراو نەبوو و پێنەدەچوو ئەمانە کارێکی ئاوایان لە دەست بێت. ئەوەندەم لە بیرە وتی: "من میکانیکم (فیتەر) و لە کرمان دەژیم. قەرزێکی زۆر هاتبووە سەرم و کەسێک بانگهێشتی کردم بۆ ئەوەی لەگەڵی کار بکەم. بووین بە گرووپێکی پێنج کەسی و چووینە وڵاتی قەتەر. ئەمانە بەوە تۆمەتباریان

کردیـن کـە چاومـان بـە مەئموورانـی ئیتلاعاتـی مووسـاد کەوتـووە و پیلانـی تیرۆرکردنـی سـولەیمانیمان دارِشـتووە. هەموومـان دەسـتگیر کرایـن جگـە لـە نێوانگرەکەمـان کـە بەلـووچ بوو!"

باوکـی قاسـم سـولەیمانی لـە کرمـان مزگـەوت یـان حسـێنییەیەکی بینـا کردبـوو کـە کورەکـەی هەمـوو سـاڵێک لـە ڕۆژی عاشـوورادا لـەو مزگەوتـەدا وتـاری دەدا. بەشـێکی تـری تۆمەتەکەیـان ئـەوە بـوو کـە ئـەم گرووپـە پێنـج کەسـیە لـە نزیـک مزگـەوت خانوویەکیـان بـە کـرێ گرتبـوو بـۆ ئـەوەی لـە ژێرزەمینەکەیـەوە تونێلێـک بـۆ نـاو مزگەوتەکـە لێ بـدەن و بۆمـب لـە مزگەوتەکـەدا بچێنـن، بـەڵام ئیتلاعاتـی سـپای پاسـداران ئیدعـای کـرد کـە ئـەوان زۆر زیرەکانـە لەکاتی بۆمبچاندنەکـەدا دەسـتگیریان کـردوون و دواتـر ئـەو گرووپـە بۆیـان دەرکـەوت کـە بەلووچەکـە ئەندامـی ئیتلاعاتـی سـپای پاسـداران بـووە! وا دیـارە هەمـوو شـتێک پلانـی خۆیـان بـووە و چەنـد ڕۆژێـک دواتـر لـە بەرنامـەی هەواڵـی ٢٠:٣٠ ئـەم دەنگوباسـەیان ڕووماڵ کـرد. پێیـان گوتبـوو کـە لـە سـێدارە دەدرێیـت، تیرۆرکردنـی قاسـم سـولەیمانی گاڵتـە نییـە و حوکمـی موحاریبەیـە. دواتر کـە ئازاد بـووم، سـولەیمانی و هاوەڵەکانـی لەلایـەن ئەمریـکاوە لـە بەغـدا بە چەنـد مووشـەکێک کوژران و لـە سـاڵی ١٤٠٢ی هەتاویـدا (٢٠٢٣) لـە چـوارەم سـاڵیادی کوژرانـی قاسـم سـولەیمانیدا دوو بۆمـب لـە نزیـک ئـەو مزگەوتـە تەقینـەوە و زیاتـر لـە سـەد کـوژراو و سـەدان برینـداری لـێ کەوتـەوە. بـە خۆمـم گـوت لانیکـەم بـە قازانجـی عەلـی بـوو، ڕەنگـە تۆمەتەکانی بە شـێوەیەکی دیکـە لێـک بدەنـەوە. پێـش ئـەوەی بچمـە بەنـدی گشـتی عەلـی ژمـارەی ژنەکـەی پێـدام. پەیوەندیـم پێـوە کـرد و وتـم عەلـی لەگـەڵ ئێمـە بـووە و هێشـتا لـە ژێـر دەسـتی ئیتلاعاتـی سـپای پاسـدارانە. نازانـم چـی بەسـەر هـات، بـەڵام بـە گشـتی کەسـێکی سـەرنجڕاکێش بـوو.

۲۴ نفر ★★★★★ ۱۴ مهر ۱۳۹۸ - ۱۲:۱۱

روایتی جدید از طرح ترور سردار سلیمانی /زیر حسینیه را گودبرداری کرده بودند /تروریست‌ها ۴۰۰ کیلو بمب آماده کرده بودند

فارس نوشت: نماینده مردم قم در مجلس با اشاره به موضوع ترور سردار سلیمانی گفت: تروریست‌ها چند بار با سرویس‌های عبری و عربی ارتباط برقرار کرده و آموزش‌دیده بودند، ۴۰۰ کیلو بمب آماده کرده و از منزلی در برابر حسینیه‌ای که حاج قاسم در آن حضور پیدا می‌کرد گودبرداری کردند.

٢٤ کەس ١٤ ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٨ هەتاوی (٦ی ئۆکتەوبەر/تشرینی یەکەمی ٢٠١٩) - ١٢:١١

گێڕانەوەیەکـی نـوێ لـە پیلانـی تیرۆرکردنـی سـەردار سـولەیمانی / ژێـر حسـێنییەیان بنکـۆڵ کردبـوو/ تیرۆریسـتان ٤٠٠ کیلـۆ بۆمبیـان ئامـادە کردبـوو.

هەواڵدەریـی فـارس نووسـیویەتی: نوێنـەری خەڵکـی قـوم لـە مەجلیسـی شـۆرای ئیسلامـی، وێـڕای ئامـاژەدان بـە هەوڵـی تیرۆرکردنـی سـەردار سـولەیمانی، وتـی: تیرۆریسـتان چەندیـن جـار پەیوەندییـان بـە هەواڵدەرییـە عـیبری و عەرەبییەکانـەوە کـردووە و مەشـق و ڕاهێنانیـان بینیـوە، ٤٠٠ کیلـۆ بۆمبیـان ئامـادە کـردووە کـە لـە خانوویەکـدا بەرامبـەر ئـەو حسـێنییەی کـە حاجـی قاسـم تێـدا بەشـدار بـووە، بیچێنـن.

● وێنەی ٣٩٤ - ڕووماڵی هەواڵی پیلانی تیرۆرکردنی قاسم سولەیمانی

تەبەری و هاوڕێیانی

ئـەو زیندانییانـەی کـە دەهاتنـە لای ئێمـە زۆریـان بـە تۆمەتـی گەندەڵیـی ئابـووری گیرابـوون. بـۆ ماوەیـەک هەمـوو زیندانییـە تـازەکان بـە "ئاغـای تەبەری"یـەوە پەیوەسـت بوون، لـە بەنـدی گشـتیدا زۆر زیندانیـم بینـی کـە پەیوەندییـان بـە دۆسـیەی تەبەرییـەوە هەبـوو. دەگوتـرا تەبـەری چندیـن مولـک و ماڵـی کڕیـوە و هەمـووی کـردووە بـە نـاو ژن و کـچ و شـۆفێر و خزمەتکارەکەیـەوە. دەسـتوپێوەندییەکەی ئاغـای تەبەریـش خەریکـی خوێندنـەوەی قورئـان بـوون و دەگریـان و دەیانگـوت خەتـای ئێمـە نییـە. پیـاوە پاکسـتانییەکەیان وەبیرم دەخسـتەوە کـە لـە لەنـدەن کارم بـۆی کردبـوو، ئەویـش بـەردەوام قورئانـی دەخوێنـد بـەڵام لەسـەر تـەرازوو دزی لە مشتەرییەکانی دەکرد!

هەروەهـا خاوەنـی تـاوەرە دووانـە بەناوبانگەکانـی دوورگـەی کیشـم لـەوێ بینـی. نازانـم چۆناوچـۆن بـوو بـەڵام لەسـەر فرۆشـتنی شـوقەیەک بـە ژنەکـەی تەبـەری دەسـتگیر کرابـوو. ئـەو کـە تـازە لـە کەنـەدا گەڕابـووەوە، پێشتریـش ئەزموونـی زیندانـی ئێڤینـی هەبـوو و دەیگێڕایـەوە کـە دوای ئـەوەی لێـرە کاریـان لەگەڵتـان کۆتایـی هـات، بەشـە نـوێتر و سـەرنجڕاکێشترەکانی مـاوەی زیندانەکەتـان ئەزمـوون دەکـەن کـە زۆر باشـە. زیندانییـەکان تەلەفـۆن و هاتوچـۆ و سـەردانی شـەرعی و حوزووریـان هەیـە. دەتوانـی چێشـتلێنەرێک بـۆ خـۆت بەکرێ بگـری و ئـەو زیندانییـەی کـە پارەکـە خـەرج دەکا، ژیانێکـی ئاسـوودەی دەبێت. یەکێـک لـە جێگرەکانـی بەشـی یاسـایی دەزگای داد کـە هاودۆسـیەی تەبـەری بـوو هێنابوویانـە لای ئێمـە، هەروەهـا کۆمەڵێـک کەسـی سەیروسـەمەری دیکـە کـە هـەر یەکەیـان بـە جۆرێـک لـە

اکبر طبری چگونه بازداشت شد و در حال حاضر کجاست؟

داستان دستگیری و محکومیت طبری و اخباری که مبنی بر عدم حضور این محکوم در زندان مخابره شد؛ از موضوعات داغی است که نقل محافل خبری و غیرخبری شده است.

به گزارش مشرق، سردار نقدی، معاون هماهنگ‌کننده سپاه در سخنان اخیر خود گفت: «اگر امثال طبری در وسط بازار تهران شلاق بخورند بسیاری از مفاسد شکل نمی‌گیرد و برخورد با این گونه مفاسد باید جزو مطالبات ما باشد.» اما طبری چه جرایمی مرتکب شده و آخرین وضعیت محکومیت او چیست؟

اکبر طبری سال‌ها در سمت‌هایی همچون معاون امور اجرایی و مدیرکل امور مالی قوه قضائیه حضور داشت. او یک هفته پس از ریاست ابراهیم رئیسی بر این قوه در سال ۹۷، از سمت خود برکنار شد. اندکی بعد، طبری در ۲۳ تیر

ئەکبەر تەبەری چۆن دەستگیر کرا و ئێستا لە کوێیە؟

ڕاپۆرتی دەستگیرکردن و سزادانی تەبەری و ئەو هەواڵە بڵاوکراوەی کە باس لە نەچوونی حوکمدراو بۆ زیندان دەکا، لەو بابەتەیە کە لە دانیشتنە هەواڵدەری و ناهەواڵدەرییەکاندا باسی لێوە کراوە.

بە پێی ڕاپۆرتی مەشرق: سەردار نەقەدی، جێگری ڕێکخەری سپای پاسداران لە لێدوانەکانی ئەم دواییەیدا وتی: ئەگەر کەسانێکی وەکوو تەبەری لە ناوەڕاستی بازاڕی تاراندا قامچییان لێ بدرایە، زۆرێک لە گەندەڵییەکان ڕوویان نەدەدا و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەو جۆرە گەندەڵیانەش دەبێ لە ڕیزی داخوازییەکانمان بێت." بەڵام تەبەری چ تاوانێکی لێ وەشاوەتەوە و دواییـن دۆخـی مەحکوومییەتـی ئـەو چۆنـە؟

ئەکبەر تەبەری چەندیـن سـاڵ پۆسـتی وەکـوو جێگـری کاروبـاری کارگێڕی و بەڕێوەبەری گشتیی دارایی دەزگای دادی هەبووە. ناوبراو دوای هەفتەیەک بەر لە سەرۆکایەتیی کۆماری ئیبراهیم ڕەئیسی لە ساڵی ۹۷ی هەتاویدا (٢٠١٨ ز)، لە پۆستەکەی دوور خرایەوە. دوای ماوەیەکی کەم لە ٢٣ی گەلاوێژ (١٤تەموز) دەستبەسەر کرا.

● وێنەی ٣٩٥ – سەردێڕی ڕۆژنامەی مەشریق، هەواڵدەریی نزیک لە ئیتلاعاتی سپای پاسداران

جۆرەکان بە گەندەڵیی ئابووریی دەزگای دادەوە تێوەگلابوون. کە گوێت لە گفتوگۆکانیان دەگرت، دەیانگوت ڕاستە پارەمان دزی و ئاڵوگۆڕمان پێوە کرد، بەڵام ئەگەر ئەوەمان نەکردبا، نەماندەتوانی بەردەوام بین. چونکە کەسانێکی وەکوو نەیارانی ئاغای تەبەری ئەگەر لە ساختەکارییەکەیاندا دەستت لەگەڵیان تێکەڵ نەبایە، دەترسان لەقاویان بدەی، بۆیە باشتر وا بوو کە لە دزی و فزییەکەیاندا هاوبەشیان بیت!

تاهیر ماوەیەکی زۆر لەم فەزایەدا بوو و هەموو ئەمانەی دەزانی. دەیگوت تۆ نازانی چە عەجایباتێک لێرەن. من لەگەڵ هەندێک لە زیندانیانی ئابووری هاوقۆناغ بووم و شتگەلێکم بینی کە باوەڕپێنەکراو بوون. خۆمم لەگەڵ ئەوان بەراورد دەکرد و دەمبینی چەندە لێک جیاوازین. زیندانیانی ئابووری بە توێژینەوەکانم لەسەر خەتەنەکردنی کچان و ژنان و منداڵهاوسەری پێدەکەنین. دەیانگوت: ئەوە ئیدی چ کارێکە؟ ئەمە بۆ تاوانە؟ بڕۆ ئیش بکە و دوو قران پارە پەیدا بکە، تۆ چت داوە لەوەی کە خەڵک کەی هاوسەرگیری دەکەن!" من و تاهیر زۆر خۆمان لەو گرووپە نەدەدا، عەلیش خۆشی لە زیندانییە ئابووریەکان نەدەهات. دەیگوت من لەبەر بێپارەیی پەیوەندیم بە تیمی تیرۆرکردنی قاسم سولەیمانیەوە کردووە، بەڵام ئەمانە کە خوێنی میللەتیان مژیوە بەم زووانە ئازاد دەکرێن. لەو سەروبەندەدا من و تاهیر لە ژێر فشاری عەسەبیدا بووین و بیرمان لەوە دەکردەوە کە ئەو جیهانەی تێیدا دەژین چەندە نادادپەروەرانەیە. لە کاتێکدا ئێمە و کەسانی دیکەی وەکوو ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان هەوڵمان بۆ بنیاتنانی جیهانێکی باشتر دەدا، هەندێکی دیکەش هەبوون کە بەدوای قازانجی ئابووریەوە بوون و ئێستاش بارودۆخی ئێمە و ئەوان وەکوو یەک بوو و تەنانەت لەلایەن ئەوانەوە گاڵتەمان پێدەکرا. بۆ منێک کە توێژینەوەم لە زبڵگەڕیی منداڵان کردبوو، ئەم نایەکسانییە هێندەی تر بێتاقەتی دەکردم.

لەبی لە بابەتی ئابووریدا لێیان نزیکتر بوو و بواری کارکردنی ئێمەی بە سەرێشەساز دەزانی. دەیگوت: "بڕۆ دڵداری بکە و مادەی هۆشبەر بکێشە، چت داوە لەم شتانە؟" بەردەوام باسی ئەو خوماریانەی دەکرد کە بە هۆی ماددە هۆشبەرەکانەوە دەستی پێ دەدا بۆ وێنە بە حەبی ئێکس وات لێ دێ، و بە کڕاک ئاوا، کریستاڵ بەم شێوەیە و هێرۆیینیش بەو جۆرە. باسی شەڕەکان و کچانی دۆستی دەگێڕایەوە و دەیگوت: "ئەگەر لە ئێران پارەت هەبێ، هەرچیت بوێ دەتوانی بیکەیت". بەردەوام بە زیندانییە ئابووریەکانی دەگوت ڕۆیشتینە دەرەوە لە پێوەندیدا دەبین، بۆ ئاهەنگەکانی کۆتایی هەفتەتان وا بە دەورتاندا دێم و خزمەتتان دەکەم کە لە خەیاڵیشتاندا نەتانبینیبێت!"

لە هەندێک حاڵەتدا دەمبینی کە عەلی ڕاست دەکات. بەشێک لە زیندانییە ئابووریەکان لە شپرزەبازاڕی ئابووریدا کەڵکاوەژۆییان لە لاوازبەڕێوەبردنی ئێران بردووە

و بەهـۆی ئـەو دۆخـە ئابوورییـەی کـە سـەری هەڵدابـوو یـان لەبـەر زیرەکـی و ڕانتێـک کـە بوویانـە بارودۆخیـان زۆر گـۆڕاوە. هەندێـک لـە زیندانییـە ئابوورییـەکان باسـیان لـەوە دەکـرد کـە چـۆن بازجووەکانیـان منداڵـی تەمـەن بیسـت سـاڵە بـوون کـە لـە ئابـووری و بـازاڕدا هـەڕ لـە بـڕ ناکەنـەوە و بەرامبـەر کەسـانێک ڕاوەسـتابوون کـە چـل سـاڵە چالاکیـی ئابوورییـان هەیـە. دیـارە ئـەم بازجووانـە لـە دۆسـییەکە نازانـن و دەیکەنـە گـورە گـوڕ و هـەرا و زەنـا کـە لـە نـاو ڕێڕەوەکـەدا بیسـتبووم. لـەو کاتـەدا هەمـوو سیسـتەمی دەزگای داد هەوڵـی خۆیـان چـڕ کردبـووەوە کـە وەک ئیبراهیـم ڕەئیسـی دەیگـوت: گەندەڵـی دەبـێ بنبـڕ بکـرێ و چەنـدەش بنبـڕ کـرا!

شیرینیی تاڵی دیدار و مەلاقات!

کاتێکـی کـەم بـۆ دەسـتپێکردنی لێپێچینـەوە مابـوو کـە تاهیـر هەوڵـی دا ڕێنماییـم بـکا و بازجووەکانیـش ڕەوتـی کارەکەیـان بـۆ ڕوون کردمـەوە. لـە ئەنجامـی پێداگـری و بەدواداچوونـی بـەردەوام، بڕیـار درا خێزانەکـەم لـە نزیکـەوە ببینـم. دوای دوو مانگ یەکەم دیـدار و مەلاقاتمان بـوو و زۆر بەهیـوا بـووم کـە لـە ژووری مەلاقاتـی بەنـدی ٢ی ئەلـف بیانبینـم. بیسـتبووم کـە زیندانییانـی دیکـە هـەر لـەم ژوورەدا دیـدار و مەلاقـات لەگـەڵ بنەماڵـە و پارێزەرانیـان دەکەن. ئـەوان دەیانگـوت تەنانـەت پێـش هاتنـی خێزانـەکان سـەبەتی میـوە لـە سـەر مێـز دادەنێـن بۆ ئەوەی سـیمایەکی شـکۆمەندانە بە ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سـپای پاسـداران ببەخشـن. ئەوانەی دیداریـان هەبـوو جلوبەرگـی گونجاوتریـان لەبـەردا بـوو، مـن جلوبەرگـم نەبـوو، جلێکم بـە قەرز وەرگـرت، بـەڵام ئوتوومـان نەبوو. جلەکانمان خسـتە ژێر بەتانییەکەوە و بـە کابرا چیچانییەکە کە لە هەموومان قورستر بوو وت لەسـەریان بخەوێ تا کەمێک سـاف ببنەوە. ئێمە لە ژوورەکەماندا ئاوێنـەشمان نەبـوو، بۆیـە لەبـری ئاوێنـە، زەڕوەرەقـی سـەر لێبڵـی بوتڵـی سـاردییەکانمان بەکار دەهێنـا و وەکـوو تارماییەکـی نەنـاسراو خۆمانمـان تێـدا دەبینـی. بەیانیـی ڕۆژی دیـدار چوومـە حەمـام و هەوڵـم دا بەبـێ ئاوێنـە ڕوخسـارم جـوان بکـەم. چاوەڕێـم دەکرد کـە بانگم بکـەن. زۆر تاسـەی بینینـی شـەفەق و ئـالان بووم، بـەڵام لەناکاو دەسـتێک جلی زیندانیی ڕێڕێـی زێبرایان پێـدام و پێیـان وتـم لەبـەری بکـە. وتم مەلاقاتـم هەیە و دەمهەوێ بـە جلی خۆمەوە بچـم. وتیان نەخێـر دەبـێ بچیتە شـوێنێکی تر.

هەرچەنـدە پێداگریـم کـرد، دەیانگـوت وادەی مەلاقـات گـۆڕاوە. چاوبەنەکـەم لـە چـاو کـرد و وەڕێ کەوتـم. کـە چـاوم کـردەوە لـە نـاو حەوشـەی دادگا بـووم. منیـان بـردە نهۆمـی سـەرەوە بـۆ ژووری قەناعەتـکار. دەمگـوت بڕیـار وا بـوو ئەمـڕۆ خێزانەکـەم ببینـم. بۆچـی منتـان هێناوەتـە ئێـرە؟ وتیـان بازپـورس وتوویـە بێـی بـۆ ئێـرە. هـەر وا کـە مشـتومڕمان دەکـرد سـەیرم

کـرد شـەفەق و ئـالان لەبـەردەم دەرگای ژووری بازپـورس دانیشـتوون. ئـالان مـاق مـاق چـاوی لێـم دەکـرد. هەرگیـز منـی بـە ڕیشـێکی درێـژەوە نەبینیبـوو و وەک شـتێ بـە لایـەوە نامـۆ بـووم. شـەفەقیش وەک شـتێ پەشـۆکابوو و لـە پـڕ وتـی: "ئائائـا، ئـالان، چـاو لـێ کـە بابـە، ئەوەتـا بابـە". بـێ ئیـرادە بـەرەو لای ئـالان ڕام کـرد و ویسـتم لـە باوەشـی بکـەم کـە بازپـورس بـە توانـج و تەشـەرەوە وتـی ئاغـا لێـرە نـە! چ باسـە؟" بـە سـەرمدا هـاواری کـرد و بـە پاسـەوانی زیندانـی وت بۆچـی دێڵـی لێـرە بـاوەش بـە یـەکتردا بکـەن. دەبـێ سـەرەتا ئیـزن لـە مـن بخـوازی. بۆیـان نییـە لـە یـەکتر نزیـک ببنـەوە، ئەویـش بـەم شـێوازە!

ئەگـەر ئـەو بازپورسـە کـە ئێسـتا جێگـری دادسـتێنی گشـتیی تارانـە و بەهـۆی ڕۆڵـی لـە تۆمەتبارکردنـی دووڕەگەزنامەییـەکان خراوەتـە لیسـتی گەمـارۆ نێودەوڵەتییەکانـەوە،[1] لـە دڵیـدا کەمێـک مرۆڤایەتـی و میهرەبانـی هەبووایـە، بـەم شـێوەیە مامەڵـەی لەگـەڵ منداڵێکـدا نەدەکـرد. ئـەوە بـۆ مـن جێگـای سـەرنج بـوو کـە ئـەم کەسـانە کـە شـیعەی تونـدڕەو بـوون، لـە سـاڵدا مـاوەی دوو مانـگ لەسـەر ڕووداوی کەربـەلا و ئـەو درندەیـی و سـتەمکارییەی کـە بەرامبـەر بـە منـداڵان و ژنـان کرابـوو، قسـەیان دەکـرد و دەگریـان و چیرۆکـی عاشـوورا بەشـێکی گرنگـی شوناسـی ئایینزایـی ئـەم کەسـانە بـوو، چـۆن دەیانتوانـی لەگـەڵ منداڵێکـدا بـەم شـێوە مامەڵـە بکـەن؟ ئـەوەی مـن کردبـووم بـە هیـچ پێوەرێـک تـاوان و سـەرپێچیکردنی یاسـا نەبـوو و ئەگەریـش وەهـا بایـە بۆچـی منداڵەکـەم دەبـێ بەهۆیـەوە توندوتیژیـی لەگەڵـدا بکرێـت؟ بازپورسـی بێبەزەیـی منـی بـردە ژوورەکـەی خـۆی و وتـی: تـۆ لەگـەڵ دوو کەسـدا دەچیتـە ژووری فڵان کـەس و خێزانەکەنـت دەبینـی. کاتـی چاوپێکەوتنەکـە دە خولەکـە و ئەگـەر لەسـەر دۆسـیەکەت قسـە بکـەی، ئـیتر چاوپێکەوتنـت نابـێ و هەمـوو شـتێک کۆتایـی دێـت. وتـم باشـە تەنهـا دەمهـەوێ ژن و منداڵەکـەم ببینـم، دواتـر بانگـی لـە خێزانـم کـرد و ئەویشـی یەکلایـی کـردەوە کـە باسـی هیـچ ناکـەن و هەڵبـەت بۆتـان نییـە بـە زمانـی کـوردی قسـە بکـەن. بـەڵام کاتێـک گوتـم کوڕەکـەم جگـە لـە کـوردی زمانێکـی تـر نازانـێ، بـە چ زمانێـک قسـەی لەگـەڵ بکـەم؟ پرسـیارەکەم بـێ وەڵام مایـەوە.

دوو پاسـەوان ئێمەیـان بـردە ژوورێـک لـە خـوار ڕێڕەوەکـە. هێزێکـی ئەمنیـی کوردیشـی لـێ بـوو کـە نـەکا مـن و شـەفەق زانیـاری ئاڵوگـۆڕ بکەیـن و پێدەچـوو بیریـان لـە هەمـوو ئەگـەرەکان کردبـووەوە. هەمـوو سـەرنجم لەسـەر ئـالان بـوو کـە نەخـۆش بـوو. لـە خۆشـیی دیداریـان بـە درێژایـی شـەو هەتـا بەیانـی خـەوم لـێ نەکەوتبـوو، شـەفەق بـۆ ئـەوەی پـەرۆش نەبـم دەیکـوت هیـچ نییـە. ڤایرۆسـێکی هەڵامـەت لەنـاو منداڵانـی باخچـەی سـاوایاندا بڵاو بووەتـەوە و هەموویانـی نەخـۆش خسـتووە. بـەڵام خـۆ دڵ نـاسرەوێ .... دەسـتم کـرد بـە

1.https//:spreadingjustice.org/fa/individual-violator/sj41107/

کێشـانەوەی تاکـە شـێوەکارییەک کـە دەمزانـی، تەنیـا بـۆ ئـەوەی ئـالان دڵخـۆش بکـەم. خانوویەکـی شـیروانی (گەبـڵ) و گۆمێـک و کۆمەڵێـک گـوڵ و ئۆتۆمبێـل و ماتۆڕێـک. لـە خـوارەوە بـۆم نووسـیبوو: کـوڕی شـیرینم ئـالان، کـە گـەورە بـووی، وێنەکـە ڕەنـگ بکـە، بـە ئاڵاهەڵگـری بتبینمـەوە ئالانەکـەم (ئـالان بـە واتـای ئاڵاهەڵگـرە) و لـە سـەرووەوە نووسـیم: بـۆ کـوڕە جوانەکـەم ئـالان، کامیلـی باوکـت ١٣٩٨/٠٥/٣٠ی هەتـاوی (٢١ی ئاگێسـت/ئابی ٢٠١٩)، زیندانـی ئێڤیـن. شـەفەق وتـی کامیـل هەموومـان باشـین و هەوڵـی دا دوو کـۆدم پـێ بـدا، وتـی سـبەی سـاعەت یـازدە سـەرۆکی دەزگای داد قسـە دەکا، چـاوی لـێ بکـە. وەرگێڕ وتی ئەوە ئێوە کۆد بە یەکتر دەدەن و یەکسەر مەلاقاتەکەمانیان پچڕاند.

● وێنەی ٣٩٦ - وێنەکێشانی من لەسەر کاغەزی لێدواننامەی لێپێچینەوەکەم بۆ ڕۆژی دیدار لەگەڵ ئالان، بەندی ٢ی ئەلف، زیندانی ئێڤین، ١٣٩٨ی هەتاوی (٢٠١٩)

کـە بینیـم دیـدار و مەلاقاتەکەمـان کۆتایـی هاتـووە، ئالانـم لـە بـاوەش گـرت و ماچـم کـرد. بۆنیـم کـرد و پێـم خـۆش بـوو بگریـم. دڵـم خەریـک بـوو دەتۆقـی، بـەڵام ئـالان نەدەبـا گریانـی منـی بدیبایـە. هـەر ئـەوەی کـە گرژیـی نـاو فەزاکـەی هەسـت پێدەکـرد، بـۆ ئـەو بـەس بـوو. کاتێـک مەئمووەکـە دەنگـی بـەرز کـردەوە، ترسـا. خـۆی بـە منـەوە چەسـپاند و وتـی باوکـە تـۆ لێـرە چـی دەکەیـت؟ بۆچـی نایەیتـەوە بـۆ ماڵـەوە؟ گوتـم: ئەمـە شـوێنی کارەکەمـە، ئەمـە مێزەکەمـە، بەیانیـان لێـرە کار دەکـەم. ڕیشـم هێشـتووەتەوە چونکـە هـەوا سـاردە و ئـاوا کـەمتر نەخـۆش دەکـەوم. دەمویسـت دۆخەکـەی وا بـۆ ڕوون بکەمـەوە کـە کـەمتر بکەوێتـە مەراقـەوە، بـەڵام ئـەو هەسـتی دەکـرد ئێمـە لـە دۆخێکـی نادیـار و نالەباردایـن و ئەویـش ئەمـەی لـە

ڕەفتارەکانیدا نیشان دەدا.

شەفەقیش دڵەڕاوکێی هەبوو و و هەوڵی دەدا خۆی بەهێز دەربخات. هەمیشە دەیگوت "ئەگەر دەستگیر کرای، لەگەڵ میدیاکان قسە دەکەم[1]، هەڵمەتێکت بۆ وەڕێ دەخرێ و دواجار هەموو شتێک باش دەبێ، ئەو ڕوانگەی بۆ شتەکان ئاوا بوو، بەڵام دەمزانی کەوتوومەتە ناو چ گێچەڵێکەوە و دەربازبوون لێی کارێکی هەر وا ئاسان نییە. لە لایەکی ترەوە خەمی خۆیم هەبوو، تەنیا خۆی و منداڵێک بوون و ئەژمارە بانکییەکانم بلۆک کرابوون. من نەمدەویست پارە لە ماڵی باوکی وەربگرێت. تەنانەت بیر لێ کردنەوەشی هەستی سووکبوونی پێم دەبەخشی، بەڵام هیچم پێ نەدەکرا.

دوای ئەم دیدارە پچڕاوە، ماوەی چەند ڕۆژێک بێتاقەت بووم و بەردەوام بە خۆمم دەگوت خۆزگە نەمدیبایەن. ئەمانە بێڕێزییان بە من و ژنەکەم و منداڵەکەم کرد. بۆ نموونە جیاوازیی من و تاهیر قەدیریان کە چەند مانگ بۆی نەبوو مەلاقات و دیداری هەبێ، چی بوو؟ بەڵام بۆچی زیندانیانی ئابووری بۆ مەلاقات و بینینی کەس و کاریان هیچ کێشەیەکیان بۆ ساز نەدەبوو و تەنانەت دەتوانن لێرەوە بۆ ڕۆژی لەدایکبوونی منداڵەکانیان دیاری بنێرن؟ ئەویش لە دۆخێکدا کە زیندانیانی سیاسی تەنانەت بۆ یەک خولەکیش بە ئاسوودەیی ناتوانن دیداریان لەگەڵ بنەماڵەکانیان هەبێت. دەمبینی تۆمەتبارانی گەندەڵیی ئابووری دەتوانن ڕۆژانە تەلەفۆن بکەن، بەڵام ئێمەی زیندانیی سیاسی، یان بە وتەی بازجووەکان ئەمنییەتی، بۆمان نەبوو تەنانەت لە مانگدا جارێکیش تەلەفۆن بۆ بنەماڵەکانمان بکەین.

خۆم بە کتێبەکانی تاهیر سەرقاڵ کردبوو و ڕۆژانە زیاتر لە دوانزە کاتژمێر کتێبم دەخوێندەوە. ماڵی ئاوەدان بێ، هەموو جۆرە کتێبێکی هەبوو، لە ژینگە و ژیانی ئاژەڵانەوە بگرە هەتا دەگاتە شیعر و عیرفان. شێعرەکانی مەولەوی ڕۆمی، سەعدی و حافزیشی هەبوون و بۆ منێک کە زۆر شیعری فارسیم نەخوێندبووەوە، دەرفەتێکی باش بۆ پەیوەندیسازکردن لەگەڵ ئەدەبیات و عیرفانی ئێرانی بوو. لە ماوەی زیندانی تاکەکەسیدا دەپاڕامەوە کە بازجووەکەم جگە لە قورئان کتێبێکی دیکەم پێ بدات. پیاوەتی کرد و بە پاسەوانی زیندانی گوت کتێبێکم بۆ بێنێت. ئەویش کتێبێکی بە ناوی "بیرەوەرییەکانی شەهید ئەمینی" بۆ هێنام، کە فەرماندەی کەتیبە و میندۆز بوو. کە خوێندمەوە مۆتەکە و کابووسی شەوانەم زیاتر بوون. لە خەونمدا دەمبینی کە ئەو خەڵکە دەچوونە ناو کێڵگەی مین و قاچ و دەستیان دەقرتا. خوێن شەپۆلی بۆ هەموو لایەک

---

١. دیدار کامیل احمدی پژوهشگر اجتماعی بازداشت شده با همسرش، وبسایت عصر ایران، 23 شهریور1398:
asriran.com/002tBu

دەهاویشت. جەستەیان بە فانسقە شەتەک دەدا و چاوەڕێی مردن بوون. پاشان پارچەی جەستەیان کۆ دەکەنەوە و لە تەلیسدا دەیانێرنەوە بۆ خانەوادەکانیان. زیاترین بیرەوەرییەکانی هەی عەمەڵییاتەکانی وەلفەجری ٧ و ٨ بوون و پێم وایە بە ئەنقەست کتێبێکی وایان پێدابووم. کە لەو بارەوە پرسیارم کرد، وتیان تاکە کتێبێکە کە هەمانە، پێت خۆشە بیخوێنەوە پێت خۆش نییە مەیخوێنەوە، خۆ زەختت لێ نەکراوە، بڕیارم دەدا نەیخوێنمەوە بەڵام دیسان دەچوومەوە سەری. هەندێ لە بەشەکانیم دەخوێندەوە و وەڕەز دەبووم، لام دەبرد و بەتانییەکەم دەدا بە مل خۆمدا. بەڵام دیسان دەچوومەوە سەری کە بیخوێنمەوە، چونکە لەو بەندە تاکەکەسییە ترسناکەدا هیچ شتێکی تر نەبوو و ئەم شتانەش ئەشکەنجەیەکی دەروونی بوون.

غلامحسین اسماعیلی، سخنگوی قوه قضائیه ظهر امروز در یازدهمین نشست خبری خود درباره بازداشت کامیل احمدی گفت: «اصل بازداشت این فرد صحت دارد و موضوع آن بحث ارتباط با کشورهای بیگانه و موسسات وابسته به سرویس‌های بیگانه است.»

غولامحسێن ئیسماعیلی، وتەبێژی دەزگای داد، پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ لە یازدەهەمین کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیدا سەبارەت بە دەستگیرکردنی کامیل ئەحمەدی ڕایگەیاند، "هەواڵی دەستگیرکردنی ئەم کەسە ڕاستە و بابەتەکە پەیوەستە بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە و دامەزراوەکانی سەر بە سرویسە بیانییەکان".

● وێنەی ٣٩٧ - ڕاگەیاندنی هۆکاری دەستگیرکردنم لەلایەن وتەبێژی دەزگای داد لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا

لە بەندی گشتیدا هەمووان سەیری هەواڵەکانی ٢٠:٣٠یان دەکرد و هەواڵەکانی بۆ زیندانییە ئابوورییەکان گرنگتر بوو. شەفەق وتبووی سەیری ئەم بەرنامە بکە و منیش بینیم. پەیامنێری ڕۆژنامەی شەرق سەبارەت بە دۆسیەکەی من پرسیاری لە وتەبێژی

دەزگای داد کـرد. ناوبـراو دەسـتگیرکردنی منـی پشتڕاسـت کـردەوە[1] و وتـی: "کامیـل ئەحمـەدی بەهـۆی پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ ئـەو دامـەزراوە بیانییانـەی کە هەوڵـی ڕووخاندنی حکومەتـی کۆمـاری ئیسلامـی دەدەن، دەسـتگیر کـراوە" و ناڕاسـتەوخۆ ئامـاژەی بـەو تۆمەتانـە کـرد کـە بازجووەکانیـش لەسـەری پێداگـر بـوو. ئەمـە وەکـوو گۆپاڵێـک بـوو کـە بەربـووەوە و کەوتـە سـەر تەپڵـی سـەرم و هەتـا چەنـد ڕۆژ کاس و وڕ بـووم. لـە نـاو زیندانـی گشـتی و لـە نـاو زیندانیانـی ئابووریـدا بـاس لـە "حەقولکەشف"ــی مەئمـوورەکان دەکـرا و تێگەیشـتم کـە هەوڵـدان بـۆ تۆمەتبارکردنـی کەسـەکان لایەنێکـی دیکەشـی هەیـە و داهاتێکـی باشـی بـۆ حکوومـەت و ئیتلاعاتـی سـپای پاسـداران هەیـە. ئـەو ڕێکخـەرەی کە کاری لەسـەر دۆسـییەکە دەکـرد و شـەو و ڕۆژی بـە تۆمەتداتاشـین تەرخـان دەکـرد، دەیزانـی کـە ئـەم هەوڵانـە لـە کۆتاییـدا سـەدان ملیـۆن تمـەن قازانجـی بـۆی هەیـە، بۆیـە بـەردەوام بـە دوای کەیسـی چـەور و قەڵـەودا دەگەڕێـن!

دیدار لەگەڵ شادزەکانی حەفتەپە!

دوو سـێ کەسـیان هێنـا کـە دیـار بـوو کۆنەزیندانیـن، جلـی زیندانیـان لەبـەردا نەبـوو و لـە بەنـدی چـواری زیندانـی سـەرەکیی ئێڤینەوە هاتبـوون کە زیاتر شـوێنی ڕاگرتنـی کەڵەتاوانبارە ئابووریـیەکان بـوو. ئـەم تازەهاتووانـە لـە خاوەنـە بەناوبانگەکانـی کارگـەی حەفتەتەپـە بـوون کـە لـە هەواڵەکانـدا لەسـەریان خوێندبوومـەوە. چەنـد گەنجێکـی تەمـەن سـی و چەنـد سـاڵی زۆر قـوت و وریـا بـوون کـە دیـار بـوو زۆر جێـی متمانـە نیـن. وەک لەبـی دەیگـوت، لەوانـە بـوون کـە بـە ڕۆژی ڕووناک قۆڵـت دەبـڕن و بـە خـۆت نازانـی، سـەرباری تەمەنـە کورتەکەیـان زۆریـان سـەفەریان کردبـوو و ئەزموونیـان هەبـوو و ئـەوەی جێـگای سـەرنجە ئەوەیـە هەموویـان لـە کـوڕە ڕەش و ڕووت و هـەژارەکان بـوون و کەوتبوونـە سـەر سـفرەی پڕخێـر و بێـری ڕانـت و گەندەڵیـی ئابـووری.

پاسـاوی ئـەوان ئـەوە بـوو کـە ڕژێمـی کۆمـاری ئیسلامـی سـەر لـە بـەری گەندەڵـە و حکومـەت خـوا خوایەتـی کـە یەکـێ بـێ و کارگـە دەوڵەتییـە هەرەسـهاتووەکان کـە قەرزێکـی زۆری کەڵەکەبوویـان هەیـە، بکڕێـت. یەکێکیـان وتـی: "مـن ئـەم کارگـەم بـەم نرخـە کـڕی، کـەس هەڵینەدەگرتـەوە، بـەڵام مـن کڕیـم. ئێسـتا کـە کڕیومـە، هەمـوو پێمـدا هەڵدەشـاخێن

---

١. وتەبێـژی دەزگای داد: بابەتـی دەسـتگیرکردنی کامیـل ئەحمـەدی دەگەڕێتـەوە بـۆ پەیوەندیـی ئـەو لەگـەڵ دامـەزراوە بیانییـەکان، تـۆڕی مافـی مرۆڤـی کوردسـتان، ٩ی ڕەزبـەر

https://kurdistanhumanrights. org/fa/news-fa/freedom-fa/freedom-of-expression-fa/2019/10/01/p9939

و داوای حەقی خۆیان دەکەن. ئاماژەی بەوەش کردکە جڤاتی کرێکار خوێری و تەمبەڵن و دەیانهەوێ کەڵکاوەژۆیی لە دۆخەکە بکەن و بیقۆزنەوە. من لەگەڵی هاوڕا نەبووم، دەمەقاڵەمان کرد و لەسەر ئەو قسانەی کە دەیکرد بە ئاڵنگاریم دەکێشا. نەمدەتوانی ڕوانگەیەکی ئەرێنیم بۆ کردەوەی ئەو کەسانە هەبێ کە ماڤی چەند سەد کرێکارێکیان خواردووە و ئەوانی تریان بە تاوانبار دەزانی. خۆشبەختانە بیستم کە ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی (٢٠٢١) حەفتەتەپە گەڕێنرایەوە بۆ کەرتی گشتی و ئیتر لە قۆرخی کەرتی تایبەت دەرباز بوو.

هەر لەو سەروبەندەدا بوو کە گوتیان من دەنێرن بۆ بەندی گشتی. بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ شەفەق کرد و وتی بازپورس بەڵێنی داوە کە بە کەفالەت ئازادم بکا، بەڵام بازجووەکەم ڕەتی کردەوە و وتی شتی وا لە ئارادا نییە. ئەوانەی ئەزموونی زیاتریان هەبوو دەیانگوت "کامیل کاری لێپێچینەوەکەت گەیشتووەتە قۆناغی لاس لێدان و ئیتر بازجووەکەت ناتدوێنێت. دەیانگوت ئەگەر کەیسەکەت وەک خۆیان دەڵێن ئەمنییەتی بێ، فیلمت لێدەگرن و دواتر دەچیتە بەندی گشتی چوار. لەوێشەوە دۆسییەکەت بەرەو دوو ئاقار دەچێ: یان دەبرێیتە لای قازی سەڵەواتی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێی و سزای زیندانەکەت بەسەر ببەی یان لەوێ دەمێنیتەوە تا بڕە پارەیەکت وەک کەفالەت بۆ دیاری دەکرێ بۆ ئەوەی لە کاتی دادگاییکردنەکەتدا لە دەرەوە بیت. فکر و زیکرم ئەوە بوو کە بە زووترین کات بگەمە قۆناغی پاشتر.

لەبەردەم دووربین

دوای چەند هەفتەیەک منیان بردە لای بازجووەکەم و گوتی گەیشتووینەتە قۆناغی فیلمگرتن. بازجوو وتی: "کامیل وا بڕیارە بەجێمان بهێڵێت". شێوازی کارەکە وەها بوو کە لەبەردەم دووربینێکی پرۆفیشناڵدا دادەنیشتی هەر لەو ستۆدیۆیەی کە وەک خۆیان دەڵێن سەرانی ئاژاوەگێڕییەکانی ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی (٢٠٠٩) و زۆر کەسی دیکەیان تێدا پیشان دابوو. لە پشتتەوە پەردەیەکی ڕەنگاوڕەنگ بوو. جلوبەرگی ڕۆژی دەستبەسەربوونت لەبەر دەکەیتەوە و بە ڕیش و سمێڵێکی داتاشراو و پاک و خاوێن، هەر چییەکیان بووێت دەبێ بە قسەیان بکەی و لەبەر کامێرا دووبارەی بکەیتەوە! دەمزانی ئەم فیلمە ڕەنگە ببێتە بەشێک لە بەڵگەفیلمێک کە دەیسەلمێنێ کە من و دووڕەگەزنامەییەکانی دیکە[1] بۆ لەناوبردنی ئێران چ پیلان و پلانێکمان داڕشتووە. ناوی

١. بەپێی زانیارییە بڵاوکراوەکان، لە ئێستادا دەیان زیندانیی خاوەن دووڕەگەزنامە، لە زیندانی ئێڤین و زیندانەکانی دیکە ڕاگیراون. وڵاتانی ئەمریکی و ئەورووپی زۆرترین زیندانیی دووڕەگەزنامەییان لە ئێراندا هەیە. زۆربەی ئەو زیندانیانە

ئـەم بەڵگەفیلمـە "خـارج از دیـد" واتـا دوور لـە دیتن و لـە دیتن بـەدەر بـوو. ئەڵقـەی نـوێتری ئـەم بەڵگەفیلمـە لەسـەر نازەنیـن زاغـەری و دزەکردنـی بابـەک نەمـازی و باوکـی و ئەڵقـەی پێشووتریشـی لەسـەر ژینگەپارێـزان بـوو. گریمانـەم دەکـرد کـە ئەڵقـەی نـوێ سـەبارەت بـە ڕەخنـە و دزەکردنـی فەرهەنگـی بـێ بـە جەختکردنـەوە لەسـەر پـرۆژەی پیلانگێڕیـی مـن و ئەوانی دیکە بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی حەشیمەت.

● وێنەی ٣٩٨ - بەڵگەفیلمی لە دەرەوەی بینین (خارج از دید)

پێیـان دەگوتـم چـۆن لەبـەردەم کامێـرادا ڕەفتـار بکـەم و چـی بڵێـم. گوتیـان ئەگـەر هـاوکاری نەنوێنـم کارەکـەم وەدوا دەکەوێـت. بازجووەکـەم لـە پشـت دووربیـن لـە تەنیشـت کامێرامانەکـە دانیشـت و پرسـیاری لێکـردم: "باسـی کار و پێگـەی خـۆت لـە پـرۆژەی خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان بکـە. پـرۆژەی هاوسـەرگیریی منداڵانـت چـۆن ئەنجـام دا؟ کاری هاوسـەرگیریی سـپی لـە چ بارودۆخێکـدا ڕووی دا؟" و هەمـوو ئـەو پرسـیارانەی کـە لـە کاتـی لێپێچینـەوەدا لێیـان پرسـیبووم، دووبـارە لەبـەردەم دووربینـدا لێیـان پرسـیمەوە و داوایـان لێکـردم کـە سـەبارەت بەوانـە وەڵامـی کـورت بدەمـەوە. هەمـوو پرسـیارەکانی بازجـوو لەسـەر ئـەو تـەوەرە بـوو کـە مـن بەنیـازی دزەکردنـە نـاو حکوومـەت بـووم و بەپێـی ئامۆژگاریـی زیندانییانـی دیکـە، وەڵامـی کـورت و بەڵـێ یـان نەخێـرم دەدایـەوە، کـە ئـەوان بەمـە ڕازی نەدەبـوون و جارێکـی دیکـە بـە شـێوەیەکی جیـاواز پرسـیارەکانیان دووبـارە دەکـردەوە. بازجـوو دەیگـوت: کاتێـک لـە زیندانـی تاکەکەسـی دێیتـە دەرەوە لـە زیندانـی گشـتیدا هـەزار فێـڵ و تەڵەکـەت فێـر دەکـەن. نموونەکـەی ئەمەیـە کـە فێـر بوویـت چـۆن لەبـەردەم کامێـرادا قەشـمەریمان پـێ بکەیـت. ئەوەنـدە سەرسـەخت مەبـە و وەڵامـەکان بـە کورتـی مـەدەوە. بـە سیسـتەمی دەنگسـاز دەتوانیـن زۆر بـە ئاسـانی دەنگـت هاوشـێوەسـازی بکەیـن و درێـژە بـە کارەکانمـان بدەیـن. جگـە لـەوەش دەتوانیـن دەسـتکاری هەنـدێ لـە

بـە تۆمەتـی هـاوکاری لەگـەڵ حکومەتـە دوژمنکارەکان واتە ئەمریـکا و بەریتانیا و وڵاتانی دیکە سـزای زیندانـی درێژخایەنیان بەسـەردا سـەپێنراوە. ئەمـە لـە حاڵێکدایـە کە بە پێـی بەڵگەنامەیەکی فەرمـی کە لە ٢٣ی سـەرماوەزی سـاڵی ١٣٩٢ (١٣ی کانوونـی دووەمـی ٢٠١٣) لـە لایـەن وەزارەتـی دەرەوە بڵاو کراوەتـەوە، ئێـران جگە لـە ئیسرائیل هیچ وڵاتێکـی دیکە بە وڵاتی دوژمنـکار یـان دوژمنـی کۆماری ئیسلامی نازانێت. (رسـتمی، نیلوفـر. زندانیهای دوتابعیتی و خارجی اروپایـی و آمریکایی در زندانهـای ایـران، 1 مهر 1398 ، ایـران وایـر: https://iranwire. com/fa/features/33190/)

بەشـەکانی فیلمەکـە بکەیـن و بیبڕیـن!

بازجوویـی تەلەڤیزیۆنیـی[1] هەفتەیەکـی خایانـد. کامێرامـان دەیگـوت دەزانـی کـێ لەسـەر ئـەم کورسـییە دانیشـتووە؟ تاجـزادە، زەیدابـادی، سـەید ئیمامـی و هەمـوو ملهـورەکان و ئەڵبـەت دوورەگەزنامەیـی و سـیخورە ژینگەپارێـزەکان، لـە پشـت ئـەم کامێرایـە فیلمـم لـێ گرتـوون. هەموویـان هاتـن بـۆ ئـەوەی وەڵام بدەنـەوە و دواجـار وەڵامیـان دایـەوە. ئەوەنـدە سەرسـەخت مەبـە و وەڵامـی کـورت مـەدەوە. ئێمـە زۆر کەسـی وەکـوو تۆمـان بـووە و لـە کۆتاییـدا هەموویـان دێنـە ئاخاوتـن. بـەردەوام هێرشـی دەروونـی دەکرایـە سـەرم و پێیـان دەگوتـم زیاتـر بڵـێ و تەنانـەت ئـەو شـتانەش بڵـێ کـە لـە کاتـی لێپێچینـەوەدا نەتگوتـووە و بـە کورتـی لـە شـەڕێکی دەروونیـی چـڕدا هەمـوو شـتێکیان بـەرەو دانپێدانانێکـی زۆرەملـی دەبرد. پاشـان ناتوانـی بڵێـی لـە ژێـر ئەشـکەنجەدا ئـەم دانپێدانانەیـان لێـم وەرگرتـووە. ئـەوە تـۆی کـە بـە کـۆت و شـەروالێکی ڕێـک و پێـک و ڕیشـێک کـە بـە دڵـی خـۆت پێـت زیـاد کـردووە، دانیشـتووی و باسـی هەمـوو تۆمەتەکانـت دەکـەی و پشتڕاسـتیان دەکەیتـەوە؛ شـتێکە کـە ناتوانیـت حاشـای بکەیـت.

بازجووەکـەم بـەردەوام دەیگـوت: "کامیـل تـۆ هەمـوو شـتێکت یەکـە. بازپـورس و دادوەرەکـەت یەکـە. لەمـەودوا ئـیتر ئیشـت لای ئێمـە نامێنـێ و دەچیتـە بـەر دەسـتی بازپـورس. ئـیتر خـۆت دەزانـی و بازپورسـەکەت. خـۆ دادوەر سـەڵەواتیش دەناسـیت. ئەگـەر سـزای لەسـێدارەدانت بـۆ نەبڕێتـەوە، لـە بیسـت یـان سـی سـاڵ کـەمتر حوکمـت نـادات. تـۆ دەچیتـە جێگایـەک کـە مـەرگ ئارەزووتـە. بـڕۆ قسـەکانت بـۆ بازپورسـەکە بکـە. لـە هەفتـەی داهاتـووەوە دانیشـتنەکانی بازپورسـیت دەسـت پێـدەکا و لەوێـش دەتوانـی هـەر چیـت پـێ خـۆش بـوو بیڵێیـت. مـن ویسـتم یارمەتیـت بـدەم، بـەڵام وا دیـارە تـۆ ناتهـەوێ یارمەتیـت بـدەم، خـۆت هاوکاریـی منـت نـاوێ و هێشـتا لەسـەر هەڵوێسـتی خۆتیـت. ئێسـتاش دەڵێـی هیـچ کام لـەو کارە بەنـاو زانسـتیانەی کـە کردووتـە بـە نیـازی دزەکـردن نەبـووە، هەرچەنـد خـۆت چـاک دەزانـی ئامانجـت هـەر ئـەوە بـووە و مەشـق و ڕاهێنانـت پێکـراوە و نێـردراوی بـۆ ئێـرە. ئەمـە دوا شانسـی تۆیـە، وەرە لەبـەردەم دووربینـدا دان بـە هەمـوو شـتێکدا بنـێ، چونکـە لەوانەیـە کاریگەرییەکـی زۆری لەسـەر دۆسـیەکەت هەبێـت.

بـەردەوام زەختـی لـێ دەکـردم هەتـا ئـەوەی کـە ئـەو چەنـد ڕۆژەی فیلمگرتـن تێپـەڕی. پشـکنەرەکەم لـە دوا ڕۆژدا بـە پێکەنینـەوە وتـی: "ئـیتر کارمـان بـە یـەک نەمـا و ڕەنگـە جارێکـی تـر نەمبینیتـەوە، بـەڵام ئەگـەر منـت بینـی و سڵاوت لـێ کـردم، دەمانچـەت لـێ ڕادەکێشـم، ئـیتر نـە سـەیدێ هەیـە و نـە کامیلـێ. دەزانـم پارێزەرەکـەت هـەزار فـرت و فێڵـت فێـر دەکا و

١. بەڵگەفیلمی "خارج از دید"، ماڵپەی ئاپاڕات/ :مستند_خارج_از_دید www.aparat.com/resul

پشتەمل قسەی ناحەق و نارەوامان پێ دەکەی، بەڵام پیاو بە و ڕاستییەکان بڵێ." وتم ڕاستییەکان دەڵێم و بە دڵنیاییەوە لە ڕاستییەکان بەو لاوە هیچ نانووسم، و بەڕاستیش هەتا ئێستا لە سەر ئەم بەڵێنەم سوورم و پێی وەفادارم.

لە کاتی ماڵاواییکردندا وتم: "سەیید نازانم ناوت چییە، بەڵام گەرەکمە چەند قسەیەکت بۆ بکەم. ئێمە لە کۆتاییدا لە دڵەوە کەسانێکی چاکین. ئەوە هەلومەرجە کە هەندێک جار خراپمان دەکا یان دەمانگۆڕێت. تۆ ئەوەی باوەڕت پێی هەبوو جێبەجێت کرد، منیش هەر وا. ئێستا نازانم تۆ لەبەر پارەیە یان لەبەر بیر و باوەڕە بەڵام خۆزگە دەخوزام ئەوەی دەیکەی لە پێناو بیر و باوەڕ بێ و لەبەر باوەڕەکانت بە درێژایی ئەم ماوە لێپێچینەوەت لە من و چەندەهای وەکوو من کردبێت بەڵام .... هەر دووکمان ڕاستییەکان دەزانین و هیوادارم ڕۆژێک بێ دواجار ڕووبەڕووی ئەم ڕاستییە ببیتەوە، بەڵام ئارەزوومە بگەیتە ئاستێک کە بتوانی ڕەفتارت بگۆڕیت. ئێوە هەموو ژیانی منتان گۆڕی و ئەمەش هەتا کۆتایی تەمەنم لەگەڵمدا دەمێنێتەوە." چاوی لە چاوم نەدەکرد لە حەقیقەت ڕای دەکرد و تەنانەت تووڕە بوو و خۆی لێم دوور خستەوە. بە مەئموورەکەی وت بیبە. لەبەردەمیدا ڕاوەستام و چاوبەنەکەیان لە چاوم دا. ئیتر سەییدم نەبینیەوە و دوای حەفتا ڕۆژ سەختی لە ژووری تاکەکەسی و ژووری بەکۆمەڵ گوێزرامەوە بۆ بەندی گشتی.



● وێنەی ٣٩٩ - دانپێدانانی زۆرەملی

بازپورسەکەم ڕوخسارێکی ئاسایی و ئایینی هەبوو، زیاتر نەعلی جیری لە پێ دەکرد و چایی هەڵدەلووشاند. لە مەلاقات و سەردانەکەی پێشوومدا ڕەفتارێکی شەڕانگێزانەم لێ بینیبوو، بەڵام دوای ئەوەی بردیانم بۆ بەندی گشتی و منیان بردە لای، دەتکوت بووەتە کەسێکی دیکە. وتی: دکتۆر گیان وەرە دانیشە. فەرمانی دا چایان بۆ هێنام و بە

گاڵتەجارِیەوە وتی: "تۆ فێری چایی نیت، بڵێم کاپوچینۆیەکت بۆ بێنن؟" پێم وا بوو دەستخەرِۆم دەکا و هاوار دەکا بە سەرمدا، بەڵام بە هێمنییەوە قسەی کرد و وتی: "ئەمرِۆ دەمهەوێ پێت بڵێم لە قۆناغی بازپورسیدا چیت بەسەر دێ، دەزانی بازجوویيەکەت کۆتایی هاتووە و لەمەودوا دەبێ هەڵسەنگاندن بۆ ڕاستییەکان بکەم و بزانم ئەوەی تۆ وتووتە ڕاستە یان نا، بۆ ئەوەی دواتر ئیدیعای ئەوە نەکەی کە ئەشکەنجە دراوی و ناچار بە دانپێدانان کراویت".

وێنەی ٤٠٠ - ئەشکەنجەی سپی

پێم شتێکی پێکەنینی بوو، لە دڵی خۆمدا گوتم، تەنانەت درۆ لەگەڵ خۆشیان دەکەن و چەند درۆکردن بە لایانەوە ئاسانە. هەر لەوێدا وتم بەرِێز قەناعەتکار زەخت و گوشارم لەسەر نەبوو؟ کەواتە چۆن بەڵگە و دانپێدانانت دەست کەوتووە؟ لەسەر شەقام مۆبایلەکەمیان ڕفاند و ئیمەیڵەکانی منیان هاک کرد و کاتی دەستگیرکردن بە ناچاری وشەی نهێنیی (پاسوۆرد) مۆبایلەکەم و ئەکاونتی ئیمەیڵ و ئەکاونتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانتان لێم وەرگرت. منتان لە ماڵەکەمدا ڕاکێشایە دەرەوە و بۆ ماوەیەکی زۆر لە شوێنێکی گۆرِئاسادا ڕاتانگرتم. من لە ڕووی دەروونییەوە تەواو تێکشکابووم و هیچ کۆنترۆڵێکم بەسەر خۆمدا نەبوو و بە لێپێچینەوەی دە بۆ دوانزە کاتژمێری وێرانیان کردبووم. شێوازی بینینی ژن و منداڵەکەم و ماوەی دیدارەکەت لەبیرە؟ ئەو دیسان قسەکانی پێشووی دووبارە کردەوە و وتی کەسێک لێی داوی[1]؟ وتم بۆچی تەنها لێدان

١. هەموو هێزە ئەمنییەکان و سیستەمی قەزایی لە ئێراندا پێیان وایە ئەشکەنجە لێدان و ئازاردانی جەستەییە و ئیدعای ئەوە دەکەن کە باوی ئەشکەنجە نەماوە، بەڵام زۆر گێڕانەوە لە زیندانیان هەیە کە لە کاتی دەستبەسەرکردنیاندا ئەشکەنجەی جەستەیی دراون. هەر کەسێک ئەو گێڕانەوانە بەمیدیایی بکا، دۆسیەیەکی نوێی بۆ دەکرێتەوە و بە تۆمەتی بوختانکردن بۆ ڕژێمی دادپەروەری کۆماری ئیسلامیی ئێران و نائارامیی گشتی، دیسانەوە دەیگرن و دەیبەنەوە بۆ زیندان و ژووری ئەشکەنجەدان ئاوقانی دەبێتەوە، هەر وەکوو چۆن ئسماعیل بەخشی چالاکی کرێکاری و یەکێک

بـە نموونـەی ئەشـکەنجە دەزانـن؟ کاریگەریـی گوشـار و ئەشـکەنجەی دەروونـی زۆر خـراپتر لـە ئەشـکەنجەی جەسـتەییە. بـە گاڵتەجاڕیـەوە وتـی: پێـت خـۆش بـوو لەبـری ئـەم ڕەفتارانـە ئەشـکەنجە بدرایـەی؟ وتـم کـەس حـەزی لـە ئەشـکەنجە نییـە.

هیـچ شـتێک هاوشـێوەی سـادەکردنەوەکانی قەناعەتـکار نەبـوو. وتـم دەزانـی چ شـەوان و ڕۆژانێکـم بەسـەر بـرد؟ زۆر جـار تووشـی هیستریـک و هێرشـی عەسـەبی دەبـووم و هەندێـک جـار تەنانـەت هەناسەشـم دەرنەدەهـات؟ حەبـی ئەعسـاب دەخـۆم و بـێ ئـەو حەبانـە خـەوم لـێ ناکەوێـت. دڵەڕاوکێـی دەروونیـی ئـەو ڕۆژەی کـە نەتهێشـت منداڵەکـەم تێـر بـە دڵ ببینـم و چـاوم لێـی تێـر بخـوا و .... چـۆن ئێسـتا کاپوچینـۆم پـێ فەرمـوو دەکـەی بـەڵام ئـەو ڕۆژە کەسـێکی دیکـە بوویـت؟ وتـی: ئەمانـە یاسـان و مـن لێـرە جێبەجێـکارم. مـن دەسـەڵاتی بەڕێـز ئەمیـر ناسریـم نییـە کـە دادسـتێنی گشـتیی ئـەم دادگایەیـە.

بـە کورتـی، قەناعەتکاریـش منـی ڕادەسـتی پۆسـتێکی باڵاتـر لـە خـۆی کـرد و وتـی کـە جارێکـی تـر کـە پرسـیارت لێدەکـەم دەبـێ وەڵامـی پرسـیارەکانم بدەیتـەوە. وتـم خـۆ ڕێکخـەر (زابیـت) ئیشـی بـە مـن نەمـاوە، بۆچـی بڕیـاری بارمتـە دەرناکـەی کـە بتوانـم بچمـەوە سـەر مـاڵ و ژیانـم؟ ئەوەنـدە تـووڕە بـوو کـە چاکـەم نەخـواردەوە. ئەویـش وتـی: "چاییەکـەی ئێمەت نەخـواردەوە کـە نمەکگیـر نەبیـت!" کەسـێکی سـەیر بـوو. هەمـوو ئەوانـەی دەیانناسـی، لـە ژینگەپارێزانـەوە بگـرە تـا دەگاتە سـیامەک نەمازی و دوڕی ئەسـفەهانی- ئەندامـی باڵای تیمی دانوسـتانکاری ئەتۆمـی کـە بـە تاوانـی سـیخوڕی لـە زینـدان بـوو – دەیانگـوت قەناعەتـکار ڕێـوی و دووڕووە. زۆر بـە ئاسـانی ڕەنـگ دەگـۆڕێ، بـەڵام هیـچ دەسـەڵاتێکی نییـە و هەمـوو شـتێک لـە دەسـتی ڕێکخـەران (زابیتـان) و ئیتلاعاتـی سـپای پاسـداراندایە. لـە سـاڵی ١٣٨٨ی هەتاوییـەوە (٢٠٠٩ ز) کـە دیبەیتەکانـی هەڵبژاردنـم لـە تەلەڤیزیۆنـەوە بینـی و دوای چەندیـن سـاڵ کارکـردن لـە ئێـران، بـۆم دەرکەوتبـوو کـە درۆ و دووڕوویـی لـە فەرهەنگـی سیاسـیی ئێرانـدا بووەتـە شـتێکی بـاو و ئەوەنـدە لـە کـۆنترۆڵ دەرچـووە کـە تەنانـەت هەوڵـی شاردنەوەشـی نـادەن. لـە مـاوەی دەستبەسـەرکردن و زیندانـدا، ئـەم بابەتـە زیاتـر دەرکـەوت و بـە چـاوی خـۆم هەسـتم پـێ دەکـرد.

لـە زینـدان لـەوەی لـە دەرەوە دەگـوزەرا بێئـاگا بـووم. بـۆ نموونـە لـە مەشـهەد بڕیـار وا بـووە

لـە کرێـکارە ئازاکانـی حەفتەتەپەدیسـان گیرایـەوە و خرایـە زیندان و ئەشـکەنجە درا. بێگومان من ئەشـکەنجەی جەسـتەیی نەدرابـووم، بەڵام زیندانیکردنی تاکەکەسـی نموونەیەکی ئاشـکرای ئەشـکەنجەیە و بە ئەشـکەنجەدانی سـپی نـاو دەبردرێت. ئەشـکەنجەی سـپی جۆرێـک ئەشـکەنجەی دەروونییـە کـە لەسـەر بنەمـای بێبەشـکردنی سـۆز و دابڕانـی تـاک دەسـەپێنرێ کـە ئەمـەش دەبێتـە هـۆی ڕووخانی شوناسـی تاکەکەسـی و کەمبوونـەوەی بەرهەمی هـزری. لـەم دواییانـەدا ڕۆژنامەنووس و چالاکـی مافـی مرۆڤـی ئێرانـی واتـە نەرگـس محەمـەدی کتێبێکـی بە پێشـەکیی شـیرین عیبادی نووسـیوە. جگە لـە خودی نەرگـس محەمـەدی، نازەنیـن زاغەری-ڕاتکلێف، شـکۆفە یەدوڵاهی و ئاتنا دائیمی گێـڕەرەوەی بارودۆخـی دەروونیی نالەباری خۆیانـن و دەگێڕنـەوە کـە لە زیندانـی تاکەکەسـیدا چییان بەسـەر هاتووە.

ئاهەنگێکی هاوسەرگیری بۆ کچێکی تەمەن نۆ ساڵان ساز بکرێ کە ڕێکخراوی کاروباری کۆمەڵایەتی هەڵیوەشاندۆتەوە،[1] ئەم ڕووداوە بەهۆی گوشاری گشتیی چالاکوانانەوە بووە و لە فەزای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەنگ و هەرایەکی زۆری ساز کرد. زۆر کەسیش ناوی منیان هێنابوو وەک کەسێک لەسەر ئەم بابەتە کارم کردووە و ئێستا زیندانی کراوم. پارێزەرەکەم بەڕێز ئەمیر ڕەئیسیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئیکس نووسیبووی کەسێک کە کاری لەسەر پرسی هاوسەرگیریی منداڵان کردووە هەر لەسەر ئەم بابەتە لە زیندانە. یەکێک لە هاوزیندانییەکانم مەلاقات و دیداری لەگەڵ بنەماڵەکەی بوو و بەسەرهاتەکەی بیستبوو. دەڵێن کەسێک کە کاری لەسەر پرسی هاوسەرگیریی منداڵان کردووە لای ئێمەیە لە زیندانە، ئەوانیش دەست دەکەن بە ئاگاداری و هاشتاگکردنی. دواتر کە باسی ئەم ڕووداوەی بۆ کردم، زۆر دڵخۆش بووم. بینیم کە لانیکەم توانیومە کارێکی بچووک بۆ هۆشیاریی گشتی بکەم و کۆمەڵگا بەرامبەر بەو پرسە هەستیار بووە.

هەر ئێستا کە خەریکن هەشتاگی #منداڵ_هاوسەری لێ دەدەن بەڕێز #کامیل_ئەحمەدی لە ناسراوترین و کاریگەرترین توێژەرانی ئەم بوارە پتر لە بیست ڕۆژە لە زیندانی کاتییە.

زایەڵەی بێدەنگی: توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی پێشوەختە لە ئێران

● وێنەی ٤٠١ - ئەمیر ڕەئیسیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئیکس

---

١. بەگوێرەی زانیارییەکانی (عصر ایران)، جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی کاروباری کۆمەڵایەتی خۆراسانی ڕەزەوی سەبارەت بە وردەکارییەکانی ئەم ڕووداوە وتی: ئەو شەوە بووکێکی تەمەن ٩ ساڵانی ئەفغانی هاوسەرگیری لەگەڵ زاوایەکی ئەفغانی تەمەن ٣٦ ساڵە کرد، بەڵام لەگەڵ بنەماڵەکەی ڕێک کەوتین هەتا بەیانی بووکەکە بپارێزن و دادگاش بتوانێ مارەییەکە هەڵبووەشێنێتەوە." نەییرە عابێدین زادە، جێگری دادستێنی پارێزگای خوراسانی ڕەزەوی ڕوونکردنەوەکەی جێگری بەڕێوەبەری ڕێکخراوی کاروباری کۆمەڵایەتی پشتڕاست کردەوە و وتی: دوای ئەوەی چووینە مەراسیمەکە، بەڵێنمان لە بنەماڵەی بووک و زاوا وەرگرت کە بووک هەتا ڕۆژی دواتر لە ژێر چاودێری بێ و دواتر لەگەڵ ئەو بێنە نووسینگەکەم." باس لە پرسی باڵق نەبوونی عەقڵی و جەستەیی بۆ هاوسەرگیری دەکا و دەشڵێت: "ڕۆژی دواتر، لەگەڵ پسپۆڕێکی دەروونناس و یاریدەدەرێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەم منداڵە قسەمان کرد، ئەو منداڵە هیچ زانیارییەکی لەسەر هاوسەرگیری نەبوو و تێگەیشتنی لە ئاهەنگی هاوسەرگیری تەنها لە پۆشینی جلی بووکێنی بووە. هێندە لاواز و بچووک بوو کە بە پێڵاوی پاژنە بەرزی ٧ بۆ ٩ سانتیمەتر بەژن و باڵای بەرزتر دەربکەوێ و نەیدەتوانی وەڵامی پرسیارەکانمان بداتەوە و نەخوێندەوار بوو. (وردەکاری پەکخستنی ئاهەنگی هاوسەرگیریی کچێکی تەمەن ٩ ساڵان لە مەشهەد، ماڵپەڕی عەسر ئێران، ١٢ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ هەتاوی : asriran.com/002dot)

بەشی سێیەم

چوونە نێو مەملەکەتی سەیروسەمەرەکان

بەڕێوەبردنی ئێران لەلایەن حکوومەتەوە، هاوشێوەی ئەو بەڕێوەبردنەیە کە لە بەندی گشتیی زیندانی ئێڤین بینیم. پاشاگەردانییەک کە تێیدا هەر کەسێک پارەی هەبێ دەسەڵاتی هەیە. هەر کەسێک لە دژی حکوومەت قسە نەکا، بە تاوانبارێکی ئەوتۆ هەژمار ناکرێ و تووشی ئاستەنگێکی زۆر نابێتەوە. پشتەملی پاشا قسە مەکە و هەر چییەکت پێ خۆشە بیکە. ئێستاش کە تاوانێکت لێ وەشاوەتەوە، دەچیتە زیندان و لەوێش بەپێی گیرفانی خۆت، هاوشێوەی دەرەوەی زیندان، ئیمکانیات بۆ خۆت دابین دەکەیت.

لە بەندی گشتیدا لە دەڵاڵانی سیغەوە کە ئەلبوومیان بەدەستەوەیە بگرە هەتا دەگاتە ماساژۆر و چێشتلێنەر و بەڕێوەبەری هەیئەتە مەزهەبییەکان، هەر کەس ڕۆڵی تایبەتی خۆی دەگێڕێت. زیندانی ئێڤین بۆ هەندێک کەس شوێنێکی خوازراو بوو، لەگەڵ دەرەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو کە زیندانییەکان خۆیان لە دووبارەکردنەوەی تاوانەکانیان بەدوور بگرن. کاتێک چەند ملیار دۆلارت دزیبێ و لە زیندانداچاوپێکەوتنی تایبەت و ئەلبوومی هەڵبژاردن و هتدت هەبێ، دۆخەکەت خراپ نییە.

تا ئەو شوێنەی بیرەوەریم هاوکاری بکا، لەم بەشەدا باسی دیاردە سەیروسەمەرەکانی بەندی گشتیتان بۆ دەکەم. جێگایەک کە بە بڕوای من نموونەیەکی بچووکی کۆمەڵگای ئێران بوو و لە خۆیدا هەڵگری گەلێ مژاری توێژینەوەیی بوو. جێگای زابیتان (ڕێکخەران) بە وتەی خۆیان و بازجووەکان بە وتەی ئێمە، خاڵی بوو کە ببینن کامیل بەردەوام بابەتی نوێ دەدۆزێتەوە!

ڕۆیشتنە ناو بەندی گشتی

ئەو ڕۆژە فەرمانی گواستنەوەم هاتبوو و بەم زووانە دەگوازرامەوە بۆ بەندی گشتی. لە حەمامدا هەڵدەپەڕیم بۆ ئەوەی دڵخۆشیم لای کەسانی تر نیشان نەدەم. ڕۆژانی زیندانی چەندکەسیش کۆتایی هاتبوو و من چووبوومە قۆناغێکی دیکەوە. پێنج خولەک وەختیان پێم دابوو بۆ ئەوەی کەلوپەلەکانم کۆ بکەمەوە. زیندانەوانەکە چاوەڕێم بوو، بەڵام پیاوە چیچانییەکە دەستبەردارم نەبوو. لە سەر سەرم ڕاوەستابوو بۆ ئەوەی پێکەوە نوێژ بکەین. هەرچەندە بۆ قسەکردن زمانێکی هاوبەشمان نەبوو بەڵام من و وەیس فێر بووبووین کە چۆن مەبەستەکانمان بگەیێنین. نزیکەی شەش مانگ بوو لە زیندانی تاکەکەسیدا بوو. تا ئەو کاتەی کە حوکمەکەی من هاتەوە، بە درێژایی ئەم ماوە لەگەڵ بنەماڵەکەی قسەی نەکردبوو و لە ڕووی دەروونییەوە تەواو شەمزابوو.

● وێنەی ٤٠٢ - فێرکردنی نوێژ بە سەرپەرشتیی نەنکم. ڕەسووڵی برام / پشیلەکەمان / نەنکم و خۆم، پیرانشار، ١٣٦٣ی هەتاوی (١٩٨٤)

پێم سەیر بوو کە ئەو چیچانییە لە چوونی زیندانییەکان بۆ بەندی گشتی خۆشحاڵ دەبوو و هیچ هەست و ڕەفتارێکی خراپی نیشان نەدەدا. دڵخۆش بوو کە بەم زووانە منیش دەچمە ناو بەندی گشتی، بەڵام خۆم هەستێکی ناخۆشم هەبوو و خۆم لە نیشاندانی کەیفخۆشی بەدوور دەگرت. کاتێک درکی بەو بابەتە کرد، لە ڕێگەی ئەو پیرە پیاوەی وا خەڵکی باکووری ئێران بوو و زمانی ڕووسی دەزانی وتی: "دەبێ بەڵێنەکەت ببەیتە سەر!" موسڵمانێکی باوەڕمەند بوو، هەمیشە دەیگوت: "هەستە نوێژ بکە" و منیش دەمکوت ئەگەر ڕۆژێک فەرمانی گواستنەوەم هاتەوە، لەگەڵت نوێژ دەکەم. چارم نەبوو، دەستنوێژم گرت و لەگەڵیدا نوێژم کرد. پاسەوانی زیندان (یان زیندانەوان) نەیتوانی نوێژەکەمان ببڕێ و ئەویش وەکوو ئەوانی دیکە بێدەنگ بوو هەتا نوێژەکەمان تەواو بێت. وەیس سەرنجی دەدام کە نەکا سوژدە و ڕکووعم لێ تێک بچێ و بە ئەنقەست نوێژەکەی درێژ کردبووەوە. دوای نوێژەکە زۆر دڵخۆش بوو کە ئاواتەکەی

هاتۆتە دی و جارێکی تر موسڵمان بوومەتەوە. ماڵاواییکردن لە پیاوە چیچانییەکە و تاهیر و ئەمیرحسێن زۆر دڵتەزێن بوو. هەر دوو لامان هەم دڵخۆش بووین و هەمیش دڵتەنگ. ئەوانی دیکەش دڵخۆش بوون کە دەڕۆم بەڵام لە دڵیاندا مەراقی ئەوەیان دەخوارد کە فڵان کەسیش ڕۆیشت و ئێمە ماینەوە. من خۆشم ئەم هەستەم لە ژووری بەکۆمەڵدا ئەزموون کردبوو.

بۆ چوونە ناو بەندی گشتی پێویست نەبوو جلی زیندان لەبەر بکەم و دووبارە هەستی خۆشی لەبەرکردنەوەی جلەکانی خۆم ئەهوەنی کردمەوە. هەر لەو ژوورەی کە ڕۆژی یەکەم جلەکانیان لێم سەندبوو، ناچاریان کردم فۆرمێک پڕ بکەمەوە و واژۆی بکەم کە تێیدا نووسرابوو تەندروستیم باشە و ئازار و ئەشکەنجە نەدراوم، دیارە جگە لە واژۆکردن هیچ بژاردەیەکی ترم نەبوو. پاشان لە ناو سیستەمی زیندانی ئێڤین ناوم تۆمار کرا. وێنەکەمیان گرت و ڕێکەوتی زیندانیکردنمیان تۆمار کرد. پێم سەیر بوو کە هەتا ئەو ساتە هەرگیز لە سیستەمی زیندانـدا بوونم نەبووە! پاشانیش بۆ ماوەی هەفتەیەک لە کەرەنتینەدا هێشتمیانەوە کە پێم وایە کارێکی زۆر گەمژانە بوو. ڕۆژانێکی زۆرم لە ژووری تاکەکەسی و چەندکەسیدا بەسەر بردبوو. چۆن دەمتوانی مادەی هۆشبەر بەکار بهێنم وا ئێستا بۆ پاککردنەوەی ژەهر لە کەرەنتینەدا ڕامدەگرن؟ بەشێکی چۆڵ و دابڕاو بوو کە تەنیا کەسانی تازەهاتووی بەندی گشتی و ئەوانەی لە پشوو گەڕابوونەوە، دەچوونە ئەوێ. ئەوەی زیاتر سەرنجڕاکێش بوو ئەوە بوو کە دوای چوونم بۆ بەندی چوارەم، بۆم دەرکەوت کە ئەگەر خوازیاری مادەی هۆشبەر بی، زۆر بە ئاسانی دەست دەکەوێت!

هەروەها لە سێیەم ڕۆژی کەرەنتینەدا دە تا دوانزە کەسی بیانیش هاتنە ناو ئەم بەندە کە لە زیندانی تارانی گەورەوە گواسترابوونەوە بۆ ئێڤین. زۆربەیان ڕەشپێست و خەڵکی نیکاراگووا، کەمبۆج، کینیا، سوودان و سۆماڵی بوون. چەند کەسێکیان چەتەی دەریایی سۆماڵی بوون و بەهۆی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکانەوە ڕەوانەی ئێڤین کرابوون. چەندین ئەندامی ئەم گرووپە زیاتر لە دە ساڵ لە زیندان بوون و زمانی فارسییان دەزانی. هەندێکیشیان ئینگلیزییان دەزانی و بە لەهجەی خۆیان بە زمانی ئینگلیزی و فارسی ئاخافتنیان دەکرد. چەند کەسێکیان ئەوەندە لە زیندان بوون کەفەرامۆش کرابوون، بەڵام وا دیار بوو فەزای ئێران و زیندان و یاساکانی داد و حوکمەکانیان باش دەناسی.

بەرپرسی بەندی کەرەنتینە بەو کەسانەی کە لە تاکەکەسی و بەکۆمەڵەوە دەهاتن، ڕێگەی دەدا کە پێوەندی بە کەسوکاریانەوە بکەن. چونکە دەیانزانی هێشتا لەگەڵ مافیای کارتی تەلەفۆن ئاشنا نەبوون. ئیدارەی زیندان مۆدێلێکی بچووکی سیستەمی حکوومەتی ئێران بوو و مافیا بۆ هەموو شتێک بڕیاری دەدا. مافیای کارتی تەلەفۆن میکانیزمی تایبەتی خۆی هەبوو و دەبوو سەرەتا لە بانکی سامان ئەکاونتێک بکەیتەوە

و بـە خێزانەکـەت بڵێـی پـارەت بـۆ بنێـرن. ئـەم پارەیەیـان بلـۆک دەکـرد و لـە بەرامبەریـدا کارتێکـی تەلەفۆنیـان پێـت دەدا.

لـە کەرەنتینـە تەلەفۆنـم بـۆ شـەفەق کـرد. تـازە زانیـم دنیـا چ خەبـەرە و چـی بەسـەر دۆسـیەکەمدا هاتـووە. پاشـان لـە بەنـدی گشـتی لـە سـەر ئیزنـی مافیـا، کارتـی تەلەفۆنـم دەسـت کـەوت، بـەڵام دەیانگـوت هێڵـی تەلەفۆنـی زینـدان چاودێـری دەکـرێ و ئـەوەش وای کـرد کـە بـە ئـارەزووی خـۆم نەتوانـم قسـە بکـەم. مـن و شـەفەق وردە وردە فێـر بوویـن بـە شـێوەی نارِاسـتەوخۆ قسـە بکەیـن و پێـی وتـم کـە ژینگـەی دەرەوە چۆنـە و میدیـاکان چییـان لەسـەر مـن نووسـیوە. کـێ پەیجـووری حاڵـم بـووە و ...

لـەو چەنـد رۆژەی یەکەمـدا بـەردەوام تەلەفۆنـم بـۆ شـەفەق و خانەوادەکـەم و هـاوڕێ و هاوکارانـم دەکـرد بـۆ ئـەوەی لـە بارودۆخیـان بپرسـم. زانیـم کـە دەسـتگیرکردنم جگـە لـە بنەماڵـەم کەسـی تووشـی کێشـە نەکـردووە. لـەم رِووەوە دڵـم ئەرخایـەن بـوو و ئۆقـرەم گـرت. تەنهـا لـە رِەفتـاری یـەک کـەس زۆر تـووڕە بـووم، ئەویـش خاتـوو ز.پ. هەڵەچنـی یەکێـک لـە توێژینەوەکانـم بـوو. شـەفەق وتـی پەیجـۆرم بـووە، بۆیـە پێـم وابـوو ئەگـەر تەلەفۆنـی بـۆ بکـەم دڵخـۆش دەبێـت. بـە پێچەوانـەی چاوەرِوانییەکـەم زۆر وشـک و فەرمـی وڵامـی تەلەفۆنەکـەی دامـەوە و تێگەیشـتم کـە ترسـاوە یـان شـتێکی لـەو جـۆرە. تەلەفۆنـم کردبـوو بـۆ ئەوەی سـەیری چەنـد ماڵپەرِێکـی هەواڵدەریـم بـۆ بـکات. رِۆژی دواتـر کـە بەدواداچوونـم بـۆ ئەنجامـەکان کـرد، وتـی: کامیـل مـن نامـەوێ هیـچ پێوەندییەکـم بـە تـۆوە هەبـێ و تاقەتـی سەرێشـەم نییـە! بـە رِێـزەوە ماڵاواییـم کـرد و جارێکـی تـر پەیوەندیـم پێـوە نەکـردەوە، بـەڵام بـە رِەفتارەکـەی زۆر دڵـم شـکا. لـە زینداناندا کات بـۆ بیرکردنـەوە زۆرە. وەک پێـشتر وتـم بیـرم لـە هاوڕێکانـم دەکـردەوە و لـە خۆمـم دەپرسـی ئایـا ئەوانیـش بیـر لـە مـن دەکەنـەوە؟ مـن تەلەفۆنـم بـۆ کردبـوو بـۆ ئـەوەی بپرسـم کـە حاڵـی چۆنـە و لـە رِوانگـەی ئـەوەوە کەمێـک لـە کەشـوهەوای دەرەوەی زینـدان وەئـاگا بێـم و وێنەیەکـی تەواوتـر لـە پرسـەکان بەدەسـت بهێنـم. منێـک کـە لێکۆڵـەر بـووم و هەمیشـە لـە نـاو دڵـی کۆمەڵـگادا بـووم، ئێسـتا ئـەم گۆشـەگیرییەم بـە لاوە سـەخت و تامـەزرۆی ئـەوە بـووم کـە لـە دەرەوە بزانـم دەنگوبـاس چـی بـووە. بـەڵام وا دیـارە ئـەو پێـی وابـوو کـە مـن لەسـەر داوای بازپـورس ئەمـەم کـردووە. دوای ئازادبوونـم پەشـیمانیی خـۆی دەربـڕی و چەنـد جارێـک نامـەی بـۆ نـاردم، بـەڵام چیتر نەمتوانـی بـە هاوڕێـی خۆمـی

● وێنەی ٤٠٣ – تەلەفۆنی گشتیی زیندان

بزانـم. ڕەفتارەکـەی ئـەو ڕۆژەی وەکـوو ئـەوە وابـوو ئاوێکـی سـاردیان کردبـێ بەسـەرمدا. لـە دڵـی خۆمـدا گوتـم مەگـەر بڕیـار وا نەبـوو هاوڕێیـان لـە کاتـە سـەختەکاندا هاوپشـتی یـەکتر بن؟

بـێ حورمەتیـم پـێ نەکـرد، بـەڵام نازانـم بۆچـی و چـۆن دوای ماوەیـەک لەنـاکاو بـوو بـە دوژمنـی مـن. بەڕاسـتی سـەرم سـووڕما کاتێـک زانیـم ئـەو یەکێـک لـەو کەسـانەیە کـە منـی بـە دەسـتدرێژیی سێکسـی تۆمەتبـار کـردووە. لـە بەشـی حەوتەمـدا ئاوڕێـک لـەم بابەتـە دەدەمـەوە.

لـە کۆتایـی مـاوەی کەرەنتینـەدا گواسـتمیانەوە بـۆ بەنـدی گشـتی. شـوێنێک کـە هـەر هۆڵێـک بـەزم و سیسـتەمی تایبەتـی خـۆی هەبـوو و ڕوون بـوو کـە لەسـەر بنەمـای ڕانـت بەڕێـوە دەبرێـت. لەسـەر پێشـنیاری یەکێـک لـە زیندانییەکانـی کۆمپانیـای حەفتەتەپـە، خـۆم بـە سەرپەرشـتیاری بەندەکـە ناسـاند کـە ئەویـش هـەر زیندانـی بـوو. گوتبوویـان ئەگـەر بڵێـم لەگەڵیـان لـە بەنـدی ٢ی ئەلـف بـووم، دەتوانـم ژوورێکـی بـاشتر بەدەسـت بهێنـم. لایەنـی ئەخلاقـی بابەتەکـە بـۆ مـن قـورس بـوو و دڵنیـا بـووم کـە نایکـەم، بـەڵام کـە گەیشـتمە بەنـدی چـوار، نەمتوانـی ئـەم دەرفەتـە لـە کیـس بـدەم. دوای ئـەوەی نـاوی یەکێک یـان دوو کەسـیانم هێنـا، چەنـد جـارێ "نۆکەرتـم و جەنابـت گەورەمی"ـم بیسـت و منیـان نـارد بـۆ ژووری سـێزدە لـە هۆڵـی دوو. زیندانییەکانـی ئـەم ژوورە پسـپۆڕ بـوون و لـە بەشـی فەرهەنگـی و چێشـتلێنان و بوارەکانـی دیکـەی لـەو جـۆرە کاریـان دەکـرد. دوای ناسـینی ژینگەکـە، تێگەیشـتم کـە هـەر لـە سـەرەتاوە منیـان دەهێنـا بـۆ ئـەم ژوورە و لـەوەی کـە زانیـم نێوەندگریـم بـۆ نەکـراوە، ئـازاری ویژدانەکـەم کـەم بـووەوە. پێـش ئـەوەی بچمـە ژووری سـێزدە لـە بەنـدی دوو، مـاوەی چەنـد ڕۆژ لـە هۆڵـی یـەک لـە بەنـدی چـوار بـووم و چـاوەڕێ بـووم کـە جێـگام بـۆ بکرێتـەوە. نیسـکپڵاو، ئـاش، پەتاتـە، هێلکـە و برنـج ژەمـە سـەرەکییەکانی زینـدان بـوون و دەگمـەن پێش دەهـات کـە چێشـتەکە گۆشـتی تێدابێـت. لـە بەنـدی چـواردا چێشـتلێنەرێکی تایبەتـی، لـە سـەر داوای سەرپەرشـتیاری بەنـد، بـۆ مـن و چەنـد کەسـێکی دیکـە بەجیـا خواردنـی لێدەنـا، یـەک دوو ژەمـم خـوارد، بـەڵام پێـم گـوت ئـیتر خواردنـم بـۆ مەهێنـە. پێـم ناخـۆش بـوو کـە ئیمکانیاتێـک بـۆ مـن لەبەردەسـتە ئەوانـی دیکـە نییانـە.

ژنانی سیغەیی بۆ مەلاقاتی شەرعی

لـە هۆڵـی یەکەمـدا زیندانیانێـک هەبـوون کـە پـارە و دەسـەڵاتێکی زۆریـان بـوو، هەروەهـا کەسـانێکیش هەبـوون کـە بەهـۆی نەدانـی بـڕی مارەییـەوە زیندانـی کرابـوون. گرووپـی دووەم لـە بنەڕەتـدا خزمەتـکاری گرووپـی یەکـەم بـوون و لـە بەریەتیـی پاکەتـی جگـەرە کـە دراوی ناو زیندانـە ئەرکـی وەکـوو ماسـاژ و ئیسـکۆرت و گەیاندنـی نامـە و پاککردنـەوە و چێشـت لێنـان و

جلشـۆردن و کاری هاوشـێوەیان ئەنجـام دەدا. ئـەو هـەڵاواردن و نایەکسـانیەی کـە لـە کۆمەڵـگادا هەبـوو لـە زیندانیشـدا بەبـێ هیـچ ئەجێندایەکـی شـاراوە دەبـینرا. شـێوازی ژیانـی گرووپـی یەکـەم لـە زیندانـدا نەگۆڕابـوو و هەرچییـان بویسـتایە لەبەردەسـتیاندا بـوو. چەنـد کەسـێک ئەلبوومـی وێنـەی ژنانـی گەنـج و نێوانسـاڵیان هەبـوو. زیندانییـە دەوڵەمەنـدەکان ئەلبوومەکـە دەگـەڕان و یەکێکیـان هەڵدەبـژارد. لـە دەرەوەی زینـدان پارێزەرەکەیـان قۆناغەکانـی سـیغەی بـۆ جێبەجـێ دەکـردن. پاشـان ئـەو خانمـە سـیغەکراوە دەهاتـە هۆتێـل واتـا هەمـان شـوێنی مەلاقاتـی شـەرعیی زینـدان، بـۆ ئـەوەی سـێکس بکـەن. زۆربـەی ئـەو کەسـانە خێزانـدار بـوون و دیـارە ئـەو بەزمەیـان لـە ژنەکانیـان دەشـاردەوە. جـاری وا پێـش دەهـات کـە لـە هەمـان ڕۆژدا ژنەکـەی دەهـات بـۆ سـەردانی شـەرعی، کەچـی مێردەکـەی بیانـووی بـۆ دەهێنایـەوە کە نەخۆشـە. ئـەوەی زیاتـر سەرنجڕاکێشـە ئەوەیە کـە هەندێـک جـار کارمەندانـی زینـدان و هێـزە ئەمنییـەکان ئـەم زانیارییانەیـان لـە دژی تاکـەکان بـەکار دەهێنـا و ژیانـی زۆر کەسـیان هەڵدەوەشـاندەوە. وەک شـتێ زۆرێـک لـەو کارانـەی کـە کارمەندانـی زینـدان و هێـزە ئەمنییـەکان ئەنجامـی دەدەن، نـە بەجێهێنانـی ئـەرک بەڵکـوو بەشـێک لـە یارییەکـی سـووک و چرووکانـە بـوو کـە لەگـەڵ زیندانییـەکان دەیانکرد بۆ ئەوەی هەست بە دەسەڵات بکەن.

● وێنەی ٤٠٤ – سیغەنامەی پۆستی

ئەڵبـەت دواتـر توانیـم زیاتـر سـەرەندەرەی ئـەم بابەتـە بکـەم. لـە تەنیشـت هۆڵـی مەلاقـات بینایـەک بـۆ دیـدار و مەلاقاتـی شـەرعی تەرخـان کرابـوو کـە زیندانییـە ژن و پیـاوەکان دەیانتوانـی بـە شـێوەیەکی تایبـەت چاویـان بـە هاوسـەرەکانیان بکەوێـت. بینایەکـی دوو نهۆمـی بـوو بـە چەنـد ژوورەوە لـە ڕێڕەوێکـی درێـژدا. لـە یەکێـک لـە ڕۆژانـی مەلاقاتـدا، دوای دیـدار لەگـەڵ خێزانـەکان، چاوەڕێـی هاتنـی ڤـان و گەڕانـەوە بـۆ بەنـدی ٤ بووین کـە بینیـم دەرفەتێکـی باشـە بـۆ ئـەوەی سـەردانی ئـەم بەشـە بکـەم. خاتوونـی ڕێسپێشـنی ئـەم بەشـە لـە پشـت مێزەکـەی نەبـوو و توانیـم لـە سـووچێکی دەرگای یەکێـک لـە ژوورەکانـەوە بزانـم نـاوەوە چ باسـە. لەسـەر دەرگاکـە نووسرابـوو "خاوێـن بکرێتـەوە" و ژوورێکـی گـەورە بـوو بـە مێـزی نانخـۆری و تەختێکـی دوو کەسـییەوە کـە سـاردکەرەوە و دووشـی حەمـام و تەوالێتێکـی تێدابـوو و چەنـد تابلۆیەکـی مۆدێـرن لەسـەر دیوارەکانـی هەڵواسرابـوون. چەنـد کۆندۆمێکـی بەکارهـێنراو و چەنـد دەسماڵ کاغـەزی (کلینیکـس) مچۆڵەکـراو لـە سـەر تەختەکـە بـوو. هەمیشـە کاتێـک چاوەڕێـی ڤـان دەبووین، زیندانییـەکان لـە سـەتڵی زبڵـی نزیـک لـەم

بینایە دوور دەکەوتنەوە و بە پێکەنینەوە دەیانگوت پڕە لە کۆندۆم و بۆنی سپێرم دەدات. گاڵتەیەک لە ناو زیندانییەکان باو بوو کە ئەگەر مێشەکان لەم زبڵانە بێنە دەرەوە و لەسەر لەشتان دابنیشن، لەوانەیە خێرا دووگیان ببن.

دەیانگوت زیندانییە پیاوەکان چێشت لێدەنێن و ژنانیش پێداویستیی سێکسی دەهێنن. سەیر بوو کە دەورە نەریتییەکان پێچەوانە دەبوونەوە، لەبەر ئەوەی ڕێگە نەدەدرا کە خواردن لە دەرەوەی زیندانەوە بهێنرێتە ناوەوە، چێشتلێنان ئەرکی پیاوەکە بوو. هەڵبەت ئەمە بۆ زیندانییە ژنەکان پێچەوانە بوو. خۆیان خواردنیان لێدەنا و مێردەکانیان شتومەکی پێویستی سێکسیان دەهێنا. ژنی ئەو زیندانیانە لە ڕۆژی سەردانی شەرعیدا بە ناسنامە یان سیغەنامەوە دەهاتن. دەیانگوت پاسەوان و کادیرەکانی زیندان هەندێک جار بە خەندەی تەوساوی و نیگای شەهوەتییەوە ژنان بەڕێ دەکەن و هەراسانیان دەکەن.

چەند ڕۆژێک دواتر گواسترامەوە بۆ ژووری سێزدە لە بەندی چوار. ئەم بەندە لە پێش ئینقلابی ئیسلامییەوە هەتا دە ساڵ لەمەوبەر شوێنی زیندانیبوونی ژنان بووە و شەهلا جاهیدیش[1] هەتا بەر لە لەسێدارەدرانی بەرپرسی ئەم بەندە بوو. بەندی چوار بینایەکی دوو نهۆمیی لاکێشەیی هەبوو و حەوشەیەکی بچووکی تێدا بوو کە دیوار و سەقفەکەی بە تەلی درکاوی دەورە درابوو. یەکێک لە باشییەکانی بوونم لە بەندی گشتی ئەوە بوو کە بە ئاسانی دەمتوانی بچمە دەرەوە بۆ هەواخۆری و دەوروبەرم بگەڕێم. نووسراوی ژنان و پیاوانی زیندانیم لە سەر دیوارەکان دەخوێندەوە. ناو و ڕێکەوتی هاتن و دەرچوون و شتی تریان لەسەر دیوارەکان نووسیوو. زیندانییە کۆنەکان دەیانگوت هەندێک لە سێدارەدانەکانی ڕۆژانی سەرەتای ئینقلاب لە بەشە باکوورییەکانی دیواری بەندی چوار ئەنجام دراوە. نهۆمی خوارەوەشی دیسان چەند ژووری تێدا بوو. ژوورەکان زیاتر ١٥ بۆ ٢٤-٢٥ کەسی بوون بە تەختی سەربازیی سێ قاتییەوە و لە ناوەڕاستی ژوورەکاندا تازەهاتووان دادەنیشتن و لەسەر تەرکی عەرزەکە دەخەوتن.

ژوورەکە ٢٥ کەسی بوو، بەڵام نزیکەی ٤٠ کەس تێیدا دەژیان و هەندێک جار مرۆڤی جارز دەکرد. نەتدەتوانی لە ناو هۆڵەکەیدا پیاسە بکەی و حەوشەکەش بەیانیان قەرەباڵغ

---

١. خەدیجە (شەهلا) جاهید، لەدایکبووی ١٣٤٨ی هەتاوی (١٩٦٩ز)، هاوسەری کاتیی ناسر محەممەدخانی بوو کە لە ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی (٢٠٠٢ ز) بە تۆمەتی کوشتنی لالە سەحەرخیزان، هاوسەری هەمیشەیی ناسر محەممەدخانی، قیساس (تۆڵەی کوشتن)ی بەسەردا سەپێنرا و لە سەرماوەزی ١٣٨٩ی هەتاویدا (کانوونی دووەمی ٢٠١٠) لە زیندانی ئیڤین لەسێدارە درا. دۆسیەی جاهید یەکێک لە دۆسیە هەرە مشتومڕاوی و ئاڵۆزەکانی کوشتن لە ئێرانە. بەڵگەفیلمێک بە ناوی "کارت قرمز" واتا کارتی سوور لەسەر ئەم دۆسیەیە ساز کرا بەڵام لە ئێراندا مۆڵەتی پەخشی پێ نەدرا. (گاردیان، ٣٠ی نۆڤەمبەر/ کانوونی یەکەمی ٢٠١٠) فیلمێکی دیکەش بە ناوی "تووڕەیی و هەرا" لە دەرهێنان و نووسینی هوومەن سەیدی ساز کرا کە لە بەسەرهاتی ژیانی شەهلا جاهید وەرگیراوە و سەرنجی خەڵک و فێستیڤاڵە سینەماییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

بـوو. کاتێـک لـە سـەر عەرزەکـە پـاڵ دەکەوتـی، دەبـا چاوەڕێـت بکردایـە کەسـێک لـە ژوورەکـە دەربچـێ یـان لـە زینـدان ئـازاد بکـرێ هەتـا تەختێـک بـە تـۆ بـگات. هەمیشـە لەسـەر نـۆرەی تەلەفۆنکـردن شـەڕ و قـرم و قـاڵ بـوو. ئەگـەر دوو خولـەک زیاتـر قسـەت بکردایـە، کەسـانی چـاوەڕوان دەیانکـردە بۆڵهبـۆڵ کـە ئـیتر بەسـە قسـە مەکـە. هەمـوو ئـەم شـتانە بـە درێژایـی ڕۆژ دووبـارە دەبوونـەوە و شـتێکی هەمیشـەیی بـوو.

بەرپرسـی هـەر هۆڵێـک لـە نزیـک دەرگای چوونـە ژوورەوە دادەنیشـت و چاودێـری هاتـن و ڕۆیشـتنی دەکـرد. هـەر زیندانییـەک تەنهـا لـە هۆڵـی زیندانەکـەی خۆیـدا مافـی هاتوچـۆی هەبـوو. هەروەهـا چەنـد شـوێنێک هەبـوون کـە زیندانیانـی هۆڵـە جیـاوازەکان دەیانتوانـی کـۆ ببنـەوە؛ حەوشـە و چێشـتخانە هەبـوو کـە پتر سـەرمایەدارەکان قۆرخیـان کردبـوو و لـە بەیانییـەوە چێشـتلێنەرەکانیان لـەوێ سـەرقاڵی چێشـتلێنان دەبـوون. هەتـا کارەکەیـان تـەواو نەبـا کـەس بـۆی نەبـوو چێشـت لـێ بنێـت. حسـێنییە شـوێنێکی دیکـە بـوو کـە زیندانییـەکان دەیانتوانـی تێیـدا کـۆ ببنـەوە و بەشـی فەرهەنگـی کـە کتێبخانەشـی هەبـوو، شـوێنێک بـوو بـۆ مەلاقـات و کۆبوونـەوە بێدەنـگترەکان.

لـە کتێبخانـەی زینـدان دەسـتم بـە کارکـردن کـرد کـە هەڵبـەت ئەویـش مافیـای تایبەتیی خـۆی هەبـوو و چوونـە نـاو کتێبخانـە ئەسـتەم بـوو. هەندێکیـان بەرهەمـی دەسـتکردیان دروسـت دەکـرد، کـە خـودی زیندانییـەکان بەشـێکیان دەکـڕی و هەندێکیشـی ڕەوانـەی دەرەوە دەکـرا. زینـدان یانەیەکـی بچـووک و ژوورێکـی شەترەنجیشـی هەبـوو. ئـەم شـوێنە لەلایـەن دوو کەسـەوە بەڕێـوە دەبـرا. یەکیـان خۆشنووسـێکی دیار و نـاسراو و یەکیـان پاڵەوانی شەترەنج بوو کە لەبەر هۆکاری ئابووری زیندانی کرابوون.

● وێنەی ٤٠٥- کتێبخانەی بەندی ٤ی زیندانی ئیڤین

لـە نـاو هەمـوو بەشـەکانی زینداندا بانـد و بانـدکاری هەبـوو و تەنانـەت لـە بەشـی فەرهەنگـی و حسـێنییەشـدا ئەمـە دەبـینرا. کۆمەڵـێ سـەرۆکی و بەڕێوەبـەری بانکیـش زینداتـی کرابـوون کـە هەبوونیـان ئـەم ساتوسـەودایەی زەقتر کردبـووەوە. بـۆ نموونـە یەکێکیـان کـە هەمـوو شـێرە ئاوەکانـی بەشـی فەرهەنگیـی چـاک کردبـووەوە و چەنـد بەشـێک لـە دیوارەکانـی زیندانـی مەڕمـەڕ کردبـوو، بووبـوو بـە بەرپرسـی بەشـێک و ژیانـی وەکـوو زیندانییـەکان نەبـوو، لـە زینـدان ببـوو بـە خاوەنـی

پیشـە و ژووری کاری خـۆی هەبـوو. بـۆ هاودۆسـییەکانی، ئیشـی دەدۆزییـەوە و بـە گشـتی زینـدان بووبـوو بـە شـارێکی بێخـاوەن کـە دەوڵەمەنـدەکان ژیـان و کاروبـاری خۆیانیـان تێـدا پێکهێنابـوو و تەراتێنیـان پێـدا دەکـرد. تەنانـەت هەندێـک کـەس لـە ڕێگـەی پارێزەرەکانیانـەوە کارگەکانیـان بەڕێـوە دەبـرد. زۆر جـار لـە بـازاڕی بۆرسـە و شـوێنەکانی تـر پێکـەوە سرت و خورتیـان هەبـوو و یەکتریـان دەناسـی. ئـەوەی سـەیر بـوو ئـەوە بـوو لـە نـاو خۆیانـدا ململانێـی دەسـەڵاتیان هەبـوو. شـەڕەکانیان کـە شـەڕی سـارد بـوو لـە کـوێ ڕووی دەدا؟ لـە حسـێنییە! بـۆ هەمـوو بۆنەیەکـی ئایینـی خواردنـی نەزرییـان دەدا. کەسـێک وتـی خواردنـی ڕۆژی شـەهیدبوونی فڵان ئـیمام لـە ئەسـتۆی مـن و خۆرشـتی سـەوزی دەدەم. لـە دەرەوە دووسـەد کیلـۆ گۆشـت و سێسـەد کیلـۆ میـوە و سـەد کیلـۆ برنجیـان بـۆ دەهێنـا و کەسـێکی تـر هەوڵـی دەدا بـۆ مەراسـیمی داهاتـوو دەسـتبڵاوانەتر تەخشـان و پەخشـان بـکات.

هەسـتی توێژەریـم ورووژا و هـەر ڕەفتارێـک کـە دەمبینـی وەک سـەرنجی مەیدانـی یاداشـتم دەکـرد. هەمـوو شـتێکم لـە دەفتەرەکانمـدا تۆمـار دەکـرد و دوای هـەر گرووپێـک، سـەرنجم دەپرژانـدە سـەر گرووپـی دی. جلشـۆرخانە بەڕێوەبـەر و مافیـای خـۆی هەبـوو، دووکانێـک کـە هـی خـودی زینـدان بـوو کەوتبـووە ناوەڕاسـتی حەوشـەکە و لەلایـەن باندێکـی دیکـەوە بەڕێوە دەبـرا. کاتێـک لـە دەرەوە پـارە بـۆ زیندانییـەک تێدەکـرا، هیـچ بژاردەیەکـی دیکـەی نییـە جگـە لـەوەی کـە لـە زینـدانی شـت بکـڕێ کـە ئەمـە بـۆ بەڕێوەبەرانـی قۆرخکارییەکـی باشـە. لـە ژووری سـێزدە دوو چێشـتلێنەرمان هەبـوو کـە چێشـتیان بۆمـان لێدەنـا و لـە بەرامبـەردا بـۆ هـەر ژەمێـک چەنـد جگەرەیـان وەردەگـرت. لـە ژوورەکـەی ئێمـەدا هەمـووان پارەیـان بـۆ خـواردن هەبـوو، بـەڵام کەسـانێکم دەبینـی کـە کارتـی بانکیـان نەبـوو و بـە تـەواوی لەلایـەن ماڵباتەکانیانـەوە تارێنرابـوون.

بابە، باوەش، باوەش

ڕۆژێـک کـە چوومـە کتێبخانـە، بەڕێوەبەرەکـەی بـە تونـدی وتـی: "تـۆ لێـرە کتێـب هەڵدەگـری و لێـرەی دایدەنێیـت! نابـێ سەرئێشـەم بـۆ بنێیتـەوە و داهێنـان بکەیـت!" گوێـم پـێ نـەدا و ئەویـش لەگەڵمـدا ڕژد و ڕووگـرژ بـوو. دوای ماوەیـەک وتـی نابـێ لـە سـبەینێوە بێیتـە کتێبخانـە. وتـم بۆچـی؟ وتـی: لەبـەر ئـەوەی کەسـێکی سیاسـیت. وتـم: دەی خـۆ ئـەو هەمـوو زیندانییـە سیاسـییە لێـرە کار دەکـەن! لای بەرپرسـی سـەرەکیی بەنـدی چـوارەم گلەییـم کـرد. وتـی هیـچ قەدەغەیـەک لـە گۆڕێـدا نییـە و بگەڕێـوە سـەر کارەکـەت!

ئەگـەر لـە یەکێـک لـە بەشـەکانی زینـدان کار بکـەی و خزمەتگـوزاری پێشـکەش بـە زیندانییـەکان بکـەی، دەتوانـی مانگانـە دوو جـار مەلاقاتـی ڕاسـتەوخۆ و دوو هەفتـە جارێکیش

مەلاقاتـی تەلەفۆنیـت هەبیـت. مەلاقـات یـان سـەردانی تەلەفۆنـی لـە هۆڵێکـی گـەورەدا ئەنجـام دەدرا و زیندانییـەکان ڕۆژانـی سێشـەممە لـە پشـت شووشـەکانەوە بە تەلەفـۆن لەگەڵ بنەماڵەکانیـان قسـەیان دەکـرد. مەلاقاتـی شـەرعی نێـوان ژن و مێـرد دوو هەفتـە جارێـک بـوو. یەکـەم جـار کـە چوومـە مەلاقاتـی تەلەفۆنـی پەشـیمان بوومـەوە و وتـم خۆزگـە ئـەوەم نەکردبـا. ئـەوەی کـە منداڵەکـەت لـە پشـت شووشـەوە ببینـی و نەتوانـی هەسـتی بکـەی زۆر ناخۆشـە. ئـالان لەگـەڵ کانـی هاتبـوو بـۆ مەلاقاتـم و لـە شووشـەکەی دەدا کـە بێتـە باوەشـم، بـەڵام نەیدەتوانـی .... لـە پشـت شووشـەکەوە پەنجەکانـم لـە سـەر پەنجەکانـی دادەنـا و یاریـم لەگـەڵ دەکـرد بـۆ ئـەوەی سـەرقاڵی بکـەم. بـەڵام دیسـان دەیزریکاند "بابـە. باوەش، بـاوەش". زۆر حاڵـم تێـک چـوو، بـەردەوام لـە دڵـی خۆمـدا دەمگـوت خۆزگـە مێرووڵـە یـان مێرووییـەک بوومایـە، لـە کـون و قوژبنەکانـی شووشـەکەوە دەربـاز دەبـووم و دەچـووم لـە باوەشـم دەگـرت. دوای ئـەم دیـدارە خەمـۆک بـووم. ئـالان منداڵێـک بـوو کـە بـە تەلەفـۆن قسـەی نەدەکـرد، پەیوەندیـی ڤیدیۆیـی بـۆ فـام دەکـرا و ئـەوەی کـە لـە باوەشـی بکـەم. مـن ئـیتر وازم لـەم مەلاقاتـە هێنـا و پێـم بـاش بـوو کـە مانگـی دوو جـار هەمـان مەلاقاتـی ڕاسـتەوخۆم هەبێـت.

دوای هەفتەیـەک کـە لـە بەنـدی گشـتی بـووم، بـۆ یەکـەم جـار پارێزەرەکەمـم بینـی. بەڕێـز ڕەئیسـیان پیاوێکـی گەنـج و دەروەسـت و خـاوەن ڕەوشـت و ئەخلاقـی بـوو کـە بەرگـری لـە زۆر دۆسـیەی سیاسـی کردبـوو و لـەو بابەتانـەدا تێگەیشـتنێکی باشـی هەبـوو و دەمبینـی کـە هەوڵەکانـی ڕاسـتەقینەن و بـە دڵ و گیـان ئیشـی دەکـرد. پێـشتر نەمدەناسـی و لەبـەر ئـەوەی پارێـزەری دۆسـیە سیاسـییە گرینگـەکان بـوو خانەوادەکـەم هەڵیانبژاردبـوو. بـۆ سـپێدە قولیـان[1]، ئسماعیـل بەخشـی[2] و ماوەیەکیـش بـۆ نەسریـن سـتوودە، نازەنیـن زاغـەری، خاتـوو

١. سـپێدە قولیـان، چالاکـی مەدەنـی و سیاسـیی ئێرانـی، لـە دایکبـووی ١ی ڕەزبـەری سـاڵی ١٣٧٣ی هەتـاوی (٢٣ی سـێپتێمبەر / ئابـی سـاڵی ١٩٩٤). ناوبـراو لـە مانگـی گەڵاڕێـزان سـاڵی ١٣٩٦ی هەتـاوی (کانوونـی یـەک – کانوونی دووی سـاڵی ٢٠١٧) لـە کاتـی ناڕەزایەتییـە کرێکارییەکانی خووزسـتان لە سـاڵی ١٣٩٧ی هەتـاوی (٢٠١٨)دا لەگەڵ ئیسماعیل بەخشـی چالاکـی کرێـکاری و ژمارەیـەک لـە کرێکارانـی کۆمپانیـای چاندن و پیشەسـازیی نەیشـەکەری حەفتەتەپە (کشـت و صنعـت نیشـکر هفـت تپـە)، دەسـتبەسـەر کـران. سـپێدە قولیـان کە بـە دانانـی بارمتە بـۆ ماوەیەکی کاتـی لە زینـدان ئازاد کرابـوو، شرۆڤەیەکـی لـە ئەشـکەنجەی ئەفسـەرەکان لـە ١٩ی بەفرانبـاری ١٣٩٧ی هەتـاوی (٩ی ژانڤییـە / کانوونـی دووی ٢٠١٨) خسـتە ڕوو، ناوبـراو لـەو کاتـەوە هەتـا ئێسـتا چەندیـن جـار دەسـتبەسـەر کراوە و ئێسـتا لـە زیندانە.

٢. ئیسماعیـل بەخشـی، لـە دایکبـووی شـاری دێزفـول، کرێـکاری گەنجـی کۆمپانیـای چانـدن و پیشەسـازیی نەیشـەکەری حەفتەتەپـە (کشـت و صنعـت نیشـکر هفـت تپە) و نوێنـەری ئەنجومەنـی سـەربەخۆی کرێکاریی نەیشـەکەری لە سـەندیکای کرێکارانـی نەیشـەکەری حەفتەتەپەیـە. بەخشـی لـە کاتـی ناڕەزایەتییەکانـی کرێکارانـی ئـەم کۆمەڵـە لە مانگـی گەڵاڕێزانی سـاڵی ١٣٩٧ی هەتـاوی (٢٠١٨)، بـە تاوانـی ڕێکخسـتنی ناڕەزایەتـی و پلاندانـان بـۆ کۆبوونـەوەی کرێـکاران دەسـتبەسـەر و زیندانـی کـرا. بەخشـی لـە ڕێکخسـتنی ناڕەزایەتیـی کرێکارانـی حەفتەتەپـە لە دژی بـە کەرتـی تایبەتکردنـی کۆمپانیاکە و خواسـتی بەڕێوەبردنـی ئەنجومەنـی ڕۆڵێکی بەرچـاوی بینی.

کایلی[1] و چەند کەسێکی دیکەی دووڕەگەزنامەیی کە گیریان خواردبوو. پارێزەرایەیتی کردبوو و دۆسییەکانیانی تاوتوێ کردبوو.

پێش دەستگیرکردنم وەک خۆپارێزییەک، پارێزەرایەتییەکەم دابوو بە پارێزەرێکی دیکە کە هاوڕێی یەکێک لە دۆستانم بوو، بەڵام لە غیابی منـدا و بە ڕای بنەماڵە، ئاغای ڕەئیسیان وەک پارێز دیاری کرابوو، کە ئەمە ئەو پارێزەرەی پێشووەی قەڵس کرد. لە گەڵ ڕەئیسیان پێش دیداری ڕاستەوخۆ چەند جارێک بە تەلەفۆن قسەمان کردبوو و وەبیری هێنامەوە کە بۆ یەکەم جار ئەو ڕۆژەی وا ڕۆیشتبوو بۆ لای بازپۆرس بۆ ئەوەی دۆسییەکەم تاوتوێ بکا لەوێ منی بینیوە و زانیویەتی کە لە دۆخێکی دەروونیی باشدا نیم.

وێنەی ٤٠٦ – ئەکاونتی ئەمیر ڕەئیسیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئیکس (تویتەری جاران)

لە یەکەمین دیدارماندا وتی: "تۆمەتەکانت زۆر قورسن و لە دۆسییەکەتدا تیشکیان خستۆتە سەر هاوکاری لەگەڵ حکومەتێکی دوژمنکار". ئاماژەی بەوەش کرد کە بۆی نەلواوە قسە لەگەڵ بازپورسدا بکا، بەڵام بەڵێنی ئەوەیان پێداوە کە لە یەکەمین دانیشتن لەگەڵ بازپورس لەگەڵم بێ و لە درێژەی قسەکانیدا وتی: بەڕێز ئەحمەدی ئەمانە قامکیان خستۆتە سەر ئەو دامەزراوەی کە تۆ لەگەڵیدا ئیشت کردووە و ئەم دامەزراوە بوودجەدانەرێکی ئەمریکی هەیە، بەڵام هەمووان دەزانن کە مەبەستیان شتێکی دیکەیە." پاشانیش وتی هیوادارم بە کەفالەت ئازاد بکرێیت. دوای ڕۆشتنی ڕەئیسی لە هۆڵێکی دیکەدا بنەماڵەکەمم بینی: هاوسەرم،

---

١. کایلی مۆر - گیلبێرت، توێژەر و مامۆستای زانکۆی ئوسترالی- بەریتانی لە بواری توێژینەوەی ئیسلامییە کە لە هاوینی ١٣٩٧ی هەتاوی (٢٠١٨ ز) لەسەر بانگهێشتی زانکۆی ئەلزەهرا و زانکۆی ئایین و ئایینزاکانی شاری قوم (ادیان و مذاهب قم) بۆ بەشداریکردن لە حەوتەمین کۆنفرانسی توێژینەوەی شیعە گەشتێکی بۆ ئێران کرد. دوای بەشداریکردن لەم کۆنفرانسە و لە کاتی گەڕانەوەی بۆ وڵاتەکەی، لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی ئیمام خومەینیی تاران لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستبەسەر و دوای دادگاییکردن دە ساڵ سزای زیندانی بەسەردا سەپێندرا. ناوبراو بە تۆمەتی سیخوڕی لە ئێران خەریکی تێپەڕاندنی سزای ١٠ ساڵ زیندان بوو کە لە ٥ سەرماوەزی ساڵی ١٣٩٩ی هەتاوی (٢٠٢٠ ز) لە ئاڵوگۆڕێکدا لەگەڵ سێ زیندانی ئێرانی لە تایلەند کە تۆمەتبار بوون بە بۆمبڕێژکردنی شکستخواردووی دیپلۆماتکارانی ئیسرائیل ئازاد کرا. (کایلی مور-گیلبرت و سە بار خودکشی در زندان اوین، رادیو زمانە، 17 اردیبهشت)

https://www.radiozamaneh.com/502748

ئـالان، مەحبووبـە خوشـکی گـەورەم و خەسـوو و خـەزوورم. ئـەم کەسـانە کـە ئەندامـی بنەماڵـە بـوون، ڕێگەیـان پێدرابـوو کـە سـەردانم بکـەن.

بـە بینینیـان زۆر دڵخـۆش بـووم، بەتایبـەت بینینـی مەحبووبـە کـە دەمزانـی چەنـدە دڵناسـکە و لـە کوردسـتانەوە ڕێگایەکـی دوور و درێـژی بڕیبـوو بـۆ بینینـی مـن. لـەم ماویـەدا چەنـدە ئـازاری چەشـتبوو. دوای مردنـی باوکـم منـی لـە پێگـەی باوکمـدا دەبینـی و دەبـێ بـەم ڕووداوانـە چەنـدە ڕۆحـی ئـازاری دیتبێـت. دەمزانـی خەسـوو و خەزووریشـم زۆر پەرۆشـن و نیگەرانـی ئـەوەن کـە دواجـار چـی بەسـەر ژیانـی کـچ و نەوەکەیانـدا دێـت. کـۆی کاتەکەمـان تەنیـا نیـو کاتژمێـر بـوو کـە بەشـێکی بـە سڵاو و چـاک و خۆشـی کـردن تێپـەڕی و ئالانیـش لـە باوەشـم بـوو و لـە جێـی خـۆی چرکـەی نەدەکـرد. پێـی دەگوتـم ماڵەکـەت لـە کوێیـە؟ لـە کـوێ کار دەکەیـت؟ و منیـش بردبوومـە بـەر یەکێـک لـەو پەنجەرانـەی کـە ڕووی لـە گردەکانی ئێڤیـن بـوو و بینایەکـم وەک شـوێنی کارەکـەم پـێ پیشـان دا. ئەویـش وتـی باوکـە بمبـە بـۆ ماڵەکـەت، گوتـم نـا ناتوانـم، پرسـی بۆچـی؟ بۆچـی نابـێ مـاڵ و شـوێنی کارەکـەت ببینـم؟ خـۆ جـاران دەتهێشـت بێمـە ژوورەکـەت، بـۆ ئێسـتا ڕێگـەم پێنادەیـت؟

داوام لـە کەسـانی خـەڕات کـرد کـە کەسـایەتیی کارتۆنیـی دڵخـوازی ئـالان واتـە کۆنگفـو پانـدام بـۆ دروسـت بکـەن. دەمزانـی لـە ژیانـی ئالانـدا چەنـدە جێـگام خاڵییـە و تێنـاگات کـە بزانـێ چ قەومـاوە و چ ڕوو دەدا کـە دوو هەفتـە جارێـک تەنهـا بـۆ مـاوەی سـی خولـەک باوکـی دەبینـێ و چـی قەومـاوە کـە مـن لـە ژیانیـدا ون بـووم. بەندکـراوەکان ئاماژەیـان بـەوە دەکـرد کـە زیندانـی دوای هـەر سـەردانێکی کەسـوکارەکەی تووشـی خەمۆکـی دەبـێ و بـۆ ماوەیـەک قسـە نـاکات. کاتێـک بـۆ سـەردان دەهـات، بـە بینینـی فـەزای نـاو زینـدان شـەڕەنگێز و عەسـەبی دەبـوو و دوای سـەردانیش چەنـد ڕۆژێـک بێدەنـگ و پەرێشـانحاڵ دەمایـەوە و ئـەم ڕۆتینـە بێـزاری دەکـردم. زیاتریـن نیگەرانـی و پەرۆشـیی مـن لـە مـاوەی زیندانیبوونمـدا، شوناسـی منداڵەکـەم بـوو. بیـرم لـەوە دەکـردەوە کـە ئەگـەر حوکمـی چەنـد سـاڵم پـێ بـدەن چـۆن بەرگـە بگـرم و بیـر و خەیاڵـم لای ئـەو منداڵانـە بـوو کـە دایـک و باوکیـان سـاڵانێک بـوو وەکـوو مـن بـە تۆمەتـی بێبنەمـا لـە زینـدان بـوون... .

خولی ڕاهێنانی بۆرس!

وەک پێـشتر گوتـم حکوومـەت هەڵمەتـی بەرەنگاربوونـەوەی گەندەڵیـی ئابـووری ڕاگەیاندبـوو و زۆربـەی زیندانییـەکان تاوانبارانـی گەندەڵیـی ئابـووری بوون. ئاسـتی گەندەڵیی هەموویـان بـەرز بـوو، بـۆ نموونـە کەمترینیـان لـە چەنـد سـەد ملیـاردەوە دەسـتی پێدەکـرد! لە یەکـەی فەرهەنگیـدا چەندیـن خولـی فێـرکاری بەڕێـوە دەچـوو و منیـش بـۆ ماوەیـەک وانـەی

ئینگلیزیم دەگوتەوە. خولی هونەریشی هەبوو و چەند کەسێک تێیدا بەشداربیان دەکرد، بەڵام ئەو ڕۆژانەی کە خولی بۆرس و وەبەرهێنان بەڕێوە دەچوو، ڕێی ڕێدار نەبوو. ئەم خولانە لەلایەن بلیمەت و نوخبەکانی ئەم بوارە بەڕێوە دەچوون، کە زیندانییانی مارەیی ئەمانەیان بە تاقمێکی قۆڵبڕ و فێڵباز و ساختەچی و دز و گەندەڵی ئابووری دەزانی، بەڵام بەشێک لە گەڕی ئابووریی ئێران لە سەر قامکی ئەم جەماعەتە هەڵدەسووڕێت. زۆربەشیان فەرمانبەری بانکەکانی سادرات، ئیقتساد، تیجارەت، ئیقتێسادی نۆڤین بوون. هەروەها هەموو بەڕێوەبەر و بەرپرسانی بانکی سەرمایەشیان لەگەڵ بوو! ژووری ژمارە ٩، واتە شوێنی ڕاگرتنی بەڕێوەبەرانی بانکی سەرمایە[1] لە تەنیشت ژوورەکەی ئێمە بوو و زۆر جاریش شەڕیان لەگەڵ یەکتر دەکرد. شەڕەکەیان لە سەر ئەوە بوو کە کێ تاوانبارە. پێم وایە مەبەستیان ئەوە بوو کێ لەقاوی داون!

کەسانێکی تریش هەبوون، کۆمپانیاگەلێک کە بە کڕین و فرۆشتنی نەوت بە شێوەیەکی نایاسایی گەمارۆکانیان دەور لێ دابوو، باندەکەی بابەک زەنجانی[2] و جێگرەکەی کە دەیانگوت سندووقە ڕەشەکەی زەنجانییە لە زیندانییەکانی دیکە بوون. وەک دەیانگوت ئیتلاعاتی سپای پاسدارانی جێگرەکەی بابەک زەنجانیان لە وڵاتێکی ئەمریکای باشوور دزیوە و لە تەلیسی پەتاتەدا هێناویانەتەوە بۆ ئێران! ئەم جێگرە ژووری تایبەتی خۆی و دوو سێ خزمەتکاری هەبوو. هەمیشە بە فلاسکێک چاییەوە لەسەر بەتانییەکی مەخملی لە ژێر درەختێکدا لە گۆشەی حەوشەکەدا دادەنیشت و وەک زیندانییانی دیکە دەیانگوت خەریکی درۆ و دەلەسەکردنە و ئەڵبەت چەند کەسێک هەمیشە لە دەوری بوون، لە فلاسکەکەیەوە چایان بۆ ئەو و میوانەکانی تێدەکرد و بە دەوریدا دەهاتن. لە دوورەوە واتدەزانی یەکێک لە فیرعەونەکانی میسر هاتووە و لە ژێر درەختێک دانیشتووە! لە ڕێگەی یەکێک لە هاوژوورەکانمەوە دوو جار لێی نزیک بوومەوە تا بزانم چ جۆرە کەسێکە و لە دەفتەرەکەمدا تۆمارم کرد.

---

١. خاوەن پشکی سەرەکیی بانکی سەرمایەی سەندووقی یەدەگی فەرهەنگییانە و دۆسیەی ئەم بانکە دوای لەقاودرانی گەندەڵییەک بە بڕی ١٥ هەزار ملیارد تمەن وەگەڕ خرا.

٢. بابەک ڕەزەوی زەنجانی، لەدایکبووی ڕەشەمەی ١٣٥٢ی هەتاوی (ئازاری ١٩٧٣)، بازرگان و سەرمایەدار و دامەزرێنەری گروپی سورینت و خاوەنی گەورەترین کۆمپانیای هێشویی ئێرانییە. ناوی ناوبراو لە درێژەی چالاکییە دارایییە بەرفراوانەکانی پەیوەست بە دەربازبوون لە گەمارۆ نێودەوڵەتییەکانی سەر ئێران و بلۆککرانی پارەی ئێران لە بانکە بیانییەکان لە سەردەمی دەوڵەتی مەحموود ئەحمەدی‌نەژاددا زەق بووەوە. ناوبراویش وەک تۆمەتباری سەرەکیی دۆسیەی نەوت لەلایەن لقی ١٥ی دادگای ئینقلابەوە بە تۆمەتی گەندەڵی لە پیشەسازیی نەوتدا سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنرا و حوکمەکەی لەلایەن دادگای باڵاوە پەسەند کرا. ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی (٢٠١٦) عەلیرەزا زیبا حالەت‌مونفەرید ناسراو بە سندووقی ڕەشی زەنجانی لە دۆسیەی گەندەڵیی نەوت کە لە کۆماری دۆمینیکان بەهۆی سەرپێچیی دارایییەوە دەستگیر کرابوو، لەلایەن ئینتەرپۆڵەوە ڕادەستی ئێران کرایەوە.

بـۆم دەرکـەوت کـە منداڵـی باشـووری تارانـە و هاوسـەرگیریی لەگـەڵ ژنێکـی ئیسـپانی کـردووە. زۆر ئومێـدی لـە سـەر ئـەوە هەڵچنیبوو کـە بابـەک زەنجانی پـارەی فرۆشـتنی نەوتەکە دەداتـەوە و هەمـووان ئـازاد دەکرێـن. هەڵبـەت دەیگـوت بابـەک دەبـێ وردە وردە پارەکـە بداتـەوە بـۆ ئـەوەی هەموومـان لەسـێدارە نـەدەن. ئەویـش وەکـوو زیندانییەکانـی حەفتەتەپـە خـۆی بـا دەدا و دەیگـوت بـە زەحمـەت و ژیریـی خـۆی توانیویەتـی پێگـەی کۆمەڵایەتیـی خـۆی بگـۆڕێ و دەوڵەمەنـد بێـت. کەواتـە شـایەنی میدالیـای زێـڕە نـەک زیندانـی ئێڤیـن!

وەک پێـشتر لـە بەشـی سـێیەمدا ڕوونـم کـردەوە، لـە بەریتانیـا، بەهـۆی کارەکەمـەوە، پەیوەندییەکـی نزیکـم لەگـەڵ زیندانییـەکان هەبـوو و بـەردەوام سـەردانی زیندانـم دەکـرد و ئاشـنایەتیی باشـم لەگـەڵ ژینگـەی زینـدان لـە بەریتانیـا هەبـوو و ئێسـتا خـۆم لـە ئێـران زیندانـی کرابـووم. جیاوازییـەکان زۆر زەق بـوون. لـە بەریتانیـا زیندانییـەکان زۆربـەی کاتەکان دەبـوو لـە ژوورەکانیـان بمێننـەوە و لـە ڕۆژدا بـۆ مـاوەی چەنـد کاتژمێـر ڕێگەیـان پێـدەدرا بچنـە دەرەوە و هەوایـەک بگـۆڕن و زیندانییـەکان دەرفەتێکـی زۆریـان بـۆ یەکتردوانـدن نەبـوو. کەچـی لـە ئێـران کـە دەچوویتـە نـاو بەنـدی گشـتی، وەک ئـەوە وابـوو کـە دەچیتـە نـاو کـۆڕ یـان کۆبوونەوەیەکـی دۆسـتانە. مـن نالێـم هەلومەرجەکـە مرۆیـی بـوو، بەڵکـوو مەبەسـتم پێچەوانەکەیەتـی. لـە زیندانیشـدا دادپـەروەری بوونـی نەبـوو. زۆرێـک لـە زیندانییـەکان پێیان وا بـوو ئەوانـەی تاوانـی ئابووریـیان لـێ وەشـاوەتەوە و مافـی خەڵکیـان پێشـێل کردووە، هێشـتا لـە زیندانـدا بـە شـێوەیەکی جیـاواز هەمـان ئـەو کارەیـان دەکەنـەوە، خزمەتـکار و نۆکەریـان هەبـوو. زینـدان هیچـی لـە ژیانـی ئـەم کەسـانە نەگۆڕیبـوو و ڕەنگـە لـە هەندێـک ڕووەوە بـۆ ئـەوان بـاشتر بووبـێ؛ بـۆ ماوەیـەک لـە قەرەباڵغیـی ژیـان ئـازاد بـوون و جـۆرە پەناگەیەکـی بـێ سترێسـیان لـە زیندانـدا بـۆ خۆیـان دۆزیبـووەوە. لـە زیندانـدا ژیانێکـی کۆمەڵایەتـی و تەنانەت خۆشـیان هەبـوو. هەروەهـا چێشـتلێنەر و ماسـاژۆر لـە خزمەتیانـدا بـوون، مەلاقاتـی شـەرعی و تەنانـەت دەرفەتـی ژن سیغەکردنیشـیان هەبـوو.

لەگـەڵ زیندانییانـی مارەیـی[1] زۆر قسـەم دەکـرد. ئـەوان بـە گشـتی بۆچوونـی دژەژنیـان

١. مارەیـی و یاسـاکانی پەیوەندیـدار، بەتایبـەت پرسـی زیندانیکـردن و بارودۆخـی زیندانیانـی مارەیـی، لـە چەنـد سـاڵی ڕابـردوودا بووەتـە جێـی مشـتومڕی زۆر. بەهۆی زیادبوونی دۆسـیەی مارەیی و بـڕی زۆری مارەیی و ئەوەی کـە زۆرینەی پیاوان نەتوانـن مارەیـی بـدەن و ئـەوەی کـە ئەگـەر کابرایـەک نەیتوانیبـا مارەیـی بـدا لـە سـەر داوای ژنەکـەی دەسـتگیر و زیندانـی دەکـرا. لـەم سـاڵانەی دواییـدا زۆرێـک لـە پیـاوان ڕەوانـەی زینـدان کـراون. پێدەچـێ ئـەم زیندانیانـە لێکەوتـە و تێچوویەکی زۆریـان بەسـەر حکومـەت و دەزگای داد و بنەماڵەکانیانـدا سـەپاندبێت. بۆیـە چەند سـاڵێک لەمەوبەر بۆ چارەسـەرکردنی ئەم کێشـە مـادەی ٢٢ی یاسـای پاراسـتنی خێـزان دەرچـوو، بڕیـار درا کـە زیندانیکردنـی پیاوان بەهـۆی نەدانی مارەیـی تەنها تا سـنووری ١١٠ سـکە جێبەجـێ بکرێـت. ئـەم یاسـایە تەنیـا زیندانـی لـە زیندانیانی مارەیـی چۆڵ کرد، بـەڵام هێشـتا ژنان لە وەرگرتنـی مارەییەکانیـان تووشـی کێشـە دەبـن. لـە زۆر حاڵەتـدا پیـاوان مۆڵـک و ماڵـی خۆیان دەکـەن بە ناوی کەسـێکی تر و ئیدیعـای ئـەوە دەکـەن کـە پـارەی مارەییـان نییـە. بـەو پێیـەی کـە زیندانیـش ناکـرێ و ژنەش دەسـتی بـە هیچ کـوێ ناگا،

هەبوو و گوێنەدەرانە قسەی تفت و تاڵ و ناشرینیان سەبارەت بە ژنان بەکار دەهێنا. نەرمترینیان ئەوە بوو کە ژن مارێکی خەت و خاڵ جوانە، ئەگەر بتوانێ سوارت دەبێ و بەدبەختت دەکات. بەردەوام لە بۆچوونمیان دەپرسی و منیش خۆم لە وەڵامدانەوە بەدوور دەگرت. هاوسەرگیریی ڕێککەوتنیش لەنێویاندا زۆر بوو، ئەو هاوسەرگیرییانەی کە وەک دەڵێن پیاوەکە تەنیا بۆ سێکس ویستوویەتی هاوسەرگیری بکا و دواتر تووشی بووە بە تووشی کچێک کە تەنها مارەیی ویستووە!

● وێنەی ٤٠٧ - ڕاپۆرت لە زیندانەوە

ئەوان بیستبوویان کە من توێژەرم و هەندێکیان دەیانویست بەسەرهاتی خۆیان بگێڕنەوە و ڕەنگە بە جۆرێک دەردی دڵی خۆیانم بۆ بەیان بکەن. هەندێکیان لەسەر پێنەدانی دوو سێ سکە (سکەی زێڕ ناسراو بە بەهاری ئازادی) لە زیندان بوون و لەو سەروبەندەشدا نرخی زێڕ زۆر بەرز ببووەوە و بەو پێیە ژمارەی زیندانییەکانی مارەیی زیادی کردبوو. کابرایەک دەیگوت: بەڕاستی پارەم نییە و لێرەش بە کرێکاری خۆم بەڕێوە دەبەم. یەکێکی تر وتی: لە ژنەکەمم دا و ئەشکەنجەم کرد و خیانەتم لێکرد، بەڵام حەقی خۆی بوو! یاساکان ئیزنیان بەمانە دابوو کە کەڵکاوەژۆیی لە ژنان بکەن و لە لایەکی دیکەوە ژنان پێیان وا بوو مارەیی ئامرازێکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی پیاوانی دژەژن.

زیندانیانی سیاسی لە نێو بەندی زیندانیانی ئابووری

زیندانیانی سیاسی، یان بە وتەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، زیندانییە

کەواتە دەتوانین بڵێین کێشەی مارەیی بەم یاسایە چارەسەر نابێت. (محمدی، ١٣٩٨ هەتاوی یان ٢٠١٩).

ئەمنییەکان، لە بەندی ٤ بوون کە زیاتر بەندی زیندانیانی مارەیی و ئابووری بوو. سێ ساڵ لە زیندانیبوونی ئەندامی باڵای تیمی دانوستانکاری ئەتۆمی ئێران، عەبدولڕەسووڵ دوڕیئەسفەهانی[1]، بە تۆمەتی سیخوڕی تێدەپەڕی. زیندانیانی سیاسی زیاتر لە کەسانی تر دەهاتنە کتێبخانە و منیش لەگەڵیان لە پێوەندیدا بووم. بۆ نموونە ئاغای سیامەک نەمازی، زیندانیی ئێرانی-ئەمریکی و باوکی، بە تاوانی سیخوڕی سزا درابوون. باوکی دەرچوون لە ئێرانی قەدەغە لێ کرابوو و بەهۆی تەمەنی زۆر لە ماڵەوە دەستبەسەر کرابوو و خۆشی لە ئێڤین زیندانی بوو، کە خۆشبەختانە لەگەڵ عیماد شەرقی و مراد تاهباز و دوو زیندانی تر، ٢٧ی خەرمانانی ١٤٠٢ (١٨ی ئەیلولی ساڵی ٢٠٢٣) بە پێی ڕێککەوتنێک ئێرانیان بەجێ هێشت و گەڕێندرانەوە بۆ ئەمریکا. دوو ساڵ بەسەر زیندانیکردنیدا تێپەڕیبوو، دڵەڕاوکێی هەبوو و بەردەوام نامەی بۆ دادستێنی گشتی و دەزگای داد دەنووسی بۆ ئەوەی مۆڵەتی حەوتەیەک وەربگرێ و بچێ بۆ سەردانی باوکە بەساڵاچووەکەی!

ئەم کوڕانە لە سەرەتادا زۆر یارمەتییان دام بۆ ئەوەی وردەکاریی بابەتە یاساییەکان فێر بم. یەکیان دە ساڵ زیندانی کرابوو و پێنج ساڵی بەبێ مۆڵەتی پشوو تێپەڕاندبوو. دەیانگوت هەر ئەوەی کە تۆ ماوەیەکی زۆر لە زیندانی تاکەکەسیدا نەمایەتەوە خۆی نیشانەیەکی باشە و پێدەچێ تاوانەکەت بارتەقای تاوانەکەی ئێمە قورس نەبێت. بەشێک لە زیندانیانی سیاسی دەیانگوت بۆ دانپێدانان ئەشکەنجە دراون. هەروەها سیامەک نەمازی جارێک وتی کە هەڕەشەیان لێکردووە و گوتوویانە "تەزووی کارەبا لە گونت دەدەین".

هەموومان لە زیندانـدا زۆر هەستیار بووبوویـن و هیچ ڕێگە چارەیەکمان نەبوو، جگە لەوەی کە ئاگاداری یەکتر بین. شەڕ و پێکدادان لە زیندانـدا شتێکی باو بوو، بەتایبەت بۆ ئێمەیەک کە لەسەر عەرزەکە دەخەوتین و بارودۆخمان خراپتر بوو. هەر کاممان سەبەتەیەکی پلاستیکیمان هەبوو بۆ ئەوەی کەلوپەلەکانمانی تێدا هەڵبگرین و هەر جارێکیش بۆ ئەوەی شتێک دەربێنین دەبوو تەواوی سەبەتەکە هەڵبڕێژین. هەر لەو بەندەدا زیندانییەکی دووڕەگەزنامەیی ترم بینی. شەش مانگی لە ژووری تاکەکەسیی

---

١. عەبدولڕەسووڵ دوڕی ئەسفەهانی (لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٥ لە ئیسفەهان) نوێنەری بانکی ناوەندی و بەرپرسی کاروباری بانکیی تیمی دانوستانکاری ئەتۆمی ئێران لەگەڵ گروپی ٥+١ـە، هاوڵاتیی کاناداییە و ئەندامی ستافی بەدواداچوونی بەرجامە. لە مانگی بەفرانباری ساڵی ٢٠١٥ لە میانەی ڕێوڕەسمێکدا بۆ دەستخۆشی لە تیمی دانوستانکاری ئەتۆمی، میدالیای خزمەتی پلە سێی لە حەسەن ڕۆحانی وەرگرت. دوای ماوەیەک دەرکەوت کە دۆڕی ئەسفەهانی سیخوڕی بۆ لایەنەکانی تری دانوستانکار کردووە و لە کاتی گەشتکردن بۆ تورکیا لە فڕۆکەیەکدا دەستگیر کرا و سزای هەشت ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنرا.

ئیتلاعاتـی سـپای پاسـداران بەسـەر بردبـوو و تـەواو گـەوج ببـوو. دەیگـوت ئێـران و بەریتانیـا لە ژێـرەوە لەگـەڵ یـەکترن و منیـان بۆیـە گرتـووە لەبـەر ئـەوەی کـە ماسـۆنم. ئـەو پێـی وابـوو کـە ڕۆژێـک دێ ماسـۆنییەکان جیهـان دەگـرن و تەنانـەت بەیتـی ڕێبـەری لـە ئێرانیـش لـە لایـەن دەسـتوپێوەندەکانی ئەوانـەوە بەڕێـوە دەبردرێـت. هێنـدە لـە دنیـا دابڕابـوو کـە عەقڵـی بـەوە نەدەشـکا کـە قسـەکانی لێکـدژن. بـە درێژایـی ڕۆژ لـە حەوشـەکەدا دەسـووڕایەوە و جگـەرەی دەکێشـا و ئـەو قسانەشـی بـە دەنگـی بـەرز دووبـارە دەکـردەوە. چەنـد ڕۆژنامەوانێکیـشمان لەگـەڵ بـوون. یەکیـان لـە بەڕێوەبەرانـی ڕۆژنامـەی ئیقتسـاد (اقتصـاد) بـوو، کـە پیاوێکـی زۆر بەئەزمـوون بـوو و ڕژێمـی زۆر بـاش دەناسـی، ڕووخسـاری هێمـن بـوو و شـیکارییەکانی بـۆ بارودۆخـی ئێران و داهاتوو جوان و سەرنجڕاکێش بوون.

وێنـەی لەقـاودراوی ژووری تایبەتیـی حسـێن فەرەیـدوون بـرای حەسـەن ڕۆحانـی لـە زیندانـی ئێڤیـن

● وێنەی ٤٠٨ - سوئیتی زیندانییانی تایبەت (VIP)

زیندانیانـی دیکـەش هەبـوون کـە بـە تۆمەتـی ئەندامێتـی لـە سـازمانی موجاهیدینـی خەلـق و هاوکاریکـردن لەگـەڵ ئـەوان دەستبەسـەر کرابـوون. هەروەهـا ژمارەیـەک لـە چالاکانـی کۆمەڵـگای کوردسـتان و ئەندامانـی گرووپـە سـەلەفییەکان و ئەوانـەی هەوڵـی تیرۆرکردنـی پێشـنوێژی هەینیـی بانەیـان دابـوو، لـەوێ بـوون. تاوانبـارە سیاسـییە نـاسراوەکان کـەم نەبـوون، نەجەفـی سـەرۆکی پێشـووی شـارەداریی تارانیـان[1] هێنایـە بەنـدی چـوار، لـە هەواڵەکانـی تەلەڤیزیۆنـدا بیسـتمان تەقـەی لـە هاوسـەرە کاتییەکـەی کـردووە و کوشـتوویەتی. بەهەمـان شـێوە حسـێن فەرەیـدوون[2] بـرای حەسـەن

١. محەمـەد عەلـی نەجەفـی، لەدایکبـووی ٢٣ی بەفرانبـاری سـاڵی ١٣٣٠ (١٣ی ژانڤییە/کانوونـی دووی سـاڵی ١٩٥٥)، سیاسـەتمەدار و بەرپرسـی باڵای کارگێڕیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو. ناوبراو شـارەداری تاران، ڕاوێژکاری سـەرۆک کۆمار لـە کاروبـاری ئابـووری، ئەندامـی ئەنجومەنی بـاڵای کەلەپووری فەرهەنگـی و گەشـتوگوزار و ئەندامی ڕێکخـراوی لێکۆڵینەوە و پلاندانانـی پەروەردەیـی بـووە. ڕۆژی ٧ی جۆزەردانـی ١٣٩٨ی هەتـاوی (٢٨ی حوزەیرانـی ٢٠١٩)، دانی پێدانا کە تەقەی لـە هاوسـەرە کاتییەکـەی واتـە میترا ئوسـتاد کردووە و لە دادگا سـزای قیساسـی بەسـەردا سـەپێنرا، بەڵام لـە ٢٣ی گەلاوێژی هەمـان سـاڵدا دایـک و باوکی میترا ئوسـتاد لێی خۆشـبوون.

٢. حسـێن فەرەیـدوون لەدایکبـووی ١٣٣٦ی هەتـاوی (١٩٥٣)، بـرای حەسـەن ڕۆحانی، سـەرۆک کۆماری پێشـووی ئێرانە.

ڕۆحانـی سـەرۆک کۆمـاری پێشـووی ئێرانیـش لـەوێ بـوو. ئـەم کەسـانە بـە پێچەوانـەی ئێمـە زیندانیانـی بەنـدی چـوار، ژوور و حەوشـەی جیاوازیـان هەبـوو، شـوێنەکەیان تایبـەت (VIP) بـوو و پاسـەوانی تایبـەت و مافـی پشـووی ڕۆشتن بـۆ دەرەوەی زیندانیـان هەبـوو. لێرەشـدا بـە ڕوونـی هەسـتمان بـە هـەڵاواردن و پێکدادانـی چینایەتـی دەکـرد. بـە کورتـی پشـکی ئێمـە لـە سـەر عەرزخەوتـن بـوو و پشـکی ئـەوان لـە سـفرەی ڕژێمـی کۆمـاری ئیسلامـی ئـەوە بـوو کـە لـە زیندانـدا دۆخێکـی باشـیان بـۆ دروسـت کردبـوون.

بـوون لـە بەنـدی چواریـش سـوودی خـۆی هەبـوو. شـوێنی هاتنـی زیندانییـە تـازەکان بوو، بۆیـە زۆر جـار ئـاگاداری دۆخـی دەرەوە دەبووین. بەنـدی چـوارەم شـارێگا بـوو و زۆرێـک لـە زیندانییـەکان پێـش ئـەوەی بەسـەر بەنـدی دیکـەدا دابـەش بکرێـن لـەم بەنـدەدا دەژیـان. وا دیـار بـوو زیاتـر ئـەو زیندانیانـەی لـەوێ ڕادەگیرێـن کـە هێشـتا یەکلایـی نەکراونەتـەوە. بـۆ نموونـە: سـیامەک نەمـازی سـاڵانێک هـەر لـەم بەنـدەدا بـە یەکلانەکـراوی مابـووەوە. زیندانیانـی پیـر و بەسـاڵاچوو و زیندانیانـی خـاوەن دووڕەگەزنامـە لـەم بەنـدەدا دەهێڵرانـەوە، بـەڵام ئـەو زیندانیانـەی کـە سـزای درێژخایەنیـان بـۆ بڕابـۆوە، ڕەوانـەی شـوێنەکانی دیکـەی وەک بەنـدی هەشـت دەکـران، کـە بـۆ مانەوەیەکـی ئاسـوودە لـە زیندانـدا شـوێنێکی هەمیشـەییتر بـوو!

شـتێکی سروشـتی بـوو کـە ئێمـە بمانهـەوێ ئـاگاداری ڕووداوەکانـی دەرەوە بیـن و لـە پەیوەندییـە تەلەفۆنییەکانمانـدا لەگـەڵ هـاوڕێ و خانـەوادە پەیجـۆری دەنـگ و باسـی دەرەوە بیـن. چەنـد ڕۆژنامەنووسـێکی زیندانیکـراو هەبـوون کـە زۆر جـار لـە ڕووداوەکانـی دەرەوە ئـاگادار بـوون و منیـش بـەردەوام دەچوومـە لای ئـەوان. بـە کورتـی ئێمـە هەڵـوەدای جیهانـی دەرەوە و ڕووداوەکانـی بوویـن. ڕۆژێکیـان تەلەفۆنـم بـۆ هاوڕێکانـم کـرد و بـۆم دەرکـەوت کـە ژمارەیـەک کـچ و کـوڕی جـەوان لـە مـیترۆدا، لـە نارەزایەتییـەک بەرامبـەر بـە حیجابـی ئیجبـاری، گوڵیـان بـە دیـاری بـە خەڵـک داوە. هەرگیـز بیـرم لـەوە نەدەکـردەوە کـە بـە زوویـی کوڕەکانـی ئـەم گرووپـە لـە بەنـدی چـواردا ببینمـەوە. چەنـد کەسـێکیان بـەردەوام دەگریـان و بەڕاسـتی ترسـابوون. زۆرجـار لـە سـووچێکی حەوشـە یـان حسـێنییە دادەنیـشتن و بـە هێمنییـەوە لەگـەڵ یـەکتر قسـەیان دەکـرد. ڕۆژێکیـان لێـم پرسـین چـی ڕووی داوە. ئـەوان وتیـان: ئێمـە خوێنـدکاری زانکـۆی تارانیـن و بڕیارمـان دا لەگـەڵ دۆسـتەکانمان لـە دژی حیجابـی ئیجبـاری نارەزایەتییەکـی هێمنانـە بەڕێـوە ببەیـن. هەرگیـز بـە خەیاڵمانـدا

ناوبـراو پێـشتر یاریـدەدەری تایبەتـی سـەرۆک کۆمـاری ئێـران و ڕاوێـژکاری محەمەدجـەواد زەریـف وەزیـری دەرەوەی ئێـران و ئەندامـی پێشـووی تیمـی دانوسـتانکاری ئەتۆمـی ئێران و گرووپـی ٥+١ بووە. حسـێن فەرەیدوون بـە تۆمەتـی وەرگرتنـی بەرتیل سـزای ٥ سـاڵ زیندان و ٣١ ملیارد تمەن قەرەبووکردنەوەی بەسـەردا سـەپێندرا. لە بڕیاری کۆتایی دادگای تێهەڵچوونەوەدا، سـزای حـەوت سـاڵ زیندانیکردنی حسـێن فەرەیدوون بۆ پێنج سـاڵ کـەم کرایەوە.

نەدەهـات کـە ئـەم داپەڕەمـان لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان و میدیـای بیانیـدا دەنـگ بداتـەوە و بـە کەمپێنـی "دووربینەکەمـان، چەکەکەمانـە"[1] گـرێمان بـدەن. پاشـان ئێمەیـان گـرت و زیندانییـان کردیـن. ئـەم جـۆرە دۆسـییانە بـۆ دادگای ئینـقلاب و قـازی سـەڵەواتی دەنێـرن کـە بـە کەسـێکی دڕنـدە و بێبەزەیـی نـاسراوە. یەکێـک لـەو زیندانییـە سیاسـییانەی کـە سـزای شـەش سـاڵ زیندانـی بەسـەردا سـەپێندرا و کاری میدیایـی لـێ قەدەغـە کرابـوو، وتـی "ئـەو کەسـانەی کـە لەودیـو سـنوورەوە دانیشـتوون و گەنجـان بـۆ ناڕەزایەتـی دەربڕیـن هـان دەدەن، ئاخـۆ دەزانـن ئـەو گەنجانـە بـە حوکمـی دادوەری وەکـوو موقیسـە[2] و سـەڵەواتی چ باجێکـی قـورس دەدەن؟".

دەمتوانـی لـە بۆچـوون و ئیسـتدلالەکانیان تێبگـەم و تەنانـەت لەگەڵیـان هـاوڕا بـم. مـن تەمەنـی منداڵـی و هەرزەکاریـم پـڕ لـە گێـژاو بـوو و ئەمـەش زەبرێکـی کوشـندەی لەسـەر خوێندنـم لـە ئێـران دابـوو. مـن بـاوەڕم وا بـوو ئـەم گەنجانە دەبـێ لـە ژینگەیەکـی پەروەردەییدا بـن. ئێسـتا کاتـی گەشـانەوەی بەهرەکانیـان و بەهێزبوونیانـە و ئـەو جـۆرە چالاکییانـە لـە وڵاتێکـی وەکـوو ئێرانـدا باشتریـن سـاڵەکانی ژیانیـان بەفیـڕۆ دەدات. لـە دڵـی خۆمـدا بیـرم لـەوە دەکـردەوە کـە گەنجانـی هاوتەمەنـی ئەمانـە لـە ئەورووپـا ژیانێکـی ئـارامتر و بێخەمتریـان هەیـە و دەتوانـن و شانسـی ئەوەیـان هەیـە کـە لـە ژینگەیەکـی تـا ڕادەیـەک سـەلامەتدا بـاشتر لـە خۆیـان و ئارەزووەکانیـان تێبگـەن. منیـش وەکـوو زیندانییەکانـی دیکـە، پێـم سـەیر بـوو کە بۆچـی ئـەم بەنـاو تاراوگەنشـینانە گرنگـی بـەم لایەنـە ئەخلاقییـە نـادەن؟

---

١. لـە مانگەکانـی یەکەمـی سـاڵی ١٣٩٣ی هەتـاوی (٢٠١٤) کەمپێنـی "ئازادییـە نهێنییـەکان (آزادیهـای یواشـکی)" بـە دەستپێشـخەریی ڕۆژنامەنـووس مەسـیح عەلینەژاد دەسـتی پێکرد. لەم هەڵمەتەدا ژنانی سەرتاسـەری ئێـران وێنە و ڤیدیۆی نارەزایەتیـی خۆیانیـان لـە دژی حیجابی ناچاری بە شـێوەی ئۆنلاین بڵاو کردەوە. کەمپێنەکە بە پاڵپشـتیی ٥٠٠ هەزار کەس لـە مانگـی یەکەمـدا، لەلایـەن بەشـێک لـە ژنانەوە پێشـوازی لێکـرا. بـەڵام هەڵمەتـی ئازادییە نهێنییـەکان و دواتـر هەڵمەتی "چوارشـەممە سـپییەکان (چهارشـنبەها سـفید)" لەلایـەن هەمـوو چالاکوانانی ژنانەوە پاڵپشـتی لـێ نەکـرا و چالاکیی ژنانی دژبـەری حیجابـی ناچـاری بـەرەوڕووی بێدەنگـی نوانـدن و پشـتگوێخستن و تەنانەت هەندێـک جاریش تیتاڵـی پێکردن یان نکۆڵیکـردن بوونـەوە. لـە درێـژەی هەڵمەتەکـەدا دیـاردەی " کچانـی شـەقامی ئینـقلاب" (دختران خیابـان انـقلاب) سـەری هەڵـدا. لابردنـی لەچـک لـە لایـەن ڤیـدا مووەحیـد دوای چەنـد ڕۆژ لـە گەڕەکەکانـی تـری تـاران و شـارەکانی دیکـەی ئێـران دووبـارە بـووەوە و لـە فـەزای مەجازیدا بە سـەردێڕی "کچانی شـەقامی ئینقلاب چەند هێنـدە دەبـن" (دختران خیابان انقلاب تکثیـر میشـوند) بڵاو بـووەوە، تـا ئەو ڕادەیـەی کە لە چەندیـن حاڵەتدا تەنانـەت پیاوانیش پەیوەندییـان بەم بزووتنـەوەوە کرد. ئـەم دیـاردە کـە بـە کچانی شـەقامی ئینقلاب ناسرابـوو، جارێکـی دیکە سـەرنجی هەمووانی بـۆ لای خەبـات و هەڵمەتەکانی دژ بـە حیجابـی ناچـاری لە ئێران ڕاکێشـا. (غیاثـی، ١٤٠٠)

٢. محەممەد موقیسـە (لەدایکبووی ١٣٣٥ی هەتاوی/ ١٩٥٦، بە نازناوی ناسریان)، سـەرۆکی لقی ٢٨ی دادگای گشـتی و ئینقلابـی تارانـە کـە دادگاییکردنـی زۆرێک لە زیندانیانی سیاسـیی لە ئەسـتۆ بـووە. دەگوتـرێ ناوبراو یەکێک لـە بڕیاردەرانی لەسـێدارەدانی بەکۆمەڵـی زیندانیانـی سیاسـیی ئێـران لـە هاوینـی سـاڵی ١٣٦٧ی هەتـاوی (١٩٨٨) بووە. موقیسـە کە لە جەنگـی ئێـران و عێراقـدا بەشـداریی شـەڕی لـە ناوچـە جەنگییەکانـدا کردووە، ماوەی ٣٣ سـاڵ لـە دادگای ئینقلابدا ئیشـی کـرد و بـە یەکێک لە قازییە پێشـینەدارەکانی دادگا دادەنرێت. دۆسـییەی سـەرکردەکانی ئایینزای بەهایی، خۆپیشـاندەرانی بزووتنـەوەی سـەوز و ئەندامانـی بـەرەی میللـی (جبهه ملی)، لەو دۆسـییانەن کە موقیسـە بەرپرسـی تاوتوێکردنیان بووە.

زۆرێک لە زیندانییەکان پێیان وا بوو کە سیاسەتی بانده ئەمنی و قەزاییەکان (دادوەرییەکان) لە ئێراندا، وەکوو ئەو پەندە بەناوبانگەیە کە دەڵێت: وەزیر سێ سیاسەتە زۆر قورسەکەی شای بە خەڵک ڕاگەیاند و لە برگەی چوارەمدا نووسیویەتی: "قرپدان قەدەغەیە!" کاتێک شا پرسی بۆچی، وەزیر وەڵامی داوە کە ئێمە بۆ قرپدان خەڵک ڕاوەدوو دەنێین بۆ ئەوەی هیچ بیر لە سێ یاساکەی تر نەکەنەوە! ئەوان پێیان وابوو حکوومەتی ئێران سزا و ڕاوەدوونانی بۆ پرسگەلێکی وەکوو حیجاب و چالاکییە مەجازییەکان سەپاندووە کە خەڵک وا بزانن بە لابردنی لەچک یان هاشتاگ لێدان شۆڕش دەکەن. ئامۆژگارییە کۆنەکەی باپیرەی دایکیم بیر کەوتەوە کە دەیگوت سیاسەت دایک و باوک ناناسێ و من لە زیندان بە مانای ڕاستەقینە لەم وشە تێگەیشتم کە سیاسەت بەزەیی بە کەسدا نایەتەوە.

کەسێکم ناسی کە لە سەڵمانیی بەند کاری دەکرد. زۆر دەهاتە کتێبخانە و ئەندامی گرووپی موجاهیدینی خەلق بوو. خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی سونقور بوو و لەوێش دەژیا کە لە ڕێگەی گرووپێکی تێلێگرامییەوە لە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقدا وەرگیراوە. بەڵێنیان پێدابوو کە لە تاران کارێکی بۆ بدۆزنەوە و بەو بەڵێنەی کە پێی درابوو وازی لە هەموو شتێک هێنا و بەرەو پایتەخت ملی ڕێگای گرتبووە بەر. لە تاران پێی دەڵێن لە پارکەکاندا ڕاگەیاندننامە بڵاو بکەوە و دروشم لەسەر دیوارەکان بنووسە. دەیگوت هەر نەمزانی چۆن بوو دوای ماوەیەکی زۆر کورت دەستگیر کراوە. کەسانی وەکوو ئەو لە زیندانداا زۆر بوون و زۆربەیان سزای قورسی سێ بۆ حەوت ساڵیان بەسەردا سەپێنرابوو. لە نێو ئەو کەسانەدا زۆر بوون ئەوانەی کە لە لایەن گرووپە سیاسییەکانەوە کاریان پێکرا بوو و ببوونە قوربانی.

وەک پشکنەرەکەم گوتبووی، لە بەندی چوارەمدا زۆر کەسم بینی کە بەهۆی بەشداریکردن لە کارگەیەکی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ دەستگیر کرابوون. ئاماژەیان بەو دەکرد کە ڕێکخەرانی ئەم کارگایانە بیر لە ئاسایش و سەلامەتیی بەشداربووان ناکەنەوە و ئەو کەسانە لەگەڵ گەڕانەوەیان دەستگیر دەکرێن. حکومەتی ئێران نەیدەتوانی لەگەڵ ڕێکخەراندا ڕووبەڕوو بێتەوە، بەڵام سزای بەشداربووان و بنەماڵەکانیانی دەدا. دەرەنجامەکەشی ئەوە بوو کە بەشێک لە لاوانی چارەڕش سزای قورسیان بەسەردا دەسەپێندرا و ساڵانی زێڕینی تەمەنیان بەبێ هیچ هۆکارێک لە زیندانداا بەسەر دەبرد.

هەندێکیان کەسانێک بوون کە بەشداریان لە کارگە (وۆرکشۆپ)ی ڕاهێنانی جێندەری یان مافی مرۆڤدا کردبوو و دەیانگوت بێ ئاگان بوون لەوەی کە ئەم کارگایانە بە بودجەی دیاریکراوی هەندێک ڕێکخراوی هەستیار و وڵاتی بەناو دوژمنکارەوە بەڕێوە دەچن و ئێمەش لەسەر بنەمای هۆگریی و باوەڕی خۆمان و تەنانەت لەبەر ئەوەی

دەرفەتێک بێ بۆ ئەوەی چەند ڕۆژێک لە ئێران بچینە دەرەوە، لەو کارگایانەدا بەشداریمان کرد. کۆمەڵێک گەنج بەبێ ئەوەی بزانن لە پشت ئەو بەرنامانەی کە لە وڵاتانی دەوروبەری ئێران بەڕێوە دەچن، کەوتوونەتە ناو بۆسەی چ هەڕەشەیەکەوە، بەشداریان لەم خولانەدا کرد و لەگەڵ گەڕانەوەیان بۆ ئێران، دەستگیر کران.

گرتە ڤیدیۆیەکی هاک کراوی نوێ کە لە سەر عەرز خەوتنی زیندانیانی ئەڤین پیشان دەدات.

● وێنەی ٤٠٩ - خەوتن لەسەر عەرز لە زیندانی ئێڤین

ئێستا هەر یەکیان چەند مانگێک بوو کە لە زیندانەدا بوون، بەڵام هێشتا دۆسییەکەیان ڕوون نەببووەوە. کاتێک قسەت لەگەڵ دەکردن، هەندێکیان نەیاندەشاردەوە و دەیانگوت جگە لە بەشداریکردن لە وۆرک شۆپێکی فێرکاری و ڕاهێنان، هیچ ئامانجێکی تایبەتیان نەبووە، یان تەنانەت هەندێکیان بە بیانووی سەفەرکردن و کات بەسەربردن چوونەتە ئەم خولانە، بەڵام سیاسەت خستبوویانیە سەر ڕێگایەک کە ڕۆژانە زێڕینی ژیانیانی بەفیڕۆ دەچوو. من کاتێک دانیشتم و لەگەڵیان قسەم دەکرد، بۆم دەرکەوت کە هەندێک گرووپ و ڕێکخراو لە دەرەوەی ئێران بە بێ ڕەچاوکردنی بارودۆخی گەنجان لە ناوخۆی ئێران و ئەو هەلومەرجە سەختەی کە ڕەنگە بۆیان دروست ببێ، گوێنەدەرانە و تەنانەت بێڕەوشتانە و بێئەخلاقانە وەریانگرتوون و ئێستا جگە لەوەی کە ناوەکانیان هاشتاگ بکەن و پێگە و ڕووالەتی خۆیان وەک داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ پێشان بدەن، هیچیان بۆیان نەدەکرد، یان هەر ناتوانن هیچیان بۆ بکەن. ئەو ماوەیەی کە لە زیندانی ئێڤین بووم، شتێکی دیکەش ڕووی دا کە هەمووانی ڕاچڵەکاند. ئاگاداریان کردینەوە کە ڕوحوڵڵا زەم[1] لە وڵاتێکی بیانییەوە ڕفێندراوە و هێنراوە بۆ ئێران. هەموو تەلەفۆنەکانی

١. ڕوحوڵڵا زەم کوڕی ئاخوند محەمەدعەلی زەم لە مەلایانی شیعەی نزیک لە دەسەڵات بوو کە لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە خۆی لە حکومەت دوور خستەوە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەیتی ڕێبەری و ئایەتوڵڵا خامنەیی کەم کردەوە. ڕوحوڵا کوڕی بنەماڵەیەکی ئینقلابی بوو کە بووە دامەزرێنەری یەکێک لە کاریگەرترین ڕاگەیاندنەکان دژی حکوومەتی ئێران. ناوبراو لە کەناڵی تێلگرامیی ئامەدنیووزدا سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی زۆر شتی گرینگی ئاشکرا کرد و دواجار لە ئۆپراسیۆنێکی ئیتلاعاتیی سپای پاسداراندا دەستبەسەر کرا و پاش گواستنەوەی بۆ ئێران لە بەرەبەیانی ٢٢ی سەرماوەزی ١٣٩٩ی هەتاوی (١٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠) لەسێدارە درا. ڕۆژێک دوای دەسبەسەرکردنی زەم، ڕۆژنامەی فیگارۆی فەرەنسی لە وتارێکدا ئیدعای کرد کە هێزە ئەمنییەکانی ئێران ژنێکی عازەبیان ناردووە بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕوحوڵڵا زەم لە شوێنی نیشتەجێبوونی لە فەرەنسا. ئەم ژنە زەمی ڕازی کردووە کە سەفەری نەجەفی وڵاتی عێراق بکا بۆ ئەوەی لەگەڵ

زیندان بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر پەک خران بۆ ئەوەی زانیارییەکان نەگوازرێنەوە. ئەو ڕۆژانە سەیر و سەمەر بوون و چەندین جار گاردی ئەمنی هاتە ناو هۆڵی زیندان و دەرگاکانی داخست و هەموو ژوورەکانی پشکنی. هیچ ڕوونکردنەوەیەکیش بۆ ئەم ڕووداوانە نەدرا، بەڵام زۆری نەخایاند ڕژێم زیندانییە نوێکەی لەسێدارە دا و توانی خۆی لە دەستی ڕوحوڵڵا زەم کە جێی خۆی لە ناو جەماوەری خەڵکدا کردبووە، ڕزگار بکات!

سەیرکردنی پۆرنستارەکان و مەلا لە دین هەڵگەڕاوەکە

هەموو شتێکمان لە زیندانـدا هەبوو. تا ئێستا باسم لە زۆرێک لە ئیمکانیات و دەستپێڕاگەیشتنی زیندانییە ئاسایی و حکوومییەکان کردووە و ئێستا دەچمە سەر بەشێکی دیکەی. زیندان مێرووی جۆراوجۆری لێ بوو، بەتایبەت ساس (مێرووی جێگا) کە کاتێک پێوەیان دەدایـن، بۆ ماوەیەکی زۆر تەواوی لەشمان دەخورا. چەند جارێک پارەیان بۆ کڕینی تەختی ئاسنین کۆ کردەوە، بەڵام نەیانکڕی و ساسەکان هەموو چێوەکانی تەختەکانیان خوارد و ئێمەشیان کەوڵ کرد. هەموو گیانم بەهۆی پێوەدانی ساسەوە هەڵماسی و سوور ببووەوە و هەموو زیندانییەکان جەستەیان هەڵدەکڕاند. زیندانییەکی خەڵکی قەزوێنمان لەگەڵ بوو کە لە خۆپیشاندانی ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی (٢٠١٧)دا دەستگیر کرابوو و لەلایەن قازی موقیسە بە پێنج ساڵ زیندانی سزا درا. داماو ئەوەندە بە چزووی ساس هەستیار بوو و خۆی دەخوراند کە خوێن لە قۆڵ و پشتییەوە دەهات. هەندێک جار بۆ ماوەی یەک دوو ڕۆژ لە نەخۆشخانە دەخەوێندرا، بەڵام کە دەهاتەوە دیسان هەمان شت تووشی دەبوو.

هەندێک جار زەنگی ئاگادارکردنەوە لێدەدرا و نەدەبا لە سەر جێگاکەمان بجووڵێین. هەموو زیندانییەکان لە ژێر چاودێریدا دەهێنرانە حەوشە بۆ ئەوەی هەموو شوێنێک بگەڕێن. لە یەکێک لەو حاڵەتانەدا شتانێکم بینی کە لە ژێر پێستی زیندانـدا ڕوویان دەدا، کە هەرگیز بە خەیاڵمدا نەدەهات. هەموو ژوورەکان تەلەڤیزیۆن و ژمارەیەک ئامێری سی دی پلەیەریان هەبوو کە هی زیندان بوون و زیندانییەکان دەیانتوانی بەکرێیان بگرن. ئەو ڕۆژە گاردی دژەشۆڕش هەموو سیدییەکانی ناو زیندانەکەی فڕێ دایە ناو هۆڵەکە و زانیمان هەندێک لە زیندانیانی مارەیی فیلمی پۆرنۆگرافییان بە کرێ دەدا. زیندانییەکان شەوانە بە کۆمەڵ بەتانییان بەسەر سەریاندا دەکێشا و بە نهێنی سەیری تەلەڤیزیۆن و فیلمی سێکسییان دەکرد. دوای ئەم ڕووداوە ئامێرەکانیان لە هەموو ژوورەکان

ئایەتوڵا سیستانی کۆ ببێتەوە. دوای گەیشتنی زەم بۆ نەجەف، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە ڕفێندرا و گواسترایەوە بۆ ئێران.

دەرهێنـا و بەکرێـدان و بەکارهێنانـی ئامێرەکانیـان بـۆ مـاوەی دوو سـێ حەوتـە ڕاگـرت.

دەیانگـوت بەندەکانـی دوانـزە و حـەوت گەورەتـرن و جیـاوازی زۆریـان لەگـەڵ هۆڵەکانـی دیکـەدا هەیـە. هەروەهـا بەندێکیـش تایبـەت بـە ئافرەتـان بـوو، کـە پێیـان دەگـوت بەنـدی نسـوان. لـەوێ بـە تۆمـەت و تاوانـی جۆراوجـۆر زیندانـی کرابـوون و هەندێکیشـیان دژی حیجابـی ناچـاری بـوون. لـە کاتـی سـەردانەکانمدا هەندێک جـار تووشـی هەندێکیـان دەبووم و لـە هۆڵـی مەلاقـات یـان سـەردانکردن یـان لەنـاو ڤانـدا دەیانمبینـی. ئـەوەی جێگای سـەرنج بـوو ئـەوە بـوو کـە هەرچەنـدە زیندانەکـە بەپێـی ڕەگـەز بـە تـەواوی جیـا کرابـووەوە، بـەڵام دەمانتوانـی لـە هۆڵەکانـی سـەردانکردن و لـە ڕێـگا و کلینیکـدا یـەکتر ببینیـن.

جگـە لـە بەشـی دوانـزە و حـەوت کـە دەگوتـرا هەنـدێ جیاوازییـان لەگـەڵ هۆڵەکانـی تـردا هەیـە، هۆڵێکـی دیکـەش بـوو، کـە بەنـدی زانایانـی ئایینـی (مـەلاکان) بـوو. کەسـانێک کـە لـە ئاییـن لایـان دابـوو یـان ئیدیعـای پێغەمبەرایەتییـان کردبـوو یـان لێدوانـی پێچەوانـەی بیروبـاوەڕی ڕژێـم و حکومەتیـان دابـوو، بـە شـیعە و سـوننەوە لـەوێ ڕادەگیـران. ئـەم هۆڵـە زیندانییەکـی مـەلای لـێ بـوو کـە پۆشـینی جلوبەرگـی مەلایەتـی لـێ قەدەغـە کرابـوو. ئـەم مەلایـە شـێوازی سـەیر و سـەمەرەی بـۆ دەربڕینـی نارەزایەتـی هەڵدەبـژارد. بـۆ ئـەوەی بچینـە هۆڵـی مەلاقـات و دیـدار دەبـوو لـە بـەر بەندەکـەی خۆمانـەوە سـواری ڤانێـک بیـن و هەتـا هۆڵـی مەلاقـات بـە ئۆتۆمبێـل بڕۆشـتباین. ڕۆژێـک لـە کاتـی سـواربووندا سـەیرمان کـرد کـە هێـزی یەکـەی تایبـەت و ئاگرکوژێنـەوە کـۆ بوونەتـەوە. ئـەم مەلایـە چووبـووە سـەر دارێـک و هەمـوو هەوڵێکیـان دەدا کـە لـە سـەر دارەکە بیهێننە خـوارەوە، بـەڵام هەوڵەکانیان بێهـودە بوو. چەنـد مەلافـەی بـە یەکـەوە گـرێ دابـوو و شـتێکی ئـاوای لەسـەر نووسـیبوو: "خامنەیـی، تـۆ لێوەشـاوەیی و مەشرووعییەتـی مەرجەعییەتـی تەقلیـدت (دەسـەڵاتی ئایینـی) نییـە و هەرگیـز ئەوەنـدەی مـن ئیلاهیـات و فیقهـت نەخوێنـدووەوە ...". کۆتاڵەکـەی بـە دارێکـەوە هەڵواسـیبوو و نووسراوەکانـی دەخوێندرانـەوە. ئاگرکوژێنـەوەکان دەیانویسـت بیهێننـە خـوارەوە، بـەڵام هەڕەشـەی ئـەوەی دەکـرد کـە ئەگـەر لێـی نزیـک ببنـەوە خـۆی فـڕێ دەداتـە خـوارەوە. کاری ئـەم مەلایـە ڕێـگای زۆربـەی بەندەکانـی زیندانـی بـۆ هۆڵـی مەلاقـات و سـەردانکردن قەپـات کردبـوو و بـە هـۆی ئـەو کـردەوە لـەو ڕۆژەدا هیـچ مەلاقـات و سـەردانێک ئەنجـام نـەدەدرا، مەگـەر ئـەوەی تیمـی ئاگرکوژێنـەوە بچـێ و کەسـەکە لـە سـەر دارەکـە بێنێتـە خـوارەوە.

هەندێـک لـە زیندانییـەکان جنێویـان پێـدەدا و دەیانگـوت تـۆ خەریکـە سـەرمان دەیێشـێنیت. ئێمـە دەمانهـەوێ خێزانەکانمـان ببینیـن، وەرە خـوارەوە و بـا بچینـە هۆڵـی مەلاقـات، بـەڵام ئـەو دەیگـوت: ئەمانـە بـە دەسـتگیرکردن و دەستبەسـەرکردنەکانیان هەموومانیـان بـە دیـل گرتـووە و... لەوێـدا بـوو کـە تێگەیشـتم کـە هەندێـک جـار بەرژەوەندیـی تاکەکەسـی تـا چەنـدە گرنگـە. ئـەو ڕۆژە خوشـکەکانم لـە مەهابـاد و ورمێـوە هاتبوونـە سـەردانم

و هیچ شتێک بە لامەوە گرینگ نەبوو جگە لەوەی ئەو مەلایە لە سەر ئەو دارە بێتە خوارێ و بهێڵێ بچینە هۆڵی مەلاقات. هەندێکیان زۆر جنێویان پێ دەدا. یەکێک دەیگوت تا دوێنێ خۆت پیاوی ئەم حکومەتە بووی، ئێستا کە بەرژەوەندیت کەوتۆتە مەترسییەوە، دژی ئەم حکومەتە ڕاست بوویتەوە و خەریکی هەراسانمان دەکەی، ئەم ململانێی بەرژەوەندییە هەمیشە لە بارودۆخی جیاوازدا لە زیندانداساز دەبوو.

● وێنەی ٤١٠ – هەندێ لەو مەلایانەی کە لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا تووشی ناکۆکی و دژایەتی بوونەوە

لەو ماوەیەدا لە کتێبخانەی زیندان زیاتر کتێبم دەخوێندەوە کە بە پێچەوانەی ئەو باوەڕە باوەی کە هەیە، هەندێک لە کتێبەکانی زۆر چاک بوون. هەندێک جار دەمانتوانی لە دەرەوەش خۆمان داوای کتێب بکەین، هەرچەندە پێش ئەوەی بگاتە دەستمان دەبوو بە چەند قۆناغێکی کۆنترۆڵکردن و پەسەندکردندا تێپەڕێو پەسەند بکرێ. سەرباری ئەوەی چەند کتێبێکی باشمان هەبوو، کۆمەڵێک کتێبی بەخشراو بۆ بەندی زیندانیانی سیاسی هەبوون کە لە بەشێکی هۆڵی چواردا ڕاگیرابوون و دواتر تێکەڵ بوون. هەندێک جار لە نێوان کتێبخانەکانی بەندی ٤ و بەندەکانی دیکەدا کتێب ئاڵوگۆڕ دەکرا و کتێبمان بە قەرز بە یەکتر دەدا.

وەک وتم من لە شوێنێکدا ڕادەگیرام کە نزیکەی ٤٠ کەسی تری لێ بوو، بەڵام لە کۆتاییدا مرۆڤ تا چەندە دەتوانێ قسە لەگەڵ کەسانی تر بکات؟ ئەم بارودۆخانە دەبووە هۆی ئەوەی تەنها پەنا بۆ خوێندنەوە ببەیت. زۆر جار بە تەنیا لە ناو حەوشەدا دەچوومە گۆشەیەک و کتێبم دەخوێندەوە. هەندێک جار دوای شیفتەکەم چەند کاتژمێرێکم لە کتێبخانەدا بەسەر دەبرد و لە ناو لاپەڕە و وشەی کتێبەکاندا دەتوامەوە. ئەگەر کتێبخانە و کتێبەکان نەبوایە، ڕەنگە نەمتوانیبا بەرگەی زیندان بگرم. چەندین کتێبم دەربارەی یادەوەریی جوولەکە دیلەکان خوێندەوە. لەو ماوە کورتەدا چەندین جار زۆرێک لە کتێبەکانی" جۆرج ئۆرویل"م بە "کێڵگەی ئاژەڵان"ـیشەوە خوێندەوە و هەر جارێک شتێکی نوێی لێ فێر دەبووم. هەموو شتێک لە واقیعی ڕۆژگاری من دەچوو و وەک شتێ مێژوو خۆی دووبارە دەکردەوە. هەروەها کتێبخانەکە کۆمەڵێک کتێبی مێژوویی هەبوو؛ بۆ نموونە سەردەمی پاشایەتیی نادرشای ئەفشار و پاشاکانی تری ئێران و ئەندامانی خانەدانە پاشایەتییەکانم دەخوێندەوە. هەرچەندە هەموو شتێک سانسۆر

کرابـوو، بـەڵام خوێندنـەوەی کتێبـی مێـژووم بـە لاوە چێژبەخـش بـوو.

کتێبـی مێژوویـی دنیـای خـۆی هەبـوو کـە مـن زیاتـر هۆگـری خوێندنـەوەی بـواری مێـژوو بـووم؛ بـەڵام ئـەوەی منـی بـۆ لای کتێبخانـەی زینـدان ڕادەکێشـا، کۆمەڵێـک کتێبـی دەروونناسـی بـوو. بارودۆخـی تایبەتـی زینـدان و بـاری دەروونـی و ڕۆحـی زیندانـی وا لـە بەندکـراو دەکا کـە خۆبەخـۆ بـەرەو کتێبـی دەروونناسـی پەلکێـش ببـێ و هۆگـری بـێ و تەنانـەت ئـەو کتێبـە دەروونناسـییانە بخوێنێتـەوە کـە پێیـان دەوتـرێ دەروونناسـیی زەرد. لـە ڕووی ڕۆحییـەوە مـرۆڤ پێویسـتی بـە خوێندنـەوەی هەندێـک لـەو کتێبانـە هەیـە بـۆ ئـەوەی برینەکانـی پـێ سـارێژ بکاتـەوە و لـە دڵ و دەروونیـدا ژیلەمـۆی هیـوا بـۆ ژیانـی داهاتـوو بگەشـێتەوە.

ئـیتر لـە زینـدان ناتوانـی کتێبـی تیـۆری و قـورس بخوێنیتـەوە تـۆ دەتهـەوێ خـۆت فریـو بـدەی و دڵـت بـەوە خـۆش بکـەی کـە ڕۆژێـک دێ هەمـوو شـتێک بـاش دەبـێ و ئـەو ڕۆژەش بـە زووتریـن کات ڕوو دەدات. ڕۆژنامـە بەناوبانگەکانـی ئێـران لـەوێ زۆر کـەم دەگەیشـتە دەسـتمان و تەنیـا هەندێـک ڕۆژنامـە دابـەش دەکـران کـە منیـش ڕۆژانـە دەمخوێندنـەوە.

هەندێـک جـار بـە یـادی ڕۆژانـی لاوی و هەرزەکاریـم، کتێبـی فاڵگیریـم هەڵدەگـرت و چاوێکـم پێـدا دەخشـاند. کاتێـک بەیانیـان دەرگای کتێبخانەکەمـان دەکـردەوە، ژمارەیـەک کـەسمان دەبینـی کـە لـەوێ وەسـتابوون و چاوەڕێـی خوێندنـەوەی ڕۆژنامەکانـی بەیانـی بـوون. لـە زیندانـدا مـرۆڤ خـەون و مۆتەکـەی زۆری دەبینـێ و پێـی وایـە دەبـێ ئـەو هەمـوو خـەون و مۆتەکانـە مانایـان هەبێـت. ڕەنگـە پێتـان سـەیر بـێ، بـەڵام ئـەو کتێبانـەی لـەوێ زۆرتریـن خواسـتیان لـە سـەر بـوو و دەخوێنرانـەوە کتێبـی لێکدانـەوەی خەونـەکان بـوون، کـە ئەویـش بەهـۆی ئـەوە بـوو کـە زیندانییـەکان هیوایـان دەخواسـت کـە خەونەکانیـان بێتـە دی. لـە زیندانـدا مەنتیـق و لۆژیـک بـار دەکا و پەنـا بـۆ کۆمەڵێـک بیروبـاوەڕ و هێـزی سـەرووەمرۆیی (مەتافیزیـک) و ئایینـی دەبـەی کـە هەسـت دەکـەی لـە دەرەوەی دەسـەڵاتی تـۆ کاروبـاری جیهـان کـۆنترۆڵ دەکـەن.

لە چاوەڕوانیی ئازادبوون بە بارمتە

لـە دواییـن مەلاقاتـی ڕاسـتەوخۆدا، خانەوادەکـەم گوتیـان لەوانەیـە بـە بارمتـە (کەفالـەت) ئـازاد بکرێـم. کەمێـک دواتـر مەئمـوورەکان گوتیـان بازپـورس دەیهـەوێ قسـەت لەگـەڵ بـکات. لـە یەکـەم دانیشـتنی بازپورسـیدا، کـە دواتـر چەنـد دانیشـتنێکی دیکـەی لێکەوتـەوە، تەنانـەت ئـەو کاتانـەش کـە بـە کەفالـەت ئـازاد ببـووم، ناچـار بـووم بـۆ لێپێچینەوەی بازپورسـی لـە دانیشـتنەکاندا بەشـداری بکـەم. پارێزەرەکەشـم لـەوێ بـوو، هەڵبـەت سـەبارەت بـەو نیـو

بوتڵـە عارەقـەی کـە لـە ماڵەکـەدا دۆزییانـەوە بـۆ پرسـیار و وەڵامدانـەوەی پرسـیارەکان دانیشـتنێکی دیکـەشمان لەگەڵـی هەبـوو. بازپـورس یەکـەم پرسـیارەکانی بـە دامـەزراوەی هیڤـۆس دەسـت پێکـرد و دواتـر پرسـیاری ئـەوەی کـرد کـە چـۆن ئاشـنای ناوەنـدی وادی بوویـت؟ ناچـار بـووم وەڵامـەکان بنووسـم و تێگەیشـتم کـە ئـەو بۆیشـی گرنـگ نییـە کـە مـن چەنـدە لەگـەڵ ئـەم دامەزراوانـە کارم کـردووە. خۆیـان دەیانزانـی هـۆکاری دەسـتگیرکردنم شـتێکی تـرە. بەپێچەوانـەی سیسـتەمی بازجوویـی کـە هەمیشـە دەیویسـت وەڵامـی درێـژ و تـەواو بدەمـەوە، بازپـورس دەیگـوت: "بـە کورتـی بنووسـە ... بـە کورتـی وەڵام بـدەرەوە ..." خۆشـی دەیزانـی کـە هیـچ ڕۆڵێکـی لـەم پڕۆسـەدا نییـە و ئێمـە تەنیـا بەرامبـەر یـەکتر دانیشـتووین بـۆ ئـەوەی سـکاڵانامەکە بـە نەنـووسراوی نەمێنێتـەوە. بازجـو وا نەبـوو و ئەگـەر بـە کورتـی وەڵامـم دابایـەوە، کاغەزەکـەی مچۆڵـە دەکـرد و فڕێـی دەدا، دەیگـوت ڕوونکردنـەوەی زیاتـر بنووسـە و هەندێک جاریـش بـە شـێوازێکی دیکـە پرسـیارەکەی دەکـرد. ئەمـەش دەریدەخسـت کـە خولـی بازپورسـی فۆرماڵیتـە بـوو و بازجـوو بـە بازپورسـی دەگـوت کـە چـۆن دۆسـیەکە بـەرەو پێشەوە ببات.

بسمه تعالی

دادگستری کل استان تهران

شعبه ۱ بازپرسی دادسرای عمومی و انقلاب ناحیه 33 (شهیدمقدس

ابلاغ الکترونیکی

نام و نام خانوادگی: ناصر فیروزآباد شماره ملی:

نوع ابلاغ: ابلاغ احضاریه/اخطاریه

مهلت حضور: ۵ روز پس از درج در سامانه ابلاغ

نوع علت حضور: دلاع از اتهام انتسابی

متن ابلاغ: مهلت حضور : ۵ روز از تاریخ رویت/در این ساعات اداری/با نوع علت حضور : دلاع از اتهام انتسابی موکل اقلام محتمل

حقی است در معیت موکل در این شعبه حاضر شوید.

صادر کننده ابلاغ: علی شاعت کارمندانی سمت: بازپرس امضا صادر کننده ابلاغ:

کپیت امر ابلاغ: - ابلاغیه در تاریخ 1398/1/28 به سامانه ابلاغ ارسال گردید.

همراه داشتن کارت ملی جهت ارائه هویت الزامی است.

نشانی: تهران - انتهای شمالی بزرگراه یادگار امام - جنب درب اصلی زندان اوین - دادسرای عمومی و انقلاب ناحیه 33 (شهید مقدس) تهران

به ناوی خودای گەورە

دادگای گشتیی پارتزگای تاران

لقی ١ی لێکۆڵەری دادگای گشتی و ئینقلاب، قەزای ٣٣ (شەهید موقەدس "ئەمنییەت"

ئاگادارکردنەوەی ئەلیکترۆنی

ناو: ئەمیر پاشناو: ڕەئیسیان فیروزاباد ژمارەی نیشتمانیی: ٠٤٩٢٦٦٨٦٢٠

جـۆری ئاگادارکردنـەوە: هۆشـداری /بانگهێشـتنامەی دیاریکردنـی وادەی ئەنجامدانـی کارێـک بـۆ کەسـێکی بەڕپـرس و پەیوەندیـدار

دوا وادە بـۆ ئامادەبـوون: دوای ٥ ڕۆژ لـە تۆمارکـردن لـە سیسـتەمی ئاگادارکردنـەوە

جۆری هۆکاری ئامادەبوون: بەرگری لە تۆمەتە ڕەپاڵخراوەکان

دەقـی ئـاگاداری: دوا وادەی ئامادەبـوون: ٥ ڕۆژ لـە ڕێکەوتـی بینیـن (لـە یەکـەم کاتژمێـری ئیدارییـەوە).

جـۆری هـۆکاری ئامادەبـوون: بەرگریکـردن لـەو تۆمەتـەی کـە خراوەتـە پـاڵ مووەکلـی بەڕێـز محەمـەد ئەحمـەدی لەبـەر ڕاگرتنـی گازی فرمێسـکڕێژ و کحـۆل.

پێویستە لەگەڵ موکلەکەت لەم لقەدا ئامادە بیت.

دەرکردنی ئاگادارییەکە: عەلی قانەعەتکار ماوەردیانی پۆست: لێکۆڵەر واژۆی دەرکردنی ئاگادارییەکە:

کوالێتیی ئاگادارکردنەوەکە – ئاگادارکردنەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١٦/١١ نێردراوە بۆ سیستەمی ئاگادارکردنەوە.

هێنانی کارتی نیشتمانی بۆ ناسین ناچارییە.

نانوینشان: تاران - کۆتایی باکووری ڕێگای سەرەکی یادگار ئیمام - تەنیشت دەرگای سەرەکی زیندانی ئیڤین – دادسەرای گشتی و ئینقلاب، قەزای ٣٣ (شەهید موقەدەس) تاران

● وێنەی ٤١١ - فۆرمی بانگهێشتنامەی بازپورس لە ڕۆژانی دوای زیندان

لـە کاتی دیـدار لەگـەڵ قەناعەتکاردا شـتێک ڕووی دا کـە تۆزێـک دڵخۆشـی کـردم و تەنانـەت هیواداریـش بـووم. بـە حاڵەتێکـی

پرسیارکەرانە و تەنانەت هاوسۆزانەوە پرسیاری کرد: ئەم بابەتی خەتەنەکردنی کچان و ژنان کە بە هۆیەوە تۆمەتبار کراوی چییە و کوێی جەستەی کچان و ژنان خەتەنە دەکەن؟ تەنانەت وتی: "سەیرە! زۆر حاڵەتی جیاوازم بۆ دەهێنن، لە سیخورەوە بگرە هەتا گەندەڵکار، بەڵام تۆیان بۆ خەتەنەکردنی کچان و ژنان هێناوەتە ئێرە ... "بۆ ئەوەی بێتاوانیی خۆم بسەلمێنم، بە تەواوی ڕوونم کردەوە کە خەتەنەکردن یان شێواندنی کۆئەندامی زاوزێ چییە و ئەو کاتەی خەتەنە دەکرێن چی بەسەر جەستەی ئەو منداڵەدا دێت.

ماژیکێکم لێ وەرگرت و لە سەر تەختە سپی ناو ژوورەکە هەموو شتێکم بە وێنە بۆی ڕوون کردەوە. بە سکرتێری نووسینگەکەی گوت دەرگاکە دابخە و قوفڵی بکە چونکە نایهەوێ ئەو کاتەی من ئەندامی زاوزێی ژنان دەکێشمەوە کەس بێتە ژوورەوە. لە کۆتاییدا بۆم ڕوون کردەوە کە لەگەڵ دامەزراوەی وادی لە هەرێمی کوردستان کارم کردووە و ئەوان بوودجەدانەرێکیان هەبوو بە ناوی هیڤۆس.

پارێزەرەکەم بە سرتە پێی وتم ئەو پرسیارانەی کە دەیکا بنەمای سەرەکیی ئەو تۆمەتانەیە کە خراوەتە پاڵت. لە ڕاستیدا ئەو پرسیاری لەسەر ئەو خاڵانە دەکرد کە بڕیار بوو لەسەریان دادگایی بکرێم. بە پێی هەمان ئەو پرسیارانە، قازی سەڵەواتی پێداچوونەوەی بە دۆسیەکەمدا کرد و بڕیاری لەسەر دا. جگە لە پرۆژەی خەتەنەکردنی کچان و ژنان و ئەو بودجەی کە وەرمگرتبوو، سەبارەت بە پرسی هاوسەرگیریی منداڵان و کەسانی ئێڵ.جی.بی.تی و پەیوەندیم لەگەڵ باڵیۆزخانەکانیش پرسیارم لێکرا؛ واتە سێ تەوەری خەتەنەکردنی کچان و ژنان و بوودجەکەی، هاوسەرگیریی منداڵان و دزەکردنە ناو دەزگا حکومییەکان و نوێنەرانی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی و ناهاوسانان (هاوڕەگەزخوازان) بنەمای تۆمەتەکانی من بوون. ئەوان ئیدعای ئەوەیان دەکرد کە من لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و خەڵکی دەرەوەی ئێران هاوکاریم کردووە و بەپێی پلانێکی دیاریکراو هەنگاوم ناوە.

بەڵام لە ڕۆژانی دواتردا پرسیاری نوێ هاتە ئاراوە. هەرچی بەرەو پێش دەچووین و پرسیارەکان زیاتر دەبوون، من زیاتر هیوام لە دەست دەدا. بۆم دەرکەوت کە سیستەمی ئیتلاعاتی بە جیددی بەدواداچوون بۆ خۆم و کارەکانم دەکا و لەبەر ئەوەی هەواڵی دەستگیرکردنەکەم ڕووماڵی میدیایی بەرفراوانی لێکەوتەوە، هەستیار بووە و هێزی میدیایی خۆیانیان ناچار کردبوو کە لەناوم ببەن. ئەم ماڵپەڕانە وەکوو مەشریق نیووز، فارس و تەسنیم، زۆر جار دەستیان بە دۆسییەکانی ئیتلاعاتی سپای پاسداران دەگات؛ واتە پێش ئەوەی پارێزەری تۆمەتبار دەستی بەو دۆسیە بگا، نووسەرانی مەشریق - کە

بە بڕوای زۆر کەس خۆیان بازجووی ئیتلاعاتن - بینیبوویان[1]. لە ڕاستیدا بازجووەکانی ئیتلاعاتی سپای پاسداران دەستوپێوەندیی میدیاییان هەبوو و بە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆک کاریگەرییان لەسەر بڕیاری دادگا و تێڕوانینی کۆمەڵگا دادەنا. هاوسەرەکەم کە تا ئەو کات لەلایەن چەند دەزگایەکی میدیایی جیاوازەوە دیمانەی لەگەڵدا کرابوو، بەهۆی پێشنیاری پارێزەرەکەمان، لە جێگایەکەوە دیمانەکانی ڕاگرت، بەڵام مەشریق نیوز و باڵی میدیایی ئیتلاعاتی سپای پاسداران وازیان نەدەهێنا.[2] ئەم ماڵپەڕانە بەردەوام ناوەڕۆکی نەشیاویان لەسەر من بڵاو دەکردەوە و پرۆسەی لێپێچینەوەکانم بەردەوام بوو تا ئەوەی کە قەناعەتکار وتی من دۆسیەکەتم تاوتوێ کرد و ئێستا دۆسیەکەت لە ژێر دەستی دادستێندایە.

بەرپرسی دادستێنی زیندانی ئێڤین ناوی ئەمیر ناسری بوو و زیندانییەکان بۆیان بوو کە مانگێ جارێک چاویان پێی بکەوێت. ئێمە لە یەکەی فەرهەنگی پێگەی فەرمانبەرمان هەبوو و پێش هەموو

کد خبر 998906 تاریخ انتشار: ۱۵ مهر ۱۳۹۸ - ۱۴:۳۹ ۵۵ نظر چاپ

سیاست

بازنشر/ مشرق گزارش می‌دهد:

«کامیل احمدی» کیست و چه پروژه‌ای را در ایران دنبال می‌کرد؟ +تصاویر

چندی قبل خبر بازداشت یک عنصر دو تابعیتی نفوذی در پوشش "مردم شناس" و "پژوهش‌گر" اجتماعی منتشر شد. در این گزارش با تفکرات و اقدامات این فرد آشنا می‌شوید.

سرویس سیاست مشرق - در ۲۳ مرداد گذشته، اخباری منتشر شد که یک فرد با تابعیت ایرانی-بریتانیایی، با حکم قضایی و توسط نیروهای امنیتی بازداشت شده است. این فرد که **«کامیل احمدی»** نام دارد، در اخبار پوششی رسانه‌های فارسی‌زبان خارج از کشور، به عنوان «مردم‌شناس» و «پژوهش‌گر اجتماعی» معرفی شده است.

کۆدی هەواڵ: ٦٠٩٨٩٩ ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: ٥١ ئەزەبەری ٨٩٣١ (٦ی تشرینی یەکەمی ٩١٠٢) ٩٢:٤١ سیاسەت

دوبارە بڵاوکردنەوە / مەشریق ڕاپۆرت دەدات:

"کامیل ئەحمەدی" کێیە و لە ئێراندا چ پرۆژەیەک بەڕێوە دەبات؟

+ وێنەکان

زۆری نەخایاند هەواڵی دەستگیرکردنی مۆرەیەکی دووڕەگەزنامەیی سیخوڕ کە خۆی وەک مرۆڤناس و توێژەری کۆمەڵایەتی پیشان دەدا، بڵاو بووەوە. لەم ڕاپۆرتەدا ئاگاداری بیر و کردارەکانی ئەم تاکە دەبن.

سرویسی سیاسەتی مەشریق – ڕۆژی ٢٢ گەلاوێژی ساڵی ڕابردوو (١٣ی ئاگێست / ئاب) هەواڵێک بڵاو کراوەوە کە هاووڵاتییەکی بەریتانی- ئێرانی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بە فەرمانی دادگا دەستگیر کراوە. ئەم کەسە کە ناوی کامیل ئەحمەدییە لە ڕوومالی هەواڵەکانی میدیای فارسیی دەرەوەی ئێران وەک "مرۆڤناس" و "توێژەری کۆمەڵایەتی" ناسێنراوە.

● وێنەی ٤١٢ – سەردێڕی ڕۆژنامەی مەشریق نیوز، سەر بە ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسداران

---

١. ئەرکی پەیامنێری بی بی سی بۆ فراکسیۆنی ژنان لە پەرلەمان + وێنەکان، ماڵپەڕی مەشریق نیوز، ١٨ی گوڵانی ساڵی ١٣٩٩ی هەتاوی (٧ی مەیی ٢٠٢٠):

www.mashreghnews.ir/news/1070077

٢. کامیل ئەحمەدی کێیە و چ پرۆژەیەکی لە ئێراندا بەڕێوە دەبرد؟ + وێنە. ماڵپەڕی مەشرەق نیوز، ١٥ مانگی ڕەزبەری ١٣٩٨ی هەتاوی (٦ی ئۆکتەوبەر / تشرینی یەکەمی ٢٠١٩:

www.mashreghnews.ir/news/998906

کەسێک دەمانتوانی ببینین. دەمزانی کە بە کەفالەت ڕزگار دەبم، بەڵام پرۆسەکە کاتێکی زۆری خایاند. لە ڕۆژی مولاقاتی گشتیدا قسەکانی لێکۆڵەرم سەبارەت بە کەفالەتەکەم لای بەڕێز ناسری باس کرد، بەڵام وتی کە دۆسیەکەت لای زابیتی زیندانە و بابەتەکە پێوەندیی بە منەوە نییە. هەموویان درۆیان دەکرد و منیش ماندوو ببووم. ڕۆژێک پارێزەرەکەم وتی دەترسن ڕا بکەی، هەر بۆیە نایانهەوێت ئازادت بکەن! بە بەڕێز ڕەئیسیانم وت هەتا دوا سات دەمێنمەوە، چونکە بۆ من گرنگە لەم وڵاتە بمێنمەوە و درێژە بە ژیان و کارەکەم بدەم. هیوای ئەوەم دەخواست کە دادپەروەرانە دادگایی بکرێم، هەموو شتێکم بە ڕاستگۆییەوە ڕوون کردبووەوە و وام دەزانی ڕەنگە لەم حکومەتەدا لانیکەم لە سیستەمی دادوەری و دادگاییکردندا کەمێک دادپەروەری هەبێت. سەرەڕای هەموو ئەو خراپییانەی کە لەبارەی قازی سەڵەواتییەوە بیستبووم، لام وا بوو کە قازی سەڵەواتی دواجار مرۆڤە و بە ناڕەوا کەسێکی بێتاوان دادگایی ناکات. ڕەنگە لەبیرم چووبوو کە لە هەمان دادگا و دادگای ئینقلابدا چەندەها مرۆڤی بێتاوان لە سێدارە دراون یان سزای زیندانی درێژخایەنیان بەسەردا سەپێنراوە. زیندانییەکانی دیکە پێیان وتبووم کە متمانەت بەم ڕژێمە و ئیتلاعاتی سپای پاسداران نەبێ و هیوای لە سەر هەڵمەچنە، بەڵام هێشتا لە قووڵایی دڵمدا هیوایەکم هەبوو. بەڕاستی هیچ بژاردەیەکم نەبوو جگە لە هیواداربوون بە دادپەروەری و کەفالەت. هەرچەندە دەمزانی ئەوانی تر ڕاست دەکەن، بەڵام نەمدەویست بڕوا بکەم!

بەشی چوارەم

هاتوچۆکردن لە نێوان دادگا و مەیدانی کاری توێژینەوەدا

ژیان فێرمان دەکا کە هەموو دەرفەتێک بە دواهەمین دەرفەت و هەموو ساتێک بە ساتێکی بێگەڕانەوە بزانین. حەسرەتی ماچکردنی دووبارەی ئالان و کڕینی یاریی زیاتر بۆی و خواردنەوەی چا لەگەڵ شەفەق و بینینی هاوڕێ و بنەماڵە و زۆر شتی تر لەوانە بوو هەرگیز دووبارە نەبێتەوە. شانسی دووبارە بەدەستهێنانەوەیان زۆر شیرین بوو، بەڵام بۆ هەمیشە فێر بووم کە بۆشایی نێوان هەبوون و نەبوون کورتتر لەوەیە کە بیری لێ دەکەینەوە.

من لە دەرەوەی زیندان دەژیام هەرچەندە هێشتا دۆسییەکەم یەکلایی نەکرابووەوە و چاوەڕێی بڕیاری دادگا بووم. ڕەنگە تەنانەت چەند هێندەی پێشتر ... پێم خۆش بوو زۆر بژیم، زۆر هەوای پاک هەڵمژم و لەگەڵ ئازیزانم بم و ئەڵبەت لەگەڵ هەموو ئەمانەدا لە سەر کارە توێژینەوەییەکانم بەردەوام بم.

زیندان نە زۆری ترساندم و نە ڕێگری لێکردم. دەمزانی تەنانەت ئەگەر زیندانی بکرێم یان ئێران بەجێبهێڵم، دیسانیش ڕێگایەک بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە دەدۆزمەوە. لە ماوەی ئازادیی کاتیمدا وەک هەمان ئەو کامیلە مابوومەوە کە چاویان پێ هەڵنەدەهات. سەرەڕای ئەو هەموو هەراسانکردن و سنووردارکردنەی کە دوای زیندان بەسەرمدا هات، دیسان گەڕامەوە بۆ مەیدان، بۆ ئەوەی توێژینەوە نوێکەم ئەنجام بدەم!

کۆتاییهاتنی دەستبەسەربوون، زیندانی تاکەکەسی، لێپێچینەوە و زیندان

پاسەوانی زیندان وتی: "سبەی بەیانی دێم بە دواتدا، بازپورس ویستووتی." ئەم

قسانە بەس بوون بۆ ئەوەی دڵەڕاوکێ و کەمخەوی دەستبەردارم نەبێت. کاتێک لە بەرامبەر بازپورس دانیشتم، گێژی خەو بووم. وتی: "کامیل خەتەنە، مژدەیەکی خۆشم بۆت هەیە. بڕیارم داوە بە کەفالەت ئازادت بکەم." دوای ڕوونکردنەوەکانم سەبارەت بە خەتەنەکردنی کچان و ژنان، گاڵتەی لەگەڵ دەکردم، بەڵام هەمیشە لە ناو شۆخی و جەفەنگەکانیدا ناوهناوە بێڕێزیشی دەکرد. دڵخۆش بووم و بیرم هاتەوە کە زۆر جار وتبووی بە کەفالەت ئازادکردنت کاری من نییە! پێم خۆش بوو درۆکەی بدەمەوە بە ناو چاویدا، بەڵام باشتر بوو بێدەنگ بم. ئەوەی تەنانەت بۆ ماوەیەکی کاتیش ئازاد دەبووم، خۆشییەکی لە بن نەهاتوو بوو. دوای ڕاگەیاندنی مزگێنییەکە بازپورس جەختی کردەوە: "هیوادارم ڕا نەکەیت!"

کەفالەتێکی پێنسەد ملیۆن تمەنیان بۆ دیاری کردبووم. وتم تەنها یەک ئۆتۆمبێلم بە ناوی خۆمەوە هەیە کە بەهاکەی زۆر کەمتر لەم بڕە پارەیە. وتی: "بە دڵنیاییەوە خەزوورت دەتوانێ یارمەتیت بدا، یان تەنانەت خوشکەکانت تاپۆی ئەو دووکانە میراتییەت بۆت بهێنن کە لە شەقامێکی دیاریکراوی پیرانشارە،" هەتا دواییـن سات دەیانویست بێڕێزیم پێ بکەن و تێمبگەیێنن کە کێ باڵادەستە. کاغەزێکی پێدام و وتی واژۆکردنی ئەمە مانای ئەوەیە کە کەفالەتەکەت قبووڵ کردووە و دۆسیەکەت دەخەمە گەڕ.

زۆر کەیفخۆش بووم، دەمتوانی دوای نزیکەی سەد ڕۆژ لە زیندان بێمە دەرەوە و خێزان و هاوڕێکانم ببینم و بڕیارێکی باشتر بۆ داهاتووم بدەم. جەرگم جەرگی دەخوارد بۆ لەباوەشکردنی ئالان و بینینی شەفەق کە بەرگەی ئەوەندە سەختییەی گرتبوو. لەبەر خۆمەوە دەستم کرد بە حیساب و کتابی ئەوەی کە چۆن دەتوانم بڕی کەفالەتەکە جێبەجێ بکەم. بەڕاستی پێم خۆش بوو بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلەکەم یان پشکی ئەو ملکەی کە هەمە بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئەم کارە بکەم و بۆ بارمتە پارەی نەخت دابنێم. بەڵام ئەمە پرۆسەیەکی درێژخایەن بوو. باوکی شەفەق خانووەکەی وەک بارمتە بۆ من دانا و لە سایەی میهرەبانیی خەزوورم بۆ ماوەیەکی کاتی ئازاد کرام، بەڵام بە گشتی بە دڵ ئەوەم پێخۆش نەبوو و دەتوانم بڵێم یەکەمجار بوو کە تووشی دۆخێکی وا دەبووم؛ وەک شتێ سەربەخۆیی دارایيم لەکەدار ببوو.

شەوی پێش ئازادکردنەکەم، لەناکاو نرخی بەنزین گران بوو، چەند ڕۆژێکی پێ چوو هەتا بە کەفالەت ئازادم بکەن. زیندان لە هەموو کاتێک زیاتر قەرەباڵغ بوو، تا دەهات خۆپیشاندەرانی ئابانی [1] ١٣٩٨ (٢٠١٩) زیاتر و زیاتر دەهێنرانە زیندانی ئێڤین.

١. ئەم نارەزایەتییانە لە دوای پشکبەندی و بەرزبوونەوەی ٢٠٠ لەسەدیی نرخی بەنزین لە ٢٤ی گەڵارێزانی ١٣٩٨ی هەتاوی (١٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٩) دەستی پێکرد، نارەزایەتییەکان زیاتر لە گەڕەکە کرێکار و هەژارنشینەکانی شاردا چڕ بووەوە و سەرەتا تاڕادەیەک ئاشتییانە بوو، بەڵام وردە وردە گۆڕا بۆ بزووتنەوەیەکی بەربڵاوی دژی ڕژیمی کۆماری

هۆڵـی چـوار ڕووی لـە زیندانـی وەزارەتـی ئیتلاعـات بـوو و ئێمـە شـایەتحاڵی ئـەوە بوویـن کـە دەسـتگیرکراوەکانیان بـە توندوتیژییـەوە دەهێنایـە نـاو زینـدان. هەندێـک لـەو کەسـانە هاتنـە نـاو بەنـدی ئێمـە و دەیانگـوت زیندانـەکان ئەوەنـدە قەرەباڵغـن کـە چەنـد شـەوێک لـە تەوالێتـدا خەوتـوون! بەشـێک لـە دەسـتگیرکراوەکان بـە سـەر یـان دەسـت و قاچـی شـکاوەوە دەهێنرانـە زینـدان و هیـچ کەسـیش فریایـان نەدەکـەوت. زۆرێـک لـە زیندانیانـی خۆپیشـاندانەکان بـە شـێوەیەکی دڕندانـە دەسـتگیر کرابـوون یـان بـە لێدانـی باتـووم و تفەنگـی سـاچمەیی برینـدار ببـوون. زۆریـان ئێشـیان هەبـوو و شـەوانە دەیانناڵانـد. هەندێـک لـە زیندانییـەکان هیوایـان لـە سـەر ئـەوە هەڵچنیبـوو کـە کۆمـاری ئیسلامـی تـەواو بـوو و ئـەو زیندانیانـەی کـە حوکمەکانیـان درێژتـر بـوو، دڵیـان پـێ خـۆش کردبـوو کـە وەکـوو سـاڵی ١٩٧٩ دەرگای زیندانـەکان دەکرێتـەوە و هەموومـان ئـازاد دەکرێیـن.

لـە ڕۆژی سـێیەمدا و لەوپـەڕی نارەزایەتییەکانـدا ئـازاد کـرام. دیـارە شـوێنیان کـەم بـوو، زیندانـی ئێڤیـن بەتـەواوی ئەمنـی ببـووەوە و بـەردەوام تەلەفۆنـەکان دەپچـڕان. کاتژمێـر پێنجـی پاشـنیوەڕۆ بانگیـان کـردم. دوای ئـەوەی ماڵاواییـم لـە هـاوڕێ زیندانییەکانـم کـرد، چوومـە خـوارەوە و کەلوپەلەکانـم کـۆ کـردەوە و کاغەزەکانـم واژۆ کـرد. لەگـەڵ هـەر هەنگاوێک کـە دەچوومـە پێشـەوە، نیگەرانییەکانـم زیاتـر دەبـوو و بـە خۆمـم دەگـوت تـۆ ئـیتر کامیلەکـەی جـاران نیـت. تـۆ زینـدان و زیندانـی تاکەکەسـیت بەئەزمـوون کـردووە و ئـەم برینانـە هەمیشـە لـە دڵ و دەروونتـدا دەمێنێتـەوە. وێـڕای ئـەوەی کـە دەمزانـی کـە ئـەم ئازادییـە کاتییـە و وەک کـورد دەڵـێ ئەمـە لێلێیـە و لۆلۆکـەی مـاوە. دانیشـتنەکانی دادگا و دەرچوونـی فەرمانـی سـزا هێشـتا مابـوون و دەبـوو چەنـد مانگێـک یـان تەنانـەت سـاڵانێک چاوەڕێـی بڕیـاری دادگا بـام. ڕەنگـە دەبـا دیسـان بگەڕابامـەوە بـۆ ئـەم زیندانـە، بـەڵام دیسـان سـووکناییم بـە خۆمـم دەدایـەوە و دەمگـوت جـارێ خۆشـحاڵ بـە، ئەمشـەو لـە ماڵـەوە دەخـەوی، ئـالان لـە بـاوەش دەگـری، شـەفەق بـە پێکەنینـەوە دەببینـی کـە چاییـت بـۆ دەێنێـت.

نزیکـەی کاتژمێـر شـەش بـوو کـە لـە زینـدان هاتمـە دەرەوە و کزەبـای سـاردی پاییـزی لـەو

ئیسلامـی. کاتێـک هێـزە ئەمنییـەکان بـە توندوتیـژی نارەزایەتییەکانیان سـەرکوت کرد، خۆپیشـاندەران تووڕە بـوون و زۆرێک لـە شـار و شـەقامەکان بوونـە ناوچەی جەنگی. باڵەخانە حکومییـەکان و ئۆتۆمبێلەکان و ئۆتۆمبێلەکانـی پۆلیس و بانکەکان و هەندێـک دوکان لەلایـەن هێـزە ئەمنییەکان و خۆپیشـاندەرانەوە خاپوور کران و ڕەوتی ئاسـایی کار و کاسـبی و هاتوچۆ پەکی کـەوت. ڕۆژی شـەممە ٢٥ی گەڵاڕێـزان (١٥ی نۆڤەمبەر/کانوونـی یـەک) بـە فەرمانـی ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نیشـتمانی، ئینتەرنێـت لـە سەرتاسـەری ئێران پچڕا. ئاژانسـەکانی هـەواڵ و ڕێکخراوەکانی مافـی مرۆڤ لە دەرەوەی وڵات، بە پشـتبەستن بـە لێکۆڵینـەوە و سـەرچاوەکانیان، ژمـارەی کوژراوەکانیـان لـە چەنـد سـەد تـا هـەزار و ٥٠٠ کـەس ڕاگەیانـد. تـا ئێسـتا هیـچ ئامارێکـی ورد سـەبارەت بـە دەستبەسـەرکراوەکان لەبەردەسـتدا نییـە، بـەڵام کۆبەندی لێدوانـی بەرپرسـانی فەرمیی کۆماری ئیسلامـی و هەروەهـا ڕاپۆرتـی ڕێکخراوەکانـی مافـی مـرۆڤ نیشـان دەدا کـە لانیکـەم هەشـت هـەزار و ٦٠٠ کـەس لـە سـەر ئاسـتی ٢٢ پارێـزگای ئێران دەستبەسـەر کـراون. (ڕادیۆ فـەردا، ٢٠١٩)

دەمەو ئێوارەدا لە فێنکایی بای شەماڵی کۆتایی بەهاری زێدەکەی خۆم دەچوو. ئازادی تەنانەت سەرمایشی بێمانا کردبوو. شەفەق لەگەڵ بنەماڵەدا هاتبوون بۆ پێشوازیکردنم. تێر بە دڵ ئالانم بۆن و ماچ کرد و هەموویانم لە باوەش گرت و لە ماڵەوە ئاهەنگێکی بچووکمان ساز کرد. لەکاتێکدا کە پاروو‌ە کەبابم دەخوارد، بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەوروبەرمم دەکرد. وەک شتێ باوەڕم کردبوو کە چیتر ئەو دڵخۆشییە سادە و ساکارانە دووبارە نابێتەوە. گەڕانەوەم بۆ ئامێزی بنەماڵە و گەڕانەوەم بۆ ماڵەکەی خۆم ئەو هیوایەی پێبەخشیم کە ڕەنگە هەموو شتێک بەرەو باشی بچێت. لە بازجوو هەتا بازپورس و ... دەزانن کە من هیچ تاوانێکم ئەنجام نەداوە.

من لە ناو ئەم بیر و خەیاڵانەدا بووم کە یەکەم گۆڕانکاری خۆی دەرخست. من لەگەڵ سیستەمی زیندان ڕاهاتبووم و کاتژمێر ١٠ی شەو خەوم لێکەوت. لە زیندانـدا زۆربەی شەوان دەبا وەکوو مریشک زوو بخەوتباین، مەگەر ئەوەی کە بەڕێوەبەری ژوورەکە ڕێگەی پێدابایـن بە نهێنی سەیری فیلم بکەین. لە زیندانـدا پەیجۆری زنجیرە درامای یووسفی پێغەمبەر[1] ببووم، کە خانەوادە و دەوروبەرییەکانم زۆریان پێ سەیر بوو، چونکە دوای زیندانیش هێشتا پێوشوێنی بووم بۆ ئەوەی بزانم کۆتاییەکەی دەبێتە چی.

زیندان ئاستی پێوەندییەکانی مرۆڤیش دەگۆڕێت. زۆر کەس دوای ئازادکردنم لێم دوور کەوتنەوە و زۆریان پێوندییەکی دۆستانەتریان لەگەڵم ساز کرد. هەندێک کەس وایان دەزانی پێوەندی سازکردن لەگەڵ من کێشەیان بۆ دەنێتەوە و هەندێکی تریش بە هاوسۆزییەوە ئاماژەیان بەوە دەکرد کە من هیچ هەڵەیەکم نەکردووە. کۆماری ئیسلامی ناوی زیندانی ناوە "ئەندەرزگا" واتا ئامۆژگا، بەڵام زیاتر شوێنی سزادانی ئەو کەسانەیە کە دژی سیستم بیر دەکەنەوە یان ئیش دەکەن. من لەو ژینگە گەڕابوومەوە و سەلیقە و مەزاجم گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بە خۆوە بینیبوو و زۆری نەخایاند کە تێگەیشتم، پێویستە داوای یارمەتی لە دەروونناس بکەم. لەگەڵ هەر زەردەخەنە و هاروهاجییەکی ئالان دڵم دەلەرزی و حەزم دەکرد چەندین کاتژمێر لە باوەشی بگرم، بەڵام تاقەتی ژاوەژاو و زیقە زیقەکانیم نەبوو. خەمۆک بووم و شەوانە مۆتەکەم بە زیندانی تاکەکەسیەوە دەبینی. زۆربەی شەوان لە خەونمدا ئاسانسۆر لە نهۆمەکەی ئێمەدا ڕادەوەستا و

١. "یوسف پیامبر: یۆسفی پێغەمبەر" زنجیرە درامایەکی تەلەڤیزیۆنیی ئێرانییە لە سەر بنەمای چیرۆکی ژیانی حەزرەتی یۆسف، لە نووسین و دەرهێنانی فەرەجوڵڵا سەڵەحشووری. یەکەم ئەڵقەی ئەم زنجیرە ٤٥ ئەڵقەییە ٧ی پووشپەڕی ١٣٨٧ی هەتاوی (٢٧ی جوون/حوزەیرانی ٢٠٠٨) لە کەناڵی یەکی ناوەندی دەنگ و ڕەنگی ئێران بڵاو کرایەوە و لە وڵاتانی دراوسێی ئێرانیش بە شێوەیەکی بەرفراوان بینەری هەبوو. هەروەها بڕیار وا بوو سەڵەحشووری زنجیرەیەک لەسەر ژیانی پێغەمبەر مووسا دروست بکا، بەڵام شێرپەنجە دەرفەتی پێ نەدا و گیانی لەدەست دا. سازکردنی ئەم زنجیرە درا بە دەرهێنەرێکی حکومەتیی دیکە بە ناوی ئیبراهیم حاتەمی‌کیا.

مەئمـوورەکان وەک کوللـە و مێرووڵـە هەڵیاندەکوتایـە سـەر ماڵەکـەم. تەنانـەت لـە بێداریشـدا لـە کردنـەوەی دەرگای ئاسانسـۆر دەترسـام و زۆر گۆشـەگیر ببـووم. لە میوانـی و کۆبوونەوەکاندا ڕام دەکـرد و لـە دۆخێکـی ناجێگیـردا بـووم. هەندێـک جـار سـەرکۆنەی خۆمـم دەکـرد کـە بۆچـی بڤـە و هەسـتیارییەکانی حکومەتـی کۆمـاری ئیسلامیـی ئێرانـم بـە هەنـد وەرنەگرتـووە و درکـم بـەوە نەکـرد کـە دواجـار سـەر لـە زینـدان دەردێنم.هەندێـک جـار سەرزەنشـتی خۆمـم

● وێنەی ٤١٣ - ڕۆژی ئازادی، ئەمنێتی بوونی زیندان و کۆبوونەوەی بنەماڵەی زیندانییەکان، ٢٤ی گەڵاڕێزانی ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی (١٤ نۆڤامبەر/ تشرینی دووەمی ٢٠١٩)

دەکـرد کـە بۆچـی خۆمـم تووشـی ئـەم باجـە قورسـە کـرد؟ ئایـا مـن لەسـەر ڕێـگای هەڵـە بـووم، یـان ئەوانـی تـر جگـە لـە پـارە بیریـان لـە هیچـی تـر نەدەکـردەوە؟ ئایـا مـن لـەم کۆمەڵگایـەدا کەسـێکی نائاسـاییم؟ هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە بەسـەرم هاتبـوو وەبیـر خـۆم دەهێنایـەوە و زیندانـی تاکەکەسـی و لێپێچینەوەکانـم بـۆ فەرامـۆش نەدەبـوو. وەبیرهاتنـەوەی یادەوەرییەکانـی زینـدان، ئارامـی لێـم گرتبـوو. خـۆ کـەس ئەشـکەنجەی نـەدەدام، بـەڵام خۆم ببـووم بـە ئەشـکەنجەدەری خـۆم. ڕوانگـەی گشـتی هێشـتا ئەوەیـە کـە ئەشـکەنجە بـە واتـای زیانگەیاندنـی جەسـتەیی دێ و لـە زیندانیشـدا بـەردەوام لێیـان دەپرسـیم "ئایـا ئەشـکەنجە دراوی؟" مـن دەمگـوت نەخێـر، بـەڵام مـن بـە شـێوازێکی دیکـە و لـە زیندانـی تاکەکەسـی و شـێوازی لێپێچینـەوە ئەشـکەنجە درام و ئـەم جـۆرە ئەشـکەنجە کاریگەرییەکـی زۆر خـراپتر و بـەردەوامتری لـە ئەشـکەنجەی جەسـتەیی هەیـە. لـەم جـۆرە ئەشـکەنجەدانەدا، بازجـووەکان بـە فەرمـی دەروونـی زیندانییەکـە دەکەنـە ئامانـج و دەتوانـن بـۆ هەمیشـە ژیانـی ئـەو زیندانییە تێک بدەن.

دانیشـتنە دەروونناسـییەکان یارمەتـی دەدام کـە خـۆم لەگـەڵ ژیانـی نوێمـدا بگونجێنـم، بـەڵام زوو زوو قسـەی ئـەو بازجـووەم وەبیـر دەهاتـەوە. هـەر لـە یەکـەم ڕۆژەکانـی لێپێچینـەوەدا پێـی وتـم: "کامیـل، ڕەنگـە ئێسـتا درک بـەو شـتە نەکـەی، بـەڵام چەنـد ڕۆژ لێـرە بمێنیتـەوە،

چەنـد مانـگ یـان سـاڵ، گرنـگ نییـە کاتێـک دەچیتـە دەرەوە، بـۆت دەردەکـەوێ کـە ئـیتر کەسـەکەی جـاران نیـت!" ئـەو قسـەی سـەیید ڕاسـت بـوو و هـەر لـە یەکـەم ڕۆژەکانـی ئازادبوونمـدا، تێگەیشـتم کـە زینـدان چـی بـە سـەرم هێنـاوە. بۆچوونـی پسـپۆڕانەی دەروونـاس ئـەوە بـوو کـە گۆشـەگیر بوومـە. لـە زیندانیشـدا دەمویسـت لـە ڕۆژدا چەندیـن کاتژمێـر لـە ژوورەکـەی خۆمـدا بـم و تەنیـا بـم. وام نیشـان دەدا کـە کتێـب دەخوێنمـەوە، بـەڵام دوای ماوەیـەک وازم لـە خوێندنـەوەش هێنـا و نەمتوانـی کۆنترۆڵـی مێشـکم بکـەم. لـە ماڵـەوەش هەمـان هەسـتم هەبـوو و لەبـەر ئـەوەی دەمزانـی مۆبایلەکـەم چاودێـری دەکـرێ، پەیوەندییەکانـم سـنووردار کردبـووەوە. هەندێکیـش بـۆ خۆیـان نەدەهاتنـە لام.

هەتـا ماوەیـەک مۆبایـل و لاپتۆپەکـەم بەردەسـت نەبـوو. ناچـار بوویـن نـاوی ئـالان لـە باخچـەی سـاوایان تۆمـار بکەیـن و پێویسـتمان بـە ناسـنامەکەی هەبـوو. ئـەو بابەتـەی کـە هەتـا ئێسـتاش ئـازارم دەدا ئەوەیـە کـە بۆچـی منداڵەکـەم دەبـێ بەشـێک لـەو سـزایانە بایـە و مافـە سـەرەتایی و مرۆییەکانـی پێشـێل بکرابایـە. بـۆ وەرگرتنـی کەلوپـەل و بەڵگەنامەکانمـان چەندیـن جـار چوومـە دادگای گشـتیی زیندانـی ئێڤیـن و هـەر وا بـە دەسـتی بەتـاڵ دەهاتمـەوە. تەلەفۆنیـان بـۆ بازپـورس دەکـرد کـە بچـم ببینـم. جارێـک دەیگـوت پێـی بڵـێ مـن لێـرە نیـم، جارێکـی تـر دەیگـوت سـبەی وەرە. هەندێـک جاریـش وەکـوو پێـش ئازادکردنەکـەم هەواڵـی دەنـارد کـە هیـچ پەیوەندییەکـی بـە منـەوە نییـە. لـە زینـدان ئـازاد کرابـووم، بـەڵام ئەشـکەنجەکان کۆتایـی نەهاتبـوو.

لـە بێنـە و بـەردەی وەرگرتنـەوەی بەڵگـەکان لـە دادگا بـووم، یەکێـک لـە بازجووەکانـم بینـی و پێـم گـوت کـە هەمـوو ژیانـم ئیفلیـج بـووە. ئێـوە کـە کاری خۆتـان کـرد، لانیکـەم شـتەکانمم پـێ بدەنـەوە. وتـی هیـچ پێوەندییەکـی بـە ئێمـەوە نییـە و بەرپرسـایەتیی لـە خـۆی داماڵـی. تەنانـەت گاڵتەشـی پێکـردم و گوتـی: "دۆسـییەکەت لای قازیـی سـەڵەواتییە. دەتگـوت بـاوەڕت بـە گفتوگۆیـە، ئێسـتا بـڕۆ قسـە لەگـەڵ قـازی سـەڵەواتی بکـە!" ناچـار بـووم بچمـە نووسـینگەی ئەمیـر نـاسری لـە دادگای ئینقلابـی ئێڤیـن. سـکرتێرەکەی منـی لەگـەڵ کەسـێکی تـر لـێ تێـک چـوو و ناردمییـە ژوورەوە. پێـم گـوت: تـۆ منـت لەبیـرە؟ وتـی نەخێـر. ئێـرە هـەزاران کـەس زیندانیـن، بۆچـی تـۆم لـە بیـرم بێـت؟ وتـم، چەنـد مانگێـک پێـش ئێسـتا هاتمـە خزمەتتـان، مـن لـە زینـدان بـووم و ئێسـتا بـە کەفالـەت ئـازاد کـراوم. بەڵگەنامەکانـم هێشـتا لەبەردەسـتت دان و هەمـوو ژیانـم پەکـی کەوتـووە. نامەیەکـی پێـدام و دواجـار توانیـم هەندێـک لـە کەلوپەلەکانـم وەربگرمـەوە. هەمـوو زانیارییەکانـی مۆبایـل و لاپتۆپەکـەم هـاک کرابـوون و چەندیـن فایـل فەوتابـوون. خۆشـم دەترسـام و هـەم کەسـانی تریـش گوتیـان ئـەم ئامێرانـە لـە ژێـر کۆنترۆڵـدان. مۆبایلەکـەم لا بـرد و هـارد و ئەپەکانـی سـەر لاپتۆپەکـەم سـڕییەوە.

ئازادی بێ ئازادی

ئـازاد بـووم، بـەڵام دەمزانـی ئـازاد نییـەم. جگـە لـەوەی مۆبایلەکـەم کـۆنترۆڵ دەکـرا، ڕێگـەم پـێ نـەدەدرا بەشـداری کۆبوونـەوەکان و سـەردانی ڕێکخـراوەکان بکـەم و هیـچ

January 31, 2020

اندیشکده خرد جنسی

سلام بر دوستان و مخاطبین خرد جنسی
✍یاسر عرب

1: ما در این مجموعه سعی کردیم توصیفی روشن از زیست جنسی ایرانیان و منظومه چالشها و مسائل آن داشته باشیم.

2: این مجموعه بدون هیچ حمایت دولتی یا حکومتی و تنها با یاری شما مخاطبین و همکاری سایت آپارات تولید شد.

3: تا کنون سی و نه روایت را در سی و نه قسمت تقدیم شما کرده ایم. اما قسمت سی هشتم این مجموعه (ختنه ی دختران در ایران/ ارائه جناب کامیل احمدی) پس از گذشت چهل و هشت ساعت به درخواست نهادی امنیتی حذف شد. ایشان در مجموع سه ارائه داشته اند که در حال حاضر به تصمیم نهادی امنیتی، و تمکین شورای سردبیری خرد جنسی بارگذاری آنها میسر نیست.

4: اینک به پایان فصل دوم توصیف رسیده و آماده ی ضبط فصل سوم هستیم. این فصل شامل گفتگوی جمعی بین اساتید ارائه دهنده دو فصل دیگر و نیز با حضور

هزرگەی ئەندێشەی سێکسی

سڵاو هاوڕێیان و بەردەنگانی ئەندێشەی سێکسی
نووسەر: یاسر عەرەب

١. ئێمـە لـەم کۆمەڵـەدا هـەوڵمان دا پێناسـەیەکی ڕوونمـان لـە ژیانـی سێکسـیی ئێرانییـەکان و سیسـتەمی ئاڵنـگاری و پرسـەکانیان هەبێـت.

٢. ئـەم کۆمەڵـە هیـچ پاڵپشـتییەکی دەوڵەتـی یـان حکومەتـی نییـە و تەنیـا بـە هاوکاریـی ئێـوەی بەردەنـگ و هاوکاریـی سـایتی ئاپـارات بەرهـەم هـێنرا.

٣. هەتـا ئێسـتا سـی و نـۆ گێڕانەوەمـان لـە سـی و نـۆ بەشـدا پێشکەشـی ئێـوە کـردووە. بـەڵام بەشـی سـی و هەشـتەمی ئـەم کۆمەڵـە (خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان لـە ئێران/نووسـەر بەڕێـز کامیـل ئەحمـەدی) دوای تێپەڕینـی ٤٨ کاتژمێـر لـە سـەر داوای ناوەندێکـی ئەمنێتـی لا بـرا. بەڕێزیـان بـە گشـتی سـێ بەرهەمیـان بـووە کـە لـە ئێسـتادا بـە بڕیـاری ناوەندێکـی ئەمنێتـی و گوتڕایەڵیـی سەرنووسـەری ئەندێشـەی سێکسـی ئـیتر دابەزاندنـی ئـەم بەرهەمانـە مەیسـەر نییـە.

٤. ئـەوە دەگەینـە کۆتایـی بەشـی دووهەمـی پێناسـەکردن و ئامـادەی تۆمارکردنـی بەشـی سـێیەن. ئـەم بەشـە بریتییـە لـە گفتوگـۆی نێـوان کۆمەڵێـک لـەو مامۆسـتایانەی دوو بەشـی دیکەیـان پێشـکەش کـرد و بـە ئامادەبوونـی

● وێنەی ٤١٤- وێنەی تێلێگرامی یاسر عەرەب و لابردنی وتار و دیمانەکان لە لایەن سپای پاسدارانەوە

میدیایەکیش نەیدەوێرا قسـەم لەگـەڵ بـکات. زۆربـەی دامـودەزگاکان و زانکـۆکان بـێ ئەوەی دەنـگ بکـەن هاوکارییەکانیـان لەگـەڵ مـن پچڕاندبـوو و زۆربـەی نووسـین و وتارەکانـم لـە سـایتە زانسـتی و ئەکادیمییـەکان لابرابـوون. دوو چاوپێکەوتنـی ڤیدیۆییـم سـەبارەت بـە خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان[1] و سـیغەی مەحرەمێتـی - هاوسـەرگیریی سـپی لەگـەڵ ئاغـای یـاسر عـەرەب لـە کۆمەڵـەی "خـردی جنسـی"[2] ئەنجـام دابـوو کـە پێیـان گوتبـوو دەبـێ هـەر

١. خرد جنسی /ختنه زنان /کامیل احمدی، صفحه یوتیوب کامیل احمدی:

https://www.youtube.com/watch?v=lFC0aNRCrvE

٢. کۆمەڵـە فیلمـی دیکۆمێنتاریـی "حیکمەتـی سێکسـی" کارێـک لـە دیکۆمێنتارسـازی ئێرانـی یـاسر عەرەبـە و لـە ماڵپەڕی

دووکیـان بسـرێتەوە.[١] لـە هـەر شـوێنێک شـوێنپێم بووبێـت، ئیتلاعاتـی سـپای پاسـداران سـرِیبوویەوە و تەنانـەت وریـا بـوون هیـچ وتوێژێـک لەگـەڵ مـن لـە میدیاکانـدا بڵاو نەکرێتـەوە. چەنـد هەفتەیـەک دوای ئازادبوونـم، لـە هەفتـەی توێژینـەوەدا، چاوپێکەوتنێکـم لەگـەڵ ئاژانسـی هەواڵـی ئیرنـا ئەنجـام دا بـە نـاوی "بـا لەگـەڵ توێـژەران میهرەبـان بیـن"[٢]، کـە تەنهـا بـۆ چەنـد کاتژمێرێـک لـە سـایتەکەدا مایـەوە. پەیامنێـر بـە نهێنـی وتـی لەسـەر فەرمانـی سـپای پاسـداران سـرِدراوەتەوە و هیـچ دەرەتانێکیـان نەبـووە.[٣] دڵنیـا بـووم کـە دۆخەکـە ترسـناکە و لـە ژێـر چاودێریـدام. هەمـوو ژیانـم بـۆ توێژینـەوە تەرخـان کردبـوو و ئامـاژەکان پێیـان دەگوتـم چـیتر لـە ئێـران ناتوانـم هیـچ توێژینەوەیـەک ئەنجـام بـدەم. هاورِێیانـم پێیـان گوتـم جـارێ پشـوو بـدە، بـەڵام بەرگـەی ئـەم گۆشـەگیری و بێدەنگییـە کارییـەم نەدەگـرت و ئەوەندەی دیکە خەمۆکی دەکردم.

بـە یارمەتـی دەروونـاس تـا رِادەیـەک بـاشتر بـووم. بڕیـارم دا نووسـین و چالاکییـە ئۆنلاینەکانـم رِێـک بخـەم و سـایتەکەم نـوێ بکەمـەوە.[٤] هێشـتا لـە ئێـواران دەترسـام و هەوڵـم دەدا لـەو کاتژمێرانـەدا کار بکـەم. شـەوێک تووشـی هێرشـی عەسـەبی بـووم. بارودۆخێکـی هاوشـێوەی ئـەو حاڵەتانـەم ئەزمـوون کـردەوە کـە لـە یەکـەم شـەوەکانی زینـدانی تاکەکەسـیدا ئەزموونـم کردبـوو. مـن لـە زینـدان هاتبوومـە دەرەوە، بـەڵام وا دیـار بـوو زینـدان لـە هەمـوو شـوێنێکدا لەگەڵـم بـوو. تـا زیاتـر حاڵـم خـراپتر دەبـوو، زیاتـر خۆمـم سـەرقاڵ دەکـرد. زۆربـەی کاتەکانـی رِۆژ و شـەوم لـە ژووری میوانـی ماڵەکەمـدا بـە کارکـردن بەسـەر دەبـرد. لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا پۆسـتەکانم بڵاو دەکـردەوە و پەیوەندییەکانـم لەگـەڵ کەسـانی دەوروبەرم و هاورِێکانـم زیاتـر لـە نـاو فـەزای تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا بوو. ئـەم جـۆرە پەیوەندییـە هەرچەندە شـیرینیی خـۆی هەبـوو، بـەڵام جەرگبڕیـش بـوو و بـەردەوام وەبیـری دەهێنامـەوە کـە چـیتر ئازادییەکانـی جارانـم نییـە.

دوای چەنـد مانگێـک، دەزگایەکـی رِاگەیانـدن سـەبارەت بـە کاری منـداڵان دیمانـەی

ئاپارات دەسـت دەکەوێت. لە بەرنامەی "ئەندێشـەی سێسـکی" (خرد جنسـی) یاسر عەرەب هەوڵ دەدا رِۆشـنایی بخاتە سەر ئـەو لایـەن و رِەهەنـدە جیاوازانـەی کـە کاریگەرییـان لەسـەر ژیانـی سێکسـیی کۆمەڵـگا هەیە. ئـەو دەڵێت: "لەگەڵ خسـتنە رِووی هـەر بابەتێکـدا، پازێلێـک لـە لای پازێلێکـی دیکـە دادەنێیـن بـۆ ئـەوەی وردە وردە وێنەیەکـی گـەورە و تێگەیشـتنێکی هاوبـەش لـە بواری سێکسـی لـە ئێراندا بەدەسـت بهێنین"

1. https://comments.app/view/lhg7l58j

٢. ئەحمەدی، کامیل. با لەگەڵ توێژەران میهرەبان بین. تەلەگراف، ٢١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٩:

https://telegra.ph - 21 -12

٣. با-پژوهشگران-مهربان-باشیم www.irna.ir/news83601879

٤. ماڵپەڕی تایبەتیی کامیل ئەحمەدی: www.kameelahmady.com

لەگەڵ کردم و منیش قسەیەکی گشتیم لە زمانی هەندێک توێژەرەوە کرد، کە دەیانگوت ڕەنگە ژمارەی منداڵانی کرێکار بگاتە حەوت ملیۆن. ئەم بابەتە لە میدیای دەرەوەی ئێران کاردانەوەیەکی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا و منی خستە ناو دۆخێکی مەترسیدارەوە. ناچار بووم ڕوونکردنەوەیەک لەسەری بنووسم و دۆخەکە هێور بکەمەوە. دوای بڵاوبوونەوەی ئەم چاوپێکەوتنە، هەندێک جار لەلایەن دەزگا ڕاگەیاندنە کەمبایەخەکانەوە پەیوەندیم پێوە دەکرا، بەڵام هیچ کام لە دەزگا ڕاگەیاندنە فەرمییەکان کاریان پێم نەبوو. من دەمزانی سنووردار کراوم و خراومەتە لیستی ڕەشەوە و ئەم سنووردارکردنە بە مانای قەدەغەی هاوکاری لەگەڵ میدیا بیانییەکان بوو. بەڵام هەموو شتێک دەیتوانی بیانوو بداتە دەست دەزگای داد، هەر بۆیە باشتر وا بوو بێدەنگ بم.

سەرەتا بە دڵ و گیان هیوای ئەوەم دەخواست کە دەرەنجامی دادگاییکردنەکە دادپەروەرانە بێ نەک لاگیرانە، بۆ ئەوەی بتوانم لە ئێران بژیم. کاتێک نامەی ئاگاداریی دادگایان بۆ پارێزەرەکەم هێنا و زانیم کە دۆسیەکەم لە لقی ١٥ی دادگای ئینقلاب لە ژێر دەستی دادوەر (قازی) سەڵەواتییە، بە جارێ چۆکم شکا. هەر لە سەرەتاوە کەسانی دەوروبەرم دەیانگوت خەیاڵم خاوە و دواتر جەختیان لە سەر ئەوە دەکردەوە کە دۆسیەکە لە ژێر دەستی قازی سەڵەواتییە و هەموو شتێک یەکلایی بۆتەوە! بەڕێز ڕەئیسیان وتی پێویستە

بسمه تعالی

برگ اخطاریه

نام: امیر نام خانوادگی: رئیسیان فیروزآباد پیشه: وکیل

محل اقامت: تهران خ شهید بهشتی نرسیده به سهروردی پلاک ۵۷ واحد ۳

محل حضور: شعبه ۱۵ دادگاه انقلاب اسلامی تهران – خیابان شریعتی، ابتدای خیابان معلم

وقت حضور: ساعت ۹ صبح روز ۹۹/۰۶/۰۵

علت حضور: بعنوان وکیل جهت دفاع از موکلتان آقای محمد احمدی در وقت مقرر در این دادگاه حضور به هم رسانید.

مهر و امضای رئیس دادگاه

تاریخ ابلاغ: روز: ماه: سال: امضاء

محل گواهی مامور ابلاغ:

ناو: ئەمیر پاشناو: ڕەئیسیان فیروزاباد پیشە: پارێزەر

ناونیشان: تاران، شەقامی شەهید بەهەشتی، نەگەیشتوو بە سۆهرەوەردی، ژمارە ٥٧ یەکەی ٣

شوێن ئامادەبوون: لقی ١٥ی دادگای ئینقلابی ئیسلامیی تاران - شەقامی شەریعەتی، سەرەتای شەقامی موعەلم

هۆکاری ئامادەبوون: وەک پارێزەر بۆ بەرگریکردن لە موکلەکەت بەڕێز محەمەد ئەحمەدی لە کاتی دیاریکراودا ئامادەی ئەم دانیشتنە دادگایە بن.

مۆر و واژۆی سەرۆکی دادگا

مۆر و واژۆی سەرۆکی دادگا

ڕێکەوتی ئاگادارکردنەوە: ڕۆژ: مانگ: ساڵ: واژۆ

ئاگادارکردنەوە

● وێنەی ٤١٥ - وێنەی ئاگادارکردنەوەی دادگای ئینقلاب

خـۆت بـۆ هەمـوو شـتێک کـە دەتوانـێ بـە سـەرت بـێ، ئامـادە بکـەی، هەوڵـی دا مـن بـۆ بەرگریکـردن لـە خـۆم ئامـادە بـکات. لـە هەلومەرجێکـدا کـە حوکمـی دە و بیسـت سـاڵە و زیندانـی هەتاهەتایـی و لـە سـێدارەدان پەیتـا پەیتـا دەردەکـرا و قازیی زۆربەشـیان سـەڵەواتی[1] بـوو، دیـارە منیـش حوکمێکـی باشـم بـۆ دەرنەدەکـرا، بـەڵام بەڵێنـم بـە خـۆم دابـوو هەتـا دوا سـاتی تەمەنـم ئێـران بەجـێ نەهێڵـم. مـن نەمدەویسـت ئـەو ڕاسـتییە قبـووڵ بکـەم کـە منیش وەک هەمـوو کەسـێکی دیکـە حوکمێکـی نـارەوا و قورسـم بـە سـەردا بسـەپێنرێ و ناچـار بـووم یان بەرگەی زیندان بگرم یان ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەجێ بهێڵم.

Support to Kameel Ahmady

28/08/2019

The End FGM European Network are saddened to hear the news of the arrest and detention in Iran of Kameel Ahmady, a social anthropologist, researcher and a friend of the Network. Kameel, who is a British-Iranian dual national was arrested in Tehran on 11 August and continues to be denied access to a lawyer.

As such, we call on the Iranian authorities to ensure Kameel Ahmady is provided legal representation from his choosing and permit Kameel regular visits from family. We also call on Tehran authorities to clarify the grounds of his detention.

Please share you support for this statement and for Kameel on your social media:

Visual here

Tweet 1

#FGM and child marriage researcher #KameelAhmady is being detained in Tehran. The @ENDFGM_Network and its members call on Iranian authorities to ensure he is provided with legal representation and allowed family visits over his detention.

End FGM

● وێنەی ٤١٦ - پشتگیری لە هەڵمەتەکان

کۆمـاری ئیسلامـی لـە نێـو خەڵکـدا ئەوەنـدە نگریـس و ناشـیرینە کـە ئەگـەر کەسـێک بچێتـە زینـدان، لـە نـاو خەڵکـدا ئازیـز و خۆشەویسـت دەبێـت! ئـەم ڕووداوە منیشـی گرتـەوە و تەنانـەت ئەوانـەی کـە خۆیـان لـە مـن بـەدوور دەگـرت، بـە ڕێـزەوە سـەیری منیـان دەکـرد. ناخۆشـیی نێـوان خەڵـک و حکوومـەت بووەتـە هـۆی ئـەوەی کـە گومانیـان لـە میدیـا ناوخۆییـەکان هەبێـت. خەڵـک زیاتـر پەیجـۆری میدیـای بیانیـن و ئـەم دەزگا میدیاییانـە زیاتـر سـەرنجیان لەسـەر کەسـانێکە کـە لەگـەڵ کۆمـاری ئیسلامیـدا ناکۆکـن. لـە کەشـێکی وادا کاتێـک کەسـێک بـە هـۆکاری سیاسـی و مافـی مرۆییـەوە دەچێتـە زینـدان، پوتانسـێلی ئـەوەی هەیـە کـە بـە خێرایـی ببێتـە پاڵـەوان. نـاوی لـە ڕاپۆرتەکانـی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و ڕێکخـراوە هاوشـێوەکانیدا[2] تۆمـار دەکـرێ و ئەگـەر وەکـوو مـن دووڕەگەزنامەیـی بـن، زیاتـر گرنگـی پـێ دەدرێـت. ڕژێمـی کۆمـاری ئیسلامیـی ئێـران بـە بارمتەگـری تۆمەتبـار کـراوە. لـە ڕوانگـەی ئـەوان منیـش ئـەم مەرجانـەم هەبـوو و بارمتـەی تـازەی حکومـەت بـووم. کاتێـک لـە زینـدان

١. خەڵـک سـەڵەواتیان بـە جەلادێک شـووبهاندووە کـە خەڵکی بێتاوان بە مەرگ مەحکـوم دەکات. لەو ڕۆژانـەدا ئەو حوکمی لەسـێدارەدانەی کـە بـۆ ڕوحـوڵڵا زەمـی دەرکرد، هێندەی تر ڕای گشـتی لێـی بێزار بوون و ڕقیـان لێ هەڵگرت.

2. https://www.endangeredscholarsworldwide.net/post/kameel-ahmady-british-iranian-anthropologist-arrested-in-iran-1

هاتمە دەرەوە و هەواڵەکانی دەستگیربوونم خوێندەوە[١]، بینیم کە چەندە باسی پێشینەی کارەکەم کراوە و هەموو شتێک وەها ئاراستە کرابوو کە بابەتی توێژینەوەکانم چەک و کەرەستەی ڕووبەڕووبوونەوەی حکومەت و ڕژێم بوون و دەستگیرکردنەکەشم کاردانەوەی بەربڵاوی جیهانی بە دواوە بووە.[٢]

پێش دەستگیرکردنم، پێم وا بوو دەزگای داد خۆی ناخاتە گێچەڵەوە و واز لە دەستگیرکردنم دێنێ بۆ ئەوەی بابەتی توێژینەوەکەمان زەق نەبێتەوە، بەڵام شەڕی دیپلۆماسیی نێوان ئێران و بەریتانیا و ڕووداوی کەشتییە دەستبەسەرداگیراوەکان لەم بۆچوونە بەهێزتر بوو. کاتێک دەستبەسەر کرابووم، هەندێ هەڵمەت و کەمپەینم لە دەرەوە و ناوخۆی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ساز کرا و کەسانێک کە من و کارەکانمیان دەناسی، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هاشتاگی ناوەکەمیان لێدەدا و داوای ئازادکردنمیان دەکرد. لە پێشدا کەمپینێک بۆ نازەنین زاغەری و سیامەک نەمازی و ئەرەس ئەمیری و خۆم و کەسانی دیکەی دووڕەگەزنامەیی پێک هێنرا و هاوڕێ و هاوکارە ئەکادیمییەکانم لە بەریتانیا و دەرەوەی ئێران و ڕۆژهەڵاتیش چالاکییەکانیان دەست پێکرد. سەرۆکی ئەم گرووپە خاتوو هیلاری بێرگێسی هاوڕێم بوو. خاتوو هیلاری بێرگێس کۆمەڵناسێکی خۆپێگەیشتوو و فێمینیستێکی ڕۆشنبیر و پڕ وزە و چالاکە، کە لە بەریتانیادا توێژینەوەیەکی نایابی لە بواری هاوسەرگیریی منداڵ و خەتەنەکردنی ژنان لە بریتانیا بە جەختکردنەوە لەسەر وڵاتانی ئەفریقایی کردووە، هەروەها کاری توێژینەوەیی زۆر باشی ئەنجام داوە و چەندین بەرهەم و وتاری هاوبەشمان هەیە.

کەمپینێکی دیکە لە کۆمیتەی ئەفریقا دژی خەتەنەکردن پێک هێنرا، کە کۆمەڵناسان و توێژەرانی وڵاتانی جۆراوجۆری وەکوو بەلژیک، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا و ئەمریکا بەشداریان تێدا نواند و داوای ئازادیی منیان دەکرد. هەرچەندە کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی گشتی گرنگی بەم چالاکییانە نادا، بەڵام کاردانەوەی دەستبەسەرکردنی من بە هۆی ئەو چالاکییانەوە ڕەنگی دایەوە و ئەمەش ڕێک هەر ئەوە بوو کە سیستەمی ئەمنیی ئێران لێی دەترسا. بەیاننامەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە لەلایەن چەندین کەسی ناسراوەوە واژۆ کرابوو و کاتێک بەیاننامەکە و واژۆکانم بینی دوای بڵاوبوونەوەی زۆر دڵخۆش بووم[٣].

١. توێژەری ئێرانی-بەریتانیی کامیل ئەحمەدی دەستگیر کرا، ماڵپەڕی بی بی سی فارسی، ٢٣ گەلاوێژی ١٣٩٨ هەتاوی (١٤ی ئاگێست / ئابی ٢٠١٩)

https://www.bbc.com/persian/iran-49332126

2. Kameel Ahmady:British FGM academic ‘jailed in Iran’.BBC Persian, 14 December 2020:www.bbc.com/news/world-middle-east-55300694

3. Contact, Hilary. Statement On The Detention In Iran Of Social Anthropologist Kameel Ahmady.

چالاکییەکان بۆ ئازادیم لە ناوخۆی ئێرانیشدا ئەنجام درا. ئەندامانی گرووپی منداڵیی کۆمەڵەی کۆمەڵناسی نامەیەکیان واژۆ کردبوو و ... .

خۆبەخشانە ئەندامی کۆمەڵەی کۆمەڵناسی[1] بووم و باجی ئەندامێتیم دەدا. پێش دەستگیرکردنم بڕیار وا بوو ببم بە سکرتێری گرووپی بچووکی کۆمەڵناسیی منداڵی. کاتێک دەستگیر کرام، دوو ئەندامی کۆمەڵەکە بۆ پشتگیریکردنم نامەیان نووسی و واژۆیان کرد، بەڵام زۆری نەخایاند پەشیمان بوونەوە و خۆیان لە بڵاوکردنەوەی بەدوور گرت. هەم ژمارەی واژۆکاران کەم بوو و هەم دەشترسان تووشی سەرئێشە ببن. دواتر ئەم نامەیەم بینی و بۆ من جێگەی سەرنج بوو کە لەلایەن کەسێکی موحافیزەکارەوە نووسراوە و کۆمەڵەیەکی خاوەن سەدان ئەندام تەنیا بیست و یەک کەس واژۆیان کردبوو، بەڵام نەیانوێرابوو بڵاوی بکەنەوە. هەڵبەت ئەندامانی لیژنەی بەڕێوەبەری ئیمزایان لەسەر نەکردبوو و سەیر ئەوە بوو کە کۆمەڵەیەکی لەو شێوەیە ئامادە نەبوو وەک ئەندامێکی خۆی داکۆکیم لە سەر بکات. لانیکەم دەیانتوانی لەو دامەزراوە و ناوەندەی کە دەستگیری کردووم داوا بکەن کە هۆکاری دەستگیرکردنەکەم ڕوون بکەنەوە، بەڵام تەنانەت ئەم داواکارییە سادەشیان نەخستە ڕوو.

دوای ئازادیم وەک بیسەرێک لە کۆبوونەوەیەکدا کە تایبەت بوو بە پرسی منداڵان بەشداریم کرد. سەرۆکی لیژنەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەکە، حسێن سێراجزادە، منی بینی و سڵاوی لێکردم، بەڵام لە کاتی گفتوگۆ کورتەکەماندا کە لە نووسینگەکەی خۆیدا بوو، چاوی لێم نەدەکرد، بۆ ئەوەی لەسەر پشتیوانینەکردنی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان ناچار نەبێ ڕوونکردنەوەم بۆ بدات. هەڵبەت هەموو کەسێک وەکوو کۆمەڵەی کۆمەڵناسی ڕەفتاریان نەکرد و زۆرێک بە شێوەی تاکەکەسی یان گرووپی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا پشتگیریان لێ کردم. هەروەها کەمپێنی "بەدسەرپەرشت تەنیاترە" پشتگیری لێ کردم و هاوکات لەگەڵ دەستگیرکردنم، لاپەڕەکانی ئینستاگرام و ئیکس و فەیسبووکەکەی هاک[2] کران و بە تەواوی لەناوچوون. ئەڵبەت هەندێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی خۆشم بلۆک

21August 2019: https://hilaryburrage.com/2009/08/21/statement-on-the-detention-in-iran-of-social-anthropologist-kameel-ahmady/

١. کۆمەڵەی کۆمەڵناسیی ئێران (لەساڵی ١٩٩١ دامەزراوە) کۆمەڵەیەک لە بواری کۆمەڵناسی و زانستە کۆمەڵایەتییەکانە. ئەم کۆمەڵە ئەندامی کۆمەڵەی نێودەوڵەتی کۆمەڵناسی (ISA) و کۆمەڵەی ئاسیایی ئەنجومەنەکانی توێژینەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان (AASSREC)ە. زۆربەی چالاکییەکانی کۆمەڵەکە لە سەر تەوەری ئەنجامدانی کۆبوونەوە و سیمینار و کۆڕ و وۆرک شۆپ و بڵاوکردنەوەی وتار و کتێب و ئەنجامدانی پرۆژەی توێژینەوەیی لە بوارە جیاجیاکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بیچمی گرتووە و لە شێوەی گرووپی جۆراوجۆری زانستی – پسپۆڕیدا کار دەکات.

٢. کەمپەینی بەدسەرپەرست تەنیاترە، ویکیپیدیای فارسی: کمپین_بدسرپرست_تنهاتر_است

www.fa.wikipedia.Org

کـران و دوای ئازادبوونـم لـە زینـدان توانیـم بیانگەڕێنمـەوە. پشـتگیریکردنم لێکەوتـەی هەبوو، بـەڵام هەندێـک مەردانـە هاتنـە پێشـەوە و نەیانهێشـت لـەو بارودۆخـە خراپـەدا هەسـت بـە تەنیایـی بکـەم.

دوای ئازادبوونـم، ئیمەیڵـم بـۆ باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا لـە ئێـران نـارد و داوای دیـدارم لەگـەڵ باڵیـۆزی بەریتانیـا کـرد. وەک هاووڵاتییەکـی ئـەم وڵاتـە دەبـوو نارەزایەتییەکانـم دەرببـڕم. کـە بینیـم پرسـیم بۆچـی کاتێـک ژنەکـەم تەلەفۆنـی بـۆ باڵیۆزخانـە کـرد و داوای پارێـزەری کـرد یارمەتیتـان نـەدا؟ خـۆ ئێـوە دەتانزانـی ژیانمـان پەکـی کەوتـووە، ئـەی بۆچـی پشـتیوانیتان لـە ژن و منداڵەکـەم نەکـرد؟ مـن هاووڵاتییەکـی بەریتانیـم و تـۆش پابەنـد بـووی بـەوەی لانیکـەم یارمەتیـت بدابایـە بـۆ ئـەوەی پارێزەرێـک بدۆزێتـەوە. ڕاشـکاوانە گوتـم کـە بـە هـۆی شـەڕی دیپلۆماسـیی نێـوان هـەر دوو وڵاتـی ئێـران و بەریتانیـا و دەستبەسـەرداگرتنی کەشـتییەکان گیرابـووم و بارمتـەی سیسـتەمی ئەمنـی ئێـران بـووم. بـە وردی گوێـی لـە هەموو قسـەکانم گـرت و سـەری وەک هـێمای پەسـەندکردنی قسـەکانم دەلەقانـد و لـە کۆتاییـدا وتـی: دەزانـم تـۆ ڕاسـت دەکـەی، بـەڵام ناتوانیـن هیچـت بـۆ بکەیـن. داوای لێبـوردن دەکـەم کـە بـە تەنیـا مایتـەوە و تووشـی ئەزیـەت و سـەختی بوویـت، بـەڵام نەماندەتوانـی هاوکاریـت بکەیـن. پرسـیاری ئـەوەی لێکـردم کـە بڕیـاری چیـم داوە، واتـە ئایـا پلانـم هەیـە بمێنمـەوە و بچمـە دادگا یـان نیـازم وایـە لـە ئێـران بـڕۆم؟ منیـش وتـم یەکـەم ئـەوەی کـە هەمـوو بەڵگەنامـە و پاسـپۆرتەکانی خـۆم و بنەماڵەکـەم لـە ژێـر دەسـتی حکوومەتـە و دووەم ئـەوەی کـە نیـازم وایـە هەتـا دوا سـاتی ژیانـم لـە ئێـران بمێنمـەوە و چاوەڕێـی ئـەوەم دەکـرد ئێـوە پشـتیوانیی کونسـوڵگەریی خۆتـان لـە بنەماڵەکـەم درێـغ نەکردایـە. تەنانـەت فشـار بخەنـە سـەر وەزارەتـی دەرەوە بـۆ ئـەوەی ئـازادم بکـەن. وتـی باسـکردنی ئـەو پرسـە لەسـەر ئاسـتی وەزارەتـی دەرەوە پێویسـتی بـە ئیزنـی تـۆ بـوو. خۆتـان بـاش دەزانن ئێمـە هیچ دەسـەڵاتێکمان بەسـەر ئیتلاعاتـی سـپای پاسـداراندا نییـە و ئەوانیـش ئیزنـی دەسـتێوەردانمان پـێ نـادەن. پاشـان زۆر نارِاسـتەوخۆ وتـی: بـاشترە ئێـران بەجـێ بهێڵیـت. قسـەکانی لۆژیکـی بـوون. قـازی سـەڵەواتیی دەناسـی و دەیزانـی چ حوکمێـک بـە سـەر زیندانیانـی دووڕەگەزنامەییـدا دەسـەپێنێت. کاتێـک لـە باڵیۆزخانـە چوومـە دەرەوە، دوودڵ بـووم، بـەڵام زوو وەبیـر خۆمـم هێنـاوە: کامیـل، تـۆ بڕیـاری خـۆت داوە. تـۆ دەمێنیتـەوە و شـەڕ لەگـەڵ قـازی سـەڵەواتی دەکەیـت. هەرچەنـدە دەمزانـی بـراوەی ڕاسـتەقینەی ئـەم شـەڕە ئیتلاعاتـی سـپای پاسـدارانە، بـەڵام مـن چاوەڕێـی موعجیزەیـەک بـووم!

بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا بەر لە بەڕێوەچوونی دادگا و دۆزینەوەی بیستۆکی سیخوڕی لە مۆبایلدا

دوای نزیکەی مانگێک یەکەم بانگهێشتنامەی دادگا هات و دەبا چاوەڕێی فەرمانی دادگا بایەم. نزیک هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی بوو کە یەکەم هەواڵی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئێران بڵاو بووەوە. خەڵک تۆقین و خەریکی کڕینی دەرمانی دژەهەوکردن بوون و هەندێک جار لەسەر کڕینی کحۆل یان ژێلی دژەهەوکردن شەڕیان دەکرد. لە ڕۆژانی سەرەتای هەمەگیربوونی پەتای کۆرۆنا، هەواڵێک بڵاو بووەوە کە حامید جەلالی کاشانی[1]، یەکێک لە باڵەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئیتلاعاتی سپای پاسداران، کە لە مەشریق نیوز و گرووپی دەوڵەمەندی دەزگای میدیایی ئۆفوق کاری دەکرد، تووشی پەتای کۆرۆنا بووە و گیانی لەدەست داوە. ناوبراو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەت ئیکس (تویتەری جاران) زۆر لە دژی من و کارەکانم دەینووسی و ڕۆژ نەبوو ئەو کابرا ناوی منی وەک سیخوڕ یان ئەجێندا هاشتاگ نەکردبێت. ئەو هەوڵی دەدا ژنە نوێنەرەکانی مەجلیسی دەیەمی شۆرای ئیسلامی لە ڕێگەی کارەکانیانەوە لەسەر پرۆژە یاسای هاوسەرگیریی منداڵان بەوە تۆمەتبار بکا کە پێوەندییان بە حکوومەتەکانی ڕۆژاواوە هەیە.

کاتێک دەستگیر و زیندانی کرام، لە ئیکس نووسیبوی: "بەدڵنیاییەوە ڕەگی پیلانەکە وشک دەبێت" و دوای ئازادکردنیشم، نووسیبووی قازی سەڵەواتی بە حیسابت دەگات! بە مردنی دڵخۆش نەبووم[2] و کاتێک خوشکەکەی هەواڵی مردنی بڵاو کردەوە، تەنانەت بەزەییم پێدا هاتەوە. جەوانێکی زۆر ئایینپەروەر بوو و من بینیبووم کە لە سیمیناراکانی پەرلەمان و هاوسەرگیریی منداڵان دڵسۆزانە بەرگری لە هاوسەرگیریی منداڵان دەکات. خۆی لە تافی منداڵیدا هاوسەرگیری کردبوو و ئیدعای ئەوەی دەکرد کە ئەم نەریتە دێرین و ئیسلامییە سوودی بۆی هەبووە. دیارە بەرژەوەندیی پیشەیی و دارایی لەم نێوەندەدا کاریگەر بوون و وەک باڵی میدیایی سپای پاسداران دەبوو مووچەیەکی باش وەربگرێت. کاتێک هەواڵی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ ئێران ڕاگەیێندرا، گاڵتەی بەو نەخۆشییە کرد و ئیدعای ئەوەی دەکرد کە بۆ ڕێگریکردن لە بەشداریکردنی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامیدا باسی ئەم پەتایە هاتۆتە گۆڕێ. دوای نزیکەی هەفتەیەک، خۆی بە هەمان ڤایرۆس گیانی لەدەست دا وا گاڵتەی پێدەکرد.

---

١. حامید جەلالی کاشانی، دۆکیۆمێنتارساز و یەکێک لە ئەندامانی کارگێڕیی مێهرەجانی عەمار و چالاکوانی لایەنگری حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئیکس بوو، ناوبراو هەواڵی ڤایرۆسی کۆرۆنای بە "کارێکی پیس" بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی بەشداریی دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکاندا ناو بردبوو، بەڵام خۆی دوای تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، لە نەخۆشخانەی مەسیحی دانشوەری گیانی لەدەست دا.

2. https://www.balatarin.com/permlink/2020/3/3/5271608

یاساکانی ئیسلام بە هی ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەزانێ، بڕوای بە پەیوەندی سێکسیی ئازادە، بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەری لە بەریتانیا وەرگرتووە، جگە لە لێکۆڵینەوە لە سەر ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ کارێکی دیکەی نییە و لە هەمووی گرنگتر، بەم پێناسانەوە، یەکێک لە ڕاوێژکارە سەرەکییەکانی فراکسیۆنی ژنانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامییە.

#کامیل_ئەحمەدی

سیخوڕێکی تری بەریتانی دەستگیر کرا.

کامیل ئەحمەدی، هاوولاتییەکی بەریتانی ئێرانی کە لە بواری گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتییەکاندا هاوکاریی دەزگای هەواڵگری بەریتانیا دەکا و پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران هەیە و لەگەڵ هاتنە ناو ئێران دەستبەسەر کرا.

حامد جلالی کاشانی؛

!بازی با مرجعیت؛ برای افزایش سن ازدواج

قانونی از آیت‌الله مکارم شیرازی مبنی بر ممنوعیت ازدواج‌های زیر ۱۳ سال در فضای رسانه‌ای در حال دست به دست شدن است؛ این فتوا از کجا آمده و علت صدور آن به چه علت است؟

مهرماه ۹۵ پژوهشی تحت عنوان متون سکوت در باب نقد ازدواج زودهنگام توسط نشر شیرازه روندنمایی پشیکه اجتهاد می‌شود. کامیل احمدی در این پژوهش، گزارشی از وضعیت بحرانی ازدواج‌های موسوم به کودک همسری مبنی بر بالا بودن میزان طلاق، ترک تحصیل بالا، میزان بالای مرگ و میر بالا هنگام زایمان، عدم رضایتمندی جنسی و ... ارائه می‌کند.

حامید جەلالی کاشانی؛

یاریکردن بە مەرجەعییەت؛ بۆ زیادکردنی تەمەنی هاوسەرگیری

بۆچوون و ڕاپۆرتی خێزانی و تەندروستی، ٢٦ی خەرمانان ١٣٩٨ی هەتاوی (١٧ی ئەیلوولی ٢٠١٩) نوێترین هەواڵ

فەتوایەکی ئایەتـوڵڵا مـەکارم شـیرازی سـەبارەت بـە قەدەغەکردنـی هاوسـەرگیری خـوار تەمەنـی ١٣ سـاڵ لـە میدیاکانـەوە بڵاو دەبێتـەوە. ئـەم فەتوایـە لـە کوێـوە هاتـووە و هـۆکاری دەرکردنـی چـی بـووە؟

ڕەزبـەری ١٣٩٥ی هەتـاوی (ئەیلـوول - تشرینـی یەکەمـی سـاڵی ٢٠١٦) توێژینەوەیـەک لـە ژێـر نـاوی "زایەڵـەی بێدەنگـی" سـەبارەت بـە هاوسـەرگیریی پێشـوەختە لەلایـەن چاپخانـەی شـیرازە پـەردەی لـە سـەر لادرا. لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا کامیـل ئەحمـەدی ڕاپۆرتێـک لەسـەر بارودۆخـی نالەبـاری منداڵهاوسـەری دەخاتـە ڕوو و بـاس لـەوە دەکا کـە ڕێـژەی جیابوونـەوە، وازهێنـان لـە خوێنـدن، مـردن لـە کاتـی زاوزێـدا، نارازیبوونـی سێکسـی و هتـد زۆرە.

- وێنەی ٤١٧ - تویت و سەرنجەکانی میدیا و کەسایەتییە میدیاییەکانی ئیتلاعاتی سپای پاسداران لە ماوەی دەستبەسەرکردن و دوای دەستبەسەرکردن (زنجیرەی یەکەم)

چەند هاوڕێیەکم پیرۆزبایی مەرگی ئەویان لێکردم. ئەم بەشەی بابەتەکە تیتاڵی و گاڵتە بوو، بەڵام داوایان لێکردم شتێکی لەسەر بنووسم. لە پێشدا هەوڵم دا هیچ نەڵێم، بەڵام خەڵک ئەوەندە لەسەری نووسیبوویان کە منیش شووشەی بێدەنگیم شکاند و لە توێتێکدا نووسیم: بۆ ئەوەندە هەراسانت کردم و یەکێک لەو کەسانەی بووی کە بە گرتنت دام، بەڵام لێت خۆش دەبم و دڵم لەو کارەی کە کردووتە پاک دەکەمەوە. من دەزانم ئێستا خوشک و خێزانەکەت چ هەستێکیان هەیە، چونکە من خۆم ئەم هەستەی برامردنەم بەئەزموون کردووە. کەمترین شتێک کە وەکوو مرۆڤ دەتوانم بیکەم ئەوەیە کە لەگەڵ ماڵباتەکەت هاوسۆزی بکەم." زۆر کەس سەرکۆنەی دەکردم کە هەمووان بە خراپی لە سەری دەنووسن، تۆش نەدەبوو شتێکی ئاوات بنووسیبایە، بەڵام من دەمزانی حامید جەلالی کاشانی، قوربانیی سیستەمێکی ناکارامەیە کە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤی تەفر و توونا کردووە و وای کردووە خەڵک بێبەزەییانە ئاوقانی یەکتر ببنەوە.

ڕەئیسیان دوو جار چاوی بە دۆسییەکەی منـدا خشاندبوو تا باشتر بەرگری لە خۆم بکەم. دەتوانم بڵێم چوارچێوەی بنەڕەتیی دۆسیەکەم هاتبووە دەست، بەڵام نەمدەزانی سزاکە لەسەر چ بناغەیەک دەنووسن و ئایا بە مادەی ٥٠٨ و تۆمەتی هاوکاریکردن لەگەڵ حکومەتێکی دوژمنکار ڕازی دەبن یان تۆمەتی دیکە بە دۆسییەکەم زیاد دەکەن؟ بۆ ئەوەی بەشداری لە یەکەم دانیشتنی دادگا بکەم، باشترین کۆت و شەروالم لەبەر کرد و سەر و ڕیشم تاشی. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە سەڵەواتی ئەوی وەک پارێزەری من قەبووڵ نەکردبوو. سێ بژاردەم لەبەر دەست بوو؛ یان دەبا بەبێ پارێزەر بەردەوام بم، نارەزایەتیی دەرببڕم، یان داوا لە خودی دادوەر بکەم کە خۆی پارێزەرم بۆ دەستنیشان بکات. بەڕێز ڕەئیسیان بۆ ئەم کارە پارەی لێم نەدەویست و جوامێرانە و بێبەرامبەر دۆسیەکەی قبووڵ کردبوو. ڕەئیسیان بە گشتی بە خۆڕایی دۆسییە سیاسییەکانی وەئەستۆ دەگرت و دەیگوت لە ڕێگەی کەیسەکانی دیکەوە بژێویی ژیانی خۆم دابین دەکەم. من نەمدەویست بە خۆڕایی ئەم کارەم بۆ بکا و زۆر بۆم گرنگ بوو کە خۆی پارێزەرم بێت.

جنس اول @Jense_Avval · ١٥ مارس

انجمن حمایت ازحقوق کودکان یاانجمن آموزش جنسی به کودکان!

انجمنی که معتقد است انتقال اخبارمربوط به جنگ در دنیا به کودکان آنهارادچار مشکلات روانی میکنداما آموزش مسائل جنسی به کودکان از نان شب هم واجبتر است!
این انجمن بیشتربادعوت از یک متهم به جاسوسی(**کامیل احمدی**)حاشیه ساز شده بود.

کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی منداڵان یان کۆمەڵەی پەروەردەی سێکسیی منداڵان
کۆمەڵەیەک کە پێی وایە گواستنەوەی هەواڵی شەڕەکانی جیهان بۆ ناو دنیای منداڵان، کێشەی دەروونییان بۆ ساز دەکا، بەڵام ڕاهێنانی منداڵان دەربارەی سێکس لە نانی شێویش گرنگترە!
ئەم کۆمەڵەیە پێشتر بە بانگهێشتکردنی کەسێک کە تۆمەتبارە بە سیخوڕی (کامیل ئەحمەدی)، مشتومڕی لێکەوتبووەوە.

کچان قوربانیی سیاسەتی کاریی ئیسڵاحتەڵەبەکان
ژن و خێزان
پووشپەڕی ١٣٩٨ی هەتاوی (حوزەیران - تەممووزی ٢٠١٩) - ١٨ ٠٨:٣٤
پەیامنێری نەسیم: نووسەر/پەیامنێر
بەڕێز تاجزادە لە وتارێکدا بەبۆنەی ڕۆژی کچانەوە وێڕای خستنە ڕووی هەندێ زانیاری لە بارەی بارودۆخی کچان لە ئێران، داوای لە بەردەنگەکانی خۆی کرد کە دەنگی کچانی قوربانیی منداڵهاوسەری بن. حامید جەلالی کاشانی بە کورتی لەو ئیدیعایانە دەکۆڵێتەوە.

شارمینی کوڕی ئیدعای ئەوە دەکا کە ڕۆحی ئەمیرولمۆمینین چووەتە ناو جەستەیەوە و لەناکاو بۆتە دڵسۆزی منداڵانی بێ باوک و هەر بۆیەش ناوی کۆمەڵەکەیان ناوە #جمعیت_امامی_علی !
بەرنامەکانی دیکەی ئەم گرووپە بریتین لە پێشخستنی ئامانجە سیاسییەکان لە ژێر پەردەی خێرخوازی!
یەکێک لە هەنگاوەکانی ئەم گرووپە سازدانی دانیشتنی ڕاهێنانی سێکسی بۆ منداڵانە.
لە ناوچەکانی باشووری تاران و ناوچە بێبەشەکانی ئێران، بە بیانووی یارمەتیدانی منداڵانی خەسارهەڵگر (لە پێناو گەیشتن بە کارنامەی ٢٠٣٠)،
پڕۆژەیەکی دیکە بەرنامەی زیادکردنی تەمەنی هاوسەرگیری بوو، کە تێیدا کەسانێکی وەکوو کامیل ئەحمەدی کە بە تاوانی سیخوڕی دەستگیر کرابوون، هاوکارییانی دەکرد. سەیر نییە هەموو ئیسڵاحتەڵەبەکان بۆی مردبوون.

کامیـل ئەحمـەدی، «خەڵکناس»ـی دوورەگەزنامەییـە و بـەم دواییانـە لەلایـەن دەزگا ئەمنییەکانـەوە دەسـتگیر کـراوە و پەیوەندییەکـی باشـی لەگـەڵ چەنـد ئەندامێکـی مەجلیسـی شـۆرای ئیسلامیـی ئێرانـدا هەبـووە، پێـی وایـە هاوسـەرگیریی کاتـی بـۆ سێکس و لەشفرۆشـییە، چارەسەریشـی ئەوەیـە کـە بـە شێوەیەکی یاسـایی پشـتگیری لـە «هاوسـەرگیریی سـپی بکرێ، هەروەهـا پێویسـتە ئـەو منداڵانەشـی لـەو پەیوەندییانـەدا لەدایـک دەبـن یاسـا پاڵپشـتییان لـێ بـکات.

مەشریق ڕاپۆرت دەکات
«کامیـل ئەحمـەدی» کێیـە و لـە ئێرانـدا چ پرۆژەیـەک بەڕێـوە دەبـات؟ +وێنـەکان

تەیبـە سیاوەشـی لەسـەر داڕشـتنی پلانگەلـی وەکـوو #منـداڵ_هاوسـەری لـە فراکسـیۆنی ژنـان بەپێـی بۆچوونـی کەسـانێکی وەک خاتـوو مەراتـی خۆیـی (خـاوەن تیۆریـی خۆڕەحەتکردنـی بـاش و خـراپ) و #کامیل_ئەحمـەدی ئـەو هاووڵاتییـە ئێرانـی بەریتانییـەی کـە هەفتـەی ڕابـردوو دەسـتگیر کرابـوو، ڕاپۆرتێـک دەدا! ئایا دەبێ چاوەڕوانـی گاندۆیەکـی تـر لـە فراکسـیۆنی ژنـان بیـن؟

کۆدی هەواڵ: ٩٩٨٩٠٦ ڕێکەوتی
بڵاوکردنەوە: ١٥ ڕەزبەری ١٣٩٨ (٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩) ١٤:٢٩

مەشریق ڕاپۆرت دەکات
«کامیـل ئەحمـەدی» کێیـە و لـە ئێرانـدا چ پرۆژەیـەک بەڕێـوە دەبـات؟

ئـەو ژنـەی لـە وێنەکـەدا لای چـەپ لـە تەنیشـتی دانیشـتووە #تەیبە_سیاوەشـی ئەندامـی مەجلیسـی شـۆرای ئیسلامییـە و دوێنێـش #پەروانە_سەلەحشـووری ئەندامـی مەجلیسـی شـۆرای ئیسلامـی لـە ڕێوڕەسـمی پـەردەلادان لەسـەر کتێبەکـەی ئامـادە بـووە.

هەروەهـا یەکێـک لـە ڕاوێـژکارە سـەرەکییەکانی پلانـی بەرزکردنـەوەی تەمەنـی هاوسـەرگیری لـە ئێرانـە. پلانێـک کـە ئامانجییەتـی هاوسـەرگیری لـە خـوار تەمەنـی ١٨ سـاڵ بـە نایاسـایی دەربـکات.

● وێنەی ٤١٨ - توویت و سەرنجەکانی میدیا و کەسایەتییە میدیاییەکانی هەواڵگریی سوپای پاسداران لە ماوەی دەستبەسەرکردن و دوای دەستبەسەرکردن (زنجیرەی دووەم)

شـارەزا و ئاگاداری دۆسـیەکە و ڕەوتی لێپێچینەوەکانم بوو و لە دانیشـتنە بازپورسـیەکانمدا ئامـادە دەبـوو. چوومـە لقـی ١٥ی دادگای ئینـقلاب بـۆ ئـەوەی لەبەردەم ئـەو دادوەرە ڕاوەسـتم کـە مۆتەکـەی زیندانیـان و تۆمەتبـاران بـوو. دوای هاواهەنگییـە پێویسـتەکان ڕێگەیـان پێـدام کـە بچمـە ژوورەوە و بـە سـێ ژووری پێچاوپێچـدا تێپەڕیـم کـە دوو پاسـەوانی چەکـدار لەبەردەمیانـدا ڕاوەسـتابوون. دوای ئـەوەی بە بەربەسـتێکی توندوتۆڵی ئیسـکۆرتەکاندا تێپەڕیم و چەنـد جارێـک دژەهـەو کـرام، چوومـە نـاو نووسـینگەی سـەڵەواتی. کارمەنـدی نووسـینگەکە منـی ناسـاند و سـەڵەواتی وتـی: ئێسـتا لـە ئاسانسـۆردا تـۆم بینـی. هێنـدە پـەرۆش بـووم، هەسـتم بـە بوونـی ئـەو و ئـەو سـێ پیـاوە بادیگاردەکـەی نەکـرد. پیاوێکـی بەقەڵافـەت و چوارشـانە و ڕەشـتاڵە بـوو. هەڵبـەت بیسـتبووم کـە بـە ڕەچەڵـەک خەڵکـی کرماشـانە. کەمێـک

سەیری کردم و بە گاڵتەجاڕییەوە وتی: "تۆ ئەوەندە ڕێک و پێک هاتووی کە وامزانی پارێزەری یەکێک لەم گەندەڵە ملیاردێرانەی. لە تۆمەتبار ناچی. هاتووی بۆ میوانی؟

پاشان دەستی کرد بە گاڵتەکردن بە من، کە هەوڵم دا بە سەر خۆمی نەهێنم. وتم: "با بەڕێز ڕەئیسیان پارێزەرم بێت. من ناتوانم پارێزەرێکی تر دابمەزرێنم و بیکەم بە پارێزەری خۆم، هەروەها ناتوانم بەبێ پارێزەر بەشداری دادگاییکردنەکەت بکەم و مافی یاسایی خۆمە کە پارێزەرم هەبێت." خۆی گێل کرد و وتی: "ئایا بەڕێز قەناعەتکار لە کاتی بازپورسیدا پرسیاری لێ نەکردوویت؟" وتم بەڵێ. وتی دەی کەواتە بازجووش لێپێچینەوەی لەگەڵ کردووی. دەی بازپورسیش لێپێچینەوەی لەگەڵ کردووی. لە دادگا منیش چەند پرسیارێکتان لێ دەکەم و دەبێ وەڵامیان بدەیتەوە. ئیتر پێویستت بە پارێزەر نییە. گوتم لە هەموو قۆناغەکانی بازجوویی مافی پارێزەرم نەبووە و لە کاتی بازپورسیشدا پارێزەرەکەم ڕێگەی پێنەدرا کە دۆسییەکە بخوێنێتەوە و دەستوەردانی تێدا بکات. ئەوەی کە بازجو و بازپورس لێپێچینەوەیان لەگەڵ کردووم هیچ پەیوەندییەکی بە نەبوونی پارێزەر لەو قۆناغەدا نییە. ئایا بە گوێرەی فڵان بڕگەی دیاریکراوی یاسای کارگێڕی مافی هەبوونی پارێزەرم نییە؟

وتی: وایە ڕاست دەکەی. من ناڵێم ناتوانی پارێزەرت هەبێ، بەڵام ئەو کەسەی پارێزریت بۆ دەکا دەیهەوێ لە ڕێگەی ئەم کارەوە ناوبانگ دەربکات. دوای تەواوبوونی دانیشتنی دادگا، تەلەفۆن بۆ بیبیسی دەکا و باسی دادگاییکردنەکە دەکات. دەزانی ئەمە چەندە قەڵسم دەکات؟ ئایا دەزانی تا چەندە دەتوانێ کاریگەریی نەرێنی لەسەر دۆسییەکەت دابنێت؟ بە ڕای من بچۆ کەسێک لە کوردستان وەک پارێزەر هەڵبژێرە. وتم: ئەمیر ڕەئیسیان هەر لەسەرەتاوە پارێزەری من بووە، ئەو لە دۆسییەکەی من شارەزایە و زانیاریی تەواوی لە سەر هەیە، ئەگەر نەهێڵن ئەو پارێزەری من بێ، بە مافی خۆمی دەزانم کە بەبێ ئامادەبوونی پارێزەرێک وەڵامی پرسیارەکانتان نەدەمەوە. لە مەبەستم تێگەیشت و دەستی کرد بە قسەکردن لەگەڵ ئەوانەی وا لە دەوروبەری بوون. سەیری نەدەکردم، بەڵام ڕووی دەمی من بوو: "ئەوان کەسانێک هەڵدەبژێرن کە سیاسین، پارێزەری سیاسی دەگرن و ئەوە زیان بە خۆیان و دۆسیەکەیان دەگەیێنێ، ئینجا دەڵێن سەڵەواتی کەسێکی خراپە." قسەکانی کرد و بینی بۆچوونی من نەگۆڕاوە، وتی: "بڕۆ بە پارێزەرەکەت بڵێ... کێ بوو؟ ڕەئیسیان؟"

جۆرێ خۆی دەردەخست کە دەتگوت ڕەئیسیان زۆر باش ناناسێ، لە حاڵێکدا دەیناسی و لەسەر بنەمای ئەم ناسینە بوو کە چوونە ژوورەوەی بۆ لقی ١٥ لێ قەدەغە کردبوو. بە دوودڵییەوە وتی: "بە پارێزەرەکەت بڵێ بێتە لام. دەبێت مەرجەکانی من قبوڵ بکات. ئەگەر نەیکرد، دەبێ کەسێکی تر بناسێنیت، هەر چەند .... بەڕاستی پێویستت

بە پارێزەر نییە!"

شعبه ۱۵ دادگاه انقلاب اسلامی تهران به تصدی امضاء کننده ذیل که بر اساس حکم ویژه شماره

[redacted] مورخ 96/6/26 ریاست محترم قوه قضائیه اینجانب با حفظ سمت دادرس دادگاه عمومی تهران نیز هستم مستند به ماده ۳۷۴ قانون آئین دادرسی کیفری در مورخ 99/8/24 جهت رسیدگی به پرونده کلاسه [redacted] اتهامی کامیل احمدی فرزند کریم تشکیل است . با عنایت به تحقیقات بعمل آمده و اخذ آخرین دفاع از متهم و ملاحظه لایحه دفاعیه وکیل مدافع ختم دادرسی را اعلام و با استعانت از خداوند متعال و با تکیه بر شرف و وجدان به شرح ذیل مبادرت به صدور رأی می نماید .

«رأی دادگاه»

در خصوص اتهام کامیل احمدی فرزند کریم با کد ملی [redacted] و شماره شناسنامه [redacted] صادره از نقده ، متولد [redacted] دارای تابعیت مضاعف ایرانی انگلیسی، فاقد سابقه، متأهل، پژوهشگر، آزاد به قید وثیقه حسب کیفرخواست صادره دائر بر: الف- همکاری با دولت متخاصم آمریکا علیه جمهوری اسلامی ایران. ب- نگهداری یک عدد افشانه گاز اشک آور.

پ- نگهداری یک نیتر مشروبات الکلی خارجی .

ت- نگهداری یک عدد شوکر

«گردشکار»

کامیل احمدی یکی از افرادی است که علی الظاهر تحت عنوان کارشناس ارشد جامعه شناسی و مردم شناسی اقداماتی را در راستای ترویج مبانی غربی و تضعیف قوانین و مبانی شرعی در حوزه خانواده، ازدواج و از طرفی لزوم اقتباس از مبانی غربی و اومانیستی انجام می داد تحت رصد و اشراف اطلاعاتی سازمان اطلاعات سپاه پاسداران انقلاب اسلامی قرار گرفت .

محمد احمدی معروف به کامیل فرزند کریم متولد شهر نقده از توابع استان آذربایجان غربی، از قومیت کرد و اهل سنت می باشد. او در خانواده ای متمول متولد شده و پدر وی کریم احمدی از افراد و بازاریان مشهور استان بوده و حتی در سطح کشور و خارج از کشور داد و ستدهای مالی و تجاری داشته است ، کامیل احمدی به چندین زبان مسلط می باشد و تجربه زندگی در چندین کشور را دارا می باشد! او در این باره می گوید:

لقی ١٥ی دادگای ئینقلابی ئیسلامی تاران، بە ئیمزاکارانی خوارەوە، بە پشتبەستن بە حوکمی تایبەتی ژمارە -------- ڕێکەوتی ٩٦/٦/٢٦ (٢٠١٧/٠٩/١٧)، سەرۆکی بەڕێزی دەزگای داد، بەندە لە دادگای گشتیی تارانم ئامادە دەبم. بە پشتبەستن بە مادەی ٣٧٤ لە یاسای دادوەریی تاوان، لە 2020 – 11 - 14 دۆسیەیەک بۆ بەدواداچوون بۆ دۆسیەی -------- تاوانی کامیل ئەحمەدی کوڕی کەریم پێک هێنرا. لەبەر ڕۆشنایی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە ئەنجام دراون، دادگا بەرگریی کۆتایی لە تۆمەتبار وەرگرتووە، هەروەها پارێزەر ڕەچاوی پرۆژە یاسای بەرگری کردووە و بە هاوکاری خودای گەورە و پشتبەستن بە شەرەف و ویژدان، ئەم بڕیارەی خوارەوە دەردەکات.

"بڕیاری دادگا"

سەبارەت بە تۆمەتی کامیل ئەحمەدی کوڕی کەریم بە کۆدی میللی -------- لەدایکبووی نەغەدە، دوو ڕەگەزنامەیی ئێرانی – بەریتانی، بێ پێشینەی تاوان، خێزاندار، توێژەر، بە دانانی بارمتە ئازادە بەپێی ئەو تۆمەتەی کە خراوەتە پاڵی: ئەلف - هاوکاری لەگەڵ حکومەتی دوژمنکاری ئەمریکا لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران ب - هەڵگرتنی ئیسپرای گازی فرمێسکڕێژ

پ.هێشتنەوەی یەک لیتر خواردنەوەی کحولی بیانی.

ت - هەڵگرتنی شۆکێرێک

"ڕەوتی کار"

کامیل ئەحمەدی یەکێک لەو کەسانەیە کە بە ڕواڵەت لەژێر ناوی ماستەری کۆمەڵناسی و خەڵکناسی، هەندێ هەنگاوی بۆ بەرەو پێشبردنی بنەماکانی ژیانی ڕۆژاوایی و لاوازکردنی یاسا و پرەنسیپە ئیسلامییەکان لە بواری بنەماڵە و هاوسەرگیری ناوە و لە لایەکی دیکەوە، هەوڵ دەدا بنەما ڕۆژاوایی و مرۆڤدۆستییەکان لە ڕێکارەکانیدا بگونجێنێت. ناوبراو خرایە ژێر چاودێریی هەواڵگریی ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی. محەممەد ئەحمەدی ناسراو بە کامیل، کوڕی کەریمە، لەدایکبووی شاری نەغەدەی سەر بە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوایە و بە ڕەچەڵەک کورد و سوننەیە. لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەنددا لەدایک بووە و باوکی کەریم ئەحمەدی بازاڕی و بازرگانێکی بەناوبانگی ئەو پارێزگایە بووە. چ لەسەر ئاستی نیشتمانی و چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی مامەڵەی دارایی و بازرگانی هەبووە. کامیل ئەحمەدی شارەزای چەندین زمانە و ئەزموونی ژیانی لە چەند وڵاتێکدا هەیە. سەبارەت بەم بابەتە دەڵێت:

- وێنەی ٤١٩ - دەقی بڕیاری تایبەت و ڕەوتی کاری دادگا و ئیتلاعاتی سپا

دەری کـردم، بـەڵام مـن تەنهـا چەنـد هەنگاوێـک لـە نووسـینگەکەی دوور کەوتبوومـەوە کـە بانگمـی کـرد، لـە جێـی خـۆم وشـک بـووم .... نـەکا منیـش بـە هەمـان چارەنووسـی زیندانییەکانـی دیکـەوە بچـم. ئەگـەر کەفالەتەکـەم لـە پێنسـەد ملیـۆن تمەنـەوە بـۆ نموونـە بـۆ چـوار ملیـار زیـاد بـکا و تـا بنەماڵەکـەم ئـەم بـڕە پـارە بـۆ بارمتـە دابیـن بکـەن، کاتـی ئیـداری تـەواو دەبـێ و دەچمـەوە بـۆ زینـدان. کاتێـک جارێکـی تـر لەبەردەمیـدا ڕاوەسـتامەوە، دەمبینـی کـە تەنهـا هەنگاوێـک لـە زیندانـەوە دوورم. بـە گاڵتەجاڕییـەوە وتـی: "ئێمـە ئەوەنـدە باسـی پارێزەرمـان کـرد، کـە مافـی هاووڵاتیبوونتـان پشـتگوێ خسـت. بـۆ ئـەوەی جەنابـی ڕۆحانـی ناڕەحـەت نەبـێ و ڕێـز لـە مافـی هاووڵاتیـان بگیردرێـت، پێویسـتە دادسـتێنی گشـتی تۆمەتەکەتـان بـۆ بخوێنێتـەوە. پاشـان ئامـاژەی کـرد و نوێنـەری دادسـتێنی گشـتی دەسـتی کـرد بـە خوێندنـەوە. ئەویـش لـە کاتێکـدا کـە چەنـد پارێـزەر و بادیـگاردی دیکـە و سـکرتێری نووسـینگەکەی لـەو دەوروبـەرەدا دەخولانـەوە. مـن نەموێـرا بڵێـم تۆمـەت شـتێکی نهێنییـە و جگـە لـە نوێنـەری دادسـتێنی گشـتی و دادوەر و تۆمەتبـار و پارێزەرەکـەی کـەس نابـێ بیخوێنێتـەوە و ببیسـتێت.

ئـەو دەقـەی کـە نوێنـەری دادسـتێنی گشـتی خوێندییـەوە، ڕسـتەبەندی و ئینشـاکەی هی بازجووەکـەم بـوو نـەک دادسـتێنی گشـتی و ئەوەنـدە نادادپەروەرانـە نووسرابـوو کـە پەشـۆکام. لێـرە بەشـێک لـە دەقـی تۆمەتبارکردنەکـە دەخەمـە ڕوو. لـە بەشـێک لـە تۆمەتبارکردنەکـەدا هاتـووە: "مـن لـە تەمەنـی هەرزەکارییـەوە بـۆ ئـەوەی فێـری تەکنیکـی ڕووخاندنـی حکوومەتـی کۆمـاری ئیسلامیـی ئێـران بـم، ڕەوانـەی بەریتانیـا کـرام و لـە لایـەن دەزگاکانـی حکوومەتـی بەریتانیـاوە دامـەزرام". تەنانـەت ئـەو کارانـەش کـە مـن وەک خوێندکارێکـی خۆبەخـش بـۆ ئاکسـفام و ڕێکخـراوە خێرخوازییەکانـی دیکـە ئەنجامـم دابـوو، وەک تۆمـەت خرایـە پاڵـم، هەرچەنـدە خۆبەخشـەکانی ئاکسـفام مووچـە وەرناگـرن. کاری خۆبەخشـی لـە ئەورووپـا زۆر بـاو و ئاسـاییە و منیـش وەکـوو زۆر کەسـی تـر لـە ناوەنـدی ئاکسـفام خۆبەخشـانە کارم کـردووە و بـۆ کاری وەکـوو ئاودێـری و قوتابخانەسـازی و بیناسـازی دوو جـار چووبوومـە ئەفریقـا. ئێسـتا هەمـوو ئـەو چالاکییـە خێرخوازییانـە ببوونـە مەشـق و ڕاهێنانـی نهێنـی و مەترسـیدار بـۆ دژایەتیکردنـی کۆمـاری ئیسلامیـی ئێـران!

هێـزم نەبـوو لەسـەر پـێ بووەسـتم، بـەڵام هەوڵـم دا خـۆم خۆڕاگـر نیشـان بـدەم. لـە دۆسـییەکەمدا ئیدعـای ئەوەیـان کردبـوو کـە هێزەکانـی ئیتلاعاتـی سـپای پاسـداران، لـە هەنگاوێکـی بوێرانـەدا، پێشـی کامیـل ئەحمەدییـان گرتـووە و ئـاژاوەی گـەورەی دزەکردنـە نـاو حکوومەتیـان دامرکاندووەتـەوە. لـە ڕوانگـەی سیسـتەمی ئەمنییـەوە، کامیـل ئەحمـەدی سـاڵی ١٣٨٨ی هەتـاوی (٢٠٠٩) گەڕاوەتـەوە بـۆ ئێـران بـۆ ئـەوەی کەلێنـە کۆمەڵایەتییـەکان قـووڵتر بکاتـەوە و بۆچوونـە ئیسلامییـەکان بگۆڕێـت. دەیانگـوت تـۆ بـۆ جێبەجێکردنـی

ئەرکەکەت هاتوویتەوە و مەرگی براکەت و پاڵپشتیکردنی خێزانەکەت هۆکاری گەڕانەوەت بۆ ئێران نەبووە. بە کورتی هەموو شتێک ببوو بە تاوان و هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی. بەتایبەت وەرگرتنی بوودجە لە دامەزراوەی هیڤۆس، بەشداریکردن لە ئاهەنگی کریسمس لە باڵیۆزخانەیەکی ئەورووپی و هتد. سیستەمی ئەمنی هەموو کارەکانی منی بە تاوان لە قەڵەم دابوو و بۆ هەر یەکەیان هۆکارێکی دەخستە ڕوو. بە باوەڕی ئەوان، من توێژینەوەی هاوسەرگیریی سپیم بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی نێوان ژن و پیاو ئەنجام دابوو و لە پرۆژەی سیغەی مەحرەمێتدا هەوڵم داوە ژیانی سێکسیی ئیسلامیی گەنجان بگۆڕم. لە پرۆژەی ئێڵ.جی.بی.تیدا ویستوومە پەرە بە هاوسەرگیریی هاوڕەگەزخوازانە لە ئێراندا بدەم. هەروەها پرسی هاوسەرگیریی منداڵیش لە دەقی تۆمەتەکەدا جێگەی تایبەتی هەبوو و بەگوێرەی بابەتێک کە لە ڕۆژنامەی کەیهان بڵاو کرابووەوە، ڕایانگەیاندووە کە من بەرپرسی جێبەجێکردنی تیۆریی کسینجەر لە ئێران بووم بۆ ئەوەی ژمارەی دانیشتوانی ئێران و جیهانی ئیسلام کەم بکەمەوە و لە بەرژەوەندیی ئیسرائیل تەمەنی هاوسەرگیری بەرز بکەمەوە و ڕێژەی لەدایکبوون دابەزێنم [1]. لە کۆتایی تۆمەتبارکردنەکەدا، جگە لە تۆمەتی مادەی ٥٠٨، باسیان لە نیو بوتڵ مەی و سپرایی ببەر و ئامێرێکی شۆکێر کردبوو کە لە عەمباری ماڵەکەمدا دۆزراونەتەوە و ئەمانەشیان بە لیستی تۆمەتەکانم زیاد کردبوو. سپرایەکی کۆنی ببەر کە نۆ ساڵ لەوەوبەر بۆ شەفەقم کڕیبوو بۆ ئەوەی هەندێک جار بیخاتە ناو جانتاکەیەوە. هەرگیز بەکار نەهێنرابوو و پێم وایە خراپ ببوو. شۆکێرەکە کاری نەدەکرد و تەنیا وەک یادگارییەک لە دووکانی باوکم هەڵمگرتبوو. نیوەی بوتڵی مەشروبەکە هی من بوو، بەڵام هەرگیز بە خەیاڵمدا نەدەهات کە وەک تۆمەتێکی نوێ لە دادگا لە دژم بەکار بهێنرێت. کاتێک تۆمەتنامەکەی خوێندەوە، سەڵەواتی وتی: وەرە واژۆی لەسەر بکە. منیش بە نارەحەتی و تورەییەوە وەڵامم دایەوە، بۆچی واژۆی بکەم؟ گوتی: "دەتوانی لە دادگا تانەی لە سەر بدەی و بەرگری لە خۆت بکەی، بەڵام ئێستا دەبێ واژۆ لەسەر تۆمەتبارکردنەکەت بکەیت". کۆڵم نەدا و گوتم: "ئەمە چ بەزمێکە؟ من ئەم سیناریۆیە قبووڵ ناکەم و ئەگەر واژۆی لەسەر بکەم و ئێوەش بە پشتبەستن بەم تۆمەتە دادگاییم بکەن چی بکەم؟ پارێزەرەکەم لێرە نییە." واژۆکەی من پشتڕاستکەرەوەی ئەو تۆمەتە بێ بنەمایانە دەبوو کە ئەوان خستبوویانە پاڵم. چەند پارێزەرێک لەوێ بوون و گوتیان: "هیچ چارەیەکتان نییە جگە لە واژۆکردنی تۆمەتنامە. قازی سەڵەواتی دادوەرێکی دادپەروەر و بێلایەنە. دەتوانی لە دادگا بەرگری لە خۆت بکەی و پێچەوانەی ئەم تۆمەتانە بسەلمێنیت." چەند جارێک چوومە دادگا و

1. https://kayhan.ir/000kIf

هەر جارەو ئەم پارێزەرانە لە لای سەڵەواتی بوون. زۆر تەڕپۆش بوون و دواتر بیستم کە ئەمانە کارجێبەجێکەری سەڵەواتی و دۆسییەی گەندەڵییە داراییەکانن.

هیچ بژاردەیەکم نەبوو، ئیمزام لەسەر تۆمەتنامەکە کرد و ڕۆیشتمە دەرەوە. مۆبایلەکەم لەگەڵ خۆم نەبردبوو لەبەر ئەوەی ئەگەر جارێکی تر دەستگیر بکرێمەوە، نەکەوێتە دەست سپای پاسداران. ماڵباتەکەم زۆر نیگەران بوون لەوەی کە جارێکی تر بخرێمەوە زیندان. دەمتوانی مۆبایلەکەم ڕادەستی پاسەوانی دادگا بکەم، بەڵام بە پێی ئەو ئەزموونەی کە پێشتر بەسەر شەفەقدا هاتبوو ئەم کارەم نەکرد. جارێکیان کە بۆ بەدواداچوون بۆ دۆسیەکەم چووبووە دادگا، مۆبایلەکەی ڕادەستی پاسەوانەکە کردبوو. دوای گەڕانەوە بۆی دەردەکەوێ کە مۆبایلەکەی بەردەوام پێوەندییەکەی دەپچڕێ و دەنگی وزوزی لێ دێ. بەردەوام گلەیی لە کێشەی ئەنتێنی مۆبایلەکەی دەکرد. کاتێک ئازاد کرام، مۆبایلەکەم پیشانی پسپۆڕی مۆبایل دا، بەڵام خراپتر بوو. لە کۆتاییدا بڕیارمان دا بچینە لای نوێنەری کۆمپانیای بەرهەمهێنەری مۆبایل. دوای پشکنین وتیان کە مایکرۆفۆنێکی زۆر بچووکیان بۆ گوێگرتن لە پشت باتریی مۆبایلەکە داناوە! بۆ ماوەیەکی زۆر لە شۆکدا بووین. بەپێی وتەی ئەندازیاری باڵای کۆمپانیاکە، بە ئەگەرێکی زۆر گوێیان لە هەموو گفتوگۆکانمان لە دەرەوە و لە کاتی پێوەندیکردنەکاندا بووە. پێشتر ئیمەیڵەکان هاک کران و دەست بەسەر مۆبایل و لەپتاپەکەمدا گیرا و من ئەم هەستەم ئەزموون کردبوو، بەڵام گوێگرتن لە تەواوی ژیانمان لە ڕێگەی مۆبایلەکەی شەفەقەوە زۆر قەڵسی کردم.

ئەو ڕۆژە گەڕامەوە ماڵەوە و هەمووان ئارام بوون. پرسی کۆرۆنا جیددی ببوو و دەیانویست قەدەغەی هاتوچۆ بسەپێنن. وەرەز بووم و نەمدەویست لە تاران و لە ماڵەوە زیندانی بکرێم. بەرەو کوردستان ڕۆیشتین بۆ ئەوەی هەموومان کەمێک ئارام بگرین. ئێمە چووینە مەهاباد و نەغەدە و پاشان پیرانشار و نزیکەی دوو مانگ لە شوقە بچووکەکەماندا ماینەوە و ئەم دۆخە بەردەوام یادەوەریی زیندانی تاکەکەسی وە بیرم دەهێنایەوە. بە گشتی ئەزموونێکی سەخت و سەیر بوو. تەواوی شارەکە پشوو بوو و کەرەنتینیەکی توند بە سەر هەموواندا دەسەپێنرا. لەم ماوەیەدا بە بەشداری ئەندامانی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان گرووپێکیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێک هێنابوو بۆ ئەوەی پێکەوە کارێکی هاوبەش لەسەر زبڵگەڕیی منداڵان بکەن. منیش هەموو هەفتەیەک بەشداریم لە کۆبوونەوەکانیان دەکرد و بەشێک لە کاتەکانم پێ پڕ دەکردەوە. هەڵبەت بەردەوام لەسەر ناکۆکییەکانیان گرژی دەکەوتە نێوانیان و کارەکە بە هیچ کوێ نەگەیشت.

بانگهێشتنامەی دادگا و ڕاگەیاندنی وادەی دادگا بووە هۆی ئەوەی زووتر بگەڕێمەوە بۆ تاران. سەڵەواتی پارێزەرەکەی منی قبوڵ کردبوو، من و بەڕێز ڕەئیسیانیش خەریکی پێداچوونەوە بە بەرگرییەکانمدا بووین. ئیتر دەمانزانی چ پرسیارێکم لێ دەکرێت. کۆرۆنا

تەنگی بە هەموو شتێک هەڵچنیبوو و منیش جارێکی تر چوومە دادگای ئینقلاب. زۆر قەرەباڵغ بوو، بنەماڵەی زۆرێک لە زیندانییەکان بە کەفالەتەوە هاتبوون و دەیانویست منداڵەکانیان ببەنەوە. ئەو پیرەمێردەی کە کاری ئیداری ئەنجام دەدا، لەم قەرەباڵغییە جارڕ بوو و بە سەر ئەو خەڵکەدا دەیگوڕاند و دەیگوت ڕاوەستن، نۆرەی ئێوەش دێت. بەهۆی پەتای کۆرۆنا و گوشاری میدیاکان و ئەوەی کە نەیاندەتوانی زیندانەکان کەرەنتینە بکەن؛ بڕیاریان دابوو ئەو زیندانیانەی کە بە تاوانی ئەمنی و سیاسی سزا نەدراون، بە کەفالەت ئازاد بکەن.

بە بەرپرسی بەشی وەرگرتنم گوت کە کاتی دانیشتنی دادگام هەیە. زەردەخەنەیەکی کرد و وتی: "دۆسیەکەت چییە؟ ئابوورییە؟" وتم نەخێر ... ئەمانە دەڵێن لەبەر ئەمنییە. دیسان پێکەنی و گوتی: "بەخت یارت بووە ... بڕۆ... " گوتم بۆچی؟ وتی: وەک ئەوەی لە منت نەبیستبێت، قازی سەڵەواتی کۆرۆنای گرتووە! جاری پێشوو بینیم کە سەڵەواتی چەندە وریا بوو کە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا نەبێت. ئەوانەی لە دەوروبەری بوون بەردەوام دژەهەوکردنیان لە شوێنەکە دەدا، بەڵام تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا ببوو. ئەو ئێوارەیە زۆر کەس لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاواتی مردنی سەڵەواتیان دەخواست، بەڵام دوای ماوەیەک بە سەلامەتی گەڕایەوە و بانگهێشتنامەی داهاتووی بۆ دوو مانگی دواتر بۆ بەڕێوەچوونی دادگاییکردنەکە ڕاگەیاند.

زانیم کە ئەمیر حسێن بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای برنجی ئاوازە و چەند کەسێکی تر لە هاوبەندییەکانم لە زیندان ئازاد کراون. مانگی ڕەمەزان بوو بۆ بەربانگ بانگهێشتی ماڵی ئەمیر حسێن کراین. لە سەربانی لۆکسی ماڵی ئەمیر حسێن، پێم خۆش بوو باسی یادەوەرییەکانی زیندان بکەین، بەڵام وا دیار بوو زۆر شتیان فەرامۆش کردبوو و قسەیان لە سەر پڕۆژە ئابوورییە نوێکانیان دەکرد. تێگەیشتم کە بەرنامەی بەربانگ لە ڕاستیدا گرێبەستێکی بازرگانیش بوو. ئەوان دەیانویست باسی پلانە نوێکانیان بکەن و من لە ناویاندا زیادە بووم. ئەو شەوە، تاهیر قەدیریانیشمان وەبیر هاتەوە. تازە گواسترابوو بۆ بەندی گشتیی زیندانی ئێڤین، هەموومان لە دەرەوە بووین بەڵام ئەو هێشتا لە زیندان بوو. زیندان شوێنێکی سەیر بوو. بۆ نموونە تۆ ئیشتیات لە خورما بوو و تاهیر دەیگوت: "ماوەی دوو ساڵە لە ژووری تاکەکەسی و لە بەندی گشتیم و تا ئێستاش هێلکەوڕۆنێکم نەخواردووە. دەمهەوێ هێلکەیەک بشکێنمەوە ناو تاوەیەک و بیخۆم!"

ئاژانسە فەرمییەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەردەوام خۆیان لە دیمانەکردن لەگەڵم بە دوور دەگرت تا ئەوەی کە ڕۆژنامەکانی شەرق و ئێعتمادئانلاین بەبۆنەی ١٢ی حوزەیران ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی کاری منداڵان دیمانەیان لەگەڵدا ساز کردم. دوای بڵاوبوونەوەی ئەم دیمانەیە، دەستبەجێ ئیدارەی ئیتلاعاتی سپای پاسداران

مشرق

mshrgh.ir/1082462

کد خبر 1082462 تاریخ انتشار: ۲۲ خرداد ۱۳۹۹ - ۱۴:۴۸

ویژه‌های مشرق

خبرنگار بی بی سی اینجا چه می‌کند!؟ / انصاری:اصلاح طلبان در دولت دوم روحانی حذف شدند

کۆدی هەواڵ ١٠٨٢٤٦٢ ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٢ جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٩ هەتاوی (١١ جوون/حوزەیرانی ٢٠١٩) ١٤:٤٨

تایبەتەکانی مەشریق

پەیامنێری بیبیسی لێرە چی دەکات؟! / ئەنساری: لە حکومەتی دووهەمی ڕۆحانیدا ئیسڵاحتەڵەبەکان لا بران

صفحه نخست » اخبار کلی

خبرنگار بی‌بی‌سی در روزنامه‌های وطنی؟!

روزنامه شرق و روزنامه اعتماد روز پنج‌شنبه در صفحه اول دو یادداشت متفاوت را منتشر کردند که نویسنده هر دو یادداشت، شخصی به نام «کامیل احمدی» است.

به نوشته مشرق، «کامیل احمدی» یک دوتابعیتی (ایرانی-انگلیسی) است که در پوشش کارشناس با رسانه‌های معاند از جمله بی بی سی، ایران اینترنشنال، صدای امریکا، من و تو، رادیو فردا و دویچه وله همکاری می‌کند. وی در سال‌های ۲۰۰۵ و ۲۰۰۶ به عنوان خبرنگار با شبکه بی

لاپەڕەی یەکەم، هەواڵە گشتییەکان

پەیامنێری بیبیسی لە ڕۆژنامە نیشتمانییەکان؟!

ڕۆژی پێنجشەممە ڕۆژنامەی شەرق و ڕۆژنامەی ئێعیتماد دوو تێبینیی جیاوازیان لە لاپەڕەی یەکەمی خۆیاندا بڵاو کردەوە کە هەر دوو تێبینییەکە هی کەسێکە بە ناوی "کامیل ئەحمەدی".

بە گوتەی مەشریق، "کامیل ئەحمەدی" دووڕەگەزنامەیی ئێرانی-بەریتانییە و وەک شارەزایەک لەگەڵ دەزگا میدیاییە دوژمنکارەکانی وەکوو بیبیسی، ئێران ئینتەرناشناڵ، دەنگی ئەمریکا (فارسی)، من و تۆ، ڕادیۆ فەردا، و دۆیچەولە هاوکاری دەنوێنێت. لە ساڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ وەک پەیامنێر لەگەڵ کاناڵی بیبیسی کاری کردووە.

● وێنەی ۴۲۰ - سەردێڕی تایبەتی مەشریق و جەوان، ڕۆژنامەکانی سەر بە سپای پاسداران

کاردانەوەی پیشان دا و مەشریق نیووز سەردێڕێکی بەم ناونیشانە دانا: "پەیامنێری بیبیسی لە ڕۆژنامەی شەرق چی دەکات؟" [1] لە سزانامەکەدا تۆمەتباریان کردم بەوەی پەیامنێری بیبیسیم. کاتێک دایکم لە ساڵی ٢٠٠١دا کۆچی دوایی کرد، گەڕامەوە بۆ

١. پەیامنێری بی بی سی لێرە چی دەکات!؟ ماڵپەڕی مەشریق نیوز، ٢٢ جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٩ هەتاوی (١٢ی حوزەیرانی ٢٠٢٠):

www.mashreghnews.ir/news/1082462

www.javanonline.ir/fa/news/1006540 بەستەری ڕۆژنامەی جەوان

ئێران و هەندێ وێنەی خەڵکناسانەم لە کۆچەرەکان و ڕووداوەکانی ڕێگاوبان و هتد گرت. ئەم وێنانەم لە ماڵپەڕەکەمدا بڵاو کردەوە و دواتر ئیمەیلێکم لە بیبیسییەوە پێگەیشت کە پێشنیاری بڵاوکردنەوەیان دابوو. وێنەکانیان لێ وەرگرتم و لە ماڵپەڕی بیبیسی بە ناوی منەوە بڵاویان کردەوە. ئەم وێنانە هەتا ئێستاش لە سایتی کۆنی بیبیسی ماون[1] و ئەمە تاکە پەیوەندیی من لەگەڵ ئەم ئاژانسە هەواڵدەریە بوو کە بە لیستی تۆمەتەکانم زیاد کرابوو!

هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی دواییین توێژینەوە لە ئێران

کاتێک یەکەم بانگهێشتنامەی دادگا هات، بڕیارم دا لەو ماوە کورتەی کە هەمە توێژینەوەیەکی دیکە دەست پێ بکەم. "ئاسەواری چەوساندنەوە لە جیهانی منداڵی"[2] (ردپای استثمار در جهان کودکی) ، درێژەپێدەر و توێژینەوەیەکی گشتگیرتر لە توێژینەوەی "تاڵانی منداڵی"[3] (یغمای کودکی)، سەبارەت بە زبڵگەڕیی منداڵان زەینمی گیرۆدە کردبوو و خەریکی تاوتوێکردنی بووم. ئەم توێژینەوە وزەیەکی دووبارەی بە ژیانم بەخشی و تا ڕادەیەکی زۆر یارمەتی دام کە خەمۆکیی سەردەمی زیندانم بەرەو چاکبوونەوە بچێت. کاری منداڵ لە تاران و دەوروبەری زۆر فرەچەشن بوو و تووشی حاڵەتگەلێک بووین کە پێشتر لێی ئاگادار نەبووین. هەڵبەت هەندێک کەس بە گاڵتەجاڕییەوە دەیانگوت "جارێ فکرت لای دادگا بێت". گریمانەی ئەوەم دەکرد کە ئەمە دوا کاری مەیدانیی من لە ئێران دەبێ و هەوڵم دەدا بە باشترین شێوە ئەو توێژینەوە ئەنجام بدەم. پێشەکیی توێژینەوەکەم ئامادە کرد و بێ بەفیڕۆدانی وەخت، چوومە مەیدان.

بڕیارم دابوو کە تەنانەت ئەگەر بچمە زیندانیش لەم کارە بەردەوام دەبم و تەواوی دەکەم. بە خۆمم گوت ئەگەر حوکمەکەم لە نێوان ساڵێک بۆ سێ ساڵ بێ ئەوە دەچمە زیندان و ماوەکەی قبووڵ دەکەم. چونکە لە کۆتاییدا یەک لەسەر سێی ماوەی حوکمەکەم لە زیندان دەمامەوە و دواتر دەمتوانی ئازادیی مەرجدار وەربگرم. سزای مادەی ٥٠٨ یەک تا دە ساڵ زیندانیکردن بووە. ئەگەر حوکمی دە ساڵم بەسەردا بسەپێنرابا، مەحاڵ بوو بچمە زیندان. کاتێک ئازاد دەکرام، ئالان تەمەنی ١٥ ساڵان

---

١. ئەحمەدی، کامیل. ڕۆژێک لەگەڵ بنەماڵەیەکی کۆچەری کورد، بی بی سی فارسی:

https://www.bbc.com/persian/interactivity/yourphotos/story/2006/08/060816_h_ahmadi2

٢. ئەحمەدی، کامیل و هاوکارانی. ئاسەواری چەوساندنەوە لە جیهانی منداڵی: توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە جۆر، هۆکار و لێکەوتەکانی کاری منداڵان. دانیمارک، چاپخانەی ئاوای بووف، ٢٠٢١.

٣. احمدی، کامیل و همکاران» .غمای کودکی، پژوهشی در باب شناخت، پیش گیری و کنترل پدیدۀ زبالە گردی کودکان در تهران« ، ناشر: انجمن حمایت از حقوق کودکان و نوجوانان، 1398 .

بـوو و بـێ هیـچ تاوانێـک، لـە مانـەوەی لای منداڵەکـەم بێبـەش دەبـووم. وردە وردە ئـەو ڕاسـتییەم قبـوڵ دەکـرد کـە ڕەنگـە ناچـار بـم ماڵاوایـی لـە ئێـران بکـەم. لـەو ڕۆژە سـەختە نارِوونانـەی کـە نەمدەزانـی چیـم بەسـەر دێ، پلانـی جۆراوجـۆرم لـە مێشـکدا بـوو بـۆ ئـەوەی دواتـر غافڵگیـر نەبـم و سـەرم سـوورِ نەمێنێـت. بـەڵام گرنگتریـن هـۆکاری یەکلاکـەرەوەی هەمـوو ئـەم پلانانـە منداڵەکـەم بـوو. ئـالان وەکـوو هـەر منداڵێکـی تـر مافـی ئـەوەی هەبـوو کـە لەگـەڵ بنەماڵـەی گـەورە بـێ و بـە یەکسـانی سـوود لـە بوونـی دایـک و باوکـی ببینێـت. مـن نەمدەتوانـی منداڵێکـی بێتـاوان بکـەم بـە قوربانیـی ئایدیاکانـی خـۆم. نەمدەتوانـی بهێڵـم جگەرگۆشـەکەم تافـی منداڵیـی لـە نـاو دڵەڕاوکـێ و ڕەنجـی بێباوکیـدا بەسـەر ببـات. ئـالان مافـی ئـەوەی هەبـوو کـە وەکـوو هـەر کوڕێکـی دیکـە لەگـەڵ باوکـی یـاری تۆپـی پـێ بـکا و بچێتـە مەلەوانگـە. بڕیـارە هەڵەکـەم دەیتوانـی نـەک تەنهـا کاریگـەری لەسـەر ژیانـی کوڕەکەم بەڵکـوو کاریگـەری لەسـەر ژیانـی هاوسـەرەکەشـم دابنێـت. ئـەوان هەتـا ئـەو سـاتە بەهـۆی منـەوە تووشـی دڵەڕاوکـێ و سـەختییەکی زۆر هاتبـوون. ڕەنگـە ئەگـەر بـاوک و مێـرد نەبووایـەم دەمتوانـی جۆرێکـی دیکـە ڕەفتـار بکـەم.

لەگـەڵ تووشـبوونی سـەڵەواتی بـە ڤایرۆسـی کۆرۆنـا، کاتـی زیاتـرم بـۆ کارکـردن لەسـەر ئـەم پڕۆژەیـە دەسـت کـەوت و لـە تـاران چوومـە نـاو مەیدانـی کارەوە. لـە توێژینـەوە سـەرەتاییەکانمدا بڕیـارم دابـوو کـە توێژینەوەیەکـی سـنووردار لەسـەر کاری منـداڵان لـە کارگـە ژێرزەمینـی و نهێنییـەکان ئەنجـام بـدەم، بـەڵام لـە کاتـی ڕووماڵکردنـە سـەرەتاییەکانم لەسـەر کارکردنـی منـداڵان، کۆمەڵێـک کاری شـاراوەم بینـی کـە تایبـەت بـە منداڵانـە. لـە کاری قەدەغەکـراو و نهێنییـەوە بگـرە هەتـا دەگاتـە کارکـردن لـە کارگـەی بەرهەمهێنـان و بەسـتەبەندی و تەنانـەت کاری ماڵـی. بـۆم دەرکـەوت کـە دەبـێ بیرۆکـەی کاری منـداڵان لـە جەغـزی کارگای ژێرزەمینییـەوە بگـۆڕم بـۆ فۆرمـە جۆراوجۆرەکانـی کاری منـداڵان و درێـژە بـە توێژینەوەکـەم بـدەم.

هەرچەنـدە بەهـۆی پەتـای کۆرۆنـاوە زۆرێـک لـە شـوێنە بازرگانییـەکان داخـران یـان بەشـێکیان نیمچـە داخراوبـوون، بـەڵام زۆرێـک لـە منداڵان هێشـتا کاریـان دەکـرد ... دەمزانی توێژینـەوە لـە سـەر هەمـوو جۆرەکانـی کاری منـداڵان لـە تـاران و دەوروبـەری کارێکـی هـەر وا ئاسـان نییـە. بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەو کارە زۆرانـەی کـە هەیە، ئـەم بیرۆکـە لەوانە بوو پێویسـتی بـە کات و بودجـە و وزەیەکـی زۆر هەبێـت. بـە خۆمـم گـوت، ئایـا دەتوانـم ئـەم ئاسـتەنگەش تێپەڕێنـم؟ مەزەنـدەم دەکـرد کـە نزیکـەی پانـزە جـۆری سـەرەکیی کار بـۆ منـداڵان لـە تـاران هەیـە. ئـەم کار و پیشـانە لـە گەڕەکـە جیاجیاکانـی تـاران و دەوروبـەری پەرشـوبڵاو بـوون، بـەڵام فـۆرم و جۆرەکانـی کاری منـداڵان تەنیـا بـەم ژمارەیـە سـنووردار نەدەبـووەوە.

بیـرم لـە مۆدێلـی توێژینەوەیـی کارەکـە دەکـردەوە. دەتوانـم بڵێـم هەمـوو ئـەم پرسـیارانەم

لـە خـۆم کـرد و وەڵامـم دایـەوە. لـە کۆتاییـدا چشـم لـە هەمـوو مەترسـییەک کـرد و گوتـم کامیـل وا دیـارە ئەمـە دوا کاری مەیدانیـی تـۆ لـە ئێـران دەبێـت. سـەڵەواتی و هاوکارەکانـی ڕێگـەت پـێ نـادەن بمێنیتـەوە و کاری توێژینـەوە بکەیـت. پێـش ئـەوەی دەسـت پـێ بکەیـن، جۆرەکانـی کاری منداڵانمـان کـردە سـێ بـەش: کاری قـورس، کاری نیمچـە سـەخت و کاری قورسـی زیانبەخـش. گرووپێکـی بـاش و هۆگـری ئـەو بـوارەم پەیـدا کـرد و توێژینەوەکەمـان دەسـت پێکـرد.

لەسـەر بنەمـای ئـەم پۆلێنکردنـە، سـەبارەت بـە هەمـوو جـۆر و فۆرمەکانـی کاری منـداڵان زانیـاری و ئاگاییەکـی ئەوتـۆم نەبـوو و سـەبارەت بـە هەندێـک لـە کارەکان پێویسـتم بـە زانیـاری و ئاگایـی زیاتـر بـوو. بـۆ نموونـە بەهـۆی توێژینـەوەی پێشـووترەوە (تاڵانـی منداڵـی) ئاشـنایەتیی زیاتـرم سـەبارەت بـە زبڵگـەڕی هەبـوو، بـەڵام لەگـەڵ پیشـەی دیکـەی وەکـوو ئیشـکردن لـە کارواش (شوشـتنی ئۆتۆمبێـل)، فیتـەری (چاککردنـەوەی ئۆتۆمبێـل) و زایەعـات (بەخەسـارچووەکان) و هەروەهـا ئیشـکردن لـە مـاڵ ئاشـناییم نەبـوو و دەبایـە ئاسـتی زانیاریـم لەسـەر هەمـوو ئەمانـە بـەرز بکردایەتـەوە. لـە کۆتاییـدا بـە دەستنیشـانکردن و لێکدانـەوەی بیسـت و سـێ جـۆری کاری منـداڵان لـە مەیدانـی کار هاتینـە دەرەوە. هەندێـک کاری وەکـوو دەستفرۆشـیی لـە سـەر چوارڕێیانـەکان، زبڵگـەڕی و کارکـردن لـە کوورەخانـە بـە لامانـەوە نامـۆ نەبـوو و هەندێکـی تـر سـەرەڕای زۆربوونـی ڕێژەیـان زۆر نەدەبـینران.

هەندێـک لـەم کارانـە بـە شـێوەی نهێنـی ئەنجـام دەدران. وەکـوو کاری منـداڵان لـە کارگـەی بلـوور و شووشـە، کـە کـەم کـەس لـە نزیکـەوە بینیویەتـی. منـداڵان چەندیـن کاتژمێر لـە کارگەکانـی دەوروبـەری تـاران بەشـێک لـە سـەختترین ئیشـەکان ئەنجـام دەدەن. هـەر لـە بەرەبەیانییـەوە کـە دەچووینـە مەیدانـی کار هەتـا ئێـوارە خەریکـی گـەڕان و دیمانـە و چاوپێکەوتـن و ناسـینی کاری منـداڵان بوویـن. لـە ناوچەیەکـەوە بـۆ ناوچەیەکـی تـر و لـە گەڕەکێکـەوە بـۆ گەڕەکێکـی دیکـە. لـە هەندێـک شـوێن بـە شـێوەیەکی هەڕەمەکـی و لـە هەنـدێ جێـگاش، تۆپەڵـە بەفـری (زنجیرەیـی) ئیـشمان دەکـرد. شـێوازی کارکردنمـان بەپێـی جـۆری کاری منـداڵان لـە گەڕەکێکـەوە بـۆ گەڕەکێکـی دیکـە جیـاواز بـوو، چونکە هـەر یەکێک لـەو منداڵانـە سـەر بـە چیـن و کۆمەڵگـە و فەرهەنـگ و ئێتینکـی دیاریکـراو بـوون و ئێمـە دەبوو بـۆ پێوەنـدی سـازکردن لەگـەڵ هـەر یەکێکیـان شـێوازە ناوازەکانـی خۆمـان جێبەجـێ بکەیـن و ئەمـەش سـەرەڕای ئـەو سـەختییانەی کـە هەیبـوو، ناچـاری کردیـن کـە لـە کارەکەمانـدا داهێنـان بکەیـن.

تـەواو قـەرزداری ماندووبوونـی هەمـوو ئەندامانـی تیمـە مەیدانییەکـەم بـووم کـە هەمـوو ڕۆژێ بـەو گەرمـای هاوینـە و بـە دەمامـک و دەستکێشـی تەندروسـتی دەچوونـە مەیدانـی توێژینـەوە بـۆ دیمانەسـازکردن. بـە بینینـی ڕەنـج و کاری منـداڵان زۆر دڵتەنـگ دەبـووم. مـن

لـە ناخـی دڵـەوە دڵخـۆش بـووم کـە ئێمـە کارێـکمان دەکـرد کـە بـە قازانجـی منداڵانـی بـەش مەینـەت بـوو و پێـم وا بـوو ئـەم توێژینـەوە کەمتریـن کارێکـە کـە دەتوانیـن بـۆ ئـەم منداڵانـەی بکەیـن. هەرچەنـد ئـەم توێژینـەوە تیشـکی خسـتە سـەر فۆرمەکانـی کاری منـداڵان لـە تـاران و دەوروبـەری، بـەڵام بەهـۆی لێکچوونـی جۆرەکانـی کاری منـداڵان لـە شـارە گـەورەکان و گەڕەکـە پەراوێزییەکانیـان، دەمانتوانـی ئـەم توێژینـەوە تـا ڕادەیەکـی سـنووردار بـۆ شـارەکانی دیکەشـی بگشـتێنین، هەڵبـەت ئـەم حاڵەتـە ئاوارتـەکان ناگرێتـەوە چونکـە لەوانەیـە لـە شـارێکدا کارێـک هەبـێ و لـە شـارێکی دیکـەدا نەبێـت. جگـە لـە قورسـی و سـەختیی کاری مەیدانـی، جۆرەکانـی کاری منـداڵ بەهـۆی گێڕانـەوەی تـاڵ و جەرگبـڕی منـداڵان لـە ژیـان و کارەکانیان زۆر دڵهەژێن بوو.

وێنەی ٤٢١ - کاری مەیدانی، یافتاوا، تاران

دەمبینـی کـە سـەرەڕای هەمـوو هـار و هاجییەکانیـان، خەمێکـی گـەورە لـە ناخیاندایـە و تـۆ ئـەم خەمـە قووڵـەت لـە چاویانـدا دەخوێنـدەوە ... ئـەم منداڵانـە سـووکایەتییان پـێ کرابـوو و هەموویـان کێشـەی قورسـی خێزانییـان هەبـوو. لـە کاتـی کاری مەیدانیـی ئـەم پـڕۆژە، مـن و هاوکارانـم شـاهیدی ڕەنـج و ئـازاری منداڵانـی کار بووین و بـەردەوام ڕووبـەڕووی ئـەم دۆخـە دەبووینـەوە کـە منداڵـی کار یـان بنەماڵـە زەختـی لـێ کـردووە یـان بەهـۆی هـەژاری و داماوییـەوە ناچـار بـووە ئیـش بـکات. هەندێکیـان لـە ڕەوتێکـی مافیاشـێوەدا هاتبوونـە نـاو پڕۆسـەی کارەوە. بەشـە دڵتەزێنەکـەی ئـەوە بـوو کـە لەسـەدا ٨٠ بـۆ ٩٠ی کۆمەڵگـەی ئاماریـی توێژینـەوە، پەنابـەری ئەفغانـی بـوون، ئەمانـە لانەوازتریـن و بەسـتەزمانترین و بێبەشتریـن گرووپـی منـداڵان بـوون. هەڵبـەت بارودۆخـی ژینگەیـی و ژیانـی ئـەو کۆچبەرانـەی کـە لـە لەدایکبـوو و گەورەبـووی ئێـران بـوون، لەوانـی دیکـە بـاشتر بـوو. بـەڵام تەنانـەت ئەوانیـش بـە مرۆڤـی پلـە دوو و بـە هاوڵاتیـی پلـە دوو و سـێ دادەنـران.

ئـەوەی سەرسـامی کـردم ئـەو منداڵانـە بـوون کـە لـە گوڵفرۆشـیدا کاریـان دەکـرد. لـە ژینگەیەکـی دڵڕفێـن کـە پـڕ لـە گـوڵ و بولبولـە و هەمیشـە بۆنـی گـوڵ و ڕووەک دێـت، منداڵەکانـی شـادتر و دڵخـۆشتر بـوون. ئەمانـە منداڵانێـک بـوون کـە لـە چـاو منداڵەکانـی تـر ڕۆحێکـی نـەرم و نیانتریـان هەیـە و شـتێکی سەرنجڕاکێشـی دیکـە ئـەوە بـوو کـە خۆیـان دەیانگـوت شـێوازی ڕەفتـاری خاوەنکارەکەیـان لەگـەڵ خاوەنـکاری شـوێنەکانی تـر زۆر

جیـاوازە و بـاشتر مامەڵـە لەگـەڵ منداڵانـدا دەکـەن. ئـەم منداڵانـە لـە کاتژمێـر سـێ یـان چـواری بەرەبەیانییـەوە دەهاتنـە سـەر کار، بـەڵام دۆخـی دڵ و دەروونیـان لـە منداڵانـی تـری کار سـەقامگیرتر بـوو.

هەڵبـەت کاتێـک دەڵێـم منداڵـە گوڵفرۆشـەکان یـان ئـەو منداڵانـەی کـە لـە ئیشـی گوڵـدا کاریـان دەکـرد، ڕۆحییـە و وەریـان بـاشتر بـووە، مەبەسـتم ئەوەیـە کـە بـەراورد بـە ئـەو منداڵانـە ڕۆحییەیـان بـاشترە کـە لـە زایەعاتییـەکان (خەسـارچووەکان) کاریـان کـردووە. دیـارە ئـەم منداڵانـە ڕۆحییەیەکـی توندتریـان هەبـوو، کـەمتر قسـەیان دەکـرد و زووتریـش هەڵدەچـوون. زۆریـان لـە کارگـەی چێـو، فیتـەری (چاککردنـەوەی ئۆتۆمبێـل)، ئاسـنەواڵە و بلوورسـازیدا تووشـی برینێکـی سـەخت دەبـوون و جەسـتەیان یـان سـووتابوو یـان زامـدار ببـوو، زۆربەیـان دەسـتیان زبـر بـوو، کـە لـە دەسـتی منـداڵان نەدەچـوو. تەنانـەت ڕۆحیاتیشـیان لـە هـی گەورەسـاڵان دەچـو و کـەمتر منداڵییـان دەکـرد.

لـە نێـو ئـەو منداڵانـەی کـە ئیشـی ئاسـنەواڵە و خەسـارچووەکانیان (زایەعـات) دەکـرد، هیـچ منداڵێـکمان نەدەبینـی کـە وەکـوو منداڵانی سـەر یەکتربـڕەکان بـزۆزی بکەن و بـە دوای یەکـدا ڕا بکـەن. تەنانـەت کەمتریـش پێدەکەنیـن. ئـەوان ڕۆحیـات و ڕەفتـاری منداڵانەیـان نەبـوو و ژیـان بوونەوەرانێکـی توندا‌ژۆی لێیـان خولقاندبـوو و کـەمتر قسـەیان دەکـرد. پێـشتر لـە پـرۆژەی تاڵانکردنـی منداڵـی بینیبـووم کـە منداڵانـی زبڵگـەڕ وەکـوو تارماییـەک لـە سەرانسـەری شـاردا سـەرگەردانن، بـەڵام خەڵـک و بەرپرسـان نایانبینـن. زۆرێـک لـەو منداڵانـە لـە شـوێنی کار و نێـو خێـزان و کۆمەڵـگادا ڕووبـەڕووی هەڵسـوکەوتی توندوتیژانـە دەبنـەوە.

زۆرجـار هاوڵاتیـان وەک موزاحیـم مامەڵـە لەگـەڵ منداڵانـی کاردا دەکـەن و جوێنیـان پـێ دەدەن. ئـەم منداڵـە بێڕێـزی پێکراوانـە لـە خەڵـک دوور دەکەونـەوە و داهاتوویەکـی تـاڵ چاوەڕێیـان دەکات. زۆرێـک لـەو منداڵانـە سـەرەڕای ئەنجامدانـی کاری قـورس و ماندووکەریـان، کەمتریـن حەقدەسـت وەردەگـرن و تەنانـەت هەندێـک لـە خاوەنـکارەکان کەمتریـن حەقدەسـتی ئـەم منداڵانـەش نـادەن و منداڵانیـش ناتوانـن بەرگـری لـە مافیـان بکـەن و توانـای وەرگرتنـی حەقدەسـتەکانیان نییـە. ئـەوەی لـەم منداڵانـە دەدزرێ تافـی منداڵییانـە. بـۆ تێگەیـشتن لـە بارودۆخـی ئـەم منداڵانـە سـەرەتا دەبـێ بـە چـاوی خۆمـان ئـەو منداڵانـە ببینیـن کـە ئەزموونـی کارکردنـی پێشـوەختەیان هەیـە بـۆ ئـەوەی لـە قووڵایـی ئـەم کارەسـاتە تێبگەیـن.

مـن لـە تافـی منداڵیمـدا ئەزموونـی کارکردنـی سـنووردارم لـە کوورەخانـە (کـوورەی خشـتپێژی) و دەستفرۆشـی و کشـتوکاڵ و شـوانێتی بـووە. بـە درێژایـی سـەردەمی منداڵـی و هەرزەکاریـم، وەک ئەندامێکـی خێزانەکـەم، دەبـا لـە کاروبـاری ماڵـەوەدا بەشـداریم بکردایـە. بـەڵام ئـەو ئەزموونـە لـە جـۆری کاری ئـەم منداڵانـە زۆر جیـاواز بـوو. چونکـە ئەمانـە نـەک بـۆ

بەشداریکردن لە کاروباری بنەماڵەیی بەڵکوو بەهۆی هەژاری و بێبەشی دەبێ کار بکەن، کارێک کە لە چەشنی خۆیدا دەتوانین بڵێین کە چەوساندنەوەیەکی ڕەهایە. هەر بۆیە بە کۆدەنگی ناوی کتێبەکەمان نا "ئاسەواری چەوساندنەوە لە جیهانی منداڵی"، چونکە هەندێک جار دەمانبینی کە منداڵان هیچ مافێکیان پێ نادرێت.

ئێستا ئەو کارە جۆراوجۆرانەی کە منداڵان دەیانکرد سەرەڕای هەموو لێکچوونەکان جیاوازیشیان هەبوو. بۆ نموونە ئەو منداڵانەی لە بازاڕدا کاریان دەکرد و بە عارەبانە (داشقە) باریان هەڵدەگرت، لە چاو منداڵانی دیکە ڕۆحیاتێکی جیاوازیان هەبوو یان لایەنەکانی دیکەی ژیانی کچانی کار کە ڕووبەڕووی دەستدرێژیی سێکسی دەبوونەوە و لە کارگاکاندا توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵانی کار زەقتر بوو. لە بازاڕی گەورەی تاراندا پرسی ئێتنیکیش گرنگ بوو.

منداڵانی شارە جیاوازەکانی ئێران زۆر بوون و ژمارەیان لە منداڵانی کۆچبەری ئەفغانی زیاتر بوو و ئەمەش شەڕی بازنەی لە نێوانیاندا دروست دەکرد. ئەم بابەتە وای کردبوو کە گرووپی منداڵان بیچم بگرێ کە هەر یەکەیان بە شێوەیەکی ڕێکخراو بۆ خۆیان کار بکەن.

● وێنەی ٤٢٢ - کتێبی "ئاسەواری چەوساندنەوە لە جیهانی منداڵی" بە سێ زمانی ئینگلیزی و فارسی و کوردی

هەر ئێستا کە نوسخەی سەرەتایی ئەم بەشە لە بیرەوەرییەکانی ژیانم دەنووسم، هاوکات لەگەڵ ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی کاری منداڵان، نووسخەی فارسیی ئەم کتێبە "ردپای استثمار در دنیای کودکی"، بە فەرمی لە لایەن چاپخانەی ئاڤای بووف لە دانیمارک بڵاو کرایەوە و پەردەی لەسەر لا درا و هەڵبەت بە خۆڕایی خرایە بەردەستی خوێنەران و دوای ماوەیەکی کەم، نووسخە ئینگلیزی و کوردییەکەشی "چەوساندنەوە لە جیهانی منداڵی" چاپ و بڵاو کرانەوە. ئەگەر قازی سەڵەواتی ڕێگەی پێدابام لە ئێران بمێنمەوە، دەمانتوانی چەندەها جۆری تری کاری منداڵان دەستنیشان بکەین. بە

دڵنیاییەوە دەستنیشانکردنی جۆرەکانی کاری منداڵان دەتوانێ لە ناسینی ڕێکاری کەمکردنەوەی ئەم خەسارە کۆمەڵایەتییە یارمەتیدەر بێ و زۆرێک لەو منداڵانەی کە بە هۆی ڕەنج و ئازارەوە داپڵۆسیون، ڕزگار دەکات. بێگومان لە سایەی سەری هەموو ئەو کەسانەی کە لەم پرۆژەدا ڕۆڵیان هەبوو و لە پێکهێنان و جێبەجێکردنیدا هاوکاریان کردم، ئەم توێژینەوە سەری گرت.

ئەوەی ڕاستی بێ پێم وایە ئەگەر کەسێکی دەسترۆیشتوو بوومایە و دەسەڵاتی جێبەجێکردنم هەبایە لە ناو ئەو ڕێکارانەی کە لە وەرزی چوارەمی ئەم کتێبەدا خراوەتە ڕوو دەمتوانی داپەڕگەلێک بگرمە بەر کە ئەنجامێکی لەبارتری بۆ منداڵانی کار هەبێ، بەڵام بەداخەوە لە ناو سیستەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هیچ ئیرادەیەک بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی گیر و کێشەکانی کاری منداڵان بەدی ناکرێت. فۆرمەکانی کاری منداڵان، یان هەمان ئاسەواری چەوساندنەوە لە جیهانی منداڵی، ئەزموونێکی بەنرخ بوو و زۆر شتی فێر کردم. پێم وایە ڕێکخراوە ناحکومییەکان و دامەزراوە حکومییەکان کە لە بواری کاری منداڵاندا کار دەکەن و سەبارەت بە ئامار و زانیاریی تایبەت بە کاری منداڵان هیچیان پێ نییە، دەتوانن ئەم کتێبە بخوێننەوە کە توێژینەوەیەکی مەیدانی و گرووپییە. من هەمیشە باوەڕم وا بووە کە قەرزداری کۆمەڵگەی ئامانج، واتە منداڵانی کارم و پێم خۆش بوو ڕۆژێک بێ ئەم قەرزە جێبەجێ بکەم. دەزانم کە لە هەلومەرجێکی لەبار و گونجاودا دەستم بە توێژینەوە لەسەر شێوەکانی کاری منداڵان نەکرد بەڵام هەموو وزە و کات و هێز و بوونم بۆ ئەم کارە تەرخان کرد و بە بودجەی خۆم ئەم توێژینەوەم ڕاپەڕاند.

لە کاتی کارە مەیدانییەکانماندا چەندین جار تووشی جۆرێکی نوێی کاری منداڵان بووینەوە و منداڵێکی زۆرمان بینی کە لەو جۆرە ئیشەدا کار دەکەن. ئەم دۆزینەوانە لە لایەکەوە باش بوون و لەلایەکی ترەوە نیگەرانکەر. سەرەتا بە لیستێکی کورتەوە دەستمان پێکرد، بەڵام لە کۆتایی کارەکانماندا بە لیستێکی درێژ لە مەیدانی توێژینەوە دەرچووین، کە دەریدەخست داهاتوویەکی باش چاوەڕێی کۆمەڵگا و بەتایبەت منداڵانی کار ناکات.

وەرزی حەوتەم

لە مەزلەمەی قــازی سەڵەواتییەوە تا ماڵاواییەکی جەرگبــڕ

پێشەکی

بەسەرهاتی ئەم بەشەی ژیانم حەقایەتی دڵتەزێنی ئەو ڕۆژ و مانگانەیە کە هەوراز و نشێوە بڕسکبڕ و تاقەتپڕووکێنەکانی ڕۆح و جەستەمی بەرەو هەڵدێر و نەمان دەبرد. باس لە سەردەمێکی بەرزەخی دەکەم کە شەو و ڕۆژە تاڵەکانی هێشتا ڕۆحم دەڕووشێنێت. لەو قۆناغە سەخت و دژوارەی دوای زیندان و ئەو دڵەڕاوکێیەی کە بەهۆی داهاتوویەکی نادیارەوە، کە لە ژێر تیغی گیۆتینی دادگاییکردنی نادادپەروەرانەی قازی سەڵەواتیدا بوو، زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە پێویستم بە ئارامی و هاوسۆزی و هاوبیری بوو، بۆ ئەوەی بتوانم بۆ ڕزگارکردنی داهاتووی خۆم و بنەماڵەکەم کە لە نادادگەی دڕندەی کۆماری ئیسلامیدا گیریان خواردبوو، مشوورێکیان بۆ بخۆم و ڕێگایەک بدۆزمەوە.

لەو هەلومەرجەدا بزووتنەوەیەکی جیهانی بە ناوی میتوو (ME TOO) ئێرانیشی گرتەوە و منیش وەک یەکێک لە تۆمەتبارەکان کەوتمە بەر هێرشی نادادپەروەرانەی. ئەم ڕووداوە لە گەرمەی تەنگەژەکانی پاش زیندان و دادگاییبوون، بەسەرهاتێکی ناخۆش بوو کە فەزای ژیانمی وەکوو ژووری تاکەکسیی زیندانی ئێڤین تاقەتهەژێن و خنکێنەر کرد. من لە لایەن بزاڤی "میتوو"ی ئێرانییەوە زۆر ناجوامێرانە تۆمەتبار کرام. سەرەڕای گرینگی و کاریگەریی ئەم ڕووداوە و دەرهاویشتەکانی لەو ساتەوەختە ناسکەی ژیانمدا، لەبەر چەند هۆکارێک لە چاپی کوردیی ئەم ژیاننامەدا بە تێروتەسەلیی وەشانی فارسی و ئینگلیزیی خۆژیاننامەکە ئاماژەی پێ ناکەم. یەکەم ئەوەی کە ڕووداو و بابەتی پەیوەست بە "میتوو" زیاتر پێوەندی بە ژینگەی ئێران و گۆڕەپانی فارسی زمانەوە هەبوو و پێوەندییەکی ئەوتۆی بە فەزای کوردستان و زمانی کوردی، بەتایبەت لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانەوە نەبوو. ژمارەی زۆری لاپەڕەکانی وەشانی کوردیی خۆژیاننامەکەش، هۆکارێکی دیکەیە بۆ ئەوەی بتوانرێت بە کەمکردنەوەی ئەم بابەتە و سڕینەوەی هەندێ لە وردەکارییەکانی، کە بوونە هۆی ئەوەی دوو وەرزی ٧ و ٨ی فارسی لێرەدا لە دووتوێی یەک وەرز واتا وەرزی حەوتدا کۆ بننەوە، تا ڕادەیەک قەبارەی کتێبەکە گونجاوتر بێت.

نامەوێت هەموو گێڕانەوەکان بخەمە ژێر پرسیار، بەڵام لە ڕاستیدا، دوای ئەو بەسەرهاتەی کە بۆ خۆم ڕووی دا و بۆ زۆر کەسی دیکەش وەدیار کەوت، ئەم پرسیارەم بۆ هاتۆتە ئاراوە کە چۆن دەتوانرێت ڕاستیی ئەم ئیدیعایانە بە شێوەیەکی دروست

هەڵسەنگێندرێت و جیاوازی لە نێوان واقیع و یەکلاییکردنەوەی حیسابەکاندا بکرێت، بە تایبەت ئەو کاتەی کە هەموو یان زۆربەی وەگێڕەکان هەرگیز شوناسی خۆیان ئاشکرا ناکەن و تۆمەتبار تەنانەت دەرفەتی بەرگریکردن لە خۆی نییە. ئەمە گەورەترین کەموکوڕیی یاسایی ئەم بزووتنەوەیەیە، کە بە توندی ئەسڵ و بنەمای بێتاوانی[1] دەخاتە ژێر پرسیارەوە. بێگومان دەزانم لێرەدا ڕێگەیەکی ئەوتۆمان بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان نییە و دیارە زۆربەی خەڵک لە جیهاندا تەنیا گرنگی بە گێڕانەوەکان دەدەن و پشتڕاستکردنەوە و حەقیقەتبوونی بە لایانەوە گرنگییەکی ئەوتۆی نییە.

بەڵام ئەو خوێنەر و هۆگرانەی کە ئارەزووی خوێندنەوەی ئەم بەشەی ژیاننامەکەمیان هەیە و پێیان خۆشە لە وردەکاری و چەند و چۆنیی ڕووداوەکانی پەیوەست بە بزووتنەوەی میتوو ئاگادار بن، دەتوانن چاپی فارسی و ئینگلیزیی ئەم ژیاننامە (وەک سەرجەم بەرهەمەکانی دیکەم) بە خۆڕایی لە سەر ماڵپەڕی تایبەتیم (ماڵپەڕی کامیل ئەحمەدی) و دەزگای بڵاوکردنەوەی ئاڤای بووف وەدەست بخەن و بە زمانی سەرەکی یان بە یارمەتیی نەرمامێرەکانی وەرگێڕان، بە شێوازی وەرگێڕدراو بیخوێننەوە.

جێی ئاماژەیە کە لە چاپی فارسی و ئینگلیزیدا، کۆی باس و بابەتەکانی تایبەت بە بزووتنەوەی میتوو و لاپەڕەی فێمینیستیی بیدارزەنی لە دووتوێی بەشێکی جیاوازدا بە تیروتەسەلی باسکراون و هەر یەک لەو گێڕانەوە و تۆمەتانەی کە ئاراستەم کراون سەرەتا شیکراونەتەوە و دوای تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندنێکی هەمە لایەنە بە پێی کۆمەڵێک پێوەری لۆژیکی، گێڕانەوەناسانە و میدیایی وڵام دراونەتەوە و خراونەتە بەر لێکدانەوە و قەزاوەتی ڕای گشتی.

لە ئەنجامدا سەرەڕای ئەم هەموو سەغڵەتی و سەختییە خۆڕاگریم نواند و سەرباری ئەوەی لە ژێر باری جەوری زەمانە پشتم چەمابوو، بەڵام سەرم نەوی نەکرد و لەو ڕۆژە ڕەشانەدا بەردەوام بیرم لە دواهاتوو دەکردەوە.

هەموو هێما و نیشانەکان ئاماژەیان بۆ ڕۆیشتن دەکرد، بەڵام پێم خۆش نەبوو بڕۆم. من دەمویست جارێکی تر هەوڵ بدەم و ئەم ئومێدە بێهودەیەم هەبێ کە بتوانم لە ئێران درێژە بە کارکردن و ژیان بدەم. بەڵام وەک هەمووان چاوەڕێیان دەکرد و منیش لە قووڵایی دڵمەوە هەموو شتێکم بۆ ئاشکرا ببوو، ڕاگەیاندنی حوکمی سەرەتایی دادگا بە پارێزەرەکەم، هەموو شتێکی ڕوون کردەوە. دەمزانی کاتێکی زۆرم نییە و دەبێ بڕیاری خۆم بدەم. لە لایەک خاک و جوگرافیا و فەرهەنگ لە ئارادا بوو کە بە هەموو لایەنە

---

١. بنەما (ئەسڵ)ی بێتاوانی یان گریمانەی بێتاوانی، بە پێی مادەی ١١ی جارنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ دەڵێت: " هەرکەسێک کە بە تاوانێک تۆمەتبار دەکرێت، مافی ئەوەی هەیە بە بێتاوان دابنرێت، مەگەر ئەوەی کە تاوانەکەی بە پێی یاسا لە دادگایەکی گشتیدا، کە تێیدا هەموو گەرەنتی پێویست بۆ بەرگریکردن دابین کراوە، بسەلمێنرێت."

بـاش و خراپەکانییـەوە خۆشـم دەویسـت. مەیدانـی توێژینـەوە و ژیانـی پیشـەیی مـن بـوو و لـە لایەکـی تـرەوە جگـە لـە سـەختییەکانی بەسـەربردنی چەنـد سـاڵ سـزای زینـدان و سـزاکانی تـر، قۆزاخـەی خەمـی داهاتـووی منداڵەکـەم گەورەتریـن نیگەرانـی و ئاڵنگاریـیەک بـوو کـە مێشـکمی دەورە دابـوو. مـن نەمدەویسـت و ئـەو مافـەم بـە خـۆم نـەدەدا کـە کوڕەکـەم باشترین سـاڵەکانی ژیانـی بـە حەسرەتـی بینینـی باوکـی بەسـەر ببـا. چـۆن دەمتوانـی ئیدیعـای پشـتیوانی لـە مافـی منـداڵان بکـەم و مافـی منداڵەکـەی خـۆم پشـتگوێ بخـەم؟ ئـیتر وا بـوو کـە ڕۆیشـتنم لـە مانـەوە پـێ بـاشتر بـوو و بـە ڕێگایەکـدا ڕۆیشـتم کـە چیـای قەندیـل وەک یەکـەم وێسـتگە چاوەڕێـی دەکـردم. ئـەو شـاخ و کێوانـە چاوەڕێـم بـوون کـە ڕۆژێ لـە ڕۆژان لـە تەمەنـی تازەلاویمـدا هەوڵـم دابـوو بـە تێپەڕیـن لێیـان هەڵبێـم، بـەڵام قۆڵبەسـت کرابـووم.

ئەمجـارە قەندیلـی پـڕ شـان و شـکۆ یارمەتـی دەدام کـە لـە وەرزێکـی سـاردا بـە سـەر سـینگی شـاخەکانی ئـەودا تێپـەڕم و بگەمـە ئەودیـوی سـنوورەکانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان. دلۆڤانـی نوانـد و لـەو سـەرما و بەفـر و بەسـتەڵەکەدا کـە زۆر جـار هیـوام بـە زیندووبوونـم نەدەمـا، دواجـار توانیـم بگەمـە باشـووری کوردسـتان لـە ئەودیـوی سـنوور و لـە ژێـر چاودێـری و ڕێوشـوێنی ئەمنیـدا لـەو مەترسـیانەی کـە لـە هەرێمـی کوردسـتاندا چاوەڕێمیـان دەکـرد توانیم بـە سـەلامەتی دەربـاز ببـم.

قەندیـل زۆر دلۆڤـان و ئازیـزە، بـەڵام لـەم دنیایـەدا جوگرافیـا لـە پێـش هەمـوو شـتێکەوەیە. جوگرافیـا ئاسایشـی مـرۆڤ و بازنـەی ژیـان و ئازادییەکـەی دیـاری دەکات. مـن وەک هاووڵاتییەکـی بەریتانـی لـە دەرەوەی ئێـران و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان پشـتیوانیم لـێ کـرا بـۆ ئـەوەی لەبـەر حوکمـی سـزای درێژخایەنـی زینـدان، کـە دەزگای دادی ئێـران بـە سـەرمدا سـەپاندبووی، لـە زینداندا پیـر نەبـم.

بەشی یەکەم

لە مەزلەمەی قازی سەڵەواتیدا

یەکەم دانیشتنی دادگام بە دادوەریی قازییەکی زرت و زیندوو

هەفتەی یەکەمی خەرمانانی ١٣٩٩ی هەتاوی (ئەیلولی ٢٠٢٠) سەرقاڵی قۆناغی کۆتایی کۆدکردنی «ئاسەواری چەوساندنەوە لە جیهانی منداڵی»دا بووین و بەشی مەیدانی دواییین پرۆژەی لێکۆڵینەوەمان لە ئێران زۆری نەمابوو و منیش لەگەڵ تیمی مەیدانیدا خەریکی یەکلاکردنەوەی حسیبوکتێبەکان بووم. پێم خۆش بوو هەندێک لە ئەندامانی گرووپەکە لە بەشی یەکخستن و نووسینی کۆتاییدا لە گەڵم بەردەوام بن، بەڵام بۆم دەرکەوت کە ئەوان وەها ویستێکیان نییە و یەک دوو کەسیان داوای زیادکردنی مووچەیان بە بڕێک دەکرد کە لە توانای منـدا نەبوو. چەند کەسێکیان خوێندکاری قۆناغی کۆتایی دکتۆرا بوون و دەبوو تێزەکانیان بنووسن. ئەوانی دیکەش پێیان باش بوو زوو کۆتایی بە هاوکارییەکانیان بێنن، بەڵکوو دۆخی من کێشەیان بۆ دروست نەکات. منیش دۆخی دارایيم دابەزیبوو و بەو بیرۆکەیەی کە ڕەنگە بە زوویی ڕێی زیندان بگرمە بەر، قایمکارانەتر حسێب و کتێبم دەکرد.

پاش ماوەیەک چاوەڕوانی ئاگاداری یەکەم دانیشتنی دادگا کراین و ئێمەش لە کاتی دیاریکراودا گەیشتین، بەڵام سەڵەواتی زۆر ماتەڵی کردین و پاشان دوای ڕادەستکردنی کارتی میللی و پشکنینی جەستەیی، لە بەربەستی بادیگاردەکان (پاسەوانان)ی تێپەڕین. دۆعا و نزاکان گیرا نەبوون و قازی سەڵەواتی ساغ و تەندروست هاتەوە و هیچ ئاسەواری تووشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنای پێوە دیار نەبوو، ئەوە نەبێ کە ماددەی پاکژکەرەوەیان

بـە شـوێنەکەدا دەڕشـاند و ژێلیـان لـە سـەر و دەموچاومـان دەدا. سـەرنجێکی ئەوتـۆی پـێ نـەدام و دوای چـاک و خۆشـییەکی کـورت لەگـەڵ پارێزەرەکـەم، وتـی: " بەڕێز ئەحمـەدی کاتی دادگاییکردنـت هـات. بەهـۆی ڤایرۆسـی کۆرۆنـاوە چەنـد هەفتەیـەک دوا خـرا، بـەڵام ئەمـڕۆ دەبـێ وەڵام بدەیتـەوە" سـەیرێکی دادسـتێنی کـرد و وتـی سـزانامەکەی بـۆ بخوێنـەوە. جارێکی تـر ئـەو سـزانامە گومانـاوی و گاڵتەجاڕانەیـان بـۆ خوێندمـەوە، کـە ئەسـڵەکەیم لـە خـوارەوە هێناوە.

در خصوص اتهام کامیل احمدی فرزند کریم با کد ملی [redacted] و شماره شناسنامه [redacted] صادره از نقده ، متولد [redacted] دارای تابعیت مضاعف ایرانی انگلیسی، فاقد سابقه، متأهل، پژوهشگر، آزاد به قید وثیقه حسب کیفرخواست صادره دائر بر: الف- همکاری با دولت متخاصم آمریکا علیه جمهوری اسلامی ایران. ب- نگهداری یک عدد افشانه گاز اشک آور.

پ- نگهداری یک لیتر مشروبات الکلی خارجی .

ت- نگهداری یک عدد شوکر

«گردشکار»

کامیل احمدی یکی از افرادی است که علی الظاهر تحت عنوان کارشناس ارشد جامعه شناسی و مردم شناسی اقداماتی را در راستای ترویج مبانی غربی و تضعیف قوانین و مبانی شرعی در حوزه خانواده، ازدواج و از طرفی لزوم اقتباس از مبانی غربی و اومانیستی انجام می داد تحت رصد و اشراف اطلاعاتی سازمان اطلاعات سپاه پاسداران انقلاب اسلامی قرار گرفت .

محمد احمدی معروف به کامیل فرزند کریم متولد شهر نقده از توابع استان آذربایجان غربی، از قومیت کرد و اهل سنت می باشد. او در خانواده ای متمول متولد شده و پدر وی کریم احمدی از افراد و بازاریان مشهور استان بوده و حتی در سطح کشور و خارج از کشور داد و ستدهای مالی و تجاری داشته است ، کامیل احمدی به چندین زبان مسلط می باشد و تجربه زندگی در چندین کشور را دارا می باشد؛ او در این باره می گوید:

"بڕیاری دادگا"

سـەبارەت بـە تۆمەتـی کامیـل ئەحمـەدی کـوڕی کەریـم بـە کـۆدی نیشـتمانی -------- لەدایکبـووی نەغـەدە، خاوەنـی دوو ڕەگەزنامـەی ئێرانـی – بەریتانـی، بـێ پێشـینەی تـاوان، خێزانـدار، توێـژەر، بـە دانانـی بارمتـە ئـازادە بەپێـی ئـەو تۆمەتـەی کـە خراوەتـە پاڵـی: ئەلـف - هـاوکاری لەگـەڵ حکومەتـی دوژمنـکاری ئەمریـکا لـە دژی کۆمـاری ئیسلامـی ئێـران ب - هەڵگرتنـی ئیسـپریی گازی فرمێسـکڕێژ

پ: هەڵگرتنی یەک لیتەر خواردنەوەی ئەلکۆلیی بیانی

ت - هەڵگرتنی شۆکرێک

"ڕەوتی کار"

کامیـل ئەحمـەدی یەکێـک لـەو کەسـانەیە کـە بـە ڕواڵـەت لەژێـر نـاوی ماسـتەری کۆمەڵناسـی و خەڵکناسـی، هەنـدێ هەنـگاوی بـۆ بـەرەو پێشبردنـی بنەمـا ڕۆژاواییـەکان و لاوازکردنـی یاسـا و پرەنسـیپە ئیسلامییـەکان لـە بـواری بنەماڵـە و هاوسـەرگیری نـاوە و لـە لایەکـەوە، هـەوڵ دەدا بنەمـا ڕۆژاوایـی و ئۆمانیسـتییەکان بگونجێنێـت کـە خرایـە ژێـر چاودێریـی هەواڵگریـی ڕێکخـراوی ئیتلاعاتـی سـپای پاسـدارانی ئینقلابـی ئیسلامـی.

محەمـەد ئەحمـەدی نـاسراو بـە کامیـل، کـوڕی کەریـم، لەدایکبـووی شـاری نەغـەدەی سـەر بـە پارێـزگای ئازەربایجانـی ڕۆژاوایـە و بـە ڕەچەڵـەک کـورد و سـوننەیە. لـە بنەماڵەیەکـی دەوڵەمەنـد لەدایـک بـووە و باوکـی، کەریـم ئەحمـەدی، بـازاڕی و بازرگانێکـی بەناوبانگـی ئـەو پارێزگایـە بـووە چ لەسـەر ئاسـتی نیشـتمانی و چ لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی مامەڵـەی دارایـی و بازرگانـی هەبـووە. کامیـل ئەحمـەدی شـارەزای چەندیـن زمانـە و ئەزموونـی ژیانـی لـە چەنـد وڵاتێکـدا هەیـە. سـەبارەت بـەم بابەتـە دەڵێـت:

● وێنەی ۴۲۳ – سزانامە

سـەڵەواتی گوتـی: "دەبـێ لەسـەر کاغەزەکانـی دادگا وەڵامـی پرسـیارەکانم بدەیتـەوە. هـەر پرسـیارێکم کـرد، دەبـێ بـە نـووسراوی کـورت و پوخـت وەڵامەکـەی بنووسـیت." بـە هێمنییـەوە ناڕەزایەتـیمان دەربـڕی و گوتمـان: هەمـوو تۆمەتبارێـک مافـی خۆیەتـی کـە لـە وتووێژێکـی

زارەکیـدا هـۆکار و بەڵگەکانـی خـۆی بـۆ قـازی (دادوەر) بخاتـە ڕوو و وڵامدانـەوە بەشـێکی گرنگـی دادگاییکردنـە". ئـەو، ئـەم مافـەی لـە مـن زەوت کردبـوو و دەیویسـت بـە نـووسراوی کـورت وەڵامـی پرسـیارەکانی بدەمـەوە. گومانـم نەبـوو کـە سـیناریۆکە پێـشتر نـووسراوە و ئـەم پرسـیار و وەڵامانـە هیـچ کاریگەرییەکیـان لەسـەر دەرەنجامـی بڕیـاری دادگا نابـێ، بـەڵام نەمدەویسـت شانسـی بەرگریکـردن لـە خـۆم لـە دەسـت بـدەم.

سـەڵەواتی لـە وەڵامـی ناڕەزایەتییەکەمـدا وتـی: دەتوانیـت بـە شـێوەی زارەکـی ڕوونکردنـەوە بدەیـت، بـەڵام گرنـگ ئـەو شـتەیە کـە دەنـووسرێ و پاشـان وتیشـی کـە ئێـرە دادگای ئێرانـە و وەکـوو فیلمـە هۆلیوودییـەکان نییـە دکتـۆر. ئینجـا بـە گاڵتـەوە وتـی: "مەگـەر تـۆ کـورد نیـت؟ کوردێکـی ئـازا و بەجـەرگ نابـێ بترسـێت!" بیسـتبووم خۆشـی خەڵکـی کرماشـانە و هاوسەرەکەشـی واتـە پەروین شـێری خەڵکـی کرماشـان بـوو کـە ئـەم دواییانـە کۆچـی دوایـی کـرد. لـە دانیشـتنەکانی دادگادا باسـی لـەوە دەکـرد کـە لـە سـەرەتای ئینقلابـی ئیسلامیـدا لـە سـەربازگەی جەڵدیانـی پیرانشـار – نەغـەدە سـەربازی کـردووە و زۆر تاریفـی خەڵکـی ئـەو ناوچەیـەی دەکـرد و دەیگـوت مرۆڤـی باشـن. هەروەهـا کەمێکیـش هاوسـۆزی لەگـەڵ ئەرتـەش کـرد کـە بـە لامـەوە سـەیر بـوو، وتـی لـە کاتـی یەکێـک لـە ئۆپەراسـیۆنەکاندا بـە کۆپتـەر هاتـن و ڕزگاریـان کردیـن، ئەگینـا لەلایـەن پێشـمەرگە مەلعوونەکانـی دێموکراتـەوە کۆمەڵکـوژ دەکرایـن. لەنـاکاو بـە تەلەفۆنـی سـەر مێزەکـەی دەسـتی کـرد بـە قسـەکردن، یـان ڕەنگـە وا خـۆی نیشـان دەدا کـە لەگـەڵ کەسـێک قسـە دەکات. خەریـک بـوو سـەبارەت بـە تۆمەتـی دەسـتدرێژی و ئازاردانـی سێکسـی ڕوونکردنـەوەی بـۆ کەسـێک دەدا. دەیگـوت: "حاجـی ئـەم دۆسـییەم بـۆ ئێـوە نـاردووە، ئەمـە مامۆسـتای زانکـۆ و پارێـزەرە، خەڵکـی کرماشـانە. ئەیچـی، بەڵـێ ... مـن دەیناسـم، ئـەم شـانزە خوێنـدکارە کچـەی بـۆ تێـز و ڕاوێـژکاری بردۆتـە ژوورەکـەی خـۆی و دواتـر دەسـتدرێژیی کردۆتـە سـەریان ... ئەمـە دۆسـییەکەی مونکەراتییـە، حوکمەکەی حـەددە. بەڵـێ شـانزە حاڵەتـی دەسـتدرێژیی سێکسـی لـە دۆسـیەکەیدایە ..."

مـن سـەرم سـوورِ مـا. سـەیرێکی پارێزەرەکەمـم کـرد کـە بـە سەرسـامییەوە خەریکـی شـیکردنەوەی دۆخەکـە بـوو و نوێنـەرە ڕیشـنەکەی دادسـتێن زەردەخەنەیەکـی قێزەونـی لـە سـەر لێـو بـوو. ڕەفتـارە گاڵتەجاڕییەکانـی زیاتـر دڕدۆنگـی کـردم کـە ئایـا ئـەم بـە تەلەفـۆن قسـەکردنە شـانۆییە و بـۆ تۆقاندنـی منـە؟ دیسـان نیگـەران بوومـەوە، "ئـەی خوایـە مـن بـە تۆمەتـی سیاسـی هاتوومەتـە دادگا، نـەکا ئەمجـارە بە تۆمەتی دەسـتدرێژیی سێکسـی زیندانیم بکـەن؟" چیـم بەسـەر دێ؟ بـە لامـەوە پرسـیار بـوو کـە لـە نـاو جەنگـەی دانیشـتنی دادگاییکردنمـدا بـاس لـە مامۆسـتایەکی زانکـۆ کـە شـانزە تۆمەتـی ئازاردانی سێکسـی خراوەتە پاڵـی، بڵێـی مانـای چـی بێـت؟ دوای ئـەوەی هاتینـە دەرەوە پرسـیارم لـە پارێزەرەکـەم کـرد، ئەویـش نەیدەزانـی مەبەسـتی قـازی سـەڵەواتی لـەم کارەی چـی بـوو. هـەر دووکمان حەپەسـا

بوویـن. دوای ئـەم نمایشـە، دانیشـتنی دادگاکـەم دەسـتی پێکـرد و سـەڵەواتیش وەکـوو

ابوالقاسم صلواتی

مقاله بحث خواندن ویرایش نمایش تاریخچه ابزارها ۳ زبان

ابوالقاسم صلواتی (زادهٔ ۲۵ تیر ۱۳۴۶) معروف به **قاضی صلواتی**، قاضی بلندپایهٔ ایرانی است که به‌عنوان رئیس شعبهٔ ۱۵ دادگاه انقلاب اسلامی تهران و دادرس علی‌البدل دادگاه‌های عمومی تهران فعالیت می‌کند. او در اواخر دههٔ ۱۳۸۰ تا به امروز قاضی دادگاه‌های حساس و مخصوص بوده‌است. او توسط ایالات متحده آمریکا و اتحادیهٔ اروپا به دلیل نقض گسترده و شدید حقوق شهروندان ایرانی مورد تحریم قرار گرفته‌است.

پیشینه [ویرایش]

ابوالقاسم صلواتی

صلواتی در دادگاه متهمان به کودتای مخملی، ۱۳۸۸

زادهٔ	۲۵ تیر ۱۳۴۶ (۵۷ سال) تویسرکان، همدان، ایران
دیگر نام‌ها	قاضی صلواتی
پیشه	قاضی
همسر	پروین شیری (درگذشته ۱۴۰۲)
فرزندان	۳

ئەبوولقاسم سەڵەواتی

وتار باس خوێندن پێداچوونەوە پیشاندانی ڕێکەوت ئامرازەکان

ئەبووەلقاسم سەڵەواتی (لەدایکبووی ١٦ جۆلای / تەمووزی ١٩٦٧) ناوبراو بە قازی سەڵەواتی ناسراوە، دادوەرێکی پلە باڵای ئێرانییە و وەک بەرپرسی لقی ١٥ی دادگای ئینقلابی ئیسلامیی تاران و دادوەری جێگرەوەی دادگا گشتییەکانی تاران کار دەکات. لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ١٤ هەتاویدا و هەتا ئێستاش دادوەری دادگا هەستیار و تایبەتەکان بووە. ناوبراو بە تۆمەتی پێشێلکردنی بەربڵاو و توندی مافی شارۆمەندانی ئێرانی لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپاوە سزای بەسەردا سەپێنراوە.

پاشخان [دەستکاری]

سەڵەواتی لە دادگای تاوانبارانی کوودەتای مەخملی، ١٣٨٨ هەتاوی (٢٠٠٩)

ساڵی لەدایکبوون	٢٥ پووشپەڕی ساڵی ١٣٤٦ هەتاوی (١٦ جۆلای / تەمووزی ١٩٦٧)
تەمەن	٥٧ ساڵ
	تووبسرکان، هەمەدان، ئێران
ناوی دیکە	قازی سەڵەواتی
پیشە	دادوەر یان قازی
هاوسەر	پەروین شێری (٢٠٢٣ مرد)
دوو منداڵی هەیە	

● وێنەی ٤٢٤- لاپەڕەی سەڵەواتی لە ویکیپێدیا

بازپورسـی زیندانـی ئێڤیـن واتـە قەناعەتـکار پرسـیاری لـە سـەر خەتەنەکردنـی ژنـان و کچـان کـرد و بـە وردی گوێـی لـە ڕوونکردنەوەکانـم گـرت و ئەمـەش کەمێـک هیـوای پێبەخشـیم کـە ڕەنگـە حوکمێکـی دادپەروەرانـە چاوەڕێـم بـکات. پرسـیارەکانی دیکـەی زۆر کـورت بـوو، دڵنیـا بـووم کـە وەڵامـە زارەکییەکانمـی بەهەنـد وەرنەدەگـرت و تەنیـا زوو زوو دەیگـوت: "بنووسـە، بنووسـە. زووکـە درەنگـە!" کـە دەشمنووسـی دەیگـوت وڵامـی زۆر دوور و درێـژ مـەدەرەوە.

هەڵبـەت پێـشتر پارێزەرەکەشـم هۆشـداری پێـدا بـووم کـە دەبـێ وەڵامـی کـورت بنووسـم، چونکـە وەڵامـی دوور و درێـژ پرسـیاری زیاتـری لێدەکەوێتـەوە و لەوانەیـە لـە بەرژەوەندیـی منـدا نەبێت.

گرنگتریـن پرسـیارەکان سـەبارەت بـە بوودجـەی توێژینـەوەی خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان و هـۆکاری ئەنجامـی توێژینـەوەی هاوسـەرگیریی منـداڵان بـوو و ئەویـش بـە هەمـان پرۆسـەدا تێپـەڕی کـە بازجـوو و بازپـورس پێیـدا ڕۆیـشتن. کاتێـک هاتـە سـەر پرسـی هاوسـەرگیریی منـداڵان تەنانـەت تۆنـی دەنگـی گـۆڕا و بـە تووڕەییـەوە وتـی: "تـۆ بـۆ بەرزکردنـەوەی تەمەنـی هاوسـەرگیری لۆبیگەریـت بـۆ ئەندامانـی مەجلیـس کـرد. پێـت وا بوو ئێمـە هیـچ زانیارییەکمان لەسـەر تـۆ نییـە؟ بـە درێژایـی ئـەم مـاوە تـۆ و هاوکارەکانـت لـە ژێـر چاودێریـدا بـوون. وتمـان لەوانەیـە لـەم ڕێبـازە هەڵـە هەڵبگەڕێنـەوە، بـەڵام بینـیمان پێوەنـدی و ئامانجەکانتـان زۆر زیاتـر لەمانەیـە و بەنیـازن زەبـر لـە حکوومەتـی کۆمـاری ئیسلامیـی ئێـران بووەشـێنن و نـەرم نـەرم بیڕووخێنـن. دەزانـی تـۆ چەندەمیـن سـیخوڕی کـە لـە ژیانمـدا دادگایـی دەکـەم؟ هەمووتـان لـە یـەک ڕەگـەزن و وەکـوو یـەک ئیشـتان کـردووە." دواتـر دەسـتی کـرد بـە ناوبردنـی دۆسـییە و کەسـانی تـر: "وا دەزانـی دۆسـییەکەت لەگـەڵ نازەنیـن زاغـەری کـە بەنـاوی ڕۆژنامەگەرییەوە گەنجانـی بـۆ وڵاتەکـەت واتـە بەریتانیـا ڕادەهێنـا لەگـەڵ تۆ فەرقـی هەیە؟ پێـت وایـە بارودۆخی خاتـوو زاغـەری چەنـدە بـاشترە لـە سـیامەک نەمـازی و باوکـی کـە بـە سـیخوڕی و بایکۆتکردنی دەوا و دەرمـان ئێمەیـان بەدبەخـت کـرد؟ ئەوەنـدە باسـی ژینگەپارێزانیـان کـردووە و کەس ناڵێ چـۆن شـوێن و زانیارییـە ناوەکییەکانمانیـان فرۆشـت ... هەمووتـان سـەروبنی یـەک قوماشـن و لـە یـەک شـوێن و یـەک ڕێبـازەوە ئاراسـتە دەکرێـن." بـەردەوام قسـەی دەکـرد و فیـزی ئـەوەی لـێ دەدا کـە چـۆن دادی هەمـوو ئێمـە خائینـان دەدات! زیاتـر لـە دانیشـتنی تێگەیاندنـی زۆرەملـی دەچـوو نـەک دادگا و مـن بـۆم نەبـوو قسـە بکـەم. بـە تووڕەییـەوە ڕووی لـە مـن وەرگێڕا و بـە ڕەئیسـیانی گـوت: "بۆچـی دەڵێـن سـەڵەواتی قازیـی سـێدارەیە؟ بۆچـی ئـەم ناوانـەم لـێ دەنێـن؟ بـە درێژایـی سـاڵانی دادوەریـم، سـەدان کەیسـم دادگایـی کـردووە. چەندیـان سـزای سـێدارەیان بـە سـەردا سـەپێنراوە کـە میدیـاکان و هاوڕێکانتـان پێـم دەڵێـن قازیـی سـێدارە و لاپەڕەیەکـی ویکیپیدیایـان بـۆ کردوومەتـەوە؟[1] بـۆ باسـی ئـەو کەیسـانە ناکـەن کـە ئـازادم کـردوون؟ بۆچـی باسـی ئەوانـە ناکـەن کـە وەبـەر میهرەبانیـی ئیسلامـی کەوتـوون؟" دیسـان ڕووی لـە مـن کـرد و وتـی: "ئـەم مافـی مرۆڤەتـان لـە کـوێ هێنـاوە، ئـەم مافـی ژنـەی کـە باسـی دەکـەن، چ ئەنجامێکـی لـێ کەوتۆتـەوە؟ سـەیری ئـەم قسـە و قسـەلۆکانە بکـەن کـە سـازتان

١. ابوالقاسم صلواتی، دانشنامه ویکیپدیا:
ابوالقاسم_صلواتی/www.fa.wikipedia.org/wiki

کـردووە! ئاغـای خەڵکنـاس تـۆ کـە دەڵێـی لـە توێژینەوەکانمـدا میانڕەویـم ڕەچـاو کـردووە! ئایـا مـن هـەر قـازی سێدارەم؟ نەخێـر، مـن هـەر قـازی سێدارە نیـم!". ئەگـەر دەروونشـیکارێک لـە جیاتـی مـن لـە هۆڵـی دادگا دانیشـتبا، بـاشتر دەیتوانـی لێکـی بداتـەوە کـە قـازی سـەڵەواتی بـەو حوکمانـەی کـە سـەپاندوویەتی چەنـدە زیانـی بـە ڕۆح و دەروونـی خـۆی گەیانـدووە.

بـە قسـەکانیدا دڵنیـا بوومـەوە کـە تاکـە کێشـەی یاسـاییان ئەوەیـە مـن لـە ڕێکخـراوی ناحکوومیـی هیڤـووس پـارەم وەرگرتـووە. دیـارە ئەم تۆمەتـەش یاسـایی نەبوو. چونکـە ماوەیەکی زۆر دوای هاوکارییەکانـم، پێوەنـدی لەگـەڵ ئـەم ڕێکخـراوەدا بـە تـاوان زانـرا. ئەڵبـەت پێویسـت نەبـوو بـۆ هـاوکاری لەگـەڵ ئـەم ئێن.جی.ئۆیـە بـە تاوانبـار بزانرێـم چونکـە بـە ئـارەزووی خۆیـان ڕەفتاریـان دەکـرد. مـن کەوتبوومـە نـاو سـووڕێکی سـەقەتەوە کـە بازجـوو، بازپـورس و قـازی و بە کورتـی هەمـوو کەسـانی پێوەندیـدار دەیانگـوت کـە مـن بـە ئامانجێکی پێـشتر پلان بـۆ دارێژراو هاتوومەتـە نـاو ئێـران و ئەرکـی چەنـد گۆڕانکارییەکـم پـێ سـپێردراوە و دواییـن ئەرکەکانیشـم پەرەپێدانـی هاوڕەگەزخـوازی و پارچەپارچەکردنـی ئێـران بـوو، کـە ئەویـش لـە چوارچێـوەی ئـەو دوو پـڕۆژەی لێکۆڵینەوەییـەدا بـوو کـە قسـەم لەسـەر کـرد. هەمـوو توێژینەوەکانمـی لـە سـەر مێزەکـەی دانابـوو. هەمـوو لێکۆڵینـەوە و دیکۆمێنتارییەکانـی کەیسـەکەم پرینتـی ڕەنگـی لـێ هەڵگیرابـوو و لـە سـەر مێزەکـەی بـوو، کـە بـە گشـتی ببـوو بـە چـوار دۆسـییەی ئەسـتوور و ژمارەیـەک کتێـب و نامیلکـە و وتـار.

قـازی سـەڵەواتی زۆر بیرتیـژ و زیـرەک بـوو و زانیارییەکی باشـی لە سـەر دۆسـییەکەم هەبوو. هەروەهـا زانسـت و زانیارییـە گشـتیەکانی لـە ئاسـتێکی بـاڵادا بـوو و بـە چـاوی خـۆم بینیـم کـە چـۆن هەوڵـی دەدا بـە بەڵگـەی درۆ تۆمەتبـار کیـش و مـات بـکات. کۆبوونـەوەی ئـەو ڕۆژەی دادگا سـێ کاتژمێـری خایانـد و نەیهێشـت زۆر قسـە بکـەم. تەنهـا پەیتـا پەیتـا گاڵتـەی پێـم کرد و تانـە و توانجـی لێـم دەدا. سـەبارەت بـە خەتەنەکردنـی کچـان و ژنانیـش سـەرباری ئـەوەی نەیتوانـی بەرگـری لـێ بـکا، بـەڵام ڕاشـکاوانە وتـی: "تـۆ چـت داوە کـە خەڵـک بـە پێـی داب و نەریتـی خۆیـان کچەکانیـان خەتەنـە دەکـەن؟" و کاتێـک باسـی هاوسـەرگیریی منداڵانـی کـرد، دەتگـوت بازجووەکـەم سـەید یـان پشـکنەر-توێژەرەکەم، سـینا کەلهـوورِ بـوو: "تـۆ بـۆ لـە نـاو کایـەی سێکسـی و ژیانـی نهێنیـی خەڵکـدا خـۆت هەڵدەقۆرتێنـی و بـە تـۆ چـی خەڵکـی کـەی هاوسـەرگیری دەکـەن؟ چاکـە و بەرژەوەندیـی منـداڵ لـە لایـەن ئاییـن و یاسـادانەرانەوە دیـاری کـراوە. بـە تـۆ چـی دایـک و بـاوک کچەکانیـان کـەی دەدەن بـە شـوو؟ دڵخۆشـیی دایـک و بـاوک کاتێکـە کـە منداڵەکەیـان دەچێتـە ماڵـی مێـرد." ئەڵبـەت ئـەم بەشـەی قسـەکانی دروسـت بـوو، گوتـاری ئایینـی، بـە هاوکاریـی پێکهاتـەی یاسـایی، شـەرعیەتی بـە هاوسـەرگیریی منـداڵان دەدا و عەقڵیەتـی کۆمەڵـگا و ڕوانگـەی باڵادەسـتی بنەماڵـەکان، ئـەم خەسـارەی بـە دیاردەیەکـی ئەرێنـی و ئاسـایی دەزانـی.

ئینجا بـە تووڕەییەکـی زیاتـرەوە وتـی: "بۆچـی چوویتـە سـەر بابەتـی وەکـوو هاوسـەرگیریی سـپی و هاوڕەگەزخـوازەکان[١] کـە ئەوانـە نەنگـی کۆمەڵـگای ئێمـەن؟ لـە هیـچ ئایینێکـدا تێڕوانینێکـی ئەرێنییـان بـۆ ئـەم جـۆرە ڕەفتارانـە نییـە و لـە قورئانیشـدا بـۆ ئیدانەکردنـی ئـەم بابەتـە سـوورەتێک دابەزیـوە. لانیکـەم لەبـەر ڕێزگرتن لـە قورئـان و ئەهلی بەیتیش بووایـە نەدەبا تخوونـی ئـەم بابەتانـە کەوتبـای!" قسـەکەی ئـەوە بـوو کـە تـۆش دەبـا هـەر ئـەو کارەت کردبـا کـە کۆمەڵگـەی ئایینـی و حکوومـەت لـە سـاڵانی دوای ئینقلابـی ئیسلامیـی ئێـران کردوویانـە و ئـەم کەسـانەیان پشـتگوێ خسـتووە. نەیهێشـت قسـە بکـەم و بڵێـم توێژینـەوەی "چیرۆکـی شـاری قەدەغەکـراو" سـەبارەت بـە کەسـانی ناهاوسـان (هاوڕەگەزخـواز)، بـۆ پەسـەندکردن و نکۆڵـی یـان پەرەپێدانـی ناهاوسـانی نییـە. قـازی سـەڵەواتی سـوور بـوو لـە سـەر ئـەوەی کـە جەوهـەری ئـەم لێکۆڵینـەوە لـە شـان و پێگـەی کۆمەڵـگای ئیسلامیـی ئێـران ناکاڵێتـەوە و لێکۆڵینـەوەی لـەم جـۆرە، بۆتـە بابەتـی ڕاپۆرتـی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و ئامرازێـک بـۆ شـەرمەزارکردن و ڕەخنەگرتـن لـە ئێـران. روانگـەی جیاوازمـان بـۆ پرسـەکان هەبـوو، قـازی سـەڵەواتی ئایدۆلۆژیکانـە بڕیـاری دەدا و عەقڵـی پێنەدەشـکا کـە مـن بـە خوێندنەوەیەکـی خەڵکناسـانە قەتماغـەی کێشـەکانی کۆمەڵـگای ئێرانـم هەڵداوەتـەوە. لـە بنەڕەتدا ئـەو دادگایە فۆرمالیتـە و ڕووالەتبازانـە بـوو، هەرچەنـدە مـن و پارێزەرەکـەم هیوادارانـە بەربەرەکانـێمان دەکرد بـەڵام ئـەوەی ڕاسـتی بـێ قـازی بـۆ گوێگرتـن لـە بەرگرییەکانمـان لـەوێ نەبـوو.[٢]

قـازی سـەڵەواتی ئیدیعـای ئـەوەی دەکرد کـە ڕێکخراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان نوێنەرایەتـی ئەمریـکا دەکا و وتـی: "هـەر کەسـێک پـارەی زیاتـر لـەم ڕێکخـراوەدا خـەرج بـکا، دەسـتی زیاتـر دەڕوات". بـۆ ئـەم قسـەیەی لەگەڵیـدام، دەسـەڵات و هەژمونـی چەنـد وڵاتێکـی ڕۆژاوایـی لـەو ڕێکخراوەیـە و سـوودمەندبوونیان لـە مافـی ڤیتـۆ جیاکارییەکـی ئاشـکرا و حاشـاهەڵنەگرە، بەڵام مـن نـە نوێنـەری ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـووم و نـە لێکۆڵینـەوەم بۆیـان دەکـرد. ئـەو ڕۆژە مـن زیاتـر بیسـەر بـووم و قـازی سـەڵەواتی گاڵتـەی بـە وەڵامـە ناوبەنـاو و کورتەکانـم دەکـرد. ئایـا ئـەم ڕەفتـارە کاریگەریـی دەروونـی لەسـەر مـن دانەدەنـا و نەدەبـووە هـۆی ئـەوەی کـە نەتوانـم بەرگرییەکـی بـاش لـە خـۆم بکـەم؟ بیگومان کـە هـۆکار بـوو . وردە وردە تێگەیشـتم کـە ئـەم شـێوازە تاکتیکـی ئـەو بـووە بـۆ ئـەوەی متمانەبەخۆیـی تۆمەتبـار کـەم بکاتـەوە. بـە پرسـیارێکی گشـتی دەسـتی پێدەکـرد و دواتـر دەگەیشـتە سـەر بابەتێـک کـە پەیوەندیـی بـە منـەوە بـوو و وەکـوو بازجـووەکان ئەندازیاریـی پێچەوانـەی بـەکار دەهێنـا. کاتێـک قسـەکانی

١. وەک لـە بەشـی شەشـەمدا باسـم کـرد، هەمـوو بازجـوو و بازپـورس و قازییـەکان زاراوەی هاوڕەگەزبازیان لەبری ناهاوسـان (هاوڕەگەزخـواز) بـەکار دەهێنا.

٢. هەڵسوکەوتی سەڵەواتی لەگەڵ من لە دادگا نموونەی ئەشکەنجەدانی سپی بوو.

تـەواو کـرد، وتـی: "بـۆ ئەمـڕۆ بەسـە. مـن چەنـد دانیشـتنێکی دادگام بـۆ گەندەڵیـی ئابـووری هەیـە و کاتـی ئـەم دانیشـتنە تـەواو بـووە، بـەڵام بـەم زووانـە دانیشـتنێکی دیکەمـان دەبێـت."

لـە کاتـی دادگاییکردنەکـەدا بەڕپرسـی نووسـینگەکەی دوو جـار پێـی گـوت: "لـە هۆڵـی کۆبوونـەوەکان دانیشـتنێکی دادگاتـان هەیـە و ناوەنـدی دەنـگ و ڕەنگـی ئێرانیـش لـەوێ جێگیـر بـووە." بڕیـار بـوو دوای دانیشـتنی دادگاکـەم تۆمەتبارانـی بانکـی سـەرمایە لـە هۆڵـی گـەورەی دادگای ئینـقلاب دادگایـی بکرێـن و هاوبەندییەکانـی بەنـدی ٤ی زیندانـی ئێڤیـن گەیشـتبوونە دادگا. سـەڵەواتی ڕۆیشـت و مـن و پارێزەرەکـەم هاتینـە دەرەوە. لـە ڕەئیسـیانم پرسـی کـە ڕات لەسـەر ئـەم دانیشـتنەی دادگا چـی بـوو و ئەویـش وتـی وەک ئـەوەی پێشـبینی کردبـوو، کەیسـەکە بـەرەو مـادەی ٥٠٨ و تۆمەتـی هـاوکاری لەگـەڵ حکومەتـە دوژمنـکارەکان دەڕوات. هەروەهـا تۆمەتـی وەکـوو هەڵگرتنـی عـارەق و گازی فرمێسـکڕێژ لەبـەر ئـەوە بـە دۆسـییەکەت زیـاد کـراوە کـە ئەگـەر حوکمێکـت هەبـێ، بـە شـێوەی سروشـتی یـەک لەسـەر سـێی ئـەو سـزایە بەسـەرتدا جێبەجـێ دەکـرێ، بـەڵام زیادکردنـی ئـەم سـێ تاوانـە (عـارەق و شـۆکێر و ئیسـپریی بیبـەر) بـە دۆسـییەکەت وا دەکا کـە بێتـاوان دەرنەچـی و بەهـۆی یـەک تۆمەتـەوە لـە کەمکردنـەوەی حوکمەکـەت بـە هـۆی یـەک تاوانییـەوە بێبـەش بکرێیـت. سـەبارەت بـە ورووژاندنـی پرسـی تۆمەتـی سێکسـی، ڕەئیسـیان گریمانـەی ئـەوەی دەکـرد کـە ئەگـەری ئـەوە هەیـە قـازی سـەڵەواتی بیهـەوێ کۆدمـان پێبـدا، بـەڵام هەمـوو شـتێک تەنهـا ئەگەرێـک بـوو و هیـچ بژاردەیـەکمان نەبـوو جگـە لـە چاوەڕوانـی.

کامیل قسە مەکە، بنووسە!

" کامیـل قسـە مەکـە، بنووسـە"، ئـەم دەستەوشـەیە دۆخـی زاڵـی دادگای مـن بـوو. قـازی سـەڵەواتی سـەرقاڵ بـوو و کاتـی بەنرخـی بـۆ دادگاییکردنێـک کـە پێـشتر بڕیـاری لەسـەر درابـوو، تەرخـان نەدەکـرد. بـۆ دادگاییکردنەکانـی دیکـە کاتـی دادەنـا؟ نازانـم... ڕەنگـە نـە. دۆسـییەکانی ژێردەسـتی زۆربەیـان هاوشـێوەی مـن بـوون و بازپـورس و زابیتـەکان لـە پێشـەوە بڕیاریـان لـە قاڵبـی بـە نـاو ڕەوتـی کاردا، نوسـیبوو و خسـتبوویانە بەردەسـتی.

سـەڵەواتی دەسـەڵاتێکی ئەوتـۆی نەبـوو کـە بیهەوێـت کات دابنێـت. پـاش بەڕێوەچوونـی کۆتـا دانیشـتنی دادگام، زۆر شـتم بـۆ ڕوون بـووەوە. دواتـر زانیـم کـە بـە گشـتی دۆخـی دادگا و داواکاریـی گشـتی لـە ئێرانـدا سەیروسـەمەرەیە و مـاف وشـەیەکی بـاوە کـە بـە تێپەڕبوونـی کات لـە واتـا داماڵـراوە.

دوای مانـگ و نیوێـک دەسـتم کـرد بـە قۆناغـی شـیکاریی ناوەڕۆکـی پـرۆژەی شـێوازەکانی کاری منـداڵ. بـە لەبەرچاوگرتنـی ئەولەوییـەت و کارامەیـی زیاتـر، بـە هاوکارانـی قۆناغـی

کۆدکـردن، پێشـنیارم دا کـە لـە هاوکاریکردنـم بـەردەوام بـن. سـێ کـەس داوای حەقدەسـتی چەنـد قاتیـان کـرد و هەروەهـا داوای ڕوونکردنـەوەی زیاتریان لەسـەر پێشـهاتەکانی بزووتنەوەی میتـوو کـرد و دوو کەسـی دیکـەش لـە وەڵامـی داواکارییەکەمـدا گوتیـان "ئێمـە کاری دیکەمـان بەدەسـتەوەیە". ئـەم قسـانە بـۆ مـن کـە هەمیشـە ئەندامـەکان بـۆ هاوکاریکردنـم لـە پڕۆژەکانـدا هۆگریـی خۆیـان دەردەبـڕی زۆر قـورس بـوو و منیـش توانـای ئـەوەم نەبـوو ئـەو بـڕە پارەیـە بـدەم. دوای پـڕۆژەی خەتەنەکردنـی ژنـان و کچـان هەمـوو لێکۆڵینەوەکانـم لەسـەر گیرفانـی خـۆم ئەنجـام دەدا و بـۆ هەمـوو ئـەو کارانـە بوودجەیەکـی سـنووردار و تایبەتـم هەبـوو. بۆیـە بـە هاوکارێکـی دیکـەم، کـە بەئەزمـوون و شـارەزای شـێوازی کارەکـەم بـوو و لـە نزیکـەوە لەسـەر پـڕۆژەی زبڵگەڕیـی منـداڵان لەگەڵمـدا کاری کردبـوو، پێشـنیارم دا و ئەویـش قبووڵـی کـرد و هەتـا ئـەو کاتـەی ئێرانـم بەجێهێشـت لـە پـڕۆژەی جۆرەکانـی کاری منـداڵان بـەردەوام بـووم. لـە هەمـان کاتـدا لەگـەڵ هاوکارێکـم لـە مەشـهەد خەریکـی پڕۆژەیـەک بـووم لەسـەر خەتەنەکردنـی کوڕان/پیـاوان یـان بـە واتایەکـی تـر، خەتەنەکـردن یـان بڕینـی ئەندامـی زاوزێـی پیـاوان. پڕۆژەیـەک کـە بیرۆکـە سـەرەتاییەکەی لـە کاتـی ئەنجامدانـی توێژینـەوەی خەتەنەکردنـی کچـان هاتـە زەینمـەوە، بـەڵام تـا ئـەو کاتـە هەڵـی ئـەوەم بـۆ نەڕەخسـا کـە ئەنجامـی بـدەم. جگـە لـەوەی باسـی خەتەنەکردنـی ژن و پیـاو لـە ڕووی بابەتییـەوە لێـک نزیک بـوون، خەتەنەکردنـی پیـاو پرسـێک بـوو کـە کـەمتر کاری لـە سـەر کرابـوو و بـۆ منیـش گرنـگ بـوو کـە لـە چوارچێـوەی لێکۆڵینەوەیەکـی خەڵکناسـانە و مەیدانیـدا ئـاوڕ لـەم بابەتـە بدەمـەوە.

وەک شـتێ ناخـم بـەردەوام ئـاگاداری دەکردمـەوە کـە کامیـل، لـەوە ناچـێ چەنـد مانـگ

● وێنەی٤٢٥ – کتێبی تیغی نەریت لە ژێر ناوی ئایین "توێژینەوەیەکی دیاردەناسانە سەبارەت بە خەتەنەی کوڕان یان پیاوان لە ئێران"

زیاتـر لـە ئێـران بـی و ئەگەریـش ببـی، لـە زینـدان دەبیـت. هـەر بۆیـە بناغـەی پڕۆژەیەکـم دانـا کـە هاوشـێوەی پڕۆژەکانـی پێشـوو پێویسـتی بـە کاری مەیدانـی نەبـێ و بـە لەبەرچاوگرتنـی ئەو

دۆخەی کە کۆرۆنا بە سەر ئێراندا سەپاندبووی، بە شێوازی نوێی پرسیارنامەی ئۆنلاین جێبەجێ ببێت. من لە مەشهەد هاوکارێکم هەڵبژارد کە دەیتوانی بەشێک لە دیمانەکان بە شێوەی ئۆنلاین ئەنجام بدا و ئەم بەشەی کاری مەیدانیی بە خێرایی تەواو کرد. هەرچەند بۆ ئەم لێکۆڵینەوە دیسان سەردانی مەیدانمان کرد و تەنانەت کاتێکیش گەڕامەوە بۆ لەندەن لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران درێژەمان پێدا. باشی و ئاسانبوونی کاری مەیدانیی خەتەنەکردنی پیاوان لەوەدا بوو کە ڕێژەی حاڵەتەکە زۆر بوو و پێویست نەبوو لە مەیدان بە دوای کەیسی پیاوی خەتەنەکراودا بگەڕێین. زۆربەی پیاوانی ئێرانی خەتەنە کراون و دەیانتوانی لە دیمانەکەدا بەشداری بکەن و وەڵامی پرسیارەکانمان بدەنەوە. هەروەها بەشێک لە کارەکەم پرژاندە سەر ئەو تیۆرییە جیهانییانەی کە لەسەر ئەم بابەتە هەیە. لەو ماوەیەدا جگە لە پرۆژەی کاری منداڵان، پرۆژەی خەتەنەکردنی پیاوانیش بەردەوام بوو و نوسخە فارسییەکەی لە ژانڤییەی ٢٠٢٣ بە شێوازی کتێبی کاغەزی و دەنگی و ئەلیکترۆنی لەلایەن چاپخانەی ئاڤای بۆف لە دانیمارک لە چاپ درا و نوسخە کوردییەکەشی لەلایەن چاپخانەی دانیشفەر لە هەولێری هەرێمی کوردستان چاپ و بڵاو کرایەوە. دەقی ئینگلیزیشی لەلایەن چاپخانەیەکی بەریتانیاییەوە چاپ کرا و لە ئێستادا چاپی دووەمی لە لایەن چاپخانەیەک کە پێشتر توێژینەوەی خەتەنەکردنی ژنانی چاپ کردبوو (Uncut voice) خەریکە لە چاپ دەدرێت.

ئێرە دادگای لاهە نییە!

دوای دوو مانگ لە یەکەم دانیشتنی دادگاییکردنم ، لەگەڵ پارێزەرەکەم چوومە دادگا بۆ دانیشتنی دووەمی دادگاکەم. نوێنەری دادستێن و ئەوانی دیکە وەکوو جاران ئامادە بوون و تەنیا یەک شت گۆڕابوو؛ ئەخلاقی سەڵەواتی. زۆر ڕژد و وشک بوو و زوو زوو دەیگوت قسە مەکە ... تەنها بنووسە. بۆچی ئەوەندەت نووسیوە؟ لە سەری مەچۆ. بە کورتی بنووسە و تەواوی بکە. ڕەئیسیان چەند پرسیارێکی سەبارەت بە پرۆسەی یاسایی دۆسیەکە کرد کە بێ وەڵام مایەوە. سەڵەواتی بێ ئەوەی سەیرمان بکا، وتی: "قسەکانتان دابنێن بۆ دواتر."

تەنیا پرسیاری تەواوکەری لێم دەکرد و زیاتر لە سەر کتێبی "چیرۆکی شاری قەدەغەکراو" قسەی کرد. ئەم لێکۆڵینەوە لە کاتی دەستبەسەربوونم، لە دەرەوەی ئێران لە لایەن چاپخانەی مێهری چاپ کرا، بەڵام بازجووەکان پرینتی نووسخەی کۆتاییان ڕادەستی سەڵەواتی کردبوو. بەردەوام لاپەڕەکانی کتێبەکەی هەڵدەدایەوە و چەند بەشێکی بە دەنگی بەرز دەخوێندەوە. دوای چاوخشاندنێک بە کتێبەکەدا، بە دەنگێکی بەرز وتی: "هەستاوی چوویەتە مەشهەد و تاران و ئیسفەهان قسەت لەگەڵ هاوڕەگەزبازەکان کردووە

بـۆ ئـەوەی خـۆراک بـۆ میدیـای دوژمـن و پەیامنێـری ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان ئامـادە بکەیـت؟ ئـەم هەمـوو پرسـە کۆمەڵایەتییـە هەیـە بۆچـی لەسـەر هـەژاری لـە کوردسـتان یـان بێبەشـی لـە بەلووچسـتان کارت نەکـردووە؟ بۆچـی خـۆت بـەم نەخۆشـە دەروونپەشـێوانەوە سـەرقاڵ کـردووە؟ ئەگـەر تـۆ نیـازی ڕووخاندنـی حکوومەتـی کۆمـاری ئیسلامـی و گۆڕینـی ڕوانگـەی ئێرانـی - ئیسلامیـت نییـە و ناتهـەوێ سروشـتی سێکسـیی گەنجـان بگـۆڕی، بۆچـی توێژینـەوەت لـە سـەر هاوڕەگەزبـازەکان کـردووە؟ چیرۆکـی شـاری قەدەغەکـراو یانـی چـی؟ قەدەغـە یانـی چـی؟" لـە ڕفتـار و قسـەکردنی سـەڵەواتی وا دەردەکـەوت کـە گەرەکیەتـی حوکـم بـدات و نیـازی وایـە مـن بـە دژایەتیکردنـی ڕژێمـی کۆمـاری ئیسلامیـی ئێران و ئایین تاوانبار بکات.

• وێنەی ٤٢٦ – کاری مەیدانی سەبارەت بە هاوسەرگیریی منداڵان، گوندەکانی ئەهواز، ١٣٩٥ی هەتاوی (٢٠١٦)

سـاڵانێک بـوو مـن و هاوکارانـم هـەوڵمان دەدا سـەرنجی کۆمەڵـگا و یاسـادانەران بـەرەو لای گرووپـە خەسـارهەڵگرەکان بەتایبـەت منـداڵان ڕابکێشـین، بـەڵام ئەنجامەکـەی ئـەوە بـوو کـە تۆمەتـی قورسـی هەوڵـدان بـۆ دژایەتیکردنـی حکوومەتـی ئایینـی و خسـتنە ژێـر پرسـیاری شـەرعیەتەکەییان خسـتە پاڵـم. وەڵامـی قسـەکانیم دایـەوە، بـەڵام دیسـانیش وتـی: " لە سـەری مەچـۆ، بنووسـە". نەمتوانـی بێدەنـگ بـم و بـە کەمێـک تووڕەییـەوە گوتـم: " تـۆ تۆمەتـی زارەکـی دەخەیتـە پاڵـم و دەبـا منیـش لانیکـەم وەڵامێکـی زارەکیـت بدەمـەوە، تـۆ دەڵێـی بۆچـی باسـت لـە پرسـە کۆمەڵایەتییەکانـی دیکـە نەکـردووە؟ خەتەنەکردنـی ژنـان و هاوسـەرگیریی منـداڵان کـە جـاری پێشـوو وتـت بـۆ دوژمـن کردوومـە، لـە ئەنجامـی بێبەشـی و هەژاریـی فەرهەنگـی لـە بەشـێکی کوردسـتان ڕوو دەدات. تـۆ دەپرسـی بۆچـی نەچوومەتـە سیسـتان و بەلووچسـتان؟ چـۆن نەچـووم؟ هیـچ دەزانـی ڕێـژەی هاوسـەرگیریی منـداڵان لـە پارێـزگا بێبەشـەکاندا زیاتـرە و یەکێکیـان پارێـزگای سیسـتان و بەلووچسـتان بـوو، بـەڵام تـۆ توێژینـەوەش بـە پیلانگێـڕی دەزانـی و دەڵێـی ئـەو هەمـوو خەسـارە کۆمەڵایەتییـە هەیـە، بۆچـی نەچـووی ئـاوڕ لـەوان بدەیتـەوە؟ چـووم؛ ئیشـم لـە سـەر سـیغەی مەحرەمێتـی، شـوناس و ئێتنیـک و ... کـرد بـەڵام ڕووم لـە هـەر بواریـک نـا، بـە تـاوان لـە قەڵەمتـان دا و ئـەوە پیشـان دەدا کـە ئەگـەر پەنجـە لـە

سەر هەر بواریک دادەنیم بە بۆچوونی ئیوە کاریکی سەرپیچیکارانەیە."

وەک شتێ هیچی پێ نەما، بەڵام نەیویست کەم بێنێ و وتی: "بۆچی بێبەشی بە هاوسەرگیریی منداڵان ڕوون دەکەیتەوە؟ دەتهەوێ ڕێژەی حەشیمەتی موسڵمانەکان لە بەرژەوەندی ئیسرائیل کەم بکەیتەوە؟" چووە ناو قسە و باسی ناو ڕۆژنامەکانی کەیهان و جەوان و بۆچوونی بازجووەکانمی دووپات کردەوە. کاتێک خۆی زانی قسەکانی هیچی بە سەر هیچەوە نییە، وتی: " ئەم توێژینەوەیەی وا لە سەر هاوڕەگەزبازان کردووتە، ڕوون بکەرەوە، ئەوەی دیکە بۆ دوایی ...." و ڕووی لە نوێنەری دادستێن کرد و وتی: "ئەستەغفیرەڵڵا .... لەم پیشەدا پیاو دەبێ ناوی هەموو شتێک بهێنێتە سەر زمان و قسەی لە سەر بکا، هاوڕەگەزبازی کە ئاغای توێژەر بە هاوڕەگەزخوازی و ناهاوسانی ناوی دەبا، چییە وا یەکێک دەبێتە هاوڕەگەزباز و ئەوی دیکەیان لێکۆڵینەوەی لە سەر ئەنجام دەدا و ڕێکاری یاسایی بۆ دەخاتە ڕوو؟!"[1] بە کورتی بۆم ڕوون کردەوە کە ئێمە لەسەر بنەمای زۆریی حەشیمەتی کۆمەڵگەی ئامانج پارێزگاکانمان هەڵبژارد و لەسەر بابەتێک ئیشمان کرد کە بوونی هەیە. وتم تۆ جۆرێ قسە دەکەی کە ئێمە ئەم ئامارەمان لە گیرفانمان دەرهێناوە و بە درۆ شتێکمان هەڵبەستووە و بڵاومان کردۆتەوە، کەچی ئەم کەسانە لە ناو ئەم کۆمەڵگەیەدا بوونیان هەیە. قازی سەڵەواتی نکۆڵی لە بوونی ناهاوسانان و هاوڕەگەزخوازانی ناو کۆمەڵگای ئێران کرد و منیش بە پشتبەستن بە دۆزینەوەکانمان لەگەڵیدا مشتومڕم کرد. خۆ من دەمزانی هیچ سوودێکی نییە، خۆیان لە من باشتر دۆخەکەیان دەزانی و بەرژەوەندییە ئایدۆلۆژییەکانیان ڕێگەی نەدەدا ڕاستییەکان بدرکێنن.

تاقەتی گوێگرتنی نەبوو، بۆیە بە چەند ڕستەیەکی جەختکەرەوە و تووڕەییەکی ساختەوە کۆتایی بە باسەکەی هێنا و دوا پرسیارەکەی لە سەر ئیسپریی بیبەر و شۆکێر و بوتڵی عارەق بوو. بۆ ئیسپریی بیبەر و شۆکێر ڕوونم کردەوە کە لە خەڵوەتی دامنابوو و ئیشم پێی نەبوو. بۆ ئیسپریی بیبەرەکەش وتم هی خێزانمە و تەنانەت ماوەکەشی بەسەر چووە. شۆکێرەکە مۆڵەتدار بوو و هی دووکانەکەی باوکمە کە ئەویش کۆنەیە و بەکار نایە. نیو بوتڵ کحولەکەش هیچ پێوەندییەکی بە کەیسەکەمەوە نەبوو و نە پێوەندی بەم دادگایەوە هەیە. ئەمانە مەخەنە ناو دۆسییەکەمەوە. وتم خۆتان باش دەزانن ئێستا زۆرێک لە خانمان بەهۆی نائەمنیەوە ئیسپریی بیبەر دەخەنە جانتاکانیانەوە و ئەم ئیسپرییە هی

---

١. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە لەم دواییانەدا، تۆمەتی هاوڕەگەزخوازبوونی بەڕێوەبەری گشتیی ئیدارەی ئیرشادی گیلان و چەند بەرپرسێکی دیکە لە هەموو شوێنێک بڵاو بۆوە و سرت و خورتی هاوڕەگەزخوازبوونی هەندێک لە بەرپرسانی دیکەش دەبیسترێت. کەسانی نزیک لە حکومەت بێدەنگن یان دەڵێن فڵان کەس کچی عازەبی هەیە و قسەی لە سەر مەکەن! ئایا باقی ئەوانەی لەسەر هەمان هۆگریی سێکسی خراونەتە زیندان و ئەشکەنجە دەدرێن و حوکمیان بەسەردا دەسەپێندرێ خانەوادەیان نییە؟

ساڵی ١٣٨٩ی هەتاوییە (٢٠١٠) و ماوەکەی بەسەر چووە و ئەویش لە وڵاممدا وتی: "تۆ کوردێکی ئازا و بەجەرگی، یانی چی ئەمە هی ژنەکەمە، ئەم کارە لە کوردێک ناکاڵێتەوە. بێژە هی خۆمە و لەبەری دەرمەچۆ!" مەسەلەکەی بە غیرەتی ئێتنیکی و نەتەوەییەوە گرێ دا بۆ ئەوەی پیاوەتیم ببزوێنێ کە دۆسیەی یاسایی لەسەر ژنەکەم تۆمار نەکرێت.[١] ئەوەندە قەڵس بووم کە زەردەیەکی تاڵم هات و گوتم باسی خاوەندارێتی ناکەم ئێوە ئەم ئیسپریی ببەرەتان لە ڕیزی تۆمەتەکانمدا داناوە و دەتانهەوێ حوکمی بۆ دەربکەن.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا نۆرەی ڕەئیسیان گەیشت. پێم وا بوو بەرگریی کۆتاییم هاوشێوەی ئەو بەرگرییەیە کە لە خولی وەرگێڕانمدا لە دەزگای دادی بەریتانیا یان لە فیلمەکاندا بینیبووم. پارێزەر بەیاننامەیەکی دوور و درێژ دەخوێنێتەوە و بەناو هۆڵی دادگادا دەسووڕێتەوە و وردەکارییەکانی دەخاتە ڕوو و تۆمەتەکان دەخاتە بەر ئاڵنگاری. ڕەئیسیان ویستی لە سەرەتاوە قسە بکا کە قازی سەڵەواتی وتی: "ئێرە دادگای لاهە نییە، دەتهەوێ چی بڵێی کورت و پوخت بینووسە." ڕەئیسیان لە وڵامدا وتی وەک پارێزەرێک مافی ئەوەم هەیە بەرگری لە بریگرتەکەم (موکلەکەم) بکەم. تۆ لە دوو دانیشتنی چەند کاتژمێریدا ئەحمەدیت دادگایی کرد و ئێمە بەردەوام چاوەڕێی ئەوە بووین کە بەرگری لە خۆمان بکەین." سەڵەواتی وتی: "لایەحە بنووسە و ڕادەستی بکە، بۆچی کاتی دادگا دەگری؟" سەرەکیترین بەشی دادگا کە بەرگریی کۆتاییە، قازی سەڵەواتی پێی کات بەفیڕۆدان بوو.

نوێنەری دادستێن پەیتا پەیتا سەیری کاتژمێرەکەی دەکرد، ئەمەش مانای ئەوە بوو کە پەلەمە و بەرپرسی نووسینگەی قازی سەڵەواتی ئاگاداری دەکردینەوە کە کاتی دادگای دۆسیەی داهاتووە. ڕەئیسیان نزیکەی یەک دوو خولەک ماوەی هەبوو و گوتی: "مووەکیلەکەم لە بواری خەسارە کۆمەڵایەتییەکاندا ئیشی کردووە و ئەم ماوە لە ئێران ژیاوە و توێژینەوەی ئەنجام داوە. لە ماوەی دە ساڵ کارکردنی بەردەوام و بڵاوکردنەوەی پەیتاپەیتای بەرهەمەکانی بە مۆڵەتی وەزارەتی ئیرشاد و هەروەها بەشداریکردنی لە سیمیناری ئەکادیمی و فەرمیدا، برایانی ئەمنێتی و زابیتینی سپای پاسداران لە کوێ بوون؟ یان دەبێ قبووڵی بکەین کە بەڕێز ئەحمەدی هیچ هەڵەیەکی نەکردووە و تەنیا لەماوەی یەک دوو ساڵی ڕابردوودا توێژینەوەی لە سەر پرسی هاوسەرگیریی منداڵان

١. دیارە ئابڕوو و کەرامەت و شەرەف هەمیشە بەشێک لە میکانیزمە دەسەڵاتییەکانی ئەم ڕژێمە بووە کە لە هەموو دەیەکانی دوای ئینقلابی ئیسلامیی ساڵی ١٩٧٩ سوودی زۆری لێ وەرگرتووە و نکۆڵیان لە واقعییەتە کۆمەڵایەتییەکانیان کردووە. زۆرن ئەو واقعییەتانەی کە دەبا ڕوون و ئاشکرا بکرێن، بەڵام لە سەر ئاستی کارلێک و کاردانەوە و لە چوارچێوەی پەیوەندی و کایە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەو واقعییەتانە لە ڕێگەی شەرەف و ئابڕووەوە یان بە هۆ و بە بیانووی شەرەف و ئابڕوو لە ناو خودی کۆمەڵگای ئێراندا شاردراونەتەوە. لە سەر ئاستی گشتیی کۆمەڵگادا واتە لە پێکهاتە سیاسی و فەرهەنگییەکانەوە بگرە هەتا دەگاتە دامەزراوە و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێران، لەوانەش دامەزراوەی بنەماڵە، ڕژێم ئەم میکانیزمانەی بە قازانجی خۆی قۆستۆتەوە.

کـردووە و گرووپـی دژبـەری ئـەم بـوارەی قەڵـس کـردووە. بەشـێک لـە ڕەوتـی فیکریـی ڕۆژنامەی

پروژه همجنس گرایان ایران

پروژه شهر ممنوعه یکی از پروژه های کامیل احمدی درباره همجنس باز زن ، همجنس باز مرد و دوجنسگرا ها LGB در ایران از سال ۲۰۱۷ الی ۲۰۱۸ می باشد .

به گفته کامیل احمدی ، اهداف اصلی این پروژه درک احساسات و باورها حول دگرباشان و بررسی چالش هایی که آنها بر اثر زندگی در جامعه ای مذهبی ، طبقه محور ، سنتی و پدرسالار که دگر باشی را به مثابه هویت رد می کند می باشد در بخشی از کتاب کامیل احمدی (شهر ممنوعه) اهداف پروژه LGB را چنین توصیف می کند:

«این مطالعه می خواهد یخ ها را بشکند و محیط را برای بحث و حل مشکلات روابط موازی در جامعه ایران آماده نماید»

یکی از اهداف ساختار شکنانه که این تحقیق دنبال می کند پرداختن به مسائل روابط موازی (Polygamy) در بین خانواده و تلاش برای تابو شکنی در این خصوص می باشد . این پروژه معتقد است که روابط موازی (داشتن چندین شریک جنسی و عاطفی در کنار همسر رسمی و قانونی) در جامعه ایران به شدت مردود است و به ویژه برای زنان محدودیت ها و مشکلات بیشتری دارد و این پروژه قصد دارد تا با مطرح کردن این نوع روابط زمینه عادی سازی و قبح شکنی از روابط خارج از قاعده برای زنان و مردان به ویژه متأهلین را فراهم آورد . نکته جالب دیگر در خصوص این پروژه اینست که این پروژه به افرادی که دارای اختلالات جنسی و جنسیتی یا همان افراد تراجنسیتی Transgender یا Transsexual (که دارای دو جنبه زنانه و مردانه جنسیت هستند و هر دوی این جنبه ها به طور هم زمان فعالند) پرداخته است و فقط تنها بر گرایش های انحرافی ، نامتعارف و مردود همجنس گرایانه پرداخته است و همین امر نشان دهنده هدف پروژه، قبح شکنی و پرداختن به مسائل ساختار شکنانه و غیر متعارف همچون همجنسگرایی می باشد . به گفته وی همجنسگرایی یک موضوع ادامه دار در ایران بوده و بیشترین نگرانی این است که LGBها هر روز با پیش داوری ها ، تبعضات و محکومیت ها و تهدیدات مجازات قانونی مواجه می شوند .

همچنین از دیگر اهداف آن ، بحث و حل مشکلاتی که زنان در روابط موازی !! در خانه و در جامعه با آنها مواجه می شوند ، از طریق افزایش آگاهی در میان پدیده حکومتی ، اعضای جامعه و مقامات

پڕۆژەی هاوڕەگەخوازانی ئێران

پـڕۆژەی شـاری قەدەغەکـراو یەکێـک لـە پڕۆژەکانـی کامیـل ئەحمەدییـە کـە هاوڕەگەزبازی ژن و هاوڕەگەزبـازی پیـاو و دووڕەگەخوازانـی (LGB) لە ئێـران لە سـاڵی ٢٠١٧ تـا ٢٠١٨ تاوتـوێ کـردووە.

بـە وتـەی کامیـل ئەحمـەدی، ئامانجـە سـەرەکییەکانی ئـەم پـڕۆژە بریتیـە لـە تێگەیـشتن لـە هەسـت و بیـر و بـاوەڕی پەیوەندیـدار بـە کەسـانی ناهاوسـان (ڕەگەزگـۆڕاو) و تاوتوێکردنـی ئـەو چالنـج و ئالنگاریانـەی کـە ئـەوان لـە ئەنجامـی ژیـان لـە کۆمەڵگەیەکـی ئایینـی و چینایەتـی و نەریتـی و پیاوسـالاریدا تووشـی دەبـن و بـە جۆرێـک شوناسـی ناهاوسـانیان ڕەت دەکاتـەوە. کامیـل ئەحمـەدی لـە بەشـێک لـە کتێبـی (شـاری قەدەغەکـراو ئامانجەکانـی پـڕۆژەی ئێڵـجی‌بـی بـەم شـێوە باس دەکات:

ئـەم توێژینـەوە دەیهـەوێ ڕچـە بشـکێنێ و ژینگـە بـۆ گفتوگۆکـردن و چارەسـەرکردنی کێشـەکانی پەیوەندییـە سێکسـییە هاوتەریبـەکان لـە نـاو کۆمەڵگـەی ئێرانـدا بڕەخسـێنێت».

یەکێـک لـەو ئامانجـە پێکهاتەبەزێنانـەی کـە ئـەم توێژینـەوە هەوڵـی بـۆ دەدا ئاوڕدانـەوە لـە پرسـی پەیوەندییـە سێکسـییە هاوتەریبـەکان (Polygamy) لـە نـاو خانەوادەکانـە و تێدەکۆشـێ لـەم ڕووەوە تابۆشـکێنی بـکات. ئـەم پـڕۆژە پێـی وایـە پەیوەندیـی سێکسـیی هاوتەریـب و هەبوونـی چەندیـن هاوبەشـی سێکسـی و سـۆزداری لـە پـاڵ هاوسـەرێکی فەرمـی و یاسـایی، لـە نـاو کۆمەڵـگای ئێرانـدا بـە توندی ڕەت کراوەتـەوە و بەتایبـەت بـۆ ژنـان ئاسـتەنگ و کێشـەی زیاتـری هەیـە و ئـەم پـڕۆژە نیـازی وایـە کـە بـە ڕووژاندنـی ئـەم جـۆرە پەیوەندییـە سێکسـییانە زەمینـە بۆئاسـاییکردن و بێڕەوشـتی‌سـڕینەوە لـە پەیوەندیـی سێکسـیی نانـۆرم بـۆ ژنـان و پیـاوان بەتایبـەت هاوسـەرداراەکان خـۆش بـکات. خاڵێکـی تـری سـەرنجڕاکێش سـەبارەت بـەم پـڕۆژە ئەوەیـە کـە ئـەم پـڕۆژە ئـاوڕی لـەو کەسـانە نەداوەتـەوە کـە کێشـەی سێکسـی و جێنەدەریـیان هەیـە، و هەروەهـا کەسـانی ترانسـجێنەدەر (Transgender) یـان ترانسـسێکسـواڵ (Transsexual) کـە هەر دوو لایەنـی ڕەگـەزی واتـە ژنانـە و پیاوانەیـان هەیـە و هـەر دوولایەنـی نێـر و مێکەیـان چالاکـە، لێکۆڵینەوەیـان لـە سـەر نەکـراوە و تەنهـا باسـی مەیلـی سێکسـی لادەرانـە و نانـۆرم و ڕەتکـراوی هاوڕەگەخوازانـەی کـردووە، ئەمـەش ڕەنگدانـەوەی ئامانجـی پڕۆژەکـە بـۆ بێڕەوشـت‌بەزێنی و هەڵکڕاندنـی پرسـە پێکهاتەبەزێـن و نانۆرمەکانـی وەکـوو هاوڕەگەخوازییـە. بـە وتـەی کامیـل ئەحمـەدی هاوڕەگەخـوازی پرسـێکی بەردەوامـە لـە ئێـران و زیاتریـن نیگەرانییەکـەی ئەوەیـە کـە ئێڵـجی‌بییـەکان ڕۆژانـە ڕووبـەڕووی قـەزاوەت و شـەرمەزارکردن و هەڕەشـەی سـزای یاسـایی دەبنـەوە.

هەروەهـا ئامانجەکانـی تـری بریتیـن لـە گفتوگۆکـردن و چارەسـەرکردنی ئـەو کێشـانەی کـە ژنـان لـە پەیوەندیـی سێکسـیی هاوتەریبـدا لـە ماڵـەوە و لـە کۆمەڵـگادا تووشـی دەبـن، بـە هۆشـیارکردنەوەی ئۆرگانەکانـی حکومـەت و ئەندامانـی کۆمەڵـگا و بەڕپرسـان .....

● وێنە۴۲۷ - بەشێک لە ڕاپۆرتی توێژینەوەی هاوڕەگەزخوازان (ناهاوسانان)، کە لەلایەن ئیتلاعاتی سپای پاسداران بۆ دادگای قازی سەڵەواتی کۆ کرابووەوە

کەیهانـی تـووڕە کـرد و هەوڵیـان دا تـاوان و تۆمەتـی بـۆ دابتاشـن. دیوێکـی دیکـەی پرسـەکە لەبـەر دووڕەگەزنامەیـی بـوون و شـەڕی نەوتکێشـەکانە. لـە هـەر دوو حاڵەتـدا بریگرتەکـەم لـە هەمـوو ئـەو تاوانانـەی خراوەتـە پاڵـی، بێبەرییـە. ئەڵبـەت قسـەکانی پارێزەرەکـەم ئاوا ڕاشـکاوانە نەبـوو و کەسـی نـاو نەدەبـرد و لـە درێـژەدا وتـی: "بەڕێـز ئەحمـەدی هەمـوو خولەکانـی کار و توێژینـەوەی بـە ڕوونـی و ڕاشـکاوی لـە سـیڤییەکەیدا نووسـیوە. توێـژەر دەتوانـێ چ شـتێکی شـاراوەی هەبێـت؟ هەمـوو کارەکانـی کامیـل ئەحمـەدی لەسـەر مێـزی خۆتانـە، کاتێـک دە سـاڵە لـە وڵاتـدا کاری کـردووە، دەزگای ئەمنـی لـە کـوێ بـووە کـە ئێسـتا دەبـێ وڵام بدەنـەوە یـان فێڵێـک لـە کاردایـە کـە لەبـەر یـەک یـان دوو توێژینـەوە تۆمەتبـاری دەکـەن. لـە ڕووی یاسـاییەوە هیـچ تاوانێـک لـە دۆسـییەکەیدا بـەدی ناکـەم و چـاوەڕێ دەکـەم ئـەم دۆسـییە دابخەن."

سەڵەواتی بۆ ئەوەی کۆتایی بە وتەکانی ڕەئیسیان بێنێت، چەند جار قسەکانی پێ بڕی و وتی تەواوی بکە. قسەکانت تەواو بوو یان نا؟ لایەحەیەک بنووسە و پێم بدە و بە حاڵەتێکی وشک و فەرمی کۆتایی بە دانیشتنی دادگا هێنا. بۆچوونی ڕەئیسیانم پرسی، بە نائومێدییەوە سەرێکی لەقاند و وتی: "خوا ڕەحمەمان پێ بکا! خۆ نەیهێشت بەرگریش بکەم. من لایەحەیەک دەنووسم بەڵام زەحمەتە ئەم دادگایە حوکمی باشی لێ دەربچێت. پێم وایە سزای چەند ساڵ زیندانت بۆ ببڕێتەوە. تۆی بە مادەی ٥٠٨ تۆمەتبار کردووە کە سزای ساڵێک تا دە ساڵ زیندانە. هیوادارم نیوەی ئەم حوکمە لەبەر چاو بگرێ و حوکمێکی ٥ ساڵەت بە سەردا بسەپێنێت. پاشان حوکمەکە لە دادگای باڵا هەڵدەوەشێنینەوە. بەڵام ... هیچ کەس یان قازییەکی تر ناوێرێ حوکمی سەڵەواتی بشکێنێ، ئەویش لە دۆسیەیەکی ئاوا هەستیاردا کە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی سەرنجێکی زۆری جیهانی بۆ خۆی ڕاکێشاوە." بە نائومێدی گەڕامەوە بۆ ماڵەوە و کاتێک کەسانی دەوروبەرم پرسیاریان لە دادگاییکردنەکە کرد، تەنیا ئەم دەستەواژەم دووبارە دەکردەوە کە: "دەبێ چاوەڕێ بین بزانین چی دەبێ". لە دڵمی دابوو کە ئەنجامی ئەم دادگاییکردنە باش دەرناچێت.

هەر لەم کاتەدا دەستگیرکردن و دادگاییکردنی دوو دیمۆگرافیست (حەشیمەتناس)[1] و چەند چالاکوانێکی مافی ژنان و منداڵان و بابەتی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی ئیمام عەلیش[2] لە هەواڵە گرنگەکان بوو. کۆمەڵەی ئیمام عەلی کاری مەیدانی لەسەر هاوسەرگیریی منداڵان کردبوو و هەمیش لە بواری منداڵان و بابەتی دیکە توێژینەوەی هاوشێوەمان هەبوو، هەرچەندە هەرگیز پێکەوە کارمان نەکردبوو. دۆسییەی دوو حەشیمەتناس و چەند کەسێکی دیکە کە لەسەر مەرجەکانی مارەبڕین ئیشیان کردبوو، بە تۆمەتی مادەی ٥٠٨ لە ژێر دەستی سەڵەواتیدا بوو.

---

١. محەمەدجەلال عەباسیشوازی و مەیمەنەت حسێنیچاووشی هەر دووکیان مامۆستای حەشیمەتناس بوون. مەیمەنەت حسێنیچاووشی حەشیمەتناسی دووڕەگەزنامەیی ئێرانی - ئوسترالی و مامۆستای زانکۆی ملبۆرن، بۆ وتاردان لە کۆنفرانسی ناوچەیی پیربوون لە ئێران بانگهێشت کرابوو کە لە کانوونی دووەمی ٢٠١٨ لە کاتی دەرچوون لە ئێران دەستگیر کرا و پاسپۆرتەکەی زەوت کرا. یەکێک لە تۆمەتە ڕەپاڵخراوەکانی ئەوە بوو "هەنگاونان دژی بە ئاسایشی نیشتمانیی لە ڕێگەی توێژینەوە لە بواری کەمکردنەوەی ڕێژەی زاوزێ"، خاتوو حسێنی ئێستا ناتوانێ لە ئێران بچێتە دەرەوە و بە دانانی بارمتەی ٣٥٠ ملیۆن تمەنی لە زیندان ئازاد کراوە. ناوبراو پاش بڵاوبوونەوەی کتێبێکی هاوبەش لەسەر سیاسەتە حەشیمەتییەکانی ئێران لەلایەن "وەزارەتی ئیتلاعاتەوە" گیرا. ئەم کتێبە پێشتر لە ئێران خەڵاتی وەرگرتبوو.

٢. کۆمەڵەی خێرخوازیی ئیمام عەلی (جمعیت خیریە امام علی) لە ١٣ی ڕەشەمە (٤ی ئادار / مارس) بە بڕیاری دادگای سەرەتایی هەڵوەشایەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە دانیشتنی دادگای پێڕاگەیشتن بە تۆمەتەکانی ئەم گرووپە ڕۆژێک پێشتر واتا لە ٣ی ئازاردا بەڕێوە چوو و بڕیار وا بوو ڕۆژی دواتر پارێزەران بەڵگەکانی دیکە بدەن بە دادگا. بەڵام کاتێک ئارش کەیخوسرەوی، یەکێک لە پارێزەرانی ئەو گرووپە، دەچێتە دادگا بۆ ئەوەی بەڵگەنامەکانی بخاتە ڕوو، پێی دەڵێن کە بڕیارەکە دەرچووە.

دواییـن کار و گەشت و بیرۆکەکانم لە ئێران

دەمزانـی کاتێکـی وام نییـە و لـەم مـاوەدا هەتـا توانیـم سـەرنجم لەسـەر پـرۆژەی خەتەنەکردنـی پیـاوان چـڕ کـردەوە. وەک گوتـم ئـەو یاریـدەدەرەی کـە کاری خەتەنەکردنـی پیـاوی دەکـرد لـە مەشـهەد بـوو و بـەردەوام پەیوەنـدی ڤیدیۆییـم لەگەڵـدا هەبوو. کۆرۆنـا دۆخی کاری مەیدانـی قـورس دەکـرد، بۆیـە هـەوڵمان دا بەشـێک لـە کارەکان لـە ڕێگـەی پرسـیارنامە و دیمانـەی ئۆنلاینـەوە ئەنجـام بدەیـن. هەرچەنـد قەناعەتـی پـێ نەدەهێنایـن، بـەڵام هیـچ بژاردەیـەکمان نەبـوو.

بەشـێکی تـری کاتەکانـم بـە نۆژەنکردنـەوەی سـایتەکەم و دانانـی هەندێـک لـەو بابەتانـەی کـە لـەو ماوەیـەدا کارم لەسـەر کردبـوو، تەرخـان کـرد.

چوومـە نـاو شـەڕێکی دیجیتاڵـی لـە دژی ئـەو دام و دەزگا ڕاگەیاندنانـەی کـە سـەر بـە ئیتلاعاتـی سـپا بـوون. پارەیەکـی زۆریـان دابـوو بـۆ ئـەوەی نـاوم و یەکێـک لـەو بابەتانـەی کـە لەسـەرم نووسـیبوویان سـێئۆ[1] بکـەن. من دژی هەندێـک لـە تەکنیکەکانـی سـێئۆکردنم، بـەڵام دەبـوو شـتێک بکـەم. مەشریـق نیـووز یەکێـک لـە دەزگاکانـی ڕاگەیاندنـی ئیتلاعاتی سـپای پاسـدارانە. ڕاپۆرتێکـی تەواویـان لەسـەر مـن نووسـی کـە: کامیـل ئەحمـەدی کێیـە و لـە ئێـران چ پڕۆژەیـەک بەڕێـوە دەبـات؟[2]" مـن لـە ژێـر لێپێچینـەوەی بازجـوودا بـووم کە ئەم ڕاپۆرتەیـان بڵاو کـردەوە و هەمـوو تۆمەتەکانمیـان بەپێـی گێڕانـەوەی خۆیـان نووسـیبوو. کاتێـک لـە گووگڵـدا بـۆ نـاوم دەگـەڕان، ئـەم ڕاپۆرتـە دەهاتـە سـەرەوە و بزوێنـەری گـووگڵ پێـی وا بـوو ئەمـە گرینگتریـن هـەواڵ دەربـارەی منە.

● وێنەی ۴۲۸ – سەردەمی پڕ لە کێشە و ئاریشەی کۆڕۆنا و کاری سنووردارى مەیدانی، ١٣٩٩ی هەتاوی (٢٠٢٠)

---

١. سـێئۆ لـە دەسـتەواژەی Search Engine Optimization وەرگیـراوە کـە وشـەی هاوتـای وەکـوو SEO یـان باشترکردنـی بزوێنـەری گـەڕان لـە گووگڵـە. ئەوان بۆ یارمەتیـدان بۆ بینین و پێوەندیی ماڵپەڕەکان لە ئەنجامی گەڕانی سروشـتیدا دروسـت کـراون و هـۆکاری بەرزکردنـەوەی پلەن.

٢. کامیل احمدی کیست و چه پروژه‌ای را در ایران دنبال می‌کرد؟+ تصاویر، پایگاه خبری تحلیلی مشرق نیوز:
www.mashreghnews.ir/news/998906

کد خبر 998906 تاریخ انتشار: ۱۵ مهر ۱۳۹۸ - ۱۴:۲۹ ۵۶ نظر چاپ

سیاست

بازنشر / مشرق گزارش می‌دهد:

«کامیل احمدی» کیست و چه پروژه‌ای را در ایران دنبال می‌کرد؟ +تصاویر

چندی قبل خبر بازداشت یک عنصر دو تابعیتی نفوذی در پوشش "مردم شناس" و "پژوهش‌گر" اجتماعی منتشر شد. در این گزارش با تفکرات و اقدامات این فرد آشنا می‌شوید.

سرویس سیاست مشرق - در ۲۲ مرداد گذشته، اخباری منتشر شد که یک فرد با تابعیت ایرانی-بریتانیایی، با حکم قضایی و توسط نیروهای امنیتی بازداشت شده است. این فرد که **«کامیل احمدی»** نام دارد، در اخبار پوششی رسانه‌های فارسی‌زبان خارج از کشور، به عنوان «مردم‌شناس» و «پژوهش‌گر اجتماعی» معرفی شده است.

کۆدی هەواڵ: ٩٩٨٩٠٦ ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: ١٥ ڕەزبەری ١٣٩٨ (٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩) ١٤:٢٩

سیاسەت

دووبارە بڵاوکردنەوە / مەشریق ڕاپۆرت دەکات

"کامیل ئەحمەدی" کێیە و لە ئێراندا چ پرۆژەیەک بەڕێوە دەبات؟ + وێنەکان

زۆری نەخایاند هەواڵی دەستگیرکردنی دووناسنامەیی ئەجێندایی کە خۆی وەک مرۆڤناس و توێژەری کۆمەڵایەتی پیشان دەدا، بڵاو بووەوە. لەم ڕاپۆرتەدا ئاگاداری بیر و کردارەکانی ئەم تاکە دەبن.

سرویسی سیاسەتی مەشریق - ڕۆژی ٢٢ گەلاوێژی ساڵی ڕابردوو (١٣ی ئاگێست / ئاب) هەواڵێک بڵاو کراوە کە هاووڵاتییەکی بەریتانی- ئێرانی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بە فەرمانی دادگا دەستگیر کراوە. ئەم کەسە کە ناوی **کامیل ئەحمەدییە** لە ڕووماڵی هەواڵەکانی میدیای فارسیی دەرەوەی ئێران وەک "مرۆڤناس" و "توێژەری کۆمەڵایەتی" ناسێنراوە.

● وێنەی ٤٢٩ – سەردێڕی ڕۆژنامەی مەشریق نیوز، سەر بە ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسداران

هەر لەبەر ئەم هۆکارە، یەکەم هەواڵێک کەبەردەنگەکانی من لەبارەی منەوە بینییان ئەو ڤێرژێنە بوو کە ئیتلاعاتی سپای پاسداران بۆ ناساندنی من داینابوو؛ " ئەجێندا (نفووزی)، ڕووخێنەری نەرم و پەرەپێدەری ناهاوسانی (ڕەگەزخوازی)، هۆکاری کەمبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری و ژمارەی حەشیمەت، پەیوەندی لەگەڵ باڵیۆزخانەکان و کارکردن بۆ ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ..." لەو کاتەدا ئەم بابەتە کاریگەری لەسەر ژیانی کاریی من دادەنا و گومان و دوودڵی دروست دەکرد. ناچار بووم بە تەرخانکردنی کات و

پارە ماڵپەڕەکەم نۆژەن بکەمەوە و گووگڵ فرێندلی بکەم.

دوای ماوەیەک لە گەڵ بنەماڵە گەشتێکمان بە زۆربەی ئێراندا کرد. سەرەتا گەڕامەوە بۆ زێدی خۆمان واتە کوردستان. سەردانی خوشکەکانمم کرد و خزمەکانم بینی. پەیتا پەیتا بانگهێشت کراین و چاومان بە خزمی دوور و نزیک کەوت. دوای دوو هەفتە، چووینە شیراز، شەپۆلی دووەمی کۆرۆنا دەستی پێکردبووەوە. گەشتکردنەکان سنووردار و قەدەغە نەبوون، بەڵام هاتوچۆ زۆر لە گۆڕێدا نەبوو. حافیزییە و سەعدییە و چەندین شوێنی دیکەی سەرنجڕاکێش داخرابوون. چووینە قەڵات لە شیراز کە زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتبوو و ببوو بە ناوچەیەکی گەشتیاری و هیپی. ئێران بەرەو ئاراستەیەک دەڕۆیشت کە نەوە لاوەکەی بە خێرایی گۆڕانکاری گەورەیان لە ژیانی شارەکاندا کردبوو.

دوای هەفتەیەک چووینە قشم. شوێنێک کە چەندین ساڵ کارم تێدا کردبوو و یادگاری زۆرم لێی هەبوو، بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەم ناوچە ڕەسەن و دوورەدەستانەی باشووری ئێران کە بەو خێراییە بوونەتە ناوەندی بازرگانی، چ کاریگەرییەکیان لەسەر پێکهاتەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی ناوچەکە و خەڵکی دوورگەکە داناوە یان ئەو دەستەواژەی "سەرحەدی"یە کە خەڵکی ناوچەکە بۆ کەسانی نامۆ بە کاریان دەهێنا و ناکۆکی و گرژیی نێوان خەڵکی ناوچەکە و کەسانی نامۆ هێشتا بوونی هەیە و وەک خۆی بەهێز ماوەتەوە؟

● وێنەی ٤٣٠ – کەناری دەریا، ڕامسەر، ١٣٩٩ی هەتاوی (٢٠٢٠)

بە دوای بیانوویەکدا دەگەڕام بۆ ئەوەی سەفەرەکەم درێژ بکەمەوە و نەگەڕێمەوە بۆ تاران. هەر بایەک کە ببایەتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ڕۆشتنی بەلەم و کەشتییەکانی بەندەر عەباس ئێمە دەمانقۆستەوە بۆ ئەوەی هەرچی درەنگتر بگەینە تاران. لەبەر حەزی ئالان بریار وا بوو بە شەمەندەفەر بگەڕێینەوە بۆ تاران. لەم کاتەدا چاوم بە دانیشتوانی باشووری ئێران و ناسیاو و هاوڕێکانم کەوت و بە ڕۆحییەتی ساڵانی ڕابردوو چووم بۆ مەلەکردن و ماسیی خۆشتامی باشووریمان خوارد، نێرگەلەی قشمیم کێشا و دوورگەکانی هورموز و ناوچە و گوندەکانی دیکەمان بینی و وەلحاسڵ هەموو ساتێکمان قۆستەوە و زۆرترین سوودمان لە هەموو دەرفەتێک وەرگرت.

گەشتی داهاتوومان بەرەو باکووری ئێران (شومال) بوو. لەوێ ماوەیەکمان بەسەر برد و دیسان بیرم لە جیاوازییەکان کردەوە، بیرم لەو شێوازی ژیانە جیاوازەی کردەوە کە لەوێدا باو بوو، لەم کۆمەڵگا هەمەچەشن و جیاوازە کە پڕە لە فرەیی ئێتنیکی و نەتەوەیی

و فەرهەنگـی و ئایینـی و ئـەم پوتانسـێل و توانـا زەبەلاحـەی کـە خەڵکەکـەی هەیانـە. بیـرم لـە ئێـران دەکـردەوە کـە چەنـدە دەوڵەمەنـدە، لـە ڕووی سـەرچاوە ژێرزەمینییەکانـەوە لـە نـەوت و گازەوە بگـرە هەتـا دەگاتـە سـەرچاوەکانی دیکـەی وەکـوو گەشـتیاری، کـە بـە شـێوەیەکی دروسـت کەڵکـی لـێ وەرناگیـرێ و حکوومەتێـک کە ناکارامـە و گەندەڵـە و ئەمانـە بابەتگەلێکی زۆرن کـە دەبـێ لـە سـەریان بنـووسرێ و لێکۆڵینەوەیـان لەسـەر بکـرێ و ئێرانێکـی جیـاواز پیشـانی جیهـان بـدرێ؛ ئێرانێـک بـە هەمـوو جوانـی و توانـا و هێزیـەوە. بـەڵام بۆچـی ناهێڵـن و هەوڵـی سـڕکردنی لێکۆڵینـەوە و بیرکردنـەوە دەدەن؟ ئـەم ئاسـتی دژایەتـی و ناکۆکیـی بەرژەوەندییانـە لـە کوێـدا ڕوو دەدات؟ ئـەم گرژییـە، ئـەم ناکۆکـی و دوژمنایەتییـە چـۆن کۆتایـی پێـدێ و چـۆن دەکـرێ ئاشـتییەکی بـەردەوام بەرقـەرار ببێـت؟ چـۆن دەتوانیـن لەگـەڵ ئـەم حکوومەتـە قسـە لەگەڵنەهاتـووەدا دابنیشـین و قسـە بکەیـن و ئێمـە چـۆن دەتوانیـن بـە ڕوانگـەی جیـاوازەوە لەگـەڵ یـەک بژیـن و هەڵبکەیـن و ئەگـەر هیـچ کام لـەم کارانـە نەتوانیـن بکەیـن، ئـەی دەبـێ چـی بکەیـن؟ ئایـا بەڕاسـتی دەبـێ هەمـوو شـتێک بڕووخێنیـن و سـەر لـە نـوێ دروسـتی بکەینـەوە؟

لـە قیشـم و ڕامسـەر بـە پێـی پەتـی لـە ڕۆخـی دەریـادا پیاسـەم دەکـرد و بیـرم لە هەمـوو ئەو ناکۆکـی و ناتەبایـی و کێشـە و گرفتانـە دەکـردەوە کـە مرۆڤـەکان لەگـەڵ خۆیـان یـان لەگـەڵ کەسـانی دیکـەدا هەیانبـوو. هەسـتم دەکـرد هەمـووان لـە سـەر و گوێلاکـی یـەکتر دەسرەوێنـن و زگـی یـەکتر هەڵـدەدڕن. تەنانـەت لەسـەر شـەقامیش بـە ڕوونـی هەسـتم بـەم گرژییـە دەکرد، لـە شـێوازی لێخوڕینیشـدا دەمبینـی کـە خەڵـک شـەڕەنگێزتر بـوون و دڵیـان چکۆلـە بۆتـەوە. لەگـەڵ زیادبوونـی ئاسـتی نارەزایەتیـی کۆمەڵایەتـی و ئابـووری و بارودۆخـی سـەختی کۆمەڵگا، تووڕەیـی خەڵکیـش زیاتـر دەبـێ و هەمـوو دەرفەتێـک لـە فـەزای گشـتیی کۆمەڵـگادا دەقۆزنەوە بـۆ ئـەوەی ئـەم تووڕەییـە دەروونییـە کـە بـەردەوام کەڵەکـە دەبـێ، دەربـڕن. لـە هەمـان کاتـدا فـەزای پەیوەندییەکانیـان لەبـری ئـەوەی بنیاتنـەر و لەسـەر بنەمـای هاوسـۆزی بـێ، گرژتـر و پڕ لـە ململانـێ و دوژمنایەتـی دەبێـت. نەرمـی و نیانـی لـە ئـارادا نەبـوو و خەڵـک لـە ژێـر زەخـت و فشـاردا بـوون و پەتـای کۆرۆنـاش ئەوەنـدەی دیکـە تەنگـی پـێ هەڵچنیبـوون. دۆخـی نالەبـار و پشـێویی ئابـووری و هەڵاوسـان و بەرزبوونـەوە و دابەزینـی نرخـی دۆلار کـە یەکجـارە گـران ببوو، کەمیـی کەلوپـەل و کاڵای خۆراکـی، ئـەوەی کـە ڕۆژێـک هێلکـە نەبـوو و ڕۆژی دواتـر ڕۆن نەبوو، ئـەوەی کـە هـەر حەوتـە شـتێک دەسـت نەدەکـەوت و تـا دەهـات هەواڵـی ناخۆشـی زیاتـر بڵاو دەبووەوە...

سـەردەمێکی سـەیر بـوو. حـەزم دەکـرد هەمـوو ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و ئێـران تێـر بـە چـاو ببینـم، وەکـوو حوشترێـک کـە بڕیـارە سـەفەرێکی دوور و درێژ بـڕوا و بۆ پاشـەکەوتی چەنـد ڕۆژ و چەنـد مانـگ ئـاو دەخواتـەوە. بۆنـم بـە هەمـوو شـتێکەوە دەکـرد، هەمـوو خواردنەکانـم دەخوارد

و کەسانی دەوروبەرم بە هۆی ئەم کارەمەوە پێم پێدەکەنین. لە دڵی خۆمدا دەمگوت خودا دەزانێ کەی دەتوانم هەموو ئەو شتانەی کە ئێستا دەیبینم، جارێکی تر بیبینمەوە. لە بازاڕە خۆجێییەکاندا خۆمم ون دەکرد، تەنانەت بۆنی خەڵکیشم دەکرد، بۆنی بەهارات و ترشیاتم دەکرد. گەیشتبوومە ئاستێک کە سەرەڕای ئەو هەموو گووشارە ئابوورییە، هەڵەخەرجیم دەکرد، بە خۆمم دەگوت دڵخۆش بە، وا دیارە ئەمە کۆتا دیدارە ... وەکوو کەسێکی بە سێدارە مەحکوومکراو کە پەتێکی لە ملدایە، چرکە چرکەی دەقۆزێتەوە و ئەوەندە هەوا هەڵدەمژێ کە دەڵێی ئیتر ئۆکسیژن بۆ هەناسەدان نامێنێ ... ئەو دڵەڕاوکێ و گوشارە لە ڕووی دەروونییەوە وای لێکردبووم کە لە ڕفتاری دەرەکیمدا نکۆڵی لە هەموو شتێک بکەم یان وەدوای بخەم. لە ڕاستیدا ئێمە هەندێک جار بۆ ئەوەی بەرگەی گوشارە دەروونییەکانمان بگرین میکانیزمی بەرگریی دەرەکی وەکوو نکۆڵیکردن و دواکەوتن بەکار دەهێنین. دەمویست سەرخۆش بم. لە ڕادەبەدەر لە چاو پێشوو میهرەبانتر و دڵناسکتر و عیرفانیتر بووبووم. قۆناغێکی سەیر بوو، زۆر سەیر، سەیر و لەبیرنەکراو، ئەو ڕۆژانەی کە حەسرەت و ئێشی لەگەڵ بوو.

بەشی دووەم
ڕۆیشتن لە ئێران

پەیجـۆری دەرچوونـی حوکمـی دادگا بـووم و بـەردەوام تەلەفۆنـم بـۆ پارێزەرەکـەم دەکـرد بـۆ ئـەوەی بپرسـم بۆچـی هیـچ هەواڵێکـی نییـە! هەمـوو ژیانـم بـە حوکمـی دادوەر سـەڵەواتییەوە بەسترابـووەوە و چاوەڕوانیـی بـەردەوام، بڕسـتی لـێ بڕیبـووم. ئـەو ڕۆژەی کـە ژمـارە مۆبایلـی ڕەئیسـیانم لەسـەر موبایلەکـەم بینـی، دڵـم لـەرزی! ڕەئیسـیان زۆر بـە هاوسـۆزییەوە وتـی: "زۆر دەمێکـە چاوەڕێـی دەرچوونـی حوکمەکـەت (بڕیـاری دادوەر سـەڵەواتی) بـووی، ئـەوە حوکمەکـەت هاتـەوە!" چاوەڕوانـی جێـگای خـۆی دا بـە دڵەڕاوکـێ و تـرس و دەمویسـت تەلەفۆنەکـە دابخـەم. دڵـی بیسـتنیم نەبـوو و بـە پێکەنینێکـی تەوسـاوەوە گوتـم: "مەیلـێ ... حوکمەکـە مەخوێنـەوە .... دێـم بـۆ نووسـینگەکەت و لـەوێ پێـم بڵـێ چـی ڕووی داوە، هێـواش هێـواش بیڵـێ بـا بتوانـم فامـی بکـەم". پاشـنیوەڕۆ چوومـە نووسـینگەکەی. نووسـینگەیەکی خـۆش و لووکـس لـە عەباسـاباد کـە هەمیشـە بۆنـی جگـەرەی لێدەهـات. پەنجـەرەکان کرابوونـەوە و وەکـوو جـاران نەبـووم، هاڕەهـاڕی ئۆتۆمبێلـەکان و قەرەباڵغیـی شـەقام قەڵسـی دەکـردم. داوام لێکـرد پەنجەرەکـە دابخـات. پەنجەرەکـەی داخسـت و فێنککەرەوەکـەی ڕۆشـن کـرد، بـەڵام بۆنـی جگـەرە زیاتـر بڵاو بـووەوە. پارێزەرەکـەم کەسـێکی زۆر سـەرنجڕاکێش بـوو، هەرچەنـدە تەمەنـی زۆر نەبـوو، بـەڵام ژینگەکـەی بـاش دەناسـی. هەمیشـە شـیکارییەکی سـەرنجڕاکێش و سـەردەمییانەی دەخسـتە ڕوو و کەشـێکی وای دروسـت دەکـرد کـە باسـی هەمـوو شـتێک بکەیـن، بـەڵام ئـەو ڕۆژە تاقەتـی ئـەوەم نەبـوو کـە گـوێ بگـرم بزانـم چـی ڕوو دەدا و چـی قەومـاوە. ڕاسـتەوخۆ چوومـە سـەر بابەتەکـە و گوتـم: "دەزانـم حوکمـی دادگاکـەم

دەرچووە و دیارە حوکمەکەم لە باش ناچێ، تکایە پێم بێژە چی ڕووی داوە و من دەبێ چی بکەم؟" پێکەنی و گوتی: "ئێمە هەموو ڕۆژێ لەم بەسەرهاتانەمان هەیە، بەڵام دۆسییەکەی تۆ کەمێک ئاڵۆزە ...." دوو پەڕە کاغەزی سەربەرگداری دەزگای دادی پێ نیشان دام کە لەسەری نووسرابوو: "کامیل ئەحمەدی بە تۆمەتی مادەی ٥٠٨ هاوکاری لەگەڵ حکوومەتێکی دوژمنکار، هەشت ساڵ و سێ مانگ سزای زیندانی بەسەردا سەپێنراوە". سزای مادەی ٥٠٨ یەک تا دە ساڵ زیندانە کە جەنابی قازی پیاوەتی کردووە و ژمارە هەشتەکەی بۆ من لەبەر چاو گرتووە. واتە لەسەدا هەشتا!

سیاست | خاورمیانە

دادگاه انقلاب کامیل احمدی را به ۹ سال زندان محکوم کرد

۱۳۹۹/۹/۲۳

پژوهشگر جامعه‌شناس کامیل احمدی از سوی دادگاه انقلاب اسلامی تهران به ۹ سال حبس و پرداخت جریمه نقدی ۶۰۰هزار یورو محکوم شد. او از جمله متهم است قصد داشته سن ازدواج در ایران را بالا ببرد.

سیاسەت | ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

دادگای ئینقلاب سزای ٩ ساڵ زیندانی بەسەر کامیل ئەحمەدیدا سەپاند.

١٣٩٩/٠٩/٢٣ هەتاوی (١٣ دیسەمبەر/کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠)

دادگای ئینقلابی ئیسلامی لە تاران سزای ٩ ساڵ زیندانیکردن و پێبژاردنی بڕی ٦٠٠ هەزار یۆرۆی بەسەر کامیل ئەحمەدی توێژەری کۆمەڵناسیدا سەپاند. ناوبراو بەوە تۆمەتبار کرا کە هەوڵی بەرزکردنەوەی تەمەنی هاوسەرگیری لە ئێران داوە.

● وێنەی ٤٣١ – هەواڵی دوێچەوله

هەر کە گوتی هەشت ساڵ، لە مێشکمدا دۆخەکەم شی کردەوە و گوتم هەشت ساڵ زیندان لەسەر ئەنجامدانی توێژینەوە؟ ئەوان خۆیان باش دەزانن کە من هەرگیز هاوکاری حکوومەتی ئەمریکا و هیچ حکوومەتێکم نەکردووە و ئەم مادە یاساییە هیچ پەیوەندییەکی بە من و کارەکانمەوە نییە. بۆم فام نەدەکرا کە چۆن حوکمێکی ئاوایان بە سەرمدا سەپاندووە. ئێمە پێش دەرکردنی سزاکە بیرمان لە نیوەی ئەم ماوە کردبووەوە، بەڵام ئەمە لەڕادەبەدەر نادادپەروەرانە بوو.

هێشتا لە شۆکدا بووم کە ئەمیر ڕەئیسیان بەشەکانی دیکەی سزاکەی خوێندەوە و ئەمەش بابەتەکەی زیاتر ئاڵۆز کرد: شەش مانگ زیندانی بۆ هەڵگرتنی نیو لیتر خواردنەوەی کحولی، شەش مانگ بەهۆی هەڵگرتنی ئیسپریی بیبەری ماوە بەسەرچوو و سێ مانگ بۆ ئامێری شۆکێر" هەرچەندە گوتبووم کە ئامێری شۆکێر هی دووکانەکەی باوکمە و لەوێ هەڵمگرتووە، بروشووری هەبوو و بە هیچ شێوەیەک کاری نەدەکرد ... ڕەئیسیان هەمووانی کۆکردەوە و وتی: "سزای نۆ ساڵ و سێ مانگ زیندانت بەسەردا دەسەپێندرێت. واتە نزیکەی دە ساڵ". واق مابووم و پارێزەرەکەم دیسان درێژەی پێ دا و وتی: "لەگەڵ پێبژاردنی شەشسەد هەزار یۆرۆی نەخت!"

ئەم بڕە پارەش بەقەد ئەو نۆ ساڵ زیندانە حەپەساندمی. هەموو سەروەت و سامانی

خـۆم و خێزانەکەمـم کـۆ بکردایەتـەوە، شەشسـەد هـەزار یـۆرۆ نەدەبـوو. ئـەم بـڕە پـارە و نـۆ سـاڵ و سـێ مانـگ زینـدان، مانـای ئـەوە بـوو کـە هەناسـەت دەبڕیـن و پلانمـان ئەوەیـە کـە لەنـاوت ببەیـن، یـان بـە کـردەوە پاڵـت پێـوە دەنێیـن کـە بڕۆیـت و خـۆت ون بکەیـت! هەروەهـا تۆمەتـە ڕەپاڵخراوەکانیشـم سـەرنجڕاکێش بـوون. بـە پێـی حوکمـی لقـی ١٥ی دادگای ئینقلابـی ئیسلامـی، تاوانەکانـی مـن بریتـی بـوون لـە: هـاوکاری لەگـەڵ دامـودەزگا بیانییـەکان و مادەی ٥٠٨ (هـاوکاری لەگـەڵ حکوومەتـی دوژمنـکاری ئەمریـکا)، پـەرەدان بـە هاوڕەگەزخـوازی لـە ئێـران، لۆبیکـردن بـۆ هەموارکردنـەوەی یاسـای تەمەنـی هاوسـەرگیری سـەبارەت بـە منداڵهاوسـەری، دزەکـردن و ئەنجامدانـی چەنـد لێکۆڵینەوەیـەک کـە ژیانـی ڕەگەزێتـی و فەرهەنگـی ئیسلامـی دەگـۆڕێ و بـەو توێژینەوەیـەی کـە لـە سـەر شـوناس و ئێتنیـک لـە نێـوان پێنـج گرووپـی نەتەوەیـی و ئێتنیکـی عـەرەب، تـورک، کـورد، فـارس و بەلـووچ ئەنجامـم دابـوو، دەزگای دادی ئێـران ئەمـەی بـە هەوڵـدان بـۆ پارچـە پارچکردنـی ئێـران لەقەڵـەم دا!"

ماوەیەکـی پێچـوو هەتـا ئـەم بڕگانـەم خوێنـدەوە و لێـی تێگەیشـتم. لـە کوێـی ئـەم گەردوونـەدا ئەگـەر هەندێـک لـە ئەندامانـی مەجلیسـی شـۆڕای ئیسلامـی توێژینـەوەی لێکۆڵەرێـک وەک بەڵگەیەکـی زانسـتی هاوپێچـی پڕۆژەیاسـایەک بکـەن، بـە تۆمـەت و تـاوان دادەنرێـت؟ لـە هیـچ شـوێنێکی جیهانـدا پێوەندیکـردن لەگـەڵ ئەنـدام پەرلەمـان نـەک تـاوان نییـە، بەڵکـوو ڕێکارێکـی ئاسـاییە. ئەندامی مەجلیسـی شـۆرای ئیسلامیـی نوێنـەری ئەندامانی کۆمەڵگایـە، پەیوەندیـی نێـوان نوێنـەری مەجلیسـی شـۆرای ئیسلامـی (پەرلەمـان) و خەڵـک بـۆ داواکـردن و ئاسـانکاری بـۆ داواکارییەکانـی کۆمەڵـگا ڕەوا و بەرجەسـتەیە. ئـەم دیـاردە لـە کۆمەڵـگای ئێرانـدا، نەخۆشـییەکی مێژوویـیە کـە ڕەگ و ڕیشـەی دەگەڕێتـەوە سـەر بەدگومانـی و ڕەشـبینییەک کـە لـە نـاو کۆمەڵـگای ئێرانـدا چەسـپاوە.

لـە کوێی یاسـاکانی ئێسـتای ئێرانـدا لێکۆڵینەوە لـە بارەی منداڵهاوسـەری و هاوسـەرگیریی سـپی و سـیغە و ئێتنیـک بـە تـاوان زانـراوە؟ لەسـەر چ بنەمایـەک لێکۆڵینـەوەی ئێتنۆگرافـی سـەبارەت بـە کەسـانی ئێڵ.جی.بی.تـی تاوانـە؟ ئایـا لێکۆڵینـەوە لەمـەڕ پرسـێک یـان دیاردەیـەک بـە مانـای پـەرەدان یـان دابەشـکردنی ئێـران لـە ڕێگـەی ئـەو توێژینەوەیەیـە؟ و لـە هەمـووی گرنـگتر، هاوکاریـی مـن لەگـەڵ حکوومەتـی دوژمنـکاری ئەمریـکا لـە کوێوە سـەرچاوە دەگـرێ، لـە کاتێکـدا مـن هەرگیـز هیـچ پەیوەندییەکـم لەگـەڵ هیـچ ئەندامێکـی حکوومەتـی ئەمریـکا و تەنانـەت ڕێکخـراوە ناحکوومییەکانیشـیان نەبووە؟ هەمـوو ئەم تۆمەتانە تەنیـا ناتۆرەی نامەنتیقـی و بێبەزەییانـە بـوون. باوەڕپێکـراو نەبـوو، بـەڵام زیاتـر لـە جاران ڕووخسـاری ترسـناک و نامرۆڤانـەی سیسـتەمی حوکمڕانـی ئاشـکرا دەکـرد. لـە کوێی دنیـادا توێژینەوەیەک بـۆ نموونە لـە بـواری هاوڕەگەزخـوازی بـە مانـای پـەرەدان بـە هاوڕەگەزخوازییـە؟ و یـان لێکۆڵینـەوە لـە سـەر خەتەنەکردنـی کچـان و ژنـان، هاوسـەرگیریی منـداڵان، سـیغەی مەحرەمێتـی و .... بـەو

بـە فەرهەنگـی ڕۆژاوایـی دەدا؛ کـە ڕژێمـی کۆمـاری ئیسلامیـی ئێـران بـەم شـێوە کردەوەکانـی منـی لێـک داوەتـەوە و بـە هەڵسـەنگاندنی لاگیرانـە و نامرۆڤانـە منـی بـەم شـتە سـەیر و سەمەرانە تۆمەتبار کردووە.

خبرگزاری تسنیم می‌گوید کامیل احمدی پژوهشگر ایرانی-بریتانیایی با حکم بدوی شعبه ۱۵ دادگاه انقلاب اسلامی تهران به ۹ سال حبس و ششصد هزار یورو جریمه محکوم شده است. مراجع قضایی ایران این خبر را اعلام نکرده‌اند.

دولت بریتانیا با اظهار "نگرانی شدید" خواستار توضیح بیشتر در این باره شده و امیر رئیسیان وکیل آقای احمدی گفته درخواست تجدیدنظر خواهد کرد و به نتیجه آن "امیدوار" است.

آقای احمدی مردم‌شناس و پژوهشگر کرد ایرانی که به گفته شبکه حقوق بشر کردستان سال‌ها بود در ایران زندگی می‌کرد، ۲۰ مرداد پارسال در تهران بازداشت و آبان همان سال با وثیقه آزاد شده بود.

به گزارش تسنیم خبرگزاری نزدیک به سپاه پاسداران، آقای احمدی به "تحصیل مال نامشروع حاصل از همکاری و اجرای پروژه‌های موسسات برانداز" متهم بوده است.

این خبرگزاری اتهام‌های دیگری را هم ذکر کرده است: "همکاری با موسسه هیفوس در مسائل زنان و کودکان، تلاش برای اعمال نفوذ در تهیه و تصویب طرح افزایش سن ازدواج با همراهی دو نماینده زن سابق مجلس و سفارتخانه‌های کشورهای اروپایی، ترویج و حمایت از همجنس‌گرایی، همکاری و ارتباط با رسانه‌های معاند و بیگانه و ارسال گزارش خلاف واقع به گزارشگر حقوق بشر سازمان ملل علیه جمهوری اسلامی ایران" و سفر به اسرائیل "در پوشش خبرنگار بی‌بی‌سی".

آقای احمدی برنده جایزه ادبیات و علوم انسانی بنیاد جهانی صلح در دانشگاه جورج واشنگتن آمریکا بوده و "داستان شهر ممنوعه، پژوهشی جامع بر باب دگرباشان در ایران" از آخرین کارهای اوست.

هەواڵدەریـی تەسـنیم دەڵـێ کامیـل ئەحمـەدی لێکۆڵـەری بەریتانـی - ئێرانـی بـە حوکمـی پێشـوەختەی لقـی ١٥ی دادگای ئینقلابـی ئیسلامیـی تـاران بـە ٩ سـاڵ زینـدان و پێبژاردنـی بـڕی شەشسـەد هـەزار یـۆرۆ مەحکـووم کـراوە. بەرپرسـانی دەزگای قەزایـی ئێـران ئـەم هەواڵەیـان ڕانەگەیانـدووە.

حکومەتـی بەریتانیـا "نیگەرانیـی قووڵـی" دەربڕیـوە و داوای ڕوونکردنـەوەی زیاتـری لەسـەر ئـەم بابەتـە کـردووە و پارێـزەری ئاغـای ئەحمـەدی، ئەمیـر ڕەئیسـیان، ڕایگەیانـدووە کـە تانـە لـە سـەر حوکمەکـە دەدا و بـە ئەنجامەکـەی هیـواداره.

ئاغـای ئەحمـەدی خەڵکنـاس و لێکۆڵـەری کـوردی ئێرانییـە کـە بـە پێـی ڕاپۆرتـی تـۆڕی مافـی مرۆڤـی کوردسـتان سـاڵانێکە لـە ئێـران دەژیـا، ڕۆژی ٢٠ی گەلاوێـژی (١١ی ئاگێسـت) سـاڵی ڕابـردوو لـە تـاران دەسـتبەسـەر و لـە مانگـی گەڵاڕێزانـی هەمـان سـاڵ بـە دانانـی بارمتـە ئـازاد کرابـوو.

بـە پێـی ڕاپۆرتـی تەسـنیم، هەواڵدەریـی نزیـک لـە سـپای پاسـداران، ئاغـای ئەحمـەدی بـە بەدەسـتهێنانی مـاڵ و سـامانی نامـەشرووع لـە ڕێگـەی هـاوکاری و جێبەجێکردنـی پـڕۆژەی ڕێکخـراوە تێکـدەرەکان تۆمەتبـار ببـوو.

ئـەم ئاژانسـە هەواڵیانـە ئاماژەیـان بـە تۆمەتـی دیکـەش کردبـوو: هـاوکاری لەگـەڵ دامـەزراوەی هیڤـۆس بـۆ پرسـی ژنـان و منـداڵان، هەوڵـدان بـۆ ئامـادە کـردن و پەسـەندکردنی پلانێـک بـۆ زیادکردنـی تەمەنـی هاوسـەرگیری بـە یاوەریـی دوو نوێنـەری ژنـی پێشـووی مەجلیسـی شـۆڕای ئیسلامـی و باڵیۆزخانـەی وڵاتانـی ئەورووپایـی، پـەرەدان و پاڵپشـتیکردن لـە هاوڕەگەزخـوازی، هـاوکاری و پەیوەندیکـردن لەگـەڵ میدیـا دوژمنـکار و بیانییـەکان و ناردنـی ڕاپۆرتـی درۆ بـۆ ڕاپۆرتـدەری مافـی مرۆڤـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان لـە دژی کۆمـاری ئیسلامیـی ئێـران و گەشـتکردن بـۆ ئیسرائیـل لـە ژێـر نـاوی پەیامنێـری بـی بـی سـی".

ئاغـای ئەحمـەدی بـراوەی خەڵاتـی ئـەدەب و زانسـتە مرۆییەکانـی بنیاتـی ئاشـتیی جیهانیـی زانکـۆی جـۆرج واشـینگتۆن لـە ئەمریکایـە و دواییـن بەرهەمـی بـە نـاوی "شـاری قەدەغەکـراو" لێکۆڵینەوەیەکـی گشـتگیر سـەبارەت بـە ناهاوسـانان (هاوڕەگەزخـوازان) لـە ئێرانـە.

● وێنەی ۴۳۲ – شرۆڤەی هەواڵ لە ماڵپەڕی بی بی سی فارسیدا

لـە بڕیارەکـەدا هاتبـوو کـە بـە هـۆی بوونـی خواردنـەوەی کحۆلـی جگـە لـە سـێ مانـگ زیندانیکـردن، بـڕی ٣٥٠ هـەزار تمەنیـان وەک پێبژاردنێکـی گاڵتەجاڕانە بە سـەرما سـەپاندبوو. هەروەهـا پێبژاردنـی شەشسـەد هـەزار یۆرۆیشـم هەبـوو کـە بـە پێـی نرخـی یـۆرۆ لـە ئێـران کـە ئەوسـا ٣٠ هـەزار تمـەن دەبـوو بـە بـڕە پارەیەکـی یەکجـار زۆر واتـە ١٨ ملیـار تمـەن. تەنانـەت ئەگـەر بـەو پێبژاردنـەش بچووبایەتمـە زینـدان، دوای تێپەڕاندنـی سـزاکەم نەمدەتوانـی لـە زینـدان دەربچـم و دیـارە مەبەستیشـیان هـەر ئـەوە بـوو.

ئەوەنـدە حەپەسـابووم کـە داوام لـە سـکرتێری ڕەئیسـیان کـرد خواردنەوەیەکـی فێنکـم بـۆ بهێنێـت. قورگـم وشـک ببـوو و نەمدەتوانـی بـە باشـی قسـە بکـەم. دوای خواردنـەوە فێنکەکـە، دیسـان پەشـۆکاوانە گوتـم: "بەڕێـز ڕەئیسـیان ئەمانـە چییـە؟" وتـی نازانـم چـی بڵێـم، ئەمانـە قۆڵیـان بـۆ لەناوبردنـت هەڵماڵیـوە و ئەوپەڕەکەیـان لـێ گرتـووی ... ئەویـش تـەواو سـەری سـوڕ مابـوو. هەرگیـز بـە خەیاڵیـدا نەدەهـات بڕیارێکـی لـەو شـێوەم بـۆ دەربکرێـت. دەیگـوت: "دامنابـوو کـە ئەوسـەرەکەی نیـوەی ئـەم حوکمـەت بـە سـەردا بسـەپێنن، پێویسـتە تانـە لـە دادگای بـاڵا بدەیـن بـۆ ئـەوەی ڕەنگـە سـزاکە هەڵبوەشـێنینەوە و کەمـی بکەینـەوە، کـە دوای سـاڵێک یـان دوو سـاڵ لـە زینـدان ئـازاد ببـی، بـەڵام پێبژاردنـی شەشسـەد هـەزار یۆرۆیـی چی لـێ بکەیـن؟ ئـەم بـڕە پـارە لـە کـوێ بێنـی؟"

دەمزانـی بەشـێکی زۆری پێبژاردنـی دادگا، نزیکـەی بیسـت بـۆ بیسـت و پێنـج لـە سـەدی بـڕی پێبژاردنەکـە دەدرێ بـە زابیـت یان هەمـان بازجوو. تەنانـەت ئەگەر زیندانییـەک هەڵبێت، جەنابـی زابیـت هەمـان ئـەم بـڕە پـارە لـە کەفالەتـی زیندانییەکـە هەڵدەگرێـت. ڕەئیسـیان وتی ئەگـەر حوکمەکـە قبـوڵ بکـەی خۆبەخـۆ یـەک لەسـەر سـێی ئـەم حوکمـە کـەم دەبێتـەوە. ئەگەریـش لـە مـاوەی زیندانیکردنەکەتـدا گۆڵمـەز نەنێیتـەوە و ئـارام و لەسـەرخۆ بـی و قسـە لەگـەڵ میدیاکانـدا نەکـەی و وەک خۆیـان دەڵێـن زیندانییەکـی بەئـەدەب و چـاک بـی، ڕەنگـە حوکمەکـەت لەسـەدا ٢٠ بشـکێت. ئۆقـرەم نەدەگـرت، هەرچۆنێک حیسـابم دەکرد، دیسـانیش لانیکـەم پێنـج بـۆ شـەش سـاڵ دەبـا لـە گۆشـەی زینـدان بـام و هیـچ گەرەنتییەکیش نەبـوو کە دوای تەواوبوونـی حوکمەکـەم ئـازاد بکرێـم.

بیـر و خەیاڵـی جۆراوجـۆر دەهاتـە مێشـکمەوە، لەلایـەک بەخۆمـم دەگـوت: " ئاسـاییە کامیـل، بـڕۆ بـۆ زینـدان، لەوێـش دەتوانـی خەڵکناسـیی زینـدان ئەنجـام بـدەی و دیوەکـەی تـری کۆمەڵـگا ببینـی و ... ، بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا نەمدەتوانـی قەناعـەت بـە خـۆم بهێنـم بـۆ ئـەوەی بگەڕێمـەوە بـۆ زینـدانـی ئێڤیـن. ئەگـەر تەنانـەت لـە باشتریـن حاڵەتـدا، بۆ نموونـە پێنج سـاڵ لـە زنیـدان بمابایەمـەوە، ئـەو کەسـەی دەچێتـە زینـدان لەگـەڵ ئـەو کەسـەی لـە زینـدان دێتـە دەرەوە زۆر جیـاوازە. هەمـوو ئەمانـە بـە لایـەک، ژیانـی شـەفەق و ئـالان چـی بەسـەر دەهـات؟ کاتێـک تـۆ بـۆ ماوەیەکی زۆر لەگـەڵ منداڵەکـەت نەبـی و قۆناغەکانـی پەروەردەکردن

و خوێندنـی لـە نەبوونـی تـۆدا تێپـەڕ بـکا، پێوەندیـت لەگەڵـی بپڕچـڕێ و ئـەو سـەرەکەی دوو هەفتـە جارێـک نیـو کاتژمێـر لـە قەرەباڵغیـی زیندانـدا بیبینـی و تەنانـەت نەتوانـی تێـر بـە دڵ سـەیری بکـەی، ئـیتر ژیانـی خـۆت و خێزانەکـەت چـی لـێ دەمێنێتـەوە؟ خـۆم چیـم بـە سـەر دەهـات؟ چـۆن لـەو شـوێنە ترسـناک و پـڕ لـە دڵەڕاوکـێ و داخـراوەدا بەرگـەم بگرتایـە؟

نـە توانـای ئـەوەم بـوو بچمـە زینـدان و نـە دەمتوانـی بـڕی پێبژاردنەکـە بـدەم. گـریمان حوکمـی زیندانەکەشـم بەسـەر ببردایـە و تـەواوم بکردایـە، چـۆن ئـەو پێبژاردنـە شەشسـەد هـەزار یۆرۆییـەم بدابایـە کـە بـڕی چەندیـن ملیـارد تمـەن بـوو؟ ئەگەریـش نەمتوانیبایـە بـڕە پارەکـە بـدەم، دەبـا بـۆ هـەر دە هـەزار تمـەن ڕۆژێـک لـە زینـدان بـم. جـا خۆتـان حسـێبی بکـەن بـۆ سـاغکردنەوەی ئـەم بـڕە پارەیـە کـە وەک سـزای پێبـژاردن بـە سـەرمدا سـەپێنرابوو، دەبـوو سـەدان سـاڵ لـە زینـدان بایـەم! وەک شـتێ ناڕاسـتەوخۆ دوو بژاردەیـان خسـتە بـەر دەمـم؛ یـان ناچـار دەبـووم پـارەی سـزای پێبژاردنەکـە دابیـن بکـەم یـان بـێ دەنـگ و هـەرا سـزای زیندانـی هەتاهەتاییـم بـە سـەردا دەسـەپێنرا. پەیامـی قـازی سـەڵەواتی و لـە بنەڕەتـدا ڕێکخـراوی ئیتلاعاتـی سـپای پاسـداران زۆر ڕوون و ڕاشـکاوانە بـوو: ئێمـە قۆڵمان بۆ سـڕینەوەی تـۆ هەڵماڵیـوە.

لـە جەنگـەی حیسـابکردنەکانی مـن و بەڕێـز ڕەئیسـیاندا، ژنەکـەم و خوشـکەکانم و زاواکانم بـەردەوام تەلەفۆنیـان بـۆ دەکـردم و دەیانپرسـی چ حوکمێکـم بـۆ دەرچـووە؟ مۆبایلەکانمـان لـە دەرەوەی نووسـینگەکە دادەنـا بـۆ ئـەوەی گـوێمان لـێ نەگیـرێ و سـکرتێرەکەش پەیتـا پەیتـا ڕایدەگەیانـد کـە مۆبایلەکانتـان زەنـگ لـێ دەدەن. ناچـار بـووم خـۆم کۆنتـڕۆڵ بکـەم و بـە هێمنییـەوە وەڵام بدەمـەوە و بڵێـم "چـاوەڕوان بـن، دێمـەوە مـاڵ".

کاتێـک گەیشـتمە ماڵـەوە، هەمـوو شـتێکم بـە وردی بـۆ گێڕانـەوە، یـان بـاشتر بڵێـم، پچـڕ پچـڕ قسـەم دەکـرد، حەپەسـابووم، ئەوانیـش بەپـەرۆش و نیگـەران بـوون. مێشـکمان قەپـات ببـوو و مـاق مـاق سـەیری یەکترمـان دەکـرد. وردە وردە هاتینـەوە سـەر خۆمـان و پرسـیارەکان دەسـتیان پێکـرد. کامیـل! ئێسـتا بەنیـازی چـی بکـەی؟ چـی ڕوو دەدات؟ چـۆن ئـەم بـڕە پـارە جێبەجـێ بکەیـن؟ ئایـا ڕێدەرەتانێکـی دیکەمـان هەیـە؟ ناکـرێ حوکمەکـە کـەم بکرێتـەوە؟ و .... دەیـان پرسـیاری تـری بێـوەڵام. کۆنترۆڵـی زەینـم لەدەسـت دابـوو و پرسـیار لە دوای پرسـیار لـە مێشـکمدا کەڵەکـە ببـوو. ئـەو پرسـیارانەی کـە هـەر یەکەیـان کەڵکەڵـەی ژیانێـک بـوون. نازانـم ئـەو شـەوە چـۆن خـەوم لێکـەوت. بیـر و خەیـاڵات دەسـتبەردارم نەبـوو و بـەردەوام بیـرم لـەوە دەکـردەوە کـە دەبـێ چ بکـەم؟ لـە ئێـران بـڕۆم؟ بـۆ کـوێ بچـم و چـۆن لە سـفرەوە دەسـت پـێ بکەمـەوە؟ بۆچـی دەبـێ بـڕۆم؟ بۆچـی چیـم کردبـوو؟

لـە ڕووی یاسـاییەوە تەنیـا یـەک مافـم هەبـوو، ئەویـش تانـەدان لـە بڕیـاری دادگا، بـەڵام ئایا ئـەم تانەدانـە هیـچ لـە بڕیارەکـە دەگۆڕێـت؟ ئایـا کەسـێک بڕیـاری دادوەر سـەڵەواتی پـێ

دەگـۆڕا؟ بۆچوونـی کەسـانی دەوروبـەرم نەخێـر بـوو! هەمـووان هـاوڕا بـوون کـە ئـەم بڕیـارە ئـەو سـەرەکەی کەمێـک دەشـکێ بـۆ ئـەوەی نیشـان بـدەن کـە دۆسـییەکەیان خوێندووەتـەوە! مـن هێشـتا هیـوادار بـووم، یـان ڕەنگـە لـە ڕووی دەروونییـەوە ئامـادە نەبـووم قبووڵـی بکـەم کـە بڕیارەکـە هیـچ گۆڕانێکـی بەسـەردا نایـەت. دەمزانـی قـازی سـەڵەواتی کەسـێکی خـاوەن دەسـەڵات نییـە و وەکـوو بازپورسـەکەم واتـە قەناعەتـکار سـەربەخۆیی بیـروڕای نییـە و هەمـوو شـتێک لـە دەسـتی زابیتانـی سـپای پاسـدارانداية، بـەڵام تەنیـا بیـرم لـەوە دەکـردەوە کـە ڕەنگە کرانەوەیـەک ڕوو بـدات. لـە دادگای تێهەڵچوونـەوەدا، دادوەرە بەئەزموونـەکان بـە کەمێـک دادپـەروەری و عەقڵانییەتـەوە ئامـادە بـن و بڵێـن نابـێ کەسـێک لەبـەر کاری لێکۆڵینەوەیـی بـۆ مـاوەی چەندیـن سـاڵ ڕەوانـەی زینـدان بکرێت. هەروەهـا وردبیـن بـن کـە یـەک سـاڵ و سـێ مانـگ لـە سـزای زیندانیکردنـم بـۆ ئـەو بابەتانەیە کـە پەیوەندییـان بـە دۆسـییەکەوە نییـە، جگـە لـەوەش بابەتـی شـۆکێر تەنانـەت لە دۆسـیەکەدا نەهاتبـوو و دادوەر سـەڵەواتی بـە فەرمانـی ئیتلاعاتـی سـپای پاسـداران بـە لیسـتەکەی زیاد کردبـوو. حوکمەکـەم کەموکـووڕی و کەمایەسـیی یاسـایی هەبـوو و لـە سـادەترین حیسـاباتی خۆیاندا هەڵەیان کردبوو.

بریگرتەکـەم (مـوکل) بەڕێـز #کامیل_ئەحمـەدی، توێـژەر و خەڵکناس، لەلایـەن لقـی ١٥ی دادگای ئینـقلاب بـە تۆمەتـی "هـاوکاری لەگـەڵ حکومەتـی دوژمنـکار" بـە هەشـت سـاڵ زیندانـی سـزا درا. ئێمـە تانـە لـە دژی ئـەم حوکمـە پێشـکەش دەکەیـن و هێشـتا ئومێدمـان هەیـە ...

● وێنەی ٤٣٣ - توێتی پارێزەرەکەم

دوو ڕۆژ دوای بیـستن و خوێندنـەوەی حوکمەکـە (یـان بڕیـاری دادگا)، کاتەکانـم بـۆ نووسـینی ڕەشنووسـی تانەدانەکـە تەرخـان کـرد و بـە هەمـوو هێـز و وزەی خۆمـەوە نووسـیم و داوام لـە پارێزەرەکـەم کـرد کـە پێکـەوە دەسـت بکەیـن بـە پێداچوونـەوە و ڕاسـتکردنەوەی دەقەکـە. لـە مـاوەی کـەمتر لـە هەفتەیەکـدا ڕەشنووسـی تانەمـان نووسـی و لـە وادەی یاسـاییدا ڕادەسـتمان کـرد. پێـش ڕادەسـتکردن بـەردەوام مشـتومڕمان لەسـەر ئـەوە دەکـرد کـە ئایـا ئـەو پرسـە بەمیدیایـی بکەیـن یان نـا. وامان پـێ بـاشتر بـوو کـە ئـەم کارە بکەیـن، بـەڵام دیمانـە لەگـەڵ میدیـا بیانییـەکان نەکـەم. فشـاری میدیـاکان هەمیشـە دەتوانـێ کاریگـەر بـێ و ڕەنگـە کاریگـەری لەسـەر دادگای تێهەڵچوونـەوە هەبێـت. هەمـووان لەسـەر ئـەوە هـاوڕا بـوون کـە هەمیشـە بەمیدیایـی کـردن لـە بەمیدیایـی نەکـردن بـاشترە. بڕیـار درا ئـەم کارە بکەیـن، بـەڵام مـن دیمانـە لەگـەڵ هیـچ میدیایەکـی ناوخۆیـی و دەرەکـی نەکـەم. بڕیـار درا بەڕێـز ڕەئیسـیان لـە تـۆڕی کۆمەڵایەتیـی ئیکـس

حوکمەکە ڕابگەیێنێ و بنووسێ کە دادوەر سەڵەواتی حوکمی بۆ مووەکلەکەم واتە کامیل ئەحمەدی دەرکردووە. منیش بە چەند دێڕ ڕوونکردنەوە، هەمان شت ڕیتویت بکەمەوە. لە بیری چوو نۆ ساڵ و سێ مانگ بنووسێ و تەنها باسی هەشت ساڵی کرد، یان تەنها باسی مادەی ٥٠٨ی کرد و هیچی لەسەر سزا یاساییەکانی تر نەنووسی.

هیوا و هەوڵ و شیکارییە پسپۆڕییەکانمان گشتی بە هەڵە دەرچووبوو و حوکمێکی ئاوا قورسم وەرگرتبوو. بەڵام هێشتا دڵم بە تێهەڵچوونەوە خۆش بوو و ئەوەی کە ڕووماڵی میدیایی ئەم بابەتە دەتوانێ کاریگەری لەسەر بڕیاری دادگا دابنێت. دیارە لە یەکەم ڕۆژدا ڕوحوڵڵا زەم لەسێدارە درا و کەشێکی قورس لە دژی دەزگای داد هاتە ئاراوە. دوو ڕۆژ پێش ئەوەی حوکمەکەم بەمیدیایی بکرێ، دوو ژنی دیکەش کە دۆسیەکانیان هاوکات لەگەڵ دۆسیەی من خرابووە گەڕ، حوکمەکانیان دەرچوو و حوکمی هاوشێوەی منیان بەسەردا سەپێنرابوو. زۆری نەخایاند کە هەواڵی حوکمەکەم میدیایی کرا و دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ناو ئێرانیش ڕووماڵیان کرد. دیسان تەلەفۆنکردنی میدیا بیانییە فارسی زمان و ئینگلیزییەکان دەستی پێکردەوە.

هەموو داواکارییەکانم ڕەت کردەوە. کاردانەوە و پەیامی زۆرم لە ڕێی ئینستاگرام و ئیکس و ئیمەیلەوە پێگەیشت و ئەمەش ئەوەی دەردەخست کە ئێران لە پرسی مافی مرۆڤدا تا چەندە پێشێلکارە و تا چەندە دۆسیەی بۆ دووڕەگەزنامەییەکان دروست کردووە کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا سەرنجێکی زۆر بەم بابەتە دەدرێت. بابەتی حوکمەکەم لەلایەن زۆربەی هەواڵدەرییە بیانییەکانەوە بەتایبەت ئینگلیزی زمانەکان ڕووماڵ کرا و میدیای فارسی زمان لە دەرەوەی ئێران لەسەری نووسیان[1]، بەڵام میدیا ناوخۆییەکان بە یەک ڕۆژ دواکەوتنەوە هەواڵەکەیان بڵاو کردەوە.[2]

ئوسووڵگەراکان (بناژۆخوازان) و ئەو میدیایانەی کە لە ژێر کۆنترۆڵی سپای پاسدارانداا

---

١. توێژەری پرسە کۆمەڵایەتییەکان کامیل ئەحمەدی لە ئێران سزای ٩ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندرا، ماڵپەڕی بی بی سی فارسی، ٢٣ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٩٩ی هەتاوی (١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠)

www.bbc.com/persian/iran&55296017-

کامیل ئەحمەدی، خەڵکناسی ئێرانی-بەریتانی بە ٩ ساڵ زیندان سزا درا، ماڵپەڕی یۆرۆنیوزی فارسی، ١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠

www.parsi.euronews.com/2020/12/14/kameel-ahmadi-iranian-british-dual-citizen-and-researcher-sentenced-to-9-years-in-jail

٢. کامیل ئەحمەدی سزای ٩ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندرا، ماڵپەڕی ئاژانسی هەواڵی ڕوویداد ٢٤، ٢٣ سەرماوەزی ساڵی ١٣٩٩ی هەتاوی (١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١٩)

www.rouydad24.ir/fa/news/243195

بـوون، بـە جـۆش و خرۆشـێکی زۆرەوە ئـەم بابەتەیـان لێـک دایـەوە و پاسـاویان هێنایـەوە.[١]

خبرگزاری تسنیم

"کامیل احمدی" به ۹ سال حبس محکوم شد+عکس

۲۳ آذر ۱۳۹۹ - ۱۹:۰۹ | اخبار اجتماعی | اخبار حقوقی و قضایی

دادگاه انقلاب تهران، کامیل احمدی، عنصر نفوذی فعال در حوزه مسائل اجتماعی ایران را به ۹ سال حبس محکوم کرد.

٤١ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ - ٩٠:٩١ | هەواڵی کۆمەڵایەتی | هەواڵی یاسایی و دادوەری

"کامیل ئەحمەدی سزای ٩ ساڵ زیندانی بۆ دەرکرا + وێنە"

دادگای ئینقلابـی تـاران سـزای ٩ سـاڵ زیندانـی بەسـەر کامیـل ئەحمـەدی، ئەجێنـدای چالاکـی بـواری پرسـە کۆمەڵایەتییەکانـی ئێرانـدا سـەپاند.

● وێنەی ٤٣٤- سەردێڕی ڕۆژنامەی فەرمی سپا

هەواڵدەریـی فـارس نووسـی: "کامیـل ئەحمـەدی بـە تۆمەتـی هـاوکاری لەگـەڵ دامـەزراوە بیانییـەکان بـە نـۆ سـاڵ زینـدان حوکـم دراوە و بەهـۆی بەدەسـتهێنانی سـامانی ناشـەرعییەوە سـزای پێبژاردنـی ٦٠٠ هـەزار یـۆرۆی بەسـەردا سـەپێنراوە." ئـەم هەواڵـە[٢] بـۆ مـن زۆر سـەرنجڕاکێش بـوو. چونکـە ئێمـە لـە تویتەکەمانـدا باسـی بـڕی نەختـی و یـەک سـاڵ و سـێ مانـگ زیندانمـان نەکردبـوو، بـەڵام ئاژانسـی هەواڵـی فـارس تـەواوی وردەکاریـی حوکمەکەی بڵاو کردبووەوە.

پێداگریـی ئاژانسـی هەواڵـی فـارس لەسـەر پێبژاردنـی نەختـی و ئاماژەکردن بـە بەشـێک لـە حوکمەکـە کـە نووسـیبووی: "بەدەسـتهێنانی سـامان لـە ڕێگـەی کاری ناشـەرعی" بەشـێک لـە دەزگا هەواڵییـە ناوخۆیـی و دەرەکییەکانـی بـە لاڕێـدا بـرد و بووە هۆی ئـەوەی کە ئـەو دەزگا میدیاییانە کـە وەرگێـڕی فارسـی زمانیـان نەبـوو و ڕەنگـە وەرگێڕانـی گووگڵیـان بـەکار هێنابـێ، بـە هەڵـە بنووسـن بـە هـۆی بەدەسـتهێنانی مـاڵ بـە مەبەسـتی کڕینی خانـوو، وەک شـتێ وشـەی "ماڵ" واتـا دارایییـان بـە "خانـوو" وەرگێڕابـوو، کـە شـتێکی کەنینـاوی بـوو. چەنـد ئاژانسـێکی هـەواڵ پەیوەندییـان گـرت کـە ئەمـە یانـی چـی و بابەتـی شەشسـەد هـەزار یـۆرۆ و بەدەسـتهێنانی سـامان و موڵـک و مـاڵ چییـە؟ ناچـار بـووم بۆیـان ڕوون بکەمـەوە کـە وەرگێڕانەکـەی بـە زمانـی ئینگلیـزی دەبێتـە چـی و بەرچاوڕۆشـنییان پـێ بـدەم کـە لـە سیسـتەمی یاسـایی ئیسلامیـی

١. کامیل ئەحمەدی، زەبری هیقووس لەسـەر ڕەگ و ڕیشـەی بنەماڵەی ئێرانی، ماڵپەڕی جەوان ئانلاین، ٢٤ی سـەرماوەزی ١٣٩٩ی هەتاوی (١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١٩)

www.javanonline.ir/004KH8

٢. کامیـل ئەحمـەدی سـزای ٩ سـاڵ زیندانـی بەسـەردا سـەپێندرا + وێنـە، ئاژانسـی تەسـنیم، ٢٣ی سـەرماوەزی سـاڵی ١٣٩٩ی هەتـاوی (١٤ی کانوونـی دووەمـی ٢٠١٩)

https://tn.ai/2409665

ئێراندا پارەیەک کە لە ڕێگای نائیسلامی یان غەیرە شەرعییەوە بەدەست بهێنرێ پێی دەوترێت بەدەستهێنانی ماڵ و سامانی ناشەرعی[1]. بەکورتی دوو ڕۆژم بە ڕوونکردنەوەی ئەو هەواڵە بەسەر برد[2] کە ئاژانسی هەواڵی فارس بڵاوی کردبووەوە[3].

پەیوەندیم بە سکرتێری باڵیۆزی بەریتانیاوە کرد، دوای چەند ڕۆژ لە کافەیەکی نزیک ماڵەکەم قەراری چاوپێکەوتنی لە گەڵم دانا. بە ئەنقەست شوێنێکی گشتی بۆ کۆبوونەوە هەڵبژارد. کارێکی نایاسایی و سەرپێچیکارانە نەبوو. ئێمە دەمانویست لە شوێنێکی گشتیدا کۆ ببینەوە. بێگومان دەمزانی ئەم کۆبوونەوانە بیانوویەکی باشن بۆ ئەوەی ناوەندە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی هەموو جۆرە تۆمەتێک بخەنە پاڵم. کاتێک لە بەرامبەرم دانیشت، نیگەران بوو و وتی: چاوەڕێی وەها حوکمێکی قورس بووە، بەڵام دڵی نەهاتووە پێم بڵێت. ئاماژەی بەوەش کرد کە بەو ئەزموونەی کە لە کەسانێکی وەکوو قازی سەڵەواتی هەمانە، دەمانزانی زۆرترین سزا بە سەر کەیسەکانی وەکوو کەیسی تۆدا دەسەپێنێ و کێشەیەکی سەیری لەگەڵ دووڕەگەزنامەییەکاندا هەیە.

ئەویش وەکوو هەموو ئەوانی دیکە پرسیارەکەی ئەوە بوو کە بەنیازی چی بکەیت؟ گوتم: "زۆر لەسەر ئەوە پێداگرم کە هەتا دواهەناسەم لێرە بمێنمەوە و بچمە دادگای تێهەڵچوونەوە و هەتا بڕیاری کۆتایی دادگای تێهەڵچوونەوە نەیەتەوە نامهەوێ هیچ کارێکی دیکە بکەم. باڵیۆز وتی: "وەک باڵوێزێک ناتوانم پێشنیاری پێشێلکردنی یاسای وڵاتێکی دیکە بکەم، بەڵام ئاگاداری لێکەوتەکانی سزای دە ساڵ زیندان بۆ خۆت و خێزانەکەت بە. ئێمە زۆر نیگەرانی ژن و منداڵەکەتین، پێتان خۆشە من ئەم پرسە لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئێران باس بکەم؟"

پێشتریش باڵیۆزخانە هەمیشە بژاردەی ئەوەیان پێدابووم کە ئەو پرسە لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئێران بوروژێنن و ئێران ناچار بکەن کە وەڵامی فەرمی بداتەوە. دەمزانی وەزارەتی دەرەوە هیچ دەسەڵاتێکی بە سەر دەزگا ئەمنییەکان و بەتایبەت ئیتلاعاتی سپای

1. Kameel Ahmady: British FGM academic 'jailed in Iran', bbc, 14 December 2020:

www.bbc.com/news/world-middle-east-5530069

2. Iran jails British-Iranian researcher for 9 years for subversion-report, Reuters, December 14,2020:

www.reuters.com/article/world/iran-jails-british-iranian-researcher-for-9-years-for-subversion-report-idUSKBN28N0QO/

3. Anderson, Katie. British-Iranian academic jailed for 9 years in Iran for 'subversive' research, Independent, 13 December 2020:

https://www.independent.co.uk/news/world/middle-east/kameel-ahmady-british-academic-jailed-iran-subversive-research-b1772617.html

پاسـداراندا نییـە و دڵنیـا بـووم کـە ئەگـەر ئەمـەش ڕوو بـدا هەمـوو شـتێک بـە شـێوەی فۆرماڵیتە بـەرەو پێـش دەچێـت. دەمزانـی لـە دەسـتیان دێ هـەر وەڵامیـش نەدەنـەوە، چونکـە لـە دۆخێکـدا نیـن کـە وەڵام بدەنـەوە، بـەڵام هەسـتم دەکـرد بەڕاسـتی هیـچ بژاردەیەکـی تـرم نییـە و ڕەنگە ئەمە کەمێک فشار بخاتە سەر دادگای تێهەڵچوونەوە.

Kameel Ahmady, British-Iranian Anthropologist, Detained In Iran – News Updates (August 2019 to February 2021)

FEBRUARY 3, 2011

tags: #EndFGM, #FGM, British nationals, British-Iranian, CEFM, Child marriage, Iran, Kameel Ahmady, Kamil Ahmadi, Morad Tahbaz, Nazanin Zaghari-Ratcliff, Shafagh Rahmani, UK, White Marriage

This photograph is of my friend and colleague, the British-Iranian anthropologist Kameel Ahmady, in happier times when he kindly came to support my book launch, and attended the U.N. FGM conference in Geneva in 2016.

But in mid-August 2019 Kameel was detained, and months later bailed, in Iran on vague and political criminal charges relating to 'national security'. The upshot was a verdict of nine years' imprisonment and an unthinkably massive fine.

Just after his sentence however Kameel, his wife Shafagh Rahmani and their little son managed in December 2020 / January 2021 to escape to Britain, from where he hopes to continue reporting on female genital mutilation (FGM), child marriage and 'white marriage' in the Middle-East

CONTACT HILARY

Contact me via hilary [at] hilaryburrage [dot] com. Please leave both a phone number and an email address and I will get back to you as soon as possible. I can also be found on LinkedIn and Twitter.

SEARCH THIS SITE

type and press enter

FOLLOW THIS BLOG (EMAILS)

Enter your email address to follow this blog (for free) and receive notifications of new posts by email.

وێنەی ٤٣٥ - هەڵمەتی ئاگاداركردنەوە و ئازادیی من، لەلایەن هیلاری هاورِێم و هاوكارانی تره‌وه

کاتێـک تانەمـان تۆمـار کـرد، پارێزەرەکـەم وتـی زۆر بـە زوویـی وەڵام دەدەنـەوە. وا دیـارە بـۆ دۆسـیەکەم زۆر پەلەیانـە و هەمـوو کاروبارەکـە بـە خێرایـی بـەرەو پێـش دەچێـت! حوکمـی ئـەو دوو چالاکـە مەدەنییـە ژنـە هـاوکات لەگـەڵ حوکمەکـەی مـن دەرچـوو و ڕەنگە مەبەسـتیان ئەوە بـووە هەمـوو ئـەم کەیسـانە بـە یەکـەوە ببەسـتنەوە. ئەوانیـش تانەیـان لـە دژی حوکمەکەیـان تۆمـار کردبـوو و ڕەنگـە هەمـوو کەیسـەکان چووبوونـە لقێکـی دادگای ئینـقلاب.

لەگـەڵ هاورِێکانـم لـە ئەوروپـا قسـەم کـرد، کـە ئـەوان زۆر زیاتـر لـە هاورِێکانـی ناوخـۆی ئێـران خەمـی بارودۆخـی منیـان دەخـوارد و بـە هاورِێکانـم هـیلاری، تۆبـی، ڕیچـارد، جـۆن و ئەوانـەی هەڵمەتـی ئازادکردنـی منیـان بەڕێـوە دەبـرد، پێشـنیارم کردبـوو کـە هەتـا ئەنجامـی دادگای تێهەڵچوونـەوە ئاشـکرا دەبـێ توئیـت لـێ نـەدەن یـان لێدوانـی زۆر نـەدەن. لەوەتـەی ئامێـری گوێگرتنیـان لـە مۆبایلـی هاوسـەرەکەمدا جێگیـر کردبـوو و لـە کاتـی چاککردنـەوەدا دۆزیمانـەوە، پەیوەندییەکانـم لەگـەڵ کەسـانی دەوروبـەرم زۆر سـنووردار کردبـووەوە. کاتێـک لەگـەڵ دەرەوەی ئێـران قسـەم دەکـرد، لـە ترسـی گوێگرتـن، بـە تەلەفـۆن و سـیمکارتی تـر پەیوەندیـم پێـوە دەکـردن و لـە ترسـی ئـەوەی نـەکا لـە نـاو ماڵـەوە ئامێـری گوێگرتنیـان دانابـێ، دەچوومـە سـەربان یـان جێـگای دوورتـر و دوای گرتنەبـەری هەمـوو ئـەو خۆپارێزییانـە، بـە کۆدینـگ قسـەم دەکـرد.

هەمـووان نیگـەران بـوون و هـەر یـەک بـە جۆرێـک دەیانگـوت "لـە ئێـران بـڕۆ". لەگـەڵ دوو پارێـزەری دیکـەش ڕاوێـژم کـرد، ئـەوان دەیانگـوت بـاس و خواسـی دادگای تێهەڵچوونـەوە لـە ئێـران زۆرتـر فۆرماڵیتەیـە و لـە سـەردەمی ئیبراهیـم ڕەئیسـیدا هیـچ ئومێدێکیـان بـە دادگاکان نییـە. لـە هـەر لایـەک سـەیرم دەکـرد، ئـەو بانـدەی کـە منیـان گرتبـوو، کەسـانی پلەبـاڵای ئەمنـی بـوون و سـەرێکی بانـدەکـە دەچـووەوە سـەر عەلەمەلهـودا و ڕەئیسـی زاوای و لـە بـە سیاسـیکردنی ئـەو دۆسـیانەی کـە دووڕەگەزنامەیـی بـوون دەسـتێکی باڵایـان هەبـوو.

بیـرم لـەوە کـردەوە کـە بـە ڕاسـتی مـن لـە دوو بـژاردە زیاتـرم پـێ شـک نایـە؛ یەکێکیـان ئەوەیـە کـە لـە ئێرانـدا چاوەڕێـی بڕیـاری دادگای تێهەڵچوونـەوە بـم و دوای دەرچوونـی حوکمـی تانـەدان بڕیـار بـدەم کـە چـی بکـەم. بژاردەیەکـی تـر ئەوەیـە کـە خـۆم بگەیێنـم بـە وڵاتێکـی تـر و چاوەڕێـی دەرچوونـی بڕیـاری دادگا بـم و بـە پێـی ئـەو حوکمـە بڕیـار بـدەم بگەڕێمـەوە بـۆ ئێـران یـان بچمـە بەریتانیـا. ڕێگای یەکـەم بـە ڕای هەمـووان هەڵـە بـوو. ئـەوان دەیانگـوت دوای ماوەیەکـی کـەم لـە دەرچوونـی حوکمـی دادگا، دەبـێ خـۆت ڕادەسـت بکـەی و فریـای گرتنەبـەری هیـچ ڕێوشـوێنێکی دیکـە ناکەویـت. هەروەهـا بـۆ بـژاردەی دووەمیـش مەترسـی و نارِوونـی هەبـوو. بـەڵام پلانـی خـۆم ئـەوە بـوو کـە لـە یەکێـک لـەم وڵاتـە دراوسـێیانە بمێنمـەوە و ئەگـەر بڕیارەکـەی دادگا گونجـاو بـوو، بێدەنـگ و هێمـن بگەڕێمـەوە ئێـران و بچمـە زینـدان. ئەگـەر نـا، چـاوەڕێ بکـەم هەتـا دۆخەکـە ڕوون دەبێتـەوە. دەرچوونـی حوکمـی دادگای تێهەڵچوونـەوە دوو حەوتـە کاتـی دەویسـت. ڕۆژانـی کۆتایـی ئـەو دوو حەوتەیـەم بەسـەر دەبـرد و پـەرۆش بـووم، دەمزانـی بـۆ بڕیـاردان کـەمتر لـە چـل و هەشـت کاتژمێـر کاتـم مـاوە.

بەشی سێیەم
دەرچوون لە سنوور

ئایـا هەمـوو ژیانـی مـرۆڤ لـە کۆڵەیـەک (جانتایەکـی کۆڵـی)دا جێـی دەبێتـەوە؟ هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە ئامـادەت کـردووە و ڕازاندووتـەوە بـۆ ئـەوەی ببێتـە ژینگـەی سـەلامەت و هێمنـی ماڵـت. ماڵـی هـاوڕێ و ناسـیاو و خزمێـک کـە شـوێنی ئارامـی و ئاسایشـت بـووە و لـە خۆشـی و ناخۆشـیدا ڕۆژگارێکـت تێـدا بەسـەر بـردووە، ئاخـۆ ئەمانـە کـەم شـتێکن؟ هەمـوو ئەمانـە بـە لایـەک ... ئـەی ژن و منداڵەکـەت چـی؟ ئـەوەی کـە هەمـوو شـتێک بەجـێ بهێڵـی و بـە کۆڵەیەکـەوە بـەرەو چارەنووسـێکی نادیـار ملـی ڕێـگا بگریتـە بـەر، ئەگـەر ئەمـە ڕووخـان و زووخـاو و تێکچـوون نییـە، ئـەی چییـە؟

جارێکـی تـر بەبـێ هیـچ تاوانێـک، میراتـی باوباپیرانـم بـۆ من مایـەوە. دەڕۆیشـتم بـۆ ئەوەی جارێکـی تـر لـە سـفرەوە دەسـت پـێ بکەمـەوە و حەسرەتـی بینینـی خانـەوادە و هاوڕێیـان و هەڵمژینـی هـەوای پاکـی کوردسـتان ببێتـە ئاواتێکـی دوور. هەمـوو پلانەکانمـان شـەن و کـەو کـرد و لـە بێدەنگیـدا بـە ترسـەوە بیرمـان لـە سـبەینێ کـردەوە، سـبەینێکی نادیـار کـە تاوانێکی سـەیر و سـەمەری لێدەکەوتـەوە. مـن توێـژەر بـووم و بەپێـی ئەرکەکـەم قەتماغـەی ئاریشـە و گرفتـە کۆمەڵایەتییەکانـم هەڵدەدایـەوە، دوو هەڵبـژاردەم هەبـوو؛ پیربـوون لـە زینـدان یـان ڕۆیـشتن لـە ئێـران!

بە کاتی ڕۆیشتن

پاشـنیوەڕۆی هەینـی بـوو کـە یـەک دوو هاوڕێـی یاساناسـم تەلەفۆنیـان بـۆ کـردم و وتیـان

ڕەنگە سبەی یان دووسبەی ئەنجامی دادگای تێهەڵچوونەوە ڕابگەیێنن و ئەم قسەی ئەوان زیاتر نیگەرانی کردم، چونکە لە سیستەمی ئیداریی ئێراندا هەموو شتێک لە ڕۆژانی شەممەدا ڕوو دەدات. بەو پێیەی کە چەند کەسێکی تریش پێش من سزای هاوشێوەیان بەسەردا سەپێنرابوو و ئەنجامی تانەکانیان نەگۆڕابوو و سزاکانیان وەک خۆی مابووەوە، کاتی ئەوە هاتبوو کە بڕیاری خۆم بدەم. کاتێکی ئەوتۆم نەبوو، یان دەبوو بڕۆیشتبام یان بمێنمەوە و حوکمی دادگا هەر چییەک با، قۆناغەکانی جێبەجێکردنیم تێپەڕ بکردایە. هەموو ڕێگا و بژاردەکانی دەربازبوون لە ئێرانم تاوتوێ کرد. ڕقم لە وشەی دەربازبوون و هەڵهاتن بوو، چونکە ئەم کردارەی خۆمم پێ هەڵهاتن نەبوو، دەرچوونێکی زۆرەملی بوو... ئایا من تاوانبار بووم کە دەبێ ڕا بکەم؟ چیم کردبوو؟ بە هۆی چ کارێکمەوە دەبا ڕام بکردایە؟ دەرچوونێکی زۆرەملی، کە هەڵبژاردەی من نەبوو، بەڵکوو ناچاریان کردبووم کە هەڵبێم.

● وێنەی ٤٣٦ - من و ئالان یاری دەکەین، سەعادەتاباد، تاران، ١٣٩٩ی هەتاوی (٢٠٢٠)

چەند ڕۆژێک پێشتر من و شەفەق قسەی خۆمانمان کرد و زانیمان کە دەبێ لە ئێران دەرباز بم. ئەو ڕۆژەی کە چاوەڕێی بووین هات، من و شەفەق بەردەوام لە یەکتر ڕامان دەکرد و ئەوە ئالان بوو کە بە تەنیا بێدەنگیی ماڵەکەی دەشکاند. لەبەر تەلەڤیزیۆنەکە دانیشتبوو و سەیری کارتۆنی پڵینگی پەمەیی دەکرد و بە دەنگی بەرز پێدەکەنی. ئێمە بیرمان لەو دابڕانە تاڵە دەکردەوە کە جارێکی تر لە یەکتر جیامانی دەکردەوە، بەڵام ئالان چکۆلەتر لەوە بوو کە فەڕی بە سەر دنیاوە بێ و عەقڵی پێ بشکێ کە لە دەوروبەریدا چ ڕوو دەدات. زۆر پەرێشان بووم، لێم ڕوون نەبوو کە ئایا دەتوانم جارێکی تر ژن و منداڵەکەم ببینمەوە و ئەگەر بشمتوانیبا بیانبینمەوە کاتێکی زۆری پێ دەچوو.

دابڕانێکی پڕئێش بوو. ڕۆشتن بەبێ شەفەق و ئالان لە لایەک و ماڵاوایی لە ئێران و کوردستان و تاران لە لایەکی تر. دڵم پڕ بوو و بەردەوام یادەوەرییەکانم وەبیر دەهاتەوە. بە دەوری ماڵەکەدا دەسووڕامەوە، پەیتا پەیتا شتێکم هەڵدەگرت و لە دڵی خۆمدا دەمگوت "نا قورسە" و دەمخستەوە سەر جێگاکەی خۆی. سەیری دەوروبەرم دەکرد. چۆن دەمتوانی هەموو ئەو ژیانە بەجێبهێڵم کە بۆ دروستکردنی هەوڵێکی زۆرم دابوو، باشە کۆڵەپشتی چەندە شتی تێدا جێ دەبێتەوە؟ ژن و منداڵەکەم چییان بەسەر دێت؟ کار و لێکۆڵینەوە

و پـڕۆژە و کتێبەکانـم؟ لـە دواییـن سـاتەکاندا سـەیری هەمـوو شـتەکانی نـاو ماڵەکـەم دەکـرد. هەموویـان بـۆ مـن ئازیـز بـوون. کورسـییەکی ڕۆکیـم هەبـوو کـە لەسـەری دادەنیشـتم و کتێبـم دەخوێنـدەوە. دارتاشـێکی بەناوبانگـی شـاری سـنە بـۆی چـێ کردبـووم و هەمـوو ئەندێشـە و بیرۆکەکانـم لەسـەر ئـەم کورسـییە دادەڕشـت. کتێبەکانـم و تەنانـەت جلوبەرگەکانـم، هـەر شـتێکی بچـووک و بـێ بایـەخ، بـە لامـەوە ببـوو بـە گەنجینەیەکـی گرانبەهـا. کاتـی ڕۆیـشتن تەنانـەت بچووکتریـن شـتەکانیش لام ئازیـز بـوون.

ئـالان هێشـتا سـەیری کارتۆنـە دڵخوازەکـەی دەکـرد و ڕوخسـار و چاوەکانـی پـڕ بـوون لـە جـۆش و خرۆشـی منداڵانـە و منیـش بیـرم لـەوە دەکـردەوە کـە ئـالان لـە داهاتـوودا لێـم ناپرسـێ بۆچـی ڕۆیشـتی؟ بۆچـی کارێکـی وات کـرد کـە لـە ڕۆژە گرنگەکانـی منداڵیمـدا لـە بوونـت بێبـەش بـم؟ ئـەی ئەگـەر لـە شـاخ گیـر بخـۆم و دەسـتگیر بکرێـم و بچمـە بـەردەم دادوەر سـەڵەواتی و ئەویـش چەنـد تۆمەتێکـی قورسـی دیکـە بخاتـە سـەر دۆسـیەکەم قـورِی کـوێ بـە سـەردا بکـەم؟ بـە فەرمـی بـۆم بنووسـن سـیخورِ و هەڵهاتـوو و لـە هەوڵـی گەیـشتن بـە هـاوکارە سـیخورِەکانی لەودیـوی سـنووری ئێـران و ....! ئەگـەر دەسـتگیر بکرابایـەم، ئـەوە دەبـوو بـە خاڵـی وەرچەرخـان و سـەرکەوتنێکی دیکـە بـۆ دەزگای ئەمنـی و ئیتلاعاتیـی سـپای پاسـداران کـە کەسـێکیان دەسـتگیر کردبـوو کـە بـە تاوانـی ڕووخاندنـی حکوومەتـی کۆمـاری ئیسلامیـی ئێـران لـە ڕێگـەی لێکۆڵینـەوە و هـاوکاری لەگـەڵ دامـەزراوە بیانییـەکان سـزای بەسـەردا سـەپێنرابوو و حکوومەتـی بیانیـی بەریتانیـا و هێزەکانیـان یارمەتییـان داوە بـۆ ئـەوەی لـە سـنووری ئێـران دەربـاز ببێـت. مـن تەنیا بـووم، بـەڵام ئەگـەر دەسـتگیر بکرابام، ئەم کەسـانە سـیناریۆیەکی سـەرنجڕاکێش و ئامادەکراویـان بـۆ درێـژەدان بـە درۆهەڵبەسـتنەکانیان هەبـوو.

ناچـار بـووم شـتەکانم کـۆ بکەمـەوە، بـەڵام لـەو هەموو ژیانـەی کە بە خۆشەویسـتی دروسـتم کردبـوو چیـم لەگـەڵ خۆمـدا ببردایـە؟ چەنـد کتێبێـک و فڵچەیـەک و هەویـری ددان و پیژامـە و خاوڵییەکـی بچـووک و هەندێـک جلـی گـەرم بـۆ ئـەوەی لـە شـاخ پەکـم نەکـەوێ و بەرگـەی سـەرما بگـرم. جووتێـک پـێڵاوی پۆسـتاڵی و دەسـتێک کەواوپاتـۆڵ و لەپتاپەکـەم هەڵگـرت. مۆبایلەکـەم لـە ماڵـەوە بەجێهێشـت بـۆ ئـەوەی لـە ڕێگـەی سـیگناڵەکەیەوە نەدۆزرێمـەوە. دەبـوو وریـا بـام بـۆ ئـەوەی ئەگـەر بـەم شـێوە چاودێـری دەکرێـم، وا بزانـن لـە تارانـم. لـەو دوو کاتژمێـرەی کـە بارگـە و بنـەم دەپێچایـەوە هەمـوو بیرەوەرییەکانـم هاتـەوە یـادم. دڵەڕاوکێـم هەبـوو لـەوەی کـە سـبەی چیـم بـە سـەر دێـت. لـە دڵـی خۆمـدا بیـرم لـەوە دەکـردەوە کـە ئـەم ڕۆشتن و کۆچکردنـە چەنـدە لەگـەڵ سـاڵانی گەنجێتیمـدا کە بـۆ یەکەمجار ئێرانم بەجێهێشـت فەرقـی هەیـە. ئـەودەم جەوانێـک بـووم بـەو خولیایـەوە کـە بـڕۆم و ژیـان لـە جیهانێکـی تـر و ڕوانگەیەکـی نوێـوە ببینـم و ئەزموونـی بکـەم، وروژان و جـۆش و خرۆشـی بەدیهێنانـی زۆرێـک لـەو خەونانـەی کـە لـە مێشـکمدا بـوو و وەکـوو هـەر گەنجێکـی تـر خەیاڵپەروەریـم بـۆی

دەکرد، بەڵام ئێستا پیاوێکی نێوانساڵ بووم کە لەبەر بێدەرەتانی سەری خۆی هەڵدەگرێ و دەڕوات. دیسان چاوم لە ئالان کردەوە کە بە هۆی منەوە چارەنووسی دەگۆڕا. ئیتر دروست بێ و هەڵە بێ من چووبوومە سەر کار و بواریێک کە باوەڕم پێی هەبوو، بەڵام لە دۆخێکدا بووم کە ئەو و هاوسەرەکەم بەجێدەهێشت. لە خۆمم دەپرسی ئەگەر لە داهاتوودا لێم بپرسێ بۆچی ژیانیم گۆڕاوە؟ بڵێ خووی بە ئێران گرتبوو و هاوڕێی هەبوو و دەچووە باخچەی ساوایان، پێم بڵێ من هەر ئەو ژیانەم دەویست ... چی وەڵام بدەمەوە؟ لە ڕووم هەڵنەدەهات سەیری چاوەکانی بکەم، بەڵام چارم نەبوو جگە لە سەیرکردنی، دەمویست یادگەم تەژی بکەم لە وێنەی ئالان.

من کورد و کوردستانی بووم، تا ڕادەیەک ڕێگاکانم دەناسی، بەڵام پێوەندی کردن بە قاچاخییە شارەزاکان کارێکی زۆر ئەستەم بوو. من ئەم کەسانەم نەدەناسی و نەشمدەتوانی ڕاستەوخۆ بچم بە دوایاندا. من تەنیا ئەوەم دەزانی کە دەبێ بچمە باکوور یان باشووری کوردستان و شارەزای فەزای هەر دووکیان بووم. لە تەمەنی هەرزەکاریدا پێش ئەزموونکردنی سەفەری دەرەوەی وڵات، چەند جارێک بە قاچاخ چووبوومە باشووری کوردستان (هەرێمی کوردستانی ئێستا) و ئەزموونی کارکردن و ژیانم لە کوردستانی باکوور بووە، بەڵام ئەمجارەیان بابەتەکە فەرقی دەکرد. من ئیتر کەسێکی ئاسایی نەبووم و لە دادگای ئێراندا بە تاوانبارێکی سیاسی دادەنرام و هەواڵی گرتن و حوکمە سەرەتاییەکەم لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بڵاو ببۆوە. کەواتە ئەگەر لە وڵاتی دووەمدا هەڵەیەکم کردبا، بە ئەگەرێکی زۆرەوە دەگیرام و ڕەوانەی ئێران دەکرامەوە. یەکجار لەوە نیگەران بووم کە حەوتەیەک پێش ڕۆیشتنم موحسین فەخریزادە[1] یەکێک لە داڕێژەرانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، لەسەر ڕێگای دەماوەند تیرۆر کرا. دەگوترا پیاوەکانی مووساد هێرشەکەیان ئەنجام داوە و میدیاکانی حکوومەتی ئێرانیش بەردەوام دەمەقرەی ئەوەیان بوو کە ئەنجامدەرانی تیرۆرەکە لە ناوخۆی ئێران و بەنیازن لە سنوورەکانی عێراق یان تورکیاوە هەڵبێن. سنوورەکانی ئێران و تورکیا بە چڕی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە چاودێری دەکرا و بەزاندنی سنوور لەو ڕۆژانەدا زۆر لە ڕۆژانی ئاسایی قورستر بوو.

---

١. موحسین فەخریزادە مەهابادی، لە دایکبووی ١ی نەورۆزی ١٣٤٠ی هەتاوی (٢١ ئادار/مارِسی ١٩٦١)، جێگری وەزیری بەرگریی کۆماری ئیسلامیی ئێران و فەرماندەی گشتیی سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی بوو. ئەو سەرۆکایەتیی ڕێکخراوی توێژینەوەی نوێی بەرگری لە ئەستۆ بوو کە ٧ی سەرماوەز (٢٧ نۆڤەمبەر/کانوونی یەکی ساڵی ٢٠١٠) تیرۆر کرا.

قەندیل، قەندیل، قەندیل[١]

خـۆی، ماکـۆ، سەردەشـت، سـنووری خـوسرەوی، کرماشـان و هەورامـان و بانـە و هـەر شـوێنێکی تـر کـە مێشـکم بـڕی دەکـرد، لـە ژێـر کۆنترۆڵـی چـڕی ئەمنیـدا بـوون. سـەرەتا بڕیـارم دا بـە بانـەدا بـڕۆم، شـارێک کـە مـن و خەڵکەکـە زۆر بـاش یەکترمـان نەدەناسـی. مـن کـوردی موکریـان و خەڵکـی پارێـزگای ورمـێ بـووم و لـە دەڤـەری موکریـان چەنـد شـار هەن کە لەگـەڵ کوردسـتانی باشـوور و باکـوور هاوسـنوورن؛ شـنۆ، ورمێ، خۆی، پیرانشـار و سەردەشـت. ئاسـانترین ڕێـگا بـۆ مـن ئـەوە بـوو کـە بچمـە مەهابـاد و لەوێشـەوە بـۆ پیرانشـار یان سەردەشـت و خـۆم بگەیێنمـە هەرێمـی کوردسـتان، بـەڵام ڕۆشتن بـۆ جێگایـەک کـە پێـشتر لێـی ژیـاوم مەترسـیدار بـوو. تەنهـا ئـەوە بـەس بـوو کـە کەسـێک بمناسـێتەوە و تووشـی چەرمەسـەری بـم. هـەر بۆیـە نیـازم وا بـوو کـە لـە ڕێگـەی بانـەوە بـڕۆم و دەسـتم کـرد بـە پێوەندیکـردن بـە قاچاخچییـەک کـە ماوەیـەک پێـشتر هاوڕێیەکـی متمانەپێکـراوم پێـی ناسـاندبووم. چوومـە بانـە، بـەڵام دۆخـی ئەمنیـی بانـە زۆر چڕتـر ببـوو. هێـزی تایبـەت هێرشـیان کردبـووە سـەر ئـەم شـارە و دەیانگـوت تەنانـەت لـە هەندێـک گەڕەکـدا دەرگا بـە دەرگا دەگـەڕان. دۆخەکـە ئەوەندە ئاڵـۆز بـوو کـە خەڵـک لـە ماڵەکانیانـدا مابوونـەوە و بازاڕچەی سـەر سـنووریش داخرابـوو، چونکە کـەس نەیدەتوانـی بچێتـە ئەودیـوی سـنوور و بگەڕێتـەوە. سـنوورەکانی دیکـەش هـەر ئـەم دۆخـە بـوو، بـەڵام بـە ڕادەیەکـی کـەمتر. بانـە ببـوو بـە مۆڵگـەی هێـزە ئەمنییـەکان و هاتوچـۆ و گەڕانیـان بارودۆخـی شـارەکەی ترسـناک کردبـوو.

بەرنامـەی دەرچوونـم لـە ئێـران لـە ڕێـگای بانـە شکسـتی هێنـا، قاچاخچییەکـە پێـی وتـم بچمـە مەریـوان. دڵەڕاوکێـم زۆر بـوو، دۆخـی ئەمنـی وای کردبـوو کـە هیـچ پەیوەندییەکـم لەگـەڵ بنەماڵەکەمـدا نەبێـت. لـە خـۆوە هەسـتم دەکـرد کـە چەنـد کەسـێک لێـم دەگەڕێـن و مـن و خێزانەکەمیـان لـە ژێـر چاودێریدایـە. لـە مەریوانیشـدا دۆخەکـە بـاش نەبـوو و کاتێـک لـەم دوو شـارە بـێ ئومێـد بـووم، بڕیـارم دا لـە گوندەکانـی ناوچـەی سـێرۆی ورمێـوە خـۆم

---

١. چیـای قەندیـل بەشـێک لـە زنجیـرە چیـای گـەورەی زاگرۆسـە و بـە یەکێـک لـە چیـا بەناوبانگەکانـی جیهـان لەقەڵـەم دەدرێـت. لـە سـەرەتای ئـەم ژیاننامـەدا باسـی ئـەم شـاخانەم بـۆ کـردوون. بەفرەچاڵـی سروشـتی و زەبەلاحـی هەیـە و جگـە لەمانـە هەمیشـە بەشـێوەیەکی تـر بـۆ کـورد گرنـگ بـووە. لـە ڕۆژاوای کوردسـتان و باکـووری کوردسـتانەوە بگرە هەتـا دەگاتە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان ئـەم چیایانـە هەمیشـە شـوێنی زۆربـەی ئـەو حیزبانـە بـووە کـە دژی حکوومەتەکانیـان ڕاوەسـتاون. ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان پـەژاک، حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران و حیزبـی کۆمەڵە و سـەردەمانێکیش کـە حیزبەکانی باشـووری کوردسـتان وەکـوو یەکێتـی (یەکێتیـی نیشـتمانی کوردسـتان) و پارتـی (پارتـی دیمۆکراتـی کوردسـتان) کـە دژی حکوومەتـی بەعـس شـەڕیان دەکـرد، هـەر لـەم چیای قەندیلـەدا بارەگایـان هەبـوو و تا ئێسـتاش هەندێکیان لەوێـن. هەم لە ڕووی مێژوویـەوە دەکەوێتـە جوگرافیایەکـی گرنـگ و پڕبایـەخ و هەمیـش وەک بەفراویتریـن شـاخەکانی ئێـران نـاسراوە. ئەم زنجیـرە چیایـە پێشـینەیەکی مێژوویـی لە بـواری خەباتدا هەیە و شـوێنێکی هەڵدێـرە و تێپەڕین لێی زۆر ئەسـتەمە و من تەنیا لـە بەشـێکی کەمـی تێپەڕیم.

بگەیێنمە باکووری کوردستان. دەیانگوت ڕێگاکەی باشترە و کاری قاچاخچییەکان تەکووزتر و ڕێکخراوترە! قسەم کرد و کەسێکی تر ئامادە بوو کە یارمەتیم بدات. بڕیار وا بوو پارەی زیاتر وەربگرن و سواری ئەسپێکم بکەن و بمبەنە ئەودیوی سنوورەکە، بەڵام ئەوەش جێبەجێ نەبوو. لەسەر سنووری نێوان ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باکووری کوردستان، یەکێک لە تێکهەڵچوونە هەمیشەییەکانی نێوان پەکەکە و هێزەکانی تورکیا ڕووی دابوو و گوتیان کە تا ئاگادارکردنەوەی دواتر تێپەڕین لەم سنوورە لەبار نییە.

● وێنەی ۴۳۷ - چیاکانی قەندیل، تەمەرچین، ٢٠١٨

دەتگوت لە ناو دیمەنی فیلمێکدا گیرم کردووە. ڕووم لە هەر لایەک دەکرد شەڕ و گرژی بوو و نەمدەتوانی لە سنوور تێپەڕم، وەکوو کەسایەتیی ناو فیلمەکان خەریکی نزاکردن بووم و داوام لە خودا دەکرد ڕێگایەکم بۆ بکاتەوە تا بگەمە ئەودیوی سنوور. لە کۆتاییدا چوومە ناوچەی موکریان. لە تاران دەرباز ببووم و هەموو ڕێگاکانی دەرچوون لە ئێرانم لێ گیرابوو. هێشتا دڵپڕی و دڵتەنگی ئەو دوو کاتژمێرەی دوایی لە ناخمدا بوو و ناهومێد لە هەموو ڕێدەرەتانێک، لەناو پاسەکەدا دانیشتبووم و هیچ ڕێگەیەکم بۆ پێوەندیکردن نەبوو. بیرم لە ترس و نیگەرانییەکانم دەکردەوە و دڵم دادەخورپا. سەرنشینەکان سەیری فیلمێکیان دەکرد و قاقا پێدەکەنین. ئەو فیلمە گاڵتە هیندییە هێندەی تر بێتاقەتی کردبووم، تەنانەت موبایلێکم پێ نەبوو کە تەلەفۆن بۆ یەکێک بکەم و کەمێک ئارام ببمەوە. نیگەرانی ئەوەش بووم کە ئایا ئەو کەسەی کە قەرارم لەگەڵی داناوە، بەیانی دێ بە دوامدا یان نا؟ ئەگەر بێ و بەو شاخ و کێوانەدا سەر بکەوین چیمان بەسەر دێت؟ ئایا بە سەلامەتی سنوور دەبڕم؟ هەتا کاتژمێر ٣ی بەیانی کە گەیشتمە شوێنی قەرارەکەمان بیر و خەیاڵات حەجمینی لێم بڕیبوو.

کاتێـک ئـەو کەسـە هـات و منـی بـرد، کەمێـک ئـارام بوومـەوە و نیـو کاتژمێـر لەنـاو ئۆتۆمبێلەکەیـدا خەوتـم. کـە لـە خـەو هەڵسـام زەبـری سـەرمای کوردسـتان تەزاندمـی. بڕیـار وا بـوو کەسـە ڕاسـپێردراوەکە لـە خاڵـی سـنوورییەوە بمباتـە شـوێنێک[1] بـۆ ئـەوەی چەنـد کەسـێکی دیکـە بتوانـن لـە سـنوور بمپەڕێننـەوە. تیمێکـی لێهاتـوو بـوون و دیـار بـوو کـە لـە کاری خۆیانـدا شـارەزان. هەندێـک پێیـان وایـە بەزاندنـی سـنووری کوردسـتان کارێکی ئاسـانە، کۆلبەرێـک یـان کەسـێک دێ بـە دواتـدا و لەگـەڵ خـۆی دەتبـا و لەبـەر ئـەوەی لـە هەندێـک ناوچـەدا کاروانێکـی زۆر دەپەڕنـەوە، بەزاندنـی سـنوور ئەسـتەم نییـە. بـەڵام بـە درێژایـی ئـەم ڕێگایـە هەمیشـە خەڵکانێکـی زۆر دەکوژرێـن و دەگیرێـن، یـان لـە کاتـی هەڵاتنـدا دەکەونـە نـاو دۆڵەکانـەوە. سـەختیی تێپەڕیـن لـە سـنوور ئەوەنـدە زۆرە کـە مـرۆڤ لـە دوورەوە، تەنهـا بـە سـەیرکردنی کلیپێـک، دەتوانـێ بڵـێ کارێکـی ئاسـانە. لـەو کاتـەی سـاڵدا بەشـێکی ڕێگاکـە بەفـر دەیگـرێ و کۆلبەریـش لـەو ماوەیـەدا کۆڵبـەری نـاکات. ئێمـە ناچـار بوویـن لـە ڕێـگای جیـاواز و نەنـاسراوەوە بڕۆیـن، ڕێگایـەک کـە زیاتـر کەسـانێک دەیگرنـە بـەر کـە کێشـەی سیاسـی و ئەمنییـان هەیـە.

بـۆ نەگبەتـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانیش بەهـۆی شـەپۆلی دووەمـی بڵاوبوونـەوەی ڤایرۆسـی کۆرۆنا سـنووره فەرمییەکانی داخسـتبوو و هیچ گەشـتیارێکی لە سـنووری ڕۆژهەڵاتی کوردسـتانەوە وەرنەدەگـرت. ئەمـەش بـازاڕی قاچاخچییەکانـی خـۆش کردبـوو. ئەوانـەی کاری زەروورییـان هەبـوو، پێشـنیاری پـارەی باشـیان بـە قاچاخچێییـەکان دەدا و ئەوانیـش نرخەکەیان چەنـد هێنـدە کردبـوو. بـە هـۆی بارودۆخـی ئێسـتای ئێـران، پاسـەوانانی سـنووریش هەسـتیارتر بـوون و تـەواوی ڕێگاکەیـان ئەمنـیتر کردبـووەوە. لەنـاو ئـەو هەمـوو بێبەختییـەدا، شانسـێکم هەبـوو: مـن خەڵکـی ناوچەکـە بـووم، فەزاکـەم بـاش دەناسـی، جلوبـەرگ و شـێوەزاراوەی هاوبەشـم لەگـەڵ قاچاخچییـەکان هەبـوو و وەک کەسـێکی نامـۆ سـەیر نەدەکـرام. ئـەوەی منـی بـەم گرووپـە ناسـاند هاوڕێیـەک بـوو کـە ئەندامـی حزبێکـی کوردسـتانی بـوو و دڵنیـای کردمـەوە کـە قاچاخچییـەکان جێـی متمانـەن.

شـێوازی کارکردنیـان ئەهوەنـی کردمـەوە و زۆر بـە لامـەوە سـەرنجڕاکێش بـوو کـە چەنـدە لە کارەکەیانـدا شـارەزان. تیمێکـی چەندکەسـی، کـە دوو کەسـیان ئەرکیـان ئـەوە بـوو کـە ژینگـە و ڕێـڕەوەکان بـە کامێرایەکـی بەهێـز تاوتـوێ بکـەن. پێـم وا بـێ کامێراکەیـان توانـای بینینـی شـەوانەی هەبـوو و تەلەفۆنەکانیـان جی.پی،ئێسـی (GPS) نەبـوو و شـوێنەکەی نەدەدۆزرایەوە. لـە ڕێـگادا بـەردەوام پێکـەوە لـە پێوەندیـدا بـوون. ئـەم دووانـە بـە کامێـرا شـوێنەکەیان تاوتـوێ

---

١. بـۆ پاراسـتنی نهێنـی و لەقاونەدانـی ڕێگاکـە نـاوی ئـەم شـوێنە ئاشـکرا ناکـەم. ڕەنگە ئـەم ڕێگایە بـۆ داماوەکانـی دیکەش سـوودی هەبێت!

دەکرد و گەرایان پێ دەدایـن. وەک شـتێ ڕێگاکەیـان لەبـەر کردبـوو و دەیانزانـی لێـرەوە هەتـا ئـەوێ چەنـد سـەد هەنـگاوە و بـۆ بڕینـی چەنـد خولەکێـک دەخایێنێـت. لـەم خاڵـەوە هەتـا ئەو شـوێنەی کـە هێـزە سـنووریيەکان تـاوەری پاسـەوانییان هەبـوو، مەودایەکـی زۆرمـان نەمابـوو و دەبـا ئـەو ڕێگایەمـان بـە خێراییەکـی زۆر ببڕیبایـە و لە کاتـی گونجـاودا بگەینە خاڵـی دیاریکراو.

● وێنەی ٤٣٨ – تاوەرە بەرگرییەکانی سەر سنوور

کارەکانیـان تەکـووز و ڕێکوپێـک بـوو و ئەمـە کەمێـک ئۆقرەیـی بـە منـی پـڕ لـە پەرۆشـی دەبەخشـی و ئەهوەنـی دەکردمـەوە. مـن لـە دۆخێکـدا بـووم کـە هـەر هەڵەیـەک دەیتوانـی ژیانـم لەنـاو ببـات. پێیـان وتـم کـە دەبـێ لـە کاتێکـی دیاریکـراودا بـە ڕێگایەکـدا تێپەڕیـن کـە تەلـی دڕکاوی هەیـە و ڕێـک لـەو کاتـەدا بگەیـن کـە سـووریی ئاسـۆ دەربکـەوێ و کاتـی خۆرهەڵاتـن بێـت. نازانـم تـا چەنـدە ڕاسـت بـوو یـان درۆ، بـەڵام گوتیان لەبـەر ئەوەی تیشـکێک لـەم کاتـەدا لێزمـە دەدا کـە وا دەکا کامێـرای بینینـی شـەوی پاسـەوانی سـەر سـنوور کارامەیـی کـەمتر بێتـەوە، دەبـا لـە مـاوەی چەنـد خولەکێکـدا لێیـان تێپەڕیـن. بـۆ ئـەوەی بچینـە سـەر ڕێـگای سـەرەکی بـەرەو یەکێـک لـە ڕێـگا هەمیشـەییەکان ڕۆیشـتین، بـەڵام بینـیمان کـە بەفـر شـەوی پێـشتر ئـەو ڕێگایـەی گرتـووە. بـە ناچـاری ڕێگاکەمـان گـۆڕی بـۆ ئـەوەی بگەینـە ئـەو خاڵـەی سـەر سـنوور کـە تەلـی دڕکاوی هەیـە و بەرزییەکـەی زیاتـرە. چەندیـن سـەعات بـە ڕێـگاوە بوویـن و هێـز و پێزمـان لـێ بڕابـوو. یەکێـک لـە ئەندامانـی تیمەکـە نەیهێشـت لـە سـەر بەفرەکـە هەڵبخلیسـکێم و بکەومـە نـاو دۆڵەکەوە. مـن وەکوو ئەوان پـێڵاو و جلوبەرگـی گونجاوم پـێ نەبـوو و لـە سـەرما هەڵدەلەرزیـم و خۆمـم گرمۆڵـە کردبـوو. لەوێـدا بـوو کـە تێگەیشـتم فێڵـم

لـێ کـراوە. گوتبوویـان لـە سـەعاتێک یـان دوو سـەعات زیاتـر ناخایێنـێ، کەچـی چەندیـن سـەعات بـە ڕێـگاوە بوویـن، هەندێـک جـار زۆر تیـژ ڕامـان دەکـرد، بـەڵام نەدەگەیشـتین. دیـارە ئـەوان دەیانگـوت نابـێ وەت دابـەزێ و دەبـێ خۆڕاگـر بیـت. ڕێگاکـە لـەوەی کـە بیـرم لـێ دەکـردەوە دوورتـر و سـەختتر و ئەمنـیتر بـوو. بـە خاترجەمییـەوە درێـژەم بە ڕێـگا دا، بـەڵام زۆری نەخایانـد کـە تێگەیشـتم بابەتەکـە زۆر لـەوە جیـددیترە. دوای نیـو کاتژمێر، لێژیی کوێسـتانەکە توندتـر بـووەوە و تـا زیاتـر ڕۆیشـتین، قـووڵتر دەچەقینـە ناو بەفـر. لە دۆڵـەکان نزیـک دەبووینەوە و بەفرەکـە قـووڵتر دەبـووەوە. کـە پێـت لەسـەر عەرزەکـە دادەنـا، هەندێـک جـار هەتـا ئەژنـۆت لـە بەفـردا بـوو و بـە زەحمـەت قاچـت لـە نـاو بەفرەکـە دەردەهێنـا و ڕێـگات دەبـڕی. دوو کـەس لـە پێشـمەوە بـوون و بـەردەوام هەوڵـم دەدا پێـم بخەمـە سـەر جـێ پێـی ئـەوان. مـن منداڵـی شـاخ و بەفـر بـووم و لـەو ناوچانـە گـەورە ببـووم، بـەڵام وەرزشـوان و شـاخەوان نەبـووم و دوای سـاڵانێک ژیانکـردن لـە نـاو شـار، لەشـم بـە ژیانـی شـار ڕاهاتبـوو و بـۆ ئـەو کـەژ و کێـوە نەدەبـووم. کەمێـک دەڕۆیشـتم، بـەڵام ڕادەوەسـتام و ئـاو یـان بەفـرم دەخـوارد. پێیـان دەگوتـم ئـاو مەخـۆوە، بـەڵام نەدەکـرا. قوڕگـم وەک پارچـە دارێکـی بەسـتوو وشـک دەبـوو و دەکەوتمـە هەناسـەبڕکێ. لـە کاتـی ڕۆیشـتنمان بـە سرتـە قسـەمان دەکـرد و سـەرۆکی قاچاخچییـەکان کـە لەگـەڵ خـوارەوەی دۆڵەکـە لـە پەیوەندیـدا بـوو، بـە دەسـتی سـیگناڵی جۆراوجـۆری پێدەدایـن. ئـەوان چاوەڕێـی ئەوەیـان دەکـرد کـە هاوڕێکانیـان کـە بـە کامێـرا دەڤەرەکەیـان دەپشـکنی، گڵۆپـی سـەوزیان پێبـدەن بـۆ ئـەوەی بچنـە خاڵـی دواتـر. لەگـەڵ گەیشـتنمان بـە بەرزاییـەکان، بـا هەڵیکـرد و بەفرێکـی نەرمـی دا بـە گۆنامانـدا. زۆر پۆشـتە و پـەرداخ بـووم پانتۆڵەکـەم کردبـووە نـاو گۆرەوێکەمـەوە و کەمێکـی پشـتێندەکەم بـە دەموچاومـدا ئاڵاندبـوو. کڵاوێکی گوڵدارم لە سەر بوو، بەڵام وەکوو بی لە سەرمادا هەڵدەلەرزیم.

بـە ڕێگایەکـی پێچاوپێچـدا دەڕۆیشـتین. لـە هەندێـک شـوێندا بەفـر کـەمتر بـوو و لـە هەندێـک شـوێنیش لەبـەر بەفـری زۆر ڕێمان بـە سـەختی دەردەکـرد. دەچەقیمـە نـاو بەفـر و گیـرم دەکـرد. تـا ئـەو جێگایـەی کـە تەنانـەت نەمدەتوانـی هەسـتمەوە. هەندێـک جـار دوو کەسـی دەسـتمیان دەگـرت و بـە زۆر هەڵمیاندەسـتانەوە. ئیتر بڕسـکم لـێ بڕابـوو و نەمدەتوانی بـڕۆم. قاچاخچییـەکان لێـم تـووڕە بـوون، چونکـە مـن گوتبـووم لـە خـۆم ڕادەبینـم بـەو شـاخ و داخـەدا سـەر بکـەوم کەچـی ئێسـتا نەمدەتوانـی بـە ڕێـگاوە بـڕۆم. سەرلێشـێواوی و دڵەڕاوکـێ لاوازی کردبـووم و شـەوی پێشتریـش زۆرم نـان نەخواردبـوو، بۆیـە زۆر برسـی و لاواز بـووم. قاچەکانـم هێـزی ڕۆیشـتنیان نەبـوو و بـە هەڵـس و کـەوت دەڕۆیشـتم.

لـە کۆتاییـدا گەیشـتینە لوتکـەی شـاخەکە و ئـەو شـوێنەی کـە تـاوەری پاسـەوانیی سـنوور لـە دوورەوە دیـار بـوو. قاچاخچییـەکان وتیـان لێـرەوە ئێمـە بەرپێکـی پاسـەوانانی سـنوورین و هـەر هەڵەیـەک دەتوانـێ هەمـوو ژیانمـان بفەوتێنێـت. بەفرەکـە هەتـا ناوقەدمـان دەهـات و

هێز و جووڵەی جەستەییمی خاو دەکردەوە. وتیان دەبێت ڕا بکەین. وتم: خۆ حاڵی من دەبینن.... چۆن ڕا بکەم؟ تەنانەت ناتوانم بە پێ بڕۆم ... دەستیان گرتم و لەگەڵ خۆیان بەسەر بەفرەکەدا ڕایانکێشام. چارمان ناچار بوو. دەبا بە خێرایی بڕۆشتباین بۆ ئەوەی ئەگەری بەرچاوکەوتیمان کەم ببێتەوە.

پێم پڕ بوو لە ئاو و بەفر و پەنجەکانی قاچم هەتا بەر پووزم سڕ ببوو. هەموو دەرفەتێکم دەقۆستەوە بۆ ئەوەی تەنها بۆ ماوەی دوو چرکەش بێ ماسوولکەکانم لە جووڵە ڕابگرم بۆ ئەوەی بتوانم هەناسەیەک هەڵکێشم. ئیتر ئاوم نەدەخواردەوە، تەنها چەند قومێکم لە ناو دەممدا غەرغەرە دەکرد یان کولووە بەفرم دەخستە ناو دەمم و تفیم دەکردەوە. لە خوارەوە پەیامیان نارد کە دەنگێکیان بیستووە یان ڕووناکیی چراقووەیێکیان بینیوە و دەبێ جارێ ڕاوەستین. گوێم لە ترپەی دڵم بوو و هاژە و گڤە گڤی با تا دەهات توندتر دەبووەوە و لەگەڵ کولووە بەفرەکاندا وەکوو قەمچی سەر تا پێمی دەکوتا.

کامیل، تۆ دەتوانیت

بەردەوام بە خۆمم دەگوت: "باشە کامیل ئەو ڕێگایە شایەنی ئەوە بوو کە تۆ ئاوا خۆتێ پێدا بدەی هەر بینا تەقەی وێڵەکی بتپێکێت؟ ماڵتە چەند ساڵ لە زیندان بمابایتەوە زۆر لەم دۆخە باشتر بوو ..." ئینجا بە تووڕەیی و بۆڵە بۆڵەوە وتم: "ئاخە خوا بە گژتاندا بچێ چیتان لێم دەوێ؟ ناپیاوینە لەبەر مانەوەی خۆتان ئامادەن هەمووان لەناو بەرن، باشە بۆ من چیم کردبوو؟" وەهم و دڕدۆنگییەکانم بەوەش کۆتایی نەدەهات و خراپترین ڕووداوە مومکینەکانم وێنا دەکرد. دڵەوڕێزەی ئەوەم بوو کە نەکا ئەمانە ڕادەستی چەکدارەکانم بکەن و ئەوانیش دەست و پێ شەتەک دراو ڕادەستی یەکێک لە حیزبەکانی هەرێمی کوردستانم بکەنەوە کە پەیوەندیی دۆستانەیان لەگەڵ سپای قودس هەیە. ئەوانیش وەکوو مریشکی ئاوەڕووتکراو لە سەر سینییەک پێشکەشی ئێرانم بکەن. داخوا چەندەها پێشمەرگە و چالاکی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەم شێوە ڕادەستی هێزە ئەمنییەکانی ئێران کران یان تیرۆر کران؟ گەیشتینە ئەو شوێنەی کە گوتبوویان ڕووناکییان بینیوە و دەبا ڕابوەستباین. ورد بوومەوە و چەندین جار ئەم ئەگەر و ڕووداوانەم شەن و کەو دەکرد. لە خەیاڵمدا جارێکی تر خۆم لە چنگی ئیتلاعاتی سپای پاسداراندا دەبینیەوە و ئاگری ترس لە ناخمدا تا دەهات زیاتر کڵپەی دەسەند.

تازە بەرملە (یان باریکەڕێ)ی دووەممان تێپەڕاندبوو و هێواش هێواش دەگەیشتینە دواییین لوتکەی چیا و تەلە دڕکاوییەکە، کە خاڵی سیفری سەر سنوور بوو. هەر خودا خۆی دەزانێ چەندە ماندوو بووم، شەل و کوت ببووم، نەمدەتوانی خۆم بجووڵێنم،

گەیشتبوومە ئاستێک کە چیتر گوێم لە هیچ فکر و پەرۆشییەک نەبوو. لە دڵی خۆمدا گوتم: "کامیل ئیتر هاتووی جا یان تێدەپەڕی یان لە سەرما ڕەق هەڵدێی، یان دەگیرێی یان سەر دەکەویت. بەسە بیر لە هیچ شتێکی تر مەکەرەوە، تەنها ملی ڕێگا بگرە و بەری مەدە .... ." با توندتر هەڵیدەکرد و قووڵی بەفرەکە کەمتر ببووەوە، بەجۆرێک کە دەلینگی پانتۆڵەکەم لێک دەخشا و دەنگی خشەکەی دەهات. هەندێک جار گوشار و سەرما وەها جاڕزی دەکردم کە وەکوو منداڵ خۆم دەهاویشتە باوشی ئەو قاچاخچییانەی کە پاڵتۆی گەرمی سەربازییان لەبەردا بوو و ئەوانیش هەوڵیان دەدا لەگەڵم ڕابێن.

لەنزیک لوتکە، بەهۆی هێزی باوە، دەستی یەکترمان گرت بۆ ئەوەی لەیەکتر هەڵنەبڕێین و ئەگەر یەکێک هەڵبخلیسکایە، ئەوانی دیکە یارمەتی بدەن. بەتایبەت من کە پێڵاوی گونجاوم لە پێ نەکردبوو، پۆستاڵەکانم فانتازی و گونجاوی پیاسەکردنی ناو شار بوون. ئەم هەڵبژاردە خراپە بووە هۆی ئەوەی پێڵاوەکانم بەردەوام پڕ بن لە بەفر و ئاو یان هەڵبخلیسکم. بەڵام پشتوێنەکەم فریام کەوت. لۆیەکی بە دەست یەکێک لە قاچاخچییەکان بوو و کاتێک هەڵدەخلیسکام یان دەکەوتم، دەمیانکێشا و دەمتوانی بە هاوکاریی ئەو درێژە بە ڕێگاکەم بدەم. ئەوان لێم وەڕەز ببوون و ڕەنگە لە بەر خۆیانەوە جنێویان پێدابێتم. چی بکەم دەبا خۆڕاگر بام. ڕەنگە وتبێتیان "ئەمە چی بوو خوا کردی بە گەردنمانەوە! ئاگام لێ بوو بە یەکتریان دەگوت دەبێ بڕی پارەکە بەرز بکەینەوە، خۆ باوکمانی هێنایە بەرچاومان و .... لەو ساتەدا نە پارە و نە پرتە و بۆڵەی قاچاخچییەکانم بە لاوە گرینگ نەبوو؛ تەنیا بیرم لە بەزاندنی سنوور دەکردەوە.

کە گەیشتینە لوتکە، لە دوورەوە تەلە دڕکاوییەکانم بینی. دەبا چاوەڕێی ساتەوەختی وردی هەڵاتنی ئاسۆ و کاتی پەڕینەوەمان بکردایە .... هەر کە خۆر لە پشت چیای قەندیلەوە هەڵات و ڕەنگی سووری مەیلەو پەمەییەکەیمان بدیبایە، دەبا خێرا تێپەڕیباین. گۆڕانی ڕەنگی تیشکی خۆر، کارایی کامێراکانی ئاسایی دەکردەوە و دەستگیر دەکراین. دەبا چاوەڕێی ئەوە باین کە ڕایبگەیێنن کەی دەتوانین لە تەلە دڕکاوییەکان تێپەڕ ببین. دەیانگوت لە تەنیشت تەلی دڕکاوی جادەیەکی سنووریی پڕ کەند و لەندیان کێشاوە و هەندێک جار پاسەوانانی سنوور بۆ پشکنینی تەلە دڕکاوییەکان بە جۆرێک لە زرێپۆش یان ماتۆڕ دەهاتن. سەیرترین شت ئەوە بوو کە سنوورەکە بەتەواوی لە ژێر ڕکێفی هێزەکانی ئێراندا بوو و هیچ پاسەوانییەکی سنوور و تاوەری چاودێریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەندیی عێراق لەوێ نەبوو. هەڵبەت لەم ڕووەوە دڵخۆش بووم کە دوای ئەم قۆناغە لەبری پاسەوانانی سنوور، کەسێک دەبینم کە خزم و هاوڕێمە و لەودیو سنوورە و سەر بە یەکێک لە حیزبە کوردستانییەکانە، کە بڕیار وا بوو بێ و ئاسانکاری بۆ چوونە ناو هەرێمی کوردستانم بۆ بکات.

● وێنەی ٤٣٩ – وێنەیەک لە فیلمی دیکۆمێنتاریی هەژاری و نان، پیرانشار، ١٣٨٩ی هەتاوی (٢٠١٠)

ئێستا گەیشتبووینە ئەم قۆناغە گرنگە کە چۆن بە تەلی درکاویدا تێپەڕین. ناچار بووین بە نۆرە ڕا بکەین و منیش دەمگوت ئێوە بە هەر دووکتانەوە دەستتان گرتووم و وەک تەرمێک هەتا ئێرە هێناوتانم، ئێستا چۆن بە تەنیا ڕا بکەم؟ ئەویش لە حاڵەتێکدا کە تاوەرەکانی پاسەوانی سنوور لە هەر دوو لاوە کامێرایان هەیە و منیش بەرپێکی کامێرای بینینی شەوانەم! ئەوان تووڕە بوون و دەیانگوت کاتمان نییە. لە کۆتاییدا هەموومان بڕیارمان دا دان بە خۆماندا بگرین و ڕێکارێک بدۆزینەوە. بڕیار درا کە یەکێک لە پشتەوە ژێر باڵم بگرێ کە لە کامێراکەدا لانیکەم دوو کەسمان نەبینرێین و ئەگەر ویستیان تەقە بکەن وا بزانن یەکێک خەریکە تێدەپەڕێ، ئیتر ئاوا بە لایانەوە گرنگ نابێ و تەقە ناکەن. داوایان لێکردم دەستێک لە پاڵتۆکەم دەربێنم و ئەو کەسەی لە پشتەوە منی گرتبوو دەستێکی خستە ناو پاڵتۆکەم و بە دوو کەسەوە یەک پاڵتۆمان لەبەر بوو. ئێمەیان بە پشتوێنەوە بە یەک بەستەوە بۆ ئەوەی لەیەکتر جیا نەبینەوە. وتیان ئەگەر بەم شێوە کەوتین پێکەوەین و بە ئاسانی دەماندۆزنەوە.

وەڕێ کەوتین، ئەو لە پشتەوە پاڵی پێمەوە نا، ڕچەمان دەشکاند و بەرەو پێشەوە دەچووین. لایەکی جەستەم پاڵتۆم نەبوو و ئەو کزەبای سەرمایە وشکی کردبووم. بەڵام لاکەی دیکەم هەستی بە گەرمای جەستەی قاچاخچییەکەی پشتمەوە دەکرد کە لەو سەرما بڕسکبڕەدا تینێکی خۆشی پێدەبەخشیم. وێنای ئەوەی کە لە نەریتی کوردەواریدا دوو پیاو پێکەوە بنووسێن گاڵتەجاڕانە بوو و پێکەنینمان دەهات. تەلەفۆنیان کرد کە تێپەڕین. ئەو پیاوەی کە لە پشت سەرم بوو باڵای بە قەت باڵای خۆم بەرز بوو و کاتێک

هەنـگاوی هەڵدەهێنـا بـە ئەژنـۆی خـۆی فشـاری دەخسـتە سـەر پشـت ئەژنـۆی لاقـی ڕاسـتم و بـۆ ڕۆشتن دنـەی دەدام. جووڵـەی قاچەکانمـان پێکـەوە هاواهەنـگ ببـوو، وەکـوو قاچەکانـی ئەسـپێک کـە هاواهەنـگ دەڕۆن. ئـەو لـە پشـتەوە بـە تونـدی پاڵـی پێـوە دەنـام، منیـش لـە پێشـەوە خـۆم لەنـاو بەفـردا ڕادەکێشـا و هەوڵـم دەدا پێـم بخەمـە شـوێنی ئـەو کەسـەی کـە پێشـەنگایەتیمانی دەکـرد و بـە خێرایـی ئـەم ڕێگایـە ١٥٠ مەتریـە ببڕیـن. کارێکی قـورس بوو، چونکـە مـن شـەکەت و مانـدوو بـووم و ڕێگاکـەش تەخـت نەبـوو.

نازانـم ئـەو ڕێـگا چەتـوون و هەڵدێرەمـان چـۆن بـڕی. ئـەو کابـرا پاڵـی پێـوە دەنـام و منیـش لەبـەر دڵەڕاوکـێ فـەرم بـە هیچـەوە نەبـوو. هەرگیـز هەناسـەبڕکێ و بۆنـی جگـەرە و لەبـەر خـۆ دەنگدانـی ئـەو کابـرا لەبیـر ناکـەم. لـە ژیانمـدا هەرگیـز پێـش نەهاتبـوو کـە ئـاوا لەگـەڵ جەسـتەی کەسـێکی تـردا هاواهەنـگ و هاوچەشـن بـم و ئەویـش لـە دۆخێکـدا کـە ئێمـە بـە هـۆی تـرس و وەحشـەتەوە ببوویـن بـە دوو جەسـتە لـە یـەک قاڵبـدا. من بـۆ ڕزگارکردنـی گیانی خـۆم و ئەویـش بـۆ کار و کاسـبی و وەرگرتنـی پـارە لـە مـن.

لەوپـەڕی دڵەڕاوکێـدا پێکـەوە ئـەم ڕێگایەمـان گرتـە بـەر و گەیشـتینە سـنوور. ئـەو دەیزانـی لـە کوێـدا ڕاوەسـتاوین و ئاشـنای دەوروبەرەکـە بـوو. تەلـی دڕکاوی پێچاوپێـچ و تیـژ بـوو. یەکێـک لـە قاچاخچییـەکان بەشـێکی تەلـە دڕکاوییەکـەی لا دا. وەک شـتێ پێـشتر بەشـێکی لـێ قرتاندبـوو و بـۆ تێپەڕیـن و هاتوچۆکـردن ئامادەیـان کردبـوو. بەپەلـە بـەو دەرچـە بچووکـەدا تێپەڕیـن و قاچـی چەپـم لـە تەلـە دڕکاوییەکـە گیـری کـرد و پانتۆڵەکـەم کـە کەواوپانتۆڵـی زاوایەتیشـم بـوو، دڕا.

لـە شـەوی زەماوەنـدم بەپێـی گۆڕانـی دیکـۆری پشتسـەری بـووک و زاوا، کـە سـەرەتا نەریتی بـوو و دواتـر بـوو بـە مۆدێـرن، دوو دەسـت جلوبەرگـم گـۆڕی، دەسـتێکی کـۆت و شـەروآڵ بـوو و دەسـتەکەی دیکـە کەواوپانتـۆڵ. ئـەم دەسـت کەواوپانتۆڵـەم زۆر خـۆش دەویسـت و بـە ئەنقەسـت هەڵمبژاردبـوو بـۆ ئـەوەی ئەو سـاڵانەی کـە لە نیشـتمان دوورم لانیکـەم جلوبەرگێکی لەبیرنەکـراوم هەبێـت. ئـەو پیـاوەی وا پاڵـی پێـوە دەنـام دەیگـوت بـا بـدڕێ، قـەی چـی دەکا و منیـش دەمگـوت نـا، ڕاوەسـتە بـەری دەدەم. تـووڕەم کـرد و پاڵـی پێـوە دەنـام و دەیگـوت بـڕۆ. ئێسـتا کـە بیـری لێدەکەمـەوە تێناگـەم بۆچـی لـەو بەرەبەیانییـە و لـەو دۆخـە ترسـناکەدا پێداگریـم دەکـرد. ئـیتر پانتۆڵەکـەم دڕا و ڕۆشـتین. هێشـتا ئـەو دڕاوییـە بـە پانتۆڵەکـەوە دیـارە و وەک یادگارییـەک هەڵمگرتـووە. لـە نێـوان ئـەم دوو تەلـە دڕکاوییـەدا بۆشـاییەکی سـێ بـۆ چوار مەتـری هەبـوو کـە بـە لاشـان و بـە سینەخشـکێ و خۆتلاندنـەوە ئـەو ڕێگایەمـان بـڕی و چووینـە بەشـەکەی دیکـە. قاچاخچییەکـەی پێشـەوە دیسـان بەشـێکی دیکـەی تەلـە دڕکاوییەکـەی کـردەوە و لەوێـوە خۆمـان خزانـدە نـاو خاکڕێژەکـە. گوتیـان هەمـوو شـتێک بـە باشـی جێبەجـێ بـوو، بـەڵام دەبـێ بـۆ چەنـد خولەکێـک ڕابوەسـتین. تـازە تێگەیشـتم کـە کەسـێکیان هەیـە کـە

لەودیـوی سـنوورەوە بـە کامێـرا چاودێـری هەرێمـی کوردسـتان دەکات. سـەرۆکی گرووپەکـە ئێمـەی لێـک جیـا کـردەوە و ئـەو یـەک پاڵتۆیەمـان داکەنـد و ئاسـوودە بـووم، نەمدەزانـی قۆناغـی داهاتـوو دژوارتـرە و کێڵگـەی میـن چـاوەڕێمان دەکات!

وتیـان گەیشـتووینەتە کێڵگـەی میـن، دیسـان دڵـم داخورپـا. سـنوورم بەزاندبـوو و ڕێـگای گەڕانـەوەم نەبـوو. وەک خۆیـان دەیانگـوت دەسـتیان کـرد بـە نیشـانەکردنی ناوچەکـە و مـن مابوومـەوە و ڕێژەیەکـی زۆری میـن کـە هەندێکیـان پـاشماوەی شـەڕی ئێـران و عێـراق بـوون و هەندێکـی دیکەشـی لەلایـەن پاسـەوانانی سـنووری ئێرانـەوە چێندرابـوون. مـن بـە ڕێگایەکـدا دەڕۆیشـتم کـە زۆرێـک لـە کۆلبـەرەکان لـەم ڕێگایـەدا دەسـت و قـاچ و گیانیـان لەدەسـت دابـوو.[1] هێـواش هێـواش بۆیـان ڕوون کردمـەوە کـە دەبـێ چـی بکەیـن، دەبـا بەسـەر بـەرد و تاشـەبەردەکاندا بڕۆشـتباین. ئـەوان وەکـوو بـزن لـەم تاشـەبەردەوە بازیـان دەدایـە سـەر ئـەو تاشـەبەردە و ئـەم بازدانەیـان زۆر پـێ ئەسـتەم نەبـوو و منیشـیان لەگـەڵ خۆیانـدا دەکێشـا.

تێپەڕیـن بەسـەر گابـەردەکان ئاسـانتر بـوو. دەمانتوانـی بـە ئاسـانی بەسـەر ئـەو لوتکـە تیژانـەدا کـە کولـووە بەفرەکانـی سـەری بەهـۆی بـاوە بـەملا و ئـەولادا بڵاو دەبوونـەوە، بـەرەو پێـش بچیـن. بەفـر کێڵگـە مینەکانـی دەوروبـەری سپیپۆشـی کردبـوو و لـە ژێـر بەفرەکـەش میـن هەڕەشـەی لـێ دەکردیـن. قاچاخچییـەکان ڕاسـتیان دەکـرد کـە دەیانگـوت لـە هەمـوو وەرزێکـدا سـەلامەتترین کار ڕۆشتن بـە سـەر تاشـەبەردەکانە چونکـە مینرێژ نەکـراون. هەندێک جـار مـەودای نێـوان دوو گابـەرد زۆر بـوو و پەڕینـەوە مەترسـیدار دەبـوو. ئـەوان شـارەزای ئـەم ڕێـگا بـوون و تەنانـەت دەیانزانـی پێـشتر میـن لـە کوێـدا تەقیوەتـەوە.

ڕێـگای کێڵگـەی میـن زۆر دوور و درێـژ نەبـوو، بـەڵام لـە جێگایەکـەوە لێژاییەکـە زیاتـر بـووەوە و پێشـبینیم کـرد کـە ئـیتر لـەو خاڵـەوە، نەیانتوانیـوە میـن بچێنـن. ئێمـە لـە هەرێمـی کوردسـتان بوویـن و نازانـم کـێ ئـەم مینـە نوێیانـەی چاندبـوو. قاچاخچییـەکان دەیانگـوت زۆربـەی ئـەم هێڵـە سـنوورییە لـە ژێـر ڕکێفـی هێزەکانـی ئێراندایـە و ئـەو مینانـەش لەلایـەن هێزەکانـی سـپای پاسـدارانەوە چێنراون. بـۆ چوونـە خـوارەوە دەسـتی یەکترمان گرت بـۆ ئەوەی هەڵنەخلیسـکێین. لێژایـی هەندێـک شـوێن هێنـدە زۆر بـوو، کـە ئەگـەر هەڵبخلیسـکابای، دەکەوتیتـە نـاو دۆڵێکـەوە. ئەوانـەی ئـەم ناوچـە شـاخاوییانەی قەندیـل و سـنوورەکان دەناسـن، بـە خوێندنـەوەی ئـەم بەشـەی کتێبەکـە، بـاش تێدەگـەن کـە چیـم بەسـەر هاتـووە و بـە چ ناوچەیەکـی سـەختدا تێپەڕیـوم.

کاتێـک لـە سـنووری ئێـران دەپەڕیتـەوە و دەچیتـە نـاو هەرێمـی کوردسـتان، هەموو شـتێک دەگۆڕێـت. لانیکـەم ئـەو ناوچەیـەی کـە مـن پێیـدا ڕۆیشـتم، ڕەنگـی بـەرد و خۆڵەکەشـی گـۆڕا.

1. https://iranwithoutlandmines.org/wp-content/uploads/2014/11/Kordestan1.pdf

لێژایـی هەندێـک جـار زیاتـر دەبـوو و ئـەو شـاخەی لێیـەوە هاتمـە خـوارەوە زیاتـر تاشـەبەرد و بـەردەڵان بـوو. بـەری لای ئێـران زیاتـر بنـار بـوو. هەرچەنـدە هەندێـک شـوێن بەهـۆی بەفـرەوە هیچـی دیـار نەبـوو، بـەڵام هەندێـک شـوێن کـە پێـم لـە عەرزەکـە دەکـەوت بـەردی نەبـوو و زەوییەکـە خـاک و خـۆڵ بـوو. لە ناوچـەی هەرێمی کوردسـتان هەرچـی زیاتـر بـەرەو خـوارەوە دەڕۆیشـتین، بـەردەڵان زیاتـر و جـۆری خـاک و بەردەکـەش جیـاواز بـوو. کاتێـک گەیشـتینە قەدپاڵـی شـاخەکە، هەندێـک شـوێنی بەفـری نەبـوو و ڕەشـایی زەوییەکـە دەبـینرا. لـە کاتـی هاتنـە خوارەوەمـدا چەندیـن جـار هەڵخلیسـکام و نـاو لەپـی دەسـتم و هەمـوو گیانـم برینـدار و قـوڕاوی بـوو. لـە یـەک دوو شـوێنی دیکـەش پێـم هەڵخلیسـکا و بـە لێژیـی دۆڵەکـەدا کەمێـک چوومـە خـوارەوە. وەکـوو پشـیلە بەفـر و بەردەڵانەکانـم دەڕنـی و پەنجـەم لـێ گیـر دەکردن و خـۆم ڕادەگـرت بـۆ ئـەوەی بمکێشـنە سـەرەوە. هـەم خـۆم ئەزییـەت بـووم و هەمیـش ئەوانـم هەراسان کرد.

● وێنەی ۴۴۰ – تێپەڕین لە سنوور، ١٣٩٩ هەتاوی (٢٠١٩)

مـن شـارەزای ناوچەکـە نەبـووم و لـە ڕووی جەستەییشـەوە ئامـادە نەبـووم. دەیانگـوت یەکێـک لـە سـەختترین گەشـتەکانیان بـووە، کاتێـک داوای پـارەی زیاتریـان کـرد، دڵـم نەهات نارەزایەتـی دەربـڕم. زانیـم کـە چەنـدە ئەزیەتیـان کێشـاوە هەتـا منیـان گەیانـدە ئەودیـوی سـنوور. لـە نیـوەی ڕێـگادا هێشـتا لـە پەیوەندیـدا بـوون. یەکێکیـان لـە دامێنـی شـاخەکەدا چـاوەڕێمان بـوو. کەسـێک بـە دەنگمانـەوە هاتبـوو و بـە نیگەرانییـەوە باسـی بوونـی چەنـد چەکدارێکـی لـەو دەوروبـەرە کـرد و گوتـی "بـاشترە نەچینـە خـوارەوە". قاچاخچییـەکان کاتێـک ئـەوان و ئۆتۆمبێلەکانیـان بینـی، ترسـیان لـێ نیشـتبوو و دەیانگـوت لەوانەیـە هێـزی پێشـمەرگەی حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بـن، ئەگـەر بمانبینـن، کـەوڵمان دەکـەن ... پێـم گوتـن ئەرخایـەن بـن، ئەمانـە لەبـەر مـن هاتـوون بـۆ ئـەوەی بمبـەن و حەقیـان بـە سـەر ئێـوەوە نییـە. باوەڕیـان پێـم نەکـرد و بـە گاڵتەجـاڕی و توانجـەوە گوتیـان پێشـمەرگەی حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ ئـەوە لەوێیـە کـە تـۆ ببـا؟ ببـوورە زۆر بۆڵەمـان کـرد یانـی

ئێمە کەسێکی ئاوا گرنگمان هێناوە کە هێزە کوردییەکان چاوەڕێی دەکەن؟

لەوێوە کەسی سەرەکی کە پێم وایە هێشتا باوەڕی بە قسەکانم نەدەکرد ڕاوەستا و وتی: "باقی ڕێگاکە لەگەڵ هاوڕێکەم بڕۆ، ئێمە لێرە چاوەڕێی گەڕانەوەی دەکەین". خێرایییمان خاو بووەوە، پێشتر بە دوو کەسەوە دەمیانکێشا و دەمیانبرد و ئێستا تەنها یەکێکیان لەگەڵم بوو. لە سەرەوە کە سەیرمان دەکرد، ڕێگاکە نزیک بوو، بەڵام لای نیوەڕۆ گەیشتینە خوار کێوەکە. کەسی دووەم منی بردە پشت خاکڕێژەکەوە و پارەکەی وەرگرت و لە پڕ لە بەر چاوان ون بوو. ڕێگایەکی نیشان دام و وتی دەبێ لێرەوە بچیتە خوارەوە و پاشان دەگەیتە باخێک لە لای فڵان گوند. دەترسام هەڵبخلیسکێم، بەڵام خۆشحاڵ بووم کە پێش ئەوەی بڕوا لای هاوکارەکانی لەو گوندەدا باسی منی کردبوو کە هەتا دەگەمە شوێنی مەبەست چاویان لێمەوە بێت. لە کۆتاییدا گەیشتمە ئەو باخە گوێزەی کە شوێنی قەرار بوو و ئەوان هاتنە پێشوازیم. یەکێک لەو کەسانەی کە کارئاسانی بۆ کارەکە کردبوو، هاوڕێم مامۆستا حەسەن واژی بوو، کە ماوەی چەند ساڵێک بوو ببوو بە پێشمەرگە و ئەندامی یەکێک لە حیزبە بەرهەڵستکارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەگەڵ خزمێکی، چەند ئەندامێکی یەکێک لە حیزبەکانی هەرێمی کوردستانی لەگەڵ خۆی هێنابوو بۆ ئەوەی لە ڕێگای گەیشتن بە شوێنی مەبەست بمانپارێزن. خۆشحاڵ بووم کە بەشی سەرەکیی ڕێگاکەم بڕیوە، بەڵام هیلاک و ماندوو بووم و بە جلوبەرگی تەڕ و قوڕاوییەوە سەیری دەوروبەرم دەکرد، گەیشتبووم، بەڵام باوەڕم نەدەکرد!

وێڵکام بەک کامیل (Welcome Back Kameel)

هەڵوێستی باڵوێزخانەی بەریتانیا لە ئێران ئەوە بوو کە ئێمە ناتوانین ڕێساکانی ئەو وڵاتە بشکێنین کە تێیدا باڵیۆزخانەمان هەیە و ئاسانکاری بۆ دەرچوونی نایاساییت بکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی تۆ هاووڵاتی و شارۆمەندی ئێمەی، ئەگەر بچیتە وڵاتی سێیەمەوە، مافی خزمەتگوزاری کونسوڵگەریت پێ دەدرێت. من باسی بارودۆخی خۆمم بۆ هاوڕێیەکی متمانەپێکراوم لە لەندەن کردبوو، هەرچەندە زۆر ڕوون نەبوو بۆ کوێ دەچم، بەڵام پێم گوت کە ڕەنگە بچمە کوێ و کێ دێ بە دوامدا. ئەویش وتی ڕێکی دەخەم کە لە باڵیۆزخانە بێن و بتبەنە هەولێر، دیارە پێم نەگوتبوون کێ یارمەتیم دەدات. من هیچ پەیوەندییەکم بە هیچ حیزب و لایەنێکی سیاسییەوە نەبوو، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کێشە و گرفتانەی کە لە بەزاندنی سنووردا تووشی ببووم، هیچ بژاردەیەکم نەبوو، جگە لەوەی کە داوای یارمەتی و هاوکاری لە هاوڕێکەم کە ئەندامی ئەو حیزبە بوو، بکەم کە ئەویش زۆر مەردانە هات بە هانامەوە.

بەسـەلامەتی لەنـاو ئۆتۆمبیلـی پێشـمەرگەی کـورد دانیشـتبووم، ئەوانیـش بێوەسـتان بـە بازگەکانـدا تێدەپەڕیـن، بـەڵام هێشـتا دڵەڕاوکـەم هەبـوو کـە نـەکا ڕادەسـتی هێزەکانـی ئێرانـم بکـەن. لـە ڕێـگادا تەلەفۆنـم بـۆ ئـەو ژمارەیـە کـرد کـە هاوڕێکـەم پێـی دابـووم و بارودۆخـی خۆمـم بـۆ بـاس کـرد و گوتـم لـە کوێـم و کـەی دەگـەم. ڕێگاکـە شـاخاوی و پێچەڵاوپێـچ بـوو. قـەراری شـوێنێکمان دانـا و نزیـک لـەوێ ماڵاواییـم لـە پێشـمەرگەکان کـرد و بـە هاوڕێکەمـم گـوت لەمـەودوا تەنیـا دەبـێ خۆمـان بچیـن. ناونیشـانەکەم پـێ گـوت و ئەویش بە شـۆفێرەکەی گـوت و بـەڕێ کەوتیـن.

مـن لەگـەڵ تیمێکـی بەریتانیایـی بڕیارمـان دابـوو کـە لـە سـەر جادەیـەک لـەو دەوروبـەرە چاومـان بـە یـەکتر بکەوێـت و کاتێـک گەیشـتین، چـوار ئۆتۆمبێلـی شاسـیی بـەرزی گوللەنەبـڕ کـە تابلـۆی دیپلۆماسـی و ئـاڵای بەریتانیایـان لەسـەر بـوو بـە ژمارەیـەک پاسـەوانی تایبەتـەوە بە خێرایـی گەیشـتنە شـوێنەکە. پرۆسـەکە زۆر بەخێرایـی و جەیمسـبۆندی بـەرەو پێـش دەچـوو.

● وێنەی ٤٤١ - خاڵی ڕادەستکردن، هەرێمی کوردستان، ١٣٩٩ی هەتاوی، (٢٠٢٠)

دوای چەنـد چرکەیـەک سڵاوکـردن، منیـان بـردە نـاو یەکێـک لـە ئۆتۆمبێلـەکان. تەنانـەت نەیاندەویسـت ماڵاوایی لـە هاوڕێکـەم و شـۆفێرەکەی بکـەم. پێداگریـم کـرد و گوتـم: با ماڵاوایـی لـەو دوو کەسـە بکـەم. دابەزیـم و چوومـە لای مامۆسـتا حەسـەنی هاوڕێـم. هەسـتم کـرد دڵـی پـڕ بـوو، نەمدەزانـی چـی ڕووی داوە و بـە سەرسـوڕمانەوە پرسـیم بۆچـی دڵتەنگیـت؟ گوتـی: "بـۆ خـۆم دەگریـم، بـۆ گەلەکـەم و میللەتەکـەم دەگریـم، منیـش وەکـوو تـۆ کـوردم و خـۆت بـاش دەزانـی کـە لـە ئێـران چەنـدە هەراسـانیان کـردم، هیـچ پشـتیوانییەکم نەبـوو و ئێسـتاش ناچـارم لێـرە بـم. حکوومەتـی کۆمـاری ئیسلامیـی ئێران هیـچ بایەخێک بـە گەلەکەی و کوردسـتان نـادا، بـەڵام تـۆ سـەیر بکـە ئـەم وڵاتـە ڕۆژاواییـە کـە وەک حکوومەتـی ئێـران دەڵـێ ناموسـڵمانن، چەنـدە هاووڵاتـی و شـارۆمەندەکەیان بـە هەند وەردەگـرن. کاروانێکـی ئۆتۆمبێلی گوللەنەبـر و ژمارەیەکـی زۆری سـوپای چەکداریـان هێنـاوە بـۆ ئـەوەی تـۆ وەربگـرن و بـە شـان و شـکۆوە بتگەڕێننـەوە، بـەڵام مـن هەمـوو شـتێکم لەدەسـت داوە و لێـرەم، کۆچبەرێکـم کـە هـەر بینـا لەلایـەن پیاوێکـی حکوومەتـی ئێرانـەوە تیـرۆر بکرێـم. مـەلا حەسـەن واژی کەسـێکی

بیرجیـاواز و لێکۆڵـەرە کـە پێـشتر مـەلا و زانـای ئایینـی بـووە و باوکـی کەسـایەتییەکی ئایینـی زۆر دیـار و نـاسراوی ناوچەکـە بـوو. ناوبـراو ئێسـتا ببوو بە کەسـایەتییەکی ئۆپۆزسـیۆنی سیاسـی و کادری پلـە سـێی یەکێـک لـە حیزبـەکان. بـە وتـەی خـۆی ڕەخنـەی سیاسـی و ئایینـی لـە حکوومەتـی ئاخوونـدی گرتـووە و گەیشـتبووە ئـەو ئاسـتی ڕەخنـە ئایینیـەی کـە خـۆی تێیـدا خوێندبـووی و وانـەی وتبـووە. وتـی: هـەم جێـی داخـە و هەمیـش خۆشـحاڵە کـە دەبینـم وەکـوو مرۆڤێکـی پڕبایـەخ مامەڵـەت لەگـەڵ دەکرێـت. ماڵاوایـیمان لـە یـەکتر کـرد، بـەڵام لـە ڕێـگادا بـەردەوام بیـرم لـە قسـەکانی دەکـردەوە. بیـرم لـە شـێوازی ڕفتـاری بەریتانیاییـەکان لەگـەڵ خـۆم دەکـردەوە و دەمبینـی کـە هـاوڕێ و هـاوکارە توێژەرەکـەم ڕاسـت دەکا، بارودۆخـی هاووڵاتیبوون لە ڕۆژاوا لەگەڵ وڵاتانێکی وەکوو ئێران چەند جیاوازە!

مـن هاووڵاتیـی هـەر دوو وڵاتـم، بـە ڵام جیاوازیـی نێـوان ئـەم دوو هاووڵاتییـە یەکجـار زۆرە. بەپێـی ڕێسـاکان، منیـان پشـکنی و دڵنیـا بوونـەوە کـە مۆبایلـی زیرەکـم پـێ نییـە. تەنهـا جانتایەکـی کۆڵیـم هەبـوو، کـە ئەویشـیان بـە ڕێـزەوە لـێ وەرگرتـم و منیـش سـواری یەکێـک لە ئۆتۆمبێلـەکان بـووم. ئۆتۆمبێلەکـە قوفڵـی ناوەنـدی هەبـوو و لـە نـاوەوە دادەخـرا. نێـوان مـن و شـۆفێر بەربەسـتێکی شووشـەیی و ئاسـنی هەبـوو. ئۆتۆمبێلەکـە لـە ئەمـن و سـەلامەت دەچـوو، بـەڵام قوفـڵ و پەنجـەرە ڕەشـەکەی و فەزاکـە پارێزراوەکـەی زیندانـی وەبیـرم دەخسـتەوە و هەراسـانی دەکـردم.

ئـەم فەزایـە بـۆ سـەلامەتیی مـن هەڵبژێردرابـوو و مەبەسـتەکەی بـۆ شـتێکی تـر بـوو، بـەڵام بەهـۆی زیندانـی تاکەکەسـییەوە هەسـتێکی خۆشـم نەبـوو. بـەو کەسـەی کـە لـە پێشـەوە دانیشـتبوو و تـا سـەر ئێسـقان پڕچـەک بـوو و تفەنگـی ئۆتۆماتیکـی پێشـکەوتووی پـێ بـوو، وتـم تکایـە پەنجـەرەی ئۆتۆمبێلـە بکـەرەوە یـان فێنککەرەوەکـە هـەڵ بکـە. وتـی: "پەنجـەرەی ئـەم ئۆتۆمبێلـە فیکسـە و خۆشـت دەزانـی هـەوای دەرەوە سـاردە." وتـم ماوەیەکـە لـە شـوێنی چکۆلە و داخـراو دەترسـم، شووشـەی پەنجەرەکـە ڕەشـە و هـەوری هێنـاوە و وڵات ماتـە هەسـت دەکـەم لـە نـاو قەفـەزم. هەوڵـی دا ئارامـم بکاتـەوە، حەبێکـی هێورکـەرەوەی پێـدام و گڵۆپـی دواوەی بـۆ هـەڵ کـردم.

سـەیری دەوروبـەرم کـرد و بینیـم چەنـد بەتانییەکیـان بۆ دانـاوم. بیریان لـەوە کردبـووەوە کە لـە کوێسـتانەوە دێـم و سـەرمامە. دەسـتێک جلوبەرگیـان بـۆم دانابـوو و منیـش هـەر لـەوێ جلە تـەڕ و قوڕاوییەکانـم گـۆڕی و ئـەم جلوبەرگـەم لەبـەر کـرد. بـە قـەد چەنـد کـەس خـواردن و میوە و فلاسـکێکی ئـاوی گەرمیـان بـۆم دانابـوو. تەنانـەت لـە نـاو ئـەو هەمـوو نەهامەتییەشـدا ژێـڵ و چاویلکـە و چەنـد جـۆر دەمامکیـان لەبـەر پەتـای کۆرۆنـا هێنابـوو بـۆ ئـەوەی بـێ دەمامـک نەچمـە دەرەوە. کاتێـک ئێمـە دە پانـزە کیلۆمەتـر دوور کەوتینـەوە، لە ڕێگەی بێتەلـەوە پەیامیان بـۆ یـەکتر دەنـارد کـە دەبـێ لـە شـوێنێکی سـەلامەت ڕایبگریـن. ئۆتۆمبێلەکەیـان ڕاگـرت و

ئۆتۆمبێلێکـی دیکـەش بـەردەوام شـوێنەکەی دەپشـکنی بـۆ ئـەوەی نەکا کەسـێک بـە دوامانەوە بێت.

● وێنەی ٤٤٢ - دەمامک و چاوبلکە

دابەزیـم، هێـزە چەکـدارەکان هەمووییـان لـە دوورەوە ڕاوەسـتان و گەمارۆیـان دایـن. نەمدەزانـی ئـەم هەمـوو ڕێوشـوێنە ئەمنییـە لەبـەر چییـە؟ لێیـان پرسـیم سـەفەرەکەت چـۆن بـوو؟ دیـارە سـەرەتا دەبـوو هەمـوو شـتێک بـە لەنـدەن ڕابگەیێنـن و دواتـر منیـان دەنارد بـۆ باڵیۆزخانـە لـە هەولێـر. بەڕاسـتی مـن ئـاگاداری ئـەوە نەبـووم کـە هەمـوو شـتێک لەسـەر ئاسـتی وەزارەتـی دەرەوە بەدواداچوونـی بـۆ دەکـرێ و تا ئـەو ڕادە لە سـەرم هەسـتیارن. وردەکارییەکانـی ڕۆیشـتنم بۆیـان ڕوون کـردەوە و ئەو کەسـەی کە بەرپرسـی کاروانەکـە بـوو هەمـوو قسـەکانمی یاداشـت کـرد و وتـی: لـە کاتـی سـەفەرەکەدا لەگـەڵ هیـچ کـەس نابـێ پەیوەندیـت هەبێـت." گوتـم ئەمـە سـەختە. بنەماڵەکـەم لێـم بێئـاگان و هێـزە ئەمنییەکانـی ئێرانیـش لـە پچڕانـی کتوپـڕی پەیوەندییەکانـم بەگومـان دەبـن. وتـی: "دۆخەکـە هەسـتیارە و ناتوانـم ئیزنـی تەلەفۆنکردنـت پـێ بـدەم." کاتێـک ڕاسـپێردراوی باڵیۆزخانـە تەلەفۆنـی کـرد و قسـەی لەگـەڵ کـردم، داوام لێکـرد لانیکـەم تەلەفـۆن بـۆ هـیلاری هاوڕێـم لـە لەنـدەن بکـە بـا بـە خانەوادەکـەم بڵـێ کـە مـن سـەلامەتم. زۆرم خـەو دەهـات و دوای ئـەم ڕووداوانـە ڕۆژێکـی تـەواو خەوتـم. هەمـوو گیانـم شـەل و کـوت ببـوو. دەسـت و قاچـم چەنـد شـوێنێکی زامـدار و جلەکانیشـم پیـس و تـۆزاوی بـوو و ڕانـم بـە بـەردی تیـژ بـڕا بـوو. هـەر لەوێ چەنـد برینێکمیـان بانـداژ کـرد و گوتیـان دکتـۆر دواتـر پشـکنینت بـۆ دەکات. ئەگـەر پێویسـت بـێ بـە کحـول ڕووشـان و برینەکانـت دەشـۆنەوە و دیسـان بانـداژی دەکـەن. پێکانـم ئەوەنـدە لـە نـاو ئـاو و بەفـردا بـوون، ئاوسـابوون و پێسـتی دەسـت و دەموچـاوم بەهـۆی بـا و سـەرماوە تۆخـی بەردابـوو.

ئێمـە لـە ڕێـگای هەولێـر بوویـن، لـە پەنجـەرەی ئۆتۆمبێلەکـەوە سـەیری دەرەوەم دەکـرد و دەمبینـی کـە هەرێمـی کوردسـتان چەنـدە گـۆڕاوە و هاوشـێوەی ئێـران و تورکیـای لـێ هاتـووە. وەک شـتێ لاسـایی یەکتریـان کردبـووەوە.[1] بەبـێ هیـچ سـنووردارییەک لەسـەر زۆربـەی گـرد

١. وادیـارە لەژێـر کاریگەریـی پڕۆسـەی جیهانگیریـدا کـە بێوچـان و بـێ سـنوور خەریکـی تێکـدان و داگیرکردنـی پێکهاتـە

و بەرزاییەکان خانوو و ویلا بینا کرابوون و وەک شتێ کێوداگیرکردن و تەپۆڵکە (گرد) داگیرکردن لێرەشدا پەرەی دەسەند.

پێنج ساڵ لەوەوبەر، دواییـن جار کە ئەو وڵاتەم بینی، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی زۆر خراپی ئابووریدا بوو. پشکی ئەوان لە فرۆشتنی نەوت زیاتر لەسەدا ١٧ بوو کە پێیان نەدەدرا، ناکۆکیی سیاسیی نێوان عێراق و هەرێم زۆر بوو. کوردستان لەلایەک لەگەڵ حکومەتی ناوەندی ناکۆکی هەبوو و لەلایەکی دیکەشەوە خەڵکەکەی و بەتایبەت گەنجەکانی لە حکوومەت نارازی بوون. پشکی خەڵک لە داهاتی نەوت، بەشە خۆراکی حکوومەت بوو. بە جۆرێک کە حکوومەت هانی خەڵکی دەدا کە ناوی خۆیان وەک فەرمانبەری حکوومەت تۆمار بکەن بۆ ئەوەی بتوانن پاساو بۆ ئەو بودجەی کە لە بەغدا وەریدەگرن و پشکی خۆیان لە فرۆشتنی نەوت بهێنن.

ئێستا ئەم پشکە کەمی کردبوو و مووچە وەکوو جاران بە بەردەوامی لە بەغداوە نەدەهات. هەر لەبەر ئەم هۆکارە زۆرینەی خەڵکی هەرێمی کوردستان و ڕەنگە لە عێراقیش زیاتر لە مووچەیەکیان وەردەگرت و بێگومان ئەوانەی لە لایەنە سیاسی یان کەسایەتییە سیاسییەکانەوە نزیک بوون، پشکێکی زیاتریان لەم دابەشکردنی سامان و دەسەڵاتە بەر دەکەوت. بەهۆی بەرزیی ئاستی گەندەڵییەوە ئاستی نارەزایەتیی خەڵکیش زۆر ببوو، بەڵام خەڵکی ئەم بەشەی کوردستان (واتە هەرێمی کوردستان) بە بەراورد لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان واتە ڕۆژهەڵات یان باکوور بە خۆشبژێوی ناسراون و زۆربەیان ژیانێکی پڕ لە خۆشی و تەخشان و پەخشانیان هەبوو و بەو سامان و نیعمەتەوە هاوینەهەوار و قێڵا بینا دەکران. مرۆڤ ناتوانێ ئەم قەبارە بیناسازییە کە لەسەر ڕێگای هەولێر هەیە نەبینێ، هەرچەندە بەشێکی زۆر لەو ئیمکاناتانە لەلایەن عەرەبە دەوڵەمەندەکانی عێراقەوە دەکڕان.

بیرەوەرییەکانی هەڕەتی تازەلاویم وەبیر کەوتەوە کە بە قاچاخ هاتمە هەولێر و سلێمانی و بەردەوام نیگەران بووم کە دەستگیرم نەکەن. لە ڕێگای گەڕانەوەمدا تووشی هێزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی و ئەنسارولئیسلام هاتم کە ئەوکاتە دەستیان بەسەر بەشێکی کوردستاندا گرتبوو.[1] زۆر هەراسانیان کردم و کتێبەکانمیان دڕاند. یان دواییـن جارێک کە لەسەر بانگهێشتی وەزیری گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەشداریکردن

ڕەسەنەکانی کۆمەڵگاکانە، ئەمانە نزیک و هاوشێوەی یەکتر بوون و ئەم لێکچوونەش لەسەر بنەمای ئەو شارستانییەتەیە کە ئەنجامی ئەم جیهانگیرییەیە و هەمیشە هەوڵ بۆ داگیرکردن و زاڵبوون بەسەر ژینگە و سروشتدا دەدات.

١. ئەنسارولئیسلام (دواتر گۆڕا بۆ ئەنسارولسوننە) لە ئەیلوولی ٢٠٠١ بوونی خۆی لە چیاکانی هەورامان و بیارە ڕاگەیاند. ئەو گروپە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی و گەڕاندنەوەی مافەکانی کوردیان وەک یەکێک لە ئامانجەکانیان ڕاگەیاند. ئەنسارولئیسلام لە مێژووی چالاکیی خۆیدا تووشی تێکهەڵچوون لەگەڵ یەکێتی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) و پارتی (پارتی دیموکراتی کوردستان) بووە و هەندێک جاریش بە پەیوەندی لەگەڵ ئەلقاعیدە و هاوکاریکردنی ڕژێمی سەدام حسێنی ڕووخاو تۆمەتبار کراوە.

لـە کۆنفرانسـێکی زانسـتی بـۆ پەرەپێـدان و بانگەشـەی گەشـتیاری بـۆ مـاوەی هەفتەیـەک لەگـەڵ شـەفەق کـە ئـالان لـە سـکیدا ٦ مانـگان بـوو هاتینـە ئێرە و هەفتەیـەک لـە هەولێـر ماینـەوە. هەمـوو یادەوەرییەکانـم وەبیـر دەهاتـەوە، پەرێشـانحاڵ بـووم و وەک شـتێک هیـچ کۆنترۆڵێکـم بەسـەر خۆمـدا نەبـوو. تەنانـەت گێـژ و وڕ ببـووم و لەبـەر ماندووێتـی خەوم لـێ نەدەکـەوت. یـادەوەری لـە دوای یـادەوەری تەڕاتێنـی بـە سـەر مێشـکمدا دەدا و لـە پڕێکـدا هەمـوو بیرەوەرییەکانـی مێشـکم دەسـڕدرانەوە و جارێکـی دیکـە یـادەوەری و نیگەرانییەکـی دیکـە هاشـاوڵی بـۆم دەهێنـاوە، لـە حاڵەتێکـی هەڵپەسـێردراودا بووم و نیگەرانی و دڵەڕاوکێ و نادڵنیایی وەکوو خۆرە ناخی تەنیبووم.

● وێنەی ٤٤٣ - گوندی ئەڵمانی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٣

نەمدەزانـی بـەرەو کـوێ دەڕۆم و چـی ڕوو دەدات. تەنیـا ئـەوەم دەزانـی کـە مـن سـەلامەتم و لـە دەسـتی هێزەکانـی وڵاتـی دووەممـدام، کـە نیـازی دادگاییکردنمیـان نییـە و مـن نابەنـە زینـدان و شـتێک نییـە نـاوی سـزا بـێ و ئـەوەش ئارامـی دەکردمـەوە. هیـچ خاڵێکـی پشـکنین لـە ڕێگاکـەدا پێشـیان نەگرتیـن و دەمبینـی کـە هێـزە ڕۆژاواییـەکان چەنـدە بـە ئاسـانی و بێباکانـە دەسـووڕانەوە. ئاشـکرا بـوو کـە ئـەوان چ دەسـتێکی باڵایـان لـە هەرێمـی کوردسـتاندا هەبـوو و لەلایـەن پۆلیـس و هێـزی پێشـمەرگەوە ڕێزیـان لێدەگیـرا. هێـزە تایبەتـەکان یـان ئـەو ئیسـکۆرتانەی کـە لەگەڵـم بـوون بە هیـچ شـێوەیەک قسـەیان نەدەکـرد و تەنها وەڵامی پرسـیارە کورتەکانـی سـەبارەت بـە ئـاو و خـواردن و شـتی لـەو جۆرەیـان دەدایـەوە. لەگەڵ سـێ پەیکەری بـزۆزدا دەڕۆیشـتم کـە بـە درێژایـی ڕێگاکـە هیـچ متەقیـان لێـوە نەهـات. زۆر تەکـووز بـوون و شـارەزای تاکتیکـی سـەربازی بـوون. چەکەکانیـان بـە تـەواوی لەسـەر پـێ بـوون و جلیقەیەکـی دژە فیشـەکیان لەبـەرم کردبـوو، کـە جلێکـی قـورس و ئاسـنییە. تاکـە کەسـێک کـە لـە مـاوەی ئـەو سـێ کاتژمێـر و نیـوەدا قسـەی کـرد و ئەویـش تەنهـا یـەک دوو وشـە لـە دەمـی دەرچـوو، شـۆفێری ئۆتۆمبێلەکـە بـوو، کـە ناوبەنـاو لـە ڕێگـەی بێسـیمەوە (بێتەل) بـۆ هاواهەنگـی لەگەڵ ئۆتۆمبێلەکانـی دیکـەی نـاو کاروانەکـەدا قسـەی دەکـرد. هەروەهـا ڕێوشـوێنی سـەربازییان لـە درێـژەی ڕێگاکـەدا سـەرنجڕاکێش بـوو، ئۆتۆمبێلـەکان لـە چەنـد مەترێـک زیاتـر لێـک دوور نەدەکەوتنـەوە و ئۆتۆمبێلـە ئاسـاییەکان لـە کاروانەکەمـان نزیـک نەدەبوونـەوە.

پێـم وا بـوو دەچینـە باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا لـە هەولێـر، کـە وێدەچـێ لـە هۆتێلێکـی

ناوەندی شارە بە ناو هۆتێل ڕۆتانا. بەپێچەوانەی چاوەڕوانیی من ئۆتۆمبێلەکە نەچووە ناو شاری هەولێر و لەبری ئەوە، لە تەنیشت کۆشکی سەرۆک وەزیرانی حکوومەتەوە بای دایەوە و لەسەر جادەی پشتوێنییەوە درێژەی بە ڕێگاکەی دا. لە درێژەی ڕێگادا کۆشکی نیشتەجێبوونی سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان واتە نێچیرڤان بارزانیم بینی. دیارە کۆشکەکەی لە پشت دیوارە درێژ و بەرزەکانیەوە دیار نەبوو. هەندێک کەس ئەم دیوار و شێوازی ژیانەیان بە هێمای ستەم و گەندەڵی دەزانی. زۆر کەس دەیانگوت "ئایا ئێمە کوردستانمان بۆ ئەوە ڕزگار کرد کە کۆشکی سەرۆکوەزیرانەکەی بەم شێوە بەرز و گەورە بێت؟[1] و دەسەڵات و حوکمی شاهانە و خێڵەکی نێوان باپیر و نەوە و ئامۆزاکان دەستاودەستی پێ بکرێ و وەکوو میرات بگوازرێتەوە؟" مەبەستیان ئەوە بوو کە دەسەڵات لە مەلا مستەفا بارزانییەوە بۆ ئیدریسی کوڕی و دوای مردنی درا بە مەسعوود بارزانیی برای کە هەتا ئەم دواییانە سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بوو و لە هەمان کاتدا پۆستی سەرۆک وەزیران درا بە نێچیرڤانی زاوای کە کوڕی گەورەی ئیدریسە و مەسرووری کوڕی مەسعوود بارزانیش جێگەی گرتەوە.[2]

---

١. ئەم بینایە لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان لەلایەن عیزەت ئیبراهیم دەوریەوە بینا کراوە کە فەرماندەی سەربازی بەرەی باکووری عێراق (بەرەی کوردستان) بووە و هەتا لەشکرکێشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ جێگری یەکەمی سەدام حسێن و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی عێراق بوو.

٢. لە کۆتایی خولی سەرۆکایەتیی مەسعوود بارزانی و پلەبەرزکردنەوەی نێچیرڤان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پۆستی سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان درا بە مەسروور واتە کوڕە گەورەکەی مەسعوود بارزانی، بەڵام مەسعوود بارزانی لە ساڵی ١٩٧٩ەوە بەردەوام سکرتێری گشتیی پارتی دیموکراتە و نێچیرڤانیش هەمیشە پۆستی جێگری سکرتێری پارتی بەدەستەوەیە. بەپێی بەڵگەکان ئێستا ئەم دوو ئامۆزایە دوو جەمسەری دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە و لەگەڵ یەکتردا لە کێبڕکێیەکی توندداان. لە بنەڕەتدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دوو نیوە دابەش بووە و دوو ئیدارەی جیاوازی هەیە؛ بارزانییەکان لە هەولێر دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە و تاڵەبانییەکان لە سلێمانی. لە لایەکی دیکەوە لە سلێمانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یان بە کورتی یەکێتی پێشینەیەکی هاوشێوەی هەیە. یەکێتی دوای پارتی دیموکرات یان پارتی لە ساڵی ١٩٧٥ لە لایەن جەلال تاڵەبانی و کۆمەڵێک ڕۆشنبیرەوە لە نێویاندا ئیبراهیم ئەحمەد خەزووری مام جەلال دامەزرا، دوای ئەوەی جەلال تاڵەبانی بوو بە سەرۆک کۆماری عێراق، بافڵ کوڕە گەورەکەی و بە شێوەیەکی نافەرمی هێرۆخانی هاوسەری کاروباری حیزبەکەیان گرتە دەست. کوڕی دووەمی مام جەلال قوباد تاڵەبانییە کە لە ئێستادا جێگری سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە و پۆستە گرنگەکانی وەکوو: سەرۆکایەتی و سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و فەرماندەیی ئاسایش و هەواڵگری دراوە بە بافڵ تاڵەبانی، و لە قۆناغێکدا پۆستی هاوسەرۆکایەتی ئەم حیزبە درا بە برازاکەی مام جەلال واتە لاهوور شێخ جەنگی، کە دواتر لەو پۆستانە دوور خراوە و لەگەڵ کۆمەڵێک ئەندامی دیکە لەم حیزبە دەرکران. لەتیف ڕەشید سەرۆک کۆماری ئێستای عێراق، مێردی شاناز ئیبراهیم ئەحمەدە کە دەبێتە پووری قوباد و بافڵ تاڵەبانی و ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە سەردەمانێک ڕەخنەی لە دابەشکردنی دەسەڵات لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان دەگرت و بە حیزبێکی بنەماڵەیی لێی دەڕوانی، ئێستا بۆ خۆیشی تووشی پەتای حیزبی بنەماڵەیی بووە. یەکێتی لەم ساڵانەی دواییدا بە گەلێ ناکۆکی و دابەشبووندا تێوەگلاوە. دوای پاشەکشێی پارتی لە ناوچە ئێزدی‌نشینەکانی شنگال (کە ناوە کۆنەکەی زینگهارا یە) لە هاوینی ٢٠١٤ کە بووە هۆی کوشتنی زۆرێک لە کوردانی ئێزدی و بەدیلگرتنی ژمارەیەکی زۆری کچان و ژنان و ئاوارەبوونی سەدان هەزاریان، و هەروەها چۆڵکردنی کەرکووک لەلایەن هێزەکانی یەکێتییەوە دوای هێرشی حەشدی

لە ئۆتۆمبێلی گوللەنەبڕەوە بۆ فڕۆکەخانە

بگەڕێمـەوە بـۆ ئۆتۆمبێلـی گوللەنەبـڕ و پاراسـتنی تیمـی بەریتانـی ... بـە سەرسـوڕمانەوە پرسـیارم لـە یەکێـک لـە پاسـەوانەکانم کـرد کـە بـۆ کـوێ دەچیـن و ئەویـش وتـی نازانـم و وڵامـی ئـەم پرسـیارەت تەنهـا سـەرۆکی تیمەکـە دەیزانێـت. دواجـار تێگەیشـتم کـە لـە ڕێـگای فڕۆکەخانـە دایـن و زیاتـر نیگـەران بـووم لـەوەی کـە نـەکا بمبـەن و نەتوانـم پەیوەنـدی بـە خێزانەکەمـەوە بکـەم. گریمانەکـەم ئـەوە بـوو کـە دەچمـە باڵیۆزخانـە و وەک هاووڵاتییـەک نـاوم تۆمـار دەکـەم و بـۆ گەڕانـەوە بـۆ بریتانیـا داوای یارمەتـی دەکـەم. بـەڵام ئێسـتا ئۆتۆمبێلەکـە بـەرەو فڕۆکەخانـە دەڕۆیشـت. گوتـم: دەمـەوێ لـە گـەڵ سـەرۆکی کاروانەکـەدا پێوەنـدی بگـرم، نامـەوێ بچمـە فڕۆکەخانـە، بمبەنـە باڵیۆزخانـە! وتیـان ئەمـە بەرپرسـیارێتیی ئێمـە نییە، ڕاوەسـتە بـا دابەزیـن و ئەوجـا خـۆت پرسـیار بکـە.

دواجـار گەیشـتین و چووینـە نـاو فڕۆکەخانـەی نێودەوڵەتیـی هەولێـر. دیسـان وەکـوو پێشـوو بـە VIP بـە هەمـوو بازگەکانـدا تێپەڕیـن و بـێ ئـەوەی پشـکنینمان بـۆ بکـرێ چووینـە نـاو فڕۆکەخانـەوە. ئێمـە نەچووینـە نـاو بینـای ترانزێـت و حەسـاری سـەرەکیی موسـافیرانی فڕۆکەخانەکـە و بەوپـەڕی سەرسـوڕمانەوە بـە ڕێگایەکـی دیکـەدا ڕۆشـتین، کـە ڕێـگای گۆڕەپانێکـی سـەربازی بـوو کـە هێزەکانـی هاوپەیمانیـی ڕۆژاوا کـە زۆربەیـان بەریتانـی و ئەمریکـی بـوون، لـەوێ بـوون. لـە خاڵێکـدا کـە ئۆتۆمبێلەکە بـای دایـەوە لۆگـۆی کۆمپانیایەکی بلـەک واتێـرم (Black Water)[1] بینـی. بلـەک واتێـر (Black Water) کۆمپانیایەکـی ئەهلییـە کە سـوپای ئەمریـکا بـۆ دابینکردنـی ئاسـایش بـەکاری دێنـێ و یەکێـک لـەو کۆمپانیایانەیـە کـە وەک سـوپایەکی تایبـەت ئیـش دەکا و گرێبەسـتی لەگـەڵ وەزارەتـی بەرگریـی ئەمریـکا هەیـە و پارەیەکـی باشـیان لـێ وەردەگرێـت. بلـەک واتێـر (Black Water) لـە مـاوەی سـاڵانی چالاکیی خۆیـدا لانیکـەم لـە ئەفغانسـتان و عێـراق، هەندێـک هەڵـەی لـێ وەشـاوەتەوە و یاسـاکانی شـەڕ و ئاسـایش و مافـە مەدەنییەکانـی پێشـێل کـردووە و بـە کوشـتنی ژمارەیـەک کەسـی بێتـاوان

شـەعبی لـە مانگـی تشرینـی یەکەمی سـاڵی ٢٠١٧ ئـەم دوو حیزبە دەسـەڵاتدارە بـە توندی لەلایـەن خەڵکی کوردسـتانەوە ڕەخنەیـان لێگیرا.

١. کۆمپانیـای بلاک واتـەر (Blackwater) کـە ناوەکـەی ئێسـتای ئەکادیمییـە (بـە ئینگلیـزی: Academi)، کۆمپانیایەکـی سـەربازی تایبەتیـی ئەمریکییـە و لە سـاڵی ١٩٩٧ لەلایەن ئێریک پرینسـەوە دامـەزرا و لە بوارەکانی بەڕێوەبردنی مەترسـی و پێدانـی خزمەتگوزاریـی لۆجسـتی و خزمەتگوزاریـی ئەمنی و هێزی چەکـداری تایبەتدا کار دەکات. بەگوێـرەی ئەو ئامارانەی کـە لـە مانگـی ئەیلولـی ٢٠١٤ لـە ڕۆژنامـەی نیویۆرک تایمزدا سـەبارەت بە کارکـردی کۆمپانیاکـە بڵاو کراونەتـەوە، کۆی بڕی گرێبەسـتەکانی بلـەک واتێـر لەگـەڵ حکوومەتـی ئەمریکا لە ماوەی سـاڵانی کارکردنی لـە عێراقدا زیاتر لە یـەک ملیارد دۆلار بـووە. هەروەهـا کۆمپانیـای بلـەک واتێـر یەکێـک لـە ٦٠ کۆمپانیـای ئاسایشـی ئەهلیـی چـالاک لە شـەڕی عێراق بـوون. ئەو گرووپـە زیاتـر بـە کۆمەڵکوژیـی گۆڕەپانـی ئەلنەسـوور لـە عێـراق نـاسراوە، کـە تێیـدا ١٤ هاوڵاتیی مەدەنـی عێراقی کـوژران. ئـەم گرووپـە لـە سـاڵی ٢٠٠٣ەوە بوودجـەی فیدراڵی وەرگرتـووە و ڕاسـتەوخۆ وڵامـی دەزگای هەواڵگریی ناوەنـدی دەداتەوە.

تۆمەتبار کراوە و دۆسیەی مافی مرۆڤی هەیە. لەناکاو بێزم لە خۆم هاتەوە کە من لێرە چی دەکەم؟

من دەمویست بچمە باڵیۆزخانە و بەدوای بەرنامەکەمدا بکەوم، بەڵام ڕێگەیان پێنەدام. ئەوێ لە سەربازگەیەکی بچووک دەچوو. کاتێک دابەزین بوونی درگایەکی ئاسنی و دیوارێکی خاکی و تاوەری بەرگری و پەرژین گوزارشتیان لەوە دەکرد کە گۆڕەپانێکی سەربازییە. ئەو ژنەم بینی کە بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ کردبوو و ڕاسپێردراوی باڵیۆزخانە بوو. بە پێکەنینەوە بەرەو پیریم هات و وتی: دەزانم یەکەم پرسیارت ئەوەیە کە بۆچی لەبری باڵیۆزخانە منتان هێناوەتە سەربازگە؟" وتم ڕێک پرسیارەکەم ئەوەیە. وتی: بۆت ڕوون دەکەمەوە. کەلوپەلەکانمیان دا بە سەربازێک و ئەو کاروانە چەکدارەش ڕۆیشت. منیان بردە ژوورەوە. تەواوی ڕێگاکە زیخرێژ کرابوو و دەبا لەسەر ئەو باریکە ڕێیە زیخرێژەدا بڕۆشتباین. بنکەیەکی جەنگی، دیزاینێکی قەشەنگی هەبوو و ڕیزێکی ڕێکوپێکی کۆنتێنەر و ژووری فرەکەسی دەبینرا. ناوبەناو سەربازەکانم دەبینی کە جەستەیەکی سەربازی باش ڕاهێنراویان هەبوو و خاوللییان لە خۆیان پێچابوو و لەو سەرمادا بە نیوە ڕووتی لە حەمام دەهاتنە دەرەوە و دەگەڕانەوە بۆ ژوورەکانیان و سڵاویان لێدەکردین. من وەها وێنایەکم لە سەربازگەی سەربازی نەبوو و بە لامەوە سەرنجڕاکێش بوو. ڕەنگە من ئەو فەزایەم لەگەڵ هی سەردەمی سەربازیی خۆم بەراورد دەکرد و ئەم فەرق و جیاوازییانە سەرسامی دەکردم.

منیان برد بۆ ژوورێک کە تەختی خەو (قەرەوێڵ) و دۆڵاب و مێز و باڵنجێک کە ئاڵای بەریتانیای لەسەر بوو، ڕێک لە ناوەڕاستی تەختەکەمدا بوو و وەک شتێ وەبیری دەخستەمەوە کە لە کوێم. لەوێ پێیان وتم کە دەبێ بمێنمەوە هەتا فەرمانی ڕۆشتن بۆ بەریتانیام پێدەدرێت. بە حەپەساوییەوە وتم بڕیارمان وا نەبوو. من هاتووم کە بمێنمەوە و ژن و منداڵەکەشم بێنم و دواتر پێکەوە بڕۆین. بە نەرمی گوتیان: لەم دۆخەدا تۆ بژاردەیەکی زۆرت نییە. لە ژێر چاودێریی چڕدا لەبەردەم دەرگاکەدا دایانبەزاندم و هیچیان لەسەر پلانەکەیان نەگوت و وەک شتێ فێڵیان لێ کردم. وتیان حکومەتی ئێران بە تۆ و دۆسیەی کەسانی دووڕەگەزنامەیی هەستیارە و ئێستاش کە فەخریزادە تیرۆر کراوە، تەنانەت هەستیارییەکەی بەرامبەر بە بوونی هێزی هاوپەیمانی بیانی لە عێراق زیاتر بووە. ئەوان وتیان تەنانەت ئەگەری ئەوە هەیە کە هێزەکانی حەشدی شەعبی و هێزە سەربازییەکانی دیکە کە پێوەندییان بە ئێرانەوە هەیە، هێرش بکەنە سەرمان. چونکە لە چاوی ئەو هێزانەدا هەر یەکێک لە ئێمە پارێزەری بەرژەوەندییەکانی حکومەتی بەریتانیایە و تۆش وەک هاووڵاتییەکی بەریتانیایی کە لە ئێران هەڵاتووی لە دۆخێکدای کە بۆ ئەوان لە جامێکی بلووری دەچیت. پاشان وتیشی: "تۆ پێت وایە ئێمە ڕێگات پێدەدەین لە هەولێر بژیت و ئەوان بێن و بترفێنن؟ خۆ ئەگەر ئەوان بیانهەوێ، پێیان

دەکرێ، مەگەر حاڵەتی هاوشێوە ڕووی نەداوە؟" گوێم لە هەموو ڕوونکردنەوەکانیان گرت و بۆم دەرکەوت قسەکانیان ناحیسابی نییە. لە هەر حاڵەتێکدا بۆ من شتێک گرنگ بوو؛ لانیکەم بەشێکی سەفەرەکەم بە پێی پلانی خۆم بێ و لە هەولێر بمابامەوە هەتا ژن و منداڵەکەم دێنە لام.

مەسەلەکە بە ڕای من زۆر سادەتر لەوەی بوو کە ئەوان دەیانگوت. وەک پێشتر گوتم، دوای دەستگیرکردنم، بە بەدواداچوونە پەیتاپەیتاکانم ئەو کەرەسە و بەڵگەنامانەی کە کەوتبووە دەست ئیتلاعاتی سپای پاسداران وەرمگرتبووەوە. لەبەر ئەوەی ڕۆشتنم قەدەغە کرابوو، پاسپۆرتە ئێرانییەکەم هیچ کەڵکێکی بۆم نەبوو و وامدەزانی دەچمە باڵیۆزخانە و دوای سڵاوکردن، هەر کاتێک ویستم بلیتێک دەکڕم و دەگەڕێمەوە بۆ بریتانیا، زۆر سادە. من دەمزانی کە پێویستە باڵیۆزخانەی وڵاتان خزمەتگوزاریی کونسوڵی پێشکەش بکەن، بەڵام بە بۆچوونی خۆم زۆر پێویستم پێی نەبوو و توانیم بگەڕێمەوە بۆ لەندەن. دەی کەواتە ئەو هەموو بەزم و ڕەزمە لەبەر چی بوو؟ تەنها لەبەر ئەوەی بە پاسپۆرتەوە نەچووبوومە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە دەترسام لە بازگەکان دەستگیر بکرێم و بنێردرێمەوە بۆ ئێران. هەر بۆیە ویستم بێن بەدوامدا بۆ ئەوەی ڕێگری لە ئەگەری ڕادەستکردنەوەی من بکەن.

● وێنەی ٤٤٤- دەرگای چوونە ژوورەوەی فڕۆکەخانەی هەولێر

چەند جارێک پێوەندییان بە سەرۆکەکانیانەوە کرد، منیش بەردەوام جەختم دەکردەوە کە لەسەر بڕیارەکەم سوورم و پلان و نیازەکانم بۆیان ڕوون دەکردەوە. من لە دەست حکوومەتێک هەڵهاتبووم و چووبوومە لای حکوومەتێکی تر بۆ ئەوەی فریام بکەوێ، بەڵام ئەم حکوومەتە هەرچەندە یارمەتیمی دەدا، بەڵام ڕێگەی نەدا خۆم بڕیاری کۆتایی بدەم. هەندێک جار حکوومەتەکان هەموویان لە هەندێک ڕووەوە لە یەکتر دەچن و لە پلەی یەکەمدا تەنها بەرژەوەندییەکانی خۆیانیان بە لاوە گرنگە، ئەو بەرژەوەندییە سیستماتیکی و کەڵان و بەرفراوانانەی کە هەمیشە زیاتر و باشتر لە بەرژەوەندیی تاکەکەسی و بچووکە. هەرچەندە نامەنتیقی و نالۆژیکی بوو، بەڵام ئەمە تووڕە و دڵتەنگی کردم. هەرچی هەوڵیان دەدا، من ڕازی نەدەبووم. لە کۆتاییدا یەکێکیان کە پێدەچوو دیپلۆماتکارێکی لێهاتوو بێ، توانی قەناعەتم پێبکات. بە زەردەخەنەیەک موبایلەکەی پێدام و وتی: بەم تەلەفۆنە ئەرخایەنەوە، تەلەفۆن بکە و بە ئۆنلاین لەگەڵ خێزانەکەت قسە بکە. کە گوێم لە دەنگی

ئـالان بـوو، بـاری دەروونیـم گـۆڕا و دڵـم ئەهـوەنتر بـووەوە. لـەو دۆخـەدا ڕێکارێکـی گونجاویـان بـۆ گۆڕینـی هەڵوێسـتی مـن بـەکار هێنابـوو؛ تەنهـا قسـەکردن لەگـەڵ کوڕەکـەم دەیتوانـی کەمێـک ئارامیـی دەروونیـم پـێ ببەخشـێت.

پاشـان چـا و شـیری ئینگلیزییـان بـۆ هێنـام و هێـواش هێـواش بـە وردی دەسـتیان کـرد بـە ڕوونکردنـەوەی بارودۆخەکـەم. گوتیـان چ لێـرە بـی یـان لـە باڵیۆزخانـە، دەبـێ لـە ژێـر چاودێریـی تـەواودا بـی و نەچیتـە دەرەوە، چونکـە ئێمـە لـە عێراقیـن و لەوانەیـە تووشـی هـەر چەشـنە مەترسـییەک ببیـن. وتیـان تەنانـەت ئێمـەش کاتێـک بـە نیـازی کارێـک دەچینـە دەرەوە ئۆتۆمبێلێـک لەگـەڵ خۆمـان دەبەیـن. لـەم ماوەیـەدا هیـچ شـتێک لێـرە ئاسـایی نییـە و ئێسـتا ئێـران بەهـۆی پرسـی تیـرۆرەوە بەرامبـەر سـنوورەکانی و تەنانـەت وڵاتانی دەوروبەریشـی زۆر هەسـتیار بـووە. لـە ئێسـتادا ئێمـە و هێزەکانـی ئەمەریـکا لـە ئامادەباشـیی تەواودایـن و دەبینـی کـە یـەک دوو سـەعاتی دیکـە گڵۆپـەکان دەکووژێنـەوە، کـەس ناوێـرێ بەبـێ جلیقـەی گوللەنەبـڕ بچێتـە دەرەوە. زۆر زوو قسـەکەیانم بـۆ سـەلمێنرا! دەیانگـوت هەواڵێکـی باوەڕپێکراویـان هەیـە کـە لـە فڕۆکەخانـەی هەولێـرەوە بڕیـارە هێـرش بکەنـە سـەر ئـەو دوو خاڵـەی کـە هێـزە بەریتانـی و ئەمریکییەکانـی لێیـە. هـەر بۆیـە هەوڵیـان دەدا بـە زووتریـن کات مـن لـەو شـوێنە و لـە هەرێمـی کوردسـتان دەربـاز بکـەن.

دوای ئـەوەی بیـرم لێکـردەوە، بـۆم دەرکـەوت کـە ڕاسـت دەکـەن. ئـەوان نەیاندەویسـت مـن کـە بـە تاوانێکـی سیاسـی و ئەمنـی لـە ئێـران هەڵاتبـووم و بـەو جـۆرە هاتبوومـە هەرێمـی کوردسـتان، زیانـم پـێ بـگا یـان بوونـم لـەوێ بەمیدیایـی ببێـت. ئەمـە بـە لایانـەوە جێـی شـەرمەزاری بـوو و ڕێـک ئـەو شـتەی بـوو کـە هێـزە ئەمنییەکانـی ئێـران دەیانویسـت. چەنـد ڕۆژێـک دوای ئـەوەی ئێرانـم بـەرەو هەرێمـی کوردسـتان بەجێهێشـتبوو، بـە سـێ مووشـەک هێرشـیان کـردە سـەر فڕۆکەخانـەی هەولێـر و ئـەم ڕووداوە بـووە مانشـێتی یەکەمـی هەواڵدەری و کاناڵـە جیهانییـەکان و ئەگـەر و گریمانەکەیـان سـەبارەت بـە هێرشـی ئێـران تەواو بە دروسـت دەرچـوو، بـەڵام چەنـد ڕۆژ دواترەکەیـان بـە وردی نەدەزانـی. هێزەکانـی حەشـدی شـەعبی بـە ئاراسـتەکردنی چەنـد مووشـەک تۆمەتبـار کـران کـە دوو لـەو مووشـەکانە لـە خاڵەکانـی نزیـک لـە بنکـەی سـەربازیی ئەمریـکا کەوتبوونـە خـوارەوە. بـەم ڕووداوانـە خاترجـەم بوومـەوە کـە هێزە بیانییـەکان شـارەزایی هەواڵگرییـان زۆرە و پێشـبینییەکانیان ڕێـک بـە پێـی هەلومەرجەکەیـە.

هەروەهـا چەنـد مەرجێکیشـیان بـۆم دانـا و دەیانگـوت پاسـەوانێک بـە نـاوی سـتیڤ کـە کاپتنـی پۆلیسـی سـوپا بـوو، شـەو و ڕۆژ لـە لامـە و یاوەریـم دەکا و دەبـێ لـەم ژوورەدا لـە ژێـر چاودێریـدا بمێنمـەوە. نزیکـەی کاتژمێر حەوتـی ئێوارە بوو کـە ژەمی ئێوارەیان هێنـا. خواردنەکە ماسـی و پەتاتـەی سـوورکراو بـوو، کـە خواردنێکـی نەریتیـی بەریتانییـە و هەمـان فیـش ئەنـد

چیپسـی[1] بەناوبانگـە. جارێکـی تـر گەڕامـەوە بـۆ بەریتانیـا؛ بۆنـی بەریتانیـای لێدەهـات، لووتـم پـڕ بـوو لـە بۆنـی مـاڵ و لەنـدەن. ئاشـکرا بوو کـە هەمـوو مـادە خواردەمەنییـەکان لـە بەریتانیاوە دەهاتـن، شـێوازی چێشـتلێنان و شـێوازی ژیـان و هەمـوو کەرەسـتەی نـاو سـەربازگەکان و تەنانـەت جـۆری چایەکـەش بەریتانیایـی بـوون.

بینینـی ئـەم نیشـانە بچووکانـە ژیانـی بەریتانیـای وەبیـر خسـتمەوە. ئێوارەخوانـە پێشـوەختەکانی بەریتانیـام بیـر کەوتـەوە. پێکەنیـم و گوتـم: کامیـل تۆ گەڕایتەوە سـەر شـێوازی ژیانـە بەریتانییەکـەت و هیـچ ڕێـگای گەڕانـەوە بـۆ ئێرانت نەمـاوە، لەمـەودوا بەتایبەت لـە وەرزی سـەرمادا، کاتژمێـر حـەوت یـان زووتـر نانـی ئێـوارە دەخـۆی و شـەوانە بـە گۆرەوییـەوە دەخەویـت ... هـەر لـە یەکـەم کاتژمێـری گەیشـتنم پزیشـکێک بـە جلوبەرگـی سـەربازییەوە هـات و بـە تـەواوی پشـکنینی بـۆ کـردم. دووبـارە برینەکانمـی بانـداژ کـرد و بـە کحـول شـۆردییەوە. وتـم مانـدووم بـەڵام خـەوم لێناکەوێـت. حەبێـک و چەنـد شـەروبێکی پێـدام کـە لـە کاتژمێـر ٩ی شـەو هەتـا بەیانـی خـۆش خەوتـم.

ڕۆژی دواتـر نانـی بەیانیـم خـوارد و لەسـەر پێداگریـی خـۆم سـتیڤ بردمـی بـۆ کتێبخانـە و دەسـتم کـرد بـە خوێندنـەوە. بەڕاسـتی نەمدەتوانـی هیچـی تـر بکـەم. دەچوومـە هەر شـوێنێک سـتیڤ دەبـا لەگەڵـم بووایـە، تەنانـەت لـە تەوالێـت و حەمامیشـدا سـتیڤ لەگەڵـم بـوو! بەیانـی کـە هەمـووان دەڕۆیـشتن، لـە پشـت دەرگاکەمـەوە چـەک بـە دەسـت دەمایـەوە. شـەوانە هەموو کارەبـای سـەربازگەکە دەکـوژاوە و لـە ترسـی هێرشـی مووشـەک، دەبـا بـۆ چوونـە تەوالێـت جلیقـەی قورسـی دژەفیشـەک لەبـەر بکەیـن.

مـن ببـووم بـە شـێری نـاو قەفەسـێک و پـەلم بـۆ هەمـوو شـتێک دەهاویشـت. لـە دڵـی خۆمـدا گوتـم کامیـل، خـۆت ڕادەسـت بکـە! بـڕۆوە بـۆ لەنـدەن و ئەگـەر پێویسـت بـوو ڕێگایەک بـدۆزەرەوە بـۆ ئـەوەی جارێکـی تـر بگەڕێیتـەوە. وتـم لێـرەوە دەگەڕێمـەوە، بـەڵام دەبـێ لەگـەڵ خانەوادەکـەم لـە پەیوەندیـدا بـم. دەزانـم لـە واتسـئاپەکەمدا کورتەنامەیەکـی زۆرم بـۆ هاتـووە و دەبـێ وەڵامـی هـاوڕێ و هاوکارەکانـم بدەمـەوە بـۆ ئـەوەی پێـم نەزانـن کـە لـە ئێـران نیـم. گوتبـووم کـە لـە قۆناغـی کۆدینـگ و کۆکردنـەوە و شـیکردنەوەی ناوەڕۆکـی توێژینـەوەی تەواونەکـراوی کاری منداڵانـدام و دەبـا بـەردەوام پەیامـم بـۆ هاوکارەکانـم بنێـرم و لـەم ڕێگـەوە ڕێنماییـان بکـەم. داوای پەیوەندیـم کـرد، بـەڵام ئـەوان ڕەتیـان کـردەوە تەنهـا شـتێک کـە لەسـەری ڕێـک کەوتیـن ئـەوە بـوو کـە ڕۆژانـە دوو جـار تەلەفۆنێکـم لـە باڵیۆزخانـەوە بـۆ بێنـن تـا بتوانـم قسـە لەگـەڵ شـەفەق بکـەم و یـەک بـە یەکـی نامەکانـم بـۆ بخوێنێتـەوە و نامـە دەنگییەکانـم بـۆ بگـرێ بـۆ ئـەوەی بتوانـم وەڵامیـان بدەمـەوە. بـۆ مـن گرنـگ بـوو کـە کـەس

1. Fish and Chips

بـە دەربازبوونـی مـن لـە ئێـران نەزانـێ و هەمـوو کەسـانی دەوروبـەرم وا بزانـن لـە ئێرانیـم. گریمانـەم دەکـرد کـە پەیوەندییەکانـم چاودێـری دەکـرێ، و پرۆژەکانمیـان دەناسـی و هەندێـک لـە هاوکارەکانـم لـە پرۆژەکانـدا دەستنیشـان کرابـوون. لـە خەمـی سـەلامەتیی هەمووانـدا بووم. مـن دەمویسـت بـە شـێوەی ئاسـایی مامەڵـە بکـەم و لـە هەمـان کاتـدا کـەس نیگـەران نەکـەم. بەشـە سـەختەکە ئـەوە بـوو کـە جگـە لـە هاوسـەرەکەم بـە کەسـم نەگوتبـوو و ئـەوەش خـۆی لـە خۆیـدا گوشـارێکی زۆری دەخسـتە سـەرم. بڕیـار وا بـوو هەمـوو بەیانـی و پاشـنیوەڕۆیەک بـە تەلەفـۆن لەگـەڵ شـەفەق قسـە بکـەم و لـە ڕێگـەی ئـەوەوە وەڵامـی پەیامەکانـی کارەکـەم بدەمـەوە. چەندیـن پەیامـم پێگەیشـتبوو، لـە خێـزان و کەسـوکارەوە بگـرە هەتـا دەگاتـە هـاوڕێ و ناسـیاوەکانم، پرسـیاریان لێدەکـردم کـە چیـت کـرد یـان بـۆ دەرچوونـی حوکمـی دە سـاڵ زیندانەکـەم خەمخۆریـی خۆیانیـان دەردەبـڕی و دەیانپرسـی ئێسـتا دەتهـەوێ چـی بکـەی .... هەسـتێکی ناخۆشـم هەبـوو، زۆر کـەس لـە خەمـی منـدا بـوون و منیـش نەمدەتوانـی ڕاسـتییەکان بڵێـم. تەنانـەت بـە خوشکەکانیشـم .... جگـە لـە کانـی هیچـم بە کەسـمنەگوتبوو و ئەویـش بـە شـێوەی نهێنـی. هەندێـک جـار هاوڕێیانـم لـە تارانـەوە تەلەفۆنیـان بـۆ دەکـردم کـە بێیـن یـەکتر ببینیـن و مـن دەمگـوت بـۆ نموونـە ئەمـڕۆ ئیشـم هەیـە. ئـەوان دەیانویسـت بێنـە ماڵەکـەم و منیـش بیانـووم بـۆ دەهێنانـەوە. هەمـوو ڕۆژێـک درۆم دەکـرد، ئەویـش درۆ لەگـەڵ کەسـانێک کـە خۆشـم دەویسـتن و ئەمـە بـۆ مـن زۆر قـورس بـوو. هەتـا ئـەو کاتـەی بابەتەکەیـان ڕاگەیانـد، هەمیشـە ئـازاری ویژدانـم هەبـوو.

ڕۆژی دواتـر چەنـد کەسـێک لـە باڵیۆزخانـەوە هاتـن و گوتیـان: پێدەچـێ بگوازرێیتـەوە بـۆ شـوێنێکی تـر. هـەم هەواڵێکـی خـۆش بـوو و هەمیـش ناخـۆش. هەمـوو شـتێک نهێنـی بـوو و پێیـان نەدەگوتـم بەرنامەیـان چییـە. داوام کـرد کـە لێـرە بمێنمـەوە و شـەفەق و ئالانیـش بێـن، بـەڵام گوتیـان کـە کاتـی خـۆی هـات بـۆت دەردەکـەوێ بەرنامەمـان چییـە و کـەی ژن و منداڵەکـەت دێـن. ڕۆژی دواتـر هیـچ هەواڵێکیـان نەبـوو، ڕۆژەکـەی دیکـەش هیـچ دەنگیـان نەبـوو. وتـم بۆچـی نایـەن بـە دوامـدا؟ بۆچـی نازانـم بـۆ کـوێ دەڕۆیـن؟ وتیـان دەبـێ بزانیـن چ فەرمانێـک لـە سـەرەوە دێـت. لـە نـاو دۆزەخـدا پەکـم کەوتبـوو و نەمدەزانـی لـە کۆتاییـدا چیـم بەسـەر دێـت. هەروەهـا ناوبەنـاو دەنگـی کۆپتـەرە سـەربازییەکان دەهـات و لەبـەر ئـەوەی ڕێگـەم پێنـەدەدرا بچمـە هیـچ شـوێنێک، تەنهـا کارم ببـوو بـەوەی گـوێ بـۆ دەنگـی ئـەو شـتانە هەڵبخـەم کـە لـەوێ ڕوو دەدەن و گرنگـی بـە وردەکارییـەکان بـدەم. دەمتوانـی لـە پلەبەندیـی دەسـەڵات و شـێوازی قسـەکردنی ئەفسـەرە سـەربازییەکان لەگـەڵ یـەکتر تێبگـەم و هەروەهـا ئـەو پەیوەندییـە جێنـدەری و سـنووردارکردنانەی کـە لـە ئـارادا بـوون سـەرنجی ڕادەکێشـام. ڕۆژانـە سـەربازە پیاوەکانـم دەبینـی کـە نیمچـە ڕووت لـە حەمامـەوە دەهاتنـە دەرەوە، بـەڵام سـەرباز و ئەفسـەرە ژنـەکان بـە پۆشـتە و پەرداخـی لـە حەمـام دەهاتنـە دەرەوە. بیـرم لـەم

شـتانە دەکـردەوە، کـە یـەک دوو کاتژمێـر زووتـر لـە ڕۆژانـی ئاسـایی ژەمـی ئێوارەیـان بـۆ هێنـا. وتیـان ژەمـی ئێـوارەت بخـۆ و خـۆت بـۆ ڕۆشتن ئامـادە بکـە. بـەڵام پێـش ئـەوەی بـڕۆی پێویسـتە هەندێـک ڕاهێنـان ببینـی و پێویسـتمان بـە کەمێـک کاتـە.

لە چینۆکەوە بۆ هێرکۆڵس

دوای خواردنـی شـێو چەنـد هێزێکـی چەکـدار بـە ئۆتۆمبێلێکـی سـەربازی بردمیـان بـۆ باندێکـی فڕیـن کـە بەدەسـت هێـزی هاوپەیمانانـەوە بوو. وتیان بەشـێکی گەشـتەکە بـە کۆپتەر دەڕۆیـن. ڕێگایەکـی مەترسـیدارە و دەبـێ چەنـد ڕێنماییـەک پەیـڕەو بکەیـت. دەبێ بـە درێژایی گەشـتەکە جلیقـەی گوللەنەبـڕ بکەیتـە بـەر و کڵاوێکـی پۆڵاییـش لەسـەر بنێیـت، هەروەهـا هەتـا کاتـی گەیـشتن دەبـێ گوێچکـەت داپپۆشـی. بـە پێـی ئەزموونـی خۆیـان دەیانگـوت لەوانەیـە لـە کاتـی هەڵفڕیـن و نیشـتنەوەدا تەقـەت لـێ بکرێـت. زۆری نەخایانـد دوو کۆپتـەری سـەربازی زەبەلاحـی چینـۆک[1] بـە دەنگێکـی بـەرز و گوێـدڕەوە نیشـتنەوە. پێـشتر جارێـک یـان دووجـار سـواری کۆپتـەرە مەدەنییـەکان ببـووم، بـەڵام هەرگیـز کۆپتەرێکـی ئـاوا گـەورەم نەبینیبـوو. بەپەلـە لـە کەشـێکی فیلمئاسـادا سـواری بوویـن. نـاوەوەی کۆپتەرەکـە لـە هۆڵێکـی گـەورە دەچـوو، کورسـی نەبـوو و دەبـوو پاڵ بـە دیوارەکەوە بدەین و لەسـەر شـتێکی کورسیئاسـا دابنیشـین. ناوەڕاستەکەشـی شـوێنی ئامێـرە جۆراوجـۆرەکان بـوو کـە بـە پـەت بەسـتبوویانەوە. کـە دانیشـتین، دوو قەنـاس بەدەسـتم بینـی کـە تفەنگـی بینینـی شـەوانەیان پـێ بـوو و لـە نزیـک دەرگای دواوەی کۆپتەرەکـە کـە کەمێـک کرابـووەوە ڕاکشـابوون و بـە دووربیـن سـەیری خوارەوەیـان دەکـرد. ئـەم گەشـتە پـڕژاوەژاوە نزیکـەی کاتژمێرێکـی خایانـد و یەکێـک لـەو دوو سـەربازەش لـە هەمـان شـوێندا بـە حاڵەتـی ئامادەبـاش بـۆ تەقەکـردن لـە سـەر جێـی خۆیـان بـوون و ئـەوی دیکەیـان لـە پشـت دووربیـن و چەکێکـی دیکـە لـە ناوەڕاسـتی هۆڵەکـە و لـە پشـت پەنجەرەیەکـەوە ڕاوەسـتابوو و بـە درێژایـی گەشـتەکە هیـچ کامیـان متەقیـان لێـوە

● وێنەی ٤٤٥ - هێلیکۆپتەرێکی سەربازیی چینۆک

١. چینـۆک (بـە ئینگلیزی: Chinook) کۆپتەرێکی گواسـتنەوەی ئەمریکیی نیمچەقورسـە کە دوو بزوێنـەر و دوو پەڕەی هەیە و پێشـکەوتووترین کۆپتەری سـەربازیی ئێسـتای سـوپای ئەمریکا و بەریتانیایە و گەورەترین نموونەیە کە بەکاری دەهێنن.

نەهـات. هەندێـک جـار بـە خـۆم دەڵێـم سـەربازەکان چ بوونەوەرانێکـی ڕۆباتیکـن و چـۆن خوویان بەوە گرتووە کە تەنها گوێڕایەڵ بن و تەواو.

کۆپتـەری دووەم ئیسـکۆرتمان بـوو، پێکەنینـم دەهـات کـە باشـە ئـەم سەنسـەنە و تەنتەنەیە بەڕاسـتی بـۆ منـە؟" ڕاسـتەکەیتان دەوێ نیگـەران بـووم و بـەردەوام لـە دڵـی خۆمـدا دەمگـوت کامیـل بۆچـی تـۆ ئـاوا بەتایبەتـی و بەفیـزەوە دەتگوازنـەوە؟ نـەکا سـبەی کـە دەگەیتـە بەریتانیـا هـەزار داواکارییـان لێـت هەبـێ و هـەزار فەرمانـت پـێ بـدەن؟ شـێوازی بیرکردنـەوەی مـن لـەو سـاتانەدا لەسـەر بنەمـای عەقڵیەتێـک بـوو کـە لـە کۆمەڵـگای ئێرانـدا بنیـات نرابـوو. لـە دنیـای کۆمەڵایەتـی و ژیـاوی ئێرانـدا، هەمیشـە خزمەتگوزارییـە کۆمەڵایەتییەکانـی کۆمەڵـگای ئێرانـم بـە گرەوکێشـی یـان باجگیـری بینیبـوو و تێگەیـشتن لـەم پاڵپشـتییە بێچاوەڕوانییـە بـۆ مـن ئاسـان نەبـوو. بێئـاگا لـەوەی کـە لـە کۆمەڵـگا پێشـکەوتووەکاندا دابینکردنـی خزمەتگـوزاری و پاڵپشـتیی کۆمەڵایەتـی بەشـێک لـە مافـە ڕەوا و مرۆییەکانـی هاوڵاتییانـە، کـە کۆمەڵـگا و حکوومـەت لـە بەریەتـی دابینکردنـی ئەمانـە نـەک هـەر نابـێ داوای هیـچ شـتێک بکـەن، بەڵکـوو دەبـێ بەرپرسـیارێتی و ئەرکیشـیان هەبێـت. تەماشـای ڕێگاکـەم دەکـرد و بڵێسـەی ئاگـری بیـرە نەوتییـەکان دەریدەخسـت کـە بـەرەو کەرکـووک دەڕۆیـن و خەریکیـن هەڕێمـی کوردسـتان بەجێدەهێڵیـن و وەک شـتێ بـەرەو ڕۆژاوای عێـراق دەڕۆشـتین. چووینـە نـاو بیابـان. لـە پەنجـەرە بچووکەکـەی نزیکمـەوە بینیـم کـە ئـەم سـەر تـا ئەوسـەر بیابانـە و دڵنیـا بوومـەوە کـە گریمانەکـەم دروسـتە، بـەڵام تـازە هاتمـەوە سـەر یەکـەم پرسـیارم: بـۆ کوێـم دەبـەن؟

دەمزانـی پرسـیارکردن بێسـوودە، بـەڵام بڕیـارم دا جارێکـی تـر بەختـی خـۆم تاقـی بکەمەوە. لـە سـتیڤ کـە وەکـوو سـێبەرێک هەمیشـە لەگەڵـم بـوو پرسـیم کـە "ئێمـە لـە کوێیـن؟" و ئەویـش وەکـوو هەمیشـە وەڵامـی داوە: "خـۆ خـۆت دەزانـی، ناتوانـم وڵامـی پرسـیارەکەت بدەمـەوە"، ئینجـا وردە وردە خێرایـی و بەرزیـی کۆپتەرەکـە کەمـی کـردەوە. سـتیڤ وتـی: "هـەر ئەوەنـدە دەتوانـم بێـژم ئـەوە دادەبەزیـن و ئەمـەش مەترسـیدارترین بەشـی ئیشـەکەیە." دەرگا هایدرۆلیکییەکـەی پشـتەوە کەمێـک هاتـە خـوارەوە و قەنـاس بەدەسـتەکان دیسـان بـە ڕاکشـاوی کەوتنـە ئامادەباشـییەوە و بـە کامێـرای بینینـی شـەوانە چاودێریـی دەوروبەریـان دەکـرد. سـتیڤ وتـی: "مەترسـیی هێرشـی مووشـەکی یـان ڕۆکێتـی لـە ئارادایـە! دەبـێ سـەرت دابخـەی و لـە حاڵەتـی نیوخێـزدا بمێنیتـەوە". ئێسـتا کـە بیـری لـێ دەکەمـەوە دەبینـم کـە ئەگـەر بـە مووشـەک هێرشـیان بکردایـە چ فەرقێکـی دەکـرد کـە دانیشـتوو یـان ڕاوەسـتاو یـان نیوخێـز بـام! دواجـار نیشـتینەوە، چەنـد سـەربازێک دەرگاکەیـان کـردەوە و دەورەیـان دام. بـە ڕاکـردن منیـان بـردە لای مەیدانێکـی گـەورە، تریفەیەکـی جـوان و دڵڕفێـن ئـەو بیابانەی ڕۆشـن دەکـردەوە و بـە لمەکـەی ئەوێـدا زانیـم کـە لـە بیابانێکـی خۆڵدایـن.

گەیشـتینە فڕۆکەیەکـی خاکـی ڕەنگـی سـەربازی کـە گڵۆپەکانـی کوژابـۆوە، بـەڵام پەڕەکانـی

بـە خێرایـی دەسـووڕانەوە. دەنگـی بـەرزی کۆپتـەر و فڕۆکـە، مرۆڤـی دەهەژانـد. لەگـەڵ نزیکبوونەوەمـان، فڕۆکەیەکـی زەبەلاحـم بینـی کـە پەڕەکانـی زۆر گـەورە و دەنگێکـی سـامناکی هەبـوو، کۆتایـی کلکەکـەی کـراوە بـوو و لـە تونێـل دەچـوو. سـێ سـەربازی چەکـدار لـەوێ چـاوەڕێ بـوون کـە مۆبایلـی بێسـیم (بێتەل)ـیان پـێ بـوو و کامێـرای بینینـی شـەوانەیان لـە پێشـەوەی کڵاوەکانیـان جێگیـر کردبـوو. بـە ئاماژەیـەک من و سـتیڤیان بـرد و بردیانمـە ژوورەوە. دەرگاکـە بـە شـێوەی ئۆتۆماتیکـی کـراوە و چووینـە نـاو فڕۆکەیەکـی زەبەلاحـەوە کـە ناوەڕاسـتەکەی خاڵـی بـوو و دانیشـتین، دەتکـوت نـاو زکـی ماسـییە و بەتـاڵ کراوەتـەوە. لـە

● وێنەی ٤٤٦ - فڕۆکەی هێرکۆڵس

ناوەڕاسـتی هۆڵەکـەدا کورسـییەکی تاخـۆر هەبـوو کـە منیـان لـە سـەری دانیشـاند و دیسـان وەکـوو دۆخـی کۆپتەرەکـە چەنـد سـەربازێک بـە حاڵەتـی ئامادەباشـی ڕاوەسـتان هەتـا فڕۆکەکە هەسـتایەوە. دیسـانەوە هیـچ ڕوونکردنەوەیەکیـان نـەدا کـە مـن لـە کوێـم و بـۆ کـوێ دەڕۆم و هەوڵەکانـم بـۆ قسـەکردن لەگـەڵ سـتیڤ دیسـان بێهـوودە بـوون. فڕۆکەکـە کـە دواتـر زانیـم نـاوی هێرکۆڵـس[1] بـووە، فـڕی. کڵاوی ئاسـنی و هێدفـۆن و دوو دانـە چێوپەمـە لـە گوێمـدا، گوێدڕیـی دەنگـی بـەرزی فڕۆکەکـەی بـۆ مـن کـەم نەکـردەوە. هەڵبـەت تاکە سەرنشینەکەشـی مـن بـووم و بـۆ گواسـتنەوەی مـن هاتبـوو. نزیکـەی سـێ کاتژمێـر و نیـو بـە هـەواوە بووین و لـە نیـوەی ڕێگاکـەدا سـتیڤ وتـی دەچینـە قوبـرس. بـە سەرسـوڕمانەوە پرسـیم قوبـرس بۆچـی؟ دیسان وتی دوایی خۆت تێدەگەیت.[2]

١. فڕۆکـە هێرکۆڵـس، فڕۆکەیەکـی گواسـتنەوەی سـەربازییە و چـوار بزوێنەری تۆربۆپڕۆپی هەیە و لە ئۆپەراسـیۆنە سـەربازی و مەدەنـی و مرۆییەکاندا بـەکار دەهێنرێت.

٢. بەریتانیـا بنکەیەکـی ئاسمانیـی گـەورە و گرنگـی لـەوێ هەیـە و بێگومـان قوبـرس سـەردەمانێک کۆڵۆنیـی بەریتانیـا بووە. قوبـرس پێـش کشـانەوەی هێزەکانـی بەریتانیـا و ئـەو شـەڕەی کـە لەگـەڵ حکومەتـی عوسمانیـدا ئەنجامی دا، سـەربەخۆیی بەدەسـت هێنـا، بـەڵام بەریتانیـا هێشـتا بنکەیەکـی سـەربازیی لـە دیـوی یۆنانیـی دوورگەکـە پاراسـتووە. دەمزانـی لـە کاتـی جەنگـی ئەڤغانسـتان و عێراقـدا لەوێـوە پاڵپشـتی لـە هێرشـە سـەربازییەکانی هێـزی ئاسمانـی دەکـرد و هێزیان بـۆ ناوچەکە دەنارد.

بـە خۆمـم گـوت دیـارە لـە قوبرسیشـەوە سـواری فڕۆکـە دەبـم و دەچمـە بەریتانیـا. کاتێـک گەیشـتین، بەرپرسـی کەمپـی هێـزی ئاسمانـی کـە ژنێـک بـوو، لەگـەڵ ئەفسـەرێکی دیکـە هاتنـە پێشـوازمان و ئێمەیـان وەرگـرت. گوازراینـەوە بـۆ ماڵێکـی حکوومـی. دەمتوانـی بـە ئـارەزووی خـۆم لـە نـاو ماڵەکـەدا هاتوچـۆ بکـەم، بـەڵام نەمدەتوانـی بچمـە دەرەوە. ڤایرۆسـی کۆرۆنـا چڕتـر ببـووەوە و مەرجەکانـی کەرەنتینـەی تـەواو بـە چـڕی جێبەجـێ دەکـرا. هەڵبـەت دواتـر زانیـم کـە ئەگـەر کۆرۆنـاش نەبووایـە نەیاندەهێشـت بچمـە دەرەوە. مـن و سـتیڤ لـە ماڵێکـی گـەورەدا نیشـتەجێ ببوویـن کـە چەنـد ژوورێکـی تێدابـوو و حەوشـەیەکی جـوان لـە پشـت ماڵەکـەدا هەبـوو کـە پـڕ بـوو لـە مێـروو و مێشـوولە. پێـشتر هاتبوومـە قوبـرس و لـە زسـتاندا کەشـوهەوایەکی زۆر دڵکێشـی بـوو. بەیانیـی ڕۆژی دواتـر تەلەفۆنیـان بـۆ هێنـام و دەمتوانـی بـە ئەرخایەنـی قسـە بکـەم. بـەڵام هێشـتا لەپتاپەکەمیان پێ نەدابوومـەوە و پرسـیارە بەردەوامەکانـی هاوکارانـم بێـوەڵام مابوونـەوە. ئـەوان سـەبارەت بـە بەشـێک لـە توێژینـەوەی جۆرەکانـی کاری منـداڵان پرسـیار دەکـرد و فایلیـان دەویسـت کـە دواتـر نـاوی لـێ نـرا "ئاسـەواری چەوسـاندنەوە لـە جیهانـی منداڵـی"دا. ئـەم پرسـە کارەکـەی بـۆم قـورستر کردبـوو. ناچـار بـووم هەندێـک جـار درۆ بکـەم و بـە هـۆی ئـەوەوە زۆر دڵتەنـگ دەبووم.

● وێنەی ٤٤٧ - کارتی گەشت، قوبرس کانوونی دووەمی ٢٠٢٠

دوو ڕۆژ لـە قوبـرس ماینـەوە و چ لـە ڕووی جەسـتەیی و چ لـە ڕووی دەروونییـەوە پشـوویەکی باشـم دا. ئـەو دوو ڕۆژە دەرفەتێکـی گـەورە بـوو. سـەیری تەلەڤیزیۆنـم دەکـرد و نانـم دەخـوارد و لەگـەڵ سـتیڤ کـە ئێسـتا ئاسـوودەتر و ئاسـاییتر ببـوو، قسـەم دەکـرد. ئـەو ڕوانینێکـی تـەواو پیشـەیی بـۆ کارەکـەی هەبـوو و ئەرکـە سـەربازییەکەی وەکـوو سـەربازیی زۆرەملیـی مـن لـە ئێـران نەبـوو. پرسـیاری ئـەوەی کـرد کـە بۆچـی کەسـێکی وەکـوو تـۆ کـە تەنهـا کاری لێکۆڵینەوەیـی کـردووە، زیندانـی دەکـرێ و داوای لـێ کـردم کـە بـە زمانێکـی سـادە و نازانسـتیانە ئـەوەی ڕووی داوە بـۆی ڕوون بکەمـەوە. هەتـا زیاتـر ڕوونـم دەکـردەوە کـە بابەتـی

لێکۆڵینەوەکـەم چییـە و بۆچـی پێـی قەڵـس و هەسـتیار بـوون، ئەوەنـدەی دیکـە بابەتەکـە بـە لایـەوە سـەرنجڕاکێشتر دەبـوو. دەیگـوت: "وەک سـکۆتلەندییەک، لـە هـەر شـوێنێکی جیهانـدا ئـەم کارەت بکردایـە ڕێزێکـی زیاتـرت لـێ دەگیـرا، بۆچـی لـە وڵاتـی خۆتدا بـەم شـێوە مامەڵەت لەگـەڵ کـراوە؟" و پاشـانیش دەیگـوت ئـیتر ئێـران فەرامـۆش بکـە، ئـیتر بیـری لـێ مەکـەرەوە، بیـر لـە بەریتانیـا بکـەرەوە. دەمگـوت خۆزگـە ئـاوا ئاسـان بووایـە ... و دەیگـوت: ئـەو جـۆرەی تـۆ باسـی ئێـران دەکـەی وەکـوو زیندانێکـی گـەورە وایـە. مـرۆڤ چـۆن بیـری زینـدان دەکات؟ هەڵبـەت تێڕوانینـی لەگـەڵ هەندێـک کـەس کـە لـە ئێرانـدا دەژیـن و تەنانـەت خۆشـم زۆر جیـاواز بـوو. ئـەو لـە چاویلکـەی فەرهەنگیـی خۆیـەوە سـەیری بارودۆخـی ئێـران و ئـەو ڕووداوانـەی دەکـرد کـە بەسـەرمدا هاتبـوو و سـەری سـوورِ مابـوو. ئێـران لای ئـەو زیندانێکـی زەبـەلاح بـوو کـە خەڵکەکـەی چ لـە ڕووی بیـر و بـاوەڕ و چ لـە شـێوازی ژیانیانـدا واتـە هـەم لـە هەلومەرجـی واقیعـی و هەمیـش زەینییەتـی کۆمەڵایەتییـان و جـۆری ئـەو تێڕوانینـەی کـە هەیانـە و ئـەو ئاسـتەنگانەی کـە لەبـەر دەمیانە، گیریان خـواردووە و هیـچ ڕێگـەی دەربازبوونیان نییـە. هەوڵـی دەدا دڵنەواییـم بداتـەوە و حاڵـم بـاشتر بـکا و لەبـەر ئـەوەی زۆر حـەزی لـە پیتـزا و بیـرە بـوو، ئـەو دوو ڕۆژە پتر پیتزامـان و بیرەمـان خـوارد. لـە کۆتاییـدا بەیانییـەک ماڵاوایـیمان لـە یـەکتر کـرد، هێشـتا کەلوپەلەکانمیـان پێم نەدابـووەوە، لـە فڕۆکەخانـەی سـەربازیی قوبرس سـواری فڕۆکەیەکـی هێـزی ئاسمانیـی شـاهانە بـووم کـە هەمـوو سەرنشـینەکانی کارمەنـدی سـەربازی بـوون، بـۆ جەژنـی کریسـمس و سـەردانی خێزانەکانیـان دەگەڕانـەوە بـۆ بەریتانیـا.

لـەم بەشـەی گەشـتەکەدا سـەربازێکی گەنجـی خەڵکـی میدلەنـدی بریتانیـا لەگەڵمـدا بـوو. ئەویـش دەچـوو بـۆ پشـوو و جەرگـی جەرگـی دەخـوارد کـە چەنـد کاتژمێرێکـی تـر خۆشەویسـتەکەی دەبینێـت. لـە ڕێـگادا هەمـوو شـتێک لـە سـەفەری ئاسـایی دەچـوو. وەکـوو یەکێـک لـە گەشـتە کاریـیە هەمیشـەییەکانم وەک چوونـم بـۆ کۆنفڕانـس، بـەڵام سـەرەڕای ڕواڵەتـی ئاسـاییم، دەمزانـی گەشـتێکی جیـاوازم هەیـە. لـە فڕۆکەیەکی ئاسـایی و لـە ڕێگایەکی تـەواو نامـۆ لەگـەڵ سەرنشـینانێک هاوسـەفەر بـووم کـە نەمدەناسـین و دڵخـۆش بـوون بـەوەی چاویـان بـە ماڵباتەکانیـان دەکەوێتـەوە. لـە نـاو ئـەو هەمـوو سەرنشـینەدا کـەس نەیدەزانـی من حەفتـا و دوو کاتژمێـر پێـشتر لـە کـوێ بـووم. هەمـووان وایـان دەزانـی مسـافرێکی ئاسـاییم کـە کـۆت و شـەروالێکی فـش و درێـژم لەبـەرە و لـە ژێـر چاودێریـی سـەربازیدا دەگەڕێتـەوە بـۆ بەریتانیـا. لای نیـوەڕۆ بـوو کـە لـە بنکەیەکـی سـەربازی لـە نزیـک ئاکسـفۆرد نیشـتینەوە و هـەر یـەک بـە لایەکـدا ڕۆیشـت.

بەشی چوارەم

شاری هەوریی لەندەن لە سەردەمی پڕئاریشەی کەرەنتینەدا

بـە کۆڵەیێکـەوە لەندەنـم بەجێهێشـتبوو و وەشـوێن خەونەکانـم کەوتـم و هەرگیـز بیـرم لـەوە نەدەکـردەوە کـە ڕۆژێـک دێ بـۆ گەیـشتن بـەم شـارە تەمـاوی و هەوریـیە گەلـێ ڕێگای سـەخت و سـەغڵەت دەگرمـە بـەر و دیسـان بـە کۆڵەیێکـەوە پەنـای بـۆ دەبەمـەوە. لەندەنـی میهرەبـان جارێکـی تـر باوەشـی بـۆم کـردەوە و منـی قبـووڵ کـرد بـۆ ئـەوەی بتوانـم لـە سـیفرەوە دەسـت پـێ بکەمـەوە و لـە پێنـاو ژیانـدا بجەنگـم. لـە ڕۆژە خراپەکانـدا گەیشـتمە لەنـدەن و جگـە لـە کەشـوهەوای هەوریـی لەنـدەن، دابڕگـە و کەرەنتینـە لـە نـاو هۆتێلـدا زۆر ئازارمـی دەدا. دوای زیندانـی تاکەکەسـی، لـە شـوینە داخـراوەکان دەترسـام و ئێسـتاش لـە ژینگەیەکـی داخـراوەوە بـۆ ژینگەیەکـی داخـراوی دیکـە دەڕۆیشـتم! لـەم بارودۆخـەدا هیـچ ڕێگەیەکـی دەربازبوونـم نەبـوو و ناچـار بـووم سـەبر بکـەم.

ڕۆژان تێپەڕیـن و شـەفەق و ئالانیـش هاتـن. شـوێنپێی ناخۆشـی و تاڵییەکانـی ئێـران هەتـا لەنـدەن وەک تارماییـەک بەدوامـدا هـات، بـەڵام مـن کۆڵـم نـەدا و هەوڵـم دا هەمـوو ئـەو برینانە سـارێژ بکـەم کـە بـە نـارەوا بەسـەرم هاتبـوو. ئێسـتا ژیانـم دیسـان وەکـوو ڕۆژانـی خوێندکاریمی لێهاتبـووەوە، تەنهـا ئـەوە نەبـێ کـە ئـالان و شـەفەق لـە شـوقە بچووکەکەمـدا لەگەڵمـن و مـن بـەردەوام خەریکـی کاری توێژینـەوەم. هەرچەنـدە لە ئێـران دوور کەوتوومەتـەوە و کارەکە قورستر بـووە، بـەڵام بێوچـان هەوڵـی خـۆم دەدەم بـۆ نووسـینی ئـەو دەرد و ئـازارە درێژخایەنانـەی کـە پشـتگوێ دەخرێـت. ئێـرە لەندەنـە، ماڵـی منـە، حاڵـم باشـە و دەژیـم، بەڵام ئێـران و کوردسـتان لـە بیـر ناکـەم. نیشـتمانەکەم هەمیشـە لـە ناخمـدا وەکـوو ژیلەمـۆ دەگەشـێتەوە!

دیسان لەندەن

کە لە فڕۆکەکە دابەزین، هەوا سارد و باراناوی بوو. دوو کەس هاتنە پێشوازم و دوای پڕکردنەوەی چەند فۆرمێکی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، لە دەرگای پشتەوەی هۆڵی سەرەکییەوە سواری تەکسی بووین. هیلاری هاوڕێم کە زۆر هەوڵی دا بۆ ئەوەی بگەمە لەندەن و هاوکارییەکی باشمی کرد، لە فڕۆکەخانە بە تەلەفۆن پێی وتم: "کامیل، خەمی هیچ شتێک مەخۆ، کچەکەم ماڵێکی گەورەی هەیە کە نهۆمی یەکەم چۆڵە. ئەم نهۆمەت بۆ تەیار دەکەین بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسوودەیی تێیدا بژین." ماڵەکەی سەردەمی خوێندکاریم هێشتا خوێندکارێکی گەنج و خوشکەکەی تیایدا بوون و بەپێی یاسا نوێکانی سەردەمی کۆرۆنا بۆ ماوەی شەش مانگ ناتوانی کەس دەربکەیت.

● وێنەی ۴۴۸ - ژووری کەرەنتینەکردنی موسافیرەکان

هیلاری لە کاتی دەستگیرکردنمەوە هەتا گەیشتنم بە لەندەن پشتگیری کردم و ئەم خوڵککردنەشی یارمەتیدەرێکی گەورە بوو، چونکە زۆر نارەحەت و شەرمەزار بووم و هیلاری هەوڵی دەدا خاترجەمم بکات. دەیگوت: "چاو لێ کە کامیل کچەکەم و زاواکەم خانوویەکی گەورەی چوار نهۆمییان هەیە و نهۆمی یەکەم زیاتر لە ساڵێکە چۆڵە. من و هاوسەرەکەم پێشتر بۆ ماوەیەک لەوێ ژیاوین". پێشنیارەکەی لەو بارودۆخەدا وەکوو دیارییەکی گەورە وا بوو و منیش بە شەرمێکی زۆر و لە ڕووی ناچارییەوە پێشنیارەکەیم قبووڵ کرد. حەزم دەکرد لە ماڵی کچەکەی هیلاری بمێنمەوە، بەڵام لەناکاو منیان برد بۆ ڕۆژاوای لەندەن و هۆتێلێک لە نزیک فڕۆکەخانەی هیسرۆ.

بەپێی یاسا نوێکەی کەرەنتینە، بەو پێیەی کە لە وڵاتێکی دیکەوە هاتبووم، دەبا چوارده ڕۆژ لە هۆتێلێکدا بمایەمەوە بۆ ئەوەی ماوەی کەرەنتینەکەم (دابڕگە) تێپەڕ بکەم. دوو هەفتە نەیانهێشت لە ژوورەکەم دەربچم و ئەمە زۆر تاقەتپڕووکێن بوو. فۆبیای من لە شوێنە داخراوەکان دوای زیندانیکردنی تاکەکەسی توندتر بووەوە و ئێستا جارێکی دیکە لە ژینگەیەکی داخراودا کەرەنتینە دەکرامەوە. هەرچەندە لەو ژینگەدا لەژێر گوشاری دەروونیدا نەبووم، بەڵام گوشارەکانی پێشوو هێشتا لەگەڵم بوون و منیان وەبیر ژووری تاکەکەسیی زیندان دەخستەوە. هەوڵم دا بارودۆخی خۆمیان بۆ ڕوون بکەمەوە، بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو و گوتیان بە پێی یاسا دەبێ ئەم خولی ١٤ ڕۆژە تێپەڕێنم. ڕێگەم

پێدرابـوو کـە ئازادانـە تەلەفـۆن بـەکار بهێنـم و ئەمـەش یارمەتـی دام کـە بەشـێک لـە کارە وەدواکەوتووەکانـم کـەم تـا کورتێـک ڕاپەڕێنـم.

فـەزای نـاو هۆتێلەکـەش کـپ و بێدەنـگ بـوو. بەهـۆی بڵاوبوونـەوەی ڤایرۆسـی کۆرۆنـاوە، کـەس گەشـتی نەدەکـرد، کەسـیش نەدەهاتـە هۆتێـل و زۆربـەی کارمەندەکانیشـی لە پشـووی جەژنـی کریسمەسـدا بـوون و هۆتێلەکـە ببـووە ماڵـی تارماییـەکان. بێدەنگیی ژینگەکـە تۆقێنەر بـوو و هێـواش هێـواش لـە ڕووی دەروونییـەوە گەڕامـەوە بـۆ دۆخـی ژووری تاکەکەسـیی زیندانی ئێڤیـن. لـە کاتـی خۆیـدا خواردنیـان بـۆ دەهێنـام. کەسـێک لـە دەرگاکـەی دەدا و بەپێـی یاسـا و ڕێسـاکان بـێ ئـەوەی بیانبینـم یـان بتوانـم لـە ژوورەکـەم دەربچـم، کەمێـک دەرگاکـەم دەکـردەوە و خواردنەکـەم دەهێنایـە ژوورەکـە. هەندێـک جار هەسـتم دەکرد ژوورەکە ئۆکسـیژنی نییـە و لەبـەر ئـەوەی پەنجـەرەکان نەدەکرانـەوە، شـەوانە بـە نهێنـی دەرگاکـەم دەکـردەوە بـۆ ئـەوەی هەوایەکـی پـاک بێتـە ژوورەوە. هەندێـک جـار پاسـەوانەکان پێیـان دەزانیـم و یەکسـەر تەلەفۆنیـان دەکـرد کـە دەرگاکـە دابخـەم. کاتێـک ئـەم ڕێسـا توندوتۆڵانـەم لەگـەڵ شـوێنێکی وەکـوو ئێـران بـەراورد دەکـرد، جەرگـم ژانـی دەکـرد. کۆمەڵـگای ئێـران لەگـەڵ ئـەم ڕێسـا توندانـەی کـە دەبـێ بـۆ ڤایرۆسـی کۆرۆنـا پەیـڕەو بکـرێ نامـۆ بـوو و زۆری مابـوو بـەو ئاسـتەی ئێـرە واتـە بەریتانیـا بـگات.

بـۆ نەگبەتـی دۆخـی کۆرۆنـا خراپتریـش بـوو. بەیانییـەک کـە لـە خـەو هەڵسـام هاوڕێیەکـم لـە لەندەنـەوە تەلەفۆنـی بـۆ کـردم و وتـی: "کامیـل قـوڕ کـرا بـە سـەرمانا. هەواڵەکانـی ئـەوڕۆت بیسـتووە؟" وتـم نـا. وتـی دەی تەلەڤیزیۆنەکـەت ڕۆشـن بکـە بزانـە دنیـا چ خەبـەرە!". تەلەڤیزیۆنەکـەم هەڵکـرد و بینیـم بۆریـس جانسـۆن، سـەرۆکوەزیرانی ئەوکاتـی بەریتانیـا، دووەمیـن کەرەنتینـەی سەرتاسـەری لـە وڵاتەکـەی ڕاگەیانـد. ئەمـەش بـە واتـای داخـستن و قفڵکردنـی دووبـارەی سەرتاسـەری بەریتانیـا بـوو. کەرەنتینـە لـە بەریتانیـا بـە واتـای مانـەوەی بەتەواوەتـی لـە ماڵـەوە بـوو و ئەگـەر هەر کەسـێک ئەم یاسـایەی پێشـێل کردبـا، ئـەوا ڕووبەڕووی دەسـتگیرکردنی پۆلیـس و پێبـژاردن و چەنـد سـزایەکی دیکـە دەبـووەوە.

نیگەرانییەکانـم زیاتـر بوونـەوە و بیـرم لـەوە دەکـردەوە کـە پێـش کەرەنتینـەی سەرتاسـەریی بریتانیـا، بارودۆخـی نـاو هۆتێلەکـە بـاش نەبـوو و زۆر سـنووردار کرابـووم، دوای مـاوەی مانـەوەم لـە هۆتێلەکـەدا، لـە دەرەوەش تووشـی سـنووردارکردنی زۆر بـووم. ئـەم سـنووردارکردنانە کاتـی هاتنـی ژن و منداڵەکەمـی وەدوا دەخسـت و کاتێکیـش دەگەیـشتن دەسـتپێکردنی ژیانمـان لێـرە بـۆ ماوەیەکـی زۆر لـە تەنیایـی و لـە نـاو ماڵـدا قەتیـس دەبـوو. دەمزانـی ئەمـە بـۆ ئـالان زۆر قـورس دەبـێ، بـەڵام هەرچـی مـن بـووم دەمگـوت حکوومـەت دەتوانـێ مووچـە و خەرجییەکانی هاووڵاتیانـی خـۆی بـدا بـۆ ئـەوەی هەمـووان لـە ماڵـەوە بمێننـەوە، ئەمـەش ڕێگەیـان پێـدەدا بۆ ئـەوەی بـە ئەرخایەنییـەوە درێـژە بـە کەرەنتینـەی خۆیـان بـدەن.

بـە پێچەوانـەی جـاران سـەرەتای سـاڵی زایینـی لـە بەریتانیـا کـپ و بێدەنـگ بـوو. شـەو بوو و بـەر لـە دەسـتپێکردنی سـاڵی نوێـی زایینـی بـوو کـە سـەیری بەڵگەفیلمێکـم دەکـرد کـە دەربارەی مـیسری کـۆن بـوو و خـەوم لێکـەوت. هـەر نەمزانـی سـاڵی نـوێ چـۆن دەسـتی پێکـرد. ڕۆژانێکـی زۆر سـەخت بـوون. لـە زینـدان بـۆ یـەک بـە یەکـی ئـەو ڕۆژانـەی کـە تێیـدا زینـدانـی کرابـووم لـە سـەر دیوارەکـەی هێڵـم دەکێشـا و لێرەش بـە سـابوون لەسـەر ئاوێنـەی توالێـت شـتم دەکێشـا. بـاری دەروونیـم بـاش نەبـوو، ئەگەرنـا بەراوردکردنـی هۆتێلێـک لـە لەنـدەن بـە هەمـوو خزمەتگوزارییەکانیـەوە لەگـەڵ زیندانـی تەنگـی تاکەکەسـی لـە بەنـدی ٢ی زیندانـی ئیتلاعاتـی سـپای پاسـداران لـە زیندانـی ئێڤیـن، کارێکـی دروسـت نییـە. لێـرە کەس نەبـوو لێپێچینـەوەم لەگەڵ بـکا، تەلەفۆنم لەبەر دەست بوو و دەمتوانی پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوە بکەم و کارەکانم ڕابپەڕێنم.

Boris Johnson announces second lockdown for England

Prime minister admits current strategy has failed to stem growing rise of Covid-19 in remarkable U-turn

وێنەی ٤٤٩- ڕاگەیاندنی کەرەنتینە لەلایەن بۆریس جانسۆن وەزیری ئەوکاتی بەریتانیا

هێشـتا لای کـەس باسـی ڕۆشـتنم لـە ئێـران نەکردبـوو، بـەڵام نەبوونـی مـن بـۆ کەسـانی دەوروبـەرم جێـی پرسـیار بـوو و هیـچ ڕێگەیـەک نەبـوو کـە بتوانـم بیشـارمەوە. بـە شـەفەقم وت ئـەم بابەتـە لای خـزم و کەسـوکار بدرکێنـێ و خـۆی بـۆ دەرچـوون لـە ئێـران ئامـادە بـکات. لەگـەڵ ئـالان بـۆ بینینـی بنەماڵەکـەی و ماڵاوایـی لێکردنیـان چوونـە کرماشـان. ڕۆژی دواتـر لـە ڕێگـەی مـەرزی قـەسری شـیرینەوە هاتنـە نـاو هەرێمـی کوردسـتان و دڵخـۆش بـووم کـە بـە ڕێگایەکـی گونجاوتـر و سـەلامەتتردا هاتوونەتـە ئـەم دیـوی سـنوور. هەڵبەت چوونە نـاو هەرێمی کوردسـتان زۆر ئاسـان نەبـوو. پەتـای کۆرۆنـا سـنوورەکانی داخسـتبوو، بـە بەڵێـن و هەماهەنگی توانـیمان لـە ئێـران دەریانبهێنیـن. شـەفەق و ئـالان بەیانیـی زوو لـە سـنوور دەردەچـوون، بەڵام مـن دڵەخورپـەم بـوو و بـە درێژایـی شـەو نەخەوتـم. بـە لەبەرچاوگرتنـی جیاوازیـی زەمەنیـی نێـوان بریتانیـا و ئێـران، مـن لـە پـاڵ تەلەفـۆن دانیشـتبووم و چاوەڕێـی ئـەوە بـووم بزانـم کـەی دەگـەن و ئایـا هەمـوو شـتێک بـە باشـی دەڕواتـە پێشـەوە یـان نـا. ئـیتر لـە جێگایەکـەوە بـە خۆمـم گـوت کامیـل، دۆخەکـە لـە کۆنترۆڵـی تـۆ دەرچـووە و هیچـت پـێ ناکـرێ، کەواتـە ئـارام بـە. ڕۆژانێکـی پـڕ لـە دڵەخورپـەم بەسـەر بـرد هەتـا گەیشـتنە بەریتانیـا. مـن لـەوەی کـە دەبـێ دوو هەفتـە لـە هۆتێلـدا بمێننـەوە نارەحـەت بـووم بـەڵام ئـەوە ڕووی نـەدا. لـەو ڕۆژانـەدا

هـیلاری بووبـوو بـە فریشـتەی ژیانـم. ماڵـی کچەکـەی بـۆ ئێمـە ئامـادە کردبـوو و خانەوادەکـەم بـۆ تێپەڕاندنـی مـاوەی کەرەنتینـە ڕاسـتەوخۆ چوونـە ئـەوێ. شـەفەق کـەمتر هاتبـووە لەنـدەن و ئاشـنای ژینگەکـە نەبـوو، هێشـتا پەیوەندیسـازکردن و بـە ئینگلیـزی قسـەکردنی بـۆ قـورس بوو. مـاوەی کەرەنتینەکـەم تـەواو نەبـوو و مـن هـەر لـە هۆتێـل بـووم. مـن هەوڵـم دەدا لـە ڕێگـەی تەلەفۆنـەوە یارمەتـی بـدەم و بـەردەوام لـە پەیوەندیـی ڤیدیۆییـدا بووین. ڕۆژەکانـم دەژمـارد بـۆ ئـەوەی هەرچـی زووتـر بگەمـە ڕۆژی چواردەیـەم و بگەڕێمـەوە ماڵـەوە. کۆچەکەمـان ئەوەنـدە خێـرا و نەخـوازراو بـوو کـە هێشـتا بۆمـان فـام نەدەکـرا و ئێسـتاش لـە یـەک شـار بـەڵام دوور لـە یـەکتر بووین.

ماڵی وجاغزادانەی هامپستید

سـەرەنجام ڕۆژانـی کەرەنتینـە تـەواو بـوو، بـە تەکسـییەک بـەرەو ماڵـی کچەکـەی هـیلاری ڕۆیشـتم، ئـەو ماڵـەی کـە بڕیـار بـوو بـۆ ماوەیـەک شـوێنی نیشـتەجێبوونمان بێـت. ماڵـی ئانا لە گەڕەکـی دەوڵەمەندەکانـی هامپسـتید[1] لـە باکـووری لەنـدەن بـوو. پێکهاتـەی شـاری لەنـدەن وەکـوو ئێـران نییـە کـە هەرچـی بـەرەو باشـوور بچـی، هەژارتـر ببـێ، بـەڵام باکـووری لەنـدەن یەکێـک لـە چەنـد گەڕەکـی دەوڵەمەنـد و جیـاوازی بەریتانیایـە. لـە شانسـی مـن، هـیلاری هاوڕێـم و تۆنـی هاوسـەری لەگـەڵ کچەکەیـان لـەم گەڕەکـەدا دەژیـان و بـە پێکەنینـەوە بـە شـەفەقم دەگـوت کـە قوڕ کـرا بە سـەرمدا. یەکـەم شـوێنێک کـە لـە لەنـدەن ژیـاوی دەوڵەمەندتریـن گەڕەکـی شـارەکەیە، ئێسـتا چـۆن دەتوانـی بـە خانوویەکـی پەنجـا مەتـری لـە ڕۆژاوای لەنـدەن قایـل بیـت؟ ماڵەکـەی ئانـا مێژوویـی بـوو و وەک میراتـی فەرهەنگـی تۆمـار کرابـوو. زۆر کەسـی گرنـگ و بەناوبانگ لـەم گەڕەکەی شـاردا ژیـاون و ئێسـتاش ژیـان دەکـەن،

● وێنەی ٤٥٠ - خانووی نیشتەجێبوونی سێر فلیندەرز پێتری

١. گەڕەکـی هامپسـتید (Hampstead) کـە لـە دێرزەمانـەوە بـە یەکێـک لـە گەڕەکـە گرانبەهاکانـی لەنـدەن نـاسراوە، بەهـۆی کاریگەرییەکانـی لەسـەر چیرۆکەکانـی نارنیـای سـی ئێـس لووئیس، ئەمڕۆکـە هامپسـتید یەکێک لـە بەناوبانگترین گەڕەکەکانـە. ئـەم گەڕەکـە جوانـەی لەندەن، ٣٢٠ هێکتار زەوی (هەزار و دووسـەد و هەشـتا دۆنم) دەوەن و دارسـتانی لە خۆ گرتـووە و بـە یەکێـک لـە شـوێنە دڵخوازەکانی نیشـتەجێبوون لە لەندەن لـە قەڵەم دەدرێت. هەر شـتێک کە بـۆ ژیانێکی ئارام لـە ڕووی فیزیکییەوە پێویسـت بێ لەم گەڕەکەدا بەردەسـتە. پیاسـەکردن لە ڕۆژێکی هاویندا، پیکنیک کردن لـە دەوروبەریدا، ڕاکـردن لـە ئارامـی و هێمنایەتـی و پاسکیلسـواری، هەمـوو ئەمانـە لـەم گەڕەکـەدا هەیـە. لەبـەر ئـەوەی یەکێک لـە گرانترین گەڕەکەکانـی لەندەنـە هەمـوو کەس توانـای ژیانکردنـی لەم گەڕەکـەدا نییە.

یەکیان خاوەنی یەکێک لە گەورەترین زنجیرە فرۆشگاکانی بەریتانیا، کە خانووە ناوازەکەی ڕاست بەرامبەرمان بوو.[١] بەگشتی ئەم جۆرە خانووانە بە هەڵواسینی تابلۆیەک و نووسینی مێژوو نیشانە دەکرێن و کەس بۆی نییە دەستوەردان لە بیناسازیی ناو و دەرەوەیان بکات. ئەو خانووەی پێشتر ئێمەی تێدا بووین هی میسرناسێکی[٢] زۆر بەناوبانگی بەریتانی بوو بە ناوی سێر فلیندەرز پێتری (١٨٥٣-١٩٤٢)[٣]، کە ناوەڕاستی سەدەی ١٨، لەم خانووەدا ژیاوە.

خانووەکە چوار نهۆمی هەبوو، نهۆمی خوارەوەیان پێداین کە یەکەیەکی تەواو سەربەخۆ بوو. ژوورێکی گەورەی ستۆدیۆئاسای هەبوو کە هەم ژووری نووستن و هەم ژووری میوان بوو و تاکە ژوورە بچووکەکەمان دا بە ئالان. هەروەها چێشتخانە و خەڵوەتی و دوو توالێتی هەبوو. سەیر ئەوەیە کە ئەم بەشەی بینا شوێنی نیشتەجێبوونی ئەو خزمەتکارە ژن و پیاوانە بووە کە لە ماڵەکەدا ئیشیان دەکرد. لە ناو هۆڵەکەیدا هێشتا سندووقێکی کۆن بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو، کە سەرەوەی پەتێکی پێوە بوو. کاتێک دەیانویست بانگی خزمەتکارەکان بکەن پەتەکەیان لە نهۆمەکانی سەرەوە ڕادەکێشا. بەو زەنگەی کە لە سەر تابلۆکە لێدەدرا خزمەتکارەکە دەچووە شوێنی پێویست. زەنگی ژووری میوان دەنگی خۆی هەبوو، بۆ نموونە زەنگی ژووری پیانۆش دەنگێکی جیاوازی هەبوو. شوێنەوارە مێژووییەکانی ئەم خانووە ئەوەندەی دیکە خانووەکەی سەرنجڕاکێش دەکرد و هەستێکی سەیریان پێ دەبەخشیم. هەستێک کە ڕەنگە بەها و مانایەکی نەریتی و غەریزیی هەبووبێ، کە ئێمە ئێستا بێپەنا و پەناخوازین و لە شوێنێکدا دەژین کە خزمەتکارانی وجاغزادەکان بە هۆی ئیشی زۆر گیانیان دەرچووە.

ڕەنگە مێشکم لەو سەردەمەدا لەژێر کاریگەریی بیجمگرتن لە کۆمەڵگایەکی وەکوو ئێراندا ئاوا بە هەڵسەگاندنە بەردەوامەکان تێوەگلابوو و ڕەنگە لە ژێر کاریگەریی ئەو هیمەت بەرزییەدا بێ کە وەک سیفەتێکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە زۆرینەی خەڵکی مەشریقزەویدا بوونی هەیە. هەموو ئەم خەسڵەتانە لە لایەک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەلومەرجی ژیان و سووکایەتی و شکستانەی کە هەمیشە لەڕووی مێژووییەوە لەم کۆمەڵگایەدا ئەزموونمان کردوون و لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەندییان بە بارودۆخ و قۆناغگەلێک لە ژینی مێژووییدا هەیە کە لە ڕووی شارستانییەت و فەرهەنگەوە هەندێک شەرەف و ڕۆشنگەریمان هەبووە.

---

١. کۆمپانیای ساینزبووریز (بە ئینگلیزی: Sainsbury's) کۆمپانیایەکی مارکێتی بەریتانییە کە ١٠١٦ لقی هەیە و خاوەنی سێیەم تۆڕی فرۆشگای زنجیرەیی وردەفرۆشی لە بەریتانیایە.

٢. بە ئینگلیزی پێی دەڵێن میسرناس Egyptians.

3. SIR FLINDERS PETRIE (1853-1942)

لـە هـەر حاڵەتێکـدا هەسـت و ڕەفتـارە کۆمەڵایەتیەکانمـان لـەو ئەزموونـە ژیـاوە لێکـدژ و دژبەیەکانـەوە سـەرچاوە دەگـرن کـە دەتوانیـن بـە شـێوەیەکی شـاراوە لـە مێـژووی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکەمانـدا بـۆی بگەڕێیـن و ڕەگ و ڕیشـەیان بـە ڕوونـی و ئاشـکرایی بدۆزینـەوە.

بەڕاسـتی ماڵێکـی ئاسـوودە بـوو، بـەڵام ماوەیەکـی کـەم بـوو کـە ناچـار ببوویـن مـاڵ و ژیانمـان لـە تـاران جێبهێڵیـن و ئـاوارە ببوویـن. یەکـەم شـەوی گەیشـتنم، کاس و وڕ بـووم. شـەفەق و ئـالان هەتـا کۆتایـی کەرەنتینەکەیـان ڕێگەیـان پێنـەدرا بچنـە دەرەوە و ئالانیـش سـەبارەت بـە زەنگـی کڵێسـاکەی شـەقامەکەمان کونجکـۆڵ ببـوو و دەیویسـت بڕواتـە دەرەوە بـۆ ئـەوەی لـە نزیکـەوە ببینێـت. ژنەکـەم گلەیـی لـە سـاردیی هـەوا دەکـرد و لەبـەر ئـەوەی بەپێـی پێوەرەکانـی خـۆی ئـەو ماڵـە خاوێـن نەبـوو، بێـزی دەکـردەوە. وەک هەمیشـە لـەو ماوەیـەدا خـەوم لـێ نەکـەوت. هێـواش هێـواش لـە تاریکیـدا خـۆم دەخزانـدە نـاو چێشـتخانەکە و بیـرم لـەم ژیانـە نامۆیـە و بەرپرسـیارێتییەکانی داهاتـووم دەکـردەوە. ئـەم خانـووە ماوەیەکـی زۆر بـوو کـە چـۆڵ بـوو و هەرچەنـدە بـۆ ژیـان تەیـار و ئامـادە بـوو، بـەڵام سـارد بـوو و لـە یەکـەم ڕۆژەکانی مانگـی یەکـی سـاڵی ٢٠٢١ کـە ئەوپـەڕی سـەرما بـوو هاتینـە نـاو ئـەم ماڵـە. هەرچییـەکمان لەبـەر دەسـت بـوو دامـان بـە مـل خۆمانـدا بـەڵام هێشـتا سـەرمامان بـوو. ئێمـە لـە ناوچـە گەرمەکانـەوە هاتبووینـە ئێـرە و سـەرماکەش لـە ئێسـقان کاری دەکـرد.

● وێنەی ٤٥١ – ڕۆژانی سەختی تاسەکردن و سەردەمی کەرەنتینە، لەندەن، ژانڤییەی ٢٠٢١

شـەفەق و ئـالان زۆر زیاتـر سـەرمایان دەبـوو و لـەو ڕۆژانـەدا تەنهـا چەنـد کاتژمێرێکـی ڕۆژ تیشـکی خـۆر دەردەکـەوت. هاوڕێکانـم دەیانگـوت بەخـت و ناوچاوانەکەمـان ئەوەنـدە ڕەشـە کە بەریتانیـا یەکێـک لـە سـاردترین زسـتانەکانی بـە خـۆوە بینیـوە. هەتـا چەنـد ڕۆژێـک پێـش سـەری سـاڵی زایینـی، ژمـارەی گیانلەدەسـتدان بـە هـۆی ڤایرۆسـی کۆرۆنـاوە گەیشـتبووە دوو هـەزار و ١٠٠ کـەس لـە ڕۆژێکـدا و ئەمـەش وای کردبـوو کـە جارێکـی دیکـە وڵات کەرەنتینـە

بکرێتەوە. بەهۆی سەرما و ڕەچاوکردنی توندی قەدەغەی هاتووچۆ و ترسی دەستگیری، لە دەرەوەی ماڵ پەپوو نەیدەخوێند و لە ماڵدا بەسترابووینەوە. سەرەتاکان شەفەق باش نەبوو. نەیدەویست دەستبەرداری ماڵ و ژیانی خۆی بێ و لە هەموو شتێک دابڕێت. بەو جۆرە لە ماڵی باوکی کە زۆر گرێدراویان بوو ماڵاوایی بکا و ئەم ڕێگا و سەفەرە سەیرە بگرێتە بەر بۆ ئەوەی چەند مانگێک لە ژێرزەمینیی خانوویەکی سارد و سڕدا ببەسترێتەوە.

من لە قووڵایی دڵییەوە دەمزانی کە من بە هۆکاری ئەم کێشە و گرفتانە دەزانێ و ناحەقیشی نەبوو. ئەو کار و لێکۆڵینەوانەی کە بەدواداچوونم بۆ دەکرد، یان بەرزەفڕی و ئارەزووی دۆزینەوەی شتە نوێکانی بوارەکەم، جۆر و شێوازی چالاکییەکەم کە هەم لێکۆڵینەوە هەستیارەکان و هەمیش جۆری چالاکیی مەدەنی و کۆمەڵایەتی بوو، ژیانی ئێمەی گەیاندبووە ئەم دۆخە نالەبارە. ئەو باجی ڕێگایەکی دەدا کە من گرتبوومە بەر. شەفەق لە باری دەروونییەوە گوشارێکی زۆری لە سەر بوو و دەمبینی کە داهاتووشمان وەک کەشوهەوای لەندەن لێڵ و سارده. ئەوەندە ماندوو و سەرگەردان بووم کە پێویستم بە کات بوو بۆ ئەوەی خۆم بدۆزمەوە و بزانم چی دەتوانم بکەم. شەفەقیش بە سەبرەوە شەو و ڕۆژی بە یەکەوە گرێ دەدا و ڕۆژانی بەسەر دەبرد، بەڵام ماندووێتی و نارەزاییم لە چاوەکانیدا دەخوێندەوە. بۆ ئالان مەلەسەلەکە جیاواز بوو. چەند ڕۆژی یەکەم ناو ماڵە نوێکەی بۆ تازە بوو و تێیدا هاتوچۆی دەکرد، بەڵام زۆری نەخایاند کە لێی وەڕەز بوو و دەستی کرد بە گریان و بۆڵە بۆڵ کردن کە با بگەڕێینەوە ماڵی خۆمان لە تاران. گرووی بۆ ژوورەکەی و یاری و هاوڕێکانی دەگرت. لێرە ژوورەکەی زۆر بچووک بوو و هەر تەختەنوێنەکەی تێدا جێی دەبووەوە. هەرچەندە هاوڕێکانمان جلوبەرگ و یارییەکی زۆریان بۆ هێنابوو بۆ ئەوەی لە کاتی کەرەنتینەدا سەرقاڵی یاری بێ، بەڵام نەیدەتوانی هەر وا بە ئاسانی بەرگەی گۆڕانکارییەکی ئاوا گەورە بگرێ و لەگەڵی ڕابێ، ڕیتمی ژیانی تێک چووبوو. ئەمەش کاریگەری لەسەر هەموو شتێکی دانابوو، بەردەوام شتی دەشکاند و تووڕەتر دەبوو. بە دەنگی زەنگی کڵێسا کە سەری هەموو کاتژمێر بەتایبەت ڕۆژانی یەکشەممە لێ دەدرا، وەڕەز دەبوو. دەیگوت بۆچی ئەم زەنگە پەیتا پەیتا لێ دەدرێت؟ بۆم ڕوون دەکردەوە کە ئەمە وەکوو دەنگی مزگەوتی

● وێنەی ٤٥٢ - ئالان لە ژوورە تازەکەیدا

تـاران وایـە کـە پێـی دەگـوت نینـا و دەگریـا و دەیگـوت مـن نینـای مزگەوتـی دەوری مەیدانـی کاجـم لـە سـەعادەتاباد دەوێ، ماڵەکـەی خۆمـان و تەختەنوێنەکـەی خۆمـم گەرەکـە، باوکـە کەی دەگەڕێینەوە بۆ تاران؟

تێـک دەچـووم و هیـچ وەڵامێکـم بـۆی نەبـوو. باوەشـم پێـدا دەکـرد و دەمگـوت دەبـێ چـاوەڕێ بکەیـن هەتـا ڕۆژێـک دێ کـە کەشـتییەکی زەبـەلاح دێ بـە دواماندا و لەگـەڵ خـۆی دەمانبـا، بـەڵام جـارێ دەبـێ ماوەیـەک لێـرە بمێنینـەوە و دوای تەواوبوونـی قوتابخانەکـەت، دەتوانـی بچیتـەوە ئـەوێ و سـەردانی بکەیـت. بەزەییـم پێـدا دەهـات و هیـچ ڕێگەیەکـم نەبـوو جگـە لـەوەی درۆی بـۆ بکـەم. ئـالان زۆر بـە سـەختی توانـی لەگـەڵ ژینگـە نوێکـەدا خـۆی ڕابێنـێ و ناحەقیشـی نەبـوو. کـەش و هـەوای سـارد، ژیانکـردن لـە شـوێنێک کـە ڕۆژگاری کورتە و زوو تاریـک دادێ، جیاوازیـی زمـان و ئـەوەی کـە ماڵـە تازەکەمـان بـە بـەراورد بـە ماڵەکـەی تارانمـان زۆر لـە ئاسـتێکی نزمـدا بـوو، ئالانـی وەڕەز دەکـرد.

چەنـد سـاڵێک بـوو کـە لـە بەریتانیـا دوور کەوتبوومـەوە و بەپێـی یاسـا تەنانـەت بـۆ چەنـد مانگێـک مووچـەی بێـکاری وەبـەرم نەدەکـەوت و تووشـی داهاتوویەکـی نادیـاری دارایـی بوومـەوە. جگـە لـەوەش باوکـی شـەفەق ماڵەکـەی وەک بارمتـە بـۆ ئازادکردنـی کاتیـی مـن دانابـوو و دوای ڕۆیشـتنم، بێگومـان هەڵیاندەکوتایـە سـەری و دەسـتیان بەسـەر موڵـک و ماڵیدا دەگـرت. دەبـا بمتوانیبـا بـڕە پـارەی پێویسـت کـۆ بکەمـەوە و لێـرەش ئاسـتەنگی دەسـتوپێگری یاسـایی زۆرم هەبـوو، بـەڵام لەبیـرم ناچـێ ئەگـەر هاوڕێکانـم نەبووایـەن دۆخمان لـەوەش شـپرزەتر دەبـوو. خـۆ ئەگـەر هـیلاری و تۆنـی و کەسـانی دیکـەی بەڕێـز و هێژا و ئازیـز نەبووایەن و پێمان ڕانەگەیشـتایەن ئـەوا نەمدەزانـی چـی بکـەم. هـیلاری کۆمەڵناسـێکی بوێـر و فێمینیسـتێکی ئـازا و خاوەنـی تێڕوانینـی چـەپ و مرۆڤدۆسـتانەیە و تۆنـی هاوسـەری لـە بـواری مۆسـیقادا نـاسراوە و ئەندامـی ئۆرکێسترای شـاهانەیە و هونەرمەندێکی بەناوبانگـە. تاکـە منـداڵ و کچەکەیـان خاوەنـی بڕوانامـەی دکتـۆرای فیزیکـە و دواتـر بـوو بـە شـارەداری گەڕەکـەی خۆیـان، هاوسەرەکەشـی واتـە جوولیـن لـە تەکنەلۆژیـای زانیارییـەکان (IT) و بانکداریـی دیجیتاڵـدا کەسـێکی نـاسراوە. هێنـدە خاکەڕایانـە خانـووە مێژوویییـە چەنـد ملیـۆن پاوەنـدی و حەوشـە جوانەکەیان پێداین کە میهرەبانییەکەیان قەرەبوو ناکرێتەوە.

● وێنەی ٤٥٣ – لەگەڵ دۆستان مارتن، هیلاری و تۆنی

هەرگیز بەهاناوەهاتن و یارمەتییەکانی هیلاری و خانەوادەکەی فەرامۆش ناکەم. ئەو و ئانا پەیجۆری کارەکانمان بوون و تەنانەت هەوڵیان دا لە پزیشکی گەڕەک و قوتابخانە ئالان تۆمار بکەن کە لەو کاتەدا داخرابوو. بەهاوکاریی کچەکەی هیلاری ئالانمان لە یەکێک لە باشترین قوتابخانە ئەهلییەکانی لەندەن ناونووس کرد کە یەکێک لە باشترین سیستەمەکانی پەروەردەی هەیە. هەرگیز بە خەیاڵمدا نەدەهات کە بتوانم لە شوێنێکی وادا کوڕەکەم لەو هەلومەرجەدا ناونووس بکەم، بەتایبەت کە دوای ڕۆیشتنم و ڕاگەیاندنی بوونم لە بەریتانیا، هێرشی میدیایی لە دژی من دەستی پێکرد و پاڵپشتیی هاوڕێکانم بووە هۆی ئەوەی کە چەند پارێزەرێکی بەناوبانگی بەریتانیا ببنە پارێزەرم. بەڕاستی دڵخۆش بووم کە خۆشییەکی ئاوا گەورەمان هەبوو و سەرەڕای ئەو هەموو سەختی و سەغڵەتە زۆرە، توانیمان بە یارمەتی ئەم هاوڕێ بێفیز و خاکەڕایانە ڕۆژە سەختەکان تێپەڕێنین.

ڕاگەیاندنی بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوە

ڕۆژێک بەڕێز ڕەئیسیان پەیامێکی نارد و وتی "ئەمڕۆ چوومە دادگا و بە شێوەیەکی نافەرمی گوتیان کە وەڵامی تانەدانەکە ئامادەیە و لەوانەیە لە هەر کاتێکدا بە فەرمی ڕایبگەیێنن. پرسیارم کرد وەڵامی تانەدانەکە چییە؟ وتی دۆسییەکەت هیچ گۆڕانکارییەکی بە سەردا نەهاتووە و هەمان ئەو بڕیارە پەسەند کراوە کە دادوەر سەڵەواتی دەریکردبوو. نۆ ساڵ و سێ مانگ زیندانی و پێبژاردنی شەشسەد هەزار یۆرۆ. بە بیستنی هەواڵەکە ئاسمان بە سەرمدا ڕووخا. بەتەما بووم کە لانیکەم بە بڕی پێبژاردنەکەدا بچنەوە و بیرم لەوە دەکردەوە کە سزای نۆ ساڵ زیندانیکردنەکە بۆ نیوە یان هەڵپەساردن هەموار بکەنەوە. تاکە شتێک کە دادگای تێهەڵچوونەوە گۆڕی ئەو تۆمەتە بوو کە پەیوەندی بە ئامێری شۆکێرەوە هەبوو و ئەو یەک تۆمەتەیان هەڵوەشاندەوە، کە سزاکەی سێ مانگ زیندان بوو.

بە ڕەئیسیانم وت دەی بوو بە چی؟ وتی هەر ئەوەی وا پێم وتی ... هیچ ڕێگەیەکی دیکەت نییە و ئەمە دوا قۆناغی دادخوازییە. بێئاگا کوپی چایەکەم کە بە دەستمەوە بوو لە دەستم بەر بۆوە و تەقەی شکانەکەی لە ناو دیوەکەدا دەنگی داوە. لەو ساتەدا قبووڵم کرد کە بەم زووانە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان نابینمەوە، مەگەر ئەوەی هەندێک مەرج و کرانەوە بێتە ئاراوە یان شۆڕشێک هەڵبگیرسێت. ئالان ڕای کردە لام وتی: "بابە بابە ئەوە چیتە؟ چی شکا؟" بە زۆر بزەیەکم هات و وتم هیچ نییە. هەواڵی ناخۆشم بیست، بەڵام بۆ تۆ باشە. لەمەودوا زیاتر دەمبینی و هەمیشە لە لات دەبم. وتی ئۆخەیش بابە گیان! دوای زیندان و پەتای کۆرۆنا لە ئێران و لەندەن بارتەقای چەندین ساڵی ڕابردوو کوڕەکەمم

بینـی، وەک شـتێ تـازە دەرفەتـی ئـەوەم پێدرابـوو کـە زیاتـر کوڕەکـەم بناسـم. بـەڵام لـەو سـاتانەدا زۆر قەڵـس ببـووم و خۆمـم نەدەناسـییەوە، بـەڵام دەبـوو ئـاگام لـە حاڵـی ئالانیـش بـێ و ئەم توڕەییەم بشارمەوە.

بسمه تعالی

شعبه ١٥ دادگاه انقلاب اسلامی تهران به تصدی امضاء کننده ذیل که بر اساس حکم ویژه شماره

[redacted] مورخ 96/6/26 ریاست محترم قوه قضائیه اینجانب با حفظ سمت دادرس دادگاه عمومی تهران نیز هستم مستند به ماده ٣٧٢ قانون آئین دادرسی کیفری در مورخ 99/8/24 جهت رسیدگی به پرونده کلاسه [redacted] اتهامی کامیل احمدی فرزند کریم تشکیل است . با عنایت به تحقیقات بعمل آمده و اخذ آخرین دفاع از متهم و ملاحظه لایحه دفاعیه وکیل مدافع ختم دادرسی را اعلام و با استمالت از خداوند متعال و با تکیه بر شرف و وجدان به شرح ذیل مبادرت به صدور رأی می نماید .

«رأی دادگاه»

در خصوص اتهام کامیل احمدی فرزند کریم با کد ملی [redacted] و شماره شناسنامه [redacted] صادره از نقده ، متولد [redacted] دارای تابعیت مضاعف ایرانی انگلیسی، فاقد سابقه، متأهل، پژوهشگر ، آزاد به قید وثیقه حسب کیفرخواست صادره دائر بر: الف- همکاری با دولت متخاصم آمریکا علیه جمهوری اسلامی ایران. ب- نگهداری یک عدد اقشانه گاز اشک آور.

پ- نگهداری یک لیتر مشروبات الکلی خارجی .

ت- نگهداری یک عدد شوکر

«گردشکار»

کامیل احمدی یکی از افرادی است که علی الظاهر تحت عنوان کارشناس ارشد جامعه شناسی و مردم شناسی اقداماتی را در راستای ترویج مبانی غربی و تضعیف قوانین و مبانی شرعی در حوزه خانواده، ازدواج و از طرفی لزوم اقتباس از مبانی غربی و اومانیستی انجام می داد تحت رصد و اشراف اطلاعاتی سازمان اطلاعات سپاه پاسداران انقلاب اسلامی قرار گرفت .

محمد احمدی معروف به کامیل فرزند کریم متولد شهر نقده از توابع استان آذربایجان غربی، از قومیت کرد و اهل سنت می باشد. او در خانواده ای متمول متولد شده و پدر وی کریم احمدی از افراد و بازاریان مشهور استان بوده و حتی در سطح کشور و خارج از کشور داد و ستدهای مالی و تجاری داشته است ، کامیل احمدی به چندین زبان مسلط می باشد و تجربه زندگی در چندین کشور را دارا می باشد؛ او در این باره می گوید:

مسلط به زبان های کردی سورانی، کردی کرمانجی، ترکی، آذری استانبولی، انگلیسی، فارسی، فارسی دری هستم همچنین به زبان فرانسه در حد متوسط و زبان عربی نیز در حد قواعد تسلط دارم».

لقی ١٥ی دادگای ئینقلابی ئیسلامی تاران، بە تیمزاکارانی خوارەوە، بە پشتبەستن بە حوکمی تایبەتی ژمارە

-------- ڕێکەوتـی ٢٠١٧/٠٩/١٧، سـەرۆکی بەڕێـزی دەزگای داد، مـن کـە هـاوکات دادبینـی دادگای گشـتیی تارانـم، بـە پشـتبەستن بـە مـادەی ٣٧٤ لـە یاسـای دادوبینیـی تـاوان، لـە ٢٠٢٠ - ١١ - ١٤ بـۆ بەدواداچـوون بـۆ دۆسـیەی --------- تاوانـی کامیـل ئەحمـەدی کـوڕی کەریـم پێـک هـێنرا. لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەو لێکۆڵینەوانـەی کـە ئەنجـام دراون و دواییـن بەرگریـی تۆمەتبـار ، هەروەهـا ڕەچاوکردنـی گەڵاڵـەی بەرگریکردنـی پارێـزەر، کۆتایـی دادبینـی ڕادەگەیێنیـن و بـە هـاوکاری خـودای گـەورە و پشـتبەستن بـە شـەرەف و ویـژدان، بڕیـارەی خـوارەوە دەردەکات.

"بڕیاری دادگا"

سـەبارەت بـە تۆمەتـی کامیـل ئەحمـەدی کـوڕی کەریـم بـە کـۆدی نیشـتمانی -------- لەدایکبـووی نەغـەدە، دوو ڕەگەزنامەیـی ئێرانـی - بەریتانـی، بـێ پێشـینەی تـاوان، خێزانـدارە، توێـژەر، بـە دانانـی بارمتـە ئـازادە بەپێـی ئـەو تۆمەتـەی کـە خراوەتـە پاڵـی: ئەلـف - هـاوکاری لەگـەڵ حکومەتـی دوژمنـکاری ئەمریـکا لـە دژی کۆمـاری ئیسلامـی ئێـران ب - هەڵگرتنـی ئیسـپریی گازی فرمێسـکڕێژ

پ.هێشتنەوەی یەک لیتر خواردنەوەی کحولی بیانی.

ت - هەڵگرتنی شۆکێریک

"ڕەوتی کار"

کامیـل ئەحمـەدی یەکێـک لـەو کەسـانەیە کـە بـە ڕواڵـەت لەژێـر نـاوی ماسـتەری کۆمەڵناسـی و خەڵکناسـی، هەنـدێ هەنـگاوی بـۆ بـەرەو پێشبردنـی بنەماکانـی ژیانـی ڕۆژاوایـی و لاوازکردنـی یاسـا و پرەنسـیپە ئیسلامییەکان لـە بـواری بنەماڵـە و هاوسـەرگیری نـاوە و لـە لایەکـی دیکـەوە، هـەوڵ دەدا بنەمـا ڕۆژاوایـی و مرۆڤدۆسـتییەکان لـە ڕێکارەکانیـدا بگونجێنێـت. ناوبـراو خرایـە ژێـر چاودێریـی هەواڵگریـی ڕێکخـراوی ئیتلاعاتـی سـپای پاسـدارانی ئینقلابـی ئیسلامـی.

محەممـەد ئەحمـەدی نـاسراو بـە کامیـل، کـوڕی کەریمـە، لەدایکبـووی شـاری نەغـەدەی سـەر بـە پارێـزگای ئازەربایجانـی ڕۆژاوایـە و بـە ڕەچەڵـەک کـورد و سـوننەیە. لـە بنەماڵەیەکـی دەوڵەمەنـددا لەدایـک بـووە و باوکـی کەریـم ئەحمـەدی بـازاڕی و بازرگانێکـی بەناوبانگـی ئـەو پارێزگایـە بـووە. چ لەسـەر ئاسـتی نیشـتمانی و چ لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی مامەڵـەی دارایـی و بازرگانـی هەبـووە. کامیـل ئەحمـەدی شـارەزای چەندیـن زمانـە و ئەزموونـی ژیانـی لـە چەنـد وڵاتێکـدا هەیـە. سـەبارەت بـەم بابەتـە دەڵێـت: "شـارەزای زاراوە کوردییەکانـی سـۆرانی، کرمانجـی، زمانـی تورکـی و ئـازەری و ئەسـتەنبووڵی، فارسـی و فارسـی دەریـم و هەروەهـا تـا ڕادەیەکـیش زمانـی فەرەنسـی و زمانـی عەرەبـی دەزانـم."

بـۆم فـام نەدەکـرا کە بۆچـی بەو شـێوە درندانـە مامەڵەیـان لەگەڵدا کـردووم. نـە پێبژاردنەکە و نـە تەنانـەت حوکمـی زیندانەکەشـیان کـەم نەکردبـووەوە. چـۆن بڕیارێکـی دادوەری دەبـێ تـا ئـەو ڕادە نەگـۆڕ بـێ و هیـچ داشـکانێک بـۆ حوکمـی کەسـێک نەکـەن کـە خۆیـان بـاش دەزانن کـە هیـچ تاوانێکـی لـێ نەوەشـاوەتەوە؟ دۆسـییەکەم ئەگـەر تەنانـەت بچووبایەتـە خراپتریـن سیسـتەمی دادوەریـی جیهانیـش، دادوەر تانەدانەکـەی دەخوێنـدەوە و شـتێکی لـێ دەگـۆڕی. واتـە دەزگای دادی ئێـران یەکێـک لـە خراپتریـن و نادادپەروەرتریـن سیسـتەمی دادوەریـی جیهانـە و تەنانـەت ئـەو کەموکوڕییـە یاسـاییە ئاشکرایانەشـیان نەخوێندبـووەوە کـە ئێمـە لـە ڕەشنووسـی تانەدانـدا بـۆ دادوەرمان نووسـیبوو. خـۆ ئەگەر خوێندبێتیشـیانەوە ڕەنگە ئـەو بوێری و توانایەیـان نەبایـە کـە دەسـتوەردان لـە حوکمـی دادوەر سـەڵەواتیدا بکـەن. دادگا و دەزگای دادی ئێـران میکانیزمێکـی لۆژیکـی و یاسـایی پەیـڕەو نـاکا، ئـەوان شـێوازێکی تاکبڕیارانـە و فۆرمالیتەیـان هەیـە کـە ئەگـەر بخـوازێ دەتوانـێ بـە نامرۆڤانەتریـن شـێوەی مومکیـن بڕیـار بـدا و حوکـم دەسـەپێنێ و هیـچ دەسـەڵاتێکیش ناتوانـێ دژی بووەسـتێتەوە. هەمـوو شـتێک ڕوونـە بـەڵام تاڵـە و ناگـۆڕێ و ڕێککەوتنـی لەسـەر کـراوە. لـەم سیسـتەمەدا ڕێککەوتنێکـی ڕوون و شـەفاف لەسـەر دژە بەهـاکان هەیـە و بریکارەکانیشـی هەمـان ئـەم ڕێککەوتنـە پەیـڕەو دەکـەن، هـەر بۆیـە ناچـارن ئـەو جـۆرە کارە ناعەقڵانییانـە قبـووڵ بکـەن یـان بـۆ ئاسـانکاری و جێبەجێکردنیـان تێبکۆشـن، بـە شـێوەیەک کـە هەمیشـە شـەرعییەت بـە سیسـتەمێکی ناتەواو و ناکارامـە و سـتەمکارانە ببەخشـن. هەرچـی زیاتـر بیـرم لـێ دەکـردەوە، دڵنیاتـر دەبوومـەوە کـە ئـەوان دۆسـییەکەیان نەخوێندووەتـەوە، تەنیـا لـە دێڕێکـدا نووسـیبوویان تانەدانەکـە ڕەت کراوەتـەوە و تـەواو!

بـاوەڕم بـەو قسـانە کـرد کـە حوکمـی دادوەر سـەڵەواتی ناشـکێنرێت! و ئـەوەی سـەیرترە ئەوەیـە کـە ڕۆژنامەگەلـی وەکـوو کەیهان تەنانـەت لەو ماوەیەشـدا بـەردەوام بێڕێزیـان پێدەکردم و ڕاپۆرتـی تەواوکەریـان لەسـەر مـن بڵاو دەکـردەوە.[1] لـە مـاڵ چوومـە دەرەوە و پەنـام بـۆ دارسـتانی "هامپسـتید هیـف" لـە نزیـک ماڵـی خۆمـان بـرد، لـە سـووچێک دانیشـتم، بـێ ئامانـج چـاوم لـەو دەوروبەرانـە دەکـرد و بیـرم لـەوە دەکـردەوە کـە چـۆن ژیانـم بەبـێ هیـچ هۆکارێـک تەفـر و تووتـا بـوو و لـەم زسـتانە سـاردەدا لـە سـووچی ژێرزەمینێکـدا دانیشـتووم. بڕیـارم دا ڕۆیشـتنی خـۆم لـە ئێـران میدیایـی بکەمـەوە و سـەرنجی میدیـا جیهانییـەکان بـۆ بڕیـاری سـتەمکارانەی دادگا ڕابکێشـم. ئـەوەی کـە حوکمـی دادگا و بەرگریکردنەکـەم بـە زمانـی فارسـی بڵاو بکەمـەوە کارێکـی ئاسـان بـوو، بـەڵام لـە کۆتاییـدا بڕیـارم دا بـە ئینگلیزیـش بڵاوی

---

١. سـادقی؛ موحەدسـە. ئەجێنـدای هیڤـووس خولـی دەیەمـی مەجلیسـی شـۆڕای ئیسلامی لە بـواری خانەوادەی بـە لاڕێدا بـرد، ماڵپـەڕی ڕۆژنامـەی کەیهـان، ٢٦ی جـۆزەردان، ١٣٩٩ی هەتـاوی (١٦ی حوزەیرانی ٢٠٢٠)

بکەمـەوە و نەمدەزانـی وەرگێڕانـی زاراوە یاسـاییەکان و حوکمـە گاڵتەجاڕییەکـەی دادوەر سەڵەواتی چەندە قورسە.

● وێنەی ٤٥٥ – مێزی کارەکەم لەناو ماڵەکەدا

بـۆ مـاوەی دە ڕۆژ لـە کاتـی خۆرکەوتنانـەوە دەسـتم بـەم کارە کـرد. کاتژمێـری بایۆلۆژیـی جەسـتەم هێشـتا لەگـەڵ ئێـران هاواهەنـگ بـوو، لـە کاتژمێـر ٤ و ٥ی بەیانییـەوە بـە کاتـی بەریتانیـا دەسـتم بـە کار دەکـرد. حوکمەکـەی دادگا پـڕ بـوو لـە زاراوەی یاسـایی و ناچـار بـووم داوای یارمەتـی لـە وەرگێڕێکـی یاسـایی بکـەم. هـیلاری و هاوڕێیەکـی دیکـەی لـە ئەمریـکا دەقـی ئینگلیزییەکەیـان شـان بـە شـان لەگـەڵ مـن دەخوێنـدەوە و ئێدیتیـان دەکـرد. لـە مـاوەی ئـەو دە ڕۆژەدا لـە سـووچێکی ژووری میـوان دانیشـتم و لـە کاتێکـدا کـە دەنگـی کارتـۆن و حاڵەتـی تورەیـی ئـالان و هەمـوو سـنووردارکردنەکانی دیکـە بێـزاری دەکـردم، ئیشـەکانم جێبەجـێ دەکـرد. چێوپەمەییەکـم کـردە گوێـم بـۆ ئـەوەی تەرکیـز بکـەم و شـەرمەزاری ئـەوە بـووم کـە ناتوانـم زۆر شـت بـۆ ئـالان و شـەفەق بکـەم. لـەو سـەروبەندە و لـە کاتـی کەرەنتینـەدا، زۆرێـک لـە منـداڵان لـە سەرانسـەری بەریتانیـا لـە دۆخـی ئـالان بـوون و ئـەو بارودۆخـە لـە دەنگـە دەنگـی منـداڵان لـە ماڵەکانـی دەوروبـەری ماڵـی خۆمـان و لـە ڕاپۆرتـە میدیاییەکانـدا دیـار بـوو. ئـالان بـە چەندیـن شـۆکدا تێپەڕیبـوو، لەنـاکاو ژینگەکـەی گۆڕابـوو و هەمـوو جیهانـە منداڵانـە و بچووکەکـەی لەدەسـت دابـوو. ئێسـتاش لـە نـاو فەزایەکـی داخراوتـردا بـوو، تەنیـا دەمتوانـی بیبـەم بـۆ پێشـەوەی باخچـە بچووکەکـەی مـاڵمان.

مـن حوکمەکـەم بـۆ زمانـی ئینگلیـزی وەرگێڕایـەوە و بڕیـارم دا بڵاوی بکەمـەوە، بـەڵام هەندێـک لـە هاوڕێکانـم دەیانگـوت ئـەم کارە، دەزگای ئەمنیـی ئێـران تـووڕە دەکا و لەوانەیـە دواتـر بترفێنـن و بتگەڕێننـەوە بـۆ ئێـران. مـن نەمدەتوانـی خـۆم بگـرم و ویسـتم مامەڵـەی حکوومەتـی ئێـران لەگـەڵ زیندانیانـی سیاسـی بەتایبـەت ئەوانـەی دووڕەگەزنامەییـن نیشـان بـدەم. هەڵبـەت ئـەو نیگەرانییەشـم هەبـوو کـە نـەکا جێگـەی زیندانییـە دووڕەگەزنامەییەکانـی دیکـە لێـژ بکـەم. لەگـەڵ چەنـد پارێزەرێـک ڕاوێـژم کـرد و بـە هەماهەنگیـی هـیلاری لەگـەڵ ڕیچـارد ڕاتکلیـف، هاوسـەری نازەنیـن زاغـەری کـە لە ئێران دەستبەسـەر بـوو، لە دارسـتانەکانی دەوروبـەری شـوێنی نیشـتەجێبوونم دیـدارم کـرد. ڕیچـارد بـە پێچەوانـەی ئەوانی تـر کارەکەمی

بـە دڵ بـوو و وتـی ئەگـەر ئەویـش بووایـە هەمـان ئـەو کارەی دەکـرد.

یەکێـک لـە چالاکتریـن ڕێکخـراوە ناحکوومییەکانـی جیهـان لـە بـواری پاڵپشـتیکردن لـە بارمتـەکان، کـە لـە کاتـی دەسـتگیرکردنمدا پشـتیوانیان لـە مـن و خێزانەکەم کردبـوو، یەکێک لـە باشتریـن دەروونناسـەکانی خـۆی بـە مـن ناسـاند بـۆ ئـەوەی بتوانـم ڕووداوەکانـی زینـدان و ئەشـکەنجە دەروونییەکانـم لای ئـەو بـاس بکـەم و داوای ڕاوێـژکاری لـێ بکـەم. هەروەهـا ڕاوێژکارێکـی ڕاگەیاندنیشـی پـێ ناسـاندم بـۆ ئـەوەی ڕاوێـژی لەگەڵـدا بکـەم. ڕاوێـژکاری میدیایـی ئـەم ڕێکخـراوە ناحکوومییـە (NGO) ئامـۆژگاری کـردم کـە حوکمـی دادگا میدیایـی نەکەمـەوە. ئـەوان دەیانگـوت هەواڵنێـرەکان دەسـتبەرداری مـن نابـن و حکومەتـی ئێرانیـش وەک سەرسـەختی نوانـدن هەنـدێ داپـەڕ دەگرێتـە بـەر. کـە زانییـان مـن لە سـەر قسـەی خۆم سـوورم، گوتیـان پێشـنیار دەکەیـن کـە ئـەوە نەکـەی، بـەڵام ئەگـەر دەیکـەی، ئێمـە یارمەتیـت دەدەیـن کـە دۆخەکـە بـاشتر بەڕێـوە ببەیـت. هەڵبـەت پێشـنیارەکەیانم لەسـەر چۆنیەتـی ڕاگەیاندنـی هەواڵەکـە قبـووڵ کـرد و جگـە لـە دوو دەزگای ڕاگەیانـدن و سـەرچاوەی هـەواڵ نەبـێ، قسـەم لەگـەڵ هیـچ میدیـا و سـەرچاوەیەکی هـەواڵ نەکـرد. هـیلاری بۆچوونـی ئـەوە بـوو کـە لەگـەڵ ڕۆژنامـەی گاردییـەن قسـە بکـەم و باسـی گەیشـتنم بـۆ بەریتانیـا و ئـەوەی ڕووی داوە، بکـەم. پەیامنێـری ئـەم ڕۆژنامـە بـە وردی بەدواداچوونـی بـۆ دۆسـیەی مـن و بارمتـە ئێرانییەکانـی دیکـە دەکـرد و هـەر لـە دەستبەسـەرکردنمەوە تـا ئازادبوونـم هەمـوو شـتێکی دەزانـی. ئێمـە بـژاردەی دووەممان تەلەڤیزیۆنـی "ئاژانسـی جیهانیـی بیبیسـی" (BBC) بـوو و بڕیـار وا بـوو لـە گفتوگۆیەکـی کورتـی ڤیدیۆییـدا ئـەوەی بەسـەرم هاتـووە ڕوونـی بکەمـەوە.

کەمێـک دواتـر ڕیچـارد بـۆ چاوپێکەوتنێکـی تەلەڤیزیۆنـی بەڵگەفیلمسـازێکی پـێ ناسـاندم کـە خـۆی ئیشـی لەگـەڵ دەکـرد. ئـەو دواتـر چاوچنۆکـی کـرد کـە چاوپێکەوتنەکـە جیـا لـە کەناڵـی تەلەڤیزیۆنیـی چـوار بـە بیبیسـی (BBC) بفرۆشـێ و دیـارە ئەوانیـش ملیان پێ نـەداوە. هـەر بۆیـە یەکێـک لـە پەیامنێرەکانـی "بیبیسـی" (BBC) دیسـان دیمانـەی لەگـەڵ کردمـەوە. سـەرەڕای هەمـوو ڕێنماییـە تونـدەکانـی Covid-١٩، کـە زۆر سـەختگیرانە پەیـڕەو دەکـرا و کـەس بـۆی نەبـوو بچێتـە ماڵـی کەسـێکی تـر، پاتریـک ڤێنتـۆر[1] لـە ڕۆژنامـەی گاردییەنـەوە دوو جـار هاتـە ماڵەکـەم و چەندیـن کاتژمێـر بـۆ ئامادەکردنـی چاوپێکەوتنەکـەم کارمـان کـرد. بـە پێچەوانـەی گفتوگـۆی سـەرەتاییمان، زۆر باسـی دەسـتگیرکردن و زیندانیکرانمـی نەکـرد و دەیویسـت سـەبارەت بـە شـێوازی دەرچوونـم لـە ئێـران و ئـەو کەسـانە بزانـێ کـە هاوکارییـان کـردووم. بـۆم ڕوون کـردەوە کـە ئەرکێکـی ئەخلاقیـم لەسـەرە و ناتوانـم وردەکارییـەکان ئاشـکرا بکـەم.

1. Patrick Wintour

پاتریکی شارەزا

بـۆ مـن سـەیر بـوو. ئێمـە چەندیـن کاتژمێـر قسـەمان کردبـوو و پاتریـک هەرگیـز لـەم بـارەوە هیچـی نەپرسـیبوو. ئێسـتا چەنـد ڕۆژێـک بـەر لـە چاوپێکەوتنەکـە، بەنیـاز بـوو لەسـەر ئـەو تۆمەتانـەی کـە لەلایـەن کەسـانی نەنـاسراوەوە لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتیـدا بڵاو کرابـووەوە و لـە هیـچ دادگایەکـی یاسـاییدا نەسـەلمێنرابوو، بنووسـێت. پێـم گـوت کـە نووسـین لـە سـەر ئـەم گێڕانەوانـە کـە ڕاسـت و درۆکەیـان یەکلایـی نەبۆتـەوە کارێکـی شـیاو نییـە. ئەویـش لـە بارودۆخێکـدا کـە لـە پێشـدا ئـەو بابەتـەی لای مـن بـاس نەکـردووە و هەمـوو ئـەو زانیارییانـەی کـە سـەبارەت بـە ژیانـم دەیزانـێ لـە خۆمـی وەرگرتـووە. جەختـم لـەوە کـردەوە کـە ئەمـە دژی پرەنسـیپەکانی ڕۆژنامەگەریـی پیشـەییە.[1] پاتریـک لـە واتسـاپ گاڵتەجاڕتریـن وەڵامـی جیهانـی پێدامـەوە و پەیامێکـی بـۆ نـاردم و وتـی نەمدەویسـت لای ژنەکـەت ئـەم پرسـیارانەت لـێ بکـەم. پاتریـک دوو جـار هاتـە ماڵەکـەم و چەندیـن کاتژمێرێـک پێکـەوە قسـەمان کـرد. هـەر دوو جارەکـە لـە ژوورێکـدا بـە تەنیا دانیشـتین و دیـداری نێـوان ئـەو و شـەفەقیش سـنووردار بـوو و تەنیـا کاتێـک هاتـە ژوورەوە سڵاوێکـی سـادەی لێکـرد و بـە درێژایـی چاوپێکەوتنەکـە شـەفەق بـۆ پیاسـەکردن چـوو بـۆ پارکەکـەی نزیـک ماڵـی خۆمـان. ڕوونکردنـەوە نالۆژیکییەکانـی بـە لای مـن و شـەفەقەوە سـەیر بـوون و کاتێـک بابەتەکەیـم خوێنـدەوە کـە سـەبارەت بـە حوکمەکـەی مـن بـوو و لەلایـەن ئەویشـەوە لـە ڕۆژنامـەی گاردییـەن نووسرابـوو، لێی دڕدۆنگ بووم.

وێنەی ٤٥٦ - پاتریک

بـە هیلاریـم وت، تـۆ پاتریکـت ناسـاند و ئێسـتاش ئـەم کارەی کـردووە. هـیلاری کەسـایەتییەکی کۆمەڵایەتـی هەیـە و هەندێـک جـار زۆربڵەیـە. وتـی: کاتێـک ئەم شـتانە ڕوویان

---

١. بنەمـا نێودەوڵەتییەکانـی ئەخلاقـی پیشـەیی لـە ڕۆژنامەگەریـدا وێـڕای ئـەوەی کـە جەخـت لـە سـەر مافـی خەڵـک بـۆ دەسـتڕاگەیشتن بە زانیاریی ئازاد دەکاتەوە، ئاماژە بە ئەرکی ڕۆژنامەنووس دەکا کە دەبێ ڕاسـتییە بینراوەکان (ئۆبژەییەکان) بەبـێ چەواشـە و شـێواندن پیشـان بدات. پێدەچـێ پاتریک لـەم چاوپێکەوتنـەدا وەک پاپاراتزییـەک هاتبێتە ناو شـەڕەکەوە. پاپاراتزییەکان ئەو پەیامنێرانەن کە ئیشـیان ئامادەکردنی هەواڵ و گرتنی وێنەی جەنجاڵی و مشـتومڕاوی لە کەسـانی ناودار و هەروەهـا خانـەوادە و کەسـە نزیکەکانیانـە و ئـەو وێنـە و زانیارییانـە بە گۆڤـار و ڕاگەیاندنەکانـی دیکە دەفرۆشـن. یەکێک لە پڕەنسـیپەکانی ئەخلاقـی میدیایـی، جیاوازبوونـی ئامانجەکانیەتـی. گیر و گرفتـە ئەخلاقییەکان لە لێکـدژی و ناکۆکییەکاندا سـەرهەڵدەدەن. کاتێـک بەکارهێنانـی میدیـا بـە شـێوەیەکی ئەنجامخوازانـە بـێ، ڕەنگـە بەهـۆی زەخـت و گوشـاری وەکـوو قازانجـی ئابـووری، ئامادەکردنـی زانیـاری، پشـتگیریکردن لە گروپ یـان تاقمێکی دیاریکـراو، بڵاوکردنەوەی دەنگـۆ، ناوبانگ و شـکۆمەندی، کات بەسـەربردن و هتـد بێت.

دا و تۆ لەبارەیانەوە قسەت لەگەڵ کردم، من ئەو بابەتەم لای پاتریک و کەسانی دیکە باس کردبوو. دەرکەوت کە هیلاری باسی ئەو بابەتەی بۆ پاتریک کردووە و ئەویش بە شێوەیەکی داخراو لە وتارەکەیدا نووسیویەتی[1] ... پێم خۆش بوو بە پاتریک بڵێم کە ئیزنی بڵاوکردنەوەی بابەتەکەت پێنادەم، بەڵام دەمزانی لە کۆتاییدا بڵاوی دەکاتەوە و ڕەنگە ئەمجارەیان بێبەزەییانەتر ڕفتار بکات. دوای خوێندنەوەی بابەتەکەی حەپەسام. لە نێو ڕوونکردنەوەکانیدا سەبارەت بە دەستگیرکردن و ئازادکردنم، بە شێوەیەکی ناڕوون باسی لەوە کردبوو کە پەیوەندیی ناپیشەیی هەبووە و هەندێک کەس لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لەسەری نووسیویانە. پاتریک ئەم بابەتەی دەزانی، بەڵام نەیگوتبوو.

● وێنەی ٤٥٧ - وێنەی سکرینشاتی هەواڵی بی‌بی‌سی نیوز

پاتریک دەیوست ئەو دەرفەتە باشەی کە بۆی هەڵکەوتبوو بە باشترین شێوە بیقۆزێتەوە. ئەو هەموو کۆششی خۆی دەکرد بۆ ئەوەی سەرنجی من ڕابکێشێ بۆ ئەوەی پەشیمان نەبمەوە و ئەویش لەوپەڕی بێهەواڵیی میدیاکان و شەپۆلی کەمکردنەوەی هێزی کار کە بە هۆی گوشارەکانی کۆرۆناوە بوو، چاوپێکەوتنێکی سەرنجڕاکێش سەبارەت بە "ڕاکردنی دووڕەگەزنامەییەک لە چنگی ڕژێمی درندەی ئێران" پێشکەش بکا، بۆچی مەگەر لە ژیانی ڕۆژنامەنووسێکدا چەند جار هەلی وا هەڵدەکەوێت! ناوبراو هەر جارێ ڕستەیەکی دەنووسی و بە ئیمەیل بۆی دەناردم بۆ ئەوەی یەکێکیان هەڵبژێرم. دەیگوت ئەگەر ئەم ڕستە نەنووسم بەڕێوەبەرەکەم بابەتەکە قبوڵ ناکات. هەروەها لە سێ نامەی واتساپدا ڕایگەیاند کە بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەکە دەڵێن دەبێ باسی ئەم بەشەی هەواڵەکەش بکرێ و ئەگەر ئەم کارە نەکەم تەنانەت لەوانەیە لە سەر کارەکەم دەرم بکەن.

1.www.theguardian.com/world/2020/dec/13/british-iranian-academic-sentenced-to-eight-years-in-prison-in-iran

هەواڵنێرێـک بـە نـاوی جیمـز ڕانـدڵ[1] کـە بەڕێکـەوت لەلایـەن پاتریکـەوە ناسـێنرابوو، لەلایـەن ئاژانسـی جیهانیـی "بیبیسـی" (BBC) هەماهەنگـی کرابـوو بـۆ ئـەوەی وتووێـژم لەگەڵ بـکات. بـەو پێیـەی کـە پێچەوانـەی یاسـاکانی سـەروبەندی کۆرۆنـا بـوو وەکـوو پاتریـک، نەهاتە ماڵەکـەم و منیـش چوومـە سـتۆدیۆی "بیبیسـی" (BBC)، پشـکنینی کۆرۆنایـان بـۆ کـردم و جەیمـس وتـی: تـۆ یەکـەم کەسـیت کـە دوای چەندیـن مانـگ دێیتـە سـتۆدیۆی "بیبیسـی" (BBC). هەواڵەکـە بـە لایانـەوە گرنـگ بـوو، هـەر بۆیـە بـە شـێوەیەکی نائاسـایی ڕێگەیـان پێدام کـە بـۆ وتوێژێکـی کـورت بچمـە سـتۆدیۆی "بیبیسـی" (BBC). لـەم گفتوگۆیـەدا باسـم لـەو ڕووداوانـە کـرد کـە بەسـەرم هاتـووە[2] و بڕیـار وا بـوو کـە حوکمـی وەرگێـڕدراوی دادگا و هەروەهـا لێدوانـی خـۆم کـە بـە زمانـی فارسـی و ئینگلیـزی لـە ماڵپەڕەکەمـدا دامنابـوو لـە یـەک کاتـدا لـە "بیبیسـی" (BBC) و کانـاڵ ٤ و گاردیـەن بڵاو بکرێتـەوە و بەسـتەری (لینک)ــی دابەزاندنـی حوکمەکـەی دادگام لـە هەواڵـە نووسراوەکانـی ماڵپەڕەکانیانـدا دابنێـن. بڕیـار درا لەگـەڵ هیـچ کام لـە میدیـا فارسـییەکان قسـە نەکـەم، چونکـە دەمزانـی کاتێـک میدیـا نێودەوڵەتییـە بریتانیاییـەکان بابەتەکـە ڕوومـاڵ بکـەن، میدیـای فارسـیش دوا بـە دوای ئـەوان هەواڵەکـە بڵاو دەکەنـەوە و پێویسـت نـاکات چاوپێکەوتنیـان لەگەڵـدا بکرێـت.



● وێنەی ٤٥٨ - وێنەی سکرینشاتی میدیا و گفتوگۆکان

1. James Rundle

2. Kameel Ahmady British academic facing jail escapes Iran over mountains, BBC, 3 February 2021 www.bbc.com/news/av/world-middle-east-55922840

کاردانەوەی ڕاگەیاندنەکان و خەڵک

کاتژمێر ٥ی بەیانی لە خەو هەڵسام، ڕۆژنامەی گاردییەن پێش ئەوەی ڕۆژنامەکە چاپ بکا، هەواڵەکەی لە ماڵپەڕەکەیدا بڵاو کردبووەوە. بڕیار بوو وەشانی چاپکراوەکەشی کاتژمێر ٦ی بەیانی بێتە سەر شەقام کە نەهات. بی بی سی لە هەموو ئەو کەناڵە هەواڵییانەی کە هەیبوو بۆ نموونە لە بی بی سی جیهانی[1] و هەواڵە ڕادیۆییەکانی بی بی سی ٤ (BCC4) هەواڵەکەی بە درێژایی ڕۆژ پەخش دەکردەوە و کەناڵی هەواڵی ٤ کە دوای بی بی سی یەکێک لە پڕبینەرترین کەناڵە هەواڵییەکانی بەریتانیایە لە بوڵتەنی کاتژمێر ٧ی خۆیدا پەخشی کرد.[2] ئەو هەواڵە گرنگییەکی زۆری هەبوو و حاڵەتی هاوشێوەی وەکوو بابەتی نازەنین زاغەری و تا ڕادەیەک ئەنووشە ئاشووری کە چەندین هەڵمەتی ڕۆژنامەوانیان بۆ ساز کرابوو، لەو کاتەدا هێشتا بۆ خەڵک هەواڵێکی تازە بوو. ئێستا چیرۆکی هەڵاتنی توێژەرێکی دووڕەگەزنامەیی لە ئێران و دەستگیرکردنی بەهۆی بواری کارەکەیەوە، هێندەی تر بۆ جەماوەر و میدیاکان سەرنجڕاکێشتر بوو.

هەستم کرد کە بڵاوکردنەوەی حوکمەکەم[3] دەتوانێ کاریگەریی خراپی لەسەر چارەنووسی زیندانیانی دووڕەگەزنامەیی ئێران دابنێت. ئاگادار کرامەوە کە ژمارە موبایلەکەم لە سەر ماڵپەڕەکەم بسڕمەوە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسان و پەیامنێران پەیتا پەیتا پەیوەندیم پێوە نەکەن. بەڵام ماڵپەڕەکەم ئەوەندە سەردانی کرابوو و ئیمەیلیان بۆم ناردبوو کە بەهۆی کەمیی داتاوە قفڵ ببوو. پێوەندیم بە کۆمپانیای پشتگیرییەوە کرد و ڕاپۆرتیان دا کە ماڵپەڕەکەم لە بەیانییەوە دەیان هەزار سەردانکەری هەبووە و داتای باندویچەکەم تەواو بووە و هاکەرەکان بەردەوام هێرش دەکەنە سەر ماڵپەڕەکە. بەردەوام ئیمەیلی نوێم لە ئاژانسەکانی هەواڵەوە بۆ دەهات، هەموویان داوای وتووێژیان دەکرد. لە ئاژانسە هەواڵییە گەورەکانی جیهانەوە بگرە تا دەگاتە هەواڵدەرییە بچووکەکان، ڕادیۆ و ماڵپەڕ و توێژینگە و دامەزراوەکان، هەموویان داوای دیمانە و گفتوگۆیان لەگەڵ من دەکرد، یان داوایان دەکرد کە زانیاریی زیاتریان بۆ بخەمە ڕوو. منیش لە وەڵامدا دەمگوت جگە لە حوکمی دادگا و

1. Kameel Ahmady: British academic facing jail escapes Iran over mountains, BBC, 3 February 2021: www.bbc.com/news/av/world-middle-east-55922840

2. British Channel 4 report on Kameel Ahmady in English (TV version with subtitles), Kameel Ahmady website:

https://www.youtube.com/watch?v=DZjpZFyPx9Y

3. Eventually I made the decision which I had been struggling with For a long time – the decision to escape, Kameel Ahmady website, 03 February 2021: https//kameelahmady.com/eventually-i-made- the-decision-which-i-had-been-struggling-with-for-a-long-time-the-decision-to-escape/

لێدوانەکەم هیچی دیکەم بۆ وتن نییە و سپاسی بەدواداچوون و گرنگیدانەکەیانم دەکرد.

کامیل احمدی، پژوهشگر محکوم به زندان: مجبور شدم از ایران خارج شوم. مصاحبه تصویری با فرداد فرحزاد- Iran International ایران اینترنشنال

کامیل ئەحمەدی، توێژەری بە زیندان حوکمدراو: ناچار بووم لە ئێران دەرباز بم، دیمانەیەکی وێنەیی لەگەڵ فەرداد فەرەحزاد، Iran International ئیران ئینتەرنەشنال

● وێنەی ٤٥٩ – گفتوگۆ لەگەڵ ئێران ئینتەرنەشنال

شـەوی یەکـەم، تەلەڤیزیۆنـی ئیـران ئینتەرنەشـناڵ کـە دەتوانـم بڵێـم هەمـوو هەواڵێـک ڕوومـاڵ دەکا، پێداگـری کـرد و چەنـد جارێـک تەلەفۆنـی بـۆ کـردم بـۆ ئـەوەی قسـەم لەگـەڵ بکـەن و دواجـار ئـەو شـەوە چەنـد خولەکێـک وتووێـژم لەگـەڵ پێشکەشـکاری بەرنامـەی تیتری ئـەوەڵ (تـیتر اول) کـرد.[1] بـەڵام دواتـر ئامـادە نەبـووم لەگـەڵ ئاژانسـە هەواڵییـە فارسـی زمانەکانـی دیکـە دیمانـە بکـەم. دوو ڕۆژ بـەم شـێوە تێپـەڕی و ئیمەیلێکـی زۆرم پێگەیشـت، لـە داواکاری چاوپێکەوتنـەوە تـا پەیامـی سـۆز و هەڵبـەت چەنـد پەیامێکیشـم لـە هێـزە ئەمنـی و ئەرزشـییەکانی ئێرانـەوە بـۆ دەهـات کـە هەڵگـری ناوەڕۆکـی هەڕەشـەی ئەشـکەنجە و مـەرگ بـوو کـە دەمگەڕێننـەوە بـۆ ئێـران و حسـێبیان لـە گەڵـم یەکلایـی دەکەنـەوە، یـان دواجـار لـە مەیخانەیەکـی وەکـوو میکۆنـۆس تیـرۆرم دەکـەن و ... .

هەڵبـەت زۆربـەی پەیامـەکان هەڵگـری پشـتیوانی و هاوسـۆزی بیانییـەکان بـوو. چەنـد پەیامێکـم پێگەیشـت کـە خوڵکـی مـن و خێزانەکەمیـان دەکـرد بـۆ پشـوودان بچینـە وڵات و

١. کامیـل ئەحمـەدی، توێـژەری بـە زیندان حوکمـدراو: دیمانەیەکی وێنەیی لەگەڵ فـەرداد فەرەحـزاد، lanoitanretnI narI ئیـران ئینتێرناشـنال. ماڵپەڕی تایبەتـی کامیل ئەحمەدی:

ماڵەکانیان. هەروەها ئیمەیلم لە کۆمپانیا گەورەکانی فیلمەوە بۆ دەهات کە دەیانویست لەسەر بنەمای هەڵهاتنم لە ئێران لە ڕێگەی شاخەکانەوە، سیناریۆ و چیرۆکێک بنووسن. بەهۆی ئەو ئاستەنگانەوە نەمدەتوانی و نەمدەویست بچمە ناو وردەکارییەکانەوە، بەڵام دەمبینی بەسەرهاتەکە بۆ هەندێک کەس چەندە لایەنی بازرگانی و دارایی هەیە و چ کۆمپانیا و کەسانێکی دیار و ناسراو هەن کە حەز دەکەن پارەی لێ پەیدا بکەن. لای خۆم بیرم دەکردەوە کە چۆن لەم جیهانە سەرمایەدارییە لیبراڵەدا لە پرسێکی کۆمەڵایەتی دیاردەیەکی ئابووری ساز دەکەن و بیر لە پارە پەیداکردن و ڕەهەندە بازرگانییەکانی دەکەنەوە.

کەسانێک لەبارەی ئاڵنگارییەکانی دەزگای ئەمنیی ئێران و هەروەها شێوازی حوکمدانی قازی سەڵەواتی لە سەر دۆسیەکەم و شێوازی دەرچوونم لە ئێران و ئەو هاریکارییانەی کە پێم کراوە، پرسیاریان لێدەکردم. زۆرینەی ئەو داواکارییانە بۆ ئەوە بوو کە ئیزنیان پێ بدەم فیلم و بەڵگەفیلمم لە سەر ساز بکەن و ئەم بابەتە لە میدیا فارسیزمانەکانی دەرەوەی ئێرانیشدا ڕوومااڵ کرا و سەرنجی بینەرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. زیاتر لە هەموو شتێک ڕووزەردی لای خانەوادە و هاوڕێکانم بووم، کە هەموو ڕۆژێک پێم دەگوتن لە ترافیکدا گیرم کردووە یان لە شوێنێکدام کە مۆبایلەکەم سیگناڵ نادات. ڕۆیشتنم لە ئێران شاردبووەوە، ئێستا هەمووان تووشی شۆک بوون و منیش شەرمەزاریان بووم. پێم سەیر بوو کە زۆرێک لە ئێرانییەکان و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا دەیاننووسی کە دەربازبوونم لە ئێران کارێکی دروست بووە و دڵخۆشن کە بە بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە جەوهەری کۆماری ئیسلامیم ئاشکرا کردووە.

هەموو ئەم ڕووداوە تاڵ و سەختانە لە کاتێکدا ڕوویان داوە کە ناچار بووم لە سیفرەوە ژیانم لە لەندەن دەست پێبکەم. من لە ماڵ و بنەماڵەکەم دوور بووم و زۆربەی پێوەندییە سۆزداریەکانم تێک چووبوون یان پچڕابوون و لە ڕووی دارایی و فیکرییەوە لە دۆخێکی ناجێگیردا بووم. لە ماڵی کەسێکی تردا دەژیام و کارەکانم بە دڵەڕاوکێ و ڕاڕاییەوە بەرەو پێش دەچوو. لە ماوەی سەرلێشێواوی و خەمۆکیمدا نەمدەتوانی لە ماڵەوە هەستەکانم دەرببڕم و هەندێک جاریش ئیش و کارم ببوو بەوەی بچمە دارستانەکانی پشت ماڵەوە و بە چەندین کاتژمێر بیر بکەمەوە. ڕۆژی وا بوو بە هەناسەبڕکێ لە خەو هەڵدەستام و هەستی زیندانی تاکەکەسی هێشتا بەری نەدابووم. لە ماوەیەکی کورتدا ئەوەندە ڕووداوی ناخۆشم بەسەر هاتبوو کە تەنانەت دەرفەتی بیرکردنەوە لە گیر وگرفتەکانم نەبوو. من دەرفەتی ماتەمینم بۆ کێشەکانم نەبوو و شۆکی ڕووداوەکانم بۆ فام نەدەکرا. لە خەو و بێداریدا مۆتەکە لە دوای مۆتەکە بڕسکی لێ بڕیبووم. سەد خۆزگە بە مۆتەکەی کاتی خەو، لە حاڵەتی بێداریدا چاوم لە شاشەی کۆمپیوتەر و مۆبایل و ئیمەیلەکەم دەبڕی

و پێـم وا بـوو درەنـگ یـان زوو تۆمـەت و هەڕەشـەیەکی نـوێ ئاوقانـم دەبێتـەوە. هەژمـاری ئیکسـەکەم (تویتـەر) داخسـتبوو و ئەوانیـش تەڕاتێنـی هەواڵیـان دەدا کـە کامیـل ئەحمـەدی ئـەو بەیاننامەیـەی کـە تویتـی کردبـوو، سـڕیویەتەوە. نازانـم عەقڵیـان پـێ نەدەشـکا یـان بـاش دەیانزانـی کـە هەژمـاری ئیکسـەکەم داخسـتووە، بـەڵام بـە قازانجـی ئـەوان بـوو کـە درۆ بکەن و نەیاندەگـوت ئـەو بەیاننامـە هەمیشـە و ئێسـتاش لـە ماڵپەڕەکەمـدا لـە بەردەسـتە و ماڵپەڕەکـەم سـەرچاوەی توێژینـەوە و بەرهەمەکانمـە. لـەم قۆناغـەدا شـتانێک بەسـەرمدا هـات کـە بـەردەوام خەمگیـنتری دەکـردم. هەندێـک لـە هاوڕێکانـم هاتنـە سـەردانم، هەندێکیـان تەلەفۆنیـان کـرد و پشـتگیریی خۆیـان دەردەبـڕی. سـەرنجڕاکێشتر ئەوەیـە کـە ژمـارەی فۆڵۆوەرەکانیشـم زیـادی کـرد و لێـرە و لـەوێ گەلـێ کورتەنامـەم بـۆ دەهـات. لـەم جـۆرە وەختانەیـە کـە مـرۆڤ هاوڕێـی ڕاسـتەقینەی خـۆی دەناسـێتەوە. قسـەی هـاوڕێ و ناسـیاوەکان لـە یـەک دەچـوو و دەیانگـوت لانیکـەم سـیفەتێک کـە هەمیشـە هەتبـووە و ئێسـتاش هەتـە ئەوەیـە کـە ڕاسـتگۆی و هـەر لـە سـەرەتاوە پشـکی خۆتـت قبـووڵ کـردووە. ئەمـە گرنگـە و هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە ڕوویـان داوە و هەمـوو ئـەو قسـانەی کـە وتـراوە بەهـۆی ڕق و تۆڵەسـەندنەوە و شـتی ترەوەیـە و ڕەنگـە لـە کۆنترۆڵـی تـۆدا نەبێـت. بەڕاسـتی پشـتگیرییەکانیان خـەم و پـەژارە و بارگرانییەکـی گەورەیـان لـە سـەر شـانم لابـرد. ئـەو هاوڕێیانەی کـە لـەو ڕۆژە ڕەشـانەدا سـاڕێژی زام و هەتوانـی برینەکانم بـوون و سـووکناییان پـێ دەبەخشـیم، هەرگیـز لـە یادگـە و یادەوەریمـدا کاڵ نابنـەوە و یـاد و چاکەیـان لـە مێشـکمدا بـە هەرمانـی و ئەبـەدی دەمێنێتـەوە.

بـە گشـتی چەنـد مانگـی یەکەمـی دوای جێهێشـتنی ئێـران قۆناغێکـی زۆر خـراپ بـوو و ئەڵبـەت جگـە لـە پاڵپشـتیی دۆسـتە بیانییەکانـم، هەلێکـی دیکەشـم بـۆ ڕەخسـا. لـەو ماوەیەدا دکتـۆر ئەحمـەد بوخارایـی بـۆ بینینـی کوڕەکـەی هاتـە لەنـدەن. لـە گـەڵ ناوبـراو کە کەسـێکی میانـڕەو و وشـیار بـوو، ماوەیـەکمان پێکـەوە بەسـەر بـرد. لەکاتـی ڕۆیشـتنیدا وتـی: "کامیـل! خـۆ دەزانـی ئـەم قۆناغـەش تێدەپـەڕێ، مـن دە دوانـزە سـاڵ لـە تـۆ گەورەتـرم، بـەڵام هێشـتا نەگەیشـتوومەتە ئـەو قۆناغـەی کـە تـۆ تێیدایـت. تـۆ لـە دۆخێکـی سـەخت و نالەبـاردای یـان بـاشتر بڵێـم، خراویتـە نـاو ئـەم دۆخـە سـەغڵەتەوە و خەریکـە بـە ڕێگایەکـی هـەوراز و لێژدا سـەر دەکـەوی، چەنـد ئۆتۆمبێلێـک بـە خێرایـی ڕاوەدووت دەنێـن و گڵۆپەکانیـان پرتـە پرتـی دێ و گەرەکیانـە لـە سـەر ڕێچکـەی خـۆت بترازێنـن و بـە لاڕێتـدا ببـەن. بەڵام تـۆ هیـچ ڕێدەرەتانێکت نییـە جگـە لـە وەسـتان یـان بەردەوامبـوون. ڕوو لـە هـەر لایـەک دەکـەی زیاتـر ئەگـەری ئـەوە هەیـە کـە لـە سـەر ڕێچکەکـەت بترازێنـن، تـۆ لەسـەر ئـەم ڕێگایـەی و نازانـی چـی ڕوو دەدات. تەنانـەت ناتوانـی پێـش دەمـی خـۆت ببینـی، بـەڵام دواجـار دەگەیتـە لوتکـەی شـاخەکە و ئـەم دەنگـە دەنـگ و ژاوە ژاوە تـا دێ کـەمتر دەبێتـەوە و لـە ئەنجامـدا هەمـوو شـتێک کۆتایـی دێـت. بەشـێکی ئـەم ڕێگایـە بـە زۆر بەسـەرتدا سـەپێنراوە و بەشێکیشـی هەڵبـژاردەی خـۆت بـووە، کـە

خۆشت قبووڵت کردووە. بەڵام هەر چییەک کە هەیە ئەم دەرفەتە بقۆزەوە و بەرەو سەرەوە و بەرەو لوتکە هەنگاو بنێ. ئەم چرکەسات و بارودۆخە زەمەنییە خوا بە هەر کەسێکی نادا و ئەگەریش بیدا زۆر درەنگ دەیدا و سوودێکی ئەوتۆی نییە. لێرە بڕۆ سەرەوە و بگە بە لوتکە. لەوێوە دەبینی کە ئەو شتانەی کە دەتیانڕەنجاند و لێیان دەترسای، چەندە هیچۆکەن ...." ئێستا خەریکە کەم کەم لە مەبەستەکەی تێدەگەم ... .

گرتن، زیندانیکران، لە ماڵەوەمانەوە و دەرچوونم لە ئێران، سەردەمی حەسرەت و خەم و پەژارە، قۆناغی سەختی تەنیایی لەگەڵ خۆم، ئەزموونانێکی باش بوون کە لە ڕووبەڕووبوونەوەیاندا فێر بووم هیوادار بم. دەروونناسەکەشم زۆر بە شێوەیەکی زانستیانە مامەڵەی لەگەڵدا کردم و بەشێک لە ژیانی منداڵیمی هەڵێنجاند و شیکاریی بۆ کرد. بەڕاستی ڕاستە کاتێک دەڵێن زۆر شت دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی. شیکارییەک کە لەو ماوەیەدا زۆر یارمەتی دام و توانیم یەکێک لە گەورەترین بڕیارەکانی ژیانم لەو ماوەیەدا بدەم. نەمدەزانی چیم دەوێ و دەبێ چی بکەم. زۆر شت بۆ من نارِوون بوو و بیرم لەوە دەکردەوە کە ساڵێکی دیکە، شەش مانگی دیکە لە کوێم و چی دەکەم. بۆ چەند مانگی دیکە نەمدەتوانی پلان دابنێم، بەڵام ئەو خولە دەروونناسییانەی کە دەچووم کاتێک لە ژێر فشاری دەروونیدا بووم، یارمەتی دام کە بە وەبیرهێنانەوەی یادەوەرییەکان و ژیانم جارێکی دیکە کامیل بدۆزمەوە و لە بەرەبەری پەنجا ساڵیمدا قۆناغی دووەمی ژیانم دەست پێبکەم.

یەکێک لە خەونە هەمیشەییەکانی ژیانم نووسینی ژیاننامەکەم بوو. ساڵانێک بوو پلانم بۆ دانابوو، هەر لە هەڕەتی گەنجیەوە چەندین جار گفتوگۆم لەگەڵ گەورەکانی ماڵباتەکەم، واتە باوکم و هەموو پوورەکانم کردبوو. هەر بۆیە دەستم دایە پێنووس و دوای ئەوەی بە هاوکاریی ڕاوێژکاری میدیایی خۆم گەڵاڵەکەیم دارِشت، لە باوباپیرانمەوە و لە کاتی لەدایکبوونمەوە دەستم کرد بە گێڕانەوەی یادەوەرییەکانی ژیانم. بەیانیان لە ڕێگەی واتساپ و زوومەوە بە شێوەی دیمانەی وێنەیی لە گەڵ ڕاوێژکارەکەم پێوەندیم دەگرت و وەڵامی پرسیارەکانیم کە سەبارەت بە تافی منداڵی هەتا ئەمڕۆ بوو، دەدایەوە. ڕۆژانی دووشەممە و هەینی بەشداری کۆبوونەوەی دەروونناسیم دەکرد و دەروونناسەکەم لەبارەی سەردەمی منداڵیمەوە پرسیاری دەکرد، بەتایبەت ڕۆڵی داپیرەمی، کە لە ژیانمدا زۆر تۆخ و دیار بوو، تاوتوێ دەکرد. ئەو یارمەتی دەدام کە دیدگای خۆم بۆ ژیان و ئەو ڕێگایەی کە گرتبوومەتە بەر ببینم. گێڕانەوەی ژیانم، منی بە هەموو ئەو یادەوەرییانەوە دەبەستەوە کە لەگەڵیاندا ژیابووم. بیرەوەریی تاڵ و شیرین کە لە یادگەمدا وەک هەموو ساتە تاڵەکانی دیکە زیندوو مابوونەوە، وەکوو ئەو دەستدرێژییانەی کە لە سەردەمی منداڵیدا بەسەر من و هاونەوەکانم و ئەوانی دیکەدا هاتبوو، ئاوارەبوونەکانی سەردەمی شەڕ و گرژییەکان، خولی

سـەربازی، سـەردەمی لاویەتیـم، کۆچکـردن، ژیانـی تەنیایـی و سـەڵتی لـە لەنـدەن، توێژینەوەکانـم و ڕووبەڕووبوونـەوەم لەگـەڵ ترسـی بـەردەوام لـە گرتـن و هەڕەشـە لـە نـاو وڵاتـی ئێـران، زینـدان و ئەشـکەنجەدان، دەربـەدەری و هەڵاتـن و کۆچی زۆرەملی و گەلـێ نەهامەتیی دیکـە .... هەمـوو ئەمانـەم وەبیـر دەهاتـەوە و بیـرم لـێ دەکـردەوە. لـە چەنـد مانگـی ڕابـردوودا بـە قۆناغێکـی سـەختدا تێپەڕیـم، هەرچەنـدە دووبارەگێڕانـەوە و نووسـینی ئەم ژیاننامـە بۆ خۆی باشتریـن چارەسـەر بـوو و یەکێـک بـوو لـە باشتریـن بڕیارەکانـی ژیانـم. لـەم قۆناغـەدا، ئێمـە هێـواش هێـواش خەریکـی تەواوکـردن و ئامادەکردنـی توێژینـەوەی فۆرمەکانـی کاری منـداڵان بوویـن کـە نـاوی لـێ نـرا "ئاسـەواری چەوسـاندنەوە لـە جیهانـی منداڵـی" و شانبەشـانی ئـەوەش، قۆناغـی شـیکاریی داتـا مەیدانییەکانـی توێژینـەوە نوێکەمـان لەسـەر خەتەنەکردنـی پیـاوان ئەنجـام دەدا کـە یەکێـک لـەو توێژینـەوە کەمانەیـە کـە لـەم بـوارەدا کـراوە و لەگـەڵ تیمێکـی بچـووک و دەروەسـت ئـەم توێژینـەوەم ئەنجـام دا و دەسـتم بـە چالاکییەکانـی دیکـە دەکرد.

● وێنەی ٤٦٠ - کتێبی "ئاسەواری چەوساندنەوە لە جیهانی منداڵی" بە سێ زمانی ئینگلیزی و فارسی و کوردی

ژیانێکـی تەندروسـت قورسـە و ئەگـەر دەسـتپێکردنی بـەردەوام و هەسـتان و ڕاوەسـتانی بـەردەوام و هەوڵـدان بـۆ گەیـشتن بـە لوتکـە فەرامـۆش بکەیـن قورسترییـش دەبـێ ... . لەبیرکـردن واتـە وەسـتان و ڕاوەسـتان، بـۆ مـن ژیـان و ئـەو بارودۆخـەی کـە پێیـدا تێپەڕیـم، پتر لەبیرکردنـی دەویسـت تـا وەبیرهێنانـەوە. بارودۆخێـک کـە بەردەوام هەسـت و سـۆزی نەخـوازراو هاشـاوڵیان بـۆ دەهێنـام بـۆ ئـەوەی ئـەو نەختـە ورەیـەش کـە هەمـە گرەکـەی کـز ببێتـەوە و لـە کۆتاییـدا ئومێـدم بـە ژیـان نەمێنێـت. بـەڵام لـە هـەر یـەک لـەو بارودۆخانـەدا، بـە هـۆی وێناکردنـی کەڵکەڵـە و نیگەرانییەکانـم و وەدیهاتنیان دڵگـەرم دەبووم و فەرامۆشـکردنەکانم وەلا دەنـا یـان بەهەنـدم وەرنەدەگـرت. خۆژیاننامـەی منـی کامیـل ئەحمەدیـش پێداچوونەوەیەکـە

بـەم کۆڵنەدانـە بەردەوامـە!

کەسانی خۆڕاگر لە ڕۆژگارە سەختەکاندا

ئێسـتا کـە ئاوڕێـک لـە ڕابـردووم دەدەمـەوە و هەمـوو شـتێک دێنمـەوە بـەر چـاوی خـۆم، دەبینـم تـرس، وەکـوو سـێبەرێک هەمیشـە لەگەڵـم بـووە. هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە دەتوانـێ مـرۆڤ بترسـێنێ و پێـی بڵـێ کـە دنیـا شـوێنێکی ئـارام نییـە، بەسـەرم هاتـووە، بـەڵام مـن نەبەزیوم.

● وێنەی ٤٦١ - دەستپێکردنی ساڵی خوێندن بۆ ئالان، هامەرسمیت، ٢٠٢١

لـە کۆتاییـدا کاتـی ڕۆیشـتنی کرێنشـینەکەم گەیشـت و ئەمجارەیـان نـەک بـە سـەڵتی، بەڵکـوو لەگـەڵ شـەفەق و ئـالان، گەڕامـەوە بـۆ هەمـان شـوقە ٤٩ مەتریەکـەی سـەروبەندی جەوانـی و سـەڵتیم لـە گەڕەکـی هامەرسـمیت. شـوێنێک لـە ڕۆژاوای لەنـدەن کـە پـڕە لـە یادەوەریـی سـاڵانی خوێندکاریـم. مـن ئـەم شـوقە بچووکـەم خـۆش دەوێـت. شـوێنێکی زۆر گونجـاو بـۆ ژیانـی سـێ کـەس نییـە، بـەڵام جـارێ هیـچ چارەیەکـی دیکەمـان نییـە.

کاتێـک کرێنشـینەکە ڕۆیشـت، ماڵەکەمـان پـاک کـردەوە و ڕەنـگمان کـرد. مووکێتێکـی نـوێمان تێـدا ڕاخسـت و تاکـە ژووری نوسـتنەکەمان دا بـە ئـالان. چووینـە فرۆشـگای ئیکیـا و چەنـد کەلوپەلێکـی ناومـاڵمان کـڕی. هەندێـک لـە کەلوپەلەکانمـان لـە ماڵـی هاوڕێکەمانـەوە هێنـا و هەندێـک لـە مۆبیلیاتـی کۆنـی مـاڵ کـە لـە خەڵوەتـی بـوو بەکارمـان هێنـا. خانووەکـە دیسـان ڕەنـگ و بۆنـی دەیەکانـی پێشـووی بـە خـۆ گرتـەوە. کاناپەیەکـی تەختیخەوئاسـاشمان کـڕی و ژووری میوانەکـەشمان کـردە ژووری نـووستن. ژیـان لـە ماڵـە نوێکـەدا دەسـتی پێکـرد، ماڵێکـی بچـووک کـە دەبـوو ئـالان و شـەفەق وردە وردە ڕابێـن و هـەر لێـرە بـوو کـە کوڕەکـەم پۆلـی یەکـی سـەرەتایی دەسـت پێکـرد و یەکـەم ڕۆشـتنی بـۆ قوتابخانـە ئەزمـوون کـرد.

ئـەو دەم خۆمـم بـە "ڕزگاربـوو" دەزانـی و ئێسـتا دەبینـم چەندەهـا جـار لـە ژیانمـدا ڕزگار

بـووم و فێـر بـووم بەسـەر ئاسـتەنگەکانی ژیانـدا زاڵ بـم و لێیـان تێپـەڕم. وەکـوو مەلەوانێـک کـە هەندێـک جـار بەڕاسـتی هەناسـەی سـوار دەبـێ بـەڵام لـە شـوێنێکدا دەوەسـتێ هەتـا هەناسـەیەک دەدا و دووبـارە مەلـە دەکاتـەوە. قـەدەرم وا بـوو کـە لـە ژیانێکـی ئاسـایی و سروشـتی بێبـەش بـم. ژیانـم هەمیشـە پـڕ لـە هـەوراز و نشـێو بـووە و وەکـوو ڕۆژ لێـم ڕوونـە کـە لەمـەودواش هـەر وا پـڕ کەنـد و کۆسـپ دەبێـت. ئەمـەش خـۆی لـە خۆیـدا تـرس و دڵەڕاوکـێ دروسـت دەکات. بیـر لـە زۆر شـت دەکەمـەوە، وەک ئـەوەی کـە شـتگەلێکی خـراپتر لـەوەی ڕووی داوە بەسـەرم بـێ و بـە خـۆم دەڵێـم "دەی! خـۆم دەدەمـە دەسـت چارەنـووس بزانیـن ئـەو چـیمان لـێ دەکا! مـن لەمـەش تێدەپـەڕم .... وەبیـر کتێبەکـەی دکتـۆر فرانـکڵ[1] دەکەومـەوە کتێبـی "گـەڕان بـە دوای مانـادا"، بەڕاسـتی بـە هەمـوو وجوودمـەوە و ئـەو ڕەوتـەی کـە هەتـا ئێسـتا پێیـدا تێپەڕیـم، گەیشـتمە ئـەم ئەزموونـەی فرانـکڵ و بـە گۆشـت و خوێنمـەوە هەسـتم پێکـرد، کاتێـک کـە وتـی تاکـە شـتێک کـە توانـی مـن لـە کوورەکانـی سـووتاندنی مـرۆڤ ڕزگار بـکات، هیـوا و گـەڕان بـەدوای مانـادا بـوو.

ئـەم هیـوا گەورەیـە دەبـێ بـەردەوام و هەمیشـەیی بـێ و بـە خـۆم دەڵێـم ڕادەسـتی ئالانـی دەکـەم. منـداڵان هیـوای ڕۆژانـی داهاتـوو و سـاڵانی داهاتـوو و ئـەو ڕۆژگارە دوور و درێژانـەن کە ئێمـە نەماویـن، بـەڵام ئـەوان هـەن و نـەوە لـە دوای نـەوە، بـۆ ژیـان خەبـات و تێکۆشـان دەکـەن و لـە پێناویـدا دەجەنگـن. خۆزگـە ئـەوان لـە ئێمـە بەهیواتـر بـن. لـە تەمەنـی مێرمنداڵیـدا کتێبێکـم خوێنـدەوە بـە نـاوی "هەقایـەت بـۆ منـداڵان"[2] و یەکێـک لـە چیرۆکەکانی بۆ هەمیشـە لـە مێشـکمدا مایـەوە. هەقایەتێـک کە لـە کاتـی وەبیرهێنانـەوەی بیرەوەرییەکانمدا بۆ شـەفەقم گێڕایـەوە و ئالانیـش گوێـی لـێ بـوو. ئێسـتا پێـی خۆشـە و هەندێـک جـار دەیهـەوێ گوێـی لـێ بگرێتـەوە. کاتێـک دەپرسـم بۆچـی پێـت خۆشـە گـوێ لـەم هەقایەتەتـە بگرێتـەوە؟ دەڵـێ حـەز دەکـەم وەکـوو ماسـییەکانی نـاو ئـەم هەقایەتـە نەبـم. پێدەکەنـم و لـە باوەشـی دەگـرم و دەڵێم: "ڕۆژێ بـوو ڕۆژێ نەبـوو، لـە نـاو دەریـا ماسـییەکی بچکۆلـە بـوو کـە کۆسەماسـی هەمـوو ڕۆژێ دەهـات خزمەکانـی دەخـوارد. ترسـا و چـووە قوژبنێـک و لـە نـاو مەرجانەکانـدا خۆی حەشـار دا. بـە خـۆی گـوت ئـاوا سـەلامەتم. ماسـییە بچکۆلەکـە هـەر لـەوێ مایـەوە و گـەورە بـوو و دواجـار پیـر بـوو. ڕۆژێـک لـە دڵـی خۆیـدا وتـی خـۆ مـن دەریـام نەبینیـوە، چۆنـە بچـم کەمێـک بگەڕێم. کاتێـک ویسـتی لـە نێـوان بـەردەکان بێتـە دەرەوە، زۆر ئەزییـەت بوو. قەڵـەو ببوو و هاتنـە دەرەوە بـۆی سـەخت بـوو. کـە هاتـە دەرەوە کۆسەماسـییەکی گـەورە هـات و هەڵمەقووتـی کـرد!"

---

١. ئـەم کتێبـە یەکێـک لـە باشتریـن نموونـە ئەدەبییەکانـی ئەدەبیاتـی دەروونناسـانەیە و چیرۆکـی ژیـان و ڕزگاربوونی دکتۆر ڤیکتـۆر فرانـکڵ لـە ئـۆردوگای کاری زۆرەملیـی نازییـەکان دەگێڕێتەوە.

٢. لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا بڵاو کراوەتەوە، لە نووسینی سالتیکۆڤ شچێدرین، تەنزنووسی گەورەی ڕووسیا.

ئـالان منداڵـە و کەمێـک سـەیرە بـۆ مـن کـە ئەویـش وەکوو خـۆم ئـەم چیرۆکەی پێ خۆشـە. هەمیشـە هەوڵـم داوە نەترسـم و بجووڵێـم. ڕەنگـە تەنانـەت وەکـوو باوباپیرانـم کـە بـۆ ژیانێکـی بـاشتر بـەردەوام جێگۆڕکێیـان کـردووە و هەرگیـز کۆڵیـان نـەداوە. ژیـان هێشـتا و هەمیشـە بەردەوامـە ...

بەشی پێنجەم
زانایی و مانیفێستێک بۆ داهاتوو

ئێستا کە دواییـن لاپەڕەکانـی ژیاننامـەی پەنجـا سـاڵ لـە تەمەنـی پـڕ لـە گێـژاو و هـەوراز و نشـێوی خـۆم دەنووسـم، لـە هەمـوو کاتێـک زیاتـر بـاوەڕم وایـە کـە ژیانـی توێـژەر، بـە هەمـوو ڕەهەنـدە کەسـی و بنەماڵەیـی و پیشـەیی و پسـپۆڕییەکانییەوە، لـە چـاو تاکەکانـی دیکـە و تەنانـەت چینـە ئەکادیمییەکانـی دیکـە، زیاتـر تێکهەڵکێشـی کایـەی گشـتی و ژیانـی سیاسـی و جڤاتیـی کۆمەڵگاکەیەتـی. باوەڕێـک کـە بـە هەمـوو خۆشـی و ناخۆشـییەکانیانەوە لەگەڵـی ژیـاوم، هەندێـک جـار پێـی دڵخـۆش و لووتبـەرز بـووم و هەندێـک جاریـش لێـی نائومێـد و دڵتەنـگ. ئەمـڕۆش کـە لەسـەر دەسـتی چارەنـووس و تەگبیـر و بە هـۆی تێپەڕبوونی تەمـەن، لە بەرەبـەرەی سـەردەمێکی نوێـی ژیانمـدام و دوای گێژاوی سـاڵانی ڕابردوو، شـوێنێکی سـەلامەتم دۆزیوەتـەوە بـۆ ئـەوەی بـە ئەرخایەنـی و بیرتیژییـەوە لـە داهاتـووی ژیانـی شەخسـی و خێزانـی و پیشـەیی خـۆم تێبفکـرم و بیـر و خەیاڵـم لای دروسـتکردنی داهاتـوو و ئامانجـی نـوێ و بەهـا مرۆییـە بەردەوامـەکان و خەمـی گەردوونییـە، چەقـی سـەرنجم لـە سـەر دوو بابـەت و پرسـی سـەرەکیی ژیانـی فیکـری و ڕۆحیمـە کـە ئەویـش داهاتـووی نەتـەوەی کـورد و کوردسـتان و هەروەهـا چارەنووسـی سیاسـەت و کۆمەڵـگا لـە ئێرانە، کە هەمیشـە بابەتـی لێکۆڵینـەوە و کاری پیشـەیی مـن بـوون. خەونـی منداڵانـەی بوونـە پیرەپیاوێکـی ژیـر و زانـا، هیوایەکـی ڕۆشـنە کـە مـن لـە بەربـەرەی تەمەنـی پەنجـا سـاڵیمدا پێـم وایـە ئـەم خەونـەم لـە هـەر فکـر و خەیاڵێکـی دیکـە زیاتـر لـە واقیعـی ژیـان و ئاواتەکانـم نزیکـە و مـن بەنیـازم لـەو ڕێگـەوە دەلاقەیـەک بـەرەو دواڕۆژ بکەمـەوە.

خەیاڵپەروەری و زانایی

تافی منداڵیم سەردەمی قارەمانێتیم بوو. وەک پێشتر وتم خۆمم لە گەورەساڵیدا وەک کەسێکی سەرکەوتوو و گرنگ دەبینی. هەستم دەکرد دەبێ ببمە کەسێکی هەڵکەوتە و مەزن. ڕەنگە هەموو ئەم بیرکردنەوانە بە هۆی ئەوە بێ کە من خۆم کەم تا زۆر کەسێکی نەترس بووم، ئەڵبەت وەکوو زۆر کەسی دیکە گرێی دەروونی و کەڵکەڵەی خۆدەرخستن و خۆبەکەمزانین ببوو بە خورووی گیانم. جگە لەمانە، بیهێننە بەرچاوی خۆتان کە من لە ناوچەیەکی پڕ لە قەیران و ململانێ و ئاژاوەدا ژیاوم، کە هەندێک جار لە جیهانی واقیعدا جگە لە خەونبینین و خەیاڵپەروەریی درێژخایەن بۆ داهاتوو، هیچ ئارامی و ئاسوودەییەکم نەبوو.

لە ناو بنەماڵەکاندا باوک فەرمانده بوو، هەژموونی ڕەهای ڕژێمە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان، هاوشانی حیزب و لایەنەکان و ئەڵبەت تێکهەڵچوونەکانیان دژ بە ڕژێمی باڵادەست وای کردبوو کە هەر لە منداڵییەوە سەیری ململانێی دەسەڵات بکەم. لە ژیانمدا کەسانی گرنگم بینیوە، کەسایەتییە سیاسییەکان کە بە هۆی بارودۆخی بنەماڵەکەم و شوێنی نیشتەجێبوونمەوە چاوم پێیان کەوتووە؛ هەر لە سەرانی حیزبی دێموکراتەوە بگرە هەتا زۆر کەسی تر کە هەمیشە ئیسکۆرتیان لەگەڵ بوو. دەچوومە کۆبوونەوە سیاسییەکان و نزیکەی دوو ساڵ بە زمانی کوردی خوێندوومە و ... هەموو ئەمانە لەو سەردەمەدا لام ببوو بە ئوستووره و ئەگەر ڕاستیتان دەوێ هەتا هەنووکەش شوێنەواری ئەوانە لە زەین و مێشکمدا ماونەتەوە. ئێستاش کە سەیری فیلمێک دەکەم و دەبینم تیمی زێرەڤان دەرگای ئۆتۆمبێل بۆ کەسێکی باڵادەست دەکەنەوە و ئەو کەسە پێگەیەکی تایبەتی هەیە، وەبیر ئەو سەردەمە دەکەومەوە.

لە خەون و خەیاڵی منداڵیمدا هەمیشە کەسایەتییەکی سیاسیی دیار و ناسراو بووم، کە گەورەتر بووم حەزم دەکرد ببمە وەزیر. ئێستا بەو ئەزموون و زانیارییە کەمەی کە لە سیاسەتی ئەوروپا و تورکیا و ناوچەکە بەدەستم هێناوە و دیمەنی ڕاستەقینەی جیهانی پڕ لە گرژی و نارِوونی سیاسەتم بینیوە، پێم خۆش نییە ببمە بەرپرسێکی سیاسی. پۆستی سیاسیم بۆیە خۆش ناوێ چونکە واژۆیی و ناواقیعییە، قۆناغێک دێ و قۆناغێکی تر دەبێ بڕوات. من بیر لە شتێکی بوێرانەتر و هەرمانتر دەکەمەوە. شتێک لە جەوهەری پیری و زانایی، خەیاڵی بوونە پیرێکی زانا (فەرزانە) کە سەرەڕای ژاوەژاوی زەمانە، فێری نهێنیی ژیان و سیحری ڕۆژگار بووە و باش دەزانێ کە هیچ شتێک هێندەی هزر و زانایی ڕێگای ڕۆشنایی و ئاشتی و ئارامی ناکاتەوە.

خەیاڵ هەمیشە بۆ من هێزێکی بزوێنەر بووە کە منی لە خواستەکانم نزیکتر کردۆتەوە،

ڕەگ و ڕیشـەی خـەون و ئاواتـە دەسـتنەکەوتووەکانم دەگەڕێتـەوە سـەر کـەم و کوڕییەکانـم و بەشـێکیان لـە بەسـەرهاتی ژیـان و سـەرگەرمی و ڕووداوەکانـی دەوروبـەرم ئیلهامیـان وەرگرتووە.

هەبوونـی زەینێکـی خەیاڵپـەروەر لـە دروسـتکردنی ئـەو خەونانـەدا بێکاریگـەر نەبـووە. چیـرۆک و ڕۆمـان زۆر کاریگەرییـان لـە سـەرم دانـا و خەیاڵپەروەریـم دەکـرد. ئەگـەر کتێـب و فیلـم نەبووایـە، ئەگـەر نووسـین و لێکۆڵینـەوە نەبووایـە، بـە دڵنیاییـەوە دەبوومـە کەسـێکی جیـاواز و ڕێچکەیەکـی دیکـەم دەگرتەبـەر. لـەو تەمەنـە پـڕ لـە گرژییـەی تافـی منداڵـی و هەڕەتـی هەرزەکاری، کـە لـەم کتێبـەدا زۆر باسـی وردەکارییەکانیـم کـردووە، ئـەوەی هەمیشـە ئـازادی کـردووم، خەیـاڵ و فانتازیـا بـووە.

خەیاڵپـەروەری وای کـردووە کـە مێشـک و ڕۆحـم باڵـی خەیـاڵ لـێ بـدەن و ئازادانـە بفـڕن، بـە جۆرێـک کـە ڕاسـتییەکانی ژیانـم دەرەقەتیـان نەیـەت. بەڕاسـتی ئەگـەر فانتازیـا نەبووایـە، ئایـا کتێـب و فیلـم و نووسـین و لێکۆڵینـەوەش دەبـوو؟ وەڵامەکـە نەخێـرە. ماڵـی خەیاڵپـەروەری ئـاوەدان بـێ کـە هەمـوو ئـەم مەحاڵانـەی بـۆم مومکیـن کـرد و مـن کەسـێکی بەختـەوەر بـووم کـە فانتازیـا و خەیاڵپەروەرییەکـەم توانـی سـەر هەڵبـدا و خـۆی بنوێنـێ و ئـەم سـەرکەوتنانە بـە دوایـدا هاتنـە سـەر ڕێـم و ڕێچکەیەکـی دیکـە هاتـە بـەر دەمـم. واقیعەکانـی ژیانـم ئەوەنـدە دێـز و سـەخت بـوون کـە دەیانتوانـی مـن بـەرەو هـەر سـەرەڕێیەکی دیکـەی، جگـە لـەم ڕێچکە، پەلکێـش بکـەن. فریشـتەی ژیانـم ئـەو هێـزی خەیاڵپەروەرییـە بـوو وا توانـی گشـت ئـەم ڕاسـتییانە ببەزێنێـت.

چەنـد زۆرن ئـەو منـداڵ و مێرمنداڵانـەی کـە ژیانیـان هێنـدە لـە ژێـر کۆنترۆڵـی دەسـەڵاتی ڕەهـادا قەتیـس بـووە کـە هەلـی خەیاڵپەروەرییـان بـۆ نەڕەخسـاوە، خەونەکانیـان دەچنـە گۆڕسـتانی ژیانیـان و لـە کێشمەکێشـی واقیـع و فانتازیـادا واقیعەکانـی ژیانیـان کـە زۆر جـار ڕەگ و ڕیشـەیان دەچێتـەوە سـەر جیهانـە تاڵـە کۆمەڵایەتییەکەیـان، بـە سـەر خـەون و ڕۆئیاکانیانـدا زاڵ دەبـن و سـەرکوتیان دەکـەن. خۆشـحاڵم کـە لەگـەڵ خیاڵپـەروەری نامـۆ نیـم و بـێ هیـچ دوودڵییـەک دەڵێـم هەندێـک جـار خەیاڵپـەروەری باشـە، پێـم وایـە جۆرێـک حەسـانەوەی مێشـکە و بـاوەڕم وایـە کـە پێویسـتە هەمیشـە خەیـاڵ و خـەون هەبـن و تەنانەت لە سـەر بناغـەی ئـەم خـەون و خەیاڵانـە داهاتـوو بنیـات بنرێـن. ئـەوەی جێـگای سـەرنجە، ئەوەیـە کـە بـە باوەڕێکـەوە خەیاڵپـەروەری دەکـەم کـە پێیـان گەیشـتووم و تەنانـەت لـە سـەختترین بارودۆخەکانیشـدا دڵـم بـە سرتـە پێـم دەڵـێ: "کامیـل، خەمـت نەبێـت! دواجـار باشترینـەکان دێتـە سـەر ڕێـت" و ناتوانـم لەگـەڵ ئـەم بۆچوونـەدا نەبـم.

زۆر خەونـی دوورودرێـژم بـووە. بـەڵام خۆمـم بـۆ هیـچ ئاواتێـک سـەرکۆنە نەکـردووە و نایکەم، ڕەنگـە دواتـر پێـی پێکەنیبێتـم، بـە پێچەوانـەوە هەمـوو خـەون و ئاواتێـک پاسـاوێکە بـۆ مـن بـۆ ئـەوەی هانـی خـۆم بـدەم. ئێسـتا کـە ئاوڕێـک لـە خـەون و ئاواتەکانـی ڕابـردووم دەدەمـەوە، ئەو

ئارەزووانـە دەبینـم کـە لـە هەلومەرجـی تەمەنـی و زەمەنـی و سـەردەمییەوە هەڵقـوڵاون و پێـم وایـە بـە زۆربەیـان گەیشـتووم.

کاتێـک هـەرزەکار بـووم پێـم خـۆش بـوو شـتە سەرنجڕاکێشـەکانی جیهـان ببینـم و بچـم بـۆ مـیسر و ئەفریقـا. لـە تەمەنـی هـەرزەکاری و جەوانیـدا خەونـم بـەوەوە دەبینـی کـە ببمـە کەسـایەتییەکی سیاسـیی گرنـگ. ڕەنگـە بـەم ئاواتەم نەگەیشـتبێتم، بـەڵام لێی نزیـک بوومەوە و ئێسـتاش نامهەوێـت. لـە لەنـدەن وەک چالاکێکـی خوێنـدکاری، لـە کوردسـتانی باکـوور و باشـوور وەک ڕێکخـەری توێژینـەوەی ئەنترۆپۆلـۆژی، لـە سـاڵانی ڕابردووشـدا لـە ئێـران وەک سەرپەرشـتیار و لێکۆڵـەری خەسـارە کۆمەڵایەتییـەکان و چالاکـی کارگێـڕی و توێژینەوەتـەوەر، ئەرکەکانـم ڕاپەڕانـدووە.

لانیکـەم بـە هەندێـک لـە ئـاوات و ئارەزووەکانـم گەیشـتووم. جـاران بیـرم لـەوە دەکـردەوە کـە قسـە بـۆ خەڵـک بکـەم، وتاربێژێکـی بـاش بـم و هەمـووان سەرسـامی خـۆم بکـەم. لـە خۆمـم دەپرسـی ئاخـۆ کـەی بـێ مـن بتوانـم لەبـەردەم کەسـانێکی وەکـوو فڵان کەسـدا وتارێک پێشـکەش بکـەم؟ نابـێ دەسـت و دەنگـم بلـەرزێ و بچمـە بـەر دووربیـن و قسـە بکـەم؟ ئێسـتا ئـەم خەونانـە هاتنـە دی و بۆشـم ئاسـایی بووەتـەوە. ئـیتر سـەرنجم ڕاناکێشـن و تەنانـەت خۆمیـان لـێ بـەدوور دەگـرم.

ئێسـتا کـە تەمەنـم پەنجـا سـاڵە، زۆرێک لـە خەونەکانـی سـەردەمی منداڵیم بـەدی هاتوون. ئـەو ڕۆژانـە لـە ژێـر کاریگەریـی ئـەو ڕۆمانانـەی دەمخوێندنـەوە، بیـرم لـە ژیانێکـی پـڕ لە هـوروژ دەکـردەوە و لەوانەیـە هەرگیـز بـە بیرمـدا نەهاتبـێ کـە ڕەنگـە ڕۆژێـک ببـم بـە مەیدانـکار و لێکۆڵـەر. لـە ڕاسـتیدا بـە نیـاز نیـم هەمـوو تەمەنـم وەک توێـژەر بمێنمـەوە، باشـە بۆچـی بـە درێژایـی تەمەنـم لـە ژێـر ناونیشـانێکی دیاریکـراودا کار بکـەم و بژیم؟ بەرهـەم و ئەزموونـی ژیاوم لـە جوگرافیـا و فەرهەنگێکـی دیاریکـراودا بووەتـە بەرهەمـی توێژینـەوە، بـەڵام ئێسـتا بیـر لـە جێبەجێکردنـی بیرۆکەکانـم دەکەمـەوە. زۆر زیاتـر لـەوەی بیـرم لێدەکـردەوە بەدەسـتم هێنـا. مـن حەزێکـی زۆرم بـۆ گەیـشتن بە خەونەکانـم هەبوو. هـەوڵ و ماندووبـوون و خۆڕاگریـی خۆم و بەخـت و دەسـت و پەنجـە نەرمکـردن لەگـەڵ دەرفـەت و بارودۆخـی جیـاواز، هەمیشـە یارمەتیی داوم کـە بـە خواسـت و ویسـتەکانم بگـەم. ئێسـتاش هەسـت دەکـەم بەشـێکی گرنـگتری ژیانـم دەسـتی پێکـردووە و دەزانـم لـە قۆناغـی دووەمـی ژیانمـدا، بـە ڕێگایەکـی جیـاواز لـە ڕێـگای ڕابردوومـدا دەڕۆم.

هەروەهـا کۆمەڵـێ ئاواتـم بـۆ ئەوانـیتر، بەتایبـەت بـۆ کوڕەکـەم هەیـە. ئاواتەخـوازم دەرفەتـی خوێنـدن و ئەزموونـی بـاش بێتـە سـەر ڕێـی و وەشـوێن خەونەکانـی بکەوێـت. ڕەنگـە هەمـوو دایـک و باوکێـک خۆزگـە بخـوازێ کـە جگەرگۆشـەکەی دەردیسـەری و نەهامەتییەکانـی ئـەوان نەبینـێ یـان ڕێچکـەی خـۆی بگرێتـە بـەر، بـەڵام بـۆ مـن گرنگـە کـە منداڵەکـەم بـە ڕێـگای

خۆیـدا بـڕوا و لـە هەمـان کاتـدا، منیـش پێـم خۆشـە کوڕەکـەم هەندێـک جـار وەکـوو خـۆم خەیاڵپـەروەری بـکا و پێـی دڵخـۆش بـێ. بۆیە ئێسـتا کـە دەبینـم کوڕەکـەم سـەرقاڵی یاریکردنە و قسـەم لەگـەڵ دەکا؛ کامیلێکـی بچووکـم وەبیـر دێتـەوە. مـن تەنهـا دەبـێ بواری پێویسـتی بۆ دابیـن بکـەم، نـەک لـەو چوارچێـوە چەقبەسـتووەی کـە هەرچیـم نەبـووە، دەبـێ ئەو هەیبـێ، نا مـن بەسـتێنە پێویسـت و زەروورییەکانـی بـۆ دابیـن دەکـەم و ئـەوەی دیکـەش دەهێڵمـەوە بـا بە هـەوڵ و ماندووبوونـی خـۆی پێـی بـگات. باوکـم لـە چوارچێـوە و شـیکارییە نەریتییەکـەی خۆی هەمیشـە دەیگـوت: " داک و بـاب پێیـان خۆشـە حەولادەکانیـان لـە خۆیـان سـەرتر بـن، بـاوک پێـی خۆشـە کوڕەکـەی لـە خـۆی پیاوتـر بـی."

بەرەو داهاتوو

ڕووداوە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانـی ئێـران لـە بەرەبـەرەی سـەدەی پـازدەی هەتاویـدا، کە بزووتنـەوەی سەرتاسـەریی "ژن، ژیـان، ئـازادی" سـەری هەڵـدا، مزگێنیـی سـەردەمێکی نوێـی مێـژووی هاوچەرخـی ئێرانـە[1] کـە هاوتەریـب لەگـەڵ ئـەودا دۆخـی سیاسـی و خەباتکاریـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان کـە ڕۆڵێکـی سـەرەکیی لـە پێشـهاتەکانی ئـەم دواییـەی ئێرانـدا هەبـوو، کەوتۆتـە بـەر گۆڕانکاریـی گوتـاری و پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتانیش لـە ژێـر کاریگەریـی وەرچەرخانـە ناوچەییەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناڤینـی پاشـداعش و گۆڕانکارییـە سیاسـی و ئەمنییەکانـی سـووریا[2]، عێـراق و تورکیـا، بـەرەو ئاسـۆیەکی نوێـی ژیانـی سیاسـی و کۆمەڵایەتی دەچـن کـە ئەمـە دەرفـەت و ئاڵنگاریـی نوێـی لەگەڵـە.

جگـە لـە پێشـهاتەکانی ئێـران و کوردسـتان، هەلومەرجـی گشـتیی ناوچەیـی لـە ڕۆژهەڵاتی ناڤیـن و زیادبوونـی هەڕەشـە ئەمنـی و سـەربازی و ژینگەییـەکان، کە بەهۆی گـرژی و ململانێی ئایینـی و نەتەوەیـی و ئایدیۆلۆژییـەوە دروسـت بـووە، وای کـردووە کـە بـەرەوڕووی ئاڵنـگاری نوێ ببێتـەوە، کـە مـن وەک هاووڵاتـی و توێژەرێـک کـە لـەم خۆرهەڵاتـی ناڤینـەدا دەژیـم و چالاکـی دەکـەم ناچـار دەبـم کـە سـەبارەت بـە سـیناریۆ ئەگەرییەکانـی داهاتـوو بیـر بکەمـەوە و تێـڕا بمێنـم و پێویسـتە هـەر چەشـنە چالاکییەکـی تاکەکەسـی و بەکۆمەڵـی مەدەنـی، سیاسـی، کۆمەڵایەتـی و هتـد خـۆی لەگـەڵ ئاراسـتەی ئـەم وەرچەرخانانـە ڕێـک بخـەم و ئەمـە دۆخێکـی نوێیـە کـە مـن پێـم وایـە دەبـێ لـە دارشـتنی پلان و بەرنامەکانـی داهاتوومـدا لەبەرچـاوی بگـرم و بـە وردی لێـی بکۆڵمـەوە.

---

١. ئـەم باسـە لـە پێداچوونـەوەی نوێـی کتێبـی "لـە سـنوورەوە بۆ سـنوور" لـە ژێر نـاوی "وێنـەی شوناسـی و وەرچەرخانەکانی کۆمەڵـگای ئێـران لـە سـەدەی پازدەیەمـی کۆچـی هەتاویدا" بـە چڕ و پـڕی لێـک دراوەتەوە.

٢. لەگـەڵ بەردەوامیـی و درێژبوونـەوەی جەنگـی ڕووسـیا لـە ئۆکراین و لاوازبوونـی پێگـەی ئێـران لـە لوبنـان و ناوچەکـە، ڕووخانـی حکوومەتـی بەشـار ئەسـەد لـە داهاتوویەکـی نـە زۆر دوور، زۆر دوور لـە چاوەڕوانـی نییـە.

هەست دەکەم ژیان ئێستا تروسکەی مانای جیاوازی بۆ هێناوم. ژیان لەگەڵ ئەو دراوسێیانەی کە دەمناسن، ئەو نەناسیاوانەی کە شایەتحاڵی گەشەکردن و تێکۆشان و گۆڕانکارییەکانم بوون، کە لە کۆچبەرێکی لاوەوە بووم بە مرۆڤێکی سەربەخۆ. من لێرە خۆم خۆمم پێگەیاند، بە هەوڵی خۆم گەیشتمە ئەو شوێنەی کە ویستم لێی بم و هەمیشە شتێک بووە بە ناوی "مانا"ی ژیان کە تەنانەت کاتێک لە تاریکترین ساتەکانی ژیانمدا بووم، بۆتە ڕێنیشاندەرم. من دوای تێپەڕین لە ڕێگای پڕ کەند و کۆسپ و سەختی و خۆشییەکانی ٥٠ ساڵی ژیانم گەیشتوومەتە ئێرە. کاتێ کە ١٢ ساڵ لەمەوبەر گەڕامەوە بۆ ئێران، بە هەگبەیەک لە هیوا و ئارەزووەوە دەگەڕامەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێی لەدایک بووم و گەورە بووم و دوای نزیکەی دە ساڵ، بە بارگە و بنەیەکی قورستری ئەزموونی تاڵ و شیرین دیسان ئەو وڵاتەم بەجێهێشتەوە.

بەهۆی مەیدانیبوونی لێکۆڵینەوەکانم و حەز و ئارەزووم بۆ چوونە ناو دڵی کۆمەڵگا، لایەنێکی بەرفراوانی خەڵکم بینی کە سەر بە ئێتنیک و ئایین و داب و نەریتی جیاواز بوون و قسەم لەگەڵ کردن. من بە پێست و گۆشتی خۆم فرەچەشنیی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی ئێرانم ئەزموون کرد و گەشتم بۆ ئەو ناوچانەی ئێران کرد کە کەم گەشتیارێکی ئاسایی سەریان لێ هەڵدێنێ، بەڵام هۆگری ناسینی ئەم جوگرافیا بەرینە و خەڵکەکەی بووم! مەیدانیبوونی لێکۆڵینەوەکانم هەمیشە دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساندووم کە لەگەڵ خەڵک بم. پێش ڕۆیشتنی ناچاریم لە ئێران، ئارەزووی ئەوەم هەبوو کە بۆ جێبەجێکردنی چەند کارێکی توێژینەویی سەبارەت بەو بابەتانەی کە خولیام بوون، بچمە ئەفغانستان. بەڵام دواتر لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی ئەفغانستان لەلایەن تاڵیبانەوە، ئەنجامدانی توێژینەوە و زەمینە بۆ کارە مەیدانییەکان کەمتر و دەتوانم بێژم ناومکین بوو. بەڵام هێشتاش هەندێک جار بە هیواوە بیری لێدەکەمەوە، بەو هیوایەی ڕەنگە دەرچەیەک بدۆزمەوە. هەروەها بیرم لەوە کردۆتەوە کە لە تاجیکستان و ئازەربایجان و شوێنەکانی تر لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەم و لەم ماوەیەدا لە کۆسۆڤۆ، هۆنگکۆنگ، قوبرس، دوبلێن و وڵاتانی دیکە و زانکۆکاندا بەشداریم لە چەندین کۆنفرانس و بەرنامەدا کرد.

بەڵام هیوا و خواستم هەمیشە ئەوە بووە کە ڕۆژێک بتوانم هەموو ئەو شتانەی کە بەدرێژایی ساڵانی ژیانم فێر بووم و ئەزموونم کردووە و ئەو بەهرەی کە لە خۆمدا هەستی پێدەکەم، بۆ بنیاتنانەوە و هێنانەدێی ئاشتی لە کوردستان و ناوچەکە هەنگاو بنێم، ئەو شوێنەی کە لێی لەدایک بووم، ئەو جێگایەی کە تۆوی خۆڕاگری و ئازایەتیی لە ناخمدا چاند، کوردستان ئەو زێدەی کە چیا سەربزێوەکانی هەمیشە لە هەموو سەرکەوتن و شکستەکانمدا منیان داڵدە داوە و خۆم بە قەرزاری خاکەکەی و خەڵکەکەی دەزانم کە هەرچی لە توانامدا بێ بۆیان دەکەم.

کوردسـتان بـۆ مـن تەنهـا خـاک نییـە، خـاک لـە هەمـوو شـوێنێکدا هەیـە، مـن خـۆم بە هی کوردسـتان دەزانـم، سـەلیقە و ڕەنـگ و مۆسـیقا و جوگرافیـا و شـاخ و کێـو و سروشـتەکەی چەندیـن چەمـک و مانـا لـە منـدا دەژیێنێتـەوە کـە لـە هیـچ شـوێنێکی ئـەم گەردوونـەدا بەدیـی ناکـەم. دیـارە لەدایکبـوون و گەورەبـوون و ژیـان لـە ئێـران و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و سـەفەرکردنی زۆر بـۆ هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان و کارکـردن لـە تورکیـا بـۆ مـاوەی چەنـد سـاڵێک و ناسـینی وڵاتانـی ناوچەکـە و ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، یارمەتـی دام کـە بـاشتر لـە خەڵـک و داب و نەریـت و یاسـا و ڕێسـا و پێگـەی ئاییـن و ڕێوڕەسـمە جیاوازەکانـی ناوچەکـە تێبگـەم. مـن سیاسـەتی ڕۆژانـە و کاربەدەسـت و سـەرکردە سیاسـییەکانی ئـەو جوگرافیایـە چـاک دەناسـم و ئـەم ناسـینە ڕێگـەم پێـدەدا کـە بـە پشـتبەستن بـەو زانیارییانەی کە سـەبارەت بەوێ هەمە، شیکارییەکی گشتگیرتر و هەمەلایەنەترم بۆ ڕووداوەکانی ناوچەکە هەبێت.

● وێنەی ٤٦٢ – لە ڕاستەوە: کۆنفرانس لە هۆنگ کۆنگ، توێژینەوە و کاری مەیدانی لە پریستینا (کۆسۆڤۆ)، کۆنفرانس لە دوبلێن، توێژینەوە لە هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٣ - ٢٠٢٠

بەشـێکی تـری پلانەکـەم گەڕانـەوە بـۆ دڵـی ڕۆژهەڵاتـی ناوینـە! دیـارە نـە وەک توێژەرێکـی مەیدانـی، بەڵکـوو وەک کەسـێک کـە بـۆ ئاشـتی و ڕەخسـاندنی دەرفەتـی یەکسـان و یارمەتـی بـۆ گەشـەپێدانی ئـەو ناوچـە هەنـگاو دەنێـت. بـۆ ئـەوەی بتوانـم ئـەم ئەرکـە بـە باشتریـن

شـێوە ڕابپەڕێنـم، بڕیـارم داوە چەنـد خولێـک لەسـەر لۆبیکـردن، دارشـتنی سیاسـەت و هتـد ببینـم بـۆ ئـەوەی خـۆم بـەو میکانیـزم و ئامـرازە فیکریانـە تەیـار بکـەم کـە بـۆ ڕۆڵگێـڕان و کاریگەریدانـان پێویـستن. نیـازم وایـە دوای تەواوکردنـی ئـەم ژیاننامـە کـە نزیکـەی سـێ سـاڵی خایانـد و بەشـێکی هـەرە زۆری لـە کتێبخانـەی نیشـتمانیی بەریتانیـا ئەنجـام درا، لـە سـاڵی نوێـدا گەشـتێکی دیکـە بـۆ ناوچەکـە بکـەم و لەگـەڵ ئەکادیمیسـت و بەرپرسـانی ئـەوێ دیـدار و کۆبوونـەوەم هەبـێ بـۆ ئـەوەی بـە ڕەخسـاندنی بـواری پێویسـت کار بـۆ چەسـپاندنی مافـە دیموکراتیکـەکان لـە ناوچەکـەدا بکـەم. چ ئەنجامەکـەی بـە دڵـم ببـێ و چ بـە دڵـم نەبـێ، لـە پێنـاو دروسـتکردنی داهاتوویەکـی گـەشتر بـۆ هەمـووان بـە دڵ و گیانـەوە بەم کارە هەڵدەسـتم.

مـن بەڵێنـم بـە خـۆم داوە کـە لەسـەر ئـەم ڕێبـازە چەسـپاو و بەردەوامـە بمێنمـەوە و ئەزموونە ژیاوەکانـم بکەمـە سەرچەشـنی داهاتـوو. ئاواتەخـوازم وەرزی داهاتـووی ژیانـم کە بڕیـارم داوە بە هیـوا و وزەوە دەسـتی پێبکـەم، لـە ڕووی تاکەکەسیشـەوە وەرزێکـی نـوێ لـە کامیلبوونـم بێـت. بـەم بـاوەڕ و ئامانـج و ئاواتانـەوە کۆتایـی بـەم دەفتـەرەی ژیاننامەیـەم دەهێنـم. مـن لە پڕۆسـەی تەواوکردنـی بابەتەکانـی داهاتـووی ئـەم ژیاننامـە لـە سـاڵانی داهاتـوودا، ئومێـد دەخـوازم کـە ببمـە گێـڕەوەری ڕۆژانـی گـەش و بەرسـەرهاتی دۆزینـەوەی ئاسـۆ و مانـای نـوێ و تـازە بـۆ ژیانی تاکەکەسـی و کۆمەڵایەتـی.

پێڕستی سەرچاوە و ژێدەرەکان

- احمدی، کامیل و همکاران. تیغ سنت به نام مذهب: کنکاشی پدیدارشناختی دربارهٔ ختنهٔ پسران یا مردان در ایران. دانمارک: نشر آوای بوف (نسخه فارسی)، و اقلیم کردستان، اربیل: نشر دانشفر(نسخه کُردی)، ١٤٠٢.
- احمدی، کامیل و همکاران.به نام سنت: پژوهشی جامع دربارهٔ ختنه زنان در ایران، ناشر فارسی: شیرازه، ١٣٩٤ و ناشر انگلیسی:Un Cut Voice, UK 2015.
- ادیب الشعرا، میرزا رشید. تاریخ افشار بهانضمام قیام شیخ عبیدالله، بکوشش محمود رامیان و پرویز شهریار افشار. تبریز: چاپخانه شفق، ١٣٤٦.
- بدلیسی، شرفخان بن شمسالدین. شرفنامه: تاریخ مفصل کردستان، به اهتمام ولادیمیر ولییامینوف. تهران: نشر اساطیر، ١٣٧٧.
- بدلیسی، میرشەرەفخان. شەرەفنامە:مێژووی ماڵەمیرانی کوردان، وەرگێڕانی هژار موکریانی. هەولێر: دەزگای ئاراس. ٢٠٠٦.
- بلوکباشی، علی. نوروز، جشن نوزایی آفرینش. تهران: دفتر پژوهشهای فرهنگی، ١٣٨٠.
- الحموی، یاقوت. معجم البلدان، ج ١. بیروت: دارالاحیائ و التراث العربی، بیتا.
- حەمە باقی، محەمەد. ڕاپەڕینی هەمزاغای مەنگوڕ لە بەڵگەنامەکانی قاجاریدا. هەولێر: دەزگای ئاراس، ٢٠٠٢.
- خوشنویس ، علی. محمد قولوخان افشار رومی در تشکیل دولت فدرال ملی. تهران: نشر آذرکهن، ١٣٧٩.
- ژانباتیست. سفرنامه. ترجمهٔ ابوتراب نوری، به کوشش حمید شیرانی. اصفهان: کتابفروشی تأئید، ١٣٣٦.
- سنندجی، میرزا شکرالله. تحفه ناصری در تاریخ و جغرافیای کردستان نوشته میرزا شکرالله سنندجی. تهران: امیرکبیر، ١٣٦٦.
- قازی، قاسم. مێژووی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان. سوید: وەشانگەی ٤٩ کتێب،٢٠٢٢.
- مستەفا ئەمین، نەوشیروان. کورد و عەجەم مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران. سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان ٢٠٠٧.
- نسین، عزیز. مگه تو مملکت شما خر نیس و کدام حزب برنده میشود؟. تهران: نشر ققنوس. ١٣٩٧.

- احمد اسکندری تحلیلگر مسائل خاورمیانه و کردستان، وبسایت شخصی https://ahmadeskandari.com
- اسناد بنیاد عبدالرحمن برومند، قربانیان و شاهدان کشتار در قارنا: https://www.iranrights.org/fa/library/document/3637
- ایشچی، دنیز. آسیب‌شناسی جنگ نقده؛ دیالوگ پیشنهادی حزب دموکرات کردستان. ۲۵ آپریل ۲۰۱۲: https://asre-nou.net/php/view.php?objnr=20523
- البارزاني، مسعود. البارزاني والحركة التحررية الكردية. بيروت: كاوا للنشر والتوزيع، ۱۹۹۷.
- پاپلی یزدی، محمدحسین. فرهنگ آبادیها و مکانهای مذهبی کشور. مشهد: بنیاد پژوهشهای اسلامی آستان قدس رضوی، ١٣٦٧.
- پایگاه خبری تحلیلی هابیلیان، وقایع فروردین ۱۳۵۹، درگیری مسلحانه ارتش با عناصر حزب دموکرات در نقده: https://www.habilian.ir/fa
- تغییر لباس و کشف حجاب به روایت اسناد. تهران: انتشارات مرکز بررسی اسناد تاریخی، ۱۳۷۸.
- جعفری ولدانی، اصغر و نیلوفر حق‌شناس کاشانی. «اختلافات مرزی و ارضی بین دولتهای خلیج فارس و تأثیر آن بر امنیت منطقه»، در مجموعه مقالات سومین سمینار بررسی مسائل خلیج فارس، بهمن ماه ١٣٦٩. تهران: وزارت امورخارجه، ۱۳۷۲.
- حسامی، کەریم. کاروانێک لە شەهیدەکانی کوردستانی ئێران. بەغدا: ۱۹۷۱.
- حەمەرش، سوران. کورد کێیە (مێژووی کورد و ڕەچەڵەکی زمانەکەی لە سەرەتای شارستانییەتەوە تاکو سەدەی دەیەمی زایینی). لەندەن: ۲۰۱۳.
- خزری، محەمەد. لاپەڕەیەک لە تێکۆشان و جوڵانەوەی ساڵەکانی ٤٢-٤٧ (١٩٦٣-١٩٦٨ی) حیزبی دێموکراتی کوردستان.
- خسروی، فرودخان. تاریخ ایل قراپاپاق. نشر ادیبان، ۱۳۸۹.
- دهیاری بختیار. آغاز و پایان جنگ تحمیلی عراق علیه ایران. ۱۳۹۳.
- رضوانفر، مرتضی. بازیهای بومی و محلی ایران. بخش بازیهای آذربایجان غربی و کُردستان. نشر آبادبوم، ۱۳۹۰.
- رضوی، مهدی (مسعود). تاریخ ایل قاراپاپاق. انتشارات اهل بیت، ۱۳۷۰.
- روزنامه اطلاعات، چهارشنبه ١٦ اسفند ۱۳۵۷، شماره ۱۵۸۰۲.
- روزنامه اطلاعات، شنبه اول اردیبهشت ۱۳۵۸، شماره ۱۵۸۳۵.

- روزنامهٔ اطلاعات، یکشنبه دوم اردیبهشت ۱۳۵۸، شماره ۱۵۸۳٦.
- روزنامه آیندگان، یکشنبه ۲۰ خرداد ۱۳۵۸، شماره ۳۳۷۱
- روزنامه کیهان، شنبه ۱۲ اسفند ۱۳۵۷، شماره ۱۰٦۵۱.
- روزنامهٔ اطلاعات، دوشنبه سوم اردیبهشت ۱۳۵۸، شماره ۱۵۸۳۷.
- روزنامهٔ اطلاعات، سه شنبه چهارم اردیبهشت سال ۱۳۵۸، شماره ۱۵۸۳۸.
- زاهدانی، سعید. « جنبشهای بنیادگرایی دینی»، غرب شناسی بنیادی- سال ۱۳۹۱- دوره ۳- شماره ۲- از صفحه ۷۵ تا ۱۰۵.
- سعید، ناجی. کُردهای عراق و بحران هویت، نشریه زمانه، شماره ۱۰، ۱۳۸۲.
- شرفکندی، عبدالرحمن (ماموستا هەژار). «هەنبانە بۆرینە، فرهنگ فارسی-کردی»، ویراستار: محمدماجد مردوخ روحانی. تهران: انتشارات سروش، ۱۳٦۹.
- فصیحی, سیمین, نوری امیرآبادی, مریم. نقش دوگانه حزب دموکرات ایران در مشارکت سیاسی زنان. تاریخ اسلام و ایران, ۱۳۸۹; ۲۰(٦): ۱۰۷-۱۲۸.
- قاسملو، عبدالرحمن. کُردستان و کُرد، ترجمه عبدالله حسن زاده. بیجا: بی نا، ۱۳۵۲/۱۹۷۳.
- قاسملوو، عەبدولرەحمان و عەبدوڵلا حەسەن زادە. خیانەتەکانی قیادەی مووقەت بە نەتەوەی کُرد. لە بڵاوکراوەکانی ئینتشارات و تبلیغاتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ۱۳٦۰.
- کوچرا، کریس. جنبش ملی کُرد و خواست استقلال، ترجمه عزیز ماملی. سلیمانی: 2008.
- گزارش آسوشیتد پرس از آوارگان نقده در اردوگاه خانه جوانان شیر و خورشید سرخ مهاباد -٦ تیرماه ۱۳۵۸ - ۲۷ ژوئن ۱۹۷۹:

https://www.instagram.com/naghadeh.history/reel/CrzGBS۹oQob/

- مفخم، لطفاله. فرهنگ آبادیهای ایران (شامل نامها و موقعیت جغرافیایی شهرها و دیههای ایران). تهران: نشر مرکز آمار ایران، ۱۳٦۱.
- هوشنگ مهدوی، عبدالرضا. سرنوشت یاران مصدق. تهران: انتشارات علمی، ۱۳۸۳.

وبسایت تحلیلی و خبری آذریها. زیباکلام: رضاشاه نام «آذربایجان» را بر روی کردستان گذاشت. ١٤ اردیبهشت ۱۳۹۵:

https://azariha.org/717/

- وبلاگ جنگ نقده گفتهها و ناگفتهها، بخش دوم نوشتههای قولو بناوند در مورد جنگ

نقـده، ۲ دی ۱۳۸۹: http://jangenagade.blogfa.com/post/18

- جـی. ریموند،غـرب و پیامدهـای قانونـی کـردن روسـپیگری، ترجمـۀ علـی گل محمـدی، مطالعـات راهبردی زنـان ۱۳۸۲ شماره ۲۱.
- رابـی، جی. انسـان شناسـی وثنطیـی، ترجمه محمد تهامی نژاد، ، وبسـایت انسانشناسـی و فرهنگ، ۱۳۸۹.
- رشیدی، سامان. حقوق اقلیتها و عدالت قومی.
- زادشـم,مرضیه, برزوئیان,مرضیـه, جسـتاری در ریشـه هـا و ابعـاد فرهنگـی مفهـوم باکرگـی. پژوهـش هـای میـان رشـته ای زنـان , ۱٤۰۰ ;٤ (۲) :۷۳-۸٤.
- زمرشـیدی، حسـن. مـعماری ایـران: مصالحشناسـی سـنتی، ویراسـتار: ئەحمەداللـه یـاری، انتشـارات زمـرد، ۱۳۷۷.
- شریفـی، یونـس. منـداڵان سربـاز در پرتـو اولیـن رأی دیـوان کیفـری بینالمللـی. پایـان نامـه کارشناسـی ارشـد، دانشـگاه علامـه طباطبایـی - دانشـکده حقـوق و علـوم سیاسـی - ۱۳۹۳.
- فقیـه حبیبـی، علـی. تأثیـر کنوانسـیون ۱۹۸۰ سلاح هـای متعـارف خـاص بـر حقـوق بشر دوسـتانه. مطالعـات سیاسـی۱۳۹٦؛ ۱۰(۳۷):۱۷۷-۱۹٦.
- گوتارنامه؛ ماهنامه اجتماعی- فرهنگی، سال اول؛شماره۱، ۱۳۹۷.
- ئەحمەدی، کامیل و هاوکاران . «تاڵانی منداڵی، توێژینەوەیەک سـەبارەت بە ناسـین، ڕێگری و کۆنترۆڵـی دیـاردەی زبڵگەڕیـی منداڵان لـە تاران»، وەرگێڕانی نەسـیم غوڵامی. وەشـانخانە: ئەنجومەنی پشـتیوانیی لە مافەکانی منـداڵان و مێرمنداڵان، ۱۳۹۸.
- ئەحمـەدی، کامیـل و هـاوکاران. «زایەڵـەی بێدەنگـی: توێژینەوەیەکـی گشـتگیر سـەبارەت هاوسـەرگیریی پێشـوەختەی منـداڵان لـە ئێـران»، وەرگێڕانـی نەسـیم غوڵامـی. چاپخانـەی شـیرازە: تـاران، ۱۳۹۷ و چاپخانـەی نشر49books، سـوویید ۲۰۲۳.
- ئەحمەدی، کامیل و هاوکاران. تابۆ و نهێنیپارێزی: توێژینەوەیەک سـەبارەت بە دەسـتدرێژیی سێکسـی بۆ سـەر منداڵان بە جەختکردنەوە لە سـەر زینا لەگەڵ مەحارم لە ئێران. وەرگێڕانی نەسـیم غوڵامی. دانیمارک: ئاڤای بووف و چاپەمەنیی 49books، سوویید ۲۰۲۴.
- ئەحمەدی، کامیل و هاوکاران. تیغی نەریت بە ناوی ئایین: توێژینەوەی دیاردەناسانە سەبارەت بە خەتەنەی کوڕان یان پیاوان لە ئێران، دانیمارک: چاپخانەی ئاوای بووف، ۲۰۲۳.
- ئەحمەدی، کامیل و هاوکاران. چیرۆکی شاری قەدەغەکراو، توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە ناهاوسانان لە ئێران، وەرگێڕانی نەسیم غوڵامی. چاپخانەی فارسی: مهری، ۲۰۱۹. & نشر

آوای بوف ٢٠٢٠، ناشرانگلیسی: Mehri Publication, London-UK 2020 .

- ئەحمەدی، کامیل و هاوکاران. لە سنوورەوە هەتا سنوور توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە شوناس و ئێتنیکایەتی لە ئێران. وەرگێڕانی نەسیم غوڵامی. وەشانخانە: مێهری (لەندەن)؛ ئاوای بووف، دانمارک. ڕێکەوتی چاپ: ٢٠٢١.
- ئەحمەدی، کامیل و هاوکاران. ئاسەواری چەوساندنەوە لە جیهانی منداڵی: توێژینەوەیەک سەبارەت بە جۆر، هۆکار و لێکەوتەکانی کاری منداڵان، وەرگێڕانی نەسیم غوڵامی. وەشانخانەکان: ئاوای بووف، دانمارک؛ دانیشفەڕ، هەولێر-کوردستان، ٢٠٢١.
- ئەحمەدی، کامیل. بەڵگە فیلمی کرێکۆڵ،١٣٨٥. ماڵپەڕی کامیل ئەحمەدی:

https://kameelahmady.com/fa/documentaries/poverty-and-bread-documentary/

- ئەحمەدی، کامیل. تاڵانی منداڵی: توێژینەوەیەک سەبارەت بە ناسین، ڕێگری و کۆنترۆڵی دیاردەی زبڵگەڕیی منداڵان لە تاران. وەگێڕانی نەسیم غوڵامی. دانیمارک، چاپەمەنیی ئاڤای بووف،٢٠٢١.
- - فیلیپ کتاکو کنراد انسان شناسی ترجمه محسن ثلاثی :تهران: نشر علمی، ١٣٨٦. گزارش نقض حقوق بشر دانشجویان در سالی که گذشت - کانون دفاع از حقوق بشر در ایران، اسفند ١٣٨١.
- - آرنت، هانا. توتالیتاریسم، ترجمه محسن ثلاثی. تهران: ثالث، ١٣٩۴.
- - آگامبن، جورجو وسایل بی هدف ترجمه امید مهرگان و صالح نجفی. تهران: چشمه، ١٣٩٠.
- مرکز نشر آثار و اندیشه های عبدالله اوجالان اوجالان کیست؟ مرکز انتشارات پژاک، چاپخانه گریلا،.١۴٠٢
- - جنگ میان کومله و دموکرات https://old.iranintl.com/live
- - سرشار ٢٠١١، جوامع یهودی ایران در دانشنامه ایرانیکا.
- - مجله معارف مرداد و شهریور ١٣٨٧ شماره ۵٨ https://hawzah.net/fa/Magazine
- - یوسفی اشکوری، ١٣٩۵. https://www.zeitoons.com
- ئەحمەدی، کامیل و هاوکاران. چیرۆکی شاری قەدەغەکراو، توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە ناهاوسانان لە ئێران، وەرگێڕانی نەسیم غوڵامی. چاپخانەی فارسی: مهری، ٢٠١٩. & نشر آوای بوف ٢٠٢٠، ناشرانگلیسی: Mehri Publication, London-UK ٢٠٢٠ .

- ئەحمەدی، کامیل و هاوکاران. لە سنوورەوە هەتا سنوور توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە شوناس و ئێتنیکایەتی لە ئێران. وەرگێڕانی نەسیم غوڵامی. وەشانخانە: مێهری (لەندەن)؛ ئاوای بووف، دانمارک. ڕێکەوتی چاپ: ٢٠٢١.
- ئەحمەدی، کامیل و هاوکاران . «تاڵانی منداڵی، توێژینەوەیەک سەبارەت بە ناسین، ڕێگری و کۆنترۆڵی دیاردەی زبڵگەڕیی منداڵان لە تاران»، وەرگێڕانی نەسیم غوڵامی. وەشانخانە: ئەنجومەنی پشتیوانیی لە مافەکانی منداڵان و مێرمنداڵان، ١٣٩٨.
- ئەحمەدی، کامیل و هاوکاران . « گریمانەی ڕوو لە گۆڕان: ڕاپۆرتێکی ناوخۆیی لەسەر خەتەنەی ژنان/ کچان لە ئێران و پێشەکییەکە سەبارەت بە خەتەنەی کوڕان/پیاوان لە ئێران»، وەرگێڕانی نەسیم غوڵامی. وەشانخانەی دانیشفەر: هەولێر.
- ئەحمەدی، کامیل و هاوکاران . « بە ناوی نەریت: توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە ئێران»، وەرگێڕانی نەسیم غوڵامی. وەشانخانەی دانیشفەر: هەولێر.
- ئەحمەدی، کامیل و هاوکاران . « ماڵێک بە درگای ئاوەڵاوە: توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی سپی لە ئێران»، وەرگێڕانی نەسیم غوڵامی. وەشانخانەی دانیشفەر: هەولێر.
- ئەحمەدی، کامیل و هاوکاران . « ماڵێک لە سەر ئاو: توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی کاتی (مسیار) و بڕیاری مەحرەمێتی لە ئێران»، وەرگێڕانی نەسیم غوڵامی. وەشانخانەی دانیشفەر: هەولێر.
- ئەحمەدی، کامیل و هاوکاران. «زایەڵەی بێدەنگی: توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان لە ئێران»، وەرگێڕانی نەسیم غوڵامی. چاپخانەی شیرازە: تاران، ١٣٩٧ و چاپخانەی نشر ٤٩ book، سوویید ٢٠٢٣.
- کریمی فاطمه تراژدی تن خشونت علیه زنان نشر روشنگران و مطالعات زنان، ١٣٨٩.
- لیلا، مسئله قومیت و تکلیف ما مجله نقد اقتصاد سیاسی، ١٣٩٧.
- مرادی روشهای نمونه گیری کیفی، ١٣٩٥.

- ئەحمەدی، کامیل و هاوکاران. «تاڵانی منداڵی، توێژینەوەیەک سەبارەت بە ناسین، ڕێگری و کۆنترۆڵی دیاردەی زبڵگەڕیی منداڵان لە تاران»، وەرگێڕانی نەسیم غوڵامی. وەشانخانە: ئەنجومەنی پشتیوانیی لە مافەکانی منداڵان و مێرمنداڵان، ١٣٩٨.

- احمدی، کامیل. با پژوهشگران مهربان باشیم. تلگرام، ٢١ دسامبر: ٢٠١٩

با-پژوهشگران-مهربان-باشیم.https://telegra - 21 Ph-12

- ئەحمەدی، کامیل و هاوکاران. ئاسەواری چەوساندنەوە لە جیهانی منداڵی: توێژینەوەیەک سەبارەت بە جۆر، هۆکار و لێکەوتەکانی کاری منداڵان، وەرگێڕانی نەسیم غوڵامی. وەشانخانەکان: ئاوای بووف، دانمارک؛ دانیشفەڕ، هەولێر-کوردستان، ٢٠٢١.
- احمدی، کامیل. یک روز با یک خانواده از عشایر کرد، بیبیسی فارسی:

https://www.bbc.com/persian/interactivity/yourphotos/story/2006/08/060816_h_ahmadi2

- جزئیات بر هم زدن عروسی دختر ۹ ساله در مشهد، وبسایت عصر ایران، ۱۲ شهریور www.asriran.com/fa/news/629727
- خبرنگار بی بی سی اینجا چه میکند! ؟، وبسایت مشرق نیوز، ۲۲ خرداد۱۳۹۹ : mshrgh.ir/1082462
- خرد جنسی /ختنه زنان /کامیل احمدی، صفحه یوتیوب کامیل احمدی:

https://www.youtube.com/watch?v=lFC٠aNRCrvE

- دیدار کامیل احمدی پژوهشگر اجتماعی بازداشت شده باهمسرش، وبسایت عصر ایران، ۲۳ شهریور:۱۳۹۸

www.asriran.com/fa/news/688814

- رستمی، نیلوفر. زندانیهای دوتابعیتی و خارجی اروپایی و آمریکایی در زندانهای ایران، ۱مهر ۱۳۹۸ ، ایران وایر:

https://iranwire.com/fa/features/33190/

- سخنگوی قوه قضاییه: موضوع بازداشت کامیل احمدی ارتباط با موسسات خارجی است، شبکه حقوق بشر
کردستان، ۹ مهر: ۱۳۹۸

https://kurdistanhumanrights.org/fa/news-fa/freedom-fa/freedom-of-expression-fa/2019/10/01/p9939/

- صادقی، محدثه. نفوذی هیفوس مجلس د هم را در حوزه خانواده به بیراهه برد، وبسایت روزنامه کیهان،٢٦ خرداد ۱۳۹۹

https://kayhan.ir/000ndJ

- کامیل احمدی پژوهشگر ایرانی-بریتانیایی بازداشت شده است، وبسایت ب یبی سی فارسی، ۲۳ مرداد:۱۳۹۸

https://www.bbc.com/persian/iran-49332126

- کامیل احمدی کیست و چه پروژه ای را در ایران دنبال میکرد؟+ تصاویر. سایت مشرق نیوز، ۱۵ مهر:۱۳۹۸

Mshrgh.ir/998906

- کایلی مور-گیلبرت و سه بار خودکشی در زندان اوین، رادیو زمانه، ۱۷ اردیبهشت:۱۳۹۹

https://www.radiozamaneh.com/502748

- کشتی گریس ۱ آزاد شد، خبرگزاری ایرنا، ۲۴ مرداد۱۳۹۸ :

www.irna.ir/xjvdFg

- کمپین بدسرپرست تنهاتر است، ویک پیدیای فارسی: کمپین_بدسرپرست_تنهاتر_است

www.fa.wikipedia.org

- گل، ژیار. آزادی متهمان به قتل دانشمندان هستهای، معجزه یا بیگناهی؟، ب بی سی فارسی، ۱۲ مرداد: ۱۳۹۸

https://www.bbc.com/persian/iran-49221220

- ماموریت خبرنگار BBC در فراکسیون زنان مجلس+ عکس، سایت مشرق نیوز،۱۸ اردیبهشت:۱۳۹۹

Mshrgh.ir/1070077

- محمدی، نرگس. شکنجۀ سفید، سوئد: نشر باران، ۲۰۲۱ .
- مستند خارج از دید، وبسایت آپارات: /مستند_خارج_از_دید

www.aparat.com/result

- مقابله با ازدواج از طریق بهانههای تکراری و ترویج سبک منحرف زندگی! و وبسایت روزنامه کیهان، ۲ دی: ۱۳۹۸

https://kayhan.ir/000kIf

- منصور، جهانگیر. قانون مجازات اسلامی. نشر دیدآور، تهران، ١٤٠٠ .
- منصور، جهانگیر. قوانین آیین دادرسی کیفری. نشر دیدآور، تهران، ١٤٠٠ .
- وبسایت شخصی کامیل احمدی:

www.kameelahmady.com

- وحیدی راد، مهتاب. در سلول انفرادی بر زندانی چه میگذرد؟، ١٥ خرداد: ١٤٠٠
www.radiofarda.com/a/31291916.html
- همایش فمنیستی با حذف کارشناسان منتقد برای محدودیت ازدواج، وبسایت روزنامه کیهان، ٠٦ بهمن:١٣٩٧
https://kayhan.ir/dsU
- با-پژوهشگران-مهربان-باشیم
www.irna.ir/news83601879
- ابوالقاسم صلواتی، دانشنامه ویکیپدیا: ابوالقاسم_صلواتی/www.fa.wikipedia.org/wiki
- باتلر، جودیت. محافظت کردن از زندگی، ترجمه مهسا اسدالله نژاد، ١٣٩٩، نشریه اینترنتی پرابلماتیکا.
- پاسخ به گزارش گاردین، صفحه اینستاگرام کامیل احمدی: www.instagram.com/p/CLMsijpH٤ij/?utm_source=ig_web_copy_link
- صادقی؛ محدثه. نفوذی«هیفوس» مجلس دهم را در حوزه خانواده به بیراهه برد، وبسایت روزنامه کیهان، ٢٦ خرداد ١٣٩٩: https://kayhan.ir/fa/news/190793
- فروید، زیگموند. تمدن و ملالتهای آن، مترجم محمد مبشری، انتشارات ماهی، ١٤٠٢.
- کامیل احمدی به ٩ سال حبس محکوم شد، وبسایت آ انس خبری رویداد ٢٤، ٢٣ آذر ١٣٩٩: www.rouydad24.ir/fa/news/243195
- کامیل احمدی به ٩ سال حبس محکوم شد+عکس، خبرگزاری تسنیم، ٢٣ آذر ١٣٩٩: https://tn.ai/2409665
- کامیل احمدی پژوهشگر مسائل اجتماعی، در ایران به ٩ سال حبس محکوم شد، وبسایت بیبیسی فارسی، ٢٣ آذر ١٣٩٩: www.bbc.com/persian/iran-55296017
- کامیل احمدی کیست و چه پروژهای را در ایران دنبال میکرد؟+ تصاویر، پایگاه خبری تحلیلی مشرق نیوز: mshrgh.ir/998906
- کامیل احمدی، پژوهشگر محکوم به زندان: مصاحبه تصویری با فرداد فرحزاد- Iran International، سایت شخصی کامیل احمدی:/https://kameelahmady.com/fa/kameel-ahmady-prisoner-researcher-video-interview-with-fardad-farahzad-iran-international/

- Contact, Hilary. Statement on the Detention In Iran Of Social Anthropologist Kameel Ahmady
- 21 August 2019:

  https://hilaryburrage.com/2009/08/21/statement-on-the-detention-in-iran-of-social-anthropologist-kameel-ahmady/
- Hall, Richard. British-Iranian academic arrested in Iran amid tanker row. Independent, 14 August 2019: www.independent.co.uk/news/world/middle-east/british-iranian-kameel-ahmady-iran-tehran-tanker-prison-nazanin-zaghari-ratcliffe-a9056786.html
- https://www.balatarin.com/permlink/2020/3/3/5271608
- https://www.endangeredscholarsworldwide.net/post/kameel-ahmady-british-iranian-anthropologist-arrested-in-iran-1
- Kameel Ahmady: British FGM academic (jailed in Iran). BBC Persian, 14 December 2020: www.bbc.com/news/world-middle-east-55300694
- http://www.magiran.com/npview.asp?ID=1824256
- https://kameelahmady.com/fa/articles/conquered-nations
- https://web.archive.org/web/20050205135317/http://www.utexas.edu/features/
- archive/2003/romani.html
- https://kameelahmady.com/fa/documentary-film-called-st
- https://kameelahmady.com/fa/poverty-and-bread-documentary
- https://www.dw.com/fa-ir
- www.kurdishmedia.com
- Erich F. Schmidt. Flights Over Ancient Cities of Iran. Chicago: University of Chicago Press, 1940.
- https://www.youtube.com/watch?v=eu1RRi2WUEM
- https://www.youtube.com/watch?v=h-wGC9Npnzo
- https://www.youtube.com/watch?v=LXEz8qatrRI
- McDowall, David. A Modern History of the Kurds. published by I.B.Tauris. 1996.

پێڕستی وێنەکان

- وێنەی ١- ئەنجامی ئەزموون DNA، ڕێگەی ڕۆشتنی باپیرانی باوکی و دایکیم ٣٦
- وێنەی ٢- کۆچکردنی پەیتاپەیتا و هاتوچۆی باپیرانی من لە ماوەی چەندین سەدەی ڕابردوو لە هەندێ ناوچەی کوردستانی باکوورەوە بەرەو هەر دوو کوردستانی باشوور و کوردستانی ڕۆژهەڵات ٣٧
- وێنەی ٣- ناوچەی موکریان ٤١
- وێنەی ٤- ناسنامەی کوێخا خەلیل ٤١
- وێنەی ٥- قەرەنیئاغا، سەرۆکی خێڵی مامەش، میرەدێی پەسوێ ٤٩
- وێنەی ٦- هەندێ لە سەرکردەکانی عەشیرەتی مەنگوورِ و مامەش لە جەنگی جیهانیی یەکەم. ١٩١٣ی زایینی، پیرانشار ٥٣
- وێنەی ٧- سەردانی بابم بۆ لای مینە قازی لە کاتی نەخۆش کەوتنیدا، گوندی گرداشەوان، ١٣٨٢ی هەتاوی (٢٠٠٣) ٦٧
- وێنەی٨- دایکم، پاییزی ١٣٨٤ی هەتاوی(٢٠٠٥) ٦٨
- وێنەی ٩- لە ڕاستەوە: خاڵە قادر، خاڵە عەلی، گوندی گرداشەوان، بەهاری ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی (٢٠٠٩) ٧١
- وێنەی ١٠- بابم لە باکوری ئێران، شاری ئامول، پاییزی ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی (١٩٦٨) ٧٤
- وێنەی ١١- بابم و دایکم، پیرانشار، ١٣٦٤ی هەتاوی (١٩٨٥) ٧٩
- وێنەی ١٢- نەغەدە حەوشەی کاروانسەرا، لە ڕاستەوە: مامە حەوڵا، کوڕانی مامە حەوڵا کاک غەفوور، مراد، جەسیم، دانیشتوو تەها، ١٣٥٦ی هەتاوی (١٩٧٨) ٨٥
- وێنەی ١٣- نەنەم، پیرانشار، ١٣٧٨ی هەتاوی(١٩٩٩) ٩١
- وێنەی ١٤- پوورە کولسووم، گوندی گرداشەوان، هاوینی ١٣٨٤ی هەتاوی (٢٠٠٥) ٩٧
- وێنەی ١٥- مامە ئەحمەد، نەغەدە، پاییزی ١٣٥٠ی هەتاوی (١٩٧١) ١٠١
- وێنەی ١٦- پوورە زێنەب و کچەکەی مێهری، ١٣٦٦ی هەتاوی (١٩٨٧) ١٠٢
- وێنەی ١٧- پوورە مریەم و سابیر، نەغەدە، ساڵی ١٣٥٣ی هەتاوی (١٩٧٤) ١٠٦
- وێنەی ١٨- خوشکم مەحبووبە، نەغەدە ١٣٥١ی هەتاوی (١٩٧٤) ١١٦
- وێنەی ١٩- تەبیبەی خوشکم، ساڵی ١٣٥٨ هەتاوی (١٩٧٩) ١١٨
- وێنەی ٢٠- تەرمی مراد شیرێژ، ژەندرمەری، بە ئەگەری زۆر نەغەدە، ١٣٤٧هەتاوی (١٩٦٨) ١٢١
- وێنەی ٢١- خۆم. قۆناغی سەرەتایی ١٢٤
- وێنەی ٢١- خۆم، پاییزی١٣٥٨ی هەتاوی(١٩٧٩) ١٢٨
- وێنەی ٢٣- ڕەسووڵ، پاییزی١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩) ١٢٩
- وێنەی ٢٤- کامیار و کانی، ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی(١٩٩٣) ١٣١
- وێنەی ٢٥- باخچەی ساوایانی سەردەمی شا، سەرەتاکانی دەیەی پەنجای هەتاوی (حەفتاکانی زایینی) ١٤٤
- وێنەی ٢٦- من و نەنکم، پیرانشار، پاییزی ١٣٦٢ی هەتاوی (١٩٨٣) ١٤٩
- وێنەی ٢٧- حەمامی نمرەیی لە نەغەدە ١٥٩
- وێنەی ٢٨- ڕێوڕەسمی عاشوورا، نەغەدە، موحەرەمی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩) ١٦٤
- وێنەی ٢٩- تیغی نەریت لە ژێر ناوی ئایین، چاپی سوییەد، ٢٠٢٣ ..... ١٦٦
- وێنەی ٣٠- هەندێ لە کتێبەکانی قازی سەعید کە لە لایەن خوێنەران لە ئێران و ئەڤغانستان پێشوازییەکی فرەی لێ کرا ١٧٤
- وێنەی ٣١: داخوازیی ژنانی کورد لە تاڵەقانی و شاندی هاوڕێی لە کۆبوونەوەی سنە، ٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی هەتاوی، وێنەگر:جیهانگیر ڕەزمی (١٩٧٩) ١٨٠
- وێنەی ٣٢- وێنەی ئاسمانیی قەڵای نەغەدە، دەوروبەری ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی (١٩٦١) ١٨٤
- وێنەی ٣٣- لە ڕاستەوە: مام حەوڵا، مام قادر، مام حەمەدەمین، باوکم، ڕاوەستاو: مام ئەحمەد. ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی (١٩٨٣) ١٨٩
- وێنەی ٣٤- کوڕانی مام حەوڵا و مام حەمەدەمین، لە ڕاستەوە: کاک جەسیم، غەفوور، مراد، مستەفا، دانیشتوو: ناسر و تەها ١٩١
- وێنەی ٣٥- کاک فەتاح، پاریس،١٣٧٠ی هەتاوی(١٩٩١) ١٩٢
- وێنەی ٣٦. لە لای ڕاستەوە: حەسەن عەلی زەرگەرزادە، ئەندامی پەرلەمان؛ نەقی خان بوزجەلۆ، پارێزگار؛ سادق زیا، جێگری نەخۆشخانە؛ عەلی خاڵخالی، سەرۆکی شارەوانی. نەغەدە، بەهاری ١٣٤٥ی هەتاوی (١٩٦٦) ٢٠٥
- وێنەی ٣٧. وێنەی بەڵگەی مێژوویی پەیوەست بە لابردنی حیجاب ٢٠٧
- وێنەی ٣٨. وادەی خۆڕاییبوونی خزمەتگوزاری بۆ خەڵک لە لایەن خومەینییەوە، سەرەتاکانی شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی (١٩٧٩) ٢١٢
- وێنەی ٣٩. ڕێپێوانەکانی شاری نەغەدە، شەقامی پەهلەوی، ١٣٥٧ی هەتاوی (١٩٧٩) ٢١٥
- وێنەی ٤٠. خەڵکی تورکی چەکداری نەغەدە، ١٣٥٧ی هەتاوی (١٩٧٩) ٢١٧
- وێنەی ٤١. دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو لەگەڵ هێڵێن کرۆلیچی هاوسەری، کۆماری چێک سەرەتاکانی١٩٥٠ی زایینی ٢٢٢
- وێنەی ٤٢. تەرمی سولەیمان موعینی بەرامبەر ژاندارمەری پیرانشار (سولەیمان موعینی، ئەمەیە ئاکامی خیانەت) ١٣٤٧/٠٢/٢٥ی هەتاوی (١٩٦٨) ٢٢٣

- وێنەی ٤٣. وتاردانی شیخ عێزەدین حوسەینی لە مەیدانی ئازادیی سنە، ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩) ٢٢٧
- وێنەی٤٤. غولامەرزا حەسەنی، پێشنوێژی هەینیی ئەوکاتی ورمێ و نوێنەری رێبەر لە پارێزگادا ٢٣٣
- وێنەی٤٥. خاتوون مەلیحە ئەمینی خێزانی مەلا ساڵە، نەغدە، ١٣٥٠ی هەتاوی (دیاریی کوڕی مەلاساڵە) (١٩٧١) ٢٣٦
- وێنەی ٤٦. لە لای ڕاستەوە: مەسعوود بارزانی، ئیدریس بارزانی، مەلا ساڵە، مەلا زاهید. نەغدە ماڵی مەلا ساڵە، ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩) ٢٣٧
- وێنەی ٤٧. دکتۆر قاسملوو و شێخ عێزەدین لە ماڵی مەلا ساڵە، ١٦ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩)..... ٢٣٨
- وینەی ٤٨. میتینگی حیزبی دێموکرات، مەهاباد، ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩)..... ٢٤٠
- وێنەی ٤٩. هەندێ لە تەرمەکانی جەنگی نەغدە، وێنەی ڕۆژنامەی ئیتلاعات، ٢ی گوڵانی ١٣٥٨ (١٩٧٩)..... ٢٤١
- وێنەی ٥٠. ماڵەکەمان لە نەغدە، درگای سپییەکەی خوار کۆڵانەکە کە لە شەقامی سونەتە (مەلا ساڵە) ٢٤٥
- وێنەی ٥١. هەواڵی پوختەی ڕۆژنامەی ئیتلاعات سەبارەت بە ڕۆژی سێیەمی شەڕی نەغدە ٢٥٠
- وێنەی ٥٢. ناشتنی هەندێ لە تەرمەکان، گۆڕستانی نەغدە، چواری گوڵانی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩)..... ٢٥٥
- وێنەی ٥٣. تانکەکانی لەشکری ٦٤ی ورمێ لە نەغدە، گوڵانی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩) ٢٦٠
- وێنەی ٥٤. من لە سەروبەندەی ئاوارەیی، ١٣٦٢ی هەتاوی (١٩٨٤) ٢٦٥
- وێنەی ٥٥. لە لای ڕاستەوە: تەبیبە، مەحبووبە، ڕەسووڵ، دانیشتوو من، پیرانشار، پاییزی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩)..... ٢٦٨
- وێنەی ٥٦. قوتابخانەکانی حیزب لە شار و دێ..... ٢٧٥
- وێنەی٥٧. خوێندن بە زمانی دایکی و ڕاهێنانی ڕەگەزی، سەرەتاکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی (هەشتاکانی زایینی) ٢٨١
- وێنەی ٥٨. وتنەوەی سرووود لە لایەن یەکێتیی لاوانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، شەستەکانی هەتاوی ٢٨٤
- وێنەی ٥٩. ئیدریس و مەسعوود بارزانی و پێشمەرگەکانی قیادەی مووەقەت..... ٢٩٣
- وێنەی ٦٠و ٦١. زنجیرە دانوستانەکان لە مەهاباد و گوندی بێوران، سەردەشت. وێنەی لای چەپ: ٢٩٧
- وێنەی ٦٢. ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی بارزانی بە بەشداریی مەلا ساڵە (چاویلکە ڕەشەکە)، شنۆ ١٣٥٧/١٢/١٥/ (١٩٧٩/٣/٦) ٣٠٤
- وێنەی ٦٣. خەیانەتەکانی قیادەی مووەقەت بە نەتەوەی کورد، نووسینی عەبدوڵڵا حەسەن زادە و دکتۆر قاسملوو..... ٣٠٧
- وێنەی ٦٤. سەردێڕی هەندێ لە ڕۆژنامەکان سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەو سەروبەندە ٣١٠
- وێنەی ٦٥. لە سێدارەدانی بەلێشاو لەلایەن خڵخاڵی کە قازیی شەرعی ڕاسپێردراوی خومەینی بوو، وێنەی لەسێدارەدان لە فڕۆکەخانەی سنە. هاوینی ١٣٥٨ هەتاوی (١٩٧٩). ٣١١
- وێنەی ٦٦. ڕەنگدانەوەی ژینۆسایدی قارێنێ لە ڕۆژنامە نیشتمانییەکاندا ٣٢٠
- وێنەی ٦٧. بەخاک سپاردنی کوژراوان لە گۆڕستانی قارێنێ، ١٢ ی خەرمانانی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩)..... ٣٢٠
- وێنەی ٦٨. پرسە و شینگێڕی لە سەر تەرمی کوژراوانی قەڵاتان، ١٣٥٩/٠١/٠٨ (١٩٨٠) ٣٢٢
- وێنەی ٦٩. ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکان سەبارەت بە کوژراوان و نائارامییەکانی ناوچەکە، ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩)..... ٣٢٤
- وێنەی ٧٠. وێنەی کاک محەممەد و هەر سێ کوڕەکەی، کاک حەسەن، حامید و حسێن ٣٣١
- وێنەی ٧١. کتێبی شەش بەرگی لە نووسینی مەسعوود بارزانی..... ٣٣٤
- وێنەی ٧٢. هاوکاریی قیادەی مووەقەت و سپا لە سەرەتاکانی ئینقلابدا..... ٣٣٦
- وێنەی ٧٣. گۆڕی کاک کەریم یەکاو و وێنەکەی لە دەستی کوڕەکەیدا ٣٣٧
- وێنەی ٧٤. نائارامییەکانی کوردستان، وێنە: جیهانگیر ڕەزمی ٣٤٠
- وێنەی ٧٦. بروجێردی لە گەڵ عەلی خامنەیی ڕێبەری ئێستای ئێران ٣٤١
- وێنەی ٧٥. محەممەدی بروجێردی لە دامەزرێنەرانی پێشمەرگەی موسڵمان..... ٣٤١
- وێنەی ٧٧. جەنگ لە میحوەری جادەی سەردەشت، بەهاری ١٣٦٠ (١٩٨١)..... ٣٤٥
- وێنەی ٧٨. پاسدار موقبیلی، بەرپرسی ئیتلاعاتی سپای پیرانشار، ١٣٦٠ی هەتاوی (١٩٨١) ٣٥٠
- وێنەی ٧٩. پێشمەرگەی موسڵمانی حکوومەتی، جاشە خۆماڵییەکان ٣٥٣
- وێنەی ٨٠. باوکم (یەکەمی لای ڕاست) لە زیندانی دەریا، ورمێ، ١٣٦٠ی هەتاوی (١٩٨١) ٣٥٥
- وێنەی ٨١. ئیدریس، سابیر و مەسعوود بارزانی ٣٥٨
- وێنەی ٨٢. گوللەبارانکردن لە نەخۆشخانەی پاوە، ٣٠ ی گەلاوێژی ١٣٥٨ (١٩٧٩/٨/٢١) ٣٦١
- وێنەی ٨٣. باوکم لەبەر دووکانەکەی (لای ڕاست)، ١٣٦٢، پیرانشار (١٩٨٣) ٣٦٨
- وێنەی ٨٤. بڵاوکردنەوەی ئەم چەشنە ناوەڕۆکانە دوای تێپەڕینی چەندین دەیە ٣٧٣
- وێنەی٨٥. خۆم، پیرانشار، ٣٧٥
  ١٣٦٢ی هەتاوی (١٩٨٣)..... ٣٧٥
- وێنەی ٨٦. قوتابخانەی سەرەتایی مەحموود قادری، پیرانشار..... ٣٨١
- وێنەی ٨٧ - ڕۆژی تەندروستی، نەغدە، قوتابخانەی ئەنووشیروان..... ٣٨٣
- وێنەی ٨٨. قوتابخانەی ١٧ی شەهریوەر، پێنجی سەرەتایی، پیرانشار، ١٣٦١ی هەتاوی (١٩٨٢)..... ٣٨٧
- وێنەی ٨٩. خۆم، بەهاری ١٣٦٢ (١٩٨٣)..... ٣٩٨
- وێنەی ٩٠. من لەسەر ماتۆرەکەی باوکم، پیرانشار ، ١٣٦٤ی هەتاوی (١٩٨٥ز)..... ٤٠٦
- وێنەی ٩١. بۆردومانی پیرانشار، زەرگەتەن، ڕەشەمەی ١٣٦٣ ی هەتاوی (١٩٨٥)..... ٤١١
- وێنەی ٩٢. من لە سەروبەندی ئاوارەییدا، نەغدە، ١٣٦٤ی زایینی (١٩٨٥)..... ٤١٥
- وێنەی ٩٣. قوتابیانی قوتابخانەیەک لە شاری پیرانشار و کۆمێنتی یەکێک لە فالۆوێرەکانم کە سەرگوزەشتەی خوێندن و ئاوارەبوونەکەی لە خۆم دەچێت ٤١٩
- وێنەی ٩٤. من و داشقەکەم ٤٢٣

- وێنەی ٩٥. نوێژکردنی من لەبەر کامێرا. لە لای ڕاستەوە: ڕەسوولّی برام، پشیلەکەمان، نەنکم و من. ١٣٦٤ی هەتاوی (١٩٨٥) ٤٢٩
- وێنەی ٩٦. ئەحمەد شێربەگی، بێژەری ڕادیۆی حیزبی دێموکرات، کوێستانی قەندیل، ١٣٦٧ی هەتاوی (١٩٨٨) ٤٣٢
- وێنەی ٩٧. وێنەی من و گۆڤاری گوڵ‌ئاڤا ٤٣٧
- وێنەی ٩٨. شایی بنەماڵەیی، کەسی سێیەم: تەبیبیەی خوشکم لە تەنیشت بابم ٤٤١
- وێنەی ٩٩. بابم، خۆم و نەنە. پیرانشار، ١٣٦٢ی هەتاوی (١٩٨٣) ٤٤٧
- وێنەی ١٠٠. وێنەی ترووماپا لە شاری نەغەدە ٤٤٩
- وێنەی ١٠١. مێرمنداڵیی من و دەستپێکی جگەرەکێشانم، نەغەدە، ١٣٦٦ی هەتاوی (١٩٨٨) ٤٥٥
- وێنەی ١٠٢. سێ مانگ بەر لە بۆردومانکردنی پیرانشار، دایکم، ڕەسوولّ، من، نەنکم و مەحبووبە. پیرانشار پاییزی ١٣٦٣ی هەتاوی (١٩٨٤) ٤٥٧
- وێنەی ١٠٣. لێدانی گوللەی کۆتایی لە ١١ کەس لە ئێعدامیانی کورد بە فەرمانی خەڵخاڵی، فڕۆکەخانەی سنە، خەرمانای ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩). وێنە لە جەهانگیر ڕەزمی ٤٦٧
- وێنەی ١٠٤. مۆڵەتی بەشداری لە تاقیکردنەوەکانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی، ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی (١٩٨٣) ٤٧٠
- وێنەی ١٠٥. بابم و یەکێ لە مامۆستاکانم کە هاوڕێی بابم بوو، لەبەر دووکان، پیرانشار ١٣٦٢ی هەتاوی (١٩٨٣) ٤٧٤
- وێنەی ١٠٦. خۆم، دێی گەرباسک، سەردەشت، ١٣٦٥ی هەتاوی (١٩٨٧) ٤٧٩
- وێنەی ١٠٧. بەڵگەفیلمی هەژاری و نان ٤٨٤
- وێنەی ١٠٨ – پێشمەرگەکانی بارزانی، کاتی خەبات لە دژی سەدام حسێن ٤٨٦
- وێنەی ١٠٩. ئەحمەد دانیشوەر (هاوڕێیەکی بابم) و بابم، یەکەم دووکانی بابم دوای ئازادبوونی لە زندان، پیرانشار شەقامی ئیمام، ١٣٦١ی هەتاوی (١٩٨٢) ٤٩١
- وێنەی ١١٠. من و ماتۆڕەکەی بابم، ١٣٦٣ی هەتاوی (١٩٨٤) ٤٩٣
- وێنەی ١١١. تیرۆری دکتۆر قاسلموو و هاوڕێیانی، قۆبیەنای نەمسا، ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی (١٩٨٩) ٤٩٨
- وێنەی ١١٢. دکتۆر قاسلموو و منداڵان، مەهاباد، ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩) ٥٠١
- وێنەی١١٣. هەفتەی ماتەمینی گشتی، کوێستانی قەندیل، جۆزەردانی ١٣٦٨ی هەتاوی (١٩٨٩) ٥٠٢
- وێنەی ١١٤. من و سابیری پوورزام، پیرانشار ١٣٦٥ی هەتاوی (١٩٨٦) ٥٠٥
- وێنەی ١١٥. ڕۆژانی سەرەتای چالاکییەکانم، من بە ئاغابانوی کوردییەوە (چەفیەی فەلەستینی)، وێنەی هاوسەرگیریی خێزانی، ١٣٦٦ی هەتاوی (١٩٨٧) ٥٠٨
- وێنەی ١١٦. گوندی دۆڵەتوو ٥١٢
- وێنەی ١١٧. وێنەی من بە کەواوپانتۆڵی پێشمەرگایەتییەوە. ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی (١٩٨٩) ٥١٣
- وێنەی ١١٨. دارستانەکانی ئاڵوەتان ٥١٨
- وێنەی ١١٩. خۆم دوای ئازادبوونم لە زیندان، پیرانشار ١٣٦٨ی هەتاوی (١٩٩٠) ٥٢٦
- وێنەی ١٢٠. بنەماڵەیەکی کورد لە کوورەخانەی خشتپێژیدا ٥٣٤
- وێنەی ١٢١. لە لای ڕاستەوە: مەهناز کچی مامم ، من، مامم، حەبیبە کچی مامم و ئومید تەنیا کوڕەکەی مامم ٥٤٣
- وێنەی ١٢٢. لە لای ڕاستەوە: مامۆستا هێمن (شاعیر)، ناسر ڕەزازی و نەجمەدین غوڵامی (گۆرانیبێژ) ٥٤٩
- وێنەی ١٢٣. ژنانی مەهابادی ٥٥٢
- وێنەی ١٢٤. ڕۆیشتن بۆ خولی ڕاهێنانی سەربازی (ئامووزشی)، لەگەڵ سابیری پوورزام، نەغەدە فەلەکەی ژاندارمەری، بەهاری ١٣٦٧ی هەتاوی (١٩٨٨) ٥٥٨
- وێنەی١٢٥. ئۆتۆمبێلی کۆمیتە ٥٦١
- وێنەی ١٢٦. سەربازگەی ڕاهێنانی هۆڵەسوو ٥٦٤
- وێنەی ١٢٧. بەشداریی زۆرەملی لە ماتەمینی عاشوورا، ساینقەڵا، زستانی ١٣٦٧ی هەتاوی (١٩٨٩) ٥٦٧
- وێنەی ١٢٨. دەڤەری جانداران. سەردەشت ٥٧٠
- وێنەی ١٢٩. بێتاقەتی بۆ جلوبەرگی مەدەنی و وێنەی یادگاری بەو جلوبەرگەوە، گوندی ئەحمەد غەریب، بەهاری ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی (١٩٩٠) ٥٧٨
- وێنەی ١٣٠. قەڵاتیشای ٥٨٠
- وێنەی ١٣١. شایی لە وەرزی زستان، ئاوایی ئەحمەد غەریب ٥٨٤
- وێنەی ١٣٢. کاتی پشووی سەربازی، من و کامیار ١٣٦٩ی هەتاوی (١٩٩٠) ٥٨٨
- وێنەی ١٣٣. شایی مەحبووبە، لە لای ڕاستەوە: حەبیبە، من و مەهنازی کچە مامم. نەغەدە زستانی ١٣٧٠ی هەتاوی (١٩٩٢) ٥٨٩
- وینەی ١٣٤. شایی مەحبووبە، پیرانشار، ١٣٧١ی هەتاوی (١٩٩٢) ٥٩٠
- وێنەی ١٣٥: دیمەنی خوێناوی دوای تیرۆرکردن لە چێشتخانەی میکۆنۆس لەلای ڕاستەوە نووری دێهکوردی، سادق شەرەفکەندی، فەتاح عەبدولی و هومایون ئەردەڵان، بەرلین ١٣٧١ی هەتاوی (١٩٩٢) ٥٩٣
- وێنەی ١٣٦: ڕێوڕەسمی ناشتنی تیرۆرکراوانی چێشتخانەی میکۆنۆس لە پێرلاشێزی پاریس؛ لە ڕاستەوە: هومایوون ئەردەڵان، سادق شەرەفکەندی و فەتاح عەبدولی وێنە: PDKI ٥٩٤
- وێنەی ١٣٧: کاک مراد و دکتۆر قاسملوو، قەندیل، ١٣٦٢ی هەتاوی (١٩٨٣) ٥٩٥
- وێنەی ١٣٨: دووکانی خۆم، پیرانشار، ١٣٧١ی هەتاوی (١٩٩٢) ٦٠١
- وێنەی ١٣٩. ڕاپەڕینی جەماوەریی ساڵی ١٩٩١ ..... ٦٠٣
- وێنەی ١٤٠. مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی ٦٠٥
- وێنەی ١٤١: کوڕەکانی مەلا مستەفا بارزانی، مەسعود و ئیدریس و پێشمەرگەکانیان ٦٠٦

- وێنەی ١٤٢. مام جەلال تاڵەبانی و هاوخەباتەکانی ٦٠٧
- وێنەی ١٤٣: ئاهەنگی هاوسەرگیریی کازم کوڕی مام سەلیم، هەولێر - هەرێمی کوردستان ٦٠٨
- وێنەی ١٤٤: خوێندنەوەی وێژە و کتێبی کوردی، پیرانشار، ١٣٧١ی هەتاوی (١٩٩٢) ٦٠٩
- وێنەی١٤٥. عومان، زستانی ١٣٧١ (١٩٩٢) ٦١٢
- وێنەی ١٤٦. ئەستەنبوڵ، مزگەوتی ئایاسۆفیا، پاییزی ١٣٧١ی هەتاوی (١٩٩٢) ٦١٤
- وێنەی ١٤٧. شێخ ڕەش، شنۆ، ١٣٧٠ی هەتاوی (١٩٩١) ٦١٦
- وێنەی ١٤٨. شێخ محەمەد عوسمان سیراجەدین نەقشبەندی ٦١٨
- وێنەی ١٤٩. مۆزەخانەی ئەسینای پایتەخت. بەهاری ١٩٩٥ ..... ٦٢٥
- وێنەی ١٥٠. کەمپ، یۆنان- ئەسینا. ١٩٩٥ ..... ٦٢٦
- وێنەی ١٥١. گڵۆپە هەڵواسراوەکان. ئەسینا ٦٣٠
- وێنەی ١٥٢. یۆنان، ئەسینای، ١٩٩٥ ..... ٦٣١
- وێنەی١٥٣- لەگەڵ هاوڕێی نوێکانم، وێستگەی ناوەندیی ڕۆما ١٩٩٦ ..... ٦٤٢
- وێنەی ١٥٤- لەگەڵ هاوپۆلەکەم، ڕۆما، ڤاتیکان، ١٩٩٦ ..... ٦٤٧
- وێنەی ١٥٥- کۆڵۆسیووم، ڕۆما، ١٩٩٦ ..... ٦٤٩
- وێنەی ١٥٦- هۆڵی دادگای میکۆنۆس پاش ڕاگەیاندنی بڕیاری کۆتایی، کەژاڵ عەبدولی ٦٥٤
(بە سیمای گریانەوە) / شوهرە بەدیعی/ حەمید نەوزەری و هانس یوواخیم ئیریگ (پارێزەر) ٦٥٤
- وێنەی ١٥٧- لەندەن، ١٩٩٧ ..... ٦٦١
- وێنەی ١٥٨- وێستگەی شەمەندەفەری سمیت، لەندەن، ١٩٩٧ ..... ٦٦٤
- وێنەی ١٥٩- شپردز بووش، لەندەن، ١٩٩٧ ..... ٦٧١
- وێنەی١٦٠- وێمبڵدۆن، لەندەن، ١٩٩٧ ..... ٦٧٣
- وێنەی ١٦١- ئاهەنگی دەرچوون لە زانکۆ، کۆلیژی پاتنی، دیسامبەری ١٩٩٧ ..... ٦٧٥
- وێنەی ١٦٢- هامێر سمیت، لەندەن، ١٩٩٧ ..... ٦٧٦
- وێنەی ١٦٣- دایک و باوکم، شەستەکانی هەتاوی (هەشتاکانی زایینی) ٦٧٧
- وێنەی ١٦٤- ڕەسووڵ لە دووکانەکەیدا، پیرانشار، ١٣٧٧ی هەتاوی (١٩٩٨) ٦٧٩
- وێنەی ١٦٥- هەڵبژاردنەکانی KCC، ئۆڤیل، لەندەن، ١٩٩٩ ..... ٦٨٢
- وێنەی ١٦٦- مەسعود بارزانی و نێچیرڤانی برازا و زاوای، سەرکردە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان ٦٨٣
- وێنەی ١٦٧- چێشت لێنان بۆ هەندێ لە هاوڕێکان، لەندەن، ١٩٩٩ ..... ٦٨٥
- وێنەی ١٦٨- گۆشت و ماسیفرۆشی، بریکستۆن، لەندەن ٦٨٦
- وێنەی ١٦٩- وێنەی خۆم و هاوڕێیانم، هامەر سمیت، لەندەن ٦٩٠
- وێنەی ١٧٠- وێنەکێشانی من بۆ کوڕەکەم لە زیندانی ئەوین، تاران، ١٣٩٨ی هەتاوی (٢٠١٩) ٦٩٣
- وێنەی ١٧١- من لە هۆتێلی ڤیکتۆریا، لەندەن، ٢٠٠٢ ..... ٦٩٤
- وێنەی ١٧٢- وێنەی من و هەڤاڵ، شاری باف، ١٩٩٨ ..... ٦٩٦
- وێنەی ١٧٣- خولی فەوقی دیپلۆم و بەکالۆریۆس، زانکۆی لەندەن، ٢٠٠٠ ..... ٦٩٨
- وێنەی ١٧٤- وێنەی دەرچوون لە زانکۆ، لەندەن، ٢٠٠٢ ..... ٧٠٠
- وێنەی ١٧٥- لەگەڵ هاوڕێیانم لە فێستیڤاڵی مووزیک، سکۆتلەند، ٢٠٠٤ ..... ٧٠٣
- وێنەی ١٧٦- وێنەی ئاپۆ لە ناوەندی کوردانی باکووری لەندەن ٧٠٥
- وێنەی ١٧٧. داریووش فوروووهەر لە کوردستان سنە. ١٣٥٩ی هەتاوی (١٩٧٩-١٩٨٠) ٧٠٦
- وێنەی ١٧٨- خۆپێشاندانی دژ بە جەنگی ئەفغانستان/عێراق، ناوەندی لەندەن ٧٠٩
- وێنەی ١٧٩- گەیاندنی پیتزای هات، لەندەن ٧١٣
- وێنەی ١٨٠- من، جۆردی و بێلینی خوشکی لە بارسێلۆنا، ئیسپانیا، ٢٠٠٥ ..... ٧١٦
- وێنەی ١٨١- من بە تیشێرتی: شانسێکی دیکە بدە بە ئاشتی ٧١٩
- وێنەی ١٨٣- هێڵی سنووریی سوودان و میسر، ٢٠٠٣ ..... ٧٢١
- وێنەی ١٨٢- فریاگوزاری لە ئۆکسفام، ئەفریقای ناوەندی، ٢٠٠٣ ..... ٧٢١
- وێنەی ١٨٤- ساتی دیداری من لەگەڵ باوکم دوای چەندین ساڵ، وان. کوردستانی باکوور. ٢٠٠١ ..... ٧٢٣
- وێنەی ١٨٥. کاتی ماڵاوایی. من و کاک مراد لە ناو خزم و کەس و کارماندا. فڕۆکەخانەی وان، ٢٠٠١ ..... ٧٢٦
- وێنەی ١٨٦. خۆپێشاندانی دژی جەنگی ئەفغانستان، بەریتانیا، ٢٠٠٢ ..... ٧٢٨
- وێنەی ١٨٧- لەگەڵ هونەرمەندان لە لای ڕاستەوە: ناسر ڕەزازی – مەزهەر خالەقی – شڤان پەروەر – هۆمەر دزەیی و لارای کچی ٧٣٠
- وێنەی ١٨٨- چالاکی لە ڕادیۆ، هاکنی، لەندەن، ٢٠٠٣ ..... ٧٣١
- وێنەی ١٨٩- میوانی ڕۆژ تیقی، بەلژیک، ٢٠٠٤ ..... ٧٣٤
- وێنەی ١٩٠- نێرگەلە و چا لە نەجەف، عێراق، ٢٠٠٣ ..... ٧٣٥
- وێنەی ١٩١- بەرگی کتێبی تێزی ماستەر بە سێ زمان، چاپخانەی مێهربی لەندن / چاپخانەی سکۆلاری فێنلاند / چاپخانەی دانیشفەر کوردستان ٧٣٧
- وێنەی ١٩٢- سەردێری ڕۆژنامە بە ناونیشانی: کێ قووەکانی کوشت؟ ٧٤٣
- وێنەی ١٩٣- زنجیرە درامای ناموس لە نێتفلکیس ٧٤٦
- وێنەی ١٩٤ - بابەتێک کە سەبارەت بە بەناز و دوعا ٧٤٧

- وێنەی ١٩٥- فێستیڤاڵی نەورۆز لە ستادیۆمی بەرلین، ئەڵمانیا، ٢٠٠٣ ..... ٧٥٠
- وێنەی ١٩٦- وێنەکانی ئاپۆ و ئەندامانی دیکەی پەکەکە لە کەی.سی.سی ٧٥١
- وێنەی١٩٧ – ڕێوڕەسمی ناساندن بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکان و ئەندامێتی لە لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی، هارینگی، لەندەن، ٢٠٠٤ .... ٧٥٢
- وێنەی ١٩٨ – گەڕان بە دنیادا ٧٥٥
- وێنەی ١٩٩- لە ڕێگای قەندیل، دیداری سەلاحەدین دەمیرتاش سەرۆکی پێشووی پارتی دیموکراتیکی گەلان، ئامەد، ٢٠٠٣ ..... ٧٥٧
- وێنەی ٢٠٠- لە ئامەد، ٢٠٠٢ ..... ٧٥٩
- وێنەی ٢٠١- دالانی مەرگ، کەمپی تریزن، ٢٠٠٢ ..... ٧٦١
- وێنەی ٢٠٢- دیمانەی سکای ٧٦٦
- وێنەی ٢٠٣- ئیسکۆرتەکەم خەریکە فیرم دەکا کە چۆن کڵاشینکۆف بخەمە سەر پێ، بەغدا، ٢٠٠٣ ..... ٧٦٧
- وێنەی ٢٠٤- زیارەتکارانی کەربەلا بە سواریی داشقە و ویلچەر، ڕێگەی نەجەف بەرەو کەربەلا، عێراق، ٢٠٠٣ ..... ٧٦٨
- وێنەی ٢٠٥- وێنەیەک لە گۆڕستانی وادیولقەدیم، کەربەلا، عێراق، ٢٠٠٣ ..... ٧٧٠
- وێنەی ٢٠٦ – وتاردان لە کۆبوونەوەی ڕیفراندۆم، مەیدانی ترافالگار، لەندەن، ٢٠٠٤ ..... ٧٧٤
- وێنەی ٢٠٧ – دیدار لەگەڵ سەرۆک وەزیر لە ژمارە ١٠ی داونینگ ستریت ٧٧٥
- وێنەی ٢٠٨- بینای حکومەتیی ئۆنتاریۆ، کانادا، ٢٠٠٤ ..... ٧٧٧
- وێنەی ٢٠٩- پەتی سێدارەی عەلی حەسەن مەجید ناسراو بە عەلی شیمیایی ٧٨٢
- وێنەی ٢١٠ – پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات، کوردستان، ٢٠٠٣ ..... ٧٨٣
- وێنەی ٢١١ – لە ڕێگای پەنجشیر، ئەفغانستان، ٢٠٠٤ ..... ٧٨٤
- وێنەی ٢١٢ – ڕێوڕەسمی نەورۆز لە زانکۆی سوواس، لەندەن ٧٨٦
- وێنەی ٢١٣- کۆبوونەوەی لۆبیگەری و سیمینار لە پەرلەمانی بەریتانیا، ویستمینستەر، ٢٠٠٥-٢٠٠٦ ..... ٧٨٧
- وێنەی ٢١٤ - جوولەکە و عەرەبە ڕەسەنەکان لە تێلئەڤیڤ، ٢٠٠٤ ..... ٧٩٠
- وێنەی ٢١٥- دەقێک سەبارەت بە مۆزەخانەی دیاسپۆرای جوولەکەکان لە تێلئەڤیڤ ٧٩١
- وێنەی ٢١٦- ئەفسەرە چەکدارە پۆلیسەکان ڕوو لە دیواری پیرۆز ٧٩٢
- وێنەی ٢١٧- جوولەکە ئۆرتۆدۆکسییەکان کە ڕۆژانە بۆ نوێژ و پاڕانەوە سەردانی ئوورشەلیم دەکەن ٧٩٣
- وێنەی ٢١٨- گەنجێکی مەسیحی خەریکی نزاکردن لە سەر مەزاری مەسیح لە کڵێسای گۆڕی پیرۆز ٧٩٤
- وێنەی ٢١٩- کاتی نوێژی نیوەڕۆ لە مەسجدولئەقسا و قوبەتولسەخرە کە ژنان لە پاڵ پیاوان نوێژ و نزا دەکەن ٧٩٥
- وێنەی ٢٢٠ - هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوەی مزگەوت لە لایەن هێزەکانی پۆلیسی ئیسراییل کۆنترۆڵ دەکرێت ٧٩٦
- وێنەی ٢٢١ - کاڵێندیا یەکێک لە دوور و درێژترین بازگە پشکنینەکان ٧٩٧
- وێنەی ٢٢٢- دیواری کەرتی ڕۆژاوا کە بە وتەی ڕێکخراوی نەتەوەکان نایاساییە. ٧٩٧
- وێنەی ٢٢٣ - وێنەی سەدام حسێن و ئوسامە بن لادەن بۆ فرۆشتن، لە یەکێک لە شەقامەکانی ڕامەڵڵادا ٧٩٨
- وێنەی ٢٢٤ - مەزاری یاسر عەرەفات ٧٩٩
- وێنەی ٢٢٥ - لایەنگرانی ئەبوو مازان، سەرۆک کۆماری فەلەستین، لە فێستیڤاڵی ئازادیی غەزەدا ٧٩٩
- وێنەی ٢٢٦ - شاری کۆنی هێبرووەن کە لە لایەن سوپای ئیسرائیل، لە گەڕەکەکانی دیکەی هێبرووەن جیا کراوەتەوە ٨٠١
- وێنەی ٢٢٧- سەرۆککۆمار عەباس خەریکی وتاردان لە ڕێوڕەسمی ڕامەڵڵایە؛ بڕیارە کەرتی ڕۆژاوا و ئوورشەلیم ئازاد ببن ٨٠٢
- وێنەی ٢٢٨- مامم ، نەنکم و خۆم، قەڵای هەولێر، ٢٠٠٤ ..... ٨٠٦
- وێنەی ٢٢٩- نەنکم (لە کاتی نەخۆشی و لاکەوتەییدا) و پووەرە مریەم، کوردستان، ١٣٨١ی هەتاوی (٢٠٠٢) ٨٠٧
- وێنەی ٢٣٠ – هەڵپەڕین و ڕوانینی بەتینی دایکم و سەرچۆپی کێشانی بابم، لەندەن، ٢٠٠٤ ..... ٨٠٩
- وێنەی ٢٣١- لە باوەشی دایکم، هامەرسمیت، لەندەن، ٢٠٠٤ ..... ٨١١
- وێنەی ٢٣٢- لە لای ڕاستەوە: پووەرە خەجیج، پووەرە مریەم و پووەرە زێنەب کە پاش مەرگی دایکم لە سەر جێگا کەوتووە، مەهاباد، ١٣٨٣ (٢٠٠٤) ٨١٤
- وێنەی ٢٣٣- لە ناو خوشک و ژنانی خزم لەگەڵە گەیشتنم بۆ ماڵەوە، پیرانشار، ١٣٨٣ی هەتاوی (٢٠٠٤) ٨١٦
- وێنەی ٢٣٤ – مەیدانی ئازادی ٨٢٣
- وێنەی ٢٣٥- سەردێڕی بابەتە ڕەخنەییەکەم لە کوردیش میدیا ٨٢٧
- وێنەی ٢٣٦- بابم لە کاتی ژن مارەبڕین دەستی لە ناو دەستی برای بووکە و مەلای گەڕەک و ئامۆژاکانیشی لەوێ ئامادەن، پیرانشار، ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی (٢٠٠٤) ٨٢٨
- وێنەی ٢٣٧- کۆڵبەران کاتی تێپەڕین لە سنوور، کەلەکین، پیرانشار، ١٣٨٤ی هەتاوی (٢٠٠٥) ٨٣١
- وێنەی ٢٣٨- وێنەیەک لە فیلمی "بەناوی نەریت"، توێژینەوەیەی مەیدانی، ئێران، ١٣٨٤-١٣٩١ هەتاوی (٢٠٠٥-٢٠١٢) ٨٣٣
- وێنەی ٢٣٩- وێنەیەک لە بەڵگەفیلمی هەژاری و نان، سنوری باشووری کوردستان، بەرهەمی ساڵی ٢٠٠٤ ..... ٨٣٣
- وێنەی ٢٤٠- وێنەی فێرکاری بۆ نەوجەوانانی کانوون، مەهاباد، ١٣٨٤ی هەتاوی (٢٠٠٥) ٨٣٥
- وێنەی ٢٤١- لە کتێبخانەی نیشتمانی، لەندەن ٨٤٤
- وێنەی ٢٤٢- سەفەرنامەی ئەرمەنستان، کوردستان، ئێران و مێزۆپۆتامیا ٨٤٦
- وێنەی ٢٤٣- شوورە و دیواری شاری ئامەد، ٢٠٠٧ ..... ٨٤٧
- وێنەی ٢٤٤- عوسمان بایدەمیر سەرۆک شارەوانیی ئامەد، نووسینگەی شارەوانی ٨٤٨
- وێنەی ٢٤٥- نووسینگەی پرۆژە، سوور، شاری کۆنی ئامەد، ٢٠٠٦ ..... ٨٤٩
- وێنەی ٢٤٦- منداڵان لە شاری کۆنی ئامەد کە بە شاری بەردین بەناوبانگە، ٢٠٠٧ ..... ٨٥٠
- وێنەی ٢٤٧- لەگەڵ دەنگبێژەکان، حەوشەی شوێنی کارەکەم، ئامەد، ٢٠٠٦ ..... ٨٥١

- وێنەی ٢٤٨- شۆردنی مینی فیات، دێرسیم، ٢٠٠٨ ..... ٨٥٣
- وێنەی ٢٤٩- دروشمی پڕ لە مشتومڕی "چ بەختەوەرە ئەوەی وا دەڵێ من تورکم" ٨٥٤
- وێنەی ٢٥٠- پۆلیس بە جلی مەدەنییەوە بەدوای ئێمەوەیە، کاری مەیدانی، دێرسیم، ٢٠٠٧ ..... ٨٥٥
- وێنەی ٢٥١- پازدە پارێزگاکەی باکووری کوردستان، لە کتێبی ڕوانینێکی دیکە بۆ ڕۆژهەڵاتی تورکیا، ٢٠٠٨ ..... ٨٥٦
- وێنەی ٢٥٢ – ڕۆژی ژن، ئامەد، ٨ی مارسی ٢٠٠٧ ..... ٨٥٨
- وێنەی ٢٥٣ – ڕێگای بەیتولشەباب، ٢٠٠٧ ..... ٨٦٠
- وێنەی ٢٥٤ – حاجی عوسمان و هاوسەرە ئەرمەنییەکەی کیمێت، گوندی پینگناس، بەتلیس، ٢٠٠٧ ..... ٨٦١
- وێنەی ٢٥٥ – مێهرەجانی خوریچینی بەرخ، سنووری نێوان باکوور و باشووری کوردستان، بەیتولشەباب، ٢٠٠٧ ..... ٨٦٢
- وێنەی ٢٥٦ – قەڵای بەناوبانگی حەلەب، سووریا، ٢٠٠٧ ..... ٨٦٥
- وێنەی ٢٥٧ – ژووری ئاتاتورک و لۆرێنس، حەلەب، سووریا، ٢٠٠٧ ..... ٨٦٦
- وێنەی ٢٥٨ – قاهیرە، میسر، ٢٠٠٨ ..... ٨٦٨
- وێنەی ٢٥٩ – ڕاپۆرتی من بۆ سی‌بی‌سی، ماردین، ٢٠٠٧ ..... ٨٦٩
- وێنەی ٢٦٠ – نارەزایەتی دژ بە سیاسەتەکانی حکوومەت، حەکاری، ٢٠٠٦ ..... ٨٧٠
- وێنەی ٢٦١ – ئاهەنگی سەرکەوتنی د.ت.پ، ئامەد، ٢٠٠٩ ..... ٨٧١
- وێنەی ٢٦٢ – نەورۆزی یەک ملیۆن کەسیی ئامەد، ٢٠٠٩ ..... ٨٧٤
- وێنەی ٢٦٣ – دوو بەرگی کتێبەکە بە هەر دوو زمانی ئینگلیزی و تورکی، ئەستەنبوڵ، ٢٠٠٩ ..... ٨٧٥
- وێنەی ٢٦٤ – ڕێوڕەسمی پەردەلادان لە سەر کتێب و وەرگێڕانی لەوحی ڕێزگرتن لە سەرۆکی شارەوانیی ئامەد عوسمان بایدەمیر، ئامەد، ٢٠٠٩ ..... ٨٧٧
- وێنەی ٢٦٥ – کوردی نووسینی بایدەمیر لە سەر نەخشەی کتێب، ٢٠٠٩ ..... ٨٧٨
- وێنەی ٢٦٦ – شایی کامیار، پیرانشار، ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی (٢٠٠٨) ٨٨٢
- وێنەی ٢٦٧ – منداڵیی کانی خوشکم / پوویای برازام و کامیاری برا م، ١٣٧٨ی هەتاوی (١٩٩٩) ٨٨٣
- وێنەی ٢٦٨- کاتی گەیشتنم بۆ ناو سەرەخۆشیی ژنان، ماڵی بابم، پیرانشار ٨٨٥
- وێنەی ٢٦٩ - گڵکۆی کامیار، گۆڕستانی کۆنەخانێی پیرانشار ٨٨٨
- وێنەی ٢٧٠ – کامیار، مەهاباد، ١٣٨٧ی هەتاوی (١٩٩٨) ٨٨٩
- وێنەی ٢٧١ – دووکانی بابم دوای مەرگی کامیار، پیرانشار، ١٣٨٨ی هەتاوی (٢٠٠٩) ٨٩٣
- وێنەی ٢٧٢ – سەرەخۆشی بۆ کامیار لە ماڵی دەنگبێژ، ئامەد، ١٣٨٨ی هەتاوی (٢٠٠٩) ٨٩٥
- وێنەی ٢٧٣ – شاگرد دووکان لەگەڵ خوشکەزاکانم، سینا و ڕۆمان، پیرانشار، ١٣٨٩ی هەتاوی (٢٠١٠) ٨٩٨
- وێنەی ٢٧٤ – ئەفریقا، سوودان، ساڵی ٢٠٠٦ ..... ٩٠٣
- وێنەی ٢٧٥ – ڕوونکردنەوە و بەرگریی هەندێک لە مامۆستایانی ئایینی لە ئەنجامدانی خەتەنە، بەڵگەفیلمی بە ناوی نەریت، مەهاباد ١٣٩٢ی هەتاوی (٢٠١٣) ٩٠٤
- وێنەی ٢٧٦ – لە کاتی کاری مەیدانی، پارێزگای سنە، ١٣٨٩ی هەتاوی (٢٠١٠) ٩٠٧
- وێنەی ٢٧٧ – دیدار لەگەڵ وەزیری ئەوکاتی ژنان، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٩ ..... ٩٠٩
- وێنەی ٢٧٨ – شایی، دورگەی قیشم، ١٣٩٢ (٢٠١٣) ٩١٢
- وێنەی ٢٧٩ – کاری مەیدانی، گوندی مەنسوور ئاغایی، کرماشان. ١٣٩٠ی هەتاوی (٢٠١١) ٩١٤
- وێنەی ٢٨٠ – یەکێک لە گوندە بێبەشەکان لە پارێزگای بەلووچستان، ١٣٩٠ی هەتاوی (٢٠١١) ٩١٦
- وێنەی ٢٨١ – هاوکاریکردن بۆ وەرێخستنی کتێبخانەی منداڵان، گوندی سەلەخ، ١٣٩٣ی هەتاوی (٢٠١٤) ٩١٨
- وێنەی ٢٨٢ – خەریکی دارشتنی گەڵاڵە، فاتمە کەریمی و بەهارە عەلەوی، تەکیە و چەمەن، سنە، ١٣٨٩ی هەتاوی (٢٠١٠) ٩٢٠
- وێنەی ٢٨٣ – ڕێوڕەسمی نزاکردن لە ئاهەنگی هاوسەرگیری، گوندی سەلەخ، دوورگەی قیشم، ١٣٩٢ی هەتاوی (٢٠١٣) ٩٢٢
- وێنەی ٢٨٤ – ڕێوڕەسمی پیری شالیار، هەورامانی تەخت، ساڵی ١٣٨٩ی هەتاوی (٢٠١٠) ٩٢٤
- وێنەی ٢٨٥ – سەراوان، بەلووچستان، ١٣٩٠ی هەتاوی (٢٠١١) ٩٢٧
- وێنەی ٢٨٦ – بەشێک لە بەڵگەفیلمی "بە ناوی نەریت" کە تێیدا کچە تازە دەزانێ کە خەتەنە کراوە، مەهاباد، ١٣٩٠ی هەتاوی (٢٠١١) ٩٢٨
- وێنەی ٢٨٧ – کاری مەیدانی، کوهگیلوویە و بوویەرئەحمەد، ١٣٩٠ی هەتاوی (٢٠١١) ٩٣٠
- وێنەی ٢٨٨ – کۆبوونەوەی لۆبیگەری لە لادێکانی موکریان، پەسوێ، ١٣٩١ی هەتاوی (٢٠١٢) ٩٣٢
- وێنەی ٢٨٩ - بابم ٩٣٥
- وێنەی ٢٩٠ – خوالێخۆشبوو بەهارە عەلەوی لە کۆتایی بەڵگەفیلمی بە ناوی نەریت، سەقز، ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی (٢٠١١) ٩٣٧
- وێنەی ٢٩١ – قیشم، بازاڕی سوورزا، ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی (٢٠١٠) ٩٣٨
- وێنەی ٢٩٢ – نووسینگەی ئاریکاری، قیشم، ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی (٢٠١١) ٩٣٩
- وێنەی ٢٩٣ – ڕوونکردنەوەی هەموو جۆرەکانی خەتەنە / شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی ژنان ٩٤٣
- وێنەی ٢٩٤ – کۆتایی حەوتە لەگەڵ بابم، نەغدە، ١٣٩٠ی هەتاوی (٢٠١٠) ٩٤٥
- وێنەی٢٩٥- سەرەخۆشیی بابم لە مزگەوت، پیرانشار، ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی (٢٠١١) ٩٤٦
- وێنەی ٢٩٦ – بابم و کامیار، ماڵی پوورە کولسووم، گوندی گرداشەوان، ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی (٢٠٠٨) ٩٤٧
- وێنەی ٢٩٧ – هاشمی ڕەفسەنجانی لە پەرڕاوێزی وتاردانی تاڵەقانی و ڕوانینی قورسی دوو پێشمەرگە، سنە، ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩).. ٩٥٠
- وێنەی ٢٩٨ – حەوشەی ماڵی بابم، پیرانشار، ١٣٩٢ی هەتاوی (٢٠١٣) ٩٥٢
- وێنەی ٢٩٩ – من و شەفەق، مەهاباد، ١٣٩٢ی هەتاوی (٢٠١٣) ٩٥٣

- وێنەی ٣٠٠- بابم و کانی، ماڵی بابم، پیرانشار، ١٣٩١ی هەتاوی (٢٠١٢)..... ٩٥٤
- وێنەی ٣٠١ – دووکانی بابم لە سەرەتای وەرزی خوێندندا، پیرانشار، ساڵی ١٣٩٢ی هەتاوی (٢٠١٣) ٩٥٥
- وێنەی ٣٠٢ – شەوی بەر لە مارەبڕینی شەفەق، کرماشان، ١٣٩٢ی هەتاوی (٢٠١٣) ٩٥٨
- وێنەی ٣٠٣ – ڕێوڕەسمی مارەبڕین و قەند لێک سووادن، کرماشان، ١٣٩٢ی هەتاوی (٢٠١٣)..... ٩٥٩
- وێنەی ٣٠٤ – خوێنەی مارەکردن، دەست لە ناو دەست، کرماشان، ١٣٩٢ی هەتاوی (٢٠١٣) ٩٦١
- وێنەی ٣٠٥ – کردنەوەی لقی کتێبفرۆشی، سێڕێیانی وەفایی، مەهاباد، ١٣٩٣ی هەتاوی (٢٠١٤) ٩٦٢
- وێنەی ٣٠٦ – هۆڵی شایی، ١٣٩٣ی هەتاوی (٢٠١٤)..... ٩٦٣
- وێنەی ٣٠٧ – هاتنی بووک و زاوا، مەهاباد، ١٣٩٣ی هەتاوی (٢٠١٤)..... ٩٦٤
- وێنەی ٣٠٨ – من و شەفەق، مەهاباد، ١٣٩٣ی هەتاوی (٢٠١٤)..... ٩٦٥
- وێنەی ٣٠٩ – ئامارى بڵاونەکراوە کە دواتر لە ماڵپەڕی کۆمەڵناسی سڕدرایەوە، ڕادیۆ زەمانە، ڕێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی (٢٠١٣)..... ٩٦٨
- وێنەی ٣١٠ – وێنەی بەرگی ڕووماڵکردنی هەواڵ ٩٦٩
- وێنەی ٣١١ – "بە ناوی نەریت" بە هەر سێ زمانی کوردی و فارسی و ئینگلیزی ٩٧٢
- وێنەی ٣١٢ – پەردەلادان لە سەر کتێبی بە ناوی نەریت، ١٣٩٤ی هەتاوی (٢٠١٥)..... ٩٧٣
- وێنەی ٣١٣ – پەردەلادان لە سەر کتێبی بە ناوی نەریت، ١٣٩٤ی هەتاوی (٢٠١٥)..... ٩٧٤
- وێنەی ٣١٤- ڕێوڕەسمی ڕوونوێنی لە کتێبی "بە ناوی نەریت"، کافە هونەری سنە، ١٣٩٤ی هەتاوی (٢٠١٥)..... ٩٧٥
- وێنەی ٣١٥ – سازکردنی کارگەکانی ڕاهێنانی هاوسەرگیریی منداڵان، باشووری تاران، ١٣٩٤ی هەتاوی (٢٠١٥)..... ٩٧٩
- وێنەی ٣١٦ – کاری مەیدانی، ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، ١٣٩٤ی هەتاوی (٢٠١٥)..... ٩٨١
- وێنەی ٣١٧ – وێنەی مەیدانی، هەورامان، ٩٨٤

ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی (٢٠١٥) ٩٨٤

- وێنەی ٣١٨ – میوانی بەرنامەی "بە عبارت دیگر" لە بی.بی.سی، لەندەن، ٢٠١٦ ..... ٩٨٦
- وێنەی ٣١٩ - بە پێچ و کڵاوی ناوچەی موکریان، مەهاباد، ١٣٩٥ی هەتاوی (٢٠١٦) ٩٨٧
- وێنەی ٣٢٠ – ستۆدیۆی ئاپارات، لەندەن، ٢٠١٧ ..... ٩٨٩
- وێنەی ٣٢١– ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ژنێڤ- سوویسرا، ٢٠١٧..... ٩٩١
- وێنەی ٣٢٢- کۆنفرانسی بێلژیک، لەگەڵ کۆمەڵێ لە دۆستانی هاوکارم، ٢٠١٧..... ٩٩٣
- وێنەی ٣٢٣- شەفەق، خۆم و کانی، مەهاباد، ١٣٩٤ی هەتاوی (٢٠١٥) ٩٩٥
- وێنەی ٣٢٤ – ئامەد لە ژێر ڕکێفی سوپا، ٢٠١٦ ..... ٩٩٧
- وێنەی ٣٢٥ – تەواوی ناوچەی مێژوویی سوور تەقێنرایەوە و لەگەڵ خاکدا تەخت بوو، ئامەد، ٢٠١٦ ..... ٩٩٩
- وێنەی ٣٢٦ – لە نەخۆشخانەی ئامەد، ٢٠١٦/٠٦/١٦..... ١٠٠١
- وێنەی ٣٢٧- سێزدەبەدەر، مەهاباد، ١٣٩٥ی هەتاوی (٢٠١٦) ١٠٠٣
- وێنەی ٣٢٨ – خۆم و کوڕەکەم لە شایی، مەهاباد، ١٣٩٦ی هەتاوی (٢٠١٧)..... ١٠٠٥
- وێنەی ٣٢٩ – کتێبی زایەڵەی بێدەنگی بە سێ زمانی کوردی، فارسی و ئینگلیزی ١٠٠٩
- وێنەی ٣٣٠ – پەردەلادان لە سەر کتێبی زایەڵەی بێدەنگی، تاران، ١٣٩٦ی هەتاوی (٢٠١٧)..... ١٠١٠
- وێنەی ٣٣١ – دووبەرەکی لە دانیشتنی فراکسیۆنی ژنانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامیی ئێران، تاران، ١٣٩٦ی هەتاوی (٢٠١٧)..... ١٠١١
- وێنەی ٣٣٢ – کەلهوڕ، ڕەستگار و من، تاران، ١٣٩٧ی هەتاوی (٢٠١٨)..... ١٠١٤
- وێنەی ٣٣٣ – وێنەی بوروونی و سکرین شاتی پەیامەکان..... ١٠١٥
- وێنەی ٣٣٤ – دەنگدانەوەی ئامارەکانی لێکۆڵینەوە لە چاپەمەنییە بیانییەکاندا، ٢٠١٦ ..... ١٠١٦
- وێنەی ٣٣٥ – تێوەگلانی ڕۆژنامە ناوخۆییەکان بە بابەتی هاوسەرگیریی منداڵان، ١٣٩٦ی هەتاوی (٢٠١٧)..... ١٠١٨
- وێنەی ٣٣٦ – کاری مەیدانی لە شاری مەشهەد، ١٣٩٧ی هەتاوی (٢٠١٨)..... ١٠٢٠
- وێنەی ٣٣٧ – دەقی بۆ کوردی وەرگێڕدراوی سکرینشاتی کاناڵەکانی ڕیکلامی سیغە ١٠٢٣
- وێنەی ٣٣٨ – ڕیکلامی سیغە لە کۆمەڵگە گشتییەکاندا (نووسراوی سەر دیوارەکە: دەرکردنی سیغەنامەی شەرعیی کاتی و هەمیشەیی)..... ١٠٢٦
- وێنەی ٣٣٩ – سکرینشاتی هەواڵەکان..... ١٠٢٩
- وێنەی ٣٤٠ – سەردێڕی هەواڵی وەزارەتخانەی لاوان، ١٣٩٧ هەتاوی (٢٠١٨) ١٠٣٠
- وێنەی ٣٤١ – سەردێڕی یەکەمی هەواڵدەریی دەوڵەتیی ئیرنا ١٠٣١
- وێنەی ٣٤٢ – کتێبی ماڵێک بە درگای ئاوەڵاوە، کە مۆڵەتی پێ نەدرا و دواجار لە لەندەن و ئەڵمانیا و هەرێمی کوردستان بڵاو بووەوە ١٠٣٤
- وێنەی ٣٤٣- وێنەی تێلێگرامی یاسر عەرەب و سڕینەوەی وتار و دیمانەکان لە لایەن سپای پاسدارانەوە ١٠٣٦
- وێنەی ٣٤٤ – کەناڵێکی ئێل.جی.بی.تییەکان..... ١٠٣٨
- وێنەی ٣٤٥ – ڕۆما، ئیتاڵیا، ٢٠١٧..... ١٠٤٠
- وێنەی ٣٤٦ – شاری قەدەغەکراو بە هەر سێ زمانی کوردی و فارسی و ئینگلیزی ١٠٤٣
- وێنەی ٣٤٧ – کاڵاش، کوڵەباڵ یان فەرەنجی و فەقیانە. لەگەڵ زاهیدی پوورزام، مەهاباد، ١٣٩٠ی هەتاوی (٢٠١١)..... ١٠٤٨
- وێنەی ٣٤٨ – وێنەی تویتەکان ١٠٥٠
- وێنەی ٣٤٩ – دیمانەی مەیدانی لەگەڵ قازی جەواد تەریری، گەورەی تایفە و نوێنەری پێشووی مەجلیسی شۆرای ئیسلامیی ئێران، بەلووچستان،

ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی (٢٠١٩) ١٠٥٢

- وێنەی ٣٥٠ – توێژینەوەی لە سنوورەوە بۆ سنوور بە هەر سێ زمانی ئینگلیزی، فارسی و کوردی ١٠٥٣
- وێنەی ٣٥١ – لەگەڵ ئالانی کوڕم، تاران، ١٣٩٨ هەتاوی (٢٠١٩)..... ١٠٥٤
- وێنەی ٣٥٢ – دیدار لەگەڵ مەوڵانا عەبدولحەمید یەکێک لە ڕێبەرانی ئەهلی سوننە لە ئێران، زاهیدان، ١٣٩٨ هەتاوی (٢٠١٩)..... ١٠٥٦

- وێنەی ٣٥٣ – قۆناغی کۆدینگ، تاران، ١٣٩٧ی هەتاوی (٢٠١٨) ١٠٥٧
- وێنەی ٣٥٤ – منداڵانی زبڵگەڕ لە شاری تاران و دەوروبەر، ١٣٩٧ی هەتاوی (٢٠١٨) ١٠٥٨
- وێنەی ٣٥٥ – شوێنی نیشتەجێبوون و جیاکردنەوەی زبڵی منداڵانی زبڵگەڕ، کورەخانەی خشتپێژی، باشووری تاران، ١٣٩٧ی هەتاوی (٢٠١٨) ١٠٦٠
- وێنەی ٣٥٦ – شوێنی نیشتەجێبوون و کۆگای زبڵ، وەرامین، ١٣٩٧ی هەتاوی (٢٠١٨) ١٠٦٤
- وێنەی ٣٥٧ – توێژینەوەی تاڵانی منداڵی ١٠٦٥
- وێنەی ٣٥٨ – کۆنفرانسی خەسارناسیی هاوسەرگیریی منداڵان، مەشهەد، ١٣٩٦ی هەتاوی (٢٠١٧) ١٠٦٧
- وێنەی ٣٥٩ – سەردێڕی کەیهان، ١٣٩٧ی هەتاوی (٢٠١٨) (دەقی ڕۆژنامەکە فارسییە و لە وێنەکەدا وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی.. ١٠٦٨
- وێنەی ٣٦٠ – لە لای ڕاستەوە، لە زانکۆی یاسای لەندەن و لەگەڵ بڵاوکەرەوەکەم لە زانکۆی جۆرج واشینگتۆن، ٢٠١٧ و ٢٠١٨ ..... ١٠٧٣
- وێنەی ٣٦١ – سیمیناری نەریتە زیانبەخشەکان لەگەڵ هاوڕێ و هاوکارم لۆرین، زانکۆی کەمبریج، بریتانیا، ٢٠١٨ ..... ١٠٧٥
- وێنەی ٣٦٢- تویتی ئەرزشییەکان واتا لایەنگرانی حکومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران ١٠٧٦
- وێنەی ٣٦٣ – ئەنجامی دەنگدان، پۆستی سیاوەشی ١٠٧٩
- وێنەی ٣٦٤ – سەردێڕی ڕەتکرانەوەی پرۆژەیاسا لە کۆمیسیۆنی دادوەریی مەجلیسی ئێران، ١٣٩٧ی هەتاوی (٢٠١٨) ١٠٨٢
- وێنەی ٣٦٥ – لێدوانەکانی نەوروزی، وتەبێژی کۆمیسیۆنی قەزایی (دادوەری) مەجلیسی شۆرای ئیسلامیی ئێران ١٠٨٥
- وێنەی ٣٦٦ – سەردێڕی ڕۆژنامەی کەیهان (وێنەکەی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی) ١٠٨٦
- وێنەی ٣٦٧ – ڕەنگدانەوەی هەواڵی ١٠٨٩
- وێنەی ٣٦٨ – نیگارخانەی نیشتمانیی لەندەن، ٢٠١٩ ..... ١٠٩٠
- وێنەی ٣٦٩ – وێنەی لای چەپ: دیداری دووبارە لەگەڵ عوسمان بایدەمیر و دۆستانی دیکە – وێنەی لای ڕاست: زانکۆی میدلسێکس، لەندن، ٢٠١٩ ..... ١٠٩٣
- وێنەی ٣٧٠ – ئادیس ئاباباا، ئیتیوپی، ٢٠١٩ ..... ١٠٩٥
- وێنەی ٣٧١ – ناوەندی ئادیس ئاباباا، ئیتیوپی، ٢٠١٩ ..... ١٠٩٨
- وێنەی٣٧٢ - ئەکاونتی ئینستاگرامیی بەدسەرپەرشت تەنیاترە ١١٠٧
- وێنەی ٣٧٣- بەرەبەیانی کۆبوونەوەکە، تاران، ١٠ی ئاگۆستی ٢٠١٩ ..... ١١٠٨
- وێنەی ٣٧٤ - دیمەنی درگای چوونە ژوورەوەی شوقەکەمان (ئاپارتمان) ١١١٠
- وێنەی ٣٧٥ - درگای سەرەکیی زیندانی ئێڤین ١١١٤
- وێنەی٣٧٦ - وێنەی کوروکی ١١٢٢
- وێنەی ٣٧٧ – ژووری تاکەکەسی و تەواڵێت، بەندی ٢ی ئەلفی سپای پاسداران، زیندانی ئێڤین، تاران ١١٢٧
- وێنەی ٣٧٨ - دیمەنی زیندان و گردەکانی ئێڤین ١١٣٣
- وێنەی ٣٧٩ - وێنەی هەوایی زیندانی ئێڤین ١١٣٤
- وێنەی٣٨٠ - لۆگۆی سپا ١١٣٨
- وێنەی ٣٨١ - سەردێڕی هەواڵەکان ١١٣٩
- وێنەی ٣٨٢ - کاری مەیدانی لە خوزستان، ١٣٨٩ی هەتاوی (٢٠١٠) ١١٤٢
- وێنەی ٣٨٣ - مزگێنیی چاپ لە فەیسبووکی چاپخانەی مێهری ١١٤٥
- وێنەی ٣٨٤ - ژووری لێپێچینەوەی شووشەیی ١١٤٧
- وێنەی ٣٨٥ - ئازادکردنی تانکەری ئێرانی لەلایەن هێزی دەریایی بەریتانیاوە ١١٤٩
- وێنەی ٣٨٦ - سەردێڕی ڕۆژنامەی کەیهان لە دژی من ١١٥١
- وێنەی ٣٨٧ - بانگهێشتنامەی فراکسیۆن بۆ دانیشتنی هاوبیری ١١٥٢
- وێنەی ٣٨٨ – دیمانەکردنی شەفەق ١١٥٤
- وێنەی ٣٨٩ - عەلی قەناعەتکار، بازپورسی ئەوکات و جێگری ئێستای دادستێنیی تاران ١١٥٦
- وێنەی ٣٩٠ – کەناڵە تێلیگرامییەکانی سیغە ١١٦٠
- وێنەی٣٩١ - دەفتەرچەی یادداشت بە وێنەی ڕووبەرگی قاسم سولەیمانی ١١٦٢
- وێنەی ٣٩٢ – بەندی تاکەکەسیی توانێتدار ١١٦٥
- وێنەی ٣٩٣ - کچی شین ١١٧٠
- وێنەی ٣٩٤ - ڕووماڵی هەواڵی پیلانی تیرۆرکردنی قاسم سولەیمانی ١١٧٨
- وێنەی ٣٩٥ – سەردێڕی ڕۆژنامەی مەشریق، هەواڵدەریی نزیک لە ئێتلاعاتی سپای پاسداران ١١٧٩
- وێنەی ٣٩٦ - وێنەکێشانی من لەسەر کاغەزی لێدوانناممەی لێپێچینەوەکەم بۆ ڕۆژی دیدار لەگەڵ ئالان، بەندی ٢ی ئەلف، زیندانی ئێڤین، ١٣٩٨ی هەتاوی (٢٠١٩) ١١٨٣
- وێنەی ٣٩٧ - ڕاگەیاندنی هۆکاری دەستگیرکردنم لەلایەن وتەبێژی دەزگای داد لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ١١٨٥
- وێنەی ٣٩٨ - بەڵگەفیلمی لە دەرەوەی بینین (خارج از دید) ١١٨٨
- وێنەی ٣٩٩ - دانپێدانانی زۆرەملی ١١٩٠
- وێنەی ٤٠٠ - ئەشکەنجەی سپی ١١٩١
- وێنەی٤٠١ - ئەمیر ڕەئیسیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئیکس ١١٩٣
- وێنەی ٤٠٢ - فێرکردنی نوێژ بە سەرپەرشتیی نەنکم. ڕەسووڵی برام / پشیلەکەمان / نەنکم و خۆم، پیرانشار، ١٣٦٣ی هەتاوی (١٩٨٤) . ١١٩٦
- وێنەی ٤٠٣ – تەلەفۆنی گشتیی زیندان ١١٩٨
- وێنەی ٤٠٤ – سیغەنامەی پۆستی ١٢٠٠

- وێنەی ٤٠٥- کتێبخانەی بەندی ٤ی زیندانی ئێڤین ١٢٠٢
- وێنەی ٤٠٦ – ئەکاونتی ئەمیر ڕەئیسیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئیکس (تویتەری جاران) ١٢٠٥
- وێنەی ٤٠٧ - ڕاپۆرت لە زیندانەوە ١٢٠٩
- وێنەی ٤٠٨ - سوئیتی زیندانییانی تایبەت (VIP) ١٢١١
- وێنەی ٤٠٩ - خەوتن لەسەر عەرز لە زیندانی ئێڤین ١٢١٥
- وێنەی ٤١٠ – هەندێ لەو مەلایانەی کە لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا تووشی ناکۆکی و دژایەتی بوونەوە ١٢١٨
- وێنەی ٤١١ - فۆرمی بانگهێشتنامەی بازپورس لە ڕۆژانی دوای زیندان ١٢٢٠
- وێنەی ٤١٢ – سەردێڕی ڕۆژنامەی مەشریق نیوز، سەر بە ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسداران ١٢٢٢
- وێنەی ٤١٣ - ڕۆژی ئازادی، ئەمنێتی بوونی زیندان و کۆبوونەوەی بنەماڵەی زیندانییەکان، ٢٤ی گەڵاڕێزانی ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی (١٤ نۆڤامبەر/ تشرینی دووەمی ٢٠١٩) ١٢٢٩
- وێنەی ٤١٤- وێنەی تێلێگرامی یاسر عەرەب و لابردنی وتار و دیمانەکان لە لایەن سپای پاسدارانەوە ١٢٣١
- وێنەی ٤١٥ - وێنەی ئاگادارکردنەوەی دادگای ئینقلاب ١٢٣٣
- وێنەی ٤١٦ - پشتگیری لە هەڵمەتەکان ١٢٣٤
- وێنەی ٤١٧ - تویت و سەرنجەکانی میدیا و کەسایەتییە میدیاییەکانی ئیتلاعاتی سپای پاسداران لە ماوەی دەستبەسەرکردن و دوای دەستبەسەرکردن (زنجیرەی یەکەم) ١٢٣٩
- وێنەی ٤١٨ - تویت و سەرنجەکانی میدیا و کەسایەتییە میدیاییەکانی هەواڵگریی سوپای پاسداران لە ماوەی دەستبەسەرکردن و دوای دەستبەسەرکردن (زنجیرەی دووەم) ١٢٤٢
- وێنەی ٤١٩ - دەقی بڕیاری تایبەت و ڕەوتی کاری دادگا و ئیتلاعاتی سپا ١٢٤٤
- وێنەی ٤٢٠ - سەردێڕی تایبەتی مەشریق و جەوان، ڕۆژنامەکانی سەر بە سپای پاسداران ١٢٤٩
- وێنەی ٤٢١ - کاری مەیدانی، یافتاوا، تاران ١٢٥٣
- وێنەی ٤٢٢ - کتێبی "ئاسەواری چەوساندنەوە لە جیهانی منداڵی" بە سێ زمانی ئینگلیزی و فارسی و کوردی ١٢٥٥
- وێنەی ٤٢٣ – سزانامە ١٢٦٦
- وێنەی ٤٢٤- لاپەڕەی سەڵەواتی لە ویکیپێدیا ١٢٦٨
- وێنەی٤٢٥ – کتێبی تیغی نەریت لە ژێر ناوی ئایین "توێژینەوەیەکی دیاردەناسانە سەبارەت بە خەتەنەی کوڕان یان پیاوان لە ئێران" ١٢٧٣
- وێنەی ٤٢٦ – کاری مەیدانی سەبارەت بە هاوسەرگیریی منداڵان، گوندەکانی ئەهواز، ١٣٩٥ی هەتاوی (٢٠١٦) ١٢٧٥
- وێنە٤٢٧ - بەشێک لە ڕاپۆرتی توێژینەوەی هاوڕەگەزخوازان (ناهاوسانان)، کە لەلایەن ئیتلاعاتی سپای پاسداران بۆ دادگای قازی سەڵەواتی کۆ کرابووەوە ١٢٧٨
- وێنەی ٤٢٨ – سەردەمی پڕ لە کێشە و ئاریشەی کۆڕۆنا و کاری سنووورداری مەیدانی، ١٣٩٩ی هەتاوی (٢٠٢٠) ١٢٨٠
- وێنەی ٤٢٩ – سەردێڕی ڕۆژنامەی مەشریق نیوز، سەر بە ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسداران ١٢٨١
- وێنەی ٤٣٠ – کەناری دەریا، ڕامسەر، ١٣٩٩ی هەتاوی (٢٠٢٠) ١٢٨٢
- وێنەی ٤٣١ – هەواڵی دوێچەوڵە ١٢٨٦
- وێنەی ٤٣٢ – شرۆڤەی هەواڵ لە ماڵپەڕی بی بی سی فارسیدا ١٢٨٨
- وێنەی ٤٣٣ - تویتی پارێزەرەکەم ١٢٩١
- وێنەی ٤٣٤- سەردێڕی ڕۆژنامەی فەرمی سپا ١٢٩٣
- وێنەی ٤٣٥ - هەڵمەتی ئاگادارکردنەوە و ئازادیی من، لەلایەن هیلاری هاوڕێم و هاوکارانی ترەوە ١٢٩٥
- وێنەی ٤٣٦ - من و ئالان یاری دەکەین، سەعادەتاباد، تاران، ١٣٩٩ی هەتاوی (٢٠٢٠) ١٢٩٨
- وێنەی ٤٣٧ - چیاکانی قەندیل، تەمەرچین، ٢٠١٨ ..... ١٣٠٢
- وێنەی ٤٣٨ – تاوەرە بەرگرییەکانی سەر سنوور ١٣٠٤
- وێنەی ٤٣٩ – وێنەیەک لە فیلمی دیکۆمێنتاریی هەژاری و نان، پیرانشار، ١٣٨٩ی هەتاوی (٢٠١٠) ١٣٠٨
- وێنەی ٤٤٠ – تێپەڕین لە سنوور، ١٣٩٩ هەتاوی (٢٠١٩) ١٣١١
- وێنەی ٤٤١ - خاڵی ڕادەستکردن، هەرێمی کوردستان، ١٣٩٩ی هەتاوی، (٢٠٢٠) ١٣١٣
- وێنەی ٤٤٢ - دەمامک و چاویلکە ١٣١٥
- وێنەی ٤٤٣ - گوندی ئەڵمانی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٣ ..... ١٣١٧
- وێنەی ٤٤٤- دەرگای چوونە ژوورەوەی فرۆکەخانەی هەولێر ١٣٢١
- وێنەی ٤٤٥ - هێلیکۆپتەرێکی سەربازیی چینۆک ١٣٢٥
- وێنەی ٤٤٦ - فرۆکەی هێرکۆلس ١٣٢٧
- وێنەی ٤٤٧ - کارتی گەشت، قوبرس کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ ..... ١٣٢٨
- وێنەی ٤٤٨ - ژووری کەرەنتینەکردنی موسافیرەکان ١٣٣٢
- وێنەی ٤٤٩- ڕاگەیاندنی کەرەنتینە لەلایەن بۆریس جانسۆن وەزیری ئەوکاتی بەریتانیا ١٣٣٤
- وێنەی ٤٥٠ - خانووی نیشتەجێبوونی سێر فلینەرز پێتری ١٣٣٥
- وێنەی ٤٥١ – ڕۆژانی سەختی تاسەکردن و سەردەمی کەرەنتینە، لەندەن، ژانڤییەی ٢٠٢١ ..... ١٣٣٧
- وێنەی ٤٥٢ - ئالان لە ژووری تازەکەیدا ١٣٣٨
- وێنەی ٤٥٣ – لەگەڵ دۆستان مارتن، هیلاری و تۆنی ١٣٣٩
- وێنەی ٤٥٤ - بڕیاری دادگا ١٣٤١
- وێنەی ٤٥٥ – مێزی کارەکەم لەناو ماڵەکەدا ١٣٤٣

- وێنەی ٤٥٦ - پاتریک..... ١٣٤٥
- وێنەی ٤٥٧ - وێنەی سکرینشاتی هەواڵی بی‌بی‌سی نیوز ١٣٤٦
- وێنەی ٤٥٨ - وێنەی سکرینشاتی میدیا و گفتوگۆکان..... ١٣٤٧
- وێنەی ٤٥٩ – گفتوگۆ لەگەڵ ئێران ئینتەرنەشنال..... ١٣٤٩
- وێنەی ٤٦٠ - کتێبی "ئاسەواری چەوساندنەوە لە جیهانی منداڵی" بە سێ زمانی ئینگلیزی و فارسی و کوردی ١٣٥٣
- وێنەی ٤٦١ - دەستپێکردنی ساڵی خوێندن بۆ ئالان، هامەرسمیت، ٢٠٢١..... ١٣٥٤
- وێنەی ٤٦٢ – لە ڕاستەوە: کۆنفرانس لە هۆنگ کۆنگ، توێژینەوە و کاری مەیدانی لە پریستینا (کۆسۆڤۆ)، کۆنفرانس لە دوبلێن، توێژینەوە لە هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٣ - ٢٠٢٠ ..... ١٣٦٣

ئەم کتێبە خۆژیاننامەی کامیل ئەحمەدی، مرۆڤناس و خەڵکناسی کۆمەڵایەتییە، کە پاش سێ ساڵ هەڵدانەوە و پێداچوونەوەی بێرەوەرییە دوور و نزیکەکانی نووسراوە. نووسەر لە دەڵاقەی ئەم بەرهەمەوە، ئەزمونی ژیاوی خۆی بە ڕوانگەیەکی مرۆڤناسانە و زمانێکی ڕاشکاوانەوە باس دەکات.

کامیل ئەحمەدی لەم گێڕانەوەدا، چیرۆکی منداڵیی بەفیرۆچوویی لە کوردستانی ساڵانی ئینقلاب و شەڕی نەغەدە و ئاوارەیی؛ مێرمنداڵیی یەخسیری کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان؛ لاویی تەژی لە خەونی کۆچ و خوێندن لە ئەورووپا، و سەفەر و چالاکییەکانی لە چوار پارچەی کوردستاندا دەگێڕێتەوە. گەڕانەوەی بۆ ئێران وەک توێژەر و لێکۆڵینەوە مەیدانییەکانی سەبارەت بە کەمینەکان، خەسارە کۆمەڵایەتییەکان و چینە زیاندیتووەکان؛ بوون بە هۆی لێپێچینەوەی یاسایی و ئەمنی، دەستبەسەربوون و بەندی تاکەکەسی لە لایەن ئیتلاعاتی سپا، زیندانیبوون لە گرتووخانەی ئەوین و دەرچوونی حوکمی دە ساڵ زیندان؛ کە لە ئاکامدا بەجێهێشنی پرمەترسی و سەپێنراوی وڵاتیان کرد بە پەردەیەکی دیکەی ژیانی.

ئەم ژیاننامە ئاوێنەی ڕۆژانێکە کە تێیاندا تانی ژیانی تایبەتی، پیشەیی و بنەماڵەیی نووسەر لەگەڵ پۆی پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران، کوردستان و هتد، لێک تەنراون و وێنەیەکی قووڵ لە ڕاستییە تاڵ و شیرینەکانی ژیان و چالاکی لەم ڕێگا پر هەوراز و نشێوەدا بۆ خوێنەر وێنا دەکەن.

نشر آوای بوف

ISBN: 978-87-94295-84-0

9 788794 295840